هەرێمی کوردستان - عێراق
پەرلەمانی
کوردستان - عێراق

# پرۆتۆکۆڵەکان
# 67

سالٔی/ 2011 – بەرگی شەست و حەفت

---

چاپی یەکەم/ سالٔی 2011

# پێڕیست

پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (11) خولی سێیەمی هەڵبژاردن – دوو شەممە 2011/5/2 ل 5

پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (12) خولی سێیەمی هەڵبژاردن – سێ شەممە 2011/5/3 ل 69

پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (13) خولی سێیەمی هەڵبژاردن – دوو شەممە 2011/5/16 ل 153

پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (14) خولی سێیەمی هەڵبژاردن – سێ شەممە 2011/5/17 ل 205

پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (15) خولی سێیەمی هەڵبژاردن – چوار شەممە 2011/5/18 ل 255

پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (16) خولی سێیەمی هەڵبژاردن – پێنج شەممە 2011/5/19 ل 369

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (13)

## دووشەممە رێكەوتی 2011/5/16

كاتژمێر (11)ی پێش نیوەڕۆی رۆژی دووشەممە رێكەوتی 2011/5/16 پەرلەمانی كوردستان - عێراق بە سەرۆكایەتی بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكی) سەرۆكی پەرلەمان و, بەڕێز فرست أحمد عبدالله سكرتێری پەرلەمان, دانیشتنی ژماره (13)ی خولی سێیەم, ساڵی (2011) ی خۆی بەست.

**بەرنامەی كار:**

بەپێی حوكمەكانی برگە (1)ی مادده (20) لە پەیڕەوی ناوخۆی ژماره (1)ی هەمواركراوی ساڵی 1992ی پەرلەمانی كوردستان - عێراق, دەستەی سەرۆكایەتی پەرلەمان بڕیاری درا دانیشتنی ژمارەی (13)ی خولی سێیەمی هەڵبژاردن لە كات (11)ی پێش نیوەڕۆی رۆژی دووشەممە رێكەوتی 2011/5/16 دا بەم شێوەیە بێت:

1- خستنەڕوو گفتوگۆ كردنی پرۆژە یاسای بودجەی هەرێمی كوردستان – عێراق بۆ ساڵی 2011.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

بەناوی گەلی كوردستان، دانیشتنەكەمان دەكەینەوە، خولی سێیەمی هەڵبژاردن، ساڵی دووەم، خولی گرێدانی دووەم، ژمارەی دانیشتن (13)، رۆژی دانیشتن 2011/5/16، بەرنامەی كار:
بەپێی حوكمەكانی برگەی (1)ی ماددەی (20) لە پەیڕەوی ناوخۆی ژماره (1)ی هەموار كراوی ساڵی 1992ی پەرلەمانی كوردستان – عێراق، دەستەی سەرۆكایەتی پەرلەمان بڕیاریدا بەرنامەی كاری دانیشتنی ژماره (13)ی ئاسایی خولی سێیەمی هەڵبژاردن لە كاتژمێر (11)ی پێش نیوەڕۆی رۆژی دووشەممە رێكەوتی 2011/5/16 بەم شێوەیە بێت:

1- خستنەڕوو گفتوگۆ كردنی پرۆژە یاسای بودجەی هەرێمی كوردستان – عێراق بۆ ساڵی 2011.

بەخێر هاتنی بەڕێزان، وەزیری دارایی كاك شێخ بایزو بەڕێز كاك دكتۆر عەلی سندی وەزیری پلاندانان و بریكاری وەزارەت كاك رشید طاهرو مامۆستا سەعد بۆ تەنسیق لەنێوان پەرلەمان و حكومەت دەكەین، زۆر بەخێر بێن، ئێستاش داوا لە بەڕێز جەنابی وەزیر دەكەین كەرەم بكات راپۆرتی دارایی حكومەتی هەرێمی كوردستان لە شوێنی خۆی بخوێنێتەوە، فەرموو.

**بەڕێز شێخ بایز تاڵەبانی/ وەزیری دارایی و ئابووری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**خوشك و برایانی بەڕێز ئەندامانی پەرلەمان.**

**سوپاستان دەكەم بۆ ئەو دەرفەتە.**

**بودجەی ساڵی 2011**

**وەك ئاشكرایە كە ڕێـژەی داهـاتی بودجـەی حكومـەتی هـەرێمی كوردسـتان ڕێـژەی لـە داهـات لـە بودجـەی عێراقی فیدراڵ و بەشی حكومەتی هەرێم (17٪)یە، پاش دەركردنی خەرجیەكانی سیادی (نفقات سیادیة) (نفقات مشتركة)، پاشان بەشی (حصة) هەرێم (17٪) دەدرێت و ڕێژەی (12٪) زیاتر ناكات.**

**كۆی بودجەی حكومەتی عێراقی فیـدراڵ بـۆ سـاڵی 2011 (96,663) تریلیـۆن دینـارە، بەشـی حكومـەتی هەرێمی كوردستان (11,180) تریلیۆن دینارە، ڕێژەی دەكاتە (11,6٪) هاوپێچ لیستی چۆنیەتی حیساب كردنی بەشی حكومەتی هەرێم، كە لەلایەن وەزارەتی دارایی یەكگرتوو حساب كراوە.**

**حكومەتی هەرێم ئاگاداری هیچ یەكێك لەم خاڵانە نییە، ئەم خاڵانەی خوارەوە:**

**1- سیاسـەتی داراییـ عێراقـی فیـدراڵ، ڕاسـتە بـەپێی دەسـتوور مـاددەی (110) سیاسـەتی داراییـ لـە ئیختیصاصـی پێشـینەكانی یـەكگرتوو، بـەڵام بـەپێی مـاددەی (114) لـە دەسـتوور سیاسـەتی تـەواو و پەرەپێدان لە هەموو عێراق، دەسەڵاتی هاوبەشە لەگەڵ سەنتەرو بازرگانی وحكومەت و هەرێمەكان لەكاتی دانانی سیاسەتی دارایی.**

**2- سیاسەتی نەختینەی حكومەتی عێراقی فیدراڵ.**

**3- ئامادە كردنی پێداویستیەكان و یەكەكانی بودجە.**

**4- دانانی نرخی بەرمیلی نەوت كە دەخەملێندرێت بە (76,5) دۆلار بۆ هەر بەرمیلێك.**

**5- ڕۆژانە خەملێندراوە (2,250) ملیۆن بەرمیل نەوت دەرهاوێشتە بكرێت.**

**6- قەرزەكانی دەرەوەو قەرەبووەكانی نێودەوڵەتی ڕۆڵی خۆی دەبینێت.**

**ئێمە لەڕێگای نوێنەرمان لە وەزارەتی دارایی حكومەتی عێراقی فیدراڵ (فەرمانبـەری حكومـەتی هـەرێم + وەزارەتی دارایی و ئابووری)، مەبلـەغی بودجـەی عێراقـی فیـدراڵ و بەشـی حكومـەتی هـەرێمی كوردسـتان وەرمانگرتووە، كە پێشتر باسمان كردووە، بە نووسراوی وەزارەتـی داراییـ یـەكگرتوو/ فەرمانگـەی بودجـەی ژمارە (4734) لە 2010/6/5، داوا كـراوە لـە حكومـەتی هـەرێمی كوردسـتان تەقـدیراتی بودجـەی سـاڵی 2011 بە پەلە ڕەوانە بكەن، وەك هەموو ساڵ بە نووسراومان ژمارە (12304) لە 2010/7/28، كە بەم شێوەی خوارەوە خەملێندراوە:**

**1- (نفقات تشغیلیة)، كە ئەوەی ئێمە خەملاندوومانەو ناردوومانە بە (10,766) ملیار.**

**2- (نفقات استثماریة) بە (6,041) ملیار.**

**3- داهات (0,398) ملیار.**

**4- میلاكات (650849) كەس، واتە یەعنی فەرمانبەر.**

**وەزارەتی دارایی و ئابووری پاش ئامادە كردنی پێداویستیەكانی بودجە بە نووسـراوی ژمـارە (12608) لـە 2010/8/2، داوا لە هەموو فەرمانگـەكانی حكومـەتی هـەرێم كـراوە لەگـەڵ ڕێنماییـەكانی ئامـادە كردنـی بودجەی تەشغیلی، دووبارە تەئكید كراوە بە نووسراوی ژمارە (15245) لە 2010/9/20 بە پەلە كردنی بە زووترین كات بودجەی ساڵی 2011 بۆمان بنێرنەوە، بە پێچەوانەی ئەوەش بەرپرسیار دەبن.**

به نووسراومان ژماره (15689) له 2010/9/26 بڕیار درا به پێکهێنانی لیژنەیەکی باڵا، بۆ تاوتوێ کردنی بودجەی ئاسایی لەگەڵ وەزارەتەکان و، بەنووسراومان ژماره (15690) له 2010/9/26 خشتەی کاتی تاوتوێ کردن لەسەر بودجەی ساڵی 2011 دیار کرا له 2010/9/27 تاکو 2010/10/14 بۆی دانەنا، کەوا لەو بەینیە موناقەشە بکرێت، بەلاّم داهاتی حکومەتی هەرێم به بڕی (5,495) ترلیۆن دینار خەملێندراوە لای خۆیان بەبێ موناقەشە لەگەڵ حکومەتی هەرێم بکرێت بە جیاوازی (5,097) ترلیون دینار.

بودجەی گشتی لە دوو گروپ پێك دێت:

1- گروپی یەکەم/ بودجەی کەرتی حکومی/ کە بەشێوەی مەڵبەندی (مرکزی) تەمویل کراوە لە دوو بەش پێك دێت:

أ- بودجەی گشتی رەوان (جاری).

ب- بودجەی گشتی وەبەرهێنان (استثماري).

2- گروپی دووەم/ بودجەی یەکگرتوو بۆ یەکەکانی چالاکی خزمەتگوزاری، یان ئابووری، یان بەرهەم هێنان، کە بەشێوەی مەڵبەندی تەمویل کراون و رەسیدی حیسابی ئەنجام بە دیار دەخات لە بودجەی گشتی.

دابەشینی بودجەی رەوانی خستنەکار (تقسيمات الموازنة الجارية التشغيلية):

1- دابەشینی کارگێڕی: دابەش دەکرێتە سەر ئەو یەکانەی کە بودجە جێ بەجێ دەکەن لەسەر باب (على الباب) وەك وەزارەت، یان فەرمانگەی نەبەستراو بە وەزارەت، لەپاشان بەشی بەڕێوەبەرایەتیە گشتییەکان و پێکهاتەکانی سەرەکی بەستراو بە وەزارەت، خشتەی هاوپێچ بۆ دابەشینە کارگێرییەکەیە.

2- دابەشینی ئابووری: بەپێی ئەم دابەشینە خەرجیەکان دابەش دەکرێن، بەپێی کاریگەری ئابووری بۆ چەند بەشێك و، هەر بەشێك پێی دەوترێت (فەسل)، بودجە لە (قەرەبوو کردنەوەی فەرمانبەران، کالاّو خزمەتگوزاری وپاراستن، باربووەکان، بەخشینەکان، سوودە کۆمەلاّیەتیەکان، خەرجیەکانی تر، هەبووەکانی غەیری دارایی) پێك دێت، خشتەی هاوپێچ بۆ دابەشینە ئابوورییەکەیە.

3- دابەشینی جۆری: فەسلەکانی هاتوو لە سەرەوە دابەش دەکرێت بۆ چەند بەشێك بەپێی جۆری خەرجیەکان و، بەشێوەیەکی زۆر شیکراوە لەوانەیە دەگاتە پێنج ئاست.

4- دابەشینی وەزیفی: بودجە دابەش دەکرێت بەپێی وەزیفە سەرەکییەکان وەك (ئاسایش، بەرگری، تەندروستی، فێرکردن، کشتوکاڵ، بازرگانی،......هتد).

شایانی باسە ئێمە وەك حکومەتی هەرێم هیچ بەشداریمان نەبووە تا ئێستا لە دانانی بودجەی عێراق و، پاساوی ئەم بەشداری نەکردنە دەگێڕنەوە بۆ دەستووری عێراق، کە تیایدا سیاسەتی دارایی فیدراڵیە، تەنانەت دوای ئەوەی بەشە بودجەی هەرێم دیاری دەکرێت، ئینجا رێگا دەدرێت پێمان کە گفتوگۆ بکەین لەسەری و لەو حاڵەتەدا بنەما سەرەکیەکانی بودجە تەواو بووەو نێردراوە بۆ سەرۆکایەتی ئەنجومەنی

وەزیرانی عێراق، بۆیە دەستکاری کردنی ئەو خشتانە کارێکی ئاسان نییەو ساڵانە تووشی گرفتمان دەکات، بەهەر حاڵ ئێمەش وەك وەزارەتی دارایی دوای گفتوگۆ لەگەڵ وەزارەتەکانی هەرێم و هەوڵدان بۆ دابین کردنی پێداویستیەکان بەپێی تواناو جێ بەجێ کردنی پرۆژەکان گەیشتینە ئەم ئەنجامانەی کە لە خوارەوە دەیخەینە روو:

یەکەم: کە وەزارەتی دارایی یەکگرتوو خەملاندنی بودجەی حکومەتی هەرێم کراوە بۆ ساڵی 2011:

1- خەملاندنی داهاتی هەرێم بڕی (5,495) ترلیۆن دینار بۆ ساڵی 2011.

2- خەملاندنی خەرجی بەشی حکومەتی هەرێمی کوردستان بڕی (11,180) ترلیۆن دینار.

دووەم:

1- خەملاندنی داهاتی حکومەتی هەرێم بۆ ساڵی 2011ی دارایی

| بابەت | خەملێنراوی ساڵی 2010 *دینار/ ملیار* | خەملێنراوی ساڵی 2011 *دینار/ ملیار* |
|---|---|---|
| باجەکان | **197** | **277** |
| سوودی کۆمەڵایەتی | **000** | **-** |
| داهاتی جۆراوجۆر | **152** | **122** |
| فرۆشتنی هەبووەکانی نادارایی | **000** | **1** |
| | **349** | **400** |

2- خەملاندنی خەرجی حکومەتی هەرێم بۆ ساڵی 2011ی دارایی:

| بابەت | دابینکراوی ساڵی 2010 دینار/ ملیار | ڕێکەوتوو لەسەر بۆ ساڵی 2011 دینار/ ملیار | ڕێژەی جۆرەکانی خەرجی لە بودجەی ئاسایی | ڕێژەی جۆرەکانی خەرجی لە کۆی بودجە |
|---|---|---|---|---|
| مووچەی فەرمانبەران | 4602 | 6190 | ٪63,23 | ٪44,41 |
| شمەك و خزمەت و چاککردن | 838 | 1699 | ٪17,35 | ٪12,19 |
| باربوو (اعانات) | 385 | 85 | ٪0,87 | ٪0,61 |
| بەخشین (منح) | 374 | 762 | ٪7,78 | ٪5,46 |
| سوودە کۆمەڵایەتیەکان | 187 | 333 | ٪3,41 | ٪2,39 |
| خەرجیەکانی تر | 622 | 540 | ٪5,51 | ٪3,87 |
| مەوجوداتی نادارایی | 233 | 181 | ٪1,85 | ٪1,3 |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| کۆی خەرجی بودجەی ئاسایی | 7241 | 9790 | ٪100 | ٪70,23 |
| بودجەی سەرمایەداری | 3252 | 4150 | | ٪29,77 |
| کۆی بودجە | 10493 | 13940 | | ٪100 |

**تێبینیەکان:**

**1- ئەو بڕە پارەیەی کە دابین دەکرێت بۆ هەرێمی کوردستان، تا ئێستاش بە وردی دیاری نەکراوەو ئەژمار کردنی کۆتایی بودجە لە وەزارەتی دارایی فیدراڵ بەشە بودجەی هەرێمی کوردستانی دیاری کردووە بە (11180) یازدە ترلیۆن و سەدو هەشتا ملیار دینار بەم شێوازەی خوارەوە دابەش کراوە:**

**ئەم ژمارەیەی خوارەوە:**

| | دینار/ ملیار |
|---|---|
| بودجەی بەکاربردن و مووچە | 9790 |
| بودجەی پڕۆژەکان | 4150 |
| کۆی گشتی | 13940 |

**ئەگەر بەراوردێك بکەین لەنێوان ڕێژەی بودجەی بەکار بردن و بودجەی پڕۆژەکان لە عێراق و حکومەتی هەرێم بۆمان دەردەکەوێت کە بەم جۆرەیە:**

| | عێراق فیدراڵ | | حکومەتی هەرێم | |
|---|---|---|---|---|
| | بڕ | ڕێژە | بڕ | ڕێژە |
| أ- بودجەی بەکاربردن | 6825 | ٪61 | 9790 | ٪70,23 |
| ب- بودجەی پڕۆژەکان | 4355 | ٪39 | 4150 | ٪29,77 |
| کۆی | 11180 | ٪100 | 13940 | ٪100 |

**2- ئەگەر بێت و ریژەی خەرج کردنی مووچە دەربهێنن بە بەراورد لەگەڵ کۆی بودجەی ئاسایی، واتە بودجەی بەکاربردن بۆمان دەردەکەوێت، کە ڕێژەی مووچەی (٪63,22) دەکات لە کۆی بودجە وەك لە لیستەکانی بودجەدا دەرخراوە.**

**3- فەسلی باربووەکان (اعانات): پێدراوەکانی ڕەوان بەبێ بەرامبەر کە فەرمانگەکانی حکومەت پێشکەشی دەکات، بۆ بەرهەمهێنەرەکان، نەوەك بەکارهێنەرەکان، ئەگەر بێت بڕو ڕێژەی خەرج کردنی باربوو (اعانات) دەربهێنن بە بەراورد لەگەڵ بودجەی ئاسایی، واتە بە بەکاربردن بۆمان دەردەکەوێت، کە ڕێژەی**

باربووەکان (اعانات) مەبلەغی (85) ملیار و ڕێژەی (0,87) دەکات و، ئەو بڕە پارەیە بۆ (شرکات اخری، کشتوکاڵ بۆ پشتگیری جوتیار) وەك بەرهەمی کشتوکاڵی (پەڵەوەر، تۆ، سماد...........هتد).

4- فەسلی بەخشین (منح) (762) ملیار دینار لە ئەنجامی کۆتایی بودجەی تەختیتی فەرمانگەکانی خوارەوە:

| ملیار/ دینار | |
|---|---|
| 43 | بانکەکانی بازرگانی و کۆمپانیاکانی دڵنیایی |
| 44 | فڕۆکەخانەکانی هەولێرو سلێمانی |
| 409 | شارەوانییەکان |
| 496 | کۆی |
| 266 | ڕێکخراوەکانی زانستی و ڕۆشنبیری و ڕێکخراوەکانی ترو لیژنەی ئۆلومپی و یەکێتیەکانی وەرزشی و بەخشینی قەرزی دەستەی وەبەرهێنان (هیئة الاستثمار)...هتد |
| 762 | کۆی گشتی |

تێبینی: لە بڕی پارەی (266) ملیار دیناری سەرەوە بڕی (149) ملیار دینار بۆ بەخشینی هاووڵاتیان، بەتایبەتی ئەوانەی قەرزی عەقاری لە گوندەکان وەردەگرن.

5- سوودە کۆمەڵایەتیەکانی: پاراستنی کۆمەڵ بە گشتی، یان بەشێکی لە مەترسیەکانی کۆمەڵایەتی، وەك پێشکەش کردنی خزمەتگوزارییەکانی فێرکردن، یان پزیشکی، قەرەبوو کردنەوەی بێ کاری، مووچەکانی دەستەبەری کۆمەڵایەتی و ئەو سوودانەی کە پێشکەش دەکرێن لە کاتی مردن لە وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی بڕی (258) ملیار دینار دەدرێت بۆ دانانی مووچەی (شلل دماغ، نابینایان، کورتەباڵاکان، تالاسیمیا، هیمۆفیلیا، چاودێری خێزان، کەم ئەندامان، نەخۆشی ئۆتیزم..............هتد)و مووچەی خانەنشینی کارو دەستەبەری کۆمەڵایەتی.

6- فەسلی خەرجیەکانی تر لە بودجەی ئاسایی (540) ملیار دینار ڕێژەی (5,51٪) کە بریتییە لە:

| ملیار/ دینار | |
|---|---|
| 60 | دەرماڵەی قوتابیان |
| 200 | بەخشینی حزبەکان و سەندیکاکان و یەکێتیەکان و کۆمەڵەکان و سەنتەرەکان.............هتد. |
| 190 | یەدەك (احتیاط) |
| 90 | کرێیەکانی جۆراوجۆر، پاداشت بۆ غەیری کارمەندان، پاداشتی هەواڵبەرەکان و هاوکارانیان، بڕە گەڕاوەکانی جۆراوجۆر، چالاکیەکانی دیدەوانی وەرزشی و |

| | |
|---|---|
| | قوتابخانەکان، سڕینەوەی قەرزەکان (دیون)، زەرەری گۆڕینەوەی دراو، قەرەبووەکانی قوربانیان، قەرەبووەکانی جۆراوجۆر. |
| 540 | کۆی |

7- لیستی پرۆژەکان لە لایەن وەزارەتی پلاندانانەوە بەهاوکاری وەزارەتمان دانراوەو پێکهاتووە لە (2) بەش بەم شێوەیەی خوارەوە:

| ملیار/ دینار | |
|---|---|
| 3850 | پارەی پێویست بۆ پرۆژە بەردەوامەکان و تازە بۆ ساڵی 2011 |
| 298 | بودجەی پەرەپێدانی پارێزگاکان. |
| 4150 | کۆی گشتی |

8- لەکاتی بەدیهێنانی زیادەیەك لە داهاتەکان بە بەراورد لەگەڵ هەناردەکانی نەوتی خاوی هەنێردراو لە ماوەی ساڵەکەدا (شەش مانگی یەکەمی ساڵ)، بەشی هەرێم (حصة الاقلیم) لەم زیادەیە بۆ داپۆشینی ئەم بڕگانە دەبێت:

1- ڕێژەی (20٪)ی وەك بەخشین (منحة) دابەش دەکرێت بۆ چینەکانی گەل، بۆ پشتیوانی کردنی پرۆژەکانی بچووك، بۆ بەکارخستنی ئەوانەی کە کاریان نییە، (العاطلین عن العمل)، فەرمانگەی چاودێری ئافرەتان، هەتیوان و چاکسازی، پلەکانی نۆیەم و دەیەمی فەرمانبەران و خانەنشینان.

2- ڕێژەیەك بۆ دانەوەی کورتهێنان (تسدید العجز).

3- پرۆژەکانی گەشەپێدانی پارێزگاکان.

4- شەهیدان و قوربانیانی تیرۆر.

9- داهاتەکانی بەدی هێنراو (المتحققة) بۆ ساڵی 2011، داهاتەکانی فیدراڵی (الایرادات الاتحادیة) بە بڕی (305) ملیار دینار، بەپێی ماددە (25) سێیەم بۆ پرۆژەکانی کارەبا لە پارێزگاکان دابین دەکرێت، بەپێی داهاتەکانی بەدی هێنراو بۆ هەر پارێزگایەك دابەش دەکرێت.

10- بڕی (350) ملیار دینار عێراقی دابین دەکرێت بۆ ساڵانی (2010 و 2011) لە پرۆژەی پترۆ دۆلار بۆ پرۆژەکانی کارەبا لە پارێزگاکان و، بەپێی شایستەکانی پارێزگا دابەش دەکرێت لە چەندایەتی (الکمیات)ی هاوتایی، (1) دۆلار بۆ هەر بەرمیلێکی نەوتی خاوی بەرهەمهێنەر لە پارێزگاو، (1) دۆلار بۆ هەر بەرمیلێکی نەوتی خاوی پاڵێوتێنراو لە پاڵاوتگەکانی پارێزگاو، (1) دۆلار بۆ هەر (150) مەتر سێ جا لە غازی سروشتی بەرهەمهێنراو لە پارێزگا.

11- داهاتی فیدراڵی وەرگیراو (الایرادات الاتحادیة) لەلایەن حکومەتی هەرێمەوە دەگەڕێتەوە بۆ حکومەتی فیدراڵی و ڕاستەوخۆ لە بودجەی ساڵانەی هەرێم دەبڕدرێت.

کەرتی بانکەکانی بازرگانی لە جموجۆڵی بەرچاو دیارە لە هەرێمی کوردستان، کە ژمارە بانکەکانی کەرتی تایبەت (3) بانکی سەرەکی و (50) لقی بانك كراوەتەوەو بەکارخستن و جموجۆڵی بازرگانی و ئابووری لە هەرێمی کوردستان. لەگەڵ ڕێزدا.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس بۆ جەنابی وەزیر، دەستخۆش، ئێستا داوا لە لیژنەی دارایی و ئابووری دەکەین فەرموون بێنە شوێنی خۆیان، لیژنەی دارایی فەرموون بۆ خوێندنەوەی ڕاپۆرتی لیژنەی دارایی و کاروباری ئابووری، فەرموون.

**بەڕێز د.ڕێباز فتاح محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە خوێندنەوەی ڕاپۆرتەکەی وەزارەتی دارایی خاڵی هەشتەم ئەوەی کە باسی بودجەی وەزارەتی پێشمەرگە دەکات............

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

تکایە، ڕجائەن با بیخوێنێت، پاشان، ڕجائەن دانیشە، فەرموو وەڵامی پێیە، جەنابی کاك دکتۆر ئاراس کەرەم بکە، فەرموو.

**بەڕێز د.ئاراس حسین محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێزان، دەربارەی ئەو بابەتە، گۆڕانکارییەك بوو لە بڕگەیەکدا، ئەو گۆڕانکارییە بە نووسراوێکی فەرمی لەلایەن سەرۆکایەتی پەرلەمانەوە نێردرا بۆ هەموو لیژنەکان، ئەوە ئەندام پەرلەمان خۆی بەرپرسە لەوەی کە لە لیژنەکەی وەرنەگرتووە، یان موتابەعەی نەکردووە، بەنووسراوی ڕەسمی هەمانە، ئەگەر ویستتان دوایی دەتاندەمێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو بەردەوام بە بۆ خوێندنەوەی ڕاپۆرتەکە.

**بەڕێز د.ئاراس حسین محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ڕاپۆرتەکەمان پێکهاتووە لە سێ بەش، بەشی یەکەم/ هێڵە گشتیەکانی بودجەیە.

بەشی دووەم/ تێبینی و پێشنیارەکانی لیژنە هەمیشەییەکانی پەرلەمانە.

بەشی سێیەم/ ڕاو بۆچوونی هەردوو لیژنەی دارایی و یاسایی، هەروەها لیژنەکانی تریش دەربارەی پرۆژە یاساکە.

ڕاپۆرتی بودجەی خەملێنراوی ساڵی 2011ی حکومەتی هەرێمی کوردستان.

پەرلەمانی کوردستان - عێراق

لیژنەی دارایی و کاروباری ئابووری

ڕێکەوتی: 2011/5/3

**(ڕاپۆرتی بودجەی خەملێنراوی ساڵی 2011ی حکومەتی هەرێمی کوردستان)**

**ئاماژە بەهەردوو نووسراوی بەڕێوەبەرایەتی کاروباری پەرلەمان ژمارە (325) لە ڕۆژی پێنج شەممە ڕێکەوتی (2011/3/10)و، ژمارە (360) لە (2011/3/31) هاوپێچ لەگەڵ بودجەی خەملێنراوی ساڵی 2011ی حکومەتی هەرێمی کوردستانی عێراق، کە لەلایەن سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران بە نووسراویان ژمارە (2765) لە (2011/3/8) ڕەوانەی سەرۆکایەتی پەرلەمان کراوە، بەهۆی پشووی هەینی وفەرمی لەنێوان (11-2011/3/15) نووسراوی ناوبراو لە (2011/3/15) گەیشتە لیژنەکەمان، بەپێی ماددەکانی (79) بۆ (89)ی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان، مامەڵە لەگەڵ پرۆسەی پەسندکردنی بودجەکەدا دەکرێت، لە ڕۆژی (2011/3/16) بەڕێز جێگری سەرۆکی پەرلەمان، کۆبوونەوەی فراوانی لەگەڵ بەرێزان سەرۆکی لیژنە هەمیشەییەکانی پەرلەمان ئەنجامداو ڕایگەیاند کە بودجەی خەملێنراوی ساڵی 2011 گەیشتە پەرلەمان، بە مەبەستی ئامادە کردنی ڕاپۆرت لەو بارەیەوە بەهاوکاری لەگەڵ لیژنەی دارایی و کاروباری ئابووری پەرلەمان و، لەلایەن لیژنەی داراییەوە پوختەی فۆرمەکانی بودجەکەو پرۆژە یاساکەو ڕاپۆرتی وەزارەتی دارایی ئامادە کراو گەیشتە لیژنەکانی پەرلەمان، لە هەمان کاتدا لە کۆتایی دانیشتنی ئاسایی پەرلەمان لە (2011/3/17) بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان ئاگاداریدا بەگەیشتنی بودجەکە بۆ پەرلەمان و، لە هەمان ڕۆژدا وردەکاری بودجەکە لە سایتی پەرلەمان بلاوکرایەوە، بە مەبەستی پرۆسەی ئامادە کردنی ڕاپۆرتی کۆتایی لیژنەکەمان (شەست وچوار)ەمین کۆبوونەوەی ئاسایی خۆی ئەنجامدا لە (2011/3/16) بەنووسراوی لیژنەکەمان ژمارە (133) لە (2011/3/27)، بەزۆرینەی دەنگ بڕیاردرا بە دابەشکردنی ڕاپۆرتەکە بە (3) تەوەرەی سەرەکی کە بریتیە لە:**

- **(ڕاپۆرتی لیژنەی دارایی دەربارەی هێڵە گشتیەکانی بودجەکە.**
- **ڕاپۆرتی لیژنەکانی پەرلەمان.**
- **ڕاپۆرت دەربارەی پرۆژە یاسای بودجەی ساڵی 2011).**

**هەروەها بڕیاردرا کە بەپێی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان لیژنەکەمان لە (2011/3/16)ەوە دەست بکات بە کۆبوونەوەکانی خۆی بەشێوەیەکی کراوەیی و بەردەوامی بۆ ماوەی یەك مانگ، بە مەبەستی بەردەوامیی گفتوگۆکردن بەهاوکاری لیژنە هەمیشەییەکانی پەرلەمان، بۆ ئامادە کردنی ڕاپۆرتی کۆتایی وەکو لەخوارەوەدا هاتووە.**

## بەشی یەکەم

## ڕاپۆرتی لیژنەی دارایی وکاروباری ئابووری

## دەربارەی هێڵە گشتیەکانی بودجەی ساڵی 2011

**یەکەم:**

ڕاپۆرتی کۆتایی، کە بەپێی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان ئامادە دەکرێت، بە هاریکاری و هاوبەش لەگەڵ گشت لیژنەکانی پەرلەمان بە بەشداری ڕاستەوخۆی هەموو ئەندامانی لیژنەکان.
واتە ڕاپۆرتی کۆتایی، دەبێت بە ڕاپۆرتی گشت ئەندامانی پەرلەمان و، ئەو بابەتانەی کە لە لیژنەکان ئاماژەی پێ دەکرێت ڕەنگدانەوەی ڕاوبۆچوونی گشت ئەندامانی پەرلەمانە، نەك تەنها لیژنەی دارایی وکاروباری ئابووری.

دووەم:

بودجەی خەملێنراوی ساڵی 2011 بەم شێوەیە گەیشتۆتە پەرلەمان:

**(1)** پرۆژە یاسای بودجەی ساڵی 2011.

**(2)** پرۆژە یاسای مووچەو خانەنشینی پلە تایبەتەکانی حکومەتی عێراقی فیدراڵ.

**(3)** پوختەی بودجەی خەملێنراوی ساڵی 2011 بەپێی سیستەمی ژمێریاری.

**(4)** پوختەی بودجەی خەملێنراوی ساڵی 2011 بەپێی دابەشکردنی بەسەر سەرۆکایەتیەکانو وەزارەتەکان ودەستەو دەزگا فەرمیەکانی حکومەتی هەرێم، (واتە بەپێی سیستەمی کارگێری).

**(5)** وردەکاری بودجەی خەملێنراوی ساڵی 2011 بۆ هەریەك لە سەرۆکایەتیەکانو وەزارەتەکان ودەستەو دەزگا فەرمیەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان. (واتە هەریەك بە تەنها، کە پێکهاتووە لە 30 بەرگ).

**(6)** پوختەی بودجەی پرۆژە بەردەوامەکانی ساڵانی پێشوو(2003، 2004، 2005).

**(7)** پوختەی بودجەی پرۆژە بەردەوامەکانی هەرێمی کوردستان بۆ ساڵی 2010.

**(8)** پوختەی بودجەی پرۆژە پێشنیارکراوەکانی هەرێمی کوردستان بۆ ساڵی 2011.

**(9)** پوختەی بودجەی پەرەپێدانی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان بۆ ساڵی 2011.

(10) ڕاپۆرتی دارایی وەزارەتی دارایی وئابووری حکومەتی هەرێمی کوردستان.

بۆیە ڕاپۆرتی کۆتایی ڕاپۆرتێکی گشتگیرەو، ئەو بەشانەی سەرەوە لەخۆ دەگرێت. پێشتریش لیژنەکەمان بەنووسراوی ژمارە (135) لە (2011/3/27) هەموو لیژنە بەڕێزەکانی لەم بەشانە ئاگادار کردۆتەوە، کە پێویستە ڕاپۆرتی لەسەر ئامادە بکرێ ولە سایتی پەرلەمان بلاوبۆتەوە، تەنها وردەکاری بودجەی سەرۆکایەتیەکانو وەزارەتەکان ودەستەو دەزگاکان نەبێ، کە بریتیە لە (30) بەرگ، کە لەبەردەستدایە لە لیژنەی دارایی، کە بەهۆی گرانی زۆری وقورسی پرۆسەکە لەڕووی هونەریەوە نەتوانراوە لە سایتی پەرلەمان بلاو بکرێتەوەو لە هەمان کاتدا لیژنەکان بۆیان کۆپی کراوەو وەریانگرتووە.

سێیەم: دەربارەی سیاسەتی دارایی حکومەتی هەرێم بۆ چوارچێوەی داڕشتنی بودجەی خەملێنراوی ساڵی 2011، ئەو بابەتە بە فراوانی لە ڕاپۆرتی وەزارەتی دارایی و ئابووریدا هاتووە، کە دابەشکراوە بەسەر هەموو لیژنە هەمیشەییەکانی پەرلەمان و، لەلایەن بەڕێز وەزیری دارایی وئابووری دەخوێندرێتەوە لە هۆڵی پەرلەمان و گشت ئەندامە بەڕێزەکانی پەرلەمان تێبینی و ڕاو بۆچوونی خۆیان لەو بارەیەوە ئاراستەی بەڕێز جەنابی وەزیر دەکەن لە هۆڵی پەرلەمان.

چوارەم: بەهۆی فراوانی بڕگەکانی بودجەی خەملێنراوی ساڵی 2011، لێرەدا پوختەی ژمارە سەرەکیەکان، کە بەپێی سیستەمی ژمێریاری پێکدێت لەم خشتانەی خوارەوە:

**خشتەی یەکەم**

**بودجەی خەملێنراوی ساڵی 2011 (بە ملیۆنەها)**

| بابەت | بڕی خەملێنراو بەپێی وەزارەتی دارایی | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| تێچووەکانی وەگەڕخستن (النفقات التشغيلية) | 9790000 | ٪70،23 |
| تێچووەکانی وەبەرهێنان (النفقات الأستثمارية) | 4150000 | ٪29,77 |
| کۆی گشتی (المجموع الكلي) | 13940000 | ٪100 |

**خشتەی دووەم**

**بودجەی خەملێنراو لەسەر ئاستی فەسلەکان بەپێی سیستەمی ژمێریاری بۆ ساڵی 2011 (بە ملیۆنەها)**

| بابەت | بڕی تەرخانکراو بەپێی وەزارەتی دارایی | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| مووچەی فەرمانبەران | 6190422 | ٪44,41 |
| شمەك، خزمەت، چاککردن | 1698537 | ٪12،19 |
| باربوو (الأعانات) | 85000 | ٪0،61 |
| بەخشین (منح) | 761647 | ٪5،46 |
| سوودە کۆمەڵایەتیەکان (المنافع الأجتماعية) | 333264 | ٪2،39 |
| خەرجیەکانی تر (المصروفات الأخرى) | 539775 | ٪3،87 |
| مەوجوداتی نادارایی | 181355 | ٪1،3 |
| بودجەی وەبەرهێنان | 4150000 | ٪29،77 |
| کۆی گشتی | 13940000 | ٪100 |

**خشتەی سێیەم**

**ڕێژەی دابەشبوونی بودجەی وەگەڕخستن بەسەر وەزارەتەکاندا بۆ ساڵی 2011**

**(بە ملیۆنەها)**

| ژمارە | ناوی وەزارەت | بــڕی تــەرخانکراو بــەپێی وەزارەتی دارایی | ڕێژەی سەدی (نزیک کراو) |
|---|---|---|---|
| 1 | کاروباری ناوچەکانی دەرەوەی هەرێم | 2070 | ٪0,02٪ |
| 2 | وەزارەتی ماڤ مرۆڤ | 4649 | ٪0,05٪ |
| 3 | ژینگە | 7553 | ٪0,08٪ |
| 4 | دیوانی چاودێری دارایی | 10533 | ٪0,11٪ |
| 5 | وەزارەتی سەرچاوە سروشتیەکان | 12816 | ٪0,13٪ |
| 6 | وەزارەتی پلاندانان | 28157 | ٪0,29٪ |
| 7 | سەرۆکایەتی هەرێم | 40699 | ٪0,42٪ |
| 8 | پەرلەمانی کوردستان | 54000 | ٪0,55٪ |
| 9 | وەزارەتی داد | 59276 | ٪0,60٪ |
| 10 | ئەنجومەنی داد | 63330 | ٪0،65٪ |
| 11 | وەزارەتی گواستنەوەو گەیاندن | 64004 | ٪0,65٪ |
| 12 | وەزارەتی شارەوانی وگەشت وگوزار | 66088 | ٪0,68٪ |
| 13 | وەزەارەتی بازرگانی وپیشەسازی | 73283 | ٪0,75٪ |
| 14 | سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران | 88660 | ٪0,91٪ |
| 15 | وەزارەتی ئاوەدانکردنەوەو نیشتەجێکردن | 106104 | ٪1,08٪ |
| 16 | وەزارەتی ئەوقاف وکاروباری ئاینی | 116690 | ٪1,19٪ |
| 17 | وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان | 119372 | ٪1,22٪ |
| 18 | دەستەی وەبەرهێنان | 178309 | ٪1,82٪ |
| 19 | ئاسایشی هەرێم/سلێمانی | 189200 | ٪1,93٪ |
| 20 | ئاسایشی هەرێم/هەولێر | 223000 | ٪2,28٪ |
| 21 | وەزارەتی کشتوکاڵ وسەرچاوە ئاوییەکان | 262048 | ٪2,68٪ |
| 22 | وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی | 318193 | ٪3,25٪ |
| 23 | وەزارەتی شەهیدان و ئەنفالکراوەکان | 455910 | ٪4,66٪ |
| 24 | وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی | 456491 | ٪4,66٪ |
| 25 | وەزارەتی تەندروستی | 555452 | ٪5,67٪ |
| 26 | وەزارەتی پێشمەرگە | 789972 | ٪8,07٪ |
| 27 | وەزارەتی ناوخۆ | 876210 | ٪8,95٪ |

| | | | |
|---|---|---|---|
| 28 | وەزارەتی كارەبا | 1145168 | %11,70 |
| 29 | وەزارەتی پەروەردە | 1517934 | %15,50 |
| 30 | وەزارەتی دارایی وئابووری | 1904562 | %19,45 |
| | كۆی گشتی نزیكەی | 9790000 | %100 |

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

تكایە نزیكەی، یان ژمارەكان بەتەواوی بخوێنەوە تكایە، وەكو خۆی بخوێنەوە، ئەوە بودجەیە.

**بەڕێز د.ئاراس حسين محمود:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لە سێ خانەی كۆتاییدا، لە خانەی هەزارەكاندا شێوەیەك لە جیاوازی هەبێت، بۆیە بەو شێوەیە داماناوە بە نزیكە، سوپاس.

**خشتەی چوارەم**

**داهاتەكان وتێچووەكان وكورت هێنانی بودجەی خەملێنراوی حكومەتی هەرێم بۆ ساڵی 2011 (بە مليۆنەها)**

| بابەتی داهاتەكان | بڕی داهاتەكان | بڕی تێچووەكان | كورتهێنان |
|---|---|---|---|
| داهاتەكان لە بەغداوە بۆ ساڵی 2011 | 11179468 | 13940000 | |
| داهاتەكانی سیادی بۆ ساڵی 2010 | 305000 | | |
| داهاتەكانی سیادی بۆ ساڵی 2011 | 400000 | | |
| داهاتەكانی پیترۆ دۆلار بۆ ساڵەكانی (2010، 2011) | 350000 | | |
| داهاتەكانی كارەبا | 151236 | | |
| كۆی گشتی | 13385704 | 13940000 | 1554296 |

**خشتەی پێنجەم**

**پوختەی داهاتی خەملێنراوی یەكگرتووی حكومەتی هەرێمی كوردستان بۆ ساڵی 2011 (بە مليۆنەها)**

| ژمارە | جۆری داهاتەكان | بـــڕی خـــەملێنراو لەلايـــەن فەرمانگـــەو وەزارەتی داراييەوە |
|---|---|---|

| | | |
|---|---|---|
| 1 | باجەکان (الضرائب) | 277318 |
| 2 | داهاتەکانی تر(لەنێوانیاندا فرۆشتنی نەوت) | 122189 |
| 3 | فرۆشتنی مەوجوداتی نادارایی | 1000 |
| | کۆی گشتی | 400507 |

**بەڕێز خورشید احمد سلیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێنجەم: پوختەی تێچووی وەبەرهێنان.

**(أ)** پرۆژە بەردەوامەکان بۆ ساڵی 2011:

(1) ژمارەی پرۆژەکان بریتین لە (2334) دوو هەزارو سێ سەد وسی وچوار پرۆژە.

(2) بڕی گوژمە (9319247) نۆ ترلیۆن و سێ سەدو نۆزدە ملیارو دووسەدو چل وحەوت ملیۆن دینار.

(3) خەرجی ساڵی 2010 بەبڕی (3192462) سێ ترلیۆن وسەدو نەوەدو دوو ملیارو چوارسەدو شەست ودوو ملیۆن دینار.

(4) ڕێژەی جێبەجێکردن نزیکەی (34,3٪).

(5) گوژمەی پێویست بۆ ساڵی 2011 بەبڕی (2802695) دوو ترلیۆن وهەشت سەدو دوو ملیارو شەش سەدو نەوەدو پێنج ملیۆن دینار.

**(ب)** پرۆژە پێشنیارەکان بۆ ساڵی 2011:

(1) ژمارەی پرۆژەکان بریتین لە (543) پێنج سەدو چل وسێ پرۆژە.

(2) گوژمەی پرۆژەکان بەبڕی (2721108) دوو ترلیۆن وحەوت سەدو بیست ویەك ملیارو سەدو هەشت ملیۆن دینار.

(3) گوژمەی پێویست بۆ ساڵی 2011 بەبڕی (988197) نۆسەدو هەشتاوهەشت ملیارو سەدو نەوەدو حەوت ملیۆن دینار.

(4) ڕێژەی پێشبینیکراو بۆ جێبەجێکردن لەساڵی 2011 بریتیە لە (36,3٪).

**(ت)** پرۆژەی پەرەپێدانی پارێزگاکان بۆ ساڵی 2011:

(1) کۆی پرۆژەکانی پارێزگای هەولێر بریتیە لە (240) دووسەد وچل پرۆژە بەبڕی (105) سەدو پێنج ملیار دینار.

(2) کۆی پرۆژەکانی پارێزگای سلێمانی بریتیە لە (285) دووسەد وهەشتاو پێنج پرۆژە بەبڕی (116) سەدو شازدە ملیار دینار.

(3) کۆی پرۆژەکانی پارێزگای دهۆك بریتیە لە (167) سەد وشەست وحەوت پرۆژە بەبڕی (70) حەفتا ملیار دینار.

(4) كۆی گشتی پرۆژەكان بریتیە لە (692) شەش سەدو نەوەدو دوو پرۆژە بەبڕی (291) دووسەدو نەوەدو یەك ملیار دینار.

(ث) پرۆژە بەردەوامەكانی ساڵانی (2003، 2004، 2005):

(1) كۆی ژمارەی پرۆژەكان بریتیە لە (61) پرۆژە.

(2) گوژمەی پێویست بۆ ساڵی 2011 بریتیە لە (68108) شەستو هەشت ملیارو سەدو هەشت ملیۆن دینار.

(ج) بەپێی بڕگەكانی (أ، ب، ت، پ):

(1) ڕێژەی خەرجی پرۆژە بەردەوامەكان لە بودجەی وەبەرهێنانی ساڵی 2011 بریتیە لە نزیكەی 67.5٪

(2) ڕێژەی خەرجی پرۆژە پێشنیارەكان لە بودجەی ساڵی 2011 بریتیە لە نزیكەی 23.8٪

(3) ڕێژەی خەرجی پرۆژەكانی پەرەپێدانی پارێزگاكان بریتیە لە نزیكەی 7٪ لە بودجەی ساڵی 2011.

(4) ڕێژەی خەرجی پرۆژەكانی ساڵانی (2003، 2004، 2005) بریتیە لە 1.6٪.

(ح) ڕێژەی تێچووی پرۆژەكان بەرامبەر بە بودجەی خەملێنراوی ساڵی 2011 بریتیە لە:

(1) ڕێژەی پرۆژە بەردەوامەكان بریتیە لە نزیكەی 20.1٪.

(2) ڕێژەی پرۆژە پێشنیارەكان بۆ ساڵی 2011 بریتیە لە نزیكەی 7.1٪.

(3) ڕێژەی پرۆژەكانی پەرەپێدانی پارێزگاكان بریتیە لە نزیكەی 2.1٪.

(4) ڕێژەی پرۆژە بەردەوامەكانی ساڵانی (2003، 2004، 2005) بریتیە لە 0.5٪.

(5) كۆی هەر چوار ڕێژەی سەرەوە بریتیە لە نزیكەی 29.8٪ لە بودجەی خەملێنراوی ساڵی 2011.

(خ) بودجەی خەملێنراوی ساڵی 2011 بە ڕێژەی نزیكەی (32٪) زیادی كردووە، بە بەراورد لەگەڵ بودجەی ساڵی 2010، بەم شێوەیەی خوارەوە:

(1) بودجەی وەگەڕخستن بە بڕی نزیكەی (35٪) زیادی كردووە بەبەراورد لەگەڵ ساڵی 2010.

(2) بودجەی وەبەرهێنان بە ڕێژەی (27٪) زیادی كردووە بەبەراورد لەگەڵ ساڵی 2010. بۆیە پێشبینی دەكرێ كە بودجەی خەملێنراوی ساڵی 2011 ڕۆڵێكی گرنگتری هەبێت لە پەرەپێدانو گەشە كردن لە هەرێمی كوردستان، هەرچەندە ڕێژەی زیاد بوونی بودجەی وەبەرهێنان كەمترە لە ڕێژەی زیاد بوونی بودجەی وەگەڕخستن.

(3) لەهەمان كاتدا بودجەی خەملێنراوی ساڵی 2011 بە ڕێژەی (100٪) بەدەست نایەت وەكو داهات، كە لە حكومەتی فیدراڵەوە تەرخانكراوە بۆ حكومەتی هەرێم بەهۆی ئەوەی ڕێژەی كورتهێنان بریتیە لە نزیكەی (11.1٪)، كە بەشێكی پەیوەستە بە خەرجی هێزی پێشمەرگە، وەكو بەشێك لە سیستەمی بەرگری سەربازی لە عێراق. واتە ڕێژەی خەرجی فیعلی بەدەست هاتوو لە بودجەی خەملێنراوی ساڵی 2011 تەنها بریتیە لە نزیكەی (88.9٪).

شەشەم: بودجەی خەملێنراوی ساڵی 2011 ئەم خاڵانەی خوارەوەی گرتۆتە خۆ:

(1) تەرخانکردنی (25000) بیست وپێنج هەزار (پلەی وەزیفی) لەدەزگاکانی هەرێم، بۆ دامەزراندنی هێزی کارو، دابەشکردنی بەسەر پارێزگاکان ویەکە کارگێریەکان بەپێ ژمارەی دانیشتوان لەچوارچێوەی مەرجەکانی پرۆژە یاسای ئەنجومەنی ڕاژەی گشتی.

(2) پشتگیری کردنی وەزارەتی دارایی وئابووری لە(سەرچاوەکانی سندوقی دامەزراوی خانەنشین ودەستەبەری کۆمەڵایەتی)، بەتەرخانکردنی بڕی (30٪) زیاتر نەبێت لەبڕی بەشداریەکان (الأشتراكات) کەدەدرێ بە دامەزراوەی ناوبراو لەمیانەی ساڵانی دارایی پێشوو، لەچوارچێوەی تەرخانکراوەکانی (تخصيصات) وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی.

(3) بەردەوام بوون لە جێبەجێکردنی پرۆژەی پەرەپێدانی تواناسازی مرۆیی، بەمەبەستی ئامادەکردنی کادری پسپۆڕ لەبوارە جیاجیاکان، کە هەرێمی کوردستان پێویستی پێیەتی لەڕێگەی (زەمالەو ناردنەدەرەوەو توێژینەوەی زانستی وخولی ڕاهێنان).

(4) تەرخانکردنی بڕی (200) دووسەد ملیار دینار بۆ پشتگیری پارتە سیاسیەکان، پرۆژەی ڕێکخراوە ناحکومیەکان و، بەشێوەیەکی کاتی و پاکتاوکردنی (تسوية) لەماوەی داهاتوو دوای پەسندکردنی پرۆژە یاسای پشتگیری پارتەکان و ڕێکخراوە ناحکومیەکان.

حەوتەم: پابەندبوونی وەزارەتی دارایی و ئابووری بە بەردەوامی لەسەر دابینکردنی:

أ - پێدانی قەرزی خانووبەرە بۆ هاووڵاتیان لە پارێزگاکان و قەزاو ناحیەو دێهاتەکان.

ب - بەردەوام بوون لەسەر پێدانی قەرزی کشتوکاڵی لەڕێگەی بانکی کشتوکاڵی.

ت - بەردەوام بوون لەسەر پێدانی قەرزی پیشەسازی لەڕێگەی بانکی پیشەسازی، بۆ پشتگیری کردنی پرۆژە پیشەسازیەکان.

ث - بەردەوام بوون لەسەر فەندکردنی (سندوقی نیشتەجێبوون) بەبڕی (150) سەدو پەنجا ملیار دینارو، گرنگیدانی زیاتر بە پرۆژەی نیشتەجێبوون لەناحیەو دێهاتەکان.

ج - تەرخانکردنی بڕی (25) بیست وپێنج ملیار دینار بۆ پشتگیری کردنی (سندوقی قەرزی بچووك) و(پرۆژەی پەیدا کردنی بواری کار بۆ گەنجان)، کە لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان پەسندکراوە لەساڵی 2010.

ح - تەرخانکردنی پێشینەی هاوسەرگیری لەهەرێمی کوردستان بەبڕی (2500000) دوو ملیۆن وپێنج سەد هەزار دینار.

هەشتەم: ئەو داهاتانەی کە بەدەست دەکەوێ لە ئەنجامی چالاکیەکانی نەوت دەرهێنان تایبەت بە بیرە نەوتەکانی هەرێم وەردەگیرێ لەلایەن (سندوقی کوردستان بۆ داهاتە نەوتیەکان)، بەپێی ماددەی (15) لەیاسای نەوت وگازی هەرێمی کوردستان ژمارە (22) بۆ ساڵی 2007.

**نۆیەم:** بەپێی ماددەی (23) لەپرۆژە یاساکە دەستنیشانی ماوەی شەش مانگ دەکات بۆ یەکگرتنەوەی (توحید) بودجەی هەموو ئەو دامەزراوانەی کەتاکو ئێستا یەکیان نەگرتۆتەوە.

**دەیەم:** سەر لە نوێ دەستنیشانکردنەوی مووچەو دەرماڵەو مووچەی خانەنشین لەهەرێمی کوردستان، بۆ ئەو وەزیفانەی کەبەپێی پرۆژەیاسای (مووچەی بەرپرسە بالأکانی دەوڵەت)، کەلەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانی فیدراڵی پەسندکراوە، هەروەها بڕینی ڕێژەی (10٪) لەو مووچانەو, هەروەها نەهێشتنی دەرماڵەکانی بەدەرو تایبەت (المخصصات الأستثنائية والخاصة).

**بەڕێز د.ئاراس حسين محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

یانزە: تێبینیەکانی لیژنەی دارایی‌و کاروباری ئابووری:

(1) ڕێژەی 63,67٪ لە بودجەی وەگەڕخستنی ساڵی 2011 تەرخانکراوە، بۆ تەنها پێنج وەزارەت لە کۆی (30) سەرۆکایەتی‌و وەزارەت‌و دەستە، کە جۆرێك لە ناهاوتایی تێدا بەدی دەکرێت، کە پێویستە لەداهاتوودا ڕچاو بکرێت.

ڕێژەی ناوبراو بەسەر ئەم وەزارەتانەدا دابەشکراوە بەپێی گرنگی ریزبەندی، کە بریتیە لە (وەزارەتی دارایی‌و ئابووری، وەزارەتی پەروەردە، وەزارەتی کارەبا، وەزارەتی ناوخۆ، وەزارەتی پێشمەرگە).

(2) ئاستی پێویست لە تێچووی وەگەڕخستن‌و وەبەرهێنان بۆ ساڵی 2011 خەملێنراوە بەبڕی (17,515) حەڤدە ترلیۆن‌و پێنج سەدو پازدە ملیار دینار، بەلأم ڕەزامەندی وەزارەتی دارایی تەنها بەبڕی نزیکەی (13,940) سێزدە ترلیۆن و نۆسەدو چل ملیار دینارە، واتە تەرخانکراو لە بڕی پێویست بە ڕێژەی (80٪) دێت. ئەمەو جگە لەوەی بڕی کورتهێنان بە ڕێژەی نزیکەی (11٪) دەخەملێنرێت لە بودجەی وەگەڕخستن، بەم شێوەیە ڕێژەی تەرخانکراوی کۆتایی کە خەملێنراوە بۆ هەردوو بودجەی وەگەڕخستن‌و وەبەرهێنانی ساڵی 2011 نزیکەی (69٪) لە خواستی حکومەتی هەرێم دەهێنێتە دی. بۆیە ئەم پێوەرە دەبێ هانی نوێنەرانی حکومەتی هەرێم بدات لە هەردوو دەزگای یاسا دانان‌و جێبەجێ کردن لە حکومەتی عێراقی فیدراڵ، بۆ بەرزکردنەوەی ئەم ڕێژەیە.

دوانزە:

(أ) لیژنەکەمان پێشنیار دەکات لەکاتی زیاد کردنی بڕی هەر تێچوویەك لە تێچووەکان لەلایەن زۆرینەی ئەندامانی پەرلەمانەوە دەتوانرێت ئەو زیادەیە لە تێچووەکانی (شمەك، خزمەتگوزاری، چاك کردنەوە، بەخشین، سوودی کۆمەلأیەتی، تێچووەکانی تر) ئەنجام بدرێ بەهۆی بەرزی ڕێژەکانیانەوە، یان بەپێی بۆچوونی وەزارەتی دارایی هەرێم.

(ب) بڕی تەرخانکراو بۆ ئەو بەشانەی بڕگەی (أ) بریتیە لە نزیکەی (3.6) ترلیۆن دینار، ئەگەر بە ڕێژەکانی (5٪)، (10٪)، (15٪) کەم بکرێتەوە، دەتوانرێت پاشەکەوتی بڕی نزیکەی (1.8)، (3.6)، (5.4) ملیار دینار یەك لە دوای یەك بکرێت بۆ قەرەبووکردنەوەی زیاد کردنی هەر تەرخانکراوێك کە لە

هۆڵی پەرلەمان ڕەزامەندی لەسەر دەدرێت. یەعنی (180) ملیار، (360) ملیار، (540) ملیار مەبەستمان ئەوەیە.

(ت) لیژنەمان پێشنیار دەکات، کە ئازادی بدرێ بە وەزارەتی داراییو ئابووری بۆ چۆنیەتی داشاکاندنی ئەو ڕێژە دیاریکراوە لە تەرخانکراوەکانی ئەو حسابانەی بە گونجاوی دادەنێ لە کاتێکدا لە دانیشتنی پەرلەمان پەسند دەکرێ.

سیانزە: لیژنە پێشنیار دەکات موناقلە نەکرێ لە تەرخانکراوەکانی بودجەی وەبەرهێنان بۆ بودجەی وەگەڕخستن.

چواردە: لیژنە پێشنیاردەکات بەپێی تایبەتمەندی هەر وەزارەتێك پڕۆژەی خۆی ئەنجام بدات، نەك لەلایەن وەزارەتێکەوە کە پەیوەندی نییە، بۆی ئەنجام بدرێ.

پانزە: لیژنە تێبینی کرد، کە ژمارەیەك لە پرۆژە پێشنیارکراوەکان بۆ ساڵی 2011 بڕێك پارەی زۆری بۆ تەرخان کراوە، بەلاَم بری تەرخانکراو بۆ ساڵی 2011 ڕێژەیەکی زۆر کەمە. بۆ نموونە پڕۆژەی فڕۆکەخانەی دهۆك گوژمەی پێویست (144) ملیار دینارە و، تەرخانکراوی 2011 تەنها (4) ملیارە، بۆیە لیژنەمان پێشنیار دەکات، کە پێویستە ئەو ڕێژەیە (7٪) کەمتر نەبێت، بەپێچەوانەوە پێویست ناکات پرۆژە لەو جۆرە پێشنیار بکرێت.

شانزە: ئەو ژمارەیە لە میلاك کە پێشنیار کراوە بۆ وەزارەتی دارایی، کە بریتیە لە (5322) پلە، ڕێژەیەکی بەرزە بە بەراورد لەگەڵ وەزارەتەکانی تردا. بۆیە لیژنەمان پێشنیار دەکات بۆ حکومەت، کە ئاستێك لەو ژمارەیە دووبارە دابەش بکرێتەوە بەسەر ئەو وەزارەتانەی کە پێویستیان هەیە.

حەڤدە: بەپێی بۆچوونی لیژنە، هەندێك پرۆژە هەیە ئاستی گرنگی زۆر نزمە بەبەراورد لەگەڵ پرۆژەی گرنگتردا، بەلاَم بڕێکی زۆری پارە بۆ تەرخان کراوە، بۆیە پێویستە تەرخان کردنی بودجە بۆ پرۆژەکان بەپێی گرنگی بێتو کاردانەوەی پێشەبەری لەسەر بواری ئابووریو کۆمەلاَیەتی هەرێمی کوردستان بێت.

بۆنموونە/ پرۆژەی تونێلی چیای مەتین لە پارێزگای دهۆك کە بڕی (30) ملیار دیناری بۆ تەرخان کراوە، لەهەمان کاتدا داواکاریەکی زۆری پارێزگای دهۆك هەیە بۆ دروست کردنی نەخۆشخانەیەکی چارەسەری شێرپەنجە.

هەژدە: لیژنەکەمان تێبینی کردووە، هەندێ پرۆژە هەیە کە ماوەی تەواو کردنی لە ساڵێك کەمترە، بەلاَم بەپێی بەرنامەی بودجەی وەبەرهێنان پارەی تەرخانکراو دابەش دەکرێت بەسەر (2) ساڵدا. لیژنەکەمان پێی باشە هۆکەی بزانێت لەلایەن حکومەتەوە.

بۆ نموونە/ پرۆژەی پردی سەر کەپکان لە زنجیرەی (35) سەر بە وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە ماوەی تەواو کردنی پرۆژەکە دەستنیشان کراوە بە(60) رۆژ، بەلاَم بەپێی گوژمەی پرۆژەکە کە (1) ملیار دینارە تەرخانکراو بۆ ساڵی 2011 (700) ملیۆن دینارەو، بەشەکەی تری بۆ ساڵی 2012 دادەنرێت.

**نۆزده: لیژنەمان پێشنیاردەکات بەپێی پێویست هەر پڕۆژەیەك دراسەی جەدوای هونەریو ئابووری بۆ بکرێ و، هەر پڕۆژەیەك دوای پەسندکردنی بودجە بە شەش مانگ پڕۆسەی تەندەرینی بۆ ئەنجام نەدرا پەرلەمانی لێ ئاگاداربکرێتەوە لە هۆکارەکەی.**

**بیست: بەمەبەستی دابینکردنی یەکەی نیشتەجێ بوون بۆ هاووڵاتیانی خاوەن داهاتی سنووردارو کەم دەرامەت، پێشنیار دەکەین بڕی (75) ملیار دینار لەرێگەی جێبەجێ کردنی یاسای دابینکردنی خانووی نیشتەجێبوون بۆ دانیشتووان لە هەرێمی کوردستان ژمارە (7)ی ساڵی 2008 تەرخان بکرێت بەشێوەیەکی دادپەروەرانەو بە ڕەچاوکردنی گرنگی بۆ شوێنە جیاوازەکان جێبەجێ بکرێت.**

**بیستو یەك: ژمارەیەك لەپرسیار دەربارەی بودجەی خەملێنراوی ساڵی 2011 دێتەکایەوە لەلایەن گشت لیژنە هەمیشەییەکانو ئەندامە بەڕێزەکانی پەرلەمان، بەم شێوەی کە لە خوارەوە دیاری دەکەین داوا لە نوێنەری حکومەت دەکەین، کە وەڵامی ئەو پرسیارانە بداتەوە:**

**پ1/ هەندێك تەرخانکراو هەیە بۆ هەندێك حیساب لە بودجەی وەگەڕخستن تێبینی دەکرێت، کە ئەو حیسابە لە هەرێمی کوردستان چالاکی لەسەر ئەنجام نادرێت، یان زۆرجار بڕی تەرخانکراو بۆ ئەو حیسابە بڕێکی زۆرە. پرسیار ئەوەیە ئەگەر ئەو حیسابە چالاکی لەسەر ئەنجام نەدرا، یان پارەکەی هەمووی خەرج نەکرا لەساڵی داهاتوودا بڕی ئەو پارەیە چی لێ بەسەر دێت لەلایەن حکومەتەوە؟**

**بۆنموونە/ لەلاپەڕە (6)ی فۆرمی بودجە بڕی (2476) ملیۆن دینار تەرخانکراوە، بۆ فیلمی درامای سینەما.**

**پ2/ بڕی ئەو پارانەی کە تەرخانکراوە بۆ پڕۆژەکانی ساڵی 2010، کە لە ساڵی 2010دا ئەنجام نەدراوە، چۆن لەلایەن حکومەتەوە ئاڕاستەکراوەو؟ چۆن مامەڵە لەگەڵ ئەو پارەیە دەکرێت؟**

**پ3/ پڕۆژە هەیە کە بەچەند جۆر لە بەرنامەی وەبەرهێنان دووبارە بۆتەوەو، بەشێوەی جیاواز، هۆکەی چیە؟ ئایا چۆن مامەڵە لەگەڵ بڕی پارەکەیدا دەکرێت؟ ئایا دەبێت هەمان پڕۆژە بە چەند شێوەیەك پارەی بۆ تەرخان بکرێتو خەرج بکرێت؟**

**بۆ نموونە/ مزگەوتی (شەهید عەلی عەسکەری)بە سێ جۆر هاتووە:**

**1- پڕۆژە بەردەوامەکانی سلێمانی/ ئەوقاف زنجیرە (4) سیاجی مزگەوتی عەلی عەسکەری بەبڕی (78) ملیۆن دینار.**

**2- هەمان لاپەڕە زنجیرە (13) کاری تەواوکاری بۆ مزگەوتی شەهید عەلی عەسکەری بە بڕی (271) ملیۆن دینار.**

**3- پڕۆژەی پەرەپێدانی پارێزگاکانی سلێمانی/ ئەوقاف زنجیرە (242) پڕۆژەی مزگەوتی شەهید (عەلی عەسکەری) بە بڕی (217) ملیۆن دینار.**

**پ4/ بەشێوەیەکی گشتی پرسیارێك هەیە، ئایا ستۆکی خولاوو واتە (الرصيد المدور) بۆ سەرەتای ساڵی 2011 چەندە؟ ئەگەر نییە هۆی چیە؟.**

پ5/ وەزارەتی دارایی‌و ئابووری زێدەڕۆیی لەسەر پارەی تەرخانکراو بۆ بودجەی وەگەڕخستنی ساڵی 2010، کە دەکاتە (7.340) ترلیۆن دینار، بەڵام خەرجی فیعلی تاکو (2010/6/31) دەکاتە (4.477) ترلیۆن دینار بەم شێوەیە تاکو (2010/12/31) دەکاتە (8.955) واتە زیادەڕۆیی تیا بەدی دەکرێت بە نزیکەیی (1.516) ترلیۆن، ئەم پارەیە لە کوێوە دێت؟ ئەگەر گریمانەکەی ئێمە ڕاست بێت؟ تکایە بۆ ڕوونکردنەوە.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، ئەندامانی بەڕێز، نوێنەرانی حکومەت و وەزیرە بەڕێزەکان، لەڕاستیدا لەلایەن زۆرینەی ئەندامە بەڕێزەکانی پەرلەمانەوە بۆچوونێکیان هەیە، کە حیساباتی کۆتایی شەش مانگی یەکەم دێت، یان کە باسی خەرجی فیعلی دەکەیت تاکو 6/31ی ئەو ساڵە بڕێك دانراوە، بۆچوونی هەندێك لە ئەندامە بەڕێزەکان ئەوەیە، کە ئەو بڕە لە دوای 6/31ـەوە بۆ 12/31 دەبێت بە دوو ئەوەندە، کە زەربی دووی دەکەن مەبلەغەکە زیاتر دەبێت لەو تەخصیصەی کە بۆی دانراوە، ئەوە پرسیارێکە، لەوانەی لیژنەی دارایی وەڵامی دابێتەوە، بەڵام پێویستیان بەوەیە کە حکومەتیش وەڵام بداتەوە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

حیسابی خیتامیش شەش مانگ نا، جەدوەلی حیسابات، ئەگەر بگوترێت باشترە، فەرموو بەردەوام بە.

**بەڕێز عمر صدیق محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**بەشی دووەم**

**تێبینیەکان‌و پێشنیارەکانی لیژنە هەمیشەییەکانی پەرلەمان دەربارەی بودجەی خەملێنراوی ساڵی 2011**

**یەکەم:**

لیژنەی کاروباری پێشمەرگە لە هەردوو نووسراویان ژمارە (31) لە (2011/4/5)و ژمارە (27) لە (2011/4/6):

⋆ داواکارییەکانی لیژنە:

(1) داواکارن (سلفة)ی وەزارەتی پێشمەرگە ببێت بە (بودجە) هاوتای هەموو وەزارەتەکانی تر. (ڕای لیژنەی دارایی ببێت بە پێشنیار بۆ حکومەت).

(2)داواکارن کە مووچەی هەردوو (خانەنشینی پێشمەرگەو کەم ئەندامی سەنگەر) زیاد بکرێت بەپێی یاسایی (34 و 38)ی ساڵی (2007)ی پەرلەمانی کوردستان.(بکرێ بە پێشنیار بۆ داهاتوو).

(3)پەلە بکرێ لە دروستکردنی ئەو (8) لیوایەی کە حکومەتی هەرێم پارەی بۆ تەرخانکردووە.(پەیوەندی بە بودجەوە نییە).

(4)ئەو پێشمەرگانەی کە دوای تەشکیل کردنی لیواکان دەمێننەوە، لەسەر داوای خۆیان خانەنشین بکرێن، یان بگوێزرێنەوە بۆ وەزارەتەکانی تر.(پەیوەندی بە بودجەوە نییە).

(5)بودجـەی خـەمڵێنراوی سـاڵی (2011) زۆر کەمـە، وە هـیچ بـڕە پارەیـەك تـەرخان نـەکراوە بـۆ دروستکردنی یەکەی نیشتەجێ بوون بۆ ژمارەیـەکی زۆر لـە خانـەوادەی شـەهیدان.(بکرێ بـە پێشـنیار بـۆ داهاتوو).

(6)داواکارن ئەو بڕە پارەیەی تەرخانکراوە بۆ دروستکردنی بەڕێوەبەرایەتی گشتی شەهیدان لـە هـەولێرو سـلێمانیو دهـۆك دابـین بکـرێ بـۆ دروسـتکردنی یەکـەی نیشـتەجێبوونو خەسـتەخانەو پـڕۆژەی خزمەتگوزاری بۆ کەسوکاری سەربەرزی شەهیدان. (پەیوەندی بە بودجەوە نییە).

(7)داواکارن دەرماڵەی (ژنو منداڵی شەهیدان) خەرج بکرێ و، بخرێتە سـەر مووچـەی شـەهیدانە. (بکـرێ بە پێشنیار بۆ حکومەت).

(8)داواکارن ئەو بڕە پارەیەی خەرج دەکرێ بۆ منداڵانی شەهیدان لە هەموو قوتابخانـەکانی خوێنـدن، کـە تـاکو ئێسـتا تـەنها (نیـوەی) خـەرج دەکـرێ (هـەموو) بڕەکـەیان بـۆ خـەرج بکـرێ. (بکـرێ بـە پێشـنیار بـۆ حکومەت بەپێی توانای دارایی).

(9)داواکارن دانانی ڕێژەیەك لە پڕۆسەی (تواناسازیو خوێندنی زانکۆو دامەزراندن) بـۆ منـداڵانی شـەهید دابنرێت. (ئەم بابەتە بە ڕێنمایی لەلای حکومەتەوە پێڕەوی دەکرێت، لاری نییە بکرێت بە پێشنیار).

(10) میلاکـی وەزارەتـی شـەهیدان زیـاد بکـەن، بەتایبـەتی سـتافی (ئەنـدازیاران) بـۆ بەدواداچـوونی پڕۆژەکانو خانووەکانی شەهیدان. (بکرێ بە پێشنیار بۆ حکومەت).

(11) داواکارن بۆ چارەسەرکردنی گرفتـی دابـین کردنـی زەوی لـەنێوان وەزارەتـی شـەهیدان و وەزارەتـی شارەوانی. (پەیوەندی بە بودجەوە نییە).

دووەم: لیژنەی ناوخۆ:

ئەم لیژنەیە پێشنیارەکانی بە دوو نووسراوی جیا ناردووە بۆ لیژنەکەمان بەم شێوەیە:

- نووسراوی ژمارە (157) لە (2011/4/6) و نووسراوی ژمارە (158) لە (2011/4/6) بەم شێوەیە:

(أ) پێشنیارەکانیان بەپێی نووسراوی ژمارە (157) کە تایبەتە بە دەزگای ئاسایش (هەولێرو سلێمانی) بـەم شێوەیەی خوارەوەیە:

(**1**) زیاد کردنی ژمارەی میلاکی دامەزرانـدن لـە (300) کـەس بـۆ (500) کـەس، بـۆ ئاسایشـی سـلێمانی. (جێ بهێڵرێت بۆ گفتوگۆ لەنێوان هەردوو وەزارەتی داراییو ناوخۆ).

(**2**) زیاد کردنی ژمـارەی میلاکـی دامەزرانـدن لـە (500) بـۆ (1000) کـەس لـە ئاسایشـی هـەولێر. (جێ بهێڵرێت بۆ گفتوگۆ لە نێوان هەردوو وەزارەتی داراییو ناوخۆ).

(**3**) زیادکردنی دەرماڵەی (بدل أرزاق) بۆ هەردوو ئاسایشی هەولێرو سلێمانی بەم شێوەیە:

سلێمانی 17978×210000×12= 45304560000

هەولێر 19319×210000×12= 48683880000 (ڕای حکومەت وەربگیرێت، چونکە پێشنیاری بـڕی زیادەیە لە پارە دەبێ تەرخانکراوی بۆ پەیدا بکرێ).

**(4)** زیاد کردنی بڕی (5) پێنج ملیار دینار لە بەشی (شمەك، خزمەتگوزاری، چاکردنەوە) بۆ هەر یەك لە ئاسایشی سلێمانیو هەولێر، بەمەبەستی کڕینی جلو بەرگ. (پەیوەندی هەیە بە ڕێکەوتن لەنێوان هەردوو وەزارەتی ناوخۆو دارایی لە کاتی جێبەجێکردنی بودجەدا).

**(5)** زیاد کردنی بڕی (1) ملیار دینار لە بەشی (سوودە کۆمەڵایەتیەکان) بۆ هەریەك لە ئاسایشی هەولێرو سلێمانی.(بەهەمان شێوەی خاڵی چوار).

**(6)** زیاد کردنی بڕی (5) پێنج ملیار دینار لە بەشی (تێچووەکانی) بۆ هەریەك لە ئاسایشی سلێمانیو هەولێر.( بە هەمان شێوەی خاڵی چوارو پێنج).

**(7)** ئاسایشی سلێمانی پڕۆژەی بەردەوامو پێشنیارکراوی نییە، دەبێ بە هاوکاری لەگەڵ وەزارەتی پلاندانان لە پڕۆژە پێشنیارکراوەکان حیسابیان بۆ بکرێ. ( بکرێ بە پێشنیار بۆ داهاتوو).

(ب) پێشنیارەکانیان بەپێی نووسراوی ژمارە (158) کە تایبەتە بە بودجەی وەزارەتی ناوخۆ بەم شێوەیە:

**(1)** زیاد کردنی میلاکی دامەزراندن لە(2797) بۆ (5000) کەس. ( بکرێ بە پێشنیار بۆ داهاتوو).

**(2)** زیاد کردنی دەرماڵەی (بدل أرزاق) بۆ حەقی ( تعويضات الموظفين) بەم شێوەیە:

110797×210000×12= 279 208 440 000 ( ڕوون نییە لەلامان مەبەست چیە، سەرۆکی لیژنە ڕوونکردنەوە بدات لەپەرلەمان زیادە دەبێ تەرخانکراوی بۆ بدۆزرێتەوە).

**(3)** زیاد کردنی بڕی (3) ملیار دینار بۆ بەشی (شمەكو خزمەتگوزاریو چاکردنەوە) بەمەبەستی کڕینی جلوبەرگ.(پەیوەندی هەیە بە گفتوگۆ لە نێوان هەردوو وەزارەتی دارایيو ناوخۆ بەپێی دەسەڵاتی موناقلە لە کاتی جێبەجێکردنی بودجەدا).

**(4)** دابینکردنی بڕی (000 000 1500) لە بڕی (اعانات) بۆ هاوکاری ناوچەکانی (دیالە و کەرکوك و خانەقین و موصل).(لاریمان نییە بە ڕێکەوتنی هەردوو وەزارەتی دارایيو ناوخۆ).

**(5)** زیاد کردنی بڕی (2) دوو ملیار دینار بۆ بەشی (الموجودات غير المالية) بۆ بەرگری شارستانی بۆ کرینی ئوتومبێلو پێداویستەکان.( پشتگیری لێ دەکەین).

**بەڕێز محمد دلێر محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**سێیەم: لیژنەی وەرزشو لاوان:**

بەپێی نووسراویان ژمارە (48) لە (2011/4/11) ئەم خاڵانەیان خستەڕوو:

**(1)** میلاك بۆ دامەزراندن لە وەزارەتی ڕۆشنبیریو لاوان بریتیە لە (550) کەس، بەلاّم ئەوان کێشەیان لە نەبوونی پسپۆڕی تایبەت هەیە. (ڕەئی لیژنەی دارایی تەنها ڕوونکردنەوەیە).

**(2)** وەزارەتی ناوبراو لە هەندێ شوێن میلاکیان زۆرەو لە هەندێ شوێنی تر میلاکیان کەمە. (ڕەئی لیژنەی دارایی وەزارەت چارەسەری ئەم کێشەیە بکات).

**(3)** وەزارەتی ناوبراو (50) پرۆژەیان تەواو بووەو، پێویستیان بە دامەزراندن هەیە بەگرێبەست. (ڕەئی لیژنەی دارایی (550) پلەیان بۆ تەرخانکراوە).

**(4)** خەرج نەکردنی بڕی ئەو (10) دە ملیارە کە تەرخانکرابوو بۆ وەزارەتی ناوبراو لە بودجەی ساڵی 2010 دەگەڕێتەوە بۆ (دواکەوتنی پەسنکردنی بودجەی ساڵی 2010، دواکەوتنی دیزاین، نەگونجانی زەویەکان بۆ پرۆژەی وەرزشی). (ڕەئی لیژنەی دارایی تەنها ڕوونکردنەوەیە).

**(5)** پرۆژە پێشنیارکراوەکانی وەزارەتی ناوبراو بەپێی پلانی وەزارەتی ڕۆشنبیری نییە بەپێی بۆچوونی وەزارەتو ئەندامانی لیژنە، وەزارەت پێویستی بە یاریگای کراوە نییە، چونکە ژمارەی زۆر دروستکراوە، بەڵکو پێویستیان بە هۆڵی داخراوە. بۆیە لیژنە داوا دەکات کە بابەتی یاریگای کراوە بگۆڕێت بۆ هۆڵی داخراو لە پرۆژە پێشنیارکراوەکانی وەزارەت. (ڕەئی لیژنەی دارایی پەسندە وەك پێشنیار).

**(6)** کێشەی نەبوونی هەماهەنگی هەیە لەنێوان وەزارەتو پارێزگاکان، بۆ بەڕێوەبردنی کارەکان. (ڕەئی لیژنەی دارایی پەیوەندی بە بودجەوە نییە).

چوارەم: لیژنەی ئاوەدانکردنەوەو نیشتەجێ بوون:

بەنووسراویان ژمارە (20) لە (2011/4/12) ئەم خاڵانەی خوارەوەیان خستۆتە ڕوو، وەکو پێشنیارو تێبینی:

**(1)** ئەو پرۆژانەی کە ڕاستەوخۆ جێبەجێ دەکرێن زۆرن، تێچوویان زۆرە، ئەمە نابێت. (بکرێ بە پێشنیار).

**(2)** حکومەت کاتێك پەنا دەباتە بەر جێبەجێکردنی ڕاستەوخۆ دەبێ ڕەچاوی ئەم خاڵانە بکات: (ڕەئی لیژنەی دارایی بکرێ بە پێشنیار).

- پرۆژەکە زۆر گرنگ بێت.
- کتوپڕ بێت.
- ماوەی جێ بەجێ کردنی کەم بێت.
- بەڵێندەر ئامادە نەبوو بۆ بانگهێشت.

**(3)** تەنها برگەی ڤێرتاوکردن ڕاستەوخۆ جێبەجێ بکرێ، ئەگەر حکومەت ڤیرو ئامێری هەبێت. (پەیوەندی بە بودجەوە نییە).

**(4)** بەهیچ شێوەیەك تێچووی پرۆژەی ڕاستەوخۆ لە (1) یەك ملیار دینار زیاتر نەبێت. (ڕای حکومەت وەربگیرێت).

**(5)** تێچووی پرۆژە بەردەوامەکان لە نێوان (2010، 2011) زۆر زیادی کردووە بۆ نموونە (فرۆکەخانەی نێودەوڵەتی هەولێر، خەستەخانەکانی بلێ، سەلاحەدین، ئاشتی لە سۆران). (ڕەئی لیژنەی دارایی نوێنەری حکومەت ڕوونکردنەوەی لەسەر بدات).

**(6) پێشنیار دەکەن بەهیچ شێوەیەك ڕێگە نەدرێت کە نەخشەسازی (دیزاین) تەواو نەکرابێ، یاخود تازە ئیحالە کرابێ‌و دروستکردنی پڕۆژەکە لە هەمان ساڵدا بڕیاری لەسەر درابێ، پارەکە بلۆك دەبێ بەبێ سوود. (ڕەئی لیژنەی دارایی پەسندە دراسەت بکرێ لەلایەن حکومەتەوە).**

**بەڕێز جلال علی عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**پێنجەم: لیژنەی کشتوکاڵ‌و ئاودێری:**

**بەپێی نووسراویان ژمارە (24) لە (2011/4/18) ئەم پێشنیارانەیان خستۆتە ڕوو:**

**پێشنیار:**

**لیژنەی ناوبراو بەپێی نووسراوی سەرەوەیان ئەم پێشنیارو بۆچوونانە لە ڕاپۆرتەکەیان دەخەنەڕوو، کە لە هەموار کردنی بودجەدا جێ بەجێ بکرێ:**

**(1) پێدانی دەسەڵاتی پێویست بە بەڕێز وەزیری کشتوکاڵ بە هەماهەنگی لەگەڵ بەڕێز وەزیری دارایی‌و ئابووری بۆ خەرجکردنی پارەی تەرخانکراو (إعانات زراعية) لە بودجەی وەگەڕخستن. (ڕەئی لیژنەی دارایی پەسندەو بکرێ بە پێشنیار).**

**(2) تەرخانکردنی پارەیەکی یەدەگ (احتیاط) بۆ بەرەنگاربوونەوەی کێشەی وشکە ساڵی. (ڕەئی لیژنەی دارایی پەیوەندی بە حکومەتەوە هەیە).**

**(3) پێشنیار دەکەین لەناو ئیستیمارەی (اعداد الموازنة التخمينية) حکومەتی هەرێمی کوردستان لە لاپەڕە (21) لە ستوونی (المتفق عليه من قبل الوزارة) سێ بڕە پارە تەرخانکراوە بۆ (الاصول الطبيعية – غير المنتجة) کە بڕی پارەی بڕگەکەیان (5.007) ملیۆن دینارە، وەکو لە ڕاپۆرتەکەیان هاتووە، پێشنیار دەکەن یەك بڕگەیان بگۆڕدرێت بە (الاهتمام بالثروة الحيوانية في مجال تربية الابقار، منتجات الحليب، الابحاث والارشاد الزراعي). (ڕەئی لیژنەی دارایی پەسندەو بکرێ بە پێشنیار).**

**(4) ڕێژەی تەرخانکراو بۆ کشتوکاڵ لە بودجەی پەرەپێدانی پارێزگاکان زۆر کەمە نزیکەی (3,302) ملیار دینارە، کە دەکاتە ڕێژەی نزیکەی (1٪). (ڕەئی لیژنەی دارایی پەسندە بخرێتە بەردەمی حکومەت بۆ داهاتوو).**

**(5) لە پڕۆژە بەردەوامەکان (3,664) ملیار دینار تەرخانکراوە بۆ وەزارەتی کشتوکاڵ!!. (تەنها ڕوونکردنەوەیە).**

**(6) لە ئامادە کردنی بودجەی خەملێنراوی وەزارەتی کشتوکاڵ بڕی (85,591) ملیار دینار تەرخانکراوە لە لاپەڕەکانی (11، 13، 21)!!. (تەنها ڕوونکردنەوەیە).**

**(7) لە ئامادە کردنی بودجەی خەملێنراودا لاپەڕە (21) بڕی (20,292) ملیار دینار تەرخانکراوە کە پێشنیاری گۆڕانکاریان تیاکردووە!!. (تەنها ڕوونکردنەوەیە).**

(8) لە پرۆژە پێشنیارکراوەکانی بودجەی ساڵی 2011 لە پرۆژەکانی وەزارەتی کشتوکاڵو سەرچاوە ئاوییەکانی هەرێم. (تەنها ڕوونکردنەوەیە).

- هەرێم (700) ملیۆن دینار.
- سلێمانی (29) پرۆژە (11,950) ملیار دینار.
- هەولێر (21) پرۆژە (08193) ملیار دینار.
- دهۆك (20) پرۆژە ( 07350) ملیار دینار.
- کۆی گشتی دەکاتە (28191) ملیار دینار.

(9) لە ئیستیمارەی بودجەی حکومەتی هەرێمی ساڵی 2011 لە برگەی (المشاریع الاستثماریة) بڕی (184,073) ملیار دینار، کە ڕێژەکەی دەکاتە (4,44٪) ڕێژەیەکی گونجاو نییە بۆ بواری کشتوکاڵو سەرچاوە ئاوییەکان. (پەسندەو پێشنیار بۆ حکومەت).

شەشەم: لیژنەی ئەوقافو کاروباری ئاینی:

بەپێی نووسراویان ژمارە (24) لە (2011/4/18) ئەم خاڵانەیان خستۆتەڕوو:

یەکەم: لایەنە ئەرێنیەکانی پرۆژەکە:

(1) پارەی گشتی بودجە زیادی کردووە، بە بەراورد لەگەڵ ساڵانی پێشوودا ئەمە جێی خۆشحاڵیە. (ڕەئی لیژنەی دارایی تەنها ڕوونکردنەوەیە).

(2) ژمارەی پلەی دامەزراندن زیادی کردووە بۆ (25) هەزار پلە لە ناویاندا (800) پلە بۆ وەزارەتی ئەوقافە. (تەنها ڕوونکردنەوەیە).

(3) گرنگی زیاتر دراوە بە سێکتەری کارەبا لەم ساڵدا. (تەنها ڕوونکردنەوەیە).

(4) گرنگی دراوە بە خانووی نیشتەجێ کردن بۆ بنەماڵەی شەهیدانو ئەنفال. (تەنها ڕوونکردنەوەیە).

(5) بەردەوام بوون لەسەر پرۆژەی توانا سازی لاوان. (تەنها ڕوونکردنەوەیە).

(6) بەردەوام بوون لەسەر دروستکردنی یەکەی نیشتەجێبوون لە ڕێگای وەبەرهێنان و پێشینەی خانووبەرەوە. (تەنها ڕوونکردنەوەیە).

دووەم: لایەنە نەرێنیەکانی پرۆژەی بودجە:

(1) دواکەوتنی گەیشتنی پرۆژەی بودجە بۆ پەرلەمان. (ڕەئی لیژنەی دارایی پەسندە).

(2) جیاوازی زۆرە لە نێوان تێچووی وەگەڕخستنو تێچووی وەبەرهێنان، وەگەڕخستن زیاترە لە وەبەرهێنان. (تەنها ڕوونکردنەوەیە).

(3) کورت هێنان (عجز) لەچاو پار ساڵ زیادی کردووە. (تەنها ڕوونکردنەوەیە).

(4) ڕێژەی لەسەدا (11٪) بودجەی وەگەڕخستن تەرخانکراوە بۆ (سوودە کۆمەڵایەتیەکان، تێچووەکانی تر (مصروفات الاخری)، مەوجووداتی نادارایی)، ئەمە دەرگا دەکاتەوە بۆ گەندەڵیو بەهەدەردانی بودجەی گشتی. (ڕەئی لیژنەی دارایی کۆمێنتی نییە).

(5) داهاتی هەرێم زۆر کەمترە لەوەی کە هەیە. (نوێنەری حکومەت ئەم خاڵە ڕوون بکاتەوە لە هۆڵی پەرلەمان).

(6) پێویستە بودجەی وەزارەتی ئەوقافو کاروباری ئاینی زیاد بکرێ، چونکە زیاتر لە (1000) مزگەوتو کەنیسەو شوێنی خواپەرستی بێ کارمەندن. ( (800) پلەیان بۆ تەرخانکراوە).

سێیەم: پێشنیارەکانو ڕاسپاردەکانی لیژنەی ئەوقاف:

(1) پێویستە حکومەت لە کاتی یاساییدا بودجە ڕەوانەی پەرلەمان بکات. (پەسندە)

(2) لە ڕووی یاساییو داراییەوە دراسەت بکرێ، کە تا چەند دەکرێت سەری ساڵی دارایی لە هەرێم بگۆڕێت بۆ سەری ساڵی کوردی. (پەیوەندی بە حکومەتەوە هەیە).

(3) هەر وەزارەتێك ئازاد بێتو دەسەڵاتی هەبێت لەخەرجکردنی ئەو بڕە پارەی بۆی تەرخانکراوە. (پەسندە بکرێ بە پێشنیار).

(4) سەرچاوەکانی داهات لە هەرێمدا بەیاسا ڕێك بخرێت. (پەسندە).

(5) هەردوو ئاسایشی سلێمانی و هەولێر یەك بگرێتەوەو یەك بودجەیان بۆ دابنرێتو، تا ئێستاش یەکیان نەگرتۆتەوە. (پەسندە).

(6) حیسابی (سوودە کۆمەڵایەتیەکان) لە هەموو وەزارەتەکان لا ببرێ تەنها لە وەزارەتی دارایی بمێنێتەوە. (پەسند نییە، چونکە مافێکی داراییو یاساییە بۆ هەر وەزارەتێك).

(7) پێویستە وەزارەتی دارایی بەبێ ڕەزامەندی وەزارەتەکان دەستکاری بڕی پارەی (متفق علیە) نەکات. (ڕەئی لیژنەی دارایی بەجێ بهێڵرێت بۆ گفتوگۆی نێوان وەزارەتی داراییو وەزارەتەکان).

(8) بەخشینی مزگەوتو شوێنی خواپەرستی لە کرێی ئاو وکارەبا. (ڕەئی لیژنەی دارایی پەسند نییە، چونکە بە یاسا ڕێکخراوە).

(9) دووبارە چاوخشاندنەوە بە کرێدانو بەکارهێنانی موڵکەکانی (وقف) لە وەزارەتی ئەوقاف. (پەیوەندی بە بودجەوە نییە).

(10)دووبارە چاوخشاندنەوە لە دابەشکردنی پڕۆژەکانی وەزارەتی ئەوقاف بەپێی پێویستو هاوسەنگی پارێزگاکانی کوردستان. (ڕەئی لیژنەی دارایی پەسندەو بکرێ بە پێشنیار).

(11) ڕەچاوکردنی بنەمای دادگەری هاونیشتمانی بوون بۆ پێدانی پڕۆژەو بودجەی گونجاو بە هاووڵاتیانی مەسیحیو ئێزیدی. (ڕەئی لیژنەی دارایی پەسند نییە، چونکە بنەمای دادوەری بۆ هەموو هاووڵاتیان لە کوردستان بەدی هاتووەو ئەو جیاوازیە نییە).

حەوتەم: لیژنەی کاروباری یاسایی:

بە نووسراویان ژمارە (72) لە (2011/4/19) پوختەی ئەم ڕاپۆرتە پێك دێ لە دوو بەش: بەشێکیان/ بریتیە لە پێشنیارەکانی لیژنەی ناوبراو بۆ حکومەت، دەربارەی بودجەی خەملێنراوی ساڵی 2011، کە لەبەشی دووەمی ڕاپۆرتە گشتیەکەدا دەخرێتە ڕوو و، بەشی دووەم/ کە بریتیە لە پێشنیارو گۆڕانکاری

لیژنەی ناوبراو، دەربارەی ماددە یاساییەکانی پڕۆژە یاسای بودجەی ساڵی 2011، کە لە بەشی سێیەمی ڕاپۆرتە گشتیەکەدا دەخرێتە ڕوو.

تێبینیو پێشنیارەکانی لیژنەی یاسایی دەربارەی بودجەی خەملێنراوی ساڵی 2011 پوختەکەی بریتیە لەم خاڵانەی خوارەوە:

(1) بەپێی یاسای (الإدارة المالية والدين العام رقم (95) لسنة 2004) پێویستە لەسەر وەزارەتی دارایی (حسابی ختامی) ساڵی دارایی 2010 تاکو ڕۆژی (2011/4/15) تەواو بکات. (پەسندەو مادەیەکی یاساییە).

(2) پێشنیار دەکەن بە زیاد کردنی ئەو ڕێژانەی کە دیارکراوە لە ماددەی (25) لە یاسای (الموازنة الاتحادية لسنة 2011) کە تایبەتە بە گواستنەوەی بڕی داهاتی نەوتی خاو وغازی بەرهەم هێنراو لەهەر پارێزگایەك بۆ (بودجەی هەرێم) لەکاتی گەیشتنی. (پەسندەو حکومەت هەستێ بەو کارە لە داهاتوودا).

(3) لیژنەی ناوبراو پێشنیاردەکات، کە نابێ پێشنیاری هەر زیادەیەك لە تێچوو بکەی، یاخود تێچووی زیادە زیاد بکەی لە بودجە هەروەها کەمکردنەوەی داهات، ئەگەر هاتو هۆکانی بەدەست نەهاتبێ. (رەئی لیژنەی دارایی پەسندەو مادەیەکی یاساییە).

(4) بەلاَم دەکرێ داوای گواستنەوە (المناقلة) بکرێت لەنێوان (الابواب والمواد والاقسام) لە چوارچێوەی بودجەی دیاریکراو، بەپێی ماددەی (83) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان. (رەئی لیژنەی دارایی پەسندەو مادەیەکی یاساییە).

(5) لیژنە پێشنیاردەکات پرەنسیپی هاوسەنگی (مبدأ التوازن) ڕەچاو بکات لە نێوان کەرتەکانی هەرێم لە کاتی تەرخان کردنی بودجەی وەگەڕهێنان. (رەئی لیژنەی دارایی پەسندە بکرێ بەپێشنیار بۆ حکومەت).

(6) گرنگیدانی زیاتر بە گەشە کردنی ژێرخانو پرۆژە بەرهەمهێنەرەکان. (پەسندە)

(7) پێشنیار دەکەن بە زیادکردنی ڕێژەی دەرماڵەی کارمەندانی یاسایی لە هەڵگرانی بڕوانامەی یاسا لە هەموو دامودەزگاکانی هەرێم. (رەئی لیژنەی دارایی بکرێ بە پێشنیار بۆ حکومەت).

(8) یەکگرتنەوەی دیوانی چاودێری دارایی بە شێوەیەکی کرداری. (رەئی لیژنەی دارایی پەسندە).

(9) پێویستی بە تەرخانکردنی بڕێك لە (پارە) لەناو بودجەدا، بۆ پێشینەی هاوسەرگیری بۆ هاووڵاَتیان، شایەنی باسە ئەم بڕە تەرخانکراوە دەست نیشان نەکراوە لە پرۆژە یاساکەدا، بۆیە پێشنیاری ئەم خاڵانەی خوارەوە دەکەن:

أ - تەرخانکردنی بڕی (50) پەنجا ملیار دینار لەناو بودجەدا بۆ ئەو مەبەستە و، ئەم بڕە پارەیە دەبڕێت لەوبڕە پارەیەی تەرخانکراوە بۆ پشتگیری دارایی پارتەکانو ڕێکخراوە ناحکومیەکان. (گفتوگۆ بکرێ لە هۆڵی پەرلەمان).

ب بڕی پێشینەی هاوسەرگیری ببێت بە (5) پێنج ملیۆن دینار. (پەسندە گفتوگۆی لەسەر بکرێ لە هۆڵی پەرلەمان).

(10) نابێت بڕی پارەی پەرەپێدانی پارێزگاکان تۆماربکرێ لە چوارچێوەی بودجەی گشتی هەرێم، لەبەرئەوەی ئەم تەرخانکردنە لە دەرەوەی چوارچێوەی بوجەوەیە تایبەتمەندی خۆی هەیە و، بەپێی بۆچوونی لیژنەی یاسایی تۆمارکردنی ئەم بڕە پارەیە لە چوارچێوەی بودجەدا بەمانای زیاد کردنی بڕێك لە پارە دێت، کە لە بنەڕەتدا ئەژمارنەکراوە لە چوارچێوەی بودجەی گشتی. (پەسندە گفتوگۆی لەسەر بکرێ لەگەڵ حکومەت لە هۆڵی پەرلەمان).

**بەڕێز عمر صدیق محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**هەشتەم: لیژنەی کاروباری پەروەردەو خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی:**

**بەپێی نووسراویان ژمارە (50) لە (2011/4/24) سەرنجو تێبینیەکانیان:**

**یەکەم: دەربارەی دەقی پڕۆژە یاسای بودجەی هەرێمی کوردستان بۆ ساڵی 2011:**

**(1) دەربارەی بڕگەی یەکەم لە ماددەی سیانزە پڕۆژەی بووژانەوەی توانا مرۆیەکانی کوردستان ئەم بەرنامەیە چوار بوار دەگرێتە خۆی (زەماڵە، نێردە، توێژینەوە، خولی مەشق) لەم بارەیەوە لیژنە ئەم پێشنیارانە دەکات:**

**أ - بەڕوونی لە یاساکەدا باس بکرێت کە (خولی مەشقو ڕاهێنان) تایبەت دەبێت بە مامۆستایانو فەرمانبەرانی هەردوو وەزارەتی خوێندنی باڵاو پەروەردە، بەپێی بەرنامەیەکی هاوبەش کە دەبێت لە ساڵی 2011 بکەوێتەگەڕ. (ڕەئی لیژنەی دارایی ئەم کارە پەیوەندی بە بەرنامەی حکومەتەوە هەیە).**

**ب - بەشی وەزارەتی پەروەردە لە بەرنامەی تواناسازی لە هەردوو بواری (زەماڵەو نێردە) بۆ ساڵی 2010 تەنها (22) کورسی بووە ڕێژەیەکی کەمە پێویستە بەشی وەزارەتی پەروەردە لەم دوو بوارەدا لە (15٪) کەمتر نەبێت. (ڕەئی لیژنەی دارایی بکرێ بەپێشنیار بۆ حکومەت).**

**ت - لەساڵی 2010 بەرنامەی تواناسازی تەنها لە بواری (زەماڵەو ناردن) بووەو، بوارەکانی (توێژینەوەو خولی مەشق) فەرامۆش کراوە). (تەنها ڕوونکردنەوەیە).**

**(2) دەربارەی بڕگەی (2) لە ماددەی سیانزە بڕی پارەی تەرخانکراو بۆ سندوقی پڕۆژەی تواناسازی دیاری نەکراوە بۆ ساڵی 2011، ئایا مەبەست لە (120) ملیارەکەی یاسای بودجەی ساڵی 2010یە؟، لیژنە پێشنیاردەکات ئەو بڕە پارەیە دیاربکرێت و، ڕوون بکرێتەوە، ئایا پاشماوەی (120) ملیارەکەیە؟ کە تا ئێستا ڕێژەی زیاتر لە (60٪) ماوە خەرج نەکراوە! یان مەبەست تەرخانکردنی (120) ملیاری دیکەیە بۆ ساڵی 2011!. (حکومەت ڕوونکردنەوە بدات).**

**(3) لیژنە پێشنیاردەکات بۆ بەردەوامی بەرنامەی (هەڵمەتی نیشتمانی دروستکردنی قوتابخانە) کە مادەیەکی یاسایی زیاد بکرێ بۆ ئەم مەبەستە بەم شێوەی خوارەوە:**

**(تەرخان کردنی بڕی (120) ملیار دینار بۆ بەردەوامبوونی بەرنامەی هەڵمەتی نیشتمانی دروست کردنی قوتابخانە لە هەرێمی کوردستان. (پێویستە سەرچاوەی تەرخانکراو دیار بکرێ).**

**دووەم: دەربارەی میلاك:** لیژنە پێشنیار دەكات ژمارەی پلەی وەزیفی لە وەزارەتی پەروەردە لە (6000) شەش هەزار پلەی وەزیفی بۆ (7000) حەوت هەزار پلەی وەزیفی زیاد بكرێت، بەتایبەتی بۆ ئەوەی هەلبژەخسێ بۆ دامەزراندنی دەرچووانی بەشی كۆمەڵناسیو دەروونناسی، تاوەك توێژەری كۆمەلأیەتی دابمەزرێت، هەروەها دامەزراندنی دەرچووانی بەشی فەلسەفە وەك مامۆستای فەلسەفە كە سیستەمی نوێی پەروەردە جەخت دەكات لەسەر پێویستی ئەم بوارانە لە ناوەندەكانی خوێندن. (رەئی لیژنەی دارایی بكرێ بە پێشنیار بۆ حكومەت).

**سێیەم: دەربارەی پڕۆژەكان:**

(1) ژمارەی پڕۆژە پێشنیاركراوەكان بۆ وەزارەتی خوێندنی بالأ كەمە، كە بریتیە لە (9) پڕۆژە بە بڕی (9850) ملیۆن دینار، بۆیە پێشنیار دەكەن كە بڕی (10) ملیار دیناری تر تەرخان بكرێت بۆ وەزارەتی خوێندنی بالأو توێژینەوەی زانستی. (رەئی لیژنەی دارایی پەسندە ئەگەر حكومەت توانای هەبێت).

(2) بەپێویستی دەزانین كە دروست كردنی كەمپی زانكۆی سەلاحەددین بخرێتە چوارچێوەی پڕۆژە پێشنیاركراوەكان بۆ ساڵی 2011 و، بڕێك پارەی بۆ تەرخان بكرێ. (لە ڕووی كردارییەوە پێشنیار بكرێ بۆ ساڵی 2012).

(3) لە پێشنیاركردنی پڕۆژەدا پێویستە ڕەچاوی هاوسەنگی بكرێت لە دووبواردا:

أ - هاوسەنگی لە نێوان ژمارەو جۆری پڕۆژەو دابەشكردنیان لەسەر بنەمای ڕێژەی دانیشتوان. (رەئی لیژنەی دارایی پەسندە).

ب - هاوسەنگی نێوان بڕی گوژمەی تەرخانكراو لە ساڵێكدا، بۆ پڕۆژە لەگەڵ ماوەی جێ بەجێ كردنی پڕۆژە. (رەئی لیژنەی دارایی پەسندە).

(4) تێبینی دەكەین كە قوتابخانەی چوار پۆلی لە پڕۆژەی پەرەپێدانی پارێزگاكان زۆر دووبارە بۆتەوە، دوای بەدواداچوونو هەڵسەنگاندنی بۆمان دەركەوتووە، كە دروستكردنی قوتابخانەی چوار پۆلی نموونەیەكی سەركەوتوو نییە، بۆیە پێویستە ڕێژەی قوتابخانەی شەش پۆلیو دوانزە پۆلیو هەژدە پۆلی زیاد بكرێ. (رەئی لیژنەی دارایی پەسندە).

**چوارەم:** پێشنیار دەكەین كە ڕێژەی تەرخانكراو بۆ بەشی سوودەكانی كۆمەلأیەتی (المنافع الاجتماعیة) كەم بكرێتەوە لە (3.41٪) بۆ ڕێژەی (2٪) و، تەرخان بكرێ بۆ هەڵمەتی نیشتمانی دروستكردنی قوتابخانە. (رەئی لیژنەی دارایی بەگشتی داوای كەمكردنەوە كراوە لەبڕی چەند حسابێك).

**پێنجەم:** دەسەلأتی پارە تەحویل كردن بدرێتە بەڕێوەبەرە گشتیەكانو زانكۆو هەردوو وەزارەتو ڕۆتینی ئێستای وەزارەتی دارایی كەم بكرێتەوە، چونكە زۆرجار دەبێتە هۆی پەككەوتنی پڕۆژەو بە هەدەردانی كات. (رەئی لیژنەی دارایی پەسندە).

**شەشەم:** لەكاتی خەملأندنی پڕۆژەكاندا (بیناسازیو كڕینی كەلوپەلو پێداویستی قوتابخانەكان) پێكەوە حیسابیان بۆ بكرێت. (رەئی لیژنەی دارایی ئەم كارە پەیوەندی بە ڕێنمایی بودجەوە هەیە).

نۆیەم: لیژنەی کاروباری کۆمەڵی مەدەنی:

بەپێی نووسراویان ژمارە (21) لە (2011/4/24) ئەم تێبینیانە دەخەنەڕوو:

(1) پێشنیار دەکەن، ئەو ماددە یاساییەی کە پەیوەستە بە تەرخان کردنی بڕی (200) ملیار دینار بۆ بودجەی پارتەکانو پڕۆژەکانی ڕێکخراوە ناحکومیەکان بکرێ بە دوو بڕگەوە، بڕگەیەك بۆ پارتەکان و، بڕگەیەك بۆ ڕێکخراوە ناحکومیەکان. (ڕەئی لیژنەی دارایی پەسندە).

(2) پێیان باشە ماددەی چواردە لە پڕۆژە یاساکە کە (200) ملیار تەرخانکراوە بۆ پارتەکانو ڕێکخراوە ناحکومیەکان، پشکی ڕێکخراوە ناحکومیەکان بەبڕی (20) ملیار دینار دیار بکرێت. (ئەم کارە بەجێ بهێڵرێت بۆ حکومەت).

(3) پشتگیری لە دامەزراندنی توێژەری کۆمەڵایەتی دەکەن لە وەزارەتی پەروەردە، بۆ چارەسەرکردنی ئەم کەلێنە لە قوتابخانەکاندا. (ڕەئی لیژنەی دارایی پەسندە).

(4) پشتگیری دەکەن لە داواکاری (یەکێتی فەرمانبەرانی کوردستان) بۆ قەرەبووکردنەوەی جیاوازی مووچەی شەش ساڵی ڕابردووی فەرمانبەرانی سنووری ئیدارەی سلێمانی. (ڕەئی لیژنەی دارایی پەسندەو داوای ڕوونکردنەوەو جێ بەجێ کردن لە حکومەت بکرێ).

**بەڕێز محمد دلێر محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دەیەم: ڕاپۆرتی لیژنەی پاراستنی مافی بەکاربەر

بەپێی نووسراویان ژمارە (8) لە (2011/4/25) ئەم تێبینیو سەرنجو پێشنیارانە دەخەنەڕوو:

یەکەم/ تێبینیو سەرنجەکان لەسەر بودجەی وەبەرهێنانو بەکارخستن بەم شێوەی خوارەوە:

(1) بەشێوەیەکی ڕێكو پێك تر ڕێزبەندی کراون لە پارساڵ، زانیاری پێویستی تێدایە، بەڵام پێ دەچێ هەندێ لەم زانیاریانە دروست نەبن. (تەنها ڕوونکردنەوەیە).

(2) ماوەی جێ بەجێ کردنی هەندێك لە پڕۆژە پێشنیار کراوەکانی ساڵی 2011 زۆرە بە بەراوورد لەگەڵ گوژمەی تەرخان کراو، نموونە پڕۆژە هەیە گوژمەکەی (77) ملیۆن دینارە بەڵام ماوەی جێ بەجێ کردنی (540) ڕۆژە. (ڕەئی لیژنەی دارایی داوای ڕوونکردنەوە بکرێت لە نوێنەری حکومەت).

(3) هەندێك لە پڕۆژەکان گوژمەی پێویست بۆ ساڵی 2011 ناگاتە (5٪) لە گوژمەی گشتی پڕۆژەکە، وا دەردەکەوێ ئەم پڕۆژانە بە چەندین ساڵ جێ بەجێ دەکرێ. (تەنها ڕوونکردنەوەیە).

(4) هەندێ پڕۆژە گوژمەی بۆ تەرخان کراوەو، لە قۆناغی تەندەرین دایە، بەڵام دیزاینەکەی تەواو نەبووە، دەبینین دەست بە جێ بەجێ کردنی دەکرێ، ئەمە سەرپێچی سستمی کارکردنە. (ڕەئی لیژنەی دارایی داوای ڕوونکردنەوە بکرێ لە حکومەت)

(5) نەبوونی هەماهەنگی لەنێوان پارێزگاکانو وەزارەتەکان بۆ دەست نیشان کردنی پڕۆژەکان، پارێزگاکان لە جێ بەجێ کردنی بودجەی پەرەپێدان ڕاوێژ بە وەزارەتەکان ناکەن. (پەسندەو بکرێ بە پێشنیار).

(6) پێویستە دیزاینی پرۆژە تەواو بێت، دواتر بخرێتە ناو پلانی پرۆژە پێشنیاکراوەکان. (رەئی لیژنەی دارایی پەسندەو ڕای حکومەت وەربگیرێت).

(7) گوژمەی تەرخانکراو بۆ بەشی (المنح) لە ساڵی (2011) نزیکەی دوو ئەوەندەی تەرخان کراوی ساڵی (2010)یەو، هەندێك لە وەزارەتەکان سەرکەوتوو نەبوون لەخەرج کردنی ساڵی 2010. (رەئی لیژنەی دارایی حکومەت ڕوونکردنەوە بدات).

(8) هەروەها گوژمەی تەرخان کراو بۆ بەشی (المنافع الاجتماعیة) بۆ ساڵی 2011 دوو ئەوەندەی ساڵی 2010یە، هەندێ لە وەزارەتەکان سەرکەوتوو نەبوون لەخەرج کردنیان، بەپێی بۆچوونی لیژنە نزیکەی (209) ملیار دینار لەنێوان ساڵی (2010)و، ئەمساڵدا زیادی هەیە. (حکومەت ڕوونکردنەوە بدات).

(9) کۆی میلاکی تەرخانکراو بۆ وەزارەتی دارایی بریتیە لە (5332) پلە، کە ڕێژەکەی دەگاتە (21.3٪) بۆ ساڵی 2011، ئەم ڕێژەیە زۆرە بۆ وەزارەتی دارایی و، لەهەمان کاتدا هەندێك وەزارەت هەیە پێویستە زیاتر گرنگی پێ بدرێت لە ڕووی میلاکەوە. (پەسندە).

(10)حکومەتی هەرێم سەرکەوتوو نەبووە لە خەملاندنی ئیرادی ساڵی 2010، ئەو ئیرادە خەملێنراوە بە نزیکەی (348) ملیار دینار، بەلام ئیراداتی بەدەست هاتوو تا 2010/6/30 دەگاتە (316) ملیار دینار. (رەئی لیژنەی دارایی حکومەت ڕوونکردنەوە بدات).

دووەم: پێشنیارەکانی لیژنە:

(1) هەر پرۆژەیەك لە (10٪)ی گوژمەی پێویستی بۆ تەرخان نەکرابێ لە کۆی گوژمەی پرۆژەکە لەناو پلانی بودجە دانەنرێت. (نوێنەری حکومەت وەلام بداتەوە).

(2) هەر پرۆژەیەك دیزاینەکەی تەواو نەبێت لە پلانی بودجە دانەنرێت. (ڕای حکومەت وەربگیرێ لەوبارەیەوە).

(3) ئەو پرۆژانەی گوژمەیان لە (2) ملیار دینار کەمترە، ماوەی جێ بەجێ کردنیان لە (1) ساڵ تێپەڕ نەکات. (پەسند نییە، چونکە کارێکی هونەرییە).

(4) هەزار پلەی وەزیفی لە میلاکی وەزارەتی دارایی ساڵی 2011 لابرێت و، زیاد بکرێت بۆ سەرمیلاکی پەروەردەو، (500) پلە بۆ سەرمیلاکی وەزارەتی تەندروستی. (بەجێ بهێلرێت بۆ حکومەت)

سێیەم/ تێبینیو پێشنیارەکانی لیژنە لەسەر پرۆژە یاساکە:

(1) سەر لەنوێ داڕشتنەوەی (ماددەی شەش) بەم شێوەی خوارەوە:

المادة السادسة:

أولاً: حصر الصرف من اعتمادات الحسابات الرئيسية للنفقات التشغيلية (المنح، الإعانات، المنافع الاجتماعية، المصروفات الاخرى، السلع والخدمات والصيانة، نفقات المشاريع الرأسمالية) من الموازنة العامة لحكومة أقليم كوردستان بوزارة المالية.

**ثانياً:** لوزير المالية والاقتصاد تخويل الوزراء ورؤساء الجهات غير المرتبطة بوزارة ورؤساء الوحدات الإدارية صلاحية الصرف مباشرة في ضوء التخصيصات المعتمدة ضمن موازنتها السنوية وبالتنسيق مع وزارة المالية والاقتصاد).

تێبینی/ هەردوو لیژنەی یاسایی‌و دارایی پەسندی ئەم مادده یاساییەی کردووه، وەکو لە پڕۆژە یاساکەدا هاتووە لەلایەن حکومەتی هەرێمەوە.

(2) دووبارە داڕشتنەوەی بڕگەی دووەم لە ماددەی پانزەم بەم شێوەی خوارەوە:

**ثانياً:** على الوزارات والجهات غير المرتبطة بوزارة التريث في توزيع عدد الدرجات الوظيفية المستحدثة ضمن ملاك الاقليم سنة 2011 على المحافظات والوحدات الإدارية وفق عدد سكانها، لحين صدور قانون مجلس الخدمة العامة للاقليم.

تێبینی/ هەردوو لیژنەی دارایی‌و یاسایی پەسندی (أولاً، ثالثاً)ی کردووەو، تەنها هەردوو وشەی (الشروط والإجراءات)ی لابردووە لە (ثانياً).

(3) لە هەمان کات لیژنەکە پێشنیار دەکات، کە بڕگەی چوار بۆ ئەم ماددەیە زیاد بکرێ‌و بەم شێوەیە بێت:

رابعاً: تعطي الاولوية لتثبيت العقود استثناءاً من شرط العمر للمتقاعد في السنوات الماضية، مع احتساب فترة التعاقد خدمة فعلية.

تێبینی/ بەپێی ڕای لیژنەی دارایی بابەتی ئەم بڕگەیە زیادە و، دامەزراندن بە (عقد) ڕێنمایی خۆی هەیەو، هەروەها بەشێوەیەك لە شێوەکان بابەتی (عقد) لە ماددەی هەژدە لە پڕۆژە یاساکەدا هاتووەو لیژنەی دارایی ڕای خۆی پێشکەش کردووە لەم بارەیەوە لە بەشی سێیەمی ڕاپۆرتەکە.

(4) پێشنیاردەکەن کە بڕگەی (ب)لە (أولاً) لە ماددەی دوانزە لابرێت.

تێبینی/هەردوو لیژنەی دارایی‌و یاسایی پێشنیاری لابردنی نەکردووە.

(5) لیژنە پێشنیار دەکات بە دووبارە داڕشتنەوەی ماددەی پانزەم بەم شێوەی خوارەوە:

المادة الخامسة عشرة: تلتزم وزارة المالية والاقتصاد بمايلي:

أولاً: تأمين القرض العقاري للمواطنين في المحافظات والاقضية والنواحي والقرى، وزيادة مبلغ القرض الى (20) (عشرون مليون دينار)، وحسب الضوابط والتعليمات المرعية.

ثانياً: دعم مشاريع القطاع الزراعي عن طريق المصرف الزراعي.

ثالثاً: دعم مشاريع المصرف الصناعي.

رابعاً: تخصيص مبلغ (150) (مائة وخمسون) مليار دينار لغرض تأمين السكن لمواطني الاقليم من ذوي الدخل المحدود، وفق قانون رقم (7) لسنة (2008) قانون تأمين السكن للمواطنين في اقليم كوردستان.

خامساً: تخصيص مبلغ (25)خمسة وعشرون مليار دينار لدعم صندوق دعم المشاريع الصغيرة للشباب في الاقليم الذي تم اقراره من قبل برلمان كوردستان.

سادساً: تحدد سلفة الزواج الواردة في قانون سلفة الزواج لأقليم كوردستان رقم (17) لسنة 2010 بمبلغ (5) خمسة ملايين دينار.

سابعاً: تخصيص مبلغ قدرة (10) عشرة مليار دينار لبناء المنشات الرياضية في الأقليم.

تێبینی/

(أ) دەربارەی (اولاً) هەمان ڕای لیژنەی یاسایی ئەوەیە کە پێشینەی خانووبەرە زیاد بکرێت لە (15 بۆ 20) ملیۆن دینار.

(ب) دەربارەی (ثانیاً) لە پرۆژە یاساکەشدا ئەم مادده یاسایە بە هەمان شێوەیە.

(ت) دەربارەی (ثالثاً) لە پرۆژە یاساکەشدا ئەم مادده یاسایە بە هەمان شێوەیە.

(پ) دەربارەی (رابعاً) گفتوگۆی لەسەر دەکرێ لەنێوان ئەندامانی پەرلەمانو نوێنەرانی حکومەت لە هۆڵی پەرلەمان. (واتە گۆڕینی (ثانیاً) لە ماددەکە.

(ج) دەربارەی (خامساً) هەمان دەقی پرۆژە یاساکەیە لە (ثالثاً).

(ح) دەربارەی (سادساً) هەمان بۆچوونی هەردوو لیژنەی داراییو یاساییە.

(خ) دەربارەی (سابعاً) بڕگەیەکی زیادە لە پرۆژە یاساکەدا، کە ئاماژەی پێ نەدراوە، بە شێوەیەك لە شێوەکان ئەم بابەتە لە بودجەی وەبەرهێنان چارەسەر دەکرێت.

(6) پێشنیار دەکەن ئەم مادەیە بۆ (احکام ختامیة) لە بەشی پێنج زیاد بکرێت.

المادة ( ):

يتم احتساب مبالغ المنح والأعانات غير المستخدمة من المبالغ المخصصة لدوائر الأقليم و شركات القطاع العام بأنتهاء السنة المالية (2010) وفق المعايير المحاسبية المستخدمة لأحتساب الصرف النهائي وتعتبر المبالغ الفائضة او المدفوعة بصورة زائدة وفق هذه الأسس دفعة مقدمة على حساب المنحة للدائرة او الوحدة في السنة المالية 2011.

تێبینی/ ڕای هەردوو لیژنە ئەم بابەتە بخرێتە دەنگدانەوە، پەیوەندی بە حکومەتەوە هەیە.

**بەڕێز عمر صدیق محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

یانزە: لیژنەی پەیوەندییەکانو ڕۆشنبیریو ڕاگەیاندن:

بە نووسراویان ژمارە (461) لە (2011/4/26) ڕاپۆرتیان ئامادەکردووە، کە ئەم تێبینی و پێشنیازانەی سەبارەت بە پرۆژە بەردەوامەکانی ساڵی 2011ی وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوانی گرتۆتەخۆ بەم شێوەیەی خوارەوە:

(1) بەبەراورد بە ساڵی پار پرۆژە بەردەوامەکان ڕێكوپێك ترن، ڕیزکراون، کۆمەڵێ زانیاری زیاتری تێدایە. (ڕەئی لیژنەی دارایی پشتگیری دەکەین).

(2) بەشی هەرە زۆری پڕۆژە بەردەوامەکانی وەزارەت، کە لـە بودجـەی بەرهـەمهێنانی سـاڵی 2010دا بـۆ هـەر پڕۆژەیـەك برێـك پـارە تـەرخانکراوە، لـە بودجـەی سـاڵی 2011دا گۆڕان بەسـەر بـڕی تـەرخانکراودا هاتووە، نموونەش هەیە لەوبارەیەوە. (تەنها ڕوونکردنەوەیە).

(3)پڕۆژەی دروستکردنی ناوەندی وەرزش‌ولاوان لە (دومێز) لە پارێزگای دهۆك زیاد کراوە، ئـەم پڕۆژەیـە نە لـە بودجـەی پـڕۆژە بەردەوامـەکانی سـاڵی 2010دا و، نـە لـە پـڕۆژە پێشـنیارکراوەکانی سـاڵی 2010دا هەبووە، لە بودجەی ساڵی 2011دا ئاماژەی پێکراوە، نووسراوە ئیحالە کراوە، بەلاَم دیار نییـە کـەی دەسـت بەکاربووە. (ڕەئی لیژنـەی دارایی داوای ڕوونکردنەوە بکرێ لە نوێنەری حکومەت).

(4)بەگوێرەی بودجەی ساڵی 2010 دەبوایە بڕی (74977) ملیۆن دینار خەرج بکرایە لە هەردوو پڕۆژە بەردەوامـەکان‌و پـڕۆژە پێشـنیارکراوەکانی سـاڵی 2010، بـەلاَم لـە سـاڵی 2010دا تـەنها بـڕی (44702) ملیۆن خەرج کـراوە، پرسـیار ئەوەیـە بـڕی پاشمـاوە (30274) ملیـۆن دینارەکـەی وەزارەت چـی لێ بەسـەر هاتووەو؟ هەروەها لـە کـۆی (94) پـڕۆژەی بـەردەوامی وەزارەت (48) پـڕۆژە لـە سـاڵی 2010 پارەیـان بـۆ خەرج نەکراوە. (ڕەئی لیژنـەی دارایی داوای ڕوونکردنەوە بکرێ لە نوێنـەری حکومەت).

(5) ئەدای حکومەت بەگشتی لە خەرج کردنی پارەی تەرخانکراو بـۆ پڕۆژەکانی وەزارەتـی ڕۆشـنبیری لـە سـاڵی 2010دا ڕێـژەی (59.6٪) بـووە، واتـە بـەپێی ڕاپۆرتەکـە ژمارەیـەك لـە پڕۆژەکـانی وەزارەت لـە پارێزگاکان ئەنجام نەدراوە، نموونەش هەیە لای لیژنەکە. (ڕەئی لیژنـەی دارایـی داوای ڕوونکردنـەوە بکـرێ لە نوێنەری حکومەت).

(6) پرسیارێك هەیە، بۆ دەبێت پێش وەخـت کەشـفی پـڕۆژە پـێش ئـەوەی بخرێتـە تەندەرینـەوە بدرێتـە وەزارەتی دارایی، لە کاتێدا دەبێت زۆر نهێنی بێت. (ڕەئـی لیژنـەی دارایـی ئـەم کـارە پەیوەنـدی بەهـەردوو وەزارەتی دیاریکراوەوە هەیە).

(7) دەرخستەی زیاد کراو (الكشف الإضافي) بـەپێی یاسا نابێـت لـە ڕێـژەی لـە (7٪)ی خـەرجی پڕۆژەکـە تێپەڕ بکرێت، ئەگەر تێپەڕیی، دەبێ ڕەزامەندی ئەنجومەنی وەزیران وەربگیرێ، بەلاَم وەك تێبینی دەکـرێ چـەندین پـڕۆژە هەیـە لـە پارێزگاکـان دەرخسـتەی زیـاد کـراو لـە ڕێـژەی (7٪) تێپـەڕیان کـردووە، ئەمـە پرسیارە؟ (چەندین نموونەش هەیە). (لیژنەی دارایی لەگەڵ تێپەڕاندنی ڕێژەی یاسایی نییە).

(8) تێکەڵی لە بە جێگەیاندنی پڕۆژەکاندا هەیە، نەك هەر لە وەزارەتی ڕۆشنبیری‌ولاوان لە وەزارەتەکانی (ناوخۆ، پێشمەرگە، شارەوانی، ئاوەدانکردنەوە، دارایی) بەدی دەکرێ، چ لـەناو پـڕۆژە بەردەوامـەکانی سـاڵی 2011و، چ لـەناو پـڕۆژە پێشـنیارکراوەکانی سـاڵی 2011 (نموونـەش هەیـە)، بـۆ نموونـە لـە پـڕۆژە بەردەوامـەکانی وەزارەتـی نـاوخۆ لـە پارێزگـای دهـۆك پـڕۆژەی ژمـارە (11) لـەکاتی خۆیـدا لـەناو پـڕۆژە پێشنیارکراوەکانی ساڵی 2010ی وەزارەتی ڕۆشنبیری‌ولاواندا بووە...هتد. ( داوا لە حکومەت دەکەین هـۆی ئەم تێکەڵ بوونە ڕوون بکاتەوە).

(9) نەبوونی هاوسەنگی لە خەرج کردنی پارەی تەرخانکراو بەسەر چالاکیەکانی وەزارەتی ڕۆشنبیری‌و لاوان، بۆ نموونە ڕێژەی بڕی خەرج کراو لە ساڵی 2010دا بۆ بواری ڕۆشنبیری بریتیە لە (14.9٪) بەبەراورد لەگەڵ بواری وەرزش‌ولاوان و، هەروەها بەگشتی بۆ ساڵی 2011 بڕیارە ڕێژەی خەرجکردن بۆ بواری ڕۆشنبیری بگاتە نزیکەی لە (18٪)، بۆیە لیژنە پشتیوانی لە پێشنیاری وەزارەتی ڕۆشنبیری ولاوان دەکات بۆ جێبەجێکردنی پلانی نوێ لەم بوارەدا. (تەنها ڕوونکردنەوەیە).

(10) بوونی گرفتی تەواو نەکردنی پرۆژەکانی وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان لەکاتی دیاریکراوی خۆیدا،و، پێدانی کاتی زیاتر، پێویستە پێدانی کاتی زیاتر بەشێوەیەکی هاوسەنگ بێت بۆ تەواو کردنی پرۆژەکان لەلایەن کۆنتراکتەرەکانەوە، پرۆژە هەیە سێ جار کاتی زیادەی پێدراوەو، پێویستە پەرەنسیپی (غرامة) جێ بەجێ بکرێت. (ڕەئی لیژنەی دارایی پەسندە).

(11) بەگوێرەی ئەو ڕاپۆرتانەی کە دەست لیژنە کەوتووە کوالێتی جێ بەجێ کردنی بەشێکی پرۆژەکان لە ئاستێکی باشدا نییەو، بەپێی ڕای لیژنەی پەیوەندییەکان کەمترخەمی هەیە لە ستافی جێ بەجێ کردن‌و، هەروەها ستافی چاودێری ئەندازیاری و، هەروەها دەگەڕێتەوە بۆ تەندەرو جۆری کەرەسەی بەکارهاتوو و، دیاری نەکردنی بڕگەکان بە وردی لەناو (تەندەرو جەدوەلی کەمیات). (ڕەئی لیژنەی دارایی پەسندە حکومەتی لێ ئاگادار بکرێتەوە).

(12) پێشنیاری ساڵی پار دووپات دەکەینەوە، کە پێویستە هەموو سەنتەرە ڕۆشنبیریەکان‌و تیپ‌و کۆمەڵە هونەریەکان‌و یەکێتی نووسەرانی کوردو سەندیکای هونەرمەندان‌و ڕۆژنامەنووسان لە وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان کۆمەك‌و هاوکاری وەربگرن، نەك لە چەندین وەزارەت‌و ئەنجومەنی وەزیران. (ڕەئی لیژنەی دارایی بکرێ بە پێشنیار بۆ حکومەت).

(13) سەبارەت بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی شوێنەوار (10) پرۆژەیان هەبووە، کە دەبوایە نۆ (9) پرۆژەیان تەواو بوایەو، هیچ پرۆژەیەکیش پێشنیارنەکراوە بۆ بواری شوێنەوار. (ڕەئی لیژنەی دارایی تەنها ڕوونکردنەوەیە).

(14) لە کۆی (2395) پرۆژەی بەردەوام کۆی (1320) پرۆژە لە ساڵی 2010دا حکومەت هیچ پارەی بۆ خەرجنەکردووە، واتە بە ڕێژەی لە (55٪). (ڕەئی لیژنەی دارایی داوای ڕوونکردنەوە بکرێ لە حکومەت).

(15) نەبوونی هاوسەنگی لە نێوان ناوەندو قەزاو ناحیەکان لە ڕووی دابەشکردنی پرۆژەوە. (ڕەئی لیژنەی دارایی حکومەتی لێ ئاگاداربکرێتەوە).

(16) نابێت پارەی پێویست بۆ دیزاین‌و سەرپەرشتی‌و ڕاوێژکاری ئەندازیاری لە (11٪) تێپەڕی. (لیژنەی ناوبراو نموونەی هەیە). (بەپێی ڕێنمایی حکومەت کار بکرێت).

(17) پێشنیار دەکەین وەزارەتی پلاندانان سەبارەت بەچۆنیەتی ئامادەکردن‌و ڕاپەڕاندن‌و جێ بەجێ کردنی پرۆژە وەبەرهێنەکان لەلایەن کۆمپانیاکانەوە بە هاوکاری پەرلەمان‌و لایەنە پەیوەندیدارەکانی تر

کۆنفرانسێ ساز بکات لەبارەی چۆنیەتی جێ بەجێ کردنی پڕۆژە. (ڕەئی لیژنەی دارایی ئەم بابەتە پەیوەندی بە بودجەوە نییە).

دوانزە: لیژنەی پیشەسازیو وزەو سەرچاوە سروشتیەکان:

بە نووسراویان ژمارە (24) لە (2011/4/27) ئەم خالانە دەخەنە روو:

یەکەم/ بودجەی وەزارەتی کارەبا:

(1) بڕی پارەی تەرخانکراو بۆ وەزارەتی کارەبا بریتیە لە (3/2)ی پێویستی ئەو وەزارەتەیە، کە دەبێتە هۆی دواکەوتنی جێبەجێکردنی پرۆژەکانیان. (ڕەئی لیژنەی دارایی تەنها ڕوونکردنەوەیە).

(2) پێویستیان بە بودجەی زیاتر هەیە، بۆ دامەزراندنی وێستگەکانی کارەباو دابەشکردنی کارەبا. (ڕەئی لیژنەی دارایی تەنها ڕوونکردنەوەیە).

(3) داواکارن بەکارخستنی وێستگەی کارەبای دهۆك بکرێت بە غازی سروشتی. (ڕەئی لیژنەی دارایی پەسندە).

(4) بودجەی پێویست بۆ دابین کردنی سووتەمەنی بۆ وێستگەکانی کارەبا.( ڕەئی لیژنەی دارایی پەسندە).

(5) پێویستە لە بودجەی سالی 2011 بڕی (850) ملیۆن دۆلار تەرخان بکرێت، بۆ کڕینی سووتەمەنی. (ڕەئی لیژنەی دارایی ئەمە کاری حکومەتە).

دووەم/ بودجەی وەزارەتی بازرگانیو پیشەسازی:

(1) وەزارەتی بازرگانیو پیشەسازی (22) پرۆژەیان پێشکەش کردووە، بەلام تەنها (7) پرۆژەیان پەسند کراوە لە بودجەی سالی 2011، هەروەها گوژمەی تەرخانکراو بۆ پرۆژەکانیان کەمە بەرامبەر پارەی پێویست بۆ پرۆژەکان. (لیژنە نموونەی هەیە). (ڕەئی لیژنەی دارایی تەنها ڕوونکردنەوەیە).

(2) سەبارەت بە قەرزی بانکی پیشەسازی کە بڕی (30) ملیار دینارە لە بودجەی سالی 2010 خەرج نەکراوەو، تەنها ڕێنمایی بۆ دەرچووە، بۆیە پێشنیار دەکەن ئەو (30) ملیارە تەدویر بکرێتە سەر بودجەی بانکی پیشەسازی بۆ سالی 2011، لەگەل دیاری کردنی ئەو بڕەی ئەمسال تەرخان دەکرێت. (ڕەئی لیژنەی دارایی بکرێ بە پێشنیار بۆ حکومەت).

(3) لە کۆی بودجەی وەگەڕخستنو وەبەرهێنان تەنها ڕێژەی (0.07٪) خەرج کراوە بۆ ئەم وەزارەتە. (ڕەئی لیژنەی دارایی حکومەت لەم ڕێژە کەمە ئاگادار بکرێتەوە).

سێیەم/ بودجەی وەزارەتی سامانە سروشتیەکان:

(1) تێبینی لەسەر داهاتی نەوت هەبوو، پاش ڕوونکردنەوە، لیژنە بۆی دەرکەوت بەناوی (مبیعات النفط) هاتووە، کە تەنها پارەی فرۆشی نەوتی سپی یە، کە لە حکومەتی فیدرالیەوە دێتە هەرێمی کوردستان، کە بڕەکەی بریتیە لە (122189) ملیۆن دینارە. (تەنها ڕوونکردنەوەیە).

**(2) سەبارەت بە پرۆژە پێشنیارکراوەکانی ساڵی 2011، تەنها (5) پرۆژەی بۆ پەسند کراوە (3) لە سلێمانی، (1) لە هەولێر، (1) لە دهۆك، کە بڕی پارەکانی لە بودجەدا دیاری کراوە. (رەئی لیژنەی دارایی تەنها ڕوونکردنەوەیە).**

**بەڕێز جلال علی عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**سیانزە: لیژنەی کاروباری کۆمەڵایەتیو منداڵو خێزان:**

**بە نووسراویان ژمارە (32) لە (2011/4/26) ئەم خاڵانەیان خستۆتەڕوو:**

**(1) هاوسەنگی نییە لەنێوان تەرخانکردنی پارە بۆ وەزارەتەکان، بەتایبەتی تەرخانکراو بۆ وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی، کە بڕی تەرخانکراو بەرامبەر ئەرکو چالاکیەکانی ئەم وەزارەتەدا کەمە. (رەئی لیژنەی دارایی تەنها ڕوونکردنەوەیە).**

**(2) پێشنیار دەکەن دوای پەسند کردنی بودجە لەلایەن پەرلەمانەوە خەرج کردنی تەرخانکراو بۆ ئەم وەزارەتە لە دەسەڵاتی خودی وەزیردا بێت. (رەئی لیژنەی دارایی پەسندە).**

**(3) پێشنیار دەکەن کە جیاوازی لەنێوان تەرخانکراوی خەمڵێنراو بۆ ئەم وەزارەتە لەگەڵ (خەرجی فعلی) ئەم وەزارەتە (10٪) زیاتر نەبێت و، بەپێی ڕای ئەم لیژنەیە زۆر جار جیاوازیەکە دەگاتە (50٪)و، هۆکەشی دەگەڕێننەوە بۆ دەست تێوەردانی وەزارەتی دارایی لەم بوارەدا. (رەئی لیژنەی دارایی وەزارەتی دارایی ڕوونکردنەوە بدات).**

**(4) لیژنە پێشنیاری دروست کردنی پرۆژەکانی کۆمەڵگای مۆدێرن دەکات، بۆ خاوەن پێداویستە تایبەتەکان لە شاری سلێمانی، هەروەکو لە پرۆژە بەردەوامەکانی پارێزگاکانی دهۆكو هەولێردا هەیە. (رەئی لیژنەی دارایی بەجێ بهێڵرێ بۆ حکومەت).**

**(5) لیژنە پێشنیار دەکات، کە پێشینەی خانووبەرە زیاد بکرێت لە (15) ملیۆن بۆ (20) ملیۆن دینارو، پێشنیار دەکات بۆ ئەم مەبەستە سوود وەربگرن لەو بڕە پارەیەی بۆ ئەنجومەنی دادوەری تەرخانکراوە بە بڕی زیاتر لە (50) ملیۆن دینار. (رەئی لیژنەی دارایی بۆ گفتوگۆ لە نێوان پەرلەمانو حکومەت).**

**(6) لیژنە پێشنیار دەکات بە زیاد کردنی پێشینەی هاوسەرگیری لە (2.5)ملیۆن بۆ (5) ملیۆن دینار.( رەئی لیژنەی دارایی پەسندە بۆ گفتوگۆ لە هۆڵی پەرلەمان).**

**(7) لیژنە پێشنیار دەکات بۆ زیاد کردنی دەرماڵەی تایبەت بۆ فەرمانبەرانو کارمەندان کە لە دەزگاکانی کاروباری کۆمەڵایەتی خزمەت دەکەن، ئەمەش بە سوود وەرگرتن لە بەشی (دەرماڵەی ترسناکی). (رەئی لیژنەی دارایی ڕای حکومەت وەربگیرێ).**

**(8) لیژنە پێشنیار دەکات کە مووچەی تۆڕی پاراستنی خێزانی نابێت لە خوار هێلی هەژاری بێت، پێشنیار دەکات کە بڕی پارەکەیان لە (75000) حەفتاو پێنج هەزار دینار زیاد بکرێ بۆ (150000) سەدو پەنجا هەزار دینارو، سوود وەربگیرێ لە بڕی پارەی زیادە کە دادەشکێت لەو بەشانەی بڕی تەرخان**

کـراوی زیـادە. (ڕەئـی لیژنـەی دارایـی پەسـندە، پێویسـتە تـەرخانکراوی بـۆ پەیـدا بکـرێ و ڕای حکومـەت وەربگیرێت).

(9) پێشنیار دەکەن گرنگیدانێکی زیاتر بدرێ بە پرۆژەکانی ئەم وەزارەتە، کە لە بودجەی ئەم ساڵدا تەنها (5) پرۆژەیان بۆ دەستنیشان کراوە. (ڕەئی لیژنەی دارایی پەسندە).

(10) لیژنە پشتگیری دەکات لەو مادده یاساییانەی کە لە پرۆژە یاسای بودجەدا هاتووە، بەتایبەتی لەو بڕە پارەیەی بۆ سندوقی دەستەبەری کۆمەڵایەتی بـە ڕێـژەی (30٪) لەلایـەن وەزارەتـی کـارەوە تـەرخانکراوەو، هەروەها پشتگیری دەکات لە مـاددەی (12)، کـە تایبەتـە بـە گواسـتنەوەی کارمەنـدان لـە کـەرتی گشـتی بـۆ کەرتی تایبەت. (ڕەئی لیژنەی دارایی تەنها ڕوونکردنەوەیە).

(11) لیژنـە پێشـنیار دەکـات بـە زیـاد کردنـی وەزارەتـی کـارو کاروبـاری کۆمەڵایـەتی بـۆ سـەر بەرنامـەی گەشەپێدانی تواناسازی مرۆیی لـە هـەرێمی کوردسـتان، کـە لـە مـاددەی (13)ی پرۆژەکـەدا هـاتووە. (ڕەئـی لیژنەی دارایی پەسندە).

چوارده: لیژنەی خزمەتگوزاریەکانی شارەوانی و گواستنەوە:

بە نووسراویان ژمارە (69) لە (2011/4/28) ئەم خاڵانە دەخەنەڕوو:

(1) سەبارەت بە پرۆژە یاسای بودجە، پێشنیار دەکەن ئەم بڕگەیە زیاد بکرێ بۆ ماددەی (چوار):

(ج/ داهـاتی وەزارەتـی شـارەوانیو گەشـتوگوزار لـە حیسـابی بانکێـك کـۆ بکرێتـەوەو، لەلایـەن وەزارەتـەوە خەرج بکرێتو پاشان لەگەڵ وەزارەتی دارایی بە ڕێنماییەك ڕێك بخرێت). (ڕەئی لیژنەی دارایی پەسـندەو ڕای حکومەت وەربگیرێت),

(2) لە ماددەی (13) پێویستە بڕی پارە دیاری بکرێت، کە تایبەتە بـە تواناسـازی. (ڕەئـی لیژنـەی دارایـی ڕای حکومەت وەربگیرێت).

(3) لـە مـاددەی (15) دەربـارەی (یەکـەم/1، 2، 3) پێویسـتە بـڕی پارەکـە دیـاری بکرێـت. (هـەمان ڕای هەردوو لیژنەی داراییو یاسایی).

(4) زیاد کردنی پێشینەی خانووبەرە بـۆ (20) ملیـۆن دینـار. (ڕەئـی لیژنـەی دارایـی لـە هـۆڵی پەرلـەمان یەکلابکرێتەوە لەگەڵ حکومەتدا).

(5) بڕی پارەی دیاری کراو بۆ سندوقی نیشتەجێ بوون کەم بکرێتەوە لە (150) ملیار بـۆ (100) مليـار دینار. (ڕەئی لیژنەی دارایی لە هۆڵی پەرلەمان گفتوگۆی لەسەر بکرێت لەگەڵ حکومەتدا).

(6) بـڕی تـەرخانکراو لـە سـندوقی پاڵپشـتی گـەنجان زیـاد بکـرێ لـە (25) ملیـار بـۆ (50) ملیـار. (ڕەئـی لیژنەی دارایی پەسند نییە، پێویستی بە ڕەزامەندی حکومەت هەیە).

(7) پێشینەی هاوسەرگیری زیاد بکرێ بۆ (4) ملیۆن دینـار. (ڕەئـی لیژنـەی دارایـی ڕای پێـنج ملیـۆنیش هەیە لە هۆڵی پەرلەمان یەکلابکرێتەوە لەگەڵ حکومەتدا).

(8) نابێت وەزارەتی دارایی پارەی تەرخانكراو بۆ پرۆژەكانی وەبەرهێنان بگوێزێتەوە بۆ بودجەی وەگەڕخستن. (ڕەئی لیژنەی دارایی پەسندە).

(9) خەرج كراوی فیعلی پرۆژەكان بە بەراورد لەگەڵ گوژمەی تەرخانكراو دیار نییە، زۆر پرۆژە هەیە خەرجی ساڵی 2010ی سفرە، كەچی پاش بەدواداچوون دەركەوت كە زۆر لەم پرۆژانە لەژێر جێبەجێكردندان. (ڕەئی لیژنەی دارایی داوای ڕوونكردنەوە بكرێت لە حكومەت).

(10) دەربارەی وەزارەتی گواستنەوەو گەیاندن، ڕێژەیەكی زۆر لە پارەی تەرخانكراوی بودجەی وەگەڕخستن بۆ ساڵی 2010 نەتوانراوە خەرج بكرێ، بەڵام بۆ ساڵی 2011 زیاتر لە تەرخانكراوی ساڵی 2010ی بۆ دیاری كراوە. بۆ نموونە: بڕی تەرخانكراوی (سوودەكانی كۆمەڵایەتی، تێچووەكانی تر، مەوجوداتی نادارایی). (ڕەئی لیژنەی دارایی داوای ڕوونكردنەوە بكرێت لە حكومەت).

(11) سەبارەت بەداهاتی خەملێنراو بۆ ساڵی 2011 ئەو بڕە داهاتەی وەزارەتی گواستنەوەو گەیاندن بەدەستیان هێناوە، وەزارەتی دارایی كەمتری لەوە خەملاندوە، جگە لەوەی هیچ لە داهاتەكانی فڕۆكەخانەكان نەهاتۆتە وەزارەت و، بڕی داهاتیان دیار نییە. (ڕەئی لیژنەی دارایی داوای ڕوونكرنەوە بكرێ لە حكومەت).

(12) دەربارەی بودجەی وەبەرهێنان، هیچ كام لەو پرۆژانەی كە وەزارەتی گواستنەوەو گەیاندن داوایان كردووە نەخراوەتە بەرنامەوە لە پرۆژە پێشنیاركراوەكان، داوا دەكەن كە (5) پرۆژەیان هەیەو بۆیان بخرێتە بەرنامەوە. (ڕەئی لیژنەی دارایی وەزارەتی گواستنەوە لەگەڵ وەزارەتی پلاندانان گفتووگۆ بكەن لەوبارەیەوە).

(13) سەبارەت بە بودجەی وەگەڕخستنی وەزارەتی شارەوانی، ناهاوسەنگی هەیە لە دیاری كردنی بڕی پارەی خەرجكراو بۆ ساڵی 2010، بە بەراورد لەگەڵ زیاد كردنی بڕی پارە بۆ ساڵی 2011 لە بوارەكانی (شمەك‌و خزمەتگوزاری‌و چاك كردنەوە، سوودە كۆمەڵایەتیەكان، خەرجیەكانی تر). بەپێی بۆچوونی لیژنە پێویستە بڕێكی زۆر لە بودجەی وەگەڕخستنی ئەم بڕگانە كەم بكرێتەوە بۆ بودجەی وەبەرهێنان. (ڕەئی لیژنەی دارایی بكرێت بە پێشنیار بۆ حكومەت).

(14) دواكەوتنی پەسند كردنی بودجە گرفتی زۆری بۆ وەزارەتی شارەوانی دروست كردووە، بۆ نموونە: (لە كڕینی كەرەسەی پاك كردنەوە، دواكەوتنی جێبەجێ كردنی پرۆژە پێشنیاركراوەكان). ( ڕەئی لیژنەی دارایی پەسندەو كراوە بە پێشنیار).

(15) جیاوازیەكی زۆر هەیە لەنێوان بڕی داهاتی خەملێنراوی وەزارەتی دارایی‌و وەزارەتی شارەوانی بۆ ساڵی 2011. واتە بڕی داهاتی خەملێنراو لەلایەن وەزارەتی شارەوانیەوە زیاترە لە بڕی داهاتی خەملێنراو لەلایەن وەزارەتی داراییەوە. (ڕەئی لیژنەی دارایی وەزارەتی دارایی ڕوونكردنەوە بدات لەم بارەیەوە).

(16) تێبینیەكانی لیژنە لەسەر بودجەی وەبەرهێنان تایبەت بە وەزارەتی شارەوانی بریتیە لە:

(أ) پرۆژەی كڕینی پێوەری ئاو بۆ هەرسێ پارێزگا لە پـرۆژە بەردەوامـەكانی ساڵی 2010دا دانـراوە، كـە تێچووی پرۆژەكە (60) ملیارە. ئەوەی جێی تێبینیە كە لـە پـرۆژە بەردەوامـەكانی ساڵی 2011دا هـاتووە بەهەمان بودجەو، دەستنیشانی ڕۆژی دەست بەكاربوونیان كردووە لـە (2010/2/28)و، دەردەكـەوێت كـە پرۆژەكە وەستاوە. (رەئی لیژنەی دارایی نوێنەری حكومەت ڕوونكردنەوە بدات).

(ب) دەربارەی پرۆژەی (دیواری پاڵپشت لەسەری بڵنـد) لـە پـرۆژە بەردەوامـەكانی ساڵی 2010یـە لەسـەر لیستی وەزارەتی دارایی، لە ساڵی 2011 بـڕی خـەرج كـراوی بـۆ دانـراوە، بـەلاَم ئـەم پرۆژەیـە لەسـەر ئـەو وەزارەتە نەماوە، بە ژمارە (158) لە لیستی پرۆژەكانی شارەوانیدا هاتووەو دەست بـەكار نـەبووە. پرسـیار ئەوەیە چۆن پارەی بۆ خەرج كراوە لەكاتێكدا كـە دەسـت بـەكار نـەبووە؟ (رەئـی لیژنـەی دارایـی نوێنـەری حكومەت ڕوونكردنەوە بدات).

**بەڕێز محمد دلێر محمود:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پانزە: ڕاپۆرتی لیژنەی كاروباری تەندروستیو ژینگە:

بە نووسراویان ژمارە (35) لە ( 2011/4/28) تێبینیەكانیان بەم شێوەی خوارەوەیە:

1 - لیژنە پێشنیار دەكات بودجەی تەرخانكراو بۆ وەزارەتی تەندروستی زیاد بكرێت لـە (5.58)٪) بـۆ (10٪) بۆ ساڵی 2011، بەپێی پێوەری نێودەوڵەتی دەبێ ئەم ڕێژەیە بگاتە لە (7٪). (رەئی لیژنەی دارایی حكومەتی لێ ئاگاداربكرێتەوە).

2 - لە ریزبەندی گوژمەی پڕۆژە پێشنیاركراوەكانی حكومەتی هەرێمی كوردستان بۆ ساڵی 2011 گرنگی نادات بە كەرتی تەندروستی، ڕێژەی گوژمـە بـۆ پـرۆژە پێشنیاركراوەكانی وەزارەتـی تەندروسـتی بـۆ سـاڵی 2011 بریتیـە لـە (0.36٪) بـۆ سـاڵی 2011. (رەئـی لیژنـەی دارایـی حكومـەت لـەم ڕێـژە كەمـە ئاگاداربكرێتەوە).

3 - ڕێـژەی لـە (78٪) ی بودجـەی وەگەڕخسـتن لـە وەزارەتـی تەندروسـتی تـەرخانكراوە بـۆ قـەرەبووی فەرمانبـەران، واتـە كـەمتر لـە ڕێـژەی لـە (18٪) تـەرخانكراوە بـۆ پێداوسـتی پزیشـكی و تەندروسـتی خزمەتگوزاریو چاككردنەوە، كە دەبێتـە هـۆی دروست بـوونی كۆمـەڵێك كێشـە لـە سیسـتمی تەندروسـتی لەوانـە (كـەمی دەرمـان، مووچـەو دەرماڵـە، دروسـت كردنـی گرفـت بـۆ نەخۆشـە هـەژارەكان، ئـەركی پێشكەشـكردنی خزمـەتگوزاری تەندروسـتی ..هتـد). (رەئـی لیژنـەی دارایـی پەسـندەو حكومـەت بەهەنـد وەریبگرێ).

4 - بەشێك لە بودجەی هەرێم لەلایەن وەزارەتی تەندروستی حكومەتی عێراقەوە گلدەدرێتەوە بۆ كڕینی لوقاحو دەرمان، لەبەر ئەوەی كـەموكوڕی هونـەری هەیـە بـۆ هـەڵگرتنی لوقـاح، بۆیـە ناتوانرێـت داوای ئـەم پارەیە بكرێت، هەرچەندە وەزارەتی تەندروستی عێراق لاری نییە لەسـەر گەڕانـەوەی پارەكـە بـۆ بودجـەی

هەرێم، ئەمەش دەبێتە هۆی کەمی دەرمان لە هەرێمی کوردستان، بۆیە دەبێت ئەم کێشەیە چارەسەر بکرێت. (حکومەتی لێئاگاداربکرێتەوە).

5 - لە حیسابی سوودە کۆمەڵایەتیەکانی وەزارەت پارەیەکی گونجاو دانراوە بۆ نەخۆشیە گرانەکان. (تەنها ڕوونکردنەوەیە).

6 - پێشنیاردەکەن گوژمەیەك لە ( تێچووەکانی تر) کەمبکرێتەوەو کەم و کوڕیەکانی پێ جێبەجێ بکرێ. (ڕەئی لیژنەی دارایی پێشتر لە ڕاپۆرتە گشتیەکەدا بە گشتی ئەم پێشنیارە کراوە).

7 - لیژنە پێشنیار دەکات لامەرکەزی ئیداری لە وەزارەتی تەندروستی جێ بەجێ بکرێت. (پەسندە).

8 - سستی هەیە لە جێ بەجێ کردنی پرۆژەکان و، زۆرجار لە پرۆژە بەردەوامەکاندا دیزاین و گوژمەو کەشفی ئیزافی و ماوەی تەواوکردنی پرۆژەکە دەگۆڕێت و، ئەمە کاردەکاتە سەر ڕێژەی بودجەی وەزارەتی تەندروستی. (ڕەئی لیژنەی دارایی پەسندەو حکومەت ئەم خاڵە بەهەند وەربگرێ).

9 - ژمارەی میلاکی دامەزراندن بۆ وەزارەتی تەندروستی (2500) پلەی جیا جیایەو، ژمارەی دەرچووانی بەشەکانی پزیشکی و تەندروستی هەرێم زۆر لەو ژمارەیە زۆرترە، بۆیە داوای زیادکردنی میلاك دەکەین. ( ڕەئی لیژنەی دارایی حکومەت لەم خاڵە ئاگاداربکرێتەوە بەپێی توانا).

10 - بودجەی دەستەی ژینگە باش ڕێك نەخراوە، پێویستە گرنگی زیاتری پێ بدرێ و، پێویستە گوژمەی (شمەك و خزمەتگوزاری و چاککردنەوە) زیاد بکرێت لەسەر ئاستی ژینگەو، هەروەها گوژمەی (موجوداتی غیر مالي) زیاد بکرێ. (ڕەئی لیژنەی دارایی ئەم خاڵە بەجێ بهێڵرێ بۆ حکومەت).

11 - پێویستە گرنگی بدرێ بە جێ بەجێ کردنی پرۆژە پێشنیارکراوەکانی دەستەی ژینگە بە تایبەتی بیناکانی بەڕێوەبەرایەتیەکان. (ڕەئی لیژنەی دارایی پشتگیری لێ دەکەین).

شانزە: ڕاپۆرتی لیژنەی نەزاهە:

بە نووسراویان ژمارە (13) لە (2011/4/28) ئەم خاڵانە دەخەنەڕوو:

1 - حیساباتی ختامی شەش مانگی یەکەمی ساڵی 2010 درەنگ هاتووەو، حیساباتی شەش مانگی دووەمیش تا ئێستا نەهاتووە. (حیساباتی ختامی ساڵی دارایی پێویستە تا کۆتایی (6/31/) هەر ساڵێك تەواو کرابێت).

2 - پێشنیار دەکەن بڕگەکانی (بەخشین، باربۆ، سوودە کۆمەڵایەتیەکان، تێچووەکانی تر) کەم بکرێتەوە بە ڕێژەی لە (50٪) و، بخرێتە سەر پرۆژەکانی وەبەرهێنان و زیادکردنی مووچەی شەهیدان و ئەنفال و هێزەکانی ناوخۆو پێشمەرگەو پێشینەی هاوسەرگیری و پێشینەی خانووبەرە. (ڕێژەیەکی بەرزە، ڕای لیژنەی دارایی تاکو لە ڕێژەی لە (15٪)یە، ڕای حکومەت وەربگیرێت لە هۆڵی پەرلەمان).

3 - نا هاوسەنگیەك هەیە لەنێوان پارێزگاکان و قەزاکان و ناحیەکان و.. هتد لە دابەشکردنی پرۆژەدا. ( ئەم خاڵە پێشتر ئاماژەی پێدراوە).

4 - هیچ پرسێك نەكراوە بە دیوانی چاودێری دارایی لە دانانی بودجەو حیساباتی ختامیدا لەلایەن وەزارەتی داراییو پلاندانانەوە. (تەنها ڕوونكردنەوەیە، دەتوانرێ بكرێ بە پێشنیار بۆ حكومەت، چونكە دیوانی چاودێری كاری وردبینیە لە چۆنیەتی جێبەجێكردنی یاسای بودجە بە حیسابی ختامیشەوە).

5 - بە ڕوونی ئاماژە بەداهاتەكانی هەرێمی كوردستان نەدراوە، كە بریتیە لە داهاتەكانی (فرۆشتنی نەوتو باجی گومرگو ڕەسمو قەرزی نێودەوڵەتیو كۆمەكی نێودەوڵەتی). (ڕەئی لیژنەی دارایی نوێنەری حكومەت ڕوونكردنەوە بدات).

6 - پرسیار دەكەن لە پڕۆژە یاساكەدا هاتووە، كە داهاتی هەرێم (400.507) ملیۆن دینارە، لە كاتێدا بەغدا ئاماژە بە بڕی (5.495.843) ملیۆن دیناری كردووە، وەك داهاتی هەرێم، سەرچاوەی ئەم جیاوازیە چیە؟ (داهاتی خودی هەرێم جیاوازی هەیە لەگەڵ داهاتی هاتوو لە بەغداوە بۆ هەرێم، نوێنەری حكومەت ڕوونكردنەوە لەم بارەیەوە بدات لە هۆڵی پەرلەمان).

7 - حكومەت ئاماژەی بەسەرچاوەی دابینكردنی كورتهێنانی بودجەی ساڵی 2010 نەداوە (ڕای لیژنەی دارایی لەدەرئەنجامی موناقلەی تەرخانكراوە زیادەكانی ناو بودجەدا كراوە و، لەهەمان كات داوا لە نوێنەری حكومەت دەكەین ڕوونكردنەوەی زیاتر بدات لەم بارەیەوە).

8 - داوا دەكەن هۆی بەرز بوونەوەی بڕی پارەی تەرخانكراو بۆ كڕینی (كاڵاو چاكردنەوە) دیاری بكرێت، بە بەراورد لەگەڵ ساڵی 2010دا، چونكە ئەم بەرز بوونەوەیە سەرنج ڕاكێشەو، پێویستە ڕوونبكرێتەوە، كاریگەری گەورەی دەبێت لەسەر هەڵكشانی نرخەكان، ئەگەری ئەوە هەیە ببێتە سەرچاوەیەكی گەندەڵی.(لەدەرئەنجامی زیادبوونی ڕێژەی بودجەدا هاتووە بۆ ساڵی 2011، ڕوونكردنەوەی زیاتریش لەلایەن نوێنەری حكومەت بدرێت).

9 - بەهەمان شێوە بڕی تەرخانكراوی قەرەبووی فەرمانبەران بۆ وەزارەتی كارەبا بۆ ساڵی 2011 بەشێوەیەكی سەرنج ڕاكێشو ناسروشتی بەرزبۆتەوە. (ڕەئی لیژنەی دارایی داوای ڕوونكردنەوە بكرێت لە نوێنەری حكومەت لەم بارەیەوە).

10 - پێویستە بڕی بودجەی تەرخانكراو بۆ حزبەكان كەم بكرێتەوە بۆ بواری گرنگترو پێویست تر. (ڕەئی لیژنەی دارایی گفتوگۆی لەسەر بكرێ لە هۆڵی پەرلەمان).

11 - پڕۆژەكانی وەبەرهێنانی ساڵی 2010 وەك پێویست جێ بەجێ نەكراون، پێویست بوو ئاماژە بە ڕێژەی جێ بەجێ كردنیان بكرایە، ئەمە لاوازی وەزارەتی پلاندانان پیشان دەدات لە خەرج كردنو جێ بەجێ كردن لەوكاتەی كە بودجەی بۆ تەرخانكراوە. (ڕەئی لیژنەی دارایی، بەڵام ئاماژە بە بڕی تێچوو كراوە، ڕای نوێنەری حكومەت وەك ڕوونكردنەوە لە هۆڵی پەرلەمان لەم بارەیەوە).

12 - هیچ سیستمێكی چاودێریو بەدواچوونی ئەوتۆ نەبووە بۆ بودجەی ساڵی 2010 تا بزانرێت چۆن ئاڕاستەكراوەو خەرج كراوە، ئەمەش بە ئاشكرا لاوازی ئەدای كاری پەرلەمانیە لە چاودێری و بەدواداچوون. (كاری پەرلەمان وردبینی حساباتی ختامیو ڕاپۆرتەكانی چاودێری داراییو بەدواچوونە،

نەك ئەنجامدانی پرۆسەی وردبینی لەجێگەی دەزگا ڕەسمیەکان بۆ ئـەم مەبەسـتە، گفتوگۆی لەسـەر بکـرێ لەناو پەرلەمان لەگەڵ نوێنەری حکومەت).

13 - پرۆژە پێشنیارکراوەکان بەبێ ئەنجامدانی (جەدوای ئابووری، ڕەچاوکردنی توانی وەزارەتەکان، دیـاری کردنی گرنگی) خراوەتە ناو بودجەوە. (نوێنەرانی حکومەت ڕوونکردنەوە بدەن).

14 - لە بودجەکەدا ئاماژە بەهۆکارەکانی دواکەوتنی پرۆژەکـانی سـاڵانی (2003)و سـەرووتر نـەدراوە، کـە پارەی بۆ تەرخانکراوە بۆ تەواو کردنی. (نوێنەری حکومەت ڕوونکردنەوە بدات لەم بارەیەوە).

15 - لـە بودجـەی سـاڵی 2011دا لادێکان پشت گـوێ خـراون. (ڕەئـی لیژنـەی دارایـی نوێنـەری حکومـەت ڕوونکردنەوە بدات لەو بارەیەوە).

16 - هیچ پێوەرو بنەمایەکی زانستیو نەتەوەیی ڕەچاو نەکراوە لە بـڕی بودجـەی تـەرخانکراو بـۆ ناوچـە ناکۆکی لەسەرەکان. (ڕوونکردنەوە بدرێت لەلایەن نوێنەری حکومەتی هەرێمەوە لەو بارەیەوە).

17 - تا ئێستا نازانرێت بڕی (30) ملیار دینار کە تەرخان کرابـوو بـۆ بودجـەی سـاڵی 2010 بـۆ هاوکـاری کردنی پرۆژەکانی کەرتی تایبەت چۆن ئاڕاسـتەکراوەو، چـۆن کـەڵکی لـێ وەرگـیراوە. (ڕەئـی لیژنـەی دارایـی نوێنەری حکومەت ڕوونکردنەوە بدات لەو بارەیەوە).

18 - بڕی (5) ملیار دینـار بـۆ هاوکـاریکردنی کـەرتی تایبـەت تـەرخانکراوە بـۆ هەرسـێ پارێزگـاو هـەردوو ئیـدارەی گـەرمیانو قـەزای هەڵەبجـە مەبەسـتەکەی ڕوون نەکراوەتـەوە. (ڕەئـی لیژنـەی دارایـی نوێنـەری حکومەت ڕوونکردنەوە بدات لە هۆڵی پەرلەمان).

**بەڕێز عمر صدیق محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

حەڤدە: لیژنەی مافی مرۆڤ:

بەپێی نووسراویان ژمارە (23) لە (2011/4/24) ڕاو بۆچوونیان بەم شێوەیە دەخەنەڕوو:

1 - پێشنیار دەکەن پێشینەی هاوسەرگیری زیاد بکرێ (ڕەئی لیژنەی دارایی ئـەم پێشـنیارە دەخرێتـە ڕوو لە هۆڵی پەرلەمان).

2 - زیـاد کردنـی پێشـینەی خانووبـەرە. (ڕەئـی لیژنـەی دارایـی ئـەم پێشـنیارە دەخرێتـە ڕوو لـە هـۆڵی پەرلەمان).

3 - ڕەچاوی دامەزراندنی دەرچووانی بەشەکانی کۆمەڵناسیو دەروونناسـی بکرێـت. (ڕەئـی لیژنـەی دارایـی بکرێت بە پێشنیار).

4 - داوای جـێ بـەجێ کردنـی مـاددەی (39) دەکـەن لـە یاسـای بـاری کەسـیەتی. (ڕەئـی لیژنـەی دارایـی پەیوەندی بە بودجەوە نییە).

5 - ئەو بڕە پارەیەی کە تەرخانکراوە بۆ مافی مرۆڤ مەبەست وەزارەتی مافی مرۆڤە کە هەڵوەشاوەتەوە، یان دەستەی مافی مرۆڤ؟. (ڕەئی لیژنەی دارایی داوای ڕوونکردنەوە دەکرێت لە نوێنەری حکومەت).

6 - پشتگیری لە داواکاری فەرمانبەرانی سنووری پارێزگای سلێمانیو گەرمیان دەکەن لە قەرەبووکردنەوەی جیاوازی مووچەی شەش ساڵی ڕابردوو. (ڕەئی لیژنەی دارایی پەسندەو داوای ڕوونکردنەوە دەکەین لە حکومەت).

هەژدە: لیژنەی بەرگری لە مافی ئافرەت:

بە نووسراویان ژمارە (19) لە (2011/4/27) ئەم خاڵانە دەخەنەڕوو:

1- پێشنیار دەکەن بڕە پارەی تۆڕی کۆمەڵایەتی لە (75000)حەفتاو پێنج هەزار دینار زیاد بکرێ بۆ (100000) سەد هەزار دینار. (ڕەئی لیژنەی دارایی پەسندەوگفتوگۆی لەسەر بکرێ لەناو هۆڵی پەرلەمان).

2- داوا دەکەن بودجەی ئەنجومەنی خانمان بڕی پارەکەی لە ئەنجومەنی وەزیران دیاریبکرێت. (ڕەئی لیژنەی دارایی پێشنیار بۆ حکومەت).

3- داوای زیاد کردنی بڕی تەرخانکراو دەکەن بۆ چاکسازی ژنان بە تایبەتی بۆ خواردنو پێداویستەکان. (ڕەئی لیژنەی دارایی ببێ بە پێشنیار بۆ حکومەت).

4- پێشنیار دەکەن بۆ تەرخانکردنی سندوقێك بۆ چاودێریکردنی ژنی تەلاقدراو تا ئەو کاتەی کارێك دەدۆزێتەوە، یان شوو دەکات بە بڕی (150000)سەدو پەنجا هەزار دینار کەمتر نەبێت لە مانگێکدا. ( ڕەئی لیژنەی دارایی ببێت بە پێشنیار بۆ حکومەت بەپێی توانای حکومەت و، پێویستی بە دابینکردنی تەرخانکراوی زیادە).

5- داوا دەکەن بودجەی بەڕێوەبەرایەتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی خێزانی زیاد بکرێ. ( ڕەئی لیژنەی دارایی بکرێت بە پێشنیار بۆ حکومەت بەپێی توانای حکومەت).

6- داوا دەکەن بە زیاد کردنی بودجەی سەنتەری سۆزی دەرونی لەسلێمانی کە سەر بە وەزارەتی تەندروستیە.( ڕەئی لیژنەی دارایی بکرێ بە پێشنیار بۆ حکومەت بەپێی توانای دارایی حکومەت).

7- داوا دەکەن بە زیاد کردنی سلفەی هاوسەرگیری بۆ (5) ملیۆن دینار. (ڕەئی لیژنەی دارایی ڕای حکومەت وەربگیرێ بە پێی توانا).

8- زیاد کردنی پێشینەی خانووبەرە بۆ (20) ملیۆن دینار. ( ڕەئی لیژنەی دارایی ڕای حکومەت وەربگیرێ بەپێی توانا).

9- داوای یەکسانی جێندەری دەکەن لەو (25) هەزار میلاکەی دانراوە بۆ دامەزراندن، کە بۆ هەر وەزارەتێك ڕێژەی ژن لە (25٪) کەمتر نەبێت.( ڕەئی لیژنەی دارایی بکرێ بە پێشنیار بۆ حکومەت بەپێی بەرنامەی حکومەت).

**بەڕێز د.ئاراس حسین محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**ئێستاش دەچینە بەشی سێیەمی راپۆرتەکە، لەڕاستیدا پوختەی پێشنیارەکان و بۆچوونەکانی هەردوو لیژنەی یاسایی و داراییە دەربارەی مادده یاساکانی پڕۆژەکە، کە دواتر لە دەرئەنجامی موناقەشەکە خاڵ بەخاڵ دەخوێندرێتەوەو سەرنج و تێبینیەکانی ئەندام پەرلەمانە بەڕێزەکانیش وەردەگیرێت و ڕەچاو دەکرێت لەو بوارەوە.**

**بەشی سێیەم**

**ڕاپۆرتی هاوبەش لەنێوان هەردوو لیژنەی داراییو کاروباری یاسایی دەربارەی مادده یاساییەکانی پڕۆژە یاسای بودجەی ساڵی 2011**

**یەکەم:**

**دەربارەی (ماددەی یەکەم)، دوو ڕا هەیە بەم شێوەی خوارەوە:**

**(1) ڕای لیژنەی دارایی، پەسندە وەکو لە پڕۆژە یاساکەدا هاتووە.**

**(2) ڕای لیژنەی یاسایی:**

**پێشنیار دەکەن سەرلەنوێ بڕگەی (4- أولاً) بەم شێوەی خوارەوە دارِشتنەوەی بۆ بکرێ:**

**(مبلغ قدره (63.330) ثلاثة وستون مليار وثلاثمائة وثلاثون مليون دينار لنفقات مجلس القضاء ويتم الصرف بطريق التمويل ويخول رئيس مجلس القضاء صلاحية الصرف مباشرة ضمن الأعتمادات المخصصة لمجلس القضاء).**

**دووەم: دەربارەی (ماددەی دووەم)، دوو ڕا هەیە:**

**(1) ڕای لیژنەی یاسایی، پەسندەو وەکو خۆی دەمێنێتەوە.**

**(2) ڕای لیژنەی دارایی:**

**(أ) دەربارەی بڕگەکانی (1،2،3،4،5) پەسندەو وەکو خۆی دەمێنێتەوە.**

**(ب) لیژنەکەمان پێشنیار دەکات (بڕگەیەك) بۆ ئەم ماددەیە زیاد بکرێت، یان بە ماددەیەکی یاسایی جودا. بەم شێوەیەی خوارەوە:**

**دەقی (مادده) یان (بڕگە):**

**(تخصص الأيرادات الواردة في (2،4،5) من المادة الثانية حصراً للمحافظات او الوحدات الأدارية التي تقع فيها المنافذ الحدودية أو العمليات النفطية).**

**واتە (تەرخانکردنی ئەو داهاتانەی لە بڕگەکانی (2،4،5) لە (ماددەی دوو) هاتووە، تەنها بۆ پارێزگاکان، یان یەکەکانی بەڕێوەبردن ، کە خاڵە سنووریەکانو چالاکیەکانی بەرهەمی نەوتی تێدایە).**

**سێیەم: دەربارەی (ماددەی سێیەم)، پەسندەو وەکو خۆی دەمێنێتەوە لەلایەن هەردوو لیژنەی داراییو یاساییەوە.**

**چوارەم: دەربارەی (ماددەی چوارەم)، ڕای هەردوو لیژنە بەم شێوەیەی خوارەوەیە:**

(1) دەربارەی (اولاً)، پەسندە.

(2) دەربارەی (ثانیاً)، پێشنیار دەكرێت پێشەكی (ثانیا) بەم شێوەیەی خوارەوە بێت:

(استثناء من حكم الفقرة (اولاً) اعلاه على وزير المالية والأقتصاد) تەنها ئەوە دەستەواژەیەكە لە ماددە یاساكە.

پێنجەم:دەربارەی (ماددەی پێنجەم)، بەڕای هەردوو لیژنە پەسندەو وەكو خۆی دەمێنێتەوە.

شەشەم:دەربارەی (ماددەی شەشەم)، بەڕای هەردوو لیژنە پەسندەو وەكو خۆی دەمێنێتەوە.

حەوتەم:دەربارەی (ماددەی حەوتەم)، بەڕای هەردوو لیژنە پەسندەو وەكو خۆی دەمێنێتەوە.

هەشتەم:دەربارەی (ماددەی هەشتەم)، بەڕای هەردوو لیژنە پەسندەو وەكو خۆی دەمێنێتەوە.

نۆیەم: دەربارەی (ماددەی نۆیەم)، دوو ڕا هەیە:

(1) ڕای لیژنەی یاسایی: پەسندە وەكو خۆی دەمێنێتەوە.

(2) ڕای لیژنەی دارایی:

دەربارەی (ثانیاً)، دەسەڵاتی خەرج كردن لەلایەن سەرۆك دەستەكانەوە كەم بكرێتەوە لە (300) بۆ (250) ملیۆن دینار.

دەیەم:دەربارەی (ماددەی دەیەم)، دوو ڕا هەیە:

(1) ڕای لیژنەی دارایی، پەسندەو وەكو خۆی دەمێنێتەوە.

(2) ڕای لیژنەی یاسایی، ئەوەیە كەوا بڕی پاداشت بریتی بێت لە (2.000000) دوو ملیۆن دینار وەكو بەرزترین ئاست، هەروەكو لە بودجەی ساڵی 2010 هاتووەو، سەرلەنوێ داڕشتنەوەی ئەم مادەیە بەم شێوەیەی خوارەوە:

(لا تزيد المكافأت للموظفين على مليوني دينار سنوياً للشخص الواحد وضمن التخصيصات المقررة بالموازنة وبموجب تعليمات تصدرها وزارة المالية والأقتصاد).

یانزە:

دەربارەی (ماددەی یانزە)، ڕای هەردوو لیژنە بەم شێوەیەی خوارەوەیە:

(1) دەربارەی (اولاً)، پەسندە.

(2) دەربارەی (ثانیاً)، پێشنیار دەكرێت بە لابردنی دەستەواژەی (الشروط والأجراءات)، چونكە وشەی (الظوابط) ئەم بابەتە دەگرێتەوەو، لەبەر دەرچوونی بڕیارێك لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە بە ژمارە (3136) لە (2011/3/17)و، سەرلەنوێ داڕشتنەوەی بەم شێوەیەی خوارەوە:

(على الوزارات والجهات غير المرتبطة بوزارة توزيع عدد الدرجات الوظيفية المستحدثة ضمن ملاك الأقليم سنة 2011 على المحافظات والوحدات الأدارية وفق عدد سكانها وحسب الظوابط والتعليمات الصادرة من مجلس الوزراء، لحين صدور قانون مجلس الخدمة العامة للأقليم ونفاذه).

(3) دەربارەی (ثالثاً)، پەسندەو وەكو خۆی دەمێنێتەوە.

دوانزە: دەربارەی (ماددەی دوانزە)، دوو ڕا هەیە:

(1) ڕای لیژنەی دارایی، پەسندەو وەکو خۆی دەمێنێتەوە.

(2) ڕای لیژنەی یاسایی، بەم شێوەیەی خوارەوەیە:

(أ) دەربارەی (اولاً)، پەسندە.

(ب) دەربارەی (اولاً/ أ، ب) پێشنیار دەکەن یەك بخرێت، چونکە یەك چەمکی هەیەو، سەرلەنوێ دارشتنەوەی بەم شێوەیەی خوارەوە:

(أ- تتحمل وزارة المالية والأقتصاد نصف راتبه الذي يتقاضاه من الدائرة المنقول منها لمدة ثلاث سنوات اعتباراً من تاريخ نقله على ان تقوم الدائرة المنقول منها الموظف بصرف نصف الراتب الى الموظف).

(3) زنجیرەی برگەی (ج) دەبێت بە بڕگەی (ب).

(4) دەربارەی (ثانياً)، پەسندە لەلایەن لیژنەی یاساییەوە.

سیانزە:

دەربارەی (ماددەی سیانزە)، دوو ڕا هەیە:

(1) ڕای لیژنەی دارایی، پەسندەو وەکو خۆی دەمێنێتەوە.

(2) ڕای لیژنەی یاسایی، پێشنیار دەکەن هەروەکو چۆن لە یاسای بودجەی 2010 بەبڕی ئەو پارەیە دیاری کرابوو بۆ (مشروع تنمية وتطوير قدرات كوردستان البشرية)، بە هەمان شێوە بڕی ئەو پارەیە دیاری بکرێت لە پرۆژەی بودجەی ساڵی 2011.

چواردە:

دەربارەی (ماددەی چواردە)، دوو ڕا هەیە:

(1) ڕای لیژنەی دارایی، دەستەواژەی کۆتایی بەم شێوەیە بگۆڕێت:

(وفق قانون دعم الأحزاب حال اقراره وقانون المنظمات غير الحكومية).

واتە (بەپێی یاسای پاڵپشتی پارتەکان کاتێ بڕیاری لەسەر دەردەچێ و، یاسای ڕێکخراوە نا حکومیەکان) على النحو التالي:

(أ) يخصص مبلغ قدره ( ) للأحزاب.

(ب) يخصص مبلغ قدره ( ) للمنظمات غير حكومية.

(2) ڕای لیژنەی یاسایی، پێشنیار دەکەن سەر لەنوێ ماددە یاساییەکە سەرلەنوێ دارشتنەوەی بۆ بکرێت بەم شێوەیەی خوارەوە:

(يخصص مبلغ (90) تسعون مليار دينار لدعم الأحزاب ومشاريع المنظمات غير الحكومية، ويتم صرف هذا التخصيص باجراءات مؤقتة من قبل وزارة المالية والأقتصاد، على ان يتم تسوية المبالغ المستلمة من قبل الأحزاب والمنظمات غير الحكومية في سنة 2010 والتي تستلم في سنة 2011 وفق قانون دعم الأحزاب وقانون المنظمات غير الحكومية حال اقرارهما من قبل برلمان اقليم كوردستان).

نظراً لأقتراحنا بنقل المبلغ المستقطع والبالغ (110) مليار دينار الى تخصيصات سلفة الزواج وسلفة المصرف العقاري.

پانزە:

دەربارەی (ماددەی پانزە)، دوو ڕا هەیە:

(1) ڕای لیژنەی دارایی:

(أ) پێویستی دەکرد ئەو بڕە پارانەی تەرخانکراوە بۆ بڕگەکانی (اولاً/ 2،1،3) دەستنیشان بکرایە بە شێوەی خەملاندن لەناو پڕۆژە یاساکە.

(ب) دەربارەی (ثانیاً)، پەسندە.

(ت) دەربارەی (ثالثاً)، پەسندە.

(ث) دەربارەی (رابعاً)، لیژنە پێشنیار دەکات پێشینەی هاوسەرگیری بکرێت بۆ (پێنج) ملیۆن دینار. (ڕای هەردوو لیژنەی یاسایی و دارایی).

(2) ڕای لیژنەی یاسایی:

(أ) دەربارەی (اولاً/ 1، 2، 3) پێشنیار دەکەن، کە بڕی پارەی تەرخانکراو دەستنیشان بکرێت بەم شێوەیە:

(زیاد کردنی تەرخانکراو بۆ پێشینەی خانووبەرە لە (90) نەوەد ملیار دینار، کە تەرخانکرا بوو لە بودجەی ساڵی 2010 بۆ (150) سەدو پەنجا ملیار دینار، کە بەپێی پێشنیاری لیژنەی یاسایی دابین دەکرێ لەو بڕینەی کە لە تەرخان کراوەکان بۆ پشتگیری پارتەکان‌و پڕۆژەکانی ڕێکخراوە ناحکومیەکان و، زیادکردنی بڕی پێشینەی خانووبەرە لە (15) ملیۆن دینار، کە لە یاسای بودجەی ساڵی 2010 هاتووە بۆ (20) ملیۆن دینار بۆ هاووڵاتیان لە پارێزگاکان‌و قەزاو ناحیەو دێهاتەکان بۆ ئەمساڵ.

(ب) دەربارەی (ثانیاً)، پەسندەو وەکو خۆی دەمێنێتەوە. (ڕای هەردوو لیژنەی یاسایی و دارایی).

(ت) دەربارەی (ثالثاً)، پەسندەو وەکو خۆی دەمێنێتەوە. (ڕای هەردوو لیژنەی یاسایی و دارایی).

(پ) دەربارەی (رابعاً)، پێشنیار دەکەن پێشینەی هاوسەرگیری لە (2.500000) دوو ملیۆن‌و پێنج سەد هەزار دینار زیاد بکرێ بۆ (5.000000) پێنج ملیۆن دینار. (ڕای هەردوو لیژنەی یاسایی و دارایی).

لیژنەی یاسایی پێشنیار دەکات کە ئەم (تێچووە زیادە)یە دابین بکرێ لەو بڕە پارەیەی کە دەبڕێت لە تەرخانکراو بۆ پشتگیری پارتەکان‌و پڕۆژەی ڕێکخراوە ناحکومیەکان.

شانزە: دەربارەی (ماددەی شازدە)، هەردوو لیژنە پێشنیار دەکەن، کە مادەکە بەم شێوەیە داڕشتنەوەی بۆ بکرێت:

اولاً/ تقوم وزارة المالية والاقتصاد وبالتنسيق مع وزارة الثروات الطبيعية باستلام العائدات التي تتحقق مباشرة من مبيعات النفط الخام في الاقليم ومبيعات مشتقات النفط وفق الدستور العراقي وقانون النفط

**والغاز لاقليم كوردستان رقم (22) لسنة 2007 وتضاف الى الواردات المتحققة واعلام البرلمان للمصادقة عليها قبل التصرف بها.**

**ثانياً/ تودع جميع مبالغ المنح المستحصلة من العقود النفطية والغازية في الاقليم في حساب خاص لدى وزارة المالية والاقتصاد وتخصص هذه المبالغ من قبل مجلس الوزراء للمشاريع المخصص لهاحسب العقود النفطية والغازية بالنسبة لعقود النفط والغاز وكذلك مشاريع البنية التحتية في الاقليم على ان تقترن بمصادقة برلمان كوردستان قبل التصرف بها.**

**حەڤدە: دەربارەی (ماددەی حەڤدە)، پەسندەو وەکو خۆی دەمێنێتەوە.**

**هەژدە: دەربارەی (ماددەی هەژدە)، دوو ڕا هەیە:**

**(1) ڕای لیژنەی یاسایی، پەسندە وەکو خۆی دەمێنێتەوە.**

**(2) ڕای لیژنەی دارایی، بگۆڕێت بەم شێوەیەی خوارەوە:**

**(لا يجوز التعاقد للعمل في دوائر الأقليم الا في الأختصاصات النادرة وبموافقة رئاسة مجلس الوزراء).**

**واتە (تەنها لە پسپۆریە دەگمەنەکان و بەڕەزامەندی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران).**

**نۆزدە: دەربارەی (ماددەی نۆزدە)، پەسندەو وەکو خۆی دەمێنێتەوە. (رای هەردوو لیژنەی یاسایی و دارایی).**

**بیست: دەربارەی (ماددەی بیست) پەسندەو وەکو خۆی دەمێنێتەوە. (رای هەردوو لیژنەی یاسایی و دارایی).**

**بیستو یەك: دەربارەی (ماددەی بیستو یەك) پەسندەو وەکو خۆی دەمێنێتەوە. (رای هەردوو لیژنەی یاسایی و دارایی).**

**بیستو دوو: دەربارەی (ماددەی بیستو دوو)، پەسندەو وەکو خۆی دەمێنێتەوە. (رای هەردوو لیژنەی یاسایی و دارایی).**

**بیستو سێ: دەربارەی (ماددەی بیستو سێ)، پەسندەو وەکو خۆی دەمێنێتەوە. (رای هەردوو لیژنەی یاسایی و دارایی).**

**بیستو چوار: دەربارەی (ماددەی بیستو چوار)، پەسندەو وەکو خۆی دەمێنێتەوە. (رای هەردوو لیژنەی یاسایی و دارایی).**

**بیستو پێنج: دەربارەی (ماددەی بیستو پێنج)، دوو ڕا هەیە:**

**(1) ڕای لیژنەی دارایی:**

**هەرسێ بڕگەی (اولاً، ثانیاً، ثالثاً) کاری پێ نەکرێت، واتە لاببرێت تا ئەو کاتەی پرۆژە یاسای (قانون رواتب کبار المسؤولین في الدولة) لەلایەن پەرلەمانی عیراقەوە پەسند دەکرێت، بەهۆی ئەوەی تا بەرواری نووسینی ئەو ڕاپۆرتە، ئەو پرۆژەیە لەلایەن پەرلەمانی عیراقەوە پەسند نەکراوە.**

**(2) ڕای لیژنەی یاسایی:**

(أ) دەربارەی (اولاً)، لابرێت، چونکە ناکرێت پشت ببەستی بە پـڕۆژە یاسـایەك، کـە تـاکو ئێسـتا کـاری پـێ نەکرابێت لەلایەن ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقەوە. (ڕای هەردوو لیژنەی یاسایی و دارایی).

(ب) دەربارەی (ثانیاً)، لیژنە پێشنیار دەکات کە ئەم بڕگەیەش لابرێت لەبەر هەمان هۆی سەرەوە.

(ت) دەربارەی (ثالثاً)، لیژنەی یاسایی پێشنیار دەکات کە داڕشتنەوەی بۆ بکرێت بەم شێوەیەی خوارەوە:

(تستقطع نسبة $10$٪ من رواتب كل من رئـيس الأقليم ونائبـه ورئـيس البرلـان ونائبـه والسكرتير، واعضاء البرلمان والوزراء ومن هم بدرجتهم ومن يتقاضى راتب وزير وكلاء وزارات ومن بـدرجتهم ومن يتقاضى راتب وكيـل وزارة، والمستشارين واصحاب الـدرجات الخاصـة والقضـاة واعضـاء الأدعـاء العـام والمـدراء العـامين ومـن بدرجتهم).

بیستو شەش: دەربارەی (ماددەی بیستو شەش)، پەسندەو وەکو خۆی دەمێنێتەوە. (رای هـەردوو لیژنـەی یاسایی و دارایی).

بیستو حەوت:

دەربارەی (ماددەکانی بیستو حەوتو بیستو هەشت)، دوو ڕا هەیە:

($1$) ڕای لیژنەی دارایی، ئەو ماددانە پەسندەو وەکو خۆی دەمێنێتەوە.

($2$) رای لیژنەی یاسایی، پێشنیار دەکات کە چەند ماددەیەکی یاسایی زیـاد بکرێـت بـە ژمارەکـانی (السـابعة والعشرون، الثامنة والعشرون، التاسعة والعشرون) بەم شێوەیەی خوارەوەو، گۆڕینی زنجیرەی ماددەکان بەپێی ریزبەندی نوێ:

مادة مضافة:

اولاً/ على وزارة المالية والاقتصاد في الاقيلم تحقيق المساواة بين رواتب موظفى الاقليم مع رواتب اقرانهم مـن موظفي الحكومة الاتحادية.

ثانياً/ تحقيق المساواة بين رواتب المتقاعدين في الاقليم مع رواتب اقرانهم من متقاعدي الحكومة الاتحادية.

ثالثاً/ تحقيق المساواة بـين رواتـب قـوات البێشـمەرگە والاسـايش والشـرطة في الاقلـيم مـع رواتـب اقـرانهم في الحكومة الاتحادية.

مادة مضافة/

يحال رئيس الدائرة لوحدة الانفاق الذي يتخلف عن تقديم الحسابات الختامية لسنة $2010$ لدائرة بعد نفـاذ هذا القانون الى التحقيق وفق الاجراءات القانونية والتعليمات النافذة.

مادة مضافة/

على مجلس الوزراء تقـديم كشف بحسـابات المـنح المقدمـة لحكومـة الاقلـيم مـع بيـان أوجـه صـرفها للمشـاريع المخصصة لها للبرلمان للمصادقة عليها.

تێبینی/

لیژنەی دارایی ڕەزامەنـدە لەسـەر زیـادکردنی ئـەو سـێ ماددەیـە بـۆ یاسـاکەو، گونجانـدنی ریـز بەندیەکـەی لەلایەن بەڕێز لیژنەی یاساییەوە.

بیستو هەشت: دەربارەی (ماددەی بیستو نۆ)، پەسـندەو وەکـو خـۆی دەمێنێتـەوە. (رای هـەردوو لیژنـەی یاسایی و دارایی).

بیستو نۆ: دەربـارەی (مـاددەی سـی)، پەسـندەو وەکـو خـۆی دەمێنێتـەوە. (رای هـەردوو لیژنـەی یاسـایی و دارایی). سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، دەستتان خۆش بێت، بەڕێزان، سوپاس بۆ گشت ئێـوەی بـەڕێز، کـە گوێتـان گـرت، بودجـە زۆر زۆر ئەرکێکی خوایی، ئیهلاهی، ویژدانیە لەسەر هەمووومان، پێویستە زۆر بەپاکی و بە دروستی لەسەری کار بکەین، پێویست بـە بـیر کردنـەوەی بـاش دەکات، ئـەمڕۆش دانیشـتنەکەمان لێـرە کۆتـایی دەهێـنین سـبەی سەعات (11)، دووبارە لێرە ئامادە بن، تا ئەو کاتە بە خواتان دەسپێرم، خوا حافیز.

**فرست احمد عبدالله**
**سکرتێری پەرلەمانی**
**کوردستان – عێراق**

**محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی)**
**سەرۆکی پەرلەمانی**
**کوردستان - عێراق**

# پەرلەمانی کوردستان - عێراق

**پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (14)**

**سێ شەممە رێکەوتی 17\5\2011**

**خولی سێیەمی هەڵبژاردن**

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (14)

## سێ شەممە رێكەوتی 2011/5/17

كاتـژمێر (11)ی پـێش نیـوەڕۆی رۆژی سـێ شـەممە رێكـەوتی 2011/5/17 پەرلـەمانی كوردسـتان - عێراق بە سەرۆكایەتی بەڕێز محمد قادر عبداللە(د.كمال كـەركووكی) سـەرۆكی پەرلـەمان و, بـە ئامـادەبوونی

بەڕێز فرست أحمد عبدالله سکرتێری پەرلەمان، دانیشتنی ژمارە (14)ی خولی سێیەم، ساڵی (2011) ی خۆی بەست.

**بەرنامەی کار:**

بەپێی حوکمەکانی بڕگە (1)ی ماددە (20) لە پەیڕەوی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەموارکراوی ساڵی 1992ی پەرلەمانی کوردستان - عێراق، دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بڕیاری درا دانیشتنی ژمارەی (14)ی خولی سێیەمی هەڵبژاردن لە کات (11)ی پێش نیوەڕۆی رۆژی سێ شەممە ڕێکەوتی 2011/5/17 دا بەم شێوەیە بێت:

1- بەردەوام بوون لەسەر گفتوگۆ کردن و بڕیاردان لەسەر پرۆژە یاسای بودجەی هەرێمی کوردستان – عێراق بۆ ساڵی 2011، ئێستا داوا لە لیژنەی دارایی دەکەین، کەرەم کەن بۆ شوێنی خۆتان.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

بەناوی گەلی کوردستان، دانیشتنەکەمان دەکەینەوە، خولی سێیەمی هەڵبژاردن، ساڵی دووەم، خولی گرێدانی دووەم، ژمارەی دانیشتن (14)، رۆژی دانیشتن 2011/5/17، بەرنامەی کار:

بەپێی حوکمەکانی بڕگەی (1)ی ماددەی (20) لە پەیڕەوی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەموار کراوی ساڵی 1992ی پەرلەمانی کوردستان – عێراق، دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بڕیاریدا بەرنامەی کاری دانیشتنی ژمارە (14)ی ئاسایی خولی سێیەمی هەڵبژاردن لە کاتژمێر (11)ی پێش نیوەڕۆی رۆژی سێ شەممە ڕێکەوتی 2011/5/17 بەم شێوەیە بێت:

1- بەردەوام بوون لەسەر گفتوگۆ کردن و بڕیاردان لەسەر پرۆژە یاسای بودجەی هەرێمی کوردستان – عێراق بۆ ساڵی 2011، ئێستا داوا لە لیژنەی دارایی دەکەین، کەرەم کەن بۆ شوێنی خۆتان.

بەخێرهاتنی بەڕێزان، وەزیری دارایی کاك شێخ بایزو بەڕێز کاك دکتۆر عەلی سندی وەزیری پلاندانان و بریکاری وەزارەت کاك رشید طاهرو مامۆستا سەعد مونەسق لەنێوان پەرلەمان و حکومەت دەکەین، زۆر بەخێر بێن، ئێستاش داوا لە بەڕێز سەرۆکی لیژنەی دارایی دەکەین کەرەم بکات، راپۆرتی دارایی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە شوێنی خۆی بخوێنێتەوە، فەرموو.

**بەڕێز د. ئاراس حسین محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەحەقەت دوو کەیس هەیە پەیوەندی بە دوو حاڵەتەوە هەیە، کە ئەبوایە دوێنێ ئەوە یان موناقەشە کرایە، یان بمانخستایە ڕوو، ئەگەر جەنابت ڕێمان پێ بدەی ئەم دوو کەیسە ئەخەینە ڕوو، بە ڕەزامەندی بەڕێزت دواتر ئیتر جەنابت چۆن بڕیاری لەسەر دەدەن یان ئەندامە بەڕێزەکان.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ فەرموون بەس ڕەئی خۆتانی لەسەر بدەن وەکو لیژنە، چونکە ڕاپۆرتەکانی تر ڕەئی لیژنەی دارایی بووە لەسەریان هەمووی نەخوێندراوەتەوە فەرموون.

**بەڕێز د. ئاراس حسین محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەشی دووەمی ڕاپۆرتی لیژنەی وەرزش و لاوان بەحەقەت کە بۆمان هاتووە، لە 4/27 لەو کاتەدا بووە کە ئێمە کۆتایمان بە چاپ و تەواوکردنی ڕاپۆرتی کۆتایی هێناوە، تەخیر بوونێك تێبینی دەکرێت لەنێوان ناردنی لەلایەن لیژنەوە بۆ سەرۆکایەتی پەرلەمان لەوێشەوە بۆ لیژنەی دارایی، چەند خاڵێکیان لە بەشی دووەمی ڕاپۆرتەکەدا ئاماژەی پێداوە، تەنها ڕای لیژنە دەربارەی پێشنیارەکانیان دەخەینە ڕوو، ئەگەر بەڕێزت ڕێمان پێ بدەی.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کەرەم کەن.

**بەڕێز د. ئاراس حسین محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوە دواتر دابەش دەکرێت بەسەرتاندا، ئەوە دوێنێ ئێمە ئەوەمان کرد.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

تکایە کەس لە جێگای خۆی قسە نەکات، کاك کاردۆ، ئەگەر نوقتەی نزامییە فەرموو.

**بەڕێز کاردۆ محمد پیرداود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

چۆن دەبێت دوێنێ ڕاپۆرتی لیژنەی دارایی خوێندراوەتەوە ئەمرۆ هاتووین موناقەشەی لەسەر ئەکەین، دێت ئیزافەی ڕاپۆرت دەدات، ئەمن یەعنی ئەو قسە دەتوانێ زۆر دەست کاریتر بکرێت بۆ ڕاپۆرتی دارایی، لەبەر ئەوە ئێمە باسی کە گلەییمان کرد بۆ ئەو ڕاپۆرتەی تێدا نییە دەتوانین بڵێین ئەوە ڕاپۆرتەکەیە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەو ڕاپۆرتە ئێستا دێینە سەری موناقەشە دەکرێت،وەقتیش بەگشت ئێوەی بەڕێز دەدرێت بەس ئەم ڕاپۆرتە دیارە دواکەوتووە، هی لیژنەیەکی تایبەتە ڕەئی لیژنەی داراییش پێیان وا باشە کە ڕەئی خۆیان لەسەری بدەن، خراپ نییە، بۆچی؟، با ڕەئی خۆیان بدەن؟، فەرموو کاك ئاراس.

**بەڕێز د. ئاراس حسین محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پاشکۆی لیژنەی وەرزش و لاوان لەسەر بودجەی خەملێنراوی ساڵی 2011 حکومەتی هەرێمی کوردستان، بەپێی نووسراویان ژمارە (19) لە 2011/4/19، ئەم پێشنیارو تێبینیانە دەگرێتە خۆی.

1 - پێشنیار دەکەن بە زیادکردنی گوژمەی پێشینەی هاوسەرگیری، ڕای لیژنە پێشتریش ئەم پێشنیارە پێشکەش کراوە.

2 - لەژێر ڕیزبەندی خەرجیەکانی لیژنەی ئۆلۆمپی نیشتیمانی عێراق لە ئیستمارەی ئیعدادی موازەنە لە لاپەرە چواردا لیژنەی وەرزش و لاوان پرسیار دەکەن؟، ئایا پەیوەندی لیژنەی ئۆلۆمپی عێراق بە کوردستانەوە چیە؟، ئەگەر ئەو بودجەیەی کە تەرخان کراوە بۆ لیژنە ئۆلۆمپی لە هەرێمی کوردستانی عێراق، ئەوا ئەو بڕە پارەیە بەشی چالاکیەکانی ئەم لیژنەیە ناکات، بۆ ماوەی شەش مانگ لە ساڵی 2011 بۆیە لیژنە واتە لیژنەی وەرزش داوا دەکات، بە زیادکردنی ئەم بڕە پارەیە بۆ (3) ملیار دینار، رای لیژنەی دارایی بڵێین سەرۆکایەتی لیژنەی دارایی ببێت بە پێشنیار بۆ حکومەت.

3 - تەرخان کردنی گوژمەی (10) ملیار دینار بۆ بنیاتنانەوەی ژێرخانی وەرزش بۆ ساڵی 2010، کە لەسەر (16) پاریگا دابەش دەکرێت، وە لە مانگی کانوونی یەکەمی ساڵی 2010 کاری پێکرا لەلایەن وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان، بە ئاگاداری سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران، بەڵام هیچ گوژمەیەك خەرج نەکراوە، لیژنە پێشنیار دەکات، چارەنووسی ئەم (10) ملیار دینارە کە لە بودجەی ساڵی 2010 تەرخان کرابوو بۆ خەرج نەکراوە؟، ڕای ئێمە وەکو سەرۆکایەتی لیژنە نوێنەری حکومەت ڕوون کردنەوە بدات لەو بارەیەوە.

4 - ژمارەی پرۆژە پێشنیارکراوەکان بۆ وەزارەتی وەرزش و لاوان زۆر کەمە، بەپێی رای لیژنەی وەرزش، وەزارەتی ناوبراو ناڕەزایەتی هەیە، لەو پرۆژانەی کە وەزارەتی پلان دانان پێشنیاری کردووە، بۆیە لیژنەی وەرزش و لاوان لە پەرلەمانی کوردستان بەپێی کۆبوونەوەی هاوبەش، لەگەڵ وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان ئەم پێشنیارانە دەکەن، دروست کردنی (9) هۆڵی وەرزشی داخراوی فرە مەبەست، بەم شێوەیە (4) هۆڵ لە سلێمانی و گەرمیان (3) هۆڵ لە پارێزگای هەولێر (2) هۆڵ لە پارێزگای دهۆك، سەرۆکایەتی لیژنەکەمان داوا دەکات ببێ بە پێشنیار بۆ حکومەت.

5 - پێشنیار دەکەن، کە پرۆژەی ئامادەکردنی دیزاینی گوندی ئۆلۆمپی لە پارێزگای هەولێر بخرێتە بودجەی ساڵی 2011، سەرۆکایەتی لیژنە پێشنیار دەکات بکرێ بە پێشنیار بۆ بەرنامەی داهاتووی حکومەت.

6 - پێشنیار دەکەن کە هەماهەنگی گونجاو هەبێ لەنێوان وەزارەتی پلاندانان و وەزارەتی وەرزش و لاوان و وەزارەتە پەیوەندیدارەکان و پارێزگاکان لە کاتی پێشنیارکردنی پرۆژە، سەرۆکایەتی لیژنە پێشنیار دەکات ببێ بە پێشنیار بۆ حکومەت.

7 - پێشنیار دەکەن، بە کەمکردنەوەی تێچووی یاریگا بچووکەکان، کە پێشنیار کراون دروست بکرێن، لە گۆڕەپانی قوتابخانەکانی پارێزگای سلێمانی، لە چوارچێوەی پرۆژەکانی پەرەپێدانی پارێزگاکان کەم بکرێتەوە، لە (200) ملیۆن دینار بۆ (155) ملیۆن دینار، ڕای سەرۆکایەتی لیژنە پێویستی بە ڕای لایەنی پەیوەندیدار هەیە لەسەرئەم پێشنیارە.

8 - هیچ یاریگایەك یان هۆڵێكی وەرزشی لە پەیمانگا وەرزشیەكان نەخراوەتە پرۆژە پێشنیاركراوەكانی وەزارەتی پەروەردە بۆ ساڵی 2011، وە ئەم پەیمانگایانە فەرامۆش كراون لەلایەن وەزارەتی پەروەردە، رای سەرۆكایەتی لیژنە ئەوەیە وەزارەتی پەروەردەی لێ ئاگادار بكرێتەوە لەم خاڵە.

بەرێز سەرۆكی پەرلەمان كەیسی دووەم لە راستیدا نووسراوێكە، لەلایەن بەرێز بەرێوەبەری گشتی دیوانەوە بۆمان هاتووە، بە نووسراوی ژمارە (260) لە 2011/5/16 بەپێی ئەم نووسراوە پەرلەمانی كوردستان بە نووسراوی ژمارە (2014/8/3) لە 2010/11/4 داوایان كردووە، كە بودجەی سەرۆكایەتی پەرلەمان.

**بەرێز سەرۆكی پەرلەمان:**

ببوورە سەرۆكایەتی پەرلەمان نییە، بودجەی پەرلەمانە.

**بەرێز د. ئاراس حسین محمود:**

**بەرێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بودجەی پەرلەمان (74) ملیارە، بەڵام وەزارەتی دارایی كەمی كردۆتەوە بۆ (54) ملیار، لێرە ئەوە دەبێتە هۆی ئەوەی كە مەوجوداتی نادارایی كە پەرلەمانی كوردستان پلانێكی بەدەستەوەیە، بۆ دروست كردنی چەند بینایەك و نووسینگەی پەرلەمانی كوردستان لە پارێزگاكان، لەبەر ئەوە پێویستی بەو برە پارەیە هەیە، دەیخەینە بەردەمی بەرێزتان تاكو رای حكومەتی لەسەر وەربگیرێت، لەگەڵ رێزدا.

**بەرێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس بەرێزان ئێستا دەست دەكەین بە موناقەشە لەسەر راپۆرتەكە، ئەو راپۆرتەی دوێنێ خوێندرایەوە، ئەمرۆش تەكمیلە كرا، من بۆ ئەوەی كێ قسە دەكات لە لیستەكانم پرسی ئەلحەمدوللا هەموو دەیانەوێت قسە بكەن، بۆیە بەپێی تەسەسولی ناوەكانی خۆتان لە لیستی بۆ هەڵبژاردن تەقسیم بەندیمان كردووە، وە بەعەدالەت لەسەر گشت لیستەكان ناوەكان ئینتاجی كردووە، بەپێی حەجمی فراكسیۆنەكان دێتە خوارەوە، پاشان دەچێتە لای ئەوانەی كە دەنگیان كەمترە، بەڵام بەعەدالەت بۆ هەر هەموو، فەرموو كاك كاردۆ.

**بەرێز كاردۆ محمد پیرداود:**

**بەرێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بۆ ئەم دابەش كردنەی ئێوە ئاساییە بەلای منەوە، ئەوە یەكیان، دووەمیان: بۆ ئەوەی شێوازەكە دیاری بكەین، من ئێستا پێشنیار دەكەم، ئەوەی كە دوێنێ دوو راپۆرت هەبوو ، راپۆرتی بەرێز وەزیری دارایی، وە راپۆرتی لیژنەی دارایی، ئینجا دوایی دێینە سەر پرۆژەی بودجە كەبەلای منەوە یەكەمجار قسە لەسەر تێروانینمان بەرامبەر سیاسەتی حكومەت یان تێروانینی حكومەت كە پەیوەندی بە راپۆرتەكەی خۆیەوە هەیە، ئێمە چەند تێبینیەك بیدەین، ئینجا بچینە سەر لیژنەی دارایی كە راپۆرتی ئەوان قسەی لەسەر بكرێت.

**بەرێز سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێز، بەپێی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان دەڕۆینە پێشەوە، بەڵام ئەتوانن وەختی لەسەر ڕاپۆرتەکە قسە ئەکەن، تێکەڵاوە، دەتوانی ڕەئی لەسەر ئەوەی تریش بدەی، فەرموو کوێستان خان.

**بەڕێز کوێستان محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە کە قسە دەکەین، یەعنی دەمەوێ ئەوە بزانم ئایا لەسەر ڕاپۆرتەکەو بودجەکەو هەمووی بەیەکەوە قسە دەکەین؟، یان لەپێشدا ڕاپۆرتەکە جارێکی کە قەسە دەکەین لەسەر بودجەکە بەگشتی، تەبعەن من مەبەستم لە پرۆژە یاسایەکە نییە، چونکە دەزانم ئەوە دواجار قسەی لەسەر دەکرێ، ئایا دووجار قسە دەکەین یان یەکجار لەسەر کۆی مەسەلەکان قسە دەکەین؟، بۆ ئەوەی ئەوەمان لەلا ڕوون بێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، ئێستا لەسەر ڕاپۆرتەکە قسە دەکەین بۆ ئەوەی وەخت زیاتریش بێت بتواندرێت باشتر ڕوون بکرێتەوە چونکە ئەوە میزانییەیە، فەرموو کاک شڤان.

**بەڕێز شڤان احمد عبدالقادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێم وایە ئەو ڕاپۆرتە کۆمەڵێك پرسیار لە حکومەت و تەوزیعات لە حکومەت داواکراوە، کە زۆربەی پرسیارەکانی ئێمە لەو تەوزیعات و پرسیارەکانی لە حکومەتن دەبێتن، ئەگەر حکومەت یەك بەیەك ئەو پرسیارو تەوزیعاتانە جواب بداتن باری ئێمەش سووك دەبێت، مشکیلەکەش یەکلا دەبێتەوەو زیاتر بەرچاومان ڕوون دەبێتن.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك بورهان.

**بەڕێز برهان رشید حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

جەنابتان دەزانن ئەو ڕاپۆرتە باسی سێ شتی تێدایە، داهاتیشی تێدایە و خەرجیشی تێدایە و سیاسەتی حکومەتیشی تێدایە، بەڵام من وەکو بزانم من کە وەختی خۆی تەلەبە بووم، پێنجی ئەدەبی بووم، بودجەم خوێندووە، بودجە لە پێشدا، موناقەشەی داهات دەکرێ، ئینجا موناقەشەی خەرجی دەکرێ، ئەگەر ئاوا ڕاپۆرتەکە موناقەشە بکرێ تێکەڵەو پێکەڵە دەردەچێ.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

نیزام داخلی ماددەکانی بخوێنەوە بزانە چیت پێ ئەڵێ؟، ئێمە لەوە دەرناچین بە گوێرەی ئەوە دەڕۆین. نوقتەی نیزامیت هەیە کاك حەمە سعید، فەرموو.

**بەڕێز حەمە سەعید حمەعلی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بـەپێی مـاددەی (84،85،86) دەبێـت لـە پێشـدا گفتوگـۆ لەسـەر ڕاپـۆرتی لیژنـەی دارایـی بکرێـت، دوای گفتوگۆکردن ئینجا دێینە سەر دەست پێ کردنی گفتوگۆ لەسەر پرۆژە یاسای بودجە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێمەش وامان وتووە برا، کاکە هەرواش دەکەین.

ئێستا ئەو بەڕێزانەی کە ناویان دەخوێنینەوە لە گشت لایەنەکان بەپێی ئەو تەسەسولەی دانراوە، ناویانمان ئختیار کردووە، هەندێك فراکسیۆن ناوی سەرۆك فراکسیۆن ژمارە یـەك نییـە لـە قایمەکـە، بـەڵام شانسـمان داوەتە سەرۆك فرتکسیۆنەکە یەکەمجار قسە بکات، تکایە تکرار محاولە بکەن نەبێت، وەلەسەر مەوزوعەکـە نەواقسی تێدایە باسی بکە، بەڵام بۆچوونیشتان هەبێت چی لێ بکرێت، کـە ئەمـە خراپـە بـەدیل بـۆ ئەمـە چییە؟، بۆ ئەوەی بتوانین شتێکی زۆر ڕێك وپێك تقدیمی خەڵکی کوردستان بکەین، بـەڕێز سـۆزان شـەهاب بفەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بێ گومان جێگەی دڵخۆشییە، کە حکومەت پرۆژە یاسای بودجە بە تەواوی زانیاریەکان و وردەکاریەکانـەوە خستۆتە بەردەمی پەرلەمان و رای گشتی، بۆ ئەوەی پەرلەمانتاران...

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

پێش ئـەوە سـۆزان خـان ببـوورە شـەش دەقیقـە بـۆ هـەر ئەنـدامێکی بـەڕێز هەیـە، کە قسە بکات، تکایـە ئیلتیزام بە کات بکەن، شەش دەقیقە کافیە. کوێستان خان، فەرموو.

**بەڕێز کوێستان محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەڵڵا داواکارییـە، بـەڕێز سـەرۆکی پەرلـەمان نـاکرێ ناوەکـان بخوێنـەوە، تـابزانین لـە کـوێ قسـە دەکـەین، لەلیستەکەی کە تەرتیبتان کردووە بۆمان بخوێنەوە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەسەرچاو، معقولە، بەڵێ دانیشە، ئەوەی کـە ئێسـتا حـازرە،(سـۆزان شـەهاب نـوری، عمـر صـدیق هـەورامی، کاردۆ محمد پیرداود ، جلال علی عبدالله، زکیە سەید صالح، کوێستان محمد عبدالله، عمـر عزیـز بهاءالـدین ، عبدالقادر بازرگان، سـالم تۆمـا کـاکۆ، دڵشـاد شـەهاب حـاجی، اسماعیـل محمـود عبـدالله، عبـدالرحمن حسـین ابابکر، احمد سلێمان عبدالله، بەیان احمد حسن کۆچـەری، ثـائیر عبدالاحـد اوغسـطین، شـێردڵ تەحسـین ، ڕۆژان عبدالقادر احمد، کاوە محمد امین، شێرزاد عبدالحافظ شریف، سەمیر سلیم امین بـەگ ،ایـوب نعمـەت قادر، ئەگەر لێرە بـوو، ئەگـەر لێـرە نـەبوو سـەرگوڵ دێتـە جێگـای، جیهـان اسماعیـل احمـد ابـراهیم علـی ، عبدالله محمود محمد ، ئاواز عبدالواحد خضر، تارا تەحسین یاسین، پەیمان عزەدین، ناسك تۆفیق)

ئێستا ئەوەندەیە، بەڕێز سۆزان، ناوی ئەوانی تریش دێت ئێستا (28) ناوە ئەگەر ئەو ناوانە خەلاس بوو، ئینجا مجموعەکەی تریش بۆتان دەخوێنینەوە، سۆزان کەرەم کە فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

جێگەی دڵخۆشییە کە حکومەت پرۆژە یاسای بودجە بە تەواوی زانیاریەکان و وردەکاریەکانەوە خستۆتە بەردەمی پەرلەمان و رای گشتی، بۆ ئەوەی پەرلەمانتاران بە بەرچاو ڕوونیەوە تاوتوێی بودجە بکەن، هی ئەمساڵ وە بە هەموو لایەك وابکەین داهاتی هەرێم کە هی خەڵکە باشترە بچێتە خزمەت و جێ بەجێکردنی داواکاری هاوڵاتیان و بەرپاکردنی شەفافیەتی زیاتر و خزمەتکردنیان، ئێمە وەکو لیستی کوردستانی پاش تاوتوێ کردنی بودجەکە پێشنیاز دەکەین ئەگەر جەنابی لیژنەی دارایی، مولاحەزاتی ئێمە بنووسێ، پێشنیاز دەکەین بەڕێژەی لە 10٪ لە کۆی بودجەی وەگەڕخستن کەم بکرێتەوە، کە دەکاتە (997) ملیار دینار بۆ ئەوەی حکومەت لەم بوارانەدا دابەشی بکاتەوە.

بەشی یەکەم، لە 70٪ ئەو بڕە پارەیە کە دەکاتە (698) ملیار دینار بۆ پشتگیری کردنی ئەم خاڵانەی خوارەوە کە پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە باشتر کردنی ژیان و گوزەرانی خەڵکەوە هەیە.

1 - (50) ملیار دینار بخاتە سەر ئەو بڕە پارەیەی کە خۆیان تەرخانیان کردووە، زیادە بیخاتە سەر سولفەی زەواج کە حکومەت (2,5) دوو ملیۆن و نیوی ناردووە، پێشنیاز دەکەین ئێمە وەك لیستی کوردستانی بکرێتە (5) ملیۆن.

2 - (100) ملیار دینار بۆ زیادکردنی دەرماڵەی هێزەکانی پۆلیس و ئاسایش بۆ ئەوەی دەرماڵەکانیان ببێتە هاوشێوەی عێراق.

3 - (150) ملیار دینار بۆ بەردەوام بوونی هەڵمەتی دروست کردنی خوێندگای هاوچەرخ کە پار ساڵ سەرکەوتوو بوو وە (100) خوێندگەی پێ دروست کرا.

4 - (40) ملیار دینار بۆ زیادکردنی مووچەی تۆڕی پاراستنی تۆڕی کۆمەڵایەتی کە حکومەت لە (30) هەزارەوە کردوویەتی بە (75) هەزار دینار، ئێمە پێشنیار دەکەین بکرێتە (150) هەزار دینار کە مانگانە خەڵکی کەم دەرامەت لێی سوودمەند دەبن، کە ئەمە وەزارەتی کار پێی هەڵئەستێ.

5 - (75) ملیار دینار بۆ قەرزی زراعی بۆ جووتیاران.

6 - (75) ملیار دینار بۆ قەرزی صناعی کە دەبێتە هۆی بەکارخستنی زیاتری خەڵك و کەم بوونەوەی دیاردەی بێکاری.

7 - (200) ملیار دینار بخرێتەوە سەر بودجەی وەبەرهێنان بۆ پرۆژە خزمەتگوزارییەکان، هەروەها داوا دەکەین سولفەی عەقار بکرێتە (20) ملیۆن دینار، ئەم پێشنیازانەشمان هەیە،

1 - داوا دەکەین حکومەتی هەرێمی دادپەروەری لە پێدانی دەرماڵە بۆ فەرمانبەران بەپێی پسپۆری و پێویستی و مەترسی و جۆری کارەکانیان سەرەف بکات، کە بە گوێرەی میکانزمێکی دیاری کراو،

وه لیژنەیەكی باڵای هاوبەشی سەندیكاو كۆمەڵەكان، پرۆژەیەكی ڕێنمایی نوێ پێشكەش بە ئەنجومەنی وەزیران بكات لەبەر ڕۆشنیایی یاسای مووچەی فەرمانبەران بۆ سەرەف كردنی دەرماڵە لەبەر ئەوەی ئێمە ئێستا تێبینیمان كردووە عەدالەتێك نییە، لە ناو پێدانی دەرماڵەدا.

2 - زوو جێ بەجێكردن و دروست كردنی بڕیاری پێكهێنانی (8) لیوای پێشمەرگە كە دەبێتە هۆی زیادكردن و باشتركردنی گوزەرانی پێشمەرگە.

3 - جێ بەجێكردنی یاسای خانەنیشینی پێشمەرگە كە لە پەرلەمانی كوردستانەوە دەرچووە.

4 - جێ بەجێكردنی یاسای خانەنیشین كردنی كەم ئەندامی پێشمەرگە، هەروەها ئەوەی كە لێی ئەمێنێتەوە لە 30٪ یەكەیە بڕی پارە كە دەكاتە (299) ملیار دینار تەرخان بكرێت، بۆ پركردنەوەی ئەو عەجزەی كە هەیە ، ئەمە ئێمە وەكو لیستی كوردستانی ئەم پێشنیازانە دەخەینە بەردەستی ئەندامانی پەرلەمان وە هەروەها حكومەت و لیژنەی دارایی بەڕێز بۆ ئەوەی كار بكرێت بەم شێوەیە، هاوسەنگییەك دەگێڕێتەوە بۆ بودجەكە وە بودجەی وەبەرهێنان زیاد دەكاتەوەو زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، بەڕێز عمر صدیق محمد.

**بەڕێز عمر صدیق محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من سەرەتا پشتگیری لە ڕاپۆرتی لیژنەی دارایی و ئابووری دەكەم، تایبەت بە مامەڵەكردن لەگەڵ بودجە كە دابەشی كردووە بەسەر بودجەی وەگەڕخستن و بودجەی وەبەرهێنان، ئەو كەم وكوڕیانەی كە هەبوون ئەو كەلێنانەی كە هەن، تەصەور دەكەم كە پێشنیاری خۆی پێشنیار كردووە، تەنها ئەوەندە ماوە بەڕێزان لە حكومەت ڕەئی خۆیان لەسەر بدەن، پاش ئەوە لەلایەن ئەندامانی پەرلەمانی كوردستانەوە بڕیار لەسەر ئەو پێشنیارانە بدرێت، كە لیژنەی دارایی و ئابووری پێشكەشی كردووە، بە تایبەت هەروەكو ئاگادارن لە بودجەی ئەم ساڵی حكومەت دوو ڕێگا گیراوەتە بەر، بۆ كەمكردنەوەی كێشەی نیشتەجێ بوون، ئەوانیش یەكەمیان: پێشینەی خانووبەرەیە، كە قەرزی خانووبەرەیە، دووەمیان: صندوقی نیشتەجێ بوون، من هەروەكو لە ڕاپۆرتەكەی لیژنەی دارایی و ئابووری هاتووە، پشتگیری ئەوە دەكەم كە ڕێگەی سێیەمی بۆ ئیزافە بكرێ، ئەویش ئەوەیە بڕێك پارە تەرخان بكرێ بۆ دروست كردنی خانوو یان یەكەی نیشتەجێ بوون بۆ خەڵكی كەم دەرامەت و هەژار، ئەزموونیشمان هەیە لەم بارەوە، لە ساڵانی ڕابردوو، دوو: زیادكردنی پێشینەی هاوسەرگیری، حەتمەن ئەوەش پاش ئەوەی ڕای بەڕێزان لە حكومەت وەردەگیرێ، وە توانایی حكومەت من پشتگیری ئەوە دەكەم، كە بڕی كولی قەرزەكە دەست نیشان بكرێت، بۆ ئەوەی حكومەت دواتر هەدەفی خۆی، ئامانجی خۆی، لەپێش چاو بێت، دواتر بۆ ئەوەی چ پەرلەمان وە ئەجهزەكانی ڕەقابی بە ئاسانی بتوانن لە ئەدای حكومەت لە داهاتوودا دەست نیشان بكەن، بەهەمان شێوە

بۆ قەرزەکانی تری کشتوکاڵی، قەرزەکانی پیشەسازی بەهەمان شێوە، هەروەکو لە ڕاپۆرتی لیژنەی دارایی و ئابووری هاتووە، من پشتگیری ئەوە دەکەم، کە بڕی تەرخان کراو بۆ ئەم بابەتە دەست نیشان بکرێ، پشتگیری لەوە دەکەم، کە جارێکی تر چاو بەو پێشنیارە بخشێندرێتەوە کە ئەویش پەیوەندی بە زیادکردنی بڕی هاوکاری چاودێری کۆمەڵایەتی هەیە ئەوەی کە دەدرێت، لەژێر ناوی چاودێری کۆمەڵایەتی هەروەکو لیژنەی کاروباری کۆمەڵایەتی بەهەڵەدا نەچووبن ئەوانیش پێشنیاری خۆیانیان هەیە.ئەوەی پەیوەندیدارە بە هەروەکو لە یاسایەکەشدا هاتووە، لەناو ڕاپۆرتەکەشدا هاتووە، بۆ ئەوانەی کە لە پلە تایبەتیەکانن، من بۆخۆم پشتیوانی لەوە دەکەم کە ڕێژەی لە $10\%$ لە مووچەو دەرماڵەی پەرلەمانتارەکان، ببورە سەرۆکی هەرێم وە جێگرەکەی، سەرۆکایەتی پەرلەمان وە ئەندامانی پەرلەمان، وەزیرە بەڕێزەکان، وە دواتر لەگەڵ ئەوانەی کە مدیر عامن من بۆخۆم پێشنیاری ئەوە دەکەم، کە لە $5\%$ یان ببڕێت چونکە ناکرێت ئێمە مامەڵە لەگەڵ وەزیری و مدیر عامەکان بەیەك پێوانە بکەین و لەڕاسیشا مدیر عامەکان عەمووودی ئەو حکومەتەن، ناکرێ ئێمە هەمان مامەڵە بە قەساوەت چۆن لەگەڵ وەزیرەکان دەیکەین، لەگەڵ ئەوانیش بیکەین، چونکە موخەساتی مدیر عام لەگەڵ ئەوانەی وەزیرن جیاوازترە، من پێشنیار دەکەم تەنها لە $5\%$ یان لێ ببڕێت بەهەمان شێوە بۆ دەسەڵاتی دادوەری، ئەوانەی کە لە پلەی وەزیرن، یا لە پلەی تایبەتن، هەمان بڕیان لێ ببڕێت وەکو وەزیرو پەرلەمانتارو مدیر عامەکان.ئەوەی پەیوەندیدارە بە پاڵپشتی حزب و ڕێکخراوە ناحکومییەکان، پشتگیری لە ڕاپۆرتی لیژنەی دارایی دەکەم، پاش ئەوەی کە ڕەئی حکومەت وەربگیرێ، بەوەی کە هەردوو پاڵپشتی حزبەکان، ڕێکخراوە ناحکومیەکان لێك جیابکرێتەوە، ئەویش بەمەبەستی ئەوەی بەرچاو ڕوونی زیاتر هەبێت، چ لەلایەن حکومەت، چ لەلایەن حزبەکان و ڕێکخراوە ناحکومیەکان، بۆ ئەوەی بزانن حکومەتی هەرێمی کوردستان، ئەم ساڵ بۆ بەردەوامی پێدان و گەشە پێدانی ژیانی سیاسی، مەدەنی، دیموکراتی لە هەرێمی کوردستاندا، لە کوێیە؟، دەیەوێ بگاتە کوێ؟، من پشتیوانی ئەو ڕەئییە دەکەم، کە بە ڕێژەیەك هەروەکو لە ڕاپۆرتی لیژنەی دارایی و ئابووریدا هاتووە، بڕێك لە بەشی بودجەی وەگەڕخستن کەم بکرێتەوە، چەنکو ئەوەندەی ئێمە بەدواداچوونمان کرد وەکو لیژنەی دارایی و ئابووری، وە لەگەڵ بە ڕێزان لە وەزارەتی دارایی دانیشتووین، بۆ ئەو ڕاپۆرتانەی کە ئامادەمان کردووە بۆمان دەرکەوت، ئەو تەرخان کردنانەی کە لەلایەن وەزارەتی دارایی و ئابووری دەست نیشان کرابوو، لە هەندێك شوێن زیادە ڕۆیی هەیە، حەتمەن پاش وەرگرتنی رای بەڕێزیان، ئەو بڕە کەم بکرێتەوە، ئەو بڕەش کەم دەکرێتەوە، هەروەکو بەڕێز سۆزان خان ئاماژەی پێدا، تەرخان بکرێ بۆ ئەو بڕە پارانەی کە دەست نیشانیان کرد بۆ قەرزەکانی پێشینەی هاوسەرگیری، قەرزەکانی پێشینەی خانووبەرە، وە بەزیادکردنەکانیانەوە وە قەرزەکانی کشتوکاڵی، پیشەسازی، بەهەمان شێوەیە بڕێك لەو پارەیە بخرێتەوە سەر بودجەی وەبەرهێنان، ئەویش بۆ دەعم کردنی ئەو پرۆژانەی کە پێشنیارکراون لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە، چونکە هەروەکو لە ڕاپۆرتی لیژنەی دارایی و ئابووریشدا هاتووە، بەشێك لەو پرۆژانەی کە پێشنیارکراون، بە داخەوە ئەو بڕەی کە بۆ ئەمساڵ پێشنیارکراوە بە بەراورد لەگەڵ گۆژمەی

گشتی پرۆژەکە زۆر کەمە، ئەمە وادەکات ژمارەی ئەو ساڵانەی کە پرۆژەکەی پێ تەواو بکرێ زۆر ببێت، ئەمە هاووڵاتی و ئەو لایەنەی کە خزمەت وەردەگرێ لەو پرۆژانە تووشی مەلەل دەکات، لەبەر ئەوە پێویستە ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان. بەدیقەتەوە بەتایبەت ئەوەی پەیوەندیدارە بە پێشنیاری لیژنەی ئاوەدانکردنەوە و لیژنەی شارەوانیەکان کە داویانە، بە مامەڵە کردن لەگەڵ ئەو پرۆژانەی کە رێژەیان لە 5٪ یان 10٪ی تەرخان کراو کەمترە لێرە بڕیاری لەسەر بدرێ، پاش ئەوەی کە ڕای حکومەت و بیلزات بەڕێز وەزیری.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، تەواو بوو، بەڕێز کاك کاردۆ فەرموو.

**بەڕێز کاردۆ محمد پیرداود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سەرەتا من قسەکەم لەسەر راپۆرتی بەڕێز وەزیری داراییە، کە پێم وایە حکومەت بەرامبەر بودجەیەکی پێویستی هەرێمی کوردستان، هیچ بەرنامەیەکی زانستی و شیکارێکی ئابووری نیە بۆ دارشتنی ئەو بودجەیە و بەکارهێنانی، بە تایبەتی لە بەرهەڵستکارەکانی کە رووبەرووی کۆمەڵگەی ئێمە دەبێتەوە لە هەژاری، لە بێکاری، لە قەیرانی نیشتەجێبوون، من بۆ نموونە بۆتان دەڵێم، ئێمە لە وڵاتێك دەژین، ئەمە رۆژنامەیە، باسی خاوەن عەرەبانیەك دەکات لە بازاڕی هەولێر لەبەر هەژاری خۆی خنکاند، لە کاتێکدا لای ئێمە خەڵکێك هەبێ لەبەر هەژاری خۆی بخنکێنێ، وەزیری دارایی لە راپۆرتەکەی ئاماژە بەوە نەکات چی بۆ کەم کردنەوەی بێکاری و هەژاری دەکات؟، ڕەنگە بڵێی من 25 هەزارخەڵك دادەمەزرێنم کە من پێم وایە ئەمەش کێشەیەکی ترە، چونکە دامەزراندنەکە لەسەر ئەساسی ناوەندیە نەك پێداویستی ئەم وڵاتە و زۆر بەرنامەی تر هەیە و لایەنی تر هەیە دەتوانن هەلی کار بدۆزنەوە، نەك بەس بە دامەزراندن، بەڵکو بە بواری تری ئابووری و پیشەسازی کە پێم وایە ونە، ئەمە خاڵێك، خاڵێکی تر لە راپۆرتەکە کە باسی کورت هێنان دەکرێ لە خاڵی 8، گوایە راپۆرتەکە گۆڕانی بەسەر هاتووە لە 4/24 جارێکی تر دابەش کراوەتەوە، من پێم وایە ئەگەر ئێمە لە داهاتی هەرێمی کوردستان وەکو راپۆرتەکە ئاماژەی پێکردووە، 5 ترلیۆنمان لێ بڕا بێ و، رێککەوتن هەبێ بە یاسا لە بەغدا کە کورت هێنان پێویستە چارەسەر بکرێ، ئێمە پرسیار لە نوێنەرانی ئێمە دەکەین، دەبێ بێ دەنگ بن لەبەرامبەر ئەو داهاتە زەبەلاحەی کە دەبڕی و لەسەر داهاتی خەڵکی کوردستان بە کورت هێنان قسەی لەسەر دەکرێ؟، ئەمە لایەکیان، دوو، راپۆرتی لیژنەی دارایی چەندین تیبینی جۆراوجۆری لەسەر کەم و کورتی بودجە خستووتە ڕوو، بەڵام بە شێوەیەکی سەرەکی هەڵوێستی دەرنەبڕیوە بۆ چارەسەر کردن و زیاتر دەستەواژەی ئاگادارکردنەوەی حکومەت و پێشنیاری بۆ حکومەت کردووە، من دەمەوێ سەرەتا قسە لەسەر داهات بکەم، داهاتی هەرێمی کوردستان، هەر لەو راپۆرتە ئاماژە بە سەرچاوە جیاجیاکانی داهات نەکراوە، جگە لە داهاتی 17٪، ئەوەی ترکە پەیوەندی بە داهاتی نەوتە، باجە، گومرگە، رسوماتە، کۆمەکی نێودەوڵەتیە، ئەگەر حکومەت

بیانووی هەبێ کە باسی نەکا بۆ حکومەتێکی تر، بەڵام بیانووی نیە بۆ پەرلەمان و خەڵکی کوردستان کە خاوەن ئەو داهاتەیە و رێگە بە خۆی بدات بە شێوەیەکی رەمەکی ئەو پارەیە خەرج بکاتن کە پەیوەندی بە داهاتی کوردستانەوە هەیە، من لە داهات دوو نموونە باس دەکەم کە پەیوەندی بە داهاتی کوردستانەوە هەیە کە حکومەت ژمارەی هەڵەو و زانیاری نادروست دەداتە پەرلەمانی کوردستان، بە پێی دیکیۆمێنتێك سەبارەت بە وەزارەتی کارەبا، بە پێی دیکیۆمێنتی بەردەست، داهاتی راستەقینەی وەزارەتی کارەبا لە 2009 بریتی بووە لە 86 ملیار دینار کە وەزارەتی دارایی لە ڕشنووسی بوجەی 2011 لە لیستی خەملاندنی داهاتی یەکگرتووی حکومەتی هەرێمی کوردستان، 2011 لە لاپەڕەی وەزارەتی کارەبا تۆماری کردووە بریتیە لە 51 ملیۆن دینار، گوژمەی شاردراوە لەو ساڵەدا لە 2009 بریتیە لە 86 ملیار و 826 ملیۆن و 115 هەزار و 244 دینار، لە 2010 داهاتی راستەقینەی وەزارەتی کارەبا بریتی بووە لە 115 ملیار کەچی وەزارەتی دارایی لە هەمان سەرچاوەی سەرەوە لیستی خەملاندنی داهاتی یەکگرتووی هەرێمی کوردستانی لە 2001 لاپەڕەی وەزارەتی کارەبا بە 54 ملیۆن دینار خەملاندووە، تێبینی بکەن تەنها گوژمەی شاردراوە لەم ساڵەدا بریتیە لە 115 ملیار و 639 ملیۆن دینار، کۆی گشتی گوژمەی شاراوە لە لایەن حکومەتی هەرێمی کوردستان تەنها لە داهاتی کارەبا لە ساڵی 2009 بریتیە لە 2ملیار و 465 ملیۆن و 115 هەزار و 245 دینار، لەگەڵ ئەو جیاوازیانەش لە نێوان گوژمەی راستەقینە و داهاتی وەزارەتی کارەبا و تۆماری ناڕاستی وەزارەتی دارایی، پاش شاردنەوەی هەموو ئەو گوژمانە، دەبینین تێکڕای گەشەی کرێی کارەبا لە ماوەی ساڵی 2008 و 2009 بە شێوەیەکی زۆر ناتەندروستە، ئەمە سەبارەت بە وەزارەتی کارەبا، سەبارەت بە وەزارەتی نەوت کە لە 2009 تا ئێستا ئەوە جگە لەو پرسیارانەی کە ئاراستەی وەزارەتی نەوت کرا کە پەیوەندی بە 4 ملیارەکە هەبوو کە پەیوەندی بە دەرهێنانی نەوتەوە هەبوو، لە حیسابی خیتامیدا بۆ 2010/6/30 تەخمینی 4 ملیار کراوە، لە مەبیعاتی موئەسەساتی سوقی، کەچی بە ملیۆن تەحدیدی داهاتی وەزارەتی نەوت کراوە لەبەرامبەر بە وەزارەتی ئەوقاف داهاتی 7 ملیار و 749 ملیۆن دینارە، وەزارەتی نەوت خەرجی زۆرترە لە داهات، ئەگەر لە وەزارەتێك خەرجی زۆرتر بێت لەت داهاتدا چ زەرووریەتێکی هەیە لە کوردستان ئەم وەزارەتەی سامانە سروشتیەکان، کە هەیە ئێستا؟، تەبعەن ئەم ژمارە دژ بە یەك و گوماناویانە بۆ ئەم دوو وەزارەتە، بۆ وەزارەتی ناوەخۆ و شارەوانی و بۆ هەموو وەزارەتەکانی تر کە بیهێنێتەوە، دروستە، من داوا دەکەم لە وەزیری دارایی بەڕێز کە بە وردی پرسیارەکانیش بنووسرێ و وەڵاممان بدەنەوە، ئەمە جگە لە کورت هێنانی، من پێم وایە لە بوجەی بەکارخستن کە هەڵکێشانێکی زۆر زۆر هەیە و ناهەوسەنگی لەگەڵ وەبەرهێنان و چەندین، با بڵێین مەبلەغی ئێمە زیاد ئەبێ و زیاتر دەچێتە سەر ئەو پرۆژە بەردەوامانە و دیارن پرۆژەکان کە کات نیە لێرە دەریبڕم کە پرۆژەی بەردەوام چەند زیاترە لە پرۆژەی پێشنیارکراو، کە هیچ ئاماژەیەك نادات بە پێشکەوتنی ئەم وڵاتە، بەڵام من پێم وایە ئەگەر ئێمە بمانەوێ لە 50٪ لە بودجەی بەکاربردن کەم

بکەینەوە، تەبعەن ئاماژە دەدەم بە دەلیلی ئەوەی کە لە مینحە ئەوەی لە زیادکردنەکان کە چۆن زەروورەت نیە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێز جلال علی فەرموو.

**بەڕێز جلال علی عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

من پێشەکی وەکو ئەندامی لێژنەی دارایی و ئابووری، پشتگیری لە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاک کاردۆ لە موناقەشەی میزانیە ئەتوانی ئەوەی ماوە، ئەوەی بکەی، کاک جەلال فەرموو.

**بەڕێز جلال علی عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

من پێشەکی وەکو ئەندامی لێژنەی دارایی و ئابووری، پشتگیری لە راپۆرتەکە ئەکەم و مولاحەزە و تێبینی زۆر باشی تێدایە و پرسیارەکان رووبەرووی حکومەت کراوەتەوە و بە تایبەتی وەزیری دارایی بۆ جوابدانەوە، دوو: بەڕاستی پشتگیری دابەزینی لە 10٪ بودجەی تەشغیلیش دەکەم کە ئەمە شتێکی باشە، 997 ملیار دائەبەزێ، بەڵام بۆ ئەو پشتگیری 10٪ی بودجەی تەشغیلی دوو، سێ پێشنیارم هەیە، تکام وایە کە وەزیری دارایی ئاگادار بێ و وەڵامی هەبێ، من پێشنیار ئەکەم دەستەیەکی هەمیشەیی و تایبەتی موازەنە لە وەزارەتی دارایی حکومەتی هەرێم دروست بکرێ کە تەنها ئیشی ئەوە بێ کە موازەنە ئامادە بکات، چونکە بەراستی ئەو فەرمانبەرانەی، ئەو بەرێوەبەرە گشتیانەی موازەنە دروست دەکەن، هەم ئیشی دیکەیان هەیە و هەم بە هۆی ئیشەکەی دیکەیانەوە ناپەرژێنە سەر ئەو ئیشی موازەنەیە، دوو، ئێمە هەموو ساڵێك تووشی ئەو کێشەیە ئەبین لە مانگی 2 و 3 و 4، ئەوە پار و ئەمساڵ کە ئەمە دووەم دەورەی پەرلەمانە، بودجەیەك کە پەلە پرۆژەی پێوە دیارە و ئەم پەلەپرۆژەیە کەم و کورتی تێدا دەرئەکەوێ، من لێرەوە پێشنیار دەکەم و تکام وایە لە برایان ئەگەر پێشنیارەکەم بە جێ بوو، پشتگیریم بکەن، ئێمە پێش هاتنی ساڵ تەقییمێکی خۆمان هەبێ، ئەو بودجەیەی کە بەرمان ئەکەوێ لە حکومەتی مەرکەزی بەغدا، بە خەملاندن بێ، بە هەماهەنگی پەرلەمان و وەزارەتی دارایی بێ، بودجەیەکی خۆمان بخەملێنین و بودجە لەسەر ئەم خەملاندنە تەقدیم بکەین، ئەگینا هەموو ساڵ ئەکەوینە مانگی 3 و 4 و 5 ، کە مانگی 4 و 5 بودجە لێرە باس بکرێ، بۆ مانگی 7 دەچێتە دائیرەکان، جێبەجێکردنی بودجەکە زەحمەتەو سبەینی دەوائیرەکان و فەرمانگەکان و وەزارەتەکان بە کەمتەرخەم حیساب ئەکرێن، چونکە لە ساڵێك 7 مانگ بڕوات، بە 5 مانگ پارەکەت بۆ سەرف نابێ، دوو، پشتگیری مەسەلەی زیادکردنی تۆڕی کۆمەڵایەتی دەکەم، بەڵام بەراستی زۆر پێویستە مەسەلەی ئەو کەسانەی موستەحەقن پۆلێن بکرێن، چونکە ئێمە لەناو خەڵکدا ئەژین و لەناو خەڵکدا ئەڵێن ئەوانەی کە دەچن بۆ تۆڕی کۆمەڵایەتی، لەو مەرکەزەی لێ

وەرئەگرن لەبەر سەیارە بەرناکەوێ، یەعنی بەڕاستی خەلەلێکی تێدایە، ئەبێ ئەوە وەزارەتی کۆمەڵایەتی فۆرمێك، یان سیستەمێك، یان چەند فۆرمێك ئامادە بکات، کە تۆڕی کۆمەڵایەتی ئیستیحقاقن و، موستەحقن و ئەمە شتێکی ئاسانە، من وەکو سەرۆکی لێژنەی کشتوکاڵ و ئاودێریش، لەسەر راپۆرتەکەی خۆمان، پێداگری لەوە دەکەم کە ئێمە بەراستی لە ئیعاناتدا ئەم ساڵ لە 76,34٪ دانراوە بۆ ئیعاناتی زیراعی، من لێرەوە داوا ئەکەم کە دەسەڵات بدرێ بە وەزیری کشتوکاڵ بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزیری دارایی بۆ سەرفکردنی ئەو پارەیە، بۆ؟، چونکە ئیعاناتی زیراعی بۆ پێداویستی خەڵکی کوردستانە و جووتیاران و خاوەن زەوی و خاوەن ئاژەڵ، کە وەزیر دەسەڵاتی نەبوو و لە کاتی خۆیدا نەیکرد، بۆ نموونە سەمادی پار ئەم ساڵ تەوزیع کراوە، کە کاتی نیە، پێویستە لە کاتی خۆیدا ئێمە ئەگەر بمانەوێ ئینتاج بەرز بکەینەوە، ئێمە بمانەوێ نانی خۆمان پەیدا بکەین، ئێمە بمانەوێ جووتیار پێمان رازی بێ، دەبێ لەکاتی خۆیدا پێداویستیەکان وەربگیرێتەوە، ئیقتیراحەکەشم ئەوەیە، ئەو پارەی ئەمساڵ دائەنرێ بۆ ئیعاناتی زیراعی هەندێکی وەرئەگیرێتەوە، چونکە دەعمی حکومەت لە 25٪ بۆ 35٪ ئەو پارەیە تەرخان بکرێتەوە بۆ ئەوەی بۆ ساڵی داهاتوو تووشی عەینی پارە نەبین بۆیان دابنێینەوە، ئەمساڵ ئەم پارەیە ئەگەڕێتەوە و دابنرێتەوە بۆ ئەوەی ساڵێکی دیکە ئێمە لە 25٪ی پارەکەی بدەین و لە 30 ٪ پارەکەی بدەین، دوو: سەکتەرێکی زۆر گرنگ هەیە لە کشتوکاڵ، خوشك و برایان ئێمە ساڵی سەدان ملیۆن دۆلار لە مەسەلەی مونەتەجاتی شیر و هێنانی فلان و فیسار کە هەمووی شتی خراپە و لە گیرفانی خەڵك دەرئەچێ، ئێمە داوامان کردووە پارەیەك تەرخان کراوە لە ئیعدادی موازەنەی تەخمینی لە لاپەڕە یەك لە ستوونی المتفق علیه من قبل الوزاره بۆ الاصول الطبیعیة الغیر منتجه، پێنج ملیار و 7 ملیۆن دینارە دائەنرێ بۆ گرنگیدان بە سامانی ئاژەڵ لە بواری بەخێوکردنی مانگای شیر و شیرەمەنی و بۆ توێژینەوە، خوشك و برایان لە پارەیەکی زۆر ئەم ساڵ، 3ملیار و 302ملیار دینار دانراوە بۆ موحافەزات، 1٪ی بۆ کشتوکاڵە، لە هەولێر 0٪، بەڕاستی ئەگەر ئێمە بمانەوێ وڵاتێکی کشتوکاڵی بین، بمانەوێ چاو لە دراوسێیەکانمان بکەین کە تورکیایە و ئێرانە و سوریایە و کە هەموویان چەندین ساڵ لە پێش ئێمەن لە کشتوکاڵیدا مەفروز وایە لەو پارەیەش لە موحافەزات هیچ نەبێ لە 3 بۆ 4٪ بۆ کشتوکاڵ بێ، من سوپاس قسەم نەما، مەمنوون.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، بەڕێز زەکیە فەرموو.

**بەڕێز زکیە صالح عبدالخالق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

دەستپێکی دەستخۆشیا لێژنا دارایی دکەم بۆ ماندی بوونا وان و ئامادەکرنا ڤێ راپۆرتێ، ئەوە ئەز تێبینی دکەم بودجا ئەڤ ساڵەدا ب نیسبەت تەشغیلی و عەجزێیا زێدە بووی، ژبەر هەندێ ژ پێدیڤیا کو ئەم ڕێکەکێ بۆ بینینەڤە بۆ هندێ، چونکو ئەم دزانین هەر وڵاتێکی ئەگەر مە ببێتن رێژە گەشە پێدانی ل وی

وڵاتـی یـان پێڤـەرێ گەشـەپێدانێ ل وی وڵاتـی دی دیـار بکـەین، دێ سـەح کـەینێ کـا ئـەو بودجـە یـا بـۆ مەسائیلەکێ بەرهەم هێنانی دێتە بەکارئینان، چەندە زێدەیە و ئەڤە دێبیتە پێڤەرێ گەشـەپێدانێ یـا وی وەلاتی، پێ دڤیا ل ڤێ درکێدا ئەم بودجە تەشغیلی، ئەگەر حەتا ئەم نەشین نوکە کێم کەین ژی ڤێ رێـژە نوکە مە هەین بهێلێن بۆ هەندێ کو مە پلانێك هەبێ بـۆ $5$ سـالێ داهـاتی ژ ڤێ زێـدە تـر لێ نـەهێتن، مـە لێرەدا پێشنیار هەنە، کو ئێك، ئەو حەوافزێت یێت حکومەتا هەرێمی کوردسـتانێ دەتـە فەرمانبـەری، ئـەو حەوافزە کێم تر لێ بهێ، دیسا ژی دەعما یا کەرتی تایبەت بکەتن، ل هەرێما کوردستانێ ژی نوکە مە ب ڤی رەنگێ پرۆژە یان ڤی رەنگێ کەرتا مە هەیەی بۆ نموونە، ئەگەر ئەم بهێین زانکۆیا نەوروز ل دهۆکێ بینین، یان موەزەفا ژ حکومـەتا هـەرێما کوردسـتانێ ڤـە تـەقاعودا وان دێخیتـە کـو سـندوقا تـەقاعودێ، بـۆ هنـدێ تەشجیعەکێ چێکەتن، ئەڤ فەرمانبەرە ل وێرێ دەوام بکەت، هەرچەندە حکومەتا هەرێما کوردستانێ هیچ موچەیەکی ژی ناداتێ، ژبەر هندێ ئەم پێدڤیا ئەو حەوافیزە دیتر بگەرێن بۆ هەندێك و ئەوان حەوافیزی ل حکومەتێ بدەینە کەرتێ تایبەت بۆ هندێ کەرتێ تایبـەت پـتر دەوری خـۆ دبینـیتن، چونکە ئـەم بیـنین رێژەیا موەزەفا ل هەرێما کوردستانێ $14.5$٪ هەیە، ئەڤە رێژەهەکا یا ئیگجار زۆرە، ئـەز پشـتگیریا راپۆرتـا سۆزان خانێ دکەم بـۆ کـێم کردنـا یـا ڤـێ رێـژەیا تەشغیلیا هـەی و ئـەو کـەرتێت دیـار کـرن کـو بهێنـە ب کارئینان، نموونە سولفا زەواجێ زێدە لێ بهێت، سولفە عەقارێ زێدە تر لێ بێ، قەرزا کشتوکالێ زێدە تـر لـێ بێ، قەرزا سیناعی زێدە تـر لـێ بـێ، ئەڤـە هـەمیا ئـەوبوارێن یێـت کو تێـدا دیـار کـری، دگـەل هنـدێ ژیـدا پێشـنیارەکا دی ژی منیـا هـەی بـۆ کـێم کرنـا یـا بودجـەیا تەشـغیلی، ئـەو ژی ئەڤەیـە کـو ئـەو خـانووەی نیشتەجێ بوونێ بۆ کەسێت کەم دەرامەت، هەر چەندە پـرۆژە یاسایەك ژی هاتیـە پەرلـەمانێ کوردسـتانێ کو ئەم سندوقا نیشتەجێبوونێدا وان خـانووان دروسـت بکـەن بـۆ هنـدێ کـو ماوەیـەکی درێـژ ئـەم بێخینـە بەردەستێ، یەعنی سولفەکی یا رەمزی بێخینە بەردەستێ فەرمانبەر و خـەڵکێ کـێم دەرامـەت، یـان دی تـر ئەوە من دڤێت ببێژم مەسەلە ئاوارەی ئێران و تورکیا زڤرینە ڤە، هەر چەندە د راپۆرتـا وەزارەتـا داراییـدا هاتیت فەصلێ ئەز بێژم یێ شەشێ دایە، کو یـان گـوتی بـۆ قـەربووکرنا ئـەو کەسـێ زیـان ڤـێ کـەفتی، ئـەم دزانین ئەوێ سالێ $1998$ێ پێڤـە ئـەویش ژ ئێرانـێ زڤرینەڤـە یـا ژ تورکیـا زڤرینـە ڤـە، حکومـەتا هـەرێما کوردستانێ تا رادەیەك هاریکاریا بۆ کری، ل ئـەوێت بـەری $1998$ زڤرینـە ڤـە، پشـتی سـەرهەڵدانا $1991$، کارێکێ وەسایا پێددڤی بوو نەهاتیە کرن، ژبەر هندێ ژی ئەگەرئەم پلانەکێ دابنێین هەتا بـۆ مـاوەی سـێ سالا ژ بیتن، ژ ڤی نەوەت ملیارا هاتیە دیار کرن، بۆ نموونـە بێـژن ژ $1991$ هـەتا $1993$ بـلا ئـەڤ وەجبـە ئەڤ سالا بێتە وەرگرتن، یان بکەینە پلانەکا سێ سالی و چوار سالی بـۆ هەنـدێك و ئـەوی حـەقێ هـەی یـان وی ماڤ هەی بێ بەهر نـەبن، ئـەوە دیسا ل سـەر راپۆرتـا داراییـی مـن تێبینیـەك یـا هـەی، کـو خـالا $17$ دا دبێژیت، لییژنێ بۆچوونا هەی هندەك پرۆژەییێت هەی د ئاستێت زۆرێ گرنگ نینـە، بـۆ نموونـە پـرۆژەی تونێلا چیای مـەتینیا ئینـای، ئـەز ئامـاژە دەدەمـێ هنـدێ ئـەرێ ئـەوە هاتیـە دیارکرن، کـو خەسـتەخانەیا شێرپەنجەیا ل پارێزگەها دهۆکێ، زۆر زۆر یـا گرنگـە بـە نیسـبەت مـە، لێ مـە چ جـەدواییێت ئیقتیصادییێت

هونەری نینە، ئەم بێژین ئەڤ پرۆژەی گرنگترە ژ پرۆژەیێ ل ڤێرێدا، بۆ نموونە ئەز دبێژم، ئەو چیایە، ئەڤ تونێلە کو بهێتە دروست کرن، مەنتیقایەك ڤە دگریتن دوو مەنتیقە پێکڤە گرێ دەتن، ئەو مەنتیقە یان ناحیەیا کانی ماسێیە کو ل حەسب وان ئیحصاایاتێ ل بەر دەستێ مە 54 گوند نوکە ل ڤێرێ ئاڤەدانە، مەنتیقە، مەنتقەکا زیراعیە، 162634 دونمێ یێت عاردێ زیراعیێ هەی، 45302 دۆنمێت عاردێ ئاڤیێ هەی، هەر 117334 دۆنم عاردێ دێمیێ هەی، 3250 جووتیار ل وێرێ ئیستیفادەی دێ ژ ڤێ تونێلێ، چونکو ئەم هەمی دزانین ئەو رێکا نوکە هەی تەقریبەن 2 سەعاتێ ڤە دکێشیتن هەتاکو بەرهەمێ جوتیاری ژ وێ مەنتیقە دێتە ڤە گواستن بۆ دهوکێ، مەنتیقەیەکە کو بەرهەمێ جووتیاری ل وێ درکی زۆرە، ژبەر هندێ ژێ ئەڤ رێکە، ئەڤ تونێلە دڤێ رێکێ کورتێ لێ کەتن سالانە ژی حکومەتا هەرێما کوردستانێ پارەیەکی زۆر یێت مەزێخیتن بۆ نەقلایا بەرهەمێ جووتیاری، بۆ سەنتەرێ پارێزگەها دهۆکێ، ژبەر هندێ ئەز پێدڤی نابینم کو ئەم ڤی پرۆژەی راکەین بۆ هندێ پرۆژەکێ، بلا ئەم مەبلەغەکێ ژی کێم بکەین و بیخەینە پرۆژەیەکی دی تردا، بەس پێدیڤیا ئەڤ پرۆژە ژ بمینتەڤە، زۆر سوپاس، ئەز بێژم وەختێ من ژی تەمام بوو.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێز کوێستان خان فەرموو.

**بەڕێز کوێستان محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لەبەر ئەوەی کاك کاردۆ فریا نەکەوت پێشنیارەکانی فراکسیۆنەکەمان بخوێنێتەوە، منیش نەوەك فریا نەکەوم لە پێشدا بە پێشنیارەکان دەست پێ دەکەم، تەبعەن ئەمە پێشنیاری فراکسیۆنە، لە 50٪ بودجەی تەشغیلی جگە لە مووچە کە ئەویش تێبینی لەسەرە کەم بکرێتەوە، بەکار بهێنرێ بۆ ئەم مەسەلانە، سولفەی عەقار بکرێتە 30 ملیۆن وەك مەرکەز، بە تایبەتی کە ئێمە لە یەك وڵاتداین و سەرچاوەی داهاتەکانیشمان یەکە، سولفەی زەواج کە پێشتر قسەمان لەسەر کردووە و پرۆژەمان هەبووە، بکرێتە 5 ملیۆن، یارمەتی تۆڕی کۆمەڵایەتی بکرێتە 150 هەزار، بە تایبەتیش کە ساڵی پار لە بودجەدا هەمان داواکاریمان هەبوو، راستە حکومەت بەرنامەی هەیە بیکاتە 75 هەزار، بەڵام خێزانێکی بێ سەرپەرشتیار هەرگیز، نەك بە 75 هەزار، بەڵکو 150 هەزاریش کەمە، بەڵام بۆ ئەم قۆناغە داوا دەکەین بکرێتە 150 هەزار، هاوتا کردنی مووچە و دەرماڵەی هێزەکانی هەرێم وەکو مەرکەز، زیادکردنی یارمەتی کەمئەندامان، دانانی پارەی تەرخان کراو، پێویستە ئەو بڕە تەرخان بکرێت بۆ قەرەبووکردنەوەی مووچەی فەوتاو فەرمانبەران و مامۆستایانی سلێمانی و گەرمیان، دانانی بڕێك پارە، لەو پارەیە بۆ وەبەرهێنان، بە تایبەتی بۆ پشتیوانی کردنی پرۆژەیەکی سێ ساڵی، بۆ دروست کردنی ئاوەڕۆی شاری هەولێر پایتەختی هەرێمی کوردستان، دێمە سەر تێبینیەکانم، لەگەڵ ئەوەی کە لێژنەی دارایی بەراستی سەرنج و تێبینی زۆر گرنگیان گرتبوو لە میزانیەکە، منیش کۆمەڵێك ئەوە ئیزافە ئەکەم، دواکەوتنی بودجە خەملیندراو هەموو ساڵێك

**شەش مانگ، کە ئەمە ئەوە ئەکات بەڕاستی پەرلەمان نەتوانێ بەداوداچوونی تەواو بۆ بودجەکە بکات، تا ئێستا حیسابی خیتامی شەش مانگی دووەمی ساڵی 2010 نەگەیشتووتە بەردەمی ئەندامانی پەرلەمان، تا ئێستا وەزارەتی دارایی نەیتوانیوە سەرجەم ماددەکانی یاسای 2010 جێبەجێ بکات وەك ماددەکانی 21 و 22 و24 و 26 و 28 و 30، زیاتر لە پێنج ساڵە حکومەت یەکی گرتووتەوە نزیکەی ساڵێکە یاسای وەزارەتی دارایی دەرچووە، بەڵام تا ئەو لەحزەیە، دوو وەزارەتی دارایی، دوو بودجە، دوو گیرفانی لەو حکومەتەی ئێمە هەیە، تا ئێستا دیوانی چاودێری بە فیعلی یەکی نەگرتووتەوە، بۆیە نەیتوانیوە راپۆرتێك لەسەر بودجەی ساڵی 2010 بخاتە بەردەمی پەرلەمان، جیاوازیەکی زۆر هەیە لە نێوان بودجەی بەکاربەر و بودجەی وەبەرهێنان، بودجەی بەکاربەر ساڵ بە ساڵ بە شێوەیەکی زۆر مەتەرسیدار روو لە هەڵکشانە، بە هەدەردانی زۆر هەیە لە بابەتەکانی بەخشین، خەرجیەکانی سوودی کۆمەڵایەتیەکان، مەوجوداتی نادارایی و ئەوانی دیکە کە لە 25٪ و 45٪ بودجەکە ئەبات، لە 21٪ و 23٪ی بودجە بۆ هێزەکانە، بۆ وەزارەتی پێشمەرگە و ناوەخۆ و ئاساییش کە مووچەکانیان زۆر کەمترە لەوەی بەغدا، پێشمەرگە تا ئێستا 340 هەزار مووچەکەیەتی، بودجەی هێزەکانی وەزارەتی دارایی بە تەنها لە 40٪ و 86٪ دەبات، من دێمە سەر هەندێ کەم و کورتی لە پرۆژە بەردەوامەکان، لەناو پرۆژە بەردەوامەکاندا 1275 پرۆژەی ساڵی 2010 هەیە کە تا ئێستا یەك دیناری بۆ سەرف نەکراوە، کە بڕەکەی زیاترە لە 340 ملیار دینار، لە 80٪ زیاتری ئەو پرۆژانەی کە لە ساڵی 2010 کە چوونەتە بواری جێبەجێکردنەوە، پارەیەکی کەمیان سەرف کردووە، کۆمەڵێك پرۆژە لە پرۆژە بەردەوامەکانی ساڵی 2010 پارەیان بۆ دیاری کراوە، کەچی ئەمساڵ دیار نەماون لە بودجەی 2011، بۆ نموونە زنجیرەی 8 لە وەزارەتی کار لە سلێمانی، زنجیرەی 1 و 2ی گواستنەوە و گەیاندنی هەولێر، تەبعەن نموونەی زۆرتر هەیە بەس بەپەلە ئەو نموونانە ئەڵێم، کۆمەڵێك پرۆژە لە پرۆژە پێشنیارکراوەکانی ساڵی 2010 پارەیان بۆ تەرخان کراوە، نەچوونەتەوە بواری جێبەجێ کردنەوە، بەڵام ئەم ساڵ لە 2011 دیار نەماون، زنجیرەی 4 لە وەزارەتی پیشەسازی ووزە و زنجیرەی یەك لە دەسەڵاتی دادوەری، لەناو پرۆژە بەردەوامەکاندا پرۆژە هەیە کە پێشتر نەبووە لە ساڵی 2010، لە 90٪ پرۆژە بەردەوامەکان بڕی تێچوونیان زیاد کراوە، لە پرۆژە بەردەوامەکاندا 271 پرۆژە ماوەی جێبەجێکردنیان ساڵێك یان کەمترە، بەڵام بە دوو ساڵ یان سێ ساڵ زیاتر دەچنە بواری جێبەجێکردنەوە، لەناو ئەم پرۆژانە هەیە 60 رۆژە ماوەی جێبەجێکردنەکەی، بە سێ ساڵ تەواو ئەبێت، نموونە زۆرە تەبعەن، من فریای نموونەکان ڕەنگە نەکەوم، یەك، دوو نموونە باس ئەکەم، پرۆژەی 13 وەزارەتی کشتوکاڵ ماوەی تەواو بوونی یەك ساڵە، بڕی تێچوونی 7 ملیار و 500 ملیۆنە، بە دوو ساڵ تەنیا دوو ملیار و 66 ملیۆنی بۆ تەرخان کراوە، ئەم پرۆژەیە کەی تەواو ئەبێ؟، دیارە لەناو ئەم پرۆژانەیە، لەناو پرۆژە پێشنیارکراوەکاندا 218 پرۆژە هەیە ماوەی جێبەجێکردنیان ساڵێك و کەمترە، کەچی بە دوو ساڵ ئەچنە بواری جێبەجێ کردنەوە، لەناو پرۆژە پێشنیارکراوەکاندا پارەی دانراو بەرامبەر بڕی تێچوون زۆر زۆر کەمە، بۆ نموونە هەردوو پرۆژەی زنجیرەی یەك و دوو لە وەزارەتی بازرگانی سلێمانی یەکی 45 ملیار**

دیناره، کەچی یەك ملیاری بۆ دانراوە، ئەگەر وا بڕوات بە 45 ساڵ تەواو ئەبێت، کۆمەڵێکی دیکە بەڕاستی لەوە ئەچێ فریا نەکەوم، زنجیرەی 3 و 4 وەزارەتی پیشەسازی سلێمانی 20 ملیار و 500 ملیۆنە تەنها دوو ملیاری بۆ دانراوە، ئەمە یەك ملیاری بۆ دانراوە، کەواتە بە 20 ساڵ ئەمە تەواو ئەبێ، هەیە 60 ملیارە، پرۆژە شەش ملیاری بۆ دانراوە، لەناو پرۆژە پێشنیارکراوەکاندا جاری وا هەیە دوو پرۆژە یان سێ پرۆژە، یەك پارەی خەملێنراوی بۆ دانراوە، وەك زنجیرەی 2 وەزارەتی ئەوقاف/ سلێمانی زنجیرەی 10 لە رۆشنبیری سلێمانی و کۆمەڵێ نموونەی دیکە، لە پرۆژە پێشنیارکراوەکاندا هەندێ پرۆژە نارونن، نموونە، زنجیرەی 5 وەزارەتی شارەوانی/ دوکان و پیرە مەگروون، زنجیرەی 9 وەزارەتی شارەوانی ئەو پرۆژانە کام خزمەتگوزاری ئەگرێتەوە؟، زنجیرەی 29 و 36 و 30وەزارەتی شارەوانی سلێمانی، مەبەست کام گوندانەیە؟، زنجیرەی 4 و 5 وەزارەتی پەروەردەی هەولێر، مەبەست کام قوتابخانەیە؟، لە پرۆژە پێشنیارکراوەکان زنجیرەی 4 دەستەی وەبەرهێنانی دهۆك، گوژمەی پێویست 126 ملیۆنە، بەڵام 750 ملیۆنی بۆ دانراوە، یەعنی سێ ئەوەندەی بڕەکەی خۆی بۆ دەستنیشان کراوە، لەناو پرۆژە بەردەوامەکاندا زنجیرەی 2 و 5 لە کارەبای هەرێم بڕەکەی سفرە، کە سفرە بۆ خراوەتە ناو ئەو پرۆژانەوە؟، ئەمە بەشێکی کەمن لە تێبینیەکانم، بۆیە پێموایە بێ پلانی لە بودجەکاندا دیارە، حکومەت نەیتوانیوە بودجەی دانراوی پرۆژەکانی بە نزیکەی لە 60٪ ی بخاتە بواری جێبەجێکردنەوە، 500 ملیار دینار عیجزی شاراوە هەبووە، ئەمە ئیلتیزام کردنی بودجەی داهاتوو و کابینەکانی داهاتووە بۆ جێبەجێ کردنی کۆمەڵێك پرۆژە، ئەمساڵ حکومەت هەزاران پرۆژە بەردی بناغەی دائەنێ و بە سێ ساڵ و چوار ساڵی دیکە ئەچێتە بواری جێبەجێکردنەوە کە کابینەکانی دیکە ئیلزام دەکات بەوەی کە ئەو پرۆژانە جێبەجێ بکات.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس کوێستان خان، دوایی موناقەشەکەی تر بکە، بەڕێز عمر عەزیز فەرموو.

**بەڕێز عمر عبد العزیز بهاء الدین :**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەناوی خوای بەخشندە و میهرەبان، سەبارەت بە هەردوو راپۆرتی بەڕێزان لە وەزارەتی دارایی و لێژنەی دارایی، من خوێندنەوەیەکی خێرا دەکەم بۆ ستراتیژی وەزعی دارایی و ئابووریمان، کەمتر ئەچمە سەر باسی ژمارە و ئەوانە، چونکە پشتگیری ئەکەم سەرەتا لە زۆربەی ئەو خاڵانەی کە لە راپۆرتی بەڕێزان لە لێژنەی دارایی هاتبوو، بە تایبەتی لە لێژنەکانی تر کە کۆیان کردووتەوە، بەراستی هەموویان تێبینی و سەرنجی باشن و جێگای دەستخۆشی و سوپاسیان ئەکەم، من خوێندنەوەیەکی ستراتیژی و ئابووری خۆمان ئەکەم کە بەداخەوە نا روونی لە ستراتیژیەتی ئابووری حکومەتی هەرێمدا بەدی ئەکەم، کە بنەمای سەرەکی گەشە کردن و پێشکەوتنی شارستانیە لە هەردوو راپۆرتەکە ئەمە بەدی ئەکەین، ئێمە گەشەیەکی ئیعماری و عەشوائی هەست پێ ئەکەین لە کوردستان، بەڵام ئەوانە هیچیان مەرج نین بۆ بوونی ستراتیژی ئابووری و ئەگەر واقیعیانە بیخوێنینەوە، ئەتوانین بڵێین ستراتیژی ئابووری لە کوردستان وازیح نیە،

چونكە پێـوەری گەشـە كـردن لـە هـەر وڵاتێكـدا، نـەبوونی تەزەخومـە، نـەبوونی بێكاریـە، قەڵاچـووكردنی گرانیـە، بەرقـەراربوونی عەدالـەتی كۆمەڵایەتیـە، كەمبوونـەوەی ئـەو گرفتـە ئابووریانـەن كـە لـە رووی مەیدانی لەناو خەڵكەكە هەیە، كە ئەمـە لـە واقیعـدا ئێمـە لـە كوردسـتاندا بـە دی ناكـەین، ئـەو كاردانـەوە سلبیانە هەیـە جگـە لـە مەسـەلەی ئـەو تەزەخومـە، ئـەو زیـادبوونی بێكـاری كـە ئێمـە گیرمـان خـواردووە بەدەست ئەوە زیاد لە ملیۆنێك مووچە خۆر و كارمەند لە كوردستان و بە گشتی بە یەك ڕستە بیڵێم، لاواز بوونی بونیەی تەحتی و ژێرخانی ئابووری لێ ئەكەوێتەوە كە ئێستا موعاناتمان هەیە بە دەستی، بـەڕێزان ئەزانن ئەوانەی ئیختیصایان ئابووری بێ، كە پرەنسیپە زانستیەكانی بودجـە و میزانیـە، سـێ، چـوار خـاڵی سەرەكین، یەكێكیان شەفافیەتە، یەعنی تەواوی موازەنەی ساڵانە لە میزانیە هەبێ، تەنانەت قەرز و قازانج و ئەرباحیشی تێدابێ، خاڵێكی تریان گشتگیریە بەواتای ئەوەی كە داهات و خەرجی هـەموو سـاڵەكەی تێـدا بێ بەو روونیەی پێشەوە، یەكێكی تریان دیاری كردنی كاتە، كـە پرەنسـیپێكی عیلمیـە بـۆ بودجـە، یـەعنی داهات و خەرجی تەواوی ساڵەكە لە سنووری ئەو ساڵە وازیح بێ كە ئێمە هەموو ساڵێك گرفتمان هەیـە لـە تـەواو نـەبوونی پـرۆژە و روون نـەبوونی ئـەو مـدەوەرەش كـە ئەگەڕێتـەوە و خـاڵی ئـەخیریش مەسـەلەی هاوسەنگیە لە نێوان بڕی وەبەرهێنان و بەكاربردن یان وەگەڕخستن و، خاڵێكی ئیزافیش هەیە هەنـدێ لـە زانایـانی بـواری ئـابووری كـە ئـەبێ كـەمترین موناقەلـە بكـرێ بـۆ ئـەوە گرفـت دروسـت نـەبێت بـۆ لایەنـە پەیوەندیـدارەكان، مـن ئـەم خاڵانـە بەڕاسـتی بـە وازیحـی دەبینـم لـە میزانیـە و لـە راپۆرتەكانیشـدا كـە دەیخوێنیتەوە، بۆ هەڵسەنگاندنی مەسەلەی ئابووری، ئێمە پێویستمان بە دەركردنـی فاكتـەرە سـەرەكیەكان هەیە بۆ بونیادی ئابووری كە یەكێكیان سیستەمی ئابووریە و، یەكێكی تریان سیاسەتی ئابووریە و یەكیكی تریان سـتراتیژی ئابووریـە و خـاڵی ئـەخیریان بەرنامـە و پلانـی ئابوریـە، ئـەم چـوار شـتە ئەبنـە فاكتـەری ئـابووری، بەداخـەوە ئێمـە تـا حـەدێك لـە چوارەمیان شـتێكمان هەیـە، بـەڵام سـێ بازنەكـەی تـر ونـە، نـە سیستـەمێكی وازیحـی ئـابووری، نـە سیاسـەتێكی وازیحـی ئـابووری، و نـە سـتراتیژێكی وازیحـی ئابووریشـمان هەیە، بۆیـە، ئـابووری ئێمـە ئـابووری كۆمەڵگەیـەكی موسـتەهلیكە، موسـتەهلیك لەسـەر هـاوردەی دەرەوەی وڵاتی خۆشمان، نەك ئینتاجی وڵاتی خۆمـان، لەبـەر ئـەوەی ئێمـە لەبـەردەم هەڕەشـەی وەبەرهێنانیشـداین هەر رۆژێ موستەسمیر و بەرهێنەری دەرەكی لـە كوردسـتاندا لەبـەر هـەر هۆیـەك وەزعێكـی نـا ئاسـایی بـۆ دروسـت بـوو، ئێمـە ئەكەوینـە حاڵـەتێكی تەنگەژەیـەكی گـەورەوە، ئێمـە داهـاتی تاكـە كـەس، داهـاتی وڵات، خەرجی تاكە كەس، خەرجی وڵات هـیچ ئیسـتیقرارێكی نیـە، ئـەوەتا هـاوەڵان و راپۆرتـەكانیش تێدایـە كـە گلەیی لەوە ئەكەن داهاتی ناوەخۆمان وازیـح نیـە، لەبـەر ئـەوەی ئێمـە دەبـێ دروشمێكمـان هـەبێ بیكەینـە سـتراتیژ بـۆ ئـەوەی مەسـەلەن ئەمسـاڵ بووژانـەوەی ئـابووری نـاوەخۆ، ئەمسـاڵ چارەسـەركردنی بێكـاری، ئەمساڵ وەبەرهێنانی خۆماڵی زیاد بكەین، دەبێ هەر ساڵێك دروشمێك هـەبێ و بكرێتـە سیاسـەت و لەسـەر ئەساسیەوە هەنگاوی تر بنێین، من بە نیسبەت بودجەی ئەمساڵەوە، لە خیلالـی ئـەو راپۆرتانـەوە، ئـەتوانم بە سێ چوار وشە كە بەداخەوە ئەیڵێم پاریش ئەو وشانەمان وت، ناروونی، نا هاوسەنگی، نـا زانسـتی بـوون

له میزانیه بەدی ئەکەم و ئەمەش خوێندنەوەی راپۆرتەکانی لایەنە پەیوەندیدارەکان و پسپۆرەکانی ناو هۆڵی پەرلەمانە یان ناو پەرلەمانە هی لیژنەکانە، نەك خۆمان بە ئیدیعا بیلێین، ئەوە لە مەسەلەی ئیستیسماری و تەشغیلی هەموو جارێ ئەو قسەیە دەکرێ، کە بە پێی پێوەر و ستاندەرە جیهانیەکان، ئەبێ فەواریقەکە عەکس بێ، لە لای ئێمە لە 70٪ کەمتریش دائەنرێ بۆ تەشغیلی و لە 30٪ بۆ ئیستیسماری، هەموو جارێ دووبارە ئەبێتەوە، ئەو عەجزە زۆرەی کە هەیە، کە ترلیۆنێك و 554ملیارە، ئەمە جێگەی پرسیارە، ئەمە دوایی داهات دێت لەسەر چ ئوسوس و بنەمایەك ئەمانە دووبارە تەوزیع دەکرێنەوە؟ مەسەلەی کەمی بڕی داهات کە زۆر باس کراوە لە راپۆرتەکانیشدا هەیە، کە زۆر کەمترە لە تەوەقوعاتی خۆمان و لەو رێژانە و لەو رەقەمانەی کە لەبەر دەستماندایە، پرۆژە راستەوخۆکان و بڕی تێچوونیان زۆر زۆرن، پاساوی زانستیشمان پێ نەدراوە بەڕاستی لە خیلالی میزانیەوە، ئەمساڵیش بڕی مەدوری پار دووبارە باس نەکراوە، لە کاتێکدا زۆربەی وەزارەتەکان ئیقراری ئەوە دەکەن کە زۆرێك لە پرۆژەکان جێبەجێ نەکراون، رەخنەی زۆر هەیە لەسەر ئەدائی حکومەت، لە خەرجکردنی پارەی پرۆژەی وەزارەتەکان، راپۆرتی بەڕێز وەزارەتی دارایی بۆ باسی ناکات؟ بۆ نموونە وەزارەتی رۆشنبیری کە لە راپۆرتی لیژنەی رۆشنبیری بە وازیحی هاتووە، ئەو ناهاوسەنگیە نموونەیەکتان بۆ عەرز دەکەم، کە لە راپۆرتەکەشدا هەیە کە لە 64٪ بۆ سێ، چوار یان پێنج وەزارەت تەرخان ئەکرێ لە بڕی تەشغیلی لە کاتێکدا ئێمە دەیان موئەسەسەمان هەیە بێجگە لەوەی کە 18، 19 وەزارەت و چەندیدن دەستەی سەربەخۆمان هەیە کە هەمووی بەقەدەر وەزارەتێك قورسایی و ئەرکیان هەیە، چۆن ئەو رێژەیە؟، ئەمە کەی هاوسەنگی تێدا دیارە؟، رەقەمێکی زۆر وازیحن، وەزارەتێك وەکو وەزارەتی پیشەسازی و بازرگانی، لە 0,7٪ بۆ تەرخان دەکرێ، بەڵام هەندێ وەزارەتی تر تا حەددی 18 و 19٪ ئەڕوات لە کوێ ئەو بڕەی دیاری کراوە، ئەمە هاوسەنگی تێدا بەدی ئەکرێ؟، لە بواری کشتوکاڵدا، چەند ساڵە دووبارەی ئەکەینەوە؟، سیاسەتی حکومەتی هەرێم بۆ بووژاندنەوەی کەرتی کشتوکاڵ چیە؟، وازیح نیە و ئەمساڵیش دووبارە بووە، هەردوو دەزگای ئاساییش دووبارە بە جیا هاتوووە کە هەمووومان ئەزانین بڕیاریشی بۆ دەرچوو، بەداخەوە جێبەجێ نەکراوە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك عومەر تەواو، دوایی لەگەڵ ئەوەکەی تر موناقەشەی بکە، بەڕێز کاك عبدالقادر.

**بەڕێز عبدالقادر اکرام بازرگان :**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

یەعنی هەر وەکو هەموومان دەزانین، حکومەتی هەرێم لە داهاتی بودجەی عیراقی فیدراڵ یەعنی لە 17٪ی بۆ دێ، ئەمە پاش دەرهێنانی نەفەقاتی سیادی، ئەمە دەبێتە لە 15٪ کەمتر، ئایا بە گوێرەی بەشە بودجەی هەرێم، 5٪ زۆر نیە؟ یەعنی بۆ ئەم کەمکردنەوەیە لە نەفەقاتی سیادی؟، ئایا حکومەتی هەرێم داوای روونکردنەوەی کردووە لە حکومەتی فیدراڵی عیراق؟، هەمووومان دەزانین ئێستاکە عیجزی حکومەتی

هەرێم بۆ ساڵی 2011 ، یەك ترلیۆن و 554 ملیار و 296 ملیۆنە، ئەم عیجزە پڕ كراوەتەوە، لە پارەی وەزارەتی پێشمەرگە، كە دابین كراوە لە پارەی وەزارەتی پێشمەرگە، ئەویش دابین كراوە لە پارەی وەزارەتی بەرگری عیراقی، یەعنی من پێشنیار دەكەم حكومەت دەتوانی ئەم عیجزە پڕ بكاتەوە بە هەندێك فەقەراتی تر و پارەی ئەمەش، پارەی پێشمەرگەش دابین بكەین بۆ دروست كردنی یەكەی نیشتەجێبوون بۆ خانەوادەی شەهیدان، تەبیعی بە نیسبەت عیجزەكەش، ئەتوانین كەمی بكەینەوە لە كڕینی كەل و پەل و شت و مەك و صیانە، یەعنی بە صەراحەت لە ساڵی 2011دا یەعنی بەشێوەیەكی بەرچاو زیادی كردووە، لە ساڵی 2010 كڕینی كەل و پەل و شت و مەك 8 ملیار بووە، ئەمما بۆ ساڵی ئێستا كردوویەتە یەك ترلیۆن و 698 ملیار و قسوور، هەروەها لە بودجەی وەبەرهێنانیش لە 27%ی زیاد كردووە موقارەنەتەن بە ساڵی پار، یەعنی ئەتوانین مەسەلەن لێرەدا لە بودجەی وەبەرهێنان و لە بودجەی هەندێك كەل و پەل و هەندێك فەقەراتی دیكە كە لەناو بودجەدا هەیە، ئەو عیجزە پڕكەینەوە، فەقەرەیەكی ترمان هەیە، ساڵی پار مووچەی فەرمانبەرانی هەرێمی كوردستان، 6 ترلیۆن و 190 بووە، ئەمما ئێستاكە، یەعنی ئەوە بە نیسبەت ساڵی پار، 4 ترلیۆن و 602 ملیار بووە، ئەمما ئێستاكە بوویتە 6 ترلیۆن و 190، یەعنی هەر چەندە 25 هەزار كەس بەوەی تەعین ئەكرێن، ئەمما ئەوە بزانم هێشتا پارەكە لەوە زیاترە، هەموومان ئەزانین ئێستاكە ئیعانات لەناو هەرێمی كوردستاندا، 85 ملیارە، 65 ملیاری دانراوە بۆ كەرتی كشتوكاڵی و 20 ملیاریش دانراوە بۆ پرۆژەكانی وەزارەتی دارایی و ئابووری، ئەلێرەدا من پێشنیار دەكەم 10 ملیار لەمە تەرخان بكرێ بۆ بەخێو كردنی مانگا بۆ پرۆژەكانی بەخێوكردنی مانگا بۆ زیاد كردنی بەرهەمی گۆشت، گۆشتی خۆماڵی، هەتا زیاتر ئیعتیماد نەكەینە سەر گۆشتی فاسید كە ئێستاكە بۆمان دێت، چونكە بە سەراحەت ئێستا ئاسایشی خۆراك لە هەرێمی كوردستان لە ژێر مەترسیە، لە فەقەرەیەكی تردا پێشنیار دەكەم بڕی پارەی هاوسەرگیری ببێتە 5 ملیۆن لە جیاتی دوو ملیۆن و نیو، یەعنی حكومەتی هەرێم هەڵبستێ بە بڕینی ئەو پارەیە كە هەر فەقەرەیك لە فەقەراتی بەشێك لە بودجەی وەبەرهێنان بە رێژەی 5% كەم بكرێتەوە بۆ دابین كردنی پرۆژەكانی نیشتەجێبوون بۆ خەڵكی كەم دەرامەت، بەشێك لە 400 ملیارەكەی داهاتی حكومەتی هەرێم لە مەنافیزی حدودی ئەوە بخرێتە سەر پرۆژەكانی وەزارەتی تەندروستی و پەروەردە، چونكە بە سەراحەت ئەورۆكە زوروڤ پەروەردە لەناو هەرێمی كوردستاندا بە ئەوە بودجە ئەگەر لە بودجەی وەبەرهێنان بێ، ئەگەر لە بودجەی وەبەرخستن بێ، سەراحەت قوتابخانەمان زۆر پێویستە، هەروەها زۆر پێوەستیمان هەیە بە دام و دەزگاكانی تەندروستی و، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێز كاك سالم تۆما كاكۆ.

**بەڕێز سالم تۆما كاكۆ برایمۆك :**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

ئەگەر بێت و بەراوردێك بكەین لە بەینی پرۆژە بودجەی ئەمساڵ و هی پار، راپۆرتی پار و ئەمساڵ، بە قەناعەتی من ئیشێكی زۆر زیاد كراوە، زۆر رێك و پێكترە زۆر زیاتر بە تەفاصیلە، جێگای دەستخۆشیە بۆ حكومەت و بۆ وەزارەتی دارایی لەبەر ئەرك و ماندووبوونیان، بەڵام لەگەڵ ئەوەش هێشتا هەندێ تێبینی هەیە مومكینە نەخراوەتە بەرچاو، یەكەمیان تەنها تەركیز نەخرێتە سەر بودجە و بودجە لە لایەنی خەرجیەكانیەوە و سەرف كردنی بودجە، كاری پەرلەمان و كاری حكومەتیش دەبێ چۆن لەسەر خەرجیەكان تەركیز دەكەن ئەوە دەبێ لەسە داهاتەكانیش تەركیز بكات، چونكە خۆمان ئاگادارین پێش $2003$ داهاتی حكومەتی كوردستان هەر ئەوەبوو كوردستانی بەرێوە دەبرد، ئێستا ئەوەندە بایەخە نەدراوە بە داهات، چ لە رووی پرۆژە و بودجەوە و چ لە رووی تەقریریەكانیەوە، ئەوەی جێگای داخە مومكینە لە هەندێ جێگا داهات وەكو مەقاصە دانراوە، مومكینە نەدرێتە جێگایەك خاریجی ئەو هۆڵە، بەڵام پێم باشە ئەگەر هەر نەبێ لە لێژنەی دارایی یاخود لە لێژنەكان بزانرێ بە پێی واقعیەت و حەقیقەیەتەكانی داهات چۆنە؟، مولاحەزەیەكی تر سەبارەت بە تەمویلی وەزارەتەكان، راستە بودجەی هەرێمی كوردستان ئیعتیماد دەكاتە سەر بودجەی حكومەتی فیدراڵەوە، بەڵام پێم باشە بە نەفسی بودجەی كە حكومەتی كوردستان تەمویل دەكرێ بەو نیسبەیە وەزارەتەكان تەمویل بكرێ، مومكینە $20$ دوفعەیە، $30$ دوفعەیە ئیشكالمان نیە، مومكینە وەزارەت مەحروم بكرێ، مومكینە لە كاتێكی پێویست پارەی نادرێتێ و بودجە نادرێ و لەكاتێكی تر پێویستی بەو پارەیەوە نیە، مولاحەزەیەكی تر هەیە سەبارەت بە هاوپێچی پرۆژە بەردەوامەكانی ساڵی $2003$ و $2004$ و $2005$، لە بەشی زۆری پرۆژەكان جیاوازیەك هەیە لە دیاری موددە و پارەكە، مومكینە پرۆژەیەك وەكو لە سێ پرۆژەی خەستەخانە، سێ نەخۆشخانە هەیە بە $50$ قەرەوێلە یان $100$ قەرەوێلە لە موددەكانیان جیاوازیەكی یەكجار زۆر هەیە و پارەكەشی یەكجار جیاوازی هەیە، لێرە ئیشكالەكە بیجگە لەوەی ئەوەیە، ئایا سەبەبی دواكەوتنی ئەو پرۆژانە چی بووە؟، ئیجرائات چی بووە؟، كێ سەرۆك كار بووە؟، نازانم ئەو وەختەی كە پارەی بۆ تەرخان كراوە، ئەو پارەیە ماوە لەو ساڵەی كە بۆی تەرخان كراوە یان مەجبوورین ئێمە پارەی بۆ تەرخان بكەینەوە لە بودجەی ئەمساڵ؟، ئەوانەی پرسیارن لە وەزارەتی دارایی زەحمەت نەبێ جوابداتەوە، دوو، سێ پشتگیریم هەیە، پشتگیریم بۆ كاك عمر، هاوكام بەڕێز سەبارەت بە بڕینی $5\%$ بودجەی بەڕێوەبەرە گشتیەكان، چونكە ئەوەلەن مووچەكەیان بەقەدەر مووچەی وەزیر و پەرلەمانتارەكان نابێ، دوو، ئەركێكی یەكجار زۆریان لەسەرە، لۆدێكیان لەسەرە، پێم باشە من پشتگیری لە برای بەڕێزم كاك عمر دەكەم بۆ ئەم مەبەستە، هەروەها سەبارەت بە وەزارەتی كشتوكاڵ و كەرتی كشتوكاڵی، ئەو پێشنیارانەی كە كاك جەلال كردی هەر چەندە برای بەڕێزم لە لێژنە باسمان كردووە من دەمەوێ پشتگیری لێ بكەم، چونكە فیعلەن ئەگەر ئەو دەسەڵاتە نەدرێتە وەزیری كشتوكاڵ بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزیری دارایی مومكینە قەیدێك دەبێ لەسەری زائیدەن مەوزوعی پەرەپێدانی كەرتی ئاژەڵداری كە فیعلەن بەشێكە لە ئیقتیصادی كۆمەڵ، تەڵەبێكی ترم هەیە لە وەزارەتی دارایی، بە زووترین كات بانكی سیناعی تەفعیل بكرێ هەتا بتوانن پرۆژە

مامناوەندییەکان سوود لە قەرزەکان وەربگرن بۆ پێشخستنی کەرتی پیشە سازی و دامەزراندنی پیشە سازی نوێ و پەرپێدانی ئەو کارگانەی کە هەیە و لەکار کەوتووە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێز دلشاد شەهاب فەرموو.

**بەڕێز دلشاد شهاب حاجی :**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەسەر تاوتوکردنی بودجە بێگومان هەڵسەنگاندنێکی تێدایە، هەڵسەنگاندنیش دوو دیوی هەیە، دیوی سەلبیشی هەیە و دیوی ئیجابیشی هەیە، بەر لە هەموو شتێك من دەمەوێ دەستخۆشی لە هاوکارنمان لە لیژنەی دارایی و ئابووری بکەین کە بەراستی راپۆرتێکی تێر و تەسەل و پوخت و بە ماندووبوونیانەوە ئامادە کردووە، ئەگەر بە کورتی بڵێم ئەو خاڵانەی کەوا ئەوان دەستیان لەسەر داناوە، حکومەت بە جیددی و بە هەندی وەربگرێ، ببنە شێوازی بڕیارێکی ئیلزامی لە پەرلەماندا وەربگیرێت، من باوەڕ دەکەم رێژەی هەرە زۆری کەم و کورتیەکانی بودجە چارەسەر کراوە و بە تەصەوری من وایە بودجەیەکی پوخت و رێك و پێك لە سایەی ئەم راپۆرتە دەتوانرێت تەصدیق بکرێت، بە خێرایی هەندێ خاڵ هەن کەوا لە بودجەی ساڵی رابوردوودا دەکرێ سوودی لێ وەربگرین، یاخود وەکو هەڵسەنگاندن لەسەر ئەو پردی متمانەیەی کە لە نێوان پەرلەمان و حکومەتدا کاری لەسەر دەکرێ، پێم وایە چەند بوارێکی درەوشاوە، لەوانە هەڵمەتی دروستکردنی قوتابخانەکان و بەرنامەی تواناسازی و، لە بودجەی ئەمساڵیشدا کە ئەوەی وەکو پرۆژەی ستراتیژی و ستراتیجیەت سەیر دەکرێ، کەرتێکی زۆر گرنگی بوارێکی ژیاری ژیانی خەڵك کە ئەویش گرنگیدانی حکومەتە بە کەرتی کارەبا، کە بەراستی ئەم سێ خاڵە بە سێ خاڵی زۆر گەورە و جەوهەری دەبینم، کە جێگای ئەوەیە هەڵوەستەی لەسەر بکرێ و دەستخۆشیشی لەسەر بکرێن، ئەمە مانای ئەوە نیە کە هەر ئەمانە خاڵی باش بن، مانای ئەوە نیە کە چەندین خاڵی باش هەبێ، خاڵی لاواز لە بودجەکەدا نیە، بودجەی تەشغیلی من بە خێرایی بەسەری دادەچمەوە کە پاڵپشتی هاوکارانم دەکەم کە بەر لە من باسیان کرد، زیادبوونەکە قەزیە ئەوە نیە کە ئێمە پێشنیار دەکەین 10٪ی بودجەی تەشغیلی کەم بکرێتەوە، ئەمە شتێکی باشە و هەندێ ئیحتیاجاتی تری پێ پڕ دەکرێ، قەزیەکە لە مەترسی ئەوەیە کە ئەم هەڵکشانی ساڵ بە ساڵی بەرەو سەروەچوونی نەفەقاتی تەشغیلی، مەترسییەکی زۆر گەورەی لەسەر ئابووری ئایندەی کوردستان دروست دەکات، ئەم زیادەیەی کەوا ئەمساڵ لە بودجەی هەرێم دروست بووە، بە هۆی بەرزبوونەوەی نرخی نەوتە، ئەگەر نرخی نەوت دابەزی، نەفەقاتی تەشغیلیش هەموو لایەك دەزانن کە ئەو نەفەقاتانەی کە جێگیر کران تەراجوع لێ کردنی زۆر زەحمەتە، خاڵێکی تر کە لەسەر نەفەقاتی تەشغیلی هەیە کە ئەویش بەراستی جێگای پرسیارە، وەزارەتەکان یاخود دام و دەزگاکانی کە بودجەیان حازر کردووە، زیاتر لە 17 ترلیۆن پێشنیاری نەفەقاتی تەشغیلیان کردووە، 17 ترلیۆن و نیو بەس نەفەقاتی تەشغیلیە، وەزارەتی دارایی ئەمەی کەم کردووتەوە بۆ 9 ترلیۆن و 790 ملیار، باشە

پرسیار ئەوەیە، مومكینە وەزارەتێك یان موئەسەسەیەك نەفەقاتی ئەم پرۆژە ئیستیسماریەكانی خۆی دوو، سێ بەقەدەر ئەو پارەی كە بۆی تەرخان دەكرێ پێشنیار بكات؟، وەزارەتی پەروەوەردە دەڵێت من پێویستیم بە 500 قوتابخانەیە، تێچووەكەی ئەوەندەیە، وەزارەتی مالیە مومكینە ئەمە كەم بكاتەوە بۆ 25٪، چونكە دەڵێت ئەمساڵ ئەوەندە مومكینە، بەڵام چۆن دەكرێت وەزارەتێك دوو بەقەدەر ئیحتیاجی خۆی تەلەبی نەفەقاتی تەشغیلی بكات، كاتێك لە 50٪ كەمتریش دەكرێتەوە و ئیشەكەشی بەڕێوەدەچی؟، بەراستی حەقە هەڵوەستە لەسەر ئەوە بكرێ و حكومەت زۆر بە جیددی ئەم وەزارەتانە و ئەم وەزیرانە بانگ بكاتەوە، چۆن 17 ترلیۆن و نیو پێشنیار كراوە و چۆن بە 9 ترلیۆن و كەسرێك بەڕێوەدەچی؟، ئەوە لە بودجەی تەشغیلیشدایە ئەمە، بەڕاستی ئەمە دەبێ هەڵوەستەی لەسەر بكرێن ئەمە لە حاڵەتێكدا كە چاوەڕوان دەكرێ ساڵ بە ساڵ بەتایبەتی ئەمساڵ نەفەقاتی تەشغیلی كەم بكرابایە، لەبەر هیچ نا لەبەر ئەوەی كە ئێمە تەرشیقمان لە هەیكەلی وەزارەتەكانمان كردووە، ئێ باشە ئەگەر ئێمە كابینەی حكومەت بكەینە نیوەی وەزارەتەكان، بودجەی تەشغیلیشمان زیاد ببێ و تەلەبی تەعیناتیشمان زیاد ببێ، نەفەقاتیشمان زیاد ببێ، ئەی مانای تەرشیق دەبێتە چی؟ بۆیە ئێمە بەراستی نەك هەر تەنها ئەمە كەمكردنەوەیە، من مەبەستم لەم باسكردنە ئەوەیە كە دەبێ بۆ ئایندە سوودی لێ وەربگیرێت، ئەو بڕە پارانەی كەوا پێشنیار كراوە لە لایەن هاوكارم سۆزان خان كە بەناوی فراكسیۆنەوە پێشنیاری كرد، من تیكراری ناكەمەوە چونكە ئێمە 100٪ لەگەڵین، ئەوەی كە تەرخان دەكرێت بە تایبەتی بۆ پێدانی ئەو بڕە پارەی جیاوازی ئیمتیازاتی هێزەكانی ناوخۆیە، بە سولفەی عەقارییەوە كە بكرێتە 20 ملیۆن، و سولفەی زەواج بكرێتە 20 ملیۆن، ببوورن بكرێتە 5 ملیۆن، رەنگە لەوەدا گوتنێك بێتە وجود، بوترێت ئێوە لە نەفەقاتی تەشغیلی ئەڵێن كەمی دەكەینەوە، لەوسەریشدا هەر تەرخانتان كردووە بۆ نەفەقاتی تەشغیلی، تەبیعی ئەوە لە پێشنیارەكانی ئێمەدا هاتووە، سولفەی زەواج، سولفەی عەقاری، سندوقەكان، ئەمانە هەمووی قروزن، راستە ئەمە هەمووی تەخصیصێكی بۆ دەكرێ، ئەمما لە ئەخیردا ئەم پارەیە تەدویر دەكرێتەوە و بۆ حكومەت دێتەوە، بۆیە ناكرێ 100٪ وەكو نەفەقەیەكی تەشغیلی كە دەڕوات و ناگەڕێتەوە سەیر بكرێت، لێرەدا پرسیارێكی تریشم هەیە، ئالیەتی گەڕانەوەی، پێم خۆشە جەنابی وەزیری دارایی ئەوەمان بۆ روون بكاتەوە، ئالیەتی گەڕانەوەی ئەم سولفانە كە دەگەڕێتەوە، چۆنە؟ و كە دێتەوە دەچێتەوە كوێ؟، ئەم تەدویرە چۆنە؟، تەوزیحێكی لەسەر بدرێ، چونكە ئاشكرایە كە ئەمە، ئەو بڕە پارەی كە بۆ سندوقی نیشتەجێبوون تەرخان كراوە، من پێشنیاری دەكەم بە پێی یاسا، نەك بكرێتە مینحە و بدرێتە خەڵك، بەڵكو یەكەی سەكەنی، وەحداتی سەكەنی بۆ خەڵكی كەم دەرامەت دروست بكرێت، وەكو ئەو پێشنیارەی كە كاك عومەر ئیشارەتی پێكرد و لە راپۆرتی داراییشدا هاتووە، ئەو 200 ملیارەی كە ئێمە پێشنیاری دەكەین لەو كەم كردنەوەی 10٪یەی كە بخرێتە سەر میزانیەی وەبەرهێنان، هەندێك لە هاوكارانم ئاماژەیان پێكرد كە رێژەی تەرخان كراو لە هەندێ لە پرۆژەكان بە تایبەتی پرۆژە پێشنیاركراوەكان زۆر زۆر كەمە، پرۆژەی وا هەیە ماوەی 2 ساڵە و ئینجا لە 10٪ پارەی بۆ ئەم ساڵ بۆی

تەرخان كراوە، واتا حەتا ئێمە بۆ ساڵێكی تر ئەگەر بتوانین ئێمە لە 90٪ ی بۆ تەرخان بكەین، ناتوانین نیسبەی ئینجازی دابەش بكەین كە ئەمساڵ لە 10٪ی بكرێ و ساڵێكی تر لە 90٪ بكرێ، بۆیە پێشنیار دەكەین ئەم 200 ملیارەی كەوا بۆ پرۆژەكانی وەبەرهێنان تەرخان دەكرێت، ئەولەویەت بدرێت، نیسبەی ئەو پارە تەرخان كراوەی كە بۆ ئەو پرۆژانەی كەوا نیسبەتێكی كەمی ئەو پارەی بۆ تەرخان كراوە، نیسبەكە زیاد بكرێت بۆ ئەوەی بتوانین خوتەی حكومەت ئەوەی كە هاتووە بەسەركەوتوویی تەواو بكرێت، پرسیارم لە بەڕێز وەزیری پلان دانان ئەوەیە، تا كەی پرۆژەكانی 2003 و 2004 و 2005 و 2006 نیهایەتەكەیان بە رجاوە كەیە؟، یەعنی تا كەی ئەمە تیكرار دەبێتەوە؟.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز اسماعیل محمود فەرموو.

**بەڕێز اسماعیل محمود عبدالله :**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

منیش دەستخۆشی لە لێژنەی دارایی و ئابووری دەكەم، دیارە ئێمە دوو راپۆرتمان هەبووە، هەم لەسەر دەزگای ئاساییشی هەولێر و سلێمانی و هەم لەسەر وەزارەتی ناوەخۆ، تەواوی راپۆرتەكەی ئێمەیان وەكو خۆی داخیل كردووە و داخوازییەكانی لێژنە كە چەند خاڵێك بووە، هەموو خاڵەكانیان داخیلی راپۆرتەكەیان كردووە، بۆ ئەوەی كە راپۆرتەكە خوێندراوە، بەڕێز سەرۆكی لێژنەی دارایی باسی لەوە كرد كە سەرۆكی لێژنەی ناوەخۆ روونكردنەوە بدات لەپەرلەمان لەسەر ئەو رەقەمەی كە هەیە، دیارە ئەو رەقەمەی كە ئێمە نووسیومانە 110 هەزار و 797 كەس هەیە لە وەزارەتی ناوەخۆ جاران 210 كراوە، كە بەدەل ئازوقەیە بۆمان دەستنیشان كردووە، بۆ جاران 12 مانگ نتیجەكەی روونە، رەقەمەك بە ژمارە نووسراوە، بەڵام بە نووسین نەنووسرایە، 27 ملیار و 900 و ئەوەندە پارە ئەكات بۆ بەدەل ئازوقەی وەزارەتی ناوەخۆ و هێزەكانی ناوەخۆ بە گشتی، ئێمە دوایی كە دانیشتین لەگەڵ هەردوو بەڕێز ئاسایشی هەولێر و سلێمانی، داوای كۆمەڵێك شتیان كرد كە بۆیان زیاد بكرێت، ئەو شتانەی كە داوایان كرد ئێمە وەكو لێژنە لەسەری ڕازی بووین و پێمان وابوو داوایەكانیان زۆر راستە، یەكەمیان زیادكردنی بڕی 5 ملیار دینار لە بەشی مەسروفاتی ئوخرا لە هەر یەك لە بەشی ئاسایشی سلێمانی و هەولێر، حەفتەمیان ئاسایشی هەولێر و سلێمانی و، ئاسایشی سلێمانی مەشاریعی بەردوامی پێشنیاریان نیە، دەبێ بە تەنسیق لەگەڵ وەزارەتی پلان دانان لە پرۆژە پێشنیاركراوەكاندا حیسابیان بۆ بكرێت، چونكە ئێستا دەبینین بە تایبەتی لە هەموو شار و شارۆچكەكان گەڕەكی تازە ئەكرێتەوە، پێویستە لە هەر گەرەكێك كە دەكرێتەوە، بنكەی تازەش ئەكرێتەوە، بۆیە پێویستە بەڕێز وەزیری پلاندانان ئەم مەسەلەیە بە هەند وەربگرێت، سەبارەت بە ئاسایشی سلێمانی، سەبارەت بە ئەو بودجەیەی بەدەل ئازووقەی كە داوامان كردبوو، من دەستخۆشی لە سۆزان خان دەكەم كە خراوەتە لیستی پێشنیارەكانی لیستی كوردستانی، منیش پشتیوانی لە هەموو ئەو داوایانە دەكەم و وەكو لێژنەی ناوەخۆش داوامان كردووە كە بەدەل ئازوقەی ئەمساڵی هەموو هێزەكانی

ناوەخۆ بە ئاسایشەوە، هەم پۆلیس و هەم ئاسایش، ئەو برە پارەیان بۆ زیاد بکرێ، چونەکە خۆمان ئەزانین کە دەوری پۆلیس و ئاسایش چەند گرنگە لە وڵات، ئەوەی کە شانازی پێوە ئەکەین ئەو ئەمن و ئاسایشەیە کە ئەمڕۆ لە هەرێمی کوردستاندا هەیە، زیادکردنی ژمارەی میلاکی تەعین کراو، لە 500 کەس بۆ سلێمانی و لە هەولێریش بە هەمان شێوە، بۆ پۆلیس داوامان کردووە قەرەبووی، هەرچەندە لە راپۆرتەکەمان نەهاتووە کە تەقدیممان کردووە، بۆ لێژنەی داراییمان نووسیوە، بەڵام داوامان کردووە بەقەرەبووکردنەوەی چوار مانگی رابوردوو لەگەڵ بەڕێز وەزیری دارایی و وەزیری ناوەخۆ و ئەوانە کۆ بووینەوە و داوامان کرد لە ساڵی 2010 چوار مانگیان 100 هەزارەکیان داوە، داوامان کر کە100 هەزاریان بۆ زیاد کردبوون و داوامان کرد کە 210 هەزاریان بۆ زیاد بکرێ کە چوار مانگی ساڵی 2010 بەهەمان شێوە قەرەبوو بکرێنەوە لە ساڵی 2011، دابینکردنی بڕی یەك ملیار لە ئیعانات بە مەبەستی هاوکاری ناوچەکانی دیالە و کەرکووك و خانەقین، ئەوە کۆمەڵێك پۆلیسمان هەیە لەو شوێنانە کە زۆر گرنگە و پێویستە موکافەئە بکرێن لەو شوێنانە کە هەیە و داوای ئەوەمان کردیە کە وەزارەتی دارایی بتوانێ لەسەر داوای وەزارەتی ناوەخۆ کۆمەڵێك پۆلیس لەو شوێنانە هەیە، هەرچەندە لە وەزارەتی دارایی هاوکاری کراون، بەڵام ئەوە داواکارین کە بەردەوام بێت، بۆ ئاسایش، داوامان کردیە زیادکردنی بڕی 5 ملیار دینار لەبەشی مەسروفات ئوخرا بۆ هەر یەکێك لە ئاسایشی سلێمانی و هەولێر، ئەوە کە لەراپۆرتەکەدا نەهاتبوو، داواکارم ئەوە بەڕێز وەزیری دارایی ئەو مەسەلەیە بە هەند وەربگری و، داوای پشتیوانیش دەکەین کە زیادکردنی بڕی 5 ملیار دینار لەبەشی مەسروفات ئوخرا لە هەر یەك لە ئاسایشی سلێمانی و هەولێر، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێز عبدالرحمن حسین فەرمووو.

**بەڕێز عبد الرحمن حسین ابابکر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بە هیوای تاوتویکردن و پەسند کردنی بودجەیەك کە وەکو هەرێمی کوردستان روومان بێت، نیشانی میللەت و پسپۆرانی بدەین بە ئاشکرا و بێ دوو دڵی بخەینە روو، ئەوەش بەکارکردنی زانستیانە دەبێت، پێویستە بە گیانی دڵسۆزی و بەرپرسیارییەتیەوە ئەنجام بدرێ، بەرژەوەندی میللەت بخرێتە پێش هەر بەرژەوەندییەکی ترەوە و دەبێت هەر ئەندام پەرلەمانێك بەو گیانەوە کاربکات، ئەگەر نا لە لای خوای گەورە و مێژوو بەرپرسیار دەبێ، ئەگەر بێین سەیری بودجە بکەین بە گشتی، ساڵ بە ساڵ هەڵاوسانی تێدایە، نموونە لە ساڵی 2009 ، 5 ترلیۆن و 979ملیار و 835 ملیۆن دینار بووە، لە ساڵی 2010 بووە 7 ترلیۆن و 889ملیار و 102 ملیۆن بەرز بووە، بۆ ساڵی 2011، 9 ترلیۆن و 790 ملیار دینار بەرز بووە، بەرنامەی پەرەپێدانی هەرێمەکان، خێراکردنی ئاوەدانکردنەوەی پارێزگاکان بە بڕی 149 ملیار دینارە، ئەو برە ئەگەر ئەوە بێت بۆ دەستەی وەبەرهێنان خەرج دەکرێت، بۆچی پێویستە لە کاتێکدا

دەستەکە خۆیان داوایان نەکرد وەك بەخشین دەدرێتە کێ؟، بڕگەی مینەح و تەحویلات ئوخرا، 2 و 8 و 1 و 6 و 4 و 1 بڕەکەی 221 ملیارە و 255 ملیۆن دینارە، یەکێکە لەو بڕگانەی بواری پارە بەخشینەوەی ناياساییە، ڕێگە خۆشکەرە بۆ گەندەڵی، لە بڕگەی ئیعانات بۆ کۆمپانیاکانی تر، شەریکات ئوخرا، بڕی 10 ملیار دینار دانراوە کە نازانرێ ئەو کۆمپانیانە کێن؟، لەوەش سەیرتر ئەوەیە ساڵی 2010 تا 36، بڕی 409 ملیار و 988 ملیۆن بۆ هەمان بڕگە خەرج کراوە، پێویستە بەدواداچوونیش بۆ ئەمە بکرێ، کاتێك سەیری بڕی دیاری کراوی بۆ بەشەکانی خەرجیەکان دەکرێ بۆ ساڵی 2009 و خەرجی ساڵی 2010 نزیکەی پشتبەستوو بە خەرجی تا 36 بۆ زۆربەی وەزارەتەکان هەست دەکرێت گونجاوی هەیە لە نێوانیان و بەنزیکەی هەمان بڕە، بەڵام بۆ ساڵی 2011 زۆر زیاد دانراوە، لۆجیکی تێدا نیە، لە چەند ناوچەیەکدا ئەو جیاوازیانە دیاری دەکرێ و حاڵەتەکان بە روونی دەبینرێ، ئەگەر چاوێك بە پرۆژەکانی وەبەرهێنان بخشێنین، ئەبینین لە چەند بەشێك پێکهاتووە، بەشی پەرەپێدانی هەرێمەکان و بەشی پرۆژە پێشنیارکراوەکانی ساڵی 2011 و بەشی پرۆژە بەردەوامەکانی 2010 و بەشی پرۆژە بەردەوامەکانی 2003 و 2004 و 2005، هەر بەشە و بە شێوازێك ڕێکخراوە، تێکەڵاوی لە سەکتەرەکاندا هەیە، بە فۆرماتێکی زۆر زانستیانی ڕێکخراوە و چەندەها پرۆژە لەسەر وەزارەتێکە هیچ پەیوەندی بە سەکتەرێکی دیکەوە نیە، بۆیە ئەگەر بمانەوێت پرۆژەکانی بە پێی سەکتەرەکان جیابکەینەوە بە مەبەستی ئەولەویەتی گرنگی بە جۆری سەکتەرەکان، ناتوانین ئەو کارە بکەین و ئەنجامەکەی بە وردی و زانستی نابێت، ئەگەر لەوەش پشت ببەستین بە داتاکان وەك هەیە بە ئاشکرا هەست ئەکەین ئەولەویەتەکان بە پلانی گونجاو نیە، بێ لێکۆلینەوە و ئامادەکاری، واتا ئەمساڵ کەمترین پرۆژەی تازە پێشکەش کراوە، کە بریتیە لە 543 پرۆژە کە دەبوایە زیاتر با.ژمارەیەکی زۆر لە پرۆژەی پلانی ساڵی 2010 هەبوون بڕە پارەی یەکجار زۆریان بۆ دانراوە، بەڵام هیچیان جێبەجێ نەکراون، ئەمساڵیش هەمان بڕی بۆ دانراوە، نازانرێ ئەو پارانەی خەرج نەکراوە لە پرۆژەی ئەرێ کراوەکانی پار ساڵدا، پارەکەیان چی بەسەر هات و ئەگەر پرۆژەی تری پێ ئەنجام دراوە کامانەن ئەو پرۆژانە؟، ژمارەیەکی زۆری پرۆژەی دواکەوتووی 2003 و 2004 و 2005، ژمارەیان 61 پرۆژەیە، گونجاو نیە تا ئێستا ئەو پرۆژانە جێبەجێ نەبووبن، ئەی ئەو پارانەی کە بۆیان دانراون بۆ کوێ ڕۆیشتوونە؟، بە نیسبەت بەخشین لە بودجەی پارساڵدا حکومەت بە پەرلەمانی گوتووە لە ساڵی 2009دا 434 ملیار دینارم بۆ بەخشین تەرخان کردووە، بەڵام لە بودجەی ساڵی 2011دا دەڵێت لە 2009 دا 636 ملیار دینار بۆ بەخشین تەرخان کراوە، واتا بەبڕی 202 ملیار دینار زانیاری نادروستی داوەتە پەرلەمان، ئەم ناکۆکیە بە بڕی 57 ملیار دینار لە بودجەی پارساڵدا هەیە، چونکە لە بودجەی پارساڵدا حکومەت گوتبووی 431 ملیار دینارم بۆ بەخشین تەرخان کردووە، لە بودجەی ئەمساڵدا دەڵێت، بڕی 374 ملیارم بۆ بەخشین تەرخان کردووە، حکومەت لە بڕی ئەوەی پارەی بەخشین کەم بکاتەوە، بە شێوەیەکی زۆر بەرچاو زیادی کردیە، لە پارساڵدا 374 ملیار دیناری بۆ بەخشین تەرخان کردبوو، بەڵام ئەمساڵ بووە 761 ملیار دینار، واتا بە بڕی 387 ملیار دینار زیادی کردووە، من هەندێك

پرۆژەم هەیە بەراستی جێی سەیرە کە بینیم لەناو بودجەکەدا، یەك لەوانە وەزارەتی ئەوقاف، لە قەراغ گوندی باخان پرۆژەیەکی بەناوی دروست کردنی هۆڵی پرسەی بە بڕی 31 ملیۆن و 800 هەزار دیناری بۆ دانراوە، لە پرۆژەکانی پەرەپێدانی پارێزگاکان، پرۆژە بەردەوامەکانی 2011 لە تەسەلسولی 260 بە بڕی 35 ملیۆن دیناری بۆ دانراوە بۆ هەمان پرۆژە، هەر ئەو هۆڵی پرسەیە لەو دێیە دروست بکات، بەڵام هیچی دیار نەبوو و هیچی جێبەجێ نەبووە، دیسان پرۆژەیەك بۆ دروست کردنی خانووی ئیمام، تەسەلسولی 261 لە مزگەوتی گەورەی قەرەداغ کە دروست بکرێت، ئەویش لە پرۆژە پێشنیارکراوەکاندا هەیە، بە بڕی 31 ملیۆن و 800 هەزار دیناری بۆ دانراوە، دیسان لە پەرەپێدانیش هەمان پرۆژە هاتووە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاتەکەت تەواو بوو و ا بزانم ملیۆنەکانت کردە ملیار، کاك عبدالرحمن پاشان جارێکی تر کە نۆبەت هات قسەکانت تەواو بکە، بەڕێز احمد سلێمان فەرمووو.

**بەڕێز احمد سلێمان عبدالله(بلال) :**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سەرەتا دەستخۆشی لە گشت لێژنەکانی پەرلەمان و گشت ئەندامانی پەرلەمان دەکەم، کە بەراستی خۆیان ماندوو کردووە هەست دەکەم و دەستخۆشی لە حکومەتیش دەکەم کە بە ئەرکی خۆی هەستاوە و ئەم پرۆژە یاسایەی ناردووە و پرۆژەکەی ناردووە، دەتوانم بڵێم لە ساڵی پار وردتر و باشترە، ئەگەر چی تێبینیشی لەسەرە، خاڵی یەکەم لە تێبینیەکانم، ئەم پرۆژە یاسایە و ئەم راپۆرتەی وەزارەت، سیاسەتی ستراتیجی دارایی تێدا دیاری نیە، بە خێرایی قسەکانی خۆم دەکەم و هیوادارم جەماعەت حاڵی بن لێم، لە راپۆرتی وەزارەتی دارایی و ئابووریدا هاتووە کە نوێنەریان نەبووە لە دانانی بودجەی حکومەتی فیدراڵی، بەڵام جارێکی تر هەر خۆیان دەڵێن، لە رێگەی نوێنەرمانەوە لە حکومەتی فیدراڵی پێمان گەیشت کە بودجەکەی ئێمە و حکومەتی فیدراڵی چەندە، کەواتە ئەمە جێگەی پرسیارە، لەلایەك دەڵێن نیمانە و لە لایەك دەڵێن لە رێگای نوێنەرمانەوە پێمان گەیشت، سێیەم، دواکەوتنی بودجە کە دەبوایە لە سەرەتای ساڵەوە بودجە پەسند بکرابا و جێبەجێ بکرابا بۆ ئەوەی بخرابایە حاڵەتی جێبەجێکردنەوە بۆ ئەوەی پرۆژەکان ئەوەندە دوا نەکەون و هەموو ساڵێ لە کاتی سەرما و سۆڵە پرۆژەکان بخرێنە تەندەرەوە بۆ ئەوەی دەبوایە لە کاتی هاوینان بدرابا و ئیستیفادە لە وەختی هاوینان بکرابا بۆ جێبەجێ کردنی پرۆژەکان، راپۆرتی وەزارەتی دارایی زۆر لاوازە و زیاتر پێویست بوو روونکردنەوە بدات، بۆ ئەوەی ئەندامانی پەرلەمان زیاتر شارەزاییان هەبێ لەسەر بودجەکە، پێنجەم، داوا ئەکەین بودجەی تەشغیلی کەم بکرێتەوە بە مەبلەغی یەك ترلیۆن و 98 ملیار، بە پێی سەرفی شەش مانگی یەکەمی ساڵی 2010 کە سەرف کردووە، بە پێی ئەو تەخمینە تەنها لە سێ بەشی بودجەی تەشغیلی ئەو یەك ترلیۆن و 98 ملیار دینارە زیادەیە، واتا ئەمە ببردرێ لە بودجەی تەشغیلی و بخرێتە سەر چەند بەشێکی تر کە لە دواتر باسی دەکەم، جێبەجێ کردنی یاسای خانەنشینی هێزی پێشمەرگە کە بە ژمارە 38 ساڵی 2007، بەداخەوە ئەم

یاسایە جێبەجێ ناكرێ كە غەدر لە پێشمەرگە دەكرێ، مـن بـە پرسـیارێك داوام لـە ئەنجومـەنی وەزیـران كردووە كە ئەم یاسایە بۆ جێبەجێ نـاكرێ؟ بـە پاسـاوێك جـوابی داومەتـەوە كـە دەڵـێ، لەبـەر ئـەوەی ئـەم یاسایە پێشتر گلەییمان لێ هەبووە و ئێستاش داوامان كردووە كە هەموار بكـرێ لـە سـاڵی 2008دا داوامـان كردووە، من نازانم ئەوە ئەم رەتكردنەوەی ئەنجومەنی وەزیران ئاساییە یـان نـا؟، شەشـەم، یەكسـان كردنـی مـەعاش و دەرماڵـە و خوتـورەی هێزەكـانی پێشـمەرگە و ئاسـایش وەك حكومـەتی فیـدراڵی لـێ بكرێـت، حەوتەم، جێبەجێ كردنی یاسای خانەنشینی پێشمەرگە، عـەفوو ئـەوەم دووبارەیـە، زیـادكردنی پێشـینەی هاوسـەرگیری بـە بـڕی 5 ملیـۆن دینـار، زیـاد كردنـی پێشـینەی خانووبـەرە بـە بـڕی 5 ملیـۆن دینـار، كەمكردنەوەی مووچەی وەزیر و ئەندامانی پەرلەمان و هەر سێ سەرۆكایەتیەكەی هـەرێمی كوردسـتان بـە رێژەی لە 30٪، ساڵی دارایی دیاری بكرێت بۆ بودجەی هەرێمی كوردستان بۆ ئەوەی هەموو ساڵێك تووشی ئەم گرفتە نەبین كە ئێستا هـەموو سـاڵ لـە نیـوەی سـاڵ بـەدواوە بودجـە دەكەوێتـە كـار، سـەرفی مانگانـەی وەزارەتـی دارایـی سـەری مـانگ، هـەموو سـەرە مانگێـك بـۆ لێژنـەی دارایـی پەرلـەمان بنێردرێـت، هـەموو موناقەلەی داراییـەكان، بـە كیتـابی رەسمـی لێژنـەی دارایـی پەرلـەمانی لـێ ئاگـادار بكرێتـەوە كـە لـە لایـەن وەزارەتـەوە ئـەنجام دەدرێـت، پێویسـتە دەسـەڵات بـدرێت بـە ئەنجومـەنی پارێزگاكـان بـۆ ئـەوەی دەسـەڵاتی چاودێران هەبێ لەسەر ئەم پرۆژانەی كە لە سنووری دەسـەڵاتی خۆیانـدا هەیـە، ناهاوسـەنگی لـە بودجـەی تەشغیلی و ئیستیسماری هەیـە كـە هـەوڵ بـدرێ بـۆ راسـت كردنـەوەی، نـا هاوسـەنگی لـە بـەینی بودجـەی وەزارەتەكان بە شێوەیەكی زۆر ناعادیلانە دیارە لەمساڵدا، دامەزرانـدنی 25 هـەزار فەرمانبـەر لـە كاتێكـدا هەر وەزارەتێك خۆی بە ماددەیەكی یاسایی داوا دەكات لە پرۆژەی ئەم ساڵ كە هەر فەرمانبـەرێك دەیـەوێ بە شێوەیەكی رەسمی واز بێنێت لەوەزارەت بە شێوەیەكی هەتاهەتایی تا سێ ساڵ پارەی پێ بدرێت، نیـوەی پارەكەی پێ بدرێت، ئەگەر ئێمە پێویستمان بە موەزەفین نیە، بۆچی 25 هـەزار دادەمەزرێنـدرێ؟، لەگـەڵ دەستخۆشیشم و هیوادارم كە زیاتر دابمەزرێن، بەس ئەوە نەبێتە موزایەدە لەسەر ئەوە، بەڕاسـتی مـن پـێم وایە ئەمە شێوەیەكە لە نەبوونی ستراتیجیەت لە ئیش و كارەكانی وەزارەت، وەزارەتـی دارایـی، هـەموو ئـەو پرۆژانـەی كـە دووبـارەن یـان وەهمـین، راسـت بكرێنـەوە و لابـردرێن و پـرۆژەی تریـان لـە جـێ دابنـدرێ و لێژنەی دارایی پەرلەمانیان لێ ئاگادار بكرێتەوە، هەموو ئەو پرۆژانەی پێشتر پارەیان بۆ دابین كـراوە و لـە ساڵی 2009 و 2010، ئێستا دیاریكردنی پارەكانیان سفر بوویتەوە، ئـەوە دووبـارە پارەكانیـان بگەڕێتـەوە بۆ خەزینە و لێژنەی دارایی پەرلەمانی لێ ئاگادار بكرێتەوە، دیارە جگە لەوە، لە داهاتەكان، داهاتەكانی كە وەزارەت ناردوویەتی بەداخەوە كە كۆمەڵێك ناروونی و نا شەفافی تێدایە، بۆ نموونە وەزارەتی شـارەوانی لـە داهاتەكانی نووسراوە 890 ملیۆن دینـار داهـات، كاتێـك كـە ئێمـە پرسـیارمان لـە وەزارەتـی شـارەوانی كـرد وتیان داهاتی ئێمە كـە ناردوومانـە بـۆ ئەنجومـەنی وەزیـران بـۆ وەزارەتـی دارایـی 37ملیـار و 584 ملیـۆن بووە، كەواتە ناكاتە لە 20٪ یش، كەمتر لە 20٪، وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندن، هاتووە دەڵێ، یەك ملیار و 546 ملیۆن داهاتیەتی، بەڵام هەر وەزارەت خۆی جگە لە داهاتەكانی فڕۆكەخانەی هەولێر و سلێمانی كە

بـه سـفر هـاتووه، یـەك ملیـار و 804 ملیـۆن دینـارە، داهـاتی کارەبـا نووسـراوە 151 ملیـار، بـەڵام تـەنها وەزارەتی دارایی خۆی ئەڵێ سەرفی کارەبامان بۆ وەزارەتەکانی حکومەت، بۆ دائیرەکانی حکومەت بـۆ ساڵێك 392 ملیار و 767 ملیۆن دینارە، ئەمەش تەنها جگە لە 770 هەزار ئیشتیراك کـە هاووڵاتیـان و دەوائـیری غـەیری حکومی هەیـەتی، لـە راپـۆرتی وەزارەت هـاتووە 33 مـودیر عـامی دەرەجـە أ هەیـە، بـەڵام هـەمان وەزارەت ناردوویـەتی بـۆ حکومـەتی فیـدراڵ ئـەڵێ 70 مـودیر عـامی دەرەجـە أ مـان هەیـە لـە هـەرێمی کوردستان، ئەم جیاوازیە بۆ؟، بودجەی پەرەپێدانی پارێزگاکان لە حکومەتی فیدراڵی هاتووە 298 ملیـار و 142 ملیۆن، بەڵام دیارە تەنها 291 ملیاری تەوزیع کـراوە بەسـەر پارێزگاکانـدا بـە شـێوەی هـەولێر 105 ملیـار، سـلێمانی 116 ملیـار و دهـۆك 70 ملیـار، ئـەم جیاوازیـە زۆرە و ئـەم مەبلەغـەی 7 ملیـار و 142 ملیۆنە بۆ کوێ چووە؟، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، بەڕێز بەیان ئەحمەد فەرموو.

**بەڕێز بەیان احمد کۆچەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

دەستپێکی دەستخۆشیا لێژنا داراییی و گشت لیژنا پەرلەمانی دەکەم، کو ب ڕاستی گەلەك ماندی بوون ئەڤ جارا ڕاپۆرتا وان جهێ دەست خۆش یێـە وان و، هەروەسا ئـەڤ زێـدە بوونـە ل بودجا هـەرێما کوردسـتانێ زێدە بووی، ئەڤە ژی جهێ دلێ خۆشییێە، بەلێ دڤێتن ڕەنگ ڤەدانا ڤێ دڤی واقعی ژیارا خەلکێ مەداو، ئاڤـە دان کرنـێ ئەڤە هەنێ یا وازح بیتن، تێبینێت من ل چەند خالێکادا مـن دڤێـت ئـەز عـەرزێ جـەنابێ هـەوە بکەم، گەلەك بەحسێ هاوسەنگی ناڤ بەینا بودجێ تەشغیلی و ئیستیسماریدا، ڕاسـتی ئـەم دزانـین، پـرۆژە ئەون دمینن، ئـەو دمیـنن بـۆ ئاڤا کرنـا یـا میللـەتی، لەوما ئەگـەر ئـەم سـەح کـەینێ، دیـف مـەعایرێ نێـو دەوڵەتی، دڤێتن سـی، هـەتا سـی و پێنجی بودجا تەشغیلی بچیتن، 70٪ بـۆ ئیبستیسـماری بچـیتن، ئـەرێ ئەڤرۆکە ئەم پێتڤی نینە پشتی ئەزمونا بیست ساڵا، ئەم ڕاوەستیانەکێ بکەین؟، وە فعلەن مـەوازینێت خـۆ بگۆڕین، خالا دوویێ/ ب ڕاستی ئەگەر ئەم سەح کەینە نەفەقات مەجلس ڤەزا، بێـژم گەلەکـە، ئـەڤ ساڵا یـا بویە زوعف، ڤێ پرسیارێ دکەم بۆچی ئەو زوعفە هەنێ، پێشنیار دکەم نسبا مینەحا تەبعـەن 70٪ ببیتـە 4٪، ئەڤە هەنێ کو دێتە کێم کرن، بۆ هەندەك بابەتێ دیێ زەروری بچیتن، هەروەها هاوسـەنگیێ نـابینین، ناڤ بەینا وەزارەتادا، یەعنی ئەڤ تەرخانکرنا بۆ وەزارەتا دێتە کرن، ئەگەر ئەم سەح کەینە پشکا ژێـری، کـو 60٪یە بۆ وەزارەتی دارایی و داخلی و پێشمەرگەو پەروەردەو کارەبای چـووی، ئـەرێ وەزارەتـەك نیـنن کـو دڤێتن هەمان گرنگی پێ بێتە دانین، تەبعەن بۆ خاڵەکی تر، پرۆژێ یاسایێدا، نەفەقاتێت ئاسایشا سـلێمانی جارەکا دی جودایێت هاتین، ئەوە دەورا دووێ پەرلەمانی بۆ ساڵا 2009 هەتا نوکە، ئەڤ پێشێل کرنا بڕیارا پەرلەمانی هەتا کەنگی، جهێ پرسیارێیە ب ڕاستی ئەو ژی، ئەگـەر ئـەم بێینـە پـرۆژا کـو ب ڕاسـتی دڤـێتن ڕاوەسـتیان ل سـەر بێتـە کرنـێ، مـاددێ 28دا، یاسـا مـوازەنێ 2010ێ، گـۆتی ئەنجومـەنێ وەزیـران دڤـێتن

مولحەقەکی بۆ مەشاریعێ چێ کەتن و پێشکەشی پەرلەمانی بکەتن، بەلێ ئەڤە هەنێ مە نەدیتیە، ئەگەر ئەم سەح کەینە پڕۆژەیا 58٪ بودجەی وەبەرهێنان بۆ پڕۆژەی سالا بەری نوکە دچیتن، ڕێژا 38٪ بۆ پڕۆژەی پێشنیار کری دچیتن، هەروەها پڕۆژەیەك تەرخان کری 61پڕۆژە کو ئەوێ سالا 2003ێ، ئەرێ دیف چوونەك بۆ وی چەندێ هەبیتن، کی دیی پێ ڕابیتن ئەڤە ژی هەروەسا پرسیارەکان دیە، گەلەك پڕۆژێ هەبووینە ب ڕاستی بۆ نموونە، ئەم وەکو لیژنە من دڤێتن ئەم داکۆکی ل سەر بکەین، هندەك پڕۆژە هەبووینە پڕۆژێت پێشنیار کری بوون، بۆ نموونە داینگە چار باخ ل سلێمانی، کو ب ڕاستی مە وێنەییێت گرتین، ئەڤە وێنەنە دگەل مەدا، کو هەمی دەقیقە ئەڤ دایەنگە یا قابیلی کو هەرەفتنێیە، بەلێ کێڤە بەر پرسە ئەڤ ڕۆکە دڤان ئەوی دیکە نەهاتیە، پڕۆژا دائیم نەهاتیە، ئەز داخازێ دکەم ئەڤە بێتە ناو پڕۆژێ، دائیمیدا ئەڤ سالا، بودجەیەك بۆ بێتە کرنێ، کو گەلەکیا گرنگە، هەروەسا هەماهەنگی ئەم بێژین هاوسەنگی ناڤ بەینا دەڤەرێت جودا جودا دا، باژێڕی بۆ باژێڕکەکی بۆ قەزاو ناحیا، هەماهەنگیەکی تەمام لایێ پڕۆژەدا نەیا وازحەو نەدیارە، ئەڤە هەنێ دڤێتن موراجەعەك بۆ بێتە کرن، بۆ نموونە من بەحسێ ناحیا مزوری دکەم، کو ل سالا 1890 ێ ئەڤە کەڤن ترین ناحیەیە ل دەڤەرێ مزوریا، کو پار یا پارچە پارچە بوی نوکە ئەتریشێ مای، چ گرنگی پێ نەهاتیە دانان، کو ئێکەمین ئەنفال ل ڤێرێ دەست پێ کری، سالا 1975 ێ گرنگیەکا باش پێ نەهاتیە کرن، عەردێ وان هێشتا ل بەلەدیاتێت دانینە، پێ تڤیە خەلکێ وێ یێ ڕەحەل هێشتا هەندەك دەڤەرێ دی نەهاتیە سەر مولك و مالێت خۆ، ئەڤێ تەنێ پێ تڤیە تەعویز کرن و تەجەموعات بێنە ئاڤا کرنێ و، پشتەڤانیەکا باش بۆ بێتە کرنێ، هەروەسا ئەگەر ئەم سەح کەینە ناحیا چەمانکێ، ڕاستە وەکی ناحیەکێ.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ڕەجائەن، ئەوە پاشان ئەتوانن وەزیری مەعنی بانگ بکەن، لە لیژنەکە لەگەڵی کۆ ببنەوە، تکایە هەر بەڕێزێك لە ئێوەی بەڕێز، هەر مەشروعێکی وەهمی هەیە بە نووسراو بیدەن بۆ ئەوی لا بچێت، نابێ هیچ مەشروعێکی وا، نابێت چۆن ئەبێت، ناوەکەی بێت، وەلە کوێشە؟، بدرێتە لیژنەکە هەمووی لابچێت، ئەوانەی کاك بیلالیش ئیشارەی پێ کرد، بە تەئکید ناوەکان بەنووسراو بدە، بە تەئکید شتی وا نابێت بمێنێت، ئیعلان بکرێتن، ڕەجائەن وەرنەوە سەر بابەتەکە، کەرەمکە.

**بەڕێز بەیان احمد کۆچەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ناحیا داهاتی ژیدا تەبعەن نا ڕوونی یا وازحی تێداو هەتا نوکە، ئەڤە دووساڵە ئەم ژی تەئکیدێ دکەین، چ ڕوون کردنێت باش نەهاتینە دیار کرن، بۆ ئەندامێت پەرلەمانی، کەرتێ حکومەتێ ڕاستە بودجەیەکا گەلەك باش دێتە مەزاختن، بۆ بودجا تەشغیلی، بەلێ ژ ناحیا خزمەتێ گەلەکێ مای هندەك کەرتا، بۆ نموونە، کەرتێ تەندروستی، ئەگەر سەحکەیە خەستەخانێ مە، ب ڕاستی چ خزمەت بۆ نەهاتیە کرنێ ئەز داخازێ ژ لیژنا تەندروستی دکەم بچن سەح کەنە هەندەك خەستەخانێت مە، هەروەسا ئەگەر سەح کەینێ

میلاکاتا، کو راستی سیستەمێ تەعینێ، هەروەسا پێ تڤی ڕاوەستیانەکێیە، ڕاوەستیان بۆ بێتە کرن، کو پشتی بۆرینا 20سالا حکومی، یەعنی میلاکاتێت مە سیستەمێ تەعینێ، سیستەمەکێ تەبعەن نەیێ ساغلەمە، وەزیرێ پلان دانانێ بەرێ نوکەی 2008 ێ تەبعەن ئاماژەیەك کر، 45٪ فەرمانبەرێت هەرێما کوردستانێ نەخوێندەوارن، یەعنی 40 هەتا 45٪ زێدەنە، ئەم وەکو لیژنە چوونە ڕێڤە بەریەکا گشتی، تەبعەن گۆتەمە ژ کۆیا 1370 فەرمانبەرا ئەز ب تنێ موحتاجێ 370مە، 1000 فەرمانبەر زێدەنە، بۆ چییە؟، تەبعەن ئەڤە هەمی پرسیا دڤێتن، بەرسڤ ل سەر هەبن، ڕێژا مووچە خۆرا، ڕێژەکا جهێ تێبینیێیەو ، ئەم بەرەڤ کارەساتەکی دچین، ڕاوەستیان ل سەر نەهێتە کرن، دیف ستانداریێت جیهانی، هەر پێنجیێ هاوولاتی دڤێتن ئێك مۆزەف هەبیتن، بەلێ ل هەرێما کوردستانێ، هەر چار هاوولاتیا ئێك فەرمانبەریێ هەی، ئەرێ ئەڤ ژمارە چەندە، لەوما ئەز داخازێ ژ حکومەتی دکەین، ئەڤرۆکە ژمارا هەقیقی یا مووچە خۆرا تەبعەن بۆمە روونن کەتن، ئاشکەرا بکەتن، هەروەها چەوانیا حەل کرنا ڤێ کێشێ.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز کاك ثائر عبدالاحد فەرموو.

**بەڕێز د. ثائر عبدالاحد اوغسطین :**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەمرۆ حەز دەکەم باسی مەوزوعی وەرزش بکەم کە زۆر پەیوەندی بە هەرێمەوە هەیە، کە ئێمە بمانەوێ هەرێمیکی بەهێز بکەین، دەبێ ژێر خانی وەرزشی بە قوەت بکەین لەبەر ئەوەیە هەموو بحوس ئیسباتی کردیە کە وەرزش ئەمرۆ پەیوەندی بە هەموو بوارەکان هەیە، لای ئێمە دڵخۆشی بوو کە پار 10 ملیار دینار تەرخان کرا بۆ ژێر خانی وەرزشی، پێمان باش بوو کە ئەمرۆ لە ساڵی 2011 لە بودجەی کە ژێرخانی وەرزشی پارەی بۆ تەرخان کرابێ، بایی 20 ملیار و سەرەوە، لەبەر ئەوەی هەموو وڵاتانی نێودەوڵەتی و ئاسیەوی و عەرەبی ڕوویانداوەتەوە بۆ هەرێمی کوردستان، بۆ بەڕێوە بردنی چالاکیەکانی خۆیان و لەو دوو ساڵەی ئەخیری وا دیارە ئەو چالاکیانەی کە بەڕێوە چووە ناو هەرێمی کوردستان، ئێمە بەو تەرخان کردنی پارەی بۆ یاریگا و بۆ ئەو شتانەی بەراستی ئێمە ئەوە ستراتیجیەتی وەرزش نیە، ئێمە پێویستمان بەوە هەیە کە بڕێك پارە تەرخان بکرێ بۆ دروست کردنی شارێکی ئەورووپی کە هەموو شتی تێدا بێ، ئێمە نامانەوێ بە یەك ساڵ و دوو ساڵ تەواو بی، با لەسەر مەراحیل تەواو بێ، با بە هەشت ساڵ تەواو بێ، بەس با ئێمە بتوانین تەرخانی بکەینەوە و شتێکی هەتا بتوانین دروستی بکەین، ئەوە لە لایەك لە لایەکی دیکە ئەمە خاوەن پێداویستیەکانی تایبەتمان هەیە کە لێژنەیەکیان هەیە بەناوی پارائۆلۆمپی، ئێمە دەبێ ئیهتیمام بەو کەسانە بدەین کە خاوەن پێداویستی تایبەتن، ڕەئی من وایە سێ هۆڵی داخراو بۆیان بکرێتەوە لە هەر پارێزگایەك و بمانەوێ هۆڵی داخراوی تەخەصوصی بکەین، ئێمە هەندێك شتمان هەیە ئێستا نیتمان لە هەرێمی کوردستان، وەکو هۆڵی داخراوی پایسکل سواری، ئەوانە پێیان دەڵێن هۆڵی داخراوی وەرزشی تایبەت، هۆڵی داخراوی گۆرەپان و مەیدان، نیتمان، ئێمە بمانەوێ ئەو شتە داهاتە بۆ

هەرێم، ئەو کەسانەی کە بێنەوە بۆ هەرێم، ئەوەش دەتوانم بڵێم وەکو سەروەتێکی نەوتیە، داوا دەکەم بڕێك پارە تەرخان بکرێتەوە بۆ دروست کردنی ئەو شتانە، ئێمە لە ساڵی 2012 کە ئێستا چالاکیەکی نێودەوڵەتی دەکرێتەوە بەناوی ڤیڤا بە تەقریبەن 9 هەتا 12 وڵات بەشداری دەکەن، دەبێ شایستەی ئەوەی بین کە ئەو پرۆژانەی ئێمە دروستی بکەین کە ئەوانە بتوانن بەشداری بکەن، داوا دەکەم بڕێك پارە تەرخان بکرێتەوە بۆ دروست کردنی ئەو هۆڵانەی کە زۆر گرنگن و زۆر موهیمن بە نیسبەتی هەرێمەوە و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێز کاك شێردڵ فەرموو.

**بەڕێز شێردڵ تحسین محمد.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

تەبیعی من زۆر سوپاسی لیژنەی دارایی دەکەم کە خۆیان ماندوو کردووە بەو راپۆرتە، سوپاسی وەزارەتی داراییش دەکەم هەروەها و سوپاسی ئەو برادەرانە دەکەم کە قسەیان کردووە و کە پشتگیری لە پێشنیارەکانی لێژنەکانیان کردووە، تەبیعی من قسەکانم زۆری کرا و هەندێ قسەم بەڕێز د.سائیر کردی، من بە نیسبەت دوو، سێ خاڵی گرنگم هەیە وەکو پێشنیار، ئەوەل جار لە سەرەوە قسە ئەکەم کە لە (استمارە اعداد الموازنە الجاریە الموحدە کنفقات اللجنە الوطنیە الاولمبیە) هاتیە، دەبی ئەوە نەدەبا لێژنەی ئۆڵۆمپی وەتەنی و عیراقی بایە، دەبوایە کوردستانیش لە تەنیشتی بنووسرابایە، لەبەر ئەوەی موەحەد لحکومە اقلیم کوردستان، ناوی حکومەتی ئیقلیمی کوردستانی تێدایە، پارەکەش کە داندرایە لە نەفەقاتی فیعلی لە 2009 داندرایە، 3 ملیار و 504 هەزار دینار، لە مەصروفاتی فیعلی ئی 2010، بوویتە ملیارێك و 762 ملیۆن، بەڵام موفتەرەح 3 ملیاریان دانایە، موتەفەق وەزارەتی مالیە ملیارێك و نیوی دانایە، ئەو ملیار و نیوەی لەگەڵ کێ دانشتیە و لەگەڵ کێ موناقەشەی کردیە داینـاوە؟، بە خۆی لێژنەی ئۆڵۆمپی کوردستان مانگی 200 ملیۆنی وەردەگرێ لە مینەح لە حکومەتی هەرێم، ئەگەر ڤی 12 بکەین دەکاتە 2 ملیار و 400 ملیۆن، ئەوانە لە دوو ملیار و 400 ملیۆن کەمتریان داناوە پێی، مانای لێرە عیجزی هەیە، لێژنەی ئۆڵۆمپی سێ ئیتیحادی هەیە، مانگی 134 ملیۆن بەس سەوابیتی هەیە، سەوابیتی فیعلی هەیە 134 ملیۆن، بەخۆی 66 ملیۆنی ماوە بۆ پاڵەوانەتیەکان، ئەویش بۆ 33 ئیتیحاد، مانای وایە عییجزێکی زۆری هەیە، من پێشنیار دەکەم ئەو 3 ملیارە وەکو خۆی بمینێتەوە هەتا ئیش و کارەکانی خۆیان جێبەجێ بکەن، ئەوە یەك، دووەم، پشتگیری لە راپۆرتەکەی لێژنەی وەرزش دەکەم، ئەو 10 ملیارەی کە بۆمان دانرابوو بۆ ژێر خانی وەرزشی، تەبیعی ئێمە زۆر موتابەعەمان کرد و زۆر ئەوەمان کرد و لەگەڵ کاك رەشیدیش دانیشتین و زۆر زیارەتمان کرد و ئێستا هاویشترایە سەر پرۆژە بەردەوامبوونەکانە وە، خاڵێکی ترم هەیە، بودجەی لێژنەی ئۆڵۆمپی باسمان کرد، بوتولەك هەیە وەکو د.سائیر گوتی، بوتوڵەی ڤیڤا هەیە و ئەو بوتوڵە 10 ملیارمان بۆ تەرخان کرد پار لە ژێرخانی وەرزشی، بەڵام خرایە یاریگا و ئەو یاریگایانە

کە پێویستی نەدەکرد ئەوە دروست بکرابا، دەبوایە یاریگایەکانی تر تەعمیر بکرابا و لەگەڵی ئامادە با، ئەوە کامل تەقریر بوتولەی ڤیڤای پێنجەمە هاتووتە کوردستان، کە دوایی هەوڵ و کۆششێکی زۆری حکومەتی هەرێمی کوردستان، فەرمانگەی دەرەوەی حکومەتی کوردستان و لیژنەی ئۆلۆمپی و یەکێتی تۆپی پێی کوردستان، ئەو بوتولە هاتە هەرێمی کوردستان، تێدا 16 تا 17 دەوڵەت وەکو هەرێمەکان بەشدار دەکەن ئەویش لە جنوب ئەفریقیای بگرە هەتا دەگاتە ئوستراليا و ئەوروپا، هەمووی بەشدار دەکات، ئەوەش یاریگایەکان و هەموو ئەو بوتولانەی کە کرایە و پێشانی ئەو برادەرانە دەدەم هەتا پارەکی بۆ تەرخان بکرێ، بۆ ئەوەی ئەو یاریگایانەی کە ئێستا دەیەوێ هەر موحافەزە دوو یاریگای دەوێ بۆ تەدریب و دوو یاریگاش بۆ سیباقی دەوێ، بۆ تەعمیر کردنی ئەو یاریگایانە دەبێ پارەکی بۆ تەرخان بکرێ هەتا ئیش و کارەکانی بە جوانی و بە رێك و پێکی بڕوات وەکو دەوڵەتەکانی تر، خاڵێکی ترم هەیە، ئەو یانانەی کە موشارەکەی بوتولاتی ئاسیا دەکەن دەبێ ئێستا زۆر پەرەسەندووە خۆتان دەزانن ئێستا هەموو رۆژێ دەوڵەتەکان دێنە کوردستان یاری دەکەن، تەقییم کردنی وەرزشی عیراق، تەقییم کردنی بەکوردستانە، بە یانەکانی کوردستانە، ئێستا کە تەقییمی عیراق دەکەن، بە یانەکانی کوردستان تەقییم دەکرێن کە موشارەکەی بوتولاتی ئاسیا دەکەن، هەموو یانەکانی بەغداش سیباقاتیان کە ئاسیەوی دەبێ یان قاری دەبێ، لە هەولێرە یان لە دهۆك یاری دەکرێ، بەڵام سلێمانی بێ بەشە لەبەر ئەوەی کە یاریگایەکانیان تەواو نیە، یەعنی مواصەفاتی دەولی تێدا نیە، بۆیە کە ئەو پارەی تەخصیص دەکرێ بۆ ڤیڤایەکەی، یاریگایەکان چاك بکرێتەوە و سلێمانی یەکێك لەوان بێ کە چاك بکرێتەوە و ئەوانیش بێ بەش نەبن لەو یاریگایانە، د.سائیر باسی ئەوەی کرد، لیژنەی ئۆلۆمپی پارائۆلۆمپی خاوەن پێداویستیەکان، ئەویش لیژنەیەکی تایبەتە، وەکو لیژنەی ئۆلۆمپی کوردستانی، وەکو لیژنەی ئۆلۆمپی عیراقی، لیژنەیەکی بە تەنێیە لیژنەی پارائۆلۆمپی پێ دەڵێن، خاوەن پێداویستیە تایبەتەکان، چەند یاریزانیکمان هەیە کە لەو پارائۆڵمپیەی کوردستان موشارەکەی بوتوڵەی عالەمیان کردبوو، لە عالەم یەکەم بووینە، یەعنی یاریزانەکان سەری کوردستانیان بەرز کردیە کە موشارەکەی بوتولەی عالەمیان کردیە و لە عالەم یەکەم بووینە، ئەوەش دەبێ حیسابێکیان بۆ بکرێ و جێگایەکیان بۆ بکرێ و پارەیان بۆ دابندرێ وەکو لیژنەی ئۆلۆمپی عیراقی یان کوردستانی، ئەوە بە نیسبەت وەرزش، بە نیسبەت لیژنەی خۆمان، لیژنەی ناوەخۆ، تەبیعی من پێشنیار دەکەم 110 هەزار دینارەکەی کە ساڵی 2009 کە 2010 بۆیان داندرا کە 210 هەزار بوو، قەرەبوو بکرێنەوە بە 110 هەزارەکە پۆلیس و ئاسایش و ئەوانە، پارەکەیان بدرێتن، خاڵێکی ترم هەیە، ئەوە خاڵێکی زۆر گرنگە، زۆر فەرمانبەرەکان یەعنی زۆر جار کە پێم دەڵێن، دانانی سولفەیە بۆ فەرمانبەران، پێشان موزەف سولفەی هەبوو، ئیشێکی هەبوو سولفەی وەردەگرت، بە بڕین لە مووچەکەی پارەکەیان لێ وەردەگرت، ئینجا چەند دادەنرێ و چەند دانەندرێ ئەوە زۆر ئیعتیادیە، دووەمین، دانانی پرۆژەکان، هەماهەنگی هەبێ لە مابەینی پارێزگاکان و وەزارەتەکان، لەگەڵ پلان دانان دانیشین پرۆژەکان دانین هەتا پرۆژەکان تێکەڵ نەبی لەگەڵ یەکتری و پرۆژەکان بە یەکتر نەچن و، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێز د.ڕۆژان فەرموو.

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر احمد دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

دەستخۆشی لە سەرۆك و یەکە یەکەی ئەندامانی لێژنەی دارایی دەکەم کە راپۆرتێکی تێر و تەسەل و وردیان ئامادە کردیە، سەرەتای تێبینی و پێشنیارەکانم، بە ئیشارەت و ئاماژە کردن بە ماددەیەکی بودجەی هەرێمی کوردستان، یاسای بودجەی ساڵی 2010 دەکەم کە ماددەی 24 باس لە یەکخستنی مووچەی فەرمانبەران و مووچەی خانەنشین و هێزەکانی پێشمەرگە و ئاسایش و پۆلیس دەکەم، کە ئەندامان ئیشارەتیان پێدا، ئەو ماددەیە تا ئێستا جێبەجێ نەکرایە، ساڵانە کە گفتوگۆی بودجە دەکرێ، ئێمە داوای زیاد کردنی دەرماڵە بۆ هەندێ فەرمانبەران دەکەین، ئەوەش لەبەر ئەوەی سیستەمی مووچە پێویستی بە پێداچوونەوەیە، ئەگەر بازاڕ کۆنترۆڵ نەکرێ، هەر زیادەیەك بکرێ، ئەوە فەرمانبەران ناتوانن سوود لەو زیادەیە ببێنن، سەبارەت بە دەرماڵە، دوو پێشنیارم هەیە، یەکەمیان، بەخشینی دەرماڵە بە دەرچووانی بەشی رامیاری کە تا ئێستا هیچ دەرماڵەیەك نایانگرێتەوە، ئێمە دوو بەشمان هەیە، یەکیان لە زانکۆی سەلاحەددین و ئەوەی تریان لە زانکۆی سلێمانیە، دەرچووانی ئەو بەشە هیچ دەرماڵەیەك تا ئێستا نایانگرێتەوە، پێشنیاری دووەمم سەبارەت بە دەرماڵە، ئاماژە بە بڕیارێکی ئەنجومەنی وەزیران دەکەم کە 3/28 /2011 دەرچووە، کە پێش ئەو بڕیارە هەر چەندە پێش پەسند کردنی بودجە بڕیارەکە لەلایەن ئەنجومەنی وەزیران دەرچووە، باس لە بەخشینی پێدانی دەرماڵە دەکات بۆ دەرچووانی و بۆ هەڵگرانی بروانامەی یاسا لە دام و دەزگاکانی سەر بە وەزارەتی داد و ئەنجومەنی دادوەری، بەڵام ئەو دەرماڵەیە بە یەکسانی هەموو فەرمانبەران ناگرێتەوە، هەر چەندە وەزارەتێك وەکو وەزارەتی داد کە لە ساڵی 2010 داهاتەکەی 55 ملیار دینارە، بەڵام دەرماڵەکە بە یەکسانی دابەشی سەر هەموو فەرمانبەران نەکرایە، تێبینیەکی ترم هەیە سەبارەت بە ماددەی 17 لە یاسای هەموار کردنی جێبەجێ کردنی یاسای باری کەسێتی ژمارە 15ی ساڵی 2008، کە تایبەتە بەو ئافرەتانەی. لە هاوسەرەکانیان جیا بووینەوەو لە ماددەی (17) باس لەوە دەکات، کە پێویستە مانگانە داهاتێکیان بۆ دابین بکرێت، تاوەکو کارێکیان بۆ دەدۆزرێتەوە، تا ئێستا ئەو پرسیارەمان ئاراستەی وەزیری کاروباری کۆمەڵایەتیش کردووە، کە ئەو ماددەیە جێ بەجێ نەکراوە، لەبەر ئەوەی تەمویل نەکراوە لەلایەن وەزارەتی دارایی.

سەبارەت بە سولفەی عەقار، لە بودجەی ساڵی 2010 کارێکی زۆر باش کرا، کەوا ئەو سولفەیە تەنها پارێزگاکان نەگرێتەوە، قەزاو ناحیەو گوندەکانیشی گرتەوە، شتێکی زۆر باش بوو و هاوکارییەکە بۆ خەڵکانی کەم دەرامەت، کە بتوانن ببنە خاوەن یەکەی نیشتەجێ بوون، هەروەها بۆ چارەسەر کردن و کەم کردنەوەی قەیرانی نیشتەجێ بوون لە هەرێمی کوردستان، بۆیە من پێشنیار دەکەم کە ئەمساڵ زەوی سەد

مەتریش بگرێتەوە، چونکە بۆ بەدیهێنانی ئەو دوو مەبەستەی کە سولفەکەی بۆ سەرف دەکرێت، بۆ سەد مەتریش سەرف بکرێت، ئەوە ئەو دوو ئامانج و مەبەستە بەدی دەهێنێت.
بودجەی تەشغیلی و مینەح و ئیعانات و مەنافیعی ئیجتیماعی، هەرچەند کەم بکرێتەوە باشە، منیش پشتگیری لەو پێشنیارە دەکەم کە بڕێکی زۆری لێ کەم بکرێتەوە، بەداخەوە لە بودجەی ئەمساڵیش ئاسایشی هەولێرو سلێمانی بە دوو بودجە هاتووە، هەرچەند ئێمە لە یاسای بودجەی ساڵی 2010 لە ماددەی (29) باسمان لەوە کرد کە ماوەیەك لە شەش مانگ تێنەپەڕێت، پێویستە هەموو دامودەزگاکان یەك بخرێن و بودجەکانیان یەك بخرێت، هەروەها لە پەرلەمانی کوردستان پێش چەند هەفتەیەك یاسای دەزگای ئاسایش پەسند کرا، بەلاّم ئەوە لەبەرچاو نەگیراوە. پرۆژەکانی ساڵی 2010 وەکو پێویست جێ بەجێ نەکراوە، ڕێژەیەکی یەکجار کەم هەروەکو لە راپۆرتی دارایی هاتووە لە سەدا سی و چوار پۆینت سێ لەسەدا پرۆژەکان جێ بەجێ کراوە، ئەوە ڕێژەیەکی یەکجار کەمەو پرۆژە هەیە پێویستی بە (60) رۆژە، وابزانم دروست کردنی پردێکە لە لاپەڕە (19)، لە راپۆرتی لیژنەی دارایی هاتووە، بەلاّم بودجەی تەواوی بۆ تەخصیص نەکراوەو بۆ تەرخان نەکراوە، بۆیە لەوانەیە پرۆژەیەك کە (60) رۆژی پێویست بێت بۆ جێ بەجێ کردنی، بەلاّم ماوەی دوو ساڵ، سێ ساڵ بخایەنێت تاکو ئەو پرۆژەیە جێ بەجێ دەکرێت. سەبارەت بە دروست کردنی بالآخانەی پەیمانگای دادوەری (معهد قضائي)، کە لە ساڵی 2010 بیست ملیاری بۆ تەرخان کراوە، بەلاّم تاکو ئێستا هیچ شتێك لەو بالآخانەیە، لەو پرۆژەیە دروست نەکراوە، تەنها پارچە زەویەك تەرخان کراوە لەسەر ڕێگای بەحرکەو هیچ لە پرۆژەکە دەستکاری نەکراوە، ئەو بیست ملیار دینارە بۆ ئەمساڵ دەمێنێتەوەو، لە بودجەی وەزارەتی پلاندانان تێبینی ئەوەم کرد، کە دروست کردنی بینایەو موجەمەعی محاکم هاتووە، نازانم ئەوە پێویستە لە بودجەی ئەنجومەنی دادوەری بێت، یان کاری وەزارەتی پلاندانانە دروست کردنی بینایەی محاکم، ئەوە تێبینیەکانم بوو، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڕێزدار کاوە کەرەم بکە.

**بەڕێز کاوە محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشەکی زۆر سوپاسی لیژنەی دارایی و ئابووری دەکەین، کە بەڕاستی زۆر ماندوو بوونیان کێشاوەو تێبینیەکانیان بە روونی خستۆتە روو، زۆر سوپاسی حکومەت دەکەین، بەتایبەتی وەزارەتی دارایی و پلاندانان، کە بە تێرو تەسەلی و بە شەفافی بودجەکەیان خستەڕوو و تەفاسیلیشیان داوە لەسەر هەموو پرۆژەکان و داهات و نەفەقات، من بە حوکمی ئەوەی لە هیچ لیژنەیەك نیمە، لەوانەیە تێبینیم و شتەکانم فەرقی هەبێت لەگەڵ برادەرانی تر، لەبەر ئەوەی لە موناقەشەی لیژنەکان بەشدار نەبووم، بەلاّم 100٪ تەئیدی ئەوە دەکەم کە لە 10٪ لە بودجەی تەشغیلی کەم بکرێتەوەو، ئەو پارەیە بدرێت بۆ پێشینەی هاوسەرگیری، کە دوو ملیۆن و نیوە بکرێت بە پێنج ملیۆن، پازدە ملیۆنی پێشەکی خانووبەرە بکرێتە

بیست ملیۆن، قەرزی پرۆژەی کشتوکاڵی، پیشەسازی بدرێتن، هەروەها بۆ پرۆژەی خزمەتگوزاری، ئەو دەرماڵەی کە زیاد دەکرێت بۆ هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ، کە پۆلیس و ئاسایش دەگرێتەوە، پشتگیریان دەکەین کە بۆیان جێ بەجێ بکرێت، تێبینیەکی ترم هەیە بەشێوەیەکی گشتی لەسەر سیاسەتی ئابووری، لەڕاستیدا بودجە رۆڵی گرنگ دەبینێت لە پتەو کردنی ژێرخانی ئابووری، لایەنێکی گرنگ لە ژێرخانی ئابووری کشتوکاڵە، کشتوکاڵ بەڕاستی زۆر زۆر گرنگە، لە دوای داهاتی نەوت، کشتوکاڵ دێت لە هەرێمی کوردستاندا، هەرێمی کوردستان خاکەکەی هەرێمێکی کشتوکاڵییە، خاکی کشتوکاڵییە، هەروەکو لە تێبینیەکانی لیژنەی دارایی لە لاپەڕە (16) لە بڕگەی یەکەم رێژەیەکی زۆر بۆ پێنج وەزارەت لە بودجەی تەشغیلی تەرخان کراوە، یەك لەو وەزارەتانە، وەزارەتی کشتوکاڵی تێدا نییە بەڕاستی، کە رۆڵێکی سەرەکی دەبینێت لە ژێرخانی ئابووری کوردستاندا، من پێموا نییە بە قسە بڵێین وەڵلاً ژێرخانی ئابووری و پەرەپێدانی کشتوکاڵی وا شتێکی ئاسانە، چونکە بە پلانی درێژخایەن و کورت خایەن دەکرێت، ئەوە شتێکی روونە، بەلاّم دەکرێت زیاتر تەنسیق هەبێت لەنێوان وەزارەتە پەیوەندیدارەکان لە ئاوەدانکردنەوە، چونکە هەتا ئاوەدانکردنەوە لە کوردستان و لە دێهاتەکان نەبێت، ئێمە ناتوانین داهاتی کشتوکاڵی بە هەردوو رووەکەی رووەکی و ئاژەڵداری پەرەی پێ بدەین، ئەوەش بە تەنسیق دەکرێت لەنێوان وەزارەتی کارەبا، ئاو، کشتوکاڵ، پەروەردە، تەندروستی..........هتد، هەموو وەزارەتە مەعنیەکان ئەگەر تەنسیقێك هەبێت لەنێوانیاندا، دەتوانن ئاوەدانکردنەوە پەرەی پێ بدرێت، ئەو کاتە ئێمە دەتوانین زیاتر داهاتی کشتوکاڵ بە هەردوو لایەنەکەی رووەکی و ئاژەڵداری دەتوانین پەرەی پێ بدەین، بۆ ئەوەی چیتر ئێمە متمانە نەکەینە سەر بەرهەمی کشتوکاڵی دەرەوەی هەرێم، نازانم ئیتر ئەوە لە دەسەلاّتی حکومەت و، میزانیەکە خۆی تەحەکوم دەکاتن لەسەر ئەوە، چۆن دەتوانن لەهەندێك وەزارەت جێ گۆڕکێ بە میزانیەکە بکەن؟ پشتگیری کەرتی کشتوکاڵ بکرێت بۆ ئایندە، ئەوەش بەپلانی درێژخایەن و بە پلانی کورت خایەنی هەموو ئەو وەزارەتە پەیوەندارانە دەکرێتن، ئەوە دەوەستێتەوە سەری، داواکارم لە لیژنەی دارایی کە ئەو پێشنیارەم بە هەند وەربگرن بۆ ئایندەش دەکرێت لەبەرچاو بگیرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، رێزدار شێرزاد کەرەم بکە.

**بەڕێز شێرزاد عبدالحافظ شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە منیش دەستخۆشی لە لیژنەی دارایی و لیژنەکانی تر دەکەم، کە کەموکورتی باشیان دۆزیتەوە لەم بودجەیە، بەلاّم ئەمە مانای ئەوە نییە، کە ئیتر کەموکورتی تیا نییە، لە 17٪ بۆ وەرگەڕخستن و لە 30٪ بۆ پرۆژەکان، بەڕاستی ئەمە پێچەوانەی وابزانم هەموو دنیایە، یەعنی ئەمەی وەگەڕخستن زۆر زۆرە لەچاو ئەوەی تر، کە من پێشنیاری ئەوە دەکەم تا حەددی ئیمکان، ئەوەندەی بکرێت زۆر باس لە دەسەلاّت نەکرا، من پێموایە زیاتریش ئەگەر بتوانین ئەوە داگرین زۆر باش دەکەین، ئێمە تەبعەن حیسابی کۆتایی

ساڵی 2010مان لەلا نییە، تا بزانین بە پرۆژەکاندا بچینەوە، بە حیساباتەکانی تردا بچینەوە، کە قەرار وا بوو لەلامان بێت، تا ئێستا ئەوە پاریش باس کراوە، کە نەهاتۆتە لامان، ئێمە ساڵی پار کۆمەڵێك پرۆژەی وەهمی و پرۆژەی دووبارەو ئەوانە هەبوون، لەم پەرلەمانەدا بڕیار درا کە ئەم پرۆژانە سەرف بکرێتەوە بۆ ئەو شوێنەی کە ئەوەی تیا کراوە، بەڵام تاکو ئێستا نە پرۆژەکان سەرف کراوە، نازانین ئەو بڕە مەبلەغە پارەیەش بۆ کوێ چووە؟ چونکە لەناو ئەم بودجەیە هیچ شتێکی وا دیاری نەکراوە، تەبعەن هەروەکو پار ئێستاش داهات هەر دیار نییە، ئەگەر هەشبێت زۆر کەمە، جارێ شیرینی گرێبەستە نەوتیەکان ئەوە هەر باسی نەکراوە لەهیچ شوێنێك، کە زەروور بوو لەو بودجەیەدا دیار بوایەو بە ئاسانی بماندیتایە، بەڕاستی ئەم بودجەی ئێمە هەندێك شتی تێدایە سەیرو سەمەرەیە، مەسەلەن باسی داهاتی وەزارەتی ناوخۆ، بەشی باجەکان دەکات، کە لە ساڵی 2009دا تەنها دوو ملیۆن داهاتیان بووە، دوو ملیۆن! بەڵام بۆ ساڵی 2010 تا 6/30 بریتی بوو لە  دوازدە ملیارو دوو سەد ملیۆن بۆ ساڵەکە کە دەکاتە بیست و پێنج ملیار، بەڵام بۆ ساڵی 2011 بیست و پێنج ملیارو دووسەدو هەشتا ملیۆن دانراوە، تەبعەن نموونەی ئەمە زۆرە لە هەموو بودجەکاندا، ئەگەر تەماشای بکەین لە فەقەرەکاندا، ئەمە بەس نموونەیە دیاری دەکەین بۆ ئەوە، تەسەور بکەن لە دوو میلۆن بچێتە بیست و پێنج ملیار داهات، یەعنی ئەمە جێی راوەستان و بەڕاستی پرسیاریشە، ئێمە ساڵی پار باسی ئەوەمان کرد ئیعانات، مینەح، مونافیع ئیجتیماعی، ئەمانە مەسروفات ئوخەرا، ئەمانە وا بکەین کەمی بکەینەوە، بەڵام ئەمساڵ لەچاو ئەوەی پار کە کەم نەکرابۆوە، دووبارە بۆتەوە، یەعنی زۆر زۆر هینی کردووە، بۆیە من پێشنیار دەکەم ئەوەش تا ئەوەندەی دەتوانین لێی ببڕین تاکو شتی تر سەرف بکەین، تەبعەن ئەم بودجەیە رێژەی دانیشتوانی تیا رەچاو نەکراوە، بەڕاستی لە تەوزیع کردندا، شاری وا هەیە زۆر زۆری بۆ سەرف کراوە، شاری وا هەیە رەنگە زۆر لەو گەورە تریش بێت، بەڵام نیسبەیەکی زۆر کەمی بۆ سەرف کراوە، کە ئەوە حەقی وایە پیاچوونەوەی بۆ بکرێت لەلایەن لیژنەی مالییەوە، بۆ ئەوەی وا بکەین ئەو فەرقە نەهێڵین، پێشینەی خانوو کە دەدرێت بە هاووڵاتیان،دیارە ئەو پێشینەیە، یان ئەوانەی بە قەرز دەدرێت بە هاووڵاتیان دەگەڕێتەوە، بەڵام لە بودجەدا نییە، دیار نییە ئەو پارانەی گەڕاونەتەوە کوا چیان لێهاتووە؟ بۆ کوێ چوون؟ تەبعەن ساڵانە ئەو پارانە دەگەڕێتەوەو، بەڵام ئێمە لە بودجە پارەی بۆ دانراوە جارێکی تر. بۆ سلع و خەدەمات و صیانەی پەرلەمان، لە ساڵی 2009 سێ ملیار بووە، ئەمساڵ گەیشتۆتە دوازدە ملیار، سێ ملیار بۆ دوازدە ملیار فەرقێکی زۆر زۆرە بەڕاستی، شتێکی سەیری ترم تیا بینی بۆ کڕین و دانانی پێوەری دیجیتالی کارەبا لەلایەن کۆمپانیای (DMC ) ئیماراتی جێ بەجێ دەکرێت، بڕەکەی شەست ملیار دینارو نیوە، کە ئەمە بۆ هەموو هەرێمە، جارێکی تر لەسەر وەزارەتی کارەبا حەفتا ملیارو سەد ملیۆنی تری بۆ دانراوە هەر بۆ ئەمساڵ، بەڕاستی ئەوە مەبلەغێکە هەمیشە جێگەی ئەوەیە لەسەری بوەستین، من نازانم وەزارەتی ناوخۆ بۆ پرۆژەی هەیە؟ یەعنی وەزارەتی ناوخۆ شتێکە دیفاعی و پارێزگاری لەناوخۆی وڵات، بەڵام ئەو پارکی گەشتوگوزاری و ئەعماری کۆنکرێتی ئاو و نازانم چی لەو بابەتانە، کە ئەمە کەی هی وەزارەتی ناوخۆیە، ئەوە هی وەزارەتی شارەوانییە، هی

وەزارەتێکی تره، باسی ئەوە کراوە دروست کردنی شەش سەد خانوو بۆ کەسوکاری شەهیدان، ئەمەیان زۆر خۆشە، دروست کردنی شەش سەد خانوو بۆ کەسوکاری شەهیدان لە کۆیە، سۆران، بالیسان، هەریر، بە گوژمەی بیست و یەك ملیارو شەش سەد ملیۆن، بۆ ماوەی سێ سەدو شەست و پێنج رۆژ، یەعنی یەك ساڵ، کەچی چوار ملیار دیناری بۆ تەرخان کراوە بۆ ئەمساڵ، دیسان شەش سەد خانوو بۆ کەسوکاری شەهیدان لە پیرەمەگرون، چەمچەماڵ، عەربەت، قەلآدزێ، بە گوژمەی بیست و یەك ملیارو شەش سەد ملیۆن، ماوەی ئەویش هەر یەك ساڵە، پێنج ملیارو پێنج سەدی بۆ دانراوە، چ کۆمپانیایەك، چ قۆنتراتچیەك دەچێت پرۆژەیەکی وا بە بیست و یەك ملیار دەگرێت؟ بەلآم ئەمساڵ بۆ یەك ساڵ پێنج ملیاریشی بدرێتێ، بۆیە ئەوە کەس ناتوانێت بیکات و وەریبگرێت، دەگەڕێتەوە بۆ بودجە جارێکی دیکە، بەلآم لەناو بودجە ئەو پارەیە جارێکی تر دیار نامێنێتەوە، نازانین چی لێ دێت؟ تەبعەن لەم بابەتانە ئەوەی زۆر تیایە کەباسی بکەین، باسی ئەوە دەکرێت گواستنەوەی راستەوخۆی مانگی دەستکرد دوو ملیارو سەدو ببیست وحەوت ملیۆن، نازانم وەڵلآهی من حەز دەکەم یەکێك پێمان بڵێ لەو برادەرانەی ئەوێ کە مانگی دەستکرد چیەو بۆچیە؟ نازانم شتی وامان، هیچ قەناتێکی تەلەفزیۆنی حکومیمان نییە کە ئەوە بکات، تەبعەن صیانەی وەسائیلی نەقل سی و دوو ملیارو حەوت سەدی بۆ دانراوە، بەلآم ئەمە خۆی لە حەقلەکاندا هەیە، لە حەقلەکاندا دەڵێت سەیارەی حەمل ئەوەندە، سەیارەی ئەوە ئەوەندە، جارێکی دیکە ئەو سی و دوو ملیارەی بۆ دانراوەتەوە کە ئەوە زۆرە، پار لەم پەرلەمانەدا باسی ئەو نۆزدە خانووەکەی ناحیەی ئاغجەلەرمان کرد، کە ئەوە دوو ساڵە تەواو بووە، پارەی بۆ سەرف کراوەتەوە، ئەمساڵیش پارەی بۆ سەرف کراوەتەوە، تەبعەن ناحیەی تریش هەیە، بەلآم من بە نموونە دەیهێنمەوە، هەندێ جادە کراوە بۆ هەندێ گوند کە ماڵی تیا نییە، هیچ خانووی تیا نییە، نازانم ئەو جادەیە دەبێت بۆچی کرا بێت؟ تەبعەن کراویشە، خزمەتگوزاری خانووەکانی هەم ئاغجەلەر دیسان ئەویش پار باس کراو تەواو بوو، ئەمساڵ دیسان دەست نیشان کراوەتەوە، سەرگەڵو سەر بەسلێمانی و سەر بە سووورداشە، لەسەر چەمچەماڵ پرۆژەیان بۆ داناوە، قوتابخانە دروست دەکرێت لە شارێك، لە گەڕەکێك، بەلآم شوێنەکەی دیار نییە، تا من بەدواداچوونی بۆ بکەم بزانم ئەم قوتابخانەیە لەکوێیە؟ هەر دەڵێت قوتابخانەیەك، گەیاندنی کارەبا بۆ چوار گوند لەکوێ؟ کەی؟ چۆن من بچم بەدوای بکەوم و بزانم ئەو مەسەلەیە چیە؟ تەبعەن من لەگەڵ ئەو رەئیەم، پاریش من لەگەڵ ئەو رەئیە دابووم زیاد کردنی دەرماڵەی پۆلیس و ناوخۆ و ئاسایش و پێشمەرگە، کە وەك بەغدای لێ بێتەوە لەناوخۆش ئەوەمان هەر تەسبیت کرد وەکو لیژنەی ناوخۆ، پشتگیری زیاد کردنی سولفەی عەقارو سولفەی زەواج دەکەین بەزۆرترین بڕ، پشتگیری لە یەك، دوو برادەر دەکەم کەباسیان کرد یاسای ژمارە (34) و (38)ی خانەنشینی پێشمەرگەو کەم ئەندامانی سەنگەر، کە کەم ئەندامانی سەنگەر حەوت هەزار کەسن، یەعنی زۆر نین و دەتوانرێت ئەوە بکرێت، مووچەی کەم ئەندامان زۆر کەمە سەد بۆ سەدو پەنجا بەڕاستی بەشیان ناکات، کەم ئەندام کە ئیش نەکات، هیچ نەکات، ئەوە دەکرێت لەو بڕانەی دەگەڕێتەوە بۆیان زیاد بکەین، لەبەر ئەو مووچەیەی کەم ئەندامان مووچە نییە، هاوکارییە، سولفەی زەواج هینیان ناکات،

شمولیان ناکات، بۆیە جێگایەکیان بۆ بکرێتەوە لەو سولفەی زەواجە، بەنیسبەی ئەگەر لە 10٪ بێت باشە، چونکە کەم ئەندامان لە کوردستاندا 10٪، دەست نیشان کردنی بڕێك پارە بۆ ناردنە دەرەوەی ئەو کارمەندانەی کە عیلاجیان هەیە لە دەرەوە، کە دەتوانین عیلاجیان بکەین و دوایی بێنەوە ئەو مووچەشیان نەدرێتێ، هەر بە مووچەی خۆیان دەتوانن ئەوەیان بۆ بکرێت............

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، پاشان وەختێکی تر رێزدار سمیر سەلیم کەرەم بکە.

**بەڕێز سمیر سلیم امین بەگ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە سەرەتا بە راپۆرتەکەی بەڕێز وەزیری دارایی دەست پێ دەکەم، راپۆرتەکەی وەزیری دارایی هێندەی شەرح کردنی چۆنیەتی دابەش کردنی ئەو بڕە پارەی بەغدایە، هێندە روون کردنەوە نییە لەسەر شێوازی ئامادە کردن و ئەو سیاسەتە پێڕەو کراوانە لە هەرێمدا، حکومەت پەیڕەوی دەکات بۆ ئامادە کردنی بودجەو بۆ دابەش کردنی سێکتەرەکان، بۆ دیاری کردنی ئەولەویەت و ئیهتیمام بە کەرتە جیاوازەکان، جارێ لە سەرەتاوە کە ئێمە حکومەتی هەرێمین لەسەرەتاوە بەوە دەست پێ دەکات ئاگاداری سیاسەتی دارایی عێراق نییە، کە بڕبڕەی پشتی دارایی هەرێم و بودجەی هەرێم، بەغدایە، حکومەتی ئێمە ئاگاداری ئەو سیاسەتی داراییە نییە، کە لە عێراقدا پەیڕەو دەکرێت.

دووەم/ ئاگاداری سیاسەتی نەختینەیی عێراق نییە.

سێیەم/ دیاری کردنی بڕی نەوت.

چوارەم/ دیاری کردنی ئەو بڕەی هەنارده دەکرێت بۆ دەرەوە، هەروەها ئەو شوێنەی تر، ئەمە حەقە لەسەر تەنها ئەمە بێت، حکومەت موسائەلە بکرێت، ئیستیجواب بکرێت، بۆچی دوای حەوت ساڵ لە هەرێمی کوردستاندا ئێمە بێ ئاگایی خۆمان دەردەبڕین بەرامبەر بە ئەساسترین شت لە سیستەمی فیدراڵیدا، کە بریتیە لە ئیقتیصادی دەوڵەت، ئەمە یەکێکە لەو شتانەی کە حەزم دەکرد راپۆرتەکە روون کردنەوەی تیا بوایە.

خاڵێکی تر/ لە راپۆرتەکەدا هاتووە، کە ئەم حکومەتەی ئێمە نازانم کەرتی گشتی، کەرتی تایبەت وەك یەك مامەڵە کردن لەگەڵ یەکتردا، ئەمە فۆرمێکە ئەنجامی خۆی سەلماندن لەسەر ئاستی عالەمیش، نەك لەسەر ئاستی دەوڵەتێك لەسەرەتای پێکەوەنانی بێت، ئەم پێکەوە تێکەڵ کردنەی کەرتی گشتی و کەرتی تایبەت لەلای ئێمە لە بنوك و لە شەریکاتی ئوخرا، لە شارەوانییەکاندا، کە حکومەتی ئێمە تەمویلی دەکات و ئیدارەی دەکات لەهەموو دەوڵەتەکاندا شارەوانیەکان و شەریکات و بنوك مەصدەری یارمەتی دانی حکومەتن، ئەرك لە کۆڵی حکومەت دەکەنەوە، بەس ئەمانە جارێکی تر ئەو ئەرکەن کەوا بە کۆڵی حکومەتی ئێمەوەو تەمویل دەکرێت لەلایەن حکومەتی ئێمەوە. دەچمە سەر راپۆرتەکەی لیژنەی دارایی، من خۆم ئەندامم لە لیژنەی دارایی، سوپاسی برادەران دەکەم لە مەوزوعەکە، بەس دێمە سەر ئەو

مولاحەزاتانەی کە هەمە رەغمی ئەوەی کە لیژنە ماندوو بووەو شەونخونی کێشاوەو ئیشی کردووە، بەلاٌم کۆمەڵێك مولاحەزاتم هەیە:

یەك/ داهاتی ناوخۆ جارێکی تر بە دیار نەبوونی ماوەتەوە، ئێمە لەناو راپۆرتەکەماندا ئاماژەمان پێ نەکردووە وەکو پێویست، یەعنی داهاتی ناوخۆیی، یەعنی لە ساڵی داهاتوو مودەوەر چەند بووەو بۆ بودجەی ئەمساڵ مودەور جارێکی تر لەناو بودجەکەدا نییە، تەسویەی سولف لەناو بودجەکەدا نییە، کەیسی نەوت جارێکی تر بە نادیاری ماوەتەوە لەناو بودجەکەدا.

دوو/ بودجەی تەشغیلی بەردەوام لە زیاد بووندایە، ئەمە یەك ئاماژە دەدات بە ئێمە، یەك شت دەسەڵمێنێت، ئەم حکومەتەی ئێمە بێ توانایە لەبەرامبەر بووژاندنەوەی کەرتی کشتوکاڵ و پیشەسازی...........

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

تکایە، رجائەن تۆ باسی میزانیە دەکەیت، لێرە تەقیمی حکومەت ناکرێت، باسی میزانیەکە دەکەیت غەڵەتە، نوقصانە، وەهمیە، باسی دەکەیت و چاکی دەکەیت، بۆ حکومەت بانگ دەکەیتە ئێرە موسائەلەی دەکەیت، ئەوە مەسەلەیەکی ترە، ئێستا لێرە تەقیمی حکومەت ناکرێت، باسی میزانیەکە بکە، ئەمە غەڵەتە، ئەمە دووبارەیە، ئەمە وەهمیە، ئەمە پارەی بۆ دانراوەو جارێکی تر بۆی دانراوە، ناوەکانی بێنە بەسەرچاو، ئەو بەڕێزانە هەموویان پشتیوانیت لێ دەکەن، لا دەچێتن، فەرموو، کەرەم بکە.

**بەڕێز سمیر سلیم امین بەگ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من باسی بودجەی تەشغیلی دەکەم، کە بەشێکە لە بودجەکە، زیاد کردنی بودجەی تەشغیلی واتای چیە لەلای ئێمە، باسەکە باسی ئەمەیە، ئێمە ئەگەر هەلی کارکردن و هەلی ئیش کردن بۆ خەڵك ساز بکەین لە مەجەلەکانی تردا، ئیتر ناچار نابین بودجەی تەشغیلی زیاد بکەین، چونکە فەرمانبەران دەبێت تەعین بکرێن و هەلی کار کردن بۆ فەرمانبەران بدۆزیتەوە، قسەکەی من لەسەر ئەمە بوو، بەڕێزم، بودجەی تەشغیلی زیادەیەکی زۆر زیاد دەکات ساڵانە، بە قەدەر ئەوەی کە ئێمە زیادی دەکەین ئەم حکومەتەی ئێمە فەرمانگەی تازە چەند دەکاتەوە؟ دیاری کراو نییە، چونکە لە روانگەی ئەوەوە زیاد دەکرێت، فەرمانبەری تازە چەندێك زیاد بکات ئەو بیست و پێنج هەزارە ئەگەر زەرب و تەرحی بکەیت لە رووی مووچەوە، لە رووی دەرماڵەوە، لە رووی تەرفیعەوە، لە رووی عەلاوەوە، ئەو نیسبەتە زیاد ناکات، پێویستی بە زانیاری و داتای ورد هەیە، کە بەڕاستی لەبەردەستماندا نییە، تەبیعی لە بەغدا مووچەی فەرمانبەر زۆرە، لە هەرێم کەمترە لەو ئاستەوە، لە بەغدا هەرزانی باشترە، لێرە بازاڕ گرانترە، یەعنی بژێوی هاووڵاتیان، ئەمە پێویستی بە هاوسەنگ راگرتنێك هەیە، پێشنیار دەکەم دەرماڵەیەك زیاد بکرێت، نەك مووچە، چونکە سیستەمی مووچە لە بەغدا دەستکاری دەکرێت، دەرماڵەیەك زیاد بکرێت هەر بەناوی (مخصصات الغلاء المعيشي)، بۆ ئەو فەرمانبەرە پلە نزمانەی کە هەیە، ئەوەی کە لیستی کوردستانی ئیقتیراحی کرد لە 10٪

ببڕێت نزیكەی ترلیۆنێك دەكات ببڕدرێت لەو بڕدراوە ئەگەر هەندێكیشی بۆ موناقەلە بكەیت، دەتوانیت تەوازونی پلەی پێنج تا پلەی دە رابگری، موخەصەصاتێكی غیلائی مەعیشی بۆ زیاد بكەیت، بۆ ئەوەی ئەوانە هاوكاری بكرێن، پێشنیاری ئەوە دەكەم بودجەی پەرەپێدانی پارێزگاكان لە بودجەی هەرێمدا نەمێنێت، چونكە ئەوە لە نەفەقاتی سیادییە، هیچ پەیوەندییەكی بە بودجەی هەرێمەوە نییە، راستەوخۆ ئیحالەی ئەنجومەنی پارێزگا بكرێتەوە، نەك لەناو بودجەدا دەرج بكرێت..............

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، رێزدار سەرگول رضا كەرەم بكە.

**بەڕێز سەرگوڵ رضا حسن:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەبارەت بە راپۆرتەكەی لیژنەی دارایی، كە زۆر خاڵی لەخۆ گرتووە، بەڵام دوو خاڵی گرنگ هەبوو، كە پێویست بوو ئەوان وەكو لیژنەیەكی تایبەتمەند ئاماژەیان پێ بكردایە، یەكێكیان/ دواكەوتنی بودجە، كە ئێمە پارساڵیش لەم پەرلەمانە لە بودجەی ساڵی 2010 باسمان كرد، كە دواكەوتنی بودجە چەند كاریگەری ئابووری هەیە بەسەر هەموو سێكتەرەكان و هەموو پرۆژەكانەوە، دەبوایە ئاماژەیەكی روونیان بەوە دابوایە، ئەو ماددەیەی كە پێشتر ئێمە لە قانونی بودجەی ساڵی 2010 باسمان كرد، ئەمان تەئكیدیان لەسەر بكردایەوە. خاڵەكەی تر/ كە ئاماژەیان پێ نەكردووە، كە حیساباتی شەش مانگی یەكەم دواكەوتووە، حیساباتی شەش مانگی دووەمیش تا ئێستا نەهاتووە، ئەمەش خاڵێكە بۆ بەرچاو رۆشنی لیژنەی دارایی، دەبوایە ئاماژەیان بەوە دابوایە، لەبەر ئەوەی ئێمە وەكو ئەو لیژنەیەی كە تایبەتمەندە لە لیژنەی دارایی، بۆ ئەوەی بەرچاوی روون بێت سەبارەت بە هەڵسەنگاندنی ئەو بودجەی كە ئەمساڵ هاتووە، دەبوایە ئاماژەی بەوە دابوایە كە ئەمە خاڵێكە تا ئێستا ئێمە لەناو پەرلەماندا زۆر باسی لێ دەكەین، ئەو خاڵانەی تریش كە كاك سەمیر باسی كرد، منیش پشتگیری دەكەم، كە داهاتی نەوت و ئەو داهاتە ناوخۆییانە ئەوان ئاماژەیان پێ داوە ئەو سولفانەی كە حكومەت دەیدات تەسوییەكانی بە هیچ شێوەیەك ئاماژەی پێ نەدراوە، ئەو راپۆرتەی وەزیری دارایی كە ئاماژەی پێ كرد، دەمەوێت باس لە خاڵێك بكەم كە ئەویش دواكەوتنی بودجەیە، كە پارساڵ وەڵامی ئەوان، یان حوجەی ئەوان بۆ دواكەوتنی ئەوە بوو، كە بودجەی عێراق دواكەوتووە، بەڵام ئەمساڵ لە 2/20ـەوە لە بەغدا بودجە تەصدیق كراوە، كاتێك لە راپۆرتەكە ئاماژە بەوە دەكات وەزیری دارایی، كە ئەوان داوایان لێ كراوە تەخمیناتی خۆیان بكەن و بینێرن، بزەبت تاریخەكەی تیایە كە ئەوان تەخمینی خۆیان كردووەو ناردوویانە، لەو كاتەوە بۆیان روون بۆتەوە، كە ئەوان دەتوانن لە مانگی 2010/9 كە ئەوان تاوتوێیان كردووەو دیاریان كردووە تاكو 2010/10/14، یەعنی ئەوان لەمانگی (10)ەوە تەخمینی خۆیان كردووە، بەڵام دواكەوتنی بودجەكەیان بۆ پەرلەمان، ئەوەش پرسیارێكە، پێویستە وەڵام وەربگرین. بۆ ئەو ئالیەتەی كە تاكو ئێستا لەنێوان پەرلەمانی كوردستان و لەنێوان حكومەتدا، كە هەموو جار دەڵێین حیساباتی شەش مانگەكان دوا دەكەوێت، بۆ ئەوەی ئێمە

ئالیەتێك بدۆزینەوە، بۆ زیاتر، یان باشتر موراقەبە کردنی سەرفیاتەکە، پێشنیاری ئەوە دەکەم، کە مانگانە وەزارەتی دارایی چ تەخصیصاتێك، چ خەرجیەك دەکات، بە راپۆرتێك بنێرێتە لیژنەی دارایی پەرلەمان، بۆ ئەوەی مانگانە بتوانین ئاگاداری ئەو سەرفیات و خەرجیاتانە بین. خاڵێکی تر، کە پێویستە ئێمە باسی بکەین ئەو زیادانەی لە سیلەع و خەدەمات و مەسروفات ئوخراو مەنافیع ئیجتیماعی، کە ئێمە هەست دەکەین ئەمساڵ زۆر زیادی کردووە لەچاو پاردا، کە دەبوایە لە ساڵی 2010 و 2011 کەمتر بوایە وەك لە ساڵی 2009، لەبەر ئەوەی ئێمە تەرشیقاتی وەزارەتمان بینی، کە وەزارەتەکان کەم کراوەتەوە، بەلاّم ئەمە هیچ تەبریرێکی نەداوە، داوای وەلاّم دەکەین لە وەزارەتی دارایی زیاد کردنی ئەم رێژانە بۆ؟

بەنیسبەت پارەی تەنمیەی ئەقالیمەوە، منیش پشتگیری لە قسەکەی کاك سەمیر دەکەم، کە ئەم پارەیە کاتێك تەخصیص دەکرێت لە بەغدا بە دەر لە 17٪ـەکەیە، بۆچی ئێمە جارێکی تر تۆماری دەکەین لە چوارچێوەی بودجە؟ ئەمەش هەر تێبینیەکی لیژنەی یاساییە، کە ئەمە خاڵێکە پێویست ناکات ئێمە تۆماری بکەین لەو خاڵەدا. بەنیسبەت ئەو پێشنیارەی کە باس لە زیاد کردنی سولفەی زەواج دەکات، من دەستخۆشی لەو لیژنانە دەکەم وەکو لیژنەی مافی مرۆڤ و ئافرەتان و لیژنەی یاسایی و لیژنەی کۆمەلاّیەتی و لیژنەی دارایی و لیژنەی شارەوانی، کە لە کاتی موناقەشە کردنی یاسای سولفەی زەواج، ئێمە وەکو ئەو ئەندام پەرلەمانانەی کە پێشکەشمان کرد، پشتگیری ئەوەمان کرد کە ئەم برِە سولفەیە پێنج ملیۆن دینار بێت، بەلاّم لەکاتی موناقەشە کردندا نەگەیشتینە نەتیجە، داوا کرا لەکاتی بودجە ئەوە تەرخان بکرێت، یەك خاڵی تیایە، کە ئێمە پێویستە ئێستا مەبلەغەکە تەحدید بکرێت، تەخصیص بکرێت لەناو میزانیە، دواتر تەحدیدەکە دەکەوێتە سەر ئەوەی، ئایا پێنج ملیۆن دینار بێت، یان شەش ملیۆن دینار بێت؟ ئەمە خاڵێکە پێویستە ئێمە موعالەجەی بکەین. سەبارەت بە زیاد کردنی دەرماڵەی هەلگرانی برِوانامەی یاسایی، کە ئێمە پار لە بودجە وەکو ئەوەی دکتۆرە رۆژان باسی کرد، باس لەوە کرا کە هاوتای دەرماڵەکان بکرێت لەگەلّ بەغدا، بەلاّم هەلگرانی برِوانامەی یاسایی موخەصەصاتێکی تایبەت بەخۆیان نییە وەکو موخەصەصاتی میهنە، راستە ئەوەی کە بۆیان کراوە لە حکومەتەوە، ئەوە موخەصەصاتی ختورەیە، کە لەنێوان هەموویاندا یەکسانی نییە، ئێمەش داوای یەکسانیەکەی بۆ دەکەین، بەلاّم وەکو چینێك ئەوە پێویستە ئەوانیش موخەصەصاتێکی میهەنیان هەبێت. سەبارەت بە یەکەی نیشتەجێ بوون بۆ هاوولاّتیان، کە من پشتگیری ئەو پێشنیارەی لیژنەی دارایی دەکەم، کە کار بەو یاسایە بکرێت لە پەرلەمانی کوردستان یاسای ژمارە (7)ی 2008 کە دەرچووە، بەراستی ئەوە یاسایەکی زۆر باشە، ئەمە وا لەو خەلّکانە دەکات کە شوێنی نیشتەجێ بوونیان نییە، هەم لە بەینی وەزارەتی شارەوانی و وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە، ئێمەواز لەوە بێنین، کە ئەو تەمویلەی پێشتر لەلایەن کۆمپانیاکانەوە کە سوودێکی زۆریان وەردەگرت، داوا دەکەم بەپێی ئەو یاسایە کار بە دروست کردنی یەکەی نیشتەجێ بوون بۆ هاوولاّتیان بکرێت.

سەبارەت بە زۆری میلاکاتی وەزارەتی دارایی، منیش پشتگیری لە پێشنیاری لیژنەی دارایی دەکەم، کە ئەو میلاکاتە زۆر زۆرە پێنج هەزار میلاك و سێ سەدو بیست ودوو لەبەینی وەزارەتەکاندا هەولّ بدرێت ئەو

میلاکاته تەوزیع بکرێت. سەبارەت بە پرۆژەی تواناسازی لاوان، کە ئەو پرۆژەیە لە پارساڵدا شتێکی زۆر باش بوو، بەڵام ئێستا ئێمە لە دوای ئەوەی کە راپۆرتی لیژنەی پەروەردەمان بینی، کە باس لەوە دەکات لە 60٪ی ئەو پارەی کە تەخصیص کراوە، خەرج نەکراوە، ئێمە دەمانەوێت هۆکاری ئەوە بزانین، بۆچی لە 60٪ی ئەو پارەیە تەخصیص نەکراوە، کە ئێمە هەمووومان بە پرۆژەیەکی زۆر باشمان لە قەڵەمداوە.

سەبارەت بەوە کە بودجەی پەرەپێدانە، من دەبینم هاوسەنگی نەکراوە لە بەینی پارێزگاکانداو لەبەینی قەزاو ناحیەکاندا، بە نموونە باسی ئەوە دەکەم کە لە پارێزگای سلێمانی و هەولێرو دهۆك، دەبینم لە هەولێرو لە سلێمانی و لە دهۆك بەپێی رێژەی سوکان، رێژەی دانیشتوان دابەش نەکراوە، لە هەولێر لە 36٪یان بۆ دانراوە، لە سلێمانی 39٪یان بۆ دانراوە، لە دهۆك لە 24٪یان بۆ دانراوە، بەڵام بەپێی رێژەی دانیشتوان بێت، دەبێت هەولێر لە 32٪ بێت، سلێمانی لە 42٪ بێت، دهۆك لە 25٪ بێت، دەبێت موعالەجەی ئەوە بکرێت، کە ئەو رێژەیە ناعەدالەتی تیایە، لەناوچەکانیشدا دەبینم ناوچەی قەرەداغ کە ئێمە وەکو لیژنەیەکی پەرلەمانتار سەردانمان کرد، کۆمەڵێك پرۆژەی زۆر گرنگ هەنە، کە ئەوان پێشنیاریان کرد بوو، ئێمە ئەو پێشنیارانەی ئەوەمان گەیاند، بەڵام دەبینین کەمترین پرۆژە بۆ ئەوان لە بودجەی ئەمساڵدا پێشنیار کراوە، کە ئەوەش نا عەدالەتیەکە، پێویستە وەزارەتی پلاندانان لەکاتی دانانی پرۆژەکاندا رەچاوی ئەوە بکات.

سەبارەت بەوەی کە سولفەی عەقار باس دەکرێت، کە زیاد بکرێت، بەڕێزان، ئێمە کە پار ئەو برە پارەیەماندا ئەو سولفەیە، ئەو برەیە بێت، بۆ شارو لادێیەکانیش بێت، دەبێت ئێمە زەمانەتی ئەوە بکەین کە خەڵك سوودمەند بێت لەم برە پارەیە، سەبارەت بەوەی کە مەبلەغێکی لەسەرە بۆ تەئمینی حیات، من پێشنیاری ئەوە دەکەم ئەوە لابرێت بۆ ئەوە. خاڵێکی تر، سەبارەت بە سولفەی عەقاری لادێیەکان، ئێمە لە خەڵکەوە دەبینین کۆمەڵێك تەعلیمات دەرچووە بۆ جێ بەجێ کردنی، کۆمەڵێك تەعقیداتی تیایە، ماوەیەك ژمارەیەکی زۆر لە لادێیەکان سوودمەند نابن لێی، ئێمە لە هەوڵی ئەوەدا دەبین، راستە دەمانەوێت رێژەکە زیاد بکەین، واتا برەکەی زیاد بکەین، بەڵام ئەو تەعلیماتە موعەقەدەش لابرێت..............

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، رێزدار جیهان اسماعیل کەرەم بکە.

**بەڕێز د.جیهان اسماعیل بینامین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بیدایەت ئەز حەز دکەم تێبینیەکم هەیە سەر راپۆرتی لیژنەی دارایی لەسەر خالی (11) هی راپۆرتی لیژنەی ئەوقاف و کاروباری ئاینی گەل ڤێرێ مە وەك لیژنەی ئەوقاف و کاروباری ئاینی مە بەحسێ عەدالەتی ئیجتیماعی کریە، ڤێرێ تەبعەن جوابا لیژنەی دارایی ئەز نزانم بەشێوەیەك هاتیە کە ئەنەهو عەدالەتا ئیجتیماعی بە شکلێکی عام، یەعنی لەنێوان هاوولاتیان و هەرێما کوردستانێ، مە وەك لیژنەی

ئەوقاف و كاروبارى ئاينى بەحسێ ئەڤ شتە بەگشتى نەكريە، يەعنى مەقصەدێ مە نە ئەو كەهاوولاتى مەسيحى، يان ئێزيدى كە بەو شێوەيە عەدالەتى ئيجتيماعى نينە وەك لە هەرێمدا، ئەمە بەحسێ ئەڤ تشتە بەگشتى نەكريە، مە ڤێرێ ئەز بێژم حەصرەن سەر بودجەى 2011، خاصەتەن پرۆژێت ئيستيسمارى، ئەگەر ئەڤە وەك ليژنا دارايى مولاحەزەى كريە سەر پرۆژەى ئيستيسمارى، هەمى ئەو پرۆژەى هاتينە پێشنيار كرن لە سالى 2011، مەسەلەن مزگەوت هەيە، مەسەلەن فوتابخانەى ئاينى هەين، خانوو بۆ ئيمام هەينە، بەس چ بەحس نە كەنيسە هاتيە كرن، نە بەحسى شوێنێ ئاينى بۆ برادەرێت ئێزيدى هاتيە كرن، كە مەعبەد بێتن، مەقصەدێ مە ئەڤە بوو، ئەڤە ژى پشتى مە چەند ئيجتيماع گەل وەزارەتا ئەوقاف و كاروبارى ئاينى كريا، مە گەل رێڤە بەرێ موختەس شولى مە گەل وانە ئاخافتى، ئەوانيش ژى گل و گازاندە خۆ بۆ مە گوتينە وەك ليژنەى موختەس كاروبارێ ئاينى، مە ژى تەئكيديت ڤى نوقتەدا كريە لە راپۆرتا خۆدا، بەس يەعنى بۆ من ناخۆش بوو، كە جوابا ليژنەى دارايى ڤێ شكلى بوو، يەعنى وان تەفسيرەكى دى كريە، من حەز كرى وەكو وان ئيهتيمام پتر دا بەو نوقتەيە، چونكە ئەگەر وان سەح كرد بيتە بودجە، كە فيعلەن عەدالەتى تێدا هەى، پرۆژەى ئيستيسماريش ناحيە ئاينى ئەز بەحسێ دكەم كاروبارێ ئاينى، ئەز نزانم ئەو عەدالەتيە چۆن هاتيە؟ يەعنى ئەوە وەك ليژنەى دارايى هەوە، پرسيارە كەسێكى موختەس كاروبارێ ئاينى كريە، كە فيعلەن ئەڤ عەدالەتيە هەيە ڤێرێ دا، ئەڤە بەنيسبەت ئەوقاف و كاروبارێ ئاينى، وەك ئەندامێكى ليژنەى تەندروستى، كاروبارى تەندروستى و ژينگە، ئەز دێ تەئكيد دكەم جارێكى ديكە بودجەى وەزارەتێ تەندروستى گەلەك كەمە، پێنج پۆينت پێنج، پێنج و هەشت سەدييە، ئەڤە گەلەك كەمە، يەعنى ئەگەر ئەم سەح كەينێ، لازمە كەمتر حەفتێ سەدى نەبێتن، ئەگەر ئەم سەح كەينێ وەزارەتێ تەندوستى، وەزارەتێكە خزمەتگوزارييە، ئەگەر ئەم بودجەيەكى باشى بۆ تەرخان نەكەين، دێ چۆن ئەڤ وەزارەتە خزمەتگوزارييەكى باش بۆ هەرێمى كوردستان دكاتن؟

لە ئەڤ سالەدا كۆنگرەك هاتە كرن، ئيش لاى حكومەتێ هەرێمێ كوردستانێ خاص بۆ تەتوير كردنا سيستەما تەندروستى لە هەرێمى كوردستانێ، باشە ئەگەر بودجەى تەندروستى بەم شكلە كەم بێتن، ئەڤ تەوصياتێت، يەعنى ئەڤ كۆنگرە پێ دەركەتين، كە بەحسێ تەئمين صحى تێدا هاتيتە كرن، بەحسێ توبى عائيلە هاتيتە كرن، بەحسێ سياسەتە دەرمان، ئەڤ شتە هەمى محتاجى بودجەيەكى باشە، باشە چۆن وەزارەتى تەندروستى دێت ئەڤ تشتە جێ بەجێ دكات، ڤێ بودجەيەكى كەم؟

نوقتەيەكى تر، هەر لەسەر خزمەتگوزارى وەزارەتى تەندروستى خاص بە خزمەتگوزارى، ئەگەر ئەم سەح كەينێ مەشاريعى ئيستيسمارى ئەوەى هاتينە تەرخان كرن، بۆ وەزارەتا تەندروستى گەلەك كەمە، خاصەتەن ئەز تەئكيد دەكەم لەسەر ئەو پرۆژەى ئيستيسماريەى كو پارێزگاها دهۆك هاتينە تەخصيص كرن، پار هەر ڤێرێ من تەئكيد كرد كو پارێزگاها دهۆكێ محتاجى نەخۆشخانەيەكى خاصە بۆ ئيشى ژن و ويلادە، يەعنى (مستشفى خاص لامراض النسائية والتوليد)، ئەڤە چەند سالە ژى داوا دكەين كو ئەڤ نەخۆشخانەيە بێتە دانان لە پارێزگاها دهۆكێ، ئەڤ سالە گەلەك مە تەئكيد كرو يەعنى وەك بێژن ئەوەل

تەلەباتی دهۆکێ وەك تەندروستی خوتە وانە ئەڤ نەخۆشخانە بکرێت، بەس لەگەڵ ئەوەش هەر نەکریە لە خوتەدا، ئەز هیڤی دارم یەعنی وەزارەتا تەختیت جارەکا دی یەعنی ئەڤ تشتە بە نەزەری ئیعتیبار وەربگرێت. نوقتەیەکی تر، کە بەشی یەکەم خاڵی (17) باسی پرۆژەی تۆنێلی چیای مەتین کرینە، کو بێتە ئیلغا کرن، یەعنی لە ناحیە ئەهمیەتی وێ پرۆژێ، ئان قلەت ئەهمیەتا وێ، ئەو تشتەکا دیش دانانی مەرکەزی ئەمرازی سەرەتان، یەعنی نەخۆشخانەیەکی خاص ئێشن سەرەتانێ، ئەز پشتگیری ئەڤ رەئیە دکەم، کو فیعلەن پارێزگاها دهۆکێ محتاجی بنکەیەکی نەخۆشخانەیەکی خاص بۆ ئێشن سەرەتانێ هەی، مەسەلەن ئەڤ پرۆژەیە بێتە ئیلغا کرن، یان پارەکێ وێ بێتە تەخصیص کرن، بۆ ڤێ بنکەهێ دێ گەلەك باش دبێت بە رەئی من.

بەنیسبەت نوقتەیەکی دی، هەر بەحسێ مەنافیعی ئیجتیماعی وەزارەتی تەندروستی، بە رەئیا من مە خۆ پرۆژەیەکا خاص هەی پرۆژەی قانونا کو خاصە بە سندوقی دەعمی نەخۆشی سەرەتانی و نەخۆشی موستەعصیە، ئەگەر نیسبەکیش ڤان مەنافیعی ئیجتیماعی ئەڤێت سەر یەعنی بودجەی وەزارەتی تەندروستی، ئەگەر ئەڤ نیسبەك بچیتە سەر ڤێ سندوقێ، کە ئەڤ پرۆژە هاتە تەسدیق کرن، ئەز دبێژم گەلەك باشتر دەبیتن، چونکە بەشێوەیەکی قانونی یەعنی دێتە دانان و جێ بەجێ کرن.

هەر بەحسێ وەزارەتا تەندروستی بۆ تەعینات، بە رەئی من گەلەك کەمە (2500) بەس دەرەجەی وەزیفی بۆ وەزارەتا تەندروستی، چونکە فیعلەن موحتاجن، خەصەتەن ئەوەی من بێژم کادیری وەست، یەعنی کارمەندی تەندروستی بن، پەرستیار بن، گەلەك کەمن، بە رەئی من موحتاجین، یەعنی ئیعادەی نەزەر بکرێتەوەو زیادی بکەن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، رێزدار احمد ابراهیم کەرەم بکە.

**بەڕێز د.احمد ابراهیم علی(وەرتی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەگەڵ بەخێرهاتن بۆ میوانە بەڕێزەکان لەحکومەت، دەستخۆشی لە لیژنەی دارایی و ئابووری پەرلەمان دەکەم بۆ ئامادە کردنی راپۆرتەکەیان، بێگومان پرۆژەی یاسای بودجەی ئەمساڵ کۆمەڵێك خاڵی ئیجابی لەخۆ گرتووە، دیارە بەدەریش نییە لە خاڵی سلبی، تێبینی دەکرێت کە پارەی گشتی لە بودجە بە بەراورد لەگەڵ سالانێ پێشوو زیادی کردووە، بەلاَم جێگەی خۆشحاڵییە، گرنگی زیاتر بەبواری کارەباو بواری پەروەردە دراوە، کۆمەڵێك قوتابخانە پێشنیار کراوە کە لەم ساڵەدا دروست بکرێت و بڕێکی زۆر پارە دیاری کراوە، ژمارەی پلەی دامەزراندن زیادی کردووە بۆ (25) هەزار، پرۆژەی تواناسازی بەردەوامی هەیە، گرنگی بەخانووی نیشتەجێ کردن دراوە بۆ بنەماڵەی شەهیدان و جینۆساید، بەردەوام بوون لەسەر دروست کردنی یەکەی نیشتەجێ بوون لە رێگەی وەربەرهێنان، هەروەها پێشینەی خانووبەرە، کە ئێمەش پێشنیار دەکەین کە زیاد بکرێت بۆ بیست ملیۆن، ئەو بڕەیە لە سندوقی نیشتەجێ کردن بخرێتە سەری،

چونکە پێموایە ئەمە عەمەلی ترە، لە زروفی کوردستان، هەروەها پێشنیاریش دەکەین کە خانووی سەد مەتریش بگرێتەوە، چونکە زیاتر هەژاران سوودی لێ دەبینێت، هەروەها پێشینەی زەواج، هاوسەرگیری، کە پێشنیار دەکەین ئەویش ببێت بە بیست ملیۆن، هەروەها رسومات لەسەر ئەو پێشنیەی خانووبەرە زۆرە، هاوولاًتیان داوا دەکەن کە ئەو روسوماتە کەم بکرێتەوە لەگەڵ ئەو تەئمینەش کە دەدرێت بە کۆمپانیای دڵنیایی، ئێمەش پێشنیار دەکەین کە ئەوە نەمێنێت، بەڕاستی ئەمە گلەیی بۆ هاوولاًتیان دروست کردووە، هەروەها دروست کردنی سایلۆ کە ئەمەش لە پرۆژەی ئەمساڵدا هەیە، بەتایبەتی لە هەندێ ناوچە، کە ئەمەش جێگەی دڵخۆشییە، سەرەڕای ئەوەی کە بودجە دوادەکەوێت، دیارە لە هەرێمیش هەموو ساڵ دوا دەکەوێت و درەنگ دەگات بە پەرلەمان، بۆیە درەنگ موناقەشە دەکرێت، دیارە کورت هێنان لەچاو پار ساڵ زیادی کردووە، دیارە هەر کورت هێنانێك لە بودجەدا بەردەوام بێت بە ئاراستەی زیاد بوونی خەرجیە گشتیەکان کاریگەری سلبی دەبێت لەسەر حکومەت و بەڕێوەبردنی وەزارەتەکان، تێچوونی تەشغیلی، یان وەگەڕخستن لە تێچووی وەبەرهێنان زیاترەو جیاوازییەکە زۆرە نزیکەی لە 70٪ بۆ لە 30٪، کە ئەمە جێگەی تێبینیە بەڕاستی، شمەك و خزمەت و چاككردن و بەخشین (منح)، سوودە کۆمەلاًیەتیەکان زۆر زیادی کردووە بە رێژەی دوو بەرامبەری ساڵی رابردوو، رێژەی لە 11٪ی بودجە وەگەڕخستن تەرخان کراوە بۆ مونافیعی ئیجتیماعی، مەسروفات ئوخرا، موجوداتی نادارایی، ئەمەش دەرگا دەکاتەوە بۆ بە هەدەردانی گشتی و گەندەڵی، هەروەك لە راپۆرتی لیژنەی دارایی هاتووە، نیسبەتی جێ بەجێ کردن لە 34,3٪، کە ئەمەش رێژەیەکی کەمە، هەروەها دوو سەد ملیار بۆ بودجەی حزبەکان و رێکخراوەکان دیاری کراوە، کە لە کاتێکدا لە ساڵی رابردوو نەوەد ملیار دیاری کرا بوو، وا بە سولفە دراوە، دیارە ئەمە بەهۆی ئەوەی کە یاسای بودجەی حزبەکان لە پەرلەمان دەرنەچووە، دیسان ئەمساڵیش دەبێتەوە بە بودجە، ئایا حکومەت چۆن مامەڵە لەگەڵ ئەم مەسەلەیە دەکات، تواناسازی (120) ملیار لە پار بۆ ئەمساڵ بڕەکەی دیاری نەکراوە، نەبوونی هاوسەنگی لەنێوان ناوەندو قەزاو ناحیەکان لە رووی دابەش کردنی پرۆژەو هەروەها دیارە رەچاو کردنی پرەنسیپی هاوسەنگی لەنێوان کەرتەکانی هەرێم لەکاتی تەرخان کردنی بودجەی وەگەڕخستن زۆر گرنگە، هەروەها گرنگی بە گوندو لادێیەکان کەم دراوە لە پرۆژەی یاسای ئەمساڵدا، لەکاتێکدا هێشتا گوندەکان پێویستیان بە ئاوەدانکردنەوە هەیەو، پێویستیان بە پرۆژەی زیاتر هەیە، چونکە زۆربەیان ویران کرا بوون لەسەر دەستی رژێمی پێشوو، ناوچە زەرەرمەندەکان، بەتایبەت ئەوانەی تایبەتمەندیان پێ نەدراوە، وەکو هەڵەبجەو هەورامان و پێنجوێن و باڵەکایەتی و گەرمیان و پشتدەر، وەکو ئاماژەی پێدرا زیاتری بودجەی ئەمساڵ بۆ پێنج وەزارەت دارایی و ناوخۆ و پێشمەرگەو کارەباو پەروەردە لە 63٪ی بردووە، بەلاًم وەزارەتەکانی دیکەو هەروەها دەستەکانی دیکە بە هەمووی لە 37٪ی بودجەیان بۆ دەڕوات، تێبینی دەکرێت، کە ئێستا چەند وەزارەت و چەند فەرمانگەیەکی دیکە هێشتا دیوانی چاودێری دارایی بە فیعلی یەکیان نەگرتۆتەوە، هەروەها ئاسایشی هەولێرو و سلێمانی جگە

لەوەی کە یاساکە لە پەرلەمان دەزگای ئاسایش دەرچووە، بەلأم دیارە بە جیا بودجەیان بۆ دیاری کراوە، من پێشنیار دەکەم کە لێرە یەك بخرێتەوە، دوای ئەوەی کە یاساکە دەرچووە.
لە راپۆرتی لیژنەی دارایی و ئابووری هەندێ خاڵی زۆر گرنگ کە لیژنەکان ئاماژەیان پێ کردووە، بەلأم لیژنەکە دەڵێت تەنها بۆ روون کردنەوەیە، بۆ نموونە لیژنەی پیشەسازی و وزە دەڵێت وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی (22) پرۆژەی پێشنیار کردووە، بەلأم حەوت پرۆژەیان پەسند کراوە لە بودجەی ساڵی 2011دا، هەروەها گوژمەی تەرخان کراو بۆ پرۆژەکان کەمە بەبەراورد بە پارەی پێویست بۆ پرۆژەکان، دیارە لیژنەکە دەڵێت تەنها بۆ روون کردنەوەیە، دەبوایە بڵێت بۆ ئەوەیە کە پرسیار لە حکومەت بکرێت، بۆچی ئەمە کەم کراوەتەوە؟ لە راپۆرتی وەزارەتی دارایی، کە بەڕێز وەزیری دارایی خوێندیەوە، باس لەوە دەکات، وەکو ئاماژەشی پێ کرا لەلایەن هەندێ هاوکارانم، کە کورد ئاگادار نییە، یان دەوری نییە لە دانانی بودجەی حکومەتی فیدراڵی، بەتایبەتی ئەوەی کە پەیوەندی بە هەرێمی کوردستانەوە هەیە، لەکاتێکدا نوێنەرانی کورد لەوێ هەن، بەڕاستی ئەمە جێگەی پرسیارە، بۆچی ئاگاداری حکومەتی هەرێمی کوردستان ناکەنەوە لەو بارەیەوە، کەوا نوێنەران لەناو خودی حکومەت ئامادە بوونیشیان هەیە؟
هەندێ پرۆژە هەیە، من پرسیارەکە لێرە ئاراستەی دەکەم بۆ وەزیری پلاندانان، من خۆشم لەکاتێکی تردا ئاراستەم کرد، ئایا لە دانانی پرۆژەکان لەسەر چ بنەمایەك و بە چ پێوەرێك ئەو پرۆژانە ئەولەویاتیان پێ دەدرێت و دیاری دەکرێت؟ هەندێ پرۆژە هەیە پێنج، شەش ساڵە کاری لەسەر دەکرێت، بەلأم ئەگەر ئیجازەم بدەیت، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، ئاماژە بدەم بەوە، بەلأم.................

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، لە مجالێکی تر، تەواو، ڕێزدار عبدالله حاجی محمود کەرەم بکە.

**بەڕێز عبدالله حاجی محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەرەتا دەستخۆشی لە راپۆرتی وەزارەتی دارایی دەکەین، جێگای خۆیەتی سوپاسی لیژنەی دارایی و ئابووری بکەین بۆ راپۆرتەکەیان، کە جهودو ماندوو بوونێکی زۆری پێوە دیارە، لە پەرلەمانی کوردستان راو بیرو بۆچوونی سەرجەم لیژنەکانیان وەرگرتووە، شت زۆر گوترا هیوادارم دووبارە بوونەوەی تیا نەبێت، چەند پرسیارێکم هەیە، لە داڕشتنی بودجە لە دەستووردا باس کراوەو هاتووە، بەلأم ئێمە هەرێمێکی سەربەخۆین، ئایا چی بکرێت، بۆ ئەوەی لە داڕشتنی سیاسەتی بودجەی گشتی لە عێراق موشارەکە بکەین و بەشدار بین و وەکو ئێستای لێ نەیەتەوە؟
خاڵی دووەم/ دواکەوتنی بودجەی ساڵانە سەبەب چیە؟ بۆ دوا دەکەوێت؟
وێڕای پشتگیری تەواوم بۆ راپۆرتەکەی لیژنەی کاروباری پێشمەرگە، بودجەی پێشمەرگە بۆ دەبێت قەرز بێت؟ یەعنی کەی رزگارمان دەبێت لەو پێشینەیە بۆ پێشمەرگە؟

کۆتایی هاتنی پرۆژەکانی پێش ساڵی 2010، یەعنی کەی کۆتایی دێت؟ ئەگەر کاتی هەبێت، بۆ ئەوەی پەرلەمانتاران لەلایان روون بێت.

لە راپۆرتی لیژنەی دارایی و ئابووریدا دەردەکەوێت، هەندێك رەئی جیاواز هەیە لەگەڵ راپۆرتەکەی وەزارەتی دارایی و ئابووری، راستە هەمووومان هاوکاری کردن، پشتگیری کردن، پشتیوانی کردن، بۆ خەڵکی کوردستان پێمان باشە، بۆنیشتەجێ کردن، بۆ سولفەی زەواج، بۆ کارەبا، بۆ کشتوکاڵ، بۆ خاوەن پێداویستیە تایبەتەکان، بەلاَم پێویستە قوەی بودجەی خۆمان لەبەر چاو بگیرێت، هەندێك لایان وایە بودجە زۆرە، هەندێکیش لایان وایە کەمە، پێویستە روون کردنەوەی لەسەر بدرێت، ئەمە نەکرێتە موزایەدە بەڕاستی بەسەر یەکەوە، چونکە دیاری کردنی بودجە شتێکی حەساسە وەکو هەمووشمان قسەمان لەسەر کرد، وەکو باس دەکرێت پارەی سەرۆکایەتیەکان، حزبەکان، رێکخراوەکان کەم بکرێتەوە، ئەوانە با بمێنێت بە رەئی من بۆ سیاسەتی وەزارەت خۆی، بۆ ئەوەی کاك شێخ هەم روون کردنەوەیەکی لەسە بدات و هەم حکومەتەکەش دەست کراوە بێت، گواستنەوە لە لایەك بۆ لایەك لەسەر خەریتە بێت، نەك بکرێتە موزایەدە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێزان، تکایە ئەو موداخەلانەی کە کردتان باسی هەندێك پرۆژەی وەهمی کرا، باسی پرۆژەی دووبارە کرا، کە دووبارە بۆتەوە، باسی پرۆژە کرا کە تەواو بووە جارێکی تر پارەی بۆ دانراوە، ئەو شتانە ئەگەر بەنووسین، بەناو بدرێتە لیژنەی دارایی، بۆ ئەوەی چاکی بکەین و لایبدەین، چونکە ئەو شتانە ناکرێت، ئەو بەڕێزەی دەینووسێت با ناوی خۆشی بنووسێت، بۆ ئەوەی کە هەڵستا بتوانێت دیفاعی لێ بکات، ئێستا کۆتایی بە دانیشتنەکەمان دەهێنین، تا سبەی سەعات (11) خوا ئاگادارتان بێت، خواحافیز.

فرست احمد عبدالله
سکرتێری پەرلەمانی
کوردستان – عێراق

محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی)
سەرۆکی پەرلەمانی
کوردستان - عێراق

# پەرلەمانی کوردستان - عێراق

**پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (15)**

**چوارشەممە ڕێکەوتی 18\5\2011**

**خولی سێیەمی هەڵبژاردن**

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژماره (15)

## چوارشەممە ڕێکەوتی 2011/5/18

کاتژمێر (11)ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی چوارشەممە ڕێکەوتی 2011/5/18 پەرلەمانی کوردستان - عێراق بە سەرۆکایەتی بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی) سەرۆکی پەرلەمان و, بە ئامادەبوونی بەڕێز فرست أحمد عبدالله سکرتێری پەرلەمان, دانیشتنی ژمارە (15)ی خولی سێیەم, ساڵی (2011) ی خۆی بەست.

**بەرنامەی کار:**

بەپێی حوکمەکانی بڕگە (1)ی مادده (20) له پەیڕەوی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەموارکراوی ساڵی 1992ی پەرلەمانی کوردستان - عێراق, دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بڕیاری درا دانیشتنی ژمارەی (15)ی خولی سێیەمی هەڵبژاردن لە کات (11)ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی چوارشەممە ڕێکەوتی 2011/5/18 دا بەم شێوەیە بێت:

1- بەردەوام بوون لەسەر گفتوگۆ کردن و بڕیاردان لەسەر پرۆژە بودجەی هەرێمی کوردستان – عێراق بۆ ساڵی 2011.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

بەناوی گەلی کوردستان، دانیشتنەکەمان دەکەینەوە، خولی سێیەمی هەڵبژاردن، ساڵی دووەم، خولی گرێدانی دووەم، ژمارەی دانیشتن (15)، ڕۆژی دانیشتن 2011/5/18، بەرنامەی کار:

بەپێی حوکمەکانی بڕگەی (1)ی ماددەی (20) لە پەیڕەوی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەموار کراوی ساڵی 1992ی پەرلەمانی کوردستان – عێراق، دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بڕیاریدا بەرنامەی کاری دانیشتنی ژمارە (15)ی ئاسایی خولی سێیەمی هەڵبژاردن لە کاتژمێر (11)ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی دووشەممە ڕێکەوتی 2011/5/18 بەم شێوەیە بێت:

1- بەردەوام بوون لەسەر گفتوگۆ کردن و بڕیاردان لەسەر پرۆژە بودجەی هەرێمی کوردستان – عێراق بۆ ساڵی 2011.

ئێستا داوا لە لیژنەی دارایی دەکەین کەرەم کەن بۆ شوێنی خۆیان و، بەخێرهاتنی ڕێزداران کاك شێخ بایز وەزیری دارایی و کاك د.علی سندی وەزیری پلاندانان و کاك رشید بریکاری وەزارەتی دارایی دەکەین، زۆر بەخێر بێن بۆ پەرلەمانی کوردستان.

بەڕێزان، بەردەوام دەبین لەسەر گفتوگۆ کردن، ئێستا ئەم ناوانەی کە ئەمڕۆ قسە دەکەن پێویستە هەموو تەواو بێ، بۆتان دەخوێنینەوە، ناوەکان: (ئاواز عبدالواحد خدر، عەونی بەزاز، پەیمان عزالدین، ناسك تۆفیق، امیر گۆگا یوسف، صباح محمد نجیب، گوڵیزار قادر اسماعیل، بەفرین حسین محمد، حسن محمد سورە، عمر عبدالرحمن، ئاشتی عزیز، فاضل حسن اسماعیل، هاژە سلێمان مصطفی، ئەڤین عمر احمد، شوان عبدالکریم جلال، پەیمان عبدالکریم عبدالقادر، هاوراز شێخ احمد، ایوب نعمت قادر، کەیلی اکرم احمد، عبدالسلام مصطفی، پەریهان قبلای محمد، حمە سعید حمە علی، نشتیمان مرشید صالح، عیماد محمد حسین، برهان رشید حسن، گۆران ئازاد محمد، صبیحە احمد مصطفی، کاروان صالح احمد، سەردار رشید محمد، بشیر خلیل توفیق، ڤیان عبدالرحیم عبداللە، شەونم محمد غریب، صباح بیت اللە شکری، عدنان عثمان محمد، شۆرش مجید حسین، شلێر محی الدین صالح، سیوەیل عثمان احمد، رفیق صابر طە، شێروان ناصح حەیدەری، ڕێباز فتاح محمود، شیلان عبدالجبار عبدالغنی، عمر حمە امین خدر، پەیام احمد، فاضل محمد قادر، تارا عبدالرزاق محمد، اسماعیل سعید محمد، قادر حسن قادر، سەروەر عبدالرحمن عمر، عزیمە نجم الدین حسن، امینە زکری سعید، محمد دلێر محمود، سەرهەنگ فرج محمد، خورشید احمد سلیم، شلێر محمد نجیب، عبداللە محمد نوری، حازم تحسین سعید، ئاراس حسین محمود، نەسرین جمال مصطفی، ژیان عمر شەریف، سالار محمود مراد، پەروین عبدالرحمن، شڤان احمد عبدالقادر، خلیل عثمان حمدامین، لانە احمد محمود، محمد احمد علی، بکر کریم محمد، گەشە دارا جلال، عمر صدیق محمد، دانا سعید صۆفی (ئینجازەیە) ببوورن، سمیرە عبداللە اسماعیل، عبداللە علی ابراهیم، جمال طاهر ابراهیم، بێریڤان اسماعیل، علی حسین محمد)، تەواو، ئەو بەڕێزانەی کە قسەکانیان ئەوتری، تکایە بۆ ئەوەی تیکرار نەبێ، دەتوانن قسە نەکەن، ئێستاش دەست بە موناقەشەکان دەکەینەوە، تکایە هەوڵ بدەن لەسەر راپۆرتەکە موناقەشە بکەن، دوێنێ بەداخەوە تێکەڵیەك هەبوو، لەڕاپۆرتەکە دەرچوون زۆر لەو بەڕێزانەی موناقەشەیان کرد، ئومێدەوارین بگەڕێنەوە سەر راپۆرتەکە، ئێستاش ئاواز عبدالواحد کەرەم بکە.

**بەڕێز ئاواز عبدالواحد خضر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەرەتا پشتگیری لە راپۆرتی لێژنەی دراریی دەکەم و دەستخۆشیان لێ دەکەم، کە بەشێوەیەکی گشتی راپۆرتەکەیان رەنگدانەوەی پرسیارو پێشنیاراتی لیژنەکانی پەرلەمانی لەخۆیەوە گرتووەو جێگای دڵخۆشییە کە بودجەی ئەمساڵ دەستکەوتی زۆر باشی هێناوەتە ئاراوە، هەروەك لەسەرەتاش بەڕێز سۆزان خان و کاك دڵشاد ئیشارەتیان پێدا وەك زیاد کردنی پێشینەی هاوسەر گیری و قەرزی خانووبەرە، زیاد کردنی مووچەی کەم ئەندامان، هاوتا کردنی مووچەی هێزەکانی ئاسایش و ناوخۆ، هەروەها پێدانی قەرزی کشتوکاڵی و صناعی، بەلاَم لەگەڵ ئەوەشدا بەدەر نییە لەهەندێ کەموکوڕی وەك لەسەرەتا هیوامان خواست کە دەبوایە بودجە زووتر بگەیشتبا پەرلەمان، لەوادەی خۆی موناقەشە بکرابا، لێرەشدا ئاماژە بۆ جێگری وەزیری دارایی عێراقی فیدراڵ، کە نوێنەری حکومەتی هەرێمیشە، دەبوایە رۆڵێکی باشتری

هەبوایە لەداڕشتنی بودجە، هەروەها ناردنی لەوادەی خۆیدا، چونکە بێگومان دواکەوتنی بودجە خۆی لەخۆیدا تەئسیر لە حەرەکەی بازاڕو لە حەڕەکەی ئاوەدانکرنەوەو زیاد کردنی خەرجی مووچەی هێزەکانی ناوخۆ دەکات، ئەمانەش هەمووی گشتی ڕۆڵێکی سەرەکیان هەیە لە گەشەپێدانی بواری ئابووری لە هەرێمی کوردستاندا، خاڵێکی گرنگ، کێشەی بودجە لەوەدایە، کە جیاوازیەکی زۆر هەیە لەنێوان بودجەی تەشغیلی و بودجەی وەبەرهێنان، کە ئەمە جێگای هەڵوەستە کردنە لەسەری، بۆیە وەك لە سەرەتادا هەندێ لەبەرێزانیش پێشنیاریان کرد، دووبارە پێشنیار دەکەینەوە، کە لە10٪ی بودجەی تەشغیلی کەم بکرێتەوە، بخرێتە سەر بودجەی وەبەرهێنان، چونکە هەرچەندە خاڵی ئیجابی وەبەرهێنان زیاتر بێ دەستکەوتیشی زیاتر دەبێت بۆ خەڵکی کەم دەرامەت، وەك لە ساڵی 2009دا بینیمان ئەو شوقانەی دروست کران بۆ خەڵکی کەم دەرامەت نزیکەی 2200 خێزانی کەم دەرامەت لەو شوقانە موستەفید بوون، خاڵێکی تر، کە لەویژدانی زۆرماندا هەیەو پێی نیگەرانین ئەوەیە، کە مووچەی پێشمەرگەیە، ڕاستە حکومەت خەرجیەکی زۆری لەئەستۆدایە، بەلاَم تاوەکو ئێستاش مووچەی پێشمەرگە لەسەر ئەستۆی حکومەتی هەرێمدا بووەو بۆی سەرف کردووە، لەو هەولاَنەی کە لەئارادان بۆ تشکیل کردنی هەشت لیوا بۆ پێشمەرگە، ئێمە دەستخۆشی لێ دەکەین، بەلاَم بۆ ئەوەی حکومەت دەست کراوە تر بێت، بۆ ئەوەی بتوانین ئەو پێشمەرگانەی کە ناخرێنە ناو ئەو هەشت لیواییەی لە دەرەوەی ئەم هەشت لیوایە دەمێننەوە، پێشنیار دەکەین کە لیوای زیاتر تەشکیل بکرێ، بۆ ئەوەی هەموو پیشمەرگەیەك لەناو ئەو لیوایانە خۆی ببینێتەوە، وەك دیارە لەبەرنامەی زۆربەی وەزارەتەکان پرۆژەی خزمەتگوزاری زۆری تێدایە، بە ڕەئی من عەمەلی تر دەبێت، کە ئەو پرۆژانە زیاتر دەسەلاَت بدرێتە پارێزگاکان و، لەبەرنامەی کاری پارێزگاکاندا بێت، چونکە هەم خێراترو باشتر دەتوانن پرۆژەکان بگەیەنتە گوندو ناحیەو قەزاکان، هەم ئالیەتی باشتر دەبێت بۆ چاودێری کردنی جێ بەجێ کردنی پرۆژەکان و، پاریزگاکان باشتر لە کەموکوڕی داخوازی شارو شارۆچەکان ئاگادارن.

لە خشتەی دابەش کردنی میزانیە بەسەر وەزارەتەکان لەلاپەڕە حەوت، تێبینی ئەوەم کرد کە نووسراوە دابەش کردنی میزانیە بەسەر وەزارەتەکان، لەڕاستیدا دەبوایە بنووسرێت بەسەر وەزارەت و دەستەکان، چونکە هەندێ لە وەزارەتەکان وەکو وەزارەتی مافی مرۆڤ و ژینگە و ناوچەکانی دەرەوە، ئەمانە کراون بەدەستەو، ئەمەش لە چوارچێوەی هەوڵی کەمکردنەوەی ژمارەی وەزارەتەکان بوو، تاوەکو خەرجیەکی کەمتر بچێت لە مەساریفی وەزارەتەکان، بەلاَم لێرەشدا بەهەمان پێوەری وەزراەت میزانیەیان بۆ دانرا بێت، کەواتە ئێمە هیچ ئامانجێکمان پێ نەپێکاوە، بۆیە داواکارم کە ڕەچاوی ئەمە بکرێت لەکاتی پێداچوونەوە بە میزانیەکەیاندا.

خاڵی کۆتاییشم ئەوەیە کە ڕەچاوم نەکرد لەناو میزانیەدا، هیوادارم هەمووومان بتوانین لێرەدا هەوڵێکی بۆ بدەین، ئەوەیە کە موخەسەساتێك بۆ سەرۆکی یەکە ئیداریەکان دیار بکرێت، واتە بۆ بەڕێوەبەری ناحیەو قائیمقامەکان، چونکە ئەوان جگە لەئەرکی خۆیان، سەرۆکی لیژنەی حەلی مونازەعاتی زراعین، هەروەها

دەسەڵاتی دادپەروەریشیان پێدراوە، چونکە لەزۆربەی ناحیەکان تاوەکو ئێستا دادگا نەکراوەتەوە، بۆیە سەرەڕای ئەو هەموو ئەرکانەی کە لە ئەستۆیاندایە، نە خزمەتی قەزایان بۆ هەژمار دەکرێت، نە موخەسەساتێکیان بۆ دابین کراوە، بۆیە داواکارم لە لیژنەی دارایی لەگەڵ نوێنەری حکومەت بتوانن رەچاوی ئەم خاڵە بکەن و، ئەگەر مەجالی تێدا بێت پێداچوونەوەیەکی بۆ بکەن، زۆر سوباس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز عەونی بەزاز کەرەم بکە.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشەکی دەستخۆشی لە لێژنەی دارایی و ئابووری دەکەم، کەوا لەسەر بودجەی خەمڵێندراوی هەرێمی کوردستان بۆ ساڵی 2011 راپۆرتێکی پوختەو تۆکمەی ئامادە کردووەو تیایدا ئاماژەی کردووە بەو تێبینی و پێشنیارانەی لە لیژنەکان دەربارەی پرۆژەکان پێشکەشیان کردبوو، لەگەڵ ئەو ئاکامانەی کە پێیگەیشتوون و، پشتگیری لە راپۆرتەکە دەکەم لەگەڵ هەندێ تێبینی، ئاشکرایە کەدوای پەسندکردنی بودجەی عێراقی فیدراڵ و، دیاری کردنی رێژەی هەرێم لەو بودجەیەدا، بودجەی هەرێمی کوردستان بۆ ساڵی 2011 لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە بەنووسراوی ژمارە 2765 لە 2011/3/8دا رەوانەی پەرلەمانی کوردستان کراوە، بەپێی نووسراوی ژمارەی 365 سەرۆکایەتی پەرلەمان لە 2011/3/10دا بەرێکاری یاسایی ئاراستەی لیژنەی دارایی و ئابووری هەرێمی کوردستانی کردووە، دوای خوێندنەوەی یەکەمی لە پەرلەمان لە دانیشتنی ئاسایی ژمارە (1)ی رۆژی 2011/3/29دا رەوانەی لیژنەکان و ئەندامەکانی پەرلەمان کرا، لە سایتی پەرلەمان بلاّو کرایەوە، بەمەبەستی خستنە بەردیدی خەڵکی هەرێمی کوردستان، ئەوەش بەڵگەیە لەسەر شەفافیەتی بودجە، بەپێی ماددەی 84 لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان، کە ئاماژە بەوە دەکات راپۆرتی لیژنەی دارایی و ئابووری بەشێوەیەکی گشتی گفتوگۆی لەسەر دەکرێت، بەر لەوەی بگوێزرێتەوە بۆ گفتوگۆی بابەتەکانی بودجەو، پەسند کرنی بەندەکانی و، من قسەکانم چڕ دەکەمەوە لەو خاڵانەی خوارەوە:

پەرلەمانی کوردستان یاسای دەسەڵاتی دادوەری ژمارە 23ساڵی 2007لە هەرێم دەرکردووەو، لە دەسەڵاتی جێ بەجێ کردنی جیا کردەوەو، بەپێی یاساکە ئامانجی ئەم دەسەڵاتە پاراستنی شکۆمەندی دادوەری و بەدیهێنانی دادپەروەریە لە هەرێمی کوردستان، لەبەر ئەوەی دەستووری عێراقی فیدراڵ، هەروەها رەشنووسی دەستووری هەرێمیش لەسەر بنەمای جیا کردنەوەی دەسەڵاتەکان، واتا فەسلی سوڵتات جەخت دەکەنەوەو، دەسەڵاتی دادوەری سەربەخۆیەو، بۆ ئەوەی سیستەمی قەزائی وەکو پێویست حضوری هەبێت و، هەیبەتی پارێزراو بێت، چونکە ئەم دامەزراوە پەیوەندی راستەوخۆی بە ژیانی رۆژانەی هاووڵاتیان و کایەی سیاسی و ئابووری هەیەو، بۆ ئەوەی بچەسپێت کەوا دەسەڵاتی دادوەری سەربەخۆیەو بودجەی بۆ

تەرخان كراوەو لە خەرجيەكاندا وەك دەسەلاٌتێكى جياو سەربەخۆيە، بۆيە من جەخت لەسەر ئەو پێشنيارە دەكەم، كەوا جەخت لەسەر ئەوە بكرێت كە ئەو پارەيە تەرخان كراوە بۆ ئەنجومەنى دادوەرى كە بڕەكەى 63 مليارو 330 مليۆن دۆلارە، ببوورن دينارە، پەسند بكرێت و، سەرۆكى ئەنجومەنى دادوەرى دەسەلاٌتى خەرج كردنى راستەوخۆى هەبێ لەو ئيعتيمادانەى كە تەرخان كراوە بۆ ئەنجومەنى دادوەرى، بەمەبەستى ئەوەى دەسەلاٌتى خەرج كردن لە چوارچێوەى ئەو پشتيوانانەى، واتا ئيعتيماداتانەى كە تەرخان كراوە بۆ ئەنجومەنى دادوەرى راستەوخۆ بدرێتە سەرۆكى ئەنجومەنى دادوەرى و، سەبارەت بە وەزارەتى داديش، ئەويش وەكو وەزارەت پەيوەندى راستەوخۆى هەيە بە ژيانى خەلٌك و، بەشێكە لەو دامەزراوانەى كە راستەوخۆ و ناراستەوخۆ پەيوەستە بە بەديهێنانى دادپەروەرى لە هەرێمداو، ئەو دەزگايانەى كە پەيوەستە بە وەزارەتەوە وەكو داواكارى گشتى لەكاتێكدا كە سەرۆكى داواكارى گشتى ئەندامە لەدەسەلاٌتى ئەنجومەنى دادوەريدا، ئاشكرايە كەوا دەزگاى داواكارى گشتى لە رووى پەيوەندييەوە بەسامانى گشتى و، لێكۆلٌينەوە لە گەندەلٌى و، چاودێرى كردنى ياسا و، چۆنيەتى جێ بەجێ كردن و، داكۆكى كردن لە مافى گشتى و، نوێنەرايەتى مافى گشتى دەورێكى زۆر گرنگى هەيە، بۆيە من تێبينى ئەوە دەكەم كە بەشێكى بيناو بالٌەخانەكانى دامودەزگاكانى وەزارەت بەكرێ گيراون، كە ئەمەش قورساييەكى زۆر دەخاتە سەر بودجەى هەرێمى كوردستان، كە دەبوايە ئەم بينايانە مولٌكى حكومەت بن، نەك بە كرێ گيرا بن، وەك ئاشكرايە بنەماى هەموو سيستەمێكى حكومڕانى تەندروست و عاديلانە بريتييە لە بەر قەراركردنى سيستەمێكى قەزائى سەربەخۆو توكمەو بەهێز، بەمەبەستى چەسپاندنى سەروەرى ياساو چەسپاندنى دادپەروەرى لە كۆمەلٌگادا، دەبێ دەورێكى گرنگى پێ بدرێت لە هەموو بوارەكاندا، لەوانەش لە ماف و ئيمتيازاتى ماددى و مەعنەوى، چونكە ئەگەر بمانەوێ ياسا بەرقەرار بێت و، ياسا سەروەر بێت، دەبێت دەسەلاٌتى دادوەرى دامو دەزگاكانى وەزارەتى دادو ئەو لايەنانەى كە بوارى جێ بەجێ كردنيان، يان تەتبيق كردنى ياساو، ئەو كەسانەى كە ياسايين و ياساناسن، دەبێ بايەخێكى تايبەتيان پێ بدرێت، بۆيە جەخت لەسەر ئەوە دەكەم، كەوا مووچەو دەرمالٌەى ياساييەكان لە هەموو دامودەزگاكان بچەسپێت لە بودجەش، بە ياساناسانى پەرلەمانيشەوە، دەبوايە راپۆرتى ليژنەى دارايى و كاروبارى ئابوورى جەختى لەسەر ئەوە كرد بوايە، چونكە بمانەوێ و نەمانەوێ چاك كردنى ژيان و گوزەرانى ياساناسان بە هۆكارێكى گرنگ دادەندرێ، بۆ سەربەخۆيى دەسەلاٌتى دادوەرى و، زياتر ئينتيمايان دەبێت بۆ كارەكەيان، بۆ جێ بەجێ كردنى ياساو، هەروەها بايەخدانێكى گشتى بەهەموو چين و توێژەكانى خەلٌكى كوردستان، خالٌێكى تر، جەخت لەسەر ئەوە دەكەمەوە، كەوا دەبێت وەزارەتى دارايى و ئابوورى هەرێم يەكسانى لەنێوان مووچەو دەرمالٌەى كارمەندانى هەرێم لەگەلٌ مووچەو دەرمالٌەى هاوتاكانيان لە كارمەندانى حكومەتى فيدرالٌى بكات، بە مەرجێك ئەگەر هاتو دەرمالٌە لە هەرێم زياتر بوو لە هى حكومەتى فيدرالٌ، ئەوە ئەو دەرمالٌەيە كەم نەكرێتەوەو، هەروەها يەكسانى لەنێوان مووچەى خانەنشينان لە هەرێم ولەگەلٌ مووچەى هاوتاكانيان لە خانشينانى حكومەتى فيدرالٌ بەدى بێنێت، هەروەها يەكسانى لەنێوان مووچەى هێزى

پێشمەرگەو پۆلیس و زێرەڤانی و ئاسایش لە هەرێمدا، لەگەڵ مووچەی هاوتاکانیان لە حکومەتی فیدراڵدا بەدی بێت، پشتگیریی لەو پێشنیارە دەکەم کەوا ..........

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کات تەواو کاك عەونی بەزاز، ڕێزدار پەیمان عزالدین کەرەم بکە.

**بەڕێز پەیمان عزالدین عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەرەتا من باس لە راپۆرتی لیژنەی دارایی دەکەم، بەڕاستی ئەو راپۆرتە، بەباشی راپۆرتی لیژنەکانی تری کۆکردۆتەوە، بەڵام ئەوەی کە بەشی خۆیانە، کە دەبوایە وەکو لێژنەی دارایی ئیشی لەسەر بکەن، کەوا چەند خاڵێکە، بەداخەوە ئیشیان لەسەر نەکردووە، یەکێك لەوانە بودجەی سێ سەرۆکایەتیە، کە بەڕێز دکتۆر ئاراس ئیشارەی بەوە کرد، کەوا لەبەر زۆریی و قورسی نەیانتوانیوە لە سایتەکانە دایبەزێنن، بەڵام لایەنی کەم دەکرا لە بۆکسەکانی ئێمەدا هەبێت بودجەی ئەو سێ سەرۆکایەتیە، یان بۆ خۆیان لە راپۆرتەکەدا ئیشارەتیان پێ بدابوایە، کە چۆن سەرف کراوە، یاخود رەخنەیان لێ هەیە، یان نییە؟

لە خاڵی نۆیەم لە راپۆرتەکەیاندا بەڕاستی ئەگەر بەم شێوەیە بمێنێتەوە، ئەوە نوکتەیەکی سیاسیە، چونکە لە راپۆرتی پار نووسرا بوو، کە دەبێت ئەو دامەزراوانەی یەکیان نەگرتۆتەوە، یەك بگرنەوە، من پێشنیار دەکەم ئەو خاڵەی خۆیان بگۆڕن بەوەی کە بۆ ئەمساڵ سزاکە تەنفیز بکەن، لەوەی کە هەتا شەش مانگی دیکە، ئەگەر یەکتر نەگرنەوە، لە ئێستاوە تا شەش مانگی دیکە بودجەیان بۆ سەرف ناکرێتٍ.

خاڵێکی تر، لێژنەی دارایی کۆمەڵێك پێشنیاری مەعقولیان کردووە، بەڵام بەداخەوە لە کۆتایی هەموو پێشنیارەکاندا نووسیویانە بۆ ساڵی داهاتوو رەچاو بکرێت، یەعنی ئەم ساڵی داهاتووە تێ ناگەم، دوو پرسیار دروست دەکات، یەکەمیان/ ئەوەیە کە جەنابیان شەرعیەت بەو کەموکوڕییانە دەدەن، کە ئێستا هەیە، دەیانەوێت ساڵێکی تر چاك بکرێت، یاخود پێیانوایە ئەگەر پێشنیاریش بکەن چاك بکرێت، گوێیان لێ ناگیرێت.

دوای ئەوە دێمە سەر راپۆرتی وەزارەتی دارایی، من بۆ خۆم بە راپۆرت ناوی نابەم، چونکە زیاتر خوێندنەوەیە، خوێندنەوەیەکە بۆ ئەو بودجەیەی کەهاتووە، چونکە ئەگەر راپۆرت بوایە، دەبوایە تیشکی بخستایە سەر کۆمەڵێك حاڵەت، یەکێك لەوانە کورت هێنانێك هەیە بەهەر هۆیەك بێت رەئیمان لەسەری باش بێت، یان خراپ بێت، هەیە، ئەمری واقیعە بە حیساب، دەبێت جەنابیان سیاسەتێکیان هەبوایە، یان روون کردنەوەیان هەبوایە بۆ ئەم کورتهێنانە لە سیاسەتی حکومەتدا، ئەوان دەیانەوێت چۆن ئەو کورتهێنانە پڕ بکەنەوە.

خاڵێکی تر، کۆمەڵێك نوقات هەیە بۆ نموونە لەوەی کە جیاوازی کراوە، هاوتایی رانەگیراوە لەنێوان نەفەقاتی تەشغیلی وەزارەتەکاندا، بۆ نموونە وەزارەتی پێشمەرگەو وەزارەتی ناوخۆ، هەردوو ئاسایشی هەولێرو سلێمانی، دوو هێندی وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتین و سێ هێندی کشتوکاڵ و سەرچاوە ئاوییەکانە، ئەم ناهاوتایە دەبێت ئەوان خویندنەوەیەکیان بۆی هەبێت، ئێمە لە زەمنی شەڕ داین، یان بەرنامە هەیە لە شەڕ دابین بۆ داهاتوو وا ئەم بودجانە زیادیان کراوەو گرنگی بۆ نەدراوە، لەوەوە دەچمە سەر چەند خاڵی تر، کە دەبوایە لە راپۆرتەکەیان ئیشارەتیان پێ کرد بوایە، کە کەموکورتی بودجەیە، وەکو باسم کرد لە ئەوەلەوە کورتهێنان، لە موقابیلدا ئەمان لە راپۆرتەکەدا چۆن هاتووە با بڵێین وا مامەڵەیان لەگەڵ کردووە، یان سیاسەتیان لەبەرامبەریان چی بووە؟ لەبەرامبەری کورتهێنانی ترلیۆنێك و پێنج سەدو پەنجاو چوار ملیارو دوو سەدو نەوەدو شەش هەزار، هاتوون ئەمان بایی دوو ترلیۆن و شەش سەدو بیست و یەك ملیارو سەدو هەشت هەزار پرۆژەیان پێشنیاز کردووە، کە بۆ گوژمەی ئەمساڵ (988197)تیان بۆ تەرخان کردووە، هەر ئەو گوژمە تەرخان کراوە زیاترە لە گوژمەی تەرخان کراو بۆ پرۆژە پێشنیاز کراوەکانی ساڵی پار، هەروەها لە نەفەقاتی سیلەع و خەدەمات، صیانەو ئیعانات و مینەح و مەنافیعی ئیجتیماعی و ئەوانە بۆ ئەمساڵ ترلیۆنێك و شەست و هەشت ملیارو شەش سەدو حەفتاو شەش هەزاریان زیاتر داناوە لە بودجەی ئەو نەفەقاتانە بۆ ساڵی پار، ئەمە لێرە پرسیارێك دروست دەکات، ماڵێکی ئیعتیادی کە نە وەزیری پلاندانانی تیایە، نە وەزیری دارایی تیایە، ئەگەر بودجەکەی کورت بینێ بەهۆی کڕینی خانووەوە ناچێت بەکڕینی سەیارە پڕی بکاتەوە، بەرنامەیەك دادەنێ بۆ پڕ کردنەوەی، یەعنی ئەمان بۆ ئەوها پڕیان کردۆتەوە؟ زیادەڕۆیی لە بەهەدەردانی پارە، حکومەت نەیتوانیوە لەمەشدا بەڕاستی پابەند بێت بەو بودجەیەی کە لەپەرلەمان پەسند دەکرێ، بۆ نموونە لە نەفەقاتی ئیعاناتدا پەسند کراوی ساڵی 2009 (359) ملیار بووە، بەڵام نەفەقاتی فیعلی حەوت سەدو سی و حەوت ملیارو حەوت سەدو حەفتاو حەوت  هەزار بووە، ئەمەش چەند پرسیارێك دەهێنێتە ئاراوە، ئایا ئەم زیادەیە لەکوێ خراوەتە سەری؟ دواتر بۆ حکومەت ناتوانێت تەقدیری نەفەقاتی فیعلی خۆی بکات؟ کە ئەمە بۆ ساڵی 2010 دووبارە بۆتەوەو، بۆ ئەمساڵیش دووبارە دەبیتەوە، بە نموونە، ئەگەر وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی وەربگرین، پار بە تەنیا لە نەفەقاتی  سیلەع و خەدەماتدا نزیکەی چوار ترلیۆن لە دوای مانگی 6 خراوەتە سەری بە کەمی دانراوە، بۆ ئەمساڵیش هەمان سیناریۆ دووبارە بۆتەوە، هەر ئەوەندە کەمیان داناوە، کە دەبێت دیسانەوە دوای شەش مانگ چوار ترلیۆنی تری بخەنەوە سەر، ئەمە لەکوێوە دەیهێنن؟ چی لێ دەکەن؟ نازانم عەفوو چوار ملیار، ببوورن، خاڵێکی تر کە دیسان لە راپۆرتەکەیاندا نەهاتووە حکومەت لە رێی بودجەوە حیکمەتی پەسند کردنی بودجەی لە پەرلەماندا نەهێشتووە، چونکە کۆمەڵێك پرۆژە لە هیچ پرۆژەیەکی پێشنیاز کراوی پاردا نەبووە، بە نموونە چاکسازی گەوران لە هەولێرو سلێمانی، بەڵام لە ئەمساڵدا لە پرۆژە بەردەوامەکاندایە، لە ساڵی 2010دا وەکو ئەوەی دوێنێش ئیشارەی پێکرا، گوژمەی بۆ تەرخان کراوە، لەبەرامبەر هەردووکیاندا، یەکێکیان نووسراوە ئیحالە کراوە، یەکێکیان

نووسراوە ئیعلان کراوە، یەعنی هیچیان نەنووسراوە دەست پێکراوە، بەلاّم گوژمەشی بۆ تەرخان کراوەو پەسندیش نەکراوە لە پەرلەمانەوە، ئەخیر بڕیاری حکومەت کە لە ڕێگەی سەرۆکی حکومەتەوە دیسانەوە دەچێتەوە ئەم خانەیەوە، بڕیاری قەرەبوو کردنەوەی فەرمانبەرانە، کە ئەمەداخوازی زۆربەی، دەکرێت بڵێی تێکڕای ئەندامانی پەرلەمانە لەراپۆرتی هەردوو لیژنەی کاروباری کۆمەلاّیەتی و مافی مرۆڤیشدا هاتووە، بەلاّم ئەمە نزیکەی سێ سەد بۆ چوار سەد ملیار دینارە، سەرۆکی حکومەت پێش پەسند کردنی ئەو پارەیە جێ کردنەوەی لەبودجەدا، چۆن؟ لەچ گوژمەیەك هێناویەتی؟ لەچ پارەیەکەوە هێناویەتی و خستۆیەتی سەری؟

خاڵێکی تر، کە دیسانەوە کزی، یان لاوازی ئەدای حکومەتە بۆ جێ بەجێ کردن، ڕێژەی جێ بەجێ کردن بۆ ساڵی 2010 لە 34,3٪، ڕێژەی پێشنیار کراویش بۆ ئەم ساڵ لە 36.3٪، ئەمە لێرەوە دیسان بۆ کۆمەڵێك پرسیار رامان ئەکیشێ، ئایا حکومەت بەڕاستی دەیەوێت ئەو بودجەیە هەر پڕ بکاتەوە، یان بە فیعلی تواناى نییە ئەدایەکی باش بکات، ناتوانێت جێ بەجێی بکات؟ ئەگەر ناتوانێت جێ بەجێی بکات، بۆ بەردی گەورە هەڵدەگرێت؟ بۆ ئەوەندە پرۆژە پێشنیاز ناکات کە دەتوانێت لە 100٪ جێ بەجێیان بکات؟ لە کۆتاییدا کە ئەمساڵ ئێمە خۆشبەختانە وەکو پار ئێمە ناکەوینە بەردەمی زۆرینەو کەمینە، تێکڕای ئەندامانی پەرلەمان لە ڕێگای لیژنەکانەوە هەموو ئەم کەموکوڕییانەیان خستۆتە بەرچاو لە راپۆرتی لیژنەی دارایی و ئابوورییشدا هاتووە، .............

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز ناسك تۆفیق کەرەم بکە.

**بەڕێز ناسك تۆفیق عبدالکریم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەرەتا پشتگیری زۆربەی هەرە زۆری خاڵەکانی راپۆرتەکەی لیژنەی دارایی دەکەم، جگە لە تێبینم لە چەند خاڵێك هەیە، یەکێك لەو خالاّنە، لە خاڵێکدا باس لەوە دەکات کە داهاتی  نەوت دەچێتە صندوقی عائیداتی نەوت، کە بەڕاستی ئەو صندوقە هەتا ئێستا تشکیل نەکراوە، ئەگەر تشکیلیش کرا بێ بەیاسایی نەکراوە، چونکە رەئیس و ئەندامانی مەجلیسی ئیدارەی ئەو سندوقە دەبێت لەم پەرلەمانە بەڕێزە دەنگی بۆ بدرێت، لەبەر ئەوە هەم لە پرۆژە یاسایەکەدا هاتووە، کە دەبێت ئەو سندوقە تەشکیل بکرێت، ئینجا دوایی ناوی بهێنرێت، هەم لەراپۆرتەکە ئیشارەتی پێدراوەو، ئەوە خاڵێك.

خاڵێکی تر، دڵخۆشم بەوەی کە کۆدەنگیەك دروست بووە بۆ زیاد کردنی پێشینەی هاوسەرگیری بۆ پێنج ملیۆن و زیاد کردنی پێشینەی خانووبەرە، منیش پشتگیری دەکەم و، پشتگیری لەو خاڵەی دوێنێ کاك سمیر دەکەم، کە باس لە زیاد کردنی دەرماڵەی غەلای مەعیشی کرد بۆ پلە نزمەکان لە پێنج بۆ دە.

خاڵێکی تر، کە هەمە لەسەر راپۆرتەکە، بەڕاستی لە سەرەتای ئەم کۆبوونەوانە باس لە خاڵی هەشتەم کرا، لە راپۆرتەکە لاچووە، کە ئەویش خاڵێك بوو، سەرۆکی لیژنەی دارایی و ئابووری گوتی ئێمە بە روون

کردنەوە ناردوومانە بۆ لیژنەکان، بەڵام خۆتان لە لیژنە دابوون، بەڕاستی من خۆم بڕیاردەری لیژنەیەکم، ئەندامم لە لیژنەیەکی تر، بە میوانداریش چوومەتە لیژنەی دارایی بۆ بودجە، لەسەرجەم کۆبوونەوەکاندا بەشدار بووم هیچ روون کردنەوەیەك نەهاتووە سەبارەت بەو خاڵە، ئەو خاڵە زۆر گرنگە، چونکە بە ماددەیەك لە پرۆژە بودجەی 2011 مەرکەزی ئیقرار کراوە، کە بودجەیەکی پێشمەرگە دەبێت بە سولفە بدرێتەوە بە هەرێمی کوردستان، کەواتە ئەم ماددەیە، یان ئەوەتا دەبێت ئیقرار بکرێت و بە سولفە بماندرێتەوە، یان ئەوەتا دەبێت خەباتی بۆ بکەین لەوێ بڵێین بۆ ئەو ماددەیە جێ بەجێ ناکرێت، کەواتە ئەمساڵ بیزات دەبێت ئێمە ئیشی جددی بکەین بۆ بودجەی پێشمەرگەو تەجهیزیان، ئەوە خاڵێك.

خاڵێکی تر، سەبارەت بە کەموکورتیەکانی بودجە، بەڕاستی من ئەڵێم داهاتەکان زۆر رۆشن نییە، هەر لەوێوە دەست پێ بکەین کە پار بۆ پرۆژە بەردەوامەکان سێ ترلیۆن و سەدو نەوەدو دوو ملیارو چوار سەدو شەست و دوو ملیۆن خەرج کراوە، بەڵام ئێمە لەم پەرلەمانە ئیقراری سێ ترلیۆن و پێنج سەدو چل و سێ ملیارو حەفتاو چوار ملیۆنە، یەعنی ئەگەر ئێمە لەیەکی دەربکەین سێ سەدو پەنجا ملیارو شەش سەدو دوازدە ملیۆن دیار نییە، بۆ لە مودەوەردا نییە، یان ئەسڵەن بۆ هیچ ساڵێك مودەوەرمان نییە، نەگوترێت بۆ پڕ کردنەوەی عجزە، چونکە بەڕاستی ئەسڵەن بوونی عجز هەموو ساڵێك بەرز بوونەوەی عجز، هەر خۆی بۆخۆی بەڵگەیە لە بێ پلانی، یاخود لاوازی پلانمان، پار ساڵ لەم پەرلەمانە وەزیری سامانە سروشتیەکان بە نووسراوێکی رەسمی بۆ پەرلەمان تەرحی کرد چوار سەدو نەوەد ملیار سەرف دەکات بۆ دەفعی ماددەکانی (16ت و 17 و 18)ی پرۆژە بودجەی 2010، بەڵام ئەوە بوو رەفز کرا، لەبەر ئەوەی راستەوخۆ مامەڵەی لەگەڵ پەرلەمان کرد بوو و نەگەڕابۆوە بۆ ئەنجومەنی وەزیران، ئێستا ئەو چوار سەدو پەنجا ملیارە لەکوێیە؟ بۆ لەناو بودجەدا نییە؟

واریدات و داهاتی وەزارەتی سامانە سروشتیەکان سێ سەدو حەفتا ملیۆن نووسراوە، دوو سەدو بیست ملیۆنی بۆ ئیراداتی ئوخرا بێ لە مەبیعاتی نەوت دانراوە، بەڵام وەزارەتی پلاندانان حەفت سەدو هەشتاو هەشت ملیۆنی بۆ دانراوە، بۆ ئیراداتی مەبیعاتی نەوت، بۆچی وەزارەتی پلاندانان لەگەڵ وەزارەتی ئەوقاف زیاترە لە وەزارەتی سامانە سروشتییەکان؟ ئەوە خاڵێك.

خاڵێکی تر، ئێمە 820 هەزار خێزانمان هەیە، تەنها ئەم خێزانانە لە مەرکەزەو ساڵانە دوو بەرمیل نەوتی ئەدرێتێ، هەر بەرمیلێك بە 41 هەزار دینار ئەفرۆشێ، کاتی خۆی ئێمە لە لیژنە قسەمان کرد گوتیان بە نەقل و گواستنەوە 37500ی تێدەچێ، یەعنی هەموو بەرمیلێك 3000ی زیادە دچیتەوە بودجەی هەرێم، یەعنی هەر ئەوە زەرب بکە چوار ملیارو نۆسەدو بیست دەکات، ئەی ئەمە لەکوێیە؟ داهاتی کارەبا خۆیان وتیان 150 ملیارە، ئێستا 120 ملیۆن دانراوە، پاریش پەنجاو پێنج ملیۆن دانرا، وتیان هەڵەی مەتبەعیە، بەڵام هەروا تێپەڕی، ئێستا من ئەڵێم ئێمە 730 موشتەرەکمان هەیە، خۆتان زەربی بکەن بزانن چەند دەکات؟ کۆی ئەمانە نزیکەی ترلیۆنیك دەکات، زیادە، کە ئێمە ئەتوانین بەکاری بینین بۆ شتی تر، ئەمە خاڵێك.

خاڵێکی تر، کە بەڕاستی کە من ملاحەزەم هەیە لەسەر پرۆژەکان، هەندێ وەزارەت لە دەرەوەی ئیختساساتی خۆی پرۆژەی تەبەنی کردووە، بۆ نموونە عەینەیەك وەربگرین وەزارەتی ناوخۆ ئەم پرۆژانەی هەیە هۆڵی وەرزشی داخراو لە قالاوە، ئەمە هی رۆشنبیرییە، یاریگای تۆپی پێ، دروست کردنی یاریگا، مەلەوانگەی ژنان، کۆمەڵگای وەرزشی، جوانکاری شەقامی مەلیك محمود، جوانکاری شەقامی مەلیك مەحمود بەشی پێنجەم، جێ بەجێ کردنی پرۆژەی جوانکاری شەقامی مەلیك مەحمود قۆناغی دوو، پرۆژەی خزمەتگوزاری بۆ شەقامی مەلیك مەحمود، بەڕاستی ئەمە زیاتر لە بیست وهەشت پرۆژەیە، کە هیچی لە ئیختیساساتی وەزارەتی ناوخۆ نییە، یان ئیختیصاصاتی وەزارەتی ئاوەدانکردنەوەیە، یان هی رۆشنبیری و ئەوەیە، سەرجەم ئەو پرۆژانەی کە تەرح کراون، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، سەرجەم ئەو پرۆژانەی کە تەرح کراون بۆ ئەمساڵ و پار، هێشتا ئەگەر هەمووی لە کاتی خۆیدا جێ بەجێ بکرێت و، موناقلەی پێ نەکرێ و پارەی بۆ سەرف بکرێت، هێشتا نزیکەی پێنج ترلیۆن و نیوی دەمێنێت بۆ بودجەی دوو ساڵی تر، کەواتە ئێمە هەر لە ئێستاوە لە بودجەی دوو ساڵی تر دامانناوە بۆ ئەم پرۆژانەی کە هەمانە، یەعنی ئەگەر ئەم دوو ساڵەی تر هیچ پرۆژەیەکی تر نەکەین لە بودجەی دوو ساڵی ترمان خواردووە.

خاڵێکی تر، کە من پرسیارم زۆرە لەسەر ژمارەی فەرمانبەرانە بەڕاستی، ژمارەی فەرمانبەران (625849) کەس بووە پار، پار ئەوەندە بووە، بەو دە هەزارەشەوە کە زیادمان کرد، یەعنی نۆ هەزارو شتێك بڵێ دە هەزار، ئەوەندە ئیقرار کرا، بەلاّم لە سەرووی ئەو دە هەزارەوە (25) هەزاری دیکە تەعین کرا، ئەمساڵیش قەرارە (25) هەزاری تریش تەعین بکرێت، یەعنی ئەو رەقەمە بووە بە چەند ئەمساڵ بووە بە (626259) لێی دەربکە (410) کەسی زیاد کردووە، ئەی (49) هەزارەکەی تر کوان؟ بۆ بە رەقەمەوە دیار نییە ئەم تەعیناتە؟ من دەڵێم وەکو تەعیناتەکە بەڕەقەمەوە دیار نیە ئەم دامەزراندنە بە هاوولاّتیانیشەوە دیار نیە، کێشەی ئەم دامەزراندنە ئەبێ یەکلایی بکرێتەوە، ئەبێ ئەم ڕەقەمانە ڕەقەمی وازح بن، چونکە بەڕاستی بەڕێز کاك ڕەشید تاهر، لەڕۆژنامەی ڕووداودا ئەڵێت ئێمە مووچەخۆرمان (1) ملیۆن (155080) هەزارمان هەیە، بە فەرمانبەرو بەمووچە خۆرەوە، ئەوەش هەر عەلامەلەتی ئیستفهامی لەسەرە ،بۆ ئەوەندە؟، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك دکتۆر ئاراس ئەو ڕاپۆرتەی کە تەوزیعتان کراوە، بەنووسین لاتانە تکایە بیخوێنەرەوە، چونکە بلاّو کراوەتەوە، من خۆم بۆ هەموویانم ناردووە، ئێستا گوێم لێ ئەبێت کە کەس نەیبینیوە، بۆیە داوا لە بەرپرسی لیژنەی دارایی دەکەم، فەرموو نووسراوەکە بخوێننەوە.

**بەڕێز د. ئاراس حسین محمود :**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دەربارەی ئەو خاڵە وەکو بەڕێزتان فەرمووتان چەند ئەندام پەرلەمانێکی بەڕێزیش ڕاستەوخۆ ئەو پرسیارەیان لەمن کردووە، ئەو ڕاپۆرتە گۆڕانکارییەکی تێدا بوو لە ئەنجامی کۆبوونەوەی لیژنەی دارایی بەگشت ئەندامانیەوە، لەگەڵ بەڕێز وەزیری دارایی لە برگەی (8)دا بەڕێز بریکاری وەزیری دارایی پێی باش بوو، کە ئەو ڕاپۆرتە لەخاڵی (8) ئەو گۆڕانکارییەی کەهەیە، پەرلەمانیشی لێ ئاگادار بکاتەوە، هەر ئەو ڕۆژە ئەو ڕاپۆرتەمان بەدەست گەیشت، سەعات دووی پاش نیوەڕۆ، هەمان ڕۆژ ئێمە ناردمان بۆ سەرۆکایەتی پەرلەمان، ئەوانیش بەنووسراوی فەرمی دابەشیان کرد بەسەر لیژنە هەمیشەییەکان، کە سەرۆك لیژنە بەڕێزەکان، بەدەستیان گەیشتووە، ئەندامە بەڕێزەکانیش لەکاتی سەردانیان بۆ لیژنەکان ئەو نووسراوە دەبینن، بۆ زیاتر ڕوونکردنەوە، ئەگەر بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان ڕێگام پێ بدات، بەراییەکانی ئەو بابەتە کە تەوسیقم کردووە، بە نووسراوی فەرمی دەیخوێنمەوە بۆ بەڕێزتان، لیژنەی دارایی و کاروباری ئابووری

ژمارە 153

لە 2011/4/24

**بۆ/ بەڕێز سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان**

**ب/ڕاپۆرتی وەزارەتی دارایی دەربارەی بودجەی ساڵی 2011**

بەڕێزتان ئاگادار دەکەینەوە کە ئەمڕۆ 2011/4/24 کاتژمێر دووی پاش نیوەڕۆ وێنەی نوێی ڕاپۆرتی بودجەی ساڵی 2011 ی حکومەتی هەرێم بەدەستی ڕەوانەی لیژنەکەمان کرا، لەلایەن بەڕێز بریکاری وەزارەتی دارایی بەئاگاداری بەڕێز وەزیری دارایی کە گۆڕانکارییەك لەبرگەی 8 دا کراوە ،بۆیە داوا لەبەڕێزتان دەکەین کە ڕەزامەندی بفەرموون بەدابەشکردنی ئەم ڕاپۆرتە نوێیە بەسەر لیژنە هەمیشەییەکانی پەرلەمان وئەندام پەرلەمانە بەڕێزەکان بۆ ئاگادارکردنەوەیان، شایەنی باسە ڕاپۆرتی ناوبراو لەکاتی گفتوگۆکردن لەسەر بودجەی ساڵی 2011، لەلایەن بەڕێز وەزیری داراییەوە دەخوێندرێتەوە، تکایە بۆ وەرگرتنی وەڵامدانەوەمان، ئەمە ئەو نووسراوەیە کە ئێمە ناردوومانە بۆ سەرۆکایەتی پەرلەمان، بەڕێز سەرۆکایەتی پەرلەمان هەموو لیژنەکانی لێ ئاگادارکردۆتەوە بەنووسراوێکی فەرمی کە ئەمە دەقەکەیەتی،

بەڕێوەبەرایەتی کاروباری پەرلەمان.

ژمارە: ك 484

بەروار: 2011/5/2

**بۆ/ گشت لیژنە هەمیشەییەکانی پەرلەمانی کوردستان**

**بابەت/ ئاراستە کردنی نووسراو**

هاوپێچ لەگەڵ نووسراوماندا دەقی نووسراوی لیژنەی دارایی و کاروباری ئابووری لەپەرلەمانی کوردستان ژمار(153)لە 2011/4/24، سەبارەت بەڕاپۆرتی وەزارەتی دارایی و ئابووری لە هەرێمی کوردستان

دەربارەی بودجەی ساڵی 2011 تان ئاراستە دەكەین، بەمەبەستی دیراسەكردن ودەربڕینی ڕەئیتان لەو بارەیەوە، لەهەمان كاتدا، بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان، بۆ ئەوەی ئەندامە بەڕێزەكان، لەگەڵ ڕاپۆرتەكەی تردا جیای بكەنەوە، چونكە گۆڕانكاریەكە یەك، دوو دێرە كە هاتووە، هەر بۆ تەوسیق بەدەست وخەتی خۆم نووسیومە، وێنەی نویَ لە 2011/4/24، بە ئیمزای خۆمان نێردراوە بۆ هەموو بەڕێزان، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو كاك امیر.

**بەڕێز ئەمیر گوگە یوسف:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پێشەكی سوپاس بۆ لیژنەی دارایی و لیژنەی تر بۆ ئامادەكردنی ئەم ڕاپۆرتە، بەشێوەیەكی زانستی، لەگەڵ هاتنی بەشێوەی تەفاصیل لەناو بودجەی ئەمساڵدا، ئەمەویَ ئیشارەت بەم خاڵانەی خوارەوە بدەم، یەكەم: لەدانیشتنی دووەم، ئەندامانی بەڕێز زۆر خاڵیان باس كرد، پێویست ناكات دووبارە بكرێتەوە، پێشەكی پشتگیری پێشنیاری سۆزان خان و كاك دڵشاد دەكەم، دیسان پشتگیری لە پێشنیاری كاك شێردڵ دەكەم دەبارەی سولفە بۆ فەرمانبەران، دووەم: جیاوازی هەیە لەجێبەجیَ كردنی پڕۆژەكان لە بودجەی ساڵی 2010 لە پارێزگاو قەزاكاندا، بۆ نموونە لە هەندیَ جێگا جێبەجیَ كردنەكە ناگاتە لە 50٪ی جێبەجی كراو، لەهەندیَ شوێنیش لە 100٪ دەبێت، هەروەها بۆ پڕۆژەی بەردەوام بۆ ساڵی 2010 و پڕۆژەی دەست پیَ نەكراویش بەهەمان شێوە، سێیەم: پشتگیری ڕاپۆرتی لیژنەی پەیوەندیەكان و ڕۆشنبیری لەخاڵی 11 دەربارەی كوالێتی جێبەجیَ كردن، بەشێكی پڕۆژەكان لەئاستی جێبەجیَ كردن نین، كەمتەرخەمی هەیە لە ستاف جێبەجیَ كردن وچاودێری ئەندازیاری، چوارەم: پشتگیری ڕاپۆرتی لیژنەی نەزاهە دەكەم لە خاڵی 15 كە لە بودجەی ساڵی 2011 لادێكان پشتگویَ خراون، بۆ نموونە گوند هەیە لە 60 ماڵ زیاترە، ئەوە بۆ چوارساڵە تا ئێستا ئاو بۆ ئەو گوندە نەڕۆشتووەو ڕێگای چون وهاتنیشیان نیە، واباشە كەوا گرنگی بەو خاڵە بدرێت، پێنجەم: دیسان پشتگیری ڕاپۆرتی لیژنەی شارەوانیەكان دەكەم، خاڵی 9 پڕۆژە هەیە لە ژێر جێبەجیَ كردندایە، بەڵی خەرجی ساڵی 2010 سفرە، پڕۆژەش هەیە دەستی پێنەكراوە، مەبلەغێكیشی بۆ هاتووەتە خەرج كردن، شەشەم: پشتگیری ڕاپۆرتی لیژنەی ئەوقاف خاڵی 11 دەكەم، بۆ ڕەچاوكردنی بنەمای دادگەری و نیشتمانی بوون بۆ پێدانی پڕۆژە، هەروەك دكتۆر جیهان باسی كرد، پێوست ناكات دووبارە منیش باسی بكەمەوە، حەوتەم: ئەگەر سەیری ڕێژەی نەخوێندەواری لە كوردستان بكەین، ئەویش لەڕێژەی لە 25٪ ئەمەش ڕێژەیەكی مەترسیدارە، پێویستە مەبلەغێك لە بودجە ساڵانە بۆ چارەسەری ئەم كێشەیە دابین بكرێت، هەشتەم: بابەتی چاودێری خێزانی هەتا ئێستا مەبلەغی 30 هەزار دیناریان بۆ سەرف دەكرێت، هەروەها ژمارەی ئەوانەشی كە وەری دەگرن، ناگاتە لە 1٪ی دانیشتوان، واباشە كەوا

چارەسەری ئەم کێشەیە بکرێت، نۆیەم: لە پـرۆژەی بودجـەی هـەرێم مـاددەی لـەماددەی حەوتـەم، بڕگـەی سێیەم، المشاريع الإستثمارية لنفس الوزارة في حدود المحافظة الواحده، زۆر ئیشکال دروسـت بـووە بەتایبـەتی بۆ قەزاکان،( پێم باشە ئەگەر زیاد بکرێـت، (بعـد الاخـذ بـرأي مجـالس الاقضـية والنـواحي)چـونکە زۆرجـار پرۆژەی قەزاو ناحیەکان دێنە تـەحویل کـردن بـۆ مەرکـەزی پارێزگـا، دەیـەم: بـۆ سـاڵی 2011 مەبلـەغێك دیاریکراوە بۆ زانکۆکان، کە بەڕاستی زانکۆ زۆر کەمە، پـێم باشـە لـەم پرۆژەیـەدا ئـەوە ڕەچـاو بکرێـت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك صباح محمد فەرموو.

**بەڕێز د. صباح محمد نجيب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بـەناوی خـوای گـەورەو میهرەبـان، سـەرەتا دەستخۆشـی لـەهاوکارانم دەکـەم لـە لیژنـەی دارایـی و ئـابووری، بۆمانـدوو بـوون و نەفەسـی درێـژیان، لـە ئامـادەکردنی ڕاپـۆرتی خۆیـان و هەڵسـەنگاندنی ڕاپۆرتـەکانی لیژنەکانی پەرلەمان، لەهەمان کاتدا جێگای خۆیەتی دەستخۆشی لە وەزارەتی دارایی وهەموو ئەو بەڕێزانە بکەم، کە دەسـتیان هـەبووە لـە ئامـادەکردنی بودجـەی ساڵانەی هـەرێم، بـە وەزارەتـی پلاندانانیشـەوە، کـە بێگومان ئامادەکردنی بودجەی ساڵانە جگە لەوەی کاتێکی زۆرو حەوسـەڵەیەکی فراوانـی دەوێـت، بـۆ خـۆی هونەرێکی گەورەو گرانە، خوای گەورە لـەوتاری پـڕ حیکمـەوت و مـەغزای خۆیـدا، دەفەرموویـەتی( فـأوفوا الكيـل و الميـزان و لاتبخسـوا النـاس أشـياءهم ) دەستخۆشـی دەکـەم هـەروەها لـە هاوکـارانم پەرلـەمانتاران چ ئەوانـەی کـە پـێش مـن قسـەیان کـرد، چ ئەوانەشـی کـەدوای مـن قسـە دەکـەن، کـە هـەموو بـەبڕوای مـن بیروبۆچوونی جوان و بەنرخیان پێشکەش کردووەو دەیکەن، پێکەوە دەتوانین ئـەم ئەمانەتـە گەورەیـە بـە کەمترین هەڵەو کەموکورتی بگەیەنینـە شـوێنی خـۆی ولاپەڕەیـەکی گـەش لەمێـژووی چاودێری پەرلـەمان لەسەر حکومەت تۆمار بکەین، جەنابی سەرۆکی پەرلـەمان، مـن دەمـەوێت لـەم دەرفەتـەدا ئامـاژە بەچـەند ڕاستیەك بکەم، هیوادارم بتـوانم لـەو مـاوەی کـە تـەرخان کـراوە بـۆم چـەند خاڵێـك بخەمـە سـەر پیتـەکان، یەکـەم: سـاڵانە ئێمـە ڕووبـەڕووی دواکـەوتنی بودجـە دەبینـەوە، لەحاڵێکـدا پـاریش ئـەو هۆشـیارییەمان بەحکومەتدا، کە پێویستە لەکاتی خۆیدا پـێش تـەواو بـوونی سـاڵی دارایـی بودجـە بگاتـە پەرلـەمان، ئەمـە بۆخۆی پێچەوانەی پرەنسیپەکانی کاری پەرلەمان وعورفی دانانی بودجەیە، وای لێهاتووە ئـەم بـێ نەزمیـە خەریکە ببێت بە نەزم، بۆ دەرچوون لەم تەنگەژەیە، چی دەبێت ئەگەر ساڵی داراییمان لە 1/1 بگۆڕین بۆ 4/1 یان بۆ 6/1، بۆ زانیاریتان لە کویت ساڵی دارایی لە 4/1 دەست پێدەکات، بـە 3/31 کۆتـایی پێـدێت، لە مصر بۆ حکومەت لە 7/1 دەست پێدەکات، لە 6/30 ی ساڵی زایـنی داهـاتوو کۆتـایی پێـدێت، بـەڵام بـۆ کەرتی تایبەت لە 1/1 دەست پێـدەکات، دووەم: سـەبارەت بـەڕاپۆرتی وەزارەتـی دارایـی وێـڕای دەستخۆشـی لەجـەنابی وەزیـر، ئـەوەی تێبینـیم کـرد ڕاپۆرتەکـە خـاڵی بـوو لـە دانـانی سیاسـەتی ئـابووری و هـیچ

**هەڵسەنگاندنێکی بۆ دەروازەکانی بودجە لەخۆ نەگرتبوو، چاوەڕوان بووین ئەو ڕاپۆرتە ژمارەو داتاو بەیاناتی ناو بودجەمان بۆ بکاتە گوزارەی شیکاری وبنیاتی، تا سەرئەنجام تێبگەین کە حکومەتی هەرێم بە پلەی یەکەم وەزارەتی دارایی ئەو سامان وداهاتە گەورەو گران چۆنە بەکار دەهێنن،؟ بە ئاراستەی بناغەدانان بۆ ئابوورییەکی نیشتمانی پتەو چی دەکات؟، سێیەم: کە دێینە سەر ڕاپۆرتی لیژنەی دارایی ئەویش بەهەمان شێوە بەزمانێکی سەردی و تەوصیفی بەدوور لە شیکارو هەڵسەنگاندن نووسراوە، هەرچەند جاروبار بەحوکمی پیشەیی وئاستی ڕۆشنی داتاکاندا، هاتووەتە گۆو خۆی پێنەگیراوە، لەهەندێ کەموکورتی بێدەنگ بێت، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی ڕاپۆرتەکە لە هەڵسەنگاندنی ڕیشەیی بودجەی هەرێمدا بێدەنگ بووەو قاعیدەیەکی بنەڕەتیش هەیە کە دەڵێت (لاینصب لساكتي قول) کەواتە ئەتوانین بڵێین لیژنەی دارایی نەهاتووە پێمان بڵێت ئاراستەی بودجەی هەرێم ڕەوشی ئابوورییمان بەرەو کوێ دەبات، ناکاتە چ سیاسەتێکی ئابووری، چ ستراتیژێکی ئابووری، چ پلان و بەرنامەیەکی ئابووری پێیە بۆداهاتووی کوردستان، لەگەڵ ئەوەی کە هاتوون لەلاپەڕەی $5 - 6$ چەند خشتەیەکی نیشانداوین، کەچی هیچ دیکۆمێنت وئینتاجێکیان لەسەری نیە، لەگەڵ ئەوەشدا لیژنەی دارایی کۆمەڵێك پێشنیاری باشی لەڕاپۆرتەکەیدا کردووە، کە بێگومان پشتگیرییان لێدەکەم، چوارەم: ئێمە لە ڕاپۆرتەکەداو لە بودجەشدا هیچ باسێك لەداهاتی نەوت وبودجەی مودەوەری ساڵی پێشوو نابینین، باسێك لەحساباتی ختامی نیوەی دووەمی ساڵی پار لەگۆڕێ نیە، ئایا سووربوونمان لەسەر ماڵ و سامانی خەڵك و تەئکید لەسەر بنەمای شەفافیەت ئەوە ناخوازێ بزانین ئەو بڕە پارانە چیان بەسەرهات،؟ ئایا موناقەشاتی بودجە ئەوە ناهێنێت ئێمە تەگبیر وڕاوێژ لەسەر ماڵ وسامانی نەتەوەییمان بکەین،؟ ئیمامی عەلی ڕەزاو ڕەحمەتی خوای لێبێت، دەفەرمووێت، (لامال لمن لاتدبيره له)، گەورەترین تەدبیر ئەوەیە ئەبێت ئێستا هاوسەنگیەك لەنێوان داهات وخەرجیەکان ڕەچاو بکەین، نەك وەك ئەوەی ئێستا، ئەم حاڵەتە جگە لەوەی کە واقعێکی تاڵە، ئاماژەیەکی خراپیشە بۆ داهاتووی ئابووریشمان، پێنجەم: ساڵانە تێبینی دەکەین کەرتەکانی کشتوکاڵ و پیشەسازی وبازرگانی بڕی بودجەو پێگەیان لەنەخشەی ئابووری کوردستاندا لاوازو لاوازتر دەبێت، بەڵگەشمان ئەو ڕێژە کەمەیە کە تەرخان کراوە بۆ وەزارەتەکانی کشتوکاڵ و پیشەسازی و بازرگانی، چی بکرێت بۆ ئەوەی ئەم وەزارەتانە بایەخی باشتریان پێ بدرێت،؟ شەشەم: گرنگیدان بەکەرتی پەروەردەو خوێندنی باڵا، لە بودجەدا کە پێکەوە لە 19٪ی بودجەیان بۆ دابین کراوە، مایەی دڵخۆشیە، بەڵام تەنها ئەو گرنگیدانە بەس نیە، بۆ بەهێزکردنی ئەو دوو وەزارەتە گرنگ و حەیاتیە، لەهەمان کاتدا پێویستە ئاوڕێکی جدی لەگوزەران و ژیانی و حورمەتی زیاتر بەخشین بە مامۆستایان وپەروەردەکاران وفەرمانبەرانی پەروەردەو خوێندنی باڵاو قوتابیان و خوێندکاران و خێرخوازان بدرێتەوە، بەزیادکردنی حەوافیز و پاداشت بۆیان، حەوتەم: سەرنج بدەین پرۆژە بەردەوامەکان 94 لاپەڕەیە، ئەگەر بەو شێوەی ئێستا کار بکەین واتە بودجە ساڵانە لەمەوعیدی خۆی دوا بکەوێت، واتە هەمیشە جێبەجێکردنی پرۆژەکان بکەوێتە بەر ڕەحمەتی زەمەن و تەندەرو مقاویل وموهەندیس وڕۆتینی پڕوکێنەری ئیداری، ئەوە ئەبێت ساڵی داهاتوو**

پرۆژەکانی ئەمساڵیش بچنە ڕیزی پرۆژە بەردەوامە کەڵەکە بووەکانی ساڵانی پێشتر، کە ئەمە نیشانەی ناکارابوون وبەهەدەر چوونی کات و کارو پارەو سامانی کوردستانە، زۆرێك لەو پرۆژانە کاتی جێبەجێکردنیان زیاتر لەیەك ساڵی زیاترە، کەچی ئێستاشی بەسەرەوە بێت دەستبەکار نەبوون، بەشێکیان ئیحالە نەکراون، بەشێکیان تازە بەتازە تەندەریان بۆ کراوە، بۆیە پێشنیار دەکەم وردەکاری زۆرو زۆرتر و چاودێری تەواوی جێبەجێکردنی پرۆژەکان بکرێت، چونکە دووبارە بوونەوەی ئەم دیاردەیە، دەبێتە مایەی نیگەرانی قوڵ، هەشتەم: میلاکات وەك ئەوەی کەدیاریکراوە، ئەگەر بەشێوەیەکی هاوسەنگ وبەپێی پێویستی دابندرێن دەکرێ خزمەتێکی باشی گەلەکەمانی پێ بکەین، لەم ئاراستەیەدا داواکارم لەبەشی وەزارەتی پەروەردەو خوێندی باڵاو ئەوقاف وتەندروستی زیاد بکرێت، لەبەشی وەزارەتی دارایی کەم بکرێتەوە وەك لیژنەی دارایی خۆشیان ئاماژەیان پێکرد، نۆیەم: بوونی کورتهێنان لە بودجەو زیادبوونی لە بودجەی ئەمساڵدا، حاڵەتێکی نەویستراوی بێزراوە، بۆیە پێویستە ڕێکاری گونجاوی بۆ بدۆزرێتەوە و چارەسەرو سووك کردنی بۆ نموونە، کەمکردنەوەی ڕێژەی لە 10٪ بۆ 20٪ بۆ نەفەقاتی منح وئیعانات ومەنافعی کۆمەڵایەتی، وموچەی پلە باڵاکان، ئەمەش ڕەنگە بتوانێ کاریگەری هەبێت، دەیەم: داواکارم بودجەی ئەمساڵ بەڕوونی و بەبێ پێچ و پەنا، تەئکید بکاتەوە لەسەر 1- زیادکردنی پێشینەی خانووبەرە، بۆ هەموو هاووڵاتیان، بەلابردنی مەرجی تەئمینی ژیان، بەکەمکردنەوەی ئەو ڕۆتین و بیرۆکراسیەو مەکتەب سالارییەی کەزۆرجار هاووڵاتیانی بێزارکردووە، 2- پێدانی بیمەی بێکاری لەژێرناوی چاودێری کۆمەڵایەتی بەهەموو کەسێکی بێکاری سەروو 18 ساڵ، کە بڕەکەی لە 150 هەزار کەمتر نەبێت، هیچ موچەیەکیش لە 150 هەزار کەمتر نەبێت، 3- پێدانی پێشینەی هاوسەرگیری بۆ هەموو گەنجێك کە بڕەکەی لە 5 ملیۆن کەمتر نەبێت، 4- تەفعیلی دیوانی چاودێری دارایی و تەشکیلی دەستەی نەزاهە بەزووترین کات، 5- پشتگیری لەپێنشیارەکەی هاوکارم کاك سەمیر دەکەم، بۆ پێدانی دەرماڵەی گرانی ژیان، بۆ ئەوانەی لە پلە 5 – 10، جەنابی سەرۆکی پەرلەمان، لەکۆتاییدا بڕوام وایە، پەرلەمان مافی خۆیەتی ئەرکی سەرشانیەتی کە ئەم پرۆژە یاسایەو ئەم بودجەیە، بەجوانترین و ڕەوانترین شێوە هەموار بکات، بەڵام لەمە گرنگتر ئەوەیە کە چاودێری جێبەجێکردنیشی بێت، بەند بە بەندی بخاتە ژێر وردبین و دوربینی چاودێرییەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز گوڵیزار قادر اسماعیل، فەرموو.

**بەڕێز گوڵیزار قادر اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەرەتا بەخێرهاتنی وەزیرەکان دەکەم، دەسخۆشی لە لیژنەی دارایی دەکەم، بەڕاستی بودجە کۆمەڵێك خاڵی باشی تێدایە، جێگای دەستخۆشیە، وەکو گرنگیدان بەخانووی نیشتەجێکردن، بۆ بنەماڵەی شەهیدان و پرۆژەی توناسازی لاوان بەردەوامی هەیە، هەروەها دەرفەتی دامەزراندن بۆ 25 هەزار کەس کە زیادی

کـردووه، پێشـینەی خانووبـەرەو هاوسـەرگیری بـەردەوامیان هەیـە، پارەیـان بـۆ تـەرخانکراوە، هیـوادارم پارەکـەیان بـۆ زیـاد بکرێـت، سـەبارەت بـەڕاپۆرتی لیژنـەی ئـەوقاف کەتێیـدا هـاتووە، لـەخاڵی هەشـتەم، بەخشینی مزگەوت و شوێنی خواپەرستی لە کرێی ئـاو وکارەبـا، ئـەوان وتوویانـە پەسـەند نیـەو چـونکە بـە یاسـا ڕێکخـراوە، مـن داوادەکـەم چـاوێك بـەو یاسـایەدا بخشـێندرێتەوە، چـونکە ئێمـە لەگـەڵ وەزارەت دانیشتووین، قسەی ئەوان ئەوە بوو کە زۆرینەی ئەو پارەیـەی کـە لـە وەقفـەکان دەسـتیان دەکـەوێت کرێـی ئـاوو کارەبـا دەیبـات، بۆیـە داوا دەکـەم کـە چـاوێك بـەوەدا بخشـێندرێتەوە، سـەبارەت بـە ڕاپـۆرتی لیژنـەی بەرگری لەماق ئافرەت، پشتگیری دەکەم لەخاڵی یەکەم، کەزیادکردنی ئەو بـڕە پارەیـەی 75 هـەزار دینـارە بکرێت بە 100 هەزار دینار، وە لەخاڵی 8 دا پشـتگیری لێدەکـەم کـە زیـادکردنی پێشـینەی خانووبـەرە بـە 20 ملیۆن، بەڵام داوا دەکەم ئەو تەئمین حەیاتەی لەسەر هەڵبگیرێت، وادیارە بەپێی یاسای بودجە هـەموو ساڵێك دەسەڵاتی خەرجکردن لەدەست وەزارەتی دارای دایە، من پێم باشە، ئـەو پـارەی بـۆ هـەر وەزارەتێـك دادەندرێت با وەزیرەکە لەدەسەڵاتی خۆیدا بێت خەرج کردنەکەی، نەك هـەمووجارێك بگەڕێندرێتـەوە بـۆ وەزارەت، ئەگەر بەڕێوەبەرایەتیەکان لە قەزاو ئیدارە سەربەخۆکان دەسەڵاتی خەرجکردنیان هەبێت باشترە بۆ ئەوەی بتوانن کارەکانی خۆیان بەڕێوە بەرن، سـەبارەت بەدەرماڵـە، بەڕاسـتی خوێنـدکاران لەکوردسـتانی ئێمە زۆر مەغدورن، چونکە بڕی 60 هەزار دینار وەردەگرن، چ خوێنـدکارێك دەتوانێـت بـەو بـڕە مانگانـە ژیانی خۆی بەڕێوە ببات،؟ لەبەر ئەوە ئێمە دەبینین و من پێی دەزانم قوتابی زۆر زیرەکە، نـاوی لەشـوێنی باش هاتووەتەوە، دەرەجەی باشـی هەیـە، بـەڵام لەبـەر هـەژاری نـەیتوانیوە بخوێنێـت، ئێسـتا لەکۆڵانەکانـدا بەدوای کارو کەسابەت ومیوە فرۆشیدا دەگەڕێت، بۆیە من لێرە پێشنیار دەکەم دەرماڵەی خوێنـدکار ببێـت بـە 150 هـەزار دینـار، خـاڵێکی تـر، هـەروەزارەتێك چـەند کەسـی بـۆ دانـراوە کـە تـەعین بکرێـت، بـا ئـەو وەزارەتـە لـەژێر دەسـەڵاتی خۆیـدا بێـت، چـونکە ئێمـە سـەردانی ڕانیـەمان کـرد، وەکـو لیژنـەی ئـەوقاف، بەڕێوەبەری ئەوقاف لەوێ وتی ئەمساڵ من 19 کەسم بۆ تەعین کراوە، بـەڵام ئـەو ئیشـەی کـە مـن هەمـە، بەئەوانـە ناکرێـت، ئیشـی ئـەوان نیـە، بۆیـە داوا دەکـەین هـەر وەزارەتێـك بـەپێی ئیشـوکاری خۆیـان بێـت وئیشوکاریان لەدەست خۆیاندا بێت، زۆرسوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێز بەفرین حسین محمد، فەرموو.

**بەڕێز بەفرین حسین خلیفە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وێڕای بەخێرهاتنی میوانە بەڕێزەکان، لە وەزیرەکان، دەستخۆشـی و مانـدوونـەبوون بـۆ لیژنـەی دارایـی لـە ئامادەکردنی ئـەم ڕاپۆرتـە بـە پێزەیـان، دیـارە بودجـە داڕشـتەی سیاسـەتی سـاڵانەی حکومەتـە، ئەوەنـدەی کـەمن تەسـەور دەکـەم، خەریکـە ئـەبێت بـە عـورفێکی پەرلـەمانی لەدواکـەوتنی هـاتنی بودجـە، دیـارە بـە بەراوردکردن لەگەڵ پار ساڵ، چ هاتنی بودجە، چ موناقەشـە کردنەکـەی، زۆر لـەکاتی خـۆی تێپـەڕیوە، بـەو

ئومێـدەی لەسـاڵانی داهـاتوودا ئەمـە چارەسـەرێکی بـۆ بدۆزرێتـەوە، هـەروەها دیـارە ئـەو مەرجانـەی بـۆ دابەشـکردنی پرۆژەکـان بـۆ ناوچـەکانی کوردسـتان دەستنیشـانکراوە، مـەرجی چـڕی دانیشـتوان یـان ئاسـتی زەرەرمەنـــدبوونی ئـــەو شـــوێنانەیە، بـــەڵام ئـــەبێت بـــەفیعلی ئـــەم مەرجانـــە لەدابەشـــکردنی پـــرۆژە خزمەتگوزارییــەکان لەهــەموو ناوچــەکاندا ڕەنــگ بداتــەوە، بــەڵام ئەوەنــدەی کــەمن دەیبیــنم، جۆرێــك لەناچوون یەکی ، جۆرێك لە ناهاوسەنگی لەدابەشکردنی پرۆژەکان لەو ناوچانەدا هەیە، ئەگەر بێت و ئێمە تـەنها مـەرجی زەرەرمەنـدبوون وەربگـرین، بەتەسـەوری مـن هـەر بسـتەخاکێك بـۆنی کوردسـتانی لێبێـت، دەستی وێرانکاری و کاولکاری بەرکەوتووە، بەڵام ئەمەش جیـاوازی هەیـە لەناوچـەیەك تـا ناوچـەیەکی تـر، لەوانەیە ئەمەش بگۆڕدرێت ، بۆیە پێویستە ئەمە ڕەچاو بکرێت، بەڵام من هەر لێرەوە ناوی هیچ شوێنێك لەهەرێمی کوردستان ناهێنم، دیارە لەزاخۆ تـا خانـەقین، بـۆ مـن هـیچ فـەرقێکی نیـە، تـەنها دروسـتکردنی هۆڵێکی خوێندنیش بێت لەناوچەیەکی دوورە دەستی کوردستان، لەناوچەیەکی سەر سنووری کوردستان بـۆ ئێمە مایەی خۆشحاڵییە، بۆیە هەموو کوردستان بەشوێنی خۆمـان دەزانـین، دیـارە لەهـەنگاوێکی بوێرانـەی حکومەتـدا پارسـاڵ پێشـینەی خانووبـەرە گونـد و دێهـات وقـەزاو ناحیەکانیشـی گرتـەوە، ئـەوە مایـەی خۆشحاڵیە، دیارە بەتەنها دانانی ئەو بڕە پارەیە، پێم وابێ ئـیتر ئـەوە نیـە ئێمـە بـێ خـەم بـین لـەوەی کـە ناوچەکانمان ئاوەدانە، بۆیە پێویستە زیـاتر دەسـتی ئـاوەدانی قـەزاو ناحیـەکان بگەیەنـدرێت و لەسـەنتەری شارەکان دوور بکەوینەوە، بەمەش کۆچەکان پێچەوانە دەبنەوە، ئەوەندەی من تەسەور دەکەم، گونـدەکان و ناوچــە دوورە دەســتەکان پــرۆژە خزمەتگوزارییــەکان زۆر زۆر بەکــەمی و بەزەحمــەت گەشــتووەتە ئــەو ناوچانە، بۆیە ئومێد دەکەم ئەمانە هەمووی چاوی پێدا بخشێندرێتەوە، کاریان بۆ بکرێت، دیـارە کەسـاڵانە لـە بودجـەی وەگەڕخسـتن و وەبـەرهێنان جیاوزییـەکی زۆر هەیـە، بودجـەی وەگەڕخسـتن بەشـێکی زۆری سەراپای بودجەکـە دەبـات، ئەمـەش سـاڵانە بـەرز دەبێتـەوە، پێویسـتی بەچارەسـەرکردن هەیـە، بـۆ ئـەوەی لەساڵانی داهاتوودا زیاتر کێشەو گرفـت دروسـت نـەکات، ئـەبینین کـە لـە پـرۆژە بەردەوامەکانـدا کۆمـەڵێك پرۆژە هەیـە، پـار سـاڵ مەبلـەغێك بودجـەی بـۆ دیـاری کـراوە، گۆژمـە پارەیـەکی بـۆ دیـاریکراوە، بـەڵام لـە ئەمساڵدا دەست نەکراوە بەدروست کردنی، جارێکی تر لە پڕۆژە بەردەوامەکاندا ناوی هاتووەو مەبلـەغێکی تری بۆ دیاری کراوە، ئایا ئەو گوژمەی کەپار بۆی دیاری کراوە، هەر ئەو گوژمەیە دەبێت، یـان جـارێکی تـر بۆی دیاری دەکرێتەوە،؟ بەمەرجێك پار خراوەتە بواری جێبەجێکردنەوە، بەڵام دروست نەکراوە، هەروەها لە پرۆژە جێبەجێکراوەکان، زۆر پرۆژە هەیـە، ماوەکـەی زۆر کەمـە، مەسـەلەن بـە سـاڵێك یـان کـەمتر، یـان زیاترە، بەڵام بڕی ئەو گوژمەیەی کە بـۆی دیـاریکراوە، بـە دوو سـاڵ یـان سـێ سـاڵ بـۆی تـەرتیب دەکرێـت، ئـەوەش بۆخـۆی گرفتێکـە، نامـەوێت بەسـەر قسـەکاندا بچمەوە، پشـتگیری لـە ئـەو بەڕێزانـەی پێشـتر ولـە ڕاپـۆرتی لیژنـەی مـافی مرۆڤـی خۆمـان و سـەرجەم ڕاپۆرتـەکانی تـریش دەکـەم، لـە زیـاد کردنـی پێشـینەی خانووبەرە بۆ $20$ ملیۆن دینار، پێشـینەی هاوسـەرگیری، دیـارە ئێمـە یاسـاکەمان بـۆ پەسـەند کـردن، بـەڵام لەناو یاساکە ئێمە ئاماژەمان نەکرد بە بـڕی پارەکـە، هێشـتمانەوە بـۆ ئـەوەی کـە سـاڵانە بـزانین مەبلـەغی

چەند ئەتوانین دابین بکەین، دیارە حکومەت $2$ ملیۆن و نیوی دابین کردبوو، منیش پشتگیری ئەو ڕایە دەکەم، ئەگەر توانا هەبێت بکرێت بە $5$ ملیۆن دینار، دیارە کە کۆمەڵێك باب هەیە لە بودجەدا بەجیاوازی کردن لەگەڵ پارساڵ مەبلەغێکی زۆر زیاترە، دەکاتە دوو ئەوەندەی کەبۆی دیاریکراوە، وەکو سوودە کۆمەڵایەتیەکان، شمەك وخزمەتگوزاری، بەخشین و ئەمانە، ئەکرێت ئەو تێچووە زیادانەی کە دێنە کایەوە ئەوانە ئیستیفادەیان لێبکرێت، هەروەها پشتگیری کردن لە زیاد کردنی مووچەی تۆڕی کۆمەڵایەتی، دەرماڵەی خواردنی هێزەکانی پێشمەرگەو ئاسایش وپۆلیس، ئێمە جگە لەوەی کە لەهەرێمی کوردستان نیشتەجێین، بەشێك لەپارچەکانی دیکەی کوردستانیش ئاوارەن و لەلای ئێمەن، ئەوانیش بەشێکن لەجەستەی ئێمە، بەشێکن لە جگەر و خوێنی ئێمە، دیارە ئەوانە هەندێکیان لەکەمپەکاندا دەژین، ئێمە وەکو خودی خۆمان سەردانمان کردوون، ژیان و گوزەرانیان زۆر زۆر خراپە، بێکارن، خزمەتگوزارییان نیە، نەخۆشی درێژخایەن تێیاندا بڵاوە، پێویستیان بەسۆزو پڕۆژەی خزمەتگوزاری زیاتر هەیە لەلایەن حکومەتەوە، پێویستە ئەوانیش ڕەچاو بکرێن، چونکە بەشێکن لە ئێمە و بەهەر هۆکارێك بێت ناوچەکانی تری کوردستانیان بەجێ هێشتووەو ئێستا لەهەرێمی کوردستان دەژین، وەزعیان زۆر خراپە، ئومێد دەکەم ئەوانیش بڕە پارەیەکیان بۆ تەرخان بکرێت تا بتوانن وەکو پڕۆژەی خزمەتگوزاری بۆ ئەو ناوچانە سەرف بکرێت، دیارە ئێمە لەڕاپۆرتی خۆمان هی لیژنەی مافی مرۆڤ، ئاماژەمان بەخاڵێك کردووە ئەویش ماددەی $39$یە لەیاسای باری کەسی، بەڵام دیارە هەڵەکە لەلای ئێمە بووە نەمانتوانیوە باشتر ڕوونکردنەوە بدەین، کە لیژنەی دارایی نووسیویانە تەنها بۆ ڕوونکردنەوەیە، بەڵام ئێمە لێرەوە دووبارەی دەکەینەوە، ئەویش دابین کردنی بڕە پارەیەك بۆ ئەو ژنانەی کە لەهاوسەرەکانیان جیابوونەتەوە، بتوانین مەبلەغێك پارەیان بۆ دابین بکەین، تا ئەو کاتەی ئەو ژنە کارێك دەدۆزێتەوە یان ژیانێکی نوێ پێك دەهێنێت، ئومێد دەکەم ئەوەش لەم بودجەیەدا ڕەچاو بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز حسن محمد سورە، فەرموو.

**بەڕێز د. حسن محمد سورە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش ڕەئی خۆم بە چەند تێبینیەك دەخەمە پێش چاوی بەڕێزتان، ئاشکرایە بودجە چەند بە ڕێکی ئامادەبکرێت، نیشانەی ئەوەیە کە موناقەشەی کەمتر دەوێت، هەر ئەوەشە کە بودجەی هەندێ وڵات بەیەك دانیشتنی پەرلەمان کۆتایی پێدێت، لەڕاپۆرتی لیژنەی دارایی بەدرێژی باس لەهەموو لایەنەکانی بودجە کراوە، دەستخۆشیان لێدەکەم، یەکێك لە لایەنە خراپەکانی بودجە ڕیز بەندی ئەولەویاتی بودجە دەردەخات بەجۆرێك کە لە $80$٪ سەرفیاتی حکومەت لەموازەنەدا ئاراستە دەکرێت بۆ خزمەتگوزاری گشتی، لە $20$٪ی سەرفیاتی حکومەت لەموازەنەدا ئاراستە دەکرێت بۆ مافی ئابووری وکۆمەڵایەتی دانیشتوان لە تەندروستی وفێرکردن و ژینگە، پێشنیاری من ئەوەیە کە بەو ئەولەویاتەدا بچینەوە، خاڵێکی تر

سەبارەت بـە خەرجیـەکانی تەشـغیلی کـەداواکراوی هـەر وەزارەتێـك دوو ئەوەنـدە یـان سـێ ئەوەندەیـە کـە وەزارەتی دارایـی ئیتیفـاقی لەگـەڵ کـردووە، کەمکردنـەوەی خەرجیـەکانی تەشـغیلی بـۆ یـەك لەسـەر سـێی داواکـراوی وەزارەتـەکان، لەلایـەن وەزارەتـی داراییـەوە، ئـەوە نیشـان دەدات یـان وەزارەتـەکانی پەیوەندیـدار زۆریان داوا کردووە یان وەزارەتی دارایی حەقی خـۆی نەداونـەتێ، کەمکردنـەوەی خـەرجیاتی تەشـغیلی لـە $10$٪ی تریش لەوەی کە ئیتیفاقی لەسەر کراوە، بەتایبەتی کە ئێستا ڕوون نیە لـەکوێ کـەم دەکرێتـەوە، وا دەردەخات کە $1$- بودجەی وەزارەتـەکان بـێ بایـەخ نیشـان بـدات لەبـەر ئـەوەی هەنـدێ وەزارەت خـۆی بـە بودجە بەڕێوە ناچێت، یان لەوانەیە حوجەی بدەینێ، ئەگـەر نـەیتوانی بەرنامـەکانی خـۆی وەکـو پێویسـت جێبـەجێ بکـات، $2$- هەنـدێ وەزارەت بەتایبـەتی وەزارەتـی تەندروسـتی بودجەکـەی کـەمترە لـە ڕێـژەی پەسەندکراوی نێودەوڵەتی کە لە $7$٪ ـە، بەکەمکردنەوەی لە $10$٪ی تریش بودجەی وەزارەتی تەندروسـتی لە $5$٪ کەمتر دەبێت، کە لەگەڵ پێوەری نێودەوڵەتی ناگونجێت، وە بەشی هەرە زۆری ئەو پارەیەش دەچێت بۆ سەرفیاتی کارگێڕی ئەمە لەلایەك، لەلایەکی تریش قەیرانی دروست بوو لـە ئـەنجامی دەرکردنـی چـەند یاسایەك بۆ ئازاد کردنی بازاڕ، وە پێدانی ڕۆڵـی ڕەهـا بەکـەرتی تایبـەت، بوەتـە هـۆی ئـەوەی کەلەکۆتاییـدا دانیشتوان بەشێکی زۆر لە کولفەی خزمەتگوزاری تەندروستی تەحەمول بکەن، پارەکەیان لە بەرکی خۆیان بدەن کە ئەمەش گران دەوەستێ لەسەریان، بۆیە پێشـنیار دەکـەم $150 - 200$ مليـار دینـار بخرێتـە سـەر بودجەی تەندروستی، ئایا وەزارەتی دارایی بەپێشـنیاری کەمکردنـەوەی لـە $10$٪ی بودجـە ڕازییـە؟، ئەگـەر ڕازییـە چـۆن پارسـاڵ زۆربـەی پـارەی لـە $40$٪ی خـەرجی ئیستسـماری موناقەلـە کـردووە بـۆ خـەرجی ئیستسماری؟ هەروەها لە پاسای پارساڵ ڕێگـە نـەدرا هـیچ مەبلـەغێك هـەڵبگیرێت لەخـەرجی تەشـغیلی بـۆ خەرجی ئیستسماری، بودجـەی هـەرێم $2$ تریلیـۆن زیـادی کـردووە، حکومـەت ئیلتزامـی دامەزرانـدنی $25$ هەزار کەسی لەسەرە، پێشنیاری من ئەوەیە لەجیاتی کەمکردنەوەی لـە $10$٪ی خـەرجی تەشـغیلی باقیـاتی ئـەو $2$ تریلیـۆن دینـارە بەشـێکی سـەرف بکرێـت بـۆ پێشـنیارەکانی لیسـتی کوردسـتانی، کـە پێشـنیاری زۆر بەجێی تێدا بوو، خاڵێکی تر بودجەی تەشغیلی و ئیستسماری پارسـاڵ جیاوازییـان زۆر بـوو، خەرجیـەکانی تەشغیلی لە $69$٪ بوو، خەرجیەکانی ئیستسماری لە $31$٪ بوو، ئەمساڵ خەرجیەکانی تەشغیلی $2$ تریلیۆنی زیاد کردووە، کـە دەکاتـە $32$٪ ی بودجـەی گشـتی، زۆربـەی خراوەتـە سـەر خـەرجی تەشـغیلی، هەرچـەندە خەرجیەکانی تەشغیلی و ئستیسماری ئەمساڵ زیادی کردووە، بەڵام ئەم جیاوازییانە دروست دەکات، ڕێـژەی خەرجیەکانی تەشغیلی ئەوەندە بـەرز دەکاتـەوە کـە ڕێـژەی خەرجیـەکانی ئیستسـماری کـەم دەکاتـەوە، کـە ئەمساڵ ڕێژەی خەرجیەکانی تەشغیلی لە $71$٪ و ڕێـژەی خەرجیـەکانی ئیستسـماری $29$٪ ـە لـە بودجـەی گشتی، ئەگەر نرخی نەوت کەم بوویەوە، یان ناردنە دەرەوەی نەوت کەم بوویەوە، ڕێژەی لە $17$٪ بودجـەی هـەرێم ناگاتـە گوژمـەی ئێسـتا، لەوانەیـە حکومـەت نـەتوانێ بەرنامـەی خـۆی لـە خەرجیـەکانی تەشـغیلی جێبەجێ بکات، بەدڵنیاییـەوە ڕێـژەی خەرجیـەکانی ئیستسـماری زۆر کـەم دەبێتـەوە، بۆیـە بـەڕەئی مـن وا باشتر بوو، لە $2$ تریلیۆنی زیاد بوو لە بودجەی ئەمسـاڵ شـتێکی بخرێتـە سـەر خەرجیەکانی تەشـغیلی کـە

ئیلتزاماتی حکومەتە بۆ ساڵی ئایندە، بۆ نموونە: دامەزراندنی 25 هەزار کەس، بە پێشنیارەکانی لیستی کوردستانیشەوە، بە قیەکەی بە شێوەیەکی دادپەروەرانە بخرێتە سەر خەرجیەکانی ئیستسماری کە نیەتی خزمەتگوزاری گشتی تیایە لەڕووی ئابووری وکۆمەڵایەتیەوە، خاڵێکی تر ئەم تێبینیانەم هەیە لەسەر خەرجیەکانی ئیستسماری، کۆی گشتی خەرجیەکانی ئیستسماری لە بودجەی ساڵی 2011 کەمە، لەبەر ئەوەی لەکۆی (2303) پرۆژەی بەردەوام زیاتر لە (940) پرۆژەی جێبەجێ نەکراوە، واتە خەرجیش سفرە، کە دەکاتە 40,8٪ کۆی پرۆژەکان، پارەی ئەم پرۆژانە موناقەلە کراوە، پارەکانیان سەرف کراوە، کەواتە دەبێت ئەمساڵیش مەبلەغێکی زۆر لە خەرجیەکانی ئیستسماری سەرف بکرێت، تەنها بۆ پرۆژەکانی پارساڵ کەبۆ ئەمساڵ پرۆژەی بەردەوامە ئەو برە پارەیەی لە خەرجیەکانی ئیستسماری دەمێنێتەوە زۆر کەمە بۆ پرۆژە پێشنیارکراوەکان،/ ئەمساڵ بودجەی ئیستسماری بۆ هەموو پرۆژە پێشنیارکراوەکان بۆ ساڵی 2011 بۆ وەزارەتی تەندروستی لە 36٪ ـە، واتە کەمتر لە نیوەیە کە دەکاتە چوار ملیار دینار، وەزارەتی تەندروستی بەم پارەیە گەشە بەچی خۆی بدات؟، کەواتە ئەگەر ئەم سیاسەتەی حکومەت بەردەوام بێت ئەوا بۆ ساڵی داهاتوو پارەی نابێت بۆ بودجەی پێشنیارکراو لەگەڵ ڕێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێز عمر عبدالرحمن علی، فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئاشکرایە بودجەی ئەمساڵ بەوردەکارییەکی زۆرەوە پێشکەش بە پەرلەمان کراوە، باس لە هەموو پرۆژە وەختەکان و برەکان وگۆژمەکەی کە بۆی سەرفکراوە تێیدا هاتووە، ڕاستە پرۆژە بودجەی ئەمساڵی 2011، چەند مانگێك لەکاتی خۆی دواتر هاتووتە پەرلەمان، کە ئەبوایە بەگوێرەی پەیرەو وپرۆگرامی ناوخۆی پەرلەمان لە سەرەتای تشرینی یەکەمدا بگەیشتایەتە پەرەلەمان، بەڵام هۆکاری دواکەوتنی ئەو بودجەیە هۆکاری خۆی هەیە، من پێم وایە ئەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە بە گوێرەی ماددەی 110 لە دەستووری عێراقی ڕەسمی سیاسەتی مالی، وەدانانی میزانیەی دەوڵەتی عێراقی لەزمنی سەلاحیەتە حەسریەکانە کە ڕەبتە بە حکومەتی عێراقیەوە، ئەوەش لەبەر دروست نەبوونی حکومەتی عێراقی لەکاتی خۆیداو دواکەوتنی بودجەی عێراق بووە هۆی ئەوەی کەوا بودجەی هەرێمی کوردستانیش لەکاتی خۆیدا نەیەت و کەمێك تەئخیر بێت، ئەمە ڕاستە، ئێمە ناومان ناوە بودجە، بەڵام خۆی ڕەنگە لە ئەصڵدا موستەڵەحی عیلمی و مالی بودجە نەبێت، ئەم بودجەیەی کە بۆ ئێمە دێت لەبەر ئەوەی بەو شێوەیە لە حکومەتی عێراقیەوە بۆ ئێمە دێت، ئەگەر دواشکەوتبێ من پێم وایە لەبەر ئەو هۆکارانەیە، بۆیە هیوادارم لەساڵی داهاتوو لەکاتی خۆی بتوانێت بگاتە دەست پەرلەمان، بۆ ئەوەی ئێمە قسەی لەسەر بکەین، ڕاستە، پرۆژە بودجەی ساڵی 2011، هەرێمی کوردستان وەکو هەمان پرۆژە یاسایەکانی ترە، بەدەرنیە لەکەموکورتی کە نوقسانی تیا نەبێت، وە دیارە بۆیە ڕووبەڕووی پەرلەمانی کوردستانیش دەکرێتەوە بۆ ئەوەی لەڕێی لیژنە

تایبەمەندەکانی خۆیەوە، پەرلەمان بتوانێت ئەو کەموکورتیانە، ئەو نوقسانیانە پڕ بکاتەوە، چاکیان بکات، زیادیان بکات، کەمیان بکات، لایان بەرێت، موقتەرەحاتی خۆی تەقدیم بکات، بۆیە مـن لێـرەوە دەستخۆشـی لە لیژنەی دارایی دەکەم، بەڕاستی ئەرکێکی زۆریان کێشاوە تێیدا، توانیویانە ڕاپۆرتێکی ڕێکوپێك پێشکەش بکەن، بەهاوکاری لیژنەکانی تر، کەوا ئـەوانیش ڕاپـۆرتی خۆیـان داوە، بـەڵام لەگـەڵ ئەمەشـدا ڕاپۆرتەکـەی لیژنەی دارایی بەدەر نیە لەهەندێ کەموکورتی کەپێویست بـوو تێبینیـان لەسـەر بکردایـە، ڕاو ڕاسـپاردەی خۆیـان پێشکەش بکردایـە بـۆ ئـەوەی بتـوانن کـەمترین کـەموکورتی لـەم بودجەیـەدا هـەبێت، بـۆ نموونـە: یـەکێك لەوانـە ئەبوایـە لیژنـەی دارایـی هەنـدێك لـەو پڕۆژانـەی کـە لـەپڕۆژە پێشـنیارکراوەکانە بـۆ سـاڵی $2011$، باسیان لەسەر کراوە، بەنەزەری ئیعتیبار وەربیگرتایە، وەکو باس لەدروست کردنی سایلۆ ئـەکرێت لەڕانیـە لـە کـەلار بـە مـاوەی($1080$) ڕۆژ بـەبڕی ($20$)ملیـار دینـار، بـەڵام ئـەو گۆژمـەی کـە ئێسـتا بـۆی تەخصیص ئەکرێت یەك ملیاری بۆ تەخصیص کراوە، بەو واتایە بێ، ئەگەر بەم حاڵەتە بڕوات $1080$ ڕۆژ ئەکاتـە $3$ سـاڵ بـۆ مەرحەلـەی یەکـەم، ($1$) ملیـار دینـاری بـۆ تەخصـیص کـراوە، لەکاتێکـدا کـە ئێمـە پێویستیمان بەو خزمەتانە هەیە، بەو کۆگایانە هەیە بۆ هـەڵگرتنی دانەوێڵە، ئاشکراشـە ئێسـتا کوردسـتان بەرەو وەزعێکی باش لەبەرهەمی کشتوکاڵی ئەڕوات، ساڵ لـەدوای سـاڵ بەرهـەم زیـادی کـردووە، بەتایبـەتی ئەمساڵ زیادی کردووە، پێویست ناکات لەسەر جادەکان و ساحەکان فڕێ بدرێت، بۆیە پێویست بوو لیژنـەی دارایـی ئـەوەی بـە نـەزەری ئیعتیبـار وەربگرتایـە، داوایـان بکردایـە ڕاسـپاردەیان هەبووایـە، کەواتـە ئـەو گۆژمانەی بۆ ئەو کۆگایانەی پاراستنی دانەوێڵە، کەقوتی هەموو خەڵکی لەسەرە، زیاتر بکردایە، بـۆ ئـەوەی زووتر بێتە دەست، هەروەها منیش تێبینی ئەوەم کردووە، لەهەندێ پرۆژە کەئیختصاصی هەندێ وەزارەت نیـە، دراوە بەهەنـدێ وەزارەت، ئـەو وەزارەتانـەی کـە پێـی هەڵدەسـتن وای پێویسـت نـەدەکرد، بـەڵکو وای پێویست دەکرد کە بدرایە بەو وەزارەتانەی کەتایبەتمەندن، بـەو جـۆرە پرۆژانـە، خۆیـان پێـی هەڵبسانایە، خاڵی سێیەم: ئەوەیـە ئەبوایـە لیژنـەی دارایـی لەگـەڵ ڕێزمـدا بـۆ ئـەو ماندووبونـەی کەسـەرفیان کـردووە، بەڕاستی من تەعنی جهودیان ناکـەم، بـەڵکو هاوکارییـان دەکـەم بـۆ ئـەوەی ڕاسـت کردنـەوە لەهەنـدێ شـتدا بکرێت، گەڵی پڕۆژە هەیە لە پڕۆژە بەردەوامەکان، مەسەلەن تائێستا کاتەکانیشیان، ئەگـەر دوو سـاڵ بێـت، ساڵێك یان ساڵ و نیوێکی تێپەڕاندووە، بە لە $5\%$ یشی یان لە $10\%$ ی ئەو پرۆژانە تـەواو نـەبووە، ئەبوایـە ڕاسپاردەیەکیان تێدا بنووسیایە کە بیانوتایـە دەکـرێ لـەو شـارانە ($2$) پـرۆژە ($3$) پـڕۆژە لـەو پرۆژانـەی کەپارەیان بۆ تەخصیص کراوە، بەڵام بە لە $5\%$ و لە $10\%$ی کارەکانی جێبەجێ نەکراوە، لەهەمان شاردا بـا ئەو پرۆژانە لەهەمان شارۆچکە ئیلغا بکرێـت کـۆی ($3$) پـڕۆژە ،($2$) پـرۆژە بکرێتـە پرۆژەیـەکی بەرچـاو وبەردەوام کە بتوانێ خەڵك سوودی زیاتری لێ ببینێت، پێم وایە ئەبوایە باسیان لەدەرماڵە بەنەوعێکی تر بکردایە، ئەو دەرماڵانەی کە ئێستا هەیە، ڕاستە هەموو چین و توێژەکان پێویستیان بەدەرماڵە هەیە، داوای خـتـورە دەکـەن، خۆیـان بـەخاوەنی حـەق دەزانـن، بەتایبـەت ئـەو فەرمانـەی کـە لـەم دواییـەدا دەرچـووە بەنیسبەت دەرماڵەی یاساییەکانەوە بەشێوەی جیاجیا بەکارهاتووە، من پێشم وایـە کەخۆشـیان ڕەنـگ بێـت

دامودەزگا مالیەکان و جەنابی وەزیری مالی و دامودەزگا تایبەتیەکانیش خۆیان زۆر باش سەر لەو تەقسیماتە لە 30٪ ولە 20٪ لە 15٪ کێ مەشمولەو کێ مەشمول نیە، سەرێکی باشی لێ دەرنەکەن، ئەگرا بە عام بوترایە دەرماڵە وەك منحە بێت، دەرماڵەی مەسەلەن لە حکومەتی عێراقی ئیتحادی، ئەگەر لەلایەکی ئێمە زیاتر هەبێت لەعێراق کەمتر هەبێت، ئەگرا بە ئیستسنائی ئەمە بهێڵرێتەوە، باقی دەرماڵەکانی تر، وەك یاساناسان، کشتوکاڵ، موهەندیسی زراعی، موهەندیسەکانی تر، مامۆستایان باقی تری چین و توێژەکان، دەرماڵەکانیان تەوحید بکرایە، هەروەها ئەیانتوانی ئەمە بەرپرسیاردەیەك بۆ وەزارەتی مالیە باس بکەن، بۆیە من لێرەشدا دەستخۆشی لەفراکسیۆنی کوردستانی دەکەم، بۆ ئەو تەرحەی کەتەقدیمیان کرد، کە لە 10٪ نەفەقاتی تەشغیلی کەم بکرێتەوە کە بڕێ 970 ملیار دینار ئەکات، واتە نزیکەی تریلیۆنێك، کە تەخصیص کرا بۆ ئەوەی سولفەی هاوسەرگیری ببێتە 5 ملیۆن، سولفەی عەقاریش ببێتە 20 ملیۆن، هەروەها ئەو پارەی کە بە بڕی 750 ملیار بۆ زراعە، 750 ملیار بۆ مەسرەفی صناعی و باقی تری 40 ملیار بۆ تۆڕی کۆمەلایەتی، من پێم وایە ئەوە شتێکە زۆر زۆر لە خزمەتی سەرتاسەری کۆمەلانی خەڵکی کوردستاندایە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێز ئاشتی عزیز صالح، فەرموو.

**بەڕێز ئاشتی عزیز صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەرەتا من ئەمەوێت تیشك بخەمە سەر ئەوەی کە بەشێوەیەکی گشتی باس لەوە کراوە کە ئەم بودجەیەی هەرێمی کوردستان بە 12 تریلیۆن مەزەندە کراوە، ئالێرەدا پرسیارەکەی من ئەوەیە، ئایا بودجەیەکی ئاوا بەم شێوەیە کە دارێژراوە بەتایبەت بەرپرسیارێتیە کە ڕووبەڕووی وەزارەتی پلاندانان ئەبێتەوە، کە بەشێوەیەکی تەکنەلۆژی زۆر خراپ ئامادە کراوە، زۆربەی ئەو کارتانەی کە لەبەردەم ئێمەدایە، ناتوانین بە ئاسانی بیبینین، بۆیە من داواکارم بۆ ساڵی ئاینده بەنیزامێکی تەکنەلۆژی پێشکەوتوو تر، بتواندرێت ئەم بودجەیە دابڕێژرێتەوە، بۆیە من پێشنیازی ئەوە دەکەم کە بکرێت بە سیستمی کۆد، چونکە ناوی پڕۆژەکان بەناو زۆرجار بەلابردنی ناوێك یان وشەیەك پڕۆژەکان لە ئەندامانی پەرلەمانیش تێك دەچێت، بەڵام ئەگەر سیستمی کۆد بێت، ئاسانتر گەندەڵی و کەموکورتی پڕۆژە دووبارەکان دەدۆزرێتەوە، هەروەها ئاماژە بەوەکراوە کە لە 70٪ی بودجەکە نەفەقاتی تەشغیلیە، بۆیە من پێشنیازی ئەوە دەکەم، کە ئەو پلانە ستراتیژییە بگیرێتە بەر، بۆ کەم کردنەوەی نەفەقاتی تەشغیلی لەپلانێکی پێنج ساڵەییدا بێت یان بەپێی ئەو شێوەیەی کە وەزارەتی پلاندانان بتوانێت سیاسەتێکی بۆ دابڕێژێتەوە، چونکە بەپێی ئەوەی کە لەبەردەمی ئێمەدایە، سیاسەتێکی ئیقتصادی نیە، بەڵکو بەپێچەوانەوە سیاسەتێکە بۆ خزمەتکردن لە پەرەپێدان و فراوانکردنی دەست بڵاوی لە بواری بودجەی تەشغیلیا وەکو ئەوەی کە ئیستا ئەبینریت لە 2011 یا بە داخەوە 31 ترلیۆن و 940 ملیار دینار دانراوە بۆ نەفەقاتی تەشغیلی کە ئەمە ڕێژەیەکی

زۆر زۆرە، بەنیسبەتی 2 تریلیۆن زیادی کردووە لەچاو ساڵی پاردا، ئایا لەبەرامبەردا ئەگەر وەڵامەکە ئەوە بێت 25 هەزار فەرمانبەر دائەمەزرێنێت، ئایا لەبارتەقای ئەوەدایەکە کە 25 هەزار فەرمانبەر ئەو هەموو پارەیە یان ئەو پارە زەبەلاحەی بۆ دابندرێت، لە بودجەی ئەو لایەنانەی کە سێکتەری زۆر سەرەکی نین، وەك مینەح و مەنافعی ئیجتماعی و مەسروفاتی تر، کە نزیکەی لە 13٪ی بودجە گشتیەکەیە، ئەگەر لەگەڵ سلعو خەدەمات و صیانە کۆی بکەینەوە کە لە12,19٪ لەنزیکەی 25٪ بودجە گشتیەکەیە کە ئەمە نزیك ئەبێتەوە لە بودجەی وەبەرهێنان ئایا ئەمە سیاسەتێکی ئیقتصادی تەندروستە، ئەم سێکتەرانە، کەسێکتەری سەرەکی نین نزیك ببێتەوە لە بودجەی وەبەرهێنان کە لە 29٪ ی بودجەی گشتی هەرێمی کوردستانە، وە من پرسیارێکی ترم هەیە، ئایا بە چ پێوەرێك نیشاندەرەکانی چیە کە وەزارەتی پلاندانان، وەزارەتی دارایی، پێوانددوویانە مەنافعی کۆمەڵایەتی ومنح لەخزمەتی خەڵکدا بووە، ئایا ئەمانە لە دائیرەکانـدا ناوبـژیوانی کۆمەڵایـەتی گـەورەی پـێ دەکرێـت؟، کێشـەی گـەورەی پـێ چارەسـەر ئـەکرێت؟، ئەگەر دیاردەی کۆمەڵایەتی گەورە هەیە، بۆ لەرێگای پۆست و بەخشینی تایبەتەوە لەپۆستە بەرزەکانـەوە، هاوکاری کۆمەڵایەتی خەڵك ناکرێت؟، ئەگەر دیاردەی کۆمەڵایـەتی هەیـە، بـۆ پـرۆژە یاسا، یـان پێشـنیازی ناکەن بۆ پەرلەمانی کوردستان؟، بۆ ئەوەی کە بەشێوەیەکی سیستەماتیك و دامەزراوەیی ئەم پارەیە سەرف بکرێت، نەك ببێتە دابەشکردنێکی منـەت لـەرێگای فەرمانگەکانـەوە کـە ئەمـە رێگایـەکی تەندروست نیـە، بۆیـە مـن پێشـنیاز دەکـەم ئەگـەر بەتـەنها ئێمـە ئـەو مـنح یـان مـەنافعی ئیجتماعی کـە لـە 2,39٪ ڕەد بکرێتەوە، یان ئیستیفادەی لێبکرێت، فەرمانگەیەك هەیە، بەناوی فەرمانگەی تەکنـەلۆژی لەکوردسـتان کـە حکومەتی ئەلکترۆنی دروست بکات، ئەم حکومەتە پێویستە لە ئەمرۆدا بێت یان سبەی لەکوردستاندا ئیشی پێبکرێت، وە پێویستە بودجەیەکی بۆ تەرخان بکرێت بـۆ حکومـەتی ئـەلکترۆنی کـە بەداخـەوە موافەقـەت کراوە، 0,02٪ ی بۆ دانراوە، کە ئەگەر بەپێی موعەدەلی ناتجی ئیجمالی بۆ تاکەکەسێك لەکوردسـتاندا کـە 4 هەزار دۆلارە، لەساڵێك واتە 2 دۆلار بەرکەسـێك دەکـەوێت، کـە ئەمـەش هیچی پێناکرێـت، بۆیـە ئەگـەر موقارەنـەی بکـەین بـەوڵاتێکی وەکو ئەسـیوبیا، کـە نـاتجی ئیجمـالی مەحـەلی بۆ تاکە کـەس هەیـە، 400 دۆلارە، بەڵام ئەو 1.77٪ بودجە گشتی یەکەی خۆی دانـاوە بـۆ ئـەو حکومەتـە ئەلیکترۆنیـەی خـۆی بۆیـە، ئەمـە هـەنگاوێکی گرنگـە پێشـنیازی ئـەوە دەکـەم کـە دەرماڵـەی توێـژەرەوەی کۆمەڵایـەتی کـە ژمارەیـان (1500) توێـژەرە لـە کوردسـتاندا، لـە هەرسـێ پارێزگاکـەدا، مووچـەکەیان (265)هـەزارە لـە 100٪ مووچەکەیان بۆ زیاد بکرێت و سوودی لێ ببینن، هـەروەها کۆمـەڵێك ڕەنـووس هەیـە، بـۆ نموونـە هۆڵێکی بۆنە لـە قـەڵادزە 4 ملیـۆن و50 هـەزاری بـۆ دانـراوە، لەکاتێکدا هـۆڵی بۆنـە لـە بازیـان، 500 ملیـۆنی بـۆ تـەرخان کـراوە، ئایـا 4 ملیـۆن و 500 هـەزار بـۆ هـۆڵێکی بۆنـە ئەمـە هاودژییـەکی گـەورە نیـە، لەگـەڵ ڕەنووسێکدا کە 500 ملیۆن تێیدا دەستنیشـان کـراوە، مـن لـە تێبینـی کـردنم لـە پـرۆژەی ئاوەدانکردنـەوە پلاندانان لە پارێزگای هەولێردا نۆژەنکردنەوەی باخچەیەك بەبڕی (یەك ملیـار دینـار دانـراوە لەبەرامبـەر دا دروسـت کردنـی سـێ باخچـە لـە هـەمان پارێزگایـا نزیکـەی یـەك ملیـار دینـاری بـۆ دانـراوە، بۆیـە مـن

بەراوردەكـەم ئـەوە بـوو كـە نۆژەنكردنەوەيـەك لەبەرامبـەر دروسـت كردنـی سـێ باخچـەدا دوو ڕەنووسـی جیاوازە بەرامبەر بەیەكتری من ئاماژەم كرد بە دوو بە یەك، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

دەستخۆش، بەڕێز فازڵ حەسەن اسماعیل، فەرموو.

**بەڕێز فاضل حسن اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سـەرەتا دەسـتخۆشـی لەلیژنـەی دارایـی و ئـابووری دەكـەم بـۆ ڕاپۆرتەكـەیان، سـەبارەت بـە بودجـەی سـاڵی 2011، ئەگەر لەساڵی پار باشتریش بێـت، ئـەوە زۆر باشـتر نیـە، ئـەویش بـەدەلیلی ئـەوەی كـە لـە لیژنـەی دارایی بەكۆكردنەوەی سەرنج و تێبینی و پێشنیارەكانی هەموو لیژنـەكانی تـر، كـەزیاتر لـە 150 خـاڵ لـە تێبینی و پێشنیار وڕاستكردنەوەی هەڵەی تێدایە، سەبارەت بە پڕۆژە بەردەوامەكان ئـەوە وەك پرسـیارێك، پـرۆژە بەردەوامـەكانی سـاڵی 2003 و 2004 و 2005 ئەمـە كـەی تـەواو دەبێـت؟، ئەمـە بـۆ هـەردوو وەزارەتە ئەم پرسیارە، سەبارەت بەپرۆژە بەردەوامەكانی تر بەڕاستی بەهۆی ئەوەی كە هەم هاتنی بودجە كە درەنگ هات، هەم پێشنیاركردنی ئەم هەموو پرۆژەیە، بەبێ جێبـەجێكردن، كـە گەشـتووەتە ڕێژەیـەكی زۆر، وەكو لەڕاپۆرتەكەدا ئیشارەتی پێداوە، زیاتر لە 2300 پرۆژە ئێستاكە هەیـە، ئەمـە تـەنها زیـادكردنی ژمارەكانە، چونكە ئەگەر تێبینی بكەین لە پرۆژە بەردەوامەكان، ئەوانەی كەنووسراون دەستبەكار نـەبووە، زیاتر لە 120 پرۆژەیە، ئەوە جگە لەوانەی كە ئیحالەكراوە، یان بـۆ تەنـدەر و یـان گرێبەسـتی بـۆ كـراوە، ئەمە نیشانەی ئەوەیە كە ئامادەكارانی بودجە بەڕاستی چ وەك نەشارەزایی وپەلەپەل و بێسەروبەری پێوە دیارە، یاخود هەر بۆ ئەوەیە كە هەموو ساڵێك ئاوا زیاتر پەرلەمان بـەوەوە مەشـغول بكـەن، كـە ئەوەنـدەی خەریكی ڕاستكردنەوەی كەموكورتی و هەڵەكان بن، كەمتر بەشتی تر ڕابگـەن، لـە پـرۆژە پێشـنیاركراوەكان جگە لەوەی كە هەندێك لەو پرۆژانـەی كـە پێشـنیار كـراون نیسـبەتەن بەهەنـدێ پـرۆژەی تـر كـە گـرنگن، ئەوانەی تـر كـە پێشخراون، بـەڵام لەگـەڵ ئـەوەش كـەجیاوازی لەمەبلـەغی ئـەو پرۆژانـەی كـە هاوشـێوەن، یەعنی بۆ نموونە قوتابخانەیەكی 18 پۆلی، لەچەند شوێنێك لە ملیارێك و 200 ملیـۆن، ملیارێـك و 600 ملیۆن، ملیارێك و 800 ملیـۆن ئـەو جیاوازییانـە هەیـە، ئەگـەر بكرێـت وەڵامـی ئـەوەم بدەنـەوە كـە ئـەوە چیە؟، سەبارەت بە سیاسەتی دارایی حكومەتی هەرێم، ئەگەر تێبینی بكەیت هەموو ساڵێك بەردەوام كورت هێنـان هەیـە، بەڕاسـتی بـەردەوام بـوونی كـورت هێنـان ئەمـە نیشانەی ئەوەیـە كـە چـۆن دەڵـێن حكومـەت كارەكەی سەفەری بێت، یەعنی هەرچۆن ئەو پارەی دێتە بەردەستی سەرفی بكات، ئەی ناكرێت حكومەت بیر لەوە بكاتەوە كەداهاتی هەبێت، پاشـەكەوتێكی هـەبێت، مـەرج نیـە هـەموو سـاڵێك ئـاوا بودجـە زیـاد بێـت، لەوانەیە وەكو خۆی بمێنێتەوە، یـان كـەمتر بێـت، یـان حسـاب بكرێـت بـۆ مەسـەلەن ڕووداوێكـی چاوەڕوان نەكراو، مەسەلەن ئەزمەیەكی ئابووری گەورە كە ئێرەش بگرێتەوە، یان مەسەلەی بواری نەوت كە نـەبێت، یان كارەساتێك، یان هەرشتێكی تر ئەو كاتـە حكومـەت چـی دەكـات، مەسـەلەن یـان سـاڵێك بودجـە نـەهات،

نــەبوو، ســەبارەت بەداهاتــەکانیش دیــارە بەتایبــەتی داهــاتی نــاوخۆ، شــەفافیەتی تێــدا نیــە، ســەبارەت بەمەسەلەی بودجەی تەشغیلی ئـەوە سـاڵ بەسـاڵ زیـاد ئـەبێت، یـەعنی ئەگـەر بێـت و هـەرئاوا بـڕوات کـە ئەمساڵ زیاتر لە 2 تریلیۆن زیاد بووە، دیسان هـەر کـورت هێنـان هەیـە، جگـە لـەوەی کـە لەگـەڵ بودجـەی ئیستسماریش تەوازونەکە گۆڕاوە بەلای بودجەی تەشغیلی، سەبارەت بـە پێشـنیاری زیـاد کردنـی پێشـینەی خانووبەرەو، پێشـینەی هاوسـەرگیری، ئـەوە بـۆ ئـەوەی هـەموو سـاڵێك وا نـەبێت و ئـەو بـڕە زیـاد بکرێـت، بەڕاستی بۆ ئەوەی بۆ ساڵێکی تر هـەروابێت، باشـە کـە سولفەی زەواج 5 ملیـۆن بێـت، بـەلاَم سـەبارەت بـە پێشینەی خانووبەرە هەروەکو ئەوەی عێراقی لێ بێت، بکرێت بە 30 ملیۆن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێز هاژە سلێمان مصطفی، فەرموو.

**بەڕێز هاژە سلیمان مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دەربـارەی ڕاپـۆرتی لیژنـەی دارایـی مـن تێبینیـەکم هـەبوو، لەگـەڵ پرسـیارێك، دەربـارە ڕای لیژنـە لەسـەر ڕاپۆرتی لیژنەی مافی مرۆڤ، خاڵی چوارەم، دەربـارەی جێبـەجێکردنی مـاددەی 39ی یاسـای بـاری کەسـێتی، ئەڵێت ئەوە پەیوەندی بە بودجەوە نیە، بەلاَم هەمان داواکاری لـە لیژنـەی بـەرگری لـەمافی ئـافرەت، خـاڵی چـوارەم داواکـراوە، ڕای لیژنەکـە ئـەوە بـووە کـە بکرێـت بـە پێشـنیار بـۆ حکومـەت، بەڕاسـتی ئـەو خاڵـە هەردووکی یەك خاڵ بوو، کە لەهەردوو لیژنەکە داواکرابوو، ئەویش دەربارەی جێبـەجێکردنی بڕگـەی 4ی مـاددەی 39یـە لەیاسـای بـاری کەسـێتی، کـەباس لـەوە دەکـات کـە ژنێـك جیادەبێتـەوە لەهاوسـەرەکەی کـە حکومەت چاودێری بکات تا ئەو کاتەی کە کارێك دەدۆزێتەوە، بۆیە مـن پێشـنیار دەکـەم بـڕی 150 هـەزار دینـار بـۆ ئـەم مەبەسـتە تـەرخان بکرێـت، دەربـارەی پرسـیارەکە بـۆ ڕاپـۆرتی لیژنـەی دارایـی، ڕای لیژنـەی دارایی لەسەر ڕاپۆرتی لیژنەی پیشەسازی ووزە، خاڵی دووەم سەبارەت بە قەرزی بانکی پیشەسازی، کە بڕی 30 ملیار دینار پار لە بودجەی ساڵی 2010 دانراوە، خەرج نەکراوە، تـەنها ڕێنمـایی بـۆ دەرچـووە، ئەگـەر تەوزیحێك لەو بارەیەوە بدرێت، بۆچی خەرج نەکراوە؟، ئایا تـەدویر دەکرێـت بـۆ ئەمسـاڵ؟، وە بڕێکـی تـر تـەرخان ئـەکرێت یـان نـا؟، ئەگـەر تـەزویحێك لەوبارەیـەوە بـدرێت، بەشـێوەیەکی گشـتی لەسـەر بودجەکـە بەڕاستی من ڕاو سەرنج و تێبینیم بەو شێوەیە دەخەمـە ڕوو، بێگومـان چـەند خـاڵێکی سلبی و ئیجابیشـی تێدایە، بۆیە لەدوو تەوەردا باسی دەکەم، لە خاڵە سلبیەکاندا، 1- درەنگ گەیشتنی بودجە بۆ پەرلەمان کـە بەپێی بڕگەی 1ی ماددەی 79ی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان، دەبێت لەسەرەتای تشرینی یەکەم پێش ساڵی دارایی بگاتە پەرلەمان، ئەوە هـەموو سـاڵێك بێگومـان دوا دەکـەوێت ئـەوە دەبێـت بـەپێی پـەیڕەوی نـاوخۆ مامەڵـە لەگـەڵ هـاتنی بودجـە بکرێـت، 2- سیاسـەتی حکومـەت بـۆ داڕشـتنی بودجـە سیاسـەتێکی ئـابووری

ستراتیژی نیە، کە بتوانێ هاوسەنگی لەنێوان نەفەقاتی تەشغیلی و ئیستسماری هەبێت، بۆیە دەبینرێت کە جیاوازییەکی زۆر لەنێوان ئەو دوانەدا هەیە، کە بەپێی ڕاپۆرتی لیژنەی دارایی نەفەقاتی تەشغیلی لە 70,23٪ وە ئستسمارییەکەش 29,77٪ کە دەبێت حکومەت کار بۆ ئەوە بکات، بەپێی پلانێکی زانستی و ئابووری ئەم جیاوازییانە کەم بکاتەوە، یان هاوسەنگی ڕابگیرێت لەنێوانیان، 3- ئەو عجزەی کە ئەمساڵ هەیە، زۆرە بە بەراورد کردن لەگەڵ پارساڵ کە جیاوازییەکەی دەگاتە نزیکەی 719 ملیار و 296 ملیۆن دینار، کە بیگومان پار 835 ملیار بوو، ئەمساڵ زیاتر لە 1 تریلیۆن و555 ملیارە، کەدەبێت حکومەت پلانی هەبێت، بۆ پڕکردنەوەی ئەم کورت هێنانە، 4- دەبێت حکومەت بەشێوەیەك ئەو پرۆژانە پێشنیار بکات، کە یەکسان بێت بەسەر ناوچەکان وپێداویستیەکان و چڕی ئەو دانیشتوانە، بۆ نموونە: مەسەلەی ئاوەڕۆی هەولێر ئێمە هەموو ساڵێك دەبینین کە هەولێر لەکاتی باران باریندا، زۆرجار تووشی ئەو کێشەیە دەبێتەوە، بۆیە بەڕاستی ئەبێت ئەو کێشەیە چارەسەر بکرێت، ئەوە کێشەیەکی زۆر گرنگەو هەولێر پایتەختی هەرێمە، دەبێت بەڕاستی بڕێك پارە تەرخان بکرێت بۆ مەسەلەی ئاوەڕۆکە، هەر بۆ نموونە: لەسەر دابەشکردنی پرۆژەکان لەناوچەکاندا، وە گرنگیان، من لەبەر ئەوەی دانیشتووی شاری ڕەواندوزم، خەڵکی ئەوپەشەم، کێشەی کەمی ئاوی هەیە، بۆیە بەڕاستی قائیم مەقامیەتی ڕەواندوز، بەپێی نووسراوی ژمارە 679 لەسەر 9 لە ڕۆژی 2010/10/17 کە بۆ وەزارەتی پلاندانان بەرزی کردۆتەوە، 50 پرۆژەی پێشنیار کردووە، بۆ قەزاکە، لەوانە پرۆژەی ئاو بووە، کە بەڕاستی کێشەی کەمی ئاو هەیە، کێشەی ئەوەی هەیە کە نەخۆشخانەکەی زۆر کۆنە، هی ساڵی 60 تەکانە، هەموو ساڵێك لایەك نۆژەن دەکرێتەوە، لایەکەی تری پێویستی بە نۆژەنکردنەوە دەبێت، هەروەها لەپرۆژەکاندا داوای دروستکردنی پردێکی کردبوو بۆ گوندێکی نزیك ڕەواندوز کە گوندی بەرسرینە، دوورە زۆر لەسەر شەقامی سەرەکی، زۆر پێویستی هەبوو بەو پردە کە بۆی دروست بکرێت، پردەکەی لەساڵی 50کان دروست کراوە، بۆیە پێویست ئەکات ئەو پرۆژانەی کە گرنگن، دەبینین لێرە لە پرۆژە پێشنیارکراوەکان ئەو پرۆژانەی کە قائیم مەقامیەتی ڕەواندوز پێشکەشی کردووە، هیچی لەو پرۆژانە نەهاتووە کە ئیستا دانراوە، دەربارەی پرۆژە پێشنیارکراوەکانی ئەمساڵ، لە وەزارەتی شەهیدان پرۆژەی دروستکردنی بینایە، بۆ بەڕێوەبەرایەتی گشتی کاروباری شەهیدان وئەنفالکراوەکان لەهەولێر، کە بڕی 3 ملیار دیناری بۆ تەرخانکراوە، بۆ ساڵی 2011 ،( 500) ملیار بۆ دانراوە ماوەکەی (360)ڕۆژە، هەرهەمان پرۆژە لەساڵی 2010 لە پرۆژە پێشنیارکراوەکان بووە، وە ماوەکەی (366)ڕۆژ بووە، بەگوژمەی (4)ملیار و(300)ملیۆن، وە (750)ملیۆن بۆ ساڵی 2010 دانراوە، ئەوەی کە تێبینی دەکرێت ئەو بودجەیەی کە تەرخانکراوە بۆ ناوچە کێشە لەسەرەکان بەپێی پێویست نیە، چونکە ئەم ناوچانە لەلایەن حکومەتی مەرکەزییەوە ئیهمال کراون، وە بەدەست کەمی خزمەتگوزارییەوە دەناڵێنن، بۆیە بەڕاستی من لەم ماوانەی دواییدا سەردانی گوندی بەحزانم کرد، کە بەچاوی خۆم بینیم یەعنی بەڕاستی خزمەتگوزاریەکان زۆر زۆر کەمە لەو ناوچانەدا، زۆر بەڕوونی داوایانکرد، من لەنووسراوێکدا بەڕاپۆرت بەرزم کردەوە بۆ سەرۆکایەتی پەرلەمان، کە ئەبێت بودجەیەك

بۆ ئەو ناوچانە بەباشی تەرخان بکرێت، لەسەر ئاستی وەزارەتەکان دەبێت حکومەت بودجەی زیاتر بۆ ئەو وەزارەتانە دابین بکات کە خەدەمین، بۆ نموونە: ئەوەی وەزارەتی تەندروستی کەچەند هاوکارێکیشم ئیشارەتیان پێدا، کە بەپێی ستانداردی جیهانی نابێت لە 7٪ کەمتر بێت، کەچی ئێستا تەنها 5,58٪ بۆ تەرخانکراوە، لەبواری گەشتوگوزار بێگومان کوردستان ناوچەیەکی گەشتوگوزارییە، بۆیە پرۆژەیەکی ستراتیژی تێدا نیە، بۆ بووژاندنەوەی ئەو کەرتە، وە گرنگیدان بەو کەرتە، بۆ ئەوەی بتواندرێت سوودمەند بین لێی، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز ئەڤین عومەر احمد، فەرموو.

**بەڕێز ئەڤین عومەر احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من حەز دەکەم سەرەتا لە بودجەی پەرلەمانەوە دەست پێبکەم، بەپێی ئەوەی کە ئیدارەی پەرلەمانی کوردستان داوای بڕێك پارەی کردووە، بەڵام دیارە لەلایەن حکومەتەوە ئەو بودجەیە کەمکراوەتەوە، من داوا دەکەم کەوا پشتگیری ئەو داواکارییەی پەرلەمان بکەن، بۆ ئەوەی ئەو بڕە پارەیان بۆ بگەڕێندرێتەوە، چونکە بەڕاستی ئێمە پێویستیمان بەوە هەیە کە چەند نووسینگەیەك بۆ پەرلەمانی کوردستان بکرێتەوە، بەتایبەتی من داوا لەبەڕێزتان دەکەم کەوا نووسینگەیەکی تایبەتی پەرلەمان لە ناوچەی گەرمیان بکرێتەوە، چونکە بەڕاستی ئێمە لەوێدا نەقسی ئەوەمان هەیە، هەروەها لەچەند شارێکی تریشدا پێویستیمان بەکردنەوەی نووسینگە هەیە، ئەگەر بکرێت لەناوچە ناکۆکی لەسەرەکانیش نووسینگەی پەرلەمان بکرێتەوە، کە ئەمەش کارێکی زۆر باشە بەتایبەتی لەشاری کەرکووك، کە نووسینگەیەك بکرێتەوە، بۆیە ئەمە من وەك پێشنیارێك دەیخەمە بەر چاوی پەرلەمان، هەروەها داوا لە هاوکارانم دەکەم کەوا پشتگیریم بکەن بۆ ئەو داواکارییە، پاشان دێمە سەر بودجەی پەرەپێدانی پارێزگاکان، لەبەر ئەوەی پەرەپێدانی پارێزگاکان، هەڵبەتە دەزانین کە لەسەلاحیاتی ئێمەدایە وەکو حکومەت نیە، بۆیە من ئەم داواکارییەم هەڵبەت ڕووی دەمم لە ئەنجومەنی پارێزگاکان دەکەم، لەبەر ئەوەی مەبلەغی 291ملیاریان بۆ (592) پرۆژە تەرخانکردووە، کە سلێمانی (116)ملیاری بەر ئەکەوێت بۆ (285) پرۆژە، بەڵام لێرەدا دەبینین تەنها بۆ گەرمیان(24)ملیاریان تەرخانکردووە، کە ئەمە تەنها 20٪ی پرۆژەکە ئەکات لەناوچەی گەرمیان، کەهەمووشمان دەزانین ناوچەیەکی زۆر داڕووخاوە، ناوچەیەکە پێویستی بە ئاوڕلێدانەوە هەیە، بەڵام ئەم مەبلەغە پارەیە کەدانراوە، سەرژمێرییان (450)هەزار کەسە، 90 – 100 هەزار کەسیان ڕاستە فۆڕمی خۆراکیان لەشوێنە ناکۆکی لەسەرەکانە، بەڵام نابێت ئێمە لێرەدا بەوچاوە سەیرییان بکەین، ژمارەیان کەم بکەینەوە، لەبەر ئەوەی فۆڕمی خۆراکیان لێرە نیە، لە خزمەتگوزارییەکان بێبەشیان بکەین، هەروەها دێمە سەر شاری کفری کە دەبینم شاری کفری کە 30 هەزار کەسی هەیە، بەڵام تەنها 96 ملیۆنی بۆ تەرخانکراوە، بۆ 1 پرۆژە، ئەویش وادەگەیەنێت، ئەگەر بێت و بەپێی سەرژمێری دانیشتوان بێت، لە

ملیارو نیویێك تا 2 ملیاری بەر ئەكەوێت، بۆیە من داوا دەكەم لە ئەنجومەنی پارێزگا، چاوێك بەو بودجەیەدا بخشێنێتەوە، بۆ ئەوەی ئەو ناعەدالەتیە نەكرێت، دێمەوە سەر ڕاپۆرتی لیژنەی دارایی هەڵبەتە من پشتگیری ڕاپۆرتی لیژنەی دارایی دەكەم، دەستخۆشیان لێدەكەم، چونكە بەڕاستی ڕاپۆرتێكی تۆكمەیان ئامادەكردووە، ڕاپۆرتەكەشیان جێگای ئەوەیە كە ئینسان بڵێت دەستیان ناوەتە سەر زۆربەی زۆر كەموكورتیەكان، توانیویانە هەڵسەنگاندنێكی باش بۆ ئەم بودجەیە بكەن، هەروەها بەتایبەتی پشتگیری خاڵەكانی 11 بڕگەی دووەم، 14، 15، 17، 18 دەكەم، كە ئەو خاڵانەش خۆیان لەوە ئەگرنەوە، موناقەلە نەكرێت لە بودجەی وەبەرهێنان بۆ سەر بودجەی تەشغیلی، داوا دەكەم هەر وەزارەتێك بەپێی پسپۆڕی خۆی پرۆژەكانی ئەنجام بدات، بە پرۆفیشنەڵانە كاری خۆی بكات، نەك وەزارەتێك لەجێگای وەزارەتێكی تر پرۆژەیەك ئەنجام بدات كە لە سوڵبی كارو ئیختصاصی ئەو وەزارەتە نیە، هەروەها سەبارەت بە ئەو پرۆژانەی كە ماوەی پرۆژەكە خۆی كەمە، بەماوەیەكی كەم، بەڵام تەرخانكردنی پارەكە دابەشكراوەتە سەر دوو ساڵ كە ئەمە وای لێدەكات پرۆژەكە لە قیمەتیشی كەم بكرێتەوە، سوودەكەشی بەو شێوەیە نەبێت، كە ئاماژەیان پێكردووە، بۆیە منیش پێنشیار دەكەم، ئەگەر هاتو پرۆژەیەك ماوەكەی كەم بوو بڕە پارەكەی وا تەخصیص بكرێت كە بەپێی ئەو بڕە پارەیە بێت كە بۆ 1 ساڵ بێت یان كەمتر بێت، هەروەها سەبارەت بەو پرۆژانەش كە پارەیەكی زۆر كەمیان بۆ تەخصیص كراوە، لە بودجەی ئەمساڵدا بۆ نموونە: من وەزارەتی پیشەسازی ئەهێنمەوە، كە 7 پرۆژەیان بۆ تەرخانكراوە، بەڵام لە بڕی (241)ملیار دینار تەنها(7)ملیار دیناریان بۆ دانراوە، كە دەكاتە 0,7 لە بودجەی گشتی، بۆیە پێشنیار دەكەم هەر پرۆژەیەك لەم بڕە پارەی كە لە بودجەی تەشغیلی دەبڕدرێت، ئەخرێتە سەر پرۆژەكان، هەڵبەتە من پشتگیری لە ڕاپۆرتی فراكسیۆنی كوردستانی دەكەم، كە داوایان كردووە لە 10٪ی بودجەی تەشغیلی كەمبكرێتەوە و بخرێتە سەر پرۆژەی ئیستسماری، بۆ تەخصیصاتەكانی تر كە بەهەموو تەخصیصاتەكانیەوە من پشتگیری دەكەم لە زیادكردنی سولفەی هاوسەرگیری، سولفەی عەقار، هەروەها لەدروستكردنی قوتابخانەكان كە (150)ملیار تەخصیص ئەكرێت بۆ دروست كردنی قوتابخانە، هەروەها (150)ملیاریش كە تەخصیص بكرێت بۆ مەسرەفی عەقاری و صناعی، كە دیسانەوە لێرەشدا دووپاتی دەكەمەوە ئەبێت لێرەدا سیاسەتی حكومەت دیار بێت بەرامبەر بە كەرتی تایبەتی پیشەسازی، چونكە كەرتی تایبەتی پیشەسازی ئەبێت حكومەت بزانێت بەچ شێوەیەك دەعمی ئەو كەرتە ئەكات، هەروەها پشتگیری لە هاژە خانیش دەكەم، كە باسی ئەو 30 ملیارەی كرد، لەبانقی پیشەسازیدا، دیارە ئێمەش خۆمان لە لیژنە بەخاڵێك لە ڕاپۆرتەكەمان ئاماژەمان پێكردووە، كە پرسیار دەكەین ئەو 30 ملیارە كە تەدویر ئەكرێت بۆ سەر بودجەی ئەمساڵ و ئەخرێتە سەر بانقی پیشەسازی، یاخود چی بەسەر دێت و بەچ شێوەیەك دەبێت، ئێمە دیسان دووبارەی دەكەینەوە، لەخاڵی دووەمی ڕاپۆرتەكەی خۆماندا، كەبەڕاستی ئەبێت ئەو 30ملیارە، ئەگەر ئیمكانە تەدویر بكرێتەوە بۆ سەر بانقی پیشەسازی ولەسەر بودجەكەش ئەو مەبلەغە دیاری بكرێت، كەچەند بۆ ئەو بانقە تەخصیص ئەكرێت، هەروەها من پشتگیری لەو خاڵەش دەكەم، كەوا لە

ڕاپۆرتی لیژنەی داراییدا هاتووە، هەندێ پرۆژە هەیە ئاستی گرنگیان کەمە، بەڵام سەیر دەکەین پارەیەکی زۆری بۆ تەرخانکراوە، بەڵام پرۆژە هەیە زۆر گرنگە، بەڵام پارەیەکی کەمی بۆ تەرخانکراوە، ئەگەر بکرێت لێرەدا ئەو تەعدیلاتە بکرێت، کارێکی زۆر باشە، هەروەها سەبارەت بەو پرۆژانەی کە ماوەی تەواوکردنیان لەساڵێك کەمترە، باسیشم کردووە، ئەشیلێمەوە، ئەگەر ماوەکەیان کەمە با لەساڵێکدا تەخصیصاتیان بۆ بکرێت، من پشتگیری خاڵی 20 دەکەم لە ڕاپۆرتی لیژنەی دارایی، کەباسی جێبەجێکردنی یاسای ژمارە 7 ساڵی 2008 دەکات، کە 75ملیار دینار لەبڕی ئەو 150 ملیار دینارەی کەتەخصیص کراوە بۆ سندوقی نیشتەجێبوون، بەپێی ئەو یاسایە جێبەجێ بکرێت، تاکو خەڵکی کەم دەرامەت و فەقیر بتوانن سوود لەو یەکە نیشتەجێبوونانە وەربگرن، کە حکومەتی کوردستان دەستنیشانی دەکات، هەروەها من ئەگەر بکرێت پێشنیارێك دەکەم، بۆ وەزارەتی پلاندانان، ئەگەر بێت ولەکاتی تەخصیص کردنەکەدا جارێکی تر چاو بەوەدا بخشێننەوە، کە شارێك وەکو شاری دوز تا ئێستا لەهیچ پرۆژەیەکدا و لەهیچ شوێنێکدا ناوی نەهاتووە، هەڵبەتە هەموومان دەزانین کە شاری دوز شارێکی زۆر مەنکوبە، خۆی لەسەر کەرکووکە، بەڵام ئێستا دابڕاوە، خراوەتە سەر تکریت، لەگەڵ ئەوەشدا حکومەتی عێراقی بەهیچ شێوەیەك ئاوڕی لێناداتەوە، ئەگەر بکرێت وئیمکان بێت، ئێمە بتوانین لێرەدا لە بودجەی حکومەتی هەرێمدا تەخصیصێکی بۆ بکەین، پارەیەکی بۆ تەرخان بکرێت بۆ ئاوەدانکردنەوەی یاخود بۆ گەیاندنی خزمەتگوزاری بۆ ئەو شوێنانە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز شوان عبدالکریم جلال، فەرموو.

**بەڕێز شوان عبدالکریم جلال:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

یەکەم: دەسخۆشی لەلیژنەی دارایی دەکەم، کە بەوردی ئەو ڕاپۆرتەیان ئامادەکردووە، هەموو کون وکەلەبەرو کەلێنەکانی بودجەیان تەی کردووە، هەروەها خۆشحاڵم کە حکومەتیش لەڕاستیدا ئەو بودجەیەی بەو تێروتەسەلی و بەو وردەکارییەوە ناردووە تا ئێمە بتوانین، هەموو لایەنەکانی بودجە لەبەر دەستی هەموو ئەندامەکاندا بێت، تا بتوانن هەموو سەرنج و تێبینیەکانی خۆیانی لەسەر دەربڕن، دووەم: من بە بڕوای خۆم حکومەت لەدانانی بودجەدا هەوڵی زۆری داوە، کە خزمەتی خەڵکی کەم دەرامەت بکات، ئەویش جگە لە خزمەتگوزارییەکان کە لەپرۆژەکاندا هەیە، لەڕێی بەردەوام بوون لە پێدانی سولفەی عەقار، سولفەی هاوسەرگیری، بەردەوام بوونی پێدانی پارەی تۆڕی کۆمەڵایەتی، لەلایەکی ترەوە، بەبڕوای من حکومەت هەنگاوی باشی ناوە بۆ کەمکردنەوەی بێکاری لەکوردستاندا، ئەویش لەڕووی تەرخانکردنی 25 هەزار پلەی وەزیفی، پێدانی قەرزی بچووك بۆ پرۆژە، بەتایبەتی بۆ گەنجان، تەرخانکردنی پارەی پێویست بۆ دۆزینەوەی هەلی کار لە کەرتی تایبەت، کە ئەمە بەڕای من بەگشتی هاوکاری ئەوە دەکات، کە بێکاری کەم بکاتەوە، بەتایبەتی لە توێژی گەنجاندا، کە ئەوە خزمەتێکی زۆرە

بەنیسبەتی ئەوان، سێیەم: من پشتگیری پێشنیازەکەی سۆزان خان دەکەم، کە پێشنیاری لیستی کوردستانیە بەگشتی، بۆ بڕینی لە 10٪ی بودجەی تەشغیلی، بەدابەشکردنەوەی بەو شێوەی کەڕوونی کردەوە بەتایبەت، کە بەشێکی بخرێتە سەر سولفەی عەقار، سولفەی عەقار لە 15 ملیۆنەوە کەپار زیاد کرا، ئەمساڵ بکرێت بە 20 ملیۆن دینار، هەروەها سولفەی زەواج بکرێت بە 5 ملیۆن دینار، وەدابین کردنی 100 هەزار دینار بۆ دەرماڵەی پۆلیس و ئاسایش، هەروەها زیادکردنی هاوکاری تۆڕی کۆمەڵایەتی، کە ئێستا خۆی حکومەت زیادی کردووە، بۆ 75 هەزار دینار، بکرێت بە 150 هەزار دینار، چوارەم: من پشتگیری پێشنیارەکەی لیژنەی دارایی دەکەم، بۆ تەرخانکردنی بڕێك پارە لەبودجەی ئەمساڵ بۆ دابین کردنی شوقە یان شوێنی نیشتەجێبوون بۆ ئەو کەسانەی کە کەمدەرامەتن، ئەوەی کەئێستا هەیە، سندوقی نیشتەجێبوون، سولفەی عەقار، بەڕاستی ئەوەی سولفەی عەقار ئەبێت زەوی هەبێت، بڕێك پارەشی هەبێت ئینجا دەتوانێ خانوو بکات، ئەوەی سندوقی نیشتەجێبوون دەبێت پێشەکیەك بدات، کە بەڕاستی لەتوانای خەڵکی کەم دەرامەتدا نیە، من پیشنیارەکەم بەدوو شێوەیە، یان ئەوەتا بڕێك لە نیوەی ئەوەی کەتەرخانکراوە، بۆ سندوقی نیشتەجێبوون کە خۆی 150 ملیار دینارە، 75ملیاری تەرخان بکرێت بۆ ئەو مەبەستە، لەیاسای ژمارە 7ی ساڵی 2008 جێبەجێ بکرێت، ببوژێندرێتەوە، ئەگەر ئەوەش نەبێت بەڕاستی ئێمە لەپەرلەمان خوێندنەوەمان بۆ یاسایەك کردووە، کە بۆ دروست کردنی یەکەی نیشتەجێبوون بۆ خەڵکی کەمدەرامەت، ئەو بڕە پارەیە تەرخان بکرێت بۆ ئەوە، پێنجەم: من پشتگیری پێشنیاری لیژنەی پێشمەرگە دەکەم، بۆ زیاد کردنی مووچەی خانەنشینی پێشمەرگەو کەم ئەندامانی سەنگەر، کە ئەوە زۆر گرنگەو ئەبێت بە جدی وەربگیرێت لەپەرلەماندا، وە پێشنیارەکەی کاك عومەر صدیق، من پشتگیری لێدەکەم، بۆ بڕینی لە 10٪ی مووچەی پەرلەمانتاران، من پێم وایە با لەخۆمانەوە دەست پێبکەین، پێش ئەوەی هیچ یاسایەك بێتە پەرلەمانەوە ئێمە تەصدیقی بکەین، خۆمان ئەو بڕینە جێبەجێ بکەین، حەوتەم: لەڕاپۆرتی لیژنەی شارەوانی کە لەزمنی ڕاپۆرتە گشتیەکەدا هاتووە، داوا دەکات کە داهاتی وەزارەتی شارەوانی بۆ خۆی تەرخان بکرێتەوە، من پشتگیری ئەو داواکارییە دەکەم، چونکە بەڕاستی وەزارەتی شارەوانی ئەرك و مەهامی زۆرە، بەتایبەتی بەحوکمی پەیوەندییەکی بەردەوام وڕاستەوخۆی هەیە لەگەڵ ژیانی ڕۆژانەی خەڵکدا، هەشتەم: کاك شێردڵ پێشنیارێکی کرد بۆ تەرخانکردنی پارەی پێویست بۆ چاککردنی یاریگای سلێمانی بۆ ئەوەی لەگەڵ مەعایری دەولیدا بگونجێت، من زۆر پشتگیری دەکەم، چونکە بەڕاستی سلێمانی یاریگای وەزشی تێدایە، ئەوە نەبێ کە نەیبێت، بەڵام لەبنەڕەتدا کەدروست کراوە بەپێی مەعایری نێودەوڵەتی نیە؟، بۆ پاڵەوانێتیە نێودەوڵەتیەکان نابێت، بەتایبەتی ئێستا کوردستان بەشێکی زۆر لەو پاڵەوانێتیانەی عێراقیش بەتایبەت و هی ناوچەکەش ڕوویانکردۆتە کوردستان، نۆیەم: من داواکاریم لەبەڕێز وەزیری دارایی هەیە، کە مەسەلەی چۆنیەتی وەرگرتنەوەی داهات،؟، وەرگرتنەوەی، و جارێکی تر جێکردنەوەی لەبودجەدا بەوردی ڕوون بکاتەوە بۆ پەرلەمان، چونکە بەڕاستی ئەوە سەرنج و تێبینی بەشێکی زۆری ئەندامانی پەرلەمانە، دواخاڵم پرسیارێکم هەیە لە لیژنەی

دارایی، لە ڕاپۆرتەکەدا هاتووە کە ئەڵێت ڕێژەی جێبەجێکردنی پرۆژەکان لە 34,3٪ یە، بەو شێوە دیاریکردووە، ئایا ئەو ڕێژەی کەدەریان هێناوە، ئەو ڕێژەیەیە کە وەزارەتەکان لەمانگی 11 دا لیستی پرۆژەکانیان ناردووە بۆ وەزارەتی پلاندانان بۆ ئامادەکردنی بودجە؟، یاخود ئێستا لەمانگی 5 ئەو ڕێژەیان دەرهێناوە؟، چونکە من پێم وایە ئێستا بەپێی ئەو لیستە تازەیە، بەشێکی زۆری ئەو پرۆژانە کەوتوونەتە بواری جێبەجێکردنەوە، وە بەشێکی زۆریشی تەواو بووە، لەبەر ئەوە من پێم وایە، ئەو نیسبەتە بەڕای من گۆڕانی بەسەردا دێت، تکام وایە ئەوە لیژنەی دارایی بۆمان ڕوون بکاتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێز پەیمان عبدالکریم عبدالقادر، فەرموو.

**بەڕێز پەیمان عبدالکریم عبدالقادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وێڕای دەستخۆشی کردنم لە لیژنەی دارایی وئەرك كێشانیان، بەڵام چەند تێبنیەكم هەیە دەربارەی پرۆژەی بودجەو تەرخانكراوەكانی، ساڵی 2011 لەهەرێمی کوردستان، خاڵی یەکەم: بەنیسبەت داهاتی هەرێمی کوردستان، بەپێویستی دەزانم هەموو داهاتەکانی کوردستان بۆ پەرلەمان ڕوونبکرێتەوە، چونکە زۆر داهات هەیە لەم بودجەیە هەر باس نەکراوە، وەکو داهاتی وەزارەتی شارەوانی وگەشتوگوزار، وەزارەتی ناوخۆ، هەروەها وەزارەتی دادیش، سەرباری بوونی داهاتی 50 ملیاری کەچی فەرمانگەکانی ئەم وەزارەتانە ساڵانە بڕە پارەیەکی زۆر لەکرێی خانوو دەدەن، کە جێگەکانیان هیچ شیاو نین لەگەڵ هاتووچۆی ڕۆژانەی موراجیعەکانیان، دووەم: پێشنیاری وەزارەتی داد بۆ زیادکردنی مووچەی کارمەندانی هیچ عەدالەتێکی تێدا نیە، تەبعەن کە دەڵێم عەدالەتی تێدا نیە، سەرباری ئەو هەموو داهاتەش کە هەیەتی، وەزارەتێکی وەکو ئەم وەزارەتە پێویستە بەرژەوەندی هەموو کارمەندانی ڕەچاو بکرێت، یەکسانی کۆمەڵایەتی دابین بکات، پێداچوونەوە بۆ ئەم زیاد کردنە بکات نە نیەتێتی بیکات، سێیەم: پێشنیاری ئەوە دەکەم کەوەزارەتی دارایی پابەند بێت بەگەڕاندنەوەی مووچەی فەرمانبەر وماموۆستایانی پارێزگای سلێمانی و گەرمیان، کە لە 2003 وە، زیاد کراوەو ئەوان لێی بێبەشن، لێرەدا نازانم سیاسەتی حکومەتی هەرێم چیە بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەو ڕێژە زۆرەی بێکاری کە لە سەرانسەری کوردستاندا بڵاوە؟، بۆ پرۆژەی ستراتیژی بوونی نیە لەناو پرۆژەی بودجەدا بەشێوەیەکی گشتی؟، بۆ چارەسەرکردنی ئەم قەیرانە، بەنیسبەت ئەو خاڵانەی کە پشتگیریان لێدەکەم و هاتبوون لەناو ڕاپۆرتی لیژنەی داراییدا، 1- پشتگیری لەزیادکردنی پێشینەی هاوسەرگیری دەکەم، بە هەڵوێستێکی باشی دەزانم کە بکرێت بە 5ملیۆن دینار، وە پشتگیری لە زیادکردنی سولفەی عەقار دەکەم کە نەك تەنها 20 ملیۆن دینار بێت، بەڵکو هاو شێوە بێت لەگەڵ ئەوەی عێراقی فیدڕاڵ کە 30 ملیۆن دینار بێت، ئازادیەکیش بدرێت بەو کەسانەی کە چەند لەو بڕە پارەیە ڕادەکێشن، ئەوەمافی خۆیان هەبێت، هەروەها پشتگیری لەهاوتا کردنی مووچەی پۆلیس و ئاسایش لەگەڵ هی عێراقی فیدڕاڵ دەکەم، هەرچەندە لە بودجەی ساڵی پاریش پێشنیارمان کرد وەکو فراکسیۆنی گۆڕان،

که ئەم زیادەیە بکرێت، وەکو ئەندامێکی لیژنەی کاروباری کۆمەڵایەتی و خێزان، پێشنیار دەکەم کە بڕە پارەی مینحەی کەمئەندامان زیاد بکرێت، وەهەلی کاری گونجاویان بۆ دابین بکرێت، بەگوێرەی پلەی عەجزەکەیان کە هەیانە، ئەمەش بەهەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی تەندروستی، تەبعەن ئەو 150 هەزارەی کەهەیانە، وەکو مینحە بڕێکی کەمەو بەشی ژیانیان ناکات، بەشێوەیەکی گشتی پشتگیری لە بۆچوونەکانی لیژنەی کۆمەڵایەتی و خێزان دەکەم، لەسەر رێکخستنی تۆڕی کۆمەڵایەتی و خێزان و دابین کردنی بڕێك پارە بۆ ئەو خێزانە کەم دەرامەتانە، بەمەرجێك لە 150 هەزار دینار کەمتر نەبێت، ئەم بڕە پارەش زیاد بکات لەگەڵ زۆری ژمارەی خێزانەکان، تەبعەن پێویستە ئەو زیاد کردنە پێوەری تایبەتی هەبێت و لیژنەی تایبەتیشی هەبێت، کە رێکی بخات نەك بەشێوەیەکی میزاجی ئیشەکەی تێدا بکرێت، داواکارم ئەو پێشنیارەم بەهەند وەربگیرێت، هەروەکو چۆن لەم پەرلەمانە بڕیاردرا کە هەڵمەتێکی نیشتمانی بۆ دروست کردنی قوتابخانە بکرێت، بەڵکو هەڵمەتێکی تری نیشتمانی بۆ دروست کردنی نەخۆشخانە بکەین لەسەرانسەری کوردستاندا تاوەکو خەڵکی بێدەرامەت و هەژارو نەخۆش بێبەش نەبن لە خزمەتگوزارییە پزیشکیەکان، وە نەخۆشەکانی تووش بوو بەتالاسیما زۆر گلەیی ئەوە دەکەن کەمافەکانیان پێشێلکراوەو نەخۆشخانەی تایبەتیان نیەو، بانکی خوێنیان نیە، داوا لەحکومەتی هەرێم دەکەن کە بڕە پارەیەکیان بۆ تەرخان بکات و یارمەتیان بدات، هەروەکو ئەندام لە لیژنەی خوێندنی باڵا چەند تێبینیەکم هەیە، ئەویش ئەوەیە کە هەڵاوسان هەیە لەو بڕە پارەیەی کە بۆ کرێی بینایە دابین دەکرێت ساڵانە، ئەمەش لە ساڵی 2010، 22 ملیاری بۆ تەرخانکرابوو، بەڵام بۆ 2011 بووە بڕی 24 ملیار دینار، واتە بەزیادەی 1ملیارو 637ملیۆن، دووەم بڕگەی تەرفیهی رەسمی بۆ ئەم وەزارەتە هەڵبگیرێت کە لەلاپەرەی هەشت لە فەصڵی دوو هاتووە، لە لاپەڕە هەشت النقل المباشر عبر الاقمار الصناعیە، بڕی 11 ملیۆن دیناری بۆ تەرخانکراوە، وابزانم ئەمە زیادە، چونکە سایت و تەلەفزیۆنەکان بەکاری پێویست هەڵدەستن، لەلاپەڕە 10 بڕگەی صیانة الطرق والجسور، ئەمە لەتایبەتمەندی وەزارەتی خوێندنی باڵا نیە، کە بڕە پارەیەکی بۆ تەرخانکراوە، ئەمەش پێویستی بەلادان هەیە، لەموازەنەی تەخمینی بۆ ساڵی 2011 لە لاپەڕە 3 بڕگەی التأمین علی حیاة الاشخاص لە سەر وەزارەتی پەروەردە، ئەوەش پارەی بۆ تەرخانکراوە، نازانم مەبەست چیە لە تەئمین لەسەر ژیان؟، هەروەها لە لاپەڕە 4 بڕگەی الملابس العسکریە، وابزانم ئەمە لە تایبەتمەندی وەزارەتی ناوخۆیە، بۆ پەروەردە ئەو ئیشە بکات؟، لە لاپەڕە 7 بڕگەی ایجار المبانی، ئەمە دووبارە بووەتەوە، پارەیەکی زۆر زۆر ساڵانە تەرخان دەکرێت، بەڕاستی ئەو کێشەیە پێویستە چارەسەر بکرێت، بەگشتی ئەوەی سەرنجمان ڕادەکێشێت، لەسەر بودجەکە ئەوەیە کە بودجەی هەرێمی کوردستان کەخۆی 13 تریلیۆن و940 ملیارە، بڕی 9 تریلیۆن و672 ملیار و ئەوەندە ملیۆنە بۆ بودجەی تەشغیلی دانراوە، کە بڕێکی زۆرە، دەکاتە لە 70٪ی بودجەی گشتی هەرێم، تەنها 29٪ دەمێنێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێز هاوڕاز شێخ احمد، فەرموو.

**بەڕێز هاوڕاز شێخ احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پێشەكی دەستخۆشی لە لیژنەی دارایی دەكەم، بۆ ئەو ڕاپۆرت و خۆماندوو كردنەیان، بەڕاستی خاڵی جوانیان خستەڕوو، خاڵی گرنگیان خستەڕوو، سەبارەت بە بودجە بەڕاستی من پێم وایە بودجە بەتایبەتی ئەگەر بەتەندروستی باسی بكەم، بودجەیەكی تەقلیدیە، دوورە لەچاكسازی، یەعنی ساڵی پار ئێمە زۆر باسمان لەوەكرد، كە تەندروستی ئەم بودجەیەی كە بۆی دیاریكراوە، هەرگیز ناتوانێت كەرتی تەندروستی بەرەو پێش ببات، هەرگیز ناتوانێت پێویستیەكانی هاووڵاتیان لەلایەنی تەندروستیەوە بەرجەستە بكات، بەڵام بەداخەوە كە ئەمساڵیش ئەم بودجەیە هەر بەشێوەی خۆی، هەر بەتەقلیدییەكەی ساڵی پار هاتووەتە پەرلەمان، تەبعەن دیارە لە $2011/2/2$ كۆنگرەیەكی نێودەوڵەتی لەهەولێر بەسترا، ئەم كۆنگرەیە پارەیەكی زۆر زۆری لێ سەرفكرا، بۆ ئەوەی چاكسازی و پەرەپێدان بكرێت لە كەرتی تەندروستی، بەڵام بەحەقیقەت ئەو كۆنگریەی كەپارەیەكی زۆری لێ سەرفكرا، كە پێشنیاری زۆر جوانی تێدا هاتە بەرهەم، ئەو پێشنیارانە بەهیچ شێوەیەك كاریگەرییان لەسەر بودجە نیە، یەعنی ئەم پێشنیارانە بەهیچ وەرنەگیراون، یان بەهەند وەرنەگیراون بۆ ئەوەی ئەو پەرەپێدانەو ئەو پێشكەوتنەی كە پێویستە لە كەرتی تەندروستیدا بكرێت، جێگایەكی بۆ كرابێتەوە، كاریگەرییەكی بەجێهێشتبێ، یەعنی هیچ پارەیەك بۆ دكتۆرو كارمەندان و پەرستیاران، ئەوە جێگای نابێتەوە، چونكە بودجە هەروەكو ساڵی پار هاتووەتەوە، كە ئەمەش كێشەیەكی گەورەیە، ئێمەش كێشەی زۆرمان لەبەردەستدایە لە لیژنەی تەندروستی، هیچ بودجەیەك بۆ چاكسازی تەندروستی سەرف نەكراوە بەڕاستی، كۆنگرە زۆر لەسەری رۆشتین وباسی لەسەر كرا، دەرماڵەی ترسناكی وەكو پێویست نیە، كە بەهیچ شێوەیەك چارەسەرنەكراوە لە بودجەو وازح دیارە، ئێمە وەكو لیژنە تێبینیمان هەبوو لەساڵی پار لەسەر ئەو بڕەی كە بۆ تەندروستی دیاری كراوە، ئەمساڵ لەكۆنگرەكەدا پێشنیاركراوە لەخاڵی یەكەمی تەوەرەی ئابووری هاتووە، كە ئەوان وەكو پێشنیار دایانناوە، میزانیەی تەندروستی لە $10\%$ تا $15\%$ كەمتر نەبێت، بەڵام بەڕاستی ئەگەر هەروەكو ساڵی پار بێت، چونكە ناكرێت لە $10\%$ كەمتر بێت، چونكە ئێمە كێشەیەكی زۆر گەورەمان هەیە، بەداخەوە یەعنی من هاوڕێ ئەندام پەرلەمانەكانم ئەوەی كەتەخەصوص نەبوو یان لە لیژنەی تەندروستی نەبوو، ئەم كێشە گەورانەی تەندروستی باس نەكرد، ئێمە كێشەی زۆر گەورەمان هەیە لە تەندروستی، سەبارەت بە بەهێز كردنی تاقیگەكان، كوالیتی كۆنترۆڵی، كۆنترۆڵكردنی دەرمان و كەلوپەلەكان، ئێمە پێویستیمان بە بەهێزكردنە، بەڵام هیچ پارەیەك دیاری نەكراوە بۆ ئەو كارە، مەنافعی كۆمەڵایەتی، ئێمە ساڵی پار بەڕاستی وەكو تەجروبە، تەجروبەمان لەسەری نەبوو، لەبەر ئەوە ساڵی پار وەكو خۆیمان هێشتەوە، بەڵام لەدوای بەدواداچوون، لەدوای ئەوەی كە گەشتینە ئەو قەناعەتەی كە بەڕاستی ئەمە دەبێت یان بەشێوەیەكی تر بەكار بهێندرێت، یان سوودی پێویستی بەهاووڵاتیان نەگەیاندووە، لەخزمەتی هاووڵاتیان نەبووە، لەبەر ئەوە یان دەبێت بەشێوەیەكی تر ڕێكبخرێتەوەو بەكار بهێندرێت، یان نەمێنێت،

هەندێ لە پرۆژەکان لە بودجەی ساڵی 2010 وەکو پێشنیار هاتوون، بەڵام لە 2011 ش هەر کراونەتەوە بە پێشنیار، نموونەیەك لەو پرۆژانە ئەوەیە کە بنکەی تەندروستی لەگەڕەکی شارەوانی لە هەولێر، پرۆژەیەکە 1 ملیاری بۆ دیاریکراوە، گوژمەی پێویستیشی بۆ ساڵی 2010، 750 ملیۆن بووە، بەڵام لە ساڵی 2011 وەکو پێشنیار هاتووەتەوە، خاڵێکی تر لەنەخۆشخانەی لەدایك بوونی منداڵان هەیە لە هەولێر، قەرارە دروست بکرێت لە ساڵی 2008 تەوە، ئەمە بەپێی بەدواداچوونی ئێمە 5 ملیاری کەمە بۆ دروست کردنی، کاتێك لەبودجەی ساڵی 2011پارەیان بۆ دیاریکردووە، یەعنی پێم وایە، ئەو کێشانە کە بەردەوام دەمێنێتەوە، چارەسەر ناکرێت لەلایەن حکومەتەوە، یەعنی کێشەی نەخۆشخانە 400 قەرەوێڵەییەکە، بەهەمان شێوە بوو، بەڵام زیاتر کەوتە بەرچاوان، ئەم شتە بەردەوام، بەردەوام دەبێتەوە، تاوەکو پارەیەکی زۆر بزر دەبێت، ئەو پرۆژە گرنگەش بەئەنجام ناگەیەندرێت، لەپرۆژە بەردەوامەکان هاتووە، کڕینی 15 ئامێری سڕکردن بۆ فەرمانگەکانی تەندروستی هەولێر ودهۆك، ئەمە لە 2009/9/10 دەستبەکار بووە، ئەم پرۆژەیە، لەکاتێکدا لە 2010 ئەم پرۆژەیە هاتووەتەوە بەبەردەوامی هیچ کاتێکیشی بۆ دیاری نەکراوە، یەعنی رۆژی بۆدیاری نەکراوە بۆ ئەنجامدانی ئەم پرۆژەیە، بەڵام لە 2011 دیسان لە پرۆژە بەردەوامەکاندا هاتووەتەوە، هەر 15 ئامێری سڕکردنەکەیە، بەڵام 420 رۆژی بۆ دیاریکراوە، ئەمە کڕینی ئامێرە، دروستکردنی بینایە نیە، سێ ساڵان کە دەسوڕێتەوە لە دوو ساڵی پێشتریش کاتی بۆ دیاری ناکرێت، بەڵام لە 2011، 420 ڕۆژی بۆ دیاریدەکرێت، هەمان 15 ئامێرەکەشە، سەبارەت بە پرۆژە بەردەوامەکان بەڕاستی ئێمە 8 پرۆژەی تەندروستیمان لەهەولێر بەردەوامن و خەرجی 2010یان سفر بووە، 23 پرۆژەی بەردەوامان لە سلێمانی هەیە، وەکو تەندروستی و خەرجی 2010یان سفر بووە، ئەمانە هەمووی جێگای پرسیارن، بۆچی؟، دوو پرۆژەی بەردەواممان هەیە لە دهۆك، خەرجی 2010 یان سفر بووە، لە پرۆژەکانی پەرەپێدانی پارێزگاکان لەخاڵی چوارەم، لە زنجیرەی 14باس لەدروستکردنی بنکەی تەندروستی جەلەمۆر دەکات، لە ئەغجەلەر، تەبعەن دروست کردنی ئەو بنکەیە 85 ملیۆنی بۆ دانراوە، لەهەمان کاتدا بنکەیەکی تر نۆژەنکردنەوەیە 200 ملیۆنی بۆ دانراوە، تەبعەن ئەگەر تەماشا بکەین، هەربەهەمان شێوە بنکەیەکی تەندروستی دیسان هاتووە لە برۆژەکاندا، دەڵێت دروست کردنی پرۆژەی قەڵاتەبزان، 45 ملیۆنی بۆ دانراوە، تەبعەن ئێمە وەکو تەندروستی دەزانین ئێمە بنکەی(E.C.B.A) مان هەیە، یەعنی ئەگەر ئەو جۆری پرۆژەکەی لە لیستەکە دیار بکردایە ئەوە وازح دەبوو لەلامان، بەڵام هیچ جۆری پرۆژەکەی دیاری نەکردووە، پارەکەشی بۆ تەرخانکردووە، نۆژەنکردنەکە زیاترە لە دروست کردنەکە، سەبارەت بەنەخۆشخانەی لەدایك بوونی منداڵان لەدهۆك، کێشەیەکی گەورەیە، لیژنەی ئێمە وەکو لیژنەی تەندروستی لە 2011/2/8، کیتابمان کردووە، ئەم پرۆژەمان ناردووە بۆ حکومەت، کە ئەم شارە، تەبعەن هەولێر هەیەتی، سلێمانی هەیەتی بەس دهۆك نەخۆشخانەی لەدایك بوونی نیە، ئێمە کیتابمان کردووە لەوتەئریخە بۆ ئەوەی بخرێتە پرۆژەکانی ساڵی 2011، چونکە ئەم شارە پێویستیەکی زۆری بە نەخۆشخانەیەکی لەدایك بوونی منداڵان هەیە، بەڵام بەداخەوە ئێستا لە پرۆژە پێشنیارکراوەکاندا

نەهاتووە، لەگەڵ ئەوەی کەدهۆك ئێمە هەموومان دەزانین، ڕێژەی لەدایك بوون زۆرترە لە شارەکانی تر، تەنانەت لە 2009 ڕێژەی لەدایك بوون لەدهۆك 25500 بووە، کە یەکەم شار بووە لەهەموو عێراق، نەك لە کوردستان، سەبارەت کڕینی ئامێر زۆر لەپرۆژە بەردەوامەکان پرۆژە پێشنیارکراوەکان دێتەوە، من باسی تەندروستی دەکەم، کە بەڕاستی کڕینی ئەم ئامێرانە دیار نین لەکام دەزگان، کاتێ بەدواداچوونی بۆ دەکەین، ئەو نەتیجەی بەتۆی دەدات قەناعەتت پێی نایەت، یەعنی ناتگەیەنێتە قەناعەت، چونکە ناوی ئەو ئامێرانە دیار نین کە بۆکام دەزگایە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز ایوب نعمت قادر، حازر نیە، کەیلی اکرم احمد، فەرموو.

**بەڕێز کەیلی اکرم احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەرەتا پشتگیری لەڕاپۆرتەکەی لیژنەی دارایی و ئابووری دەکەم، بەتایبەتی ئەو خاڵەی کە باس لەیەکەی نیشتەجێبوون بۆ هاووڵاتیان دەکات، ئەویش لەڕێگەی یاسای دابین کردنی خانووی نیشتەجیبوون بۆ دانیشتوانی هەرێمی کوردستان، ژمارە (7) لە ساڵی 2008، بەکەمکردنەوەی بودجەی تەشغیلی لە 10٪ وە زیادکردنی سولفەی زەواج، تۆڕی کۆمەڵایەتی، سولفەی عەقار، پشتگیری لەم زیادانە دەکەم، هەروەها لە پرۆژە بەردەوامەکانی وەزارەتی ڕۆشنبیری ولاوان، گرنگیەکی باش دراوە بەقەزاو ناحیەکان، بەدروست کردنی چەند بنکەیەکی وەرزشی ویاریگاکان، ئەو بنکە وەرزشیانە کە ژمارەیان 33 بنکەیە، وەیاریگاکان کە ژمارەیان 36 یاریگایە، هیوادارین لەداهاتوودا ئەو شوێنانەی کەماون لەقەزاو ناحیەکان، ئەوانیش بنکەی وەرزشی و یاریگایان بۆ دروست بکرێت، هەروەها داواکارم لەوەزارەتی ڕۆشنبیری ولاوان، کەڕێنمایی وئالیەتی گونجاو دابنێت بۆ چۆنیەتی سوود وەرگرتن لەم یاریگاو بنکە وەرزشیانە، بۆ ئەوەی لاوان بتوانن سوودی زیاتری لێ وەربگرن، پارێزراوتریش بێت، هەروەها سەبارەت بە پرۆژە پێشنیارکراوەکانی وەزارەتی ڕۆشنبیری ولاوان بەدروست کردنی چەند یاریگایەك لەناو سەنتەری شار، بەڵام من پێشنیاردەکەم ئەم یاریگایانە ببن بەهۆڵی داخراوی وەرزشی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، بەڕێز عبدالسلام مصطفی صدیق، فەرموو.

**بەڕێز عبدالسلام مصطفی صدیق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من دەمەوێت قسەکانم زیاتر لەسەر سیاسەتی دارایی بکەم، لەوەی بچمە تەفاصیلی بودجە و پرۆژەکان، چونکە بەڕاستی لای من ئەوەیە ئەوە ئیشی ئێمەیە لەلیژنەکان ئەوە بۆ ماوەی ساڵێکە، پاشان ئەمە خەملێندراوە، لەکوێ بووین؟، ئێمە لەبودجەی ساڵی 2010 چیمان کرد؟، لەگەڵ ڕێزم بۆ هەموو ئەوپێشنیارو تێبینیانەی کە پێشکەشکران، کە زۆربەشیان ڕەوان، نامەوێ ئیعادەیان بکەمەوە، من تەماشا

دەکەم ئەوە بۆ چەند ساڵێکە، ئەم ئەزموونە کورتەی ئێمە ئەوە دوو ساڵە، ئەبینین میزانیەیەك دائەندرێت بەشێوەیەکی مەرکەزی، کەچی سیستمی ئیدارەی ئێمە فیدڕالیەو بەنیازی لامەرکەزییەتی ئیداری لەقەزاو پارێزگا بکەین، ئێمە ئەبینین ئەوە بیست ساڵە لە دەستپێکردنی ئەزموونی حوکمڕانی خودی کوردی، سیاسەتی ئابووری بازاڕمان ڕەچاو کردووە، کەچی ئەبینین میزانیەی ئێمە میزانیەی دەوڵەتی مانیحەو دەوڵەتی نەوتە، بۆیە لای من ئیشکالیات لێرەیە، ئیشکالیات لەوە نیە ئەم پرۆژە بۆ کوێ چوو؟، بۆ کوێ نەچوو؟، بەڕەئی من ئەوە ئەکرێت بەچەند کەناڵێك چارەسەر بکرێت؟، تەماشای بودجەی تەشغیلی بکەین، کە زیاتر لە $70$٪یە، تۆزێك حساباتم کردووە، $55$٪ ی میزانیەی کوردستان بۆ فەرمانبەر وکڕینی شتومەك و مەساریفی دائیرەو فەرمانبەرە، ئەم نموونەیە فەریدەو نیە، شێوەی نیە، پاشان داوا دەکەین کەلە $10$٪ لە بودجەی تەشغیلی کەم بکەینەوەو بیخەینە سەر بودجەی پرۆژەکان من لەگەڵ ئەوەدام لە $100$٪، بەڵام بۆ چی پێشنیارمان کردووە، تەماشای ئەو پێشنیارانە بکەن ئەوەی کە کردوومانە، ئەوانەش لای من ئەچنەوە دیسان تەشغیلی، زیادکردنی ئەم ئیعانەو دانانی پارە بۆ ئەوەو ئەوی تر، ئەوە دیسان هەمووی ئەچێتەوە بواری تەشغیلی، یەعنی هیچمان نەکرد، هەر لەناو تەشغیلیمان بەکار خستەوە، تەماشای بودجەی پرۆژەکان بکەین، ڕێژەی فەرمانگەو بینایە بۆ ئەو دائیرەیەو کڕینی شت بۆ ئەو دائیرەیەی تر، بزانە چەندە؟، ئەمە پرۆژە نین بەڕێزان ئەمانەش هەر تەشغیلین، لەکوێ هاتووە؟ سیاسەتێکی هەڵەی پارەدان و دامەزراندن، ڕەنگە زۆر کەس لەمن تووڕە ببن، کە ئێستا ئەو قسەیە بکەم، بەس خەڵك دابمەزرێنن، لەهەموو دونیا دەوڵەت کە تەشکیل دەبێت، ژمارەی فەرمانبەرانی سابتە، ئەگەر فەرمانگەیەك زیاد بوو، ئەگەر وەزارەتێك، بەڕێوەبەرایەتی گشتی زیاد کرد، فەرمانبەر تەعین دەکرێت، لەبواری تەندروستی و پەروەردە نەبێت، من تێناگەم ئەم سیستەمەی ئێمە حوتە؟، چەند خەڵکی تر قووت دەدات، باش بزانن دامەزراندن یەعنی قەنەفە، یەعنی ژوور، یەعنی بینایە، یەعنی سەیارە، بۆیە فریا ناکەوین، لەکاتێکدا کە ئێمە باسی داهات وباسی سەرفیات دەکەین، وەزارەتی کارەبا بەدەست ئەوەوە دەناڵێنێت کە $30$ ملیار دیناری قەرزە لەسەر دامودەزگای حکومی وخەڵك، پارەی کارەبا نادەن، لەکاتێکدا لەکوردستان $22$ تا $24$ سەعات کارەبامان هەیە، ئیمە سوپاسی حکومەتی هەرێم دەکەین، سیاسەتێکی پێشکەوتووی دەستپێکرد لەکابینەی پێنجەم بەقسەی بەڕێز نێچیرڤان بارزانی، شتێك نەما لەکورستان بەناوی کێشەی کارەبا، لەکاتی خۆی کە ئەو قسەی کرد، کێشەی کەمبوونی کارەبا هەبوو، ئێستا شوکر بۆ خوا کەمبوونەکەش نەماوە، باشە لەکاتێکدا کە ئێمە سووتەمەنی دەدەینە ئەو مۆلیدە ئەهلیانە، لەکاتێکدا کە کارەباکەشیان لێ دەکڕین، لە سەعات $2$ی شەو بڕۆ لە هەولێر لە $30$ مەتری بزانە چەند دوکان، $15-16$ نیۆن و گڵۆپی هەڵکردووە، ئەگەر بەلاش نەبێت ئەمە چۆن ئەبێت؟، $3$ ملیار دینار ئەتوانی تۆ لەهەر ساڵێك $5$ تا $6$ پرۆژەی باشی پێ بکەیت، من داوا دەکەم، جارێکی تر حکومەتی هەرێمی کوردستان بیر لەوە بکاتەوە، جەریئانە، خەڵکی ئێمە واعیە، تێگەشتووە، خەڵکی ئێمە لە زروف تێدەگات، تێی بگەیەنین کە ئێمە ناچار بووین لە ماوەی ئەو $15-16$ ساڵەی ڕابردوو، پرەنسیپی دابین کردنی بژێوی بۆ خەڵك لە ڕێگای دامەزراندنمان دابین بکەین، چونکە

ڕێگای تر نەبوو، ئێستا خەڵکی ئێمە دەبێ فێر بکرێت، دەبێ تەوجیه بکرێت بەوەی کە حکومەت دەبێت پارەی لەدەست بمێنێت تا بتوانێت خزمەتگوزارییەکان باشتر بکات، ئاستی ژیانتان باشتر لێ بکات، بەڕێزان هیچ دەوڵەتێك کە سیاسەتی ئابوری ئازادی هەبێت ناتواندرێت بەڕێوە ببرێت، ئەگەر دوو باج وەرنەگرێت لەخەڵك، باجی فائزی قیمە کە لە 13٪ تا 20٪ ـە، ئەوەیە ئەساسی بازاری ئازاد، بازاری ئازاد ئەوە نیە، کەرتی تایبەت ئازادی پێ بدەیت نەخێر، دەبێ ئەو بوژاندنەوەی ئابووری لەخزمەتی ئەوە بێت پارەکە ئەم حەڵەقەیە بکات، باجەکان وەردەگیرێت باجەکان دەکرێن بە پرۆژە، لەپرۆژە خەڵك ئیش ئەکات، بەرهەم دەرئەچێت، بەرهەمەکە باجی تر دەهێنێت، باجی دووەم باجی داهاتە، ئێمە داوای پێشینە دەکەین، داوای دەرماڵە زیاد دەکەین، قەت بیرمان لەوە نەکردووە سیستمێکی ڕێك و پێکی مۆدێرن کەلە پێش دوو سەدە لە دەوڵەتەکانی تر دەستی پێ کرد، لە 1700 و 1800 دەستی پێ کردووە تا بە زروفی کوردستان تا 400، 500 هەزار مانگانە داهاتی خێزان پارەی لێ وەرنەگیرا لە 400 -700 دە لە سەد داهاتەکەی وەرگرەو وەکو هەتا بدرێتە خەڵکی وەکو ئێمە 40 لەسەد با لە ئێمە وەرگرن، ئەو کاتە حکومەت پارەی دەبی و ئەگەر تەماشای دەوڵەتانی موستەقر بکەن و جێگای ژیانیان و ئاستی ژیانیان بەرزە بە یەك ڕێگا دەتوانن خزمەتگوزاریەکان پێشکەش بکەن بەو داهاتەی حکومەت وەری دەگرێت لە باجەکان کەچی ئێمە دوو سێ پرۆژەمان لەبەردەستە باجی عەقاری کەم بکەین، نازانم چی کەم بکەین، ناکرێت دەوڵەت ئەوها بەڕێوە ناچێ و میزانیەمان و گفتوگۆی میزانیە هەموو ساڵێك ئەم کەلێنانەی تێ دەکەوێ، من قسەکانی خۆم کورت دەکەمەوە داوا دەکەم لە وەزارەتی پلاندانان و وەزارەتی دارایی و لە ئێوەی پەرلەمانیش بیر لەوە بکەینەوە مادام ساڵی دارایی لە 4/1 دەست پێدەکات ئەرێ چیە ئەوەی داوامان کردووە مانگی 9 بودجە ئامادە بکرێت کە باش ئەزانین لە عیراق تا مانگی 2 بودجە ئامادە ناکرێت، خۆ قورئان نیە/ من پێشنیار دەکەم بیر لەوە بکەین بڕیار بدەین بودجە ئامادە بکرێت لە مانگی 1 و 2 لە مانگی 3 ئێمە گفتوگۆ بکەین تاکو لەسەرەتای ساڵی دارایی بودجەکە دەست پێ بکەین و ناچاری فەرمانگەکانی دەوڵەت بکەین خەرجیات تاوەکو ئەخیری ساڵ بۆمان پێشکەش بکەن، لە مانگی 5 و 4 ئێمە بودجەمان پەسەند کرد هەمووی 20 ڕۆژ نەبوو بودجەیان وەرگرت بوو هاتوونە حساباتی مانگی 6 دەدەنێ، تەبعەن خوشك و برایان باسیان کرد کە ئەم پرۆژە سەرفی نیە و ئەم ئەوە نیە، ئەوە ناکرێت، کەچی تەسەور دەکەم ئاستی بەکارهێنانی تەکنەلۆژیای زانیاری ئەو............ .

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

پەریهان خان فەرموو.

**بەڕێز پەریهان قوبلای محمد علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لێرەوە باسی ڕاپۆرتی وەزارەتی دارایی دەکەم کە لە 70٪ ی بودجەکە بۆ نەفەقاتی تەشغیلی دەچێ من داوا دەکەم ئەمە لە 50٪ی کەم بکرێتەوە بچێتە سەر ئەوەی کە سلفەی عەقار زیاد بکرێت و بکرێتە 30

ملیۆن، هەروەها پێشینەی هاوسەرگیری بکرێت بەوەی لە 5 ملیۆن کەمتر نەبێ، هەروەها هاوتاکردنی مووچەی ئاسایش و پێشمەرگە وەکو مەرکەزی لێ بکرێت، ئەگەر بێینە سەر ئەوەی کە تەنها 25 هەزار فەرمانبەر زیادی کردووە لە ساڵی 2010 کە 625 هەزار فەرمانبەر بووە، بەڵام پۆینت 849، بەڵام لە 2011 بووە بە 650 هەزار، ئێمە بابێکی ترمان هەیە کە 3 ڤات زیادی کردووە ئەبێ لە مووچەکەش وەکو خزمەتگوزاری و ئیعانات (منح و منافع الاجتماعی و مصروفات اخری) مەوجوداتی غەیری مالی کە ئەمە هەمووی دەکاتە (ترلیۆنێك و حەوت سەد و نۆ ملیار و حەوت سەد و هەشتا و نۆ ملیۆن) داوا دەکەم ئەمە لابرێ و بخرێتە سەر مووچە کە تۆڕی کۆمەڵایەتی زیاد بکرێت، هەروەها لەو پارە هەر یەك لەو بابانە دوو ڤات زیادی کردووە بە بێ ئەوەی سەبەبێکی مەعقول و لۆژیکی هەبێ، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان ئەگەر بێینە سەر ئەوەی کە باسی عجزی ئەم ساڵ بکەین کە لە وەزارەت بە بڕی (ترلیۆنێك و پێنج سەد و پەنجا و چوارملیۆن و دوو سەد ملیار و نەوەد و شەش ملیۆنە) بەڵام لێرە سیاسەتی حکومەتی هەرێمی دیار نیە، نەگەڕاوەتەوە بۆ حساباتی ختامی بۆ ئەوەی بتوانێ ئەو عجزەی کە لە ساڵی 2009 کە بەبڕی (حەوت سەد و یەك ملیار و حەوت سەد و پانزە ملیۆن) نەیتوانیوە پڕی بکاتەوە، هیچ پلانێکی نیە ئەمە تووشی ئینهیارێکی ئیقتسادمان دەکات بۆ ساڵانی داهاتوو، ئەگەر بێین باسی دوو وەزارەت بکەین کە یەکێکیان وەزارەتی تەندروستیە کە لە ئاستێکی زۆر زۆر لاواز و خراپ دایە، لە کۆی 44 پرۆژە 22 پرۆژەی خەرجی بۆ کراوە بۆ 2011 نەکراوە، وەزارەتی تەندروستی یەکێکی لەو وەزارەتانەی کە داهاتی تەندروستی بۆ خۆیەتی، بۆیە من لێرە داوا ئەکەم داهاتی وەزارەتی تەندروستی کە (حەوت ملیار و نۆسەد و بیست و شەش ملیۆنە ئەمە بخرێتە سەر زیاد کردنی مووچە و دەرماڵەی کارمەندانی تەندروستی و پزیشکان بەبێ جیاوازی لەبەرئەوەی تا ئێستا جیاوازی هەیە لەبەینی کارمەندێکی تەندروستی لە مەرکەز سحییێکەوە لە خەستەخانەیەکەوە بۆ یەکێکی تر، ئینجازی وەزارەتی تەندروستی لەم ساڵە تەنها بنکەی تەندروستی لە جۆری سی بووە کەلە ئیبراهیم احمد هەبووە، من باسی وەزارەتی تەندروستیش دەکەم کە تەنها خۆی دەبینێتەوە لە تەعمیر کردن و دروست کردنی بنکە تەندروستیەکان، یەکێك لەو بنکە تەندروستیانە کە بنکەی تەندروستی بازیانە کە دوو جار پارەی بۆ تەرخان کراوە لە پەرەپێدان و پرۆژە پێشنیارە بەردەوامەکان کە دوو سەد ملیۆن بووە، ئێستاش تازە دراوەتەوە بە کۆمپانیایەکی تر، پرۆژەی دروست کردنی خانووی کارمەند لە گوندی فەقیران لە سلێمانی تەسەلسولی 32 کە 60 ملیۆنی تری بۆ تەرخان کراوە، سێ جار هاتووە، ئەم وەزارەتە هەتا ئێستا نازانین وەزارەت کەرتی حکومەت بە چ سیستمێك ئیش دەکات، سیاسەت چیە و کەرتی تایبەتە یان حکومیە، من لێرە یەك نموونەم هەیە کە وەزیری تەندروستی لە 2010/9/21 گرێبەستێکی ئیمزا کردووە بە بڕی (پێنج ملیار و شەش سەد و نەوەد و پێنج ملیۆن و حەوت سەد و نەوە و نۆ هەزار) تەرخان کراوە بۆ خەستەخانەی خێرخوازی پار کە ئەمە خێرخوازیە ناوی بەناوی خۆیەتی، داوا دەکەم ئەم پارەیە لە هیچ لستێك دا نیە لە پرۆژەکانی وەزارەتی تەندروستی بگەڕێتەوە سەر بودجەی وەزارەتی تەندروستی و لێ پرسینەوە بکرێت لەگەڵ وەزیری

تەندروستی بە چ یاسایەك ئەمەی کردووە، کە لە ڕاپۆرتی لیژنەی دارایی هاتووە هەتا ئێستا کەرتی تایبەت یاسای نیە دەعم بکرێت، وەزارەتی تەندروستی تا ئێستا پاریش باسمان کرد، وەزارەتی پێشمەرگە لەسەر ئەوە پرۆژە دابین دەکات کە ئەویش تەواوکاری نەخۆشخانەی شۆرشە دابین کردنی .......... .

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

تکایە باسی میزانیە و مەشروعەکە بکە، تەقیمی وەزارەتەکان لە شوێنێکی ترە، ئێستا ڕاپۆرتەکە چیت لەسەری هەیە باسی ئەوە بکە، پەریهان خان فەرموو.

**بەڕێز پەریهان قوبلای محمد علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

چوار خەستەخانەمان هەیە کە سەد قەرەوێلەیی بەشی چاندنی لەش ئەمانە نەخراونەتەوە بەشی هەشتا قەرەویلەیی شێرپەنجە کە خۆپاراستنی پزیشکی داوەری ئەمانە پارەیان بۆ تەرخان کراوە نەخراوەتەوە جێ بەجێ کردنەوە، من لێرە پێشنیار دەکەم، هەروەها خەستەخانەی 400 قەرەوێلەیی کە جارێکی تر (چل و حەوت ملیار و چوار سەد و بیست و حەوت ملیۆن)ی بۆ دانراوە، داوا دەکەم ئەم هەموو پارانە بگەڕێتەوە سەر وەزارەتی تەندروستی جارێکی تر ئەم بودجەیە بگەڕێتەوە بۆ ئەوەی بە پێشنیاری ئەندامانی پەرلەمان لەگەڵ ڕاپۆرتی لیژنەی دارایی چاك بکرێتەوە و داوا دەکەم، پێشنیار دەکەم کە خەستەخانەی تر لەم پرۆژە حەل کراوەکان یان ئەوانەی کە نەماوەدروست بکرێتەوە و کردنەوەی سەنتەری تایەبەت بە عیلاجی ئیدمان، مەرکەزی بحوس بۆ ئەوەی بتوانێ وەزارەتی تەندروستی لەسەر پێوەری عیلمی پرۆژەکان خۆی پارەی تایبەت بۆ توبی ویقائی، هەروەها کڕینی ئامێر بچێتە سەر سیلەع و خەدەمات لەبەرئەوەی (دە ملیار و سێ سەد و پەنجا ملیۆن کە تەنها سیلەع و خەدەماتی وەزارەتی تەندروستی یە و مەنافعی ئیجتماعی (پێنج ملیار و چوار سەد و پەنجا لابرێ و بخرێتە سەر پرۆژەکان بۆ دروست کردنی خەستەخانەی تایبەت بۆ شەلەلی دەماغ و کەم ئەندام و ئۆتیزم، بێجگە لەو (دوو سەد و پەنجا و هەشت ملیارەی کە دانراوە لە ڕاپۆرتی وەزارەتی دارایی ئەوە زۆر کەمە داوا ئەکەم زیاد بکرێت، هەروەها لەو پارانە زۆربەی قەزاکان پرۆژەیان بۆ دەرنەکەوتووە، وەکو قەزای کفری داوا دەکەم چاوێکی پیا بخشێندرێتەوە، بە نیسبەت وەزارەتی ڕۆشنبیریەوە شەش پرۆژەی هەیە و هیچی نەکراوە و خەرجی 2010 ی سفرە، بەڵام شەش ملیاری زیاتری داوا کردووە بۆ خەرجی 2011 و هیچ هینێکی تەرخان نەکردووە بۆ ئاسەوار، لە ئیستمارەی ئیعدادی موازەنەی جاری دا ئێمە نەفەقاتی ئیعماریمان هەیە بەبڕی (دوو ملیار و چوار سەد و شەست و دوو ملیۆن) ئەمە لابرێ، لەبەرئەوەی ئێمە ئێستا هەتا ئێستا تەلەفزیۆنێکی وەتەنی و نیشتمانیمان نیە و هەمووی عاید بە ئەحزابە، هەروەها داوا دەکەم تەئمینی حەیاتی حەوادس و ئەعمالی ئیزافی چیە، (حەڤدە ملیار و سێ سەد و حەفتا و نۆی بۆ تەرخان کراوەو موخەسەساتی خاسە، سێ ملیار و هەشت سەد و شەست و پێنج) مەجالاتی، هەروەها داوا دەکەم کە لەوازمی ئوخرا حەڤدە ملیارو پێنج و سەد و بیست و حەوت ملیۆن لابرێ و موخەسەسات و نەفەقاتی

ئیفاد (بیست و چوار ملیار و هەشت سەد و هەشتا و هەشت ملیۆنە) ئەمەکەم بکرێتەوەو بکرێتە 95٪ کەم بکرێتەوە هەروەها داوا دەکەم ئیجاری مەبانی کە ئیجارات ئوخرا هەیە بڕی (دوو سەد و چواردە ملیۆنە) هەروەها تەنزیفات ئوخرا هەیە ئێمە کارگوزارمان هەیە لە خەستەخانەکان لە هەموو شوێنەیکان کە بۆچی ئەمە بمێنێ؟، زیافە و وفود و عیلاقات عامە، ئێمە پێویستمان بەوە نیە 20 ملیار و نۆسەد و هەشتا و یەك، ئەمە کەم بکرێتەوە، تەنزیفی دەوائیر (بیست ملیار و دوو سەد و چل و حەوت) دەکات، سیانە (سەد و حەفتا ملیار) هەموو دەوائیرێك سیانەی خۆی هەیە،.......... .

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ببورە وەختت زیاد برد، داوای لێ بوردن دەکەم لێرەوە مەشغوڵ بووین، کاك حمە سعید، کاك حمە سعید دەقیقەیەك، ئاشتی خان کەرەمکە ئەو هەڵەیەی کە فەرموو بووت چاکی کەرەوە، بۆ ئەوەی لە پرۆتۆکۆڵ ئەم دوو ژمارەیەی ئاشتی خان بە هەڵە باسی کردبوو لابدرێ و ئێستا حەقیقەتەکەی خۆی باس دەکات، ئاشتی خان فەرموو.

**بەڕێز ئاشتی عزیز صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لە تێبینی کردنم لە پرۆژەی ئاوەدانکردنەوە و پلاندانان لە پارێزگای هەولێردا نۆژەنکردنەوەی باخچەیەك بەبڕی (یەك ملیار دینار دانراوە لەبەرامبەر دا دروست کردنی سێ باخچە لە هەمان پارێزگایا نزیکەی یەك ملیار دیناری بۆ دانراوە بۆیە من بەراوردەکەم ئەوە بوو کە نۆژەنکردنەوەیەك لەبەرامبەر دروست کردنی سێ باخچەدا دوو ڕەنووسی جیاوازە بەرامبەر بەیەکتری من ئاماژەم کرد بە دوو بە یەك، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك حمە سعید فەرموو.

**بەڕێز حمە سعید حمە علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خوا، سەرەتا دەست خۆشی لەهەموو لایەك دەکەم، بەڕاستی چەند مەسەلەیەك هەیە زۆربەی پەرلەمانتاران باسی دەکەن و پاریش باسکراوە کە دواکەتنی بودجەی خیتامی و ڕاپۆرتی شەش مانگ کە ئەمانە بە پێی یاسا و بە پێی لائیحە پێچەوانەن ماددەی 26 ساڵی 2010 و یاسای ئیدارەی مالی و رەقابی ژمارە 95ی ساڵی 2004 و ئەمانە هەمووی کە دەبێ لە 4/15 دا تەواو بن نەکراوە، ئەوە هیواداریین جوابێکی موقنع و جوابێکی عیلمیمان بدرێتەوە، سەبارەت بە ڕاپۆرتی دارایی من پێموایە ئەم ڕاپۆرتە زیاتر ئینشائیە و زیاتر عەرزی ئەرقامی کردووە، نەك هاتبێت دەستی خست بێتە سەر دیاری کردنی

سیاسەتی دارایی حکومەت تێیدا و ئایا کێشە بنەڕەتیەکانی ئەمڕۆی هەرێم چیە بەشێوەیەکی واقعی دەست نیشان بکرێ و بە شێوەیەکی علمی و ئەکادیمی لە ڕاپۆرتەکە چارەسەری بکرێت، بۆ گرنگی دان بە کام سێکتەر و گرنگی دان لەسەر ئەساسی داتا و ئامار بەشێوەیەکی زانستی کام سێکتەر ئەولەویەتی پێ دەدات ئایا نەهێشتنی هەژاری و بێ کاری، بووژانەوەی ژێرخانی ئابووری گرنگی دان بە کەرتی کشتوکاڵ و گوندەکان و ئاوەدانکردنەوە، پەرەپێدانی و گەشەدان بە ئابووری، هەرێم و زیاد کردنی سەرچاوەکانی داهات کە دەبووایە لەم ڕاپۆرتە دا بە شێوەیەك لە شێوەکان دەست نیشان بکرایە، دیسان لە ڕاپۆرتەکەدا باس لەوە دەکات کە 10٪ ی داهات لە بودجەی عیراقی فیدراڵە کە پێموایە وا نیە وەکو لەڕاپۆرتی لیژنەی دارایش هەیە ئاماژەی پێ کراوە، باس لەوە دەکرێت کە ئاگاداری هیچ یەکێك لەو خاڵانە نیە و دواتریش دەڵێ نوێنەرمان لە عیراق ئامادە بووە و هەروەها داهاتی حکومەتی هەرێم بە پێی خەمڵاندنی عیراقی فیدراڵ بە 5 ترلیۆن و 495 ملیارە و بە پێی خەملاندنی هەرێم (سێ سەد و نەوەد و هەشت ملیارە) ئایا ئەو جیاوازیە لەچیەوە سەرچاوەی گرتووە و هۆکارەکەی چیە بەو شێوەیە خەملێنەدراوە؟ خاڵێکی تر لە ڕاپۆرتەکەدا دوو داهاتی خەملاندووە کە بەڕاستی ئەو داهاتە کە باسی باجەکان و باسی داهاتی جۆراو جۆر دەکات و فرۆشتنی هەبووە نادارابیەکان کە من پێموایە ئەو داهاتە جیاوازی هەیە لەگەڵ خشتەیەکی تردا کە بە پێی ڕاپۆرتەکەی خۆیان لە ڕاپۆرتی کۆتایی دا لاپەڕەی 8 و لاپەڕەی 9 خەملاندنێك بۆ شمەك و خزمەتگوزاری کە ئەمە مەسەلەیەکی زۆر گرنگە سێ خشتەیان داناوە بۆ خۆیان وەزارەتی دارایی بە پێی ڕاپۆرتەکەو بە پێی خشتەکان جیاوازیەك لە ژمارەکاندا هەیە، مولاحەزەی یەکەم ئەگەر تێبینی بکەن، مولاحەزەی دووەمم ئەوەیە کە لە شمەك و خزمەتگوزاری بۆ پار ساڵی 2010 (هەشت ملیار و هەشت سەد و سی و هەشت ملیار) بووە بۆ ئەمساڵ بووە بە( ترلیۆنێك و شەش سەد و نەوەد و نۆ) کە ئەوە دوو قاتە بەڕاستی، پێموایە زۆر زیادی کردووە دوو قات، باربووەکان (سێ سەد و هەشتا و پێنج ملیارە) بۆ ئەم ساڵ بووە بە (هەشتا و پێنج ملیار) یەعنی چوار قات و نیو کەمی کردووە، بەخشین (سێ سەد و حەفتا و چوار ملیارە) دوو قات بووەتەوە و بووە (حەوت سەد و شەست و دوو)، سوودە کۆمەڵاتیەکان (سەد و هەشتا و حەوتە) دیسان دوو قات بووەتەوەو بووە بە دووقات، خەرجیەکان و مەوجوداتی نادارایی فەرقی بە (هەشتا و دوو ملیار و یەکێکیان بە پەنجاو دوو ملیار) ئەمە مولاحەزەیە، هەم غەڵەتی ڕەقەمی تیایە و هەم بەو ڕێژەیەی دوو قات زیاد بوونە یان چوار قات زیادبوونە، پێموایە سەروەت و سامان یان ئەو داراییە لە شوێنێك دا سەرف دەکرێت، خاڵێکی تر ئەگەر لەم خشتەیەی خۆیان دا سەیر بکەی خشتەی دارایی باس لەوە دەکات لە شمەك و باربوو و بەخشین و مەنافعی ئیجتماعی سەرف کردنی بۆ تا 2010/6/30 لە خشتەیەکیان دا کە هاتووە لە ڕاپۆرتی وەزارەتی دارایی دا روبعێکی خەرج کردووە، یەعنی بۆ نموونە لە 366ملیار ، 91 ملیاری خەرج کردووە، 374 ملیار 93 ملیاری خەرج کردووە،لە 187 ملیار 47 ملیاری سەرف کردووە، واتە چارەگێکی خەرج کردووە تا 6/30 کەچی لێرە لە ڕەقەمەکان جیاوازی هەیە، بۆیە ئەگەر بەم شێوە بەراوردە حسابیە ڕەقەمیە بیکەین ئێمە دەتوانین لە بوجەی شمەك و خزمەتگوزاری

باربوو و بەخشین و سوودە کۆمەڵایەتیەکان، مەسروفاتی تر و مەوجوداتی نادارایی بەرێژەی 40٪ ـ 50٪ کەم بکەینەوە کە خۆی (سێ ترلیۆن و شەش سەد ملیار دینارە) بەو رێژەیە کەمی بکەینەوە ئێمە نزیکەی ترلیۆن و نیوێك یان تا دوو ترلیۆن دینارمان دەست دەکەوێ، کە ئەو دەسکەوتە زیادەیە دەتوانین بەکاری بهێنین بۆ پرۆژەکانی وەبەرهێنان بەڕاستی بۆ بواری گەشەدان بە ئابووری و ئاوەدانکردنەوەی گوندەکان و گرنگی دان بە کەرتی کشتوکاڵ و هەروەها زیاد کردنی مووچەی شەهیدان و تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان و گەنجان و یەعنی گرنگی دان بە پرۆژەی گەنجان، کەواتە ئەگەر بە شێوەیەکی واقعی سەیری ئەو داهاتانە بکەین ئەو رێژەیە دەتوانین بگەڕێنینەوە، خاڵێکی تر کە زۆر گرنگە بەڕاستی داهات لە بودجە پێموایە داهات شتێکی زۆر گرنگە لە بودجە، داهاتی شەفاف نیە، دیار نیە و داهاتی وەزارەتەکان کە سەیری ئەم خشتەیە بکەی لە داهاتی وەزارەتەکان دا فەرقێکی زۆر لەبەینی ئەمساڵ و پاردا هەیە، بەشێوەیەکی هەرەمەکی و بەشێوەیەك تەخمین کراوە کە دیار نیە معیارەکەی و زۆر نادیارە، بۆ نموونە لە شوێنێك دا دەڵێ کارەبا (سەدو بیست ملیار) لە شوێنێکی تردا هەر خۆی دەڵێ داهاتی کارەبا (سەد و پەنجاو یەك ملیارە) وردەکاری زۆر تیایە لەبەر کاتەکە زۆر زۆر کەمە، یەعنی داهاتی وەزارەتەکان، خاڵێکی تر داهاتی نەوت کە ئەم داهاتی نەوتە 122 ملیار و سەدو هەشتا و نۆ ملیۆن دیاری کراوە کە ئەوە فرۆشتنی نەوتی سپیە کە لە حکومەتی فیدراڵەوە بۆمان دێت و ئێمە دەیفرۆشینەوە نەك فرۆشتن، باسی نەوتی خاو و باسی موشتەقاتی نەوتی خاو کە لە پاڵاوگەکانی هەرێم دەردەهێندرێ و لەو شوێنانە دیاری کراوە بە هیچ شێوەیەك باسی نەکراوە کە بە پێی یاساش دێمە سەری دەڵێ دەبێ دیاری بکرێت، مەتارەکان و داهاتی مەتارەکان و داهاتی گومرگ و داهاتی قەرز و مینەحی دەولی کە دەدرێ، ئایا هەیە؟ نیە؟ ئەوە دەبوایە دیاری بکرایە، مینەحی گرێبەستە نەوتیەکان بە هیچ شێوەیەك نەخراوەتە سەر ئەم داهاتە، خاڵێکی تر لە تەخمینی داهاتی 2010 دا سەرکەوتوو نەبوو، چونکە ئەو خەملاندوویەتی بە سێ سەد و چل و هەشت ملیار دینار، بەلام خۆیان بە پێی ئەو راپۆرتەی خۆیان و بە پێی راپۆرتەکەی وەزارەتی دارایی دەڵێ تا 6/30 سێ سەد و شانزە ملیارە، کەواتە بۆ ماوەی 6 مانگ سێ سەد و شانزە بێ و شەش مانگەکەی تر هیچ نەبێ؟ ئەوەندەش بێنین کەواتە دەکاتە نزیکەی حەوت سەد ملیار و ئەو سێ سەد و چل و هەشت ملیاری داناوە، هەندێ یاسا هەیە لە پرۆژە یاسای ساڵی 2010 جێ بەجێ نەکراوە کە زۆر گرنگن، وەك ماددەی 26 بڕگەی 1و 2 کە باسی فرۆشتنی نەوت دەکات، نەوتی خاو و باسی بەخشین لەسەر گرێبەستە نەوتیەکان دەکات کە دەڵێ دەبێ وەزارەتی دارایی خشتەیەك بە پێی داهاتی نەوتی خاو و داهاتی گریبەستە مینحەی بەخشینی گریبەستە نەوتیەکان بنێرێ بۆمان و لە چیشدا سەرف دەکرێ، پەرلەمان موسادەقەی لەسەر بکات.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

نیشتمان خان فەرموو.

**بەڕێز نیشتمان مرشد صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەرەتا پشتگیری لە ڕاپۆرتی دارایی دەکەم، پشتیگری ئەوە دەکەم کە سلفەی زەواج و هاوسەرگیری بکرێت بە 5 ملیۆن دینار، سلفەی عەقار بکرێت بە 20 ملیۆن دینار و هەروەها شار و شارۆچکەکان هەمووی بگرێتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا حکومەت هەوڵ بدات نرخی کەلوپەل لە بازاڕ بەرز نەبێتەوە، داواکارم مووچەی تۆڕی چاودێری کۆمەڵایەتی بکرێت بە سەد و پەنجا هەزار دینار، ئەو ژنانەی کە پیاویان نیە داخل بکرێن و بیانگرێتەوە، پێم باشە بایەخ بدرێت بە بواری پیشەسازی و کشتوکاڵ و هەروەها گەشتوگوزار، پشتیوانی لەوە دەکەم سلفە بۆ فەرمانبەران دابین بکرێت، پشتگیری لەوە دەکەم کە مووچەی پێشمەرگە زیاد بکرێت، چونکە ئەو مووچەیە کە پێشمەرگە وەری دەگرێت بایی هەفتەیەکی ناکات، مووچەی کەم ئەندامانی سەنگەریش لە هەمان کاتدا زیاد بکرێت، زیاد کردن و هاوتا کردنی دەرماڵەی پۆلیس و ئاسایش وەکو بەغدای لێ بکرێت، من وای دەبینم کە ناعەدالەتی هەیە لە بودجە لەسەر ئاستی وەزارەتەکان و پارێزگاکان واتە هەندێ لە وەزارەت بودجەی زۆری بۆ دابین کراوە بەبەراورد لەگەڵ وەزارەتەکانی تر، پێشنیارێکی تریش دەکەم مەبدەئێك پترۆ دۆلار پێویستە پەیڕەو بکرێت لە کوردستان، ئەو شوێنەی کە نەوتی لێ دەردەهێندرێ مافی خۆیانە بەشە بودجەیان بۆ دابین بکرێت، پێشنیار دەکەم ئەو ڕێگا دەرەکیانەی کە لە وەرزی هاوین دا زۆربەی گەشتیارانی لەسەرە و بنکەی فریاکەوتنی تەندروستیان بۆ دابین بکرێت کە ئەوە زۆر زۆر زرورە، پێویستە بودجەی پەرەپێدانی پارێزگاکان جیا بکرابایەوە لە بوجەی گشتی، چونکە بودجەی پارێزگاکان دەبێ بە پێی دانیشتوان بێت، من هەندێك تێبینیم هەیە لەسەر پرۆژەکان، هەندێك لە پرۆژەکان ناهەماهەنگی هەیە لە نێوانیان دا بۆ نموونە کۆمەڵێك پرۆژە هەیە لە شەقلاوە و لە سنووری دەورەبەری شەقلا وە کە پێشکەش کراون، بەلام داخل نەکراون، ئەمە بۆ دووەم ساڵ دەچێت کە ئەمە نیگەرانی دروست کردووە لەمەنتیقەکە، یەکەم لەوانە پرۆژەی دابین کردنی زێراب کە زۆر پێویستە لە شەقلاوە هەبێ، کە ئەوە لەڕووی تەندروستیەوە بۆ خەڵکێك هەم باشە کە ئەو زێرابە بەسەر شەقامەکان دا نەڕوات، لەبواری سندوقی نیشتەجێ بوون، چونکە شەقلاوە شوێنێکی سیاحیە و خەڵك ناتوانێ خانوو دروست بکات لە باخەکان، کە هەتا ئێستا سندوقی نیشتەجێ بوون ئەو مەنتیقەی نەگرتووەتەوە، ئەوە زۆر زۆر پێویستە ئو سندوقە چاوێکی پێدابخشێندرێتەوە، ئەو سندوقە لە شەقلاوە جێ بەجێ بکرێت و خەڵکی فەقیر و کەم دەرامەت و ئەوانەی زۆر تێدایە، بۆ ئەوەی لە کرێچیاتی رزگاریان بێ، پێم باشە ئەوە زۆر زۆر ئیهتمامی پێ بدرێت کە ئەوە زۆر زەرورە لە مەنتیقەی ئێمە چاوی پێدا بخشێندرێتەوە، تاوەکو ئێستاش شەقلاوە پارکی نیە کە ئەوە زۆر زەرورە لەناو مەنتیقەی ئێمە کە شوێنێکی سیاحیەو پارکێك هەبێ و بۆ ئەوەی خەڵکەکە بتوانی سەردانی بکات، ئەوە چەندین ساڵە و سێ یەم ساڵە بینایەی شارەوانی پرۆژەی بۆ تەقدیم دەکرێ کە ئەو بینایە لە سێ ژووری بچووك پێك دێت کە شوێنەکەی زۆر ناشیاوە کە داوا دەکەن بینایەیان بۆ نوێ بکرێتەوە، تا ئێستا تەبعەن ئەوەش جێ بەجێ نەکراوە، زۆر پرۆژەی دیکەش پێشکەش کراوە بۆ زەوی کرێچیەکان کە تا ئێستا نیوەی لەو پرۆژانە جێ بەجێ نەکراوە، چەندین جار

لەلایـەن خەڵکـەوە داوامـان لێ ئـەکرێ بـۆ ئـەوەی هـۆڵی بۆنـە ئایینیـەکانیان بـۆ جـێ بـەجێ بکـەین، ئـەو کەسانەی کە تازیەیان هەیە هەموویان لەسەر شەقامەکان دائەنیشن کە ئەمە پرۆژەمان تەقدیم کردووە بـە پارەیەکی زۆر کەمیش ئەوە دەکرێت و تەواو دەبێ، دەبینین ئەو ساڵیش هەر بۆیان جێ بەجێ نەکردوونـە و بۆ ساڵی 2012 یان داناوە، کە داواکارین لە وەزیرە بەڕێزەکان کە ئەوەمان بـۆ بخەنـە بـواری جـێ بـەجێ کردنـەوە، یـەك شـتی تریشـمان هەیـە داواکـارین لـەو 25 هـەزار کەسـەی کـە تـەعین دەکرێـت کـە ئـەوە هەنگاوێکی زۆر باشە، بەڵام بە یەکسانی دابەش بکرێت نەوەکو ئەو جارەش شارەکەمان دیسانەوە بـێ بـەش بێ لەو تەعیناتە و بەشێکی کەمی بۆ دابین بکەن، یەك شتی تر کە بـەڕێز سـەرۆکی پەرلـەمان، لەسـنووری ڕانیە کە خەڵك زۆر پەیوەندی پێوە کردووینە کە دەڵێین هەتا ئێستا لە شارەکەی ئێمە هـیچ پرۆژەیـەکیان بۆ ئێمە نەخستووەتە بواری جێ بـەجێ کردنـەوە کـە ئـەوە زۆر نیگـەرانی لـەو مەنتیقەیـە هەیـە کـە زۆر پرۆژەیـان تەقـدیم کـردووە، زۆر زۆر پێویسـتە لـە جادە و کـۆڵان و ئەوانـە هیچیـان بـۆ ئێمـە جـێ بـەجێ نەکردووە، داواکارین کە ئەوانیش چاوەکیان پێ دابخشێندرێتەوە لە سنووری ڕانیە و زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عماد فەرمووو.

**بەڕێز عماد محمد حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەسەرەتا دەست خۆشی لە لیژنەی دارایی و ئابووری دەکەم بۆ ماندووبونیان لە ئامـادەکردنی ئـەم ڕاپۆرتـە کە کۆمەڵێك تێبینی و پێشنیاری گرنگ تێیدا جێگیر کراون کە دەکرێت ببنە بنەمایەك بۆ گفتوگۆ کردن و پەرلەمان بڕیاری لەسەر بدات، هەروەها پشتگیری هەموو ئەو پێشنیارانە دەکەین کە لەم ڕاپۆرتەدا هاتوون، دیسان پشتگیری لە سیاسەتی دارایی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکەین کە لـەم بودجـەدا پـەیڕەو کـراوە کە بە گرنگی دان بە کۆمەڵێك سەکتەری گرنگ و حەیەوی کـە فعلـەن ڕەنگدانـەوەی حـەز و خواسـتەکانی ئەم هەرێمەیە، لەوانە کارەبا و پەروەردەو خزمەتگوزاری ئاوو ڕێگاوبان و نیشتەجێ بـوون و پەیـدا کردنـی هەلی کار بۆ گەنجان و کەم کردنەوەی ڕێژەی بێ کاری، بەرزکردنەوەی ئاستی بژێوی هاووڵاتیان و تا کۆتایی دیسان زۆر قسە و باس لەسەر زیادبوونی بودجەی وەرگەڕختنی ساڵی 2011 دەکرێت کە لە نێـوان سـاڵی 2009 ـ 2011 زیاتر لە سێ ترۆلیۆن زیاد بووە کە پێویستە حکومەتی هـەرێمی کوردسـتان هـەوڵ بـدات خەرجیـەکانی وەگەڕخسـتن کـەم بکاتـەوە، بـەڵام ئەمـەش دەگەڕێتـەوە بـۆ کۆمـەڵێك هۆکـار کـە لەوانـە زیـادەڕۆیی لـە دامەزرانـدنی فەمانبـەران و کڕینـی سـووتەمەنی بـۆ وێسـتەگەکانی کارەبـا و دابـین کردنـی مووچەو پێداویستیەکانی پێشمەرگە، زیاد کردنی مووچە و دەرماڵە دیسانەوە تـەرخان کردنـی ژمارەیـەك تەخسیسات بۆ کۆمەڵێك بوار لەوانە سندوقی پەرەپێدانی تواناسازی مرۆیـی|، سـندوقی نیشـتەجێ بـوون و پشتیوانی کردنی حزبەکان و پرۆژەی ڕێکخـراوە ناحکومیـەکان و پێـدانی قـەرزی کشـتوکاڵ و پیشەسـازی و

تـەرخان كردنـی پێشـینەی هاوسـەرگیری و زیـاد كردنیـان و پێـدانی قـەرزی خانووبـەرەو زیـاد كردنیـان و تەرخان كردنی تەخسیسات بۆ هەڵمەتی دروست كردنی قوتابخانـەی هاوچـەرخ، تـەرخان كردنـی بودجـەی دامەزراندنی هەشت لیوای تازە و زیاد كردنـی دەرماڵـەی پـۆلیس و ئاسـایش و زیـاد كردنـی یارمـەتی تـۆڕی كۆمەڵایەتی كە ئەمانە هەمووی ئـەو هۆكـارەن كـە وای لێ كـردووە بودجـەی وەگەڕخسـتن بـەرەو زیـادبوون بچێت، سەرەڕای ئـەم هـەموو هۆكارانـە منـیش پشـتگیری ئـەو ڕایـە دەكـەم كـە لەلایـەن لیسـتی كوردسـتانی پێشنیار كراوە بۆ كەمكردنەوەی بودجەی وەگەڕخستنی سـاڵی 2011 بەڕێـژەی 10٪ بـۆ پاڵپشـتی كردنـی ئـەم بوارانــەی كــە ئاماژەیــان پێــدراوە كــە پێویســت ناكــات دووبــارەی بكەمــەوە، ســەبارەت بــە پــرۆژە بەردەوامەكان و پێشنیار كراوەكانی ساڵی 2011 كە ئەوانەی پەیوەندیان بە لیژنەكەمانـەوە هەیـە جێگـای دڵخۆشیە كە بۆ ئەم ساڵ وەزارەتی پلاندانان لـە پـرۆژە بەردەوامـەكانی سـاڵی 2011 دەسـت بـەجێ بـەجێ كردنی دوو بینایەی كۆنترۆڵی جۆری لە سلێمانی و لـە دهـۆك دەكـات، هـەروەها كۆمـەڵێك پـرۆژە لەلایـەن وەزارەتی دارایی و ئابووری جێ بەجێ دەكرێن بە مەرزەكانی سنووری ئیبراهیم خـەلیل و حـاجی ئۆمـەران و باشمـاغ و پـەرویز خـان و مـەرزەكانی تەویڵـە و سـوشمێ و تاكۆتـایی كـە فعلـەن پێویسـتە گرنگـی بـە مەرزەكانی سنووریش بدرێت لە ڕێگای ئەنجامدانی پرۆژەی پێویست، بەڵام دیسانەوە بـۆ زیـاتر گرنگـی دان بە كارەكانی كۆنترۆڵی جۆری و مەرزەكانی سنووری و دەزگا چاودێریەكانی بازاڕ پێشنیاری ، یەك/ دروست كردنـی سـێ تاقیگـەی پێشـكەوتوو لـە هـەر سـێ پارێزگاكـانی هـەرێم دەكـەین بـۆ دەسـتەی پێوانەسـازی و كۆنترۆڵی جۆری، چونكە ڕەوشی پشكنینەكان لە ئاستی پێویست دانیە، بـە كۆمـەڵێك كەلوپـەل و بـەروبووم پشكنین ناكرێن، لەبەر نـەبوونی تاقیگـەی پێشكەوتوو و بـۆ ئـەوەی پـەنا نەبـەین بـۆ كۆمپانیـای فاحسـەی بیـانی بـۆ پشـكنینەكان، دوو/ دروسـت كردنـی تاقیگـە لـە هـەموو مـەرزەكان بـۆ كـارەنتینی كشـتوكاڵ و ڤێتەرنەری و تەندروستی و بیناسازی و كۆنترۆڵی جۆری و بۆ ئەوەی بتوانن بـۆ هەنـدێ كەلوپـەل پشـكنین بكەن كە ئەوانەی پێویستی بە پشكنینی ورد نیە، سێ/ ساڵانە ڕێژەیەك لە داهاتەكانی مەرزەكانی سنووری تـەرخان بكرێت بۆ پاڵپشتی كردنـی ئەنجامـدانی پرۆژەكـان لـە مـەرزەكانی سـنووری، دیسـان لـە پرۆژەكـانی وەبەرهێنانی ساڵی 2010 تێبینی ئەوە دەكرێت كە چەند كەموكوڕی لەخشتەی پرۆژەكان دا دیار بـوو كـە پێویسـتی بەڕوونكردنـەوە هەیـە، لەهـەمان كاتـدا پێشـنیاری تریشـم هەیـە، یـەك/ پـێ دەچـێت خشـتەی پرۆژەكانی وەبەرهێنانی ساڵی 2011 زانیاری زیاتر تێدا دیار بێت، بەبـەراورد لەگـەڵ خشـتەی پرۆژەكـانی ساڵی 2010، بەڵام دیسانەوە هەندێك لەو زانیاریانە پێ دەچێت دروست نەبن، دوو/ تێبینی ئەوە دەكرێت كە كۆمـەڵێك پـرۆژە لەسـەر بنـەمای میزاجیـەتی شەخسـی دانـراوە، بـە پێـی ڕەچاوكردنی حـەز و ویسـتی هاووڵاتیانی ئەو ناوچەیە كە ئەمە وای لێ كردووە ئەو پرۆژانـە ئـەنجام بـدرێن تـەنها كۆمـەڵێك كـەس لێـی سوودمەند دەبن، سێ/ ڕێژەی جێ بەجێ كردنی پرۆژەكان لە ئاستی پێویست نیە و زیاتر لە نیوەی پـرۆژە پێشنیار كراوەكانی ساڵی پێشوو جێ بەجێ نـەكراون كـە هیـوادارین حكومـەتی هـەرێمی میكـانیزمی باشـتر دابنێ بۆ ئەوەی ڕێژەی جێ بەجێ كردن بەرزبكاتەوە، چوار/ پشتگیری پێشنیاری لیژنەی دارایی و ئابووری

دەکەین سەبارەت بە خەرجی ئەو پرۆژانە کە لە 7٪ کەمتری بۆ دانراوە لە کۆی گوژمەی پرۆژەکە، پێشنیار دەکەین ئەگەر ئەو پێشنیارەی بە کەم کردنەوەی 10٪ لە بودجەی وەگەڕخستنی ساڵی 2011 بڕیاری لەسەر درا ئەو گوژمەی کە تەرخان دەکرێت بۆ پشتیوانی پرۆژەکانی وەبەرهێنان دابەش بکرێت لەسەر ئەو پرۆژانەی کە خەرجیان بۆ ساڵی 2011 ، 7٪ کەمترە، بۆ نموونە پرۆژەی ئاوی ئامێدی و ئاکرێ، فرۆکەخانەی دهۆك و سایلۆی بەردەڕەش و کەلار و ڕانیە تا کۆتایی، پێنج/ پشتگیری پێشنیاری لیژنەی دارایی و ئابووری دەکەین بە دابین کردنی یەکەی نیشتەجێ بوون بۆ هاووڵاتیانی خاوەن داهاتی سنووردار و کەم دەرامەت، شەش/ پشتگیری لەڕای زکیە خان دەکەین سەبارەت بە چارەسەرکردنی کێشەی ئاوارەکانی پێش ساڵی 1998 ئەوانەی لە تورکیا و ئێران گەڕانەوە، حەوت/ پێشنیار دەکەم لیژنەیەك پێك بهێندرێت لە لیژنەی دارایی و یاسایی و سەرۆك لیژنەکان بۆ وەرگرتنی هەموو ئەو کەموکوڕیانەی کە لەلایەن ئەندامە بەڕێزەکانی پەرلەمانەوە ئاماژەیان پێدراوە و بە هەماهەنگی لەگەڵ بەڕێزان وەزیری پلاندانان و دارایی و ئابووری، هەشت/ پێشنیار دەکەم سەد ملیار دینار تەرخان بکرێت لەو کەم کردنەوەی کە پێشنیار کراوە لەلایەن لیستی کوردستانیەوە لە بودجەی وەگەڕخستنی ساڵی 2011 کە ئەگەر پەسەند کرا لەلایەن پەرلەمانی کوردستانەوە بۆ ئەنجامدانی پرۆژە خزمەتگوزاریەکانی زیاتر بەو ناوچانەی سنووری کە تووشی هەڵمەتەکانی ئەنفال و جینۆساید بوون.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك برهان فەرموو.

**بەڕێز برهان رشید حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من تەعقیبم لەسەر ئەو ڕاپۆرتە بەم شێوەیەیە، یەکەم/ پێویستە لە 2011/4/15 حساباتی ختیمانی بێت، بۆ نەهاتووە؟ تاوەکو ئێمە بزانین مدەوەر چەندە کە ڕاپۆرتی لیژنەی یاساییش ئیشارەتی پێی داوە، دوو/ بەڕێز حساباتی مدەوەرەی ساڵی 2010 کە پێویستە بخرێتە سەر داهاتی 2011 دواتر تەوزیع بکرێتەوە بۆ خەرج کردن دیار نیە، حسابی میزانیەی مدەورەی 2009 یش نەخرایە سەر بودجەی 2010 ئەو پارانە لە کوێنە؟ بۆ نموونە 704 ملیار زائیدەن 304 ملیاری پرۆژەکان سەرف نەکراوە، لەگەڵ پارەی 1600 خانووی شەهیدان لەگەڵ 60٪ ی تواناسازی لاوان کە 120 ملیار دینار بووە، لەگەڵ 10 ملیاری وەرزش ، هەندێکیان کەلە لاپەڕە 48 ی ڕاپۆرتەکەی لیژنەی دارایی دا هاتووە، لە 2395 پرۆژە بڕی (سێ سەد و بیستی) یەك دیناری تیا سەرف نەکراوە ئەو پارانە لە کوێن و بۆ کوێ چووە؟ سێیەم/ بەڕاستی کە ئەمەش ژیانی خەڵکە پێویستە بگەڕێتەوە سەر ئیراداتی ئەمساڵ و دیسانەوە تەوزیعی بکەینەوە کە بە کورت هێنان لە بودجە نیە، بەڵکو زۆر زۆر زیادیش دەکات ئەگەر ئەمەی بۆ بگێڕینەوە، سێیەم/ لەڕاپۆرتی بەڕێز وەزیری دارایی داهاتووە وەزارەتی پێشمەرگە باس نەکراوە لە تەرخان کردنی بودجەی 2011 پاڵپشت بە قانونی بودجەی عیراقی فیدڕاڵی ماددەی 14 بڕگەی 5 لەساڵانی ڕابردوو

هەموار كرا بەمەرجێك وەك پێشینە بـدرێت تـا كـاتی ڕێككـەوتن لەسـەر ئـەم بابەتـە، كەچـی لـە بودجـەدا پارەی بۆ تەخسیس كراوەتەوە، چوار/ ڕاپۆرتەكە ئاماژەی بە تەنفیزی یاسـای ڕاژەی پێشـمەرگە نـەداوە كـە پێویستە مەعاشیان هاوتای عیراق بێت، سەرەڕای ئەوەی لەماددەی 24 دا لـە یاسـای ژمـارە 1 سـاڵی 2010 زیادمان كردووە بـە سـێ بڕگـە پێویسـتە مەعاشـی پـۆلیس و پێشـمەرگە و ئاسـایش چـاك بكـرێ، سـەرەڕای ئەوەی ئیعلان كرا 19 خاڵەكەی ئیتلافی لیستە كوردستانیەكان كە چوونە پـاڵ حكومـەتی مالكیـەوە ئیمـزا كراوە لەلایـەن مالكیـەوە كـە بـە پێـی یـەكێك لـە خاڵـەكان دەبـێ بودجـەی پێشـمەرگە و هێزەكـان بێتـەوە، پێنجـەم/ بەڕاسـتی ئـەو پارانـەی بـۆ زراعـەت و صـناعە و سـحەتی تەنـدروسـتی خـەڵك تەخسـیس كـراوە زۆركەمە، پێویستە چاك بكرێت، كـە پێویسـتە لـە غـەیری مووچـە بودجـەی تەشغیلی ئەگـەر 50٪ كـەم بكرێتەوە (یەك ترلیۆن و حەوت سەد و نەوەد و نۆ ملیار و حەوت سـەد و هەشـتا و حـەوت ملیـۆن دینـار) دەكات، شەشەم/ بۆیە چاككردنی تەخسیسـی پـارەی صـناعەت و زراعـەت و سـحەت داواكـارین لـەو بـابی لـە غەیری مووچە 50٪ كەم بكرێتەوە، حەوتەم/ لە تەقریرەكـە پـارەی پـترۆ دۆلار واز‌ح نیـە چـەندە؟ حەقـە ڕوون بكرێتـەوە هەشـتەم/ پـارەی فرۆشـتنی نـەوت وازح نیـە چـەندە؟ پێویسـتە دیـار بكرێـت نۆیـەم/ لـە تەقریرەكەدا باسی داهاتی فرۆكەخانەی هەولێر و سلێمانی و مەصفای نـەوتی بازیـان و خـەبات و كارەبـا و ئـاو و ڕەسمـی دادگـاو ڕەسمـی مـرور و رسـوماتی تـاپۆ و گـومرگ و زەریبـەی دەخـل و زەریبـەی عـەقار بـە خشتەیەكی موفەسەڵ هی هەر سێ پارێزگا نەهاتووە و دیار نیە، لەكاتێك دا تەنها موشـتەریەكی كارەبـا بـە پێـی تەسـریحێكی وەزیـری كارەبـا 850 هـەزار كەسـە، ساڵانە داهـاتی كارەبـا نزیكـەی 300 ملیـار دینـارە لەكاتێك دا بودجەی ئەمساڵ هـەمووی بـە 400 ملیـار دینـار تـەخمین كـراوە، دەیـەم/ بۆچـی بـۆ تـەعینی نزیكەی 25 هەزار موزەف بـڕی نزیكـەی 2 ترلیـۆن دینـار لـە بودجـەی تەشـغیلی دا زیـاد كـراوە كـە ئەمـە ڕەقەمێكی تا بڵێی خەیاڵیە نازانین ئەو پارەیە چیە و بۆ كوێ؟ ڕوونكردنـەوەمان بـدرێتێ یـانزە/دەربـارەی مەجلسی قەزا ئاماژە بەوە نەكراوە كە پێویستە پارەی زیاتریان بـۆ تەخسـیس بكرێـت، لەبەرئـەوەی ئـەوان پێویسـتیان بـەوە هەیـە هەرچـی حاكمـە وەكـو وڵاتـانی دنیـا خانوویـان بـۆ دروسـت بكرێـت ئاواتـەخوازین مەجلسی قەزا دروستی بكات، هەروەها پێویستمان بە زیـاد لـە 200 حـاكمی تـر هەیـە بـۆ ئەمسـاڵ تـەعین بكرێت، حاكم و نائیب مودەعی عام، دوانزە/ تەخسیس كردنی 125 ملیار دینار بـۆ دەسـتەی وەبـەرهێنان بۆ چیە؟ بابی سەرفەكەی چیە؟ ڕوونكردنـەوەمان بـدرێتێ، كـە تەقریرەكـە ئامـاژەی پـێ نـەداوە؟ سیانزە/ 250 ملیار دینار بۆ سندوقی ئیسكان چۆن سەرف دەكرێت؟ ئەگەر ئەمە بۆ ئەوان ڕوون بكەنـەوە چـەندی بۆ سووی بانك دەچێ و چەندی بە قەرز دەدرێ بۆ خەڵكی؟ چواردە/ باسـی تەخسیسـی پـارە بـۆ سـەنتەری رۆشنبیری و ڕێكخراوی تریـان، كـێن ئـەو سـەنتەرانە؟ پـانزە/ باسـی تەخسیسـی پـارە كـراوە بـۆ كۆمپانیـای دڵنیایی، چەند ساڵە بۆی تەخسیس دەكرێت و یەك دینار بەیەك كەس نەدراوە؟ شـانزە/ باسـی تەخسیسـی پارە كراوە بۆ زەمانی و عەمەل، پارەی زەمانی عەمەل تا ئێستا چەند ساڵە پـارەی بـۆ تەخسـیس دەكـرێ و بە چ كرێكارو شاگردێك لەم هەرێمەدا بەكەس نەدراوە؟ حەڤدە/ پارەی بودجەی ئەقالیم لـە مەركەزەوەیـە

بۆچی خراوەتە سەر بودجەی هەرێم؟ لیژنەی یاساییش لە لاپەڕەی 34 دا تەئیدی ئەوەی کردووە کە جیابکرێتەوە و بدرێتە دەست ئەنجومەنەکان خۆیان، هەروەها لە یاسای بودجەی عیراقیش دا لە بابێکی سەربەخۆدا لە ماددەیەکی سەربەخۆ دا کە باس لە ناردنی ئەو پارانە دەکرێت ئالیەتی سەرفی دیاری کردووە، پێویست ناکات ئەو هینە بەو شێوەیە؟، من پرسیارەکەم بەو شێوەیە من پرسیار و تەعقیبەکانم تەسلیمی بەڕێز وەزیری دارایی دەکەم، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت دەست خۆش، کاك گۆران فەرموو.

**بەڕێز گۆران ئازاد محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەرەتا من لەلایەنە باشەکانی بودجەوە دەست پێ دەکەم کە ئەم بودجەیە شەفافیەتی وازحی تیایە بە گوێرەی ڕاپۆرتی لیژنەی دارایی لەلاپەڕە 3 دا کە 10 هاوپێچ لەگەڵ ئەم یاسایە هاتووەتە پەرلەمانی کوردستان کە هەموو وردەکاریەکی تێدایە و لە ئەنتەرنێت دا بلاَو کراوەتەوە، سەبارەت بە دواکەوتنی بودجە کە زۆر ئاماژەی پێ درا ئەوەی بۆمان دەرکەوت کەوا بودجە لەسەرەتای ساڵەوە ئامادە کراوە بەو پێیەی لە دوای پەسەند کردنی بودجەی عیراق بە 10 ڕۆژ بودجە گەیشتووەتە پەرلەمانی کوردستان لە 3/8 ەوە، کە ئەمەش ئەوە دەسەلمێنێ ئێمە گرفتمان هەیە لەگەڵ پەسەند کردنی بودجە بەستراوەتەوە بە پەسەند کردنی بودجەی عیراقی، بۆیە وەك هاوکارەکانم ئەو پێشنیارە دەکەم کەوا ئەگەر لەڕووی دارایی و ئیداریەوە گونجاوە سەنەی مالی بگۆڕدرێت، جگە لەوەش بەشێك لە دواکەوتنی بودجە من دەیگەڕێنمەوە بۆ پەرلەمانی کوردستان کە لە 3/8 ەوە تاوەکو ئێستا پێموایە زەمەنێکی زۆرە لە پەرلەمان ماوەتەوە، دێمە سەر وردەکاری بودجە، لەڕاپۆرتی لیژنەی یاسایی کە باسی زیادکردنی دەرماڵەی دەرچوونی یاسا کراوە مەبەستمان زیاد کردن نیە، بەڵکو مەبەستمان یەکسان کردنە، چونکە حکومەت لە 3/28 بە فەرمانی ژمارە 25/32 فەرمانێکی دەرکردووە بە سێ بڕ دەرماڵەی دەرچووانی یاسایی زیاد کردووە، کە من پێموایە ئەم فەرمانە خۆی لە خۆی دا موخالفە، چونکە یەکەمیان/ بودجە پەسەند نەکراوە بە چ پێوەرێك موخەسەسات زیاد دەکات؟ دووەمیان/ مەجلسی قەزا بودجەی موستەقلی خۆی هەیەو نەدەکرا بەو فەرمانە زیادی بکات، بەڵکو خۆیان دەبوایە زیادی بکەن، سێیەمیان/ لەناو وەزارەتی عەدل دا بەشێکی گرتووەتەوە و بەشێکی نەگرتووەتەوە وەك سەرۆکایەتی و داواکاری گشتی و سەرپەرشتیاری دادی ئەوانەی گرتووەتەوەو لە موزەف هەتاوەکو دەرچووانی یاسا، بەلاَم لەناو بابلێین تاپۆ و ئەوانە دەرچووانی یاسا 30٪ یان بۆ زیاد کراوە، بۆیە داواکارم هەمووی یەکسان بکرێت ئەو بڕە لەکاتێك دا بودجەی وەزارەتی داد پەنجا ملیار بووە ساڵی پار و تەنها 30 ملیاری سەرف کردووە، پشتگیری زیادکردنی سولفەی زەواج دەکەم بۆ پێنج ملیۆن، بەلاَم ئەوەی گرنگە لێرەدا من لەوەدا ئاماژەی پێ بدەم ئێمە لە کۆتایی پەسەند کردنی ئەم یاسایەدا ماددەیەك دادەنێین کە دەڵێین ئەم یاسایە لە 2011/1/1 وە جێ بەجێ دەبێت، بەلاَم ئێمە پرۆژەی زیاد

کردنی سولفەی زەواجمان لە 6/29 لەپەرلەمانی کوردستان خوێندنەوەی یەکەممان بۆ کردووە، بەگوێرەی دوو ڕێنمایی دارایی ژمارە 33 ی هەولێر و 8ی سلێمانی کە لە مانگی 8ی 2007 دەرچووە و دەڵێ سولفەی زەواج دەدرێـت بـەو کەسـانەی کـە داوای پێشـکەش کردنـی سـلفەکەیان کـردووە و مێـژووی عەقـدی زەواجەکەیان ساڵێکی بەسەردا تێ نەپەڕیوە، بۆیە من پێشنیار دەکەم وەزارەتی دارایی لە پێدانی ئەم سولفەیە ڕێنمایی خۆی کار پێ بکات، چونکە دەیەها گەنج هەیە لەو ڕۆژەی خوێندنەوەی یەکەم بۆ پرۆژە یاسای سلفەی زەواج کراوە وەری نەگرتووە، پشتگیری پێشنیارەکانی لیستی کوردستانی دەکەم لە زیاد کردنی دەرماڵەی پۆلیس و ئاسایش و زیاد کردنی پارەی تۆڕی چاودێری کۆمەڵایەتی و لەگەڵ زیاد کردنی سلفەی عەقار بۆ 20 ملیۆن، بەڵام پێویستە ئەمە لەچاو سەد مەتری کە چەند ساڵە ئێمە باسی دەکەین پێی بدرێ و بە تایبەتی لە قەزاکان پێدانی پارە بە مەسەلەی سەد مەتری زۆر زۆر زەرورە، جگە لەوەی کە ساڵی پار قسە لەسەر ئەوە کرا کە 7500 دۆلار دەدرێت بە لادێکان، بەڵام تا ئێستا ئەم پرسە یەکلا نەکراوەتەوە، ئەگەر پێیان دەدرێت زەرورە بۆیان سەرف بکرێت، ئەگەر نا ئەم پرسە بە هەڵواسراوی نەمێنێتەوە، بودجەی پەرەپێدانی پارێزگاکان کە لەناو پرۆژەی بودجەی گشتی دا هاتووە پێموایە ئەمە ئەگەر حکومەت بەدیویێکدا مەبەستی ئەوە بێت بۆ زیاتر دەرخستنی شەفافیەتی بودجە بێت، بەڵام بەدیوێك دا پێموایە لە ئامانجی بودجەی پەرەپێدانی پارێزگاکانی کوشتووە، چونکە لەلایەك ئەمە ناچێتە ناو بودجەی عام و لەلایەك دا بودجەی پەرەپێدانی پارێزگاکان بۆ جێ بەجێ کردنی خزمەتگوزاری پەلە و دەست کردنەوەی پارێزگاکاندا، بەڵام وا شەش مانگە ئێمە دەستی پارێزگاکانمان بەستاوەو هەدەفی بودجەی پەرەپێدانی پارێزگاکانمان لێی دوورخستووەتەوە، بودجەی وەزارەتەکان بەشێوەیەکی گشتی ئەگەر سەیری بکەین زیادی کردووە لەکاتێك دا ئەو بودجەیە کە دەچێتە بواری جێ بەجێ کردنەوە تا 7/1 زۆربەی وەزارەتەکان 12/1 ی بودجەکەیان سەرف کردووە و یەعنی وەزارەتی عدل بە نموونە دەهێنمەوە کە ساڵی پار 32 ملیار و 316 ملیۆنی بۆ داندراوە، ئەم ساڵ 276 ملیۆنی بۆ داندراوە، پشتیوانی زیاد کردنی قەرزی بانکی پیشەسازی دەکەم، بەڵام ئێمە ساڵی پار 30 ملیارمان بۆ دانا، بەڵام بە گوێرەی زایانیاریەکان تا ئێستا یەك دینار لەو پارەیە سەرف نەکراوە، جا ئەگەر بەو شێوەیە بێت و بەو ئالیەتە بێ پێموایە زیاد کردنەکە هیچ سوودێکی نابێ و پشتگیری بڕینی 10٪ مووچەی پلە باڵاکان دەکەم بە هەر سێ سەرۆکایەتیەکەی هەرێمی کوردستان وەك ئەوەی لە پرۆژەی بودجە هاتووە، ئێمە بەگوێرەی بڕیاری حکومەت هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکانمان لەپێشە، لە بودجەدا کە پێموایە مەبلەغێکی زۆری دەوێ، بەڵام لە بودجەدا هیچ بابێك و لە هیچ شوێنێك نەمبینیوە ئاماژە بە تەرخان کردنی بڕێك پارە بکرێت بۆ ئەم حاڵەتە، پارەی پترۆ دۆلار کە دەست نیشان کراوە بۆ هەردوو ساڵی 2010 و 2011 بەڵام هیچ ڕوونیەکی تێدا نیە لە چۆنیەتی هاتنی ئەم پارەو چۆنیەتی سەرف کردنی، چونکە بە گوێرەی قانونی بودجەی ساڵی 2010 ئەم پارەیە بۆ پارێزگای مونتیجە، مونتیجی با بڵێین نەفت و غازە، بەڵام من دەپرسم ئایا ئەم پارەیە دەچێتەوە بۆ مونتجی موحافەزەکە یان دەچێتەوە ناو داهاتی گشتی و جارێکی تر

تەوزیع دەكرێتەوە بەسەر هەمووو هەرێمی كوردستاندا؟، پێموایە ئەگەر وابێت لە ئامانجی دانانی پترۆ دۆلار دەكوژێت، چونكە خودی دانانی ئەم پارەیە بۆ ئەو پارێزگایایە كە نەوت و گازی تێدا بەرهەم دەهێندرێ لەڕووی ژینگە و جادە و ڕێگاوبانەوە زەرەرمەند بووە، سەبارەت بە پرۆژەكان دوو، سێ پرسیارم هەیە، یەكەمیان ئەو پارانەی كە تەرخان كراوە بۆ پرۆژەكانی ساڵی 2010 و لە ساڵی 2010 ئەنجام نەدراوە، ئایا ئەو پارەیە بە چ ئاراستەیەك و چۆن مامەڵەی لەگەڵ كراوە؟ نەبوونی لاوازی و هەماهەنگی لەنێوان وەزارەتەكان و وەزارەتی دارایی، یەعنی بە نموونە وەزارەتی سامانە سروشتیەكان یەكێك لە پلانە ستراتیجیەكانی ساڵی دروست كردنی عەمبارێكی نەوت بووە لە شاری كۆیە دا تا هاتنی بودجەش وەزارەتی سامانە سروشتیەكان نەی دەسەلماند كە لەلایەن وەزارەتی پلاندانانەوە ئەم پرۆژەیە داخل نەكرابێ، گومانیان هەبوو، چونكە یەكێك لە كارەكانیان ئەمە تاقە پرۆژەیان بووە، بەڵام دانەنراوە، ئاخر قسەم پرۆژە هەبووە لە ساڵی 2010 دا دانراوەو پارەی بۆ تەرخان كراوە بە نموونە لە زنجیرە 19ی پرۆژەكانی وەزارەتی خوێندنی باڵا دوو بەشی ناوخۆیی بۆ زانكۆی كۆیە داندراوەو پارەشی بۆ تەرخان كراوە، بەڵام ئێستا لەناو پرۆژە بەردەوامەكان و لەناو پرۆژە پێشنیار كراوەكان بوونی نیە و هیوادارم ڕوونكردنەوەم دەست كەوێ و سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێز باسی ئەوە كرا كەلە پەرلەمان زۆر تاخیر بووە، بۆ ئاگاداری جەنابت لە 3/8 پرۆژەكە هاتە پەرلەمان و لەو ڕۆژەی كە لە 3/8 هات ڕاپۆرتی لیژنەی تایبەت بە خۆپیشاندەران موناقەشە دەكرا، پاشان بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەنی وەزیران بۆ ڕۆژی پاشتر هاتە ئێرە، ئیتر عوتڵەكان دەستیان پێ كرد، لە 11 ەوە عوتڵە بوو هەتا تەقریبەن، 11 پشووی هەینی بووەو شەممە 12 بووە و 13 یەك شەممە بووە و پشوو بوو لەبەرئەوەی كەوتە نێوان دوو پشوو، 14 پشووی لەدایك بوونی بارزانی نەمر بوو، سێ شەممە و چوارشەممە كاری یاسایی پەرلەمان بوو و 17 دانیشتنی نائاسایی پەرلەمان بوو و بەردەوام بوون بوو لەسەر خستنە ڕوو و گفتوگۆ كردنی ڕاپۆرتی لیژنەی تایبەت بەخۆپیشاندرەران ، 18 هەینی بوو، 19 شەممە بوو، 21 ـ 26 نەورۆز بوو، 29 ش پرۆژە یاسایەكە خرایە بەرنامەی كار و خوێندرایەوە، بۆ ئاگاداری جەنابت، لێرە زۆر بە یاسایی و زۆر بە هێمنی تەعامل لەگەڵ پرۆژەكان دەكەین كە بۆمان دێن، ئەگەر لیجانەكان تەواو بێ، دێتە بەردەست سەرۆكایەتی پەرلەمان، بۆ ئاگاداری بەڕێزتان، صبیحە خان فەرموو.

**بەڕێز صبیحە احمد مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پێش هەمووو شتێك من بە زەروری دەزانم كە دەست خۆشی لە سەرۆكایەتی پەرلەمان و لیژنەی دارایی و هەر 19 لیژنەكەی پەرلەمان بكەم كە هەموو لایەك پێكەوە توانیان دەورێكی بەرچاو ببینن بەڕەخنە و تێبینی و پێشنیارەكانی خۆیان بۆ لیژنەی دارایی، لیژنەی دارایی بە ماندووبوونێكی زۆرەوە توانی

ڕاپۆرتێکی گشتگیر و هەمەلایەنە و پڕ لە پێشنیاری گرنگ ئامادە بکات، چارەسەری هەندێك کەلێن و کەموکوڕتی بکات کە بەڕاستی جێگەی دەست خۆشی و دڵخۆشیە، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، بودجەی ئەمساڵ هەرچەند لە کات و ساتی خۆی نەگەیشتە پەرلەمانی کوردستان، ئەمە تەئسیرێکی زۆری لەسەر بژێوی ژیانی هاووڵاتیان و بە تایبەتی ئابووری کوردستان دا هەبوو، بەڵام ئەوەی جێگەی داخە کە وەزارەتی دارایی لە ڕاپۆرتی خۆیدا ئیشارەت بەوە دەدات کە ئاگاداری سیاسەتی ئابووری حکومەتی فیدڕاڵ نیە، من پرسیار دەکەم تا کەی دەبێت وەزارەتی دارایی حکومەتی هەرێمی کوردستان ئاگاداری سیاسەتی دارایی و ئابووری حکومەتی فیدڕاڵی عیراق نەبێ و تاکەی ئەم قەرزەیە بەبێ چارەسەر بمێنێتەوە؟ بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، بودجەی ئەمساڵ دەتوانم بڵێم تا حەدێك فەرقی هەیە لەگەڵ بودجەی ساڵی 2010، چونکە بودجەی ئەمساڵ بەڕوونی و بە شەفافی و بەشێوەیەکی زانیستیانە داڕێژراوە، بەڵام سەرەڕای ئەوەش ئەم بودجەیە بەدەرنیە لە کەموکورتی، تەمەنا دەکەم کە هەموو لایەکمان پێکەوە بتوانین لەپەرلەمانی کوردستان شتێکی وا بکەین کە ئەم بودجەیە لەخزمەتی هاووڵاتیانی کوردستان و هەر تاکێکی کوردستان دابێت، بتوانن ئیستفادە لەم بودجەیە بکەن، خاڵی سێیەمم پشتگیری لە پێشنیارەکانی خوشکی بەڕێزم سۆزان خان و کاك دڵشاد دەکەم کە دەبێ بودجەی تەشغیلی 10٪ی کەم بکرێتەوە، لەم ئەبوابانەی خوارەوە سەرف بکرێت کە لە خزمەتی هاووڵاتیانی کوردستاندا بێت، سلفەی زەواج نابێ لە 5 ملیۆن کەمتر بێت وسلفەی عەقار بیست ملیۆن بێت، قەرزی بانکی جوتیاران بکرێتە 75 ملیار، قەرزی بانکی سناعی بکرێتە 75 ملیار، بۆ دروست کردنی قوتابخانەکانی هاوچەرخ 150 ملیۆن تەرخان بکرێت، زیاد کردنی مووچەی فەرمانبەرانی حکومەتی هەرێمی کوردستان وەکو مووچەی فەرمانبەرانی حکومەتی مەرکەزی لێ بێت، ختورە و موخەسەسات و دەرماڵەی هێزەکانی وەزارەتی پێشمەرگە و وەزارەتی ناوخۆ وەکو حکومەتی مەرکەزی لێ بێت، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، خاڵی چوارەم/ کە پێشنیار دەکەم و ئەم پێشنیارەم ئاراستەی لیژنەی دارایی لە پەرلەمانی کوردستان و وەزیری دارایی و وەزیری پلاندانان دەکەم کە لە بودجەی ساڵی 2011 حساب بۆ ئاوارەکانی ئێران بکرێت بە تایبەتی ئەو ئاوارانەی کە لە ساڵی 1974 ئاوارەی ئێران بوونە، لە ساڵی 1991 ـ ساڵی 1998 هیچ حسابیان بۆ نەکراوە، بۆیە داواکارم لە وەزارەتی دارایی و وەزیری پلاندانان کە بۆچی تا ئێستا حساب بۆ ئەم ئاوارانە نەکراوە؟ بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، خاڵی پێنجەم/ پێشنیار دەکەم ئەو مەبلەغەی کە تەرخان کراوە بۆ سندوقی نیشتەجێ بوون بکرێتە دووبەش، بەشێکی تەرخان بکرێت بۆ سندوقی نیشتەجێ بوون و بەشێکی تری تەرخان بکرێت بۆ دروست کردنی شوقە لەلایەن حکومەتەوە بۆ خانەوادەی کەم دەرامەتەکان، هەروەها هەمووومان دەزانین کە لە بودجەی ساڵی 2008 و 2009 لەکاتی کابینەی 5 بەسەرۆکایەتی ڕێزدار کاك نێچیرڤان بارزانی دوو هەزار و دوو سەد خێزان لەو شوقانە موستەفید بوونە، کە بەڕاستی جێگەی دڵخۆشی و دەست خۆشیە، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، پشتگیری لە پێشنیاری لیژنەی داکۆکی کردن لە مافی ژنان و ئافرەتان دەکەم کە بە یەکسانی دامەزراندن بکرێت لەو 25 هەزار میلاکەی کە داندراوە بۆ دامەزراندن کە بۆ هەر وەزارەتێك ڕێژەی

ئافرەت لە 50٪ کەمتر نەبێ، چونکە هەموومان بەچاوی خۆمان دەبینین کە لە دامەزراندن وەکو پێویست حساب بۆ ئافرەتان نەکراوە، بۆیە زۆر جدی پاڵپشتی لەم خاڵە دەکەم و داوا لەبەڕێز حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکەم کە ئەم خاڵە بەجدی وەربگرن و پاڵپشتمان بن بۆ دامەزراندنی ڕێژەی ئافرەتان بەشێوەیەکی یەکسان، چونکە ئافرەت زیاتر هەست بە بەرپرسیاریەتی دەکات و وردبین ترە لەڕاپەڕاندنی ئیش و کارەکانی خۆی، بەڵام هەروەکو لەلای هەموو لایەکمان ئاشکرایە کە لە کۆمەڵگەی ئێمە تاوەکو ئێستا ئەمە بۆ ئافرەتە نەڕەخساوە کە بتوانێ وەکو پێویست لە کەرتی تایبەت ڕۆڵی خۆی ببینێ، بۆیە داواکارم کە هەلی کاری زیاتر بۆ ئافرەت بڕەخسێ، چونکە لە هەموو دنیادا ئەو کۆمەڵگە پێشکەوتوو ترە کە ئافرەت ڕۆڵی خۆی زیاتر تێدا دەبینێ، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان خاڵی شەشەم/ پێشنیار دەکەم کەلەو بودجەیەی کە بۆ پەرەپێدانی پارێزگاکان هاتووە حسابێکی تایبەت بۆ یەکەی ئیداری سەربەخۆی سۆران بکرێتەوە، چونکە تاوەکو ئێستا وەکو پێویست چ لە دانانی پرۆژە یان دەستی ئاوەدانکردنەوە ئیهتمامێکی باش کە لە ئاستی تموحاتی ئێمەدا بێت ئیهتمام بەقەزاکانی سۆران و مێرگەسوور و ڕواندز و چۆمان نەدراوە، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان پرسیارێکم لە وەزیری دارایی هەیە، لە بودجەی ساڵی 2010 مەبلەغی 30 ملیار دینار بۆ بانکی سناعی تەخسیس کرابوو ، بەڵام بەداخەوە کە ئێستا لە موناقەشەی بودجەی ساڵی 2011 داین بە پێی ئەو زانیاریانەی کە بە دەستمان گەیشتووە یەك دینار بۆ ئەم بانکە سەرف نەکراوە، هۆی چیە؟ پرسیارێکی تر لە وەزیری دارایی ئەوەیە کە سلفەی عەقار کە بە قەرز دەدرێتە هاووڵاتیانی کوردستان ئەم قەرزە بە قست لە هاووڵاتیانی کوردستان وەردەگیرێتەوە، ئەم داهاتەی قستی مانگانە کە بۆ حکومەت دەگەڕێتەوە چی بەسەر دێت؟، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان پێشنیار دەکەم کە حکومەتی هەرێمی کوردستان هەنگاوی جدی بهاوێت بۆ نەمانی کێشەی یەکەی نیشتەجێ بوون بۆ بنەماڵەی شەهیدان و ئەنفالکراوان و کە هەر هیچ نەبێ لە کێشەی ئیجار و سەکەن ڕزگاریان بێت، ئیتر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك کاروان فەرموو.

**بەڕێز کاروان صالح احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لەبەشی پێنجەمی ماددەی 14 یەمەوە دەست پێ دەکەم کە بڕی 200 ملیار دینار دیاری کراوە بۆ پشتیوانی حزبەکان و ڕێکخراوە ناحکومیەکان، ئەمە ساڵی 2010 یش بەهەمان شێوە داڕێژرابوو، بەڵام وەك خۆی جێ بەجێ نەکرا، خەرق کرا، بۆیە دەبێت حکومەت ناچار بکرێت بە پێی ئەو پێوەرەی کە دادەندرێ لە یاسایەکە جێ بەجێ بکرێت، بۆیە داوا لە بەڕێز وەزیری دارایی دەکەم ئەو نەوەد ملیارەی لە 2010 دانرابوو بۆ ئەومەبەستە چۆن سەرف کراوە خشتەکەمان بۆ ئاشکرا بکات بۆ پەرلەمانی کوردستان، لەبەشی پێنجەم ماددەی 16 تایبەت بە سندوقی کوردستان بۆ داهاتی نەوت کە دەبێ ساڵی 2007 دامەزرا بێت هیچ ئامارێکی ڕاست و دروست نیە کە تا ئێستا چەند داهاتی وەرگرتووە و ئەو بابەتە زۆر

تەمومژاوی و جێگەی گومانێکی یەکجار گەورەی گەندەڵیە کە لەساڵانی ڕابردوو، حەز دەکەین جەنابی وەزیر ئەوەشمان بۆ ڕوون بکاتەوە، سەبارەت بە ماددەی 20 ەم پێویستە حسابی کۆتایی ساڵی 2010 پێش کارکردن و پەسەند کردنی بودجە پێشکەش بکرێت، نەك لەگەڵ کارپێکردنی یاساکە کە ئەوە جۆرێك لە پەلەپروزەی بە ئیش و کارەکانی بودجەکەوە دیار دەبێت، پشتگیری لە هاوکارنم کوێستان خان و د.پەریهان دەکەم کە پێشینەی خانووبەرە بکرێت بە 30 ملیۆن وەکو عیراقی فیدڕاڵی لێ بێت، سەبارەت بە پێشینەی خانووبەرە یان سندوقی پشتیوانی نیشتمانی جێ بەجێ کردن کە ئاشکرایە مانگانە ئەو قەرزە بەڕێژەیەك لەلایەن هاووڵاتیانی سوودمەندەوە دەگەڕێندرێتەوە بۆ حکومەت، دەبێ ئەمە پرسیاری ئەوە بکەین کە لەبری ئەو قەرزە گەڕاوانە چۆنە و چەندەو چۆن دەکرێت و حکومەت و وەزارەتی دارایی بۆ ئیشارەی بەو برگەیە نەداوە؟ لە زۆربەی برگەکان ئەگەر بە ووردی و بەراورد لەگەڵ خەرجیەکانی ساڵی 2009 و خەرجی ساڵی 2010 هەژمار کراو لەسەر خەرجی تا 2010/6/30 و ساڵی 2011 دەبینین کە نێوانی ساڵانی 2009 و 2010 گونجاون و لەیەکتری نزیکن، بەڵام بۆ ساڵی 2011 دوو قات و چەند قات دانراوە بەبێ بوونی هۆکاری مەعقول بۆ نموونە ئەگەر سەیری برگەکانی موخەسەسات و نەفەقاتی سەفەر و موخەسەات و نەفەقاتی ئیفاد و بەشەکانی تر بکەین، ئەو بەراوردە زۆر بە نامەعقولی هەست پێ دەکرێت، گوژمەی ئەو پارانەی لە پرۆژە بەردەوامەکانی ساڵی 2010 ماونەتەوە یان خەرج نەکراون، یان نەکەوتوونەتە باری جێ بەجێ کردنەوە، خەرج نەکراون، ئایا ئەو پارانە چی لێ هاتووە؟ داوا لە هەردوو وەزارەتی دارایی و پلاندانان دەکەین کە ساغی بکاتەوە ئایا ئەو پارانە گەڕاوەتەوە بۆ کوێ؟ گوژمەکەی چەندە؟ برگەی مینەح و تەحویلاتی ئوخرا کە لە برگەی 1 و2 و 4 و6 و8 برەکەی (دوو سەد و بیست و یەك ملیار و دوو سەد و پەنجاو پێنج ملیۆن دینارە) و یەکێکی لەو برگانە بواری پارە بەخشینەوەی نایاساییە، بۆیە من پێشنیاری ئەوە دەکەم بەڕێزان کەمن کۆمەڵێك بەڵگەم بەدەستەوەیە کە ناوەکان ناهێنم بەس تەنها مەبلەغەکان باس دەکەم، کە لە ڕۆژێك دا بەرپرسێك لە ئەنجومەنی وەزیران زیاتر لە چوار دەفتەر دۆلاری بەخشیوەتەوە بە بیست دۆلار و بیست وەرەقەو سی وەرەقە، ئەو جۆرە بەخشینەوەیە ئەو جۆرە منحە ئەگەر بۆ ئەوە سەرف بکرێت، ئەوە دادپەروەریە لەو حکومەتەدا؟ ئەوە دەکرێت؟ کە تەنها یەك بەرپرس ڕۆژانە ئەوەندە خەرج بکات هەر بەڕێزێکیشتان دەتوانن لەو بەڵگان لە منی وەرگرن سەرۆکایەتی پەرلەمانیشتەوە ئەگەر پێتان خۆش بێ سەیری بکەن، کە لە ڕۆژێکدا بەرپرسێك لە دەزگایەکی وا حەساسی وەکو ئەنجومەنی وەزیران چۆن پارەی خەرج کردووە تا ئێستا؟ ئەوە حاڵەتێکیان، حاڵەتی دووەم دەمەوێ باسی ئەوە بکەم کە برگەی منح و تەحویلات لەبرگەی ئیعانات بۆ کۆمپانیاکانی تر بڕی 10 ملیار دینار دانراوە کە نازانرێ ئەو کۆمپانیایانە کێن؟ لەوەش سەیر تر ئەوەیە ساڵی 2010 تا 6/30 بڕی (چوار سەدو نۆ ملیار و هەشت سەد و هەشتا وهەشت ملیۆن) بۆ هەمان برگە خەرج کراوە، پێویستە وەزارەتی دارایی و وەزارەتی پلاندانان خشتەیەکمان بۆ ڕوون بکەنەوە کە ئەو پارە چۆن خەرج کراوەو ئەو کۆمپانیایانە کێن؟ دێمەوە سەر برگەی هەلی کار و دامەزراندنی ملاکات کە 25 هەزار کەس لە

بودجەی ئەمساڵ کە شوێنی کراوەتەوە بۆ دامەزراندن/ من لەلایەن ئەو حکومەتە بەڕێزەی کابینەی شەشەمەوە کۆمەڵێك بەڵگەم لە دەستە بۆمەسەلەی دامەزراندن ئەگەر دامەزراندن بەو شێوازە بێ کە لەچەند مانگی ڕابردوودا حکومەت پەیڕەوی کردووە و وەکو ئەوەی لەبەردەستمە و ئەوەش دەتوانن هەریەکەتان لەو بەڕێزانە نوسخەم لێ وەربگرن کە دامەزراندن لەو حکومەتەی ئێمەدا دامەزراندنێکی حزبی و خزم خزمێنەییە و تەبەعیەت وتابعیەتە، ئەوە من لەلامە لە خلالی خێزانێك سێ کەس بەیەکەوە......... .

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك کاروان تەقیمی حکومەت دەکەی، یان باسی میزانیە دەکەی چاوەکەم، کاکە مەسەلە پلان نیە تۆ لەسەر میزانیە و لەسەر ڕاپۆرتەکە، ئەوە دەتوانی لە لیژنەکەی خۆت قسە بکەن و هەرچی دەیزانی لەوێ باسی بکە، بەس ئێستا باسی میزانیەکەیە چاوەکەم، فەرموو.

**بەڕێز کاروان صالح احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوانەم گەیاندووەتە حکومەت، لە لیژنەکەی خۆشم باسم کردووە، بەڵام کە حکومەت وەڵامی نەبێ مەجبورم لێرە باسی بکەم بۆ ئەوەی هەموو......... .

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئاخر لێرە مەسەلە بودجەیە، ناکرێت بچیتە بابەتێکی تر، کاك کاروان فەرموو.

**بەڕێز کاروان صالح احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوە پەیوەندی بە بودجەوە هەیە، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، ئەوەی کە من باسم کردووە بە بەڵگەوە قسە دەکەم لەخۆمەوە قسە ناکەم و هیوادارم جەنابیشت دوایی بەدواداچوون لەسەر ئەو پرسانە بکەی. خاڵێکی تر کە دەمەوێ لەسەری زیاتر بوەستم ئەویش ئەوەیە وەکو باسم کرد کە دامەزارندن بەو شێوەیە کراوە هیوادارم ئەو 25 هەزار دامەزراندنەی کە لەم ساڵ لە بودجەی ئەمساڵدا دەکرێت بەو شێوازە نەبێ با جۆرێك لە دادپەروەری تێدا بێت.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك سەردار فەرموو.

**بەڕێز سەردار رشید محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، من دیارە سەرەتا بەخێرهاتنی هەردوو وەزیـری بـەڕێزی دارایـی و پلانـدانان دەکـەم، هـەروەها کـاك ڕشـیدیش، لەوانەیـە هـەر قسـە و باسـێك بچـێتە چوارچـێوەی ئـەوە بەڕاسـتی ئـەو موداخەلاتانەی کە لەسەرجەم برادەران کردوویانە، بەڵام دیـارە ئێمـەش قسـەیەکمان هـەبێ، مـن سـوپاس و دەستخۆشیم بۆ لیژنەی دارایی و ئابووری و سەرجەم لیژنەکان هەیە کە بەڕاستی زۆر دڵسۆزانە کارەکـانی خۆیانیان ڕاپەڕاندووە، ئەو هەڵە کەموکورتایانەی تا ڕادەیەك توانیویانە دەست نیشانی بکەن، مـن سوپاسـم بۆ سەرجەم ئەو براو خوشکانە هەیە کە موداخەلەیان کرد، دیـارە لـە میانـەی موداخەلەکانـدان دڵسۆزی و پەرۆشیەك هەبوو بۆ ئەوەی ئەمساڵ باشترین بودجە پێشکەش بکرێت و ئەوەش پێموایە هـەموو بـرادەران بـەو ئیتیجاهـە و بـە ئیتیجـاهی دڵسـۆزانە لەسـەر مەسـەلەکان قسـەیان هەیـە و سـەرەڕای مـن پشـتگیریم بەڕاستی بۆ ئـەو پێشـنیارانەی کـە فراکسیۆنی کوردسـتانی کردیـان کـە کۆمـەڵێك شـتی بـاش و دەسـکەوتی گرنگـە کـە هیـوادارین سـەرئەنجام پشـتگیری بکـرێن و تەسـبیت ببـێ، لەوانـە دیـارە زیـاد کردنـی پێشـینەی خانووبەرە بۆ $20$ ملیۆن کە پار ساڵ شتێکی لێ زیاد کراو زیادکردنی پێشینەی هاوسەرگیری بۆ $5$ ملیـۆن و زیاد کردنی موچەی تۆڕی پاراستنی خێزان کە ئەوەش بـەڕای مـن شـتێکی زۆر باشـە، مـن پێشـنیار دەکـەم، یەك/ ئەگـەر قـەرارە دروسـت کردنـی یەکـەی نیشـتەجێ بـوون بکرێـت بـۆ کەسـانی کـەم دەرامـەت ئەمانـە ڕەچاو بکرێت بە تایبەتی کرێکارانی کوردستان کە مەحروم ترین چینی کۆمـەڵگان، ڕەچاوی ئـەو ناوچـانە بکرێـت کـە زیـاتر لەسـەردەمانێك دا وێـران بـوون یـاخود زەرەرمەنـدی زیـاتر بـوون، ئـەو شـارانەی وەکـو هەڵەبجە و شـوێنەکانی تـر کـە بەڕاسـتی ئیستسـنایە و بـە تایبـەتی وێـران کـراون، مـەفروزە بـە ئیستسـناو تایبەت ئاوەدان بکرێنەوە و لە دروست کردنی ئەم یەکەی نیشتەجێ بوونە دا بەڕاستی ڕەچاوی ئەو شارانە بکرێت، دیارە وێڕای دەست خۆشیم بۆ ئەو پرۆژانەی کە لەو شارانەدا ئەنجام دراون، گرنگی دان بـە کـەرتی کشـتوکاڵ و دابـین کردنـی بڕێکـی زیـاتر پـارە بـۆ پرۆژەکانیـان و بوژاندنـەوەیان بـۆ ئـەوەی لـەم هـەرێمی کوردستانە کشتوکاڵی زراعی ئێمەدا چی تر بەڕاستی پێویستمان بە میوە و سـەوزەی دەرەوە نـەبێ، گرنگـی تایبەتی بدرێت بە کەرتی تایبەت و هاوتا کردنی ماف و ئیمتیازاتی کەرتی تایبەت لەگـەڵ کـەرتی تایبـەتیا ئەمەش دیارە لەڕێگای جێ بەجێ کردنی یاسای دەستەبەری کۆمەڵایەتیـەوە دەبـێ، حاڵـەتێکیش هەیـە مـن لێرە بەڕاستی دەمەوێ بیخەمە بەرچاو بڕینی ئەو $17\%$ یەی کەلە خاوەن کار کرێکار و لـە کـەرتی تایبـەت دا دەبڕێت، بەڕاستی سەرف دەکرێت بۆ فەرمانبەرانی ئەو بەڕێوبەراتیانەی کە هەڵدەسـتن بـە بڕینـی ئـەو پارەیە لە کرێکاران کە خۆی لە حەقیقەت دا دەبێ ئـەوە دانـرێ بـۆ زەمـانی ئـەو کرێکارانـەی کـە بەڕاسـتی زەمان کراون لە بەڕێوبەرایەتی کارو دابـین کردنـی کۆمەڵایـەتی، دیـارە زیـاد کردنـی بـڕە پـارەی مانگانـەی زیندانیانی سیاسی کوردستان یاخود ئیمتیازاتەکانیان یاخود یاسای ژمارە $4$ ی سـاڵی $2006$ ئـەوە بەهەنـد وەربگیرێ و لەو بڕە پارەیەی $997$ ملیارەدا شوێنی بۆ بکرێتەوە هەروەك چۆن لە پرۆژە یاسای ئەنجومەنی شورای هەرێم لەبڕگەی $3$ دا داوا دەکات کـە موچـەی زینـدانیانی سیاسـی هـەرێم هاوتـا بکرێـت کـە لەگـەڵ

زیندانی سەرجەم عیراقدا، یاخود ئەو ماف و ئیمتیازاتانەی کە لەوێ هەیە، لێرەش بە پێی ئەو دوو یاسایە کە هاتووە کە بەڕاستی بۆیان جێ بەجێ بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئێستا کۆتایی بە دانیشتنەکە دێنین دانیشتنی دووەم کە هێشتا بایی چوار سەعات و نیومان ماوە، سەعات 5 دەست پێ دەکەینەوە بۆ ئەوەی تەواوی بکەین موناقەشەکانی ئەمڕۆ بە خواتان دەسپێرم.

**دانیشتنی دووەم**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەردەوام دەبین لەسەر دانیشتنەکەمان، بەردەوام بوون لەسەر گفتوگۆ کردن و بڕیاردان لەسەر پڕۆژە بودجەی هەرێمی کوردستان، بۆ ساڵی 2011 و یاساکەی، داوا لە لیژنەی دارایی دەکەین کەرەمکەن بۆ شوێنی خۆتان، دووبارە بەخێرهاتنەوە، بەردەوام دەبین لەسەر گفتوگۆ، ئێستا نۆرەی ڕێزدار بەشیر خلیل تۆفیق، فەرموو.

**بەڕێز بەشیر خلیل حداد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بـەرێزان نوێنـەری حكومـەتی هـەرێمی كوردسـتان، بـەرێزان ئەنـدامانی پەرلـەمانی كوردسـتان، مەسـەلەی بودجـە مەسـەلەیەكی گەورەیـە، موناقەشـەكردنیش لەسـەری و گفتوگـۆ كـردن بەراسـتی پێویسـتی زۆر بەڕاشكاوانە و وردبینی و شەفافیەت هەیـە، ئەمـە لـە كاتێكدایـە كـە ژیـانی ئینسـان، ژیـانی مـرۆڤ لەسـەر بودجە بەندە، بودجەی ژیرانە، بودجەی لۆژیكی، بودجەی هاوسەنگ چەند مواصەفاتێكی پێم خۆشـە بـە كورتی باس لەوە بكەم ، لە سەرەتادا بودجەی هاوسەنگ ئەوەیە كەوا رێـژەی عجزەكـەی رێژەیـەكی معقـول بێ، رێژەیەكی ئەوەندە زۆر نەبێت كە نەتوانرێت لـە پاشـان پـڕ بكرێتـەوە، خـاڵێكی دیكـەش ئەوەیـە كـەوا هاوسـەنگی لـە نێـوان بودجـەی تەشغیلی و بودجـەی ئیستیسـماریدا هـەبێت، هـەروەها حیسـاباتی خیتـامی پێشوو لە كاتی خۆیدا پێشكەش بكرێ، گەیشتنی بودجەش لە كاتی خۆیدا زیـاتر تێپـەڕ نـەكا، هـەروەها لـە دابەش بوونی سێكتەركان، لە دابەش بوون بەسەر وەزارەتەكان دا شـێوازی هاوسـەنگی پێـوە دیـار بـێ، مـن دەمەوێ قسە لەسەر راپۆرتەكان بكەم، لەسەر راپۆرتی وەزارەتی دارایی لـە پاشـان راپـۆرتی لیژنـەی دارایـی، راپۆرتی وەزارەتی دارایی، بەراستی شتێكی چاك و باش بـوو، بـەڵام كـەم و كورتیشـی تیـا بـوو، زیـاتر وەكـو وەصـفێك دەكـرا كـە ئـەو بـڕە پارەیـە بەدەسـتیان هـاتووە چـۆن دابـەش كـراوە، بـەڵام بـەعزێك لـە كـەم و كوڕیەكان باس كراوە لە راپۆرتەكە، ناگەڕێتەوە، هۆیەكەی باس ناكات، چارەسەریشی بۆ باس ناكات، یەك لە شـتەكانی ئـەوەی كـەوا پێویسـت بـوو لـە نـاو راپۆرتەكـەی وەزارەتـی دارایـی دا هـەبێ، ئەوەیـە كـە دەبوایـە خاڵەكانی سێكتەر دیار بكا كە لە بودجەی ساڵی 2011ی حكومـەتی هـەرێمی كوردسـتان دەیـەوێ، لـە كـام سێكتەر زیاتر ئیش بكاو گەشە بكات، ئایا مەسەلەی خوێندنە؟، ئایا مەسەلەی چارەسەری نەخۆشـیە؟، ئایـا مەسەلەی بینا و نیشتەجێكردنە؟، مەسەلەی بێكاریە؟، كامـە لەوانـە گرینگـی پـێ بـدرابا؟ گوتبـای ئەمسـاڵ ئێمە لەسەر ئەم سێكتەرانە كـار دەكـەین، بۆیـە زیـاتر رێـژەی پارەكـەو بودجەكـە بـۆڵای ئەمانـە چـووە، لـە راپۆرتەكەدا تەماشا دەكەین زیاتر لە 11٪ ی بودجەی تەشغیلی لە بۆ بەعزێك ئەبواب صرف كـراوە، وەكـو مەنافعی ئیجتماعی مصروفات ئوخرا، موجودات غیرمالیـە كـە ئەمـە رێژەكـەی لـە سـاڵی پـار زیـاترە، ئێمـە ساڵی پار گلەییمان لەوە هەبوو كەوا ئەو ئەبوابانە دەكرێ رێژەكەیان كەم بكرێتەوە، بەڵام ئەمساڵ تەماشـا دەكەین رێژەكەی زیاتر بووە ئەوە خاڵێكی نەرێنیە، خاڵێكی دیكـە تەماشـا دەكـەی ئـەو بودجەیـەی كـە بـۆ تنمیەی ئەقالیم دانراوە، دیسان لەناو بودجەكەدا لەناو راپۆرتەكەی وەزارەتی دارایی دا هاتووە، كە ئەمە لە دەرەوەی بودجەكاری پێ دەكرێ، بۆیە پێویست بوو ئەمە لە بودجە دەربهێنرێ یـان بـە جـودا باسـی لێـوە بكرابایـە، راپۆرتەكـەی وەزارەتـی دارایـی وەكـو گوتمـان هەنـدێك هۆكـار و چارەسـەر نـادات، بـۆ نموونـە، لـە بیدایەتی دا باس لەوە دەكا كەوا حكومەتی هەرێم ئاگاداری هیچ كام لەم خاڵانە نیە، ژمارەیەك خاڵ، شەش خاڵ باس دەكا دەڵێ ئاگاداریمان لە مەسەلەی مالی حكومەتی عیراقدا نیە، نەی گوتـووە بـۆ؟، وە نـەی گوتـوە چارەسەر چیە؟، باشە ئەگەر ئاوابێ وەزیرەكانی ئێمە لە بەغدا چی دەكەن؟، ئـیش و كاریـان چیـە؟، ئـەوان نەتوانن مەعلومات لەم بارەیەوە بدەن بە وەزارەتی دارایی حكومـەتی هـەرێمی كوردسـتان، لـەم دوایـەدا لـە راگەیاندنـەكان بـەعزێك لـە لێپرسـراوانی كـورد لـە بەغـدا، ئـەوەیان خسـتە ڕوو، كەواتـە كـە لێپرسـراوانی

حكومەتی هەرێم ئەوان بۆخۆیان کەم تەرخەم بوون لەوەی کەوا نایەن شتەکان لە بەغدا تاقیب بکەن، بۆ ئەوەی بۆیان روون ببێتەوە ئێمە دەڵێین، ئەوان، ئەوانیش دەڵێن بۆخۆتان نایەن بەدوادا چوونی بۆ بکەن، بۆیە ئەمانەی کەوا حکومەتی هەرێم ئاگادار نیە، دەبوایە راپۆرتەکە بڵێ بۆ؟، چارەسەریش چیە؟، لە راپۆرتەکدا هاتووە کۆی گشتی داهاتی هەرێم، بە سێ سەد و نەوەد و هەشت ملیار دینار، بەلاّم لە خشتەی ژمارە یەك لە خالّی دووەم لاپەڕە چواری راپۆرتەکەیان دا کۆی داهاتەکە، دەکاتە چوار سەد ملیار دینار، لە شوێنێك بە چوارسەد باس دەکات، لە شوێنێك بە سێ سەد و نەودو هەشت، دووملیار فەرقی هەیە، ئەم هۆیە بۆمان روون بکەنەوە، وەکو گوتمان ئەم داهاتە خەملێنراوە بە چوارسەد هەزار یان بە سێ سەدو نەوەد و هەشت هەزار، بەلاّم تەماشا دەکەین لە عەینی راپۆرتدا دەڵێن، بەغدا داهاتی ئێمەی داناوە بە زیاتر لە پێنج ترلیۆن دینار، پێنج ترلیۆن و چوارسەد و نەوەت و پێنج ملیار دینار، واتە زیاتر لە پێنج ترلیۆن دینار زیاتر بەغدا وەکو داهات حیساب دەکا بەسەر هەرێمی کوردستان، راپۆرتەکەی وەزارەتی دارایی ناڵێ بۆ؟، ناڵێ لەبەر چی ئەم زیادەیەمان بۆ حیساب کراوە؟، چارەسەرەکەی چیە؟، لە کاتێکدا کە ئێمە داهاتەکە وەکو ئەوان باسی دەکەن سێ سەد و نەوت و هەشت ملیارە، بەغدا دەڵێ نەخێر پێنج ترلیۆن و ئەوەندە ملیارە، ئەمە دەبێ روون کردنەوە بدرێ لە بارەی ئەوەدا، خەملاّندنی دارایی هەرێم بۆ داهات بەشێکی داناوە بەناوی داهاتی جۆراو جۆر، دەڵێ کە داهاتەکانمان ئەوەندەیە، جۆری داهاتەکان لە و بەشە، لەو بە شە، بەشێکی داهات دانراوە لە راپۆرتەکەیان بە ناوی داهاتی جۆراو جۆر، داهاتی جۆراو جۆر پار ساڵ سەد و پەنجا و دوو ملیار بووە، ئەمساڵ بووەتە سەدو بیست و دوو ملیار، یەعنی داهات کەمی کردۆتەوە لەم خانەیە، ناڵێ بۆ؟، لەوێ دەبێ هۆیەکەی بزانین ئێمە دەمانەوێ داهات زیاد بکا، یان داهات کەم بکات، مەدوەری ساڵانی رابردوو ئەو مەدوەرانەی کە ماوە، ئێمە دەزانین لە بەر ئەوەی بودجە درەنگ ئیقرار دەکرێ، زۆر مەشاریع هەیە کە تەواو نابێ لە وەزارەتەکان دەمێنێتەوە کەواتە زۆر لە پارەکان دەمێنێتەوە لە خەزینە، ئەمە لە ساڵی ئایندەدا نای بینین، باشە ئەو پارانە لە پرۆژەکانی ساڵی رابردوو ماوەتەوە، دەبێتە مەدوەر؟، یان چی لێ دێت؟، ئەمە هیچ شتێکی لێ باس نەکراوە، لە تێبینیەکان لاپەڕە شەشی راپۆرتەکەیان لە تێبیندا دەڵێ بەشە بودجەی هەریم یازدە تریلیۆن و سەد و هەشتا ملیار دینارە، بەم شێوەیە دابەشی کراوە، یەعنی ئەم یازدە تریلۆنە، دابەشی کردووە بەم شێوەیە، لەپاشان کەوا دابەشەکەی کۆدەکاتەوە دەکاتەوە، دەکاتە سێزدە تریلیۆن و نۆ سەد و چل، دوو تریلیۆن و قسور لەم خشتەدا فەرق و جیاواز هەیە، کۆتایی بەم شێوەیە دوو ترلیۆن فەرقی هەیە بابزانین ئەم دوو ترلیۆن بۆ کوێ چووە، لە کۆتایی راپۆرتەکەی وەزارەتی دارایی کە ئەمە شتێکی باشە و خاڵێکی ئەرێنیە دەست خۆشی لێ دەکەم، دەڵێ ئەگەر هاتو لە کاتی بەدیهێنانی هەر زیادەیەك لە داهاتەکان لەو شتانە سەرفی دەکەین، یەك لەوانە کەوا لە پلەکانی نۆ ودەی فەرمانبەران و خانە نشینان ئەمە لەوە سەرف دەکەین، ئەمە شتێکی باشە ئەگەر بکرێ ئەمە زیاتر بۆ ئەو فەرمانبەرانەی کە مووچەیان لە رادەیەکی کەم دایە.

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان :**

زۆر سوپاس ،بەرێز ڤیا ن عبدالرحیم کەرەمکە.

**بەڕێز ڤیا ن عبدالرحیم عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**من ئەمەویت لە ڕوانگەی ئەو دوو راپۆرتەی کە هاتۆتە بەردەم ئەندامانی پەرلەمان، بچمە سەر ئەو خالانەی کە پێویست بوو باسی بکرابایە، زۆر بە وردتر بۆمان ڕوون بکرابایەوە، سەرەتا لە راپۆرتی لیژنەی دارایەوە ئەمەوێت دەست پێ بکەم، هەر لیژنەیەك وەکو ئێمە بینیمان، هەر لیژنەیەك راپۆرتی تەواوی لەسەر ئەو وەزارەتی کە پەیوەندی داره بە لیژنەکەی، راپۆرتی تەواوی ئامادە کردووە، لەسەر سەرجەم پرۆژەکان و کەم و کوڕی و ئەو داهاتانەی کە هەیەتی، بەلام ئەوەی کە لێرە من ئەی بینم لیژنەی دارایی نەیتوانیوە راپۆرت لە سەر ئەو وە زارەت و دامەزراوانە ئامادە بکات، کە تایبەتن بە لیژنەی دارایی، بۆ نموونە، وەزارەتی دارایی خۆی کەنەتوانراوە لەسەر خەرجی و پرۆژەکانی، یان لەسەر هەموو ئەو داهاتانەی، یان ئەو زیادە ڕۆیانەی کە لە وەزارەتی دارایدا کراوە، نەتوانراوە خەلەلەکانی دەست نیشان بکرێت، دووەمیان لەسەر هەیئەی ئیستیسمار، سێیەمیان لەسەر دەزگای چاودێری دارایی، دووەم سەبارەت بە راپۆرتی وەزارەتی دارایی، هیچ کام لەو کەم و کوڕی و دژ بە یەکی ناهاوتایانەی کە هەیە لە بودجەدا باسیان نەکردووە، وەشیکاریشیان بۆ نەکردووە، تا ئێمە دڵنیا بین کە بزانیین ئەم کەم و کورتیانە بەفیعلی هەیە، یان تەنها تەبریرە و دەیانەوێ بیهێننەوە بۆ ئەندامانی پەرلەمان، لە بودجەی گشتیدا لە سەرجەم ساڵەکان کە ئێمە بیبینین، لە ساڵی 2009 تا 2011 بەردەوام بە نزیکەی دوو تریلیۆن بودجەکەمان زیادی کردووە، بەلام ئەوەی کە من دەمەوێت بزانم، لەسەر چ بنەمایەك پرۆژەکان ساڵ بە ساڵ زیاد دەکرێت؟، کە تۆ عجزیشت لە زیاد بوونە، لە کاتێکدا ئێمە کورت هێنانمان هەیەو، بودجەی بەکار خستنمان زۆر روو لە هەڵکشانە، من ئەگەر بێم بە رێژە باس لە بودجەی بەکارخستن بکەم لە 2010 بە بەراورد لەگەڵ 2009 بەرێژەی 31.99٪ هەڵکشاوە، لە 2011 بە بەراورد لەگەڵ 2010 لە 24.09٪ هەڵکشاوە، خاڵی سێیەم، ناهاوتایی بوون لە بودجەدا، زۆر لە هاوڕێیان باسی ئەو ناهاوتاییە دەکەن لە بودجەی بەکارخستندا، بەتایبەتی سەبارەت بە وەزارەتی ناوخۆ و وەزارەتی پێشمەرگە، بەلام من ئەمەوێ ئەو ناهاوتایە بە شێوەك دیاری بکەم کە لە بودجەی وەبەرهێنانیشدا لە پرۆژەی وەزارەتەکاندا زۆر بە روونی دیارە، بۆ نموونە، وەزارەتی ناوخۆ لە ساڵی 2009 دا کە لە بنچینەدا پێویست بە پرۆژە نیە، بە بڕی پێنج سەد و یەك ملیار بۆ پرۆژەکانی ئەو وەزارەتە تەرخان کراوە، کە هەژدە ئەوەندەی پارەی تەرخان کراوە بۆ وەزارەتی تەندروستی، حەوت ئەوەندەی وەزارەتی پەروەردە کە دوو وەزارەتن، زۆر زیاتر پێویستیان بە ئەنجام دانی پرۆژەی خزمەت گوزاری هەیە، لەگەڵ ئەوەی کە کورتهێنانیش ساڵ بەساڵ لە هەڵکشان دایە، بەلام لە بەرامبەریشدا زیادە ڕۆیی کردن لە سەرفیات، زیادە ڕۆیی کردنمان بە هەمان شێوە لە هەڵکشان دایە، بۆ نموونە، زێدە ڕۆیی لە 2010 بە بەراورد بە 2009 (59٪) یە، 2011 بە 2010 (45.7٪) ە کە تێکڕای ئەو هەڵکشانە لە 2009 ە بۆ 2011 (44.08٪) ە، ئەم زیادە ڕۆیە ئەوەمان بۆ دەردەخات، کە**

زیادە ڕۆیەکی بەردەوامە، ئەمەش وادەکا بەردەوامی بە کوت هێنان بدرێ، نەتوانرێت هیچ کات بتوانرێ کە ئەو کورتهێنانەی کەچەندین ساڵە، کە بۆماوەی چوارساڵەی کە هەمانە نەتوانراوە هیچ هەوڵێك بدرێت بۆ پڕ کردنەوەی، حاڵەتێکی تر کە لە بودجەکەدایە دەبوایە لە راپۆرتی لیژنەی دارایی دا بەوردی باس بکرابوایە ئەوەیە کە تەناقوزێکی زۆر لە نێوان ژمارەکان دا هەیە، بۆ نموونە، بە پێی بودجەی پار ژمارەی فەرمانبەرانی وەزارەتی پێشمەرگە لە ساڵی 2009 دا (سەد و بیست و دوو هەزار و چوار سەد و حەفتاو یەك ) فەرمانبەرە، بەڵام بەپێی بودجەی ئەمساڵ بۆ 2009 نووسراوە ژمارەی فەرمانبەران (سەد و هەژە هەزار و چوار سەد و حوفتاو یەك )ە، واتە چوار هەزار فەرق لە نێوان فەرمانبەرانی هەمان وەزارەت دا بۆ هەمان ساڵ هەیە، ئەمە یەعنی چیە؟، بە هەمان شێوە لە وەزارەتی دارایی و شارەوانی و گەشت و گوزاریشدا هەمان شت دووبارە بۆتەوە، لە خەرجیەکانی بەکارخستن، ئێمە باسی تەعویزاتی موەزەفین و سیلەع و خەدەمات، مینەح و ئیعانات کە ئەمە هەمووی بەرێژەیەك لە بودجەیان بردووە، کە لە (63٪) بۆ قەرەبوو کردنەوەی فەرمانبەرانە، لە(17٪) بۆ سیلەعە، لە (7٪) بۆ مینەحە، من لە مینەح کە بڕی حەوت سەد و شەست و یەك ملیاری بۆ دانراوە، بۆ ساڵی 2011 لە حیسابی خیتامی ساڵی 2009 دا بڕی شەش سەد و سیی و شەش ملیار و نۆ سەد و سیی و چوار ملیۆن سەرف کراوە، لە کاتێکدا کە خۆی بۆ مینەح بڕی چوار سەد و سیی چوار ملیار و پێنج سەد و سی بۆ دانراوە، واتە بە بڕی دوو سەد و دوو ملیار زیادە مەسرەفی کردووە، ئەم پارەیە دراوە بەچی؟، خراوەتە خزمەتی گشتی یەوە، یان خراوەتە هەر بوارێکی ترەوە پێویستە بۆمان روون بکرێتەوە؟، چونکە ئێمە چەندین جار ئەگەر مینەح بخرێتە خزمەتی گشتی یەوە ئێمە چەندین جار مەسائیلی تۆپ بارانکردنی سەر سنوورەکانمان هەبووە، کە من چووم بۆ لای وەزیری داراییش، یەعنی داوای ئەو بڕەمان کردووە، ئەگەر نەخرێتە خزمەتی گشتیەوە، ئەم مینەحە بەچی وا بەو شێوەیە زیادە ڕۆیی تیدا کراوە، یەکێك لە خاڵەکانی تر کە بە نموونە ئەمەوێت بیهێنمەوە، دەستەی وەبەر هێنانە، کە خۆی داوای هیچ بڕە پارەیەکی نەکردووە بۆ مینەح، بەڵام (سەد چل و نۆ) ملیاری بۆ تەرخان کراوە، لە بواری ئیعانات دا کە دەچێتە یەکێك لە و بوارانەی کە پارەی تیادا زۆر بەهەدەر دەدرێ لە هەمان کاتیشدا سەرف دەکرێ بۆهەندێك شەریکات، ئایا دەتوانرێ پێمان بوترێ ئەم شەریکاتانە، شەریکات ئوخرایانە کێن؟، ئەگەر بەراوردێك بکەم بۆ ساڵی 2010 تا 6/30 بڕی چوار سەد و نۆ ملیار دینار سەرف کراوە بۆ ئەم شەریکاتانە، ئەگەر شەریکاتی پیشەسازین وە لە بواری پیشەسازیدا کاردەکەن، ئەوا بانکی پیشەسازیمان هەیە، نیشتەجێ بوون بە هەمان شێوە، کشتوکاڵیش بە هەمان، شێوە لە حەوت سەدو سی و حەوت ملیار دینار لە ساڵی 2009 دا کە خەرج کراوە بۆ ئیعانات، وەزارەتی دارایی بڕی شەش سەد و شەست و نۆ ملیاری خەرج کردووە، لە کابینەی شەشەم دا زۆر گرینگی دراوە بە بووژاندنەوەی ژێر خانی ئابووری، بێگومان گرینگترین وەزارەتیش ئەو وەزارەتانەی کە ئێمە بمانەوێت ژێرخانی ئابووری پێ ببووژێنینەوە، وەزارەتی کشتوکاڵ و وەزارەتی پیشەسازیە، من ئەمەوێت لێرەدا نموونە بکەم لە نێوان (3) وەزارەت کە خەجیەکانیان چۆنە بە بەراورد لەگەڵ وەزارەتی دارایی، وەزارەتی

بازرگانی و پیشەسازی کە 0.75٪ بۆ دانراوە، یەعنی بودجەی بەکارخستنی بۆ تەرخان کراوە، کشتوکاڵ و ئاودێری 2.68٪ بۆ دانراوە، بەڵام وەزارەتی دارایی 19.45٪ بۆ دانراوە، ئەو بودجەش کە لە سەرجەم بابەکاندا وەری دەگرێ کە بە مینەح و ئیعانات هەموو ئەمانەوە، یەك تریلیۆن و هەشتاو هەشت ملیار و چل و چوار ملیۆن دینارە، ئەم پارەیەش ئەگەر بەراورد بکەم بەو دوو وەزارەتە، سەد و پەنجا، پێنج ئەوەندەی ئەو پارەیە کە بۆ پرۆژەکانی وەزارەتی بازرگانی تەرخان کراوە، چونکە حەوت ملیار بۆ ئەو پرۆژانە تەرخان کراوە، کە لەو وەزارەتەدا ئیشی لەسەر دەکرێت، (37) ئەوەندەشە کە بۆ پرۆژەکانی وەزارەتی کشتوکاڵ دانراوە .

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان :**

زۆر سوپاس، بەڕێز شەونم محمد غریب کەرەمکە .

**بەڕێز شەونم محمد غریب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

گرینگترین ئامانجەکانی هەرحکومەتێك، گرتنە بەری باشترین شێوازی بەکار هێنانی دەرامەتە مرۆیی و ماددی و داراییەکانە، بۆ گەشە پێدان و دابەش کردنی ئەو دەرامەتە بە شێوەیەك، کە لە خزمەتی ئەو ئامانجەدا بێت، کە ئەو حکومەتەی بۆ دروست کراوە، بێگومان ئێستا لە بەردەم پەرلەمانتاران بودجەیەکمان لەبەر دەستدایە کە بودجەی هەرێمی کوردستانە، ئەم بودجەیە چەند لایەنێکی جوانی تیایە، بێبەشیش نیە لەوەی کەچەند لایەنێکیش تێبینی هەموو پەرلەمانتارانی لەسەرە، هیوادارم لێرەوە چاك بکرێت ئەو تێبینیانەو پاشان بودجەکە بنێردرێتەوە بۆ حکومەت جێ بە جێی بکات، ئاماژە دەدەم بە پێشنیارەکانی لیستی کوردستانی و هەموو لیستەکانی ناو پەرلەمانی کوردستان، بۆ کەم کردن و زیاد کردنی بودجە لە هەندێ لە برگەکاندا بەمانەوە بودجە چەند لایەنێکی دیکەی جوانی تێدا دروست دەبێت یەکەم پارەی ئیستیسماری پرۆژەکان، بێگومان پرۆژەکان چ ئیستیسماریەکان بێت، چ پرۆژە بەردەوامەکان بێت، چ پرۆژەکانی کە پێشنیار کراوە،ئەم پرۆژانە گەر بخرێنە بواری جێ بە جێ کردنەوە، کاری لەسەر بکرێت لە خزمەتی هاووڵاتیانان دایە، بۆ خۆش گوزەرانی هاووڵاتیانە، جگە لەوەی زیاد کردنی سلفەی عەقار، پێشینەی هاوسەرگیری، دەرماڵەی ئاسایش و هێزەکانی ناوخۆ، تۆڕی کۆمەڵایەتی، خوێندنی هاوچەرخ، قەرزی سناعی و زراعی چەندەها لایەنی کە لە خۆی دەگرێ ئەم بودجەیە، لەگەڵ ئەوەش دا ژمارەیەك پرۆژە لە بودجەی ساڵی پاردا لەم ساڵە دا تیکرار بۆتەوە، و پارەی بۆ دابین کراوە لە پاردا، ئیشی لەسەر نەکراوە، هەروەها چەندین پرۆژە هەیە لەپارا کە جێ بە جێ نەکراوە، جگە لەوانەی کە لەم لیستانە هاتوونەوە، من داوای روون کردنەوە لە بەڕێز وەزیری دارایی ئەکەم، ئەو پارانە لە کوێدا جێگای بۆ کراوەتەوە؟، لەو بودجەیە؟، یاخود بە چ شێوەیەك بەکار هاتووە؟، بۆمان روون بکاتەوە، لە جێبەجێ کردنی ژمارەیەك لە پرۆژەکاندا پێش کەوتن بەدی ناکرێ، وەك لە لیستەکانی لەبەر دەستمانایە هاتووە، بەڵکو زۆربەی زۆری پرۆژەکان کاری لەسەر نەکراوە، بە هۆی ئەوەی کە دوا کەوتووە، لەبەر ئەوەی

پرۆپۆزەڵی حازر نەبووە، دیزاین حازر نەبووە، ئینجا بابێتە سەر ئەوەی کە تا پرۆژەکە ئەکەوێتە بواری جێبەجێ کردن و، تەندەرین، تەسلیمی ئەرزەکە بە مقاول، ئەمە کاتێکی زۆری ئەوێت، حاڵەتی وا دروست بووە کە بە هیچ شێوەیەك نەتوانراوە پرۆژەکە کاری لەسەر بکرێت، بۆیە لێرەوە پێشنیار ئەکەم، داواکارم لە ئەنجومەنی وەزیران، لە حکومەتی هەرێمی کوردستان، کە ئالیەتێکی تایبەت بدۆزرێتەوە، دەستەیەك دروست ببێت، لە ئەنجومەنی وەزیران بۆ دیراسە کردنی ئەو پرۆژانە، بە شێوەیەکی رێك و پێك دیراسەی جەدوای بۆ بکرێ، پێش ئەوەی بێتە بواری جێبەجێ کردنەوە، دیزاین و پرۆپۆزەڵ و هەموو شتەکان ئامادە بێ، ئینجا پارەی بۆ تەرخان بکرێ، بەم حاڵەتە ئەتوانیین ئەم هەموو نارێکیەی کە لە دابەش کردنی پرۆژەکان، هەروەها لە سەرف نەکردنی پارەکان و جێبە جێ نەکردنیان کۆتایی پێ دێت لە بودجەی داهاتوودا، هەندێ پرۆژە لە لایەن وەزارەتەکانەوە جێبەجێ دەکرێ کە مەرجەعیەتی خۆیان نیە، بۆ نموونە، وەزارەتی دارایی و وەزارەتی ناوخۆ، کە پرۆژەی مەتار، یاخود پرۆژەی یاریگا جێبەجێ دەکرێ، پێویستە ئەو پرۆژانە بەگەرێندرێتەوە مەرجەعەکانی خۆی، چونکە لە هەموو ئەو حاڵەتێك ئەم وەزارەتانە ئەگەر پارەشی بۆ تەرخان بکرێ، هەر دەبێ بگەرێندرێتەوە بۆ وەزارەتە ئەسلیەکەی خۆیان، راو بۆچوونیان وەر بگرن لەسەر بابەتەکە، بە روونی لە بودجەدا ئاماژە بە داهاتی هەرێمی کوردستان نەکراوە، سەیر دەکەین ئەوەی برادەرانی پەرلەمانتارەکان باسیان کرد، لە هەندێ جێگا تێبینی هەیە لەسەر ئەوەی لە جەدوەلەکان رەقەمی جیاواز هاتووە، هیوادارم ئەوەش لە لایەن بەرێز وەزیری داراییەوە بۆمان روون بکرێتەوە، لە بودجەیا گرینگی بە هیچ شێوەیەك نەدراوە بە گەشت و گوزار و شێوێنەوار، هەروەها بە ژینگە، ئەم سێ بابەتە سێ بابەتی زۆر گرنگن کە پێویستە لە بودجەدا جێگەیان بۆ بکرێتەوە، وەئیهتیمامیان پێ بدرێ، چونکە کوردستان هەم شوێنەواری هەم ژینگەکەی، هەم بۆ گەشت و گوزار زۆر زۆر لەبارەو داهاتێکی باش بۆ حکومەتی کوردستان ئەتوانێت بەرهەم بهێنێت، ئەنجومەنی خانمان لە کۆتایی ساڵی پێشووە، ئەمری دەرچووە لە ئەنجومەنی وەزیران و دروست کراوە، بەڵام لە بودجەی ئەمساڵ هیچ ئاماژەیەك نەدراوە بەوەی کە ئایا بودجەی بۆ تەرخان کراوە، تەمویلی ئەم ئەنجومەنە بەچ شێوەیەك دەکرێت؟، دامەزراندن لە بودجە 25 هەزار کەس پێویستە دابمەزرێت، وەك هاتووە لە پرۆژەی بودجە، هیوا دارم لە پەرلەمانەوە بە فەرمی داوا لە حکومەت بکرێت، کە یەکسانی جەندەری لەم دامەزراندنە رەچاو بکرێت، جیاوازی بەینی ژن و پیاو نەکرێت، هەروەها برێك لەو دەرەجانە دابندرێت بۆ منداڵی شەهیدان، چونکە منداڵی شەهیدان فەزڵیان بەسەر هەموو لایەنێکمانەوە هەیە، لە بودجەیا پارەیەك دەست نیشان نەکراوە بۆ راهێنان و بەرز کردنەوەی ئاستی زانستی و فەرمانبەران، هەروەها توانا سازی، وەهێنانی مامۆستایان لە دەرەوەی وڵاتەوە بۆ زانکۆکان، چونکە ئێمە دەزانین هەر لەمساڵ، لەساڵی پارەوە تاوەکو ئێستا چەندین زانکۆ لە کوردستان کراوەتەوە، کە ئەم زانکۆیانە پێویستیان بەوەیە لە دەرەوە مامۆستایان بۆ بێت، وانە بڵێتەوە لەو زانکۆیانە ئەوەش ئەگەر بودجەی بۆ دابین نەکرێت، وابزانم ئەبێتە هۆی وەستانی ئەو کارانە، لە بودجەدا ئاماژە نەدراوە بە بودجەیێ بۆ توێژینەوەی زانستی لە بوارە

جیاوازەکاندا، کە ئەم بابەتە بابەتێکی زۆر گرنگە، بەتایبەتی وەك لە برگەی یەکەمدا باسمان کرد، بە نیسبەت پرۆژەکانەوە، گەورەترین کێشەی پرۆژەکان ئەوەیە، کە بە شێوەیەکی زانستیانە دارێژراوە پارەی بۆ تەرخان کراوە، هەروەها ئاستی ئەو پرۆژانە، بە چ شێوەیەك ئەتوانێت خزمەت بکات، وە بە چ شێوەیەك تەئسیری ئەبێت لە سەر ژێرخانی ئابووری کوردستان، وە چارەسەر کردنی کێشەکانی کە لە ناو کوردستان هەیە، لە دابەش کردنی بودجە بۆ ناوچە دابڕێندراوەکان، من ئەوەی تێبینیم کرد، ژمارەی دانیشتوان هەروەها گەورەیی و بچووکی ناوچەکان، گرنگی ناوچەکانیش لە ڕووی نەتەوایەتیەوە لەبەر چاو نەگیراوە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز صباح بیت الله کەرەمکە.

**بەڕێز صباح بیت الله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ل بەراهییێ دەست خۆشی ل لیژنا دارایی و ئابووری دکەم کە ئەڤ ڕاپۆرتە بەرهەڤ کری، وە پشتەڤانیا ل ڕاپۆرتا سۆزان خانی دکەم، کە دوهییێ ل هۆلاێ پەرلەمانی پێشکەش کری، ئەز وەکو ئەندامەکێ لیژنا ناڤخۆی و ئاسایش و لیژنا پێشمەرگێ و، من دڤێت ئەڤان خالاێ بەحس بکەم، دەربارێ پێشمەرگەی هەتاکو ئەو هەشت لیوایێ دێنە دروست کرن، ئەو لیوایێ دیت هاتینە دروست کرن، ئەز داخازێ دکەم کو هاریکاریەك دگەل یارمەتییێ پێشمەرگەی بێتە سەرف کرن، چونکی ب ڕاستی یارمەتییێ پێشمەرگەی گەلەکێ کێمە، بۆ هندێ تێری ژیانا وی ناکەت و، بۆ ڤێ چەندێ ڕەنگە ئەوە ئەو یاسا بیتن، پێنج سالاێ موافەقەتا میزانیا وەزارەتا پێشمەرگەی ل پەرلەمانێ عیراقێ دێتە کرن، کە چ هەتا ڤێ گاڤێ حکومەت پارە سەرف نەکریە، بێژیت (الرواتب، التسلح، التجهیز) ئەز داخازێ دکەم وەفدا تایبەت بۆ چارەسەر کرنا ئاریشا پێشمەرگەی، ب زیترین وەخت سەرەدانا بەغدا بکەت، بۆ هندێ ئەڤی ئاریشێ چارەسەر بکەتن، دوو، یاسایێ ژمارە 34و 38 ل سالاێ 2007ێ پێشمەرگەی بێتە جێبەجێ کرن، دگەل یاسایێ ڕێز لێنانا پێشمەرگەی، نسبەت کەس و کارێ شەهیداو ئەنفال کریا، داخاز هاتیە کرن، دوو رێڤە بەریا ل سلێمانی و هەولێرێ بێنە چێ کرن، کە گوژمێ وان گەلەکی زۆرە، ئەز داخازێ دکەم ئەو دوو ڕێڤە بەراتیا نێنە چێ کرن، ل شوێنی ئەوان ببێتە خانوو بۆ کەس و کاری شەهیدان، چونکی کەس و کاری شەهیدا ڤێ گاڤێ پێویستی ب خانیانە، ئەوە باشترە ل ئاڤا کرنا دوو ڕێڤە بەراتیا، دەرماڵە بۆ ژن و زارۆکێ شەهیدا بێنە خەرج کرن، ئەوێ دچنە مەدرەسێت حکومی یان ئەوێت تایبەت پارە دێنە وەرگرتن، ئەز داخازێ دکەم ئێ ل پارێ بێنە عەفوو کرن، حسابەکان تایبەت ل دامەزراندێ بۆ زارۆکا شەهیدا بێتە کرن، وە نسبەکا تایبەت بێتە دانان، ل دیف ڕێنماییێ و تەعلیماتا، نسبەتا زەمالەتا حیسابەك بۆ کەس و کارێ شەهیدا بێتە کرن، نسبەك بۆ بێتە دانان، ئەویش ل دیف یاساییێ و تەعلیماتا بێنە جێبەجێ کرن، ڕەئیا من دگەل ڕەئیا هەڤالاێیە کو سلفەی زەواج و سلفەی عەقاری و مووچەی هەژاران ل تۆڕێ کۆمەلاێەتی بێتە زێدە کرن، دەربارێ یەکا نیشتەجێ بوونێ گەلەك

هەڤالا بەحس کر، ئەڤ یەکێت نیشتەجێ بوونێ ڤێ گاڤێ دێنە دروست کرن، ب ڕەئیا من فەقیر و هەژار ئیستیفادەی لێ ناکەن، فەقیر نەشێتن شوقەکێ بکڕیتن ب 25 دەفتەرا، ڤیلەکێ ب 30 دەفتەرا، یان بچیتن ب کرێ بگریتن ب 25 وەرەقەی و 30وەرەقە، ئەز داخازێ دکەم حکومەتا هەرێمێ کوردستانێ ب خۆ ڕابیتن ئاڤا کرنا ئەڤان شوقە و ئیحسایەك ل بەر دەستی بیتن، بۆ هندێ خەلکەکێ هەژارو کەم دەرامەت ئیستیفادەی لێ وەربگرێت، هەروەکی مە دیت ل سەردەما کابینا پێنجێ، چەندین یەکەی نیشتەجێ بوونێ هاتینە دروست کرن، خەلکەکێ هەژار و کەم دەرامەت ئیستیفادە لێ وەرگرت، دەربارێت هێزێ ناڤخۆ و ئاسایشا، ئەز داخازێ دکەم میلاکێ ئاسایشێ بێتە زێدە کرن، ئەو دەرمالاێ پۆلیسی و ئاسایشێ، وەکی ئاسایش و پۆلیسێ عیراقێ بێتە زێدە کرن، چونکی ب ڕاستی خزمەتەکا گەلەك باش پێشکەش کەن و، ئەڤ سەقامگیریە ل کوردستانێ هەی ل سایەی سەرێ وان، ئەز داخازێ دکەم ئەو 210 هەزارەی ئەوێ کو بڕیار هاتیە دان، بۆ هێزێ ناڤخۆ و ئاسایش بێتە زێدە کرن، ل ڤێرێ جەنابا وەزیرێ دارایی لێرە ڕوو نیشتیە، ئەڤ پارە بۆ بێتە مەزاختن و بێتە سەرف کرن، داخازێ دکەین ل حکومەتا هەرێمێ، هەرچی زیتر بزاڤ بێتە دان، یارمەتییێت هەمی فەرمانبەرێ کوردستانێ وەکی فەرمانبەرێت عیراقی بێتە زێدە کرن، برای بەڕێز کاك عیمادی بەحسێ هندێ کری، ئەو ئاوارێ سالا 1991 و 1998ێ ڤە گەڕیاینەڤە ج ل ئیرانێ و ج ل تورکیا هەتا ڤێ گاڤێ ج حیساب بۆ نەهاتیە کرن، ئەز داخازێ دکەم ل میزانیا ئەڤ سالاێ، وەزارەتا دارایی حیسابەکا تایبەت بۆ ڤان ئاوارا دابین بکات، دیسا ئەو 200 ملیارێت هاتیە تەرخان کرن بۆ هندێ ئەڤ پڕۆژێت ستراتیجی کو هاتینە جێبەجێ کرن، پارەکێ کێم بۆ هاتیە مەزاختن، مەسەلەن بۆ نموونە، مەتارێ دهۆکێ یان ئاڤا ئاکرێ، یان سایلۆیا بەردە ڕەشی، بۆ نموونە سایلۆیا بەردە ڕەشی 20 ملیاری بۆ هاتیە سەرف کرن، ئەڤ سالێ یەك ملیاری بۆ هاتیە دانان، ئەگەر وەبیتن بیست سالا ئەڤ مەسئولیەتا تەواو نابیتن، ئەز داخازێ دکەم ئەڤان 200ملیارا هاتیە تەرخان کرن، حیسابەك بۆ ئەڤان پڕۆژێ بێتە کرن، دیسان ئەز دگەل ڕەئیا هاوڕاز خانیمە، ئەز داخاز کر خەستەخانەکا ل دایك بونا ل بازارێ دهۆکێ بێتە دروست کرن، دگەل خەستەخانەکان نەخۆشیێ سەرەتانی ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

دەست خۆش، عدنان عثمان کەرەمکە.

**بەڕێز عدنان عثمان محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە ڕاستیدا نازانم هاوکارانمان هەموو شتەکانیان باس کرد، چی بۆ ئێمە ماوەتەوە، بەڵام حەز دەکەم سود لە شەش دەقەکە ببینم، بە زایەع نەڕوات، ئێمە لەبەر دەم دوو ڕاپۆرت داین، یەکێکیان ڕاپۆرتی لیژنەکانی پەرلەمانە، پێموایە زۆر بەجوانی و بە وردی تا ئاستێکی باش، تیشکی خستۆتە سەر زۆر زۆر لە کەم و کورتیەکانی بودجەکە، بابڵێین قسەی ورد کراوە لەسەر ئەو خاڵانە، یەکێکی تریشتیان ڕاپۆرتی وەزارەتی

داراییە، کە ڕاپۆرتی حکومەتە، پێموایە مەفروز وا بوو وردەکاری زیاتر و وردتری تێدا بوایەو، پێموایە ئەو ڕاپۆرتە لە چەند لایەکەوە لاوازە، خاڵی یەکەم وەکو ڕەخنەیەك لەو ڕاپۆرتە، پێموایە دەبوایە لە ڕاپۆرتی وەزارەتی دارایی کە ڕاپۆرتی حکومەتە، قسەیەکی ورد لەسەر پلانی حکومەت، ستراتیجی حکومەت، فەلسەفەی ئیقتیسادی و مالی حکومەت، بکرایە لەسەر، بۆ بودجەی 2011، واتە حکومەت لەو بودجەیە گرنگی بەچی ئەدات، چ بوارێك پێویستی بە موتابەعەی زیاترە، تەرخان کردنی پارەی زیاترە، کەم و کورپیەکان چی بوون، لە بودجەکانی ترا، واتە وەزارەت بۆی ڕوون کردبایەوە، کە ئێمە لەو بودجەیە لە بودجەی 2011حکومەت دەیەوێت چی بکات؟، پلانەکانی چیە؟، یەعنی مەسەلەکە ئەوەی کە تۆ نەخشەیەکی دیاریکراوت هەیە، یان هەر ئەوەیە پارەیەك و سلفەیەك لە بەغدا دێت، لەم دەست وەری دەگریت و لە دەستەکەی تر سەرفی دەکەی، بێ ئەوەی هیچ نەخشەیەکی وردت هەبێت، باس لە ماددە یاساییەکانی پرۆژەی بودجەی ساڵی 2010 کرا، لە ڕاستیدا دەبێت وەزارەت وەڵامی ئەوەمان بداتەوە، پێش ئەوەی ئێمە لە ئێستادا قسە لەسەر ئەوە بکەین، کە دەبێت ئەم بڕگانە جارێکی تر هاوتا کردنی مووچەکان دیارە مەبەستمانە، مووچەکانی کوردستان لەگەڵ عیراق قسەی لەسەر بکەین، کە ئەوە مافێکی هەموو فەرمانبەران و پۆلیس و خانە نشینەکانە، دەبێت وەزارەت وەڵامماں بداتەوە بۆ لە 2010 ئەو ماددەیە، کە ماددەی 24 ە بۆچی جێبەجێ نەکرا؟، ڕوون کردنەوەکانی چیە؟، هۆکارەکانی جێبەجێ نەکردنەکەی چیە؟، من پێموایە لەبەر ئەوەی وەزارەت هیچ ڕوون کردنەوەیەکی نەداوە باسی لەسەر نەکردووە، ئەمڕۆش پەرلەمانتاران زۆر جەختیان لەسەر ئەوە کردەوە، لە ڕاپۆرتی لیژنەی دارایی و لیژنەی یاساییشدا هەیە، پێموایە دەبێت حکومەتی هەرێمی کوردستان، بە گوێرەی پرۆژە یاسای بودجەی 2010 دەبێت، هی ساڵی 2010ش هاوتای بکاتەوە، بە هەموو ئەوانەی کە باس کراون، لە بڕگەکانی یەك و دوو، سێ، ئەوانەی لە ماددەی 24دا هاتووە دەبێت پێیان بدرێتەوە، لە ڕاپۆرتی وەزارەتی دارایی بە ڕوونی ئێمە هەست بە واشە بوونێکی تەواوی دارایی و ئابووری کوردستان دەکەین، بە حکومەتی عیراق و، دیارە ئیشکالیەتەکان پەیوەستە بەوەی لە کاتی ڕەش نووسی دەستووردا، ئێمە زۆر قسە لەسەر مەسەلە سیاسیەکان و، ئیستیحقاقە سیاسیەکان کرا، بەڵام کەمتر لە مەسەلە مالیەکان دا، ئێستا ئێمە باجەکەی ئەدەین، چونکە لە ڕاستیدا ئیستیحقاقاتی مالی هەرێمی کوردستان لە عیراقدا، شتێك لە لامەرکەزیەت بەرز ترە، بەڵام بەڕاستی دەرەجەیەك لە فیدرالیش نزمترە، خاڵێك کە ئیشکالیەتێکی گەورەی موناقەشەکانی ئێمەیە لەم چەند ڕۆژەدا، لەسەر مەسەلەی بودجە، لەسەر نەبوونی ڕاپۆرتی دیوانی چاودێری داراییە، لە ڕاستیدا هیچ بیانوویەك بۆ نەبوونی ڕاپۆرتی دیوانی چاودێری دارایی نیە، چونکە ئەو دیوانەمان هەیە، ئەگەر پێشتریش لەسەر هەولێر بوو، ئێستا یەکی گرتۆتەوە ئەگەر فەرەزەن یەکیشی نەگرتبێتەوە بە عەمەلی وەکو ئێمە ئەزانین، بەڵام دەبوایە بە حوکمی ئەوەی ئێمە هێشتا دوو وەزارەتی مالیەمان هەیە یا ئەتوانم بڵێم وەزارەتەکەمان بە تەواوی یەکی نەگرتۆتەوە وەکو وەزارەتی دارایی دەبوایە دەبوایە ڕاپۆرتی دیوانی چاودێری دارایی سلێمانی وە هەولێر هەبوایە وە ئەو ڕاپۆرتەمان لەبەر دەست بوایە لەسەر شێوازەکانی

سەرف كردنی بودجە لە ساڵانی 2009 و 2010 بەرچاو رۆشنییەكی زیاتر لەبەردەم پەرلەماندا هەبوایە لەو بارەوە. حیسابی خیتامی 2010 راستە بەگوێرەی ستاندارتی عالەمی تۆ بۆ گفتوگۆكردنی بودجە 2011 گفتوگۆ لەسەر حسیاباتی خیتامی 2009 ئەكەین، بەڵام ئەمە بۆ وڵاتانێك كە بودجە لە تەوقیتی خۆیدا بێتە پەرلەمان، بەڵام لە كاتێكدا ئێمە لە نیوەی ساڵ بودجە دێت بودجەی ئەمساڵ لە نیوەی ساڵەكەیا گفتوگۆی لەسەر ئەكەین نەك لە مانگی 10 بەگوێرەی پەیڕەوی ناوخۆ، بۆیە حیساباتی خیتامی 2010 مەفروز وابوو لە مانگی چوارا لە پەرلەمانی كوردستاندا بوایە پێش گفتوگۆكردن لەسەر بودجە لە لیژنەی دارایی و لە لیژنەكانی تر بوایە، چونكە نیوەی 2010 هیچ بەرچاو رۆشنییەكمان پێنادا، خۆمان ئەزانین ئیمە پاش تەقریبەن لەو نزیكانە بودجەكەمان پەسند كرد، لە هەردوو راپۆرتدا وە بەتایبەتی راپۆرتی وەزارەتی دارایی كە مەفروز بوو تیایدا بوایە ئەو موهتەمە بەو قەزیەوە ئەو مەوزوعی شێوازی سەرف كردنی بودجە، بودجەی 2010 هێشتا قسەی لەسەر نەكراوە لە كوێ زیاد بوو، لە كوێ كەم بوو؟ پێویست ئەكات عەرەزەكە لە كوێ بوو؟ چۆن بوو؟ وە بەراستی مەوزوعی عەجزی ساڵی پاریش لەم راپۆرتە قسەی لەسەر نەكراوە چۆن ئەو عەجزە پڕ كرایەوە، حكومەتی عێراق پارەی دا كە مەفروز وابوو بۆ پێشمەرگە بە گوێرەی پڕۆژەكەی پار، ئەو عەجزە چۆن بوو، چۆن پڕ كرایەوە؟ هیچ قسەی لەسەر نەكراوە، ئایا پارەی مدەوەرمان هەبوو لە 2010 ئەو پارە مدەوەرە چەند بوو، چی لێهات، چۆن سەرفكرا؟ ئێستا خۆش بەختانە پێم وایە زۆربەی فراكسیۆنەكان لەسەر ئەوە كۆكن لەوەی كە بەشێك لە بودجەی تەشغیلی بكرێتە سەر بودجەی وەبەرهێنان و بەشێكی تر لەو شتانەی تر، لەو مەسەلانەی كە باوە باسكرێ لە سولفەی عەقار و سولفەی زەواج و بابڵێین مەسەلە كۆمەڵایەتییەكان، لە راستیدا ئەم مەسەلەیە ئەوە نیە كە ئێمە وابكەین كە تەنها بڕێك لە تەشغیلی ئەكەینە سەر وەبەرهێنان و ئەمە دەسكەوتێ بێ، نەخێر لە راستیدا لە تەشغیلی زیادە ڕەوییەكی بێ حەد كراوە، زیادە ڕەوییەك كە دەبێ ئیشی لەسەر بكەین و تێ بگەین هۆكارەكانی چیە وە قسەی لەسەر بكەین وە راپۆرتەكە دەبوایە بۆی روونبكردینایەوە و بۆچی ئەو زێدە رۆییە كراوە؟ ئێمە لە نێوان ساڵێكدا واتە ئێمە لە 2010 بۆ 2011دەروازەی مووچە لە چوار ترلیۆن و شەش سەد ملیارەوە بازی داوە بۆ شەش ترلیۆن و سەد و نەوەد ملیار، وەكو چاكردنەوە و ئەمانە تقریبەن لە لە هەشت سەد ملیارەوە تقریبەن بۆ یەك ترلیۆن و شەش سەد و نەوەد و نۆ ملیار بازیان داوە ئەمە لە راستیدا من پێم وایە ئەمە لە 80٪ی موبالەغەیە یەعنی تەبعەن من ئەگەر 10٪ یان 20٪ی مووچە زیاد ئەكا كارمەندی تر تەعین ئەبێ و كارمەندی تقاعدیمان هەیە، ئەمانە مەنتیقی تیایە، بەڵام بۆ وڵاتێكی وەكو كوردستان ئێمە بنیاتێكی زۆر لاوازمان هەیە، قوتابخانەكانمان پێویستی بە چاككردنەوە هەیە رۆژانە خەڵك ئەبێتە قوربانی یەعنی فلس بە فلسمان پێویستە، بۆیە ئەم زیادە رۆییە ئەم موبالەغە لە نەفەقاتی تەشغیلی بەتایبەتی لەم دوو بابە كە هاوكارانم باسی بابەكانی تریان زۆر كرد، بەڵام تەنیا لەم بابە بە دوو ترلیۆن دەبێتەوە، واتە ئێمە لە راستیدا ئەو پەڕی یەعنی با بڵێین كارەكانی حكومەتیش پەكی نەكەوێ و ئیشەكانیشی وەكو 2010 بكات ئێمە ئەتوانین دوو ترلیۆن لەو پارەیە بخەینە سەر بودجەی

وەبەرهێنان و بابەكانی تر كە هاوكارانم باسیان كرد وەكو ئەوەی باسم كرد مەوزوعی بواری پیشەسازی و بانكی كشتوكاڵی و ئەوانە، ئێمە هەر سەیری مەوزوعەكە بكەین ئێمە حكومەتی عێراق هاتووە بودجەی تەشغیلی لە كوردستاندا بە شەش ترلیۆن و هەشت سەد و بیست و پێنج ملیار تەخمینم كردووە بۆ وەبەرهێنانیش چوار ترلیۆن و سێ سەد و پەنجاو پێنج ملیار تەرخانم كردووە، كەچی لە كوردستاندا ئەو شەش ترلیۆنە زیاد ئەكرێ بۆ نۆ ترلیۆن، بەڵام ئەو چوار ترلیۆن و سێ سەد و پەنجاو پێنجە هی وەبەرهێنانەكە دا ئەبەزێنرێت بۆچوار ترلیۆن و سەد و پەنجا، واتە ئێمە لەبری ئەوەی ئەو زیادەیەی هاتۆتە سەر بودجەكەمان نزیك بە دوو ترلیۆنەكە بیخەینە سەر وەبەرهێنان ئێمە ئەڕۆین لە هی وەبەرهێنان كەم ئەكەینەوە و هی تەشغیلی لە شەش ترلیۆنەوە ئەیكەین بە نۆ ترلیۆن و من پێم وایە ئەمە هیچ مەنتقیەكی تێدا نیەو ئا ئەمە بەشێكە لەو موبالەغە زۆرە و لەو حەقلانە كە كراوە، داهاتی هەرێم لە یەكێك لە ئیشكالەتەكانی راپۆرتەكەدا هات دەرچووە كە داهات بەشێكی تری دیوێكی تری مەوزوعی بودجەیە، داهات و خەرجیات حكومەتی عێراق داهاتی هەرێمی بە پێنج ترلیۆن خەملاندووە بەڵام وەزارەتی بە سێ سەد و نەوەد و هەشت ملیار یەعنی پێنج ترلیۆن و نیو یەعنی پێنج ترلیۆن نزیك داهاتی كوردستان لێرە لە راپۆرتی لیژنەی دارایی لە راپۆرتی وەزارەتی دارایی قسەی لەسەر نەكردووە بەتایبەتی راپۆرتی وەزارەت دەبوایە قسەی لەسەر بكرایە.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس بەڕێز شۆڕش مەجید فەرموون:

**بەڕێز شۆڕش مجید حسین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سەرەڕای ئەوەی كە راپۆرتی لیژنەی دارایی بودجەی ساڵی 2011 لە ساڵی پار باشتر و گشتگیرترە و گرنگیەكی باشتریشی بە راپۆرتی لیژنەكان داوە، بەڵام ئەویش بەدەر نیە لە كەم و كورتی، لە تێبینی، ئەوە من ئەو تێبینییانەم لەسەر راپۆرتی لیژنەی دارایی هەیە؛ راپۆرتەكە كراوە بە چەند بەشێك لە بەشی یەكەمی راپۆرتەكە كە باس لە هێڵە گشتییەكانی بودجەی 2011 دەكات لەو بەشەیدا لیژنەی پەیوەندیدار پوختەی بەشە جیاجیاكانی بودجەیان شێ كردوتەوە و یاخود پوختەكەیان نووسیوە لەگەڵ رێژە و ژمارە و خاڵە بەرچاوەكان و، هەروەها ئەو ئیلتیزاماتانەی كە حكومەتی هەرێم خستۆتیە ئەستۆی خۆی لە جێبەجێ كردنی بودجەی 2011، بۆیە من هیچ تێبینییەكم لەسەر ئەوە بەس نیە وە لە بەشەكەی تر كە تایبەتە بە تێبینییەكانی لیژنە لەسەر كۆی پرۆژە بودجەی خەملێنراوی 2011 دا دوو تێبینییان هەیە من پشتگیری لە هەردوو تێبینییەكەیان دەكەم بەڵام كۆمەڵێ تێبینی تر هەیە كە دەبوایە لیژنە دەرجی بكردایە لە راپۆرتەكەی خۆیان و باسیان بكردایە باسیان نەكردووە لەوانە: هەر وەكو ئەوەی كاك د. بەشیر باسی كرد سەرچاوەی داهاتی بودجەی هەرێمی كوردستان ئەگەر لە 100٪یش نەبێ زۆرینەی ئەو داهاتەیە كە لە حكومەتی فیدراڵی بە دەست بهێنرێت، بەڵام بەپێی راپۆرتەكەی وەزارەتی دارایی خۆیان

دەڵێن حکومەتی عێراقی هیچ بەشدارییەکمان پێ ناکات لە دارشتنی سیاسیەتی دارایی لە حکومەتی فیدراڵیدا لە سیاسەتی نەختینە پرسیان پێ ناکات بەشدارییان نیە لە پێدانەوەی قەرز و نرخاندنی بەرمیلی نەوت و، کەواتە ئێمە لە سەرچاوەکەدا بێ بەشین لەوەی کە چۆن ئەو سەرچاوە داهاتە بەدەست بێ، هەر 17٪کەمان بۆ دێتەوە کە دەبوایە ئەمە وەکو تێبینییەك باس بکرایە وە حکومەتی هەرێمی کوردستان نوێنەری حکومەتی هەرێمی کوردستان وە هەروەها نوێنەرانی گەلی کوردستان لە ئەنجومەنی نوێنەران پابەند بکرێن یاخود ئاگادار بکرێنەوە لەوەی لەسەر ئەو پرسە جدیانە تر بچنە پێش بۆ ئەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەشداربێ لەو پرسە گرنگانە کە پەیوەندی بە سەرچاوەی سەرەکی داهاتی هەرێمی کوردستانەوە هەیە.تێبینی دووەم مەسەلەی ناردنی درەنگ وەختی بودجە لە لایەن حکومەتەوە بۆ پەرلەمانی کوردستان ئێمە لە پەرلەمانی کوردستان خۆمان پابەندی ماددەی حەفتا و نۆی پەیڕەوی ناوخۆی کردووە کە دەبێ لە سەرەتای تەشرینی یەکەم و لە کۆتایی دا بودجەکە بێت ئەمە دوو ساڵە ڕەنگە ساڵانی پێشتریش وا بووبێ حکومەت نەیتوانیوە پابەندی ئەو بڕیارە بێ یاخود ئەو خاڵەی پەیڕەوی ناوخۆ و ئیلیتزامی کردوون ئەوەشیان دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە ئێمە ناتوانین بودجەی خۆمان پەسند بکەین تا بودجەی گشتی حکومەتی فیدراڵ پەسند نەکرێ، باشە ئێمە بۆ خۆمان پابەندی ئەو بڕیاری خۆمان بکەین بۆ کاتێکی ئەگەر ئیشکالی دارایی لەگەڵ حکومەتی فیدراڵا دروست نەکات، ئێمە ئەتوانین ئەو ماددەیە هەموار بکەین و ماددەیکی تریان بۆ دیاری بکەین بە ڕێك و پێکی بودجەکە بنێرن و تووشی ئەو پەلە پروزەیە نەبن، ئێمە ئەوە مانگی پێنجە هێشتان بودجەمان پەسند نەکردووە، داواشیان لێ دەکەین حیسابی شەش مانگی یەکەممان بۆ بنێرن لەکاتی خۆیدا و هەروەها حیساباتی کۆتایش کە ئەوەشیان باسیان لەوەش کردووە کە پێم وابوو دەبوایە باسیان بکردایە وەکو تێبینی، خاڵێکی تر پێم وایە دەبوایە لە تێبینییەکانی لیژنەی پەیوەندیدار باسیان بکردایە مەسەلەی بودجەی پەرەپێدانی پارێزگاکان کە هاتۆتە ناو بودجەی گشتی هەرێمی کوردستان کە هیچ پەیوەندییەکی پێوە نیە، بەڵکو ئەوەش ئیشەکانیان رادەگرین و سەرچاوەی داهاتەکانیشیان جیایە، خاڵێکی تر پێم وایە دەبوایە لە لیژنەی ناوبراو هەڵسەنگاندنێکی زانستی و عەمەلی بوجەی بکردایە، کە ئاخۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان بەو بودجەیە بەو بڕە پارەیەی کە لەبەر دەستی دادەنرێت هەرێمی کوردستان لە رووی ئابووریەوە بەرەو کوێ دەبات لە رووی پیشەسازییەوە، لە رووی کشتوکاڵەوە تا چ حەدێك دەتوانێ ئەو بەرنامەیەی پێ جێبەجێ بکات، تا چەند دەورو تەئسیری دەبێ رووی کەم کردنەوەی رادەی بێکاری تا چەند تەئسیری دەبێ لە رووی کەم کردنەوەی ئاستی بژێوی و هەژاری لە هەرێمی کوردستان لە رووی پیشەسازی و کشتوکاڵ و تەندروستی بەرە و کوێمان دەبات بەوەی ئەو هەڵساندنە بەرەو کوێمان دەبات، تێبینی پێنجەمم مەسەلەی داهاتی پارەی ناو هەرێمی کوردستانە بە تایبەتی داهاتی نەوت گەورەترین قسەی لەسەر بکرێ و زۆرترین گلەیی لەسەرە، حساباتی بانقێك بۆ وەزارەتی دارایی کرا یا ساڵی پار بوو یا ماوەیەك لەمەو پێش بوو ئەو حیساباتە لە داهاتی ئەو نەوتە بەناوی بودجەی تەواوکاری پەرەپێدانی پارێزگاکان دوو سەد ملیارمان لێ پەسند کرد بۆ ئەوەی

حکومەت هەزار خانووی بۆ ماڵە شەهیدەکان پێ دروست بکات، ئایا لەو کاتەوە تاکو ئێستا ئەو پارەیە یاخود ئەو حیسابە بانقیەی وەزارەتی دارایی هیچی تری نەهاتۆتە سەر بۆ ئەوەی جارێکی تر بێتەوە بەردەم پەرلەمان و لە پڕۆژەیەکی خزمەتگوزاری یاخود بۆ خزمەت کردنی چین و توێژێکی تر بەکاری بهێنینەوە ئەوشیان باسی نەکراوە، لە برگەیەکی تری یاخود بەشێکی تری راپۆرتەکەیان باس لە پێشنیازەکانیان دەکات پێم وایە پێشنیازەکانیان لەگەڵ کۆمەڵە تێبینییەك پێم وایە تێکەڵاوییەك هەیە لە بەینی پێشنیاز و تێبینی لە برگەی پێشوو باس لە تێبینیەکان دەکات و لە پێشنیازەکان باس لە تێبینییەکان دەکات، من پشتگیری لە هەموو پێشنیازەکانیان دەکەم کە پێشنیازی زۆر زۆر باشن بۆ پوخت کردن و برەوپێدانە بە بواری ئابووری لە کوردستان و وە سیاسەتی داراییە هەروەها پرسیارەکانیش پشتگیری لە پرسیارەکانیشیان دەکەم وە پێشنیاز دەکەم لە بابی پێشنیازەکانی لیژنەی دارایی و هەموو ئەو پێشنیازانەی خوشك و برایانی پەرلەمانتار لێرە خستیانە روو وە بەتایبەتیش من پشتگیری لەو پێشنیازە دەکەم کە خوشکی بەڕێزم سۆزان خان لەسەر کەم کردنەوەی 10٪ی بودجەی تەشغیلی وە خستنە گەڕ و لە خزمەت چەند سێکتەرێکی تر کە پێم وایە کاری باشە و وە خزمەت بە چین و توێژێکی بەر فراوانی ناو کۆمەڵگاکەمان دەکات.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز شلێر محی الدین:

**بەڕێز شلێر محی الدین صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە پێشا دەمەوێت دەست خۆشی لە لیژنەی دارایی بکەم بۆ ئەو هەوڵ و ماندوو بوونەیان کە ئەو راپۆرتە رێك و پێکەیان ئامادە کردووە، هەروەها پشتگیری لە هەموو خاڵەکانی کە لە راپۆرتی لیستی کوردستانیدا هاتبوو لەلایەن سۆزان خانەوە خوێندرایەوە لە هەموو خاڵەکانی پشتگیری تەواو دەکەم، لە راپۆرتی لیژنەی دارایی دەربارەی تەئکید لەوە دەکەمەوە کە بە هیچ شێوەیەك موناقەلە نەکرێت لە بودجەی وەبەرهێنان و بودجەی وەگەڕخستن وە زیاتری بودجەکە بۆ پڕۆژەکانی خزمەتگوزاری بێت، پشتگیری لەو رایەش دەکەم کەوا هەندەك پڕۆژە راستی گرنگی زۆر نیە وە پارەیەکی زۆری بۆ تەرخان کراوە دەبێ پڕۆژەکان ئەو پڕۆژانەی زیاتر لە خزمەت بواری ئابووری و کۆمەڵایەتی کوردستان بێت گرنگی بەوانە بدرێت بۆ نموونە پڕۆژەی چیای مەتین کە 30 ملیار دیناری بۆ تەرخان کراوە، باشتر وایە باشترین بودجە بۆ بواری تەندروستی و پەروەردە دابین بکرێت چونکە ئەو دوو بوارە زۆر گرنگن بەراستی لە باتی ئەوە نەخۆشخانە دروست بکرێت باشترە، نەخۆشخانە لە شاری دهۆك زۆر زۆر پێویستە، هەروەها هەندەك نەخۆشخانەی زۆر هەیە لە هەولێر وەکو فێرکاری، نەخۆشخانەی فێرکاری هەولێر کە زۆر زۆر کۆنە پێویستی بە نۆژەن کردنەوە هەیە و یان نەخۆشخانەی تر لە جیاتی وی بکرێتە نەخۆشخانەی فریاکەوتن، زۆر زۆر لە رووی بینایەوە لە رووی کەم و کورتی لە کەرەستە و کەل و پەل و ئامێرەوە کە ژیانی نەخۆش

له چرکه و خولەك لەسەری وەستاوە زۆر زۆر کەم و کوڕی هەیە، پێویست بوو بودجەیەکی باشی بۆ دابین بکرێت، پشتگیری لەوە دەکەم کە یەکەی نیشتەجێ بوون بۆ کەسانی کەم دەرامەت بێ، چونکە تاکو ئێستا بەراستی ئەوانەی زیاتر لۆ خزمەتی کەسانی دەوڵەمەند سوودیان لێ وەرگرتووە هەندەك تێبینیم هەیە لەسەر پشتگیری ئەو خاڵانە دەکەم کە لە راپۆرتی لیژنەی خۆمان لیژنەی پەروەردەو خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی داهاتووە، پرۆژەی بووژاندنەوەی توانا مرۆییەکان کە چوار بوار دەگرێتەوە زماڵە و نێردە و توێژینەوە و خولی مەشق و راهێنان زۆر پێویستە کە هاوسەنگییەك هەبێ لە بەینی پەروەردە و خوێندنی باڵا، پشتگیری لەوە دەکەم، بەڵام دیسان لە ناو وەزارەتەکانیش عەدالەت بەکاربێ زیاتر لە خزمەتی پرۆسەکە بێ نەك تەنها بۆ ناردن بێ، لە مەشق و راهێنان بەعزە بوار هەیە لە کوردستان زۆر زۆر پێویستە هەر نیە وەك راهێنانی مامۆستای پەروەردەی تایبەت بە دەرەوەی وولات بۆ فێرکردنی منداڵانی خاوەن پێداویستی تایبەت هەر یەکە و بەپێی گرفتی خۆی، مەشق و راهێنان بۆ مامۆستا و قوتابیانی بۆ بەهرەداران مەبەستم بەهرەداران روونبینە لە کوردستان ئەو چینە هەنە بەڵام ئەو چینە کەش و هەوایەکی وایان بۆ دابین نەکراوە کە پەرە بە توانا و بەهرەکانیان بدرێ و سودیان لێ وەربگیرێن مەشق کردنی توێژەری کۆمەڵایەتی و پەروەردەیی دەبێ ئەوەش پەرەی پێ بدرێ و بگونجێ لەگەڵ سیستەمی نوێ، راهێنانی بەڕێوەبەری قوتابخانەکان کە تاکو ئێستا باوەر ناکەم هیچ بەڕێوەبەرێك لە بواری بەڕێوەبردنی قوتابخانە خول و مەشقی دیتبێت لەوانەیە بەژدارییان لە هەندێ خول و مەشق کردبێ لە دەرەوەی وولات بەڵام لە بواری تر نەك لە بواری خۆیان، بەڕێوەبەری بەشەکانی تر وەك وەزارەت لە نێو بەڕێوەبەرایەتییە گشتییەکان زۆر بێ بەشن لە ناردن بۆ دەرەوەی وولات بۆ مەشق و راهێنان تەنها بوار بۆ بەڕێوەبەرە گشتییەکان دەرەخسێت کە ئەویش ئەو زانیارییانە وەردەگرن بە راستەوخۆیی و بە تەواوی ناگاتە خوارەوە، پشتگیری لەو خاڵە دەکەم تەرخان کردنی سەد و بیست ملیار دینار بۆ بەردەوام بوونی پرۆژەی هەڵمەتی نیشتمانیی بەراستی حکومەت هەنگای باشی هاویشتووە لە دروست کردنی قوتابخانە بەڵام لە لیژنەی پەروەردە پێشنیار کراوە کە قوتابخانەی چوار پۆلی نەبێ ئەمن پێشنیار دەکەم شەش پۆلیش نەبێ چونگە شەش پۆلی ناگونجێ لەگەڵ سیستەمی بنەڕەتی ئێستا شەش پۆل دروست دەکرێت دوایی پۆلی حەوت و هەشت و نۆ دێتە کایەوە شوێنیان نابێ دەوام بکەن کێشە دروست دەبێ ئەگەر دیار نەبێ ئەگەر دروستیش بکرێت دیزاینەکەی بەو شێوەیە بێ کە بتوانرێ فراوان بکرێ لە دوا رۆژ، ئەو پلەی وەزیفی کە شەش هەزار پێشنیار کراوە بکرێت بە حەفت هەزار وەك وەزارەتی پەروەردە دەرچووانی کۆمەڵناسی و فەلسەفە دەروونناسی زۆر زۆر پێویستە هەروەها من ئیزافەی چاودێری خاوەن پێداویستی تایبەت دەکات کە لە خەرجینی شەشی ئامادەیی زۆر پێویستە بۆ بەرنامەکە، لە بواری دەربارەی خاوەن پێداویستی تایبەتەکان بەراستی بەرێزان خاوەن پێداویستی تایبەت واقیعێکە ئەوانە هەن و مرۆڤن و هەموو مافێکیان هەیە لەوانە مافی خوێندن لە ناو قوتابخانەی ئاسایی کە ئەویش لە ئەستۆی وەزارەتی پەروەردەیە پێویستە زۆر تەرخان کردنی بڕێك پارە بکرێت وەك هەندێ پێداویستی بە پێی

ڕێنمایی وەزارەتی دارایی کە لە هیچ بابەتێکی سەرف ناکرێت چونکە وەزارەتی دارایی بەپێی ڕێنماییەکان جەدوەلێك هەیە بابەتەکان دیار کراوە ئەو بابەتانەی تێدانیە دایمەن کێشە دروست دەبێ لەسەرف کردنیان وەکو عەرەبانە و ڕەحلەی تایبەت و زۆر شتی دی هەی کە تایبەتە بەوان، هەروەها خولی مەشقی مامۆستایانی پەروەردەی تایبەت لەبەر ئەوەی ئەو پسپۆڕە لە کوردستان نیە پسپۆڕی بیانی دەهێنین پسپۆڕی بیانیش بە زمانی ئینگلیزی دەرس دەڵێتەوە و پێویستی بە وەرگێڕ هەیە پێویستی بە مترجم هەیە ئەو مترجمە هەموو جارێك کێشە دروست دەبێ پارەی بۆ سەرف ناکرێت چونکە لە ناو ڕێنمایی وەزارەتی مالیە پڕۆژەی ڕاهێنانی مامۆستا ئەوە نیە بەپێی ڕێنمایی وەزارەتی دارایی هیچ نیە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز سیوەیل عوسمان أحمد محمد:

**بەڕێز سیوەیل عثمان أحمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەرەتا دەست خۆشی لە لیژنەی دارایی دەکەم هەروەها دەستخۆشی لە هەموو لیژنەکان دەکەم کە چەند سەرنج و تێبینی و کەم و کورتییان خستیتە بەرچاو کە دەکا راوبۆچوونی هەموو ئەندامانی بەڕێز، ئەندامانی پەرلەمان، بەڵام چەند خاڵێك هەیە دەربارەی بودجەی ئەمساڵ و ڕاپۆرتەکە، خاڵی یەکەم باس لەوەی دەکەین دەبوایە حساباتی خیتمانی لەبەر دەستمان با پێشتر دەمانتوانی زیاتر موناقەشەی بودجەی بکەین، لەوانەیە هەندەك جار ڕەخنەی دەگرین جەند خاڵەك ڕەخنەی لە بودجە کەی دەگرین، ئەگەر ئەو حساباتانەمان لەلا با لەوانەیە ڕەخنەکانمان کەمتر با بمانتوانیبا باشتر بیخەینە ڕوو، خاڵی دووەممان ئەوەیە کە پێویستە بودجەی پەرەپێدانی پارێزگاکان جیا بکراباوە لە بودجەی گشتی بودجەی پەرەپێدانی پارێزگاکان کەخۆی بەپێی ژمارەی دانیشتووانی پارێزگاکانە ئەگەر لە بودجەی گشتی ئەو سیستەمە لە ناوەندیش پەیڕەودەکرێت لە سیستەمی لامەرکەزی لە هەمان کاتدا ئەگەر لە دارشتنی بودجەدا هەست دەکەین حکومەت وەکو وەزارەتەکان، حکومەت وەکو پارێزگاکان تەنسیق لە بەینیان دانیە، ئەگەر تەنسیق لە بەینی وەزارەتەکان و پارێزگاکاندا هەبا ئەو پڕۆژانەی کە لە بودجەی بەرهەمهێنان عەفو وەبەرهێنان هاتیە دووبارە نەدەبۆوە زۆریان ئێستا دووبارە بوویتەوە، لەبەر ئەوەی نە وەزارەت ئاگای لە پارێزگایە، نە پارێزگا ئاگای لە وەزارەتە، خۆزگە وانەبا، بە نیسبەت حکومەتی هەرێم داوای حەڤدە ترلیۆنی کردبوو کەچی سێزدە ترلیۆنی گەڕایتەوە وەك هاوکارم کاك دڵشاد شەهاب باسی کرد، ئەگەر داوای حەڤدە ترلیۆنی کردبێ پلانی لەبۆ حەڤدە ترلیۆن داناوە چ بە پڕۆژە بێ چ بە بودجەی تەشغیلی بێ، بەڵام چوار ترلیۆنی لێ کەم کرایتەوە ئیستا سێزدە ترلیۆنە لەو سێزدە ترلیۆنەش داوا دەکەین لە بودجەی تەشغیلی هەندەك کەم بکرێتەوە بخرێتە سەر سولفەی عەقار و سولفەی زەواج و ئەوانە ئەو وەزارەتانە داوای زۆر پڕۆژەیان کردیە ئەو پڕۆژانەی وەزارەتیش وەزارەتی دارایی و وەزارەتی پلاندانان هەست دەکەین بەپێی ئەولەویاتی وەزارەتەکان پڕۆژەکانیان دانەنایە، چونکە کە لە گەڵ وەزارەتەکان دادەنیشین، کۆبوونەوە دەکەین لە

ئەنجامدا ئەوان دەڵێن ئێمە ئەولەویەتمان بەو پڕۆژەی دایە، بەڵام لە وەزارەتی پلاندانان بە کەیفی خۆیان ئەو پڕۆژانەیان جێبەجێ کردیە و دایاننایە، بەنسبەت مووچەی پۆلیس و پێشمەرگە و ئاسایش و زیندانی سیاسی و ئێ دەزانین زیندانی سیاسی مینحەیە ئەگەر هاوتا بکرێت وەکو ئەوانەی بەغدایێ، زۆر باشە، بە نسبەت لە هەمان کاتدا دەرماڵە، دەرماڵەی توێژەری کۆمەڵایەتی لە کوردستاندا بە هەمووی دوو سەد و شێست و پێنج باحسمان هەیە، باحسی أجتماعی دەرماڵەیان زۆر کەمە، ئێمە سەردانی چەند جێمان کردیە و چاودێری کۆمەڵایەتی و چاکسازییەکان ئەمانە داوای چاککردنی دەرماڵەیان کردیە هەم دەرماڵەیان کەمە و موچەکانیشیان کەمە، بە نسبەت سولفەی عەقار، باسی ناکەم، سولفەی عەقار لەگەڵ سولفەی زەواج باسی ناکەم، ئەگەر باسیشی بکەم زۆربەی ئەندامە بەڕێزەکان باسیان کرد ئەو کاتی بڕینی پارەکەش لە بودجەی تەشغیلی باسی ناکەین بڕەکەی لە بەر ئەوەی ئەوکاتی ئەندامانی بەڕێز کە دەنگیان لەسەر دا ڕێژەیەکی هەر دەڕوا. بەس لە عەقار یەك پێشنیارمان هەیە ئەگەر سەد مەتری بگرتەوە سولفەی عەقار سەد مەتری بگرتەوە، چونکە زۆربەی زۆری قەزاکان زەوییان سەد مەترییە، ئەگەر بیان گرتەوە زۆر باشە، بە نیسبەت کێشەی تاپۆمان هەیە کێشەی تاپۆ لە وەزارەتی شارەوانی لیژنەیەکیان دانایە ئەگەر بکرێ بڕە پارەکیان بۆ تەرخان بکرێ بۆ ئەوەی ئەو کێشەی تاپۆی لە هەمموو شار و شارۆچکەکانی کوردستان کە لە ساڵانی چلەکان و شەستەکان و پەنجایەکانیش ئەو کێشەیان هەیە بەشکو لۆیان چارەسەر دەکرێت، چونکی زۆر جێ هەیە سولفەی عەقاری نایگرتەوە و لە شارەوانی دەڵێ تاپۆم دەوێ، تەسویەم دەوێ، سەنەدم دەوێ، ئەوانەیان نیە، بە نیسبەت خاڵەکی دیمان هەیە سندوقی پاڵپشتی گەنجان، زۆر باشە پشتیوانی لێ دەکەین، بە نیسبەت ئەزمەی سەکەن باسی دەکەین ئەو کۆمپانیایانەی، ئەو ستییانە، هیچ ستی ناوەك نەمایە ناوی لێ نەنێن ستی زیلانی و شەقڵاوە و هاموون و نازانم ستی گەلەك زۆرە، بەڵام خەڵکی فەقیر سوودی لێ وەرناگریت، لەبەر ئەوەی گرانە، پێنج دەفتەری و شەش دەفتەری و سێزدە دەفتەری ناتوانێ بیکات ئەگەر حکومەت بیداتە کۆمپانیا بە موباشر بۆخۆیان چەند خانیەك و شوقیەکیان بۆ دروست بکرێت مقەدیمەشیان لێ وەرنەگرێتن بتوانێ مانگانە بڕە پارەکیان لێ وەرگری، ئەنجا چ مۆزەف بوو، چ هاووڵاتی بوو، ئەوجا وابزانم ئەزمەی سەکەن کەم دەکاتەوە. بێینە سەر داهات، داهاتی وەزارەتی دارایی کە باسی کردیە زۆر کەمە لە چاو ئەو داهاتەی کە هەرێمی کوردستان هەیەتی، ئەوە نەفت پێویست ناکات باسی لێوە بکەین کە چ داهاتەکی هەیە، بەنسبەت وەزارەتی ناوخۆمان هەیە وەزارەتی ناوخۆ چەندەها جۆرە داهاتی هەیە یەك لەوانە هەمموو ساڵێ چەند سەیارە لە کوردستان هەیە دەبی ئەوەندە سەیارە بچتە فەحس وابێ واتە لەبۆ هەزەی دادەنێن هەزەی سەیارەی خۆم پار چووم، لۆیە لێی دەزانم هەزەی سەیارە پارەکی گەلەك زۆرە، نازانم لە کوردستان پێنج سەد هەزار شەش سەد هەزار، حەفت سەد هەزار سەیارە هەیە، ئەوە هەمموو باجی لێوەر دەگیرێت و پارەی لێوەردەگیرێت با ئەوساڵیش ناردیتم.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس؛ بەڕێز د. رفیق صابر فەرموو.

**بەڕێز د.رفیق صابر قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشەکی دەست خۆشی لە لیژنەی دارایی و لیژنەکانی تری پەرلەمان دەکەم بۆ ئەو راپۆرتە تێر و تەسەلانەیان، راستیەکەی راپۆرتی لیژنەکان و راپۆرتی لیژنەی دارایی و راپۆرتی بەڕێز وەزیری دارایی یەك شتیان لای من چەسپاند ئەویش ئەوەیە یەك پرسیاریان لای من دروست کرد ئەویش ئەوەیە: ئایا بەراستی ئێمە لە هەرێمی کوردستان ئێمە سیاسەتێکی دارایی عەقلانیمان هەیە؟ ئایا بە راستی ژیانی ئابووری ئێمە بە شێوەیەکی خۆڕسکانە بەڕێوە ئەچێ یان بەپێی پلانێکی عەقلانی و تۆکمە کە دامەزراندن و پتەوکردنی ژێرخانی ئابووری هەرێمی کوردستان بکاتە ئامانجی خۆی؟ دواجار ئەو پرسیارەی لا دروست کردم ئایا ئەم بودجەیە چ ئامانجێکی هەیە؟ ئایا تەنیا ئامانج ئەوەیە کە کۆمەڵێك پارە هاتۆتە دەست و ئەو پارەیە بە هەر شێوەیەك بە شێوەیەکی خۆڕسکانە بە پەلە پەل دابەش بکرێت و ئەم کون و ئەو کونی پێ بگیرێت یان بۆ ئەوەیە کە ژیانی ئابووری ئێمە هەنگاوێك بەرەو پێشەوە بەرێت لە بواری ژێرخانی ئابووریدا؟ ئێمە بۆ نموونە لە بواری کشتوکاڵ و پیشەسازیدا دەتوانین چ بنەمایەك بۆ ژیانی ئابووری داتەپیوی کوردستان و ئاوەدانکردنەوەی کوردستان و پێش خستنی کوردستان و کشتوکاڵ و پیشەسازی دابنێین لەکاتێکدا تەنیا لە 4٪ لە بودجە بۆ کشتوکاڵ دانراوە ئەگەر پیشەسازیشی بخەینە سەر کە لە 1٪ کەمترە بە پۆینت پەنجا و نۆ با بڵێین ئایا لە بواری تەندروستی و دەتوانێ چ گۆڕانێك لە سیستەمی تەندروستیدا دروست بکات من دەتوانم ئیدعا بکەم ناعادیلانەترین، فاشل ترین سیستەمی تەندروستی لە جیهاندا لە کوردستاندا هەیە وە من زۆر بەداخەوە دەڵێم کە زۆرینەی خەستەخانەکانمان تەنانەت عیادەی دکتۆرەکانیشمان شایەنی ئەوە نین مرۆڤی کە تیادا چارەسەر بکرێت بە تایبەتی مرۆڤی ناساغ و دەردەدار و لەش بەبار، لە بەرامبەر ئەوەدا ئایا دروستە کە 21٪ بودجەی هەرێمی کوردستان بۆ هێزە چەکدارییەکان، وەزارەتی پێشمەرگە وەزارەتی ناوخۆ وە هێزی ئاسایش بڕوات؟ ئایا دروستە ئێمە لە کۆی شەش سەد و پەنجا هەزار و هەشت سەد و چل و نۆ فەرمانبەر دوو سەد و شەست و یەك هەزار و شەست و پێنج فەرمانبەرمان واتە 41٪ی فەرمانبەرانی حکومەت هێزی چەکدار بن , من زۆر بە زەحمەتی دەبینم کە بتوانیین باوەڕ بەو ژمارەیە بکەم، لەبەر ئەوەی نە لەبەر ئەوەی پێشتر وەك جەنابی وەزیر دەزانێ هەندێ شوێن یاری بەو ژمارەنەوە کراوە و شتی وەهمی لێ زیاد کراوە، بەڵکو لەبەر ئەوەی ناتوانم تەسەوری ئەوە بکەم کە هەر پانزە کەسێك لە هەرێمی کوردستان کەسێکی سەر بە هێزی چەکدار بێ و مووچەی هێزی چەکداری وەربگرێ ئەمە لە پانزە کەس یەکێك کە لە منداڵێکی یەك ساڵیش و یەك رۆژیش کەوا حیساب بکەین تا پیرێکی نەوەد ساڵ ئەمە هەمووی لە کاتێکدایە کە سنووری ئێمە ئەگەر یەك پێشمەرگەشمان نەبێت پارێزراوە نەبووە کە پێشمەرگەی خۆمان هەبووە، بەڵکو لەبەر ئەوەی زروفێکی نێودەوڵەتییەوە هیوادارم بە هەڵە لە من نەگەن من مەبەستم ئەوە نیە کە هێزی پێشمەرگەمان نەبێت، مەبەستم ئەوەیە نە رۆڵی ئەوان، رۆڵی پۆلیس، رۆڵی ئاسایش بە کەم بگرم، بەلام من پێم وایە

ئەمە بەهەدەر دانی ئابووری و سامانی وڵات نیە، ئەمە بە هەدەر دانی سامانی بەشەری و سامانی وولأتەکەشە، یابان لە شەری دووەمی جیهان دوو قومبەلەی ئەتۆمی بەرکەوتوو وولأتەکەی کۆمپلیت وێران کراو دەستیان کرد بە بیناکردنەوەی وڵات و بەرپرسان لە خۆیان پرسی چیمان هەیە تاکو ئەو وولأتەی پێ ئاوەدان بکەینەوە؟ وەڵامەکە ئەوەبوو کە ئێمە هێزێکی بەشەریمان هەیە، ئینسان مان هەیە وڵاتی پێ ئاوەدان بکەینەوە، ئێمە ئایا مافی ئەوەمان هەیە دوو سەد و شەست و یەك هەزار کەس بخەینە شوێنێکەوە، سکتەرێکی عەسکەرییەوە لە کاتێکدا دەتوانرێت وزەو توانای داهێنەرانەی ئەوان لە بواری بەرهەمهێنان و لە بواری خوێندن، لە بواری تر دابنرێت، ئەوەی کە سەرنج ڕادەکێشێ ئەوەیە لەبەرامبەر ئەو پارە کەمەی کە بۆ ئەو سێکتەرە گرنگانەی وەکو ئابووری و وەکو کشتوکاڵ و پیشەسازی و شوێنی تر دانراوە، کەچی دەست بڵاوییەکی بێ سنوور هەیە لە خەرجی حکومەت دا، بۆ نموونە لە 12٪ی بودجەی تەشغیلی هەرێمی کوردستان (12.19)ی بۆ کڕینی شتوومەك و چاککردن دانراوە، ئایا حکومەتی هەرێمی کوردستان پێویستی بەم هەموو پارە هەیە؟ بە بەرچاوی ئێمەوە دەبینرێ ئوتومبێلی ئاخیر مۆدێل و گرانبەها، بە (80) هەزار و (90) هەزار، (70)هەزار دۆلار، بە دەرزەن دەکرێ بە بێ ئەوەی پێویست بە ئەوە هەبێ، چۆن دەکرێ ئێمە قبووڵ بکەین (12٪)ی بودجەی تەشغیلی ئەم وڵاتە بۆ ئەوە بێ حکومەت کەل و پەلی پێ بکرێ بۆ دائیرەکان؟ بێجگە لەوەش (17٪)شی بۆ باربوو و بەخشین کە شوێنێکی شیاوترین شوێنە بۆ ونبوونی بودجە و بە هەڵم کردنی بودجە، لەوێ دا (17.57٪) بۆ ئەم بوارە تەرخان کراوە، من داوا دەکەم (50٪) لە هەردوو بوارەکە کەم بکرێتەوە، چونکە بەڕاستی ئەوە بە هەدەردانە، بخرێتە سەر کەرتی وەبەرهێنان، بێجگە لەوە بڕی لە (2.58٪)ی بودجەی هەرێمی کوردستان بۆ نەفەقاتی سیادی تەرخان کراوە، سەرۆکایەتی هەرێم، پەرلەمان، سەرۆکایەتی ئەنجومەن، ئەوە پارەیەکی یەکجار زۆرە، ئەگەر حیساب بکەین ئێمە لە هەرێمی کوردستان نەفەقاتی سیادی بەغداشمان هاتۆتە ئەستۆ، لەوێش پارەمان لێ بڕاوە، بۆیە من داوا دەکەم کە ئەوەش بە ڕێژەیەکی بەلای کەم لە (10٪) کەم بکرێتەوە، ئەوەی کە سەرنج ڕادەکێشێ ئەوەیە کە ناعەدالەتی هەیە لە دابەش کردنی پرۆژەکان، هەر وەك لە ڕاپۆرتەکان دا هەیە، پرسیاری من ئەوەیە ئایا ئەو پرۆژانە چۆن دانراون؟ ئایا وەزارەتی پلان دانان چۆن بە پێی چ ئەساسێك ئەو پرۆژانەی داناوە؟ ئێمە هیوادارم.....

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێز شێروان ناصح ، کەرەمکە.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، سەرەتا من دەستخۆشی لە لێژنەی دارایی دەکەم بۆ ئەو ڕاپۆرتە موتەوازیعەی کە تەقدیمیان کردووە، کە توانیویانە زۆربەی زۆری مولاحەزاتی لیجان وەربگرن، لە زیمنی ئەو لجنانەش، لجنەی قانونی، ئەگەر بێینە سەر بودجە، بەڕێزان بودجە لە هەموو وڵاتان جانیبی ئیجابی

تێدایه، جانیبی سیلبی تێدایه، جانیبه ئیجابییەکه لە بودجەی هەرێمی کوردستان بایەخێکی زۆر باش دراوه بە کەرتی نیشتەجێ بوون، بایەخێکی زۆر دراوه بە کەرتی کارەبا، بایەخێکی زۆر دراوه بە مەسەلەی تواناسازی، بایەخێکی زۆر بە بوارەکانی تریش دراوه، ئەوه ناحیه ئیجابیەکەیه، پێویست ناکات ئێمه بچینه ناوەڕۆکەکەی، ئەوه تەمسیلی سیاسیەت و ئەولەویاتی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکات لەم بودجەیەدا، ڕاسته بودجه کەم و کوڕی تێدایه، ڕاسته بودجه نوقصانی تێدایه، ڕاسته بودجه هەندێك گیروگرفتی تێدایه، بەڵام لە بەرامبەریش دا چ ئەندامی پەرلەمان، چ پەرلەمان بە شێوەیەکی گشتی، چ لوجانی پەرلەمان بەرپرسن لە پڕکردنەوەی ئەو نوقصانیانه، لە چارەسەرکردنی ئەو گرفتانه، لە چارەسەرکردنی ئەم کێشانه، بۆیه پێویسته بە هەموو لایەکمان هەوڵ بدەین بودجەیەکی وا پەسند بکەین لە خزمەتی گەلی کوردستان بێ، چونکه بودجه تایبەتمەندی خۆی هەیه، بڕبڕەی پشتی ئابووری هەر وڵاتێکه، زۆر قسه لەسەر پێشنیارەکان کرا، تەنها ئەوەندەم بۆ دەمێنێتەوه کەوا من تەئکید لەسەر ئەو پێشنیارانه بکەم، یەکەم/ بە نیسبەت پێشینەی هاوسەرگیری پشتگیری لەو پێشنیاره دەکەم، داواش لە بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان دەکەم کە لە کاتی موناقەشه کردن دەنگ بۆ ئەو بڕگەیه بدەن، چونکه ئێمه بەڵێنمان دا لە کاتی پەسندکردنی پێشینەی هاوسەرگیری، کە ئەو مەسەلەیه لە بودجه یەکلایی بکەینەوه، کە دەبێته مایەی ئەوەی کە بەشێك لە قەیرانی هاوسەرگیری لە کۆمەڵگای ئێمه دا کەم بکاتەوه، ڕێژەکەش ڕێژەیەکی زۆر باشه، پێشتر یەك ملیۆن بوو، ئێستا بۆته پێنج ملیۆن، واتا بۆته لە (400٪)، خاڵی دووەم/ مەسەلەی سولفەی عەقاره کە تەئکیدی لەسەر دەکەینەوه، لەگەڵ ئەوەم کە لە (15) ملیۆن ببێته (20) ملیۆن، ئەوەش بەڕاستی دەبێته هاندەرێك بۆ ئەوەی بتوانین بەشێك لە قەیرانی نیشتەجێ بوون لە هەرێمی کوردستان چارەسەر بکەین، کە ئەویش زیاتر چینی فەقیر و هەژار و کەم دەرامەت دەگرێتەوه، خاڵی سێیەم/ لە مولاحەزاتم ئەوەیه، بەڕێزان مەسەلەی مووچەی فەرمانبەران لە هەرێمی کوردستان، مووچەکه بەڕاستی لە هەندێ شوێن ناعەدالەتی تێدایه، بۆیه پێویسته هاوسەنگی نێوان مووچەی فەرمانبەرانی هەرێمی کوردستان لەگەڵ فەرمانبەرانی عیراق بکرێ، هەرچەندە پار ساڵ ئێمه لە بودجه دەستنیشانمان کرد، بەڵام پێویسته بۆ ئەم پرسیاره ئەمڕۆ وەڵام هەبێت، دوو/ مەسەلەی مووچەی هێزەکانی ئاسایش زۆر زەرووریه کە هاوسەنگی هەبێ نێوان ئەو مووچانه و ئەو مووچانەی لە بەغدا وەردەگیرێت، چونکه ئەوەش بەشێك لەو ناعەدالەتی یە چارەسەر دەکات، بەینی هەرێمی کوردستان و بەینی عیراق لەلایەك، بەینی خودی هەرێمی کوردستان لە ناو چین و توێژەکان دا، مەسەلەی موخەصەصات بەڕێزان یەکێکه لەو خەلەلانەی کە لە وڵاتی ئێمه دا هەیه، موخەصەصات لە هەندێ جار، لە هەندێ دەوائیر دوو، سێ موخەصەصات وەردەگیرێ، لە هەندێ دەوائیر ناعەدالەتی هەیه، بۆ نموونه، لەم دواییەدا ئەنجومەنی وەزیران بڕیارێکی دەرکرد لە خودی یەك وەزارەت دا، لە خودی یەك سوڵتەدا دەرماڵەی جیاوازی دایه هەر لە (50٪) لە عەینی وەزارەت، دوایی هەندێکیان (30٪)، دوایی هەندێکیان (20٪)، ئەوه چینی حقوقیەکانی گرتەوه، ئێمه وەزیری عەدلمان بانگ کرد بۆ لیژنەی قانونی، وتمان دەبوایه جەنابت دیفاع

بكەی كە ئەو دەرماڵەیە یەكسانی بێ لە ناو خودی دیوانەكەی جەنابت، جوابەكەی ئەوە بوو گوێیان لێ ڕانەگرتم، بۆیە پێویستە هەموومان كۆببین لەسەر ئەوە كە تەوحیدی موخەصەصات بكەین بەینی هەرێمی كوردستان و بەینی عیراق، بۆ ئەوەی ئەو ناعەدالەتی یە لە هەرێمی كوردستان نەمێنێ، من پشتگیری ئەوە دەكەم كە بە جیددی ئاوڕێك لە هێزی پێشمەرگەی كوردستان و لە خانەوادەی شەهیدان بدرێتەوە، كە پێویستە مووچەكانیان ئیعادەی نەزەری لێ بكرێتەوە، بە شێوەیەك لە شێوەكان، یەك لەو كەرتانەی كە پێویستە بایەخی پێ بدرێ، كەرتی زراعی یە، بەرێزان پێویستە ئێمە بایەخ بە كەرتی زراعی بدەین، چونكە بەروبوومی كەرتی زراعی و بەروبوومی خۆماڵی ئایندەی ئێمە دروست دەكات، بەشێكە لە ئاسایشی خۆراك، كە ئەویش بەشێكە لە ئاسایشی نەتەوەی ئێمە، مەسەلەی پیشەسازی بەڕێزان دەبێ زۆر بایەخێكی باشی پێ بدرێت، لەو بڕە پارەیەی كە دانراوە بۆ كەرتی پیشەسازی زیاد بكرێت، بۆ ئەوەی بتوانین ئاستی ژێرخانی پیشەسازی لە هەرێمی كوردستان بەرز بكەینەوە، خاڵێكی تریش كە دەمەوێ ئیشارەتی پێ بدەم، بەڕێزان ئەویش موەجەهە بۆ بەڕێز وەزیری دارایی، حەق وایە وەزیری دارایی ڕوونكردنەوەیەكمان بداتێ، سەبارەت بە فەلسەفە و بە سیاسەت و بە ستراتیجیەتی حكومەتی هەرێمی كوردستان، هی ئابووری، بە نیسبەت ئەو بودجەیەی كە داڕێژراوە، كە تا ئێستا ئیشارەتی پێ نەداوە، ئومێد دەكەین كە وەڵامی ئێمە بداتەوە لەو بارەیەوە، مولاحەزەیەكم هەیە بۆ بەڕێز وەزیری پلان دانان، ئایا زۆر باسی ئەو پرۆژانە دەكرێت، پرۆژەی با بڵێین بەردەوام، نوقاتی لەسەر دادەنرێ، ناكرێت هەندێ لە پرۆژە تازەكان صەرفی نەزەری لێ بكەین، ئەو پارەی بۆ پرۆژە تازەكان دانراوە، لە پرۆژەكانی تر دابنێین كە تەواو نەبووە، ئایا ئەوە ناكرێ بۆ ئەوەی ببێتە هاندەرێك بۆ ئەوەی پرۆژە بەردەوامەكان تۆزێ پەلەی لێ بكرێ، تەواو بكرێت، خاڵێكی تریش ئیشارەتم پێ دا، دەمەوێ ئیشارەتی پێ بدەم ئەوەیە، ئەو عیجزەی كە باسی لێ دەكرا، ئایا مەصدەری تەمویلی ئەو عیجزە لە كوێوە دێت؟ ئەگەر بەڕێز وەزیری دارایی ئیشارەتێكمان پێ بدات، بۆ ئەوەی بەڕاستی بتوانین بودجەكە دەوڵەمەند تر بكەین، من ئەو پێشنیارە كە تەقدیم دەكەم بە حەقیقەت، چونكە ئێمە وەكو پەرلەمان خۆمان بە تەواوكەری ئەو حكومەتە دەزانین، كەمو كوڕییەكان دەبێ لەو پەرلەمانە چارەسەر بكرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، ڕێباز فتاح.

**بەڕێز ڕێباز فتاح محمود:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

هەرچەندە قسەی زۆر كرا ، بەڵام من تێبینی یەكانم بە كورتكراوەیی لە چەند خاڵێك دا باس دەكەم، خاڵی یەكەم/ پێموایە سەرجەمی پرۆژەكە پڕە لە هەڵەی ژمارەیی، حەق وایە ئەو تێبینی یە زۆر بە گرنگی سەیر بكرێ، هیچ ژمارەیەك بەسەر پەرلەمانی كوردستان تێنەپەڕێ كە هەڵە بێت، ئەم هەڵەیە هەڵەی ژمارەیی، بیركاری یە، هیچ تەفسیراتێك هەڵناگرێ جگە لەوەی كە هەڵەیە، لە سێ بەشی جیاواز دا هەڵەی

تیایە، کە یەکیان جیاوازی ئەو ژمارانەیە کە لە ڕاپۆرتی شەش مانگی یەکەم هاتۆتـە پەرلـەمانی کوردسـتان بە کتابێکی جیاواز، لەگەڵ ئەو ژمارانەی کە ئێستا وەکو خەرجی فیعلی تا (6/30) هاتۆتە پەرلەمان، ئەوە دواتر کاك ئیسماعیل تەفصیلاتی زیاتر لەو بارەوە باس دەکات، هەروەها لـە بەشـێکی تـریش، کـە جیـاوازی ئەو ژمارانەیە ساڵی پار لە بودجـەی خەمڵانـدن، ئێمـە تەصـدیقمان کـردووە، لەگـەڵ ئـەو ژمارانـەی ئێسـتا هاتۆتەوە، کە گوایە پار ئێمە تەصدیقمان لەسەر کردووە، ئەویش تەفاصیلەکەی لـەلای پـەیام خانـە، بـەڵام ئەوەی کە من باسی دەکەم، بەشێکی ترە، لە بودجەی تەشغیلی وەزارەتی تەندروستی، مەبەستم ئەوەیە کـە جیاوازی لە ژمارەکان دا هەیە، ئەوە نموونەیەکە لـە ژمـارەی مـوەزەفین، تـەنها لـە وەزارەتـی تەندروسـتی دا ئاوا دانراوە لە ساڵی (2010) ئەم وەزارەتـە (39) هـەزار و (489) مـوەزەفی هـەبووە، کاتێـك کـە (2011) (2500) کـەس تـەعین دەکـات، دەبێتـە (41) هـەزار و (989)، سـەیرەکە لەوەیـە لـە حیسـابی (2010/6/30) کـە هـاتووە، دەڵـێ/ ئـەم وەزارەتـە (40) هـەزار و (692) مـوەزەفی هەیـە، ئـێ باشـە تـا (6/30) ئەگەر (40) هەزار موەزەفی هەبێ، خۆ ئەگەر شەش مانگی دووەم کەسیش تـەعین نـەکات، ئەگـەر (2500)ەکە لەگەڵ ئەو (40) هەزارە کۆبکەیتەوە، (42) هەزار دەکات، نەك (41) هەزار، خاڵێکی تر/ ئەو بڕە پارانەیە کە چارەنووسی دیارە نیە لە ناو بودجە، زۆر بە سەریعی باسی دەکەم، بـەهۆی کـات، بودجـەی پرۆژە بەردەوامەکان ئەو پارەی کە ماوەتەوە نزیکەی (500) ملیار دینارە، بودجـەی تـەکمیلی عـیراق، ئایـا پـارەی تـەکمیلی کـە نرخـی زیـادکردنی بـڕی نـەوت دا هاتۆتـە کوردسـتان یـان نـەهاتووە؟ (5) ملیـار دۆلار شیرینی نەوت، بودجەی ماوە لە تەشغیلی، پارەی وەرگیراوی سولفەی زەواج و عـەقار کـە بـرادەران باسـیان کرد، تەنها چەند نموونەیـەك لـە تەشـغیلی لـە مـەنافیعی ئیجتیمـاعی، تـەنها ئەگـەر بـە گوێرەی (6/30) حیسابی بۆ بکەی، (2010/6/30)، نزیکەی (63) ملیار زیادە دەبێت، لە نموونەیان (4) ملیار دینار دانـرا وەکو مەنافیعی ئیجتیماعی بۆ وەزارەتی تەندروستی، لە ساڵی (2010) تـەنها (515) ملیـۆن لـەوە صـەرف کراوە تا (6/30)، ئەگەر دووبارەی بکەیتەوە ملیارێك دەکات، با بیکـەین بـە دوو ملیـار، دوو ملیـار زیـادە هەیە، یەك نموونەی تر لـە ئەنجومـەنی وەزیـران لـە یـەکێك لـە بابـەکان دا لەبـەر سـەریعی نـاتوانم ئێسـتا بیدۆزمەوە، نزیکەی (121) ملیار دینار دانراوە، لە ساڵی (2010) تا (6/30) تەنها (121) ملیار دانراوە، یەعنی ئەگەر بەحیساب بکرێ، نزیکەی (1) ملیار لەوە صـەرف کـراوە، نزیکـەی (120) ملیـاری ماوەتـەوە، ئەو پارەیەش هەر دیار نی یە، مەبەستم ئەوەیە لە بودجـەی تەشـغیلی دیسان کۆمـەڵێ پـارە دیـار نـی یـە، دوێنێ لـە یەکـەم ڕۆژی دانیشـتنەکە مـن نوقتەیـەکی نیـزامیم گـرت، بـە داخـەوە سـەرۆکی لیژنـەی دارایـی هەڵەکەی خستە ئەستۆی من، بەڵام ئەو هەڵەیە لە ئەستۆی خۆیانە، چونکە من سەرجەم لیژنـەکان گـەڕام، هیچ لیژنەیەك ڕوونکردنەوەی بۆ نەڕۆشتووە، بە گوێرەی بودجەی خەمڵێنراوی فیـدراڵی، حیساب کردنـی بودجەی وەزارەتی پێشمەرگە بە سولفە لە عیراقەوە دەدرێت، نابێ لە بودجەی هەرێمی کوردستان حیسـاب بکرێت، بەڵام ئەو حیسابە بە کورتهێنان خراوەتـە سـەر بودجـەی هـەرێمی کوردسـتان، بودجـەی کـادیرانی حیزب، مووچەی کادیرانی حیـزب لەسـەر وەزارەتـی دارایـی، تێبـینی بکـەن، ژمـارەی کارمەنـدانی وەزارەتـی

تەندروستی بۆ ساڵی (2011) (41) هەزار و (989) کەسە، ژمارەی کارمەندانی وەزارەتی دارایی (35) هەزار و (628) کەسە، کەچی ئەو پارەیەی بۆ وەزارەتی دارایی دانراوە، (816) ملیار و (118) ملیۆنە، هی وەزارەتی تەندروستیش (435) ملیار و (954) ملیۆنە، لە کاتێك دا پزیشکان بەرزترین مووچەخۆری حکومەتن، ئەوانەی کە مووچەخۆری ئاسایین، لەبەرئەوەی کە شەهادەکەیان شەش ساڵەیە، مووچەیان لە هەموو کەسێکی تر بەرزترە، بەڵام لە ڕاستی دا حەقیقەتەکە ئەوەیە کە کادیرانی حیزب سەرجەمیان لەو وەزارەتە، بەدەر لەوەی لەو بودجەیەی کە وەری دەگرن لەو وەزارەتەش تەعین کراون بە مووچەیەکی باڵا مووچە وەردەگرن، چارەسەر کردنی کێشەی بێ کاری، من لەگەڵ قسەی کاك عبدالسلام کە کێشەی بێکاری بە دامەزراندن چارەسەر نابێ، بەڵام سەیرکەن لە ساڵی (2010) (53) ملیار و (200) ملیۆن دانراوە بۆ وەزارەتی زراعە، لە پێناوی پێشکەوتنی ئەو کەرتە، کە پێموایە یەك ڕۆژی ڕێك ئێمە موناقەشەمان کرد تا ئەو پارەمان زیاد کرد، وەزارەتی دارایی لەم بڕە تەنها تا (6/30) (19) ملیاری صەرف کردووە، ئەگەر دووجای بکەیتەوە نیوەی پارەکەش ناکات، تەقریبەن نیوەی پارەکە دەکات، بەڵام وەزارەتی دارایی بۆ خۆی کە (331) ملیاری داناوە، تا (6/30) (492) ملیاری صەرف کردووە، یەعنی وەزارەتی دارایی بە ئارەزووی خۆی، بێ ئەوەی حیساب بۆ پلانی وەزارەتەکان، بەبێ ئەوەی حیساب بۆ پلانی زانستی وەزارەتەکان بکات، بە ئارەزووی خۆی دەستکاری ئەو ژمارانە دەکات، لەبەر ئەوە ئەو وەزارەتانە بە تایبەتی لە کەرتی پیشەسازی، کەرتی زراعە، کەرتی تەندروستی، من پێشنیار دەکەم دەستیان ببەستڕێتەوە، نەیەڵڕێ یاری بەو ژمارانە بکەن، وەزارەتی تەندروستی ساڵی پار، کۆنگرەیەکی زانستی ڕێکخستووە بۆ پێشخستنی سیستەمی تەندروستی، ئەوەی من ئاگادار بم، نزیکەی (315) هەزار دۆلاری تێچووە ئەو کۆنگرەیە، لە ناو بودجە ئەصڵەن ڕەنگدانەوەی ئەو کۆنگرەیە وجودی نی یە، لەبەر ئەوە هەموو پلانێکی زانستی دەکەوێتە بەر، لەگەڵ ڕێزم، دەکەوێتە بەر میزاجی مودیر عامێك لە وەزارەتی دارایی، کە ئەو پارەیە صەرف دەکات، یان صەرفی ناکات، یەك تێبینی تر ئەوەیە کە لە ناو پرۆژە بەردەوامەکان، کە باس کرا، کۆمەڵێ لەو پرۆژانە جێبەجێ نەکراون، تەنها لە وەزارەتی تەندروستی (31) پرۆژە جێبەجێ نەکراوە، بەڵام قسەکەی من جیاوازە، لە پارێزگای هەولێر (8) پرۆژە جێبەجێ نەکراوە، لە پارێزگای دهۆك وابزانم (4) پرۆژە جێبەجێ نەکراوە، لە سلێمانی (23) پرۆژە جێبەجێ نەکراوە، ساڵی ئەوەش کرابوو لەگەڵ سلێمانی دا، لەبەر ئەوە هەمیشە سلێمانی لە پێشنیار کراوەکان زەرەر دەکات، قسەکە ئەوەیە، ئەگەر ئەوە خەلەلی ئیدارەی سلێمانی یە فەرموو با موحاسەبەیان لەگەڵ دا بکرێ، ئەگەر کێشەکەش کە لەوانەیە خوێندنەوەی من بێت، پێموایە ئەوە ڕەنگدانەوەی حیزبایەتی یە لەسەر بودجە، کە بودجە بۆ ناوچەیەك لەوانەیە نفووزی سیاسی بەهێزتر بێ صەرف دەکرێ، بەڵام.......

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، شیلان عبدالجبار عبدالغنی، دەستخۆش.

**بەڕێز شیلان عبدالجبار عبدالغنی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەژی دەستخۆشیێ لێژنا دارایی و ئابووریێ دکەم، بۆ ئامادە کرنا ڕاپۆرتەکا ورد و ڕێك و پێك و پشتگیریێ ل ڤی ڕاپۆرتێ دکەم، هەروەها پشتگیری ل پێشنیاریێ هەڤالێ سۆزان خان و هەڤالێ کاك دڵشادی دکەم، سەبارەت کەم کرنا ڕێژەی (10٪) لە کۆی گشتی بودجەی تەشغیلی، بیخەنە سەر ئەو جهێن کو پێویست، دەسەلاتی بدەنە وەزارەتا دارایی و ئابووری و هەروەها وەزارەتی پلاندانان، بۆ شێوازا تەعامول کردنا گۆڕینا دابین کردنی وان پارا، پشتگیری دکەم بۆ کات بێتە کرنی ب یاسا ژمارە (7)ی ساڵا (2008)ی یاسای دابینکرنا یەکەی نیشتەجێ بوونێ بۆ هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستان، بەردەوام بوون لە هەڵمەتا دروست کردنا خوێندنگا و ڤوتابخانێ هاڤچەرخ و سەردەمیانە، هەروەسا پشتگیریێن پێشنیارا گرنگی دانا زیاتر بە تۆڕا کۆمەڵایەتی و دانانا ڤەرزێن کشتوکاڵی و پیشەسازی، زێدە کرنا سولفا هاوسەرگیری بۆ پێنج ملیۆن دینار، شینا دوو ملیۆن و نیڤا، پێم باشە وەزارەتی دارایی و ئابووری ڕێنمایی گونجاو دەربکات بۆ وان کەسێن کو گرێبەستین هاڤژینی یان هاوسەرگیری ئەنجام دانا، پشتی دەرکرنا یاسا سولفە هاوسەرگیریا ژمارە (17) ساڵا (2010)، لە (2010) دەرکەتیە، کو ئەوانەژی بگرێت، پشتگیری لە پێشنیارا زێدە کرنا سولفا خانووبەر کو ئەڤ ژی ببیتە (20) ملیۆن دینار، دەنگی خۆ دەخەمە دەنگێ هەڤالێ گۆران و سیوەیل خانێ، کە خودانێن زەوییا،ماڤێ وەرگرتنا سولفێ ژ خودانێن زەویا بگرێتن، کو زەوییێن وان هاوبەشا ل گەل کەسێ دی بوونە ئەو زەوییێن دوو سەد مەتری، ئەڤ کارەشی ڕێنماییێن وەزارەتا دارایی و ئابووری چارەسەر بێت، هەروەسا پشتگیری ل پێشنیارا ئێکسانی کرنا مووچە و دەرمالێن فەرمانبەرانی هەرێم و مووچەی خانەنیشان، مووچێن هێزی پێشمەرگە و ئاسایش و پۆلیس لەگەڵ حکومەتا فیدراڵ، ئەز لەگەڵ وێ دامە بۆ زێدە کرنا بودجە ڕێڤە بەرییا نەهێلانا توندو تیژ یێ لە هەرێمی کوردستانێ، هەروەسا دگەڵ صەرف کرنا دەرمالێ هاڤژینێ بچووکا بۆ پێشمەرگە و شەهیدێن، بیخەنە سەر مەعاشێن ئەوژی ب ڕێنماییێن گونجاو، دگەل وێدامە بۆ دروستکردنا هەشت لیوایێ پێشمەرگە بە زووترین وەخت، هەروەسا دگەڵ جێبەجێ کردنا یاسای خانەنشینی پێشمەرگە و کەم ئەندامان، دگەل وێدامە ژی هەرواسە بۆ هاریکاری کرنا ناوچەیێن سنووری کو زەرەرمەند بینە، لە دواییا چەند پرسیارێك ئاراستەی بەڕێز وەزیرێ دارایی و ئابووری، هەرواسە وەزیرێ پلاندانانی هەرێمی کوردستانێ دکەم، یەك/ ئایا بودجە پەرپێدانا پارێزگا پشکەکە لە بودجە گشتیا هەرێمێ یانیش ژ دەرڤێ چوارچێوەی بودجەی هەرێمێدایە، دوو/ ئایا باجێن تایبەت بە هەرێمێ کوردستانێ، بۆ هەرێمێ یان دزڤڕیتن بۆ حکومەتا ناوەندی؟ یا چما باجێن گومرکێ ب تنێ پشکەکا لە بودجەی حکومەتا فیدراڵا؟ سێ/ پرۆژە پێشنیار هەیە بۆ زاخۆ بە ناوی هاوکاریکرنی کەرتی تایبەت لە بواری بەڕێوەبردن و کارگێری خوێندن کو یەك ملیۆن دینار تەرخان بۆ کریە، کو ئەڤ پرۆژە نە تەحدید کری یە، دیار نینە، بۆ چ دگەڕێتن، ئایا ئەو پرۆژە گرێدایا دروستکردنا ڤوتابخانەکا ئەهلی؟ یانیش چی؟ هێڤی دارم کو ڕوونکردنا بێتە دان، پشتگیریا ڕاپۆرتا لێژنەی شارەوانی یا هەروەها لێژنەی ڕۆشنبیری و پەیوەندییەکان و ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندن، کە هاتی یە کە چەند پرۆژێن پێشنیار کری

(2010) ڕێژەکان گەلەك وان پرۆژە دەست پێ نەهاتی یە کرن، پارەژی بۆ نـەهاتی یـە تـەرخان کـرن، ئـەڤ تشتە دیارە پـرۆژەی زاخـۆ پێشـنیار کرنـی (2010)ژی دگـرێتن، کـو لـە (56) پـرۆژە بتنـێ (105) هاتیـە جێبەجێ کرن، نزیکی (3٪) بوونە پرۆژێن بەردەوام (2011) کو دەست پێ هاتیا کرن، نزیکی (65٪) وان پـرۆژە بـەردەوامن، بـەس حـەتا هەنووکـە دەسـت پـێ نەهاتیـە کـرن، پرسـیاری ل ڤێـرێ ئـەرێ ئـەو پـارەی تەرخان کرین بۆ ئەو پرۆژە چی لێ هات؟ بۆ کێوە چوو؟ سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

دەستخۆش، عمر حمد أمین.

**بەڕێز عمر حمد أمین نورەدینی :**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەگەر سەرنـج بدەین لە پرۆژەی بودجە لە هەرێمی کوردستان هەر لە پـرۆژە یاسـاکە، تـا ڕاپـۆرتی لێژنـەی دارایی و کاروباری ئابووری، هەروەها ڕاپۆرتی باقی لێژنەکانی تـر، ئـەو گفتوگۆیـەی کـە لەلایـەن خوشـك و برایانی بەڕێزی ئەندامی پەرلەمانەوە کرا، دیقەت دەگرین کە هەنگاو بـە هـەنگاو بـەرەو ئـەوە دەچـین کـە مامەڵەیەکی دروست لەسەر بنەما دروستەکانی وەکو پیشەیی بوون، بابەتی بـوون، نیشـتمانی بـوون لەگـەڵ بودجە بکەین، کە ئەوە مایەی خۆشحاڵی یە، دەکرێ لەسەر ئەو ڕەوتە بەردەوام بین، تا بتوانین بودجە کـە پێی دەگوترێ ڕەگی حەیاتی حکومەت و کۆمەڵگا، بە شێوەیەك پەرلەمان مامەڵەی لەگەڵ بکات، کە فیعلەن ببێتە مایەی ئەوەی کە وەکـو یـەکێك لـە ئەرکـە سـەرەکی یـەکانی پەرلـەمان، کـە دیـاری کـراوە، بتـوانێ لـە ئاستی پێویستییەکانی ئەو ئامانجە سەرەکییانە بێ کـە لـە مەسـەلەی تـاوتوێ کردنـی بودجـەدا دەستنیشـان کراوە، هەوڵ و ماندووبوونەکانی لێژنەی دارایی و باقی لێژنەکانی تر جێگای دەستخۆشانەیە، من تـەنها لـە گۆشەیەکەوە کە لە ڕاپۆرتەکەش دا ئامـاژەی پـێ دراوە، بـەڵام دەمـەوێ زیـاتر تیشـك بخەمـە سـەر، ئـەویش بریتی یە لەوەی کە چەندین شێوەی نا هاوسەنگی لە ناو بودجەدا هەیە، سەرەکی ترین ناهاوسەنگی ئەوەی کە لە نێوان باڵی وەگەرخستن، لەگەڵ باڵی وەبەرهێنان دایـە، کـە لێـرەدا مەسـەلە جەوهەرییەکـەی بودجـە لێـرەدا دەردەکـەوێ، ئـەوەی پـێ ی دەوتـرێ سیاسـیەتی ئـابووری وڵات، ئەگـەر ئێمـە هاوسـەنگیمان ڕاگـرت، ئەگەر زیاتر بایەخمان بە وەبەرهێنان دا، مانای ئەوەیە سیاسەتی ئابووری وڵات بە ئاراستەیەك دەبەین کـە کۆمەڵگاکەمان ببێتە کۆمەڵگایەکی وەبەرهێنی پشت بە خۆبەستووی بـووژاوە لـە ڕووی ئابوورییـەوە، بـەڵام ئەگـەر بـاڵی تەشـغیلی و وەگەرخسـتن زاڵ بـێ، ئـەوە کۆمـەڵگا و وڵات دەبێتـە کۆمەڵگایـەکی بـەرخۆری بـێ بەرهەمی پشت بە خۆنەبەستووی چاو لێرەو لـەوێ، بۆیـە ئـەو پێشـنیارەی فراکسیۆنی کوردسـتانی کـە لـە (10٪)ی بگەڕێتەوە بۆ باڵی وەبەرهێنان، مایەی دەستخۆشی یە، مـن پشـتیوانی لـێ دەکـەم، پاشـان شـێوازی سوود وەرگرتنیشی بە هەموو ئەو پێشـنیارانەی کـە لـەوێ دا هـاتبوو، هـەر مەسـەلەی زیادکردنی سـولفەی عـەقار و سـولفەی زەواج و مەسـەلەی بـەردەوامبوونی هەڵمـەتی نیشـتمانی، دروسـت کردنـی قوتابخانـە کـە خاڵێکی زۆر گرنگە و داواکاری لێژنەی ئێمەش بووە، خاڵێکی تر لە مەسەلەی ناهاوسەنگی دا، مـن دەمـەوێ

ئاماژەی پێ بدەم، پێشتریش تیشکی خرایە سەر، بەڵام جەخت کردنەوە لەسەری دیسان بێ سوود نی یە، ئەویش ماوەی پرۆژە لەگەڵ گوژمەی پرۆژە، مەسەلەن چەندین نموونە باس کرا، ئەوە لە کۆی پرۆژەکان، پرۆژە پێشنیار کراوەکانی ئەمساڵ دا، دەبینین کە ئەم حاڵەتە ئامادەیی هەیە، بۆ نموونە (543) پرۆژە کە بڕی گوژمەکەی دوو تریلیۆن و (721) ملیارە، بۆ ئەم ساڵ بۆ ساڵی (2011) (988) ملیاری بۆ تەرخان کراوە، واتا بڕی تریلیۆنێك و (739) ملیاری دەکەوێتە ساڵی ئایندە، واتا لە ئێستاوە بڕە پارەی ساڵی داهاتوو بەشێك لە پرۆژەکان ئێمە لێرەوە قەرارمان لەسەر داوە، بۆیە بە ڕەئی من پێشنیار دەکەم بۆ وەزارەتی تەختیت کە هەوڵ بدا لە ئایندەدا پۆلێنی پرۆژەکان بکات، پرۆژەی ستراتیجی، پرۆژەی مام ناوەند، پرۆژەی بچووك، هەوڵ بدرێ ئەو هاوسەنگی یە لە پرۆژەکان دا لە نێوان گوژمەی تەرخان کراو لەگەڵ ماوەی تەواوبوونی پرۆژەکە بە نەزەری ئیعتیبار وەربگیرێ، ناهاوسەنگی یەکی تر کە من دیقەتم کردووە، وەکو نموونەیەك باسی دەکەم، بریتی یە لەوەی کە داواکاری خەڵك بۆ خزمەتگوزاریی لەگەڵ هەوڵی دام و دەزگاکانی حکومەتی هەرێم، بەوەی کە من ناوی لێ دەنێم خۆپۆشتەکردنی دام و دەزگاکە، نموونەیەك باس دەکەم لە سنووری قەزای پشدەر، لە پرۆژەی ژمارە (1) و (8) کە لە هی وەزارەتی دارایی و ئابووری سنووری پارێزگای سلێمانی، بڕی حەوت ملیار و (693) ملیۆن دینار تەرخان کراوە بۆ دروست کردنی ژمارەیەك باڵەخانەی تایبەت بە حکومەت، وەکو گومرگ، وەکو مەسەلەی خانەنشینی و کافیتریاشی لە ناو دایە، لە ڕاستی دا ئەوە داواکاری خەڵکی پشدەر و قەڵادزێ نی یە، ڕاستە ئەوەش پێویستە، بەڵام ئەوان پێویستیان بەوە هەیە کە ڕێگای نێوان قەڵادزێ و سنووری کێلێ کە هەوڵی ئەوە لە ئارادایە بکرێتە مەرزێکی نێودەوڵەتی و کاریگەری گەورەی لەسەر جموجۆڵی بازرگانی و بووژاندنەوەی ناوچەکە دەبێ، هەروەها بە دوو ساید کردنی ڕێگای نێوان دەربەند-قەڵادزێ کە لە ماوەی ڕابردوودا وەکو ڕێگای مەرگی لێ هاتووە، دەیان کارەساتی تێدا ڕوویداوە، لەم بارەوە ئێمە یاداشتێکمان پێشکەش بە هەردوو وەزارەتی دارایی و ئابووری و وەزارەتی تەختیت کردووە، چەندین ئەندام پەرلەمان ئیمزایان کردووە، ئومێدەوارین کە ئەو پرۆژانە بگۆڕێن بۆ دروست کردنی ڕێگا وبان لە سنوورەکە، سەبارەت بە سولفەی عەقار، لە ڕاستی دا من لەگەڵ ئەوەم کە زیاد بکرێ، بەڵام وەکو هاوکارانم پێشتر باسیان کرد کە حیساب بۆ سەد مەتریش بکرێ، چونکە ئەوە لە زۆربەی شارو شارۆچکەکان لە سەنتەری پارێزگاکانیش داواکارییەکی زۆری خەڵکە، بە تایبەتیش ئەو خەڵکانەی کە کەم دەرامەتن، بۆیە ئومێدەوارین لە داهاتوودا حکومەتی هەرێمی کوردستان هەوڵ بدات کە مەسەلەی سەد مەتریش چارەسەر بکات، سەبارەت بە پەروەردە و خوێندنی باڵا، لە ڕاستی دا ئێمە جەخت لەسەر ئەوە دەکەین کە ئەم (150) ملیارە تەرخان بکرێ بۆ بەردەوام بوونی هەڵمەتی دروست کردنی قوتابخانە، کە لە ساڵی پاریش دا هەبوو، ئێمە بە دواداچوونیشمان بۆ کردووە، نموونەیەکی سەرکەوتووە، زۆربەی ئەو پرۆژانە (106) قوتابخانە ئێستا لە بواری جێبەجێ کردن دان، چەند ساڵێکی تر بەردەوام بین دەکرێ گرفتێکی سەرەکی وەزارەتی پەروەردە کە کەمی قەتابخانەیە و خراپی قوتابخانەیە بەرەو چارەسەر بڕوات، هەروەها جەخت لەسەر ئەوە دەکەینەوە کە لە مەسەلەی تەحدید کردنی پلەی

وەزیفی بۆ وەزارەتی پەروەردە کە شەش هەزار دیاری کراوە، لە ڕاپۆرتی لیژنەی داراییش دا ئاماژە بەوە دراوە کە هی وەزارەتی دارایی و ئابووری زۆرە، زیاتر لە پێنج هەزارە، لەو پێنج هەزارە، هەزاری تر بدرێ بە وەزارەتی پەروەردە بە مەبەستی ئەوەی کە دامەزراندی توێژەرانی کۆمەڵایەتی، هەروەها دەرچووانی بواری فەلسەفە و زانستە ڕامیارییەکان، لە سنووری وەزارەتی پەروەردە بۆ بابەتەکانی فەلسەفە.....

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ببوورن، پەیام أحمد ، داوای لێبووردن دەکەم.

**بەڕێز پەیام أحمد محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دەستخۆشی لە لیژنەی دارایی دەکەین بۆ ئەو ڕاپۆرتە کە کەم و کورتیەکانی خستۆتە ڕوو، دیارە هاوڕێکانم زۆر شتیان باس کرد، من تەنها تیشک دەخەمە سەر چەند خاڵێك، لەوەی کە زیادەڕۆیی، بۆ نموونە لە ئامرازی خزمەتگوزاریی و چاککردنەوە، کە پارەیەکی زۆری بۆ خەرج دەکرێ، لە ساڵی (2009) (471) ملیۆن دینار بۆ کرێی ئاوەڕۆ تەرخان کراوە، لە ساڵی (2011) بووە بە ملیارێك و (154) دینار، ئایا ئاوەڕۆ لە کوردستان دا کرێی هەیە؟ تکام وایە ئەو گومانە ڕوون بکەنەوە، دواتر لە شەش مانگی یەکەمی پار ساڵ (615) ملیۆن دینار بۆ کۆڕو کۆبوونەوە خەرج کراوە، بەڵام ئەمساڵ بۆ. (6) شەش ملیارو (758) ملیۆن زیادی کردووە، ئایا کۆڕ و کۆبوونەوە (5) ملیار دینار لە بودجەی هەرێمی کوردستان پێویست دەکات بۆی تەرخان بکرێ؟ دوو/ بوونی هەڵەی ژمارەیی، وەکو هاوکارم کاك ڕێباز باسی کرد، لە بودجەی پار ساڵ دا ئەوە دیاری کراوە، کە بودجە تەرخان کرا بۆ مەوجوداتی نادیاری، لە ساڵی (2010) (258) ملیار و (772) دینارە، بەڵام لە بودجەی تەرخان کراوی بۆ مەوجوداتی نادیاری لە ساڵی (2010) کە لە بودجەی ئەمساڵ دا دیاری کراوە، بووە بە (232) ملیار و (561) ملیۆن دینار، ئەمە کە ناکۆکە و هەڵەیەکی دیارە و ئاشکرایە، جگە لەوە نموونەی زۆر هەیە لەو بابەتە، دەتوانم بیدەمە بەردەستی لیژنەی دارایی، دواتر وەزارەتی دارایی تاوەکو ئێستا نەیتوانیوە یاسای بودجەی (2010) پەسند کرا لە پەرلەمان جێبەجێ بکات، نموونە ماددەی (30) کە دەبێ مووچەی ئەو فەرمانبەرانە خەرج بکرێ کە سزای سیاسی دراون، تاوەکو ئێستا ئەو فەرمانبەرانە قەربوونەکراونەتەوە، هەروەها یەك نەگرتنەوەی هەردوو ئاسایش، کە ئەمە دەکرێ ئێستا ئێمە بە قەرارەکەی خۆماندا بچینەوە، ئێستا سزاکە جێبەجێ بکرێ، ئەویش بڕینی بودجەیە بۆ ئەو دەزگایانەی کە یەکیان نەگرتۆتەوە، دوو/ نەبوونی هاوسەنگی لە نێوان ناوەند و قەزا و ناحیەکان دا، لە ڕووی دابەش کردنی پرۆژەکان، بۆ نموونە گەرمیان وەکو هاوکارم ئەڤین خانیش باسی کرد، لە هەمووی زیاتر شاری کفری، کە خۆمان دەزانین شاری کفری شارێکی دێرینە و خەڵکەکەی چەندە و هەروەها شارێکە کە مەوقیعێکی زۆرباشی هەیە، بەڵام لە پار ساڵیش دا هەر غەدرێکی زۆری لێ کرا، لە پرۆژەکان دا ئەوەبوو کە خەڵکی کفری هاتن بۆ پەرلەمان و یاداشتێکیان دا بە سەرۆکایەتی پەرلەمان و پەرلەمان، کە داوای ئەوەیان کرد کە ئەم ساڵە تەعویزیان بۆ بکرێتەوە، بەڵام بە داخەوە ئەمساڵیش دیسان

له پرۆژە پێشنیارەکان تەنها یەك پرۆژە بۆ کفری دیاری کراوە، لە پـرۆەژە تەواوەکانیشی (2011) هیـچ پرۆژەیـەکی تـەواو نـەبووە، ئەمـە چ یەکسـانیەکە لـە نێـوان ئـەو پرۆژانـە کـە دابـەش کـراوە؟ هـەروەها پرسـیارێکی تـر، هـۆی تەواونـەبوونی پرۆژەکـانی 2003 و 2004 و 2005، کـێ لێـی بەرپرسـیارە؟ بـۆ جێبەجێ نەکراوە؟ دیارە من بە پەلە شتەکان دەڵێم، پێشنیاری ئەوە دەکەم، پشتگیری لـە پێشنیارەکەی فراکسیۆن دەکـەم بـەزیادکردنی پێشینەی هاوسـەرگیری بـۆ پێـنج ملیۆن، هـەروەها هاوتـاکردنی پێشینەی خانوو، وەکو حکومەتی فیدراڵی عیراق بێت، هەروەها پێشنیاری ئەوە دەکەین کە گوژمەیەك دیاری بکرێـت بۆ ئەو خێزانە کەم دەرامەتانە، بۆ نیشتەجێبوون، کە پار ساڵ پێشنیارمان کـرد، بـەڵام بـە داخـەوە دەنگـی نەهێنا، ئەمساڵ دووبارەی دەکەینەوە، هەروەها ئەو پارەیەی کە لە سـندووقی نیشـتەجێ بـوون، بـۆ ئـەوەی کە بە قەرز دەدرێ بە خەڵکەکە، دواتر کە دەگەڕێتەوە، ئایا کە دەگەڕێتەوە دەبـێ هـەر بـۆ عـەینی جیهـەت بگەڕێتەوە کە ئەویش سندووقی نیشتەجێ بوونە؟ بـۆ ئـەوەی مـودەوەر بێـت و خەڵکەکـە ئیسـتیفادەی لـێ بکات، بەڵام دەگەڕێتەوە بۆ وەزارەتی دارایی، وەزارەتی داراییش لە داهات دا هیچ باسێکی نەکردووە، لەگـەڵ سولفەکانی تر، جگە لەوەش ئێمە ئەو پارەیەی کە دابـین کـراوە بـۆ نیشـتەجێ بـوون کـە دەبـێ لادێکـانیش ئیستیفادەی لێ بکەن، بەڵام بە داخەوە لادێکان تا ئێستا هیچ ئیستیفادەیان لێ نەکردووە، لەبەر ئەوەی ئەو ڕۆتیناتە زۆرەی کە هەیە، ئەو داواکردنەی کە لە خەڵکی لادێ دەیکەن، کە نـاتوانێ جێبـەجێی بکـات، بۆیـە هـیچ ئیسـتیفادەیەکی لـەو هینـە نـەکرێ، دەبـێ بچـینەوە بـە ڕێنماییەکانـدا، هـەروەها پێشـنیار دەکـەین ئیمتیـازات و یارمـەتی زیندانـە سیاسـییەکان بـە هـەمان شـێوەی حکومـەتی فیـدراڵ بـێ، لەگـەڵ مووچـەی پۆلیس و ئاسایش، پێشنیار دەکەین ئەو کۆمپانیانەی کە کارەکانیان جێبـەجێ نـەکردووە، بـە کـەم و کـوڕی جێبەجێ یان کردووە، داوا دەکەین یان ئەوەیە بخرێنە لیستی ڕەشەوە، یان ئەوەیە چیتر ئیشـیان نـەدرێتێ، بەڵام بـە داخـەوە دەبیـنین بـە پێچەوانەوە، ئەوانـەی کـە ئیشـەکانیان جێبـەجێ نـەکردووە ئێسـتا ئیشـیان دەدرێتێ و لەبەر هەندێ ئیعتیبارات، هەروەها سەربەخۆیی بوونی دارایی وەزارەتـەکان، تـاوەکو وەزارتـەکان دەست کراوە بن، ئیشەکانی خۆیان بتوانن صەرف بکەن، بەڵام ئێستا دەبینین وەزارەتی دارایـی بـە گـوێرەی بیرو بۆچوونی خۆی و بە گوێرەی بۆچوونی خۆی ئەو پارەیە خرج دەکات، دواتر پشتگیری، هەروەها پرۆژە ڕاستەوخۆکان، کە دەبێ ئەو پرۆژانە تێچوونیان ماوەیەکی دیاری کراوی هەیە، پارەکەشی دیـاری کـراو بـێ، کە ئەمە بۆ ئەو پرۆژانەیە کە موباشیر تەواو بێت و زوو تەواو بێ، بەڵام بەداخەوە دەبینین لە پرۆژەکـانی (2003) و (2004) و (2005)دا پرۆژەی ڕاستەوخۆ هەیە، کە تاوەکو ئێستا جێبەجێ نەکراوە، دواتریش پشتگیری لە ڕاپۆرتی لیژنەی ژنان دەکەم، کە ئەو داوانەی کردووە، هەمووی پشتگیری لێ دەکەین، هەروەها پشتگیری لە ڕاپۆرتی لیژنەی ئاوەدانکردنـەوەش دەکەینـەوە بـۆ ئـەو خاڵانـەی کـە هـاتووە لـە پرۆژەکـان دا، دواتر زۆر پرۆژە هەیە لە پرۆژەکان، کـە هـەمان پـرۆژەن، بـەڵام گوژمـەکانیان جیـاوازە، یـەعنی تـۆ هـەمان پـرۆژەت هێناوەتـەوە، دووبـارەت کردۆتـەوە، لـەم لیسـتەدا پارەیـەکت بـۆ دانـاوە، لـە لیسـتەکەی تـر دا کـە هاتۆتەوە، کە لە (2010) و (2011) پارەیەکی تری بۆ تەرخان کـراوە، کـە هێشـتا تـەواویش نـەبووە ئـەو

پرۆژانە، دیارە نموونەی زۆریشمان هەیە لەو پرۆژانە، بۆ نموونە دروست کردنی شەش سەد خانوو لە ناحیەی کوڵەجۆ، لە زنجیرە (37) بە گوژمەی (12) ملیار دینار، کەچی لە لیستە بەردەوامەکانی (2011) زنجیرە شەش، بەهەمان ناونیشان هاتۆتەوە کە گوژمەکەی (13) ملیار و (160) ملیۆنە، کە ئەوە جیاوازییەکی زۆر زۆرە، ئەو جیاوازی یە بۆ؟ لەبەرچی؟ ئێمە نازانین ئەمە چی یە مەسەلەن؟ تکایە بۆمانی ڕوون بکەنەوە؟، هەروەها پرۆژە هەیە لە هەمان لیست دا لە پرۆژە پێشنیارەکان دا دووبارە بۆتەوە، یەعنی پارەی بۆ تەرخان کراوە، بە هەمان پرۆژە وەکو پرۆژەی هیران ـ هیزۆپ، عەینی پرۆژەیە گوژمەی بۆ دانراوە کە دەبینین لە زنجیرەکان دا هەمووی عەینی شت دووبارە هاتۆتەوە، هەندێ پرۆژەمان هەیە کە ئێمە پێشتریش، پاریش هەر عەینی شتمان باس کردووە، ئەو پرۆژانەی کە شوێنەکانیان دیاری کراوە، بەلاَم نازانین چ پرۆژەیەکە؟ ناوی پرۆژەکە نەهاتووە، بۆ دیاری ناکرێ، ئەو پرۆژەیە چی یە بۆ ئەو شوێنە دیاری کراوە؟ بۆ ئەوەی ئێمەش بزانین چۆن بەدواداچوونی بۆ بکەین، چۆن ئیشی لەسەر بکرێ؟ هەروەها ئەو پرۆژانەی کە پار ساڵ ئێمە بڕیارمان دا لەسەری، پرۆژەی حیزبیەکان بوو، کە بگەڕێتەوە بۆ ئەو شوێنانە صەرف بکرێ، تا ئێستا هیچ ڕوونکردنەویەکمان بۆ نەهاتووە و هیچ شتێکمان بۆ نەهاتووە، ئەو پرۆژانە کە ئیلغا کراونەتەوە، ئێستا چ پرۆژەیەك شوێنی ئەوانی گرتۆتەوە؟

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك فاضل.

**بەڕێز فاضل محمد قادر بەشارەتی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەر لەسەرەتای قسەکانم سوپاس و دەست خۆشیم بۆ لیژنەی دارایی هەیە کەبەراستی ئەرکێکی زۆریان کێشاوە و ماندووبۆنێکی تەواو لەناو راپۆرتەکانیان هەیە بۆ تاو توێ کردن و لە هەمان کاتدا بەشێك لەراپۆرتی هەموو لیژنەکانیشیان لەناو ئەو راپۆرتەدا کۆکردۆتەوە، ئەمەش بەرچاو ڕوونیەکی تەواوی بە هەموولایەکمان داوە لە هەمان کاتدا دیارە هەموو قسەکان ئیشارەتی پێدراوە، بەلاَم پێم خۆشە هەر لەسەرەتاوە پشتیوانی لەو پێشنیارانەی فراکسیۆنی کوردستانی بکەم کە پێشکەشیان کردووە لەسەر ئەو خاڵانەی کە یەك بەیەك سۆزان خان و کاك دڵشاد شەهاب خوێندیانەوە، یەکەم خاڵ لەوە دەست پێ دەکەم بەرێز سەرۆکی پەرلەمان، دیارە هەموو هاوەڵانم باسیان لە سەر مەسەلەی مووچەی پێشمەرگەو کەم ئەندامان کرد، وە من ئومێد دەکەم مەسەلەی مووچەی پێشمەرگە لە ساڵی ئایندە باسی نەکەینەوە، بەڵکو دەست خۆشی لە حکومەتی هەرێمی کوردستان بەکەین بۆ باش بوونی بژێوی پێشمەرگە، و لەهەمان کاتدا هەر بە پێویستی دەزانم لێرە ئیشارەت بەوە بدەم کە مەسەلەی هێزی پێشمەرگە لە هەرێمی کوردستان و دەزگا ئەمنیەکان بەگشتی تەنها مەسەلە مووچە نی یە وە من ئومێد دەکەم هەموو چین و توێژەکان وە هەموو خەڵکی کوردستان و ئێمەی ئەندامانی پەرلەمان بە چاوی ڕێزەوە بڕوانینە ڕۆڵ و ماندووبوونی هێزی پێشمەرگە، من تەسەور دەکەم کە ئەو ئیستقراریەتەی لە هەرێمی کوردستان هەیە هەمووی

دەگەڕێتەوە بۆ شەونخونی بوونی هێزی پیشمەرگە، ئومێدەکەم زیاتر پەنجەی ڕێزلێنان بخەینە سەر ڕۆڵی پێشمەرگە، چونکە بەبڕوای من ئەمڕۆ هێزەکانی پێشمەرگە لەسنوورەکان نەبن بۆ بەیانیەکەی خەڵکانی تیرۆرست لەناو شارەکانی خۆماندا دەبینینەوە، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، ڕاستە لەساڵی ڕابردووش زۆر موناقەشە لە سەر کەرتی کشتوکاڵ کرا، ئێستا خۆش بەختانە ئەوەی من ئەیبینم مەجالێکی زۆر باش دراوە بەشی کردنەوە و موناقەشە کردن لەسەر بودجەی ساڵی 2011، بەڕاستی من کە بەش بەحاڵی خۆم پێی مرتاحم لەوەی کە شەفافیەتێکی تەواوی داوە بەوەی کە چۆن موناقشە لەسەر بودجەی ساڵی 2011 دەکەین، هەروەك ئیشارەتم پێی دا ئێمە لەساڵی ڕابردوو باسمان لە کەم و کوڕیەکانی بواری کشتوکاڵ کرد لە هەرێمی کوردستان، ئێمە ئەگەر بمانەوێ وەکو ئەو بەڕێزانەی کە ئیشارەتیان پێدا ببینە دەوڵەتێك یان وڵاتێکی خاوەن ئیرادە لەسەر پێی خۆمان ڕاوەسیتین بەڕاستی پێویستە لەو شێوەی زیاتری ئێستا ئیهتیمام و برەو بە کەرتی کشتوکاڵ بدەین لە هەرێمی کوردستان، چونکە ئەوەی کەدەیزانین زۆربەی زۆری هەرێمی کوردستان وڵاتێکی پڕاوپڕ کشتوکاڵیە، بەڵام بەداخەوە هەتاوەکو ئێستا ئێمە سەوزەوات و هەموو نەوعەکانی تری کشتوکاڵیمان لەدەرەوەی وڵات بۆمان دێت، خاڵێکی تر کەمن پێم زەرورە ئیشارەتی بۆ بکەم بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، مەسەلەی ئەوەیە کە لەکاتی وەرگرتنی دانەوێڵەی جوتیاران بۆ یەکەکان کە جەنابی وەزیری دارایی جەنابی وەزیری پلان دانان لێرە دانیشتوون کە ئیشارەتی پێ بکە کە بەڕاستی گرفتێکی زۆر گەورە هەیە لەکاتی تەسلیم کردنی دانەوێڵە ی جوتیاران، ئەوەی کە پێم وایە هەموو ئەو بەڕێزانە بزانن من بۆ خۆشم لە ناوچەیەکی کشتوکاڵیم گرفتیکی زۆر گەورەی جوتیاران لە کاتی تسلیم کردنا ئەوەیە کە نەبوونی سایلۆیە، کە ئەو بەڕێزانە زۆریان باسیان لەمەسەلەی سایلۆ کرد، وە لەساڵی رابڕدووش و من بۆ خۆشم وەکو نووسینگەی هەڵەبجە ڕاپۆرتێکی تایبەتم پێشکەش بە سەرۆکایەتی پەرلەمان کرد بە دروست کردنی سایلۆ لەناوچەی شارەزوور و مەنتیقەی هەڵەبجە و لەهەرجێگایەك بێ، چونکە لەسالأنی رابردوو باری دانەوێڵە هاتووەو چل ڕۆژ لەناو سەیارە بووە وەهەر چل ڕۆژەکەی حسابی لە سەر جوتیارەکە کراوە، وە بەبڕوای من جوتیار بەقەدەر سائقیی لۆریەکە ئیستفادەی لە دانەوێلەکەی خۆی نەکردووە کە هێناویەتی بۆ سایلۆ لە سلێمانی، هەر لەخاڵێکی تردا لەسەر مەسئەلەی کشتوکاڵ گرفتێکی زۆر گەورە هەیە، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، لەسەر مەسەلەی برەودان بە کەرتی کشتوکاڵ ئەویش مەسئەلەی مەکائین بۆ جوتیاران، بۆیە ئومێد دەکەم وەزارەتی پلاندانان و وەزارەتی کشتوکاڵ و وەزارەتی دارایی لە هەرێمی کوردستان بیر لە دابین کردنی مەکائین بۆ جوتیاران بکاتەوە، چونکە بەڕاستی هەتا ئێستاش جوتیاران لە هەرێمی کوردستان لەسەر ئەرکی خۆیان و پێم وایە زۆربەی کات لەناوچە جۆر بەجۆرەکانی کوردستان جوتیار قەرزار دەبێت لەسەر هەموو ئەو مەسروفەی لەناو کشتوکاڵیەکەی خۆی دەیکات بەهۆی نەبوونی مکائینی کشتوکاڵی و نەبوونی سەماد، کە سەماد دەدرێ بەنرخێکی زۆر گران یان بەشێوەیەکی زۆر کەم دەدرێت بە جوتیار، ئومیدەوارم ئەوەش لەبواری زراعە و کەرتی کشتوکال چارەسەر بکرێ، یەك خاڵی تر کە زۆر بەلامەوە گرنکە کە پییێم باشە باسی بکەم کەزۆر باس دەکرێت ئەویش

مەسەلەی کەم کردنی مووچەی پلە تایبەتە بەتایبەتی ئەندامانی پەرلەمان، مـن بـەش بـەحاڵی خـۆم زۆرم پێ خۆشـە ئەگـەر مووچـەی ئەنـدامانی پەرلـەمان، چـونکە ئێمـە یەکـەمین پەرلـەمان نـین لـەم دنیایـە کـە دروست بووین ئەم هەموو موناقەشەیە لەسەر مووچەی ئەندامانی پەرلەمان هەیە، من ئەوەی کـە دەبیـنم بەڕاسـتی دەتـوانم بڵـێم کەمایـەتیکی یـەکجار زۆر بـە ئەنـدامانی پەرلـەمانی کوردسـتان کـراوە، چـونکە ئەوفراکسیۆنانەی کـە لێـرە دانیشـتووین هـەموو ئەنـدامی پەرلـەمانمان لەبەغـدا هەیـە، یـەك کـەس نـەی پرسـیوە ئەنـدامی پەرلـەمان مووچـەکەی چـەندە ؟ئێمـە پـێش ئـەوەی مووچـەکەمان وەر بگـرین منـاڵی بنەڕەتی لێـی پرسـیوم مووچـەکەتان چـەندە؟ یـان بـە مناڵـانی وتـووە چـەند مووچـە وەرەگـرن؟ هەریـەك لەئێمەو زۆربەی لەو بەڕێزانەی کە لێرە دانیشتووین پێشمەرگایەتی سـەردەمی شـاخمان کـردووە زیـاتر لـە $15$ ساڵ بە خۆبەخشی بۆ هەرێمی کوردستان بۆ بەدەست هێنانی ئـەو ئەزموونـەی کەئـەمڕۆ بەدەسـتمان هێناوە، زۆر بەداخەوە ئەمڕۆ کەسایەتی بـوونی ئێمـە و وجـودی ئێمـە موقارەنـە دەکریـت لەگـەڵ مووچـە! من ئومێد دەکەم مووچە نەك لە $10$٪ی لێ ببرێ، چونکە گرفتی ئێمە مووچە نی یە مووچـەی ئەنـدامانی پەرلەمان و پلە تایبەتەکان نی یە لە هەرێمی کوردستان، گرفتی ئێمـە لـە جێگـای تـرە، ئێمـە یـەکی چوار ساڵ ئەندامی پەرلەمانین ئەگەر چوار ساڵەکە ببێ بـە $12$ سـاڵ، هـەر $12$ سـاڵی مووچـەکەی ئێمـە بەقـەد خێری یەك تەندەر کە خێری لێ وەردەگیرێ، با بچێ حکومەتی هـەرێمی کوردسـتان، پەرلـەمانی کوردسـتان علاجی ئەو گەندەڵیانە بکات، نەك بێت بە دوا داچوون لەسەرمووچەی ئەندامی پەرلەمان بکات، من بـەش بەحاڵی خۆم کە ئامادەبووم $15$ساڵ خەباتی شاخی خۆ بەخشم کردبێ بە بێ ئەوەی کە کەناوم نەبردبێ و بەدوایدا نەچووبم مووچە بووە!! کە ئەمڕۆ بێن تەسفیە حسابی مووچە لەگەڵ ئێمە دەکەن، زۆر سوپاس .

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

تارا خان فەرموو.

**بەڕێز تارا عبدالرزاق محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەسـەرەتادا دەسـت خۆشـی لـە لیژنـەی دارایـی و ئـابووری دەکـەم بـۆ ڕاپۆرتەکـەیان و خسـتنە نـاو هـەموو ڕاپۆرتەکانی لیژنەکانی تر بـۆ نـاو راپۆرتەکـە، وە هـەروەها پشـتگیری لـە وتـەکانی بـەڕێزان سـۆزان خـان و دڵشاد شهاب دەکەین بۆ پیشنیارەکان بەرێزیان کردیان بۆ بڕینـی $10$٪ی بودجـەی وەبـەرهێنان وە بـۆ زیـاد کردنــی بــۆ ئــەو بابەتانــەی کەباسـیان کــرد کــە نامــەوێ دووبــارەی بکەمــەوە، وەك ئەنــدامێکی لیژنــەی تەندروستی ئەو بـڕە پارەیـەی کـە بـۆ لیژنـەی تەندروسـتی دیـاری کـراوە زۆر کەمـە ناگاتـە ئاسـتی پێـوەرە نێودەوڵەتیەکان، بۆیە من پێشنیار دەکەم کە ئەو بڕەیە زیاد بکرێ، بەتایبەتی کە وەزارەتی تەندروستی بۆ ئەمساڵ کۆنگرەیەکی بەست بەچاککردنی سیسـتەمی تەندروسـتی، ئەگـەر بـەو پێیـە بـڕوات نـاتوانین هـیچ

چاکسازیەك لەو سیتەمەدا بکەین، دووەمیان/ ئەوپرۆژانەشی کەپێشنیازکراوە بۆ وەزارەتی تەندروستی کەمە، هەروەها ئەوانەشی کە بەردەوامن هەندێ لە پرۆژەکانمان هەیە کە بەردەوامە و لەساڵی 2003ەوە کەلەکاتی پرۆژەکاندا بەسەر چووە بەسەریا و کەشفی ئیزافی بۆ کراوەتەوەو پارەیەکی زۆریشی بۆ سەرف کراوە، لەو پرۆژانەش بۆ نموونە 400 قەرەوێلیەکەی سلێمانی یە، هەروەها 60 قەرەوێلیەکەی صلاح الدین کەپارەی بۆ زیاد کراوە، کە ئەمەش تاسیر دەکاتە سەر بودجەی تەندروستی، کە تەواو نابن و ناشتوانرێ پرۆژەی تازەش بشکرێ، هەروەها پشتگیری لە قسەکانی د.جهان دەکەم مەنافعە ئیجتماعیەکان کە پیوەندی هەیە بەوزارەتی تەندروستی کە لەلێژنەدا صندوقێك لەبەر دەست دایە بۆ چارەسەر کردنی نەخۆشی شێر پەنجەو درێژخایەنەکان لێرەدا پیم باشە ئەو مەنافیعە ئیجتماعیە بچێتە ئەم سەندوقەوە هەروەها سەبارەت بە دەرماڵەی ترسناکی کە پەیوەندی بە کارمەندانی تەندروستی و بە دکتۆرو هەموو ستافی تەندروستی هەیە ناعەدالەتیەکی تیایە، بۆیە تێبینی زۆری لەسەرە، بۆیە داوا دەکەم چاوی پێدا بخشێندرێتەوە، هەروەها پشتگیری لە د.ثائر دەکەم بۆ دروست کردنی شارێکی ئۆلۆمپی کە لە کوردستان بکرێتەوە و بخرێتە پلانەوە لەکوردستان وە پرسیارێکم هەیە لەوەزیری دارایی ئەوبرە پارەی کەدیاری کراوە بۆ صندوقی پاڵپشتی لاوان بۆ پرۆژە بچووکەکان کەلەم دواییەدا لەپەرلەمان پەسند کرا، برەکەی چەندە؟ ئایا لە 25 ملیار دۆلارەکەیە کەتەرخان کراوە؟ هەروەها وەزارەتیش کە ئەو پارەییەی کە بۆ وەزارەتەکانی تر سەرفی دەکات لە دوای سەرف کردنی ئایا هیچ بە دواداچونێکی بۆی دەکات وەزارەتەکان کە چۆن سەرفی دەکەن؟ ئیتر سوپاس .

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك اسماعیل فەرموو.

**بەڕێز اسماعیل سعید محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

خوشك و برایانی بەرێز، بۆ هەڵسەنگاندنی بودجە بۆ بەشداری کردن لە تەخمین کردنی بودجە پێنج عونسوری ئەساسی هەیە کە پێویستە هەبن، یەکێکیا ن نەفەقاتی فیعلی ساڵی 2009 یە، دووەم/ بودجەی 2010 یە، هەروەها مصروفی فعلی 6مانگی 2010 ، هەروەها ڕاپۆرتی دیوانی چاودێری دارایی لەگەڵ نسبەتی هەڵئاوسان کەسالانە بانقی مەرکەزی هەر ولاتێك ئیعلانی دەکات، یەعنی بەبێ ئەم پێنج عونسرە ئەساسیە کە موهیمن و دەبێ دەقیق بن، ئینجا ئێمە دەتوانین بەڕاستی بەشداریەکی زانستی ئابووری بکەین لە گفتوگۆی بودجەدا، خوشك و برایانی بەرێز بۆ ئەو پێنج عونسورە، ئەم جەدولە لێرە کە ئێمە ئیشی لەسەر ئەکەین وە لەعراق موتەبعە وە شتێکی زۆر زۆر گرنگە وەبەدیراسەیەکی زۆر موهیم داندراوە

ئەوە هەروا لە خۆوە دانەدراوە، ئەگەر تەماشابكەین ئێمە گفتو گۆی بودجەی ساڵی 2011 دەكەین، بەلأم لەیەكەم خانەدا هاتووە نەفەقاتی فعلی ساڵی 2009مان ئەداتێ، ئەمە ئەهمیەتی خۆی هەیە، هەروەها مساریفی فعلی شەش مانگی یەكەمی 2010 كە لێرە بۆمان دەست نیشان كراوە، هەموو ئەمانە لە ڕاستیدا بۆ چی یە؟ بۆ ئەوەی مقارەنەیەكت بداتێ، مقارەنەیەك دوو ساڵی ڕابردوو لە گەڵ نسبەی تەزەخوم و لەگەڵ ئەو ڕاپۆرتەی لە دیوانی چاودێری دارایی دێ، ئینجا بەشداری دەكەین لە دیاری كردنی بودجەی ئەمسالەدا، خوشك و برایانی بەرێز بەداخەوە ئەو عونسرانەی كەمن وتم هەندێكی مەوجودە، بەلأم بەڕاستی بە غەلەت هاتووە، لێرەدا كە هاتووە (النفقات الفعلیە) یە بۆ ساڵی 2009، ئەمە پێویستە ئەم ڕەقەمە متابق بێ لەگەڵ حساباتی خیتامی سالی 2009 پێویستە دەقاودەق، یەعنی ئەم رەقەمە پێویستە لە حساباتی ختامی ساڵی 2009 وەرگیرابێت، بەلأم بەداخەوە ئەوەی من تێبینیم كردو وەرمگرت ئەم ڕەقەمە لەگەڵ حساباتی خیتامی ساڵی 2009 (ملیارێك و حەفتاو دوو ملیۆن دینار)ی فەرقە لەوانەیە ڕەقەمەكە زۆر نەبێ، بەلأم ئەمە ڕەقەمە، ئەوەی كە زۆر كارەساتە لەناو ئەم جەدوەلە كە پیویستە زۆر دەقاو دەق بێت، (المصروف الفعلی) بۆ شەش مانگی یەكەمی ساڵی 2010 دا، ئەمەش زۆر گرنگە كە پێویستە زۆر دەقیق بێت، لێرە ئێمە شتێكمان بۆ هاتووە و لێرە شتێك دیاری كراوە، ئەمەی كە بۆمان هاتووە لەڕاپۆرتی شەش مانگی یەكەمی بودجەی 2010 لەلایەن حكومەتەوە بۆمان هاتووە لەگەڵ ئەوەی كەلەناو بودجەكەدا هاتووە بەڕاستی كارەساتە! 797 ملیار دینار جیاوازی هەیە، یەعنی لێرە هەرئەندام پەرلەمانێك كە هاتووە و دێت شەش مانگی یەكەم مقارەنە دەكات و زەربی دووی دەكات بەهەڵەدا چووە، چونكە لێرە ڕەقەمی حەقیقیەكە 797ملیار دینار بەزیاد هاتووە لەگەڵ ئەم ڕاپۆرتی شەش مانگی یەكەم كە هاتووەتە پەرلەمانی كوردستان، ئەوەی جێگای تێبینی یە ئەم ڕاپۆرتە كە هاتووەتە پەرلەمانی كوردستان سەرۆكایەتی پەرلەمانیش تاڕادەیەك كەم تەرخەمە كە ئەبوایە دابەش كرابایە سەر ئەندامانی پەرلەمان یەك بەیەك هەمان بوایە، وابزانم جگە لە لێژنەی دارایی لای كەسی دیكە نەم بینیوە، .......... .

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

بەعەكسەوە بۆ گشت لێژنەكانی پەرلەمان بەڕەسمی چووە و لە لیژنەی داراییش هەبووە، كە جەنابت دەوامت نەكردووە، خۆت موقەسریی. كاك اسماعیل فەرموو.

**بەڕێز اسماعیل سعید محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەمە پێویستە لەناو سندوقەكەمان هەبێت زۆر گرنگە زۆر ئەهمیەتی هەیە، تبعەن دەمەوێ باسی ئەوە بكەم باشە حكومەتی هەرێم بۆچی ئەم جیاوازیەی دروست كردووە؟ كێشەكە لێرە دایە، یەعنی خووشك و برایان یەك تەفسیلی دیكە هەڵناگرێ، گوێ بگرن ئەمە هینەكەیە دەڵێ (المصاریف الفعلیە) بۆ شەش مانگی یەكەمی 2002، ئەوەی لەناو بودجەكەشدا هاتووە(المصاریف الفعلیە) بۆ 6/30/ یەعنی لەمفهومە كە تەماشای دەكەی هیچ مەفهوم و تەفسیرێكی دیكە هەڵناگرێ، بەلأم بۆچی حكومەت پەنای بردۆتە بەر

ئەوە؟ لێرەدا ئەمە لێرەدا قەزیەکە ئەوەیە، حکومەتی هەریمی کوردستان ئەمساڵ لەو مساریفە زۆرەی کە کردوویەتی کەلەناو بودجەدا تێپەریوە، کە زۆر سەرکەوتووە تەبعەن لێرە ڕەقەمی زۆرگەورەمان دەداتێ بۆ ئەوەی بەوریایی ئێمە نەزانین ئەو زیادانەی کە کردوویەتی بەجۆرێ لەجۆرەکان لێمان دەشارێتەوە، یەعنی تۆ ئەگەر 797ملیار دینار دەربێنی لەحەقیقەت دا ئەو رەقەمەی کە زیاد بووە کەمترە، کە پێویست دەکات ئەورەقەمە دەقاو دەق موتابق بێ لەگەڵ ئەو ڕاپۆرتەی کە لەهەمان وەزارەتەوە هاتووە، لەهەمان حکومەتەوە هاتووە ئەمە خاڵێکی گرنگە کە پێویستە بە نەزەری ئیعتبار وەری بگرین، بابچمە سەر خاڵێکی تر، سەبارەت بەمیلاکات  بەڕاستی ئەگەر تەماشای بودجەی ساڵی 2010 بکەین میلاکاتی وەزارەتی دارایی نزیکەی 38 هەزار کارمەندی بۆ موسادەقە کراوە ئەمە لە 2009دا بە ژمارەیەکی کەمتر یەعنی شتێکی کەمترە، دیسان موسادەقەی بۆ کراوە وە میزانیەی بۆ ڕۆیشتووە، بەلأم کەمیزانیەی 2011مان بۆ دێ، لەو خانەی کەباسی میلاکاتی ساڵی 2010 دا دەکات، بۆی نوسیووین دەڵێ 30250 کارمەندم هەیە، یەعنی ئەمە ڕەقەمێکی زۆر خەیاڵیە، یەعنی نزیکی حەوت هەزار کارمەند فەرق دەکات، من ئەو مووچەیەی کەدەرم هێناوە بە نسبەتی تناسب لەگەڵ  ئەو میزانیەیەی بەو عەددە دیاری کراوە بەو دوو ساڵە وەزارەتی دارایی نزیکەی 23ملیار دینار زیادی وەرگرتووە دەبێ ڕوون بکرێتەوە، پار 38 هەزار کارمەندی هەبووە 2009 ئەوەندەی هەبووە ئەم ساڵ تازە پێمان ئەڵێ 30250 کارمەندم هەیە، ئەمە پرسیارە بەراستی ئەبێ ڕون بکرێتەوە؟ ئەگەر ئیجازەم بدەی ئەم خاڵە ڕوون بکەمەوە، ئەمە نەفەقاتی سیادیە کەلەعێراقدا هاتووە لەسەری سەرەوە میزانیەی عیراق دەست نیشان کراوە دواجار فەقەرە بە فەقەرە میزانیەکان هاتۆتە خوارەوە، یەعنی هەموو میزانیەکانی لێ دەرچووە تا ئاخر شت دواجار لە (17٪)ـەکەی بودجەی هەریمی کوردستان داندراوە، دواجاریش حصەی هەرێمی کوردستان لە تەنمیەی ئەقالیم، داندراوە لێرەدا کێشەکە دەست پێدەکات، لێرەدا کە من ئەمەم لە بەڕێز بریکاری وەزیر وەرگرتووە لە کاك رەشید لێرەدا  (دوو سەد ونەوەد و هەشت ملیار و سەد و چل و دوو ملیۆن دینار) هاتووە، بەلأم لەناو میزانیەی هەرێمی کوردستان کە بۆ ئێمە هاتووە 291ملیار داندراوە، کەواتە (حەوت ملیار و سەد و چل ملیۆن دینار) لێرە ونە و ون بووە، داوا لەبەرێزیان دەکەین ئەمەمان بۆ ڕوون بکەنەوە؟.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**کاك قادر فەرموو.**

**بەڕێز قادر حسن قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەرەتا دەست خۆشی لە لێژنەی دارایی دەکەم بۆ پێشکەش کردنی ڕاپۆرتە چڕوپڕەکەیان و پشتیوانیش لەپێشنیاری فراکسیۆنی کوردستانی دەکەم بۆ ئەوەی لە 10٪ی بودجەی گشتی هەرێم کەم بکرێتەوە بۆ ئەو بابەتانە تەرخان بکرێت، هەرچەندە تیکراری ناکەمەوە، بۆ نموونە بەدەل ئازووقەی هێزەکانی ناوخۆ

و تۆڕی کۆمەڵایەتی و کشتوکاڵ و هتد...هەروەها پشتگیری لە هەردوو لیژنەی ناوخۆ دەکەم و ئومێدەوارم پێشنیارەکانمان وەکو خۆی لە بودجەدا جێگایان بکرێتەوە، چونکە ئێمە لە نزیکەوە لەکۆبوونەوەی وەزارەتەکان لەگەڵ وەزارەتی ناوخۆ و پۆلیس و ئاسایش لە پێداویستیەکانمان کۆلیونەتەوە و بە قەناعەتەوە داواکاریەکانی ئەوانمان پێشنیار کردووە، لەلایەکی تریشەوە پشتگیری لە ڕاپۆرتی لیژنەی تەندروستی دەکەم بە حوکمی ئەوەی ئەندامم لەو لیژنەیەش کە برە پارەی زیاتری بۆ دابین بکرێت لەم بودجەیەدا، چونکە ئەرکی ئەم وەزراەتە پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە ژیان و تەندروستی هەموو تاکەکانی کۆمەڵگاکەمانەوە هەیەو چەند پێداویستیەکانیان بۆ دابین بکرێت ئەوەندە ئەتوانن خزمەتگوزاری تەندروستی پێشکەش بە هاووڵاتیان بکەن، هەروەها پشتگیری لە ڕای زۆربەی خوشك و برایان دەکەم لەوەی کە ئیهتیمامێکی زۆر بدرێتە هێزی پێشمەرگە بەتایبەتی ئەو پێشمەرگانەی کەتاوەکو ئێستا لە هەشت لیوایەکە جیا نەبۆتەوە تاکو لەو تەشکیلاتانە جێگایان دەکرێتەوە یان خانەنشین دەکرێن هەوڵ بدرێت مووچەکانیان جیاوازیەکی ئەوتۆی لەگەڵ ئەوانی تر نەبێت، هەروەها پێشنیار ئەکەم ئەو قوتابیە هەژارانەی کەلە زانکۆکان دەخوێنن هاوکاریان بکرێ بۆ ئەوەی بتوانن خوێندنەکانیان بە کۆتابێنن، چونکە نموونەمان هەیە بۆ ئەوانەی کە لەو بارەوە ناچار بوونە واز لە خوێندن بێنن، دیسان پشتگیری لەو ڕایانە دەکەم کە ئیهتیمامێکی زۆر بدرێتە شوێنەوارەکان و ناوچە گەشتیاریەکان بە حوکمی ئەوەی ولاتەکەمان زۆر ناوەندی گەشتیاری تێدایە، بەرێز سەرۆکی پەرلەمان پێشنیاری گشتیشم هەیە بۆ بەڕێزان وەزیری دارایی و پلان دانان لە ڕێگای ئەوانیشەوە بۆ حکومەت کەپلانێکی ستراتیژی دابنێن بۆ گرینگی دان بۆکەرتی کشتوکاڵ و ئاژەڵداری و ئاوەدانکردنەوەی گوندەکان و چەندین پرۆژەی تری پیشەسازیو جۆراو جۆر بۆ ئەوەی بتوانین لەمەترسی زیادبوونی دیاردەی بێکاری و، لە هەمان کاتیش تەزەخومی فەرمانبەران لەگشت وەزارەتەکاندا ڕۆژ بەڕۆژ زیاد بوونی مووچەخۆری بێ ئینتاج، بەڕای من ئەگەر بودجەی هەرێم بگاتە دوو ئەوەندو سێ ئەوەندەی ئێستاش کە هەمانە مەحاڵە کێشەکانمان چارەسەر بکات لەوانەیە زیاتریشی بکات، ئەگەر بێتو پرۆژەی بەرهەمهێنمان نەبێت و ژێرخانی ئابووریمان بەهێز نەکەین وە ساڵانە ناچار دەبین زیاتر لە $3/2$ و بگرە زیاتر بودجە بۆ مەعاشات تەر خان بکەین، دیسان تەنها پشت بەستن بە داهاتی نەوت من بە سیاسەتێکی سەرکەوتووی نازانم، بەڵکو پشت بەستن، داهاتەکانی تر لە وڵاتەکەمان، ئایندەمان دەتوانێ گەشترو مسۆگەر تر بکات و وە ئاسایشی نەتەوەیشمان بەهێز تر بکات و، زۆر سوپاس .

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، کاك سەروەر فەرمود.

**بەڕێز د.سەروەر عبدالرحمن عمر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیـاره ئـەو بودجەیـە ئـەوە هەڵـدەگرێ کـەوا قسـەی لەسـەر بکرێـت، بۆیـە دەبیـنین کـە ئەمـە دوو ڕۆژە گفتوگۆی لەسەر دەکرێت وە کۆمەڵێك خاڵی ئیجابی لەنێو بودجەکە دا دەبینین کە مایـەی ئامـاژە پێدانـە، هەر لە بواری شەفافیەتدا کە دەبینین شـەفافانەتر هـاتووەوە سـاڵ بەسـاڵ بـە پێـی ئـەو ئەزموونـەی هەیـە یاخود بە پێی ئەو گۆڕانکاریانەی کە هاتوونەتەکایەوە، ئەگەر برایانی ئۆپۆزسـیۆنیش لێمـی قبـوڵ بکـەن و بڵێن بـەهۆی ئەوانەوەیـە، گـرینگ ئەوەیـە پرۆسـەکە بـەرەو پێشـەوە تـر چووە وە بـواری شـەفافیەت بـەر فراوانتر بووە، لە بواری وەبەرهێنان ئەم بودجەیە دەیان پڕۆژەی گرنگ و ستراتیجی تێدایە کەلە خزمەتی ئەم هەرێمەدا هەیە، لەبواری خزمەتگوزاری گشتی دا بەهەمان شـێوە، هـەروەها تـا ئاسـتێکی زۆر زیاترئـەم بودجەیەی ئەمساڵ دەتوانین بڵێین خاڵی گەشتریشی تێدایە کەوا تـا ئاسـتێکی زۆر دەسـتی حـزبیش لـە نـاو حکومەتدا لەبواری بودجەدا کەم کراوەتەوە، بەڕێز سـەرۆکی پەرلـەمان پشـتگیری تـەواوی ئـەو پێشـنیارانە دەکەم کەوا هاوڕێم خاتوو سۆزان بەناوی لیستی کوردسـتانی ڕایگەیانـد لەهـەموو ئـەو هـەنگاوە گرنگانـەی کـەوا پێویسـتە بنـدرێت وەلـەو بودجەیـەدا دەسـت نیشـان بکرێـت هـەر لـەزیادکردنی قـەرزی پیشـە سـازی کشـتوکاڵ و مەسـەلەی بەقـەرزی لاوان و پێشـینەی هاوسـەرگیری و هەمووڵایەنـەکانی تـر، بـەڕێز سـەرۆکی پەرلەمان من لێرەدا داوا لە وەزیری دارایـی ووەزیـری پـلان دانـان دەکـەم، بەرلـەوەی وەڵامـی پرسـیارەکانی ئەندامانی پەرلەمان بدەنەوە، پێویستە خاڵ بەخاڵ گفتوگۆو وەڵامی ئەو راپۆرتە بدەنەوە، لـەو داواکـاری و بەرچاو خستنانەی کەوا لە راپۆرتەکەی لیژنەی دارایی دا هاتووە، چونکە ئێمـەی ئەنـدامانی پەرلـەمان، لـە لیژنەکاندا سەرجەم ئەو بابەتانەی کە هەبووە خستوومانەتە روو، بۆیە پێم وانیە شـتێکی ئـەوتۆ مـابێ وە حەقـە لێـرەدا بـەر لـە وەڵامـی پرسـیاری ئەنـدامان وەڵامـی ئەوانـە بدەنـەوە، ئـەم بودجەیـە کـە دەیبیـنین بەراستی هەقە هەموومان بەرگری لێبکەین، بەرگری لێکردنێك لە تەندروست بوونی ئەم بودجەیە، ئەگەر لـە شـوێنێك دا پێویسـتە رەخنـەی لێـبگیرێ و پەنجـە بخرێتـە سـەر کەموکوریـەکانی، پێویسـتە لیسـتی کوردستانی بەر لە ئۆپۆزسیۆنیش کە خۆی حکومەتی پێك هێناوە پەنجەی بخاتە سـەر، وە لـەو شـوێنانەش دا کە پێویستە لایەنگری لێبکرێت لەلایەنە باشـەکانی بـەر لـە لیسـتی کوردسـتانیش پـێم وابـێ لیسـتەکانی ئۆپۆزۆسیۆن بەرگری لێبکەن، من بە مایەی خۆشحاڵی دەزانم کە وا لەم دوو ڕۆژی گفتوگۆیەدا، کەوا رەوتی گفتۆگۆکان بە ئاراستەیەکی زۆر تەندروست رۆیوە وەبەبێ جیـاوازی قسـەی لەسـەر کـراوە، بـەڕێز سـەرۆکی پەلەمان من لەو بودجەیەدا لەگەڵ ئەو لایەنە ئیجابیانەی کەوا باسی لێوە دەکرێـت، چـەند خـاڵێکی کـەم و کوڕیشی دەتوانم تێدا ببیـنم کـەوا لێـرەدا دەکـرێ ئێمـەی ئەنـدامانی پەرلـەمان گفتوگۆی لەسـەر بکـەین و چاکتری بکەینەوە، یەکێك لەو لایەنانـە ئەوەیـە کـە داهاتـەکانی هـەرێمی کوردسـتان بـەروونی ئامـاژەی پـێ نەدراوە، هەقە لێرەدا باشتر روون بکرێتەوە، لە بودجەدا ئایا داهاتەکانی نەوتە، گومرگە وەیاخود هەریـەك لە لایەنەکانی ترە لەم پرۆژە یاسایەدا هـەروەك هاوڕێیـانم قسـەیان لێکـرد لەبەشـێکی زۆریـان لەمەسـەلەی داهاتی هەرێم جیاوازیەکی زۆر هەیە کە پێویستە بەڕێز وەزیری دارایی باشـتر بۆمـانی روون بکاتـەوە، لـەو ژمـارە زۆرەی کـەوا نزیکـەی پێـنج ترلیـۆنی فەرقـە لەگـەڵ لـەنێوان ئـەو داهاتـەی لـە حکومـەتی هـەرێم

دەستنیشانی کردووەو ئەوەی لە بەغدا  دا کراوە وە جگە لەمە لە خەرجیەکانی تر واتا کەوا منحەی حزبە سیاسیەکانیشی لەسەرە بەبەراورد لەگەڵ ساڵی 2010 دا زۆر زیادی کردووە هەرچەندە لە راپۆرتی لیژنەی دارایی و لیژنەکانی تردا هاتووە کە کەم بکرێتەوە، من لێرەدا رایەك دەردەبڕم کە لەو پارەیەی کە بۆ حزبە سیاسیەکان تەرخان کراوە بواری گرنگ ترو لەپێشترو زەرور ترمان هەیە، بۆیە پێشنیاری ئەوە دەکەم کە حزیە سیاسیەکانیش لە خۆبردووانە تر کار بکەن، بۆیە لێرەدا کە ئەو بودجەیەی کە بۆ حزبە سیاسیەکان تەرخان کراوە، بۆلایەنی تر تەرخان بکرێت، حزبەکان پێویستە خۆیان خۆیان بژیەنن بەر لە هەموویان پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکیەتی نیشتمانی کوردستان، بەرێز سەرۆکی پەرلەمان ژمارەیەکی بەرچاو هەروەکو هاورێیان باسیان لێوە کرد کە لە پرۆژەکان نەخراونەتە بواری جێ بەجێ کردنەوە، بەڵام ئەوەی مایەی خۆشحاڵییە من دەیبینم لەلایەن وەزیری پلان دانانەوە بە ئەبدەیت کراوەتەوەو لیستێکی تر هاتووە پێویستمان بەوەیە کەوا زیاتر و باشتر بۆمانی روون کاتەوە کەوا ئەو لێڵیەی هەیە، نەبێت، بەرێزان ئەم بودجەیە کە خاڵی ئیجابی و باشی تێدایە، بەڵام بۆ ئەوەی لەساڵانی داهاتوودا باشتر بێت، پێویستە لە ئێستاوە کاری لەسەر بکرێت، بۆیە پێشنیار دەکەم لەگەڵ پەسندکردنی پرۆژە یاساکەدا چەند راسپاردەیەك دەربکەین و ئاراستەی حکومەتی کەین بۆ ئەوەی حکومەت ئیلزام بکرێت جێ بەجێ یان بکات، لەوانە یەکەم لەگەڵ ئەوەی ماوەی چەند ساڵێکە حکومەتی هەرێم  بودجەی ساڵانەی خۆی ئامادە دەکات هێشتا نەیتوانیوە بودجەکە بەشێوەیەکی تەواو زانستیانە ئامادە بکات، واتە پرۆژە بودجەی هەرێم پێویستە بنەما یاسایەکانی بودجەی بەتەواوی تێدا بێت، بۆیە دەبێت پەرلەمان جەخت لەسەر رێکخستنی بودجە بکاتەوە بەجۆرێك کە لەگەڵ پێوەرە نێو دەوڵەتیەکان و زانستی ئابووری دا بگونجێت، لەزاڵ بوونی دروست بوونی ئەوڵەویەتی ژمێریاری وئەندازیاری دوور بخرێتەوە، ئامانجی بودجە ئەوەیە هاوسەنگی ئابووری رابگرێت نەك هاوسەنگی ژمێریاری، دووەم: دەبێت لەگەڵ ناردنی بودجە بۆ پەرلەمان حکومەت توێژینەوەیەکی زانستی پشت ئەستوور بە داتاو زانیاری لەسەر رەوشی ئابووری وکۆمەڵایەتی هەرێم رەوانەی پەرلەمان بکات بۆئەوەی پەرلەمانتاران بەرچاویان روون بێ و بزانن لە ئاراستەی بودجەی هەرێم بەرەو چ لایەکە و تا چەند دەتوانێ ئەو ئامانجە بپێکێ کە دەست نیشانی کردووە، سێیەم؟ دەبێ پەرلەمان دەستەیەکی راوێژکاری پسپۆری هەبێ بۆئەوەی بتوانێ کە وا هاوکاری پەرلەمان بێ بۆ ئەوەی لەکەم کورتیەکان ئاگاداریان بکاتەوەو ئاگادارمان بکاتەوە کەوا پرۆژە یاساکان بەبێ کەم و کورتی پەسەند بکەین؟، چوارەم: ئامادەکردنی جەدوای ئابووری بۆ پرۆژە پێشنیازکراوەکانی وەزارەتەکان و داخل کردنی سیستەمی داتاو زانیاری بۆ ئەوەی لێوەی بزانرێ ئەم پرۆژەیە تا چەند تەواوکەری پرۆژەکانی تر دەبێ و دەبێتە فاکتەری گەشەی ئابووری هەرێم، هەر بۆیە داوا لە وەزارەتی پلان دانان دەکەین کە چی دی هیچ پرۆژەیەکی وەبەرهێنان نەخاتە ناو بودجەوە ئەگەر هاتو دیراسەی جەدوای ئابووری و دیزانی لەگەڵ دا نەبێت، چونکە ئەو دوو خاڵە هۆکاری سەرەکی دواکەوتنی پرۆژەکان و لاوازی خەملاندنی تێچووی پرۆژەکانن سوپاس

**بەرێز سەرۆكی پەرلەمان:**

دەست خۆش بەرێز عەزیمە نجم الدین حەسەن، فەرموو.

**بەرێز عظیمة نجم الدین حسن:**

**بەرێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دیارە كەباس و گفتوگۆكردن لەسەر مەسەلەی بودجە ئەكرێ، ئێمە ئەبێ سەرنج و تێبینیەكانی خۆمان لەسەر داهات و لەسەر خەرجیەكان باس بكرێ، من پێم وایە ئەوەی كە خاڵی سەرەكی یە لەگفتوگۆكردن لەسەر بودجە، چونكە بودجە خۆی بڕی داهات و خەرجیە كە لە ساڵەكە ئامادە دەكرێت، ئەوەی مایەی نیگەرانییە لە بودجەی 2011 و ساڵانی تریش ئاشكرانەكردنی داهاتی گشتی یە، واتا نسبەی داهاتە گشتیەكان لە پێك هێنانی بودجەی گشتی حكومەتی هەرێم دا لە چەندین رەهەندەوە سەرچاوە دەگرن كەلەگەڵ تیۆرە ئابووریەكان چەمكی شەفافییەت و رێژەی بەشداری كەرتە ئابوریەكان كۆك نییە كەواتە ناوبژی رەنووسەكان لە نێوان لیستەكانی بودجەی گشتی دا چ لە بودجەی بەكارخستن و وەبەرهێنانە لە داهاتی گشتی دا دەستەبەركراو خەملێندراو هەڵگری گومانی راشكاوانە لە شاردنەوەی گۆژمەكان و سامانی دارایی خەڵكی كوردستان دا هۆكاری دوو خاڵی پێشتر بەتاڵ كردنەوەی ئەو دامەزراوانەیە كە رۆڵی چاودێری حكومەت دەبینن و ناوەرۆكی كارنامەی خۆیانیان بەتاڵ كردۆتەوە، وەكو دیوانی چادوێری دارایی و دەستەی نەزاهە و رۆڵی چاودێری پەرلەمان و رۆڵی بەرێوبەرایەتیەكان و چاودێری دارایی ناوخۆ و دیوانی وەزارەتەكان هەڵاوسانی بودجەی بەكارخستنی حكومەت لە بودجەی 2011 دا، ساڵ لە دوای ساڵ بۆتە مایەی بەرهەمهێنانی هەژاری زیاتر بۆ ئەو هاووڵاتیانەی كە داهاتیان سنووردارە، لە حكومەت دەپرسین پاساوی ئەو هەوڵەی بودجەی بەكار خستنە چی یە ئەگەر سیاسەتی رازی كردنی بەرامبەرەكان و دەست بڵاوی و تەخشان و پەخشانی سامانی دارایی گشتی هەرێمی كوردستان نەبێت و رێگا خۆشكەر نەبێت بۆ سپیكردنەوەی گۆژمەكان، ئەگەر بودجەی گشتی حكومەتی هەرێم بەو شێوە ناپرۆفیشناڵە لە هەموو ساڵەكان ئامادە بكرێت بەو شێوە زیادە رۆیی ناودژی لە رەنووسەكان بابەتێكی زۆر ئاسایی بێت بە لای ئەوەوە، ئەوەش لە غیابی بەرێوەبردنێكی زیرەكانەوە دێ بۆئەوەی كە تەواوی خەرجییەكان و داهاتە گشتی یەكان پێش بینی دەكرێت و ئاسۆیەكی تاریك چاوەرێ ی هەرێمی كوردستان بكات، لە ماوەی چەند ساڵی تردا تەرخان كردنی دوو بودجەی جیاواز بە تایبەتی لە بودجەی بەكارخستن دا لە ساڵ 2011 بۆ دەزگاكانی ئاسایش كە بە ئاسایشی هەرێم لە هەولێر بە ئاسایشی سلێمانی لە سلێمانی ناویان براوە لە بودجەدا، بەڵگەی ئەوەن كە ئەم ساڵیشس لە 2011 ئەو دوو دەزگایە یەكتریان نەگرتۆتەوە تیایدا و بە شكستیەك دادەنرێن لەبنیاتنانی دەزگایەكی ئاسایشی نیشتمانی گشتی دا، مووچەی فەرمانبەران و خانەنشینی و رێژەی هەڵكشان لە 2010 بەبەراورد لەگەڵ 2009 بریتی بووە لە ٪34 و پۆینت 27 كە تێیدا گوژمەی هەڵكشانەكەی بە پێی ئەو رێژەیە بریتی یە لە یەك ترلیۆن و 333 ملیارو 444 ،بەلام لە 2011 كەمتر هەڵكشانی بە خۆیەوە بینوە بەبەراورد لەگەڵ 2010 ئەویش بریتی یە لە ٪47 خاڵێكی تر

پرسیاری سەرەکی یە لێرەدا ئەوەیە کاتێ حکومەت بە پێی میلاك بودجەی بۆ برگەی فەرمانبەران و خانەنشینی لەهەر ساڵێکی تازەی دارایی دەخەملێنێت پاساوی هەڵکشاوی ساڵ لە دوای ساڵی ئەو گوژمەیە بەرامبەر بە ژمارەی ئەوانەی لە ساڵێکدا دادەمەزرێن یان خانەنشین دەکرێن بۆنموونە هەڵکشانی گوژمەی ئەو برگەیە لە هەمووساڵەکان دا دووبارە بۆتەوە بە پێی حسابی ختامی 2009 پەسەند کراوی پەرلەمان بۆ ئەو برگەیە بریتی بووە لە 3 ترلیۆن و 6665 ملیارو 169 ملیۆن کە خەرجی فعلی حکومەت لە هەمان ئەمساڵەدا بریتی بووە لە 4 ترلیۆن و 969 ملیارو 990 گوژمەی زیادە رۆیی کردن بریتی یە لە 505 لە پرۆژە بەردەوامەکان دا گوژمەی تەرخان کرا و لە بودجەی وەبەرهێنانی بودجەی 2011 بۆ پرۆژە بەردەوامەکان بریتی یە لە 2 ترلیۆن و 802 ملیارو 695 بەڵام کاتێ تێبینی لە لیستەکە دەکەین دەبینرێ ژمارەی ئەو پرۆژانەی کە تا ئێستا دەست بەکار نەبوونە لە بنەڕەتدا پرۆژەی پێشنیاری ساڵی رابردووی 2010ن، لەنێو ئەو لیستەدا جێیان بۆ کراوەتەوە بۆ نموونە دروست کردنی خانەی بەساڵا چووان لە ناحیەی شۆرش لە چەمچەماڵ، بینای پۆلیسی بەرگری فریاکەوتن، دروست کردنی قوتابخانەیەکی 18 پۆلی لە چەمچەماڵ لە ساڵی 2010 ئەوەی مایەی سەرنج و تێبینی یە لە بودجەی 2011 بودجەی بەکارخستن لە هەموو ساڵەکاندا بەشی بودجەی بەکارخستن کەوتووە، وەهەروەها دەست بڵاوی هەڵکشانی بەردەوام لەم بودجەیەی بەکارخستن دا بەزەقی لە چوار برگەی فەرمانبەران و خانەنشینان و کرێی شت و مەك و خزمەت گوزاری و چاکردنەوەی خەرجیەکان و بەخشینا بەدەردەکەوێت، ئەم زیادەرۆیە بۆتە هۆی کورت هێنانی بودجە، خاڵێکی تر برگەی بودجەی تەرخان کراو بۆ پرۆژە بەردەوامەکان کەم کردنەوەی پرۆژەی زۆر بۆ برگەی زیاتر بۆ وەبەرهێنان پرۆژەی زۆرن، بۆیە من پێم وایە زۆرترین بودجە بۆ پرۆژە بەردەوامەکان ئەگەڕێتەوە بۆ بەشداری نەکردنی وەزارەتەکانی پەیوەندیدار لە دروست کردنی پرۆژەی وەبەرهێناندا لەبەرئەوەی تەندرینی پرۆژەکان تەنها لە دوو شوێنی سەرەکی ئەنجام دەدرێت ئەویش وەزارەتی ئاوەدان کردنەوەو پارێزگایە لە دەرنجامی خاڵی سەرەوەدا دەبینرێت پرۆژەکان لە ساڵێکی دارایدا بەسەر یەك دا کەڵەکە دەبن و ئەوەتا دەبینرێ رێژەی پرۆژەی ژمارە نوێیەکان لە ساڵی 2011 روو لە داکشان و نزم بوونەوە دەکات، هەماهەنگی لە نێوان پارێزگاکان و وەزارەتەکاندا هەستی پێناکرێت لە کاتی ئامادە کردنی بودجەدا دابەش کردن و دیاری کردنی پرۆژە پێویستەکاندا بە پێی پێوەرە زانستی و گونجاوەکان نەکراوە، ئەندامێکی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی بۆ پرسکردن بەم پرۆژانە ئەڵێت ئێمە ئاگامان لەم پرۆژانە نیە، لەکاتێکدا لەشوێنێکی وەکو چەمچەماڵ پرۆژەیەکی ستراتیژی گەورە هەبووە، کە لە ساڵی 2009 دیزاینی بۆ کراوە، بە بڕی(36) دەفتەر، بەڵام تا ئێستا لە بودجەی 2010 و 2011 شدا وجودی نیە، پێویستە لە بودجەدا هەوڵی گەڕاندنەوەی هاوسەنگی بدرێت، لەنێوان وەبەرهێنان و وەگەڕخستندا، ئەمساڵ هەوڵی کەمکردنەوەی بودجەی وەگەڕخستن بدرێت، بۆ زیادکردنی پرۆژەکانی وەبەرهێنان، کە ئەمەش مانای پێشخستنی وڵات وزیادکردنی هەلی کارو جووڵاندنی بازاڕ دەدات، پێشخستنی وڵات و بەهێزکردنی ژێرخانی ئابووری، بەئەنجامدانی پرۆژەی گەورەو

ستراتیژییه بەتایبەت لەبواری کشتوکاڵ وپیشەسازیدا بە ئەنجام ئەگەیەندرێت، پرۆژەی کشتوکاڵی و پیشەسازی و ئابووری بەهێز دەبێت و ئاستی ژیان بەرەوپێش دەچێت، هەلی کار زۆر دەبێت، حکومەت سیاسەتێکی ئابووری دروستی نیە بۆ کەمکردنەوەو نەهێشتنی دیاردەی بێکاری و هەژاری، بەهۆی خراپی سیستمەکەوە کە نەتواندراوە بەشێوەیەکی دادپەروەرانە کاری پێ بکرێت لەوەزارەتەکاندا، فەلسەفەی سیاسی دەوڵەت لە ڕەنگدانەوەی سیاسەتی ئیقتصادی ولاتدا نەتوانراوە لەکوردستاندا بەشێوەیەکی یەکسان وبەپێی پێداویستی بتواندرێت لەوەزارەتەکان ئەولەویەت بدرێت بەو کەرتانەی کە پێویستن، یەکێك لەو کەرتانەی کە گرنگی زۆری پێنەدراوە لە ئەمساڵدا بەشێوەیەکی باش کەرتی پەروەردەیە، پێم وایە باش گرنگی پێنەدراوە و پێشنیاریش دەکەم ئەو (150)ملیار دینارە، جارێکی تر لەبەر ئەوەی کێشەی پەروەردە بەردەوامە، بە 10 ساڵی تریش ئەو گوژمە پارەیە دابندرێت، ئینجا ئەتوانرێت کێشەی پەروەردە لەکوردستاندا چارەسەر بکرێت، نابێت ئەمە فەرامۆش بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، ئامینە زکری سعید یوسف

**بەڕێز ئامینە زکری سعید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێزان پەرلەمانتاران، ژ پرۆژەی پێشنیار کریدا، لاپەڕەی 24و25 یا ساڵا 2011 دا، بابەتێ قوتابخانەی تایبەت کو چار ملیار دینار بۆ ڕێڤە بردن و کارگێڕیا خاندنێ کەرتی تایبەت هاتینە دەست نیشان کرن، کو ئەو مەدرەسە لە هەڵەبجە و کەلارو زاخۆ و سۆرانە، پرسیار دکەم کو مەبەست ژ ب ڕێوەبردن و کاگێڕیا بزەبت، ئەڤ ڕێڤە بەریا ئەڤ مەدرەسێت کەرتێ تایبەت دێ چ کەن کو مەدرەسێن حکومی و قەزایێن پەروەردەیی نەشێن وی ئەرك و وی کاری ڕابین، بەڕێزان وەزیری دارایی و، بەڕێزان وەزیری پلان دانانێ، ئایا ئێوەش وەکی من ئاگاە دارن کو ڕێڤە بەریا ئەگەر قەزا زاخۆ بکەمە نموونە، قەزا زاخۆ 171 مەدرەسا پێك دێتن، کو هەیڤا نە بتەنێ کو 135 ملیۆن دینار وەردەگری، سەر ڤان هەمی مەدرەسێ و سەر ڤان هەمی 171 مەدرەسێ دهێتە دابەش کرن، کو پێتفیا ڤان مەدرەسا ژیش، 1000 قوتابیا پتر، قوتابی و ماموستاو کارمەند پتر پێك دێت، بۆ کارگێڕی و بۆ هەموو شولێت خۆ ڕێڤە بریڤە، ئەڤ گوژمە بۆ دێتە مەزاختن، ئەگەر هەر مەدرەسەکێ ئەگەر تەقسیم بەندی بکەی، 205 هەزار دینار بەر دکەویت، بۆ جەنابێ هەوەی پێشنیار کری، ئەڤ مەبلەغە بۆ وان چار مەدارسێ کەرتێ تایبەت بێتە مەزاختن، ئیحتیماله 400 هەتا 500 قوتابی تێدابیت، کو ژ ڕوویا ئابووری، کو گەلەك جار ئەم دبینین عەردو ئاڤ و کەهرەب و، وان دێنە عەفو کرن، ژ لایێ حکومەتێڤە، سەرەڕای هەندێژی کو پارەکا خەیالیش قوتابیا دێنە وەرگرتن، مەجالێ کەرتێ تایبەتدا، جەنابێ هەوە دڤێت هەیڤێ 111 ملیۆن دینارا بۆ مەساریفێت کارگێڕی ل سەر بودجا حکومەتێ تەرخان بکەن بۆ کەرتێ تایبەت، ئایا چ مەنتق دێ قەبیل کەتن، دێ بەراوردێت ناڤبەرا 111 ێ ملیۆن دینارا، دوو سەدو پێنجێ هەزار دینارا مرۆڤ شێت بکەتن، چ مەنتقە ئەڤ پرۆژێ هاتینە

دانان ژوان هەرێمێدا، یان وێ هەڤ گرتیڤە ئەڤ بڕیارا وێ دای، بۆ ڤێ پرسیارێ کو جهێ سەر سوڕمانیا من بوو، پرسیارێ جەنابێ وەزیرێ پەروەدەیێ کر، جەنابێ وێ ئاماژە ب هەندێ دای کو تەسهیلاتا بۆ کەرتی تایبەت چێ کەت، ئەو عەقدێت کو دگەل هەندەك مەدارسێت تایبەت چێ کەم، 8٪ ژوان قوتابی بیدا هەژارە ،بەس پشتی دیف چونا من کو ل سەر هندەك مەدرەسێ کەرتی تایبەت کری، مەدرەسەکا دهۆکێ ئەز دێکەمە نموونە، 423 قوتابی، یێت نافدا بتنێ 4 زارۆکێ شەهیدانە، مەدرەسەکادی من سەح کرێ 35 قوتابی یێت شەهید و هەژارانە، ئەگەر خۆ هەتا ئەوژی ژی ، 100٪ قوتابی شەهیدان بن، تەنها 400 هەتا 500 قوتابێ شەهیدان مە هەنە، کو ب ڕاستی ئەوە جهێ ڕاوەستیانێیە، جدی دێ لسەر ڕاوەستین، یاسا بودجەی سالا 2010 ب گوژمێ 100ملیۆن دۆلارا بۆ وان دەست نیشان کرن، کو گوژمێ 35 ملیۆن دۆلار بۆ هاتیە مەزاختن، 65 ملیۆنێ دیکە دیار نینە، من دڤێت بزانم پرسیارا جەنابێ وەزیرێ دارایی دکەم، کو مەسیرێ وان 65 ملیۆن دۆلارا چ لێ هاتیەو کیڤە چویە؟، هەرچەند ماددێ 13 ێ یاسا بودجێ سالا 2011 دا ئاماژەدا هەندێ کو دێ بەردوامیا توانا سازیێ بی، ئایا مەبەست مەزاختنا 65 ملیۆن دۆلاریە؟، یان ژی مەبلەغەکی دی یان 100ملیۆن دۆلارێ دی، دێ بۆ هێتە دەست نیشان کرن، پڕۆژێ پەرتوتکخانەی ناوەندیا زانکۆیا دهۆکێ، ل بودجا سالا 2010ی گوژمەی گشتی پێنج ملیارو پێنج سەد ملیۆن دینارن، ل لاپەڕێ 71دا، ژ پڕۆژێن بەردوامێی سالا 2011ێ زنجیرە 7 ئەو گوژمەیێ بویە 5ملیار دینار، بۆچی؟، یەعنی 500 ملیۆنێ دیکە چ لێ هاتیە؟، یان پڕۆژێ چێکرنا زانکۆیا هەڵەبجە و ڕانیەو کەلار، سالا چووی 12 ملیار دینار بۆ تەرخان کری، ل پڕۆژێت بەردوام لاپەڕێت 71ێ ئەڤ گوژمە یێ کێم بووی، بۆ نموونە هەڵەبجە بویە دە ملیارو پێنج سەدو پەنجاو پێنج ملیۆن، بۆ کەلاری بویە نۆ ملیارو نۆسەدو پانزە ملیۆن، ڕانیە بویە دە ملیارو سێ سەدو و هەشتێ و ئێك، ئەو گوژمە بۆچی هاتە کێم کرن، کیڤە چوینە؟، ل سەر کیێ هاتیە ڕەوانە کرن؟، ئەو دوو سالە بودجەیا دێتە بەردەستێ مە لێ جهێ داخێیە وەزارەتا ئەوقافێ ئەم نابینین یەك پڕۆژە، نە بۆ مەسیحیا نە بۆ ئێزدیا مەزارگەهـ و جهێت ئاینییێت وان بۆ هاتبنە تەرخان کرن، ب ڕاستی ئەڤە جهێ ڕاستیانە، ئەگەر وەزارەتا ئەوقافێ، ئەگەر ب شوێنێت ئیسلامیە، بلا دیار بی، بەس یا دیارە ئەو قافە، وەزیرێ پلان دانانێ، ئەز نزانم چەوا ل سەر وی دەرباز بویە؟، کو بۆ وان نەبیتن، بەڕێز سەرۆکێ پەرلەمانێ، لیژنا ئەوقافێ ئاماژەدا هەندێ کو 100کەس تەعینات هەبن بۆ وەزارەتا ئەوقافێ، بەڕێز سەرۆکێ پەرلەمانێ، پەرلەمانتاران، دزانن سالا چووی ب تنێ میلاکێ بۆ ئێزدیا دانای 4 کەس بوون، ئەو ڕێڤە بەریا یێ شئونێت ئێزدیا، بۆ هندێ کو یەعنی سەر ئەمرێ وەزارەتێ، یێ چووی 14 تەعینانێت بۆخۆ ئینای، ئەوە بلی هندی کو سێ سەدو پازدە مەزارگەهـ و پارێزگەهێت ئێزدیا مەیێت هەی، ڕێڤە بەریەکێ ژ دهۆکێ دانای، یەعنی ب ڕاستی جهێ ڕاوەستانیە ل سەر ڤێ، کوالیتیا جێبەجێ کرنا گەلەك پڕۆێ ل ئاستەکێ زۆر باش دانینە، ئەڤە ژی دێ زڤڕی بۆ دەستا جێبەجێ کرنی، هەروەسا لیژنا چاڤ دێریا ئەندازەی، تەندەرا کو جهێ کەرستەیێ تێدا بکارئینان، ئەگەر سەح کەنێ ئەڤە سەرەدانا هەندەك مەدرەسا من یا کری، پڕۆژەی ئەوە دوو هەیڤایە تەسلیم کری ئەڤ مەدرەسێ، لێ دبینی کو پشیەکی گەلەك خراپ یێ

داهاتینه، یەعنی هەر ڤێ گاڤێ هەر ڕەفتین مەترسیێ سەر بچیکا، دارێت وێ دیوارێت وێ، پێت هەرفتی، ڤی ڕەنگی دیوارێت سەردا، کو دیوارەکێ پێ جوانکاریا بەرێ پێت کەفتی، ژ لایەکێ دی ترڤە، کار بۆ هندێ هاتە کرن، مەدرەسێك نوکە ب شێوازەکێ سەردەمی بێتە کرن، یاریگایێت وەرزشی تێدا هەبن، مخابن یاریگایێت وەرزشی تێدا هاتینە کرن، بەس نەگۆڕێت مەعیارێ وەرزشینە، ئامێرێت وەرزشی دانی جهێت بۆ نەمایە، پرۆژێ جێکرنا زانکۆیا سۆران پارێزگا هەولێرێ، ئەڤ پرۆژە نە پرۆژێ بەردوامێ سالا $2010$ێ دایە، نە پرۆژێ پێشنیار کریا سالا $2010$ێ دایە، ل بودجا $2011$ ێ پێت بەردوام تێدا ئاماژە پێ دای، پشتەڤانیا ڕەئیا لیژنا دارایی دکەم، بۆ دابین کرنا یا کەمیەکێ ئاکنجی بوونێ کو گوژمێ $75$ملیار دینار بێتە تەرخان کرن، ڕێکا جێبەجێ کرنا یاسای ژمارە $7$ یا سالا $2008$ ێ، تنێ خالەکا دی دێ بەحس کەم،جهێ داخێیە ئەم هەی پەرلەمانتاری کوردستانی، کو بودجەی تەشغیلی حەوت پۆینت بیست و سێ سەدێیە، ئەوەژی کارەساتەکا ئابووریە بۆ هەموو ولاتی، دەمێ ولاتێت ئەوروپی بودجەی تەشغیلی دگەهیتە $21$ هەتا $25$ سەدی زەنگی مەترسیێ لێ دەدەن، یەعنی من تشتەکێ ل هۆلا پەرلەمانێ دیتی، کو ئەم پەرلەمانتار ڤێ سەر ڕاوەستی، ئەم بێ جیاوازی، ئەم هەمی فراکسیۆن، ئەم هەمی پەرلەمانتار ڤێ داخاز دکەین تەعینات زێدە بن، فەرمانبەر زێدە بن، دەرماڵەو مخسساتێت وان بەرەو زێدە بوونێ بچیت، کو ئەم بخۆ پێ زەحتێ سەر حکومەتی دکەین بودجەی تەشغیلی زێدە ببی، یەعنی زەحتێ جەماوەری و زەحتێ پەرلەمانی ل سەر حکومەتێ، یەعنی کو حکومەتی ئێخستیە دەرەکا تەنگاڤدا، کو دڤێتن ئەو یان دروشمێ ئینتیخابیدا دەردەکەوی، کار بۆ هندێ بکەین، کو سیستەمێ ئابووری، بەرەڤ سیستەمەکێ داهێنەرو، بەرهەم هێنەر بچیت، کو تێدا کۆمپانیا و فابریك پێ کەرتێ تایبەت جهێ خۆ بگرن و کارمەند وێرێ زێدە ببن، بن ئیشرافا یاسا کاری، ئو چاڤ دێریا حکومەتێ دابن، دا ئەم بشێین بودجا تەشغیلی بەر هەڤ بکەین.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز محمد دلێر محمود فتاح، فەرمووو.

**بەڕێز محمد دلێر محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشەکی هەمووومان باسی ئەوە دەکەین کە ناهاوسەنگی هەیە لە بودجەی تەشغیلی و بودجەی وەبەرهێنان، من لەبەر ئەمە زۆر دەستخۆشی لە فراکسیۆنی کوردستانی دەکەم، کە بڕی ($979$)ملیار دیناری لە بودجەی تەشغیلی کە نزیکەی لە $10$٪ دەکات کەمکردۆتەوە بۆ کۆمەڵێك بوار کە ئەمەش هەرچەندە زۆری چووەتەوە بۆ بودجەی تەشغیلی، بەڵام بووە بە سیفەو باشترە، من وای بەباش دەزانم چەند خاڵێك هەیە لەو خاڵانەی کە لە پێشنیارەکانی لیژنەی دارایی هاتووە تەئکیدی لەسەر بکەمەوە، $1$- ئەو پرۆژانەی

کەلەدوای 6 مانگ، دوای پەسەند کردنی بودجە، هەر پرۆژەیەکی وەبەرهێنان، ئەگەر تەنـدەری بـۆ نـەکرا، یان نەخرایە بواری جێبەجێکردنەوە، پێویستە پەرلەمانی لێ ئاگاداربکرێتـەوە، لەهۆی دواکەوتنەکـەی بـۆ ئەوەی بۆ ساڵی دوایی بتواندرێت ئیستیفادەی لێ بکرێت، هەروەها بۆ هەر پرۆژەیەك پێش ئەوەی بخرێتـە ناو پرۆژەکانی بودجەوە پێویستە جەدوای هونەری وئابووری و زەمینە سازی بۆ بکرێت، 2- باشتر بوو لـەم بودجەیەدا زیاتر پارە تەرخان بکرایـە بـۆ پرۆژەکـانی کـەرتی تایبـەت چ لـەبواری کشـتوکاڵ، چ پیشەسـازی، گەشتیاری، ئەمانە کە دەبووە هۆی بەهێز بوون وباش بـوونی ژێرخـانی ئابووریمـان، وە ڕەخسـاندنی هـەلی کار بۆ کرێکارو کارمەندان لەکەرتی تایبەتدا، چونکە پێویستە لەسـەر حکومـەت سـاڵانە هـەلی کـاری نـوێ بڕەخسێنێت، چ لەکەرتی تایبەت، یان گشتی بێت، هەوڵ بدرێت پرۆژەکانی وەبـەرهێنان و بەرهەمهێنـەکان لـە کـەرتی تایبەتـدا کـار ئاسـانیان بـۆ بکرێـت، هـەروەها هـەوڵ بـدرێت چـەند سـاڵێك لـە ڕسـوومات و بـاج ببەخشرێن، تا زیاتر گەشە بکەن و خۆڕابگرن وبەردەوام بن، کە لەدواییدا ئامـادە بـن بـۆ بـاج، کـە گەیشـتە کۆمپانیایەکی گەورە، ئەوکاتـە ئەتوانـدرێت بـاجی زۆری لـێ بسـەندرێت، بـۆ نموونـە: ئـەمڕۆ کۆمپانیاکـانی ئاسـیا و کـۆڕەك وچـەند کۆمپانیایـەکی ئـاوا، سـەرمایەکانیان زۆر زۆرە، بـەڵام باجـەکانیان زۆر زۆر کەمـە، ئەمانـە بـۆ ئـەوەی بـبن بـە هاوکارێـك بـۆ پـرۆژە خزمەتگوزارییـەکان و پرۆژەکـانی خـەڵك، حەقـە ئەمانـە باجیان لەسەر دابنـدرێت زیـاتر وبتوانـدرێت لـە پـرۆژە وەبەرهێنەکانـدا بەشـدار بـن، خـەڵك سـوودیان لـێ ببینێت، خاڵێکی تر لەگەڵ ئەوەی کەئێمە باسی پـرۆژەی پیشەسـازیمان کـرد، زۆر باسـی ئـەوە کـرا، کـە پـار (30) ملیار دینـار لـە بـانقی کشـتوکاڵی گەڕایـەوە، بـۆ گەڕایـەوە؟، بـەڕەئی مـن بـۆ ئـەوە گەڕایـەوە لـەبانقی پیشەسازی کە گەڕایەوە بۆ حکومەت و سەرف نەکراوە؟، ئەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کۆمەڵێك ڕێنمایی دەرچووە بـۆ ئـەو کەسـانەی کـە بیانەوێـت ئـەو قـەرزە وەربگـرن، لـەبواری پیشەسـازیدا ئـەو ڕێنماییانـە ئەوەنـدە تەعجیزی و ئەوەندە سەختن لەلایەن وەزارەتی داراییەوە دەرچووە، مانای ئەوەیە بـە خـەڵکی وەبەرهێنـەر ئەڵێت، پارەت نادەمێ، ئینجا داواکارین لە وەزارەتی دارایی، ئەو ڕێنماییانە چاك بکات، بۆ نموونە داوای چی کردووە؟، ئەڵێت لەوحاتی پلاستیکی مەعمەلی لەوحاتی پلاستیکی، لـەوحاتی پلاسـتیکی نەشـەریکەی پـترۆ کیمیاویمان هەیە حوبەیباتمان هەبێت، حوبەیبات ئەبێت لە دەرەوە بیهێنی، ئجوری قوەی عاملین لە وڵاتـی ئێمە لە چاو سینا زۆر زۆر بەرزترە، لەبەر ئەوە هیچ منافەسەیەکمان پێ ناکرێت، یەعنی کـەس ناتوانێـت، لەبەر ئەوە کەسێك سەناعەتێك دابنێت ئەیەوێت قازانج بکات، نایـەوێت هـەر بـۆ ئـەوەی بڵـێ مـن خـاوەن مەعمەلم یان شتی لەو بابەتەم، لەبەر ئەوەی کە ئێمە ئێستا باسی پرۆژەکـانی کـەرتی تایبـەتمان کـرد، مـن داوا دەکـەم لـە سـەرۆکایەتی پەرلـەمان، هـەر شـتێك کـە ڕەبتـی بـە بودجـەوە هەیـە، دوای پەسـەند کردنـی بودجە، ئەو پرۆژە یاسایەی کە لە لایەن حکومەتەوە هاتووە بۆ ناو پەرلەمان، دوای تەعدیل کردنـی چـەند ماددەو بڕگەیەکی یاسای کارو زەمانی ئیجتیماعی لە کەرتی تایبەت، بۆ ئەوەی کارمەنـدانی کـەرتی تایبـەت دڵنیا بن لە تەقاعود بوونیان وەکو کارمەندانی کەرتی حکومی، بـە دانـی ئیشـتیراکاتی مانگانـەیان، خـاڵێکی تر هەوڵ بدرێت لە بەشە بودجەی پاڵپشتی سـندوقی نیشـتەجێ بـوون، بڕێـك تـەرخان بکرێـت بـۆ خـانوو

وشوقەی بچووك، كە شایەنی نیشتەجێ بوون بێت، بۆ خەڵكی كەم دەرامەت و هەژار، بە قیستێكی درێژخایەنی مانگانە، دەربارەی زەوی نیشتەجێ بوون، كە گوایە 100م شمولی سولفەی عەقار دەكات، بەڵام ئێستا كێشەیەك هەیە لەناو هاووڵاتیان، مەوزوعی 200م هەیە، 200م كە بەناوی دوو كەسەوەیە، خۆی كێشەكە لەمەیە، ئەو 200م یاسایەك دەربچێت، یاخود بڕیارێك دەربچێت لە وزارەتی داراییەوە، بتواندرێت ئەم 200م ببێت بە دووبەش، 100م مورەبەعی، بۆ ئەوەی هەردوو لایان ئیستیفادەی لێ بكەن، ئێستا لەو 200م مورەبەعیە یەكێكیان سلفەی وەرگرت، ئەوی تریان ناتوانێت وەری گرێت، لەبەر ئەوەی من داوادەكەم ڕێنماییەك یاخود شتێكی وا دەربچێت بۆ ئەوەی كار ئاسانی بۆ دانیشتوانی كوردستان زیاتر بكرێت، پرسیارێك دەكەم بۆ وەزارەتی دارایی، ئایا دەكرێت ئەو وەزارەت و بەڕێوەبەرایەتیانەی كەلەكاتێكدا پارەیان ئەمێنێتەوە بەتایبەتی لە بواری بودجەی تەشغیلی، بۆ ساڵی دوایی كە مەدەوەر ئەبێتەوە، بگەڕێتەوە بۆ هەمان وەزارەت، هەتا چەند لە بەرژەوەندی حكومەت دایە بگەڕێتەوە بۆ وەزارەتی دارایی؟، بەڵام ئەمە لە بواری بودجەی تەشغیلی، ئەبێتە هاندانێك بۆ تەشجیع بوونی ئەو وەزارەت و دائیرانە، چونكە زۆر وەزارەت و فەرمانگە هەیە، كە ئەگاتە نیهایەتی ساڵ، پارەكە بە زۆر سەرفی دەكات، ئەیدات بە قەنەفە، ئەیدات بەو لا و بەم لا، سەرفی ئەكات، بەڵام ئەگەر بگەڕێتەوە بۆ هەمان وەزارەت و هەمان دائیرە لە بواری بودجەی تەشغیلی، بۆ چەند ساڵێك ئەتوانێ پرۆژەیەكی چاكی خزمەتگوزاری و ئاوەدانی پێ دروست بكات و بەخۆڕایش سەرفی ناكات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز سەرهەنگ فەرەج محمد، فەرموو.

**بەڕێز سەرهەنگ فرج محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەندامانی بەڕێز، دیارە من دەمەوێت لەسەرەتادا قسە لەسەر وەزارەتی دارایی بكەم، بەبڕوای من ئەو دەسەڵاتە داراییەی كە بەدەست وەزارەتی داراییەوەیە دەسەڵاتێكی زۆر فراوانە، ئەبێت ئێمە بەجدی لە ئەمسالدا قسە لەسەر ئەوە بكەین، كە ئەو دەسەڵاتانە كەم بكەینەوە، بوونی ئەم دەسەڵاتە فراوانە بۆ وەزارەتی دارایی ئەوەندە وای كردووە، كە وەزارەتی دارایی لە خەزێنەیەكی گلدانەوەی پارە بچێت، ئەوەندە لەوە ناچێت وەكو دەزگایەك كە ئیش لەسەر دانانی سیاسەتی گشتی ئابووری وڵات بكات، بە بڕوای من وەزارەتی دارایی ئەوەندە ئیشی ئەوەیە كە دەبێت ئیش بكات بۆ خستنەڕووی سیاسەتی گشتی دارایی وڵات، تەحەكوم كردن بە عەرز وتەڵەب وبەڕاگرتنی ئەو هاوسەنگیە، پێشكەش كردنی پرۆژە بۆ دروست كردنی سەقامگیری ئابووری، پێشكەشكردنی پرۆژە بۆ هاندانی زیادكردنی وەبەرهێنان لەكوردستان، چ ئیشێكی تری نیە، من پێشنیاز دەكەم بەڕاستی دەسەڵاتەكانی وەزارەتی دارایی، دابەشبكرێت بەسەر ئەو وەزارەتانەی كە لانی كەمی وەزارەتی خزمەتگوزارین، لەگەڵ چڕكردنەوەی دەسەڵاتی ڕەقابی لەسەر ئەو وەزارەتانە، بەحەقیقەت ئەوە یەكێكە لەگرفتەكانی دواكەوتنی ئەنجامدانی پرۆژەكان، یەكێكە لە گرفتەكانی

دروستبوونی ڕۆتینیات، حەقە ئەو وەزارەتانەی کە پرۆژەیان هەیە، وەزارەتی دارایی پارەکە لای خۆیان بێت، دەسەڵاتی سەرفکردنی پارە لای خۆیان بێت، نەگەڕێنەوە بۆ وەزارەتی دارایی، وەزارەتی دارایی کارو مەهامی زۆر گەورەتری هەیە بەڕەئی من، ئەمە خاڵێك بوو حەزمکرد ئاماژەی پێ بدەم، ئەو خاڵانەی کەمن دەمەوێت قسەی لەسەر بکەم، 1- هێنانی پرۆژەکانی پەرەپێدانی پارێزگاکان بە بڕوای من کارێکی نادروستە بەحەقی ئەنجومەنی پارێزگاکان، ناکرێت مامەڵەیەکی سیاسیانە لەگەڵ ئەم بابەتەدا بکرێت، ئەمە پەیوەندی بەخزمەتکردنی خەڵکەوە هەیە، ئەنجومەنی پارێزگاکان لە پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆدان لەگەڵ خەڵکدا، ئەوان بەوردی ئەزانن ناوچەکان چیان پێویستەو هەڵبژێردراوی خەڵکیشن، هێنانی ئەمە دژە لەگەڵ ئەو مەبدەئەی کە خۆمان بەڕاستی زۆر پێداگری لەسەر دەکەین، ئەویش مەبدەئی لامەرکەزیەتە لەبەغداد، 2- من هەست دەکەم نەبوونی پلان هەیە لە سێکتەرەکانی ئەم بودجەیەدا، بێ پلانی تەواوی پێوە دیارە، بەجۆرێك کە تێکەڵ و پێکەڵی هەیە، دواجاریش لەناو ئەم بودجەیەدا ئامارێك لەبەردەستدا نیە، کە تێیدا بەڕوونی باسی ئەوە بکات، هی سەرفکردنی بودجەی ئەمساڵ بەلانی کەمی، گرفتە سەرەکیەکانی خەڵکی بێکاری، بێ پرۆژەییە، هەژاری، چەند کەم دەکاتەوە، یاخود چارەسەری دەکات، بە نموونە ئەو بڕە پارەی وەزارەتی شارەوانی لە سەدا چەندی، بێ ئاوی، بێ ئاوەڕۆیی، بێ سەوزایی چارەسەر دەکات؟، یاخود ئەو پارەی کە بۆ وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە ئەمساڵ تەرخان دەکرێت، لەسەدا چەندی گرفتی ڕێگاوبانی خەڵك چارەسەر دەکات؟، کە پێویست بوو بەداتاو ئاماری ڕوون لەبەردەستماندا بوایە، دیوێکی تری ئەم بابەتە، ئەوەیە کە حکومەت خۆی پلانی هەیە، بەڵام ئیش بە پلانەکەی خۆی ناکات، من ساڵی پاریش لەم پەرلەمانە بەڕێزە باسم کرد، زۆر لەبرادەران باسی ئەوەیان کرد کە کەرتی کشتوکاڵ پارەی کەمی بۆ تەرخانکراوە، ئێمە دەزانین لەساڵی 2008 حکومەت کۆنفرانسێکی گەورەی بەست، پلانێکی پێنج ساڵی دانا بۆ بووژاندنەوەی کەرتی کشتوکاڵ، من ئەپرسم لەناو بودجەی ئەمساڵدا بۆ کەرتی کشتوکاڵ چەند ئیش بەو پلانە کراوە؟، یان ئەو پلانە لەکوێی سێکتەری کشتوکاڵی ئەم بودجەیەی ئەمساڵدایە؟، 3- لەسەر بودجەی وەکار خستن، ئەگەر تەماشا بکەین ساڵ لەدوای ساڵ ژمارەکان ئەوەمان پێدەڵێن، کە بودجەی تەشغیلی ڕوو لەزیاد بوونە، هەموومان دەزانین ئەمە گرفتی سەرەکی بودجەیە لە هەرێمی کوردستاندا، ئایا هۆکارەکەی چیە؟، لەچاو ساڵی پار بودجەی وەبەرهێنان کەمترە لەئەمساڵ، 4- لەساڵی 2010، بودجەی پەسەندکراوی تەشغیلی لەلایەن پەرلەمانەوە 7 تریلیۆن و899 ملیاردینار بووە، لە حساباتی خیتامی 6 مانگی یەکەمی 2010 دەردەکەوێت کە خەرجی حکومەت 4 تریلیۆن و477 ملیار دینار بووە، تەبعەن حساباتی خیتامی 6 مانگی دووەمی ساڵی 2010 هێشتا نەهاتووە، بەڵام ئەگەر لەسەر 6 مانگی یەکەمی حساباتی خیتامی ساڵی 2010، حساباتی خیتامی دووەمی هەمان ساڵ وەربگرین، دەردەچێت کە خەرجی حکومەت، لە ساڵی 2010 بڕی 8 تریلیۆن 955 ملیار دینار بووە، واتە حکومەت لەساڵی پاردا، زیاد لە 1 تریلیۆن لە بودجەی پەسەند کراوی تەشغیلی کە لەلایەن پەرلەمانەوە پەسەندکراوە، خەرج کردووە بەزیادەوە، ئایا حکومەت ئەم بڕە پارەی لەکوێوە هێناوە؟، لەکاتێکدا

هەمووما‌ن لەبیرمانە لەساڵی پاردا عجز لەمیزانیەدا هەبووە، کە بڕەکەی 800 ملیار دینار بووە، ئەوەی کە بۆ پێشمەرگە دانراوە، خاڵێکی تر، خاڵی پێنجەم داهاتە زۆر باس کراوە بەڕاستی، داهاتی وەزارەتی کارەبا بەحقیقەت جێگای تێبینیە سەدو پانزە ملیار بوو لە 2010 ئەم ساڵ 58 ملیۆنە، داهاتی وەزارەتی شارەوانی فەرقەکە زۆر زۆرە 37 ملیار، خۆیان وتوویانە هەمانە 890 ملیۆن دانراوە بۆ ئەمساڵ لەکاتێك تەقدیری ساڵی پاریشیان کە وەزارەتی دارایی کردوویەتی 309 ملیۆن بووە، وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندنمان هەیە ئەویش بەتایبەتی کاك حاجی بیلال ئاماژەی پێدا و یەك خاڵی تر هەیە لێرە لەسەر وەزارەتی گواستنەوەو گەیاندن تەوجیهی بەڕێز وەزیری پلاندانانی بکەم، ئێمە وەکو لیژنەی شارەوانی و گواستنەوە و گەیاندن لەگەڵ وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندن کۆبوونەوەمان کردووە لە پەرلەمان، پێیان راگەیاندین کە هەموو ئەو پڕۆژانەی ئەوان داوایان کردووە ئەمساڵ بۆیان بکرێ ئێستا لە پڕۆژەکان هیچی تێدا نییە، یەعنی ئەوەی ئەوان داوایان کردووە هیچی تێدا نییە، چەند پڕۆژەیەکە بۆ مەتار ئەوان باسی ئەوەشیان کرد کە ئەوان ئاگایەکی کەمیان لەسەر مەتار هەیە، مەتار پەیوەندی بە ئەنجومەنی وەزیرانەوە هەیە، ئایا ئەم حاڵەتە بۆ روویداوە؟ چۆن ئەبێ وەزارەتێك داوای پڕۆژەیەك بکا، پڕۆژەکانی بۆ داخل نەکرێ و پڕۆژەی تری بۆ داخل بکرێ، لەسەر ئەو وەزارەتە و دوائیر کە پەیوەندیەکیان بەو شێوەیە لەگەڵ یەکدا نییە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز خورشید احمد سلیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەڤ تێبینیت ئەزدەم نەیێت لیژنا دارایا و ئابووری نە، بەلکو ئەوە تێبینیا من یا شخصینە وەکی ئەندام پەرلەمان، بابەتەك هەی من ڤێت ئەز بەحسێ بکەم، تونێلا چیایێ مەتینی، ئەز حەز دکەم وەزیرێ پلاندانانی گۆ ل ئاخەفتنامە ببیت، ل پڕۆژێ پێشنیار کری، صفحە 10 تسلسل 2 دهۆك تونێلا چیایی مەتینی، ل گەڵ 12 کیلۆمەتری کیناڤە ئێکێ ئەڤە، پارەی پێویست 30 ملیار تەرخانکری بۆ ساڵی 14،2011ملیار، ماوەی پڕۆژەی 1080 رۆژ، ئەگەر تەماشای پڕۆژەی بەردەوام بکەین لاپەڕە 24 تەسەلسولی 79 وەزارەتا ئاڤەدان کرنێ، پڕۆژەی دیزاینا تونێلا چیایی مەتینێ دیزاین، ئەڤ پڕۆژە پارەی بۆهاتییە تەرخانکرن بۆ ساڵا 2010، 4 ملیار و 500 هەزارە، خەرجییەی 2010 سفرە، ئەڤە بتنێ دیزاینیا هاتیە تەندەرکرن، یەعنی هیچ پارەکی بۆ نەهاتییە مەزاختن بۆ دیزاینێ، بەس پارە بۆ نەهاتییە مەزاختن، تەرخانکریا 2011 ملیارێك و 500 ملیۆن بۆڤێ دیزاینێ دانایێ، پرسیار ئەڤەیە، پڕۆژەیەك دیزاینا وی ل تەندەرین کرابی، چەوا دچیتە پڕۆژێ پێشنیار کریدا، مانەڤێت ئەوەلجار دیزاین خلاص بیت پاشی،دائەم زانین ئەڤ پڕۆژە چ پڕۆژەیە، وەك جەدوەل کەمیاتی وی چنە، نەخشێ وی چەوایە، سەروبەری وی چەوایە؟، ئەز بێژم ئەڤە هەنێ بەرەوڤا ژی ڕێنماییێت وەزارەتا دارایی و پلاندانانێ و ئەنجومەنی وەزیران، ب راستی جهێ پرسیارێ ئەڤ پڕۆژەیە چەوا چوو پڕۆژێت پێشنیار کری، داخوازا من ئەوە ئەڤ پڕۆژە نەبێتە ئاواکرن، بەلکو بێتە پاش ئێخستن حەتا وەکو ئەڤ دیزاینە تەمام بیت، جهێ وی پڕۆژەی

حەتاكو دیزاینی پڕۆژەی تەمام بێت، پڕۆژەیەكی دی هەی كو ئەڤەش سالا 2009 حەتا ڤێ گاڤێ، ئەڤ پڕۆژەیە پڕۆژەیەكی زۆر مهیمە، خەلكی دهۆكێ زۆر پێتڤیا پێ هەی، سالا 2009 نڤیسین و لەناڤ بەرا وەزارەتا تەندروستی و ئەنجومەنی وەزیران رێڤەبەریا تەندروستیا پارێزگەها دهۆكێت هەین، پڕۆژە عەردی بۆهاتییە تەخصیص كرن سالا 2009، جەنابی نێچیرڤان بارزانی پارچە عەردیا بۆ تەخصیص كری، وەعدەكێ زاراوییێ شەفهی دابوو 10 ملیۆن دۆلارا بۆ تەرخان بكات بۆ وی پڕۆژەی،پڕۆژەی سەنتەرێ پێشكەڤتی شێر پەنجەیێ دهۆكێ، ل پارێزگەها هەولێرێ سەنتەرێكی هەیی جێی خۆشحالییە، یا سلێمانیا سەنتەرێ هەی، تەنها ل پارێزگەها دهۆك یا محرومە ل وی سەنتەری، ئەڤ ئیشە ئیشەكە بەربەلاڤە، بەلایەكا مەزنە خەلكی كەم دەرامەتی د دەستەتادا دنالێت، لەو ما ئەز پێشنیاركەم ل جهێ ڤی پڕۆژەی حەتا كو دیزاینی پڕۆژەی تونێلا چیایی مەتین دروست بیت، كو ئومێدا من ئەووەیە هەمی چیاو نهالێت كوردستانی، ببیتە تونێل و رێك و بڕێ، بەس ئەم ڤی پڕۆژەی بێخینە پڕۆژەی پێشنیار كری سالێ 2011دا پرۆپۆزەلی وی حازرە، عاردێ وی یا حازرە، 15 ملیۆن دۆلار خەملاندنا وینە، ئەڤە بودجەیەكا تەخمینیە، 15 ملیۆن دینار بۆدڤێن، پارەی مای، ڤێ تونێلێ ئەم تەرخان بكەین بۆ پڕۆژەی خزمەتگوزاری لەناحیەی ڤەزا ئامێدیێ، ب رەئیا من ڤێ رەنگی ئەم دێ چێتر شێین هەم روویێ یاسایڤە، ئەم دئێینە سەر سكێ دروست وە عەمەلی و داخوازیا خەلكیڤە، ئەم دشێین چێتر خزمەتا خەلكێ پارێزگەها دهۆكێ بكەین، ئەڤە خالەك، ئێك خالا دی من یا هەی ، من پێشنیاركا هەی بۆ وەزارەتا دارایی و ئابووری، وەزارەتا دارایی و ئابووری دوو تشەت بخۆوە دگری دارایی وە ئابووری، دارایی وەكی كار پێتڤیا ب كارخۆ ڕاتبی، خالا ژ بیر كری و خالەكا سەركییە یا ستراتیجیە مەسەلا ئابووری، ئابووری هەر وەلاتەكی پێدڤی ب نەخشەی هەیە، پێدڤی ب دیراسات هەیە، پێدڤی ب خەلكەكی هەیە شارەزا دائیم بەرنامە بۆ ئابووری كوردستان دانیێ، ئابووری كوردستان ئابورێیەكێ ڤەدەرییە رۆژانە تەعامول لەگەلێ حەدەسێت دەكات، لەوما ئەز پێشنیار دكەم و داخوازیا منیش ژ وەزارەتی دارایی و ئابووری ئەوە، وە پەرلەمان جەختی ل سەر ڤێ خالێ بكات وە هەیئەتێك هەبێت، هەیئەتی دانان و ستراتیجەكی بۆ ئابووری كوردستانێ ئەگەر نا ئەم نزانین ئەم بەری كێوە، ئابووریان مە بەرێ چ ئاڤار دچیت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز شلێر محمد نجیب:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەخێرهاتنی بەڕێز وەزیرەكان دەكەم، زۆر سوپاسی هەموو لیژنەكانی پەرلەمان دەكەم، كە بەڕاستی ئەوە ماوەیەكی زۆرە هیلاك بوون هەرچەندە حكومەتیش زۆر خۆی هیلاك بووە بە رێكخستنی ئەم بودجەیە، ئەم بودجەیە خۆی كە وەزارەتی دارایی بەتەنیا ئەم كارە ناكات بەلكو وەزارەتی پلاندانان، وەزارەتی پلاندانان ئەگەر ئێمە مهامەكانی بخوێنینەوە ئەبینین پلان بۆ وەبەرهێنانی حكومی و پارەی تەرخانكراوی

وەبـەرهێنانی لـە بودجـەی گشـتی دەوڵەتـدا، پێشـنیاز دەكـات بـەپێی پارێزگـا و ناوچـە و دێهـات نشـینەكان دابەش بكرێت و رەچاوكردنی گرنگ بوون و ئەولەویەت و دوای ئـەوە دەڵـێ لەگـەڵ گشت وەزارەتـەكانا كـە پەیوەندیدارن، بەدواداچوونی باش بۆ جێبەجێ كردنیان، من وابزانم وەزارەتی پلاندانان ئەو ئیمكانیەتەی نییە ئەگەر نا ئەو هەڵانە بەو شێوەیە نەئەكرا، دوای ئەوە ئەڵی هاوكاری كـردن لەگـەڵ دەزگـا حكومیـەكان لە ئامادەكردنی لێكۆڵینەوەی پێویست بۆ بـەرەوپێش بردنیـان وتـازە كردنـەوە و باشـتر كردنـی رێكخسـتنی ئیـداری و بەرزكردنـەوەی ئاسـتی توانسـتی راپەرانـدنی كـار و گەشـەپێدانی توانسـتی سـەركردە ئیـداری و هونەریەكان و مەشق پێدانی ئاستەكە ئەگەر ئەم مهامە وەزارەتـی پلانـدان بتـوانێ بیكـات، لـە پێگەیانـدنی سەركردەی ئیداری زۆر شـت بـاش و ئـەو وەختـە ئێمـە ئـەڵێین بودجەكـە بـەرەو زانسـت بـوون ئـەڕوا، ئـەو وەختە ئەو ئەتوانێ بودجەی زانستی بێت، ئەو توانستە سەركردە ئیدارییە كە ئێمە نایان بینین، بەڕاستی بەداخەوە كە كـات دێـت بودجـە دادەنـێن خـەڵكێك نـین ئەوانـەی كـە لەوەزارەتەكانـەوە نوێنـەرن، زۆرجـار ئەڵێین یان ئاگامان لێ نییە، یان یەكێك ئەنێرن كە ئاگای زۆر لـە شـتەكان نییـە، لەبـەر ئـەوە بەراسـتی مـن دەڵێم هاوكاری وەزارەتی پلاندانان بكرێ كە لیژنەیەكی تایبـەت هـەبێ بـۆ دانـان و رێكخسـتنی بودجـە كـە لەخەڵكی شارەزا و پسپۆڕی ئابووری بن ، چونكە هەتا كەی بەم شێوەیە بێت؟، كار لەسەر راپۆرتی دارایی و چاودێری خەرجییەكانی سـاڵی رابـردوو بكـەن ئـەم لیژنەیـە، خاڵـە پۆزتیڤـەكانی ئـەم بودجەیـە مـن لـەوە ئەیبینـم كە پار 90 ملیارمان دانابوو بۆ پێشینەی خانووبەرە بەپێی ئەو ئامارەی دەست من كـەوتووە هـەر لە هەولێر و دهۆك 23 هەزار هاووڵاتی موستەفید بوون لە سلێمانیش 11هەزار و سـەد یـەك كـە هـەزار و سەد و یەكیان گوند نشینە ئێستا 3 هەزار موعامەلە لەبەردەستیاندایە كە ئینتزاری ئەم بودجەیە ئەكـەن، لەبەر ئەوە ئەمانە هەمووی كارێكی باشە، بـەڵام 90 مليـار بـۆ 450 مليـار، ئێمـە دەبـێ بـزانین چـەند بـۆ بەرژەوەندی خـەڵك تجاوزی ئـەو بودجـەیان كـردووە، هـەروەها كـە 25 هـەزار خـەڵك دادەمـەزرێنین تكايـە رەچاوی بازاڕ بكەن، ئەم پارە زۆرە كە ئەچێتە بازارەوە، ئایا بـازاڕ پێـی كـۆنترۆڵ، ئـەكرێ مسـتوای معیشـی بەرز ئەبێتەوە؟ دوایی ئەو تەبەقانەی كەزۆر داهاتیان باش ئەبێت، دوایـی كـە هـەژاریمان چارەسـەر نـەكرد من لەگەڵ ئەوە نیم كە هیچ شێوەیەك پارەی صندوقی نیشتەجێبوون كەم بكرێتەوە، چونكە ئیلتیزامـاتی دەستەی وەبەرهێنانمان هەیە ئەوە بەونەوعە خەڵكێك هەیە كـەم دەرامـەتن لـە پرۆژەكـانی كـە پـێ دەڵـێن لۆكۆست زەرەرمەند دەبن، ناویان نووسراوە ئەبێ ئـەو پـارەی بـۆ دابـین بكـرێ، چـونكە 20 هـەزار و 495 كەس موستەفیدن لەو شوقانە یان لەو یەكە نیشتەجێبوونانەی كە پارەی كەمی بۆ دانراوە.

**بەڕێز عبدالله محمد نوری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دیارە لیژنـەكان بەگشتی كاری باشیان لە ئامادە كردنی ئەو راپۆرتە كردبوو بەتایبەت لیژنەی دارایی، بـەڵام سێ خـاڵی سـەرەكی بـەرای مـن وا ئـەخوازێ پێداچوونەوەیەكی جـدی یـان بنـەڕەتی بـە بودجـە بكرێتـەوە جارێكی تر، خاڵی یەكەم دەستەبەركردنی هاوسەنگییە لەبەینی بودجەی بەكار بەر و بودجـەی پرۆژەكـان،

بۆ ئەوەی بابڵێین زۆرترین پارەی بودجە بۆ ئەو پرۆژانە تەرخان بکرێ کە بەیەکسانی کۆمەڵگا لێی سوودمەند دەبێ، واتە دادی کۆمەڵایەتی ئەهێنێتە دی، خاڵی تر ئەوەیە کە رێگا گرتن لە بەهەدەردان وەکو بەگەڕانەوە بۆ ئەو بەڵگەی کاك کاروان خستییە ڕوو یاخود بەپێی ئەو بەڵگەی کە لەلای منە، لەماوەی دوو ساڵە نزیکەی 50 ملیۆن دۆلار بۆ کۆمەڵێك راگەیاندن و رێکخراوی حزبی رۆیشتووە ئەشێ بڵێین پێویست نییە، بەدیوێکی تر لە هەرێمی کوردستان سیستەمی چاودێری لاوازە وەکو ئەوەی لە راپۆرتی لیژنەی نەزاهە هاتووە، هەموو ئەمانە پێمان ئەڵێن کە بەکەم کردنەوەی ئەم بڕانە رەنگە بتوانین رێگر بین لەبەردەم بەهەدەردانی سامانی گشتیا، نوقتەیەکی تر موبالەغە کردنە لەدانانی کۆمەڵێك مەبلەغدا، یەعنی ئەزموون سەلماندی ئەوەندەیان پێویست نییە، وەکو خزمەتگوزاری کۆی 30 دەزگای هەرێمی کوردستان لە ساڵی رابردوو 21 دەزگایان واتە لەدەستەی ژینگەوە تا ئەگاتە سەرۆکایەتی هەرێم کەمتر لە 15 لە سەدی ئەو بڕەی خەرجی کردووە کە بۆی دانراوە، بەنموونە ئەنجومەنی دادوەری لە ساڵی پار 5 ملیار و 800 ملیۆنی بۆ تەرخان کراوە لە شەش مانگی یەکەم تەنها 670 ملیۆنی خەرج کردووە، گریمان چوار ئەوەندەی تر خەرج ئەکات، بەنەتیجە بۆمان بەدەردەکەوێت ساڵی پار 4 ملیۆنی زیاد بووە، ئەمساڵ کەچی 5 ملیار و 800 ملیۆن تری بۆ تەرخان کراوە، یەعنی ئەمە پێمان ئەڵێ ئەمانە لە ئەساسا زیادن پێویست ناکا دابنرێ، کە بەمانایەکی تر ئەمە پێمان ئەڵێ کەمکردنەوەی ئەم مەبلەغانە کار ناکاتە سەر لاوازی ئادای حکومەت وە چۆن زیادبوونیان لە ساڵی پار نەبووە هۆی چالاك بوونی ئادای حکومەت، پڕۆژەکانی ئەیسەلمێنێ کە لە 60٪ کەمتر جێبەجێ کراوە بۆیە من کۆمەڵێك پێشنیار ئەخەمە روو هیوادارام کاری لەسەر بکرێ: نوقتەی یەکەم: 40٪ بەشەکە وەکو خزمەت گوزاری و صیانە و باربوو سوودی کۆمەلایەتی و موجوداتی نادارایی و خەرجیەکانی تر، واتە جگە لە مووچەی فەرمانبەران کەم بکرێتەوە کە دەکاتە یەك ترلیۆن و 439 ملیۆن دینار ئەو 261 ملیار دینارەی کە بۆ موخەصەصاتی استنسنائی دانراوە لەراستیدا بەکێ دەدرێ و چۆن خەرج دەکرێ، لابردرێت، چونکە 29 نەوعی تری موخەصەصاتمان هەیە، بۆ دامەزراندنی 25 هەزار نەفەر یەك ترلیۆن و 588 ملیار دینار دانراوە ، بەهەموو پێوەرێك حسابم کردووە لەماوەی ئەو شەش مانگەی کە ماوە بۆ ئەمساڵ تەنها 100 ملیاریان پێویستە، یەعنی یەك ترلیۆن و 488 ملیار دیناری زیادە، کۆکردنەوەی ئەم سێ وەجبەیەی کە باسم کرد ئەکاتە 3 ترلیۆن و 188 ملیار دینار، ئەکرێ بەم شێوەیە کەڵکی لێ وەربگرین کە لە نەتیجە بەسوودی خەڵکی کوردستان و هەروەها حکومەتیش بەرووسپی لەبەردەم خەڵك دەرئەکەوێت، یەکەمیان 5٪ کە دەکاتە 159 ملیار دینار بۆ کەرتی پیشەسازی تەرخان بکرێ، 159 ملیار بۆ کەرتی کشتوکاڵ تەرخان بکرێ، هەروەها 16٪ کە دەکاتە 110 ملیار تەرخان بکرێ بۆ دروستکردنی وێسگەیەکی کارەبای حەراری کە زۆر زۆر گرنگە بۆ هەرێمی کوردستان بە ئیعترافی وەزارەتی کارەبا کە زۆریان پێیان باشە، پەرەدان بەم سێ کەرتە یەك هەنگاوی زۆر گەورە لەبواری هەرێمی کوردستان هەنگاوێکی زۆر گەورە ئەنێ، هەروەها 8٪ تەرخان بکرێ کە دەکاتە 255 ملیار دینار وەکو قەرزی بچوك بتوانرێ هاوکاری 18 هەزار کەسی پێ بکرێ بەبڕی 14 ملیۆن دینار

بۆ ئەوەی دوکانێکی پێ دابنێ یاخود سیارەیەکی پێ بکڕێ یان ئیشی پێ بکات، هەر ئیشێکی ڕێگا پێ دراو، هەموو ئەمانە ئەم چوار نوقتەیە کە باسم کرد دۆزینەوەی دەرفەتی کارە بۆ خەڵك، 25٪ تر دەکاتە 797 ملیار بۆ پرۆژەکانی ئەم ساڵ زیاد بکرێ، پرۆژە هەیە لەکفری تەمەنی 30 ڕۆژە دروست کردنی مۆنەمێنتێك و ساحەیەك بۆ شەهیدان و جینۆسایدی ئەنفال، لەکفری 30 ڕۆژی بۆ دانراوە بەدوو ساڵی دانراوە، یەعنی ئەوە 797 ملیارە دەتوانێ هاوکاریەکی باش بکات بۆ تەواو بوونی پرۆژە بەردەوام و پێشنیار کراوەکان، 3٪ دیکە دەکاتە 95 ملیار دینار دەتوانێ لەماوەی ساڵێکدا هاوکاری 19 هەزار گەنجی پێ بکرێ بەبڕی 5 ملیۆن دینار بۆ سولفەی زەواج، 1,5٪ دەکاتە 47 ملیار بەشێوەی قەرز بە بڕی یەك ملیۆن 600 هەزار دینار ساڵانە بدرێ بە 30 هەزار خوێندکاری زانکۆ و پەیمانگاکان کە کوڕی هەژارن تا ئەو کاتەی خوێندن تەواو ئەکەن ئەتوانرێ دوای تەخەروج و یان دوای ئەوەی حکومەت ئیشەکیان بۆ ئەدۆزێتەوە لێیان وەربگیرێتەوە، 15٪ دەکاتە 478 ملیار وەکو قەرزی خانووبەرە هاوکاری 20 هەزار خێزانی پێ دەکرێ بەدانی 20 ملیۆن دینار بۆ 100 مەتری بۆ هەردووکیان کە دوو کەس ئەیکرێ هەژاران دەیکەنە دوو بەش دەکرێ 20 ملیۆنیان پێ بدرێ بۆ هەریەکەیان واتە 40 ملیۆن، هەروەها 30 ملیۆن دینار بۆ 200 مەتری، هەروەها ئەوەی ئەو برادەرانە ئاماژەیان پێدا دەتوانێ 100 ملیار بۆ هاوتاکردنی مووچەی کۆی فەرمانبەران چ پۆلیس چ برادەرانی ئاسایش چ پێشمەرگە، هەروەها ئەکرێ 50 ملیار بۆ تۆڕی کۆمەلآیەتی دابنێی، 40 ملیار بۆ بواری وەرزشی کە کاك شێردڵ زۆر بەباشی ئاماژەی پێدا، من لە یەك شت لەگەڵیان ناکۆکم پێویستە ئەم پارە زیاتر بۆ قەزا و ناحییەکان بێت، هەموو ئەمانە ئەکاتە تەقریبەن 1٪ ترلیۆن و 193 ملیار لەو پارانەی کەباسم کرد بۆ قەزر نەچووە، یەك نوقتەی تر هەیە کە ئەمەوێ ئاماژەی پێبدەم هەموو ئەوانەی کە باسم کرد 2 ترلیۆن و 500 ملیار دینار ئەکات، واتە هێشتا 498 ملیار لەو پارەیە ئەمێنێتەوە، نوقتەیەکی تر ئەمەوێ زۆر بەکورتی جەنابی سەرۆك باسی بکەم، مەسائیلی عجزە، لەراستیدا من پێم وا نییە عجز لە هەرێمی کوردستان هەبێت، لەبەر دوو هۆکار بەکورتی باسی ئەکەم، هۆکاری یەکەم ئەو عجزەی هەیە عجزێك نییە لە ئەنجامی کەمی پارە دروست بووبێ، عجزێکە لە دەرئەنجامی نەبوونی پلانێکی زانستییە دروست ئەبێ، خاڵێکی تر ئەوەیە ئێمە دەزانین دروست بوونی حکومەتی عێراقی ئەمساڵ لەسەر ئەساسی بەشداری کورد لە حکومەتەکەی مالیکیا دروست بوو، یەکێك لەو خاڵانە مەسەلەی گەڕاندنەوەی بودجەی پێشمەرگەیە بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان، لەمادده 14 بڕگەی 5 موازەنەی عێراق بڕیار دراوە بگەڕێتەوە، بۆیە ئەتوانم بڵێم لە کۆی ئەم مەسەلانە ئێمە دەبینە خاوەنی 408 ملیار دینار، ئەگەر دەرفەتم بدەی 10 سانیە قسە ئەکەم، ئەم پرسیارانە روو بەرووی وەزیری دارایی ئەکەمەوە، 850 ملیۆن دینار بۆ کڕینی سووتەمەنی دانراوە بۆ وێستگەکانی کارەبا هەر لەناو بودجە وجودی نییە هەرچەند بەدوای ئەگەڕێم دیار نییە، ساڵی پار و ئەمساڵ کۆمەڵێك بودجەی تەکمیلی هاتووە لە ئەنجامی زیاد بوونی نرخی بەرمیلە نەوتەکان کە مەبەلغێکی ئێجگار زۆرە ئەوەش دیار نییە تکایە روونی بکەنەوە بۆمان، ئاخر شت کە ئەیلێم زۆر بەکورتی ئەمساڵ داهاتی هەرێمی

کوردستان بە نزیکەی 400 ملیار دینار دانراوە لەکاتێکدا خودی حکومەت بەشایەتی ئەو دوو وەزیرە بەڕێزە 396 ملیار دیناری بۆ خۆی داناوە کە وەزارەتەکانی لەوەزارەتی کارەبا،کارەبا بکرن، واتە خودی حکومەت ئەڵێ من بۆ خۆم بایی 396 ملیار دینار پارە لە وەزارەتی کارەبا ئەکرم، لەولاش ئەڵێ تەنها 400 ملیارمان ماوە.

**بەڕێز ئاراس حسین محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەراستیدا بەپێی ئەو ڕێزبەندەی جەنابت ئێستا ئەو قسانەی کە ئەیکەم تەنیا بۆچوونی خۆمە پەیوەندی بە راپۆرتەکە نییە، چونکە دەربارەی راپۆرتەکە لەبەر ئەوەی لیژنەی دارایی ئامادەی کردووە ئەوە روئیای لیژنەی دارایی پیشان دەدات بەشێوەیەکی گشتی لێرە ئەمەویٚ چەند خاڵێك روون بکەمەوە، دەربارەی ئەو داواکردنەی لەلایەن ئەندامە پەرلەمانە بەڕێزەکان بۆ دابەزینی ڕێژەیەك لە بودجەی وەگەڕخستن بەڕێژەی لە 10٪ یان بەو ڕێژەیەی کە لە راپۆرتەکەدا هاتووە لە 5٪ یان لە 10٪ یان لە 15٪ تەنها لە حسابی دوو بۆ دوو نۆ کە هەمانە، یەعنی مەبەستم ئەوەیە کە لە حسابی سیلەعەوە دەست پێ دەکات تاکو موجوداتی ناداراییی، مەبەستم ئەوەیە لێرە ئەگەر ئەوە بکرێت، ئیلزامی حکومەت نەکریٚ لەلایەن پەرلەمانەوە چۆن تەصروف بەو دابەزینەوە بکات، بەڵکو ئازادی بدرێت بە وەزارەتی دارایی بەتەنسیق لەگەڵ وەزیرە بەڕێزکانی کە لەئەنجومەنی وەزیران خۆیان چۆن بەباشی ئەزانن بەپێی ئەو ئەزموونەی کە هەیانە ئەوە دابەزینە، ئازادی بدەینەوە بەخۆیان، چونکە ئەگەر ئازادی بدەین بە پەرلەمان، ئەو کات دەستی حکومەت دەگرین لە زۆر بوار، لەبەر ئەوەی ئەو ئەزموونەی ئێمە بەحەقیقەت بڵێین ئسلوبێکی ئەزموونیمان هەیە لەبەڕێوەبردنی دەوڵەتە عادەتن ئەو وڵاتانەی وەکو عیراق و هەرێمی کوردستان وەکو بەشێك لە عێراق ئەژیت، محالە بتوانێت پلانێکی درێژ خایەن دانێت لەبەرئەوە تۆ ئسلوبی ئەزموونی بەکار دێنیت لە بەڕێوەبردن، واتە ئسلوبی پێویستی رۆژانە ئەمە لەلایەك، لەلایەکی تر ئەو ژمارانەی هاتووە لە موازەنەکە ئەوە ژمارەی تەختیتین، واتە ژمارەی تەقدیرین مەرج نییە ئەو ژمارانە لە سەداسەد تەحقیق بێت یان لە سەدا سەد بەم شێوەیە جێبەجیٚ بکرێن، لەبەر ئەوە من بۆچوونێکم هەیە ئەو بەدواچوونەی ئەو بۆچوونانەی کە ئەندامە بەڕێزەکان هەیانە دەربارەی چۆنیەتی جیٚ بەجێکردنی بودجە باشتر وایە کە لە ئێستا ئەو بۆچوونانەی کە هەیە ناتوانێت بیخەیتە ئەمری واقعەوە، دەتوانین دوای پەسند کردنی بودجە بەیاسا ئەو کاتە ئەندامە بەڕێزەکان دەتوانن بەدواچوونی بۆ بکەن تابزانن حەقیقەتی ئەم ژمارانە و ئەو حساباتانە بەرەو کویٚ ئەڕوا و چۆن خەرج دەکریٚ دواتریش بیٚ گومان ئێمە راپۆرتی کۆتایی شەش مانگمان هەیە و حسابی ختامیمان هەیە لە لایەك لە ڕێگای چاودێری کردنی ئەو حسابی شەش مانگە و حسابی ختامی وە بەدواچوونی خۆمان زیاتر ئەگەینە حەقایق، یەك بۆچوونم هەیە لە دەرئەنجامی ئەم موناقەشانە نازانم تاکو چەند لەڕووی یاساییەوە گونجاوە، نوێنەرانی حکومەتی بەڕێز لێرەن بەپێی ئەو زانیارانەی کەمن هەمە ئەو ژمارانەی کە هەن بەتایبەتی لە فصل و مادە و نوع ئێمە

ماددەی یاسایمان هەیە کە زۆر جار رێگا دەدات بە وەزیرێکی بەڕێز دوای وەرگرتنی رەزامەندی بەڕێز وەزارەتی دارایی کە موناقەلە بکات بەتایبەتی لە ماددەکانا یان لە نەوعەکانا، هەروەها بەڕێز وەزیری دارایی بەتەنسیق لەگەڵ بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران ماددەیەکی یاساییمان هەیە کەوا ئەتوانێت موناقەلە بکات، نازانم ئەگەر هاتو بەراو بۆچوونی لە دەرئەجامی موناقاشەکردنی موازەنە لەم دوو ساڵە ئەگەر بکرێ ئەو ئیجرائاتی موناقەلەی کە ئەکرێت لەناو بودجەی هەرێمی کوردستان پەرلەمانیشی لێ ئاگادار بکرێتەوە بەتایبەتی لیژنە تایبەتمەندیەکان ئەوکات زۆر کێشە هەیە، زۆر بوار هەیە کە ئێستا روون نییە لەلامان بۆ موازەنەی دواهاتوو روون دەبێت لەلامان، ئەو موناقەلاتانەی کە ئەکرێ، بەتایبەت بۆ چوون هەیە حسابێك صرفی لەسەر کەمە پارەکەی چی لێ دێت؟، حسابێك صەرفی لەسەر زۆرە تخصیصەکەی زیاترە لەکوێوە پارەت بۆ پەیدا کردووە؟، بەرای من ئەوە ئەگەر موناقەلە بەتایبەتی لەنێوان فصلەکان مەبەستم قسمە سەرەکیەکانە بەپێی ئەو سیستەمە حسابیەی کە هەیە ئەگەر ئەوانەمان بۆ بێت ئەو کاتە زۆر کێشە هەیە چارەسەر ئەکرێت، زۆر تەسائول هەیە ئێستا روون دەبێتەوە بەتایبەتی بۆ پەسندکردنی بودجەی داهاتوو، یەك حقیقەت تریش هەیە بەحەقیقەت وەکو باسم کرد زۆرجار ئێمە ئیلحاح دەکەین لە دەوڵەت بۆ سیاسەیەکی گونجاوی نییە، یان بۆ تەختیتێکی پێش وەختی نییە ئەوە راستە مەسەلەیەکی زۆر راستە، بەلأم وەکو وتم ئسلوبی بەڕێوەبردنی وڵاتێك وەکو عێراق، وەکو هەرێمی کوردستان بەشێکە لە عێراق، هەر وڵاتێك ئەوها بەشێوەیەکی قەیراناوی بژێ، مەحاڵە بتوانێ سیاسەتێك دانێ بۆی بۆ مانگی داهاتوو، چونکە ئێمە هەر ئێستا تا مانگی داهاتوو نازانین چی روو ئەدات، ئەوە حەقیقەتێکە کە لەناو وڵاتی ئێمە دا هەیە بەحەقیقەت زەحمەتە ئێمە بتوانین سیاسەتێك دانێین، سیاسەتێکی سابت، ئەوە وەکو بۆچوونێکی شەخصی خۆم لەوانەیە هەڵە بم. موشکەلەیەکی ترمان هەیە، بەراستی زۆر ئەندامی پەرلەمانی بەڕێز داوا دەکات کە ئەو پارەیە خەرج ناکرێ.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

تکایە وەلأم مەدەرەوە بۆچوونی خۆت بدە، تەواو کاتیشت تەواو، بەڕێز نەریمان قادر احمد.

**بەڕێز نەریمان عبدالله قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەسەرەتادا راپۆرتی وەزارەتی دارایی و ئابووری دەبوایە سیاسەتێکی روون ئاشکرای دارایی حکومەتی هەرێمی خستبایە روو و روونی کردبایە و دیاری کردبایە، کێشەکان و هەنگاوەکان جەدوای ئیقتصادی ئەم بودجەیەی بەروونی باس کردبا بۆمان، ئامانجەکانی ئەم بودجەیەی روون بکردبایە لەلای ئێمە وەکو ئەندامی پەرلەمان، وە دەست نیشانی بکردبا تا ساڵی داهاتوو چ گۆڕانکاریەکی پێ دروست دەکات بەژمارە و

داتاو هێڵی بەیانی دەبوایە بیخستبا بەردەستی ئێمە، بۆ نموونە بیوتبا ڕێژەی بێ کاری تا چ ئاستێك چارەسەر دەبێت و ڕێژەکەی چەندە؟، یان کێشەی بینای پەروەردە چەندێکی ئەتوانێ چارەسەری بکات، خوێندگاکان چەندێکی چارەسەر دەکات، خوێندنگاکان چەندێکی چارەسەر دەکرێ؟، بۆیە ئەم پڕۆژەیە وەکو پڕۆژەکانی تر بێ پلانی و نازانستی زۆری پێوە دیارە، باشترین نموونەش هاوکارام بەڕێز کاك دڵشاد ئاماژەی پێدا کە وەزارەتەکان 17 ترلیۆن بۆ بودجەی تەشغیلیان ناردووە بۆ وەزارەتی دارایی لەکاتێك وەزارەتی دارایی ئەو ڕەزامەندیەی کەداویەتی لەسەر نزیکەی نیوەی ئەو بودجەیەیە کە 9 ترلیۆنە، بودجەی ئەمساڵ دڵمان خۆش بوو بەوەی کە ئەمساڵ 2 ترلیۆن 508 ملیار دینار زیادەی هەیە لەسەر بودجەی ساڵی پار، وتمان ئەمساڵ عجزمان نابێ و زیادە و دەتوانین هەندێك گۆڕانکاری تێدا بکەین، کەچی ئەمساڵ عەجزەکەمان دوو قات بۆتەوە ، دوو ئەوەندە بۆتەوە کە بووە بە زیاتر لە ملیارو نیوێك، کەچی عەجزی پار ساڵ 8 ملیار و نیو بوو واتە دوو جار بەقەدەر ساڵی پار دووبارە بۆتەوە، واتە ئەگەر بودجەکە زیاد نەکرابا ئەوە تووشی کارەساتێکی گەورە ئەبووین، لە ڕاپۆرتی وەزارەت چەند کەم و کورتیەك دەخەمە ڕوو، دوو ساڵە هەمان کێشەمان گوێ لێ دەبێت کە هەرێم ئاگاداری ئەم بابەتانە نییە کە لەگەڵ حکومەتی فیدراڵی لە بواری بودجە جێبەجێ دەکرێ، یەکەم سیاسەتی دارایی عێراق، سیاسەتی نەفتی حکومەت، دانانی نرخی نەوت، دەرهێنان و فرۆشتنی ژمارەی بەرمیلەکانی نەوت، ئامادەکردنی پێداویستیەکانی یەکەی بودجە، قەرزەکانی دەرەوە قەرەبووەکانی نێودەوڵەتی، بەراستی ئەمە خەلەلێکی زۆر گەورەیە کە ئەرکی وەزارەتی دارایی بوو کە چارەسەری بکردبایە، لەدەستووری عێراق بەپێی ماددەی 110 و 114 ئەو حەقە دراوە بە هەرێم کە بەشدار بێت لەم بەشانەدا، هەروەها وەزارەتی دارایی من پرسیارێك دەکەم: بۆچی پەناتان نەبردووە بۆ دادگا لەکاتێك ئەمە بەپێی یاسای بودجەی حکومەتی عێراقی حەقێکی قانونی ئێمەیە؟ ، بەڕێز هاوکارم مامۆستا بەشیر باسی لەکەم تەرخەمیەکانی لاوازییەکانی ئادای نوێنەرانی کورد و لێپرسراوانی کرد لە حکومەتی فیدراڵی لەم بوارەدا، بەلاَم من دەڵێم ئێوە وەکو حکومەتی هەرێم و وەزارەتی تایبەتمەند چیتان کردووە و بەچی گەیشتوون بۆ چارەسەرکردنی ئەم ئاستەنگە کە هەموو ساڵێك دووبارە دەبێتەوە وەکو وەزارەتی دارایی؟، ئەم کێشە زۆر گەورەیە و چارەنووسازە لەڕووی ئابوورییەوە بۆیە پێویست دەکات جەنابتان وەلاَمتان هەبێ بۆ چارەسەری ئەم کێشەیە، دووەم/ دوو ساڵە جەنابتان دەڵێن ئێمە 12٪ بودجە بەفعلی وەردەگرین لەکاتێك ئێمە بودجەمان 17٪یە، وە بودجەکەشتان کەداتان ناوە لەسەر ئەساسی 17٪ بووە بۆ ئێمەتان ناردووە، کەواتە بۆ لەسەر ئەساسی 12٪ بۆمانتان نەناردووە، ئەگەر ئەوهایە ئێمە 12٪مان بۆ دێت، بۆ 17٪ تان بۆ ئێمە ناردووە هۆکارەکەمان پێ بڵێن، بۆچی هەموو ساڵێك ئەمە دووبارە ئەبێتەوە باسی 12٪ ئەکەن لەکاتێك حەقی ئێمە 17٪؟، هۆکارەکان بەشێوەیەکی ژمارە لەڕووی دەستووری و حسابی و ئیداری بۆمان دەست نیشان بکەن، ئەم بابەتەمان بۆ ڕوون بکەنەوە بەراستی ئەمە خاڵێکی گەورەیە ڕزگارمان دەکا لە عەجز و پارەشمان بۆ دەمێنێتەوە، نەك بەشێوەیەکی خێرایی دەڵێن و باس لە چارەسەر دەکەن نە پێمان دەڵێن

چیتان كـردووه و بەچـی گەیشـتوون وئاسـتەنگەكان و رێگـا چـارەكان و هەوڵـەكانتان بـەكێ گەیشـتووە، لـە مسئولیاتی ئەم بابەتە نابێ رابكەن، لەبەرئەوە بەراستی ئەركی سەرشانی ئێوەیـە كـە یـەكلای بكەنـەوە بـۆ ئێمە، هەروەها حكومـەتی هـەرێم بەگشـتی لـەم بـوارە چـی كـردووە و ئێـوەش بەتایبـەتی چـیتان كـردووە، سێیەم/ ساڵ پار بودجەی تەرخان كراو بۆ وەزارەتی پێشمەرگە هۆكاری عجزی بودجـەی سـاڵی 2010 بـوو ئاشكرایە هەمان بودجە.

بەشێكی بنەڕەتی عەجزی ئەمسالیشە، لەكاتێكا لە 2007 بۆ 2011 بەپێی یاسای بودجەی عێـراق، ئێمـە 5 ساڵە ئەم ئیستحقاقەمان هەیە لەسەر سیستەمی بەرگری عێراق وە دانیشی پێدانراوە، ئەم مەبەلەغە بۆ ئەمسالانە كە تایبەتە بەرواتب و تەسلیح و تجهیز، ئەگەر بێتـو ئێمـە وەری بگرینـەوە زیـاتر لـە 10 ملیـار دۆلارە، ئایا ئەمە ئەوەنـدە نـاهێنێ كـە ئـەوە هـەوڵێكی جـدی بـۆ بـدەن و پـەنا ببنـە بـەر دادگـای فیـدراڵی لەكاتێك لە 2010/9/20 ئێمە بە حزوری جەنابتان و بەڕێز وەزیری ناوخۆ و وەزیری پێشمەرگە داوامان لێكـردن كـە پـەنا بـۆ مەحكەمـەی دەسـتووری ببـەن ئەگـەر وەهایـە، بڕیـار وابـوو یـان ئێـوە یـان وەزارەتـی پێشمەرگە پەنا بـۆ مەحكەمـەی دەسـتووری بـبن، بـەڕێز وەزیـری پێشـمەرگە لـە چـەند رۆژێـك دوای ئـەوە ئیعلانی كرد كە پەنا بۆ مەحكەمەی دەستووری ئەبن تاكو ئێستا لـەلامان روون نییـە ئایا پـەناتان بـردووە یـان نـا، ئەگـەر بردووتانـە ئەنجامەكـە چییە؟ ئەگـەر نـەتان بـردووە بۆچـی؟ لەكاتێكـدا ئەمـە حـەقێكی دەستووری و یاساییە، چوارەم/ لە راپۆرت و پڕۆژەی بودجەدا هیچ ئاماژەیەك بـە رەصـید و پـارەی مایـەوە واتە مدەور نـەكراوە، ئامـاژەی پێنـەدراوە كـە پێویسـت بـوو پەرلـەمان و ئەنـدامانی پەرلـەمانی لـێ ئاگـادار بكرێتەوە، لە سلفە و قەرزەكان و هەتا دوایی، كـە مانگانـە دەگەڕێتـەوە بـۆ خەزێنـەی حكومـەت، چـەندە و لەكوێیە و بۆ روونتان نەكردۆتەوە؟ پێنجەم: پشت بەستن بە تاكە سەرچاوەی دارایـی لـە عێـراق مەترسـی كارەساتێكی زۆر گەورەی لێ ئەكرێ بەنسبەت ئێمـەوە لـەڕووی ئـابووری و سیاسـی، كۆمەلایـەتی...هتـد, بـۆ نموونـە هـەر وڵاتێـك لـە ڕووی ئابوورییـەوە سـەربەخۆ نـەبێت ناتوانێـت لـەڕووی سیاسـی و سـەقامگیری و حوكمڕانیـەوە سـەركەوتوو بـێ وە لـە هـەموو بوارەكـانی زەمانـەتی نـابێ، وەنـاتوانێ پێكهێنـانی حكومێكی بەهێز و موئەسەساتی و دیموكراتی لێ چاوەڕێ بكرێ، واتە لەبودجەدا زۆركەم گرنگـی دراوە بـە بوارەكـانی تری داهات كە بۆ نموونە ئەگەر وەكو نموونەیەك لەم بودجەیە گرنگی زیـاتر بدرابایـە بەكـەرتی كشـتوكاڵ كە لە ئیقتیصادا بە داهاتی مەزموون ناودەبرێ، ئەهمیەتێكی باشی دەبوو وە سوودێكی گـەورەی دەبـوو بـۆ بودجـە، لـە راپـۆرتی لیژنـەی دارایـی زۆر لەلیژنـەكان وە بەتایبـەت لـە لیژنـەی نەزاهـە و لیژنـەی دارایـی بەراستی پەنجەیان خستۆتە سەر خەلەلەكان و كـەم وكورتییـەكان، تەمـەنا دەكـەم كـە بـەبێ چارەسـەر لـەم پەرلەمانە نەچێتە دەرەوە، چارەسەریان بكرێت.

**بەڕێز حازم تحسین سعید علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دەست خۆشی لە لیژنەی دارایی دەکەین، بۆ ئەڤ راپۆرتە ئامادە کری، ئەم تەئیدا ئەندامێ پەرلەمان دکەین بۆ زیاد کردنا سلفە عەقاری و سلفە زواجێ و دەرمالە هێزی پۆلیس و ئاسایشێ وە دەعما مەشاریعی زراعی، ئـەز وەکـی ئەنـدامی لیـژنا ئـەوقاف زۆر خۆشـحالم زیـادە کردنـا بودجـە هـەرێمی کوردسـتان بەگشـتی وە وەزارەتی ئەوقاف بەتایبەت لە ئەمسالدا سالی 2011، وە دامەزرانـدنی 800 پلـەی وەزیفـی بـۆ وەزارەتـی ئەوقاف، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان ئەم وەکو ئەندامی پەرلەمان و نوێنـەری خـەلکی شـێخان و شـەنگال داوا دەکـەین حصـەتی پڕۆژەکـان و تەعیینـەکانی مودیریـەی عـامی مەسـیحی و مودیریـەی عـامی ئێزیـدی بەشـێوەیەکی معقـول بێـت، وە هـیچ جیـاوازی بـەینی هاوولاتیـانی کوردسـتان نـەبێت، چـونکە مەسـیحی و ئێزیدی بەشێکن لە ئەم هەرێمەدا و وەکو لە راپۆرتی لیژنەی ئەوقاف هاتووە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

نوقتەی نیزامی فەرموو.

**بەڕێز ئامینە ذکری سعید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕاستی ئێشی ئێمە گەلەك زۆرن، سێ، چار سەعات............

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەوە نیزامی نییە رجائەن دانیشە، فەرموو نەسرین خان.

**بەڕێز نەسرین جمال مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە من وێرای دەست خۆشی لە لیژنەی دارایی و ئابووری کە بەراستی هەم هیلاك بوون، هـەم توانیویانـە کۆمەلێك کێشە و کەم و کوڕێ زۆر گەورە وباش بینن لە راپۆرتەکە کە تایبەتە بەبودجەکەوە، من لێرەوەدا داخیل دەبم کە ئێمە پار سالێ واتە سالی 2010 لە پڕۆژە یاسای بودجـەی سـالی 2010 مـاددەی 26 دەلێ ئەم یاسایە ئەنجومەنی وەزیران و سـەرجەم لایەنـە بەرپرسـەکان جێبـەجێی بکـەن، بـەلام بەداخـەوە تـاکو ئێستا ئێمە موناقەشەی بودجەی 2011 دەکـەین، مـاددەی 1 بڕگـەی 2 ، مـاددەی 1 بڕگـەی 5، مـاددەی 9 بڕگەی 2، ماددەی 3 ، 18، 21، 28، 29، 30، ئەم ماددانە تا ئێستا یـان هەنـدێکیان جێبـەجێ نـەکراون، یان وەکو پێویست جێبەجێ نەکراون، ئەگەر بهاتبا لەکاتی خۆیان ئەمانە جێبەجێ کرابان، من دلنیـا بـووم ئێستا ئەو کێشەو کەم و کوڕیانە کە لە بودجەی ئەمسالدا هەیە تا رادەیەکی باش کەم ئەبۆوە، دیارە دانانی بودجە و ئامـادەکردن و رێکخسـتنی بودجـە، بەشـێوەیەکی نازانسـتی و بـێ پلانـی پێـوە دیـارە، ئەمـە ئـەوە ئەگەینی کە هیچ هەماهەنگیەك نییە لەنێوان وەزارەتی دارایی و وەزارەتی پلاندانان و وەزارەتـەکانی تـر و زائیـدەن پارێزگاکـان، بۆیـە تێکەلیـەك هەیـە لـەو پڕۆژانـەی کـە لـە پەرەپێـدانی پارێزگاکـان و لـە پـڕۆژە پێشنیارکراوەکان و لە پڕۆژەی 2010 و 2011 تیکرار ئەبێتەوە، ئەمەش زۆرێکن لەو پڕۆژانـە کـە بەشـی زۆری وەزارەتەکانی گرتۆتەوە، وە نموونەشمان زۆر لا هەیە، هەر لـەم بودجەیەشـا هەنـدێکیان هەیـە تـەواو

بووە، تەواو بووە، بەڵام هاتوون جارێکی تر داخل کراوەتەوە، ئەمە خۆی لەخۆیدا راستە لەوانەیە هەندێك پـرۆژە کـە بودجەیـەکی بـۆ دائـەنرێ دوو جـار داخـل کـراوە و دوو بودجـەی بـۆ دائـەنرێ، ئـەم بودجانـە لەوانەیە هەندێ خەڵك بەناوی کەم بێ، بـەڵام لـەکۆی ئـەم بودجانـە کـۆی ئەکەیتـەوە، لـەکۆی ئـەو گوژمـە پارانەی کۆی ئەکەیتەوە، هی پرۆژە زیادەکان پارەیەکی باش بۆ ئەمێنێتەوە، پرۆژە هەیـە لـە پەرەپێـدان و پێشنیارکراوەکانی 2010 بەردەوامی 2011 زنجیرە 3 لە پەرەپێدان 229 لە پرۆژەی پەرەپێدانی 2011، ئەمە بەدووجار داخل کراوە، بـەدوو گوژمـە پـارەی جیـاواز، وە رێـژەی 80٪ تـەواو بـووە، 80 بـۆ 85 ئـەم پرۆژەیە تەواو بووە، پرۆژەی تەسلسولی 82 ئاوەدان کردنەوە لە پەرەپێدانی 2011 کە لە بودجەی 2011 داخل کراوەتەوە، بەڵام ئـەو لیسـتەی کـە تەسـلیم بـە ئێمـە کـرا بـە زنجیـرەی 21 تـەواو بـووە بـەڵام داخـل کراوەتەوە، لە پرۆژەکانی وەزارەتی کشتوکاڵ ئەوەندەی من هەستم پێ کردبێ 6 بـۆ 7 پـرۆژەی کـە پـرۆژە هەیە کـە تیکـرار بۆتـەوە، هـەم لـە پێشـنیارکراوەکان، هـەم لـە بەردەوامـەکانی 2011، کـە تیکـرار بۆتـەوە هەریەکەی بە برێکی جیاوازیش پارەی بۆ تەرخان کراوە، کـە بـۆ مـاوەی یـەك سـاڵە، ئەمانـە وەکـو وتم کـۆ بکرێتەوە رێژەیەکی باش پارەمان بۆ ئەگەڕێتەوە، پرۆژەیەکی ترمان هەیـە کـە ئەمـە دووبـارە بوونەوەیـە، کە ئەم پرۆژەیە لەواقیعدا خۆت ئەچیتە سەر شوێنەکان یەك پرۆژەیە، بەڵام بـە دوو پـرۆژە داخـل کـراوە، من تەمەنا ئەکەم هەڵە بم لەوەیا، بەدوو پرۆژە داخل کـراوە لەسـەر دوو قـەزای جیـاواز، کـە ئـەم پرۆژەیـە تایبەتـە بـە قـەراغ، بـەڵام هـەم لـە بودجـەی قـەزای قـەراغی خـواردووە و هـەم لـە بودجـەی قـەزای دەربەندیخانی خواردووە کە ماوەیەکی زۆر هەیە لە بەینی دەربەنـدیخان و ئـەو شـوێنەی کـە ئـەو پـرۆژەی تێـدا کـراوە، ئەمـە کۆمـەڵێك کێشـەی گـەورە لـەم بودجەیـە هەیـە، وەکـو وتم هەماهـەنگی نییـە لـەنێوان وەزارەتەکان، ئەگەر هەماهەنگی هەبوایە دووبارە بوونەوەی پرۆژەکان نەدەبوو، نە ئـەوە بـوو کـە بودجـەی قەزایەك بۆ قەزایەکی تر تەرخان بکرێت، دیارە لەسەر مەسەلەی ئەو پرۆژانەی کە هەمانـە سـەرجەم ئـەو پرۆژانەی کە بەردەوامە 61 پرۆژەی بەردەوامان هەیە بەبڕی 68 ملیار و 108 ملیۆن دینـار، وە پـرۆژەی پەرەپێدانی پارێزگاکان، ئەمە 692 پرۆژەمان هەیە بە بڕی 291 ملیار دینـار، پێشنیارکراوەکانی 2011، 523 پرۆژەمـان هەیـە بـە بـڕی 998 ملیـار و 97 ملیـۆن دینـار، کـە ئەمانـە سـاڵانە هـەم بەردەوامـەکان بەردەوامی ئەبێ، ناشتوانین یەعنی ئێستا لە ساڵی 2011 کەمترین پرۆژە، کە پـرۆژەی تـازە داخیـل بـووە، وردە وردە ئەم پرۆژانە هەمووی کۆ ئەبێتەوە کاتێك ئەزانی هیچی تەواو نابێت وە حکومەتیش بۆ داهاتوو ناتوانێت جێبەجێی بکات، کەلەکە ئەبێت لەسەری ناتوانێت جێبەجێی بکات. دێمە سەر وەزارەتی کشتوکاڵ دیارە زۆر لە هاوکارانم باسی کشتوکاڵیان کرد کە ئێمە وڵاتێکی کشتوکاڵین وە ئەگـەر بمانـەوێ گونـدەکانمان ئاوەدان بێت، کوردستان ئاوەدان بێت، دەبێت ئێمە بایەخێکی گەورە بدەین بە هـەم بـواری کشـتوکاڵی، هـەم بواری پیشەسازی، چونکە بواری کشتوکاڵ و پیشەسازی تەواوکەری یەکترن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئێستا باوی یەك سەعات و 42 دەقە ماوە ئەندامان قسە بکەن، ئەگەر تاقەتان هەیە من تاقەتم هەیە، حازرن، باشە، دانیشتنەکە دوا ئەخەین بۆ سبەی سەعات 11، رۆژی پێنج شەممە بەردەوام بین لەسەر دانیشتنەکانمان، ئەو ناوانەی کە ماون بۆ بەیانی، خوا ئاگادارتان بێت تا بەیانی سەعات 11، فەرموون.

فرست احمد عبدالله
سکرتێری پەرلەمانی
کوردستان – عێراق

محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی)
سەرۆکی پەرلەمانی
کوردستان - عێراق

# پەرلەمانی کوردستان - عێراق

**پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (16)**

**پێنج شەممە ڕێکەوتی 19\5\2011**

**خولی سێیەمی هەڵبژاردن**

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (16)

## پێنج شەممە ڕێكەوتی 2011/5/19

**كاتـژمێر (11)ی پـێش نیـوەڕۆی ڕۆژی پێـنـج شـەممە ڕێكـەوتی 2011/5/19 پەرلـەمانی كوردسـتان - عێراق بە سەرۆكایەتی بەڕێز محمد قادر عبداللە(د.كمال كـەركووكی) سـەرۆكی پەرلـەمان و, بـە ئامـادەبوونی بەڕێز فرست أحمد عبـداللە سـكرتێری پەرلـەمان, دانیشـتنی ژمـارە (16)ی خـولی سـێیەم, سـاڵی (2011) ی خۆی بەست.**

**بەرنامەی كار:**

**بەپێی حوكمەكانی بڕگە (1)ی ماددە (20) لـە پێـڕەوی نـاوخۆی ژمـارە (1)ی هـەمواركراوی سـاڵی 1992ی پەرلەمانی كوردستان - عێراق, دەستەی سەرۆكایەتی پەرلەمان بڕیـاری درا دانیشـتنی ژمـارەی (16)ی خـولی سـێیەمی هەڵبـژاردن لـە كـات (11)ی پـێش نیـوەڕۆی ڕۆژی پێـنـج شـەممە ڕێكـەوتی 2011/5/19 دا بـەم شێوەیە بێت:**

**1- بەردەوام بوون لە سەر گفتوگۆ كردن وبڕیاردان لەسەر پرۆژە بودجەی هەرێمی كوردستان – عێراق بۆ ساڵی 2011 و یاساكەی.**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

**بـەناوی گـەلی كوردسـتان، دانیشـتنەكەمان دەكەینـەوە، خـولی سـێیەمی هەڵبـژاردن، سـاڵی دووەم، خـولی گرێدانی دووەم، ژمارەی دانیشتن (16)، ڕۆژی دانیشتن 2011/5/19، بەرنامەی كار:**

**بەپێی حوكمـەكانی بڕگـەی (1)ی مـاددەی (20) لـە پـەیڕەوی نـاوخۆی ژمـارە (1)ی هـەموار كـراوی سـاڵی 1992ی پەرلـەمانی كوردسـتان – عێـراق، دەسـتەی سـەرۆكایەتی پەرلـەمان بڕیاریـدا بەرنامـەی كـاری دانیشتنی ژمارە (16)ی ئاسایی خولی سێیەمی هەڵبژاردن لە كاتژمێر (11)ی پـێش نیـوەڕۆی ڕۆژی پێـنـج شەممە ڕێكەوتی 2011/5/19 بەم شێوەیە بێت:**

**1- بەردەوام بوون لە سەر گفتوگۆ كردن وبڕیاردان لەسەر پرۆژە بودجەی هەرێمی كوردستان – عێراق بـۆ ساڵی 2011 و یاساكەی.**

**بەرێزان بەرێز سـكرتێری پەرلـەمان لەبـەر كـارێكی پێویسـت ئـەمورۆ لێـرە نیـە نیزامیـت هـەبوو فـەرموو كەرەم كە.**

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**عەفومكە كە قسەكەم پێ بڕیت، بەڵام منیش مولاحەزەی ئەوەم كرد كە بەرێز سـكرتێری پەرلـەمان لێـرە نیە بۆیە داوادەكەم لە جەنابت ترشیعی كاك شێروان بكەیت وەك سەرۆكی لیژنەی یاسایی كە بۆ ئەمڕۆ بۆ ئەم گفتوگۆیانە وە جێگەی سكرتێر بگرێتەوە.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، بەڕێزان، ئێستا کێ لەگەڵ ئەوەیە کە بەڕێز کاك شێروان لە جیاتی کاك فرسەت وەکو سکرتێر لێرەبێت، زۆر سوپاس کێ لەگەڵدا نیە بە کۆی دەنگ پەسەند کرا، کاك شێروان کەرەم کە بۆ ئێرە فەرموو، ئێستاش داوا لە لیژنەی دارایی دەکەین کەرەم کەن بۆ شوێنی کاری خۆتان، فەرموون، دووبارە بەخێرهاتنی وەزیری دارایی و وەزیری تەختیت و بریکاری وەزارەت. کاك شێخ بایز وکاك د.علی و کاك رشید طاهر و منەسقی بەینی پەرلەمان وحکومەت کاك سعد دەکەین زۆر زۆر بەخێر بێن ئێستا بەردەوام ئەبین لە سەر گفتوگۆی ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمان دوێنێکە ناوەکانی کە ئیمرۆ قسە ئەکەن:

1-ژیان عمر شەریف 2–سالار محمود مرد علی 2-پەروین عبدالرحمن 3-شڤان احمد عبدالقادر 4-خلیل عثمان محمد امین 5-لانا احمد محمود 6-محمد احمد علی 7-بکر کریم محمد( ئاسۆ کریم) 8-گەشە دارا جەلال 9-سەمیرە عبدالله اسماعیل 10-عبدالله علی ابراهیم 11-جمال طاهر ابراهیم 12-بیریڤان اسماعیل 13-سەرهەنگ فرج 14-علی حسینئەم بەڕێزانە ئەمڕۆ قسە ئەکەن ئێستا ژیان عمر شەریف عبدالله فەرموو.

**بەڕێز ژیان عمر شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە پێشەکی بەخێر هاتنی میوانە بەڕێزەکان ئەکەم،وە دەست خۆشی لە خوشك و برایانی لیژنەی دارایی ئەکەم. دیارە منیش وەکو هاوڕێیانم چەند پرسیار وتێبینیەکم هەیە:

یەکەم شت من داوا ئەکەم لە هەموو ئەندامانی پرلەمان وەهەروەها لەلیژنەی دارایی کە ئەم پێشنیارە بە هەند وەربگرن کە مینحەی زیندانە سیاسیەکانی کوردستان هاوتایی ئەوانەی بەغداد بکرێ بە پێی یاسای ژمارە 4 ئیشتەم ئەبێ ئەوەمان لە یادنەچێ کە ئەو زیندانە سیاسیانە رۆژانێ بوو لە کونە تاریکەکانی زیندانی رژێمی بەعس ژیانیان بەسەر ئەبرد بۆ هێنانە دیی ئەم رۆژە ئازادەی کە ئێمەی تیاین.

بە خاڵی دووەمم بە نسبەت خاوەن پێداویستە تایبەتەکان پێویستە میزانیەی زیادیان بۆ دابنرێت لە هەموو دونیا ئەگەر لە سۆشیالیش پارە وەربگرن زیاتر لە خەڵکی ئحتیادی وەردەگرن، لەبەرئەوەی وەکو کەسێکی ساغ نین کە ناتوانن کارێکی تر بکەن و، مووچەیەکی تریان نییەو، بەنیسبەت ناوچە کێشە لەسەرەکان دەبێت مەندەلی و خانەقین و دوزخورماتوو وسنجار لەیاد نکەین وە پێویستە میزانییەی بە قوەتیان هەبێت. بەنیسبەت ئیدارەی گەرمیان لە کەلار و کفری ودەربەندیخان ئیدارەی، گەرمیان ئەو گۆڕانکاریانەی کراون تەنها بە گۆڕینی شەخص جێبەجێنابێت، بەڵکو پێویستە دەعمی ماددی بۆ دابین بکرێت بۆ ئەوەی بتوانن لە ئیشەکانیان سەر کەوتوو بن و، بەنیسبەت پێشمەرگە من داوا ئەکەم ئەو هەشت لیوایەیی پێشمەرگەیە زوو جێبەجێ بکرێت بۆ ئەوەی حکومەت بتوانی لیوای تازە بکاتەوە وە، هێزی پێشمەرگە رێك بخات بۆ ئەوەی مووچەکەیان هاوتایی بەغدا بکرێت،لەبەر ئەوەی ئێمە هەموو دەزانین کە هێزی پێشمەرگە ئەو شورە پۆڵاینە بوون کە خاکەکانی ئێمەیان پاراست لە رۆژانی سەختی

خەبات و شۆڕش و بەنانە رەق ئەم رۆژەیان هێنایەدی بۆ ئێمە،ئێمە هەرتاکێکی ئەم میلەتە قەرزاری هێزی پێشمەرگەیە،لەبەر ئەوە ئەبێت بەزوترین کات بیر لەوە کرێتەوە کە ئەوە 8 لیوایە جێبەجی بێت بۆ ئەوەی ئێمە بتوانین مووچەکەیان هاوتا بکەین لەگەڵ ئەوانەی بەغداو، بەنیسبەت چارەسەر کردنی ئەو بریندارانەی کە بە هۆی چەکی کیمیاوی و شاڵاوەکانی کاولکردن بریندار بوون راستە شتیان بۆ کراوە بەلاًم لە ئاستی تموحی من نیە داوا ئەکە زیاتریان بۆ بکرێت لەبەر ئەوەی ئەوانە لەو شاڵاوانە هەموو بریندار بوون وە نەخۆشیەکانیشیان ترسناکە، لەبەر ئەوە ئەبێ زیاتر کاریان بۆ بکرێ وەچارەسەر بکرێن ئەگەر لێرەش نەبێت لە دەرەوەی وڵات و، بەنیسبەت لیژنەی کشتوکاڵ من پشتگیری راپۆرتی لیژنەی کشتوکاڵ ئەکەم،بۆ تەرخانکردنی یەك برِگە لەو سێ برِگە پارەیەی کە تەرخانکراوە بۆ (الاصول الطبيعية غير المنتجة) کە بری پارەی برگەکە (5)پێنج ملیارو (7)ملیۆنە،بگۆردرێت بۆ (الاهتمام بالثروة الحيوانية في مجال تربية الابقار،منتجات الحليب،الأبحاث والارشاد الزراعية) لەبەر ئەوەی بەروبوومی شیر ئێمە لەدەرەوە ئەی هێنین،ئەگەر لەیادمانیش نەچێ مانگێك پێش ئێستا چەند هێزێکی زێرۆڤانی لە سۆران تەسەمومیان کرد بە ماستی ئێرانی،چونکە ئەو ماستانە کەلە دەرەوە و تورکیا و ئێران دێن، هەموویان مواد حافزەی زۆرە یان کۆنە یان بەسەر چووە،ئەمە لە ناحیەیەکەوە لەناحیەیەکی تردا داهاتی ئێمە بۆ بچێت بۆ دەرەوە،بۆ ئێمە خۆمان ئەو مەجالە بۆ خۆمان دروست نەکەین و، ئەگەر ئێمە سەربکەین کە هەموو برادەرانمان وتیان خەرجیەکانی ئێمە(30)ئەوەندەی داهاتەکانمانە،لەبەر ئەوە ئەمە بەرەو کارەساتە لە رووی ئابوریەوە باشتر وایە گرنگی بدەین بە بواری کشتوکاڵ و، من هەروەها پشتگیری دابین کردنی یەکەی نیشتەجێ بوون بۆ خەڵکی کەم دەرامەت داهاتی سنووردار بە پێی یاسایی ژمارە(7)ی ساڵی 2008 دەکەم چونکم ئەو خەڵکە زۆر پێویستیان بەو شوقانە هەیە. هەروەها لەگەڵ ئەوەم کە(150)مووچەی تۆڕی پاراستنی کۆمەلآیەتی بکرێت بە 150 هەزار،وەکو هەموو ئەیزانین 30 هەزار یا 75 هەزار ئازاری کەرامەتی تاکی کورد ئەدات. من پرسیار ئەکەم ئایا 75 هەزار چی ئەکات ؟30 هەزار چی ئەکات؟ کە ئەوانە چی نێکی زۆر لێ قەوماون، بێدەرامەتن، راستە من لەگەڵ پۆلینم پێویستە ئێمە پۆلینێ بکەین کە خەڵکی باش ئیستفادەی لێ بکات ئەو خەڵکانەی کەبل فعل کە پێویستیان بەو مووچەیە هەیە، بەنیسبەت هێزەکانی پۆلیس و ئاسایش من داوادەکەم کە هاوتابێت لەگەڵ بەغدادو، قەرەبوی ئەو 110 هەزارەیان بۆ بکرێتەوە کەلە مانگی 2010/9 بۆیان کراو، داواکارم یاسایی خانە نیشینی پێشمەرگە جێ بەجێ بکرێت کە بەیاسا رێك خراوەو، هەروەها سلفەی عەقار کاریگەری هەبوە لەسەر ئاوەدان کردنەوەی گوندەکان،پێویستە ئەم بەرنامە پەرەی پێ بدرێت و دەوڵەمەند تر بکرێت، هەروەها ئێمە لەیادمان نەچێت لە بودجە لە 1٪ بۆ تەکنەلۆجیای زانیاری دانراوە،لە ولآتان لە 1٪تا 30٪بۆ دادەنرێ، وەکو ئەفەریقا مەلاین بۆ تەکنەلۆجیا سەرف دەکات کە خۆیان لە برسان،بەلاًم بۆیە وا ئەکەن کە چەند ساڵی داهاتوو زیاتر سوودی لێ ببینن،بۆ ئاسان کردنی مامەڵەی هاولآتیان کە ئازار نەدرێ ولە رێگەی کۆمپیوتەرەوە مامەڵەی هاوولآتیان ئەنجام بدرێت و، بەیسبەت ئێمەی ئەندم پەرلەمان بەرێزان ئێمە

هەمووومان ئێرەین وابزانم هەموو یەك ئەناسین،هەریەكێك لە ئێمە یان پێشمەرگەیەكی دێرینە كە زۆربەی كەنجی وژیانی خۆی تەواو كرد لە پێناوی ئەم خاك وئاوە و پاراستنی شەرەف و كەرامەتی میلەتەكەمان كەوەكو گوتمەوە بەنانە رەق و بە گەنم لە گیرفانی خۆیان رۆیشتون شەریان كردووە لەگەڵ دوژمنەكانمان،وە باقیشمان وابزانم هەموو كەس وكاری شەهیدین یا زیندانێكی سیاسین،لەبەر ئەوە كەسمان بۆ موو چەنەبووین بە ئەندامی پەرلەمان،وەكەسیشمان تموحی مووچەمان نەبووە،كە خەڵكانێك باسی ئەندام پەرلەمان دەكەن مووچەكەیان وایەو وایە،ئێمە هیچمان تموحی پارەمان نەبووە كە بووین بە ئەندام پەرلەمان، لەبەر ئەوە من پێشنیازدەكەم ئێمە بە خۆبەخشانە ئامادەین كار بكەین، چونكەم ئێمە هەدەفێكمان هەیە ئەوەیە كە نوێنەری میلەتێكی چەوساوەین كە ئاواتەكانیان جێ بەجێ بكەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت بەرێز سالار محمود مراد.

**بەڕێز سالار محمود مراد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەرێزان ئەندامانی پەرلەمان،لە راستی دا ئەگەر ئابووری ناسان و بیردۆزانی ئابووری كۆك بن لەسەر ئەوەی كە پێناسەی كورتی ئابووری بریتی بێت لە بەدیهێنانی خۆشگوزەرانی بۆ هاولاتیان و تاك وكۆمەڵی كۆمەڵگا، ئەوا دەركەوتووە لە هەر وولاّت وهەرێمێكدا ئەگر ئابوری و سیستەمی ئابووری نەخرێتەخزمەت بووژانەوەی خزمەتگوزاری و پێویستەكانی خەڵك، ئەوا ئەو ولاّت وهەرێمە لەئاستی دەوڵەتداری وحكومڕانیدا نە لەسیاسەتدا سەركەوتوو دەبێت وەنە لە پرۆژە ئابوریەكانیانیدا، لەبەر ئەوە پێویستە هەموو تواناكانی بەرپر سیارەتی و كۆشش و سەرەنجەكانمان بۆ ئەوە بێت سیاسەت بكەینە قوربانی ئابووری و پرۆژە سیاسیەكانیش برژێتە خزمەتی بووژانەوەی ئابووری و پەرە پێدانی ئابووری كوردستان،خۆ ئەگەر هەرسیاسەتێكیشمان پیرەو كرد سیاسەتی گەشە پێدانی ئابووری بێت بۆ مسۆگەر كردنی ئاستی هەڵكشانی تواناكانی پشت بەخۆ بەستن و رەفاهیەت و گورزەرانی شایستە بە مرۆڤی ئەم سەردەمە. لە هاوكێشەی نێوان سیاسەت و ئابووری دا دەركەوت ئەو ولاّتانەی ئابووریەكەیان دەكەنە قوربانی سیاسەت لە ململانێكانی پێشكەوتن و نمو كردن و بوو ژانەوەدا زۆر دوا كەوتوون، هەم لە دەوڵەتداری مۆدیرن و هەم لە گەشە پێدانی تواناكاندا. نموونەی زیندوش ولاّتانی نزیكی وەكو سوریاو یەمەن و لیبیاو مصر چەند ولاتێكی ترا، گونجاوترین دوو ولاّتیش كە لە هاوكێشەی نێوان ململانێ سیاسەت و ئابووریدا هەردوو كۆریان، كۆریایی باكوورو كۆریای باشوور ،كەیەكێكیان ئابووریەكەی كردە قوربانی سیاسەتی نەویستراو، كە كۆریایی باكوورەو، ئەویتریان بە پێچەوانەوە كە كۆریای باشورە كە ئێستاكە لە ململانێدایە لەگەڵ ولاّتە پێشكەوتووەكاندا لە هەرێمی كوردستانیشدا ئێمە كەوتووینە سەر هێڵی بووژانەوە، بەلاّم بە هێواشی بە ئاوڕدانەوە بەكاولكاریەكانی رابردوو، پێویستە هەموو بۆنەو

دەرفـەتێك بەتایبـەتی لـە گفتوگـۆی بودجـەی ئەمسـاڵ تائاسـتی ئـەو پـەڕی پیشـەییانەو مەردومیانـە دەرفەتەکان لەبەر چاو بگرین، بۆ ئەوەی هەموو ڕێچکە سیاسیەکان بخەینە خزمەتی بووژانـەوەی ژێرخـان و سەرخانی ئابووری کوردستان،لەم پێناوەشدا ئەرکە هەموان هاوکاربین هاوکار بین وپشتیوانی ئەوە هەوڵە بەردەوامانـەبین لـە حکومـەت و پەرلەمانـەوەدەدرێن بـۆ ئـەوەی هـەموو ئاراسـتەو سەرچاوەکانی سـامان و داهات و پرۆژەکان بکەونە سەر راستە ڕێی خۆیان و ئیدی بەتـەواوی بنـەبڕو کۆتـایی بـە هیمـەنی سیاسـی وحزبـی بهێنـدرێت بەسـەر پشکی گشـتیەوە. لەڕاسـتیدا سیاسـەتی بودجـەی حکومـەت لـە پارسـاڵدا لـە چوارچێوەی کاروانی ئاوەدانی دا کۆمەڵێ ئیننجازی گەورەی بەدەست هێنا، بێگومان بێ کـەموکوڕی نـەبوو بەشێکی باش لە کەموکوڕیـەکان چارەسـەر کـرا،وە ئـەم سـاڵێش بەهـەمان شـێوە کۆمـەڵێك ئینجازی گـەورە بەدەسـت هـاتوون، پێشـنیار کـراون و، کۆمـەڵێك کـەموکوڕیش هـەن دەسـت نیشـان کـراون ئومێـد دەکـەین موەفەق بین لە چارەسەرکردنیاندا، لـە پارسـاڵدا کۆتـایی هێنـان بـە پـرۆژەی حـزب لـەناو پـرۆژەی گشـتیدا موزایـەدە کردنـی ئاشـکرای فرۆشـتنی نـەفتی رەش و نـاردنی بـۆ پەرلـەمان پـەیڕەو کردنـی پرانسـیپی شـەفافیەت بـە ڕێژەیـەکی بـاش لەبەرچـاوگرتنی بودجـە بـۆ رای گشـتی و کەناڵـەکانی میـدیا سـەرکەوتنی هەڵمەتی دروست کردنی قوتابخانەکان، پـرۆژەی تواناسازی و ناردنـە دەرەوەی خوێنکارانی سـەرکەوتوو بـۆ خوێنـدن لـە زانکـۆ بەناوبانگـەکانی جیهـان دروسـت کردنـی هـەزاران خـان و بـۆ کەسـوکاری سـەربەرزی ئەنفالەکان زیادکردنی مووچەی کەسوکاری شەهیدان وخاوەن پێداویستیە تایبەتەکان کردنـەوەی زانکۆکـان دوورخستنەوەی دەستی حزب لەناو ناوەندەکانی خوێندن ئەمانەو چەندینی تر دەرخەری ئەو راستیەن کە حکومەتی هەرێم خاوەنی بەرنامەی خزمەتگوزاری و ستراتیژی خـەڵك ویستی و باشـتر کردنـی گوزەران و بەدیهێنانی خواستەکانی خەڵکی هەبووە، واتـا روئیـای هـەبووە لـە چـەندین سـێکتەرەوە ئەمـەی بـە کـردار سـەلماندوەو خـەڵکی بـە ویـژدان و چـاودێران درك بـەم راسـتییانە دەکـەن، کـارە باشـەکانیش دەبیـنین لـە بودجەی ئەمساڵدا بـە کەمکردنـەوەی بودجـەی تەشغیلی، ئاسـت و ژمـارەی پرۆژەکـان دەچـێتە قۆنـاغێکی باشەوە، بەتایبەتی سەکتەری کشتوکاڵ، لـە سـاڵانی رابـوردوودا حکومـەت توانیوەیـەتی هـەنگاو بـە هـەنگاو بتوانێ بەرهەمی خۆماڵی زیاد بکات، لە پار ساڵ بۆ ئەمساڵیش دەرکەوتووە ڕێژەکـە هەڵکشـانێکی باشـی بـە خۆوە بینیوە، ئەگەر ئەمساڵیش بتوانین موەفەق بین، دەتوانین هەنگاوی باش بچینە پێش، کەمکردنـەوەی مووچە باڵاکان و جـارێکی تـر پێداچـوونەوە بـە سیاسـەتی پێداچـوونەوە بـە دابـەش کردنـی دەخـل، ئەمـە هـەنگاوێکی باشـە لـە بـەدیهێنانی عەدالـەتی کۆمەڵایـەتی و جـارێکی تـر دابـەش کردنـەوەی بـۆ مووچـە نزمەکان، یان ئاستی گوزەرانی نزمەکان کە بتوانێ بەشێك لـەو مەودایـەی کـەم بکاتـەوە کـە لـە نێـوان پلـە باڵاکان و پلە بچووکەکاندا هەیە، پێویسـتە ڕۆڵـی چاودێری پەرلـەمان لـەوە زیـاتر تـەفعیل بکـرێ، چـونکە هەموو لایەکمان پێویستمان بەوە هەیە چاودێری جێبـەجێ کردنـی پرۆژەکـان وەکـو خـۆی بکـەین، قـەرزی خانوو بەرە بۆ لادێیەکان، پرۆژەیەکی زۆر زۆر باش بـووە، بەشـێکی توانیوویـەتی خزمـەت بـە بووژانـەوەی لادێیەکان بکات، بەڵام لەگەرمیان بۆ نموونە، گوندی زەماوەندکە هەیە 23 خـانووی بـۆ کـراوە، 8 خـانووی

سـولفەی وەرگرتـووە، 18 خـانووی ئەچـێتە نـاو ئـەو سـێ هـەزار موعامەلەیـە کـە هێشـتاکە پارەیـان وەرنەگرتووە، بەشێکی سەرەکی لە گرفتی دواکەوتنی پرۆژەکـان لـە راسـتیدا بـوونی ئـەو کۆمپانیانەیـە کـە سەدانیان پلەی نایابیان هەیە، بەڵام لە ئاستی کارکردنـدا دەرەجـە چوار و دەرەجـە پێـنجن، بـۆ نموونـە لـە نێوان کەلار و دەربەندیخاندا پردێك هەیـە کـە سـاڵێکە نەتوانـدراوە تـەعمیر کردنەکـەی بکـرێ، کـە تـاڵاوی خستووتە دڵی هەموو ئەو گەرمیانانەی کە هاتووچۆ دەکەن و هەموو ئەوانەشی بەو رێگایەدا تێئەپەڕن کە جگە لەوەی رێگایەکە بە رێگای مەرگ ناسراوەو ساڵانە بە سەدان خەڵکی تێدا ژیان لە دەست ئەدات.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز حمدیە معروف.

**بەڕێز حمدیە معروف احمد :**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

یەکەمجار بەخێر هاتنی میوانە بەڕێزەکان دەکەم، هەروەها دەستخۆشـی لـە لێژنـەی دارایـی دەکـەم کـە زۆر مانـدوو بووینـە بـۆ رێکخسـتنی ئـەو راپۆرتـە و تەقـدیمکردنی، پشـتگیری لـە پێشـنیاری لێژنـەی کاروبـاری کۆمەڵایەتی دەکەم کە دروست کردنی کۆمەڵگای مۆدێرن بۆ خـاوەن پێداویسـتیە تایبەتیـەکان لـە هـەر سـێ پارێزگاکـانی سـلێمانی و هـەولێر و دهـۆك و ، هـەروەها داوا دەکـەم لـە حکومـەتی هـەرێمی کوردسـتان کـە دەرماڵـەی تایبـەت بـۆ فەرمانبـەر و کارمەنـدەکانی لـە دەزگاکـانی کاروبـاری کۆمەڵایـەتی خزمـەت دەکـەن، هەروەها پشتگیری لە پێشنیاری لێژنەکەم دەکەم کە خۆشم ئەندامم لە لێژنـەی کاروبـاری کۆمەڵایـەتی کـە مووچەی تۆری پاراستنی خێزانی لە 150 هەزار دینـار کـەمتر نـەبێ و ئەگـەر ئەندامـەکانی خێـزان زیـاتر بوو، ئەوە بڕی پارەکە زیاد بی باشترە، هەروەها پێشنیار دەکەم بە دابین کردنی یەکـەی نیشـتەجێبوون بـۆ خەڵکی کەم دەرامەت و داهاتی سنووردار، بە پێی یاسای ژمارە 7 لە ساڵی 2008، هەورەها داوای یەکسـانی جیندەری دەکەم، رەگەزی کە لەو میلاکەی دانراوە بۆ دامەزراندن کە دەبێت لە هەر وەزارەتێـك رێـژەی ژن لە 25٪ کەمتر نەبێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

دەست خۆش، بەڕێز سالار یەك دەقەت مابوو داوای لێبوردنت لێ ئەکەین، ئەتوانی تەکمیلـەی بکـەی، سـالار محمود فەرموو.

**بەڕێز سالار محمود مراد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

حەقـە بیکـەی بـە دوو دەقیقـە، بینایـەتێکی گـەورە دروسـتکراوە لەسـەر کولفـەی وەزارەتـی کاروبـاری کۆمەڵایەتی بۆ راهێنانی پیشەیی گـەنجان، پێویسـتی بـە پۆشـتە کردنـەوە هەیـە، دوو ملیـار دینـاری دەوێ، داواکارم لە وەزیری دارایی ئەوە بکات، چونکە بەشێك لە راهێنـان بـۆ بـەدیهێنانی کـار و دۆزینـەوەی هـەڵی کار بۆ گەنجان لە دەڤەری گەرمیاندا، دەتوانێ بۆشاییەکی باش پڕ بکاتەوە، هیـوادارم وەزیـری دارایـی ئەمـە

بە نەزەری ئیعتیبار وەربگری، هەروەها چاککردنی دەرماڵەی پۆلیس و پاسەوانەکانی چاکسازی کە لەبەردەم خوتورەی مەحکومان دان لە پاڵ پۆلیس زیاد کردنی دەرماڵەی پۆلیس و ئاسایش، ئەوەش زیاد بکرێ، تا چەند گونجاوە لە میزانیەی حکومەت کۆمپانیاکانی وەبەرهێنان پرۆژەیان بۆ سەرف بکرێ، واتا کۆمپانیای دروست کردنی خانوو دەبینین لە بودجەی حکومەتدا مەشاریعیان بۆ دەدرێ، تا چەند ئەمە گونجاوە؟، گرنگیدان بە کەرتی گەشت و گوزار، کە ساڵانە لە ناوچەکانی تری عیراق و کوردستانی ئێرانەوە خەڵکێکی زۆر روو دەکاتە ناوچە گەشت و گوزارییەکان، ئومێدەوارم بەشێکی زۆر لە پرۆژەکانی بۆ سەکتەرەکانی گەشت و گوزار تەرخان بکرێ و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێز پەروین عبدالرحمن.

**بەڕێز پروین عبد الرحمن عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەرەتا من دەستخۆشی لە حکومەت دەکەم بۆ ئەو بودجەیە، کە بە شێوەیەکی زۆر شەفاف کەوتووتە بەردەستمان، ئەگەر بێت و بەراوردی بکەین لەگەڵ مووچەی پار ساڵ کە هەر لە بەرنامەی تواناسازی و هەروەها دروست کردنی قوتابخانەی هاوچەرخ و هەروەها باشتر کردنی کەرتی کارەبا، هەروەها دەستخۆشی لە لێژنەی دارایی دەکەم بۆ ئەو هەموو ئەرك و ماندووبوونەی کێشاویانە بۆ دانانی ئەم راپۆرتە، لەسەرەتا من پێم باشە یەکەیەکی هەمیشەیی هەبێت لە وەزارەتی دارایی بۆ دانانی بودجە بۆ ئەوەی بە باشترین شێوە و زووترین کات بگاتە پەرلەمان و ئێمە گفتوگۆی لەسەر بکەین و پەسندی بکەین بۆ ئەوەی بە باشترین شێوە لەبەدەمی کۆمەڵانی خەڵکی خۆمان دایبنێین، من وەکو ئەندام لە لێژنەی پێشمەرگە و شەهیدان داوا دەکەم ئەو برە پارەی کە داندراوە بۆ وەزاەرتی شەهیدان، دیارە برە پارەیەکی زۆر کەمە، بەشی ئەوە ناکات کە لە خزمەتی کەس و کاری سەربەرزی شەهیداندا بێت، هەروەها داوا دەکەم دەرماڵەی ژن و منداڵی بنەماڵەی شەهیدان وەکو مووچە خۆرانی حکومەت زیاد بکرێ، هەروەها ئەو برە پارەی کە خەرج دەکرێ بۆ منداڵی شەهیدان بۆ هەموو قۆناغەکانی خوێندن، دیارە نیوەی تێچووی خوێندنەکەیان بۆ سەرف دەکرێ، داوا دەکەم هەمووی بۆ سەرف بکرێ، هەروەها ئەو برە پارەی کە داندراوە بۆ دروست کردنی هەردوو بینایەی بەڕێوەبەرایەتی گشتی شەهیدان و هەروەها دروستکردنی مۆنەمێنت، راستە دروستکردنی مۆنەمێنت سینبولێکی نەتەوەیە، بەلآم ئەوەی کە ئێستا بنەماڵەی سەربەرزی شەهیدان پێویستیان پێیە، دیارە یەکەی نیشتەجێبوونە، بۆیە من داوا دەکەم ئەو برە پارەیە تەرخان بکرێ بۆ یەکەی نیشتەجێبوون، سەبارەت بە پێشمەرگە، دیارە پێشمەرگە مەغدورترین چینی ئەم کۆمەڵگایەیە، دیارە واقیعی ئەمڕۆی کوردستان تێدایە لە سایەی خەباتی ئەوان و خوێنی سەربەرزی شەهیدانە، بۆیە من داوا دەکەم ئەو سولفەی کە ئێستا لە هەرێمی کوردستان دەدرێت بە وەزارەتی پێشمەرگە، ببێت بە بودجەیەکی تایبەت بە وەزارەتی پێشمەرگە بۆ ئەوەی وەزاەرتی پێشمەرگە بە باشترین شێوە خزمەت بە

پێشمەرگە بکات، هەروەها مووچەی خانەنشینی پێشمەرگەو مووچەی کەمئەندامانی سەنگەر کە 8 هەزارن، زیاد بکرێ، بەپێی یاسای ژمارە 33 ساڵی 2007، هەروەها پەلە بکرێ لە دروست کردنی ئەو 8 لیوایە، چونکە ئەمە خزمەتێکی زیاتر بە هێزی پێشمەرگەو مووچەو باش گوزەرانی پێشمەرگە دەکاتن، داوا دەکەم ئەوانەی کە لە دوای تەشکیل بوونی ئەو لیوایانە دەمینێنەوە ئەوەی کە بە هۆی ئەوەی کە چوونەتە تەمەنەوە، یاخود ئەوەی کە خانەنشین بکرێ، یاخود ئەوەی کە داوا دەکات نەقل بێت بۆ هەر وەزارەتێکی تر لە حکومەت ئاسانکاری بۆ بکرێ، سەبارەت بەو 76,32٪ کە بۆ ئیعاناتی زیراعی دانراوە، من پێم باشە زیاتر دەسەڵات بدرێت بە وەزیر، بۆ ئەوەی زیاتر خزمەت بە کەرتی کشتوکاڵ بکات، ئێمە هەمووومان دەزانین کە هەرێمی کوردستان هەرێمێکی کشتوکاڵیە، هەروەها دەورێکی سەرەکی دەبینێت لە ژێرخانی ئابووریدا، بۆ ئەوەی ئێمە زیاتر گرنگی بە بەرهوومی رووەکی بدەین و ئەوندە شت هاوردە نەکەین لە دەرەوە، باشتر دەبێ با دەستی وەزیر والآتر بکرێ، هەروەها داوا دەکەم حکومەت عەدالەت بنوێنی لە پێدانی دەرماڵە، چونکە ئێمە لەکاتی سەردانمان بۆ خاڵە سنووریەکان، دیارە ئەگەر ئێمە بەراورد بکەین بە ئیبراهیم خلیل، لەگەڵ باشماغ و پەروێز خان، دیارە ئەو فەرمانبەرانەی کە لەوێندەر دەرماڵەکانیان لە 100٪ بۆ سەرف دەکرێت، بەلآم ئەوەکانی تر هەر نیانە، هەروەها بەنیسبەت هەندێ لە پڕۆژە بەردەوامەکان دیارە گەیاندنی تۆڕی کارەباو ئاو بۆ گوندەکانی دۆڵی بالیسان و دۆڵی سماقولی، ئەوانەی کە بۆ دۆڵی بالیسان نەکارەبای نیشتیمانی هەیەو، نە ئاویشی هەیە، وەکو زیاتر تەئکید دەکەنەوە لەسەر ئاوی کانیاوەکانە، کە ئەمەش باشترە ئەو خزمەتگوزاریانە بگاتە ئەوێ، هەروەها بەنیسبەت دۆڵی سماقولی دیارە 10 گوندە، لەو دە گوندە حەوت گوندیان کارەبای نیشتیمانیان بۆ چووە، بەلآم سێیان وەکو عەلیاوە و کێشکە و ئەوە کارەبایان نەگەیشتووە، بۆیە داواکارم کە حکومەت ئاورێك لەو لایە بداتەوە، هەروەها لە پرۆژە بەردەوامەکانی ساڵی 2011 دیارە هەندێ پرۆژە تایبەت کراوە بە وەزارەتی ناوەخۆ کە هیچ پەیوەندییەکی بە وەزارەتەوە نییە، بەڵکو پەیوەندی بە وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە هەیە، داواکارم حکومەت چاوێکی پێدا بخشێنێتەوە، لەوانە نۆژەن کردنەوەی باڵەخانەی کتێبخانەی گشتی هەولێر، کۆنکریت کردنی شەقامە ناوەخۆییەکان لە شارۆچکەی رەواندز، وا بزانم هیچ پەیوەندییەکی بەوە نییە، هەروەها پەیمانگای دادوەری لە ساڵی 2010 دە ملیاری بۆ دابین کراوە، بەلآم هەتا ئێستا هیچ شتێکی بۆ نەکراوە، من دوو پرسیار ئاراستەی بەڕێز وەزیری پلان دانان دەکەم، هیوادارم وەلآمم بداتەوە، لەگەڵ ئەوەی لە 69٪ ی بودجەی وەبەرهەمهێنان 2011 بۆ تەواو کردنی پرۆژەکانی ساڵی رابوردووی تەرخان کراوە، بەلآم تا ئێستا هیچ ئاماژەیەك بە رێژەی تەواو کردنیان نەکراوە، پرسیاری دووەم/ بودجەی ئەمساڵ بەشێکی زۆری بۆ ناوەندی پارێزگاو قەزاکان ئاراستە کراوە، بەلآم ئەم جۆرە دابەش کردنە، دیارە جیاوازی نێوان ناوەندو لادێیەکان فراوانتر دەکات و، هۆکارێکی گەورەشە بۆ کۆچی پێچەوانە، لە لایەکی تریشەوە دەبێتە هۆی بەهەدەردانی بودجەی کشتوکاڵی و ئاودێری و دەرخستنی ئەو هەوڵانەی کە بۆ ئاوەدان کردنی لادێیەکان دەدرێتن، ئێمە کاتێك وەکو لێژنە دەرچووبووین بۆ سەر خاڵە سنووریەکان، دیارە ئەو

ڕێگاوبانانـەی کـە دەگاتـە سـەر خاڵـە سـنووریەکان زۆر زۆر ڕێگـای خـراپن و کەنـدو کۆسـپی زۆری لێیـە، بەڕاستی ئەوانەش سەرچاوەی داهاتن بۆ حکومەتەکەمان و، بۆ هەرێمەکەمان، من پێشنیارێك دەکەم ئەگەر لەو هەموو بار هەڵگرانیەی کە روو لە هەرێمەکەمان دەکات، ئەگەر یەکی یـەك دۆلاری پـێ بـدرێ، دەتـوانێ چارەسەری ئەم کێشەیەی پێ بکات، هەروەها 200 ملیار دانراوە بـۆ پـرۆژەی وەبـەرهێنان، مـن داوا دەکـەم ئەگەر هەندێك لەو پارەیە تەرخان بکرێ بۆ ئەو پرۆژانەی کەشتێکی کەمیان دەوێت، کە پارەیەکی کەمیان دەوێ باشترە ئەو پرۆژانە جێبەجێ دەبن، بە دوو سايد کردنی هـەولێرو کۆیـە، پارسـاڵ دیسانەکە ئامـاژەی پێدراو بودجەی بۆ داندراو ئەمساڵەش هەر دیسان بودجەی بۆ دانـراوە، بـەڵام هـەتا ئێسـتا هـەر هیچـی بـۆ نەکراوە، هەروەها ئێمە داوا دەکـەین مووچـەی فەرمانبـەران وەکو مەرکـەزی لـێ بکـرێ، بـەڵام مـن لێرانـە حکومەت با زیاتر کۆنترۆڵی بازاڕ بکات، چونکە ئەگەر کۆنترۆڵی بازاڕ نەکرێت تۆ هەر مووچـە زیـاد بکـە و هیچ بە کەڵك نایەت.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێز شڤان فەرموو.

**بەڕێز شڤان احمد عبد القادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشـەکی مـن پشـتگیری لـە راپـۆرتی لێژنـەی دارایـی دەکـەم و دەسـت خۆشـیان لـێ دەکـەم، بـە حەقیقـەت راپۆرتێکی گشتگیر و هەمە لایەنە، دەستیان لەسەر زۆربەی ئـەو هـەموو کـەم و کوڕیانـەی کـە لـە بودجـەی ئەمساڵدا هەبوو، دەستنیشانیان کردووە، ئومێدەوارم ئەو تێبینی و سەرنجانە ببنە بڕیار و ببنـە تەوصیات بۆ حکومەت و لە ئەنجامدا جێبەجێ بکرێن، مـن لـە دوو تـەوەر، لـە دوو لاوە قسـەکەم دەکەمـە دوو بـەش، بەشـێك لـە بـارەی لێژنـەی پێشـمەرگە و شـەهید و جینوسـاید و بەشـی دووەمـی قسـەکانم لـە رووی گشـتی راپۆرتەکـەوە قسـە دەکـەم، لـە رووی ئـیش و کـاری لێژنەکەمانـەوە، ئـەوەی کـە پەیوەندیـدارە بـە لێژنـەی پێشمەرگەو شەهید و جینوساید، لەبارەی مووچـەی شـەهیدان زۆر لـە هاوکـارانم ئاماژەیـان پێکـرد، منـیش پشتگیریان دەکەم کە خێزان و منداڵ و مەسئولیەتی شەهید، ئەمە وەکو دەرماڵە دەبێ حیسابیان بۆ بکرێـت وەکو هەر موزەفێك لە هەر بوارێکدا، دووەم، لە میزانیەی توانا سازی پار ساڵ لەم پەرلەمانە من ئەم قسەم کرد و دیسان تیکرار دەکەمەوە، لە میزانیەی پار ساڵ، کە داوام کرد و جێبەجێ نەکرا، ئەمساڵ داوا دەکـەم جێبەجێ بکرێتن و لە ئەوەی بۆ توانا سازی دیـاریکراوە 20 تـا 25٪ بـوو، منـداڵی شـەهید دیـار بکـرێ بـە تەخصیص، ئەگەر نا ناچێتە بابی ئیمتیازاتی کـەس و کـاری شـەهیدانەوە، قانونێکمـان دەرکـرد بـە قـانونی ئیمتیازات و حقوقی شـەهید، ئـەوان جیاوازمـان کـردن لـە خـەڵکی دیکـە، یـەعنی ئـەوان موتەمـەیزترن لـە خەڵکی دیکە، ئەوان ئەولاترن لە خەڵکی دیکە، ئەگەر تەخصیص نـەکرێتن مـن نـابێنم هـیچ تەمـەیوزێکی تێدا هەبێ، هەروەها لەو 25 هەزار ناوەی کە موقەریرە تەعین بکرێن، دیسان ئـەو تەمـەیوزە بـە منـداڵی شەهید بدرێ، ئەوان ئەولاترن لە خەڵکی دیکە، 20 تا 25٪ بە تەخصیص لەناودا هەبێت و ببێتە بڕیارێك

بۆ ئەوەی حکومەت مولزەم بێت بەو ڕێژەیە، ئەگەر زۆر نەبێت کەم نیە ئەمە، من پێشنیار دەکەم دوو نەخۆشخانە لە هەولێرو لە دهۆك، کە گەورەترین موشکیلەی کەسوکارو منداڵی شەهیدان و بکرێ پێشمەرگەشن، کە موستەشفای کامل بن و مواسەفاتی کاملیان تێدا بێتن، کە گەورەترین ئەو موشکیلە لە باری حکومەت سووك دەبێتن و کێشەی کەسوکاری شەهید و پێشمەرگەش چارەسەر دەبێت و بە شێوەیەکی سەربەرزو سەرفرازانە، پێشنیار دەکەم هەتا ئەو عەلویانە دروست دەکرێن کە سەقفێکی زەمەنی وازیحی تێدا نییە، ئەگەر دروستیش بکرێن بە دەیان پێشمەرگە لە خاریجی ئەم عەلویانە دەمیننەوە، پێشنیار دەکەم، چونکە ئەمانە پێشمەرگەنە و جێگای سەربەرزی و شەرەف مەندی ئەو گەلەو ئەو دەسکەوتەی لە ماندووبوون و ئەو پێشمەرگانە و خوێنی شەهیدان بەدەست هاتووە، هەر یەکە 100 هەتا 150 هەزار دینار وەکو موساعەدە پێیان بدرێت، هەتا ئەوان تەنزیم دەکرێن، لە سەرەڕای ئەو موچەی کە وەردەگرن، من پێشنیار دەکەم لێرە بەپێی ئەم مادده یاساییە کە لە ماددەی (14) بڕگەی پێنجی موازنەی عێراقدا هاتووە مەسەلەی مووچەی پێشمەرگە و تجهیزو تەسلیحی پێشمەرگە کە لەو ماددەدا هاتووە، پێشنیار دەکەم کە سەرۆکی حکومەت و وەزارەتی پێشمەرگە هەرچی زووترە سەردانی مالیکی بکەن و ئەو کێشەیە یەکلا بکرێتەوە ، بۆ ئەوەی بتوانین عەمەلیەی بە نیزامی کردنی یان تدریب کردن دروستکردنی مەعەسکراتی پێویست بۆ ئەو ئەلویانە وە دروستکردنی جەیشی موەحد لەسەر ئەساسێکی نیزامی جێبەجێ بکرێتن. داوا دەکەم هەردوو یاسای ژمارە (34) و (38)ی 2007 کە یاسای کەمئەندامی پێشمەرگە و خانەنشینی پێشمەرگەیە جێبەجێ بکرێ کە ئەویش پەیوەندیدارە بە ئەو بڕگە یاساییەی کە کارێکی پێویستی بۆ نەکرایە هەتا ئێستا. بۆ ئەوەی ئەو هەردوو شەریحەیە کە هەردووکیان پێشمەرگەن چ معوقین چ خانەنشین مووچەی مستەحەقی خۆیان پێ بدرێتن. پێشنیار دەکەم ئەو هەردوو مدیریەی کە وەکو پرۆژە هاتووە لە راپۆرتدا راپۆرتی لێژنەی دارایی بگۆڕدرێن هی مدیریەی هەولێر و مدیریەی دهۆك بگۆڕدرێن بۆ خانووبەرەی نیشتەجێ بۆ هەردوو شەهیدانی ئەو سنوورە بۆئەوەی زیاتر ئیستیفادەی لێ بکەن نەك بینایەی مدیریە. وە دیسان پێشنیار دەکەم ئەو ئەلویانە هەرچی زووترە جێبەجێ بکرێن، بۆ ئەوەی بکەونە بواری ئەو مووچە موستەحەققەی کە وەکو هەر سەربازێکی عێراقی کە ماڧ ئەو مووچەیان هەبێت پێیان بدرێتن. چەند تێبینییەکی گشتی لەسەر راپۆرت و بواری گشتی چەند تێبینییەك، لە خاڵی (20)ی لاپەڕە (20)ی راپۆرتی لێژنەی داراییدا هاتووە ئەو بڕە پارەیەی کە (75) ملیار دینارە بۆ سندووقی نیشتەجێ دیارکراوە من ئەم بڕە پارەیەم زۆر پێ کەمە، ئەمساڵ گەورەترین موشکیلە بۆ ئەم بوارە دێتە پێش کە ئیلتیزامیان هەیە بەرامبەری خەلك سندوقی نیشتەجێ ئەگەر ئەمساڵ ئەمە بکرێتن گەورەترین موشکیلە بۆ حکومەت دروست دەبێتن، ئێمە موشکیلەی بۆ دروست دەکەین، هیچ نەبێ ئەمساڵ جێبەجێ نەکرێت و سەدو پەنجایەکە تێدابێتن. پێشنیاردەکەم هەر پرۆژەیەك لە هەر پارێزگایەك بەهەر سەبەبێك جێبەجێ نەکرێتن کولفەی ئەم پرۆژەیە موناقلەی پێ نەکرێتن بۆ پارێزگایەکی دیکە ، وە بکرێتە پرۆژە لە هەمان پارێزگا. کە پارساڵ ئەم بڕگەیە جێبەجێ کرا ئەمساڵیش من ملاحەزەم نەکرد لە

راپۆرتدا هاتبێتن، من داوا دەکەم کە ئیزافە بکرێت و بۆ ئەوەی ببێتە بڕیارێك و حوکمەت پێی مولزەم بێتن.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز خلیل عوسمان محمدامین.

**بەڕێز خلیل عثمان محمدامین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەخێرهاتنی میوانە بەڕێزەکان ئەکەم وە من گلەییەکیشم لە لیژنەی دارایی هەیە کە بەراستی راپۆرتی لیژنەی ئاوەدانکردنەوەی وەکو خۆی درج نەکردووە کە ئەوە دەبێ بە دیکۆمێنتێك و دەمێنێتەوە کە راپۆرتەکەی ئێمە راپۆرتێکی موتەکامیل بوو وە هەوڵی زۆری لەگەڵ دراوە، وە دوایین نوسخەی راپۆرتەکەیشتان ئەدەمێ...

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

هەر بۆ مەعلوماتت ، راپۆرت وەکو خۆی درج ناکرێ ، رەئی لێژنە لەسەر راپۆرتەکانتان کامەی وەرئەگرن کامەی وەرناگرن بەو شێوەیە دەبێ.

**بەڕێز خلیل عثمان محمدامین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

....دەسورێتەوە بۆیە من پێم وایە راپۆرتەکە بە کەمو کورییەوە ، ئەگەر راپۆرتەکە هەمووشی نەکرابێ هین، کراوە. سوپاس. سەبارەت بە بودجە خۆشبەختانە لە بودجەی ئەمساڵدا من پێم وایە حکومەت مامەڵەیەکی جددیانەی لەگەڵ ئەم بودجەیەدا کردووە و بەو شێوازەی کە بە ئاقاری شەففافیەتی زیاتر و دەسکەوتی بەدیهێنانی دەسکەوتی زیاتر بۆ خەڵك و چارەسەر کردنی کەم و کورییەکانی کەم کردۆتەوەو بەبەراورد لەگەڵ ساڵانی پێشوودا، وە هەروەها دەستخۆشی لە لیژنەکانی پەرلەمانیش دەکەم کە بەراستی بە هەمان شێوە زۆر هیلاك بوون لە دەستنیشانکردنی کەم و کوریەکان، وە هیوادارم ئێمەش بەهەموو لایەك کە بتوانین مامەڵەیەکی جدییانە لەگەڵ ئەم بودجەیەدا بکەین ، ئیجابیانە بەو مانایەی کە نەك ئێمە چاو لە کەمو کورییەکان بپۆشین و هەروەها تێروانینی ناواقیعیانەشمان بۆ بودجەکە هەبێ وە بەو مانایەی کە ئێمە لەڕێگەی ئەم بودجەیەوە بتوانین زۆرترین خزمەتگوزاری پێشکەش بە خەڵکی کوردستان و دوور لە هەموو ئەجێندایەکی سیاسی مامەڵە لەگەڵ ئەم بودجەیەدا بکەین. بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان ، من پشتگیری لە پێشنیارەکانی لیستی کوردستانی دەکەم پشتگیری لە هەموو ئەو پێشنیارە باشانە دەکەم کە لەلایەن یەکە یەکەی ئەندامانی پەرلەمانەوە پێشنیار کراوە بۆ چاککردن و بەرەو پێش بردنی بودجەو سیاسەتی دارایی لە هەرێمی کوردستان. وە سەبارەت بە سندووقی زیادکردنی بڕەپارەی پێشینەی هاوسەرگیری کە ئەمە مایەی دەستخۆشییە ، وە من داواکارم کە ئەم پارەیە لە رێماییەکاندا دەرج بکرێ بۆ ئەوانەی کە ساڵێك پێش ئێستا ژنیان هێناوە بەراستی ئەمانیش بگرێتەوە. سەبارەت بە سندووقی

پێشینەی خانووبەرە کە بووە بە (20) ملیۆن ئەوە مایەی دەستخۆشییە کە لە پێشنیارەکانی لیستی کوردستانییە ، وەمن داواکارم کە ئەمە بەراستی ئالییەتێکی باشی بۆ بدۆزرێتەوە بەو شێوازەی کە هەموو خەڵکێك لێی سوودمەند بێ، یەعنی تا ئێستا کە ڕێنماییەکان کە وەزیری دارایی و بەڕێز جێگرەکەی لێرەن بەراستی کۆمەڵێك خەڵك گلەیی لە ئیجرائات و ڕێکارەکانی پێدانی ئەو سولفەیە بەهۆی هێنان و بردنێکی زۆریان پێ دەکەن وە کۆمەڵێك خەڵك لێی بێبەش بووە ، ئێمە کاتی خۆی خەڵکمان لە لادێکان بە زۆرەملێ ڕاگوێزراون و لە ئۆردوگاکانا ئاخنراون لەوێ سولفەیەکیان پێدراوە لەسەردەمی ڕژێمی پێشوو ئێستا ناکرێ ئەمانە بە سوودمەند حساب بکرێن. خاڵێکی کە بەڕاستی کێشەی زۆر لەسەر زەوی 100 مەترییە من پێم وایە دەبێ بەڕاستی هەم پارێزگارەکان ئەنجومەنی پارێزگاکان و شارەوانییەکان چاو بە ماستەرپلانەکانی شارەکاندا بخشێننەوە بەو شێوازەی کە لەگەڵ داهات و پێکهاتەی کۆمەڵایەتی ئەم کۆمەلگەیەی ئێمەدا گونجاوبێ، ناکرێ ئێمە خەڵکمان هەبێ لەسەر جاددە و شوێنی نەبێ ڕێگریش بکەین لە دروستکردنی خانووی سەد مەتری. خاڵێکی ترم بەڕاستی لەسەر ئەو (7500) دۆلارەیە کە دەدرا بە هاووڵاتیان بەتایبەتی بۆ لادێکان، ئەمە تاوەکو ئێستاکە نەدراوە من داوا ئەکەم وەزارەتی دارایی و بەڕێز وەزیری دارایی تەوزیحاتی زیاترمان بدەنێ لەسەر ئەمە. خاڵێکی کە ، برادەرانیشم زۆر تەئکیدیان لەسەر کردۆتەوە ئێمە لە لێژنەی ئاوەدانکردنەوە بەراستی سندووقی نیشتەجێ بوون، ئەو پارەیەی کە بۆی تەرخان کراوە ئەمە پێشتر حساباتی لەسەر کراوە پێویستە بگەڕێتەوە. وە خاڵێکی کەش کە بەڕاستی دەستەی وەبەرهێنان گلەیی دەکەن ئەو قەرزانەی کە دەدرێ بە هاووڵاتیان و پاشان ئەگەڕێتەوە دەچێتەوە سەر حسابی وەزارەتی دارایی ناگەڕێتەوە بۆ سندوقەکە ، کە پێویستە بگەڕێتەوە بۆ سندووقەکە بۆ ئەوەی دووبارە بدرێتەوە بە هاووڵاتیان و ئەمە خەرج بکرێتەوە بە سولفە بۆ ئەوەی زۆرترین هاووڵاتی لێی سوودمەند بن. من پشتگیری لە پێشنیارەکەی لیستی کوردستانی دەکەم بۆ کەمکردنەوەی ڕێژەی (10٪)ی هەموو پلە باڵاکان کە هیوادارم ئەم پارەیە بخرێتە سندووقێکی تایبەتەوە بۆ خزمەتکردنی کەس و کاری شەهیدان و قوربانیانی ئەنفال و کیمیاباران و جینۆساید بەکاربهێنرێتەوە لە دروستکردنی خانوو و پێداویستیەکانی تری ئەمان. خاڵێکی تر بەڕاستی کە دەمەوێ قسەی لەسەر بکەم مەسەلەی ڕێگاوبانە ئێمە ئەگەر بێت و چاو بە نەفەقاتی چاککردنەوەی ڕێگاو بانەکان و پردەکاندا بخشێنین ، ئەوەی کە بۆی داندراوە لە زمنی وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە من پێم وایە ئەمە کیفایەت نییە بەو پێیەی کە ئێستا فشارێکی زۆر زۆر لەسەر ڕێگاو بانەکانمان هەیەو ڕۆژانە بە دەیان ڕووداوی نەخوازراو ڕوودەدەن، بۆیە من داواکارم کە چاو بەوەدا بخشێندرێت، وەزارەتی دارایی ئەو بڕە پارەیە زیاد بکا بۆ ئەوەی وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە باشتر بپەرژێتە سەر هەم چاکردنەوەی ڕێگاو بانەکان کە بەخۆتان دەزانن ئەمڕۆکە بە تەواوەتی وێران بووە وە دروستکردنی ڕێگاش کاتێکی زۆری دەوێ هەروەها بۆ دروستکردنی ئەو ڕێگایانەی کە لە گوندەکاندا دەکرێن کە بەڕاستی بەشێکی زۆر لە گوندەکانمان پێویستیان بە ڕێگاو بان هەیە ئێستاکە بۆئەوەی ببەسترێنەوە بەشارەکان و ڕێگای هاتوچۆیان بۆ ئاسانتر بێ. بۆیە پێشنیار دەکەم بەڕاستی ئەگەر بکرێ

ئێمە، بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، یەعنی لێرە بڕیار لەسەر ئەوە بدەین بەشێك لەو پارەیەی کە تەرخان کراوە بۆ کڕینی ئۆتۆمبێل و سەیارەی صالۆن و هەندێ لە پێداویستی هاتووچۆی دائیرەکان کە من پێم وایە بەشێکی زۆریان هەیە ئیللا لەحاڵەتی پێویستدا نەبێ کەمبکرێتەوە و بخرێتە سەر نەفەقاتی چاکردنەوەو صیانەکردنی ڕێگا و بانەکان و جسرەکان. خاڵێکی تر بەڕاستی مەسەلەی جیاوازی مووچەیە کە تائێستاکە ئێمە پێمان وابوو بەس لەسنووری پارێزگای سلێمانیدا ئەم جیاوازییە هەیە، بەڵام لە سنووری پارێزگای هەولێریش ئەمە بەدی دەکرێ لەنێوان هێزەکانی ناوخۆ و هەروەها فەرمانبەرانی تریشدا کە من هیوادارم وەزارەتی دارایی وردبن لەو کارەیا ئەمە ڕێك بخەن. خاڵێکی تر کە مەسەلەی پرۆژەکانە کە دەمەوێ بێمە سەری بەڕاستی زۆربەی زۆری کێشەی دواکەوتنی پرۆژەکان یەکەم پەیوەندی بەو پرۆسە دوور و درێژەی ئالۆزی تەندەرینەوە هەیە کە زۆر ئەخایەنێ لە 3 مانگ بۆ 4 مانگ ئەخایەنێ کە من پێم وایە ئەمە بەشێکە لە دواکەوتنی پرۆژەکان کە هیوادارم وەزارەتی دارایی چاو بەو بڕیارەیا بخشێننەوە وە ڕێنماییەکان باشتر بکەن لەگەڵ وەزارەتە مەعنییەکان هاوکاربن بەتایبەتی لە هەردوو پارێزگای دهۆك و هەولێر. وە من

......

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس ، ببوریت ، ڕەت بوو ، بەڕێز...لانە أحمد محمود.

**بەڕێز لانە أحمد محمود:**

**بەڕێزسەرۆکی پەرلەمان.**

بەخێرهاتنی هەردوو وەزیری دارایی و پلاندانان و بریکاری وەزارەتی دارایی و وە منەسق بەینی پەرلەمان و حکومەت دەکەم ، بەخێرهاتنیان دەکەم. ئێمە کە لە لێژنەی دارایی و ئابوورین چەندەها کۆبوونەوەمان ئەنجامدا و گفتوگۆمان کرد لەسەر بودجەی خەمڵێنراوی ساڵی 2011 بۆمان دەرکەوت ئەگەر بەراورد بکەین لەگەڵ بودجەی پار ساڵی 2010 دەبینین بودجەی ئەوساڵ زۆر بە وردەکاری و شەفافانە مامەڵەی لەگەڵ بەشەکان و بابەتەکان کردیە، بەڵام لەگەڵ ئەوەش هەندەك کەمو کورتی تێدایە وە هەروەها چەندین پێشنیارمان کردووە لەناو ڕاپۆرتی لجنەی دارایی، بەڵام هەندەك لە یەعنی پێشنیارەکان کە بەتایبەت لەسەر بودجەی وەبەرهێنان کە تەرخان دەکرێت بۆ پرۆژەکان یەعنی هەندەك خاڵ هەیە زۆر بەلای من گرنگ دەیزانم دەبێ ڕەچاو بکرێن ئەویش ، دەبێ ئەولەویەت بەو پرۆژانە بدرێت و جێبەجێ بکرێت کە پرۆژەی گرنگە لە رووی ئابووری و کۆمەڵایەتی، هەروەها باشتر پرۆژەکانی خۆی بەخۆی ئەنجام بدات، نەك وەزارەتێکی دیکە ئەنجامی بداتن، هەندەك پرۆژە کە پێشنیار دەکرێ لە ساڵی 2011 کە ئەنجام بدرێن دەبێ بڕی پارەکەی (7٪) لە گوژمەی پرۆژەکە کەمتر نەبێتن ، وە هەندەك پرۆژەشمان هەیە کە هەتا دیزاینەکەی تەواو نەبێت لە پلانی بودجە با دانەندرێتن، یەعنی ئەوە بەلای من زۆر زۆر گرینگە ئەو چەند خاڵانە ڕەچاو بکرێتن کە لەلای حکومەت کە پرۆژەکانیان دادەنێن و کە بودجەی وەبەرهێنانی بۆ سەرف دەکرێت ، وە هەروەها پشتگیریش دەکەم لە پێشنیاری لیستی کوردستانی کە بۆ کەمکردنەوەی

(10٪) له نەفەقاتی تەشغیلی لەو (10٪)یەی کە نەفەقاتی تەشغیلی کەم دەکاتەوە (7٪)ی دابەش بکرێتن بۆ زیادە کردنی یەکەم: سلفەی زەواج کە لەلای حکومەت پێشنیار کرایە دوو ملیۆن و نیو، ئەمە پێشنیاری دەکەین ببیتە پێنج ملیۆن، وە هەروەها بۆ سولفەی عەقاری لەبۆ پازدە ملیۆن کە پارەکە داوامان کرد، ئەوسالْ پێشنیار دەکەین ببیتە بیست ملیۆن وە سەد ملیار تەرخان بکرێتن بۆ زیادەی دەرماڵەی هێزی پێشمەرگەو پۆلیس سەدو پەنجا ملیار تەرخان بکرێت بۆ هەڵمەتی دروستکردنی قوتابخانە ، چل ملیار تەرخان بکرێت بۆ زیادەی تۆڕی کۆمەلآیەتی ، حەفتاو پێج ملیاریش تەرخان بکرێت بۆ زیادەی قەرزی زراعی و صناعی. بەلآم... وە دووسەد ملیاریش تەرخان بکرێتن بگەڕێتەوە سەر بودجەی وەبەرهێنان. سێ لەسەدەکەش بۆ پڕکردنەوەی ئەو عجزەی کە لە بوجەی ساڵی 2011 هەیە ، عجزەکەی پێ پڕبکەینەوە. هەروەها ئەگەر لەسەر زەینمان بێتن یەك لە پرۆژەکانی ئیستراتیجی کە ئەوسالْ زۆر گرینگی درایە بە کارەبا، وە مەبلەغەکی تەقریبەن شەش سەد ملیار لۆ وزارەتی کارەبا تەرخان کرایە بۆ چارەسەری کێشەی کارەبا یەعنی وابزانم کێشەی کارەباش یەکێکە لەو پرۆژانەی کە ئیستراتیجییە و کە لەلای خەڵکی هەرێمی کوردستان زۆر گرینگە ئەو کێشەی کارەبا، چارەسەر بکرێتن، وە داواکاریشم زۆر گرینگی بدرێتە کەرتی زراعی و صناعی بۆئەوەی چیدی ئیعتیماد لەسەر دەرەوە نەکەینە ئینتاجی خۆمان هەبێ بەرهەمی خۆمان هەبیتن و لەهەمان کاتیش ئەگەر ئێمە ئیهتمام بە کەرتی زراعی و صناعی بدەین لۆمان یەعنی فرص عمل کار دابین دەکرێ بۆ هاوولآتیانی خەڵکی کوردستان. و داوا دەکەم بە زووترین کات حساباتی ختامی بۆ شەش مانگی ئەخیر بۆ ساڵی 2010 بگاتە پەرلەمان. وە هەروەها ئەندامەکانی بەرێز ئیشارەتیان بەوەی دا کە زۆر جار لەشاری هەولێر کە وەکی بارانەکی زۆر دەبێ فەیەزانات دەبێتن هەندەك گەڕەك زۆر زەرەرمەند دەبن کە ئەو فەیزاناتە روودەدات ، داوا دەکەم لە بەرێز حکومەت چارەسەری ئەو کێشەی بکاتن، ئەوجا چارەسەرەکە بەوەی کە صیانەی دەوی ئەو رێگاو بانانە، ئەو جسرانە لۆ خاتری تەسریبی ئاوەکە ببیتن نەگاتە ناو ئەو مالآنە زەرەر مەند دەبن ئەو چەند ساڵە ئەو حاڵەتە روو دەداتن لەشاری هەولێر، چارەسەریان لۆ بکرێتن. وە هەروەها داواکاریشم گرینگی بدرێتن بە کۆنترۆڵی جۆری هەموو پێداویستیەکانیان بۆ دابین بکرێتن وە دروستکردنی چەند ژمارەیەك لە تاقیگەکانی پشکنین لە سنوورەکانی هەرێمی کوردستان وە دابینکردنی ئالات و موعیدات و مەوادی پێویست بۆ ئەنجامدانی کاری تاقیگەکان کە لەسنووری هەرێمی کوردستانە، وە چەندین فەرمانبەریشیان بۆ دابمەزرێتن، چونکە ئەمە کە لە خیلال چووینە ئەو سنووری هەرێمی کوردستان دیتمان فەرمانبەریان پێدەویست لە ئیختیساساتی جیاواز ، ئەعنی ئیختیساساتی موختەلف دەیانەویست، پێویستیان هەبوو لۆیان دابمەزرێتن. وە هەروەها یەکێکیش لە کێشەکانی دەبینین هەیە ئەو زەویەی کە دەبینین دووسەد مەترە بەناوی دوو کەسیش نووسرایە، داوادەکەم لە حکومەت هەردوو کەسەکە سولفەی عەقاری شەملیان بکاتن یەعنی هۆردووك سوودمەندبن لە سولفەی عەقاری، چونکە ئەو کێشە هەیە دەبینین کە دووسەد مەترە خەڵکی فەقیر و هەژار ئیمکانیەتی نیە...مەسەلەن دووسەد مەتریان کڕییە بە دوو کەس لەگەڵ یەکتری، یەك سوودمەند

دەبن لە سولفەی عەقاری بەس ئەویتر ئیستیفادەی ناکا، فەداوا دەکەم لـە حکومـەت هەردووکەسـەکانی کـە زەویەکەیان هەیە کە دووسەدمەتره مەساحەکەی بەناویان نووسرایە سوودمەند بـن لـە سـولفەی عـەقاری. زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

دەستخۆش. بەڕێز محمد أحمد علی.

**بەڕێز محمد احمد علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

محمد شارەزووری. سەرەتا دەستخۆشی و پشتگیری خۆم بۆ راپـۆرتی لیژنـەی دارایـی دەردەبـڕم کـە ئەمسـاڵ بەشێوەیەکی زۆر باش کۆمەڵێ سەرنج و تێبینیان خستووەتە ڕوو، کۆمـەڵێ پرسیاریشیان ورووژانـدووە لـە هەمان کاتیشا سەرنج و تێبینی هەموو لیژنەکانی پەرلەمانیان لەناو راپۆرتەکەی خۆیانـا جێگـە کردۆتـەوە کۆمـەڵێ پرسـیاریان ورووژانـدووە داواکـارم لـە هـەردوو بـەڕێزان وەزیـری دارایـی و وەزیـری پلانـدنان ئـەو پرسـیارانە جـواب بدەنـەوە. لەهـەمان کاتـدا سوپاسـی خـۆم ئاراسـتەی سـەرجەم وەزارەتـەکانی حکومـەتی هـەرێمی کوردسـتان دەکـەم دیـارە ئـەوانیش هـیلاك و مانـدووبوون لەگـەڵ ئـەوە بودجەیـە و هـەمووشمان ئاگـادارین کـە بودجـە لەلایـەن حکومەتـەوە دێتـە پەرلـەمان، بودجەیـەکی کامـل و سـاف نیـە دەنێردرێتـە پەرلەمان بۆ ئەوەی پەرلەمان سەرنج و تێبینییەکانی خۆی بـۆ پڕکردنـەوەی کـەم و کوڕییـەکانی و لایەنـە سلبییەکانی بودجە دەست نیشان بکات بەلاّم ئەوەندەی مـن تێبینـیم کردبـێ بودجـەی ئەمسـاڵ و راپـۆرتی لیژنـەی دارایـی جیـاوازترە لـە سـاڵی پـار، بـەڵکو کۆمـەڵێ شـتی ئیجابیـاتی باشـی تیایـە، دیـارە مـن سـەرەتا پشتگیری خۆم بۆ ئەو پێشنیارانەی لیستی کوردسـتانی دەردەبـڕم بـۆ گەڕانـەوەی نیمچە هاوسـەنگییەك لـە نێـوان بودجـەی ئیستسـماری و بودجـەی وەبـەرهێنان لـە 10٪ ببڕێـت لـە هـەمان کاتـدا پشـتگیری کردنـی سولفەی زەواج و عەقار و خەرج کردنی دەرماڵەی خواردن بۆ هێزەکانی ئاسایش و ناوخۆ و پشتگیری تۆڕی کۆمەلاّیەتی و دەعمـی کـەرتی کشـتوکاڵی پیشەسازی دەکـەم، بـەڕێز سـەرۆکی پەرلـەمان مـن پێشـنیارەکانم تایبەتە بەو لیژنەی خۆمان کە ئەویش هـەردوو وەزارەتـی شـەهیدان و کەسـوکاری سـەربەرزی شـەهیدان و ئـەنفال و جینـۆ سـایدی تیایـە لـە هـەمان کاتـدا وەزارەتـی پێشـمەرگە کـۆکراوەی سـەرجەم پێشـمەرگە قارەمانەکانی کوردستانە، سەرەتا من پێشنیارم بۆ بەڕێز وەزیری پلاندانان هەیە دیارە ئەمساڵ بە داخـەوە لـە بودجـەی حکومـەتی هـەرێمی کوردسـتان کـەم پـارە بـۆ وەزارەتـی شـەهیدان دانـراوە، بـەلاّم ئێمـە دوای کۆبوونەوەمان لەگەڵ وەزارەتی شەهیدان مەحزەرەکەشـم لایـە دوایـی ئەیخەمـە خزمـەت جـەنابی ولەگـەڵ ئەوەی تاکو ئێسـتا کۆمـەڵێك لـە کەسـوکاری شـەهید بـێ خـانوو ماونەتـەوە دوو بەڕێوەبەرایـەتی دەرچـووە بەڕێوەبەرایەتی گشتی شەهیدان لە هەولێر و سلێمانی ئێمـە لەگـەڵ وەزارەتـا ئیتیفاقمـان کـردووە کـە ئـەم دوو بەڕێوەبەرایەتییە ئـەم ساڵ نەکرێتـەوە و بکرێـت بـە خـانوو بـۆ کەسـوکاری سـەربەرزی شـەهیدان لـە

هەموو كوردستان و، لە هەمان كاتدا بەو پارەیە كە بڕێكی باشە دوو خەستەخانە بكرێتەوە یەك لە دهۆك دووەم لە هەولێر بۆ خزمەتكردنی كەسوكاری شەهیدان، چونكە ئەو خەستەخانەیە لە سلێمانی هەیە، دوو پێشنیار دەكەم خەرج كردنی دەرماڵە بۆ منالی شەهید دیاری بكرێت وەكو سەرجەم فەرمانبەرانی هەرێمی كوردستان كە دەرماڵەیان هەیە بۆ منالّ و بۆ خێزان و بەپێی ڕێنماییەكانی وەزارەتی دارایی بەڕێز ئەگەر ئەو پێشنیارەشمان قبولّ بكرێت و دەرماڵەش بۆ ئەمان سەرف بكرێت، ئەو بڕە پارەیەی كە حكومەت تاكو ئێستا دابینی كردووە بۆ خوێندن بۆ منالی كەسوكاری شەهید تاكو ئێستا نیوەی بڕەكە دیاری كراوە پێشنیاری ئەوە ئەكەم ئەو بڕە پارەیە بە تەواوی دابین بكرێت وە لە هەمان كاتدا وەكو هاوكارانم باسیان كرد ڕێژەیەك لە دامەزراندن و لە تواناسازی لاوان دابنرێت بۆ منالی شەهید، ئەویش بە موناقەسە لە نێوانی خۆیان بەپێی ڕێنماییەكانی حكومەت، نەك بەوەی موناقەسە موناقەسە لە نێوانی خۆیان بكەن نەك منافەسە لەگەلّ منالانی تر ا بكەن، بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان من دێمە سەر هێزی پێشمەرگەی كوردستان كە ئێستا خۆی لە ژێر چەتری وەزارەتی پێشمەرگەیا ئەبینێتەوە، سەبارەت بە هێزی پێشمەرگەی قارەمان ئەم ئەزموونە بە هەموو دام و دەزگا شەرعییەكان و پاراستن و بەردەوام بوونی بۆ ئایندەی هەموو بەندە بە ئارەقە و ماندوو بوون و خوێنی شەهیدانی هێزەكانی پێشمەرگە هاتۆتە دی، لە هەمان كاتدا پاراستنی ئەو هەموو سنوورە شاخاوییە و بەرگری كردنی لە ناوچە دابڕاوەكانی كوردستان و دابین كردنی ئاسایش لە هەرێمی كوردستان بە هەولی هێزی پێشمەرگە و براو خوشكەكانیان لە هێزەكانی ئاسایشی ناوخۆ هاتۆتەدی، بۆیە من پێشنیار دەكەم وەكو ئەوەی ئەندامێكم لە لیژنەی پێشمەرگە نەك هێزی پێشمەرگە كەم بكرێتەوە، بەلكو گرنگی زیاتری پێ بدرێ و ژیان و گوزەرانیان باش بكرێ و لەو سولفەیەی حكومەتی هەرێمی كوردستان بۆی دابین كردوون لە بودجەی هەرێمی كوردستان چەك و تەقەمەنی باش و جل و بەرگ و موخەصەصات و ختورەیان بۆ سەرف بكرێت، دوو: جێبەجێ كردنی هەردوو یاسایی ژمارە (38)سی و هەشت و (34)سی و چوار كە ژمارە (38)سی و هەشت تایبەتە بە خانەنشینی پێشمەرگە و وە سی و چواری تایبەتە بە كەم ئەندامانی سەنگەر كە لەم پەرلەمانە بەڕێزە وە لە سالی 2007 دەرچووە بكەوێتە بواری جێبەجێ كردنەوەی بە ڕاستی مووچە خانەنشینی هێزی پێشمەرگە و كەم ئەندام زۆر كەمە، بۆیە داواكارم و پێشنیاری ئەوە ئەكەین وەكو لیژنەكە ئەمسالّ بكەوێتە بواری جێبەجێ كردنەوە، پەلە بكرێت لە زوو تەشكیل كردنی ئەو لیژنەی كە هاوكارانم ئاماژەیان پێدا وەك نوێنەرانی لیژنەی دارایی وتوویانە ئەمە تایبەت نیە بە بودجەوە، بەلام پێشنیارەكەی ئێمە بۆ ئەوەی حكومەت دەست كراوەتر بێت بۆ كردنەوەی لیوا بۆ ئەوەی هێزی پێشمەرگە ببێتە هێزی پێشمەرگەی كوردستان و لە ژێر چەتری وەزارەتی پێشمەرگە هەمووی یەك بخرێت، چونكە ئەو هەموو هیلاكی و ماندوو بوونە خەباتی هیلاكی و ماندووبوونی هێزی پێشمەرگە ئەنوێنێ، بەلام بە داخەوە ئەیلێم مەزلوم ترین كەس تاكو ئێستا لە هەرێمی كوردستان پێشمەرگەیە وەك هەموومان ئاگادارین و من یەك بەیەك سوپاسی زۆربەی ئەندامانی پەرلەمان و ئەم پەرلەمانە بەڕێزە ئەكەم كە هەموویان هاوكار و پشتگیرمانن بۆ ئەوەی

مووچەی هێزی پێشمەرگە زیاد بکرێت، بۆیە ئێمە داوا ئەکەین ئەو پێشمەرگانەی لە خاریجی ئەم لیوایانەوە تا ئەم لیوایانەیان بۆ تەشکیل ئەکرێت برێك لە مووچەیان بۆ زیاد بکرێت کە مووچەکەیان زۆر کەمە، ئەگەر ئێمە لێرە باسی بکەین هیچ کەسێك ئیدارە ناکات بەراستی هێزی پێشمەرگە بەو مووچە کەمە ئیدارەی ئەکات، من ئەخیر خالّم بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان سوپاسی حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەکەم لە ...

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس تەواو ، بەڕێز بەکر کەریم محمد فەرموو.

**بەڕێز بەکر کریم محمد (ئاسۆ):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

یەکەم پێشەکی دەکرێ بلّێین حکومەتی هەرێمی کوردستان تا رادەیەك بە گوێرەی ئەو بەرنامەیە کاری کردووە و دەکات کە لە بەرژەوەندی خەڵکی کوردستان دایە، لە رووی وەزیفییەوە حکومەت بایەخێکی بەرچاوی داوە و دەدات بە بوارەکانی ئاودانکردنەوە، بنیات نانەوەی ژێرخانی ئابووری، گەیاندنی خزمەتگوزارییەکانی کارەباو ئاو و رێژەی ئەوە لە هەردوو ئاسایی و وەبەرهێنان 28٪ ونیوە، پەروەردە و خوێندنی بالاّ شازدە پۆینت هەشتا و هەشتە، ئاسایش و سەقامگیری کوردستان پازدە پۆینت پەنجا و حەوتە، تەندروستی پێنج پۆینت پەنجا و هەشتە کە بەسەر یەکەوە دەکەنە 66٪ پۆینت پەنجا و پێنج ئەوەش رێژەیەکی گونجاوە بۆ هەرێمی کوردستان کە حاڵی حازر لە باری بنیاتنانەوە و پێك هێنانی قەوارەی سیاسی خۆیەتی ئەگەر رێژەی بواری تەندروستی ببێ بە 7٪ئەوە گونجاوتر دەبێ بێ لەوە شەش سەد و پەنجا هەزار کارمەند و نزیکەی هەندەی تریش لە حکومەت مووچە وەردەگرن و هاوکاری دەکرێن خۆی ئەمەش جۆرێکە لە دابەش کردنەوەی سامان و سەروەتی ولاّت، ئەمەش دەتوانین بلّێین رەنگە ئەوەی هەموومانە، دووەم: هەروەها پشتیوانی پێشنیازەکانی سۆزان خان دەکەین کە بە ناوی فراکسیۆنی کوردستانی خستنیە روو سەبارەت بە کەم کردنەوەی بودجەی وەگەڕخستن بە رێژەی 10٪ و نزیکەی و زیاد کردنی پێشینەی هاوسەرگیری زیادی کردووە بۆ پێنج ملیۆن و پێشینەی خانووبەرە بۆ بیست ملیۆن و، زێدەکردنی هاوکاری بۆ ئەو کەسانەی تۆڕی چاودێری کۆمەلاّیەتی دەیانگرێتەوە لە حەفتا و پێنج هەزارەوە بۆ سەد و پەنجا هەزار دینار، زیاد کردنی دەرماڵەی ئاسایش و پۆلیس، هەڵمەتی دروست کردنی قوتابخانەی هاوچەرخ توانسازی و قەرزی کشتوکاڵ و پیشەسازی، سێیەم: لیژنەی پەیوەندییەکان و رۆشنبیری لە راپۆرتی خۆمان پشتگیری پێشنیازی وەزارەتی رۆشنبیری و لاوانمان کردبوو کە تیایدا داوا دەکات لە جیاتی ئەو پێنج پرۆژەیەی کە لە ناو لیستی پرۆژە پێشنیازکراوەکانی ئەمساڵدا هەیە لە جیاتی ئەوان تەبعەن لە بواری رۆشنبیری لێ بێت سێ کۆمەڵگەی رۆشنبیری لە پارێزگای هەولێر و سێ کۆمەڵگە لە پارێزگای سلێمانی و گەرمیان دوو کۆمەڵگەش لە پارێزگای دهۆك دابمەزرێت لە هەمان کاتدا پشتگیری لە رای لیژنەی وەرزش و لاوان دەکەین سەبارەت بەو پرۆژانەی پەیوەندییان بە وەرزشەوە هەیە، چوارەم

پێشنیاز دەکەم قانوونی ژمارە حەوتی ساڵی 2008 بۆ نیشتەجێ بوونی هاووڵاتیان پیادە بکرێت بۆ ئەم مەبەستەش حەفتا و پێنج ملیار دینار لەو مەبلەغەی کە بۆ صندوقی نیشتەجێ بوون دانراوە بە گوێرەی رێنماییەکانی ئەم قانوونە بۆ نیشتەجێ بوونی خەڵکی کەم دەرامەت تەرخان بکرێت، پێنجەم: دیارە پرۆژە وەبەرهێنەرەکان ئەمساڵ بەراورد بە پار رێك و پێك ترن، کۆمەڵێك زانیاری دەخەنە بەردەم بە گوێرەی راپۆرتی لیژنەی دارایی لاپەرە پانزە ئەدای ساڵی رابردووی حکومەت لە جێبەجێ کردنی پرۆژەکاندا لە رووی پارە خەرجکردنەوە 34٪ پۆینت سێ بووە، بەڵام دەبێ ئەوەش بگوترێت بەپێی دوا داتای وەزارەتی پلاندانان دەربارەی پرۆژە بەردەوامەکانی ساڵی 2011لە دوو هەزار و سێ سەد و دوو پرۆژە نۆسەد و هەشتا و پێنج پرۆژە دیناریکیان تێدا سەرف نەکراوە کە دەکاتە رێژەی نزیکەی 43٪ لەکاتێکدا لە موازەنەی 2010دا پارەمان بۆ تەرخان کردبوون، هەروەها بەپێی موازەنەی ساڵی 2010 دەبوایە لە کۆی هەزار و چوار سەد و چل و دوو پرۆژەی بەردەوامی پێش ساڵی 2010هەزار و دوو سەد و پەنجا و شەش پرۆژە تەواو کرابا، یەعنی ئینجاز کرابا، واتە بە رێژەی 87٪، چونکە دیسان پارەی پێویست بۆ تەواو کردینان هەبووە بەڵام لە ئەرزی واقیعدا چەند پرۆژەیەکی کەم تەواو کراوە ئەوەش بەراستی یەعنی حەقە حکومەت لەو ئەدا خراپەی خۆی هۆکارەکانی بکۆڵێتەوە کە بۆتە مایەی قسە و گازاندەی خەڵك پێشنیازی من ئەوەیە ئەمساڵ حکومەت تەرکیزێکی زۆر بخاتە سەر پرۆژە بەردەوامەکان بە تایبەتی ئەوانەی پێش 2010 و تەواویان بکات لە هەمان کاتدا پێم باشە وەزارەتی پلاندانان لەسەر سایتی خۆی زانیاری تەواو لەسەر پرۆژەکان بۆ هاووڵاتیان بڵاوبکاتەوە مانگانەش ئەبدێتیان بکاتەوە، شەشەم: لە لیستی پرۆژە پێشنیازکراوەکانی ساڵی 2011 دەستەی وەبەرهێنان لە پارێزگای دهۆك پرۆژەی ژمارە چوار گەیاندنی تۆڕی ئاو بۆ (300) سێ سەد یەکەی نیشتەجێ بوون، گوژمەی سەد و بیست و شەش ملیۆن دیناری بۆ دانرا، کەچی پارەی تەرخان کراو بۆ ساڵی 2011 حەفت سەد و پەنجا ملیۆنە، حەفتەم: بیست و یەك پرۆژەی ناو پرۆژە پیشنیازکراوەکانی 2011 کەمتر لە 10٪ی گوژمەکانیان بۆ خەرج دەکرێت لە ساڵی 2011یان ئەواتا ئەم پرۆژانە لەم ساڵ لا ببەین یان رێژەیەك لەو پارەیەی بودجەی کار پێکردن کەم دەکرێتەوە لەو پرۆژانە خەرج بکرێت من ئەوەیان بە دروست دەزانم، هەشتەم: زنجیرە سێ لە لیستی پرۆژە بەردەوامەکانی وەزارەتی دارایی و ئابووری لە سلێمانی پرۆژەی دروست کردنی بینای سینەمای سەردەم، قۆناغی یەکەم هێشتا دەستی پێ نەکراوە بەڵام لە لیستی پرۆژە تەواو نەبووەکانی ساڵی 2011 پارێزگای سلێمانی قۆناغی دووەمی پرۆژەی دروست کردنی سینەمای سەردەم تەواو بوو، قۆناغی دووەم تەواو بووە، هێشتا قۆناغی یەکەم دەستی پێ نەکراوە، ئەرێ ئەمە چۆن لێك دەدرێتەوە؟ قۆناغی دووەم پێش یەکەم تەواو ببێت لە کاتێکدا قۆناغی یەکەم هەر دەستی پێنەکراوە، نۆیەم لە لیستی پرۆژە بەردەوامەکانی لە پارێزگای دهۆك، پرۆژەی ژمارە (6) نووسراوە مەلەوانگەی داپۆشراو لە دهۆك لەناو مەرکەزی دهۆکدا، لە زنجیرەی نۆزدەم پرۆژەیەکی تر هەیە بەناوی پرۆژەی مەلەوانگەی داخراو، دیسان هەر لەمەرکەزی دهۆك، نازانم چ جیاوازییەك لەنێوان داپۆشراو و داخراو هەیە سەبارەت بە مەلەوانگەکان.

دەیەم/ لە لیستی پرۆژە بەردەوامەکانی وەزارەتی ناوخۆ زنجیرە یازدە نووسراوە هۆڵی وەرزشی داخراو لە دهۆك گوژمەکەی پێنج ملیارو پێنج سەد ملیۆن دینارە، پار ئەو پرۆژەیە لەناو لیستی پرۆژەکانی وەزارەتی رۆشنبیری و لاواندا بوو، ئێستا گواستراوەتەوە بۆ ناو پرۆژەکانی وەزارەتی ناوخۆ، هۆی ئەم گواستنەوەیە چیە؟ لەکاتێکدا وەزارەت ئاگای لێ نەبووە.

یازدە/ سەبارەت بە دامەزراندنی میلاکات، ئەگەر کۆی پلەکانی پێنج، شەش، حەوت، هەشت کۆ بکەینەوە دەکاتە دوازدە هەزارو دوو سەدو هەژدە، ئەو ژمارەیە بۆ دەرچووی پەیمانگاو زانکۆیەکانە، لێرەدا پرسیارێك ئاراستەی وەزیری پلاندانان دەکەم، ئایا ژمارەی ئەو دەرچووانەی ساڵانی رابردووی پەیمانگاو زانکۆیەکان چەندە، کە تا ئێستا دانەمەزراون؟ واتا ئەو دوازدە هەزارو قسورە چەند لە کێشەی دەرچووانی پەیمانگاو زانکۆیەکان کەم دەکاتەوە؟

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، رێزدار گەشە دارا کەرەم بکە.

**بەڕێز گەشە دارا جلال:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەرەتا دەستخۆشی لە لیژنەی دارایی دەکەم بۆ ئامادە کردنی راپۆرتەکەیان، بێگومان ئەو بودجەیەی لێرە گفتوگۆی لەسەر دەکەین هی خەڵکەو پێویستە لەخزمەتی خەڵکدا بێت، من لێرەدا لە سێ تەوەردا راو سەرنجەکانی خۆم دەخەمە روو، لایەنە ئیجابیەکانی ئەم پرۆژە بودجەی ساڵی 2011، دیارە کۆمەڵێك خاڵی ئیجابی لەبودجەکەدا بەرچاو دیاری دەکرێت، پێویستە پشتگیری لێ بکەین و هەوڵی بەرفراوان کردنی بدەین، لە بواری شەفافیەتدا دیارە ئەمە بۆ ساڵی دووەمە، حکومەتی هەرێمی کوردستان بەشێوەیەکی زۆر شەفاف و روون بە داتاو زانیارییەوە پرۆژەی بودجە دەخاتە بەردەم ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان و رای گشتی تا تێبینی و سەرنجەکانیان بەشێوەیەك بخەنە روو بۆ باشتر کردنی بودجەکەو دەرخستنی کێشەو کەموکورییەکان، کە ئەمە خاڵێکی ئیجابیەو پێویستە باشتر بچێتە خزمەتی خەڵك و داوکارییەکانیانەوە، لە بواری وەبەرهێناندا دیارە دەیان و سەدان پرۆژەی ستیراتیجی گرنگی تێدایە، کە دەبێتە هۆی ئاوەدانکردنەوەی زیاتری کوردستان، پەرەپێدانی زیاتری ژێرخانی ئابووری، یەك لەو سێکتەرانەی کە ئەمساڵ زۆر گرنگی پێدراوە بواری کارەبایە، کە پەیوەندییەکی ژیاری بە ژیانی خەڵکی کوردستانەوەیەو بۆ دروست کردنی ژێرخانی ئابووری کوردستان گرنگیەکی زۆر گەورەی هەیە، من بە خاڵێکی ئیجابی دەبینم، دیارە پێشتر هەنگاوی باش نراوە بۆ کارەبا، بەڵام ئەمساڵ کە ئەو برە پارەیەی بۆ دانراوە، بۆ چاککردنی کارەباو بنبڕ کردنی ئەو کێشەیە لە رێی چاك کردنی تۆڕەکان و وێستگەکانەوە، لەبواری خزمەتگوزاریی گشتیدا بۆ هاووڵاتیان کۆمەڵێك هەنگاوی گرنگ لەم بودجەیەدا دانراوە، وەك زیاد کردنی پێشینەی هاوسەرگیری، زیاد کردنی پێشینەی خانووبەرەو قەرزی سندوقی لاوان و قەرزی پیشەسازی و قەرزی کشتوکاڵ و دامەزراندنی ئەو (25) هەزار لاو و فەرمانبەرە بەفەرمانبەر، زیاد کردنی

مووچەی هاوکاری کۆمەڵایەتی و هاوتا کردنی مووچەی هێزەکانی ناوخۆ، پشتگیری لیستی کوردستانی دەکەم بە کەم کردنەوەی نەفەقاتی تەشغیلی لە 10٪ بۆ زیاد کردنی قەرزەکان و پڕ کردنەوەی ئەو کەلێنانە، بێ لەوەی کە لە ساڵی رابردوو چەندین دەستکەوتی گرنگ، کە حکومەت بڕیاریداو ئێمەش لەم پەرلەمانەدا تەسدیقمان کرد، بۆ زیاد کردنی مووچەی کەسوکاری شەهیدان و ئەنفال و کەم ئەندام، هەروەها هەڵمەتی نیشتمانیی دروست کردنی قوتابخانەکان و تواناسازی لاوان، هەروەها سندوقی نیشتەجێ بوون و پێشینەی خانووبەرە، بەلاًم ئەم بودجەیە بەدەریش نییە لە کەموکوڕی، لەگەڵ ئەو لایەنە ئیجابیانەی باسم کرد، چەند خاڵێك بە کەموکوڕی دەزانم و پێویستە دەست نیشان بکرێن و چاك بکرێنەوە. یەك/ پارەی ئەو پرۆژانەی نەکراون، یان تەواو نەکراون، من پرسیارەکەم لە بەڕێز وەزیری داراییە، هەروەها وەزیری پلاندانان، کە بڕی تەرخان کراو بۆیان سەرف نەکراوە، پێویستە دیاری بکرێن لەکوێ شوێنیان بۆ دیاری کراوە؟ لەم بودجەیەدا بواری شوێنەوارو ژینگە وەکو پێویست گرنگی پێ نەدراوە، کە لە زۆر وڵات تەنها ئەو دوو سێکتەرەیە وڵات بەڕێوە دەبات، پێویستە لە کوردستانیش کە وڵاتێکی گەشتیارییە زیاتر گرنگی پێ بدرێت. هەست دەکرێت نا هەسەنگیەك هەیە لەنێوان سەنتەری شارو دەوروبەریدا، زیاتر گرنگی بە سەنتەری شارەکان دراوە، کە پێویستە ئەو هاوسەنگیە دروست بکرێت. بەروونی ئاماژە بە داهاتەکانی هەرێمی کوردستان نەدراوە، داهاتەکان روون نین، کە بریتین لە داهاتەکانی فرۆشتنی نەوت و باجی گومرگ و رەسم و داهاتەکان، قەرزی نێودەوڵەتی و یارمەتی و کۆمەکی نێودەوڵەتی، ئەگەر چی بۆ یەکەم جار حکومەت داهاتی فرۆشتنی موشتەقاتی نەوتی بە داتاو زانیارییەوە ناردبێتە بەردەم ئەندامانی پەرلەمان و موناقەشە کرا بۆ ئەو پرۆژانەی کە بۆی دانرا بوو، بۆ ئەوە هەنگاوێکی زۆر باش و بەو هیوایەین کە بەردەوامی هەبێت بۆ هەموو بوارەکانی تر. لە پرۆژە یاساکەدا هاتووە کە داهاتی هەرێم چوارسەد ملیۆن و پێنج سەدو حەوت هەزارە، لە کاتێکدا بەغدا ئاماژەی بەوە داوە کە پێنج ملیارو چوارسەدو نەوەدو پێنج ملیۆنە، من پرسیارەکەم لە بەڕێز وەزیری داراییە کە تەئسیر دەکاتە سەر ئەو 17٪یەی کە بۆمان دەنێرێت، ئەمە چۆن جێی کراوەتەوەو چارەسەری بۆ کراوە؟ لە ساڵی 2010 بودجەی هەرێم کورتی هێناوە، پێویست بوو حکومەت ئاماژە بە سەرچاوەی دابین کردنی ئەو کورتهێنانە بدات، بەلاًم دیار نییە لەکوێ دابینی کردووە، ئاماژەی پێ نەداوە. تێبینی دەکرێت لە پرۆژەکانی وەبەرهێنانی ساڵی 2010 وەکو پێویست جێ بەجێ نەکراون، یاخود کە پێویست بوو ئاماژە بە جێ بەجێ کردنیان بکرایە، کە ئەمە بەڕاستی لەسەر وەزارەتی پلاندانان بوو، کە ئەو رێژەیە بۆ ئێمە دیاری بکات، بۆ پرۆژەکان نیسبەیەکی دانایە، کە لە سەدا چەندی جێ بەجێ کراوە، بۆ ئەوەی ئەندامانی پەرلەمان بەرچاویان روونتر بوایە، ژمارەیەکی بەرچاوی پرۆژە پێشنیار کراوەکانی ساڵی 2010 نەخراونەتە بواری جێ بەجێ کردنەوە، کە بودجەشی بۆ تەرخان کرا بوو، پێویستە ئاماژە بەوە بکرێت، کە ئەو بودجەیەی ئەو پرۆژانە چیان بەسەر هاتووەو لەچیدا سەرف کراون. وەك تێبینی دەکرێت ئەمە رەخنەیەکە لەخۆشمان وەکو پەرلەمان سیستەمێکی چاودێری و بەدواداچوونی وەکو پێویستمان نەبووە، ئەمە رەخنەیە

لەهەموو ئەندامانی پەرلەمان و لە لیژنەکان، کە رۆڵی ئێمە دەبێت لە تەشریع چاودێری کردن بێت، وەکو پێویست نەمان کردووە، بێ لەوەی کە ناکارایی دیوانی چاودێری دارایی دەگەیەنێت، کە لەوە دەچێت هەر بەناو هەبێت، هیچ رۆڵێکی نەبووە.

لە بودجەی ساڵی 2011، بودجەی تەرخان کراو بۆ تەواو کردنی پرۆژەکانی ساڵی 2003و بەرەو ژوور بەبێ ئەوەی ئاماژە بە هۆکارەکانی دواکەوتنیان بدرێت، بەبێ ئەوەی هیچ کەس و دامەزراوێك بەرپرسیاریەتی ئەو دواکەوتنە لە ئەستۆ بگرێت، حکومەتیش هیچ لێ پرسینەوەیەکی نەکردووە، لە بڕی بودجەی تەرخان کراو بۆ ناوچە ناکۆکی لەسەرەکان تێبینی دەکرێت نا هاوسەنگی هەیە، یەعنی نازانم لەسەر چ پێوەرێك ناوچەیەك بۆ ناوچەیەکی تر ئەو بڕە پارەیەی بۆ دانراوە، کە دەبێت لە رووی فراوانی شوێنەکەو لە رووی دانیشتوان نازانم چۆن ئەمە دیاری کراوە. بڕی پێنج ملیار دینار لە بودجەی ئەمساڵ دانراوە بۆ هاوکاری کردنی کەرتی تایبەت لە بواری بەڕێوەبردن و کارگێڕیدا بۆ هەرسێ پارێزگاکان، هەردوو ئیدارەی گەرمیان و قەزای هەڵەبجە، ئەو مەبەستە روون نییە، هیوادارم وەزیری دارایی بۆمان روون بکاتەوە. پێشنیازم بۆ چاك کردن پشتگیری لە رەئیەکانی کاك سەروەر دەکەم سەبارەت بەوەی کە پێویستە پەرلەمانی کوردستان دەستەیەکی هەبێت ساڵانە بۆ دیراسە کردنی بودجە تا هاوکاری ئەندامانی پەرلەمان بێت بەشێوەیەکی زانستی بودجە دیراسە بکەن و تاوتوێی بکەن و بودجەیەکی باشترو ساڵ بە ساڵ بچێتە خزمەتی خەڵکەوە، هەروەها حکومەتیش یەکەیەکی هەبێت هەر لە سەرەتای ساڵەوە ئەو یەکەیە تەنها تەرخان بکرێت، بۆ ئەوەی بودجە ئامادە بکات. پتشگیری لە راپۆرتەکەی خۆمان دەکەم سەبارەت بە ئەوەی دانانی بودجەیەکی تایبەت بۆ لیژنەی باڵای خانمان، بەڕاستی من ساڵی پاریش لە بەڕێز وەزیری دارایی داوام کرد، کە ئێمە ئەمساڵ کۆبوونەوەمان لەگەڵدا کردوون و بۆ ئەوەی بڕێك پارەی دیاری کراو تەرخان بکرێت و بەرچاویان روون بێت، کە ئەوان چەند دەسەڵاتیان هەیە بۆ جێ بەجێ کردنی بەرنامەکانیان، ئەوەی پرسیارمان لێ کردن و خۆیان راوێژیان لەگەڵ وەزارەتی دارایی کردووە، داوای حەوت سەدو بیست و پێنج تا حەوت سەدو پەنجا ملیۆن دینار دەکەن، ئەگەر ئەمە لەم بودجەیەدا جێگەی بۆ بکرێتەوە، لە بودجەی ئەنجومەنی وەزیراندا بێت، لە ماددەی...................

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، رێزدار سمیرە عبداللە کەرەم بکە.

**بەڕێز سمیرە عبداللە اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەرەتا دەستخۆشی لە راپۆرتی لیژنەی دارایی و ئابووری دەکەم، پشتگیری راپۆرتی لیستی کوردستانی دەکەم، هەروەها بەخێرهاتنی میوانە بەڕێزەکان دەکەم، من پێم باشە لە رووی فیکری و بنەمای ئابوورییەوە بۆ ئامادە کردنی بودجە، ئۆفیسێکی تایبەت هەبێت بۆ دانانی بودجە، ئەم ئۆفیسەش سەر بە سەرۆکی حکومەت بێت لەگەڵ وەزیری دارایی و پلاندانان، لەگەڵ دەستەی راوێژکاران بۆ دانانی بودجە

پێداچوونەوەو راست کردنەوەی هەڵەکان و ژمارەکانی پێش ئەوەی بگاتە ناو پەرلەمان، ئەو ئۆفیسە موختەس بێت بۆ دانانی بودجە.

هەروەها هەلی کار بڕەخسێت، ساڵانە سەد هەزار پلەی تەعین لە کەرتی تایبەت، کەرتی تایبەت زۆرە لە کوردستان، ئەگەر بواری گرنگی پێ بدەین زراعیە، صناعیە، سیاحیە، نەوتە، بە مەبەستی دەوڵەمەند کردنی بودجەی هەرێمی کوردستان لەگەڵ پێداویستیەکانی ئەم قۆناغەی هەرێمدا بگونجێت. هەروەها داوا دەکەم لە ئەنجومەنی وەزیران کار بکات بۆ پیادە کردنی بنەمای لا مەرکەزیەتی دارایی لەگەڵ وەزارەتەکان ئەویش بە پێدانی دەسەڵاتی خەرج کردنی بودجە بۆیان، لە چوارچێوەی پشتیوانی تەرخان کراو، بۆ ئەمەش نموونە زۆرە، کە شتێك تەرخان دەکرێت بۆ ئەوە، دەبێت بچێت موافەقەی وەزارەتی دارایی وەربگری و هی ئەنجومەن وەربگریت، تا موافەقەکەی وەردەگریت سلعەکە لە بازاڕ هەڵدەستێت لەسەریشی فەرزە دەبێت ئەو شتە هەر بەو مەبلەغە بکڕێت، دیسان دەسەڵاتی خەرج کردنی یارمەتی و هاوکاری بۆ هاووڵاتیان و کەسانی پێویست لە بەرپرسە باڵاکان کەم بکرێتەوەو رێنمایی پێ دەربچێت، لەبەر ئەوەی هەندێك جار بەشێوەیەکی نادروست بەکار هاتووە بۆ بەرژەوەندی تایبەت و لابەلاو دانانی سنوورێك بۆ دەسەڵاتی خەرج کراوە بۆ سەلاحیەتاتی سەرفی مەفتوح. سەبارەت بە پلەی تەعین (25) هەزار پلە دانراوە، ئەمە پلەیەکی باشە، بەڵام زۆریشەو دەبێت حەددێکی بۆ دابنرێت، ئایا بە عیلاقات تەعین دەکرێت، بە زەختە، بە خزمایەتیە مەسەلەن؟ بۆ نموونە ئێستا وەکو کاك کاروان گوتی سێ کەس لەماڵێك تەعین بووە، یان بۆ ئەولەویەتێك نەدا بۆ سەنەواتی سابیقە، ئێستا کە ئەو فێزانە روویدا، ئێمە سەردانی چەند ئەو ماڵانەمان کرد، هەبوو شەش ساڵە منداڵی تەخەروجی کردووە، بۆ تەعین نەبووە؟ با ئەوان تەعین بکرێن، یان سەردانی موجەمەعێکم کرد، موجەمەعی سەر بە قەزای شێخان لەبەینی دهۆك و بەردەڕەش ماموستا کە دەرس دەڵێتەوە ماموستایە لە دار موعەلیمات، مەعهەد مەرکەزیەکان هەموو قەپات بووە لە هەرێمی کوردستان لەبەر بێ مستەوایی کە لە سەفی شەش دەچن، بەڵام ماموستایەکی تر دەهێنن، کە تەلەبەی دار موعەلیماتە لە سەفی سێ دەچێت دەرسی دەڵێتەوە بەو مەجەموعەیە کە سی هەزار کەسی تێدایە. سەبارەت بە پارەدانی سندوقی نیشتەجێ بوون، من لەگەڵ ئەوەدامە رابگیرێت، یان بە یاسایەکی دابین کراو یەکەی نیشتەجێ بوونی هاووڵاتیان ژمارەی (7) لە ساڵی 2008 موعامەلە بەوە بکرێت، چونکە دەرکەوت وەبەرهێنان موعامەلەی کڕین و فرۆشتنیان دەکرد، ئەمەش هیچ سوودی نەبوو بۆ هاووڵاتیان، پێشینەی هاوسەرگیری بکرێت بە پێنج ملیۆن دینار، ئەوە جێگای دەستخۆشییە بۆ هەموو لایەکمان و لیستی کوردستانی، هەروەها سولفەی عەقاری و زیاد بوونی مووچەی کەم ئەندامان و تۆڕی کۆمەڵایەتی وابزانم ئەمانە هەمووی جێگەی دەستخۆشییە بۆ هەموو لایەکمان، ئەگەر بچێتە بواری جێ بەجێ کردنەوە. سەبارەت بە رووەدانی کورتهێنانی بودجە، وەزیری دارایی بە رەزامەندی ئەنجومەنی وەزیران، پێویستە تێکڕای بودجە کەم بکاتەوە بە رێژەی دیاری کراو، هەروەها هەرێمی کوردستان مووچەکانیان یەکسان بکرێت لەگەڵ زیندانی سیاسییەکان، فەرمانبەرانی پارێزگاکانی تری عێراق، بەو

مەرجەی ئەگەر لەوێ باشتر بوو، لەوانەیە مووچە هەیە لەوێ کەمتر بێت ئێرەش وەکو ئەوێ لێ بکەن. لە هەرێمی کوردستان داهاتەکان و بودجە لە زیاد بووندایە، بۆیە پێویستە مووچەی پلە نزمەکان بەرز بکرێتەوە، ئەگەر بودجە کورتی هێنا، ئەو کات دەکرێت هەموو خەرجیەکان دەستکاری بکرێت، وێڕای داهاتی پرۆژە یاسای بودجەی ساڵی 2011 دیاری کراوە، جگە لەم داهاتە هەموو سەرچاوەکانی داهات وەکو نەوت و فرۆکەخانەو.......... هتد بخرێتە روو، لەگەڵ چۆنیەتی خەرج کردنیان، بۆ سەلامەتی جێ بەجێ کردنی یاساو ئامانجەکانی بودجە دەزگای چاودێری و دارایی لە هەرێمی کوردستان بەشێوەیەکی کارا بخرێتە گەڕ، راپۆرتەکەی بە بەردەوامی بگاتە پەرلەمانی کوردستان بۆ مەبەستی وەرگرتنی رێو و شوێنی یاسایی لەبەرامبەر کەموکورتیەکان. هەروەها بە عەداڵەت پرۆژەکان تەوزیع نەکراوە، حەز دەکەین بە عەداڵەت تەوزیع بکرێت، وەزیری پلاندانانی بەڕێزیش لێرە دانیشتووە، بۆ نموونە.............

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، رێزدار عبدالله علی کەرەم بکە.

**بەڕێز عبدالله علی ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وێڕای دەستخۆشیم لە لیژنەی دارایی و ئابووری بۆ ئامادە کردنی ئەو راپۆرتە لەسەر راو بۆچوونی لیژنە هەمیشەییەکان، کە زۆر شوێنی پێکاوە، بەلاّم لەگەڵ ئەوەشدا هیچ شتێك بێ کەموکوڕی نییە، بۆیە دەستخۆشی لە هەموو ئەم برایانە دەکەم، کە لایەنە باشەکانیان خستەڕوو و، دەستخۆشی لە هەموو ئەو خوشك و برایانەش دەکەم کە رەخنەکانیان بە رەخنەی بنیاتنەرانە گرت بۆ خزمەت کردن بە ئاینەدەی حکومەت و وڵاتەکەمان. لێرەدا زۆر درەنگ بووە، لەبەر ئەوەی زۆر کەس لە پێش ئێمە قسەیان کردووە، شتێك نەماوە لەسەر مەدح و زەمی پرۆژەکە، تەنها دەمەوێت چەند شتێك بڵێم، منیش پشتیوانی دەکەم ئینشائەڵلاّ بکەونە بواری جێ بەجێ کردن، پشتگیری لە پێشنیارەکانی لیستی کوردستانی دەکەم، کە رەئی هەموومانە بۆ بڕینی لە 10٪ی بودجەی وەگەڕخستن و بەکارهێنانی لەسەر چەند بوارێکی تردا کە خزمەت بە کۆمەڵانی زیاتری خەڵکی کوردستان دەکات. داوا دەکەم میزانیەکی تایبەت دیاری بکرێت، بۆ جێ بەجێ کردنی هەردوو بڕیاری ژمارە (34 و 38)ی پەرلەمان و سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان، کە چوار ساڵە رەزامەندییان لەسەر کراوە، بۆ خانەنیشینی پێشمەرگەو کەم ئەندامانی سەنگەر، کە هەموو تەمەنی خۆیان بە میللەتەکەیان بەخشیوە، پەلە بکرێت لە تەشکیل کردنی ئەو هەشت لیوایەی کە بڕیاری لەسەر دراوە تا لە ئەنجامدانی ئەرکی سەرشانیان، یان بژێوی ژیانیان مسۆگەر بکرێت. داوا دەکەم تا ئەو کاتەی لیوایەکان تەشکیل دەکرێت، مووچەی پێشمەرگە زیاتر بکرێت، چونکە سێ سەد هەزار دینار بژێوی ژیانی رۆژانەی پازدە رۆژی هیچ خێزانێکی هەژاریش پڕ ناکاتەوە، داوا دەکەم بۆ رێز گرتن لە ناوی پیرۆزی پێشمەرگە هەر نەبێت مووچەی پێشمەرگە زیاتر بکرێت، چونکە بەڕاستی بەلای منەوە ئازارێکی دەروونی زۆر گرانە، کە پێشمەرگە دوای تەواو بوونی واجیبەکەی لەبەر دەرگای ماڵان کرێکاری دەکات. مووچەی هێزەکانی پۆلیس و ئاسایش و زیندانیانی سیاسی، بەهێزەکانی زێرەڤانی و فریاکەوتنیشەوە وەکو هێزەکانی عێراق بکرێت، پشتیوانی لە زیاد کردنی پێشینەی هاوسەرگیری بۆ پێنج ملیۆن و قەرزی خانووبەرە بۆ بیست ملیۆن دینار دەکەین، لەگەڵ کار ئاسانی بۆ پێدانی سولفەکە، چونکە تا ئێستاش لە وەرگرتنی سولفەکەدا کارێکی زۆر گرانیان

دەكەوێتە پێش. پشتیوانی لە پاڵپشت كردنی یارمەتی تۆڕی كۆمەلایەتی پرۆژەكانی كشتوكاڵ، پیشەسازی، هەڵمەتی دروست كردنی ڤوتابخانە دەكەین و داوا دەكەین كارئاسانی بكرێت بۆ راپەڕاندنی كاروباری هاوولاتیان لە فەرمانگەو بانكەكاندا. چاوخشاندنەوە بە هەندێك لەو پرۆژانەی كە بە هەر جۆرێكی تر دووبارە بوونەتەوە، یان پرۆژەكانی ساڵی رابردوو جێ بەجێ نەكراون، یان كەمتەرخەمی تێ كراوە، دابین كردنی یەكەی نیشتەجێ بوون بۆ خەڵكی كەم دەرامەت لە هەموو شارو شارۆچكەكان بەشێوەیەكی دادپەروەرانە. جیا كردنەوەی بودجەی پەرەپێدانی پارێزگاكان لە بودجەی گشتی دەسەلاتی وەزارەتەكان، تەرخان كردنی بودجە بۆ هەر پرۆژەیەك بەپێی گرنگی ئاستی پرۆژەكان، هەر وەزارەتێك پرۆژەكانی خۆی ئەنجام بدات و تێیدا بەرپرسیار بێت، ئەو بڕە پارانەی دیاری كراوە بۆ دروست كردنی بەڕێوەبەرایەتی و مۆنەمێنت لە وەزارەتی شەهیدان بگۆڕێت بۆ دروست كردنی خانووبەرە بۆ مندالانی شەهیدان، كە ئەوانە زۆر زەروریی ترە بۆیان.خوێندن لە هەموو بوارەكاندا بۆ منداڵی شەهیدان بەخشراو بێت، دەرماڵەی ژن و منداڵی شەهید بخرێتە سەر مووچەكانیان، ستافی ئەندازیاران لە وەزارەتی شەهیدان زیاد بكرێت، تا بتوانن بەدواداچوونی پرۆژەكان و خانووبەرەی شەهیدان جێ بەجێ بكەن. دانانی رێژەیەك لە پرۆسەی تواناسازی، یان وەرگرتنی زەمالەی خوێندن بۆ منداڵی شەهیدان، كارا كردن و یەكخستنەوەی دیوانی چاودێری دارایی و كارایی كردنی دەستەی نەزاهە بۆ رزگار كردنی ولات لە گەندەڵی و ناعەدالەتی، گرنگیدان بە بووژاندنەوەی كەرتی كشتوكاڵ و ئامادە كردن و ئاوەدانكردنەوەی گوندەكان و وەدەستهێنانی ئامێری كشتوكاڵی. پشتگیری لە بۆچوونەكانی كاك عبدالسلام دەكەم، كە بەڕاستی پێویستە بەرنامەیەكی جیاواز لە ئێستا بۆ سالانی داهاتوو دیاری بكەین، چونكە چەند ساڵێكی تر هەموو خەڵكی كوردستان دەبێت بە مووچە خۆر، لێرەدا لە وەزیری پلاندانان دەپرسم، كە وەلامێكمان بداتەوە، ئایا پرۆژەكانی هەموو قەزاو ناحیەكان لەسەر چ ئەساسێك دیاری دەكرێت؟ چونكە ئەوەی بە دەستی ئێمەوەیە بە بەلگەی رەسمی نامەیەكم ئاراستەی جەنابی سەرۆكی پەرلەمان كرد، لەسنووری دوو قەزای رانیەو پشدەر، لە سنووری پێنج ناحیەدا هیچ یەكێك لەو پرۆژانەی لە لای ئەوانەوە تەقدیم كراوە دیاری نەكراوە، بەڵكو كۆمەڵێك پرۆژەی تر دیاری كراوە، هەر بۆ نموونە لە یەك گوندا لەسەر تەلەفۆنی یەك بالا دەست، كە هیچ پەیوەندی بە شۆڕشەوە نییە، جادەیەكی ڤیر بۆ تاكە ماڵێك دروست كراوە، كە ترلیۆنێك و سەدو سێ ملیاری بۆ دیاری كراوە، ئەمە ناعەدالەتیەكی زۆر گەورەیە، كە پێویستە لەسەر ئەساسی نوێنەری شەرعی خەڵكی كوردستان، كە دامودەزگاكانی حكومەتن، لەسەر ئەوانە پرۆژە بگرێت، نەك لەسەر میزاج و تەلەفۆنی شەخصی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، رێزدار جەمال طاهر كەرەم بكە.

**بەڕێز جمال طاهر ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پێشەكی سوپاسی هەر لایەك دكەم كو پشكداری كری، ل ئامادە كرنا ئەوێ بودجا هەنێ هاتیە گەنگەشە كرن، ل ئاستێ وەزارەتێ و هەتا ئەمڕۆ گەیشتیە ئەوی ئاستیێ هەنێ، ئەگەر ئەم بێین و سەیر بكەین، حەتمەن بودجێ گرنگیا خۆیا هەی، پەیوەندی ب ژیانا خەڵكی ڤە هەیە، ئەوەی ئەڤڕۆ ل كوردستانێ هەیەو ئەم دبینن، خۆش گوزەرانی بەرزێ ئاستێ ژیانێ، ئەڤە دەرئەنجامێ ئەوێ سیاسەتا داراییە، ئەوێ

سیاسەتا ئیقتصادیە، یا ئەڤرۆ ل کوردستانێ دێتە پەیڕەو کرن، وەك ئاشکرا ئامادە کرنا بودجێ، ئەم هەمی دزانـین سـێ قۆناغـا دەربـاز دبیـت، ئـەوژی قۆناغـا ئامـادە کرنـێ، قۆناغـا دویـی قۆناغـا ئەڤرۆیـە کـو ڤـی پەرلەمانێ بەڕێز دێتە گەنگەشە کرن، قۆناغا سێیێ، ئەڤێ بودجە هـەنێ دبـوارێ جێبـەجێ کردنێدانـە، ل ڤێرە من دڤێت، بیرا بەڕێزان بکەم، بینمە بیراوە، پار سالێ بودجا هەرێمێ ل $13$ نیسانێ یـا هاتیـە پەسـەند کرن، ل دانیشتنا وێیا چارێ پەرلـەمانێ، ل $26$ێ نیسانێ، یـا هاتیـە ئیمـزا کـرن، ژ لایـی جـەنابێ سـەرۆکێ هـەرێمێ، ل ڤێـرە کێشـە نـە ئـەوە ئـان ڕەقـەما دانێـنن، ئـان هەنـدەك ژمـارا دانـێن، ئەڤـە هـەمیت ژمـارێ تەقدیرینە، بۆ قۆناغا داهاتی، کێشە دوێرێ دایە، ئەم دێ چەند پابەندییێ، دڤێ یاسا هەنێ کـەن ئـان ئـەڤێ بودجا هـەنێ کـەن، ئەگـەر ئـەم بـێین پرسـیارەکێ ئاراسـتەی جـەنابێ وەزیـرێ بکـەین، وەزیـرێ تـەختیتێ، حکومەت چەند پابەند بوو دڤێ بودجا هەنێ، کو سی و چار ماددا پێك دێتن، حەتمەن من قەناعەتیا هـەی ئیلتیـزام یـان پابەنـدی کـرن، دڤـێ بودجـا هـەنێ نـە ل ئاسـتێ پـێ تڤیـە، بـۆ نموونـە جـەنابێ سـەرۆکێ پەرلەمانێ، پاشی پەسەند کردنی ئەڤێ بودجا هەنێ، ماوەکی کـورت وەزارەتـا دارایـی وەك مـەعلومات مـەی هەی، هەڵسا بە دابەزاندنا ڕێژەیەك حدودی $20\%$ ێ، ژ کۆی گشتی ئەڤێ بودجا هەنێ، پارەی گەلەك پڕۆژا ژی هاتە کورت هێنـان، ل حجـەتا هنـدێ هەنـدەك کێشـەو گرفتـێ دارایـی ئیحتیمالـە ئاینـدە یـان ژی دگـەل بەغدا ڕوو بدات، بۆ دابین کرنا وا، بودجـە $6/30$ پـار ل $4/13$ نیسانی پـار هاتیـە تـەنفیز کـرن و کەتیـە بوارێ جێبـەجێ کردنێـدا، ئـەرێ نـەبوە ئەڤرۆکـە هەنـدەك داتـاو، هەنـدەك نسـبەی تـەنفیزێ و جێبـەجێ هینانا نوکە ل بەردەستێ پەرلـەمانتارا بانـە، بـەلکی ئـەم ڕۆ مـە هـەمی شـیاباین شـۆلێ خـۆ ئـەنجام دابایـە، پەرلەمان ئەم ڕۆکە نەبوبایە جهێ دیوانا ڕەقابەی مالیە، یان دیوانێ چاودێری دارایی، کـار بکـات و، ئەنـدام پەرلەمان بگاتە ئاستی ورد بینی، کو مەفروزە ل سەر ئاستێ وەزارەتێ بێتـە کـرن و ل سـەر ئاسـتێ داراییـا، شۆلێ پەرلەمانتاری نە محاسەبە بچیتن وردیـا کـاری هـەمی دیقـەت بچیتە نـاو بابەتیـدا، ڕاپۆرتـا وەزارەتـا دارایی، و لیژنا دارایی ڕاستی هەوڵەکا دای کو هندەك خالا دەست نیشان بکەن، بـەلێ زیـاتر بابـەت وەسـفیە، نە بابەتەکی کو دەستنیشان کرنا کێشەو گرفتایە، پێشنیار کرنا چارە دێ چەوا بوبا، کێشـەو گرفتـێ هـەنێ چارەکەن، چەند تێبینیەك، بودجێ تەشغیلیێ من نـەڤێتن چارەك ڕەقـەما دووبـارە بکەمـەوە، ئەگـەر ئـەم بێین هەتا $6/30$ حیساب بکەین، ئەوە سالەك ل سەر وەچووی، هەندەك داتای تر بێن، حکومەت تەجاوزی کرد ب ترلیۆنەك و حەوت سەدو نۆزدە ملیارا، بەراورد دگەل وی پارەی کو مە موسادەقە کری ل بودجـەی پاردا، وەبەرهێنان ئەگەر ئەم بـێین بـەرێ خـۆ بـدەینێ، خاسـەتەن پـڕۆژێ وەبـەرهێنان حکومـەتی تووشـی گرفتەکی کەتن، ئێجا چ ئاگاه لێیە یان ئاگا لێ نیە، ئەگەر ئەم بێین پڕۆژێت بـەردوامیێ سـالێ پـێش نوکـە، وە یێ پار، ئەم سالە ئەم بێین ئیزافە بکەین، هەکە بۆ وا خەرجیا فعلەن بێتە خەرج کرن، کو یێت هاتینـە دانان بۆ $2011$ێ، حکومەت ل سالا دێت، وەك ئیلتیزام حدودێ پێنـج ترلیۆن پێنجی و حەوت ملیارو یـەك ملیۆنا، ئەڤە دەبیتە کێشەیەك بۆ هەر حکومەتێکی داهاتوو، پشتگیریا داشکاندنا $10\%$ ێ دکـەم، وەك هـاتی بێتە بەلاڤ کرن، بەرێ دووسەدو نەوەت و نۆ ملیار دمینن، بۆیە ئەز پێشنیار دکەم ئەو دووسەدو نـەوەت و

نۆ ملیار  بڤی شێوەیێ بێنە خارێ، چل و پێنج ملیار بۆ ناوچەیێت ناكۆكی ل سەر هەی، نوكە ئەوژی بوینە بارەك ل سەر بارا میزانیا هەرێمێ، پێنجی و چار ملیار بۆ ناوچێن زەرەرمەند، كو ئەوژی وەرە پار هەر سەختە خۆ نزانم ویزارەت بۆ چ كریە، دووسەد ملیار دووبارە دابەش بكرێن ل سەر هەرسێ پارێزگەها ل بودجا وەبەرهێنانێ، دیف  رێژا دانیشتوان، هەندەك پێشنیار من هەیە، ئێك ئەكتیڤ كرنا دیوانا چاڤدێریا دارایی، دوو بۆ سالا داهاتی پێش بودجە بهێتە پەرلەمان، ژلایێ چەند كەسێ پسپۆر بێتە هەلسەنگاندن، دا كاری پەرلەمانی ئاسان تر بیت، سێ، ئەڤ دوو دەڤێت خارێ بێنە خارێ، ل ڤانونا موازەنێدا، ئێك، وەزارەتی دارایی بۆی نیە پارەی پرۆژەكان دابەزێنێت پاش پەسەند كردنی لە لایەن پەرلەمان، ئەمە خالی یەكەم، خالی دووەم، نابێت بە هیچ شێوەیەك پارە لە پرۆژەكانی بودجەی وەبەرهێنان بگواسترێتەوە بۆ بودجەی تەشغیلی، جەنابێ وەزیرێ تەختیتێ لێرە ئامادەبوو، من دڤێت ئەز پرسیارەكێ لێ بكەم، رێژێت حێ بجێ ئینانا پرۆژا ل سەر ئاستێ پارێزگەها، ب ڕاستی چونكی هندەك ئەو مەعلوماتێت هاتین كەتینە بەردەستێ پەرلەمانیدا...............

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، رێزدار بێریڤان اسماعیل كەرەم بكە.

**بەڕێز بێریڤان اسماعیل سەرهەنگ:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من دەستخۆشی لە هەرێمی كوردستان دەكەم لەو بودجەیەی كەوا بەو شێوە شەفافیەتە هاتۆتە دەستمان زۆر باشترو روونترە، ئەگەر بەراورد بكرێت لەگەڵ سالی پار، هەروەها دەستخۆشی دەكەم یەكە یەكە لە لیژنەی دارایی كە ئەو راپۆرتەیان ئامادە كردووە، كەموكوڕییەكانیان تێدا دیاری كردووە، من پشتیگری لە پێشنیارەكانی لیستی كوردستانی دەكەم، ئەویش ئەوەیە لە 10٪ لە بودجەی گشتی تەشغیلی كەم بكرێتەوە بدرێت بە بودجەی وەبەرهێنان، بەلاّم بۆ وەبەرهێنان بێت، هەروەها منیش داواكارم پێشینەی هاوسەرگیری لە دوو ملیۆن و نیو ببێتە پێنج ملیۆن، بەلاّم ئەگەر هاتو پەسند كرا، من داوا دەكەم دوو ملیۆن و نیو بدرێت بە كچەكەو دوو نیویش بدرێت بە كوڕەكە، چونكە ئەگەر لەكاتی جیا بوونەوە هەردووكیان ڤەرزار بن، نەك یەكیان ڤەرزار بێت، هەروەها پشتگیری ئەوە دەكەم كە حەفتاو پێنج ملیار ڤەرز بۆ كشتوكاڵ و بۆ پیشەسازی، تێبینیەكانم لەسەر بودجە ئەوەیە، ئەگەر لەكاتێكدا پرۆژەیەكی بەردەوام گوژمەیەك پارەی بۆ تەرخان كرا، بۆ نموونە بۆ ماوەی سێ ساڵ، ژمارەكان نالێم، چونكە زۆر باس كرا، ئەمساڵ ئەگەر نیوەی كرا، نیوەی پارەی وەرگرتووە، سالی تر هەروا، سالی دواییش هەروا، بەلاّم ئێمە نازانین ژیان گران دەبێت و جیهازەكان گران دەبێت، پرسیارەكەی من ئەوەیە چۆن ئەو زیادەیە سەرف دەكرێت؟ وەكو لە نەخۆشخانەی چوار سەد ڤەرەوێلەیی لە شاری سلێمانی، ئەگەر پرۆژەیەكیش دانرا بۆ دوو سەد رۆژ، ئەگەر بەشێك لە بودجەكە لە سالێك بدرێت و باقیەكەش لە سالێكی تربدرێت، ئەگەر هاتو لە كاتی خۆی زووتر تەواو بوو ئایا ئەوە چۆن سەرف دەركرێت؟ هەروەها بە رەئی من ئەو پلە

دامەزراوانــەی کــە دراونەتــەوە بــە وەزارەتــی تەندروســتی کــە (2500) پلەیــە زۆر کەمــە، چــونکە ئێمــە دەمانــەوێت چــینی ناوەڕاســت بکــەین، ئــەویش پــەیمانگاکانن، لــەکاتێك ســەردانی شــارەکانی هــەرێمی کوردستانمان کردووە بۆ نەخۆشخانەکان زۆر داوا دەکەن و پێویستیان بە کارمەندی تەندروستییە، چەندین جار داوایان کردووە، هەروەها ئەگەر هاتو بتوانین لەو هەشت سەد پلەیەی کە پێشنیار کراوە بـۆ وەزارەتـی ئەوقاف چوارسەدو پەنجا پلەیان لێ بسەندرێتەوە بیدەین بـە کارمەنـدانی تەندروسـتی، وابـزانم وەزارەتـی ئەوقاف لێمان تووڕە نابێت، چونکە بۆ ئەو کارمەنـدە تەندروسـتیانە خزمـەتی نـەخۆش دەکـەن، خزمـەتی مـرۆڤ دەکـەن، ئـەویش کـە مرۆڤـی نەخۆشـە، هـەروەها ئـەو چـل و شـەش پلـەی دراوە بـۆ دامەزرانـدن بـە پەرلەمان بە رەئی من ئەوە زۆرە، چونکە ئێمە هەر سەدو یازدە ئەندامین، ئەو فەرمانبەرانەی کە تا ئێستا پەرلەمانیان بەڕێوە بردووە توانیویانە بە ئیشوکاری خۆیان هەڵبستن، پێویست ناکات فەرمانبەری زیاتریان بۆ بکرێت، ئەگەر یەکێك ئەمری خوای کرد، یان یەکێك وازی هێنا، دەتوانین یەکێك بێنینـە جێـی، یـانیش نیسبەکەی کەم بکەینەوە.

من داوا دەکەم دەرماڵە دابەش بکرێت بەعەداڵـەتی ئەولەویـەت بـدرێت بـەو کەسـانەی لـە کـاتی کارکردنـدا تووشـی مەترسـی نەخۆشـی وا هەیـە کـەم ئەنـدامی دەبـن، بۆیـە داوا دەکـەم کـە پەرسـتیار زۆر نزیکـە لـە نەخۆش، مەترسیەکانی نەخۆشی راستە نزیکە لە برینی کراوەو داخراو، کە پڕە لە بەکتریاو ڤایرۆس لەناو نەخۆشـخانەکاندا دەرماڵـەی دکتـۆر لـە 100٪ــە بـەڵام هـی پەرسـتیاری فـەقیر 50٪یـە، بۆیـە ئـەوە بـە ناعەداڵەت دەزانم، ئەگەر وەڵامی حکومەت ئەوە بێت، پێم بڵێت بەغداش وایە، من بەو وەڵامە رازی نیمـە، چونکە ئێرە هەرێمی کوردستانە، ئێمـەش یاسـاو رێنمـاو بڕیـاری خۆمـان هەیـە، پـێش ئـەوان دەسـتمان بـە عەداڵـەتی و یەکسـانی کـردووە، زۆر لـە پرۆژەکـان دراوە بـە چـەند وەزارەتێـك کـە هـیچ پەیوەنـدی بـە وەزارەتەکەیانەوە نییە، نموونەش بۆ ئەمە زۆرە، بەڵام پـەروین خـان چـەند نموونەیـەکی هێنـاو دووبـارەی ناکەمـەوە، راسـپاردەی مـن ئەوەیـە، هـەروەها لـە سـاڵی داهـاتوو ئـەم کەموکوڕییـەی لـەناو بودجـەدا هەیـە دووبارە نەبێتەوە، لە بودجەی هەرێمی کوردستان بەشێك لەو پارەیە نادرێت لەلایەن حکومەتی عێراقەوە، کە دەدرێت بە دەرمان و دەنێرێت بۆ هەرێمی کوردستان، باشتر وایە ئەو پارەیە بدرێتە حکومەتی هـەرێم، حکومەتی هەرێم خۆی لەگەڵ کۆمپانیاکانی دەرمانی جیهـانی گرێبەسـت بکـات، بـۆ دابـین کردنـی دەرمـان، چونکە ئەو دەرمانانەی کە لە حکومەتی عێراقـەوە دێـن، زۆر بـەکار نایـەت و لـە کاتێکیشـدا لـە هـەرێمی کوردسـتان چـەندین گرێبەسـتی کـراوە لەگـەڵ چـەند کۆمپانیایـەك، بۆیـە پـارەی هـەرێم لـە دوولا بـەفیڕۆ دەچێت، لەولایە پارەی دەرمانمان لێ دەگێڕنەوە، لێـرەش شـەریکاتی دەرمانمـان هەیـە، چـونکە عێـراق لاری لەسەر ئەوە نییە کـە پارەکـە بگەڕێنێتـەوە لـەجیاتی دەرمـان. دیـارە بودجـەی تەشـغیلی زۆر بـەرزە لەچـاو بودجەی وەبەرهێنان، دەبوایە ئەم بودجەیە زۆر لە یەك نزیك بوایە، یان ئەو جیاوازیە زۆرەی نەبوایە، لە وڵاتانی پێشکەوتوو هاووڵاتیان بـەهۆی کـارکردن و وەبـەرهێنان حکومـەت بـەخێو دەکـەن، بـەڵام هـاووڵاتی

سەرچاوەیەکە وەکو نەوت بۆ حکومەت، ئێمە دەبێت وا بکەین هاووڵاتیان سەرچاوەیەك بن بۆ بەخێو کردنی حکومەت، ئەویش بەهۆی زیاد کردنی بواری کارکردنی کارگەو وەبەرهێنان...........

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڕێزدار عەلی حسین کەرەم بکە.

**بەڕێز علی حسین محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سوپاس، وەك سەرەتایەك دەستخۆشی لە هاوڕێیەکانم دەکەم، کە زۆر لایەنی ئیجابی و سلبی پرۆژەکەیان خستە بەرچاو، پێشەکی بەوە دەست پێ دەکەم کە لە عێراقی ئەمڕۆ ئەوەی کە ئاوەدانی دەبینێت دەڵێت یان کوردستانە، یان بە کوردستانی دەشبوهێنێ، ئەوەی کە ئەمن دەبینێ دەڵێت یان کوردستانە، یان بە کوردستانی دەشبوهێنێ، تەبعەن ئەم دەستکەوتە دەستکەوتێکی کەم نییە، من لە گۆشە نیگای نەتەوەیی و بەپێی پێوەرو بنەمای ستیراتیجی نەتەوەیی دەمەوێ بڕوانمە باسەکەمان بودجەی ساڵی 2011 خۆی لە چەند تەوەر دەبینێتەوە، ئەوەی کە من ئاماژەی پێ دەدەم تەوەرێکی ناوخۆییەو تەوەرێکی بۆ دەرەوەی هەرێمی کوردستانە، ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمان باش دەزانن، کە دیاردەی پەنابەریەتی، ئاوارەیی لەناو گەلی کورد هێشتا بنبڕ نەبووە، هەر لە زاخۆوە تا جنوب ترین کوردستان، ئێمە ئاوارەو پەنا بەرمان هەیە، لە دوای هێندە ساڵ کە لە کوردستان سەقامگیری و ئارامی دەبینین، بەداخێکی زۆرەوە لەگەڵ هەموو هەوڵ و تەقەلاو، لەگەڵ هەموو بودجەیەك کە لەلایەن کابینەکانی یەك لە دوای یەکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ بنبڕ کردنی ئەم دیاردەیە تەرخان کراوە، هێشتا بەشێکی گەلەکەمان نەحەساونەتەوەو موستەقرو نیشتەجێ نەبوون، ئەوەی کە ئێمە مولاحەزەمان کرد لە بودجەی ئەمساڵیش بەداخەوە نەمانبینی کە ئاماژەیەکی سەریح و ڕۆشن و روون بۆ ئەو کێشەیەو چارەسەر کردنی ئەو کێشەیە بدرێت، منیش دەنگم دەخەمە پاڵ دەنگی هاوڕێیەکانم کە پێشتر ئاماژەیان پێدا، زەروورییە لە پرۆژە بودجەی ئەمساڵ کێشەی ئەو پەنابەرانە رەچاو بکرێت، چونکە بە حەقیقەت ئەمە کێشەیەك نییە لە ئایندەیەکی نزیك چارەسەر بکرێت. بەڕێزان، هەرێمی کوردستان ڕووبەرێك، یان مەساحەیەکی فراوانی هەیە، کە لەڕاستیدا نزیکەی (35) تا (40) لە سەدی ئەو مەساحەیە دەکەوێتە دەرەوەی سنووری هەرێمی سیاسی ئێستای کوردستان، کە ئەوەش بە ئیختیاری خۆی نەبووە، دیارە دانیشتوانی ئەو ناوچانەش کوردستانین، ئەوەش خەرج و ئەرك و سپاردەیەکی زۆری خستۆتە سەرشانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، پاراستنی ئەمن و ئاسایشی ئەم کوردستانە لەلایەن هێزی پێشمەرگەی کوردستان ئەو راستیەمان بۆ دەسەلمێنێت، بەلأم دروست کردنی بەرژەوەندی هاوبەش و ڕێزو دڵنەوایی و متمانە بەخشین لە فاکتەرە هەرە گرنگەکان بۆ چارەسەر کردنی کێشەی ناوچە دابڕێنراوەکان لە هەرێمی کوردستان، ئەویش بەشێوەیەکی ئاشتیانە، هەروەك گوتم ئەم دیاردەیە بۆتە باوەڕ، کە کوردستان ئاوەدانەو هەر ناوچەیەکی ئاوەدانی دەرەوەی هەرێمی کوردستانیش ئاوەدانیشی پێوە دیار بێت، خەڵك بێ گەڕانەوە بۆ ئەوەی کە لە ڕوانگەی ئیداری سەر بە چ پارێزگایەك بێت، وا دەزانن بەشێکی خاکی کوردستانە، هیوادارم ئەم پێوەرە بە هەند وەربگیرێت، چونکە هەژارترین و بێ بەش ترین ڕۆڵەکانی گەلەکەمان کە بەدەستی نەبوونی و بێ کاری و نەبوونی خزمەتگوزاریەوە دەناڵێنن لەم ناوچانە جێگیرو نیشتەجێن. وەك لە راپۆرتی لیژنەی داراییشدا هاتووەو پڕ بە دڵ دەستخۆشیان لێ دەکەم، جیا لە پێوەری زانستی، کە هەندێ جار دەلەنگێ ئەوەی کە وتم پێوەری

نەتەوەیی بۆ دیاری کردنی بڕە بودجەی ناوچەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستان رەچاو نەکراوە، بە حوکمی ئەوەی لەناو پرۆژەکان ناوی ناوچەی خانەقین هاتووە، ئەوە بەرپرسیاریەتیەکی ئاشکرا دەخاتە ئەستۆی حکومەتی هەرێمی کوردستان، من ئەو ناوچەیە وەکو نموونە دەهێنمەوە، کە ئەویش ئەوەیە ئەم ناوچەیە رووبەرەکەی سێ هەزارو نۆسەدو پازدە کیلۆمەتر مورەبەعی دووجایە، ژمارەی دانیشتوانیشی دوو سەد هەزار کەسە، بە شەش ناحیەوە، هەر شاری خانەقین خۆی سەدو سی هەزار دانیشتووی هەیە، لە موتابەعەی دۆخی ئەم ناوچەیە بۆمان دەرکەوت، کە موحافەزەی دیالە کەمترین بڕی بودجەی بۆ ئەم ناوچەیە تەرخان کردووەو بەرپرسانی کوردی ناوچەکەش دڵنیاییان داوەتە خەڵك کە لە هەرێمی کوردستانەوە ئەو کەموکوڕییانە قەرەبوو دەکرێن، لەناو پرۆژەکانی کە پەیوەستن بە خانەقین ناوی دەڤەری مەندەلیشی لێ زیاد کراوە، کە هەر خۆی ناحیەی مەندەلی پێشتر قەزا بووەو دوو سەدو سی و چوار گوندی لەسەرەو بە دوو ناحیەشەوە رووبەرەکەی شەش هەزارو پێنج سەدو هەشتاو شەش کیلۆ مەترە، کە ئەگەر بەدرەو زرباتیە ئەوەشی لەگەڵ بخەین، ئەو قەزایەشی لەگەڵ بخەین، کە سێ هەزارو شەش سەدو پەنجا کیلۆ مەتری دووجایە بەسەر یەکەوە دە هەزارو دووسەدو سی و شەش کیلۆمەتری دووجامان هەیە، کە ئەندازەی رووبەری هەموو پارێزگای کەرکوکە، کە ئێمە دەزانین پارێزگای کەرکووك چەندە موهیمە بەنیسبەت کوردو کوردستانیەکان، ئەوەش هیچ ناوێکی لە بودجەدا نەهاتووە، جا چۆن لەسەر مافی پێشمەرگە داکۆکی دەکرێت، دەبێت ئەوەهاش لەسەر ئاوەدانکردنەوەی ئەو خاکەی کە پێشمەرگە دەیپارێزێت داکۆکی بکەین.لە پرۆژە بەردەوامەکانی ساڵی 2011، کە دوو هەزارو سێ سەدو سی وچوار پرۆژەن، پێنج سەدو سی وچوار پرۆژەی پێشنیار کراوی بخەینە سەر، شەش سەدو نەوەت و دوو پرۆژەی پێشنیار کراوی پەرەپێدانی پارێزگاکانیش بخەینە سەر بە سوپاسیشەوە، تەنیا بۆ خانەقین (23) پرۆژەی بەردەوامیمان هەیەو (3) پرۆژەی پێشنیار کراو، هەڵبەت لە پرۆژەی پەرەپێدانی پارێزگاکان ئەو پشکە سفرە، واتا پاشەکشەیەك دەبینین.لەلایەکی دیکەش، لە بڕی گوژمەی پرۆژە بەردەوامەکان تەنیا (23) ملیارو (810) ملیۆن دینار کە مەندەلی و ئەو ناوچانەی کە ئاماژەم پێدا لەبواری مەساحەتەوە دەگرێتەوە، بەداخەوە لە تەواوی ئەو (56) پرۆژەی کە تەواو بووە، تەنانەت یەك پرۆژەش هی ئەو ناوچانە نەبوون.جا داوام ئەوەیە لە ئیعانەو لە مینەح گوژمەیەك بۆ ئەو ناوچانە رەچاو بکرێت، کە لیژنەی ناوخۆش داکۆکی لەسەر کردووە، هەروەها دەنگم دەخەمە پاڵ دەنگی فراکسیۆنی کوردستانی کە لە 10٪ی بودجەی تەشغیلی کەم بکرێتەوە، بە تەئکید داواکارین بەشێکی ئەو بودجەیە بۆناوچە دابڕێنراوەکان لە هەرێمی کوردستان دیاری بکرێت.............

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێزان، سوپاس بۆ گشت ئێوەی بەڕێز کە موناقەشەیەکی باشتان کرد، ئێستاش وەکو وەعدمان پێتاندا کە جارێکی تریش رێ دەدەینە هەندێك لەو بەڕێزانەی کە قسەی خۆیان تەواو نەکردووە، کاتەکەیان پێ کەم بوو، بۆیە ئێستا دانیشتنەکە رادەگرین سەعات چوار دووبارە بەردەوام دەبینەوە لەسەری، ئەگەر پێتان باشە سەعات (3) لە خزمەتم، زۆر کەس بە ئیشارەت دەڵێت سەعات (4) لێرە بن سەرچاوم، خواتان لەگەڵ.

## دانیشتنی دووەم

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

بەردەوام دەبین لەسەر بەرنامەی کاری ئیمڕۆمان، کە دانیشتنی پاش نیوەڕۆیە، دووبارە بەخێر هاتنی بەڕێزان وەزیری دارایی و بریکاری وەزارەت، کاك شێخ بایز و، کاك رشید و، کاك سعد دەکەین، بەڕێزان ئێستا داوا دەکەین لیژنەی دارایی کەرەمکەن بۆ شوێنەکی خۆتان، ئەندامانی بەڕێز، ئەم کاتەتان باش دووبارە، وەکو لەکاتی خۆی وەعدمان پێتاندا، گوتمان وەختی کافیتان پێ دەدەین، بۆ ئەوەی ئەوانەی لەو ماوەیەی کە دیاری کرابوو شتێکی بەرنەکەوێت، بتوانێت دووبارە بیلێ، ئێستا هەمان کاتتان بۆ دیاری دەکەین، هەرکەسێ شەش دەقەی ئەوێت، ئەتوانێت کەمتریش قسە بکات، دەست پێ دەکەین سۆزان شهاب نوری کەرەمکە، نیزامی نیە تکایە، دەست بە کارەکەمان دەکەین، ئەو بەڕێزانە قسەکانیان تەواو دەکەن، کەی خەلاس بوو، ئەوجا دێن وەلامی گشتی بدرێتەوە، نایکەینە دوو، سێ بارو دۆخ تێکەل بێت، فەرموو سۆزان خان کەرەمکە.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

کاتێك ئێمە بێین هەلسەنگاندن بکەین بۆ بودجەکە، پێموایە لەم چەند ڕۆژەی کە ئێمە گفتوگۆمان کردووە لەسەر ئەو بودجەیەو، لەسەر ڕاپۆرتی لیژنەی دارایش، زۆر خالْ درووژاوەو، زۆر بابەت درووژاوە، کە پێمان وایە لایەنی ڕوونی بودجە دەردەخات، کە ئەویش ئەوەیە کە بە شەفافیەت هاتۆتە ناو پەرلەمانی کوردستان، بە وردەکاریەکانیەوە، بودجەی ئەمسالْ سیاسەتی حکومەت، لە بەردەوام بوون، لە ئاوەدانکردنەوە، لە دابینی هەلی کار، لە پێشکەش کردنی خزمەتگوزاریەکان، بە تایبەتی پشتگیری لە گەنجان، خۆی دەبینێتەوە لە سندوقی قەرزی گەنجاندا، لەگەلْ ئەوەشدا پاش ئەو هەموو گفتۆگۆیانەی کە کراوە، پاش ئەوەی کە سیاسەتی حکومەت بە روون و ئاشکرا دیارە، لە هەلسەنگاندنی خەرجی بودجە، لە هی سالْی پار، دەبینین حکومەتی هەرێمی کودستان، بە ڕێژەی نزیکەی لە 67٪ ئەدائی بە باشی کردووە، لەو بوارانەو لە خەرجی بودجە، کە ئەمەش پێموایە حالەتێکی تەندروست و باشە، وە ئەشکرێت زۆر باشتر بکرێت، بەلام ئێمە بە ڕوونی و بەئاشکرایی دەلێین، هەندێ خەرجی هەیە، لە لایەن حکومەتەوە، دەبێت کەم بکرێتەوە، بە نزیکەی ترلیۆنێ دینار، کە دەکاتە تەقریبەن حیسابمان کردووە، ئەگەر لە 10٪

بێت، نزیکەی (نۆسەدو نەوەدو حەوت ملیار دینار)، ئەمە دەکرێت سوودی لێ وەربگیرێت، وە بچێتەوە سەر پڕۆژەی وەبەرهێنان، هەندێك لەو حیجزەی پێ پڕ بکرێتەوە، ئەمە دەبێتە هەنگاوی یەکەم بۆ ئەوەی لەساڵی ئاینده، حکومەت کاتێك کە بودجە دەنێرێت، حساب بکات تەرشیق لەمەساریفیا دەبێت بە ئامادە کراوی بێتە ناو پەرلەمانەوە، بۆ ئەوەی لە ئێستاوە ئێمە باس لەوە بکەین، کە حکومەت لە ساڵی داهاتوو ئەو خەرجیانەی چۆن چۆنی کەم بکاتەوە، ئەوەی کە بە لای منەوە گرنگە، باسی یەکێك لە خاڵەکانی بودجە ئەوەیە، کە کێشەیەکمان هەیە بەناوی فەرمانبەرانی گرێبەست، کە ئێمە لە بەدوا داچوونمان زۆر، ئەو پلانەی گرتۆتەوە کە حکومەت پێویستیەتی، بۆ نموونە، شۆفێر، حکومەت ئێستا بە گرێبەست دایدەمەزرێنێت، ژمارەکانیان زۆر زۆرە، تەبعەن ئێمە دەزانین حکومەت بە دەست هەڵئاوسانی کارگێڕیەوە دەناڵێنێت، دەبێت ووشیاری خەڵك، کلتوری پەرەپێدانی، پاڵپشتی لەکەرتی ئابووری ببێتە هاندەر، ئینشائەڵلا لە ساڵی ئاینده چۆن چارەسەری ئەم بابەتەی کردووە، کە ئەو هەڵئاوسانە کارگێڕیە کەم بکاتەوە، ئێمە ئەزانین گوشارێکی باشی خستۆتە سەر حکومەتەوە، چونکە تەقریبەن بە بڕی 38 ملیارو حەوت سەدو سی و شەش ملیۆن دینار تەرخان دەکرێت بۆ گرێبەستەکان، کە دەگاتە ڕێژەی سفر کۆما، سی و نۆی کۆی بودجەی بەکاربردن، ئەمانە ئەگەر داوابکەین، ئێمە وەزارەتەکان سود لەو گرێبەستانە و لەو کەسانە ببینن کە بە گرێبەست لە لای خۆیان دامەزراون، جارێکی تر کە باسی دەکەینەوە بودجەی کڕینی کاڵاو چاککردنەوەو ئەو شتانە، کەباس لە کەم کردنەوە دەکەین، ئێمە ئیشارەت بەوە دەدەین ئەو شوێنانەی کە کڕینی شمەك و کاڵا، دەبێت جۆرێك لە تەرشیدی ئینفاقی تیا بکرێت، ئێمە دەزانین تەبعەن سوودی کۆمەڵایەتی، کە ئەم بەشە بە بەراورد لەگەڵ ساڵی 2010 بە ڕێژەی حەفتاو حەوت کۆما نەوەت زیادی کردووە، بڕی یەك تریلیۆن و حەوت سەدو دوو ملیۆن دینارە، باشیش دەزانین کە بۆ خانە نشین و زەمانەتی کۆمەڵایەتی کەرتی تایبەت دانراوە، یەعنی ئەو ڕێژەیە کەزیادی کردووە، لەبەر ئەوەی حکومەت لە پلانی دایە، پشتگیری لە کەرتی تایبەت بکات، هەلی کار بۆ خەڵك تەنها لە ناو دام و دەزگاکانی خۆیان نەبێت، بەڵکو لە کەرتی تایبەت دابێت، بڕێکی داناوە، کە بە بڕی دووسەدو بیست و نۆ و شەش سەدو بیست و پێنج ملیۆن دینارە، بۆ تۆڕی کۆمەڵایەتیش بەهەمان شێوە، بۆیە ئێمە دەڵێین، پاش هەڵسەنگاندنێکی تەواوی بودجەکە پێمان وایە، چارەسەر بۆ ئەوەی لەو زیادە مەسرەفیەی حکومەت تەنها بەوە دەکرێت، کە ئێمە کۆی گشتی بودجەی تەشغیلی، لە شوێنەکانی تر، ئێمە ئیقتراح دەکەین، کە لەماوەی مانگێك وەزارەتی دارایی بتوانێت بە نامەیەکی فەرمی بینێرێتەوە بۆ پەرلەمانی کوردستان، لە ڕێگەی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە، کە لە کوێ و کوێیان کەم کردۆتەوە، بۆ ئەوەی ئەو 10٪یە دابین بکەن لەناو ئەم بودجەیە، بخرێتە ئەو بوارانەی کە لیستی کوردستانی داوای کردووە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

دەست خۆش، بەڕێز کاردۆ محمد پیرداود کەرەمکە.

**بەڕێز کاردۆ محمد پیرداود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لە سێ سەرنج دەست پێ دەکەم، ئەویش کە پەیوەندی بە یاسای بودجەی عیراق، کە پەیوەندی بە پشکی کوردستانەوە هەیە، بە تایبەتی لە ماددەی 26، لە کاتێك بەرز بوونەوەی نرخی داهات، دەچێتە سەر داهاتی عیراق، لە 20٪ حسەی کوردستانیشی تێدایە، دەچێتە سەر داهاتی کوردستان، کە بۆ پشتگیری پڕۆژەی بچووك، بێ سەرپەرشتان، فەرمانگەی چاودێری ئافرەتان، چاکسازی، فەرمانبەرانی پلە نۆ و پلە 10، خانە نشینان، لە کاتێکدا ئێمە بۆ پڕۆژەی بچووك لێرە یاسایەکمان دەرکردووە، لە عیراق دێت بۆمان، بیست و پێنج ملیاریان بۆ داناوە، ئەمە یەکیان، دوو، لە ڕاپۆرتی دارایی دەڵێت ئەم بڕە پارەی کە بیبڕین لە مینحە، بابچێت بۆ یارمەتیدانی فەرمانبەرانی پلە نۆ و پلە دە، لە کاتێکدا ئەمە لە عیراق بۆمان دێت، ئەمە خاڵێکیان، دوو، لەعیراق، لە یاسای عیراق، لە بودجەی عیراق، بڕینی، یان دەتوانم بڵێم قەرەبوو کردنەوەی ئەو کۆمپانیایانەی کە پەیوەندیان بە مۆبایلەوە هەیە، لە داهاتی کوردستان، لەبەر ئەوەی کۆمپانیایەکانی ئێرە ئیجازەی ئەو کۆمپانیایە نادەن، کە ئیجازەی هەیە لە عیراق، ئاسمانی کوردستان بەکاربهێنێت، داهاتی کوردستان دەبڕێت بۆ کۆمپانیاکانی ئێرە، ئەمە خاڵی دوو، خاڵی سێ، کە باسی عیجزی کورت هێنان دەکەین، کە بە مانای زێدە ڕۆیی کردنێك کە بریتیە لە جیاوازی نێوان پەسەند کراوی پەرلەمان، خەرجی فیعلی حکومەت، لە ساڵی 2009، زێدە ڕۆیی حکومەت حەوت سەدو یەك ملیار بووە، کە پڕی نە کردۆتەوە، لە ساڵی 2010 زێدەڕۆیی کردووە، لە کورت هێنانی پێشمەرگە، کە باسی یەك ترلیۆن و پێنج سەدو پەنجاو چوار دەکات، لە یاسای بودجەی عیراقی، ئەڵێت، تا ڕێك دەکەوین لەگەڵ هەرێمی کوردستان، بە سولفە ئەم پارە دەدرێت، مەنتقی نیە هەرێمی کوردستان، بە سولفە بە قانون بڕیار درابێت، بێ دەنگ بێت بەرامبەر بە سولفە و بە کورت هێنانیش حیسابی بکات، ئەمە ئەم خاڵانە، خاڵێکی تر، کە بەلامەوە گرنگ بوو، ئەوەی کە پەیوەندی بە مینحەو بڵێین ئەو نا هاوسەنگیەی هەڵئاوسانی بودجەی بە کارخستن، کە لەساڵی 2009 تاوەکو ئەمساڵ 2011، ساڵانە یەك ترلیۆن لە هەڵکشان دایە، ئەو دەست بڵاویەی حکومەت بە تایبەتی لە هەردوو بڕگەی بودجەی بەکارخستن کە یەکەمیان کڕینی شمەك و خزمەتگوزاری یە، دووەمیان بەخشینە، هەڵکشانی ئەو دوو بڕگەیە لە ڕەشنووسی بودجەی 2011، بە بەراورد 2010 بریتی یە لە (52٪) بۆ بڕگەی کڕینی شمەك و ڕێژەی (71٪) بۆ بڕگەی بەخشین، ئەمە گرفتێکی زۆر و قەیرانێکی زۆری بۆ حکومەت و هەرێم و خەڵکی کوردستان دروست کردووە، بۆتە مایەی هەڵاوسانێکی بەرچاوی نرخەکان لە بازاڕی کوردستان، کە لە کۆتایی دا هاوڵاتیانی داهاتی سنووردار و فەرمانبەران زەرەمەند دەبن تێیدا، بۆچی ئەم مینحە دانراوە؟ مەتاری هەولێر و سلێمانی لە کاتێ داهاتی دیار نی یە، (44) ملیاریان بۆ داناوە، لە مەوجوداتی ئوخرا (528) ملیار داندراوە، لە موکافەئەی (غیر منتسبین) (28) ملیار داندراوە، سەرۆکایەتی هەرێم کە توانیوێتی (1) ملیار خەرج بکات لە بودجەی (2010) تا (6/30)، ئەم جارە (7) ملیاری بۆ دانراوە، ئەمە جگە لە دەیان نموونەی تر کاتی ئەوەمان نی یە باسی بکەین، بۆ ئەوەی چارەسەری کێشەکانی بودجە بکرێ، ئەم چەند

پێشنیارەم هەیە، یەك/ ئامانجەکانمان چی یە لەو پێشنیارانە؟ دەرخستنی ڕاستی یەکان و هەڵسەنگاندن بە مەبەستی گەڕانەوەی بودجە، یان پەسندنەکردنی بەو شێوازەی ئێستا پەسند نەکرێت، بگەڕێتەوە بۆ حکومەت و گۆڕانکاری جەوهەری لەسەر بکرێت، بۆ ماوەی دوو هەفتە، بە هاوکاری لیژنەی دارایی پەرلەمان و لیژنەی یاسایی، ئەو بەڵگانەی کە بەکاردێن بۆ هێنانە دی ئەو ئامانجانە، بڕی خەرجیە پێشنیار کراوە نا مەنتقیەکانە، بەتایبەتی بۆ وەگەڕ خستن سێ ترلیۆن دینارە، بوونی هەڵە لە ژمارەو پرۆژەکان، بوونی بواری گەندەڵی، بوونی کورت هێنانی شاراوە لە پرۆژەکان کە باسمان کرد، بوونی کورت هێنانی ئاشکرا کە خۆیان دانیان پێ داناوە، دەرخستنی ڕاستی داهاتەکانی کوردستان، ئەنجامیش بۆچی بێت؟، بۆ نەهێشتنی کورت هێنانی ئاشکرا، بۆ نەهێشتنی کورت هێنانی شاراوە، نەهێشتنی بە هەدەر دانی پارە، گەڕانەوەی هاوسەنگی نێوان بودجەی وەگەڕخستن و وەبەرهێنان، زیاد کردنی پرۆژەکانی وەبەرهێنان، کە ئەمەش مانای پێشخستنی وڵات و، زیاد کردنی هەلی کارو جووڵاندنی بازاڕ، شەش، چەسپاندنی پێشنیازەکانی فراکسیۆنەکان، بەتایبەتی پێشنیازەکانی فراکسیۆنی گۆڕان کە باسمان کرد، ئەمە خاڵەکان بوو، خاڵێکی تر کە دەمەوێت باسی بکەم، لە بودجەی وەبەرهێنان، کە پێموایە بودجەی وەبەرهێنان زۆر باس کرا، بەڵام ئێمە هەموومان دەزانین بەشێك لەو پرۆژانەی کە بودجەیان بۆ تەرخان کراوە، لە وەزارەتی داد، لە وەزارەتی گواستنەوە، لە وەزارەتی سامانە سروشتیەکان، نامەوێت نموونەی بینایەکان باس بکەم، ئەو بڕەی کە دانراوە سەرف نەکراوە، جگە لەوە پێویستە هەموو ئەو پارانەی کە دەگەڕێتەوە، وەزارەتی پلان دانان، کە یەکەم ساڵ چۆتە ئەوێ دامەزرا، پرسیارم لێی کرد وتم، پلانی ستراتیژی لە 2007 کە حکومەت بڕیاری لێی داوە پلانتان چیە، وتی تۆ هێشتا هەفتەیەکە دانەنیشتووم ئەم پرسیارەم لێ دەکەی، ئەمە دووساڵ تێپەڕی، دەمەوێت پێم بڵێت پلان دانانی ستراتیژیەکەی چۆنە؟، ئەو پرۆژانەی کە دەچێتە سەر وەبەرهێنان پارەکە دەگەڕێتەوە، کامە ئەولەویەتی هەیە بۆ ئەوەی ئێمە لێرە پشتیوانی بکەین؟، پشتگیری لێ بکەین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز ناسك تۆفیق عبدالکریم کەرەمکە.

**بەڕێز ناسك تۆفیق عبدالکریم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە ئێمە ئەو ڕۆژە هەندێك لەو خاڵانەی کە مابوو، لەوێوە دەست پێ دەکەم، ئەویش چەند خاڵێکم نووسیبوو، یەکێك لەوانە دیاری کردنی بڕێکی دیاریکراو، ئەگەر بکرێت لە (75)هەزار کەمتر نەبێت، وەکو موخەسەساتی میهەنی بۆ توێژەرە کۆمەڵایەتیەکان، کە بەڕاستی ئەم توێژەرە کۆمەڵایەتیانە وابزانم تەنها ئەوانن تا ئێستا موخەسەساتی میهەنیان نیە، بۆیە ئەگەر بکرێت بڕێکی دیاریکراویان بۆ دیاری بکرێت، خاڵێکی تر کە بە پرۆژەکانەوە دیار بوو، ئەو (1600) سەد خانووەی شەهیدان، زائیدەن (2000)هەزارەکەی کە لەسەر بودجەی پەرەپێدان تەرتیب کرا، هەتاوەکو ئێستا دینارێکی بۆ سەرف

نەكراوە، زۆر لە پەرلەمانتارە بەڕێزەكان باسیان كرد، ئومێدەوارین ئەو مەوزوعە بكرێتە ئەولەویەتی حكومەت، چونكە بەڕاستی ناكرێت هەموو ساڵێك ناوی خانووی شەهیدان بێنین، هەر لە جێگەی خۆشی بێت و هیچی بۆ نەكرێت، ئەمە وا ئەكات لە خەڵك بەردوام وابزانێت شتێك دەكرێت بۆ خاوەنی كەس و كاری شەهیدان و كیمیا باران و ئەنفال، بەلآم شتەكانیش لە جێگەی خۆیەتی، بۆیە ئومێد دەكەین خاسەتەن دۆسیەی ئەو نۆسەد كەسەی خاوەن یەك شەهیدن لە هەڵەبجەی شەهید، هەتاوەكو ئێستا یەكلا نەبۆتەوە، وەعدیش درابوو بە كۆمەڵەی قوربانیانی كیمیاباران كرا بۆیان یەكلا بكرێتەوە، تاوەكو ئێستا یەكلا نەكراوەتەوە، خاڵێكی تر مەسەلەی بریندارانی كیمیا بارانی هەڵەبجە بەهەمان شێوە، بەڕاستی زۆر ناخۆشە دوای 21 ساڵ ئێمە هەر باسیان بكەینەوە، بۆیە ئەگەر بكرێت ئەو دوو دۆسیەیە تۆزێك زوو یەكلایی بكرێنەوە، مەسەلەی قەرەبوو كردنەوەی فەرمانبەرانی دەڤەری سلێمانی، ئەوەی بیستمان قەراری لێ دراوە زۆر باشە، بەلآم ئەگەر مانگانە بێت زۆری پێ دەچێت، ئەگەر بكرێت بیكەینە بڕیارێكی پەرلەمان، بە هیچ جۆرێك تەعویز كردنەوەكە لە سێ مانگ تێنەپەڕێت، یەعنی بە سێ مانگ بدرێتەوە بە فەرمانبەران، چونكە ئەوە درێژ دەخایەنێت، ئیحتیمالی وەستانی هەیە، ئەوەی دوێنێ جگە لە مەوزوعی سلفەی وەزارەتی پێشمەرگە كە بودجەیان دێت لەمەركەزەوە، ئەوە جوابێكمان ئەوێت بەڕاستی، خاڵێكی تر كەلە بودجەی مەركەز هاتووە، لە بودجەی 2011 مەوزوعی پارەی پترۆدۆلارەكەیە، كە یەك دۆلار بۆ هەر بەرمیلە نەوتی خاوە، یەك دۆلاریش بۆ هەر بەرمیلێكە كە تەسفیە دەكرێت، یەك دۆلاریش بۆ 150 مەتر موكەعەبی غازی سروشتیە، ئەمە لە دوو فەقەرەی ماددەی دووەمی یاساكە هاتووە، لە فەقەرەی (ھ) باس لەوە دەكات، یەك ترلیۆن و شەش سەدو سی وسێ ملیاو حەوت سەدو هەشتا ملیۆن تەخسیس دەكرێت بۆ پرۆژە وەبەرهێنانەكانی هەموو پارێزگەكانی عیراق، بەلآم ئەڵێت ماعەدا اقلیم كوردستان، بەلآم هاتووە لە فەقەرەی(و) ئەڵێت (علی اقلیم كوردستان اتخاذ اجرائات سریعة بشان اعداد جدول كمیات منتجة)، یەعنی داوای لە ئیلزامی حكومەتی هەرێمی كوردستان كردووە، كە بەخێرایی جەدوەلێك ئامادە بكات، بۆ ئەوەی تەعویزاتی 2010 و 2011 بكرێتەوە، ئێستا ئایا ئەو 350 ملیارەی كە لە بودجەی ئێمە هاتووە، باسی مەوزوعی پترۆدۆلارەكە دەكات، ئەم سێ سەدو پەنجایە دوای ئەم ماددەیە، یەعنی حكومەتی هەرێم جەدوەلەكەی ناردووە، ئەگەر وابێت بەڕاستی ئەم سێ سەدو پەنجایە زۆر زۆر زۆر كەمە، یەعنی ئەگەر یەك تۆز حیساباتێكی وردی بۆ بكەین، سێ سەدو پەنجا ملیارەكە، یەعنی تەقریبەن دووسەد و نەوەت ملیۆن دۆلار دەكات، یەعنی ساڵانە دووسەدو نەوەت هەزار بەرمیل نەوت، یەعنی ڕۆژانە نزیكەی 80 هەزار بەرمیل نەوت دەكات، ئەمە هەر بەرمیلە نەوتە خاوەكە، ئەی ئەوەی كە ئەبرێت بۆ مەسفاكان، ئەی غازە سروشتیەكە، لەبەر ئەوە بەڕاستی ئێمە وەعدیشمان داوە بە مەركەز، كە ڕۆژانە 100 هەزار بنێرین، ئەبێت تەوزیحێك لەسەر ئەو سێ سەدو پەنجا ملیارە وەرگرین، ئەوەی دوێنێ لە فەرمانبەران باسم كرد، كە وتم بە ڕەقەمەكەوە دیار نیە لە تەعیناتەكە، شتێك مابوو تەواوی بكەم، ئەویش ئەوەیە لە ڕاپۆرتەكەی وەزارەتی دارایی، باس لە (650) هەزارو هەشت سەدو چل و نۆ ئەكات، ئێستا سێ ڕەقەم هەیە هیچ

کامێکیان وەکو یەك نین، بۆیە ئەکرێت ئەوەی فەرمانبەرانیش زوو یەکلایی بکرێتەوە بۆمان، عەدەدیان بە سەحیحی، شتێکی تر ئاخیر خاڵ کە حەز دەکەم باسی بکەم، مەسەلەی ئاوارەکانی کەرکووکە، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، کاتی خۆی ئەم ئاوارانەی کەرکووك کە گەڕاونەتەوە کەرکووك، ئیتیفاق کراوە بە پێی ماددەی 140، هەمووماڵێکی کە ئەڕواتەوە کەرکووك (10)ملیۆن وەربگرێت، بەلاَم هەموو ماڵێکی عەرەب کە ئەڕواتەوە شوێنی خۆی(20) ملیۆن وەربگرێت، دیارە ئەوە لەم کاتە واباش بووە، بەلاَم ئێستا هەست بە غوبن ئەکەن خەڵکی کەرکووك، ئەگەر بکرێت ئێمە وەکو حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەکو پەرلەمانی کوردستان، بڕیارێك دەربکەین بۆ ئەوەی تەعویزێك بۆ خەڵکی کەرکووك بکەین بۆ ئاوارەکان، بۆ ئەوانەی کە ئێستا نیشتەجێن و گەڕاونەتەوە، چونکە بەڕاستی ئەوانە زەحیەی قەزیەی کوردن، وە دەکرێت ئێمە لە بودجەی هەرێمی کوردستان، ئەو تەعویزەیان بۆ بدەینەوەو سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، بەڕێز احمد سلێمان عبداللە کەرەمکە.

**بەڕێز احمد سلێمان عبدالله(بیلال):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بەو داهاتانەی کە وەزارەتی شارەوانی هەیەتی، ئێمە پێشنیار دەکەین کە ئەم داهاتانە بگەڕێتەوە، بە شێوەیەك لە شێوەکان دیاری بکرێت بۆ وەزارەتی شارەوانی، وەکو لە ڕاپۆرتەکەی خۆشمان لە لیژنەی شارەوانی نووسیومانە، داهاتی وەزارەتی شارەوانی و گەشت و گوزار لە حیسابی بانکێك کۆ بکرێتەوە، لە لایەن وەزارەتەوە تەسەروف بکرێت، پاشان لەگەڵ وەزارەتی دارایی ڕێنماییەك ڕێك بخرێت، یەعنی بەو شێوەیەی کە وەزارەت دەسەلاَتی هەبێت، کە تەسەروف لەو پارەیەدا بکات، بەلاَم لە ژێر چاودێری وەزارەتی دارایی، بەلاَم لە هەمان کاتیشدا دەستی نەبەسترێت بۆ ئەوەی ئیشەکانی بکات، وەزارەتی شارەوانی بەتایبەتی، بۆیە حەز دەکەم ڕوون کردنەوەیەك بدەم، هەندێك کێشەی هەیە، لەوانە تا بودجە پەسەند دەکرێت، هەندێك جار پێویستی بە مەبلەغێك پارە هەیە، بۆ پاککردنەوەی بابلێین ئاو، ئەو ئاوی خواردنەوە، ناکرێت ئەوە تا بودجە پەسەند دەکرێت، ئەم سەرفەی بۆ نەکرێت، وەزارەت زۆرجار گلەیی ئەوەیان هەیە، وەزارەتی دارایی زۆرجار گرفتیان بۆ دروست دەکات، ئەوە گرفتێکی زۆر گەورەیە، لە ڕووی سەحیەوە بۆ هاوولاَتیان، بۆیە ئێمە پێشنیار دەکەین کە ئەم پێشنیارەی ئێمە پەسەند بکرێت، بۆ ئەوەی داهاتەکانی وزارەتی شارەوانی و گەشت و گوزار، لەژێر دەستی خۆیدا بێت لە حیساب بانکێکدا، ئێمە تەئکید دەکەینەوە لەوەی بۆ ئەوەی کە بودجە شەفاف تر بێت، بۆ ئەوەی کەم و کورتیەکانی بودجە باسی لێ نەکرێت، ئێمەش سەرمان لێی دەرنەچێت، وەزارەت خۆشی گرفتی بۆ دروست نەبێت، بەڕاستی باشتر وایە سەرفی مانگانەی وەزارەتی دارایی، وەزارەت سەرفی مانگانە بنێرێت بۆ پەرلەمان، بۆ ئەوەی پەرلەمان ئاگای لێ بێت لە چۆنیەتی سەرف کردنی ئەم پارانەی کە سەرف دەکرێت مانگانە، وە بتوانێت کۆنترۆڵی بکات، ئاگای لێ بێت، داخۆ چۆنی سەرف کردووەو، کەم و کورتی لە کوێدا هەیە، تاخیر نەبێت تا ساڵێك،

چونکە ئەگەر تا ساڵێك تاخیر بوو، ئەوکاتە لەوانەیە نەتوانێت پارەکە سەرف بووە و هیچ ناکرێت، وەکو موناقەلەی پارە، دیسان ئەویش باس دەکەمەوە، ئەو موناقەلانەی کە دەکرێت، ئێمە زۆر گرفتمان ئێستا لە بودجە لەوەیە، موناقەلە دەکرێت، نازانین لەکوێ کراوە، چۆن کراوە، رەقەمەکانمان لێ تێکەڵ بووە، یەعنی بەڕاستی پێتان دەڵێم کە وەزارەت خۆشی ناتوانێت لێکیان جیا بکاتەوە، بەتایبەتی ئەگەر حیساباتی خیتامی دێتە بەر دەستمان کۆمەڵێك ئەرقامە، قەناعەتم وایە لێی تێکەڵ بکەی لە وەزارەت و، وەزارەتی تەختیتیش خۆشیان نازانن لێکی بکەنەوە، بۆیە باشتر وایە هەموو موناقەلەکان کە دەکرێت، فەوری لە رێگای وەزارەتی داراییەوە بە کتابێکی رەسمی ئاراستەی لیژنەی دارایی بکرێت، وە ئەو لیژنانەش کە پەیوەستن بەو موناقەلانەوە، هەموو لیژنەکانی پەرلەمان، ئەوانیشی لێ ئاگادار بکرێتەوە، ئەگەر پێویستی کرد، باس لە فەرمانبەرانی گرێبەست، کۆمەڵێك فەرمانبەری زۆرمان هەیە، بە گرێبەست لە حکومەت دامەزراون، هەندێکیان هەیە کە گلەیی ئەوە دەکەن، کە زۆرجار داواو گلەییان ناردووە بۆ ئێمە وەکو لیژنە، بەتایبەتی لیژنەی شارەوانی، هەیە دەڵێت من سێ ساڵە بە شێوی گرێبەست دامەزراوم، من پێموایە بەڕاستی ئەوە غەدرێکە لەو کەسانە دەکرێت، ئەگەر نەکرێن بە رەسمی، مادام حکومەت خەڵك دادەمەزرێنێت، ئەوانە با ئەولەویەتیان هەبێت بۆ دامەزراندن، چونکە ئەوانە مادام حکومەت پێویستی پێی هەیە، سێ ساڵە بە گرێبەست دایمەزراندووە دیارە پێویستی پێی هەیە، کەم ئەندامانی هاووڵاتیش گلەیی زۆر دەکەن، کە هەق و مافیان خوراوە، ئێمە بەڕاستی دەبێت هەموومان بزانین، هەموومان دەشزانین، کە وەزعی سەرف لە بازاڕ بۆ من و هاووڵاتیەکی کەم ئەندامی کە توانای کارو کاسبی نیە هەروەکو یەکە، بۆیە وەکو ئەوان خۆیان دەڵێن (75) هەزار مانگانە وەردەگرن، یان مووچە وەردەگرن لە حکومەت، دیارە دەبێت بەپێی دەرەجەش بێت، بەس ئەوان وادەڵێن، بەس من پێموایە کەمترین مووچە نابێت لە (150) هەزار کەمتر بێت، چونکە بەڕاستی ئەوە هیچ جێگەیەکی بۆ ناگرێت، بەتایبەتی کەم ئەندامان دەبێت ئێمە حیسابی زیاتریان بۆ بکەین، ئاگامان زیاتر لێیان بێت، هەق و مافیان بەسەر هەموومانەوە هەیە، لەبەر ئەوەی بەلای کەمی کە کەم ئەندامن، دیارە فەرمانبەرانیش بە گشتی لە پلە 5 تا پلە 10، من پشتیوانی لەم ڕایە دەکەم، کە هەموو ڕاتبەکانیان بۆ زیاد بکرێت، بە شێوەیەك کە گونجاو بێت، لەگەڵ دارایی حکومەتی هەرێمی کوردستان، سەبارەت بە پڕۆژەکان، دوێنێ ویستم باسی بکەم، لەبەر ئەوەی کات کەم بوو، هەندێ پڕۆژە هەیە دووبارەیە، من تەنها بەدوا داچوونم بۆ قەزای هەڵەبجە کردووە، لە پڕۆژەکانی پەرەپێدانی پارێزگاکان تەنها قەزای هەڵەبجە، سێ، چوار خاڵ هەیە باسی بکەم، دروست کردنی بینای بنکەی پۆلیسی شارەوانی، ئێستا هاتووە داوای موافەقە دەکات لە پەرلەمان کە موافەقەی بۆ بکرێت، ئەمە لە ساڵی 2010 لەسەرەتای ساڵی 2010 ئێستا خەریکە تەواو دەبێت، ئێستا بۆ داوای دەکات؟، قیرتاو کردن وکۆنکرێت کردنی شۆستەی سەراو، لە گەڕەکی شەهیدان، ئەمەش ئێستا لە ئیش کردندایە، ئیشەکەی تەواو بووە، تازە داوا دەکات موافەقەی بۆ بکرێت، دروست کردنی بینای مزگەوتی گوندی نوور، ئەم گوندی نوورە زۆر گەڕاین بە دوایدا لەمەنتیقەی هەڵەبجە ئەسڵەن وجودی نیە، کەواتەی

ئەم پرۆژەیە دەکرێت پێی بیڵێین پرۆژەی وەهمی، مادام گوندێك مزگەوتی بۆ دەکرێت، وجودی نەبێت وەهمیە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز احمد ابراهیم علی (د.احمد) وەرتی کەرەمکە.

**بەڕێز د.احمد ابراهیم علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش لەوێوە دەست پێ دەکەم کە لێی وەستابووم، ئەم خاڵەم ئاراستەی بەڕێز وەزیری پلان دانان کرد، دیارە ئێستا جەنابیان لێرە نیە، کە ئایا ئەولەویەت بۆ دانانی پرۆژەکان، لە سەر چ بنەمایەکەو چ پێوەرێکە؟، پرۆژە هەیە پێنج شەش ساڵە کاری لەسەر دەکرێت، لە پرۆژەکانی ساڵی 2010 دانراوە، بەلاّم ئەمساڵ لە پرۆژەکانی 2011 لابراوە، بۆ نموونە، من پرۆژەیەك هەم لەگەڵ وەزیری ئاوەدانکرنەوە قسەم کرد، هەم لەگەڵ وەزیری پلان دانان، کە ئەم پرۆژەیە پرۆژەی ڤیرتاو کردنی ڕێگای وەرتێ یە، کە لە ساڵی 2005 وە کاری لەسەر کراوە، لە پلانی ساڵی 2010دانراوەو بودجەی بۆ تەرخانکراوە، بەلاّم جێبەجێ نەکراوە، گوایە لە ساڵی 2011 لەبەر ئەوەی کە پرۆژەکان زۆر بوونە، لە زنجیرەی ئەو پرۆژانەی کە لەو مەنتیقە دانرابوون، لە زنجیرەی 50 دانرابوو، بەلاّم گوایە نەتوانراوە، بۆ ئەمساڵ هەڵگیراوە، ئەمساڵیش جێبەجێ نەکراوە، دواتر لە پرۆژەکانی ئەمساڵ، ساڵی 2011 دانرابۆوە دووبارە، من لەگەڵ بەڕێز وەزیری ئاوەدانکردنەوە لە 1/16 قسەم کرد ووتی لە پرۆژەکانی ئەمساڵ دانراوە، لە وەزارەتی پلان دانانیش پەسەند کراوە، بەلاّم دوای ئەوەی کە بودجە هاتە پەرلەمان، دیار بوو ئەو پرۆژەیە لا برابوو، گوایە بۆ پرۆژەکانی کارەبا ڕۆیشتووە، لەوانەیان کەم کردۆتەوە، یەعنی لێرە ئێمە ئەو پرسیارە دەکەین، بەڕاستی کە ئەو پرۆژەیە، پار لە بودجەی 2010 دانرابوو، ئەمساڵ دووبارە لە پرۆژەکانی ئەمساڵی وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە دانرابوویەوە، پار بودجەی بۆ تەرخانکراوە، ئایا ئەم بودجەیە چی لێ دێت، بۆچی ئەولەویەت نادرێت بەو پرۆژانەی کە کاریان لەسەر کراوە؟، ئایا سیولە لە وەزارەتی دارایی یان خەزێنەی حکومەت لە کام پارە دادەندرێت،، لەو پارەی کە لەو پرۆژانە دەمێنێتەوە، یان پارەیەکی تر تایبەت دەکرێت، ئەو پرۆژانەی بەچەند شێوەیەك لە بەرنامەی وەبەرهێنان دووبارە بۆتەوە، ئایا بە چەند شێوەش پارەی بۆ تەرخان دەکرێت؟، لیژنەی دارایی ئاماژەی بە مزگەوتی شەهید علی عەسکەری کردووە لە سلێمانی، کە لە چەند جێگا هاتووە، لەهەر جێگایەك پارەی دووبارە بۆ دیاری کراوەتەوە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، پرسیارەکان بۆیان بنێرە، خەلاس، بەڕێز جیهان اسماعیل بنیامین کەرەمکە.

**بەڕێز جیهان اسماعیل بنیامین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سوپاس، من قسە نینە، من قسێ خۆ ئەو ڕۆژە کرد، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز شێردڵ تحسین محمد کەرەمکە.

**بەڕێز شێردڵ تحسین محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من قسەکانم کرا، کاك احمد کردی، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆ سوپاس، خورشید احمد سلیم کەرەمکە.

**بەڕێز خورشید احمد سلیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ل گۆڕ ڤێ دانوستاندن و ئاوا تێتە کرن، ل سەر بودجێ، هەڤە هندەك ئارمانجێت دەست نیشان کری هەبن، بۆ وێرێ کو ئەف موناقەشە بگەنە ئەنجامەکێ باش، چونکو مەبەست ژ ڤێ دانوستاندنێ، تنێ ئەو نینە کو ئەم خالاً لاواز دەست نیشان بکەین، بەلکو مەبەست ژ دەست نیشان کرنێ ئەوە، ئەم کو دگەهینە ڕێگا چارەیەکی بۆ وان کەم و کاسیا، ئەز پێشنیار دکەم ئەڤ ڕاپۆرتە لیژنا دارایی و ئابووری بێتە چاپ کرن، دابەش کرن ل سەر هەمی وەزیراو وەزارەتا، دام و دەزگاییێت مەعنی ل حکومەتێ داکۆسێت ژی بێتە وەرگرتن، وە ئەو تێبینی بێتە ل بەر چاو وەرگرتن بۆ پاشە ڕۆژێ، حکومەت نەك هەر گۆه داربیت، بەڵکو حکومەت هەوڵەکا جدی و مخلسانە بدات بۆ چارەسەر کرنی ناو ئەوان کەم و کاسیت هاتینە دەست نیشان کرن، ئەو کەمو کاسی نێنە فەرامۆش کرن، ببنە نەخشە ڕێگایەك بۆ حکومەتێ بۆ پاشە ڕۆژێ، چونکو ب ڕاستی هەر ساڵ ئەم وەختەکی زۆر دبەین، پاریش مە وەختەکی زۆر برد، مە گەلەك موناقەشات و دانوستاندن کر، ئەڤ ساڵ جارەکادی ئەم دزڤڕین عینی ئەو بابەت مەجالەکادی هەمی دانوستاندن ل سەر کرڤە، هەڤە حکومەت ڤان خالاً ل بەر چاڤا بگریت، وە سالاً دێت کەم و کاسیت بودجەی کێمتر بن، ئەو پێشنیارێت هاتینە کرن جدی ل بەرچاڤ بێنە گرتن، خاڵەکادی گرنگە پەرلەمان هەمی گەنگەشێ ل سەر بودجێ بکات، بەرێ ژ وێش گرنگتر ئەوە کو پەرلەمان، دیف چونەکا جدی ل سەر بوجێ بکات، ل هەردوو لایەنێت پێکڤە یا تەشغیلی، بودجەیا یا ئیستیسماری ب هەردوکا، چونکو ئەگەر هەڤیقەت گەندەلیان درست ئان کێمتەرخەمیا درست، ل وەختی جێبەجێ کرنا دیار بیت، نە ل وەختێ دانان، دانان چەند ژمارەیەکن دێنە بەلاڤە کرن، ل سەر چەند خاڵەکا، بەڵێ یا درست ئەوەیە، یان باش ئەوە، کو پەرلەمان ب

جدی دیف چونێ ل سەر وان خالاً بکات، نەهێلێیت هەمی موناقەشات و هەمی گلەیی و گازنـدە و، هەمی تێبینی بمینن بۆ وێ ڕۆژێ، ئەو ڕۆژەی کو بودجەی دێتە پەرلـەمانێ، هەڤـە ئـەم وەکـی ئەنـدام پەرلـەمان، لیجان ئەم پێکڤە ڕۆژانە دیف چوونێ ل سەر وان پرۆژا بکەین، هەژ گونداو هەتا ناحیـاو قـەزاو، سـەنتەرێ پارێزگـەها بـزانن ئـەو پـرۆژا چ ب سـەر دێـت و چـەوا دێنـە جێبـەجێ کـرن، کوالیتی و ئـەو تشـتا تێـدا ب کارئینان تەواوە؟، ئەوە ل وێ هەنێ هاریکار بین بۆ حکومەتێ و پەرلەمانیش دشێت ئەرکێ خۆ ب دروستی ئاڤا بکات، ئەز هێڤی دارم ئەو تێبینیێت گرنگ، ئەوێ کو پتر ل ئەندامەکێ پێشنیار کری، یان کـو شـبە کـو دەنگیەکی ل سەر هەی، ئەڤێت ل جهێ خۆ ل یاسا بـودجێ بێنـە کـرن یـا هەنـدەك ژ وانـا، وە هەنـدەك ژی ببنـە بریـار کـو حکومـەت ناچـار بیـت ڤـان خالێـت هـەنێ پێڤـە مـولزەم ببیـت و جێبـەجێ بکـات، کـەم و کاسیەکان زۆر بودجێمەدا هەیـە، ئـەویش هـیچ پرۆژەیـەکی سـتراتیژی تێـدا نینـە، هەڤـە سالآنە حکومـەت پرۆژەیەکی ستراتیژی بکەتە تێدا، یان ڕێگەکا ستراتیژی مەسەلەن، زاخۆ هەتا تو دێیـە سلێمانی و، سـنوورا ئێرانێ و یان هێلەکا شـەمەندەفەرێ، یـان کارگەهـەکا چیمەنتۆیێ، یـان تشـتەکی وەسـا کـو فعلـەن ژێرخانـا ئابوریا هەرێما کوردستانێ، ب هێز بێخیـت، ئـەڤ دابـەش کرنـا ڤـێ بـودجێ و هـیر کـر نـاوێ بـۆ ڤـان پارێـت هۆسایێت کێم، ئەز نا دانم ئەڤە بودجـەکا ئیستیسـماری ب ڕەنگـەکا دروست، ئـەو هەنـدەك پرۆژەنـە دێتـە ئەنجامدان، وی دەورێ ئەدا ناکەن، دەورێ کـو ڕێکـەکا سـتراتیژی، یـان هێلـەکا شـەمەندەفەری، یـان کارگـەکا مەزن ئەدا دکەت، ئەز پێشنیار دکەم ئەم وەکی پەرلەمان دگـەل وەزارەتـا دارایـی و ئـابووری و پـلان دانـانێ کۆنفرانسـەکی ئـەڤ سـالاً گـرێ دەیـن، بـۆ وێـرێ، ئـەم بەحسـێ وێ بـودجێ بکـەین، بودجـە چـەوا دێتـە دامەزرانـدن و کـێم و کاسـیتێ بودجا حکومـەتێ چنە؟، چ ڕێیـەك ئـەم دگرینـە بـەر، کـو ئـەم بودجەیـەکا ساغلەم و درست و سـەرێ پەرلـەمانیش پێڤـە نەئێشـیت و، حکومـەتێش پێڤـە نەئێشـیت، ئـەڤ کۆنفرانسـە خەلکەکی پێوە دەعوەبکەین ژ دەرڤەی هەرێمێ، ژ بەغـدا بـۆ وێرێـدا ئـەم هەلسـەنگاندنەکا بـاش، وە ڕێگـە چارەیەکی ببینین بۆ دانانا بوجەیەکا ساغلەم، خالاً دوماهیێ جەنابێ سەرۆکی، هندی ئەم هەولێ بدەین کـو ئەم دیف چوونێ ل سەر بودجێ بکەین، مادەم مە دەزگـەهێ دیـف چوونا دارایـی نینـە، ئـەم ناگەهینـە وی ئاستێ پێتڤی، ئەرکە ل سەر پەرلـەمانی کـو ئـەم جدی ل سـەر ڤـێ مەسـەلێ ڕاسـت بـین و، دەزگـەهێ دیـف چوونا دارایی کارا بکەین، داکو گەلەك کێشەیێ کو بهێنە کرن، کو ئـەو دەزگـەهێ کاراڤـە، پـێ تڤـی نـەتکرن هەندە دانوستاندنێ ل سەر بکەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، بەڕێز کوێستان محمد عبداللە کەرەمکە.

**بەڕێز کوێستان محمد عبداللە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە بەڕاستی سەرنـج و تێبینیەکان، کەم و کورتیەکان، ڕەخنەکان زۆرن، زۆریش بـاس کـران، بـەلاّم لەبـەر ئەوەی ماوەکە کورتە، من تەنها پێشنیارو پرسیارەکانم دەکەم بۆ ئەو بەڕێزانـە، سـەبارەت بـە پێشـنیارەکان

هەروەك هاوڕێیانم د.پەریهان كاك كاردۆ باسیان كرد، ماوەی دوو هەفتە بدرێتەوە بە حكومەت، بە هەماهەنگی و تەنسیق لەگەڵ هەردوو لیژنەی دارایی و یاسایی، تا لەسەر ڕۆشنایی تێبینی و سەرنج و ڕەخنەكانی لیژنەی دارایی و لیژنە پەیوەندیدارەكان و ئەندامەكان چاكسازی بكەن، لە بودجەكەدا، كە لەسەر بنەمایەكی زانستی دابڕێژرێتەوە، كە بەرنامەی هەبێت، بۆ كەم كردنەوەی بێ كاری، هەژاری بووژاندنەوەی ژێرخانی ئابووری، ئاوەدان كردنەوەی گوندەكان و، گەشە پێدانی هەردوو كەرتی كشتوكاڵ و پیشەسازی و، چاككردنی هەموو هەڵەیەك لە ژمارەو كۆكردنەوەكان، لەناو چاكسازیەكانیش ئەمانە بكرێت، بە شێوەیەكی ڕوون و لە خشتەیەكی ڕێكدا داهاتەكانی هەرێم ئاشكرا بكرێن، بودجەی پەرەپێدانی پارێزگاكان جیا بكرێتەوە، لە 50٪ی دەروازەكانی بودجەی بەكاربەر، جگە لە مووچە ببڕدرێت، كە بڕەكەی یەك ترلیۆن و حەوت سەدو نەوەت و نۆ ملیارو هەشت سەد ملیۆنە، دەروازەكان ڕێك بخرێتەوە، زیادە ڕۆییەكان كەم بكرێتەوە، بە تایبەتی لە هەردوو دەروازەی بەخشین و سوودە كۆمەڵایەتیەكان، لە باتی ئەوەی كە بەشێوەیەكی نا ڕوون و نا دادپەروەرانە، دابەش بكرێت، ئەمجارە بەشێوەیەكی ڕوون و بە شێوەیەكی داد پەروەرانەو، ئەو پێشنیارانەی كەكراوە لە لایەن هەموو لیستەكانەوە، ئەمە زیاد بكرێت، بە شێوەیەكی ڕوون ئەو زیادەی بۆ مووچەی فەرمانبەران خراوەتە سەر بودجەی بەكاربەر ڕوون بكرێتەوە، دیارە موچەیەكی زۆر دانراوە، بودجەیەكی زۆر ڕوون بكرێتەوە، ئەو لە 50٪ ئەبڕدرێت لە بودجەی بەكاربەر، دابندرێت بە شێوەیەكی ڕێك و زانستی، بەسەر ئەمانەی خوارەوە، كە هەرچەندە هەندێكیان پێشتر باسمان كرد، دووبارەیە بەس بە پەلە ئەیڵێمەوە، سلفەی عەقار بكرێتە 30ملیۆن، سلفەی هاوسەرگیری 5 ملیۆن، هاوكاری تۆڕی كۆمەڵایەتی 150هەزار دینار، زیاد كردنی هاوكاری كەم ئەندامان، هاوتا كردنی مووچەو دەرماڵەی هێزەكانی هەرێم و مەركەز، قەرەبوو كردنەوەی فەرمانبەران و مامۆستایانی سلێمانی و گەرمیان، ئاوەڕۆی هەولێر، ئەمانەش زیادەیە لەگەڵ ئەو پێشنیارانە، چاككردنی مووچەی خانەنشین، سەرف كردنی دەرماڵەی منداڵ و خێزان، دیارە كۆمەڵێك خەڵكی زۆر پێش زیاد كردنی مووچە خانە نشین بوون، ئێستا لە بارێكی هەژاری زۆر خراپ ژیان دەگوزەرێنن، ئەگەر هاوتا بكرێنەوە لەگەڵ ئەوانەی كە دوای ئەوان خانە نشین كراون، مووچەكەیان زۆر زۆر دابەزیوە، ئەوەی خانەنشین دەكرێت بۆ دەرماڵەی خێزان و منداڵی نامێنێت، دانانی بڕێك بۆ دروست كردنی یەكەی نیشتەجێبوون بۆ خێزانە كەم دەرامەتەكان، دەرماڵەی توێژەری كۆمەڵایەتی و ڕەچاو كردنی دامەزراندیان، بەتایبەتی كە پێشتر لە كۆنگرەی پەروەردە بڕیاری لێ دراوە، سەرف كردنی دەرماڵەی منداڵ بۆ بنەماڵەی شەهیدان، كە پێشتر هەبووەو بڕدراوە ئێستا، چاككردنی پڕۆژەكانی وەبەرهێنان بەم شێوەیە، بەشێوەیەك پڕۆژەی ستراتیژی لەبەرچاو بگیرێت، ئەولەویەت بدرێت بەو پڕۆژانەی كە زەروریان هەیە لە ناوچەكان و لەلای كۆمەڵانی خەڵك، هەروەها ڕەچاو كردنی داد پەروەری كۆمەڵایەتی، لە نێوان شارو قەزاو ناحیەو، هەروەها گرنگی دانی زیاتر بە گوندەكان، لابردنی پڕۆژە دووبارەكان، كە زۆرێك هەیە لەو پڕۆژانەی دووبارە بۆتەوە، بۆ نموونە بەردەوام هەیەو لە پەرە پێدانی پارێزگاكان هەیە، لە ڕاپۆرتی لیژنەی دارایی و

هاوڕێکانیشم چەند نموونەیەکیان باس کردووە، لابردنی ئەو بڕانەی کە دانراون بۆ کەرت، هاوڕێکانم چەند نموونەیەکیان خستۆتەڕوو، لابردنی ئەو بڕانەی کە بۆ کڕینی شمەك دانراون، من پێم سەیرە کڕینی شمەك، بۆ نموونە، کڕینی پاککەرەوە، بۆ شارێك یان بۆ قەزایەك بۆ ئەمە دەبێت پڕۆژەی وەبەرهێنان بێت، ئەمە مەفروزە بچێتەوە سەر بودجەی بەکاربەر، هەموو پڕۆژەکان بدرێنەوە بە وەزارەکەی خۆیان، هیچ وەزارەتێك پڕۆژەی وەزارەتێکی تر جێبەجێ نەکات، هەروەك هاوڕێکانم باسیان کرد، وەزارەتی ناوخۆ هی شارەوانی ئەکات و، شارەوانی هی وەزارەتێکی تر دەکات، هەردوو وەزارەتی دارایی و پلان دانان هیچ پڕۆژەیەك جێبەجێ نەکەن، ئەو پڕۆژانەی لە ساڵێك و کەمتڕن، کە ژمارەیان 489 پڕۆژەیە، یان پێویستە ماوەکانیان زیاد بکرێت، کە ئەمەیان بەڕاستی عەمەلی نیە، یان ئەم پڕۆژانە کەم بکرێنەوە، ئەوەی کە ئەمساڵ تەواو دەکرێت، بڕی تەواوی بۆ دابندرێت، ئەوەی دیکە بمێنێتەوە بۆ ساڵێکی تر، هەموو ئەو پڕۆژانەی کە نا ڕوونن، کە بە ئاشکرا ناوی گوندو گەڕەك و جۆری خزمەتگوزاریەکان دانەنراون، ڕێك بخرێنەوە، بۆ ئەوەی ئەندامانی پەرلەمان بتوانن متابەعەی بکەنەوە، ئەو پڕۆژانەی دووان یان زیاتر بەیەکەوە پارەیان بۆ دانراوە جیا بکرێنەوە، پڕۆژەی بەردەوام و پێشنیار کراوی زۆر گرنگ لە بودجەی 2011دیار نەماون، کە پێشتر هەبوون ئەمانە دابندرێنەوە، هاوکاری ڕاگەیاندنی حیزبەکان ببڕدرێت، ئەم پرسیارانەم هەیە بە پەلە، ئایا ساڵی 2010 بودجەی تەکمیلی هەبووە لە بەغداوە بودجەی تەکمیلی هاتووە بۆ هەرێم؟، ئەگەر هەبووە بڕەکەی چەندە؟، ئەگەر هاتووە بۆچی پەرلەمان پەسەندی نەکرد؟، ئەم بڕانە چوونەتە کوێی داهاتی هەرێمەوە؟، 500ملیار دیناری پڕۆژەکانی پار کە خەرج نەکراون، زیاتر لە 60٪ پارەی دانراو بۆ توانا سازی هەروەك لە ڕاپۆرتەکەی لیژنەی پەروەدرەو فێرکردن هەیە، پارەی وەرگیراوی سلفەی عەقارو زەواج، 30ملیارەکەی سندوقی پیشەسازی، بە پێی حیسابی خیتامی شەش مانگی یەکەمی ساڵی 2010بڕی داهاتەکانی ناوخۆ زۆر زیاترن لەو بڕەی لەلایەن پەرلەمانەوە خەملێندراون، ئەمە پرسیارێکی ترە بەدەر لەو داهاتانە، ئایا کڕینی چەك کە لە بودجەی بەکاربەردا بڕی شەش ملیارو پێنج سەدو پەنجاو شەش ملیۆنی بۆ تەرخان کراوە، ئەم چەکانە چین؟، ئایا هەرێم ئەتوانێت چەك بکڕێت یان ئەمە کاری مەرکەزە؟، لەمەوجوداتی نادارایيە بڕی حەوت ملیارو دووسەدو نەوەت و دوو ملیۆن دینار بۆ بینای نیشتەجێ بوون دروست کراوە، بینای نیشتەجێ بوونی هینی بودجەی بەکاربەرە یان هینی وەبەرهێنە؟، من دەمەوێت تێ بگەم، ئەگەر ئەم هینە نیشتەجێ بوونانەی یەکانە هی کێن لە بودجەی بەکاربەر دروست کراون؟، هەروەها لەم دەروازەیە بڕی 24 ملیار دانراوە بۆ بینای غەیرە سەکەنی، ئەمەش هەر دروست کردنی بینایە کە ئیشی بودجەی وەبەرهێنانە، ئەم غەیرە سەکەنیانە بۆ کێن، بۆ حکومەتە؟، بۆ دام و دەزگاکانی حکومەتە؟، خۆ لە پڕۆژەی وەبەرهێنان ئەو بینایانە هەن، وا بڕیار بوو هەر خێزانێك کە خانوو دروست دەکات لە گوندەکان بڕی 75 وەرەقەی بدرێتێ بەدەر لە پێشینەی خانووبەرە، من ئەپرسم لە بەڕێزیان ئایا ئەوە ماوە یان نا؟.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز عمر عبدالعزیز بهاء الدین کەرەمکە.

**بەڕێز عمر عبدالعزیز بهاءالدین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لە شێوەی چەند پرسیارێك و چەند پێشنیارێك عەرز دەکەم، لە کوێ ڕاپۆتەکانەوە، لە کوێ ئەو قسانەی کە مابوون، نازانم پێش من برادەران و خوشکان چیان پرسیوە، داوای لێبوردن دەکەم، ئەگەر دووبارە ببنەوە، ئەو پرسیارە بەردوام دەکەن، تکایە وەڵامێکی ڕوونمان بدرێتەوە، بەدەر لە مەسەلەی دواکەوتنی بەغدا، بەدەر لەوەی لێرە ئیشکالاتی تارئ دروست دەبێت، هۆی دواکەوتنی بودجەمان بە تەحدیدەن پێ بوترێ، چیە بۆ ئەوەی قسە لەسەر چارەسەری بکرێت بۆ ساڵانی تر، دووەم هۆی ڕەچاو نەکردنی ئەو لەویەتی پێداویستیەکان و داواکاری وەزارەت و پارێزگاکان چیە؟، کە زۆر بە وازحی نموونە هێنرایەوە بە تونێلی مەتین لە دهۆك، لەگەڵ نەخۆشخانەیەك کە هەموو هاووڵاتیان داوی دەکەن، سێهەم، ئەو گوژمە پارەیەکی بەسەر دوو ساڵ بۆ ئەو پرۆژانەی کە لە ساڵێك یان کەمتریان دەوێت جێبەجێ دەکرێن، هۆی چیە کە بەسەر دووساڵ یان زیاتر دابەش ئەبێت،، ئەو بڕی مودەوەرە بە تەحدیدەن پێمان بڵێن بڕی مدەوەری پار چەندە؟، ئێمە بەشێکیمان لەناو پرۆژەکە دۆزیوەتەوە، ئەو سێ سەد ملیارو سێ سەدو حەفتاو چوار ملیۆنەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، ئەو سی ملیارەی قەرزی بانکی پیشەسازی پار، تکایە بۆمان ڕوون بکەنەوە، بۆچی دیاری نەکراوە، هۆی کەمی بڕی داهاتی هەرێم، ئاماژە نەکردن بە داهاتی وازحی نەوت و گومرگ و قەرزی نێو دەوڵەتی و، کۆمەکی نێودەوڵەتی و، ئەمانە وازح بکرێنەوە باشە لەناو بودجە، بڕی پارەی پەرەپێدانی پارێزگاکان، لە چوار چێوەی بودجەی گشتی هەرێم بۆچی تۆمار کراوە؟، لە کاتێکدا لە دەرەوەی بودجەیە، کە ئەوە ئەبێتە هۆی ئەوەی بڕێك لە پارە بە تەبیعەتی حاڵ زیاد دەبێت، کەلە بنەڕەتا هەژمار نەکراوە، ئەو نا هاوسەنگیەی لە دابەش کردنی گوژمە بۆ پرۆژەکان و کاتی دیاریکراو، پرۆژە هەیە لە 5٪ی بۆ تەرخان کراوە لە بڕەکەی خۆی، کە ئەمە وادەکات بە چەند ساڵێك پرۆژەکە تەواو نەبێت وەکو مەعلومە، هۆی ڕاوێژ نەکردنی حکومەت بە پارێزگاکان، بۆ جێبەجێ کردنی بودجەی پەرەپێدان چیە؟، هۆی تێکەڵ بوون و باسی پرۆژەکانی، دووبارە بوونەوەیان لە نێوان هەندێ وەزارەت، کە بە نموونە نایهێنمەوە، چونکە باس کراون لە ڕاپۆرتەکانیشدا هەیە، هۆی چیە گرفتی لاوازی و نا زانستی بوونی کوالیتی پرۆژەکان چارەسەر ناکرێت؟، لە ڕووی تەندەرکان، لە ڕووی کەرەستەکان، لە ڕووی کاری هەندەسی، لە ڕووی خشتەی کاتەوە، زۆر دووبارە بۆتەوە ئەو پرسیارانە، بۆچی وەزارەتی دارایی ئەو دەسەڵاتە ڕەهایەی هەیە لە دەست وەردانە کاری بەعزێ وەزارەتەکان، بە نموونە، تا سنووری لە 50٪ دا، دەست وەردەداتە وەزارەتی کار کە خۆیان ئیعتیرافیان کردووە بەوە، هەندێ لە پرۆژەکانی ساڵی 2010 خەرجیان سفرە، لە کاتێکدا لە ژێر جێبەجێ کردندان، ئەمە هۆکاری چیە؟، بۆچی وەزارەتی دارایی خەملاندنی داهاتی وەزارەتی گواستنەوە، یان وەزارەتی شارەوانی وەکو دوو نموونە، ڕەنگە زیاتر شتی تریش هەبێت، کەمتر لە بڕی خۆی خەملاندوویەتی، داهاتی فرۆکەخانەکان بۆچی باس ناکرێت، ئەو کورت

هێنانەی پار ئەو عجزە بەچی پڕکرایەوە؟، سەرچاوەکەی چیە؟ بۆمان ڕوون بکرێتەوە، ئایا وەزارەتی پلان دانانی بەڕێز، ڕێژەو ژمارەی پڕۆژە جێبەجێ کراوەکان یان نەکراوەکانی پاری لە لایە؟، بە نیسبەت پێشنیاریشەوە دوو، سێ پێشنیار عەرز دەکەم کە ئەگەر دووبارەش بن، تەئکیدە، تەسنیەیە لەسەر قسەی ئەو براو خوشکانە، من پێشنیارەکەم لە 30٪، ئەو سێ ترلیۆن و شەش سەد ملیارەی بەخشین و شمەك سوودی کۆمەڵایەتی، بۆ ئەو پێداویستیانەی کە پێشنیار کراون، لە 30٪ لەوە کەم بکرێتەوە، میلاکە پێشنیار کراوەکەی وەزارەتی دارایی، منیش پێم زۆرە، پێنج هەزارو سێ سەدو ئەوەندە، ئێمە بۆ تەربیەو بۆ بەعزە شوێنی تر میلاکاتمان دەوێت، ئەگەر مەجالی تیا نیە لەوە برێکی لێ کەم بکەینەوە، من پێشنیار دەکەم دیراسەیەکی زانستی جەدوای هونەری و ئابووری بۆ هەر پرۆژەیەك بکرێت، بە مەرج و بە ئەرك، ئەگەر لە یاساکان شتی وا وازحمان نیە هەتا حەدی یاسا دەرچوونیش پێویستە، کە ئەمە گرفتێکی بەردەوامی کوردستانە لە پڕۆژەکان، برێکی زیاتر بۆ ناوچە دابڕێندراوەکان، لەو بەشانەی کە ئیستیقتاعی دەکەین، کە پیای ئەچینەوە زۆر زۆر پێویستە، پێشنیارێکی تر مەسەلەی پرێنسیپی هاوسەنکی لە نێوان کەرتەکانی هەرێم، لەکاتی تەرخانکردنی بودجەی وەگەڕ خستن، کە ئەوە تێبینیە، پێشنیارەکە ئەوەیە حد الامکان، هاوسەنگی لە نێوان ئەو کەرتانە ڕەچاو بکرێت، ڕێژەی تەرخان کراو بۆ توانا سازی لە وەزارەتی پەروەردە، بە تایبەتی زەمالەو نێردە، زۆر کەمە، بە تایبەتی کە پارو ئەمساڵیش پێویستیان بەوەیە زیاد بکرێت، هەروەها میلاکاتی وزارەتی پەروەردە کە شەش هەزاری بۆ دانراوە، من وا دەزانم کەمەو وەکو ئاماژەم پێی کرد، ئەکرێت لەوەی دارایی، هەر ئەو چەند پێشنیارەم هەبوو، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

دەست خۆش سوپاس، بەڕێز صباح محمد نجیب ، کەرەمکە.

**بەڕێز د.صباح محمد نجیب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

زۆر سوپاس بۆ ئەو دەرفەتە دووبارەیەی کە پێتان داین، ئەوەی کەمن ئەمەوێت ئاماژەی پێ بکەم، لەو کاتە ئەوەیە کە ئەرکی پاراستنی سەروەت و سامانی گشتی، بە دەرەجەی یەکەم لەسەر شانی حکومەتە، بەلاَم ئەوە مانای ئەوە نیە کە پەرلەمان بۆخۆی مەسئول نەبێت، یان تاك تاکی ئەندامەکانی ئەم کۆمەڵگایە مەسئول نەبن لەو مەوزوعە، ئەوەی کە جێگەی سەرنجە ئەو پرۆژانەی کە دەبیندرێن و، لەسەر کاغەز نووسراون هەمووی دڵخۆش کەرە، بەلاَم بەتەنها بوونی ئەم پڕۆژانە لە نەخشەو لە خەیاڵ دانی حکومەتی هەرێمدا، کافی نیە بۆ ئەوەی ئێمە دڵ خۆش بکەین، بە داهاتووی هەرێمی کوردستان، بەڵکو گرنگ ئەوەیە ئەو پڕۆژانە ببن بە هەقیقەت و ببن بە واقیع، پرسیار ئەوەیە بۆچی پڕۆژەکانی ئێمە، ئێستاش لەبەر دەستمان پڕۆژەی ساڵی 2003 و 2004 و 2005 و2006 هەیە، ئێستاش پڕۆژەی بەردەوامامان هەیە کە حەجمەکەی نەوەت وچوار لاپەڕەیە، ئەوەی ئەمساڵیش ئەگەر بچێتە سەر بەم شێوەیە بڕوات، هەموو شتەکان بخەینە سەر شانی حکومەت، ئەی باشە ئێمە بۆ موراقەبەی ئەوە نەکەین،

گیرو گرفت و ئاستەنگی بەردەم جێبەجێ کردنی ئەو پرۆژانە لە کوێ دایە، بۆیە ئەبێت تەئکید بکەینەوە لەسەر ئەوەی وێڕای پەسەند کردنی ئەمانە کە شتی باشن، ئەبێ تەئکید لەسەر جێبەجێ کردنیان بکەینەوە، بە پێی ئەو مواسەفات و ئەو ستاندارده نێوە دەوڵەتیانەی کە هەیە، بۆیە ئەبێت تەئکید بکەینەوە لەسەر جۆری ئەو کۆمپانیایانەی کە ئەو پرۆژانە ئەگرنە ئەستۆ، چاودێری جێبەجێ کردنیان، ئەوجا ڕۆتینی ئیداری بەڕاستی ئەبێت کەم بکرێتەوە بۆ جێبەجێ کردنیان، دواکەوتنی بودجەش تەئسیراتی خۆی هەیە، زروف و ئاو هەواو کەش و هەوای کوردستانیش تەئسیری هەیە لە جێبەجێ کردنیان، ئێمە بەڕاستی ئەو پرسیارە دەکەین، لەباتی پرۆژەی پێشنیار کراو، تەئکید بکەین لەسەر جێبەجێ کردنی ئەو پرۆژانەی کە بەردەوامن بۆ ئەوەی لە کاتی خۆیدا جێبەجێ بکرێ، باشتر نیە؟، ئینجا دێمە سەر خاڵی میلاکات، دیاری کردن و تەرخان کردنی میلاکات شتێکی باشە، شتێکی لازم و پێویستە، بەڵام بەتەنها کافی نیە ئێمە کێشەی دامەزراندن حەل بکەین، ئەگەر فیعلەن ئەنجومەنێکی ڕاژەمان نەبێ کە بە دوور لە مەحسوبیەت و مەنسوبیەت، دوور لە گیانی حیزبایەتی کار بکات، نموونەی زۆرمان هەیە کە ئەو هەموو دامەزراندنانەمان هەبووە، بەڵام بەشی زۆری مەبەستی خۆی نەپێکاوە، گرنگی بە دەستەی ژینگە نەدراوە وەکو پێویست، لە حاڵێکدا ئێستا کەرتی ژینگە لە هەموو دونیادا گرنگیەکی زۆری پێ دەدرێ، بۆیە من پێشنیار دەکەم ئاوەڕێکی جیددی لەو بوارە بدرێتەوە، تەخصیصی دەرماڵە بۆ فەرمانبەرانی بواری داد و دادوەری بە شێوەیەکی یەکسان کە ئێستا خەبەرمان پێ گەیشتووە کە هەموویان داوای ئەکەن، کە هیچ جۆرە جیاوازی و ئیمتیازێك لەو بوارەدا نەمینێت، سەرفی دەرماڵە بۆ دەروونناسان و کۆمەڵناسان و توێژەرانی کۆمەڵایەتی و توێژەرانی دەروونی کە تەنها دوو توێژێکن کە بەو شێوەی کە پێویستە و حەقی خۆیان گرنگیان پێ نەدراوە، ئاوەڕدانەوەی جیددی لە کەرتی تەندروستی و خەستەخانە پسپۆریەکان، ئێستا زۆرێك لە سەروەت و سامانی ئێمە لە نەخۆشکانمانەوە ئەچێ بۆ دەرەوەی کوردستان، داواکارم کە ئەوە تەکنولوجیای پزیشکی بێتە کوردستان و پشتگیریەکی تەواو بکرێ بۆ ئەو بوارە، خاڵێکی تر کێشەی گەورەی ئێمە زیاتر لەو بوارانەدا بەردەستە دەبێ کە دەڕواتە بواری تەجەمولاتەوە، بواری تەشریفاتەوە، حیمایەی زۆرەوە، بەخشینی بێ ڕەوای سەروەت و سامانەوە، من زۆر داوا ئەکەم لە وەزارەتی دارایی بەراستی لەو بوارانەدا کە پەیوەندی بە بەخشین و بە مینحە و بەو مەسائیلانە هەیە، زۆر دەستیان توند بێ، تەقەشوف جێبەجێ بکەن، بەڵام لەو بوارانەی کە پەیوەندی بە جێبەجێکردنی پرۆژەکان هەیە، پرۆژە ئەساسیەکان هەیە ئاسانکاری باش بکەن بۆ وەزارەتەکان، ئاخیر خاڵ کە پێویستە ئاماژەی پێ بکەم، داواکارم لە پەرلەمانی خۆمان کە ئێستا ئەو دەرفەتەمان پێ دراوە، بە هەماهەنگی لەگەڵ حکومەت کە ئیصلاحاتی پێویست لە ئەبواب و لە فسوڵی موازەنەدا بکەین، چونکە ئەوە ئەرکی سەر شانی ئێمەیە و هیچ موجامەلەیەك لەو بوارانەدا نەکەین، هیوادارم هەموو لایەك سەرکەوتوو بن و، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێز سەروەر عبدالرحمن عمر فەرموو.

**بەڕێز د. سەروەر عبدالرحمن عمر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەم بودجەی لەبەر دەستماندایە، گفتوگۆی لەسەر دەکەین و چەند ڕۆژێکە خەریکین، دیارە بودجەی خەڵکە و پێویستە لە خزمەتی خەڵك دابێ، ئێمەش وەك ئەندامانی پەرلەمان بێگومان نوێنەرانی خەڵکین و ئەرکی سەرشانمانە بەرگری لە راست و رەوانی بودجەکە بکەین، ئەگەر بودجەیەکی باشە، ئەوە پێویستە دەنگی لەسەر بدەین و پاڵپشتی لێ بکەین، خۆ ئەگەر کەم و کوڕیەکیشی تێدا بێ، ئەوە پێویستە هەر لەو هۆڵەدا دەستنیشانی بکەین و چاکی بکەینەوە، بێگومان کاری وردیشی لەسەر کراوە و زیاد لە دوو مانگە ئەو بودجەیە لە پەرلەمانی کوردستاندا لەبەر دەستی یەکە یەکەی ئەندامانی پەرلەمان و لێژنەکاندایە، پرۆژە بە پرۆژە و خاڵ بە خاڵی تاوتوێ کراوە و ئەو هەڵە و کەم و کوڕیانەی کە تیایدا دەستنیشان کراون و لە راپۆرتی لێژنەی داراییشدا کە خۆی لە کۆی هەر 19 لێژنەی پەرلەمانیدا دەبینێتەوە، ئەم کەم و کوڕیانە دەستنیشان کراون، ئەم بودجەیە سەرباری چەند کەم و کوریەك کە تیایدا بوو، ئەوانیش لەم هۆڵەدا و لەسەر دەستی ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمان دەستنیشان کران و چاك کراونەتەوە و کۆمەڵێك خاڵی ئیجابی زۆر گرنگی تێدایە کە پێویستە لەبەر چاو بگیرێت، یەکێك لە خاڵە پۆزەتیفەکانی بودجەکە ئەوەیە کە زۆر شەفافانە حکومەت ئامادەی کردووە ناردویەتییە بەردەم پەرلەمانی کوردستان و بەسەرجەم وەردەکارییەکانیشەوە لە سایت و چەند رۆژنامەیەکیشدا بڵاوکرایتەوە و هەر تاکێکی ئەم هەرێمە دەتوانێت بیبینی و بیر و ڕای خۆی لەسەر بدات، واتا بودجەکە شەفافانەیە و لە تاریکیدا نیە، لە ژێر ئەو رۆشناییەدا ئێمەش دەتوانین باشتری بکەین، کە پێمان وایە لە هیچ وڵاتێکدا لە پەسندکردنی بودجەدا ئەم جۆرە وردەکارییە ناچێتە پەرلەمانەوە، چونکە ئەم وردەکارییانە دەتوانم بڵێم ئەمە کاری دیوانی چاودێرییە ، بۆ ئەوەی ئێمە لە داهاتوودا تووشی ئەو کێشانە نەبینەوە، هەر لێرەوە پێشنیاری ئەوە دەکەم کەوا دیوانی چاودێری دارایی کاراتر بکرێت، پێم وایە ئەو بودجەیە خاڵی بەهێزتری زۆر تێدایە، لایەنی کەم قۆناغێك ڕەوشی ئاوەدان کردنەوەی کوردستان بەرەو پێشەوە دەبات، دەیان پرۆژەی ستراتیژی گرنگی تێدایە کە مایەی دەستخۆشین، لەوانە تەرخان کردنی بڕی 60٪ بودجەی ئیستیسمار کە ترلیۆنێك و 14 ملیار و 168 ملیۆن بۆ کارەبا لە هەرێمی کوردستاندا، خۆتان دەزانن کارەبا پێوەستیەکی حەیاتیە لەم سەردەمەدا و حکومەت هەنگاوی بۆ بنبڕ کردنی ئەم کێشەیە ناوە کە دەتوانین لە بواری بودجەدا ئەمساڵ بە ساڵی کارەبا و ساڵی رووناکی ناوزەند بکەین، لە پاڵ ئەمەدا بڕێکی زۆر لە پارەی تەرخان کراو بۆ سیلەع و خەدەمات و صیانەی ئەمساڵ بۆ بنەبڕ کردنی کێشەی کارەبا تەرخان کراوە، کە دەبوایە ئەمە جێگەی دەستخۆشی و دڵخۆشی بێت، جێگەی دەستخۆشی لێ کردن بێت نەك هەڵای لەسەر دروست بکرێت کە پشکی شێری تیایدا کە 53٪ سەرجەمی ئەم برە بۆ کارەبایە، ئەمە هی ئەوە نیە موزایەدەی لەسەر بکرێ و یەك لە خاڵە باشەکانیەتی، یەکێکی تر لە خاڵە پۆزەتیفەکانی ئەوەیە کە گرنگی بە ئاوەدان کردنەوەی دێهاتەکانیش دراوە و بڕی 149 ملیاری بۆ تەرخان کراوە، ئەمەش قوەتێکی باشە بۆ پرۆژەکانی ساڵانی

رابردوو كه پاره تەرخان كرابوو بۆ بەندا و ئاو وئاوەڕۆ كه پێویسته ئەمه درێژەی هەبێت، هەروەها ئەم بودجەیه چاوەڕێ دەكرێ دوای پەسند كردنی، بووژانەوەیەكی زیاتر روو لە كوردستان بكات، كۆمەڵێك خاڵی بەرچاوی تێدایه كەوا دەبێته مایەی ئەوەی كه گوزەرانی خەڵك باشتر بكات، رێژەی بێكاریش كەمتر بێتەوە، لەوانە دامەزرانـدنی 25 هەزار فەرمانبەر كه ئێمه پێشنیارمان كردووە ببێت به 26 هەزار، چونكه 1000 فەرمانبەری بۆ وەزارەتی پەروەردە زیاد بكرێ به تایبەت ئەوانەی كەوا توێژەری كۆمەلایەتین، سەرباری ئەوەی پێشنیاری ئەوە دەكەم كه دەرماڵەكەیان زیاد بكرێ، هەوروەها پێدانی سولفەی زەواج بۆ پێنج ملیۆن و پێدانی سولفەی عەقار بۆ20 ملیۆن، پێدانی قەرزی لاوان به 15 ملیۆن و پێدانی قەرزی كشتوكاڵ، قەرزی پیشەسازی، زیادكردنی مووچەی تۆری كۆمەلایەتی بۆ 150 هەزار، زیادكردنی دەرماڵەی هێزەكانی ناوەخۆ، ئەمانە و چەندانی تر، سەرباری ئەنجامدانی 2362 پرۆژەی بەردەوام و 543 پرۆژەی پێشنیازكراو، جگه لەو پرۆژانەی كه لە پەرەپێدانی پارێزگاكاندا پێشنیار كراون، ئەمانه هەمووی لە كوردستاندا كه دەبێته مایەی ئەوەی دەیان هەزار گەنج و لاوی ئەم ولاتە دەرفەتی كاری بۆ برەخسێت، سەرباری ئەوە، هەڵمەتی دروست كردنی قوتابخانەكان بەردەوامە و لە بودجەی ئەمساڵیشدا هەروەك لە لیستی كوردستانیدا پێشنیار كراوە، پرۆژەی توانا سازی بەردەوامە، ئەوەی تێبینی دەكرێ كه بودجەی ئەمساڵ بەراورد لەگەڵ ساڵی رابوردوو، زۆر باشترە، ئەوەیه كه لە مەوجوداتی غەیره مالیدا 20٪ كەم كراوەتەوە، لە ئیعاناتدا 78٪ كەم كراوەتەوە، راسته مینەح زیادی كردووە، بەلام 20٪ بۆ پەرەپێدانی دێهاتەكان تەرخان كراوە، لە سیلەع و خەدەمات و صیانەدا لە 53٪ بۆ كارەبا رۆیشتووە، لە پەسندكردنی بودجەدا پێویسته هەمووومان هاوكار بین لە پێناو پەسندكردنی بودجەیەكی شیاو بۆ هەرێمەكەمان، هەم حكومەت و هەم پەرلەمان، به دەسەلات و ئۆپۆزیسیۆنەوە، چونكه ئەگەر جیاوازیش بین و ناكۆكی سیاسیشمان هەبێ، بەلام لە هەندێ مەسەلەدا، بەلام دەبێ كۆك بین لەسەر ئەوەی كه هەموومان لە خزمەتی خەڵكدا بین، لەو خاڵەدا هەموومان بەیەك دەگەینەوە كه خزمەتی خەڵكه، پێویسته لەم بودجەیەدا هەست به دەرەنجامه باشەكانیان بكەین، كه پەیوەندی به ژیانی خەڵكەوە هەیە، وەكو پەرلەمان دواتر موتابەعەی بكەین و به دواداچوونی زیاتری بۆ بكەین، سەرباری ئەوەی پشتگیری لەو پێشنیارانه دەكەم كه خاتوو سۆزان بەناوی لیستی كوردستانیەوە خستیه روو، كه داوای كەمكردنەوەی 10٪ ی سەرجەمی بودجەی تەشغیلی دەكات و ئەوەی هەستیشی پێ دەكرێ ئەوەیە، كه هەموو فراكسیۆنەكان كۆكین لەسەر ئەو گۆڕانكاریانە كه بكرێت، بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان، پێم باشه ورد لە بودجەكه بڕوانین و هاوسەنگی نێوان سێكتەرەكان ڕابگرین، نەك قسەكانمان ناكۆكی تیادا بێت، بۆ نموونە هەموومان داوای كەم كردنەوەی بودجەی تەشغیلی دەكەین، كەچی لەبەرامبەردا هەمووشمان بەجۆرێك لە جۆرەكان داوای زیاد كردنی دەكەین، ........... .

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، كاك برهان فەرموو.

**بەڕێز برهان رشید حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**من ئەم پێشنیارانەم بۆ جنابتان هەیە و وەرەقەکەش دوایی تەسلیمی بەڕێزتانی دەکەم، یەکەم ئەو زیاد کردنەی موخەسەساتی تەواوی حقوقیانی هەرێم بگرێتەوە کە لە هەندێ شوێن لە 30٪ یە و لە هەندێ شوێن 50٪ یە، ئەو کارمەندە حقوقیانەی لەدەوائیری دەوڵەت یاخود وەزارەتی داد یاخود مەجلسی قەزا کار ئەکەن هەموو بەیەك چاو سەیریان بکرێت و 50٪ یان بۆ زیاد بکرێت، دووەم تەئکید دەکەمەوە کە پێویستە 50٪ی بابی بودجەی تەشغیلی بەدەر لە مووچە ببڕدرێت کە دەکاتە (یەك ترلیۆن و حەوت سەد ونەوە و نۆ ملیار دینار) بەمەش ئەم کارانە دەکرێ، سێیەم/ ئەم کارانەی کە دواتر باسی دەکەین، سێیەم/ بیست و پێنج ملیار دینار تەرخان بکرێت بۆ مەجلسی قەزا بە مەبەستی دروست کردنی خانوو بۆ حاکمەکان، لەبەرئەوەی بەڕێز لە هەموو وڵاتاندا حاکمەکان ڕێزێکی تایبەتیان لێ ئەنرێ و مەعیشەتیان چاك دەکرێت بۆ ئەوەی بتوانن باشتر ئیشی خۆیان بکەن، چوارەم/ (بڕی پێنج ملیار دینار) بۆ مەجلسی قەزا تەخسیس بکرێت بە مەبەستی دامەزارندنی سحە کە ئێمە لە سلێمانی و لە زۆر شوێن ئەزمەی کەمی حاکممان هەیە، پێنجەم هاوتاکردنی مووچەی پۆلیس و پێشمەرگە و ئاسایش بە هاوتا عیراقیەکانیان کە وەزعی ماددیان زۆر زۆر خراپە و ماددەی 46 و 47 ی یاسای ڕاژەی پێشمەرگەیە کە لە یاسای ساڵی 2008 ەوە دەبوایە جێ بەجێ بکرایە، شەشەم لە پرۆژە پێشنیار کراوەکان دا شارۆچکەی چۆمان هیچ پرۆژەیەکی بۆ دیاری نەکراوە و چەندان ئیتساڵمان پێوە کراوە کە خەڵکی ئەوێ گلەیی دەکەن کەحەقە شتێکیان بۆ بکرێت، حەوتەم تەخسیس کردنی بڕی 40 ملیار دینار بۆ دروست کردنی وەرزش کە جۆراو جۆرەکان بۆ هەر سێ پارێزگاکە لەبەرئەوەی ئێمە هەموومان ئەمڕۆ باش دەزانین پەرلەمانێکی گەورەی وەکو فەرنسا کە مونتەخەبی ریازیەکەی لە یاری دا فەشەل دێنێ پەرلەمان جەلسەی لەسەر ئەوە دەکات، بەداخەوە ساڵی پار ئێمە 10 ملیار دینارمان تەرخان کرد بۆ دروست کردنی وەرزش کە ئیهتمام بە وەرزش بدرێ هیچی لێ نەکرا، یەعنی بەڕاستی ئێستا پێناسەی میللەتان تەنها ئەوە نیە بە هێزی سەربازی و ئابووری ناوبرێن و بنازن، بە فەن ئەنازن و بە وەزرشەوە دەنازن، بۆیە من داواکارم 40 ملیار دینار تەخسیس بکرێت بۆ هەر سێ پارێزگاکە و بەشی کەرکووکیشی لێ دیاری بکرێت و بە مەبەستی ئەوەی کە ئیهتمام بە وەرزش بدرێت بە هەموو ئەنواعەکانیەوە بۆ وەرزشگاکان، هەشتەم/ داواکارم بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان ساڵی وایە سێ هەزار و چوار هەزار، ئیحسای پار سێ هەزارکەس تێ پەڕیوە لە حادیسەی مروردا لە هەرێمی کوردستان دا تیا چووە، لەبەرئەوەی کە باران ئەباری و کە جەو تەواو نابێ بەهۆی خراپی ڕێگاکانەوە و بە هۆی نەبوونی ئیشارەتی هاتوچۆ ئەم هەمووحادیسەیە ڕوو دەدات، بۆیە من داواکارم کە من چەند وڵاتێکم دیوە لە خراپترین شوێندا چەندەها ئاوێنە و عەلامەتی هاتوچۆیان داناوە، داواکارم 10 ملیار دینار لەو پارەیە ببڕدرێت بۆ هێماکانی هاتوچۆی تەواوی ڕێگەکانی ناوخۆ و دەرەوەی شارەکان تەخسیس بکرێت، ماددەیەك دابندرێت بەڕیز سەرۆکی پەرلەمان، کە بە هەموو شێوەیەك نەقلی موازەنەی ئیستسماری بۆ سەر**

موازەنەی تەشغیلی مەمنوع بكات، لەبەرئەوەی بەڕاستی هەزارو شەش سەد خانووی ئەنفالەكان كە پار پارەی بۆ تەخسیس كراوە یەك دیناریشی سەرف نەكراوە، یەعنی بەڕاستی ئێمە واجبی هەر هەموومانە چی ئۆپۆزسیۆن چ لیستەكانی دیكە........... .

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

توخوا ئەوەی ئەنفالەكان لە كوێیە كە بۆی كراوە بە نووسراو، بەدەقیقی بیدە بۆ ئەوەی بزانین موتابەعەی بكەین، چونكە ئەگەر دۆكیۆمێنتێك هەیە، لیجانی پەرلەمان واجبی هەموو فراكسیۆنەكانە بەدوای ئیش و كاری خەڵكی لێ قەوماوی وەك ئەنفال بڕوا، چونكە نابێ زوڵم لەكەس بكرێت و، بەڵام بە دۆكیۆمێنت دێتە  لیژنەكە موناقەشە بكرێت و بێتە لامان لەگەڵ حكومەت دابنیشین و ئیستجوابی ئەو وەزیرەش دەكەین كە بەرامبەر كەسوكاری ئەنفالكراوەكان موقەسرە، سوپاس، كاك برهان فەرموو.

**بەڕێز برهان رشید حسین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من یەك سەعات پێش ئێستا ئیتساڵم پێوە كراوە لە پیرەمەگرون كە دوو سەد خانوو بۆ ئەنفالەكانی پیرەمەگروندروست بكرێت دەڵێ هەر هیچی تیا نەكراوە، یەعنی ئەمە واقعە لە چەمچەماڵ و پیرەمەگرون و لە دوكان و لە چەند جێگەیەكی تر هیچی نەكراوە، ..... .

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك برهان بە تەلەفۆن چاوەكەم جەنابت ئەندام پەرلەمانی دەبێ دۆكیۆمێنتت هەبێ و بڕۆیت و بزانی وایە وانیە؟ ناكرێت هەروا بە تەلەفۆنێك و بێی لەناو پەرلەمان باسی بكەی، چاوەكەم ئەوە نابێ، كاك برهان فەرموو.

**بەڕێز برهان رشید حسین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

حكومەت ئینكاری ناكات كە نەكراوە، خاڵێكی ترم، من جارێكی تر پێشنیار دەكەمەوە وەزیری دارایی و تەختیت خشتەیەك بە داهاتی هەمەجۆری هەر سێ پارێزگا پێشكەش بكەن و ئاو و كارەبا و زەریبەی دەخل و زەریبەی عەقار و مرور و گومرگ و فرۆكەخانەی هەولێر و فرۆكەخانەی سلێمانی و مەصفای نەوتی خەبات و مەصفای نەوتی بازیان كە هەر  ئەو مەسفایانەن زۆرترین داهاتیان هەیە ڕۆژانە، من داواكارم خشتیەكمان بدەنێ بەو داهاتەی كە خراوەتە بەرچاومان، بەڕێز علمیەن موناقەشەكردنی بودجە لە هەموو دنیادا بەس موناقەشەكردنی خەرجی نیە، جارێ پێش ئەوە موناقەشەی داهات دەكەی، ئێمە خشتەی داهاتمان بۆ نەهاتووە بە وردی، خاڵی یانزەم/ زیاد كردنی سلفەی زەواج، بەڕێز شتێك هەیە ئەمڕۆ دەبێ ئێمە ئەو پارەی كەبۆ سلفەی زەواج دایدەنێین لەئاستی تەتەوری ژیانی ئەمڕۆی خەڵكا بێت، دوو ملیۆن ونیو چیە بۆ خەڵكی دانراوە، من داواكارم بە بێ هیچ موزایەدەیەك هەموو فراكسیۆنەكان لەبری 5 ملیۆن بۆ 7 ملیۆن و شتێكیان بۆ بكەین، دوانزە/ بە هەمان شێوەی بەغدا سلفەی عەقار بكرێتە 30 ملیۆن

دینار، لەکاتێك دا لە وەسەت و جنوبی عیراق مەوادی ئینشائی هەرزانترە 30 ملیۆن دینـاری هـەبێ، بـەرێز دەربارەی ڕێگەدان داواکارم ڕێگە بدرێت لە وەزارەتی دارایـی بـە بانکـە عیراقیـەکان بێنـەوە بەهـەمان نـاوی جارانیانەوە فەرع بکەنەوە لەبەرئەوەی ئیمتیازێکی زۆر دەدەن بە خەڵك و لە قەرز و لـە سلفە بـۆ ئـەوەی بتوانین ئەوە بکـەین، شـانزەم/ خـاڵێکی زۆر مـوهیم هەیـە کـە داواکـارم پارەیـەکی زۆر بـۆ ڕەقابـەی مـالی و هەیئەی نەزاهە تەخسیس بکرێت، لەبەرئـەوەی ئـەو دووانـە بتـوانن ئیشی خۆیـان بکـەن، خـاڵێکی تـر لـە ئیستمارەی ئیعدادی موازەنـەی جاری موحـەدەدی حکومـەت سـاڵی 2011 لەلاپـەڕە 15 دا دوو حـەقلی تیـا هاتووە یـەکێکیان لەنەفـەقات تەشغیلی دا نووسـراوە حـەقڵی ڕەئس مالیەکـەی 149 ملیـار دینـارە ئایـا لـە نەفـەقاتی تەشغیلی دا ڕەئـس مـالی چـی دەکـات؟ دووەمیـان/ هـەر لـە نەفـەقاتی تەشغیلی دا لەلاپـەڕە 15 حەقلێکی تیایە بەناوی بـەرنامجی تەنمیـەی ئـەقالیم و ئـەعمالی موحافـەزات، بـڕی 149 ملیـار دینـارە، لـە کاتێك دا لە ماددەی 2 ی بودجەی عیراق لە خاڵی 1 لە زمنی دوو ترلیۆن و شەش سەد وشەست و چوار و سێ سەد و پەنجاو چوار ملیۆن ئەمە پارەی بۆ تەخسیس کراوە لە هەرێم ئەمەش ئەوراقەکەیـەو دەیخەمـە بەردەستی جەنابتان.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، تکایـە تیکـرار نـەبێ رجائـەن، ئەوانـەی کـە جـاری تـر وتـراوە دووبـارەی ببێتـەوە وەختەکـەی خۆشتان دەڕواو موکەرەرە، پەیمان خان فەرموو.

**بەڕێز پەیمان عزالدین عبدالکریم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بـەڕێز سـەرۆکی پەرلـەمان ڕاستیەکەی ئێمـە ئـەوە چـەند ڕۆژێکـە قسە لەسـەر وردەکاریـەکانی پرۆژەکـان دەکەین کە بەفعلی هەرچەندە ئێمـە پێمـان خـۆش بـێ یـان نـا ڕۆشـتینە نـاو وردەکاریەکانـەوە ئەگـەر چـی چوونە ناو وردەکاریەکان ئیشی ئەندامی پەرلەمان نیە، چونکە ئێمە ئەوا سێ ڕۆژەو چەندین ڕۆژی تـریش کە نزیکـەی مانگێکـە ئیشی کارمەنـدی دەزگـای چـاودێری دارایـی دەبیـنین کـە وەکـو مودەقیـق تـەدقیقمان کردووە لەناو بودجەکەدا کە بەڕاستی خاڵی یەکەم ئیشـی ئێمـە نیـە و بـۆ ئـەوەی سـەرمان بپـەڕژێ لەسـەر ختوتی عام و مەبادیئی ئەساسی بودجە قسە بکەین، بۆیە من لەسەر ئـەو مەبدەئـە ئەساسـیەوە ئێمـە لـەم هۆڵەدا کۆمەڵێك ڕەخنەی زۆرمان گرت لەناو ڕاپۆرتەکەی لیژنەی دارایی دا کۆمەڵێك ڕەخنەی زۆری تیایـە کە هی زۆربەی ئەندامانی پەرلەمانە، ئەمانە کۆمەڵە ڕەخنەیەکن کە بەڕاستی چاککردنەوەی یـا تەسـەوری ئێمە بۆ ئەوەی کە لەناو هۆڵی پەرلـەمان دا لـەڕێی ئـەو دوو وەزیـرە بـەڕێزەوە یـا بـۆ خۆمـان و ئەنـدامانی پەرلەمان چەند چاکی بکەینەوە، من پێموابێ تۆزێ ئەچینە خەیاڵەوە، لەبەرئەوەی ئەم بودجەیە بـە پێـی ئەو ڕەخنانەی کە لەبەردەممان دایە و ڕەخنەی سەرجەم فراکسیۆنە جیاوازەکانەوەیـە و بـە ئۆپۆزسـیۆن و کوردستانی و فراکسیۆنەکانی کەوا ڕەخنەکان لە شوێنێکەوە بودجەکـە دەسـتی بـەیتێ هەڵئـەوەرێ، یـەعنی هـی ئـەوە نیـە کـە ئـاوا بـە ئاسـانی لـەناو پەرلەمانـدا چـاك بکرێتـەوە، لـە کاتێکـدا کـە ئێمـە دەبووایـە و

موشکیلەیەکی زۆر ئەساسیمان هەیە باس لە زیادەی ترلیۆنێك لە نەفەقات دەکەین، ئەو پرۆژانەی کە پارەیان بۆ سەرف نەکراوە و گەڕاونەتەوە و نەگەڕاونەتەوەو پارەکەیان دیار نیە ئەویش نزیکەی 2ـ3 ترلیۆنە، واتە ئێمە باس لە مەبلەغێکی ئەوەندە گەورە دەکەین لە کاتێك دا کە عەجزێکیمان هەیە بە ترلیۆنێك و ئەوەندە ملیار مەزەندە کراوە، مەفرز بوو ئێمە لە ختوتی عامی بودجەدا لەسەرۆکی پەرلەمانەوە هەتا هەموو ئەندامانی پەرلەمانیش هەردوو ئەو وەزیرە بەڕێزەی کە لێرەن و ڕاپۆتەکەی لیژنەی دارایی شینی حسەن و حوسینمان بۆ پڕکردنەوەی ئەو عەجزە بکردایە، لەبەرئەوەی عەجز یەکێکە لە کارەساتەکانی بودجە ئەمە ئەگەر ئاماژە بێت بۆ شتێك ئەوا بێ خەم لەو عەجزە دانیشتووین تەوزیعی دەکەین لەم نەفەقەیە هەڵی ئەگرین دەیدەین، بەم نەفەقەیەی تەشغیلی و دابەشی دەکەین و مەعاشی ئەو زیاد دەکەین و پارەی ئەو زیاد دەکەین، ئەگەر ئاماژە بێت بۆ شتێك ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە هەموومان بە غیرە موباشر جۆرێك لە دڵنیاییمان هەیە لەوەی کە ئەو عەجزە حەقیقی نیە، ئەمەش دیسانەوە کارەساتێکی تری ئابووریە کە لە بودجەدا هەیە بۆیە من بۆ چارەسەرکردنی ئەم کارەساتانە چەند پێشنیارێك دەخەمە ڕوو بۆ ئەوەی بابڵێین ئەگەر دەنگ لەسەر یەکێکی نەدرا ئەوانەی تر بەدیلمان هەبێ، پێشنیاری یەکەمم ئەوەیە کە زووترین کات لەچەند ڕۆژێك سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران و وەزیرە پەیوەندارەکان بانگ بکرێن، چونکە ئەمانە ڕەخنەگرییەك و کەموکوڕیەك نین کە ئاوا بە ئاسانی ئێمە پێمان وابێ بە چاو پیاخشانێك دا دەتوانین لێرە چارەسەری بکەین، بانگ بکرێنە ئێرە بۆ ڕوونکردنەوەی حاڵەتێك ئەم هەڵانە وەکو باسم کرد هەڵەیەك نین کە ئیللا شارەزای ئیقتساد درکی پێ بکات، ئەوەندە سادەوساکارن و ئەوەندە تێ پەڕیوە کە ئێمەنەشارەزا لەبواری ئیقتسادا دەیان ڕەخنەمان دەرکردووە، دەیان کەموکوڕیمان دەرکردووە، بۆیە بۆ پرسیار کردن و ڕوونکردنەوەی حاڵەتێك ئایا حکومەتی هەرێم بەڕاستی ئەوەنە نەشارەزایە دوور لەڕووی ئەوان کە ئەم هەموو ڕەخنەیەی بەسەر دا تێ پەڕی بێ، یان ئەوانیش موسەیرن لەوەی کە ئەم غەڵەتانە ڕۆشت بێت پێیان تێ پەڕێندرابێ، لەمەیان دەکەوینە بەردەمی دوو حاڵەتەوە ئەگەر ئێمە بەڕاستی ئەندامی پەرلەمان بین و بمانەوێ نوقتەی فاسڵ دابنێین بۆ بودجە و ساڵ بە ساڵ نەیخەینە ساڵەکەی تر ئەم کەموکوڕیانە بۆ ساڵی داهاتوو ڕەچاو بکرێت و ئەوەی کە لە خولی تریش تێی ئەپەڕێنێ و هەمووی وا دەرئەچێ بۆ دانانی نوقتەی فاسڵ مەفروزە لە لێ پرسینەوەمان لە حکومەت ئەگەر بۆ خۆی ئەوەندە بە نەشارەزایی و ڕووی دەمم لەو دوو وەزیرە بەڕێزە نەبێ بێ سەلیقەیی ئەمەی تێ پەڕاندووە؟ ئەمە جێگەی ئەوەیە کە متمانەی لێ وەربگیردرێتەوە، هیچ جێگەیەکی تر نیە، ئەگەر موسەیریشە پێی دەکرێ، ئەبێ خاڵی فاسڵ دابندرێت دیسانەوە بۆ ئەوەی بەرپرسیاریەتی ئەوەڵ و ئەخیر نەکەوێتە ئەستۆی ئەو وەزیرانە کەڕەنگە هیچ دەستیان لەو کەموکورتیانە نەبێ، ئەم پێشنیارە پێشنیاری یەکەمم بوو، پێشنیاری دووەمم، ئەوەیە لەبەرئەوەی کە من گومانم هەیە لەوەی داوای گەڕانەوەی بودجە بکەم، بودجە چارەسەر بکرێت، لەبەرئەوەی ئێمە تەجروبەی یەکەممان هەیە ساڵی پار داوای گەڕانەوەی بودجەمان کرد هەرچەندە تەسدیق نەکرا، دەبووایە ئەمە بەخاڵ وەربگیرایە لەلای

حكومەتەوە كە ئەم جار دێتەوە ئەم غەڵەتانە تیكرار نەبێتـەوە، نەفسی غەڵەت چـەند بـارەیی دیسانەوە تیكرار بووەتەوە كەواتە گێڕانەوەی بودجە بۆ حكومەت موسبەقەن كـە مـن دەزانم و دڵنیـام لـەوەی نیـەت نیە لەوەی كە ئەو بودجەیە چاك بكرێت و ئیستفادەی نابێت، بۆیە من پێشنیاری دووەمم ئەوەیە كـە ئـەم بودجەیە ئەبێ باس لەوە نەكەین كەموكوڕیەكان پڕبكەینەوە باس لەوە بكەین كە بیگۆڕین، چونكە سەراپا ئەو كەموكوڕیانەی كە باسمان كردووە متمانەی سەر لـەنوێ گـۆڕینی بودجەیـە بۆیـە لـەناو پەرلەمانـدا بـە ئامادەبوونی وەزیرە پەیوەندارەكان بە بودجەوە سـەرلەبەری ئـەو بودجەیـە بگـۆڕێ، گـرنگ ئەوەیـە تێكـڕا موتەفق بین، چۆن موتەففقین لەسەر ئەوەی كەموكوڕی هەیە، موتەفق بـین لـەوەی كـە پەسـەندی نەكـەین، چونكە عیبرە بە نەتیجەیە و عیبرە بە ڕەخنە گرتن نیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك سالم فەرموو.

**بەڕێز سالم تۆما كاكۆ:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من قسەم نەما، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك سمیر فەرموو.

**بەڕێز سمیر سلیم امین بەگ:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

منیش قسەم نەما، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك سالار فەرموو.

**بەڕێز سالار محمود مراد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بـەڕێزان ئەنـدامانی پەرلـەمان، هـەمووان تـێ گەیشـتووین كـە كوردسـتان لەبـەردەم زۆربـوونی ڕێـژەی دانیشتووان و گەشە كردنی شارو شارۆچكەكان و ئـاوەدان بـوونی لادێكانـە، ئەمـەش لـە حكومـەت و لایەنـە بەرپرسیارەكان دەخوازێ كە ئاوڕدانەوەیان هەبێ بۆ تێركردنی پێداویستیەكانی خەڵكی كوردسـتان لـەباری ماددی و مەعنەوی دا، مـن ئومێـد دەكـەم ئـەم بودجەیـە كاتێـك پەسـەند بكرێت كـە بتـوانین هـەموو ئـەو داخوازیانەی تیادا بەدی بهێندرێ كە كۆمەڵانی خەڵكی كوردستان لە بۆنە جیاجیاكان دا لێمانیـان داخـوازی كردووە، لەڕێگەی ڕاپۆرتەكانی لیژنەكانی پەرلەمانیشەوە كە هەمووی سەرنجەو تێبینی گونجـاون كـە دراوە بەوەی كە كەلینەكان پڕبكرێنەوە و بە نەزەری ئیعتبار وەربگیرێـن، تەسـەورم وایـە خۆشـبەختانە ئـیرادەی زیندوو هەیە بۆ چاكسازی و تێ پەڕاندنی كەلێنەكان، لەمەشـدا تەسـەورم وایـە ئێمـە لـەوەدا موفـق دەبـین

دەتوانین خزمەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان بکەین کە بەشێکی باشی ئەوەی ئیمکانە لە کەلینەکان تێ بپەڕێنین، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان من بەخێرایی چەند پێشنیارێك دەخەمە ڕوو، بایەخدان بەڕێگاو بانەکان ئەولەویەتی زیاتری بدرێتێ، چونکە یەکێك لە مەترسیەکانی لەدەستدانی ژیانی هاووڵاتیانی کوردستان لە ئێستادا خراپی ڕێگاوبانەکانە، خاڵێکی تر سنووردانان بۆ هێنانی کوالیتی خراپ لەجۆری صینی و ئێرانی و ئەوانی تر، گۆڕینی سەیارە کۆنەکان بە جۆرێك کە بتوانرێ لە خزمەت هاتوچۆ و لەمەترسی ئەو حادسانە خەڵك ڕزگاری ببێ، هەروەها خۆتان دەزانن ژینگەی کوردستان لەبەردەم مەترسی دایە و هەڵمەتی نەمام ناشتن یەکێك دەبێ لەو هەنگاوانەی کە دەتوانرێ بە خێرایی و بەبەرفراوانی و پاراستنی ژینگەی کوردستان مسۆگەر بکات، بەتایبەتیش لە ڕێگەی وەزارەتی شارەوانی و کشتوکاڵەوە ئومێد دەکەم حکومەت ئەمەش بە نەزەری ئیعتبار وەربگیرێ، بایەخی زیاتر بدرێت بە سێکتەری تەندروستی کە بە جۆرێك بێت 5٪ کەمتر نەبێ و خۆتان دەزانن بە پێی ستانداردی نێودەوڵەتی گرنگی دان لە ئاستی پەسەند دا 7٪ ەو بە پێی کۆنگرەی نێودەوڵەتی تەندروستی کە لە هەرێمی کوردستانەوە بە چاودێری بەڕێز د.بەرهەم سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان ساز کرا پێشنیار کرا 10٪ ـ 15٪ ئەو سێکتەرە سەر بخرێ ئومێد دەکەم ئەو ڕاسپاردانە لەبەرچاو بگیردرێن، گوژمەیەك پێشنیار کراوە بۆ دەعمی سەروەتی ئاژەڵداری، ئومێد دەکەم ئەوە بچەسپێندرێ لەپاڵ کەرتی کشتوکاڵدا دەتوانێ خزمەتێکی زیاتر بە لادێکان بکات، ئەمساڵ پێویستە بەچڕی کار لەسەر تەفعیل کردنی ڕۆڵی چاودێری پەرلەمان بە سەر پرۆژەکاندا بکرێت بۆ سەلامەتی جێ بەجێ کردنی یاسا و ئامانجەکانی بودجە، دەزگای چاودێری دارایی بەشێوەیەکی کارا بە پێی یاسا ڕاپۆرتەکانی بنێرێتە پەرلەمان و کاریان لەسەر بکرێت و ئێمەش کەمتەرخەمی تێدا نەکەین، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، لەنزیکترین دەرفەتدا دەخوازم داهاتی نەوتی فرۆشراو کە بە موزایەدە کراوە بهێندرێتە پەرلەمان و بۆ ڕای گشتی ڕوون بکرێتەوە و بکرێتە پرۆژە وەك ئەوەی لە 250 ملیۆن دۆلارەکە دا لەڕابردوو دا کرا، هەروەها پیاچوونەوە بە پلەی کۆمپانیاکانی جێ بەجێ کردنی پرۆژەکانی ئەو کۆمپانیایانە پرۆژەیان پەکخستووە یان وەك خۆی لە کوالیتی و ماوەی تەواو نەکردووە بەبێ هۆی مەنتقی پرۆژەیان نەدرێتێ و بە پێی یاسا مامەڵەیان لەگەڵ بکرێت، لەڕووی ستراتیجی و نەتەوەییەوە بایەخدان بە ناوچەکانی کێشە لەسەر و بە تایبەتیش لە سێکتەری پەروەردەو ئاوەدانی دا مەسەلەیەکی زۆر گرنگ هەیە کە ئەبێ لە میزانیەی ساڵانەی حکومەتی هەرێمدا ئاوڕی لێ بدرێتەوە، ئەوەی لەناوچەکانی کێشە لەسەر دەگوزەرێ ڕاستە لەڕووی ئیداریەوە لەسەر حکومەتی ئیتحادیە، بەڵام پرۆژەکان ڕەنگدانەوەی نیە و پرۆژەکانی حکومەتی هەرێمە ڕێژەیەك بەشداری کردووە لە نمو دا، بەڵام ئەبێ ئەوە زیاد بکرێت، بۆیە من خوازیارم ئێمە بتوانین لەم پەرلەمانە بەڕێزەدا هەموو ئەو کەلێنانەی باسکران لەبەرچاو بگیردرێن و موسبەقەن پێش وەڵامی وەزیرە بەڕێزەکان و میوانە بەڕێزەکان نەکەوین، چونکە لەوانەیە وەڵامی خۆیان هەبێ بۆ هەندێ تێڕوانین بە ژمارە و بە جومەلی تر دەرخران، ئێمە چاوەڕێ بین دوای دەرئەنجامەکانی وەڵام و سەرنجەکانی وەزیرە بەڕێزەکان ئەو کاتە قسەی تر لەسەر کۆتایی هێنان بە گفتوگۆکانی بودجە بهێندرێت، بەڵام موسبەقەن ئەوە بۆ ڕای گشتی و بۆ هەمووشمان ڕوونە کە بووژانەوەی

کوردستان و بەردەوامی خزمەت کردنیان پەیوەستە بە پەسەند کردنی ئەم بودجەیەوە، ئەویش بە جۆرێك کەمترین ناعەدالەتی تێدا بێ و سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەیان خان فەرموو.

**بەڕێز بەیان احمد حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دەست پێکێ سوپاس بۆ ڤێ دەرفەتێ بڕاستی من دڤێتن چەند خاڵەکا بدەمە پێش چاڤێت ئەندامێ پەرلەمانیەت بەڕێز، بابەتێ کەرتی تایبەت کو بڕاستی کەرتەکی ژ بیر کریە، کو مەفروزە لهەمی ولاتا ملێ کەرتی گشتی ڤە کاردکاتن و گرنگی ڤێ گرنگیەکا یەعنی هەژی تەبعەن پێ بێتە دانان، لدیڤ لێکۆلینێت ئەنستتیو دا ڕاندیا ئەمریکی پێویستیا ئەم پێتڤیا هەرێما کوردستانێ 40ـ 50 هەزار کارینە ساڵانە، لبەر هەندێ دڤێتن گرنگیەکا هەژی تەبعەن ڤێ کەرتێ بێتە دانان، ئەگەر ئەم سەح کەینێ تەبعەن ئەڤ کەرتە هەمی کەرتەکێ بێ یاسایەو نە ڕێکخستیە و گرنگیەکا هەژی پێ نەهاتیە دانان، لەوما ئەڤەر سەحکەینێ ڕەنگڤەدانا وێ بودجەیێ دا کەمترین بودجە بۆ کەرتی کشتوکاڵ و پیشەسازی و گەشتوگوزار کەمترین ڕێژەیا بۆ هاتیە تەرخان کرن، کو ئەڤ بوارەنە دشێن دەرفەتێت کاری تەبعەن پەیدا بکەن، ئەگەر ئەم سەحکەینێ گەشتوگوزار ئەڤ ساڵە ل نەڤرۆزا ئەڤ ساڵە 56 هەزار گەشتوگوزار سەردانا هەرێما کوردستانێ یا کری، ئەڤە بخۆ پێتڤیا بەرنامە و پلە تایبەتیا بن کو ئەڤ کەرتە بێتە پێش ئێخستن، هەروەسا کۆمپانیایەت نزیکی حزبی و حکومی دەست بسەر ڤێ کەرتێ دا گرتی کو نەشێتن بڕاستی دایك بووناکا سروشتی ژ دایك ببیتن و گەشە بکات و پەنگاڤێت هەژی بهاڤێتن، وارێ بەرهەمهێنانێ دبودجێ دا ئەز دبێژم یە لاوازە کو ئەڤە ژی تەبعەن بەشەکی زۆر ژ وی بودجەیێ بۆ کرینا کەرستەیەت بیناسازی و پێتڤیەن دێتە بکارئینان، ئەڤە هەندێ ژی وا ل مە دکاتن هەرێما کوردستانێ کو چ جاران نەشێت ئیعتمادێ لسەر خۆ بکاتنو هەمی پارەیێ مە بچیتە ڤەرێ دەوڵەتێت دەوروبەرێدا، من پرسیاەکا هەی ئاراستەی جەنابی وەزیری دارایی دکەم کو بڕاستی لدیڤ وێ گەشتا ئەم چوویمە سەرەدانا پارێزگەها کری ڕێڤەبەریا گشتی یا کار و دەستەبەری کۆمەڵایەتی بۆمە دیارکر، کو سندوقا زەمانە کو ئەڤ سندوقا دهێن کو خزمەتێ کرێکارێ دابیتن، بەس ئەڤە هەمی بۆ ئێمە دیار کرد ئەڤە هەنێ، تەبعەن ئەڤ پارەیەت ڕێڤەبەریێ هەمی ژ وێ سندوقێ دێتە وەرگرتن کو ئەڤە بڕاستی پێتڤیا ڕوونکردنەکەیە، ئەڤە ئەسڵەن مافەکی کرێکاریە، من چەند پێشنیارەکی دیکەت هەینە حەز دکەم پێشەکەشی هەوەیەت هێژا بکەم، یەك ژ وانا تەبعەن ئەم ژڤێ گرفتاریا لاوازیا بودجە خۆ ئەم دەرکەڤین و بودجەیەکا ڕێك و پێك تەبعەن بێتە دانان، ئەز پێشنیار دکەم ل وەزارەتا دارایی ڕیڤەبەریا گشتی یا موازەنەیێ بێتە دانان، ڕیڤەبەریەکا بەسیتا هەی بەس ڕێڤەبەریەکا گشتی بێت و دەسەڵات هەبیتن پشتەڤانیەت تەمام بۆ بێتە کرن کو ئەڤە دڤ من یەکەمین پێنگاڤا بۆ چاکسازیەت دڤێ بوارێ دا کو ئەم ساڵانە تەبعەن ئەم ل سفرێ دەست پێ نەکەین، هەروەسا ژ بۆپتر شەفافیەتێ ناڤ بودجا مە دا هەبیت پێشنیار دکەم تەبعەن لیژنەیەك بێتە تەشکیل کرن هەروەسا بۆ

چارەسەرکرنا کێشەیا تەبعەن تەتابوقێت ناڤ بەینا سەرفێ و ئیرادەدا دڤێتن، ئەڤ لیژنەیەکا تەبعەن بێتە درست کرن و ڤی کارێ هەنگاڤێ بیتن کو شەفافیەت پتر ئەرك وکارێت وەزارەتێ دا بیتن، هەروەسا پێشنیاری دی ئەڤەیە کو هەتاکو وەزارەتێ بدرستا ئەرك و موهیمەتێ خۆ رابین وەك ریقابی وەکو کارێکا گرنگ و پێویست، هەروەسا بۆ تەحقیق کرنا لامەرکەزیەتێ ئەز پێشنیار دکەم هەمی مەشاریعێت وەزارەتێ لپارێزگەهان تەبعەن بێنە تەنفیز کرن، تنێ ئەرکێ وەزارەتێ ئەرکەکی رقابی بیتن مەشاریعێت هەمی دنیایا گەلەکا مەزنا و دڤێتن تەبعەن تەنسیق دگەل وەزارەتێ و دگەل موحافەزێت ئەڤ تەنێ بێنە بکارئینان، پێشنیارا دی ئەڤەیە کو لیژنەیەکا تایبەت بۆ دیڤ چوونا پرۆژەیان کو ئەم هەمیا تەئکیدێت لسەر هەندێ کرن گەلەك کەماسی یێت ڤان پرۆژەیا هەین ئەڤ لیژنەیا تایبەت دیوانا چاڤدێری و رقابی بیتن تەبعەن ئەڤە هەنێ کارێ ئەڤە بیتن دیڤ چوونێ بۆ هەمی لایەنێت پرۆژا بکاتن بەشێوەیەکی جان، ئەڤ پرۆژیەت هەنێ و تەنفیز کرنا وانا لبەر دەستێ بێتە بەردەستێ پەرلەمانێ، پێشنیارا دی ئەڤەیە و وەزارەتا پلاندانان دڤێتن کارێ خۆ رابیتن کو هەندەك گرێبەستا گرێ داتن دگەل هەندەك رێکخراوێت بیانی، دگەل کۆمپانیەت بیانی بۆ پلاندانانێ کو حکومەتا مەیا هەرێما کوردستانێ ژ ڤێ ئەز مێ ئەڤرۆکە تێدا ژڤان ڤەیرانا دەرکەڤیتن، بۆ نموونە دێ چەوا کێشا گەندەلیێ گرانیێ بێ کاریێ تەزەخوما وەزیفی د چەوا دەرکەڤین دگەل هەبوونا داتایت مەتلۆب تەبعەن دڤی بوارێ دا، ئەز تەبعەن تەئکیدێ لهەندێ دکەم کو تۆرێ پاراستنا خێزانێ هەر زێدە ببیتن بۆ 150 هەزارا تەبعەن دگەل هەندێ دا کو دیڤ چوون لسستەما سیستەمێ ڤێ تۆرێ بێتە کرنێ کو براستی دڤێتن ل دەسەلاتا حزبێ دا دەرکەڤیت و فعلەن خزمەتەکا بەرچاڤ بۆ خەلکێ مە بکاتن، تشتێ دی پشتەڤانیان ل راپۆرتا............ .

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لەناو مێزانیە دەسەڵاتێ حزب موناقەشە دەکەین سەلامەت بی، دەوەرە سەر راپۆرتەکە، فەرموو.

**بەڕێز بەیان احمد حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

باشە کاك دکتۆر، تەواو بووم تەقریبەن، ئەز پشتەڤانیا ل هەردوو پرۆژەێت خەستەخانەیا ل دایك بوونێ و خەستەخانا پەنجەشێرێ ل دهۆکێ دکەم، کو ئەڤە پەیتڤیەکا خەلکێ مەیە، هەروەسا تەئکیدێ لهەندێ دکەین کو کێشەیا تاپۆیێ ژی براستی خانەیت نە تاپۆ کری کو کێشەیەکا گەلەکا مەزنە، خەلکێکی هەژارە تەئکیدێ لهەندێ دکەم حکومەت بەرچاڤ بیت کێشەژی .......... .

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاك عمر فەرموو.

**بەڕێز عمر حمدامین خدر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەڕاستی بوونی بودجەیەکی گشتی هاوسەنگ و بەهێز ئەرك و بەرپرسیاریەتی پەرلەمانە، هەروەها بۆ حکومەتی هەرێمیش باشە، بۆیە دەوڵەمەند کردن و سەرنج لێدانی ئەرکی هەموو لایەکمانە، لەناو بودجەی گشتی دا هاوکێشەیەکی گرنگ هەیە ئەویش پەیوەندی نێوان بودجەی وەگەڕخستن و بودجەی وەبەرهێنانە، لەونێوەدا دەبینین کە هاوکێشەکە بە 30٪ و 70٪ یە، بۆیە ئێمە دەبێ هەوڵ بدەین ئەمە بگۆڕین و بیکەین بە 60٪ و 40٪ وەکو پێشنیار کراوە ئەمە بە فعلی بکرێتە بڕیار، خاڵێکی گرنگە کە ئێمە دەتوانین گۆڕانێکی ئیجابی لە بودجەدا بکەین، هەر لەو پەیوەندیەدا پەیوەندی نێوان بودجەی وەبەرهێنان لەگەڵ وەگەڕخستن ئەگەر دیقەت لە ساڵی ڕابردوو بدەین دەبینین چەندەها پرۆژە هەیە ساڵی پار پارەی بۆ دانراوە و گوژمەی بۆ تەرخان کراوە، بەڵام ڕێژەی خەرج کردنی سفر بووە، پێ دەچێ ئەمە جارێکی تر گەڕابێتەوە بۆ بودجەی وەگەڕخستن و تەشغیلی، بۆیە پێویستە لەڕاستی دا ئێمە ئەوە تەسبیت بکەین کە ئەمە لە ئایندەدا دووبارە نەبێتەوە، سەبارەت بە دابەشکردنی بەسەر سێکتەرەکان و بەسەر وەزارەتەکاندا دەبینین کە 15,35٪ ی دراوەتەوە وەزارەتی دارایی و ئابووری ئێمە تێ دەگەین کە بۆ ئەم ڕێژەیە دراوەتە وەزارەتی دارایی و ئابووری، بەڵام دەبینین ئەگەر بەراوردی بکەین لەگەڵ وەزارەتی خوێندنی باڵا و لەگەڵ وەزارەتی پەروەردە بەهەردووکیانەوە ئەوەندەی وەزارەتی دارایی و ئابووریان بۆ داندراوە، بۆیە لەوەشدا هەوڵ بدەین گۆڕانێکی جوزئی بکەین بۆ ئەوەی بتوانین کێشە سەرەکیەکانی بواری پەروەردە و خوێندنی باڵا هەنگاو بە هەنگاو چارەسەر بکەین، بۆیە ئەوەی وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی کە 4,16٪ یە هەوڵ بدەین بکرێت بەتایبەتی ئەوەی کە وەبەرهێنانی زیاد بکرێت بەشێوەیەك کە بەڕێز جەنابی سەرۆکی پەرلەمان دێرین ترین زانکۆ لە هەرێمی کوردستان زانکۆی سەلاحەدینە، ئێستا بەشێك لە کۆلیژەکانی لە کۆنە مەعەسکەر دایە، هەروەها بەشێك لە کۆلیژەکانی لەبینایەیەك دایە کە بۆ قسمی داخلی دروست کراوە، بینایەی سەرۆکایەتی ببینە بەڕاستی لە کەلاوە دەچێ، بۆیە بۆ ئەم زانکۆیە زەوی بۆ تەرخان کراوە و دیزاینی سەرەتایی بۆ ئامادەکراوە، پێویستە بڕێك لە پارەو گوژمەیەکی باشی بۆ تەرخان بکرێت بۆ ئەوەی هەوڵ بدەین کە دەست بە دروست کردنی کامپی زانکۆی سەلاحەدین بکرێت بەو شێوەی کە ئێستا زانکۆی سلێمانی هەیەتی و زانکۆی دهۆکیش لەحاڵەتی دروست کردندایە، سەبارەت بە پرۆژەکان دەبینین کە سەرنج و تێبینی جۆراو جۆر هەیە، لەوەی کە لەوانەیە هەندێ پرۆژە وەهمی بن، لەوانەیە هەندێ پرۆژە هەیە مەسەلەی نمونەی زیندوو هەیە کە سێ ساڵە تەواو بووە، بەڵام ئەمساڵ 900 ملیۆن، ملیارێك زیاتری بۆ تەرخان کراوەتەوە، نموونەی زیندوومان لەلایە، ئێمە پار لەگەڵ وەفدێکی بەڕێزی پەرلەمان چووین بۆ سنووری قەزای پشدەر بۆ سەردانی ئاوارەکان بە ڕێگایەك داچووین کە دەمێکە تەواو بووە، کەچی ئێستا دەبینین 900 ملیۆنی بۆ داندراوە، بەفعلی و بە زیندوویی دەزانین ئەم پرۆژەیە تەواو بووە، بەڵام 900 ملیۆنی بۆ تەرخان کراوە، مەبەستم پێی ئەوەیە کە چەند پرۆژەیەکی تر هەیە لەسەر قەزایەك هاتووە، بەڵام لە ئەساسدا هی قەزایەکی ترە، هەموو ئەم پرۆژانە پێویستیان بەوە هەیە کە دووبارە ڕێکبخرێنەوە و پێداچوونەوەی بۆ بکرێت، هەروەها

له دانانی پڕۆژەکاندا پێویستە دوو خاڵ بە نەزەر ئیعتبار وەربگیردرێ، یەکەمیان/ پێشنیار و بیروبۆچوونی بەرپرسی یەکە ئیداریەکان لەسنووری ناحیە و قەزاکان و هەروەها هی پارێزگاکانیش، هەروەها داواکاری خەڵکیش لەڕووی خزمەتگوزاری و لەڕووی خەدەمات و لەڕووی ئاوەدانکردنەوە، هەندێ لەو پڕۆژانە دوای بەدواداچوونی ئێمە دەبینین نە داواکاری خەڵکە و نە قایقام داوای کردووە و نە پارێزگار داوای کردووە و نە مدیری ناحیە داوای کردووە، بۆیە وەرگرتنی ئەو دوو خاڵە بەنەزەر ئیعتبار بۆ پڕۆژەکان زۆر زۆر گرنگە، بۆیە پێویستی بە پێداچوونەوەو دووبارە ڕێکخستنەوەی پڕۆژەکان هەیە، ئومێدەوارین ئالیەتێك بۆ ئەوە دابندرێ، هەوڵ بدرێت کە ئەم جۆرە سەرنجانەی کە هەیە چاك بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك سەرهەنگ فەرموو.

**بەڕێز سەرهەنگ فرج محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەندامانی بەڕێز، دوێنێ لەکوێ دا نەمتوانی قسەکانم بکەم لەوێوە قسە دەکەمەوە، من خاڵێك هەیە دەمەوێ باسی بکەم بودجەی وەبەرهێنان دەکەم ئەم ژمارانە دەخەمەڕوو هیوادارم لەلایەن وەزیرانی بەڕێزەوە بەهەند وەرگیرێ، لە کۆی (سێ ترلیۆن و سەد و نەوەد و ملیار و چوار سەد و شەست و دوو ملیۆن) لە بودجەی وەبەرهێنان، دوو تریلیۆن وهەشت سەد و دوو ملیار و شەست و نۆ ملیۆنی بۆ پڕۆژەکانی ساڵی 2010ی دانراوە، واتە لە 67٪ کۆی ئەو بودجەیەی ئەمساڵ بۆ پڕۆژەکانی ساڵی رابردووە، بەرکەوتی پڕۆژە پێشنیاز کراوەکانی ئەم ساڵ نۆ سەد و هەشتا و هەشت ملیار و سەد و نەوەد و حەوت ملیۆن دینار کە دەکاتە 23٪ بۆ پێنج سەد و چل و سێ پڕۆژە دانراوە بۆ هەموو کوردستان کە بڕێکی یەکجار کەمە لە چاو بودجەیەکی سیانزە ترلیۆنی بۆ ساڵی 2011، ئەمە دەری ئەخات لە ساڵی 2002 یەك شت دەرەخات، عجز زۆر زۆر زیاتر بووە لەوەی کە حکومەت خستۆتیە روو، چونکە زۆری پڕۆژ پێشنیارکراوەکانی ساڵی پار 2010سفر بووە لە خاڵێکی راپۆرتەکەی لیژنەی دارایی پەرلەمانی کوردستان هاتووە باس لەوە ئەکات بودجەی وەبەرهێنان لە 27٪ زیادی کردووە ئەمساڵ، واتە ساڵی 2011 لەگەڵ ساڵی 2010 مقارنە بکرێت ئەم زیادەیە لەکاتێکایە بودجەی پڕۆژەکانی ئەمساڵ ساڵی بودجەی پڕۆژەکانی بودجەی وەبەرهێنان، مووچەی فەرمانبەران برادەران باسیان کرد بەس من ئەم ژمارانە ئەخەمە روو ساڵی 2009 سێ ترلیۆن و هەشت سەد و نۆزدە ملیار بۆ شەش سەد و شازدە هەزار فەرمانبەر، لە ساڵی 2010 چوار ترلیۆن و شەش سەد و دوو ملیار بۆ شەش سەد و بیست و پێنج هەزار فەرمانبەر، بەلآم لە ساڵی 2011 شەش ترلیۆن و دوو سەد و نەوەد ملیار بۆ شەش سەد و پەنجا هەزار فەرمانبەرە ئەم فەرقە چیە لە ماوەی ساڵێکا لە 2010 بۆ ساڵی 2011 نزیك بە دوو ترلیۆن؟ بابی مووچەی فەرمانبەران زیادی کردووە، پارەی مدەوەر ئەو برادەرانە باسیان کرد هەمان ئەو پرسیارە لەلای ئێمەش هەیە هەندێ پڕۆژە

هەیە لە ساڵی پارا کاری تیا نەکراوە و پارەی بۆ دانراوە ئەم پارەیە بە کوێ گەیشتووە؟ من هەندێ لەو پرۆژانە بە کورتی ئەخەمە روو دروست کردنی بینای دادگای شارەزوور و سەید صادق هەریەکەیان بڕی ملیارات دیناری بۆ تەرخان کراوە لە پرۆژەکانی ئەنجومەنی دادوەری ساڵی پار هەبووە، ئێستاش لە لاپەرە 80 لە تەسلسولی سێ و چوار هاتۆتەوە پارەی بۆ دانراوە و هیچ کارێکیش لەو پرۆژانە نەکراوە، پرۆژە هەیە تەواو بووە و کە پارەی بۆ دانراوەتەوە وەکو پرۆژەیەکی شارەوانی پرۆژەی کڕین و دانانی پێوەری ئاو بۆ هەرسێ پارێزگا کە کۆمپانیای (DMC) جێبەجێی ئەکات بڕی شەست ملیار دینار داوای بیست ملیار دیناری تری بۆ کراوەتەوە، لەکاتێکدا وەزارەتی شارەوانی لە مێژە خەریکی ئەو پرۆژەیەیە، ئەمەیان قیرتاوکردنی گوندی عەلیاوە، ساڵی پار لە خشتەی پرۆژەکانی ئاوەدانکردنەوە هەبووە، ڕێگایەکە تەواو بووە، بەڵام ئەمساڵ لە بودجەی پەرەپێدان بڕی نەوەد و دوو ملیۆنی دیکەی بۆ تەرخان کراوەتەوە، لە لاپەرە چل و شەش زنجیرەی سەد و شەش، ڕێگای گوندی سۆیلە میر و سەید صادق ساڵی پار لە خشتەی پرۆژەکانی ئاوەدانکردنەوە پارەی بۆ تەرخان کراوە، تەواویش بووە ڕێگەکە، ئەمساڵ لە پرۆژەی پەرەپێدان سەد و دوو ملیۆنی تری بۆ دانراوە و دانراوە لە لاپەڕە چل و حەوت زنجیرەی سەد و پێنج، تەواو کردنی قوتابخانەی هەژدە پۆلی لە سەید صادق ساڵی پار لە خشتەی پرۆژەکانی پەروەردە دا هاتووە بڕی تەرخان کراو لە ئێستاشە لەسەر بودجەی پەرەپێدان سەد و نەوەد و یەك ملیۆن دیناری تری بۆ تەرخان کراوەتەوە، لاپەرە پەنجاو سێ زنجیرە بیست و یەك، دروست کردنی ڕێگەی سیدصادق و ناوبیران لە خشتەی ساڵی پاری ئاوەدانکردنەوەدا هاتوو، ئەمساڵ لەسەر بودجەی پەرەپێدان بڕی سێ سەد و یەك ملیۆنی بۆ تەرخان کراوە، ڕێگەکەش تەواو بووە، لاپەڕە پەنجاو یەك زنجیرە سەد و بیست و دوو، نا روونی لە هەندێ پرۆژە زنجیرە شەست و پێنج لە پرۆژەی پەرەپێدانە ئامادەکاری و تەواو کاری پرۆژەکانی سەیدصادق هەمان بڕ بۆ هەریەکەیان بڕی پێنج سەد ملیۆن، ئەمە مەبەست لە چیە؟ بەراستی روون نیە و روون بکرێتەوە، لە لاپەڕەی شەست و نۆ زنجیرەی چل و چوار پرۆژەی پەرەپێدان هاتووە، بڕی پێنج سەد و هەشتا و سێ ملیۆن دینار بۆ ڕاکێشانی کارەبای نەخۆشخانەی چوار سەد قەرەوێڵەیی سلێمانی ئەوش لەکاتێکدا ئەو نەخۆشخانەیە هەشت ساڵە ئەناڵێنێ بەدەست ئەوەی کە تەواو نابێ، لە لاپەڕە حەفتا و یەك لە زنجیرەی بیست و هەشتدا پرۆژەی پەرەپێدان هاتووە پرۆژەی تەواو کاری بۆ نەخۆشخانەی پەنجا قەرەوێڵەیی لە سەید صادق کە بڕی شەش سەد و چل ملیۆنی بۆ تەرخان کراوە، لە کاتێکدا ئەم خەستەخانەیە تەواو کراوە، ئەم خەستەخانە پەنجا قەرەوێڵەییەی تازە کراوە دوو، سێ ساڵە تەواو بووە، بۆ ئەو شارە باجی کەم و کورتی مقاولێك بدات؟، حەقە ئەو پارەیە لە پرۆژەی ئەو شارە خەرج بکرێت کەم و کورتی هەبێ با محاسەبەکردنیش هەبێ، یا لە هەندێ بابدا هاتووە هاوکاری کردنی کەرتی تایبەت لە بواری خوێندن لە هەڵەبجە و کەلار بە بڕی دوو ملیار دینار، یەعنی یەکی یەك ملیار دینار بۆ هەر یەکیان لاپەرە حەفتا و هەشت زنجیرەی پێنج و نۆ بۆ یەعنی بۆ لە کەرتی گشتی بۆ هاوکاری کەرتی تایبەت، بابەتێکی تر کە من ئەمەوێت قسەی لەسەر بکەم، بەراستی مەوزوعی پێنجوێن کاك شێخ بایز وەکو

وەزیری دارایی ئاگاداری ئەو مەرزی باشماغەیە، یەعنی ئەگەر سەیری پڕۆژەکانی ئەمساڵ بکەین بۆ قەزای پێنجوێن مەسەلەن ئەو پڕۆژانەی لە باشماغ کراون، لەسەر پێنجوێن ئەژمارکراون باشماغ سنوورێکی نێودەوڵەتییە و هەتا ئەو جادەیەی لە سەید صادق ئەچێ بۆ پێنجوێن ئەوە جادەی مەرزی باشماغە جادەیەکی موهیم و ستراتیجیە حەق وایە ئەو پڕۆژانەی کە بۆ چاککردنی ئەو جادەیی سەیدصادق ئەکرێ نە لە سەر سەیدصادق حساب بکرێت نە لەسەر پێنجوێن حساب بکرێت بە راستی وە ئەو پڕۆژانەی کە بۆ مەرزی باشماغ ئەکرێت حەق نیە لەسەر مەنتیقەی پێنجوێن حساب بکرێت، چونکە مەنتیقەی پێنجوێن مەنتیقەیەکە کاولکاری زۆری بەخۆیەوە بینیوە، پێویستی بەوە هەیە بۆ خۆی پڕۆژەی ئاوەدانی تێدا ئەنجام بدرێت، نەك پارەی پڕۆژەکانی پێنجوێن لە مەرزی باشماغ سەرف بکرێت، با ئەمە بە نەزەری ئیعتیبار وەربگرین یان هەندێ لە برادەران باسی ئەوەیان کرد لە دیاری کردنی پڕۆژەکانە مەسەلەن نووسراوە پڕۆژە بۆ سەید صادق لە هەڵەبجەی تازە یەعنی ئەم تێکەڵاوییە بۆ هەبێ؟ لەکاتێکدا هەڵەبجەی تازە و قەزای شارەزوور بۆخۆی قەزایەکە ئیدارەی هەیە، کۆمەڵێ خەڵکی تیایە و کۆمەڵێ کەم و کوڕی هەیە ئاخر ئەو پارانە لەو شوێنانە سەرف بکرێت، پێشنیازەکانم ئەوانەی کە کراون دووبارەی ناکەمەوە بە راستی یەك خاڵی زۆر مهیم هەیە و وەکو لیژنەی شارەوانی برادەرانیش نازانم باسیان کرد یان نا ئەگەر ئاگام لێ نەبووبێ داواکارییەکی زۆری خەڵك هەیە بۆ تاپۆ کردنی ئەو زەویە سەد مەتریانە یان ئەو زەویانەی لە پیش ساڵی نەود و یەك تاپۆ نەکرابوون حەقە بەراستی وەزارەتی پلاندانان رووی دەمم ئەکەمە بەڕێز وەزیری پلاندانان بەهاوکاری لەگەڵ وەزارەتی شارەوانی پلانێك دابنێن با پارەیەك تەرخان بکەن بۆ ئەو خانووانەی کە تاکو ئێستا لە ساڵی پەنجاو هەشت و شەست و حەفتاو هەشتاکان دروست کراون و تاپۆ نەکراون حەقە ئەو مەوزوعە....

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، دەست خۆش، بەڕێز هاوڕاز شێخ أحمد حمد مام بایز، فەرموو

**بەڕێز هاوڕاز شێخ أحمد ( هاوڕاز خۆشناو ):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس بۆ ئەو دەرفەتە بۆ تەواوکردنی ئەو قسانەی کە نەمان توانی لەبەر کات تەواوی کەین، من لەو جێگایەی کۆتایم پێ هێنا و نەمتوانی قسەکانم بکەم لەوێوە دەست پێ دەکەمەوە کە بەراستی بابەتێکی گرنگ هەیە لای ئێمە بواری ژینگە کە بواری ژینگە بوارێکی زۆر گرنگە، بەڵام ئەوەی هەستی پێ دەکرێت بواری ژینگە لە پاشەکشەدایە بەراستی لە کوردستان یەعنی هەر لەوێ کە وەزارەتێك دامەزراو گرنگی باش بە ژینگە درا، بەڵام نەتوانرا بەراستی وەکو پێویست ئەم بوارە گەشەی پێبدرێت لەکاتێکدا لەم کابینەیە کە ئەم وەزارەتە هەڵدەوەشێتەوە و دەبێت بە دەستەیەك ئەمە بۆ خۆی کەمکردنەوەی ئیهتیمام بوو بەراستی بە ژینگە لەوێدا کە دەستەیەك دروست دەکرێ و یاساکەی لە پەرلەمان دەردەچێ و جارێ یاساکەی تازەیە بۆ جێبەجێ کردن و ئەمەش بۆ خۆی شتێکە بەراستی، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان بەراستی بەڕێز وەزیری

دارایی و بەڕێز وەزیری پلاندانانیش کە دەزانن هەموو بیناياکانی ژینگە لە کوردستان کوێیە؟ کەئەمە یەکێکە لە خەلەلە گەورەکان کە هۆشیاری ژینگە و بودجەی ژینگە و کە لە خوارەوە هاتووە و تەنیا خاڵ لە بودجە باسی ژینگەیە کە هیچ باسێك نەمایەوە، ئەنجا زۆر زۆر بە پۆینتێکی کەم باسی ژینگە دەکرێت، لە هەولێر، لە دهۆك، لە سلێمانی، لە گەرمیان کە ئێمە بەڕێوەبەرایەتی ژینگەمان هەیە بینایەکانی ژینگە کۆی بینایەکانی ژینگە کوێن، یەعنی بەراستی نە هیچ پرۆژەیەك نە لە پێشنیار کراوەکان نە لە بەردەوامەکان وە تەنها لە پەرەپێدانیش پەرەپێدانی پارێزگاکانیش تەنها کڕینی هەندێ ئەجهیزەی تاقیگەییە بۆ هەولێر هیچ پرۆژەیەك بۆ ژینگە نیە بە راستی ئەمە جێگای هەڵوەستە لەسەر کردنە لەگەڵ ئەوەی لە سلێمانی ئەرزەیەك هەیە، زەویەك هەیە بۆ ئەوەی بینایەکی ژینگە لەوێ دروست بکرێت، بەڵام لە ناو پلانا نیە بە هیچ شێوەیەك و لە پێشنیارکراوەکانیش نیە تەنانەت لە رووی بینایەکانیشەوە دەستەی ژینگە پازدە میلاکی هەیە، پازدە کەسی هەیە بۆ دامەزراندن لە رووی تاقیگەکانیشەوە کە ئێمە بەدواداچوون و سەردانمان کردووە بۆ دام و دەزگاکانی ژینگە، کەم و کورتی زۆر هەیە، بەراستی لەبەر ئەوە من پێم باشە بۆ ساڵی ئایندەش بێت هەردوو وەزیری بەڕێز بە هەند بیگرن، چونکە ئەمە کێشەیەکی گەورەیە بەراستی وە من داوا دەکەم لەم ساڵا بڕێ پارەی باش دیاری بکرێت بۆ هۆشیاری ژینگەیی بەراستی ئێمە کێشەی گەورەمان هەیە لە هۆشیاری ژینگەیی بێجگە لەوەی کێشەی زۆرترمان هەیە بەڵام لە هۆشیاری ژینگەش کێشەی گەورەمان هەیە و هیچ بڕە پارەیەکیش لە بودجە بە هیچ شێوەیەك دیاری نەکراوە، سەبارەت بە میلاکات من دوازدە جوملە بەجێ دێڵم ناچمە سەر تەفاسیلی پار و چەندە و چەندی بۆ دیاری کراوە، بەڵام پێشنیارم ئەوەیە بەراستی من دەڵێم پێویستە هەیکەلی ژمارەی فەرمانبەران بە فعلی بەپێی وەزارەتەکان یعنی میلاکە راستەقینەکان دیاری بکرێت، یەعنی ئەوەی کە ئێستا هەیە بەراستی ئێمە دەخاتە نێو گومانێکی زۆر گەورە ئەوەندەی هەیە و ئەوەندەی دادەنرێت ژمارەکەی کە تەرح دەکرێت جیاوازییەکی زۆری هەیە لەبەر ئەوە من داوا دەکەم میلاکە راستەقینەکانی وەزارەتەکان دیاری بکرێ و بەپێی ئەوە ئیشی لەسەر بکرێ، یەعنی بە راستی هیچ دادپەروەریەك نیە لەکاتێکدا کەسێك سێ مووچەی هەبێت و کەسێکیش بێ کاربێت و ساڵانێکی زۆر پێش ئێستاش دەرچووبێ و بەڵام دانەمەزرێت. سەبارەت بە پێشینەی خانووبەرە بەراستی من داوادەکەم وەکو ئەوانەی کە پشتگیرییان لەوە کرد وەکو حکومەتی ناوەندی لێ بێت هەر ئەوەندە دەڵێم، سەبارەت بە کۆمپانیا دەرەکییەکان بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان ئێمە کۆمپانیا دەرەکییەکان کە دێن لەم هەرێمە کار دەکەن پارەیەکی زۆر باشیان بۆ تەرخان دەکرێت و ئاسانکارییەکی زۆر باشیان بۆ دەکرێت، بەڵام بۆچی لەسەریان بە مەرج ناگیرێت کە گەنجی ئێمە بخەنە کار، گەنجی ئیمە بخەنە گەڕ، ئێمە کاتێ رێژەی بێ کاری لەم هەرێمە زۆرە بەراستی یەعنی من پرسیارم هەیە لە شەریکات ئوخرا کە حەفتا و پێنج ملیار موعاناتی شەریکات ئوخرا دیاری کراوە، ئەمە جێگای پرسیارە لای من، جارێ من لێی تێناگەم، پێویستم بە وەڵام دانەوە هەیە، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان لە بودجەی تەرخان کراو من فەراغێکی زۆر گەورە دەبینم کە ئێمە کۆمەڵێك کارگەی زۆر گرنگمان هەیە،

نەك دروستی بکەین هەر کۆمەڵێك کارگەی زۆر گرنگمان هەیە، بەڵام ئەوەی من تێبینیم کردووە لە بودجە تەنها پێنج سەد و نەوەد و سێ ملیۆن دینار بۆ وەگەڕخستنی کارگەکان دیاری کراوە، ئەم پارەیە ڕێژەیەکی زۆر کەمە لەکاتێکدا ئێمە لە سلێمانی کارگەی جل و بەرگمان هەیە، کە ئەم کارگەیە کۆمپانیاییەکی ئەڵمانی دروستی کردووە، یەکەم کارگەی ڕۆژ هەڵاتی ناوەراستە،بەڵام بۆ حەڤدە ساڵە ئەم کارگەیە لە ئیش نیە و بە ئیش نەخراوەتەوە، بە راستی ئەمە کەم و کورتییەکی گەورەیە، سەبارەت بە دەرماڵەی قوتابییان، لە بودجە دەرماڵەی قوتابییان، شەست ملیارە، من نازانم بۆچی لە ئیستیمارەکە بە پەنجا و نۆ ملیار و حەفت سەد و یەك ملیۆن دینار هاتووە، ئەمە هەتا بە نزیك کردنەوەش بێت ڕێژەیەکی زۆر فەرقی هەیە، من لە بودجە شتێکی زۆر سەیر دەبینم زۆر دووبارەی ناکەمەوە هەموو ئەو جۆرە ئالات و موعیداتانەی کە دەژمێردرێت پاشان هی ئوخرا هەیە ئەم ئوخرانە بەراستی زۆر دووبارە بۆتەوە من حەز ئەکەم بۆ ئەوەی وەختەکەم ئەوە نەبێت بچمە سەر ئەو پڕۆژانەی کە هەستم پێکردووە خەلەلێ زۆر گەورە هەیە لە پڕۆژەکان، لە پڕۆژەکانی پەرەپێدانی پارێزگاکان، بەراستی تەماشا دەکەین لە زنجیرەی حەفتا و پێنج و زنجیرەی هەشتا و یەك ناوە یەك نووسینە، بەڵام دووبارە بۆتەوە هەر لە هەمان لاپەڕە دووبارەی پڕۆژەکان سەیرە یەعنی بە یەك عینوان، بە یەك ناو دووبارە بۆتەوە لە یەك شوێنیشا جارێ لەسەر پارێزگایە، جارێ لەسەر پەروەردەیە، جارێکی دی بە راستی لە زنجیرەی ژمارە سەد و پێنج وە سەد و هەژدە ئەم دووەش هەر بزەبت وەکو یەکە بەبێ ئەوەی جیاوازییەك هەبێ پارەشی بۆ دیاری کراوە و جارێ لەسەر شارەوانی هاتووە و جارێکیش هەر لەسەر سەرۆکایەتی شارەوانی هاتووە، سێ هۆڵی بۆنە هەیە، ئەم هۆڵی بۆنانە هەرچەند دیاری نەکراوە هۆڵی کام بۆنەن، چ بۆنەیەکن؟، بەڵام من قسەم لەسەر ئەوە نیە قسەم لەسەر ئەوەیە ئەم سێ هۆڵی بۆنەیە یەکیان تەبعەن هەرسێکیان تجهیز کردنە، یەکیان لە خورماڵە، یەکیان لە هەڵەبجەیە، یەکیان لە قەڵادزێیە، بەڵام ئەوەی خورماڵ سەد ملیۆنی بۆ تەرخان کراوە ئەوەی هەڵەبجە دوو سەد و پەنجا ملیۆنی بۆ تەرخان کراوە؟ بەڵام ئەوەی قەڵادزێ چوار ملیۆن و پێنج سەد دیناری بۆ تەرخان کراوە، ئەمە فەرقێکی زۆر هەیە بەراستی بۆچی؟ یەعنی هەر....

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز پەروین عبدالرحمن:

**بەڕێز پەروین عبدالرحمن عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من دیارە هەندێ قسە هەبوو تەواوم نەکردبوو لەو پیشنیارانەی کە کردم، دیارە ئاوارەکانی ئێران کە گەڕاونەتەوە، دیارە داواکارییەکی زۆریان هەیە کە حکومەت ئاورێکیان لێ بداتەوە و شتێکیان بۆ بکات، هەروەها داوا دەکەم لە حکومەت ئاوڕێك لە بووژانەوەی مەعاملەکان بداتەوە ئەلبانە، نەسیجە، چونکە ئەو کاتە حکومەت ئیشی بێ کاری، بەتاڵە لە ناو دەبات و هەمیش گرفتی تەعیناتیش تۆزێك کەم دەبێتەوە، هەروەها مخسەساتی کارمەندەکان، پێم باشە وەکو یەکی لێبکرێت چونکە هەندێکیان لە 30٪ و هەندێکیان

له 50٪ سەرف دەکرێن، هەروەها ئەو سی ملیارەی دانراوە بۆ قەرزی صناعی، بەڵام هەتاکو ئێستا ئەو بانکی پیشەسازییە هەر دیار نیە و دروست نەکراوە دیارە جێگای دەست خۆشیە بودجەکە ئەگەر لە سەرتاسەری تەماشابکرێت هەمووی لە خزمەتی کۆمەڵانی خەڵکی ئێمەیە، ئەگەر کەم و کورتیشی تێدابێ ئەوە هەر جێگای خۆیتی و هەموو شتێك بە کامل موکەمەل نایەتە دی، هەروەها ئەو یەکە نیشتەجێ بوونانە، من داوا دەکەم حکومەت خۆی هەڵسێت بە دروست کردنی یەکەی نیشتەجێ بوون، چونکە ئەگەر سندوقی نیشتەجێ بوونە، ئەگەر سولفەی عەقارە دیارە بۆ کەسێکە کە پارچە زەوییەکی هەیە، بەڵام هەرچی خەڵکی کەم دەرامەتە نە پارچە زەوی هەیە و نە پارەشی هەیە، بۆیە پێم باشە حکومەت بۆ خۆی بەم کارە هەڵسێت، هەروەها بەنسبەت کەم ئەندامانی هاوولاتی داواکارییەکی زۆر هەیە کە هیچیان بۆ نەکراوە تا ئێستاکە، بە نسبەت ئەوەی شارەزوور ژمارەیان دوو هەزار و سێ سەد و سی کەسن بە سێ مانگ نەوەد هەزار وەردەگرن، داوا دەکەم لە حکومەت کە ئاوڕێکیان لێ بداتەوە وە بۆخۆشیان داوایان کردیە کە ئەم راتبەیان بۆ چاك بکرێت، بەڵام هەر چا نەکراوە و داواکارن بۆیان چاك بکرێت، هەروەها بە نسبەت تقریبەن دە، دوازدە گوندە لە دەوری باشماغ، دیارە ئەوانە بە هەر هەموو دوازدە گوندەکە کە یەك بنکەی تەندروستییان هەیە داوا دەکەم کە بنگەی تەندروستییان بۆ دروست بکرێت و کە ئەمە شتێکی زۆر زەرورییە، زۆر سوپاس، وە هەروەها دەمەوێت لە کۆتاییدا دەست خۆشی لیستی کوردستانی بکەم و پشتگیری لە لیستی کوردستانی دەکەم کە ئەوە راو پێشنیارانەی خستە روو سەبارەت بە سولفەی عەقار و سولفەی زەواج و هەروەها زیاد کردنی دەرماڵەی پۆلیس و ئاسایش، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

دەست خۆش سوپاس، ڤیان عبدالرحیم عبداللە عبدالرحیم فەرموو.

**بەڕێز ڤیان عبدالرحیم عبداللە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من یەکێك لە و خاڵانەی کە دوێنێ کە ئەتوانم ئێستا تەواوی بکەم ئەویش ئەو خەملاندنە نا دروستانە بوو کە لە بودجەی تەشغیلیدا دەکرێتن، تەنها بە نموونە هینم هێناوەتەوە بۆ مەنافیعی ئیجتماعی بۆ سێ وەزارەت بۆ نموونە لە وەزارەتی تەندروستی مەنافیعی ئیجتیماعی پار چوار ملیاری بۆ تەرخان کراوە، ئەگەر لە شەش مانگی یەکەم و زائیدەن شەش مانگەکەی تریش ئەگەر بە زیادیشەوە بۆی دانێین نزیکەی یەك ملیاری خەرج کردووە، بەڵام سەیر دەکەین بۆ ئەمساڵ پێنج ملیار وچوار سەد و پەنجا ملیۆن دیناری تری بۆ دانراوەتەوە، بۆ وەزارەتی رۆشنبیری نۆ ملیار و چوار سەد و یانزە ملیۆنی بۆ دانرابوو، ئەوە لەو بڕە تەنیا چوار ملیار ئەگەر بە زیادەش بۆی دابنێین چوار ملیاری خەرج کردووە ئەمساڵ نۆ ملیار و هەشت سەد و نەوەد و دوو ملیۆنی بۆ دانراوەتەوە، لە وەزارەتی پێشمەرگە هەشت ملیار دانراوە یەك ملیار سەرف کراوە، ئەم ساڵیش شەش ملیاری بۆ دانراوەتەوە، ئەم تێبینییانەی من زیاتر روونکردنەوەیە لەوە کە پێویست بوو حکومەت ئەوە بزانێ کە ئەو مەنافیعانە کە ئەو بڕە پارانەی کە تەرخانی ئەکات بۆ ئەو

وەزارەتە، ئەگەر زۆر بە زیادیشەوە دای بنێ تەنیا یەك مەبلەغی زۆر کەم سەرف دەکرێت واتە ئەوە بە دوو قات یان بە سێ قات بۆی داناوەتەوە، کەواتە ئەگەر تۆ بێی ئەو مەبلەغە بە زیادیشەوە بۆیان دابنێی، بەڵام ئەو مەبلەغەی کە تۆ بۆ ئەمساڵ بتەوێت لێی ببڕیت و ئیشی لێی بکەی بە نزیکەیی وەرم گرتووە نۆ سەد ملیار دینار دەکات کە تۆ بێت ئەم نۆسەد ملیار دینارە کە لەو بودجەیە ئەبڕیت سێ تەوەری زۆر گرنگ کە پەیوەندی بە کۆمەڵگەوە هەیە، کە پەیوەندی بە کێشەی کۆمەڵگەوە هەیە تۆ ئەتوانی چارەسەری پێ بکەیت، بۆ نموونە تۆ ئەگەر بێتو تەنها لە مەنافیعی ئیجتیماعی، یەعنی ئەو نۆسەد ملیارە بڕی سەیر دەکەی کێشەی منداڵانی ئیشکەر ئەتوانی چارەسەر بکەیت کە زۆربەی خێزانەکان پەنایان بۆ بردووە، کێشەی چاودێری خانەی بەساڵاچووان، کێشەیەکی تر کە کێشەی ئەو نەخۆشانەن کە بە ناچاری پەنا ئەبەنە بەر نەخۆخانە ئەهلییەکان کە بەپێی سیستەمێکی تەندروستی نوێ بە تایبەتی ئەو نەخۆشانەی کە کەم دەرامەتن، ئەمە تەنها لە مەنافیعی ئیجتیماعی دەتوانین سێ تەوەری زۆر گرنگ چارەسەر بکەیت، بەڵام بەداخەوە کە ئەبینین جارێکی تر لە ناو بودجەی تەشغیلیدا هەندێك موخەصەصات دانراوە بۆ هەندێ شەت کە ئێمە نازانین بۆچی سەرف دەکرێت وە کە سەرفیش دەکرێت نازانین بۆچی سەرف کراوە؟ یەکێك لەوانە موخەصەصاتی ئیستسنائی ئەمە بۆچیە؟ لەکاتێکدا پێنج سەد و شەست ملیار دیناری بۆ دانراوە، دەرماڵەی تایبەت بۆچیە؟ کە سێ ملیار و هەشت سەد و شەست و پێنج ملیۆنی بۆ دانراوە، دەرماڵەی ختورە دوو سەد ملیاری بۆ دانراوە، نفەقاتی بدەل ختورەی مەدەنی کە لە 5٪ی هەموو بودجەی بۆ دانراوە ئەمانە چین؟ لای ئێمە روون نیە، لە بودجەی وەبەرهێناندا کە من ئەمەوێت قسەی لەسەر بکەم ئەوەیە کە لە حیسابی ختامی 2009 دا دەبینین کە بڕی حەوت سەد و چوار ملیار دیناری بۆ پڕۆژەکان خەرج نەکراوە، ئەو بڕە پارەیەش بە دڵنیایی گوازراوەتەوە بۆ بودجەی بەکاربردن، چونکە بڕی حەوت سەد و یەك ملیار زیادە رۆیی کراوە لەو ساڵەدا لە پڕۆژە بەردەوامەکانی ئەمساڵ ئەمەوێت تیشك بخەمە سەر هەندێك پڕۆژە یەکێك ئەوە هیچ ئێمە ئەزانین لە کۆی دوو هەزار و دووسەد و شەست و چوار ملیار دینار ئەوەی منت تێبینیم کردووە حەوت سەد و شەست پڕۆژەی لە ناو پڕۆژە بەردەوامەکان تەنیا بە یەك ساڵ هەیە بە شەست رۆژ هەیە کەمتر لەوەی کە تەواو دەبێ، بەڵام لێرە کراوە بە بەردەوام من ئەمەوێت هەندێك نموونە باس بکەم لەو پڕۆژانەی کە لەسەر قەزای پشدەرە بە قەزا و پێنج ناحیەوە پڕۆژەیەکی بۆ دائەنرێت بەداخەوە کە ئەم پڕۆژانە هیچی لە شوێنی پێویست دا نیە یان هیچی لە ئاست زەرووڕەتی ئەو قەزا گرنگەدا نیە کە تووشی راگوێزان و سووتان و چەندین کاولکاری بۆتەوە، بۆ نموونە یەکێك لەو پڕۆژانەی کە دانراوە پشکنینی بەردی مەڕمەڕە لە قەڵادزێ لە پڕۆژە بەردەوامەکان و پێشنیاری پاردا نیە، بەڵام لە بەردەوامی 2011دا بوونی هەیە ئەمە یەکێك لە پڕۆژەکانی تر پڕۆژەی سی و نۆی قەڵادزێ ئەمە نازانرێت چیە، دوو جاریش هاتووە لە بەردەوامی 2010 لە سەر وەزارەتی دارایی و ئەم ساڵ لەسەر وەزارەتی پلاندانان روونیش نیە، ئەمە بۆ چیە؟ خۆشم بەدواداچوونم بۆ کردووە کەس نەیزانیوە ئەم پڕۆژەیە بۆ چیە بە هەمان شێوە پڕۆژەی چل و نۆی پشدەر گەرمیان ئەمیش بە هەمان

شێوه نەئەزانرا ئەمە چیە؟ خۆشم بەدواداچوونم بۆ کردووە 2009ش پارەی بۆ سەف کراوە 2010ش بۆی سەف کراوە، بەس نازانم چیە و دەستیشی پێ نەکردووە ئەم پڕۆژەیە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ڤیان خان لە لیژنەکەتان تاوتۆتان کرد کە نەکراوە؟ نەك وەکو تۆ؟ وەکو لیژنەیەك بتهێنابووایە و راپۆرتت بهێنابووایە، ئەگەر شتی وا ئەزانن بۆ ئەیشارنەوە خوشکی من، حەقە ئەگەر شتێك کە ئەزانن ئەندامانی پەرلەمان لە جێگای خۆی نیە و نادروستە قەت بە سەری باز مەدەن، ئەوە گوناحە، تاوانەکەی بۆ خۆمانە، بۆ پەرلەمانە، کەرم کە فەرموو بەردەوام بە.

**بەڕێز ڤیان عبدالرحیم عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دووبارە بۆتەوە بە دوو گوژمەی جیاش تەسەلسولی سەد و هەشتایە لەگەڵ تەسەلسولێکی ترا کە لە بەردەوامی ئەم ساڵ دووبارە بۆتەوە، لە پڕۆژە پێشنیازکراوەکانیش لە کۆی پێنج سەد و بیست و سێ پڕۆژە دوو سەد و هەژدە پڕۆژەی بە یەك ساڵ تەواو ئەبێت کە پێویست ناکات ئەمانە ئەو گوژمەیەی بۆی تەرخان کراوە روبعێکی بۆ دابنێین لەبەر خاتری ئەوەی ببێ بە بەردەوام و لە ساڵی داهاتوو ئەو گوژمەیەی بۆ دانراوە بی گۆڕین چەند پڕۆژەیەك هەیە کە من بە نموونە وەرم گرتووە تەواو بوون لە مەنتیقەی سەنگەسەر ئەویش دروست کردنی پردی سەنگەسەرە کە تەواو بووە و هەمووما ئەزانین یەکێك لە پڕۆژەکان دروست کردنی تەرازووی جێگیرە لە قەڵادزێ کە ئەمە قایمقام خۆی وتی ئەم پڕۆژەیەمان رەفز کردۆتەوە، بەڵام هەم دیس دووبارە بۆتەوە بە هەمان مەبلەغ، چەندین پڕۆژەی تریش، یەکێك لەو پڕۆژانەش کە پار نەکراون وە دەستیشیان پێ نەکردووە ئەم ساڵ دووبارە بۆتەوە، من دوو پڕۆژە زۆر بەلامەوە گرینگە کە باسی بکەم نەزانراوە چیە بۆم روون نەبۆتەوە، چیە؟ چاککردنەوەی پڕۆژەی ئاودێری ببوورن دروست کردنی بینایەی هۆبەی سەنگەسەر - رانیە دروست کردنی بینایەی - ئاودێری سلێمانی، ئەمە لە سێ شوێن بەدواداچوونم بۆ کردووە نەزانراوە ئەمە چیە و دەستیشی پێ نەکردووە، یەکێکیش لە پڕۆژەکانی تریش کە دروست کردنی پڕۆژەیەکی ئاودێرییە ئەبووایە بە یەك ساڵ تەواو بێ دەستی پێ نەکردووە پڕۆژەی ئاودێری سەنگەسەر، من ئەمەوێت لێرەوە باس لە پڕۆژەکانی وەزارەتی شەهیدان بکەم بەراستی لە کۆبوونەوەکانی ئەم چەند رۆژەدا باس لە دروست کردنی خانووی شەهیدان دەکرێت، پاشان هەندێك لە بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان ئەڵێن با پڕۆژە پێشنیارکراوەکانی ئەمساڵ با سێ بەڕێوەبەرایەتی گشتی دروست دەکرێت بۆ وەزارەتی شەهیدان لە هەرسێ پارێزگای سلێمانی و هەولێر و دهۆك ئەم پارەیەش نەکرێ و بخرێتە سەر ئەو پارەیەی بکرێت بە خانووەکان، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان من خانووی شەهیدان کە پار بیست و یەك ملیار و شەست و یەك ملیۆنی بۆ تەرخان کرابووە

ئەبووایە، پار بەیەك ساڵ تەواو بووایە پێنج ملیاری بۆ تەرخان کرابوو بۆی دانراوە بەڵام کە نەکراوە چ پێویست ئەکات ئێستا تۆ بێی نە خۆی ئەزانێ ئەم پارەیە لە کوێیە؟ کاك توانا وابزانم راوێژکاری ئەنجومەنی وەزیرانە من خۆم گوێم لێبوو ئەڵێت ئەم خانووانە نەکراون بەڵام پارەکەی لە سندوقێکایە، بێگۆمان ئەبێ بزانین ئەم سندوقە، ئەم پارەیەی بۆچی خراوەتە ئەم سندوقەوە، بۆچی دیاری نیە و ئێمە نازانین لە کوێیە لەکاتێکدا لە کۆی ئەو پڕۆژانەی کە پار لە وەزارەتی شەهیدان و لە زمنی ئەو خانووانەی وەزارەتی شەهیدانیش کە تیایەتی بیست و سێ ملیار و هەشت سەد و سی و شەش ملیاری بۆ تەرخان کراوە تەنیا بۆ وەزارەتی شەهیدان کە ئەم پڕۆژانەی پێ بکات بەم پڕۆژانە و سەرجەم پڕۆژەکانی تر، بەڵام کە تێبینی ئەکەین یەك ملیار و دوو سەد و نەوەد و پێنج ملیۆنی سەرف کردووە، کە 5٪ی پارەی پڕۆژەکانە کە....

**بەڕێز سەۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس تەواو نەختێکیش رەت بوو، بەڕێز د. بەشیر فەرمووو.

**بەڕێز د. بشیر خلیل تۆفیق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

زۆر روون و ئاشکرایە کە بودجەی ئەم ساڵ هەندێك جیاوازی ئیجابی هەیە لەگەڵ بودجەی پار جگە لە مەسەلەی ژمارە و بەش و دەروازەکان، ئەگەر سەیری راپۆرتی لیژنەکانیش بکەین ئەمساڵەکە جیاوازییەکی هەیە لەگەڵ راپۆڕەتەکانی لیژنەکانی پار ئەم ساڵ راپۆڕتی لیژنەکان زیاتر گفتوگۆی پێوە دیارە وە زیاتر پێشنیار و خاڵی گرنگییان دەست نیشان کردووە بۆ لیژنەی دارایی وە هەروەها پشتگیری لە داواکەی لیستی کوردستانی دەکەین کە ئەمەش یەکێکە لە جیاوازییەکانی بودجەی ئەمساڵ کە داوایان کرد لە 10٪ی بودجەی تەشغیلی کەم بکرێتەوە، ئەمە زۆر باشە ئومێدمان وایە کە لە ساڵانی داهاتوودا رێژەی زیاتر بتوانین ببڕین و بیخەینە سەر ئەو دەروازانەی کە دەکرێت خزمەتی زیاتری پێ بکرێت، بەڕێزان دوو فەرق لە ژمارەدا هەیە لە پڕۆژەکان پێم باشە نوێنەری حکومەت ئاگادار بێ لە دروست کردنی کۆلێژی پزیشکی ڤێتێرنەری لە بەکرەجۆ، لە بودجەی ساڵی 2010دا بیست و چوار ملیار و هەشت سەد و پەنجاو دوو ملیۆنی لە بۆ دانراوە ئەو گوژمەیەی کە بۆی دانراوە هەژدە ملیار و پێنج سەد و سی و سێ ملیۆنی لێ خەرج کراوە ئەمساڵ ئەوەی کەماوەتەوە مەفروزە شەش ملیار و سێ سەد و نۆزدە ملیۆن بمابایە، بەڵام نووسراوە پێنج ملیار و پێنج سەد و حەفتا ملیۆن ماوەتەوە لێرە فەرقێك لە مەسروف و لەوەی کە ماوە هەیە ئومێدەوارین چاك ببێتەوە، دووهەم دەربارەی تەواو کاری بەشی بایەلۆژی لە کۆلێژی زانستی دهۆك، ئەویشیان دیسان ملیارێك و هەشت سەد وچل و حەفت ملیۆنی لە بۆ دانرایە لە پڕۆژەی ساڵی 2010، لە بودجەی 2011 کرایتە ملیارەك و هەشت سەد و یازدە، واتە کەم دەبتەوە لەم بودجەیەدا مەفروزە کەوا بۆ ئەو ساڵ ساڵی 2011سەد و بیست و یەك ملیۆن دینار بمینێتەو، چونکە کاری لەسەر کراوە بەڵام تەماشا دەکەین نووسراوە هەشتا و پێنج ملیۆن ماوە، ئەمەش دیسان ژمارەکە کەمە و ئومێدەوارین چاك

بکرێتەوە بەعزێك پێشنیار پێم خۆشە بەکورتی دەست نیشانی بکەم ئەویش ئەوەیە لیژنەی پارۆ ئۆلۆمپی بەراستی ئەوانە زۆر پێویستییان بە بودجەیەك هەیە کەوا بۆیان دابنرێ و ئەوانەی کەوا وەرزشی خاوەن پێداویستی تایبەتەکانن ئەوانەن کە زۆر جار لە چالاکییەکان ئامادەبووم بەراستی ئەوانە زۆر زۆر پێویستییان بەوە هەیە کە بودجەیەکیان بۆ دابنرێت، چونکە ئەوانە یاریزانی جیهانیان هەیە لەگەڵ ئەوەی کەوا کەم ئەندامیشن، بەڵام ئەوانە لە بتوڵاتی عالەمی بەشدار دەبن، بۆیە پارۆ ئۆلۆمپی پێویستیان بە منحە بێ پێویستیان بە کورسی هەیە پێویستیان بە شتی دیکە هەیە، خاڵێکی دیکەش هەر زیاد کردنێك لە مووچە ئەگەر دەکرێ، من پێم باشە لە بەرامبەری بە هاوسەنگی خەمی نرخی بازار بخۆین چونکە ئێمە چەند لە مووچە زیاد بکەین، بەڵام بازار دەبێتە ئاگر و زیاد دەبێ، کەواتە لێرە وەکو ئێوەیەك لە هەڵاوسان دروست دەبێ، هەندێك کارمەند و پیاوانی ئایینی ئێزیدی هەن کە ئەوانە لە وەزارەتی دارایی مووچە وەردەگرن گلەیی وەزارەتی ئەوقاف ئەوەیە وەزارەتی ئەوقاف دەڵێ ئەمانە پیاوانی ئاینین، دەبوایە پارەی ئەوانە مووچەی ئەوانە بێتە لای ئێمە، ئێمە بیان دەینێ بەڵام تەماشا دەکەین بەبێ گەڕانەوە بۆ وەزارەتی ئەوقاف ئەوانە پارەکانیان دەدرێ، بەڕێز هەندێك پڕۆژە هەیە تەماشا دەکەین ئەو پڕۆژانە کە بۆ دوو ساڵ دانراوە لە ساڵی یەکەم لە 10٪ی ئەنجام دەدرێ و لە 10٪ی پارەکەی بۆ دادەنرێ کەوا موستەحیلە 90٪کەی لە ساڵی دووەم دروست بکرێتەوە، ئەمە دیارە کەوا ناکرێت یان ئەمانە لە بودجەدا نەبێ یان دوو پڕۆژەی ئاوا کراوە و لە 10٪ی بۆ دانراوە بکرێتە یەك و لە 20٪ەکەی بۆ دابنرێت، لە کۆتاییدا پێم باشە دوای پەسند کردنی بودجە ئەمساڵ وەکو پەرلەمان زیاتر چاودێری جێبەجێ کردنی بودجە بکەین و هەروەها بە زوویی لە دیوانی چاودێری دارایی پارە ون ئەبێ یان نەبێ و لە ون بوونەکەشی بکۆڵینەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

دەست خۆش، بەڕێز أسماعیل سعید محمد:

**بەڕێز أسماعیل سعید محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لە وەزارەتی مالیەوە دەست پێ ئەکەم کە لە ژێر چاودێری لیژنەیە کە خۆمان دامان ناوە، ئێمە لیژنەیەکمان هەیە لە وەزارەتی مالیە ئەو لیژنەیە ئامادەکاری لە بودجەیا ئەکات، کێشەی ئەم لیجنەیە لەگەڵ وەزارەتەکان هەمیشە لە مفاوەزات دان وەختێك دێن رەقەمی زۆر خەیاڵی لێ ئەدەن، ئەمە یەکێکە کە هەمیشە بودجە دەبێتە ئەم هەڵاوسانە زۆرە، بەڵام کێشەکە لەوەدایە وەزارەتی مالیە کە کە پێی ئەڵێن وەزارەتی حکومی و کە تەمسیلی حکومەت ئەکات خۆشی بەشێکە لە کێشەکە بۆ نموونە لە ساڵی 2010 وەزارەتی مالیە سێ سەد و حەفتا ملیار دانراوە لە 2003 بۆی کراوە بە شەش سەد و سێ، بەڵام ئەم وەزارەتە بەڕێزە داوای دوو ترلیۆن و سەد و شەست و یەك ملیاری کردووە کە ئەمە خۆی لە خۆیدا بەشێکە لە کێشەکان خۆی بەشێکە لەوەی کە کێشە بۆ حکومەت دروست دەکات دیارە لە هەر رەقەمێکدا کە

ئەی بینین لە هەر شوێنێکا لە بودجەی پێش ئەو ڕەقەمە شتێکی تر هەیە نووسراوە داواکراو لەلایەن وەزارەتی مالیە داواکراوە, ئێمە لە هیئەی ئیستسمار لە بەشی مینەح (149) ملیار هاتووە, بەبێ ئەوەی ئەم دەستەیە داوای کردبێ من نازانم وەزارەتی دارایی لێرە بۆ ئەوەندە دڵی فراوان بووە؟. داهات: وەزارەتی سامانە سروشتییەکان ساڵی 2009 داهاتی دوو ملیارو چوارسەد ملیۆن بووە, بەڵام دوای دوو ساڵ کە هەمیشە ئەم وەزارەتانە دەبێت سال بە ساڵ گەشە بە داهاتی خۆیان بدەن بەتایبەتی وەزارەتی سامانە سروشتییەکان, کە لە ساڵی 2011دا داهاتەکەی دابەزیوە لە دوو ملیار چوارسەدو بیست هاتۆتە سێ سەدو حەفتا ملیۆن، کەواتە وەزارەتی سامانە سروشتییەکان دوای دوو ساڵ داهاتەکەی شەش کەڕەت و نیو دابەزیوە کەواتە تەماشا بکەین خەرجی وەزارەتە سامانە سروشتییەکان لە ساڵی 2011 دا (دوازدە ملیارو هەشت سەدو شازدە ملیۆنە) کە داهاتیشی (سێ سەدو حەفتا ملیۆنە), کەواتە وەزارەتی سامانە سروشتییەکان کە لە ئەسڵدا وەزارەتی نەوتە, وەزارەتی نەوت و وەزارەتی کۆمەڵی شتی تر لەحیاتی ببێتە وەزارەتێکی بەرهەمهێن، بۆتە ئەرك بەسەر داهاتی ئەم وڵاتەوە. من دووشتم ماوە ئەگەر ئیجازەم پێ بدەیت, کاتم ماوە باشە, کارگەی بەردی مەڕمەڕی مهاباد ئەم چیرۆکە زۆر زۆرە لەوانەیە تۆزێك ناخۆشیش بێت دووبارەی بکەمەوە ئەم کارگەیە زیاتر لە شەش ساڵ پێش ئێستا گرێبەستەکەی بۆ کراوە، لە سەردەمی کاك عمر فتاحدا خۆی ئەم پرۆژەیە بایی 25 ملیارە تا پار ساڵ هەژدە ملیارو کەسری بۆ سەرف کراوە پار ساڵ لەم پەرلەمانەدا باقی ماوەی پارەی پرۆژەکە مصادەقەی لەسەر کراو ڕۆیشت، خۆم لەگەڵ کوێستان خان سەردانی پرۆژەکەمان کرد لەم ماوەت، تەبعەن من نامەیەکیشم ناردوو، بۆ وەزیری پیشەسازی و وزە کە جوابی داومەتەوە ئەم پرۆژەیە کاتی خۆی بەبێ هیچ زەمانەتێك 20٪ی دراوەتە کۆمکارێکی ئیتالی و ڕۆیشتووە بەبێ هیچ کتاب زەمانێك، بەڕاستی ئەمە تجاوزە لەسەر شروتی مقاولاتی عێراقی، ئەمە زۆر تەجاوزە لێی داوەو ڕۆیشتووە، تەبعەن پار ساڵ لەگەڵ ئەوەشدا کە پرۆژەکە فەشەلی هێناوە یەعنی جدوای پرۆژەکە هەمووی هەڵەیە، بەڵام باقی پارەی پرۆژەکە نزیکی (6) ملیارو کەسر بوو لەم پەرلەمانە مصادقەی لەسەر کراوەو ڕۆیشت، یەعنی تەواوی پارەکە کە (25) ملیارە لە میزانیە دەرچوو، ئەمسال لەگەڵ ئەوەی وەزارەتی پیشەسازی و وزە داوای نەکردووە لەسەر ناوی وەزارەتی پیشەسازی و وزە سێ ملیاری تری بۆ دانراوە من بۆ خۆم دوای ئەوەی بەدواداچوونم بۆ کرد نامەیەکم نارد بۆ وەزیری پیشەسازی و وزە داوام کرد ئەم پرۆژەیە وەستاوە، ئەم پرۆژەیە فەشەلی هێناوە، ئەو پارەیەی کە دەرچوو لە میزانیە لە کوێیە؟ ئەو جوابی داومەتەوە دەڵێت ئەو پارەیە لە وەزارەتی مالیەیە، باشە لە کاتێ کە پرۆژەکە وەستاوەو فەشەلی هێناوە پارەیەکی زۆر لە وەزارەتی مالیە ماوە بۆچی لە میزانیەی ئەمساڵ سێ ملیاری دیکەی بۆ دانراوەتەوە؟

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە کاك اسماعیل بۆ بانگهێشتی وەزیرتان نەکرد بۆ لیژنەکە کە لەسەر ئەو مەوزوعە لەگەڵی قسە بکەن؟.

**بەڕێز اسماعیل سعید محمد علی:**

جەنابی وەزیر تەشریفی هێنا لەکاتی بودجەدا ئەمەم لێپرسیەوەو وەڵامیشی داومەتەوە ئەوە هی سەردەمێکی زۆر کۆنە (6) ساڵ پێش ئێستا گرێبەستەکە کراوە، سەبارەت بە بودجە من پێموایە زۆربەی زۆری خوشك و برایان رەخنەو تێبینی زۆریان خستە روو، من پێموایە ئەگەر عاملی وەخت، ئەگەر ئێستا ئێمە لەسەرەتای مانگی (10) بووینایە من بە دڵنیاییەوە دەڵێم لەوانەیە هەموو ئەو خوشك و برایانە لەگەڵ ئەوە بوونایە، نەك هەرئەوە بەڵکو داوایان دەکرد ئەو بوودجەیە بگەڕێتەوە بۆ حکومەت بۆئەوەی چارەسەر بکرێت, بەڵام من خۆشم تۆزێك لەسەر عاملی وەخت ترسم هەیە، چونکە ساڵ درەنگە ئەگەر عاملی وەخت مساعد بێت، من قەناعەتم وایە ئەم بودجەیە بگەرێتەوە و ئەگەر عاملی وەخت مساعد نییە بۆ گەڕانەوەی پێشنیاری من ئەوەیە لەم پەرلەمانەدا لیژنەیەکی هاوبەش لە حکومەت و پەرلەمان دروست بکرێت، وەکو غورفەیەکی عملیات شەوو رۆژ بەبێ عوتلە، شەوو رۆژ کار بکەین بۆئەوەی چارەسەری کەموکورتییەکان بکەین.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت من جارێکی تر لە پێش هەمووتان لە پێش هەموو خەڵکی کوردستان داوا لە گشت ئێوەی بەڕێز دەکەم لە هەر فراکسیۆنێکن هیچ فەرقێك نییە ئەندامی پەرلەمانی کوردستانن مەسئولن لە پێش ویژدانی خۆتان، لە پێش خوا، لە پێش پێغەمبەر، لە پێش خەڵکی کوردستان، ئەگەر شتی دووبارە هەیە، بەناو بیهێنن نەك بەس بڵێین دووبارە هەیە، وەهمی هەیە، تشخیصی بکەین ئەم وەهمیە لە کوێیە، لە کام بابەتە؟ ئەگەر شتێك دووبارە پارەی بۆ خەرج کراوەتەوە، ئەگەر شتێك خراپە ئەمانە هەمووی بکرێت، هێشتا نەچووە، بچێ، ئێمە لێرە دانیشتووینە وەختمان لە پێشە بۆئەوەی پێکەوە بە ویژدانێکی پاك، بەبێ تەرەدود هەموو رەتی بکەینەوە، نەهێڵین چاکی بکەین، ئەو میزانیەیە ئێستا لەبەردەستی ئێمەیە، بۆ لێرەیە بۆئەوەی ئێوە بریاری لێ بدەن، بەڵام دیار بێت، نەك هەر بڵێین وەهمییەو دیار نییە، دووبارەیەو نازانین کامەیە چەند پارەی بۆ دانراوەو، نازانین لە کوێیە؟ بۆئەوەی لەسەری بوەستین و مناقەشەی بکەین زۆر لەوانەی کە بە نووسراو ناردووتانە لە هەندێکی مولاحەزاتتان هەیە، ئەو چەند رۆژە لە پێشمانە لەسەری ئەوەستین خاڵێکی تر, نوقتەی نیزامیت هەیە فەرموو.

**بەڕێز کوێستان محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەموو ئەو نموونانەی جەنابت باست کرد باس کراوە، لە پرۆتۆکۆل هەیە ئێستا بە دەیان نموونە باس کراوە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

نا، نا کوێستان خان، بەس دەڵێن وەهمی هەیە، کام وەهمی؟ با بوترێ. من ئەوەی گوێم لێتان بوو دەبینم شتێکی عام باس دەکرێت، نەك جەنابت لە هەموو فراکسیۆنەکان, نیزامییە؟ فەرموو.

**بەڕێز عمر صدیق محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ڕاپۆرتی لیژنەی دارایی، بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان موناقەشەیان کرد، ئاماژەیان بەچەند نموونەیەك کردبێ وەك ناوهێنان ئێمە داوا دەکەین جارێکی تر ئەو ناوانە ئەگەر هەن بینێرن بۆ لیژنەکەی ئێمە حەتمەن هەندێك لەو برگانەی کە هەن تۆمار کراون لەناو ڕاپۆرتەکەدا وەکو بڕیار هەندێکیشی وەکو پێشنیار دەنێردرێت بۆ حکومەت ئەوجا جارێکی تر داوا دەکەم ئەگەر هەر بابەتێك هەیە ئێوە دەستنیشانتان کردبێ بیدەن بە لیژنەی دارایی و کاروباری ئابووری، بۆئەوەی ئێمە بە هەموو لایەکمانەوە، ئەگەر شتێك هەبوو بڕیاری لێ بدەین نەهێڵدرێ، ئەگەر شتێکیش ئێمە بە باشی دەزانین وەکو پێشنیار بۆ حکومەتی بنێرین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز پەیام احمد محمد فەرموو.

**بەڕێز پەیام احمد محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە من هەر لە قسەکەی جەنابتانەوە بۆ ئەو پرۆژانەی کە دووبارە بن یان پارەی بۆ سەرف کرابێ یان دووجار ناویان هاتووە، من لەوێوە دەستی پێ دەکەم. وەزارەتی دارایی زنجیرە 8 لە بەردەوامەکانی 2010 تەواو کردنی فرۆکەخانەی هەولێری نێودەوڵەتی شەس سەدو حەوتا و هەشت ملیارو سێ سەدو پێنج ملیۆن دیناری بۆ خەرج کراوە لە بەردەوامەکانی 2011 بە هەمان پرۆژە حەوت سەدو بیست و چوار ملیار و شەش سەدو نەوت و حەوت دیناری بۆ تەرخان کراوە کە فەرقەکەی دەکاتە چل و شەش ملیار کە فرۆکەخانەکە، ئێمە خۆمان باش دەزانین داهاتی هەیەو ئیشیش دەکات، هەروەها جیاوازی لە نێوان گوژمەی پرۆژەکان لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر، بۆ نموونە، وەزارەتی دارایی مەرزی پشتە لە زنجیرە (33) لە لیستی بەردەوامەکانی 2011 گوژمەکەی پێنج سەدو شەشت و حەوت ملیۆنە، هەروەها مەرزی پەروێزخان یەك ملیارو حەوت سەدو حەوتا ملیۆنە بۆی دیاری کراوە، بەڵام بە پێچەوانەوە دەبینین هەر هەمان ئیش کە لەو دوو مەرزە دەکرێت لە مەرزی باشماخ و مەرزی شۆشمێ و حاجی ئۆمەران کە بۆ فراوان کردنی تەنها بیست و یەك ملیارو سێ سەدو هەشتا ملیۆنی بۆ دانراوە، ئەوجا جیاوازییە تکایە بۆمان ڕوون بکرێتەوە بۆ هەروەها لە وەزارەتی تەندروستی لە پرۆژەکانی 2003 و 2004 تا 2005 ئەو پرۆژانەی کە تەواو نەکراوە، کەچی هەمان کۆمپانیا، کە دەبوایە ئەم کۆمپانیایە سزا بدرایە پرۆژەی تری نەدرابایە، کەچی هەمان کۆمپانیا نەخۆشخانەی تری دراوەتێ بە پارەیەکی زۆرتر لە عەینی ئەو نەخۆشخانە کە لە شوێنێکی تر دروست دەبێت، بۆ نموونە، لە ڕانیە نەخۆشخانەی گوژمەکەی سێزدە ملیارو نیوی بۆ تەرخان کراوە، بەڵام لە زاخۆدا، کە بۆ ئەو کۆمپانیایەی ئیشەکانی تەواو نەکردووە بە هەمان کۆمپانیا دراوە بە شەست و شەش ملیارو شەست ملیۆن، ئایا ئەم جیاوازییە بۆ هەردووکی هەر نەخۆشخانەیەو مواسەفاتی نەخۆشخانەی هەیە؟ جگە لەوەی پێشتر لە قسەکانی پێشترمدا باسی هەموو

پرۆژەکانم کردووە، ئەوانەی کە دووبارە بوونەتەوە و جیاوازی هەیە هەروەها حکومەتی هەرێم هەمیشە باس دەکات کە فەرمانبەری زۆر زیادی هەیە، بەلاّم هەر لە ئەمسالّدا بیست ملیار دینار تەرخان کراوە، بۆئەوەی بیدات بە کۆمپانیاکان بۆ پاك کردنەوەی فەرمانگەکان، ئایا ئێمە پێویستیمان بە دامەزراندن هەیە؟ ئایا ئێمە خەلّکمان نییە بڕوات ئەم ئیشانە بکات؟ بەیانیان دەتوانین بڕۆین خۆمان ببینین چەند کرێکار وەستاوە بۆئەوەی رۆژی (15) هەزار دیناری دەست بکەوێت بە کرێکاری، ئایا ئەو کرێکارە ئامادە نییە بڕوات ئەو فەرمانگەیە پاك بکاتەوە بەو مووچە؟ ئەو خۆی لێرەدا بە هەدەردانە دواتر جگە لەوە لە مەوجوداتی نادارایی چل و یەك ملیار دیناری بۆ کرێی کڕینی ئۆتۆمبێل تەرخان کردووە تەنیا بۆ کڕینی و چاککردنەوەو کرێیی ئۆتۆمبێل سەدو دوازدە ملیار دیناری بۆ تەرخان کراوە، نازانم ئیتر پارەکەی ئێمە هەر بۆ کرێیی ئوتومبێل و چاککردنەوە دەڕوات؟ (سەدو دوازدە ملیار دنیار). بەخشین: سالاّنە برێکی زۆر پارە بەناو بەخشینەوە تەرخان دەکرێت و خەرج دەکرێت، ئایا ئەو پارەیە دەچێتە خزمەتی گشتییەوە؟ دیار بوو کاك کاروان نموویەکی جوانی وت کە هەر لە رۆژێکدا شەست ملیۆن دینار بە بەخشین دەدرێت، جگە لەوە ئەو بەخشینە پار سالّ سێ سەدو حەوتاو چوار ملیار دینار بۆ تەرخان کرابوو، کەچی ئەمسالّ حەوت سەدو شەست و یەك ملیاری بۆ تەرخان کراوە، ئەو زیادەیە بۆ؟ کە ئێمە پارسالّیش داوامان کردووە ئەو پارەیە لە بەخشین و ئەوانە کەم بکرێتەوە. هەروەها لە خەرجی دیکە لە بودجەی بەکاربرندا برێك پارەی زۆر خەرجی بۆ دەکرێت لە ئەمسالدا دوسەدو بیست و یەك ملیار و دوسەدو پەنجاو پێنج ملیۆن بۆ بەخشین و تەحویل کردن تەرخان کراوە، لە کاتێکدا بەخشین بابی خۆی هەیە، کە حەوت سەدو شەست و دوو ملیاری بۆ دیاری کراوە، ئایا ئەم بەخشینە زیادە چییە؟ ئەو تەحویل کردنە چییە؟ بۆیە ئێمە داوا دەکەین ئەو پارانەی کە لێرە دەمێنێتەوە لە بەخشین و لە مینەح و لە مصروفات اخری ئەوانە دەمێنێتەوە کە زیادن هەمووی بگەڕێتەوە بۆ وەبەرهێنان بۆئەوەی پرۆژەی زیاتر بکرێت و بۆئەوەی ئەو ناوچانەی کە باسمان کرد پێشتر وەکو کفری، وەکو چۆمان کە ناویان لە پرۆژەکان نەهاتووە پرۆژەی زیاتریان بۆ دابنرێت و خزمەتی زیاتر بکرێت، دووبارە پشتگیری لە پێشنیاری هاوڕێکانم دەکەم بۆئەوەی ئەم بودجەیە بەراستی و دروستی بخرێتە بەردەستی خەلّکی کوردستان, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز جلال علی عبدالله فەرموو.

**بەڕێز جلال علی عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

خوشکان، برایان ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان، دیارە ئەم بودجەیە بە هەموو وردەکارییەکانییەوە هاتۆتە ناو 19 لیژنەی هەمیشەیی پەرلەمانی کوردستان کە هەر لیژنەیەك لە دە کەس کەمتر نییە بۆ هەموو لیژنەکان وەزیری پەیوەندیدارو بەڕێوەبەرە گشتییەکان و بەڕێوەبەری پلاندانان لە وەزارەت بانگ کراون بۆ لیژنەکان و هەموو وردەکارییەکانی ئەو سەدان هەزار ژمارەیەی کە لەو بودجەیەدا هەیە هەر

وەزارەتەو بەپێی خۆی مناقەشەی کردووەو تاوتوێ کراوە لەناو لیژنەکانـدا و ئـەوە مـاوەی دوو مانگـە هـەر لیژنەکەی ئێمـە، لەوانەیـە چـەندین کۆبوونـەوەی کـردووە، لیژنـەی کشتوکاڵ و ئـاودێری مـن کـە ئەنـدام لیژنەی دارایی و ئابووریم هەفتانەو رۆژانە کۆبوونەوە کراوە بۆ تاوتوێ کردنی ئەو سەدان هەزارە، من زۆر بـە گـەرمی پشـتگیریی خوشـکی بـەڕێزم پـەیمان خـان دەکـەم ئـەو وردەکارییـە، بەڕاسـتی ئیشـی ئێمـە نییـە چونکە سەدان هەزار ژمارە زۆر زۆر ئیعتیادییە ئەگەر لەسەدا ڕێژەیـەکی تـاوتوێ کـەمی تیـادا بێـت، بۆیـە مـن باسـی ئـەوە دەکـەم کـە دوو مانگـە خـەڵکی کوردسـتان بـە هـەموو دەنـگ و رەنگەکانیـەوە بـە هـەموو جیاوازییەکانەوە چاوەڕوانی هەمووارکردنی ئەو بودجەیەن لەو پەرلەمانی کوردستانە، چونکە ئەو پارەیـەی لێرەوە لە بودجەی تەشغیلی بێت لە بودجەی ئیستسماری بێت، دەچێتە بـازاڕو ئـەم دەسـت و ئـەو دەسـت دەکات و تاوتوێی پێ دەکرێت گەشەی ئـابووری پـێ دەکرێـت لـە بـازاڕدا، بۆیـە مـن داواکـارم بەڕاسـتی ئێمـە پەرلـەمان لـە دوو مانگـدا کـە ئـەرکی خۆمانــە نـەمانتوانییێ ئـەو وردەکارییانـە، کـە هـەموو پێشـنیارو کەموکورتییەکان لە راپۆرتی لیژنەی دارایی دیاری کراوەو نووسراوەو، من پشـتگیریی بـرای بـەڕێزم حـاجی خورشید دەکەم، کە ئەو پێشنیارو بۆچوونانە رەوانـەی حکومـەت بکرێـت و حکومـەت و وەزارەتـی دارایـی وەزارەتی پلاندانان مولزەم بکرێت بەجێبەجێ کردنی ئەو پێشنیارو رەخنەو کەڵێنانەی کە ئێمـە دیاریمـان کردووەو، داوا لە هەموو خوشك و برایان دەکەم، کە خەڵك چاوەڕوانی ئێمەیـە، هـەزار چاوەڕوانی ئێمەیـە، بیست و پێنج هەزار کەس چاوەڕوانی ئێمەیە بۆ دامەزراندن، واز لە وردەکاری ئـەو سـەدان هـەزار ژمارەیـە بێنین و چەند پێشنیارێکیشم هەیە بۆ خوشك و برایانی بەڕێز و سەرۆکایەتی پەرلەمان و وەزیری دارایـی و وەزیری پلاندانان دیارە بودجەی تەکمیلی بەڕێوە دەبێت، چونکە تەقدیری یەك بەرمیل نەوت کراوە بە حـەفتا بـۆ حـەفتا و شـەش دۆلار، ئێسـتا سـەرو سـەد دۆلارە جـار، جـار گەیشـتۆتە سـەدو دە دۆلاریـش بـۆ بەرمیلێك, مـن پێشـنیار دەکـەم ئـەو بودجـەی تەکمیلییـە کـە هـات بـۆ گشـتیش سـەرف نـەکرێت تـەنها بـۆ بودجەی ئیستسماری و بـۆ چارەسـەری ئـەو عیجـزەی کـە هەیـە تکـام وایـە لـە روونکردنـەوەکانی جـەنابی وەزیری دارایی باسی عیجزی فیعلی کە لە حساباتی ختامی عیحزی فعلی دەدردەچێت، ئـەو عیجـزەی ئێمـە باسی دەکەین عجزی مخططة, عیحزی مخطط بودجەی ئەمریکا لە بودجـەی هـەموو وڵاتـە ئەوروپییـەکان هەیە، عیجزی مخطط لەگەڵ عیجزی فیعلی حەزدەکەم، جەنابی وەزیری دارایی عیجزی فیعلی لە حساباتی ختامی ئەخیردا دەردەکەوێت و داوا لە بەڕێز وەزیری دارایی دەکـەم کـە جیـاوازی داهـات لەگـەڵ بەغـدا لـە حساباتی خیتامیدا کە بۆمان دەنێردرێت جەنابی بێتە ئێـرە بۆمـان روون بکاتـەوە ئـەو جیـاوازی داهاتـەی ئێمەو بەغدا چییە؟, بۆ ئەو جیاوازییە هەیە و من واتـێ دەگـەم ئەوەنـدەی لێـی بـزانم کـە سـاڵانێکی زۆرە فەرمانبەر بووم ئەو عیجزە لـە حساباتی خیتـامی تبریـرات و بۆچـوونی خـۆی هەیـە مـن پێشـنیارێکی تـر دەکەم بۆ هەموو خوشك و برایانی ئەنـدامانی پەرلـەمان و پێـی لەسـەر دابگـرین، هـەر سـاڵە بـۆ سێکتەرێ بودجە چڕ بکرێتەوە ئەمساڵ باسی ئـەوە دەکرێـت کـە بـۆ کارەبـا بودجـە چـڕ کراوەتـەوە، پارەیـەکی چـاك شەش سـەدو ئەوەنـدە ملیـاری بـۆ دانـراوە، هـەموو سـاڵێك کـە دادەنـرێ بـۆ داهـاتووی ئێمـەش بیکـەین بـە

نەریتێك بۆ پەرلەمان كە هەر ساڵەو لە سێكتەرێكدا بودجە چڕ بكرێتەوە، ئەم هەموو پارەیەی كە دابەش دەكرێت ئێستا ئەگەر كارەبا ئێمە ئەمساڵ كە كارەبا پارەیەكی زۆرمان بۆ تەرخان كردوە، ساڵێكی تر سەرۆكی ئەنجومەنی وەزیران محاسبە بكەین بۆ كارەبا نەبووە, بەڵام ئەگەر ساڵێكی تر بۆ كشتوكاڵ بێت، ساڵێك بۆ خوێندنی باڵا بێت، ساڵێك بۆ پەروەردە بێت، ساڵێك بۆ پیشەسازی بێت، من لە ئێستاوە پێشنیاز دەكەم كە پەرلەمانی كوردستان پێ لەسەر ئەوە دابگرێت كە لە بودجەكانی داهاتوودا هەر لە ئێستاوە بڕیار بدات لەگەل ئەنجومەنی وەزیراندا ساڵێكی تر ئێمە لە چیدا بودجە چڕ بكەینەوە، چی چاك بكەین بۆئەوەی چیتر نەچینەوە سەری, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێز ئاشتی عزیز صالح فەرموو.

**بەڕێز ئاشتی عزیز صالح:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەراستی لە كۆی مولاحەزاتەكانی ئەم دوو رۆژە ئەو تێبنییەمان بۆ دەردەكەوێت كە سیاسەتێكی گشتی نییە كە پابەند بووبێ وەزارەتی دارایی و وەزارەتی پلان دانان تا بەرچاوی ئێمە روون بێت لە كۆی گشتی ئەو سیاسەتە ئابوورییە بۆئەوەی ئێمە نەكەوینە ناو موناقەشە كردنی ئەو خاڵە وردەكارییانەوە كە ناو دەبرێت كە پسپۆری ئێمە نییە بۆیە كۆمەلێك خاڵ لای من بەشێوەیەكی گشتی لەسەر سیاسەتی ئەم بودجەیە هەیە ئەوەیە كە ئەم بودجەیە سەرەرای ئەوەی كە تێبینییەكانی پار ساڵی ئێمە بە ئیعتبار وەرنەگیراوە كەواتە موناقەشەكردن و پێشنیازەكانی ئێمە ئەوەش مناقشەیەكی ئەوە نییە كە بە دافعی ئەوە بێت كە بمەوێت تانووت لە بودجەكە بدەم، بەڵكو كۆمەلێك بەلگە هەیە پار ئیشارەت بەوە كراوە كە پرۆژەی دووبارە هەیە، خەملاندنی هەڵە هەیە بە هەمان شێوە دووبارە بۆتەوە، رەنووس هەیە بە سفرێك ژمارەكە گۆڕانكاری بەسەر كراوە و كۆمەلێك شتی تریشە بۆیە بە بڕوای من ئەم بودجەیە دەبێت راستەوخۆ بۆ هەردوو وەزیری پلاندانان و وەزیری دارایی رووبەروو بكرێتەوە كە ئەم بودجەیە ئەگەری هەیە لە حاڵەتی تەواری كوردستان دروست بكات، نەك تەنها كە خۆی پارەی دانەناوە بۆ حاڵەتی تەواری بەڵكو رێگایەكە كوردستان دەبات بەرەو ئاراستەی دروست بوونی حاڵەتی تەواری بەلگەكەش، بۆ ئەمە ئەوەیە كە لە هەموو بودجەیەكی وڵاتێكدا كە بودجەی بەكار بردن بەردەوام لە هەڵكشاندا بوو بەبێ تەبریری واقعی ژمارەی فەرمانبەران لە بەكاربردندا زیادی كرد، هەروەها عیجز لە زیادبووندا بوو ئەمانە هەر هەمووی ئاماژەیە كە ئەم بووجەیە ئەو كۆمەلگەیە بەرەو حالەتی تەواری دەبات، بۆیە ئەم حاڵەتە تەوارییەش لە چیدا دەبینرێت بەتالەی مقنع زیاد دەبێت، چونكە لە بەرامبەردا ژمارەی موەزەفت زیادی كردووە داهێنان ناهێڵێ چونكە پرۆژەی ستراتیژیت نییە كە ئەمە بەلگەیە بۆئەوەی كە بودجەی بەكاربردن لە هەڵكشاندایە، بۆیە ئێستا ئێمە لەبەردەم خەتەرێكداین بەراستی بەتەنها لە خەتەری

ئەوەنین کە کۆمەڵێك رەنووس لابەرین و کۆمەڵێك رەنووسی تر بخەینە ناو ئەو خانانەوە ئەگەر بودجە تەنها پڕکردنەوەی خانەکان بێت، بڕوام وایە مەسەلەیەکی زۆر ئاسانە و دیارە بەو چاوەوە موعامەلەی لەگەڵدا کراوە بۆیە تووشی ئەم گرفتە گەورەیەی ئێستا بووین، بەڵکە ئەبێت ئەگەر ئیستا بەتەواوی هەستی پێ ناکرێت دوو ساڵی تر بەتەواوی دەبینرێت کە کوردستان بەرەو قەیرانێکی تەمبەڵی گەروە دەبات ژمارەیەکی گەوەری موەزەفمان دەبێت، ئەمە مانای ئەوە نییە من دژی تەعیینات بم، بەلأم لەبەرامبەردا کە تۆ ژمارەی موەزەفت ساڵانە بەبیست و پێنج هەزار، کێرڤەکەی بەرز دەبێتەوە خۆ لە بەرامبەردا دەبێت لە وەبەرهێنان و کشتوکاڵدا کۆمەڵێك پرۆژەی ستراتیجی بکەیت کە بەشێك لەم دامەزراندنە ساڵ بە ساڵ دایبەزێنی، ساڵ بە ساڵ لەناو ئەو پرۆژانە بیکەیتە مووچە خۆر، نەك تەنها تەوزیعی بکەیت بەسەر فەرمانگەو وەزارەتەکاندا کە ئەمە جارێکی تر گرفتی ئەوەی کە چوار موەزەف لە پشتی مێزێکەوە بۆ کوردستانی دروست دەکات، زۆر جار سەردانی هەندێك لە وەزارەتەکان دەکەیت کۆمەڵێك گەنجی بە توانایەکەوە لە ژوورێکدا قەتیس کراوە، شەڕیانە لەسەر جهازی کۆمپیوتەرەکە، یەعنی ئەمە کێشەیەکی گەورەیە بەراستی داهێنان لە کوردستاندا بە ئاستێکی زۆر زۆر کێرڤەکەی دادەبەزێ کە ئەمە لە ئێستادا ئەکرێت بەڕێی بکەیت، ئەکرێت منیش لەگەڵ جەنابتان دەستی بۆ بەرز بکەمەوە هیچ گرفتیکم نییە، چونکە لەوانەیە کۆمەڵێك ئیشی خەڵك زەرووری بێت پێی بڕوات، بەلأم لە بەرامبەردا بەرەو گرفتیکی گەورە ئەبەیت بەراستی کوردستان لەرووی ئابووریەوە بەرەو حاڵەتێکی تەواری زۆر گەورەو ترسناك دەڕوات. حاڵەتێکی تر کە لێرەدا دەبینرێت ئەوەیە کە بەراستی ئەم بودجەیە تەنمیەی بەشەری لە کوردستان بەرەو لاواز بوون دەروات, تەنمیەی بەشەری تەنها ئەوە نییە برێك پارە دابنرێت لە سیاسەتی ئیقتصادیدا بۆئەوەی کۆمەڵێك لە لیڤڵێکی بەرزی خوێندندا تۆ دەیبەیتە دەرەوە بۆ بەرز کردنەوەی شەهادەکەی، ئەی تەنمیەی قابلیاتی شەریحەکانی تر لە کوێدا شوێنی کراوەتەوانێ؟ تۆ چەند کەسێکی مەهنی دەکەیتە کەسێکی پسپۆڕو شارەزاتر مەجالە حرەفییەکانی تر لە کوێ شوێنی بۆ دەکرێتەوە؟ تۆ ئاستێك لە خەڵك کوالیتی زۆر بەرز دەکەیتەوە، بەلأم ئاستێکی تر ئەوەی لە کارگەکاندا ئیش دەکەن ئەوانەی لە دەوائرەکاندا ئیش دەکەن لە ئاستێکی دیاری کراودا ئەم سیاسەتی ئیقتصادیە لە یارمەتی ئەوە نابێت کە ئاستی تەنمیەی بەشەری کوردستان بڕواتە سەرەوە، بۆ نموونە وەکو ئەوەی هاوکارم هاوڕازخان باسی دەکات وشیارکردنەوەی تیادا نییە لە بواری ژینگەدا کە کارەساتی کوردستان ژینگەکەی پیسە، پێویست بوو پارەیەکی بە ئەمانەتێکی گەورەترەوە بۆ دابنرێت، تەنمیەی قابلیات لەبواری کشتوکاڵدا لە کوێ دانراوە, و کۆمەڵێك بواری تریش؟, بۆیە لێرە یەك پرسیار دەکەم ئایا ئێمە مەبلەغێك پارەمان هەیە ئەگەڕێن بە شوێن ئەوەی کە ئەم مەبلەغە پارەیە دابەش بکەین بەسەر کۆمەڵێك خشتەدا یان ئێمە کۆمەڵێك گرفت و کێشەی کوردستان هەیە ئاوا دەستمان پێوە گرتووە لەسەر دڵان، یەعنی سواڵ و سەدەقەی هەموو شوێنێکی بۆ دەکەین، فلس بە فلس بۆئەوەی ئەم نەهامەتییانەی خەڵکی پێ پڕ بکەینەوە، ئەگەر بەم سیاسەتەی دووەمیان ئیش بکەین بڕواناکەم لە هیچ شوێنێکدا قەبوڵ بکرێت،

هیچ ژمارەیەکی حسابی دووبارە ببێتەوە و هیچ پرۆژەیەکیش دووبارە ببێتەوە، بەڵام دیارە ئێمە سیاسەتی یەکەممان گرتۆتە بەر کە بریتییە لەوەی ئێمە تەبریر دەهێنینەوە بە مەبەلەغێ پارە دەمانەوێت بەزووترین کات لە ماوەیەکی دیاری کراودا دابەشی بکەین بە کۆمەڵێك رەنووسەوە کە ئەمە ئەم گرفتانەی دووبارە بوونەوەو رەنووسی هەڵەو ئەمانەی بۆ دروست کردووە. یەکێکی تر لە کێشە سەرەکییەکانی سیاسەتی ئە بودجەیە کە دارێژراوە بە بڕوای من خۆی لە خەملاندندا دەبینێتەوە کە هاوکارانم باسیان لە هەڵەی خەملاندن کرد یان بڕینی ئەو پارەیە کرد کە دیاری کراوە لەلایەن جەنابی وەزیری دارایی و وەزارەتەکەی بەرێزیانەوە ئەوەی کە لەلای من تێبنییەکی جیاوازە ئەوەیە کە خودی وەزارەتە گشتییەکانی هەرێمی کوردستان هەر هەموویان بەشدارن لە هەڵەیەکی گەورەدا کە پێی دەوترێت خەملاندنی نا واقعی، پرسیارەکەم ئەوەیە، ئایا ئامانجی هەڵە لە خەملاندنی هەڵەدا بە دافعی چییە؟ چونکەئەمە ببورن ئەگەر بە بەریئانە قسەکانم نەکەم، چونکە بە ملیارەها پارە لەم بودجەیەدا رۆیشتووە ئەمە پاڵ بەمنەوە دەنێت کە من بە بەریئییەو قسە نەکەم، ئا لێرەدا کۆمەڵێك خەملاندنی تیادایە کە لەهەندێك خشتەدا من پێم سەیرە بۆ نموونە خەملاندنی لە قائمەی کە پەیوەندی بە (اطعام الموقوفين و النزلاء) تا بەرواری 6/30 کە ئەمە سێکتەرێکی زۆر گرینگ نییە، لاوەکییە لەچاو سێکتەرەکانی وەزارەتێکدا مەصروفی فیعلی ئەو وەزارەتە لە شەش مانگی یەکەمدا خۆی کە تۆماری کردووە حەوت ملیارو شەست و هەشت ملیۆنە لە بەرامبەردا بۆ ئەم وەزارەتە داوای بیست و شەش ملیارو چوارسەدو بیست و شەش ملیۆن دەکات بۆ سالی ئاینده ئەمە چ مەنتقێك ئەم خەملاندن و حسابی ختامی شەش مانگی پێشوو خۆی یەك دەگرێتەوە لە بەرامبەردا لە وەزارەتی جەنابیشتان ئەو بەرێزە چۆن بەو دەرجەیە بیست و شەش ملیار دایدەشکێنیتەوە بۆ دوازدە ملیار.

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس تەواو, بەرێز عمر صدیق محمد, فەرموو.

**بەرێز عمر صدیق محمد:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

راستە لە راپۆرتی دارایی و ئابووری بە روونی ئاماژە بە ئامانجە سەرەکییەکانی ئەم بودجەیە نەکراوە بەڵام ئەگەر بچینە ناو ژمارەکان چەند بوارێك دەبینین لەوانە ئارامی و ئاسایش بۆ هەرێمی کوردستان دوو، بواری کارەبا سێ، ئاوەدانی هەرچەندە من بۆ خۆم پاش ئەوەی کە زۆر بەوردی موقارەنەی خەرجی ساڵی رابردووم کرد لە شەش مانگی یەکەمدا بەرامبەر بەو تەخمینەی کە کراوە لەلایەن وەزارەتەکانەوە هەر وەکو چەند ئەندامێکی پێشووی پەرلەمان ئاماژەیان پێ کرد، بەداخەوە تەخمین و تەقدیری حکومەتی هەرێمی کوردستان بەتایبەتی وەزارەتی دارایی کە چەندین دەورات کراوە بۆ فەرمانبەرەکانیان دوورە لە واقعەکە یان هەندێك جار بڵێین جۆرێك لە راهێنانی تیادایە بەوەی کە بەردەوام تۆ زیاد بڵێیت بۆئەوەی برێك لەوەی کە خۆت دەتەوێت نزیك بێت لەوەی کە بۆی دابنێن، بۆیە کاتێك کە ئەم بودجەیە

دێتە پەرلەمانەوە ئەندامانی پەرلەمانی کوردستانیش بەو شکلە مامەڵەی لەگەڵدا دەکەن دەبینیت یەکێك دەڵێت لە سەدا پەنجا لە بودجەی تەشغیلی کەم بکرێتەوە، یەکێك دەڵێت لە سەدا بیست یانی هەر یەکێك ڕێژەیەك دەڵێت، ئەمە ئەم هاوکێشەیە دروست دەکات لە نێوان هەموو ئەو دامەزراوانەی کە هەن لە هەرێمی کوردستان کە ئێمە دروست لە واقعەکەی خۆمان ژمارە نەڵێین لە راستیشدا ئەو ژمارانە لە دواییدا دەبن بە فیعل دوایی دەرکەوتەو دەرئەنجامی ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسیشی لێ دەکەویتەوە خەتەرە ئەگەر ئەم بوارە لە تەقدیر کردن و لە تەخمین کردن بۆ هەرێمی کوردستان ئەوها بەردەوام بێت من پشتگیریی لە وتەکەی هاوکارمان کاك عدنان عوسمان دەکەم وتی هەرێمی کوردستان لەرووی سیاسییەوە زۆر لە سەلاحیاتی ئیقلیمی بۆ دەستەبەر کراوە لە دەستووردا، بەلام مەسائیلی پراکتیزەکردن و لەو سەلاحیاتانەی کە هەیە لە مجالی ئیدارەو ئیدارەی مالیە بەداخەوە ئێمە هێشتا لەو ئاستەدا نین یان هاوسەنگ نییە بە مجالی سیاسیەکە پێویستە حکومەتی هەرێمی کوردستان بەتایبەتی وەزارەتی دارایی پاش ئەوەی یاسای تازەی بۆ دەرچوو یەکێك لەو مدیریە عامانە ئەگەر بە هەڵەدا نەچووبم مدیریە عامەی موازنە بوو کە بۆی دەستنیشان کرا ئەکرێ ئەو ئەفرادانەی کە لەوێ دادەنرێن زۆر بە ئەمانەتەوەو زۆر بە تەخصصی لەگەڵ هەموو وەزارەتەکانی تردا بۆ ساڵانی داهاتوو زۆر بە عەمەلی و بەوردبینی و بە مهنی لەگەڵ ئەو بابەتەدا مامەلە بکەن بۆئەوەی ئێمە جارێکی تر تووشی ئەم بێنەوبەرەیە نەبین.

من پشتگیریی لەو بەرێزانە دەکەم حەتمەن پاش ئەوەی بەرێزان چ وەزیری مالیە چ وەزیری پلان وەلاممان دەدەنەوە بە دەنگی زۆرینەی پەرلەمانتاران لە موازەنەی وەگەڕخستن ببڕێت بڕێکیش لەم بڕینە بخرێتە سەر بەشی موازەنەی وەبەرهێنان و بدرێت بە کەرتەکانی:

یەکەم: تەندروستی.

دووەم: رۆشنبیری و لاوان (بواری وەرزشی) چونکە چەند پەرلەمانتارێکی بەرێز ئاماژەیان بەوە کرد کە ئێمە لە رووی سیاسییەوە لە رووی کراوەیی بەرووی دونیا لە بواری وەرزشیدا فرسەتی باشمان لە پێشە ئەبێت ئەرزیەی بۆ دابین بکەین.

سێیەم: بواری کشتوکاڵ هەروەکو لیژنەی کشتوکاڵ بەرێزان ئاماژەیان پێ کردووە هەرچەند حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ ئەمساڵ کەمێك شەرمنانە مامەڵەی لەگەڵ کەرتی کشتوکاڵدا کردووە بەوەی کە زیاتر پەرەی پێ بدات، بە بەراورد لەگەڵ ساڵی پاردا ئەبوایە هەنگاوەکەی تۆزێك گەورەتر بوایە, بۆیە من پێشنیار دەکەم لەو پرۆژانەی کە بۆ کەرتی کشتوکاڵ هەن بەتایبەت لە بودجەی وەبەرهێناندا ئیهتمامی زیاتری پێ بدرێت لەو برەی کە لە بودجەی وەگەڕ خستن دەخرێتە سەر بودجەی وەبەرهێنان بە هەمان، شێوە وەزارەتی سامانە سروشتیەکان چەند پرۆژەیەکیان پێشنیار کردووە هەر بۆ تخزین کردنی سووتەمەنی وە ئەو بابەتانەی تر ئەمانە بۆ داهاتی هەرێمی کوردستان پێویستن من ئەم بابەتە دەبەستمەوە بە بری کورت هێنان و ئەو پرسیارەش ئاراستەی بەرێز وەزارەتی دارایی دەکەم وەزارەتی دارایی بۆ داهاتوو چۆن مامەلە لەگەڵ کورت هێنانی خۆیدا دەکات؟ کە هەیە نزیکەی لە 10٪ بەرەو

سەرە، حەتمەن پڕكردنەوەی بە بڕینی بەشێك لە خەرجییەكان ئەبێت پاش ئەوەی كە تۆ مصادەقەیەك ئەكەی، ئەمە تەخمینە لەبەردەستمان، لە خەرجی فعلی تۆ بۆ ئەوەی كورتهێنان پڕبكەیتەوە، ئەیبڕی، بەلاّم لەكام خەرجی ئەیبڕی؟ لە خەرجی وەگەڕخستن ئەیبڕی یان لەخەرجی وەبەرهێنان ئەیبڕی؟ بۆیە ئێستا ئەم قسەی من قسەی ئەو برادەرە و قسەی ئەو هاوكارە بەڕێزانە، راست ئەكاتەوە كە ئەو پڕۆژانەی كە پێویست بوو لە سالّی 2010 وەكو ئینجازی ماددی بەدەست بهێندرێن، بەشێكی زۆریان بەدەست نەهێندراون، بۆیە من داوا دەكەم ئەگەر وەكو پێشنیار بێ یان وەكو بڕیار بێ لەكۆتایی، ئێمە بڕیار لەسەر ئەو خالّە بدەین، ئەگەر لەداهاتوو حكومەتی هەرێمی كوردستان بۆ پڕكردنەوەی كورتهێنانەكەی پەنا بەرێتە بەر كەم كردنەوەی خەرجی با لەبەشی وەبەرهێنان یان هیچ كەم نەكاتەوە، یان بەرێژەیەك كە چارەگێك زیاتر نەبێت لە كەمكردنەوەی خەرجی وەگەڕخستن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز عظیمة نجم الدین حسن:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من سەرەتا كۆمەڵێك پێشنیار ئاراستەی بەڕێزتان دەكەم، خالّی یەكەم لە گواستنەوەی پڕۆژەكانی وەبەرهێناندا، پێشنیار دەكەم بە ئاگاداری لیژنەی پەیوەندداری پەرلەمانەوە بێت و بەپێی تایبەتمەندی پڕۆژەكە لە چ كەرتێك دایە وە رێگا نەدرێت ئەو گواستنەوە بكرێت، پێش دانیشتن و رەزامەندی لیژنەی پەرلەمانی پەیوەندار، ئەو گواستنەوانە رێگا بۆ میزاجی شەخصی لەنێو دامەزراوە پەیوەندارانە خۆش كردووە كە دەسەلاّتی تەواویانی پێداوە، بۆ دەست كاری كردنیان كە لە سالّی رابردوودا روویداوە لەم نێوەندەدا گەرەك و شارو شارۆچكەكان و دەوروبەری گوندەكانی هەرێمی كوردستان لێی زەرەرمەند بووینە، خالّێكی تر ئەمەوێ قسەی لەسەر بكەم، ئەویش لە پرۆژە بودجەی 2011 من پێم وایە ئەو دوو كەرتەی كە لە قسە كردنی پێشتریش باسم كردووە و بەگرنگم زانیوە ئێستاش دووپاتی ئەكەمەوە دوو كەرتی زۆر گرنگ هەیە كەلە كوردستان بۆ ئێستای ئێمە زۆر گرنگە، كە پارەیەكی زۆری بۆ تەرخان بكرێ، بۆ ئەوەی لەڕووی ئابوورییەوە و لەڕووی سەرخانیشەوە، لەڕووی گەشەكردنی مرۆییشەوە ئێمە سوود لەو دووكەرتە وەربگرین، یەكەمیان كەرتی كشتوكالّییە، كە ئێمە گرنگی بە كەرتی كشتوكالّی بدەین، رێگا خۆش ئەكات بۆ ئەوەی كە بتوانین، وەكو ئەوەی ئێستا لە پڕۆژەكانی لە قەرزی بچووك، صندوقی هاوكاری بۆ گەنجان دانراوە، ئێمە ئەگەر بتوانین گرنگی بە كەرتی كشتوكالّ بدەین، كشتوكالّ پێش بكەوێت لەم ولاّتە، ئەتوانین بەو قەرزانە دەیان كارگەی بچووك بچووك بهێنێتە كوردستانەوە پشت بە بەرهەمە ناوخۆییەكان ببەستین، ئەوكاتە ئێمە ئەلێین ژێرخانی ئابووریمان بەرەوپێش چووە، لەگەلّ قسەی ئەو بەڕێزانەشم كەداواكارییەكانیان لەسەر ئەوەی كە گرنگی بە ئاژەلداری بدرێ لە كوردستان، ئەمە لەڕووی كەرتی كشتوكالّی و ئاژەلّدارییەوە، بەلاّم لەڕووی پەروەردەییەوە، من پێم وایە گرنگی بەو بوارە بدرێ بەدروست كردنی ئەو گوژمە پارەیەی كە سالاّنی رابردوو، بەلاّم بە شێوەیەك كە ئەو دروستكردنی قوتابخانانە سوودی لێ وەربگیرێت، بەلاّم بەداخەوە لە هەرێمی كوردستاندا، ئەو قوتابخانانە یان ئەو بڕە

پارەیەی کە بۆ خوێندنگا دانرا ئەوەی کە بینیومانە لەساڵی رابردوو لە 5٪ بووە، لە 10٪ چۆتە بواری جێبەجێ کردنەوە، لەهەندێ جێگا تا ئێستا هەر نەچۆتە بواری جێبەجێ کردنەوە، وەکو خۆی ماوەتەوە، لەخاڵێکی ترا کە لە زۆربەی پرۆژەکان گرنگی دراوە بە دروست کردنی قوتابخانەی چوار پۆلی، بەڕێزان قوتابخانەی چوار پۆلی هەموومان ئەزانین لەگەڵ سیستەمی خوێندنی ئێستادا گونجاو نییە، ئێمە تەنها پۆل بۆ ئەوەی ناکەین کە خوێندکاری پێ رازی بکەین و بەڕێی بکەین، چوار پۆلی بۆ ئەو شوێنانەی کە دانراوە گونجاو نییە و لەگەڵ سیستەمی تازە ناگونجێت، تەنانەت بۆ لادێیەکانیش بێت، ئێمە چەند دێیەك کە لەیەکترییەوە نزیکن بۆ هەر لادێیەك خوێندنگایەکی چوار پۆلی دائەنێین، ئێمە ئەتوانین یەك قوتابخانەی مۆدرێن لەبینی چەند دێیەك دابنرێ، ئەو قوتابخانەیە بەکۆمەڵێك مواصەفاتی باش و سەردەمیانە دروست بکرێ، وە لەبری ئەو هەموو پارەیەی کە ئەدرێ بە مامۆستا و دروست کردنی خانوو بۆ مامۆستا و بەپاسەوان و بەکارگوزار، بتواندرێ بە کرێی پاس بۆ هاتووچۆی ئەو خوێندکارانە و بەهەموو ئەو موستەلزەماتە پێویستیانەی کە لە قوتابخانەی سەردەما هەیە و سوودی لێ وەربگیرێ، خاڵێکی تر کە گرنگ بێ بەلای منەوە، تەعویزی خاوەن ئەو زەویانەی کە کۆمپانیاکان زەویەکانیان عەقدیان هەیە دەیان جاریش رەنگە ئەو خەڵکە موراجەعەی ئەنجومەنی وەزیران و حکومەتیان کردبێ، کە زەوییەکانیان کۆمپانییاکان کردوویانە بە خانوو، یان عەرزی زراعی بوونە وەکو کۆمپانیای دانا غاز کە لە قادر کرم هەموو ئەو خەڵکە چەند ساڵە لەسەر ئەو زەوییانە ژیانیان بەسەر بردووە، کەچی تا ئێستا تەعویزی ئەو زەوییانەیان وەرنەگرتووە، وە تەعویزی ئەوانەی کە بە موساتەحە پرۆژەیان وەرگرتووە بە 20 ساڵ و 25 ساڵ لەکاتی راپەرین، بەڵام کە راپەڕین بووە هەموو ئەو کەسانە زەوییەکانیان نابەن، ئەو پرۆژانەی ئەوان حزب یان حکومەت دەستی بەسەردا گرتوون، تا ئێستا کەس نییە ئاوڕییان لێ بداتەوە و ئەو پارانەیان بگەڕێنێتەوە، خاڵێکی تر، کە قسەی لەسەر بکرێت لە پرۆژەکانی پەرەپێدانی پارێزگاکاندا، من پێم وایە لەو پرۆژانەی کە لە پەرەپێدانی پارێزگاکان هەیە بۆ ساڵی داهاتوو پرۆژەی پەرەپێدانی پارێزگاکان جیا بکرێتەوە لەگەڵ بودجە، لەگەڵ ئەو منحانەی کە بۆ ئەو شوێنانەی کە پارەی پترۆدۆلاریان هەیە یان منحەیان هەیە، بۆ نموونە لەگەرمیان 200 ملیۆن دینار تەرخان کراوە بۆ دروست کردنی چەند قوتابخانەیەك، پارەکەی دیاری کراوە بۆ چەند شوێنێك، بەڵام بەداخەوە تێکەڵ کراوە لەگەڵ پرۆژەکانی پەرەپێدانی پارێزگاکان لەگەڵ پرۆژە بودجەی 2011، ئەو پرۆژانەی کە لە پترۆدۆلارەکە با بڵێین لە منحەی نەوتەکە هاتووە ئێستا پرۆژەی تێدایە لە 2011 ئێستا بە نموونە ئەیهێنمەوە، لە پرۆژەی پەرەپێدانی پارێزگاکان 19 پرۆژە بۆ چەمچەماڵ کراوە لەو 19 پرۆژەیە 5 پرۆژەی تەواو بووە، 5 پرۆژەی کە کراوە، یەکێ لەو پرۆژانەی کە باسی بکەم پرۆژەی مزگەوتی شەهید علی عسکەری لە چەمچەماڵ کە ئەو، پارەی بۆ دانراوە، بەڵام تەواویش بووە، پرۆژەیەکی تر لەچەمچەماڵ، دروست کردنی سیاجە بۆ یاریگای چەمچەماڵ، ئەو برە پارەی بۆ دانراوە کە تەواو بووە و کراوە، دروست کردنی هۆنی بۆنەکانی مزگەوتی شێخ حسین لە ناحیەی شۆڕش ئەمە خێرخواز کردوویەتی هیچ عیلاقەی بە

حکومەتەوە نەبووە، تەواویش بووە بەڵام ئێستا لێرە بڕێك پارەی بۆ دانراوە، دروستکردنی مزگەوتی شێخ صالح لە تەکییە، ئەمەش خێرخواز کردوویەتی هەر لەناحییەی تەکییە، پرسیارمان کردووە و خۆم بەدواداچوونم بۆ ئەو پڕۆژانە کردووە کە ناوچەکەی خۆمە، ئەم پێنج پڕۆژەیە هیچ علاقەی بە ئێستاوە نییە، هەمووشی تەواو بوونە، هۆڵی پرسەی بەردەکو قەلاَ ئەمە هەر لە چەمچەماڵ نییە و لە پڕۆژەکانی چەمچەماڵ دانراوە، دروست کردنی ژووری مردوو شۆر و تواليێت بۆ مزگەوتی حسن تەپە، ئەم پڕۆژە سەر بە چەمچەماڵە، واتە لەکۆی 19 پڕۆژە ئەو بڕە پارانە کۆ بکەرەوە، لە کۆی 19 پڕۆژە بۆ چەمچەماڵ بزانە چەندت پارە بۆ ئەمێنێتەوە؟، لەکۆی پڕۆژە پەرەپێدانی پارێزگاکان لەچەمچەماڵدا، یەك خاڵی تر لە بودجەی 2011 هاتووە کە تغزیەی مەدرەسییە، واتە خواردن، لە هیچ قوتابخانەکان، لە هیچ خوێندنگاکانی کوردستان لە بنەڕەتیاکان، باخچەکان خواردن نییە، لێرە ملیارێك 872 ملیۆن دینار دانراوە بۆ خواردنی مەدرەسی، خۆزگە وەزیر لێرە بوایە بمانزانیبایە ئەو پارانە لەکوێ سەرف کراوە، و ساڵانی پێشووش بۆی دانراوە لە 2009، خاڵێکی تر لە بودجەدا کە ئێمە کۆمەڵێك کەم و کوڕی لەناو پڕۆژەکان ئەبینین، ئەویش لە بودجەی ئەم ساڵی هەرێمی کوردستان لەمیانی پڕۆژەکانی چەمچەماڵە بڕی 268 ملیۆن بۆ دروست کردنی خانووی بەڕێوەبەری ناحیە و فەرمانبەرانی ئاغجەلەر تەرخانکراوە، لەکاتێك ئەم خانووانە دوو ساڵ لەمەوبەر لەسەر بودجەی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی تەواو کراوە بە پرسیارکردنییش لە ئەندامێکی ئەنجومەن کە ئەمە تەسلیم کراوە و هیچ کێشەی نەماوە، خاڵێکی تر هەر لە پڕۆژە بەردەوامەکانی ئەم ساڵ ئاماژە بەگەیاندنی خزمەت گوزاری ئەکات بۆ خانووەکانی ناحیەی ئاغجەلەر 420 رۆژ دانراوە 122 ملیۆن دیناری بۆ تەرخان کراوە، بەرواری دەست بەکار بوون لە پڕۆژەکە 2006/1/1ـە واتە دەبوو لەچوار مانگدا لە 3/1/ 2007 پڕۆژەکە تەواو بووبایە، کەچی لەبودجەیئەمساڵ 197 ملیۆنی دیناری بۆ تەرخان کراوە، لەپڕۆژەکانی پلانی پەرەپێدانی پارێزگاکان ساڵێ 2011 بۆ هەرسێ پارێزگاکانی کوردستان کە ئەو پڕۆژانە دانراوە. لەبودجەی پێشنیار کراوی ئەمساڵی هەرێمی کوردستاندا، لە پڕۆژەکانی چەمچەماڵە چەند پڕۆژەیەك لە 2011 دانراوە لە پڕۆژەکانی چەمچەماڵ بووە کەرکوك و پێنجوین وشارباژێر و سەنگەسەر و کە سەربە چەمچەماڵن....

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز بێریڤان.

**بەڕێز بێریڤان سەرهەنگ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دووبارە دەست خۆشی لە حکومەتی هەرێم دەکەم بۆ ئەو بودجەیەی کە بەشەفافیەت ناردویەتی ئەوە چەند رۆژە قسەی لەسەر دەکەین، لەسەر کەم و کوڕییەکانی، داواکاریم ئەوەیە ئەو پارەی کە دەدرێت بە وەزارەتی پیشەسازی و کشتوکاڵ بەکاری بهێنێت بۆ دروست کردنی کارگە، چونکە لە ساڵی داهاتوو عەینەن باسی ئەوەمان کرد کە چەند کارگەیەك دروست بکرێ هەتا وەبەرهەمهێنانمان هەبێ، بەڵام تەماشا دەکەم

له پێشنیارەکانی ئەم ساڵ دووبارە باسی کارگەی تێدا نییە، بەلاّم باسی دروست کردنی چەند ناوچەی پیشەسازییە، ناوچەی پیشەسازیش ئەوەی من تێ دەگەم ئەوەی کە دەکرێ زیاتر بۆ فیتەرەکانە، هیچ کارگەیەکی حکومی نەکراوە، بۆیە داواکارم ئەوجارە لەو پارەی کە دراوە چەند کارگەیەك دروست بکەن چونکە هەندێك کارگە هەیە داخراوە یانیش دراوە بە بازرگانێك، بازرگانەکەش دەچێتە دەرەوەی هەرێم شت دەهێنێ و دەیفرۆشێت ئەوەی بە وەبەرهێنان دانانیم، لەگەڵ ئەوەشدا ئەو شتەی کە کارگەکە هەیەتی عەینەن ئەو شتە دەینێ و دەیفرۆشیتەوە، بۆیە ئەو سوودەی نییە، ناچێتە باری وەبەرهێنان، هەروەها یەك داواکاریم هەیە لەوەزارەتی دارایی و وەزارەتی پلاندانان پێویستە چەند پسپۆڕێك دابمەزرێنێت بۆ ئەوەی لە بودجە ئەو هەڵە ژمێریارانەی تێیدایە نەبێت کە ئێستا زۆربەی ئەندامەکان لەسەری قسە دەکەن، ئەگەر بێینە سەر باری تەندروستی لەهەرێمی کوردستان هەموومان دەزانین وەزعی نەخۆشخانەکان چۆنە ئەویش دەتوانم بڵێم زۆر خراپە بەهەموو شتێك دەچێت تەنها بەنەخۆشخانە ناچێت، ژووری بەڕێوەبەری نەخۆشخانە هیچ کەموکوڕیەکی نییە بۆ خزمەتگوزاری هەموو کەلوپەلێکی پێویست هەیە لە ژووری بەڕێوەبەر، بەلاّم لە ژووری نەخۆش یان لەنەخۆشخانەکەدا هەموو کەم و کوڕییەك هەیە، من پرسیار دەکەم ئایا ئەو بودجەی بۆ نەخۆشخانە دانراوە بۆ نەخۆشە یان بۆ بەڕێوەبەرایەتییە، ئەگەر هاتو نموونەیەك بینم لەسەر نەخۆشخانەی فێرکاری هەولێر کەتەمەنی نزیکەی $50$ ساڵە، داوا دەکەم لەجیاتی دروست کردنی ئەوەندە بنکە تەندروستیانە لەجیاتی زوو زوو نۆژەن بکرێنەوە، ئەو نەخۆشخانە فێرکارییەی هەولێر کە زەوییەکی ئێجگار زۆری گرتووە لەهەمان شوێندا بینایەکی تازەی هاوچەرخی گونجاو دروست بکرێت و نەخۆشخانەیەکی مەرکەزی بێت کە هەموو جۆرە ئامێر و چارەسەرییەکی تێدا بێت نەخۆش بۆ پێویستیەکانی لە هەموو هەرێم بێت بۆ هەولێری پایتەخت، هەروەکو ولاّتانی تر کە نەخۆشخانەیەکی گەورە دەبێ بۆ دابین کردنی هەموو جۆرە چارەسەرێك لە پایەتەخت، بەلاّم پێویستیشە رێگاوبان و هاتوچۆ ئاسان بکرێ بۆ هاوولاّتیان منیش ئەو پێشنیارە دەکەم کە نیسبەتی بودجەکەی کە دانراوە بۆ وەزارەتی تەندروستی لە $5\%$ بۆ $7\%$ ئەگەر زیادیش بکرێ بۆ $10\%$ تەبعەن باشترە، چونکە تەندروستی بناغەیە بۆ پاراستنی ژیانی هاوولاّتیان. پرسیارێکی تریشم هەیە ئەویش ئەوەیە ئایا هیچ پارەیەکی دیاری کراو دانراوە بۆ ئەو کەسانەی برینداری چەکی کیمیاوین بۆ چارەسەرکردن لەناوەوەی هەرێم یان لەدەرەوەی هەرێم؟، کە بەهۆی رژێمی پێشوو تووش بووینە، لەکۆتاییدا منیش پشتگیری ئەوە دەکەم رۆشنبیری ژینگە بەرزبکرێتەوە، بەلاّم ئەوە بە ئەرکی حکومەت دانانێم، تەنها لەولاّتانی پێشکەوتوو ئەو ولاّتانەی کە من لێی بوویمە زۆربەی خەڵك خۆی رۆشنبیرە بۆ ژینگە، تەنها ئەرکی حکومەت نییە ئەتوو بڵێی حکومەت خەڵك رۆشنبیر بکات، خەڵك دەتوانێت خۆی رۆشنبیر بکات، بەلاّم پێویستە لەوەزارەتی پەروەردە بەشێکی گرنگ ئیهتمام بدرێت بە ژینگە، زۆربەی ئەوانەی کە ئیش دەکەن لە ژینگە مووچەیان نییە، هەموویان خۆبەخشن، بۆ حکومەت

**پارەیان بداتێ؟ چونکە ژینگە ژینگەی هەموومانە، هەروەها پشتگیری پەیمان عبدالکریم دەکەم کە داوا دەکات هەڵمەتێکی نیشتمانی بۆ دروست کردنی نەخۆشخانە بکرێت لەسەرتا سەری کوردستان، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز عبدالرحمن حسین ابابکر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**زۆر سوپاس بۆ ئەم دەرفەتە، بەراستی لەو دوو رۆژەی کە من ئاگام لێ بوو, دیتم لەناو پەرلەمان و لەراپۆرتی دارایی ئەم بودجەیە زۆر موهیمە دەبێ ئێمە وەکو ساڵی پار لێرە موناقەشمان کرد و هەر دیسان بەپەلە بەڕێمان کرد، هەر ئەو بودجەیەمان نارد بۆ حکومەت و ئەو کەم کوڕییانەی کە دۆزیمانەوە چارە نەکراو دیسان دووبارە ئەوساڵ وەکی خۆی هاتووە، من پێم باشە ئێمە هەموو لەسەری بوەستین، ئەو کەم و کوڕییانە کە هەیە چاك بکەین و ببێتە ئەساسێك بۆ چەند ساڵی داهاتوو بۆ ئەم پەرلەمان و حکومەتی ئێمە کە ئیستیفادەی لێ بکەن، پڕۆژەیەك لە زاخۆ پڕۆژەیەك هەیە بۆ دروست کردن و گەیاندنی کارەبا بۆ سوپەرمارکێتی پێشەنگ، کە هی حکومی نییە ، هی کەسێکە ناوی احمد سورەیە بەبڕی 125 ملیۆن دینار لەناو بودجەی هەرێم بۆی دانراوە، من بەراستی ئەوە بەباشی نازانم، سەبارەت بە سەرۆکایەتی هەرێم لەبڕگەی بەخشین (منح) ساڵی 2009 بڕی 2 ملیار و 500 ملیۆن دینار بۆی دانراوە، لە ساڵێ 2010 تا 30/ 6 بڕی یەك ملیار دینار خەرج کراوە کەچی 7 ملیار و 128ملیۆن دیناری بۆ دانراوە بۆ ساڵی 2011، هەروەها بۆ مصروفاتی ئوخرا ساڵی 2009 بڕی 450 ملیۆن دینار دانراوە ساڵی 2010 تا 6/30 بڕی 250 ملیۆن دینار خەرج کراوە، کەچی بۆ ساڵی 2011 بڕی 2 ملیار دینار و 970 ملیۆن دینار دانراوە. سەبارەت بە پەرلەمان بۆ بڕگەی سلع و خدمات و صیانە بۆ ساڵی 2009 بڕی 3 ملیار و 593 ملیۆن دینار دانراوە، ساڵی 2010 تا 6/30 بڕی یەك ملیار و 267 ملیۆن دینار خەرج کراوە بەلاَم بۆ ساڵی 2011 بڕی 10 ملیار دینار دانراوە، هەروەها لە بڕگەی موجودات غیر مالییە، ساڵی 2009 بڕی 226 ملیۆن دینار دانراوە، ساڵی 2010 تا 6/30 بڕی 195 ملیۆن دینار خەرج کراوە، کەچی بۆ ساڵی 2011 بڕی 11 ملیار دینار دانراوە، ئێمە هەموو لەسەر نەفەقات و تەشغیلی قسە ئەکەین، کە من بینیومە لە 11٪ لەنەفەقات و تەشغیلی بۆ منافع و ئیجتماعی و مصروفاتی ئوخراو موجوداتی غیر مالییە رۆیشتووە کە ئەمەش دەرگایەك دەکاتەوە بۆ گەندەڵی و بەهەدەردانی بودجەی گشتی، کڕینی شمەك و خزمەتگوزارییەکان چاك کردنەوەی سلع و خەدەمات بۆ ساڵی 2009 یەك ترلیۆن و 69 ملیار و 181 ملیۆن دینارە، بۆ ساڵی 2010 زیادی کردووە بۆ یەك ترلیۆن و 116 ملیار و 410 ملیۆن دینار، کەچی بۆ ساڵی 2011 دیسان زیادی کردووە بۆ یەك ترلیۆن و 698 ملیار و 537 ملیۆن دینار، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان من هەندێ بەڵگەم هەیە بیخەمە ڕوو ئەم بودجەیە کە زۆر کەم و کوڕی تێدایە، یەك لەمانە بڕی خەرجی پێشنیارکراوە نا مەنتقیەکان زیاتر لە 3 ترلیۆن دینار هەیە، دوو/ بوونی هەڵە لە ژمارەکان و پڕۆژەکان، سێ/ بوونی بواری گەندەڵی، چوار/ بوونی کورتهێنانی شاراوە لەپڕۆژەکان زیاتر لە 500 ملیار دینارە، پێنج/ بوونی کورتهێنانی ئاشکرا یەك ترلیۆن و 554 ملیار و 296 ملیۆن دینارە کە ساڵی پار**

835 ملیار دینار بوو، ئەمە بۆ زیادی کردییە؟ من هەندێ پێشنیارم هەیە بۆ چارەسەر کردنی ئەم کێشانە، یەك/ نەهێشتنی کورتهێنانی ئاشكراو و شاراوا، دوو/ نەهێشتنی بەهەدەردانی پارە، سێ/ گەڕاندنەوەی هاوسەنگی نێوان بودجەی وەگەڕخستن و وەبەرهێنان، چوار/ زیادکردنی پڕۆژەکانی وەبەرهێنان کەئەمەش مانای پێش خستنی وڵات و زیاد کردنی هەلی کار و جووڵاندنی بازاڕە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جمال طاهر ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێکیش و ژمارە دگەل ژمارە خۆ لە ئەصڵدا ژمارە دائیمەن جێگای شەکە ئەگەر بڵێین (المتهم برئ لحین ادانته) ئەم دەڵێم (الرقم) ئەو ژمارە مشكوك فيه وغير صحيح لحين اثبات برائته) ئەمە لێرە موشکیلەیە، ئەگەر مەبدەئمان لەم بەرلەمانە ئەوە بێت، الرقم المشكوك فيه وغير صحيح لحين اثبات صحته و دقته) برادەران ئەمە بەس بودجەی استسمارییە هی بەردەوام وە پێشنیارکراوەکان ژمارەی زۆر زۆرە، ئەگەر ئێمە بێین 13 ترلیۆن و 940 ملیار دابەش بکەین، ئایا چەند رەقممان دەرئەچێت؟، حساب ناکرێ، ئەو کاتە پێویستیمان بە چەند هەزار محامی دەبێت، چەند هەزار حوکم حاکم دەبێت هەتا ئیسپاتی سەحەتی هەموویان بکەن، ئەگەر مەبدئەکە ئەوە بێت وەڵلا مەسەلەکەمان ئەوە دەبێت (عجبا الدجاجة من البيض ام البيض من الدجاجة) ئەمە دروستە یان ئەوە دروستە؟، برادەران ئەوە ئیشی ئێمە نییە ئەمە ئیشی مەسائیلی فەنینە و تەفەنینە، پەیوەندی بە حکومەت هەیە، ئەوەی ئەمڕۆ من دەبینم موناقەشەی دەکرێت ئەو شتە ئەصڵ دەمێنێ، کە علمی ئیقتیصادی دەڵی کێشەی ئیقتیصادی ئەوەیە کە ئێمە داهاتەکان ئان ئەوەی لەبەردەم دەستت هەبێ، تموح یان پێداویستیەکانت توانای جێبەجێ کردنی هەموویان نابێت، ئەو پێداویست و حەزەکان، بۆیە لێرە کێشە بەردەوام دەبێت، ئێمە لەکوردستان ئەگەر بێین سەیر بکەین بۆ نموونە پێش چەندساڵێك پارێزگای دهۆك هەمووی 90 مێگاواتی کارەبای دەویست، ئێستا ئەگەر بێتوحسابی بکەی 500 یان 600 مێگاواتی دەوێت، ئەی ئەمە چی ئەسەلمێنێت؟، یەعنی حاجە بەرەو پێش کەوتنە، بۆیە من نامەوێ دیفاع لەحکومەت بکەم نا، یانیش بڵێین دەوری پەرلەمانتاری نییە، نەخێر ئەوە ئیشی ئێمەیە، ئەمە چەند رۆژە لێرە ئەو دانووستاندنە ئەوە ئەسلمێنێ کە ئەم پەرلەمانتارانە فعلەن دڵسۆزە ئەیەوێ شتێك ئەنجام بدات  کە بتوانرێ خزمەتی ئەم خەڵکە بکات، ئێمە لەبەر دوو خیارین، خیاری دواخستن وە گیرۆگرتن، کە ئەمەش سلبی دەبێت، چونکە خەڵکێك چاوەڕوانی ئەم بودجەیە، یانیش بێن نە بەپەلەیەکی ئەوها سەرپێ نەخێر ئەوهاش نا، دەلیل ئەوەیە ئەوە دوو مانگە و سێ مانگە لەسەر ئیعلام و لێرە و لەسەر ئەنتەرنێت هەموومان باس دەکەین و لیژان دانیشتینە، تازە دێن جارێکی دی ماوەیەکی بدەنێ، پۆلیس چاوەڕیی ئەو بودجەیە دەکات، ئەوەی دەیەوێ ژن بێنێ چاوەڕێی ئەو بودجەیە دەکات، ئەوەی دەیەوێ خانووی گەورە بکات و خانوویەکی نوێ بکات ئینتیزار دەکات جا بەم شێوەیە، ئێمە لەم مونتەلەقە بکەین کە چەند بتوانین بەباشترین گۆڕانکاری لەم بودجەیە ئەوەش لیژنەیەك بێت یان شتێکی تر بێت یان سەرۆك فراکسیۆنەکان لەگەڵ لیژنەی دارایی دانیشن

بەشێوەیەك هەندێ صیاغاتی وەکو بڵێین توافقی لە بەینی هەموومان، ئەوکاتە بودجەیەکی پەسند بکەن، ئەگەر راستە ئێمە پەرلەمانتارین و دەمانەوێت تەحقیق لەو رەقمانە بکەین، ئەو بودجەیە خۆ لەدەرێ کوردستان جێبەجێ ناکرێ، هەموو لە دەهۆك و لە دەرگای ماڵی منە و ماڵی ئەوەیە و ئەویدییە ئەو کاتە ئێمە دەتوانین ئەگەر راستە ئیش دەکەن، ئێمە بڕۆین بەدوای ئەو پڕۆژانە بزانین چەند وەهمیە و چەند دەقیقە و بۆچی وا کراو و بۆچی وانەکرا؟، ئەو کاتە دەتوانین ئیشی خۆمان ببینین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز نەسرین جمال مصطفی نجیب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

قسەم نییە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس.

**بەڕێز کاروان صالح احمد رسول:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

زۆر سوپاس وەختەکەت بۆ زیاد کردین.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

هەر بۆ ئاگاداریت مەبدەئیەن ئەمە بەرنامەی ئێمە بوو، بەڵام دیار بوو هەندێ برادەر پەلەی ئەکرد، فەرموو.

**بەڕێز کاروان صالح احمد رسول:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

زۆر سوپاس، من دەمەوێ لێرەڕا دەست پێ بکەم، پشتیوانی خۆم بۆ رای هەندێك لە برادەرانی پەرلەمانتار دەردەبڕم بۆ ئەو شێوازە ناهاوسەنگییەی لەناو مووچەی وەزارەتێکدا هەیە، بەتایبەتی وەزارەتی داد کەبەخۆشم بەدواداچوونم لەسەری کردووە، مەسەلەی دوو دائیرەیی، دوو فەرمانگەیی، زۆر ماندوو بوون و ئیشگرو بەرپرسیاری هەیە، دوائیری عەدلی و دوائیری تاپۆکان، فەرمانگەکانی تۆماری خانووبەرە، پشتیوانی لە راکەی کاك شێروان و کاك عونی و کاك بورهانیش دەکەم بەراستی بۆ ئەوەی کە هاوسەنگیەك لەو وەزارەتە بکرێت، چونکە لەو وەزارەتەدا کۆمەڵێك شتی زۆر گرنگ هەیە، ژوورێك موخەصەصات و دەرماڵەیەکی باشی بەردەکەوێ و ژوورێکی تر بەری ناکەوێت، هەمان شەهادە و هەمان پسپۆڕ و، بەڵکو مومکینە زیاتریش بێت پسپۆڕ و شەهادەکەی، بۆنموونە دوائیری عەدلی ئەمساڵ بەدواداچوونەکانی خۆم شتێکم، رەقەمێکم دەست کەوتووە کە 10 ملیار داهاتی بووە بەس کاتب عەدلەکان، هەروەها دوائیری تاپۆکان 40 ملیار داهاتی بووە لەحالەتێك وەزارەتێکی ئەوها ئینتاجی هەبێ کە بتوانێ گوژمە پارەیەکی زۆر بۆ ئەو حکومەتە وەکو داهات بیهێنێتە ئەنجام لە ژێر بەرپرسیاریەتی گەورە و هەروەها ماندووبوونێکی رۆژانە ئەو دوو دائیرە قەڵەبالغی ئێجاگار زۆری لەسەرە، پێموایە حەق وایە وەزارەتی

دارایـی و ئـابووری چاوبخشـێنێتەوە بـۆ ئـەو هاوسـەنگییە، وە بـۆ هـەمان مەبەسـت لەگـەڵ هەرسـێ بـەڕێز وەزیری دارایی و ئابووری وەزیـری پێشمەرگە، هـەروەها وەزیـری نـاوخۆ هـەر سـێ بـەڕێزان لـە لیژنـەکەی خۆمـان دانیشـتنمان کـرد بـۆ هاوسـەنگی مووچـەی پـۆلیس و ئاسـایش و پێشـمەرگە، هـەروەها مووچـەی فەرمانبـەران، هـەروەها خۆشـکردنی گـوزەرانی خـەڵك، لـەو ئاسـتەدا ئێسـتا کـە بـەڕێزتان دەزانـن سـاڵانە و رۆژانە بەرەو گرانیەکی زۆر بەخێرای دەڕوات، پـێم وایـە وەزارەتـی دارایـی و وەزارەتـی پلانـدانان پلانێکـی تۆکمەیان هەیە بۆ دروست کردنی ئەو هاوسەنگییە بۆ مووچـەخۆران، بەتایبـەتی مووچـەی پلـە نزمـەکان، من لێرەدا نموونەیەکی بچووك دێنم نامەوێ زیاتر لەکاتی بەڕێزان بگـرم ئـەم مانگـە وەزارەتـی پێشمەرگە نازانم جەنابی وەزیری دارایی و ئابووری ئاگای لـەو مەسـەلەیە هەیـە یـان نـا؟، خشـتەیەکی دابەزانـدووە و مووچەکەی داناوە بەزیادەیەك، ئەو خشتەیە لە ریئاسەتی ئـەرکانی سلێمانی دەرچـووە کـە تـەنها بـۆ یـەك پێشمەرگە کە مووچەکەی 499هـەزار و 550 دینـار بـووە، بۆتـە 501 هـەزار و 400 دینـار واتـە 1850 دیناری بۆ زیاد بووە کە دەکاتە دۆلارێك و نیو، لەمانگێکدا، بەڵام لـە هـەمان وەزارەت لیوایـەك مووچـەکەی ملیۆنێك و سێ سەدو شەست و یەك هەزار بووە، بۆتە 3962 هەزار کـە لەیـەك مـانگ 2600 هـەزاری بـۆ زیاد کراوە، کە فەرقەکەی ئەوەندە زیادە کە تصور ناکرێ، کە فەرمانبەرێك دۆلارێکی بۆ زیاد بکرێ، بـەڵام لیوایەك نزیکەی سێ ملیۆنی بۆ زیاد بکـرێ، کـە دەکاتـە 2400 دۆلار، لـە پێشـمەرگەکە زیـاترە، پـێم وایـە ئەوە دەبێ چاوخشاندنی پێدا بکرێ، وە جـەنابی وەزیـر روونکردنـەوەمان بـۆ ئـەو مەسـەلەیە بـۆ بـدا، یـان چاکی بکات، لەلایەکی تر پرسیارێکی ترم لە جەنابی وەزیری دارایی و ئـابووری هەیـە، بەڕاسـتی کۆمـەڵێك پرۆژە هەیە پێم وایە ئەو پرۆژانە جۆرێك ناشیاوی تێدا دەبینم کە وەزارەتی دارایی خۆی تـەنفیزی دەکـا، کەچـی ئـەو پرۆژانـە وەزارەتـی تایبەتمەنـدی هەیـە، ئەگـەر نەیداتـە وەزارەتـی تایبەتمەنـدیش وەزارەتـی ئاوەدانکردنـەوەمان هەیـە، مەسـەلەن بـۆ نموونـە دروسـت کردنـی ئـۆفیس، بەنزینخانـە، وەرشـە بـۆ بەشـی پرۆتۆکۆلات لە هەولێر گوژمەکەی 10 ملیار و 464ملیۆن دیناره، یەك ملیاری بۆ دانراوە پرسـیار ئەوەیـە ئەو پرۆژە بۆ وەزارەتی دارایی جێبەجێی بکات؟ پرۆژەی دووەمـان بینایـای زانکـۆی سـەربازی لەهـەولێرە، گۆژمەکـەی 19 ملیـار و 635 ملیـۆن دینـارە، بـۆ ئـەو پرۆژەیـە وەزارەتـی پێشـمەرگە خـۆی نـەیکات یـان وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە نەیکات؟، پرسیاری سێیەم دروست کردنی دوو باڵەخانە بۆ ئەکادیمیای عەسکەری لە زاخۆ کولفەکەی 2 ملیـار و 592 ملیۆنـە، بـۆ وەزارەتـی دارایـی ئـەو پرۆژانـە بـە ئـەنجام دەگـەینێت لـە حاڵـەتێك کـە وەزارەتـی تایبەتمەنـد هەیـە؟، سـەرەڕای ئـەوەش کـە وەزارەتـی ئـاوەدان کردنـەوە هەیـە. پرسیارێکی تر، دەربارەی سێ پرۆژە بەراستی حەز دەکەم، بەرامبـەر بـە بـەڕێزتان قسـەی لەسـەر بکـەم لـە بودجەی ساڵی پار 2010، دیزاین کراوە بۆ دروست کردنی دەزگایەك کەبەناوی دەزگای ئەیلوولـە ئەمسـاڵ ئەو پرۆژەیە ناوەکە و پارەکەی هەر عەیەنەن پارەیە، ناوەکەی گۆڕایە بۆ دروست کردنی دەزگای رۆشنبیری لە سۆران و لە دهۆك، پار 400 ملیۆنی بۆ سەرف کـراوە، ئەمسـاڵ 2 ملیـاری بـۆ دانـراوە، هـەروەها خۆتـان دەزانن بەپێی سیاسەتی مالی وەزارەتی دارایی و ئابووریی ئەگەرچی یەکیشـیان گرتیتـەوە، بـەڵام بەداخـەوە

به سیاسەتی داش هەولێر و داش سلێمانی ئیش دەکەن، وەزارەتی دارایی و ئابووری هەولێر پرۆژەی هەیە لە هەڵەبجە من تێ ناگەم ئەو پرۆژە بۆ چییە؟ لە پێناوی چییە؟، ئەویش بە هەمان شێوە بەناوی دەزگای رۆشنبیری لە هەڵەبجە من حەز دەکەم جەنابی وەزیری دارایی و ئابووری وەیا بریکارەکەی کە تایبەتمەندە بەپرسی دارایی هەولێر وەڵامی ئەم پرسیارەم بداتەوە، بۆیە من کۆتایی بە قسەکانم دەینم بەچەند خاڵێك کە دەمەوێ بەرامبەر بە ئەو شی کردنەوەی کە ئێمە کردمان ئەو چەند رۆژە دەردەکەوێت کە حکومەت لە خەمی نەهێشتنی ئەو ئاستەنگانە نییە کە ئابووری هەرێم لەسەر ئاستی ئابووری گشتی رووبەرووی بوویتەوە، کاتێك حکومەت خەرجییەکانی بۆ ساڵی دارایی دەخاتە روو و پێشنیاری دەکات رەوانەی پەرلەمانی دەکات بۆ ئەوەی موصادەقەی لەسەر بکرێت و ببێتە یاسا، کەچی حکومەت خۆی یاسای بودجە پێشێل دەکات لە سنووری ئەو دەسەڵاتە خەرجییە دەبەزێن کە پەرلەمان پێی دەبەخشێ، هیچ پاساوێکی لۆجیکیستیانەشی نییە بۆ ئەو زێدە رۆیی کردنە، بەپێی یاسای بودجە هەر زێدە رۆییەك ناکرێ ئەنجام بدرێ بەبێ گەراندنەوە بۆ پەرلەمانی کوردستان، چونکە بەبێ گەڕاندنەوە بۆ پەرلەمان یاسای بودجە هیچ بەهایەکی نامێنێ بۆیە دەبێ حکومەت بەبەڵگەی ئاشکرا و روون بیسەلمێنێ کە زێدە رۆییەکەی رەوایە و هەر تەجاوز کردنێکیش لە یاسای بودجەکە پێویستی بە دووبارە رەزامەندی پەرلەمانی کوردستان هەیە، حکومەتی هەرێم کە دارشتنی سیاسەتی عێراق بەپێی دەستوور داراییەکانی دەسەڵاتێکی دارایی لەناو سیاسەتەدا نییە، بەڵام بەگژداچوونەوەی هەڵئاوساندا چەند ئامرازێکی بەدەستە دەتوانێ کاری پێ بکات ئەویش کەم کردنەوەی بودجەی بەکارخستنە لە زۆربەی پێکهاتەو راگەیاندنەکاندا دەستگیری بکات واتە تەقەشوف بکات لە هەندێ بواردا بۆ ئەوەی ئەو هەڵئاوسانە کەم بکاتەوە، هەڵئاوسانی بودجەی بەکارخستنی حکومەت ساڵ لەدوای ساڵدا بۆتە مایەی بەرهەم هێنانی هەژاری زیاتر بۆ ئەو هاوڵاتیانەی کە داهاتەکانیان سنووردارە، چونکە هەڵئاوسانی نرخ خۆی لەخۆیدا بریتیە لە نزم بوونەوەی هێزی کرینی پارە (القوه الشرائیه) وە بچووك کردنەوەی بەهای ئەو داهاتەی کە هاووڵاتیان مانگانە یان رۆژانە دەستە بەری دەکەن، ئێمە دەپرسین پاساوی حکومەت بۆ ئەو هەڵکشانی بودجەی بەکارخستنە چییە؟.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز پەیمان عبدالکریم.پەیمان کرەم کە، دەقەیەك زیادیشم پێدای هەر بۆ ئاگاداریت، کەرەم کە.

**بەڕێز پەیمان عبدالكریم عبدالقادر:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

چەند تێبینیەك کە نەمتوانی تەواوی بکەم، یەکەمیان قسەم لەسەر هەندێ نادیاری لە پرۆژە پێشنیارکراوەکانە بۆ ساڵی 2011 بۆ نموونە چەند نموونەیەك دەڵێم ، یەکەمیان مەسەلەن هاتووە دروست کردنی شەقامێك بە بەڵگە (102) دوایی روون کردنەوەکان دەدەمە لیژنە، یان گەیاندنی کارەبا بۆ چەند ماڵێك دارشتنی کۆنکریت بۆ دوو شەقام، دروست کردنی زێرابی لوولی بە درێژی ئەوەندە، هیچ

جێیەك تێدا دەست نیشان نەكراوە، كۆنكریت كردنی كۆڵان لە شەقڵاوە دروست كردنی هۆڵێكی سەربڕینی ئاژەڵ، دروست كردنی نوێ، چی نوێ؟ نازانین لە نزیك گەڕەكی شەهیدان لە سەرمەیدان لە شەقڵاوە نۆژەن كردنەوەی چاپخانەی مەچكۆ، نازانم چاپخانەی مەچكۆ حكومی نییە، ئەو چاپخانەش شتێك هەیە، چاپخانەی حكومی ئەوە هی خەڵكە بۆ حكومەت پارەی بۆ دابین بكات، زۆر پرۆژەی تر وەكو دروست كردنی خانووی ئیمامی نموونەیی نازانم قوتابخانەی نموونەیم بیستووە بەس خانووی ئیمامی نموونەیی لێرەدا زۆر بابڵێین بیروڕاو بۆچوون هەیە وە جێگەی سەرنجە كە وەزارەتی دارایی لەگەڵ بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی پلان دانان بە هۆی ئەو نادیاری پرۆژانە گواستنەوە لە پرۆژەكان دەكات، بۆیە پرسیار دەكەم ئایا بە چ لۆژیكێك دەست كاری پرۆژەكانی وەبەرهێنان دەكرێت پاش راسپاردنی لە پەرلەمان بەڵی لێرەدا دەبێ خۆماندوو كردن و راسپاردنی ئێمە چی بێ؟ كات بە فیڕۆدانی ئێمە چ بەهایەكی هەبێ كە بەو جۆرە دەست كاری پرۆژەكان بكرێ؟ نازانم وەڵامی برادەران چی دەبێت لە حكومەت؟ پرسیارێكی تریشم لە حكومەت ئەوەیە سەبارەت بە وەزارەتی پەروەردە لە كاتێكدا بودجەی بەكارخستن لە وەزارەتی پەروەردە (1517934) یەك ترلیۆن و پێنج سەدو حەڤدە ملیارو نۆسەدو سی و چوار ملیۆنە، كێشەیەكمان هەیە ئەویش چاپی كتێبە، وەزارەتی پەروەردە ساڵانە بەو كارە هەڵدەستێ بە چاپكردنی كتێب لە دەرەوەی كوردستان، بێگومان ئەوە كار دەكاتەسەر بردنە دەرێی دراوی گران (عملة صعبة) بۆ دەرەوەی كوردستان ئەم كارە بابڵێین، ئەم كارە بڕی تێچوونەكەی ساڵانە خۆی لە چەندین ملیۆن دۆلار دەدات، بۆیە هەر وەك خۆم لە لیژنەی پەروەردە كاتێك بابڵێین گفتوگۆكردنی بەرنامەكانی ئەو پرۆژە یاسایە ئیقتراحم كرد بۆ وەزیر دەڵێ كڕینەوەی مافی چاپ زۆر تەكلیف دەكات، جا ئەگەر بودجەی بەكارخستنی خۆی لە ترلیۆنێك دابێ، ئایا ناتوانێت حكومەت مافی چاپ بكرێتەوە، لێرانە لە كوردستان بە لە خیلالی ساڵێكدا چەند چاپخانەیەكی مۆدێرن و ئەلیكترۆنی دروست بكات كە بەو كارە هەڵسێ بۆ ئەوەی ئەو هەموو پارەیە بەرەڵا نەچێت، ساڵانە جاری وا هەیە چاپەكەی هەڵەیە، هەموو كتێبەكان دەسووتێندرێ، جا حەزم لێیە ئەو داواكاریەم لە هەموو لایەك كە بەچاوێكی بەرەحم سەیری داهاتی كوردستان و پارەی كوردستان بكەین وە مافی هەموو خەڵكی كوردستانە بە هەدەر نەدرێ، تێبینیەكی تر هەیە سەبارەت بە هەڵەیەكی ژمێریاری بۆ لیژنەی دارایی بە تایبەتی كە هەموو بڕگەكانی بودجەی بەكارخستنی 2011 لە وەزارەتی كاردا هاتووە بە بەراورد لەگەڵ لیستی داهات و تێچووی حكومەتی هەرێم لە ساڵی 2011 دا ئەویش ئەوەیە لەبەر ئەوەی كۆی گشتی بودجەی بەكارخستن لەو وەزارەتەدا بە (361616) سێ سەدو شەست و یەك ملیارو شەسەدو شانزە ملیۆن دینار تۆماركراوە بەڵام ڕاستیەكەی (318193) سێ سەدو هەژدە ملیارو سەدو نەوەدو سێ ملیۆن دینار بە جیاوازی (43423) چل و سێ ملیار و چوار سەدو بست و سێ دینار، ئەو جیاوازیەش كاری كردۆتە سەر هەموو بڕگەكانی بودجەی بەكارخستن، جەدوەلەكەشم هەیە بۆیان دەنێرم، تەبعەن هەر لە تەوزیعاتی مەوزەفین سیلەع وخەدەمات و مەنافعی ئیجتیماعی، مسروفاتی ئوخرە لەگەڵ مەوجوداتی غیر مالی ئەمە ئەم تێبینیانە وە زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

دەست خۆش زۆر سوپاس، بەڕێز سەمیرە عبدالله.

**بەڕێز سەمیرە عبدالله (گۆران):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پێش هەموو شتێك دەست خۆشی لە وەزارەتی دارایی و پلان دانان دەكەم بۆ ئەو ئەرك و ماندووبوونەی كێشاویانە كە ئەو موازەنەیان داناوە لە هەموو وڵاتانیش كە موازەنە دەخەملێن و ئیعدادی دەكەن كە دێتە ناو هۆڵی پەرلەمان كۆمەڵێك كەم وكوڕی و راست و هەڵەی تێدایە، فەئەوەش حەجەری بەنقوش نییە كە دەست كاری نەكرێت، هەر لەناو هۆڵی پەرلەماندا دەكرێت چارەسەری بكرێتەوە و راست بكرێتەوە بە هەموو لایەك، بەڵام پرسیارێكم هەیە سبەینێ لە وەزیری تەختیت بپرسم تەعامولی وەزارەتی تەختیت لەگەڵ پرۆژەكان ئایا لەسەر چ ئەساسێك دادەڕێژرێ، بەهاوسەنگی لە نێوان ناوەندو قەزاو ناحیەكانە یان لەسەر ئەساسیاتی ئەولەویەتە؟ بۆ نموونە من پێداچوونەوەیەكم كردووە بۆ قەزای بەردەڕەش كە ساڵی 1898 ناحیە بووە لە زەمانی عوسمانیەكان ساڵی 2007 بوویتە قەزا گەرەترین قەزایە لە هەرێمی كوردستان كە مەساحەكەی 1000كم ئەگەر بەراوردی بكەینەوە بە مەملەكەتی بەحرەین هێشتا لەوێ گەورەترە ئەوجا پرۆژەكان تا ئێستا زۆر بەكەمی ئاوڕی لێ دراوەتەوە مەعەل عیلم مەنتیقەیەكی زراعیە مەنتیقەیەكی نەفتییە پرۆژە لەبۆی كرایە ساڵی 2010 (10) پرۆژە بەهەر (10) پرۆژە ئەوجا كرایە بووتە سێ ملیار جێ بەجێنەكرایە، دووبارە لە پەرەپێدانی پارێزگاكان كۆپی پیست كرایە هەم هیچی بۆ نەكرایە، ئێستا لە 2011 دیسان دووبارە كرایتەوە بۆ نموونە (90) گوندی لەخۆ گرتییە (28) گوندی ماددەی دەستوری دەیگرێتەوە لەگەڵ (3) ناحیە تەریق بەردەڕەش لەبۆ ناحیەی دارەتوو لە زەمانی مەلەكی دروست كرایە ساڵی 1957 كە (10) كیلۆ مەترە تا ئێستا نە نۆژەن كرایە نە تعمـــیر كرایە، یەكجار یەكـــجار خراپـــە ناو بەردەڕەش كە قەزایە نە داینگەی هەیە، نە پاركێكی هەیە، نە مستەشفەی هەیە ئەگەر بە ستەنداری عالەمی بێ دەبێ مستەشفەی هەبێ نفوسی (115) هەزار كەسە مونەزەمەی یونیفێم تەعداد سوكانێكی كردیە لەسەر هەموو عێراق، بەڵام شەش پارێزگای كردۆتە ئەساس كە ستەنداری عالەمی تەتبیق كردیە گۆتیتی عێراق زۆر زۆر باشە لە هەموو وڵاتانی دەرەرە تەقریبەن لە زۆر وڵاتانی دەورویشت باشترە كە ستاندەری عالەمی سەحی تەتبیق كردیە، لەهەر شوێنێك نفوسی سەد هەزار كەس بێ مستشفەی هەیە، من لەوێ ڕەخنەم گرت گۆتم بۆ نموونە قەزای بەردەڕەش (115) یە ئەی بۆ نییە؟ فكریان كردەوە گۆتی ئێمە مەسحمان نەكردییە لە دهۆك لە هەرێمی كوردستان تەنها هەولێرو سلێمانیمان كردۆتە، نموونە بەڵام ئەوە كە مەسحی مەیدانی دەكرێ ئەوەش دەلیلێكە بۆ هەرێمی كوردستان ئەو مەسحە یان ئاماری لاوازە هیوادارم لە وەزارەتی تەختیت مستەشفەیەكیان بۆ بكاتەوە، یان ئەو ڕێگاوبانانە ئەگەر بچیە ناو شاری بەردەڕەش هەر هەمووی خۆڵەو توڕابە، هیچ ڕێگایەكی قیری نییە، دوو

ساڵە دوو کیلۆمەتر بۆ دادەنێنەوە، دوو ساڵە دووبارە دەکرێتەوە یەك جادەی قیر نەکرایە وە زۆر سوپاسی هەموو لایەکتان دەکەم دەست خۆش.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، بەڕێز عبدالله محمد نوری، فەرموو.

**بەڕێز عبدالله محمد نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە لە هەرێمی کوردستان وەزارەتێکمان هەیە بە ناوی وەزارەتی پیشەسازی و بازرگانی ئەم وەزارەتە لە زۆربەی وڵاتان بابڵێین لە وڵاتانی پێشکەوتوو کۆڵەکەی یاخود بڕبڕەی پشتی ئابووری ئەو وڵاتانەیە، بەڵام لە هەرێمی کوردستان ئەم وەزارەتەی ئێمە لە بڕی ئەوەی بابڵێین ڕەنگدانەوەی هەبێ لەسەر واقعی ئابووری هەرێمی کوردستان یاخود هۆکارێك بێت بۆ گۆڕینی لاوازی ئابووری هەرێمی کوردستان بەداخەوە لە بودجەی ئەم ساڵ و بودجەی ساڵی پاریشدا هەست دەکەین بۆخۆی بۆتە بەشێك لەو سیستەمە ئابوورییەی کە لە هەرێمی کوردستان دەگوزەرێ یەعنی بە نموونە ساڵی پار بابڵێین ئەم ساڵ بۆ بودجەی بەکاربردن (73283) حەفتاو سێ ملیارو دوو سەدو هەشتاو سێ ملیۆن دینار بۆ بودجەی بەکاربردنی ئەم وەزارەتە دانراوە لەبەرامبەرا بڕی (23620) بیست و سێ ملیارو شەسەد و بیست ملیۆن دینار بۆ بودجەی پرۆژەکانی ئەم وەزارەتە دانراوە، یەعنی ڕێك پارەی پرۆژەکانی سێ جار کەمترە لە پارەی بودجەی بەکاربردنی، یەعنی ڕێك ئەکرێ بڵێین وەك ئەوە وایە دە دیناریەکی گیرفانی خۆت بسووتێنی بۆ ئەوەی لە ڕاستیا دینارێك بدۆزیتەوە یەعنی هاوکێشەکە بەم شێوەیەیە لە بەرامبەرا ئەوەی کە مایەی نیگەرانییە لە کاتێکدا (23) ملیار دینار بۆ پرۆژەکانی ئەم وەزارەتە دانراوە (20) ملیار دینار دانراوە بۆ ئەو بەشە لاوەکیانەی کە دوێنێ باسمان کردووە وەکو بابڵێین شمەك و خزمەتگوزاری وسیانەو ئەوانە، یەعنی دووجار لە ڕێگە ئەم وەزارەتەوە غەدر بابڵێین تەجاوز دەکرێتە سەر سامانی گشتی یەکەم: خودی وەزارەت بە شێوەیەکی گشتی تەجاوزە لەسەر سامانی گشتی دووەم: کە کۆمەڵێك بەشی لاوەکی بڕی گەورەیان بۆ دانراوە، جارێکی تریش ئەمە تەجاوز کردنە بۆ سەر سامانی گشتی، بۆیە من پێم وایە، ئێمە بۆ ئەوەی بتوانین لەڕێگەی، ئاوڕدانەوە لەم وەزارەتە، بەشێوەیەك لە شێوەکان دەرفەتی کار بۆ خەڵك بدۆزینەوە، یاخود وابکەین ئەم وەزارەتە هۆکارێك بێت بۆ پەرەدان بەئابووری هەرێمی کوردستان لە بەردەم دوو خیاردایین، خیاری یەکەم: ئەوەیە من دوێنی لەهاوکێشەیەکدا کۆمەڵێك شتم خستەڕوو، کۆمەڵێك پارە ئەمێنێتەوە، لەوپارە پێویست ئەکات بەڕاستی بڕێك لەپارە تەرخانبکرێت بۆ پرۆژەکانی ئەم وەزارەتە، بۆ ئەوەی ئەم وەزارەتە ببێتە وەزارەتێك لەڕاستیدا هۆکارێك بێت بۆ دۆزینەوەی دەرفەتی کار، هۆکارێك بێت بۆ پەرەدان بە ئابووری هەرێمی کوردستان، نەك ئەوەی خۆی وەزارەتێکی بەرخۆر بێت، وەك ئەوەی کەزۆرجار ئەڵێن کۆمەڵگەی کوردی کۆمەڵگەیەکی بەرخۆرە، کەچی وەزارەتەکەشمان، وەزارەتی پیشەسازیی بووە بەوەزارەتێکی بەرخۆر، یان بەمانایەکی تر، کەمن ئەشێ ئەمە بخەمەڕوو، ئەکرێت ئەم وەزارەتە

پرۆژەکـانی بـدەین بـەوەزارەتی نـاوخۆ، وەزارەتـی نـاوخۆ وەکـو وەزارەتێکـی هەمـەجۆرەی لێهـاتووە، بـا پرۆژەکانی ئەو جێبەجێی بکات، وە خودی وەزارەتەکە حەقە لەڕاستیدا تەجمید بکرێت تاماوەیەك...

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

تکایە کاك عبداللە، تۆ باسی میزانیە دەکەیت، تەجمید دەکەیت؟ کە ویستت وەزیر تەجمید بکەی، کەدێتـە ئێرە تۆ سەحبی سیقەی لێ بکەرەوە، باشە، فەرموو.

**بەڕێز عبدالله محمد نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

حەق وایە بەشێك لەپارەی بۆ تەرخان بکرێت بـۆ پـرۆژە، بـا بڵێین ئـەو بـڕە پـارەی کـە دەڕوات بـۆ پـرۆژە ئەبێت پرۆژەکانی لەئاستی ئەوەدا بێت، کە ئەم وەزارەتە خاوەنی( 6325)فەرمانبەرە، یـەعنی هاوکێشـەکە هاوکێشەیەکی مەعقول نیە، ئەم وەزارەتە بـارە لەسـەر ژیـانی خـەڵك، یـەك پرسـیارم هەیـە دەمـەوێت ئـەو پرسیارە بخەمە ڕوو، بۆ بەڕێز جەنابی وەزیری دارایـی، ئـیتر کۆتـایی بەقسـەکانم دێـنم، بـەپێی لێـدوانێکی بـەڕێز سـەرۆکی حکومـەت، بڕیـارە 300 ملیـار دینـار بـۆ قـەرەبووی ئـەو فەرمانبەرانـە تـەرخان بکرێـت، کەلەچەند ساڵی ڕابردوودا با بڵێین بەشخوراو بوون، وەکو پێدانـەوەی قـەرزەکانیان، کـە ئەمـە دیـارە چاکە نیە بەرامبەریان، پێدانەوەی قەرزێکە کە بەبێ پرس خوراوە، پرسیاری من لێرەدا ئەوەیـە، ئایـا ئـەم 300 ملیـار دینـارە، لـەکوێ دانـراوە، لـەناو بودجەکـەدا نیـە؟، ئایـا ئەگـەر دەدرێتـەوە ئەمـە لـە بودجـەی گشـتی ئەدرێتەوە؟، لەکاتێکدا کەگومانێك هەیە، لایەنێك خواردبێتی، هیوادارم وەڵامەکەی وەربگرمەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێز دکتۆر حسن محمد، فەرموو.

**بەڕێز د. حسن محمد سورە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕای من قسەکردن لەسەر مەسەلەی مالیەو ئیقتصادی گشتی شـتێکی جیـاوازە، لەگـەڵ قسـەکردن لەسـەر بودجە، قسە کردن لەسەر مالیـەو ئیقتصـادی گشـتی هـەموو عەناصـرەکانی کـەرتی گشـتی وکـەرتی تایبـەت دەگرێتەوە، مومکینە هەندێك لەو کارانە بە پارە نا بەڵکو بەقانونێك چارەسـەر بکرێـت، قسـەکردن لەسـەر بودجە، قسەکردنە لەسەر داهات وچۆنیەتی سەرفکردنی ئەو داهاتانە، بۆیە بەڕای من هـیچ کاتێـك بودجـە ناتوانێـت هـەموو کێشـەکانی کـە لـە ئیقتصـاددا هەیـە، چارەسـەری بکـات، هەنـدێ وڵات مومکینـە ئـەو بودجەیەی ئێمەشی نیە، لێرەدا ئەگەر باسی ئەرکی بودجـە بکـەین، سـەیر دەکـەین، حکومـەت سـێ ئـەرکی هەیە، ئەرکێکیان تەقدیمی خەدەماتە، ئـەرکێکیان تـەوفیرو تـەتویری خەدەماتـە، ئەرکێکیشـیان ڕێکخسـتنی خەدەماتە، لە تەقدیمی خەدەمات پێویستە حکومەت بەشـێوەیەکی دائـیم، بەشـێوەیەکی بـەردەوام، هـەموو بودجەیەکی باش بۆ ئەو وەزارەتانە پێشکەش بکات، کەوا تەقدیمی خەدەمات دەکـەن، لەمەسـەلەی تـەوفیرو تەتویری خەدەمات، هەروەکو برای بەڕێزم کاك جەلال باسی کرد، تـۆ دەتـوانی سـاڵانە سـێکتەرێك بگریـت،

وەكو كشتوكاڵ، كارەبا، كەتۆ بۆ ئەو ساڵە تـەتويرى خـەدەمات بكـەيت، چونكە ئەوانـە وەزارەتـى مـونتجن، خەدەماتيان دەفرۆشن، لەبەر ئەوە دەكرێت تـۆ تـەنها تـا دەگەنـە سـەر پێـى خۆيـان دەعميـان بكـەى، ئێمـە ئێستا لەبـەر دەم دەركردنـى قـانونێكين كـە قـانونى بودجەيـە، هـەموو لايەكيشـمان دەزانـين، كـە كاتێـك قانونێك دەردەكەين، يەكەم شت كەبيرى لێ بكەينەوە ئەوەيە شەرعيەتى دەستوورى ئەو قانونە چيە، بۆيـە لەكاتى ئامادە كردنى بودجە، بە تەئكيد دەبێت سەيرى ئەوە موازەنە بكەين كەوا دەستوور فەرزى كردووە، لەوانە ئەو خەدەماتانەن كەوا دەستوور حكومەتى تەكليف كردووە كـە بيكـات، ئـەم خەدەماتانـەش بـەڕەئى من، كەلە دەستووريش هاتووە، يەكێكيان سەحەيە، تەعليمە، بيئەيە، سەكەنە، كە حكومەت تەكليف كـراوە بـۆ ئـەوەى كـە ئـەو خەدەماتانـە پێشـكەش بكـات، بـە شـێوەيەكى دائيمـى، بەشـەكەى تـرى بودجـە، وەكـو بودجەيەكى مەزموون، زامينە دابەش دەكرێت بەسـەر سـێكتەرەكانى تـردا، لێـرەدا دوو شـت هاتۆتـە پـێش، يەكيكيان ئەركى بودجە بوو كە باسمان كرد، ئەوى تريشيان شـەرعيەتى بودجـە بـوو، بـۆ ئـەم دوو حاڵەتـە ناكرێت، بودجە هەيئەتێك ئامادەى بكات، كە تەنها پێكهاتبن لە هەيئەتێكى موحاسەبە، چ لـە ئەنجومـەنى وەزيران، چ لە وەزارەتى ماليە، بە ڕەئى من دەبێت كە پار ساڵيش تەئكيدمان كـرد، كـە دەبێـت دائيرەيـەكى موازەنە دروست بكرێت، ئەم دائيرەيە پێويستە خەڵكانێكى تيا بن، لە ڕووى شەرعيەتى دەسـتوورى بودجـە شـارەزاييەكى باشـيان هـەبێت، لـە ڕووى جـەودەى ئيقتيسـادى بودجـە، مومكنـە هـەموو ئيقتيسـادێكيش نەتوانێت قسە لە بودجە بكات، مـن بـە نيسـبەتى بودجـەش دوو، سـێ خـاڵم لـە لايـە، يـەكێكيان بەڕاسـتى ئەوەيە من تەئيدى هەندێك لە برادەرانى ئەندام پەرلەمان دەكەم، كە داهات تەنها بە نەوت كۆتايى نايەت، پێويسـتە داهـاتى تـر بـۆ كوردسـتان بـيرى لێ بكرێتـەوە، لـە بودجـەى ئيسـتيسمارى پشـكى شـێر بـۆ بودجـە بەردەوامەكانە، وە بودجە پێشنيار نەكراوەكان زۆر زۆر كەمن، سـەبەبى ڕەئيسـيش لـەوە، سسـتى هەيـە لـە حكومەت، چ لەسەر ئاستى وەزارەتەكان، چ لەسەر ئاسـتى وەزارەتـى ماليـە، بـۆ دابـين كردنـى بودجـەى ئـەو مەشروعانە، كە ئەم بودجانە بە بودجەى بەردەوامى ماونەتەوە، لە قانونى بودجەى عيراقى، مـاددەى 11، ڕابعەن ئەوە هاتووە، ئەگەر بێت و نسبەى ئينجازى هەر وەزارەتێك، 70٪ كەمتر بێت، ئەبێت ئەو وەزارەتە سيقەى لێ بسێندرێتەوە، بەلاى كەم ئێمەش پێويستە جۆرێك لە لێپرسـينەوە دابنـێين بـۆ ئـەو مەسـەلەيە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكى پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، بەڕێز سيوەيل عثمان كەرەمكە.

**بەڕێز سيوەيل عثمان احمد:**

**بەڕێز سەرۆكى پەرلەمان.**

ئەمڕۆ دەبێت هەندێك سەريع قسەى بكەم، تۆڵەى دوێنـێ بكەمـەوە، بـە نيسـبەت ئـەو پشـتيوانى لـە ڕەئـى ناسك خان و حـاجى بـيلال دەكـەم، كـە داواى سلفەيان كـردووە بـۆ فەرمانبـەران، لێشـم مسۆگەرە جـەنابى وەزيرى دارايى پێى دەكرێت ئينشائەڵلاً دابينى بكات، ئەو بڕە پارەيە بۆ فەرمانبەران، لـە هـەمان كاتـدا بـۆ

دامەزراندن ئەو 25 هەزار کەسە، پێشنیار دەکەم ئەوانەی کە بە گرێبەست دەوام دەکەن، ئەوان ببنە دائیمی، بەشکوم ببنە دائیمی، چونکە هەقی خۆیانە، وەك حاجی بیلال باسی کرد، ئەولەویەتیش بدرێتە ئەوانەی کە سەنەوات سابیقە، بابڵێین دەرچووی زانکۆکان یان پەیمانگاکانن، ئەگەر ئەمڕۆ دەرچووینە، ئەگەر ئەمساڵ دانەمەزرێن لە وانەیە مافیان نەبێت ساڵانی دواتر دابمەزرێن، ئەگەر ئەولەویە بدرێتە ئەوانەی کە سەنەوات سابیقە، مەجال بۆ دەرچووانی ساڵانی دواتر دەبێت، بە نیسبەت دامەزراندن هەروەها پێشنیارم وایە، پشکی شێر بەبەر هەندەك وەزارەت بکەوێت، لەبەر ئەوەی پێویستی پێیەتی، لەوانە وەزارەتی پەروەردە، شارەوانی، تەندروستی، کار، بە نیسبەت مەبدەئی دۆلاریشمان هەیە، جاری پێشووش باسم کرد، مەبدەئی دۆلار، ئەوە پەیڕەو بکرێت، بەتایبەت هەزاران تانکەر لە نەوتی شیواشۆك و تەقتەق و ئەوانە دەردەچێت، کەچی زەرەر مەند بووین، سوود مەند نەبووین لێی، مافی خۆیانە ئەو مەبدەئە پەیڕەو بکرێت، بە نیسبەت ئەوەی سلفەی زەواج و عەقاری، ئەگەر هەر سلفەیەك زیاد بکرێت، پێویستە لەسەر حکومەت تەحەکوم بە بازاڕ بکات، ئێستا ئێمە لێرە موناقەشەی ئەوە دەکەین، سلفەی زەواج، یان عەقاریە، یان مۆزەفین، یان تۆڕی کۆمەلایەتی ئەوانە زیاد بکرێت، ئەگەر ئێستا بچیە بازاڕ، شتەکان هەمووی بوویتە دوو قیمەت، مانای ئەوەیە هیچ سوودی لێ وەرناگرن، ئەگەر حکومەت وا بکات تەحەکوم بەبازاڕ بکات، باشترە، بەنیسبەت پرسیارەکم هەیە، ئەو پارانەی هی ئەو بودجانەی کە دانراوە بۆ وەزارەتەکان پار، بودجە و نەسریەی وەکیل وەزیرەکان، کە ئێستا دانەمەزراین، دانەندراون، جێگری سەرۆکی هەرێم ئەو پارانە بە چ شێوەیەك دەگەڕێتەوە بۆ خەزێنە، بە نیسبەتی پارەی لە پرۆژەکان وەفر هەیە، ئەو وەفرانەش بە چ شێوەیەك دەگەڕێتەوە، پرسیارەك لە بەڕێزان وەزیرانی پلان دانان و وەزیری دارایی، حیکمەت لەوەی چیە، وەزارەتێك کاری وەزارەتێکی تر بکات؟ پرۆژەی شارەوانی، قیرتاوکردنی جادەو ڕێگاو بان، کۆنکریت کردنی شەقام، چ پەیوەندی بە وەزارەتی ناوخۆ هەیە؟ یان وەزارەتێکی تر هەیە؟ حیکمەتەکە چیە لەوەیدا دیارە ئێمە لێی نازانین، حەزمان لێی بوو بۆمان ڕوون بکەنەوە، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، بە نیسبەت ئەو سێ ترلیۆنەی هاوکارانم باسی دەکەن، دوای ئەوەی کە زەربی دووی دەکەن، دەڵێت ئەو مەساریفانەی کە لە 2010/6/31، زەربی دووی دەکرێت، ئەومان دەرینایە ئینجا ئەوەندە زیادە، ئەمنیش دەرێم بەڕێز کاك رشید بریکاری وەزیری دارایی، لە چاوپێکەوتینێکی تەلەفزیۆنی کەی، تی، ڤی باسی لەوە کرد، گوتی ئەو ئەندام پەرلەمانانە هەق وانیە زەربی دووی بکەن، ئەو مەساریفانە، ئەو باشتر دەزانێت لە ئێمە، لەبەر ئەوەی ئەو مەساریفانە نابێت زەربی دووی بکەین، ئەگەر زەربی دووی نەکەین، واتە ئەندام پەرلەمانەکان، خاتری حکومەتیان گرتووە، زیاتریش لەبەر ئەوەی زیاد دەمێنێت پارە، نموونەشی هێنا موخەسەساتی خوێندکاران یان قوتابیان جارێك سەرف دەکرێت، سێ، چوار مانگ سەرف ناکرێت، کە عوتڵە دادێت، چاککردنەوەی سەیارە گوتی لەوانەیە ئەو ساڵ سەیارەی چاك بکەی و دوو ساڵی دیکە چاکی نەکەین، گرێبەستی خانوو و ئیجاری خانوو ئەوانە باسی لەوە کرد ئەوە هەر لە سەرەتای ساڵ دەدرێت، واتە خۆ ناکرێت خۆ دووجار کرێی خانووی بدەی، زۆر نموونەی لەوەی هێناو

تەمەناشی خواست کە ئەگەر ئەو بودجەیە، ئەگەر گفتوگۆیەی لێ دەکرێ و موناقەشەی لێ دەکرێت پسپۆرانی شارەزا لە بودجە باشتر بوو، دێمە سەر پرۆژەکان، هەندێ پرۆژەمان هەیە پارەی زۆری بۆ دابین کراوە دوو، سێ جار، ئەگەر ژمارەکان یان زنجیرەکان ساڵەکانم نەوت دوایی بۆ بەڕێزان وەزیران دەینێرم بە نوسخەیەکی دی، پرۆژەیەکمان هەیە دەستەی وەبەرهێنانی دەڵێ نۆژەنکردنەوەی بینای دەستەی وەبەرهێنان بە (ملیارێك و هەشت سەد و پەنجاو پێنج دینار) لە هەمان کاتدا لە زنجیرە دوو هاتووەو دەڵێ دیزاین کردن و دروست کردنی پرۆژەی بالاخانەی دەستەی وەبەرهێنان بە 24 ملیار ئەگەر نۆژەنی دەکەیەوە بۆ دروستی دەکەی یان ئەگەر دروستی دەکەی لەنوێ بۆ نۆژەنی دەکەیەوە ئەو پارەیە؟ ئەوە یەك، پرۆژەیەکی ترمان هەیە دەرخستە بۆ گەیاندنی تۆڕی ئاوی بۆ پرۆژەی سێ سەد یەکەی نیشتەجێ بوون ئەوە هاوکارم کاك ئاسۆ باسی کرد ئەوەی وت لە دهۆك 126 ملیۆنی بۆ دەرچووە کەچی 750 ملیۆنیان بۆ سەرف کردووە، پرۆژەیەك هاتووە لەسەر وەزارەتی دارایی و ئابووری پرۆژەی مەرقەدی بارزان، پرۆژەی مەرقەدی بارزان لەساڵی 2010 پارەی بۆ دەرچووە (سێزدە ملیار و شەش سەد و چل و نۆ ملیۆن دینار) بەماوەی ساڵی 2009 و 2010 دا دابەش کراوە، هەمان پرۆژە هاتووەتەوە بەبڕی (سی و یەك ملیار و شەش سەد وچل و نۆ ملیۆن دینار) یەعنی عەینەن پرۆژە کەواتە دەکاتە نزیکەی 45 ملیار کەچی تەنها بۆ قەزای کفری کە ئەڤین خان باسی کرد تەنها 96 ملیۆن دیناری بۆ داندراوە، پرۆژەیەکی دی هەیە دەڵێ دروست کردنی ئاسایشی گشتی هەولێر نازانم ئاسایشی گشتی هەولێر شار دروست دەکات؟ چ دەکات؟ لەبەرئەوەی تەنها ڕاوێژکاری سێ ملیار دیناری بۆ داندراوە، دروستکردنەکەشی 45 ملیار دیناری بۆ داندراوە، پرۆژەیەکی دی هەیە پەیوەندی بە یەك شوێنەوە هەیە جووت سایدەکەی سەری بڵند، پاریش عەفو ئەوەم مەجال بدەیە بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، لەبەرئەوەی حەزدەکەم، جووت سایدەکەی سەری بڵند جارێك بۆی هاتووە تەرخان کردنی (چوار سەد و هەشتا و شەش ملیۆن دینار) لەبەردەوامەکانی 2011 ئەوجار هاتووەتەوە تەواو کردنی ڕێگای جووت سایدی سەری بڵند بە بڕی (نۆ ملیار و پێنج سەد و سی و چوار) ئەوجارەی هاتووە هەمان پرۆژە نۆژەنکردنەوەی ڕێگای جووت سایدی سەری بڵند بەبڕی (پێنج سەد و سی و سێ ملیۆن دینار) نازانم دروست دەکرێت؟؟ تەواو دەکرێت؟؟ نۆژەن دەکرێتەوە؟ هەمووشی لەماوەی ساڵ و نیوێکە ئەگەر مەجالم مایە............ .

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

نا تەواو، شلێر خان فەرموو.

**بەڕێز شلێر محی الدین صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من دیسان حەز دەکەم لێرە باسی خاوەن پێداویستیە تایبەتەکان بکەم، چونکە قسەکانی خۆم تەواو نەکردبوو لەو بابەتە، بەڕێزان خاوەن پێداویستی تایبەت کێشەیەکی موەقەت نیە، خاوەن پێداویستیە تایبەتەکان کێشەیەکی موەقەت و کاتی نیە بڵێی ئەوە تەواو بوو چیتر ئەو کێشەیە نابێتەوە یان

مەجموعە کەسێك بتوانن دوای ئەوان لەو جۆرە کەسانە نەبێتەوە، ئەو جۆرە کەسانە هەن و دەبێ هەموو مافێکیان بۆ دابین بکرێت، ساڵ بە ساڵ بە پێی ئیحسائیاتی عالی ژمارەیان لە زیادبوونە و هۆکارەکانیشی زۆری دیارەو هەندێکی نادیارە، لێرە باسی ناکرێت، بۆیە سەبارەت بە خوێندنیان کە لە ئەستۆی وەزارەتی پەروەردەیە هەندێکیشی لە ئەستۆی تەئهیل کردن و فێرکردنیان لە ئەستۆی وەزارەتی کار وکاروباری کۆمەڵایەتیە، ئەگەر بێتو برێك پارەیان بۆ دابین نەکرێ و وەکو بودجەیەکی تایبەت بەڕاستی وەزارەتی پەروەردە بەرنامەیەکی عالی لە فێرکردنی ئەوان دەست پێ کردووە لە کۆنفرانیسی جیهانی دا دەست خۆشی لێ کراوە، بەڵام ئێستا بەرەو کزی دەچێت لەبەرئەوەی ڕێنماییەکانی وەزارەتی مالیە ڕێگا نادات زۆر شت هەیە کە بۆیان پێداویستی تایبەتە لە باب و ماددەکانی ئەوان نیە بۆیان سەرف بکرێت، سەبارەت بە دەرماڵە، مامۆستای پەروەردەی تایبەت ئەرکی گرانترە لە مامۆستایانی تر، زۆر جار لەنێوان پشووی وانەکان دا دەبێ لەگەڵ ئەو منداڵانە بمێنێتەوە، پێویستی بە دەرماڵەیەکی تایبەت هەیە، دەرماڵەش بە پێی ڕێنماییەکان وا تەنزیم کراوە ڕێگای نەدا کە چەند جار بە نووسراوی ڕەسمی داوا کراوە ئەو دەرماڵەیە بۆ مامۆستای پەروەردەی تایبەت ببێ، دەبێتە هاندەرێکیش چونکە هەموو مامۆستایەك ئامادە نیە ببێتە مامۆستای خاوەن پێداویستە تایبەتەکان، لە پلە وەزیفیەکان پێویستە و ئەو بەرنامەیە پێویستی بە چاودێری خاوەن پێداویستی تایبەت هەیە لەنێوان پشووی وانەکاندا بۆ بردنیان بۆ حانوت و تەوالیت و ئاو خواردنەوەو زۆر شتی تر، منداڵی سەر عارەبانە دەبێ چاودێر ئاگای لێی بێت لە خەریجینی ئامادەییەکان لەو پلە وەزیفیانە چەند کەسێکی وا تەعین بکرێت بۆ ئەو مەکتەبانەی کە بەرنامەی پەروەردەی تایبەتی تێدایە زۆر پێویستە، سەبارەت بە خوێندنی باڵا چەند جار و زۆر پێویستە، چونکە پسپۆری بواری پەروەدەی تایبەت لە کوردستان هەر نیە و یان زۆر کەمە، زۆر پێویستە بەشێك بکرێتەوە لە کۆلیجی پەروەردەی بنیات یان کۆلیژی پەروەردە، موهیم نیە جاری واهەیە کۆلیژی تایبەتیان لە زانکۆکانی کوردستان بکرێتەوە بۆ پەروەردەی تایبەت بۆ فێرکردنی منداڵانی خاوەن پێداویستی تایبەت، بەڵام وەزارەتی خوێندنی باڵا زۆر جار ئامادەیی خۆی پیشانداوە بۆ کردنەوەی ئەو بەشانە، بەڵام مامۆستایان نیە لەو پسپۆریانە کە وانە بڵێتەوە لەو کۆلیژانە، بۆیە پێشنیار دەکەم لەو برە پارەیەی کە بۆ توانای مرۆیی داندراوە ئەو برە پارەیە هەندێ پلەی ماستەر ئیعلان بکرێت و دابین بکرێت بۆ هەندێك ئیختصاساتی پەروەردەی تایبەت بۆ ئەوەی مامۆستا دروست بێت لەو پسپۆریانە بتوانرێ ئەو بەشە بکرێتەوە، سەبارەت بە وەزارەتی کار سێ پەیمانگایان هەیە کە تایبەتە بە خاوەن پێداویستی تایبەت نابینایان و نابیستان و بیرکۆڵان، ئەو سێ پەیمانگایە لە هەشتاکانەوە هەیە بە سیستمێکی زۆر زۆر کۆن بەڕێوە دەچێ ئامێر و کەرەستەی زۆر زۆر کۆنیان هەیە، دوو ساڵ پێش ئێستا پسپۆرانی کۆری هاتن بە خۆبەخش مامۆستای وەزارەتی پەروەردە لە پەیمانگای نابینایان ڕابهێنن بۆ ئەوەی ئەگەر منداڵی نابینا لە مەکتەبەکان هەبوو پەیمانگاش لەو شوێنە نەبوو بتوانن ئەوان ئەو مامۆستایانە ئەوانە فێر بکەن، بەڵام نەیانتوانی لەبەر ئەوەی گوتیان ئەو پەیمانگایانە زۆر زۆر دواکەوتووە، پێویستە مامۆستایەکان ڕابهێنرێن، کەرەستەو لەوحی

**هەرێمی کوردستان - عێراق**
**پەرلەمانی**
**کوردستان - عێراق**

# پرۆتۆکۆلەکان
# 68

**سالّی/ 2011 – بەرگی شەست و هەشت**

---

چاپی یەکەم/ سالّی 2011

# پێریست


پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (17) خولی سێیەمی هەڵبژاردن – یەك شەممە 2011/5/22 ل 5

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (18) خولی سێیەمی هەڵبژاردن – دوو شەممە 2011/5/23 ل 103

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (19) خولی سێیەمی هەڵبژاردن – سێ شەممە 2011/5/24 ل 127

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (20) خولی سێیەمی هەڵبژاردن – چوار شەممە 2011/5/25 ل 249

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (21) خولی سێیەمی هەڵبژاردن – پێنج شەممە 2011/5/26 ل 389

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (17)

## یەك شەممە ڕێكەوتی 2011/5/22

كاتـژمێر (11)ی پـێش نیـوەڕۆی ڕۆژی یـەك شـەممە ڕێكـەوتی 2011/5/22 پەرلـەمانی كوردسـتان - عێراق بە سەرۆكایەتی بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كمال كـەركووكی) سـەرۆكی پەرلـەمان و, بـە ئامـادەبوونی بەڕێز شێروان ناصح حیدری سكرتێری پەرلەمان, دانیشتنی ژمارە (17)ی خـولی سێیەم, سالّی (2011) ی خۆی بەست.

**بەرنامەی كار:**

بەپێی حوكمەكانی بڕگە (1)ی مادده (20) لە پەیڕەوی نـاوخۆی ژمـارە (1)ی هـەمواركراوی سالّی 1992ی پەرلەمانی كوردستان - عێراق, دەستەی سەرۆكایەتی پەرلەمان بڕیـاری درا دانیشـتنی ژمـارەی (17)ی خـولی سـێیەمی هەڵبـژاردن لـە كـات (11)ی پـێش نیـوەڕۆی ڕۆژی یـەك شـەممە ڕێكـەوتی 2011/5/22 دا بـەم شێوەیە بێت:

1 - بەردەوام بوون لەسـەر گفتوگۆ كـردن و بڕیـاردان لەسـەر پـڕۆژە یاسـای بودجـەی هـەرێمی كوردسـتان – عێراق بۆ سالّی 2011و یاساكەی.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

بـەناوی گـەلی كوردسـتان، دانیشـتنەكەمان دەكەینـەوە، خـولی سـێیەمی هەڵبـژاردن، سـالّی دووەم، خـولی گرێدانی دووەم، ژمارەی دانیشتن (17)، ڕۆژی دانیشتن 2011/5/22، بەرنامەی كار:

بەپێی حوكمـەكانی بڕگـەی (1)ی مـاددەی (20) لـە پـەیڕەوی نـاوخۆی ژمـارە (1)ی هـەموار كـراوی سالّی 1992ی پەرلـەمانی كوردسـتان – عێـراق، دەسـتەی سـەرۆكایەتی پەرلـەمان بڕیاریـدا بەرنامــەی كـاری دانیشتنی ژمارە (17)ی ئاسایی خولی سێیەمی هەڵبژاردن لـە كاتـژمێر (11)ی پـێش نیـوەڕۆی ڕۆژی یـەك شەممە ڕێكەوتی 2011/5/22 بەم شێوەیە بێت:

1- بەردەوام بوون لەسەر گفتوگۆ كـردن و بڕیـاردان لەسـەر پـڕۆژە یاسـای بودجـەی هـەرێمی كوردسـتان – عێراق بۆ سالّی 2011و یاساكەی.

ئێستا داوا لە لیژنەی دارایی دەكـەین كـەرەم كـەن بـۆ شـوێنی خۆیـان فـەرموون، بـەڕێزان، لەسـەر پڕۆژەكـە گفتوگۆیەكی زۆر تێرو تەسەل كرا، ئێستا داوا لە لیژنەی دارایی و ئابووری دەكەین، كە وەڵامیـان بدەنـەوە، فەرموون.

**بەڕێز د.ئاراس حسین محمود:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

هەندێك تێبینی لەلای لیژنە کۆبۆتەوە، هەروەکو وەڵامدانەوەی ئەو بۆچوونانەی کە لەلایەن بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمانەوە هاتە کایەوە لەناو هۆڵی پەرلەمان، لەپێشدا بەندە دەست پێ دەکات و دوایی برادەرانی دیکەشمان لە لیژنە هەر یەك تێبینی خۆی هەیە، بەپێی توانا موحاوەلە دەکەین بە شێوەیەکی پوخت و کورت وەڵام بدەینەوە، هیوادارین جێی ڕەزامەندی بەڕێزان بێت، دەربارەی ئەو تێبینیانەی لەلایەن زۆربەی زۆری ئەندامە بەڕێزەکانەوە دەربارەی راپۆرتەکە وروژێندرا لەم هۆڵەدا، خۆشبەختانە هەموو ئەم بوارانە بەشێوەیەك لە شێوەکان لە راپۆرتەکەدا هاتووە، بەلاّم راپۆرتەکە بەشێوەیەکی پوخت ئاماژەی پێداوە، ئەندامە بەڕێزەکان چوونە ناو وردەکارییەکانیەوە، چ دەربارەی پێشنیارەکان، چ دەربارەی ئەو کەموکوڕییانەی ئاماژەیان پێدا، هەروەها چەند تێبینیەکی تر، بۆ نموونە هەموو ئەندامانی بەڕێز ئاماژەیان بەوەدا کە پێویستە ستۆکی خولاو بزانن بەرەو کوێ ڕۆیشتووە؟ ئێمەش ئاماژەمان پێداوە، هەروەها هەندێك تەرخان کراو هەیە زۆرە بۆ هەندێ ژمێریاری، یەعنی بۆ هەندێ حیساب مەبەستمە، ئێمەش ئاماژەمان پێداوە، دوای ڕەزامەندی، ئەگەر نوێنەرانی حکومەت وەڵاممان بدەنەوە لە هۆڵی پەرلەمان. هەروەها دەربارەی هەندێ لایەن کە لە بودجەکەدا هەیە، دەربارەی کەوا بودجەکە ئاماژە بە بەردەوام بوون لەسەر پێشینەی هاوسەرگیری و زیاد کردنی برەکەی و، هەروەها زیاد کردنی پێشینەی خانووبەرە، هەروەها بەردەوام بوون لەسەر پێدانی پێشینەی کشتوکاڵی، پێشینەی پیشەسازی، بەردەوام بوون لەسەر تواناسازی، هەروەها ئاماژەیان بەوەشدا  هەندێك گۆڕانکاری لە پرۆژەی نەخشتەی وەبەرهێنان کراوە، بۆ نموونە پرۆژەیەك هەیە لەبەرنامە بووە، بەلاّم نەهاتۆتە کایەوە، یان دەست پێ نەکراوە، پرۆژەیەکی تر چۆتە جێگاکەی، یاخود هەندێ ئیزافاتی تر کراوە بۆ هەندێك پرۆژە، ئەو خالاّنە هەموو لە راپۆرتەکەی ئێمەدا هاتووە بە پوختی، بەلاّم هاوڕێیانمان، ئەندام پەرلەمانە بەڕێزەکان چوونەتە ناو وردەکارییەکانەوە. بۆچوونێکی تر هەبوو کەوا ئەو موازەنەیەی ئێستا ستیراتیجی بەخۆیەوە نابینێت، یاخود سیاساتی تیا نییە، یاخود تەختیتێکی وەکو پێویست تێدا نییە، بە ڕەئی ئێمە ئەو موازەنەیەی کە ئێستا لەبەر دەستماندایە زیاتر ئاماژە بە بەرنامەی سەنەوی دەکات، یەعنی ئەگەر پلانێك هەبێت، پلانە لەسەر ئاستی ساڵ، بەلاّم ئەگەر هەر بڕوانینە خاڵەکانی ئەو موازەنەیە، هەندێ شتی تیا بەدی دەکەین، کە ئێستا ئاماژەم پێدا، بەردەوام بوون لەسەر پێدانی قەرزی کشتوکاڵی، ئەوە خۆی لەخۆیدا پەیڕەو کردنی جۆرێك لە سیاسەتە، کە لەناو موازەنەکە ئیشارەتی پێدراوە، هەروەها بەردەوام بوون لەسەر پێدانی قەرزی پیشەسازی، بە هەمان شێوە ئەوە جۆرێکە لە سیاسەت، تواناسازی، هەر پەیڕەو کردنی جۆرێکە لە ئیجرائات و لە سیاسەت، پێدانی قەرزی بچووك بۆ ئەو گەنجانەی کەوا کاریان نییەو بە مەبەستی پەیدا کردنی بواری کار کردن بۆ گەنجان، بۆ ئەو کەسانەی کە بواری کاریان بۆ نەڕەخساوە......

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

یەك دەقیقە، نوقتەی نیزامی هەیە، فەرمووو.

**بەڕێز کاردۆ محمد پیرداود:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەم نابێت بچێت لەحیاتی حكومەت جوابی سیاسەتی حكومەت بداتەوە، ئێستا بۆ نموونە باسی پرۆژەی بچووك دەكات، ئێمە باسی ئەوەمان كرد كە پرۆژەی بچووك لە بەرز بوونەوەی نرخی نەوت دابین كراوە، لە كوردستان (25) ملیاری بۆ دانراوە، راپۆرتی داراییش هەروای پێشنیار كردووە، ئەمە پێویستە وەلامی ئەمە بدرێتەوە، نەك بلێی حكومەت ئەمەی دابین كردووە.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێز، ئەوە راپۆرتی خۆیان لەسەر موجمەلی پرۆژەكەی حكومەت پێشكەش كرد، ئێستا دیفاع لە پرۆژەكەی خۆیان دەكەن، دەتوانن لە هەندێك بابەت دیفاع لەوەی حكومەت بكەن، كە ئەوەی پێیان باشە، لە هەندێك بابەت داوا بكەن شتەكان لابدرێتن، بۆیە لێیان گەڕێن با قسەی خۆیان بكەن، فەرموو.

**بەڕێز د.ئاراس حسین محمود:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەگەر بەو شێوەیە بێت، ئێمە وتەمان نییەو كۆتایی بە وتەكانمان دێنین، ئەگەر ئەو پێشنیارە وەربگیرێت بە نەزەری ئیعتیبار ئەوەی هاوڕێم كاك كاردۆ. هەروەها سیاسەتێكی تریش هەیە، سیاسەتی دامەزراندنی (25) هەزار كەس، لە هەلگرانی بڕوانامە، ئەمانە هەمووی سیاسەتن، بەلام لەگەلْ ئەوەشدا هەر بەڕێزێك پێشنیاری كرد بێت بۆ سیاسەتێكی نوێ لەناو لیژنەكاندا پێخۆشحالْ دەبین، ئێمە ئەو سیاسەتەمان وەردەگرت بە نەزەری ئیعتیبار دەرجمان دەكرد لە راپۆرتەكەماندا، بەلام سیاسەتی بەدیل كە باس دەكرێت، ئەمە مەسەلەن لێرە سیاسەتی تێدا نییە، بەلام سیاسەتی بەدیلیش لەلایەن ئەندامە بەڕێزەكانەوە پێشكەش بە ئێمە نەكراوە، تاكو بیخەینە ناو پرۆژەكەوە. هەندێك پرسیار ئاراستەی راپۆتەكە كرا، بە حەقیقەت خۆی پرسیار ئاراستەی راپۆرتەكە ناكرێت، ئەو پرسیارانە ئەگەر هەبوو بێت، ئەو ئەندامە بەڕێزە دەبوایە پێشتر لە لیژنەكەی ئاماژەی پێدا بوایە، تا ئێمەش ئەو پرسیارانەمان ئاراستەی حكومەت بكردایە. بۆچوونێكی تر هەبوو كەوا بودجە زیادی كردووە، بەتایبەتی بودجەی تەشغیلی بەڕێژەی دوو كەسر ترلیۆن، چی لێ بەسەر هاتووە؟ ئەگەر سەیری ئیستیمارەی موازەنەكە بكەین بەشێوەیەكی تر دابەش كراوەتەوە، دابەش بوونێكی كارگێڕی، ئەگەر لە ئیستیمارەكە سەیری بكەین، یەعنی دابەش كراوەتەوە بەشێوەیەك لەشێوەكان بەسەر دەزگاكاندا. بۆچوونێك هەبوو، بۆچی ئێمە تەعلیقیمان لە جەدوەلەكاندا نەداوە؟ بەڕاستی ئێمە جەدوەلەكانمان هێناوەو ئاماژەمان بە ژمارە سەرەكیەكان كردووە، كە لەناو موازەنەكەدا هەیە، خۆ ئەوەمان كردووە زیاتر بۆ بەرچاو روونی ئەندامە بەڕێزەكان، یان یەكێك كە راپۆرتەكە دەخوێنێتەوە، لەوانەیە زەحمەت بوو بێت و بگەڕێتەوە بۆ هەموو راپۆرتەكە، كە بەشەكانی راپۆرتەكە پێكهاتووە لە دە بەش، ئێمە تەنها ئاماژەمان بەچی داوە، ئاماژەمان بە ژمارە سەرەكیەكان داوە، ئەگەر لەسەر ئەو ژمارانە ئەندامە بەڕێزەكان بۆچوونیان هەیەو بۆچوونی خۆشیان خستەڕوو، هاتووین چیمان كردووە، دابەش بوونی ژمێریاریمان كردووە، هی موازەنەكەی كە

هێناومانە دابەش بوونی کارگێڕیمان کردووە، دوایێ خشتەی ئیراداتمان هێناوە، سەرجەم راو بۆچوونی ئەندامە بەڕێزەکان لەسەر ئەو ژمارانەیە، هەروەها ئاماژەشمان بەوە داوە بە مەبلەغە سەرەکیەکەی پرۆژەی وەبەرهێنان، چ پرۆژە بەردەوامەکان، چ پرۆژە پێشنیار کراوەکان، ئەوە لەڕاستیدا خۆی ژمارە سەرەکیەکانە، کە ئێمە بڕیاری لەسەر دەدەین، یان بڕیاری لەسەر نادەین، لە دەر ئەنجامی ئەو گفتوگۆیەی لەلایەن ئەندامە بەڕێزەکانەوە دێتە کایەوە، ئەوە مەتلوب نییە لە ئێمە بێین دیراسەی ئەوانە بکەین، ئێمە پێشنیارمان هەیە لەسەر ئەو ئەرقامانە کە هاتووە. بۆچوونێك هەبوو، بۆچی ئەو بڕە پارە زۆرەی کە دانراوە بۆ وەزارەتی مالیە؟ بۆچی ئێمە وەکو لیژنەی دارایی ئیعتیرازمان لەسەر نەگرتووە؟ لەڕاستیدا ئێمە وەکو لیژنەی دارایی ئیعتیرازمان لەسەر نەگرت بێت، لیژنەکانی تریش ئیعتیرازیان لەسەر نەگرتووە، بەس حەقیقەتێك هەیە، وەزارەتی دارایی، ژمێریاری دەوڵەتە، لەبەر ئەوەی مەسەلەیەکی سروشتییە، بەتایبەتی مەسەلەی مینەح و ئیعانات و زۆر لە بابەتی مەسروفات ئوخرا لەلای ئەوان چارەسەر دەکرێت، لەگەڵ ئەوەشدا ئێمە زۆر ئەوەمان کردووە، یەعنی بۆچوونمان هەبووە دەربارەی چالاکی وەزارەتی دارایی بەپێی موازەنەکە، مەسەلەن بۆ نموونە ئاماژەمان بە هەندێ بواری موناقەلە داوە، کە پێویستە بە چ شێوەیەك وەزارەتی دارایی ئەو موناقەلانە بکات، هەرچەندە ئیشی پەرلەمان تەداخول نییە بۆ ئەو ئیجرائاتانەی کە حکومەت پێی هەڵدەستێت بە حەقیقەت، تەداخول نییە، تەنها پێشنیارە، لەگەڵ ئەوەشدا ئێمە هەندێك ئەوەمان کردووە. بۆ نموونە، نیسبەتەکەشمان ئاماژە پێداوە، کە نیسبەتێکی بەرزە لەگەڵ چوار وەزارەتی دیکە، ئیشارەتیشمان پێداوەو گوتمان تا رادەیەك هاوسەنگی نییە، مومکینە بەش بەحاڵی خۆمان ئێمە لە لیژنەکە بزانین موبەریری ئەو نا هاوسەنگیە چیە؟ بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئیشارەتمان پێداوە. هەروەها داوامان لە وەزارەتی مالیە کردووە، وەکو پێشنیارێك کە تەداخول نەکات لە سەلاحیەتی سەرف لەلایەن وەزیرە بەڕێزەکانەوە، هەرچەندە ئەوە تەداخولە بۆ هەندێ کاری دەوڵەت لەلایەن ئێمەوە، هەروەها داواشمان لێ کردووە، وەکو پێشنیار، کە ئەگەر بکرێت سیستەمی بودجە یەك بخات، هەروەها داواشی لێ کراوە کە ئەو جیاوازیەی هەیە لەنێوان ئەو مووچەیەی کە دراوە، بەتایبەتی لە ئیدارەی سلێمانی، ئەو جیاوازییە بداتەوە، یەعنی ئەمە چەند خاڵێکە بۆ نموونە هێناومەتەوە، کە ئێمە بەرامبەر وەزارەتی دارایی و ئابووری لیژنەکەمان هەندێك پێشنیارو هەندێك روون کردنەوەو تێبینی هەبووە لەسەری. پرسیارێکی تر هەبوو، جیاوازییەکی زۆر هەیە لەنێوان ئیرادی موقەدەر، ئیرادی پێشنیار کراو، کە لەناو بودجەکەدا هەیە، لەو ئیرادەیەی کە لە بەغداوە بۆمان هاتووە، من ئەمە بەجێ دەهێڵم بۆ بەڕێزان، نوێنەرانی حکومەت، ئەگەر وەڵام بدەنەوە، بەڵام ئەگەر بکرێت هەر موجەڕەد روون کردنەوەیەك، وادیارە ئەو ئیرادەیە تەقدیر کراوە، پێش ئەو موفاوەزاتەی کە روویدا لەنێوان هەرێم و حکومەتی ئیتیحادی بۆ چارەسەر کردنی ئەو کێشەیە، لەسەر ئەو ئەساسە بووە، کە حکومەتی هەرێم رۆژانە (150) هەزار بەرمیل بەرێتە دەرێ بە سعری (76,5) بۆ (365) رۆژ، تەقریبەن دەکاتە ئەو داهاتە، کە پێنج ترلیۆن وله دەیا پێنجە، ئەوە لەسەر ئەو ئەساسە بووە، پێشتر پێش ئەنجامدانی موفاوەزاتەکە، لەگەڵ ئەوەشدا

روون کردنەوە ئەگەر بەڕێزان، نوێنەرانی حکومەت لەو بارەیەوە بیدەن. پێشنیارێك هەبوو لەلایەن چەند کەسێکەوە، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، ئاراستەی لیژنەی دارایی کرا، کە پێشینەی خانووبەرە بدرێت بەو زەویانەی کە سەد مەتر دووجان، ئەمە بەجێ دەهێڵین بۆ بەڕێزان، ئیتر نازانم نوێنەرانی حکومەت وەڵام دەدەنەوە، یان جەنابت چۆن موعالەجەی دەکەیت؟ بۆچوونێکی تر هەبوو، کە عەدالەت نییە لە تەوزیعی مەشاریعەکاندا، بەتایبەتی پرۆژە وەبەرهێنەرەکان، ئێمە ئەو وەڵامەی کە وەرمانگرتووە لە وەزارەتی پلاندانانەوە، ڕێژەکە (43) سلێمانییە، (37) هەولێرە، (20)یش دهۆکە، بە تەقریبی، بەڵام هەر بەڕێزێك، ئەگەر شتێکی وا هەیە ناعەدالەتی دەتوانێت وەکو پێشنیار بهێنێت بۆمان، ئێمەش ئاراستەی شوێنی بەرپرسی بکەین لە ڕێگەی سەرۆکایەتی پەرلەمانەوە. بۆچوونێکی تر هەبوو لەلایەن لیستی کوردستانییەوە بوو، کە ڕێژەی لە 10٪ لە بودجەی وەگەڕخستن ببڕین، کە پاشەکەوتی نزیکەی (9,7) ترلیۆن دەکات، ئەوە بەجێ دەهێڵین بۆ بەڕێزتان، لەگەڵ ئەندامە بەڕێزەکان چۆن بڕیاری لەسەر دەدەن لە هۆڵی پەرلەمان؟ بەڵام لێرە خاڵێك هەیە بەپێی بۆچوونی لیژنەی دارایی، ئەو بڕینە کە بە ڕێژەی لە 10٪یە، ئایا ئازادی بدەین بە حکومەت، چۆن تەسەروف بکات لە دابەش کردنیدا بەڕاستی؟ ئێمە وەکو لیژنەی دارایی وامان پێ باشە کە بڕەکان دیاری نەکەین بۆ حکومەت، ئەوە بۆ ئەوەو، ئەوە بۆ ئەوە، چونکە وەکو لە جەلسەی پێشوو ئاماژەم پێدا بەڕێوەبردنی وڵاتێکی فیدراڵی وەکو عێراق و حکومەتی هەرێم بەڕێوەبردنێکی ئەزموونییە، ئسلوبی ئەزموونییە، ڕۆژانە شتی تازە دێتە کایەوەو وات لێ دەکات کە گۆڕانکاری لە بڕیارەکاندا بکەیت، لەبەر ئەوە پێشنیاری ئێمە وا باشترە کە بەماددەیەکی یاسایی، ئەگەر لیژنەی یاسایی ڕەزامەند بن لەسەری داڕشتنەوەی بەو شێوەیە بێت کە لە 10٪یەکە ببڕێت، بەڵام ئازادی بەجێ بهێڵین بۆ حکومەت، بۆ چۆنیەتی دابەش کردنی، مەبەستم ئەوەیە بۆ چۆنیەتی وەڵامدانەوەی ئەو زیادانەی کە لە لیستەکەدا هاتووە، یان لە لیستی کوردستانی هاتووە، جواب دانەوەی داواکارییەکان، جا پێشینەی هاوسەرگیری بێت، مووچەی ئاسایش و پۆلیس بێت، پێشینەی خانووبەرە بێت.............هتد. بۆچوونێکی تر هەبوو لەلایەن ژمارەیەکی کەم لە ئەندامە بەڕێزەکان، کەوا ڕاپۆرتەکە پێشنیاری تیا نییە، ئەوەندەی بەڕێزتان ڕاپۆرتەکەتان لەبەردەست دایە، ڕاپۆرتەکە پڕیەتی لە ژمارەیەکی زۆر پێشنیاری تیایە هەم لەلایەن لیژنەی داراییەوە، هەم لەلایەن لیژنە بەڕێزەکانەوە، وا دیارە ئەو یەك، دوو بەڕێزە ئاماژەیان بەوە داوە کە لەڕاستیدا چۆن لیژنەی دارایی پێشنیاری نەکردووە لەناو ڕاپۆرتەکە، ئێمە چەندین پێشنیارمان کردووە، یەکێك لەو پێشنیارانە، مەسەلەن بۆ نموونە، پێشنیارێکمان هەیە بۆ چۆنیەتی دابەزینی بودجەی وەگەڕخستن بە ڕێژەی 5٪ و، بە ڕێژەی 10٪و، بە ڕێژەی لە 15٪، کە لە حیسابی دوو دووەوە دەست پێ دەکات بۆ دوو هەشت، ئاماژەشمان پێداوە کە لەکاتی بڕینی ڕێژەی لە 5٪ (180) ملیار تەوفیر دەکەین، ئەگەر بڕینی لە 10٪ بێت (360) تەوفیر دەکەین، ئەگەر بڕینی لە 15٪ بێت (540) تەوفیر دەکەین. هەروەها پێشنیارێکی تریشمان کردووە بۆ وەزارەتی دارایی، کە موناقەلە نەکرێت لەو پارەیەی کە تەرخان کراوە بۆ بودجەی ئیستیسماری، هەروەها ئەو موناقەلاتانەش کە دەکرێت لەلایەن

وەزارەتەکانی دیکەوە، یان لەلایەن وەزارەتی داراییەوە دەیکات، دەربارەی وەزارەتەکانی دیکە رەزامەندی بەرێز وەزیرەکانی تر وەربگیرێت و بەشێوەیەکی یەکلایەنە نەکرێت، ئەوە پێشنیاری دووەمە کردوومانە. پێشنیارێکی تریشمان کردووە بۆ دابەزینی ئەو میلاکەی کە دانراوە بۆ وەزارەتی دارایی (5322)، هەروەها پێشنیارێکی دیکەشمان کردووە بۆ یەکسان کردنی سیستەمی مووچە لە هەرێمی کوردستان، پێشنیارێکی دیکەشمان کردووە، مەسەلەن بۆ نموونە، بۆ گەڕاندنەوەی جیاوازی مووچە لە ئیدارەی سلێمانی، ئەمە هەر بۆ نموونە پێنج، شەش پێشنیار بوو، کە تەنها لە راپۆرتی بەشی لیژنەی داراییەوە هاتووە، کەوا ئەو بەرێزە دەڵێت لیژنەی دارایی پێشنیاری نییە. بۆچوونێکی دیکە کرا بوو، بەرێز سەرۆکی پەرلەمان، ئەندامە بەرێزەکان، پێویستە هەڵوێستەی لەسەر بکەین، کەوا هاوسەنگیەك نییە لەنێوان بودجەی وەگەڕخستن و بودجەی وەبەرهێنان، ئێمەش ئاماژەمان بەوە داوە، گوتمان لە رووی ئابوورییەوە نابێت، لە رووی گەشەی ئابوورییەوە نابێت، بەلآم ئەوە حەقیقەتێکە، لەو وڵاتانەی کە سیستەمەکەی وەکو عێراق و، وەکو هەرێمی کوردستان وایە، لە ساڵی پێشووش ئاماژەمان پێدا، بودجەی وەگەڕخستن نزیکەی لە 70٪یە، بودجەی وەبەرهێنان نزیکەی لە 30٪ـیە، ئەمە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی حکومەتی عێراق لەلایەك و حکومەتی هەرێمی کوردستان لە لایەك، ئەرکی چالاکیە ئابوورییەکان زۆربەی زۆری لەسەرشانی ئەوە، بە پێچەوانەی ئەو وڵاتانەی کە بەرێزان ئاماژەیان پێدا، وڵاتە سەرمایەدارەکان کە بودجەی وەگەڕخستن زۆر کەمە، راستە، بودجەی وەگەڕخستن لەوێ زۆر کەمە، چونکە ئەرکی دەوڵەت، لایەکی گەورەی ئەرکی دەوڵەت چالاکیە ئابوورییەکان، کەرتی تایبەت پێی هەڵدەستێت، لەبەر ئەوە ئەرکی دەوڵەت تەنها موحافەزە کردنی سیستەمی ئاسایش و سیستەمی بەرگری دەرەکی و سیستەمی موحافەزە کردنی قەوانینە، لەبەر ئەوە دەبینی نەفەقاتی حکومی لە وڵاتە سەرمایەدارەکان کەمە، چونکە رۆڵی حکومەت لە چالاکی ئابووریدا کەمە، بێجگە لەوەی کە ئەو وڵاتە ئەو پارەیەی کە دەستی دەکەوێت لە باجەوە بە دەستی دەکەوێت، یەعنی رێژەیەکی بەرزی لە باجەوەیە، کە ئەوە لە لای ئێمە نییە، بەلآم لەگەڵ ئەوەشدا ئاماژەمان پێداوە لە راپۆرتەکە، تا رێژەی وەبەرهێنان لە بەرزەوەندی بودجەی وەبەرهێنان بودجەی وەگەڕخستن کەم بکەین، بەلآم هەر لەگەڵ ئەوەشداین، بەرێز سەرۆکی پەرلەمان، ئەگەر رێمان پێ بدات، هەر لە هەمان کاتەکە تێکڕا هەمووومان بە ئێمەشەوە داوا دەکەین بودجەی ئیستیسماری کەم بکەینەوە، هەر یەکێك لە ئێمە چەندین پێشنیاری هەیە بۆ زیاد کردنی بودجەی تەشغیلی، مەسەلەن کە داوای زیاد کردنی پێشینەی خانووبەرە دەکەین، داوای زیاد کردنی مووچە دەکەین، داوای زیاد کردنی پێشکەش کردنی خەدەمات دەکەین لە حکومەتەوە، داوای زیاد کردنی قەرز دەکەین بەهەموو شێوەکانیەوە، بەحەقیقەت ئەمانە هەمووی دەبێتە هۆی زیاد بوونی قەوارەی بودجەی وەگەڕخستن..........

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان:**

تکایە لە جێگای خۆت قسە مەکە، کە تەواو بوو مەجالت دەدەمێ نیزامیەکەی خۆت بڵێ، ئێستا دانیشە، فەرموو دکتۆر.

**بەڕێز د.ئاراس حسين محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بۆچوونێکی تر هەبوو، کە لە موازەنەکە ئیرادی تێدا نییە، لە موازەنەکە ئیرادی تیایە، لە لاپەڕەیەك لە لاپەڕەکان ئیشارەتی بە ئیرادی حکومەتی هەرێم داوە بە زەڕائیب و لەگەڵ ئیرادە هەمە جۆرەکان لەناو موازەنەکەدا هەیە لە لاپەڕەکانی ئەخیرەوە، بەڵام ئەگەر ئەشکالاتێك هەبێت لەسەر کەمی ئیرادەکە، ئەوە بابەتێکی دیکەیەو قابیلی موناقەشەیەو، قابیلی ئەوەیە کە بەڕێزی حکومەت وەڵامی بداتەوە.

پێشنیارێکی دیکە هەبوو، کە بودجەی وەگەڕخستن بە رێژەی لە 50٪ دابەزێنین، من وای لێ تێدەگەم ئێمە وەکو لیژنە دابەزینی بەو رێژە بەرزە، ئەگەر بودجەی وەگەڕخستن بە رێژەی لە 50٪ دابەزێنین، کە 9,7، یەعنی ئەو کاتە چەند دەمێنێتەوە نزیکی پێنج ترلیۆن دەمێنێتەوە، لەو بڕوایەم تەنها ئەو پێنج ترلیۆنە ئەگەر بەشی رەواتب بکات.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

رجائەن لە جێگای خۆتان قسە مەکەن، ناوتان دەنووسم، کە تەواو بوو مەجالتان دەدەمێ نوقتە نیزامیەکتان بڵێن، ئێستا نییە، رجائەن، فەرموو.

**بەڕێز د.ئاراس حسين محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تاخیری گەیشتنی میزانیە، چەند جارێك باس کراوە، ناتوانرێت وەکو بیستوومانە لە حکومەت، هەرواشە بەپێی مەنتیق، ناتوانین میزانیەیەك دانێین، ئەگەر رەقەمەکەی لەلا مەعلوم نەبێت. بۆچوونێکی تر هەیە، کەوا عەجز زیادی کردووە، کورتهێنان، لەڕاستیدا ئەو کورتهێنانە کەزیادی کردووە، ئەوە لە موازەنەکە هاتووە، کورتهێنانێکی تەختیتیە، شەرت نییە کورتهێنانی حەقیقی بێت، یان عەجزی حەقیقی بێت، ئەو عەجزە حەقیقیە لە کۆتایی ساڵدا لە حیساباتی خیتامیدا دەردەکەوێت. بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، لەکۆتاییدا چەند بۆچوونێك هەبوو، کەوا هەندێك پرۆژە هەیە دووبارەیە، هەندێکی هەیە وەهمیە، هەندێکیش هەیە شکی لەسەرە، هەندێکیش هەیە شەفافیەتی تیا نییە، ئێمە وەکو لیژنە پێمان باش بوو پێشتر ئەوانە لەلایەن لیژنەکانەوە بۆمان بەرز کراوەتەوە، هەرچیەك لەلایەن لیژنەکانەوە بەرز کراوەتەوە، ئێمەش لە راپۆرتەکە ئاماژەمان پێداوە، بەڵام هەرچیەك بەرز نەکرا بێتەوە، ئەوەیان بابەتێکی دیکەیە، نازانم تا چ رادەیەك ئێمە دەتوانین پێشنیار بکەین لە ئەندامە بەڕێزەکان، دواتر لە رێگەی لیژنەکانیانەوە لیستێکمان بۆ بنێرن، ئەو مەشاریعانەی کەوا دووبارەیە، ئەو مەشاریعانەی کەوا وەهمیە، ئەو مەشاریعانەی کەوا شکی لەسەرە، ئەو مەشاریعانەی کەوا شەفافیەتی تیا نییە، هەروەها ئەو

مەشاریعانەی کەوا پەیوەندی هەیە بە کەرتی تایبەتەوە، مەفروز نییە حکومەت پێی هەڵبستێت، ئەو مەشاریعانەی پەیوەندی هەیە بە شەریکاتی تایبەتەوە، حکومەت بۆی نییە پێی هەڵبستێت، دەتوانرا پێشتر لە ڕێگەی لیژنەکانەوە پێشنیار بۆ ئێمە بهاتایە، بەڵام دەکرێت دوای ڕەزامەندی بەڕێزت بیکەن بە لیستێك بۆمان، تاکو بینێرین. بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، لە دەرئەنجامی موناقەشەی دوو ساڵ، لیژنەی دارایی گەیشتۆتە دەرئەنجامێك نازانم تا چ رادەیەك گونجاوە، یەعنی پێشنیارێکمان هەیە بۆ حکومەت و نازانم لیژنەی یاسایی لەگەڵمان تا چ حەددێك ئەو پێشنیارە واقعیە، لەمەودوا هەر موناقەلەیەك دەکرێت بە ئەمری ئیداری موناقەلەکە ئاگاداری لیژنەکانی پەرلەمان بکرێتەوە زۆر لەو کێشانە چارەسەر دەکرێت، کە ساڵانە تووشمان دەبێت، ئەگەر بکرێت روو دەکەمە نوێنەرانی حکومەت، وا دیارە ئێمە میزانی موراجەعەی شەهریمان هەیە، تا چەند دەتوانین تەزویدی لیژنەکانی پەرلەمان بکەین بە میزانی موراجەعەی شەهری لەسەر ئاستی حکومەت، لەسەر ئاستی وەزارەتەکان، لەو بڕوایەم ئەگەر ئەوانەمان لەبەر دەستدا بێت، زۆر لەو کێشانەی کە ئێستا لەلای ئەندام پەرلەمانە بەڕێزەکان، یەعنی دیار نییە، یان وازیح نییە لەلایان، لە هەمان کاتدا پێشنیار دەکەین بۆ حکومەت، بۆ بەڕێز وەزیری پلاندانان، مەبەستمان وەزارەتی پلاندانانە، بۆ چۆنیەتی تەنفیزی مەشاریع بە سێ مانگ جارێك، یان بە دوو مانگ جارێك، یان بە چوار مانگ جارێك ئاگاداری سەرۆکایەتی پەرلەمان بکاتەوە، سەرۆکایەتی پەرلەمانیش ئاگاداری لیژنەکان بکات، لەو پرۆژانەی کە دوا دەخرێت، تەئجیل دەکرێت، لەو پرۆژانەی کە رادەوەستێت، لەو پرۆژانەی کە گۆڕانکاری تیا دەبێت، لەو پرۆژانەی کە ئیلغا دەکرێت، لەو پرۆژانەی کە ئیزافەی دەچێتە سەرو بەو شێوەیە ئێمە ئەگەر بەرچاو روونیەك هەبێت لە ڕێگەی ئەو راپۆرتانەوە، لەوانەیە لە داهاتوودا، ئەگەر هاتو موناقەشەی بودجە کرایەوە، هەر ئێمە بووین، زۆر لەو کێشانەو لەو گرفتانە چارەسەر دەکرێت. بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان من کۆتاییم پێهێنا، ئەگەر جەنابت ڕەزامەندی بفەرمووی، ئەو بەڕێزانەی لیژنەی دارایی و ئابووری کە لەسەر مەنصەکەن، هەر یەك تێبینی خۆی هەیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

نوقاتی نیزامی هەیە، کاك بورهان فەرموو، نوقتە نیزامیەکەت بڵێ.

**بەڕێز بورهان رشید حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە رەئی من ئەو وەڵامانە، وەکو چووە قالبی وەڵامدانەوەی ئەندامانی پەرلەمان، بە رەئی من ئەوە ئیشی حکومەتە وەڵام بداتەوە، نەك بەڕێزی لەجیاتی حکومەت وەڵام دەداتەوە، لەبەر ئەوەی پەرلەمان وەکالەتی نییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کوێستان خان فەرموو.

**بەڕێز کوێستان محمد عبداللە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە پێشنیارەکەی ئێمە ئەوە بوو کە نیوەی بودجەی بەکاربەر جگە لە مووچە، ئێمە باسی مووچەمان نەکردووە ببڕێت، بڕەکەشیمان خوێندەوە، یەعنی گوتمان دەکاتە یەك ترلیۆن و حەوت سەدو نەوەدو نۆ ملیارو حەوت سەدو هەشتاو نۆ ملیۆن دینار، یەعنی بڕەکەمان گوتووە، کە ئەمە جیایە لە مووچە، هەندێك پێشنیاری ترمان هەبوو بەڕاستی وەك ئەوانەی لیستی کوردستانی باسی نەکرد، هەرچەندە ئەم وەڵامانە من بۆ خۆم پێموایە ئەوە ئیشی بەڕێز وەزیری داراییە وەڵام بداتەوە، بەڵام هەر بۆ راست کردنەوە بوو، ئەگەر بەڕێزی وەڵامی دایەوە، ئەوە بزانێت کە ئێمە باسی مووچەمان نەکردووەو سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاك کاردۆ کەرەم بکە.

**بەڕێز کاردۆ محمد پیرداود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە راپۆرتەکە، لەلایەن ئەندامانی پەرلەمانەوە چەندین پرسیاری ئاراستەکرا، وەچەندین کەموکورتی لەلایەن لیژنەکانەوە پێشنیارکراوە، لیژنەی دارایی یان پەسەندی کردووە یان ڕەدی کردۆتەوە، ئەمە پێویستی بەوە هەبوو، ئەم لیژنەی داراییە کاتێ پێشنیارە ڕاستەکان وەردەگرێت یان ئەوانەی کە هەڵە کراوە، لەم ماوەیەدا هەمووی چاك بکردایەتەوە، نەك پێشنیار بۆ ئێمە بکاتەوە، چونکە ئێمە پار بەحکومەتمان وتووە، دەقی یاسایی هەیە کەحکومەت دەبێ پابەند بێت بەوەی کە مووچە یەك بخات، ئەمساڵ ئەڵێت پێشنیار دەکەمەوە، هەر ئەمە سێ ڕۆژی دەوێت، ئێستا لیژنەی دارایی سەبارەت بەهەموو ئەوپێشنیارانەی کەلیژنە تایبەتەکان کردوویانە، قسەی لەسەر بکات و وەڵامی هەبێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك دکتۆر ئاراس، فەرموو.

**بەڕێز د. ئاراس حسین محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەحەقیقەت ئەو لە 50٪ یە، وەڵام نەبوو بۆ پێشنیاری هاوڕێم کوێستان خان، بەس تێبینیەك هەبوو یەکێك ئاماژەی بە هەموو بودجەی وەگەڕخستن کرد، لەوانەیە ئاماژەکەی بەهەڵە بووبێت، ئەوە تەنها بۆ تەوزیح بوو، ئەگینا وەڵامدانەوە نەبوو بۆ ئەو بەڕێزە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز عومەر نورەدینی، نوقتەی نیزامی هەیە، فەرموو.

**بەڕێز عمر حمە امین (نورەدینی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

برای بەرێزم کاك دکتۆر ئاراس باسی ئەوەی کرد، کە سەبارەت بە پێشنیارەکەی لیستی کوردستانی، کە ئێمە ڕەئیمان وایە کە تەنها نیسبەتەکە دیاری بکرێت، ئەوی تر بۆ حکومەت بەجێ بهێڵدرێت، بەڵام پێشنیارەکە تەفاصیلی تێدایە کە پارەکە چۆن تەصەڕوفی پێوە بکرێت، دەمانەوێت بزانین کە ئەمە ڕەئی شەخصی کاك دکتۆر ئاراسە، یان ڕەئی تەواوی لیژنەی دارایی و ئابوورییە؟، چونکە کاك دکتۆر وتی ڕەئی لیژنەی دارایی و ئابوورییە، ئەگەر ئەوەمان بۆ ڕوون بکاتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك دکتۆر ئاراس، فەرموو.

**بەڕێز د. ئاراس حسین محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ڕای ئێمە تەنها ئەوەیە، چۆنیەتی تەصەڕوف بەدابەزینەکەوە حکومەت بیکات، ئەوەش قابیلی ئەوەیە بچێتە دەنگدانەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك خورشید قسەت هەبوو، فەرموو.

**بەڕێز خورشید احمد سلیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

یەعنی هەر لەسەر ئەو خاڵە قسەم هەیە، ئێمە کە دەڵێین لە 10٪ دابەزێنین، ئەو لە 10٪یە خۆمان تەصەڕوفی پێوە بکەین، ئەوە مانع نیە وەکو پێشنیاری فراکسیۆنی کوردستانی، بەڵام شێوەی دابەزینەکە لەکام بابەت؟، لەکام دەرگا دابەزینین؟، ئەوە بۆ حکومەت بەجێی بهێڵین، بۆ ئەوەی حکومەت بتوانێ چارەسەری بکات بەپێی پێویست وبەپێی ئەوەی کە بۆ حکومەت دەکرێت، بابڵێین مەبلەغی دابەزینەکە 900 ملیارە، ئەو 900 ملیارە، وەکو پێشنیارمان کردووە، دەکەوێتە بەردەستی ئەندام پەرلەمانەکان، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك جلال، فەرموو.

**بەڕێز جلال علی عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من وەکو ئەندامی لیژنەی دارایی هەندێ پێشنیارو تەوزیحاتیش کرا، لەسەر مەسەلەی کشتوکاڵ کە مەسەلەیەکی زیندووەو مەسەلەیەکی گرنگە، مەسەلەی ئابووری کوردستانە، من هەندێ تەوزیحاتم هەیە، چی تر جواب و شت نیە، داوای لێبوردن دەکەم، ئێمە تەنها ڕەخنەمان لە بودجەی پارێزگاکان هەیە، کە لە 1٪ دانراوە بۆ کشتوکاڵ، ئەویش لەبەغداوە هاتووە، لە 290 ملیار 3ملیارو 302 ملیۆن دانراوە بۆ کشتوکاڵ کە لە 1٪ دەکات، مەسەلەی ئیستسماری کە لە 4,44٪، حەز ئەکەم تەوزیحێك بدەم بەچەند

خاڵێك لەموازەنەدا کەهەیە، هەمووی نیسەبی تێدایە، یەکێك لەو خاڵانە مەسەلەی ئیعاناتی کشتوکاڵە، لەبەر ئەوەی هەندێ پارە بەسولفە دەدرێت، بەدەعم دەدرێت بۆ جوتیاران، ناخرێتە مەشاریعی ئیستسمارییەوە، لە 76،47٪ بۆ ئیعاناتی کشتوکاڵیە، کە ئەگەر هەمووی کۆ بکەیتەوە نزیکی لە 9٪ دەکات، بێجگە لەو پارەی کە لەبانقی کشتوکاڵیدا دانراوە، کە پار 50 ملیار بووە، ئەمساڵ ئەبێت بە 75ملیار، بەڕەئی ئەو کەسانەی کە شارەزان لەدەرەوەی وڵاتیش، کەمن پرسیارم کردووە، ئەگەر بگاتە سەرووی لە 7٪ و لە 8٪ ڕێژەیەکی باشە بۆ کشتوکاڵ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی دارایی کەستان قسەتان ماوە؟، فەرموو کاك خورشید.

**بەڕێز خورشید احمد سلیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێش هەموو شتێك ئێمە، سوپاسی هەموو ئەو ئەندامە بەڕێزانە دەکەین ئەوانەی کە دەستخۆشیان لێ نەکردووین ئەوانەشی کە دەستخۆشیان لێکردین و ڕەخنەشیان هەبوو، لێرە تەنها دەمەوێت ئاماژە بەشتێك بدەم، زۆر پێشنیار هەبوو، هەندێ پێشنیار هەبوو 10 کەس، 12 کەس، 15 کەس پێشنیاریان کرد، ئەم پێشنیارانە هەمووی لامان مەوجودە، حازرە، لەکاتی موناقەشەکردنی یاساکەدا، ئەو پێشنیارانە ئیحتیمالە هەندێکیان جێگایان لەیاساکەدا بێت، هەندێك هەبوو پێشنیار بوو، کە پەسەند بوو لەلای زۆر لەبرادەران، کە بکەوێتە دەنگدان، ئیحتیماله یان جێگای لەیاساکە دەبێتەوە یان وەکو بڕیار دەردەچێت، ئەوانی تریش وەکو پێشنیار ڕەوانەی ئەکرێن، ئەوە نەبێت کە دکتۆر باسی کرد هەر ئەوە بێت، نەخێر کۆمەڵێك پێشنیار کە زیاتر لەکەسێك 10کەس، 12کەس پەسەندی کردووە، ئەوە لیستێك لەلای ئێمە هەیە لەسەر ئەو پێشنیارانە، تەرتیبی دەکەین وجارێکی تر دەیخەینەوە بەر دەستی ئەندام پەرلەمانە بەڕێزەکان، بۆ ئەوەی دەنگی لەسەر بدەن کامی پێشنیارە؟، کامیش دەبێتە بڕیار؟، کامیش جێگای لەیاساکە دەکرێتەوە؟، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سەرگوڵ خان، نوقتەی نیزامی هەیە، فەرموو.

**بەڕێز سەرگوڵ رضا حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەمەوێت ئەو پرسیارە بکەم تاچەند نیزامیە کە لیژنەی دارایی یەکە، یەکە، خۆیان جواب بدەنەوە، مەفروز وابوو ڕای لیژنەی دارایی بێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی دارایی خۆیان لێرەن، زۆر تەبیعیە هەموویان جواب دەدەنەوە، بۆیە لێرەن، تا ڕوونکردنەوە بدەن، چونکە هەموو ئەندامە بەڕێزەکانیش زۆر بەتێروتەسەلی قسەیان کرد، نیزامی هەیە، کاك سالار، فەرموو.

**بەڕێز سالار محمود مراد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەڕاستیدا لەهاتنی پرۆژە بودجە بۆ پەرلەمان لەمانگی 3وە تاکو ئێستا، هەموو پەرلەمانتاران و لیژنەکان پێوەی سەرقاڵن، هەموو کەلێن و هەموو لایەنەکانیان هەڵسەنگاندووە، دواجاریش دەستخۆشیمان کرد لەڕاپۆرتی لیژنەی دارایی کەڕاپۆرتێکی شاملە، زۆربەی سەرنجەکانی ئەندامانی لەڕێگەی لیژنەکانەوە لەخۆ گرتووە، دوای ئەم چەند ڕۆژەی ڕابردووش کە گفتوگۆیەکی تێروتەسەل کراوە، هەندێ سەرنج وتێبینی هەبوو، لەناو ڕاپۆرتەکاندا یاداشت نەکرابوون، یان ئەندامان بەشێکیان نەیانووسیوە لەناو ڕاپۆرت و تێبینیەکانەوە تۆماری بکەن، ئاساییە لەهۆڵدا تەرحی نوێنەرانی حکومەتی بکەن، ئێمە چاوەڕ دەکەین، بەڕێزان وەزیری دارایی ووەزیری پلاندانان، بۆ ئەو هەموو سەرنج و تێبینی و ڕەخنەو قسەکردن لەسەر کەموکوڕیانە وەڵامی خۆیان بۆ ئێمە هەبێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، لانە خان، فەرمووە.

**بەڕێز لانە احمد چلبی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە هەندێ پرسیارو شت کە ئەندامانی بەڕێز کردیان، دوو، سێ پرسیار من حەزدەکەم لەلای خۆمەوە وەڵامیان بدەمەوە، هەندێ لەئەندام پەرلەمانەکان وتیان کە لەبودجەی ساڵی 2011، 25 هەزار پلەی وەزیفی بۆ دامەزراندن پێشنیاری کردووە حکومەت، لەهەمان کاتدا ئێمە فائیزمان هەیە، حەز دەکەم ئەوە ڕوون بکەمەوە، ئەو 25 هەزار پلەی وەزیفییە، بۆ دامەزراندن کەدانراوە، ڕاستە ئێمە لەهەندێ وەزارەت فائزمان هەیە، بەس لەهەمان کاتدا، لەهەندێ وەزارەت لەهەمان بوار، لەهەندێ ئیختصاصات ئیحتیاجاتمان پێی هەیە، بۆ نموونە، وەزارەتی تەندروستی، وەزارەتی خوێندنی باڵا، ئیحتیاجاتمان بەدامەزراندن هەیە، لەهەمان کاتدا، ئێمە کەدەڵێین فائزمان هەیە کە دایان دەمەزرێنین، 25 هەزار پلەی وەزیفیمان هەیە، ئالێرەدا کۆمەڵێك لە فەرمانبەرەکان تەقاعد دەبن، کۆمەڵێکی تر تەرفیع دەکەن، کە لەپلەی وەزیفی نزمن بەرز دەبنەوە بۆ پلەی وەزیفی بەرزتر، بۆیە لێرەدا جێگا دەبێتەوە بۆ ئەو 25 هەزار پلە وەزیفیە، لێرەشدا ئیختیصاصات هەیە، ئێمە هەندێ ئیختیصاصاتمان هەیە لەهەندێ بوار، وەزارەت هەیە پێویستی پێیەتی ئیحتیاجی پێی هەیە، بەس لەگەڵ ئەوەدا هەندێ دەرەجاتی وەزیفی هەیە، هەندێ ئیختصاصات هەیە لەوەزارەت هەیە فائیزە، ئەوەش هەر دەبینین لەیاساکە لەیەکێك لەماددەکان ئیقتراح کراوە بۆ ئەوەی تەشجیعی کەرتی تایبەت بکرێ، یەعنی داوامانکردووە، کە مەسەلەن ئەو فەرمانبەرەی لەکەرتی حکومی نقل ببێتە کەرتی تایبەت، لێرە کەرتی حکومی یارمەتی بداتە کەرتی تایبەت، چونکە ئەمەش لەلیستی کوردستانی کە لەبیدایەتەوە دەمانەوێ تەشجیعی کەرتی تایبەت بکەین بۆ ئەوەی کەرتی تایبەت پشت بێت لەگەڵ کەرتی حکومی، ئەوە بەنیسبەت ئەو خاڵە، خاڵێکی تر هەیە،

بەنیسبەت دواکەوتنی بودجەی هەرێمی کوردستان، ئێمە هەمووومان دەزانـین بودجـەی هـەرێمی کوردسـتان بڵێین ونـەڵێین ئێمـە بەشـێکین لـە عێـراق، پەیوەنـدیمان بـە حکومـەتی مەرکـەزی هەیـە، تـەبیعی دەبێـت کەلەویٚ پەسەند دەکرێت، ئینجا لێرە ئێمە ئـەو بودجـەی خۆمـان کـە دایـدەنێین، پێـی دەوترێـت بودجـەی خەملێندراو، یەعنی تەخمینیە دادەندرێت، غەیر دەبیٚ ئێمە بودجەی حکومەتی عێراقی پەسەند بکرێـت ئینجا ئێمەش لێرە بەقەدەر تەخمینیەکەی دایبنێیین، حـەزم دەکـرد ئـەو خاڵـە وەڵام بدەمـەوە، هـەروەها خاڵێکی تر هەیە، بەنیسبەت ئیقتراحی لیستی کوردستانی، کە وتمـان لـە 10٪ لـە نەفـەقاتی تەشـغیلی کـەم بکرێتەوە، هەروەها ئێمە لە ڕاپـۆرتی لیژنـەی دارایـی وتوومانـە، 5٪، 10٪ ، 15٪ کەمبکرێتـەوە، تـەبیعی ئـەو کەمکردنەوەیـە لـە نەفـەقاتی تەشـغیلی لـەچ بابـەتێك دەبێـت، لەمووچـە نابێـت دەسـتی لـیٚ بـدرێت، لەمینـەح، لـە ئیعانـات، لـە مسـروفاتی تـر، مـەوجوداتی نـادارایی، لەوانـە کـەم دەکرێتـەوە، ئـەوەش وابـزانم زۆرینەی ئەندام پەرلەمانە بەڕێزەکان ئیشارەتیان پێدا، دەیـانوت بەنیسـبەت ئەمسـاڵ لەگـەڵ سـاڵی پێشـتر، زیادی کردووە، ئێمەش ئەوە یەکێکە لە ئیقتراحەکانمان کە دەڵێین لەو بابانە با کـەم بکرێتـەوە، بـۆ ئـەوەی بودجەی تەشغیلی کەم بکرێتەوە، بچێتە سەر بودجەی وەبەرهێنان، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك سالار نوقتەی نیزامی هەیە، فەرموو.

**بەڕێز سالار محمود مراد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەڕاستیدا لەو کاتەوەی کە پڕۆژەی بودجە هاتووەتە پەرلەمانی کوردستان ئەندامان لەڕێگەی لیژنـەکانـەوە، سەرنـج و تێبینی وهەڵسەنگاندنی خۆیان بۆ پڕۆژەکە هـەبووە، لـەم چـەند ڕۆژەی ڕابـردووشـدا لـەناو هـۆڵی پەرلەمان، هەندیٚ سەرنـج و تێبنی وکـەموکورتی تـر کـە هەنـدیٚ لەئەنـدامان لەوانەیـە نەیانویسـتبیٚ لـەناو لیژنەکاندا تۆماری بکەن، لێرە حەقی خۆیانە لەبەردەم بەڕێزان وەزیرەکـان بیڵێن بـۆ ئـەوەی بەشـێك لـە ئەو کەموکورتیانە کەم بکەنەوە، ئێمە لە ئێستادا تەنها چاوەڕیٚ دەکـەین، وەڵامـی ئـەو سـەرنـج و پرسـیارو قسانەی کەکراوە لەلایەن نوێنەرانی حکومەتەوە بدرێتەوە، من تەسەورم وایـە، دەستخۆشـیمان کـردووە، لـە لیژنـەی دارایـی کـە بەشـێوەیەکی بـاش ڕاپۆرتەکـەیان ئامـادەکردووە، بەرچـاو ڕوونیـان داوە بـە ئێمـەو ڕای گتشـی و حکومـەتیش، تـەنها لـە ئێسـتادا ئـەوەی کـە پێویسـتە گـویٚ گرتنـە لـەوەڵامی وەزیـرە بـەڕێزەکان، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز وەزیری دارایی کـاك شـێخ بـایز فـەرموو، بـۆ وەڵام دانـەوەی پرسـیاری ئـەو چـەند ڕۆژەی ئەنـدامانی پەرلەمان و لیژنەی دارایی، فەرموو.

**بەڕێز شێخ بایز تاڵەبانی (وەزیری دارایی و ئابووری):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێزان، خوشك و برایانی پەرلەمان، سوپاستان دەكەم بۆ تێبینیەكانتان، بۆ ڕەخنەكانتان، بۆ بۆچوونەكانتان، دیارە ئێمە كە میزانیە لەوەزارەتی دارایی دانراوە، دیارە هەندێك خاڵ هەیە بەنەزەری ئیعتیبارمان وەرگرتووە، ئەوەش ڕەنگدانەوەی هەیە لەناو بودجەكەدا، بەیەخدان بە فراوانكردنی پرۆژەكانی ژێرخانی ساڵی $2001$، بەردەوام بوون بەپەرەپێدانی ئاسایش وجێگیر كردن و سەپاندنی یاساو دروستكردنی توانای سەربازی دیارە مەبەست زیاتر ئەو $8$ لیوایەیە، كە بڕیاری لەسەر دراوە، پێشكەشكردنی خزمەتگوزاری گشتی وژێرخان، بەردەوام بوونی دابین كردن بۆ پرۆژەكانی بەردەوام، تەرخانكردنی پارە بۆ گەشەپێدانی پارێزگاكان وپشتیوانی كەرتی كارەبا لەپارێزگاكان لەڕێگای پرۆژەی پترۆ دۆلار، پەرەپێدانی كەرتی پەروەردەو خوێندنی باڵاو زیادكردنی ژێرخان بۆ ئەم كەرتە، لە ساڵی $2011$ بەبڕی $490$ ملیار دینار، لەبودجەی بەكارخستن، بەردەوام بوون لە پشتیوانی كردنی كەرتی كشتوكاڵ و دانانی بڕی $65$ ملیار دینار بۆ بواری كشتوكاڵ بەمەبەستی هاوكاری كردنی جوتیاران و هەروەها بەردەوام بوون لە قەرزی كشتوكاڵی، بەیەخدان بەكەرتی كارەباو دانانی داهاتی كارەبا بۆ پرۆژەكانی كارەبا، بایەخدان بەكێشەی نیشتەجێبوون و بەردەوام بوون لەدانانی تەرخانكردن بۆ ئەم مەبەستانە، دانانی قەرزی خانووبەرە، پشتیوانی سندوقی نیشتەجێبوون، چاككردن و پەرەپێدانی كەرتی دارایی، كاراكردنی دەرفەتەكانی كاری بانقی، پەرەپێدانی كەرتی تایبەت بۆ كەمكردنی بێكاری، من ئەو پرسیارانەی كەهاتوون، چ پرسیاری لیژنەی دارایی بێت چ پرسیاری ئەندامانی پەرلەمانی بەڕێز بێت، ئەوە دیارە هەندێ خاڵی زۆر لەخاڵەكان، دووبارەن، من لەپێشەوە هەندێ شت هەیە باسی دەكەم وەڵامی دەدەمەوە، لەدوایشدا خاڵ بەخاڵ ئەوەی كە تەسجیلم كردووە لەلای خۆمان وەڵامی دەدەمەوە، یەكەم: ئەوەیە ئێمە هەمووساڵێك كە دواكەوتنی ناردنی موازەنە، سەبەبی سەرەكی نەهاتن و وەرنەگرتنی ڕەقەمی نیهائی میزانیەی ئێمەیە لە بەغداد، ئەمساڵ ئێمە ئەوەندە پەلەمانكرد، داشمان نا لەسەر ڕەقەمێك وەرمانگرتبوو لابەلا، ڕەقەمەكە گۆڕا، جارێكی تر وەستاین، ڕەقەمێكمان ئاخر جار لەپەرلەمان دەرچوو، ڕەقەمەكەمان لە جەریدە خوێندەوە، دوای ئەوە یەكسەر لەسەر ئەوە ئیستنادمان كرد، پرۆژەكەمان نارد بۆ پەرلەمان لە حكومەتەوە، ئەگەر تەماشای نووسراوەكە بكەن، لە $3/8$ ناردوومانە، بەڵام ئەمە كیتابی وەزارەتی دارایی عێراقە، لە $3/10$ صادر بووە، یەعنی ئێمە ئەوەندە بە پەرۆش بووینە كە زوو بینێرینە پەرلەمان، بەلام ئەو لە $3/10$ بۆ ئێمەی ناردووە بەس ئێمە هەر ئیستنادمان كردە سەر جرائید و لابەلا نوێنەرەكانی خۆمان، وە كە باسی نوێنەریش ئەكەین لەوێ لە وەزارەتی دارایی دیارە ئەوەیە كە لە، ئێمە ئەلێین نوێنەرقەسدمان مۆزەفێكە دامانناوە لەوێ ئیش و كاری ڕۆژانەی ئێمە تعقیب ئەكات لە وەزارەتی دارایی و مۆزەفی حكومەتی هەرێمی كوردستانیش هەر لەوێیە، بەڵام وەكو نوێنەر ئێمە نوێنەرێكی رەسمی ئێمە لە وەزارەتی دارایی حكومەتی هەرێمی كوردستانەوە بانگ نەكراوە لە هیچ وەختێكدا بۆ ئەوەی گفتوگۆمان لەگەڵ بكەن لەسەر دانانی میزانیە و تحدیدی ئەو مەبلەغەی كە بۆ ئێمە تەخسیس ئەكرێت، بەڵام ئەوە مەعنای ئەوە نیە كە حكومەتی هەرێم لە هیچ وەختێكا خۆی لێ تێنەگەیاندووە و یاخود بۆ

ئەو مەبەستانە هاتوچۆی نەکردوەو نەرۆیشتووە لە کابینەی پێنجا چەندەها جار وەفد ڕۆیشتووە بە سەرۆکایەتی بەڕێز جەنابی کاك نێچیرڤان بارزانی لە کابینەی شەشا چەندەها جار وەفد ڕۆیشتووە بە سەرۆکایەتی کاك د.بەرهەم ئەم لیژنانەو ئەم وەفدانەی کە ڕۆیشتوون هەموو جارێ وەزیری دارایی و یاخود وەکیلەکەی یاخود نوێنەرانی ئێمەیان لەگەڵا بووە وە بەردەوام بووینە لەسەر پارەی وەرگرتنی سلەفی پێشمەرگە، بەردەوام بووینە لەسەر ئەو داوایانەی کە ئێمە ئەوان ئەڵێن ئێمە ئەم مەوازیعانە عیلاقەی بە حکومەتی فیدرالی مەرکەزیەوە هەیە وە سیاسەتی دارایی سیاسەتێکی مەرکەزیە وە ئێوە وەکو حکومەتی هەرێم بۆتان نیە ناو دانانی ئەو مەوزوعە هەرچەندە ئێمە باسی شەراکەتمان کردووە لە گەڵیاندا، وە ئەوە بەردەوام بووینە هەتاکو بۆ ئەو محاوەلانەی تەئکیدیان لەسەر ئەکەمەوە ئەگەر جەنابتان ئاگادار بن لە پێشی ماوەیەك وەزیری دارایی جەنابی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران کاك د. بەرهەم داوای کرد کە بێن یەکتری ببینن، ئەو هاتە ئێرە و لێرە کۆبونەوەمان لەگەڵی کرد و لەو کۆبونەوەیەدا، نوێنەرانی وەزارەتی دارایی لەگەڵی دانیشتن وە یەکێك لەو مەوزوعانە ئەوانە بوون وەعدی ئەویان داوە کە ئەو مەوزوعە عیلاج بکرێت، وە جارێکی تریش وەزیری دارایی هەر هاتە ئێرە، وە جارێکی تر لە وەختی کابینەی پێنجیشدا، چەندەها جار رۆیشتین و وەزیری دارایش هاتە ئێرە، دیارە زیاتر بڕیار لەوە دەدەن باس لەوە دەکرێ و پرسیار لەوە دەکرێت بۆچی ئەمساڵ بودجەی تەشغیلی زیادی کردووە، ئەگەر بچنە سەر حقلی وەزارەتی کارەبا، ئەبینن پار ساڵ چەند بۆ کارەبا دانراوە، وە ئەمساڵ چەندێکی بۆ دانراوە، ئەبینن لە حدودی یەك ترلیۆن و پەنجا ملیار فەرقی هەیە، وە ئەم فەرقەش بۆچی هاتووە؟، بۆ وا زیادی کردوەو؟ لەبەر ئەوەی کەوا پارەکە محروقات، گازوایل و ئەوانەیان بۆ دابین ئەکرا، ئەمساڵ وەزارەتی نەوت بە نووسراوێکی رەسمی ئاگاداری وەزارەتی دارایی کردۆتەوە، کەوا ناتوانن ئەو محروقاتە دابین بکەن، وە خرایەتە ناو میزانیەوە، ئەمە یەکێك لە خاڵەکان و دوای ئەوە کارەبا لەناو ئیعاناتدا بوو پێشتر داهاتەکەی حیساب ئەکرا، مەسروفەکەشی حیساب ئەکرا، یەك لە یەك تەرح ئەکرا، رەسیدەکەی دائەندرا بۆ بودجە، ئەوە تەبیعەتی ئەوە حیسابی ئەو ئیعاناتە ئاوهایە، ئەمساڵ بۆ ئەوەی داهاتیشی مەعلووم بێ و وە خۆیشی یەعنی نەفەقاتیشیان مەعلووم بێت، چونکە زۆر زیادی کردووو هێنامانە ناو میزانیە ئەمە یەکێك لە ئەسبابەکان، سەبەبێکی تر هەیە ئێمە پارەکە خۆمان باسمان کردووە و ئێوەی بەڕێزیش ئەزانن تجاوزمان هەبووە لە تەعیناتا، ئەو فەرقەی لەگەڵ ئەمساڵدا، کە 25000 کەسی بۆ دابین ئەکرێ، ئەویش فەرقی ئەو مووچەیەیە هاتۆتەوە ناو ئەم بودجەیە، دوای ئەوە موخەصەصاتێکی زۆر دابین کراوە، بۆ مەحاکم و بۆ فەرمانبەران وئەعزائی مەحاکم، کە ئێستاکە بۆ یاساییەکان ئەوەش هاتووەتە ناو میزانیەوە، هەروەها دەرماڵەی (فیزیائی، کیمیائی) هی تریش، دوای ئەوە ئەمساڵ ئێمە 8 لیوای عەسکەری دائەمەزرێنین و ئەمرەکەیان دەرچووە، ئەمانە هەمووی پێداویستیان دەوێت، چونکە ئەمساڵ ئێمە میزانیەی وەزارەتی پێشمەرگەشمان هێناوەتە ناو میزانیە عامەکەی خۆمانەوە، چونکە هەتاکو ئێستا ئەو سولفانەی کە هەر بەوەعدی ئەوەی کە سولفەکانمان بۆ سەرف دەکرێت،

نەشیانداوینەتێ، ئێستاکە لەزمنی میزانیەدا دامانناوە، ئەوەش دیارە یەکێکە لە هۆکارەکان، دوای ئەوە مەعلوومی بەڕێزتانە ئێمە ئێستاکە 3 یان 4 زانکۆی تازەمان کردۆتەوە، هەروەها سێ سەرپەرشتیاری تازە هەیە، ئەمانە هەمووی پێویستیان بە مەساریف و نەفەقات هەیە، دوای ئەوە لیستێکمان بۆ هاتووە تازە، هی زیندانیە سیاسیەکان هەر لەزمنی ئەمەدا سەرف دەبێت، هەروەها بەنیسبەت لاوان و کەرتی تایبەت بە ئیش کردنی و ئیستفتاعاتی زەمان، کە لێیان دەکرێت، وە مەفروزە حکومەت موشارەکە بکات، ئەمانە ئەسبابن کە ئێستاکە بودجەی تەشغیلی زیادی کردووە، ئەگەر بەراوردی بکەیت ژمارەکان نزیکن، دیارە زۆرجار پرسیار دەکرێت، ئەوتریێت ئەم داهاتەی کە دەمێنێتەوە چی لێدەکرێت؟، بۆ کوێ دەڕوات؟، ئەم پرسیارە بەڕاستی هەرکەسێك شارەزا بێت لەئیشوکاری داراییدا مەعلومە کەچی لێدێت؟، بۆ کوێش دەڕوات؟، بەنیسبەت هەموو تەخصیصێکەوە ئەتوانن لەهەموو شوێنێك پرسیار بکرێت، بزانن وایە یان نا؟، هەموو تەخصیصێك لە کۆتایی ساڵدا، ئەڵێت (تسقط بأنتهاء السنة المالية) تەخصیصاتەکە نامێنێ لەکۆتایی ساڵی مالیدا، وە لەساڵی تازەدا تەخصیص ئەکرێتەوە بۆی، لەو حاڵەتەدا کە تەخصیصەکە نامێنێت، ئەگەر بێت وتۆ عەجزت نەبێت، یان لەبابێکی تر سەرفت نەکردبێت بەپێی یاساکەت، بەپێی موازەنەکەت، مەفروزە پارەکە تەدویر ئەبێتەوە، بەڵام ئەگەر عەجزت هەبێت، ئەگەر لەهەندێ بابی تردا زیادت سەرف کردبێ، ئەو بابانە بەپێی یاساکە ئەوە مەعنای ئەوەیە تۆ مدەوەرت نابێت، ئەچێت بۆ ئەو سەرفانە، ئەوەش هەمووی لە حساباتی ختامیدا دەرئەکەوێت، حساباتی ختامی کەدەگاتە دەست بەڕێزتان، ئەو وەختە کە جەنابتان لێی ورد ئەبنەوە ئەو شتانە هەمووی تێدا دەردەکەوێت، ئەو وەختە ئەتوانن زیاتر ئەو حساباتەی لەسەر بکەن، لێرەدا من هەندێ شتم هەیە لەسەر ئەوەی کە بەبیری بەڕێزتانی بهێنمەوە، حساباتی ساڵی 2009ی ختامی کە تەدویر بووە، بۆ ساڵی 2010، تەماشا بکەن تریلیۆنێك و 11 ملیار بەڕەسمی تەدویر بوەتەوە بۆ ساڵی 2010، کە عەجزە، ئەوە لەلایەك، پارساڵ جەنابتان هەر لەم هۆڵەدا، بڕیارتاندا کە 835 ملیار دینار عەجزی وەزارەتی پێشمەرگەیە، پارەی پێشمەرگە سەرفکراو ئێمە هیچمان بەدەست نەکەوتووە، بەڵام ئەمە بۆچی ئێستاکە ئەو پارانەی ئەم پرۆژانە و ئەم تەخصیصاتانەی یاساکە سەرف نەکراوە، بۆ کوێ ئەڕوات؟، ئەڕوات بۆ تەسدیدی ئەمانە، ئەوە تەبیعی لە حساباتی ختامیدا زیاتر نەتیجەکان دەردەکەوێت، ئەڕوات بۆ ئێمە لێرە لەم هۆڵەدا بەڕێزتان بڕیارتاندا، هەرچەندە ئێمە لەگەڵ ئەوە نەبووین، کەوا تەحدیدی پارە بۆ قەرز بکرێت، بڕیارتاندا 90 ملیار دینار بۆ عەقار بێت، بۆ مەسرەفی عەقاری بێت وتەوزیعی بکەین، ئەو 90 ملیار دینارە زەربی 10ی بکەین ئێمە لەو حدوودەمان سەرف کردووە لە پارەکە، بۆ مەعلوماتتان بەس لە سلێمانیدا، ئەمساڵ کە تائێستاکە لێرە هێشتا موصادەقە نەکراوە، ئەم حساباتە، ئێمە 65 ملیار دینارمان سەرف کردووە بۆ عەقاری، لە سەری ساڵەوە تا ئێستاکە، مەعەل عیلم لەزۆر شتیش وەستاوین، ئەوە لەهەولێر زیاتریشە، هەروەها ئێمە سولفەی زەواج کەوا ئێمە لە بودجەی تەشغیلی بەزیاد حسابمان کرد، چونکە لای خۆمانەوە ئێمە زیادمان کردبوو، دیارە پەرلەمانی بەڕێز دەیەوێت زیاتریش بکات، ئەمانە

هۆكارن بۆ ئەوەی كە لە تەشغیلدا ڕەنگە لە نەتیجەی حساباتی خیتامیدا بۆتان دەربكەوێت كە مودەوەر دەمێنێتەوە یان نا ئەوكاتە دێتە بەردەم بەڕێزتان، ئەو وەختە دەتوانن زیاتریش لەسەر ئەم مەوزوعە قسە بكەن، ئەمە بێجگە لەو قەرزانەی كە من باسم نەكردووە، ئەمەم هەر بە نموونە هێنایەوە، لای ئێمە قەرزی زراعیش هەروەها تەجاوزمان زۆرە لەسەری و نەشمان توانیوە ئەمە ڕابگرین، ڕەنگە لێشمان بپرسن، چۆن ئەمەتان لەخۆتانەوە كرد، وەكو وەزارەتی مالیە ئیلتیزامتان نەكرد بەمیزانیەكەوە، ئێمە ئەم مەوزوعەمان هێنایەوە ئەنجومەنی وەزیران، ئەوانیش لەبەر گرنگی مەوزوعەكەو خزمەتكردنێكە بۆ هاووڵاتیانی خۆمان، بڕیاریاندا بەكۆی دەنگ لەسەری، وە بەنووسراوی ڕەسمی ئاگاداریان كردینەوە كەبەردەوام بین لە دانی ئەو پارانە، بەنیسبەت داهاتەوە كەباس لەداهات دەكرێت ئێمە داهاتەكانمان لەیاساكە، ئەگەر بیخوێننەوە داهاتی ئەمساڵ جیاوازە لەگەڵ داهاتی ساڵانی تردا، یەكەم: داهاتی ساڵی 2011 ئەوەی موقەدیر، تەقدیر كراوە، بەتەئكید ئەو تەقدیرە كەمترە لەوەی كە هەیە، چونكە لە خیتامیدا دەرئەكەوێت كەچەندە، خۆشتان ئەزانن ئێمە پاریش شەرحمان كرد، ئەو تەقدیرە بۆ كەممان دانابوو، ئەو داهاتانە جارێكی تركە پێشتر بەمەقاسە لێمانیان دەبرِی، ئەمساڵ لێمان نابرِن، ئەوەشی كە لێیان سەندووین بۆمان دەگێڕنەوە، ئەبێتەوە بە داهات بۆ ئێمە، ئەم داهاتانە ئیزافە بووە، لەگەڵ پارەی نەوت پترۆ دۆلار، ئەمانە هەر هەمووی ئێستاكە وەزعی داهاتەكەی گۆڕیوە لەلای ئێمە، ساڵی 2010 ئیعادە دەكرێت وساڵی 2011 بۆ خۆمان دەبێت، پرساری ئەوە ئەكرێت كە فەرقێك هەیە بە 2 تریلیۆن دینار لەبەینی 398 و 400دا، ئەوە ئێمە لەكاتی خۆیدا ناردوومانە بۆ بەغداد، چەند مانگێك پێش ئەوەی كە ئەمە بكرێت، ئەوانم بڵێم ساڵێكیش پێش ئەوە بە 398، بەڵام لە ئاخیر جار كە دامانناوە، بە 400 دامانناوە و، داهاتی فیعلی ئەو داهاتەیە كە لە حیساباتی خیتامیدا دەرئەكەوێت، پرسیار ئەكەن ئەڵێن، داهاتی فرۆكەخانە لە كوێیە، داهاتی وەزارەتی شارەوانی لە كوێیە؟، بۆ چی داهاتی وەزارهتی شارەوانی كەمە و بۆ چی داهاتی فرۆكەخانە دیار نیە؟، ئێوە تەماشا بكەن، خوشك و برایانم، ئێمە كە ئەو ڕوونكردنەوەمان دا، هەرچەندە ئەوە ناوی ڕوونكردنەوە بوو بەراستی، ئەگەر برای بەڕێزم سەرۆكی لێژنەی دارایی ئەو شایەدیەم بۆ بدات بە مانگێكیش پێشی ئەوە ئاگاداریم كردەوە و وتم ئەوە ڕوونكردنەوەیە، بۆ شەرح لەسەر مەسروف و داهات و چۆنیەتی ئیش و كارەكانی وەزاەرتی دارایی، ئێمە لە ڕوونكردنەوەكەدا و پارەكەش شەرحمان كرد، فرۆكەخانە داهات و مەسروفی لەناو حیساباتی مینەح دایە، ئەگەر ئێستا مینەح بكەنەوە لەبەر دەستتاندایە، ئەوە بە یەك ڕەقەم هاتووە، داهاتەكە تەقدیر وەرئەگیرێت، مەسروفەكە نەفەقاتەكە تەقدیر وەرئەگیرێت، یەك لە یەكی تەرح ئەكرێت، ئەوە دائەنرێ بە میزانیە، تەبیعەتی ئەم حیساباتانە بەو شێوەیەیە، ئەمە نەك لێرە لە كوردستان وای لێ ئەكەین، لە عێراقیشدا هەر بە هەمان شێوە، باسی ئەوەش دەكرێ مەسەلەن مینەح، ئەمە مینەحە كە ئێستاكە صەرف ئەكرێ، بەڵام هەندێك خوشك و برا زۆر جار كە باسی مینەح ئەكەن، وا باس ئەكرێت كەوا ئەوە هەمووی بۆ بەردەستی وەزیرەكان و وەزارەتەكان و ڕەئیس ویزەرایە بۆ سەرف و ئەو شتانە، ئێمە شیمان

کردووتــەوە، ئــەڵێین مینــەح بــەو نەوعەیــە، بەنــدەکانی بازرگــانی و کۆمپانیاکــانی دڵنیــایی 43 ملیــارە، فرۆکەخانەکانی هەولێر و سلێمانی 44 ملیارە، شارەوانیەکان، بۆ ناوی شارەوانیەکان هاتووە؟، شارەوانیەکان کـە پارەکـەی 446 ملیـارە، شـارەوانیەکان حیسـابی تایبــەتی خۆیـان هەیــە، بــە پێــی یاسـای رەقــەم 6، حیساباتیان تایبەتە، ئەمە نابێتە ئیراد بۆ وەزارەتەکان، ئەبێتـە ئـیراد بـۆ شـارەوانیەکان، بە پێـی یاسـا، ئـی فرۆکەخانە نابێتە ئیراد لە بۆ وەزارەتی مواصەلات، ئەبێتـە ئـیراد بـۆ فرۆکەخانەکـە خـۆی، مەصـرەفەکە و ئیرادەکەی لەوێ دەرئەکەوێ، هەروەها بـە نیسبەتی رێکخراوەکـانی زانسـتی و رێکخراوەکـانی تـر و لێژنـەی ئۆلۆمپی، یەکێتیـەکانی وەرزش ئـەوە 266، ئـەوە پـارەی ئیعاناتـە کـە دانـراوە لـە خانـەی مینەحـدا، بـەو شێوەیەیە مینەح، بەو شێوەیەی نیە کە جەنابتان وا بەعزی جار تەصـەوراتی واتـان لا دروسـت بـووە کـەوا ئــەوە لەبــەر دەســتی وەزیرەکانــە و وەزیرەکــان بــە کــەیفی خۆیــان تەصــەروفی تێــدا ئەکــەن، یــاخود مەسئولین،یاخود لەسەر ئەوەش، ئەوە مانای ئەوە نیە ئەو جۆرە دەسەڵاتانە نیە بۆ ئەوەی کەوا ئەو جـۆرە موکافەئاتانـە بـدەن، ئـەو جـۆرە یارمەتیانـە، هاوکاریانـە بـدەن، ئـەویش هەیـە، بـەڵام بـەو شـێوە نیـە کـە جـەنابتان باسـی ئەکـەن، حیسـاباتی خیتـامی، حیسـاباتی خیتـامی ئـەو حیسـاباتانەیە کـە قـەد نابێـت لـە بیدایەتی سەری ساڵدا ببێـت، خـۆی ئـاخیر جـار قـانونی ئیـدارەی مـالی باسـی 4/15 ی کـردووە و وەزیـری دارایی بۆی هەیە مانگێکیش تەئخیری بکات، بەڵام ئێمە کە کێشەی حیساباتی خیتامیمان ئەوەیە، خۆ ئێمە وەزارەتـی دارایـی ئـەو جیهەتـە نیمـان یەکسـەر حیسـاباتی خیتـامی هـەمووی ئێمـە بـێن لـە لای خۆمانـەوە بیکەین، مـەفروزە هـەموو وەزارەتێـك حیسـاباتی خیتـامی خـۆی بکـات و بینێـرێ و بـە تەئکیـد حیسـاباتی خیتامی ئەگاتە بەردەستی جەنابتان، بە ئـیراد و بـە مەسـروفی کامیلـەوە و ، بـە تەحدیـد هـیچ ئیزافـاتێکی تری لەسەر ناکرێ و دێتە بەردەستی بەڕێزتان، ئەو وەختە تەصەوراتی تازەتـان لا دروسـت ئـەبێت لەسـەر مەوزوعـەکان، لێـرەدا ئەمـەوێ یـەك شـت بڵـێم، دیـارە هەنـدێك لـە بـرادەران بـاس لـەوە ئەکـەن و ئـەڵێن، موازەنەکە بچێتە، پێش ئەوەی بێتە ئێرە بچێتە رەقابەی مالی، من لەبەر ئەوەی باسی حیساباتی خیتـامی ئەکەم، حیساباتی خیتامی ئەبێ بچێتە رەقابەی مالی و، ئەبێ تەدقیق بکرێ لەوێ، ئەوان دێن لە مەوقیعدا تەدقیق ئەکەن لە لای خۆیانەوە تەدقیق بکەن، ئـەوجا دێتـە بەردەسـتی ئێـوە، رەنگـە ئـەو وەختـە ئێـوەش باشتر بتوانن جێبەجێی بکەن، بەڵام بە نیسبەتی حیساباتی ئەم تەقدیراتەی ئێستا بۆ موازەنە هاتووە، ئەم تەقدیراتە نابێت بچێتە رەقابەی مالی، بەڵام ئەگەر بشـنێردرێ، ئێمـە سوپاسـتان دەکـەین، بـۆ چـی نـابێ؟، چونکە ئیش و کاری رەقابەی مالی بە پێی قانون، التـدقیق بعـد الصـرف، التـدقیق قبـل الصـرف، تـەدقیقی داخیلی هەیە لە هەموو وەزارەتەکان، دائیرەکان، رەقابە و تەدقیقی داخیلی خۆی هەیە، تـەدقیقی دەکـەن و دوای ئەوەی کە سەرف تەحەقوق ئەبێت، رەقابەی مالی دێت، ساڵێك تەدقیق ئەکات، یان شـەش مـانگ، یـان مەوزوعێکی موعەین دێت تەدقیقی دەکات و ئەو وەختە راپۆرتی خۆی بەرز دەکاتەوە، بـەس بـە نیسـبەتی ئەوەوە کە ئێمە جێی موازەنە دائەنێین، ئێمەش پێمان خۆشە برادەرانی پەرلەمان نوێنـەریان بێتـە ئـەوێ، بەشـەرتێك، رەنگـە ئـەو وەختـەش هەنـدێ ئیعـتیرازات هـەبێ، بـەڵام ئێمـە زۆرمـان پـێ خۆشـە نوێنـەری

پەرلەمانی لێ بێت، زۆر پێمان خۆشە نوێنەری رەقابەی لێ بێت، رەقابەی مالی، زۆر پێمان خۆشە ئەو جیهەتەی کەوا ئەتوانێت لەگەڵماندا یارمەتیمان بدات، هەر چەندێك باس لەوە ئەکرێ گوایە ئێمە مودیریەتی موازەنەمان نیە، حەز ئەکەم جەنابتان بزانن، ئێمە دوو مودیریەتی موازەنەمان هەیە، مودیریەتێکی موازەنەمان هەیە لە سلێمانی، ئیدارەی سلێمانی کۆن، مودیریەتێکی موازەنەمان هەیە، ئیدارەی هەولێری کۆن، هەردووکمان یەك خستووە، ئێستا یەك مودیریەتی کامیلمان هەیە بە موشتەرەکی و ئەوانەی کە ئیشی تێدا ئەکەن، بە پێی مەعلوماتم، چونکە یەکێکم لەو وەزیرە مالیەیانەی کە لە کۆنەوە ئیش ئەکەم، یەکێکم لەوانەی لە بیدایەتی دانانی موازەنەوە، ئەم فەرمانبەرانە ئەو ئیشە ئەکەن، زۆریش موماریسن و زۆریش ئیشەکانی خۆیان بە باشی کردووە، هەر چەندێك موازەنەش بێ غەڵەت نابێ لە جەمعیشدا غەڵەت ئەبێ، ئەوانەش هەمووی تێ ئەکەوێت، بەڵام موازەنە و ئەرقامی عام و هەروەها بۆچوونەکان و تەقدیراتەکان و چۆنیەتی دابەشی ئەوانەیە، باسی ئەوە ئەکرێ کە ئێمە باسی ئیقتیصادمان نەکردووە و بە هیچ شێوەیەك وەزارەت، راستە بە وەزارەتەکەی ئێمە ئەڵێن وەزارەتی دارایی و ئابووری، ئێمە لە کاتی خۆیدا، لە پەرلەمانی پێشووتردا داوامان کرد، وتمان رجاتان لێ ئەکەین مەوزوعی، ماطول وەزارەتی تیجارە دانرا و ئەو بەشانە لە وەزارەتی دارایی کرایەوە، مەفروز نیە ئیتر باسی ئیقتیصاد بکرێ لەگەڵ وەزارەتی دارایی، و لەسەر ئەو ئەساسە ئێمە تەقریبەن ئەوانەی کە ئەو ئیشانەیان ئەکرد، لە لای ئێمە جیا بوونەوە و چوونە وەزارەتی تیجارە، بەڵام بەداخەوە جارێکی تر کە ناوەکان هاتەوە و ئەوسا سەیرمان کرد وەزارەتی دارایی و ئابووریە، ئێمە پەیوەندیمان کرد وتیان ئەوە وا هاتووە وئیتر وا بڕوات و فیعلەن وا رۆیشت، ئێستاکە وا ئێمە تووشی ئەو سوئال و جوابانە ئەبینەوە و تەئکیدەن بۆ ئەو مەوزوعەش، ئێمە یاسای وەزارەتی داراییمان هێنایە بەردەستی ئێوە، بە هیچ شێوەیەك تەتەروق نەکراوە بۆ مودیریەتی ئابووری گشتی و یاخود مودیریەتێك بەناوی ئیقتیصادەوە، هەرچەندێك لەسەر داوای بەڕێزتان، یەکێك لەفەقەرەکان کە ئێمە ئەبێت نیزامی لەسەر دەربکەین، نیزامەکەشمان دەرکردووە، ئەوەی تێدا نیە، من تکام لە پەرلەمانی بەڕێز ئەوەیە ئەو مەوزوعە لە لایەنی بەڕێزتانەوە چارەسەر بکرێت، چونکە بەو شێوەیە نیە و زیاتر ئیش و کاری دارایی ئەکات، هەر چەندە داراییش لە خزمەتی ئیقتیصاد دایە و ئیقتیصادیش لە خزمەتی دارایی دایە، باسی حیساباتی شەش مانگی یەکەم و زۆر جار ناوی دێنن، زۆر جار وتوومە چی لە وەڵامدانەوە و لە هەموو شوێنێك باسم کردووە، رجاتان لێ دەکەم حیساباتی شەش مانگ نیە و حیساباتی خیتامی نیە، ئەوە جەداولێکە بۆ ئێوەی ئەنێرین، ئەصڵەن ئەوە تەصفیەی سولەفی تێدا نەکراوە، ئەگەر بێت و حیسابات بەو شێوەیە ناکرێ ئەوەندەی زەربی 2 بکە و دەرئەچێ لەو سەرەوە، تۆ ئەو مەوزوعانە لە حیساباتی خیتامیدا بە فیعلی دەرئەچێت ئەو مەوزوعانە، بە فیعلی بۆت دەرئەکەوێ کە چەندە و تۆ ئەو وەختە ئەتوانی جەنابتان ئەمرێکتان هەبێ لەسەر ئەوانە و هەر بۆچوونێکتان هەبێ جەنابتان تەرحی ئەکەن، دیارە من ئەمەوێت ئێستا جوابی پرسیارەکانی تر بدەمەوە، لە پێشەوە باس لەوە ئەکرێ مەبانی سەکەنی کە گوایە هەشت ملیاری بۆ تەرخان کراوە، ئەمانە

چین؟، من نازانم تەفاصیلەکانی خوێندووتەوە ئەو برایانە یان نا، جارێ ئەو مەبانی سەکەنی 4 ملیاری هەر بۆ پەرلەمانە، بۆ تەعلیمی عالیە، بۆ عەدلە، بۆ ئەوقافە، بۆ کارەبایە، بۆ ئەمانەیە، زۆر جار باسی 100 مەتری ئەکرێ، ئێستاش باس کرایەوە، ئەمە نامەکانە ئەهێنن، بۆیە وا لە پێش جواب ئەدەمەوە، بە نیسبەتی 100 مەتریەوە، ئێمە لە کیتابی ئەنجومەنی وەزیران وا دەستنیشان کراوە، 100 مەتری مەوزوعی موعالەجەی لە لای ئێمە نیە، هەر موعالەجەکەی لە وەزارەتی شارەوانیە، ئیجازەی بینا بە کێ بدرێت؟، بە 100 مەتریش بێ ئێمە ئەیدەین، موشکیلەمان نیە، بەڵام ئەوە عیلاقەی بە ئیفراز و بە وەزارەتی شارەوانیەوە هەیە، لێرەش خوشك و برایان زۆر تەئکید لەسەر ئەو مەوزوعە ئەکەن، ئێمە ئەو زەوابتانەی کە دانراوە، یەکێك لەو زەوابیتانە ئەبێ ئیجازەی بینای هەبێ، کە ئیجازەی بینای هەبێ، ئەوە عەقاری شمولی ئەکات، باس مەعمل کراوە، ئەڵێن ئەمانە چین؟، ئێمە تەبیعی مەعمەلی ئەدویەمان هەیە، مەعمەلی کەسارەمان هەیە، مەعمەلی ئەسفلتمان هەیە، مەعمەلی قیرمان هەیە، مەعمەلی بلۆکمان هەیە، باس لە ئیجار ئەکرێ گوایە ئیجارمان زۆرە و ئەمانە، بەس ئەقسامی داخیلی 180 قسممان هەیە، ئەوە بێجگە لە حدودی 300 مەکتەبمان هەیە بە کرێ، ئەمە یەعنی ئێستا ئێمە ئەو هەموو مەکتەبانەش ئەکەین و هێشتاکە ئەونەشمان هەیە، حەز ئەکەم جەنابتان بزانن، بیجگە لەو بینایانەی کە بۆ دائیرەکانی دەوڵەت گیراون، نامەیەکی تر ئێستا بۆم هاتووە، ئەڵێ ئایا هەڵسەنگاندنی بودجە بۆ ئەم وەزارەتانەی دارایی و سەرۆکایەتی ئەنجومەن و سەرۆکایەتی هەرێم و وەزارەتی پلان دانان و دیوانی چاودێری دارایی و وەزارەتی داد و دەستەی وەبەرهێنان و پەرلەمانی کورستان، چۆن ئەکرێت؟، ماعەدا دیوانی چاودێری دارایی، بە پێی نیزامەکەی خۆیان، ئەوان رەئیسی دیوانی چاودێری، دەسەڵاتی وەزیری دارایی هەیە، بە پێی تەعلیمات و یاساکانی خۆیان کە لە عیراقیشدا وایە، میزانیەکەی خۆیان، خۆیان دایئەنێن، ئەینێرن بۆ ئێمە و ئەیخەینە ناو میزانیەکەوە، ئەوانی تر هەر هەمووی موناقەشە کراوە لە رێگای لێژنەی، لە رێگای مودیریەتی موازەنەی وەزارەتی داراییەوە و لە دوای موناقەشە دانراوە و ئەگەر تەماشا بکەن، تەماشای وەزاەرتی دارایی بکەن، ئێستاکە ئەبینن ئێمە لە وەزارەتی دارایی چیمان داوا کردووە و چەندێك کەم کراوەتەوە، ئەوجا دێمە سەر ئەو پرسیارانەی کە کراوە، باس لەو 5 وەزارەتە ئەکرێ کەوا حیصەی ئەسەدیان بۆ دانراوە و پارەیەکی زۆرە، ئەگەر بێت و دیراسەتی تەبیعەتی ئەو وەزارەتانە بکەین ئەوە وایە، با من باسی وەزارەتی داراییتان بۆ بکەم، کەم وەزارەت هەیە بەقەدەر وەزارەتی دارایی مودیریاتی هەبێ و مودیریاتی عامی هەبێ و ئیش و کاری تایبەتی هەبێ، 10 مودیریەتی عامی هەیە، بە دەیەها بانقی هەیەن کە دەگاتە 100 و قسور بانقیش تەقریبەن، بێجگە لەوە، ئێمە بەعزێك شتێك هەیە ئێستا رەبت بووە بە وەزارەتی داراییەوە، بێجگە لەو هەموو وەزعە کە ئێمە هەتا ئێستا باس لە یەکگرتنەوەی ئاساییشی گشتی و فلان دائیرە، ئێمە بەسیتترین شت هەیە لەلای ئێمە هێشتا یەکتری نەگرتووتەوە، ئەویش دەزگای مینە، ئێستا دەزگای مین لە سلێمانی، مودیریەتی عامەی مین تابیعە بە وەزارەتی مالیە، کە ئەمە هەر ناگونجێ، لێرە قوە و دەزگایەکی سەربەخۆیە، یەکیك لەو ئیزافاتانەی کە لەسەر وەزارەتی داراییە ئەوەیە

دەزگای مینە، دوای ئەوە لەنا تەخصیصاتی وەزارەتی مالیە ئیحتیاتات هەیە، و تواریئ هەیە، پارەی تر هەیە دانراوە، ئەوە لە هەمووی موهیمتر، لە هەموو وەزارەتێك زیاتر، ئەی ئەو هەموو مەعاشەی تەقاعودە، کە ئێستا وەرئەگیرێ، ئەوە هەمووی لەناو وەزارەتی داراییدایە، وەزارەتی پێشمەرگە و هەر بەهەمان شێوە، وەزارەتی پەروەردە، وەزارەتی پەروەردە ئێستا ئێوە تەماشا بکەن چەند مەکتەبی هەیە؟، ئیمتیحاناتی تێدا هەیە، تەبعی مەناهیجی تێدا هەیە، ئەمانە ناگونجێ یەعنی تەبیعەتی ئەمانە، تەبیعەتی ئەم وەزارەتانە وایە کە بەو شێوەیە بودجەکەیان بۆ تەرخان بکرێ و لەهەمان شوێنیشدا و لە هەمان جێگاکانی تریش بە هەمان شێوە هاتووە، زۆر باس لەوە ئەکرێ موناقەلە ناکرێت لە دوای تەصدیقی موازەنە قەت موناقەلە نەکراوە لە پرۆژەی وەبەرهێنانەوە بۆ پرۆژەی تەشغیلی، قەت ئەوە نەکراوە و جائیزیش نیە و ناشکرێ، پرسیاری ئەوە ئەکرێ و داواش کراوە، چەند وەزارەتێك ئیش و کاری پرۆژەکان ئەکەن و بە تەئکیدیش لەسەر وەزارەتی دارایی ئەکرێتەوە، واللە منیش لەگەڵ ئەوەدام کە مەفروز نیە وەزارەتی دارایی لەگەڵ هیچ وەزارەتێکی تر مەشاریع جێبەجێ بکات و مەفروزە، ئەگەر لوجانی هەندەسیشیان هەبێ ئەوە کاری صیانە بکەن، ئێمەش لەگەڵ ئەوە داین ئەوانە بچێتەوە وەزارەتە موختەصەکان وەکو وەزارەتی ئاوەدان کردنەوە و وەزارەتی شارەوانی و ئەمە فیعلەن رەئیەکی زۆر مەعقولە، دیارە وەزارەتەکان زۆر گلەییان هەیە لەبەر ئەوەی وەزارەتی دارایی دەستیانی بەستووە و ناتوانن ئیش و کارەکانیان بە رێك و پێکی بکەن، ئێمە وەکو وەزارەتی دارایی، لێرەشەوە و تا پێش ئێستاش کردوومانە، ولێرەوە جارێکی تر ئیعلانی ئەکەین، ئێمە هەموو پارەیەکی موخەصەص و لە زمنی یاسا و رێنماییەکانە، موخەصەصی هەر وەزارەتێك، ئەتوانێ وەزیرەکە خۆی ئیش و کاری خۆی بکات بە بێ ئەوەی بگەڕێتەوە وەزارەتی مالیە، بەڵام ئەگەر خۆی موشکیلەیەکی هەبێت یان موخالەفەیەکی هەبێت، یان تەخصیصی نەبێت، بە تەئکید لە گەنجینە ئەگیرنەوە، دەسەڵاتیشیان پێدراوە، پارەکەش دەسەڵاتیان پێ دراوە و ئەمساڵیش هەمان دەسەڵات ئەدرێ، باسی ئەوە ئەکرێ کە سەریساڵی دارایی بگۆڕین، بەراستی سەری ساڵی دارایی بەدەست ئێمە نیە بیگۆڕین، لە عیراقدا سەری سالی دارایی $12/31$ یە، وەختی خۆی لە پێشان $3/31$ بوو، بەڵام بەداخەوە کردیانە $31/ 12$ و عیراق لەسەر ئەو نیزامە ئەڕوات و ئێمەش تابیعی ئەو سیاسەتە مالیەین بە پێی قانون و بە پێی دەستوور، بەڵام ئێمە یەك رجامان لەپەرلەمان ئەوەیە، تکامان وایە، ئەگەر لوتف بفەرموون، بڕیارێکمان بۆ دەربکەن، ئەو نیزامە نەختێك گۆرانکاریمان تێدا بکەن، ئێمە ناتوانین بە هیچ شێوەیەك لە مانگی $11$ بودجە بخەینە بەردەستی ئێوە، بەمەرجێك ئەتوانین بیدەینی، پێمان بڵێن تەفاوت لە پارەکاندا چەند هەبێت، ئێمە موشکیلەمان نیە، هەر وەکو مەعلوم جەنابتانە، وەزارەتەکان داوای یەکجار پارەیەکی زۆریان کردبوو، ئێستا ئێمە ئەوەتانێ ئەو پارەشمان داناوە، کەمیشمان کردووتەوە و ڕازیش نین، ئەوان بەوەی پێشووتر ڕازی نەبوون، یەعنی ئەمە وایە، ئەوە یەك، تەحدیدی وەختی حیساباتی خیتامی بکرێت، تەحدیدی وەختی حیساباتی تەقدیمی میزانیە بکرێت، ئەوە بەراستی رەنگە یارمەتی هەمووومان بدات، داوا ئەکرێت سەرچاوەکانی داهات تەحدید بکرێت، واللە ئێمەش

لەگەڵ ئەوە داین کە سەرچاوەکانی داهات تەحدید بکرێ، بەڵام بە مەرجێك بگونجێت لەگەڵ وەزعی عیراقدا، چونکە ئەوان ئەمەی کە ئێمە صەرفی ئەکەین و میزانی موراجەعەی ئێمە ئەچێتەوە بۆ بەغدا، ئەگەر لێرە عادەتەن بە نەوع و مادده وەرئەگیرێ، ئیرادات ئەبێ لەگەڵ نەوع و ماددەکە یەك بگرێتەوە، پارەکە، دیارە میزانی موراجەعە کە ئێمە ئەڵێن مەبەستمان ئەوەیە، کە ئەینێرینەوە ئەو میزان موراجەعەیە لە هەموو عیراقدا موتەبەعە، لە هەموو شوێنەکاندا موتەبەعە و، ئەو فەصڵ و مادده و ئەبوابانە و ئەو عەناوینانەی کە هەڵیگرتووە، ئەوە مەوزوعەکە صندوقی نەقدی دەولیە ئەوانەی داناوە، داوا ئەکرێت کەوا بودجەی هەردوو ئاسایش یەك بخرێت، ئێمە لەگەڵ ئەوەداین هیچ ئەو شتانە نەمینێت، دەزگای مین تاکامان وایە، لوتف بکەن دەزگای مین، ئاسایش بە فیعلی دیوانی چاودیری دارایی، بە فیعلی وەزارەتی دارایی، بە فیعلی ئەمانە با هەمووی یەك بگرێتەوە و ئیتر ئێوەش زیاتر ئەتوانن و باشتریش ئەتوانن موراقەبەی ئێمە بکەن، وەك بە تایبەتی دیوانی چاودێری دارایی، ئەگەر بێت و یەك بگرێ و تەفعیل بکرێ، بڕواتان هەبێ ئەم کێشانە بە هیچ شێوەیەك ڕەنگە لە 50٪ ی لێرە باس نەکرێت، ئەو وەختە پەرلەمانی بەڕێز تەفەروغ دەکات بۆ ئەوەی ئیش و بڕیارەکانی خۆی بدات، پێشنیار ئەکرێت کەوا یاسایەکان وەکو یەك پارەیان بۆ سەرف بکرێ و موخەصەصاتەکانیان بۆ دابین بکرێ و ئەمانە، من لێرەدا قەت لەگەڵ ئەوەدا نیم کە بڵێم ئەوە ببڕێ و ئەوە مەدەن و ئەوە، ئەمە شتێکە هەر شتێك کە بڕیاری لەسەر ئەدرێت، ئێمە وەکو جیهەتی مومەویل، وەکو قائم بالصرف، ئێمە جێبەجێی ئەکەین، بەڵام هەندێك شەرائیحیش هەیە، بەداخەوە ناویان نیە لە ناوەکاندا، کەس باسیان ناکات، ئەوانە شەریحەی موهیمن لەناو ئەم حکومەتەی ئێمەدا، کەس بەقەدەر موحاسیب و ئەوانەی کە لە حیساباتدا ئیش ئەکەن تەحەمولی مەسئولیەت ئەکەن؟، ئەوانەی کە ئەدرێنە مەحکەمە و ئەیانهێنن و ئەیانبەن، تووشی نەقصی صندوق ئەبن، ئەوانەن کە موحاسیبن و ئومەنای سندوقن و ئومەنای مەخازنن، ئەمانەن، ئەمانەش کولیاتیان تەواو کردووە و ئەمانەش مەعاهیدیان تەواو کردووە، ئەمانەش بەکالوریوسیان هەیە، ئەمانەش شەریحەیەکن، جەرگ و دڵی دائیرەکانن، مفروزە ئەو شەریحانەش بە نەزەری ئیعتیبار وەربگیرێ، ئێمەش بە نیسبەتی موخەصەصاتەوە، ناتوانین موخەصەصاتێك لە کوردستانەوە بدەین و موخەصەصاتێکیش کە لە عیراقەوە هاتووە بیدەین، ئێمە پێمان چاکە موخەصەصات تەوحید بکرێ، بەڵام بە عادیلانە ئەو موخەصەصاتانە بدرێت کەوا کوردستان پێویستیتی بدرێت و بە عادیلانە بدرێت، ئێمە پێمان باشە ئەو قەرزانەی کە ئێستا ئەڵێن ئەوەندەمان پێ باشە بۆ عەقاری دابنرێ و ئەوەندە بۆ ، ئێوەی بەڕێز ئەتوانن وەزارەتی دارایی حکومەتی هەرێم ئیلزام بکەن بە صەرف، بە پێی میزانیەکەی خۆی، بەڵام کە پێی ئەڵێی 75 ملیار بۆ عەقاری دابنێی، من ئەو وەختە حەقی خۆمە، 75 بۆم دانا لە 75 ئەوەستم و چیتر سەرف ناکەم، بەڵام ئەگەر لە 75 زیاتر بوو، رەنگە ئەو وەختە لە 75 زیاتر بە تەئکید سەرف دەکەم، هەروەکو 90 ملیارەکە، لەبەر ئەوەی ئێمە لە وەزارەتی دارایی پێمان باش نیە ئەو رەقەمانە تەحدید بکرێ، بەڵام ئیلزام هەبێت بە نیسبەتی ئێمەوە، بە پێی میزانیەی خۆمان بتوانین قەرز عەقاری، صیناعی، ئەوانە

هەمووی بدەین، زیراعی، باسی پارەی پەرەپێدانی موحافەزات ئەکرێت، ئەگەر جەداویلەکان بخوێننەوە ئێستاکە، ئەو جەدوەلەی کە لە عیراقەوە هاتووە، لە سیادیە بە عامی پەرەپێدانی موحافەزاتی دەرکردووە لێی، دوایی هاتووە ئەوەی کوردستانی ئیزافەی سەر وەبەرهێنانی کردووە، تەماشای بکەن مەعلومە ئێستا لەناو جەدوەلەکاندا هەیە، لە وەقائیعی عیراقیش ئێستا نەشر بوو، ئەوە مەعانی ئەوەیە لەناو وەبەرهێناندا هەیە، بەڵام ئەوە مەعنای ئەوەنیە ئەو پارانە نادرێتە موحافەزات، ئەبێ ئەو پارانە بدرێتە موحافەزەکانی خۆمان و بە پێی نفوسیش تەوزیع بکرێت و باس لەوە ئەکرێت کە 98ملیار و 91 ملیار دانراوە، بەڕاستی ئەوە دەبێ بەڕێز کاك د.عەلی ئەوە جوابداتەوە، چونکە لای ئێمەوە ئەو پارەیە تەخصیص کراوە، پارەی توانا سازی، پارەکە ئەو مەبلەغەی کە دانرابوو بۆ توانا سازی، بەشێکی لێ سەرف کراوە و بەشێکی ماوەتەوە، ئێمە ئیستیمرار دەکەین لەسەر سەرفی ئەو تواناسازیە، هەر وەکو وتم ئەگەر ئەوە لە سەری ساڵدا سقوتیش بکات، ئەوە جارێکی تر تەخصیص دەکرێتەوە بۆیان و لەو حودودەیە و ئەگەر پێویستی بەزیاتریش بێ، پێم وایە لە ئیحتیاتیش بێ بۆیان جێبەجێ ئەکەین، باسی میلاکێك ئەکرێ لە وەزارەتی دارایی کە میلاکێکی زۆرمان بۆ دانراوە، موسبەقەن من لەگەڵ ئەوەدام ئەو میلاکە زۆرە نابێ لە وەزارەتی داراییدا بێت، بەڵام وەزارەتی دارایی کە حیسابی خۆی کردووە، حیسابی ئەوەی کردووە ئیحتیاتێك وەکو هەموو ئیحتیاتیەکانی تر دابنێت بۆ ئەو دائیرانەی کە تازە ئیستیحداس ئەکرێن و بە تایبەتی بۆ سەرپەرشتیاری ئیدارەکان و بۆ شوێنی تر، بەڵام لەسەر ئەوەشەوە، ئێمە وەکو وزارەتی مالیە ئێستاکە گەیشتینە قەناعەتێك، فیعلەن لەگەڵ ئێوەداین، ئەو میلاکە هەندێکی بدرێتە وەزارەتی تەربیە و هەندێکی بدرێتە وەزارەتی تەندروستی و ئەو وەزارەتانەی کە پێویستیان پێیەتی، بەڵام لە عەینی وەختیش هەزاری بمینێتەوە ئیحتیات و بۆ وەزارەتی دارایی و بتوانین ئەوانەی لێ جێبەجێ بکەین، باسی تەعویزی موزەفین ئەکرێت، ئەوانەی ئیدارەی سلێمانی ئەڵێن ئەو پارەی ئێستا لە کوێوە هات و بۆ کوێە و چۆن؟، بە نیسبەتی ئەو خیلافەی کە هاتووە، وەختی خۆی سێ ئیختیار هەبووە، ئیختیاری یەکەم و دووەم و سێیەم، هەولێر بە ئیختیارێك ئیشی کردووە و سلێمانی لەگەڵ عیراقدا بە ئیختیارێك ئیشیان کردووە، پەرلەمانی بەڕێز کە هەموو جارێ باسی یەکسانی مووچە ئەکات، کە یەکسان بێت، لە ئەنجومەنی وەزیرانیش بڕیاری ئەوە درا کە مووچەکان ئەبێ یەکسان بێت، ئێمە کە مولاحەزەی ئەوەمان کرد، ڕێنماییمان دەرکرد بۆ یەکسانی مووچەکان، کە ڕێنماییمان دەرکرد وتمان مووچەکان و فەرقی ئەو مووچانە لە 1/1/ 2011 سەرف ئەبێت، بەڵام ئێستاکە حکومەت بڕیاری دا کەوا تەعویزی ئەو فەترانەشیان بداتەوە، دیارە ئەو تەعویزەی ئێمە لەبەر ئەوەی ڕێنماییەکان دەرچووبوو لە 2011/1/1 و لەبەر ئەوەی ئەو مەوزوعە هێشتاکە لە گفتوگۆدا بوو، ئێمە ئیحتیاتێکمان وەرگرت، پارەیەکی تریشمان هەبووە بۆ ئەو سێ چوار مانگەمان دانابوو، هەمیش زیادەیەکمان حیساب کردبوو کە لەناو تەعویزی موەزەفیندا، بۆ ئەوەی ئەگەر ئەوە بێت ئەوە پارە 5، 6 مانگمان لە ئیحتیات دانا بوو لەوێ و ئەوەشی تێدابوو و هەر لەناو تەعویزی موەزەفیندا ئەو پارەیە سەرف دەکرێ، باسی مەنافیعی ئیجتیماعی ئەکرێت،

كە ئەوەش هەر وەكو بە جەنابتانم راگەیاند، ئەوە مەنافیعی ئیجتیماعیە و ئیعاناتە و مینەحە، ئەوە هەر یەكی بۆ چەند جیهەتێك و دەوائیرێك ئەوانە سەرف ئەكرێ، وەكو تەرخان نەكراوە بدرێ بە شەخص، ئەگەر موراجەعەی جەدوەلەكان بكەین لە روونكردنەوەكەی وەزارەتی داراییدا هاتووە، ئەبینن ئەوانەی تێدا دەستنیشان كراوە، جارێكی تریش تەئكید دەكەمەوە، ئەوە بەو حەجمە نیە كە باس ئەكرێ، من نازانم بەڕاستی هەندی شت ئەخوێنمەوە لە جەرائید و موتابەعە ئەكەم و یاخود ئەیبینم، خۆم پێم سەیرە بەڕاستی بەو شێوەیە باس ئەكرێ، مەسەلەن ماوەیەك پێش ئێستا باس كراوە، باسی بەلەم ئەكەن، ئەڵێن حكومەت باسی بەلەمی كردووە، بە نەوعێك باسی ئەكەن، ئێ باشە كاكە حكومەت وەسائیلی بەری هەیە، وەسائیلی جەوی هەیە و وەسائیلی نەهری هەیە، ئەگەر جەنابتان حیساباتی موەحەد، ئێمە ئێستا بەكاری ناهێنین، ئەگەر حیساباتی موەحەدو ئەرقامەكانی و عەناوینەكانی ببینن، ڕەنگە هەر زۆر زۆر بەلاتانەوە سەیر بێت، یەكێكە لەو نوقاتانەی كە هاتووە لە ماددەكانی سەرفا وەسائیلی نەهری هەیە، باسی بەلەم دەكات، باسی تەرفیە دەكەن ئەویش بە نەوعێك باسی دەكەن، ئەوە رەجاتان لێ دەكەم، ئەوە ئیحتیفالاتە، ئەوە ئەنواع و ئەشكال شتی لەسەرە، ئەوە بەو شێوەیە نیە، ئیحتیفالاتە، ئیفاداتە، یەعنی من تكام وایە ئەوەندە بە شك نەبن بە هەندێك عەناوین و ئەوانەی كە هاتووە، ئەو عەناوینانەی هەرچی ئێمە  لە لای خۆمانەوە، دەرمان نەكردووە و ئیجتیهادمان نەكردووەو ئیجتیهادمان تیا نەكردووە، ئەمانە هەمووی یاسایە و بە پێی یاسا هاتووە، دیارە سەندوقی دوەلی ئەو شتانەی موسادەقە كردووە، بە پێی قانونی ئیدارەی مالی، یاخود قانونی ئوسولی موحاسەباتی كۆن و موازەنەی عیراقی، ئەوانە هەیەو مەوجودن لە هەموو ئەوەكانە، ئەگەر حكومەت بێت و تەلەفزیۆنی خاسی خۆی هەبێت، قەمەر سناعیشی ئەبێت، لە لیژنەی نەزاهە بەڕێزان باسی ئەوەیان كردووە، حیساباتی شەش مانگی یەكەم، ئەوە تكام وایە لیژنەی نەزاهە جەنابیان بزانن ئەوە خیتامی نیە، ئەو شەش مانگە وەكو باسم كرد و ڕوونم كردەوە، حیسابی شەش مانگی دووەمیان داوا كردووە، شەش مانگی دووەم ئەوەیە كە لە زمنی خیتامی بێت، باسی بودجە كە ناچێتە دیوانی چاودێری دارایی، هەروەكو وتم ئەوە مەسەلەكە عیلاقەی بە قبل الصرف و بعد الصرف وە هەیە، بەلاّم ئەگەر بڕواتیش مانعمان نیە، جەنابتان قەراری بۆ دەدەن و، ئێمە هەموو ساڵێك بودجەكە ئەنێرینە دیوانی چاودێری دارایی، با ئەوان ئەو موفتەرەحاتانە تەئید بكەن، یەك فەقەرەم لە بیرچوو كە زۆر موهیم بوو، گوایە جیاوازیەك هەیە لە بەینی داهاتی ئێمەو عیراق، بە پێنج ترلیۆن، فیعلەن ئەو فەرقە هەبوو، ئەو پارانەی كە تەسدیری نەوت بوو هێنابوویان  بە داهات لە سەرمانیان حیساب كردبوو، مع العلم ئەوە لە دوای موفاوەزات دەگەڕێتەوە بۆ حكومەتی عیراقی فیدرال، بۆیە جارێكی تر ئەوانەیان لادا، هەروەكو بەڕێز سەرۆكی لیژنەی دارایی ئەو مەوزوعەی باس كرد، ئەوە فیعلەن وایە، بە نیسبەتی داهاتی نەوتەوە كەباس ئەكرێت، ئێمە بەنیسبەتی داهاتی نەوتەوە كە لێرە دەستنیشانمان نەكردووە، وەكو ئیتیفاق كرا لەگەڵ سەرۆكی ئەنجومەنی وەزیران، سەرۆكی فراكسیۆنەكان، بەحیساباتێكی تایبەت هاتە ئەم پەرلەمانە، بایی 250 ملیۆن دۆلار بوو، ئەوەبوو تەسدیق كرا لەسەر پڕۆژەكان، هەر

پارەیـەکیش کـە کـۆ دەبێتـەوە، لـەو حیسـاباتانەی کـە کردوومانـە بـۆ وەزارەتـی نـەوت، ئێمـە لـە بـانکێکی وەزارەتی دارایی بەپێی یاسایەکە حیسابمان کردۆتـەوە، پـارە دەچـێتە نـاوی و کـۆ دەبێتـەوە، ئـەوەش وەکـو ئیرادەکەی بێتەوە ئەم پەرلەمانە، ئەم پەرلەمانـە بـەڕێزە لێـرەوە ئیقـراری پرۆژەکـانی ئـەکات، حیسـابێکی تایبەتـەو خۆشـتان دەیـزانن، ئـەو مـەوزوعی حیسـابی تایبەتـە بـۆ وای لێهـات، بـاس دەکرێـت گوایـە ئێمـە سەرفەکانمان بۆ $2010$ ئێستاکە تەدقیق ناکرێت، تەدقیق نەکراوەو دیوانی چاودێری دارایـی دەوری خـۆی نەبینیوە لەم مەوزوعەیا، مـن ئـەڵێم ئەمسـاڵ زۆر دڵخـۆش کـەرە، جـارێ بەنیسـبەتی ئیـدارەی سـلێمانییەوە تـەدقیق بەردەوامـەو، بەنیسـبەتی ئیـدارەی هەولێریشـەوە تـەدقیق بەردەوامـە، ئێسـتا لیجـانی تـەدقیقی ڕۆیشتون لە سەرەکی لەو شوێنەوە تەدقیق دەکەن، لە هەولێر کە هەموو سـەرفی تیـا کـۆ دەبێتـەوە، ئـیرادو سەرفی تیا دەردەکەوێت، ئەویش خەزێنەی هەرێمەو، خەزێنەی هەولێرە، ئێستا حالیەن تـەدقیق دەکرێـت، ئەو براو خوشکانەی کە مەشکوکن لە ئیرادات، ئەوەی هەتا ئەگەر لە حیساباتی خیتامیش کە دەردەکەوێت، مەشکوکن لێی، بۆ مەعلوماتی بەڕێزتان ئێستا ڕەقابەی مالی تەدقیق لە داهاتی ساڵانی پێشووتریش ئـەکات، نەوەك هەر ئەمساڵ، ساڵانی پێشووتریش، ئەو تەدقیقەش ئەکات لەگەڵ حکومەتی عیراقـیش بـە تەنسـیق ڕەقابەی مالی حکومەتی عیراقیش بە تەنسیق دەیکات، لەبەر ئەوە ئەوەی کە لە حیساباتی خیتامی ئەمساڵ دێتـە بەردەسـتتان هـەمووی مـەفروزە پـێش ئـەوەی بێتـە بەردەسـتی جـەنابتان، حکومـەت ڕەقابـەی مـالی موسادەقەی کردبێت، یاخود هەر موشکیلەیەکی تیا بەدی بکات، ئەو ئاگاداری پەرلـەمانی بـەڕێز دەکاتـەوە، ئەو بودجەیەی کەئێستا هاتۆتە ئێرەو، ئێمە دامان ناوە، باس لە کەم کردنـەوەی ئـەکرێت، بـاس لـە $10\%$ و $15\%$، مـن حـەز دەکـەم ئـەو مەوزوعـە بـەڕێزتان بـزانن ئێمـە لـە پـێش هـەموو شـتێکەوە، ملکەچـین بـۆ بڕیارەکانی پەرلەمان، پەرلەمان چۆن ئەیەوێت ئێمـە بـەو شـێوەیە ئـیش دەکـەین، ئێمـە ئـامیر بیسـەرفین، قائیم بیسەرفین، نەك ئامێر بیسەرف، بەڵام ئەم بودجەیە وەزارەتەکان هێناویانە بۆ ئێمە، وەزارەتی مالیە لەگەڵیانا دانیشتبوون و ئیتیفاقیان کردووە لەگەڵیان، ئـەم وەزارەتانـە هـەر هـەمووی قـانع نـین بـەوەی کـە بۆیان دانراوە، من موتەئەکیدم هەموویان لە پەرلەمانیش هەمووساڵێك شکات لە وەزارەتـی دارایـی ئەکـەن، ئـەڵێن وەزارەتـی دارایـی ئـەم بودجەیـەی کـەم دانـاوە، لیژنـەی ئۆلـۆمپی کوردسـتان بـەڵێ هەیـە، ئـەوەتا تەخسیساتیشی بۆ دانراوە، ئەو $10$ملیارەی کە بۆ وەرزش دانرابوو، ئێستا سەرفی لەسەر دەکرێـت، بـاس لـە جیابوونەوەی پارەی ڕێکخراوەکان و حیزبەکان ئەکرێت، ڕێکخراوەکان لەگەڵ پـارەی حیزبـا، لـە زمنـی ئـەو تەخسیسەی کە دانراوە، ئێمە لاریمان نیە ئەوە بکرێت، بەڵام ئەوەش بـەڕێزتان ئـەیزانن، ئـەوە دیـارە هـەم دیسان تەئکید کراوەتـەوە، منـیش وەڵامـەکانم زۆر جـار مەکـەرەر ئـەبێت، چـونکە ئەوەنـدە بـە موکـەرەری پرسیاریان کردووە، ئەڵێن داهات و نەفەقاتی کارەبا نەهاتۆتە ناو میزانیـەوە سـاڵی $2009$ و $2010$، ئێمـە لە $2009$ و $2010$ لەو نەفەقات و ئیراداتی کارەبا بەڕاستی لە ئیعاناتا دامان نابوو، بەڵام ئەمسـاڵ کـە زۆر گەورەبوو مەسەلەکە، لـە میزانیـە دەرمانخسـت، بـۆ مـەعلوماتی جـەنابتان ئێمـە لـەو هـەموو پارەیـەش کـە دەیـدەین، بـە احمـد اسماعیـل، ئـەو پارەیـەمان بـۆ کۆنابێتـەوە لـە لایـەن موشـتەریکینەوە، ئـەوەش کـە کـۆ

دەبێتەوە، هەر بۆ وەزارەتی کارەبا بۆخۆی دەبێت، ئەوانی تر تەبیعی حکومەت تەحەمولی ئەکات، باسی ئەوە دەکرێت کە ئەوقاف ئیرادی زۆری بۆ دانراوە، ئیرادی ئەوقاف خۆیان خانوویان هەیە بە کرێ، ئەنواع و ئەشکال دوکانیان هەیە بەکرێیان داوە، ئیراداتی خۆیان هەیە، ئەوانیش نیزامی تایبەتی خۆیان هەیە، ئەو پێشنیارانەی کە بەڕاستی لیژنەی کشتوکاڵ کردبووی، ئێمەش بەلامانەوە پەسەندە پێمان چاکە، کە دێنە سەر داواکاریەکان و ئەوەی کەباسی عەقاری کراوە بۆ زیاد کردنی و باسی سلفەی زەواج و ئەوانە، ئێمە ئەو کاتە لە موناقەشەکەیا ئەو کاتەش قسە ئەکەین، ڕەنگە تا حەدێکیش ئەگەر بێتو وەزارەتەکانمان پێ ئیقناع بکرێت، لەوەی کە لە لیستی کوردستانی هاتووە، ئێمە پێمان باشە عیلاج بکرێت، وەختێك موناقەشەی لەسەر دەکرێت، دیارە ئەو پێشنیارەی کەهەیە، میزانیە دابنێین بۆ لیژنەی ئۆلۆمپی، ئەوە فیعلەن میزانیەی بۆ دانراوە و بۆی دادەندرێت، بە نیسبەتی پارەی ئۆلۆمپیشەوە پێمان باشە میزانیەی بۆ دابندرێت، ئەوەی تەرفیە ڕەسمیەکە، باسم کرد، کە ئەمانەن زیافەیەو، وفودەو، عیلاقاتی عامەیەو، ئیحتیفالاتەو بەو شێوەیەی کەلە جەریدەکان خوێندمەوە، مەوزوعی پێشمەرگەو یاساکانی تەقاعود و، یاسای پێشمەرگەو تەقاعود لە مەعاشاتی پێشمەرگەو، مەعاشاتی پۆلیس بابڵێین، دیارە ئێمە وەکو وەزارەتی دارایی، وەکو هەموو کەسێك لە ئێوەی بەڕێز، پێشمەرگە جێگای ڕێز و تەقدیرە، ئەگەر تەزحیەو تێکۆشان، شەهیدی پێشمەرگە نەبوایە نە ئەم پەرلەمانە ئەبوو، وە نە ئەو حکومەتەش دروست دەبوو، ئێمە وەکو وەزارەتی مالیە، لە خزمەتیان داین، دیارە ئەو یاسای تەقاعدی پێشمەرگە، ئەوە نەبێت لەلای ئێمە تا ئێستا ماوەتەوە، دیارە هەندێك ئیشکالاتی تیایە، حکومەت چەندەها کۆبوونەوەی کردووە لەسەری، بیست ڕۆژێك پێشی ئێستا کۆبوونەوەی کراوە، دیارە هەندێك ئەشکالات دروست بووە لەوانەی کە ئێستا خانە نشینن، ئیحسایەکی کامل نەبوو، ئێستا ئاخیر جار ئەوەی کە کۆبوونەوە چوونە لای بەڕێز سەرۆکی حکومەت، لەوێ بڕیار درا کە ئیحسائاتەکان بێنن، ئەمجارە ئینشائەڵلا ئەم مەوزوعە کۆتایی پێ دێت بۆ جێبەجێ کردنی، بەنیسبەتی وەزارەتی پێشمەرگەوە، کە دوو نەوعە مەعاش هەیە، ئێستاکە وەزارەتی پێشمەرگە چوار لیوای هەیە، چوار لیواکە ئێستا وەکو حکومەتی عیراقی لە هەموو ڕوویەکەوە، ئەوە موعامەلە دەکرێن، هەشت لیوای تر ئەمری دەرچووە، وەکو حکومەتی عیراقی لەوێ چۆنن، بەهەمان شێوە تەعامول بکرێت، ئەم هەشت لیوایە لەو هێزی پێشمەرگەیەی کە ئێستا مەوجودن، لەوانە ئەچنە ئەوێوە، کە ئەچنە ئەوێ، مووچەیان یەکسان ئەبێت، ئەو وەختە ڕەنگە ئەو عەددەدانە بمێننەوە، لیوای تریش دروست ئەبێت، دوای ئەوە ئەمانە لەوێ مەعاشەکانیان هەمووی یەك دەگرێتەوە، بەلام بەڕاستی ئێستا ئەگەر بێتو، هێزی پێشمەرگە هەر هەمووی، بەو شێوەیە دیارە دیراسە کراوە، وەزارەتی پێشمەرگەش پێی باش بووە، کەوا بەو شێوەیە عیلاجی بکات، کەس نەمێنێت مووچەیان بە کەمی بمێنێتەوە، بەلام ئەبێت هەموویان لە زمنی ئەو لیوایانە، لەو تەشکیلاتانە بەشداربن، ئێمە هەر لێرەشەوە یەعنی داوایەکی ترمان هەیە، لە پەرلەمانی کوردستان تکام وایە لوتف بفەرموون، با ئێوەش لە ڕێگای خۆتانەوە لەگەڵ پەرلەمانی عیراق، هەوڵ بدەن بۆ ئەوەی کەوا ئەو پارانەی کە هەمانە، هی وەزارەتی پێشمەرگە بمان دەنەوە، ئەگەر

بێتو ئەو پارانەمان بدەنەوە، نەعەجزمان ئەمێنێت، نەمەشاكیلمان ئەمێنێت، تەبیعی من ئەوەی كە باسم كرد، مەسەلەی پێشمەرگە بوو، بە نیسبەتی پۆلیسەوە ئێستاكە ئێمەش لەگەڵ ئەوەین كە مووچەیان، وەكو مووچەی عیراقی لێ بێت، ئەوەبوو پار ساڵ، لەسەر نیسبەتێك موافەقەمان كرد، كەوا وای لێ بێت، ئەمساڵیش ئێمە حیساباتمان كردووە، ئینشائەڵلا ئەوەش ئەگەر پەرلەمانی بەڕێز بڕیاری لەسەر بدات، لای ئێمە وەكو حكومەت هیچ مانەعەتێكمان نیە، باسی مەجاری و ئەمانە كرا تەبیعی، ئجوری ئاو هەیە، ئجوری كارەبا هەیە، ئجوری مەجاریش هەیە، ئەمانە عەناوینن لێرە، لەناو حیساباتی حكومەت، باس لەو ئەكرێت كەوان پارەی زەمانی ئیجتیماعی، وەزارەتی دارایی ئەیخوات، نا، نەخێر، پارەی زەمانی ئیجتیماعی مەوجودەو خۆیان تەسەروفی تیا دەكەن، ئێستاكە هەمووئەو پارانە لە ژێر دەستی خۆیانە، ئیشی پێ دەكەن یەعنی ئەوان، هەتا بە پێی قانونەكەی خۆیان بۆیان هەیە ئیستسماریشی پێ بكەن، موئتەمەرات و نەدەوات، گوایە پەنجاو پێنج ملیارو حەوت سەدی بۆ دانراوە، فعلەن ئەو بۆی دانراوە، چونكە یەك موئتەمەری سەحە كرا، دوو سەدو ئەوەنە ملیۆن دیناری سەرف كرد، سەندوقی نیشتەجێ كەباس كرا پارەیەكی تێدایە مینحە، ئەوەش لە زمنی ئەوە بۆ دەعمی مینحەكانیانە، چونكە خەدەماتی هەندێك لەو شوێنانە هەندێك خەدەماتەكان بە جیاواز تەنفیز دەكرێت، هەروەها هەندێكیش لەو گوندانە ئەگەر بێتو پارەیان بدەنێ، پارەی نیشتەجێ حەوت و نیوەكەیە، ئەیاندەنێ سەرەڕای عەقاری، ئەوانە دیارە وەلەو زیاتر دەستەی وەبەرهێنان ئەوان خۆیان ئەو مەوزوعە لەلای ئەوانە، ئێمە وەكو دەعم بۆیانمان داناوە، وەكو مینحە، باجی كۆرەك و ئاسیا لە عیراق وەردەگیرێت، نەوەك كوردستان، هەر لەوێش دراو ئەو مەوزوعە، باجەكانی لەوێ ئەدرێت، دیارە هاتۆتەوە ئەم خاڵە بۆلام، باسی ئیقتیسادم كرد، مدیریەتی ئیقتیسادنیە، بەڵام لە هەمان كاتدا ئەبێ ئەوەمان لەبیر نەچێت، لیژنەیەكی باڵای ئابووری هەیە، ئەو لیژنە باڵایە ئیش دەكات، وەكو ئیش و كاری ئابووری، كە پێك هاتووە لە وەزیرانی دارایی و تەختیت و تیجارەو ئەوانە، چەند كەسێكی پسپۆر ئیشی ئەو لیژنەیە ئەكات، یەكێك لە برایانم باسی ئەویان كرد، كوا 12٪ ئێمە 17٪ وەردەگرین، ئەگەر بێتو جەدوەلەكان لەبەردەستان دایە، جەدوەلەكە بێنن، پارەی عیراقی تیا خەرج بكەن، موازەنەكە، نەفەقاتی سیادی و حاكیمەی لێ دەربكەن، زەرب و تەقسیمی بكەن، بزانن چەندمان بەبەر دەكەوێت، كە باسیش لەوە دەكرێت، ئێستا نەوت بەوەنە ئەڕوات و پارەكەش هەر لەو بە زیاتر ڕۆیشت، ئومێدەوارم پارەكە میزانیەی تەكمیلی نەبوو، بۆ ئەمساڵ میزانیەی تەكمیلیان هەبێت، بەڵام ئەگەر میزانیەی تەكمیلی نەبێت لە عیراق، ئێمە تووشی هەمان ئەزمەو كارەساتی پارەكە ئەبینەوە، لە تەسدیدی عجزی موخەتەتا، بۆ سییانە باس لەوە كرا كەوا سییانەو ئەوانە پارەی بۆ تەرخان نەكراوە، یاخود كەمەو، بیست و نۆ ملیار بەس بۆ ڕێگاو بان تەرخان كراوە، بۆ سییانەی ڕێگاو بان، وابزانم جەنابی كاكە كاردۆ باسی لە 20٪ی مینحەی كرد، ماددەی 26 ئەوە كە جەنابی فەرمووی وایە، بەڵام ئەگەر بێتو لەسەرەوە بیخوێنیتەوە، ئەڵێت، (عند التحقق خلال ستة اشهر الاولى من السنة الاولى)، ئەگەر ئەوە بێ زەحمەت تەئكیدی بكەرەوە عیندە تەحەقوقەی تێدایە، ئێمە باسمان لە مەبانی سەكەنی كردوو، مەبانی

غیر سەکەنیش هەیە تەبیعی، مەبانی غیر سەکەنی کە پرسیارێك کرابوو، ئەو ئیزافاتە بەڕاستی لە شوێنێك مەرافیقی تیا ئەکرێت، لە شوێنێك دوو ژووری ئیزافی ئەکرێت، ئەوانەش لەو بابەن، باس لەو کراو بۆچی ئێمە سلفە نادەین وەکو عیراق، ئەو سلفە زۆرانەی کە لە عیراق ئەدرێت، بە مۆزەفین و خەڵکی تر، ئەو مەوزوعە موازەنەکەمان ئەوەتا ئێستا لەبەر دەستی جەنابتان دایە، ئێمە قەت ناتوانین بەو شێوەیە ئەو پارانە بدەین، بەلاّم کە وەزیری دارایی پێشوو هاتە ئێرە، حکومەت لەگەڵیا دانیشت و، کۆبوونەوەمان کرد، ئیتیفاقمان کرد، مەسرەفێکی ڕافیدەین و مەسرەفێکی رشید بنێرن، لە کوردستان بیکەنەوە، ئەو ئیش وکاری سلفانەی کە هەیە لەوێ، لێرەش بەهەمان شێوە، وەکو عیراق بیدەن، موافەقەتیشیان کرد، ئێمە کتابیشمان بۆیان کرد، لەسەر ئەو موافەقەتە، موافەقەتەکە شەفەهی بوو، بەلاّم بەداخەوە هەتاوەکو ئێستا نەهاتووە، بۆ ئەوەی ئەوە بکەن، بۆ ئەوەی خەڵکی ئێمەش ئیستیفادەی لێ بکات، لە موخەسەساتی تەڵەبە، گوایە ئێمە نووسیومانە 60 ملیار، بەلاّم خۆی پەنجاو نۆو حەوت سەدو یەکە، بەلاّم لەم حالەتانەیە کە من ئیزاح ئەدەم، نازانم زۆر جار تەقریب دەبێت، ئەوە لەبەر ئەوەی لە زمنی ناو میزانیەکە نیە، وەکو ئیزاح یقال پێنج و نۆسەدو نەوەت و نۆ یقال شەش، بەلاّم ئەوە کە دێیتە سەر حیساب و شی ئەکەیتەوە، ئەوە لەوێ دەدەکەوێت، سیولەی نەقدی لە کوێوە دابین دەکرێت، چۆن دێت؟، سیولەی نەقدی لەو پارەیەی کە لە بەغداوە بۆمان دێت، ئێمە وەری دەگرین، لەگەڵ وەقتێکی کاتی، لە ئیراداتی خۆمان دێتە ناو بانکەکان و سەندوقەکانەوەیە، ئەگەر بێتو بەشیش نەکات، تەجاوز دەکەین، موخەسەساتی ئیستیسنائی، دیارە موخەسەساتی ئیستیسنائی، ئەم موخەسەساتە ئەوانەیە، لەکاتی بریمەرەوە دانراوە، ئێستا وەردەگیرێت، ئاسایش وەری دەرگرێت، رەقابەی مالی وەریدەگرێت، موستەشارین، مودەرای عامین، وزەرا ئەمانە هەمووی موخەسەساتی ئیستیسنائیان هەیە، ئەمانە لەوێوە هاتووە، ئیتر نازانم ئەندام پەرلەمانیش مەعاشەکانتان جەنابتان تیایەتی یان نا؟، دیارە وەزارەتی دارایی هەیئەی ئیستیشاری هەموو جارێ تەئکید دەکەنەوە لەسەر ئەوەی کەوا، وەکو بڕیارێکتان دەرکردبوو بەڕێزتان، مووچە وەکو بەغدای لێ بێت، ئێمە ئەڵێین موخەسەساتیش وەکو بەغدای لێ بێت، بەلاّم ئێمە زۆرمان پێ باشە موخەسەسات وەکو بەغدای لێ بێت، بەلاّم ئێستاکە هەندێك لایەن زەرەر دەکەن، وەکو مامۆستایان، ئەوەش ناکرێت ئێمە دەستکاری موخەسەساتی مامۆستایان بکەین، ئەگەر هەندێك ئیستیسنای تیا بکەن و، دوایی هەر هەمووی وەکو بەغدای لێ بێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

مامۆستا وەکو خۆی بمێنێت، ئەوەکانی تر باش بکرێت، بەڕێز کاك بورهان رشید نوقتەی نیزامی، کەرەمکە.

**بەڕێز بورهان رشید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو کتابانەی پێشتر کردوومانە بۆ بەڕێزی و ناردوومانە، وەڵامی هەمووی نەداوەتەوە، هەمووی بە نووسراوەوە لە لایەتی، ئێستا دووانی ترم بۆ نارد، جەلسەی ڕابردووش دانەیەکی ترم بۆی ناردووە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز اسماعیل گەلاڵی نوقتەی نیزامی هەیە، ئەوانەی نیزامیان هەیە ناویانم نووسیوە، کاتتان ئەدەمێ، فەرموو.

**بەڕێز اسماعیل سعید محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

جارێکی تر تەئکید دەکەمەوە، من دووجار پرسیارم نارد بۆ لای جەنابت، جارێکیان ناردت بۆ وەزیری مالیە، جارێکیان لەلای من ڕاستەوخۆ ڕووبەڕووی جەنابتم کردەوە، ئێمە موناقەشەی بودجە دەکەین، هەشت لەم دەزگا گرنگانە، هیچ هەڵسەنگاندنێك نەکراوە بۆ بودجەکان لە لایەن هیچ لیژنەیەکەوە، کە لە 30٪ میزانیەی تەشغیلی دروست دەکات، ئەمانە کە ئەهمیەتیان هەیە، وەزارەتی دارایی، سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران، سەرۆکایەتی هەرێم، پەرلەمان، وەزارەتی پلان دانان، دیوانی چاودێری دارایی، وەزارەتی داد، دەستەی وەبەرهێنان، ئەمە جگە لە ئەنجومەنی دادوەری کە من قسەی لەسەر ناکەم، ئەکرێت ئێمە موناقەشەی بودجە بکەین، هەڵسەنگاندن بۆ بودجەی ئەو لایەنانە نەکرێت.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ، عمر صدیق کەرەمکە.

**بەڕێز عمر صدیق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

چەند پەرلەمانتارێکی بەڕێز، چەند پێشنیارو پرسیارێکیان هەبوو، لە بەڕێز وەزارەتی دارایی، جا ئێستا ئێمە بەتەحدید ڕای وەزارەتی داراییمان دەوێت، بەتایبەت بۆ موخەسەساتەکان، چەند بەڕێزێك پێشنیاری ئەوەیان کرد، کە وەکو بەغدای لێ بێت، بەڕێزێکی تر پێشنیاری ئەوەی کرد.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز، ئەوە کەی چووینە سەر یاساکە ئەوجا، ئێستا، ئەو ڕاپۆرتەی کە ئەوەمان کرد، بەڕێز جەنابی وەزیر جوابی دایەوە، ئێستا نۆرەی وەزیرە، تکایە هێشتا ماوە، هەردوو وەزیر قسە ئەکەن، بۆیە نوقتە نیزامیەکان ئەهێڵینەوە، بۆ دوای ئەوەی وەزیری پلان دانانیش قسە ئەکات، پاشان مەجالتان ئەدەمێ، کاك د.علی سندی کەرەمکە بۆ بەردەوام بوون لەسەر وەڵام دانەوە.

**بەڕێز علی سندی/وەزیری پلان دانان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من ئەتوانم بێمە ئەوێ یان نا؟.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کەرەمکە، فەرموو وەرە ئێرە.

**بەڕێز علی سندی/وەزیری پلان دانان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

زۆر سوپاس، زۆر سوپاس بۆ سکرتێری پەرلەمان و هەموو ئەندام پەرلەمانە بەڕێزەکان، بەڕاستی لە خیلالی ئەم هەفتەیەی ڕابردوو، هەموو تێبینیەکان وەکو ئەڵێین بە هەند وەرگیراون، هەندێکیشیان زۆر بە سوودن، هەروەکو ساڵی پار ئێمە دواتر لەتەنفیز کردنی بەرنامەکانمان، ئیحتیمالە خۆشتان هەست پێ بکەن، زۆرێك لەو تێبینیانەی کە پار، بەڕێزتان عەرزتان کردن لەم هۆڵی پەرلەمانە، ئێمە وەکو بەرنامەی کار تەتبیقمان کرد، داوام لە بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان وایە، تکام وایە کە چۆن دەرفەتی ڕەخساند بۆ هەموو ئێوەی بەڕێز، بە زیاتر لە جارێك تەرحەکانتان بکەن، بەهەمان شێوە تەحەمولی ئێمەش بکەن، چونکە بە دەقیقی من نزیکەی 129 پرسیاری ئێوەم نووسیوە، هەرچەندە زۆریشیان تکرارە، بەداخەوە نازانم بۆچی تکراریش ئەکرا، بەڵام بەهەر حاڵ ئیتر ئێمە مولزەمین، بێجگە لەو 129 پرسیارەش کۆمەڵێك، پرسیارە بە وەرەقەش لەناو هۆڵی پەرلەمان هاتووە، کە بە تەسەوری من زۆرێك لەمانە دەبوایە زۆرێك لەم حیوارانەی کە هەیە، چونکە لە کۆتایدا ئێمە هەر بمانەوێت و نەمانەوێت هەر یەك تیمین، وەکو موئەسەساتی بەڕێوەبردنی حکومەت و، پەرلەمانیش و، ئەگەر بە شێوازێکی پرۆفیشناڵ باسی بکەین، مەفروز بوو لە خیلالی دوو مانگی ڕابردوو کە پرۆژەی بودجە چ هی تەشغیلی و چ هی خوتە یان هی ئیستسماری کە لە پەرلەمانی بەڕێز بوو، ئێمە مولاحەزاتی بەڕێزتانمان هەمووی لەڕێگەی لیژنەی دارایی و ئابووریەوە پێ گەیشتبا و ئەو شتانەی کەچاك نەبوو و دەبووایە چاك بکرێت، دەبووایە لەوێ چاك بکرێت، بەڵام نازانم ئیتر بڕیاری ئەوەی کە پرسیارەکان یان ئەو تێبینیانەی کە دەبووایە لەڕێگەی لیژنەی دارایی و ئابووریەوە بەشێوازێکی مورەتەب بە ئێمە بگوترابایە و هەرچی تێبینیەك هەیە چاك بکرابا ئەو وەختە حەتمەن لە ناو هۆڵی پەرلەمان ئەگەر ئیزافاتی زیاتر هەبووایە هەر دەکرا بگوترێت، بەڵام چونکە ئێمە لەگەڵ لیژنەی دارایی و ئابووری لەماوەی پێشی ئەم جەلسەیە ئێمە زۆر دانیشتووین تێبینیەکانی ئەوانیش کە بەعزێکی وەکو پرسیار هاتووە لە چەند ڕۆژی ڕابردوو دا ئێمە ئەوانەمان چاك کردووەتەوە، من ئێستا کە چاککراوەتەوە ئێوە جارێکی تر هەندێك بەڕێز پرسیاری دەکەن، هەر ئەوەندە بڵێم کە چاککراوەتەوە یان منیش دیسان شەرحی بکەمەوە؟، وابزانم هەر یەعنی کوشتنی وەختی ئێوەی بەڕێزە زیاتر ئەگەر بچمە ناو ئەو تەفسیڵە، من بە سێ مەرحەلە باسی پرۆژەی بودجەی وەبەرهێنان دەکەم، یەکەم/ هەندێك تێبینی گشتیم هەیە لەسەر هەموو پرۆسەکە ئیحتماله عام، بێت، زۆر بە کورتی دەیڵێم و دوایی دێمە سەر پرسیارەکانی بەڕێزتان یەك بە یەك وەڵامی پرسیارەکان دەدەمەوە، دوای ئەوەش بەعزێك مەعلومات و زانیاری هەیە کە حەز دەکەم بەڕێگەی داتاشۆ عەرزی بکەم بۆ ئەوەی هەر وەکو بڵێی مادام بەعزێك شت

هەیە بۆ مەعلوماتی هەموو خەڵكە ئەوانەش هەر هەبێ، بەشێوەیەكی گشتی تەبیعی هەندێك دەستەواژە هەر لەسەرەتاوە دەبنە هۆی ئەوەی كە سوء تەفاهومێك دروست بێت، ئێمە جاری واهەیە لێمان دەپرسرێت چ لە ئیعلامەوە بێت هەندێك جار لە مەجالسی رەسمیش كێشەیەكی ترافیك هەیە لەفلان شوێن ئەی وەزارەتی پلاندانان لە كوێیە؟ كێشەیەكی قبوڵی نازانم چی لە شوێنێك ولە فوتابخانەیەك هەیە ئەی خوتەی وەزارەتی پلاندانان چیە؟ ئەمە بەعزێك جار مەقسود نیە، بەعزێك جاریش وا هەست دەكەم كە مەقسودە، وەزائیفی وەزارەتی پلاندانان بە پێی یاسای ژمارە 7 ی ساڵی 2006 ی پەرلەمان موعەرەفە پێویستیش ناكات من ئەوە ژمارەی یاسایەكەم گوت هەر كەسێك بیەوێ دەتوانێ تەماشا بكات كە ئەو شتانە و ئەو ئەركانەی كە بە ئێمە ڕاسپێردراون چین؟ من پار كە ئەو شتانەم شەرح كرد بەڕێز كوێستان خان وتی ئەوە زۆر باشە  كە دواتر پێی وتم ئەگەر بووم بە وەزیری پلاندانان ئێستا هەموو وەزائیفەكان دەزانم، بەڵام بە پێویستی دەزانم تیكراری بكەمەوە بۆ ئەوەی هەندێ سوئال هەیە تەجەنوبی دەكەم مەفهوم بێتن، ئیشی من نیە شتێك كە بە قانون و بە یاسا بە من ڕانەسپێردراوە من تەدەخولی لەسەر بكەم، دەستەواژەی بودجەی وەبەرهێنانیش كەزالیكە، ئەم دەستەواژەیە بودجەی وەبەرهێنان بەعزێك كەس كە سوئال دەكات و دەڵێ ئەم پارەیە لە فلان پرۆژە كە سەرف دەكرێت ئەم پرۆژەیە وەبەرهێنەر نیە، مومكینە دەستەواژەكە موناسب نەبێ، بەڵام ئەوەش ئیشی من نیە، ناوی بنێن (مشاريع البنية التحتية) (ژێرخانی ئابووری) هەر دەستەواژەیەكی تر بێ ئیحتمالە بۆ زۆر لایەنی تریش ئەم دەستەواژەیە دروست كردنی فوتابخانەیەك پرۆژەیەكی وەبەرهێنانە لەسەر ئەو ئەساسەی كە ئەم فوتابیانە لە موستەقبەل ئینتاجیان هەبێ بۆ وڵاتەكە و بۆ كۆمەڵگاكە، كێشەیەكی تر كە عنوانێكی سەرەكیە لە تەفاسیلیش دا و لە پرسیارەكانی ئێوەش دەچینە ناو ئەوە، ئێمە ئەوەی كە وازحە كەلە مانگی 5 و 6 كە میزانیە موناقەشە دەكرێت و هەتا تەبیعی بە سیلسلەی مەراجع هەتا بە ئسوڵیاتی خۆی دا دەڕوات ودەگەڕێتەوە بۆ وەزارەتەكان خۆ ئەوە مەعەمایەك نیە بڵێین ئێمە شەش مانگ ماوە لە ساڵەكە ئەو مەشاریعانە تەنفیز ناكرێت، تەكمیلە ناكرێت كە لە مانگی 7 بودجە موسادەقە كرا و هاتەوە بۆ وەزارەتەكان بۆ ئەوەی كە تەنفیز بكرێت وەزارەت ئەگەر بە پێی ئەو پرۆژانەی كە ئیعلانە تەندەری بۆ بكەن ئەبێ دوو مانگی بدەنێ، ئەگەر كامل بێت و جاهز بێت و با بڵێین لە هەموو لایەكەوە ئەوە بێت، كە دوو مانگی هاتە سەر دەچێتە مانگی 9 و دوایی دەچێتە مانگی 10 و ئیحتماله عەمەلیەی فەتح و عەمەلیەی تەحلیل و عەمەلیەی ئیحالە و ئەمانە هەمووی پرۆسەیە كە ئەمە نە هیچ شتێكی عەجیبە و نە غەریبی تێدایە ئیشەكە خۆی بەو شكلەیە، ئەمرۆش كە 22 /5 بۆ نیهایەتی ساڵ هەر شەش مانگمان ماوە، هەر شەش مانگ و چەند ڕۆژێك ماوە، لەبەرئەوە بۆ ساڵی ئاینەدە تكام لە بەڕێزتانە زۆر بە تەعەجوبەوە سەیری نەكەن، چونكە هەندێك لەم كێشانە تیكرار دەبێتەوە ئەمە هەر خۆی وایە ئیشەكە بەو مەراحلانە دا دەڕوات، خاڵێكی تر ئەوەیە كە كۆمەڵێك پرسیار دەكرێت وابزانم پەیوەندی بەوەوە هەیە كە ئێمە ئەو تەفسیڵی مەشاریعانە كە هەر هاتووە بۆ پەرلەمان و پێشووتریش هاتووە، بەڵام ئەمە دوو ساڵە لەبەرچەند هۆیەك نازانم هەموو ئەسبابەكانی، بەڵام بەو شكلە موناقەشە

دەکرێت، ئەمە بەڕێزان پلاندانان حەزدەکەن جەنابتان سەیری وێب سایتی پەرلەمان بکەن و حەز دەکەی سەیری عیراق بکەن، ئەگەر بە هی عیراق دەڵێن باش نیە، سەیری ئوردن بکەن، هی تورکیا بکەن کام وڵات کە مەسەلەن پێتان باشە، ئەم شێوازی موناقەشەیە لەسەر هەر پرۆژەیەك کە شەش کیلۆمەترە ڤیرتاوکردنی نازانم چیە و رەصیفی فلانە و ئینجا ئێوە بەداخەوە دەڵێم زۆریش بەداخەوە کە دەڵێن لە بەعزێکیان دەڵێن ئەمەیان وەهمیە و پرۆژەی وەهمی وجودی نیە، دێمە سەر ئەوەش بە حەقیقەت بەڕەسمیش داوا دەکەم لەبەڕێز سەرۆکی پەرلەمان کە هەر لە پرۆتۆکۆڵ مەوجودە هەر کەسێك کە ئەو کەلیمەیەی بەکارهێنا بیٚ ئەگەر ئیسباتی نەکاتن ئەمە ناکرێت لەسەر تەلەفزیۆن ئەندامی پەرلەمانی بەڕێز هەستیٚ بڵیٚ پرۆژەی وەهمی هەیە، دوایی کە بە تەنیا یەکتری ببینین بڵێم کاکە وەرە بۆم ئیسبات بکە تۆ باسی کامە پرۆژە دەکەی؟ لەسەر تەلەفزیۆن بە نەوعێك دەیڵیٚ و کە لەگەڵ ئێمە قسە دەکات و دوایی بەرەسمیات بە نەوعێکی تر، باس کردنی ئەم هەموو تەفسیلاتی مەشاریعانە حەقێکی ڕەوایە بۆ پەرلەمان، حەقێکی زۆر زۆر تەبیعیە پرسی لەسەر بکرێت، بەڵام ئێمە ئەمڕۆ ئەمە هەفتەیەك دانیشتووین و موناقەشەی پرۆژە یاسای بودجەی ساڵی $2011$ ی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکەین، ئەمە پرۆژە یاسایە، ئەوەی کە جەنابتان باسی دەکەن ئەوتەفاسیلانە و دە ئەوەندەی تریش لە خلالی دوازدە مانگی ساڵ دەتوانن بیکەن، مەمنوعیش نیە و تەبیعیشە ئەگەر ئێوە ئیحساس دەکەن رقابەی مالی ئەکتیڤ نیە، دەتانەویٚ بەڕێزتان ئەو دەورە ببینن، نازانم یەعنی ئەگەر مەحدودیەتێك هەیە بەس ئێوە لە خلالی ئەو چەند ڕۆژەی کە پرۆژە یاسای بودجە موناقەشە دەکرێت بەس لەویٚ بۆتان هەیە تەعقیب لەسەر پرۆژەکان بدەن؟؟ ئێوەی بەڕێز هەمووتان لێرەن ئەوە منیش لەبەردەمتان و لە خزمەتتان وا قسە دەکەم، ئێمە ساڵی ڕابردوو کۆمەڵێك مولاحەزاتمان دا، من حەقی ئەوە بەخۆم نادەم بڵێم ئەگەر زەحمەت نەبیٚ چەند کەس لەئێوە سەردانی پرۆژەکانی کردووە؟ یان موتابەعەی ئەو مولاحەزاتانەی کردووە کە پار داوتانە بۆ ئەوەی تەتبیقی بکەم؟، بەڵام حەقی ئەوە بەخۆم دەدەم بڵێم ئێوەی بەڕێز ئەگەر زەحمەت نەبیٚ من وەزیری پلاندانانم و وەزارەتی پلاندانان یەك کیلۆ مەتر لێرەوە دوورە، ئەگەر زەحمەت نیە چەند کەس لەو پەرلەمانە لە خلالی ساڵی ڕابردوو هاتووە و یەخەی منی گرتووە یان یەخەی وەزارەتی منی گرتووە، داوای لە من کردووە کە بڵێت کاکە پار ئەو مولاحەزاتانەمان دا وا بزانم تەنفیزی دەکەی یان تەنفیزی ناکەی؟، ئینجا تەبیعی ئەمەش ئیحتماله ئێستا لەم پەرلەمانە من ئەوە هەر بۆ تەوزیح دەڵێم، هەندێك لەو بەڕێزانە هاتوون، بەڵام باوەڕ بکەن نسبەتەکەی ئیحتماله $5\%$ بێت یان $10\%$ بێت، بەڵام خەڵك هەیە هاتووە کە بەدوای دا گەڕاوە، خاڵێکی تر، چونکە ئێوە بەعزێك پرۆژەو بەعزێك تێبینی کە وترا پەیوەندی زۆری بەو خاڵانەوە هەبوو کە پار هەم عەرز کرا و هەم بۆ بە فەقەراتی جیٚ بەجیٚ کردن لە میزانیەی $2010$ و هەم دواتر کە تەعلیماتی تەنفیزی موازەنە بۆ وەزارەتی دارایی دەرچوو ئەو شتانە هەمووی هاتووە، بەڵام ئێستا دیسان وەکو پرسیار ماوەتەوە، پرۆژەکانی بودجەی وەبەرهێنان دانیەمیکیەتیان تێدایە، یەعنی ئێستا کە ئێمە لەم هۆڵە دانیشتووین کۆمەڵێك شت هەیە کە ئیحتماله

تەغیراتی بەسەر دادێت، ئەوەش تەبیعیە پرۆژەیەك كە بەڕێوە دەچێت بە كۆمـەڵێك مـەراحل هەیـە وەكو پێشووتریش باسم كرد دوایی لە ئەسنای تەنفیزیش بەعزێك شت هەیـە دەگۆڕێـت و كێشـە دێتـە پێشـەوە، زۆر سوئالی ئەوە كرا كە تەخسیسی پار چی سەرف كرا یان چی سەرف نەكرا؟، تەخسیسی پار تەبعەن وەكو بـرای بـەڕێز وەزیـری دارایـیش ئیشـارەتی پێیـدا ئـەوە لـە حسـاباتی ختـامی دەركـەوێت، هەرچـەندە ئـەو رەقامانەی كە لای ئێمەش هەیە عەرزی دەكەین، یەعنی هیچ شتێكی شاراوەی تێدا نیـە، ئێمـە تەبعـەن لـە زۆر لاوە كە دێیتە سەر بواری ئەوەی كە لەم ڕۆژانە زۆر تیكرار كراوەو دیسان هەندێك موستەڵەح هەیە كە بەكاردێت باشە ستراتیجیەتی ئەم بودجەیە من باسی وەبەرهێنان دەكەم ئێستا، چونكە ئەگەر بتوانم باسـی تەشغیلیش بكەم، بەڵام پێویست بەوە ناكات، كە باسی ستراتیجیەتی بودجـەی وەبـەرهێنان دەكرێـت دەڵـێن ستراتیجیەتی نیە ئـەم بودجەیـە و فەلسەفەشـی تێدا نیـە، باشـە مـن هـەر لـە كابینـەی پێنجـەوە لـە كـاتی حكومەتی بەڕێز كاك نێچیرڤان بارزانیەوە كە سـەرۆكی حكومـەت بـوو و دواتـریش لـە كابینـەی شـەش كـە بەڕێز د.بەرهەم صالح كە سەرۆكی حكومەتە، لە خلالی با بڵێم نـەك دوو سـاڵی ڕابـردوو لـە خـلالی شـەش، حـەوت سـاڵی ڕابـردوو هـەر لـە 2006 ەوە تـا ئێسـتا، بـە تایبـەتی لـە 2007 و 2008 ەوە سـتراتیجیەتی حكومەت چارەسەر كردنی كێشەی كارەبا بووە، ئەمە ستراتیجیەت نیە؟؟ یەعنی ئەمە چۆن؟ مـن ئـەوە تـێ ناگـەم!! ئێسـتا ئەگـەر كـۆی تەشـغیلی و ئیستسـماری كـۆ بكەنـەوە هـی قتـاعی كارەبـا (حصـة الاسـد)ی وەبەركەوتووە، موقارەنەی وەزعی كارەبای كوردستانی ئێستا بكەن لەگەڵ پێشی شەش، حەوت سـاڵ فـەرقی هەیە، هەموو خەڵكی كوردستانیش ئەوانەی كە ئەو وەختە عمریان 10ی ساڵ بووبێت ئێستا عمریـان 15، 16 ساڵە ، هەست بەو فەرقە دەكەن، ئەمە فەلسەفەكەی چیە؟ وەڵڵا وابـزانم هـیچ فەلسـەفەی تێـدا نیـە، دابـین كردنـی كارەبـا ئەركێكـە بـە حكومـەت ڕاسـپێردراوە فەلسەفەشـی ناوێـت، ئەگـەر دوای ئـەوە قتـاعی تەربیـە ئیهتمـامی پـێ دراوە بـە ئیسـتمراری، یـەعنی كارەبـا كـە ئیهتمـامی پێـدراوە هـەموو سـاڵێكیش هەروابووە، یەعنی ئەگەر ئێوە سەیری ئەرقامەكانی ساڵانی ڕابردوو بكەن زۆریش لەیەك دوور نیە، یەعنی ئیزەن ئیستقراریەتێك هەیە لە تەوەجوهی حكومەت بە نیسبەت ئەوەی ڕەئیـەكی موتـەغیر نیـە و هـەموو كەسێكیش پێیەوە مولتەزمە ئەمە ستراتیجیەتیكی وازحە، ئەگەر لە قتاعی پـەروەردە وایـە، هـەر وایـە، لـە دروست كردنی قوتابخانە كە بەردەوامە بە هەمان شێوە، ئەگەر مەشاریعی ئاو لـە هـەموو سـاڵێك وەزارەتـی شارەوانی و وەزارەتی ئاوەدانكردنەوە ئەگەرمەشاریعی ئـاو هـەموو سـاڵێك هەیـە وەزارەتـی شـارەوانی ئەمـە سـتراتیجیەتەكەمان وازحـە، وەزارەتـی ئاوەدانكردنـەوە كـە گـەورەترین وەزارەتـی ئاوەدانكردنـەوە كـە گەورەترین رەقەمی مەشاریعی هەیە لە ڕێگاوبان موقارەتەنەتـەن لەگـەڵ هـەموو مەشـاریعی وەزارەتـەكانی تر ئەوە ستراتیجیەتی حكومەتی هەرێمەكە ئیهتمام بەڕێگاوبان دەدات كە زۆریشی ماوە، هێشتا بەداخـەوە، بەشێكیشـی دەچـێتە فەقـەرەی ئاوەدانكردنـەوەی گوندەكانـەوە ئەگـەر حكومـەتی هـەرێم بـۆ یەكـەمجار لـە تاریخی عیراق داسلفەی عەقاری گەیاندە گوندەكان كەبەرنامەیەك بـوو بەڕاسـتی شایەنی ئەوەیـە ئێمە لەناو ئەنجومەنی وەزیـران خۆمـان زۆر موناقەشـەی لەسـەر دەكـرا بـەڕێز وەزیـری دارایـی و بـەڕێزان

وەزیرەکانی تر ئارائی موختەلفمان لەسەری هەبوو، بەڵام ئەو بەرنامجە هی بەڕێز کاك ئازاد بەرواریە، ئەو تەبـەنای کردبـوو و بـووە بـەرنامجی حکومـەت سـاڵی پـار تـا ئێسـتا فەقـەت لـە قـەرزی عـەقاری ئـەو مەعلوماتانەی کە من هەمە لە وەزارەتی دارایی لە قەرزی عەقاری تەنها بۆ گوندەکان نزیکـەی 600 ملیـار دینار سەرف کراوە، کاکە 600 ملیار دینار یەعنی نزیکەی 550 ملیـۆن دۆلار، ئیـزەن سیاسـەتی حکومـەت ئاوەدانکردنەوەی گوندەکانی تێدایە، ئەمانە سەرف کراون، ئەمانە پار لە خلالی شەش مانگ بووە ئیحتمالـە هـەتا ئـەم مەعلوماتانـە ئەگـەر ئیسـتمراریەتی لەسـەر بووایـە ئێسـتا لـەوەش تـەجاوزی دەکـرد، ئەوانـە ستراتیجیەتی حکومەت لەبەرئەوە تکام وایە ئەگەر لەڕۆژانی ئیعتیادی بەڕێزتان یـەعنی تێبینیتـان لەسـەر ئـەم شـێوازەی کـارکردنی حکومـەت هەیـە ، مـن لـە وەزارەتـی پلانـدانان بـەش بـەحاڵی خـۆم زۆر زۆر پێـی خۆشحاڵ دەبم پێش گەورە دەبم ئەگەر هەر تێبینیەك جەنابتان پێم بڵێن، ئەگـەر ئیتیجاهەکە بەغەڵەت دەڕوات، بـەڵام ئەگـەر ئاوەدانکردنـەوەی گونـد بـە سـتراتیجیەت حسـاب نـەکرێت نـازانم وەڵڵاهـی ئیحتمالـە تۆزێك سوء تەفاهوم دروست بێت، من دەمەوێ ئێستا بچمە سەر پرسیارەکان، چـونکە هـەر لـەوێ بـەعزێك سوئال دێتە پێشەوە با لەلای سۆزانی خاڵە شهابەوە دەست پێ بکەین، وابزانم یەکەم پرسـیاری هـەبوو، زۆر سوپاس هیچ پرسیارێکت لەسەر بودجەی تەشغیلی پرسیارت هەبوو، کاك عمر ئـەڵێ تەخسیسـی پرۆژەکـان کەمن دەبێ زیاد بکرێت، لێرە با هەر لێرەوە ئەو وەڵامە بدەمەوە بۆ ئەوەی کـە ئـەوە نـەبێت کـە رۆژە کـە پێشنیار کراوە لەو لیستانەی کە لەلای بەڕێزتانە ئێمە هەستمان بەوە نەکردبێت کە 7٪ یان کـەمتر لـە 7٪ بۆ پرۆژەیەك کە بەشتێکی تەبیعی وەرمان گرت بێت، ئێمە هەموو ئامادەکاریەکانمان کردبوو، لە مـانگی 1 و 2 ئەزمەیەکی کارەبا ڕووی دا لە هەرێمی کوردسـتان زیـاتریش لـە شـاری هـەولێر، لـە پایتـەختی هـەرێم ئێمە ناچاربووین کە وەزارەتی کارەبا تەئکیـدی ئـەوەیان دەکـرد کـە ئێسـتاش تەئکیـد دەکـەن کـە بـۆ سـاڵی ئاییندەش هەمان بڕە پارەیان دەوێ و مەشروعێکی پێنج ساڵیان تەقدیمی ئێمە کردووە کە لە تەخسیساتی مالی بە نیسبەتی خۆیان کە تەبیعی ئێمە ناچار بووین بە نسەبەیەکی میئەوی ئێمە داوامان کرد لە خـودی وەزیرەکـان چـەندین جـار دانیشـتین پێکـەوە وەزیـری تەندروسـتی و وەزیـری ئاوەدانکردنـەوە و وەزیـری شارەوانی ئەمانەی کە با بڵێین زیاترین ڕێژەیان لایە و داوامان لێ کردن کـە ئێمـە بـە شـکلێکی طارىء ئـەم کێشەیەی، کێشەکەش بۆچی بە پارە ڕووی دا؟، هەرچەندە ئەمە ئەرکی وەزیری کارەبایە ئەم تەفسیڵە باس بکات، بەڵام کێشەکە بۆچی بە شـکلێکی طارىء ڕووی دا؟، چـونکە پرۆسـەی تەنمیـە عەمەلیـەی تەنمیـە لـە کوردستان دا بەشـێوازێکی زۆر سـەریع دەڕوات، ئێمـە توانیمـان لەسـاڵانی ڕابـردوو خۆمـان لـە قـەیرانی بـێ کارەبایی بابڵێین بە نیسبەتی خەڵك و بە نسبەتی دەوائیری حکومی و مەساکنی ئەوانە زیاد بکـەین، ئێسـتا مەشاریع زۆر دەبێت، یەعنی کە دەڵێم مەشاریع ئێمە لە شتی زۆر بەسیتەوە بگرە کـە نـازانم تـا چـەند بـە ژمارە لەبەردەستی بەڕێزتان هەیە؟ تاقەی ئەو کارەبایـەی کـە پێویسـتە ئێسـتا بزەبت بـۆ تەختیـە کردنـی هەموو ئەوانە دوو بەرامبەر بووە، سورعەتی ئەم عەمەلیەیەش پەیوەندی بە بارودۆخی سیاسی هـەرێمی کوردسـتانەوە هەیـە و پەیوەنـدی بـە بـارودۆخی سیاسـی عیراقـەوە هەیـە، بەهـەرحاڵ ئێمـە تەخسیسـی

پرۆژەكانی كە كەمە دەبێ زیاد بكرێت، بەڵێ كاك عمر ئێمەش تەئیدی دەكەین و ئەگەر ئەو 10٪ ەتان بڕی لە میزانیەی تەشغیلی تكایە یارمەتیمان بدەن تەبیعی تر دەبێت، بەڕێز كاك كاردۆ دەڵێ پرۆژەی بەردەوام زیاترە لە پرۆژەی پێشنیار، ڕاستە، تەبعەن پیرۆژەی پێشنیار (دوو هەزار و سێ سەد و سی و چوار)پرۆژەیە كە پرۆژە بەردەوامەكان هی پێشنیاریش 534 ، هی بەردەوام بۆچی زۆرە؟ ئەوە حەزەكەی لێرەو ئیحتمالە دواتر لەناو سلایدەكانیش زیاتر تەوزیحی بكەم، ئەمە شتێكە هەیە و ئەمە واقعی حاڵێكە، تەنانەت یەعنی ئێستاش با ئەوە بڵێین ئێمە ئەگەر نسبەتێكی ئینجازیش دابنێین خۆ ئەم پێنج سەد و سی و چوارەی كە پێشنیار كراوە كە ئێستا مانگی شەشە كە مانگی 8 و 9 و بەعزێكیان مانگی 12 دەكەوێتە بواری جێ بەجێ كردن ساڵی ئایندە دەبن بەبەردەوام، بەهەرحاڵ خۆزگە، یەعنی خۆزگەكە بە دووجار دەتوانی بیكەی، تۆ دەتوانی لەباتی ئەوەی كە ئەم لەقەبەی لەسەر بێت، بەناوی پرۆژەی بەردەوام ئێمە ئەمساڵ بۆچی جیامان كردووەتەوە، بۆچی 2003 و 2005 مان جیا كردووتەوە؟ چونكە ئەمان كە پار لە ناو لیستەكەدا بوون كە عەرزی ئەمانە دەكرا بەداخەوە دیسانەوە نازانم ئیحتمالە بە مەقسودیە، یان بە غەیر مەقسودی تەشویهی هەر هەمووان دەكرا، ئێمە 2003 و 2005 مان جودا كردەوە بۆ ئەوەی ئەم مەبەستەی كە ئەمانە وەكو فەقەرەیەكی جودا باس بكرێن، ئەمانە هەن، مەوجودن، ئەگەر ئەو قسەیە ڕاست بێت كە پرۆژەی وەهمی هەیە، باشە ئێمە كە پرۆژەی وەهمی دائەنێین ئەی بۆچی 2003 ـ 2005 ەكە لانابەین؟ بەڵام كە دیهێڵینەوە ئەوەش هەیە شتی حەقیقی و ئەوە هەمووی حەقیقیە و ئەوانەش هەیە كە كێشەیان لەسەرە، ئێ خۆی مەشروع كە پرۆژەش كە هەبێت كە كێشەی لەسەر بێت، چ لە ناحیەی فەنی چ لە ناحیەی حسابی و چ لە ناحیەی قانونی چ لە ناحیەی ئەوە، ئەمە هەمووی لە قانون و لە مەحكەمە لە ئسوڵی محاكمات لەوانە هەمووی ڕێ و شوێنی خۆی هەیە ئەو شتانەش ڕوودەدەن، ئەگەر ڕوویان نەدابا قانونیان بۆ دانەدەڕێژرا، ئەمانە مەوجودن، كۆمەڵێك پرۆژە هەیە كە ئەو نەوعە كێشانەی لەسەرە و پرۆژە هەیە ئەی كەلیمەی (سحب العمل) بۆچی دروست بووە؟ غیر بۆ ئەوەیە كە پرۆژەیەك كێشەی لەسەر هەبێ سەحبی عەمەل بكرێت، ئیعادەی ئیحالە بكرێتەوە، بەڕێز كاك جلال سەرۆكی لیژنەی كشتوكاڵ و ئاودێری دوو خاڵی گەورەی گرنگی ئیسارە كرد، یەكێكیان كە مەشاریعی كشتوكاڵ بە تایبەتی لە پەرەپێدانی پارێزگاكانا زۆر كەمە، میسالی هەولێری هێنا كە زۆر تەئكیدی لەسەر ئەوە كردەوە، دووەم/ بەشێوەیەكی گشتی تەبعەن بۆ ئێمە جێی دڵخۆشیە كە زۆربەی ئەو بەڕێزانەی كە قسەیان كرد ئیختراعی ئەوەیان كرد كە پرۆژەكانی پەرەپێدانی پارێزگاكان جودا بكرێتەوە، چونكە ئەوە لەزمنی سەلاحیاتی مەجالسی محافەزاتە ئەوە بە قانونی عیراقی، بەو قانونەی كە لە پەرلەمانی كوردستان دەرچووە، هەرچەندە ئێستا لە كاتی جێ بەجێ كردن دا نیە و دوای هەڵبژاردنی ئایندە ئەو یاسایە جێ بەجێ دەكرێت، بەڵام پەرەپێدانی پارێزگاكان بەڕێزان ئەمساڵ بەهۆی ئەم وەزعەی پەرلەمانەوە خۆی فەلسەفەی پەرەپێدانی پارێزگاكان لەگەڵ فەلسەفەی میزانیەی گشتی فەرقی هەیە، ئەمە بۆ ئەو نەوعە پرۆژانەیە كە بچووك بن و سورعەتی تەنفیزی تێدا بێت و بە بڕیاری ئەنجومەنی پارێزگا بە بڕیاری ئەوانەی كە زیاتر

لە خوارەوە نـزیکن بتـوانن بڕیاریـان لەسـەر بـدەن، ئەمسـاڵ بـە داخـەوە لـەکاتێك دا کـە لـە هـەموو عـیراق پرۆژەکانی پەرەپێدانی پارێزگاکان ئێستا لەژێر جێ بەجێ کردندان، ئەمڕۆ $5/22$ پەرەپێدانی پارێزگاکـان هێشتا لێرە ڕاوەستاوەو هیچ محافەزەیەك لە محافەزەکانی هەرێمی کوردسـتان دەسـتیان بـە تـەنفیزی هـیچ پرۆژەیەك نەکردووە، کە ئەمەش بەڕاستی نەك هەر ئەمساڵ سوپاستان دەکەم کە گەڕاندتانەوە، ئەمە هەر نابێ تیکرار ببێت بۆ ساڵانی ئایندەش، چونکە زەرەری زۆرە، ئینجا لەناو ئەوێدا ئەگەر پـرۆژەی کشـتوکاڵی هەبێـت یان نەبێ بەڕێز کاك جلال ئـەوان بـە شـکلێکی عـام لـەو پرۆژانـە سـەرف دەکرێـت کـە خـەرجیاتی سەریعە، لە قیرتاو کردنی شەقامەکانی ناو گەڕەکەکان، لە پـرۆژەی ئـاوی ئـاوەڕۆیی چـوو، لـە ڕەسـیفە و لـە کڕینی محاویلەیەکە بۆ گەڕەکێك، پرۆژەی کشتوکاڵ زیاتر هەم وەختی دەوێت و هەم لـە مەسـەلەی تەنـدەر و هەم لەمەسەلەی تەنفیز کردن و هـەم هـەتا ئەخیرەکـەی ئـەوە بـێ سـەبەبەکەی مـن پشـتیوانی جـەنابت دەکەم بە شێوەیەکی عام، ئێمە زیاتر لە هەموو لایەك زیاتر ڕووبکەینە پرۆژەکـانی کشـتوکاڵ، بـۆ ئاگـاداری جەنابت دوایی لە سلایدەکانیش پیشان دەدەم، ئێستا مەسەلەن وەزارەتی کشتوکاڵ یەکێکە لەو وەزارەتانـەی کـە سـەرف کردنـی پـارە لـەوێ خـۆی لەخۆیـدا بەتیئـە، لەبەرئـەوە بـەعزێك جـار دەبینـی کـە تەخسیسـات دەکرێت یەکسەر وئەگەر مەجالی ئەگەر ئەسرارێکی، بەرنامەیەکی زۆر وازح نەبێت، بـەعزێك جـار غـەدری ئەوەشی لێ دەکرێت، ئێستا بۆ نموونە لە هـەموو کوردسـتان بـە دەقیقـی $12$ سـەد و بەنـداو لـە کوردسـتان ئێستا لەژێر جێ بەجێ کردن دایەو دوو دانـە تـەواو بـووە، کۆی گشـتی مەبلـەغی موخەسـەس بـۆ ئەمانـە، تەبعەن لەناو بەردەوامەکاندا $110$ ملیار دینارە کە دەکاتە نزیکەی $100$ ملیۆن دۆلار، هەروەها $28$ پرۆژە بەنداوی تر لەژێر تەسمیم و توێژینەوە ودیزاین دایە، کوێستان خـان ئامـاژەی بـە پـرۆژەی ئـاوەڕۆی شـاری هەولێر کرد ڕاستە، ئێمە مەبلەغەکەی زۆرە، هەموو ساڵیش ئـەو کێشـەیە دێتـە پێشـەوە، ئەمسـاڵ شـتێکی کەم تەخسیس کراوە، ئەویش لە کەندی هەولێرەوە، ئەگەر لەوێوە پرۆژەکـە چ لـەم سـەرەوە تەماشـا بکـات، یـان چ لـەوێوە، لـەوێوە نزیکـەی $20$ ملیـار دینـار بـۆ دروسـت کردنـی بـا بڵـێین ئـاوەڕۆی سـندوقی ئەوانـە تەخسیس کراوە، بەڵام ئەمساڵ چاومان لێیە، ئەگەر هەر بڕێکـی پـارەی تـەکمیلی هـەبێ پرۆژەکـە لـە کـۆی گشتی بە حەفت سەد ملیۆن دۆلار تەخسیس کراوە، وەزارەتی شارەوانی بەرپرسە لـەوەی کـە ئایـا هـەمووی وەکو یـەك پاکـەت ئینتـزار بکـات و یـەك پاکـەت تـەنفیز؟ یـانیش لەلایـەنی هەندەسـیەوە وای لێ بکـات کـە بەمەراحل و بە ئەجزائی و بە ئەقسام بکرێـت قـابلی تـەنفیز بـێتن، هـەتا زیـاتریش بـەرەو ئـەو بۆچـوونە دەچین، چونکە ئەو ساڵ تەوەقوعی ئەوەیان دەکرد ئەو دیزاینەی کەلەلای خۆیان زۆر قابلی تەقسیم نەبوو لە ئەسنای پرۆسەی تەندەری بکات بۆ ئەوەی بدرێت بە مەجموعەیەك، ئەمساڵیش دەنگۆی ئەوە هەبوو کە مـومکین بـێتن چـەند لایـەنێك بـەڕەسمی عـەرزی قروزیـان دەکـرد لەسـەر حکومـەتی هـەرێمی کوردسـتان بەعزێك لەوانە بە تایبەتیش دوای کردنەوەی ئەم هـەموو قونسوڵخانە و بـا بڵـێین نوێنەرایـەتی بیـانی لـە هەرێمی کوردستان ئـەو پرۆسـەیە بـەرەو ئـەوە دەچـوو ئـەوان چـاوێکیان لەسـەر ئـەوە بـوو ئەگـەر بکرێـت مەسەلەن لـە یـەکێك لـە قروزەکـان ئیسـتفادەی لێ بکـەن، ئـەو پرۆژانـەی کـە جـەنابت ئیشـارەت پـێ دا کـە

1275 پرۆژەی ساڵی 2010 بە کۆی گشتی 340 ملیار دینار ئەوە تەبیعی، بەهەرحاڵ من لەگەڵ پێشی ئەوەی کە جەلسات دەست پێ بکات ئاخر جار کە لەگەڵ لیژنەی دارایی و ئابوروی کە زۆر سوپاسیان دەکەم بەڕاستی بەوپەڕی خەمخۆریەوە بۆ ئەوەی کە بابڵێین ئیشەکە تەتویر بکرێت و ئەگەر هەر شتێك لە هەر جانبێکەوە هەبێت ئەوەش تەبعەن ئەوە بۆ ئێمە شتێکی زۆر باشە، ئەو پرۆژانەی کە وەکو هی تر باسمان کرد 134 پرۆژە کۆمەڵێك پرۆژە هەیە کە لەمانگی 12 و مانگی یەکی ئەمساڵەوە بە عەمەلی سەرفیاتی لەسەر کراوە، لەلای ئێمە پرۆژە ئەو کاتە عینوانی دەبێت دەبێتە بەردەوام لەوپرۆژەی کە ئەم پەرلەمانە بەرێزە موسادەقەی لەسەر میزانیە کرد هەموو پرۆژەکان لای ئێمە دەبنە بەردەوام، ئینجا نسبەتی ئینجازیان سفر بێت، نسبەتی سەرف کردنی پارەیان سفر بێت عینوانەکەی ئەوەیە ئەگەر عنوانەکە موناسب نیە با بیگۆڕین، ئەمە خۆی بەم شکلەیە، لەپرۆژەکانی پار ئەوانەی کە لەو پرۆژانەی کە ئیسارە کراون وکە موسادەقەی لەسەر کراوە بەعزێك لەو پرۆژانە کەوتووەتە بواری سەرف کردنی سلفەی یەکەم و ئەوانە و بەعزێکیش ئێستا ئیحالە کراوە و لە مەراحلی کۆتایی دایە، بەڵام ئەمانە هەمووی بەردەوامە، ئەم پرۆسەیە داینەمیکیەتی تێدایە، ئەمە بە بەردەوام موتەغیراتە، هەر لە سەر ئەو ئەساسە من لیژنەی بەرێز کاك د.ئاراس و بەرێز کاك خورشید و برادەرانی تر بەرێز کاك عمر من لە جەلەساتی پێشوو تر کە دانیشتین وابزانم جەلسەیەکیان کاك سمیریش لەوێ بوو، ئێمە وتمان کاکە ئێمە ئەوەی کە ناردوومانە ئەو لیستەیە هی 1/17 ەو کتێبەکەشتان پیشان دەدەم، تۆزێکی تر 1/17 ئەمڕۆ 5/22 ەو پرۆژەی بەردەوام بۆیە ناوی بەردەوامە، چونکە بە ئیستمرار سەرفی لەسەرە، وتم ئەو مەوقفە بووە بڕاوە ئەوەی کە ئێوە دەیڵێن، چونکە هەمان سوئالی کوێستان خان لیژنەی دارایی و ئابووری لە ئێمەی کرد پێشی 20 ڕۆژ، وتم ئەم 1275 ەی کە جەنابت باسی لێ ئەکەی کە نەکەوتوونەتە بواری بابڵێین سەرف کردنی پارەوە یان سولەفی یەکەم و سولەفی دووەم و ئەوانە ئەو ڕەقەمە ئێستا گۆڕاوە، ئەبەد دەیەکی نوێتان بدەمێ، چونکە من کە لیستی پرۆژەکان لە 1/17 ەوە لە وەزارەتی پلاندانانەوە دەرچوو و چووە وەزارەتی دارایی و لەوێوە بۆ سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران و ئینجا هاتە لای ئێوە بۆ پەرلەمان وەکو مسوەدەی یاسای بودجەی 2011، ئیش لەلای ئێمە ڕانەوەستاوە، ئێمە بەردەوام بووین و هەروەها لە وەزارەتەکان ئەم ئەرقامانە هەمووی گۆڕاون ئێستا، لیژنەی دارایی ڕەئیان وابوو وتیان وەڵاهی ئەگەر ئێوە و وتم من ئەبدەیتەکە دەتوانم بۆتان بنێرم، ئێمە سێ مانگ جارێك ئەبدێتێکی ڕەسمیمان هەیە کامل مرەتەب، هیچ کێشەشمان نیە، وتیان ئەگەر بی هێنن ئیحتیمالە ببێتە باعسی لەبەر ئەوەی ژمارە گۆڕاوە، تەبعەن ژمارە گۆڕاوە، وتم ئەگەر حەز ئەکەن بەس بە باس کردنی باسی بکەم، حەز ئەکەن بە کیتابی ڕەسمی دەینێرم لەسەر داوای ئەوان ئێمە نازانم لە 5/12 وابزانم لە 5/12 لیستێکی نوێمان نارد، ئەو لیستە وابزانم تەوزیع کرا لەسەر بەرێزتان وە لەوێ ئەم مەعلوماتانە وانین ئێستا لەوێ نزیکەی نۆ سەد و بیست پرۆژەیە ئێستا یەعنی سێ سەدی تری لێکەوتۆتە بواری تەنفیزەوە، ئەم برە پارانە هەمووی گۆڕاون ئەم مبالەغانە ئێستا کە من قسە دەکەم لە 5/12 هەتا ئێستا بە تەئکید موقفەکە دیسان گۆڕاوە، بەرێزیان ئیشارەتی بەوە دا کە پرۆژە

هەیە کە پێشتر نەبووە هەر کەسێك مقارەنەی ئەمانەی ئەمساڵ بکات لەگەڵ هی پار ئەو حەقیقەتە دەرك دەکاتن ئێمە بەسەراحەت پرۆژەی وا هەیە کە دێت بە هەر سەبەبێك بێت، بەڵام بە موافەقاتی رەسمی دێت ئێمە کە داخلی دەکەین ئیتر سەبەبەکەی حاڵەتێکی طارئ بێت ئەگەر سەبەبەکەی حاڵەتێکی طارئ نەبێتن، بەڵام بە قەنەواتی رەسمی خۆی کە لە رێگای سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانەوە بۆ ئێمە هات، تەبعەن ئەگەر من بە نسبە وەریان بگرم ئیحتیمالە ئەو حاڵەتانە ئەگەر باسی پێشنیارەکان بکەم یان ئەگەر باسی بەردەوامەکان بکەم، یان ئەگەر باسی هەردوو کیان بکەم کە بە هەردووکیان دەکەنە سێ هەزار پرۆژە ئیحتیماله ئەمانە $1\%$ بن $2\%$ شتێکی وا بێت، بەڵام هەیە حاڵەتی واش هەیە کوێستان خان دەڵی پرۆژە هەیە کە شێست پرۆژە، بەڵام ساڵی دوو ساڵی بۆ کراوە شێست ملیۆنە؟ نەء، بە هەر حاڵ ئەم پرسیارەش لیژنەی دارایی و ئابووری پێشی مناقەشاتی پەرلەمان بە ئێمەیان وت و سێ حاڵەت هەبوون وە هەرسێکیمان چاك کرد یەعنی بەڵام سێ حاڵەتەکەش پردی کلاو سووران لە رانیە بووە، دوو سەد رۆژ، پردی قەسرۆك بووە، سێ سەد و پەنجا رۆژ، پردی سەر کەپکان چوار سەد رۆژە پرۆژە هەیە ماوەکەی ساڵێکە، بەڵام پارەکەی تەقسیم بووە ئەوە لە ئەوقاف لە وەزارەتی ئەوقاف هەبووە کە ئەویش بە عەکسەوە بووە بەڵام خۆی چاککراوە ئەو پرۆژانەی کە پارەکەی چل و یەك ملیاری بۆ دانراوە یەعنی وا بزانم پێویستیش ناکات باسی بکەم ئەمە بەو چل و پێنج ملیارە تەواو ناکرێت کە بۆی دانراوە، بۆ شتێکی معەیەنە، وە ئیحتیماله ساڵی ئاینده چل و چوار ملیاری بۆ دابنرێت ئەو سا بە دوو ساڵ تەواو ئەبێت نەك بە چل و پێنج ساڵ وە بە تایبەتیش کە ئێمە بە حەقەت دێینە سەر پرۆژە پێشنیارکراوەکان، خۆ ئەمە وەکو باسم کرد، تەوەقوعاتی ئێمە لەسەر بەعزێ شتی عەمەلییە بەرنامە دانانی ئێمە لەسەر شتی عەمەلییە ئێمە ئێستا هەڵناسین کە پرۆژەیەك چل و پێنج ملیاری بوێت کە ئێستا مانگی شەشە، نهایەتی پێنجە هێشتا ئێمە لە موناقەشات داین، ئێمە چل و پێنج ملیاری بۆ دابنێین لەسەر ئەو ئەساسەی لە چوار مانگی ئاینده چل و پێنج ملیار سەرف دەکرێت یان بۆ ئەوەی بڵێین ئیشەکە زۆر مەنتقییە پارەکەیمان تەخصیص کرد، ساڵ تەواو بێتن، بەڵام دوو ملیاریش سەرف نەبووبێتن تەوقوعاتی ئێمە ئەوەیە ئەو پرۆژەیە بە نسبەتی ئەو پرۆژەیە ئیحتیماله مانگی یانزە یان دوانزە بکەوێتە هەموو شتێك بە رێك و پێکی بڕوات بکەوێتە مەرحەلەی ئیحالەوە، بەڕێز کاك عمر عزیز نەبوونی ستراتیجی ئابووری، وابزانم باسم کرد ئەڵێت عینوانی ستراتیجیەتی ئەم ساڵ چیە؟ بۆت تیکراری دەکەمەوە کارەبا، پرۆژە راستەوخۆکان ئەڵێت زۆرن وەکو رێژە، پرۆژەی راستەوخۆ وەکو رێژە تەبعەن یان با بڵێین پرۆژەی راستەوخۆ بۆ چی هەیە؟ بەرێزان پرۆژەی راستەوخۆش هەم قانوونی خۆی هەیە وە هەم ئسوڵی خۆی هەیە وە هەم یاسا رێگای پێداوە یەعنی تەنفیز مباشر ئەو بەرێزانەی لەناو کاروباری حکومەت دابووبن یان بابڵێین مارەسەیان کردبێت تەنفیزی مباشر شتێکی شەرعییە یەعنی ئەوە نیە بڵێین مەمنوعە نابێت بکرێتن هەر حاڵەتێکیش حەتمەن بەپێی حاڵەتەکەی خۆی دەبێت سەبەبی هەبێت بەلام تەنفیز مباشر یەعنی ئەگەر ئەمە کۆمەڵێك پرسیاری لەم بابەتانە پەیوەندییان بە تەنفیز هەیە، ئێمە لە موناقەشەی

پرۆژە یاسایەکین کە خوتەکان تەماشا دەکرێت یان تەقیم دەکرێت مەسائیلی تەنفیز و ئەمانە لە شوێنی تریش دەکرێت متابەعە بکرێت، سیاسەتی حکومەتی هەرێم بۆ کشتوکاڵ چیە؟ کەرتی کشتوکاڵ سیاسەتی حکومەتی هەرێم هەر لە بەرێز جەنابی سەرۆکی هەرێمەوە بگرە هەتا سەرۆکایەتی حکومەت هەتا بابڵێین تەوەجوهی عام وابزانم لە بەرنامەی لیستی کوردستانیش ئینتیخابات بە تەسەوەری من لە هەموو لیستەکانی تریش کەرتی کشتوکاڵ لە بەرچاوە و گرنگی پێدراوە، بەلام بەعزێ جاریش کە تەقیم دەکرێتن بە شێوازی موختەلف تەقیم دەکرێت بۆ نموونە من هەر پێش ئەوەی دەست بە قسە بکەم کە کەرتی کشتوکاڵ رەنگە جەنابت بە چەندین شێوە تەقیمت کردبێت، دەتوانی بڵێین وەزارەتی کشتوکاڵ پلانێکی پێنج ساڵەی هەبووە کە ئەم پلانە دوا کەوتووە ،یان بە شێوازێکی مناسب تەمویل نەکراوە، بەلام لە هەمان کاتیشدا مومکینە وەزارەتی کشتوکاڵ خۆشیان دەرك بەوە دەکەن کە ئەو پلانەی کە دایان نابوو کە نزیکەی دوو ملیار دۆلاریان دانابوو لە خیلالی پێنج ساڵ بێتە بەردەستی کەرتی کشتوکاڵ و ئەو بەرنامەیە تەنفیز بکە کە دوای ساڵی یەکەم بۆیان دەرچوو کە ئەو تەمویلە مومکن نیە کە جوزئێکیان دانابوو لە قیتاعی حکومەتەوە جوزئێکیشیان لە کەرتی تایبەتەوە کە تەمویلیان بکەن لەبەر ئەوە ئەوان ئێستا بەرنامەکانیان کە موراجەعەیان کرد، کە موراجەعەی خوتە پێنج ساڵییەکەی خۆیان کرد هەندێك لە بەرنامەکانیان گۆڕی ئێستا تەرکیزیان زیاتر لەسەر با بڵێین بەعزێك شتە، کڕینی گەنم و جۆ وابزانم هەر لە خوتەکەی ئەوان هەیە کە لە شوێنێکی تر ئەو رەقەمانەی چارەسەر دەکرێتن کە لە خوتەکەی ئەوان ئەسڵەن ئینعیکاس نابێتەوە، بۆ نموونە ئەوەی کە پێشی ئێستا باسم کرد مەسەلەی قەرزی سلفەی عەقار بۆ گوندەکان کە گوندەکان پەیوەندییان بە کەرتی کشتوکاڵەوە هەیە لە خوتەی خەمسی ئەوان دانیە کە دەڵێ پار شەش ملیاریش سەرف کراوە، ئەم ژمارانە تەبعەن، ئەم رەقەمانە بەرێزان هی وەزارەتی داراییە ئەمە عیلاقەی بە کەرتی کشتوکاڵ هەیە چونکە ئێمە خۆ لە گوندەکانی ئێمە سیناعات نیە، ئەگەر شتێك هەبێت و وجودی هەبێت ژمارە یەك کە بەشی هەرە زۆری کشتوکاڵە، ئەنجا دوای ئەوە ئەگەر شتێکی کەم بۆ سیاحە و ئەوانە هەبێتن هەروەها مەخسەدی من لێرە چیە؟ کە تەقیمی کەرتی زراعە دەکەین کەرتی زراعە بە مەشروعەکانی ئێمە تەقیم دەکەین، بەرێزتان سەیری پڕۆژەکانی وەزارەتی زراعە دەکەن، بەلام لێرە کەس باسی قەرزی زراعی ناکات مەسەلەن کە نزیکەی سەد ملیار دینار پار بۆ پڕۆژەکانی قەرزی زراعی چووە کە لەوێ میزانیەی تەشغیلی دەرچووە، بەلام پەیوەندیی هەیە بە کەرتی زراعەت وەکو پڕۆژە ،چونکە سەد ملیار دینار ئەگەر تەرجومە بکرێتە ژمارە چونکە ئەمە بەحەقەت ببێتە هۆی ئەوەی کە وەزیری کشتوکاڵ زیاتر رووناکی بخاتە سەر، چونکە ئەگەر سەد ملیار دینار قەرزی زراعی پار بخرێتە تەرجوومە بکرێتە ژمارەی پڕۆژەی ریز بەندی بکرێن کە ئەمانە هەر هەموویان بە قەرز دراوەتی کەرتی تایبەتی ئەوەی کە لێرە هەیە پڕۆژەکانی حکومەتن، ئێستا تەرکیز لەسەر مەسرەفی زراعی و قەرزی عەقاری بۆ گوندەکان و پڕۆژەی ئاودێری بچووك و بەندا و ئاودرێری، بە تایبەتی بەعزێ شوێنی گەورەی وەکو دەشتی شەمامك و مەوزوعی مەخازنی موبەرەد کە ئێستا ئەمانە زیاتر لەسەر ئەولەویاتی ئەوانن،

بەڕێز کاك عبدالقادر أكرام بودجەی وەبەرهێنانی زیادی کردووە مقارەنەتەن بە پار وەکو ژمارە بەڵێ ئەمە لە چەندین لاوە دەتوانین تەقیمی بکەین، وەکو بەعزێك لە بەڕێزەکان ئەڵێن ئـەوە تـەمویلی ئـەم پڕۆژانـە بەعزێکیان هی بەردەوامەکانە کە ئەمساڵ تەمویل دەکرێت ئەوە راستە و دروستە، بەعزێکی تر ئەگـەر بـە شێوازێکی تر سەیری پڕۆژەکە بکەیت 2007 و هەشت و نۆ و یانزە سەیری بکەین هەموو ساڵێك ئەو بـڕە پارەیەی کە دانـراوە کۆی گشـتی ئـەم پارانـە چـەندە ئەگـەر هاتو تەنانـەت بـابڵێین پـار لـەو مەبلەغـە کـە سەرفیش نەکرا بەڵام ئەمانە خۆ هەمووی بوونەتە ئیلیزامات لەسەر حکومـەت یـەعنی ئەمانـە لـە واقیعـدا هەن و لێرە عەرز دەکرێن و موصادەقەی لەسەر دەکرێت و کاك دڵشاد شەهاب ئەڵێ پـڕۆژە هەیـە ماوەکـەی دوو ساڵە، بەڵام 10٪ی بۆ دانراوە وابزانم سەبەبەکەم شەرح کرد، بەڵام چارەسەرکردنەکەی دیسان لیژنەی دارایی و ئابووری پێشی دەست پێکردنی موناقەشات تەرحێکیان هەبوو کە ئـەو پڕۆژانـە ئەسـلەن ئەوانـەی کە 7٪ کەمتریان بۆ دانراوە لابرێن، بـەڵام دوایـی کـە بـاس هاتـە سـەر ئـەوەی کـەوا ئیحتیمـالی ئـەوە هەیـە بەعزێ فەقەراتی تەشغیلی ببڕن، ئێمە موافق بووین لەسەر ئەوەی کە ئەسڵەن ئـەو پڕۆژانـەش لابـرێن بـە سەبەبی ئەوەی کە وای لێهاتبوو بۆچی هێنامان هەتا لای ئەوان تەنها مەوزوعی کارەبا بوو، بەڵام دواتر کـە باس هاتە سەر ئەوەی کە مومکینەشتێك لـە تەشـغیلی بـبڕێتن ئیزافـە بکرێتـە سـەر مەشـاریعەکان ئێمـەش پێمان خۆش بوو کە بمێنێت ،پرسیاری کاك دڵشاد ئەڵێ پڕۆژەکـانی 2003 هـەتا 2005 تـا کـەی کۆتاییـان پێ دێت؟ ئەگەر بە کورتی جەوابت دەوێت پێت دەڵێم هەتا نیهایەتی ئەمساڵ ئەگەر بە تەمسیلێ دەتـەوێت جـەنابت دوایـی کـە هاتمـە لای سلایدەکان باسـی دەکـەم، پـڕۆژە هەیـە کـە تـۆ سـەحب عمـل ئیشـی دەکـەی مەحکەمە بڕیاری دابێتن سەحب عەمەلی کردبێت ئێمە لێرەش لەگەڵ سـەرۆکایەتی ئەنجومـەنی وەزیـران، لەگەڵ بەڕێوەبەری گشتی کاروبـاری یاسـایی، لەگـەل بـەڕێزان لـە پەرلـەمانیش، لەگەڵ لیژنـەی دارایـی مـن مانگی دوازدە و یەکی ئەمساڵ ئەو حیوارەم کرد وتم بەعزێکیان راوەستاوە پارەیەکی کەم لـە تەئمیناتـە لـە هەرچییەك بێت لە شوێنێك ماوەتەوە کە خەرج نەکراوە، مالییەن وەزارەتی دارایی ناتوانێتن ئەمانە غەلق بکاتن، ئەمانە هەر ناوی دەمێنێتـەوە پـڕۆژەی بـەردەوام ئەمـە بەعزێکیانـە، تەبعـەن، هەیـە مەوزوعەکـەی حیکایەتەکی بە نەوعێکی ترە ئەمانە کێ صەلاحیاتی هەیە ئەمانە شەتب بکات هەیە تـەواو بـووە بـا بڵێن خەلەلەکە روویداوە سەحب عمل کراوە مەحکەمـەش حـوکمی خـۆی صـادر کـردووە بـەڵام موقـاولیش بـۆی هەیە هەر تەمیزی بکاتن بیئەی سەبەب ئیمکان مەسەلەن هەیە بەو شکلەیە مەسەلەن کە ئەمانە بەعزێك بڕیاری یاسایی پێدەوێتن بەعزێك قەراراتی پێدەوێتن کە مومکنە لـە صـەلاحیاتی ئێمـە نـەبێت لـە مـانگی خۆی بۆ مەعلوماتی جەنابتان ئەمانە خۆی ژمارەیان لەوە زۆر زیاتر بووە ئێستا شەست و هەشتە بـە بـڕی شەست و یەك ملیار وابزانم نزیکەی سەد و چل دانەش من بە ئەمرێکی رەسمی صەلاحیات بـە مـن درا کـە ئەوانەی هەتا پێنج سەد ملیۆن دینار ئەگـەر کێشـەیان لەسـەر بێـت موزوعـەکان، یـەعنی ئـەو مەشـروعانە چارەسـەر بکـەین ئـەوەی کـە مەبلەغەکـەی هـەتا ئـەو حـەدە بـێتن و نزیکـەی هـەتا حـەفتا، هەشـتا مەشروعیشمان چارەسـەر کـرد، بـەڵام پـێم وایـە نـەماون لەبـەر ئـەوە ئێمـە یـەعنی هـەر ئەوەنـدە کـە بـۆ

نیهایەتی ئەمساڵ 95٪ ئەمانە چارەسەر دەبێت بەڕێز کاك ئیسماعیل پرسیاری لەسەر ئەوەبوو کە ئاسایشی سلێمانی بۆچی پڕۆژەیان نیە؟ وە دەبێت بە هەندی وەربگرین لەبەر ئەوەی حەتمەن ئێمە وەکو بەڕێز وەزیری داراییش ئاماژەی پێدا مەسائیلی ئاسایش و سەقامگیری هەرێمی کوردستان چ لە تەشغیلی بێت چ لە پڕۆژەکانی وەبەرهێنان بێتن شتێکی گرنگە سەببەبەکەی چیە کە بۆ بۆمان دانەناوە، چونکە ئەوان یەك پڕۆژەیان هەبوو پڕۆژەکەشیان درەنگ نارد بە حەقەت پڕۆژەکەیان وابزانم لە 4/20 نارد یان شتێکی وابوو لە نیهایەتی مانگی چوار دا بوو ئێستا بابڵێین لەو ئیزافاتەی لە بودجەی تەشغیلی دەکرێت بۆ سەر ئیستسماری ئێمە حازرین کە ئەگەر مومکن بێتن چارەسەری بکەین، چونکە بەراستی گرنگە، بەڕێز کاك عبدالرحمن سوئالەکەی لەسەر ئەوە بوو کە پڕۆژەکان هەر بەشە و بە جۆرێك ریکخراوە و تێکەڵاوی تێدایە و وابزانم جەداولەکان وازحن، تێکەڵاوی ئەگەر غەڵتەی مەتبەعیش هەبێتن مەقبولە و ئەگەر تیکراریش هەبێتن ئەمساڵ ئەبێت بەڕێزتان ئەو شەهادەتە بدەن ئەگەر تیکرارێکیش هەبووبێت ئەوە شتێکی کەمە و بەڵام في نهایەش ئێمە باسی خوتە دەکەین، باسی تەنفید ناکەین پڕۆژەیەك کە ناوی لە دوو شوێن تیکرارە، نەدووجار پارەکەی سەرف دەکرێت، نەحیسابیەن نە ئەوە مومکنە مەخسەد لێی ئەو رەقەمە ئەوە بۆیە ئیش وا مناقەشەدەکرێت بۆ ئەوەی ئەم ئیشانە چارەسەر بکرێت، بەتایبەتیش تیکرارەکان لە لیستی پڕۆژەکانی پەرەپێدانی پارێزگای سلێمانی، بەو شکلە هاتووە لەبەر ئەوەی تاکو ئێستا رەنگە دوو جار تا پێنج جار لیستی پڕۆژەکانیان گۆڕیوە وە ئاخر جار وابزانم هەر بە شلێر خان ناردبوویان یەعنی کە قەناتی مەسەلەن ئەوەی کە ئەوان لیستەکان بنێرن بۆ ئێمە بەشێوەیەکی تر و پڕۆژەکانیان کە گۆڕیوە یەعنی ئەوە چەندین جار باسی مزگەوتێکی معەیەن دەکەن تکرارەکە لای ئەوان بوو دیسان دەڵێم پێشی جەلساتی پەرلەمان ئێمە چەندین چارەسەرمان کردووە لەم رۆژانەش بیستم بە تەمان گۆڕانکاری تر بکەن لە لیستەکە، دوێنێ بیستم هیوادارم زۆر هین نەبێتن رای زۆربەی بەڕێزان وایە کە لیستی پەرەپێدان ئەو حوریەتە بدرێت بە ئەنجومەنی پارێزگاکان بۆ ئەوەی خۆیان بڕیار بدەن، بەڕێز کاك بلال سلێمان نازانم باسی پڕۆژەی وەهمی کرد وتی لابرێت، من لێرە ئەمە ئەڵێمەوە داوام لە بەڕێز سەرۆکایەتی پەرلەمان ئەوەیە کە ئەگەر کەلیماتی وا بەکاربێت ئەبێت تەوزیحەکەی و ناوی پڕۆژەکە تەحدید بکرێت یان ئەگەر نا من ئەمە ناکرێتن بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان بەڕێز کاك بلال یەعنی من لێرە ئەم قسەیە تکرار بێتەوە سێ هەزار پڕۆژە هەیە بە ناو بە جەدوەلێکی ئیکسل هاتۆتە بەردەستی بەڕێزتان دوو هەزار و سێ سەد و سی و چوار پڕۆژەی پێشنیار کراو دەکاتە نزیکەی دوو هەزار و پێنج سەد پڕۆژە ئەمانە بە جەدوەلێکی ئێکسل کە ژمارە، ناوی پڕۆژە لە پارێزگا و لە قەزا و لە ناحیە حەدلئیمکان گوند ئەگەر ناوی هاتبێتن دیقەتی ئەوە لەگەڵ کۆمەڵێك مەجموعە زانیارییەکی تر دێت بۆ لای بەڕێزتان هەر یەکێك لەمانەش ئیحتیمالە دە ئەوەندە ئەوەلیات و تەفاسیلی لای ئێمە و لای وەزارەتە مەعەنییەکان هەیە، ئەنجا پڕۆژە وەهمییەکان کە لەسەر تەلەفزیۆن دەڵێی لابرێن وە کەئنەهو لە دوو هەزار و هەشت سەد پڕۆژە دوو هەزار و پێنج سەدی وەهمیە و سێ سەدیشی بەراستی ئەمە مناقەشەکردنی پڕۆژە یاسای

بودجە بەم شكلە ناكرێت، ئەگەر وایە ئەگەر پڕۆژەی وەهمی هەیە دەبێ بەڕێزت ئێمە بدەیتە مەحكەمە دەبی'ئەو حوكمەتە بانگ بكەیت، خصوصەن لەسەر ئەو مەوزوعە ئەگەر پڕۆژەیەك هەیە كە سوء تفاهم هەیە جەنابت تەسەور ئەكەیت پردێكە كە بەسەری دادێی و دەچی دەڵێی تەواو بووە، بەس لێرە هێشتا پەنجا ملیۆن دیناری بۆ دانراوە كە پەنجا ملیۆن دینار بە نسبەت ئیشێكی وا ناكاتە هیچ، ئیحتیمالە ئەو تەئمیناتە دوو ساڵی تریش هەر لەویٚ بمێنێتەوە، ئەوە مەوزوعێكی ترە لەبەر ئەوەی كە غەلقی پڕۆژە یەعنی ئەگەر جەنابت بەوە بڵێیت پڕۆژەی وەهمی، چونكە تەواو بووە ئێستا وا پارەی بۆ دائەنێن، ئەبێت جەنابت بچیت لەسەر ئەو پڕۆژەیە حساباتی شتی دەربێنی بزانی فعلەن ئەمە وایە، ئەگەر وایە تەواو بە هەر شكلێك جەنابت كە هەر پرسیارێك بۆ من ئەنێری بە نووسراوی رەسمی كە لە سەرۆكایەتی پەرلەمانە بۆ من دێت بەپێی یاسا، بەپێی پەیڕەوی ناوخۆی خودی ئەم پەرلەمانە بەڕێزە، بەپێی تەعلیماتی حكومەتی هەرێمی كوردستان، من لەماوەی دوو هەفتەدا دەبێ جەوابی جەنابت بدەمەوە باشە كە توو جەنابت ئەم هینەت هەیە بۆ هەڵی ئەگری بۆ رۆژی موناقەشەكردنی پڕۆژە یاسا ،ئەمە بۆ وەختێكی تر ئەم مەوزووعە لە خیلالی دوازدە مانگی ساڵ دیراسەی ناكەی بۆ بە نووسراوی رەسمی وەزیری ئاوەدانكردنەوە یان شارەوانی نووسراوی بۆ نەچێت؟ بڵێ كاكە ئەم پڕۆژەیەی جەنابت ئەوە حاڵیەتی یەعنی من تێناگەم ئەم نەوعە سوئالانە لەكاتی موناقەشەكردنی پڕۆژە یاسای بودجەدا چەند بەسوود دەبێت وە ئەنجا بەهەر حاڵ جەنابت وا دەڵێی من مەعلوماتم پێیە حەز دەكەم بە فەرمی بیدەیە بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان بەس دیسانە وە تیكرار دەكەم ئەگەر هاتوو شتی یەعنی لە بەكارهێنانی دەستەواژە تكام وایە ئێمە چونكە خەڵكێیكین هەمووممان بەرپرسیاریمان هەیە بەپێی یاسا بەرپرسیارەتیمان هەیە، چ ئێوە كە هەڵبژێردراون، چ ئێوە متمانەتان بە ئێمە داوە لەبەر ئەوە كە هەر دەستەواژەیەكی بە كاردێتن ئەگەر قەتعییە ئەوە جودایە، ئەگەر وانیە، ئەوە پەرەپێدانی پارێزگاكان كە بەڕێزیان دەڵێت دوو سەد و نەوەد و هەشت ملیارە نەك دوو سەد و نەوەد و یەك ئێمە ئەو ژمارەیە هەر لە هۆڵی پەرلەماندا ئەو موناقەشەیە كرا من نازانم چونكە ئێمە ژمارە لەوەزارەتی دارایی و ئابووری وەردەگرین، وەزارەتی داراییش وەكو بەڕێز وەزیری دارایی ئاماژەی پێكرد بە چەندین شێواز لە بەغداوە وەرگیراوە، تەنانەت بەعزێك جار ئەم پەیوەندییەی لە بەینی حكومەتی هەرێمی كوردستان و حكومەتی عێراقی فیدراڵ'هەیە شاراوە نیە، یەعنی هیچ شتێكی ئەسرار نیە كە لێرە بیشارینەوە كە بابڵێین علاقاتەكە بە شێوازێكە كە زۆر جار تەعاونی تێدا نیە، بەعزێك جار لە هەندێك بوارە لە بواری مالیەدا وەكو بەڕێز وەزیری دارایی ئاماژەی پێدا هەندێك زانیاری هەیە ئێمە لە پەرلەمانی بەغدا وەریدەگرین، هەندێك لە حكومەت وەردەگرین، هەندێك هەیە لە جەریدە دەیبسینەوە، ئەگەر داوام لە وەزارەتی دارایی و ئابووری ئەوەیە ئەگەر پەرەپێدانی پارێزگاكان دوو سەد و نەوەد و یەك ملیار نیە بەپێی ئەو برێك داونەی لە بەغدا دوو سەد و نەوەد و هەشتە تكایە چارەسەر بكرێت، بەڕێز بەیان أحمد حەسەن جەنابت بێژتن بە پێی مەعایری نێو دەولەتی بت 70٪ بۆپڕۆژەییێن وەبەرهێنان بن تەبعەن چو مناقەشە تێدا نینە كو هەر چەندە بۆ

پـرۆژەییێن وەبـەرهێنان بـۆ مەشـاریعی ژێرخـانێ ئـابووری بێنـە تەخسـیس کـرن حەتمـەن هـەر باشـترەش مەساریفی تەشغیلی کو چن و چ تشتەك ناهێنە جهێ وی، بـەس ئـەو معـایرێ کـو دبێـژن 70٪ ڤێـت بـۆ وەبەرهێنان بن ئەگەر زەحمەت نەبت ئەو کیش مەعایرن؟ باشە، بـەس هـیچ مـن علـم نینـە کـو مەسـەلەن پێوەرەکێ نێڤ دەولەتی هەبتن بێژتن کو مـەفروزە وەهـا بـتن، مـەفروزە مەشـاریع زۆر بـن مـەفروزە ژێـر خانی ئابووری پتر ئیهتیمام پێ بێتەدان، بەس هیچ معیارەك نیە کو تو دبێژی مەسەلەن ئەوە 70٪ کـەمتر نەبت وە ئیلا خەلەلەکا هەی، ماددە بیست و هەشـتا پـار کـو مولحەقـەك بێـت بـۆ پەرلـەمانێ بـەلێ نـەهات ئەخر ڤێگاڤێ ئەڤە دیسا 5/22 مەسەلەن ئەگەر نەهاتبت ئـەو مولحەقـە یـەعنی پـار پشـتی هـەیڤا چـار و پێنج و شەش و حەفت و هەشت و نەهـ و دەهـ و یازدە و دوازدە حەتا ڤێگـاڤێ کەسـەکی ئیسـتفسـار نەکریـە من وەکو تەعدیل کرنا ئەو، تەنفیز کرنـا ئـەو تەعلیماتـە کـو ل قانونـا موازەنـا پـاردا هـاتبی کـو ئیختیسـار کربی کو چەن جومەلـەکا لیژنـە دارایـی و ئـابووری و لیـژنا یاسـایی لابردنـی مەشـاریعی حزبـی و لابردنـی مەشـاریعی تیکـرار بـە کیتابـا رەسمـی تەبعـەن ئـەز پاشـی دێ عـەرز کـەم ل ڤێـرێ مـە هـەیڤا شـەش یـەت هەنارتین بۆ سەرۆکایەتیا ئەنجومەنی وەزیران وە بۆ حەمی وەزارەتا کو ئەوێ نوسخا معەدەل تەنفیز بکەن نەك ئەو نوسخا هەیڤا بەری هەنگی هاتیا پەرلەمانی٘کوردستانێ، یەعنی بێژین بـەری هـەیڤا سـێ و دوو و ئەوانـە رەسمـێ حەزانـەکی داینگـەك لـە سلێمانی کـو خەریکـە ئـەوی دی بـتن چ علاقـە بـە پـرۆژە یاسـایێ بودجەدا نینە مەوزوعەکە زۆر گرنگە بەس هیچ علاقە بە پڕۆژە یاسایێ بودجـە ڤـە نینـە یـەعنی ئەگـەر مەتلەب ئەڤـە کو ئەڤـە بێتـە چارەسـەر کـرن ئەگـەر کێشـە لەسـەر مەوزوعـەکی دییـە ئەگـەر جـەنابێ تـە بەحسێ هەنگێ دکەی ئەڤ مەشروعە داخل ببیتن داخلی مەشاریعا ببت، ئەگەر وەختێ مە میزانیا حازرێت کرن جەنابێ تە پەیوەندی کربا و ئەو رسمەشی هەنارتبا بۆ من ئاسان تربی، ڤێگاڤێـژی حـەز دکـەم، داخـل بکەم بەس ئەز نزانم دێ چاوا شێم عەلئان لیستێ بەردەستێ وە ئەگەر ئەو پارا زێدە هاتن هەنگێ مـومکن بتن مرۆڤ دێ چارەسەر کەتن بەس مەفروزبوو جەنابێ تە بەری هەنگی بوو من خیلالـی بـەری بیـژی ڤـی رەسمـی ل کـەنگی دەڤ جـەنابێ تەیـە، بـەرێز دکتـۆر سـائیر دروسـت کردنـی ئیهتیمامـات بـە معـەوەڤین بـە حەقیقـەت مـن حـەز دەکـەم باسـی بکـەم بـۆ ئـەوەی جـەلبی ئینتیبـاهی هـەر هـەمووومان و هـەموو دام و دەزگاکانی حکومەتیش بۆ ئەوە رابکێشم هەر دوای ئەوەی جەنابت ئەو قسەیەت کـرد داواشـم کـردووە لـەو شروتانەی لەمەو دوا هەر پڕۆژەیەك تەقدیمی وەزارەتەکانی حکومەتی هەرێم تەقدیمی دەکەن بە تایبـەتی مراعاتی مواسەفاتی هەندەسی بۆ معەوەقینیش تێدا بکرێتن، ئەو کیتابەشم کە هەفتەی رابردوو ئیمزا کرد و تەعمیمیشم کرد لەسـەر وەزارەتـەکان هـەر لەسـەر ئـەم پێشـنیارەی جـەنابت بـوو، چـونکە مـن بەراسـتی جـەنابت باسـی لیژنـەی پارائۆڵمپیـت کـرد کـە دیـارە هـی معەوەقینـە چـەند هۆیـەکی داوا کـردووە، کـەس نەهاتووە ئەمە داوا بکات کە ئێمە لە ئەولەویاتی کارەبا و مەسەلەن ئەوانەمان لەلایەك داناوە، ئەمـە تـەرح نەکراوە ئەمە ئەبێت لەگەڵ جەنابت و لەگەڵ خودی لیژنەکە وەعـدی ئـەوە دەدەیـن کـە زۆر بەجـدی ئـەو کێشەیە چارەسەر بکەین ، کـاك شـێردل تـەحسـین هـەر هـەمان مولاحـەزەی هـەبوو و مولاحەزەیـەکی تـری

گرنگی هەبوو لەسەر مەسەلەی وابزانم هەندێ بەڕێزی تریش ئاماژەیان پێدا لە مەوزوعی تەنسیق لە بەینی وەزارەتەکان و پارێزگاکان بە سەراحەت بڵێین لە مەسەلەی پڕۆژەکاندا ئەوە نیە کە دوو جیهەتی معاکسن بە دژی یەکتری کار دەکەن بەڵام کە دێتە سەرتەنیسیق ئالیەتی قانوونی تەنسیقەکە مەوجود نیە، بۆ نموونە ئێمە لە ئەنجومەنی وەزیران ئێمە بابڵێین هەفتەی جارێك یان دوو هەفتە جارێك یان مانگی جارێك کۆبوونەوەمان هەیە، لە پەرلەمان شتێکی وا هەیە لە پەرلەمان لە بەینی وەزیرەکان لە پەرلەمان و حکومەت هەمو ساڵ مەجموعەیەك شت هەیە بەپێی یاساکان و بەپێی ئەو شتەی کە بۆتە عورفیش شتێك نیە کە وەزیر و محافز کۆبکاتەوە بە شتێکی دەوری یان ئیلزامیان بکاتن لەبەر ئەوە و ئەمە هیچ شتێکی غێر تەبیعی نیە، ناڵێم لیقائات نابت لە بەینیان، بەڵام بە شێوەیەکی دەوری وەکو جەلسە یان هیچ مەجلسێك هیچ ئەوەیەك نیە کە ئەمانە پێکەوە کۆ بکاتەوە جا من یەعنی ئەو مولاحەزەیەش هەیە هەموومان ئەبێ بیڵێین پێشنیار دەکەم هەر دیسان لیژنەی دارایی و ئابووری کە دێتە بە تایبەتی مەشاریعی محافەزە و مەشاریعی وەزارەتەکان ئیقتیراحی میکانیزمێك بکەن کە پێش ئەوەی کە کارەکان دەکرێتن ئەم خاڵە لەبەر چاو بگرێتن، بەڕێز دکتۆرە ڕۆژان دزەیی دەڵێ نیسبەتی تەنفیزی پار کەمترە کە 34٪ کە لە ڕاپۆرتی لیژنەی دارایی و کاروباری ئابووریدا هاتووە بەڕێز کاك خورشید چەندین جاریش دیراسەی کردووە بە نەوعی موختەلفەوە تەبعەن ڕاستە ئەوە چونکە ئەوە ڕەقەمەکان قسە دەکەن، یەعنی ئەو مەسەلە ئەوە نیە بەس ڕاستە لەلایەکەوە وە غەڵەتیيشە یەعنی لەلایەکی ترەوە ئێمە کە دوایی هاتینە سەر عەرزی پڕۆژە بەردەوامەکان ئێمە کۆی گشتی پڕۆژە بەردەوامەکان نۆ و کەسر ترلیۆنە یەعنی با بڵێین نۆ و شتێك و نیو ترلیۆن دینارە، نۆ و چوار، ئێ ئەگەر دێیە سەر نسبەی تەنفیزی ئەمانە ڕاستە سی و چوارە، بەڵام لە بیرت نەچێت بەردەوامەکان ئێمە باسی هەمووسالانی رابردوو دەکەین وە ئەگەر بێیە سەر نسبەتی ئینجازی پار نسبەتی ئینجازی پار مەسرفی ئینجازی پار ئەبێت لەگەڵ موخەصەصی پار لەسەر رك دابنێین و معدەلەکە دەربچێت ئەوەندە لەسەر ئەوەندە دەکاتە نزیکەی 61٪، بەڵام خۆ ئەم 34٪ نسبەتی بەردەوامەکان دروستە یەعنی هیچ ئەوەیەك نیە ئەوەی تا ئێستا کراوە بەو چاوە سەیری بکەین و بە چاوەکەی تریش سەیری بکەین 61٪ پڕۆژە هەیە پێویستی بە شەست ڕۆژە وە وابزانم دروست کردنی مەعهەدی قەزا بیست ملیار ئەڵێت بۆچی هیچی بۆ نەکراوە و بۆچی هەتا ئێستا تەنها پارچە زەویەکە لە بەحرکە و بۆچی ئەسڵەن لەسەر پڕۆژەکانی وەبەرهێنانە ئەمە دکتۆرە ڕۆژان ئەمەی ئیسارە کرد ئەمەم پێ خۆش بوو بەراستی، چونکە ئەمە مەوزوعێکی تریش دەکاتەوە من ئەو پرسیارە ئاراستەی یەعنی تەوجیهێکم دەوێتن لەو مەوزوعەدا ئێمە لە پڕۆژە یاسای بودجەدا وابزانم چوار بابی سەرەکی هەیە، میزانیەی تەشغیلی هەیە، میزانیەی پەرەپێدان هەیە، میزانیەی پەرلەمان هەیە ،میزانیەی قەزا هەیە، ئەم چوار بابە لەیەك مەفسوڵن، وایە؟ کە ئەمانە هەیە کە لە میزانیەی پەرلەمان و میزانیەی قەزا مەشاریعی میزانیەی قەزا و پەرلەمان ئەمانە میزانیەی تەشغیلییە یان تەشغیلی و وەبەرهێنانە ئەگەر تەنها تەشیغلی بێت، ئیزەن مەحاکم وەبەرهێنان دەبێت ئەگەر نا وابزانم ئەوە وەڵامەکەیەتی، ئینجا

تەبیعی ئەمەش رەبتی دەکات بە خاڵێکی تر کە ئەویش کە تێبینی زۆر لە وەزارەتەکان هاتووە، کە دەبینی وەزارەتێك ئیشێك دەکات یان بە تایبەتی وەك وەزیری دارایی ئاماژەی پێدا کە بەعزێك وزارات فەنی نیین، یا بەعزێ موئەسەساتی حکومەت کە فەنی نیین، ئیشی تەنفیزی دەکەن، دروست کردنی مەحکەمە هەر چەندە قەزا سوڵتەی خۆی هەیە، ئەوەی خۆی هەیە، بەڵام ئیشەکی، کارەکی هەندەسیە ئیحتیمال وایە ئەگەر نازانم، ئەگەر بڕیار لەسەر ئەوە، ئیحتیماله زۆر موناقەشە هەڵبگرێ، ئیحتماله وا باشتر بێ وەزارەتی ئاوەدان کردنەوە بیکات، یان وەزارەتێك کە وەزارەتێکی هەندەسی بێت، بەرێز کاك کاوە محمد امین، ئیهتیمامدان بەزیراعەت، وابزانم زۆرمان باسی زراعەت کردو زیاتریش دوایی لە سلایدەکانیش هەیە، بەرێز کاك شێرزاد حافز، پرۆژەی وەهمیی و تیکرار و، کە بڕیار بوو حەل بکرێت، بەڵام حەل نەکراوە، ئەوە وابزانم لیژنەی دارایی و ئابووری، ئەوە سوئالی وەهمیەکە دیسان بۆ بەرێز سەرۆکایەتی پەرلەمان دێڵێمەوە، بەڵام ئەوانەی تیکراریش، یەعنی هەر یەك لیستەیە کە لیژنەی دارایی و ئابووری وابزانم سێ یان چوار پرۆژە بوو ئەوانەشمان چارەسەر کردووە، پرسیارێکی تر، ئەڵێ وزارەتی ناوخۆ وزۆر کەسی تریش ئەم پرسیارەی کردووە، بۆچی پرۆژەی جاددە و پارك و بەعزێك شتی تر دەکات؟، بەرێزان، وەزارەتی ناوەخۆ شتێکی هەیە پێی دەڵێن، (الادارة المحلیة)، ئیدارە بە کوردی پێی دەڵێن کارگێڕی ناوەخۆ، خۆجێتی ناوەخۆ، ئەل ئیدارە ئەل مەحەلیە لەناو محافەزاتەکانیشدا هەن، پارێزگاکان لەهەر سێ شوێن، بەداخەوە ئەم سوئالانە وابزانم پێویست ناکات جوابی بدەمەوە، ئەگەر پرۆژەیەك، موحافەزە لە دوو لاوە تەمویل دەکرێت لە پەرە پێدانی پارێزگاکانەوە، لە وەزارەتی ناوەخۆ، مەرجەعیەتی محافز وزارەتی ناوەخۆیە، موحافزەکان سەر بە وزارەتی ناوەخۆن، شتێك پێشووتر هەبوو لە عیراق پێیان دەوت (وزارة الحکم المحلي) لەم ساڵانەی ئەخیرشتێك هەبوو، پێان ئەوترا وزارەت ئەل محافەزات، لەبەر ئەوەی هەندێك پرۆژە کە هەیە لە وێ پەیوەندی بەوەوە هەیە، ئیتر ئەکرێت هەموو شتێك هەبێت بۆ مەعلوماتتان، ئیلا ئەگەر ئێوە دەستکاری یاساکان بکەن، ئەو وەختە رائەگیرێ لەوێ، دروست کردنی شەش سەد خانوو لە کۆیە، عەفوو،شەش سەد خانوو لە سلێمانی و لە هەولێر، چوار سەد لە دهۆك، کە هی وزارەتی شەهیدان بوو، پرسیارەکە ئەوەبوو کاك شێرزاد وانیە؟، کاك شێرزاد لێرە نیە؟، بەڵێ، شەش سەد و چوار سەد، تەبعەن راستە، خۆی کۆی مەبلەغەکەشی بیست و یەك ملیار دینارە، ئەمە وزارەتی ناوەخۆ دوو، سێ بۆچوونی هەبوو، تەبعەن بابڵێین پارە کە موسادەقە کراوە، ئەم بیست و یەك ملیارەش تەنفیز کردنەکەی چۆتە سەر ئەوەی کە دوو شێوازی تەنفیز هەیە، کە یا ئەما وزارەت خۆی تەنفیزی بکاتن، کە تەبعەن بە رەئی من ئەو قودرەتەی نیە، ئەو قودرەتە هەندەسیەی نیە، بەڵام خۆی سیناریۆیەکی تر هەیە ئەمانە کە پێیان دەڵێن، خۆکرد، کە بە حیساب تەمویلی خودی خانەوادەکان بکەن، وابزانم ئێستا رەئیان گۆڕیوە زیاتر تەفاسیلی ئەو کێشەیە لەسەر ئەوە نیە لە پارەوە بۆچی بۆ ئەمساڵ، ئەسبابی خۆی هەیە، ئەسبابەکان لە وەزارەتی شەهیدانە، ئەسبابەکان فەنیە وە پرۆژەکەش دوا کەوتووە کە دەبێت پەلەی لێ بکرێت، جەنابیشت دەتوانی ببیتە عاملی ئەوەی کەموتابەعەی ئەوەی زوو بڕواتن، کە چوار ملیاریشی بۆ دانراوە بەنی سبەتی ئەم

پرۆژەیە و هەر پرۆژەیەکی تر، ئەگەر هاتو ئەوان 7 ملیاریان سەرف کرد، سەلاحیەت دراوە بەو وەزیری دارایی، ئەگەر پرۆژەیەکی تر پارەی تێدا سەرف نەکرا، لە بە بەنسبەتی ئەو، بە نسبەتی ئێمەوە، کە پارەی کافی بۆ تەمویل کردنی ئامادە بکرێ، بە تەوەقوعاتی ئێمە، ئەگەر دیسان ئەوان ئەمساڵ بە سیناریۆیەکەی پارساڵدا بچن، هەتا نیهایەتی ساڵ دیسان تووشی کێشە دەبنەوە، لە بەر ئەوەش ئەمە دیسانەوە عەلاقەی بە پرۆژە یاسای بودجە نیە، عەلاقەی بە ئالیاتی تەنفیز هەیە، کە لێرە وەکو دیارە زەعیفە، پرۆژە هەیە کە سەر بە سووورداشە و لەسەر چەمچەماڵ دانراوە، هەبووە، هەڵە بووە، چاك کراوە، وە بەراستی شتێکی تریش، ئێمە ئەوە ئیحتمالە وەکو ئەڵێن، ئێمە لێرە ئیستا ساڵی دووەمە وابزانم کاتی ئەوە هاتووە کەزۆر بە عینوانێکی گەور باسی ئەوە بکەین، ئێمە لە بەر ئەوەی کە مەسەلەن هەر لە هەموو عالەم، هەر لە ناوچەکەش، کە ئێستا باوە، باوی شەفافیەت و بەرەنگار بوونەوەی گەندەڵی و ئەوانەیە، شتێکی تەبیعیە، ئێمەش بەشێکین لەو عالەمە، بەڵام چۆن رەد فعلەکە دەکەین؟، ئێمە ئەمە دووساڵە بە بڕیاری بەڕێزتان وابزانم دەبێ وابێتن، لەسەر داوای ئێوە بوو بێتن، پرۆژەکانی وەبەرهێنان یان پرۆژەکانی، یەعنی ئەمە با بڵێین رەد فیعلی ئێمەیە، ئێستا لەناو هەرێمی کوردستان لە پارەوە و ئەمساڵیش، ئێمە بۆ ئەوەی کە شەفافیەت زیاترە، خەڵك هەمووی مەعلوماتی هە بێت لەسەر ئەو سێ هەزار پرۆژەیەیە، داخلی تەفاسیلەکانی بن، ئەمە دوو ساڵە پرۆژەت لەسەر وێب سایت دادەنرێت، کە ئەمە لە هیچ شوێنێك لە عالەم دا شت وا نیە، یانی تۆ دەکرێ هەندێ موئەشیرات پیشان بدەی هەندێك ئەوە بدەی، چونکە ئەم مەعلوماتانە حکومەتیش قودسیەتی خۆی هەیە، خسوسیەتی خۆی هەیە، نەك تە نها حکومەت، مقاول، ئەو مقاولەی کە مەشروع تەنفیز دەکاتن، خۆ مجرم نییە، مقاول شەخسێکە، کۆمپانیایەکی زات شەخسیە معنویە بە حوکمی یاسا، بە حوکمی ئینسانیەت، یەعنی ئەو مەشروعەکەی بە چی وەرگرتووە و بە چەند وەری گرتووە؟ مەعلوماتەکەی ئۆن لاین دابنێی، ئەمە مەجموعەیەك کێشەی لێ دروست دەبێتن، ئەوەی کە کاك شێرزاد قسەیەکی گرنگی لێرە ئیسارە کرد، مەوزوعێکی گرنگی ئیسارە کرد، ئیستا کە لەسەر وێب سایتی پەرلەمان دانراوە، پرۆژەی دروست کردنی ئەم (1600) خانووە بۆ خانەوادەی شەهیدان بیست و یەك ملیاری بۆ تەخسیس کراوە، وە ئەمساڵ لە بیست و یەك ملیارەکە چوار ملیاری بۆ تەخسیس کراوە، تەبیعی ئێستا من نەمدەزانی هەتا ئەم ئەخیرە، دەرچوو ئەمە، ئیتر مقاولەکانیش یا ئەوەی تەندەر تەقدیم ناکات، بۆچی تەندەر تەقدیم بکات؟، چونکە کە تەماشا دەکات دەڵێ کاکە ئەمە چواریان داناوە، بیست و یەکە، خۆی کولفەکەی بیست و یەکەی، خۆی ئەو تەفسیلەی کە من ئێستا باسم کرد کە وەزیری دارایی ئەگەر هاتو وسەرفی لە سەر کرد، ئەمە شتێکی تەخمینیە لە خوتەدا دادەنرێتن، بە پێی کۆمەڵێك تەقدیرات، کۆمەڵێك تەقدیرات کە عەلاقەی بە واقعی حاڵەوە هەیە، نەك تەقدیراتی بابڵێین زۆر دوور لە واقعەوە، ئەمە دانانی یەعنی، بەرێزان، دانانی، ئەگەر پرۆژەکان لەسەر وێب سایتیش هەبێتن مەفروز نیە بەو تەفصیلەوە بچێتە سەر وێب سایت، یەعنی تەفصیلەکە بۆ بەرێزتانە، بۆ جیهاتی مەعنیە، ئەمە یەعنی هەمووشتێ با لەسەر جاددە بێت، کە ئەمە چیە؟، جوزئێکە لە شەفافیەت، ئەمە وانیە، حەقی

مواتنـه لـه ڕێگـای ئێـوەوە کـه نوێنـەری ئـەوانن، دەسـتی بگاتـه هـەر زانیاریـەك لـه مانـه، بـەلاّم ئەمانـەش لەشـوێنێك مـەحفووز بـن، بەهـەر حـالّ ئـەوە، چـونکه لـه شـوێنێکی تـره، چـونکه هـەر دانـانی پـرۆژە پێشنیارکراوەکان به ئەرقامەکانیانەوە لەوێ خەلەل له تەنفیز دروست دەکات، بەرێزەکان، کۆنـترۆلّ کردنـی ئەوانه، کۆنـترۆلّ کردنی تەنفیزی مەشاریع بـه خـودی حکومـەت دەبێـت، بـه پەرلـەمان دەبێـت، بـه ئـیعلام نابێتن، به هەموو ڕۆژ ئیسارەکردنی، چونکه بەتایبەتی تۆ بـه ئەشـکال و ئـەنواع دەتـوانی ئیسارەی بکـەی، بەلاّم که دێته سەر ئەوەی که حـەلی کێشـەکه دەکـاتن، دیسـان خـودی موئەسەسـەیەکی ڕەسمیـه کـه دەبێـت حەلی بکات، ئەمه به گفتوگۆ و به حیوار حەل نابێتن، من نالّێم با له ئیعلام بـاس نـەکرێ، مـن مەخسـەدم ئـەوە نیـه، بـەس ئێسـتا وای لێهـاتووە کـه چارەسـەریەکەی دراوە بـه مەسـەلەن ڕاگەیانـدن، یـان خـەلّك چارەسەری کێشەی ڤیرتاو کردنی ئەو پرۆژەیه بکەن، که پرۆژەکه نـازانم، یـەعنی تفصـیلێکی، لەبـەر ئـەوە پێشنیار دەکەم که موراجەعەیەکی ئەو وەزعە بکرێت، ئەو مەعلوماتانەی کـه لەسـەر وێـب سـایت دانـراوە، بزانن چەندی زەرووریە، بەڕێزتان خۆتـان قـەرار بـدەن، ئـەمن فەقـەت ئـەوە موقتەرەحێکـه، بـەڕێز کـاك سمیر سەلیم لەسەر بودجەی تەشغیلی قسەی کرد، بەرێز سەرگولّ خان، پرسیاری هەبوو بۆچی 60٪ پارەی تواناسازی سەرف نەکراوە؟، ئەوە عیلاقـەی بـه تـەنفیز هەیـه، یـەعنی هـەر ئەوەنـد هـەبووە تائیسـتا، هـەر ئەوەندە ئیش ڕۆیشتووە وە، ئیحتمال هەیه یەعنی حەجمی ئیشەکه زۆر بـوو، ئیحتمـال هەیـه هەرچـەندە وابزانم من له لیژنەکەدام، له لیژنەی بالاّ داین، بەلاّم صەرفەکه لەسـەر تەشـغیلیه، مەخسـەدم ئەوەیـه کـه صەرفەکه لای جەنابتانە، دکتۆرە جیهان، نەبوونا عەدالەتا ئیجتماعی ل ناحیا تەنفیز کرنـا، ئـەو ئیقـتیراح کرنا مەشاریعێت یێت ئەوقافێ بێژیتن، تەبیعی لێژنا ئەو، یەعنی هەر بۆ مـەعلومات، هەنـدی ئـەز ئـەوە دوو سالّە من مەعلومات هەین، پار ژك و ئەڤ یسالّە ژك، مەشروعێ هیچ کەنیسەیەکێ یان هیچ مەعبـەدێکێ یـا هەر دیانەتەکا بیتن، چ خوشك و برایێ ئێزیدی بکەن یان هەر کەسێك دی تەقـدیمی وەزارەتـا پـلان دانـانێ نەکرینە، ئەگەر قەناتێن تەقدیم کرنا وان مەشاریعا، ئەگەر وەزارەتا ئـەوقافێ بـیتن، ئـەوە ئـەز بـەرەسمی و وزووح دبێژم، هیچ پرۆژەك نەهاتیه تەقدیم کرن، یانی مەسەله نـه ئـەوە وەکو، ئەمـه ئەولـەیاتێن هـەین، وەکو بەحس کرین سێکتەری کەهرەبێ بـیتن، یـا هـەر سـێکتەرێکی دی بـیتن، بـەس ئەبـەدەن ئـەو حالّەتـه رووی نەدایـه کـو مەشـروعێ کەنیسـەیەکێ هـاتبیتن یـان هـەر مەعەبـدێك دی ژ بـەر ئەولـەویاتا لادابـیتن، ئیحتمالـه، بلعـەکس، ئەگـەر هاتبـا مـا پـێ بـاش بـیتن، چـونکو یـەعنی حـەقێکی تەبیعیـه، مکونـات ڤـی مجتەمەعی مەشارعێن هەین بێنه تەقدیم کرنێ، بەس ئەڤ سوئالانەی سەد دەر سـەد دێنـه تەوجیـه کـرن بۆ وەارەتا ئەوقاف، مەشروعێ، تەبیعی بەنسبەتی وەزارەتی تەندروستی، جەنابێته دبیژتن کو مەشـاریعێت وان کێمن ئەم ڤێ گاڤێ بەری خۆ بدەینه داتا مەشاریعێت وان نه یێت کێمن، وە وەزارەتا تەندروستی ژ وەکو هەندەك موئەسەسات وەکو هەندێك وەزارتێ دی ژ بەر هەندێ قابیلەتا هەندەسی تـەنفیزی و فـەنی نینـه، مەشارعێت وان ژ ئیحتماله، موشکیله بن، یەعنی ئەگەر ئەتو مقارەنـه بکـەی سـالێ بـوری هـەتا ڤـێ گـا ڤـێ کوالیتیا تەنفیزی ژ باشترە مقارەنەتەن بسالێ بـوری، ژ بـەر هەنـدێ کـو بـەهرا هەنـدی٘ چـونکو شـەریکات

متخصيص تريش پەيدابىن ژ كوردستانێ، بە حوكمێ ئەو ئەمن ئەمانەی لە كوردستانێ هەی، مەشاریعێت موستەمر زۆرێت هەین، وەكو رەقمیش كم دێ تەماشا كەین، مستشفی ولادێ ل دهۆكێ و مستشفی ئەمراز سەرەتانیە، سەد دەر سەد تەئیدا تە دكەین، یانی ئەڤ ساڵە ناچێ بێتن،ئەڤ ساڵە موصادەقە پەرلەمانی بێتە كرنێ، ئەگەر ئەوان هەردوكا چارەسەر نەكەین، هەرچەندە مە دەینا بیژك ڤەری ڤێ گا ڤێ ، ئەو مەشروعە بیزەحیا كەهرەبێ براستی، چونكو ئەز بخوە ئیحتمالیش هەر حەمی كەسیكێ پتر موتەلعن كو ل پارێزگەها هەڤلێرێ، ل پارێزگەها سلەیمانێ تشتەكێ هەی بناڤێ نەخۆشخانەی ولادەی، هەڤلێر هەرچەندە ئەو ژی كافی نەبیتن، ئەوانیش ژ ئیحتیاجێ كەم بیتن، بەس ل دهۆكێ تا ڤیگاڤێ دە تا دوانزە سەریریێت هەین، بەرێز كاك ئەحمەد ئیبراهیم لەسەر چ بنەمایەك پرۆژە دادەنرێتن؟، كاك ئەحمەد وەرتێ، ئایا لەسەر سیاسەتی حكومەت یان لەسەر ئەولەویەتی وەزارەتەكان؟، تەبعەن كاك ئەحمەد وەرتی یەكێكە لەو بەرێزانەی كە بیدایەت ئاماژەم پێدا هاتووە و سەردانی وەزارەتی پلان دانانی كردووە، یانی دەبێ ئەو شاهێدیە بدەم، وە متابەعەی مەشاریعی كردووە، بەلاّم بەداخەوە تەركیزی لەسەر یەك مەشروع بوو، زۆر مەشروعەكەش بەو شێوازە ناكرێ، چونكە جەنابت هەمان پرسیار لە من دەكەی، لەمن دەپرسی دەڵێی، ئێوە مەشاریع لە سەر چ بنەمایەك دادەنێن؟، من خۆشم خەڵكی گوندێكم، خەڵكی ناحیەیەكم، خەڵكی قەزایەكم، ئەگەر بڵێم لەسەر ئەو بنەمایە دایدەنێم خۆ ئەوە مەنتقی تێدا نابێ، یان ئەگەر ئێمە مەسەلەن، جەنابیشت كە هاتووی بۆ یەك مەشروع كە ئی گوندەكەی خۆتە ، وەعدیشم پێداوی كە جێ بەجێشی دەكەم، ئەگەر سوئالەكەت لەبەر ئەوەیە كە دیسان ئەو مەشروعە بۆچی لابراوە، هیچ بنەمایەكی تر نەبووە تەنها مەسەلەی مەحدودیەتی میزانیە بووە، بەس چۆن وەعدم بەجەنابت داوە كە سەردانیشت كردووە، كە تەبیعیشە كە جەنابت نوێنەری ئەو خەڵكەی ئەوێشی وەدەبێ دەنگی ئەوانیش بگەیەنی، منیش لێرەوە وەعدت پێدەدەم كە ئەو مەشروعە ئەمساڵ لە زمنی میزانییەی، چونكە لەو برە پارەیەی كە دێتن ئەوە حەتمەن ئێمە داخلمان كرد بوو، داشمان نا بوو و حەقێكی تەبیعیشە، بەس ئێستاكە كە لە وێ نەماوە هەر لەبەر مەسەلەی كەهرەبا بووە، بەهەر حاڵ من مەخسەدم هیچ ئەوەیەكیش نەبوو لە تەرحەكەت، چونكە جەنابت كە بێی موتابەعەش بكەی هەر بەو شكلە، ئەوەی كە جەنابت موتابەعەی خەڵكی مەنتیقەكەی خۆت بكەی، بەڕەئی من ئەوە زۆر تەبیعی ترە لەوەی كە هەندێك تێبینی نوێنەری خەڵكی شوێنێك بێت كە.

**بەرێز سەرۆكی پەرلەمان:**

تكایە بەرێز جەنابی وەزیر بەس جوابیان بدەرەوە، رجائەن تەقیم نەكەن، چونكە حەقی خۆیانە، ئەندامی پەرلەمانن، پرسیار بكەن و، جوابیان بدەنەوە، زۆر سوپاس.

**بەرێز د.عەلی سندی/ وەزیری پلان دانان:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڵێ داوای لێبوردن دەکەم، مەخسەدم هیچ ئەوەیەك نەبوو، تەنها هەر بۆ تەوزیح بوو، چونکە جەنابی یەعنی دەبوایە ئاخر دەبوایە باسی هەموو بنەما کان بکەم، خۆی وابزانم پرسیارەکەش، بەڵێ، بەڵێ عەفوو، بەڕێز پەیمان عیزەدین ئەڵێ، دوو پرۆژەی سجنی هەولێر و سجنی سلێمانی لە قایمە نەبووە، ئێستا مەوجودە، راستە، چونکە ئەو دوو پرۆژەیەش بە موافەقەتی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران، لەبەر هەر هۆیەك بێتن، دیارە هۆیەکە هەبووە، بە رەسمی بۆ ئێمە هاتووە داخلی پرۆژەکان بووە، راستە، بە نسبەت تەنفیزی کە 34٪ ،راستە 34٪، بەڵام وەکو باسمان کرد بە دوو شێواز دەتوانین باسی بکەین، ناسك خان، ئەڵێ وەزارەتێك کە کۆمەڵێك پرۆژە دروست دەکات، راستە کاری ئەو نیە، راستە، نەك کە کاری ئەو نیە، ئەگەر مەخسەدت وزارەتی ناوخۆ بیت، ئەو تەوزیحە هەیە، باسی کۆمەڵێك پرۆژەش هەیە، کە هەتا ئێستاش لەسەر وەزارەتی داراییە، هەم لە هەولێریش و هەم لە سلێمانیش، ئەمەش ئەسبابی خۆی هەیە وا بزانم، یەعنی دەکرێت تەوزیح بدرێت، دەکرێت مەسەلەن وابزانم خۆشیان بەرنامەیان هەیە کە ئەو پرۆژانەی کە لە لیژانی تایبەت هەبوو، تەنانەت لەم ئەخیرانە بە فەرمانێکی سەرۆکایەتی هەرێمن هەندێك پرۆژەی تریش لە سەرۆکایەتی ئەنجومەنەوە گۆڕاوە بۆ وەزاراتی مەعنی و دراوە بە وەزاراتی مەعنی، ئەو بەرنامەیە هەر هەیە، کۆمەڵێك پرۆژەش هەن کە لەسەر وەزاەرتی داراییین و لەبەر ئەوەش ئێمە هەر لەوێ رێزبەندیان دەکەین و وەکو خۆی تەرحی دەکەین، بەڵام بەرنامج و تەوەجوهی حکومەت ئەوەیە کە ئیشەکان، هەر کەسە و ئێشەکەی بدرێتە وەزارەتی خۆی و لە ئایندەدا ئەو حاڵەتە نەمینێتەوە، بەڕێز کاك ئەمیر گۆگا، مولاحەزەی هەبوو لەسەر نیسبەتی پرۆژەکان لە ناحیە و قەزا و پارێزگا، ئەو مولاحەزەیە هەر هەیە و هەر دەیبیستین، ئیحتیمالە جەنابیان زیاتر باسی مەسەلەی پەرەپێدانی پارێزگاکان بکات، بەس بە شکلێکی عام، ئێمە محاوەلە دەکەین ئەمە ڕچاو بکەین، هەر چەندە بمانەوێت و نەمانەوێت کێشەی گەورەتر و تەلەباتی گەورەتری لە مەراکیزەکانن، بەڵام لە بەعزێك قەزاکان لە خیلالی ساڵانی رابوردوو و هەتا ئێستا فیعلەن بە شێوازێکی رێك و پێك، با بڵێین ئەو مولاحەزەیە بە هەند وەرنەگیراوە، ئێستاش ئێمە مولاحەزەکەمان زۆر زۆر لەلا مەقبولە، جەنابت باسی ئیهمال کردنی مەشاریعی هەندێك لە گوندەکانت کرد و بە تایبەتی و بە شەخصیش جەنابت دوایی بە منت وت کە مەقصەدت دوو گوندی مێرگەسوور و ناڤکەندالە کە گوندی مەسیحین، لە قەزای زاخۆ، بە حەقیقەت ئەو دوو گوندە، بەڕێزان کێشەی ئاویان هەبووە، ئەمە 4 ساڵە و 5 ساڵە تەلەبیان کردووە و مەبلەغەکەش مەحدودە، لێرە ئێمە مەشروعەکە داخیل کراوە و مەشروعەکە موصادەقەی لەسەر کراوە، موافەقاتی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران و وەزارەتی دارایی هەمووی هەیە، بەڵام خەلەلەکە لە تەنفیزە، لە وەزارەتی شارەوانیە، یەعنی ئەو تەرحە ئێستا ئێمە کە داخیلمان کردووە و پارەمان بۆی تەخصیص کردووە، تەقریبەن دەوری ئێمە هەتا ئەوێ و تەقریبەن کەسێکی تر هەیە مەحەتەیەکی تر هەیە کە لە ئێمە ئیستیلامی دەکات، وەزارەتی شارەوانیە و دەبێت کارەکە تەنفیز بکات، منیش تەئیدی جەنابت دەکەم و دەزانم کە زۆر خەڵکی ئەو مەنتیقەیە زەغتیان لێ کردووی، تەنانەت بۆتە هۆی ئەوەی کە بەعزێکیان گوندەکە چۆل بکەن، ئێمەش هەر موتابەعەی دەکەینەوە، هیچ ئەوەیەك نیە لەسەری، موتابەعەی مەشاریع دەڵێی زەعیفە جەنابت، بەڵێ کاك د.احمد وەرتێ، من پرسیارەکەی جەنابت من

مەقصەدم ئەوەی کە خۆی با بڵێین چ پێوەرێك؟، چۆن مەشاریع ئیختیار دەکرێن؟، وا بزانم لەسەرەتا باسم کرد، پاریش دیسان ئەو تەوزیحەمان دا، بەعزێك شت هەیە کە عیلاقەی بە سیاسەتی عامی حکومەت هەیە، بەعزێ شتی تر هەیە کە عیلاقەی بە تەفاصیلی تر هەیە، لە وەزارەتەکانەوە دێت، کە پرۆژەکان ڕێزبەندی دەکرێن لە لای خودی وەزارەتەکانەوە، ئێمە علی الاقل ئەوانەی کە ئەوان بە ئەولەویەتی هەرە گەورەی خۆیان ئەبینن، ئەگەر هاتو گونجا بێت لەگەڵ سیاسەتی عامی حکومەت، ئەگەر ئەوە بێت، ئێکە کە ئەولەویەت ئیهتیمامیان پێ ئەدەین و لەسەرەوە پێیدا دێینە خوارێ، بەڵام مەشاریعی تر کە لە ئاستی ئەوەکان بێت، بە حەقیقەت بەپێی ئیمکان محاوەلە دەکەین هەمووی تەغتیە بکەین، یەعنی وەکو سەکتەر باسم کرد، ئەوە کارەبایە، قوتابخانەیە، دروستکردنی نەخۆشخانەیە، ڕێگا و بانە، ئەوە وازیحە، وەکو ئەوانەی تر ئێمەش پێمان باشە چەند زیاتر بکرێت تەغتیە بکرێت، بەڕێز کاك ئەمیر گۆگا پرسیاری لەسەر ئەوە هەبوو، لەسەر موتابەعە، زۆر لە بەڕێزانیش کە پرسیاریان کرد، تەبعەن ئەمەیان پەیوەندی بە بودجەوە نیە، بەڵام من با باسی بکەم و تەوزیحی بدەم، چونکە ئیحتیماله تەصەور دەکەم بە نیسبەتی ئێوەی بەڕێزیش گرنگ بێت بۆ دوای بودجە کە موتابەعەی مەشاریع دەکەن، موئەسەسەیەك هەیە لەناو حکومەتی هەرێمی کوردستان، کە ئەمە نزیکەی 6 ساڵە، پێی دەڵێن فەرمانگەی بەدواداچوونی پرۆژەکانی، ئەمە فەرمانگەیەکە سەر بە ئەنجومەنی وەزیرانە و هینی خۆی هەیە لە هەولێر و لە دهۆك و لە سلێمانی، فەرعی خۆی هەیە، ئەم فەمانگەیە بە ئیشی موتابەعە هەڵدەستێت، بە ئیشی موتابەعەی تەنفیزی هەندەسی، ئێمە موتابەعە دەکەین لە لایەنێکی ترەوە، نیسەبی ئینجاز لە سەرفی پارەوە کە لە وەزارەتی دارایی وەردەگرین، بەڵام لە دائیرەی موتابەعەی مەشاریع بە مانگانە ئەوەیان هەیە کە، بەڵێ باشە، ئەم فەرمانگەیە بە بەردەوام تەقاریریان هەیە، تەقاریری مانگانەیان هەیە، وەکو ئەو رەسمانەی کە ئامینە خان و خوشکێکی تر لێرە عەرزی کردن، ئەوان بە بەردەوام بە رەسم و بە مولاحەزات تەقاریری خۆیان دەدەنە ئێمەش، دەدەنە سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران، دەدەنە وەزارەتی مەعنی و ئیجرائاتیشی لەسەر دەکرێ، کە ئەمەش تەفاصیلی تەنفیزە و هەر بۆ تەوزیح ویستم ئەوە باس بکەم، بەڕێز کاك صباح محمد نەجیب دەڵێ، پرۆژە بەردەوامەکان ئەگەر وا بڕوات هەموو ساڵێك، ئەوە هەر تیکرار دەبێتەوە، بەڵێ وایە، ئێمە هەموومان پێکەوە دەبێ بیر لە ئالیەتێك بکەینەوە کە ئێستا، بە حەقیقەت ئێستا تەسەلسولەکە وای لێ هاتووە، با بڵێین ئەگەر 6 مانگ دیزاین بێت، دوای ئەوە هاتە لای ئێمە و ئەو 6 مانگە تەواو بوو، دوای ئەوە ئیعلانە، دوایی فەتحە، دوای ئەوە تەحلیلە، دوای ئەوە ئیحالەیە، بەس وا بزانم ئەو فەترانەی کە باسم کرد، ئێستا ئەبێ 6 مانگ پەرلەمانیش داخیل بکەین، کە ئەمەش تازە بووە هینێك، 6 مانگیش لێرە دەمینێتەوە، ئی ئەویش دەبێ بچێتە سەر ئەو موددانە، ئەمانە دەبێتە باعیسی ئەوەی کە، بەفرین خان، پرۆژە هەیە کە ماوەکەی کەمە و پارەی کەمی بۆ دانراوە ، بەڵێ ئەوە پێشتر باسمان کرد و دەبێ چارەسەر بکرێ، بەڕێز کاك د.حسن، گلەیی لەسەر بودجەی وەزارەتی تەندروستی هەیە، بودجەی وەزارەتی تەندروستی ئەویش ئێستا تەماشا دەکەین لە دوو بەش پێك هاتووە، هەم لە تەشغیلی و هەم لە ئیستیسماری، ئیستیسماریەکەش دەبێتە دوو بەشەوە، پرۆژەی بەردەوامیان هەیە و پرۆژەی پێشنیاریان هەیە، ئەوان تەکەدوسێکی زۆریان لە پرۆژەی بەردەوامیان هەیە، ئیحتیماله کە دێتە

سەر ئەوەی کە ئێمە پرۆژەیان بۆ دائەنێین، ئەوە سەبەبی سەرەکیانە، پرۆژەی میزانیەی تەشغیلیشیان ئەوە مەوزوعێکی ترە، ئەوەیە کە هەیە بە پێی ئەو عەدەدی ستاف و وا بزانم نزیکەی 40 هەزار موەزەفیان هەیە، بەعزێکیان تیکرارە عەفوم بکەن هەر لەبەر کاتیش، بۆ ئەوەی کە، بەڕێز ئاشتی عەزیز، بە نیسبەتی وەبەرهێنان، پێشنیاری ئەوەی کرد، کە پرۆژەکە لەمەودوا بۆ ساڵی ئاییندە بە سیستەمی کۆد بێت، تەبعەن من چونکە ئەو تەکمیلەی کرد و وتی لەو ڕێگایەوە ئەگەر بە کۆد بێت، ڕێگا لە گەندەڵی و لە دزی دەگیرێت، تەبعەن ئێمە سیستەمی کۆدمان هەیە، بەس ئێمە بەو سیستەمە بۆ ئێوەی نانێرین، ئێمە ئەگەر بە کۆد بۆ ئێوەی بنێرین، تەنها رەقەم دەنێرین بە بێ تەفاصیل، کۆدەکەش بەو شیکلەیە کە خۆی خۆی تەعریف دەکات، ئێمە بە شێوازێکی موبەسەتتر، بەڵام زیاتر مەعلومات کە لە یەك شوێندا بێت، بەو (sheet)ی کە دێتە بەردەستتان بۆ ئەوەیە، دەنا ئێمە خۆی، بەڕێز ئاشتی خان، ئێمە سیستەمی، نازانم جەنابت باسی چ نەوعە کۆدێك بوو، ئێمە سیستەمی کۆد ئیستیعمال دەکەین، سیستەمی (ICEK) بەکاردێنین، هەروەها سیستەمی کوفوت بەکار دێنین، ICEK کە دەکاتە INTERNATIONAL STANDARD INDESTADEAL CLASSIFCATION OF ALL ICONOMIC ACTIVITESئەوە ئێمە بەکاری دێنین لە چوار دیجیت پێك هاتووە، دیجیتی یەکەم پێت دەڵێت لە چ سەکتەرێکی؟، دیجیتی دووەم پێت دەڵێت لە چ پارێزگایەکی؟، دیجیتی سێیەم پێت دەڵێت لە چ SUB SEFECSITY، هەتا دەگاتە خوارەوە، ئەگەر من بەو کۆدە بینێرم بۆ پەرلەمان، تەبیعی بە نیسبەت وەزارەتەکانیش شتێکی تەبیعیە، بەس جیهەتی موختەص بەکاری دێنێت، ئەگەر ئەمە بنێرم و بەو شێوازەی تر نەنێرم وا بزانم بەعەمەلی ئێوە نایەت، بە عەمەلی گفتوگۆ و موناقەشەی نایەت، ئەوە ئیشێکی زۆر تەخەصوصیە، بەڵام هەر بۆ مەعلوماتی جەنابت ئەوە هەیە، تەبعەن COFGکە بەکاری دێنین CLASSIFCATION OF FUNCTION OF GOVERNMENTئەوە تەنها بە پێی شتێکی نزیك لەو لیستەی کە بۆ جەنابتان دێت، هەندێك تەفصیلی تریش هەیە کە لە لای خۆمان ئیحتیفازی پێوە ئەکەین، بۆ چی ، جەنابیشت ئاشتی خان و بەڕێزێکی تریش تیشکیان خستە سەر بە هەمان تەرح، تیشکیان خستە سەر مەوزوعی پارەی تەرخان کراو بۆ حکومەتی ئەلیکترۆنی، کە وا بزانم و وا پێدەچێت یەعنی هەر موئەسەسەکە خۆی گلەیی کردبێت لە لای ئێوە کە، من نەمبینیوە، بەس وا تەصەوەر دەکەم، چونکە هەمووتان نەفسی شت دەڵێنەوە، یەعنی دوو شتی موختەلیف ناڵێن، کە ئەمە، تەبعەن ئەویش حەقێکی موئەسەسەکەیە، منیش حەقم هەیە وەڵام بدەمەوە، جەنابت دەڵێی کە لە هەرێمی کوردستان داهاتی تاکە کەس نزیکەی 4 ملیۆنە یان 4 هەزار دۆلارە، لەوێ 2٪ دەڕوات بۆ تەکنولوجیای زانیاری، کەچی لە ئەسیوبیا کە داهاتی تاکە کەس 400 دۆلارە، 75 دۆلار تەخصیص دەکرێت بۆ حکومەتی ئەلیکترۆنی، من ئەم بەراوردە ئەگەر موئەسەسەکە خۆی ئەوەی عەرز کردبێت، ئەوە عەرزێکی زۆر زەعیفە، چونکە ئێمە ئەوەلەن خۆمان بە ئەسیوبیا موقارەنە ناکەین، ئەوە یەك، دووەم/ کەس نەیگوتووە کە وەزعی خزمەت گوزاری حکومەتی ئەلیکترۆنی لە ئەسیوبیا شتێکی نموونەیەو (مثال یقتدی بە)، ئەوەش نییە، سێیەم/ تەقییمی گلەیی لەسەر یەك شتە، فەرمانگەی IT مەجموعەیەك پرۆژەی هەیە کە دەیبینین ئێستا ڕێژەکەی چەندە و نیسبەتەکەی چەندە، ئەمە پرۆژەکانی

ئەوانە، پرۆژە تەقدیم ئەکەن وەکو هەموو موئەسەساتی تر، حەقیان هەیە بە پێی ئەولەویەت تەمویل بکرێن، کە پرۆژەی ئەوان حەزف دەکرێن، هیچ فەرقی نییە لەگەڵ پرۆژەی، پرۆژەی نەخۆشخانەی ولادە لە دهۆك، بە رەئی من ئیحتیماله زۆر گرنگتر بێ، چونکە مەسەلەی حەیات ئەو موتە، بەڵام ئەوەی کە لەوێ مەفقودە لەو حیوارەدا ئەوەیە، ئێوە لەم پەرلەمانە ویب سایتتان هەیە، ئینتەرنێتتان هەیە، ئێمە هەروا، لە هەموو وەزارەتەکان، بەڵام ئەمە لەسەر بودجەی ئێمەیە، لەسەر بودجەی تەشغیلە، لەسەر بودجە فەرمانگەی حکومەتی ئەلیکترونی نیە، بەڵام خزمەتگوزارییەکەش، ئیشەکەش هەر حکومەتی ئەلیکترۆنیە، لەبەر ئەوە کە ئەوان ئیعتیرازیان هەیە، رەبتی دەکەن بە کۆی داهاتوو و ئەوانە، سەبەبەکە تەنها ئەوەیە کە ئێمە بودجەکە مەحدودە و ناکرێت تەغتیەی هەموو شتێك بکات، جەنابت پرسیارەکەت لەسەر ئەوە بوو کە دروستکردنی سێ باخچە یەك ملیاری بۆ تەرخان کراوە، کەچی نۆژەن کردنەوەی باخچەی گلکەندیش یەك ملیاری بۆ دانراوە، وا بزانم ئەمە هەر حاڵەتێك خصوصیەتی خۆی هەیە، تەفاصیلی خۆی هەیە، بەڕێز کاك فازڵ حەسەن، ئەڵێ پرۆژە بەردەوامەکانی 2003 و 2005 کەی تەواو ئەبن؟، جاوبەکەمان داوە، پرۆژەکانی بەڕێزیان ئەڵێن پرۆژەی بە درەنگیش دێتن و، تەنها زیادکردنی ژمارەکانە و ئامادەکارانی ئەم بودجەیەش ناشارەزان، ئێمە ئەوەندەمان پێ دەکرێت، یەعنی تەوزیحیش هەبێتن، هەموو تەوزیحێك لەم جەلسەیە نادرێتن، بەڵام ئەوەی کە هاتووە حەتمەن ئەگەر پێمان بکرێت باشتریش ئەدا بکەین، خۆشمان تموحمان ئەوەیە، کە باشتریش بین لەوە.

دەڵێت بۆ نموونە، یەعنی بۆ ئیسپات کردنی ئەوەی کە ئێمە نەشارەزاین، یان وەزاراتی مەعنی ناشارەزایە، بەڕێزیان نموونەی هێنایەوە، دەڵێت فوتابخانەیەك کەهەمان دیزاینە، نرخی لە چەند شوێنێك، لە شوێنێك بۆ شوێنێکی دیکەوە نرخەکەی فەرقی هەیە، جا ئەمە تەبعەن فوتابخانە، دیزاینی فوتابخانەیەك، ئاخر عیلاقەی بە شوێنەکەوە هەیە، حەتمەن عیلاقەی بە تۆپۆگرافیەوە هەیە، عیلاقەی بە دوورو نزیکی لە مەرکەزی شارەوە هەیە، ئەم تەفسیلەش یەعنی لەناو تەنفیز دەکرێت بەعزێکیان ئەوە بکەم.

ئەوانەی کە پرسیاریان کردووە وەڵامیان بدەمەوە، ئەگەریش دەڵێن، من پێم خۆشە کورت بێتن.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

نوقتەی نیزامیە؟ کاك گۆران کەرەم بکە.

**بەڕێز گۆران ئازاد محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مـن پێموایـە یـەعنی ئەگـەر لـە کۆبوونەوەکـە هـیلاك بووینـە بـا دوای بخـەین، بـەڵام لەسـەر حیسـابی وەڵامدانـەوەی پرسـیارەکان نـەبێت، چـونکە دوایـی هـەر ئێمـە ئیعـتیراز دەگـرین کـە وەڵامـەکانمان دەسـت نەکەوتۆتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان، تـا سـەعات (4) دوای دەخـەین، ئیسـراحەت بکـەن، سـەعات (4) کـۆ دەبینـەوە، بـەخێر بچـن، زۆر سوپاس

## دانیشتنی دووەم

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەناوی خوای گەورە و میهرەبان، بەناوی گەلی کوردستان، بەردەوام دەبین لەسەر دانیشتنەکەی ئەمڕۆی پێش نیوەرۆ، داوا لە لێژنەی دارایی دەکەین بفەرموون بۆ شوێنی خۆیان.

**بەڕێز د.علی سندی/ وەزیری پلان دانان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەر لە تەکمیلەی ئەو پرسیارانەی کە کرا بوو وەڵام دەدەمەوە، بەڕێز هاژە سلێمان باسی پرۆژەی ئاوی شاری ڕەواندوزی کرد کە زۆر گرنگە، دیارە راستە، وازیحە، ئێمە لەبەر چاومانە، بەڵام هەر دیسان مەحدودیەتەکەیە کە وای لێ کردووین، هەوڵیش ئەدەین ئەگەر لە تەکمیلی یان ئەوە هەبێت، فیعلەن دەبێت جێبەجێ بکرێت، جەنابت وتت قائیمقامی رەواندوز بە 50 پرۆژەی بە نووسراوێکی رەسمی تەقدیمی وەزارەتی پلاندانان کردووە، راستە، بەڵام شێوازی کارکردنی ئێمە پرۆژە لە قائیمقامەکان وەرناگرین، ئێمە لە وەزارەتەکانەوە وەریدەگرینەوە، ئەوانیش، علی الاقل تا ئەو حەددەی کە ئێمە ئاگادارین بە پێی قەنەواتی خۆیان، بە پێی بەڕێوەبەرایەتیە گشتیەکان و بەڕێوەبەرایەتیەکان لە ئاستی شار و قەزا و ناحیەکان شت وەردەگرن، دروست کردنی نەخۆشخانە هەروەها جەنابت ئیشارەتت پێدا، لەبەر چاومان دەبێت ئەوە، لەو بەینەدا پرسیارێکی تر هەبوو، وا بزانم لە لێژنەی کاروباری شەهیدان کە داوایان دەکرد کە ئەو دوو بەڕێوەبەرایەتیە لە هەولێر و لە سلێمانی لە باتی دروست کردنی باڵاخانە بۆ بەڕێوەبەرایەتیەکان، بکرێت بە خانوو بۆ شەهیدان، ئێمە بە هەردوو شێواز دەتوانین ئەهەمیەتی هەردوو لا بکەین، بەڵام ئەو تەوصیە دەبێت لە رێگای وەزارەتی شەهیدانەوە بۆ ئێمە بێت، چونکە ئەوان وەکو ئەولەویەت بە گرنگیان زانیوە و، هەڵبەتە کە موفارەنەش بکرێت هەر یەك و و ئەهمیەتی خۆی هەیە، ئەمانەی لەسەر تەوجیهاتی بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، ئەو پرسیارانەی کە تیکرار بوویتەوە، محاوەلە

دەکەم تەجەنوبی بکەم، بۆ ئەوەی کە ماوە زۆر نەگرین، وەزارەتی پیشەسازی، بەڕێز ئەڤین خان، باسی پرۆژەکانی ئەوانی کرد، کە دیسان بڕێکی کەم لە پارەکان بۆیان تەخصیص کراوە، بەڵێ ئەویش هەروەکو مەوزوعەکانی پێشووتر، ئەگەر ئیمکانیات هەبێت لە بڕینەوەی بودجەی تەشغیلی، ئێمە هیچ لاریمان نیە کە زیاد بکرێ، بەڕێز هاوڕاز شێخ احمد، تێبینیەکی هەبوو کە لەسەر ئەو کۆنگرەی کە وەزارەتی تەندروستی گرتی، ئەو کۆنگرەی کە مەجموعەیەك تەوصیات و کۆمەڵێك ڕێکومەندیشن هەبوو، پرسیارەکە ئەوە بوو کە بۆ چی لەناو پرۆژەکاندا دەنگی نەداوەتەوە؟، بە حەقیقەت من خۆشم وەکو پزیشکێك بەشداری ئەو کۆنگرەیەم کرد، کێشەی سەرەکی کە لەوێ عینوانی کۆنگرەکە بوو، زیاتر پەیوەندی بە میزانیەی تەشغیلیەوە هەبوو، زیاتر پەیوەندی بە سیستەمی تەشغیلیەوە هەبوو، نەك لە تەوصیاتی کۆنگرەکە هاتبێت کە مەسەلەن دروستکردنی بینایەی تازە، یان دروست کردنی هەر موئەسەسەیەکی نوێ، زیاتر پەیوەندی بە سیستەمەوە هەبوو، هەر وەکو ئێستا پێشی تۆزێکی تریش موناقەشەی ئەو مەوزوعەمان کرد، جەنابت ئیشارەتت بە سێ پرۆژە دا کە گوژمەی موخەصەصی کەم بووە، دەبێت زیاد بکرێت، تەئیدی جەنابت دەکەم، دروست کردنی نەخۆشخانەی لەدایك بوون و منداڵان لە شاری هەولێر، ئەو بڕە پارەی کە بۆی تەخصیص کرابوو و کە ئیعلانی موناقەصە کرا، کەمترین نرخ زیاتر بوو لەو پارەی کە تەخصیص کرابوو، تەقدیری کولفەکە تەبعەن ئەندازیارانی وەزارەتی تەندروستی کەشفەکەیان ئامادە کردبوو، کە خەلەلەکە لەوێ بوو، ئەویش هەر دیسان وەکو باسم کرد، ئیعلان کردن و دانانی ئەو پارانە لەسەر وێب سایت، ئەمەش یەکێکە لەو میسالانە، کە خەڵك دێتە پێشەوە، کەمترین سیعر ئەو پارەی کە لەوێ ئیعلان کراوە، ئەوە دەبێتە باعیسی ئەوەی کە کێشە دروست بێت، ئێستاش هیچ چارەسەری نیە، دەبێت گوژمەی موخەصەص بۆ ئەوێ بە موافەقەتێکی تایبەت زیاد بکرێ، بۆ ئەوەی پرۆژەکە بکرێت کە ئیحالە بکرێت، کڕینی 15 ئامێری سڕکردن بۆ دهۆك و هەولێر، جەنابت گلەییت لەسەر مودەی تەنفیزی ئەو چالاکیە هەبوو، خۆی ئەمە، هەر دیسان هەندێ پرسیار هەبوو کە ئەمە بۆ لەسەر تەشغیلی نەبێت؟، کڕین عادەتەن لەسەر تەشغیلی دەبێت، بەڵام بەعزێ جار حاڵەتی وا دێتە پێشەوە کە بینایەك دروست کراوە، یان کە صاڵەیەکی نوێی عەمەلیات دروست کراوە، دەچێتە زمنی مەوجوداتی ئەوێ، ئەوەیە سەبەبەکەی، مودەتەکەی چی درێژە، راستە خۆی کڕینەکە لە وەختێکی موحەدەدا تەنفیز دەبێ، بەڵام ئەجهیزە هەیە جیهەتی موشتەری موخەیەرە کە زەمانی یەك ساڵی لەگەڵ بێنێت یان داوای زەمانی دوو ساڵ بکات یان داوای زەمانی سێ ساڵ بکات، کە ئەمەش تەبەعاتی مالی هەیە لە تەصفیەی حیسابات، لەبەر ئەوە مودەتەکە وا دەمێنێت، ئیحتیمالە ساڵی ئایندەش ببینی جیهازەکان کڕاون و لە بەکاربردندان، بەڵام ناوی پرۆژەکە لەناو لیستی پرۆژە بەردەوامەکان ماوە، لەبەر ئەوەی مەبالیغی فاینال هێشتا تەصفیە نەبووە، پرۆژەکانی تەندروستی هێشتا بە شێوەیەکی گشتی خەرجیان کەم لەسەر بووە، ئەمە ئەچێتە ناو ئیتاری ئەو تێبینیەی کە زۆر لەو بەڕێزانەی کە قسەیان کرد هەیان بوو کە پرۆژەکانی با بڵێین، دروستکردنی بینا و ئەوانە بدرێتە موئەسەساتی موختەص، وەزارەتی تەندروستی ئیحتیمالە جیهەتی

موختەص نەبێت لە دروستکردنی بینایە، بەڵام پرۆژەیان زۆرە، ئێستاچ هەتا ئەو ساڵانە هەر وا رۆیشتووە، ئەمە ئیتر ئەگەر موراجەعەیەکی بوێت ئەوە تەبیعی بۆ بەڕێزان و بۆ پەرلەمان و بۆ حکومەتی هەرێم دەمێنێتەوە، بنکە تەندروستیەك کە پار پارەی بۆ تەخصیص کرابوو، ئەمساڵ کە ئیزهار بووە پارەکەی زیاد بوو، حەتمەن ئەوە وەکو ئەو میسالەی پێشووتر باسم کرد سەبەبی خۆی هەیە، کە ئیعلانی موناقەصەکە کراوە، حاڵاتی وا روودەدات، یانیش ئەگەر کەشفی ئیزافی هەبێت، بەڵام ئەمەش هەمووی بە موافەقاتی ئوصولی، هەر کامەیەك لەمانە کە جەنابت پرسیارت لەسەر هەبێت، فایلی خۆی هەیە لە لای ئێمە، موافەقاتی ئوصولیەکەی هەمووی مەوجودە، ئەوەی کە شاری دهۆك لە رێژەی لەدایك بوونی منداڵان یەکەم بووە لە عیراق، لەبەر ئەوە موستەحەقە، هەر بە بێ ئەو رێژەیەش موستەحەقی موستەشفای ویلادەیە، بەڕێز نیشتیمان خان، پرسیاری لەسەر دروستکردنی زێراب لە شەقڵاوە، پارك لە شەقڵاوە، بینایەی شارەوانی لە شەقڵاوە، قاعەی تەعزیە لە شەقڵاوە، تەبیعی شەقڵاوە ئەگەر بەراوردی بکەین لەگەڵ شوێنێکی تر وەکو رواندوز، ئیحتیماله زیاتریشی بەر کەوتووە، بەڵام ئەو تێبینیانەمان زۆر لە جێی خۆیەتی، مولاحەزەکەشمان کە دەیڵێمەوە بۆ ئەوەی کە مەعلوم بێت کە ئێمە تەبەنای ئەوە دەکەین کە ئەمە دەبێت چارەسەر بکەین لە هەر فورسەتێکدا کە ئیمکانیات هەبوو، بەڕێز کاك عیماد، بەعزێکی ئەوانە تیکرارن، بەڵام چارەسەری ئەو ئاوارانەی کە پێش 98 لە ئێران و تورکیاوە هاتوون، خۆی پرۆژەیەك هەبوو لە سەرۆکایەتی هەرێم، وا بزانم شتێك گەڵاڵە کرابوو، پێشی شەش مانگ، بەڵام تا ئێستا بە شێوەیەکی فەرمی کە ئەمانە مەسەلەن چ خانووە، یان هەر شتێکی ترە کە پێویست بێت بۆیان و بە کولفەیەکی تەخمینی بۆ ئێمە نەهاتووە، ئەگینا ئێمەش بە گرنگی دەیکەین کە پێشکەش بە سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران کرابوو کە ئەوان دیراسەتی بکەن و وەکو پرۆژەیەکی موتەکامیل بێت، بەڕێز کاك گۆران پرسیاری لەسەر ئەو پارانەی کە تەخصیص کرابوو بۆ ساڵی 2010، بۆ پرۆژەکان کە ئەوانە چی لێ هات؟، ئەوە ئەگەر لێرە ئیحتیماله پرسیاری تریش لەسەر ئەوە هەبووبێ، تەبعەن وەڵامی ئەو پرسیارە لە حیساباتی خیتامیە، سەبارەت بە شێوازی تەمویل کردن، ئێمە تەحدید کردنی ئەولەویات، رێزبەندکردنی مەشاریع، موتابەعەکردنیان هەتا حەددی نیسەبی تەنفیز و نیسەبی صرف و ئەوانە لە لای ئێمە، بەڵام تەمویل لە وەزارەتی داراییە، وا بزانم کاك شێخ بایز ئیشارەتی بەوە دا، کە ئەمانە هەمووی لە حیساباتی خیتامی ئیزهار دەبن، بەڕێز صبیحە احمد کە ئیهتیمام بە هەندێ قەزا نەدراوە، هەر لەبەر مەحدودیەت بوو و هیچ شتێکی تر نیە، ئێستاش ئەگەر دەرفەت هەبێت وازیحە لە جەداولی ئێمە مەعلومە کە چ قەزایەك نیسبەتی فیعلەن لە هەموو موعادەلەی کەمتری بەرکەوتووە، بەڕێز کاك کاروان، پارەی پرۆژە بەردەوامەکان چی لێ هاتووە؟، ئەمە وا بزانم مەوزوعێکی حیسابیە دیسان، هەر هەمان وەڵامی هەیە، بەڕێز د. مەلا بەشیر، میزانیەی تەنمیەی ئەقالیم دەبێ دەربێ لە میزانیەی هەرێم، ئێمەش تەئیدی دەکەین، بەش بە حاڵی خۆمان تەئیدی ئەوە دەکەین و وا بزانم هەموو لایەکیش لەسەری موتەفیقن، بەڕێز کاك صباح بیت الله، تێبینی لەسەر پرۆژەی سایلۆی ئاکرێ هەبوو، لە جێی خۆیەتی تێبینیەکە، ئەو

تەخصیصە دەبێت زیاد بكرێت و هیواداریین لە نیهایەتی موناقەشەی پرۆژە یاسای بودجە، ئێمە لەو مەبلەغانەی كە دەبڕێت، ئەو موخەصەصە زیاد بێت و ئەوانی تر، بەڕێز كاك عدنان عثمان، باسی ستراتیجیەتی حكومەتی كرد، هەر چەندە بە شێوەیەكی گشتی بوو، لەسەر میزانیە زۆر مەخصوص لەسەر پرۆژەكان نەبوو، بەلاّم وا بزانم بیدایەت باسی ئەوەم كرد تۆزێك و پێویست ناكات ئیعادەی بكەمەوە، من تەئیدی ئەو فەقەرەیەی دەكەم، ئەو پرسیارەی جەنابت دەكەم كە ساڵ بە ساڵ داهات زیاد دەبێت و ئەو داهاتە زیادە، ئێمە وەكو وەزارەتی پلان دانان حەز دەكەین هەر هەمووی بچێتە سەر پرۆژەكانی وەبەرهێنان و تەنانەت هەر بۆ ئەوەش حیجز بكرێ، ئێمەش داوای ئەوە دەكەین، بەلاّم ئیتر وەزارەتی داراییش لە بەعزێ شت ئەتوانین شتیان لەسەر فەرز بكەین و لە بەعزێك جاریش ناتوانین، بەڕێز ئەڤین عمر، كە دروست كردنی بینای قوتابخانەكان دەبێت چوار پۆلی نەبن، تەنانەت شەش پۆلیش نەبن، زیاتر بن لەبەر ئەوەی هەر دەبێتە باعیسی چەند شەفتی، ئێمە وەكو ئەو جیهەتەی كە ، با بڵێین ئێمە بەتەنیا نین، وەزارەتی پەروەردە هەیە، موئەسەساتەكانیان هەیە، دەبێت ئەوان داوای نەكەن، ئەگینا كە لە پلانی ئەوان دەبێت وەكو ئەولەویەت، ئێمە ناچارین، بەلاّم دەكرێت ئەو تەوصیە بدرێتە وەزارەتی پەروەردە، هەروەها بەڕێزیان ئیشارەتیان بە خاوەن پێداویستیە تایبەتەكانی دا وەكو پێشتریش لە بابەتی دروستكردنی هۆڵی داخراو بۆ لێژنەی پارائۆلۆمپی، بەراستی من پشتگیری بەڕێزیان دەكەم، بەڕێزان، خاوەن پێداویستیە تایبەتەكان لە وڵاتان ئەوەندە دەرفەتیان بۆ دەرەخسێت هەتا ئەوەی كە پلەی بەرزیش لەناو حكومەت وەربگرن، تەنانەت ئێمە شاهیدین ئێستا لە شاری هەولێر قونصوڵی یەكێك لەو وڵاتانە خاوەنی پێداویستی تایبەتە، لەبەر ئەمە دەبێت بچێتە ناو ئیتارێكی عامەوە، ئەوە نیە بڵێین ئەو پرۆژەیە لەناو پرۆژەكانی وەبەرهێنان بۆ خاوەن پێداویستیە تایبەتەكان دانراوە، بەڕێز سیوەیل خان ئەڵێ، وەزارەت و پارێزگاكان، وا بزانم باسم كرد، هەروەها ئەڵێ وەزارەتی پلان دانان و دارایی بە كەیفی خۆیان ئەولەویات دادەنێن، نەخێر وا نیە، ئەولەویاتەكان وەكو بیدایەت باسمان كرد، ئەمە ئیشێكی تیم وۆركە، یەعنی كەس لە ئێمە بە تەنیا كار ناكات، بەڕێز كاك رەفیق صابر، پرسیاری ئەوەی هەبوو كە ئێمە لەسەر چ ئەساسێك پرۆژە ئیختیار دەكەین و مەبادیئەكان چین؟، دیسان باسم كرد، بەڕێز كاك شێروان ناصح، پرسیاری لەسەر ئەوە هەبوو كە پرۆژەی بەردەوام قسەی زۆر لەسەر دەكرێ، ئایا ناكرێت لە جیاتی پارە تەرخان كردن بۆ پرۆژەی نوێ، ئەو پارەی كە هەیە تەرخان بكرێت بۆ پرۆژە بەردەوامەكان؟، ئەمە دوو بۆچوونی هەردووكی دروستە، هەردووكی دەبێت، ئێمە لە ناو ئەنجومەنی وەزیرانیشدا ئەو موناقەشەیەمان زۆر كرد، لەگەڵ وەزارەتی داراییش، تەرحێك هەبوو كە ئێمە تەنها ئیلتیزام بەو پرۆژە بەردەوامانە بكەین، تەرحێكی تریش هەبوو كە نەخێر هەندێ شت هەیە كە دەبێتن دەست پێ بكرێتن لە كاتێكی موعەیەندا، لە كۆتاییدا بەو شیكلە هات كە هاتە بەردەستی بەڕێزتان، ئەمە دەكرا كە تەنها فەقەت ئیلتیزام بە بەردەوامەكان بكەین، بەلاّم خۆی ئەبێ ئەو حەقیقەتەش بزانین كە پرۆژەی بەردەوام كەلیمەیەكی تەبیعیە، شتێكی ئەوە نیە، ئەگەر هەبێت لەناو ئەوانە پرۆژەیەكی تایبەت كە كێشەی لەسەرە، ئەوە

شایەنی باسە، ئەگەر نـا خـودی هـەبوونی پـرۆژە بەردەوامـەکان، ئـەوە پـاریش وتم و ئەمسالێش ئـەیلێم و ساڵی ئایندەش هەر دەبێ بەردەوام و ساڵی دواتریش هەروا، بەڕێز د.ڕێباز، سوئالی هەبوو لەسەر نیسبەتی ڕێژەی تەنفیزی پرۆژەکان لە شەش مانگی یەکەم، ئیحتیماله ئەوە لە تەقریر وەزارەتی داراییدا هاتبێت، بە هەر حاڵ وازیحە خۆی کـە ئێستا لـە داتاکانیش دەبیـنین، ئـەو وەزارەتانـەی کـە زیـاتر موههیـەئن و زیـاتر کادری هەندەسیان هەیە و زیاتر تەجروبەکە هەیە و دامەزراون، نیسبەتەکانیان زیـاترە لـەوانی تـر، لەبـەر ئەوەی نموونە یـەك، دوو وەزارەتـی هێنـاوە کـە پێویسـت ناکـات باسـی بکـەم، تەقریرەکـە لـەلای بـەڕێزتان هەیە، بەڕێز شیلان عبدالجبار، ئایا بودجەی پەرەپێدانی پارێزگا بەشێکە لە بودجەی وەبەرهێنان یان نـا؟، ئەز دبێژم ئەڤ پرسیارە دیسان تەفاصیلت وێ و نەفەقاتی سیادیە و ئەوانـە، شـێخ بـاییزی بـەڕێز وەزیـری دارایی ئیشارەتی پێدا، زیاتر وەڵامەکە لە لای ئەوە لە لای ئێمـە نیـە، بـەڕێز پـەیام خـان، پرسـیاری لەسـەر پرۆژەی هیزۆپ کە وەڵاممان داوەتەوە، ئەوە چارەسەر کراوە، پـرۆژەش هەیـە کـە وەك ، هـەر بەشـێوەیەکی گشتی بەڕێزان، با لێرەوە هەم بۆ ئێوەی بەڕێز و خەڵکی وڵاتەکەشمان باس بکەین، ئێمە لـە هـەر شـوێنێك، هیچ پرۆژەیەك نیە و نەبووە و ئێستاش نیە کە دوو جار کە ناوی دێت، ئەمـە خوتـوەی یەکەمـە کـە پێـی دەڵێن دانانی ناوی پرۆژە لەناو خوتەدا، دوایـی ئـەوە دەچێتە بـواری تـەنفیز، لەبـەر ئـەوە غـەیری هەڵـەی مەتبەعی نەبێت، هیچ پرۆژەیەك نیە کە دوو جار پارەکەی بـۆ دابنرێـت و دوو جـار خـەرج بکرێـت و دوو جار سەرف بکرێت و دوو جـار ئیحالـە بکرێـت و خـۆی یـەك پـرۆژە بێـت، شـتی وانیـە، بـەڵام کـە هەیـە لـە لیستەکان، ئەگەر نموونەیە هەبووبێت تەنها هەر هەڵەی مەتبەعیە و بۆیەش ئوصوڵی حوکمڕانی ئەوانەیە کە بەو مەراحیلانەدا بڕوات، بۆ ئەوەی کەمترین هەڵەی تێدا بێت، بـەڕێزیان پرسـیاری ئەوەشـیان کـرد کـە ئەو پرۆژانەی کە بڕیار بوون پار ئیلغا بکرێن و، شتی تر لە شوێنیان دابنرێ، ئەوانە چییان لێ هات؟، مـن ئێسـتا تەبعـەن لـە داتاکـان بـە کیتـابی ڕەسمـی عـەرزی جـەنابتان ئەکـەم کـە ئـەوە ئـەو پرۆژانـەی کـە لـە تەوصیاتی پەرلەمان هاتبوو پار ساڵ کە لابراون، تەبیعی ئـەو پـارەی کـە لـەوێ ئەگـەر شـتێك بـە تەحدیـد گۆترابێت، پرۆژەیەکی موعەیەن لە شوێنی دانراوە، ئەگەر نـا لـەناو لیسـتی هـەموو پرۆژەکـانی تـر تـەوزیع بووە، مەبلەغەکە بەو شیکلەیە، بەڕێز فازڵ بەشـارەتی، نـەبوونی سـایلۆ لـە کوردسـتان، ئـەو کێشـەیە ئێمـە تەئیـدی دەکـەین، بـە پێـی ئیمکـان داخیـل کـراوە، ئـەگینا تەئیـدی قسـەی جـەنابت دەکـەین، دابینکردنـی مەکائین بۆ جووتیاران و بڕی ئەو سەماد و موبیدات حەشەریەی کە دەدرێتە مە، ئەوە ڕاستە، بەڵام لەسەر فەقەراتی موشتەرەیات دەبێ، وەکو مەشروعیش ئەگەر بێتە پێشەوە، لەسەر بودجەی تەشغیلی، بەڕێز تـارا عبد الرزاق دەڵێ پرۆژە هەیە هی ساڵی 2003 ، ئەمە چۆن دەبێـت و پارەشـی بـۆ تـەرخان کـراوە؟، بـەڵێ، ئەو لیستە بەرەسمیش بۆتان هاتووە ئی 2003 و 2005، نزیکەی 68 و 61 پرۆژە بە بڕی 61 ملیار، یان بە عەکسەوە، بە دەقیقی نازانم، ئەوە هەیە، بۆیەش هاتووتە بەردەستتان، داوای هەندێك پێشنیاریشم کرد کە جەنابتان مەسەلەن ئەوانەی کە زۆر بە موعەلەقی ماونەتەوە، ڕێ و شوێنێکی یاسایی هەبێت و ئەمانـە دابخـرێ و حـەزف بکـرێن لـە لیسـتەکە، بـەڕێز کـاك ئیسماعیل ئـەڵێ، ئـەبێ 5 شـت هـەبێ هـەتا بتـوانین

موتابەعەی موناقەشەی بودجە بکەین، بەش بە حاڵی ئێمە، ئەو شتەی کە موتەعەلیقە بە ئێمە، تەقدیم کردنی ئەم لیستەیە، تەفاصیلی زیاتر ئەوەی کە موتەعەلیقە بە بودجەی وەبەرهێنانەوە، تەفاصیلی زیاتریش لە وەزارەت هەیە، هەموو کاتێك لەسەر هەر پرۆژەیەك، ئەگەر هەمووشی لە لای ئێمە نەبێ، ئینجا لە لای وەزارەتی پەیوەندیدار هەیە، وا بزانم پێشنیاری ئەوەش کرا کە نیسەبی ئینجاز مەسەلەن بە مونتەزەمی هەر سێ مانگ جارێك بدەینە پەرلەمان، بە نیسبەتی ئێمە هیچ مانعێك نیە، هیچ یاسایەك یان هیچ رێنماییەك یان هیچ نووسراوێك کە داوای ئەوەمان لێ بکات نەهاتووە، دەینێرین و هیچ کێشەمان نیە، بەشەکانی تر جەنابت ئیشارەتت بە حیساباتی خیتامی نەدا، ئەگەر پرسیارەکەت لە بیر مابێ، وتت دەبێ 5 شت هەبێ، ئەوە دوو شت لەوانە پەیوەندی بە ئێمەوە هەیە، ئەوانی تر پەیوەندیان بە وەزارەتی دارایی و ئابووری هەیە، بەڕێز کاك قادر حەسەن باسی پلانی ستراتیجی بۆ کەرتی کشتوکاڵ، پلانێکیان هەیە کە لەسەری دەچن، موشکیلەی کەمی تەمویلیان هەیە و، هەندێ لایەنیش مەشاکیلی تەنفیزیان هەیە، وەکو لایەنی فەنی، بەڕێز د.سەروەر عبدالرحمن، پرسیارەکەی زیاتر لەسەر ئەوە بوو کە ئەو پرسیارانەی کە هەیە وەڵام بدرێنەوە، منیش لەبەر ئەوە یەك بە یەك بە سوئالەکاندا دەچم، نامەوێت هیچ سوئالێك ئیهمال بکەم، محاوەلەش دەکەم حەدی ئیمکان دەقیق بم، ئەگەر شتێکیش مەفقود بێت لەو موناقەشەیە، من ناکرێت هەموو ئیشی حکومەت و ئیشی هەر 12 مانگ لە جەلسەیەك یان لە حەفتەیەك دانیشین ئیختیصاری بکەین بەوە، ئیشەکان زۆر لەوە زیاترن و، لە خزمەتداینە ئێمە، سوئالێکی تری هەبوو لەسەر باس کردنی لیستی ئەپدەیت کە لەسەر داوای لێژنەی دارایی و ئابووری کە لە ئێمە داوا کرا کە سەرەتای مانگی پێنج بینێرین بۆ پەرلەمان، چونکە ژمارەکان وەکو باسم کرد لە سەرەتادا گۆڕاوە، ئەو لیستەیە، تەبیعی هەر بۆ تەوزیح و سوپاسی جەنابیشیان دەکەم کە داوای ئەو تەوزیحەی کرد، چونکە بۆ ئەوەی هەم لە ئیعلام و هەم لەبەر چاوی لوجانی موختەصیش تەوزیحێك بدەم، ئەویش ئەوەیە کە ئێمە ئەو لیستەی کە ناردوومانە کە لە 1/17 کە لە وەزارەتی ئێمە دەرچووە، دواتر لە مانگی سێ گەیشتووتە پەرلەمانی بەڕێز، ئێمە ئەو لیستەیە کە تەحدیدی ئەرقامی موخەصەص دەکاتن بۆ ساڵی 2011، هەر لیستێکی تری ئەپدەیت کە بێت، موجەرەد پرۆگرێسەکە پێشان دەدات، ئەگینا ئەگەر تۆ سەیری ئەوە بکەی ئیحتیمالە 200 ملیار دینار لەگەڵ لیستی مانگی یەك فەرقی هەیە، ئەوەش تەبیعیە، ئێستاش ئەگەر لیستێکی ئەپدەیت تر بێنم حەتمەن پرۆژە بەردەوامبووەکان خەرجێکی لەسەر بووە، کە لەسەر حیساباتی 2011یە، بەڕێزیان داوا دەکات کە هیچی تر پرۆژە نەخرێتە ناو لیستی پرۆژەکان، وەکو پێشتر باسم کرد، وەکو مەبدەء ئێمە مولزەمین بە ئەو لیستەی کە بەردەوامە و ئەو لیستەی کە موصادەقەی لەسەر دەکرێت، بەڵام ئەگەر حاڵاتی تارئیش بێتە پێشەوە، چۆن لە میزانیەی، هەم لە میزانیەی حکومەتی عیراقی فیدراڵ و هەم لە میزانیەی هەموو وڵاتەکانی دونیا، رێژەیەك دادەنرێت بەناوی میزانیەی ئیحتیاتی، ئەگەر مومکین بێت کە ئەو میزانیە ئیحتیاتیە کۆمەڵێك شت لەخۆ دەگرێتەوە، مومکینە جار بەجار شتێکی وا بێتە پێشەوە وەکو باسی ئەو دوو سجنەی کە کرا لە هەولێر و لە سلێمانی کە پار لە لیستەکە نەبوون، بە

بڕیارێکی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران، بە فەرمانێك بۆ ئێمە هاتووە، داخیلی ئەوەمان کردووە، ئێستاش لە ئیحالەیە وا بزانم یان لە دەستپێکردندایە، کە تەعقیبیشم کرد ئەمڕۆکە لە مەجلیس چوومە دەرەوە بزانم سەیری فایلەکەم کرد، تەوصیەی لیژنەی کاروباری ماڤ مرۆڤ ئی پەرلەمانی کوردستان بە کیتابی رەسمی چوویتە سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران، سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانیش پەسندی کردووە، یەعنی ئەوە نیە مەسەلەن ئەمە لەبەر ئەوەی کە ئەو دەرگایە هەیە یان ئەو ئیمکانە هەیە، ئەو شتە هەموو رۆژێك روو دەدات، ئەمە حاڵەتێکی زۆر کەمن، بەڕێز عەزیمە نجم الدین، هەمان پرسیاری هەبووە لەسەر پرۆژە بەردەوامبوونەکان کە نەکەوتوونە سەر ئیش، ئەوانەی با بڵێین لە پارەوە موصادەقەی لەسەر کراوە، ئەو رێژەیە هەیە، مەجموعەیەك لەو پرۆژانە هەیە لەبەر مەسەلەی کاتە، لەبەر مەسەلەی ئیجرائاتی رۆتینیکە کە دەبێ پێیدا بڕواتن، ئەو رێژەیەش هەر کەم دەبێتەوە، هەروەها تێبینیەکی لەسەر ئەوەی کە تەندەرینگ لە دوو شوێن دەکرێتن، خۆی ئەوەی کە واقیعی حاڵە لە هەرێمی کوردستاندا لە دیوانی هەر سێ پارێزگا، تەندەرینگ دەکرێتن زائیدەن لە بەعزێك وەزارات بە تایبەتی وەزارەتی ئاوەدان کردنەوە، وەزارەتی شارەوانی کە پرۆژەیان زۆرە، بەعزێك جار دەعوەتی راستەوخۆ کە دەکرێتن لە پرۆژەی تایبەتمەندا کە بۆ مەجموعەیەك کۆمپانیا کە نابێت لە 5 کەمتر بن، کە ئەم ئیجرائاتانەش هەمووی یاسا رێگای پێداوە، بەڕێز ئامینە زکری، پرسیارا موشارەکا کەرتی تایبەت کر لە بوارێ پەروەردێدا، تەبیعی وەکو هەر حەمی پرۆژەیەك، موکینە تۆ تەرکیزێ لەسەر لایەنی ئیجابی بکەی، مومکینە مەجالی تێدا هەبێت وەکو مرۆڤ تەرکیزی خەراب بی و لایەنی سەلبی بکات، مەوزوعێکی هەیە بەناڤێ قوتابخانێن تایبەت، کو کوردستانی بگاڤێ و کو زۆربەی جیهەتی تر دونیای عالەمی کو هەین، هەولیریت هەین، سلێمانیت هەین، دهۆکیژیت هەین، ئەڤە قوتابخانە فەرەنسیەت هەین، قوتابخانە ئەڵمانیا هەین، قوتابخانا شوێفاتا هەین، هندەك ژ ڤان حوکمێ کو هندەك ل باژێرەکێ مەزن، ئان ل یێ پایتەختی مومکنە کو خەلك دەستێ وان بگەتێ، مە بڤێت وە نەڤێت ئەڤ قوتابخانێت هەنێ، وەکو کەرتێ تایبەتیێ د مونافەسێدا، هەم د نابەینا ئێك و دودا وهەم دگەل کەرتێ حکومی، وەختێ ئەڤ قوتابخانێت هەنێ مەوجود بن ل هندەك باژێڕا دبیا هەقیقەتەکێ ل بەرچاڤێ مە بیت، کو ئەو قوتابیێت ل وان قوتابخانا دەرکەڤن، یان تەخەروجێ دکەن، حەتمەن مومکنە ل هندەك پێوەرا، ئیحتیمالێ کو هەندێیا هەی شەریحەك ژێ دەر کەڤیتن، کو ئەو شەریحە موستەقبەلەن ل قەرارایەکی وەکی سۆران نەبت، چونکو قوتابخانێ ژ تایبەت لێ نینە، تەوەجوها سیاسەتا حکومەتێ ب شکلەکێ عام نەك تەنها پەروەردێ، دەعما قتاعێ خاسە، دەعما قتاعێ خاس ب شێوازەکێیە کو هندەك جارا، ب واستەی تەشریعات، تەسهیلات بۆ بێتە کرنێ، هندەك جارا ژی مومکنە بێتە سەر هندێ، کو قتاعێ حکومی دەعما مادی ژی بکەتن، بۆ هندێ هەتا ئەو مەشروعە ل وان جهێ درست بن و ببیتە زاهیرەك و بشێن ئیدامێ پێ بدەن، ئەو مەبلەغێت کو هاتینە تەخسیس کرن ، بۆ هەڵەبجە، کەلار، سۆران، زاخۆ بۆ هندێیە کو قتاعێ خاس تەشجیع ببت، ب پێی میکانیزمەکێ وازح، کو جەنابێ تە چی ئیتیلاعێ ل سەر بکە، ل تەفاسیلێت وان ئاگادارم، بەس تەفاسیلێت وان ل وەزارەتا

پەروەدێشی هەین، دەرفەتەکا دیدا ئیتیلاعێ سەر بکەی، ئەم وەکو حکومەت، ئەز وەکی وەزیرێ پلان دانان، زۆر موفتەنەعم پێ، چونکی ئەو جهێت مە بەحس کری مومکن نینە، تو وەسیلەکێ ببینێ کو تو ئیجبارا وەبەرهێنەری بکەی، کو بچیتن ل وێرێ مەدرەسەکی بکەتن، د وەختێدا مە مەدرەسەکێ ل سلێمانی موربح ترە، بەس هەڵبجە دێ هەر مینێ مەحروم ژ مەدرەسێت ئەهلیی بی، کەواتە ل وێرێ هیچ بابێ موقارەنەی نینە کو ئەم ئەڤێ موقارەنەی بکەی دگەل مەدرەسێت حکومی، مەدرەسێت حکومیی ژی زەرورینـە، دبیـا بێنە چێ کرن، ئاستێ وان ژی باشتر لێ بێ، ل هەمان وەخت دا فەراغەك ژی هەی مـەجالێ کو هنـدێ هـەی، کەرتێ تایبەت دەورێ خۆ ببینت، دیسا ئەوەژی بـە پێـی یاسـاو ڕێنماییێت کـو حکومـەتا هـەرێمی شـۆل پـێ کەتن، ئەڤ تشتێ ئـەڤ دەرگەهێ هاتیـە ڤـە کرنـێ، مـەناڤێ وان یـێ کریـە، ئـەز نـزانم ل ڤێـرێ مـە نڤیسـی، p.p.p یەعنی( پەبلك پرایڤت پارنشن)، ئەوە مەبدەئەکە ئەلعان هـەم بـانکی نێودەوڵـەتی، هـەم ئـام ئێـف، هەم مونەزەماتێت ئومەم موتەحیدە زۆر تەشجیعێ دکەن، دوی حالەتیدا وەختـێ تـو ببیـە شـەریك، دگەل ڤتاعێ کەرتێ تایبەت، تو دشێی باشـتر ژ کۆنـترۆڵـەکێ تایبـەت بکـەی، کـو هنـدێ ژی سـەد دەر سـەد کـەرتێ تایبەت دڤی شۆلێ دابت، ئەگەر دەستێ وەزارەتا پـەروەردێ نـاڤ وان ڤوتابخانێـت وەسـاداهەبتن، حەتمـەن دێ باشتر شێت ئەوی دی بکەت، دڤێرێشدا ئەگـەر جـەنابێ تـە داخلـی تەفسـیلێ ببـتن، موفتـەرەحەکـە ئەوەیـە، جهەت نەهاتینە تەحدید کرن، بەس موفتەرەح ئەوەیە کو مەدرەسەکا حکومی تەسلیمی تەجروبەکا نـاجح ببتن، وە جزئەکێ ژ تەکالیفێ بێتـە تـەموویل کرنـێ، وە جزئێکـی دی ژی بکەویتـە سـەر ڤوتابیـا، ئـەو ڕێـژا جەنابێتە بەحس کری ل ڤوتابخانا، ئەو ب وی شێوازی کـو ئێکیـا هـەی ل هـەولێرێ، ئێکیـا هـەی ل دهـۆکێ هەتا ڤێ گاڤێ، ئەو ڕێژا بۆ زارۆکێ شەهیدا هاتینە تەخسیس کرن، مەبـدەئێ تـەموویل کرنـا بـە دوو جـزئن، یەعنی ئەلعان ئەگەر ئەڤ ڤوتابخانێ هەنێ دروست بیتن، ئەڤ مەشروعێ هەنێ سەر بگریتن، ڤوتابییێت کو چنە وێرێ، دبیا هنگی دیسان حکومەتا هـەرێمێ کوردسـتانێ وەزارەتـا پـەروەدەی، د ڕێکا وەزارەتـا دارایـدا، مەبلەغەکی تەخسیس بەکەتن بۆمەجموعەکێ، بۆ ڕێژەیەکان زارۆکێ شەهیدا دا ل وێـرێ بخوینن، یـەعنی ئەو پرۆسە وەکو مەبدەئ، درستە تەمویلا وێ تە دوی ئێك ملیار دیناریدا، ئێـك ملیـار دینـاری ژی تـەبیعی بـۆ سـاڵەکێیە، بـۆ هندێیـە کـو ئـەو تشـتێت ئیزافـی ئـەوێت کـو بـەنامێ حکومی ژی دانـەبیت بێتـە کـرن، جەنابێتە پرسیار د پرۆژەیا زانکۆ و زانکۆیا دهۆك و زانکۆی هەڵەبجە، هەر هەمیێت ئیحالە بین، دەست ب شۆلی کرینە، جەنابێتە ئەو رسـم نیشـنامەدان ئـەوێت هنـدەك مولاحـەزات ل سـەر بینـای ڤوتابخانـەکێ تـە هەبین، ئەو تەبیعی عەلاقە ب پرۆژە یاسای بودجـە ڤـە نینـە، بـەس مولاحـەزە د جهـێ خـۆدا بـۆ جیهـەتێ مەعنی، کوالیتیا زۆربەی ئەڤ پرۆژێ ڤێ گاڤێ دێنە تەنفیز کـرن، ل هـەرێما کوردسـتانێ، ئـەز بێـژم هـەمی شاهدین ل سەر هندێ، کو ڕۆژ بە ڕۆژ مەشاریعا باشتر بت، سەبەب ژی ئەوی ئەوە کو بەری ڤـێ گـاڤێ، ئـەو کۆمپانیایێت ل هەرێمێ کوردستانێ شـۆل کـرن، وەختـەکێ تـەنیا کۆمپانیایێـت محـەلی بـین، پشـتێ کـو هنگـێ کۆمپانیایێت بیانی هەبین، بەلێ هەر ئەو بینن کوالیتیا وان زۆر باش نە، ڤێ گـاڤیش ڕۆژ ب ڕۆژ ئـەم هـەمی مولاحەزێ دکەین، ئەو بنایێت کو مە بینین ئەوێ حکومی ژی تەنانەت، وەکو ڤوتابخانێت وان، کوالێتی وان

زێدەتر دێ چیتە پێش، هەروەکو پێشتر ژی من بەحس کری، ل فەرمانگەی بەدواداچوونی پرۆژەکان، ئەگەر جەنابێ تە پەیوەندیەك ل گەل وان بکەی، یان ئەز شێم بکەم پێش جەنابێتە، نسبەتی ئەگەر مەعلوماتێ وی پرۆژەی رەسمیێ ل دەف من، بەس ناوێ پرۆژەی مەوقعێ وی ل سەر نەبی، ئەم دێ موتابەعە کەین سەرچاوا، بەرێز کاك محمد ئەڵێت پرۆژەکانی کەرتی تایبەت هیچ پرۆژەیەکی نیە، پێویستە حکومەت هەندێك لە بودجەی خۆی بۆ کەرتی تایبەت تەرخان بکات، ئەوە بە عەکسی پێشنیارەکەی ئامینە خانەوەیە، ئیتر هەردوو بۆچوونەکە هەیە، هەردووکیشی تەبیعیە دەتوانی بڵێی بە هەند وەربگیرێ، بەرێز کاك سەرهەنگ، پرسیارێکی لە جێگەی خۆیدا کرد، تەبعەن ئێمە مومکینە ئەو داتایە لەبەر دەست من نیە ئێستا، هەرچەندە ئی دوێنێش بوو دەمتوانی ئەو بکەن، بەلاّم مەسەلەن ئەڵێت نەبوونی نیشاندەر لەسەر ئەوەی بابڵێین ئەم پرۆژانەی ئاو، چەند رێژەی بێ ئاویان کەم کردۆتەوە؟، وەلاّمەکە لە لای من نەبوو، لەکاری رۆژانەشمدا ئەو دیقەتە هەتا ئەو هینە نەچومەتە ناو ئەوەوە، بەلاّم حەتمەن هەتا رێژەیەك سوودی هەیە، پرۆژەیەکی ئاو کەلە شوێنێك دروست دەکرێت، هەروەها لەسەر ئی ئاوەدانکردنەوە، من ئەو تێبینیەش دوێنێ لەگەڵ وزیری شارەوانی و وەزیری ئاوەدانکردنەوەش قسەم کردووە، کە وتوومە ئێمە ئەگەر بکرێت لەوە دەقیق تر بین، بۆ لەمەو دوا بەسەرچاو، ئیحتیمالە لە لیژنەکانیش ئەوە باس کراوە کە وەزارەتی گواستنەوەو گەیاندن داوای هەندێك پرۆژەیان کردووە، کە داخل نەکراوە، کەچی هەندێك پرۆژە داخل کراوە کە بەدڵی ئەوان نەبووە، تەبیعی کە باسی ئەوەش دەکرێت هەمووجار، میسالی فرۆکەخانەی هەولێر دەبێت بە میسال، ئەو تەوسیعاتانەی کە لەوێ دەکرێت، یان لە فرۆکەخانەی سلێمانی، مەشروعی هەردوو فرۆکەخانەکان، بەرێزان دوو مەشروعی تایبەتن، کە دەڵێم تایبەتن، مەقسەدم ئەوەیە کە نە تەجروبەی فرۆکەخانە لە کوردستان هەبووە یەکێك فرۆکەخانە دروست بکاتن، نە موئەسەسەیەك هەبووە کە ئەمە بیست ساڵە فرۆکەخانەی دروست کردووە، هەردەم مەرجەعیەتی فرۆکەخانە دائیمەن لەسەر وەزارەتی نەقل و مواسەلاّت بووە، چونکە هەر فرۆکەخانە لەوێ بووە، لەبەر ئەوە، ئەوە بە کۆمەڵێك مەراحلدا تێپەریوە، ئەسلەن پرۆژەکان کە دەست پێ کراوە، هی زەمانی دوو ئیدارەیی بووە، دوایی ئەوە کە ئیدارەش تەوحید بووە، بە شێوازێکی موعەین تەعامولیان لەگەڵ کراوە، ئێمە ئێستا ئەو تەوەجوهەی کە هەمانە، بەنیسبەتی هەموو پرۆژەکان، فەترەیەك لەسەر وەزارەتی دارایی بوون، ئێستا لەم مەرحەلەیە ئێمە پاڵی پێوە دەنێین وەکو مەشروع، وەکو فایل کەلە وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندن بێت، ئەوان دەڵێن ئێستا ئێمە موهەیەئ نین بۆ ئەوە، تەبیعی ئەمە وەختی دەوێت ئەم پرۆسەیە، ئەگینا نسبەتێکی کەم لە پرۆژەکانی ئەوانیش داخل کراوە، راستە ئەوەیان لەبەر مەحدودیەت بووە، بەرێز کاك خورشید جێگری سەرۆکی لیژنەی درارایی و ئابووری، ئاماژەی بە پرۆژەیەکدا لە دهۆك، کەباسی هەردوو خەستەخانە کرا، وەهەم باسی ئەوە کرا کە ئەوەلیاتی پرۆژەکەشی تەسلیم بە من کرد، کەلەکاتی خۆیدا بەرێز کاك نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی کابینەی پێنجەم، وەعدی بە خەڵك داوە، ئەویش نەخۆشخانەی شێرپەنجەیە، کە ئەمە دوو ساڵە بەراستی هەر لەبەر مەحدودیەت ئەوە

کـراوە، ئـەگینا وابـزانم هـیچ موناقەشـەی پـێ ناوێـت، وە جێبـەجێ دەکرێـت، بـەڕێز شـلێر محمـد، کـە پەیوەندیەکی باشیشمان هەبووە لە خیلالی ئەم ماوەیەی بابلێین لەوەرگرتنی تێبینیەکانی، کە خۆشی وەکو موهەندسێکی ساحێب تەجروبە موداخەلاتی هەبووە، بـەلاَم لێـرە بەڕاسـتی تۆزێـك غـەدری لـە ئێمـە کـرد، وتی کە وەزارەتی پـلان دانـان سـتافی نیـە، بۆیـە نـاتوانن پـلان دابنـێن، ئێمـە بـەش بـەحاڵی خۆمـان ئێمـە تەقیمی خۆمان نابێت خۆمان بکەین، بەلاَم من حەدی ئەقەل دەتوانم تەقیمی مدیر عامەکان و ستافەکانم بکەم، بەڕاسـتی زۆر لێیـان ڕازیـم، دەسـت خۆشـیان لێ دەکـەم، ئەگـەر یـەك ئیشـی مورەتـەبیش هـەبێت کـە تەقدیمی بکەم، بەرهەمی کاری ئـەو سـتافانەیە، ئـەگینا کـەس لـە ئێمـە بـە تـەنیا ئیشـی پـێ ناکرێـت، مـن لێرەشەوە هەرچەندە بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، ئیحتیماله تۆزێك لە خەتەکە دەربچم، مـن داوا دەکـەم کـە ئـەو 10٪ی معاشـی مـدیر عامـەکان کـەم نەکرێتـەوە، چـونکە بەڕاسـتی کـارێکی زۆر دەکـەن و، لـە هـەموو وەزارەتـەکانیش، بـەڕێز کـاك د.ئـاراس، تێبینـی لەسـەر ئـەوە هـەبوو کـە موناقـەلات دەکرێـت، لەبـەینی پڕۆژەکـان، یـان لەبـەینی ئیستیسـماری بـۆ تەشـغیلی، کـە پەرلـەمانی لێ ئاگـادار بکرێتـەوە، بـە هەقیقـەت بەشێوەی موناقەلات، ئەگەر شێوازی کیتابی ڕەسمی بێت، ئێمەش کیتابی ڕەسمیمان بۆ نایەت، بەلاَم یەعنی ئەو پارەیەی کە تەخسیس کراوە بۆ مەشاریع، کـە هـەمووی سـەرف نـەبووە، کـە وەزارەتـی دارایـی عـەجزی خۆی پێ سەد دەکات، یان لـە تـەعینات تـەجاوزی هـەبووە، پێـی موعالەجـە دەکـاتن، ئێمـە تـەنها دەتـوانین شاهدی ئەوە بدەین، لەگەڵ هەموو بیرۆکراسیەتی کە لـە نـاو کاروبـاری حکومەتـدا هەیـە، هـیچ وەزارەتێـك پڕۆژەی نەچووە کە کاتی سلفەکەی هاتبێت، کاتی تەنفیزەکەی هاتبێت بۆ وەزارەتی دارایی نەیدابێت، ئەوە هەقیقەتێکە، بەلاَم پێشی ئەوە ئەگەر ختوەیەکی موعەین ئەژمار بکرێت بەوەی کـە ئەمـە ئاسـتەنگێکە لـە سورعەتی تەنفیز، ئەوە بابەتێکی ترە، ئێمەش دەنگمان دەخەینە پاڵ دەنگی کاك د.ئاراسـەوە، داوا دەکـەین کە پارەی مەشاریع هەر بۆ مەشاریع بێت، کاك حازم تەحسین، وابزانم هەر باسی تەعیناتی کرد، پەیوەندی بە ئەوەوە نەبوو بە ئیستیسماریەوە، بەڕێز نەسرین جمال دەڵێت هەماهەنگی لە بەینی وەزارەتی دارایـی و پلان دانان و پارێزگاکان، ئێمە بمانەوێت و نەمانەوێت، ئێمە لەگەڵ وەزارەتی دارایی هەماهـەنگیمان هەیـە، چونکە کارەکە هەر وایە، هەر ناشـکرێت، بـەهیچ نـەوعێکی تـر قبـوڵ ناکـات، لەگـەڵ پارێزگاکـانیش ئەگـەر باسـی میزانیـەی تەنمیـەی ئەقالیمـە، پەرەپێـدانی پارێزگاکـان، ئـەوە باسمـان کـرد، هەرچـەندە وتمـان کـە هەماهەنگیەك لە ئیتارێکی قانونی، لـە ئیتارێـك لـە مەجلسێکدا وجودی نیـە، بـەلاَم بـابلێین فەرمانگـەی تەندروستی یـان کشـتوکاڵ لـە پارێزگایـەکی موعەیـەن کـە پـارە لـە تەنمیـەی ئـەقالیم وەردەگرێـت، هـەمان فەرمانگە، سەر بە وەزارەتـی مەعنیشـە، یـەعنی حەلەقـەی ڕەبتـەکان لـەباتی ئـەوەی لـە سـەرەوە بێـت، لـە خواڕووی تری وەزارەت و موحافەزە حەلەقەی ڕەبت هەر هەیـە، پـڕۆژە هەیـە بـەڕێزیان دەڵێـت کـە تـەواو بووە، دیسان پارەی بۆ دانراوە، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، من هـەروا پرسـیارم بـۆ دەنێـرن، ئەمانـەمولزەمم جوابیان بدەمەوە، یان نا؟، چونکە ئـەوە تـەواو نابێت ئەگـەر بـەو شـێوەیە بـڕوات، بـەڕێز نەسـرین جمـال دەڵێـت، پـڕۆژە هەیـە تـەواو بـووە دیسـان پـارەی بـۆ دانـراوە، شـتی وا ئـیلا ئەگـەر لـە تەسـفیەی حیسـابی

پرۆژەکەمان مابێتن، میسالیشی هێناوە، ئەگەر جەنابی بیەوێت دوای جەلساتی پەرلەمانیش ئێمە وەکو ئیلتیزام دەڵێین، موتابەعەی ئەو ئیشە بکات، بەیەکەوەش موتابەعەی دەکەین، بەڵام هیچ پرۆژەیەك مومکن نیە، کە تەواو بووە ئێستا بە مەلاین یا بە ملیاراتی بۆ دابنرێت، بەڕێز ژیان خان پرسیاری لەسەر تەکنەلۆجیای زانیاری هەبوو، وەڵاممان دایەوە، بەڕێز پەروین خان باسی پرۆژەکانی ناو وەزارەتی ناوخۆ بوو، هەروەها پرسیاری کردووە، بەڕێز پەروین عبدالرحمان، ئەڵێت دوو ساید کردنی هەولێر-کۆیە، کە پاریش پارەی بۆ دانرابوو، ئەمساڵیش بۆی دانراوە، بەڵام هێشتا ئیش نەکراوە، تەسمیمی تەواو بووە، ئیعلانیش تازە کراوە، دەبێت لەم ماوەیە دەست بە تەنفیز بکەن، وابزانم لە ساڵی ئایندەش لە پرۆژە بەردەوامەکاندا دەیبینن، چونکە باوەڕناکەم بە شەش مانگ تەواو بێت، بەڕێز کاك شڤان کو ڤلی، تەخسیس کرنا هندەك ژ پارەێت توانا سازی بۆ زارۆکێن شەهیدا، مە تەئید دکەین، ئەم حەز دکەین د پرۆژە یاسای بودجێدا هەبتن، چونکو هەرچەندە مومکنە هاتبتە موراعات کرن، ئەما وەکو سستم، نەخێر، دروست کرنا دوو نەخۆشخانە ل هەولێر و دهۆك بۆ کەس وکارێ شەهید و پێشمەرگە، دوو بۆچوونێت هەی، هەرچەندە مە ئەڤ تەرحە نەهاتیە مە داخل ژی نەکریە، بەس وەسیلە ئیهتیمام دانێ کەس و کارێن شەهیدا، یان بە هەر شەریحەکێ علمیەن وەسا باس نیە کو بێنە جودا کرن، وەکو شەریحەکا جودا ژ کۆمەڵگەهێ، بەس مومکنە ل ناڤ هندەك وەسائیلێ دی، دیسان ئەو ئیهتیمامە بێتە تەرجومە کرن بۆ خزمەتەکا باشتر، ژ بەر هندێ ئەم تەئیدا وێ فکری ناکەین کو موئەسەسەکا جودا، مەدرەسەکا جودا، خەستەخانەکا جودا، چونکو مەفروزە ئەو شەریحە بە هەموو پێوەرا دناڤ کۆمەڵگەهی دابن، ئەما بۆ مەسائیلێ دی ئیهتیمام پێ بێتە دان، هەر پرۆژەکێ کو ل پارێزگەهەکی نێتە تەنفیز کرن.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

تکایە موراعات بکەن، دانیشتوونە هەمووتان هیلاکن، با گوێتان لێی بێت، پرسیارتان کردووە، جوابتان ئەداتەوە، رەجا لە خوشك و برایان دەکەین، ئەوانەی ئەیانەوێت قسە بکەن، بچنە دەرەوە قسەکەی خۆیان بکەن، پاشان بێنەوە، جەنابی وەزیر فەرموو.

**بەڕێز علی سندی/ وەزیری پلان دانان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێز ئاسۆ کریم کۆمەڵێك تێبینی و تەوسیاتی گرنگی هەبوو، وابزانم باسمان کردووە، زۆربەیان لە موناقەشاتدا، هەروەها داوای کرد لە لیستی پرۆژەکان لەسەر وێب سایتی وەزارەتی پلاندانان دانرێت، ئێمە بە هەقیقەت هەمانە، بەڵام ئەوەی کە داخل دەبێت، یەعنی ئەوەی کە داخل دەبێت بۆ هەموو (user) نییە، بۆ ئەو (user)ەیە کە موختەسە، ئەگەر باحس بێت، ئەگەر قوتابی بێت بەحسەکێکی هەبێت، ئەگەر بەڕێزێکی تریش زانیاری ویست ئێمە، دەتوانین بیدەین، بەس کە لەسەر وێب سایت دایبنێین هەروەها بۆ ڕای گشتی، ئێمە ئەو بەرنامەمان نیە، هەرچەندە لە سەر وێب سایتی پەرلەمان دانراوە، هەر هەمان شتە، بەهەمان فۆرمات نیە، بە تەفاسیلی زیاترە، ئەوەی کە لە لای ئێمە هەیە، بەڕێز گەشە دارا، کە

زیاتر گرنگی بە سەنتەری پارێزگا دراوە، ڕاستە لە پڕۆژەکان ئێمە موحاوەلەمان کرد کە ئەمساڵ، بە نیسبەتی بەردەوامەکان تەبیعی ئەوە شتێك بوو کە کۆتایی پێ هاتووە، لە تەحدید کردنی جێگا، هەرچەندە مەجالی موناقەلە هەیە بۆ ئەوانەی کە هیچ تەنفیز نەکراوە، بەلاَم دیسان دەبێت لە سەر پێشنیاری خودی وەزارەتەکە بێت، ئێمە ئەمساڵ لە بەرنامەشمان دا هەبوو، و واشمان کردبوو بە دەقیقی، لە پڕۆژە پێشنیار کراوەکان کە ئەو بالأنسە حەد لئیمکان بە دیقەت ڕایبگرین، بەلاَم کە شەش سەد ملیارمان بڕی بۆ کارەبا، شەش سەد ملیاری کارەبا ئەو موعادەلەی بەسەردا تەتبیق نابێت، چونکە وەکو جەنابتان دەزانن کە کارەبا لە سێ ختوە پێك دێت، تەولید، محەتات، تەوزیع، تەولید خەس خەسەی بۆ کراوە، دراوەبە کەرتی تایبەت، بەلاَم هەردوو کەرتەکەی تر محەتاتە و تەوزیعە لەدەستی کەرتی حکومیدایە، پارەکانیش بۆ ئەو دوو کەرتەیە، کە لەلای ئێمە بۆی تەخسیس کراوە، ئەگینا دەعمی سعرەکان کە کراوە، لە وەزارەتی مالیە لەسەر تەشغیلیە، محەتاتیش لە زمنی ئەو شەش سەد ملیارە، ئەگەر محەتە پێویست بوو بایی دوو سەد ملیار لە شەقلاوە، ئێمە دەبێت لە شەقلاوە دایبنێین، ناتوانین نسبەی عەدەدی سکانی شەقلاوە ڕەچاو بکەین، لەبەر ئەوە تەفسیرەکەی ئەوەیە، بە دەقیقی ئەگەر جەنابت سەیری پڕۆژە پێشنیار کراوەکان بکەی، خارجی کارەبا بکەی، ئێمە ئەوەمان ڕەچاو کردووە، بەلاَم لە عامدا دەرناچێت، چونکە ئەوە فەقەت لەو حاڵەتە لەسەر سێ سەد ملیارێك تەتبیق دەبێت، بەلاَم لەمەو دواش ئەو تێبینیە بە دروستی دەزانین، هەروەها جەنابتان پرسیاری سیستەمی بەدواداچوونتان کرد، لەچەند لایەکەوە بەدواداچوون دەکرێت بە نیسبەتی پڕۆژەکان دەڵێم، وەزارەتی دارایی وەسائیلی خۆی هەیە، لە سەرفی سولفەو ئەوانە، ئێمە بە نیسبەتی ئینجاز موتابەعەی دەکەین، کوالیتی ئیشەکە فەرمانگەی بە دواداچوونی پڕۆژەکان موتابەعەی دەکات، بەعزێك جار تەبیعی وەسائیلی تریش هەیە لەئاستی پارێزگاو ئەوانە، هەرهەموو ئەمانەش ئەگەر باشتریش بن و زیاتریش بن تەبعەن هەر باشە، پرسیار لەسەر هۆکارەکانی 2003و2005 کرد، ئەوە هەر کەیسێك، هەر پڕۆژەیەك حاڵەتی خۆی هەیە، یەك مەبدەئ نیە کە لەسەر هەر هەموو ئەو 60 پڕۆژەیەدا تەتبیق ببێت، هەر پڕۆژیەك ئەسبابی خۆی هەیە، کە بۆچی بەو حاڵەتە گەیشتووە، بەڕێز سەمیرە عبدالله باسی نەخۆشخانەی بەردەڕەشی کرد، کەس داوای نەکردووە، بەلاَم منیش تەئیدی جەنابت دەکەم، بەس هیچ تەرحێك لە وەزارەتی تەندروستیەوە، یەعنی ئەگەر ناحیەی جوگرافیەکەی لێك بدەینەوە، حەتمەن بەو تەوەسوعەی کە لەوێ ڕوویداوە، بە حوکمی مەسافەتی ئەوێ و دهۆك، بەینی ئەوێ و ئاکرێ، بەینی ئەوێ و هەولێر، موستەحەقی ئەوەیە لە بەرنامەکانی ئایندە لەبەر چاو دەگرین، بەڕێز کاك جمال، دەعوا ڕێژا تەنفیز یا ئینجازی کر، لەسەر مستەوای مەشاریعی موحافەزە، مە هندەك داتایێت هندێ عەرز کری بۆ جەنابت ڤی گاڤێ، بەڕێز کاك کاردۆ محمد، پرسیاری هەبوو لەسەر بۆچی بەشێك لەو پڕۆژانەی کە لەوەزارەتی داد دانراون، تەنفیز ناکرێت، پارەکەی بۆ کوێ دەگەڕێتەوە، ئەوە پرسیارێکی عامە، من ئەوەی کە لە پرسیارەکە تێگەیشتووم کە نووسیومەتەوە، بۆیەش هەر بەناو هێنام.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك دکتۆر، یەك لەحزە بزانم تەوزیح لەسەر ئەوە کەناوت هێنا.

**بەڕێز کاردۆ محمد پیرداود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێز وەزیری پلان دانان، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، باسی ئەوەی کرد کە چیمان وتووە سەبارەت بەوە، ئێمە ئەڵێین بەشێك لە پڕۆژەکان، لە سەرجەم وەزارەتەکان، بڕیار بووە پەیمانگای دادوەری بکرێتن، پارەی بۆ تەرخان کراوەو پارەکە خەرج نەکراوە، چی لێ هاتووە پارەکە؟.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، جەنابی وەزیر کەرەمکە.

**بەڕێز علی سندی/وەزیری پلان دانان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەی چۆن ئەوە عام نیە، ئەو پڕۆژەی تریش هەیە وایە، کەواتە من لەسەرەتاوە، لە سەرەتای سوئالەکان پێدابێمەوە یان بەردەوام بم.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

رەجائەن لە جێگای خۆت قسە مەکە، جەنابی وەزیر تەوزیحەکە بەو شکلەیە، هەندێك پڕۆژە هەیە پارەی بۆ دادەندرێت لە میزانیە، بەڵام پڕۆژە ناکرێت، پارەکە بۆ کوێ ئەچێت، ئەوە ئەگەر کاك شێخ بایز جوابی ئەو پرسیارە بداتەوە باشترە، ئەو پڕۆژانەی پارەی بۆ دادەندرێت، بەڵام پڕۆژەکە ناکرێت، پارەکەی چی لێ دێت؟.

**بەڕێز شێخ بایز تاڵەبانی/ وەزیری دارایی و ئابووری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش باسی ئەوەم کرد، هەموو پڕۆژەیەك کە تەواو نابێت، یاخود دەستی پێ ناکرێت، پارەی بۆ تەخسیس کراوە، هەموو تەخسیسێك لە 12/31، ئەوە ئەڵێت (تسقط بانتهاء السنة المالیة)، پارەکەی ئەگەڕێتەوە بۆ وەزارەتی دارایی، ئەگەر عەجزی هەبێت، عەجزی پێ تەسدید دەکات، ئەگەر نەبێت پارەکە تەدویر دەبێتەوە بۆ ساڵی ئاینده.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاك علی کەرەمکە.

**بەڕێز علی سندی/ وەزیری پلان دانان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێزکاردۆ محمد پرسیاری ئەوەی کرد کە، کە من دەست بەکار بووم پرسیارێکی بۆ ناردم ساڵی پار، پرسیاری لەسەر پڕۆژەیەك کرد، پڕۆژەی دانانی پلانی پێنج ساڵە، کە بە فەرمانێك، تەفاسیلەکەی دەڵێم

جەنابیان ئاگادارە، بەس هەروەکو مەعلوماتی بەڕێزتان، کە بەڕێز سەرۆکی کابینەی پێنج کاك نێچیرڤان بارزانی فەرمانێکی واژوو کردبوو، لیژنەیەك پێکهاتبوو لە وەزیری پلان دانان و کۆمەڵێك خەڵکی پسپۆڕ کە دیراسەتی ئەو بابەتە بکەن، پرسیارەکەی لەسەر ئەوەبوو کە ئایا ئەو پلانە ئامادە کرا، ئامادە نەکرا؟، تەبیعی لەو ڕۆژەوە، لەو کاتەوە، دواتر کۆمەڵێك پلانی وەزارەتەکان و کۆمەڵێك پلانی کەرتەکان بەتایبەتی، دروست بوو، تەواو بوو، هەندێکیان بابڵێین وەکو کشتوکاڵ کەوتە بواری جێبەجێ کردنەوە، ئەوەی کە بەڕێزیان پرسیاری کرد، من وەڵامم دایەوە کاتی خۆی، ڕاست دەکات وتم کاکە ئەوە نازانم دوو هەفتەیە، دوو مانگە هاتووم تۆزێك مەجالمان بدێ دوایی باسی دەکەین، بەڵام خۆ مەخسەدم هیچ نیە، پێشم خۆش بوو کە ئەو سوئالەی تەرح کرد، بەس بەڕێزیشیان ساڵی یەك جار ئەو پرسیارە دەکات، کە دێمە ئێرە، ئەگینا من لە مانگی دووەوە ئەخبارم هەیە، کە لەگەڵ جەنابیان موهتەمن بەو مەوزوعە، باسی بکەین، باوەڕناکەم ئەوە مەوزوعی ئەم هینەش بێتن، مەوزوعی پڕۆژە یاسای بودجە، چونکە ئێمە ئێستا موناقەشەی پڕۆژە یاسای بودجەی ساڵی 2011 دەکەین، ئەمەش هەیە ئەگەر جەنابیان لەلای مەتلەب بێت، هەر چەندە ئەمە (draft)ی نیهائیە، چونکە کۆمەڵێك بانکی نێودەوڵەتی لێرەشەوە دیلێم، چونکە لەبەرچاوی تەلەفزیۆن دەیلێم، لەبەرچاوی ئیعلام، بانکی نێودەوڵەتی، ڕێکخراوی یو، ئێن، دی، پی، یەك، دوو ڕێکخراوی ئیستیشاری، هەمان کۆپی ئێستا لە لایانە بۆ ئەوەی کە ئاخیر مولاحەزاتەکان بدەن، ئەو کاتەش تەبیعی قەنەواتی ڕەسمی ئەو ئیشە دێتە سەرۆکایەتی حکومەتی هەرێم، ئەنجومەنی باڵای ئابووری، دوایی دەبێت بێتە ئەم پەرلەمانە بۆ موسادەقە کردن، مەخسەدم هیچ نیە، مەخسەدم کە ئیشی زۆری لەسەر کراوە، نەوەك تەنها ئەگەر قسەی ئێمە، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، ئەوە هەر حەز دەکەی با لای جەنابیشت بێت، من لە خیلالی ئەو سێ مانگ، چوار مانگەی ڕابردوو حەزم دەکرد پەیوەندی بە بەڕێزیانەوە بکەم، بەس دەستم نەکەوت، بەڵام بەهەر حاڵ، ئەمە وەزعی ئەم پڕۆژەیەیە کە جەنابیان باسی کرد، کە ئیلتیزامێکی حکومەت بوو لە کابینەی پێنجەوە، لە کابینەی شەشیشەوە بەڕاستی مەتلەب بوو لە لای، هەم بەڕێز سەرۆك وەزیران و، بەتایبەتیش خۆی حکومەتی عیراقی ئێستا پلانێکی ساڵی پار، پلانێکی پێنج ساڵەی تەبەننا کرد، کۆمەڵێك کێشەشی لێ کەوتەوە، لە پلانەکەشیان ئێستا هەم لە ناحیەی تەمویلەوە، هەم لە ناحیەی ئیلتیزامی وەزارەتەکانی حکومەتی عیراقی فیدراڵ، بەو پلانەوە تەقریبەن پلانەکە لە لایەك کەوتووە، وەزارەتەکان ئەولەویات بە کەیفی خۆیان دادەنێن، کەچی لە کاتێکدا ئێمە بەبێ ئەوەی کە بابڵێین شتێکی مەکتوبمان هەبێتن، عەرزی بکەین بڵێین ئەمە ئەو شتەیە کە ئێمە پێنج ساڵە لەسەری دەچین، ئێمە ئەوە شەش ساڵە ئیهتیمام بە بواری کارەبا دەدەین، بۆ ساڵانی ئایندەش بەردەوام دەبێت، وەزعی ئێمەش کە ئەو شتەی مەکتوبەمان لەبەر دەست نیە، لەناحیەی کارەباوە دیارە وەزعی حکومەتی عیراقیش دیارە، بەڕێزکاك بیلال سلێمان، پرسیارێکی کرد کاتی خۆی لە لیژنەی دارایی و ئابووری هەر هەمان پرسیاری ئەو بەڕێزانە تەوجیهـ بە ئێمە کرا، لە جەلساتی پێشوو تر، ئەوانەی بابڵێین هەڵەیەك بوو، یان تێبینیەك بووە چاکمان کردووە، مەخسەدیش ئەوە بووە، ئەوانەی تریش کە ئیستیفسار

بووه تەوزیحمان داوە، یەعنی تەنانەت لە جەریدەکان، لە ڕۆژنامەکان، لە گۆڤارەکان، لـە ئـیعلام، ئەوەنـدەی باسـی چـەند پڕۆژەیـەك کـراوە، کـە ئەگـەر سـەیری سعرەکەی بکـەین، باسـی مزگـەوتی گونـدی نـوور، لـە هەڵەبجە کراوە، ئەوەندە وتراوە کە ئەم مەشروعە وەهمیە، کە خۆی بای 45ملیۆن دینارە، لەکۆی گوژمـەی بودجەیەك کە چوار ترلیۆن و سـەدو پـەنجا ملیـارە، پرسـیاری بـەڕێزیان ئەوەیـە کـە ئـەم، خـۆی بـەڕێزیان خەڵکی هەڵەبجەیە، گوندی نووریش لە قەزای هەڵەبجە نیە، تەبیعی ئەگەر کەلیمەی گوندەکە لا ببرێت، کە ئەو فەقەرەیان هەڵەیە، لەو جیهەتەی کە هاتووە، بۆ ئێمەی ناردووە، هەڵەکە لەوێیە، بەس کەلیمەی گونـد لاببرێت، بـەڕێزان هـەر بـۆ ئیعلامـیش بـۆ ئـەوەی کەسـێکی تـر، چونکە کـە چوومە خـوارەوەش هـەر ئـەو پرسیارەیان دەکرد، کە ئەنەهو هەموو پڕۆژەی حکومەتی هـەرێم مزگەوتەکـە لەشـاری هەڵەبجەیـە و نـاوی مزگەوتی نـورە، بەرامبـەر بارەگـای بزوتنـەوەی ئیسـلامیە، نۆژەنکردنەوەیـە و وابـزانم ئەگـەر مـن خـەڵکی هەڵەبجە بم بۆ من ئاسان تر دەبێ ئەم وەڵامە ببینمەوە، بەڵام بەهەرحاڵ ئەوەندە باسکرا حەز دەکەم ئـەو تەوزیحە کافی بێت، ئەگەر کافیش نەبێت دیسان بە نووسراوی ڕەسمی لێمان داوا بکەن ئەم قسانە دەخەینە سەر وەرەقەو ئیمزای دەکەین و دەیـدەین، چـەند میسالێکی تـر هـەبوو، بـەڕێز ژیـان خـان باسـی بینایـەی دایەنگەی چوارباخی کرد کە بینایەکەی خراپە و نە لە پێشـنیارە و نـە لەبەردەوامـە و پێشـتریش تەقدیم کراوە من ئەمڕۆش تەعقیبم کرد بە تەقدیم کراوی نەهاتووەتە لای ئێمە بە حەقیقەت، بەڵام کە حاڵـەتی وا هەیەو وەزعەکەی وایە ئێمە ئەمساڵ داخلی دەکەین، هەرچەنـدە دیسانەوە لـەم جەلسـەیە داخـل کردنـی مەشاریع نیە بەو شـێوازە، بـەڵام کـە جـەنابت وەکو ئەنـدام پەرلـەمان سـەردانت کـردووە موفتـەنعی بـەوە ئێمەش ئیلتزامی پێوە دەکەین، بەڕێز کاك محمد شارەزووری پـارەی هـەردوو بەڕێوبەرایـەتی شـەهیدان لـە هـەولێر و سـلێمانی بکرێـت بـە خـانوو، وەڵامـان دایـەوە، بـەڕێز کوێسـتان محمـد داوای لابردنـی پـڕۆژە دووبارەکان دەکات، لابراون، لابردنـی کڕینـی شـتومەك میسالێکم هێنـا، شـەرحم کـرد ئەگەرمیسـالی تـریش هەبێ بە نیسبەتی ئێمە هەر هەمان فەقەرە ئەگـەر لەسـەر میزانیـەی ئیستسـماری بچێتە سـەر میزانیـەی تەشغیلیەوە وابزانم بـە نیسـبەتی حکومـەت کێشـەیەکی گـەورە نیـە، کـاك بـلال سلیمان یـەك دوو تێبینـی تـریش هـەبوو وابـزانم بـە جەداولـە حەزدەکـەی بـۆ جـەنابتی تـەوزیح دەکەمـەوە دوایـی، هەرچـەندە تەرحەکـەت کـردووە پێشـتر، بـەڕێز پـەیمان عزالـدین تێبینیـەکی هـەبوو دەڵـێ ئـەدائی وەزارەتـی دارایـی و وەزارەتی پلاندانان بێ سەلیقەتی تێدا دیـارە، نـازانم ئەگـەر ئیحتمالـە باسـی وەزارەتـی دارایـی بێـت زیـاتر، بەڕێز عظیمة نجم الدین باسی ئەوەی کـرد کـە پـڕۆژەی هەنـدێ مزگـەوت هەیـە کـەخێرخواز کردوویـەتی کەچی لەناو پڕۆژەکاندا ماوەتەوە، وابزانم پێش ئەوەی بێینـە ژوورەوە جـەنابیان تـەوزیحیان داو وتـی ئـەو مەعلوماتەم تەواو نـەبوو، یـەعنی پـڕۆژەی خـەڵکی خێرخـواز بیکـات و حکومـەت بـەناوی خـۆی تەسـجیلی کردووە؟؟

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**عظیمة خان فەرموو.**

**بەڕێز عظیمة نجم الدین حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەسەر ئەو پرۆژانەی کە دروست کردنی مزگەوتی شێخ حسین لە شۆرش کەمزگەوتەکە کراوە، بەڵام بابڵێین شوێنی ئەمەی بۆ هۆڵی تەعزیە و پرسەیە ئەوەی بۆ دروست دەکرێت، بەڵام دروست کردنی مزگەوتێك! مزگەوتەکە خۆی هەیە دوای ئەوە مزگەوتێکی ترمان هەیە سید احمدی خانەقا لە کەرکووك، ئەو مزگەوتە لەسەر ئەرکی مام جلال کراوە و دووساڵیشە تەواو بووە و ئێستا لە پرۆژەکان دیاری کراوەتەوە، دوو، سێ شوێنی تر هەبوو کە پارەی بۆ دیاری کراوە من لەگەڵ ڕێزم بۆ وەزیری پلاندانان بەڕێزیان دەڵێ پرۆژەی تەواو بوومان نیە لەناو پرۆژەکاندا کە پارەی بۆ داندرابێتەوە، مەکتەبێکی 12 پۆلی لەناحیەی ئاغجەلەر لە مینحەی نەوتی گەرمیان کراوە، پرۆژەکە دوو ساڵە تەواو بووە، هەر خوێندنی تیا بەردەوامە، بەڵام لێرە هاتووەتەوە، چۆن ئەوە تەواو نەبووە و پارەی بۆ دائەنرێتەوە؟.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر بەردەوام بە فەرموو.

**بەڕێز علی سندی (وەزیری پلاندانان):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێشنیار دەکەم بۆ ئەوەی لە خودی گفتوگۆ کردن لەسەر پرۆژە یاسای بوجەکە لانەدەین، هەرچی شتێك لەم بابەتانە هەیە بە قەنەواتی رەسمی و بە کتابی رەسمی بێت وبە کتابی رەسمیش وەڵام بدرێتەوە، لە جیاتی ئەوەی کە بابڵێین ئێمە حیوار لەسەر یەك پرۆژە بکەین کە دەرکەوت کە بەڵێ ئەو پرۆژەیە هەیەو هۆڵێکی بۆ دەکرێت لەبەرئەوە لە لیستەکەدا هەیە، ئینجا هی خێرخواز کردبێتی ئەوە تەوسیعەی پرۆژەکەیە، بەڕێز بێریڤان سەرهەنگ ئاماژەی بە ناوچە پێشەسازیەکان دا، ناوچە پێشەسازیەکانیش گوتی یەعنی خۆی هەر بۆ تەوزیح ئەمە فیترەکان نیە ئەوانیش پرۆژەیەکی ترە، ئەوەش هەیە لە ئارادا، بەس ئەمەی کە پێی دەڵێین ناوچەی پیشەسازی کە مەبلەغی بۆ تەخسیس کراوە بۆ دابین کردنی هەندێك زەوی لە هەندێك شوێندا بۆ مەعامل و ئەوانە و گەیاندنی خەدەماتە لەوێ ڕێگا و کارەبا و شتی وا، بەڕێز کاك عبدالرحمن پرسیاری کرد لە چۆنیەتی سەبەبی ئەوەی کە بۆچی پرۆژەی گەیاندنی کارەبا بۆ کەرتی تایبەت؟ ئەمە خۆی هەر بە پێی یاسای وەبەرهێنان حکومەتی هەرێم مولزەمە کە خەدەمات بگەیەنێتە ئەو مەشاریعانە، خودی یاسای وەبەرهێنان ئەو ئیلزامەی دروست کردووە لە حکومەت کە زۆرێك لە ئێمە ئێستا ئەو رەخنەیەمان هەیە و داواشمان کردووە کە یاسای وەبەرهێنان موراجەعەیەکی پێدا بکرێتەوە، چونکە ئەو یاسایە بۆ ساڵی 2006 و 2007 کە هەموو تەسهیلاتێك تەقدیم دەکرا فەقەت بۆ ئەوەی وەبەرهێنان ڕابکێشی، ئێستا زەرفێکی ترە، ئەو یاسایە مومکینە بۆ ئەوسا گونجاو بووبێ، بەڵام ئێستا پێویست دەکات کە مەجموعەیەك زەوابت و مەجموعەیەك ئەو تەسهیلاتانە با بڵێین کەمتر بکرێتەوە ئیحتماله زۆر تەئسیر لە پرۆژەکە نەکات، تەشجیعی ئەوە دەکرا کە کەس تەقدیمی دروست کردنی ئوتێلێك

بكات، ئێستا بەسەدەها تەڵەب دێت خۆیان فریا ناکەون هەر ئەسڵەن دیراسەتی هەموو تەفاسیلەکانی بکەن، بەڕێز کاروان صالح سوئالی هەبوو بە تایبەتی لەسەر ئەو پرۆژانەی کە لەسەر وەزارەتی داراین، بەڵێ پرۆژە هەیە لەسەر وەزارەتی دارایی، بەڵام ئەگەر موقارەنەی بکەین بە پار، زۆر کەمترە لە پێرار کە هەر لە کەمتر دایە، چونکە کاتێك لە کاتەکان بە تایبەتیش لە وەختی دوو ئیدارەیی کۆمەڵێك پرۆژەی حکومەتی هەرێم هەبوون کەلەوێ ڕێزبەندی دەکران، لەبەرئەوە ئێستاش ماون، مەسەلەن جەنابت ئاماژەت بەوە دا کە پرۆژەی دروست کردنی بینایە بۆ دەزگای ئەیلوول بۆچی لە وەزارەتی دارایی بێت؟ منیش تەئیدی جەنابت دەکەم، دەبێ بچێتە شوێنێکی تر، هەرچەندە کە فکریشی لێ دەکەمەوە لەناو وەزارەتەکانی حکومەت دەزگای ئەیلول زیاتر رەبتی بە کام وەزارەت هەیە، نازانم، بەس ئەگەر لە ناحیەی تەنفیزی بێت، منیش ئیحتماله بڵێم با لەسەر وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە بێ، بەڕێز سمیرە عبدالله گوتی کە گلەیی کرد لە حسەی ئەو پارەیەی کە تەرخان کراوە بۆ قەزای بەردەڕەش و گوتیشی موقارەنەی ئەگەر بە مەساحەت موقارەنەی قەزای بەردەڕەش لەگەڵ مەملەکەی بەحرین بکەین، ئەوە پرسیارەکە پرسیاری نەخۆشخانە زۆر زەرورییە و تەئیدی دەکەین، بەڵام وەکو رەقەم ئەو رەقەمەی کە گوتت من بە لیستی پرۆژەکانم پیشانی جەماعەتیش دا کە رەقەکەمە لەوە زیاترە، یەعنی زۆر تەبیعیە جەنابتان ڕەخنە لە ئێمە بگرن لە وەزارەتی پلاندانان بگرن، بۆ ئەوەی پرۆژەی زیاتر لەو ناوچانە بکرێت، بەس رەقەمەکە دەبێ وەکو خۆی بگوترێت، ئەمە ئیحتماله جەنابت باسی سێکتەرێکی موحەدەدت دەکرد تەنها یەك سێکتەر، بەڵام هەردوو پرۆژەی کە جەنابت ئیشارەتت پێیدا نەخۆشخانە لەگەڵ جادەکان، ناو گەڕەکەکان لەناو بەردەڕەش ئەوە لەجێی خۆیەتی، بەڕێز سیوەیل خان پرسیارێکی هەبوو لەوەی کە حکەمەت لەوە چیە وەزارەتی ناوخۆ.......؟ وەڵاممان دایەوە، پرسیارێکی تری هەبوو کە پاریش هەمان پرسیاری هەبوو، لەسەر پرۆژەی دروست کردنی مەرقەدی بارزان، بەڕێزان خۆی پرۆژەی دروست کردنی مەرقەدی بارزان ئێستا چوار کەلیمەیە خۆی دروست کردنی مەرقەد نیە، ئەمە دوو بابەت لە خۆی دەگرێتەوە، یەکێکیان/ مەسەلەی ئەو هۆڵانەیە و ئەو قاعاتانەن و ئەو خەدەماتانەن کە بۆ ئەو خەڵکانەی کە ساڵانە ئیحتماله بەسەدەها هەزار کەس ئەگەر زیاتر نەبن سەردانی ئەوێ دەکەن، دەنا خودی مەرقەدەکە وابزانم هەر هەمووتان بینیوتانە نە تەعمیر کراوە و نە هیچ شتێکی ئیزافی لەسەر کراوە، ئەمە شوێنی ئیستراحەت و خەدەماتێکە بۆ ئەو خەڵکەی کە دەچێتە ئەوێ، دووەمیان/ بەشی دووەمی مەتحەفێکە دیسانەوە بەڕێزیان دەتوانن اطلاعی لەسەر بکات، کە ئەویش تەفاسیلی هەیە، وابزانم موقارەنە کردنی ئەم مەشروعە بەهەندێك مەشاریعی تر وابزانم هیچ رەبتێکیان پێکەوە نیە، ئەو شتانەش لە هەموو دنیا، لە هەموو عالەم ئەو شتانە هەیە و شتێکی تەبیعیە، ئەگەر وایە کە جەنابیان دەیەوێ وەکو ڕێژە و وەکو رەقەم باسی بکات، ئەو مەبلەغەی کە بۆی تەخسیس کراوە لە کۆی گشتی پرۆژەکان و ئەوان وابزانم شایەنی باس نیە، بەڵام ئێمە نەبێتە ئەوەی کە بڵێین لەوەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە تەرەدودێکمان هەیە یان شتێکمان هەیە، ئەوە پرۆژەیەکە حکومەت تەبەنای کردووە بۆ تەوفیر کردنی هەندێك خەدەمات بۆ سەدەها هەزار کەس،

دووەم / دروست کردنی مەتحەفێك زۆریش ئیفتخاری پێوە دەکەین، وابزانم هەر زۆربەی کورد لە هەموو جیهانیش ئیفتخاری پێوە دەکەن، هیچ شتێکی غەیر تەبیعی نیە، زۆر تەبیعیە، ئەوەی کە جەنابت باسی ئەوەت کرد کە جادەی سەری بڵند دیسان لەوێیە و پار نۆژەنکردنەوە هەبوو و 485 ملیۆن دینار و پرۆژەی دوو سایدکردنیش هەیە بە 9 ملیار دینار ئەویش وابزانم شتێکی تەبیعیە و هیچ شتێکی غەیر تەبیعی لەوێ دانیە، ........... .

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك دکتۆر ئەگەر ئەوە تەوزیح بکەی پرسیارەکە بەو شێوەیە بوو، تەوەقوع دەکرا هەردووکی یەك شوێنە؟ ئایا یەك شوێنە یان دوو شوێنە یان شوێنی جودایە و چۆنە؟ تەفسیلێکی بدەی؟ فەرموو.

**بەڕێز د.علی سندی (وەزیری پلاندانان):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە تەفاسیلی تەعامول کردن لەگەڵ جادەو ڕێگاوبان و ئەوانە بابڵێین لە وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە تەفاسیلی زۆرە، جاری وا هەیە جادەکە مەوجودە ئەو جادەیە خەڵك بەسەریشی دا دەڕوات و ئیحتمالە پرۆژەیەك هەبێ بەناوی رەسیف کردنی هەردوولا، جاری وا هەیە ئەو پرۆژەیە هەیە هەم تەعمیر دەکرێت و لەهەمان کاتدا ئەمە ڕێگای بەدیلە و دەبێ هەبێت و دەبێ مەوجود بێ و سالك بێ و لە هەمان کاتدا هەتا پرۆژەی نوێ تەواو دەبێ، لەبەرئەوە ئەو تەفاسیلانە زۆرن و تەبیعیشن، چونکە با بڵێین پاریش ئەو سوئالانە کران و ئەمساڵیش تیکرار بوونەوە و لەپارەوە تا ئەمساڵ خودی ئەم تەفاسیلانە هەر هەمووی لە دەوائیری مەعنی هەیە دەتوانین بە کتاب رەسمی جوابی بدەینەوە، بەڕێز کاك شێرزاد حافظ پرسیاری ئەوە دەکات کە وەزارەتی پلاندانان پرس بە شارەوانیەکان ناکات و هەروەها قایقامەکان و موحافزەکان، بەڕێزان ئێمە وەکو باسم کرد ئالیەتەکان ئێمە کە لەناو کاروباری حکومی دا ئیش دەکەین، کۆمەڵێك ئالیەت هەیە، کۆمەڵێك وەسائیل هەیە، یەکێك لەو وەسیلانە وەزارەت پلاندانانە خەڵکی تریش مەوجودن، ئێمە پرۆژە لە وەزارەتەکان وەردەگرین، بە نووسراوی رەسمی و بە جەلساتی ڕەسمی کە مەحزەرەکانی دەنووسرێتەوە و مەحافزەکان و شارەوانیەکان قەنەواتی خۆیان هەیە بۆ تەنسیق، مەفروزە کە وەزارەتێك پرۆژەکانی تەقدیم کردووە حەتمەن لە دائیرەی فەرعی پرۆژەکەی بۆ هاتووە کە دائیرەی فەرعی تەعاملی ڕۆژانەی هەیە لەگەڵ قائیمقام یان لەگەڵ پارێزگار، بەڕێز نەسرین جمال پرسیارێکی زۆر با بڵێین عەمەلی کردووە کە دەڵێ کە ناکرێت کە پرۆژەیەك کە هیچی بۆ نەکرابێت بچێتە ناوی و ببێتە پرۆژەی بەردەوام، خۆی پرسیارەکە زۆر عەمەلیە و فعلەنیش ئیحتمالە ئەم دەستەواژانە تەنانەت لە ئیعلامیش کە تۆ پرۆژەیەك باس دەکەی بەردەوامە، بەڵام خەرجی لەسەر سفرە، خۆی بەڕێزان لە ناحیەی یاساییەوە و لە ناحیەی قانونیەوە و لە ناحیەی ئیداریەوە ئەم جەلساتانەی پەرلەمانی ئەمڕۆ ئەگەر تەواو بوو ئەگەر بەڕێزتان موسادەقەتان لەسەر ئەم پرۆژانە کرد لەو لەحزەیەوە ناوی ئەو پرۆژانەی کەلە پێشنیار کراوەکان هاتوون لەلای ئێمەلیستی پێشنیار کراو نامێنێ ناویان دەبێتە بەردەوام، ئەگەر پێشنیار دەکەن کە ئەمە و ئەم

نەوعە تەعامولە سوء تەفاهومێك دروست دەكات مەفروزە لەو ڕۆژەی كە بەرد لەسەر بـەرد دادەنـدرێ یـان كە سلفەی یەكەم خەرج دەكرێت ئەو وەختە ناوی ببێتە بەردەوام، ئێمە هیچ كێشەیەكمان نیە، بەڵام ئێمە ئەوەی كە مەعمول بیهی ئەوەیـە كـە ئێـوە موسـادەقەتان لەسـەر ئـەو پرۆژانـە كـرد، جا ئـەو پرۆژەیـە كـە موسادەقەتان لەسەری كرد ئەگەر دوای یەك ساڵی تریش دەست بەكاربوو، لە ئێستاوە هـەتا یـەك سـاڵی تـر دەچێتە ناو مەجموعەی مەشاریعی بەردەوامەوە، بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان من ئەو سوئالانەی كە كـران لـە هەفتـەی ڕابـردوو هـەمووی‌انم وەڵام دایـەوە، بـەڵام هـەروەكو بـەڕێزتان دەبیـنن كـە كۆمـەڵێكی تـر سـوئال ئەمانەش تازە هاتوون كە ئەمر دەفەرموون مـن جوابیـان دەدەمـەوە، بـەڵام هـەر هـەموو پرسـیارەكان ئـەو دوومانگەی كە پرۆژە یاسای بودجە لە پەرلەمان بوو یەعنی دەكرا ئیستفادەمان لە وەخت كردبـا، جـەنابت چی دەفەرمووی حەز دەكەی پێیان دابچمەوە وەڵامی دەدەمەوە.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك دكتۆر وەڵامی پرسیارەكان بدەوە، فەرموو.

**بەڕێز د.علی سندی (وەزیری پلاندانان):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئیجازەم پێ بدە عەلەل ئەقـەل ئەوانـەی كـە دووبـارەن تیكراریـان نەكەمـەوە، بـەڕێز پـەروین عبـدالرحمن دەرپرسێ و دەڵێ من ئەڵێم باسی ڕێگاكانی بۆ سەر خاڵە سنووریەكان وەك باشماغ و ئیبراهیم خلیل و كێلێ و پەرویزخان بە تایبەتی ئەو ڕێگایانەی كە بۆ باشماغ دەچن زۆر خراپەو هیچ شتیان بۆ نـەكراوە، چونكە لـە بودجەكـە ئامـاژە بـە هـیچ نـەدراوە؟ مـن لـەو لەحزەیـە ئەوانـەی كـە لێـی ئاگـادار بم هەنـدێك لەمانـە لەبەرنامەدا هەن هی باشماغ بـە تایبـەتی مـەعلوماتم نیـە، ئێسـتا كـە چ نۆژەنكردنەوەیـە، چ تەوسـیعە، چ ڕێگـای بەدیلـە، بـەڵام موتابەعـەی دەكـەین، گونـدەكانی دۆڵـی سمـاقولی و بالیسـان وەك ئومكـە، عـەلیاوە، كێشـەكە، دێـراوە، شـیرێ، ئەمانـە كارەبایـان بـۆ نەچووە و تـۆڕی ئاویشـیان نیـە، كەچـی بـۆ گونـدەكانی تـر براوە؟ من هەر دەیخوێنمەوە بۆ ئەوەی پرسیارەكەی جەنابت شەرت نیە ئێستا حەلێك و چارەسـەرەكەی پێ بێت نە وەڵام، گوندەكانی دەوروبەری باشماغ نزیكەی 8،7 گوندێكە لەوانە پـەنجا ماڵـە و كەچـی یـەك بنكەی تەندروستیان هەیە وهیچیان بۆ نەكراوە، واتـە بـەو هـەموو گونـدە تـەنها یـەك بنكـەی تەندروسـتی هەیە، چونكە لە بودجە هیچ باسی نەكراوە، ........ .

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

پروین خان تكایە بێ دەنگ بە، ڕجائەن ئەوە بەردەوام قسـە دەكـەن، ئـەو جـواب دەداتـەوە و ناكرێـت ئـاوا، ڕجائەن ئەوەی ئەیەوێ قسە بكات دە جار و سەد جار ڕجاتـان لێ دەكـەم بچـن لـە دەرەوە قسـە بكـەن، كـاك دكتۆر فەرموو.

**بەڕێز د.علی سندی (وەزیری پلاندانان):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئـەم پرسـیارە نـاوی لەسـەر نیـە نـازانم هـی کێیـە؟ ئەگـەر سـاحبی پرسـیارەکە بیناسـێتەوە، دەڵـێ پـرۆژەی دروست کردنی بینایەی هۆبەی سەنگەسەر و رانیە تەواوکردنی بینایەی بەڕێوبەرایەتی ئـاودێری سـلێمانی ئەم پرۆژەیە لە قەڵادزێ زائیدەن سەنگەسەر و زائیـدەن ڕانیـە بەدواداچـوونم بـۆ کـردووە هـیچ زانیاریـەك نیە لەم بارەیەوە؟ نەش ئەزانرا چیە؟ وەڵامەکەی، تەبعەن دەڵێ ئەمساڵیش لـە پـرۆژە پێشـنیاز کراوەکـانی 2011 بەم جۆرە داهاتووە، دروست کردنـی بینایـەی هۆبـەی ئـاودێری شـارباژێر و سەنگەسـەر و پێنجوین لەسەر قەزای چەمچەماڵ نووسراوەکە هیچ پەیوەندی بە چەمچـەماڵەوە نیـە، مـاوەی پرۆژەکـە 360 ڕۆژە گوژمەی پرۆژەکە 800 ملیۆنە و گوژمەی پێویست 2011 پێنج سەد وهەفتا ملیۆنـە، ئـەم پرسـیارە یـەك شتی ڕاستە ئەویش ئەوەیە کە قەزای چەمچەماڵ نیە، چونکە نووسراوە شارباژێر و سەنگەسەر وپێنجوین، ئەو هەڵە مەتبەعیە هەیە، ماتەبەقای ئەم مەعلوماتەی کە لێرەدا هەیە دروست نیـە، بـەڵام ئـەو فەقـەرەی کـە پەیوەنـدی بـەناوی قـەزاوە هەیـە ڕاسـتە، پرۆژەکـەش لـە پـرۆژە بەردەوامـەکانی سـاڵی 2011 دروسـت کردنـی بینایـەی هۆبـەی هەڵەبجـە و ڕانیـە و تـەواوکردنی بینایـەی بەڕێوبەرایـەتی ئـاودێری سـلێمانی لـە تەسەلسولی 25 لە لیستی پرۆژەکانی کشتوکاڵ پارێزگای سلێمانی ماوەی پرۆژەکـە 360 ڕۆژە و گوژمەکـەی 2 ملیارە وتەخسیسەکەی 1 ملیارەو ئیعلانیش کراوە وهێشتا هیچی بۆ نەکراوە، ڕاستە چونکە تازە ئـیعلان کـراوەو موباشـەرە بـە پرۆژەکـە نـەکراوە تـا شـتێك ببینێت،لـە پـرۆژە پێشـنیار کراوەکـانی سـاڵی 2011 تەسەلسولی 8 دروست کردنی بینایەی هۆبـەی ئـاودێری شـارباژێر و سەنگەسـەر و پێنجوین هەیـە، قەزاکـە نووسراوە چەمچەماڵ ئەوە هەڵەیە، هەڵەی ئێمەیە یان ئەو جیهەتەکەی کە پرۆژەکەی داوە بە ئێمە، ئێستا لــە وەزارەتــی پلانــدانان چــاك کــراوە، ئەوەشــیان 360 ڕۆژە و گوژمەکــەی 800 ملیۆنــە و 570 ی بــۆ تەخسـیس کـراوە بـۆ 2011، بـەڕێز کـاك عبـدالرحمن حسـین دەڵـێ چـی بەسـەر پـرۆژەی دروسـت کردنـی فرۆکەخانەی دهۆك هاتووەو بەچی گەیشتووە؟ تکایـە ڕوونکردنـەوە بـدەن؟ دیزاینـی فرۆکەخانەکـە ئێسـتا لەمەراحلی کۆتایی دایە زەوی بۆ تەخسیس کراوە، مەبلەغێکی کەم لە تەخسیساتی ئەمساڵی بـۆ تەخسـیس کراوە، هیوادارین کە ئەمساڵ دەست بەکاربن و داشمان ناوە لـەو ڕێژەیـەی کـە هەرچـەندە بـە پێـی زانیـاری ئێمە دیزاینەکان و هەموو مراحلی ئامادەکاری بۆ ئیعلان لـە مـانگی 10 تـەواو دەبـێ، لەبەرئـەوەش ئەگـەر سەیری ئەو 140 ملیارە بکەن ئێمە نیسبەتێکی کەممان بۆ تەخسیس کردووە، بەڵام دەشـکرێت نسـبەتەکە زیاد بکەین بەو ئیستحقاقاتانەی کـە تەشغیلی دەکرێـت، بـەڕێز نـەریمان عبـداللە دەڵـێ هـەمان لەسـەر ئـەو پرسیارەی بەڕێز صباح بیت اللە کە باسـی سـایلۆی کردبـوو و بـەردەڕەش ئێـوە پشـتگیرتان کـردووە هـەمان کێشـە بـە نیسـبەتی کـەلار هەیـە کـە پـرۆژە پێشـنیاز کراوەکـانن، تکایـە چارەسـەری ئەوانـەش بکرێـت، بەسەرچاو........ .

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك دکتۆر ئەوانەی موتەبەقی کە پەیوەندی بە میزانیـەوە هەیـە لـەناو بودجـە جوابیـان بـدە، ئـەوەی کـە شتێکی عامە ئەوە لە وەختێکی تر، فەرموو.

**بەڕێز د.علی سندی (وەزیری پلاندانان):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڵێ بەسەرچاو، پرسیارێك لەلایەن بەڕێز تارا خانەوە کە لەسەر مەسەلەی کەم ئەندامەکانەوەیە کە لە پلانی ئەمساڵ و ساڵانی تریش لە هەموو دروست کردنی پرۆژەیەك ڕەچاوی خاوەن پێداویستیە تایبەتەکان بکرێت، پشتگیریمان کردووە و پێشمان باشە چ لێرە چ لە تەعلیماتی تەنفیزی موازەنە بە نیسبەتی مەشاریع، ئێمە ئەوە دەکەین بڕگەیەکی ئەساسی، دیسانەوە پرسیارە لەسەر ئەوەی کە بەڕێز پەریهان خانەوە کە لیستێك پرۆژەیە لەسەر ئەوانەی کەلەسەر وەزارەتی ناوخۆن، ........ . بەهەرحاڵ، ئەو فەقەرەی کە پەیوەندی بەوەوە هەیەو لەسەر وەزارەتی ناوخۆیە جوزئێکی ئەمانە دەبێ.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك دکتۆر دەتوانی ئەوە پاشان بیبەی لەگەڵ خۆت و جوابیان بدەیتەوە، ئەو ئەندامە بەڕێزەی ناوی لەسەرە ئاگاداری بکەیەوە، چونکە ئەوە دەفتەرێکە، فەرموو.

**بەڕێز پەریهان قوبلای محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوە نا جوابت نەدامەوە ئاخر بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان من پرسیارەکانم لەسەر پرۆژە بەردەوامەکان بوو، یەك/ لەسەر نەخۆشخانەی 400 قەرەوێلەکە بوو کە لەسەر قەراری 986 کراوە و ئێستا پارەی بۆ تەرخان کراوە، مەعەل علم پارەی ماوە و خۆشی وەزیری تەندروستی وتوویەتی ئێستا لەسەر ئێمە نەماوە، لەسەروەزارەتی ئاوەدانکردنەوەیە، دوو/ نەخۆشخانەی شۆڕش کەلەسەر وەزارەتی .... ئەمەوێ لێرە ساغ بێتەوە، لەسەر وەزارەتی پێشمەرگەیە یان لەسەر وەزارەتی تەندروستیە؟ بە چوار بڕگە هاتووە لەپرۆژە بەردەوامەکان هەر پارەی بۆ تەرخان کراوەتەوە ئەمساڵیش، دوو پرۆژەش هەیە بۆ نموونە بنکەی تەندروستی لە گوندە فەقیرە لە سلێمانی لە تەسەلسولی 32 لەپرۆژە بەردەوامەکانا هاتووە و پەرەپێدانی سلێمانی و هەروەها بنکەی تەندروستی بازیانیش کە تەواویش بووە، عەینەن شت لەپەرەپێدانیش هاتووە و لە پرۆژە بەردەوامەکانیش هاتووە، بەڵێ، بێجگە لەوەش پرسیاری تریشی تیایە من نازانم وەڵامی هیچ پرسیارێك.......... .

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك دکتۆر فەرموو.

**بەڕێز د.علی سندی (وەزیری پلاندانان):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تەبیعی نەخۆشخانەی 400 قەرەویلەیەکە پارەی ئیزافی بۆ هاتووە، مەجموعەیەك کێشەی تەنفیزی هەبووە ئەو بەڕێزانەی کەخەڵکی پارێزگای سلێمانین وابزانم مەعلوماتەکانیان عامە و خەڵکەکە هەمووی

دەیزانێت، ئەو کشوفاتانەی ئیزافیش کە با بڵێین لە زمنی ئیتاری کاری حکومەت دان ئەو شتانەی کە کێشەیەك ڕوودەدات هەندێك وەسائیل هەیە بۆ مەعالەجە کردنی، دیراسەت کراوە ودیزاینی کراوەتەوەو کەشفی ئیزافی بۆ هاتووە، مەبلەغێکی زۆری پارەی بۆ تەخسیس کراوە، بۆ ئەوەی کە تەکمیلە بکرێت، سەبارەت بە نەخۆشخانەی شۆڕش کە سەر بە وەزارەتی پێشمەرگە بێت یان سەر بە وەزارەتی تەندروستی بێت؟ من نازانم ئەگەر جەنابت مەبەستت مەرجەعیەتی ئیداریەکەیەتی وەڵاهی موتەلیع نیم، ئەوە زمنی ئیختساساتی کاروباری وەزارەتی پلاندانان دانیە، ئەگەر مەبەست تەنفیز کردنی پرۆژەکە بێت کە عایدی کێیە؟ بە حەقیقەت ئێستا لەو لەحزەیە ئەو مەعلوماتەم نیە بەڵام ئەگەر پرۆژەکە هەبێت و ئەگەر تێبینیەکە فەقەت ئەوە بێت وابزانم زۆر کێشە نییە ئەگەر سەر بە هەر لایەنێك بێت، تەنها ئەوەی کەلە هەمووی گرنگترە ئەوەیە کە پرۆژەکە بکرێت، بەدروستی بکرێت بە کوالیتیەکی باش، ئەوەی جەنابت ئیشارەت بە میسالی بنکەی تەندروستیەکەت هێنا، ئێمە پێشتریش باسمان کرد، زیاترین مەسەلەی تیکرارەکانی هەبووە، بەتایبەتی لە بەینی لیستی پەرەپێدانی پارێزگاکان زیاترینیان لە سلێمانی بوو لە لیستی پرۆژەکانی سلیمان بوو زۆربەیمان چاك کردووە، ئەوەی تریش کە هەبێت چاك دەکرێت، یەعنی تکرار نامێنێ، چاك دەبێتەوە حەز دەکەی بنکەی تەندروستی بێت کە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

تکایە کەس لە جێگای خۆی قسە نەکات. کە تەواو بوو، تکایە کاکە دکتۆر بەردەوام بە

**بەڕێز د. علی سندی/(وەزیری پلاندانان):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەگەر ئیجازەم پێبدەن چەند سلایدێك هەیە کە عەرزی بکەم وەڵامەکانی من لەوێ تەواو دەبێتن بەڕێزان من هەر ئیحتمالە ئەوشتانەی کە هینەکە هەبێتن لە پرسیارەکان هەبووبێ یانیش لە لیستە تفصیلیەکەی بەردەستان هەبووبێ لەبەر ئەوە لەوانەیە هەندێکیان توزێ قسەی لەسەر بکەم هەندێکی تریان ئیحتماله بەسەریعی توزێ بەسەری دابرۆینەوە ئێمە کە ئەو پرسیارە زۆر بەسەریعی وەڵام دەینەوە، چونکە ئەو پرسیارە زۆر کرا کە گوایە ئێمە ئەو توصیاتەی پەرلەمانمان جێ بە جێ کرد یان نا؟ لە $4/28$ یاسای بودجەی هەرێمی کوردستان بۆمان هاتووە بۆ ئامادەکردنی ڕێنمایی تایبەت تەبیعی بۆ وەزارەتی دارایی با بڵێین پاش پەسند بوون و ئەوانە، ئێمە لە $6/14$ ئەو پرۆژانەی کە بریار وابوو کە لابرێت بەم نووسراوە رەسمییە لامان بردووە وە تەوزیعیشمان کردووە بەسەر وەزارەتەکان، وەزارەتی دارایی وێنەش بە سیدیەوە داومانە بە سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران، کاری ئێمەش لەوێ تەواو دەبێ، یەعنی ئێمە لەبەر ئەوەی کە ئێستا هەندێك لەبەرێزان دەڵێن کە ئایا ئێمە نازانین ئێوە ئەو کارانەتان کردووە ئەو پرۆژانەتان لاداوە یان لا نەداوە؟ ئەوە هەم لیستەکان لەبەر دەستان هەیە هەم موستەمسەکاتی رەسمییە لە خلالی تەنفیز کردن سێ جار کە مراجەعەمان کردووە، هەر سێ جار بە نووسراوی رەسمی لە تاریخی خۆی دا کە دیارە لە مانگی $3$ مراجەعەیەك هەبووە، لە مانگی $7$ مراجەعەیەك هەبووە، لە مانگی $9$ کە مراجەعە

هەبووە، لێرە مانای ئەوەیە کە جەلسە لەگەڵ هەموو وەزارەتەکان کراوە هەر وەزارەتێك ڕۆژێك، یەعنی لە 17 وەزارەت کە خودی وەزارەتی ئێمەش یەك ڕۆژی بۆ تەرخان کراوە بە دواداچوونی تەنفیزی مەشاریع کراوە بۆئەوەی بزانین لە چ ئاستێك و چ مەرحەلەیەك دایە ئێمە لە 9/7 داوامان کردووە پێشی ئەوەی کە بەعزێ لەو کتابە ڕەسمیانە لەبەرئەوەی وەڵامی پرسیارە لەبەر ئەوە هێناومە ئەگینا ئەگەر مەخسەدم کە کتابە ڕەسمیەکان بێنم عەرزکەم کە بزانم چی کراوە ئێمە لە خلالی ساڵێك حەتمەن خۆ ئیش زۆر کراوە بابڵێین ئێمە لێرە لە 2010/9/7 کە داوای پرۆژەکانمان کردووە لەوەزارەتەکان پێمان وتوون کە هیچ پرۆژەیەك بۆمان نەیە بە بێ بوونی لێکۆڵینەوەی سوودی ئابووری (الجدوی الاقتصادیە) وە هونەری ڕاستی (وجود دراسە الجدوی الاقتصادیە و الفنیە الحقیقیە) دووەم:- دیزاین و نەخشەکاری و دەرخستە لەسەر پرۆژە پێشنیاز کراوەکە سێیەم:- ڕەزامەندی لایەنە پەیوەندارەکان وەکو ژینگە شوێنەوار هتد. چوارەم: پێویستە شوێن و زەوی موڵکایەتی پرۆژەکە ئامادە بێت بەمەبەستی جێ بەجێ کردنی و هەموو کارەکان ئەنجام درابێت و هیچ کێشەیەکی موڵکایەتی نەبێت، ئەمە بۆ هەموو وەزارەتەکان چووە، ئەو داوایەمان کردووە وە هەر لە دوای ئیشەکەش بووین کە بۆمان بێت لە 9/19 دا وەزارەتەکانمان تەبلیغ کردووە ئەم کتابەیان تەنها بۆ ئەوەیە کە بەعزێك لەبەرێزان دەڵێن کە ئایا ئێوە پرستان بە وەزارەتەکان کردووە یان نا؟ ئەوە ئەم کتابە بۆ وەزارەتەکانە کە ئاگاداریان دەکاتەوە لە کات و شوێنی کۆبونەوە لەگەڵ وەزارەتی پلان دانان بۆ گفتوگۆکردن لەسەر پرۆژەکانیان، ئەمەش جدوەلەکانە ناوی هەر وەزارەتێك و شوێنی کۆبوونەوە و سەعاتی کۆبوونەوە کە لەگەڵ هەر هەموویان کراوە، بەنسبەتی لەبەر ئەوە کە ئەمە ئیشێکە کە بە تیم کراوە لەگەڵ هەموو وەزارەتەکان و ئەمەش پوختەکەیەتی کە لەبەر دەستی ئێوەی بەرێزە، جارێکی تر لە 12/2 بۆ هەموو وەزارەتەکان جەختی نووسراوی پێشووترمان کردووە کە لە 9/7 ناردوومانە کە پێمان گوتوون کە ئێمە سیدیش دەنێرین و ئەگەر ئەو فۆرمە تایبەتە بە پرۆژەکان پڕنەکرێتەوە و ڕەوانە نەکرێ ئێمە ئەو پرۆژانەی کە ئەوان دەینێرن داخلی ختەی ناکەین و فعلەن لە زۆر حاڵەتیش کردوومانە، بەڵام دەتوانم بڵێم هەتا چەند ئێمە لەو پرۆسەیەدا سەرکەوتوو بووین، لەوانەیە لە 70٪ بێت، لەوانەیە هەر لەو حدوودە بێ، هەموو ئەو زانیاریانەی کە پەیوەست بە پرۆژە پێشنیاز کراوەکانیش لە وەزارەتی پلان دانان هەم لەسەر دیجیتاڵ فۆرمات لەسەر سیدی، هەم لەسەر کاغەز، هەیە ئێوەی بەرێز هەر وەختێ ویستان دەتوانن ئیتلاعی لەسەر بکەن، ئێمە لە 5/12 ئەو ئەبدتەی کە ناردوومانە بە نووسراوی ڕەسمی ناردوومانە نەوەك ئەگەر بەرێزێکی ئامادە لەم هۆڵە پێی نەگەیشتبێ، بەڵام ئەوە وێنەی ئەو کتابەیە، وابزانم لە ناو سندوقەکانیش دانرابوو ئەگەر غەڵەت نەبم، ئەمە وابزانم پێویست ناکات زۆر وەخت بەوەوە بکوژم، بەس هەندێ موئەشیراتە کە کێ چی بەبەر کەوتووە؟ وەکو کەرتەکان ئەمە لێرە گرافێکی زۆر عامە کە پیشان دەدات کە کۆی گشتی مخصصی تەشغیلی وە بەردەوام و پێشنیاری هەر وەزارەتێك، کۆی گشتی چی لێ دێت؟ لێرەدا لەوانەیە تێبینی ئەوە بکرێتن ئەو 600 ملیار دینارەی کە ئاماژەم پێدا وەکو قەرزی زراعی، تەبیعی ئەوە لێرەدایە کە وەزارەتی کارەبایە ئەم سێ

عەمموودەش ئەگەر مەسروفاتی وەزارەتی کارەبا کەباس کرا بەو 600 ملیارەی قەرزی زراعی سلفەی زەواج، سلفەی عـەقار، بـۆ گونـدەکان وای لێـدەکات کـە عمـووده وابێـت، ئـەگینا ئـەم عمووودانـەی تـر سـتراتیجیەتی حکومەتی هەرێم بە واچجی بەدەردەخاتن، تەماشای کەرتی کارەبا بکـەن، ئەمـە کـە کـۆی گشـتی مەشـارعی ئیستپماری لەگەڵ موئەشەرەکە بە چەند شکلێکی لێ دێت، تـەبیعی ئەگـەر تـەنها تەشـغیلی وەربگـرین بـەو شکەلەیە، دیسان وەزارەتی داراییە کە بە هەموو ئەو قـەرزە عەقارییانـەی کـە هەیـە لەگـەڵ مەسـاریفی تـر بەو شکلەیە، وەزارەتی پەروەردەیە، وەزارەتی ناوخۆیە، وەزارەتـی پێشـمەرگەیە، وەزارەتـی تەنـدروسـتی یـە، ئنجا بەشێك لە چالاکیەکانی وەزارەتی دارایی دەبێ لێرە ببڕدرێت ئیزافە بکرێتە سـەر وەزارەتـی کشـتوکاڵ، بەڵام ئێمە لێرە ئەو گرافە ناکەین، چونکە ئێمە جەداولەکانی کە هەیە دەکرێن بە گـراف و عـەرز دەکـرێن ئەمە بەژمارە هەر لە لیستی بەردەمی خۆتان هەیە، کۆی گشتی پرۆژەی بەردەوام وە پێشنیار کراو بۆ ساڵی 2011، ئێوە کـە تـەقیمی قیتاعـات دەکـەن دەڵێن گرنگـی بـە چ قتاعاتێك دراوە، ئەگـەر سـەیری گوژمـەی مخصص بکەین فیگەرێکت بۆ دەردەچێ، ئەگەری سەیری مخصصی ئەو ساڵە بکەی فیگەرەکـە بـە نـەوعێکی تر دەردچێ، ئەگەر هەردووکیان کۆ بکەیتەوە تەبیعی شێوازەکەی جیاواز دەبێ، لەبەر ئەوە هەم بەنسبەتی پێشنیار، هەم بە نسبەتی بەردەوام هەر یەکێکیان بە سێ شێواز دەتوانی باسی بکـەی دەتـوانی بلێـی بۆچـی فلانە وەزارەت کەمی بۆ تخصیصکراوە، کەمـە زیـادە ئەمـە بـە نیسـەبی مئەویـە هـەر بـۆ تەبسـیتە، ئـەگینا رەقەمەکانیش لای جەنابتان هەیە بەردەوام زائیدە، پێشنیار کراوە بـە پێـی گوژمـە بـەو شـکلە دەبـێتن کـە وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە ژمارە یەك دەبێـت، کارەبا دووەم، شارەوانی سێیەم، دارایی چوارەم، ئینجـا ئەگـەر بە تەسەلسول بێینەوە کشتوکاڵ دەبێـتە پێنجەم وتەندروسـتی یـان کشـتوکاڵ دەبێتـە پێنجـەم ئەگـەر کـۆی گوژمەکە وەربگرین کـە بـۆ سـاڵانی ئاینـدەش بڵێین هـەمووی تـەواو بـووە، تەوزیعەکـە بـەو شـکلە دەبێـتن ئیختلافێکی تری تێ دەکەوێتن، کە وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە یەکەمە، گرافێ پێشتر کارەبا زیاتری بەرکـەوت بوو، لێرە شارەوانییەکان زیاتریـان بەبەردەکـەوێ، پێویسـت بـە 2011 فیگـەرێکی تـر دەداتـێ، ئەمـە کـۆی بەردەوام و پێشنیاری 2011 مخصصی 2011 لە 4 ترلیۆن و 150 ملیارەکە بەو شێوازە تـەوزیع دەبێـت، نسبەکەی بەو شکلە دەبێت، تەوزیعاتی حکومەتی هەرێم کە کـراوە لـە سـاڵی 2011 ئێمـە ئەگـەر بـە کـۆی گشتی بڵێم، ئێمە نزیکەی سێ پۆینت چوار تلیۆن ساڵی 2010 بۆ پرۆژەکان تخصیص کرابوو لـە کـۆی سـێ پۆینت چوار نیسبەتی ئینجاز نزیکەی 61٪ بووە هەروەکو جـەنابتان دەزانـن لـە مـانگی (7،6)ی 2010وە بودجە لە مشاریع کەوتە بواری تەنفیزەوەو، بەعزێ پرۆژەش هەیە هەتا ئێستا لە مراحلی ئـاخیری دەست پێکـردن دایـە 61٪ی بودجـەی پارخـەرج کـراوە زائـدەن 123 ملیـاری پەرەپێـدانی پارێزگاکـان (تنمیـة الاقالیم) کە ئەویش هـەر لـە زیمـنی سـێ پۆینـت چوارەکە بـووە ئـەم ژمارانـە ئـەوە دەگەیـەنن، کـە ئەگـەر سـەیری مخصصـی پـار، سـەرفیاتی پـار، تەقسیمی مخصصـی پـار بکرێــتن، بـەعزێ وەزارەت تەبعـەن ئـەم موئەشیرە کە رێژەت پیشان دەداتن ئیحتمالە وەزارەتێك ئەگەر بۆ نموونە دەڵێم، ئەگەر دوو ملیاری هـەبوو بێت، ئەگەر ملیارێك و 900 ملیۆنی سەرف کردبێ، حەتمـەن لێـرە ئیحتمالـە عمودەکـەی لەوانـەی تـر زۆر

زیاتر بێتن و، وا پیشان بدات کە 90٪ ی پارەکەی خۆی سەرف کردووە، وەزارەتیش هەیە کە پرۆژەکانی هەم کاتیان کەم دەوێتن، هەم با بڵێین لایەنی فەنی زیاترە، مەوزوعی ئیحالە کردنی، یان تەندەری، یان هەر هۆیەکی تر هەبێت لەوانەیە هۆیەکی تری ئیداریش هەبێتن بەهەر وەسیلەیەك بێت، بەڵام ئەمە حەتمەن بۆ ئەو پرسیارەی کە ئێستاش جارێکی تر دووبارە کرایەوە ئەو مخصصەی پار، ئەو بەشەی کە لێی سەرف بووە بە پێی ئەم گرافە روونە، ئەوەی کە ماوەتەوە لە حساباتی ختامی وەکو ئەوەی بەرێز شێخ بایز وتی ئەوە لەویٚ تەوزیحاتی زیاتر دەدرێتن، بڕی خەرجیەکان فەرقی دەبێتن لەگەڵ ڕێژەی خەرجییەکان، بەنسبەتی وەزارەت بۆ ساڵی 2010 بەرەقەم بەو شکلە دەبێتن و بەنسبەتی میئەوی بەو شکلە دەبێتن بەس هەروەکو دەبینن لە هەردوو حالەتیش وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە لە هەمووان زیاتر خەرجییاتی هەبووە دوای ئەوەش وەزارەتی ئەگەر بە نسبە وەربگری وەزارەتی دارایی وەزارەتی رۆشنبیری ولاوان وەزارەتی شارەوانی وەزارەتی پەروەردە ئەمانە زیاتریان سەرف کردووە ئەگەر بە رەقەم وەربگری وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە، وەزارەتی شارەوانی و ئەگەر پەرەپێدانەکان ئەوە بکەین وەزارەتی کارەبا، ئەمە تەبیعی ئەم رەقەمانە هەر لای بەرێزتان هەیە ئەگەر تەوزیحەکەمان نەدابا بەرێز کاك جەمال دوو ، سێ جاریش پرسیاری کرد ڕێژەی پرۆژە، ئەمە دیسان بەنسبەتی بەرێزان ئەمە بودجەی پەرەپێدان یان مەشاریعی حکومەتی هەرێمی کوردستانە کە هەموو ناوچەکە هەموو هەرێمی کوردستان وەکو یەك پاکەت سەیر دەکات هەرچەندە کۆمەڵێك موعادەلات هەیە هەندێکی ئی کاتی دوو ئیدارەییە هەندێکی تری پەیوەندی بە تەڵەباتی خەڵکی هەیە بەنسبەت عەدەدی سکان کەوای لێدەکاتن کە توزێ دەستی حکومەت ببەسترێتەوە لەلایەنی پرۆژەی ستراتیجیەوە، بەڵام بەهەر حاڵ ئەویش حەقێکە ئێمە ئەگەر سەیری نیسەبی میئەوی بکەین بەرێژەی لە سەد هی هەر پارێزگایەك دەتوانی تەنیا سەیری پێشنیار بکەی، تەنیا سەیری بەردەوام بکەی، تەنیا سەیری خەرجی بکەی، کۆمەڵێك فیگەرت دەداتێ بەعام، با یەك بەیەك پێدا بچینەوە، پرۆژە بەردەوامەکان بە کۆی گشتیان ئەگەر سەیریان بکەین، مەجموعی هەر هەموویان ئەوانەی کە ئێستا هەن ماعەدای موقتەریحەی، بێجگە لە موقتەریحەی ئەمساڵ بێجگە لە پێشنیاری ئەمساڵ سلێمانی چل یەك و نیو، هەولێر چل و یەك و نیو، دهۆك 17٪، ئەگەر لە شوێنێکدا رەقەمەکان جەمعەکەی نەکاتە سەد لەسەد، تەبیعی شتێکیش هەیە بەناوی هەرێم کە بەعزێك پرۆژە دەچێتە ژێر باری هەرێمەوە کە موشتەرەکە کە پەیوەندی بەچالاکی وەزارەتێکەوە هەیە، دیوانی وەزارەتێکەوە هەیە، ئەگەرپێویستی 2011 تەماشا بکەین لەبەردەوامەکانە، دهۆك نۆزدەو نیوە، سلێمانی چل ودوو نیوە، هەولێر سی وهەشتە، ئەگەر ڕێژەی پرۆژە پێشنیارکراوەکان بە پێی پارێزگاکان بەگوژمەی هەر هەموویەوە وەربگرین 20 بە 38 بە 42 ئەبێتن، ئەمەی کەباسمان کرد لەبەردەوامەکانە ئێمە کە ئێستا باسی پێویست بۆ 2011 ئەکەین 20 بە 43 و پۆینت دوو بە 36 پۆینت 6 ئەبێتن، ئەمەش گوژمەی هەردووکی ئی بەردەوام و پێشنیار کراو، بەو شکلە دەردەچێتن، ڕێژەی نسبەتی میئەوی پرۆژە بەردەوامەکان زائیدەن پرۆژە پێشنیارەکان بە پێی پارێزگاکان پێویست بۆ 2011 سلێمانی 42,9 دهۆك 19 پۆینت 8 هەولێر

37 پۆینت 3 ئەم گرافانە تەبیعی ناچمە ناو تفاسیلی چونکە ئەمە ئەو تەوزیحەیە کە پێشتردام ئەمە ڕێژەی پێویست بۆ 2011 لەبەردەوامەکانە، ئەمەش ڕێژەی بەردەوامەکانە لە کۆی گوژمەدا، کۆی گوژمە بەنسبەت وەزارەتەکان وەکو وازحە کە وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە، وەزارەتی شارەوانی و پەروەردەو کارەبا لە پێشی پێشەوەن، وەزارەتی شارەوانی و گەشت و گوزار لەبەردەوامەکانە لە هەمووان زیاتری هەیە، 673 ملیاری هەیە لەبەردەوامەکان، ئاوەدانکردنەوە 552 ملیاری هەیە، کارەبا 369ی هەیە داد لە هەموویان کەمترە وەزارەتی پێشمەرگە ئەو دووە لە پرۆژە بەردەوامەکان لە هەموویان کەمتریان هەیە ئەمە تەفاسیلی وەزارەتەکانە، وابزانم بەسەری دا تێپەڕیم، پرۆژەکانی وەبەرهێنان بەهەمان شێوە دەتوانن شی بکرێنەوە کۆی گشتیان 543یە بایی 2 پۆینت 7 ترلیۆنە، وە گوژمەی پێویست 2011، 988 ملیارە، لێرە لە پێشنیارەکراوەکان کارەبا زۆرترینی بڕی بەبەر کەووتوە کە نزیکەی 61٪، شارەوانی بە پلە دوو دێت بە 123 ملیار، ئاوەدانکردنەوە بە 89 ملیار، وەزارەتی ئەوقاف کەمترینیان هەیە لە پێشنیارکراوەکان، وەزارەتی پێشمەرگە دواتر، وەهەروەها وەزارەتی کار لە پرۆژە پێشنیار کراوەکان کەمترینیان هەیە، ئەمەش تەبیعی بە گراف هەر هەمان شتمان پێدەڵێتەوە، ئەگەر بەسەر وەزارەتەکان تێپەڕین چونکە تەفاسیل زۆرە وابزانم کات پرۆژەکانی 2003 بۆ 2005 ئێمە ئەو ساڵ کە کردوومانەتە بابەتێکی جیا مەبەستمان لێی ئەوەبووە کە چارەسەر بکرێن، کۆمەڵێك پرۆژە هەن کە بە معلەقی ماونەتەوە بەرێژەیەکی موعەیەن بابڵێین لە هەر پارێزگایەکن کە ژمارەیان 61 کۆی گوژمەی ئەو پرۆژانە خۆی 522 ملیار بووە 451 ملیاری سەرف بووە، بەڵام پێویستە بۆ تەواوکردنی پرۆژەکان بە تەواوەتی 70 ملیارە، ئێمە بەو تخصیصەی کە ئێستا دامان ناوە کە 68 ملیارە بۆ ئەمساڵ، لە 2011 دوو ملیاریشی ئەمێنێتەوە بۆ 2012، ئەگەر هەر هەمووی، چارەسەرکران ئەمساڵ، ئەو وەختە ئەو (68)ە دەبێت بە حەفتاو شتێك ملیار، ئەمانە تەفاسیلیان هەرچەندە عینوان و ناوی پرۆژەکان لای ئێوە هەیە، بەڵام تفاسیلیەکانیشی مەوجودن، دەتوانن ئیتلاعی لەسەر بکەن، ئەوانەی کە کەمترن لەو 61 پرۆژەیە، کە کەمترن لە 500 ملیۆن دینار 35، پرۆژە هەن کە هەریەکێکیان، پرۆژەکە، کەمترە لە 500 ملیۆن دینار، 9 پرۆژەش هەیە کە لەبەینی 500 ملیۆن بۆ یەك ملیار دینارە، هەشت پرۆژەش هەیە کە لە یەك بۆ دوو ملیار دینارە، 9 پرۆژەش هەیە کە زیاترن لە 2 ملیار دینار، گرینگترینیان تەبعەن ئاوو ڕێگاوبان و نەخۆشخانەو قوتابخانەیە، ئەمە هی گشتی یە، ئەمە پەیوەندی بە 2003 و 2005 وە نییە، ئەمە هەر بۆ مەعلومات؛ ئێمە پاریش لە ئەسنای مناقەشەکردنی یاسای بودجەی ساڵی 2010 وەعدم بە ئێوەی بەرێز دا وتم ئێمە لەمەو دوا لە سیستمی بەرێوەبردنی مەعلوماتەکان وە موتابەعەکردنەکە وای لێدەکەین کە هەندێ وەسائلی تازەش بەکاردێنین کە فعلەن بەکاریشمان هێناوە و زۆر لە ئیشەکانیش ئەگەر لەلاتان مەتڵەب بێت ئۆن لاین لەگەڵ ئێمە دەتوانن بەبەردەوامی متابەعەی بکەن، ئەگەر مەعلوماتتان لەلا مەتڵەب بێتن ئەم سیستەمەی کە بەکاریشی دێنین سیستمی ئای سیك، سیستمێکی عالەمی یە کە موئەسەساتی عالەمی لە لوغەکەی تێدەگەن، لوغەتەکەی مەفهومە، ئەگەر یەکێك بیەوێ تەقیمی ئەدائی تۆ بکات، تۆ بەشێوەیەکی

شەفافانە تر دەچییە پێش، ئەگەر بەنکی نێو دەوڵەتیە، ئەگەر هەر جیهەتێکی تر کە بیەوێتن بزانێ کە ئاستی کارەکان چۆن بەرێوە دەچێ، سیستەمی تر کە بەکاری دێنین کە بە پێی فاکشنی گاڤەرمێنت ئێمە کۆدینگی پرۆژەکان بە دوو شێواز دەکەین، بە هەقەت بە سێ شێواز ئەو شێوازەی کە دێتە لای ئێوە، ئەو شێوازەیە کە بکرێت گفتوگۆی لەسەر بکرێت، بەڵام دوو سیستمی تریشمان هەیە کەلە زمنی کوردستان دڤلۆت مانیش من سیستمە kdms ئێستا ئێمە لە وەزارەت بەکاری دێنین، ئێمە کۆمەڵێك شێوازی تریش بەکاردێنین بۆ غەرەزی متابەعەی خۆمان، یەعنی پرۆژەی بەنداوەکان کە ئێستا لە هەرێمی کوردستان لە ژێر جێ بەجێ کردن دان کە 12ن، دوانیان تەواو بوون بە بەردەوامی بەو شێوازەش بەتایبەتی ئێستا ئێمە دوو کۆمپانیای بیانی کە بەرێگای مشتەرەکەوە تمویل کراون، لە کۆتایی کابینەی پێنجدا، بەرێز وەزیری دارایی وبریکاری وەزارەت ئاگادارن، حکومەتی هەرێم بری نزیکەی 200000 ی موشارەکە کرد لەگەڵ رێکخراوی undp، بۆ ئەوەی ئیشراف و، متابعەی شێوازی بەرێوەبردنی بودجە لە هەرێمی کوردستان بکەن، هەم لە تەشغیلی و، هەم لە وەبەرهێناندا، ئەم شێوازەش ئێستا لە ئارادایە، ئێمە، ئەوان هەردوو کۆمپانیای( کەی، پی، ئێم، جی)لەگەڵ (پرایس ووتەرهاوس کوپەر) کە هەردوکیان لە رێگای (یو ئێنەوە) دەست نیشان کراون، بۆ بەدواداچوون لە کارەکاندا کە بەرنامەیەکە لە هەموو ناوچەکە بەناوی (پەپلیك فاینەنس مەنیجمەن ) کە یارمەتی ئەو حکومەتانە دەدەن، کە چۆن باشتر بودجەکە بەرێوە بچێت، ئەمانە ئەو بەنداوانەن کە بڵێین ئێستا لە ژێر دیراسەتدان، پارەی بۆ تخصیص کراوە، ئەوە ئیحتماڵە ناوەکانیان ببینن لە ژێر دیزاین دان، ئەمە ئەو شێوازەیە، هەر وەکو نموونە هێناومە، لێرە هەر پرۆژەیەك ئایدی خۆی هەیە، یعنی هەویەی خۆی هەیە، کە داخلی دەکەین رەقەمێکی هەیە، بەو رەقەمە دەردەچێت، ئەبدیتەکە، تاریخی ئەبدێتەکە، لە چ تاریخێك ئەمە ئەپلۆت کراوە، ئەمە میساڵێکی ترە کە چۆن وەزارەتەکان بە پێی وەزارەت بابڵێین لێرە تەقسیم کراوە، ئەم ئەبدەیتە، ئەگەر تەماشا بکەن، دیقەت بدەن، پرۆژە بەردەوامەکانە (10 ترلیۆن و کەسرێك ) بووە، کە هی چەند مانگێك لەمەو پێش، ئەوسا پرۆژە بەردەوامەکان 2468 بوون، یەعنی ئەوەی کە ئێستا لەبەر دەستانە 2334 پرۆژەیە، یەعنی لەو وەختەوە شت تەنفیز بووە ئەوانە کەمتر بوون، پرۆژە تەواو بووەکانیش کە عەرز دەکرێن، هەر هەمووی بە پێی داتابەیسێکی کامل هەن، چونکە پرۆژەیەك کە تەواو دەبێت تەبیعی ئیمە مناقەشاتمان دائیمەن لەسەر پێشنیارو لەسەر بەردەوامەو لەسەر ئەو پرۆژانەیە کە کێشەی لەسەرە، بەڵام ئێمە بە پێی داتا بەیسێکی کاملیش هەیە، کە ئەمانە دیسان وەکو باسم کرد لایەنی موختەص موتابەعەی ئەمانە ئەکات، ئێمە بە شێوازێکی بەردەوام ئەوانەی کە تصفیە دەکرێن، کە هەموو لایەنی هەم هەندەسی، هەم لایەنی ماددی و سلفەو تەئمینات و غەرامەو غەراماتی تەئخیری و هەرچیەکی تر بێت، ئەگەر بەرێزتان لەلاتان مگلب بێت، دەتوانن دەستتان بگاتە ئەو معلوماتانە، هەرهەشە ئێمە بۆ کاروباری حکومەت بەکاری دێنین ، پرۆژەی نەخشەکانی هەر پارێزگایەك هەم بە نەخشە، وە هەم بە خشتە هەیە، ئەگەر بۆ نموونە بە نەخشە وەربگرین، نەخشەیەکمان دەداتێ کە هەموو قەزاکانی لەسەرە، ئەگەر هەر خلالی نیو دەقیقە حەز

دەکەم فکرەیەکتان هەبێت لەسەری، کە کارەکان بە چ شێوازێك تەنزیم بوون قەزاکان و ناحیەکان دێنە پێشەوە، ئەگەر لێرە کۆمەڵێك پرۆژە هەبێت، لە قەزایەکی موعەین، کە بابڵێین تەواو بووە، ئێستا ئەگەر لێرە ئەوە بکەین یەکسەر خشتەکە بەدەر دەکەوێت، ئەم پرۆژانە تەواو بوون کۆمەلێك زانیاری تریش لەو تەنیشتەوە دەتوانین، لە گوژمەی پرۆژە و ئەو گوژمەیەی کە پێی تەواو بووە بابلێین ئاخر سلفە ئەگەر بگەڕێینەوە، سەر نەخشەکەش بەهەمان شێوە لە هەر شوێنیك کە کلیك بکەن ئەو پرۆژانەی کە تەواو دەبن بەدیار دەکەوێت، نەخشەیەکی تر هەیە متابەعە کردن بەرێژەی ئەوانەی کە تەنفیز دەبێت، ئەگەر بگەڕێمەوە سەر سلایدەکان زۆرێك لە بەرێزان لە ناو مناقەشاتدا گبیعی من بەش بە حالی خۆم پار ئەوەی کە زۆر ئیستیفادەم بێجگە لە ناحیەی تێبینی و ئەوانەی کە ئیستیفادەم لە تێبینیەکانی بەرێزان ئەندامانی پەرلەمان کرد، بە حقیقەت من لە وەزارەت، من بە بەرێز سەرۆکی پەرلەمانیشم ڕاگەیاند، ئێمە هەموو ئەو پرسیارانەی کە جەنابتان هەتانبوو، پار وەکو بەرنامەی عمل کردمان بە نەهجێك، وە زۆر لە لاشمان مەتلەب بوو، چونکە ئەمە بۆ ئێمە زۆر باشە، کە باشترین قەنات ئێوەن، کە تێبینیەکانمان پێدەلێن، ئێمە متمانەکەی ئێوە لە جێی خۆی دابێت، زۆرێك لە بەرێزان لە ئەندامانی پەرلەمان ئیشارەتیان بەوەدا، کە تەبیعی ڕێژەی وەبەرهێنان میزانیەی ئیستسماری مقارەنەتەن بە میزانیەی تەشغیلی کە کەمە، ئەمە بە پێی معایری نێو دەولەتی نیە، بەرێزان حەقە ئێمە لێرە تۆزێك، ئەگەر بە دیقەت ئەوە بکەین، خۆی ئێمە کە دەلێین معایر دەبێ ناوی معایرەکان بلێین، معایری بانکی نێو دەوڵەتی، معایری صندوقی نەقدی دوەلی، هەر معیارێك هەبێت لەتەنمیەدا، معیارەکان معلومن، ئێمە بەش بە حالی خۆمان حەز دەکەین کە پرۆژەکانی ئیستسماری مشاریعی حکومەتی هەرێمی کوردستان، ئێمە حەز دەکەین نەوەد لە سەدی میزانیەی حکومەتی هەرێم بۆ ئێمە بێت، چونکە ئێمە دەزانین وەزارەتەکان، وە موئەسەساتی مختلف بە تایبەتی لەم زەمانە، چەند گموحیان هەیە، وە کە دەرگای کوردستان و ئەو ئەمن و سەقامگیریە وای لێ کردووە، بوار بڕەخسێت بۆ ئەوەی کە ئیش بکەن، بەلام من لێرەدا تەنها لەو سلایدە دەمەوێت، ئەمە لە حالەتێك دا ئیحتیماله زۆربەی ولاتانی جیهانیش یان ولاتانی دەورو بەریش وابن، بەلام ئێمە با سەیرێکی واقعی حالْ بکەین، ئێمەش بەشێکین لەو ناوچەیەو بەشێکین، لەو جیهانە، بزانین نسەبەکان خۆی چۆنە لە شوێنی تر؟، وە بە پێی مەرجەع، نەك بە پێی ئەوەی کە تەنها بۆچوونی منی شەخصی بێت، لێرە ئەگەر سەیری بودجەی ساڵی 2010ی چەند ولاتێك بکەین، هەر یەکێکیشیان وێب سایتەکەی هی حکومەتی خۆی لە تەنیشتی دامناوە، کە ئەمە ئەم معلومەیە هەر هەمووی لە مصادری رەسمیەوە دەرچووە، لە سالی 2010 بودجەی ئیمارات باسی رەقەم و شت ناکەم، گبعا هەندێك شتیش هەیە دەبێ بلێم، مەسەلەن ولاتێکی وەکو ئیمارات بودجەیەکی هەیە، هی فیدرال هەر ئیمارەتێکیش بودجەی خۆی هەیە، وە لە کۆتاییشدا شەرت نیە بودجەکەی خۆی هەمووی بخاتە سەر تەشغیلی و ئیستسماری، مومکنە جوزئێکی هەڵبگرێت بۆ ئیحتیات، کە زۆر ولات وادەکات، سعودیە وادەکات، ئیمارات وادەکات، بەلام بە هەرحالْ میزانیەکیان هەیە، ئەمە هەر بۆتەوزیح دەیلێم، لە ئیمارات سالی 2010 نسبەتی تەشغیلی بۆ

ئیستسماری تەشغیلی (82٪) ئیستسماری (17٪)، لە سوریا سالی 2010 (84٪) بە (15٪)لەعەرەبستانی سعودیە (52٪) (48٪)، کە ئەرباحی نەوت زیاد دەبێت، ئەوان یەکسەر فرێی دەدەنە سەر ئیستسماری، بە ئیعتیبار تەشغیلی حەقی خۆی وەرگرتووە وە بەردەوامە، لە سەڵتەنەی عومان (65٪) بە (34٪)، لە ئوردن کە زۆر شتی با بڵێین نزیکی عیراقە، وە نزیکی هەرێمی کوردستانە، نسبەتەکە(83٪) بە (17٪) بووە، لە مصر (88٪) بە (11٪) بووە، کەسەیری ئەوروپا بکەین با بڵێین فەرەنساو ئەڵمانیا، بەرێزان مقارەنەی میزانیەی ئێمە بەوان ناکرێت، چونکە دوو سیستەمی میزانیە هەیە میزانیەیەك هەیە پێیدەلێن (جول) بە فەرەنسی بە ئینگلیزی پێی دەڵێن (دوەل) یانی دوو میزانیە تەشغیلی ئیستسماری، کە زۆربەی ولأتە پێشکەوتووەکانی عالم ئێستا ئەوەیان نەماوە، یەك میزانەیان هەیە، ئەوەی کە لە فەرەنسا و لە ئەڵمانیا ئەیبینین، یەك میزانیەیان هەیە، سێکتەر هەیە، سێکتەری صحە کە پارەی بۆ تخصیص دەکرێت ئەو پارەیە سێکتەری صحە مەشروعی پێدەکان، تمویلی دەکات تەغزیەی مەعاشات دەکات، تەغزیەی ئیش و رەنج دەکات، خدمات لە کەرتی تایبەت دەکرێت، هەرچیەك دەکرێت ئەو سێکتەرەیە، وەکو پێیدەلێن (پرۆجەیکت بەیست ئیکس پێندیجەر) یەعنی لەسەر ئەساسی پرۆژەیە کە پرۆژەکە دەکرێت، هەتا مەعاشاتیشی تێدا بێت، ئەوەی ئێمە بەو شکلەیە کە هەیە، من ئەمەش کە عەرزم کرد، هیچ مەخسەدم ئەوە نیە کە ئێمە وەزعمان زۆر باشە، یان ئیحتیاجمان بەوە نیە، کە میزانیەی ئیستسماریمان زیاد بکات، حەتمەن من لە کۆتاییدا داوا لە ئێوەی بەرێزیش دەکەم، کە پشتیوانی وەزارەتی پلان دانان بکەن، کە نسبەی مشاریعەکان زیاد بکرێت، چونکە هەرێمی کوردستان هەم لە با بڵێین رابردووی، وە هەم ئەم بارودۆخەی کە بەسەری داهاتووە، فرسەتی ئەوە نەهاتووە ژێر خانی ئابوریەکەی لە ئاستێکی باش دابێت، وە بەراستیش من لەگەڵ لیژنەی دارایی و ئابووریش کە باسم کردووە، پێشنیاری ئەوەم کردووە، کە ئالیەتێکی مالی بۆ ئەوە ببینن، کە موخەصەصی مەشاریع کە ساڵانە دادەنرێت، من ناحیەی حسابی و ناحیەی مالی حەتمەن ئەوە وەزارەتی دارایی قرار دەدات، کە بە هەر شێوازێك بێت، کە پارە تەخصیص دەکرێت ساڵانە بۆ مەشاریع، ئەو وەزارەتانەی کە فریا ناکەون پارەکان صەرف بکەن، لەبەر با بڵێین سەنەی مالی یان لەبەر هەر شتێك بێت، چارەیەکی حسابی بۆ ببینرێتەوە، چونکە خۆ ئێمە هەتا، ئەگەر پرۆژەی درێژ خایەنیشمان هەبێت، ئەمە ئەم مەشاریعانە حەتمەن پێویستیان بە کات دەبێت، وە پێویستیان بە تمویل دەبێت، من داوای لێبوردن دەکەم، ئەگەر زۆر سەری ئێوەم ئێشاند بێت، بەڵام وەلأمی پرسیارەکان بوو هەندێك شتیش بوو، بە تەصەوری من پێویستی دەکرد، کە تەوزیح بدەم، زۆر سوپاس بۆ هەمووتان.

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، دەستت خۆش بێت. بەرێزان لە ئەسنای قسە کردن، هەندێك موداخەلە هەبوو، رایانمان گرت، نوقتەی نیزامی هەبوو، ئێستا لە هەر گروپێك بە دوو کەس رێگا ئەدەین، ئەگەر موداخەلەکان ماوە، ئەگەر نەماوە باشە، ناوەکانم نووسیوە .کاك حمە سعید فەرموو، بەس تکایە نیزامی بێت، چونکە قسە کراوە، ئەوەی لە نیزامی دەرچێ رای ئەگرم، تکایە فەرموو.

**بەڕێز حمە سعید حمە علی اورحمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە قسەکانی جەنابی کاك شێخ باسی داهاتی مدەور، باسی عجز، باسی داهاتی کرد، بە شێوەیەکی گشتی عوزرەکەی ئەوە بوو کە حیسابی خیتامی بێ تەوزیح ئەدرێت، ئێمەش یەکێك لە پرسیارەکانمان ئەوەیە، کە حیسابی خیتامی، یا تقریری شەش مانگی بوو، بۆ نایەت تا ئەو تەوزیح و ئەو پرسیارانەی ئێمە بۆمان دروست ئەبێت، وەلأمەکەیمان دەست کەوێت، ئەوە خاڵێك: خاڵێکی تر: باسی داهاتی نەوتی کرد، کە داهاتی نەوت هەم هی گرێبەستەکان، کە ئەو مینەح و شیرینانەی سەر گرێبەستەکان، وە هەم ئەو مەبیعاتی نەوت کە ئەفرۆشرێ، بە پێی مادەی 23ی بودجەی پار ئەوە دەڵێت، دەبێ بە خشتەیەك بنێردرێت بۆ پەرلەمان، و صرفەکەیشی بنێردرێت، ئەوە خۆی یەعنی وەلأمی پرسیارەکە خۆی پرسیار بوو کردی، بە وەلأم بۆ پرسیارەکەمان ئیرادەکان تەبعەن ئێمەش دەڵێین ئیرادەکان، لە ریقابەی مالی جاریێ باسی ریقابەی مالی ئێمە دەڵێین تەدقیق لەسەر مصروف بکات، ئێمەش ناڵێین تەدقیق لەسەر ئایا بۆچی ریقابەی مالی لەسەر بودجەی ساڵی 2010 تەدقیقی نەبووە، راپۆرتی نەبووە، ئەوە پرسیارەکەی ئێمەیە لە لیژنەی نەزاهە کە هەمومان کردمان.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەرێزان لە ئەسنای قسە هەندێك بەرێز ویستی مداخەلە بکات، نوقتەی نیزامی نەبوو رامانگرت، ناویانم نووسیوە، ئێستا رێیان پێ ئەدەم ناوەکانیش نووسراوە لە پێش دەستمە بەرێز کوێستان محمد فەرموو. سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەرێز سۆزان شهاب، فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری :**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

گفتوگۆیەك هاتە ئاراوە کە ئێمە وەکو لیستی کوردستانی مەخرەجێکمان بۆ دۆزیبوەوە لەسەر مەوزوعی مخصصات، کە ناعەدالەتی و نادادپەروەری تیایە، لێرەدا یەك تەرح هاتە پێشەوە پێش دیراسە کردنی ئەو تەرحە ناتوانین ئێمە بڕیاری لەسەر بدەین، چونکە هەندێ شەریحە هەیە لە عیراق، مخصصاتی نیە، کە ئەڵێی هاوتا کردن مەعنای ئەوەیە، بڕینی ئەو موخەصەصاتەی کە ئێستا تەمەتوعی پێوە ئەکات، ئەوە کارێکە کە مستەوای مەعیشی خەڵك و فەرمانبەر بەتایبەتی لە هەرێمی کوردستان دادەبەزێت، بۆیە هەموو بڕیاردانێك لەو جۆرە، دەبێ بە دیراسە بێت، بۆیە تکام وایە ئەو موزوعە بە سەرپێی و بەپەلە بەسەریا ڕانەگوزەرێین، چونکە ئەگەر پێمان وایە لە عیراق خەڵك موخەصەصاتی زیاترەو لە هەرێمی کوردستان غەدری لێکراوە، تەواو بە پێچەوانەی ئەوەوەیە، ئەگەر بێین و هاوتای بکەینەوە لەگەڵ عیراقدا، زۆر لە شەریحەکان هەیە لە عیراقدا موخەصەصاتیان نیە، لە لای ئێمە نەك قاتێك، سێ قاتیان هەیە، بۆیە

تكا ئەكەم، ئەوە زەرەر ئەدا لە خەڵك و ئێمە نامانەوێ بە بڕیارێكی سەرپێی زەرەر بدەین لە مۆزەفینی هەرێمی كوردستان، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، بەرێز ناسك تۆفیق، فەرموو.

**بەڕێز ناسك تۆفیق عبدالكریم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سوپاس، قسەكانی من كران.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، بەرێز عمر عبدالعزیز .

**بەرێز عمر عبدالعزیز بهاء الدین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من تێبینیەكەم لەسەر ئەوە بوو، سەرەتا تەنها بە پێی پەیڕەوی ناوخۆ لە دەسەڵاتی بەرێز سەرۆكایەتی پەرلەمانایە، سەرەتای تێبینیەكەم ئەوەبوو، نوقتە نیزامیەكەم ئەوكاتە كە تەنها لە دەسەڵاتی سەرۆكایەتی پەرلەماندایە، داوای سڕینەوەی وشەیەك یان رستەیەك لە قسەی پەرلەمانتاران بكات، لەناو پرۆتۆكۆڵ نەك لە صلاحیەتی بەرێزان وەزیرانی ئامادە بوو، مەسەلەی ئەو پرۆژانە من تێبینیم ئەوەیە، كە نوقتە نیزامیش، ئەگەر لێم نەبڕی جەنابت باسی هەڵەی ژمارە ئەكات، جەنابی وەزیر ئەڵێت مەتبەعیەن، باشە ئێمە باسی داهات وباسی خەرجیش هەمووی من حەرفەن نووسیومە، جەنابی وەزیر، باسی جەمع و باسی تەرح وژمارەی كۆتایی تەئسیر ئەكات، لەشوێنێك نووسراوە 10 مزگەوت لە مەخمور، ئێمە ئەگەر 20 پرۆژەمان هەبێت بەو 10 پرۆژەیەوە دەكاتە 30 پرۆژە، ئەگەر یەك مزگەوت بێت بەس سفرێكی بۆ دانرابێت ئەكاتە 21 پرۆژە، تەئسیر ئەكات دوایی ئەڵێیت ئەوەندە پرۆژەمان هەیە، ئێستا 21 پرۆژەكەمان هەیە، یان 30 پرۆژەكە، لەبەر ئەوەی مەسەلەی هەڵەیە، ئەمە چۆن ئاوا بەئاسانی بەسەریدا تێدەپەڕین، مەسەلەی قائیم مەقامیەتەكان كە گوایە ئەوان لە وەزارەتەكان شت وەرئەگرن، ئەی ئەم هەموو داواكارییەی كە لەپارێزگاكان و لە قائیم مەقامیەتەكان ولە ناحیەكاندا هەیە، من تێناگەم كاری وەزارەتی پلاندانان هاوسەنگی نیە، پاراستنی بلانص نیە، ئەی چۆن ئەبێت ئێمە 300 قوتابخانە لەكرێدا بێت، 180 بەپێی دان پێدانانی جەنابی وەزیر بەشی ناوخۆ كرێ بدەین، لەولاوە پرۆژەمان هەبێت، مەرجوع بێت یان لە ئەولەویاتدا نەبێت، ئەی باشە ئەم هاوسەنگیە كێ دروستی ئەكات من تێناگەم؟، یان ئەڵێت جەنابی وەزیری پلاندانان ئێمە تەرەف نین لایەنی تر هەیە، من وادەزانم ئەصڵەن كاری سەرەكی وەزارەتی پلاندانان پاراستنی هاوسەنگیە، ئەبێت بەتەنسیق لەگەڵ وەزارەتەكاندا ئەم نەتیجەیە دروست بێت كە هاوسەنگی هەبێت، وەزارەتەكان ئاگایان لەیەكتری هەبێت، ئەی خۆ ئێمە ناچین هەموو كابینەی وەزارەت

بێنین لێرە دایان بنێین لەسەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانەوە تا یەکە، یەکە بێن جواب بدەنەوە، ئێمە پرسیار ئاراستەی ئەم دوو وەزیرە بەڕێزە دەکەین، نابێت ئیحالە بکرێتەوە، بڵێن عائیدی من نیە، مـن نـازانم فـلان نەخۆشخانە عائیدی کێیە؟، نازانم ئەو پرۆژەیـە بـۆ نەگەشـتووە، لـەکێ ئـەم پرسـیارە بکـەین؟، بەنیسـبەت دواکەوتنی بودجە کـە مەسـەلەیەکی گرنگـە، جـەنابی وەزیـر ئـەڵێت، لەڕۆژنامـەوە بیسـتوومانە، ئێمـەدوای ئـەوە یەکسـەر دەسـت بـەکار بـووین، ئـەی باشـە بۆچـی لەسـەر ئەساسـی خەملانـدنێك کـە ئەمـە دووسـاڵە دووبارەی دەکەینەوە، نیسبەیەك یـان ڕێژەیـەك دەزانـین لەسـەر ئـەو ئەساسـە بۆچـی دەسـت بـەکار نـابین، بۆچی ئەوەسـتین بـەدیار ئـەوەی لـە ڕۆژنامەیـەك ببیـنین ئینجا دەسـت بـەکار بـین، دەربـارەی مەسـەلەی بەشداری نەکردنی حکومەت...

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

تکایە جەنابت قسەی خۆتت کردووە، لەسەر پرۆژەکان ئێستا نوقتە نیزامیەکەتم پێ بڵێ، فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالعزیز بهاء الدین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەشداری نەکردنی حکومەتی هەرێم لەموناقەشەی میزانیەی عێراق، ئێمە لەگەڵ کێ ئـەم مەوزوعـە بـاس بکەین؟، من عەرزی جەنابتی دەکەم، بەغداد دەڵێن بۆتان نیە بەشدار بن، ئەی پرسیارەکە هەر بەردەوامە، سەدان پرسیاری تری لەسەر دروست ئەبێـت، ئـەی باشـە ئێمـە بـەکێ بڵێین، بۆچـی بەغـدا هاوکـاری ئێمـە ناکات؟، یان ئێمە لەگەڵ بەغدا تەنسیقمان نیە؟.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

تکایە، تەواو، شڤان احمد، ببورە کاك عومەر ئـەوەی تـۆ ئەصڵەن نیزامـی نـەبوو، جـەنابت بەتێروتەسـەلی قسەی خۆت کرد، کاك شڤان، فەرموو.

**بەڕێز شڤان احمد عبدالقادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

نیزامیەکەی من لەسەر قسەکانی جەنابی وەزیری دارایی بوو، کەباسی مووچەی پێشمەرگەو دروست کردنی ئەو 8 لیوایەی کرد، ئێمە کۆمەڵێك پەرلەمانتار داوامانکرد، هەتا ئەو لیوایانە دروست ئـەکرێن، کۆمـەڵێکی یەکجار زۆر پێشمەرگە دەمێنێتەوە، پێشنیارمان کرد کە 150 یان 100 هەزارێك لەسەر مووچـەی خۆیـان پێیان بدرێت، جەنابی وەزیر ئاماژەی پێنەکرد، باسی یاسای خانەنشینی کرد باسی یاساکەی تری نەکرد کە ئێمە داوامـانکرد ئەمـە جێبـەجێ بکرێـت یاسـای کەمئەنـدامانی پێشـمەرگە، تێـبنی مـن لەسـەر ئـەوە بـوو، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بیلال سلیمان، فەرموو.

**بەڕێز احمد سلێمان (بیلال):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەڵڵا من دوو نوقتەی نیزامیم هەیە، یەکێکیان: لەسەر قسەی جەنابی وەزیری داراییە، ئەوی تریان لەسەر قسەکانی جەنابی وەزیری پلاندانانە، سەبارەت بە قسەکانی کاك شێخ بایز، کەباسی لەداهاتەکان کرد، وەباسی لەوە کرد، کە یەکەمجار داهاتەکان دوایش سەرفیاتەکان، لای خۆیان کۆدەکەنەوە پاشان زەرب و تەقسیمی دەکەن، ئینجا مەبلەغێك دیاری دەکەن، ئایا ئەو مەبلەغەی کە ئەوان دیاری دەکەن بۆ ئێمە، لەسەر بنەمایەکی با بڵێین حسابیە یان هەر گۆترەیە، بۆ نموونە جەنابیان دەڵێن وەزارەتی شارەوانی پارەکەی دەچێتە مینەح، کە دەچێتە ئەویٚ، با ئێمە ئەو دیراسەیە بکەین لەبەردەستماندایە، لەکابینەی پێنجەم ساڵی 2009، داهاتی وەزارەتی شارەوانی 31ملیارو خوردەیەك بووە، بەڵام لەکابینەی شەشەم یەکسەر هاتووەتە خوارێ بۆ 307 ملیار دینار، ئەمساڵ هاتووە بۆ 910 ملیۆن، کەناکاتە لە 2٪ی زەمانی کابینەی پێنجەم، ئەوە بۆ خۆی لای ئێمە جێگای پرسیارە، بۆ ئەوەندە هاتە خوارێ، لە 31 ملیارەوە بۆ 910 ملیۆن،..

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس کاك بیلال ئەوەی تۆ فەرمووت پرسیارە، نوقتەی نیزامی نیە، کاك بیلال بروا بکە ئەوەی هەستێت پرسیار بکات بەناوی نوقتەی نیزامی ڕێگای پێنادەم قسە بکات، با بزانی، بەسە تەواو، باشە دەی تەواوی بکە.فەرموو.

**بەڕێز احمد سلێمان (بیلال):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بەوەی کە کاك دکتۆر باسی کرد، وتی ئەم پرۆژەیە کەمن باسم کردووە، گوایە وەهمیە ئەو ئەڵێت وەهمی نیە، من دەقی پرۆژەکە دەخوێنمەوە ئێوە خۆتان حەکەم بن، دەڵێت( دروست کردنی بینای مزگەوتی گوندی نور لە هەڵەبجەی شەهید، بە بڕی 41ملیۆن و 200 هەزار، من حەقم نیە لە بڕکەی کە چەندە، حەقم لەوەیە کە دەڵێت دروست کردن، ناڵێت نۆژەنکردنەوە، ئەڵێت لەگوندی نور ناڵێت لەشاری هەڵەبجە، کەواتە ئەمە ...

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە، جەنابی وەزیر ئیعتراف کرد وتی ئەوە هەڵەیە، لەباتی گوند هاتووە، حەقی جەنابتە، فەرموو.

**بەڕێز احمد سلێمان عبدالله(بیلال):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من خەڵکی هەڵەبجە نیم، من تەنها دیراسەی یەك قەزام کردووە، ئەویش شاری هەڵەبجەی شەهیدە، ئەگینا من خەڵکی پشدەر بتوێنم، دیراسەکەشم بۆ ئەویٚ بووە، هیچی تر نیە، باسی دوو، سێ شتی تریان کرد بۆ نموونە لە داهاتی پارێزگاکان، کە قسەکەی منی ڕەد کردەوە، من وتم 298 ملیار داهاتی پارێزگاکانە، من ئەوە بە بەڵگە لامە کە دەڵێم 291 سەرفکراوە، 7 ملیار ماوەتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز پەیمان عزالدین، فەرموو.

**بەڕێز پەیمان عزالدین عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من دوو نوقتەی نیزامیم هەیە، لەسەر قسەکانی بەڕێز وەزیری پلاندانان، یەکێکیان: ئەوە بوو هەر ئەو کاتەش بۆ جەنابتم نارد، زۆربەی قسەکانی وەڵامی پێشتری ئەندامانی پەرلەمان بوو، نەك ئەو پرسیارەی کە تەوجیهمان کردووە، کەئەوە ناکرێت بەپێی پەیڕەوی ناوخۆ، دووەمیان: زانیارییەکی جەنابی بوو لەسەر گرتووخانەی هەولێر، کەباسی کرد، وتی دوای ئەوەی کە تەئکیدم کردۆتەوە، چوومەتە دەرەوە سەیری فایلەکەم کردووە، نووسراوێکی لیژنەی مافی مرۆڤی پەرلەمان بووە، من نازانم بۆ خۆم ئەندامی ئەو لیژنەیەم ئاگام لێ نیە، ئەگەر سەرۆکی پێشووی لیژنەکەمان ئەو نووسراوەی کردبێت بەبێ ئاگاداری ئێمە، ئاگام لێنیە، بەڵام ئێمە لیژنەیەکی مافی مرۆڤ سەردانی وەزیری کاروکاروباری کۆمەڵایەتیمان کرد، جەنابی وەزیر کە پرسیارمان لێکرد، ئەم پرۆژەیە چۆن ئێمە پار قسەمان لەسەر کرد لە پرۆژەی بودجەدا، بۆ ئەوەی دابندرێت جێگای نەکرایەوە، دەنگی لەسەر نەدرا، چۆن دوایی خرایە ئەوێ؟، وتی بەڕاستی منیش نازانم واسیتەیەکمان کردووەو خستوومانەتە ئێرە، لەبەر ئەوە عیلاقەی بە پەرلەمانەوە نیە؟، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێز عبدالله مەلا نوری ، فەرموو.

**بەڕێز عبدالله محمد نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەنووسراو سێجار بۆ جەنابت، وە جارێکیش بە زارەکی من پرسیارم لەو دوو وەزیرە بەڕێزە کرد، تا ئێستا وەڵامەکەم وەرنەگرتۆتەوە، جا ئەگەر مەجالم بدەیت با پرسیارەکەم بکەم، تا ئێستا وەڵامم بدەنەوە..

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ببورە پرسیار نەما، ئەگەر نوقتەی نیزامیت هەیە، فەرموو، ئەگینا پرسیار نیە، باشە فەرموو.

**بەڕێز عبدالله محمد نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوە دوو ڕۆژە قسە دەکەین، یەك پرسیارم کردووە، بۆ دامەزراندنی 25 هەزار کەس، 1 تریلیۆن و58 ملیار دینار دانراوە بۆ ئەمساڵ، لەکاتێکدا ئەو پێوەرەی کە وەزارەتی دارایی فەرمانبەر دائەمەزرێنن، من حسابم کرد تەنها پێویستی بە 100 ملیار دینارە، واتە بەپێوەرەکەی من نزیکەی 1 تریلیۆن و488 ملیار دینار زیادە..

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئـەوە بەنووسـراو لەبـەردەم وەزیردایـە، جوابـت دەداتـەوە، مـن تـەحویلم کـردووە، سـوپاس، بـەڕێز فـازڵ بەشارەتی، فەرموو.

**بەڕێز فاضل محمد قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دوو نوقتەی نیزامیم هەیە، یەکێکیان: ئەوەی کاك بیلال باسی کرد کە جەنابی دکتۆر علی ئیشارەتی پێدا، لە سنووری هەڵەبجە گوندی نەوەر هەیە، نەك گوندی نور، بەڵام پێشنیارەکە بۆ نۆژەنکردنەوەی مزگەوتی نەورە لە هەڵەبجە، پێشنیارەکەشیانداوە لە بڕی 48 ملیۆنە، بەڵام داوایان کردووە کە ڕێژەکە کەمبکرێتەوە بۆ ئەوەی ئەو شتە ڕوونبکرێتەوە، دووەمیان: ئـەوەی کـە جـەنابی شـێخ بـایز ئیشارەتی پێدا، پـێم خۆشـە ئەوە ڕوونبکرێتەوە، چونکە زۆر داوا لەئێمە ئەکرێت، مەسەلەی زیادکردنی مووچەی پێشمەرگەیە، چونکە ئێمە بەڕاستی ئەبێت بەدوو شێوە پێشمەرگە، یەکێکیان: ئەو 8 لیـواو 4 لیواکـەی تـرە کەمووچـەکەی زیـاد دەکات، دووەمیان: ئەو پێشمەرگانەن کە پێشمەرگەی زۆر کۆنیشی تێدایـە، لـە مەڵبەنـدو لقـەکان وهـەموو مەکتـەب سیاسـی ومەقـەڕاتی حزبـە سیاسـیەکانن، بۆیـە ئومێـد دەکـەم ئـەوەش بکەوێتـە بـەردەم ئـەو زیادکردنە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کوێستان خان، فەرموو.

**بەڕێز کوێستان محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مـن سـەرەتا نوقتـە نیزامیەکـەم لـە لیژنـەی دارایـی و بـەڕێز وەزیـری داراییەوەیـە دەسـت پـێ دەکـەم، کـە بەڕاستی هەموو فراکسیۆنەکان وەکو یەك کۆمەڵێك پێشنیاریان هەبوو، بەس ئەوان وایانخستەڕوو کە بـەس لیستی کوردسـتانی پێشـنیاری هـەبێت، وەڵامـی دەدەنـەوە، دەیخەنـە دەنگـەوە، هیـوادارم ئـەوە بـە مەبەسـت نـەبووبێت، نوقتـەی دووەمـم هـەر لەسـەر قسـەی بـەڕێز وەزیـری داراییـە، کـەوتی موخەصەصـاتی ئێـرەو مەرکەز هەیە، ئێمە سەرفی دەکەین و ئەوان سەرفی ناکەن، بـەس مامۆسـتایە، کـە ئێمـە دەیـدەین لەمەرکـەز نیە، بـەس زۆر چـین وتوێـژ هەیـە لەمەرکـەز هەیـەتی، ئێمـە نیمانـە، ئـەتوانین ئێمـە ئیستسـنا بکـەین بـۆ مامۆستایان، ئەخیر نوقتەی نیزامیم لەسـەر وەزیـری داراییـە، چـونکە لەسـەر وەزیـری پلانـدانانیش قسـەم هەیە، وتی ئێمە ڕاستە ئێستا تەلەفزیۆنمان نیە، جەریدەمان نیە، بـەس پارەمـان بـۆ داهـاتوو دانـاوە، بـەڵام ئەو بڕە پارەی کە بۆ نەشر، ئیعلام، مانگی دەستکرد، بـۆ پـارەی مینـەحی ئـیعلام، 13 ملیـار و34 ملیۆنـە، ئەمە بڕێکی زۆر زۆرە، کە جارێ نە تەلەفزیۆن، نە ڕادیۆیـان هەیـە، تـەنها یـەك ڕادیـۆی نـەورۆزیان هەیـە، نەجەریدەی هەیە، باشە ئەمە بۆ کوێ دەچێت؟، لەسـەر قسـەی بـەڕێز وەزیـری پلانـدانان، مـن دیـارە ئـەو قسـەی جـەنابیان لـە پرۆتۆکـۆل ئەنووسـرێت، بۆیـە مـن ناچـارم وەڵام بدەمـەوە، ئـەو سـەرەتای قسـەکانی بەقسەیەکی من هێنایەوە، کە من وتوومە ئێستا لەقسەکانی جەنابتەوە ئەرکەکانی تۆم بۆ دەرکـەوت، بۆیـە

لەدواجاردا کەبووم بەوەزیری پلاندانان، بۆ ئەوەی ئەرکەکانی خۆم بزانم من لە 2006، بەشداری پەسەند کردنی ئەو وەزارەتەم کردووە، لەبەر ئەوەی ئەزانم ئامانج و ئەرکەکانی چیە؟، بەڵام ئەمە بەداخەوە لەدانیشتنێکی ودیدا بوو، من وتم کاك سەرهەنگ خۆی بوو، ئەو کۆمەڵێك قسەی کرد، دیارە کۆمەڵێك موعانات و شتی هەبوو، بەس من ئەو مافە بەخۆم نادەم، قسەی ودی لێرە باس بکەم، ئەمەوێت تەوزیحەکەم بەس ئەوە بێت، کەمن لەڕووی گاڵتەوە ئەوەم وتبێ، ئەگینا من ئەزانم ئەو یاسایەکە بەشداریم تێدا کردووە، ئەزانم بابەکانی چیە؟، ئامانجەکانی چیە؟، بەڵام قسەی ودی حەق نیە لێرەدا باس بکرێت، دوو شتی ترم هەیە، مەسەلەی ئەوانەی کە بڕاوە بۆ کەرتی تایبەت، لەکەرتی گشتی، لەکەرتی تایبەت بەکار هێنراون، مەکتەبی تایبەت و ئەو شتانە نیە، ئەو پرۆژانەن کە لە گرین ستی و ئەمانەی کە لەهەولێر وسلێمانی دروست کراون بۆ نیشتەجێبوون، بڕکەی 20ملیار و 731 ملیۆنە، کە ئەمە بەپێی یاسای وەبەرهێنان ئەمانە کارئاسانی زۆر زۆریان بۆ کراوە، تەنها یەك خاڵم ماوە، تەبعەن من ئەو پڕۆژانەم هەمووی ناردووە بۆ کاك عومەر، 22 پرۆژەیە، بڕەکەشی 20ملیار و731 ملیۆنە، باسی پرۆژەکان وەڵامی منی دایەوە کەجێبەجێکراون، ئەو پرۆژانەی کەلە یەك ساڵ کەمترن، ئەو تەنها باسی سیانیانی کرد کە ئیعلاج کراون، من باسی 489 پرۆژە دەکەم، ئەو سیانی عیلاج کردووە...

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، تەواو کاتت نەما، بەڕێز سالار محمود، فەرموو.

**بەڕێز سالار محمود مراد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕاستی من لەم دواییەدا داوای نوقتەی نیزامیم کرد، چونکە پێم وایە بەپێی پەیڕەوی ناوخۆ ئەو داواکارییانەی کەبەناوی نوقتەی نیزامیەوە پێشکەشکران، نا نیزامین، من نوقتەی نیزامیم لەوەیە کە دەبوو بەڕێزان هەم وەزیری دارایی، وەزیری پلاندانان، وەڵامی ئەو پرسیارو سەرنج و تێبینیانەیان بدایەتەوە، کە لەراپۆرتی لیژنەی دارایی داخڵ کراوە، سەرنج و تێبینی هەموو لیژنە مەعنیەکان بەشێوەیەکی هێمنانەو بەدەقیق تر تۆمار کراون نەك وەڵامی تاك بەتاکی پەرلەمانتارەکان بدرێتەوە و لە کۆتاییدا دەست خۆشی لە هەردوو لایەن ئەکەم کە بەشێکی باش تەوزیحیان داو وە بەشێکیش لە پرسیار و سەرنجەکان ماون وەڵام بدرێنەوە،

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

دەست خۆش سوپاس، سەرهەنگ فەرموو.

**بەڕێز سەرهەنگ فرج محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لە لە قسەیەکی کاك عەلی سندی بوو لەسەر ئەوەی وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندن بەراستی ئێمە ئاماژەمان بەوە دا یەك خاڵ هەیە مەتاڕەکان ئێمە هەموو شانازییان پێوە ئەکەین بەڕاستی هەردوو

مەتاڕی سلێمانی و هەولێر، بەڵام یەك حاڵەت هەیە ئەوان بۆ ئێمەیان روون کردەوە کە مەتاڕەکانە سلێمانی و هەولێر شکلیەن زۆر زۆر یەعنی سەر بە وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندنن، بەڵام ئیش و کارەکانیان بە هیچ شێوەیەك وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندن ئاگاداری نیە بەراستی ئێمە ئێستا لە بەردەم ئەم پرسیارەیان بەراستی ئایا پڕۆژەکانی گواستنەوە و گەیاندن لە کوێن؟ یەك پڕۆژەی وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندن نییە لە ئەمساڵ بەڕاستی لە پێشنیاز کراوەکانە ئەوەی کە هەیە بۆ مەتاڕەکانی سلێمانی و هەولێر کراوە لەکاتێکدا کە مەتاڕەکان ئەنجومەنی وەزیران ئەیانبات بەڕێوە حەقە ئەو وەزارەتانە حسابێکیان بۆ بکرێت ئەو وەزارەتانە...

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێز کاك کاردۆ فەرموو.

**بەڕێز کاردۆ محمد پیرداود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە ئامانجمان لە پرسیارکردن و هەڵسەنگاندنی پڕۆژە بودجە ..........

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

نوقتەی نیزامی کاك کاردۆ، فەرموو.

**بەڕێز کاردۆ محمد پیرداود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

جوابی پرسیارەکان بدەنەوە بەلای منەوە وەڵامیان نەداوە کە بۆ نموونە شتێکی زۆر زەق کاك ئیسماعیل کردنی هەڵسەنگاندنی بودجەی پەرلەمان، ئەنجومەنی دادوەری، وەزارەتی دارایی کە ئەمانە هەڵسەنگاندنی بۆ نەکراوە کە لە 30٪ بودجەی تەشغیلیە، چۆن تێئەپەڕێ و ئەخرێتە دەنگدانەوە بەبێ ئەوەی هەڵسەنگاندنی بۆ بکرێت؟ ئەوە یەکەم، دوو: هەموو ئەو خاڵانەی کە پەیوەندیی بە حسابی خیتامی 2009 و 2010 هەیە هەموو ئەو هەڵانەی کە کراوە بە مقارەنە جوابیان نەداوە جگە لەوە وەزیری پلاندانانی بەڕێز بۆ هەموو ئەو پڕۆژانەی کە دووبارەن، بۆ ئەو پڕۆژانەی کە جیاوازیان هەیە لە نێوان بڕی پارەی دانراو و لەگەڵ ساڵی پار و لەگەڵ ئەمساڵ گەڕانەوەی پڕۆژەکانی پەرەپێدانی پارێزگاکان، ئەو پڕۆژانەی کە پارەیان بۆ دانراوە وەکو کارگەی بەردی بڵێین ئەوەی ماوەت کە ئیشی تیا ناکرێت، مەڕمەڕەکە، ئەم پڕۆژانەی ئەمساڵ بەردەوامن ئێمە هیچ وەڵامێکمان نەبیست جگە لە داهات کە من، بەڵگە وتم کە داهاتی وەزارەتی کارەبامان بە نموونە هێناوە بە بەڵگە بۆم هێناوە، من داوا لە وەزیری دارایی ئەکەم ئەو مەحزەرەمان بداتێ کە ئاخیر کۆبوونەوە لەگەڵ عێراق کردووە لەگەڵ سولفەی هێزی پێشمەرگە کە من پرسیارم کرد ئەڵێ بەڵێ سولفەمان داوە من چۆن بیسەلمێنم کە نەدراوە؟ لەکاتێکدا بە

قانوون هەیە تۆ سولفە وەرەگریت لە عێراقە ئەم كێشەیە چیە لەبەر ئەوە ئێمە وەڵامی پرسیارەكانمان نەبیست داوا دەكەین ئەو پرسیارانەی لێمان كردووە و ماوە بیدەنەوە.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز محمد شارەزووری فەرموو.

**بەڕێز محمد احمد علی (شارەزووری):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

من نوقتە نیزامییەكەم لەسەر یەكەمیان بۆ بەڕێز وەزیری پلاندانانە سەبارەت بەوە كە وتی ئەبێ وەزارەتی شەهیدان كیتابمان تەوجیە بكات ئێمە لەگەڵ وەزارەتی شەهیدانە وەزارەتی شەهیدان هاتۆتە ئێرە كۆبوونەوەمان كردووە ئەوانیش موافق بوون بۆ ئەوەی ئەو بڕە پارەیەی دانراوە بۆ هەردوو بەڕێوەبەرایەتی لە هەولێر و سلێمانی بكرێت بە خانوو بۆ كەسوكاری شەهیدان و، ئەگەر مەجالیشی تیابێت دوو خەستەخانە بكرێتەوە بۆ كەسوكاری شەهیدان یەك لە دهۆك یەك لە هەولێر ئەوە مەحزەرەكەشم خستۆتە بەردەم دەست جەنابی بۆ ئەوەی وەزارەتی شەهیدانیش موافق بوون لەسەر ئەوە، دوو نوقتە نیزامییەكم هەیە بۆ جەنابی وەزیری دارایی دیارە ئێمە دوو قانوون دوو یاسا هەیە ژمارە سی و هەشت هی خانەنشینی پێشمەرگە و لە هەمان كاتدا ژمارە سی و چوار كە هەردووكیان هین ساڵی 2007 ن كە تایبەتە بە كەم ئەندامانی سەنگەر جەنابی ئاماژەی بەوە نەداو ئومێدەوارم كە جوابی پرسیارەكەمان بداتەوە..سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێز خورشید فەرموو.

**بەڕێز خورشید أحمد سلیم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

دوو، سێ جار كاك ئیسماعیل بە نووسین داوای ئەوەی كرد كە هەڵسەنگاندن بۆ چەند وەزارەتەك و چەند شوێنێك نەكراوە جارێ وەزارەتی دارایی و ئابووری خاڵی یەكەم لە راپۆرتی لیژنەی دارایی و ئابووری تێبینییەكانی لجنەی دارایی و ئابووری ئەگەر كاك ئیسماعیل لە دانیشتنەكان ئامادە ببا ئەكید ئەویش بەشدار دەبوو لە داڕشتنی ئەو هەڵسەنگاندنە كە ئێمە كردوومانە 63٪ بودجە تەرخان كراوە بۆ پێنج وەزارەت وەزارەتەك لەوان وەزارەتی داراییە، ئەمە یەعنی روونكردنەوە و داوامان كردیە لە حكومەت لە مستەقبەل رەچاوی ئەو تەوزیعە بكەن ئەو نەوعە دابەش كردنە بكەن لە مابەینی وەزارەت، ئەمە یەك، دوو هەر لە وەزارەتی دارایی ئیعتیرازمان كردووە كە چۆن دەكرێت پێنج هەزار و دوو سەد و سی و دوو لە راپۆرتی دارایی هاتووە و دەرەجەی وەزیفی تەرخان بكرێت وەزارەتی دارایی و ئابووری داوامان كردووە ئەو رێژەیە كەم بكرێتەوە و دابەش بكرێت بەسەر وەزارەتەكانی تر بەپێی پێویست، سێ: داوامان كردووە وەزارەتی دارایی وئابووری لە مەوپاش بە پرۆژەی ئاوەدانكردنەوە و رێگا و بان بە ئەوە هەڵنەستێت،

چونكە ئەوە ئیشی ئەوە نییە، ئەی ئەمە هەڵسەنگاندن نییە دیراسەت نییە بۆ وەزعی وەزارەتەك؟ ئەمە یەك، دووەم: هەندەك شوێن هەن یەعنی چالاكییان نیە مەسەلەن سەرۆكایەتی ئەنجومەن، بودجەی سەرۆكایەتی هەرێم، بودجەی پەرلەمان، بودجەی ئەمانە بودجەیەكی زۆر كەمن سەیر بكەن مەسەلەن سەرۆكایەتی ئیقلیم سفر پۆینت چل و دوو لە بودجە بەركەوتووە، بەڵێ.............

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

رجائەن، لە جێی خۆتەوە قسە مەكە كاك ئیسماعیل، فەرموو كاك خورشید.

**بەڕێز خورشید أحمد سلیم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

مەجلیسی داد سفر پۆینت شەست و پێنج، مەجلسی وزەرا سفر پۆینت نەود و یەك، ئەمانە چالاكییان نیە پاشان ئێمە مولزەم نییە هەڵسەنگاندێك بۆ هەموو دام و دەزگای حكومەت بكەین، دەستەی وەبەرهێنان ئێستا سەد و پەنجا ملیار دینار كە تەرخان كراوە بۆ دەستەی وەبەرهێنان پێشنیار هەیە كەئەم سەد و پەنجا ملیار دینارە زۆرە دابەش بكەین بە حەفتاو پێنج بۆ نیشتەجێ بوون حەفتاو پێنج بۆ یاسای ژمارە هەشتی ساڵی 2007سەدو چل و نۆ ملیاری دی تەرخان كراوە بۆ گوندەكان جارێ ئەمە هێشتا قسەی لەسەرە ئایا ئەمە جێبەجێ دەكرێت، جێبەجێ ناكرێت؟ ئەگەر جێبەجێ بكرێت قازانجی چیە، زەرەری چیە؟ یەعنی ئەمە بەڕاستی كاك ئیسماعیل ئەگەر لەوەختی..........

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

تكایە، بەیان ئەحمەد فەرموو.

**بەڕێز بەیان احمد كۆچەری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من پرسیارەكا هەی تەوزیحەكێ بۆ جەنابێ وەزیرێ دارایی و، دوو پرسیار ژی بۆ وەزیرێ پلان دانانێ.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

رجائەن نیزامیمان وتووە پرسیار نییە، رجائەن.

**بەڕێز بەیان احمد كۆچەری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەس تەوزیحەكێ، بەڕاستی ئێمە وەكو لیژنە چووبووین سەردانمان كردبوون و، بەنیسبەت سندوقی زەمان، سندوقی زەمان كە مافێكی كرێكارا، بەڕێوەبەری دائیرە گوتە ئێمە كە ئێمە مەساریفی خۆمان بە رەواتبەوە لەناو ئەو سندوقە دەری ئەكەین، بەڕێز جەنابی وەزیر وەڵامی من نەداوە، ئەو تەبعەن وازحە...

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

تەواو سوپاس سوئالەكەت گەیشت، ئاخیر كەس گۆران ئازاد و خەڵاص، تەواو، فەرموو:

**بەڕێز گۆران ئازاد محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەرچەندە کۆمەڵێك وەڵام و زانیاری باشمان لە وەڵام دانەوەی هەردوو وەزیری بەڕێز دەست کەوت، بەڵام من ئێستاکەش پرسیار و تەعقیب و هەتا تەعلیقم هەیە لەسەر بەشێك لە قسەکانی هەردوو وەزیری بەڕێز، بەڵام پرسیارەکەی من لێرە ئەوەیە بەرنامەی سەرۆکایەتی چیە؟ یەعنی بڕیارە هەر هەموومان قسە بکەینەوە ئالیەتێك دانێین ئەگەر نا یەعنی ئالیەتێك دانێین بۆ بڕیاردان، چۆن بیکەین؟ دەیخەینە دەنگ دان؟ تەئجیل دەکەین؟ پێشنیارەکان ئیزافە دەکەین....

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس گەیشت، جەنابی وەزیر جوابی ئەو نوقتە نیزامیانە هەردووکتان بە نۆرە بدەنەوە کاك شێخ بایز فەرموو.

**بەڕێز شێخ بایز تاڵەبانی/ وەزیری دارایی و ئابووری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

کاك حەمە سەعید فەرمووی بەنیسبەتی داهاتی نەوت و مەصروف و حسابی خیتامی، بەراستی ئێمە حیساباتی خیتامی ئەنێرین بە تەئکید تەدقیقیش ئەکرێت و دێتە بەردەستی جەنابتان و هەموو داهات و مەصروف و مەصروفی فیعلی تیایە دەر ئەکەوێت و ئەو وەختە ئێمە دێینەوە بەردەم بەڕێزتان و بەڕێزتان پرسیارمان لێ ئەکەن و وەڵام ئەدەینەوە و هەر موحاسەبەیەکیش هەبێت ئێمە ئامادەین بۆ ئەو موحاسەبانە، بە نسبەتی داهاتی نەوتەوە من وتم داهاتی نەوت پارەیەك کۆبۆوە دامانە بەردەم پەرلەمان وە پرۆژەکانیش، موقتەرحەکانمان هێنایە بەردەم پەرلەمان وە پەرلەمانی بەڕێز قەراری، بڕیاری دا لەسەر ئەوەی ئەو بڕە ئەوە بکرێت وە کە پارەی تری کۆ ئەبێتەوە بە هەمان شێوە ئەیهێنینە بەردەم پەرلەمان نەك مەصروفەکەشی ئەهێنینە پەرلەمان خۆی و پرۆژە موقتەرەحەکانی دێنین بەپێی بڕیاری پەرلەمان بە نسبەتی تەدقیقەوە تەدقیقی مەصاریف و خۆی نەفەقاتیش و داهاتیش ئێستا من باسی ئەوەم کرد لە قسەکانما وتم ئێستا خۆش بەختانە تەدقیق ئەکرێت، ئەوە سلێمانی ئەکرێت و لە هەولێریش ئێستا ئەکرێت، وە حیساباتی ساڵی 2010 ئێستا دەستیان پێکردووە و دیوانی رەقابەی مالی حالییەن ئیش ئەکەن لوجنەکانیان، بەنسبەتی کاك بیلالەوە جەنابی کە فەرمووی ئەو داهاتانە من جارێکی تریش تەئکید ئەکەم جارێ داهات بەپێی قانوونەکە داهاتی وەزارەت داهاتی خودی ناو وەزارەت و دیوانەکەیەتی و ئێمە ئەو حیساب و کیتابەی کە هێناومانە لە خۆمانەوە نەمان هێناوە و ئێستا جەداویلەکانیشمان پێیە دوای ئەوە ئەو داهاتەی کە لە و حیسابانە: هاتووە لە هەموو حاڵەتێکا داهاتەکە هەر هی خۆیانە بەپێی یاسا حکومەت دەعمی ئەکات، دەعمی پێویستەکانیان ئەکات، بۆ نموونە مەسەلەن شارەوانی سەرفیان چوار سەد و سی و یەکە کە تەقدیم کراوە و ئیتیفاقی لەسەر کراوە داهاتییان شارەوانییەکان نەك وەزارەتی شارەوانی داهاتی سی و هەشت ملیارە یەك لە یەکی دەربکە داهاتەکە بۆ خۆیانە باقی مەسروفەکەشیان ئەدەینەوە سێ سەد و نەوەد و چوار ملیاریان ئەدەینێ لەگەڵ داهاتەکەی خۆیانە، هەروەها مەتاڕی هەولێر

و سلێمانی بە هەمان شێوە حەفتا و شەش بە سی و دوو، چل و چواریان ئەدەینێ لەگەڵ داهاتەکەی خۆیانە، بە نسبەتی بنوکیشەوە بە هەمان شێوە بە نسبەتی کاك عەبداللە مەلا نورییەوە، جەنابی کاك عبداللە، راستە بۆ جەنابی سەرۆکی پەرلەمان و حەواڵەی منی کردووە، ئێستاکە هاتۆتە لای من، کاکە من ئەمەویت لێرەوە ئەوە باس بکەم ئەوە بۆ بیست و پێنج هەزار کەس نیە، ئەو پارەیە تەفاصیلێکی زۆری لەگەڵایە، ئەو پارەیەی کە هاتووە خۆی پارەکە ساڵی 2010ش شەش ترلیۆن و سەد و نەوەد بووە، ئەمساڵەکە چوار و شەش سەد عەفوو ئەمساڵەکە شەش سەد و نەوەد پارەکە شەش سەد و شەست و پێنج بوو فەرقەکەی یەك و پێنج سەد و هەشتا و پێنجە ئەمە بیست و پێنج هەزار، سێ سەد ملیار تەقیم کراوە بۆ ئەوانەی کە تەعین ئەکرێن چوار سەد و حەفتای عەجزی ساڵی 2009ی تەدویر ئەبێتەوە بۆ ئەمساڵە سەد و حەفتا و پێنج ملیاری پارەی کارەبایە کە ساڵ پار لە ناو ئیعانات دەرکەتبوو، ئیمساڵ هاتۆتە ناو ئیراداتەوە، هاتۆتە ناو مەصروفەو عەفوو هەروەها ئەو لیوایانەی کە دائەنرێن سێ سەد ملیاری بۆ دانراوە، هەروەها موخەصەصاتی عەفوو دامەزراندنی ئەو بیست و شەش هەزار تەجاوزەی کۆن بێ ئێمە باسمان کرد وتمان ئێمە تەجاوزمان هەبووە لە ساڵی 2010 ئەویش سێ سەد ملیارمان بۆی داناوە، ئەمە تەفاصیلەکان بەم شێوەیە هاتووە، ئەوە نەبێ بیست و پێنج هەزار کەس و ئێمە ئەوە هەر مەعقول نییە بەو شێوەیە بێین ترلیۆنێك و پێنج سەدو هەشتاو چل و پێنج کەس دابنێین پێنج سەد و چل و پێنج ملیار، دیارە هەندێك پرسیاری تر هەبوو، ئەگەر نازانم جەنابت ئەوانەی کاك بورهان و ئەوان جواب بدەمەوە..

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك علی، فەرموو، کاك بورهان رەشید جارێکی تر لە جێگەی خۆتەوە قسە مەکە رجائەن، یەك بەشەر لە شوێن خۆی قسە بکات دوایی موحاسەبە ئەکرێت، فەرموو.

**بەڕێز شێخ بایز تاڵەبانی/ وەزیری دارایی و ئابووری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

عەفوو، دیارە ئەم برایانە پرسیاریان هەبوو ئێمە بە نیسبەتی قانوونی پێشمەرگە و تەقاعودی پێشمەرگە و کەم ئەندامان ئەمانە هەر هەمووی ئێستا لە ئەنجومەنی وەزیرانە کۆبوونەوەی لەسەر ئەکرێت بەردەوامە کۆبوونەوەکان هەر ئێمە وەکو وەزارەتی دارایی ئەمرمان پێ بکرێت یەکسەر ئەو پارانە سەرف ئەکەین، بەڵام نوقسانی هەیە ئیشەکان لە ئیحصائییا رەنگە هەندێك لە برادەران ئاگایان لە هەندێك مەوزوعەکانیشی هەبێت. ئەو باسی سلفە کرا، عەفوو ئەوەم لە بیرچوو ئێمە سلفەیەك بدەین، بەراستی دەسەڵاتی ئەو سلفە دانە لەلای من نیە ئەبێ من بگەڕێمەوە بۆ حکومەت لەگەڵ ئەوانە باس بکرێت ئەو مەوزوعە ئەوجا دێمەوە سەر ئەوانەی ئەو برایانەی دیارە کاك ئیسماعیلیش ئیشکالێکی هەبوو لەسەر میلاك حەز ئەکەم هەر جوابی بدەمەوە ئێمە میلاکەکەمان هێنا وە دیراسەمان کرد، ئێمە لەسەر راستین، چونکە ئێمە لە ساڵی 2009 میلاك هەژدە و شەش سەد و دوو بووە، لە ساڵی 2010 بیست و حەوت و

چوار سەد و سی و سێ لە ساڵی 2011 بۆتە بیست و نۆ و چوار سەد و حەفتا و حەوت، ئەوانەی کە لەوێ هاتووە ئەوانە موقتەرەحاتە و وە ئەم میلاکاتانەی هەیە ئێمە ئەو میلاکاتانە داومانە بە وەزارەتەکانی تر مەسەلەن هەر پار ساڵ شەش هەزار میلاکمان دا بە وەزارەتی تەربیە، چونکە وەزارەتی دارایی صاحیبی ئەو ئیحتیاتەیە و لەلای ئەوان حەزف و ئیستیحداس و کاری پێویست ئەکرێت بۆ دانی میلاکات، دیارە ئەوەش پرسیارێکی تر بوو، ئەوجا دێمە سەر ئەوانەی کاك کارزان پرسیاری لێ کردووین، کاروان، عەفوو پرسیاری ئەوە ئەکات بە نیسبەتی پارەی حزبەکانەوە چەندە و چۆنە؟ و ئەمانە من دیارە پرسیارەکە پێویست بەوە ئەکات ئێمە وەزارەتی دارایی ئەو جیهەتە نیمان نە پارەی حزب دەست نیشان بکەین وە نە بیبڕین وە نە زیادی کەین وە نە کەمی کەین، ئەم مەوزوعە دیارە لە شوێنی خۆی بڕیاری لەسەر ئەدرێت وە خەزینەی تایبەت لەوێ صەرف ئەکرێت وە هەر تەفاصیلێکی تر لەم بابەتەوە رەنگە هەبێت لە رێگای پەرلەمانی بەرێزە وە نووسراو تەوجیهی ئەنجومەنی وەزیران بکرێت بۆ ئەوەی وەڵام بدرێتەوە، بە نیسبەتی کاکە بورهانەوە دیارە باسی لە حیساباتی خیتامی کردووە، وەلاهی زۆرم وت، باسم کرد لەسەر حیساباتی خیتامی لە بیدایەتی سەری ساڵا نایە وە لە کۆتایی مانگی چوارەوە دەست پێ ئەکات و ئینشاواللە لەماوەی مانگێك دوای ئەوەیە ئەگەر وەزارەتەکان تەواوی بکەن و کۆتایی پێ بێت دێتە ئەنجومەنی وەزیران و لە ئەنجومەنی وەزیرانیشەوە ئێمە ئەمساڵ بە تەئکید ئەمساڵ ئەچێتە رەقابەی مالیەوە بۆ تەدقیق و دێتەوە بەردەستی ئێوە بۆ ئەوەی زیاتر بەرچاوتان روون بێت، حیساباتی مدەوەری ساڵی 2010 ئەگەر جەنابتان شایەتیم بۆ بدەن وەڵاهی باسی ئەمیشم کرد هەرچەنێك جەنابی وتی باسی نەکراوە ئەمە نازانم باسی بکەمەوە یان نا؟ لە راپۆرتی بەرێز وەزیری داراییا هاتووە وەزارەتی پی میم باس نەکراوە لە تەرخانکراوی بودجەی 2011 بەقانوونی بودجەی عێراقی وەزارەتی پێشمەرگە باسی نەکراوە لە تەرخان کردنی بودجەی 2011وەڵاهی ئەمیش بەس لێرەیا هەر لەسەر پارەی وەزارەتی پێشمەرگە دیارە، پرسیارەکەی کاکە کاردۆ ئەڵێ ئەو مەحزەرەم بۆ بێنن، وەڵاهی ئێمە کە هەر پارەیەکمان وەرگرتبێت لە بەغا مەعلومە و روون و ئاشکرایە ئەندامانی پەرلەمان لە بەغان، وەزیرەکان لە بەغان، هەموو ئەنجومەنی وەزیران هەیە لە بەغا ئەگەر شتی وا هەبێت بە راستی ئەبێت وەصلێکی قەزیان بەرامبەر بەوە وەرگرتبێ هی ساڵێك بە پارەکە وەرگیرابێت لای ئەوان، ئەو وەختە ئێمەش خۆ ناتوانین ئەو مەوزوعە بشارینەوە و داخیلی نەکەین، راپۆرتە بە تەنفیزی یاسای راژەی پێشمەرگەوە من باسی ئەوەشم ئێستا کرد بەڕاستی ئەو پارانەی بۆ زراعەت و صناعەت تەخصیص کراوە زۆر کەمە پێویستە چاك بکرێت، ئەوە عیلاقەی بە پەرلەمان و بەرێزتانەوە هەیە وە چاککردنی تەخصیصی پارەی صناعەت و زراعەت لە 50٪ مینەح و ئیعانات، ئەوە بڕیاری جەنابتانە من باسم کرد مینەح و ئیعانات و ئەمانە چیە و چۆنە؟، یەعنی هەموویم داوەتەوە، وەڵاهی پارەی فرۆشتنی نەوت وازح نیە، باسم کرد، لە داهاتی فرۆکەخانەی هەولێر و سلێمانی و زەریبە و ئاو و ئەمانە هەمووی مەعلومە، هەمووی لە شوێنی خۆیا هاتووە، جەداویلەکان مەوجودن هەمووی لە بانقەکانە بە ئیشعاری تەحریری رۆیشتوون چۆتە ئەوێ، دەربارەی مەجلیسی قەزا بەوە

نەدراوە كە پێویستە پارەیان بۆ تەخصیص بكرێت بۆ تـەعین كردنـی حـاكم و ئێـوە مەجلیسی قـەزا، ئێـوە دیارە خۆتان ئەزانن دەسەڵاتێكی سەربەخۆیە و وا ئەگەر بیانەوێ حاكم تەعین بكەن و دابمەزرێ، حەتمەن دەرەجەكەشیان زوو پێ بدرێت دوو سەد و پەنجا ملیار دینار بۆ صندوقی ئیسكان چۆن صـەرف ئـەكرێت؟ وەڵاهی ئێمە ئەو پارانەی داومانەتە صەندوقی ئیسكان ئەوە چۆن سەرف ئەكرێت؟ ئەوە دەبێ لـە هەیئـەی ئیستسمار بپرسین كە چۆن سەرف ئەكرێ و رەقابەی مالیش بنێرنە هەیئەی ئیستسمار .....

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

تكایە ئەو سوئالانە ئەوە مەسائیلێكی ترە، ئەتوانن لە لیژنە مناقەشەی بكەن و بێن سەردانیان بكەن، نییە، تەواو، كاك عەلی كەرەم كە:

**بەڕێز د. علی سندی/ وزیری پلاندانان:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەڕێز كاك عمر پرسیاری لەسەر ئەوە بوو كە تێبینی لەسـەر ئـەوە هـەبوو كـە یەكـەم شـت كـە هاوسـەنگی نییە لە بەینی پارێزگاكان و بەینی قەزاكان، من تەنها ئەوە دەڵێم كـە داتاكـان كـە پیشانم دا سـەبارەت بـە پارێزگاكـان كێشـەیەكی ئـەوتۆمان نیـە، قـەزاكانیش وابـزانم مـەوزوعی قـەزاكان یـان تـەوزیعی پڕۆژەكـانی ئەمساڵ مەبەست لێی پڕۆژە پێشنیاركراوەكانە خۆمن ئەمساڵ پڕۆژە بەردەوامـەكان سـەر لـە نـوێ تـەوزیع ناكەمەوە پڕۆژە پێشنیاركراوەكانیش تەوزیحم دا كە شـەش سـەد ملیـار دینـاری بـۆ كارەبـا مـەحجوزە و لـە لیسـتەكاندا هـاتووە، ئـەوەی كـە تـەوزیع كـراوە لەسـەر قـەزاكان، لـە سـەر پڕۆژەكـانیش شـارەوانی و ئاوەدانكردنەوە سێ سەد ملیار دینارەكەیە كە دەمێنێتەوە كە لەوێدا رەچاوی تەوزیعی قەزاكانمان كـردووە حەدل ئیمكان وە ئیشی ئێمەیە تەبعەن ئیشـی ئێمەیـە پـاریش ئـەو تەوصیاتانە هـەبووە و كردوومانـە بـە بەرنامە كە حەدل ئیمكان تەتبیقی بكەین، خاڵی دووهەم من بەراستی پێم خۆشە كـە ئـەم هەرچـیەك كـە من هەمە هەمووی ریكۆرد كراوە، هەمووی تەسجیل كراوە، من بە هیچ شێوەیەك نەموتوە هەڵەی چاپ لـە جەمع كردنی پـارەدا هەیـە وە لـە پڕۆتۆكـۆل هەیـە، جـەنابتان داوای ئـەوە دەكـەن، چـونكە بـەڕێزیان وتـی وەزیری پلاندانان دەڵێ هەڵەی چاپ هەیە لە جەمع كردن ئەوە شتێكی تەبیعییە من ئەبەدەن ئەو قسەیەم نـەكردووە، مـن وتوومـە هەڵـەی چـاپ هەیـە لـە كەلیمـەی چـۆمان كـە چـۆمان رەقـەمێكی عـەدەدی نیـە، كەلیمەیەكـە، نـاوی قەزایەكـە، جـەنابیان دەڵـێتن ئێمـە نـاكرێتن ئـەم پرسـیارانەی كـە موتەعلقـە بـە وەزارەتەكانی ترەوە هەموو، ئاخر ریكۆرد هەیە، پڕۆتۆكۆڵ هەیە من باسی جـەمع و تـەرح كـەس بـە هـیچ نەوعێك من نـاڵێم ئەگـەر لـە جـەمع و تـەرحا هەڵـە هـەبێتن، تەبیعییـە، چـونكە تـەبیعی نیـە تیكـراریش دەكەمەوە كە غەڵەتی جـەمع و تـەرحی پـارە بـە هـیچ شێوەیەك مـەقبول نیـە، ئەمـە كەلیمـەی گونـد كـە ئیزافەیە لەوێ كە لە چ مەرحەلەیەك ئەوە ئیزافە كراوە ئەو هەڵەیەكی چاپی ناو لێدەنێم، هیچی تر نیـە، ئەمە عیلاقەی بە جەمع و تەرح نیە، ئایا دەكرێت وەزیرەكانی تر هەموو بێن جـەواب بـدەن وا بـزانم زۆر تەبیعیـە سـەرۆكی ئەنجومـەنی وەزیـران هـەموو وەزیرەكـان لـە بـەعزێك وڵاتـدا وەكـو ئـوردن كـە میزانیـە

موناقەشە دەكرێتن رەئیس وزەرا وەزیرەكان هەموو ئامادە دەبن لە چەند جەلسەیەكدا هەموو پرسیارەكان دەكرێت ئەوە هەر شێوازێك، سوئالی تر هی بەڕێز كاك بیلال سلێمان من تەوزیحەكەی كە دام بە تایبەتیش كە ئیحتیمالە من لەوەدا دەقیق نەبووبم كە وتم بەڕێزیان خەڵكی فلان شوێنە بەڵام مەخسەدی ئێمە لێرە خودی بابەتەكە گرینگە، خودی بابەتەكە ئەوەبوو كە ئەو پڕۆژەیە كە پڕۆژەیەكی بچووكە بە هەر شێوازێك كە نووسرابێتن ئایا وجودی هەیە؟ یان وەهمیە؟ وابزانم ئێستا بەڕێزیان و ئێمەش هەموومان موتەفقین پڕۆژەكە وجودی هەیە و ئەدرێسەكەشمان تەوزیح كرد كە لە كوێیە، سەبارەت بە جەنابیان كە باسی پارەی پەرەپێدانی پارێزگاكان و كرا، كۆی گشتی دوو سەد و نەود و یەكە یان دوو سەد و نەوەد و هەشتە من تەئیدی قسەی جەنابیانم كرد و هەر لێرە لە پڕۆژەی یاسای بودجەكەدا دەبێت بكرێتە دوو سەد و نەوەد و هەشت و هەر سەبەبێك هەبووبێت رەقەمی موخەصەص ئەو مەعلومەیە كە لە بەغداوە دێت، ئێمە لە وەزارەتی دارایی وەردەگرین، ئێمە با واز لەوە بێنین، چونكە پڕۆژەی پەرەپێدانی پارێزگاكان بڕیار درا بدرێتە مەجالس محافەزات كە خۆیان صەرفی بكەن وا دیارە دوو سەد و نەوەد و هەشت تەسبیت بووە، بەڕێز كاك سالار ئەڵێت كە ئێمە وەڵامی تێبینییەكانی راپۆرتی لیژنەی دارایی ئێمە تێبینییەكانی راپۆرتی لیژنەی دارایی ئێمە وەكو وەزارەتی پلاندانان سەبارەت بە پڕۆژەكانی وەبەرهێنان ئێمە ئەو هەموو تێبینییەكانی ئەوانمان قبولە ئیقتیراحاتی ئەوانمان قبوڵ كردووە و هەروەها ئەو كۆمەڵێك تەوصیات هەیە كە تەبعەن كۆمەڵێك تێینییان بە ئێمە داوە كە ئێمە دەست بەجێ جێبەجێمان كردووە، كۆمەڵێك شتی تۆ هەیە كە دەبێت بچێتە ناو درافتی یاسای پڕۆژەكەوە، لەبەر ئەوە ئەگەر ئیشارەتم پێ نەدابێت ئەوە با ئەوە ئیعلان بكەم كە ئێمە ئەو تێبینییانە بە ئەوە وەرمان گرتووە، بەڕێز كوێستان خان رەخنەكەت لە جێی خۆیەتی، بەڵام سەبارەت بە پڕۆژەكان دیسانەوە جەنابت باسی ئەوانەت كرد كە من تەنها ئیشارەتم بە سێ دا، من سی تەوزیحم دا كە پڕۆژە هەیە كە نسبەی تەنفیزی سفرە، هی پارە، نسبەتی ئینجازی نیە، ئەسبابەكانیشمان شەرح كردوە، وتمان ئەو لیستە پڕۆژانەش رۆژ بە رۆژ كەمتر دەبن ئەو ساتەی كە لیستی یەكەم بۆ ئێوە هاتووە ژمارەیەك بووە لە مانگی پێنجدا كە لیستەكەمان ئەبدێت كردووە ناردوومانە بۆ ئێوە ژمارەكەی كەمتر بووە و ئێستاش هەروەها، بەڕێز كاك محمد شارەزووری من هەر ئەوەندە وەكو باسم كرد ئیحتیماله بكرێتن كە هەر لێرەش ئەو پێشنیارەی ئێوەی كە تەحویل كردنی پڕۆژەی دروست كردنی دووبینایە بۆ بەڕێوەبەرایەتی شەهیدان لە دوو محافەزەكە لە دوو پارێزگاكە بكرێن بە كۆمەڵێك خانوو بۆ خانەوادەی شەهیدان بۆ چوونی من وابوو كە دەبێت مەسەلەن لەوێشەوە بێت من خۆم موعتەرەز نیم لەسەر ئەوە وە فكرەكەش بەباش دەزانم ئەوەش بۆ بڕیاری نیهائی بۆ لیژنەی دارایی و ئابووری دەمێنێتەوە كە چۆن بڕیاری لە سەر بدات؟ و، زۆر سوپاس..

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابتان، بەڕێزان ئێستا گفتوگۆ لەسەر راپۆرتەكە تەواو بوو، لە ئەسنای موداخەلەی ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمان چەند بۆچوونێكی ئەندامانی بەڕێز هەبوون كە پڕۆژەكە بنێردرێتەوە بۆ

حكومەت بۆ ئەوەی مناقەشە بكرێتن، زیاتر چاك بكرێت، بێتەوە، ئێمەش پێش ئەوەی بەپێی ماددەی هەشتا و پێنج لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان بچینە سەر موناقەشەی موازەنە، پێویستە لێرە دەنگدان بدرێت، ئێستا ئەیخەینە دەنگ دانەوە، كێ لەگەڵ ئەوەیە بەردەوام بین؟ لەسەر ئەوەی موناقەشەی موازەنە بكەین تكایە دەسی بەرز كات؟، حەفتا و پێنج بەڕێز لەگەڵ دایە، كێ لەگەڵدا نیە؟ بیست و یەك بەڕێز لەگەڵدا نیە بەزۆرینەی دەنگ پەسند كرا بەردەوام ئەبین ئێستا كۆتایی بە دانیشتنەكە دێنین تا سبەی سەعات سێ و نیوی پاش نیوەڕۆ، خوا لەگەڵتان بێ...

شێروان ناصح حیدری
سكرتێری پەرلەمانی
كوردستان – عێراق

محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكی)
سەرۆكی پەرلەمانی
كوردستان - عێراق

# پەرلەمانی كوردستان - عێراق

## پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (18)

## دووشەممە ڕێکەوتی 23\5\2011

## خولی سێیەمی هەڵبژاردن

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (18)

## دووشەممە ڕێکەوتی 2011/5/23

کاتژمێر (3،30)ی پاش نیوەڕۆی ڕۆژی دووشەممە ڕێکەوتی 2011/5/23 پەرلەمانی کوردستان - عێراق بە سەرۆکایەتی بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی) سەرۆکی پەرلەمان و, بە ئامادەبوونی بەڕێز شێروان ناصح حیدری سکرتێری پەرلەمان, دانیشتنی ژمارە (18)ی خولی سێیەم, ساڵی (2011) ی خۆی بەست.

**بەرنامەی کار:**

بەپێی حوکمەکانی بڕگە (1)ی ماددە (20) لە پەیڕەوی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەموارکراوی ساڵی 1992ی پەرلەمانی کوردستان - عێراق, دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بڕیاری درا دانیشتنی ژمارەی (18)ی خولی سێیەمی هەڵبژاردن لە کات (3،30)ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی دووشەممە ڕێکەوتی 2011/5/23 دا بەم شێوەیە بێت:

1 - بەردەوام بوون لەسەر گفتوگۆ کردن و بڕیاردان لەسەر پرۆژە بودجەی هەرێمی کوردستان – عێراق بۆ ساڵی 2011و یاساکەی.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

بەناوی گەلی کوردستان، دانیشتنەکەمان دەکەینەوە، خولی سێیەمی هەڵبژاردن، ساڵی دووەم، خولی گرێدانی دووەم، ژمارەی دانیشتن (18)، ڕۆژی دانیشتن 2011/5/23، بەرنامەی کار:

بەپێی حوكمەكانی بڕگەی (1)ی ماددەی (20) لە پەیڕەوی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەموار كراوی ساڵی 1992ی پەرلەمانی كوردستان – عێراق، دەستەی سەرۆكایەتی پەرلەمان بڕیاریدا بەرنامەی كاری دانیشتنی ژمارە (18)ی ئاسایی خولی سێیەمی هەڵبژاردن لە كاتژمێر (3:30)ی پاش نیوەڕۆی ڕۆژی دوو شەممە ڕێكەوتی 2011/5/23 بەم شێوەیە بێت:

1-بەردەوام بوون لەسەر گفتوگۆ كردن و بڕیاردان لەسەر پرۆژە بودجەی هەرێمی كوردستان – عێراق بۆ ساڵی 2011و یاساكەی.

داوا لە لیژنەی یاسایی و لیژنەی دارایی دەكەین بۆ شوێنی خۆیان كەرەم بكەن، لیژنەی یاسایی فەرموون بۆ سەر بابی بودجەو دەست بەكار بن، فەرموو بۆ خوێندنەوەی.

**بەڕێز عونی كمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لەبەر ئەوەی كاتی خوێندنەوەی یاسای بودجەی هەرێمی كوردستان، كە خوێندنەوەی یەكەمی بۆ كرا، مەتنەكانی یاساكە نەخوێندرایەوە، بۆیە ئێستا دەیخوێنینەوە بە هەردوو زمانی عەرەبی و كوردی.

**مشروع**

**قانون موازنة اقليم كوردستان – العراق**

**لسنة 2011**

**الفصل الاول**

**(النفقات والعجز)**

المادة الاولى:

اولاً: يرصد لنفقات السنة المالية 2011 مبلغ قدره (13,940,000 مليون) ثلاثة عشر تريليون وتسعمائة واربعون مليار دينار ويوزع كالاتي:

1- مبلغ قدره (4,150,000 مليون) اربعة تريليون ومائة وخمسون مليار دينار لنفقات المشاريع الاستثمارية بضمنه تخصيصات اعمار وتنمية مشاريع الاقاليم والمحافظات.

2- مبلغ قدره (9,672,670 مليون) تسعة تريليون وستمائة واثنان وسبعون مليار وستمائة وسبعون مليون دينار للنفقات التشغيلية.

3- مبلغ قدره (54,000) اربعة وخمسون تريليون دينار لنفقات برلمان اقليم كوردستان.

4- مبلغ قدره (63,330 مليون) ثلاثة وستون مليار وثلاثمائة وثلاثون مليون دينار لنفقات مجلس القضاء.

ثانياً: العجز المخطط يقدر بـ(1,554,296) تريليون واحد وخمسمائة واربعة وخمسون مليار ومائتان وستة وتسعون مليون دينار، ويغطى هذا العجز من المبالغ المخصصة لوزارة البيشمركة من الموازنة التشغيلية

الاتحادية لحرس الاقليم ضمن تخصيصات وزارة الدفاع العراقي الاتحادي حسب قوانين الموازنة العامة الاتحادية للسنوات المالية (2007 الى 2011).

**الفصل الثاني**

**(الايرادات)**

**المادة الثانية:**

تقدر ايرادات الموازنة للسنة المالية 2011 لاقليم كوردستان – العراق بمبلغ (12,386,000 مليون) اثنى عشرة تريليون وثلاثمائة وستة وثمانون مليار دينار وحسبما مبين في الجدول الاتي:

| ت | العنوان | المبلغ |
|---|---|---|
| 1- | حصة الاقليم حسب قانون الموازنة العامة الاتحادية لجمهورية العراق للسنة المالية 2011. | (11,180,000 مليون) احدى عشرة تريليون ومائة وثمانون مليار دينار. |
| 2- | الايرادات المتحققة فعلاً في المنافذ الحدودية الموجودة في اقليم كوردستان لسنة 2010 والمعاد تخصيصها ضمن موازنة اقليم كوردستان حسب الفقرة الثالثة من المادة (25) من مشروع قانون الموازنة العامة الاتحادية لجمهورية العراق للسنة المالية 2011. | (305 مليار) ثلاثمائة وخمسة مليار دينار. |
| 3- | الايرادات المتحققة لمبيعات الطاقة الكهربائية في الاقليم. | (151 مليار) مائة واحدى وخمسون مليار دينار. |
| 4- | الايرادات المخمنة للمنافذ الحدودية الموجودة في اقليم كوردستان. | (400 مليار) اربع مائة مليار دينار. |
| 5- | تخصيصات بترودولار حسب الفقرة الرابعة من المادة (25) من مشروع قانون الموازنة العامة الاتحادية لجمهورية العراق للسنة المالية 2011. | (350 مليار) ثلاثمائة وخمسون مليار دينار. |

**المادة الثالثة:**

تتولى وزارة المالية والاقتصاد لاقليم كوردستان – العراق، تمويل حسابات الوزارات والادارات وفق الموارد المالية المتاحة.

**المادة الرابعة:**

اولاً: تقيد جميع ايرادات الدوائر الممولة مركزياً ايراداً نهائياً للخزينة العامة.

ثانياً: استثناءاً من حكم الفقرة (اولاً) اعلاه لوزير المالية والاقتصاد.

أ- اضافة مبالغ الايرادات الشهرية التي تحققها وزارة الصحة لاقليم كوردستان – العراق بكافة دوائرها الى ميزانية هذه الوزارة لاغراض شراء الادوية وتدارك نفقات الصيانة بانواعها وحسب طلب وزارة الصحة مشفوعاً بجداول الايرادات المتحققة فعلاً.

ب- اضافة مبالغ الايرادات الشهرية التي تحققها وزارة الكهرباء لاقليم كوردستان – العراق بكافة دوائرها الى ميزانية هذه الوزارة لاغراض تطوير وتحسين الشبكات الكهربائية وحسب طلب وزارة الكهرباء مشفوعاً بجداول الايرادات المتحققة فعلاً.

المادة الخامسة: تقيد مبالغ التبرعات التي تمنح للوزارات والدوائر غير المرتبطة بوزارة بعد قبولها من قبل وزير المالية والاقتصاد ايراداً نهائياً للخزينة على ان يقوم وزير المالية والاقتصاد بتخصيصها ضمن اعتمادات الوزارة اوالجهات غير المرتبطة بوزارة لصرفها على الاغراض التي منحت من اجلها.

## الفصل الثالث

## (الصلاحيات)

المادة السادسة:

اولاً: يتم الصرف من اعتمادات الحسابات الرئيسية (المنح، الاعانات، نفقات المشاريع الاستثمارية) ضمن موازنة اقليم كوردستان – العراق من قبل وزارة المالية والاقتصاد.

ثانياً: لمجلس وزراء اقليم كوردستان – العراق تخويل الوزراء ورؤساء الجهات غير المرتبطة بوزارة أو وكلاء الوزارات والمدراء العامون والمدراء ورؤساء الوحدات الادارية صلاحية الصرف مباشرة في ضوء التخصيصات المعتمدة ضمن موازنتهم السنوية، ويتم ذلك وفق قرار مجلس الوزراء الصادر لهذا الغرض، ولمجلس الوزراء اعادة النظر في الصلاحيات المخولة وفق مقتضيات المصلحة العامة وتطبيق مبدأ اللامركزية.

المادة السابعة:

اولاً: لرئيس برلمان كوردستان – العراق اجراء المناقلة ضمن الاعتمادات الخاصة بالبرلمان.

ثانياً: لرئيس مجلس القضاء في الاقليم اجراء المناقلة ضمن الاعتمادات الخاصة بمجلس القضاء.

ثالثاً: لوزير التخطيط وبناءاً على طلب الوزارة المعنية اجراء المناقلات اللازمة للمشاريع الاستثمارية ضمن الموازنة الاستثمارية المصدقة لنفس الوزارة، وفي حدود المحافظة الواحدة واعلام وزارة المالية والاقتصاد بذلك.

رابعاً: لوزير المالية والاقتصاد وبالتنسيق مع وزارة التخطيط والوزارات المعنية اجراء المناقلات اللازمة للمشاريع الاستثمارية بين الوزارات وفي حدود المحافظة الواحدة وضمن الموازنة الاستثمارية المصدقة.

المادة الثامنة:

اولاً: لوزير المالية والاقتصاد صلاحية اجراء المناقلة بين اعتمادات الباب الواحد باستثناء فصل الرواتب حيث يجوز النقل اليه ولا يجوز النقل منه.

ثانياً: لوزير المالية والاقتصاد اجراء المناقلة بين اعتمادات ابواب الميزانية لاغراض توفير امكانيات الصرف للادارات التي يتقرر فك ارتباطها من وزارة والحاقها بوزارة اخرى، وللوزير المختص اجراء المناقلة ضمن القسم الواحد و وحدة الصرف الواحدة.

ثالثاً: لا يجوز اجراء المناقلة بين المحافظات فيما يتعلق بتخصيصات اعمار وتنمية مشاريع الاقاليم والمحافظات.

المادة التاسعة:

اولاً: للوزير المختص صلاحية الصرف بما لا يزيد على (350) ثلاثمائة وخمسون مليون دينار عن كل حالة، وله تخويل رؤساء الدوائر التابعة لوزارته بصرف ما لا يزيد على (250) مائتان وخمسون مليون دينار.

ثانياً: لرؤساء الهيئات غير المرتبطة بوزارة صلاحية الصرف بما لا يزيد على (300) ثلاثمائة مليون دينار لكل حالة.

ثالثاً: يراعى في اولاً وثانياً مايلي:

1- ان يتم الصرف وفقاً للاعتمادات المصادق عليها في الموازنة العامة السنوية وللاغراض المحددة لها.

2- التقيد بالاعتمادات المخصصة في الموازنة العامة ولا يجوز الدخول في الالتزام بالصرف بما يزيد عما هو مخصص في الموازنة.

المادة العاشرة: لا تزيد المكافأت للموظفين على مليون دينار سنوياً للشخص الواحد وضمن التخصيصات المقررة بالموازنة وبموجب تعليمات تصدرها وزارة المالية والاقتصاد.

بەڕێز خورشيد احمد سليم:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

## الفصل الرابع

## (الملاكات)

المادة الحادية عشرة:

اولاً: تتولى وزارة المالية والاقتصاد بالتنسيق مع الوزارات الاخرى اعداد مفردات ملاكات الاقليم للسنة المالية 2011 والمصادقة عليها في ضوء كلف الرواتب المصدقة للاقليم في قانون الموازنة العامة الاتحادي (الدول/ج/ عدد القوى العاملة للوزارات والدوائر الممولة مركزياً لسنة 2011) والذي حدد حصة الاقليم بـ(25000 خمسة وعشرون الف درجة وظيفية) مستحدثة لسنة 2011.

ثانياً: على الوزارات والجهات غير المرتبطة بالوزارة توزيع عدد الدرجات الوظيفية المستحدثة ضمن ملاك الاقليم سنة 2011 على المحافظات والوحدات الادارية وفق عدد سكانها، وحسب الضوابط والشروط والاجراءات الواردة في مشروع قانون مجلس الخدمة العامة لاقليم كوردستان المصادق عليه من قبل مجلس الوزراء، لحين صدور قانون مجلس الخدمة العامة للاقليم ونفاذه.

ثالثاً: تلتزم الوزارات والجهات غير المرتبطة بوزارة بتزويد وزارة المالية والاقتصاد بجداول تتضمن عدد الموظفين واسمائهم وعناوينهم ودرجاتهم الوظيفية للذين يتم تعيينهم لسنة 2011 وفق النسب المشار اليها اعلاه مع الاوامر الخاصة بالتعيين، واذا وجدت تجاوزاً في تلك النسب يتم الغاء الاوامر الصادرة بالتعيين خلافاً لذلك.

**المادة الثانية عشر:**

**اولاً: عند نقل الموظف من دائرة من دوائر الاقليم الممولة مركزياً او ذاتياً الى القطاع الخاص:**

**أ- تتحمل وزارة المالية والاقتصاد للاقليم نصف راتبه الذي يتقاضاه من الدوائر المنقول منها لمدة ثلاث سنوات اعتباراً من تاريخ نقله، على ان تقطع علاقته مع دائرته نهائياً.**

**ب- تقوم دائرة المنقول منها موظفين بصرف نصف راتب المنصوص عليه (اولاً/أ) اعلاه من هذه المادة الى جهة القطاع الخاص المنقول اليها.**

**ج- على وزارة المالية والاقتصاد اصدار التعليمات اللازمة لتسهيل تنفيذ احكام هذه الفقرة وتحديد ضوابطها وشروطها.**

**ثانياً: على وزارة المالية والاقتصاد دعم موارد صندوق مؤسسة التقاعد والضمان الاجتماعي بتخصيص مبلغ لايزيد على 30٪ من الاشتراكات المدفوعة للمؤسسة خلال السنة المالية السابقة ضمن تخصيصات وزارة العمل والشؤون الاجتماعية.**

## الفصل الخامس

## (احكام ختامية)

**المادة الثالثة عشر:**

**اولاً: الاستمرار في تنفيذ مشروع تنمية وتطوير قدرات كوردستان البشرية لاجل اعداد الكوادر المتخصصة في المجالات المختلفة التي يحتاجها الاقليم عن طريق الزمالات والبعثات والابحاث والدورات التدريبية تحت اشراف الهيئة العليا المشكلة برئاسة رئيس مجلس الوزراء ونائبه و وزراء (التربية، التعليم العالي والبحث العلمي والتخطيط) وفق النظام المصادق عليه من قبل مجلس الوزراء.**

**ثانياً: يستمر الصرف على المبلغ المخصص لصندوق المشروع وتقوم وزارة المالية والاقتصاد بتأمين مبالغ لازمة اضافية لدعم الصندوق عند الحاجة.**

**المادة الرابعة عشر:**

**تخصص مبلغ (200) مئتا مليار دينار لدعم الاحزاب ومشاريع المنظمات غير الحكومية، ويتم الصرف من هذا التخصيص باجراءات مؤقتة قبل وزارة المالية والاقتصاد على ان يتم تسوية المبالغ المستلمة من قبل الاحزاب والمنظمات غير الحكومية في سنة 2010 والتي تستلم في سنة 2011 وفق قانون دعم الاحزاب وقانون المنظمات غير الحكومية حال اقرارهما من قبل برلمان اقليم كوردستان.**

**المادة الخامسة عشر:**

**اولاً: تلتزم وزارة المالية والاقتصاد بتأمين مبالغ للاستمرار في:**

1- تأمين القرض العقاري للمواطنين في المحافظات والاقضية والنواحي والقرى حسب التعليمات والضوابط المرعية وتعزيز حسابه عند الحاجة.

2- دعم مشاريع القطاع الزراعي عن طريق المصرف الزراعي.

3- دعم مشاريع المصرف الصناعي.

ثانياً: تلتزم وزارة المالية والاقتصاد بتمويل صندوق الاسكان بمبلغ (150 مليار) ومائة وخمسون مليار دينار مع اعطاء الاولوية للمشاريع السكنية المشمولة به في النواحي والقرى.

ثالثاً: تخصيص مبلغ قدره (25) خمسة وعشرون مليار دينار لدعم صندوق القروض الصغيرة ومشروع ايجاد فرص العمل للشباب المصادق عليه من قبل مجلس وزراء اقليم كوردستان في سنة 2010.

رابعاً: يحدد سلفة الزواج الواردة في قانون سلفة الزواج لاقليم كوردستان رقم (17) لسنة 2010 بمبلغ (250000) مليونين وخمسمائة الف دينار).

المادة السادسة عشر:

يستلم (صندوق كوردستان للعائدات النفطية) المؤسس وفق المادة الخامسة عشرة من قانون النفط والغاز لاقليم كوردستان – العراق رقم (22) لسنة 2007 العائدات المستحصلة من العمليات النفطية الخاصة بالحقول النفطية وفق احكام الدستور العراقي وقانون النفط والغاز للاقليم.

المادة السابعة عشر: في حالة حصول تغير في حصة موازنة اقليم كوردستان يخول وزير المالية والاقتصاد بـ:

اولاً: تخفيض المبلغ الاجمالي للموازنة بنفس النسبة لتغطية العجز.

ثانياً: في حالة حصول الوفر في الموازنة تستحصل موافقة البرلمان على كيفية الصرف بناءاً على اقتراح مجلس الوزراء.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن على:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

المادة الثامنة عشر: لايجوز التعاقد للعمل في دوائر الاقليم الا بموافقة وزارة المالية والاقتصاد.

المادة التاسعة عشر: تقدم وزارات ودوائر الاقليم كافة حساباتها الشهرية (موازين المراجعة) في موعد لا تتجاوز مدته (10) ايام من نهاية كل شهر الى وزارة المالية والاقتصاد/ مديرية المحاسبة.

المادة العشرون: يحال رئيس الدائرة لوحدة الانفاق الذي يتخلف عن تقديم الحسابات الختامية لسنة 2010 لدائرته بعد نفاذ هذا القانون الى التحقيق وفق الاجراءات القانونية والتعليمات النافذة.

المادة الحادية والعشرون: على مجلس الوزراء تقديم كشف بحسابات القروض المقدمة لحكومة الاقليم مع بيان اوجه صرفها للمشاريع المخصصة لها للبرلمان للمصادقة عليها.

المادة الثانية والعشرون: تتولى جميع الوزارات والدوائر غير المرتبطة بوزارة بتوزيع النفقات التشغيلية والاستثمارية على محافظات الاقليم بمراعاة الكثافة السكانية لكل محافظة والمناطق الاكثر تضرراً بعد استبعاد مصاريف مركز الوزارة.

المادة الثالثة والعشرون: توحيد موازنة جميع المؤسسات التي لم تتوحد خلال مدة لاتتجاوز ستة اشهر.

المادة الرابعة والعشرون:

اولاً: تعفى من الرسوم كافة البضائع والسلع المستوردة من قبل دوائر الاقليم والقطاع العام باسمها ولاستخدامها.

ثانياً: يشمل الاعفاء اعلاه البضائع والسلع المستوردة لدوائر الاقليم والقطاع العام من حكومات او مؤسسات مانحة.

المادة الخامسة والعشرون:

اولاً: تحديد رواتب ومخصصات والرواتب التقاعدية في الاقليم للوظائف المبينة ادناه وفق مشروع (قانون رواتب كبار المسؤولين في الدولة) المصادق عليه من قبل مجلس الوزراء الاتحادي (والمرفق نسخة منه طياً).

(رئيس الاقليم ونائبه، رئيس البرلمان ونائبه، رئيس مجلس الوزراء ونائبه، رئيس مجلس القضاء ونوابه، واعضاء البرلمان، والوزراء ومن بدرجتهم ومن يتقاضى راتب وزير، و وكلاء الوزارات ومن هم بدرجتهم ومن يتقاضى راتب وكيل وزارة، والمستشارين، واصحاب الدرجات الخاصة، والقضاة والادعاء العام والمدراء العامين ومن بدرجتهم).

ثانياً: تلغى المخصصات الاستثنائية والخاصة واية مخصصات اخرى لم يرد بها نص في مشروع قانون المشار اليه في (اولاً) اعلاه بعد نفاذه.

ثالثاً: تستقطع نسبة 10٪ من رواتب الدرجات الوظيفية وفق ما جاء في (اولاً) اعلاه، ماعدا مدير عام ومن بدرجته ومن يتقاضى راتبه ومخصصاته.

المادة السادسة والعشرون: عدم التعيين في اية وظائف قيادية من (مدير عام وما فوق) مالم يوجد لها درجة في قانون الوزارة او الهيكل التنظيمي الصادر استناداً الى قانون الوزارة او الجهة غير المرتبطة بوزارة.

المادة السابعة والعشرون:

على وزير المالية والاقتصاد اصدار التعليمات اللازمة لتسهيل تنفيذ احكام هذا القانون، ولتحديد صلاحيات الصرف للادارات الحكومية خلال فترة لا تتجاوز خمسة عشرة يوماً من تاريخ نشر هذا القانون في الجريدة الرسمية.

المادة الثامنة والعشرون: لايعمل بأي نص يتعارض مع احكام هذا القانون.

المادة التاسعة والعشرون: على مجلس الوزراء والجهات ذات العلاقة تنفيذ احكام هذا القانون.

المادة الثلاثون: ينشر هذا القانون في الجريدة الرسمية (وقائع كوردستان) ويعتبر نافذا من 2011/1/1.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموون، ئێستاش بە کوردیەکەی.

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**پرۆژە یاسای**

**بودجەی هەرێمی كوردستان – عێراق بۆ ساڵی 2011**

**بەشی یەكەم**

**(خەرجی و كورت هێنان)**

ماددەی یەكەم:

یەكەم:

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

یەك دەقیقە، نوقتەی نیزامی هەیە، فەرموو.

**بەڕێز كاردۆ محمد پیرداود:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەپێی پەیڕەوی ناوخۆ، كاتێك راپۆرت تەواو دەبێت، دەخرێتە دەنگدانەوە، بۆ رەت كردنەوەی، یان قەبول كردنی، ئێمە سەرەڕای راپۆرتەكە بەپێی پەیڕەوەكە دەبێت، دوایی دەچینە سەر موازەنە، نەچووین، باسی موازەنەش.......................

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

تكایە پەیڕەوەكە باش بخوێنەوە، ئینجا، دانیشە رجائەن، رجائەن دانیشە، پەیڕەوەكەت نەخوێندۆتەوە، سوپاس، كاك كاردۆ بەخۆت بخوێنەوە، ماددەكە بخوێنەوە، كاكە بە هەڵە دەیخوێننەوە، چاوەكەم وا نییە، فەرموو.

**بەڕێز كاردۆ محمد پیرداود:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی 85:

پاش گفتوگۆ كردن لەسەر راپۆرتەكە بەشێوەیەكی گشتی ئەنجومەن دەنگ لە دەست پێ كردنی گفتوگۆی بودجە دەدات.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

دەنگ لەسەر گفتوگۆی بودجە دەدات، ئێمە دامانە دەنگدانەوە.

**بەڕێز كاردۆ محمد پیرداود:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێستا قسە لەسەر یاساكە دەكەین، وایە؟

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

یاسای بودجەیە.

**بەڕێز كاردۆ محمد پیرداود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**یاسای بودجە، بەڵام من مەبەستم موازەنەکەیە، من یەك پرسیار لە جەنابت دەکەم دوای پێشنیاری ڕاپۆرتەکە لە لیژنە تایبەتەکان وەرگیراوە، ئێمە چ گۆڕانکارییەکمان لەم بودجەیەدا کرد؟**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**فەرموو کاك شێروان.**

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان.**

**دوای ئەوەی کە ڕاپۆرتی لیژنەی دارایی و ئابووری خوێندرایەوە، بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، هەموو مولاحەزاتیاندا، هەموو راو سەرنج و تێبینیەکانی خۆیاندا، بەلاّم لە هەمان کاتدا راو سەرنج و تێبینیەکانی خۆشیاندا لەسەر هەموو برگەو ماددەکانی بودجە، چوونە ناو هەموو تەفاسیلێك، سەرەڕایی ئەوە کە ڕاپۆرتەکە، ڕاپۆرتی لیژنەی دارایی و ئابووری بووە، ئەمە لەلایەك.**

**لەلای دووەمەوە، ئێمە پێش ئەوەی موناقەشەی موازەنە بکەین، دەبێت تەصویت بکرێت، ئەم تەصویتەی دوێنێ تەصویتێکی ڕاست و دروست بوو، دەقاودەق لەگەڵ ماددەی (85)ی پەیڕەوی ناوخۆ موتابیقە، ئێستا ئێمە دەچینە موناقەشەی برگەو ماددەکانی بودجە، کە بابی یەکەمی نەفەقاتە، بابی دووەم ئیراداتەو دەست پێ دەکات هەتا بابی پێنجەم، بەم شێوەیە گفتوگۆیەکان بەڕێوە دەچێت، ئێمە پرۆتۆکۆلاتمان هەیە لە ساڵانی پێشتری هەر بەم شێوەیە بەڕێوە چووە، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**بەردەوام بە دکتۆرە ڕۆژان.**

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**پرۆژە یاسای**

**بودجەی هەرێمی کوردستان – عێراق بۆ ساڵی 2011**

**بەشی یەکەم**

**(خەرجی و کورت هێنان)**

**ماددەی یەکەم:**

**یەکەم: بۆ ساڵی دارایی (2011) بڕی (13,940,000 ملیۆن) سێزدە تریلیۆن و نۆسەدو چل ملیار دینار تەرخان دەکرێت و بەم جۆرەش دابەش دەکرێت:**

**1- بڕی (4,150,000 ملیۆن) چوار تریلیۆن و سەدو پەنجا ملیار دینار بۆ خەرجی پرۆژەکانی وەبەرهێنان، لەنێویاندا بڕە بودجەی ئاوەدانکردنەوەو بووژاندنەوەی پرۆژەی هەرێم و پارێزگاکان.**

2- بڕی (9,672,670 ملیۆن) نۆ تریلیۆن و شەش سەدو حەفتاو دوو ملیارو شەش سەدو حەفتا ملیۆن دینار بۆ خەرجی وەگەڕخستن.

3- بڕی (54,000 ملیۆن) پەنجاو چوار ملیار دینار بۆ خەرجی پەرلەمانی کوردستان.

4- بڕی (63,330 ملیۆن) شەست و سێ ملیارو سێ سەدو سی ملیۆن دینار بۆ خەرجی ئەنجومەنی دادوەری.

دووەم: کورت هێنانی بەرپلان بە (1,554,296 ملیۆن) یەك تریلیۆن و پێنج سەدو پەنجاو چوار ملیارو دوو سەدو نەوەدو شەش ملیۆن دینار، ئەم کورت هێنانەش لەو بەشە پارەیەی وەزارەتی پێشمەرگە پڕ دەکرێتەوە، کە لە بودجەی وەگەڕخستنی فیدراڵدا بۆ پاسەوانی هەرێم لەنێو بڕە پارەی وەزارەتی بەرگریی عێراقی فیدراڵ، بەگوێرەی یاساکانی بودجەی گشتی فیدراڵ بۆ ساڵانی دارایی (2007 تا 2011) تەرخان کراون.

## بەشی دووەم

## (داهاتەکان)

**ماددەی دووەم:**

داهاتەکانی بودجەی ساڵی (2011)ی دارایی هەرێمی کوردستانی عێراق بە بڕی (12,386,000 ملیۆن) دوازدە تریلیۆن و سێ سەدو هەشتاو شەش ملیار دینار دەخەملێندرێت، بەگوێرەی ئەوەی کە لەم خشتەی دادێت روون کراوەتەوە:

| ز | ناونیشان | بڕی پارە |
|---|---|---|
| 1- | بەشی هەرێم بەگوێرەی یاسای بودجەی گشتی فیدراڵی کۆماری عێراق بۆ ساڵی (2011)ی دارایی. | (11,180,000 ملیۆن) یازدە تریلیۆن و سەدو هەشتا ملیار دینار. |
| 2- | داهاتی بەکردەنی بەدەست هاتوو لە دەروازەکانی سنووری هەرێمی کوردستان بۆ ساڵی 2011و دووبارە لە چوارچێوەی بودجەی هەرێمی کوردستان تەرخان کراوەتەوە، ئەویش بەگوێرەی بڕگەی سێیەم لە ماددەی (25) لە یاسای بودجەی گشتی فیدراڵی کۆماری عێراق بۆ ساڵی 2011ی دارایی. | (305 ملیار) سێ سەدو پێنج ملیار دینار. |
| 3- | ئەو داهاتەی لە فرۆشتنی وزەی کارەبا لەهەرێمدا بەدەست هاتووە. | (151 ملیار) سەدو پەنجاو یەك ملیار دینار. |
| 4- | داهاتی خەملێندراوی دەروازەکانی سنووری سەر بە هەرێمی کوردستان. | (400 ملیار) چوارسەد ملیار دینار. |
| 5- | بڕە پارەی پترۆ دۆلار بەگوێرەی بڕگەی چوارەم لە ماددەی (25) | (350 ملیار) سێ سەدو پەنجا |

ماددەی سییەم:

وەزارەتی دارایی و ئابووری هەرێمی کوردستان – عێراق، ئەرکی دابین کردنـی پـارەی وەزارەت و ئیـدارەکان بەگوێرەی داهاتی دارایی بەردەست، دەگرێتە ئەستۆ.

ماددەی چوارەم:

یەکـەم: هـەموو داهـاتی ئـەو فەرمانگانـەی لـە ناوەنـدەوە پارەیـان پـێ دەدرێـت، وەك داهـاتی کۆتـایی بـۆ گەنجینەی گشتی تۆمار دەکرێت.

دووەم: بەدەر لە حوکمی برگەی (یەکەم)ی رابردوو، وەزیری دارایی و ئابووری بۆی هەیە:

أ- ئەو بـڕە داهاتـەی مانگانـەی وەزارەتـی تەندروسـتی هـەرێمی کوردسـتان بەهـەموو فەرمانگەکانییـەوە بـە دەسـتی دەهێنێـت، بخرێتـە سـەر بودجـەی ئـەو وەزارەتـە، بەمەبەسـتی کـڕینی دەرمـان و دابـین کردنـی خەرجیـەکانی چـاك کردنـەوە بـە هـەموو جۆرەکانیـەوە، بـەگوێرەی خواسـتی وەزارەتـی تەندروسـتی، کـە خشتەی بەکردەنی بەدی هاتووی داهاتی لەگەڵدا بێت.

ب- ئەو بڕە داهاتەی مانگانەی وەزارەتی کارەبای هەرێمی کوردستان بەهەموو فەرمانگەکانییـەوە بەدەستی دەهینێت، بخرێتە سەر بودجەی ئـەو وەزارەتـە، بەمەبەسـتی پەرەپێـدان و بـاش کردنـی تۆڕەکـانی کارەبـاو بەگوێرەی خواستی وەزارەتی کارەبا، کە خشتەی بە کردەنی بەدی هاتووی داهاتی لەگەڵدا بێت.

ماددەی پێنجەم:

ئەو برِە کۆمەکانەی پێشکەش دەکـرێن بـە وەزارەتـەکان و ئـەو فەرمانگانـەی گرێـدراوی وەزارەت نـین، واتـا سەر بە وەزارەت نین، لە پاش قبول کردنیان لەلایەن وەزیری دارایی و ئابوورییەوە، وەك داهاتی کۆتایی بۆ گەنجینـە تۆمـار دەکـرێن، بـە مـەرجێك وەزیـری دارایـی و ئـابووری لەچوارچـێوەی بودجـەی وەزارەت، یـان لایەنانی گرێ نەدراو بە وەزارەتدا تەرخانی بکاتەوە، بە مەبەستی ئەوەی لەو خواستەدا خـەرج بکرێـت کـە لە پێناویدا بەخشراوە.

## بەشی سێیەم
## (دەسەڵاتەکان)

ماددەی شەشەم:

یەکەم: خەرج کردن لە پشتیوانەی حیساباتی سەرەکی (بەخشین، باربوو، خەرجی پرۆژەکانی وەبەرهێنان) دەبێـت، ئـەویش لەلایـەن وەزارەتـی دارایـی و ئابووریـیـەوە لەچوارچـێوەی بودجـەی هـەرێمی کوردسـتان – عێراقدا.

دووەم: ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان – عێراق، بۆی هەیە دەسەڵاتی خەرج کردنی راستەوخۆ لەبەر رۆشنایی پشتیوانەی تەرخان کراو لە چوارچێوەی بودجەی ساڵانەیاندا، بە وەزیران و سەرۆکی لایەنانی گرێ نەدراو بە وەزارەت و بریکاری وەزارەتەکان و بەڕێوەبەرە گشتیەکان و بەڕێوەبەران و سەرۆکی یەکەکانی ئیداری بدات، ئەمەش بەگوێرەی بڕیارێکی ئەنجومەنی وەزیران دەبێت، کە بۆ ئەو مەبەستە دەرچووە، ئەنجومەنی وەزیرانیش بۆی هەیە بەگوێرەی هەلومەرجی بەرژەوەندیی گشتی و پیادە کردنی بنەمای لامەرکەزی، چاو بەو دەسەلاْتانەی کە دراون دەخشێندرێتەوە.

ماددەی حەوتەم:

یەکەم: سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان – عێراق بۆی هەیە، لەنێو پشتیوانەی تایبەت بە پەرلەماندا گواستنەوە بکات.

دووەم: سەرۆکی ئەنجومەنی دادوەری بۆی هەیە، لەنێو پشتیوانەی تایبەت بە ئەنجومەنی دادوەریدا گواستنەوە بکات.

سێیەم: وەزیری پلاندانان بە پشت بەستن بە خواستی وەزارەتی پەیوەندیدار، بۆی هەیە گواستنەوەی پێویست بکات بۆ پرۆژەکانی وەبەرهێنان لەنێو بودجەی وەبەرهێنانی پەسند کراو بۆ هەمان وەزارەت و لە سنووری یەك پارێزگادا، لەم بارەیەشەوە وەزارەتی دارایی و ئابووری ئاگادار بکاتەوە.

چوارەم: وەزارەتی دارایی و ئابووری بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی پلاندانان و وەزارەتەکانی پەیوەندیدار، بۆی هەیە گواستنەوەی پێویست بکات بۆ پرۆژەکانی وەبەرهێنان لەنێوانی وەزارەتەکانداو لە سنووری یەك پارێزگاداو لەنێو بودجەی پەسند کراوی وەبەرهێناندا.

ماددەی هەشتەم:

یەکەم: وەزیری دارایی و ئابووری ئەو دەسەڵاتەی هەیە، گواستنەوە لەنێوان پشتیوانەکانی یەك دەروازەدا بکات، بەدەر لە بەشی مووچە، کە دەکرێ بۆی بگوێزرێتەوەو ناکرێ لێی بگوازرێتەوە.

دووەم: وەزیری دارایی و ئابووری بۆی هەیە گواستنەوە لەنێوان پشتیوانەی دەروازەکانی بودجەدا بکات، بە ئامانجی دابین کردنی توانای خەرج کردن بۆ ئەو فەرمانگانەی بڕیار دەدرێت لە وەزارەتێك جیا بکرێنەوەو بدرێنە پاڵ وەزارەتێکی دیکەوە، وەزیری تایبەتمەندیش بۆی هەیە لەنێو یەك بەش و یەك یەکەی خەرج کردندا گواستنەوە بکات.

سێیەم: نابێ گواستنەوە لەنێوانی پارێزگاکاندا بکرێت، لەوەی پەیوەندی بە بڕە پارەی ئاوەدانکردنەوەو پەرەپێدانی پرۆژەکانی هەرێم و پارێزگاکانەوە هەیە.

ماددەی نۆیەم:

یەکەم: وەزیری تایبەتمەند دەسەلاتی خەرج کردنی هەیە بە بڕێ کە لە (350) سێ سەدو پەنجا ملیۆن دینار بۆ هەر حاڵەتێك تێپەڕ نەکات، بۆشی هەیە کە دەسەلات بە سەرۆك فەرمانگەکانی سەر بە وەزارەتەکەی بدات، کە بڕی تا (250) دوو سەدو پەنجا ملیۆن دینار خەرج بکەن.

دووەم: ئەو سەرۆك دەستانەی گرێدراوی وەزارەتێك نین، دەسەلاَتی خەرج كردنی تا (300) سیٚ سەد ملیۆن دیناریان بۆ هەر حالەتێك هەیە.

سێیەم: لە یەكەم و دووەمدا، ئەمانەی خوارەوە رەچاو دەكرێن:

1- خەرج كردن بەگوێرەی پشتیوانەی پەسند كراو لە بودجەی گشتی سالاَنە دەبێت و بۆ ئەو مەبەستانەی بۆیان دیاری كراوە.

2- پابەند بوون بەو پشتیوانەی لە بودجەی گشتیدا تەرخان كراوە، ناشكریٚ خۆ وا بەستە بە خەرج كردن بكرێت، بە زیاتر لەوەی لە بودجەدا تەرخان كراوە.

ماددەی دەیەم:

پاداشتی فەرمانبەران سالاَنە بۆ یەك كەس لەیەك ملیۆن دینار زیاتر نەبێت و لەنێو بڕە پارەی تەرخان كراو لە بودجەداو بەگوێرەی رێنمایی كە وەزارەتی دارایی و ئابووری دەری دەكات.

## بەشی چوارەم

## (میلاك)

ماددەی یازدەم:

یەكەم: وەزارەتی دارایی و ئابووری بە هەماهەنگی لەگەلٚ وەزارەتەكانی دی وردەكاریی میلاكی هەرێم بۆ سالٚی (2011)ی دارایی رێك دەخات و پەسندی دەكات، لەبەر رۆشنایی تێچووی مووچەی پەسند كراو بۆ هەرێم لەیاسای بودجەی گشتیی فیدرالٚیدا (خشتەی/ج- ژمارەی هێزی كاری ئەو وەزارەت و فەرمانگانەی بۆ سالٚی 2011 لە ناوەندەوە پارەیان دەدرێت)، كە بەشی هەرێم بە (25) بیست و پێنج هەزار پلەی وەزیفی لە نویٚ دامەزراو بۆ سالٚی 2011 دیاری كراوە.

دووەم: دەبیٚ وەزارەتەكان و ئەو لایەنانەی گرێدراوی وەزارەت نین، پلەكانی نوێی وەزیفی لەنێو میلاكی هەرێم بۆ سالٚی (2011) دابەشی سەر پارێزگاو یەكەكانی كارگێڕی بكەن، بەگوێرەی ژمارەی دانیشتوان و بەپێی ئەو بنەماو مەرج و رێكارانەی لە پرۆژە یاسای ئەنجومەنی گشتیی راژەی هەرێمی كوردستاندا هاتووەو لە لایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە پەسند كراوە، تا ئەو كاتەی یاسای ئەنجومەنی گشتی راژەی هەرێم دەردەچێت و كاری پیٚ دەكرێت.

سێیەم: وەزارەتەكان و لایەنانی كە سەر بە وەزارەت نین، پەیوەست دەبن بەوەی خشتە بدەنە وەزارەتی دارایی و ئابووری، كە بریتی بێت لە ژمارەی فەرمانبەران و ناو وناونیشان و پلەی وەزیفیان، ئەوانەی لە سالٚی 2011دا بەگوێرەی ئەو رێژانەی پێشتر ئاماژەیان پیٚ كرا دادەمەزرێن، لەگەلٚ فەرمانەكانی تایبەت بە دامەزراندن، ئەگەر زێدەڕۆیی لەو رێژانەدا بینرا، ئو فەرمانانەی دامەزراندن هەلٚدەوەشێندرێنەوە، كە پێچەوانەی ئەوەن.

ماددەی دوازدەم:

یەکـەم: لـەکاتی گواسـتنەوەی فەرمانبـەر لـە فەرمانگەیـەك لـە فەرمانگـەکانی هـەرێم، کـە بودجەکـەی لەناوەندەوە، یان خۆبەخۆ بۆ کەرتی تایبەت:

أ- وەزارەتـی دارایـی وئـابووری لـە رۆژی گواسـتنەوەکەیەوە بـۆ مـاوەی سـێ سـاڵ، نیـوەی ئـەو مووچـەیەی دەگرێتـە ئەسـتۆ، کـە لـەو فەرمانگەیـەی لێـی گواسـتراوەتەوە وەری دەگرێـت، بـە مـەرجێك بـە یـەکجارەکی پەیوەندیی لەگەڵ فەرمانگەکەیدا بپچرێت.

ب- ئەو فەرمانگەیەی فەرمانبەری لێ گواستراوەتەوە، نیوەی ئەو مووچەیەی بە دەق لە (یەکـەم/أ)ی پێشـتر لەم ماددەیەدا هاتووە بەلایەنی ئەو کەرتی تایبەتەی ئەوی بۆ گواستراوەتەوە دەدات.

ج- دەبێ وەزارەتی دارایی و ئابووری رێنمایی پێویست دەربکات، بـۆ ئاسـان جـێ بـەجێ کردنـی حوکمـەکانی ئەم برگەیەو پرەنسیپ و مەرجەکانی دیاری بکرێن.

دووەم: دەبـێ وەزارەتـی دارایـی و ئـابووری پشـتیوانی لـە داهـاتی سـندوقی دەزگـای خانەنشـینی و بیمـەی کۆمەڵایەتی بکاتن، بە تەرخان کردنی برێك کە 30٪ی ئەو ئابوونانەی دراونەتە دەزگاکـە لـە مـاوەی سـاڵی پێشووی دارایی لەنێو پارەی تەرخان کراوی وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی، زیاتر نەبێت.

**بەرێز محمد دلێر محمود:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

## بەشی پێنجەم
## (چەند حوکمێکی کۆتایی)

ماددەی سێزدەم:

یەکـەم: بـەردەوام بـوون لـە جـێ بـەجێ کردنـی پـرۆژەی بووژاندنـەوەو پەرەپێـدانی توانـا مرۆییـەکانی کوردستان، لەپێناو پێگەیاندنی کادیرانی پسپۆر لە بواری جیاجیـادا، کـە هـەرێم پێویسـتی پێیانـە، لـە رێـی زەمالەو نێردەو توێژینەوەو خولی مەشقەوە بە سەرپەرشتی دەسـتەی بـاڵا، کـە بـە سـەرۆکایەتیی سـەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران و جێگرەکەی و وەزیرانی (پەروەردە، خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی و، پلان)، کە بەگوێرەی پەیرەوی ئەرێ کراو (راستێندراو) لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە پێك هاتووە.

دووەم: خەرج کردنی ئەو برە پارەیەی بۆ سندوقی پرۆژەکە تـەرخان کـراوە، بـەردەوام دەبێـت و وەزارەتـی دارایی و ئابووری بۆ پشتیوانی کردن لـە سـندوقەکە لـە کـاتی پێویسـتدا، زێـدە بـرە پـارەی پێویسـت دابـین دەکات.

مـاددەی چـواردەم: بـری (200) دوو سـەد ملیـار دینـار بـۆ پشـتیوانی کردنـی حزبـەکان و پـرۆژەی رێکخراوەکانی ناحکومی تەرخان دەکرێت، خەرج کردنی ئەو برە تەرخان کراوەش بە رێکاری کاتی لەلایەن وەزارەتـی دارایـی و ئابووریـیـەوە دەبێـت، بەمـەرجێك ئـەو بـرە پارانـەی لـە لایـەن حـزب و رێکخراوەکـانی ناحکومییەوە لە ساڵی 2010دا وەرگیراون پاکتاو (تەسویە) بکرێن، ئەوەشی لە ساڵی 2011دا وەردەگیرێت

پاكتاو كردنەكەی بەگوێرەی یاسای پشتیوانی كردنی حزبەكان و یاسای ڕێكخراوەكانی ناحكومی دەبێت، لە حاڵەتی پەسند كردنیان لەلایەن پەرلەمانی هەرێمی كوردستانەوە.

ماددەی پازدەم: یەكەم: وەزارەتی دارایی و ئابووری پەیوەست دەبێت بە دابین كردنی بڕی پارە بۆ بەردەوام بوون لە:

1- دابین كردنی پێشینەی خانووبەرە بۆ هاووڵاتیان لە پارێزگاكان و قەزاو ناحیەو گوندەكاندا، بەپێی ڕێنمایی و پرەنسیپی ڕەچاو كراو و پتەو كردنی حیسابەكەی لەكاتی پێویستدا.

2- پشتیوانی كردن لە پرۆژەكانی كەرتی كشتوكاڵ لەرێی بانكی كشتوكاڵەوە.

3- پشتیوانی كردن لە پرۆژەكانی بانكی پیشەسازی.

دووەم: وەزارەتی دارایی و ئابووری پەیوەست دەبێت بە پارەدان بە سندوقی نیشتەجێ بە بڕی (150) سەدو پەنجا ملیار دینار لە پاڵ ئەوەی پێشینە بەو پرۆژانەی نیشتەجێ بوون بدرێت، كە لە ناحیەو گوندەكاندا دەیانگرێتەوە.

سێیەم: تەرخان كردنی بڕی (25) بیست و پێنج ملیار دینار بۆ پشتیوانی كردن لە سندوقی قەرزی بچووك و پرۆژەی دۆزینەوەی دەرفەتی كار بۆ گەنجان، كە لە ساڵی 2010دا لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی كوردستانەوە ئەرێ كراوە (راستێندراوە).

چوارەم: پێشینەی هاوسەری كە لە یاسای پێشینەی هاوسەرگیریی هەرێمی كوردستان ژمارە (17)ی ساڵی 2010دا هاتووە، بە بڕی (2500000) دوو ملیۆن و پێنج سەد هەزار دینار دیاری دەكرێت.

ماددەی شازدەم: (سندوقی كوردستان بۆ داهاتی نەوت)، كە بەپێی ماددەی پازدەم لە یاسای نەوت و غازی هەرێمی كوردستانی عێراق ژمارە (22)ی ساڵی 2007دا دامەزراوە، ئەو داهاتانە وەردەگرێت، كە لە پرۆسەكانی نەوتی تایبەت بە كیلگەكانی نەوت بەدەست دێن و بەگوێرەی حوكمەكانی دەستووری عێراق و یاسای نەوت و غازی هەرێم.

ماددەی حەڤدەم: لە حاڵەتێكدا گۆڕان بەسەر بەشە بودجەی هەرێمی كوردستاندا هات، وەزیری دارایی و ئابووری دەسەڵاتی پێ دەدرێت:

یەكەم: كەم كردنەوەی تێكڕای بڕی بودجە بە هەمان ڕێژە بۆ پڕكردنەوەی كورت هێنان.

دووەم: لەحاڵەتی هەبوونی زێدە لە بودجەدا، بەپێی پێشنیاری ئەنجومەنی وەزیران، ڕەزامەندی پەرلەمان سەبارەت بە چۆنیەتی خەرج كردنی وەردەگیرێت.

ماددەی هەژدەم: ناكرێ گرێبەست بۆ كار كردن لە فەرمانگەكانی هەرێمدا بكرێت، تەنیا بە ڕەزامەندی وەزارەتی دارایی و ئابووری نەبێت.

ماددەی نۆزدەم:

وەزارەت و فەرمانگەکانی هەرێم تێکڕای حیسابی مانگانەیان (بودجەی پێداچوونەوە) لە وادەیەکدا کە ماوەکەی لە (10) رۆژ لەدوای کۆتایی هاتنی هەر مانگێك تێپەر نەکات، پێشکەش بە وەزارەتی دارایی و ئابووری، بەڕێوەبەرایەتی ژمێریاری بکەن.

ماددەی بیستەم: سەرۆك فەرمانگەی یەکەی خەرج کردن، کە لە پێشکەش کردنی حیسابی کۆتایی ساڵی 2010ی فەرمانگەکەی دوا دەکەوێت، لەگەڵ کار پێ کردنی ئەم یاسایەدا، بەگوێرەی رێکاری یاسایی و رێنمایی کار پێکراو، رەوانەی لێکۆڵینەوە دەکرێت.

ماددەی بیست و یەکەم: دەبێ ئەنجومەنی وەزیران دەرخستەی حیسابی ئەو قەرزانەی پێشکەش بە حکومەتی هەرێم کراون، لەگەڵ روون کردنەوەی شێوەی خەرج کردنیان، بۆ ئەو پرۆژانەی بۆیان تەرخان کراوە پێشکەش بە پەرلەمان بکات بۆ راستاندنی.

ماددەی بیست و دووەم: هەموو وەزارەتەکان و ئەو فەرمانگانەی گرێدراوی وەزارەت نین ئەرکی دابەش کردنی خەرجی وەگەڕخستن و وەبەرهێنان بەسەر پارێزگاکانی هەرێمدا دەگرنە ئەستۆ، بە رەچاو کردنی چڕیی دانیشتوانی هەر پارێزگایەك و ئەو ناوچانەی پتر زەرەرمەندن، دوای جیا کردنەوەی خەرجی ناوەندی وەزارەت.

ماددەی بیست و سێیەم: یەکخستنی بودجەی تێکڕای ئەو دامەزراوانەی یەك نەخراون، لە ماوەیەکدا کە لە شەش مانگ تێپەڕ نەکات.

ماددەی بیست و چوارەم: یەکەم: هەموو ئەو کەلو پەل و کالاًیانەی کە لەلایەن فەرمانگەکانی هەرێم و کەرتی تایبەتەوە بەناوی خۆیان و بۆ بەکارهێنانی خۆیان هاوردە دەکرێن، رەسمیان لێ وەرناگیرێت.

دووەم: ئەو رەسم وەرنەگرتنەی سەرەوە ئەو کەلو پەل و کالاًیانەش دەگرێتەوە، کە بۆ فەرمانگەکانی هەرێم و کەرتی تایبەت، لە حکومەت، یان دامەزراوی بەخشەرەوە هاوردە کراون.

ماددەی بیست و پێنجەم:

یەکەم: دیاری کردنی مووچەو دەرماڵەو مووچەی خانەنشینی لە هەرێمدا، بۆ ئەو پۆستانەی لێرە بە دواوە خراونەتە روو، بەگوێرەی پرۆژە (یاسای مووچە گەورە بەرپرسانی دەوڵەت) دەبێت، کە لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانی فیدراڵەوە ئەرێ کراوە (راستێندراوە) و (دانەیەکیشی هاوپێچ کراوە):

(سەرۆکی هەرێم و جێگرەکەی، سەرۆکی پەرلەمان و جێگرەکەی، سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران و جێگرەکەی، سەرۆکی ئەنجومەنی دادوەری و جێگرانی، ئەندامانی پەرلەمان، وەزیران و ئەوانەی لە پلەی ئەواندان و ئەوانەی مووچەی وەزیر وەردەگرن، بریکاری وەزارەتەکان و ئەوانەی لە پلەی ئەواندان و ئەوانەی مو وچەی بریکاری وەزارەت وەردەگرن، راوێژکاران، خاوەن پلەی تایبەت، دادوەران و ئەندامانی داواکاری گشتی، بەڕێوەبەرایەتی گشتی و ئەوانەی لە پلەی ئەواندان).

دووەم: دەرماڵەی نائاسایی و تایبەت و هەر دەرماڵەیەکی دی، کە بە دەق لە پرۆژە یاسای ئاماژە پێ کراو لە (یەکەمدا) باسی نەکراوە، لەپاش کار پێ کردنی یاساکە، ئیلغا دەکرێن.

سێیەم: ڕێژەی (10٪) لە مووچەی پلەی وەزیفی دەبڕدرێت، بەگوێرەی ئەوەی لە (یەکەم) لەسەرەوەدا هاتووە (بێ لە بەڕێوەبەری گشتی و ئەوەی لە پلەی ئەودایەو ئەوەی مووچەو دەرماڵەی ئەو وەردەگرێت).

ماددەی بیست و شەشەم: دامەزراندن لە هیچ پۆستێکی سەرکردانە (لە بەڕێوبەری گشتی بەرەو ژوور)دا ناکرێت، ئەگەر لە یاسای وەزارەتدا، یان پەیکەرە ڕێکخستنیدا نەبێت، پاڵپشت بە یاسای وەزارەت، یان ئەو لایەنەی گرێدراوی وەزارەت نین.

ماددەی بیست و حەوتەم: دەبێ وەزیری دارایی و ئابووری ڕێنمایی پێویست بۆ ئاسان جێ بەجێ کردنی ئەم یاسایەو بۆ دیاری کردنی دەسەڵاتی خەرج کردن بۆ فەرمانگەکانی حکومەت دەربکات، لە ماوەیەکدا کە لە (15) پازدە ڕۆژ لە بەرواری بلاّو کردنەوەی ئەم یاسایە لە ڕۆژنامەی فەرمی تێپەڕ نەکات.

ماددەی بیست و هەشتەم: کار بە هیچ دەقێکی یاسایی ناکرێت ئەگەر لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایەدا ناکۆك بێت.

ماددەی بیست و نۆیەم: پێویستە ئەنجومەنی وەزیران و لایەنی پەیوەندیدار حوکمەکانی ئەم یاسایە جێ بەجێ بکەن.

ماددەی سییەم: ئەم یاسایە لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان)دا بلاّو دەکرێتەوەو لە (2011/1/1)ەوە جێ بەجێ دەکرێت.

لەکۆبوونەوەی ئاسایی ژمارە (4)ی ڕۆژی 2011/2/27دا (پڕۆژە یاسای بودجەی هەرێمی کوردستان – عێراق بۆ ساڵی 2011) لە لایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە ئەرێ کرا (ڕاستێندرا)، لەلایەن ئەنجومەنی ڕاوێژکاریی هەرێمی کوردستانیشەوە بەگوێرەی نووسراویان ژمارە (18) لە 2011/3/7دا پێداچوونەوەی بۆ کرا.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێستا ڕاپۆرتی لیژنەی یاسایی سەبارەت بە ماددەکانی قانونەکە بە زمانی عەرەبی دەخوێنمەوە، بەو شێوەیەی خوارەوە:

المادةالاولى: بالنسبة للفقرة:

اولاً:

1- لا توجد عليها اية ملاحظة.

2- لا توجد عليها اية ملاحظة.

3- تقترح اللجنة صياغتها كالاتي:

(مبلغ قدره (74,000 مليار) اربعة وسبعون مليار دينار لنفقات برلمان اقليم كوردستان.

4- نقترح صياغتها كالآتي:

(مبلغ قدره (63,330مليون) ثلاثة و ستون مليار وثلاثمائة وثلاثون مليون دينار لنفقات مجلس القضاء ويتم الصرف بطريق التمويل ويخول رئيس مجلس القضاء صلاحية الصرف مباشرة ضمن الاعتمادات المخصصة لمجلس القضاء). وتبرير لهذه الاضافة هو لغرض منح صلاحية الصرف الى رئيس مجلس القضاء مباشرة ضمن الاعتمادات المخصصة للمجلس.

ثانياً من المادة الاولى:

(العجزالمخطط تبقى كما هي: العجز المخطط يقدر بـ(1,554,296) تريليون واحد وخمسمائة واربعة وخمسون مليار ومائتان وستة وتسعون مليون دينار، ويغطى هذا العجز من المبالغ المخصصة لوزارة البيشمركة من الموازنة التشغيلية الاتحادية لحرس الاقليم ضمن تخصيصات وزارة الدفاع العراقي الاتحادي حسب قوانين الموازنة العامة الاتحادية للسنوات المالية (2007 الى 2011).

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێزان، بۆ ئاگاداری لە كوردیەكە ماددەی دوازدە دووبارەیە، ماددەی سێزدەش پەریوە، بۆیە عەرەبیەكە دەبێتە ئەساس، پاشان چاك دەكرێت بۆ ئاگاداریتان، فەرموو بەردەوام بە.

**بەڕێز عونی كمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

المادة الثانية: لا توجد عليها اية ملاحظة.

المادة الثالثة: لا توجد عليها اية ملاحظة.

المادة الرابعة:

اولا: لا توجد عليها اية ملاحظة.

ثانيا: تقترح اللجنة اعادة صياغة مقدمة الفقرة (ثانيا) من المادة بالشكل الآتي:- (استثناء من حكم الفقرة (اولا) اعلاه على وزير المالية والاقتصاد) لكي يصبح هذا الامر وجوبياً وليس جوازياً.

المادة الخامسة: لا توجد عليها اية ملاحظة.

المادة السادسة: لا توجد عليها اية ملاحظة.

المادة السابعة: لا توجد عليها اية ملاحظة.

المادة الثامنة: لا توجد عليها اية ملاحظة.

المادة التاسعة: لا توجد عليها اية ملاحظة.

المادة العاشرة: تقترح اللجنة:

جعل مبلغ المكافأت (مليوني دينار) كحد اعلى بدلا من (مليون دينار) اسوة بماجرى في موازنة عام 2010 واعادة صياغة المادة بالشكل الآتي:

(لا تزيد المكافأت للموظفين على مليوني دينار سنويا للشخص الواحد وضمن التخصيصات المقررة بالموازنة وبموجب تعليمات تصدرها وزارة المالية والاقتصاد).

المادة الحادية عشرة:

اولا- لا توجدعليها أية ملاحظة.

ثانيا- تقترح اللجنة حذف عبارة (الشروط والاجراءات العامة عليها) نظرا لان الضوابط تشمل كل هذه المسائل ولصدور قرار من مجلس الوزراء برقم (3136) في 2011/3/17، وإعادة صياغتها بالشكل الآتي:

(على الوزارات والجهات غير المرتبطة بوزارة توزيع عدد الدرجات الوظيفية المستحدثة ضمن ملاك الاقليم سنة 2011 على المحافظات والوحدات الادارية وفق عدد سكانها وحسب الضوابط والتعليمات الصادرة من مجلس الوزراء، لحين صدور قانون مجلس الخدمة العامة للاقليم ونفاذه).

ثالثا- لاتوجدعليها أية ملاحظة.

المادة الثانية عشرة: اولاً: لا توجد عليها اية ملاحظة.

اولاً (ب، ج) لاتوجد عليها اية ملاحظة وتبقى كما هي واردة في المشروع.

ثانياً: على وزارة المالية والاقتصاد دعم موارد صندوق مؤسسة التقاعد والضمان الاجتماعي بتخصيص مبلغ لايزيد على (30٪) من الاشتراكات المدفوعة للمؤسسة خلال السنة المالية السابقة ضمن تخصيصات وزارة العمل والشؤون الاجتماعية.

المادة الثالثة عشرة: لم يتم تحديد المبلغ المخصص لمشروع تنمية وتطوير قدرات كوردستان البشرية اسوة بماجرى في قانون موازنة الاقليم لعام 2010 لاسيما ان ما ورد في مشروع موازنة 2011 هو الاستمرار في تنفيذ هذا المشروع، لذلك تقترح اللجنة درج هذا المبلغ ضمن قانون الموازنة.

وهنا الرأي يبقى لاعضاء البرلمان لتحديد المبلغ.

المادة الرابعة عشرة: تبقى كما هي.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

نوقتەی نیزامی فەرموو.

**بەڕێز سیوەیل عثمان احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەو راپۆرتەی بەڕێز كاك عەونی دەخوێنێتەوە هیچی لەلامان نییە، هەمانە موشتەرەك، هاوبەشمان هەیـە، ئەوەی دارایی و یاسایی لە راپۆرتی لیژنەی دارایی، بەس ئەو راپۆرتەمان نییە، ئەندامانی بەڕێزیش دەڵێن.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك عەونی فەرموو وەڵامیان بدەوە.

**بەڕێز عونی كمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

راپۆرتی ئێمە بە ژمارە (72) لە 2011/4/19 ئاراستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان کراوەو دابەش کراوە لەسەر ئەندامانی پەرلەمان، لەنێو راپۆرتی لیژنەی دارایی بە کاملی راپۆرتەکەمان تەسبیت کراوە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سۆزان خان فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من ئێستا مولاحەزەی ئەوەم کرد، ئەم پرۆژەیە لە ئەخیرەکەیدا راپۆرتە موشتەرەکەکە هەیە، مەفروزە ئیستیناد بکرێتە سەر ئەو راپۆرتە موشتەرەکەی کە هەردوولا نووسیویانە، نەك تەنها.................

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاك عەونی بچنە سەر راپۆرتە موشتەرەکەکە، فەرموو، فەرموو کاك کاردۆ.

**بەڕێز کاردۆ محمد پیرداود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

کە راپۆرتی موشتەرەکە بە تەنیا ناتوانێت بیخوێنێتەوە، وەکو هەموو لیژنەکانی تر، ئەوە لەگەڵ راپۆرتی هاوبەشە، لیژنەی داراییە، ئەمە باس دەکات.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

هەردووکیان لێرەن، ئەوە داراییە، ئەوەش یاسایە، یەعنی ئەوە هەردووکیان لێرەن، یەعنی هەردووکیان بخوێننەوە؟ بە شەریکی دەخوێننەوە، راپۆرتی هاوبەش، موشتەرەك تەوزیع کراوە، تکایە راوەستن، لیژنەی دارایی راپۆرتی هاوبەش بە کوردی و بە عەرەبی فەرموون.

**بەڕێز د.ئاراس حسین محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو پێشنیارەی کە ئێمە بۆ بەڕێزت لەسەر بۆچوونی جەنابت، ئێستا پرۆژە یاساکە لەبەردەمی هەموو ئەندام پەرلەمانە بەڕێزەکان دایە، خوێندراوەتەوەو ماددە بە ماددە، لە ماددەی یەکەوە چووینە سەری، رەئی لیژنەی دارایی و رەئی لیژنەی یاسایی و دوایی بخرێتە دەنگدانەوە.

دەربارەی ماددەی یەکەم، کە لە پرۆژە یاساکەدا هەیە، دوو رەئی هەیە بەم شێوەیەی خوارەوە:

رەئی لیژنەی یاسایی پەسندە وەکو لە پرۆژە یاساکەدا هاتووە.

رەئی لیژنەی یاسایی پێشنیار دەکات سەر لەنوێ بڕگەی چوار............

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك دکتۆر احمد کەرەم بکە.

**بەڕێز د.احمد ابراهیم علی(وەرتی):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**من پێم باشە راپۆرتی لیژنەی یاسایی بخوێندرێتەوە، لەبەر ئەوەی راپۆرتی لیژنەی هاوبەش، تەنها لیژنەی دارایی كردوویەتی بە هاوبەش، یەعنی دانیشتنی هاوبەشی هەردوو لیژنە نەكراوە................**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

**بەڕێزان، كۆتایی بە دانیشتنەكە دەهێنین، تا سبەی سەعات (11)، بۆ ئەوەی ئەوە تەوزیع بكرێت، زۆر سوپاس.**

| | |
|---|---|
| **شێروان ناصح حیدری** | **محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكی)** |
| **سكرتێری پەرلەمانی** | **سەرۆكی پەرلەمانی** |
| **كوردستان – عێراق** | **كوردستان - عێراق** |

# پەرلەمانی کوردستان - عێراق

**پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (19)**

**سێ شەممە ڕێکەوتی 24\5\2011**

## خولی سێیەمی هەڵبژاردن

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (19)

## سێ شەممە ڕێکەوتی 2011/5/24

کاتژمێر (11)ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی سێ شەممە ڕێکەوتی 2011/5/24 پەرلەمانی کوردستان - عێراق بە سەرۆکایەتی بەڕێز محمد قادر عبداللە(د.کمال کەرکووکی) سەرۆکی پەرلەمان و, بە ئامادەبوونی بەڕێز شێروان ناصح حیدری سکرتێری پەرلەمان, دانیشتنی ژمارە (19)ی خولی سێیەم, ساڵی (2011) ی خۆی بەست.

**بەرنامەی کار:**

بەپێی حوکمەکانی بڕگە (1)ی مادده (20) لە پەیڕەوی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەموارکراوی ساڵی 1992ی پەرلەمانی کوردستان - عێراق, دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بڕیاری درا دانیشتنی ژمارەی (19)ی خولی سێیەمی هەڵبژاردن لە کات (11)ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی سێ شەممە ڕێکەوتی 2011/5/24 دا بەم شێوەیە بێت:

1-بەردەوام بوون لەسەر گفتوگۆ کردن و بڕیاردان لەسەر پڕۆژە بودجەی هەرێمی کوردستان بۆساڵی 2011 و یاساکەی.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

بەناوی گەلی کوردستان. دانیشتنەکەمان دەکەینەوە، خولی سێیەمی هەڵبژاردن ساڵی دووەم، خولی گرێدانی دووەم، ژمارەی دانیشتن 19، ڕۆژی دانیشتن 2011/5/24.

بەرنامەی کار:

بەپێی حوکمەکانی بڕگە یەکی مادده (20) لە پەیڕەوی ناوخۆی ژمارە(1) ساڵی (1992)ی پەرلەمانی کوردستانی عیراق، دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بڕیاریدا، بەرنامەی کاری دانیشتنی ژمارە (19)ی

ئاسایی خولی سێیەمی هەڵبژاردن، لە کات 11:00 پێش نیوەڕۆ، ڕۆژی سێ شەممە ڕێکەوتی 2011/5/24 دا بەم شێوەیە بێت:

1-بەردەوام بوون لەسەر گفتوگۆ کردن و بڕیاردان لەسەر پڕۆژە بودجەی هەرێمی کوردستان بۆساڵی 2011 و یاساکەی.

داوا لە لیژنەی دارایی و لیژنەی یاسایی دەکەین فەرموو بۆ سەر مەنەسە، بەخێرهاتنی بەڕێزان وەزیری دارایی کاك(شێخ بایز) و وەزیری پلان دانان کاك(د.علی سندی) و بەڕێز بریکاری وەزارەت کاك(رشید طاهر) دەکەین، بەڕێزان هەندێك پێشنیارو بۆچوون هەبوو، لەسەر مەجموعەیەك ژمارە کە لە جەدوەلی حیسابات بۆ شەش مانگی یەکەمی پەرلەمان هاتووە، کەیەك ناگرێتەوە لەگەڵ ژمارەکان، حیسابی خیتامیش تا ئێستا بە کۆ نەهاتووە، بۆیە ئەم بۆچوونانە بەڕێزەوە وەردەگرین، لەگەڵ لیژنەی دارایی گفتوگۆی لەسەر بکرێت، پێویست بوو لەگەڵ وەزیر و بریکاری وەزارەتیش گفتوگۆی لەسەر دەکرێت، چاك بوو لیژنەکە لەسەری موتەفق بوون، ڕێکە، ئەوە تەواو، ئەگەرنا لەکاتی پێویست دانیشتنێکی تایبەتی پەرلەمانی کوردستانی بۆ دەکەین، دوای تەوزیع کردنی بەسەر ئەندامەکانی پەرلەمان، بۆ ئەوەی بە دڵنیاییەوە هەموومان لەگەڵ ئەوەین هەر شتێك شکی لەسەر بێت، یەکلا بکرێتەوە، بە پاکی لەبەرژەوەندی خەڵکی کوردستان بێت، سوپاس، ئێستا داوا لە لیژنەی یاسایی دەکەین فەرموون بەردەوام بن.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پەرلەمانتارانی کوردستان، ئێستا دەست پێ دەکەین بە خوێندنەوەی پڕۆژە یاسای بودجەی هەرێمی کوردستان، بۆ ساڵی 2011، لەماددەی یەکەوە دەست پێ دەکەین، یەکەم بە زمانی عەرەبی.......

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

نوقتەی نیزامی فەرمووکاك شوان.

**بەڕێز شوان عبدالکریم جلال:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دوێنێ هەردوو دەقی یاساکە بە زمانی کوردی و، بە زمانی عەرەبیش خوێندرایەوە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاکە ئێستا ماددە ماددە جارێکی تر ئەبێ بیخوێنینەوە، جارێکی تر ڕەئی لیژنەی یاسایی و دارایی وەرگرین، ئەوجا بەڕێزان گفتوگۆی لەسەر دەکەن، ئەوجا ئەچێتە بابی دەنگدانەوە، فەرموو.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة الاولى:

**اولاً: يرصد لنفقات السنة المالية 2011 مبلغ قدره (13,940,000 مليون) ثلاثة عشر تريليون وتسعمائة واربعون مليار دينار ويوزع كالاتي:**

**1- مبلغ قدره (4,150,000 مليون) اربعة تريليون ومائة وخمسون مليار دينار لنفقات المشاريع الاستثمارية بضمنه تخصيصات اعمار وتنمية مشاريع الاقاليم والمحافظات.**

**2- مبلغ قدره (9,672,670 مليون) تسعة تريليون وستمائة واثنان وسبعون مليار وستمائة وسبعون مليون دينار للنفقات التشغيلية.**

**3- مبلغ قدره (54,000) اربعة وخمسون تريليون دينار لنفقات برلمان اقليم كوردستان.**

**4- مبلغ قدره (63,330 مليون) ثلاثة وستون مليار وثلاثمائة وثلاثون مليون دينار لنفقات مجلس القضاء.**

**ثانياً: العجز المخطط يقدر بـ(1,554,296) تريليون واحد وخمسمائة واربعة وخمسون مليار ومائتان وستة وتسعون مليون دينار، ويغطى هذا العجز من المبالغ المخصصة لوزارة البيشمركة من الموازنة التشغيلية الاتحادية لحرس الاقليم ضمن تخصيصات وزارة الدفاع العراقي الاتحادي حسب قوانين الموازنة العامة الاتحادية للسنوات المالية (2007 الى 2011).**

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**پڕۆژە یاسای بودجەی هەرێمی کوردستان-عیراق بۆ ساڵی 2011:**

**بەشی یەکەم: خەرجی و کورت هێنان.**

**ماددەی یەکەم:**

**یەکەم: بۆساڵی دارایی 2011 بڕی(13.940,000 ملیۆن) سێزدە ترلیۆن و نۆسەدو چل ملیار دینار، تەرخان دەکرێت بەم جۆرەش دابەش دەکرێت.**

**1-بڕی(4,150,000 ملیۆن) چوار ترلیۆن و سەدو پەنجا ملیار دینار بۆ خەرجی پڕۆژەکانی وەبەرهێنان، لە نێویدا بڕە بودجەی ئاوەدانکردنەوەو بوژاندوەی پڕۆژەی هەرێم و پارێزگاکان،**

**2-بڕی(9,672,670ملیۆن) نۆ ترلیۆن و شەش سەدو حەفتاو دوو ملیار و شەش سەدو حەفتا ملیۆن دینار، بۆ خەرجی وەگەڕخستن.**

**3-بڕی(54,000 ملیۆن) پەنجاو چوار ملیار بۆ خەرجی پەرلەمانی هەرێمی کوردستان،**

**4-بڕی(63,330,000 ملیۆن) شەست و سێ ملیارو سێ سەدو سی ملیۆن دینار، بۆ خەرجی ئەنجومەنی دادوەری.**

**دووەم: کورت هێنانی بەر پلان بە(1,554,296 ملیۆن) یەك ترلیۆن و پێنج سەدو پەنجاو چوار ملیارو دوو سەدو نەوەد و شەش ملیۆن دینارە، ئەم کورت هێنانەش لەو بەشە پارەیەی وەزارەتی پێشمەرگە پڕ دەکرێتەوە، کە لە بودجەی وەگەڕخستنی فیدڕاڵدا بۆ پاسەوانی هەرێم، لەنێو بڕە پارەی وەزارەتی بەرگری**

عیراقی فیدراڵ بـه گوێرەی یاساکانی بودجـەی گشتی فیـدراڵ، بـۆ ساڵانی دارایـی 2007-2011 تـەرخان کراوە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو لیژنەی دارایی.

**بەڕێز د.ئاراس حسين محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دەربارەی ماددەی یەك، لە ڕاستیدا دوو تێبینی هەیـە، تێبینیـەکیان، دەربـارەی سـێ لـە ئەوەلـەن، ئـەو بـڕە پارەیـەی کـە تـەرخان کـراوە بـۆ پەرلـەمان، پـەنجاو چـوار ملیـار دینـارە، دواتـر لـە لایـەن دیوانـەوە ئاگـادار کراینەوەکە ئەو تەخسیسەی ئـەوان داوایـان کـردووە، حـەفتاو چـوار ملیـارە، بەمەبەسـتی ئـەو مـەوجوداتی نادارایی بۆ دروست کردنی چەند بینایـەك، بـۆ نووسـینگەی پەرلـەمان لـە پارێزگاکـان، ئـەوە لـە لایـەك، لـە لایەکی تریش، بۆچوونێکی تریش هەیە، لەلایەن لیژنەی یاساییەوە، ئێمە وەکو لیژنەی دارایی لەگەڵ ئەوە ماددەداین، کە وەکو لە ماددەکە هـاتووە، بـەڵام ئـەو دوو پێشـنیارە ئەیخەینـە بـەردەمی بـەڕێزتان، کـە ڕای ئەنـدام پەرلەمانـەکانی لەسـەر وەربگیرێـت، ئـەو ڕایـەی کـەوا هەیـە، دەربـارەی گـۆڕینی دەسـتەواژەی، یـان سەرلەنوێ داڕشتنەوەی بڕگەی چوار لە ئەوەلەن، لە لایـەن لیژنـەی یاساییەوە، بـەم شـێوەییە بێـت، (مبلـغ قـدرە(63,330) ثـلاث وسـتون مليـار و ثـلاث مائـة وثلاثونـة مليـون دينـار، لنفقـات مجلـس القضـاء ويـتم الصرف بطريق التمويل ويخول رئيس مجلس القضاء صلاحية الصـرف مباشـرة ضـمن الاعتمـادات المخصصـة لمجلس القضاء)، تەنها ئەو دوو پێشنیارە هەیە، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان دەربارەی ماددەی یەك.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سـوپاس، بـەڕێزان ئێسـتا ئـەو بەڕێزانـەی کـە ئەیانـەوێت قسـە بکـەن، وەکـو ئیتیفاقمـان کـردووە، نـاوی هەمووەمان نووسیوە بە توازن، کەسێك ئەگەر قسەی نەبێت، ئەتوانێت بڵێت قسەی من کرا سـوپاس، سـۆزان شەهاب نوری، فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بەم ماددەیە، لەبەر ئەوەی لە هۆڵی پەرلەماندا، کۆمەڵێك ئیقتیراحات کرابوو، بۆ کـەم کردنـەوەی بودجەی تەشغیلی، لەبەر ئەوە من پێم باشە، بکرێتە خاڵی ثالثا لەناو ماددەی یەك، یەعنی پاش ئەوەی کە (اولا- ثانیـا- ثالثـا) مەبلـەغی ئـەو ئیسـتیقتاعە بودجـەی تەشـغیلی، کـە پـاش ئـەوەی گفتوگـۆی بـەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان دەکرێ لەسەری دەرج بکرێت وەکو ثالثا، من سغیەیەکم ئامـادە کـردووە، ئەگـەر بۆتـان بخوێنمەوە، (ثالثا، تخفيض نسـبة قدرها عشرة بالمائـة مـن اجمـالي الموازنـة التشـغيلية اي مـا يعـادل تسـعمائة وتسـعة وسـبعين مليـاراً ويـتم مناقلتهـا الى الجهـات المبينـة ادنـاه، اولاً، (150)مائـة وخمسـون مليـار دينـار للاستمرار في الحملة الوطنية لانشاء المدارس، (300)ثلاث مائة مليار دينار لاضافتها الى الموازنـة الاسـتثمارية

لتعزيز المشاريع المقترحة التى خصصة لها نسبة اقل من عشرة بالمئة من الكلفة الاجمالية للمشروع وتوزع على محافظات الاقليم بنسبة سكانها، ثانياً، المبلغ المتبقى (529)خمسمائة و تسعة و عشرين مليار دينار، يوزع كالاتى، اولاً، تغطية الزيادة الحاصلة لسلفة الزواج الى مبلغ (5) خمس ملايين دينار، ثانياً، تغطية الزيادة الحاصلة في مخصصات قوى الامن الداخلي مخصصات الطعام وتكون (210) مائتان وعشر الاف دينار، ثالثاً، تغطية الزيادة الحاصلة في تخصيصات شبكة الرعاية الاجتماعية من (75) خمسة وسبعين الف دينار، الى (150) مائة وخمسون الف دينار، رابعاً، تغطية الزيادة الحاصلة في قروض المصرف الزراعى والصناعى، خامساً، (70) سبعين مليار دينار لدعم المشاريع الخدمية، في الاقضية والنواحى الحدودية المتضررة في المرحلة السابقة، على ان يضاف الى ميزانية تنمية المحافظات حسب الكثافة السكانية، سادساً، (70) سبعين مليار دينار لدعم المشاريع الخدمية للمناطق المستقطعة المتنازع عليها، سابعاً، تخصيص مبلغ قدره (10) عشرة ملايين دينار لبناء وترميم المنشاءات الرياضية في الاقليم)، ئەمە ئەگەر بەم شێوەیە بێت، هەم كەباس لەوە دەكەین، ئەمە نەفەقاتی حكومەتە، لەویا جێگیری دەكەین، كە ئێمە ئیستیقتاعی لێ دەكەین، ئەمە خاڵی یەكەمە، خاڵی دووەم، بەڕاستی ئەوەی كەلەم چەند ڕۆژەی پاش گفتوگۆ كردن، گوێم لێ بوو، باس لێوە كرا، میزانیەی مەجلسی قەزا زۆر زۆر، زۆرە، یەعنی پار 39 ملیار دیناریان سەرف كردووە، باقیەكەیان سەرف نەكردووە، بۆیە پێم باشە ئەگەر سی و نۆش دانەنێینەوە، ئەمساڵ ئەو بڕە پارەیە كەم بكرێتەوە، وەكو ئەوەی پەرلەمانی لێ بێت، ببێت بە پەنجاو چوار ملیار دینار، بۆچی شەشت و سێ ملیار، پار سی و نۆ ملیاریان سەرف كردووە، ئەمساڵ سێ قاتیان بۆ دانراوە، چۆن ئەتوانن سەرفی بكەن؟، كە سەرف نەكرێت جارێكی تر تەدویر دەبێتەوە، بۆیە من پێم باشە ئەوەش بكرێتەوە، عەینن پەرلەمانی كوردستان بە پەنجاو چوار، ئەگەر ئەو مولاحەزانەی من بە هەند وەربگیرێت، زۆر مەمنوون دەبم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێز جلال علی عبدالله، فەرموو.

**بەڕێز جلال علی عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من پێشەكی پشتگیری پێشنیارەكەی خوشكی بەڕێز سۆزان خان دەكەم، كە بۆ تەخسیس كردنی 10٪ی میزانیەی تەشغیلی بۆ ئەو فەقەرانەی كە ئەو باسی كرد، دوو، بەڕاستی بەگشتی تێبینیم لەسەر ئەوە هەیە، كە پار مەجلسی قەزا سی و نۆ ملیاری سەرف كردووە، ئەمساڵ تەقریبەن، 90٪ زیادی كردووە، منیش پشتگیری ئەوە دەكەم كە وەكو پەرلەمانی لێ بێت، ببێت بە پەنجاو چوار ملیار دینار، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێز كاردۆ محمد پیرداود حاجی، كەرەمكە.

**بەڕێز كاردۆ محمد پیرداود:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە وەکو لە سەرەتادا باسمان کرد، کە قسە کردن لەسەر داهات، پێمان وایە نا دروستی لە داهاتی دەستەبەرکراوی خەملێنراوی هەرێم هەیە، بەتایبەتی بە بەڵگە لە فرۆشتنی وزەی کارەبا، کە بە 151 ملیار دینار تەخمین کراوە، چونکە ئەو بڕەی وەزارەتە داویانە بە حکومەت، وەکو کرێی کارەبا لە ساڵی 2001 بڕەکەی سێ سەدو نەوەت و دوو ملیارە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك کاردۆ ئێستا لەسەر نەفەقاتین، داهات بە جیا موناقەشە دەکەین، دوایی دێینەوە سەری، جارێکی تر وەختتان پێ دەدەین، فەرموو.

**بەڕێز کاردۆ محمد پیرداود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

کەم کردنەوەی ڕێژەی 50٪ لە بودجەی بەکاربردن بکەین، لەو بڕگانەی خوارەوە:

کڕینی شمەك و خزمەتگوزاری و چاککردنەوە، کە بە فەسڵی دوو ناو دەبرێت، باربوو کە بە فەسلی پێنج ناو دەبرێت، بەخشین، سوودە کۆمەڵایەتیەکان، خەرجیەکانی تر هەبووە، نادارایییەکان، پاساوی ئێمە بۆ کەم کردنەوەی ڕێژەی خەرجیەکان لە بودجەی خەملێنراوی بەکارخستنی 2011 وەکو لەسەرەوە ئاماژەی پێ کراوە، دەگەڕێتەوە بۆ ئەو دەست بلاوییەی حکومەت، کە تیایدا پاساوی لۆژییکانەی نیە، بۆ ئەوەش بەلگەکان وەك چۆن لە دەرخستنەکانی بودجەی گشتی حکومەتی هەرێم دا هاتووە، وەك خۆی دەخەینەڕوو، کە ئەو هەڵکشانەی لەو بڕگانە هاتووە، قسەی لەسەر ناکەین، بەلاّم پێشنیارەکانمان کە بێگومان هەڵکشانی ئەو بڕگەیەیە، کەلە زۆربەی دامەزراوەکانی حکومەتی هەرێم ڕەنگی داوەتەوە، بۆیە داواکارین ئەو کەم کردنەوەیە لە تەواوی بودجەی بەکارخستن کە لە سەرەوە باسمان لێوە کرد، لەم کارانەی خوارەوە خەرج بکرێت،

یەکەم: زیاد کردنی پێشینەی هاوسەرگیری بۆ پێنج ملیۆن دینار.

دووەم:پێشینەی خانووبەرە بۆ سی ملیۆن دینار کە هاوتای حکومەتی ناوەندی بێت.

سێیەم:زیاد کردنی مووچەی تۆڕی پاراستنی کۆمەڵایەتی بۆ سەدو پەنجا هەزار دینار، بە سیستەمێکی تازەش بەڕێوەببردرێت کە هاوتەریب بێت لەگەڵ سیاسەت و ستراتیجیەکانی کەم کردنەوەی هەژاری.

پێنجەم:زیاد کردنی مووچەی خاوەن پێداویستیە تایبەتیەکان.

شەشەم:خەرج کردنی دەرماڵەی منالّ بۆ خێزانی شەهیدان.

حەوتەم:چاککردنی مووچەی خانەنشینان.

هەشتەم: بڕێك تەرخان بکرێت بۆ چاککردنەوەی یا چارەسەر کردنی بریندارانی چەکی کیمیاوی، جگە لەوە ئاماژەیەك بکرێت بەپێی یاسای بودجەی عێراق، ئەو 20٪ی باسمان کرد کە بەهای نرخ بەرز دەبێتەوە، کەلەوێ دەست نیشان کراوە، بۆ فەرمانبەرانی پلە نۆ و پلە دە، بۆ بێ سەرپەرشتان، ژنان، بۆ ئەوانە ئەم ئاماژەیە بکرێت، لە ئایندە ئاگامان لەو یارمەتیدانانە بۆ ئەو توێژانە بێت لە مەرکەزیەوە.

حەوت:هاوتا کردنی مووچەکانی پۆلیس و پێشمەرگە وەکو ناوەند لە یاسای 2011، کاتێك لە یاسای بودجەی 2011 بڕیاردرابوو کە ئەو یەکسانیە پەیڕەو بکرێت، بەڵام جێبەجێ نەکراوە، دامەزراندنی توێژەرانی کۆمەڵایەتی و دەروونی وەك پێداویستیەکی کۆمەڵایەتی و زانستی و پەروەردەیی، هەروەها خەرج کردنی دەرماڵە بە ڕێژەی 50٪ لە مووچەی بنەڕەتیان، ئەو بڕەیەی کە لەوانە دەمێنێتەوە، بخرێتە سەر بودجەی وەبەرهێنان، گەشەدان بە بوارەکانی کشتوکاڵ و زێدە کردنی بودجەکە بۆ جێبەجێ کردنی ناوەڕۆکی پلانی ستراتیجی، کەرتی کشتوکاڵ 2009 و 2013، کە تێیدا ئەو پلانە ساڵ لە دوای ساڵ لە ڕێژەی جێبەجێ بوون لە پاشەکشە دایە، بەهۆی ئەو گوژمە کەمەی بۆی تەرخان دەکرێت، بە بەراورد بەو گوژمەیەی کە دانراوە بۆ جێبەجێ کردنی پرۆژەکانی ساڵانە، هەروەها گەشە کردن بە بواری پیشەسازی و تەندروستی، کە دەتواندرێت هاوکاریەکی باش بێت، بۆ چارەسەر کردنی کێشەی بێ کاری، پێدانی پێشینەی خانووبەرە، کە بە زەوی 100م کەبە هەردووکیان بدرێت بەلای ئێمەوە، 20ملیۆن بە 20ملیۆن بدرێت، کە لە سەرتاسەری هەرێمی کوردستان بۆ کەم کردنەوەی گرفتی نیشتەجێ بوون بێ هیچ مەرجێکی موسبەق، دانانی پلان و بەرنامە بۆ بودجەیەکی دیاریکراوی چەند ساڵە، بۆ چارەسەرکردنی ئاوەڕۆی هەولێر، دانانی بودجەیەکی دیاریکراو بۆ دروست کردنی یەکەی نیشتەجێ بوون بۆ خێزنە کەم دەرامەتەکان، کە یاسایەك هەیە لە پەرلەمان یاسای ژمارە (7) ساڵی 2008، کەچی جێبەجێی ناکات حکومەت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز عمر عبدالعزیز فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدلعزیز بهاء الدین:**

**بەڕێزسەرۆکی پەرلەمان.**

نیزامی هەیە، یەك دەقیقە، فەرموو کاك عبدالسلام.

**بەڕێز عبدالسلام مصطفی صدیق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ببورە کاك عمر، عیلاقەی بە جەنابت نیە، نوقتەی نیزامی یان دەرچوونە لە بابەت، یانیش هێنانەوەی مەوزوعێکی ترە کە مەوزوعمان نیە، ڕێگام بدەنێ ئاماژە بەو بدەم، ئەم میزانیە بابی یەکەم، تەنها تەسبیتی واریدات دەکات، یەعنی صادرات، فەسلی دووەم، تەسبیتی واردات، سێیەم، میلاکاتە، چوارەم، صلاحیاتە، پێنجەم، ئینجا ئەحکام عامە، ڕەجا ئەکەم ئەم ماددەی یەکەم، ناچێت باسی ئەو ئیستیسنائاتەو چۆنیەتی دابەش کردنی پارەکە دەکات، بەڵکو تەنها تەسبیت کردنی ژمارەکانە، تکا دەکەم ئەوەی کە سۆزان خانیش وتی، کاك کادۆ وتی، ڕاستە مەجالی، بەڵام لە ئەحکام خیتامیش هەیە، تاوەکو ئێمە زۆر نەچینە ناو بابەتەکەو درێژەی پێ بدەین، ئیقتراح دەکەم جەنابت ئەمریان پێ بکەی، تەنها تەرکیز بکرێت لەسەر تەسبیتی ئەو ئەرقامە، کە واجبی ئیراداتە، بۆیە بە نیزامی ئەزانم.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو بەڕێز كاك شێروان.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە ئێستا بەس موناقەشەی ماددەی یەكەم دەكەین، فەسلی یەكەمیش، كە تایبەتە بە نەفەقات، ئێمە ئەگەر تەخفیزی نەفەقاتمان كرد، ئەبێت شوێنەكەشی بۆ دیاری بكەین، موناقەشەش بكەین، بەهەمان شێوەش لە موازەنەی عیراقی بە هەمان شێوە هاتووە، بۆیە پێموایە بەڕێوە چوونەكە ڕاست و دروستە، زۆر سوپاست دەكەم.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێز عمر عبدلعزیز كەرەمكە.

**بەڕێز عمر عبدلعزیز بهاء الدین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

منیش زۆر بە كورتی پێشنیاری ئەوە دەكەم، بەلای كەمەوە، ئیستیقتاعی لە 20٪ی تەشغیلی بكەین، ئەوەی كە حەدی ئەدنا ئەگەر مەجالی تیا بێت زیاتریش بێت باشترە، تەبعەن جگە لە مووەی كارمەندان، ئەمە بە مەبەستی پڕكردنەوەی ئەو كەلێنانەی كەلە زۆربەی ڕاپۆرتی لیژنە بەڕێزەكان هاتووە، بەتایبەتی لیژنەی دارایی، كە خۆشیان مەجالاتی زۆریان دەست نیشان كردووە، من چوار مەجال بە ئەولەویەت ئەبینم، بە بۆچوونی خۆم، یەكێكیان پیاچوونەوەی موچەی فەرمانبەران بە شێوەیەكی گشتی، كە بڕەكەش جێ دەهێڵم بۆ ئیختیساسین لەسەر بڕی ئەوە قسە ناكەم، خاڵی دووەم، منیش پشتگیری ئەوە دەكەم، كەلە ڕاپۆرتی زۆربەی لیژنەكانیش هاتووە، كە پێشینەی هاوسەرگیری تا پێنج ملیۆن، قەرزی نیشتەجێ بوون بكرێتە 20ملیۆن، خاڵی كۆتایم باسی ئەو كەلێنانەی پڕۆژەكانی وەزارەتی پەروەردەیە، كە لە ڕاپۆرتی بەڕێز وەزیری داراییش گوێمان لێی بوو، بەتایبەتی ئەو قوتابخانانەی كە لە كرێدان، لەگەڵ ئەو بەشە ناوخۆییانەی كە لە كرێدان، وائەزانم بڕێك تەخسیس بكرێت بۆ ئەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سۆزان یوسف خۆشابە كەرەمكە.

**بەڕێز سۆزان یوسف خۆشابە:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من هیچ مولاحەزەم نیە ، بەلأم پشتگیری لە ڕای سوزان خان دەكەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ڕێزدار ئەیوب نیعمەت قادر کەرەمکە، زۆر سوپاس بۆ جەنابت، ڕێزدار احمد ابراهیم علی کەرەمکە.

**بەڕێز:د.احمد ابراهیم علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی یەکەم، ئەو ئیستیقتاعانەی کە دەکرێت، وەکو ئەوەی سۆزان خان ئاماژەی پێدا، من پشتگیری ئەکەم ئەو ئیستیقتاعە، بەلاَم من پێم باشە ئەو تەفاسیلە بۆ ئەو بوارانەی کە بۆی دیاری دەکرێت، لێرە باس نەکرێت، چونکە زۆربەی ئەو بوارانە لە ئەحکامی ختامی لە وێدا باس کراوە، ئەتوانین لەوێ ماددە بە ماددە ئەوانە هەر بڕەی بۆ ئەو بوارەی کە تەخسیس کراوە دیاری بکەین، بە ڕەئی من ئەو تەفاسیلە لێرە پێویست ناکات، لەگەڵ ئەوە من پشتگیری لەو ئیستیقتاعە دەکەم، ببڕێت بۆ ئەو بوارانەی کە دیاری کراوە، ئەمە یەکەم، سەبارەت بە مەجلیسی قەزاش، من پشتگیری ئەو ڕایەی لیژنەی یاسایی دەکەم بەڕاستی، کە بەو شێوەیە دابڕێژرێتەوە (مبلغ قدره (63,330,000 مليون) ثلاثة وستون مليار دينار وثلاث مئة وثلاثون مليون دينار، لنفقات مجلس القضاء ويتم الصرف بطريق التمويل ويخول رئيس مجلس القضاء صلاحية الصرف مباشرة ضمن الاعتمادات المخصصة لمجلس القضاء)، ئەمەش لەبەر ئەوەی کە لێرە ڕاستە ئەو دەسەڵاتانەی کە دراوە بە پەرلەمان، کە ڕاستەوخۆ دەتوانێ و دەسەڵاتی سەرفی هەیە، بەلاَم بۆ مەجلسی قەزاش، کە وەکو پەرلەمان هاتووە، لەبەر ئەوەی کە مەجلسی قەزا ئەو دەسەڵاتە ڕاستەوخۆیەی نیە بۆ سەرف، بەڵکو ئەبێت بگەڕێتەوە بۆ وەزارەتی دارایی، لەبەر ئەوە ئەوان داواکاریان ئەوەیە کە دەسەڵاتیان پێ بدرێت، کە خۆیان سەلاحیاتی سەرفیان هەبێت، لەبەر ئەوە من داوا دەکەم کە ئەو بڕگەیە بەو شێوەیە دابڕێژرێتەوە، بۆ ئەوەی ئەوان خۆیان دەسەڵاتی سەرفیان هەبێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ڕێزدار بەفرین حسین محمد کەرەمکە.

**بەڕێز بەفرین حسین محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، دیارە لە دانیشتنەکانی ڕابردوودا، کۆمەڵێك پێشنیاری نوێ هاتە کایەوە، ئەم پێشنیارانەش دیارە تێچوو و خەرجی نوێ ئەهێنێتە کایەوە، ئەوانیش بریتین لە مەسەلەی زیاد کردنی سولفەی عەقار، سولفەی زەواج، تۆڕی کۆمەڵایەتی، کەم ئەندامانی سەنگەر، بەدەل خۆراکی هێزەکانی ئاسایش و پۆلیس، ئەمانەش پێویستی بە شوێنێك هەیە، تاوەکو بتوانین ئەو زیادە خەرجیانە و ئەو گوژمەیەی بۆ جێگە بکرێتەوە، بۆیە منیش پشتگیری دەکەم، لە بڕینی ڕێژەیەکی دیاریکراو، لە بودجەی وەگەڕخستن، دیاریش بکرێت لە نێو ئەم ماددانە کە ئەو بڕە چەندە، بە گوێرەی توانای حکومەت، ئەوەی کە لە توانای هەیە، بتوانێت بیبڕێت، ڕێژەیەکی گونجاو بێت بتوانێت جێگەی ئەم پێشنیارە تازانەی کە هاتۆتە کایەوە داوای خەرجی نوێ ئەکات جێگەی بۆبکاتەوە، خاڵێکی تریش بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان،

کورت هێنانی بودجەکەیە، دیارە بە بەراورد بە پارساڵ، ڕێژەی دوو ئەوەندە زیاتر کورت هێنان زیادی کردووە، ڕاستە ئەمە کورت هێنانێکی بە پلانەو لەوانەیە لە حیساباتی خیتامی بە فیعلی ئەو شتە دیار بکەوێت، وەکو ئەمەش بەشێکی ئەکەوێتە سەر ئەو بەشەی کە بۆ بودجەی وەزارەتی پێشمەرگە دیاری کراوە، دواتریش بە شێوەی سولفە وەردەگیرێتەوە، بەلاّم دیارە ئێمە لە عیراقی فیدراڵدا نوێنەرانمان لەسەرجەم چین و توێژو پلەو پۆستە بالاّکان هەیە، وجودیان هەیە، ئەبێ ئەوانیش هەموو هەوڵ و هیمەتێکی خۆیان بخەنەکار، بۆ ئەوەی چیتر ئەم گرفتە هەروا بە هەڵواسراوەی نەمێنێتەوە، دیارە ئێمە لێرەدا نا هاوسەنگی بودجەمان هەیە، لە نێوان خەرجی گشتی و داهاتی گشتی، بە جۆرێك خەرجیە گشتیەکانمان زۆر زیاترە لە داهاتی گشتی، بۆیە کورت هێنانی هێناوەتە کایەوە، بۆیە لێرە پێویستیمان بە پلان و سیاسەتی حکومەت هەیە لەم بارەیەوە، ڕێژەی ئەم کورت هێنانە دیارە ساڵانەش، ساڵ بەساڵ زیاتر دەکات، بۆیە ناچار ئەبێت حکومەت ئەوکات پەنا بباتە بەر قەرز، یان پەنا بباتە بەر ئەوەی کە یەدەگەکانی خۆی بەکاربهێنێت، جا بۆیە ئەبێت پلان و سیاسەتی حکومەت لەم ڕووەوە ڕوون و ئاشکرا بێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ڕێزدار ئاواز عبدالواحد کەرەمکە.

**بەڕێز ئاواز عبدالواحد خضر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش لەم ماددەیە تێبینیەکی ترم نیە، جگە لەوەی پشتگیری لە ڕای سۆزان خان دەکەم.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زکیە صالح عبدالخالق کەرەمکە.

**بەڕێز زکیە صالح عبدالخالق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەزیش دگەل رەئیا سۆزان خانیمە، کو مە هەمیا دێ ژی وەختیدا، د موناقەشێ ڕاپۆرتیدا، ئاماژە ب هندێ دا کو، 10٪ تەشغیلی بهێتە بڕین، سەر وان ئەڤ بابێت هاتینە دیار کرن، ماددێت بهێدا بێتە ب لاڤ کرن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز عبدالرحمن حسین ئەبابەکر کەرەمکە.

**بەڕێز عبدالرحمن حسین ئەبابەکر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش هەروا پشتگیری قسەکانی کاك کاردۆ دەکەم، لە بڕگەی چوار، کەباس لە بڕی شەست و سێ ملیارو سێ سەدو سی ملیۆن دینار دەکات بۆ دادوەری، کەمنیش پێموایە زیادە، کە ساڵی پار نەیتوانیوە بڕەکەی سەرف بکات، پێموایە کەم بکرێت، بکرێت بە چل یان پەنجاو چوار، وەکو ئەوەی پەرلەمانی لێ بکرێت، دیسان هەندێ وردەکاری زیاتر لە دەست بڵاوی سامانی دارایی خەڵکی کوردستان، لەم بڕگانەی خوارەوە تێبینی بکەم، یەك، لە بودجەی 2009 بڕی 12ملیار بۆ پەڕواوگەو چاپەمەنی تەرخان کراوە، لە ساڵی 2011 بوو، بە بیست و یەك ملیار دینار، لە بودجەی 2009 دا، بڕی چوار سەدو حەفتاو یەك ملیۆن دینار بۆ کرێی ئاو و ئاوەڕۆ خەرج کراوە، کەچی بۆ ساڵی 2011 بڕی لە یەك ملیارو سەدو پەنجاو چوار ملیۆن دیناری بۆ دانراوە، لە شەش مانگی یەکەمی پار ساڵ 2010 بڕی بیست و نۆ ملیۆن دینار لە پەخشی ڕاستەو خۆ لە ڕێگای مانگی دەستکردەوە خەرج کراوە، بەلآم بۆ ئەمساڵ 2011 بڕی دوو ملیارو سەدو بیست و حەوت ملیۆن دیناری بۆ تەرخان کراوە، لە شەش مانگی یەکەمی ساڵی پاردا 2010 بڕی یەك ملیارو هەشت سەدو نەوەت و سێ ملیۆن دینار بۆ کرێی تەلەفۆن خەرج کراوە، کەچی لە 2011 بڕی شەش ملیارو سەدو نەوەت ملیۆن دیناری بۆ تەرخان کراوە، لە شەش مانگی یەکەمی 2010 بڕی چوار ملیۆن دینار دراوە بە کرێی ئامێرەکانی پەیوەندی کردن، لە 2011 بڕی سەدو بیست و دوو ملیۆنی بۆ تەرخان کراوە، ئایا ئامێری پەیوەندی کردن، تەلەفۆن هەیە بەکرێ بگیرێ؟، کات بەسەر بردنی فەرمی، زۆر سوپاس.

**بەڕێزسەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، بەڕێز بەیان احمد حسن کۆچەری.

**بەڕێز بەیان احمد حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من ژی سێ خاڵێت هەی من دڤێت ڤێرێ ئیشارەتێ بدەمێ، خالآ ئێکێ ڕاستی ئەز تەئکیدێ ل ڤێ بوچوونێ دکەم، کو نەفەقاتێت مەجلس ڤەزا، ڕاستی زعفاوێ گەلەکن ڤێ کو ئەگەرێت زێدە بوونێ دیارکەن بۆ مە، هەروەسا سەرفیاتێت ساڵآ پارژی نەدیارن، کانی ئەگەر چیە؟، بۆچی ئەڤ ڕێژا هەنێ هۆسا یەعنی زێدەبوو، خالا دووێ، ئەز ژی پێشنیار دکەم ڕێژەیا 25 ژ سەدێ ژ ئەبوابێت فسولێ تەشغیلی، بودجەی تەشغیلی، بێنە خارێ بچنە سەر پڕۆژا، خالا سێیێ، کو بابێت بەحسی عەجزێ دکەتن، ئەڤ کێشا هەنێ بەردوام پڕۆژێ بودجا مەدا نابیتن، ئەز پێشنیار دکەم، ڕاستی کو ماوەیەك بێتە دیار کرن، کو حکومەتا هەرێمێ دگەل نوێنەرێت مە لە بەغدا، ئەڤێ کێشا هەنێ تەبعەن چارەسەر بکەن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز احمد سلێمان عبداللە کەرەمکە.

**بەڕێز احمد سلێمان عبداللە(بیلال):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی یەکەم، یەکەم، پێشنیار دەکەم کە بڕی 25٪ لە بودجەی تەشغیلی لەم بڕگانە کەم بکرێتەوە، دیارە مەبەستم هەموو بڕگەکانە، جگە لە تەعویزاتی مۆزەفین، ئەو چونکە پەیوەندی بەڕاتبی مۆزەفینەوە هەیە، بێجگە لەوە لە هەموو بڕگەکانی تر بە ڕێژەی 25٪ بڕەکەی کەم بکرێتەوە، چونکە بە پێی سەرفی شەش مانگی یەکەمی ساڵی 2010، دیسان ئەم بڕەی کە ئێستا دیاری کراوە، بڕێکی زیادە، دەکرێت کەم بکرێتەوە، تەئسیریش نەکاتە سەر ئیش و کارەکانی حکومەت، ئەم کەم کردنەوەیەش بەم شێوەیەی خوارەوە تەوزیع بکرێت، زیاد کردنی سلفەی زەواج، وەکو پێشتریش ئێمە لە پرۆژە یاسای سلفەی زەواج پێشنیارمان کردبوو، بکرێت بە پێنج ملیۆن دینار، سلفەی عقار بکرێت بە بیست و پێنج ملیۆن دینار، تەئمینی حەیات کە بۆ کاتی وەرگرتنی سلفەی عقار دانراوە، کە زۆر لە زاناکان پێیان وایە ئەم تەئمین حیاتە، لە ڕووی ئاینی ئیسلامەوە حەرامە، ئەم تەئمین حەیاتەی لەسەر لابرێت، زیاد کردنی مووچەی فەرمانبەرانی پلە پێنج تا پلە دە، بە ڕێژەیەك کە لەگەڵ ئەم زیاد کردنە گونجاو بێت، یەعنی لەگەڵ دەرامەتی ژیانی هاووڵاتیان، و لەگەڵ ئەم بڕینە گونجاو بێت، کە بە ڕێنمایی لە لایەن وەزارەتی داراییەوە ڕێك بخرێت، زیاد کردنی مووچەی هەموو ئەوانەی مووچەکانیان لە خوار 150هەزار دینارە، هەروەك تۆڕی کۆمەڵایەتی، کەم ئەندامانی هاووڵاتی و هەر کەسێکی تریش، کە مووچەی لە حکومەتی هەرێم هەیەو بڕەکەی لە 150 هەزار کەمترە، زیاد بکرێت بۆ 150 هەزار، ڕێکخستنەوەی مووچەو دەرماڵە و خەتەرەی هێزەکانی پێشمەرگەو، ئاسایش وەك حکومەتی فیدراڵی لێ بکرێت، دیاری کردنی دەرماڵەی دەروون ناسان و کۆمەڵناسان بە ڕێژەی لە 100٪، ڕێژەی لە 50٪ بۆ دەرماڵەو خەتەرەی پیشەی یاساییەکان و موهەندسینی ئای، تی کۆمپیوتەر، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز گوڵیزار قادر اسماعیل، کەرەمکە.

**بەڕێز گوڵیزار قادر اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەرەتا پشتگیری لەو خاڵانە دەکەم کە لیستی کوردستانی پێشنیاریان کردووە، بە زیاد کردنی ئەو بڕە پارانەی بۆ سلفەی هاوسەرگیری و عەقار، بەلام ئەو مەرجەشی لەگەڵ بێت کە ئەو بڕە پارەی کە بۆ تەئمین حەیاتی دانراوە، لەسەری لابرێت، پێشنیار دەکەم، ئەم بڕە پارەیە بەو مەرجانە تەرخان بکرێت، کە قسەی لەسەر کراوە، لیستی کوردستانی پێشنیاری جوانی کرد، پشتگیری لە پێشنیارەکانی بەڕێز د.احمد دەکەم، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، بەڕێز سالم تۆما کاکۆ کەرەمکە.

**بەڕێز سالم تۆما کاکۆ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە بڕینی لە 10٪ی بەشێك لە سلفەی تەشغیلی، لە میزانیەی تەشغیلی لە پڕۆژەکان، من دەقاو دەق تەئیدی پێشنیاری سۆزان خان دەکەم، بەلاّم خالێك هەیە، مومکنە لێرە جێی دەبێتەوە، مەبلەغ چوار ترلیۆن و کەسر بۆ میزانیەی ئیستیسماری، شتێك لێرە باس کرا، ئیلا وا بزانم لێرە جێگای دەبێتەوە، مەوزوعی نەبوونی ئالیەتێکی تایبەت، سەبارەت بە پڕۆژەکانی قەزاو ناحیەکان، کە چۆن دێتن، هەروەکو لە یاسای بودجەی عیراقی فیدراڵ هاتووە، بە قەناعەتی من بڕگەیەکی تایبەت بێت، کە پارێزگار خۆی پلانی موحافەزەو قەزاو ناحیەکان دادەڕێژێت پاش پەسەند کردنی لە لایەن ئەنجومەنی پارێزگاوە، بدرێتە وەزارەتی پلان، ئەمجا دوایی دەبێتە یاسا، بۆ ئەوەی جێبەجێ کردنەکە لەلایەن پارێزگار دەبێت، بەدواداچوونی ئەنجومەنی پارێزگاوە، بە بڕگەیەکی تایبەت، هەروەها لە یاسای بودجەی عیراقیدا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز عبدالقادر اکرام جمیل، کەرەمکە.

**بەڕێز عبدالقادر اکرم جمیل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەفەقەرە یەکی ماددەی یەکەمدا یەعنی هاتووە، لە پڕۆ ژە یاسای ساڵی 2011 چوار ترلیۆن و سەدو پەنجا ملیارە، یەعنی ئێستاکە من ئەلێرەدا ئاوا پێشنیار دەکەم، چونکە لەبەر ئەوەی زۆری پڕۆژە بەردەوامەکان، کە ژمارەیان دوو هەزارو سێ سەدو سی و چوار پڕۆژەیە، وە کلفەکەشی تەقر یبەن نۆ ترلیۆن و سێ سەدو نۆزدە ملیارە، یەعنی ئاوا پێشنیار دەکەم بە کەم کردنەوەی پڕۆژە پێشنیار کراوەکان، بە ڕێژەی لە 50٪، هەڵبژاردنی گرنگترین، وە باشترین پڕۆژە، بە تایبەتی پڕۆژەکانی وەزارەتی تەندروستی و پەروەدە، پڕۆژەکانی چاککردنی، ڕێگاو بان، لە 50٪یەکەی تریش، با تەئجیل بکرێت بۆ ساڵی 2012، دوو، لە پڕۆژە هەڵبژێراوەکانی پێشنیار کراو، ئەوانەش دابەش بکرێنە سەر هەرسێ شارەکەی هەرێم، یەعنی هەرێمی کوردستان، بە پێی چڕی دانیشتوان، سێ، ئیهتیمام دان بە پڕۆژە بەردەوامەکان، کە هەندێکیان هی ساڵانی 2003و2004و2005 ن، لە فەقەرە 2 لەماددەی یەکەمدا، لەبەر ئەوەی بودجەی تەشغیلیمان بە ڕێژەی لە 35٪ یەعنی زیادی کردووە، بەرامبەر ساڵی 2010، لەبەر ئەوەی بودجەی خەملێنراوی ساڵی 2011 بە ڕێژەی 100٪ بە دەستمان دانایەت، یەعنی کەم دەکات بە ڕێژەی لە 11٪، یەعنی بۆیە من پێشنیار دەکەم، بە کەم کردنەوەی لە 7٪، لە بودجەی تەشغیلی، هەروەها لە فەقەرە سێدا، بە کەمکردنەوەی خەرجی پەرلەمانی کوردستان، کە 54 ملیارە، ئەویش بە ڕێژەی لە 7٪، هەروەها لە فەقەرە چواردا هاتووە، بە کەم کردنەوەی لە 7٪، لە خەرجی ئەنجومەنی دادوەری، کۆی هەمووو ئەمانە، دەکاتە شەش سەدو نەوەت و هەشت ملیار، یەعنی ئیحتیماله ئەو 7٪یەی کەوا ئێستاکە من ئەوەم کردووە، پێشان تەرکم کردووە، ئیحتیماله کەم بێت، ئیحتیمالیشه لە 10٪ و سەدا زیاتر، یەعنی تەئسیر بکاتە سەر پڕۆژەکانی حکومەت، زۆر زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێز عبدالله حاجی مەحمود، كەرەمكە.

**بەڕێز عبدالله حاجی محمود:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

تێبینیەكانم كرا، زۆر سوپاس هیچ تێبینیەكم نیە.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێز دڵشاد شەهاب كەرەمكە.

**بەڕێز دڵشاد شەهاب حاجی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لەم خاڵەدا پێموایە كاتی ئەوە هاتووە كە بەرهەمی گفتوگۆیەكانی رابردوو رێك بخەین، چونكە زۆربەی تێبینیەكان لەسەر هەڵكشانی ڕێژەی بودجەی وەگەڕخستن بوونە، بۆیە ئەو پێشنیارەی منیش دووپاتی دەكەمەوە، كە لە كاتی گفتوگۆكانیش، هاوكارم سۆزان خان ئاماژەی پێ كرد، كەم كردنەوەی 10٪ی ڕێژەی تێكڕایی بودجەی تەشغیلی، كە دەكاتە بڕی نۆسەدو حەفتاو نۆ ملیار دینار، كە دەڵێین تێكڕا، تەبیعی هەموو بابەكان دەگرێتەوە، بەلاَم دەسەلاَتەكە بۆ وەزارەتی مالیە دەمێنێتەوە، كە ئەمە لە كوێی بابەكان بوو، بۆ ئەوەی كە ئێمە نەچینە ئەوە وردە كاریەوە، ئەگەریش وەزارەتی مالیە، لە ئێستاوە ئیعتیراز لەسەر ئەوە بكات كە لەقانوندا هەیە، كە لە بابی ئەوە كەم ناكرێتەوە، ئی مووچەو تەعویزاتی موەزەفین، پێمان وایە ڕێژەیەكی زۆر زیادی كردووە، مومكنە ئەو دابەش كردنەش، هەم دیسان بۆخۆیان دەمێنێتەوە، ئەم دابەش كردنە یاخود بابڵێین ئەم كەم كردنەوەی ئێمە پێشنیاری دەكەین، كە ڕاستەوخۆ بڕی چوارسەدو پەنجا ملیاری لێ بخرێتە سەر میزانیەی بەرهەم هێنان، ئەویش بەم شێوەیەی خوارەوە:

سەدو پەنجا ملیار دینار بۆ هەڵمەتی دروست كردنی قوتابخانەكان، لە دەرئەنجامی هەم گرنگی دان بە كەرتی فێركردن و خوێندن، هەمیش لەو تەجروبە ناجحەی كەوا پارساڵ حكومەتی هەرێم پیادەی كرد لە دروست كردنی چەندین قوتابخانە، بەلاَم لەگەڵیدا ڕەچاوی دابەش بوونی دانیشتوان بەسەر پارێزگاكاندا بكرێ، گرنگی بە دەرەوەی مەركەزی پارێزگاكانیش بدرێت، تا ئەو قوتابخانانە بگەنە شارو شارۆچكەكانی تری خارجی مەركەزی پارێزگاكان، ئەو بڕە پارەیەی تر كە دەمێنێتەوە، تەبعەن ئەوە ڕاستەوخۆ دەچێتە سەر میزانیەی ئیستیسماری، ئەما لە فەقەرەی تریشدا هەیە، كەوا دەچێتەوە سەر میزانیەی ئستیسماری، پێم خۆشە ئاماژەی پێ بكەم وەكو ئەوەی كەهاتووە، سلفەی هاوسەرگیری پشتگیری بكرێت، یاخود زیاد بكرێت بۆ بڕی پێنج ملیۆن دینار، لەگەڵ دوو تێبینی، یەك، بە پێی ڕێنماییەكان، بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان، ئەندامانی پەرلەمان، هەركەسێك كەوا عەقدی زەواج دەكات، بۆی هەیە لەماوەی یەك ساڵ، دوای عەقدی زەواجی ئەو سولفەیە وەربگرێت، بۆیە داوامان لە وەزارەتی دارایی ئەوەیە، ئەمە ناكاتەوە ئەسەری رەجعی، بەڵكو دەكاتەوە كارپێ كردن بە ڕێنماییەكانی خۆیان، هەركەسێكی كەوا ماوەی ساڵێكی تێپەڕ

نەکردبێت، ئەم زیادەیە شمولی بکات، بە پێی ئەوە ڕێنماییانەی کە وەزارەتی دارایی خۆی هەیەتی، دوو، ڕێنماییەکان شمولی خەڵکی غەیرە فەرمانبەر بکەین، بۆ سلفەی زەواج، بە مەرجێك فەرمانبەرێك ببێتە کەفیلی، چونکە تەمەنی زەواج کردن، ئێمە دەزانین لەوانەیە نسبەتێکی زۆری ئەوانەی کە زەواج دەکەن فەرمانبەر نەبن، ئەگەر ئەمە حەسر بکرێت لەسەر فەرمانبەران، بەشێکی زۆری گەنجەکانی ئێمە لێی مەحروم دەبن، موهیم ئەوەیە حکومەت زەمانەتی ئەوە وەربگرێت، فەرمانبەرێك ببێتە کەفیلی ئەو سولفەیە، ئینجا شمولی ئەوەکانی تریش بکات، زیاد کردنی موخەسەساتی بەدەل ئازووقەی هێزەکانی ناوخۆ بگاتە 210 هەزار، هەندێکی پار جێبەجێ کرا، حکومەت ئەویتر تەکمیلە بکات، تۆڕی کۆمەڵایەتی لە 75 هەزاری پێشنیار کراو بکرێتە 150 هەزار دینار، بە مەرجێك پێداچوونەوەیەك بە مەرجەکانی بکرێت، چونکە ئەو ناونووسینەی کەوا کاتی خۆی بۆ هاوکاری کردن 30 هەزار نووسراوە، بەدیتنی من کە دەبێتە 150 هەزار، ئەبێت پێداچوونەوەیەکی ورد لە دەست نیشان کردنی ئەو خەڵکە بکرێ بۆ ئەوەی بگاتە دەستی، خەڵکی موستەهەق، پاڵپشتی کردنی هەردوو بواری بانکی کشتوکاڵی، بانکی پیشەسازی، کە ئەش بەردەوامی پێ هەبێت و زیاتر گرنگی پێ بدرێت، بە پێی بڕیارێکی پەرلەمانی کوردستان، کە پار لەگەڵ میزانیەدا جێگیر کرا، کەگرنگیدان بەناوچە سنووریەکانە، یاخود ناوچە زیان لێ کەوتووەکانە، لە دەرئەنجامی سیاسەتی ڕاگواستن و، سیاسەتی کاول کاری، ڕژێمی لەناوچوو، بۆیە ئێمە پێشنیار دەکەین کە 100ملیار دینار، ئیزافەتەن بۆ ئەو 70 ملیارە، من پێشنیار دەکەم ئەو 70 ملیارەی کە پێشنیار کرا، بکرێتە 100ملیار، دابەشی سەر، یاخود ئیزافەی سەر بودجەی پەرەپێدانی پارێزگاکان بکرێت، بە هاوسەنگی و ڕێژەی دانیشتوان، تایبەت بێت بەو ناوچانەی کەوا زیانیان پێ کەوتووە، لە دەرئەنجامی سیاسەتی ڕژێمی لەناوچوو، بڕی 70 ملیار دینار، تەرخان بکرێت بۆ هاوکاری کردنی یاخود بۆ پڕۆژەی خزمەتگوزاری، بۆ ناوچە دابڕێندراوەکان، لە سنوری هەرێمی کوردستان لە هەموو شوێنەکانی، بەرێزان بەم شێوەیەی کەوا ئێمە باسمان کرد، دەکات لەو بڕە پارەیەی کە کەم دەکرێتەوە، لە میزانیەی تەشغیلی، شەش سەدو بیست ملیار دینار، دەخرێتە سەر میزانیە یاخود دەچێتە بواری بەرهەم هێنان، بەم شێوەیە ڕێژەی کە ئەمە بەڕاستی ڕەقەمێکی دڵخۆش کەرە، ڕێژەی بودجەی بەگەڕ خستن، لەچاو بودجەی وەبەرهەم هێنان، گۆڕانکاری تێدا دەبێت، ڕێژەی بودجەی بەرهەم هێنان، ئەوکات بەرهەم هێنان دەبێتە سەدا سی و چوار پۆینت دوو لە سەد، وە ڕێژەی وەگەڕخستن کەم دەبێتەوە، بۆ سەدا شەست و شەش و پۆینت هەشت، کە ئەمەش بەڕاستی گۆڕانکاریەکی باشە، تکا دەکەم ئەو پێشنیارانە ڕەچاو بکرێن، وە گۆڕانێکی چاك لە بودجەکەدا دەکرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز کاوە محمدامین کەرەمکە.

**بەڕێز کاوە محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پشتگیری هاوکارانم سۆزان خان و کاك دڵشاد دەکەم، کەلە داشکاندنی بڕی 10٪ی بودجەی تەشغیلی، بۆ پشتگیری کردنی سولفەی زەواج و، سولفەی عەقار و قەرزی سندوقی کشتوکاڵی و پیشەسازی، بۆ دەرماڵەی ئاسایش و پۆلیس، بۆ هەڵمەتی دروست کردنی قوتابخانە و ئەوانە، ئەو لە 10٪ی بودجەی تەشغیلی دەبڕدرێت، کە بۆ سولفەی عەقار و سولفەی زەواج و ئەوانە کە تەرخان دەکرێت، بەڕاستی من قسەکانی پێشترم دووبارە دەکەمەوە، ئەوەی کە بۆ بودجەی کشتوکاڵ و پیشەسازیە، بۆ قەرزی کشتوکاڵە، تەئکید دەکەمەوە دەبێت هاوسەنگیەکیش هەبێت، بە تەنها بۆ پشتگیری کردنی قەرزی کشتوکاڵ ناکرێت، ئەگەر لایەنە پەیوەندیدارەکانی تری ئاوەدانکردنەوەی گوندەکان بەشداری نەکەن، چونکە بەتەنها تەرکیز کردنە سەر قەرزی کشتوکاڵی بە تەنها بەو ناکرێت، ئیلا دەبێتە تەرکیز بکرێتە سەر ئاوەدانکردنەوەی گوندەکان، ئاوەدانکردنەوەی گوندەکان دەبێت، ڕێگاوبانی بۆ بکرێت، دەبێت قوتابخانەی بۆ دروست بکرێت، دەبێت نەخۆشخانەی تێدابێت، دەبێت هەموو ئەو پێویستیانەی کە لە شار هەیە، کارەباو ئاو ئەوانە بکرێت، ئینجا ئێمە دەتوانین تەرکیز بکەینە سەر بەرهەمی کشتوکاڵی و پشتگیری کردنی قەرزی سندوقی کشتوکاڵی، بۆیە دەبێت ئێمە ئەو هاوسەنگییە، لەگەڵ وەزارەتەکانی تری پەیوەندیدار، بۆ ئاوەدانکردنەوە لەبەر چاو بگرین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز شێرزاد عبدالحافظ کەرەمکە.

**بەڕێز شێرزاد عبدالحافظ شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە پشتگیری پێشنیارەکانی کاك کاردۆ دەکەم بە هەموویەوە، تا ئێستا لەم بودجەیە باسی کەم ئەندام بە هیچ جۆرێك نەکراوە، کە پارەکەیان بەڕاستی زۆر کەمە، هەقی وایە وابکەین کە شتێکی زیادیان بۆ دابنێین لەو مووچەیەی کە هەیانە، بەلاَم یەك فەرقێك هەیە، ئەوەیان نازانم لە بودجەیا جێی نابێتەوە لەکوێ جێگەی بۆ بکەینەوە؟، کە هی وا هەیە دوو پەنجەی نیە، هی وا هەیە لە عەرزا کەوتووە، مووچەکەیان هەروەکو یەکە، لەبەر ئەوە ئەگەر بیرێکیش لەوەبکرێتەوە زۆر باشە، من تەئکید لەسەر ئەوە دەکەمەوە کە 210 هەزاری پۆلیس و ئاسایش و پێشمەرگە لێرە تەسبیت بکەین بۆ ئەمجارەیان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز سەمیر سەلیم ئەمین کەرەمکە.

**بەڕێز سەمیر سەلیم ئەمین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە ئەم ماددەیە تەنها تەسبیتی ڕەقەمەکانە، وەکو کاك عبدالسلام گوتی، بەس شتی تر هاتە ناویەوە، یەکەم، پێشنیار دەکەم بڕی دوو سەدو نەوەت و هەشت ملیار دیناری پەرەپێدانی پارێزگاکان، لەم ڕەقەمە

دەربكرێت، ئـەوە ئیحالـەی ئـەولای كەینـەوە، بۆیـە بیدەینـەوە بـە ئەنجومەنەكـە، چـونكە تێكەڵـە لەگـەڵ ڕەقەمەكاندا لێرە، دووەم، پڕكردنەوەی كورت هێنـان، مـادام خـۆی لـە بڕگـەی دووەم، حەسـری كـەین، ئـەم كورت هێنانەش تەنها لەو پارەیەی كە لە وەزارەتی پێشمەرگە پڕ دەكرێتـەوە، بـۆ ئـەوەی ڕێ گـری بكرێـت، لەبـەر ئـەوەی پـارەی تـر لـە شـوێنی تـر بەكاربهێنـدرێت بـۆ ئـەم پڕكردنەوەیـە، خـۆی وەزارەت بـابڵێین ئامادەكارانی بودجەكە، دیاریان كردووە لە بڕە پارەی وەزارەتـی پێشـمەرگە پـڕ دەكرێتـەوە، ئێمـە حەسـری بكەین، تەنها زیاد بكرێت بۆ جوملەكە، خاڵێكی تـر، مـن نـاڵێم هـیچ كـەم بكرێتـەوە، چـونكە ناچێتە سـەر بودجـەی ئیستیسـماری، ئـەو ئیسـتیقتاعاتەی كـە داوا دەكرێـت، هـەمووی ئەچـێتە خانـەی بودجـەی تەشغیلیەوە، چ دەرماڵە زیـاد كـردن بێت، چ مەسـەلەی هاوسـەرگیری بێـت، هـەموو ئەوانـە ئەچـنە خانـەی بودجەی تەشـغیلیەوە، لەبـەر ئـەوە پێشـنیار دەكـەم ئەمانـە ئیزافـە بكـرێن، یـەكێك لەوانـە ئـەو دەرماڵـەی (الغلاء المعیشي) یە بۆ ئەوەی عەدالەتێك بۆ جیاوازی بودجە بگەڕێتەوە، لە بودجەی تەشـغیلی، داوا دەكـەم دەرماڵـەی گرانـی یـان (الغـلاء المعیشـي) زیـاد بكرێـت، بـۆ پلـە نزمـەكان بـۆ ئـەوەی جۆرێـك لـە عەدالـەت بگێڕێتەوە، وەكو میكانیزمێك بۆ ئیش كردن لەو مەجالەدا، خاڵێكی تر دەرماڵەی ئەوەی هێزەكانی نـاوخۆ، چ ئاسـایش بێـت، چ پـۆلیس بێـت، بـەدەل ئەرزاقەكـەیان تەسـبیت بكرێـت لـەم ماددەیـەدا، خـاڵێكی تـر، توێژەرانی كۆمەڵایەتی دەرماڵەكانیان بۆ تەسبیت بكرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێز صباح محمد نجیب كەرەمكە.

**بەڕێز د.صباح محمد نجیب:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئـەم ماددەیـە دیـارە تەخسـیس كـراوە بـۆ نەفـەقات و عـەجز، وەكـو بـەردی گۆشـەی بینـا وایـە بـۆ هـەموو میزانیەك، بۆیە من پشتگیری لە هەموو ئەو پێشنیارە باشانە دەكەم كە دەبێتە هۆی زیـاد بـوونی مووچـەو دەرماڵەی هەموو چین و توێژە جیاوازەكانی ناو كۆمەڵگای كوردستان، چ كەم ئەنـدامان بێـت، چ زینـدانیانی سیاسی بێت، چ توێژەرانی كۆمەڵایەتی بێت، چ توێـژەرانی دەروونـی بێـت، هێزەكـانی ئاسـایش و پـۆلیس و هێزی پێشمەرگە بێت، مووچەی خانە نشینان بێت، هەموو ئەوانەی بە شێوەیەك لـە شـێوەكان دەرامـەتیان دیاریكراوەو مەحـدودە، ئـەبێ ئـاوڕێكی جـدیان لێ بدرێتـەوەو، چارەسـەرێكی ڕیشـەیی بـۆ بـژێوی ژیانیـان دیاری بكرێت، سەبارەت بە ماددەی یەكەم، كە پێموایە وەكو نەخشـەیەك وایـە بـۆ هـەموو میزانیـەی سـاڵی 2011، لە ماددەی یەكەم، بڕگەی ئەوەڵەن، لە خاڵی یەكـەم، پێشـنیار دەكـەم ئـەو تەخسیسـاتی پڕۆژەكـانی گەشە پێـدانی پارێزگاكـان لابرێـت، تـەنها بـۆ ئەوەنـدە ئیتیفـا بكرێـت، (مبلـغ قـدره اربعـة ترلیـون و مائـە وخمسون ملیار لنفقات المشاریع الاستثماریة)، ئەمەیان لابرێت(بضمنه تخصیصات الاعمـار وتنمیـة مشـاریع الاقالیم والمحافظات)، سەبارەت بەو پێشنیارانەی كە كرا، بە ڕەئی منیش وەكو لایـەنی فـەنی هەقـە بخرێتـە ناو ئەحكامی خیتامیـەوە، چـونكە لـەوێ لـە ئـەحكامی خیتـامی زۆر لـەو مەسـلانە بـاس كـراوە، دەسـتكاری

ڕەقەمەکان لەویٚ بکریٚت، ئەگینا ئەوەی کە لیٚرە هەیە، خۆ ئەمان بینی نەفەقاتی تەشغیلی لیٚی کەم بکریٚتەوە، بخریٚتە سەر نەفەقاتی ئیستیسماری بەو شیٚوەیە، لیٚرە تەحدیدی نەفەقەی تەشغیلی کراوە، تەحدیدی مەشاریعی ئیستیسماری کراوە، بەو شیٚوەیەی کە هەیە، جا مەوزوعیٚکی زۆر گرنگ هەیە کە ئیٚمە ئەتوانین ڕەچاوی بکەین، فیعلەن هەر کام لە ئەنجومەنی دادوەری، پەرلەمانی کوردستان، حکومەتی هەریٚم، سەرۆکایەتی، چەنیٚکیان پیٚویستە بۆ ئەوەی کە کاروباری خۆیان بەڕیٚوەبەرن بە پیٚی ئەو بەرنامەیەی کە هەیانە، زیاد لەوە ئەگەر هەبیٚت، بەڕاستی ئەچیٚتە بابی ئیسراف و تەبزیرەوە، ئەبیٚ بەشیٚوەیەکی پیٚویست موعالەجە بکریٚت، زۆر سوپاس.

**بەڕیٚز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕیٚز ئەمیرگۆگا یوسف کەرەمکە.

**بەڕیٚز ئەمیر گۆگا یوسف:**

**بەڕیٚز سەرۆکی پەرلەمان.**

پیٚشەکی پشتگیری ل بۆچوونیٚ سۆزان خانی و کاک دلٚشادی دکەم، بە تایبەتی کاک دلٚشاد دەربارەی سلفەی زەواج، بەڕیٚز سەرۆکیٚ پەرلەمانی، ل دانیشتنیٚت ڤان ڕۆژیٚ بوریدا، چەند خالٚ هاتنە دیار کرن، چەند خالیٚت هاتن دەربارەی ئەو ژی، ئەو پرۆژیٚت هاتینە دەست نیشان کرن، گەلەك ژوان تیٚبینی سەر وان پرۆژە هەبین، هندەك چەواتیا جیٚبەجیٚ کرنا وان پرۆژا وەسا ئەو مەبلەغیٚت بۆ وان هاتیە دیار کرن، هەروەسا جهیٚت پەیوەندیدار گەلەك ژوان نەهاتینە گەل کۆنترۆل کرن، ل بەر هندیٚ ئەز پیٚشنیار دکەم، هەروەکو بودجا عیراقیٚ فیدرال هاتی، (النفقات: المادة الثانیة:

اولاً/ علی المحافظ تقدیم خطة اعمار المحافظة والاقضیة والنواحی التابعة لها للمصادقة علیها من قبل مجلس المحافظة الی وزارة التخطیط لغرض دراستها والمصادقة علیها مع مراعات المناطق الاکثر تضررا وعدد السکان.

ثانیا/ یتولی المحافظ تنفیذ خطة اعمار مقررة ویتولی مجلس المحافظة مسؤولیة مراقبة التنفیذ مع الجهات ذات العلاقة) ئەگەر ئەڤ دوو خالە بیٚنە زیدە کرن، ئەو دوو ماددە دیٚ مە گەلەك ئاریشیٚ قورتار کەت، هەروەسا دیف چونا ڤان پرۆژە ژی دیٚ باش بیت، سوپاس.

**بەڕیٚز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، بەڕیٚز فاضل حسن اسماعیل کەرەمکە.

**بەڕیٚز فاضل حسن اسماعیل:**

**بەڕیٚزسەرۆکی پەرلەمان.**

سوپاس قسەکانی من کرا.

**بەڕیٚز سەرۆکی پەرلەمان:**

دەست خۆش، سوپاس، بەڕیٚز هاژە سلیٚمان کەرەمکە.

**بەڕێز هاژە سلێمان مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دەربارەی ماددەی یەکەم، بەتایبەتی لە نەفەقاتی تەشغیلی منیش پشتگیری لەوە دەکەم، لە بڕینی نەفەقاتی تەشغیلی بە بڕی 10٪، هەر لە بەشەکانی مینەح ومەسروفات ئوخرە،

چونکە بڕێکی زۆری بۆ تەرخان کراوە، نیوەی بخرێتە سەر بودجەی وەبەرهێنان و نیوەکەی تریشی لەو بوارانە کە ئێستا ئاماژەیان پێدرا لە زیادکردنی پێشینەی هاوسەرگیری و خانووبەرەو چاککردنی مووچەی پۆلیس و ئاسایش و پێشمەرگە و ئەو فەرمانبەرانەی کە پەلەکانیان نزمە، هەر لیژنەی داراییش بەڕاستی لە ڕاپۆرتەکەی دا، ئاماژەی بەوە دابوو لە خاڵی 12 کە بڕی تەرخان کراو بۆ ئەو بەشانە بە نزیکەی 3 ترلۆین و شەش ملیار دینار دەخەملێنەدرێت دەکرێت بە ڕێژەکانی 5٪ و 10٪ و 15٪ کەم بکرێتەوە، لەسەر ئەو تەرخان کراوانەی کە لێرە تەرخان دەکرێت زیاد بکرێت، دەربارەی بڕگەی 4 ئەو بڕەی کە تەرخان کراوە بۆ خەرجی ئەنجومەنی دادوەری بەڕای منیش ئەو بڕە زۆر زۆرە، ئەگەر ساڵی پار یەعنی لە 2010 تەنها 39 ملیاری سەرف کردبێت، دەکرێ بڕێکی تری بۆزیاد بکرێت، بەڵام ئەو بڕە زۆرە دەکرێ هەر تەنها پەنجا ملیار دیناری بۆ تەرخان بکرێت، دەربارەی دووەم/ کورت هێنانەکە بەڕاستی ئەو کورتهێنانە کە نزیکەی دوو ئەوەندەی ساڵێ پارە وڕێژەی کورت هێنانەکە 11,01 ئەوە دەبێ بەڕاستی حکومەت چارەسەری ئەو کورتهێنانە بکات، ناکرێت هەموو ساڵێك بەو شێوەیە بهێڵدرێتەوە، بۆیە دەکرێ کە کورتهێنانەکە بەشێوەیەك لە شێوەکان بەبڕینی بەشێك لەوانە چارەسەری بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك شێردڵ فەرموو.

**بەڕێز شێردڵ تحسين محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پشتگیری لە سۆزان خان دەکەم، بەس یەك خاڵ ئیختلافمان هەیە لەگەڵ سۆزان خان کە ئەو بڕەیەی کە بۆ وەرزش داندراوە، بەڕێزان پار کە ئێمە تەڵەبمان کرد 10 ملیار دینار بۆ وەرزش و بۆ ژێرخانی وەرزشی کە ئەو یاریگایانە چاك بکرێنەوە بۆ بتوڵەی ڤیڤا، بەڵام کە درا وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان، ئەوان کردیانە یاریگای بچووك، ئەوە ئیستفادەی لێ ناکرێت، بەس ئیستفادە بۆ ئەو مەنتقانەیە کە لاوان و گەنجەکان لەوێ یاری تێدا بکەن، ئێستا ئێمە کە بتوڵەیەکمان لەپێشە گەوەرترین بتوڵەی ڤیڤایە و ئێمە دەمانەوێ پارەیەك تەرخان بکرێت کە بۆ ئەوەی 13 یاریگا ئامادە بێت بۆ ئەو بتوڵەیە، تەبیعی قسەکانی خۆم بە دوو وتەی کۆری و ئەڵمانی دەست پێ دەکەم، یەکەم/ گەر دەتەوێ بەندیخانەیەك دابخەی ئەوا یاریگایەك دەبێ دروست بکەی، ئەوە وتەی کۆریەکانە، کە دەڵێن بەندیخانە ئەگەر دابخرێت دەبێ یاریگایەك دروست بکەی، دووەم/ کە ئەڵمانیەکان دەڵێن سوودی یاریگا و یانە دروست کردن هاوتەریبی دروست کردنی نەخۆشخانە و قوتابخانەیە، یەعنی دایانناوە کە قوتابخانە و یاریگا و نەخۆشخانە ئەوە

هاوتەریبن لەگەڵ یەکتری، بۆیە برادەران من ئێستا هی ڤیڤایەکە دەبێ بڕە پارەیەك تەخسیس بکەین ئەو 10 ملیارەی کە سۆزان خان تەرحی کرد بۆ تەعمیر کردنی یاریگایەکانە، بۆ خۆ ئامادەکردن بۆ بتوڵەی ڤیڤا ئەوە یەك، دووەم/ ئێمە لەبیر نەکەین بتوڵەیەك هەیە بتوڵەی ئاسیا، یانەکانمان بەشداری دەکەن چەند ساڵە ئەو یانانەی کە لە ئاسیا و لە جێگایەکانی تردا دێنەوە کوردستان یاری دەکەن، ئێستا ئەمڕۆ لە هەولێر یانەی سەنغافوری یاری دەکات لە دهۆکیش یانەی هندی دێ یاری دەکات، ئەوە پارەیەکی زۆری دەوێ یانەکان ناتوانن تەحەمولی ئەو بڕە پارەیە بکەن، دەبی بۆ یانەکانیش لە بۆ ئەو یانەیەی کە موشارەکەی دەکات ئایا یانەکانی هەولێر بی یان سلێمانی بێت یان دهۆك بێت بڕێك پارە تەرخان بکرێت، ئەویش نابێ لە 10ملیار کەمتر بێت، چونکە ئەگەر 10 ملیار کەمتر بێت ناتوانێ، ئیستغراب مەکەن کە ئێمە 10 ملیار دینار بۆ تەعمیر کردنی یانەکان، یەك مەلعەب لە کەرکووك حکومەتی عیراقی تەعمیری دەکات 30 ملیار دیناری بۆ تەرخان کراوە، یەك یاریگا کە تەرخان کراوە بۆ تەعمیر کردنی یاریگایەك 30 ملیار دینار تەرخان کراوە، ئێمە بۆ 13 یاریگا لە کوردستان ئامادەبن بۆ بتوڵەکان 10 ملیارمان ویستووە، دووەم شت بۆ خۆتان دەزانن کە وەرزش گرنگیەکی زۆری هەیە لە جیهان، ئەوە فەرموو سەرۆك دەولەتەکان کە بۆ بانگەشەی هەڵبژاردن لەناو یاریگایەکان یاری دەکەن تەمرین دەکەن، ئێمە بۆ وەرزش زۆر بە سووکی تەماشای بکەین، ئەوە سەرۆکەکان، ئۆباما و ئەردۆگان و بۆتین کە بۆ ئینتخابات دیعایەی دەکەن، من لێرەدا یەکەمین جار 10 ملیار تەرخان بکرێت بۆ بتوڵەی ڤیڤا وەزارەتی دارایی بە هەماهەنگی لەگەڵ یەکێتی تۆپی پێی نەك بدرێتە وەزارەتی رۆشنبیری بچێت یاریگام بۆ دروست بکات، دووەمیان ئەوەی موشارەکەی بتوڵات دەکەن 10 ملیار دیناری بۆ تەرخان بکرێت بۆ موشارەکەکردن، کێشەی وەرزش لەگەڵ کاك رشید دا کە دەزانی چ کێشەیان هەیە لەگەڵ وەرزش، سێیەم/ کە پارەی لیژنەی ئۆلۆمپی کە ملیارێك و نیویان دانابوو نازانم کێ لەگەڵ ئەوان دانیشتووە کە ئەو ملیارو نیوەی داناوە، سێ ملیارەکە پڕ بەپێستی خۆیەتی کەبۆیان داناوە کە کاری لەسەر بکەن، ئێمە نابێ پارەی ئۆلۆمپی لەبیر بکەین، پارەی ئۆلۆمپی کە هەمووومان تەئیدمان کرد کە شتێکیان بۆ دابنێین، ئەو پارە ئۆلۆمپیە دەبێ بەلای کەمی ملیارێکە، یان ملیارو نیوێك بۆیان تەخصیص بکرێت، ئاخر قسەم ئەوەیە لەسەر وەرزش من کەخۆم وەرزشوانێکم، چاو لە قسەی برادەران دەکەین، کە ئەو پارەی بۆ تەخصیص بکرێت، دووەمیش ئەگەر پاڵەوانێتی کوردستان بمانەوێت پێش بکەوێت، بمانەوێت ڕەنگێکی جوان و ڕێکوپێك بدات، دەبێ پارەیەك بۆ ئەوەی یەکەم دەبێت لەسەر ئاستی کوردستان و عێراق تا کەمێك پارەیان بۆ تەخصیص بکەین، تا دەعم بکرێت لەلایەن وەزارەتی داراییەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، بەڕێز عونی کمال فەرموو.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من وەکو ئەندامێکی لیژنەی یاسایی پەرلـەمانی کوردسـتان، پشـتگیری لـەوە دەکـەم بەنیسـبەت ئەنجومـەنی قەزا، پارەکە لەلایەن حکومەت چەند تەخصیص کراوە، هەروەکو خۆی بمێنێتەوە، ئەگەر ئێمە دەمانـەوێت یاسا سەروەر بێت لەکوردستان، دەسەڵاتی دادوەری سەربەخۆ بێت لەکوردستاندا، بۆیـە مـن لەگـەڵ ئـەوەدام کە ئەو پارەیە کەتەرخانکراوە بۆ ئەنجومەنی دادوەری هەروەکو خۆی بمێنێتەوە، ئـەو پێشـنیارەی لیژنـەی یاسایی بە ئیزافەکردنی سەڵاحیاتی سەرف بۆ سەرۆکی ئەنجومەنی دادوەری کـە پێشـنیار کـراوە لـەڕاپۆرتی لیژنەی یاسایی پەسەند بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێز عمر عبدالرحمن، فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەنیسبەت ئەو بڕە پارەی کە تەخصیص کراوە بۆ مەجلسی قەزا، منیش هاوڕام لەسەر ئەوەی کە ئـەو بـڕە پارەیـە وەکـو خـۆی بمێنێتـەوە، بـەو شـێوەی کـە لیژنـەی یاسـایی بڕیـاری لەسـەر چـۆنیەتی سـەرفی داوە بەدەسەڵاتی قەزا، ئەویش لەبـەر چـەند هۆیـەك، یەکـەم: بـۆ نموونـە ئێمـە لەشاری سلێمانی ئێسـتا کـەمی حاکممان هەیە، پێویستیمان بەوە هەیە کەوا چەند حاکمێکی تر، ئەگـەر نـەڵێم 100 حـاکم لەوانەیـە 50 حاکمی تری پێویست بێت کە تەعین بکرێت، لەبەر ئەوەی لەهـەموو قەزاکانـدا ئێسـتا وابڕیـارە کـەوا دادگـا بکرێتەوە، ئەم دادگایانەش کە کرایەوە پێویستی بە حاکمـە، پێویستی بەدامودەزگایـە، پێویسـتی بـە بینـای مەحکەمەیە، هەروەها پێویستی بەخانووە بکرێت بۆ حاکم، بـۆ نائـب مـدعی عامـەکان، تـا خـەڵك بتوانێـت لەو قەزایانەدا بمێنێتـەوە، لەبـەر ئـەوە ئەمـە دەبێتـە هـۆی ئـەوەی کـە کولفەیـەك لەسـەر مەجلیسـی قـەزا دروست بێت، بۆیە پێم باشە، ئەو بڕەی کە بۆ مەجلسی قەزا دانراوە، وەکو خۆی بمێنێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێز پەیمان عزالدین ، فەرموو.

**بەڕێز پەیمان عزالدین عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ڕاسـتیەکەی لەبـەر ئـەوەی هـەموومان کـۆکین لـەم چـەند ڕۆژەی ڕابـردوودا، ئـەو تەخصیصـاتانەی لـەم ماددەیەدا هاتووەتە پێشەوە، لەماددەی یەکەمدا، پێویستی بەگۆڕانکاری هەیە، وە چـەندین نسـبە، چـەندین کەمکردنەوە لە نەفەقاتی تەشغیلی هەیە، بەپێی هەندێك لـە ڕەئـەکان، کەواتـە کـۆکین لەسـەر ئـەوەی کـە ئـەم ماددەیـە دەبێـت کـەمێکی لـێ کـەم بکرێتـەوە، ئـەوەش تەخصـیص بکرێـت بـۆ کۆمـەڵێك بـواری تـر، وەچەندین نسبە بەرگوێمان دەکەوێت لە 10٪، لە 25٪، لە 50٪، من تەسـەور دەکـەم ئـیش کـردن لەسـەر بودجە ئاواهی بەتەخمینات و بە مەزەنەی عەقڵ نیە، کە ئێمە چ ماددەیەك یان لە ٪ چەند ئەکەین، بۆیـە پێویستە ئێمە لەسەر هەموو بڕگەکانی ئەم ماددەیە بوەستین، بزانین لەکام بڕگەیەدا بەفیعلی زیادە هەیە،

وە پێویستی بەکەم کردنەوە هەیە، ئەو کاتە کە ڕێك کەوتین لەسەر زیاد کردنی بڕگەیەك، نسبەی حەقیقی ئەو زیادانەمان بۆ دەردەکەوێت کە لە 10٪ یە یان 25٪ە یە، یان 50٪ کەیە، ئەشتوانین لەسەر ئەو ئەساسە تەخصیص بکەین کە بۆ چ بوارێکە کە پڕی دەکاتەوە، بۆیە من قسە لەسەر هەموو بڕەگەکان دەکەم، سەرەتا بڕگەی یەکەمی ئەو پارەیەی کە بۆ نەفەقاتی مەشاریعی ئیستسماری دانراوە، ئەمە یەکێکە لەوانەی کە بەڕەئی من پێویستی بە کەمکردنەوە هەیە، بەڕاستی ئەو گفتوگۆیانەی کە لەدوو ڕۆژی ڕابردوو کرا، چونکە حەتا وەزیری پلاندانانیش باسی ئەوەی کرد، کە چەند پرۆژەیەك وەکو نموونە دراوە پێیان کە دووبارەیە، ئەبێت دەربهێندرێت، بێجگە لەوەی کە نموونە هێنرایەوە لە هۆڵی پەرلەماندا، کە کۆمەڵێك پرۆژە هەیە هی کەرتی تایبەتن، جیاوازی لە گوژمەکاندا هەیە، هەندێك پرۆژە هەیە، بەپێی یاسای مەقاولات نابێت پارەی بۆی تەخصیص بکرێت، چونکە هێشتا مەرحەلەی پرۆژەکە، لەو مەرحەلەیەدا نیە کە پارەی بۆ تەخصیص بکرێت، ئەمەش دەبێت دەربهێندرێت، لەبڕگەی دووەمدا ئەو پارەی کە بۆ نەفەقاتی تەشغیلی دانراوە، تەشغیلیش دوو بەشە، مووچە، تەعویزاتی فەرمانبەران، لەگەڵ نەفەقاتی تردا، لەمووچەدا دیسان لەلایەن ئەندامانی پەرلەنەوە باسی کۆمەڵێك ڕەقەم کرا، ئەوانە مووچە خۆرانی حزبن، لەسەر مووچە، باس لەکۆمەڵێك ژمارە کرا، خانەنشینان بەپلەی وەزیری، پلە تایبەتەکان، کەڕۆژێك وەزیفەی حکومیان نەدیوە، لەسەر ئەوە ئەو مووچە خۆرانەش دەربهێندرێت، ئەو خانەنشینانە، ئەوەش پارەیەکە دیسانەوە دەبێ بزانین چۆنە؟، بێجگە لەوەی هەر لەمووچەدا بۆ ئەو 25 هەزارەی کەدانراون، باس کرا کەنزیکەی 1 تریلیۆن دانراوە بۆ ئەو 25 هەزارە، هەرچەندە وەزیری دارایی جوابێکی دایەوە، بۆ من بەش بەحاڵی خۆم جێگای قەناعەت نەبوو، لەبەر ئەوەی پارەی کارەبای لەناو مووچەی فەرمانبەرانی تازە تەعیندا باسکرد، کەئەمەش دەبێت یەکلایی بکرێتەوەو دەربهێندرێت، لەنەفەقاتی تەشغیلیدا دیسانەوە زیادە، لەنەفەقاتی باڵێین سیلەع وخەدەمات و هەتا دوایی، ئینجا لەتەعویزاتی فەرمانبەران، ئەویش نزیکەی 1 تریلیۆن زیاتر جیاوازی هەیە، کە ئەمەش دەبێت کەم بکرێتەوە، لە بڕگەی 3 و 4، کەتایبەتە بەنەفەقاتی پەرلەمان و مەجلسی قەزا، ڕاستیەکەی بۆ ئەم دوو نەفەقەیە بۆ ئەوەی ئێمە قسەی لەسەر بکەین، بڵێین زۆرە، وەکو خۆی بمێنێتەوە، یان کەمە، بەڕاستی ئەبێت پەنا ببەینە بەر حاسەی شەشەممان، چونکە هیچ شتێك نیە تا ئێمە بزانین لەسەر چ ئەساسێك ئەمە وای لێهاتووە، پەرلەمان کەمکراوەتەوە، یان مەجلسی قەزا زیاد کراوە، جگە لەوە کە دەمەوێت تیشك بخەمە سەر ئەوە، وەختێك کە ئێمە باس لە نەفەقاتی مەجلسی قەزا دەکەین، ئەبێت بگەڕێینەوە بۆ مەبدەئی سەربەخۆیی، مەبدەئی سەربەخۆیی مەجلسی قەزا چیە؟، ئایا مەبەستمان ئەوەیە، کە سەربەخۆ بێت لە قەراراتدا، کە ئەمە مەفهومی ڕاستی سەربەخۆیی مەجلسی قەزایە، یان ئەمانەوێت مەجلسی قەزا فیدڕالی هەبێت لەناو هەرێمی کوردستانی فیدڕالدا، ئەمە دوو شتی جیاوازە بەڕاستی دەبێت ئەمە یەکلایی بکەینەوە، چونکە مەسەلەی بودجە، بەڕای من مەجلسی قەزاش وەك هەر شوێنێکی تر خازعە بۆ چاودێری پەرلەمان و چاودێری دارایی، کە ئەمە ناکرێت بیخەینە ناو مەبدەئی سەربەخۆیی مەجلسی

قەزاوە، بۆیە دەکرێت لێرەدا بپرسین، 9 ملیار بۆ بووە بەوەندە؟، لەسەر ئەساسی ئەو قسەیە بێت کە ئێمە بـۆ داهـاتوو بـیر لـە مەحکەمـە بکەینـەوە، ڕەنگـە بۆداهـاتوو 100 حـاکم دابنـێین، لەسـەر ئەساسـی ئیحتیمالاتـەوە، بودجـە زیـاد بکـەین، بەڕاسـتی مـن تەسـەور دەکـەم لـە هـیچ شـوێنێکی مـەبادئی ئابووریـدا جێگـای نەبێتـەوە، مـاددەی یەکـەم، خـاڵی دووەم، بـاس لـە عـەجز ئـەکات، دیسـان ئەمـە ئـەبێت لەسـەری ڕابوەستین، چونکە عەجز کاتێك ئـەبێت بـە موخەتـەت کـە لەحساباتی خیتامیـدا وەکـو خـۆی بـە عـەجز نەهاتبێتەوە، لە حساباتی خیتـامی سـاڵی 2007 تـە یـان 2008تـە، ئـەم عـەجزە بـوونی هـەبووە، کەواتـە حەقیقیە بۆ ئەو سێ ساڵە، لەوانەیە ئەو بیانووەمان هەبێت بۆ 2010 و2011 موخەتەتە، لەبـەر ئـەوەی حساباتی خیتامی نیە، بەس خۆ ئەبێت لەناو عەجزەکەدا دیاری بکرێت، ئەوە کەمبکرێتەوە، حەقیقیـەکان جیابکرێتـەوە، بـۆ ئـەوەی ئەوسـا بـزانین لـەکوێ ئـەم کەمکردنەوانـەی لـەم خاڵانـەدا کردمـان، چـەند زیـاد ئەبێـت، چەند عەجزەکەی پێ پڕدەکەینەوە، چۆنیش دەیخەینە سـەر بوارەکـانی تـر، بۆیـە لەکۆتاییـدا مـن پێشنیار دەکەم، تێکڕای ئەو خاڵانە، بەوردی لەدەرفـەتێکی زۆر کەمـدا، هـەموو ئەوانـە دەربهێـنین، بـزانین نەقسەکان لەکوێدان ئەوسا بڕگەیەك زیاد بکەین کەئێمە لە ٪ چەند کەم دەکەینەوە لەبودجە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، بەڕێز پائر عبدالاحد اوغسگین، فەرموو.

**بەڕێزد. ثائر عبدالاحد اوغسطین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتگیری لەقسەکانی سۆزان خان وکاك ئەمیر و کاك شێردڵ دەکەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێز یەشار نجم الدین، فەرموو.

**بەڕێز یشار نجم الدین نورالدین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشـتگیری پێشـنیارەکانی لیسـتی کوردسـتانی دەکـەم، کـە سـلفەی هاوسـەرگیری (5) ملیـۆن بێـت، وە سـلفەی عەقار (20) ملیۆن بێت، بەس لە سولفەی عەقار موشکیلەیەك هەیـە، ئـەو کەسـانەی کەپارچـە زەوییـەکی 200 مـەتریان هەیـە، بـەناوی دوو کەسـە، ئـەو 20 ملیۆنـە نادرێـت بەهـەردوو کەسـەکە، هـەر یەکـەو 10 ملیۆنیـان بەردەکـەوێت، ئەگـەر ئـەو سـولفە 20 ملیۆنیـە ئـاوا دابـەش دەکرێـت، کەواتـە ئـەو کاتـە 30 ملیۆنەکەی برادەرانی لیستی گۆڕان پێم باشترە، چونکە هەریەکـەو 15 ملیۆنیـان بەردەکـەوێت، کـەم کـەس هەیە کە 20 ملیۆن وەربگرێت، لێرە کە 20 ملیۆنیان بـۆ دەستنیشـان دەکـەین، وەری نـاگرن تـەعلیماتێکی وایـان دانـاوە کـەم کـەس هەیـە ئـەو 20 ملیۆنـە وەربگرێـت، خـاڵێکی تـر ئـەو بـڕە پـارەی کـەبۆ وەزارەت و بەڕێوەبەرایەتیە گشتیەکان لە بودجەدا تەرخان دەکرێـت، وەزارەتـی دارایـی خـۆ موافەقـەی لەسـەر دەکـات، دوایی پەرلەمانیش دەنگی بۆ دەدات، لەکۆتایی ساڵدا کەداوای چالاکی و کڕینی شتەکان دەکـەن، هـەم دیسـان

موافەقەتی وەزارەتی دارایی دەوێت، زۆرجاریش ئەو موافەقەتەیان پێ نادرێت، بۆ نموونـە بەڕێوەبەرایـەتی گشتی ڕۆشنبیری وهونەری تورکمان، بودجەکەیان لە 30٪ی بۆسـەرفکراوە پارسـاڵ، کەواتـە ئـەو پـارەی کـە ئێستا بۆیان دانـراوە، وەزارەت خـۆی موافەقـەی لەسـەر کـردووە، پەرلـەمانیش دەنگـی بـۆ دەدات، لـەکۆتایی ساڵدا هەم دیسان بۆیان سەرف ناکرێتەوە، بەتایبەتی ئـەو بەڕێوەبەرایەتیانـەی کەتایبەتمەنـدی نەتـەوەیان هەیە، حەقە ئەو بڕە پارەی کە ئێستا بۆیان تەرخان دەکرێت، بەدرێژایی ساڵ بۆیان سەرفبکرێت، هـەروەها لـەخاڵێکی تـر سـەبارەت بـەبواری وەرزش، پارسـاڵ ئـەو 10 ملیـار دینارەیـان بـۆ دانرابـوو، بـەڵام هـیچ پاڵەوانێتیەکی نێودەوڵەتی نەبوو، کە ئەمساڵ 25 ملیـار داوادەکرێـت، زیاتریـان داوا کـردووە، کـاك شـێردڵ دیارە بەشـێوەیەکی زۆر ڕێکوپێـك ئـەو بابەتـەی خستەڕوو، پاڵـەوانێتی نێودەوڵـەتی لـە کوردسـتان ئـەنجام دەدرێت، پێویستی بەیاریگای کوالێتی هەیە، ئەو وڵاتانـە بەهـەموو یاریگایـەك ڕازی نـابن، هـەروەها هـەموو دونیا چاوی لەسەر ئەو پاڵەوانیەتیەیە، چونکە شتێکی ناوخۆیی نیە، پێویست دەکات ئـەو بـڕە پارەیـان بـۆ تەرخان بکرێت، چونکە لەنەتیجەدا ئەوە تەنها بۆ وەرزشوانان نیە، بۆ گشت خەڵکی کوردستانە، بۆ هـەموو چین وتوێژەکانـە، لابردنـی تـەئمین لەسـەر ژیـان، ئـەوە لـەڕووی ئایینیـەوە وەك حـاجی بیلالـیش ئامـاژەی پێکـرد، زۆربـەی مامۆسـتاکان پێیـان وایـە، ئـەو بـڕە پـارەی کـە وەردەگیرێـت بـەناوی تـەئمین لەسـەر ژیـان، لەڕووی شەرعەوە حەرامە، فتوای لەسەر دراوە، هەروەها هاوسەنگ کردنی ئـەو دەرماڵـەی بـۆ فەرمانبـەران پارسـاڵیش ئـەوە خرایـە ڕوو، وەزارەتـی دارایـی دیـاربوو، ئامـاژەی بـەوەکرد، چـونکە مامۆسـتا بڕێـك پـارە لەکوردسـتان وەردەگـرن، کـە لەحکومـەتی عێراقـی بـۆ مامۆسـتا سـەرف ناکرێـت، ئەگـەر ئێمـە هـەموو کارمەندەکانمان هاوسەنگ بکەین لەگەڵ عێراق، دیارە ئەوکات مامۆستاکان مەغدور دەبن دەبێت، پارەیـان کـەم بکرێتـەوە، بـۆ ئـەوەی پـارەی مامۆسـتا کـەم نەکرێتـەوە نـابێ هـیچ کارمەنـدێکی نـاوخۆ، هـیچ فەرمانبەرێکی تر ئەو بڕە پارەی بۆ زیاد بکرێت، کەواتە مامۆستا حەقی هەموو شەریحەکانی تـر دەخـوات، پارەی مامۆستا وەکو خۆی بمێنێتەوە، ئەوانی تریش زیاد بکرێن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، بەڕێز جیهان اسماعیل بنیامین، فەرموو.

**بەڕێز جیهان اسماعیل بنیامین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

قسەکانی من کران، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، بەڕێز یاووز خورشید عثمان، فەرموو.

**بەڕێز یاووز خورشید عثمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پشتگیری لەقسەکانی کاك یەشار دەکەم، ئیزافاتی ترم نیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێز كەیلی اكرم احمد، فەرموو.

**بەڕێز كەیلی اكرم احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

منیش پشتگیری كەمكردنەوەی بودجەی تەشغیلی دەكەم، لە 10٪ وە پشتگیری ئەو زیادانەش دەكەم، هەروەها تەرخانكردنی بڕە پارەیەك بۆ هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاكان، هەروەها پشتگیری پێشنیارەكەی لیژنەی دارایی دەكەم، بەزیادكردنی نەفەقاتی پەرلەمان، بۆ 74 ملیار دینار، بۆ دروست كردنی نووسینگەكان، هەروەها كەمكردنەوەی نەفەقاتی مەجلسی قەزا، پشتگیری صیاغەكەی لیژنەی یاسایش دەكەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێز اسماعیل محمود عبدالله، فەرموو.

**بەڕێز اسماعیل محمود عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

یەكەم: منیش پشتیوانی لە ڕەئیەكەی كاك دڵشاد و سۆزان خان دەكەم، بە بڕینی لە 10٪ لە بودجەی تەشغیلی وە دابەشكردنی لەسەر ئەو خاڵانە، بەتایبەتی زیاد كردنی 210 هەزارەكە بۆ پۆلیس و ئاسایش، نەك هەر پۆلیس كە ئێمە دەڵێین هێزەكانی ناوخۆ مەبەستمان پۆلیس وئاسایشە لەهەرێمی كوردستان، 210 هەزارەكە هەم پۆلیس، هەم ئاسایش بگرێتەوە، چونكە ئەوەی تا ئێستا باس دەكرێت، دەڵێین هێزەكانی ناوخۆ، هێزی ناوخۆ تەنها پۆلیس نیە، ئاسایشیشی لەگەڵە، ئێمە ئیتیفاقمان لەسەر ئەوە كردووە، ئەو بڕە، هەم پۆلیس و هەم ئاسایش بگرێتەوە لەهەرێمی كوردستان، دووەم: بۆ سولفەی زەواج پشتیوانی لە 5 ملیۆنەكە دەكەم، 20 ملیۆن دینارەكەش بۆ سولفەی عەقاری، سەبارەت بەوەی كەسۆزان خان باسی 75 ملیاری بۆ ئەو قەزاو ناحیانەی كە بەر شاڵاوی ڕاگواستن كەوتوون، من پشتگیری لە ڕەئیەكەی كاك دڵشاد دەكەم، كە ببێت بە 100 ملیار دینار، بۆ ئەو قەزاو ناحیانەی كە بەر شاڵاوی ڕاگواستن كەوتوون، بەتایبەتی ساڵی پار ئێمە زۆر قسەمان لەسەر ئەوە كرد، كە ئەو قەزاو ناحیانەی بەر شاڵاوی ڕاگواستن كەوتوون تا ئێستا ڕەنگە وەك پێویست ئاوڕیان لێ نەدرابێتەوە، ئێمە بتوانین لەو 100 ملیارە قەرەبووی ئەو ناعەدالەتیەی لە پرۆژەكاندا هەیە، بەتایبەتی لە پرۆژەی پێشنیار كراوی بودجەی 2011، من بەنموونە بیهێنمەوە، قەزای چۆمان لە باڵەكایەتی، سێ پرۆژەی بچووكی پێشكەش كردووە، كە یەكێكیان: 2 ملیارو 500 تە بۆ جووت سایدەكەی كە ساڵی پاریش هەر بەردەوام بووە، یەكێكی تریان 2 ملیۆنە بۆ ئاوی شیوە ڕەش، یەكێكیان بۆ دروست كردنی بینای تۆڕی كۆمەڵایەتیە، یەعنی قەزایەكی وا گەورە، چوار ناحیەی هەیە، هەموو قەزاكان من پێم وایە مەغدورن، لەبەر ئەوە بەڕاستی دەبێ لەو 100 ملیارەی كە كاك دڵشاد پێشكەشی كرد، من پشتیوانی دەكەم، ئەوە زیاد بكرێت، بۆ ئەو قەزاو ناحیانەی كە

زەرەرمەنـد بـوون، بـەر شالاوی ڕاگواسـتن کـەوتوون لەسـەردەمی ڕژێـم، وە پشـتیوانیش لـەو خاڵـە دەکـەم، بەتایبـەتی 150 ملیـار بـۆ هەڵمـەتی دروسـت کردنـی قوتابخانـەکان، کـە سـاڵی پـار ئـەوە دەوری زۆر باشـی هەبوو، ئەمساڵ دووبارە ببێتەوە، تـا بتـوانین زۆرێ لـەو قوتابخانانـەی کـە پێویسـتن چارەسـەر بکـرێن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێز ئاشتی عزیز صالح، فەرموو.

**بەڕێز ئاشتی عزیز صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من سەرەتا دەمەوێت لەسەر ئەوە قسە بکەم، ئێمـە بـە هەڵەیـەکی قسـەکردن و گفتوگۆدا دەڕۆیـن، ئەگـەر سەرەتا ئەو ڕەنووسانەی کـە لەبەردەممانـدایـە، ئەگـەرێکی زۆری هەیـە کـە گۆڕانکـاری بەسـەردا بێـت، واتـە ئێمە لەسەر ڕەنووسێك قسە دەکەین، کە ڕەنووسێکی دروست وتـەواو نیـە، دواتـر ئێمـە لەسـەر دابەشـکردن وئیستقتاعەکان قسە بکەین، ئێمە لـەڕۆژانی پێشـوودا کۆمـەڵێك تێبینیمـان داوە سـەبارەت بـەوەی کـە ئـەم خەرجیە، ئەم بودجەی بەکاربردنە، گۆڕانکاری لـە ژمارەکانیـدا دێـت، ئـەو ڕاپۆرتـەی کـە لەبەردەممانـدایـە، سەبارەت بەخەرجی فیعلی، 2010/6/30 ، وە بەراورد بـە ڕەشنووسـی 2011، گۆڕانکـاری لـە ژمارەکانـدا دەکرێت، کە ئەمە فەرقێکی گەورەی ئـەم ڕەنووسـە تـەنها لـە ژمـارەدا نیـە، بـەڵکو گۆڕانکـاری بەسـەرداهات وبەسـەر خـەرجی و نەفەقاتەکانیشـدا دێـت، کەواتـە ئەگـەر ئێمـە ژمـارەی نەفـەقات، ژمارەیـەکی دروسـت نـەبێت، کەواتـە دابەشـکردنەکەشمان لەئاینـدەدا دەبـێ گۆڕانکـاری بەسـەردا بێـت، هـەروەها لـە قـەرەبووی فەرمانبەرانـدا، کـە تۆمـارکراوە تـا 2010/6/30 بـە 4 تریلیـۆن و 169ملیـار و990ملیـۆن تۆمـارکراوە، لەبەرامبەردا لە ڕەشنووسی ساڵی 2011دا، بە 3 تریلیـۆن و819 ملیـارو 260 ملیـۆن، وە 7 بابمـان هەیـە کە گۆڕانکاری بەسەردا دێـت، هـەبووە نادارایـیەکان، خەرجیـەکانی تـر، سـوودە کۆمەڵایەتیـەکان، بەخشـین، باربوو، شمەك و خزمـەتگوزاری، چاککردنەوە، کەئەمانـە هـەمووی تێکـڕا ژمارەیـەکی زۆر کـە بـە نزیکـەی 648 ملیارو 342 ملیۆن دینار گۆڕانکاری بەسەردا دێت، کەواتـە مـن پێشـنیاز دەکـەم، دەبێـت بـەزووترین کـات گۆڕانکارییـەك لـەو ڕەنووسـانەدا بـەراورد بکرێـت، ژمـارە ڕاسـتەکان بخرێتـە بـەردەممان، ئێمـە ئیستیقتاعاتەکان لەبەر بنەمای ڕەنووسە ڕاستەکان سەیر بکەین، ئەگەر هـاتوو پێشـنیازەکەم شـوێنی خـۆی نەگرت، بەردەوام بووین لەگفتوگۆکردن، من چەند پێشنیازێکم هەیـە، وێـڕای پشـتگیری کـردنم بـۆ هـەموو ئەو پێشنیارانەی کەلەلایەن سەرۆکی فراکسیۆن کاك کاردۆوە کـرا، بـەڵام سـەبارەت بـە دەرماڵـەی توێـژەری کۆمەڵایەتی من پێشنیاز دەکەم، لەبەر ئەوەی بڕی مووچەکەیان زۆر کەمـە، 260 هـەزارە، بـە بـەراورد بـە بژێوی ژیان، ئەم مووچەیە، لە ئاستێکی نزمدایە، بە موقارەنە کردنیش بە ئیشەکەیان کە کارێکی نەوعیـە لە قوتابخانەکاندا، بۆیە من داوا دەکەم لە 75٪ مووچەکەیان کـەمتر نـەبێت، ئـەو دەرماڵـەی کـەبۆیان زیـاد دەکرێت، سەرەڕای پشتگیری کردنم بۆ ئەوەی لە 50٪ی مووچە بۆ کارمەندی کارگێڕی تەندروستی ئیزافـە

بكرێت، كە ئەمانە دەرماڵەی تەندروستی پیشەییان نیە، وەكو هەموومان دەزانین كارمەندی كارگێڕی لە نەخۆشخانەكاندا، یەكەم كەسە كە بەرلێكەوتنی دەبێت لەگەڵ نەخۆشدا، ئەمیش موعامەلە ئەكات لەگەڵ كەیسەكاندا، بۆیە ئەمیش موعەرەزە كە تووشی نەخۆشی ببێت، بۆیە من داكۆكی لە دەرماڵە ئەكەم بۆ ئەوان تەسبیت بكرێت، كە لە $50\%$ كەمتر نەبێت، جارێكی تر داكۆكی لەسەر پێشنیازەكەی خۆم دەكەمەوە، كە لەكۆی ئەو گۆڕانكارییەی كەبەسەر بودجەدا دێت، لە $2\%$ی بودجەی گشتی، تەرخان بكرێت بۆ حكومەتی ئەلیكترۆنی، بەو مانایە نا كەمن حكومەتی ئەلیكترۆنی موقارەنە بكەم بە مەسەلێكی وەكو ئەسوبیا، كە ئاستی ئەلیكترۆنی لەئاستێكی بەرزدا نەبێت، بەڵكو من موقارەنەی تەخصیصاتەكەیم كردووە، كە گرنگە لەداهاتێكی كەمی وەكو وڵاتێكی كەم دەرامەتی هاوشێوەی ئەسوبیادا، لە $1,77\%$ میزانیەی خۆی تەرخانكردووە بۆ حكومەتی ئەلیكترۆنی، گرنگی ئەم دەزگایە لەوەدایە كە ژێرخانێكی ئەلیكترۆنی بۆ كوردستان دروست ئەبێت، ڕزگارمان ئەبێت لە سیستمی بیروقراتیەت وئەو ڕۆتیناتە زۆرەی كە لەزۆربەی دائیرەو فەرمانگەكانی كوردستان بەدەستیەوە دەناڵێنن، ساڵانە بڕێ پارەی زۆر باشیش دەگەڕێتەوە لەو خەرجیەی كە لە بڵاوكردنەوەو ڕێگاكانی تر بەكاردەهێندرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز شوان عبدالكریم جلال، فەرمووو.

**بەڕێز شوان عبدالكریم جلال:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەبارەت بەم ماددەیە، یەكەم: ئەو پارەی كەتەرخانكراوە بۆ نەفەقاتی ئیستسماری، منیش پێشنیارەكەی ئەو بەڕێزانە پشتگیری لێدەم، كەئێمە باسیشمان لێوە كرد، بودجەی پەرەپێدانی پارێزگاكان لێی دەربكرێت، جیابكرێتەوە، ئەو مەبلەغە چاكبكرێت، بەنیسبەت خاڵی دووەم، پشتگیری پێشنیارەكەی سۆزان خان وكاك دڵشاد دەكەم، لە بڕینی لە $10\%$، بەڵام لە ئەحكام خیتامیدا تەوزیعی نیسبەتەكە بكرێت، بەڕاستی پێم وانیە لێرە لەم ماددەیەدا جێگای هەبێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێز نیشتمان مرشد صالح، فەرمووو.

**بەڕێز نیشتمان مرشد صالح:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پشتگیری ئەوە دەكەم كە لە $10\%$ی بودجەی تەشغیلی كەم بكرێتەوە، بخرێتە سەر بودجەی وەبەرهێنان، هەروەها پێشنیارێكم هەیە،داوا لەسەرۆكایەتی پەرلەمان ووەزیرە بەڕێزەكان دەكەم كەبەهەند وەربیگرن، ئەویش ئەوەیە كە كەرتی گەشتوگوزار زۆر پشتگوێ خراوە، داواكارم لە بەڕێزتان كەوا بانقێكی

گەشتوگوزار بکرێتەوە، وەکو هی کشتوکاڵ و پیشەسازی، تا بتوانێ سولفە بۆ ئەوانە دابین بکرێت کەدەیانەوێت پرۆژە بکەن، ئەم پرۆژانە کە زۆر لەخەڵکی هەیە، زەوی هەیە یان زەوی وەردەگرێت، کە دەتوانێ پرۆژەی لەسەر دروست بکات، وەکو مۆتێل و بازاڕ وپارك وئەو شتانە، کە زۆر زۆر پێویستە لەناو ئەو شوێنە گەشتوگوزاریانەدا ئەوانە هەبێت، وە داواکارم لەبەڕێزتان کە ئەو پێشنیارەم بەهەند وەربگرن، لەبەر ئەوەی هەم لەڕووی ئابوورییەوە هەرێمی کوردستان بەرەو پێش دەبات، هەروەها فرسەتی کاریش زیاتر دەکات بۆ بێکاران، خەڵك زیاتر دەتوانێ ڕووی تێ بکات وئیش بکات، ئەمە زۆر لەخەڵك داوایانکردووە، کە ئەم پێشنیارە بخەینە بەردەم پەرلەمان، بۆ ئەوەی کاری لەسەر بکرێت، بەڵکو ئەمە جێبەجێ بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، پەیمان عبدالکریم عبدالقادر، فەرموو.

**بەڕێز پەیمان عبدالکریم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وێڕای پشتگیری کردنم لە بۆچوونەکانی کاك کاردۆ، پێشنیاری ئەوە دەکەم، کە دوای بڕینی ئەو بڕە پارەی کە بۆ بودجەی وەگەڕخستن تەرخانکراوە، ئەو خاڵانەی کە دیارم کردووە بابەتی سەرەکی بن بۆ سەرفکردنی پارەکە لێیان، یەکەم: تەرخانکردنی پارەی پێویست بۆ زیندانیانی سیاسی و هاوتاکردنی، لەگەڵ عێراقی فیدراڵ، بەپێی ئامار وداتای زانستیانە، ئەوە لە ساڵی پاریش باسمان لێوە کرد، بەلام هیچ شتێکی وای بۆ نەکرا، دووەم: قەرەبووکردنەوەی سزا دەرانی سیاسی، کە لەبودجەی ساڵی 2010، لە ماددەی 30 بڕیاری لەسەر درا، ئەویش تا ئێستا هیچی لێ سەرف نەکراوە، سێیەم: ئەو بڕەی کە لە بڕینی بودجەی تەشغیلی دەمێنێتەوە، بخرێتە سەر پرۆژەی وەبەرهێنانی سێکتەری تەندروستی، بەتایبەتی بۆ نەخۆشانی ئیدمان وشەلەل دەماغ وتالاسیما، هەروەها کردنەوەی سەنتەری توێژینەوەی زانستی، بایەخ پێدانی کەم ئەندامان، بەهێنانی ئەجهیزە و موختەبەراتی نوێ بۆ فێرکردن، کەوا بڕیارە کۆمەڵگەی تایبەتیان بۆ دروست بکرێت لەهەر سێ شاری هەرێمی کوردستان، بێگومان بەپێوەرێکی زانستیانە کە پەیڕەو کراوە لە سیستمی جیهانی، چوارەم: قەرەبوو کردنەوەی فەرمانبەرانی شاری سلێمانی و ئیدارەی گەرمیان، کە لە ساڵی 2005 وە لە زیادکردنی مووچەکانیان بێ بەشن، بەلام بەنیسبەت مووچەی کەمئەندامان، چونکە هاوکارییە، پێشنیار دەکەم سولفەی عەقار شمولیان بکات، کە ئەوانیش بێگومان پشکی خۆیان هەیە، لە داهاتی کوردستان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێز عماد محمد حسین، فەرموو.

**بەڕێز عماد محمد حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بەو پێشنیارەی کە لیستی کوردستانی کردوویەتی، بە کەمکردنەوەی ڕێژەی لە 10٪ لەکۆی بودجەی تەشغیلی و دابەشبکرێت لەسەر کۆمەڵێك بوار، هەروەکو هاوکارانم سۆزان خان و کاك دڵشاد ئاماژەیان پێکرد، بەڵام سەبارەت بەو تەرخانکراوەی کە بۆ هەڵمەتی دروستکردنی قوتابخانەکان دانراوە، پێشنیار دەکەم، موناقەلەی پێ بکرێت، بۆ سەر بودجەی وەزارەتی پەروەردە، دەسەڵات بەوەزارەتی ناوبراو بدرێت بۆ جێبەجێکردنی، ئەگەر پەسەند بوو، سەبارەت بەو پەسەندکراوەی لەو پێشنیارەدا هاتووە، بۆ ئەو قەزایانەی کەتووشی هەڵمەتی ئەنفال و چەکی کیماوی وڕاگواستن وکاولکاری بوون، لەسەردەمی ڕژێمی بەعس، پشتگیری ڕەئی هاوکارم کاك دڵشاد دەکەم، کە بڕەکە ببێت بە 100 ملیار دینار، لە جیاتی 75ملیار دینار، ئەگەر پەسەند بوو، دیسان پێشنیار دەکەم کە بڕگەیەك زیاد بکرێت، هەروەکو لەڕاپۆرتی لیژنەی داراییدا هاتووە، کە پشتگیری لێ دەکەم، کە موناقەلە نەکرێت لە تەرخانکراوەکانی بودجەی وەبەرهێنان بۆ بودجەی وەگەڕ خستن، دیسان پشتگیری ڕای هاوکارم کەیلی خان دەکەم، بەتەرخانکردنی بودجەیەك بۆ هەڵبژاردنی پارێزگاکان، بەزیاد کردنی بڕگەیەك لەم ماددەدا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێز گۆران ئازاد محمد، فەرموو.

**بەڕێز گۆران ئازاد محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەڵڵا من بەر لەوەی قسە بکەم، حەز دەکەم ئەو مولاحەزەیەم بڵێم، هەرچەندە ڕێکخستنی کۆبوونەوەکان و ناونووسین لەدەسەڵاتی سەرۆکایەتی پەرلەماندایە، بەڵام ئەگەر هەر 23 ماددە..

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

تکایە، داخڵی ئیشی ئێمە مەبە، تکایە وەرە سەر بابەتەکەی خۆت، فەرموو.

**بەڕێز گۆران ئازاد محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من سەبارەت بەو ماددەیە لەسەر ئەو پارانەی کە تەرخانکراوە بۆ سەرۆکایەتیەکان، ئەوەی تێبنی دەکرێت لەعامی پارەی تەرخانکراو بۆ سەرۆکایەتیەکان، کەمکردنەوە کراوە، پەرلەمانی کوردستانساڵی پار 72 ملیاری بۆ دانراوە، ئەمساڵ بووە بە 54 ملیار، سەرۆکایەتی هەرێم لە 46 ملیارەوە بووە بە 40 ملیار، ئەنجومەنی وەزیران لە 199 ملیارەوە بووە بە 88 ملیار، جگە لە مەجلسی قەزا کەبووە بە 63 ملیار، من بەڕاستی بەگشتی پشتگیری لە کەمکردنەوەی پارەی هەر سێ سەرۆکایەتیەکە دەکەم، سەبارەت بە مەجلسی قەزا، ئەگەر تەفعیل کردنی مەجلسی قەزا بە پارە بێت، ئومێدەوارم ئەمساڵ مەجلسی قەزا، لەم ئاستەدا

بێت، كە بەتایبەتی بەشێك لە گرفتەكانیان بۆ پەسەند كردنی یاسای ئیدعای عام و كردنی بە دەستەیەكی سەربەخۆ بریتیە لە پێداویستی ماددی، ئەوە پێم وایە ئەمساڵ ئەو پارەیان بۆ پەسەند بكەین ئەو گرفتەیان نامێنێت، بۆ ئەوەی ئەم دەزگایە سەربەخۆ بكەین وچالاكی بكەین، ئەگەر چی هەندێ شت لێرەدا باسكرا، منیش پێم باشە ئیزافاتی بخەمەسەر، سەبارەت بە سولفەی هاوسەرگیری، ڕاستە ئێمە لەپەسەند كردنی یاساكەدا تەنها قسە لەسەر بڕەكەی دەكەین، بەڵام ئەگەر بەتەوصیاتیش بێت، ئەوە بۆ حكومەت ڕوون بكەینەوە كەوا كار بەهەردوو ڕێنمایی ژمارە 33 و 7ی خۆیان بكەن، جگە لەوەش ڕێنماییەكی تریشیان هەیە، كە خاصە بە كوڕ و كچی شەهید، كە دەوترێت كوڕ وكچی شەهید، ئەگەر ماوەی 3 ساڵیش زەواجیان كردبوو، سولفەكەیان وەرنەگرتبوو ئەوە دەتوانن وەری بگرن، بۆیە ئەم حاڵەتە تایبەتیانە دووبارە نەبێتەوە، بە عام شمولیان بكات، بۆ ئەوانەی كەساڵێك بەسەر زەواجەكەیاندا تێ نەپەڕیوە، وە من پشتیوانی لەو پێشنیارەی زیاد كردنی سولفەی عەقار دەكەم، وە پێشنیاریش دەكەم، كەئێمە لەقسەكانی بەڕێز وەزیری دارایی تێگەشتبین، كە مەسەلەی 100 مەتری پەیوەست نیە بەوەزارەتی داراییەوە، بەڵكو پەیوەستە بەوەزارەتی شارەوانیەوە، بۆیە لەناو تەوصیاتەكاندا ئەم حاڵەتانە جێگایان بكرێتەوە، بەتایبەتی لە قەزاكاندا ئەم خاڵە لەبەرچاو بگیرێت، سەبارەت بەو پارەی كە بۆ وەبەرهێنان دانراوە، ئێمە هەموومان بەبەردەوامی قسە لەسەر زیادەی بودجەی تەشغیلی وكەمی بودجەی وەبەرهێنان دەكەین، بەڵام من پێم وایە گرفتەكە لەكەمی بودجەكە نیە، ئەوەندەی گرفتەكە لە سەرف نەكردنی بڕەكەیە، ئێمە خۆمان ئێستا ئەوە دەچین بۆ ناو مانگی 6، پێم وایە ئەو پارەی كە بۆ وەبەرهێنان دانراوە، بە ئالیەتی ساڵی پار كە ئەگەر لەكۆتایی ساڵ پارەكە بچێتەوە سەر داهاتی عام و عجزی پێ پڕ بكرێتەوە، هیچ پێویست ناكات پارەی وەبەرهێنان زیاد بكەین، بەڵكو ئەو پارەیە هەمووی بخەینە سەر تەنمیەی ئەقالیم بۆ پارێزگاكان زیادی بكەین، چونكە ئەمە ڕاستەوخۆیەو كارەكانیان پەلە ترە، ئەگەرنا بەپێچەوانەوە لەناو بڕگەی عجزەكەدا ئەوە جێگیر بكرێت كەوا ئەم پارەیە بۆ وەبەرهێنان بمێنێتەوە، دەستكاری نەكرێت بۆ ئەوەی بمێنێتەوە بۆ پرۆژەكان، وە ئەو پارەی كەتەرخان بكرێت بۆ ئەو قەزایانەی كە زەرەرمەند بوون، لە 70 ملیارەوە ببێت بە 100ملیار، چونكە تەجروبەمان لەگەڵ پارەی تەرخانكراو بۆ پارێزگاكان هەیە، كە كارەكانیان خێرایە، سەبارەت بەپارەی پۆلیس و هێزەكانی ناوخۆ كە پشتیوانی دەكەم، بۆ زیاد كردنی 210 هەزار دینارەكە، بەڵام باناوی ئاسایش نەیەت بەناوهێنان، چونكە پێم وایە ئەگەر ناوی پۆلیس و ئاسایش بێت هەندێك لە هێزەكانی ناوخۆ ئەم عیلمەیان نییە، ئەم عینوانەیان نییە بێ بەش ئەبن لە وەرگرتنی پارەكەدا، بۆیە تەنها بگوترێ پۆلیس و هێزەكانی ناخۆو زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس بۆ جەنابت بەڕێز پەریهان قبلای.

**بەڕێز پەریهان قبلای محمد:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەنسبەت ئەوەی نەفەقاتی تەشغیلیەوە دووەم ئەگەر برگەی لە 50٪ کەم کرێتەوە ئەکرێتە ترلیۆنێك و 799 ملیار و789 ملیۆن، تەبعەن ئەمە بێ لەمووچە من پیشتگیری لە داواکاریەکانی فراکسیۆن ئەکەم کە کاك کاردۆ باسی کرد و، هەروەها داوا ئەکەم ئەو بڕە پارەیەی کە دەمێنێتەوە تەبعەن بەبێ مووچە بۆ زیادکردنی ئەم خاڵانەی من هاوتا کردنی دەرماڵەو مووچەی کارمەندو پزیشك لە بواری تەندروستی وەکو مەرکەزی لێبکرێ، وەکو بەغدا، ئەمە برگەی (أ) ە (ب) زیادکردنی 100٪ دەرماڵەی کارمەندو پزیشکانی تەندروستی وە هەموو ئەوانەی کار دەکەن لە بواری تەندروستی دا بکرێتە 100٪ بە بێ جیاوازی وە هەروەها پێشنیارێکی ترم هەیە ئەویش مینحەی زیندانیانی سیاسی وەکو هاوکارم پەیمان خان باسی کرد هاوتا کردنی لەگەڵ مەرکەز کەساڵی پاریش داوامان کرد وەهەروەها برێك دابنرێ بۆ قەرەبووی فەرمانبەرانی کە لە ساڵی 2005 وە مووچەیان تەعویز بۆ بکرێت وەهەروەها بە نسبەت ئەوەی کە خاڵێکی ترم هەیە کە ئەوانەی کە دیاریکردنی بڕێکی تەرخان کراو بۆ قەرەبوو کردنەوەی شەڕی ناوخۆ بەتایبەت بۆ ئەوانەی موڵك و ماڵییان دەستیان بەسەر داگیراوە، ئەوەی کە ئەمێنێتەوە بخرێتە سەر پرۆژەی وەبەرهێنان من داوا ئەکەم بخرێتە سەر پرۆژەی وەبەرهێنانی کەرتی تەندروستی بە پێ ی ئەوەی کە کەرتی تەندروستی کەرتێکە خزمەت گوزاری ئەگەیەنێ بۆ هەموو هاووڵاتیەك وەك هاوکارم کە ئەویش پەیمان خان باسی کرد کە (أ) بکرێتە کردنەوەی مەرکەزێکی ئیدمانی موتەخەصص کە نییە، لە هەرێمی کوردستانا هەتا ئێستا کردنەوەی مەرکەزێکی تر وەکو خەستەخانەی تایبەت بۆ ئەوانەی شەلەل دەماغ و ئۆتیزم و ئەوانەی کەم ئەندامن بەراستی ئێمە هەموو خێزانەکان ئەناڵێنن بەوەی هەموو کەم ئەندامیان هەیە لەناو ماڵەکانا خۆیان هەڵئەستن بە خزمەت کردنیان کە ئەمە بۆتە عایقێکی زۆر گەورە لەبەردەم خێزانەکانا، بۆیە من داوا ئەکەم ئەو بڕە پارەیەی کە ئەمێنێتەوە بچێتە سەر بۆ وەبەرهێانی کەرتی تەندروستی، وە کردنەوەی مەرکەزێکی بحوسی متخصص بۆ دیراساتی علمی لە بواری تەندروستی ئەمە وا ئەکات کە ئێمە لەمەودوا پرۆژەکانمان لەسەر ئەساسێکی علمی بێت وە ئێستا رێژەیەکی زۆر لەبەرچاوە رێژەی مردنی ئەو منداڵانەی کە لە دایك ئەبێت وە هەروەها مناڵی خوار پێنج ساڵ زۆر زۆر بووە لە هەرێمی کوردستان، بۆیە ئەمانە بەرەو پێشەوە ئەبات ئەگەر ئەو مەرکەزە بکرێتەوە بەنسبەت ئەوەی خاڵی دووەم بەنسبەت عجزی موخەتەت بەراستی ئەبێ ئێمە ئەو عجزە کە بەپێ ی یاسا ئەبێ تەغتییە بکرێت ئیلزامی حکومەت بکەین لە خلالی نهایەتی ساڵی 2011 ئەم عجزە تەغتیە بکرێ بۆئەوەی نەبێت بە عجزێکی حەقیقی، وڵات بەرەو ئینهیارێکی ئیقتصادی ئەبا، بۆیە لێرە برگەیەك ئێمە کە ئەبێت بۆ نموونە العجز المخطط کە ترلیۆنێك 554ملیارو 296 ئەڵێ و يغطي هذا العجز من المبالغ المخصصة لوزارة البيشمرگە من الموازنة التشغيلية الاتحادية لحرس الاقليم. والزام حكومة اقليم كوردستان بتغطية هذا العجز خلال 6 اشهر وذلك بنهاية (2011)، لەبەر ئەوە زۆر زۆر سوپاس بۆ ئێوەش زۆر زۆر سوپاستان دەکەم.

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس بۆ جەنابت، بەڕێز ناسك توفیق عبدالكریم، فەرموو.

**بەڕێز ناسك توفیق عبدالكریم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دیارە ئەم برگانە ئەگەر لەیەكەمەوە دەست پێبكەین من ئەڵێم ئەوەی كە ئەوترێ با بڕگەی سێیەم زیاد كەین ئەو ترلیۆنەی كە هەڵیئەگرین لە بودجەی وەگەڕخستن دیارە كۆ دەنگییەك هەیە لەسەر ئەوەی كە بودجەی وەگەڕخستن زۆرەو تەقریبەن هەمووومان موتەفقین لەسەر ئەوەی كە برێكی لابەین بەڵام ئەوەی كەبێنین بە جیا داینێین دوایی هەمیسان تەوزیعی كەینەوە، ئەمە لەگەڵ یاساكە ناگونجێ ئەكرێ ئێمە بڵێین ئەوەندەی ئەمانەوێ بیخەینە سەر بودجەی وەبەرهێنان بیخەینە سەری ئەو رەقەمەی كە ئەمانەوێ هەر لەوەگەڕخستنا بمێنێ، هەر بمێنێ، بۆ نموونە ئەو رۆژە وەزیری پلان دانان وتی ئێمە چاكسازی ئەكەین لە هەموو ئەو هەڵانەی كە ئیشارەتی پێدراوە زائیدەن ئێمە یەكێ لە گلەییەكان كە هەمان بوو ئەوەیە كە زۆربەی پرۆژەكان لە 40 بەش یەك بەشی بۆ دیاری كراوە، ئەكرێ ئەم بودجەیە 350ملیاری بخەینە سەر بۆ ئەوەی ئەو پرۆژانەی كە كەمیان بۆدانراوە مەسەلەن سایلۆیەك بایی 40 ملیار بێت ملیارێكی بۆ دانراوە بۆ 2011 ئەمانە زیاد كرێ خاڵێكی تر كە من حەز ئەكەم ئیشارەتی پێبدەم ئەوەیە كە تۆ باسی قەرەبووكردنەوەی فەرمانبەرانی دەڤەری سلیمانی دەكەی، ئەكرێ بكرێتە بریار، ئەمە هەر لە بودجەی تەشغیلیە، مخصصاتی مهنی بۆ توێژەوە كۆمەڵایەتیەكان و ماف پەروەران و یاساناسان كە لە راپۆرتی لیژنەی یاسایش هاتووە ئەمە هەر ئەچێتەوە زمنی تەشغیلی زیادكردنی مووچەی هێزەكانی ناوخۆ كە دواتر باس دەكرێت لەگەڵ هێزەكانی ئاسایش، ئەمەش هەرئەچێتەوە سەر بودجەی تەشغیلی، بۆیە ئەبێ ئیتفاق كەین لەوەی چەندی لەم پارەیە كە زیادمان كردووە لەم ترلیۆنە كە هەڵی ئەگرین چەندی دیسان ئەگەڕێتەوە بۆ وەگەرخستن و چەندیشی ئەچێتەوە سەر تەشغیلی، ئەو كات رەقەمەكە دیاری كەین و دەنگی لەسەر بدەین، ئەگینا ناكرێ بهێنین بەجیا وەكو ماددەیەكی جیا قسەی لەسەر بكەین، من ناتوانم هیچ قسەیەك لەسەر برگەی سێهەم وچوارەم بكەم بەراستی، چونكە نازانم مەسروفاتی ساڵی پێشوو چۆن بووە چ هی پەرلەمان چ هی ئەنجومەنی دادوەری، لەبەر ئەوە ناكرێ بەتەخمین قسەی لەسەر بكەم، خاڵی دووەم من پێش ئەوەی بچمە سەر دووەم لە وەڵامەكانی وەزیری داراییدا باسی لەوە كرد كە وەزیری سامانە سروشتییەكان بە كتابێكی رەسمی ئاراستەی كردوون كە ئیتر گازۆیل نادەن بە كارەبا ئەمە بە لیستێكی رەسمی هاتۆتە لیژنەكەمان كە وەزارەتی كارەبا پێویستی بە 4 ترلیۆن دیناری عێراقی هەیە بۆ دابین كردنی گازۆیل، جا ئەگەر ئەمە وابێت، ئەگەر ئەو گازۆیل نەدا یەعنی ئێمە سفر هیچ بەدەستەوە، هەرچیمان كردووە ئەم ساڵ بۆ كارەبا هەمووی بەشی گازۆیلەكە ناكات، لەبەر ئەوە من وەڵامی ئەوەم ئەوێ بۆئەوەی دواتر لە لیژنە بزانم متابەعەی چی ئەكەم، 4 ترلیۆن ئێمە لە لیژنە پێمان گوتراوە تەنها یەك ترلیۆنی لەسەر حكومەتە ئەوی تری وەزارەتی سامانە سروشتییەكان دابینی ئەكات، بۆ گازۆیل و بۆ نەوتی رەش بۆ كارەبا ئێستا ئەگەر ئەو بە كتابی رەسمی گوتبێتی من ناتوانم گازۆیل دابین كەم بۆ كارەبا ئێمە

سەد جار مەحەتاتی تەولید چاك ئەكەین، دابەش كردن چاك ئەكەین، تەوزیع چاك ئەكەین، كە گاز نەبوو دیسان تووشی ئەزمەی بێكارەبایی ئەبین، بۆیە ئەمجارەش ئەیڵێمەوە ئەگەر بێـتو وەزارەتی سامانە سروشتیەكان گازۆیل نەدا بە وەزارەتی كارەبا، ئێمە 4 ترلیۆن بە پێی تەخمینی سامانە سروشتیەكان، 4 ترلیۆنمان ئەوێ بۆ كارەبا، ئەی ئیتر خۆی فەقیرە خۆی ترلیۆنێك و شتێكی بۆ دانراوە بۆ وەگەرخستنە، ئەمە خۆی بەشی ناكات وەلامێكی ئەوەم ئەوێ ئینجا سەبارەت بە كورت هێنانەكە، ئەم كورت هێنانە هەموو ساڵێك دێت هەر ئەڵێین ئەمێنێتەوە بۆ مەركەز، ئەوەی كە لەمەركەزەوە بۆمان دێت كەی ئیشی جدی لەسەر ئەكەین؟ ئێستا ئەوەتە لە قانونەكە بە ماددەیەك تەسبیت كراوە كە بە سلفە ئەبێ بمان درێتەوە، كەواتە یەكەم با حەسری كەین بڵێین تەنها لەو بەشە یەعنی ئەو عجزە تەنها لەبەشە پارەی وەزارەتی پێشمەرگە پر بكرێتەوە نەك دوایی كە شتێ زیادە ئەبێ كە ئەپرسین ئەڵێین ئەو زیادەیە دەڵێ عجزی پێ پركراوەتەوە حەسری كەین كە ئەبێ تەنها لەوە بێ بۆ ئەوەی دیاری بێ كورت هێنانەكە، زۆر سوپاس.

**بەرێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس برهان رەشید حسن، فەرموو.

**بەرێز بورهان رەشید حسن:**

**بەرێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من پێشنیارەكەم لە 50٪ بودجەی تەشغیلی بەدەر لە مووچە قەتع كرێ كە حسابمان كردووە ئەكاتە ترلیۆنێك و 799 ملیار دینار سەبەبی ئەمەش ئەمەیە كە بە پێی مادەی 83 لە قانونی پەیرەوی ناوخۆ ئەبێت مصدری داهاتی بۆ بدۆزیتەوە، من هەندێك رەقەم ئەدەم بە جەنابتان ئەگەر دیقەت بدەی لەگەڵ ئەوەی من مەسروفی فعلی شەش مانگی یەكەمی ساڵی 3010 كە هاتووە بۆمان زەربی دووم كردووە ئجوری مەجاری پار 610 ملیۆن دیناری بۆ تخصیص كراوە ئەمساڵ ملیارێك و 154 ملیۆن. بەیازات ملیارێك و 310 ملیۆن، ئەمساڵ ملیارێك و483 ملیۆن مەسروفات 98 ملیۆن ئەمساڵ 580 من نازانم مەسروفات بۆ كوێ یە، ئەفلامی مایكرۆ فلیم لە شوێنێك پار 439 ملیۆن ئەمساڵیش 439 ملیۆن. ئەجیزەی تصویرو مایكرۆ فلیم لە شوێنێكی تر پار 736 ملیۆن دینار ئەمساڵ ملیارێك 437ملیۆن دینار ئیجاری مكائن و معدات پار 15 ملیارو 798 ملیۆن، ئەمساڵ 27ملیارو 404 ئیجاراتی ئوخری پار 524 ملیۆن، ئەمساڵ ملیارێك و 214 ملیۆن، ئاهەنگ گێڕان 2 ملیارو 180 ملیۆن، ئەمساڵ 4 ملیار و 867 ئەمە هەمووی شتی بەهەدەردانی ئەو نەفەقاتی تەشغیلییەیە كە دیاری كراوە كە من لەو سجلە رەسمیەی وەزارەتی دارایی یە دەرم هێناوە، یەعنی هەندێ شتی زۆر عەجایبی تێدایە، بۆ نموونە باسی نەقلی مباشری قەمەر صناعی تێدایە 2 ملیۆن و 127 ملیۆن، دیعایە 278 ملیۆن خدمات صیانەی سیارات، نازانم شریكاتی خاصە، من داواكارم ئەمانە كەم بكرێتەوە ئەگەر لە 50٪ ی بەدەر لە مووچە بۆئەوەی مووچە كەم نەكرێتەوە مەوازەنەی تەشغیلی ببرێت ئەكاتە ترلیۆنێك و 799 ملیار دینار من رام وایە بۆ

ئەو شتانە بەکاربهێنرێ بۆ نموونە کە باسی میزانیەی مەجلسی قەزا ئەکرێ هەندێ لە برادەران رایان وایە زۆرە، من رام وانییە، برادەرانی قانونی ئەزانن لە وڵاتانی تر جەدوەلێکی زەمەنیان هەیە بەچەند هەزار کەس و دادوەرێکیان پێ ئەوێ لێرە وابزانم بە 60000 هەزار 70000هەزار کەس دادوەرێکی ئەکەوێ، دەوڵەتێکی وەکو چین وابزانم بە 6000 کەس دادوەرێکی ئەکەوێ، ئەگەر هەڵە نەبم، من رام وایە کا پارەی زیاتریان بۆ تخصیص کرێ بۆ مەجلسی قضا تا بتوانن لە ئەزمەی کەمی حاکمەکان نەجاتمان بەن، برادەرانی قانونی، لیژنەی یاسایی ئەزانن بەتایبەتی لە سلێمانی ئەزمەیەك هەیە کە کەمی حاکمەکانە بەشێکی تری پارە بۆیان تخصیص کرێ 20 ملیارێك لەو پارەیە بۆ دروست کردنی خانوو بۆ حاکمەکان، زۆریان تێدایە خانوویان نییە لە وڵاتەکاندا کارتی تایبەتیان هەیە بۆ سۆپەر مارکێتەکان، هەتا لە جلوبەرگی بەریشیان، دەربارەی پەرلەمانیش من رەئیم وایە دیسانەوە ئەو موازەنەی کە بۆ پەرلەمان دانراوە زیاد بکرێت لەبەرئەوەی ئەمە بەراستی بینای تەنفیزی تەشریعی کۆن بووە بۆ 40 - 50 کەس دروست کراوە، ناتوانرێ تەحەمولی ئەو تەتەورە بکات ئەمرۆ لە رووی تەنکنەلۆجی و لە رووی قاعاتەوە هەیە، مەبلەغێکی بۆ بگەرێتەوە هەندێ بینا دروست بکرێت و هەم گوندی ئەندام پەرلەمانەکانیش لە پاڵ ئەوان دروست بکرێ بە تازەترین تەکنیکی ئەوروپی کە ئێمە ئەزانین زۆر تەتەوری کردوە، ئەم بینایە ئەو پارەیە بۆ ئەمە تخصیص کرێ، بەرێز شێخ بایز ئەڵێ 180 داخلی کرێ ئەیەین، (300) قوتابخانە کرێ ئەیەین من پێشنیار ئەکەم معاشی پۆلیس و پێشمەرگەو ئاسایش هاوتا بکرێ بەرێز سەرۆکی پەرلەمان تەنیا لە هەرێمی کوردستانا نموونەیەکت بۆ بێنمەوە بۆ جیاوازی بەینی معاشی تەنها پۆلیس نەقیبێکی پۆلیسی نەوت 927000 وەر ئەگرێ، نەقیبێکی پۆلیسی کارەبا 997000 وەر ئەگرێ، نەقیبێکی پۆلیسی بەرگری و فریاکەوتن 751000 وەرئەگرێ، نەقیبێکی پۆلیسی دارستان 863000 وەرئەگرێ، نەقیبی پۆلیسی مەحەلی 850000 وەرئەگرێ، من رەئم وایە ئەوانە لەناو خۆشییان پێویستە یەکسان کرێت بەهەمان شێوە پێشنیار دەکەم مووچەی پۆلیس و پێشمەرگەو ئاسایشیش بەهەمان شێوە بە تایبەتی پێشمەرگە کە ماددەی 46 و 47 ی یاسای پێشمەرگەیە هاوتای بەغدا بکرێت بەراستی لە دوای دوو ساڵ هیچ بیانوویەك نییە بۆ ئەوەی جوندیەك 920000 وەرئەگرێ پێشمەرگەیەك لێرە 10 ساڵە پێشمەرگەیە 325000 ی ئەیدرێتێ، دەربارەی سلفەی عەقار لە بەغدا موادی ئینشائی زۆر زۆر هەرزانترە لێرە 30 ملیۆن سلفەی ئەدرییێتێ، لێرە 15 ملیۆنە، هیچ نەبێ با بۆیان بکرێت بە 20 و 25 دەربارەی کارمەندە ئیداریەکانی سلکی تەندروستی نەخۆش ئەچێ بۆلای ئەوان پێش ئەوەی بچێتە لای دکتۆرو معاون توبی ئەچێتە لای کارمەندەکە بۆ موخصصاتی ختورە بۆ کارمەندە تەندروستیەکە هەیە بۆ بۆ کارمەندە ئیداریەکە نییە؟ بەراستی کارمەند هەیە 11 ساڵە کارمەندە 470000 وەرئەگرێ من داواکارم موخصصاتی ختورە بۆ ئەوانیش ببەسترێ، دەربارەی خریجەکانی یاسا یەعنی نسبەی ئەو مخصصات وئیزافاتەی کە ئەیان درێتێ لەبەینی دەوائری وەزارەتی عەدل و مەجلسی قەزاو شوێنەکاتی ترا جیاوازە، پێویستە لە بەینی دەوائرەکانی دەوڵەت و دەوائرەکانی ئەو شوێنانەش پارەی بۆ تخصیص کرێ، چاك کرێ،

پار حكومەت بڕیاریدا (75) وەرەقە بە هدیە بدات بە دێهاتەكان، من پێم باشە ئەم پارەیەی كە ئەبڕێ بەشی ئەمەش تخصیص كرێ تا ئەمە هاوكارێ ئەبێت بۆ ئاوەدانكردنەوەی كشتوكاڵ لە وڵاتا، یاسای دروست كردنی خانووی نیشتەجێ ئەم یاسایە لە 2008 وە هەیە هیچی بۆ تخصیص نەكراوە، پێویستە پارەی بۆ تخصیص كرێ، هەندێ شارۆچكەی وەك چۆمان هیچ پرۆژەیەكی تێدانییە، كفری هیچی بۆ دابین نەكراوە، مەعقول نییە لە 12 ملیار دۆلار هیچ سوودمەند نەبێ، خەڵكی ئەو ناوچانە، دەربارەی وەرزش، ئێستا میللەتان تەنها بە هێزی سەربازی و هێزی ئابوورییان نا نازان بە فەن و مۆسیقا ئەناسن بە وەرزشگاكانیان و خەڵكە وەرزشەكانیان ئەناسن، بە داخەوە پار 10 ملیار دینار هیچی بۆ وەرزش تخصیص نەكرا، تخصیص كرا، هیچی سەرف نەكرا، من داواكارم ئەم ساڵ 40 ملیار تخصیص بكرێ لە وڵاتێكی وەك و قەتەر لە مودەی ساڵێكدا نزیكەی زیاد لە (2) ملیار دۆلار بەس لە سلكی وەرزشدا سەرف كراوە، دەربارەی سلفەی زەواج داواكارم زیاد بكرێت، بەهەمان شێوەی بەغدا، داواكارم قەرزو سلفە بە فەرمانبەری ئێرە بدرێت، پۆلیس و ئاگر كوژانەوەو ئاسایش بینایان نیە، هەموویان كرێچین لە سلێمانی، بە شەرتێك زەوییان بۆ دابین كراوە، بۆ زۆربەیان دیزاین كراوە، من پرسیارم كردووە، بەڵام حەقە پارەیان بۆ تخصیص بكرێت، بۆیان تخصیص نەكراوە، بۆ دروست كردنی، حكومەت لە حكومەتێكی كرێچییەوە، ئەبێت بە حكومەتێكی خاوەن بینای خۆی. میزانیەی زراعەت و صناعەت كەمە بەراستی پارەی زیاتری بۆ تخصیص بكرێت، علاماتی مرور دوێنێ دیسانەوە دوو كەس لە ڕێی دوكان ـ كۆیە گیانیان لە دەستدا، ڕۆژانە زیاد لە پێنج، شەش ڕووداوی وا هەیە، بە هۆی نەبوونی و خراپی ڕێگاو بان و نەبوونی علامەتی مرور لە ڕێگاكانی دەرەوەی شارەكان.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس وەختت تەواو، بەڕێز صبیحە أحمد مصطفى، فەرمووو.

**بەڕێز صبیحە أحمد مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پشگیری لە پێشنیازەكانی خوشكی بەڕێزم سۆزان خان و كاك دڵشاد دەكەم، كە پێم باشە لە 10٪ ی بودجەی تشغیلی كەم بكرێتەوە بە شێوەیەك سەرف بكرێت كە لە خزمەتی هاووڵاتیانی كوردستاندا بێت، پێشنیار دەكەم كە سلفەی زەواج لە پێنج ملیۆن كەمتر نەبێت، و داوا دەكەم كە ئیهتیمامێكی زیاتر بە كەس و كاری شەهیدان و ئەنفال و زیندانە سیاسیەكان و كەم ئەندامان و خانەنشینان بدرێت، پێم باشە سلفەی عقار لە (20)ملیۆن كەمتر نەبێت، هەروەها قەرزی بانكی جوتیاران و قەرزی بانكی صناعی لە (75) ملیار كەمتر نەبێت پێم باشە كە فوتابخانەی هاوچەرخ مبلەغی لە (150) ملیار كەمتر نەبێت، هەر چەند كە وەزیری دارایی باسی كرد كە مووچەی فەرمانبەرانی حكومەتی هەرێمی كوردستان وەكو هی بەغدای لێدێت، بەڵام داوا دەكەم كە بە هیچ شێوەیەك تەئسیر لە مووچەی مامۆستایانی كوردستان

نەکرێت، بەڵکو مووچەی مامۆستایانی کوردستان هەر وەکو خۆی بمێنێتەوە، بەرێز سەرۆکی پەرلەمان داوای یەکسانی دامەزراندن دەکەم، کە رێژەی ئافرەت لە 50٪ کەمتر نەبێت لەو بیست و پێنج هەزار میلاکەی کە بەراستی بۆ دامەزراندن داندراوە، پێشنیار دەکەم کە مەبلەغی تەرخانکراو بۆ سندوقی نیشتەجێ بوون کە سەدو پەنجا ملیارە بە دوو شێوەی یەکسان لەسەر سندوقی نیشتەجێ بوون تەرخان بکرێت، زیاد کردنی پارەی تۆری کۆمەڵایەتی لە (150) هەزار کەمتر نەبێت، بەرێز سەرۆکی پەرلەمان پێشنیار دەکەم، کە بودجەی پەرلەمانی کوردستان وەکو خۆی بمێنێتەوە، کە پارساڵ مەبلەغی (74) ملیار دینار بوو بە هیچ شێوەیەك، لەگەڵ کەم بوونی بودجەی پەرلەمانی کوردستان دا نیم، بەڵکو ئەگەر بکرێت، لە (74) ملیاریش زیاتر بێت، پێشنیار دەکەم کە لە بودجەی ساڵی 2011 حیسابێکی تایبەت بۆ ئاوارەکانی ئێران بکرێت، کە بەراستی بە هیچ شێوەیەك نە لیژنەی دارایی نە وەزیری پلان دانان، نە وەزیری دارایی جوابی ئەو پرسیارەی ئێمەی نەدایەوە، پێشنیار دەکەم کە برێك پارە تەرخان بکرێت بۆ هەڵبژاردنی پارێزگاکان، پێشنیار دەکەم کە لەو برە پارەیەی کە بۆ پەرەپێدانی پارێزگاکان دانراوە حیسابێکی تایبەت بۆ یەکەی سەربەخۆی سۆران و رانیەو وە هەڵەبجە بکرێت، کە بەراستی لە جێی تموحی ئێمە دانیە، وە هەروەها بە هیچ شێوەیەك ئەو پرۆژانەی کە داندراون، بۆ سۆران و مێرگە سۆرو رواندزو چۆمان وەکو پێویست نین، ئەخیر پێشنیارم، پێشنیار دەکەم کە حکومەتی هەرێمی کوردستان پلانێکی تۆکمەو داڕێژراوی هەبێت بۆ نەمانی قەزیەی سەکەن و ئیجار بۆ بنەماڵەی شەهیدان و ئەنفالکراوەکان، ئیتر سوپاس.

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، بەرێز سەردار رشید محمد.

**بەرێز سەردار رشید محمد:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مادەی (1) برگەی (2) سەبارەت بە کەم کردنەوەی لە 10٪ ی بودجەی تەشغیلی، کە برەکەی (979)ملیارە، لەو برە پارەیە سەرەرای پشگیریم بە زیاد کردن و تسبیت بوونی سلفەی عقار، بۆ (20)ملیۆن، سلفەی زەواج (5)ملیۆن، زیاد کرنی تۆری چاودێری کۆمەلایەتی بۆ (150) هەزار، دروست کردنی یەکەی نیشتەجێ بوون بۆ کەم دەرامەت و کرێکاران و زیندانیانی سیاسی، وە هەروەها زیاد کردنی بودجەی پێشمەرگەو پۆلیس و ئاسایش. جگە لە زیاد کردنی بودجە بۆ کەرتی کشتوکاڵی و پیشەسازی و تەندروستی و وە دروست کردنی نەخۆشخانە بۆ ئەو قەزایانەی کە لە نیسبەی سوکانیان زۆر زۆرە، دیارە من پێشنیار دەکەم ئەو ناوچانەی کە زەرەرمەند بوون هەر هەمویان ساڵانە برێك پارەیان بۆ دابین بکرێت بۆ ئەوەی بەراستی برینی ئەو شوێنانە چارەسەر بکرێت، لەوانە هەڵەبجەی شەهید یەکێکە لەو شارانەی بەراستی بۆتە جێگای ئیهتیمامی جیهان و پەرلەمانتارانی دونیا و ساڵانە بە هەزاران کەس سەردانی دەکات،

لە ئەنجامی ئەو کاولکاریەی کە لە مێژووی ئەو شارەدا لە ساڵەکانی (74) (87) (88) کە بە یەکجاری بەر چەکی کیمیایی کەوت و خاپوور کرا، بۆیە پێشنیار دەکەم ساڵانە لەو برە پارەیە من جاری پێشوش بەداخەوە ئەو پێشنیارەم کرد هیچ جوابێکم دەست نەکەوتەوە، برێك پارەی بۆ تەرخان بکرێت، بۆ بوارەکانی ئاوەدان کردنەوە، کشتوکاڵ، پیشەسازی، وە یەکەی نیشتەجێ بوون، بۆ ئەو کەسانەی کە تاکو ئێستا بەراستی لەو بۆردومانەدا ماڵیان وێران بووەو یاخود خانوو، لانەیان نیە، دیارە هەڵەبجە ئێستا هەروەك ئەزانین ئەندامی شارەوانیەکانی جیهانە وە بە دەستە خوشکی هێرۆشیما و ناکازاکی ناوزەد کراوە. بۆیە دووبارە داواکارم لە ئاست ئەو گرنگیەدا حکومەتی خۆمان ساڵانە ئەو برە پارەیەی بۆ دیاری بکات، وە داوا لەسەرجەم ئەو ئەندام پەرلەمانانە دەکەم کە سەردانی ئەو شارەیان کردووە بە هەر دافیعێ بووبێ بۆ بانگەشەی هەڵبژاردن بووبێت، دافیعی سیاسی بوبێت یا هەر شتێك بووبێت ئێستا پشگیری ئەوە بکەن، چونکە لەم کاتانەدا ئەوان بەڵێنیان بەو خەڵکە دابوو وە ئەمە داواو داخوازی خەڵکی کەس و کاری شەهیدانی هەڵەبجەیە بۆ ئەوەی ئێمە بەراستی بتوانین وەك وەفایەك کە ئەبێ قەرەبووی ئەم شارە بکەینەوەو، دووبارە سوپاس.

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت بەرێز هاوڕاز شێخ أحمد ، فەرموو.

**بەرێز هاوڕاز شێخ أحمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

زۆر سوپاس، قسەکانم کران.

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەرێز حمە سعید حمە علی فەرموو.

**بەرێز حمە سعید حمە علی:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەرەتا خاڵی یەکەم کە سیانزە ملیارو نۆسەدو چلە ئەگەر خاڵی رەقەم یەك و رەقەم دوو کۆ بکەینەوە غەڵەتێکی حیسابی تیایە، پێم وایە ئەو چوار ملیارو سەدو پەنجا چوار ترلیۆن و سەدو پەنجا ملیارە لەگەل نۆ ترلیۆن و شەش سەدو حەفتاو دووا سەدو حەڤدەو سێ سەدو سی فەرقی هەیە، وە لە جەدوەلەکەش کە بۆمان هاتووە لە وەزارەتی داراییەوە ئەو نۆ ترلیۆن و شەش سەدو حەفتاو دووە نۆ ترلیۆن و حەفسەدو نەوەد ملیارە، بۆیە تکایە ئەو راست کردنەوەی حیسابیە، چونکە سەدو حەڤدە ملیار زۆرە، ئەوە خاڵێك. خاڵێکی تریش پشگیری کاك سمیر دەکەم کە دەڵێت برِی چوار تریلیۆن و سەدو پەنجا ملیار بووژانەوەی پرۆژەی هەرێم و پرۆژەی پەرەپێدانی پارێزگاکان ئەو برە دەرکەین دوو سەدو نەوەت و هەشت ملیارو سەدو چل و دوو ملیۆن لێی دەرکەین سێ ترلیۆن و هەشت سەدو پەنجاو یەك ملیارو

هەشت سەدو پەنجاو هەشتی دەمێنێتەوە، واتە چوار ترلیۆنەکە دەبێتە ئەوەندە. خالێکی تر بەراستی مەسەلەی تخصیص کردنی پارە بۆ پەرلەمانی کوردستان یا بۆ ئەنجومەنی دادوەری، من پێموایە ئەبێ بە شێوەیەکی واقعی و عیلمی بێت، شێوەی واقعی و عیلمیش ئەوەیە کە ئێمە ڕاپۆرتی دارایی یان حیسابی خیتامی بێت بۆمان، ڕاپۆرتێك پەرلەمان ئەو حەفتاو چوار ملیارەی پاری بە چی سەرف کردووە، وەهەروەها ئەنجومەنی دادوەری ئەو سی و نۆ ملیارەی چۆن سەرف کردووە وە پێویستیەکانی بۆ ساڵی ئێستا چیە؟ ئەو کاتە لەسەری بڕیار ئەدەین زیادی کەین یان کەمی کەین، نەك بە گۆترە بڵێین با ئەو پەنجاو چوارە بکەین بە حەفتا یان با ئەو شەست و سێ، ئەگەر شێوەیەکی عیلمی بێت کە ئەویش دەکەوێتە سەر، ئەبوایە دیوانی یانی حیسابانی ژمێریاری کە لە مادەی (86) دا پێموایە لە پەیڕەوو پرۆگرام دەڵێ دەبێ موحاسەبەی پەرلەمان، یەکەی حیسابی پەرلەمان ئەو تقریرە بنێرێت وە هەروەها ئەنجومەنی دادوەریش. خالێکی تر بەراستی ئەگەر سەیری ئەو بابانە بکەین بابی (باربوو، إعانات، سوودە کۆمەلآیەتیەکان، مصاریفی ئوخرا، موجوداتی نادارایی) سەیری کەین لە راپۆرتی وەزارەتی دارایی خۆیا هاتووە پار روبعبێکی خەرج کردووە، یەعنی لە شەش مانگا، کەواتە ئەگەر بڵێین زەربی دووی کەین نیوەی خەرج کردووە، باشە خۆی ئەڵێ من نیوەم خەرج کردووە لەوانە، کەواتە ئێمە عیلمیەن ئەبێ نیوەی لێ ببڕین با 10٪ ی بۆ احتیاط دانێین کەواتە لە40٪ من ئەلێم ئەوە بەو تقدیرەی کە بە پێی راپۆرتی وەزارەتی دارایی هاتووە لە 40٪ ببڕین ئەم لە 40٪ دەکاتە تریلیۆنێك و چوارسەدو چل ملیار، ئەم تریلیۆن و چوارسەدو چل ملیارە بەشێکی دابین بکەین بۆچی بۆ بەراستی ئەو غلاء مەعیشیە کە کاك سمیر باسی کرد، بۆ زیاد کردنی مووچەی زیندانیانی سیاسی، ئەنفالکراوەکان، شەهیدان، هێزەکانی ناوخۆ، فەرمانبەران، وە بۆ دەرماڵە، دەرماڵەی یاسا ناسان، دەرماڵەی کۆمەڵناسان و دەروون ناسان، بۆ ئەو چین و توێژانە وە بۆ فەرمانبەران زیادی بکەین. بەم بڕینەش وەکو کاك دڵشاد وتی نیسبەتی بودجەی تشغیلی دادەبەزێت بۆ پێموایە (66 و 65) وە نیسبەتی بودجەی ئیستسماری زیاد دەکات بۆ (36 ، 34) شتێکی ئاوایە کەواتە ئێمە لێرەدا هاتین هاوسەنگیەکمان دروست کرد لە بەینی ئەو دوو بودجەیە وە ئەو تقریبەن تریلیۆنەی کە فەرق هەیە فەرقێك دروست بووە لە بەینی ئەو بودجەی ئەو بابانە لەگەل ئەمساڵ تریلیۆنێکە وە ئەم تریلیۆنە کە بەو لە 40٪ بیبڕین سەرفی کەین بۆ بەراستی عقار، من لەگەل ئەودام عقار وەکو بەغدای لێبکەین، چونکە بەغدا ئێستا سی ملیۆن دەدەن، ئنجا سەیری بازاڕ کەن، ئێمە وەکو لیژنەی ئاوەدانکردنەوە تەخمینی بازاڕ دەکەین بازاڕ کەرەستەکانی بینا و کرێ و ئەوانە زۆر زۆر بە بیست ملیۆن یان بە پازدە ملیۆن هەیکەلەکەش دروست ناکرێت، بۆیە زیاد بکرێت بە لابردنی ئەو مەسەلەیە ریباو ئەو مەسەلەی تەئمینی حیات و ئەو شتانە. خالێکی تر ئاوەدانکردنەوەی گوندەکان، ئاوەدانکردنەوە بە شێوەیەکی گشتی ئێمە وەکو لیژنەی ئاوەدانکردنەوە ئەو پارەی بۆ ڕێگاو بان بەکار بێنین خۆتان دەزانن ڕێگاو بانی کوردستان لەگەل ئەوی سەرفی دەکرێت، بەلآم خراپی لە ڕێگاو باندا هەیە حادیسە زۆرە، بۆیە پێمان باشە. وە خاڵێکی تر بۆ ناوچە زیان لێکەوتووەکان، ئێمە وەکو لیژنەی ئاوەدانکردنەوە داوای هەشتا

مليارمان كردووه ئێستا داواكەمان پشتگیری ئەو داوایەی كاك دڵشاد ئەكەم كە بكرێت بە سەد ملیار بۆ ناوچە زیان لێكەوتوەكان، ناوچە سنووریەكان، ئەوانەی كە كاول بوون. وە ئاوەدانكرنەوەی گوندەكان، كەرتی كشتوكاڵ، كەرتی پیشەسازی، فوتابخانەی نموونەیی كە ئێمە بەراستی زۆر پشتگیری دەكەین. خاڵێكی تر بۆ دروست كردنی یەكەی نیشتەجێ بوون ئێمە وەكو لیژنەی ئاوەدانكردنەوەش پرۆژە بڕیارێكمان پێشكەش كرد وە یەكەی نیشتەجێبوون بۆ خەڵكی كەم دەرامەت و فەرمانبەرانی كە مووچەكانیان كەمە بۆ ئەوە ئەو پارەیە كە دەیگێڕینەوە لە بودجەی تەشغیلی. بۆ گەنجان بۆ مەسەلەی وەرزش و ئەو ناوچە دابڕێندراوەكان بەراستی ئەم بودجەی تەشغیلیە ئەگەر بە شێوەیەكی واقیعی عیلمی سەیری جدوەلەكەی وەزارەتی دارایی خۆی بكەین من پێموایە 40٪ ی بە پێی مسروفی خۆیان 40٪ زیاد دانراوە، كەواتە بڕینی ئەوە بۆ ئەو مەجالانەی كە برادەرانیش باسیان كرد، وە بۆ ئەو مەجالانەی كە منیش باسم كرد زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت هەر بۆ ئاگاداری پەرلەمان تەنها لایەنە لە ناو هەموو هەرێمی كوردستان كە حیساباتی خیتامی كاملی ساڵ زۆر بە دروستی ماوەیەكی زۆرە لە لیژنەی دارایی دا وە هەروەها برادەران ئەوانی لە لیژنەی نەزاهەش بەردەوام بوون ئەوانیش چوونە سەیریان كردووە وە ئەو زیادەیەش كە داواكراوە كە كەم كراوەو زیاد كراوە بۆ ئەوەیە نووسینگەكان بكرێت بۆ ئەوەیە سیستەمی دەنگ و ڕاگەیاندن لەناو پەرلەمانی كوردستان زیاد بكرێت، بۆ ئەوەیە كە كەناڵەكەی فەزائی زیاد بكرێت، بۆ موئەسەساتی بینایە راپۆرتی جەنابت ئەندامی پەرلەمانی ئەتوانی بچیتە لیژنەی دارایی، ئەتوانی بانگی مدیر عام بكەی، سەیر حیساباتی خیتامی بكەیت زۆر سوپاس. ئێستاش بەڕێز بشیر خلیل توفیق، فەرموو.

**بەڕێز د.بشیر خلیل توفیق:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

مادەی (1) كە تایبەتە بە نەفەقات و عجز من لێرە فەرقێكی ژمارەیی دەبینم، نازانم پێم خۆشە برایان لە لیژنە وەڵام بدەنەوە، یان حكومەت، ئەوەی كە رەصدی نەفەقاتی مالی كراوە، بودجەكە دیارە كەوا 13 ترلیۆن و 940 ملیارە، لە ماددەی دوودا كە باسی عیجز دەكات 12 ترلیۆن و 386 ملیارە، دەبێ جیاوازی لەمەدا، ئەو فەرقەی كەوا لە بودجەكە و لەگەڵ موخەصەصاتەكە و لەگەڵ ئیرادەكە، ئەمە عیجزەكە بێت، ئەوەی كەوا لە فەرقی ئەو دوو ژمارەیە دەردەكەوێ ترلیۆنێك و 554 ملیارە، بەڵام لە عیجزەكەدا هاتووە ترلیۆنێك و 554 و 296 ملیۆنە، فەرقەكە 296 ملیۆنە ، ئەم فەرقە لە كوێیە؟، پێم خۆشە ئەمەمان پێ بڵێن، لە ثالثا، مبلغ قدره 54 ملیار دانراوە بۆ نەفەقاتی پەرلەمان، من پێم باشە ئەمە زیاد بكرێ، ئەوەی كە زیاد كراوە بۆ مەجلیسی قەزا، مەجلیسی قەزا كەم بكرێتەوە بۆ 54 و زیادەكە بخرێتە سەر میزانیەی

پەرلەمان، لەبەر ئەوەی پەرلەمان بەراستی ئێستا پێویستی بە بینایەکی گونجاو و شایستە هەیە، ئەم بینایەی ئێستای پەرلەمان زۆر زەیقە، ئەمە لە ئەصڵدا دروست کراوە بۆ مەجلیسی تەشریعی، کەوا لەوانەیە ژمارەیان 40 ئەندام بوون، 40 کەس بووینە یان زیاتر، بە هەر سێ دەسەڵاتی باڵاوە، سێ بینایە لەبۆ 40 ئەندام بەکارهاتووە، بەڵام ئێستا یەك بینایە لەو سێ بینایەیە بەکار دێت بۆ 115 ئەندام، ئێمە ئەمرۆ پێویستیمان بەوە هەیە کە میزانیەی پەرلەمان زیاد بکرێت، پشتگیری لە ئیقتیراح و پێشنیارەکەی لیستی کوردستانی دەکەم بە کەمکردنەوەی لە 10٪ ڕێژەکە کە لەوانەی باس کرا سەرف بکرێ، شتێکی زۆر چاك و باشە، ئومێدەوارین لە ساڵی ئاییندە ئەمانە ڕێژەیەکی زیاتر بتوانین کەم بکەینەوە لە بودجەی تەشغیلی، بە نیسبەت سولفەی زەواج، منیش ڕەئیم وایە سولفەی زەواج تا ساڵێك لە تەئریخی عەقدەوە تا ساڵێك ئەمە بکێشی و بتوانی وەربگیری و مەبلەغی تەئمینات ئەگەر لەسەریتی، لەسەر سولفەی زەواج و لەسەر سولفەی عەقاری، ئەو تەئميناتە ئێستا ئەمرۆ بەراستی کێشەیەکی زۆری ناوەتەوە لە لای خەڵك و ئومێدەوارم چارەسەر بکرێ و لا ببرێ، ئەو 70 ملیارەی کە دانراوە لە تەخصیصاتەکەی ئەم 10٪ دا بۆ مەشاریعی خەدەمی ئی ئەقزیە و نەواحی، زیاد بکرێ بۆ 100 ملیار، تەقوەیەی نەفەقات لە موخەصەصاتی قوەی ئەمنی داخیلی بۆ پۆلیس و ئاسایش، ئەمە پشتگیری لێ دەکەم کەوا ئەو 210 هەزارەشیان بۆ سەرف بکرێ لەبەر ئەوەی ئەمە مافی خۆیەتیان، بێجگە لەو شتانەی کەوا باس کراوە لە ئیقتیراحەکەی لیستی کوردستانی، من پێم باشە ئەو 10٪ کە بڕی، شمولی هەندێ لایەنی تریش بکات، یەك لەوانە، کەمئەندامان و وەرزش و لاوان، وەرزش ئەمەی بۆ دابین بکرێ، دووەم، وەبەرهێنانی وەزارەتی ئەوقاف، ئەو بودجەی وەبەرهێنان بۆ وەزارەتی ئەوقاف دانراوە، پرۆژەکانی زۆر زۆر کەمە، وا بزانم کەمترین وەزارەت کە بەری کەوتووە، وەزاەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینە، بە تایبەتی لە دروستکردنی مزگەوتدا، ئەگەر برای بەڕێزم کاك شێردڵ ئاماژەی بەوەدا کە لە کۆریا دەڵێت ئەگەر دەتەوێت سجنێك دابخەیت، ئەوە یاریگایەك دروست بکە، منیش دەڵێم، لە مەراکیزە ئیسلامیەکانی هەموو وڵایەتەکانی ئەمریکا دروشمێك هەیە دەڵێن ئەگەر دەتەوێت سجنێك دابخەیت، ئەوە مزگەوتێك دروست بکە، بۆیەمزگەوت لەناو کۆمەڵگادا بەراستی ڕۆڵی کەمتر نیە لە ڕۆڵی قوتابخانە و لە ڕۆڵی یاریگا و لەمانە، بەڵکو لەوانەیە لە هەندێ لایەن زیاتریش بێ، بۆیە زۆر زۆر پێویستە بەتایبەتی لە گوند و دێهاتەکان، پرۆژەی مزگەوتەکان زیاد بکرێ، بە تایبەت ئەمڕۆ حکومەت، ئەگەر بێت و کەرتی تایبەت، یان کەسێکی خێرخواز مزگەوت دروست بکات، ئەوەندە مەرجی تەعجیزی گران دانراوە بۆ خێرخوازەکان کەوا ئەوانیش نەتوانن مزگەوت دروست بکەن، دەنا ئەگەر لێی گەڕێن بۆ خەڵکی خێرخواز، لەوانەیە خەڵکی خێرخواز بۆ خۆی مزگەوت دروست دەکات، لە لایەکی دیکە کەوا شمولی ئەو زیادەیە بکات، ئەو چینەیە کە لە بیر کراوە، وەکو بەڕێز وەزیری دارایی ئاماژەی پێدا، بەڕاستی ژمێریارییەکان یان ئەمین سندوقەکان، ئەمانە بارێکی قورسیان لەسەرە، لە هەر فەرقێکی ژمارە، لەهەر غەڵەتێکی گچکە لەوانەیە تەحمولی زۆر لەو شتانە دەکەن، بۆیە پێم باشە کە دەرماڵەکیان بۆ دابین بکرێ و بۆیان زیاد بکرێ و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، بەڕێز حسن محمد فەرموو.

**بەڕێز حسن محمد سورە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە ماددەی یەکەم، ئەگەر سەیر بکەین، لە خاڵی دوو و سێ، هەندێك ناهاوسەنگی هەیە لە نێوان بودجەی تەشغیلی و بودجەی ئیستیسماری، کە 9 ترلیۆن بە 4 ترلیۆن دەکات، واتا نیسبەکە 71 بۆ 29یە، ئەمساڵ هەلێکی باش بوو بۆ ئەوەی بتوانین ئەو بودجەیە هاوسەنگی هەبێ، لەبەر ئەوەی دوو ترلیۆن لە موازەنەی گشتی زیادی کردبوو، ئەگەر خرابا سەر بودجەی ئیستیسماری بە تەئکید هاوسەنگیەکە باشتر دەبوو، لەبەر ئەوەی کەوا ، یەك، بودجەی ئیستیسماری هەندێ پرۆژەی هاتووە کەوا بەراستی جەدوای ئیقتیصادی نییە، دروستکردنی بینای بارەگایەك ئی وەزارەت، بەتەئکید ئەمە هیچ جەدوایەکی ئیقتیصادی نیە، بۆیە ئەم پرۆژانە زۆرن و پێویست بوو پرۆەکانی تر جێبەجێ بکرابا، دوو، کەڵەکە بوونی ئەو تەراکومەی کەوا لە بودجە بەردەوامەکان هەیە، ئێستا ئەگەر تەخمینی بکەین، نزیکەی پێنج ترلیۆن دەکات، یەعنی ئەمە بارگرانییەکی قورسە لەسەر بودجە، ئەگەر لە ئێستاوە هەوڵ نەدرێ بودجەی ئیستیسماری باش بکرێ، ئەم قورساییە بۆ ساڵانی ئایندە زۆر زیاتر دەبێ و ئیحتیمالە کارەسات بۆ بودجە دروست بکات، پێشنیار دەکەم، منیش لەگەڵ ئەوەم کە بودجەی پەرلەمان زیاد بکرێ، لە لایەك تەئیدی کاك بورهان دەکەم بۆ ئەوەی کە ئەم هۆڵە چاك بکرێ و، تەئیدی داواکارییەکەی بەڕێوەبەری گشتی پەرلەمان دەکەم، کە ئەم پێداویستیانە جێبەجێ بکرێ و، لەهەمان کاتیشدا تەفعیلی کاری لێژنەکان بکرێ، بە نیسبەت ئەو داواکاریانەی کە لیستی کوردستانی کردی، پێشنیارەکانی تەئید دەکەم، پێشنیاری جوان لە لایەنی لیستەکانی تریش کرا، خاڵەکانیان جوان بوو، دەمەوێ تەئکید لەوە بکەمەوە کە بە نیسبەت ئەو قەزایانەی کە لەسەر سنوور زەرەر و زیانیان لێ کەوتووە، بودجەکەی زیاتر بکرێ، دوو، قسەیەکیش لەسەر سەکتەری کەرتی تەندروستی بکەین، بەراستی ئەگەر سەیری ئەو گوژمە پارەی بکەین کە بۆ تەندروستی دانراوە، بریتیە لە 778 ملیار، ئەم پارە دەکاتە لە 05,58٪ کە بە گشتی بۆ بودجەی تەندروستی کەمە، ئەم پارەیەش ئەگەر دابەش بکەین بەسەر تەشغیلی و ئیستیسماری، دوو مەبلەغی زۆر، دەتوانم بڵێم، لەم مەبلەغە سەرف دەکرێ بۆ تەعویزاتی موەزەفین کە ئەمساڵ 435 ملیارە، لە بودجەی ئیستیسماری، 170 ملیاریشی سەرف دەکرێ بۆ پرۆژە بەردەوامەکان، ئەو پرۆژانەی کەوا ساڵەهای ساڵە ماوەتەوە لەو کەرتە و گوناحی کەرتی تەندروستی چیە، خستەخانەیەکی 400 قەرەوێڵەیی لە 2004 ەوە تەواو نەبووە؟، ئەمساڵ 43 ملیاری بۆ دابین دەکرێ، بەڵام بۆ هەموو پرۆژە پێشنیارکراوەکانی وەزارەتی تەندروستی 4 ملیار دابین کراوە، کە بەراستی ئەم 4 ملیارە بەشی لەوانەیە هەر شتی رۆتینی و تەحلیلاتی بودجەکەش نەکات، لە بودجەی تەشغیلی ئەگەر سەیر بکەین، تەنها 43 ملیاری سەرف دەبێ بۆ خزمەتگوزاری تەندروستی، واتا لە بەشی سیلەع و خەدەمات، وەزارەتێکی تەندروستی چۆن بە 43 ملیار بەڕێوە دەچێ؟، چونکە ئەگەر زیاتر

ڕەقەمەکە ورد بکەینەوە، سەیر دەکەین بەو شێوە هاتووە، 10 ملیاری بۆ خۆراکی نەخۆش، 66 ملیۆنی بۆ موکافەحە و وقایە، 7 ملیاری بۆ مەوادی موختەبەری، 9 ملیاری بۆ پێداویستی پزیشکی، 296 ملیۆن بۆ بەرگی نەخۆش، ا ملیاری بۆ پیخەڤی نەخۆش، 8 ملیاری بۆ کڕینی دەرمان، 4 ملیاری بۆ صیانەی ئەجهیزە، یەك ملیاری بۆ بەشداری دەورات، ئەمە لە کاتێکدا کە 39 تەوصیاتی کۆنگرەی تەندروستی نێودەوڵەتی ئەمساڵ هەبوو، کە هەمووشیان پێویستە لەسەر بودجەی تەشغیلی کاری بۆ بکرێ، بۆیە لە کۆتاییدا داوا دەکەم کە بودجەی تەشغیلی زیاد بکرێ و، هەروەها بودجەی ئیستیسماری نیسبەتێك زیاد بکرێ لە بودجەی ئیستیسماری، چونکە هێشتا هەندێ شوێنمان هەیە وەکو دهۆك، خەستەخانەی ویلادەی دەتوانم بڵێم تیا نیە، خەستەخانەی شێر پەنجەی تێدا نیە، شوێنێکی وەکو، زۆر قەزا وەکو بەردە ڕەش خەستەخانەی تێدا نیە، هەروەها لە هەموو کوردستان موختەبەرێکی ڤایۆلۆجی نیە، کە تەشخیصی نەخۆشیەکانی موعاصیر بکات، وەکو نەخۆشی ئەنفلۆنزا و ئەوانە، تا ئێستاش فەحصەکان دەنێرین بۆ بەغدا بۆ تەئکید و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، بەڕێز کاروان صالح احمد فەرموو.

**بەڕێز کاروان صالح احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پشتیوانی لەو ڕایە دەکەم کە کەمکردنەوەی بودجەی بەکاربردن بەڕێژەی 50٪ کەم بکرێتەوە بە تایبەتی لە بڕگەی کڕینی شمەك و باروبوو و بەخشین و سوودە کۆمەڵایەتیەکان و خەرجیەکانی تر، نموونە زۆرە کە بۆ ئەو مەسەلە بیهێنینەوە، بۆ نموونە هەڵکشانی بڕگەی کڕینی شمەك لە بودجەی 2011 بە بەراورد لەگەڵ 2010 کە ڕێژەی 52,14٪ زیادی کردووە، هەڵکشانی بڕگەی بەخشین لە بودجەی 2011 بەراورد لەگەڵ 2010 بە ڕێژەی 71,1٪ زیادی کردووە، ئێمە پێمان وایە، ئەو بڕینە لەو گۆژمە پارەیەی کە بۆ بودجەی بەکارخستن دانراوە، خەرج بکرێ بۆ کۆمەڵێ پێویست کە پێمان وایە لە ساڵی 2010بڕگەیەك لە پرۆژە یاسای 2010هەبوو بۆ زیادکردن و بەهاوتا کردنی مووچەی پۆلیس و ئاسایش و پێشمەرگە، بەداخەوە حکومەت ئیلتیزاماتی خۆی جێبەجێ نەکرد لەو بوارەدا، هیواخوازین ئەمساڵ جێبەجێی بکات، هەروەها گەشەدان بە بوارەکانی کشتوکاڵ و زێدەکردنی بودجەکەیان کە پێم وایە پێویستیەکی زۆر زەرووره کە ئەمڕۆ لە هەرێمی کوردستان بۆ ئەوەی کە قۆناغ بە قۆناغ، ئەو خوتە پێنج ساڵیەی وەزارەتی کشتوکاڵ جێبەجێ بکرێ، حەق وایە ئەمساڵ بەشێك لەو بودجەیەی کە دەبڕێ بخرێتە سەر بودجەی کشتوکاڵ و کەرتی پیشە سازی، بۆ ئەوەی گەشە پێدانی وەبەرهەمهێنان لە هەرێمی کوردستان زیاد بکات، هاوتا کردنی مووچە و دەرماڵەی پایەکانی فەرمانبەرانی هەرێم لەگەڵ ناوەند، بە پاراستنی ئەو خصوصیەتەی کە مامۆستایان لە ماڤی خۆیان، لەو دەرماڵەی کە هەیتیان لە هەرێم کە جیا لە ناوەند، هەروەها بڕینی بودجەی تەرخان کراو بۆ ڕاگەیاندنی حیزبەکان، بەراستی کە ئەوە بڕە پارەیەکی

یەکجار زۆرە کە پێموابێ، حەق وایە ئەمساڵ ئەم بڕە لێیان ببڕێ و بخرێتە سەر ئەو کەرتانەی کە باسمان کرد، لە بودجەی 2009 بڕی 12 ملیار دینار بۆ چاپەمەنی تەرخان کراوە، لە 2011 بووە بە 21 ملیار، لە بودجەی 2009 بڕی 471 ملیۆن دینار بۆ کرێی ئاوەڕۆ خەرج کراوە، کەچی بۆ ساڵی 2011 بووە بە یەك ملیار و 154 ملیۆن دینار، کە بەراستی هەندێك لەو خشتانەی کە هاتووە جێگای پرسیارە یەعنی، ئێمە بەراستی بە کرێی ئاوەڕۆ شتێکە کە بەراستی جێگای ئەوەیە کە قسەی لەسەر بکرێ، لە شەش مانگی یەکەمی پار ساڵ 2010، بڕی 29 ملیۆن دینار لە پەخشی راستەوخۆ لە ڕێگای مانگی دەستکردەوە خەرج کراوە کە برادەران و هاوکارانم زۆر لەسەر ئەوە باسیان کرد، لە 2011 بووە بە دوو ملیار و 127 ملیۆن، تکا دەکەین ئەوانە هەموو ببڕێندرێن و بخرێنە سەر بودجە وەبەرهێنان و، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، بەڕێز سەرگوڵ رضا حسن فەرموو.

**بەڕێز سەرگوڵ رضا حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە نیسبەت ماددەی یەکەمەوە، ئەو مەبلەغەی کە تەخصیص کراوە بۆ وەبەرهێنان، من پێم وایە ئەو تەخصیصەی کە بۆ وەبەرهێنانی پارێزگاکان ئەبێ بەجیا بێ، نابێ لەسەر ئەم بودجەیە بێت، چونکە ئەمە پێشتر باسمان کرد بە دەر لە 17٪ ، بە نیسبەت بودجەی تەشغیلیەوە، من پشتگیری قسەکەی کاك حاجی بیلال دەکەم، کە ئەو بودجەیە لە 25٪ی لێ کەم بکرێتەوە و، ئێمە زۆر جار باس لەوە دەکەین کە تەوازون نیە لە بەینی ئەو دوو بودجەیە، پێم وایە لەم کەمکردنەوەیە لە 10٪ی بچێت بۆ وەبەرهێنان و لە 15٪ کەشی تەخصیص بکرێ بۆ ئەو زیادانەی کە پێشنیار کراوە بۆ دەرماڵەی دەروونناسان، ئەوانەی یاسایی و ئەوانەی زیندانی سیاسی و ئەو زیادانەی کە پێشنیار کراوە لە سولفەی زەواج و سولفەی عەقار، پێموایە ئەو 15٪ دەتوانی لە ئەحکامی خیتامیدا ئەوانە دیاری بکەین بۆ ئەو پێشنیارانە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، بەڕێز شەونم محمد غەریب فەرموو.

**بەڕێز شەونم محمد غریب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پشتگیری لە پێشنیارەکانی سۆزان خان و کاك دڵشاد ئەکەم، بە نیسبەت ئەو پێشنیارانەی کە کردیان، نامەوێ قسەکان دووبارە بکەمەوە، تەنها یەك تێبینیم هەیە، داواکارم ئەو پێشنیارانەی کە کراوە، بۆ نموونە، پێشینەی هاوسەرگیری کە پێنج ملیۆنی بۆ دەستنیشان کراوە، بەڵام تەصەروف بە پارەکە صەلاحیەت بدرێتەوە بە وەزارەتی دارایی، بۆ خۆی ئەو پارەیە جێگا بکاتەوە لەناو بودجەدا، چونکە ئەگەر

ئەو صەلاحیەتە نەدرێتەوە بە وەزارەتی دارایی، بڕی ئەو پارەی کە دەستنیشان ئەکرێ، ئەگەر تەواو بوو و دوای ئەوەی وەزارەتی دارایی زەحمەتە بتوانێ تەصەروف بەو پارەیە بکات و، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، بەڕێز صباح بیت الله فەرموو.

**بەڕێز صباح بیت الله شکری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دەربارێ ماددە یەکێ، رەنگە برادەرێ دارایی لە من شارەزاتر بن، بەس بەرەئیا من فەقەرە سێ و فەقەرە چوار حەق بوو بە جەدوەلا نەفەقاتێ تەشغیلی هاتبا خوارێ، نەکو لەوماددەی بهاتنا خوارێ، دیسان دەنگی من لەگەلێ دەنگی وان کوبودجە پەرلەمانێ کوردستانێ نەییتە کەمکرن، هەم بۆ دروستکردنا نڤیسنگەها و هەم بۆ دروستکردنا هۆڵەکایا تایبەت بە پەرلەمانێ کوردستانێ، حەتا ئەو هۆلی کەوا لێژان تێدا خوارێ، بۆ نموونە لێژنەی پێشمەرگەیدا، ئڤ سێ لێژنەیە لەوێ دێتەخوارێ، حەتا گرنگیدان بە سەتەلایتا پەرلەمانێ کوردستانێ، کەبەتەنی بۆ بلاڤکردنا جەلەسەیا پەرلەمانێ نەبێتن، بۆ هەندێ بلاڤکرنا چالاکیا پەرلەمانێدا بێتن و هۆلێ تایبەت بە سەتەلایتا هەبێ، هەروەسا داخوازێ دکەم، حکومەت بزاڤێ بداتن کە خەرجیەت تایبەت بودجە بەرهەمهێنانێ بێتە زێدە کرن، حەدی ئەڤەل لە 35 بۆ 40٪، ئەگەر دێمە سەر سولفەی زەواج، سولفەی عەقاری، زێدە کردنا پارەی تۆرا کۆمەڵایەتی بێتە زێدە کرن، و حیسابێك بۆ وان دەڤەرێ سنووری، ئەڤێ بەر زەرەر و زیانێ کەڤتیا رژێما بەعسا گۆڕبەگۆڕ، حیسابێك بۆ بێتە کرن، دیسان ئەو 210 هەزارەی کە بڕیارە کۆ پۆلیس و ئاسایش و هێزی ئەمنی بێتە زێدە کرن، کە ئێمە بڕیارێ داین و وەعدی داینەو چەندین چاڤپێکەڤتنێ مە و داخوازێ کرن کە بێتە زێدە کرن، ئەز لێرە داخوازێ جەنابێ وەزیرا دارایی دەکەم کە بێتە زێدە کرن، دیسان بە نیسبەتا پێشمەرگەی کە وەکو ئەندامێك لە لێژنەی کاروباری پێشمەرگەی داین، ئەز داکۆکیەت مە ئەڤ یارمەتیە کو پێشمەرگە وەرگریتن، بەراستی یارمەتیەکی گەلەکی کەمە، حەتاکو ئەوەش لیوای دیکە دێتە جێبەجێ کرن، ئەز داخازێ لە وەزیرا دارایی دکەم، هەر عەردەکی بێت ئەڤ پارەی تەخصیص کرن لەگەلێ یارمەتیا پێشمەرگەی هاریکاریا بۆ پێشمەرگەی بێتە ئیزافە کرن کە هەندێك لایەڤا ژیانی پێشمەرگە بێتن، نیسبەتا ئاوارەیی ساڵا 75 کە چووینە ئیرانێ و حەتا ئاوارەی پێش ئەنفالێ کە چووینە تورکیا و هاتینەوە، حەتا ئێستا وەکی پێویستە هاریکاریا نەهاتە کرن، ئەز داخوازی دکەم کو میزانیا ئەڤ ساڵە بێتە کرن، ئەز داخوازا و پشتیڤانیا داخازا کاك شێردڵ دەکەم، حەقیقەت کە داخواز کر وەکی ئەندداما پەرلەمانێ ئەز پشتیڤانی لێ دەکەین، بۆ وەرزشی، حەقە پشتیڤانێ لێ بێتە کرن، دیسان بۆ زیندانێ سیاسی، حەقە وەکی زیندانیەت سیاسی عێراقی لێ بێتە کرن و یارمەتیا وان وەکی وان لێ بێت کرن، بەری نوکەشمە داخواز کرد، ئەڤێ پارەی دوو نەخۆشخانە، نەخۆشخانە تایبەت بۆ کەس و کاری شەهیدان و پێشمەرگەی لە پارێزگاها هەولێرێ و پارێزگاها دهۆکێ بێنە کرن، چونکە بەراستی دوو شەریحەن کو جێی شانازیا و سەر بڵندیا میللەتی مەنە،

بەر هەندێ حیسابێك بۆ كەس و كاری وان دێتە كـرن، دیسـان هـەر داخـوازا هاتنـە كـرن كـو نەخوشـخانەكا تایبەت یا دایك بوونێ و یا نەخۆشیا سەرەتانێ لە پارێزگاها دهـۆكێ بێتـە كـرن، كـە نزیكـی ملیۆنـا كەسـێ تێدا حەتا پێگاڤێت، ئەڤ پارێزگایە لەڤێ بێ بەشە، دیسان بۆ ئەو سولفەی زەواجـا كـو زاروكـا شـەهیدا دێتـا تەرخان كرن، حەڤە ئەڤ پێنج ملیۆنە شمولی وان بكاتن و ئەڤ سولفە لێ نەیەتە وەرگرتن، چونكە بەراستی زارۆكا شەهێدان پێویستی هەندێنە ئەڤە بێتە كرن، دیسان دەرماڵە بۆ كـەس و كـاری شـەهیدان بێتـە زێـدە كرن و، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، بەڕێز ڤیان عبدالرحیم فەرموو.

**بەڕێز ڤیان عبدالرحیم عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من ئەمەوێ تەئكید لەسەر ئەو قسەیە بكەمەوە كە دەنگدان لەسـەر ئـەم ماددەیـە جارێ تـا بـە تەواوی ئەو بڕینانەی لە زۆربەی فراكسیۆنەكانەوە پێشنیار كراوە، تا یەكلایی ئەبێتەوە، بزانین لەسەر كام بڕین ئێمە دەنگ ئەدرێ، پاشان ئێمە بتوانین كە بەقەد ئەو بڕینەی كـە خـەرجی بەكارخسـتن ئـەبڕدرێ و ترلیۆنەكە كەم ئەكرێتەوە، بتـوانرێ ئێمـە بەقـەد ئـەو بڕینـە بتـوانین كـە دابنـرێتـەوە بـۆ پێشـنیاری ئـەو پەرلەمانتارە بەڕێزانەی كە ئەو شتانەیان پێشنیار كردووە، یان چـەندی دائەنـرێتـەوە بـۆ وەبـەرهێنانیان و چەندی هەر دائەنرێتەوە بۆ وەگەرخستن خۆی، بەراستی تۆ ناكرێت دەنگی لەسـەر بـدەیت و دوایـی بڵێـێ من دێمەوە شتێكی تر پێشنیار دەكەم كـە ئەوەنـدە ببڕدرێـت، بـە نیسـبەت یەكـەم و دووەمـی، كـە بـاس لـە كورت هینان دەكرێت، ئەمە جگە لەوەی كە حكومەت ئاماژەی بەسەرچاوەی دابینكردنی ئـەو كورتهینانـەی بودجـەی سـاڵی 2002 نـەداوە، چـونكە ئێمـە كـە لەحیسـابی خیتـامی، ئەگـەر نـەتوانرا ئـەو عیجـزە پـڕ بكرێتەوە و كورتهێنانەكە پڕ بكرێتەوە، كەواتە ئەو موخەتەتە ئەبێ بە حەقیقی، بۆیە بە بڕوای من، ئـەم كورت هێنانە حەقیقیەی كە ئێستا هەیە، پێویست ناكـات هـیچ بیانوویـەكی بـۆ بهێنـدرێتـەوە، چـونكە ئـەو كاتی كە ئەمە ئەوترێت، ئەم كورت هێنانە پڕ ئەبێتەوە وئەگەر ئەو بڕە پارەیە لە لایەن وەزاەرتی بەرگری عیراقی درا، یەعنی ئێمە ئەبێ دوعا بكەین و بڵێن ئینشاالله ئەگەر پڕ بووە وە و یان وەزارەتی بەرگری ئـەو پارەی دا بە ئێمە، ئەم كورت هێنانە كۆتایی پێ دێ، كـە لـە 2007 ەوە تـا 2011، بەراسـتی ئـەمن یـەعنی لەوە زیاتر ناكرێ بەردەوام بەو كورت هێنانە بدرێ لەناو بودجەی هەرێمی كوردستان، كە پێویسـتە ئەمـە هەرێمی كوردستان بە تەواوەتی یـەكلایی بكاتـەوە لەگـەڵ مەركـەزدا، بۆیـە مـن جگـە لـە تەئكیدكردنـەوەم لەسەر پێشنیارەكانی بەڕێز كاك كاردۆ، ئەمەوێ هەنـدێ پێشـنیاری تـر بخەمـە روو، یـەكێك لەوانـە، دابـین كردنی ئەو بڕە پارەیەی بۆ ئەو ناوچانەی كە پێشتریش بەڕێز كاك دڵشاد باسی كرد، بۆ ئەو ناوچانەی یـان ئەو ناوچـە سـنووریانەی كەزەرەمەنـد بـوون، یـان راگوێزراون و تووشـی كاوەلكاری و زەرەمەندییـەكی زۆر بوون، بە تایبەتی من ئەمەوێ وەكو قەزای پشدەر یان هەڵەبجە، سەرجەم ئـەو شـوێنانەی تـر كـە بـەر ئـەو

شاڵاوە کەوتوون، دووەمیان دانانی مەبلەغێك پارە کە ساڵانە دیاری بکرێن، لەسە وەزارەتی تەندروستی بێت، یان لەسەر وەزارەتی شەهیدان، بۆ چارەسەرکردن و ناردنە دەرەوەی بریندارانی چەکی کیمیاوی، چونکە بەراستی ئێمە ناکرێ لەوە زیاتر بریندارانی کیمیاوی وەك خێر و صەدەقە لە لایەن ڕێکخراوەکان بنێردرێنە دەرەوە، پێویستە ئەم مەبلەغە ساڵانە خۆمان لە یەکێك لەو وەزارەتانە بۆیان دیاری بکرێت، سێیەمیان، زیادکردنی مووچەی شەهیدان، بە بڕوای من پێویستە بە پێی پێوەرێك بێت، کە دیراسەی وردی لەسەر بکرێت، لەسەر ئاستی بژێوی ژیان بێ، بزانرێت خێزان لە هەرێمی کوردستاندا، بە نیسبەتێك بێ، یەعنی بە نیسبەتی چەند خێزان بەرێوەئەبرێ، نەك تۆ بە زیاد کردنی 100 هەزارێك یان 200 هەزار بتوانی ئەمە زیاد بکەی، پاشان گەڕاندنەوەی موخەصەصاتی بەدەل ئەرزاق ، یەعنی ئەوە پێشنیار دەکەم بۆ هێزەکانی پۆلیس و هێزەکانی ناوەخۆ، پێنجەمیان، تەئکید دەکەمەوە لەسەر خەرجکردنی دەرماڵە بە ڕێژەی لە 50٪ بۆ توێژەرانی کۆمەڵایەتی و ئابووری ناسان و فەرمانبەرانی یاسایی و، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، بەڕێز شۆڕش مجید فەرموو.

**بەڕێز شۆڕش مجید حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی یەك، کە تایبەتە بە خەرجی و کورت هێنانەکان، بڕگەی یەك کە تایبەتە بە خەرجی پرۆژەکان، منیش پشتگیری لەو رایە دەکەم کە پرۆژەی پەرەپێدانی پارێزگاکانی لێ دەربهێنـدرێ، کە بڕەکەی 291 ملیارە، کە دەکاتە ئەو بڕی 4 ترلیۆن و 150 ملیارە دەبێ بگۆڕدرێ، بۆ؟، کە 291 ملیارەکەی لێ دەردەهێندرێ کە کۆی خەرجی 692 پرۆژەی هەر سێ پارێزگایەکەیە، ئەگەر لێشی دەرنەهێندرێ، من پێشنیاری ئەوە دەکەم، بە بڕگەیەکی تر زیاد بکرێ بۆ ئەو ماددەیە، بە تەنیا هێ پەرەپێدانی پارێزگاکان بە بڕگەیەکی جیا بنووسرێ، هەم ژمارەی پرۆژەکانی و هەم بڕی ئەو پارەیەی کە بۆی تەرخان کراوە، بڕگەی دوو، سەبارەت بە خەرجی وەگەڕخستن، من پێم وا نیە لێرە بتوانین هیچ دەستکاری بکەین، ئەوە دەمێنێتەوە بۆ ئەو بڕگە و ماددانەی کە لە ئەحکامەکانی خیتامی بۆی زیاد ئەکرێ، لە گفتوگۆکانی چەند رۆژی رابردوو، هەمووشمان لەسەر ئەوە موتەفیق بووین کە ئەو بڕە زۆرە، لە چاو بڕی پارەی وەبەرهێنان، وەگەڕخستن زیاترە، پشتگیری لەو پێشنیازەی لیستی کوردستانی دەکەم، کە لە 10٪ بڕی خەرجی وەگەرخستن کەم بکرێتەوە، بۆ ئەو شوێنانە سەرف بکرێ کە بۆی تەخصیص دەکرێ، دوای ئەوەی کە دەنگ دەهێنێ، لەوانە زیادکردنی هاوکارییەکەی تۆری کۆمەڵایەتی لە 75 بۆ 150 هەزار، و سولفەی زەواج بکرێ بە 5 ملیۆن و، 100 ملیار تەرخان بکرێ بۆ زیادکردنی دەرماڵەی هێزەکانی ناوەخۆ و، هەورەها بۆ بەردەوام بوون لە هەڵمەتی دروستکردنی فوتابخانە هاوچەرخەکان کە 150 ملیارە، هەروەها بۆ قەرزی پیشەسازی و بۆ قەرزی کشتوکاڵ و، 200 ملیاریش بۆ پرۆژە خزمەتگوزارییەکان، هەروەها لە 70٪ ی ئەو تەخصیصەی کە بە پێی ئەو پێشنیارەی هاتبوو کە لە 70٪ بوو، لە 30٪ تری

بچێتەوە بۆ پڕکردنەوەی ئەو نەقصەی کە، ئەو کورت هێنانەی کە لە بودجەدا باسی لێ کراوە کە ملیارێك و 555 ملیۆنە، ئەو بڕە 30٪ بگەڕێتەوە بۆ ئەو کورت هێنانە، بڕگەی 3 کە تایبەتە بە 55 ملیار دینار بۆ خەرجی پەرلەمانی کوردستان، منیش لەگەڵ ئەوەمە کە ئەو خەرجیە زیاد بکرێ، نەك لەبەر ئەوەی کە لە پەرلەمانی خۆمان داوا ئەکەین ئەو خەرجیە بۆمان زیاد بکرێ، بەڵکو بۆ دابین کردنی ئەو کەم و کورتیانەی کە هەیە، بە تایبەتی لە هۆڵی دانیشتنی پەرلەمان، هەم لە سیستەمی دەنگ و هەم لە سیستەمی دەنگدانـدا، بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی مۆدێرن کارەکان بەڕێوە بچێ، تەنانەت ئەگەر بۆ دروستکردنی قاعەیەکی تری دانیشتنی پەرلەمانیش بێ، چونکە هەمووومان دەزانین شوێنێکی تەسك و، تەنانەت لە بۆچوونی دەرەوەش کۆمەڵێك ئەزیەت دەبینن خوشك و برایان، لەو پێشنیازانەی کە کرابوون بۆ قەرزی عەقاری، بۆ گوندنشینەکان، من پێشنیازی ئەوە دەکەم، هەروەکو کاك خەلیلیش باسی کرد، کێشەیەك هەبوو لە کاتی خۆی، وەزارەتی داراییش ئاگادار کراوە بە نووسراوی رەسمی، لەکاتی ئەنفالەکاندا حکومەت ئەو دێهاتانەی کە وێرانی کردن، بە زۆر خەڵکەکەی راگواستەوە بۆ ئۆردوگا زۆرە میللیەکان، ئەو خەڵکانەی کە لە حەملەی ئەنفالکردندا، گوندەکانیان وێران کرا، حکومەت رایگواستن بۆ ئۆردوگا زۆرە مللیەکان، لەوێ پارچە زەوییەکی پێدان و بڕێك پارەشی پێ دان بۆ ئەوەی ناچاریان بکات لەوێ بمێننەوە، چەند حەسیر و کاریتەیەك و چەند بلۆکێکیان پێ کڕی، ئەوەیان لەسەر سولفەی عەقار حیساب کراوە لە حکومەتدا، ئێستا کە دەچن تەقدیم دەکەن، پێشکەشی ئەوە دەکەن و داوا دەکەن کە ئەو سولفەی عەقارە شمولیان بکات، دەڵێن ئێوە لە کاتی خۆی موستەفید بووینە و هەر کەسێك موستەفید بێ، بۆیە داوا دەکەین لە وەزارەتی دارایی، پێم وا نیە ژمارەکەشیان زۆر بێ، ئەوانەی ئێستا بە ویستی خۆیان داوای ئەو قەرزەیان نەکردووە، بەڵکو ئەوە حکومەتی بەعس بە زۆر رایگواستوون و لە شوێنێکی تری دایناون و پارەی پێداون، بۆ ئەوەی لەوێ بمێننەوە، سەبارەت بە 63 ملیار و 330 ملیۆن بۆ خەرجی ئەنجومەنی دادوەری، منیش پێم وایە ئەوە زیادە، بەڵکو شتێکی لێ کەم بکرێتەوە، بۆ کورت هێنانی بڕگەی دووەم لە ماددەی یەکەمدا، کورت هێنانی بەرپلان، منیش لەگەڵ ئەو رایەمە کە بە حیسابی راپۆرتەکەی وەزارەتی دارایی بێت، ئەوەی کە لێرەش نووسرایە، ئەو کورت هێنانە ئیساڵی 2007 تا ساڵی 2011یە، منیش پێم وایە ئی ساڵی 2007 و 2008 و 2009 موخەتەت نیە، بەڵکو بە فیعلی بووتە کورت هێنان، ئەوەی کورت هێنانە هی ساڵی 2010 و 2011یە، بۆیە دەکرێ بەشێکیش وەکو لە پێشنیازەکەی سۆزان خان و کاك دلشادیش هاتووە، لە 30٪ ئەو پارەیەی کە لە 10٪ ی کۆی گشتی بودجەی وەگەڕخستن دەمێنێتەوە، بخرێتە سەر ئەو نەقصەی کە لەو کورت هێنانەدا هەیە و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، بەڕێز شلێر محی الدین فەرموو.

**بەڕێز شلێر محی الدین صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پشتگیری لەو پێشنیارانە دەکەم، کەوا لە لایەن سۆزان خان و کاك دڵشادەوە پێشکەش کران، ئەو خاڵانەی کە لە لایەن ئەوان پێشنیار کرا، هەروەها زۆربەی قسەکانم کران، بەڵام لێرە، لەو خاڵەی کە هەموومان زیاتر پشتگیریمان کرد کەوا لە 10٪ی نەفەقاتی تەشغیلیە، من لێرە پێشنیار دەکەم بە هیچ شێوەیەك شەملی وەزارەتی پەروەردە و تەندروستی نەکات، لە راستیدا ئەو دوو بوارە زۆر زۆر گرنگە، بواری دیکەش هەیە کە هەر گرنگە، بەڵام بواری پەروەردە زۆر زۆر پێویستی بە بودجەیەکی باش هەیە، لەبەر ئەوەی کێشە و گرفتەکانی زۆر زۆرە، زۆربەشی بە پارە چارەسەر دەکرێ، لە بابی ئەو سیلەع و خەدەماتی وەزارتی پەروەردە، سیلەع و خەدەمات و مەصروفات ئوخرا و مەنافیع و ئەو شتانە، ئەگەر بکرێ لەوانە، سەبارەت بە خاوەن پێداویستی تایبەت، کە لە ئەستۆی وەزارەتی پەروەردەیە، کە چەند جارە تەئکیدی لێ دەکەمەوە، هیچ بودجەیەکی بۆ تەرخان نەکراوە، بەڵکو بتوانرێ، نازانم هەتا چەند رێنمایی رێ دەدا لەو بابانە کە بتوانرێ سوودی لێ وەربگیری سەبارەت بە خاوەن پێداویستی تایبەت، سەبارەت بە دروست کردنی پرۆژەکانی دروست کردنی قوتابخانە، منیش ئەو پێشنیارە پشتگیری دەکەم، کە لە وەزارەتی پلان دانان، هەڵمەتی نیشتیمانی هەر بخرێتەوە سەر وەزارەتی پەروەردە، چونکە تایبەتمەندن بەو بوارە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، بەڕێز عدنان عثمان فەرموو.

**بەڕێز عدنان عثمان محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە راستیدا دیارە هەموومان پێمان باش بوو کە ئەو بڕە زیادەیەی کە چوویتە سەر بودجەی گشتی ئەمساڵی هەرێمی کوردستان، بخرایەتە سەر بودجەی وەبەرهێنان، بەڵام لە راستیدا کە ئێستا بەو شێوەیە بودجەکە کە دانراوە، من بەش بە حاڵی خۆم پێم وایە ئەوەی کە باس دەکرێ لە ئیستیقتاعەکان، لە رێژەکان، ئایا 10٪ یان 25٪ یان 50٪دا بڕین نیە، ئەوەندەی تەخصیصە لە بودجەی تەشغیلی، یەعنی بڕین نیە لە بودجەی تەشغیلی بەڵکو تەخصیصە لەناو خودی بودجەی تەشغیلی، بۆیە من بۆ خۆم رەئیم وایە کە حەق وانیە ئێمە لە بودجەی تەشغیلی ببڕین، بەتایبەتیش کە ئێستا هەموو هاوکارانم باسیان کرد و ئێستا دواتریش قسەی لەسەر دەکەن و پێداویستیەکی زۆری خەڵك هەیە و بە تایبەتیش فەرمانبەران هەیە، بۆ باشتر کردنی ژیانیان و باشتر کردنی ئاستی گوزەرانی خەڵك، بۆیە ئەو بڕەی کە باس دەکرێ، کە من پێی ئەڵێم، تەخصیص کردن لە بودجەی تەشغیلی، حەق وایە ئەو تەخصیصیەی لە بودجەی تەشغیلی ئێمە بە بڕگەیەك بڵێین، بە ئەم رێژەی ئەوەندە، کە تەخصیص کردنی بۆ نموونە، کە من وایە 25٪ ئێستاش باسی دەکەم، 25٪ رێژەیەکی مەعقولە، تەخصیص کردنی 25٪ لە کۆی بودجەی تەشغیلی بۆ ئەم بڕگانەی خوارەوە، ئەوەی کە هاوکارانم لە هەموو فەقەرەکان و لە هەموو ئەندام پەرلەمانەکان باسیان کرد، بە زیادەوە هەموو ئەو پێداویستیانەی قسەی لەسەر کرا، بە تایبەتیش بۆ، خۆتان ئەزانن سیستەمی

مووچە لە کوردستاندا جۆرێك لە، تا ئاستێك نا عەدالەتیەکی زۆری تێدایـە، هێشتا سیستەمێکی مووچـەی مودێرنانەی عادیلانەمان نیە، ئەکرێ بە دەرماڵە چارەسەری ئەوانە بکرێ، دیارە لەسەر دەرماڵە ، مـن پـێم وایە کاك نەریمان بـە نیـازە، بـا بڵێین خشتـەیەکی ورد لەسـەر ئـەوە بکات، بـە تایبـەتی لەسـەر هێزەکانی ناوەخۆ، من بۆیە قسەی لەسەر ناکەم، ئەوەی کە من باسی 25٪ یان هەر رێژەیەکی تر دەکرێ لە تەشغیلی تەخصیص بکرێ لەناو تەشغیلیە، دەبێ ئەبوابەکەی روون بکرێتەوە، ئێمە پێشـتر رامـان وابـوو، یـان وامـان دەزانی کە پێشتر ئەوەی کە پێی ئەوترێ لە بابی مووچـە، تـەنها بـۆ مووچـەیە، یـەعنی تـەعویزی مـوەزەفی تەنها بۆ ئەوانە و بۆ ئەوەیە، بەڵام لە روونکردنەوەکان جەنابی وەزیر تێگەیشتین کە زۆر شتی تریشـی تـێ ئەکەوێ، بۆ نموونە، باس لە کارەبا کرا، باس لە تەسدیدی عیجز کرا، یەعنی ئەمانەش دەچێتە ئەو بابـەوە کە دیارە ئەمە وای کردووە، زیادبوونێکی سـەیر لـە تەخصیصاتەکان هـەبێ، لـە نێـوان، بـۆ نموونـە لـە دوو ساڵدا، نزیك لە دوو ترلیۆن زیاتر چوویتە سەر ئەو ڕێژەیە کە ئەمە مەنتیقی تێدا نیە، بە تایبـەت ئەگـەر سەیری رێژەی تـەعین بـوون و تـەقاعودی و ئەوانـە بکـەین، لـە مـەوزوعی صیانە، لـە راسـتیدا ئـەوەی کـە هاوکارم کاك کاروان باسی 52٪ کرد، لە راستیدا 100٪، یەعنی نزیك بە 800 ملیار و ئەوەندەوە چووە بۆ ترلیۆنێـك و 600 ملیـار، واتـا تەقریبـەن 100٪ صـیانە و ئـەو بابـە زیـادی کـردووە، ئـەو کـە پـاریش تەخصیصمان کرد، تەخصیصێکی زیادە ڕۆیی تێدا بوو، بەڵام ئێستاکە دێین دوو قاتی ئەکەینەوە، مـن پـێم وایە لەو بڕینانە، لە ئەبوابەکان، لەو تەخصیصاتانە، ئێمە ئەتوانین رێژەیەکی باش دابنێین بۆ هـەموو ئـەو ئەبوابانـەی کـە بـاس کـرا لـە زمـنی مووچـە، تـەقاعود، دەرماڵـەکان، دامەزرانـدن، قـەرەبووی فەرمانبـەرانی سلێمانی، ....هتد، ئەمانە دەتوانین هەمووی ئـەوە بکـەین، دیـارە مـن لـە راسـتیدا لەگـەڵ ئـەوە نـیم کـە لـە ئیستیسـماریەکە بخرێتــە سـەر، لـە تەشـغیلیەکە بخرێتـە سـەر ئیستیسـماری، بـەڵام ئێمـە دەتـوانین بـۆ ئیستیسماریەکەش هەموومان هاوڕاین کە رێژەیەکی کەمە، کوردستان پێویستی بە رێژەیەکی زیاترە، چەند بڕێکی ترە، ئەمە دەکرێت ئێمە لە نەوتـەکان، لـە عەقـدەکانی نـەوت، لـە مـەوزوعی فرۆشـتنی نـەوت، وەك ئەوەی ئەمساڵ کرا، ئەو چەند عەقدانەی تریش کە لە ئایندەدا دەکـرێ، ئەمانـە هـەمووی ئـەتوانرێت ئـەو پارەیە بخرێتە سەر ئیستیسماری و ئەو پرۆژانە پرۆژەی گرنگی پێ بکرێت، بـە تایبـەتیش کـە جۆرێـك لـە رێککەوتن هەبوو کە پرۆژەی ستراتیجی گەورەی پێ بکرێت، ئەوە پێم وا بێ جۆرێك لـە میزانیەکـە دەباتـە پێشەوە بۆ ئیستیسماریەکە، خاڵێك کە من دەمەوێ قسـەی لەسـەر بکـەم، مـەوزوعی پابەنـد بـوونی خـودی وەزارەتی داراییە بە ئەو یاسایەی کـە لـە پەرلەمانـەوە دەردەکـەوێ، ئایـا وەزارەت چـەند پابەنـد دەبـێ بـەو تەخصیصاتانەی کە قسە لەسـەری دەکـرێ، یـەعنی مـن نموونەیـەك دێنمـەوە، لـە ماددەی چـوار لـە یاسـای بودجەی ساڵی پار لە 2010، لە ماددەی چوار، دووەم، ئێمە باسمان لەوە کـردووە کـە 5٪ لـە بـابی ئیعانـات ببڕێت و بخرێتە سەر مەسەلەی کەرکووك و ناوچە دابڕاوەکان، کەچی لە بودجەکە، تەبعـەن لـە بودجەکـە 384 ملیار دانـراوە، پێنجەکەشی لێ ببڕێ مەبلەغێکی کەمتر دەبێ، کەچی تا 2010/6/30 ، 512 ملیار و 586 ملیۆن سەرف کراوە، واتا لە بری ئـەوەی 5٪ لـەو 300 بـبڕێ، کەچـی بـۆ شـەش مـانگ هەڵکشاوە بـۆ

512، یەعنی ئەمە لە راستیدا، ئێمە لێرە بڕیار دەدەین لەسەر هێنی ئەم ئەبوابانە، ئەبێ بڕینێك بێت مەنتیقی بێت، ئەبێ جێبەجێ بکرێت، دەکرێت مەسەلەن ئەو موناقەلاتانە کە هەیە بکرێ، بەڵام لێرە پەرلەمان کە بڕیار دەدات لەو بابە، لەبار بووە، نازانم، ئەوەندە لە 100 دەبڕێت دەبێ ببڕێت، نەك ئەوەی بەو شێوەیە زیاد بکرێت، باس لەوە کرا تەبعەن بەشێك لەو، تەبعەن من رەئیم وابوو کە بۆ تەشغیلیەکە هەر بۆ ئەبوابی تەشغیلی بێ، ئەوەی کە هاوکارانم باسیان کرد، لەو ئەبوابانە، بەڵام ئەگەر رێژەیەکیش دابنرێت، من پێم وایە نەخرێتە سەر ئیستیسماری، چونکە زۆر ڕا هەبوو لە راپۆرتەکانیشدا کە ئێمە بودجەی پەرەپێدانی پارێزگاکان جیا بکەینەوە، بۆیە من پێشنیار دەکەم کە لە ماددەی یەکدا، خاڵێکی تر زیاد بکەین کە بودجەی پەرەپێدانی پارێزگاکان بۆ ئەنجومەنی پارێزگاکان، لەسەر بودجەی ئیستیسماری نەبێت، ئەو زیادەیەش کە باسی ئەکەین، کە بخرێتە سەر پەرەپێدانی پارێزگاکان، لەگەڵ رێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، بەڕێز رفیق صابر فەرموو.

**بەڕێز د.رفیق صابر قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوەی کە لێرە گرنگە، ئێمە کۆ دەبینەوە و چەندان رۆژ موناقەشەی بودجە دەکەین، بۆ ئەوەیە کە حکومەت و وەزارەتی دارایی بە تایبەتی، ئیلتیزام بەو پرەنسیپ و قانون و بڕیارانە بکات کە لە پەرلەمان دەردەچێت، بەڵام ئەوەی کە جێگای سەرنجە کە هەست دەکەین تەجاوزێکی زۆر هەیە، یان رێگە پێدانێکی زۆر هەیە لە لایەن وەزارەتی داراییەوە، بۆ ئەوەی تەجاوز بکرێت لەمەجالی سەرفکردندا، بۆ نموونە ئێمە پار لە مەسەلەی سیلەع و خەدەمات و صیانە، ئەوەی کە بڕیار دراوە بۆ حکومەت خەرجی بکات، 837 ملیار و 670 ملیۆن دینارە، کە ئەمە پارەیەکی یەکجار زۆر بووە، بەڵام لە شەش مانگی یەکەمی ساڵی 2010، کە چوار مانگی بودجە هێشتا بڕیار نەدراوە، ئێمە دەبینین 558 ملیار و 205 ملیۆن دینار سەرف کراوە، ئایا چۆن دەکرێ وەزارەتی دارایی و بەڕێز وەزیری دارایی رێگە بدەن لە شەش مانگی یەکەمدا کە زیاتر لە 25٪ تەجاوز بکرێتە سەر ئەو پارەیەی کە لەم بابەدا تەرخان کراوە، لەکاتێکدا ئێمە دەزانین ئەو بودجەیە کە دێت، دابەشی 12 مانگ دەکرێت و هەر مانگە و فەرمانگەیەك، هەر وەزارەتێك مانگانە لە 12٪ بودجەکەی خۆی بۆ تەرخان دەکرێت، کاتێك دەبیندرێ لە وەزارەتی دارایی کە وەزارەتێك یان ئەنجومەنی وەزیران یان دەزگایەك لە مانگێکدا تەجاوزی لە 25٪ لەوەی کە بۆی دانراوە، بۆ چی ئەو رێگەی پێدەدرێ و بۆی سەرف بکرێ؟، ئەمەش بەداخەوە تەنیا لەو بوارەدا نیە، بەڵکو لە بواری ئیعانات کە هاوکارم کاك عدنان عثمان ئیشارەتی پێدا بە هەمان شێوەیە، لە بواری مصروفاتی ئوخرا، کۆی ئەو پارەی کە دیاری کراوە 622 ملیارە، لە کاتێکدا لە شەش مانگی یەکەمدا 336 ملیار سەرف کراوە، بە هەمان شێوە لە بواری ئیعاناتدا، ئەوەی کە لێرەدا گرنگە و من دووپاتی دەکەمەوە، کە وەزارەتی دارایی و بەڕێز جەنابی وەزیری دارایی ئیلتیزام بەو مەبدەئی لە 12٪ بکەن و رێگە نەدرێت ئەو کە دائیرەیەك تەجاوز

دەكات و لە سنووری خۆی زیاتر خەرج دەكات، لە مانگی داهاتوو پێشیان پێ بگرن و نەهێڵن ئەوەبێت، ئەوەی كە گرنگە لێرەدا ئەم مەبدەئی سیلەع و ئەو پارە زۆرەی لە 17٪ی بودجە بۆ كڕینی كەل و پەل و صیانە تەرخان كراوە، راستیەكەی پارەیەكی یەكجار زۆرە، من پێم وایە ئەمڕۆ لە كوردستان، عەقلیەتی ئیستیهلاكی و كەشخە و ژیانی لۆكس خۆی زاڵە بەسەر كوردستاندا، ئێمە نابێ رێگە بدەین دائیرەكانی حكومەت لە كڕینی ئۆتومبێل و لە كڕینی كەل و پەل، پەیڕەوی مەبدەئی ئیستیهلاكی بكەن، ڕەچاوی ئەوە بكەن، تەنیا بە دوای شتی زۆر كەشخە و گران بەها نەگەڕێن، حیسابی بودجەی خەڵكی كوردستان بكەن، ئەگەر ئێمە ئەو بڕە پارەی كە بۆ سیلەع و خەدەمات تەرخان كراوە، وەكو ئیعانات و، مینەح و، مەنافیعی ئیجتیماعی و، مەسروفاتی ئوخرا كۆ بكەینەوە، زیاتر لە 32٪ی كۆی بودجەی هەرێمی كوردستان پێكدەرهێندرێ، كە بەراستی ئەوە هینە، بۆیە من داوا دەكەم، ئەو پارەی كە لە سیلەع و خەدەمات و صیانە كراوەتە دەبڵێ، وەكو پار بهێلدرێتەوە، یەك دیناریش زیاد نەكرێ لەو بوارەدا، ئێمە لەو رێگەوە، زیاتر لە 800 ملیار دینار كە پارێزگاری دەكەین كە دەكاتە زیاتر لە 600ملیۆن دۆلار، بەو پارەیە گرفتی هەموو قوتابخانەی كرێ، كە پارەیەكی یەكجار زۆر و بە ملیارەهای بۆ سەرف دەكرێ، گرفتی كەمی یان نەبوونی بەشی ناوەخۆیی لەوە چارەسەر دەكەین، بەمەش پارەیەكی یەكجار زۆر بۆ حكومەت دەگێڕینەوە، خۆ ئەگەر ئەمە تەنیا بۆ قوتابخانە تەرخان بكرێ، ئەو پارەی كە لە صیانە سەرف دەكرێ، بەس بۆ قوتابخانە تەرخان بكرێ، نزیكەی 1000 قوتابخانە دەتوانرێ لە گوند و شارەكان پێی دروست بكرێت، شتێكی تر هەیە كە پەیوەندی بە سولفەی زەواجەوە هەیە، شتەكە وەكو داكۆكیكردنێك لە ماف هاولاتیبوون و یەكسان بوونی هاووڵاتیان لەبەر دەمی یاسادا، من بە پێویستی دەزانم سولفەی زەواج هەر كەسێ بگرێتەوە كە هاووڵاتی كوردستان بێت، خۆی كارێكی باش كرا كە لەمەسەلەی سولفەی خانوو بەرەدا هاووڵاتیان هەموو بە یەك چاو سەیر كران، هیوادارم لە سولفەی زەواجیشدا ئەم مەسەلەیە چارەسەر بكرێت، دوا جار، ئەگەر جەنابی سەرۆكی پەرلەمان ئیجازەم بدات، حەز دەكەم یەك عورفی پەرلەمانی بە بیر بخەمەوە، ئەویش ئەوەیە كە لە هەموو كۆبوونەوەكانی پەرلەمان كە بابەتێك خراوەتە ڕوو، پرس كراوە كێ دەیەوێ قسە بكات، ناوی خۆی نووسیوە، هیوادارم ئیلتیزام بەوعورفەوە بكەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، ئێمە داوامان كرد، لە فراكسیۆنەكانمان پرسی، وتیان هەمووومان قسە ئەكەین، بۆیە من بەو لیستەی كە ئینتیخابات پێشكەش كراوە، ناوەكانم بە پێی رێژەكان تەوزیع كرد، ئەمە زۆر ئەبات، لە ماددەی دوو كە ئەوە تەواو بوو، پێتان خۆشە ناوتان ئەنووسینەوە، سەرچاو، باشە، بەڕێز شیلان عبدالجبار فەرمووو.

**بەڕێز شیلان عبدالجبار عبدالغنی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دەمێ دانوستاندن لەسەری راپۆرتا لێژنا دارایی و ئابووری، من چەند پێشنیار و چەند پرسیار بکەم، ئەز دووپات کەمەوە ژبەر هەندی لڤێرێ ئەز دووبارە ناکەم، بەس لڤێری من دڤێتن ئەز دبێژم کو ئەژی پشتگیریا راپۆرتا لێژنا یاسایی دکەم، سەبارەت بە جەداڤینا پارەی پەرەپێدانی پارێزگا بودجە گشتیا هەرێما کوردستانێ، چونکە تێکلاهیە بە هەردوو بودجە و مەترسیەکە دروست کرن کو ئەو پارە تایبەتە بە پرۆژە پەرەپێدانا پارێزگا بێتە سەرف کرن بۆ پرۆژە وەبەرهێنانێ تر، هەروەسا چ گەرنتیەك نادرێتن کو ئەو پارە تایبەتە کو پەرەپێدانا پارێزگاها بە ئێکسانێ بێتە دابەش کرن لەناڤ هەر سێ پارێزگاها هەرێما کوردستانێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، بەڕێز سیوەیل عثمان فەرموو.

**بەڕێز سیوەیل عثمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تەبعەن ئەو قسانەی هەموو ئەو ئەندامە بەڕێزانە کردیان، هەمووی وا بزانم دووبارەیە، لەبەر ئەوەی لە راپۆرتی وەزارەتی دارایی و ئابووری هەمووی دیاری کراوە، خاصەتەن، بە تایبەت ئەو زیادانەی کە بۆ سولفەی عەقار و زەواج و هێزی پێشمەرگە و پۆلیس و نازانم....هتد، ئەوانە هەمووی زیاد بوو، وا بزانم ئەندام پەرلەمان ئازادە، بەس وا بزانم ئەوە زیاد بوو، بە تایبەت لەو بودجەی کە ئێمە باسی لێوە دەکەین، لەبەر ئەوەی ئەو زیادانەی ئێستا باسیان کرد، لە ماددەی 15 دیسان هاتیە، واتا لە ماددەی 15 دووبارە ئەو موناقەشەی بکەینەوە، ئەو زیادانە بکەینەوە، دووبارە پێم وایە زۆرە، من پێشنیارێکم هەیە، ئەگەر پەسند بکرێ، ئەگەر پەسندیش نەکرێ قسەی خۆم هەیە، ئەو پێشنیارەم ئەوەیە، ئەگەر، تەبعەن زۆر قسەی لەسەر دەکرێت، لەسەر بودجەکە، زیادەی زۆری تێدایە، ئەگەر بۆ ماوەی 2 یان 3 رۆژ هەموو فراکسیۆنەکان، با قسەم تەواو بکەم ئەوجا سەرت بادە، هەموو فراکسیۆنەکان بەشدار بن لەگەڵ نوێنەرانی وەزارەت، ئەو کاتە تاوتۆیی دەکەن، مادام سەریشت بادا، دیارە قبولت نیە با قسەکانی خۆم بکەم.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەوە ماوەیەکی زۆرە ئەو پرۆژەیە بەو شکلە لە لێژنەکانە، لە لێژنەی داراییە، لەگەڵ وەزیر حازر بووە، ئەتانتوانی پێش ئێستا ئەو رێکخستنە بکەن بە یەکەوە، بەڵام ئێستا ئێمە بەردەوام دەبین لەسەر جەلسەکە، جەنابت قسەی خۆت بکە کەرەم بکە.

**بەڕێز سیوەیل عثمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مەبەستم ئەوە بوو، ئەگەر چاك بكرێ، ئەوە قسەمان كەمتر دەبێ لە ماددەكانی دی، مادام وای لێ هات، ئێستا یەك پێشنیارم هەیە دەڵێ: بودجەی پەرەپێدانی پارێزگاكان مادام بە خاڵێكی تایبەت بێ، ئەو جیا بكرێتەوە، لەو بودجەی كە دیاری كراوە، بە نیسبەت بودجەی وەبەرهێنان كە 4 ترلیۆن و ئەوەندەیە، راستە، بەڵام هەندێ پرۆژە هەیە دووبارەیە، ئەگەر دیاری بكرێت، هەرهەمان پارە دەتوانن بۆ پرۆژەكانی تر بەكاری بێنن، بە نیسبەت ئەوانەی تەخصیص بكرێت، لە سەدا چەندە؟، ئەوە بەڕێزانی ئەندامانی پەرلەمان دوایی دەنگی لەسەر دەدەن، هەر چەندە بێ، بەڵام تەفاصیلەكەی لێرە نەنووسرێ، وەكو باسم كرد لە ماددەی 15 تێدا دووبارە بوویەتەوە، بە نیسبەت تەخصیصی 63 ملیار و 130 ملیۆن دینار، ئەوە تەبعەن من ڕام لەگەڵ ڕای لیژنەی یاساییە، پشتیوانی لێ دەكەم، كە ئەوەی دوای نەفەقاتی مەجلیسی قەزا هاتووە، دوای ئەو، و یتم الصرف بطریق التمویل، و یخول رئیس مجلس القضاء صلاحیة الصرف مباشرة، ضمن الاعتمادات المخصصة لمجلس القضاء، ئەوە پشتیوانی لێ دەكەم، بەڵام وا بزانم ئەوە سەتری ئەخیری وا بزانم دووبارەیە، كە لیژنەی یاسایی پێشنیاریان كردیە، بە نیسبەت ئەو عیجزە، هاوكارانم باسیان كرد، ئەگەر حكومەتی هەرێم هەوڵ بدات، ئەو پارانەی لە بەغدا گێڕایتیانەوە، بە زۆری هی هێزی پێشمەرگەی كوردستانە، لەوانەیە عیجزەكە هاتیە، ترلیۆنێك و پێنج سەد و ئەوەندە ملیارە، لەوانەیە ئەوە لە 2007ەوە نەهاتیە، زۆر زیاترە، ئەگەر ئینشاء الله ئەو پارانە گەڕانەوە، ئەو عیجزەی پێ قەپات بكەین، باقیەكەی بێتە پەرلەمان، ئەوە بخرێتە سەر وەبەرهێنان، باشە تەصدیق بكرێ، یەك خاڵی كۆتاییم هەیە، بە نیسبەت نان بڕاوان، واتا ئەوانەی كە سزای سیاسی دراون، لەبەر ئەوەی پار لە یاسای بودجەی 2010، ماددە سێ هاتووە كە پارەی ئەوانەی كە نان بڕاو كراون، یان لێیان بڕاوە، الحاصل، كوی باس دەكەین، لە 2009وە، ئایا تەصفیەی حیساباتی ساڵی 2009 كو كرا؟، ئەو پارانە موەزەفەكان یان فەرمانبەرەكان یان ئەوانەی زۆری هێزی ئاساییش و پێشمەرگە بوون وەریان نەگرت، حیساباتی خیتامی 2009 كو تەصفیە كرایە؟، چونكە لەویش هەیانە و لە 2010ش هەیانە، مافی خۆیانە ئەو پارانەیان بۆ بگەڕێنەوە و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، بەڕێز فاضل محمد قادر فەرموو.

**بەڕێز فاضل محمد قادر(بەشارەتی):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەراستی تێبینیەكانی من هەمووی لە پێشنیارا خۆی ئەبینێتەوە، هەر چەندە تەئیدی ئەو رایەی ئاشتی خان دەكەم، كە بەراستی ئێمە لە رۆژانی رابردوو، زۆر ڕا و پێشنیارمان هەبوو، نازانین ئەو ڕا و پێشنیارانە چەندی دێتە پێشكەش كردن و چەندی رەفز دەبێ؟، ئەوەی كە بە لای منەوە گرنگە بە حەقیقەت، كە

پێشنیار بکەم، ئەوەی تەئیدی پێشنیارەکەی فراکسیۆنیش دەکەم، کە بە حەقیقەت میزانیەی پەرلەمانی کوردستان بگەڕێتەوە جێی خۆی، لێرە بۆ یەك مەتڵەب من زیاتر مەبەستمە، وەکو دەزانین بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، بەراستی نووسینگەکانی پەرلەمان هەتاوەکو ئێستاکە لە خانووی ئیجاردان، من لەم کات و وەختەدا ئەمە بەشیاو نازانم، نووسینگەی پەرلەمانی کوردستان بەراستی من لە نووسینگەی پەرلەمانی هەڵەبجەوە سەیر دەکەم کە لە خانوویەکی کرێی گەڕەکی ماڵان دایە، ئەمە لەم کاتەدا کە ئێمە باس لەو بودجە زەبەلاحە دەکەین، بەڵام نووسینگەکانی پەرلەمان لە خانووی کرێدایە، بۆیە پێشنیار دەکەم ئەو میزانیەی پەرلەمان وەکو خۆی لێ بکرێتەوە بۆ ئەوەی بینایەی نووسینگەی پەرلەمان ، هەموو نووسینگەکان دروست بکرێت، هەر لە میانەی پێشنیارەکانیشمدا، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، من پێم وایە ئەگەر لە یادم نەچووبێ، ساڵی رابردووش هەمان پێشنیارم کرد، کە بەراستی بە پێشنیارێکی زۆر زەرووری دەزانم، کە ساڵانە جووتیاران لە کوردستان تووشی زەرەرو زیانێکی زۆر گەورە دەبن، بۆیە پێشنیار دەکەم لە بودجەی ساڵی $2011$، میزانیەك دیاری بکرێ بۆ خەسارەتی جووتیاران، چونکە من بۆ نموونە باسی یەك خاڵ دەکەم، لە ساڵی رابردوو و ئەمساڵیش لە ناوچەی شارەزوور، دەغڵ و دانێکی یەکجار زۆر بوون بە ژێر ئاوی سیروانەوە، ئەمساڵیش ئەمە دووبارە بوویەتەوە، لەگەڵ چەندین زەرەری تری جووتیاران، هەم لە باغ و باغداری و بە حەقیقەت کۆمەڵێك نەخۆشی هەیە ئێستا لە جووتیاران، مەسەلەن سەرفیاتێکی زۆر دەکات لە بێستان، لەو کاتەی کە دێتە بەر لە یەکرا لێی دەدا، هیچی نامێنێت، یەعنی ئەوە زەرەرێکی گەورەیە بەر جووتیاران دەکەوێ، بۆیە پێشنیار دەکەم هەر بۆ هاندانی جووتیارانیش یان بۆ خەسارەتی بە جووتیاران بدرێتەوە، میزانییەیەك لە بودجەی ئەمساڵ دیاری بکرێ بۆ خەسارەتی جووتیاران کە ساڵانە رووبەرووی دەبنەوە، پێشنیارێکی ترم ئەوەیە، کە لە بودجەی ئەمساڵ، چونکە بڕیاری بە ئیدارە بوونی هەڵەبجە دراوە، ئەوەی کە من سەیرم کرد لەناو پرۆژەکەدا، بودجەیەك دیاری نەکراوە بۆ ئیدارەی سەربەخۆی هەڵەبجە لەگەڵ چەند ئیدارەیەکی تر کە لە لایەنی حکومەتی هەرێمەوە بڕیاری بە ئیدارە بوونەکە دراوە، بەڵام پێشنیاری بودجەکەی بۆ نەدراوە، پێشنیار دەکەم کە ئەو بودجەیەش دیاری بکرێ، پێشنیارێکی ترم هەیە کە بەڕاستی زۆر بەلامەوە گرنگە، کە ئێمە زۆر کات و پێموایە هەموو لایەك موتەفیقین لەسەر ئەرك و رۆڵی پێشمەرگە لە هەرێمی کوردستان، هەر چەندە یەکێك لە مەبەستەکانیشم ئەوەیە کە پێشنیار کراوە بۆ زیادکردنی مووچەی پێشمەرگە، نازانم ئەوە تەصویت دەبێ یان؟، بەڵام ئومێد دەکەم تەصویت بکرێ، بەڵام پێشنیارێکم هەیە، لە بودجە ئەمساڵ، بەڵام شەرت نیە ئەمساڵ هەر هەمووی ئەوەی من دەیڵێم بکرێ، بەڵام ئیدامەی هەبێ بۆ ساڵانی داهاتوو کە هەموومان دڵنیاین لەوەی، هەموومان موتەفیقین لەوەی ئەو سەروەری و دەستکەوتەی کە ئەمڕۆ لە هەرێمی کوردستان هەیە، هینی خوێنی شەهیدان و هێز و بازووی پێشمەرگەیە، بۆ ئەوەی لە بودجەی ساڵی $2011$دا میزانیەیەك دیاری بکرێ بۆ دروست کردنی پەیکەری پێشمەرگە لە هەموو دەروازەی شارەکانی کوردستان کە بەڕاستی ئەوە من دەتوانم بڵێم دەبێتە رەمزێك یان رێزێك بۆ پێشمەرگە و وەفایەك بۆ پێشمەرگە و خوێنی شەهیدەکانمان،

پێشنیارێکی ترم ئەوەیە کە بە حەقیقەت میزانیەکی زیاتر دیاری بکرێ بۆ وەزارەتی صیحە، چونکە بە حەقیقەت ئەوەی دەزانین زۆر کات نەخۆشی کت و پڕ هەیە، فیعلەن ئێستا ئەو نەخۆشیە خەرتەناکە لە شاری هەڵەبجە هەیە کە یەکسەر لە جگەری مرۆڤەکان دەدات، ئەوە پێویستی بەڕاستی بە میزانیەکی تایبەت هەیەبۆ چارەسەر کردنی، پێشنیارێکی تر بە سەریعی دەیکەم ئومێد دەکەم پێم نەبڕی، ئومێد دەکەم، ئەگەر لە هەموو موحافەزەکانی کوردستانیش نەکرێ ئەوە لە هەولێری پایتەخت، نەخۆشخانەیەکی شێرپەنجە دروست بکرێ کە ئەو نەخۆشیە ئێستا زۆر زۆرە لە هەرێمی کوردستان و چارەسەرکردنی ئەو نەخۆشیە مەسروفەکەی بکەوێتە ئەستۆی حکومەتی هەرێمی کوردستان، پێشنیارێکی ترم هەیە بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان ئەوەیە کە ئومێد دەکەم لە بودجەی ئەمساڵ، هاوکارییەك بکرێ بۆ قوتابیانی زانکۆکانی هەرێمی کوردستان، چونکە بەڕاستی ئەوەی کە من بیستوومە و بە من وتراوە، فەزاحەتێکی خەراپ هەیە کە هینی قوتابی هەژار لە زانکۆکانی کوردستان بۆ ئەوەی، بە تایبەت زانکۆ ئەهلیەکان کە مەسروفی خوێندنیش لەسەر خۆیانە، ئاخیر پێشنیارم ماوە، تەئیدی پێشنیارەکەی فراکسیۆنی کوردستانی دەکەم بۆ زیاد کردنی یان هاوکاری کردنی زیاتری ئەو قەزا و ناحیانەی کە زیاتر بەر وێران کاری کەوتوون، چونکە بەڕاستی هەموو قەزاکانی کوردستان و دەتوانم بڵێم زۆربەی زۆرتریان بەر وێرانکاری کەوتوون، شاری هەڵەبجە یەکێکە لەوانە، ئومێد دەکەم ئەوە لەبەر چاو بگیرێ و میزانییەکی زیاتر بۆ ئەو قەزانە دیاری بکرێ کەوا زیاتر بەر وێرانکاری کەوتوون، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، بەڕێز تارا عبدالرزاق فەرموو.

**بەڕێز تارا عبدالرزاق محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پشتگیری پێشنیارەکانی لیستی کوردستانی دەکەم، بۆ ئەو زیادانەی کە سۆزان خان و کاك دڵشاد باسیان کرد، من دووبارەی ناکەمەوە، بەس زیادەیەکم هەیە، داواکارم لەو پێشینەی هاوسەرگیریە کە بە بڕی 5 ملیۆن دیاری کراوە، بۆ منداڵە شەهیدەکان بەشێوەی بەخشین بێ و لێیان وەرنەگیرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، بەڕێز ڕێباز فتاح محمود فەرموو.

**بەڕێز ڕێباز فتاح محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەسەرتا هەر چەندە زۆربەی قسەکان کرا، پێم وایە، نەئەچووە ناو ئەو ماددەیە، بەلاّم کە قسەکان کران، ئێمەش مولزەم ئەکەن لەسەر ئەوەی کە ئەو قسانە بکەینەوە، سەرەتا پێم وایە دانانی ماددەکان هەڵەیەکی تێدایە، چونکە ماددەی یەکەم ئەبوایە داهات بوایە، نازانم بە پێی ئەوەی کە من بیری لێ ئەکەمەوە، کاتێ

که من نەزانم داهاتەکەم چەندە؟، چۆن تەوزیعی ئەکەمەوە؟، چۆن ئەتوانم عیجز دیاری بکەم؟، کە من نەزانم چەند پارەم هەیە؟، چۆن بیر لەوە ئەکەمەوە کە چۆن خەرجی بکەم؟، لەبەر ئەوە پێم وایە ئەبوایە ماددەی یەکەم داهاتەکە بوایە و ماددەی دووەم تەوزیعەکە بووایە، قسەیەکی ترم ئەوەیە کە پێشنیازێك کرا کە ئەم بڕانە وەکو خۆی بمینێتەوە و، لە بڕگەیەکی تر باسی بڕینەکە بکرێت، من پێشنیاز دەکەم کە ئەو بڕینانەی کە باس کراوە و کە بڕیار دراوە کە ببڕێ هەر لەم ژمارەیە حیساب بکرێ و دوای بڕیاردان لەسەر ئەوەی کە دوایی ئەبڕی چەندە؟، لە خاڵی یەك و دوو یەکسەر بڕینەکە دیاری بکرێ، چونکە ناکرێ تۆ لە بڕگەی یەك بڕی ئەو پارەی کە بۆ ئیستیسمار دانراوە، بە پارەیەك ئاماژەی پێ بدەی، دواتر لە خاڵێکی دیکە ئەوەی پێشووتر رەفز بکەیتەوە، لەبەر ئەوە باشتر وایە ئەو بڕەی کە ئەبڕێت دیاری بکرێت و دوایی بەیەکجار بڕی دیاری کراو بۆ ئیستیسماری یاخود بۆ تەشغیلی دیاری بکرێت، لەسەر خاڵی سێ و چوارەم، لە راستیدا نازانم بە چ پێوەرێك ئێمە بڕیار لەسەر ئەوە بدەین کە بە 54 ملیار بۆ پەرلەمانی کوردستان بڕێکی باشە یاخود بڕێکی زۆرە؟، کاتێك ئێمە نەزانین ئەو بڕە چۆن سەرف ئەکرێ و چۆن بڕیارە سەرف ئەکرێ؟، چۆن بڕیار بدەین لەسەر ئەوەی کە ئایا ئەمە بڕێکی باشە یان بڕێکی خراپە؟، لەسەر ئەوەی کە بڕیار وایە مەجلیسی قەزا و پێم وایە ئەو قسانەی من هەتا ئێستا هەر لەسەر ماددەکەیە، دەرنەچوویمە لێی، لەسەر ئەوەی کە ئەو بڕەی دانراوە بۆ مەجلیسی قەزا سەربەخۆیی هەبێ، پێم وایە چەنێك سەربەخۆیی قەزا موهیمە، ئەوەندەش سەربەخۆیی داراییکانیش موهیمن، یەعنی کاتێك کە وەزارەتی تەندروستی لەسەر بنەمای سەربەخۆیی دارایی نەتوانێ پلانێکی تەندروست، پلانێکی زانستی باشی هەبێ، یاخود پەروەردە نەتوانی، کاتێك کە کەسە بە پلانێکی تەندروستی باش نەتوانرێ چاك بکرێتەوە، ئەو کاتە قەزا ئەتوانی چی بکات بۆ ئەو کەسە؟، لەبەر ئەوە ئەو سەربەخۆییە داراییە، هەر چەند بۆ قەزا پێویستە، بۆ وەزارەتەکانی تریش پێویستە، من پێم وایە لەسەرجەم لێژنەکان، وەزارەتەکان، ئەو داوایەیان ئاراستەی لێژنەکانیان کردووە کە بتوانرێ تا رادەیەکی زۆر سەربەخۆیی دارایی بدرێت بە وەزارەتەکان و بتوانن مانگانە ئەو بڕە پارەی کەپێویستیانە سەرفی بکەن، چونکە هەندێ جار وەزارەتێك لە مانگێکدا پێویستی بە بڕی پارەی زۆرترە لەوەی کە بە گوێرەی تەعلیمات بۆی نیە سەرفی بکات، سەبارەت بەوەی کە هەندێ پێشنیاز کران، نازانم تا چەند شوێنەکەی ئێرەیە؟، نەوەك دوایی نەهێڵدرێ باس بکرێ، باس لەوە کرا کە پێشمەرگە، نازانم، توێژەری کۆمەڵایەتی، ناوی مەجموعەیەك لەو توێژانە هێنران کە ئەوانە پێویستە پارەیان زیادبکرێ، پێموایە هەندێ جار لەم بابەتەغەدر ئەکرێ، لەبەر ئەوەی کە من پزیشکێکم ئەتوانم لێرە لەبەر ئەوەی کە خۆم پزیشکم، دیفاع لەو بەشە بکەم، لەو بەشەی کۆمەڵ، بەلام ئەگەر یەکێك نوێنەری نەبوو لەناو پەرلەمان، یاخود کەسێك ئاگاداری کێشەکەی نەبوو، چۆن تەرح ئەکرێ، لەبەر ئەوەی ئەگەر بڕیار وایە ئێمە قسە لەسەر مووچە بکەین، پێویستە سەرجەم ئەوبڕیارانەی کە لەبارەی مووچە دانراوە بێتە پەرلەمان و قسە لەو بارەیەوە بکەین، ئەڵێین زیادی ئەکەین، کەمی ئەکەینەوە، مووچە بۆ ئەم توێژە چەندە؟، زیادی ئەکەین یان کەمی ئەکەین، یاخود ئەگەر بڕیارەکە بە

شێوەیەکەکە ئێمە مووچەی ئێرە هاوتای بکەین لەگەڵ بەغدا، پێویستە بە بڕگەیەك بێت کە سەرجەم دەرماڵە و مووچەی فەرمانبەرانی حکومەتی هەرێم هاوتا بێت لەگەڵ بەغدا، یەعنی پێشمەرگەیەك، ڕێزم هەیە بۆ پێشمەرگە، ڕێزم هەیە بۆ توێژەی کۆمەڵایەتی و هەموو توێژەکانی تر، بەڵام یەعنی فەرقی پێشمەرگەیەك یاخود توێژەرێکی کۆمەڵایەتی، یاخود لایەنێکی تر چیە لەگەڵ پزیشکێك کە ئەویش مووچەکەی هاوتا نیە لەگەڵ بەغدا؟، یاخود فەرقی چیە لەگەڵ موحامیەك یاخود موحەقیقێك یاخود یاساییەك کە مووچەکەی هاوتا نیە؟، لەبەر ئەوەی ئەگەر قسە لەسەر هاوتاکردنی مووچەیە، پێویستە سەرجەمیان هاوتا بن نەك تەنها باسی چەند لایەنێکی دیاریکراو بکرێت، تەئکیدیش لەوە ئەکەمەوە کە ئێمە وا بزانم زۆرترین ژمارە پێشنیازی ئەوەیان کرد کە ڕێژەی پارێزگاکان و پێموایە وەزیری پلان دانانیش خۆی لەگەڵ ئەوە بوو کە بودجەی پارێزگاکان بدرێتەوە بە ئەنجومەنی پارێزگاکان، ئەگەر ئەوە ئەکرێ بە پێشنیار و تەصویتی لەسەر دەکرێ، پێموایە شوێنەکەی هەر ماددەی یەکەمە کە لێرە قسەی لەسەر بکرێت، دیسان منیش هەر تەئکید لەسەر ئەو خاڵە دەکەم، ساڵی پاریش وەکو پێشنیازێك ئاراستەی حکومەتمان کرد کە ئەو ناوچانەی کە زیانبارن، زیاتر زیانیان لێ کەوتووە لە ماوەی رابردوو، زیاتر ئیهتیمامیان پێ بدرێ، ناکرێ هەڵەبجە یاخود قەڵادزێ یاخود گەرمیان وەك ناوچەیەکی تری کوردستان کە لەوانەیە زیانێکی کەمتری بەرکەوتبێ، ئەبێ ئەگەر وەکو قەرەبووش بکرێ و ئیشێك لەسەر ئەو ناوچانە بکرێت، بەڵام من لەگەڵ ئەوەم کە تەحدید بکرێت ئەو بڕە پارەیە ئایا سەد ملیارە یان حەفتا و پێنج ملیارە؟ من بۆ خۆم تاوەکو بڕەکەی زیاتر بێت پێموایە باشترە، بەڵام تەحدید بکرێت، من پێشنیازی ئەوە دەکەم لەجیاتی ئەوەی ئەم پارانە زۆرجار کێشە ئەوەیە کە لەوانەیە ئەوبڕە پارەیەی کە دادەندرێ بڕە پارەیەکی باش بێت، بەڵام ئەو بڕە پارەیە بە خراپ بەکاردەهێندرێ، لەبەرئەوە من پێشنیار دەکەم کە ئەو بڕە پارەیەی کە دادەندرێ نازانم ئەوە تا چەند دەتوانرێ قسەی لەسەر بکرێت کە قسە لەسەر ئەوە بێ بۆ سەنتەری توێژینەوەی تایبەت بێت بە ئەگەر بڕە پارەکەی ئەوەی کە بۆ هەڵەبجەیە لەسەر سەنتەرێکی توێژینەوە بێت و لەسەر دەرئەنجامەکان و لەسەر ئەو تەئسیرانەی کە کیمیایی لەسەر ئەم ناوچەیەی کردووە، تا ئێستاش گومان هەیە لەسەر ئەوەی کە ئایا ناوچەی هەڵەبجە بۆ ژیان گونجاوە یان گونجاو نیە، ئەگەر ئەمە گومانێکی هەڵەش بێت بەس قسەیەکە هەیە، ئێمە نەمانتوانیوە بۆ ئەبێ ڕێکخراوێکی نێودەوڵەتی و ڕێکخراوێك لە دەرەوە بێت کارلەسەر ئەوە بکات کە باری دەروونی کەسوکاری ......... .

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

تۆ باسی میزانیەکە بکە ئێستا وەختی توێژینەوە نیە، ئەوە لە وەختێکی تر، فەرموو.

**بەڕێز د.ڕێباز فتاح محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تەحدید بکرێت کە بۆ ئەو لایەنە بێ و سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك قادر فەرموو.

**بەڕێز قادر حسن قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەرەتا پشتگیری پێشنیاری فراکسیۆنی کوردستانی دەکەم، تکام وایە بۆ ئەو بڕگانە تەرخان بکرێت کە ئاماژەیان پێی کرد، من دووبارەی ناکەمەوە، هەروەها پشتگیری لە پێشنیاری لیژنەی دارایی دەکەم کە بودجەی پەرلەمان لە 54 ملیارەوە بکرێت بە 74 ملیار بۆ ئەوەی بتوانێ لە هەموو شوێنە پێویستیەکان نووسینگە بکاتەوە، هەروەها ئەو کەموکوڕیانەی کە هەنە چارەسەریان بکات، دیسانەوە تەئکید دەکەمەوە بۆ ئەو قەزاو ناحیانەی کە زەرەرمەند بوونە لەسەردەمی ڕژێمی بەعسی لەناوچوو، بۆ نموونە قەزای مێرگەسوور و قەزای سۆران و قەزای چۆمان و ڕواندز، نەك تەنها گوند و ناحیەکان، بەڵکو مەرکەزی قەزایەکانیشیان لەگەڵ خاك یەکسان کرابوو، بۆیە منیش پێشنیار دەکەم ئەو بڕە پارەیە بکرێتە سەد ملیار و بۆ ئەو قەزاو شوێنە زیان بەرکەوتوانە تەرخان بکرێت، هەروەها تەرخانکردنی بڕە پارەیەك بۆ هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان ئەگەر وەزارەتی دارایی حسابی بۆ نەکردبێت، هەروەها پشتگیری لەو پێشنیارانەی هەندێك لە هاوکارانم دەکەم بۆ حساب کردن بۆ ژیان و گوزەرانی پێشمەرگە، هەروەها هەوڵدان بۆ زیاتر دەعم کردنی کەرتی تەندروستی لە هەموو بوارەکاندا و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان هەر بۆ ئاگاداریتان ئێستا کە ئەمانە تەواو بوو پاشان فاسڵێك دەدەین، پاش نیوەڕۆش دووبارە دادەنیشینەوە، هەر بۆ ئاگاداریتان، چونکە ئەبێ ئەمڕۆ ئەم ماددەیە زۆر وەختی برد لیژنەی دارایی جوابیان و وەزیرە بەڕێزەکان و پاشان دەچینە سەر دەنگدانی ماددەکە، بۆیە تکایە هەوڵ بدەن تیکرار زۆر نەبێ، چونکە بەڕاستی زۆر تیکرار هەبوو، کاك سەروەر فەرموو.

**بەڕێز سەروەر عبدالرحمن عمر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە قسەی زۆر سەبارەت بەو بابەتە کرا لەو ماددەیە لەلایەن بەڕێزەکانەوە، ئەوەی لێرەدا من دەمەوێ ئیشارەتی پێ بدەم لەوانەیە بەشێکی دووبارە بێ، یەکێکیان/ دەرهێنانی ئەو بڕە پارەیەی پەرەپێدانی پارێزگاکان، دووەمیان/ من پرسیارێك دەکەم لەبەڕێز وەزیری دارایی بەڕاستی لەوانەیە تا ئێستاش سەبارەت بەو بڕگەیەی کورت هێنانە لەلای ئێمە ڕوون نەبێت، یاخود ئەوەی کە دەیڵێن ئەمە لەو بڕە پارەیە تەعویز دەکرێتەوە کە دواتر بەشێوەی سولفە دەدرێ چۆنە لەلایەن حکومەتی عیراقەوە، چونکە ئێمە هەریەکێکمان و بە جۆرێك باسی لێوە دەکەین سوپاسی، دەکەین ئەگەر ڕوونکردنەیەکی زیاترمان پێ بدات، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، من ئەمە دەڵێمەوە کە پێویستە ئێمە قسە لەسەر ئەو بودجەیە دەکەین

بۆ ئەوەیە زیاتر تەوازنی ئەوە ڕابگرین تا چەند دەمانەوێ بودجەکە لەخزمەتی خەڵك دابێت، نەوەکو هەریەکە و بەجۆرێك باسی لێوە دەکەین، چونکە هەست دەکەم جۆرێك لە قسەکانمان تەناقوزاتی تێدایە، من لەگەڵ ئەوەدام ئەو پێشنیارانەی کەوا سۆزان خان کردی وەکو لیستی کوردستانی ئەو بڕی 10٪یەی کە چەند جار وتوومانەتەوە کەم بکرێتەوە یاخود لە بودجەی تەشغیلی دا دەست نیشان بکرێت بۆ کۆمەڵێك بواری تر و هەروەها بۆ بواری ئیستسماریش، بەڵام بەرلەوەی ئێمە قسە لەسەر ئەوە بکەین کە هەریەکە و لە خۆمانەوە بڵێین بۆ بابەتێکی تەرخان بکەین، پێم باشە بەڕێزان وەزیری پلاندانان و وەزیری دارایی ڕوونکردنەوەی زیاترمان پێ بدەن، چونکە ئەو بوارانە کە داندراون لەخۆوە دانەنراون، ئەگەر هاتو کێشەیەك هەیە وپارەیەك دەست نیشان کراوە بۆ بەهەدەردانە، ئەوا ئێمە لێرەین با بۆمان ڕوون بکەنەوە و بڕیاری لەسەر دەدەین ئەگەر واش نیە و وەکو پێویستی دانراوە بەڕاستی غەدرە ئێمە هەریەکەو لەخۆمانەوە داوای کەم کردنەوەی بکەین، بۆ نموونە بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، سەبارەت بەوەی کە دەڵێن ئەو پارەیە بۆ نموونە لە سلع و خدمات و سیانە بۆ ژیانی لوکس و فەخفەخە و زەراق و بەراق داندرایە و مەسئولین پێی بژین، ئەگەر وایە ئێمە لێرە قەبوڵی ناکەین، ئەوەی من دەیبینم لە سلع و خەدەماتدا وەزارەتی کارەبا 53٪ ی بۆ دەست نیشان کراوە کەوەزارەتێکی خەدەمیە، کێشەیەکی گەورەمان هەیە لەوبوارە بۆ ئەوەی چارەسەر بکرێت، پێشمەرگە 7٪ ی بۆ داندراوە، پەروەردە بۆی داندراوە تەندروستی بۆی داندراوە، ئەوانی تر هەموویان بە پۆینتات باسی لێوە کرابێ، ئەمانەمان با بۆ ڕوون بکاتەوە بەڕێز وەزیری دارایی کە ئەمە چۆنە؟ لەو شوێنانەی کەوا زیادە حەقە ببڕدرێت، بەڵام ئەگەر زیاد نیە ئێمە ناکرێ بواری خزمەتگوزاریەکان پەك بخەین، لە ئیعانات تەنها دوو وەزارەت کەوا بۆی داندرابێ بڕی زۆر بێت، لەساڵی پاردا بڕێکی زۆری بۆ داندرابوو بەڵێ، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، ساڵی پار 492 ملیار بۆ مالیە کە سەرفی کردبێت هەتا 6/30، زراعە 65٪ ی سەرف کردووە تا 6/30 ، بەڵام ئەمساڵ دەبینین بۆ 20 ملیار کەم کراوەتەوە، ئەم کەم کردنەوانە تا چەندن؟ پێویستە ئێمە گوێ لەبەڕێز وەزیر بگرین و بۆمانی ڕوون بکاتەوە، لە مینەح دا بەهەمان شێوە مالیە 603 ی بۆ تەرخان کراوە، لەمەدا ئەوەی کە بەدواداچوونی بۆ دەکەین و سەیری دەکەین 408 ملیاری بۆ شارەوانیەکان تەرخان کردووە لە مەسەلەی واریدات و مەسروفاتیان دا ئەوەی کەوا بۆیان تەواو بکرێت، سەد و چل و نۆی بۆ سندوقی نیشتەجێ بوون تەرخان کراوە کە ناکرێ ئەمە دەسکاری بکرێت، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان لێرەدا دەبینین کەوا 10 ملیاری بۆ هەرسێ سەرۆکایەتیەکە تەرخان کراوە، ئەگەر هەر سێ سەرۆکایەتیەکە ئەمە زیادە با ئێمە لێرە بڕیاری لێ بدەین، ئەوەی سێ سەرۆکایەتیەکە سەرۆکایەتی هەرێم و پەرلەمان و ئەنجومەنی وەزیرانە کەوا کەمی بکەینەوە ئەمە، سەبارەت بە مەنافعی ئیجتماعی ئەگەر سەیرێکی خشتەکە بکەین دەبینین 333 ملیار و 264 ملیۆنە، بەشی زۆری لەمە کە 257 ملیاری لەگەڵ 930 ملیۆنی وەزارەتی کار دەیبات، دەزانی ئەمە بۆچی داندراوە؟ لەمەشیان دا ئەوەی تر دەمێنێتەوە و 20 ی بۆ پێشمەرگەیە و کەمێکی کە دەمێنێتەوە لەمەیان حەقە بەڕێز وەزیر ڕوونکردنەوەمان بۆ بدات، مەسروفاتی ئوخرا دیسانەوە بە هەمان شێوە کە

دەبینین بەشی زۆری بۆ مالیەیە ئەوەی تری بۆ خوێندنی باڵاو پەروەردەو هەیئەی ئیستسمارە لە مالیە کە دەست نیشان کراوە ئەو بودجەیە ئەو بڕە زۆرەی سولفەی زەواجە و سولفەی عەقارە کۆمەڵێك شتی تری لەسەرە، ئێمە لێرەدا ئەوەی دەیڵێم بەوەی پێویستمان بە ڕوونکردنەوە هەیە، لە مەسروفاتی غیر مالیە بە هەمان شێوە وەزارەتی کارەبا بەشی زۆری دەبات، پێشمەرگە دەیبات کە 42 ملیار بە 25 و لە دواتر دا 12 ی بۆ پەرلەمان داندراوە، لێرەدا ئەوەی کە دەیڵێین بۆ ئەمانە پێویستی بە ڕوونکردنەوەی زیاتر هەیە لەلایەن وەزیرەوە، بۆیە من دەڵێم زیاتر گوێ لەوان بگیردرێت، سێ پێشنیارم هەیە، بەڕێز جەنابی سەرۆکی پەرلەمان، ئەگەر بە کورتی کاتم پێ بدەی بیانڵێم، یەکەم/ ئەوەیە ئێمە ئەو بڕە پارانەی کەوا دادەندرێت لەمەسەلەی عائیدات دا کە لە سولفەی عەقارە و سولفەی زەواجە و عائیداتی زراعیە و صناعیە و صندوقی نیشتەجێ بوونە، پێویستە صندوقێك هەبێ بۆ ئەوەی ئەو پارەیە دەوران بکات و ئێمە ساڵانە ئەو کێشانەمان نەبێت نەك بگەڕێتەوە بۆ وەزارەتی مالیە، خاڵێکی تری ئەو بڕە بودجەیەی بۆ حیزبەکان داندراوە بەڕاستی منیش پێشنیاری ئەوە دەکەم کە تەواو کەم بکرێتەوە و حزبەکان با پشت بە خۆیان ببەستن لەخۆبوردوانە تر کار بکەین، نەوەك هین بێت، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، یەك خاڵم ماوە سەبارەت بە ناوچە ناکۆکی لەسەرەکان ئەوەی بۆی داندراوە من پێموایە نەك زۆر نیە، بەڵکو کەمیشە بۆ ئەوەی بتوانین ئێمە لێرە حکومەتی هەرێم هاوکاری ئەو ناوچانەش بکات، چونکە ئەو بڕەی کە لەساڵی پاردا بۆیان دەست نیشان کرابوو هەمان بڕ ئەگەر زیادیش نەکرێت لێیان کەم نەکرێتەوە و سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

نیزامی فەرموو، کاك رفیق فەرموو.

**بەڕێز د.رفیق صابر قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تکا دەکەم کەس لێرە باسی فەخفەخەی مەسئولین و ژیانی فەخفەخەی مەسئولی ین نەکردووە......... .

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

تکایە دانیشە، ئەو ڕەئی خۆی دا جەنابیشت ڕەئی خۆت دا، تکایە دانیشە، کاکە ئەو قسەیە ناسڕێتەوە ئیحتماله مەسئولێك هەبێت خوا وای پەروەردە کردبێت و ئەو شتەی هەبێت، هەشە نەی بێت، دانیشە با ئیشەکەمان بکەین سەلامەت بی، کاك نەریمان فەرموو.

**بەڕێز نەریمان عبداللە قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو ماددەیەی کە ئێمە ئەمڕۆ گفتوگۆی لەسەر دەکەین، دەکرێ ئێمە بۆ چاك ترکردنی بارودۆخی هەرێمی کوردستان لەڕووی بودجەوە پێشنیارەکان بەهەند وەربگیردرێن، ئێمە سەبارەت بە کەم کردنەوەی ڕێژەی بودجەی تەشغیلی من پشتگیری لەو هاوکارانەم دەکەم کە پشتگیری لەوە دەکەن کە 50٪ ی بودجەی

تەشغیلی کەم بکرێتەوەو بێجگە لە مووچە، ئەمەش وەکو  هاوکارم کاك برهان بە وردی تەفاسیلەکەی باس کرد، (یەك ترلیۆن و حەوت سەدو نەوەدو نۆ ملیار دینار) دەکات، بۆیە ئێمە دەتوانین ئەمە لە فەسلٚ و بەند و ماددەکاندا بەکاری بهێنین و جێی بۆ بکەینەوە و ئەو گۆڕانکاریانەی کە تێیدا دەکەین کاری لەسەر بکەین، واتە ئەمە لە مینەح و ئیعانات و  سوودی کۆمەڵایەتی و مەنافعی ئیجتماعی و ئەمانە کەم بکەینەوە و بخرێتە سەر بوارە تەندروستیەکان وەك عەقار و خانەنیشین و زیادکردنی مووچەی کەم ئەندام و یەکسان کردنەوەیان لە بوارە خزمەتگوزاریەکانی تر بە تایبەتی تەندروستی کە هاوکارم پەریهان خان باسی کرد و پشتگیری دەکەم لە بواری تەندروستیەکەوە و لەبواری پەروەردە و بواری کشتوکاڵی و پیشەسازی و بوارە خەدەمیەکان....... .

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك اسماعیل و سۆزان خان تکایە قسە مەکەن،  کاك نەریمان فەرموو.

**بەڕێز نەریمان عبداللە قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەروەها من پشتگیری لەڕای هاوکارم کاك د.ڕێباز دەکەم بەوەی کە ئێمە بۆ ئەوەی نەچینە ناو تەفاسیلٚ و وردەکاریەکانەوە کە کویٚ زیاد بکەین و کویٚ کەم بکەینەوە بە تایبەتی لەبواری مووچەو موخەسەسات و پایە و پلەدا، ئێمە بە بەندێك ئەوە کۆتایی پیٚ بێنین بە یەکسان کردنەوەی ......... .

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عبدالسلام لە جێگای خۆت دەنگ مەکە رجائەن، کاك نەریمان فەرموو.

**بەڕێز نەریمان عبدللە قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتگیری لە پێشنیارەکەی کاك د.ڕێباز بەوەی کە رزگارمان ببیٚ ئێمە لە زیادکردنی موخەسات و یەکسان کردنەوی مووچە و پایە و دەرماڵە بەبەندێك کۆتایی بەوە بهێنین ئێمە لەم پەرلەمانەوە بڕیار بدەین و ئێمە سەرچاوەی داهاتی ئەم هەرێمەو حکومەتی عیراقی وەکو یەکە و یەك سەرچاوەیە، کەواتە بۆچی مووچەکانمان یەکسان نەبیٚ و موخەسەسات یەکسان نەبیٚ؟ بۆیە پێشنیار دەکەم من بەیەك بەند ئەوە ببڕینەوە کە ئێمە یەکسان کردنەوە و هاوتاکردنەوەی هەموو مووچە و دەرماڵە و موخەسەسات و پلە وپایە لەگەڵ حکومەتی عیراقی دا، هەر زیادکردن و کەم کردنەوەیەکیش کەکرا نافز بێت لە حکومەتی هەرێمی کوردستان و چیتر رزگارمان دەبێت لەسەرئەو وردەکاریانەی کە زۆر قسەی لەسەر کرا، ناعەدالەتیەکانیش دەچێتەوە شوێنی خۆی و نامێنیٚ، هەروەها پشتگیری لە داواکاریەکانی برای بەڕێزم کاك سمیر دەکەم بە گەڕانەوەی بودجەی پەرەپێدانی پارێزگاکان و دەربهێندرێت لێرە و بدرێتەوە بە دەستی خۆیان بۆ بەهێز کردنی سیستمی لامەرکەزی و خۆیان سەرپشك بن لە سەرفکردنی، هەروەها من داوا دەکەم کە مووچە و موخەسەسات و پایەی هێزەکانی پۆلیس و ئاسایش و پێشمەرگە یەکسان بکرێتەوە و گەڕانەوەی 110

هەزار لە مووچەی بەدەل ئەرزاق کە لەمانگی 9 و 10 و 11 و 12 ی ساڵی 2010 کە لەگەڵ بەڕێز وەزیری دارایی بڕیاری لەسەر درا کە بگەڕێتەوە، کە گەڕاندیشیانەوە بەڕاستی بەکەموکورتی گەڕانیانەوە و 210 هەزاریان نەداوە بەوانەی کە پێیان داون، هەروەها کۆمەڵێکیش بێ بەش کران لەو هێزانە، بەڕاستی ئەوەش 210 هەزارەکەیان بۆ بگەڕێتەوە بۆ ئەو چوار مانگەی یەکەم بەڕێوبەرایەتی بەرگری فریاکەوتنە و هێزەکانی زێرەڤانیە و بەڕێوبەرایەتی پاسەوانیەکانە، بەڕێوبەرایەتی ئاسایشی گشتی هەولێرو سلێمانی کە بێ بەش کران لە 210 هەزارەکە، هەروەها گەڕانەوەی دەرماڵەیەکی تایبەت هەیە بە هەموو خەریجەکانی ماستەر و دکتۆرا لە وەزارەتەکاندا کە 75٪ بۆ ماستەر و 100٪ بۆ دکتۆرایە لە هەموو وەزارەتەکاندا کە بە مووچەی ئیسمی، بۆیە داوا دەکەم بۆ وەزارەتی ناوخۆش ئەوە بگەڕێتەوە کە تەنها وەزارەتی ناوخۆ نیەتی، یەکسان کردنەوەی مووچەی زیندانیە سیاسیەکان واتە مینحەی زیندانیە سیاسیەکان، ئەمانەش یەکسان بکرێتەوەو هەروەها ئەوەشی کە لێیان فەوتاوە لەو کاتەوە نەبێ کە مەلەفی زیندانی سیاسی تەواو دەبێ لەو بەروارەوە بۆی دابندرێ لە حکومەتی عیراقی ئەگەر ئەمڕۆ تۆ مەلەفی زیندانی سیاسی تەواو بوێ لەو ڕۆژەوەی کە بڕیاری لێ دراوە لە 2008 ەوە هەموو مووچەکانیان بۆ دەگەڕێننەوە، بۆیە پێویستە لێرە لە حکومەتی هەرێمی کوردستانیش ئێمەش بەڕاستی ئەو مافە بگەڕێنینەوە، لەبەرئەوە گوناحی ئەو نیە کە مەلەفەکەی تەواو نەبووە، لەڕووی ئیداری و یاساییەوە گوناحی حکومەتە کەواتە حەقەکەی هەبوو لەوکاتەوەی کە بڕیار دراوە، بۆیە بۆی بگەڕێتەوە و وەکو حکومەتی عیراقی، من نموونە دەهێنمەوە خەڵك هەیە چەند مانگێك پێش ئێستا ئەوەی بۆ کراوە و هەموو مانگەکانیان بەسەر یەکەوە بۆ گەڕاندووەتەوە کە ئەوە کارێکی باشە، بڕیارێکی بەڕێز سەرۆکایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستانم هەیە بە گەڕانەوەی مافی فەوتاوی فەرمانبەرانی سلێمانی و گەرمیان بۆ حەوت ساڵ، ئەمە بڕیارێکی باشە و من داوا دەکەم لێرەدا ئێمە لە بودجەی ئەمساڵدا ئێمە هەمان ماف بۆ هێزەکانی پۆلیس و ئاسایش و پێشمەرگە بگەڕێنینەوە کە لە 2003 ەوە ئیستحقاقیان هەیە کە 210 هەزاری بەدەل ئەرزاقیان پێ بدرێ، داوا دەکەم کە بۆ 2 ساڵیش بێت بە ماوەیەك بێ کە حکومەت بتوانێ بیداتەوە ئەو مافە بگەڕێنینەوە بۆیان، هەروەها پشتگیری لە برای بەڕێزم کاك صباح بیت الله دەکەم سەبارەت بە یەکسان کردنەوەی مووچە و دەرماڵەی پێشمەرگە و ئەوانەشی کە ئێستا هەیە و لەگەڵ چوار لیواکە یەکیان نەگرتووەتەوە بتوانن هەمان مووچەیان پێ بدەن لەبەرئەوەی گوناحی ئەوان نیە کە لە هێزێکی نیزامیا ڕێك نەخراون تا ئەو کاتە هێزەکان بە نیزامی دەکرێت، گوناح و کەمتەرخەمیەکە لە حکومەتەوەیە بۆ ئەوان باجی بدەن؟ بۆیە من پێشنیار دەکەم کە هەمان مووچەی هێزە نیزامیەکانیان پێ بدرێت ئەوانەی کە نەچوونەتە بواری نیزامیەوە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

امینە خان فەرموو.

**بەڕێز امینە زکری سعید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەلبەت ئەز پشتگیریا ڕەئیا پەیمان خانێ دکەم لسەر دەست نیشان کرنا، چنکی ئەگەر ئەم سەح کەینێ زۆر مادەیی حەشار ل پەیڕەوێ ناوخۆ پێتڤیا مە دەست پێکێ دەرگەهێ بودجێ مە دەنگدان سەر کردبا نوکە مە نەزانی با کو ئەرقامێت بە دەستێ مە دێت چۆن تەقسیم بەندیێ دکەین و چەوانیا موناقەشاتا سەر کەین، هەلبەت ئەو ڕێژەیت کو هەمی فراکسیۆنێت پەرلەمانی و پەرلەمانێت بەڕێز ئیشارەت پێ دای بۆ هەندێ کو کەم ببێ بودجا تەشغیلی بچتە سەر بودجە وەبەرهێنانێ، من هەندەك مولاحەزاتێت سەر هەن، بۆ نموونە مەسەلەن ئەگەر 8 و 10٪ یا پێشنیار کریا فراکسیۆنا کوردستانی سەح کەینێ 10٪ نینە بودجا تەشغیلی دچیتن بۆ بودجە وەبەرهێنانێ، چونکە ئەگەر ئەم سەح کەینێ زێدەکرنا مووچەیەن پێشمەرگە و پۆلیس و ئاسایشێ و سلفا هاڤژینێ و عەقارێ و قەرزی کشتوکالی و هەروەسا قەرزێ بچیك بۆ لاوان، ئەڤە هەمی پرۆژەیت یەت تەشغیلینە، ئەو ڕێژا کو دێ کەم بیتن ڕێژەیا 4,6 ٪ یێ یە کو 150 ملیارا وی دچیتن بۆ چێکرنا هەلمەتا دروست کرنا مەدرەسەی نیشتمانی و 300 ی وی ژی ڕاستەوخۆ دێ بۆ پرۆژەیێ چێتن یەعنی دیتنا من ئەڤ لێکدانا هەم کەسێت کو داخازا دکەن 50٪ ئەڤ ڕێژەیا کەم بی، لێکدانەکا یا زانستیانە نینە، سەبارەت بە ناڤێ یاسایێ، ئەز پێشنیار دکەم بیتە بودجا گشتیا هەرێما کوردستانێ، یەعنی گشتیشی بۆ زێدە ببتن، لسەر بەندێ 1 و 2و 3 پشتی ئەرقام دیار بن ئەو ملیۆنە کو دقەوسێ دایە تشتەکی زێدەیە چونکی وەختێ ئەرقام و یەعنی تو بودجەیێ ب ئەرقام دینی مەسەلەن تو دیار بکەی 13 ترلیۆن لە 140 ملیۆن ئەو ملیۆنە ناڤ قەوسێ دایە زێدەیە، یا درست نینە چونکی هیچ جهەتا نڤیستن ئەرقام ژی هاتیە نڤیسین، سەبارەت ماددا و خالا دوێ ژ مادا ئێکێ ئاماژە بهەندێ هاتیە دان کو ئەو بەشێ کورتهێنانێ دی بەشەکی ژ پارەیا وەزارەتا پێشمەرگە ئەوە سەر بە حکومەتا فدرالێ دزڤریتەڤە، لێ پرسیارا من ئەوە ئەو بەشێ دی کو حکومەتێ تەجاوز تێدا کری و دێ چەوانێ و دزڤریتەڤە؟ ئەگەر یەعنی پێتڤیا ڤێ ماددێ دا جهێ خۆ بگریت و ئیشارەت پێ بهێتە دان، سپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

د.ڕۆژان فەرموو.

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پشتگیری لەو پێشنیارە دەکەم کەوا بودجەی وەگەڕخستن کەم بکرێتەوە، بەلام بە دوو مەرج، یەکەمیان/ بەرێژەیەکی وا کەم کە کاریگەری هەبێت لەسەر کاروچالاکی حکومەت، ئەو مەرجەش کاك بیلال لەسەرەتا ئاماژەی پێی کرد، دووەمیان/ بەهیچ شێوەیەك نەبێتە هۆی کەم کردنەوەی مووچەی فەرمانبەران، ڕێژەی زۆر جیاواز پێشنیار کرا 10٪ وە 20٪ و 25٪ و بەڕێزێك 50٪ ی پێشنیار کرد، ئەو ڕێژەیە بەدانگدان یەکلا دەبێتەوە، بەلام وەلامی ئەو پرسیارە لەلاین حکومەتەوەیە تا چ ڕێژەیەك کەم بکرێتەوە، بەو دوو مەرجەی کە باسم کرد، بەڕێزان زۆر باس لە بودجەی ئەنجومەنی دادوەری کرا، من

باس لەبڕی پارەکە ناکەم و باس لەوە ناکەم وەکو ساڵی 2010 بێت یان وەکو ئەو بڕە پارەیە بێت کە ساڵی لە پرۆژەی موازەنە و پرۆژەی بودجە پێشنیار کراوە، من تەنها بە پێویستی دەزانم ڕوونکردنەوەیەك بدەم لەئەنجامی بەدواداچوونم بۆ ئەو زیادەیە، هۆکارەکانی زیادەکە چین؟ سێ خاڵن بەڕێزان، یەکەمیان ئەو بڕیارەی کە لە ئەنجومەنی وەزیران دەرچوو بە زیاد کردنی دەرماڵە بۆ دادوەران، داواکاری گشتی و فەرمانبەرانی یاسایی کە بەڕێژەی جیاواز ئەوە نزیکەی لە 7 ملیار زیاتر دەکات، ئێمە لەو هۆڵە پێشنیارمان کرد کە هەموویان فەرمانبەرانی دەرچووی یاسا بەیەکسانی زیاد بکرێت واتە ڕێژەکەمان زیاتر کرد بڕە پارەکە زیاتر دەبێ، هۆکاری دووەم/ کە بە پێی یاسای ژمارە 23 ی ساڵی 2007 یاسای دەسەڵاتی دادوەری هەیئەی ئیشرافی قەزائی دابمەزرێ و سەرپەرشتیاری دادوەری ئەو دەستەیە ئەو ساڵ دامەزراوە کە فەرمانگەیەکی سەربەخۆیەو سەر بە ئەنجومەنی دادوەریەو کە پێویست دەکات بودجەیەکی تایبەتی بۆ تەرخان بکرێت لە هۆکارەکانی زیادبوونی بودجەکەیە، هۆکاری سێیەم ئەوەیە کە تا ئێستا دادوەرانی خانەنیشین مووچەی خانەنیشینیان لەسەر بودجەی وەزارەتی دارایی وئابووری بوو، ئێمە زۆر ڕەخنەمان لێ دەگرتن کە ئێوە دەسەڵاتێکی سەربەخۆن بودجەی تایبەتتان هەیە، لەبەرچی دادوەری خانەنیشین مووچەی سەر بەو ئەنجومەنە نەبێ و سەر بە وەزارەتی دارایی بێت؟ ئەوەش هۆکاری سێیەم، بۆ ئاگاداری بەڕێزیشتان بودجەی ئەو دەسەڵاتە بە پێی مادده 4 ی یاسای ژمارە 23 ی ساڵی 2007 لەژێر چاودێری پەرلەمانە و لەلایەن پەرلەمانەوە پەسەند دەکرێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

پەیام خان فەرموو.

**بەڕێز پەیام احمد حمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە من یەکەم جار پشتگیری لە پێشنیارەکانی فراکسیۆنی گۆڕان دەکەم و دواتریش پشتگیری لە هاوڕێم د.ڕێباز دەکەم کە ئەبێ پێشتر ئێمە داهاتمان لەبەردەست بووایە، چونکە هەر بۆ خۆشمان ئەگەر پارەیەك لە دەستم نەبێ نازانم چۆن سەرفی بکەم، یەعنی ئەبێ پارەکەم پێ بێ و دوایی سەرفی بکەم، بۆیە ئەبووایە ئێمە داهاتەکەمان لەبەردەست بووایە و یەکەم جار باسی داهاتمان بکردایە، دوایی باسی مەسروفات بکرایە، دواتر باس لەو زیادەیە دەکرێ کە هەریەکێك پێشنیارێك دەکات کە یەکێك دەڵێ 10٪ و یان 25٪ بێت یان 50٪ بێت، دیارە ئەو زیاد و کەمیە دەبێ پێشتر ئێمە بەو حەوت بڕگەی مووچەیا بچووینایەوە، یەعنی باسی ئەو حەوت بڕگەیەمان بکردایە لە چی زیادە، لەچی کەمە؟، مەسەلەن لە بەخشینا، چەندی زیادە چەندی پێویستە، چەندی پێویستە ببڕدرێت؟، ئێمە لەسەر بنەمایەك ئەو کەم و زیادەمان بکردایە، بۆیە ئێمە بە پێی ئەوەی کە ئەو بەدواداچوون و دیراسەیەی کە کراوە لەسەری، هەمووومان کردوومانە لەسەری، ئەوهەموو ڕەخنەیەی کە گیراوە، لەم بودجەیە دەردەکەوێت کە زیادەیەکی زۆر هەیە لەوە، بۆیە ئێمە پێشنیاری ئەوەمان کردووە کە لە 50٪یەکە ببڕدرێت، دیارە باسی ئەو پێشنیارە

کرا، من چەند خاڵێکم هەیە لەوە، پشتگیری لە د.ڕێباز دەکەم کە سەرجەم مووچەو مینحەکان، ئەوەی کە لە کوردستان هەیە، هاوتا بکرێت لەگەڵ بەغدا، هەر لە مووچەی پێشمەرگەو پۆلیس و هێزەکانی ناوخۆ، هەتاوەکو ئەو مینحانەی زیندانی سیاسی، کەلە بەغدا چۆنەو، لێرەدا فەرقێك وجیاوازیەکی زۆر هەیە، کە هاوکارم کاك نەریمان زۆر بەجوانی ڕوونی کردەوە، کە ئەوانەی دواکەوتووە موعامەلەکانیان، ئەوەش تەعویزیان بۆ بکرێتەوە، دیارە ئەمەش لە پارساڵدا ئێمە بڕیارمان لەسەری داوە، مووچەی پۆلیس و پێشمەرگە هاوتا بکرێتەوە، لەگەڵ بەغدا، بەلاّم دیارە ئەو لەسەر حکومەت بووە کە نەیتوانیوە ئەوە جێبەجێ بکات، هەرچەندە بڕیاری پەرلەمان بووە، جگە لەگەڵ ئەوەی ئەو بڕیارەی پێشتریش باسم کردووە، هەرباسی ئەکەین، تائەوەندە جێبەجێ بکرێت، ئەویش ماددەی 30یە، کە قەرەبووی سزای سیاسیە، کەتا ئێستا ئەوانە قەرەبوو نەکراونەتەوە، ئەویش هەر بڕیارێکە ئەبێت وەزارەتەکان پابەند بوونایە بەو بڕیارەی پەرلەمانەوە، دیارە باس لەوە کرا، ئەو بڕینەی کە لە تەشغیلی ببڕێت، بخرێتە سەر وەبەرهێنان، بڕێکی بخرێتە سەر ئەو ناوچانەی کە زیاتر زیانیان لێ کەوتووە، وەکو هاوکارانم لە لیژنەی ئاوەدانکردنەوە باسیان کرد، کاك دڵشاد و کاك حەمە سەعید، ناوچە سنووریەکان، ئەو ناوچانەی کە زیاتر زیانیان لێ کەوتووە، ئەو ناوچانەی کە زیاتر وێرانن، مەسەلەن بۆ نموونە ئێمە باسمان کرد، وەکو ناوچەی کفری کە زیانێکی زۆری بە خۆیەوە بینوە، زۆر ئیهمال کراوە، ئێمە ئەوە دووساڵە کە خۆمان لێرە موناقەشەی بودجە دەکەین، لە پڕۆژەکان، شانسێکی زۆر زۆر کەمی پێدراوە، بودجەیەکی زۆر زۆر کەمی بۆ دابین کراوە، بۆیە ئێمە پێشنیار دەکەین کە ئەوانە بخرێتە سەر ئەو ناوچانەو زیاتر خزمەت بکرێت، هەروەها پشتگیری لە پێشنیارەکەی کاك شۆرش دەکەم، ئەو لادێیەی کە لە پرۆسەی ئەنفال هاتن بۆ ئەو ئۆردوگایانە، کە ئێستا باس لەوە دەکرێت، کە ئەوانە موستەفید بوون لە سلفەی عەقار، ئەوانیش شمولیان بکرێت، چونکە ئەوە وەکو کاك شۆرش بە روونی باسی کردەوە، ئەوان بە جەبری هاتوون بۆ ئەو ئۆردوگایانە، بۆیە پێویستە ئەو سولفەی عەقارە ئەوانیش بگرێتەوە، هەروەها سولفەی عەقاریش بۆ ئەوە کە پێشتریش پێشنیار کراوە، پشتگیری ئەو پێشنیارە دەکەین کە 100مەتریش بگرێتەوە، هەروەها وەکو پێشتر باسمان کرد، هەموو شتەکان هاوتا بکرێت لەگەڵ بەغدا، سولفەی عەقاریش هاوتا بکرێتەوە لەگەڵ بەغدا، کە بکرێتە 30ملیۆن، هەروەها بۆ سلفەی زەواجیش بکرێت بە 5ملیۆن، ئەویش وەکو ڕێنماییەکان کە ئەوانە بگرێتەوە، کە ماوەی ساڵێکە زەواجیان کردووە، لە عەقدی زەواجەکەیان بۆیان حیساب بکرێت، شمولی ئەوانیش بکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێزسەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز عبدالسلام بەرواری کەرەمکە.

**بەڕێز عبدالسلام مصطفی صدیق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من جارێکی تر دێنمەوە بیر کەماددەی یەکەم، تەنها تایبەتە بەوەی دەست نیشان کردنی بڕی پارەی کە خەملێنراوە بۆ خەرج کردن، بۆیە من لە قسە کردنی خۆم، تەنها تەرکیز دەکەم لەسەر خودی ناوەڕۆکی ماددەی یەکەم و چۆنیەتی گفتوگۆ کردن لەسەری، بێگومان هەموو ئەو پێشنیارو تێبینیانەی هاتن، ناکرێت من خۆیان لێ بەدەر بکەم، من پشتگیریان لێ دەکەم، بەتایبەتی ئەوانەی کە بۆ زیاد کردنی داهات و بڕی پێشینەکان، بەلاّم بە تەسەوری من لە بەشی پێنجەم، لەماددەکانی 13و14و15 لەوێ ئەسلّەن هەر خودی ئەوانە هەمووی باس کراون، هەق بەخۆم دەدەم لەوێ ئەو تێبینیانە بکەم، بەنیسبەتی ماددەی یەکەم، وەکو لە گفتوگۆکانی هەفتەی ڕابردووش کە باسی وردەکاریەکانی بودجەمان کرد، خودی بەڕێز وەزیرەکانیش هاوڕابوون لەگەلّ ئێمە، بە پرێنسیپێکی نادروست بودجەی بووژاندنەوەی پارێزگاکان بخرێتە ناو بودجەی گشتی، چونکە بە شێوەیکی جودا دێت، چونکە مەبەستێکی تری هەیە، میکانیزمەکەی کە لەوێ بیت لە پارێزگاکان بیت، سوودی زیاتر بێت، بۆیە من پێشنیار دەکەم، ئەو پێشنیارەی کە زیاتر لە 10خوشك و براو ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمان هات، بخرێتە دەنگ دان و پەسەند بکرێت، واتە ئەو ژمارەیە دەربکرێت لەو ژمارانەی لە ماددەی یەکەم هاتوون، بەو پێیە بڕی سێزدە ترلیۆن و نۆسەدو چل، ئەگەر دوسەدو نەوەت و یەك ملیاری لێ دەربکەین، لەسەرەتای ماددەی یەکەم، ژمارەکە ئەبێتە سێزدە ترلیۆن و شەش سەدو چل و نۆ، هەروەها بڕی چوار ترلیۆن سەدو پەنجا ملیار، ئەبێتە سێ کۆما هەشت سەدو پەنجاو هەشت ترلیۆن، لە عەجزەکەش کورت هێنانەکەش، ئەگەر ئەو دوسەدو نەوەت و یەك ملیارەی لێ دەربکەین، ئەبێتە یەك ترلیۆن و دووسەدو شەست و سێ، بێگومان کە هاتینە سەر ماددەی دووەمیش، ئەوکاتە من پرسیم ئەو دوسەدو نەوەت و یەك ملیارە لەکوێ باس کراوە؟، لە خشتەکەی کە هاتووە لە ماددەی دووەم، کە هاتینە ماددەی دووەم، دەبێت ئەوەش ڕەچاو بکرێت، ئەو مەبلەغەش وابزانم لە 12 ملیارەکەیە، لەبەرچاو گرتنی پێشنیارەکەی کاك دلّشاد، کە خۆی بە تەفاسیل باسی کردبوو، باسی شەش سەدو بیست ملیاری کرد، کە موحەدەد ئەو لە بودجەی بەکارهێنان، ئەچێتە بودجەی وەبەرهێنان، تەنها ئەوەش ئەگەر ڕەچاو بکەین، واتە پێویستە جارێکی تر لێژنەی دارایی، ئەگەر بە سوپاسەوە داوایان لێ بکەم، ئەگەر ئەو پێشنیارەش پەسەند کرا، دەبێت ئەو ژمارەیە کە هاتووە بەو شێوەیە دروست بکرێت، ئەمە لەلایەك لەلایەکی ترەوە، من هیوادارم شێوەیەك بدۆزینەوە بۆ گفتوگۆ کردن لەسەر ئەو هەموو پێشنیارانەی کە کران دەربارەی گواستنەوەی پارە لە میزانیەی تەشغیلی بۆ وەبەرهێنان، بەڕێز د.ڕۆژان ئیشارەتێکی دا ئێمە ئەگەر بێین بەس تەنها ژمارە (ببورن من خەریجی ریازاتم بۆیە ژمارە لای من زۆر گرنگە، قسە کردن دەربارەی ژمارە تۆزێ من لێی دەترسم دەبی دەقیق بین)، ئێمە ئەگەر حس بکەین ئەو داواکاریە ڕەوایانەی کە من لەگەلّیم بۆ دروست کردنی مووچەی پێشمەرگە، هەروەها بۆ بەرزکردنەوەی مەبلەغی تۆڕی چاودێری کۆمەلاّیەتی کە خۆمان لە لیژنەی کۆمەلاّیەتی داوامان کردووە 150 هەزار، بۆ زیادکردنی پێشینەی هاوسەرگیری کە ئێمە لەلیژنەکەمان داوامان کرد بێ سنوور بێت تاوەکو 10 ملیۆنیش، من لەگەلّ هەموو ئەوانەم وەکو مەبدەئێك، بەس ئەمەوێ ئالیەتێك بدۆزمەوە یەکێك هاوکاریم

بكات ئەو ژمارانە هەمووی کۆبکاتەوە دەبێتە چەند ملیار؟ ئەوانەی کە هەموومان لەگەڵێنە زیاد بکرێت، ئەوە زیاتر ناکات لە 10٪ لە خودی بودجەی تەشغیلی، ئەگەر بێین 10٪ ی تر لە بودجەی تەشغیلی کەم بکەینەوە و ئەم دە و بیستەمان هیناوە سەر تەسەور دەکەم بۆ وەزارەتی دارایی و پلاندانان سەر گێژیەك دروست دەکەین، بۆیە داوا دەکەم لەو فەترەیەی بەینی هەردوو دانیشتنە بیت، لەهەر جێگایەتی تر زۆر بە وردی ژمارەکان حساب بکەین چەند بارگرانی دەخەینە سەر تەشغیلی بە پێی ئەو پێشنیارانەی کە کردوومانە، چونکە من تەسەور دەکەم پێشنیاری ڕەوانە و هەموومان دەنگی بۆ دەدەین، چەندی تر زیادە لە کام بوار یاری کردن بەو 10٪ یان 5٪ تەنها بۆ ئەوەیە بیر بکەینەوە ئایا چۆن عەمەلیەن تەتبیق دەکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێزسەرۆکی پەرلەمان:**

کاك محمد فەرموو.

**بەڕێز محمد دلێر محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

شتێکی زۆر چاکە کە هەموومان کۆدەنگ بووین لەسەر دابەزینی بودجەی وەگەڕخستن بۆ مەبەستی پتەوکردنی ژێرخانی ئابووری و پاڵپشتی بواری کشتوکاڵ و پیشەسازی و پەروەردەو وەرزش و ئاوەدانکردنەوە و خزمەتگوزاری زیاتر، هەروەها بۆ چەند بوارێکی تر و بۆ بودجەی تەشغیلی کە وەکو بودجەی تەشغیلیش بەڵام زەرورن وەك تەرخان کردنی 210 هەزار دینار بۆ هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ و بەخشینی زیادکردنی بەرهەم و بەخشینی تۆڕی کۆمەڵایەتی و زیاد کردنی سلفەی عەقار و هاوسەگیری، بەڵام من لێرەدا پشتگیری پێشنیازەکەی سۆزان خان و کاك دڵشاد دەکەم لەبەرئەوەی کە ئەوان لەکاتێك باسی ئەوەیان کردووە 10٪ی کۆی بودجەی گشتی کە دەگاتە 979 ملیار دینار ئەمە ئەگەر بێجگە لە مووچە لێی دەرکەین کە (سێ ترلیۆن و پێنج سەدو نەوەد و نۆ ملیار دینارە) بێجگە لە مووچەی وەگەڕخستن 28٪ ی ئەو بودجەیە ئەکات، لەبەرئەوە من پێنشیار دەکەم و پشتگیری ئەو پێشنیازەی ئەوان دەکەم، بەڕاستی گفتوگۆکانی ئەمڕۆمان تەنها لەسەر ماددەی 1 نەبوو، بەڵکو لەسەر کۆی خەرجی و کورتهێنان بوو، بۆیە لێرە منیش دەمەوێ قسەی تر بکەم، پرۆژە یاسای پێشینەی هاوسەرگیری کە لە مانگی 6 ی 2010 دا موناقەشەی لەسەر کرا، هەرلەو کاتەدا زۆر لە خەڵك داوای ئەوەیان کرد کە هەڵسا بە ژنهێنان و عەقدی زەواج، لەبەرئەوە من پێشنیاری ئەوە دەکەم داوا لە وەزارەتی دارایی دەکەم لەدوای پەسەند کردنی پرۆژە یاسای بودجەوە هەر عەقدێکی زەواج ئەگەر ماوەی ساڵێکی بەسەر نەچوو بوو هەمان 5 ملیۆنی بدرێتێ چ ئەوەی کە کەمەکەی وەرگرتووە چ ئەوەی کە وەری نەگرتووە، لەهەمان کاتدا داواکاری ئەوەم بە هیچ شێوەیەك بودجەی وەبەرهێنان موناقەلە نەکرێت بۆ بودجەی وەگەڕخستن بە هەر جۆرێك بیانەوێ وەزارەتی داراییەوە، داوا دەکەم 150 ملیاری سندوقی نیشتەجێ بوون دابەش بکرێت بەشێوەیەك کە بەشێکی زۆری بۆ دروست کردنی شوقە و خانووی شیاو بێت بۆ خەڵکانی کەم دەرامەت و

ئەمانەش بە مانگانە قستیان لێ بەسەندرێت بێ پێشەکی، داوا لە وەزارەتی شارەوانیش دەکەین هەر لێرەوە کە ڕێنمایی پێویست بۆ ئاسانکاری جیابوونەوەی زەوی 200م ی بۆ 100م جێ بەجێ بکات، هەروەها هاوتاکردنی مووچەی پێشمەرگە لەگەڵ هاوتاکانیان لە عیراقدا ئەوانەی کە لیواکان و لەدوایی دا دروست دەبن، هەروەها زیاد کردنی بڕێکی دیاری کراو بۆ هێزی پێشمەرگە و ئەوانەی کە تاوەکو ئێستا ڕێك نەخراون لە لیواکاندا بۆ ئەوەی ئەوانیش هەمان شتیان لێ بێتەوە، هەروەها داواکارین هاوتاکردنی مووچەی تەقاعودی حکومەتی هەرێم لەگەڵ هاوتاکانیان لە حکومەتی ئیتیحادیا، لەهەمان کاتدا ئێمە ساڵی پار سەرۆکی حکومەتی هەرێم بڕیارێکی وای دا کە منحەی 7500 دۆلار بدرێتە لادێکان کە خانوو دەکەن پێش سولفەی دروست کردنی خانوو، بەڕاستی من ئەمە بەشتێکی پێویست دەزانم کە جێ بەجێ بکرێت، لەبەرئەوەی لادێکان بنکەی حەوانەوەو پاڵپشتی و هاوکاری و نانبدەیی هێزی پێشمەرگە بوون لەسەردەمی خەباتی شۆڕشی چەکداری دا، دێیان هەیە دووجار سوتانی بەسەرداهاتووە لە هەموو قۆناغەکانی شۆڕشدا، لەبەرئەوە ئەگەر هاوکاریش بکرێن بەو شێوەیە من بەشتێکی چاکی دەزانم، ئەمەش خۆی لە خۆیدا پاڵپشتێکە بۆ بواری کشتوکاڵی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

عظیمة خان فەرموو.

**بەڕێز عظیمة نجم الدین حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە کۆی ئەو پێشنیارانەی کە لە بڕینی بودجەی وەگەڕخستن، منیش پشتگیری هەموو ئەو پێشنیارانە دەکەم بەتایبەتی لەبڕینی مینحە و بەخشین و جگە لە مووچە لە مەنافعی ئیجتماعی و لە بەخشین و لە چاکردنەوە و لەهەموو ئەو جۆرانەی تر کە لەناو وەکارخستنا هەیە، من پێم باشە ئەو پارانەی کە لەو سێ، چوار بەشە ئەبڕێت بخرێتە سەر ئەو زیادانەی کە لە مووچەی کەم ئەندام و هەروەها ئەوانەی کە کارمەندانی کارگێڕی تەندروستین و توێژەران و هەموو ئەو پۆلیس و ئاسایش و پێشمەرگە و ئەوانەی کەباسکران هەر لەناو بودجەی وەکارخستن دا، خاڵێکی تر کە زۆر گرنگە لە کۆی ئەم بڕینانەدا ئەو 150 ملیار دینارەی کە ساڵی پێشوو دانرا بۆ دروست کردنی فوتابخانە من پێم باشە ئە و هەڵمەتە نیشتمانیە بەردەوام بێ و لە کۆی ئەو برە پارانە جێی بکرێتەوە کە 150 ملیار دینار دابنـدرێت بۆ دروست کردنی قوتابخانە، لەگەڵ ئەوەدام کە ئەو 54 ملیار دینارەی کە بۆ پەرلەمانە 14 ملیار دیناری لێ کەم بکرێتەوە بۆ دەزگای توێژینەوەی زانستی، لەبەرئەوەی لە کوردستاندا پێویستمان بەوەیە کە دەزگای توێژینەوەی زانستی بە تەواوی گرنگی پێ بدرێت لەبەرئەوە ئەو کەموکوڕیانەی کە لە بواری سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری هەیە لەم دەزگایەدا کارێکی وابکرێت کە بتوانرێ سوودی لێ وەربگیردرێت، نەك تەنها بوونی هەبێ و کردەوەی دیار نەبێ، خاڵێکی تر کە گرنگی پێ بدرێت بەڕای من بڕینی ئەو کەم کردنەوە یان بابڵێین 23 ملیار دینارە کەم بکرێتەوە لە خەرجی ئەنجومەنی لەبواری کشتوکاڵی دا سوودی لێ وەربگیردرێتەوە و

بڕی کشتوکاڵ زیاد بکرێت، خاڵێکی تر ئەو 9 ملیار دینارەی کە لە بودجەی 2011 لە کەرتی تایبەت و لەناو پرۆژە بودجەکاندا هەبووە، پێموایە 9 ملیار دینار پارە سەرف کراوە لەناو بودجە بە کۆی گشتی ئەگەر ئەوانەی کە بەشێوەیەکی یاسایی بۆ کەرتی تایبەت و بردنی پرۆژەیە بۆ نزیك کردنەوەی ئەو شوێنان یان ئەگەر بەشێوەیەکی نایاسایی بێ 9 ملیار دینار پارە هەیە بۆ کەرتی تایبەت لەناو بودجەی 2011 دا من پێموایە ئەو پارانە دەتوانرێ سوودی لێ وەربگیردرێت بۆ دروست کردنی فەرمانگەکان لەزۆربەی شار و شارۆچکەکاندا فەرمانگەکانی حکومەت و دائیرەکانمان هەمووی لە کرێ دا، دەتوانرێ سودی لێ وەربگیردرێت لە هەر شوێنێك دا فەرمانگەیەکی پێ دروست بکرێت ئەبێتە هۆی کەمکردنەوەی فەرمانگەکان، هەر لە چەمچەماڵ دوو سەد ملیۆن دینار مانگانە دەدرێ بە کرێی فەرمانگەکانی ئەو شارە ئیتر نازانم بۆ شوێنەکان تریش، پارەی پترۆ دۆلار واتە مینحەی ئەو بڕە نەوتەی کە کۆمپانیاکان ئەدرێت و 1٪ ئەو پارانە بۆ ئەو شوێنانەیە کە دەبەخشرێت سوودی لێ وەرگیردرێت و قازانجەکەی بۆ ئەو ناوچانەش بێت کە سوودی لێ وەردەگیرێ، خاڵێکی تر کە لە مینحەی نەوتەکان کە کۆمپانیاکان دەیدەن بۆ ئەوەی کە لە گەرمیان دا دوو سەد ملیۆن درا جگە لە پترۆ دۆلارەکە دوو سەد ملیۆن دۆلار پارە تەرخان کرا بۆ ناوچەی گەرمیان، بەلام ئەو پارەیە لەناو بودجەی پەرەپێدانی پارێزگاکان ولەناو بودجەی 2011 دا تێکەڵکراوبوو، ئەو پارەیە بڕەکەی دیاری نەکرابوو کە وەکو ئەوان بەخشی بوویان بە چەند شوێنێك کە دروست کردنی قوتابخانە بوو لەناو مینحەی نەوتەکەدا بێت، دوو سەد ملیۆن دینارە بۆ کەلار و کفری وچەمچەماڵ و دەربەندیخان بوو، بەلام بەداخەوە ئەوەی من تێبینیم کرد لەناو بودجەدا و لەناو پەرەپێدانی پارێزگاکان دا جێی کرابۆوە ئەو پارەیە، ئەو پارەیە ون بوو تیایا، خاڵێکی تر من لەگەڵ ئەوەم کە لە بودجەی گشتی لە مینحە جیابکرێتەوە وەکو ئەوەی کە کاك سمیر سلیم و زۆربەی ئەو برادەرانەی تر کە باسیان کرد، بودجە لە پارەی پەرەپێدانی پارێزگاکان لە مینحەی بەخشین جیا بکرێتەوە و لەناو بوجەدا بۆ داهاتوو، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عمر فەرموو.

**بەڕێز عمر حمدامین خدر(نورەدینی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دەربارەی ماددەی یەکەم کە تایبەتە بە خەرجی وکورت هێنان منیش تەئیدی ئەوە دەکەم لە بودجەی بەکاربردن کەم بکرێتەوە، واتە ڕێژەیەك لە بودجەی تەشغیلی کەم بکرێتەوە، لەڕاستی دا قسەش لەسەر ئەوە هەبوو کەلەوانەیە ئەم ماددەیە ئێرە شوێنی ئەوە نەبێ کە ئێمە قسە لەسەر کەمکردنەوە بکەین، بەلام ئەگەر سەیری فەسڵی دووەم لە یاسای بودجەی گشتی فیدراڵی بکەین دەبینین ئەوانیش لەهەمان شوێن کەمکردنەوەکەیان ئەنجام داوە، بۆیە کەم کردنەوەکە لە شوێنی خۆیایەتی، ئەم کەم کردنەوەیە باشە بۆ ئەوەی کە هەنگاوێکە بۆ ئەوەی هاوسەنگی بگەڕێتەوە نێوان بودجەی بەکاربردین و بودجەی

وەبـەرهێنان، هـەروەها دووبـارە ڕێکخستنەوەیەتی لەچوارچـێوەی بودجـەی تەشغیلیش دا، چـونکە ڕاسـتە بەشـێك لـەم کـەم کردنـەوە دیسـانەوە لـە چوارچـێوەی تەشـغیلی دادەمێنێـتەوە، بـەڵام چـۆنیەتی سـەرف کردنەکەی و ئامانجی سەرف کردنەکەی جیاوازە، بۆ نموونە دەبیـنین لـە خـەرجی و مەسـروفاتی حکومـەت کەم دەکرێتـەوە بـۆ دابـین کردنـی کۆمـەڵێك پێداویستی و داواکاریـەکانی خـەڵك لـە مەسـەلەی زیـادکردنی سـلفەی عـەقار و سـلفەی زەواج و مەسـەلەی زیـاد کردنـی مووچـەی تـۆڕی کۆمەڵایـەتی، هـەروەها لـە وەبەرهێنانیش دا لە مەسەلەی تەرخان کردنی 150 ملیار بۆ دروست کردنی قوتابخانە، دەربارەی ئەو قەزا و ناحیانەی کە تەرحیل کرابوون وتووشی کاولکاری بوون، منیش پێشنیاری ئـەوە دەکـەم و پشـتیوانی لـەو بۆچوونە دەکەم کە لە 70 ملیارەوە کە پێشنیار کراوە ئەوەی کـە سـۆزان خـان وتـی زیـاد بکرێـت بـۆ 100 ملیار وەکو چۆن کاك دڵشاد پێشنیاری کرد، چونکە تا ئێستاش لەو قەزایانـە ولـەو شـوێنانە کـە کاولکاری و ڕاگواستن هەبووە پاش ماوەی شوێنەواری خراپی سیاسەتی کاولکـاری هـەر مـاوە، بۆیـە پێویسـتە کـە هـەوڵ بدرێت بەشێوازێکی لەڕێگای تەرخان کردنی بـڕە پارەیـەك کـەوا پشـتیوانی لـە پرۆسـەی ئاوەدانکردنـەوە و دابین کردنی خزمەتگوزاری لەو شوێنانە بکرێت، سەبارەت بە مەسەلەی دەرماڵە لەڕاستی دا هـەوڵ بـدرێت کە بەشێوەیەك دووبارە ڕێك بخرێتەوە کە ڕەچاوی هاوسەنگی و عەدالەتی نێوان هەموو ئەو توێژانە بکات کە دەرماڵەیان بۆ تەرخان دەکرێت، بە تایبەتی ئێمە پێشنیار دەکەین کە بۆ قوتابیانی زانکۆ و پەیمانگاکان کە ئێستا بۆ دەرەوەی پارێزگاش شەست هەزارەو بۆ ناو پارێزگـا 40 هـەزارە هـەوڵ بـدرێت کـە ئەمـە زیـاد بکرێـت، چـونکە ژیـان گـۆڕاوەو پێداویسـتی زیـاد بـووە بەلەبەرچـاو گرتنـی ئـەو گۆڕانکاریانـەی کـە ئێسـتا لەڕووی مەعیشەتەوە هەیە وئەوەی کە بۆیان تەرخان کـراوە نـاتوانێ لایـەنی کـەمی پێداویسـتیەکانیان بـۆ دابین بکات، بۆیە لە ئێستا و لە ئایندە دا دەبێ بیر لـەوە بکرێتـەوە ئێمـە هـەوڵمان داوەو دیراسەیەکیشمان کردووە ئەگەر بکرێتە 100 هەزار بە 75هەزار ساڵانە تەنها 4 ـ 5 ملیار زیاد دەکات، بۆیە لـە کـۆی گشـتی دا ڕێژەکەی زۆر نیە، سەبارەت بـەوەی پەرلـەمانیش لەگـەڵ ئـەوەم کـە زیـاد بکرێـت، چـونکە بـۆ گـۆڕان لـە مەسەلەی باڵەخانەی پەرلەمانە دابین کردنی پێداویستیەکان و لـەڕووی تـەکنیکی و لـەڕووی تەکنـەلۆژیا و لەڕووی ڕاگەیاندنەوە، هەروەها لەڕاستی دا شوێن وجێگای لیژنەکان خراپە وای لێ هاتووە کـە هەنـدێ جـار کۆبوونەوەمان ناکرێ لەبەرئەوەی چەند لیژنەیەك لەناو هۆڵی بچکۆڵە دایە وسـرە دەگـرین بـۆ کۆبوونـەوە کـردن، بۆیـە هـەوڵ بـدرێت لـە ڕاسـتی دا کـاتی ئـەوە هـاتووە کـە باڵەخانـەی پەرلـەمان و پێداویسـتیەکانی پەرلەمان بچێتە قۆناغێکی ترەوە، دوایین قسەم ئەوەیە کە هەوڵ بدرێت کە بڕە پارەیەك تـەرخان بکرێـت بۆ خەرجی ئەنجامدانی پرۆسەی هەڵبژاردنی پارێزگاکان، چـونکە وەکـو بەدواداچـوونی بـۆ کـراوە 40 ـ50 ملیار پێویستی پێی هەیەتی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك سەرهەنگ فەرموو.

**بەڕێز سەرهەنگ فرج محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەندامانی بەڕێز، من پشتیوانی ئەم ڕایە دەكەم كە بە هەموو شێوەیەك پارەی تەخسیس كراو بۆ پرۆژەكانی پەرەپێدانی پارێزگاكان بگەڕێتەوە بۆ پارێزگاكان خۆیان، ئەویش بە هەدەفی دەعمی لامەركەزیەت و بەهەدەفی ئەوەی كە ئەوانە بۆ خۆیان ئەنجومەنی هەڵبژێردراون و سەربەخۆیی خۆیانیان هەیەو شەرعیەتیان هەیە، لێگەڕێین با كارەكانی ئەوان خۆیان بیكەن ئێمە دەخەولی تیا نەكەین، هەرچەندە ئەو پرۆژانە بەداخەوە زۆربەی ئەنجام دراوە و زۆربەی دووبارەیە وەكو لە موداخەلەكانی پێشوومان من بۆ خۆم هەندێكیم ڕوون كردەوە، خاڵی دووەم/ پشتیوانی ئەو پیشنیازە دەكەم كە 50٪ ی ئەو بودجەی تەشغیلیە جگە  لە مەسەلەی مووچە كەم بكرێتەوە، ئەمە وەبیری بەڕێزانی دەخەمەوە كە پشتیوانی ئەندامانی بەڕێزی لیژنەی نەزاهەشی هەیە وەكو لە تەقریرەكەی خۆیان بەرزیان كردووەتەوە بۆ لیژنەی دارایی، ئەوانیش داوا دەكەن بەهەمان شێوە 50٪ ەكە كەم بكرێتەوە، دەكرێ دوای كەم كردنەوەی ئەوە بەشێكی تەخسیس بكرێت بۆ زیادكردنی ئەو دەرماڵانەی كە باسكرا، بەشێكی زۆریشی بەشی شێری وەك دەڵێن بدرێتە پرۆژەكانی ئەوەی كە پێی دەوترێ وەبەرهێنان و ئەوەی كە بەگرنگی دەزانێ یان دوو، سێ پرۆژەی ستراتیجی دەكرێت پێی بكرێت، ئەوەی كە بە گرنگ دەزانرێ و موتەفق دەبین لەسەری و سوپاستان دەكەم.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك خورشید فەرموو.

**بەڕێز خورشید احمد سلیم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من تەنێ یەك خاڵا هەی، ب حەقیقەت من دڤێت پشتەڤانیا خۆ دەبڕم بۆ پێشنیارا بەڕێز كاك شێردڵ و د.ثائر حەقیقەت ئێمە لە هەرێما كوردستانێ پێتڤیا وی چەندێینە ژێرخانەكا باش و موناسب دروست بكەین بۆ وەرزشێ و وەرزشڤانان، چونكو ئەڤ كەرتێ هەنێ كەرتەكی پەیوەستە ب گەنجانا هەی، هەروەسا پەیوەندیا وێرێ هەی بۆ ناسینا خەڵكەكەی هەرێما كوردستانێ، چونكو وارێ ریازێ هەمی گاڤا وەرزشێ و وارەكە خەڵكبێە ناسین و ل جیهانێ ئەگەر ئێمە خۆ بدەینێ ناسین باشترین رێ و نزكترین رێ رێیا وەرزشێیە لەوما ئەز دبینم ئەو پێشنیارێت كاك شێردڵ پێشكەشی پەرلەمانێ كری، هەژی وێ چەندێنە كو ئەم لسەر ڕابوەستین و چارەیەكا بۆ ببینینەوە و پارەیەكی بۆ تەرخان بكەین بۆ وێرێ كو ل پاشەڕۆژێ ئەم دشێین پتر پێشوازی لوان شاندێت ریازی و دەورێت سالانە تێنە كرن ل كوردستانێ كەین، زێدەڤاری وی چەندێ كەش و هەوایێ كوردستانێ ژی گونجاوە بۆ وێرێ كو ئەڤ جۆرە یاریا ل كوردستانێ بێنە كرن لەوما دووبارە و سێ بارە پشتەڤانیا ل بۆچوونا وان دكەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك عبدالله فەرموو.

**بەڕێز عبدالله محمد نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

قسەی من زیاتر لەسەر مەسەلەی عجزە لە بڕگەی 2ی ماددەی 1 هاتووە کە بۆ ئەمساڵ بڕی (ترلیۆنێك و پێنج سەد و پەنجاو چوار ملیارو شتێك بە عجز داندراوە، هێندەی من ئاگام لێ بێ لە قسەکانی بەڕێز وەزیری دارایی دا ئاماژەی بەوەدا کە بەشێك لەم عجزانە تەدویری ساڵەکانی ترە کە کەڵەکە بووە و لە ئەمساڵ دا ئاماژەی پێدراوە، وە لە میانی پرسیارێکی من کە لەبڕێزیان وەزیی دارایی کردم لەسەر ئەو بڕە پارەیەی کە تەرخان کراوە بۆ دامەزراندنی 25 هەزار فەرمانبەر کە بڕێك لەو پارەیە زیادە باسی ئەوەی کرد کە بەشێك لەو پارەیە کە ئەو 470 ملیاری ناوبرد، وتی بۆ پڕکردنەوەی عجزی ساڵی 2009 یە، یەعنی ئەم دوو قسەیە دەکرێت بڵێم بڕێك هینی تر دژەکی تیایە، لەیەکەمیاندا دەڵێ عجزەکان کەڵەکە بووە هاتووەتە ئێرەو هیچ عجزێکی تر نەماوە، لە دووەمیان دا دەڵێ 470 ملیار عجزی 2009 مان هەیە، ئەگەر وابێ ئێمە ئەبێ عجزی ئەمساڵمان نیشان بکردایە و دوو ترلیۆن و بیست و چوار ملیارە، خۆ ئەگەر وانیە با بڵێین چوار سەد و حەفتا ملیار دائەنێین بۆ پڕکردنەوەی عجزی ئەم ساڵ، ئەبووایە عجزەکەمان تەرخان کردبا بۆ ئەمساڵ بکردایە بە ترلیۆنێك و هەشتا و چوار ملیار، واتە لە نەتیجە تۆ بڕی چوار سەد و حەفتا ملیار هەیە چ بۆ زیادکردنی یاخود کەم کردنی، ئەمە لەلایەکەوە، لەلایەکی ترەوە باسی ئەوەی کرد لەو مەبلەغەی کە هەیە، ئێمە وتمان زیاد دەکات، پێموایە ئێستاش دەیڵێمەوە لەو بڕە پارەیەی کە داندراوە بۆ دامەزراندنی 25 هەزار نەفەر پێموایە ترلیۆنێك و چوار سەد و چل و هەشت ملیاری زیادە، باسی ئەوەی کرد سەد و حەفتا و پێنج ملیاری بۆ کارەبایە، یەعنی من نازانم کارەبا خۆی وەزارەتێکی هەیە، چ پەیوەندیەکی لەگەڵ تەعویزی موەزەفیندا هەیە، جا ئەمە لێرە ئەمانخاتە بەردەم ئەو پرسیارەی مادام ئێمە بڕیارمان داوە لەم ماددەیە پارەکان جیا بکەینەوە بۆ سێکتەرە جیاوازەکان، من پێشنیار دەکەم ئەو بڕە پارەیەی کە دادەندرێ بۆ دامەزراندنی با بڵێین 25هەزار نەفەر جیا بکرێتەوە، با بڵێین سێ سەد ملیاری جیا بکرێتەوە، بڕیارە 175 ملیاری بۆ مەسائیلی کارەبا بێت، لەم ماددەیە با جیا بکرێتەوە، بڕیارە عجزێکی ترمان هەیە کە هی 2009 یە ئەمیش جارێکی تر جیا بکرێتەوە، یەعنی بۆ ئەوەی ئێمە دواتر بتوانین لایەنی کەم چاودێری بکەین، هەرچەندە من بۆ خۆم لەڕاستی دا گومانێکم لا دروست بووە لەو بڕە پارەیە ئێستاش وەڵامێکی گونجاو هەست دەکەم وەڵامەکان گونجاو نیە لەگەڵ گومانەکەی مندا، ئەمە لەلایەك، من جارێکی تر داکۆکی لەسەر ئەو بۆچوونەی خۆم دەکەم ئەگەر بڕیارە حکومەتی هەرێمی کوردستان کار بۆ ئەوە بکات کە پەرە بە ئابووری هەرێمی کوردستان بدرێ و سەرچاوەکانی داهات بۆ هەرێمی کوردستان زیاد بکرێت و دەرفەتی کار بۆ خەڵك بڕەخسێندرێ، تکا دەکەم یەعنی هەردوو کەرتی پیشەسازی و کشتوکاڵ پێویست دەکات مەبلەغی گەورەیان بۆ دیاری بکرێت، من پێشنیارم کرد هەر یەکێك لەو کەرتانە 160 ملیار تەرخان بکرێت، ئێستاش جارێکی تر داکۆکی دەکەم لەو پێشنیارەی خۆم لەو بڕە پارەیەی کە برادەران ئاماژەیان پێی کرد کەم بکرێتەوە، زۆرترینی بۆ ئەو دوو کەرتە تەرخان بکرێ بۆ

ئـەوەی پـەرە بـە ئـابووری هـەرێمی کوردسـتان بـدەین، بـۆ ئـەوەی دەرفـەتی کـار بـۆ خـەڵك برەخسـێنین، نوقتەیـەکی تـری کۆتـاییم ئـەوەتا جـارێکی تـر داوا دەکـەم لـەوبرە پارەیـەی کـە 260 ملیـار دانـراوە بـۆ موخەسەساتی ئیستسنائی، لەو برە 45 ملیاری تەرخان بکرێت بۆ پێدانی قەرز بە خوێندکارانی پەیمانگا و زانکۆکان، ئەو 45 ملیارە ئەتوانرێ ساڵانە هاوکاری 30 هەزار خوێندکاری هەژاری پێ بکرێت بـە پێدانی بڕی ملیۆن و نیۆێك بۆ ئەوەی کە دەچێتە زانکۆ و پەیمانگا لایەنی کەم جل وبەرگی ئـەو ساڵی پێ بکرێ، عەفوم کە کۆتایی پێ ئەهێنم، دەتوانرێ لەدوای ئەوەی کە تەخـەروجیان کـردو دامـەزران یـاخود دەرفـەتی کاریان بۆ دۆزرایەوە بەقەرز لێیان وەربگیردرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

شلێر خان فەرموو.

**بەڕێز شلێر محمد نجیب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە نیسبەت ئـەم ماددەیـە لەبڕگـەی 1 دا کـە دەڵـێ مەشـاریعی ئیستسـماری تەخسیسـاتی ئـەعمالی تەنمیـەی مەشاریعی ئەقالیم ئەوە لاببرێ و بەراستی بۆ ئێمە پەیڕەوی مەبدەئی لامەرکەزیـەت بکـەین و چیتر ئـەوە نەیەتەوە بەردەمی پەرلەمان، چونکە ئەنجومـەنی پارێزگاکـان خۆیـان ئـەو دەسـەڵاتەیان هەیـە، بەنیسـبەت ئەو وەزەزارەتانەی کە ڕێزم هەیە بۆ قسەکانی سۆزان و خان و کاك دڵشاد بۆ 10٪ یەکە، بـەس بـاوەڕ بکـەن ئەگەر ئێـوە تـەدقیقی ئـەو ئیشانە بکـەن کـە لـە سلع و خـدمات و هـەموو بابـەکانی تـر هـاتووە، نـاتوانین دەسکاری هیچ بکەین لەبەرئەوەی ئەو وەزارەتە خەدەمیانە حسەی شێری دراوەتێ چ لە وەزارەتـی کارەبـاوە بگرە تا وەزارەت تەربیە و بۆ سحە، ئێمە لێرە هەمووومان هاواری ئـەو سـێ وەزارەتـە دەکـەین و دوایـی کـە کارەبا یـەکی کـەوت کـەس نـاتوانێ و لەگـەڵ وەزیـردا قسـەمان کـردووە بەعەکسـەوە زۆر زۆر لـەوە زیـاتری پێویستە، لەبەرئەوە ئەگەر لە وەزارەتەکانی تریشدا دەبڕن دەبینن نسبەتێکی کەمیان دراوەتێ، من بۆ خۆم بەهیچ شێوەیەك لەگەڵ ئەوە نیم نە لە وەزارەتی ئیسکان و ئیعمار و ئاوەدانکردنـەوە و نیشـتەجێ بـوون، نە لە شارەوانیەکانی سلێمانی و هەولێر و دهۆك و نە لە ئاو و ئاوەڕۆ بە هیچ شـێوەیەك هـیچ شـتێکیان لێ ببڕدرێ، بە عەکسەوە ململانێ لەگەڵ ئەوان ئیرادەکانیشیانە، چونکە لەباری مینح ئەوان لە ئیراداتی خۆیان مەسروفاتیشیان زۆر لەوە زیاترە و وەزارەتی دارایی پارەی بۆ دەخاتە سەریان، لەبەرئەوە ئێمە ئەگەر لێـرە دانیشین من لەگەڵ ئەوە نیم بۆ ئەو دوو وەزارەتە خەدەمیـە کـە بەڕاسـتی ئیشـیان یـەکی دەکـەوێ بـەهیچ شێوەیەك لێیان کەم بکرێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

نەسرین خان فەرموو.

**بەڕێز نەسرین جمال مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیاره من سەرەتا پشتیوانی سەرجەم پێشنیارەکانی فراکسیۆنی گۆڕان دەکەم کە لەلایەن کاك کاردۆوە پێشکەش کرا، سەرەڕای ئەوەی کە ئەم پێشنیارانە زۆریان لە بودجەی ساڵی 2010 پێشنیار کرا، بەڵام نەچووە دەنگدان و بواری جێ بەجێ کردنەوە و نە لەڕووی یاسایەوەو نە لەڕووی ڕاسپاردەکانی حکومەتەوە، دووەم شت کە دەمەوێ باسی بکەم کە ئێمە دیارە هاوکارانم زۆر باسی پەرەپێدانی کەرتی کشتوکاڵی و پیشەسازیان کرد، یەعنی ئەوە دوو کەرتی زۆر ئەساسیە لە هەرێمی کوردستاندا کە پێویست بە بووژانەوەیان ناکات، بووژانەوەی ئەو دووکەرتە، واتە بووژانەوەی کوردستان، واتە کەم کردنەوەی بێ کاری لە هەرێمی کوردستان، من بەیەك قسەی بەڕێز د.تالب ڕاوێژکاری ئەنجومەنی وەزیران کە ئەمە وتەی ئەوەو وتەی من نیە هی ئەو بەڕێزەیە کە باس لەوە دەکات لە میزانیەی عیراق باسی ئەوە کراوە کە لەبودجەی 17٪ ەکە دەبێ یەك ملیار دابندرێ بۆ پەرەپێدانی کشتوکاڵ لە هەرێمی کوردستاندا، من بەهەڵە نەچووبم واتە لەو 13 ترلیۆنەی کە هەمانە یەك ترلیۆنی دابندرێ بۆ پەرەپێدانی کشتوکاڵ، ئەمە ئەگەر بێتو ئەم ڕێژەیەی بۆ دابندرێ و ئەو پارەیەی بۆ دابندرێت پارەیەکی باشە و سەرەڕای ئەو پلانە ستراتیژیەی کە هەیەو کەم تەرخەمی تیایە و ئەو ڕیژەیەش ئەو پارەیەشی کە بۆ دائەنرێ و دانراوە پارەکەی کەمە و بەشیشی ناکات، بەوە کشتوکاڵ نابووژێتەوە، بەڵام ئەو پارەیەی ئەگەر بۆ دابندرێت لە هەندێ شوێنی تریشەوە کە لە داهاتەکانی  هەرێمی کوردستان ئەگەر ڕێژەیەکی تریشی بۆ دانرێ ئەو کاتە ئەتوانین پێی بدەین، خاڵێکی تر کە ئەمەوێ ئاماژەی پێ بدەم لەڕاستی دا نەگەڕانەوەی ڕاپۆرتەکەی وەزارەت مالیە بۆ ڕەنووسەکانی بودجەی ساڵی 2010 و نەبوونی حسابی ختامی لەبەردەستی سەرجەم هاوکارانم ئێمە نە داهاتەکەمان بۆ دەردەچێ کە چەندە، داهاتی ئەسڵی ڕاستیەکەی و نە خەرجیەکانیشمان بۆ دەردەچێ، من یەك نموونەی بەسیت دەهێنمەوە بۆ نەگەڕانەوەی ئەو ژمارانەی کە لە بودجەی 2010 مادده 1ی برگەی 2 کە ئەمە یاسای بودجەی 2010 دا هاتووە، بودجەی خەرجی پرۆژەکانی وەبەرهێنان بریتیە لە سێ ترلیۆن و پێنج سەدو چل و سێ ملیار و حەفتا و چوار ملیۆن دینار، بەڵام لە خشتەی حساباتی ختامی یەعنی ئەو ماوەی 2010/6/30 یەعنی بەمە دەست نیشان کراوە بڕی سێ ترلیۆن و دوو سەد و پەنجا و یەك ملیار و حەوت سەد و نەوەد ملیۆن دینار تۆمارکراوە، جیاوازی ئەم دوو بڕە 291 ملیار و 284 ملیۆن دینارە، ئەمە تەنها نموونەیەکی بەسیتە لەو خشتانەی کە هەیە، ئینجا وەرە بۆ خشتەکانی تر کەواتە نە دەتوانین کۆی داهاتەکەمان بزانین چەندە و نە دەتوانین کۆی خەرجیەکانمان بزانین چەندە، من پشتیوانی لە پێشنیارەکەی کاك نەریمان دەکەم لەسەر زیاد کردنی بڕی ئەو 210 هەزارە بۆ پۆلیس و بۆ ئاسایش ئەو ماوەیەی کە نەیاندراوەتێ، پشتیوانی لە پێشنیارەکەی کاك شێرزاد دەکەم لەسەر مەسەلەی ئەو بڕە پارەیەی کە تەرخان کراوە بۆ کەم ئەندامان، بڕێکیان بۆ زیاد بکرێت، چونکە بەو بڕە پارەیەی کە ئێستا هەیانە بەڕاستی ژیان و گوزەرانیان هیچ مانایەکی نیە، واتە بودجەیەکی وەهایان بۆ دابندرێت پارەیەکی وایان بۆ تەرخان بکرێت کە لە ئاستی گوزەرانی ئەم سەردەمە دا بێت، ئاشتی خان ئاماژەی دا بە دەرماڵەیەك بۆ کارمەندانی کارگێڕی تەندروستی بەڕاستی ئەوە حەقێکی

خۆیانە، چونكە ئەمانە پەیوەندی موباشریان بە نەخۆشەوە هەیە، هەموو كاتێكیش موعەرەزن كە تووشی نەخۆشی بن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك حازم فەرموو.

**بەڕێز حازم تحسین سعید:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من سێ،چار ملاحەزە هەینە، یا یەكێ ئەگەر مەجال هەبن بە یا یەكێ/ نسبەتەكا موعەیەن بودجا نەفەقاتا تەشغیلی تەحویلی بودجا نەفەقاتا ئیستسماری بكەن گەلەك باشە، یا دووێ/ نەفەقاتێ مەجلسی قەزا سالا 2010 یێ 39 ملیار بوون، سالا 2011، 63 ملیارن، نزانم سەبەب چیە یەعنی؟، ئەگەر جەنابی وەزیر تەوزیحەكی بۆ مە بكات، یا سێ/ پشتگیریا تەخسیسا سەد ملیاری دكەین بۆ قەزا و ناحیەت زەرەرمەند بوون، تەئیدا د.ئاراس دكەین بۆ میزانیا پەرلەمانێ زێدە بێت و بێتە 74 ملیار بۆ ڤەكرنا نڤیسینگەهێ پەرلەمانێ ل هەموو محافەزاتا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك ئاراس فەرموو.

**بەڕێز د.ئاراس حسین محمود:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لەڕاستیدا بەنیسبەت بەو نسبەتەی كە بەڕێز سۆزان خان تەرحی كرد، ئێمە لەگەڵی داین، بەس جارێكی دیكە تیكراری دەكەمەوە ئەو ڕێژەیەی كە دای دەبەزێنین لە بودجەی تەشغیلی جارێكی تر ئێمە تكراری دەكەینەوە، من بەش بەحاڵی خۆم دەڵێم با حوریەت بدرێت بە وەزارەتی دارایی خۆی تەعامول لەگەڵ ئەو دابەزینەدا بكات، نەیبەستینەوە بە تەحدیدی مەبالغ، ئەوە بۆچوونێك، بۆچوونێكی تر: دەربارەی ئەو عجزەی كە هەیە، لەڕاستیدا ئەو عجزە، عەیبێك نیە لە میزانیەدا، یەعنی مەسەلەیەكی سروشتیە كە ئەو عجزە هەبێت، من پێم باشە هەبێت، چونكە ئەبێت بە وەسیقەیەكی تەئریخی بۆ داواكردن لە حكومەتی ئیتحادی، چونكە بەپێی ئیلتزامێك كە هەیەتی حكومەتی ئیتحادی، لەگەڵ هەرێمی كوردستان وەكو وەسیقەیەكی تەئریخی ئەمێنێتەوە هەركاتێك موتالەبەی بكەیت بەو مەبلەغە، ئەگەر ڕێگام پێبدەی، لەڕاستیدا هەر سیاسەتی مالی خۆی، خۆی سیاسەتی مالی عجز هەیە، سیاسەتی مالی وەفر هەیە، سیاسەتی مالی متەوازن هەیە، بەنادری سیاسەتێكی مالی متەوازن هەیە، كەنەفەقات یەكسەر یەكسان بێت بە ئیرادات، ئەوە هەر بۆ زانیاری بەڕێزتان و ئەندامانی پەرلەمان، موازەنەی ولایەتی موتەحیدەی ئەمریكی ئێستا حالیەن عجزی تێدایە، لەبەر ئەوەی عجز مەسەلەیەك نیە كە كەموكوڕی بێت لە موازەنە، مەسەلەیەكی سروشتیەو شێوەیەكە لە پەیڕەوی كردنی سیاسەتی مالی، بەس گرنگ ئەوەیە ئەو عجزە لەلای ئێمە تەمویل ناكرێت لەڕێگای ئیصداراتی نەقدییەوە، ئەگەر تەمویل بكرێت موشكیلەمان نیە، بەڵام

تەمویلیش ناکرێت لەئیصداراتی نەقدییەوە، لەبەر ئەوەی ئاسەواری ئیقتصادییەکەی کەمترە بەحەقیقەت، یان ئەو ئاسەوارەی نیە، دەربارەی تەنمیەی پارێزگاکان، لەڕاستیدا من ڕەئیێکی ترم هەیە، یەعنی جیا ببێتەوە یان نەبێتەوە هیچ لە مەوزوعەکە ناگۆڕێت، چونکە تەنمیەی پارێزگاکان دەچێتە سەر بودجەی ئیستسماریمان و بەشێکە لەوە، جا ئیتر جیا ببێتەوە یان نەبێتەوە هەمان مانا دەبەخشێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێزان هێشتا 22 کەس ماوە، ئێستا کاك اسماعیل مابوو، کە ناوەکەیم پەڕاندبوو کە قسە بکات، پاشان دانیشتنەکە دوا دەخەین بۆ چەند سەعاتێکی تر، بەردەوام دەبین دواتر، کاك اسماعیل، فەرموو.

**بەڕێز اسماعیل سعید محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پەرەپێدانی پارێزگاکان چەند خوشك وبرایەك داوایان کرد کە بگەڕێتەوە، من پێم وایە داوایەکی زۆر مەنتقییە، لەبەر ئەوەی ئێمە لەکاتێدا، یاسای مەجلسی پارێزگاکانمان دەرکردووە، لەبەردەم هەڵبژاردندایین...

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك اسماعیل ئەوە دەنگی لەسەر دراو ناگەڕێتەوە، بەردەوام دەبین، دەنگی لەسەر درا، دوو لەسەر سێ دەنگی پێداو کە ناگەڕێتەوە، ئێستا موناقەشە دەکەین مادده بەمادده تا دەگەینە کۆتایی، فەرموو.

**بەڕێز اسماعیل سعید محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

باسی گەڕانەوە نیە جەنابی سەرۆك، پێم وایە هەر لە دانیشتنەکەی ئەمڕۆدا، چەند خوشك وبرایەك داوایانکرد، میزانیەی ئەنجومەنی پارێزگاکان بدرێتە دەست خۆیان، چونکە ئێمە هەڵبژاردنیان بۆ دەکەین، یاسایان بۆ دەردەکەین، باشە کەواتە دەوریان چی دەبێت لەڕاستیدا، ئەگەر ئێمە لێرە میزانیەو هەموو ئیشەکان خۆمان بیکەین، یەعنی کەواتە بەدوای بەدیلێکی تردا بگەڕێین، یا ئەمە ئیلغا بکەینەوە، مەجلسی قەزا، ئێمە پار لە لیژنەی دارایی میزانیەکەمان دەستکاری کرد، وە چەند ملیارێکیشمان لێ هێنایە خوارەوە، زۆریش ئاسایی بوو، من بەلامەوە سەیرە، ئەوان بە ئارەزووی خۆیان میزانیەیان بۆ خۆیان داناوە، بەکەیفی خۆیان، لێرەدا ئێمە حەقمان نەبێت موناقەشەی بکەین، ئەمە یەك: دوو: خۆ ئەو قازییە بەڕێزانە خۆیان نەهاتوون میزانیە دابنێن، ئەوانیش کۆمەڵێك موحاسیب وەکو هەموو وەزارەتەکانی تر، بەئارەزووی خۆیان ڕەقەمیان داناوە، لەبەر ئەوە بەقەناعەتی من هەم وەکو پەیمان خان وتی، ئەمە لەڕووی میهەنییەوە سەربەخۆن، بەڵام لەڕووی میزانیەو بودجەوە، وەزارەتی مالیە مەعنیە، وەزارەتی مالیە تەمسیلی حکومەت دەکات، بۆیە من بەڕەوای دەزانم کە موناقەشەی ئەو بابە بکرێت، من وەکو ئەندامی لیژنەی دارایی پار لە میزانیەی پەرلەمان چەندین جار ئیحراجیان کردین، باشە پەرلەمان ئێوە بۆ چی موناقەشەی میزانیەی خۆتان نەکرد؟، کە ئەوە تا ڕادەیەك لە جێگای خۆیدا بوو، بۆیە ئەوە جارێکی تر تەئکیدی لەسەر دەکەمەوە، هیچ وەزارەتێك وە هیچ دەزگایەك بەقەناعەتی من کە من پیاوێکی یاسایی نیم، بەس پێم وایە

حەسانەی نیە، لە ڕووی میزانیەوە، یەعنی لەڕووی میهەنیەوە سەربەخۆیە، بەڵام وەزارەتی مالیە، یان بەلانی کەمی پەرلەمان بۆی هەبێت موناقەشەی ئەو میزانیە بکات، جیاوازیی مووچە کاك دکتۆ ڕێباز خاڵێکی زۆر زۆر گرنگی تەرح کرد، کە ئەمە لێرەدا حەقە قوفڵی بکەین، مووچە لە عێراقدا ئێمە مەحکومین بە بازاڕەوە، یەعنی ئێستا باسی قوەی کڕین دەکەین، هێزی کڕین کۆمەڵێك تەئسیرات دەکات، مەسەلەن زەریبە کاریگەری خۆی هەیە، گومرگ کاریگەری خۆی هەیە، ئێمە لە عێراقدا سیستمی گومرگ وزەریبە ئەوە هەمووی مەرکەزییە، کەواتە ئەبێ هێزی کڕینیشمان یەك بێت، هەموو ئەو مووچانە ئەبێت لەکوردستاندا تەوحید بکرێت، چونکە مەحکومین بەو دوو، سێ شتە گرنگە کە کاریگەری هەیە لەسەر هێزی کڕین، وەکو گومرگ، وەکو بازاڕی تەزەخوم بەشێوەیەکی گشتی، با لەمەدەربچین، باسی نەفەقاتی تەشغیلی، نەفەقاتی تەشغیلی خۆی لە حەقیقەتدا 7 فەصلە، فەصڵی زۆر زۆر گرنگ ئەوەی کە ئەمساڵ زیاتر پارەی تێدا ڕۆشتووە، تەعویزاتی فەرمانبەران، تەنها لە تەعویزاتی فەرمانبەران، دوو مەجالی باش هەیە، کە ئێمە حەقمانە یەعنی دەتوانین ئەو پارەیە بگێڕینەوە، 25 هەزار کارمەند کە وا بڕیارە تەعین بکرێن، لەگەڵ 8 لیوا، ئێمە شەش مانگمان تێپەڕاندووە، کەواتە ئەگەر ئەمانە تەعینیش بکرێن مووچەی شەش مانگی داهاتوو وەردەگرن، یەعنی ئەم شەش مانگەی کەبۆیان دانراوە زیادەیە، ئەبێت بە وەفر، کە وەفریش بوو حەقە ئیستسماری بکەین لە مەجالەکانی تردا، کە حەقە بە عەدەد دەری بکەین بزانین ئەو مەبلەغە چەند دەکات، لەسەر تەخمین کردن بەڕاستی من ڕەئیم وایە، هەموو ئەو خوشك وبرا بەڕێزانەی کە یەکێك لە دەڵێت لە 10٪ یەکێکی تر دەڵێت لە 50٪ پێم وایە حەقە داخوازییەکی زانستی ئابووری نیە، ئێمە بەرچاومان ڕۆشن نیە، من جارێکی تر تەئکیدی دەکەمەوە، ئەم خشتەیەی کە بۆ پەرلەمانتار زۆر زۆر گرنگە، زۆر گرنگە و بەرچاوی ڕوون دەکاتەوە، لەچەند جێگا هەڵەی تێدایە، مەسەلەن لە 2009 غەڵەت دانراوە، لە شەش مانگی یەکەم غەڵەت دانراوە، کەواتە ئێستا ئێمە مەحکومین بە چی؟، بە مەزەندەی عەقڵی خۆمان یان وەکو پەیمان خان وتی، فەصڵی یەکەمی لێ دەردەکەین، کە تەعویزی فەرمانبەرانە، شەش فەصڵەکەی تر کە بەڕاستی حەقە بەوردتر باسی بکەین، دیسان لەولا شلێر خان کە ئەو موهەندیسێکی عەمەلی بووەو مەیدانی بووە، مەسەلەن ئەو داوا ئەکات کە هەر هیچ نەکرێت، لەولاوە فراکسیۆنی گۆڕان داوا دەکات، لە 50٪ بێت، یەعنی ئەمانە بەڕاستی من پێم وایە ژمارەی زانستی نین، ئەگەر بمانەوێت بودجەیەك نزیك بێت لەواقیعەوە نزیك بێت لە حەقیقەتەوە ئەبێت ئەو شەش فەصڵە، بەوردی پێداچوونەوەی بۆ بکەین، شەش مانگی یەکەمی ساڵی 2010، بەحەقیقەت دەستمان بکەوێت تەخمینی بکەین، ئینجا بتوانین بڕیار لەسەر ئەوە بدەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**سوپاس بۆ هەموولایەکتان، سەعات 7ی ئێوارە لێرە بەردەوام دەبین، سەعات 7 ، خواتان لەگەڵ...**

## دانیشتنی دووەم

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

**بەڕێزان بەردەوام دەبین لەسەر دانیشتنی ژمارە 19 ئێستا پاش نیوەڕۆیە، داوا لە لیژنەی یاسایی و لیژنەی دارایی دەکەین بۆ سەر مەنەسە، دووبارە بەخێرهاتنی وەزیرە بەڕێزەکان دەکەین، کاکە شێخ و کاك د.علی**

زۆر بەخێربێن، ئێستا بەردەوام دەبین لەسەر خوێندنەوەی ناوی ئەو بەڕێزانەی کە مابوو قسە بکەن پێش نیوەڕۆ، ژیان عمر شریف عبدالله، فەرموو.

**بەڕێز ژیان عمر شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە نیسبەت ماددەی یەکەم، لە پرۆژە یاسای بودجەی هەرێمی کوردستان، من پشتگیری دەقاو دەق سۆزان خان و کاك دڵشاد دەکەم، بە گشتی بە تایبەتی بۆ ناوچە دابڕاوەکان، کە گرنگی پرۆژەی زیاتری بدرێتێ، چونکە پرۆژەکانی حکومەتی عیراق ڕەنگدانەوەی نیە بۆ ئەو ناوچانە، هەرچەندە لە ناحیەی ئیداریەوە سەر بە بەغدان، بەڵام گرنگی پێ نادرێت، لەبەر ئەوە دەبێت ئێمە خۆمان بە خاوەنی ئەو ناوچانە بزا نین، باشتر وایە گرنگی پێ بدرێت، بە نیسبەت ئیدارەی گەرمیانەوە، دیسان ئەبێت گرنگی پێ بدرێت، لە ناحیەی پرۆژەکان، تەنها گرنگی نە درێت بە سەنتەرەکان، بەڵکو بە ئیدارەی گەرمیانیش، هەموو ئیدارکان بە تایبەتی ئیدارەی گەرمیان، بە نیسبەت ئەو حەفتا ملیارەی کە دانراوە بۆ ئەوە قەزاو ناحیانەی کە تووشی شاڵاوی ئەنفال و دەربەدەری بوون، منیش پشتگیری کاك دڵشاد دەکەم، کە بکرێت بە 100ملیار، بە نیسبەت مینحەی زیندانیانی سیاسی، هاوتای عیراق بکرێت، هەرچەندە وەزارەتی دارایی موبەرری ئەوەی هەیە کە ناکرێت مینحەی زیندانیان لە مووچەی شەهیدان زیاتر بێت، بۆیە داوا دەکەم کە مووچەی شەهیدان زیاد بکرێت، خانوو بۆ ئەوە شەهیدانە بکرێت کە تا ئێستا خانوویان بۆ نەکراوە، پشتگیری لە د.ثائر و کاك شێردڵ دەکەم، بە نیسبەت وەرزش کە گرنگیەکی زیاتری پێ بدرێت، بۆ بواری تەندروستی من دیسان پێشنیار دەکەم، کە گرنگیەکی زیاتر بدرێت بە بواری تەندروستی، بە تایبەتی ئەو قەزاو ناحیانەی کە گەورەن و تا ئێستا نەخۆشخانەیان نیە، وەکو بەردە ڕەش، کە قەزایەکی گەورەیە تا ئێستا نەخۆشخانەی نیە، بە نیسبەت خاوەن پێداویستە تایبەتەکان، پێشنیاری ئەوە دەکەم کە مووچەکانیان زیاد بکرێت، میزانیەکی زیاتریان بۆ دابندرێت، هەرچەندە من جارەکەی تریش داوای ئەوەم کرد، چونکە ئەمانە تەنانەت لە دەوڵەتەکانیش کە لە سۆشیال بۆیان تەرخان کراوە، پارەیان لە خەڵکی تر زیاترە، چونکە ئەمانە تەواو نین، کەم ئەندامن، ناتوانن کاربکەن، ناتوانن و مووچەیەکی تریشیان نیە، لەبەر ئەوە من پێشنیاری ئەوە دەکەم، تەرخان کردنی بڕێك پارە بۆ هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان، ئەگەر وەزارەتی دارایی دیاری نەکردووە، دیاری بکات، پشتگیری زیاد کردنی نەفەقاتی پەرلەمان دەکەم، بۆ حەفتاو چوار ملیار دینار، بە نیسبەت منالی شهید، ئەنفال ئینشائەللا کە کرا بە پێنج ملیۆن سلفەی زەواج، من پێشنیار دەکەم کە بۆ منالانی شەهید و ئەنفال کراوەکان، بە بێ بەرامبەر ئەو سولفەیە وەربگرن، ڕاستە هیچ شتێك تەعویزی باوك ناکاتەوە بۆ ئەو منالانە، بەڵام ئەگەر ئێمە کارێکی وا بکەین، تۆزێك لە ئازارەکانیان کەم دەکەینەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز ئەڤین عمر کەرەمکە.

**بەڕێز ئەڤین عمر احمد فرج:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەڵبەت منیش دووپاتی ئە و بۆچوونە جوانانە یاخود ئەو پێشنیارە دەکەم، کە هەموو هاوڕێکانم ئەمڕۆ تەرحیان کردووە، بەلاَم بە ڕەئی من تەعامول کردن لەگەڵ ئەم ماددەیە، من نازانم بەم شێوەیە ناکرێت، ڕاستە ئێمە هەموومان پێشنیاری ئەوە دەکەین، کەوا لە بودجەی تەشغیلی داشکان بکرێت، هەڵبەتە منیش لێرە پشتیگری سۆزان خان و فراکسیۆنی کوردستانی دەکەم، کەوا داشکاندنەکە با 10٪ بێت بۆ بودجەی تەشغیلی، کە دەکاتە نۆسەدو حەفتاو نۆ ملیار دینار، بڕی چوارسەدو پەنجا ملیار دینار کە دەخرێتە سەر بودجەی وەبەرهێنان، بەو شێوەیە دەبینین بودجەی وەبەرهێنان گۆڕانکاری بەسەردادێت، کە ئەکاتە چوار ترلیۆن و شەش سەد ملیار دینار، بەلاَم بودجەی تەشغیلی ئەلێرە ئەو بڕەی کە ئەبێت چوار سەدو پەنجا ملیارەکەیە لێی کەم بکرێتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا دبینین بڕی پێنج سەدو بیست و نۆ ملیار دینار کە دەمێنێتەوە، بەو شێوە تەخسیساتەی کە پێشنیار کراوە لە لایەن فراکسیۆنی کوردستانی، هەڵبەتە ئەو پێشنیارەی فراکسیۆنی کوردستانی پشتگیری دەکەم، کە بەو شێوەیە تەخسیساتەکەی بۆ بکرێت، بەلاَم لە بابی ئەحکامی خیتامی، چونکە لێرەدا دیاری ناکرێت، هەروەها باسی ئەوە کرا کەوا بودجەیەکی تر هەیە، کە بودجەی پەرەپێدانی پارێزگاکانە، من پشتگیری لەو ڕەئیە دەکەم کەوا ئەو بودجەیە لێرە ببڕدرێت، چونکە ئەو بودجەیە لێرە بەڕاستی نابێت بمێنێتەوە، بەڵکو بدرێتە دەستی پارێزگاکان، خۆیان تەسەروفی پێ بکەن، کە بڕەکەی دوو سەدو نەوەت و یەك ملیار دینارە، ئەگەر هاتو ئێمە ئەو بڕەشمان داشکاند لە بودجەی وەبەرهێنان، ئەبینین ئەبێتە چوار ترلیۆن و سێ سەدو نۆ ملیار دینار، بۆیە من پێشنیار دەکەم، ئەوە ببڕدرێت و بدرێتە دەست پارێزگاکان، بەم شێوەیە ئەگەر ئێمە تەعامولمان کرد، ڕێژەی بودجەی وەبەرهێنانمان کردە 33٪، ڕێژەی بودجەی تەشغیلیشمان دابەزاند بۆ 67٪، کەواتە ئێمە لێرە خاڵێکی پۆزە تیڤمان دایە ئەو بودجەیە، توانیمان کارێك بکەین لەسەر ئەو بودجەیە، هەروەها من پشتگیری ئەوە دەکەم، هەرچەندە ئەو ڕۆژەش دیسان پێشنیارم کرد، بودجەی پەرلەمان لە پەنجاو چوارەکە زیاد بکرێت بۆ حەفتاو چوار، لەبەر ئەوەی ئێمە پێویستیمان بەوەیە کەوا چەند نووسینگەیەك بکەینەوە، بەتایبەتی نووسینگەکە ئەگەر بێت و لەناوچەی گەرمیان و ناوچە دابڕاوەکان، بەتایبەتی کەرکووك و ئەوە جێگایانەی کە پێویستیان پێیە،بکرێتەوە، کە ئێمە وەکو پەرلەمانی کوردستان، نووسینگەمان لەوێ هەبێت، ئەگەر ئێمە پڕۆژەش بۆ ئەوە ناوچانە دابین بکەین، ئەتوانین ئێمە لە ڕێگای نووسینگەکانی خۆمانەوە، بەدواداچوون بۆ ئەو پڕۆژانە بکەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس دەست خۆش، بەڕێز سالار محمود مراد کەرەمکە.

**بەڕێز سالار محمود مراد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە ڕاستیدا وەکو پرەنسیپ بە پێویست دەزاندرێت، لە تەرخانکراوی بودجەی تەشغیلیدا، هەم گواستنەوە بکرێت بۆ سەر پرۆژەی ئیستیسماری و، لەناو بودجەی تەشغیلیشدا ئەگەر موناقەلە بکرێت، لە ڕووی مەبدەئیەوە کاریگەری بۆسەر ژیانی توێژەکان دەبێت، من تەسەورم وایە، ئێمە دیقەتی ئەوەش بکەین، لە ڕووی دەرماڵەو لە ڕووی مووچەی کارمەندان و فەرمانبەرانی هەرێمی کوردستان، ناکرێت ئەو تەجاوزە ببێت، من تەسەورم وایە لە ڕووی مومکنەوە ئەو 10٪ی وەکو لیستی کوردستانی ئاماژەمان پێ کردووە، دەتواندرێت ئەو ئامانجە بهێنێتە دی، کە تیایدا زۆرینەی پەرلەمانتاران، دەیانەوێ لەباری زانستیەوە خزمەت بە پەرەپێدانی ژێرخانی ئابووری، بەردەوامی کاروانی ئاوەدانی و، هەروەها سەرخستنی مووچەو دەرماڵەی بەشێکی تر، لە توێژی کامەندانی مووچە نزم بکاتەوە، لەو ڕوانگەیەوە بۆ نموونە ئەو نۆسەدو حەفتاو نۆ ملیار دینارە، بە پێی ئەو سێکتەرەی کە بەرێزان لە فراکسیۆنی کوردستانی و ئەندامانی تریش ئاماژەیان پێی کرد، بۆ نموونە بڕی تەرخانکراو بۆ سێکتەری کشتوکاڵ، مەسەلەیەکی گرنگە، چونکە ئێمە لە سیاسەتی حکومەتیشدا پار ساڵ بینیمان تەرخانکراوی گوژمە بۆ ئەم سێکتەرە، توانی لە سیاسەتی کشتوکاڵیدا، دەستکەوتی باش بە دەست بهێنێت، هەم لە هەلی کار ڕەخساندن هەم لە کەم کردنەوەی بێ کاری، هەم زیاد کردنی بەرهەم، هەم بەشێك لە ڕوو کردنە لادێکان، ئەمانەو کۆمەڵێك هۆکاری تر، پاڵنەری سەرەکین بۆ ئەوەی ئێمە قسە لەسەر ئەوە بکەین، ئەم سێکتەرە گرنگی پێ بدرێت، بەشێك لەو 10٪ بودجەی تەشغیلی تەرخان بکرێت بۆ سێکتەری کشتوکاڵ، هەروەها گوژمەیەك بۆ ناوچەکانی کێشە لەسەر، لەو ڕوانگەیەوە کە ئەو مەسەلە، مەسەلەیەکی ستراتیژی و هەروەها نیشتیمانی و نەتەوەییشە، چونکە تا ئێستاکە ڕەوتی ئاوەدانی و، گەشە کردن لە ناوچەکانی کێشە لەسەر، بە بەراورد هەرێمی کوردستان، بە بەراورد بە پارێزگاکانی تری عیراق، زۆر بە بەتیئی ئەچێت بەڕێوە، بیریشمان نەچێت ململانێیەکی زۆر ناتەندروست و نازانستی هەیە، بۆ هەیمەنە کردن لە ڕووی سیاسیەوە، کە ژیانی هاووڵاتیانی لەوێ خستۆتە مەترسیەوە، بۆیە ترخانکردنی ئەو گوژمەیە، دەتوانێت تەعویزی ئەو کەم تەرخەمیە بکاتەوە، کە لە لایەن حکومەتی ئیتیحادیەوە دەنوێندرێت، ئەوکات ئەو مەسئول ترە لە ڕووی ئیدارییەوە، بۆ ئاوڕدانەوەو خزمەتگوزاری، دانانی گوژمەیەکی تایبەت بۆ سێکتەری وەرزشی لە ئاستی نێودەوڵەتیدا کە تەرکیزی دەکرێتە سەر، ئەمە چوونە پێشەوەیەکی باشە لە بزاوتی وەرزشی لە هەرێمی کوردستاندا، بەڵام بیرمان نەچێت، کە قسە لەسەر ئەوە دەکرێت، بۆ ئەوەی بەندیخانە نەبێت، گرنگی بە سێکتەری وەرزشی بدرێت، بیریشمان نەچێت شارو شارۆچکەکانی کوردستان، بەشێکیان هێشتاکە لە کەمترین خزمەتگوزاری وەرزشی بێ بەشن، بۆ نموونە، ناحیەیەکی دێرینی وەکو باوە نوور، تا ئێستا یاریگایەکی مەعقولی نیە، بیست گەنج یاری تێدا بکەن، لەو ڕوانگەیەوە دەبێت لە ئاستی ناوخۆیشدا بیر لە دۆزینەوەی ئەو فورسەتانە بکرێت، کە وەرزشکاری باش لە ناوچەکاندا بەدی دەهێنێت، هەروەها سولفەی زەواج، بۆ پێنج ملیۆن دینار، یەکێکە لە مەتلەبە گشتیەکان، یەکێکە لەو بوارانەی کە دەتوانێت بزاوتی ژیان و نموی دانیشتوان زیاد بکات، بەڵام ئەم دەرفەتە زیاتر بکرێت، کاربکرێت بەو ڕێنماییەی کە ژمارە 23یە، لە وەزارەتی دارایی، کە لە کاتی خۆیدا

دەری کـردووە، مـن پشـتیوانی تـەواوی بۆچوونەکانی هاوکـارم کـاك گـۆران ئـازاد دەکـەم لـەو بارەیـەوە، بـە تایبەتیش بۆ سولفەی عقـار، ئەمەشـیان دەسـتکەوتی گرنگـە، لـە پـار سـاڵدا ئـەو بوژانـەوەمان بینـی، بـەڵام بیرمان نەچێت بە حوکمی مەحدودیەتی دەخلی خاڵ، نەبوونی سەکەنی شایسـتە، بـۆ هاووڵاتیـان، ئەوانـەی چ ئەرزیان هەیە، کەمیان لە 100م بۆ سەروو تر تێ هەڵدەچێت، ئەوانەشـی خـاوەن خـانوون، دەبینـین لـە گەڕەکێك، ئەگەر گـەڕەکێك کـاتی خـۆی بـۆ 30 مـاڵ بـە دیزاینـەوە دروسـت کرابێـت، ئێسـتاکە بـە حـوکمی دابەشکاری بۆتە 50 و 60 ماڵ، ئەمەش هەوڵ بدرێت ئەم سولفەی عەقارە، لە ڕووی 100 مەتریەوە بیان گرێتەوە، ڕێنماییەك لە لایەن وەزارەتەوە دەربکرێت، بۆ کار ئاسانی کـردن بـۆ ئەمـە، تـا ئـەو کاتـەی یاسـای وەزارەتی شارەوانی تەعدیل دەکرێتەوە، خاڵێکی تر کە بە گرنگی دەزانم، ئەویش ئەوەیە ناوچەکانی نزیـك سـنووریەکان، ئیهتیمـامی تایبـەتیان بـدرێتێ و گوژمەیـەکیان بـۆ تـەرخان بکرێـت، بەتایبـەتی ئـەو ناوچـە سنووریانە لە وڵاتانی پێشکەوتوودا، ئەو شارو شارۆچکانەی کەوتونەتە سنوورەکانەوە، خێرو بێرو ئاوەدانی و بووژانەوە و گەشانەوەی بە خۆیەوە بینیوە، بە حوکمی سیاسەتی نێو دەوڵـەتان لـەو مەنتیقـە، بـەڵام بـۆ گرانـی بـەختی کـورد و کوردسـتان، ئێمـە ئـەو ناوچـانەی کـە سـنوورین بـە حـوکمی سیاسـەتی دەوڵـەتانی دراوسێکانمانـەوە، هەمووی وێران کاری و کـاول کـاری ڕووی تـێ کـردووە، ئـەو گوژمـە تـەرخانکراوە کـارێکی زەرورو گرنگە، هەروەها گوژمەیەك تەرخان بکرێت بۆ قەرەبوو کردنـەوەی ئەوانـەی کارەسـاتی سروشـتیان ڕووبـەڕوو ئەبێتـەوە، بەتایبـەتی ئەمسـاڵ بـۆ نموونـە، وشـکە سـاڵی نـەبووە، ڕەزو بـاخێکی زۆر، خەڵـەو خەرمانێکی زۆر بەدی هاتووە لەوانەیە تووشی سووتان ببێت، یان لـە ڕێگـەی لافـاوەوە لـە سـاڵی ڕابـردوودا، مەڕو ماڵات خنکێندراوە، یان گەلە گورگ مل و لاشەی مەڕو ماڵاتی شکاندووە، بۆ نموونە، لە دەربەنـدخان، لە گوندی شێرەوەن لە گەرمیان، هەموو ئەمانە حکومەت بابێکی هەبێت بۆ تـەعویز کردنـی ئەمانـە، وەلـە پاڵ ئەو ئیمکانەتەی کە تەرخان دەکرێت بۆ گەشەدان و بووژانەوەی ئـەو مەسـەلانە، بـابێکیش هـەبێت بـۆ قەرەبوو کردنەوەی ئەو کارەساتانەی کە دێنە پێش، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز پەروین عبدالرحمن کەرەمکە.

**بەڕێز پەروین عبدالرحمن عبداللە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشەکی من پشتگیری لە پێشنیارەکانی لیستی کوردستانی، بەتایبەتی سۆزان خان و کـاك دڵشـاد دەکـەم، بـە بڕینـی لـە 10٪ ی بودجـەی تەشـغیلی، بـە مەبەسـتی زیـاد کـردن، بـۆ پێشـینەی هاوسـەرگیری و پێشـینەی نیشتەجێ بوون، بە مەرجێك لێرە 100م کان لەبەر چاو بگیرێت، هەروەها بۆ زیاد کردنـی یارمـەتی تـۆڕی کۆمەڵایەتی، گەڕاندنەوەی ئەو 210 هەزارەی بۆ پۆلیس و هێزەکانی ناوخۆ، هەروەها زیاد کردنـی قـەرزی

کشتوکاڵی و پیشەسازی، دیارە کە دەڵێین قەرزی کشتوکاڵی و پیشەسازی، مەبەستمان لێرە زیاتر گرنگیدانە بە کشتوکاڵ، دیارە ئەمەش گرنگیەکی زۆر باشی هەیە لە بەرز کردنەوەی ژێرخانی ئابووری، کە دەڵێم زیاد کردنی قەرزی پیشەسازی، کە گرنگیدان یاخود بووژانەوە بە هەموو مەعاملەکان لە کوردستان، لەوانە ئەلبانە، جگەرەیە، نەسیجە، هەروەها دروست کردنی قوتابخانەی هاوچەرخ، من داواکارم ئەو بودجەیەی کە تەرخان دەکرێت بۆ پەرەپێدانی پارێزگاکان، دیسانەوە بدرێتەوە دەست ئەنجومەنی پارێزگاکان، بۆ ئەوەی سیستەمی لامەرکەزی بە قوەت تر بکەین، دووری بخەین لە دەست تێوەردانی دەرەکی، من پێشنیار دەکەم بۆ ئەو پارەیەی کە دەبڕدرێت لەو 10٪یە، بە زیاد کردنی دەرماڵەی خێزان و منداڵیش، هەروەها تێچووی سەرجەم قۆناغەکانی خوێندن هەمووی بە کاملی بدرێت، هەروەها دروست کردنی خەستەخانە لە هەردوو پارێزگای هەولێرو دهۆك، لەبەر ئەوەی لە سلێمانی هەمانە، داوا دەکەم ئەو سولفەی زەواجی کە دەدرێت بە منداڵی شەهید، وەکو مینحە پێیان بدرێت بەرامبەر هیچ شتێك نەبێت، دروست کردنی یەکەکی نیشتەجێبوون بۆ خەڵکی کەم دەرامەت، ئێستا پرۆژیەکمان لەبەر دەستە، هیوادارم زوو گفتوگۆی لەسەر بکەین، بۆ ئەوەی حکومەت بە زووترین کات جێبەجێی بکات، داوا کارم مووچەی پێشمەرگە زیاد بکرێت، لەبەر ئەوەی ئەم چینە هیچ گوناهێکی نیە، تاوەکو ئەم دوو لیوایە تەشکیل بکرێت، مووچەکەی زیاد بکرێت، هەروەها مووچەی خانەنشینی پێشمەرگەو کەم ئەندامانی پێشمەرگە، لێرە کەم ئەندامی هاوولاتیمان هەیە کە لە ژێر دەستی ڕژێم کەم ئەندام بوونە، داواکارم حکومەت ئاوڕێك لە مانەش بداتەوە، کە پێشتر سەر بە دەزگای شەهیدانی شۆڕشی گەلی کوردستان بوون، ئێستا هاتوونەتە سەر بەڕێوەبەرایەتی چاودێری کۆمەلایەتی، بە سێ مانگ جارێك مووچەکە وەردەگرن، بەلام ئەوانە لە 2006 وە داوا دەکەن کە مووچەکانیان زیاد بکرێت، بەلام هیچ ئاوڕێکیان لێ نەدراوەتەوە، بە تایبەتی ئەوانەی کە خەڵکی شارەزوورن ژمارەکەیان 2330 کەس دەبن، هەروەها داواکارم بە زیاد کردنی مووچەی زیندانیانی سیاسی و وەکو ئەوەی بەغدای لێ بکرێت، داواکارم گرنگی زیاتر بە قەزاو ناحیەکان بدرێت، بەتایبەتی لادێکان بۆ بووژانەوەی کشتوکاڵ و هەروەها بەدیهێنانی بەرهەمی خۆماڵی، زیاتر، هەروەها دروست کردنی خەستەخانە لەو قەزایانەی کە زۆر گەورەن، بە تایبەتی بەردە ڕەش، هەروەها زیاد کردنی ئەو حەفتا ملیارە، بۆ سەد ملیار، بۆ ناوچە زیان لێ کەوتووەکانی سەردەمی ڕژێم لە ناوچە سنووریەکان، گەیاندنی پرۆژەی خزمەتگوزاری بۆ ناوچە کێشە لەسەرەکان و دابڕاوەکان، هەروەها زیاد کردنی دەرماڵەی توێژەری کۆمەلایەتی و ژمێریاریەکانی سەربە وەزارەتی پەروەردە، پشتگیری کاك شێردڵ دەکەم، بە دابین کردنی گوژمەیەك بۆ سەنتەری وەرزشی و ئۆڵۆمپی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

تکایە وەرنە سەر بابەتەکە، تکایە تکرار مەکەن، گوێتان لەیەك بووە، هەر بۆ ئەوەی قسە بکەین، تکایە کەس بۆ ئەوە قسەنەکات، قسە بکەن بۆ ئەوەی مەشروعەکە چاك بکەن، سوودی هەبێت، غەڵەت هەبێت لایدەین، شتی باش هەبێت ئیزافەی بکەین، زۆر سوپاس، بەڕێز شڤان احمد عبدالقادر، کەرەمکە.

**بەڕێز شڤان احمد عبدالقادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە هەقیقەت ئەم ماددەیە موناقەشەیەکی تێك هەڵکێش هەڵی گرت، منیش هەر بەو ئیتیجاهە قسەکانی خۆم دەخەمە ڕوو، ئەو ماددەیە ئەو هەموو قسانەی کە هاوکارانم کردیان زۆر بەیان لە ماددەکەدا نیە، منیش هاوڕام لەگەڵ ئەو خوشك و برایانەی پەرلەمانتار کە بودجەی پەرەپێدانی پارێزگاکان، ئەگەر هاتو دەنگی هێنا بگەڕێتەوە بۆ پارێزگاکان، وەکو تەکریسی مەبدەئی لا مەرکەزی، ئەو کاتە لێرە دەستکاری دەکرێت و بە پێی ئەوەی کە دەمێنێتەوە، دەبێت ئاماژەی پێ بکرێت، من هاوڕام لەگەڵ هاوکارانم کە 10٪ بودجەی تەشغیلی کەم بکرێتەوە، ئەم 10٪ جگە لە تەعویزی موەزەفین، تەحدید کردنی ئەو بڕەی کە 10٪یە، بۆ ئەو حاڵەتانەی کە لیستی کوردستانی و لیستەکانی تریش تەحدیدیان کردبوو، من هاوڕام لەگەڵیان، بەڵام بە ئیزافەی دوو شتی تر، جگە لەو حاڵەتانەی کە تەحدید کراوە، کە دەبێت تەحدید بێت، کە بۆ چ حاڵەتێك ئەو پارەیە دادەندرێت، ئەو دوو حاڵەتەش کە زۆر پێم موهیمەو گرنگە، کە پار ساڵ و ئەمساڵەش کە هاوکارانیشم ئاماژەیان پێی کرد، دوو، نەخۆشخانەی تایبەت بە کەس و کاری شەهیدان، پێشمەرگە لە دهۆك و لە هەولێر کە لەسلێمانی هەیە، ئەم نەخۆشخانە گەورەترین موعاناتی کەس و کاری شەهیدان مەسەلەی نەخۆشیە، زۆربەری ئەندامانی پەرلەمان، ئیحتیماله ئەو شاهێدیە بدەن، دەیان کەس و کاری شەهیدان لەسەر ئەشیعەی ئێم، ئار، ئای دوومانگ ڕاوەستاوە بە بەری نەکەوتووە، جا بۆیە قانونێکمان قانونی ئیمتیازات و حقوقمان دەرکرد، دەبێت ئیمتیازێك هەبێت لە خەڵکی تر جودابێت، ئێمە چۆن سەرەمان دانا، دەبێت ئەو وارسە شەهیدە لە پێش من بێت، ئەگەرنا چ مەفهومێك دەمێنێت بۆ ئیمتیازی کەس و کاری شەهیدان، نوقتەیەکی ترم ئەم بڕە پارەیە بەشی ئەوەی تێدا هەبێت، جگە لە دوو نەخۆشخانەکە، ئاوارەی ئیران و تورکیا، بەڕێزتان ئاگادارن کە ئاوارەی ئێران و تورکیا، سووتەمەنی یەکەمی شۆڕش بوینە. کە دەتوانم بڵێم لە 1995 بەسەرەوە، یان کەس و کاری شەهید، دوو پێشمەرگەنە، جا بۆیە ئەمانە هەقیقەتەن هەقی خۆیانە، کە پێ بە پێ، ختوە بە ختوە، ساڵ بەساڵ تەعویزێکیان بکرێت کە هەقی خۆیانە، منیش هاوڕام لەگەڵ یەکخستنی مووچەو دەرماڵەی هەموو موەزەفین لەکوردستان، لەگەڵ حکومەتی ئیتیحادی بۆ بەر تەرەف کردنیان، یەکلا کردنەوەی ئەو بێ عەدالەتی و ئەو هەموو قسەی کە لەسەر بودجە و لەسەر موخەسەسات یان دەرماڵەدا دەگوترێت، من دیسان هاوڕام لەگەڵ ڕەفیقەکانی خۆم، سولفەی زەواج بۆ کوڕو کچی شەهید، بۆ مەبدەئی ئیمتیاز بە کەس و کاری شەهیدان، ئەم سولفەیە، لە بڕگەیەکدا بە مینحە بۆیان دیار بکرێت، بکرێتە مینحە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز خلیل عثمان کەرەمکە.

**بەڕێز خلیل عثمان حمدامین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەرەتای قسەکانم من لەو گوژمەیەوە دەست پێ دەکەم کە بۆ دەسەلاتی دادوەری دانـراوە، مـن پێموایـە بـە هەموو حوکمێك ئەگەر بەراورد بۆ حیساباتی شەش مانگی خیتامی ساڵی پارەکە بکەین، مـن پێموایـە بودجەیەکی زۆرە، دەکرێت ئەو بودجەیە کەم بکرێتەوە، هەموو سەرۆکایەتیەکان ئەگەر پلانیان هەیە، ئەگەر کێشەی ئەوەیان هەیە کە بیناو مونشەئاتی تازە دروست دەکەن، ئەوە دەکرێت بە پرۆسەیەکی درێژخایەن دروست بکرێت، ناکرێت هەمووی لەسەر حیسابی بودجەی ئەمساڵ یان دوو ساڵ، چونکە ئێمە ڕاستە لە هەموو سەرۆکایەتیەکان پێویستمان بە موجەمەعاتی گەورە هەیە، بەلأم ئەوە ناکرێت لەسەر بودجەی ساڵێك و دوو ساڵ بێ، پرۆژەیەکی ستراتیژی ئەوە دەکرێت لە خیلالی پێنج، شەش ساڵ دا ئەمە جێبەجێ بکرێت، خاڵێکی تر باس لەو پارەیە کرا کە بۆ تەعویزاتی موەزەفین دانـراوە، بۆ ئەو (25) هەزارەش ئەو خەڵکەشی تیایە کە تەعین دەکرێ، من بەش بە حاڵی خۆم ئەوە وەکو برادەران باسیان کرد، ئەوە شەش مانگی تێپەڕاند، تەصەور ناکەم تا دوو مانگی تریش بە تەواوەتی ئەم تەعین بوون و دامەزراندنە بچێتە جێی خۆی، بۆیە من پێشنیار دەکەم لەو پارەیە بەڕاستی چاککردنی مووچە و دەرمالەی هەندێ لە توێژەکان چاك بکرێت، بەتایبەتی دەرمالەی توێژەرانی کۆمەلأیەتی، کە من پێموایە هەر سێ لێژنەی یاسایی و کۆمەڵی مەدەنی و لێژنەی پەروەردە و فێرکردنیش پشتیوانیان دەکەن، نووسراویان بەرز کردۆتەوە بۆ سرۆکایەتی پەرلەمان، خاڵێکی تر بەڕاستی بەلامەوە سەیرە، تاوەکو ئێستا وەزارەتی دارایی ئێمە نەیتوانیوە ئەو جیاوازی مووچەیە کەم بکاتەوە و خوتەیەکی ستراتیجی نیە بۆ کەم کردنەوەی ئەم جیاوازی یە، لە خیلالی ئەم ساڵ دا کۆمەڵێك کێشە و گلەیی و گازاندە لەلایەن هاوولأتیانەوە لەسەر جیاوازی مووچە دروست بوو، بەلأم تا ئێستا ئەو گلەیی و گازاندانە ماوە، ڕاستە مەجموعەیەك خەڵك قەرەبوو کراونەتەوە، لە سنووری سلێمانی بەلأم تا ئێستاکەش، ئەوەتا من سکالأی زیاتر لە سەد موهەندیسی شاری هەولێر و دەوروبەری، کۆمەلێك خەڵکی فەرمانبەری تریشم لایە، کە لێرانە نە بە ڕێنمایی ژمارە (1) نە بە ڕێنمایی ژمارە (25) کار ناکەن، کۆمەڵێ ڕێنماییان دەرکردووە، ئەوان ئەو قەرەبوو کردنەوەیان لە کیس دەچێ کە من داواکارم ئەوە ئەگەر بە هەر شێوەیەك بێت ئەوە دەبێ قەرەبوو بکرێنەوە، خاڵێکی ترجیاوازی لە هێزەکانی پۆلیسی ناوخۆ هەیە، کە لە 2003 بە دواوە تەعین بووە، بەوەی کە لەدوای 2005 و 2004 وە تەعین بووە ، داواکارم ئەمەش چاك بکرێت، هەروەها دەرماڵەو مووچەی فەرمانبەرانی چاکسازیە کۆمەلأیەتیەکان، ئەمانیش لەبەر چاو بگیرێت، سەبارەت بە پێشینەی هاوسەرگیری، من پشتیوانی لە پێشنیارەکەی لیستی کوردستانی دەکەم، بۆ ئەوەی کە کراوە بە پێنج ملیۆن، بەلأم دووبارە داواکارم ئەو خەڵکانەش بگرێتەوە کە کەمتر لە ساڵێکە زەواجیان کردووە، دەستیان بەو مەراسیمە کردووە، پشتگیری لە قسەکانی کاك دڵشاد و لیستی کوردستانی دەکەم، سەبارەت بە زیاد کردنی پارە بۆ ناوچە دابڕێندراوەکان لە هەرێمی کوردستان، خاڵێکی تر ئەوەی کە لەبەرچاو دەگیرێت لەو گوژمانەی کە بۆ وەزارەتەکان تەرخان کراوە، بەتایبەتی وەزارەتی سەحە، من پێموایە ئەوە مەبلەغێکی کەمە، بە تایبەتی ئێمە بەردەوام لە ژێر هەڕەشەی شەبەحی جۆرەها پەتاین، پەتا، یەعنی ئەنفلونزا،

ڕشانەوە، من پێموایە ئەمە ئەگەر بێتو، بەم گوژمەیەی کە بۆی دانراوە، گوژمەیەکی کەمە، بەشی حاڵەتی ئیعتیادی ناکات، بەشی حاڵەتی تارێ، داواکارم هەندێ نەخۆشخانەی گەورە، لەو قەزایانەی کە چڕی دانیشتوانیان زۆرە دروست بکرێت، پشتگیری لە ڕای هاورێکانم دەکەم، سەبارەت بە جیاکردنەوەی بودجەی پارێزگاکان، یەعنی بودجەی پارێزگاکان، پێم باشە نەیەتەوە پەرلەمان، پارێزگاکان و ئەنجومەنی پارێزگاکان بۆ خۆیان پلانی چۆنیەتی سەرف کردنی ئەو پارەیە دابڕێژن، بە مەرجێك ئەوە پلانە وەزارەتی تەختیت پەسەندی بکات، بەڕاستی ئەوەی کە مولاحەزەشە لەسەر ئەوە، ئەنجومەنی پارێزگاکان لەو پارەی پەرەپێدانی پارێزگاکان، کە زیاتر تەرکیزیان کردۆتە سەر سەنتەری شارەکان، قەزاو ناحیەکان، تا ڕادەیەك بێ بەش بوون لەچاو سەنتەری شارەکانەوە، کە من هیوادارم جەنابی وەزیری تەختیت لە ئێستا بە دواوە لەبەر چاو بگرێت، سەبارەت بە پارەی پترۆدۆلار کەلە بودجەدا باس کراوە، کەمن هیوادارم بنەماکانی چۆنیەتی سەرف کردنی ئەو پارەیە بەو شێوەیە بێت کە ئەولەویەت بدرێت بەو ناوچانەی، کە مێژووی دەرهێنانی نەوتیان دەمێکە هەیانە، چواردە ساڵە، بیست ساڵە نەوتیان تیا دەردێت، لەگەڵ ئەو شوێنانەی کە تازە نەوتیان لێ دۆزراوەتەوە، یان تازە لێیان بەرهەم دەهێندرێت، سەبارەت بە دانانی پارە بۆ ئەوە ناوچە سنووریانەی کە چەند جارێك لەسەر دەستی ڕژێمی پێشوو زەرەرمەند بوون، پشتگیری لەو داوایە دەکەم، من هیوادارم هەندێ ناوچەی تریش هەیە، کە بەڕاستی لەوانەیە ناوچەی سنووری نەبن، بەلآم لەسەر دەمی ڕژێمی بەعس تەخت کراون، بە تایبەتی قەزای دوکان، کەخۆتان دەزانن خانووەکانی کەمپی سەرەوە هەمووی تەخت کراو، تا ئێستا بەشێك لەو خەڵکانە تەعویز نەکراونەتەوە، هەندێ ناوچەی تریش کە ڕاستە لەوانەیە، وەکو ڕووخان نەڕووخاون، بەلآم کراونەتەوە بە گوند لەسەردەمی ڕژێمی پێشوو، کراونەتەوە بە ناحیە، پلە ئیداریەکەیان دابەزێندراوە، ئەمەش جۆرێکە لە ڕاگرتنی گەشەی مەعنەوی و ئابووری و سیاسی، سەبارەت بە پێشینەی خانووبەرە، من دەست خۆشی لە لیستی کوردستانی دەکەم کە کردی بە بیست ملیۆن، بەلآم دووبارە داواکارم یەعنی ڕێنماییەکانی پێدانی ئەو سولفەیە، بەڕاستی ئاسانتر بکرێت، هاوولآتیان ئەوەندە هاتو چۆیان پێ نەکرێت، وەکو برادەران وتیان، زەوی 100م بکرێتەوە، دەبێت وەزارەتی شارەوانی کار بۆ ئەوە بکات، کە ئەم پلانە بگۆڕدرێت، یەعنی قانونێك لە ئەنجومەنی وەزیران دەرچووە، ئەڵێت ئەوەی کە سورەت قەیدی عەرزی 100م هەیە پێی بدرێت، من نازانم لە هیچ پارێزگایەك تەسەوڕ ناکەم لە هیچ شارەوانیەك عەرزێك هەبێ بەبێ سورەت قەیدی 100م هەبێت، هیچی لە 148 م و لە 150م کەمتر نیە، بۆیە ئەو هاوولآتیانە لێیان بێ بەش دەبن، سەبارەت بە و حەوت هەزارو پێنج سەد دۆلارەی تەرخان کرابوو بۆ گوندەکان، هیوادارم ئەمە بگەڕێتەوە و هاولآتیان ئیستیفادەی لێ بکەن، خاڵێکی تر داواکارم ئەو گرێبەستانەی کە بۆ یەکەی نیشتەجێ بوون دەکرێت، بە شێوازێك بێت نرخی یەکەکان کەمتر بکرێتەوە، من پێموایە ئەو یەکانەی کە دروست دەکرێن، بەڕاستی نرخەکانی بەرزن، لە توانای هاوولآتی کەم دەرامەت نیە ئەم یەکانە بکڕێت، دوای ئەوەی لە ڕووی کوالیتی و خزمەتگوزاریەوە بەڕاستی وەکو پێویست نین.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، خەلاس، بەڕێز لیستی کوردستانی نەیکردووە، ئەو پێشنیارە تەسویت دەکرێت، پاشان دەکرێتن، هێشتا ماوە، بەڕێز لانە خان کەرەمکە.

**بەڕێز لانە احمد محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتگیری لە دوای فراکسیۆنی کوردستانی دەکەم، داوا دەکەم ئیهتیمامەکی زۆر بدرێت بە کەرتی گەشت و گوزار، کەرتی زراعی و سناعی، داواکاریشم میزانیەی پەرلەمان، زیاد بکرێتەوە، ئەو بڕە پارەیەی بۆ دابندرێت وەکو لە بودجەی ساڵی 2010 بۆی دانرابوو، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، بەڕێز محمد احمد علی کەرەمکە.

**بەڕێز محمد احمد علی(شارەزووری):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی (1) بڕگەی (2) بودجەی وەگەڕخستن، پشتگیری ئەو پێشنیارەی فراکسیۆنی کوردستانی دەکەم، کە بۆ کەم کردنەوەی ئەو بودجەیە، بودجەی وەگەڕخستن بخرێتە سەر ئیستیسماری، لەهەمان کاتدا پشتگیری ئەو پێشنیارە دەکەم کە بۆ ئەوە بوارانەی هەندێکی تەخسیس کراوە، هەندێکی لە هەندێ بواری تر هینە بێ، من چەند پێشنیارێکم هەیە، پێشنیاری ئەوە دەکەم کە بودجەی ئیستیسماری دوای تەواو بوونی سەنەی مالی عیجزی پێ پڕ نەکرێتەوە، بەڵکو ئەو بودجەیە دابنرێ، چونکە ئەگەر وا بێت، پرۆژە بەردەوامەکان ساڵ لە دوای ساڵ ژمارەیان زیاتر دەبێ، ئەگەر ئەو پارەیەی دامەوە پێی، ئەکید ئەوە پرۆژەکانی پێ تەواو دەکرێ، ئەوە یەکەم، خاڵی دووەمم، جارێکی دیکە تەئکید دەکەمەوە بۆ جێبەجێکردنی هەردوو یاسای ژمارە 38 تایبەت بە خانەنشینی پێشمەرگە و ژمارە 34 تایبەت بە کەمئەندامانی سەنگەر، کە ئەو دوو یاسایە لەم پەرلەمانەوە دەرچوون و هەوڵ بدرێ بۆ جێبەجێکردنیان، چونکە ئەمانە دوو شەریحەن بەراستی ژیانیان ناخۆشە و مووچەکەیان کەمە، پێشنیاری ئەوە دەکەم کە دەرماڵە بۆ منداڵی شەهید وەکو هەموو فەرمانبەرێك لەم وڵاتە، کە چۆن دەرماڵەی ژن و منداڵی هەیە، منداڵی شەهید و ژنی شەهیدیش بێبەش نەبێ لەو دەرماڵەیە و پێموایە بودجەیەکی کەمیش لەسەر حکومەت ئەکەوێت، بۆیە ئەوانیش وەکو هەموو شەریحەیەکی ئەم موجتەمەعە، حەقی هەیە کە بە پێی ڕێنماییەکانی وەزارەتی دارایی، کە کاتی خۆی بۆیان سەرف کراوە و بڕاوە، جارێکی دیکە بۆیان بگەڕێتەوە، پشتیوانی ئەو پێشنیارە دەکەم، کە دانانی بڕی 100 ملیار دینار بۆ ئەو ناوچە، یان بۆ ئەو یەکە ئیداریانەی کە کاتی خۆی، ڕژێمی بەعسی رایگواستوون یان لەناوی بردوون، بەتایبەت مەناتیقە حدودیەکان و ئەو پارەیە دابنرێ بۆ ئاوەدانکردنەوە، یا تەنسیقێك هەبێ لە بەینی وەزارەتی پلان دانان و ئەنجومەنی موحافەزەکان، بۆ ئەو شوێنانەی کە نەتوانراوە لە بودجەی ئەم ساڵدا، لەو قەزا و ناحیانە،

کۆمەڵێك پرۆژە بنێردرێت، تەنسیقێك هەبێ بۆ ئەوەی کە پرۆژەی زیاتریان بۆ دابنرێت، سەبارەت بە خاڵی دووەم، کورت هێنانی بودجە، یان عیجز لە میزانیە، من ئەگەڕێمەوە بۆ راپۆرتەکەی وەزارەتی دارایی، بەڕێز کە ئاماژەی بە سیاسەتی حکومەت کردبوو، ئەبوابەکانی بودجەی دیاری کردووە، ئاماژەشی بە ئەو بودجەی دابوو، بەڵام پلانێکی حکومەت نەبوو بۆ کەمکردنەوەی ئەو عیجزە، ئایا ئەگەر ئەو سولفەیە لە بەغداوە نەیی، ئەو عیجزە حکومەت، بۆیە من پێشنیاری ئەوە دەکەم، کە حکومەت پێشنیاری ئەوەی هەبێ کە ساڵانە بۆ ئەوەی کە، ئەوەی ئاشتی خان باسی کرد، من پێشنیار دەکەم، کە حکومەت خوتەیەکی 5 ساڵانەی هەبێ بەراستی، هیچ نەبێ، بۆ ئەوەی ساڵ بە ساڵ رێژەیەکی کەمی ئەو بودجەیە دابەزێنی، ئەو عیجزە ئاوا بەو بەردەوامیە نەبێت، ئاخیر خاڵم بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، منیش پێشنیاری ئەوە دەکەم، کە بودجەی تەنمیەی ئەقالیم نەیەتە پەرلەمانی کوردستان، چونکە بەراستی ئەمساڵ کە هاتووتە پەرلەمان، دەستی موحافەزەکان بەستراوە، ئایا ئەو پێشنیارە لە لائیحەکەی پەرلەمان و بە تەوصیە ئەرێ بە حکومەت، یان بەڕێز جەنابی وەزیری پلان دانان لێرەیە، ئەویش پەیوەندی ئیشەکەی لەگەڵ ئەواندا زیاترە، ئایا ئەو ئەتوانێ پێشنیاری ئەوە بکات؟، یان داواکارم کە لە پەرلەمانی بەڕێز، لە تەوصیەکانی، یەکێك لە تەوصیەکانی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، بەڕێز بکر کەریم محمد(ئاسۆ) فەرموو.

**بەڕێز بکر کریم محمد (ئاسۆ):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

یەك، لەگەڵ بۆچوونی لێژنەی یاساییدام، سەبارەت بە داڕشتنەوەی برگەی چواری ئەم ماددەیە، کە تایبەتە بە ئەنجومەنی قەزا، بەڵام پێموایە ئەم مەبلەغەی کە بۆ ئەنجومەنی قەزا دانراوە، زۆرە، بە بەراورد بە ساڵی رابردوو کە 59٪ زیادی کردووە، لە کاتێکدا بودجەی پەرلەمان، سەرۆکایەتی هەرێم، سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران کەمکراوەتەوە، سەبارەت بە بودجەی ئەنجومەنی قەزا، پشتیوانی لە رای کاك ئیسماعیل سەعید دەکەم، چونکە وەك دەزانردێ، دانانی ئەومەبلەغە زۆرە، بە بێ وتوێژ بووە لەگەڵ وەزارەتی دارایی، وەکو بەڕێزان لە وەزارەتی دارایی باسیان کرد، لەبەر ئەوە پێشنیاز دەکەم ئەو بڕە بە ڕێژەی 15٪ کەم بکرێتەوە، کە دەکاتە 9 ملیار و نیو، بخرێتە سەر بودجەی وەبەرهێنان، دوو، لە قانونی موازەنەی ئیتیحادی، بودجەی کارپێکردن لە ماددەیەکی سەربەخۆدا، لە ماددەی سێدا بە رێژەیەك کەم کراوتەوە، لەبەر ئەوە پێشنیاز دەکەم، لێرەش بە ماددەیەکی سەربەخۆ، بودجەی کارپێکردن، کە ئێستا بە خۆی لە بودجەی کارپێکردن 9 ترلیۆن و 672 ملیار و 670 ملیۆن دینارە، بە رێژەی 10٪ کەمبکرێتەوە، کە دەکاتە 967 ملیار و 267 ملیۆن دینار، بۆ ئەم مەبەستانە:

90 ملیار بۆ زیادکردنی ئەو مینحانەی کە تۆری کۆمەڵایەتی دەیانگرێتەوە، لە 75 هەزارەوە بۆ 150 هەزار.

175 مليار دينار، بۆ پشتيوانی له زيادكردنی سولفەی زەواج له 2 مليۆنەوە بۆ 5 مليۆن و سولفەی خانوو بەرە له 15 مليۆنەوە بۆ 20 مليۆن.

75 مليار دينار بۆ پشتيوانی كردن له پرۆژەكانی كشتوكاڵی له ڕێگەی بانكی كشتوكاڵيەوە.

75 مليار بۆ پشتيوانی كردن له پرۆژەكانی بواری پيشەسازی له ڕێگەی بانكی پيشەسازييەوە.

100 مليار دينار بۆ زيادكردنی مووچەی ئاسايش و هێزەكانی پۆليس.

100مليار بۆ پشتيوانی كردن له بنياتنانەوەی ژێر خان و خزمەتگوزارييەكانی ناحيە و قەزا زيان پێكەوتوو و كۆچ پێكراوەكان و بخرێتە سەر بودجەی پەرەپێدانی پارێزگاكان.

150 مليار بۆ هەڵمەتی دروستكردنی قوتابخانەی نموونەيی.

ئەوەی دەمينێتەوە لەو بڕە پارەی كە دەكاتە 202 مليار و 267 مليۆن دينار، بخرێتە سەر بودجەی وەبەرهێنان بۆ ئەو پرۆژانەی كە لە 10٪ كەمتريان بۆ دانراوە لە بودجەی گشتی و بۆ چەند پرۆژەيەكی تر، كە لە دواتر وەزارەتی پلاندانان بۆ پەرلەمانی بنێرێ بۆ موصادەقە لەسەر كردن، بەم شێوەيە، ئەگەر ئاوا كەممان كردەوە، بودجەی وەبەرهێنان ڕێژەكەی دەبێتە 33٪، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، بەڕێز گەشە دارا جلال فەرموو.

**بەڕێز گەشە دارا جلال:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ديارە ئێمە پێشتريش وەكو لە ڕاپۆرتی ليژنەكەمان هاتبوو، سەبارەت بە دانانی بودجەيەكی تايبەت بۆ ئەنجومەنی باڵای خانمان، ديارە ئەم ئەنجومەنە تازە پێكهاتووە و دەستی بە كارەكانی كردووە، پاريش داوامان كرد، وترا لە تەخصيصاتی سەرۆكايەتی ئەنجومەنی وەزيران بۆی دائەنرێ، بەڵام ئێمە وتمان باشە كە ئەو بڕە پارەيە لەناو هۆڵی پەرلەماندا دياری بكرێت، بۆ ئەوەی دەستيان واڵاتر بێ و بەرچاويان ڕوون بێ، كە بۆ جێبەجێ كردنی پلان و بەرنامەی خۆيان، ئەوەی كە ئێمە قسەمان لەگەڵ كردوون، ئەوان ڕاوێژيان كرد و بەرنامەی خۆيان بۆ وەزارەتی دارايی، پێويستيان بە نزيكەی 725 مليۆن دينارە، ئەگەر ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمان دەنگی لەسەر بدەن، بخرێتە دەنگدانەوە، كارێكی زۆر باشە، سەبارەت بەوەی كە، شەونم خانيش پێشنيارييان كرد، خۆشم جارێكی تر دووپاتی ئەكەمەوە، كە ياسای باری كەسێتی، بڕياری داوە لەوەی كە سندوقێك بۆ ئەو ژنانەی كە جيا ئەبنەوە لە هاوسەرەكانيان و كەم دەرامەتن و هيچ خەرجييەكيان نيە، توانای داراييان نيە، سندوقێك دروست بكات، وەزاەرتی كار و كاروباری كۆمەڵايەتی بۆ ئەو ژنانەی كە كار ئەدۆزنەوە، ياخود جارێكی ديكە پرۆسەی هاوسەرگيری ئەكەنەوە، كە پێويستە وەزارەتی كار لە بودجەی تەشغيلی خۆی ئەم سندوقە دابنێ و بڕی 150 هەزار دينار دابنێ بۆ ئەو كەسانە، بەڵام تۆڕی چاودێری كۆمەڵايەتی جۆرێك نا عەدالەتی تێدايە، پێويستە جارێكی دی ڕێك بخرێتەوە، وەك باس ئەكرێ، 37 هەزار هەيە بە لاندكرۆزەری 2008ەوە دەچێت ئەو پارەيە وەردەگرێت،

ئەوە پێویستی بە رێکخستنەوەیە ئەگەر بکرێ بەو شێوەیە هەبێ، خاڵێکی تر دیارە وێڕای پشتگیری کردنم لە لیستی کوردستانی بۆ هەموو ئەو برگە و ماددانەی کە باسی کرد بۆ کەمکردنەوەی، یاخود رێك خستنەوەی بودجەی تەشغیلی بۆ هەموو ئەو سەکتەرانەی کە داینابوو، بەڵام داوا دەکەم، لەو کەمکردنەوەیە، یاخود رێکخستنەوەیە، کە بەشێکی گرنگی پێ بدرێ بە بواری تەندروستی، تەندروستی دەروونی کە وەکو پێویست لە وڵاتی ئێمە بەداخەوە گرنگیەکی ئەوتۆی نەدراوەتێ، ئێمە لێژنەی ژنان، کە سەردانی سەنتەری سۆزی دەروونیمان کرد لە سلێمانی، بەڕاستی مایەی دڵخۆشی بوو کە خەستەخانەیەکی ئەوەندە رێك و پێك وجوان بوو، لە خەستەخانەکانی دەرەوەی وڵات ئەچوو، بەڵام کەم توانایی دارایی کە بەشێك بوو لە چارەسەری کێشەی نەخۆشیەکان، یەکێك بوو لە کێشەکانیان، مەرسەمیان هەبوو، پارەیان نەبوو مامۆستایان بۆ بگرن، کە بەشێك بوو لە پرۆسەی چاککردنەوەی نەخۆشەکە، کە ئەو بەهرەی کە تیایەتی بتوانێ لەو مەرسەمەی پیادەی بکات، لەبەر ئەوەی داواکارم کە لە بواری تەندروستی، بەشێك لەو برە پارەی بۆ تەرخان بکرێ، بەشێك لەو رێکخستنەوەی بودجەکە، کەم کردنەوەی لە 10٪ یەکە کە 300 ملیاری بۆ بودجەی ئیستیسماری داندراوە، داوا دەکەم کە چۆن پێشتر بە هاوسەنگی لە نێوان هەر سێ پارێزگاکان بۆ پرۆژەکان دابین کراوە، ئەمەش بە هەمان شێوە بێت، ئەولەویەتیش بۆ ئەو پرۆژانە بێت کە لە پێشتردا مەجال نەبووە بۆ داخیل کردنیان، تا لە سێ پارێزگاکە دابنرێتەوە و بچێتەوە و، ئەگەر جارێکی تر پارەکە سەرف کرا، نەچێتەوە بودجەی تەشغیلی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، بەڕێز عمر صدیق هەورامی فەرمووو.

**بەڕێز عمر صدیق هەورامی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من محاوەلە دەکەم، تەنها لە چوارچێوەی ماددەکەدا، ئەوەی پێویست بێ گفتوگۆی بکەین، ماددەی یەکەم کراوە بە دوو بەش، بەشی یەکەمیان پەیوەندی بە بودجەی وەگەڕخستنەوە هەیە، ئەمە یەکەم خاڵ، کراوە بە چوار برگە، من پێشنیار دەکەم و بە پێویستیشی ئەزانم، ئەوەی پەیوەندی بە بودجەی وەگەڕخستنەوە هەیە، تەبعەن ئەم پێشنیارەم پاش ئەو گفتوگۆ و کۆبوونەوانەی لێژنەی دارایی، لەگەڵ وەزارەتی دارایی و وەزارەتی تەختیت و جیهاتی تر، ئەم پێشنیارە ئەخەمە ڕوو، ئەویش ئەوەیە، بودجەی پەرلەمان لەگەڵ بودجەی ئەنجومەنی دادوەری، پێویست ناکات بەجیا بهێندرێ، چونکە هەردوو کۆی ئەو بودجەیە، لە کۆی بودجەی وەگەڕخستنە، ئێمە ئەگەر لەسەر ئەساسی بودجەی وەگەڕخستن ئەم تەصنیفە بکەین، ئەو کاتە بەو شێوەیە جێی نابێتەوە، ئەگەر لەسەر ئاساسی فەصڵی سوڵتاتیش بیکەین، جارێکی تر بە هەمان شێوە، ئەو تەرتیبە جێی نابێتەوە، بۆیە باشترە لەوەی کە هەموو برگەکە پێکەوە بهێندرێ، واتا 9 ترلیۆن و 790 ملیار کۆی بودجەی وەگەڕخستنە، ئەوەی پەیوەندی بە صەلاحیەتی هەرسێك لەو دەسەڵاتەیە، بە یاسا رێکخراوە، لە بەشی دەسەڵاتەکان، هەر لەناو ئەو پرۆژەیە، لەناو پرۆژەی یاسای بودجەی هەرێمی

کوردستان بۆ ساڵی 2011، باس لە دەسەڵاتەکان کراوە لە ماددەی 6 هەتا وەکو، ببورن لە ماددەی 6 و ماددەکانی دواتر، ماددەی حەوت هاتووە و دەڵێ، یەکەم: سەرۆکی پەرلەمان بۆی هەیە لەنێو پشتیوانەی تایبەت بە پەرلەماندا، گواستنەوە بکات، بە هەمان شێوە بۆ ئەنجومەنی دادوەری و، هەردوو ئەو دەسەڵاتەش، چ پەرلەمان و چ ئەنجومەنی دادوەری، لە چوارچێوەی یاسا و ڕێنماییەکان و نیزامی موحاسیبی موعتەمەد لە عیراق و هەرێمی کوردستاندا کار دەکەن، بۆیە بە باوەڕی من، پێویست ناکات ئێمە ئەو فەصڵە بکەین، پێویست دەکات هەمووی پێکەوە بهێندرێ، ئەوە تایبەت بەوە، تایبەت بە کورت هێنان، من پرسیارێك ئاراستەی بەڕێز وەزیری دارایی دەکەم، ئایا بەڕێزیان بێجگە لەو ڕێیەی کە دەستنیشان کراوە بۆ پڕکردنەوەی کورت هێنان، بەدیلێکی تر هەیە؟، ئەگەر بەدیلێکی تر هەبێ بۆ ئەوەی کە لەسەر کەمکردنەوەی ڕێژەیەك لە بودجەی وەگەڕخستن و لە بودجەی وەبەرهێنان بێت، پلانیان چیە بۆ ئەمە؟، ئەگەر بە یەکسانی مامەڵە لەگەڵ هەردوو لا بکەن، بودجەی وەگەڕخستن و بودجەی وەبەرهێنان، من پێم وایە ئێمە جارێکی تر غەدرێکی گەورە لە بودجەی وەبەرهێنان دەکەین، بەوەی کە ئێمە تەقریبەن نزیکی مانگی شەش دەبینەوە، شەش مانگ تێپەریوە، ئەم پرۆژانە بە تایبەت پرۆژە پێشنیارکراوەکان، هیچیان تێدا صەرف نەکراوە، واتا ئێمە ئۆتۆماتیکیەن ڕێمان گرتووە لەسەرف، لە خەرجکردن لەم بەشە، پاش ئەوەی کە کورت هێنان، ئەگەر لەسەر ئەساسی بەشێکی بەر جێی وەبەرهێنان بکەوێت، جارێکی تر، ئێمە بەشی تەرخان کراوی بودجەی وەبەرهێنان کەم ئەکەینەوە، ئەوکاتە نیسبەی ڕۆیشتوو و خەرج کراو بۆ بەشی بودجەی وەبەرهێنان، لە ساڵی 2011، ئەم ڕێژەیەمان بۆ دەرناچێ، ئەو بڕە خەرج ناکرێ لە کۆتایی ساڵ، کە بریتیە لە 4 ترلیۆن و 150 ملیار، بۆیە ئەگەر بکرێ، چ بەڕێز وەزیری دارایی بە هەمان شێوە و وەزیری پلاندانان، ئەو بابەتە لێرە گفتوگۆ بکرێ، ئەگەر بڕیارێك هەبێ یان پێشنیارێك هەبێ کە بڕگەیەك دابنرێ، ئەگەر ئیعتیماد کرا لەسەر ئەوەی کە لەسەر ئەساسی پڕکردنەوەی کورت هێنان، لەسەر ئەساسی کەمکردنەوەی هەردوو بودجەی وەگەڕخستن و وەبەرهێنان بێت، بەشێکی کەم دابنرێت بۆ بەشی وەبەرهێنان، خاڵێکی تر، ئەوەی پەیوەندی بە بڕی وەبەرهێنان بۆ مەجلیسی قەزایە، من پشتگیری دەکەم ئەو بڕە وەکو خۆی بمینێتەوە، بۆ؟، لەبەر ئەوەی ئەگەر تەماشای ئەو جەداولانە بکەین کە لە لایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە نێردراوە، واتا ئیعداد کراوە، ئەنجومەنی دادوەری بۆ خۆی داوای نزیکەی 75 ملیاری کردووە بۆ ئەمساڵ، بەڵام پاش راوێژ وەرگرتن لە وەزارەتی دارایی کراوە بە 60 و ئەوەندە ملیار، بەشی زۆری ئەو پارەیەی کە تەرخان کراوە بۆ تەعویزاتی موەزەفینە، واتا بەشێکی زۆری ئیمکانە بڕوات بۆ ئەو موخەصەصاتانەی کە ئەنجومەنی دادوەری زیادی دەکات، یان بە نیازە بیدات بە فەرمانبەرەکانی خۆی، یان بۆ ئەو دامەزراوانەی کە پێویستیتی، ئێمە ئەگەر مەبەستمان بێ، لە هەرێمی کوردستاندا دەعمی داد و دادوەری بکەین، پێویستە لە رووی مالیەوە دەعمی ئەو جیهازە بکەین، بۆ ئەوەی ئەو کەوادرە بەشەریانەی کە لەوێن، حەوافیزی مەعنەوی و ماددیان لە پشتەوە بێت، بە هەمان شێوە ئێمە ئەوە لەیاد نەکەین، ئەگەر ئێمە کەمی بکەینەوە، پێشنیارێك هەیە بە

بڕینی بودجەی وەگەڕخستن بە چەند ڕێژەیەك لە 10٪ و بە ڕێژەكانی تریش، ئەگەر وەگەڕخستن كەم بكەینەوە، واتا لە 10٪ بودجەی مەجلیسی قەزا بە هەمان شێوەی پەرلەمانی كوردستانیش كەم ئەكەینەوە، كە ئەكاتە نزیكەی 6 ملیار دینار، واتا ئەو بڕەی كە هەیانە 63 ملیارە ، ئۆتۆماتیكیەن دەبێتە 57 ملیار، بۆیە ئەگەر ئێمە ئەو بڕە كەم بكەینەوە، غەدریان لێ ئەكەین و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، بەڕێز دانا سعید صوف فەرموو.

**بەڕێز د.دانا سعید صوفی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پێدەچێ كۆدەنگیەك هەبێ لەسەر ئەوەی كە ناهاوسەنگیەك هەیە لە نێوانی با بڵێین، بودجەی وەبەرهێنان و بودجەی وەگەڕخستندا، زۆربەی هاوكارانیش پێشنیازی جیاوازیان كرد كە كەم كردنەوەی بودجەی وەگەڕخستن، بە ئامانجی ئەوەی كە ئەو كەمكردنەوەیە وا بكات كە جۆرێك لە هاوسەنگی دروست بكاتەوە، بەڵام ئەوەی دەبینم بەداخەوە، زۆربەی پێشنیارەكان كە دەكرێتەوە، دووبارە بە شێوازێكی تر دەچێتەوە، با بڵێن سەرف دەكرێتەوە، خەرج دەكرێتەوە لە بودجەی وەگەڕخستن بەهەمان شێوەی، با بڵێین دیسان دەگەڕێتەوە بۆ هەمان بودجەی وەگەڕ خستن، من ئەگەر ئامانجمان ئەوە بێ، با بڵێین، بودجە وەبەرهێنان زیاد بكەین، من پێم وابوو پێویست بوو كە، بۆ نموونە كۆمەڵێك پێشنیاری، كۆمەڵێك دروست كردنی كارگەی وەبەرهەمهێنان بكرێ لە پارێزگا جیاوازەكان و لە ئەو ئیدارە نوێیانەی كە تازە كراوەتەوە، ئەو ئیدارەی گەرمیان و با بڵێن ئیدارەی سۆران و هەڵەبجە و هەتا زاخۆش، رانیە، بەڵام هیچ پێشنیارێكی لەو بابەتەم نەبینیوە بەراستی، بەڵام دیسانەوە ئەگەر قەرارە ئەو كەم كردنەوەی ئەو 10٪ یە یان 20٪ یاخود زیاتر لە بودجەی وەگەڕخستن، دیسانەوە ئەگەر قەرارە لە دەرگای پشتەوە بێتەوە ناو بودجەی وەگەڕخستنەوە دووبارە، من پێشنیار دەكەم، بە شێوەیەكی یەكسان، نەوەك تەنیا چینێكی دیاری كراو لێی سوودمەند بێت، بە شێوەیەكی یەكسان هەرچی پلەی وەزیفی نزم هەیە بەشێوەیەكی یەكسان بەسەریاندا دابەش بكرێ و، بۆ ئەوەش وەزارەتی دارایی و وەزارەتی پلان دانان دەكرێ بەرنامەیەكیان هەبێ بۆ ئەمە، تێبینی دووەمم لەسەر بودجەی ئەنجومەنی دادوەریە، دیارە باس كرا كە نزیكەی لە 60٪ی با بڵێین، ئەو بودجەی كە بۆیان پێشنیار كراوە، ئێستا زیادی كردووە بە نیسبەت پار ساڵ، .........بەوەی كە گوایە زیادكردنی ئەو بودجەیە بۆ ئەوان، دەبێتە هۆی ئەوەی كە سەروەری یاسا بەرقەرار بێت، نازانم ئەگەر ئەوە گەرەنتی ئەوەمان دەداتێ، زیادكردنی بودجە گەرەنتی ئەوەمان پێ دەدەن كە سەروەری یاسا بەرقەرار بێت، من دەڵێم با دوو هەندەی تریان بۆ زیاد بكەین، ئەو كاتەی ئێمە لە كوردستان هیچ كێشەیەكمان نابێت، بەڵام هیچ گەرەنتیەك نیە لەسەر ئەوەی كە هەر بۆ زیاد كردنی بودجە بتوانین سەروەری یاسا بەرقەرار بكەین، ئاستەكەی بەرز بكەینەوە، تێبینی سێیەمم ئەوەیە، لەسەر ئەوەی كە نازانم چ مەنتیقێك لەوەدایە، ئەمڕۆ كە لەوانەیە هەزار پێشنیار زیاتر كرابێ لێرە، لەوانەیە 4، 5 هەزار ژمارە خرابیتە روو و

فرێدرا بێ، ئایا ئالیەتی موعالەجە کردنی ئەو هەموو ژمارەیە، ئەو هەموو پێشنیارە، یەعنی چۆنە؟، یەعنی ئەگەر موعالەجە نەکرێ بۆچی ئێمە قسە بکەین؟، قسە کردن هەر بۆ قسەکردن بێت بەراستی، بۆیەبەراستی من هیچ پێشنیارێکم نیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، بەڕێز سمیرە عبدالله فەرموو.

**بەڕێز سمیره عبدالله اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە پێشەکی دەستخۆشی لە پێشنیارەکانی لیستی کوردستانی دەکەم و، پشتگیری خۆشم دەردەبڕم، تەئکید لەوەش دەکەمەوە کە ئەو بڕە پارەی تەرخان کراوە بۆ زیاد بوونی بودجەی ئیستیسماری، گرنگی بە بواری تەندروستی بدرێ، بە تایبەتی ئەو قەزا گەورانەی کە نەخۆشخانەیان لێ نیە، وەکو بەردەڕەش و باتووفە، هەروەها لە رێگا و بانەکان و لە بەینی قەزا و ناحیەکانیش، ئەگەر گرنگی پێ بدرێ، پشتگیری دکتۆر ئاراس دەکەم لە لێژنەی دارایی کە بودجەی پەرلەمان وەکو خۆی لێ بکرێتەوە، بە تایبەتی بۆ ئەو نووسینگانەی کە دەکرێتەوە لەو قەزا وناحیانە و ئەو شوێنانەی نیە بۆ بەهێز بوونی پەیوەندی لە نێوان خەڵك و پەرلەماندا، هەروەها گرنگی بە منداڵانی شەهیدان بدرێ لەگەڵ شەهیدانی هاووڵاتی، ئەگەر بکرێ سولفەی هاوسەرگیری پێیان بدرێ بە مینحە، چونکە شەهیدانی هاووڵاتی زۆر مەغدورە و مەعاشی ئەو پەڕی 190 هەزارە و هەر یەکە و کۆمەڵێك منداڵیان هەیە، بیعسەی زەمالات لە بۆ منداڵانی شەهیدان، حیصەیان تێدا بی، هەروەها پشتگیری لە برادەرانم دەکەم کە داوایان کرد پارەی قەزاکان بکرێتە 100 ملیار، بەتایبەتی ناوچە زیان لێ کەوتووەکان، وەکو هەڵەبجە و ئەو ناوچانەی کە کاك سەرداریش هەر پێشتر پێشنیاری کرد، تەرخان کردنی بودجەیەك بۆ هەڵبژاردنی پارێزگاکان، هەروەها گرنگی بە سەکتەری وەرزش بدرێ، وەکو کاك شێردڵ باسی کرد، بۆ بەهێز کردنی وەرزشی، لە ماددەی یەکەم، فەقەرەی 4، نفقات مجلس القچاو، منیش هەروام پێ باشە وەکو خۆی لێ بکرێتەوە، بەڵام لە نیهایەتی فەقەرەکە ئەوەی بۆ زیاد بکرێ، و یتم الصرف بتمویل مجلس القچاو، لە صیاغەکردنی، هەر لە ماددەی یەکەم، فەقەری دوو، باسی عیجز دەکرێ، لێرە باسی عیجزی کردیە و چارەسەرکردنەکەشی تەنها بۆ وەزارەتی پێشمەرگەی دیاری کردیە، ئەگەر بکرێت وەکو قانونی ئیتیحادی عیراق بە چەند خاڵێك چارەسەری بەدیار بکرێ، پێمان باشترە و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، بەڕێز عبدالله علی ابراهیم فەرموو.

**بەڕێز عبدالله علی ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەرچەندە من پێم وایە کەس نەما هەموو شتەکان تیکرار نەکاتەوە، بەلاّم منیش وەکو، بووە بە داب و نەریت وەکو کاك عبدالسلام وتی، چەند خالّێك تیکرار دەکەمەوە، یەکیان سولفەی زەواج بۆ منداڵانی شەهیدان، بەخشراو بێت، قابیلی وەرگرتنەوە نەبێت، دووەم، سولفەی زەواج بۆ دانیشتووانی ئۆردوگاکان، کە کاتی خۆی ئیجبار کران لەوێ بە مەبلەغێکی کەم، حیسابی لەسەر نەکرێ، گرنگیدان بە ئاوەدانکردنەوەی ناوچە سنووریە وێران کراوەکان، حیسابێکی تایبەتیان لەسەر بکرێ، 4/ئیدارەی سەربەخۆ کە لە لایەن حکومەتی هەرێمەوە بڕیاریان لەسەر دراوە و ئیدارەی ڕاپەڕین ئێستا بەرپرسەکەشی بۆ دیاری کراوە، بەلاّم لەم بودجەیەدا هیچ حیسابێکی لەسەر نەکراوە، ئەو ئیدارەیە چۆن بەڕێوە دەچێ؟، سولفەی عەقار بۆ خانووە 100 مەتریەکان، تێکەڵ نەکرێ و هەر کەسە و بەشی خۆی وەربگرێ، ڕێگا بدرێ بە وەزارەتەکان بۆ ئالّۆگۆڕکردنی پرۆژە زەرووڕەکان، بەم پرۆژانەی کە زۆر زەرووڕە، ئەهەمیەتیان کەمترە لە ناوچەکان، بە بەشداریکردنی نوێنەری یەکە ئیدارییەکان، ئەگەر بکرێ ئەندامانی پەرلەمانیش لەوەی کە پرۆژە زەرووریەکان بخرێنە پێشەوە، گرنگیدان بە ناوچە دابڕاوەکان، هەر چەندە من جوزئیاتی ناوچە دابراوەکانی مەندەلی و خانەقین زۆر شارەزا نیم، بەلاّم لەو تەرحەی کاك عەلی پێشنیاری کرد، بەراستی ئینسان دڵی دەهاتە کوڵ کە دیفاعی لێ بکرێ، حەقە زۆر ئیهتیمام بە ناوچەی مەندەلی و ناوچەکانی تر بدرێ، وە بووژاندنەوەی کەرتی کشتوکاڵی کە یەك لە پرۆژە سەرەکیەکانی کوردستانە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، بەڕێز بێریڤان اسماعیل سەرهەنگ فەرموو.

**بەڕێز بێریڤان اسماعیل سەرهەنگ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێشنیاریکم هەیە، داوا دەکەم قسەکان، گفتوگۆکان دووبارە نەکرێتەوە، قەدەغە بکرێ، چونکە ئەو دانیشتنەی بەیانی و دانیشتنی ئێستا، دووبارە کردنەوەی 5 دانیشتنەکانی پێشووە، هەر ئەندامێك دوو جار گوتی پشتگیری فلان کەس دەکەم، هەر ئەندامێك دووجار گوتی وەگەڕخستن زۆرە و کەم بکرێتەوە، هەر ئەندامێك دوو جار وتی ئەوەی ئاساییش زیاد بکرێ و پێشمەرگە زیاد بکرێ و هاوسەرگیری زیاد بکرێ، بۆیە کات زۆر موهیمە، کات، گرنگی بودجە وەکو گرنگی کاتە، ئێمە دەبیت ئیهتیمام بەکات بدەین، بۆیە داوا دەکەم ئەوەندە پێشیلی پەیڕەوی ناوەخۆ نەکرێ، بە پێی ماددەی 56 دووبارە کردنەوە قەدەغەبکرێ، بەلاّم یەك پێشنیارم هەیە، کە خۆم دووبارەم نەکردووتەوە، گوێشم لێ نەبووە، بۆیە دەتوانم بڵێم، ئەوەندە ئێمە پارەی وەردەگرین، کەمی دەکەینەوە لە 10٪، 20 ملیۆن بۆ سندوق و 5 ملیۆن بۆ هاوسەرگیری و نازانم چەند، ئایا ئەو 10٪ بەشی ئەو هەموو شتانە دەکات؟، ئەو هەموو داواکارییانەی کە ئێستا لێی دەکرێ؟، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، بەڕێز علی حسین محمد فەرموو.

**بەڕێز علی حسین محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سوپاس، قسەکانم کرا.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان، ئێستا تەواو بوو، زۆر سوپاس، ببورن، تارا ئەسعەدی ماوە، فەرموو.

**بەڕێز تارا تحسین ئەسعەدی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لێرەدا مومکینە لەگەڵ هاوکارەکەم، بێریڤان خان، لەگەڵیم لە هەندێ پرۆژە کە زۆر تیکرار کردنەوە، بە پێی پەیڕەوی ناوەخۆ، ڕاستە نابێ تیکرار بکرێ، بەڵام لە کاتی بودجە، بوونی ئەم 111 کەسە لەم هۆڵی پەرلەمانەدا و، دڵسۆزی خۆیان، هەر یەکەیان، بەشێوەیەك دووپات کردنەوە بۆ ئەو بەشانەی کە شێوەیەك کاری لەسەر بکرێ، ئەڵێت، هەندێ تیکرار، تیکراری باشە، پیشاندانە کە هەر یەکەمان، ئەگەر 18 هەزار تەمسیل دەکەین، ئەگەر کەمتر تەمسیلی دەکەین، پیشان دەدەین کە ئێمە دڵ و ڕۆحی ئەو کۆمەڵگایەین، چیبیان دەوێ ئێمە لێرە نوێنەریانین، لەبەر ئەوە پێشنیازی ئەوە دەکەم، بەراستی بە نیسبەت سێیەم خاڵ، کە نەفەقاتی پەرلەمانە، بە نیسبەت پەرلەمانەوە کە نەفەقاتی بۆ زیاد بکرێت، هەڵبەتە دیارە دیراسەتێك کراوە کە چی پێویستە، بۆیە ئەو زیادەیە، لەبەر ئەوە وا پێشنیاز دەکەم، نەك 74، بەڵکو زیاتریش بکرێ، لەبەر ئەوەی پەرلەمان زۆر شت هەیە پێویستی پێیەتی، بەراستی ئەم قاعەی کە ئێستا تێیدا دانیشتووین، ئەگەر بێت و تەماشای بکەین و لایەنی تەکنەلۆجیا و تازەترین شت کە بەکاری بهێندرێ، ئێمە پێویستمان بە چاککردنەوەیەك هەیە، هەر ئەندام پەرلەمانێك لێرەدا بەلای کەم، پێویستی بە لاپتۆپێکە، هەر چی بەرنامەکەی هەیە لەبەر دەمی خۆیدا بێت و ئەوەندە قاقز و وەرەقەیە لەبەر دەممان نەبێ، هەر لە سەرەوەش هەموو شوێنی خۆی هەبێ بۆ تەرجومەکردنی فەوری بۆ هەموومان، بەکارتێك بێینە ژوورەوە لە پەرلەمان وەکو پەرلەمانەکانی دونیا، لەبەر ئەوەی ئەو نووسینگانە و شتی تریش، ئەوانەی کە لە پەرلەمانن ئەزانن و سەرۆکایەتیەکان ئەزانن بەراستی، ئیقتیراح ئەکەم کە وەکو پێشنیازێك، پێش بودجە لە لایەن ئەندامە بەڕێزەکانەوە، چی دەبینێ بۆ پەرلەمان پێویستە بکرێت، ئیقتیراح بکرێت تاکو ئەو پارانەی کە تەرخان دەکرێ، ئێمە بۆ زیادی دەکەین بۆ پەرلەمان؟، لەبەر ئەو سەبەبانە، لە ساڵانی داهاتوو ئەگەر تەمەن بمینێت، دەتوانین بیکەین، دووەم شت، بە نیسبەت ئەو بڕە پارەی کە دانراوە بۆ مەجلیسی قەزا، هەڵبەتە ئەوانیش پشتگیری دەکەم لە بەشی یاسا کە هەندێ تروحاتیان کرد، بۆچی کراوە؟، بەڵام من وا ئەبینم کە 10 ملیاری لێ کەم کراوەتەوە، مەبەستەکەشم لێرەدا، ئەو شوێنانەی کە ئەولەویەتەی پێ بدرێ، بەراستی بە نیسبەت شێخ وەسانان و بالیسان، کە دوو ناوچەن، هەڵەبجە لەگەڵێتی ڕاستە، هەڵەبجەیی زۆر شتی بۆ کراوە و زۆر شتی تری پێویستە، بە نیسبەت

باليسان و شێخ وەسانان، کە لە ئەصڵی 1350 پێشمەرگە، 950 هەر شەهید و بریندارە، کە کاتی خۆی بە 16 تەیارە و 20 مووشەك هێرشی کرایە سەری، بەراستی 760 بریندار هەیە، کە ئێستا 100 برینداری زۆر زۆر گرنگە کە بنردرێتە دەرەوە و چارەسەری بکرێ، ئەوە ئەولەویەتێکی پێ بدرێ، من نازانم بۆ چی لەناو بودجەکەدا ئەو ئەولەویەتەی پێ نەدراوە، پێشنیاز دەکەم بە نیسبەت پێداویستی تایبەت، تەنها کەمئەندامان زۆر باس کرایە و لە لایەن هاوکارەکانم، من لەبەر ئەوەی لە لێژنەی کۆمەڵایەتیش، کەیسی کەمئەندامان هەر بەشێکە لە کارەکانی خۆم، لە دوای سەردانمان بۆ هەر سێ موحافەزەکانی ناوچەی کوردستان، ئێمە دەبینین بەشی ئەو کەسانەی بێ دایك و باوکن، تەخەلوفی عەقلیان هەیە، شوێنیان نیە، لەبەر ئەوە، ئەو کەمئەندامە شوێنی نابێتەوە، یەك منداڵ هاتە لای من، بڕواتان هەبێ، لە وەزارەتەوە و لە شوێنەکانی چاودێری کۆمەڵایەتی، شوێنێك نەبوو بۆ ئەو منداڵە، چونکە تەخەلوفی عەقلی هەیە، ئەو هەتیوخانانە نەیدەگرتەوە، شوێنیان نیە، لەبەر ئەوە ئەو 10 ملیارەی کە دەیکەین، بەشێکی دەبێ تەرخان بکرێت لە بودجەی ئەمساڵدا کە شوێنی تایبەتی بکرێ، ئەگەر هۆبەیەکیش بێ ئەمساڵ دەست پێ بکرێ، بەشی تەخەلوفی عەقلی تەنها لە بەغدا هەیە، لەکوردستاندا نییە بۆ کەم ئەندامان، پێشنیازی ئەوەی کە 100 مەتریەی ئێستا کە هەر هەموومان باسمان کرد، لێرەدا لە لایەن داراییەوە بەرێنماییەك داوا ئەکەم، وەزیری دارایی و کاك رەشیدیش، بەراستی، عیلاقەی بەوەوە نیە بخرێتە سەر شارەوانی، چونکە شارەوانی قبوڵ ناکات شتی تازە بکات، ئەوە ئیفراز کراوە و بەناوی یەکێکەوەیە، ئەوی تر گوناحی چیە وەرناگری؟، لەبەر ئەوە وا ئەبینم کە ئەبێ چارەسەرێك بکرێ، بۆ دانی سولفەی عەقاری، پشتگیری تەواو ئەکەم لە سۆزان خان، دەقاو دەق ئەو پێشنیازانەی کە کردی لەگەڵ کاك دڵشادیش و فراکسیۆنی کوردستانیش بۆ خزمەت کردنی، ئەخیر پێشنیازم، پشتگیری هاوکارم سەبیحە خانیش دەکەم بۆ دانانی جێندەر باڵانسێك بۆ ئافرەتان و بۆ پیاوان بۆ دانانیان کاتی دامەزراندن، کە وەکو یەکتری ڕەچاو بکرێن، پشتگیری لە گەشە خانیش دەکەم کە لە باڵای خانمان من وا دەبینم نەك هەر تەنها بودجەیەك بۆ خانمان دابنرێ، بەڵکو بودجەیەکی تایبەت بۆ (business women)ەکان دابنرێ، بۆ کەرتی تایبەت کە لەلای ئەوانیشەوە شتێك دابنرێ بۆ ئیشەکانی کە خزمەتی ژنان دەکات، ئافرەتان دەکات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێز هاوڕاز شێخ أحمد.

**بەڕێز هاوڕاز شێخ أحمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی یەکەم، من پشتگیری ڕەئیەکەی مامۆستا عمر دەکەم، بەوەی کە لە خەرجی وەگەڕخستن، لە بودجەی خەرجی وەگەڕخستن (20٪) کەم بکرێتەوە، ئەم (20٪)ە من زۆر بە گرنگی دەزانم بەڕاستی، کە لە پێشتریش باسمان کرد، بودجەی تەندروستی، میزانیەی تەندروستی یەکجار کەمە، ئەگەر بەو هەموو کێشانەی لە ناو تەندروستی دا هەیە، ئێمە بەڕاستی هیچ شتێکمان پێ ناکرێت، ناتوانین ئەو کەرتە بەرەو پێشەوە ببەین، لەبەر ئەوە من پێم باشە لەم (20٪)ە پێنجی بخرێتە سەر بودجەی تەندروستی، بۆ ئەوەی بەشێك لە پێشنیارەکانی کۆنگرە نێودەوڵەتی یەکەی کە لەهەولێر بەسترا، بتوانین جێبەجێ ی بکەین، کەرتی تەندروستی برێك بەرەو پێش ببەین، (15٪) کە دەمێنێتەوە من پێم باشە بەڕاستی ئێمە زۆر باسی ئەوەمان کرد کە هەندێ پرۆژەی بەردەوامامان هەیە، ئێستاشی لەگەڵ دا بێ بۆ 2011ش گوژمەی تەواوی نیە، یەعنی کەم و کورتی لە گوژمەی پارەکەی هەیە، بۆیە لەم (15٪) برێکی دیاری بکرێ بۆ ئەو پرۆژە بەردەوامانە، بۆ ئەوەی بە بەردەوامی، چونکە ئێمە پرۆژەی 2008مان هەیە، تا ئێستا بە بەردەوامی ماوەتەوە، لەبەر ئەوەی گوژمەکەی ناتەواوە، برێکی ئەو پارەیە بخرێتە سەر ئەو پرۆژە بەردەوامانە، بەشێکی تری ئەو پارەیە بۆ ئەوە بێت کە پێشتر ئێمە داوامان کردبوو پێشینەی هاوسەرگیری بێتە پێنج ملیۆن، ئەو بەشە بۆ ئەوە تەرخان بکرێ کە بڕیار لەسەر ئەوە بێت پێشینەی هاوسەرگیری بێتە پێشج ملیۆن، بەشێکی دی ئەو بڕە پارەیە بۆ ئەوە بێت کە ئێمە داوامان کردبوو سولفەی عەقار بێتە (30) ملیۆن، وەکو حکومەتی ناوەندی لێ بێ، بۆ ئەوە تەرخان بکرێ، هەروەها خانووی سەد مەتریش بگرێتەوە، بەشێکی دی ئەو (15٪) بۆ ئەوە تەرخان بکرێ کە مووچەی فەرمانبەران کە ئێستا بەڕاستی وەکو پێویست نی یە، مووچەی فەرمانبەرانی پێ چاك بکرێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێز جمال طاهر إبراهیم.

**بەڕێز جمال طاهر إبراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوەی ئەڤرۆ ڕووی دای و هەتا سبەی و نهو ئەم تووشی موشکیلەیەك بووین، دگەل ژماریێ و وەختەکی گەلەك ئیش مەبر، من دڤێت ڕێکەکا دی ژ ڤێ بابەتی دا، با ئەم خۆ تێنەگەهینین داشکاندنا ڕێژەیەکیش بودجا تەشغیلی بۆ بودجەی ئیستیسماری ئەم دێ چارەسەریا (تضخم)ێ کەن، ئەم ڤێ کێشەیێ چارەسەر ناکرێ ب گواستنا پارەیەکیش ژ تەشغیلی بۆ ئەڤێ دی یێ، یان ژی ئەگەر ئەم بێن و ئەم بێژن ئەم ئیستیسماری زێدە کەین، دیسان ئەم ئیستیسماریش زێدە ناکەین، چونکی ئەو موصتەلەحێ ڤێرێ هەی بودجەی ئیستیسماری، (إستثمار بمعنی الكلمة) نینە ئەگەر ئەم بێین ئەڤێ بودجەی هەمیا تەحلیل بکەین تەنها کەرتی کارەبێ یە، ئەویش ئینتاجا کارەبێ نوکە کەرتێ تایبەتێ پێ رابتن، بۆچی خەرج کرنا ڤی پارەیێ ل هەندەك پرۆژێت خەدەمی زیاتر ئەم دشێن بێژین، بودجە ما ئیستیسماری دێ هاریکار بێتن بۆ پتر هاندانا خەڵکەکی ئیستیسماری بکات، چونکی ئەڤە زیاتر بونیا تەحتی یە، نە ئیستیسمارە (بمعنی

الكلمة)، نه (قيمة مضافة)يه، نه عائيديكى رەئس مالى موباشير بۆ دێتن، ئەمە يەك، خالا دووێ/ بابەتێ ئيراداتا و بابەتێ نەفەقاتا، دوو بابەتى سەرەكيەت بودجەنە، ئەگەر ئەم بێين گۆڕانكارييەكى تێدا بكەن، نابيت ئەم لڤێرێ بكەن، ماددەيەكى تايبەت وەكى هەڤالى من كاك ئاسۆ گۆتى ماددەيەكى تايبەت ئەڤ بابەتێ هەنێ بێتە چارەسەر كرن، ئەگەر ئەم بێينە (مجلس القضاء) گەلەك بەحسى مەجليس قەزا كر و پەرلەمانێ، (مجلس القضاء) ئەو بودجە هاتى تنێ، بودجە تەشغيليا كو (63) مليار و سێ سەد و كەسرە، لە بودجەى ئيستيسمارى دا بە حدودى (16) مليار و (900) مليۆن هەيە، ئەگەر ئەم بێن هەردووكان كۆم بكەن دگەل يەك، دبيتە (80) مليار (203) مليۆن ئەگەر بێتو بودجا ئيستيسماريژى ئەم حيساب بكەين، ئەڤ لێرە جهێ پرسيارێ يە، ئەز پشتگيريا هەندێ دەكەم كو پارەيەكيش ژێ ڤێ بودجێ، يانيش (10٪) كودێتە كەم كرن، بێتە سەر بودجە پەرلەمانى، ببتە (74) مليار، هەروەسا من ديسانەكێ گەلەك پێشنيار هاتنە كرن، هەمى پێشنيارێت جوان و رێك و پێكن، هەميت خزمەتا خەلكەكى دانە، بەس دەبێ لڤێرێ بەس ئەمى ژ بير نەكەين، حيكمەتەك ژيا هەى، حيكمەت ژى هەتا حەدەك چێ نابێ دەستى وێ گرێدەن، ئەوە مە بێتە سەر فەرز بكەن، زۆر بەحسى عەجزيشى هاتە كرن، مادام ئێمە ل ماليە عامەنە، ئەوەلەن/ حوكمەت نەفەقاتا تەحديدێ دەكات ئيراداتا مەصادرێت وێ دگەرێتن، لەوما هەبوونا عەجزێ تشتەكى ئيعتيادى يە، ل گەلەك بودجێ گەلەك ولاتا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكى پەرلەمان:**

زۆر سوپاس بۆ گشت ئێوەى بەڕێز، هەمووتان قسەى خۆتان كرد، هەندێ پێشنيار هەبوو زۆر لە جێگاى خۆى بوو، كە وترا نەفەقات خراوەتە پێش ئيرادات، ئەوە زۆر زۆر دروستە، كەى ماددەى دووشمان موناقەشە كرد، دەنگمان لەسەر دا، ئەوجا دەيخەينە پێش دەنگدان جێگۆڕكێ يان پێ بكەين، دوو ببێتە يەك، يەكيش ببێتە دوو، زۆر تەبيعى يە، ئێستا داوا لە بەڕێز وەزيرى دارايى كاك شێخ بايز دەكەين وەڵامى خۆى بداتەوە لەسەر ئەو موداخەلەى ئەندامە بەڕێزەكانى پەلەمانى كوردستان، فەرموو.

**بەڕێز شێخ بايز تاڵەبانى/ وەزيرى دارايى:**

**بەڕێز سەرۆكى پەرلەمان.**

ديارە ئەم ماددەيە قسەى زۆر لەسەر كراوە، چونكە يەعنى بە عاميش قسە كرا، ديارە منيش دەبێت بە عام ئەوانەى كە هينە جواب بدەمەوە، ئەوەى كە مەسەلەى ئيراداتەكە پێش نەفەقات بكەوێت، بەڵێ زۆر ڕاستە، چونكە پار و پێرار ئيراد يەك ئيراد بوو، ئەمساڵ ئيرادەكەمان متەنەويعە، لەبەر ئەوە دەبێ ببێ بە ماددە يەك و زۆر ڕاستە، لە ناو ئيرادەكەدا ديارە غەڵەتێكى مەتبەعى هەيە، دوان، پێم چاكە ئەگەر زەحمەت نەبێ ئەوە لاى خۆتانەوە مولاحەزە بكەن، لە تەسەلسولى دەڵێ: (الإيرادات المتحققة لمبيعات الطاقة الكهربائية) ئەوە (الإيرادات المخمنة)يە يەعنى، تەخمينە، لە چواريش دا (إيرادات المخمنة للمنافذ الحدودية) ئەوە هى ساڵى 2011يە، ئەوجار دێمە سەر ئەوەكانى كە، بە نيسبەتى پێشنيارەكان ئەوە لە دوايى دا دێمە سەرى، ديارە باس لەوە كرا هەر لە بيدايەت دا لە رەقەمەكان غەڵەتێك هەيە، بە (117) مليار دينار، ئەوە

غەڵەت نی یە، ئەگەر بێتو تۆ ڕەقەم (2) کۆبکەرەوە لەگەڵ (3) و لەگەڵ (4)دا ئەوە مەبلەغەکە بیززەبت دەردەچێت، چونکە دیارە پەرلەمان و هەروەها مەجلیسی قەزا، ئەو دوانە بە جیا جیا هاتووە، هەروەها باس لە فەقەرەیەك دەکرێت کەوا فەرقێك هەیە لە مەسەلەی عەجزەکەدا، مەسەلەی عەجزەکەش ئەگەر لەگەڵ ئیراداتی مەحەلی دا کۆ بکرێتەوە، ئێمە لە هەندێك حاڵەت دا تەقریبێکی تیا هەیە، بۆنموونە، نموونەیەك ئەهێنمەوە، کە دەڵێین/ (11) و (170) کۆی (180)، کۆی (11.79) کەسرە، ئەو تەقریبانە چاك بکەیتەوە، ئەوانە هەمووی دێتەوە سەرخۆی، مەعلوم دەبێت، باسی سیستەمی مووچە وەکو بەغدای لێ بێت، لەم پەرلەمانە بەڕێزەوە بڕیارێك درا، ئێمە مووچە یەکسان بکەین بە بەغدا، مووچە یەکسانە لەگەڵ بەغدا دا، ڕەنگ هەیە لە بەعزێك حاڵەت دا زیاتریش بێت، لە بەعزێك حاڵەت دا، لەبەر ئەوە زۆرجار کە ئەوانەی بەغدا دێنە ئێرە بۆ ئەو حاڵەتانە داوا دەکەن وەکو ئێمەیان لێبێ، ئیعادەی نەزەری تیا بکەینەوە، ئەوەش یەکسانە، بەڵام مەوزووعی موخەصەصات، پەرلەمانی بەڕێز وەختی خۆی موافەقەتی نەکرد کەوەکو بەغدای لێ بێ، لەبەر ئەوە هەندێك موخەصەصاتی جیهاتی تر دەکەوێتە، شەرائیحی تر دەکەوێتە خەتەرەوە، لەبەر ئەوە ئەو مەوزووعە تەنها بە بڕیارەکەی پەرلەمان مەوجوودە، تەنها لەسەر مووچە بڕیاریان دا، کاکە برهان باسی نەقیبەکانی کرد، فەرق لە مووچەکانیان دا هەیە، ئێمە تەبیعی ئەوە هەموویان عایدی وەزارەتی ناوخۆن، تەنها فەرق بە نیسبەتی مەعاشی زووباتەوە، زووباتی شورتە، فەرق لەوانەدا هەیە، لەو زووباتی شورتانەی کە چوونەتە سەر سنوور، وەکو بەغدا وەری دەگرن، یاخود ئەوانەی لە گومرگ ئیش دەکەن وەکو بەغدا وەری دەگرن، ئەوانی تر هەمووی عایدی وەزارەتی ناوخۆن، لە وەزارەتی ناوخۆ وەردەگرن مەعاش، مەعاشەکانیان لەلای ئەوانە، ئێمە هیچ تەعلیماتێکی جیاوازمان نی یە وەکو دارایی بە نیسبەتی مەعاشاتەوە، ئێمە پێمان وایە ئەگەر ئەو تەفاوتانە هەبێت لەو مەعاشاتانەدا وەکو نەقیبێك لە هەر شوێنێ وەری بگرێ، دەبێ موخەصەصات بێت ئەوە، قەمەر صناعی و تەلەفزیۆن، تەبیعی پێشتر قەمەر صناعی هەبوو، ئێمە کە ئەو موازەنەمان داناوە، موازەنە تەبیعی دەگەڕێتەوە بۆ مانگی (11)ی (2010) و دوای ئەوە چەندەها تەغیراتیشی لەسەر بوو، تەبیعی قەمەر صناعی هەبوو هی تەلەفزیۆنی نەورۆز، ئەوە وەختی خۆی ئیشی پێ دەکرا، دوای ئەوە ئەوە نەما خرایە سەر پەروەردە، دوای ئەوە ئەوویش نەما، دیارە ئەگەر بەو شێوەیە هاتبێ قەمەر صناعی لە وەزارەتی موختەصەوە کە هاتووە، هی وەزارەتی دارایی نی یە، ئەوە هیچ صەرف ناکرێ کە قەمەر صناعی دەبێت، حەتمەن ئەوە صەرفی وەستاوە ئێستاکە، باسی عەجزی مووچە و عەجزی بودجە و چۆن، وابزانم کاك دکتۆر قسەی کرد، د. سەروەر، ئێمە باسمان کرد عەجزی بودجە لە تەحدیدی نەفەقاتەوە دێ، کە تۆ نەفەقاتت موقابیلی ئیراداتت نەبێت، نەفەقاتت زیاتر بێت لە ئیرادات، موصیر بیت بۆ ئەوەی کە ئەوە بکەیت تووشی عەجز دەبی، ئەوە چەند ساڵە ئەو عەجزە هەر مەوجوودە، ئەو عەجزەش ئەوە نەبێت دارایی بیخوڵقێنێ بۆ خۆی و بیهێنێ و بڵێ ئەوە عەجز دادەنێم و تەواو، ئێمە تەڵەباتی وەزارەتەکانمان بۆ دێت، ئەوانە موناقەشە دەکرێت، حەتاکو جەنابتان ئاگادارن، پارەکە چەندەها کەس وتیان ئەوە لە تمووحی ئێمەدا نی

یە، باسیان کرد، ئەوە ئەوە نی یە کە ئێمە داوامان کـردووە، ئەمسالْ گلـەییان زۆر زۆر زیاتریشە لـەوە، بـە تایبەتی کە دوایی دێمە سەر ئەوەی کـە لەسـەر ئـەو کـەم کردنەوانـەی ئێـستا کـەمی دەکەینـەوە، تەلْـەباتی ئەوان وایە یەعنی، ئێمە لەگەڵیان دا دانیشتووین، لە دوای ئەوە ئەو ئەرقامانەی لەسەر دانراوە، عـەجزیش کە باس دەکرێ، عەجز هیچ عیلاجێکی نی یە، ئیللا بەم نەوعە نەبێ، ئەگەر میزانیەی تەکمیلی هەبێ لـە بەغداوە بۆمان بێت، بە مەرجێك نەکرێت بە مەشاریع، بۆ شتی تر صەرف نـەبێت، بـۆ سـەددی عەجزەکـە بێت، ئـەوە سـەددی عەجزەکـەی پـێ دەکرێـت، عادەتـەن کـە هـەموو ساڵێکیش ئەگـەر میزانیـەی تـەکمیلی هاتبێت، زیاتر بۆ پرۆژەکان بووە، ئەوەش کە بۆ پرۆژەکان بێت، ئێمـە نـاتوانین دەسـتکاری بکـەین، عـەجز ئێمە کە ئەمسالْ دەستنیشانمان کـردووە، سـەبەبەکەی مەعلوومـە، دەسـت نیشـانمان کـردووە سـەبەبەکەمان هێناوەتەوە، تەنها چارەی کە ئەو عەجزەی پێ چارەسەر بکرێت، تەنها ئەوەیە کەوا یان دەبێ پارەکـانی کـە هی ئێمە چەندەها ساڵە لە موفاوەزات داین، لە قانونی بودجەی عیراقی دا هەممو ساڵێك ئـەو مەوزووعـە تیکـرار دەبێتـەوە، لەسـەریان ماوەتـەوە، پێمانیـان نـەداوە، بـەوە چارەسـەری عەجزەکـە بکـەین، یـاخود عیلاجێکی تر هەیە، ئەویش کـە ناکرێـت، دەبـێ تـۆ بێیـت بـە پـارەی عەجزەکە بـە هـەمووی تـۆش لـەلای خۆتەوە موازەنەکە دادەگری، ئێستا ئێوە کە ($10\%$)کـەش دادەگـرن، ئـەوەش هـەر بـۆ تەسـدیدی عەجزەکـە نیە، یەعنی لە عەجزەکە کەم ناکاتەوە، ئێمە حکومەت نیمان وەکو حکومـەتی مەرکـەزی، ئێمـە حکومـەتی هەرێمین، ئێمە ناتوانین سەنەداتی خەزینـە چابکەین، ئێمـە بـە هـیچ نـەوعێك نـاتوانین مـەبیعاتی نـەفت بنێـرین و صـەرفی بکـەین، یـەعنی بـێین نـەوت زیـاتر تەصـدیر بکـەین، ئێمـە ئـەو مەوازیعانـە هـەمووی مەرکـەزی یـە، لـە مەرکـەزەوە بۆمـان دێـت، جارێکی تـر تەئکیـد دەکەمـەوە، ڕجاتـان لـێ دەکـەم، ئێمـە لـە وەزارەتی دارایی ئەو جیهەتە نیمان بێین لە خۆمانەوە بڵێین دەبا ئەوەندە عەجز بـێ و دەبـا ئـەوە لێـرە وا زیـاد بکـەین، دەبـا ئـەوە لـەوێ کـەم بکـەین، ئـەم موازەنـەی کـە هـاتووە، لوجنـەی موختەصـی بـۆ دانـرواە، لەگەڵیان دا موناقەشەی کردووە، هاتۆتە ئەنجومەنی وەزیران، لە ئەنجومەنی وەزیران،ئەنجومـەنی وەزیـران سێ جار کۆبوونەوەی لەگەڵ کردووە، چەند جار لەگەڵ وەزیری کارەبا و نەوت کۆبوونـەوە کـراوە، وەزیـری تەختیت لە هەموو کۆبوونەوەکان دا جەنابی مەوجوود بووە، چەندەها جار ئەوانە کەم کراوەتەوە لەوێش، باسی بەڕاستی، گومان هەیە لە مەوزووعی ئەو پارەی تەعویزی موەزەفین، زۆرجار باسی گومان دەکرێت لە زیادە ڕەوییەك کـە وەزارەتـی مالیـە کـردوویەتی، یـاخود وەزارەتـی مالیـە پابەنـد نابێـت بـە بڕیارەکانـەوە و ئەوانە، من ڕجاتان لێ دەکەم، ئەمە موقتەرەحە، ڕەنگ هەیە تەفاوتێك هـەبێ لـە کـەم، لـە زیـاد، بـەڵام بـە شـتێکی ئصـوولی کـە هـاتووە، ئـەم مەوزووعـە لـە حیسـاباتی خیتـامی دا باسمـان کـرد، حیسـاباتی خیتـامی هەموویتان بۆ دەردەخا، بە زیاد بێت دەری دەخا بۆتان، کەم بێت بۆتان دەردەخات، بەتایبەتی من جـارێکی تریش تەئکید دەکەم، تەئکیدیش دەکەمەوە، ڕجام وایە حیساباتی خیتامی وەرنەگیرێت هـەتاکو لـە دیـوانی ڕەقابەی مالی تەدقیق نەکرێ، ئەوان موصـادەقەیان کـرد بـە زیـاد و بـە کـەم، موخالـەفاتی وەزارەتـی مالیـە هـەبێ، هـەر وەزارەتێـك هـەبێ، بـە پێـی ئـەو وەختـە پەرلـەمان خـۆی گـەورەترین دەسـەڵاتە، دەتوانێـت

ئیجرائاتی ئصوولی بکات، خەلەلەکە لە کوێ بێت، لای هەر کەسێ بێت، دائیمەن مەسەلەی شەش مانگەکە دێتە پێشەوە، دەڵێن ئەو شەش مانگە، ئەو شەش مانگە کە نووسراوە، لە وەختی خۆی دا شەش مانگی تیا هاتووە، ئێمە ئەگەر مولاحەزەی کتابەکەمان بکەن، بزانن لە کەی ناردوومانە بۆ ئەنجومەنی وەزیران؟ لە ئەنجومەنی وەزیران تاخیر بووە، کە نەهاتۆتە ئێرە، ئەوانیش کۆبوونەوەیان لەسەر کردووە، لە دوای چەند مانگێك هاتۆتە ئێرە، بەڵام ئێمە کە ئەوەمان ناردووە، لە دوای ئەوە موناقەلاتی تێدا بووە، دوای ئەوە تەسویەی سولەفی تیا نەکراوە، یەعنی ئەوە موناقەلاتی تیا دەکرێ، تەسویەی سولەفی تیا دەکرێ، عەکسی قەیدی تیا دەکرێ، ئەو ئمووره حیسابیانەی کە لەوێدا دەکرێ، ڕەقەمەکە کە دێی جارێکی تر لە مانگی (10)دا، لە مانگی (11)دا کە تۆ دێیت میزانیە دادەنێیتەوە، ئەو ڕەقەمانەشی تەغیر دەبێت، لەوێش تەغیراتی تێ دەکەوێ، لەبەر ئەوە حیساباتی خیتامی ئەو حیساباتەیە کە هەموو شتێك بەڕاست و ڕەوا دەردەخا، تەبیعی یەکێك لەو شتانەی کە ئێمە تەدویرمان کردووە لە (2009)، من بەڵێ لە (2009)وە هاتۆتە (2010) پارەی ئەوانەی کە پێشتر تەجاوزەکان، صەرفیش لە حیساباتی خیتامی دا دەردەکەوێ ئەوە تەجاوزەکە هەیە یان نی یە؟ باسی موخەصەصاتی ئیستیسنائی دەکرێ، بەڵێ ئەم موخەصەصاتە هەیە، بۆ هەموو پلە تایبەتیەکان هەیە، لە عیراقیش دا هەیە، بۆ ئاسایشیش هەیە، ئەو ڕۆژەش باسم کرد، ئەوە نەبێ نەبێت ئەم موخەصەصاتە تایبەتانە، دیوانی ڕەقابەی مرۆیی، ئەگەر پەرلەمانی بەڕێز دەیەوێ بیبڕێ، ئەوە بە نیسبەتی ئێمەوە ئەعلا سوڵتەیە، دەتوانن هەموو ئیجرائاتێ بکەن جەنابتان، لە خۆشمانەوە ئەوەمان دەرنەکردووە، ئەو عینوانەمان نەهاوردۆتە پێشەوە، ئەم عینوانە هەیە، دەتوانن بەڕێزتان لە ڕێگای قەنەواتەکانی خۆتانەوە ئیستیفسار لە بەغدا بکەن، مەجلیسی قەزا، دیارە ئێمە ڕاستە داگرتنێکی تیا بووە، ئەم داگرتنەکە لەسەر تەوجیهی ئەنجومەنی وەزیران تەوجیهیان کردین کەوا دایبگرین لە مەسەلەی ئەنجومەنی وەزیران و مەجلیسی قەزا و پەرلەمان و سەرۆکایەتی هەرێم، بۆچی ئاوا قەراریان دا؟ کە قەرار درا (علی أساس) دابەزینەکان هەروەکو وتم، دوو، سێ جار دابەزیوە ئەو مەوزووعە، ئینجا هاتۆتە ئێرە، ئەوجارە بەو شێوەیە گەیشتۆتە ئێرە، بەس ئەو دابەزینەوەی کە لە موناقەشەی مەجلیسی قەزا، ئەوەبوو پارەکەش ئیعیترافیان بە موناقەشەکەی ئێمە نەکرد لەگەڵیان دا بیکەین، هاتن لێرە لەگەڵ پەرلەمان دا موناقەشەیان کرد، لەگەڵ ئێمە نەیانکرد، ئەوان دەڵێن/ ئێوە بۆتان نی یە لەگەڵ مەجلیسی قەزادا دابنیشن و موناقەشە بکەن، من تەئیدی ڕەئی کاك ئیسماعیل دەکەم، مەوازیعە فەنییەکان، تێگەیشتی؟ ئەوە عیلاقەی نیە بەو مەوزووعە، من موناقەشەی لەگەڵ دا دەکەم، خۆ ناکرێ بەیانی لێرە تۆ مەمنوع بێت سیاسەتی حکومەت ئێستا کە تۆ ئەمرێك دەردەکەی بەڕێزت، ئەمرێك دەردەکرێ دەڵێی/ تۆ تەقەشوف دەکەی ئیتر نابێ سەیارە بکڕی، ئێوە بڵێ/ من میزانیەم هەیە و سەیارە دەکڕم، ئاخر خۆ ئەوانە ناکرێ بەو شێوەیەش، ئێمە پێمان باش بوو لەگەڵ ئێمەدا بمانتوانیایە ئەو موناقەشەیە بکەین و دوای داخیل بکرابایە، بەڵام کە ڕەقابەی مالی تەنها جیهەتە دەتوانێ خۆی حیساباتی خۆی داخیل بکات، لە سەرۆکایەتی هەرێمیش و پەرلەمانیش و هەمووی دەبێت داخیلی موناقەشە بێت،

ئەگەر بێت و بێیتە سەر حەقیقەت، ئەگەر بگەڕێیتەوە بۆ ساڵانی کۆن، لە حکومەتی عیراقی دا/ مـن خـۆم موەزەفی وەزارەتـی مالیـە بوومـە، ئەصلەن موخەصەصاتی، ڕاسـتە ئێستا ڕەنـگ هەیـە بڵێن/ ئێـوە، وەلـەو وێراتان ئەو شتە بکەن، بەڵام ئەوەی کە بۆ قەصری جمهوری دادەنرا ئەو شـتە ئصوولیەکانی، هـەمووی لـە ڕێگای خەزائینەوە دەڕۆیـی، لـە ڕێگای وەزارەتـی دارایـی و مودیریـەتی موحاسـەباتی عامـە و مودیریـەتی موازەنەی عاممەوە دەڕۆیشت، یەعنی ئـەوە مەسـەلەی کـە موناقەشـەی ئـەو میزانیانـە لـەوەزارەتی مالیـەدا بکرێت، ئەوە کـەم کردنـەوە نیـە لـە هەیبـەتی ئـەو مەجلیسـی قـەزا، کـەم کردنـەوە نیـە لـە هەیبـەتی ئـەو شـوێنانە، بـەڵکو ئـەوە ئـەوانیش دەپارێزێـت، چـونکە موحاسـیبێك دێـت، دەچـێتە لای جـەنابی ڕەئیسـی مەجلیسی قەزا، بە کەیفی خۆی بۆی شەرح دەکات، موازەنەیەك دادەنێت، ڕەئیسی مەجلیسی قەزاش دەڵێ/ من خـۆم حـەقی خۆمـە و دەڵـێ بـڕۆ خواحـافیز، ئـەوەش بـە نیسبەتی مەجلیسـی قـەزاوە، باسـی زینـدانی سیاسی، یەعنی بەڕاستی زیندانی سیاسی ئێمە ئێستا بۆتە (490)، (10) هەزاری لەگەڵ شەهیدانە، فەرقـە یەعنی، بە نیسبەتی ئێمەوە وەڵڵا مانیع نیە ئەگەر ئێوە خۆی لەو حاڵە، بـەڵام نـاکرێ لەگـەڵ شـەهیدان دا تەوازوونێکی پێ بکرێ، باسی تەعویزی موەزەفین و جارێکی تر باسی ڕێنمایی ژمارە (1) و (25) و ئەوانە کـرا، گوایـە کـاك خـەلیل وابـزانم ئیسـارەی کـرد، خـەڵکێکی زۆر هەیـە پەیوەنـدی دەکـات بـە پەرلـەمانی بەڕێزەوە، یەکەم/ ئێمە ئێستا لەسەر ڕێنمایی (1) و (25) ئیش دەکەین، ئەو ڕێنماییانە شـرووتی تێدایـە، ئەو شرووتانە ئێستاکە بەعزێك هەیە بە پێی ئەو شـرووتانەش شمـوولی ناکـات، قانونیـەن شمـوولی ناکـات، بەڵام ئێستا ئەو ڕێنماییانەش دەگۆڕێت، بۆچی دەگۆڕێ؟ چونکە ئێستا گۆڕا، ئێستا تەعویزی (2004) بـەو لاوە دەدرێتـەوە، لەبـەر ئـەوە ئـەو ڕێنماییانـەش دەبێـت ڕێنماییـەکی تـر دەربچـێت، کـە ڕێنماییـەکی تـر دەربچێت دەبێ ئەوانەی لەو فەترانەش تەقاعود بوونە، ئەوانەش دەبێ حەقی خۆیانە شموولیان بکات، یان بەعزێ شتی تری گۆڕانکاری تیا بکرێت، بەڵام بەڕاستی ئەو مەوزووعی ئەم صەرفە، ئێستا حاڵـەتی یەکـەم تا ئێستاکە نەکراوە کە هی ڕێنماییەکان و هی سێ مانگەکەیە، نەك لەبـەر ئـەوەی وەزارەتـی مالیـە نایکات، مەسەل میسال بۆتان دەهێنمەوە، ئەوە زەنبی وەزارەتی مالیە چی تیایە، حـەتاکو مـن حەفتـەی ڕابـردووش ئاگام لێ بوو، وەزارەتی تەربیە لەبەر ئـەوەی زۆرن، نـەیانتوانیوە ئـەو سـێ چـوار مانگانـەی پێشـتردا تـەواو بکرێن، خۆ ئەوانیش خەتایان نیە، ئەوانیش پێ ڕاناگەن، ئەوەنە عەدەدەکە زۆرە، ئەوەندە ئیحتیسابەکەی زۆری دەوێ، دوایـی لێژنـەی تـەدقیقی هەیـە، ئـەم مەوزووعـە صـەرف دەکـرێ، دەڕوا و بـەو شـێوەیەش کـە هاتووە لە بڕیارەکان هاتووە، لە ڕێنماییەکان دان، من پێموایە بـە هـیچ شـێوەیەك عەرقەلـە نابێـت، ئـەوەی مەشمول بێت بۆی دەکرێت، باسی مەسەلەی سەد مەتری، بەڕاستی من جارێکی تریش دەگەڕێمـەوە سـەری، ئێمە وەزارەتی مالیە ئەو جیهەتـە نیمـان کـە تەحدیـدی هەنـدێ شـتمان کردبـێ، ئێمـە لـە ڕووی داراییـەوە تەحدید دەکەین، ئێستاکە لەبەردەمی جەنابتانە، بڕیارێك دەربکەن، بڵێن عـەقاری بـدەن بـە بـێ ئیجـازەی بینا، لە ناو شارەکان دا، لەو شوێنانەی کە تاپۆی هەیە، بە بێ تاپۆ ئێمـە ئێسـتا لـە بەیانییـەوە دەسـتی پـێ دەکەین و دەیکەین، بەڵام ئەوە دەسەڵاتی من نیە، ئەوە دەسـەڵاتی وەزارەتـی دارایـی نیـە، وەزارەتـی دارایـی

موعەرقیل نیە لەو مەوزووعانەدا، یەکێك لە زەوابتەکان دەڵێ/ دەبێ تاپۆی هەبێت بە نیسبەتی ناو شارەوە، حدودی بەلەدیە، دەڵێ دەبێ تاپۆی هەبێ و دەبێ ئیجازەی بینای هەبێ، کام کەسێ یەکێك لەوانە ئیجازەی بینای هەیە، تاپۆی هەیە، هاتبێتە مەصرەفی عەقاری کە صەرفیان نەکردووە، بێجگە لەوەی بێتە لای من، خۆم لەگەڵی دەڕۆم ئەگەر نەیانکردبێت، بۆ ئەوەیە یەکسەر بکرێت، سزای ئەو کەسەش دەدەین کەوا بۆی نەکردووە، ئینجا دێمەوە سەر باسی هەندێك ئیقتیراحات و ئەوانەی کە کرابوو، بۆ زیندانی سیاسی ئەو وەرەقەیە هاتووە، ئێستا ئاخیر قائیمەیان هاتووە ئەویشمان صەرف کرد، ئیعازمان داوە صەرف کراوە ئەویش، ئەوانەی کە باس کرا، کە ئیقتیراح کرا، دیارە ئیقتیراحی چەند شتێك کرا، لە ($10\%$)، لە ($50\%$)، لە ($25\%$)، لە ($30\%$)، ئێمە وەکو وەزارەتی دارایی ئەم مەسەلەیە لە خۆمانەوە دامان نەناوە، ئێستاش بێن، لجنەیەکی پەرلەمانی بێتە وەزارەتی دارایی، لوتف بکەن، ئەوەی کە ئێمە بۆ وەزارەتی مالیە دامان ناوە، لەگەڵ ئیشەکانمان دا، لەگەل مودیریەتی عاممەکانمان دا، لەگەڵ ئەو پارانەی کە دەیدەین، چ لە ئیعانات و چ لەو مەوزایعانەی لە مینەح و کە ئەوەی کە باس کراوە، چی لە مەصرەفی عەقاری و زراعی، کە ئەوانە هەمووی لە بودجەیە، لە تەقاعود، ئەگەر چی زیاد بوو، بێجگە لەوەی کەوا بیبەن، موحاسەبەشمان کرد، تەواری و ئەوەشیی لەگەڵدا بێت، تەوارییە، حیزبەکانە، ئەنواع و ئەشکال موخەصەصات، هەندێك هەیە ئەگەر ئێمە جارێکی تریش تەئکید دەکەمەوە، لێرە برادەران زۆریان بەگومانن لە وەزارەتی دارایی، یەعنی من تەبیعی وەزارەتی دارایی بۆ مەعلوماتتان ئێستا جارێکی تریش دەڵێم بۆ ئەوەی ئەو گومانە بڕەوێتەوە، ئێستا حەتاکو نەتیجەکانتان بۆ دێت، ئێستا ڕەقابەی مالی تەدقیق دەکات، دەڵێ ئەمرەکەشی وا دەرکردووە ($2010$) و سەنەواتی پێشووتریش، سلێمانیش هەمووی تەدقیق کراوە، هەولێریش هەر تەدقیق کراوە، بەڵام ئەوە زۆر شامیلە ئێستا کە تەدقیق دەکرێت، یەعنی بۆ ئەوەی جەنابتان ئەو گومانە، دوایی مەگەر ئێمە لەگەڵ ڕەقابەی مالی دیارە شتێکمان هەبێت، وەڵلاهی بڵێم چی؟ بەڕاستی ئەم گومانە یەعنی، خوشك و برایانم دیارە من زۆر ئیلحاح کرا لەسەر ئەو نیسبەتانە، من بەڕاستی ئێستاش دەیڵێم، لە خۆمانەوە دامان نەناوە، ئەوە عەفەوی نەهاتووە، نە عەفەوی یە و نە عەشوائیشە، بەڵام ئێمە وەکو وتم، بڕیارەکانی پەرلەمان بە هەند وەردەگرین و جێبەجێشی دەکەین، بەس ڕجاتان لێ دەکەم، قبووڵ کردنمان بۆ بەعزێ نیسبە و ئیستیقتاع، ئەوە مەعنای ئەوە نیە، ئەوا من لێرەوە ئیعلانی دەکەم، مەعنای ئەوە نیە ئێمە زیادمان داناوە، نەخێر، بە تەئکید بەیانی وەزارەتەکانیش دێنە سەرمانیش، بەڵام لەسەر ئەوەشەوە، من گەڕامەوە حکومەت، لەگەڵ حکومەتی خۆم قسەم کرد، حکومەتەکەی ئێوەش قسەم لەگەڵیان دا کرد، لە دوای موناقەشات ئەوانیش پێیان باشە، ئەوە ڕەئی حکومەتە لە ($10\%$) ببڕێت لە تەشغیلی، ماعەدا تەعویزی فەمانبەران، ڕازین لەسەر عەقاری بە بیست ملیۆن، ڕازین لەسەر سلفەی زەواج بە ($5$) ملیۆن، بەدەل ئازووقە، موخەصەصاتی تەعام بۆ پۆلیس بۆ ($210$)، ئەوەی تۆڕی کۆمەڵایەتی بۆ ($150$)، پاڵپشت بۆ صناعی و زراعی و ئەوانە، ئەو ($100$) ملیار دینارەی بۆ ناوچە سنوورییەکان، ئەوانە هەر هەمووی کە، ئێمەش لە عەینی وەختیش دا ئەگەر ($35$) ملیاریش دابنرێت بۆ ئینتیخاباتی موحافەزات کە دەست پێ

دەكات، بۆ ئەوەی تووشی كێشە نەبین لەگەڵیان دا، ئەوەش ڕجای ئێمەیە ئەگەر لە زیمنی ئەوانە دابنرێت، ئەوە ئەوەكانە كە ئێمە لاریمان نییە، هەرچییەكی تریش جەنابتان بڕیار بدەن ئێمە تەنفیزی دەكەین، ئێمە جیهەتێكی مونەفیزین و تەنفیزی بڕیارەكانی ئێوە دەكەین، سوپاستان دەكەم.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس بۆ جەنابی وەزیر، بەڕێز كاك د.علی سندی ئەگەر شتێكت هەیە؟ فەرموو.

**بەڕێز د.علی سندی (وەزیری پلاندانان):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دیارە پێشنیار زۆر بوون، بەلام ئەگەر من هەموویان كۆبكەمەوە لە دوو لایەنەوە، یەكێكیان/ باسی خودی ماددەكە دەكەم، كە ماددەی 1 ئەو پێشنیارانەی كە كراوە، سەبارەت بەوە كە من تەئیدی ئەو بۆچوونانە دەكەم بەتایبەتی بەڕێز سۆزان خان و ئەو برادەرانەی تریش كە پێشنیاری ئەوەیان كرد، كە ئەو ڕێژەی ئیستقتاعەكە دەكرێت لە میزانیەی تەشغیلی ئیزافە بكرێتە سەر بودجەی مەشاریع، بەلام بە حەقیقەت لێرەدا زۆر گرنگە كە باسی ئالیەتەكەش بكرێت وەكو ئەو بەڕێزانەو وەكو بەڕێز كاك د.دانا و ئەوانەی تر كە باسی ئەوەیان كرد كە ئەم ئیزافەیە دەبێت چ ئەمساڵ بێت چ ساڵی ئایندە بێت دەبێ ئالیەتێك بدۆزرێتەوە بۆ ئەوەی كە تەمویلی مەشاریع ئیستمراریەتێكی هەبێت، چونكە ئێمە ناكرێت ئەو بیانووە بێنین كە ئێمە لەبەرئەوەی كەهەرێمێكین و شێوازی تەسەروفی میزانیەمان و شێوازی تەسەروف كردن بە واریدات مەحدودیەتمان هەیە لەبەرئەوەی كە هەرێمێكین، بەلام لە هەمان كاتدا هەندێك پلانمان هەبێت كە لە حكومەتێكی ذو سیادەوە وەكو دەڵێن پلانەكانمان وا بێت، زۆر لەو بەڕێزانە مەسەلەن داوای ئەوە دەكەن كە بۆچی پلانی پێنج ساڵە نیە، باشە ئەگەر پلانی پێنج ساڵە هەبێت، ئەگەر لە نیهایەتی ساڵ مودەوەر نەبێت، یان ئەگەر لەنیهایەتی ساڵ زەمانی تەمویل كردنی ئەو مەشاریعانە لە پارەی ئەو ساڵانە نەكرێت، ئەو مەشاریعانە چۆن بەڕێوە دەچن، بەتایبەتی ئێستا كە ساڵ دوای ساڵ مەشاریعی گەورەتر و زەخم تر هەم لە ناحیەی مەبلەغی كۆی پێویستی پارەكە و هەم لەناحیەی ماوەی تەنفیز كە ئەوە شتێكی تەبیعیە، هەتا ئەگەر هاتو تەئخیرێكیش هەبێت كە زەمانی تەمویلەكە هەبێت بەهەر شێوازێك بێتن ئەوە تەئخیرەكە بەدواداچوونی بۆ دەكرێت بە زەمانی تەمویل شتێكی زۆر گرنگە، لەبەرئەوە من تەئیدی ئەو پێشنیارە دەكەم كە پێشم باشە كە بودجەی وەبەرهێنان و مەشاریعی وەبەرهێنان زیاد بكرێت، بەلام ئالیەتێكیش بدۆزرێتەوە بۆ ئەوەی كە زەمانی ئەوەی ئەو پارەیە لە خلالی ئەم شەش مانگە زۆر وازحە كە سەرف نابێت، بۆ ئەوەی ساڵێكی تر ئەم كاتانە یان هیوادارم لە مانگی یەك دا كە دێینە هۆڵی پەرلەمان ئەو سوئالە دیسان تیكرار نەبێتەوە، چونكە هیچ حیكمەتێك لەوە نیە كە ئێمە ئێستا پلانێك دابنێین بۆ خلالی شەش كە هەموو تەفاسیلەكانمان باس كردووە، بە هەموو لیستەكانی ناو پەرلەمانەوە و بە حكومەتەوە ئەگەر ئالیەتی ئەوە نەبێت، كەواتە عەلەل ئەقەل موستەغرب نەبین یان تەوەقوعی ئەوە بكەین كە ساڵی ئایندە كێشەی لەو بابەتەمان دەبێت، خاڵی دووەم هەر لەسەر ماددەی 1 پێشووتریش و ئەمڕۆش زۆر

پێشنیاری ئـەوە کـرا کـە بودجـەی پەرەپێـدانی پارێزگاکـان بەشـێوازێکی مونفەسـڵ عـەرز بکرێـت لـەناو ماددەکەدا کە حەتمەن هەموو موتەفقین لەسەر ئەوە، هەروەها پێشتریش ئیعتراز لەسەر دوو شتی سەرەکی لەناو بودجەی پەرپێدانی پارێزگاکان هەبوو کە یـەکێکیان ئـەوە بـوو کـە تەنسیقێکی تـەواوی نیـە لەگـەڵ میزانیەی وەزارەت، لەبەرئەوە دەبێت لەو شوێنەی کە جودا دەکرێتـەوە مـن ئـەم پێشنیارەم بـۆ بـەڕێزانی لیژنەی یاسایی و لیژنەی دارایی و ئابووریە کـە جودا دەکرێتـەوە، لەهـەمان کاتـدا ئالیـەتی تەنسیقەکە لـە گەڵ وەزارەت لەوێ زکر بکرێت، بۆ نموونە لە میزانیەی با بڵێین هی عیراقی فیدراڵ کە جودا کراوەتەوە لە فەسڵی $2$ ماددەی $2$ لە خاڵی (د) یەکەم/ کـە دەڵـێ (علـى المحـافظ تقـديم خطـة اعمـار المحافظـة والاقضـية والنواحى التابعة لها المصادق عليه من قبل مجلس المحافظـة الى وزارة التخطـيط لغـرض دراسـتها و المصـادقة عليهـا، علـى ان منـاطق اكثـر تضـررا داخـل المحافظـة وعـدد سكانها)، ئەمـە خاڵێـك کـە بـڕی پارەکـە لـەژێر فەقەرەی میزانیەی ئیسستسماری وابزانم هەر دەبـێ لـەوێ بێـت، بـەڵام دەکرێـت وەکـو فـەرعی جـودا نـاوی بێتەوە،کە ئێمە لە خاڵی ئەوەی کە دەڵێین مەبلـەغ قـەدەروهو چـوار ترلیـۆن و سـەد وپـەنجا لـە نەفـەقاتی مەشاریعی ئیستسماری دەبێ بەو شکلە بڵێین کە لەژێر ئـەوە (أـ مخصـص مبلـغ $298$ مليـار) بـۆ میزانیـەی پەرەپێـدانی پارێزگاکـان، لەوێشـدا ئەوەشـی ئیزافـە بکرێـت کـە دەبێـت موسـادەقەی وەزارەتـی پلانـدانانی لەسەر بێت، پاش ئەوەی کە موسادەقەی ئەنجومەنی پارێزگای لەسـەر بـوو، بـۆ ئـەوەی وەزارەتـی پلانـدانان ئـەو دەرفەتـەی هـەبێت بەشـێوازێکی زانسـتیانە بـەراوردی بکـات لەگـەڵ ئـەو شـتانەی کـە لـە پرۆژەکـانی وەزارەتەکاندا هاتووە، خاڵێکی تر هەر لـەوێ کـە پەیوەنـد بـە پەرەپێـدانی پارێزگاکـان کـە پێشـنیاری ئـەوە کرابوو کە بۆ نموونە کە $100$ ملیار دینار ئیزافە بکرێتە سەر ئەو بودجەیـەی کـە هەیـە کـە $298$ ملیـارە وەکو باسـم کـرد، وەکـو ئـەوەی کـە ڕەقەمەکـە چـاك کرایـەوە لـە ئەسـنای موناقەشـات، ئـەو $100$ ملیـارە و پێشنیاری ئەوەش هەبوو کە تەحدید بکرێت بەوەی کە بۆ ئەو قەزایانـە بێـت کـە لـە قـەزا سـنووریەکانیان یـان قــەزا موتــەزەڕرەکان، بــەڕێزان بــە بۆچــوونی مــن هەرچــەندە ئــەمڕۆ زۆر گفتوگـۆ کـرا هــەروەکو بـەڕێزەکانیش بـەعزێکیان ئیشارەتیان پێـی دا زۆر شـت دووبـارەش گوترایـەوە، بـەڵام مـەفروزە ئـەو $100$ ملیـارە مـادام عینـوانی ئـەو $100$ ملیـارە بـوو بـە کۆمـەڵێك قـەزا کـە موتـەزەڕرن، مـەفروزە ئـەوە تۆزێـك زیاتریش تەعریف بکرێت، یەعنی قەزاکان ئەمما بـەناو بگـوترێن، یـانیش کـە دەڵـێین موتـەزەڕەر، چونکە هیچ قەزایەك نیە لە کوردستان کە بڵێی ئەم قەزایـە بـەری بـووە یـاخود خـارجی هـیچ مەزلەمـەت و هـیچ ئەوەیەك نەبووە، یان موتەزەڕر نەبووە، قەزایەکی سنووری کە قەزای بەردەڕەش لەسەر سنوور نیـە، بـەڵام قەزایەکە کە ئێستا با بڵێین ئەوە واقع حالیەتی وەکو بـەڕێز سـەمیرە خـانیش ئیشـارەتی پێـی دا، بـەعزێك شت هەیە کە وایە، چونکە پەرەپێدانی پارێزگاکان ئالیاتی سەریعە، ئالیاتی سەریع ترە لە هی وەزارەتـەکان، ئەوەش حەقیقەتێکە، بابڵێین مـەبالغەکانیان بچووك تـرن، بـەڵام لـەوێ دا ئـەوەی کـە بـەوازحی دەبینـرێت ئەوەیە کە مەراکزی موحافەزات کە زیـاتر لەبەرچاوە حصـەیەکی زیـاتری بـە بەرکـەوتووە، لەبەرئـەوە لـە پەرەپێـدانی پارێزگاکـان چـەند خاڵێـك و چـەند تەفسـیلێکی گـرنگ هەیـە، یـەکێکیان ئەوەیـە کـە ئەگـەر

مەبلەغێك دادەندرێت بۆ كۆمەڵێك قەزا، ئەوانە تـەعریف بكـرێن، ئەمـە یـەك، دووەم/ هـەم لـەو مەبلەغـە ئەسڵیە كە لـە 298 ەكـە هـەتا ئەگـەر ئەمسـاڵ زۆر بـاش نـەبێت كـە ئێسـتا دەسـكاری لیسـتی پرۆژەكانیـان بكەین، بەڵام تەوسیەی ئـەوەیان بكـەین هـەر وەكـو تەوسـیە یـان هـەروەكو ئیلـزامێكیش بـۆ ئـەوەی ببێتـە سابیقەیەك كە قەزاكانی هەر پارێزگایەك بە پێی ڕێژەی عەدەدی سوكانی خۆیان لەوێ پارەكە بەو شـێوازە تەوزیع بكرێ لەسەریان، ئێستا مەسەلەن بۆ نموونە بابڵێین من ئەگەر بۆ ئەو زیادەیەی كە وەكو باسم كرد سەرەتا كە ئالیەتێك بدۆزرێتەوە بۆ ئیستمراریەتی تەمویل لەدوای سەری ساڵەوە بـۆ ئـەوەی سـاڵی ئاییـنـدە تووشی ئەو كێشەیە نەبین كە پێمان نەكرێت هـیچ پـرۆژەیـەكی نـوێ دەسـت پـێ بكـەین، ئێمـە ئەمسـاڵیش گفتوگـۆی ئـەوەی كـە پـرۆژەی نـوێ نـەبێت، ئێمـە لـە ئەنجومـەنی وەزیـران ئـەو گفتوگۆیـە هـەبوو، بـەڵام هەروەكو بەڕێزان ئێستا پێشنیار دەكەن بۆ نموونـە ئێسـتا مـن تەئیـدی بـا بڵێین پـرۆژەی دروسـت كردنـی نەخۆشخانەی شێرپەنجە و نەخۆشیەكانی شێرپەنجە لە دهـۆك كـە ئـەوە بـە تەریقەیـەك لەلایـەن لیژنـەی دارایـی و ئابووریـەوە موعالەجـە كـرا، بـەڵام نەخۆشـخانەی ولادە ئەگـەر دوو نەخۆشـخانە بـۆ كەسـوكاری شـەهیدان و ئـەنفال لـە دهـۆك و هـەولێر دروسـت بكرێـت ئـێ ئەمانـە خـۆ ئەگـەر ئێمـە هـیچ پرۆژەیـەكی نوێشمان نەهێنا با هەر دائیمەن وەكو دەبینن دائیمـەن فكـرە هەیـە بـۆ پـرۆژەی نـوێ و وەكـو زەرورەتێـك دێتـە بەرچـاو، لەبەرئـەوە لـەو پارەیـەی كـە ئیزافیـەی ئەگـەر دادەنـدرێت ئەگـەر ئـەو جوزئـەی بـا بڵێین موخەسەسە بۆ بەرزكردنەوەی ڕێژەی ئەو پرۆژانـەی كـە موخەسەسـی كەمـە، هـەر لەوێشدا چـەند شـتێك ئامـاژەی پێـدراوە كـە ئـەو دوو نەخۆشـخانەیە ئەگـەر بـەڕێزانی سـەرۆكی پەرلـەمان و بـەڕێزان ئەنـدامانی پەرلەمان پێیان باشە كە ئەوانە دەرج بكرێت ئێمە پێمان باشە هەرچەندە تەبعەن ئـەوە ئالیـاتی تەفسـیلی هەیە لە ناحیەی ستافەوە و لەناحیـەی ئـەجهیزەوە، چـونكە ئـەو نەخۆشـخانانە حەتمـەن لەلایـەن... هـەتا ئەگەر لەلایەن وەزارەتی شەهید و ئەنفالكراوانیشەوە بەڕێوە دەبات، بەڵام بە ستافی تـوبی دەوێـت، یـەعنی وەزارەتی تەندروستی و فەرمانگەی تەندروستی ئامادەباشی خۆی هەبێت ستاف و كادیری خۆی هەبێت بـۆ ئەوەی ئیشەكە بكرێت كە ئەویش تەبعەن بۆچوونێكە كـە ئیحتمالـە و حەتمـەن سوودی هەیـە، لەبەرئـەوە تەفسیل كردنی 350 ملیارەكە بەشێوازێك زەروریە كـە چ ڕێژەیـەكی بـۆ بـەرز كردنـەوەی نسبە كەمـەكان بێت و ماتەبەقاش ئەوانەش تەسـبیت بكـرێن، هـەروەكو لـە ئیسـتقتاعەكانی میزانیـەی عیراقـی فیـدراڵیش لەناو میزانیە 4٪ ئیستقتاع كراوە، كە 4٪ەكە بە تەفسیل تەحدید كراوە كە ئەمە ئەم شتانەی پـێ تـەنفیز دەكرێت بۆ ئەوەی وزوحێكی تیا بێـت، مـن لـە كۆتـایی دا تـەنها دەمـەوێ ئامـاژە بـە مەسـائیلی درێژخایـەن بدەم، كە ئەوە زۆر گرنگە بەڕاستی ئێمە كۆمەڵێك پلانی چەند ساڵە كۆمەڵێك پلانـی سـتراتیجی هەیـە كـە ئێستا لەناو حكومەتدا تەعاملی پێ دەكرێت یەكێكیان/ پلانی كەرتی كشتوكاڵە من لەوێ ئحساس دەكەم كە حەلەقەیەكی مەفقود هەیە، ئەویش ئەوەیە كە پلانێكی 5 ساڵە كە وەزارەتێك یان كەرتێكی تایبـەت لـەناو حكومەتی هـەرێم تەبـەنای دەكـات، بـە تایبـەتی ئێسـتا وا ئیحساس دەكـەم كـە ئـەو پلانـە موسـادەقەیەكی پەرلـەمانی كوردسـتانی لەسـەر بێـت، چـونكە ئیلـزام كردنـی وەزارەتـی دارایـی بـە تـەمویل كردنـی و بـە

ئیستمراریەتی ئەو پرۆژەیە، یەعنی ئێمە ئەمساڵ لەبەر ئەزمەی کارەبا بۆ میسال شتێکی کەمترمان لە ئەو شتەی کە ئەوان دەیانەوێ تەخسیس کردووە، ئیحتماله ئەسڵەن پلانەکە کە بڵێین مەبلەغی 10,2 ملیاری بۆ تەخمین کرابوو، ئیحتماله مەبلەغەکەش زۆر بێت، هەر بە تەجروبەی واقعی حاڵ کە هەموو ساڵێك چەند کۆی گشتی میزانیه دێتە بەردەستی حکومەتی هەرێم، لەوێش ڕەئیەکی پەرلەمانی لەسەر بێت، پەرلەمان زامنی ئەوەش بکات کە تەمویلی ئەمە هەم دەکرێت هەم ئیلزامیە و هەم دەکرێت وهەم عەمەلیە، ئێستا بۆ نموونە ئەو واقعەی کە ئێستا لە کشتوکاڵ هەیە، ئێستا لە مەشاریعی بەردەوامی ئەوان 143 پرۆژە بە کۆی گشتی 551 ملیار حالیەن مەوجودە و کە 31 ملیاری سەرف کراوەو ئەمساڵ 152 ی بۆ داندراوە، یەعنی تەمویل کردنی خودی بەرنامە 5 ساڵیەکە بە تایبەتی کە زۆر لەبەڕێزانی ئەندامانی پەرلەمان داوای خوتەتی ستراتیجی دەکەن، دەبێ پەرلەمانیش ئامادە بێت بۆ ئەوەی کە تەبەنای ئەو خوتەیە بکات و بیر لەتەریقەی تەمویلی بکاتەوە، لەکەرتی کارەبا ئێستا ئەویش وەکو میسالێکی تر چونکە بابەتێکی زۆر گرنگە، ئێستا دوو پلانی درێژخایەنیان لەبەردەستە، یەکێکیان هەتا ساڵی 2021 ەکە کە کۆمپانیایەکی پسپۆڕی بیانی لە ماوەی یەك ساڵ پلانەکەی کردووە کۆمپانیای (BP)یە تەبعەن ئەوان کە ئەو پلانەیان داناوە وەکو خاریتەی تەریق کە نەخشە ڕێگایەکە بۆ چارەسەر کردنی کێشەکە، پلانی دووەم کە زیاتر عەلاقەی بە تەمویل هەیە و پلانێکی چوار ساڵیە کە ئێستا وەزارەتی کارەبا ئەم ساڵ ئەو جوزئەی تەڵەب کردووە، دەشزانێ کە بۆ ساڵی ئایندە 2011 ئەوەندەیەو 2012 و 2013 و 2014 ی داناوە، لەوێشدا کۆمەڵێك ئیلتزامات هەیە کە هەرچی مەشروعی موفتەرەح هەیە و هەرچی ئەوەی کە هەبێت وەزارەتی کارەبا ناچار دەبێ بە تەمویلی ئەگەر ئەمساڵ مەجموعەیەك (LC)ی کردەوە کە پرۆژەکانی دەست پێ کرد، با بڵێین لە ناحیەیەی مەحەتات وازحە کە ساڵی ئایندە لە چ مەرحەلەیەك چی دەوێت، لەبەرئەوە ئەو دوو مەسەلەم هێنا پرۆژەی بابڵێین پلانی چەند ساڵەی کشتوکاڵ لەگەڵ پلانی چەند ساڵەی وەزارەتی کارەبا من پێشنیار دەکەم دوای موسادەقەی میزانیەش بێت هەر لە ئێستاوە ئەم هەردوو پلانە لە پەرلەمانی کوردستان تاوتوێ بکرێت و بۆ ئەوەی کە ئیتلاع لەسەری هەبێت ئێمە کە شتێك موعالەجە دەکرێت وەکو شتێکی با بڵێین غیر مەدروس نەیەتە بەرچاو، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر داوات کردبوو کە قسەی ترت هەیە؟ فەرموو.

**بەڕێز بایز تاڵەبانی (وەزیری دارایی و ئابووری):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تەعویزی هەندێك شت هەبوو دیارە تەوزیحم لێی داوە کە ئەوانەی بە نیسبەت سلفەی زەواجەوە ئەوانەی کەبەسەر یەك ساڵەکەیان دا تێ نەپەڕیوە بە پێی ڕێنماییەکانی ئێمە مەشمولن بەم سلفەی زەواجە، چی ئەوانەی کە وەریان گرتووە و چ ئەوەی کە ئێمە لەگەڵ حکومەت قسەم کردووە، بەس بەمەرجێك ساڵەکە تێ نەپەڕی بێت، بە نیسبەتی ئەوەی پێشمەرگەوە کە بە نیسبەتی زیندانی سیاسیەوە،گوایە من بە غەڵەت

گوتووە زیندانی سیاسی 490 هەزار دیناری بۆ 490 هەزار دینار ئەوە وایە، ئێمە تەئکید دەکەینەوە و لێرەش تەئکیدم کردووەتەوە، بە نسبەتی ئەو خوشکەی کە دەڵێت بۆ شەهیدان بە نیسبەت تێچوونی تەواوی فوتابخانەکانی خوێندن باس نەکراوە ئایا لەگەڵ حکومەت باستان نەکردووە، بە نیسەبتی ئەو تێ چوونە ئێمە هیچ موشکیلەیەکمان نیە لە خزمەتیان داین، هی شەهیدان و ماڵ و منالی شەهیدان، بە نسبەتی سلفەی زەواجەوە بۆ مندالانی شەهید هەتاوەکو ئێستا ئەوە فعلەن نەکراوە و ئێستا ئەوە زیادی کردووەو دەگەڕێتەوە بۆ پەرلەمانی بەڕێز لەگەڵ ئەو ئیقتراحاتانە، ئەوە بە مینحە حساب بکرێت دیارە باسیش لەوە دەکرێت کە من هەر باسی پێشمەرگەم نەکردووە، ئەو ڕۆژە باسی پێشمەرگەم کردو جارێکی تریش دەڵێم پێشمەرگەی پیرۆز و پێشمەرگەی کە هەموو لایەکمان قەرزاری ئەوانین و تاوەکو ئێستا چوار، پێنج جار کۆبوونەوە کراوە لەسەر مەوزوعی جێ بەجێ کردنی ئەو یاسایانەی کە دەرچووە، لەبەرئەوەی ئیحسائیەکی تەواو نەبووەو نەیانزانیوە تێ چوونەکان چیە و چەندی تێ چووە، ئیشی تیا ئەکەن و کۆبوونەوەکانیش لەسەر مستەوای وەزیری پێشمەرگە و ڕەئیسی وزەرا و ئەمینی عامی پێشمەرگە و وەزیری دارایی و مومەسلی بەڕێز جەنابی سەرۆکی هەرێم کە لەگەڵماندا دانیشتووە کۆبوونەوە کراوە کە ئومێدەوارم لە ماوەیەکی کەم دا ئەوەش تەواو بێت و بچێتە تەنفیزەوەو ئەوانیش حەقی خۆیان هەرچیەك هەیە کە وەری بگرن و جێی خۆیەتی بە نیسبەتی ئەوانەشەوە کە دوو مەعاشن و باسی ئەوە کرا لە دوو جۆرە مەعاشن،من جارێکی تریش ئەوەم پرسیار کردەوە، ئەڵێ ئەوە لە زمنی ئەو لیوایانە تەنزیمیان دەکەین و ئێمە بە حسابی خۆمان وەزارەتی پێشمەرگە بە حسابی ئێمە لە موستەقبەل کەس نامێنێتەوە لە زمنی ئەو دوو لیوایەیا نەبێت، بە نیسبەتی ئاوارەکانەوە دیارە دەڵێ هیچ بۆمان نەکردووە و نە پرسیارێك نەبووە، بە نیسبەت ئێمەوە ئێمە ئەوە دەگەڕێنینەوە بۆ ئێوەی بەڕێز لە پەرلەمانەوە جەنابتان هەر بڕیارێکتان دا ئەوە تەبیعی بۆ ئاوازەکانی ئێران، ئەگەر بڕیارێکی بۆ بدرێت لێرەوە، باس لەوە دەکرێت ئایا ئەو تەعویزی موزەفین ، تەعویزی موەزەفین ئەو ڕۆژەش باسم کرد هەر کەسێك لە 2003 دا موەزەف بووبێ و لە 2004 ەوە شمولی ئەو تەعویزە دەکات بە پێی ئەو جەدوەلەی کە لەڕێنمایی 1 داهاتووە، بە پێی ئەو جەدوەلە تەعویزەکە شمولی دەکات و وەری دەگرێت، ئیللا مەگەر ئەو زەوابتانەی دانراوە زەوابتە قانونیەکان لەسەری جێ بەجێ نەکرێت، بە نسبەتی وەرزشەوە ئەمانە هەمووی موکەرەرە من باسم کرد لیژنەی ئۆڵۆمپی و باسی ئەوەم کرد کە 10 ملیارەکەی لەکێ سەرف دەکرێ و باسی ئەوەم کرد کەوا ئۆڵۆمپی کە ئێمە لاریمان نیە، یەعنی ئەوانە ئیتر ئەگەر شتێکیشم لەبیر چووبێ داوای لێ بوردن دەکەم، دیارە ئەوەی کاك اسماعیل باسی دەکات کە دەڵێین پۆلیس یەعنی قیوای ئەمنی داخلی و قیوای ئەمنی داخلی پۆلیسیش دەگرێتەوە و ئاسایشیش دەگرێتەوە، ئاسایشیش هەر پۆلیسە، بەهەمان روتبە و بەهەمان شێوەیە، سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی فەرموو، کاك عونی فەرموو.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پەرلەمانتارانی کوردستان، دوای وەرگرتنی ڕاوبۆچوون و تێبینی ئەندامانی پەرلەمان و پێشنیاری زۆریان کرد، ئێمە وەکو هەردوو لیژنەی کاروباری یاسایی و لیژنەی دارایی و ئابووری لە پەرلەمانی کوردستان، ئەو پێشنیارەمان لەبەرچاو گرت، یەکەم/ پشتگیری لەو ڕایە دەکەین کەوا ماددەکانی 1 و 2 گۆڕانکاری لەسەر بکرێت واتە شوێنەکانیان بگۆڕێت، لێرە داوا لە سەرۆکایەتی پەرلەمان دەکەین دوای دەنگدان لەسەر ماددەکە ڕەزامەندی بدات کە ماددەکان ڕیزبەندی بگۆڕدرێت لەلایەن لیژنەی یاسایی و لیژنەی دارایی، سەبارەت بە پێشنیاری ئەوەی کرا کەوا تەخسیساتی ئیعمار و تەنمیەی مەشاریعی ئەقالیم لە بودجە جودا بکرێتەوەو لە بودجەی گشتی هەرێمی کوردستان، ئێستا لەبەردەم پەرلەماندا جەنابی وەزیری پلاندانان ڕەزامەندی دەربڕی لەسەر ئەوەی لێرەدا پێویستە بە دەنگدان لەلایەن ئەندامانی پەرلەمان کە ئەو پێشنیارەی پێشکەش کرا یەکلا بکرێتەوە، بۆیە پێشنیار دەکەم کە بۆ ئاسانکاری بەڕێوەبردنی کۆبوونەوەکە و حەسم کردنی پێشنیارەکان و قەبوڵکردنیان فەقەرە فەقەرە دەنگ بدەین لەسەر ئەو پێشنیارانە هەتا ئێمە وەکو لیژنەی یاسایی بتوانین سیاغەی ماددە قانونیەکان بکەین بەڕێك وپێکی و کێشەمان بۆ دروست نەکات لەڕووی ڕەقەم و لە سیاغەکاندا، دووەم/ پێشنیار کرا کە ئەو ماددەیەی کە زۆربەی زۆری ئەندامانی پەرلەمان پێشکەشیان کرد کە کەم کردنەوەی ڕێژەی بودجەی تەشغیلیە، ڕای جیاواز لەسەر ئەوە هەبوو، پێشنیاری یەکەم کە لەلایەن سۆزان خاڵە شهاب پێشکەش کرا و داوا کرا ئەو پێشنیارە ببێتە بڕگەیەك لە ماددەی یەکەم، بەڵام ئێمە وەکو لیژنەی یاسایی بەباشی دەزانین ئەم پێشنیارە ببێتە ماددەیەکی تایبەت و سەربەخۆ هەتا بتوانین کاری لەسەر بکەین و بەڕێك وپێکی سیاغەکەی دەکەین، ئەم کارەش هەر بە دەنگدان چارەسەر دەکرێت، بۆیە ئەوجا نازانم بەردەوام بم لە قسەکانم یان بڕگە بڕگە پێشنیارەکانمان بخرێتە دەنگدانەوە؟ هەتا ئیشی لەسەر بکەین.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان بۆ ئەوەی کە پەرەپێدانی پارێزگاکان وەکو لە پێشنیاری چەند ئەندامێکی بەڕێز هاتووە کە جیا بێتەوە و تایبەت بێت دائیرەیەکی بڕۆ پارێزگا، کێ لەگەڵ ئەوەیە پەرەپێدنی پارێزگاکان جیابێتەوە تکایە دەستی بەرز بکات؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵ دانیە؟ بە کۆی دەنگ پەسەند کرا، دەست خۆش ئەوە جیا کرایەوە، ئینجا بۆ نەفەقات ئەو ڕەقەمە تەرح دەکەن و تەغیری بەسەر دێت، بەردەوام بە کاك عونی فەرموو.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بۆ ئەو بڕگەیە سیاغەیەکمان ئامادە کردووە، ئەگەر پێتان باشە لە ئێستاوە سیاغەکەش بخوێنمەوە و ئەگەر مولاحەزات هەبوو بتوانین چاکی بکەین.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموون سیاغەکەی دروست بکەن، چونکە ئێستا بڕیارتان دا کە جیا بێتەوە، بۆ جیابوونەوەی سیاغەکەی ئامادەبکەن و بۆ ئەوەی بدرێتە دەنگدان، کاك عونی فەرموو.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وابزانم لە فەقەرەی (أولا)ەنەوە دەست پێ بکەم لە ماددەی 1 ەوە هەتا بە تەسەلسول بڕۆینە دوای ماددەکە.

المادة الاولى:

یرصد لنفقات السنة المالیة 2011 مبلغ قدره (لەبڕگەی 1 لە ماددەی یەکەم، واتە (المادة الاولى، (اولا):

1. مبلغ قدره ثلاث ترلیون و ثمانمائة و اثنان وخمسون ملیار دینار لنفقات المشاریع الاستثماریة.

2. مبلغ قدره مائتان وثمانیة وتسعون ملیار دینار لاعمار وتنمیة مشاریع الاقالیم والمحافظات، وعلى المحافظ تقدیم خطة اعمار المحافظة والاقضیة والنواحی التابعة لها المصادق علیها من قبل مجلس المحافظة الى وزارة التخطیط لغرض دراستها والمصادقة علیها على ان تراعى المناطق الاكثر تضررا داخل المحافظة، وعدد سكانها.

جەنابی سەرۆکی پەرلەمان، داوادەکەین لە سەرۆکایەتی پەرلەمان ئەو بڕگەیە کە خوێندرایەوە بدرێتە دەنگدان، ئەگەر ئەندامانی پەرلەمان تێبینیان لەسەر هەیەدەتوانین دووبارە بیخوێنینەوە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

دەنگمان لەسەری دا جیا بێتەوە، بەس ئەمە سیاغەکەی بەو شێوەیەیە کە هەمووتان گویتان لێی بوو، بۆ سیاغەکەی بەو شێوەیە کێ موافقە تکایە دەست بەرز بکاتەو ە؟ زۆر سوپاس. کێ لەگەڵ دانیە؟ بە کۆی دەنگ پەسەند کرا، ئەوەڵ تەخفیزەکان بکەن، دواتر ئەوانی تر، کاك عونی فەرموو.

**بەڕێز عونی کمال سعید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەندامانی پەرلەمان، پێشنیا کرا سەبارەت بەئەنجومەنی دادوەری، پێشنیاری یەکەم/ دەڵێ وەکو خۆی بمێنێتەوە واتە پارەکە کەم نەکرێتەوە، پێشنیار دووەم/ دەڵێ کەم بکرێتەوە لە 63 ملیار بکرێت بە 54 ملیار دینار، پێشنیاری تریش ڕێژەیان بۆی دانا، داوا لەسەرۆکایەتی پەرلەمان دەکەین، پێشنیاری یەکەم کە دەڵێ وەکو خۆی بمێنێتەوە بدرێتە دەنگدان.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان خۆی ......... فەرموو د.ڕۆژان.

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

وەك خۆی بمێنێتەوە واتە وەكو ئەسڵی مەشروعەكە، بۆیە مەفروزە ئەو پێشنیارە نوێیە بۆ كەمكردنەوەی بودجەی ئەو ئەنجومەنە ئەوە بدرێتە دەنگدان، ئەگەر ئەو دەنگی نەهێنا ئەوجا ئەسڵی پرۆژەكە دەدرێتە دەنگدان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك برهان نیزامی؟ فەرموو.

**بەڕێز بورهان رشید حسن:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمەش سێ ئەندام پەرلەمان ئیمزامان كردووە و پێشنیارمان كردووە زیاد بكرێت بۆ خانوو و تەعینی حاكمی تازە، لەبەرئەوەی ئەزمەی كەمی حاكممان هەیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سۆزان خان فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

قسەكەی ڕۆژان خانە، لەبەرئەوەی ئیقتراحەكە لە پێشدا دەبێ بخرێتە دەنگدان و دوایی ئەسڵی مەشروعەكە بخەینە دەنگدان و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروا ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ڕەنگە زۆر حاڵەتی دیكەش بێتە پێشمان، نسەبی جیا جیا هەبێت، ئێمە مەفروزە لەسەر پرۆژەكە نزیكترین نسبە وەرگرین و بیدەینە دەنگدانەوە، نزیكترین نسبە دەبێ 10 ملیار لە مەجلسی قەزا كەم بێتەوە، ئەگەر ئەو پێشنیارە سەری گرت، ئەگەر نا وەكو خۆی دەمێنێتەوە.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك بلال فەرموو.

**بەڕێز احمد سلێمان (بلال):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەڵلا من هەروەکو پرسیارێك لە جەنابی کاك شێروان، ئایا ئەگەر ئێمە کەممان کردەوە دواتر لەڕێژەی کولی دووبارە کەممان کردەوە دووبارە کەم دەکرێتەوە؟ یان یەکجار کەمی دەکەینەوە؟ یەعنی ئەم کەم کردنەوەیە کە کەم کرایەوە دووجار کەم دەبێتەوە یان یەك جار؟ سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروا ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەگەر کەم بکرێتەوە دووجار کەم دەکرێتەوە، چونکە 10٪ لە ئیجمالی موازەنە دێتە خوارێ بە نیسبەت نەفەقات، بۆیە دووجار کەم دەکرێتەوە، هەم 10٪ ی تەخفیزەکە یان زیاتر، هەم ئەو 10 ملیارەی کە ئێستا موقتەرەحە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عونی فەرموو.

**بەڕێز عونی کمال سعید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشنیار وانەبوو 10 ملیار دەڵێ 54 ملیار بێت لە جیاتی 63.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

رجائەن تەواو، کاك عونی دووبارەی کەرەوە، فەرموو.

**بەڕێز عونی کمال سعید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە لێرە تەعامول بە ژمارەو بە رەقەم دەکەین دەبێ بە دەقیقی ئیشی لەسەر بکەین، پێشنیار کرا کە 54 ملیار ببێ لە جیاتی 63، نە 10 ملیار کەم بکرێتەوە، ئەم پێشنیارە بخرێتە دەنگدانەوە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

پێشنیارێك هەیە کەم کردنەوە، چەند ئەندامێکی بەڕێز بۆ زیاد کردن، پێشنیاریش هەیە وەکو خۆی بمێنێتەوە، ئێستا کەم کردنەوەکە، کامەی دەنگی زۆرینەی هێنا ئەوە پەسەند دەکرێت، ئاخر سیاغە بخوێنە بۆ کەم کردنەوەکەی بۆ ئەوەی بیدەینە دەنگدان.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عونی فەرموو.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بڕگەی 4 لە ماددەی یەکەم، (أولا)/ (مبلغ قدره 54 مليار دينار لنفقات مجلس القضاء).

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ لەگەڵە تکایە دەست بەرزبکاتەوە؟ .......... رجائەن دووبارە بەدەقیقی بیخوێننەوە هەڵەت خوێنـدەوە، کاك عونی فەرموو.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

جەنابی سەرۆکی پەرلەمان، بڕگەی چوار لە پرۆژەی بودجە............ .

بڕگەی چوارەم لەپرۆژەی بودجە، تایبەتە بە ئەنجومەنی دادوەری، لەوێ هاتووە دەڵێت (مبلغ قدره (63,330مليون )ثلاثة و ستون مليار وثلاثمائة وثلاثون مليون دينار لنفقات مجلس القضاء)ئەوە ئەصڵی پرۆژەکەیە، بەس پێشنیاری نوێ ئێستا دەیخوێنمەوە، کە بدرێتە دەنگدان بەم شێوەیەیە(مبلغ قدره 54 مليار لنفقات مجلس القضاء) سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێستا کەمکردنەوەکە کێی لەگەڵدایە تکایە بادەستی بڵند بکات؟، 61 ئەندامی بەڕێزی لەگەڵدایە، کە کەمبکرێتەوە بۆ 54 مليار دينار، کێی لەگەڵدا نیە؟، 24 بەڕێزی لەگەڵدا نیە؟، کەمکرایەوە بەزۆرینەی دەنگ بۆ 54 مليار دينار، بەڕێزان تکایە وەختی دەنگدانە بۆ ئەوەی سەرمان لێ نەشێوێت، بەهەڵەش نەچێت، کەمێك بێدەنگی بپارێزن، فەرموو کاك عونی.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە بڕگەی سێیەم لە خاڵی یەکەم، لەماددەی یەکەم، کە دەڵێت( مبلغ قدره( 54 مليار) اربعة وخمسون مليار دينار لنفقات برلمان إقليم كوردستان). پێشنیار کراوە کە ئەو بڕە زیاد بکرێت بۆ 74مليار دينار، واتە ئێستا ئەو پێشنیارە دەخوێنمەوە (مبلغ قدره 74مليار دينار لنفقات برلمان إقليم كوردستان). داوا لە سەرۆکایەتی دەکەم، کە ئەو پێشنیارە بخاتە دەنگدانەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئێستا کێی لەگەڵدایە کە زیاد بکرێت بۆ 74 مليار دينار با دەستی بڵند بکات تکایە؟، 52 کەسی لەگەڵدایە؟، کێی لەگەڵدا نیە؟، 40 بەڕێزی لەگەڵدا نیە، بەزۆرینەی دەنگ پەسەند کرا، فەرموو کاك عونی بەردەوام بە.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

داوا لەسەرۆكایەتی پەرلەمان دەكەم، كە داوا لە وەزیری دارایی بكات، ڕەقەمەكان تەسبیت بكات دوای ئەو گۆڕانكارییە كە لەماددەكان كران.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیری فەرموو.

**بەڕێز شێخ بایز تاڵەبانی( وەزیری دارایی و ئابووری):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دیارە پێشتووتر ئەو عەجزەی كە دەستنیشان كرابوو، ئەو 54 ملیارەی كە ئێستا بوو بە 74ملیار، 54 بوو، وە ئەو 63 و كەسرە بوو بە 54ملیار دینار، لەبەر ئەوە ئەگەر ئەمانە كۆیان بكەیتەوە لە ئەصڵی یەكەم دەربكرێت، كە نەفەقاتی ساڵی 2011یە، عەجزەكە دەگۆڕدرێت، لەبەر ئەوە ئەبێت كۆبكرێتەوەو لێی تەرح بكرێت، ئەو عەجزە دەستنیشان بكرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو كاك شێروان.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

جارێ، لەبەر ئەوەی لە نەفەقاتی قەزا كەم بوویەوە، مەفروز وایە، ئەصڵی نەفەقاتی ئیجمالی موازەنە لێی تەرح بكرێت، ئەو نەفەقاتەی كە كەمكرایەوە لە مەجلسی قەزا، ئەمە خاڵی یەكەم: دووەم: بەنیسبەت پەرلەمان كە 20 ملیار زیادی كرد، ئیمكان هەیە ئێمە لە 10٪ كە تەخفیز دەكرێت، خاڵێك لەوێ دابندرێت بۆ نەفەقاتی پەرلەمان، بەنیسبەت ئەو تەخفیزەی كە بڕیاری لەسەر دەدرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك شێخ بایز، فەرموو.

**بەڕێز شێخ بایز تاڵەبانی(وەزیری دارایی و ئابووری):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێستا ئەم ماددەیە هەموو شتێكی تێدا حەسم كردووە، یەعنی ئیرادی تێدا حەسم كردووە، شتەكانی هەموو یەك لەیەكی تەرح كردووە، ئەوەندە دەردەچێت، لە مەوزوعی لە 10٪كە لەئەخیردا بەیەك ماددە دێت، ئێستا لەسەر ئەمە موصادەقە دەكرێت، ئەم وەزعێتەی ئێستا بەخۆی و بە عەجزەكەیەوە، تۆ دێیت بە ماددەیەكی تر لە 10٪ دا ئەگریت لە ئەصڵی مەسەلەكەدا، وە تەوزیعی دەكەیتەوە، ئەوە لەناو بودجەدایە، ئەمە مەفروزە ئێستا عەجزەكە دەستكاری بكرێت، زیاد دەكات یان كەم دەكات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

لیژنەی دارایی تكایە ڕەئیتان.

**بەڕێز د. ئاراس حسین محمود:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەحەیقەت ئەو مەبلەغەو ئەو گۆڕانكارییە كە ئەبێت، هەر لە ئیجمالی میزانیەی تەشغیلیەكەیە، لەبەر ئەوە گۆڕانكارییەك نابێت بەو شێوەی كە پێویست بكات، لەبەر ئەوە مەناعەتمان نیە ماوەیەكمان بدەنێ تا ئێمە ئەو ئیجرائاتە دەكەین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو عجزەكە بخوێننەوە.

**بەڕێز د. ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دوای ئەوەی دەنگ لەسەر زیاد كردن و كەمكردنی ئەو بڕە پارانەی كە لە بڕگەی سێیەم و چوارەمی بڕگەی یەكەمی ماددەی یەكەم درا، ئێمە سەبارەت بەوەی پەرلەمان كە پێشنیارێك هەبوو، كەمكردنەوەی ڕێژەی بودجەی تەشغیلی ئەوە لەوێ چارەسەر بكرا، تەنها لێرە بەس بڕی عەجزەكە گۆڕا، كەم بوویەوە، لەبەر ئەوەی بودجەی ئەنجومەنی دادوەری، پەرلەمان بڕیاریدا كەم بكرێتەوە، ئەو بڕە پارەی كە دەمێنێتەوە عەجزەكەی پێ پڕ دەكرێتەوە، واتە عەجزەكە لە ئەصڵی پرۆژەكە 1 تریلیۆن 554ملیار و296 ملیۆن دینارە، پاش كەمكردنەوەی بودجەی ئەنجومەنی دادوەری، بڕی عەجزەكە كەمی كرد بۆ 1 تریلیۆن و544 ملیار و296 ملیۆن دینار، ئەوەی پەرلەمان كەزیادی كرد لەو ماددەیەی كە كۆی دەنگ لەسەر ئەوە بوو، لە 10٪ بودجەی تەشغیلی كەم بكرێتەوە، لەوێ ئێمە پێمان باش بوو هەردوو لیژنە كەوا ماددەیەكی سەربەخۆ بێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك كاردۆ فەرموو.

**بەڕێز كاردۆ محمد پیرداود:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەم عجزەی كەباسیان كرد، ڕاستە مەجلسی قەزا عەجزەكە كەم دەكاتەوە، بەڵام هی پەرلەمان زیادی دەكات، لەبەر ئەوە قسەكەی وەزیری دارایی ڕاستە، نەك ئەمە، خاڵێكی تر، دەنگی لەسەر درا دەنا پێم وابوو ئەو ڕێژەی كە لە بودجەی بەكارخستن بە بۆچوونی جیاواز تەرح كرا، هەر سێ مەجلسەكەی بگرتایەتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك عومەر صدیق هەورامی، فەرموو.

**بەڕێز عمر صدیق هەورامی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەڕاستیدا دوو ڕێگە هەیە بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ ئەم بابەتەدا، یەکێکیان: ئەوەیە کە مەبلەغی عجز، کورت هێنان زیاد بکەین، ئەویش بۆ زیاد دەبێت؟ لەبەر ئەوەی ئێمە نزیکەی 9 تریلیۆن و330 ملیاردینار لە مەجلسی قەزا کەم دەکەینەوە، بەڵام 20ملیار بۆ مەبلەغی کولی پەرلەمان زیاد دەکەین، ئەگەر 20 ملیار، 9ملیار و330 ملیۆن لێ دەربکەین، دەکاتە 10 ملیار و670 ملیۆن، ئەمە ئیزافە دەبێت بۆ سەر عجزەکە، ڕێگەی یەکەم: ئەو کاتە مەبلەغی کولی کورت هێنان دەبێت بە 1 تریلیۆن و 564 ملیار و966 ملیۆن، ڕێگەی دووەم: ئەوەیە کە ئەو مەبلەغانەی کە هاتوون لێرە وەکو خۆی بیهێڵینەوە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان بەو شێوە نابێت، وەخت دەدەین بە وەزیرە بەڕێزەکان، لەگەڵ لیژنەکان، لەماوەی 20 دەقە ئەو حساباتانە بە دەقیقی بکەن دێینەوە سەر دانیشتنەکە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان، کە دەبڕدرێت، پێویستە لە پەرلەمانیش ببڕدرێت، نابێت بڵێین ئێمە ئەو لە 10٪یە لە ئێمە نەبڕێدرێت، ئەو لە 10٪یە کە دادەبەزێت، با لە پەرلەمانیش وەك لایەنەکانی تر ببڕدرێت، نابێت، ئەو لە 10٪یەی دەدرێتە دەنگدان، لەوانەیە زیاتر بێت، بەڵام چەند بوو، ئەگەر لە 50٪ش بوو، لەوەی پەرلەمانیش ببڕدرێت.

لیژنەی یاسایی فەرموون بەردەوام بن لە کار، تکایە ئارامی ڕەچاو بکەن، فەرموون.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دوای چاك کردنی ئوموری حیسابی لەگەڵ بەڕێز جەنابی وەزیری دارایی و ئابووری و وەزیری پلاندانان، لەگەڵ لیژنەی دارایی پەرلەمانی کوردستان، سەبارەت بە عەجری موخەتەت، ئێستا فەقەرەکە دەخوێنمەوە بەو شێوەیەی خوارەوە:

(ثانياً: العجز المخطط يقدر بمبلغ (1,564,296) تريليون واحد وخمسمائة واربعة والستون مليار ومئتان وستة وتسعون مليون دينار)، ويغطى هذا العجز من المبالغ المخصصة لوزارة البيشمركة من الموازنة التشغيلية الاتحادية لحرس الاقليم ضمن تخصيصات وزارة الدفاع العراقي الاتحادي حسب قوانين الموازنة العامة الاتحادية للسنوات المالية (2007 الى 2011)). داوا لە سەرۆکی پەرلەمان دەکەم ئەو صیاغەیە بداتە دەنگدان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان، کێ لەگەڵە بەو شێوەیەی خوێندرایەوە دەستی بەرز بکاتەوە؟ (47) بەڕێز لەگەڵدایە، زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ (27) بەڕێز لەگەڵدا نییە، زۆر سوپاس، بەزۆرینەی دەنگ پەسند کرا، فەرموو بەردەوام بن.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تەسەلسولەکانی پاش ئەو گۆڕانکارییە، گۆڕا، بڕگەی سێ ئەوەلەن لە ماددەی یەکەم بەو شێوەیە: (مبلغ قدره (9,672,670) تسعة تريليون وستمائة واثنان وسبعون مليار وستمائة وسبعون مليون دينار للنفقات التشغيلية). داوا لە جەنابی سەرۆکی پەرلەمان دەکەم، ئەو خوێندنەوەیە بداتە دەنگدان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ تکایە ژمارەکە لەبەردەستتانەو خوێندرایەوە، کێ لەگەڵە تکایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ بەڕێزان، قسە دەکەن، گوێ ڕاناگرن، دوایێ دەڵێن وازیح نەبوو، لیژنەی یاسایی فەرموو دووبارە بیخوێنەوە، تکایە بێ دەنگ بن، نوقتەی نیزامی نییە، تەواو، فەرموون بەردەوام بن.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

(3- مبلغ قدره (9,672,670) تسعة تريليون وستمائة واثنان وسبعون مليار وستمائة وسبعون مليون دينار للنفقات التشغيلية).

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو بە کوردیش بخوێننەوە.

**بەڕێز محمد دلێر محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

(بڕگەی دووەم: بڕی (9,672,670) نۆ تریلیۆن و شەش سەدو حەفتاو دوو ملیارو شەش سەدو حەفتا ملیۆن دینار بۆ خەرجی وەگەڕخستن).

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

نوقتەی نیزامی، کوێستان خان فەرموو.

**بەڕێز کوێستان محمد پیرداود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێویستە ئەم فەقەرەیە کاتێك بخرێتە دەنگدانەوە، کە بڕینەکان دەخرێتە دەنگەوە، چونکە ئەم رەقەمە دەگۆڕێت، لە یاساکەدا تەسبیت دەبێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی دارایی فەرموو.

**بەڕێز د.ئاراس حسین محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو رەقەمی نەفەقاتی تەشغیلی کۆیەکەی ناگۆڕێت، دواتر دوای ئەوەی کەدەنگ دەهێنێت لەسەر رێژەکە، ئەو کاتە بەپێی رێژەکە دادەبەزێت و موافیق دەبن لەسەری ئەندامانی پەرلەمان.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو بە کوردیش جارێکی تر بیخوێنەوە، بۆ ئەوەی بیدەینە دەنگدانەوە، تکایە نوقتەی نیزامی نییە.

**بەڕێز محمد دلێر محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

(3- بڕی (9,672,670) نۆ تریلیۆن و شەش سەدو حەفتاو دوو ملیارو شەش سەدو حەفتا ملیۆن دینار بۆ خەرجی وەگەڕخستن).

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ (56) بەڕێز لەگەڵدایە، زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ (26) بەڕێز لەگەڵدا نییە، زۆر سوپاس، بەزۆرینەی دەنگ پەسند کرا، فەرموو بەردەوام بن.

**بەڕێز عونی كمال سعيد بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێستا لە ماددەی یەكەمی پرۆژەی بودجەی هەرێمی كوردستان بۆ ساڵی 2011 تەنها بڕگەی ئەوەڵەن ماوە، واتا بەو شێوەیە:

(المادة الاولى:

اولاً: يرصد لنفقات السنة المالية 2011 مبلغ قدره (13,940,000) ثلاثة عشرة تريليون وتسعمائة واربعون مليار دينار ويوزع كالاتي).

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

نوقتەی نیزامی، كاك شۆڕش كەرەم بكە.

**بەڕێز شۆڕش مجيد حسين:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە لەو مەبلەغەی كە ئێستاكە رەصد كراوە بۆ ساڵی 2011، (298) ملیارمان لێ دەرهێنا، كە پرۆژەی پەرەپێدانی پارێزگاكان بوو، پێویستە لەوە بێتە دەرەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

عەزیمە خان كەرەم بكە.

**بەڕێز عظيمة نجم الدين حسن:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

كاتێك كە صیاغە دەكرێتەوە، پێویستە بە كوردیش بێت، نەك تەنها بە عەرەبی، بەكوردیەكەش پێویستە بكرێت لە پەرلەماندا، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

باشە، سوپاس، عیماد محمد كەرەم بكە.

**بەڕێز عماد محمد حسين:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دەبێت ئەو زیادەیەی چووەتە سەر عجزەكە لە كوێ زیاد بكرێت؟ سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو خانم.

**بەڕێز ناسك تۆفيق عبدالكريم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

هەر هەمان ئەوەی کاك عیماد گوتی.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

لیژنەی دارایی.

**بەڕێز د.ئاراس حسین محمود:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من پێم باشە ڕەئی بەڕێز وەزیری دارایی بێت لەو بارەیەوە.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێز جەنابی وەزیر.

**بەڕێز شێخ بایز تاڵەبانی/ وەزیری دارایی و ئابووری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێستا بەنیسبەت ئەو (13940)ـە، بەهیچ شێوەیەك گۆڕانكاری تیا نەبووە، وەكو خۆی ماوەتەوە، وەكو خۆشی دەمێنێتەوە، ئێمە هاتووین دەستكاری ئەم ڕەقەمانەمان كردووە، كە لە زیمنی ئەم (13940)ـیە، بەڵام هیچ تەغیرێك لەسەر (13940)ـەكە نییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو.

**بەڕێز ناسك تۆفیق عبدالكریم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێستا عجزمان زیاد كرد، كۆی عجزو نەفەقاتی تەشغیلی و هەمووی ئینجا دەكاتە بودجەی گشتی، ئێستا ئێمە عجزەكەمان بەرز كردۆتەوە، چۆن نەفەقاتی گشتیەكە وەكو خۆی دەمێنێتەوە؟ ئەویش زیاد دەكات، بڕی زیاد كردنەكە لە عجزەكە.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك عبدالسلام كەرەم بكە.

**بەڕێز عبدالسلام مصطفى صديق:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

زۆر سوپاس، ئەم ژمارەیەی لە یەكەم هاتووە كە (13)و ئەوەندەیە، كۆی خاڵی دوو و سێ و چوارە، لەوێ دە ملیار و نۆسەدو شەست وشەش ملیۆن زیادی كردووە، بۆیە ئەو ڕەقەمە دەبێتە (13,950,670) سێزدە تریلیۆن و نۆسەدو پەنجا ملیارو شەش سەدو حەفتا ملیۆن، بۆیە ئێمە كورتهێنانەكەمان زیاد كرد، چونكە نەفەقاتەكە زیاد بووە.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

ئیعادەی ڕەقەمەكە بكەوە، فەرموو.

**بەڕێز عبدالسلام مصطفى صديق:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەبارەت بە بڕگەی یەكەم، ئێمە هیچ گۆڕانكاری حیسابیمان نەكردووە، تەنها ژمارەكەمان دابەش كردووە بۆ دوو بوار، ئەوە وەكو خۆی دەمێنێتەوە، بڕگەی سێ و چوار فەرقێك هەیە دە ملیارو نۆسەدو شەست وشەش ملیۆن، بۆیە واتا زیاد بووە، بۆیە كورتهێنانەكەش كەم بووە، ژمارەكە دەبێتە (13,950,670) سێزدە تریلیۆن و نۆسەدو پەنجا ملیارو شەش سەدو حەفتا ملیۆن.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك عەونی بەردەوام بە.

**بەڕێز عونی كمال سعيد بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

(المادة الاولى:

اولاً: يرصد لنفقات السنة المالية 2011 مبلغ قدره (13,950,670) ثلاثة عشرة تريليون وتسعمائة وخمسون مليار وستمائة وسبعون مليون دينار ويوزع كالاتي).

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێزان، كێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بكاتەوە؟ (68) بەڕێز لەگەڵدایە، زۆر سوپاس، كێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بكاتەوە؟ (11) بەڕێز لەگەڵدا نییە، زۆر سوپاس، بەزۆرینەی دەنگ پەسند كرا، بەڕێزان، ئێستا ماددەی یەكەم لە فەسلی یەكەم نەفەقات و عەجز هەمووی دەخەمە دەنگدانەوە، كێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، كێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بكاتەوە؟ (19) ئەندامی بەڕێز لەگەڵدا نییە، بەزۆرینەی دەنگ پەسند كرا، زۆر سوپاستان دەكەم، ئێستا دانیشتنەكە دوا دەخەین بۆ سبەی سەعات (10) خوا ئاگادارتان بێت، زۆر سوپاس.

**شێروان ناصح حیدری**
**سكرتێری پەرلەمانی**
**كوردستان – عێراق**

**محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكی)**
**سەرۆكی پەرلەمانی**
**كوردستان - عێراق**

# پەرلەمانی كوردستان - عێراق

**پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (20)**

**چوارشەممە رێكەوتی 25\5\2011**

**خولی سێیەمی هەڵبژاردن**

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (20)

## چوارشەممە ڕێکەوتی 2011/5/25

کاتــژمێر (11)ی پــێش نیــوەڕۆی ڕۆژی چــوار شــەممە ڕێکــەوتی 2011/5/25 پەرلـەمانی کوردســتان - عێراق بە سەرۆکایەتی بەڕێز محمد قادر عبداللە(د.کمال کـەرکووکی) سـەرۆکی پەرلـەمان و, بـە ئامـادەبوونی بەڕێز شێروان ناصح حیدری سکرتێری پەرلەمان, دانیشتنی ژمارە (20)ی خـولی سـێیەم, ساڵی (2011) ی خۆی بەست.

**بەرنامەی کار:**

بەپێی حوکمەکانی بڕگە (1)ی مادده (20) لە پەیڕەوی نـاوخۆی ژمـارە (1)ی هـەموارکراوی ساڵی 1992ی پەرلەمانی کوردستان - عێراق, دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بڕیـاری درا دانیشـتنی ژمـارەی (20)ی خـولی سێیەمی هەڵبژاردن لە کات (11)ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی چوارشەممە ڕێکەوتی 2011/5/25 دا بەم شێوەیە بێت:

1- بەردەوام بـوون لەسـەر گفتوگۆکردن و بڕیـار دان لەسـەر پـرۆژە بودجـەی هـەرێمی کوردسـتان بـۆ ساڵی (2011)

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

بەناوی گەلی کوردستان، دانشتنەکەمان ئەکەینەوە خولی سێ یـەمی هەڵبـژاردن سـاڵی دووەم خـولی گرێـدانی دووەم ژمارەی دانشتن (20) ڕۆژی دانیشتن (2011/5/25) بەرنامەی کار بـەپێی حوکمـەکانی بڕگـە (1) مادده (20) لە پـەیرەوی نـاوخۆی ژمـارە (1) ی هـەموار کـراوی سـاڵی (1992) ی پەرلـەمانی کوردسـتانی عیراق دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بڕیاری دا بەرنامەی کاری دانیشتنی ژمارە (20) ی ئاسایی خولی سێ یەمی هەڵبژاردن سەعات (10) ی پێش نیوەڕۆ، بەڵام دواخرا بۆ (11) ی پێش نیوەڕۆ ڕۆژی چوار شـەممە ڕێکەوتی (2011/5/25) دا بەم شێوەیە

1- بەردەوام بوون لەسەر گفتوگۆکردن و بڕیـار دان لەسـەر پـرۆژە بودجـەی هـەرێمی کوردسـتان بـۆ سـاڵی (2011) و یاسا کەی، ئێستا داوا لە لێژنەی یاسایی، لێژنەی دارایی ئەکەین فەرموون بۆ سەر مەنەصە.

**بەڕێز شێخ بایز تاڵەبانی/ وەزیری دارایی و ئابووری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دوێنەکە لە قسەکانمان دەربارەی زیندانی سیاسی دووجار باسی ئەوەمان کرد کەوا چوار سەدو نەوەد هەزار دینارە پارەی زیندانی سیاسی، بەڵام خۆ لە حەقەیقەتدا بەغەڵـەت ئـەو ڕەقەمـەمان دا خـۆی چـوار سـەد و پەنجا هەزارە، تکام وایە ئەوە چاك بکرێتەوە لە پرۆتۆکۆڵ و لەگەڵ داوای لێبوردن.

**بەرێز سەرۆكی پەرلەمان :**

بەڵێ بەسەرچاو ژمارە دروستەكەی چوار سەد و پەنجا هەزارە، بۆیە داوا ئەكەین ئەو وتەی بەرێز وەزیری دارایی كاك شێخ بایز راست بكرێتەوە وەهەڵەكان لە پرۆتۆكۆڵ لابچێت بەسەرچاو، لیژنەی یاسایی فەرموون.

**بەڕێز عونی كمال سعيد بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

دوای پەسەند كردنی مادەی (1) ی پرۆژەی یاسای بودجەی هەرێمی كوردستان بۆ ساڵی (2011) ئێستا دێینە سەر ماددەی دووەم:

**الفصل الثاني**

**(الايرادات)**

المادة الثانية:

تقدر ايرادات الموازنة للسنة المالية 2011 لاقليم كوردستان- العراق بمبلغ (اثنا عشر ترليون و ثلاث مائة و ستة وثمانون مليار دينار و حسب ما مبين في الجدول الاتي التسلسل/ العنوان /المبلغ:

واحد :حصة الاقليم حسب قانون الموازنة العامة الاتحادية لجمهورية العراق لسنة المالية 2011 احدى عشرة ترليون و مائة و ثمانون مليار دينار.

اثنان:الايرادات المتحققة فعلا في المنافذ الحدودية الموجودة في الاقليم كوردستان لسنة (2011) و المعاد تخصيصها ضمن موازنة اقليم كوردستان حسب الفقرة (3) من المادة (25) من قانون الموازنة العامة الاتحادية لجمهورية العراق للسنة المالية (2011) .

**بەرێز سەرۆكی پەرلەمان:**

بەرێز لیژنەی یاسایی ئێمە پێشنیارەكان، چونكە لەگەڵ نەفەقاتە ئەو تەخفیزەكان بكرێتە ماددەی دوو پاشان بەردەوام بین لەسەر ماددەی دووی ئێستا كە پاشان جێ گۆڕكێی پێئەكرێتن ئەگەر ئێستا بگەڕێنەوە سەر تەخفیزەكان كە ئەو پێشنیارانەی، هەبوون كە دابگرێ نسبەكان فەرموون :

**بەڕێز عونی كمال سعيد بەزاز:**

**جەنابی سەرۆكی پەرلەمان.**

بەنسبەت تەخفیزی موازنەی تەشغیلی چوار پێشنیار كرا، یەكەمیان دەڵێ (10٪) بێتە خوارێ دووەمیان دەڵێ (15٪) سێ یەمیان دەڵێ (20٪) وە بیست و پێنج وە (50٪) ش (10، 15، 20، 25، 50٪) ش وە (7٪) یش، هەبوو (7٪) كە یەك ئەندام پەرلەمان پێشكەشی كرد بوو (10٪) كە زۆرینەی ئەندامان پێشنیاریان كرد بوو، ئێستا داوا لە سەرۆكایەتی پەرلەمان دەكەم كەوا كەمترین ڕێژە بخرێتە دەنگدان

**بەرێز سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو.

**بەرێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەکسەریەتی زۆرینەی برادەرانی ئەندام پەرلەمان موقتـەرەحیان لەسـەر (10٪) کـە بـوو وە دوێنـێش ئـەو حیساباتەی کرا لەسەر نەفەقاتی تەشغیلی و ئیستیسماری گۆرانکاری لە نەفـەقاتی راسـت کـراو بـە نسـبەتی (10٪) کە حیسّب، کراوە ئیستا دەبێ (10٪) بخرێتە دنگدانەوە عەجبا دەنگ دینێ یان نا ؟.

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك کاردۆ فەرموو.

**بەرێز کاردۆ محمد پیرداود:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

رێژەکان جیا جیان بۆ دەنگ لەسەردانی، بەلای ئێمەوە لەرێژەی بەرز دەست پێ بکرێ،

بۆ ئەوەی چونکە ئەگەر لەرێژە نزم دەس پێ بکەی زۆرینەی بێنێ ئیتر کۆتایی پێدێ بەس لە رێژەی بـەرز رەنگـە ئـەمن (10٪) ش، (15) شـم پـێ بـاش بـێ کـە (50) کـە نـابێ، (50) کـە نـەی هێنـا دێنـە سـەر (20)،دێنە سەر (10) بزانین چەند رازی دەبن زۆرینە.

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك سالار فەرموو.

**بەرێز سالار محمود مراد:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەراستیا ئەو موقتەرەحانە هەمووی هەن، بەلاّم ئەبێ یەکەم موقتەرەح کە لەناو هۆڵی پەرلەمان کە بە لـە (10٪) دەسـتی پێکـردووە بـە نـەزەری ئیعتبـار وەربگـیرێ وە لەبەرامبەریشـیا ئـەو پێویسـتانەی کـە بـۆی پرئەکرێتەوە زانیستیانە پۆلێن کراوە من تەسەورم وایە ئـەوەی کـە بـرای بـەرێزم کـاك ئیسـماعیل گـەلاّلی ئاماژەی پێکرد نسبەتەکانی تر زانستی نیین .

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عمر نورەددینی .

**بەرێز عمر حمد امین خدر(نورەددینی):**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەراستی دا کام پێشنیارە زۆرترین تەئیدی لەناو قاعەی پەرلەمان و ئەندامانی پەرلەمان لێکراوە، پێویستە یەکەم جارە ئەوبخرێتە دەنگدانەوە.

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك ئیسماعیل فەرموو.

**بەڕێز اسماعیل سعید محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من دوێنێ لە قسەکانما وتم هەموو ئەو پێشنیارانەی کە کراوە چ لە (10٪) چ لە (50٪) هیچی، یەعنی پشتت ئەستوور نیە بە شتی زانستی، یەعنی هیچیان نەم ووتوە بڵێین ئەوەی کاك کاردۆ یان ئەوەی لیستی گۆڕان من وام وتوە نەم وتوە بەتەحدید برای بەڕێزم کاك سالار لێرە وتی من کە وتوەمە ئەوانەی لیستی گۆڕان من وتومە (10٪) یەکە و هەموو ئەوانە هیچ پشتت ئەستوور نیین بە شتی زانستی زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس ، کاك سەرهەنگ فەرموو.

**بەڕێز سەرهەنگ فرج محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان .**

بەڕێزان ئێمە قسەمان لەسەر ئەوەیە بەراستی هەر پێشنیازێك ئەگەر سێ ئەندامی بەڕێزی پەرلەمان پشتیوانی کرد ئەبێ بخرێتە دەنگدان مەسەلە زۆرینەو ئەوە نیە ئەمە لە لایەك لە لایەکی تر ئێمە باسی بودجەی تەشغیلی ئەکەین بە پێی مەنتیق هەموومان موتەفیقین لەسەر بودجەی تەشغیلی کەم بکرێتەوە، بەڵام بەنسبەتی جیا جیا هەتا زیاتر بکەم بکرێتەوە بە نەزەری ئێمەوە وەکو گروپێك لە ئەندامانی پەرلەمان باشترە، بۆیە بەگرنگی دەزانم بەپێی ئەو مەنتیقە لەزۆر ترین ژمارەوە دەست پێ بکرێت.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان مەجموعەیەك پێشنیار هەیە نسبەی معەیەن دراوە کە ئەخرێتە دەنگدانەوە ئەگەر یەکێکی تر دەنگی هێنا ئەوە ئەبێتە ماددەکە، کاك عبدالله ، فەرموو.

**بەڕێز عبدالله محمد نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە پەرلەمانا قسە کراوە، ئەندام پەرلەمانەکان قسەیان کردووە، پێشنیاریان کردووە، واتە لە ئەساسا پێشنیارەکان بۆ ئەوەیە گۆڕانکاری بێتەدی ئەگەر تۆ بێی ئەم مەبدەئە پەیڕەو بکەی کە ئەو دەنگەی بابڵێین ئەو پێشنیارەی کە هەر لەسەرەتاوە زۆرترین قسەی لەگەڵا بووە، ئەمە بخەیە دەنگدانەوە واتە تۆ ئەبوو لە ئەساسا عەفووم بکەی، یارمەتیم بدە، ئەبوو لە ئەساسا......

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عمر عبدالعزیز فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالعزیز بهاءالدین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من ملاحەزەم لەسەر ئەوەیە وا تەعامل دەکرێ لەگەڵ لە (10٪) کە ئەنەما کۆتایی پێهاتووە، تائێستا پێشنیارە، حەق وانیە برادەران لە لیژنەی یاسایی وا مامەڵە بکەن، هیچ رەقەمێکمان لەسەر ئەساسی

(10٪) نەوتووە، ئێمە وە مەنتقیش وایە بەلای منیشەوە  لەسەرەوە پیابێین خۆ ئەگەر زۆرینـە بـێ دیـارە، وازحە چی لێ بەسەر دێ.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

حمە سعید حمە علی.

**بەڕێزحمە سعید حمە علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان .**

بە پێی لائیحە وەکو بەڕێزیشت ئاگاداری و برادرانیش کە هەر پێشنیارێك سێ کەس یا دوو کەس تەسنیەی لەسەر کرد دەبێ بخرێتە دەنگدانەوە وە مەنتقیش وایە ئـەو ڕێژانـە هـەمووی لـە (20٪ ،40،50) بخرێتـە دەنگدانەوە ئیتر تۆ ئەگەر لە (20٪) خستە دەنگدان دەنگی هێنا ئەمە مەنتق نیە ئـەوانی تـر ڕەفـز بکـەی کەواتە ئەبێ هەموویان بخەیتە دەنگدانەوە لە زۆریشەوە مەنتقەکە وایە چونکە .

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سۆزان شهاب فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان گرنگ نیـە لـەچ ڕێژەیەکـەوە دەسـت پـێ بکـرێ، چـونکە لـە هـەمان کاتـدا لەگـەڵ هەموو ڕێژەیەك دا بەڕێز وەزیری دارایی رای خۆی بدات، کە ئەو رای خۆی بدات پشتگیری لـە کـام نسـبەت دەکات، کێشەکە چارەسەر دەکرێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەندامانی پەرلەمان پێشنیاریان کردووە بەئێمە لە پرۆتۆکۆڵ تا ئیستا متابەعەمان کردووە لە کەمترینەوە بۆ زۆرترین دەچین .

کاك عبدالسلام فەرموو.

**بەڕێز عبدالسلام مصگفى صدیق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەگەر تەماشای میزانیەی تەشغیلی بکـەین مـوەزەفین و ئـەو شمـەك و شـتەی کەلەگـەڵ ڕاتبەکەیـە ئەکاتـە (55٪) تەشغیلی واتە هەر کەم کردنەوەیەك لە تەشغیلی نابێ راتبی تێدابیت، من پێشنیار ئەکەم بە (50) کە دەست پێ بکەین هەموو ئەندام پەرلەمان ئـەم حەقیقەتـەیان لەبـەر چاوە بـا بـە (50) کـە دەسـت پـێ بکەین صافی بکەین و تەواو .

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عدنان  فەرموو.

**بەڕێز عدنان عثمان محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە ڕاستیدا لەبەر ئەوەی لە پەیرەوی ناوخۆ دەقێك نیە، ئالیەتێك نیە بۆ ئەو مەوزوعی دەنگدانە، بۆیە من تکا لە سەرۆکایەتی ئەکەم کە مافی کەمینە بپارێزێت وە بەیەك چاو سەیری بکات، چونکە بەراستی بە عەقلیەتی ئیقسائەوە مامەڵەی لەگەڵ بکەین لەبەر ئەوەی زۆرینەیەك لێرە لەسەر ڕێژەیەك قسەی کردووە کارێکی سابیقەیەکی خراپ ئەبێت، ئەگەر ئیجازەم بدەی مەوزوعەکە لە راستیدا من بۆخۆم کێشەم لەسەر نسبەکە نیە بە دەرجەی ئەوەی کە کێشەم لەسەر مافەکان هەیە واتە ئەقلیەتش لیرانە هەر ڕێژەیەك مەنتقیە، نامەنتقیە، زانستیە، نا زانستیە سەرۆکایەتی پەرلەمان دەبێ مافەکەی بپارێزێ.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ماف پارێزراوە ، ئێمە بەپێی ئەو عادەتەی کە کردوومانە لەم پەرلەمانە لەوەتی هەیە تائێستا موقتەرەحەکان بۆ بڕین بۆ زیادە لە کەمەوە دەست پێ ئەکا بۆ سەرەوە .

ئاشتی عزیز فەرموو.

**بەڕێز ئاشتی عزیز صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەکەم یان بە زۆر بووە دوو بەش لە ناو هۆڵی پەرلەمان فەرقی نیە چ لە لیستی کوردستانی بێ یان لیستی گۆڕان، بەڵام ئەوەش بدرێتە دەنگدان هەتا دیموکراتیەت بچەسپێ

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس ، کوێستان خان فەرموو.

**بەڕێز کوێستان محمد عبداللە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هیچ ماددەیەکی پەیرەو نیە کە بڵێ لەکەمەوە دەست پێ ئەکەین وە ئەوەی موتەبەع بووە لە بودجەیساڵی پارا لە (50٪) کەمان خستە دەنگەوە دەگی نەهێنا دوایی کردمان بە (15،10) هە ر(50٪) کەمان خستە دنگدانەوە هەر دەنگی نەهێنا .

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان :**

کاك دانا فەرموو.

**بەڕێز د.دانا سعید صوفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێم وایە بە دوو شێوازی جیاواز پێشنیارەکان کراوە لیستی کوردستانی پێشنیاری کردووە (10٪) لەسەرجەمی بودجەی تەشغیلی ، لیستی ئۆپۆزسیۆن پێشنیاری کردووە (50٪) لە بودجەی تەشغیلی

بەدەر لە مووچە پێم وایە دوو پێشنیاری زۆر زۆر لێك جیاوازە ئەگەر حسابی ئەوەی لیستی ئۆپۆزسیۆن بکەین دەبێتە (16،15٪) سەرجەمی بودجەی تەشغیلی بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

زۆر سوپاس، خەلاس، تەواو، رەجائەن بێ دەنگ بن، بەڕێزان ئێستا ئەم ژمارانە هەیە، بۆ هەر ژمارەیەك دوو کەس دیفاعی لێ دەکات، دوو کەس لە دژی بێت، ئیجازە بدەن، رەجائەن، 7٪ هەیە، بەڕێزێك پێشنیاری کردووە، کە ببڕدرێ پێشنیاری تر هەیە 10٪، 15٪هەیە، 20٪هەیە، 25٪ هەیە، 50٪ هەیە، ئێمە لە 50٪ وە دەست پێ دەکەین، کێ لەگەڵ ئەوەیە کە 50٪ ببڕدرێت؟، کاك عونی سیغەکە بخوێنەرەوە، لەوێوە دەست پێ دەکەین، بیخوێنەوە هەتاوەکو دوایی دوو کەس دیفاعی لێ بکات.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادە الثالثة واتە ژمارەکەی دەگۆڕدرێت:

المادة الثالثة:

تخفيض نسبة قدرها 50٪ خمسون بالمئة من الموازنة التشغيلية باستثناء الرواتب.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ لەگەڵدایە تکایە دەستی بەرز بکاتەوە؟، 27 بەڕێز لەگەڵدایە، سوپاس، کێ لەگەڵدانیە تکایە دەستی بەرز بکاتەوە؟، بە زۆرینەی دەنگ ڕەفز کرایەوە، ئینجا ئەچینە سەر 25٪، فەرموو ئەویش بخوێنەرەوە.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تخفيض نسبة قدرها 25٪ خمسة وعشرين بالمئة من الموازنة التشغيلية عدا الرواتب والنفقات.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ لەگەڵدایە لە 25٪ بێت تکایە دەستی بەرز بکاتەوە؟، 27 کەس لەگەڵدایە، سوپاس، کێ لەگەڵدانیە تکایە دەستی بەرز بکاتەوە؟، بە زۆرینەی دەنگ ئەویش ڕەفز کرا، دێینە سەر 20٪.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تخفيض نسبة قدرها 20٪ عشرون بالمئة من الموازنة التشغيلية.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان کێ لەگەڵدایە 20٪ بێت تکایە دەستی بەرز بکاتەوە؟، 31 کەس لەگەڵدایە، سوپاس، کێ لەگەڵدانیە دەستی بەرز بکاتەوە؟، 62 کەس لەگەڵدانیە، بە زۆرینەی دەنگ ڕەفز کرایەوە، ئێستا بۆ 15٪، فەرموو.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**تخفيض نسبة قدرها 15٪ خمسة عشرة بالمئة من الموازنة باستثناء الرواتب.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**ئێستا بەڕێزان کێ لەگەڵدایە 15٪بێت تکایە دەستی بەرز بکاتەوە؟، نیزامیە فەرموو.**

**بەڕێز کاردۆ محمد پیرداود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**ئەم نیسبەتە کە دەڵێی 50٪، دەڵێین بەبێ مووچە، جیاوازە لەوەی کە دەڵێین 10٪ لە کۆی بودجە، چونکە ئەگەر 10٪بێت، بەبێ مووچە دەکاتە 8٪، ئێستا ئەمە نیسبەی خوارتر قبول ناکرێت.......**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**ئێستا تەسویتەکە کراو ڕۆیشت و دەرباز بوو، بەو شکلەی کە دانراوە ئێمە لێرە موتابەعەمان کردووە، کاکە کاردۆ، وتەی هەموو ئەندامانی پەرلەمان، لە پرۆتۆکۆڵ دەرمان کردووە، شەو تا بەرە بەیان چەند شەوە ئەیخوێنین، ئەزانین کێتان چیتان وتووە، هەر بۆ ئاگاداریت، ئێستا لە 15٪، کێ لەگەڵ ئەوەیە کە لە 15٪ ببڕدرێت، تکایە دەستی بەرز بکاتەوە؟، کەس نیە، سوپاس، کێ لەگەڵدانیە تکایە دەستی بەرز بکاتەوە؟، بە کۆی دەنگ ئەوەش پەسەند نەکرا، 10٪، فەرموو.**

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**تخفيض نسبة قدرها 10٪ عشرة بالمئة من اجمالي الموازنة التشغيلية.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**ئێستا کێ لەگەڵ ئەوەیە کە 10٪ ببڕدرێت، وەکو کاک عونی خوێندیەوە، تکایە دەستی بەزر بکاتەوە؟، 69 بەڕێز لەگەڵدایە کە 10٪ بێت بڕینەکە، سوپاس، کێ لەگەڵدانیە تکایە دەستی بەرز بکاتەوە؟، یەك کەس لەگەڵدانیە، سوپاس، بە زۆرینەی دەنگ پەسەند کرا، سوپاس بۆ جەنابت، ئەوە پەسەند کرا 10٪ بۆیە 7٪کە ناخرێتە دەنگدانەوە، زۆر سوپاس، بەردەوام بن.**

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**پێشنیارێکی تر هەیە سەبارەت پێشینەی هاوسەرگیری.....**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**کاك ئاسۆ تکایە، رەجائەن بێ دەنگ بە، کاك د.احمد.**

**بەڕێز د.احمد ابراهيم علي(وەرتی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**دوێنێ پێشنیارێکی تر هەبوو لە لیژنەی یاسایی، تەبەنی......**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك نەریمان، کاك گۆران، تکایە بێ دەنگ بن، ئەو بەڕێزە نوقتەی نیزامی هەیە، قسە ئەکاتن، تکایە هدوء بپارێزن، بەشکەم بتوانین ئیشەکانمان بکەین.

**بەڕێز د.احمد ابراهیم علی(وەرتی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشنیارێکی تر هەبوو دوێنێ نەخرایە دەنگدانەوە، لیژنەی یاسایی تەبەنی کردبوو، کە مەجلسی قەزا تەخویل بکرێت بۆ سەلاحیەتی سەرف، ئەمە لە ڕاپۆرتی هاوبەشی لیژنەی داراییشدا هاتبوو، بەڵام نەخرایە دەنگدانەوە، تکا دەکەم کە ئەوەش بخرێتە دەنگدانەوە، لەگەڵ ئەوە ماددەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

پاشان موعالەجەی دەکەین بەسەرچاو، ئێستا لیژنەی یاسایی بەردەوام بن.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت پێشینەی هاوسەرگیری دوو پێشنیار هەیە، یەکەم، کە ئێستا پێشینەی هاوسەرگیری یەك ملیۆن دینارە، ببێتە پێنج ملیۆن دینار، دووەمیان دەڵێ ببێتە حەوت ملیۆن دینار، تکایە ئەم پێشنیارانەش بخرێتە دەنگدانەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عبدالسلام فەرموو.

**بەڕێز عبدالسلام مصطفى صديق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە ماددەی 15، چوارەم، بڕگەیەك کەتایبەتە بە هاوسەرگیری، بە تەسەوری من ئەو کاتە لەوێ موناقەشە بکەین، و بڕیاری لەسەر بدەین......

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەمە زیادەیە، نەفەقاتیشە، لێرانە تەرتیب دەکرێت، زۆر سوپاس، نا، تکایە دانیشە، رەجائەن کاك عبدالسلام دانیشە، کاك عمر صديق هەورامی کەرەمکە.

**بەڕێز عمر صديق محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من داوا دەکەم لە لیژنەی دارایی و لیژنەی یاسایی، بە پێی نیزام چەند کەسێك بۆ کەم کردنەوەی 10٪ پێشنیاریان هەبوو، هەموو ئەو پێشنیارانە بخوێننەوە، بۆ ئەوەی بە یەکجار بخرێتە دەنگدانەوە......

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

نا تکایە دانیشە، ڕەجائەن، ئەو بەڕێزانەی کە دەیانـەوێ 7٪ بێت دوو کـەس بـا دیفـاع لـە 7٪ بکـات، داوای لێبوردن دەکەین 7 ملیۆن، کاك ڕێباز فەرموو.

**بەڕێز ڕێباز فتاح محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تەسەور دەکەم ئەو دانانی سولفەی زەواج پێنج ملیۆنەکە لەسەر ئەو بڕە زیادە شتێکی غەڵەت دەردەچێت، چونکە پێشتر لە کاتێکدا کە ئەم بڕینەش نەکراوە، خۆ هەر بڕیار بووە کە سولفەی زەواج ملیۆنێـك بـووە، دوو ملیۆن و نیو حیساب کراوە، ئەگەر پێنج ملیۆنەکە هەمووی بخرێتـە سـەر ئـەم پـارە زیادەیـە، تەسـەوڕ دەکەم ئەو کاتە کەم دەهێنێت، دیسانەوە ڕووبەڕووی ئەوە دەبینەوە، وەزارەتـی دارایـی لەوانەیـە لـە نیـوەی ساڵەکە بڵێت پارەکە نەما، لەبەر ئەوە هەر دەبێت لە ماددەی 15 ئەو کێشەیە چارەسەر بکرێت.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، جەنابی وەزیر کەرەمکە.

**بەڕێز شێخ بایز تاڵەبانی/ وەزیری دارایی و ئابووری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەنیسبەتی ئەو قەرز و سولفانەوە هیچی تەخسیسیان نیە، لەبەر ئەوە لە پارە نەقدیەکە دەردەچێت.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان کێ پێی باشە 7 ملیۆن بێت با یەکێك هەڵسێت قسە بکات، کێ لەگەڵ ئەوەیە حـەوت ملیـۆن بێـت، تکایە دەستی بەرز بکاتەوە؟، 32 بەڕێز لەگەڵدایە، سوپاس، کـێ لەگەڵدانیـە تکایـە دەسـتی بـەرز بکاتـەوە؟، 48 بەڕێز لەگەڵدانیە، بۆیە بە زۆرینەی دەنگ ڕەت کرایەوە، تکایە هیـچ ئەنـدامێکی پەرلـەمان، زەحـت لـە ئەندامێکی تر نەکات ئەوها دەنگ بدات، ئێوە ئازادن، ئەندام خۆی بیر ئەکاتەوە، زەحـت لـە یـەکتر مەکـەن، چونکە ئەوە دژی مافی مرۆڤە، کـێ لەگـەڵ ئەوەیـە پێـنج ملیـۆن بێـت، تکایـە دەسـتی بـەرز بکاتـەوە؟، زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدانیە تکایە دەستی بەرز بکاتەوە؟، زۆر سوپاس، بە کۆی دەنگ پێنج ملیۆن پەسەند کـرا، دەستان خۆش، فەرموو کاك عونی، ڕەجائەن، ئەرێ پێتان جوانە ئەوەندە داواتـان لێ بکـەین بـێ دەنـگ بـن، هـەمووی چـەند دەقیقەیەکـە، بـۆ پەرلـەمانی کوردسـتان، جـوان نیـە، لـەناو جەلسـەیەکی ڕەسمـی لـە کـاتی دەنگدان، لەگەڵ یەك قسە بکـەن، ئـەوە ئەچـێتە پڕۆتۆکۆڵـەوە، ئـەمێنێتن، بـەیانی دکتۆرێکـە لەسـەر ئـەوە وەزعە تەقیمی ئەم ئەندام پەرلەمانانە لەسەر چەند ئیلتیزام بە نیزام دەکەن لەناو جەلسەکان، ڕەجاتان لێ ئەکەم وەکو برایەکی ئێوە، ئیلتیزام بە هدوء بکەن، بۆ ئەوەی ئیشەکان بە ڕێـك و پێکـی بـڕوات، فـەرموون لیژنەی یاسایی.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشـنیاری تـر هەیـە سـەبارەت بـە پێشـینەی هاوسـەرگیری، ئیعفـا کردنـی منداڵـەکانی شـەهیدان و ئەنفالکراوەکان، ئەو پێشنیارەش داوا لە سەرۆکایەتی پەرلەمان دەکەم بخرێتە دەنگدانەوە، ڕەقـەمی نیهائی ئیعفا دەکرێت، پێنج ملیۆن ئێستا تەسبیت بوو، واتە سولفە نەبێت بۆ ئەوان، بێ بەرامبـەر بۆیـان بکرێت، پارەکە ئیعادە نەکرێتەوە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بێریڤان سەرهەنگ قسە نەکەی لە جێگای خۆت، ئەوەی قسە بکات ئیجرائـات ئەکـەم لەگـەڵیان، چونکە بـە ڕەحا فایدەی نیە، فەرموو.

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بەو پێشنیارە، کەوا کەس و کار و منداڵەکانی کچ و کوڕی شەهیدان و ئەنفالکراوەکان ئەو قەرزەی بۆ هاوسەرگیری وەردەگرن، ببەخشرێن، واتە نەیگەڕێننەوە وەکو کەسانی تر، ببێتە مینحە بەخشین، قـەرز نەبێت دواتر داوایـان لێ بکرێـت بیگەڕێننـەوە، ببەخشـرێن لـە گەڕانـەوەی قەرزەکـەو، وەکـو مینحـە پێیـان بدرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

نەصەکەی بخوێننەوە فەرموو.

**بەڕێز خورشید احمد سلیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تمنح سلفة الـزواج البالغـة خمسـة ملايـين دينـار لاولاد الشهداء والمـؤنفلين واعفـاءهم مـن اسـتردادها)، ئـەوە نەصەکە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ لەگەڵدایە تکایە دەستی بەرز بکاتەوە؟، زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدانیە تکایـە دەسـتی بـەرز بکاتـەوە؟، زۆر سوپاس، بە زۆرینەی دەنگ پەسەند کرا، فەرموو بەردەوام بن.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت سولفەی عەقار، سێ پێشنیار هەیە......

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاک کاروان صالح تکایە بێ دەنگ.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشنیاری یەکەم، دەڵێت سولفەکە زیاد بکرێت، بۆ 20ملیۆن دینار، دووەمیان بۆ 25 ملیۆن دینار، سێیەمیان بۆ 30 ملیۆن دینار.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لە 30یەوە دێینە خوارەوە، کێ لەگەڵ ئەوەیە 30ملیۆن بێت تکایە دەستی بەرز بکاتەوە؟، 34 بەڕێز لەگەڵدایە، کێ لەگەڵدانیە تکایە دەستی بەرز بکاتەوە؟، 46 بەڕێز لەگەڵدانیە، سوپاس، بە زۆرینەی دەنگ ڕەفز کرایەوە، ئێستا دێینە سەر 25 فەرموو.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشنیاری دووەم 25 ملیۆن دینار.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان کێ لەگەڵ ئەوەیە کە ببێتە 25 ملیۆن، تکایە دەستی بەرز بکاتەوە؟، 40بەڕێز لەگەڵدایە کە 25 بێت، سوپاس، کێ لەگەڵدانیە تکایە دەستی بەرز بکاتەوە؟، 47 بەڕێز لەگەڵدانیە، سوپاس، بە زۆرینەی دەنگ 25 ملیۆنەکەش ڕەت کرایەوە، ئێستا 20ملیۆن، فەرموو.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشنیاری سێیەم 20ملیۆن دینار.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان کێ لەگەڵدایە کە 20ملیۆن بێت، تکایە دەستی بەرز بکاتەوە؟، 85 بەڕێز لەگەڵدایە کە 20 ملیۆن بێت، سوپاس، بە زۆرینەی دەنگ پەسەند کرا، فەرموو بەردەوامبە.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

پێشنیاری تر سەبارەت بە تەرخانکردنی 35 ملیار دینار بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردنی پارێزگاکان و قەزاو ناحیەکان لە هەرێمی کوردستاندا.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو نەصەکەی بخوێنەوە، کاک بیلال فەرموو.

**بەڕێز احمد سلێمان عبدالله(بلال):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشنیارێکمان کردبوو لەسەر سولفەی عەقارەکە، ئەگەر ئەوە تەئمین حەیاتەش کە دانراوە لەسەری لابرێت، هەر لەناو ئەو برگەدایە، ئەگەر لوتف بکەی بیخەیە دەنگدانەوە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاک شێروان، کاک بیلال دروست دەڵێت، ئەو پێشنیارە هات چەند بەڕێزێك پشتیوانیان لێی کرد، کە تەئمین حەیات لەسەری لابچێت، ئەگەر نەصەکەی بخوێننەوە بخرێتە دەنگدانەوە، فەرموو، کاك بیلال ئەگەر موقتەرەحەکە دووبارە بکەیتەوە.

**بەڕێز احمد سلێمان عبدالله(بلال):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە تەئمینی حەیات کە کراوە بە مەرج، لەسەر سولفەی عەقار، کە ئێستا بڕیار درا، سوپاس بۆ هەموو بەڕێزان کە بوو بە 20ملیۆن، کراوە بە مەرج هەرکەسێك، ئەگەر تەئمین حەیات نەکات، تەئمین حەیات بەو مانایە نیە ئەو کەسە تەئمینی حەیاتی بکرێت، تەئمین حەیاتەکە بەو مانایە دێت کە ئەو کەسە ئەگەر مرد، حکومەت لەو پارەیە خۆش بێت، ئەو مونەزەمەیە، یان ئەو کۆمپانیایە ئەم پارەیە بدات، ئەوە لێرە تا ئێرە دروستە، قەزیەکە لێرەیە، خۆی قانونەن هەرکەسێك قەرزی حکومەتی لەسەر بێت، خۆی بۆ خۆی پارەکەی عەفوو دەبێت، کەواتە بۆچی ئێستا ئەم شەرتە بخەینە سەر ئەم خەڵکە، ئەوە لە لایەك، لە لایەکی تریش، زۆر بەی هەرە زۆری زانایانی ئیسلام موتەفقن لەسەر ئەوەی ئەم تەئمین حەیاتە جائیز نیەو حەرامە، ئەوەی کە وەریشی دەگرێت، ئەوەیان باس کردووە کە لەناچاری دروستە وەربگیرێت، لەبەر ئەوەی ئەگەرچی حەرام کراوە، مادەم بووە بە مەرج، ئەگەر نا ئەوە قەزیەیەکە لە ڕووی شەرعیەوە ئیشکالی تێدایە، بۆیە من داوا لە بەڕێزان دەکەم کە لوتف بکەن، ئەم تەئمین حەیاتە ئەگەرچی پارەکەشی کەم بێت، لابرێت بۆ ئەوەی ئەو ئیشکالە شەرعیە نەمێنێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سۆزان خان فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شەهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

خۆزگە ئێمە وامان لێ بهاتایە لەم وڵاتەیە تەئمینی هەموو شتەکانمان بکردایە، بۆ نموونە، تەئمینی سەیارە یەکێکە لەو شتانەی کە کاتێك تۆ سەیارە ئەکڕی، سفر ئەیهێنیتە دەرەوە، یەکسەر یەکێکی موتەهەور خۆی لێ ئەدات، یەکسەر نرخی سەیارەکەت روبعێکی لێ دادەبەزێت، ئەگەر تەئمین هەبێ لەسەر سەیارەکەت، ئەو شەریکەی تەئمینە مەجبورە تەعویزی ئەو لێدانەت بداتەوە، بۆ عەقار بۆ حەیات، بۆ تەئمین سەحی، بۆ ئەم شتانە، رەجا ئەکەم، تکا ئەکەم، کارێك بێت ئەمە جۆرێکە لە تەئمین کردنی ژیان و ئەفرادو هاووڵاتیان لەناو کۆمەڵگا، بەناوی شەع و بەناوی ئەوەوە با ئێمە ڕێگە لەم حاڵەتە نەگرین، گوناهی کەسێك چیە خانوویەك دەکات، کەسێکی موتەهەور دێت، گڕی تێبەردەدات، منداڵێك شخارتەیەکی لێ ئەدات گڕی

تێبەرئەدات، ئەگەر تەئمین نەبێ، تەئمین ئەبێ ئەم خانووە، ئەم شەریکەیە مەجبووە تەعویزی بکاتەوە، بۆیە تکا دەکەم ئەو تەئمین على الحياتە کارێك نیە، هەڵە بێت.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

پەیمان خان کەرەمکە.

**بەڕێز پەیمان عزالدين عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من تەئیدی ئەو قسەی سۆزان خان دەکەم، زۆر ڕاستە، بەس هیچ پەیوەندی بەم مەوزوعەوە نیە، چونکە ئەم مەوزوعە تەئمین لەسەر حەیات نیە، ئەگەر کاتێك شەریکەی وا بێتە ئێرە، من تەئمینی حەیاتی خۆم بکەم، ئەگەر مردم، پارەیەك بدات بە منداڵەکانم ئەمە شتێکی تەواو دروستە، بەڵام ئەمە هەر ناوەکەی بە هەڵە هاتووە، تەئمینی قەرزی حکومەتە، یەعنی ئیجباری مواتن ئەکرێت، لە بڕی ئەو قەرزە لە حاڵەتێکدا، کە سولفەیە، ئەگەر مرد کە ناخۆشترین حاڵەتە خراپترین حاڵەتە، ئێمە تەسەوری بکەین، لەو کاتەش حکومەت ئیستیعدادی لێخۆش بوونی نەبێت لە قەرزەکە، بەڕاستی ئەمە قورس کردنی باری شانی هاووڵاتیانە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان، ئێستا موداخەلە خەلاس، سێ کەس، مەجال ئەدەم دیفاعی لێ ئەکات، کە لابچێت، سێ کەس دیفاع ئەکات کە بمێنێت، ئەوجا ئەیخەینە دەنگدانەوە، چونکە هەر کەسێك بە ناوی نیزامیەوە بۆخۆی قسە بکات نابێت، ئێستا سێ کەسم ئەوێت، ئەوانەی ئەیانەوێت دیفاع بکەن، کە نەمێنێت لابرێت، ڕێ ئەدەم بە بەڕێز د.صباح، عمر، د.احمد، داخوازی زۆرە چوار کەس، چوار کەس دیفاع بکات، د.صباح، عمر عبدالعزيز، د.احمد وەرتی، د.بەشیر خلیل، ئەم چوارە دیفاع دەکەن، پاشان ڕێ ئەدەینە جەنابی وەزیریش ڕەئی خۆی بدات، ئەوجا ئەیخەینە دەنگدانەوە، دوای ئەوەی چوار کەسیش دیفاع بکات کە بمێنێت، د.صباح بەرزنجی، فەرموو.

**بەڕێز د.صباح محمد نجيب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە تەئمینی حەیات کە ئێستا تەئمین لە هەموو دونیا بووە بە سەنعەتێك و گرنگیەکی زۆری هەیە، لە فقهی ئیسلامیدا زانایانی موسڵمان هاتوون لێکۆڵینەوەو لێکدانەوەی زۆریان بۆ کردووە، بەڵام ئەبێ بزانین تەئمین دوو جۆرە تەئمینە، تەئمینی ئیلزامی، تەئمینی ئیجباری، کە حکومەت دەیکات، لەسەر سەیارات و لەسەر بواری تەندروستی و ئەمانە جیاوازە، هەموو زاناکان موتەفقن لەسەر ئەوەی کە ڕەوایە، ئەوەی کە باس کرا، لە مەسەلەی سەیارەو، مەسەلەی بواری تەندروستی و ئەو شەریکاتەی کە فیعلەن ئەچێتە حکومەت و، ئەچێتە خەزێنەی گشتی پەیوەندی بەمەوە هەیە، ئەمە ئیشکالی تێدانیە، بەڵام ئیشکال لەو شەریکاتی تەئمینی خسوسی هەیە، کە هەموو هەدەف و ئامانجیان بریتیە لە ریبح و لە

قازانج، بۆیە زانایەکان زۆربەیان بڕوایان وایە کە شەریکاتی تـەئمین علـی حـەیات، ئەوانـەی کـە شـەریکاتی تجاری و ریبحین، قازانجەکانیان ئەچێتە کۆمپانیـا تایبەتەکانـەوە، ئـەوە ڕێگـەیان پـێ نـەداوەو بـە لایانـەوە حەرامە، مەوزوعەکە لێرەدایە، کاتێك کە نزیکەی 20 هەزار کەس، 30 هەزار کەس، لە قەرزی خانووبـەرە بەهرەمەنـد دەبێت، بـەلاّم مـەرجی تـەئمینی حـەیات بچن پارەیـەك دەفع بکـەن بـە شـەریکاتی تـەئمینی حەیات، ئەمە ئەکرێتە مەرج بۆیان، ئەو کێشەیەی لێ دەکەوێتەوە، لەو 20 هەزار کەسە چەنێکیان ئـەمرن، مومکنـە لـەو 20هـەزار کەسـە، 100 کەسـیان بمـرێ، لـە نەتیجـە پارەیـەکی زۆر ئـەبێ بـە عایـدی ئـەو کۆمپانیایانـە، بـەلاّم لـە موقابیلیشـەوە پارەیـەکی کـەم ئەدەنـەوە بـەو کەسـانەی کـە مـردوون، یـاخود ئـەو قەرزانە ئەدەنەوە، لێرەدا زانایەکان پێیان وایە ئەمـە ئەچـێتە بـابی بـەیعی غـەرەرەوە عەقـدی غـەرەرەوە، یەعنی مومکنە یەکێك پەنجا ساڵ، بیست ساڵ ئـەو پـارەی تەئمیناتـە بـدات، بـەلاّم ڕۆژێـك لـە ڕۆژان لێـی بەهرەمەند نەبێت، بەلاّم کەسێك یەك ڕۆژ دابێتی یان ساڵێك دابێتی یان مانگێك دابێتـی، پارەیـەکی زۆری دەست دەکەوێت بە شـێوەیەك لـە شـێوەکان، بۆیـە پشـتگیری لـەو ڕایـە دەکـەم، کـە شـەریکاتی تـەئمین علـی حەیات، بە تایبەتی شەریکاتی ریبحی تجاری تایبـەت، زانایـەکان ڕەئیـان پێـی نـەداوە، فـەتوایان وا داوە کـە نابێت، هەر عەقدێکیش ئەو مەوزوعەی بەسەرەوە بێت، شوبهەی لەسەرە، بۆیە داواکارم کە سولفەی عەقار وەکو خزمەتێك کە حکومەت دەیکات بۆ هاووڵاّتیان ، یەعنی خۆی ئەو مەرجەی تێدانەبێت، چـونکە ئێمـە پەیوەندیەکی زۆرمان بە هاووڵاّتیانەوە کردووە، ئەوانیش داوایـان کـردووە لەبـەر خـاتری ئـەوەی ئـەو بـارە قورسـە نەچـێتە سەرشـانیان، وە گومانێـك کـە هەیـە، لەمەسـەلەی حـەلاّڵ بـوون و حـەرام بـوون، ئێمـەش داواکارین لە پەرلەمانتارانی بەڕێز ئەو مەوزوعە بە نـەزەری ئیعتیبـار وەرگـرن، ئـەو مەرجـەی لێ لابـەن و زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاك عمر عبدالعزیز کەرەمکە.

**بەڕێز عمر عبدالعزیز بهاءالدین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

زۆربەی ئەوەی ویستم کاك صباح باسی کرد، من یەك تێبینی عـەرز دەکـەم، دوو مـەوزوع تێکـەڵ نەکـەین، ئەم باسە کە ئێستا هەیە لە ئارادایە، رسوماتێك وەردەگیرێت، هیچ پەیوەندیەکی بە بیمەوە نیـە بەڕاسـتی، ئەو بیمەی کە لە وڵاّتان هەیـە، ئـەنواعی هەیـە ئیختیاریـە موئەسەسـاتی ئـەهلی ئـەیکات، هەیـە حکومـەت دەیکات، ئەمەی لە کوردستان وەردەگیرێت رسوماتێکە ئیجباریە، هاووڵاّتی ئەیدات وەکو هەموو رسـوماتێکی تر وەردەگیرێت، ئەمە بیمە نیە، تکایە با تێکەڵ نەبێت لەگەڵ مەسەلەی تـەئمین علـی الحیاة، منـیش پـێم باشە ئەو مەوزوعە لابرێت، تکایە تێکەڵی نەکەن برادەران لەگەڵ مەسەلەی تەئمین ئیجتماعی، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز د.احمد کەرەمکە.

**بەڕێز د.احمد ابراهیم علی(وەرتی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من قسەکانی خۆم ئەدەمە کاك عبدالسلام، باشە، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، وێڕای ئەوەی کە د.صباح لە ڕووی شەرعیەکەی ئاماژەی پێدا، دیارە ئامانج لە پێدانی ئەو سولفەیە بە هاوولاَتیان، بۆ ئاسانکاریە، بۆ دروست کردنی خانووبەرە، بۆ ئەوەی بتوانن ژیانی خۆیان دابین بکەن، لەبەر ئەوە، ئەو پارەیە بە ڕاستی قورساییەکی تر لە سەر هاوولاَتی دروست دەکات، کە لەو کاتەیە ئەو پارە بەقەرز وەردەگرێت کە بتوانێت خانوو دروست بکات، بەلاَم پارەی لێ وەردەگیرێ، ئەمە قورساییەکی لەسەر هاوولاَتی دروست کردووە، لیژنەی فەتوای یەکیەتی زانایانیش داوایان لە حکومەت کردووە، چەند جارێك من ئاگادارم داوایان لەخودی سەرۆکی حکومەتیش کردووە کە ئەم تەئمین حەیاتە لابەرێ، تەنانەت ئەو ڕسوماتە زیادە بەڕاستی پارەیەکی زۆر لە بری رسومات وەردەگیرێ، دیارە مەشکورەن حکومەت زیادەکەی لابردووە، بەڕاستی رسوماتێکی زۆر وەردەگیرێ لە بری ئەو مامەڵەیەی کە هاوولاَتی دەیکات، پێموانیە پێویست بەوە بکات 300 هەزار دینار بۆ مامەڵەی هاوولاَتی وەربگیرێت، ئەمە جگە لەو تەئمینەی ئەیداتە کۆمپانیای دڵنیایی، 300 هەزار دیناریشی لێ وەردەگیرێت وەکو رسومات، ئایا رسومات پێویستی بە 300 هەزار دینار هەیە؟، لەبەر ئەوە بۆ ئاسانکاری هاوولاَتی، 300هەزار لەوێ، 500 هەزاریش لەوێ، ئەکاتە هەشت سەد هەزار لە هاوولاَتی وەردەگیرێت، بەڕاستی ئەمە شانی هاوولاَتی قورس دەکات، من داوام ئەوەیە کە هەم رسوماتەکە کەم بکرێتەوە، بەڕێز وەزیری دارایش پێم خۆشە تەوزیح بدات لەسەری وەهەم ئەو پارەیەی کە ئەدرێتە کۆمپانیای دڵنیایی ئەمەش لابرێت وەکو ئاسانکاریەك بۆ هاوولاَتی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێز د.بەشیر خلیل کەرەمکە.

**بەریز د.بشیر خلیل تۆفیق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەسەر پێشینەی هاوسەرگیری و ئەوانە دوو جۆرە شتن، موستەحسەلاَت حکومەت بۆچی وەردەگرێت لەبەرامبەر ئەو قەرزە کە دەیدات، یەکیان رسوماتە، یەکیان ئەو بڕە پارەیە کە یان ساڵانەیە بە ناوی تەئمین علی الحیاة، ئەوەی رسوماتەکە هیچ موشکیلەمان لەگەڵی نیە، هیچ کێشەیەکی شەرعیشی نیە، لەبەر ئەوەی رسوماتی موستەحسەلە هەیە، بۆ حکومەت و لە هەموو دەوائرەکان هەیە، بۆ خەرجیە ئیداریەکانە، ئەوە موشکیلەی نیە ئەگەر بشمینێت، بەلاَم ئەگەر نسبەکەو ڕێژەکەی بێتە خوارەوە کەمتر بێت، ئەمە زۆر چاکترە، بەلاَم مەسەلەی تەئمینەکە دوو جۆر تەئمین هەیە، ئەوانەی کەوا غیر مولزەمن،

ئەوانـەی کـە ئیلزامـی نیـە، ئیلزامیەکـەی کـاك د.صـباح باسـی کـرد، ئـەوەی کـە ئیلزامـی نیـە، دوو جـۆر تەئمینمان هەیە، تەئمینێکی تجاری، تەئمینێکی تەعاونی، ئەوەی کـە تەعاونیـە مانـای ئەوەیـە کـە تـۆ لـەو ماوەیەدا، ماوەی سـاڵێك و دووسـاڵ و دە سـاڵ، پارەکـە دەدەی لەپاشـان ئەگـەر هـیچ کێشـەیەك نـەبوو ئـەوە پارەیەکت بۆ دەگەڕێتەوە، بەلاّم تجاریەکە ئەوەیە ئەوە پارەیـە دەدەی بـۆ ماوەیـەك ئـەو پارەیـە دەدەی کـە هـیچ کێشـەیەك نـەبوو، هیچـت نـەبوو، پارەکـەت دەڕوات و ناگەڕێتـەوە، ئەمـە لێـرە فقهـی ئیسـلامیدا، لـە شـەرعی ئیسـلامیدا، دەڵێـت مـادەم پارەکـەت ناگەڕێتـەوە، کەواتـە حەرامـە، ئـەوەی کـە ئێسـتا دەکرێـت لـە کوردسـتان، لەسـەر سـولفەی عەقاریەکـە ئەوەیـە ئـەم جـۆرە تەئمینـە تجاریـەی پارەکـەت دەڕوات، ئەگـەر نەمردی هەتاوەکو قەردەکە خەلاّس دەبێت، ناگەڕێتەوە بۆت، بۆیە ئەمە بە شەرعەن جائیز نیـە، حەرامـە، داوا دەکەین کە ئەو تەئمینە لابچێت، ئەگەر لاشی نابەن، لەسـەر سولفەی عەقاریەکە لابچێت، یـان بـەلای کەمەوە ببێتە شتێکی ئارەزوو مەندانە، کێ بۆخۆی حـەزی لێیـە بـا بیکاتـە تـەئمین، کـێ حـەزی لێ نیـە بـا نەیکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێستا چوار بەڕێز ئەوانەی کەدیفاع دەکەن ئەوە بمێنێت، یەکـەم بـا جـەنابی وەزیـر ڕەئـی بـدات لەسـەری، ئەگەر ڕوونکردنەوەیەك بدەی، فەرموو.

**بەڕێز شێخ بایز تاڵەبانی/ وەزیری دارایی و ئابووری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە ئەو تەئمینەی کە ئێسـتا لـە شـەریکاتی تـەئمین، زۆربـەی لـە شـەریکاتی تـەئمینی حکومـەت تـەئمین کراون، ئەوە بۆ تەئمینی قەرزی عەقاریە، ئەوە بە پێـی قانونـەوە کـراوە، ئەگـەر پەرلـەمان چـی ئـەبینێت، چۆن ئیقرار ئەدات، ئەوە بۆ زەمانی قەرزەکەیە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

یەعنی ئێوە هەدەفتان لەمە چۆنە؟، ئەگەر ڕوون بکرێتەوە بۆ ئەوەی پەرلەمانتاران تێ بگەن، بـزانن ئێـوە وەکو حکومەت، وەکو وەزارەت، بۆ ئەم شتە دانراوە، فائیدەکەی چیە؟، بۆچی دانراوە؟.

**بەڕێز شێخ بایز تاڵەبانی/وەزیری دارایی و ئابووری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

زەمانی ئەوە قەرزە ئەکات بە نیسبەتی حکومەتەوە، دوای ئەوە بـە نیسـبەتی هاووڵاتیـەوە، هـەر هاووڵاتیـە کە ئەمری خوا ئـەکات، ئـەو خـۆی ئیعفـا دەکرێـت لـەو قـەرزە، شـەریکەی تـەئمین دێـت ئـەو پـارەی قـەرزە دەداتەوە حکومەت، پارەکەی حکومەتیش مەزموون دەبێت لەو حاڵەتە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێستا کـێ ئەیـەوێت دیفـاعی لێ بکـاتن، ئـەم بەڕێزانـە عمـر عبـدالرحمن، عمـر صـدیق هـەورامی، بێریڤـان سەرهەنگ، کاك عمر فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەروەکو جەنابی وەزیر باسی لەسەر کرد، تێگەیشتنێکی غەڵەت هەیە لە تەئمین ، ڕاستە ئەمە تەئمینی نە حەیاتی کابرایە کە قەرز وەردەگرێت، نە تەئمینی ئیصابەیە، نە هی ئەزراری سەیارەیە، هی دەیینی دەوڵەتە، ئەو شەریکەیەی کە تەئمینی دەکات، ئیحتیمال وەربگرین دائیمەن کە نامرێت، ئەگەر کابرا مرد، ئەو دەینەی حکومەت، ئەو شەریکەی کە تەئمینی کردووە، زەمانی دەینەکە ئەکات، دەینەکە ئەداتەوە بە حکومەت، خەڵکێکی تر ئیستیفادەی لێ دەکات، لەبەر ئەوە ئەگەر ئەمە بێتە سەر قاعیدەی غورم، کە وەکو د.صباح باسی کرد، ئەوە قاعیدەیەکی فیقهیە کە غورم بێت، ئەبێ غورم بالغورم بێت، مادەم غەریمە وەردەگرێت، غورمیش با لەسەری، چونکە ئەوە موستەفیدە چونکە ئەو مەسەلە تەئمینەی کە دەدرێت، بەبێ موقابیل نیە، لیقائی ئەو دەینەیە سبەینێ کە مردو ئیعفا کرا لە دەینەکە، ئەوە غورمە و دەستی کەوتووە، بە موقابیلەو هیچ حەرامێکی تیا نیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز عمر صدیق هەورامی کەرمەکە.

**بەڕێز عمر صدیق هەورامی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من قسە لەسەر حەرام بوون و حەڵاڵ بوونی ئەم بابەتە ناکەم، بەس تەنها ئەوەندە دەڵێم ئێمە با لایەکی ئەم بابەتە نەبینین، خەڵکێك هەیە کەم دەرامەتە، سوودمەند دەبێت لەو قەرزە، ئەگەر ئێمە ئێستا بڕیار لەسەر ئەوە بدەین، ئەم تەئمینە وەرنەگیرێ، ئەو کەسانەی کەم دەرامەتن و سوودمەند دەبن لەم قەرزە، دواتر ئەبێ خانەوادەکەیان قەرزەکە بدەنەوە، لەبەر ئەوە من پێشنیار دەکەم، بە بڕیاری پەرلەمان ئەم بابەتە مامەڵەی لەگەڵ نەکرێت، ئەمە بە یاسا ڕێکخراوە، ئەکرێت بە پێشنیارێك، دواتر لەگەڵ پێشنیارەکان کە پەرلەمانی کوردستان ئەینێرێت بۆ حکومەت، بە پێشنیارێك بنێردرێت، جارێکی تر حکومەت چاو بەم بابەتە بخشێنێتەوە، بۆ ئەوەی ڕای خەڵکی پسپۆڕ جارێکی تر لیژنەکانی پەرلەمانی کوردستان مامەڵە لەگەڵ ئەم بابەتە بکەن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز بێریڤان سەرهەنگ کەرەمکە.

**بەڕێز بێریڤان اسماعیل سەرهەنگ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پشتگیری قسەکانی بەڕێز جەنابی وەزیر دەکەم، چونکە زۆر ڕاستە، بۆ گەڕانەوەی مادەم ناوی قەرزە، دەبێت زەمان هەبێت کە دەگەڕێتەوە، تەئمینیش پێویستە هەبێت، دەبێت خۆمان وا فێربین کە تەئمینمان هەبێت، تەئمین چەند جۆرێکە، تەئمینی سەیارە هەیە، تەئمینی منالْ هەیە، تەئمینی ژیان هەیە، تەئمینی ئەوەش هەیە کە دەڵێن، من بەحەرامی نازانم، ئەگەر وابی ئەمن لە ژیانم زۆر حەرامم کردووە، بۆیە هەتا پارەکە بۆم بگەڕێتەوە، دەبێت تەئمین هەبێتن، ئەوە بۆ ئەوەیە کە بزانین حکومەت پارەکەی خۆی وەردەگرێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

یەك بەڕێزی تر دیفاع ئەکات، فەرموو.

**بەڕێز کوێستان محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من ئەمەوێت یەك پرسیار بکەم، جا ئەوە کاك شێروان وەکو قانونیەك جوابمان ئەداتەوە یا وەزیر، ئەگەر یەکێك عەقار وەرگرێت و ئەو تەئمینە نەکات، لە ڕووی قانونیەکەیەوە بمرێت، ئیسقاتی ئەو قەرزە ئەبێت یان نا؟، چونکە بۆ هەندێك سولفە ئەو ئیسقاتە ئەبێت، هەر خۆمان قانونێکمان دەرکرد، لە خولی پێشوو ئەوەی دروست کردنی یەکەی نیشتەجێ بوون، 2008، ئەوەی کە خانووەکەی بۆ دەکرا، کە ئەمرێت ئیتر عەفوو دەکرێت، ئەمەوێت بۆمان ڕوون ببێتەوە، ئەمانەوێت یان کاك شێروان یان جەنابی وەزیر جوابمان بداتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عونی لیژنەی یاسایی با جوابت بداتەوە، فەرموو.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

قەرارەکی ئەنجومەنی شۆڕشی هەڵوەشاوە هەیە، سەبارەت بەو بابەتە، هەر کەسێك ئەگەر قەرزی عەقاری وەرگرت، ئەمری خوای کرد، لەقەرزەکە عەفوو دەکرێت، دوو، ئەوە لە یاسای (تأمین السكن للمواطنين في اقليم كوردستان) ژمارە 7 ی ساڵی 2008 هەم فەقەرەکمان لەو بابەتە تەسبیت کرد لە ماددەی چوارەم، دەڵێین (في حالة وفاة مالك الوحدة السكنية قبل تسديد الاقساط المترتبة بذمته يعفى الورثة ماتبقى من الاقساط)، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك شێروان.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوەی برای بەڕێزم کاك عونی ئیشارەتی پێیدا، زۆر تەواوە، ئەوەی جەنابی وەزیریش ئیشارەتی پێیدا زۆر تەواوە، ئەوەی کاك عونی بەنیسبەت وەفاتی موقتەریز واتە، ئەوەی کە قەرز وەردەگرێت، فعلەن ئەوە ئەگەر هاتوو ئەمری خوای کرد، عەفوو دەبێت لە قەرزەکە، وەرەسەشی عەفوو دەبێت و خۆشی عەفوو دەبێت پاش مردنی، بەلاّم زەمانەن بۆ ئەو ئیلتیزامەی کە هەیە بەینی خۆی و بەینی مەسرەف عەقاری، شەریکەی تەئمین دێتە جێگای ئەو شەخسە موتەوەفیە بۆ ئەوەی قەرزەکە بداتەوە، مەسەلەی تەئمینەکە لێرە مولزەمە بۆ زەمانی دانەوەی ئەو قەرزە، لەجیاتی ئەوەی وەرەسەکە بداتەوە، شەریکەی تەئمین قەرزی حکومەت دەداتەوە، ئەوە لە لایەك، لە لای دووەمەوە، شەریکەی تەئمین کە برادەران ئیشارەتیان پێیدا، کە تەئمین علی الحیاتە، ئەوەیان خەڵك ئازادە کە خۆی تەئمین دەکات لە کۆمپانیایەکان، بە نیسبەت تەئمین علی الحیاة، بەلاّم لێرە مولزەمە زەمانەن بۆ وەفای ئەو قەرزەی کە پێی دەدرێت، لە لایەن حکومەتەوە کە مەسرەفی عەقاری تێدایە، بە قانونیش تەنزیم کراوە، بەڵێ.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئێستا دوو بۆچوون هەیە، خەلاّس بوو موداخەلە، بۆچوونێك ئەوەیە کە داوا دەکەن ئەو تەئمینە نەمێنێت، بۆچوونێك هەیە ئەڵێت نەخێر بمێنێت، چونکە زامنە بۆ ئەوەی قەرزەکە بگەڕێتەوە، کێ لەگەڵ ئەوەیە ئەو تەئمینە نەمێنێت، تکایە دەستی بەرز بکاتەوە؟، 74 کەس، دوو لەسەر سێی ئەندامانی پەرلەمان لەگەڵدایە کە لابچێت، کێ لەگەڵدایە بمێنێت ئەو تەئمینە، تکایە دەستی بەرز بکاتەوە؟، زۆر کەمن، بە زۆرینەی دەنگ لا درا، فەرموو بەردەوام بن.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشنیارێك سەبارەت بە تەرخانکردنی 35 ملیار دینار، بۆ ئەنجامدانی ........

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

نوقتەی نیزامی هەیە، فەرموو.

**بەڕێز عبداللە محمد نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

کۆمەڵێك پەرلەمانتار پێشنیارێکمان کرد کە سولفەی عەقار بدرێت بە 100مەتری، ئەگەرچی جەنابی وەزیری دارایی باسی ئەوەی کرد......

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

دێینە سەری، ئەوە وەخت ماوە، کاك عونی بەردەوامبە.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشـنیارێك پێشـكەش كـرا بـە تـەرخانكردنی بـڕی 35 ملیـار دینـار، بـۆ ئەنجامـدانی هەڵبژاردنـەكانی پارێزگاكان و قەزاكان و ناحیەكان لە هەرێمی كوردستان.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو.

**بەڕێز كوێستان محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەو پێشنیارەی كە ئێستا بەڕێز كاك عـونی خوێندیـەوە، یـەعنی كـەس پێشـنیاری نـەكردووە لـەوەی 10٪ ببڕدرێت، ئەوە خۆی لە ئیحتیاتی وەزارەتی دارایی ئەدرێت، هەموو ئینتیخاباتێك......

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سۆزان خان فەرموو، نا، هەیە.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لە جەلسەی دوێنێ حكومەت داوای كرد ئیزافەی ئەو خاڵە بكرێت، لەبەر ئەوە وەك چۆن بودجەكەی خۆی بە پڕۆژە یاسایەك ناردووە، ئەو خاڵەش ئیزفە كردنەكەی دەتواندرێت بخرێتە دەنگدانەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك عدنان عثمان كەرەمكە.

**بەڕێز عدنان عثمان محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لە نەفەقاتی حاكیمەی ساڵی 2011 بڕگەیەك هەیە نەفەقاتی ئینتیخابات، حصەی ئیقلیم دانراوە بـە سـی و یەك ملیار، ئەمە ئیستیقتاع كراوە لە 17٪كە، واتە ئێمە بابڵێین سی و یەك ملیارەكە، سی و یـەك ملیـار بوو نازانم بۆ بووە سی و پێنج، سی و یەك ملیار ئیستیقتاع كراوە لەو 17٪ی كە حصەی ئیقلیمە بەڕاستی پێویست دەكات كـە جـەنابی وەزیـر تـەوزیح بـدات، چـونكە لـەوێ تەحدیـد نـەكراوە، نووسـراوە نەفـەقات ئینتیخابات، تەحدیدی نەكردووە چیە و چی نیە، مەبلەغێك دانراوە لە حسەی ئیقلیمیش بڕاوە، بۆیە ئەم مەبلەغەی تر كە ئێستا تەخسیسی دەكەین، ئەمە هی چیەو لە كوێوە هاتووە؟.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، جەنابی وەزیر رەئیتان لەسەر ئەو موداخەلەیە.

**بەڕێز شێخ بایز تاڵەبانی/ وەزیری دارایی و ئابووری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەوەی كە جەنابی كاك عدنان خوێندیەوە ئەوە مەوزوعی عامە، ئینتیخاباتی عام، ئێمە هینمان لەگەڵ ئەو مەوزوعەدا هەیە، خاسە بە مەنتیقەی كوردستانەوە، ئێمە ئیقتراحمـان كـرد، ئـەو پارەیـەی كـە ئیسـتیقتاع

دەکرێت، ئەم پارەیەش ئیزافە بکرێت، چونکە تەجروبەمان هەیە لەگەڵی، ئینتیخاباتی پێشوو تر، ئەگەر عام بێت خۆیان ئەیدەن، خۆی لەویٚ دەردەچێت، بەڵام بۆ مەنتیقەکە بێت، لە هەرێمی کوردستان لە لای ئێمەوە دەردەچێت، ئەوە ئێمە بۆیە ئەگەر پێشنیازەکەش ڕەت دەکرێتەوە، ئەوە دەسەڵاتی خۆتانە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاک سالار فەرموو.

**بەڕێز سالار محمود مراد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەڕاستیدا ئەوەی برای بەڕێز کاک عدنان ئاماژەی پێی کرد، وەکو بەڕێز وەزیری داراییش ڕوونی کردەوە، ئینتیخاباتی عامە، بەڵام بۆ ئینتیخاباتی موحافەزات، انتخابات غیر ملتزمە باقلیم هەیە، بۆ پارێزگاکانی عیراق لەو یاسایەدا ئەوە بڕاوەتەوە، بۆ هەرێمی کوردستان حیساب نەکراوە، ئەوە بۆیە لەسەر میزانیەی هەرێمی کوردستان پێویست دەکات مەسەلەی ئینتیخاباتی پارێزگاکان لە لایەن خۆمانەوە ئیدارە بدرێت، تەمویل بکرێت.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

دروستە، فەرموو پەیام خان.

**بەڕێز پەیام احمد محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

جەنابی وەزیر وتی ئەوە بۆ عامە، ئێمە خۆمان باش ئەزانین 2011 چ ئینتیخاباتێك هەیە، تا 2013، ئینتیخاباتی عام هەیە، کەواتە لە 2011 هیچ ئینتیخاباتێکی عام نیە، ئەو پارەیەی کەتەخسیس کراوە، بۆ هەرێمی کوردستان، بۆ کویٚ ئەڕوات....

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاک دڵشاد فەرموو.

**بەڕێز دڵشاد شهاب حاجی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێموایە ئەم مەوزوعە ئەوەندە موشتومڕ هەڵناگری، ئەمە تەخسیسێك نییە، حیجز دەبێت، ئەمە مەنتقیش نییە حکومەتی هەرێم ئەگەر بتوانێت، تەئمینی ئەو پارەیە لەبەغداوە بکات، بچێت پارەکەی خۆی بۆمان سەرف بکات بۆ ئینتیخابات، ئەوەی ئێمە لێی تێگەیشتووین، ئینتیخاباتی مەحەلی کە لەسەر ئاستی هەرێم دەکرێت، خەرجیەکانی لەسەر هەرێمی کوردستانە، بۆ ئەوەی لە ئایندەیەکی نزیك مەسەلەی مالی نەبێتە سەبەبێك، گرفتێك لە بەردەم هەڵبژاردن، من لەگەڵ ئەوەدامە ئێمە تەخصیصی ئەم مەبلەغە بکەین، ئەگەر حکومەت، دیسانیش دەڵێمەوە، ئەگەر توانی تەئمینی مەبلەغ بکات، خۆ پارەکەی ئێمە هەر لە خەزینەی حکومەتە وهیچ دەستکاری ناکرێت و مەعقولیش نیە دووجار سەرف بکرێت، ئەگەر نا پتر

زەمانێکە، ئیتمیئنانێکە، ئەوەی پەرلەمانی کوردستان ئیقراری ئەوە بکات، مەسەلەی مالی نەبێتە گرفت لەبەر دەم هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی پارێزگاکان.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو عظیمة خان.

**بەڕێز عظیمة نجم الدین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە ئەو 10٪ کە بڕاوە زۆربەی ئەو پێشنیارانەی ئەو برادەرانەی کە لە پەرلەمانە کردیان، کەس پێشنیاری ئەوەی نەکردووە، دائیمەن سێ کەس ئەبێ ئەو پێشنیارەی کردبی، ئینجا بخرێتە دەنگدانەوە، بەڵام ئەو پێشنیارە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

نا، نا، وەزیر داوای کرد بە ڕەسمی و چەند ئەندامێکی پەرلەمانیش پشتیوانیان لێ کرد، یەکێ لەوان گۆران ئازاد بوو، صبیحە بوو، عیماد بوو، عمر نورەدینی بوو، لای ئێمە تۆمار کراوە، کاک کاردۆ فەرموو.

**بەڕێز کاردۆ محمد پیرداود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پار ساڵ لە لیژنەی یاسایی، دەستەی کۆمیسۆنی باڵای هەڵبژاردنمان بینی، وتیان وا پارەکە لای ئێمە هەیە، ئەگەر ئێوە نووسراوێك بکەن، ئەم پارەی کە ئێوە باسی ئەکەن ماوەتەوە و با نەچێتەوە عیراق، ئەمە یەکیان، دوو، ئێمە کاتێ دەمانەوێ پێشنیار بکەین، ئێمە پەرلەمانتار وتی 10٪ ببڕێ، حکومەت لێرە کاتێ 10٪یەکەی بینیوە، ئەڵێ، با ئەمە بۆ پارێزگاکان تەرخان بکرێ، کێ پشتیوانی کردووە؟

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك گۆران فەرموو.

**بەڕێز گۆران ئازاد محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

حەزم لێیە لەبەر ئەوەی لە پرۆتۆکۆل تۆمار دەکرێ، ئەوەی ڕاست بکەمەوە بۆ برای بەڕێزم کاك کاردۆ، ئێمە ڕاستە کۆمسیۆنمان بانگ کرد، ئەو قسەی بەڕێزی دەیڵێ، ڕاستە، بەڵام وتی ئەگەر تا نیهایەتی ساڵی 2010 ئینتیخاباتەکە نەکرێ، پارەکە ئیعادە دەبێتەوە بۆ ناو بودجەی عیراق، یەعنی ئەوە نیە هەر وا بێتەوە و بۆ 2011 دابین کرابێ، دوو، من یەکەێك لەوان و کەیلی خان بووین، پشتیوانی بۆچوونی ئەوانمان کرد، بیخەنە دەنگدان، دەنگی دێنێ یان نایێنێ.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عمر فەرموو.

**بەڕێز عمر صدیق هەورامی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەرەڕای ئەوەی کە ئەو بۆچوونە هەبوو بە تەرخان کردنی ئەو بڕە پارەیە، بەڵام ئەم بڕە تەرخان دەکرێ، ئەگەر ئینتیخابات ئەنجامدرا ئەو کاتە خەرج دەکرێ، ئەگەر ئینتیخابات ئەنجام نەدرا، بڕەکە بەس تەرخان کراوە و خەرج ناکرێ و دەچێتە سەر حیسابێکی تر و بۆ مەبەستێکی تر خەرج دەکرێ، ئەویش بە پێی یاسا و بە پێی ڕێنماییەکان، وەزیری دارایی موناقەلەی پێدەکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کوێستان خان فەرموو.

**بەڕێز کوێستان محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەڵا من پرسیارەکەم ئاراستەی بەڕێز وەزیری دارایی دەکەم، ئەگەر ئێمە ئەم لە 10٪ مان نەبڕیبایە و ئەم پارەیە لەمە جیانەکرابایە بۆ هەڵبژاردن، ئینتیخاباتی پارێزگاکان نەئەکرا، ئەی ئەگەر ئەمەمان نەبووایە، ئەو پارەی لە کوێ ئەهێنا؟.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، جەنابی وەزیر فەرموو.

**بەڕێز شێخ بایز تاڵەبانی/ وەزیری دارایی و ئابووری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە ئەگەر ئەو پارەیەمان لێرە دەست نەکەوێت، مەجبوورین ئەچین لە ئیحتیات و تەواری ببڕین.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێستا کات خەلاص بوو، روون بوو، پێشنیارێك هەیە، حکومەت بە زەرووری ئەزانێ، چەند ئەندامێکی پەرلەمان پشتیوانی لێ ئەکات، چەند ئەندامێکیش پێی وایە زەروور نیە، ئەو پێشنیارە صیاغە بکرێ و ئەخرێتە دەنگدانەوە، فەرموون.

**بەڕێز عەونی کمال بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تخصیص مبلغ قدره 35 ملیار دینار لتغطیة نفقات اجراء انتخابات مجالس المحافظات و الاقضیة و النواحي في الاقلیم.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ لەگەڵدایە تکایە دەستی بەرز بکاتەوە؟، 67 بەڕێز لەگەڵی دایە، کێ لەگەڵدا نیە؟، 28 بەڕێز لەگەڵەیدا نیە، بە زۆرینەی دەنگ پەسند کرا، فەرموو بەردەوام بن.

**بەڕێز عەونی کمال بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشنیار کرا بە زیادکردنی دەرماڵەی خۆراك بۆ پۆلیس و ئاسایش و قوەی ئەمنی داخیلی بۆ 210 هەزار دیناری مانگانە، داوا دەکەم لە سەرۆکی پەرلەمان ئەو پێشنیارە بخرێتە دەنگدانەوە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ لەگەڵدایە بەو شێوەی خوێندرایەوە، تکایە دەستی بەرز بکاتەوە؟،زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نیە؟ بە کۆی دەنگ پەسند کرا، فەرموو بۆ خاڵێکی تر.

**بەڕێز د.رۆژان عبد القادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشنیارێکی تر هەبوو سەبارەت بە تۆڕی چاودێری کۆمەڵایەتی، کە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك نەریمان نیزامیە؟، فەرموو.

**بەڕێز نەریمان عبداللە قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەرباری ئەو 210 هەزارەی کە بەڕێز کاك عەنی باسی کرد، ئێمە 12 ئەندام پەرلەمان یادداشتێکمان دا بۆ جەنابت و لێرەش چەند کەس پشتگیریان لێ کرد، کە 7 ساڵی ئەو 210 هەزارەی بەدەل ئەرزاقە وەك چۆن فەرمانبەرانی مەدەنی 7 ساڵیان بڕیار دراوە بۆ بگەڕدرێتەوە، ئەوانیش بۆیان بگەڕێتەوە، بەڵام موودەکەی دەستنیشان بکرێ لە ماوەی 2 ساڵدا، ئێمە 12 کەس تەوقیعمان کرد و لە لای جەنابتانەو، چەند کەسێکیش ئەو پێشنیارەی کرد، لەبەر ئەوە، ئەوە غوبنێك بووە و بۆ ئەوەی بگەڕێتەوە بۆ پۆلیس و ئاسایش.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەمە میزانیەی یەك ساڵە، هی 2011، لە 2011/1/1 تا 2011/12/31 ئەو پارەیە لەبەر دەستە، لەبەر ئەوە تۆ ناڕۆیت، فەرموو کاك عبداللە.

**بەڕێز عبداللە محمد نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بۆ قەرەبووی فەرمانبەرانیش هەر بە هەمان شێوەیە، پێوەرەکەی یەك پێوەرە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز جەنابی وەزیر رەئیتان؟

**بەڕێز شێخ بایز تاڵەبانی/ وەزیری دارایی و ئابووری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوەی فەرمانبەران مووچەیە، ئەمە موخەصەصاتە، موخەصەصات صیفەتی دەیمووەمەی نیە، هەر کاتێك ببڕێت و هەر کاتێکیش بدرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، جەنابی کاك عەونی بەردەوام بە، فەرمووو.

**بەڕێز د.رۆژان عبد القادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە تۆڕی چاودێری کۆمەڵایەتی، پێشنیاری ئەوە کرا کە ئەو دەرماڵەی کە دەدرێ، ئەو بەخشینە، زیاد بکرێ لە 75 هەزار دینار بۆ 150 هەزار دینار، ئەگەر ئەو پێشنیارەش بدرێتە دەنگدان.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ لەگەڵدایە تکایە دەستی بەرز بکاتەوە؟،زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نیە؟ بە کۆی دەنگ پەسند کرا، کاك بیلال نیزامیە؟، فەرمووو.

**بەڕێز احمد سلێمان (بیلال):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەگەڵ ئەم پێشنیارەی کە دکتۆرە خوێندیەوە، چەند بەڕێزێکی دیکەش پێشنیاری ئەوە کرا کە کەمئەندامانی هاووڵاتی و هەموو ئەوانەش کە پلە، راتبەکانیان لە خوار 150 یە بکرێتە 150، وەکو یەکی لێ بکرێ، یەعنی هیچ کەس لە خوار 150 راتبی نەبێ، تکایە ئەگەر ئەوە بخرێتە دەنگدانەوە سوپاست دەکەم.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عبدالسلام فەرمووو.

**بەڕێز عبدالسلام مصطفى صديق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەکو سەرۆکی لێژنەی کاروباری کۆمەڵایەتی، حەز دەکەم ئەو مەوزوعە روون بکەم، لە پارەوە وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتی بەڕێنمایی کە ئەنجومەنی وەزیران موافەقەی کرد لەسەری، بڕیاری داوە 150 بێت بۆ هەموو ئەوانەی کەمئەندام و ئەوحاڵەتە، لەگەڵ دانی 100 هەزار بۆ دایك و باوك، لەگەڵ ئیجیازەی مدفوع الراتب ئەگەر یەك کەمئەندامیان هەبێ، ئەگەر دوو کەم ئەندامیان هەبێ، دایك و باوك دەتوانن لە ماڵ بن، واتا ئەوەی مامۆستا داوای کرد تەحقیق بووە لە پارەوە لە مانگی 7ەوە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرمووو خانم.

**بەڕێز شەونم محمد غریب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو ڕۆژانەی کە گفتوگۆ لەسەر ئەم بابەتە کرا، باس لەوەش کرا کە تۆڕی کۆمەڵایەتی پارەکە زیاد ئەکرێ بۆ 150 هەزار، لەگەڵ ئەوەدا بە ڕێنماییەك داوا بکرێ وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی کە پێداچوونەوەی بکات.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر ماوە شەونم خان، جارێ پاز مەدەن تکایە، سەبر بکەن با تەواو بێت، ئەگەر نەبوو ئەوجا شتەکان بڵێن، کاك شێرزاد فەرموو.

**بەڕێز شێرزاد عبد الحافظ شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە زیاد لە 10 ئەندام پەرلەمان باسی ئەوەمان کرد مووچەی کەمئەندامان و خاوەن پێداویستیەکان زیاد بکرێ، یەعنی لەبەر ئەوە حەقی وایە بخرێتە دەنگدانەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

جوابدرایەوە، ئەوە تەحقیق بووە، وەکو کاك عبدالسلام ڕوونی کردەوە، بیلزەبت وایە، ئیتر شتێك بووە، بۆ جارێکی تر بیخەنە دەنگدان، کاك عەونی بەردەوام بن، فەرموون.

**بەڕێز د.ڕۆژان عبد القادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تەرخان کردنی 150 ملیار دینار بۆ هەڵمەتی دروستکردنی قوتابخانە لە هەرێم.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

کێ لەگەڵدایە تکایە دەستی بەرز بکاتەوە؟،زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نیە؟ بە کۆی دەنگ پەسند کرا، فەرموو بۆ خاڵێکی تر.

**بەڕێز د.ڕۆژان عبد القادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تەرخان کردنی 300 ملیار دینار و زیاد کردنی بۆ بودجەی ئەو پرۆژانەی کەوا پێشنیار کراوە، بەڵام لەکۆی گشتی تێچوونی کولفەکەی تەنها لە 10٪ کەمتری بۆ تەرخان کراوە بۆ بودجەی ئەو پرۆژانە زیاد بکرێ، ببورە، لەسەر پارێزگاکانی هەرێم دابەش بکرێ بە پێی ڕێژەی دانیشتووان.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

تکایە بیخوێنەوە جارێکی تر.

**بەڕێز د.ڕۆژان عبد القادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

300 مليار دينار لاضافتها الى الموازنة الاستثمارية، لتعزيز المشاريع المقترحة التي خصصت لها نسبة اقل من 10٪ من الكلفة الاجمالية للمشروع و توزع على محافظات الاقليم بنسبة سكانها.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كێ لەگەڵدايە تكايە دەستی بەرز بكاتەوە؟،زۆر سوپاس، كێ لەگەڵدا نيە؟ بە كۆی دەنگ پەسند كرا، كاك د.احمد فەرموو.

**بەڕێز د.احمد ابراهيم علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە خەریكە هەموو یاسایەكە لە ماددەی یەكدا هەمووی كورت ئەكەینەوە، یەعنی بەراستی كۆمەڵێك لەو بابەتانە پێم وایە لە ئەحكامی خیتامی لە ماددەی 15 ئەتوانین موعالەجەی بكەین، یەعنی خەریكە ئێمە هەموو قانونەكە لە ماددەی یەكدا كورت ئەكەینەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو دكتۆرە.

**بەڕێز د.رۆژان عبد القادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەوە ماددەی یەك نیە، ئەوە بەس پێشنیارەكانە، دەبێ یەكلابكرێتەوە تاكو لە ژێر رۆشنایی ئەو پێشنیارانە كە دەنگی دێنی، ئەوجا ماددەكە دابڕژرێتەوە، بۆیە پێویستە ئەوانە بەدەنگدان یەكلا بكرێتەوە و بە ماددەكی سەربەخۆ رێك دەخرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

پەیمان خان فەرموو.

**بەڕێز پەیمان عزالدين عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەڕای من ئەوەی كە ئێستا ئەیكەین، ئەكەوینە هەڵەیەكی حیسابیەوە كە دواتر لەبەر ئەوەی دەنگی لەسەر ئەدرێ، ناتوانین بگەڕێینەوە سەری، ئێمە بیرمان نەچێ لە 10٪ مان تەخصیص كردووە، ئێستا لەوە ئەچێ بایی 100٪ مان پێشنیار كردبێ.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

نا خانم، حیسابیان كردووە لێژنەی دارایی، من لەگەڵیان دانیشتم و زۆر بە جوانی حیسابیان كردووە، فەرموو بەردەوام بە د. رۆژان.

**بەڕێز د.رۆژان عبد القادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پێشنیارێکی تر سەبارەت بە تەرخان کردنی بڕی 100 ملیار دینار بۆ پاڵپشتی کردنی، پرۆژەی خزمەت گوزاری لەو قەزا و ناحیە سنووریانەی کەوا زەرەرمەند بووینە کە راگوێزراون پێشتر و، بۆ میزانیەی پەرەپێدانی پارێزگاکان زیاد بکرێ بە پێی رێژەی دانیشتووان.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ لەگەڵدایە تکایە دەستی بەرز بکاتەوە؟،زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نیە؟ بە کۆی دەنگ پەسند کرا، فەرموو بەردەوام بن، نوقتەی نیزامی کاک کاردۆ فەرموو.

**بەڕێز کاردۆ محمد پیرداود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو رێژانەی کە باس ئەکات، ئەمە 10٪ یەکەیە خۆی، کە تەواو بوو، هەر پێشنیارێکی ترمان هەبێ جێی نامێنێتەوە بۆ ئەوەی ئێمە بڵێین، کاکە ئەم پێشنیارەش لە باتی 100 ملیار تەرخان بکەین، ئەوە دەکەینە( 90)،(10)ملیار بۆ ئەمە تەرخان دەکەین، لەبەر ئەوە دوای پێشنیارەکان کە تەواو بوو، قبول کرا یان قبول نەکرا، ئینجا ئەم رێژانە بخوێندرێتەوە لێرە، سوپاس، چونکە ئەوە دەیەوێ لە 10٪ کۆتایی پێ بێ، دوایی هەر پێشنیارێکمان هەبێ دەڵێ پارە نەماوە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئاشتی خان فەرموو.

**بەڕێز ئاشتی عەزیز صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێشنیازەکەم ئەوەیە کە دەبوایە بەلایەنی کەمەوە، بڕگەی داهات کۆتایی پێ بهاتبایە، سەرنجمان هەیە لەسەر داهات، داهاتەکە کۆی ڕەنووسی داهات گۆڕانکاری بەسەرردادێت لە هەرێمدا، بۆیە ئەم کاتە کە تەخصیصاتەکانیش کە ئێستا بە کەم و زۆری دائەنێن لە سەر رۆشنایی داهاتەکان ئەبوو، بۆیە ئەبوایە ئەو بڕگەیەکۆتایی پێ بهاتبایە، ئینجا ئەو بڕگانە بخرایەتە دەنگدانەوە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عومەر نوەردینی فەرموو.

**بەڕێز عمر حمدامین خدر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە راستیدا ئەگەر سەیری یاسای گشتی موازەنەی عیراقی بکەین، لە چوارچێوەی نەفەقاتدا، دوای ئەوەی تەواو بووە، لە 4٪ ی تەخفیز کردووە بە ماددەیەك، هەر لەم ماددەیەدا دەستنیشانیان کردووە، تەخصیصەکەی بۆ چیە؟، یەعنی بەو شێوەی کە ئێستا هاتووە، دروستە، بەلام پێویستە تەخفیزەکە و تەخصیصەکەی لە چوارچێوەی ماددەیەکدا صیاغە بکرێ و ئیزافە بکرێ.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێستاش وا کراوە و بەو شێوە ئەکرێ، کاك محمد فەرموو.

**بەڕێز محمد احمد علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە زیاتر لە 10 ئەندام پەرلەمان، پێشنیارمان کرد بۆ حکومەت، دوو یاسا لەم پەرلەمانە دەرچووە لە ساڵی 2007، بۆ خانەنشینی پێشمەرگە و کەم ئەندامی سەنگەر، هەروەها پێشنیازمان کردووە، هیچ نەبێت پێشمەرگە بەراستی .

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

برا دێتن، هەمووی باس دەکەین، ئەوانی تریش هەموو موقتەرەحەکان بە تەسەلسول داندراوە، فەرموون.

**بەڕێز خورشید احمد سلیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوەی ئێستا هەیە، نەك ئی لێژنەی دارایی و یاساییە، ئەمە ڕەچاوی کۆی پێشنیاری ئەندامانی پەرلەمان کۆکراوەتەوە لێرە و تەرتیب کراوە و بخرێتە بەردەم ئەندام پەرلەمان بۆ دەنگدان، ئەوە ئی مە نیە، لێژنەی یاسایی و دارایی، ئەوە پێشنیاری ئەندامانی پەرلەمان کە لە هۆڵی پەرلەمان کراوە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز سەمیر سەلیم فەرموو.

**بەڕێز سمیر سلیم امین بەگ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەلا ئێمە مەجموعەیەك دوو پێشنیارمان کرد، نەمبینی لەناو پێشنیارەکاندا، یەکەم، موخەصەصاتی غەلائی مەعیشی کە بۆ موەزەفین بۆ ئەوەی عەدالەتێك لە رەواتبی پلە نزمەکان.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کەی خەلاص بوو، ئەگەر نەبوو ئەوجا بڵێین، فەرموو.

**بەڕێز سیوەیل عثمان احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو پێشنیارانەی دەکرێ و ئەو ڕێژانەی کە زیاد دەکرێ، ئایا لە سەر ئەساسی 979 ملیارەکەی باسیان کرد، یان لەسەر 967 ملیارەکەیە؟، کە ئیشکالی تێدا بوو، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لێژنەی یاسایی فەرموو.

**بەڕێز د.ڕۆژان عبد القادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بەو ڕێـژەی کە دەنگی هینا 10٪یەکە، لەسـەر ئـەو بنەمایـە کـە 10٪ موازەنـە کـەم بکرێتـەوە، بودجەکە دەکاتە 989 ملیار و 670 ملیۆن دینار.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك حەمە سەعید فەرموو.

**بەڕێز حەمە سعید حمە علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بـۆ ئـەوەی کـە مـن پێموایـە کـات بگەڕێتـەوە و جەنابیشـت هـەر داینەنیشـینی ئـەو لیسـتە و بڵـێ ئـەوە پێشنیارەکەو دوایی ئەخوێندرێتـەوە، ئێستا منـیش چـەند پێشـنیارێکی تـر کـە لـە جـێ مـاوە و تەسـنیەی لەسـەر کـراوە، بـەڵام نـایلێم و چـاوەڕێ دەکـەم تـا کۆتـایی، بـەڵام هەنـدێ چـاوەڕێ ناکـات، ئەگـەر بکرێـت پێشنیارەکان هەمووی بخوێندرێتەوە، ئەمانە دوایی کە خوێندرایەوە ئەوەی تر ئێمە دەست بەرز ناکەینەوە بڵێین ئەوەی بۆ تێدا نیە؟، بەڵام ئێستا هەر دەست بەرز ئەکەینەوە و ئەڵێین بۆ ئەوەی تێدا نیە؟، کەواتە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ، لێژنەی یاسایی بەردەوام بن.

**بەڕێز د.رۆژان عبد القادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە پاڵپشتی کردنی پرۆژە خزمەتگوزارییەکان لەناوچە دابڕاو و کێشە لەسەرەکان، ئەویش بە پێی ئەو ڕێژەیەی کەوا لەبەر دەسـتدایە و حیسـابمان کـرد 70 ملیـار دینـاری بەردەکـەوێ، (70) سـبعون ملیـار دينار لدعم المشاريع الخدمية للمناطق المستقطعة و المتنازع عليها، و تتولى وزارة التخطيط في الاقليم متابعة تنفيذ ذلك.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ لەگەڵدایە تکایـە دەسـتی بـەرز بکاتـەوە؟،زۆر سـوپاس، کـێ لەگەڵـدا نیـە؟ بـە کـۆی دەنـگ پەسـند کـرا، فەرموو بەردەوام بن.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەر لەو نیسبەتەی کە دابەزێندراوە، بـڕی 20 ملیـار دینـار تەخصـیص دەکـرێ بـۆ بینـا و تـەئمین کردنـی هەموو ئەو دام و دەزگا وەرزشیانە و هاوکاری بەشی وەرزش لە هەرێمی کوردستاندا.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەعەرەبیش بخوێننەوە.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تخصص مبلغ قدره 20 مليار دينار لبناء و ترميم المنشأت الرياضية و دعم القطاع الرياضي في الاقليم.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ لەگەڵدایە تکایە دەستی بەرز بکاتەوە؟،زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نیە؟ بە کۆی دەنگ پەسند کرا، فەرموو بەردەوام بن. د.ثائر فەرموو.

**بەڕێز د.ثائر عبد الاحد اوغسطين:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو 20 ملیارەی حەز دەکەم بەس ئاماژەی پێبکەم بە نیسبەتی وەزارەتی دارایی، رەبتی نەبیتەوە بەو 10 ملیارەی کە تەرخان کرا بۆ بودجەی 2010.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

نا، ئەمە میزانیەی 2011 یە، عیلاقەی بەوە نیە، ئەوەی تر قەپات بوو لە 2010/12/31، تەواو، نیە، دانیشە.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

موقتەرەحێکی تر هەبوو بۆ، هاوکاری کردن و پشتگیری کردنی قەرزەکانی هەردوو بانکی زیراعی و صیناعی، بەم شێوەی خوارەوە:

تعزيز قروض المصرفين الزراعي و الصناعي.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بە کوردیش هەتانە؟.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڵێ: هاوکاری کردنی قەرزەکانی هەردوو بانکی پیشەسازی و کشتوکاڵی، پشتیوانی کردن.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

توخوا بەعەربی بیخوێننەوە.

**بەڕێز عمر عبدالعزيز بهاء الدين:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تعزيز قروض المصرفين الزراعي و الصناعي.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ لەگەڵدایە تکایە دەستی بەرز بکاتەوە؟،زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نیە؟ بە کۆی دەنگ پەسند کرا، بۆ خاڵێکی تر.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بەو پێشنیارانەی کە کرا، ئێستا ئەوەی ناحیەی قانونیە لەو ماددەیە جێبەجێ بوو، ئێمە صیاغەمان کرد بەو شێوەی کە ئێستا دەنگی لەسەردرا، ئەگەر پێتان باشە ئەو ماددەیە بخوێنینەوە، ئەو پێشنیارانەی تر کە ماوە، ئەمە بە ماددەکانی دیکە چ پێتان باشە بیخوێنینەوە، چ بیکەینە تەواو کردنی ئەو ماددەیە، پێشنیاری دی زۆر کرایە، هەموو ئیشمان لەسەر کردیە و صیاغەکەشمان تەقریبەن ئامادەکردیە، دوایی یان لە کاتی موناقەشەکردنی ماددەکانی قانونەکە کە لە دوایی موناقەشە دەکەین، دەیخەینەوە دەنگدانەوە، یان ئێستا، کوو پێتان باشە وای لێ دەکەین.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك حەمە سەعید فەرموو.

**بەڕێز حمە سعید حمە علی :**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

داوا دەکەین بخوێندرێتەوە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عومەر فەرموو.

**بەڕێز عمر صدیق هەورامی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێزان لە لێژنەی یاسایی و لێژنەی دارایی ئاماژەیان بەوە کرد، ئەو بڕەی کە بڕا کە لە 10٪یەکە بوو، بەم جۆرەی خوارەوە تەخصیص کرا، ئێستا لە پەرلەمانی کوردستان بڕیاری لەسەر درا، ئەمە بە ماددەیەك جیا بکرێتەوە، ئەوەی پەیوەندی بە بڕیار و پێشنیارەکانە، هەر ئەو بڕیار و پێشنیارانە نین کە بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان کردوویانە، بەڵکو کۆمەڵێك بڕیار و پێشنیارمان هەیە لە راپۆرتی لێژنەی دارایی و کاروباری ئابووری، هەموو ئەوانە لە چوارچێوەی بڕیار و پێشنیار، دواتر لەگەڵ یاساکە ڕەوانەی حکومەت دەکرێ و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك محمد فەرموو.

**بەڕێز محمد شارەزووری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیاره من ئاماژەم بەو دوو یاسایەدا بەداخەوە لەوە هیچ تەخصیص نەکراوە، دوو، ئێمە پێشنیارمان کرد وەکو لێژنەی شەهیدان، 10 کەسین، 10 ئەندامی پەرلەمانین داوامان کردووە کە دەرماڵە بۆ منداڵی شەهید وەکو هەموو موزەفێك ئەبووایە لەو 10٪ جێگەی بکردبایەوە، بەڵام بەداخەوە لەو 10٪ جێگەی نەکراوتەوە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کوێستان خان فەرموو.

**بەڕێز کوێستان محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش پشتگیری ئەو ڕایەی کاك محمد دەکەم، کە هەندێك پێشنیار کراوە لە لێژنەکانیش، بۆ نموونە ئەوەی منداڵی شەهیدان ئێمە وەکو فراکسیۆنی گۆڕان، داوامان کردووە کە منداڵی شەهیدان ئەوە بۆیان بگەڕێتەوە، بێجگە لەوە، داوامان کردووە کە چاککردنی مووچەی خانەنشینان بخرێتە دەنگەوە، دەنگی نەهیناوە، مەسەلەن ئەوە موخەصەصاتی توێژەری کۆمەڵایەتی، قەرەبووی فەرمانبەران و مامۆستایان، ئەوانە هیچی نەخرایە دەنگدانەوە، پێویستە بخرێتە دەنگدانەوە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لێژنەی دارایی فەرموون.

**بەڕێز خورشید احمد سلیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە لەو ماددەیە باسی پارەیەکی موحەدەد دەکەین، کە ئیستیقتاعە لە 10٪ لە سەر رۆشنایی ئەو پارەیە، ئێمە هاتووین کۆمەڵێك پێشنیار هەبوو لە هۆڵی پەرلەمان کە ڕچاومان کرد، ئەو خاڵانەمان خستە بەردەستی پەرلەمان کە دەنگی لەسەردا، ئێمە لەو ماددەیە باسی هەموو پێشنیارەکان ناتوانین بکەین، یەعین ئەوە ماوە، پێشنیار ماوە، پاشان دێینە سەری کاتی موناقەشەکردنی خاڵەکانی کە پەیوەستە بەو پێشنیارانە، یان لە ئەحکامی خیتامی.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو خانم.

**بەڕێز شلێر محمد نجیب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

یەکێك لە برگەکان کە ئەڵی بۆ ئەو 100 ملیارەی کە بۆ ناوچە زیانلێکەوتووەکان، ئەو کەلیمەی و ئەو وشەیە بکرێ بە ، ئەو شار و شارۆچکەی کە خاپوور کراون، چونکە فەرق هەیە زیان، دوایی مەتاتیەکەی نامێنێ، ئەبینی ئەو خاپور کراوە ئەوانەی کە تەخت کراون و زەرەریان لێ ئەکەوێ و حەقیان ئەخورێ.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئاشتی خان فەرمووٗ.

**بەڕێز ئاشتی عزیز صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێ ئەچێت ئێمە تا ئێستا یەك موعاناتمان هەبوو، ئەویش ئەوەبوو لە عەمەلیەی تەصویتدا وەکو کەمینە لەناو پەرلەماندا، ئەکەوتینە بەردەم زۆرینە و کەمینە، قبوڵمان بوو پرۆسەکە دیموکراسیە، بەلاّم لە ئێستادا ئیستینتاجێك بوو، شتێکی تازە هاتووتە پێشەوە، پێشنیاریش چوویتە بەردەم عەمەلیەی زۆرینە و کەمینە، راستە ئەگەر زۆرتری لە پێشی، بەلاّم شەرعیەت لەناو پەرلەماندا بۆ سێ پێشنیار کە سێ ئەندام پەرلەمان بیکات، قوەتی قانونی وەکو وایە کە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

نا، نا شتی وانیە، قانون لەخۆتەوە دامەنێ ئاشتی خان، فەرموو دانیشە، پێشنیاریش ئەخرێتە دەنگدانەوە، ئەمانە پاشان، دێت پێشنیارەکان لە وەختی خۆی دێت و لەسەری ئیتیفاق دەکەن، ئامینە زکری فەرموو.

**بەڕێز ئامینە زکری سعید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەڤە دوو ساڵە لە بودجە موناقەشە لەسەر هەندێ دکەین کو قەرەبوو کردنا ئاواریت ئێرانا و تورکیا بێتە کرن، ئەڤێ موناقەشەی بودجەدا ڤی 10 ئەندام پەرلەمانا موناقەشە سەر هەندێ کر کو مەبلەغێك بێتە تەخصیص کرن ڤی لە 10٪ بێتە برین بۆ ئاوارێت ئێران و تورکیا.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك خورشید وەلاّمتان.

**بەڕێز خورشید احمد سلیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

قەرەبوو کردن ڕەوایە، ئێمە لەگەڵین، بەلاّم قەرەبوو کردن دەبێت بزانی ئەو کەسانە چەندن؟، چۆنن؟، چەند پارە بەش دەکات.؟، حەجمی زەرەر چەندە؟، خۆ ناکرێت ئێمە لە هۆڵی پەرلەمان بڵێین ئەوەندە ملیار دینار بۆ فلان کەس، قەرەبوو کردنیش یەعنی سیستەمی خۆی هەیە، چۆن، چەند، ئەوانە چەندن، لە کوێن، کەنگێن هاتن؟، بە ژمارەی خێزانە، بەعەدەد دەدەین، بە پێی حەجمی زەرەر دەدەین، وەلاّ ئەمە ناکرێت لە هۆڵی پەرلەمان بڕیار لەسەری بدەین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو.

**بەڕێز هاوڕاز شێخ احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە ئەو پێشنیارانەی کە بەراستی ئێستا، قسەکەی کاك حەمە سعید زۆر دروستە، ئێستا ئەگەر بخوێنینەوە لە بۆی بزانین ئەو پێشنیارە، پێشنیار بۆ زیادکردنی میزانیەی تەندروستی زیاد لە 20 کەس قسەی لەسەر کرد، بۆچی ئێستاکە ناخرێتە ناو دەنگدانەوە؟، زیاد لە 20 کەس قسەی لەسەر کردووە، داوامان کردووە کە میزانیەی تەندروستی زیاد بکرێ، میزانیەکەی زۆر کەمە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان، ئەو تەوصیاتانەی کە ئێستا هەیە، عەدەدەکەی مەحدودە، هەر فراکسیۆنێك، تەوصیاتەکانی خۆی بە نووسین وەکو پارەکە کە کردمان، بدەنە سەرۆکایەتی، بۆ جەلسەی ئێوارە یەك، یەك ئەیخوێنینەوە، ئەوجا لەسەری رەئیتان ئەدەن، تکایە لە هەموو فراکسیۆنەکان نوقتەی نیزامی، وا قسە ئەکەین، رەجائەن، هەر فراکسیۆنێك تەوصیاتەکانی خۆی بە رێك و پێکی و بە خەتی خۆی کە لاتان هەیە، بینووسن و بماندەنێ، ئێمە تەنزیمی دەکەین و پاشان دێین لێرە عەرزی بەڕێزتان دەکەین، دیارە لێژنەی دارایی و لێژنەی یاسایی هەندێك تەوصیاتیان وەرنەگرتبێت، کاك حەمە سەعید فەرموو.

**بەڕێز حەمە سعید حمە علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تەبعەن بە خۆشحاڵیەوە ئەو پێشنیارانەی کە ئێستا موصادەقەمان لەسەری کرد، دەرماڵەی پۆلیس و دەرماڵەی تۆڕی کۆمەڵایەتی، بەڵام چەند پەرلەمانتارێك، ژمارەیەکی زۆر باسی دەرماڵەی پیشەیی بۆ یاساناسان، بۆ کۆمەڵناس و دەروونناس، بۆ مامۆستایان، ئەمەش تکایە وەکو ئەو دوو دەرماڵەیە بخرێتە دەنگەوە با دەنگی لەسەر بدەین، داواکارم.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو لێژنەی یاسایی.

**بەڕێز د.رۆژان عبد القادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوە دواتر بە ماددەکی سەربەخۆ یەکسانی ئەو دەرماڵانە و چاو پێخشانەوە هەمووی دەکرێ و دادەڕێژرێتەوە، ئەو پێشنیارانە لەبەر چاو گیراینە، بەڵام پێویستە بە ماددەیەکی سەربەخۆ بیت، نەك لێرە لە کەمکردنەوەی ئەو رێژەی 10٪یەی کە باس دەکەین، ئەو پێشنیارانە لە ماددەکی جیاواز رێك دەخرێت، ئەوەی دەرماڵە ماددەیەکی دواتر سەربەخۆیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك کاردۆ فەرموو.

**بەڕێز کاردۆ محمد پیرداود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تازە پێشنیارێکمان خستە دەنگدانەوە، پێشنیارێك پەیوەندی بە پشتیوانی کردنی بواری کشتوکاڵ و ئەوە بوو، مەبلغەکەی دیاری نەکرابوو، هەروا وتمان با پشتیوانی بکرێ، ئێمە خۆی کاتێ مەبلەغ دیاری دەکەین، حکومەت سەرفی ناکات، ئینجا مەبلغەکە دیاری نەبێت، پێشنیارەکان، تەوصیات نیە، هەمووی وەکو یەکە، یەك قوەتی هەیە، دەبێ هەمووی لێرە بخرێتە دەنگدانەوە، بۆ ئەوەی کەینی قبوڵ کرا ئینجا بڕوات جێی بۆ بکرێتەوە، کەینێ قبوڵ نەکرا.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێ بەڕێز، من وا پێت دەڵێم، ئەو پێشنیارانەی کە لەناو قاعە، کە لێرە پێشنیارتان کردووە و کە لە لێژنەکان ناردووتانە، لە دوو وەرەقە، سێ وەرەقە، تەسەلسولی بۆ دابنێ بە ڕێك و پێکی بینووسە، لە دانیشتنی داهاتوو دێین و عەرزی دەکەینەوە، ئەوە بە کوردی پێتانمان وت، کاك گۆران فەرموو.

**بەڕێز گۆران ئازاد محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وا بزانم هەرچی پێشنیار و ڕەئی هەیە، ئەگەر بمانەوێ لەو مادده جێگای بکەینەوە، نابێ، ئەوەی من بزانم و لە یاساکە بیخوێنینەوە و دواتر بێینە سەر موناقەشە، ئێمە بە نیازین کۆمەڵێك ماددەی زیاد ئیزافە بکەین بۆ قانونەکە، لەناو ماددەکاندا، کۆمەڵێك ئەو ئارائانەی ئێستا هەیە، جێگای دەبێتەوە، دەکرێ ئێمە بەردەوام بین لە موناقەشە کردنی یاساکە، جا لە ماددەکانی ئەخیر چیمان بیر چووە و چ ڕەئیەك پشتیوانی هەبووە، بخرێتە دەنگەوە، ئەگەر دەنگی هێنا، بە مادده ئیزافیەکان جیگای بکرێتەوە، ئەگەر نا ئێمە بمانەوێ.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ پێشنیارەکەت، لێژنەی یاسایی بەردەوام بن.

**بەڕێز عەونی کمال بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە بە باشی دەزانین، ئەو پێشنیارانەی کە ئێستا دەنگی لەسەر درا، صیاغەی ماددەکەی بیخوێنمەوە، واتا کۆتایی بێ بەو ماددەیە، ئەو پێشنیارەی تر کە مایتەوە، جەنابیشت ئیشارەتت پێدا، دوایی ئێمە هەندێك ئیشمان لەسەر کردووە، ئەوی لەبیر چووە یان ئاماژەمان پێ نەکردووە، دەتوانین دووبارە ئیشی لەسەر بکەین و ئامادەی بکەین.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو، ئەوانەی کە ئێستا کران، لە ماددەیەك هەمووی ڕێك بخەن، بۆ ئەوەی گشت ماددەکە بخرێنە دەنگدان و پاشان بچینە سەر ئیرادات، فەرموو.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**المادة الثالثة:**

**تخفيض نسبة قدرها 10٪ من اجمالي الموازنة التشغيلية و البالغ 989 مليار و 670 مليون دينار و يتم مناقلتها الى الجهات المبينة ادناه:**

**1-مبلغ قدره 150 مليار دينار للاستمرار في حملة انشاء المدارس في الاقليم.**

**2-مبلغ قدره 300 مليار دينار لاضافتها الى الموازنة الاستثمارية، لتعزيز المشاريع المقترحة، التي خصصت لها نسبة اقل من 10٪ من الكلفة الاجمالية للمشروع و، توزع على محافظات الاقليم بنسبة سكانها.**

**3-مبلغ قدره 100 مليار دينار لدعم المشاريع الخدمية في الاقضية و النواحي الحدودية المتضررة و المرحلة سابقا على ان يضاف الى ميزانية تنمية المحافظات حسب الكثافة السكانية.**

**4-مبلغ قدره 70 مليار دينار لدعم المشاريع الخدمية للمناطق المستقطعة و المتنازع عليها و تتولى وزارة التخطيط في الاقليم متابعة تنفيذ ذلك.**

**5-مبلغ قدره 20 مليار دينار لبناء و ترميم المنشأت الرياضية و، دعم القطاع الرياضي في الاقليم.**

**6-مبلغ قدره 35 مليار دينار لتغطية نفقات اجراء انتخابات مجالس المحافظات و الاقضية و النواحي في الاقليم.**

**ثانيا: المبلغ المتبقى و البالغ 314 و 670 مليار دينار ، يوزع كالآتي:**

**1-زيادة سلفة الزواج من مليونين و نصف مليون دينار الى 5 ملايين دينار.**

**2-زيادة سلفة العقار من 15 مليون دينار الى 20 مليون دينار.**

**3-زيادة مخصصات افراد الشرطة و الاسايش و قوى الامن الداخلي (مخصصات طعام) الى 210 الف دينار شهريا.**

**4-زيادة تخصيصات شبكة الرعاية الاجتماعية من 75 الف دينار الى 150 الف دينار شهريا.**

**5-تعزيز قروض المصرفين الزراعي و الصناعي.**

**6-تمنح سلفة الزواج البالغة 5 ملايين دينار، لاولاد الشهداء و، المؤنفلين و، اعفاءهم من استردادها.**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

**بەڕێزان ئەم ماددەیە هەمووی فەقەرە، فەقەرە دەنگتان لەسەری دا، زۆرینەی بە كۆی دەنگ بوو، ئێستا لە ماددەیەك رێك خراوەتەوە و ئیزافەی ماددەكانی دەكات، كێ لەگەڵدایە تكایە دەستی بەرز بكاتەوە؟،زۆر سوپاس، كێ لەگەڵدا نیە؟ بە كۆی دەنگ پەسند كرا، ئێستا بۆ ماددەی داهاتەكان تكایە، بەڵێ د.احمد.**

**بەڕێز د.احمد ابراهیم ورتی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**ئەو تەئمینە كە لادرا، وا بزانم نەیخوێندەوە، پێویستە ئەویش بخرێتە ناو ماددەكەوە.**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

به تەئکید ئەوە دەنگمان بۆی دا و لە جێگەیەك شوێنی ئەکرێتەوە، باشە، دروستە.

**بەڕێز خورشید احمد سلیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە ئێستا لە ماددەی ئیراداتین:

المادة الثانية:

تقدر ايرادات الموازنة للسنة المالية 2011 لاقليم كوردستان- العراق، بمبلغ 12 ترليون و 386 مليار دينار و حسب ما مبين في الجدول الاتي:

1-حصة الاقليم حسب قانون الموازنة العامة الاتحادية لجمهورية العراق للسنة المالية 2011، 11 ترليون و 180 مليار دينار.

2-الايرادات المتحققة فعلا في المنافذ الحدودية الموجودة في اقليم كوردستان لسنة 2010 و المعادة تخصيصها ضمن موازنة اقليم كوردستان حسب الفقرة الثالثة من المادة 25 من قانون الموازنة العامة الاتحادية لجمهورية العراق للسنة المالية 2011، 305 مليار دينار.

3-الايرادات المخمنة لمبيعات الطاقة الكهربائية في الاقليم، 151 مليار دينار.

4-الايرادات المخمنة للمنافذ الحدودية الموجودة في اقليم كوردستان للسنة المالية 2011 ، 400 مليار دينار.

5-تخصيصات بترودولار حسب الفقرة الرابعة من المادة 25 من قانون الموازنة العامة الاتحادية لجمهورية العراق للسنة المالية 2011 ، 350 مليار دينار.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی ڕەئیتان تکایە.

**بەڕێز عەونی کمال بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە وەکو لیژنەی یاسایی، هیچ تێبینیەکمان لەسەر ماددەکە نیە، پشتگیری لێ دەکەین.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی دارایی ڕەئیتان.

**بەڕێز خورشید احمد سلیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ڕەئی لیژنەی دارایی دەربارەی بڕگەی یەك و دوو و سێ و چوار و پێنج، پەسندە و، وەکو خۆی دەمینیتەوە، لیژنەکەمان پێشنیار دەکات، بڕگەیەك بۆ ئەم ماددەیە زیاد بکرێت، یان بە ماددەیەکی یاسایی جودا بەم شێوەی خوارەوە، دەقی ماددە، یان بڕگە: تخصص الايرادات الواردة في الفقرة (2 و 4و 5) من المادة الثانية، حصرا للمحافظات او الوحدات الادارية التي تقع فيها المنافذ الحدودية او العمليات النفطية، واتا

تـەرخان کردنـی ئـەو داهاتانـەی لـە بڕگـەی 2 و 4 و 5 لـە ماددەی دوو هـاتووە، تـەنها بـۆ پارێزگاکـان یـان یەکەکانی بەڕێوەبردن کە خاڵە سنووریەکان و چالاکیەکانی بەرهەمی نەوتی تێدایە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر رەئیتان؟

**بەڕێز شیخ بایز تاڵەبانی/وەزیری دارایی و ئابووری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە ئیرادەکانمان هەمووی جەرد کردووە وەکو وەزارەتی دارایی و حکومەت، ئەوە ئیقتیراحی پەرلەمانە کە ئەڵێ، بۆ موحافەزاتی حدودی، ئێمە هیچ لاریمان نیە لەسەری.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

مـاددەی دوو موناقەشـە دەکـەین هـی ئـیرادات، رەئـی لێژنـەی یاسـایی و دارایـی وتـرا، فـەرموو هـی حـدودی بخوێنەوە.

**بەڕێز خورشید احمد سلیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تخصص الايرادات الواردة في الفقرة (2 و 4و 5) مـن المادة الثانيـة، حصـرا للمحافظات او الوحـدات الاداريـة التي تقع فيها المنافذ الحدودية او العمليات النفطية،

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەمڕۆ بە قائیمەکە ناڕۆین، ناو ئەنووسین، بۆیە لە ئەخیرەوە دەست پێ ئەکەین، ئەم بەڕێزانەی کە ناویان لێرە هەیە و ئەیانەوێ موداخەلە بکەن، ئەخوێنمەوە و پاشان دەست بـە موناقەشـە دەکـەین، عبـدالرحمن، ئاشتی عزیز، گۆران، ناسك، د.صباح، نەریمان، عدنان، سیوەیل، عبداللە مەلا نوری، شوان کەریم، شلێر محمد، سمیرە گۆران، بەیان احمد، حەمەسعید، بەفرین حسین، بیلال سلیمان، خلیل عوسمان، جمال تاهیر، پەروین، بیریڤان، ئاسۆ کەریم، کـاردۆ ئیسـماعیل، سـۆزان شـهاب، ئـەڤین عومـەر، هـاژە سـلێمان، ئـارام قـادر، د.احمـد، عومەر عبدالعزیز، عبداللە حاجی محمود، عظیمة نجم الدین، ڤیان عبدالرحمن، کەسی تر ماوە؟، نیە، پێش ئەوەی بچینە ناو موناقەشات، جەنابی وەزیر موداخەلەیەکی هەیە فەرموو.

**بەڕێز شێخ بایز تاڵەبانی/وەزیری دارایی و ئابووری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەراستی من دوایی لە پێشنیارەکەی باش تێگەیشتم، ئەوە یەعنی بەلای ئێمەوە ئەو مەبلەغە یەکجار زۆرە، هەمووی بۆ حدودی، رەنگە لە شوێنی تریش ئێمە پێویستمان بەو مەبلەغە هـەبێت، بـە ئـەنواع و ئەشـکال مەشاکیلی مالیمان هەیە، مەشاریعمان هەیە، پرۆژەمان هەیـە، ئێمـە پێمـان باشـە روبعێکـی ئـەو پارەیـە بـۆ

مەنافیزی حدودی بێت، بۆ مەنتیقە حدودیەکان و ئەوەی دوایی، دابەش بکرێ بەسەر ئەو شوێنانەی کە پێویستیان پێیەتی.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

وەڵا ڕەئیەکەی جەنابی وەزیریش مەعقولە، مەسەلەن چەمچەماڵ شارێکە تەحتیم بووە و، حدودیش نیە، فەقیرەی چی بکات؟، یەعنی ئەبێ هیچی بۆ نەکەیت؟، یەعنی بۆیە بە نەزەری ئیعتیبار تکایە وەریبگرن، بەڕێز کاك عبدالرحمن فەرموو.

**بەڕێز عبدالرحمن حسین ابابکر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بودجە 12 ترلیۆن و 386 ملیار دینار، هەر چەندە بە هۆی ناتەواوی داهاتەکان، بڕەکە لەوەش زیاترە، بەقەدەر بودجەی 4 وڵاتی دراوسێ، کە لەئاستێکی باشی ژیاندان، بۆیە من پێموایە، گومان و بەهەدەر دان و گەندەڵی و ونبوونێکی زۆر لە داهاتی کوردستاندا هەیە، ئەو ونیە لە داهاتی هەرێمدا هەیە، ئەستەمە لە هیچ شوێنێکی دونیادا هاوشێوەی هەبێت، من نموونە دێنم، بە پێی دۆکیۆمێنتی بەردەست، داهاتی راستەقینەی وەزارەتی کارەبا لە ساڵی 2009، بریتی بووە لە 86 ملیار و 877 ملیۆن دینار و 115 هەزار و 244 دینار، کە وەزاەرتی دارایی لە ڕەشنووسی بودجەی 2011دا لە لیستی خەملێنراو، خەملاندنی داهاتی یەکگرتووی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ساڵی 2011، لێی نووسیبوو، لە لاپەڕەی وەزارەتی کارەبا کە تۆماری کردبوو، بریتیە لە 51 ملیار دینار، تێبینی بکەن تەنها گوژمەی شاردراوە لە ساڵی 2009 بریتیە لە ، ئەگەر لە یەك دەربکەین، 86 ملیار و 877 ملیۆن و 115هەزار و 244 دینار، لێی دەربکەین 51 ملیار دینار، کە دەکاتە 86 ملیار و826 ملیۆن و 115 هەزار و 244 دینار، ئەمە هەمووی کە دیار نیە، نەهاتووە بەر دەستی ئێمەی پەرلەمانتار، نازانم بۆ چی؟؟، من هەندێك شتی ترم هەیە لەسەر گومرگ و زەریبەی دەخل، ئێستا لێرە لەلای ئێمە لە زاخۆ مەسەلەن تاجیرێك هەیە، کە کەرەستە دێنن لە دەرەوە بۆ داخیلی کوردستان، کە دێنە گومرگی ئیبراهیم خەلیل، گومرکێکی لێ وەردەگرن، دوای ئەوە کە دێنە ناو شاری زاخۆش، لەویش گومرگێکی باجی کەرستەیە هەیە لەناو شار خۆی، لەوێش گومرگێکی تری لێ وەردەگرن، کە ئەوانە بۆیان بووە ئیشکال کە دەڵێن بۆچی گومرگ بدەین؟، لەکام یاسا هەیە، لە چ شوێنێك هەیە؟، ئەمە هەر دەگەڕێتەوە بۆ خەڵك، کە ئەوان تاجیرن و مینەتیان پێ نیە، هەر زیادی دەکەن لەسەر کەرستەکە و موشکیلەکە دێتە بازاڕ و خەڵکەکە بە گرانی ئەو شتە دەکڕێ وگران دەبێ و بۆ خەڵك هەر خراپە، ئەم دوو گومرگە بەرای من زۆر خەراپە و دەبێ، ئێمە چاوپۆشینێکی لێ بکەین، بۆ لێی وەردەگرن؟، بە نیسبەت زەریبەی دەخل، مەسەلەن ئێستا زەریبە هەیە 9٪ وەردەگرن، هەموویان زۆر پێیان ناخۆشە کە دەڵێن زۆرە 9٪، پێیان باشە کەمتر بکرێ، منیش پێم وایە بکرێ بە 5٪، زەریبەی عەقاریش، مەسەلەن من خانوویەکم هەبێت بەناوی من بێت، من ئەمەوێ بگۆڕمەوە و بیخەمە سەر ناوی خێزانەکەم، کە ئەچم زەریبە لە من وەرئەگرن، من بەسەر ناوی خێزانەکەم دەکەم زەریبە لە من

وەردەگرن، من موحتاج بم و بخەمە ناوی خێزانەکەم و ناو کوڕەکەم، هەر زەریبە لە من وەردەگرن، یەعنی دوو، سێ جار زەریبە لەسەر یەك شت وەردەگرن، ئەوەش بوویتە کێشەیەك، بۆیە من پێم باشە ئەوەش نەمینێ و لەناوخێزاندا کە شت لەناو یەکێك بچێتە سەر ناوی یەکێکی تر، ئەمەش زۆر شتێکی ناشیرینە دوو جار، سێ جار زەریبەی لێ وەربگرن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز ئاشتی خان فەرموو.

**بەڕێز ئاشتی عزیز صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە کۆمەڵێك نارۆشنی هەیە لەبەردەممانە، سەبارەت بەو خاڵا، کە لە رۆژانی پێشووشدا ئاماژەمان بە هەندێ شت کردووە، من بە تەنها بە زنجیرە بەندی هەندێ خاڵ، کە وەکو داهات، من بەلامەوانێ رۆشن نیە، فرۆشتنی نەوت و موشتەقاتی لەناو ئەو داهاتەیە ئاماژەی پێنەکراوە، گرێبەستە نەوتیەکان، شوێنی بۆ نەکراوەتەوە، شیرینی نەوت، بودجەی تەواوکاری ساڵی 2010 ، بڕی زیادکردنی فرۆشتنی نەوت کە لیستی دەرخستەکانی 2011 ڕەنووسەکانی تۆمار نەکراوە، پارەی مەدەوری ساڵی رابردوو، ئەوانەی کە پارەی بۆ خەرج نەکراوە و گەڕاوەتەوەوانێ، لیستێکی روون لەلامان نیە، ئەو بڕە پارانەی کە پێشتر باسمان کرد، وەکو خانوو بەرە، هاوسەرگیری، سندوقی نیشتەجێبوون، کامانە مانگانە ئیرادە و ئەگەڕێتەوە بۆ حکومەت، ئەمەش لەبەردەماندا نیە، سەڕەرای داهاتی فرۆشتنی نەوت کە ئێمە هەر لەو دۆکیۆمێنتەی لەبەردەمماندایە، وەکو کاك عبدالرحمن باسی کرد، کێشەی تێدایە لە نێوان ڕەنووسەکاندا، ئەبێ بۆمان روون بێتەوە، من تەنها وەکو دوکیۆمێنت، باس لە داهاتی سنوورەکان ئەکەم، سنوورەکان کە لە پرۆژە یاسای بودجەی گشتی حکومەتی هەرێمدا، داهاتی وەدەست هاتوو لە دەروازەی سنوورەکانی هەرێم، بە بڕی 400 ملیار دینار خەملێنراوە، لەکاتێکدا کە لە لیستی خەملاندنی داهاتە یەکگرتووەکانی هەرێمی کوردستاندا، ئەو لیستە موەحەدە ئی 2011، کۆی گشتی داهاتی هەرێم بەبڕی 400 ملیار و 507 ملیۆن، واتا بێجکە لە گومرەکەکان، واتا ئەمە هەر جیاوازی نێوان ڕەنووسەکان وامان لێ دەکات کە هەڵوەستە بکەین لەسەر داهاتەکان، ئا لێرە ئەم گرێمانەیە، من وەکو ئەندام پەرلەمان دێتە بەردەممان، ئەگەر ترسێك هەیە، ترسێکی نەتەوەیی و نیشتمانی هەیە لە روونی داهاتەکە، لەبەر ئەوەی دواتر لەو 17٪ لە حکومەتی فیدراڵی عیراق، لێمان ئەبڕێت، بەڕاستی ئەگەر ئەمە بەسەر ئێمە مەحکومە، ئەبێ میکانیزمێك بە لایەنی کەمەوە لەگەڵ ئەنجومەنی نیشتیمانیدا، لەگەڵ پەرلەماندا، دابنرێت ئەو ئالیەتە، لەبەر ئەوەی بەلایەنی کەمەوە ئێمە ئاگامان لە هەموو ئەو دابەزینی داهاتانە هەبێت، ئەگەر خەتەر و ترسێکیش هەیە، هەر چەندە من خۆم لەگەڵ ئەوەدا، لەبەر ئەوەی ئیتیفاقێك هەیە، ئیتیفاقێکی یاسایی، دەستووری هەیە لەگەڵ حکومەتی فیدراڵدا، من وەکو ئەندام پەرلەمانێك پێشنیازی وا ئەکەم کە بەتەواوەتی روون بێت،

بەڵام لێرە کۆمەڵێك جیاوازی لە ڕەنووسەکان هەیە، پێویستە ئەو گریمانەیە بەشێوەیەکی یاسایی، چ لەناو خۆمان بێت، چ لەسەر ئاستی عیراقدا بێت، ئەبێ یەکلایی بکرێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، بەڕێز گۆران ئازاد فەرموو.

**بەڕێز گۆران ئازاد محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

قسەکردنی من لەسەر پێشنیارەکەی لیژنەی داراییە، لەگەڵ ڕوونکردنەوەی زیاتر لە لایەن بەڕێز وەزیری داراییەوە، بە گوێرەی ماددەی 43ی قانونی بودجەی عیراقی ساڵی 2010، ئەمە داندراوە کەوا یەك دۆلار لە بترۆدۆلار، ئەو موحافەزاتانەی کەوا مونتیجی نەوتن، یاخود مونتیجی غازن، دابین دەکرێ، لە ماددەی دووی خاڵی(و) قانونی بودجەی ساڵی 2011ی عیراق، دیسان ئەمە ئاماژەی پێدراوە، کە ئەم پارەیە، ئەوەی 2010 و ئەوەی 2011ش لە پترۆدۆلار، دێتە سەر داهاتی هەرێمی کوردستان، ئیلزامی ئەوەی کردووە کەوا وەزارەتی مالیەی هەرێمی کوردستان، یاخود لایەنی مەعنی، ڕاپۆرتێك لەمبارەیەوە بدەن بە وەزیری نەوت و، وەزیری مالیە و، وەزیری تەختیتی عیراقی، پرسیاری من ئەوەیە، ئایا ئەم ئامادەکارییانە کراوە؟، بۆ ئەوەی ئەو مەسەلەی پترۆدۆلارە دابین بکرێ؟، ئەمە یەك، دوو، بە بۆچوونی من، ئەو مەنتیقانەی کە ئەو حاڵەتەی لێ دەردێنرێ، کە پترۆدۆلاری لێ بەرهەم دەهێنرێ، یاخود حدودینە، بە تەئکید ئەمانە زەرەرمەندن، زەرەرمەندی مەنتیقە حدودیانە لە لایەنی ڕێگا و بانەوە، با بڵێین زەرەرمەند دەبن، لەبەرئەوەی هەموو بار هەڵگرەکان بەو ڕێگایانە دا دەڕۆن و، مەنتیقەی ئەوەی مونتیجی نەوت و غازە لە ڕووی ژینگەوە، جگە لە ڕووی ڕێگاو بانەوە، تەنانەت لە ڕووی ژینگەوە، لە ڕووی سیحیشەوە ئەمانە زەرەرمەند دەبن، بەڵام منیش لەگەڵ ئەوەدا نیم، چونکە ئێمە دەبێ بە یەك چاوی یەکسان تەماشای هەرێمی کوردستان بکەین، منیش لەگەڵ ئەوەدا نیم ئەو شار و شارۆچکانەی کەوا نە حدودینە و نە نەوت و غاز بەرهەم دەهێنن، بێبەشیان بکەین لەم داهاتە، بەڵام پێویستە لەم ماددەیە، ئەم نیسبەتە جێگیر بکەین، کەوا ئەو مەنتیقانەی هەم حدودینە و هەم نەوت و غازی تێدا بەرهەم دەهێنن، ڕێژەیەکی بەرچاوی بۆ بچێ، چونکە لە قانونی بودجەی عیراقیدا، ئەم ڕێژەیە هەمووی بۆ ئەو موحافەزەیە، وەك لە کەرکوك جێبەجێ دەکرێ، چونکە لە ڕووی سیحی و لە ڕووی ڕێگاوبانەوە زەرەرمەندن، ئێمە شارۆچکەی تەقتەقمان هەیە، شاری کۆیەمان هەیە، مەنتیقە حدودیەکانمان هەیە، لەولایەنەوە کە چەند زەرەمەندن، بۆیە داواکارم ئەم خاڵە تەسبیت بکرێ کە نیسبەکەی بۆ ئەم مەنتیقانە چەندە؟ سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، بەڕێز ناسك توفیق فەرموو.

**بەڕێز ناسك توفیق عبدالکریم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە من لە سەرەتاوە دەڵێم، تەقریبەن کەوتینە ناو هەڵەیەکی یاسایی لەبەر ئەوەی ئیراداتمان خستە دوای خەرجیەکان، ئێستا هەر تەغیرێك بکەین لەم داهاتە ئەڵێن ماددەی یەکەم ئیقرار کراوە، بەڵام مەجبوورین هەر ئەبێ قسەی لەسەر بکەین، بۆیە لەوێوە دەست پێ دەکەم، کە من تەواو پشتگیری ڕایەکەی لێژنەی دارایی ئەکەم، کە بەڕاستی مەناتیقی حدودی زائیدەن ئەوەی پارەی پترۆدۆلارەکە، ئەبێ هەر بۆ خۆیان سەرف بکرێتەوە، چونکە ئەم مەوزوعی پترۆدۆلارە، هەمووومان ئەزانین و لە جەلسەی یەکەمیشدا من پرسیارەکەم ئاراستەی جەنابی وەزیری دارایی کرد، بەڵام بەراستی وەڵامم دەست نەکەوت، کە ئایا ئەمە دوای ئامادەکاری هەرێمی کوردستانە بۆ وەڵامدانەوەی فەرعی (ه) و( و)ی ماددەی دووەمی بودجەی 2011 کە ئیلزامی حکومەتی کردووە بۆ ئەوەی جەدوەلێك حازر بکات بە بڕی ئەو کەمیاتە نەوتیانە کە دەرئەکرێ لە هەرێمی کوردستان، یان نا هەر هی ساڵی رابوردووە؟، ئەمە پرسیارێکم، پرسیارێکی ترم، ئەوەی پترۆدۆلار خاص بەو مەناتیقانەیە کە نەوتی لێ دەرئەهێنرێ، یان مەصفای تێدایە، ئەوەی کە ئایا مەناتیقەکانی تر چی بکەن، ئەوە داهاتی عام کە نەوتەکە ئەڕوات، ئەوە داهاتی ئەو نەوتەیە کە ئەڕوا و لە 17٪ی دێتەوە بە عام بۆ هەموو شارەکان، بەڵام ئەم بۆ هەر بەرمیلێك دۆلارێك، بۆ موحافەزەکە، ئەمە بۆ خودی ئەو موحافەزەیە کە بیرەکەی تێدایە، لەبەر ئەوەی لەلایەنی ژینگەیە زەرەر ئەکات، لەبەر ئەوەی ڕێگا و بانیان زەرەر ئەکات، لەبەر ئەوەی زەحتێکی تر ئەکەوێتە سەر ئەو شارە زائیدەن مەسفاکانیش، ئەو شارانەی کە مەسفای تێدایە، چونکە ئەڵێ، هەر بەرمیلێك نەوت کە دەردێ هی خاو، بۆ هەر بەرمیلێك نەوت کە ئەنێردرێ بۆ مەسفاکان، بۆ هەر 150 م موکەعەبێك غاز، کەواتە من تەواو پشتگیری ئەو ڕایەی لێژنەی دارایی دەکەم، ئەبێ هەمووشمان داکۆکی لەسەر بکەین، چونکە بەڕاستی ئەوە موخەصەصە بۆ ناوچە سنووریەکان، ئینجا ناوچە سنووریەکان یەکێکە لەو ناوچانەی کە بەردەوام لە هەموو زەمەنێکدا، زۆر مەحرومن، زۆربەی زەرەریان لێ ئەکەوێ، ئەوە خاڵی یەکەمم، خاڵی دووەمم، بەراستی من تەواو پشتگیری قسەکانی ئاشتی خان دەکەم، کە ناڕوونیەك هەیە، علی الاقل وامان لێ ئەکات ئێمە گومان لەسەر رەقەمەکان دانێین، بۆ نموونە، ئێستا لە خاڵی چوارەمدا ئەڵێ: داهاتی خەملێنراوی دەروازەکان 400 ملیارە، ئەی ئەمەی کە لە ئیستیمارەی تەقدیراتی ئیراداتدا هاتووە، ئەمە لە کوێ جێگای بوویتەوە؟، کە خۆی ئەصڵەن ئەوەش کەمە، ئەوە بۆ چی جێگای نەبوویتەوە لەناو ئەم داهاتانەی خۆماندا؟، ئێستا ئەگەر بێت و ئێمە تەنها باس لەو وەزاراتانەی خۆمان بکەین، کە لای لێژنەکەی ئێمەیە، وەزارەتی پیشەسازی و بازرگانی، تەنها باسی چیمەنتۆی تاسلۆجەیان کرد، ئەم مەعمەلە رۆژانە 1000 تەن چیمەنتۆی دەداتە حکومەت بە خۆڕایی، هەر تەنێك چیمەنتۆ ئەدرێتە هاووڵاتی، خۆیان وتیان بە 69 هەزار دینار، وتیان 9 هەزاری بۆ نەقل و ئەوەیە و 60 هەزارەکە ئەمینێتەوە بۆ حکومەت، ئەگەر زەربی بکەی تەقریبەن هەرئەوەی ئەوان 21 ملیار و شتێك ئەکات، کەچی سەیر ئەکەی، بەس چیمەنتۆ تەبعەن، چەندیان بۆ داندراوە وەزارەتی پیشەسازی و بازرگانی؟، 6 ملیار ، یەعنی بەس چیمەنتۆیەکە 21 ملیار و ئەوەندە ئەکات، ئەی ئەوەکەی تری لە کوێیە؟، ئینجا دێینە سەر کارەبا، من لە کارەبا تێناگەم، کارەبا لێرە نووسراوە

151 ملیار بۆ داهاتی، تەبعەن پێشتر نووسرابوو موتەحەقیق، دوای چاککراوە وتیان ئەوە، من وتم ئیحتیماله ئەوە ئی ساڵی رابردووە، چونکە ئەڵێن موتەحەقیقە، یەعنی تەحقیق بووە و ئی پێشووە، دوایی بەڕێز وەزیری دارایی چاکی کرد وتی نا ئەوە موخەمەنە، باشە ئەم 151 ملیارە بۆ ئەمساڵە موخەمەنە، بە وەزارەتی دارایی وتراوە داهاتی خۆتانە، ئەی ئەمەی پار بۆ 55 ملیۆن بووە؟، 55 ملیۆن دینار بوو، ئەی ئەوەی پار 151 ملیار بۆ نەبوو؟، یەعنی ئەوانە هەمووی کۆمەڵێك پرسیارن بەراستی، حەقە وەڵام بدرێتەوە، لەوانەش موهیمتر دیسان جارێکی تر بەراستی حەق نیە زۆر باسی بکەین، مەوزوعی نەوتە، لێرە وەزیری سامانە سروشتیەکان باسی ئەو 5 ملیار بۆنسەی کرد، دوایی لە ئاخیردا توورە بوو وتی کاکە گیان 1333، ئێ باشە با ئێستاش ئێمە بڵێین کوا 133یەکە؟، ئەوە کوا؟، ئەو پارە کاشە کوا؟، ئەگەر ئەڵێن لای وەزارەتە، ئەی باشە پار بۆ لەناوەڕاستی موناقەشەی بودجەکە، وەزیری سامانە سروشتیەکان تەرحی کرد 490 ملیار بدات بۆ دەفعی ماددەی 16 و 17 و 18 کە بۆ مەجمووعەیەك شت بوو و قبوڵ نەکرا، ئەی ئێستا بۆ نەهاتووە ئەو 490 ە داخیلی ئەم داهاتە بێت؟، بۆ ئەوەی ئێمە بە زۆرترین بڕ بتوانین ئیستیفادە بە هاووڵاتیان بگەینین، لەبەر ئەوەی بەراستی کۆی داهات نا روونیەکی پێوە دیارە، ئاخیر شتم، ئێمە لە رۆژی یەکەمیش باسی ئەوەم کرد کە فەرق لە بەینی سەرفیاتی پرۆژەکانی پار لەگەڵ ئەوەی ئەمساڵدا 350 ملیارە، ئەوەش هەر دیار نیە، ئەگەر ئەڵێن بۆ عیجز پڕ کردنەوەیە، ئەی ئێستاش بە ماددەیەك نووسیومانە، بەتەمای سولفەکەی مەرکەزین، حکومەتی ئیتیحادین، ئەی ئەگەر ئەوە هاتەوە ئەچێتە کوێ؟، لەبەر ئەوە بەڕاستی کۆی داهات بۆ ئەوەی بۆ ساڵێکی تر نەکەوینەوە ئەوە، ئەکرێ لیستێك بەسەرجەم داهات، چیمان هەیە لە گومرگ، بێتە پەرلەمان، بۆ ئەوەی علی الاقل ئێمە بزانین داهاتی ئەم کوردستانە چەندە؟، چەند ئەچێتە مەرکەز و چەنێکی بەر ئێمە ئەکەوێ و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێز د.سەروەر.

**بەڕێز د.سەروەر عبدالرحمن عمر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەم ماددەیە ماددەیەکی زۆر گرنگە، کە حەق وایە بکەوێتە پێشەوە، مەسەلەی ئیرادات و ئەمانە، ئیجازەی ئیرادات، ئیلتیزامێك لەسەر شانی حکومەت دروست ئەکات، کە ئەبێ فلس بە فلسی ئەو ئیراداتە وەدەست بێنێ، ئەگەر وا نەکات ئەو کاتە ئەکەوێتە بەر لێپرسینەوەی نوێنەرانی خەڵك، تەبعەن ئەساسی قانونی بۆ بەدەست هێنانی ئیرادات، بریتیە لەو قەوانینانەی کە لە وڵاتدا هەیە، من پشتگیری لە پێشنیاری لێژنەی دارایی دەکەم، چونکە بەراستی ئێستا وای لێ هاتووە قسەکەی شێخی سەعدی شیرازیمان بەسەر تەتبیق دەبێ، ئەوانەی کە دەوڵەمەندترن، موحتاجترن، ئەبینی ئەو شارانەی کە خێر و بەرەکەتیان زۆرە بۆ وڵاتەکەمان بە تایبەتی شوێنە سنووریەکان، مەنافیزی حدودی، هەروەها شوێنێکی وەکو شاری کەرکووك، ئەو ئیمکاناتە سروشتیەی کە وەکو خوای پەروەردگار پێی داون، لەباتی ئەوەی بە خێر بەسەریان

بشكێتەوە، دەبینین بە زەرەر بەسەریان ئەشكێتەوە، بۆیە من فەلسەفەی ئەو پێشنیارەی لێژنەی داراییم بەلاوە زۆر پەسندە كە علی الاقل كە ئەو هەموو زەرە و زیانەی كە دەستە و یەخەی شوێنە سنووریەكان دەبێتەوە، بەو شێوەیە بە دیاری كردنی نیسبەتێكی گونجاوی عادیلانە پڕ بكرێتەوە، بەڵام دیارە بەهەندی دەستكارییەوە، چونكە ئێمە لە هەرێمی كوردستاندا سێ پارێزگامان هەیە، هەر سێ پارێزگاكان مەنافیزی حدودیمان هەیە، هەرسێكیان سەرچاوەی نەوت و بیری نەوتی تێدایە، بە شێوەیەك لە شێوەكان پاڵاوگەی تێدایە، یەعنی ئەو پێشنیارەی لێژنەی دارایی ئەگەر وردتر بكرێتەوە، بۆ ئەوەی ئەو شوێنانەی كە كارخانەیەكی تێدایە، ئەو شوێنانەی كە بیرێكی نەوت، پاڵاوگەیەكی نەوتی تێدایە، یاخود بووە بە شوێنی هاتوچۆی ئوتومبێلە باربەرەكان، بەڕاستی گلەییەكی زۆریان هەیە بە سەرمانەوە، ئەو گلەییانە نەمێنێت، من نموونەیەك دەهێنمەوە، شاری پێنجوێن یان شاری سەید سادق، بووە بە مەركەزێكی هاتوچۆی ڕۆژانە دەیان و سەدان باربەری گەورە و تەنكەری گەورە، كە تەئسیری داناوە لەسەر ژینگە، لەسەر ئیسراحەت و ئاسایشی خەڵكەكە، لەسەر ڕێگەو بانیش، ئایا ناكرێت ئێمە بە زمانێكی ئیلزامی بەهێز، بە نیسبەتێكی گونجاوی موربیح، لەم ماددەیدا، یان بە ماددەیەكی جیاواز، چونكە ئێمە باسی ئیرادات دەكەین، چارەسەری ئەو كێشانە بكەین، نیسبەتێك كە لە سێ یەك یان چوار یەك كەمتر نەبێ، لە ئیرادات دابنرێ بۆ ئەو شوێنانە، تەئكید لەسەر ئەوە دەكەمەوە حەقە ئیرادات بە تەواوی ڕۆشن بێ، بۆ حكومەتیش وا باشترە، بۆ وەزارەتی داراییش وا باشترە فیعلەن ئیرادات ڕۆشن بێ بە هەموو بڕگەكانییەوە، بۆ ئەوەی بەڕاستی بودجەیەكی شەفاف و دوور لە هەموو تەمومژییەك بخەینە بەردەستی هاوواڵاتیان، بۆ ئەوەی بخرێتە بواری جێبەجێ كردن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، ڕێزدار نەریمان، فەرموو.

**بەڕێز نەریمان عبداللە قادر:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

چەند ئەندامێك لە هاوكارانم ئاماژەیان دا بە زۆرێك لە بۆچوونەكانی ئێمە، بەڵام دەرگای داهاتەكان ئێمە كە قسەی لەسەر بكەین، من ڕووی پرسیارم لە بەڕێز وەزیری دارایی دەكەم، بۆ ئەو 5 ملیارەی كە لەو پەرلەمانەدا ساڵی پار تەئكید كرایەوە لەسەری ڕوونكردنەوەمان بداتێ، لە كوێ یە؟ هەروەها بە نووسراوێكی ڕەسمی پارساڵ، وەكو هاوكارم ناسك خان وتی، نزیكەی (500) ملیۆن دۆلار لە كاتی موناقەشەی بودجە، لەلایەن وەزارەتی سامانە سرووشتییەكانەوە هاتە ئەم پەرلەمانە، دواجار بڕیارمان دا لەسەر ئەوەی كە بە نووسراوێك یان پێداویستییەكان لە دوای بودجە بە پرۆژەكانەوە بێتە پەرلەمان، موناقەشەی لەسەر بكەین، لە داهاتەكان دا هیچ ئیشارەتێكی پێ نەدراوە، داوا لە بەڕێز وەزیری دارایی دەكەم كە ڕوونكردنەوەمان بداتێ لەم بارەوە، هەروەها سەبارەت بە بودجەی پێنج ساڵی وەزارەتی پێشمەرگە كە قەرار وایە كێشەكان چارەسەر بووبێت، لەم ماوە كۆتایی پێ بێت لەلایەن بەڕێز وەزارەتی

پێشمەرگەوە ئاماژەی پێ کرا، ئەگەر هاتو ئەو بودجەیە گەڕایەوە بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان، دەبێ وەکو ئەگەرێك، ئیحتیمالێك ئێمە ئاماژەی پێ بدەین کە بێتەوە سەرمیزانیەی حکومەتی هەرێمی کوردستان، پێداویستییەکانی هێزی پێشمەرگە لە هەموو پێداویستییەکانی مووچە و تەجدید و تەسلیحەوە بۆیان دابین بکرێ، ئەوەکەی تری بێتەوە بۆ ئەو عەجزانەی کە دروست بووە، ئاماژەی پێ بکرێ بەڕاستی، ئەوانە وەکو ئیحتیمالێك، پاشان دێمەوە سەر ئەو پێشنیارەی بەڕێزان ئەندامانی لێژنەی دارایی، ئەو پێشنیارە بەڕاستی لە هەندێ ڕووەوە کەم و کورتی تێدایە، ئێمە ئەگەر بێت و هەرێمی کوردستان داهاتەکانی هەر ناوچەیەك و داهاتێکی هەبێ، تەوزیعی بکەینەوە بەسەر ئەو ناوچانەدا، هەندێ ناوچە هەیە کەواتە هیچی بەرناکەوێ، بۆ داهات لە هەرێمی کوردستان دا، من لەگەڵ ئەوەم لە هەموو کون و قوژبنێکی ئەو هەرێمە کە داهاتێك هەبێ کۆبکرێتەوە، بێتەوە ئەو پەرلەمانە، لەو پەرلەمانەوە لەلایەن حکومەتەوە پێشنیارەکان بۆ ئەو ناوچانەی کە موتەزەریرن، بە لێژنەیەکی زانستی دەستنیشانی بکات، کە چەند زیاتری پێویستە لێرەوە بۆی تەرخان بکرێتەوە، لەبەر ئەوە ئێمە لەوانەیە دەرگا بکەینەوە لەبەردەم دروست بوونی دەرگایەکی تر لە ڕووی گەندەڵییەوە کە لە ناوچەکانەوە لە ژێر ڕەقابەی پەرلەمانیش دەچێتە دەرەوە ئەو کاتە، بۆیە من لەگەڵ ئەوەم ئەو ناوچانە هەموو حیساباتێکی تایبەتیان بۆ بکرێتەوە، بەو شێوەی کە زەرەمەند دەبن قەرەبوو بکرێنەوە، بەڵام لەم پەرلەمانەوە بێتە داهاتی گشتی، لەبەر ئەوەی داهاتی نەتەوەیی یە، دەبێ بەسەر هەموو خەڵکدا وەکو یەك دابەش بکرێتەوە، هەروەها خەلەلێکی تر لە بۆچوونەکەی لێژنەی دارایی دەبینم، ئەویش ئەوەیە کە مەنافزی حدودی تەنها بە حدودەکان تێگەیشتووە، بەڵام بە پێی یاسا هەردوو مەتارەکەش مەنافیزی حدودی یە، بۆیە مەنافیزی حدودی تەنها حدودەکان ناگرێتەوە، بۆیە ئەوە دەکرێ چاك بکرێتەوە، سەبارەت بەوەی پیترۆ دۆلار پێموایە ئەوە یەکلایی بۆتەوە، بۆ ئەو ناوچانە بێت کە داهاتەکەی لێ بەرهەم دەهێنرێ، پێویست ناکات ئێمە جارێکی تر لێرە ئاماژەی پێ بدەین، لە پیترۆ دۆلارەکە من تەئیدی دەکەم کە بۆ ئەو ناوچانە صەرف بکرێ، بەڵام بۆ داهاتەکانی تر تەئسیر لە داهاتی هەموو هەرێمی کوردستان دەکات، سەرەڕای ئەو هەموو تێبینیانەی کە هاوکارانم باسیان کرد لەسەر گومان بوون لەسەر ئەرقامی داهاتەکان، ئەو داهاتانەش پێویست دەکات لەسەرتاسەری کوردستان دا کۆبکرێتەوە، لەلایەن حکومەتەوە بێتە پەرلەمانەوە، لەلایەن پەرلەمانەوە جارێکی تر تەوزیع بکرێتەوە، بۆ ئەوەی عەدالەتێك دروست بکرێ، بە لەبەرچاو گرتنی ئەو زیان و زەرەمەندانەی کە لێژنەی دارایی کە باس دەکەن بۆ ناوچە سنوورییەکان، لەگەڵ ڕێزم.

**بەڕیز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێز سیوەیل خان، فەرموو.

**بەڕێز سیوەیل عثمان احمد:**

**بەڕیز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە ماددەی (2) ئەگەر باسی داهات بکەین، داهاتەکان گەلەك زۆرە، زۆریشی دیار نیە، ئەوانە داهاتی فیعلی نینە، چونکە زۆر داهات هەیە کە هەموو نووسرایە لەو داهاتانە، لەوانە داهاتی کارەبا هاتووە، بەڵام زۆر لەوەی زیاترە، داهاتی مەتارەکان کاك نەریمان باسی کرد، ئەو زەریبانەی وەری دەگرن لە وەزارەتەکان و باج و دەرامەت و خانووبەرە و ئەوانە، ئەوانەش هیچی دیار نیە، ئەو پارانەی کە دەگەڕێتەوە بۆ حکومەت کە لە سولفەی عەقار وەری دەگرنەوە و ئەویش هیچی دیار نیە، ئەو وەفرانەی کە جاری دیش باسم کرد لە پرۆژەکان، هیچ دیاری نەکراوە بە نیسبەت داهات، هەرچەندە ئێستا باسی ئەو داهاتانە دەکەین کە لێرە دیاری کراوە، موناقەشەی دەکەین، بە نیسبەت ئەو داهاتانەی بابڵێین ئەوانەی سەر سنووریەکان، منیش ڕەئیم لەگەڵ لێژنەی دارایی یە کە دابەش بکرێتەوە سەر هەموو ناوچەکان لە هەرێمی کوردستان، لەبەر ئەوەی داهات زۆرە، من پێشی ساڵی (2003) هەرێمی کوردستان تەنها بە گومرگەکان ئیدارەی دەکرد و وەزعیشی بەو دەرەجەی خراپ نەبوو، نازانم ئێستا بۆ ئەوەندە کەم بۆتەوە داهاتەکان، بە نیسبەت پیترۆ دۆلار، پیترۆدۆلار هاوکارم کاك گۆران باسیشی کردەوە، بە تایبەت مەنتیقەی کۆیە و تەقتەق، بە تایبەت تەقتەق و دەوروبەری، لە باسی بودجەی ئەوەی پارەی نەفتەکە بوو، موشتەقاتی نەفت بوو، کە باسمان کرد هەزاران بەرمیل نەفت لە تەقتەق دێتە دەرێ، لە شیواشۆك دێتە دەرێ، یەك فلسیشی بۆ صەرف نەکا، یەك فلس، وەرە هەموو داهات هی تۆ بێ، هەموو کوردستانی پێ خەنی بێ، کەچی بۆ خۆشت تێیدا مەحروم بی وەك کەرکووك، کەرکووك هەموو دنیا لەسەری شەڕ دەکات، بەڵام بۆخۆشی ئەوە وەزعی کەرکووك دیارە، لەبەر ئەوە حەقی خۆیەتی تەقتەق و دەوروبەری و گوندەکانی دەوروبەری، کۆیە ئەوانە تەعویز بکرێنەوە، هەرچەندە کۆیە پرۆژەی لێ کراوە لاریم لەوەی نیە، بەڵام تەقتەق هیچی بۆ نەکراوە، تەقتەق زێی هەیە، تەقتەق شوێنێکی گەشتیاری یە، تەقتەق خاکەکەی هەموو خاکێکی زراعی یە، خاکێکی زۆر بە پیت و بەرەکەتیشی هەیە، لەبەر ئەوە پێشنیارم ئەوەیە ئەو پیترۆدۆلارە بۆ ئەو ناوچانە بگەڕێتەوە، بە نیسبەت داهاتێك هەیە، ناسك خان باسی کرد، ئەو شەو لە تەلەفزیۆنی صودفە چوومەوە سەعات (11) و شتەك بوو، تەلەفزیۆنم کردەوە بەرنامەك هەبوو لە KNN، یەك لە بەڕێوەبەرە پێشکەوتووەکانی کە لە وەزارەتی پیشەسازی یە، من ئەوە قسەی ئەوە دەیڵێم لەبەر ئەوەی لەبەر دەستی ئەوانە، باسی لەوە کرد کە داهاتی مەعمەلی تاسلووجە، هی چیمەنتۆی ساڵی (2008) و (2009) بڕی (35) ملیار دینار بووە، تاکو ئێستا دیار نیە و داهاتەکانیش دیار نیە و صەرف نەکراوە، ئەو ساڵ ساڵی 2010 بڕی هەژدە ملیار دینار پارەی ئەو چیمونتۆیەیە، ئەگەر بەڕێز وەزیری دارایی پێی گوتین ئەوە عایدی کەرتی تایبەتە و دراوەتە کۆمپانیا، منیش دەزانم دراوەتە کۆمپانیا، عایدی کەرتی تایبەتە، بەڵام وەك ناسك خان باسی کرد، لە بڕی شەش هەزار تەن یەك هەزار تەن دەدرێتەوە وەزارەت و قازانجەکەی بۆ ئەو دەبێ، جا بزانین ئەو پارانە بۆ نەچووەتە سەر حیساباتی ئەو داهاتانە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێز شوان کریم، فەرموو.

**بەڕێز شوان عبدالكريم جلال:**

**بەڕیز سەرۆكی پەرلەمان.**

من پێموایە وەك چۆن بودجە مولكی هەموو وڵاتە و هی هەموو خەڵقە، داهاتیش بە هەمان شێوەیە بەڕاستی، یەعنی ئەوە مەنتیقێكە پێموانیە جیاوازی هەبێ لە بەینی داهات و لە بەینی بودجە بە گشتی، ئەوە یەك، دووەم/ بە پێی مەنتیقێك كە ئێستا دێمە سەری و باسی دەكەم، ئەم ماددەیە كە ئیزافە بكرێ، من پێموایە زیادە، بۆ؟ مەنتیقەكە لێرەدایە، ئێمە كە باسی مەنافیزی حدودی دەكەین، لە هەموو شارەكان مەنافیزی حدودی هەیە، داهاتیشی هەیە، دهۆك هەیەتی، هەولێر هەیەتی، سلێمانی هەیەتی، لە مەسەلەی (العمليات النفطية)، بە هەمان شێوە لە دهۆك هەیە، لە سلێمانی هەیە، لە گەرمیانیش هەیە، كە ئەویش ئیدارەیەكە بۆ خۆی، لە هەولێریش هەیە، دیارە باسی ناوچە دابڕاوەكان ناكەم، ئەوە ئەو داهاتانە چ هینی گومرگ بێت، هی مەنافیزی حدودی، چ هی نەوت بێ، لە هەموو ئەو پارێزگایانە هەیە، ئۆتۆماتیكی كە دوایی تەوزیعی دەكەینەوە تەبیعی بەر هەموو پارێزگاكان دەكەوێ، پێویستی ئەو ماددەیە من پرسیار دەكەم، دوای ئەوە لە بەڕێزانی لێژنەی هاوبەش ئەوەیە پێویستی ئەو ماددەیە چیە كە بۆخۆی مەنافیزی حدودی و عەمەلیاتی نەوتی لە هەموو پارێزگاكانی و ئیدارەكانی هەرێم دا هەیە؟ زۆر سوپاس.

**بەڕیز سەرۆكی پەرلەمان:**

دەستخۆش، بەڕێز شلێر محمد، فەرموو.

**بەڕێز شلێر محمد نجيب:**

**بەڕیز سەرۆكی پەرلەمان.**

وەڵلا من دەستخۆشی لە لێژنەی دارایی دەكەم بۆ ئەو پێشنیارەیان، بەڕاستی ئێمە ڕاستە لە هەر سێ پارێزگاكە خاڵی حدودیمان هەیە، بەڵام هەر خۆتان، من باسی پارێزگای سلێمانی دەكەم بە تایبەتی، كە ئەمساڵ لە بودجەكەش دا خاڵی سنوورییەكانی تیایە لە پرۆژە ئیستیسمارییەكان، كە بۆ پەروێز خان، بۆ پشتە، بۆ شوشمێ، بۆ باشماغ كە زۆر پارەی باشی بۆ دانراوە، من خۆم زۆر لە نزیكەوە بەدواداچوونم كردووە، بۆ مەنتیقەی پێنجوین بە تایبەتی باسی دەكەم، كە بۆچی بڕێك لەو پارەیە بۆ پێنجوین دابنرێ؟ پێنجوین یەكێكە لەو شارانەی كە خاپوور كرا، مینرێژ كراوە، كە بەڕاستی لە حەربی عیراقی-ئیرانی دا هەمووومان دەزانین چی بەسەر هاتووە، لەبەر ئەوە ئەو خەڵكە زۆرەی كە ڕێی دەكەوێتە باشماغ، بەڕاستی جار و دووجار و سێ جار نیە، كە ئوتێلێكی گەشتیاری لەو شارەدا نیە، هەتا خاڵە حدودییەكە كە خەڵك بمێنێتەوە، بووە بەجێی ڕەخنە و سیمای حكومەتەكەمانی ناشیرین كردووە، كە لە هەموو شوێنیكیش بم باسم كردووە، كە ئەو ئوتێلە دەبوایە بخرایە بەرنامە و نەخرا، شاری پێنجوین خۆی ئێستا بەرنامەیەك هەیە كە بە دوو ساید كردنی ڕێگەكەی تیایە، تونەیلی تیایە وەكو دیزاین، بەڵام لای ئێمە بۆچی دەڵێین بۆ پێنجوین كافی نیە؟ هەتا لە هەڵمەتی فوتابخانەكان دا پێنجوینی تیا نەبوو، زۆر زۆر گلەییان كردووە كە بۆچی لەوەش بێ بەش بوون؟ شاری پێنجوین پێگەی جوغرافییەكەی ئەگەر سەیری بكەین، زەمانێكە

چۆته ناو ئێرانەوە، یەعنی هەموو دەورەکەی بە گوندەکانییەوە نوقتەی حدودین، هەموویشی ناوچەی گەشتیاری یە، ئەم شارە بە پینە و پەڕۆ من دەڵێم چارەسەر ناکرێ، ئەوە هەڵمەتێکی دەوێ، تکام وایە ئەگەر بڕێك لەو پارەیەی کە وەکو بۆ خاڵە سنوورییەکان دادەنرێن بۆ پێنجوین دابنرێت، دەبێ بە مایەی خۆشحاڵی بۆ خەڵکەکەی و بەڕاستی لەبەر ئەوەی زۆر دوورە دەستە، بە نیسبەت ئەوەی پیترۆدۆلار، هەر خۆی یاساکە بە پێی ماددەی (43)ی ساڵی (2010) کە لە بودجەدا دەرچووە، ماددەی (2)ی ئەمساڵیش بەڕاستی ئەوە ئیلزامی کردووە کە بەس بۆ ئەو شوێنانە بێ، لەبەر ئەوە هەر پیترۆلیش ناگرێتەوە، بۆ غازیشە، ئێستا ئێمە دەبینین داناگاز لە شوێنێك دایە کە بەڕاستی خەڵکەکەی زۆر هەژارن، لەتەکیەی جەبارە و دەوروپشتی، لەبەرئەوە ئێمە مەفرووزە خزمەتی ئەو شوێنانە بکەین، بۆ تەقتەق و شیواشۆك وەکو ئەوانە کە دەچین بەدواداچوون بۆ پرۆژەکان دەکەین، فیعلەن لە مستەوای تمووحی ئێمە نیە، لەبەر ئەوە ئەو ماددەیە ئەگەر زیاد بکرێ ئێمە دەستخۆشی لە لیژنەی دارایی و یاسایی دەکەین، پشتگیری لە قسەکەی جەنابی وەزیر دەکەم، کە هەمووی نەبێت بە نیسبەت خاڵە سنوورییەکان، باڕێژەیەك بێت و تەسبیت بکرێ، زۆر سوپاستان دەکەم.

**بەڕیز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێز سەمیرە گۆران، فەرموو.

**بەڕێز سمیرە عبدالله اسماعیل:**

**بەڕیز سەرۆکی پەرلەمان.**

کاك گۆران قسەکانی منی کرد، زۆر سوپاس.

**بەڕیز سەرۆکی پەرلەمان:**

دەستخۆش، بەڕێز بەیان أحمد، فەرموو.

**بەڕێز بەیان أحمد کۆچەری:**

**بەڕیز سەرۆکی پەرلەمان.**

ل دەستپێکێ تەبعەن جهێ دڵخۆشی یە وەکو مە داهات هەی، کو دڤێتن ئەڤ داهاتی هەنێ، ئەم هەمی کۆکین لەسەر هندێ کو ناڕوونی و ناشەفافیەت دڤێ داهاتێ دا هەی، وەختێ هاتی کو دڤێتن بێتە ڕێکخستن، یان وازح بیتن، ئەو ڕێژە ڤێ داهاتی ئەوە دچیتە بەغدا بیت یان دیار بیتن، ئەوە کو دمینیتەڤە دێتە تەوزیع کرن ئەڤ تشتێ هەنێ هەمی د ڤێت بێتە ڕێکخستن، یان مورەتەب بیتن، کو فیعلەن ئەڤ گومانا هەنێ دەڤ پەرلەمانیشی نەمینێت و ل دەڤ خەڵکەکی ژیك نەمینێتن، خاڵا دووێ، ئەز ب ڕاستی پشتیڤانا لە پێشنیارا لیژنەیا دارایی دکەم، کو مژی پێتڤیا ئەژی وەکی شلێر خانی ئیشارەتێ بدەمە، زاخۆ خاڵا سنوورییە، ئیبراهیم خەلیل ب ڕاستی یەعنی مەزنترین بازێر خەڵکی دەڤەرێ دێتن هەندێ شەڤ و ڕۆژ ئیزدیحامە، گەلیا دهۆکێ نەتیجە هەندە هاتوو چوونێ سەر، یەعنی مەترسیێت گەلەکی مەزنێ سەر ئەسڵەن خەڵك نەوێریتن زیب زیب بچیتە وێ، وەختێ بچیتە گەلی یەعنی گەلەك ترس بۆ خەڵکەکێ چێ دبیتن، ل وێرێ

هەندێ ڕوویدانێت هاتو چووێ ل وێرێ چێ دبن، له وما ب ڕاستی من پشتیڤانییێ دکەم کو فیعلەن ئەو خالێ تە هە سنووریت کو هەلمەتیەکا باش بۆ ئاڤەدانکرن وێ، بۆ خزمەتکرنا وێ، لەوێ ئاستی بیتن، ئەو باجە کو ئەو بداتن، نەتیجە وەختێ کەڤتە سەر وی جهی، ژبەرهەندێ پشتیڤانا خالیا دکەم، خالا دی کو من دڤێت ئاماژە پێ بکەم، بە ڕەئیا من دوو جۆرە داهاتییێت هەی ل ڤێرە دیار نینە، ئێك ژوانا (الإيرادات المستحصلة من رأس المال الإستثماري)، تەئکیدی مە ڕەئس مالەکی هەی، دێتە ئیستیسمار کرن، ئیراداتێت وێ ل ڤێرێ دیار نینە، ئەز حەز دەکەم جەنابی وەزیری دارایی ڕوونکردنێ ل سەر ڤێرێ بداتن، خالا دووێ، من ئیرادات وان مینحە وان تەبەروعاتا ئەڤێت کە دەوڵەت و هەندێك لایەن تەبعەن پێشکەشی میللەتا دکەن، پێشکەشی دەوڵەتا دکەن، وەکی (أمم متحدة) وەکو (دول مانحة) (أمريكا، ألمانيا، يابان، كوريا) مەسەلەن، ئەرێ ئەڤ ئیراداتا یەعنی چ مینحە بۆ هەرێما کورستانێ تەخصیص نابن، وەکو عورفێك تەبعەن، ئەز ڤێرێ پرسیارا ئاراستەی جەنابی وەزیری دکەم، زۆر سوپاس بۆ هەوە.

**بەڕیز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، بەڕێز حەمە سعید، سوپاس بەڕێز بەفرین حسین، فەرموو.

**بەڕێز بەفرین حسین خەلیفە:**

**بەڕیز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە لەو خشتەیەی کەوا بۆ داهات هاتووە، ئامادە کراوە، ڕاستە کە شتێك لەو شتانەی کەوا نەقصە تێیدا، باس کردنی داهاتی نەوتی یان موشتەقاتی نەوتە، بەڵام دیارە بەڕێز وەزیری دارایی ئەوەی ڕاگەیاندووە کە ئەوە بە حیساباتێکی تایبەت و ساڵانە دێتە پەرلەمانی کوردستانەوە، لەوێ قەراری لەسەر دەدرێ، لەسەر ڕێژەو بڕەکەی، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، خالێکی ترم لەسەر داهاتی دەروازە سنوورییەکانی هەرێمی کوردستانە، کە لێرەدا مەبلەغەکەی بە چوار سەد ملیار دیاری کراوە، بەڕیز سەرۆکی پەرلەمان، بە بڕوای من، لەوانەیە بە بڕوای زۆر خەڵکی تریش ناوچە سنورییەکان لە هەرێمی کوردستان دا هەژارترین شوێن و بێ نازترین شوێنن لە ڕووی خەدەمات و جاددە و ڕێگاوبان، بەڕیز سەرۆکی پەرلەمان، من بە حوکمی ئەوەی کە سەر بە پارێزگای سلێمانیم، نموونەی پێنجوین و قەزای سەید صادق دەهێنمەوە، بەڕێزان بەڕاستی ئەگەر کەسێك جارێك بە نێو قەزای سەید صادق دا تێپەڕێت، ئاوات دەخوازێ کە بۆ سەد ساڵی تریش بەو قەزایە تێنەپەڕێ، خوا نەکردە نەك لەبەر هیچ ئیعتیبارێکی تر، بەڵکو لەبەر خراپی جاددە و ڕێگاوبانەکەی کە لە جاددەی مەرگ دەچێ، بەڕاستی لە پشتی حوشتر دەچێ، لەگەڵ ڕێز و حورمەتم، بۆیە پێویستە ئەو داهاتەی کە لە ئەنجامی چالاکی ئەو دەروازە سنوورییانەوە بەدەست دێت، جارێکی تر صەرف بکرێتەوە بۆ ئەو شوێنانەی کە بە تایبەت سەیارە بار هەڵگرەکانی پێدا تێپەڕێت، من لەو قەناعەتەم ئەو داهاتەی کە بە دەست دێت، ساڵانە دەبێ هەر لە چاککردنی جاددە و ڕێگاوبانی ئەو ناوچانە جارێکی تر بەکار بخرێتەوە، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، دیارە لە بڕگەی پێنجەم باس لە بڕە پارەی پیترۆدۆلار دەکات لەو داهاتەی کە لە چالاکییەکانی نەوتەوە بە دەست دەهێنرێت، ئەویش بڕەکەی (350) ملیار دینارە بە

گوێرەی خشتەکە، وای لێ هاتووە لەوانەیە ئەو ناوچانەی کە نەوتیان هەبێ، ئاوات بخوازن ئەوانیش بە هەمان شێوە ئەصلەن خاوەنی نەوت نەبوونایە، بۆ نموونە پارێزگایەکی وەکو کەرکووك کە بە زێڕی ڕەش بەناوبانگە، ساڵانە دەبێ سەبر بگرێت تا بەرمیلێك نەوتی دەست دەکەوێ، بێ نازترین شوێنیشە لە عیراق و لە هەرێمی کوردستان دا، بۆیە پشتگیری ڕایەکەی لیژنەی دارایی دەکەم، ئەو داهاتەی کە لە ئەنجامی چالاکییەکانی نەوتەوە بە دەست دەهێنرێت، هەروەکو یاساکەش چۆن ئاماژەی پێ کراوە، بۆ هەر بەرمیلێك یەك دۆلار، بۆ ئەو ناوچانە صەرف بکرێ کە چالاکییەکەی لێ بەدەست دەهێنرێت، لەبەر ئەوە ئەوەش جۆرێکە لە قەرەبووکردنەوەی ئەو زەرەر و زیانانەی کە بەر ئەو ناوچانە دەکەون، لە کەش و هەوای ناوچەکە، لە ژینگەی ناوچەکە، لە تەئسیر کردن لە تەندروستی خەڵکی ناوچەکەش، بۆیە جارێکی تر دووپاتی دەکەمەوە پشتگیری لەڕای لیژنەی یاسایی دەکەم بۆ ئەو بڕە پارەی پیترۆدۆلار تەنها بۆ ئەو ناوچانە بێت، بەڵام بۆ دەروازە سنوورییەکان کارێك بکرێت، ڕێژەیەك لەوە بۆ ئەو ناوچانەش بێت کە تەنانەت سەیارەی بارهەڵگرەکانیشی پێدا تێپەڕ دەبێت، چونکە ئیحتیمالە ئەو شوێنانەی کە سەیارەی بارهەڵگرەکانی پێ تێپەڕ دەبێت، تەنها نەکەونە دەروازە سنوورییەکان، شوێنێکی زۆرە، بۆیە ئەو پارەی کە بە دەست دێت تەنها دەتوانرێ لە چاککردنەوەی جێگاو بانەکان بەکاربهێنرێت، ئێمە دەزانین گرفتی سەرەکی ئێمە لە هەرێمی کوردستان خراپی جاددە و ڕێگاوبانەکانی ئێمەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێز خلیل عوسمان، فەرموو.

**بەڕێز خلیل عثمان حمدامین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەڵڵا هەروەکو هاوکارانم باسیان کرد، حەق بوو ئێستا بودجەی تەواوکاریش بە خەملێنراوی لێرە بوایە، لەبەر چاومان ڕوون بایە لەو داهاتە، هەروەها مەسەلەی پارەی، ئەو پارەی کە بە ناوی شیرینی نەوتەوە دانراوە، حەق بوو نازانم ئەو پارەیە بەشێکی پرۆژەی خزمەتگوزاریی یە، لەو شوێنانە جێبەجێ دەکرێ، کەچی ئەوە دوو ساڵیشە تێپەڕی ئێمە هیچ پرۆژەیەکمان نەبینیوە، پارەکەش تاوەکو ئێستا دیار نیە، حەق بوو ئەوە بۆ پەرلەمانی کوردستان ئەگەر لە جەلسەیەکی داخراویش بوایە بەڕاستی، یەکلا بکرایەتەوە تاوەکو ئێستاکە، بۆیە من داواکارم یەعنی ئەوانە ڕوون کردنەوەی لەسەر بدرێ، سەبارەت بە پێشنیاری لیژنەی دارایی بۆ تەرخان کردنی پارە بۆ ئە ناوچە سنووریانە، ئێمە پێش ئێستاکەش بڕێك پارەمان تەرخان کرد بۆ ناوچە سنوورییە وێران کراوەکان، کە بەداخەوە هەندێ قەزای تریش هەبوون، ڕاستە لە زیمنی ناوچەی سنووری دا نین، بەڵام خاپوور کراون بەڕاستی، حەقە ئەو مولاحەزەیە بە نەزەری ئیعتیبار وەربگیرایە، پێموایە دەکرێ گونجاندنێك هەبێ لەگەڵ ئەو بڕیارەی کە پێشتر درا، لەگەڵ ئەوەی کە ئێستاکە ئەو لیژنەی یاسایی و لیژنەی دارایی ڕێکیان خستووە، ئەگەر وابێ دەتوانم بڵێم هەندێ مەنتیقەی تر بەڕاستی مەحروم دەبن، وەکو هاوکارانم باسیان کرد، چەمچەماڵە، تەکیەیە، تەقتەقە، کۆمەڵێك شارو

شارۆچكەی ترمان هەیە بەڕاستی وەكو مەناتیقی نائی سەیر دەكرێ، ناكرێ پارەكە هەمووی لە شوێنێك صەرف بكرێت و مەنتیقەكانی تر بێ بەش بكرێن، خاڵێكی تر سەبارەت بە پارەی پترۆدۆلار وەكو هاوكارانم باسیان كرد، هەروەكو لە قانونی موازەنەی عیراقی لە ماددەی دوو، لە بڕگەی یەكەمی (ھ)دا هاتووە، كە كۆمەڵێك زەوابت دانراوە بۆ صەرف كردنی ئەو پارەیە، بۆ پارێزگا بەرهەم هێنەرەكانی نەوت، بەڵام بەڕاستی من داواكارم لە ناو خودی پارێزگا بەرهەم هێنەرەكانیش دا رەچاوی ئەو ناوچانە بكرێت كە نەوتیان لێ بەرهەم دەهێنرێ، لە ڕووی كاولكارییەوە، لەڕووی ژینگەوە، وەكو هاوكارانم باسیان كرد، لە ڕووی مێژووی دەرهێنانی نەوت تیایانە، ئێمە ئەگەر باس لە مەنتیقەی كۆیە و شیواشۆك و تەقتەق بكەم، ئەوە بۆ بیست ساڵ دەچێ كاری نەوت دەرهێنان لە سەردەمی ڕژێمی پێشووش ئەو مەنتیقەیە مەنتیقەیەكی موحەرەمە بووە، ڕایگوێزراوە، یەعنی حەقە ئێستا ئەوە حیسابێكی تایبەتی بۆ بكرێ لێرەدا، یەعنی شارۆچكەیەكی وەكو تەقتەق هەموو پرۆژە بەردەوامەكانی ساڵی 2009 و 2010دا ئێستاكە سێ پرۆژە نابینیتەوە، یەعنی بە تەواوەتی پشت گوێ خراوە، من هیوادارم ئەوە لەبەرچاو بگیرێ، لە پارێزگایەك دا كۆمەڵێك زەوابتی بۆ دابنرێ، ئەو سنوورە چەند ساڵە مەحروم بوو، لەسەردەمی ڕژێمی بەعسەوە، تاوەكو ئێستاكەش، یەعنی ئێستاش تەنكەرەكان بەوێ دا دەڕۆن، ڕێگاوبانەكە وێران بووە، تۆزی تەنكەرەكان بەسەر گوندەكان دا دەڕۆن، هەمووی تووشی نەخۆشی و كۆمەڵێك مەترسی تەندروستیان لەسەرە، بێجگە لەوەی كە دەتوانم بڵێم، لە زۆر ڕووی ترەوە ئەوانە پێویستیان بە خزمەتگوزاریی زیاترە، هیوادارم كە لە دابەش كردنی پارەی پترۆدۆلاردا لە خودی پارێزگاكەدا ڕەچاوی هەندێ خاڵی جیا بكرێت، ئەولەویەت بدرێ بەو ناوچانەی كە دەمێكە نەوتیان لێ دەردەهێندرێ، دەمێكە خزمەت نەكراون، پێویستیان پێیەتی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێز جمال طاهر، فەرموو.

**بەڕێز جمال طاهر ابراهیم محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەگەر بێین سەیری مەفهومی سیادە بكەن، سیادە هەر بۆ حكومەتە و هی دەوڵەتە، بە پێی ئەو مونتەلەقە هەر داهاتێك بێت دەبێتە ئیراد بۆ خەزینەتی ئەو حكومەتە، یان ئەو دەوڵەتە، ئێمە ئێستا موناقەشەی بودجە دەكەین، بودجەش وەك هەموومان دەزانین دوو لایەنە، لایەنێك نەفەقاتە، لایەنێك ئیراداتە، پێش ئێستا حكومەتمان تەكلیف كرد بە ئەنجام دانی چەند كارێك، لەلایەكی تر دەمانەوێت بێین دەستی حكومەت تۆزێك ئەوە بكەین، كەم بكەین لەلای ئیراداتەوە، چونكە وەك هەموومان دەزانین، ئیرادات ئەو مەصادرەی كە حكومەت بتوانێ تەمویلی نەفەقاتی بكات، بۆیە من بەباشی نابینم ئەگەر بێن و خاڵی (2) و (4) و (5) هەموو ببڕێتن، تەرخان بكرێت بۆ ئەو شوێنانە كە زەرەمەند دەبن، ئێمە لێرە تووشی گرفتێك دەبین، ئایا زەرەمەند چۆن تەحدید دەكەی لێرە؟ یەعنی ڕێژەی زەرەمەندی چەند دەبێت؟ تۆ

لێره ناتوانی، ئایا حەیزی جوغرافی وەرگری؟ یانیش بەرفرەهتر دەکەی؟ بۆ نموونە ئەگەر ئێستا مەسەلەن بەینی دهۆك و زاخۆ ئێمە بڵێین، تۆ ئەو شارعە هەموو زەرەمەند بووە، ئەگەر بێن هەولێر و دهۆك حیساب بکەن، هەمووی زەرەرمەند بووە، ڕۆژانە تەقریبەن دوو هەزار، سێ هەزار ترێلە ئازووقە لە سنوورەوە دێنن لە دهۆك بەرەو هەولێر و سلێمانی، ئایا ئەو شوێنانە زەرەرمەند نابن؟ بۆیە من نابینم شتەکە بەو شێوەیە بێت وەك لێژنەی دارایی دەڵێت کە هەموو بڕوات بۆ ئەو ناوچانە، ڕاستە ئێمە لەگەڵ ئەوەینن مەفهومی تەنمیە لازمە، تەنمیەتی شموولی بێت، حکومەت مەسئوولە بە هەموو شتێك، بۆیە دەبێت ڕێژەیەك ئەگەر بکرێت بتوانن حدودی (10٪) تا (20٪) بۆ ئەو شوێنانە بن فیعلەن، ئێستا هەیە دێ لە زاخۆ، دەوروبەری هەموو بیری نەوتە، تا ئێستا بیری ئاوی لێ نیە، ئێمە دەتوانین ئەو شوێنانە پتر زیادە ئیهتیمام پێ بدەن، لەبەر ئەوە پێشنیار دەکەم (10) تا (20) بۆ ئەو شوێنانە، ئەوانی تریش بگەڕێتەوە بۆ خەزینەی حکومەت، حکومەتیش بتوانێ ئیشەکەی خۆی بکات، تەنمیە بەربەلا بێ لە هەموو شوێنەکانی کوردستان، زۆر سوپاس.

**بەڕیز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێز پەروین، فەرموو.

**بەڕێز پەروین عبدالرحمن عبدالله:**

**بەڕیز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێشنیار دەکەم بڕگەیەکی تر بۆ ئەو ماددەیە زیاد بکرێت، ئەویش داهاتی وەزارەتەکانی ترە، وەك تەندروستی، پیشەسازی، گواستنەوە و گەیاندن، شارەوانی، ناوخۆ، عەدل، زۆر سوپاس.

**بەڕیز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێز بێریڤان سەرهەنگ، فەرموو.

**بەڕێز بێریڤان سەرهەنگ:**

**بەڕیز سەرۆکی پەرلەمان.**

من شانازی بە هەرێمی کوردستان دەکەم کە ئێمەش وەکو وڵاتان داهاتمان هەیە، هەروەها دڵم خۆشتر دەبێ بەوەی ئەگەر هاتو وەبەرهێنانیشمان هەبوایە، بەڵام پاش ئەوەی خۆم سەردانی خاڵە سنوورییەکانم کرد، یانیش زۆر لەو ڕێگایانە هاتوومەوە، جیاوازییەکی زۆر هەیە لە خاڵە سنوورییەکان، بۆ نموونە ئیبراهیم خەلیل داهاتێکی زۆری هەیە، هەروەها باشماغ و ئەوانەی تر، بەڵام بۆ ئیهتیمام دان بەو شوێنە و دەوروبەری جیاوازییەکی زۆر دەبینم، ئەوەی ئیبراهیم خەلیل زۆر شارستانییە و زۆر جوانە، بەڵام ئەوەی باشماغ زۆر کەم و کوڕی تێدایە، ئەو داهاتە زۆرەش کە لە باشماغ و لە پەروێز خان دێتن، پێویستە بەشێك لەو داهاتە بدرێت بەو جێگایە بۆ خزمەتگوزاریی، بۆ نمونە هەتاوەکو پێنجوین کە باسی کرد شلێر خان، هەتا جاددەیان نیە، جاددەکەی ئەوێ هەموو قووڕە، هوتێلێکی لێ نیە، بنکەیەکی تەندروستی لێ نیە، داواکاری ئەوان بوو، جیاوازییەکی زۆریشیان هەیە لە فەرمانبەرەکانی پەروێز خان و هەروەها باشماغ، لەگەڵ ئیبراهیم خەلیل، داواکاری ئەوان بوو کە ئەو کەم و کوڕییە، ئەو خزمەتگوزارییەیان پێ بدرێت، حەقی خۆیانە لەو داهاتە

یەکسەر بیدەنە حکومەت، حکومەتیش پێویستە بیر لەوانە بکاتەوە، چونکە با شارستانی بێ، با زیاتر سوودی لێ وەربگرین، زۆر سوپاس.

**بەڕیز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێز ئاسۆ، فەرموو.

**بەڕێز بکر کریم (ئاسۆ):**

**بەڕیز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە بڕگەی چوار و بڕگەی پێنجی ماددەی (2)، من لەگەڵ ئەو پێشنیازەی وەزیری داراییم، کە پێیوایە ئەگەر بە غەڵەت تێنەگیشتبم (25٪)ی داهاتی مەنافزی حدودی، هەروەها هی پترۆدۆلار بۆ ئەو پارێزگایە بێ کە نەوتەکەی لێ یە، یان مەنفەزە حدودییەکەی لێ یە، سوپاس.

**بەڕیز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێز کاردۆ، فەرموو.

**بەڕێز کاردۆ محمد پیرداود:**

**بەڕیز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕاستی ئێمە لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا زۆر باسی بودجەمان کرد، داهاتیش بەشێك بوو لەوە، بەڵام لەبەر ئەوەی وەڵامەکانی کە دەبیستین، وەڵامەکان قەناعەت پێ هێنەر نین بە نیسبەت ئێمە، چونکە بە بەڵگە لەبەر دەستمان دایە، داهاتەکە ناڕۆشنە، دەمەوێ بەڕێز وەزیری دارایی ئەوەمان بۆ ڕۆشن بکاتەوە لەسەر چ بنەمایەك حکومەتی عیراقی داهاتی ئێمە بە پێنج تریلیۆن دەخەملێنێ، ئەوە خاڵێکیان، خاڵێکی تر/ من لە شتێکی بچووك دەست پێ دەکەم، ئەویش دەزگای مینە، دەزگای مین پار داهاتی ملیارێك و نیو بووە، بۆ دیار نیە؟ کە ئەوە هەر باسیشمان نەکردووە، هیچیش قسەمان لەسەر نەکرد، هەم دووپاتە لەسەر ئەو قسانەی بەڕێزان پەرلەمانتاران دەکەم، کە باسی کارگەی چیمەنتۆیان کرد، باسی مەتارمان کرد، وەڵامەکە ڕۆشن نیە، داهاتیان هەیە و لە کوێ یە؟ بۆ دیار نیە؟ ئەوە جگە لەوەی بەشی وەبەرهێنان کە بە بەڵگە لامە، بەڵگەکە چیە؟ تۆ حیسابی خیتامی 2009 ڕاپۆرتی شەش مانگەکە لەگەڵ ئێستا سەرجەم ئەو خشتەی دەدەمە دەست، سەرجەم ڕەقەمەکان هەڵەیە، جیاوازی هەیەن بۆیە کاتێ ئێمە پێشنیاری (50٪) مان کرد، یەعنی دڵنیام ئەوەندە زانستی بوو کە بەشی دەکرد، کە ئێستا بێین باسی ئەو داهاتە بکەین کە لە کوردستان دا هەیە، لە سندووقی نیشتەجێ بوون (200) ملیارە، لە هیچ تۆمارگا و بڕگەیەك دیار نیە، لە کوێ یە ئەو (200) ملیارەی کە تەرخان کرا؟ لە (60٪)ی تواناسازی صەرف نەکراوە، (30) ملیاری پیشەسازی، (660) ملیاری ئەو پرۆژانەی کە نەچوونەتە بواری جێبەجێ کردنەوە، یان ئەو پرۆژانەی کە پارەیان بۆ تەرخان کراوە و لە هەموو وەزارەتەکان سەرف نەکراوە، خەرج نەکراوە، ئەوانە بەشێکن لەو ناڕۆشنیەی کە لە داهاتی کوردستان دا هەیە، بودجەی با بڵێین تەواوکاری پار نەهاتووە، کە ئێمە دەزانین لە عیراقیش دا هەیە، پێویستە ساڵانە بێ، لەبەر ئەوە بەلامەوە گرنگە جگە لە داهاتی کارەبا کە باسیان کرد، باسی داهاتی نەوت ئەگەر بکەین، ئەگەر قسەی لەسەر بکەین، پار بەڕێز وەزیری سامانە

سروشتییەکان بە نووسراوی ڕەسمی ئێمەی ئاگادار کردەوە، لەوەی دەتوانێ چەندین بەش کە گرتوومانەتە ئەستۆ، بیگرە هەر بە تواناسازی، ئەوەی سندووقی نیشتەجێ بوون، زۆر شت خۆی باسی چەندین مەلایین دیناری کرد، کەچی ئەوە پار ئەوە نووسراوەکەمان لایە، بەڵگەکە لای بەڕێز سەرۆکی پەرلەمانیش هەیە، ئەمساڵ ئەوە هەر دیار نیە، تەنها (250) ملیۆن دۆلار ئەو ساڵ، بەناوی پەرەپێدانی پارێزگاکە دەهات، ئێستا پێمان خۆشە وەزیری بەڕێز ئەو شتانەمان بۆ ڕوون بکاتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێز ئیسماعیل، فەرموو.

**بەڕێز إسماعيل سعيد محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

خوشك و برایانی بەڕێز، خاڵی یەکەم کە باسی داهات دەکەین، بە پێی دەستوور داهات لەعیراق دا مەرکەزی یە، یەعنی هەموو داهاتی هەرێمی کوردستانیش دەچێتەوە عیراق و بە مەقاصە لێی دەبڕێ ساڵانە لە (17٪)، بەڵام یەکێك لەو ئێشانەی کە تووشی ئێمە دەبێ و میدیا دەبێ، خودی حکومەت دەبێ، ئەوە حکومەت بەڕاستی ساڵانە نایێ ئیعلانی بکات، مەسەلەن کە گۆڕانکاری دەبێت ساڵانە لە ناو بودجەدا هین دەکرێت، یەعنی ئەو ئاڵوگۆڕە دەکرێت، بۆ نمونە ساڵان وا نەبوو کە داهاتی مەنافزی حدودی بۆ ئەو شوێنە بێت، ئێستا من خۆم نامەیەکم ئاراستەی کاك رشید کرد، ئەو داهاتانە چین؟ کە بەڕاستی دەگەڕێنەوە مەرکەز، ئەو داهاتانە چین کە لە هەرێمی کوردستانە؟ ئەوە زۆرجار بەڕاستی خودی ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان بۆیان ڕۆشن نیە، ئەو داهاتانە کامانە دەبێ بگەڕێنەوە، یان ئاڵوگۆڕییان بەسەر دا دایێت لە بودجەدا، من جارێکی تر داوا لە بەڕێزیان دەکەم کە ئەو حاڵەتە ڕۆشن بکەن، ساڵانە ئەگەر لە ناو بودجەدا ئاڵوگۆڕێك دەبێ، پێش وەخت ئیعلانی بکەن بۆ ئەوەی بەڕاستی نە ئێمە و نە خۆشیان و نە هاووڵاتیانیش ئەوەندە گومنایان بۆ دروست نەبێ، ئەوە خاڵی یەکەم، مەبدەئی پیترۆدۆلار و مەبدەئی مەنافزی حدودی، خوشك و برایان حەز دەکەم لەسەر ئەو مەوزووعە تۆزێك بە دیقەت بین، عیراق کێشەی سیاسیان هەیە، کێشەی تائیفیان هەیە، زۆرجار بەڕاستی پەنا بۆ هەندێ شت دەبەن بۆ حەل کردنی هەندێ ئەزمەاتی خۆیان، ئێمە لە خوا بەزیاد بێ ئەو کێشانەکمان نیە، نە کێشەی قەومیمان هەیە، نە کێشەی مەزهەبیمان هەیە، کوردستانیش وەك بەڕێز کاك جمال ئیشارەتی پێدا، کە نەوت لە شوێنێك دەردێت ئەوە نیە ڕاستەوخۆ بچێتە ناو بۆڕییەکەوە، یان کە داهاتی مەنافیزی حدودی، ڕاستە مەسەلەن زاخۆ مەنفەزی حدودییە، بەڵام هەموو ئەو لۆرییانە کاریگەرییان هەیە لەسەر هەولێر، لەسەر هەموو ئەو ناوچانە، لەبەر ئەوە بە قەناعەتی من ئەگەر ئێمە لەسەر ئەو مەبدەئی عیراق کار بکەین، ئەوە تەئسیری سیاسی خراپی دەبێ، بەڵێ ڕاستە، ئەو ناوچانە زیاتر ماندوو دەبن، هیلاك دەبن، پێویستیان بە، بەڵام بە نیسبەتێکی مەعقول، یەعنی (5) بۆ (10) دەتوانین تا ڕادەیەك بتوانین ئەو هاوسەنگی یە دروست بکەین،

بەڵام بەراستی ئێمە حەق نیە پەنابەرین بۆ سیاسەتێك كە عیراق خۆی كێشەی تائیفی و سیاسی پێ حەل دەكات، داهاتی نەوت، بەڕایت هەندێ جار كە ئەوەنــدە شت كە دووبارە دەكرێتەوە هەر ناخۆشە، بەڵام ئێمەی موەزەفین كە دیفاع لە مافی خەڵك بكەین، بەڕێز كاك ئاشتی هەورامی، ئا ئەلێرەدا دانیشتبوو، من خۆم شتەكانم بۆ خوێندەوە، وتی/ بەڵێ پێنج ملیار دۆلار شیرینیمان هەیە، بەڵام (1) ملیار و (333) ئاوا سێیەكانی ڕێز كرد، وتی/ ئەوە بە كاش وەری دەگرین، ئێوە حەز دەكەن بینێرینە ناو بودجەوە؟ ئەگەر بچێتە ناو بودجەوە، ئەوە لە (87٪) دەڕوات بۆ عیراق، لە (17٪) بەر ئێمە دەكەوێ، قبووڵمان كرد، بەڵام با لە شوێنێك دا بەڕاستی، با لە ناو بودجەدا نەبێ، یەعنی ئەوە ساڵیش تێپەڕی، لە شوێنێك دا بۆمان بێ، بەڕاستی ئەم حاڵەتە با كۆتایی پێ بێت، چونكە ئەوە دووبارەی دەكەنەوە، بۆتە مایەی نیگەرانی بۆ هەموو لایەكمان، داهاتی كارەبا و داهاتی تەندروستی نازانم هی كێی تر، قانونیەن ئەو داهاتە دەگەڕێتەوە بۆ ناو ئەو وەزارەتە، یان ئەو دائیرانە بۆ خۆیان، ئەوە مەبدەئیەن حاڵەتێكی ئیجابی یە، بەڵام لە ڕووی حیسابی یەوە ڕەقەم دەبێ دیار بێ، چونكە هەموو ڕەقەمێك دەبێ خازیعی ڕەقابە بێ، بەڕاستی نوێنەرانی گەلیش، ئەندامانی پەرلەمانیش ئاگادار بن، لەبەر ئەوە من خۆم لەگەڵ مەبدەئەكەدا نیم یەكسەر بگەڕێتەوە، بەڵام با وا دانێین، ئەوەمان قبوول كرد، بەڵام وا باشە، چونكە داهاتەكان زۆرە، هەم ئەوەی تەندروستی، تەندروستی و كویێ ترمان هەیە؟ ئەوەی شارەوانی، ئەوانە ڕەقەمی زۆرن، لایەنی كەم پەرلەمانی كوردستان ئاگادار بكرێتەوە، كە ئەو ڕەقەمە هەیە لە تەندروستی یەوە صەرف دەكات، هەروەها پێویستیشە ڕەقابەی مالیش ئاگادار بكرێتەوە لەو ڕەقەمەی كە دەبێتەوە داهات بۆ ئەو وەزارەتە، زۆر سوپاس.

**بەڕیز سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، هەر بۆ ڕاست كردنەوە، بەڕێز وەزیری سامانە سروشتییەكان نەیوت هەموو پارەكە هاتووە، چونكە هەندێكی مەشاریعە، ئەویش وەختێ كە شەریكەكە گەیشتە ئینتاج، ئەو وەختە ئەوە دێت ئیشەكە دەكات، هەر بۆ مەعلوماتی بەڕێزان، بەڕێز سۆزان شهاب، فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕیز سەرۆكی پەرلەمان.**

تەبعەن سەبارەت بە داهات، منیش هاوڕام لەگەڵ برای بەڕێزم كاك ئیسماعیل، كە ئەگەر بە ڕەقەمیش بێت، ئەو داهاتی ئەو وەزارەتانە بۆ ئەوەی سبەی ڕۆژێ كە كاتێك دەچێتە ڕەقابە و ڕەقابەی مالیەوە، دەبێ ئەم ژمارانە مەوجوود بن، بۆ ئەوەی كە ڕەقابەی مالی پاش ئەوەی ئەو ئیقتیراحەی كە بەڕێز وەزیری دارایی كردی، وتی/ حیساباتی خیتامی قبوول مەكەن هەتاوەكو بە ڕەقابەی مالی دا نەڕوا، ئەوە ئەوسا ئەمەش جارێكی تر وەكو داهاتێك لێرە دا دەنووسرێتەوە، بۆیە من پێمباشە ئەوە ئەگەر ئەو ساڵیش بەم شێوەیە نەنێردراوە، بۆ ساڵی داهاتوو یاخود بە ماددەیەكی تر ئێمە ئەوە تەسبیت بكەین، كەوا ڕەقابەی مالی حیساباتی خیتامی تەدقیق بكات ئینجا بێتە پەرلەمانی كوردستانەوە، ئەوسا ئەو داهاتانەش بە فیعلی چەندن یەكسەر لە ناو ئەو حیسابە خیتامی یە دیاری دەبێت، سەبارەت بە تەخصیصاتی پیترۆدۆلار و

مەنافزی حدودی، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، خۆی لە ئەصلْ دا لە ناو یاساکەی عیراق دا، لە مادەەی (24)دا (چوارەم)، باسی شوێن ناکات، نالْێ بۆ هین، دەلْێ بۆ موحافەزە (ککل) (لكل محافظة)، کە باسی دەکات (على وزير المالية الإتحادي تخصيص مبلغ يعادل دولار واحد عن كل برميل نفط خام منتج في محافظات العراق كافة، و دولار واحد عن كل برميل نفط مكرر مصفى في محافظات العراق كافة، و دولار واحد ثالث عن كل (150) متر مكعب من الغاز الطبيعي المنتج في محافظات العراق كافة وفقاً للنسب السكانية لكل محافظة)، یەعنی ئەو وتوویەتی هی هەموو عیراق، کۆدەکەینەوە، هەموو یەکی ئەوەندەی لێ دادەبڕێنین و بۆ هەموو موحافەزەیەك تەرخانی دەکەین، جارێکی تر من دەیلێمەوە، زۆر لە بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان هەستان باسی ئەوەیان کرد، هەندێ ناوچە هەیە سوودمەند نیە، نە لە بوونی نەوت، نە لەسەر مەعبەرێکی حدودی دا، بۆ نموونە کفری، چەمچەمالْ، چەمچەمالْ خۆی غازی تیایە، بۆیە لەبەر ئەوەی موحافەزەش نیە بە پێی ئەوەی کە لەو ماددەیەدا هاتووە، بۆیە من پێم باشە ڕێژەیەك کە بەڕێز وەزیری داراییش باسی کرد، کە من تۆزێك ئەوەشم پێ زیادە، زۆرە، من پێموایە ئەو خێروبێرە بەسەر هەموو کوردستان دا ڕەنگ بداتەوە، بۆیە من ئیقتیراح دەکەم لە (5) هەتا (10) زیاتر نەبێت بڕی ئەو پارەیەی کە تەخصیص دەکرێ بۆ ئەو شوێنانەی کە هەم مەنفەزە حدودیەکەی تیایە، یاخود شوێنی دەرهێنانی نەوتە، بەو شێوەیە هەم حکومەت دەستی والآ دەبێ بۆ ئەوەی ئەو داهاتە نەتەوەیی یە بۆ هەموو نەتەوەی کورد بێ، بۆ هەموو کوردستان بێ، هەم دەتوانرێ ئەو شوێنانەی کە زەرەرمەندن، ئەوانیشی پێ ئاوەدان بکرێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕیز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان لەبیرمان نەچێ نەوت تەنها هی خۆمان نیە، هی هەموو عیراقە، یەعنی بۆیە دەبێ ئاگاداری ئەوە بن، موخالەفەی دەستوور نەکەن، نەوت سەروەتی هەموو عیراقە، ئینجا وەکو قانونی عیراقی نیسبەیەکی بۆ هەرێم دەمێنێت، ئەوە مەسەلەیەکی تێدایە، نیزامی واز بێنە، تەواو، نیە نیزامی نیە، ئەڤین عمر، فەرموو.

**بەڕێز ئەڤین عمر احمد فرج:**

**بەڕیز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لە سەرەتا دا حەز دەکەم باسی ئەوە بکەم، ئایا ئەگەر بێت و ئێمە سەیری داهات بکەین، بە هەموویەوە، بەو (13) تریلیۆنەی کە باسی دەکەین، دەبینین پشکی شێر (حصه أسد) بەر ئەوە کەوتووە کە ئێمە لە عیراقەوە وەری دەگرین، یاخود ئەو داهاتەیە حیصەیە کە وەری دەگرین، (17٪) کە لە بودجەی عیراقەوە بۆمان دێ، ئەوەی کە دەمێنێتەوە، ئەو داهاتەی کە دیاری کراوە لێرەدا، ئەوەی کە مەنافزی حدودی یە، یاخود ئەوانەی کە بلْێین سیاسەتی پیترۆدۆلارە، ئەوانە دەبینین بەڕاستی لە چاو بودجەدا مەبلەغێکی زۆر زۆر نیە، بۆیە دەبێ ئێمە ئەو داهاتەی کە لەو دوو شوێنە هەیە، بۆمان دێ، دەبێ بە داهاتێکی نەتەوەیی بژمێرین، بۆیە بە من هیچ باش نیە ئەگەر بێت و ئێمە لێرە ئەو داهاتە نەتەوەیی یە دابەش بکەینە سەر پارێزگاکان، کە ئێمە خۆی سێ پارێزگامان هەیە، بەڕاستی ئێمە لێرە دا

موناقەشەیەکی زۆرمان کرد، کەوا وتمان پرۆژەکان یاخود خزمەتگوزاریی یەکان زیاتر حەصر بوونە لە پارێزگاکان دا، قەزا و ناحیەکان زیاتر لێی بێ بەشن و خاپوورن، من ئەو پرسیارە دەکەم، ئایا هیچ قەزایەك هەیە؟ هیچ ناحیەك هەیە گەیشتبێتە ئەو کەمالەی کەوا ئێستا ئێمە بێین و جیای بکەینەوە بڵێین وەڵلاهی با مەنافزە حدودیەکان یاخوج ئەو شوێنانەی کە نەوتی تیایە، بەرهەمی نەوت دەهێنێ، با ئێمە زیاتر بۆ ئەوێ بکەین، چونکە ئەوێ خاپوورە، بەڕاستی هەموو قەزا و ناحیە و گەندەکانی ئێمە پێویستی بە ئاوەدان کردنەوە هەیە، پێویستی بەوە هەیە زیاتر خزمەت بکرێ، پێویستی بەوە هەیە زیاتر پارەی بۆ تەرخان بکرێ، بۆیە بە من با هیچ جیاوازییەك نەکرێ لە بەینی هیچ قەزایەك و هیچ ناحیەیەك، لەگەڵ ئەو شوێنانەی کە بیری نەوتی تیایە، یاخود مەنفەزی حدودی یە، هەرچەندە مەنافزە حدودییەکان ئەو شارانەی کە لەسەر حدودن، خۆی بە تەبیعەت چونکە سنووری یە، بە تەبیعەت حەرەکەیەکی زیاتری تیایە، بەڕاستی کاری زیاتری تیایە، ئەگەر بێت و موقارەنەیەکی بچکۆڵە بکەین مابەینی شاری زاخۆ کە قەزایە، لەگەڵ قەزایەك وەکو چەمچەماڵ، یاخود وەکو کفری، دەبینین خەڵك لەو شارانە دەردەچێ، لەبەر ئەوەی کاری تیا نیە، بەڵام لە شوێنێکی وەکو زاخۆ، یاخود مەنافزە حدودیەکان لەبەر زۆری کار خەڵك زیاتر ڕووی تێ دەکات، بۆیە ئێمە ئۆمێد دەکەین کە هەموو قەزاکانمان وەکو یەکتری بێ، هەموویان زیاتر کاری تیا بکرێ، بواری کارکردنی تیا زیاتر بێ، هەروەها من پشتگیری ڕەئیەکەی کاك ئیسماعیل دەکەم، بۆ ئەوەی سیاسەتی پیترۆدۆلار ڕاستی لە عیراق دا لەسەر چەند ئەساسێکی سیاسی دا، لەسەر ئەساسی تائیفی بوو، لەسەر ئەساسی نەتەوەیی بوو، بۆیە ئەوان ئەو سیاسەتەیان گرتە بەر، بۆ ئەوەی هەندێ مەسائیلی سیاسی خۆیان حەل بکەن، بەڵام ئێمە لێرەدا شوکر ئەو کێشانەمان نیە، بۆچی ئێمە ئەو سیاسەتە کە لە عیراق جێبەجێ دەکرێ ئێمە بێین تەعمیمی بکەین، لەناو کوردستاندا کاری پێ بکەین، هەروەها ئێمە لە بیرمان نەچێ نەختێك پێش ئێستا دەنگدانمان کرد لەسەر نەفەقات، نەفەقاتمان دابەش کرد، کە لە زیمنیان ئەو ئیرادە بوو کە ئێمە دابەشمان کرد، لە زیمنییان دا موناقەشە دەکەین، کە جارێکی تر لێی ببڕینەوە، بەڕاستی ئێستا هیچ مەنتیق نیە ئێمە جارێکی تر بێینەوە، ئەو ئیرادەی کە موناقەشەمان کرد، (10٪) بڕی و تەخصیصاتمان پێی کرد، هەموو توێژو چینەکانی کۆمەڵگای ئێمە لێی سوودمەند بووین، ئێستا بێین ئێمە جارێکی تر ئەو تەخصیصاتانە، یاخود ئەو ئیرادە دیسانەوە لێی کەم بکەینەوە، نەفەقاتی لەسەر جارێکی تر دابەشکردنی بکەین، بۆیە من بە مەنتیقی نابینم جارێکی تر ئێمە نەفەقات موناقەشە بکرێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك د. علی موداخەلەت هەبوو؟ فەرموو.

**بەڕێز د. علی سندی/ وەزیری پلان دانان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەرچەندە هەر وەكو تێبینی، خۆی ماددەی نەفەقات تەواو بووە وابزانم، ئەوە ئیراداتە، ئێستا لە ناو ئیرادات دا باسی نەفەقات دەكرێتەوە؟ سوپاس.

**بەڕیز سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، بەڕێز هاژە سلیمان، فەرموو.

**بەڕێز هاژە سلیمان مصطفى:**

**بەڕیز سەرۆكی پەرلەمان.**

هەبوونی داهات لە هەر وڵاتێك ئەگەر كەم بێت یان زۆر بێت، بەڕاستی دەبێ شەفافیەت و ڕوونی تێدابێ، بۆ ئەوەی حەقی هەموو خەڵكەكەیە كە بزانێ داهاتی ئەو وڵاتە چەندە؟ چەند نیە؟ بۆیە بەڕاستی تا ئەوەی شەفاف بێت و ڕوون تر بێت، ئەوە زیاتر هەم كێشە بۆ حكومەت كەم دەكاتەوە، هەمیش خەڵكەكە ڕازی دەبن لەوەی كە حكومەت چۆن ئەو داهاتە صەرف دەكات؟ بۆیە بەڕاستی من تێبینیم لەسەر ئەوە هەیە، چونكە لە ڕاپۆرتی وەزارەتی دارایی نازانم ئەوەی كاك كاردۆش باسی كرد، هاتووە دەڵێ/ خەملاندنی داهاتی هەرێم بە بڕی پێنج تریلیۆن و (495) دینار بۆ ساڵی (2011)، لە هەمان ڕاپۆرت دا، لە خشتەكەدا هاتووە، دووەم خەملاندنی داهاتی حكومەتی هەرێم بە (400) ملیار دینار خەملێنراوە، ئەوە بەڕاستی ڕوونكردنەوەیەكی دەوێ، ئەگەر بەڕێز وەزیری دارایی ڕوونكردنەوەیەك لەسەر ئەوە بدات، بۆ لە یەكەم دا هاتووە بە پێنج تریلیۆن؟ لە خشتەی دووەم دا هاتووە بە (400) ملیار دینار؟ دەربارەی ئەو داهاتەی سێیەم، ئەو داهاتەی لە فرۆشتنی وزەی كارەبا لە هەرێم بە دەست هاتووە، بەڕاستی ئەو داهاتە لێرە داندراوە بەس نازانم یەعنی مەبەستی بیززەبت چیە؟ چونكە هەر لە ماددەی چوارەم دا هاتووە دەڵێ/ یەكەم/ هەموو داهاتی ئەو فەرمانگانەی لە ناوەند پارەیان پێ دەدرێ وەك داهاتی كۆتایی بۆ گەنجینەی گشتی تۆمار دەكرێ، تەنها لە دووەم دا هاتووە/ وەزارەتی تەندروستی و كارەبا نەبێت، جا لێرە ئەوەی كە لە كارەبا داندراوە، نازانم ئەوەی فیعلی یە لێرە داندراوە لە ناو داهاتەكە؟ یان هەر ئەوەیە؟ سێیەمیش بەڕاستی تێبینی ئەوەم هەیە، زۆربەی زۆری وەزارەتەكانی هەرێم داهاتیان هەیە، بە پێویست دەزانرێ یەعنی زۆر گرنگە كە لە ناو خشتەیەدا هاتبایە، هەرچەندە ئێمە لە ئیستیمارەی ئیرادات هاتووە و لەبەر دەستمان دابووە، بەڵام ئەوەی كە تەصدیق دەكرێ ئەو پرۆژە یاسایەیە، بۆیە وا پێویستە كە زیاتر یەعنی بۆ وزووح بوون لەلای خەڵك، زیاتر ئەو ئیرادی ئەو هەموو وەزارەتانەش لێرەدا بهاتبایە، زۆر سوپاس.

**بەڕیز سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێز ئارام، فەرموو.

**بەڕێز أیوب نعمت قادر (ئارام):**

**بەڕیز سەرۆكی پەرلەمان.**

چەند پێشنیارێكم هەیە، یەكەم بۆ لێژنەی یاسایی، بۆ ئەو ماددەیە تەبعەن لە ماددەی پێنج باسی ئیرادی كردووە، بەڵام نەخراوەتە ماددەی (2)، كە ئەوە پێویستە بڕواتە سەر ماددەی (2)، بە هەمان شێوە لە

قانونی موازەنەی عیراقیش، هەمان بڕگە هاتووە هەر لە ئیرادات دا باس کراوە، ماددەی پێنجی پرۆژە یاسای کە لەلایەن حکومەتەوە هاتووە، خاڵی دووەم، پێشنیاری دووەم، مینەحی نەقلی لەگەڵ موساعەدات، کە بەشێوەی فەننی تەقدیم دەکرێ بۆ موئەسەسات و وەزارات، دەستنیشان نەکراوە لە ئیراداتی حکومەتی هەرێم، کە بە هەمان شێوە لە قانونی موازەنەی عیراقی بە دوو بڕگە باس لەو مەسەلە کراوە، کە پێویستە ئێمەش بە شێوەیەکی تەخمینی باسی بکەین بۆ ئەوەی لە داهاتوودا بتوانین موتابەعە بکرێ، سێیەم پێشنیار/ سەرچاوەی نەوت دەستنیشان نەکراوە بە یەکێك لە ئیراداتی حکومەتی هەرێم، کە لە هەمان یاساکەدا باس کراوە، کە لە ماددەی (15)دا هاتووە، کە پێویستە ئەویش بخرێتە سەر ئیرادات، وەك ئاماژە کراوە سندووقی کوردستان بۆ داهاتە نەوتییەکان، کە ئەوەش پێویستە وەکو ئیراداتێك باس بکرێ بۆ لێژنەی یاسایی، هەروەها مەسەلەی پترۆدۆلار، لێرە لەم یاسایەدا بە ئیرادات باس کراوە، بەڵام ئەگەر بێت و سەیری قانونی موازەنەی عیراقی بکەین، جارێ بە نەفەقات هاتووە، جارێ بە تەخصیصات هاتووە، بەڕاستی ناکرێ بکرێ بە ئیرادات لێرە، بۆ؟ چونکە لەوێ بڕیاری لەسەر درا و تەنها بۆ ئەو پارێزگای کە ئینتاجی نەوتی تێدا دەکرێ، ناکرێ لێرە بیکەین بە ئیراداتێك بتوانین موناقەلەی تێدا بکرێ، یاخود بەکار بهێنرێ بۆ شتی تر، هەروەها لە ئیرادات دا باس لە داهاتەکانی تری حکومەت نەکراوە، کە ئەویش پێویستە باس بکرێ، هەروەك لە ڕاپۆرتەکەی وەزارەتی دارایی خۆی دا هاتووە لە لاپەڕە (4)، باسیش لە داهاتەکان نەکراوە، ئەویش پێویتسە ئاماژەی پێ بکرێ، زۆر سوپاس.

**بەڕیز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێز د. أحمد وەرتێ، فەرموو.

**بەڕێز د. أحمد وەرتێ:**

**بەڕیز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە پێشتر دەربارەی ناوچە زیان لێ کەوتووەکان دەنگمان لەسەر دا کە بڕێك پارە دیاری بکرێ بۆ ئەو ناوچانەی زەرەرمەندن، دیارە هەندێك لەوناوچانەی کە بوونە ناوچەی سنووری، لێرە لێژنەی دارایی ئاماژەی پێداوە، کە بڕێك پارە تەرخان بکرێ بۆ ئەو ناوچانەی کە مەنافزی حدودیان لێ یە، خودی ئەو ناوچانە خۆیان ناوچەی موتەزەریریشن، واتا لەو بڕە پارەی کە ئێمە تەرخانمان کرد، هەندێك لەو ناوچانە دەگرێتەوە کە ناوچەی زیان لێ کەوتووشن، وەکو پێنجوین و قەڵادزێ و حاجی ئۆمەران و باڵەکایەتی، ئەوانە کە ناوچەی حدودیشن، لەگەڵ ئەوەش دا ناوچەی موتەزەریریشن، منیش پشتگیری لەو ڕایە دەکەم کە لێرە بڕێك دیاری بکرێت، بەڵام نەك هەموو ئەو داهاتانە وەکو بەڕێز لێژنەی دارایی پێشنیاری کردووە، من پێشنیار دەکەم کە بەو شێوەیە دابڕێژرێتەوە، (تخصص نسبة من الإيرادات الواردة في (2)، (4)، (5) من المادة الثانية للمحافظات أو الوحدات الإدارية التي تقع فيها المنافذ الحدودية أو العمليات النفطية، يتم تحديدها من قبل مجلس وزراء الإقليم)، واتا تەرخان کردنی ڕێژەیەك لەو داهاتانەی لە بڕگەکانی (2)، (4)، (5) لە ماددەی (2)دا هاتوون، بۆ ئەو پارێزگا یان یەکە ئیدارییانەی کە خاڵە سنوورییەکان و

چالاکییەکانی بەهەمهێنانی نەوتی تێدایە، بڕەکەی لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمەوە دیاری دەکرێت، واتا ئەو بڕە لێرە ئێمە دیاری نەکەین، بەڵکو ئەنجومەنی وەزیران خۆی ئەو بڕە دیاری بکات بۆ ئەو ناوچانەی کە مەنافزی حدودی تێدایە، یان ئەو ناوچانەی کە عەمەلیاتی نەفتی تێدا ئەنجام دەدرێت، پرسیارێکیشم هەیە لە بەڕێز وەزیری دارایی، ئایا ئەو داهاتەی کە لێرە خەملێنراوە داهاتی هەرێمی کوردستان تەنها ئەو داهاتەیە؟ یان داهاتی تریشمان هەیە؟ بۆمان ڕوون بکاتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

نوقتەی نیزامی کاك ئیسماعیل، فەرموو.

**بەڕێز إسماعيل سعيد محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێموایە هەڵەیەکی زۆر گەورە تێپەڕی بەسەر هەر هەموومان دا، ئێمە ئەساسەن داهاتەکەمان هەموو تەوزیع کردووە، یەعنی هیچ نەماوەتەوە تا جارێکی تر تەوزیعی بکەین.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر دروستە پێشنیارەکەی جەنابت، ڕاستە، بەڕێزان یەکەم/ نەوت نەوتی گشت عیراقە، ڕاستە لە کوردستانە، بە دەستوور، بە یاسا تۆ ناتونی بڵێی (10) دۆلاری لێ ببات، ناکرێ، موحاسەبەت دەکات، تۆ مولزەمی ئەوەی دەردەچێ لەو نەوتەی دەڕوات (17٪)ی بۆ تۆیە، بۆ هەرێمی کوردستان (17٪)ی لێیە، جا لەو (17٪)یە دەتوانن وەختێکی تر باسی بکەن، ئێستا نەفەقات تەوزیع کراوە، بە چ شکلێك دەبێت، ناتوانی ئێستا جارێکی تر بگەڕێیتەوە ئەو شتانە هەڵتەکێنیتەوە، بەڕێز عمر عبدالعزيز، فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالعزيز بهاء الدين:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من دوو تێبینیم هەیە لەسەر ماددەی (2)ی بودجە، یەکێکیان پەیوەندی بە حەقلی داهاتەکانەوە هەیە، جگە لە (11) تریلیۆنەکەی ئەو لە (17٪)یە، ئێمە چوار حەقل هەیە داهاتی پاری سنوور، کە (305) ملیارە، داهاتی ئەو ساڵی کە (400) ملیارە، داهاتی کارەبا (151) ملیار، پیترۆدۆلاریش (350) ملیار، بەڵام داهات ئێمە لە موازەنە لەنزیکەی (30) موئەسەسە و وەزاراتی هەرێمی کوردستان (400) ملیار و (507) ملیۆن دینار دەرج کراوە لە موازەنە هەیە، لێرە باس نەکراوە، ئەوە یان من تێی ناگەم یان جێگەی پرسیارە، کە بڕێکی زۆریشە (400) ملیار و (507) ملیۆن، بە قەدەر داهاتی خەملێنراوی سەر سنوور دەبێ، ئەوە مولاحەزەیەکە، مولاحەزەی دووەم/ لە ڕیزبەندی سێی ماددەی (2)ی بودجە، ئاماژەی کردووە بە (151) ملیار دیناری داهاتی کارەبا، دواتر هەر لە بڕگەی (ب)ی ماددەی (4) دەڵێ/ داهاتی مانگانەی وەزارەتی کارەبای هەرێم بە هەموو فەرمانگەکانییەوە بخرێتە سەر بودجەی ئەو وەزارەتە، بە مەبەستی

پەرەپێدانی خودی بڵێین کارەبا و تۆڕەکانی، ئایا ئەوە تەناقوزێك نیە؟ یان ڕوونکردنەوەی دەوێ؟ چونکە هەر لە ماددەی چوار باسی داهاتی مانگانەی وەزارەتی تەندروستی کراوە، کە بۆ وەزارتەکە بێ و نەخراوەتە سەر (12) تریلیۆنەکەی بودجەی گشتی، عەجەبە بۆ ئەو جیاوازییە کراوە لە بەینی کارەبا و تەندروستی، داوای ڕوونکردنەوە دەکەم لە جەنابی وەزیر، سوپاس.

**بەڕیز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێز عبدالله حاجی محمود، فەرموو.

**بەڕێز عبدالله حاجی محمود:**

**بەڕیز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە پیترۆدۆلار و خاڵە سنوورییەکان بۆ ڕاست کردنەوە، من موتەفیقم لەگەڵ ئەوەی سۆزان خان، بەس بە شێوازێکی تر، ئەو شارانەی قوڕساییان لەسەرە یان زەرەرمەندن، هاووڵاتیانی ئەو شارانە گلەیی و گازاندەیان هەیە، هەندێکی لەبەر مەسەلەی ژینگە و تێکچوونی باری تەندروستی دانیشتووانی ئەو ناوچەیە، هەندێکیشی لەبەر ڕێگاوبان، لەبەر ئەوە حکومەتی خۆمان گرنگی زیاتر بەو شارانە بدات، یەعنی چاوی لەو شارانەوە بێت کە دانیشتووانەکەی خۆشمان دەزانین گلەیی و گازاندەیان هەیە، خاڵێکی تر/ ماددەی دووەم باس لە خەملاندن دەکات، هەرچەندە تیشکی خرایە سەر، بۆچوونی من لە خاڵی سێیەمان لە خشتەکانە، بکرێت بە داهاتی خەملێنراوی فرۆشتنی وزەی کارەبا لە هەرێم، زۆر سوپاس.

**بەڕیز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێز عەزیمە نجم الدین، فەرموو.

**بەڕێز عظیمة نجم الدین حسن:**

**بەڕیز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە ئەگەر قسە لەسەر داهاتی (2011) بکەین کە هاتۆتە پەرلەمان و لەبەردەستی ئێمەدایە، جێی گومانە کە بڕوا بەم بڕە پارە بکرێ کە لە داهاتی هەرێمی کوردستان هاتۆتە لای ئێمە، جگە لەوەی کە بەشی هەرێم لە بودجەی (2011) باس لەو بڕگەیە ناکەین، بەڵام خاڵی دووەم کە داهاتی بە کردەنی بە دەست هاتووە لە دەروازەکانی سنووری هەرێمی کوردستان دا، ئەو (305) ملیار دینارە، من پێموایە ئەوە جێی گومانە کە ئەو بڕە پارەیە دەروازەکانی سنووری هەرێمی کوردستان ئەو داهاتەی هەبێ، خاڵی دووەم/ ئەو داهاتانەی لە فرۆشتنی وزەی کارەبادا هەیە، بێگومان ئەوەش هەر جێگەی گومانە، بەڵام داهاتی خەملێنراوی دەروازەکانی سنوور کە لە هەرێمی کوردستان دا بە هەمان شێوە، ئەو بڕە پارەیشی کە لە پترۆدۆلاردا، من پێموایە ئەو پارەیە تا ئێستا بە پێی ئەو یاسایەی کە لە بەغدا کاری پێ دەکرێ، یاسای بودجەی گشتی فیدراڵی لە یاسای گشتی دا دیاری کراوە، ئەو بڕە، یەك بەرمیل نەوت یەك دۆلاری بۆ صەرف دەکرێ بۆ ئەوە شوێنانەی کە چاڵە نەوتییەکانی تیایە، من لەگەڵ ڕێزم بۆ قسەکانی سۆزان خان کە دەڵێ بۆ ئەو شوێنانە یان بۆ ئەو پارێزگایەیە لە (5٪) یان (10٪)ی، ئێمە ئەگەر سەیری بودجەی گشتی بکەین بۆ پرۆژەی ئەو شوێنانەی کە نەوتی لێیە، کە ئەو ناوچانەی کە زەرەرمەندن تیایدا، کە زەرەری

ژینگەیی هەیە، کە زەرەری ڕێگاوبانی هەیە، ئەو شوێنانە زەرەرمەندترین شوێنن کە بە باشترین شێوە قەرەبوو بکرێنەوە لەو پیترۆدۆلارە، کە بە پێی یاسای بودجەی گشتی فیدراڵیش کە لە هەموو عیراق دا بەو شێوەیە صەرف دەکرێ، بەڵام بەداخەوە لە کوردستان دا هەتا ئێستا کار بەم یاسایە نەکراوە، لە ساڵی پێشووش دا ئەو یاسایە جارێکی تر لە بودجەدا هاتبووەوە، بەلام بەداخەوە بڕۆ ناوچەی کۆرمۆر، سەیری ڕێگاوبانەکانی بکە، یەك بنکەی تەندروستی تێدا نیە، لە ناو ئەو سێ، چوار دێیەی کە......

**بەڕیز سەرۆکی پەرلەمان:**

تکایە، باسی بودجەکە بکە، لەسەر ئەندامی پەرلەمانیش قسە مەکە، ڕجائەن، وەرەوە سەر میزانییەکە، لەسەر ئەندامی پەرلەمانیش تەعلیق لێ مەدە، قسەی خۆت بکە، فەرموو.

**بەڕێز عظیمة نجم الدین حسن:**

**بەڕیز سەرۆکی پەرلەمان.**

بۆ ئەو شوێنانەی کە نەوت و غازی لێیە، من لەسەر ئەوە قسەم هەیە، لەسەر ئەوەی کە پێنج بڕگە هاتووە لە ناو داهاتەکان دا، من پێموایە لێرەدا داهاتی وەزارەتی ناوخۆ باج و دەرامەت و فرۆکەخانەکان، داهاتی کارگەکان، کە ئێمە (85) ملیار دینار لە ناو بودجەی ئەو ساڵ دا بۆ شەریکات دانراوە، پارەی ئەو شەریکات و کۆمپانیایەی کە تۆ ئەوەندە بڕە پارەیە خۆ دەبێ داهاتیشی هەبێ، بڕگەیەك هەبێ لە ناو داهات دا بۆ خەرجکردنی ئەو بڕە زۆرە، تۆ پارە دەدەی بۆ چاککردنی شەریکات، بۆ صەرف کردن بۆ شەریکات، بۆ ئەو کارگانەی کە لێرەن، من پرسیارم لە وەزیری دارایی کرد، وتی ئێمە کارگەمان هەیە، کارگەی دەرمانە، کارگەی چیمەنتۆیە، کارگەی بلۆکە، کارگەی کەسارەیە، ئەو کارگانە پارەی بۆ صەرف دەکرێ، ئەو کارگانە داهاتەکانیان لە کوێ یە؟ سوپاس.

**بەڕیز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێز ڤیان عبدالرحیم، فەرموو.

**بەڕێز ڤیان عبدالرحیم عبدالله:**

**بەڕیز سەرۆکی پەرلەمان.**

من سەرەتا دەمەوێ بەوە دەست پێ بکەم، هەرچەندە ئێمە بە پێی ماددەکانی (110)، (114)، (115)ی دەستووری عیراقی مافی هەموو یەکێکمانە، یان هەموو تاکێکی ئەو کۆمەڵگایە لە داهات و لە خەرجییەکانی خۆی بزانێت، بۆیە دەمەوێ سەرەتای پرسیارەکەم بۆ وەزیری دارایی یە، ئێمە وەکو دەزانین لە پرۆژە یاساکەدا هاتووە کە داهاتی هەرێم (400) ملیار و (507) ملیۆنە، لە کاتێك دا لە بەغدا ئاماژەی بە بڕی (5) تریلیۆن و (495) ملیار و (843) ملیۆن کردووە وەکو داهات و سەرچاوەی هەرێم، ئایا ئەو جیاوازییە لە کوێوە؟ بۆ من ڕوون نیە، پێویستم بە ڕوونکردنەوە هەیە، یەکێك لە پرسیارەکانی تر ئەوەیە کە

داهاتەکان بە نیسبەت ئەوەی کە هەیە، هەم لە خاڵە سنووریەکان، هەم لەو داهاتانەی کە لە وەزارەتەکانەوە هەیە، جیاوازییەکی زۆر، یان بە نیسبەت ئەوەی کە ناڕوونی تیایە، یان ئەوەیە ژمارەکانیان زۆر کەمە، لەلایەکی تریشەوە، ئەو بڕانە زۆر نەگونجا و نامەنتیقین، یەعنی جێگەی ئەوە نیە کە تۆ بڕوای پێ بکەی، بۆ نموونە دەکرێت لە داهاتی سنووری زیاتر لە حەوت خاڵی سنووری کە بە فەرمی هەیە، لەگەڵ تورکیا و ئێران دا، بەڵام لە هەمان کات دا داهاتی بە دەست هاتووی فیعلی بۆ ساڵی (2010) نووسراوە (305) ملیار، بە هەمان شێوە بۆ وەزارەتەکانی حکومەتی هەرێم، بۆ شەش مانگی یەکەم، تەنها بۆ شەش مانگی یەکەمی ساڵی (2010) داهاتی فیعلی هەموو وەزارەتەکان (316) ملیار و (798) ملیۆن دینارە، کە ئەوە بەڕاستی نیسبەیەکی زۆر کەمن، کە ئەوە جێگەی ئەوە نیە کە ئێمە بڕوا بەو نیسبانە بکەین، بۆ نموونە ئەگەر یەکێك لەو وەزارەتانە بە نموونە بهێنمەوە، بۆ نموونە وەزارەتی کارەبا، کە وەکو ئاشکرایە، یان لە پرۆژەکەدا ئیشارەتی پێ کراوە کە ساڵانە یان بڵێین بۆ ئەم ساڵ، یان ساڵی (2010) بایی (392) ملیار حکومەت کارەبا لە وەزارەتی کارەبا دەکڕێ، بەڵام وەزارەتی کارەبا بە هەموو ئەو بڕە پارەیەی کە حکومەت لێی کڕیوە بۆ سەرجەم وەزارەتەکان و سەرجەم داهاتەکانی خۆی ئاماژەی بە (151) ملیار کردووە، یەکێك لە پرسیارەکانی ترم ئەوەیە کە داهاتی وەزارەتی ناوخۆ، بۆ نموونە ئەگەر بەشی باجەکان وەربگرین بۆ ساڵی (2009) تەنها دوو ملیۆن داهاتی هەبووە، بایی دوو ملیۆن دینار، بەڵام لە ساڵی (2010) تا (6/30) ئەو بڕە بووە بە (12) ملیارو (200) ملیۆن، بۆ ساڵی (2011) ئەو بڕەی کە خەملێنراوە (15) ملیارو سەدو هەشتایە، ئەمەش بەراستی ناڕوونییەك یان دژ بەیەکیەك هەیە، لە بەینی ژمارەکاندا، کە ئەمە زۆر نا واقعیە، پێویستمان بەروون کردنەوە هەیە یەکێك لە پرسیارەکانی ترم ئەوەیە کە جیاوازیەکی زۆر هەیە لە نێوان بری داهاتی خەملێنرا و لە نێوان وەزارەتەکاندا، بۆ نموونە وەزارەتی شارەوانی و وەزارەتی گواستنەوە ئەو بڕەی کە خەملێنراوە لەلایەن ئەو دوو وەزارەتەوە زۆر زیاترە، لەو بڕەی کەوەزارەتی دارایی بۆی خەملاندوون، زۆر سوپاس

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس بۆ جەنابت، بەڕێز عبداللە ملا نوری، فەرموو.

**بەڕێز عبدالله محمد نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

قسەکانم کران، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێز کاك حەمە سەعید، فەرموو.

**بەڕێز حمە سعید حمە علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێم وایە ئەم داهاتە کە خەملێنراوە، یەکەم: زۆر کەم خەملێنراوە، دووەم: ناڕوونە داهاتی نەوت بەداخەوە تا ئێستاش ڕوون نیە لای هەمووومان، وە بەتایبەتی داهاتی بەخشین وشیرینی گرێ بەستەکان، کە پار ساڵ وەکو جەنابتان ئاگادارن دوای قسەکردنی پەرلەمان لەسەری، دواتر وەزارەتی سامانە سروشتیەکان بە نووسراوێك ئاگاداری کردین، کە 370ملیار شیرینی گرێ بەستیان هەیە، دەکرێ بەپرۆژە ئێستا بۆچی ئەو شیرنیانەی تیا نییە، خاڵێکی تر داهاتی گومرگەکان، بەداخەوە بۆ ساڵی 2010 (205)ملیارە بۆ ساڵی 2011 (400) ملیارە، یەعنی واتە هەرۆژەی 800000، دۆلارە یەعنی لە ملیۆنێك دۆلار کەمترە، کە ئێمە (6) خاڵی سنووریمان هەیە، گومرگ کە وەکو حاجی ئۆمەران، برام خەلیل، کێلێ ئەوەی قەڵادزێ، پێنجوێن، تەوێڵە، پەرویز خان، کە پێم وایە هەر یەکێك لەو دەروازە سنووریانە رۆژی لەوە ئەچێ ملیۆنێك دۆلار ئینتاج و گومرگیان هەبێت، کە گومرگی ئەو کاڵا بازرگانییانە دێنە ناوەوە، کە گومرگێکی زۆریان لەسەرە، بۆیە ئەم داهاتی گومرگە سنووریانە زۆر کەمە، خاڵێکی تر داهاتی وەزارەتەکان بەم خشتەیەی وەزارەتی دارایی خۆیان خەملاندوویانە کە خەملاندنەکەشیان زۆر کەمە، لەساڵی 2010 و 2011 فەرقی نیوەیە یەعنی زۆربەی وەزارەتەکان بە نیوە خەملێنراون، لەگەڵ ئەم نیوەشدا خەملێنراوە بە 400 ملیارو 507 ملیۆن لێرەدا دەرچ، نەکراوە تکایە وەڵاممان بدەنەوە ئەو 400 ملیارە بۆ دەرچ نەکراوە؟، خاڵێکی تر کە داهاتی فرۆشتنی وزەی کارەبایە، پشتگیری ئەو وتەیەی مامۆستا عمر ئەکەم، وزەی کارەبا فرۆشراوە، لە ماددەیەکدا دەڵێ داهاتەکەی بۆ وەزارەتی کارەبایە، ئەی بۆ شارەوانی و تەندروستیش وانییە، کەواتە ئەوەش ڕوون بکرێتەوە بۆمان، لەگەڵ سوپاس و رێزدا

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس بۆ جەنابت بەس من مەکە شاهید لەسەر ئەرقام رجائەن، بەڕێز عەدنان عوسمان، فەرموو.

**بەڕێز عدنان عثمان احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سوپاس قسەکانی من کران.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس بۆ جەنابت ئێستا داوا لە کاك شێخ بایز ئەکەین، کە وەڵامان بداتەوە، کاك بلال ببورن هێشتا کاك بلالیش مابوو بەڕێزان ئەمە ئاخر جارە ئیتر، ئەگەر جاری تر سرەمان دا بە بەڕێزێك بە ئیجازەش چووبێتە دەرەوە، وەختێ ناوی ئەخوێنرێتەوە لێرە نەبێ حەقەکەی ئەڕوات، بۆ ئاگاداری ئەمە ئاخر جارە، ئەمڕۆ شانسمدا پێتان، بەس جاری تر تکایە دوایی کاغەزمان بۆ نەنووسن، ئەوەی لەدەرەوە بوو تەواو، کەرەم کە کاك بیلال

**بەڕێز احمد سلێمان عبدالله(بیلال):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەڵا من لەسەر داهاتەکان هەندێ تێبینم هەیە، هیوادارم جەنابی وەزیر ئەم تێبینیانەمان بۆ ڕوونکاتەوە، بۆ ئەوەی بۆ بەندەو بۆ هەموو بەڕێزانیش ڕوون بێت، دیارە هەرچەندە زۆر قسەی لەسەر کرا، لەسەر داهاتەکان بەس من وەکو موفاڕەنەیەك كە لەبەردەستمە، بۆ نموونە وەزارەتی شارەوانی لە ساڵی 2009 داهاتی وەزارەتی شارەوانی کە دەرج کراوە، لەبەر دەستمانە 31 ملیارو قسور بووە، بەڵام ئەمساڵ بووە بە 910 ملیۆن، خۆ ئەگەر ئەم یاسایەی کە جەنابی وەزیر پێشتر باسی کرد، لە ساڵی 2009ش هەبووە، بۆ لەساڵی 2009 داهاتەکان 31 ملیار بووە، بەڵام ئێستا کەمتر لە ملیارێکە، ئەوە بۆخۆی لەلای ئێمە بووە بەجێگای پرسیاری، بۆچی ئەوە بەو ڕێژە زۆرە کەمی کردووە؟، کە ڕێژەکە دەکاتە لە 71٪ سەبارەت بەشارەوانیەکانیش کەپارەیان بۆ سەرف دەکرێت، جارێکی تریش بۆ دیاریکراوەتەوە؟، ئەوە باس ناکەم، چونکە جەنابیان ئیشارەتیان پێدا، کە 409 ملیاری بۆ دیاریکراوە، بەڵام لێرەدا ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە ئەگەر وابێ ئەوە دووجار وەزارەتی شارەوانی پارەی لە بودجە بڕیوە، جارێك بەناوی شارەوانیەکان جارێکیش بەناوی وەزارەتی شارەوانی، ئەوەش پێویستی بەڕوونکردنەوەی زیاتر هەیە، داهاتی فڕۆکەخانەکان زۆر باس کرا، بەس ئێمە لە لیژنەکەی تایبەت بەخۆمان، لیژنەی شارەوانی و گواستنەوەو گەیاندن، کە جەنابی وەزیرو جەماعەتی وەزارەتمان بانگ کرد، پرسیاری داهاتمان کرد، ئەوانیش وتیان لای ئێمە نیە، نەهاتووە، نازانین چەندە، من پێم وایە ئەگەر وەزارەت نەزانێت داهاتی خۆی کە بەشێکی داهاتەکانی فڕۆکەخانەی هەولێر وسلیمانیە چەندە؟، کەواتە ئێمە چۆن بزانین چەندە، چۆن ئێمە بزانین داهاتەکان وسەرفیاتەکان لەیەکتری دەرکراوەو ئەو نەتیجەی کردووە؟، پێویست وایە، وەکو چۆن سەرفیاتەکە بۆ ئێمە دەنووسرێت، پێویستە داهاتەکانیشمان بۆ بنووسرێت بۆ ئەوەی بەرچاومان ڕوون بێت، چونکە ئەوە ڕەقەمە، سەبارەت بەکارەبا دیسان، کارەبا بەدوو جۆر هاتووە، جارێك نووسراوە 120 ملیۆن لەم جەدوەلەی کە نووسراوە ئیعدادی موازەنەی جاریە، جارێك هاتووە کە دەڵێت داهاتەکەی 120 ملیۆنە، جارێکی تریش لە یاساکەدا هاتووە، ئەڵێت 151 ملیارە، ئەگەر ئەمە یەکێکیان داهاتی گشتی بێت وئەوی تریشیان داهاتی خودی وەزارەتەکە بێت، ئەوە ئەم دوو بڕە پارەیە کۆنەکراوەنەتەوە، بەڵکو هەر یەکێکیان کۆکراوەتەوە، ئەی بۆ ئەوی تریش کۆناکرێتەوە لەگەڵێدا؟، ئەگەر داهاتیش بەگشتی هەر ئەوەندە بێت، ئەی بۆ سەرفەکە، بۆ نموونە هەر لەم جەدوەلەدا، دەڵێت داهاتی سەرفی کارەبای تەخمین کراو، بۆ ساڵی 2011، 392 ملیار و767 ملیۆنە، ئەی خۆ بەلای کەمی دەبوایە ئەم سەرفە، وەکو داهات حساب بکرایە، کە وەزارەتەکان سەرفی دەکەن، دوایش سەرفی کارەبا ئەوەی کە وەزارەتەکان دەیکەن، دوایش وەزارەتی کارەبا چەند سەرف دەکات، لێی دەرکرایە تا هەردووکیانمان لەبەرچاو بوایە، بزانین فیعلەن ئەو ڕەقەمە دەردەچێتەوە، یان ڕەقەمێکی ترە، سەبارەت بەداهاتە مودەوەرەکان، بەڕاستی ئێمە بەرچاومان ڕوون نیە، هەر جەنابی وەزیر خۆی دەڵێت، داهاتەکان دەچێتەوە فلان شوێن، یان هەندێکی دەچێتەوە فلان شوێنی تر، یان هەندێکی لە سندوق دەمێنێتەوە، ئەو هێندە چەندە، ئەو هێندەش کەسەرف کراوە ئەویش چەندە، باڕوون بێت، چونکە ئەوە ڕەقەمە، خۆ ناکرێت بە تەقدیر باس بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێزان ئێستا کاتی ئەوە هاتووە، کە جەنابی وەزیر وەڵامی موداخەلەی ئەندامە بەڕێزەکانی پەرلەمان بدەنەوە، فەرموو جەنابی کاك شێخ.

**بەڕێز شێخ بایز تاڵەبانی(وەزیری دارایی و ئابووری):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وابزانم پێشووتریش زۆربەی زۆری ئەم پرسیارانەم وەڵام دابوویەوە، ئەگەر موسەجەل بێت، بەڵام من مولزەمم ئەبێت هەرکاتێك پرسیارم لێ بکرێت وەڵامی بدەمەوە، ئەم ئیرادەی کە ئێستا لێرەدایە، ئەمە جارێکی تر دەیڵێمەوە، ئەمە ئیرادی موقەدەرە، یەکەم: ئەو مەبلەغەی کە بۆ ئێمە هاتووە، ئەوە دیاریکراوە کە بۆمان دانراوە لە عێراقەوە، ئەوەی 11180،( 305)ملیارەکەی تر کە هەیە، ئەمە پارەکە ئێمە ئەم تەقدیرەمان داوە، بۆیە ئەمساڵ ئەمەیان مەقاسە نەکرد، ئەم (305)ملیارەیان بۆمان گەڕاندۆتەوە، یەعنی ئەو ڕەقەمەیان بۆ گەڕاندووینەتەوە، 151ملیارەکەی تری هی کارەبایە، بەرای بەڕێزم کاك دکتۆر علی حازرە، ئێمە سێجار لە ئەنجومەنی وەزیران کۆبوونەوەمان کردووە لەسەر ئەم بابەتەو دووجاریش جەنابی وەزیری کارەبا لەسەر ئەم ڕەقەمە موناقەشە کراوە، ڕەنگ هەیە جیبایەی کارەبا وەکو پێویست نەبێت، تەوەقوعات بەو شێوەیەیە، وە جارێکی تریش ئەڵێم ئەمە موقەدەرە، بەنیسبەت تەقدیراتی ئەمساڵەوە کەدامان ناوە، 400 و کەسر ملیار دینارە، بەڵام خۆی هەر موقەدەرە، ئێمە 400 تەکەمان داناوە، پترۆ دۆلارەکەش ئەوە بە وجودی وەزیری سامانە سروشتیەکان، ئەوە دانراوە لەڕێگای ئەوەوە بە حساب و کتابی ئەو تەقدیر کراوە کەلەو حدودەمان بۆ دێت، بەڕاستی من زۆرم لەم مەوزوعە باس کرد، ئێوە حساباتی خیتامی دێتە بەردەستتان، لەحساباتی خیتامیدا هەموو ئیرادێکی فیعلی دەر ئەکەوێت، ئێوە ئێستا بۆتان هەیە، بگەڕێنەوە سەر حساباتی خیتامی ساڵی 2009، بزانن لەگەڵ ئیرادە موقەدەرەکەو ئەو ئیرادەی کە بەفیعلی ڕوویداوە بزانن فەرقی هەیە، من تکاتان لێدەکەم ئەمە تەقدیرە، ئەگەر دەتانەوێت زیادی تەقدیر بکەن زیاتر ئەم مەوزوعە بێت، ئێمە نازانم وەختی خۆی ئەم مەوزوعەمان زۆر باسکردووە، باس لە ئیراداتی نەوت دەکەن، هەر لێرەوە جارەکەی تریش باسم کرد، ئێوەش خۆتان دەزانن، حساباتی نەوت، حساباتێکی تایبەتە، بەپێی بڕیارێك کە لێرە دەرچوو، بەیاسا ئێمە داوامان لێکرا، کە دوو حساب بکەینەوە، بۆ وەزارەتی نەوت، هەردوو حسابەکەمان بۆیان کردۆتەوە، پارەیەك کۆبوویەوە، 250 ملیۆن دۆلار، هاتە ئیرەو پرۆژەکانیش هاتە ئێرە، ئیقرار کرا، کە ئیراد و مەسروف، لە فایلێکی تایبەتدا بە سجلاتی تایبەت و حساباتی تایبەت ئەوە کرا، ئێستا پارەی تر کەکۆبووەتەوە، دێتەوە بەردەستی جەنابتان، بەهەمان شێوە ئیقراری ئیرادەکە مەعلوم دەبێت لەلاتان، پرۆژەکانیش لەلای ئێوەوە تەحدید دەکرێت، کە دێتە بەردەستان و ئیقرار دەکرێت، بەڕاستی بەرای بەڕێزم کاك بیلال من جوابم دایەوە ئەو ڕۆژە، ئێستاش ئەیڵێمەوە، وەرەقەکەم هەر لەپێشە، مەوزوعی ئیرادی شارەوانی، وەزارەتی شارەوانی جیایە، شارەوانیەکانیش جیان، جارێکی تریش دەڵێم شارەوانیەکان بەپێی قانونی ڕەقەم (6) ئیش دەکەن، ئیرادی خۆیان بۆ خۆیانە،

حکومـەت لەسـەریەتی دەعمـی بکـات، لەبـەر ئـەوە ئێمـە هـاتووین ئیرادەکـەیان و مەسـروفەکانیانمان یـەك لەیەك تەرح کردووە، پێویستیان چەند مابێتەوە، ئەوە دەعمیـان دەکـەین ئـەوەش لـە میـنـەح دەرکـەوتووە، ئەوە بەنیسبەت شارەوانیەکانەوە هەندێ ئیرادی تریش هەیە، بەڕاستی باسی لێوە دەکرێت کە فلان ئـیراد دیارنیـە، مەسـەلەن ئـەڵێن کـوا ئـیرادی فرۆکەخانـەکان، باسمـان کـرد، ئـیرادی فرۆکەخانـە بـۆ خۆیـەتی، تەبیعەتی حسابەکەی وایە، بەڵام ئێمە دەعمی دەکەین، بەنیسبەت فرۆکەخانەشەوە، ئەوەتا هەیە، سەرفیان $76$ ملیار بووە، داهاتیان $32$ ملیار بووە، عەجزیان $44$ ملیارە، تەبعی ئەوە ئیمە دەیدەین، شارەوانی $432$ بە $38$ بە $395$، حەتا بانقەکان بەهەمان شێوەیە، ئـەم جۆرە حساباتانە کە ئیرادەکـەیان نایەتـە نـاو ئـەم جەدوەلانە، لە ئەصڵدا ئیرادەکانیان تەرح کـراوە، بەڕاسـتی مـن جـارێکی تـریش تەئکیـد دەکەمـەوە خوشـك وبرایانی بەڕێزم بەڕاستی ئەگەر ئێوە سیقەتان بەحساباتی خیتامی هەبێت خۆ ئەو وەختە ئەتوانن لێرەدا ئێمە دێینەوە بەردەم بەڕێزتان وبەتەئکید حساباتی خیتامی بەشێوەیەکی مودەقەق دێتە بەردەمتان و بـۆ بەڕێزیشتان هەیە ڕەقابەی مالی دابنێین بەرامبەرمان، ئێمە هەر شتێکمان لەو بابەتانە ئیخفا کردبێت یان نـەبێت، ئـەو وەختـە حسـابمان لەگـەڵ دەکرێـت، ئێمـەش جـەزای خۆمـان وەردەگـرین ئەگـەر شـتێکمان کردبێت...

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ببورە جەنابی وەزیر، کاك نەریمان، نوقتەی نیزامی هەیە، فەرموو.

**بەڕێز نەریمان عبدالله قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە زۆرجار گوێمان لەوە دەبێت کە داهاتی ئەو بەشە، ئەو بەڕێوەبەرایەتیـە، فرۆکەخانـەکان بـۆ خۆیانـە، ئەمە کێشەمان لەوە نیـە کـە بۆخۆیانـە، بـەڵام چـەندە بـۆ تەحدیـد ناکرێـت بۆمـان؟، ئێمـە چۆن سـبەینێ بتوانین بەدواداچوون بکەین، موقارەنەی بکەین؟، لەگەڵ ئەوەی کە هەیە؟، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، گەشت، کاك شێخ بەردەوام بە، فەرموو.

**بەڕێز شێخ بایز تاڵەبانی (وەزیری دارایی و ئابووری):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

جـەداویلمان هەیـەو مـەوجودە، ئەمانـەمان لـە جەداویلـەکان دەرکـردووە، کـە ئـیراد و مەسـروفە، ڕەقابـەی مالیش کە تەدقیق ئەکات، لەگەڵ ئێمـەدا لەسـەر ئـەم ڕەقەمانـە تـەدیقیمان لەگـەڵ دەکات، چونکە ئەوانـە هەموویان شارەزان، ئـەزانن لـەکوێ تـەدقیق ئەکـەن و شـارەزان، ساڵانەو مانگانـە تـەدقیقیان کـردووە، ئـەو شـتانەی ئیشـی ئەوانـە لـەڕووی تەدقیقـەوە، تەحقیقەکەشـی لەگـەڵ موراقەبەکەشـی بـۆ بەڕێزتانـە، ئینجا ئەگەڕێمـەوە سـەر مولاحـەزەکانی تـر، کـە باسـکراوە، مەسـەلەن بـاس دەکرێـت گـومرگ و زەریبـەو ئەمانـە دووجار وەرئەگیرێت ونازانن پارەکە بۆکوێ دەڕوات؟، بەڕاستی ئیشکردنی ئێمـە تـەعلیماتمان هەیـە، بـەپێی

قوانین و تەعلیمات ئیشەكانمان ئەكەین و، ئەمەش شتێكە لە هەموو دەوائیری دەوڵەتدا، كە هاوشێوەی وەزارەتی مالیەو هاوشێوەی دائیرەو دائیرەیە ئەو ئیشانە ئەكەن، یەعنی بەراستی من نازانم ئێمە بۆ ئەوەندە كەوتینەتە ژێر ئەم گومانەوە، گومرگ دوو جار بۆ وەردەگرین؟، زەریبە دووجار بۆ وەردەگرین؟، ئەوە كە داخل دەبێت گومرگێك كە زەریبەی بیدائیە خۆی وەر دەگیرێت، بەلاَم بۆ ئەوەو ئەوە وەر ئەگرین، ئیلزامی ئەكەین مراجعەعەتی زەریبە بكات، كە مراجعەعەتی زەریبەی كرد، لەوێ فەرقەكەی لێوەر دەگرینەوە، بۆ ئەوەی كە مراجعەعەتی زەریبەی كرد ئێمە لەوێ ئەزانین، ئەگەر قەرزاری تریش هەبێت لێی وەرگرینەوە، ئەمە ئیشی رۆتینی دەوائیری دەوڵەتە بەو نەوعە لەقەڵەم نەدرێ من پێم چاكە، دوای ئەوە باسی زەریبەی دەخل ئەكرێ لە شوێنێ 2٪ ، لە شوێنێك 5٪ ، ئێمە ئەو یاسایەمان هەموار كردووە، داواشمان كردووە، ناردوومانە بۆ پەرلەمانی بەرێز، ئێستاش لە بەردەمی پەرلەمانی بەرێزە فەرموون ئیقراری بكەن و تا جێبەجێی بكەین، فرۆشتنی نەوت هەروەكو جارێكی تریش ئەڵێم ئەوە لە حیساباتی تایبەتە، بەراستی، باسی مدەوەر ئەكرێت ئەڵێن مدەوەر كوا؟، من وەلەو حیساباتی خیتامی ناتوانم قسەی لەسەر بكەم، چونكە تا ئێستاكە بەو شێوەیە نە تەدقیق كراوە نە هاتۆتەوە، بڵێین بتوانم رەقەمێك، بەلاَم من پێموایە جارێ، ئەگەر مدەوەر هەبێت ئەوە داخل ئەبوو، بەلاَم ئێوە تەوەقوعاتی خۆتان، ئەگەر بەس ئەوەندە رجاتان لێ ئەكەم ئێوە عجزكان، سەرفەكانی تەجاوزی ئەم سەرفانە بەس (مەسرەفی عقاری)، لەگەڵ عجزەكاندا كۆ بكەنەوە، لەگەڵ ئەو وفوراتانەی كەلە ئیستسماریدا هەبووە، جەنابتان ئەڵێن چی لێهات؟، یەك لە یەكی دەربكەن ئەو وەختە ئەگەر مدەوەر هەبوو ئێمە نەمان نوسیبوو لە 12/31 بە تەئكید لە حیساباتی خیتامیدا دەردەكەوێت، ئەو وەختەی ئێمە ئەكەوینە بەردەمی محاسەبە. ئەو ئەڵێ داهاتی سلەفی عقاری و سلەفی زەواج بۆ كوێ ئەروا؟، باشە دە ئێمە پارەمان تخصیص كردووە بۆ سلەفی عقاری، بۆ سلەفی زەواج، بۆ سلەفی زراعی. ئەقساتەكانی كە ئەگەڕێتەوە، ئەگەڕێتەوە بۆ ناو ئەو سندوقە، بۆ مەعلومات بەرێزتان بەس لە سلێمانیدا ساڵێك پێشی ئێستاكە، جارێكی تر دەست بە سەرف كردن بكەین، ئەوەی چونكە من بۆیە عفوم كەن كە باسی سلێمانی ئەكرێت، چونكە من زیاتر ئاگام لەوێ بووە لێرەش هەر بەهەمان شێوەیە، لە حدودی (21) ملیار دینار پارە گەڕابۆوە، جارێكی تر ئیستیفادەمان لێی كرد، پارەمان دا بە خەڵك، ئەو پارانە نابێتەوە ئیراد بۆ وەزارەتی مالیە تا ئێمە بڵێین، لێرە دەرجی بكەین، مەسەلەی ئەوەی كە حیساباتی نەوت من جارێكی تریش ئەڵێم باسی شیرینی، باسی پێنج ملیارو باسی ئەمانە ئەكرێت، من بەراستی حیسابات لە وەزارەتی داراییە ئەرقامە، بنوكەكانی ئێمە ئیش ئەكەن، كەسیش 10 دیناری نەقدی لە لای نیە، كە حیسابمان داوەتە وەزارەتی سامانە سروشتیەكان، پارەكانیان لە حیساباتی خۆیاندا داناوە، ئەوەی لە ناو ئەو بانكانەیە ئەوە پارەی دەوڵەتە، وە ئەوەی كە هەر حیسابێك هەبێت لە ناو دەوڵەتا مەوجودە، ئەوەی كە من پێموایە ئەو(5) ملیارە مەسەلەی مەشاریع و شتی وابێت، هەرچەند نازانم ئەوە خۆتان لە وەزیری نەوت بپرسن ئەو موزوعە. باسی پارەی ئەم پێنج ساڵەی وەزارەتی پێشمەرگە دەكرێت، ئەڵێن ئەمە كە بێتەوەجێ، تەبیعی ئێمە هەتاكو ئێستا ئەم عجزانەی كە

تووش ئەبین، هەر خۆشتان مصادەقەتان كردووە سەبەبی رەئیسی ئەم عەجزانە ئەوەیە، كە بەرێزتانیش مصادەقەتان كردووە، لە نەتیجەی سەرف نەكردنی ئەو پارانەیە كە لە وەزارەتی دیفاعەوە بۆ ئێمە نەكراوە، لە حكومەتی عیراقیەوە، هەروەختێك پارەكە بێ تەبیعی ئەبێتە ئیراد بۆ حكومەتی هەرێمی كوردستان، داخیلی ئیرادات ئەبێت، ئەگەر عەجز هەبێت عەجزەكە سەد دەكا، وە ئەگەر عجزیش نەبێت ئەوە پارەكە لەم پەرلەمانە چۆن موازەنەكە دێتە بەردەستتان لە زمنی موازەنەدا دێتە بەردەست بەرێزتان، نەفەقاتەكانیشی بەرامبەری دێتە بەر دەستتان، ئێوەی بەرێزن كە موصادەقەی ئەكەن. مەعمەلی چیمەنتۆ بەراستی ئیرادی مەعمەلی چیمەنتۆ بە ئیجار درابوو بە كەرتی تایبەت، وە بە حیساباتێكی تایبەتی خۆیان هەیە، بەراستی لە وەزارەتی پیشەسازی، ئەگەر ئیرادێكیان هەبێت، بەلاّم من پێموایە ئەو هەرچی ئیرادێك هەیە دەرج كراوە، لەویٚ ئەوە ئەبێ بگەڕێینەوە سەر عقدەكەی، و ئیرادەكەی، وەزارەتی پیشەسازی نازانم من باوەڕ ناكەم بەو شێوەیە بێت ، ئەگەر هەش بێت رەنگ هەیە، سەهمێكی هەبێت، حكومەتی ئێستا بەس موتەئەكیدبن لەسەر ئەو موزوعە، باسی پارەی مینحە ئەمەویٚ ئایا ئێمە مینەحمان وەرگرتووە، یان وەرمان نەگرتووە؟، خوشك و برایانی بەرێز ئێوە خۆشتان ئەمە ئەزانن كە ئێمە ئەوە عیلاقەی بە حكومەتی مركزیەوە هەیە، ئێمە حكومەتی هەرێمین، حكومەتی ئیقلیمین ئێمە، ئێمە كەی ئەو دەسەلاّتەمان هەیە بە مباشیر بچین قەرز وەربگرین، بچین مینحە وەربگرین، نە پێمان ئەدەن وە نە لە دەسەلاّتی ئێمەدایە. ئەوە بە نیسبەتی ئەوەی كە ئەویتر پرسیارێكی تر هەر ئەوە، باسی رەئس مال كرا، بانقەكانی ئێمە هەیە كە ئەو ئیشانە ئەكات، مەسەلەن ئەوانیش ئیرادو مەسروفیان هەیە، وە رەئس مالی خۆیان هەیە، ئەوەی كە زمنی پرسیارەكەی دووەم كە ئیلا لەوە زیاتر كە هیچی كەمان نیە. باسی باشماغ و ابراهیم خلیل و ئەوانە دەكرێت، بەراستی فیعلەن باشماغ مەنفەزێكە ئێستا تازە بڕیاری بۆ دەرچووە، ئیشی تیا دەكەین، ئەو مەنفەزە ئیرادیشی هەیە، وە ئەو ئیشانەی كە ئەیكەین مشروعێكی زۆری بۆ دەرچووە، وە هەتا ناوچەكە ئیستیملاك كرا، ئەوە، سیاجی بۆ ئەكرێ، چەندەها بینایاتی بۆ دەكرێ، بەلاّم دەبێت ئەوەمان لە بیر نەچێت باشماغ مەنفەزێكی تازەیە، ئیبراهیم خلیل مەنفەزێكی كۆنە، وە باشماغیش بۆچی تەئخیر بووین، ئێستا زۆربەی ئیشەكانمان لە باشماغ و لە پەرویٚز خانیش كە تازە بووەتە مەنفەزی رەسمی، بە كەرەڤانات معالەجەمان كردووە، وەختی خۆی لە بیدایەتدا حكومەتی عیراقی وەعدی دابوو بە ئێمە، كە ئەوان ئەو ئیشە بكەن، بەلاّم زۆر چاوەرێیان بووین نەیانكرد، وە كە نەیان كرد ئێمە خۆمان دەستمان پێكردووە، لەسەر تەخصیصاتی حكومەتی هەرێم ئێستاكە ئیشێكی یەكجار زۆری تێدایە، وە ئیشی تیا ئەكەین وا خەریكن. باسی ئەو فەرقی(5) تریلیۆنەكە ئەكەین، وەللاّ دوو جارم شەرح كرد ئەوە ئەمجارەیش باسی دەكەمەوە، ئەو (5) تریلیۆنە لە نتیجەی ئەوەوە هاتووە، حكومەتی عیراقی ئەو نەوتەی لە كوردستان دەرئەچێ، و ئەیوت ئەم نەوتە كە ئێستا ئەچێتە ناو بۆڕیە نەوتەكانەوە، كە ئەیوت ئەمە ئەوەندە لەسەر ئێمە بە داهات حیسابیان كردبوو، بەلاّم كە موفاوەزاتیان لەگەلّ كرا، كە حقیقەتەكە روون بوەوە، كە ئەو نەوتە هی خۆیانە، وە مبیعاتەكانی ئەچێتە لای خۆیان، 17٪ ی ئەگەڕێتەوە بۆ ئێرە، ئەو

ئیرادەیان لادا ئیرادەکەی ئێمەیان بە نەزەر ئیعتیبار وەرگرت، وەهەر لێرەوە مەسەلەن کە باس ئەکەن، ئەلێن وەللاٰ ئێمە هەتاکو ئێستا نازانین چی ئیرادێك هی حکومەتی مەرکەزیە وە چی ئیرادێکی هەیە، منیش وەکو ئێوەم، پەرلەمانی پێشوو، برادەرانی پەرلەمانی پێشوو، ئەگەر مەوجودن لە وەختی جەنابی کاك عدنان کە سەرۆکی پەرلەمان بوو، جەنابی کاك دکتۆریش کە مەوجود بوو، کاك فرست بە تایبەتی تەئکیدی ئەکردەوە، کە ئیرادە مەحلیەکان عائیدی حکومەتی هەرێم خۆیەتی، بەلاٌم وەللاٰ ئەوان بە کامل ئیرادەکانمان لێ ئەبڕن. ئێمەش پێمان خۆشە پەرلەمانیش، حکومەتی کوردستانیش، هەوڵمان بۆ بدەن، ئێمەش لەگەڵیاندا بۆ ئەوەی کەوا ئەوەی ئیرادی حەقیقیە عایدی ئێمەیە ئەوە وەری بگرین، ڕەنگ هەیە ئەو وەختە من نەیەم لە جیاتی ئەوەی پێنج سەد بنووسم، مەسەلەن ئێستا چوار سەدم نووسیوە، ئەرۆم لەوێ پێنج سەدەکە ئەنووسم، شەش سەدەکە بنووسم، ئەمە وەختی خۆی شەرحم کردووە، شەرحمان کردووە ئەم مەسەلەیە لە چیەوە هاتووە، وە جارێکی تر تەئکید ئەکەمەوە تکام وایە، ئێوە ترکیز بخەنە سەر حیساباتی خیتامی، وە ئەوەی کە دێتە بەردەستتان،ئەو وەختە بۆتان دەر ئەکەوێت کە ئێمە چیمان کردووە، وە چی ئەکەین، وە موخالەفاتمان چیە، جەنابتان وەکو موراقەبەو وەکو بەدواداچون، دیوانی چاودێریش وەکو تەدقیق. داهاتی کارەبا وە مەسرەفی، بە نیسەتی کارەباوە ئێمە لەناو ئیعاناتدا دامان نابوو، تەبیعی پارەکەیش هەم دیسان ئەمە بووە بە کێشە، موزوعی ئەم داهاتە هەر پرسیاریان کرد، ئەوە کارەبا ئەوەندەی لەوێ داهاتی هەیە، و ئەوە لەوێ کوانێ و چی لێهات تەبیعی کارەبا لەناو مینحە نیە لەناو ئیعاناتدا بوو، ئەم ساڵ لە دوای ئەوەی کە گازوایل کڕینی کارەبا کەوتە سەر ئێمە وە پارەیەکمان تەخصیص کرد بۆ کڕینی مەحەگات و ئەوانەش تیایا هەتا لە ئیستسماری لای جەنابی (دکتۆر) ڕەنگە ئەوانە دەرکەوتبێت، ئەو پارانە ئەوەندە زیادی کرد پێویستی بەوە کرد ئێمە لەناو ئیعاناتدا، لەناو ئەو دەعمەیا دەری بکەین وە حەقیقیەکەی خۆی پێ نیشان بدەین چی وەکو ئیرادەکەی و چی وەکو مسروفەکەی وە ئیلا ئەو وەختە بە یەك رقم دامان دەنا، بەلاٌم مسروفەکەیان ئێستا زۆر زیادی کرد، لەبەر ئەوە هێنامانە ناو موازەنەوە. بە نیسبەتی ئەوەی کە شەریکات و ئەو پارانە ئەوە ئەوڕۆژەش هەر باسم کرد ئێستا لەناو شەریکات بۆ ئەوەی کە ئەو پارانەی ئەڵێم بۆ ئەو شەریکاتانە دانراوە (شەریکات) یەکێك لەوانە ئیعاناتی زراعیە بەلاٌم بگەڕێوە سەری ئەنواع و ئەشکال شتی تری تیایە لەو بابەتانە، ئەوە بۆ ئەوە نیە ئێمە ئەو پارەیە فلاٌن شەریکە بیەوێ ها بۆ تۆ، بیدەینێ، ئەوە هەمووی حیسابی خۆی هەیە، حیساباتی حکومەت زۆر فراوانە، ئەرقام و عناوینەکانی فراوانن وە ئەمە ئەم ئیشانە هەمووی ئسوڵیە قانونی ئسوڵی محاسەباتی لەسەر تەتبیق ئەبێت، ئەمە هەمووی قانونی ئیدارەی مالی هەیە، هەموو دەلیلە حیسابیەکان موجودن، ئیستیمارەتەکانمان یەك ئیستیمارەیە یەعنی من ئەوە وەلاٌمەکانمانە سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، لیژنەی دارایی فەرموون.

**بەڕێز خورشید احمد سلیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشنیاری ئێمە بۆ ئەوەی تەخصیص کردنی پارەی مەنافزی حدودی و پارەی عەمەلیاتی نەفتی لەسەر ئەو ئەساسە بوو بۆ قەرەبوو کردنی ئەو ناوچانەی کە ئەم عەمەلیاتە تێدا دەکرێت، پاشی موناقەشاتی هۆڵی پەرلەمان بۆمان دەرکەوت کە فعلەن ئەمە بەشێکە لە سامانی ئەم وڵاتە و خەڵکی کوردستان هەمووی دەبێ سوودمەند بیت لەو داهاتە، لەبەر ئەوە ئێمە لە سەرۆکایەتی لیژنەی دارایی رێك كەوتین کە پێشنیاری خۆمان سحب بکەین داوا بکەین لە حکومەتی هەرێم بۆ دۆزینەوەی رێگا چارەیەك بۆ چۆنیەتی قەرەبوو کردنی ئەو ناوچانەی کە خاڵە سنووریەکانی تێدایە و عەمەلیاتی نەفتی تێدا دەکرێت، بۆ ئەوەی ئەوانیش بە مافی خۆیان بگەن و زۆر، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك حمە سەعید، فەرموو.

**بەڕێز حمە سعید حمە علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

زیاد لە چەند پەرلەمانتارێك داوامان کرد کە داهاتی وەزارەتەکان کە بە جەدوەلێك وەزارەتی دارایی خۆی خەملاندوویەتی چوار سەد ملیار و پێنج سەدو حەوت ملیۆنە لێرەدا داخل نەبووە، زەحمەت نەبێ جەنابی وەزیر وەڵامان بداتەوەو سوپاسی دەکەین.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر وەڵامی ئەو پرسیارە بدەوە، بێزەحمەت.

**بەڕێز شێخ بایز تاڵەبانی(وەزیری دارایی وئابووری):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە من ئەزانم کاك حمە سعید باسی چی ئەکات، لێرە لە رەقەم چواردا هاتووە، ئیراداتی حدودی ئەمە خۆی چوار سەدو کەسرە، جارێك کەسرەکەی لەسەر نیە، وە ئەمە حدودی نیە، ئەمە بۆ وای لێهاتووە، دیارە من دوو تەصحیحی تریشم لەسەر ئەم مەسەلەیە کرد، ئەم مەوزوعە کە چووە ئەنجومەنی وەزیران بۆ صیاغەی قانونەکە، ئاوها بەم شێوەیە دابەزیوە، چوەتە مەجلسی شوراش و گەڕاوەتەوە، نەگەڕاوەتەوە لای ئێمە کە تەماشای بکەین، ئەمە چۆنە؟، ئەمە لە مجلسی شورا و لە ئەنجومەنەوە ئەم یاسایە نووسراوەتەوە، ئەمەی کە هاتووە مەنافیزی حدودی ئەم چوار سەد ملیارە هەموو داهاتەکەیە، چوار سەد ملیارو کەسرە، ئێمە کەسرەکەیمان نەنووسیوە، لەبەر ئەوەی هەر موقەدەرێك کەسرەکەیمان نەنووسیوە سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عومەر، فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالعزیز بهاء الدین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بـەڕێز جـەنابی وەزیـر، ئـەوەی کـە منـیش باسـم کـرد، لـە موازنــە وەرەقەیــەکتان نـاردووە، ئەمــە عینوانەکەیەتی (استمارە تقـدیرات أیـرادات حکومـە اقلـیم کوردسـتان لسـنە2011) عـەرزت دەکـەم، 400 ملیـار 507 ملیۆنــە باسـی (30) دام و دەزگـای حکومــەتی هــەرێمی کوردســتانە، خـاڵ بـەخاڵ داهاتـەکانی نووسراوە، ئەوە باسی خەملێنراوی ئەم ساڵە، جا ئەگەر ئەوە ئەم نییە، کەواتە ئەی ئەوی تر کامیانە؟، ئەم هی ئەم ساڵە، هی 2011 یە، داهاتی سنوورەکانە بەڕێزم

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس بەڕێز عمر صدیق، فەرموو.

**بەڕێز عمر صدیق هەورامی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئـەوەی مـن تێیگەیشـتم، قسـەی ئـەو بەڕێزانــە، لەگـەڵ قسـەی بـەڕێز وەزیـری دارایـی یەکـە، بـەس تـەنها ئەوەنـدە مـاوە، ئێمـە پـێش ئـەوەی دەنـگ لەسـەر ماددەکـە بـدەین، ئـەو برگەیـە راسـت بکرێتـەوە، داهـاتی هەرێمی کوردستان لـەبری ئـەوەی داهـاتی خـەملێنراوی دەروازەکـانی سـەر بەسـنووری هـەرێمی کوردسـتان بێت، ئەگەر هەر شتێکی تر بێت بەڕێز وەزیری دارایی بۆمانی روونکاتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن :**

کاك د. علی قسەت هەبوو، فەرموو.

**بەڕێز د. علی سندی(وەزیری پلاندانان):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وابزانم هەر قسەی کاك عمر تەواوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عمر قسەکانت دووبارە بکەرەوە بێزەحمەت، فەرموو.

**بەڕێز عمر صدیق هەورامی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من ئاماژەم بەوە دا ، کە قسەی بەڕێز وەزیری دارایی، لەگـەڵ قسـەی ئـەو بەڕێزانـە پەرلـەمانتاران، قسـەی هەردوو لایان دروسـتە، بـەس تـەنها ناونیشـانەکە هەڵەیـە، بـەڕێز وەزیـری دارایـش ئامـاژەی پێـدا، کـە ئـەو ناونیشـانە هەڵەیـە، داهـاتی خـەملێنراوی دەروازەکـانی سـنووری سـەر بەهـەرێمی کوردسـتان، ئـەوە داهـاتی دامەزراوەکانی هەرێمی کوردستانە، بۆ ئەوەی وەزارەت و ئەوانەشی کە وەزارەت نین، زۆر سوپاس.

**بەرێز سەرۆكی پەرلەمان:**

ناسك خان، فەرموو.

**بەرێز ناسك تۆفیق عبدالكریم:**

**بەرێز سەرۆكی پەرمان.**

منیش هەر ئـەوەی كاك عمـر ئـەڵێم، بـا راسـتی بكەینـەوە، ئنجا بخرێتـە دەنگدان، كەسرەكەشـی بخرێتـە سەری، خاڵی دووەم ئەو پێشنیارەی كە لیژنەی دارایی سەحبی كـردەوە، ئـەبێ ئێمـەش قەناعـەت كـەین كـە پشتگیریمان كرد، چونكە راستە ئەم نەوتە هی هەموو كوردستانە، بەس لەبیرمان نەچێ ئەو 11 ترلیۆن و 18 یە هەر داهاتی ئەو نەوتەیە كە هی هەموومانە، بەڵام ئەوەی پترۆ دۆلارەكە خاص بۆ ئـەو شـوێنانەیە، كە حەقلی نـەوت و مەصفای تێدایـە، یـەعنی راسـتە مـن لەسـەرەتاوە وتم ئێمـە لـە هەڵەیـەكی یاسایداین، چـونكە ئێسـتا بـاس لـە داهـات ئەكـەین، ئێمـە تـازە نەفـەقاتمان تـەوزیع كـردووە، بـەڵام بەراسـتی ئـەوە هەقیقەتێكە ئەبێ دانی پێدا بنێین، ئەم مەزوعی پترۆ دۆلارە بۆ ئەو شوێنانەیە كە نـەوتی لـێ دەردێ، كـە مەصفای تێدایە، یـەعنی ئـەبێ ئـیعتراف بەمـە بكـرێ، ئـیتر ئایـا ئەمـە بـۆ سـاڵێكی چارەسـەر ئەكـەین، یـان لەكاتی دانانی پرۆژەكانە چارەسەری ئەكات و رەچاوی ئەكات، سوپاس .

**بەرێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس بەرێز پەیمان خان، فەرموو.

**بەرێز پەیمان عزالدین عبدالرحمن:**

**بەرێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەمە ئەگەر وابێت، ئەگەر غەڵەت بێـت و ئـەو غەڵەتـە چـاك بكەینـەوە، ئـەو كاتـە حـەقلێك دیـار نابێـت، چونكە ئەمە تەنیا هی وەزارەتەكانـە، ئەوكاتـە ئـەی مـەنافزی حـەدودی تـەخمینی، مـەنافزی حـەدودی بـۆ 2011 چەندە لەوێدا؟، ئەوكاتە ئەوە ون ئەبێ دیار نییە، سوپاس.

**بەرێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس بەرێز كاك كاردۆ، فەرموو.

**بەرێز كاردۆ محمد پیرداود:**

**بەرێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەراسـتی مـن پرسـیارێكی كـەم هـەبوو، یـەعنی ئـەو پرسـیارە پێویسـتە بـەرێز وەزیـری دارایـی كـە پەرلەمانتارانی بەرێز كردیان جوابیان بداتەوە، بەڵام ئێمە لە 2010 دوو ماددەمان لێـرە جـێگیر كـردووە، كە پەیوەندی بەنەوتەوە هەیە، مـن داوا لەبـەرێز وەزیـری دارایـی دەكـەم، ئـەو مـاددەی كـەوا لێـرە خۆمـان ئیقرارمان كردووە دەبوایە لێرە راپۆرتمان بداتێ، پێشتر ئاگادارمان بكاتەوە كوا ئەو راپۆرتەی كە پەیوەندی بە مینەح و بە داهاتی نەوتەوە هەیە؟، كە خۆی ئەمە دەبوایە بمان داتێ، نەك بڵێ مـن حسـابێكی تایبـەت، راسـتە كـە حسـابێكی تایبـەت كراوەتـەوە، بـەڵام خۆمـان لێـرە جێگیرمـان كـردووە كـە دەبـوو بـە راپـۆرت

مەبیعاتی موشتەقاتی نەوت، وە منەحیشمان هەیە، نییە مهم ئەوەیە بە راپۆرتێك ئاگادارمان بكاتەوە، پەرلەمانتاران ئاگاداربن، ئنجا خەرج بكرێت، كەچی دیار نییە ئەمە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس جەنابی وەزیر فەرموو.

**بەڕێز شێخ بایز تاڵەبانی(وەزیری دارایی و ئابووری):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە 250 ملیۆن دۆلارەكەمان هێنایە ئێرە، وە لەلای ئێوە ئیقرار كرا، ئێستاش دوای ئێستاش هەرچییەكی ترمان هەبێت ئەویش ئەهێنین، ئێمە ئیلتزامان كردووە، بەوەوە بەو ماددەیەوە،سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی ئێستا ئاخر سیاغەتان بخوێنەوە بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگدان، كاك نەریمان ئاخر كەس تەواو ئەبێ كاك نەریمان و عمر نورەدینی ئیتر كەسی تر نییە فەرموو.

**بەڕێز نەریمان عبدالله قادر:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە لەبەردەمی بودجەداین، بودجەش یەعنی ناونیشان، ژمارە ئێستا هەم ژمارەكە هەڵەیە، هەم ناونیشانەكە هەڵەیە، ئەگەر بەپێی قسەی جەنابی وەزیر بێت، ئەبێ ئێمە ئەمە بەراستی راست كەینەوە، یەك لایی بكەینەوە، پاشان باسی دەنگ دان بكەین، یەعنی ئەگەر ناونیشان هەڵە بێت، ژمارە هەڵە بێت، كەواتە ئێمە لەبەردەمی هیچدا نین، ئەمە بودجەی پێناوترێ، بۆیە ئەبێ یەك لایی بكەینەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

باشە، باشە دانیشە تەواو، ئەوەخەریكین، فەرموو ئاخر كەس كاك عومەر.

**بەڕێز عمر حمە امین خدر( نوەردینی):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەگەر ئێمە بەو شێوەی كە باس كرا، هەموو داهاتی كوردستان لە ژێر یەك عینوان كۆبكەینەوە، دەبێ ئەوەی كارەباشی بخەینە پاڵ، بۆیە 151ملیار دۆلارەكە لەگەڵ 400 ملیارەكە هەردووكی دەبێ دەمج بكرێ، بكرێتە كۆی داهاتی دام و دەزگاكانی هەرێمی كوردستان، بەم شێویە، چونكە ناكرێ كارەبا بەجیا بێت، ئەویش لە چوارچێوەی وەزارەتی كارەبادایە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك عونی فەرموو.

**بەڕێز عونی كمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە لە لیژنەی یاسایی پشتگیری ماددەکە دەکەین، وەکو ئەوەی کە لە پرۆژەکەی حکومەت دا هاتووە. زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە، بیخوێنەوە هەمووی فەرمووی.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

الفصل الثاني:- الايرادات

المادة الثانية

تقدر ايرادات الموازنة للسنة المالية 2011 لإقليم كوردستان - العراق بمبلغ (12،386،000) اثنى عشرة تريليون وثلاثمائة وثمانون مليار دينار وحسبما مبين في الجدول الاتي:

| ت | العنوان | المبلغ |
|---|---|---|
| 1 | حصة الاقليم حسب قانون الموازنة العامة الاتحادية لجمهورية العراق للسنة المالية 2011 | (11،180،000 مليون) احدى عشرة تريليون ومائة وثمانون مليار دينار |
| 2 | الايرادات المتحققة فعلاً في المنافذ الحدودية الموجودة في اقليم كوردستان لسنة 2011 والمعاد تخصيصه ضمن موازنة اقليم كوردستان حسب الفقرة الثانية من المادة (25)من مشروع قانون الموازنة العامة الاتحادية لجمهورية العراق للسنة المالية 2011 | (305مليار)ثلاثمائة وخمسة مليار دينار |
| 3 | الايرادات المخمنة لمبيعات الطاقة الكهربائية في الاقليم | (151 مليار)مائة واحدى و خمسون مليار دينار |
| 4 | الايرادات المخمنة للمنافذ الموجودة في اقليم كوردستان | (400 مليار)اربعمائة مليار دنيار |
| 5 | تخصيصات بترو دولار حسب الفقرة الرابعة من المادة 25 من مشروع قانون الموازنة العامة الاتحادية لجمهورية العراق للسنة المالية 2011 | (350 مليار) ثلاثمائة وخمسون مليار دينار |

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

تکایە کێ لەگەڵدایە بادەستی بڵند بکات؟، تکایە نوقتەی نیزامی نیە، بەس کاک عومەر فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالعزیز بهاء الدین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەبەردەمی ئێمەدا بەڕێز نوێنەری حکومەتی هەرێمی کوردستان وتی ئەم عیبارەتە هەڵەیە، ئەوە ڕۆشتووە بەجۆرێکی تر هاتووە، چوار جار نووسراوە بەهەڵە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عەونی بۆ چاکتان نەکردووە؟، فەرموو.

**بەڕێز عونی کمال بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەڵەی مەتبەعی تێدا بوو، ئێمە چاکمان کرد، من بەڕاستی خوێندمەوە، وتم (المخمنە)، لەوێ نووسراوە (المتحققە)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك حمە سعید دواین کەس، ئیتر نوقتەی نیزامی نیە، ئەگەر نیزامی نیە، تۆش تەواو کاك شێخ بایز بەنووسراو بینووسە، صیاغەکەیان بدەرێ تکایە، فەرموو.

**بەڕێز شێخ بایز تاڵەبانی(وەزیری دارایی و ئابووری):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان،**

بەنیسبەت فەقەرەی چوارەوە، (الایرادات المخمنە) تەبیعی ئەمە هەمووی ئیراداتە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عونی فەرموو.

**بەڕێز عونی کمال بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بڕگەکە تەخمینیە، واتە کەسرەکەی پێناوێت، ئێستا دەیخوێنمەوە بەم شێوەیە( الایرادات المخمنە العامە وبچمنها الایرادات للمنافذ الحدودیە لسنە 2011، (400)ملیار دینار) سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان بەو شێوەی کە خوێندرایەوە دەیخەمە دەنگەوە، کێی لەگەڵدایە بادەستی بڵند بکات تکایە؟، ئەوەی دەنگی پێنادات ئارەزووی خۆیەتی، 55 کەسی لەگەڵدایە، کێی لەگەڵدا نیە؟، 33 کەسی لەگەڵدا نیە، بەزۆرینەی دەنگ پەسەند کرا کە بمێنێتەوە، ئێستا ماددەی سێیەم تەواو دەکەین، یەك فەقەرەی ماوە، پێش ئەوە با ماددەی یەکەم ودووەم جێگۆڕکێیان پێبکرێت، نەفەقات بچێتە ماددەی دووەم، ئیرادات بچێتە ماددەی یەکەم، کێی لەگەڵدایە بادەستی بڵند بکات؟، فەرموون کێی لەگەڵدا نیە؟، بەزۆرینەی دەنگ پەسەند کرا، تەنها کاك عبدالسلامی لەگەڵدا نیە؟، ئێستا بۆ ماددەی سێیەم، فەرموون.

**بەڕێز عونی کمال بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێستا دێینەوە سەر ماددەی سێیەمی پڕۆژەکە، کە ژمارەکەی گۆڕا بۆماددەی چوارەم.

المادە الرابعە:

تتولى وزاره الماليه والاقتصاد لاقليم كوردستان – العراق، تمويل حسابات الوزارات والادارات وفق الموارد الماليه المتاحه.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

تکایە ڕەئی لیژنەی دارایی، فەرموون.

**بەڕێز خورشید احمد سلیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە لەگەڵ دەقی ماددەکەداین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی تکایە ڕەئیتان.

**بەڕێز عونی کمال بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە لەگەڵ دەقی ماددەکەداین و داواکارین کە بخرێتە دەنگدانەوە، پاش ئەوەی کە ئەندامان ڕەئی خۆیان لەسەری دەدەن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر ڕەئیتان.

**بەڕێز شێخ بایز تاڵەبانی(وەزیری دارایی و ئابووری):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوەش هەر داواکاریی ئێمەیەو هەمان ڕەئیمان هەیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان کێ دەیەوێت لەسەر ئەو ماددەیە قسە بکات، ناوتان دەنووسم، نوقتەی نیزامی نیە، کێ دەیەوێت ناوی دەنووسم، بەس دکتۆر حسن، فەرموو.

**بەڕێز حسن محمد سورە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە ئەم ماددەیە، بۆ ئەوەی وەزارەتی دارایی پارە بدات بەوەزارەتەکان، یەك مەرجی داناوە، ئەویش مەرجی سیولەیە، بەحەقیقەت لەبەر ئەوە ئێمە لەو مەوزوعە تا ئێستا قسەمان لەگەڵ دوو وەزیر کردووە، هەم وەزیری تەندروستی، هەم وەزیری ڕۆشنبیری، کە ئێمە لەو دوو لیژنەیە ئەندامین، باس لەوە دەکەن کەوەزارەتی مالیە، ئەو پارەی کە دەیدات بەو وەزارەتانە، بریتیە لە( 1 لەسەر 12) ی ئەو نەفەقاتەی کەوا ئەو وەزارەتە پێویستیەتی بۆ هەر بابەتێك، ئەم بڕە، ئەوەیە کە نەفەقاتی یەك مانگی دەداتێ، بەڵام

زۆرجار بۆ جێبەجێکردنی مەشروعێك مومکینە پێویستی بەوە هەبێت، زیاتر لەو نەفەقەیە پارەی بۆ سەرف بکرێت، بۆیە بەڕەئی من پێویستە عیلاجی سیویلە بکرێت لەهەرێمی کوردستاندا، ماددەکەش بەم شێوەیە بێت...

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز ئەوە پێش موصادەقەی بودجەیە، کەوەختێ موصادەقەی بودجە نەکرێت ئەو کاتە (1 لەسەر 12) دەبێت، وەختی تر وانیە، تکایە دانیشە، ئێستا کەسی تر نەماوە، کێی لەگەڵدایە بەو شێوەی کە خوێندرایەوە بادەستی بڵند بکات؟، فەرموون کێی لەگەڵدا نیە؟، تەنها یەك کەسی لەگەڵدا نیە؟، بەزۆرینەی دەنگ پەسەند کرا، ئێستا دانیشتنەکەمان دوادەخەین، سەعات 7 دووبارە لێرە حازربن، دانیشتنەکەمان دەست پێدەکەینەوە، بەخواتان دەسپێرم تا ئەو کاتە..

## دانیشتنی دووەم

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان**

بەناوی گەلی کوردستان، دانیشتنەکەمان بەردەوام دەبین لەسەری، دانیشتنی پاش نیوەڕۆ، ئێستاش داوا لە لیژنەی دارایی و لیژنەی یاسایی دەکەم بێنە جێگای خۆیان، فەرموون.

**بەڕێز د. ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی پێنجەم:

یەکەم: هەموو داهاتی ئەو فەرمانگانەی لەناوەندەوە پارەیان پێدەدرێت، وەك داهاتی کۆتایی بۆ گەنجینەی گشتی تۆماردەکرێت.

دووەم: بەدەر لەحوکمی بڕگەی یەکەمی ڕابردوو، وەزیری دارایی و ئابووری بۆی هەیە:

أ - ئەو بڕە داهاتی مانگانەی وەزارەتی تەندروستی هەرێمی کوردستان بەهەموو فەرمانگەکانیەوە بەدەستی دەهێنێت بخرێتە سەر بودجەی ئەو وەزارەتە، بە مەبەستی کڕینی دەرمان ودابین کردنی خەرجیەکانی چاککردنەوە بەهەموو جۆرەکانیەوە، بەپێی خواستی وەزارەتی تەندروستی کە خشتەی بەکردەنی بەدیهاتووی داهاتی لەگەڵدا بێت.

ب - ئـەو بـڕە داهـاتی مانگانـەی وەزارەتـی کارەبـای هـەرێمی کوردسـتان بەهـەموو فەرمانگەکانیـەوە بەدەسـتی دەهێنێـت، بخرێتـە سـەر بودجـەی ئـەو وەزارەتـە بەمەبەسـتی پەرەپێـدان و باشـکردنی تۆڕەکانی کارەباو بەگوێرەی خواستی وەزارەتی کارەبا کـە خشـتەی بـەکردەنی بـەدیهاتووی داهـاتی لەگەڵدا بێت.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی دارایی تکایە ڕەئیتان.

**بەڕێز د. ئاراس حسین محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەڕاستیدا دوای مداوەلە، لەگـەڵ لیژنـەی یاسـایی، ئێمـە دەربـارەی یەکـەم کـە لـە ئەصـڵی ماددەکـە هـاتووە، ڕەزامەندین، دەربـارەی دووەم: پێشـنیارێك هەیـە، کـە لەوانەیـە هـەردووولامان لەسـەری ڕازی بـین، کـە بـەم شێوەیەك بێت پێشەکیەکەی، (استناداً لحکم الفقرە (اولاً) اعلاه، علی وزیر المالیە ولاقتصاد) سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنە یاسایی تکایە ڕەئیتان.

**بەڕێز د. ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمەش لە بڕگەی یەکەم هیچ تێبینیمان نیە، بڕگەی دووەمیش پشتگیری لەو پێشنیارە دەکەین، کـەوا ئـەو شتەی بە وەزیرەکە ڕاسپێردراوە، جەوازی نەبێت، بکرێـت بـە وجـوبی، لـەباتی ( بـۆی هەیـە) بکرێـت بـە ( دەبێت) لە عەرەبیەکەش لەباتی (للوزیر) بکرێت بە(علی الوزیر)یەعنی شتەکە وجوبی بێت نـەك جـەوازی، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر تکایە ڕەئیتان.

**بەڕێز شێخ بایز تاڵەبانی( وەزیری دارایی و ئابووری):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمەش پشتگیری لە ڕەئیەکەیان دەکەین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەندامانی بەڕێز کێ دەیەوێت قسەی لەسەر بکات، تا ناوتان بنووسم، فـەرموون، ئـەم بەڕێزانـە دەیانـەوێت قسە بکەن( هاوڕاز خۆشناو، بەیان احمد، کاروان صالح، سیوەیل عوسمان، ڕێبـاز فتـاح، بێریڤـان سـەرهەنگ،

جمال تاهر، جلال علی، دکتۆر حسن، بیلال سلیمان، فازڵ حسن، عمر عبدالعزیز، شەونم محمد، گوڵیزار قادر،) هاوڕاز خان، فەرموو.

**بەڕێز هاوڕاز شێخ احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەم ماددەیە ماددەی پێنجەم، من جارێکی تر تەئکید لەسەر ئەوە دەکەمەوە، ئێمە وەکو ڕاپۆرتی لیژنەی تەندروستی داوامانکردبوو، کە بودجەی تەندروستی ببێت بە 10٪ ،چونکە ئەو ڕێژەی کە خۆی هەیە، ڕێژەیەکی یەکجار کەمە، لەپێشدا زیاتر لە 20 پەرلەمانتاریش پشتگیری پێشنیارەکەی ئێمەی کرد، کە بودجەی تەندروستی زیاد بکرێت، هەر بۆ تەئکید کردنەوە لە ڕاپۆرتی لیژنەکەماندا هاتووە، ببێت بە 10٪، لەگۆنگرە نێودەوڵەتیەکەدا داواکراوە کە لە 10٪ تا 15٪ بێت، ئێمە زیاتر لە 20 پەرلەمانتار پشتگیری ئەوەیان کرد، کە بودجەکە زیاد بکرێت، بۆیە داوادەکەم زیادکردنی بودجەی تەندروستی بخرێتە دەنگدانەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بەیان احمد، فەرموو.

**بەڕێز بیان احمد کوچەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێم باشە لە ماددەی پێنجەم، سێیەم، ئەم بڕگەیە زیاد بکرێت، تەبعەن پشتی ڕاوێژکردن لەگەڵ ئەنجومەنی ئابووری، سەر بەئەنجومەنی وەزیران بێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك کاروان فەرموو.

**بەڕێز کاروان صالح احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێم وایە ئەو ماددەیە کە (أ وب)ی بۆ دانراوە، وەزارەتێکی ترمان هەیە، بەهەمان شێوەی وەزارەتی تەندروستی و وەزارەتی کارەبا بڕی داهاتی خۆی لەخۆی سەرف دەکات، لەبەر ئەوەی ئێمە لە لیژنەی ناوخۆ جەنابی وەزیری ناوخۆ بە ئامادەبوونی وەزیری دارایی و ئابووریش، لێمان پرسی لە داهاتەکانی وتی بەڵێ من داهاتی خۆم لەوەزارەتی خۆمان سەرفی دەکەینەوە، بۆ کەلوپەل و پێداویستیەکانی خۆمان، بۆ مەصاریفی خۆمان، من حەز دەکەم کە فەقەرەی(ج) ئیزافە بکرێت، بۆ ئەوەی ئیشارەت بەوەزارەتی ناوخۆش بدرێت، چونکە داهاتێك هەیە لە وەزارەتی ناوخۆ ناگەڕێتەوە بۆ گەنجینەی حکومەتی هەرێم،

لەحاڵەتێك كەناگەڕێتەوە، وەك وەزارەتی كارەبا، وەك وەزارەتی تەندروستی حەق وایە، ئەو حەقە بەپێی یاسا لەشوێنێك جێگای بكرێتەوە، كە ئەویش لەچی خەرجی دەكات بۆ ئەوەی بە شەفافانە ئەو بڕگەیە، ئەو داهاتە دیاربێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، ڕێزدار سیوەیل عوسمان، فەرموو.

**بەڕێز سیوەیل عثمان احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پێشەكی من تەئیدی لیژنەی دارایی و یاسایی دەكەم، كە دەڵێن ببێت بە وجوبی نەك جەوازی، (علی) زیاد بكەین، (لام) لابەرین، پشتیوانی لە ڕەئیەكەی كاك كاروان دەكەم، ئێمە دەزانین وەزارەتی دارایی داهاتی زۆر زۆرە، جاری پێشوو نەتهێشت قسە بكەم، حەتا هی ڕەقەمی سەیارەكان كە بەملیۆن پارەیان لێ وەردەگرن، كە سەیارە ڕەقەم دەكرێت، باج ورسوماتی زۆرە، ئەویش با دیار بكرێت، بەنیسبەت وەزارەتی كارەبا، پرسیارێكمان هەبوو، وەزارەتی شارەوانی هەمووجارێك گلەیی دەكات، تەبعەن ئەوە لە وەزیری شارەوانیمان بیستووە، دەڵێت ئێمە لەسەر جادەكان عەمود دادەنێین، گازوایل و شتی وا دابین دەكەین، بۆ عەمود، ئینارە هەمووی عائیدی ئێمەیە، بەڵام پارەی ئەو كارەبایە، دەچێتەوە وەزارەتی كارەبا، حەق وایە بدرێتەوە بە وەزارەتی شارەوانی، لەبەر ئەوەی ئەوان ئەو مەسروفە هەڵدەگرن، دەبێت داهاتەكەشی بۆ وەزارەتی شارەوانی بێت، جگە لەوەی ئەو پێشنیارە دەكەم كە وەزارەتی داد و شارەوانیش بەهەمان شێوە جگە لە فەقەرەی (ج)، فەقەرەی(د) بۆ وەزارەتی شارەوانی زیاد بكرێت، بەو شێوەیە، ئەگەر بەڕێز وەزیری دارایی وەڵامان بداتەوە لەسەر ئەوەی ئەو داهاتەی كە وەزارەتی كارەبا وەری دەگرێت حەقی شارەوانیە وەری بگرێت؟، لەبەر ئەوەی ئینارەو گازوایل و هەموو مەساریف عائیدی ئەوانە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێز دكتۆر ڕێباز، فەرموو.

**بەڕێز د. ڕێباز فتاح محمود:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من لەسەرەتا پێم وایە دوو قسەی جیاواز هەیە لەسەر ئەم بابەتە، یەكێكیان ئەوەیە كە ناو یاساكە خۆی ئەڵێت( داهاتی وەزارەتی تەندروستی داهاتەكە بۆ وەزارەتەكە خۆی دەبێت)، كەچی لە ئیراداتەكەی كەدیاریكراوە، داهاتی وەزارەتی تەندروستیش حسابكراوە، دوایی ئەو دوو قسەیە كامیان ڕاستە؟، ئەگەر داهاتەكە بۆ وەزارەتی تەندروستی خۆیەتی لێرە بۆچی داهاتی تەندروستی حساب كراوە، لەسەر 400 ملیارەكە دەڵێم، ئەگەر لەسەر ئیرادی عامە، ئەوە لێرە ئەمە زیادەیە، ئەبێت ئەوە چارەسەر بكرێت، لەسەر ئەوەی ئەم داهاتە، ئەگەر بڕیار وایە وەزارەتی تەندروستی یاخود وەزارەتی كارەبا سەرفی بكەن خۆ ئەبێت لایەنێك بەرپرس بێت لەوەی كە ئەم داهاتە چۆن سەرف ئەكرێت، ئێمە لە لیژنەی تەندروستی چەندجار

کە وەزیر هاتووەتە لیژنەکەمان، لێی دەپرسی ئەم بڕە پارەیە چەندە؟، هەموو جارێ (دیزە بەدەرخونەی دەکەن)ئەڵێت پارەکە ئەوەندە نیە؟، قەیناکە ئەگەر دینارێکیش بێت خۆ لایەنێك ئەبێت بزانێت ئەم پارەیە چۆن سەرف دەکرێت؟، لەبەر ئەوە پێشنیارەکەم ئەوەیە کە ئێمە وا بکەین خازع بێت بۆ چاودێری دارایی، لیژنەی تەندروستی یان لیژنەی پەیوەندیداری لێ ئاگادار بکرێتەوە، لەگەڵ تەئکید کردنەوەم لەو پێشنیارەی کە وەزارەتی ناوخۆش زیاد بکرێت، وەك برگەیەکی زیادکراو، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێز بێریڤان، فەرموو.

**بەڕێز بێریڤان اسماعیل سەرهەنگ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەماددەی چوارەمدا لەبەشی یەکەم نووسراوە( داهاتی کۆتایی بۆ گەنجینەی گشتی تۆمار دەکرێت، من داوا دەکەم، چونکە وا تێدەگەم کە ئەو گەنجینەیە هەرێمە، وشەی هەرێمیش بنووسرێت، گەنجینەی گشتی کێیە؟، بەنیسبەت داهاتیش هەر وەزارەتێك داهاتی خۆی هەیە، پێویستە بدرێت بەوەزارەتەکە خۆی، بەڵام لێرە تەنها ناوی دوو وەزارەت هاتووە، تەندروستی وکارەبا، بەڵام وەزارەتێکمان هەیە کە وەزارەتی ناوخۆیە، وەکو باسیان لێوەکرد، منیش لەگەڵ ئەوەدام، چونکە لەڕێگەی وەزارەتی ناوخۆوە کە هەموو ئەو شوفێرانەی کە نایاسایی دەبن، سزا دەدرێن و غەرامەیەك دەدەن، بەوە داهاتێك پەیدا دەکەن، بۆیە ئەو داهاتە، لێرە باسی لێوە نەکراوە، ئایا دەچێتە لای حکومەت، دوایی حکومەت دەیداتەوە بەوەزارەتی ناوخۆ، یان بەبێ ئەوەی ئێمە هەستی پێبکەین، ئۆتۆماتیکیەن دەچێتەوە بۆ وەزارەتی ناوخۆ؟، باشتر وابوو لێرە دیاری بکرایە، کە وەزارەتی ناوخۆش داهاتی هەیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێز جمال تاهر، فەرموو.

**بەڕێز جمال طاهر ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من زیاتر موداخەلەکەم زمانەوانیە، ئەمە لە ئەصڵدا بودجەی هەرێمی کوردستانە، ئەگەر بێین فەقەرەی(أ) سەیر بکەین، ( إضافة مبالغ الایرادات الشهریة التي تحققها وزارة الصحة لاقلیم کوردستان العراق) فەقەرەی (ب) تەنها نووسراوە، (لاقلیم کوردستان) بۆیە من پێشنیار دەکەم (التي تحققها وزارة الصحة) (لاقلیم کوردستان) لابرێت، ئاخری دێڕەکە (بأنواعها وحسب طلب الوزارة) وشەی (الصحة) لابرێت، چونکە لە سەرەوە باسی کراوە، خاڵی (ب)( وزارة الکهرباء (لاقلیم کوردستان) لابرێت، بەهەمان شێوە (طلب وزارة الکهرباء) (وزارة الکهرباء) لابرێت، بۆ ئەوەی لەڕووی زمانەوانیەوە بەهێز تر بێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێز جلال علی، فەرموو.

**بەڕێز جلال علی عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

زیاتر بۆ پابەند بوونی وەزارەتی دارایی بۆ ئەو دوو فەقەرەیە، من پێم باشە لەئەخیرەکەی لە خاڵی (أ وب)فەقەرەیەك ئیزافە بکرێت، ( علی ان لاتصرف هذه الایرادات لاي غرض اخر) سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێز دکتۆر حسن، فەرموو.

**بەڕێز حسن محمد سوره:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە ئێستا من قسە لەسەر ماددەی چوار دەکەم، بەڵام دەمەوێت ئەوە بڵێم کە بەیانی وەختێ قسەم لەسەر ماددەی سێیەم دەکرد، مەبەستم سیولە بوو، مەبەستم یەك لەسەر 12 بوو..

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ببورە وەرە سەر ماددەی پێنجەم سەر شتی تر قسە مەکە، تکایە ئەوەی بەیانی لەگەڵ بەیان ڕۆیی، فەرموو.

**بەڕێز حسن محمد سوره:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

قسە لەسەر داهاتی دوو وەزارەت دەکرێت، کە یەکێکیان وەزارەتی داراییەو داهاتەکەی بە تریلیۆنە، ئەگەر کۆبکرێتەوە، یەکێکی تریان قسە لەسەر وەزارەتی تەندروستیە کەداهاتەکەی زۆر زۆر کەمە، داهاتی وەزارەتی تەندروستی ئەگەر سەیر بکەین لەچی وەردەگیرێت، یەکێکیان داهاتی نەوتە، وەکو هەموو وەزارەتەکانی تر، داهاتی زەریبەیە، داهاتی فرۆشتنی کەلوپەلە، داهاتی عەیاداتی شەعبیە، کە ئێستا بڕەکەی بریتیە لە 7 ملیار و926 ملیۆن، لەو داهاتە بڕیارێکی کۆن هەیە 20 ساڵە لە وەزارەتی تەندروستی جێبەجێ دەکرێت، کە لە 80٪ی ئەو داهاتە، هەر پێشتریش بۆ وەزارەتی تەندروستی بووە، لە 40٪ دەدرێت بەحەوافیز، 40٪ دەدرێت بە تەتویر، یەعنی لە 20٪ هی وەزارەتی تەندروستی بووە، ئەگەر لەم ماددەیەدا بەخشینێك هەبێت لە حکومەتەوە بۆ وەزارەتی تەندروستی ئەو لە 20٪یە، کە ئەو لە 20٪ دەکاتە 1 ملیارو 600 ملیۆن، لەکاتی داواکردنمان بۆ زیادکردنی بودجەی وەزارەتی تەندروستی، وەڵامی ئەوەمان دەدرایەوە کە بۆخۆی وەزارەتی تەندروستی داهاتی هەیە، وەکو پێم وتن داهاتەکەی تەنها 1 ملیار و 600 ملیۆنە، وەزارەتی تەندروستی بەپێی دەستوور نا بێت، داهات وەربگرێت لەخزمەتگوزاری تەندروستی، چونکە بەپێی ماددەی 31 لە دەستووری عێراقی، خزمەتگوزاری ویقائی و عیلاجی لەسەر

نەفەقەی دەوڵەتە، بەڵام حکومەت چەند دەتوانێ خەدەمات پێشکەش بکات بەو بوجەیەی کە هەیەتی، ئەمە بابەتێکی ترە قسەی تر هەڵدەگرێت، بەداخەوە ئێستا هەندێ خەستەخانە دروست بووە، پێیان دەوترێت نەخۆشخانەی شبهە خاص، کە ئەمانە نەخۆشخانەکە هی حکومەتە کارمەندەکان و دەرمانەکەشی هی حکومەتە، بەڵام داهاتەکەی بەشە تایبەتیەکەی هی ئەو شوێنە دەبێت، کەئەمەش جارێکی تر نایاساییە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێز بیلال سلیمان، فەرموو.

**بەڕێز احمد سلێمان عبدالله(بیلال):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی پێنجەم، من تەئیدی ڕای لیژنەی دارایی دەکەم، لەسەر ئەوەی وەزیر کە بکرێت بە وجوبی، نەك بۆی هەیە، یەعنی لەسەری واجب بێت کە ئەمە جێبەجێ بکات، تەنها مەبەستم تەئیدی لیژنەی داراییە لەسەر ئەوە، پێم باشە خاڵێك زیاد بکرێت، خاڵی (ج) ئێمە لە لیژنەی شارەوانیش دوای ئەوەی کە دیراسەیەکی وردمان کرد، پێمان باشە کە وەکو چۆن هەردوو وەزارەتی کارەبا و تەندروستی پارەکە دەگەڕێتەوە بۆ خۆیان، وەزارەتی شارەوانیش داهاتەکەیان بگەڕێتەوە بۆ خۆیان، بەو شێوەیە داهاتی وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار، داهاتەکەی لە حساب بانقێك کۆبکرێتەوە، دوای ئەوەی لەلایەن هەردوو وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار و وەزارەتی دارایی ڕێنماییەك دەردەچوێندرێت، وەزارەتی شارەوانی ڕاستەوخۆ تەصەڕوف بەو پارەیەوە بکات، ئەویش لەبەر چەند هۆکارێك، بەتایبەتی وەزارەتی شارەوانی کە وەزارەتێکی خەدەمیە، ئەرکێکی زۆری لەسەرە، لەهەمان کاتیشدا، بەتایبەتی کە بودجە دوادەکەوێت، گرفتەکانیان زیاد دەکات، ئەم گرفتانەش کەدوا دەکەوێت، پارەیان دوادەکەوێت، تەئسیر لەکاری خەدەمی دەکات، لەهەمان کاتیشدا، یەك لەگرفتە هەرە گەورەکانیان کڕینی ئەو مەوادی پاککەرەوەیە بۆ ئاو، کە ئەوان زۆر نیگەرانن لەوەی کەناتوانن ئەم مەوادی پاککەرەوەیە لەکاتی خۆیدا بکڕن، کە ئەمەش تەئسیر ئەکاتە سەر ئاوی خواردنەوە، بۆیە من داوا لە هاوکارانی بەڕێزم دەکەم، کە ئەم بڕگەیە زیاد بکرێت، بە بڕگەی(ج) کە داهاتی وەزارەتی شارەوانیش لەژێر دەستی خۆیدا بێت و خۆی تەصەڕوفی پێوە بکات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێز فاضل حسن، فەرموو.

**بەڕێز فاضل حسن اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بڕگەی دووەم لەماددەکە ناکۆکە، لەگەڵ ماددەی سێیەم، یەعنی ماددەی دووەمی ئەصڵی پڕۆژەکە، ئەویش بەوەی کە یەکەم: داهاتی وەزارەتی تەندروستی کە 7 ملیارو 926ملیۆنە، لە400ملیارەکە نووسراوە،

یـەعنی وەکـو داهـات نووسـراوە، لەگـەڵ هـەموو ئـەو داهاتانـەی وەزارەت ودەزگاکـانی تـر، دووەم: سـەبارەت بەداهاتی وەزارەتی کارەبا، کە بەدوو جار نووسراوە جارێکیان 151 ملیارە، بەجیا لەداهات، جارەکـەی تـری 120 ملیۆنە لەچوارچێوەی وەزارەت ودەزگاکانی تر، ئەویش وەکو داهات نووسراوە، ئەمیش دیسان ناکۆکە لەگەڵ ئەوی تر، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێز عمر عبدالعزیز، فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالعزیز بهاء الدین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەنیسبەت ئەم ماددەیە کە بووە بە مـاددەی پێنجـەم، نیـوەڕۆش عەینـەن پرسـیارم کـرد، چونکە شـەقێکی پەیوەندی بەمەوە هەبوو، باسی داهاتی کارەباو تەندروسـتیە، پرسـیارەکە ئـەوە بـوو لەجـەنابی وەزیـر، کـە بەداخەوە ڕەنگە ئێستاش گوێی لەپرسـیارەکە نـەبێت، بۆچـی داهـاتی کارەبـا نووسـراوە بـۆ بودجـەی گشـتی لـەوێ نـەقڵ کـراوە؟، بۆچـی تەنـدروسـتی نەنووسـراوە؟، یـان دەبوایـە هـەردووکیان لـەوێ بوونایـە؟، یـان هـەردووکیان لێـرە بوونایـە، کارەبـاو تەنـدروسـتی پێکـەوە بوونایـە، یـەعنی لـە بڕگـەی (ب) دەڵێـت داهـاتی مانگانەی وەزارەتی کارەبای هەرێم بەهەموو فەرمانگەکانیەوە بخرێتە سـەر بودجـەی ئـەو وەزارەتـە، ئەمـە تەناقوزی هەیە لەگەڵ ماددەی پێشتر، کە ماددەی چوار باسی داهاتی مانگانەی وەزارەتی تەنـدروستی کـراوە کەبۆ خۆی بێت، بەڵام کارەبا لەوێ خستوومانەتە سەری، کـە ئـەڵێت بـۆ خـۆی بێـت، ئایـا 151 کەیـە، یـان بڕێکی ترە، من تێناگەم، داوای ڕوونکردنەوەشمان کرد لەجەنابی وەزیـر پـێش نیـوەڕۆش، وابـزانم دوو سـێ برادەریش عەینەن پرسیاریان کرد، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێز شەونم محمد، فەرموو.

**بەڕێز شەونم محمد غریب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەنیسـبەت مـاددەی چـوارەم لـە ئەصـڵی پرۆژەکـەدا، بڕگـەی یەکـەم: داوا ئـەکات ئـەڵێت((مبـالغ الایـرادات الشهرية التي تحققها وزارة الصحة، بكافـة دوائرهـا تضـاف الى ميزانيـة هـذه الـوزارة لأغـراض شـراء الأدويـة وتدارك نفقات الصيانة) لەسەر ئەو بڕگەیە من تێبینیەکم هەیە، بەباشی دەزانم (وتدارك نفقات الصـيانة) ئەوە لابرێت، ئەو پارەیە تەنها بەکار بهێندرێت بۆ کڕینی دەرمان، لەبەر ئـەوەی لـە بودجـەی تەشـغیلیدا ، بڕێکی باش لەبودجە تەخصیص کراوە بۆ بەشی صیانەو بـەکارهێنانی لـە صیانەدا، کەباشـتر وایـە پارەکـە سـەرف بکرێـت بـۆ دەرمـان، چونکە ئەگـەر ئـەم دەرگایـە بکرێتـەوە زۆربـەی زۆری پارەکە تەصـەورم وایـە بەڕێگەی صیانەو ئیشەکانی صیانە بڕوات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێز گوڵیزار، فەرموو.

**بەڕێز گوڵیزار قادر اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بەماددەی پێنج برگەی دوو، پێشنیار دەکەم، وەزارەتی تەندروستی سندوقێك دابنێت بڕێك لەپارەی داهاتی خۆی کە هەیەتی، بڕێك لەو پارەیە تەرخان بکات بۆ ئەو نەخۆشانەی کە نەخۆشیی درێژخایەنیان هەیە، پێویستیان بەچارەسەرە لەدەرەوەی وڵات، یان هەر لەناو کوردستان، بەڵام هەزارەو لەبەر هەژاری ناتوانن، بەڕاستی ئێمە دەبینین لەسەر تەلەفزیۆنەکان ئەم نەخۆشانە نیشان دەدرێن، جارێك هەم وەك وەزعی نەخۆشەکە بۆ نەفسیەتی ئەمە تەعزیبێکە، وە بۆ وەجهی کوردستانیش ئەمە جوان نیە، پێویستە ئەوانە عیلاج بکرێن لەکوردستان، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، بەڕێز جەنابی وەزیر ئەو موداخەلانەی کە کران، ڕەئیتان لەسەریان تکایە، فەرموو.

**بەڕێز شێخ بایز تاڵەبانی( وەزیری دارایی و ئابووری):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە ئەوە بەنیسبەت وەزارەتی تەندروستیەوە، وەزارەتی کارەباوە هاتووە، وەزارەتی شارەوانیش بەهەمان شێوە، بەڵام خیلافەکە لێرەدا ئەوەیە، دیوانی وەزارەت جارێکی تریش دەیڵێمەوە، جیاوازە لەگەڵ شارەوانیەکان، داهاتی شارەوانیەکان بۆ خۆیانە، دیوانی وەزارەت هیچ ئەرکێکیان لەسەری نیە، ئێستا ئێمە لەکارەبادا دەڵێین بۆ بەدوو بەش هاتووە، 120 ملیۆنێك هەیە، لەگەڵ 151 ملیار، 151 ملیارەکە هی بەڕێوەبەرایەتی دابەشکردنی کارەبایە، ئەوە ئیراداتی مودیریەتەکانە، بەڵام ئەوەی تریش هەر هی دیوانی وەزارەتە، ئێمە ئەو شتانە ئەبێ لەیەکتری جیا بکەینەوە، مەسەلەی ئێمە نابێ بڵێین فرۆکەخانە داهاتەکەی ئەبێت بۆ وەزارەتی گواستنەوە بێت، ئەبێ بڵێین فرۆکەخانە داهاتەکەی ئەبێت بۆ خۆی بێت، ئەوە پەیوەندی بەوەزارەتەوە نیە، بۆیە من تکام وایە ئەو مەوزوعە با بەپێی یاساکان کە هەیە تێکەڵاو نەبن، دوای ئەوەی کە باسی وەزارەتی ناوخۆ دەکرێت، بڵێن با ئیراداتی خۆی بۆ خۆیان بێت، بەڕاستی ئێمە موشکیلەمان نیە، ئەگەر وابێت ئەوە ئیتر هەموو وەزارەتەکان ئیرادی خۆیان بۆ خۆیان دەبێت، ئەی ئیتر حکومەت چی بکات؟، دوای ئەوە فەرموون وەرن بزانن ئیراداتی غەراماتی گومرگی، هی مروری، چەندە؟، کە بۆ وەزارەتی ناوخۆ وەردەگیرێت، تەنانەت سەیاراتی لێ دەکرێت ئەنواع و ئەشکال شتی پێ دابین دەکرێت، ئەوانە بێجگە لەوەی کە حەوافیزەکە لادەبرێت، لەژێر تەصەڕوفی وەزارەتی ناوخۆ خۆیەتی، بەنیسبەت وەزارەتی تەندروستی من پێم وایە ئیمکانیات چەند بخرێتە بەردەم وەزارەتی تەندروستی کەمە، چونکە ئەو پارەی کەوەری دەگرن، لە 20٪ی دەدرێت بەحکومەت، ئەوی تریشی بە حەوافیزو بەتەتویر وبەوانە سەرف دەکرێت، هەروەکو برای بەڕێزم کاك دکتۆر حەسەن ئەوانەی تا حەدێك باسکرد، ئێمە موشکیلەمان نیە، داهاتی وەزارەتی تەندروستی چەند تەحەقوقی کرد با بۆ وەزارەت خۆی بێت،

داهاتی شارەوانیەکان با بۆ خۆیان بێت، نەك بۆ مەرکەزی وەزارەت، هەر شارەوانیەك داهاتەکەی خۆی بۆ خۆی بێت، نەك وەزارەتی شارەوانی تەصەروفی پێوە بکات، هەروەها بەنیسبەت کارەباو بەنیسبەت شوێنەکانی تریش، بەڵام بەنیسبەت وەزارەتی ناوخۆ، داهاتەکەیان زۆر زۆرە، ئەوەی کەئێستا هەیانەو ئیستیفادەی باشیان لێکردووە، هەرچیەکیشیان هەبێت ئێمە نەفەقاتی ئەوان ئێمە دەیدەین، ئێمە وەك حکومەت دەیدەین، وەزارەتی دارایی بۆیان جێبەجێ دەکات، سەرەڕای ئەو غەراماتانە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی دارایی تکایە ڕەئیتان.

**بەڕێز د. ئاراس حسین محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەحەقیقەت ئێمە وەکو پێشتر ئاماژەمان پێدا، ئەو دوو ماددەیە وەکو خۆی بمێنێتەوە، هەندێ بواری تریش هەیە، بەڕاستی وەکو بۆچوونێك یەعنی ئەوەندە تەداخول لە ئیجرائاتی حکومەتدا نەبێت، لەلایەن پەرلەمانەوە، ئەو کاتە ئەو تەداخولە بەحەقیقەت لەبەینی پەرلەمان وحکومەتدا، کە ئینەما پەرلەمان دەوری حکومەت دەبینێت، لەگەڵ ئەوەشدا ئەو پێشنیارەی کەهات دەربارەی وەزارەتی ناوخۆ وشارەوانیەکان، ئەتواندرێت بخرێتە دەنگدانەوە، ئایا وەکو برگەیەك زیادی بکەین بۆ ئەو ماددەیە، هەر یەکە بە برگەی (ج ود)یان ن؟، دەربارەی ڕێژەکە...

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز سەرۆکی لیژنەی دارایی، پەرلەمان حەقیەتی لەسەر هەموو شتێك گفتوگۆ بکات، تەداخول نیە، ئەگەر هاتە بواری تەداخول، پەرلەمان خۆی نایەڵێت، بەڵام پێش چاو ڕوون کردنەوە، واجبە بپرسین بۆ ئەوەی ڕوون بێت وبزانین چۆنە؟، فەرموو.

**بەڕێز د. ئاراس حسین محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەگەر بەو شێوە بێت، پێشنیاری تازەیە هاتوەتە کایەوە لەلایەن ئەندامانی پەرلەمانەوە، پێویستە دەنگدانی لەسەر بکرێت، وەکو برگە کە زیاد بکرێت بۆ ئەم ماددەیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

نوقتەی نیزامی کاك کاروان، فەرموو.

**بەڕێز کاروان صالح احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من هەر دەمەوێت ڕوونی بکەمەوە، لەبەر ئەوەی جەنابی وەزیر، ئەگەر لەمن حاڵی نەبووبێت یان زیاتر بیەوێت لەمەسەلەکە بگات، مەسەلەن لە ساڵی 2010 نزیکەی 25 ملیار داهاتی وەزارەتی ناوخۆ بووە،

لەحاڵەتێك کەوەزارەتی ناوخۆ دینارێك نادات بەوەزارەتی دارایی، ئەگەر هەر نایدات ئەو پارەیە بۆ کوێ دەچێت؟، کە دەچێت بۆ نایکەن بە بڕگەیەك و دیاری بکەن؟، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

دکتۆر ڕێباز فەرموو.

**بەڕێز د. ڕێباز فتاح محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من وابزانم قسەکەم ڕەقەمیە، ئەوەی کەحساب کراوە داهاتی حکومەتی هەرێم 400 ملیارو 507 ملیۆنە، ئەم 400 ملیارە کەئێمە دابەشمان کردەوە بەسەر هەموو وەزارەتەکاندا، داهاتی وەزارەتی تەندروستیشی لەسەر حساب کراوە، کە 7 ملیار و926 ملیۆنە، ئەگەر قەرارە ئەم داهاتە بۆ وەزارەتی تەندروستی خۆی بێت، ئەبێت ئەم 7 ملیارە لەم 400 ملیارە دەربکەین، چونکە ئەوە تەوزیع کراوەتەوە بەسەر هەموو حکومەتدا، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر پرسیارەکە بەم شێوەیە، لێرە لەیاساکەدا هاتووە دەڵێت بخرێتە سەر میزانیەکەی، جا ئەو ئەندامە بەڕێزانە پرسیارەکەیان ئەوەیە، بۆ ئەوەی وازح بێت، ئایا ئیزافەتەن لەسەر میزانیەکەی خۆی ئەویش بۆ ئەوە؟، یان زیمنی میزانیەکەیەتی، ئەگەر زیمنی میزانیەکەی بێت مەسەلەن بڵێین ئەمە وەزارەتە میزانیەکەی 20 ملیارە، دەبێت ئەگەر واردی هەبێت (5)ەکەی لێ تەرح بکەی و (15) ی بدەیتێ، لەگەڵ (5)ەکە بکاتە (20)، ئەنجا ئەم ڕوونکردنەوەیان دەوێ، ئایا ئیزافەتەن بۆ میزانیەکەی خۆیان، واریدەکەی خۆشیان بۆ خۆیانە بۆ ئەوەی باشتر بتوانن ئیش بکەن؟ یان لەگەڵ واریدەکەیان میزانیەکەیان حساب دەکرێت؟.

**بەڕێز بایز تاڵەبانی (وەزیری دارایی و ئابووری):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

کە دەڵێین وەزارەتی ناوخۆ ئێستا 68 ملیار داهاتی هەیە با بڵێین، ئەوەی کە موخەممەنە با بڵێین، ئەگەر لە حاڵەتی وادا ئێمە بێین مەساریفەکانیان بێنین و داهاتەکانیان بێنین یەك لە یەکی تەرح بکەین ئەوەی تەنها مەساریفەکانیان بدەین لێرە لە حاڵەتی وادا، یەعنی ئێمە هەموو ئەوشوێنانە دەعمی مەساریفەکانیان دەکەین، ئەگەر ئەم هەموو داهاتە، مەسەلەن بڵێین وەزارەتی سحە هەموو داهاتەکەی بۆ خۆی بێ، ئێ خۆ ئەبێ دەعمیشی بکەین، لە عەینی وەختدا، چونکە لەو حاڵەتە یەعنی ئەگەر ئێمە ئەو داهاتانە هەمووی هەڵگرین بیدەینە وەزارەتەکان وەکو ئێستا هاتووە بەو شێوەیەی کە حسابی بۆ بکرێت، مەعنای وایە خۆی فعلەن موازەنەکە تێك دەچێت، کاك دکتۆر گیان بە نیسبەتی سحە، ئێمە سحە و شارەوانیەکان و کارەبا وئەوانە هەمووی حساباتی خۆی بۆ کراوە، ئێستا ئیزافە لەسەر ئەوەی ناوخۆ هاتۆتە کایەوە، ناوخۆش ئیزافە بکەین، ناوخۆ ئیرادەکەی زۆرە، جیاوازە لە ناوخۆ.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك د.علی سندی تەوزیحێكت هەیە؟ فەرموو.

**بەڕێز د.علی سندی (وەزیری پلاندانان):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من وابزانم ئەوەی كە وەكو سوء تەفاهومێك هەیە، چونكە بەڕێز كاك كاروان ئاماژە بەوە دەدات كە واریداتی ناوخۆ بۆ خودی وەزارەتی ناوخۆیە، كاك شێخ بایز بەڕێز وەزیری دارایی دەڵێ واریداتی ناوخۆ دەدرێتە وەزارەتی دارایی كە بڕەكەشی داندراوە بە 78 ملیار، وابزانم سوء تەفاهومەكە لە سەر ئەوەیە.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك كاروان فەرموو.

**بەڕێز كاروان صالح احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەڕێزان ئێمە لە دانیشتنی خۆمان لە لیژنەی ناوخۆ پرسیارمان ئاراستەی بەڕێز وەزیری ناوخۆ كرد لەسەر پرسی داهاتەكانی، وە بەڕاشكاوی جەنابی وەزیری ناوخۆ بە جەنابی وەزیری دارایی و بە ئێمەی ڕاگەیاند و گوتی من یەك دۆلار نادەم بە وەزارەتی دارایی لەوانیش دەسەنم، كە دەیسەنم من دەڵێم ئەگەر هەر نایدات بەبڕگەیەكی قانونی شوێنی بۆ ناكەیتەوە؟ ئەگەر نا بۆ دەیبات؟ بۆ نایخەینە سەر شتی تر ئەگەر پێی زیادە جەنابی وەزیری دارایی و ئابووری، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك شێخ بایز فەرموو.

**بەڕێز بایز تاڵەبانی(وەزیری دارایی و ئابووری):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەوەی كە ئێمە تێی گەیشتووین و لەگەڵ كاك كریم و هەتاوەكو ئێستا ئەو واریداتانەمان بۆ خۆمان حساب كردووە و ئێمە تەنها مەوزوعی غەراماتی مروریە كە ئەوان وەزارەتی ناوخۆ ئەو نسەبتە دەبن و 50٪ ی غەراماتەكەیە و دەیبەن بۆ خۆیان، 50٪ ەكەی تری بۆ حكومەتە.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

ئەو 50٪ یە حساب دەكرێت لەگەڵ ئەم میزانیەیە؟ باشە، ئاخر سیاغەتان تكایە؟.

**بەڕێز عونی كمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لە ئەنجامی ئەو گفتوگۆیە لەسەر ئەو ماددەیە، ئاخر سیاغەی ماددەكە بەو شێوەیەیە:

المادة /5

1/ تقيد جميع ايرادات الدوائر الممولة مركزياً إيراداً نهائيا للخزينة العامة.

2/ استثناءا من حكم الفقرة اولا اعلاه على وزير المالية والاقتصاد:

أ. اضافة مبالغ الايرادات الشهرية التى تحققها وزارة الصحة بكافة دوائرها الى ميزانية هذه الوزارة لاغراض شراء الادوية وتدارك نفقات الصيانة بانواعها و حسب طلب الوزراة مشفوعا بجداول الايرادات المتحققة فعلا.

ب - اضافة مبالغ الايرادات الشهرية التي تحققها وزارة الكهرباء بكافة دوائرها الى ميزانية هذه الوزارة لاغراض تطوير وتحسين الشبكات الكهربائية وحسب طلب الوزارة مشفوعا بجداول الايرادات المتحققة فعلا.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان کێ لەگەڵە تکایە دەست بەرز بکاتەوە؟ 54 بەڕێز لەگەڵە، کێ لەگەڵ دا نیە؟ 1 کەس، بەزۆرینەی دەنگ پەسەند کرا بۆ ماددەیەکی تر.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بۆ ماددەی 5 لە ئەسڵی مەشروعەکە ماددەی 6، کاک عونی فەرموو.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی 5ی پرۆژەکە کەبووە ماددەی 6.

المادة/ 6

تقيد مبالغ التبرعات التى تمنح للوزارات والدوائر غير المرتبطة بوزارة، بعد قبولها من قبل وزير المالية والاقتصاد ايرادا نهائيا للخزينة على ان يقوم الوزير المالية والاقتصاد بتخصيصها ضمن اعتمادات الوزارة أو الجهات غير المرتبطة بوزارة لصرفها على الاغراض التى منحت من اجلها.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك بیلال نیزامیت هەیە؟ فەرموو.

**بەڕێز احمد سلێمان عبدالله(بلال):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە زیاتر لە 3 کەس پێشنیاری ئەوەمان کرد کە وەزارەتی شارەوانیش ئیزافە بکرێت لە خاڵی (ج) دا لە ماددەکەی پێشوو، نەخرا دەنگدانەوە، ئەگەر بیخەیە دەنگدانەوە سوپاست دەکەم.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

تەوزیحیان داو گوتیان هی شارەوانیەکان بۆ خۆیانە، پێویست ناکات بگەڕێینەوە سەر ئەوە، پێویست ناکات کە شتێ هی خۆیانە دەنگی بۆ بدەین، کاك کاروان فەرموو.

**بەڕێز کاروان صالح احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە داوامان کرد کە ڕایەکەی ئێمە ئەگەر قانونی نیە لێی گەڕێ، بەڵام ئەگەر قانونیە بۆ نایدەن........ .

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

هی ناوخۆ؟ کاك عونی فەرمووو.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو بابەتە کۆتایی پێ هات بە دەنگدان ونابێ دووبارە موناقەشە بکرێ و زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەردەوام بە لەسەر ماددەکە، کاك عونی فەرموو.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە وەکو لیژنەی یاسایی پشتگیری لە ماددەکە دەکەین وهیچ تێبینیەکمان لەسەری نیە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی دارایی ڕەئیتان؟ کاك د.ئاراس فەرمووو.

**بەڕێز د.ئاراس حسین محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمەش پشتگیری لە دەقی ماددەکە دەکەین وەکو خۆی.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی؟ کاك عونی فەرموو.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ڕەئی لیژنەی یاساییم داو پشتگیری لە ماددەکە دەکەین و هیچ تێبینیمان لەسەری نیە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز جەنابی وەزیر؟ فەرموو.

**بەڕێز بایز تاڵەبانی (وەزیری دارایی و ئابووری):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمەش پشتگیری لە ماددەکە دەکەین.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێستا کێ دەیەوێ قسە بکات لەسەر ماددەکە؟ ئێستا ئەم بەڕێزانە دەیانەوێ قسە بکەن، امینە زکری، ئارام قادر، احمد وەرتی، نەریمان عبداللە، امینە خان فەرمووو.

**بەڕێز امینە ذکری سعید یوسف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت ماددا 5 سەر ئەوی کو تەبەروعاتێت کو بۆ هەر وەزارەتا دێتن دیتنا من ئەگەر هەر بەخشینەك کو بۆ وەزارەتەکی دێتن بگرە ژی مونەزەمەکا بیانی بیتن یان هەر جیهەتەکی بۆ دێتن ئەو وەزیر یان هەروەزارەتەك ناهێتن بێژتێ کا وی مونەزەمێ ڕاستە ئەز موافەقا وەزیرێ مالیێ وەربگرن پشت هەنگی بەرسڤەکی دەمە هەوا، دچێتن موافەقەتا ژ لایێ وەزارەتا موختەس بیتن، ئەو داهاتێ بۆ دێت بچتە خەزینا دەوڵەتێ و ئەو وەختێ دچیتە خەزینا دەوڵەتێ تەوزیحا بێتە کرن دگەل وەزیرێ مالیە دگەل وەزیرێ پلاندانانێ وی گوژمە بۆ تەخسیس بکات، وەکی ئەوی عیراقێ ژی هاتی یا درست نینە ئەو دەوڵەتێت کو ژ لایێ جیهەتەك بووە بۆ وەزارەتەکی چی موافەقێ ژ لایەنێ وەزیرێ مالیە وەربگری پشت هەنگی بەرسڤا وان بداتەڤەوە، بەڵکو وەزیرێ موختەس بێتن ڕەزامەندی لسەر بداتن و داهاتێ وی بۆ خەزێنا دەوڵەتی بچیت و پشت هەنگی تەخسیسا وی بێتە کرن.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك ئارام فەرموو.

**بەڕێز ايوب نعمت (ئارام):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مـن پرسیارێکم هەیە ئاراستەی وەزیری دارایی دەکەم، ئەویش ئەوەیە کە ماددەکە بەڕاشکاوی باس لەوەدەکات کە تەبەروعات بریتیە لە ئیرادات، بۆچی جیاکرایەوە لە خانەی ئیرادات؟، پرسیارەکەم ئەوەیە و پێویستم بە وەڵامە، ماددەی 5 کە باس لە تەبەروعات دەکات بەڕاشکاوی باس لەوە دەکات کە ئەمە ئیرادێکە بۆ خەزێنەی گشتی، بۆچی لە ئیرادات دا ناوی نەهاتووە و ئاماژەی پێ نەکراوە؟.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك احمد فەرموو.

**بەڕێز د.احمد ابراهیم علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی 5 لە ئەسڵی پرۆژەکە کە دەبێتە ماددەی 6 دیارە لێرە باس لەوەزارەت ودەوائیر دەکات، ئێمە هەیئاتمان هەیە، من بەباشی دەزانم کە لێرە هەیئاتیش لەگەڵ دەوائیر دا باس بکرێت یەعنی (تقيد المبالغ والتبرعات التی تمنح للوزارات والهيئات والدوائر غير المرتبطة بوزارة)، چونکە هەیئاتمان هەیە هەیئاتی موستەقیلە کە سەر بە وەزارەت نین، دەوائیریشمان هەیە وەکو دائیرەی فەرمانگەی پەیوەندیەکانی دەرەوە، بەڵام هەیئات باس نەکراوە، لێرە پێم باشە هەیئاتیشی بۆ زیاد بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك نەریمان فەرموو.

**بەڕێز نەریمان عبدالله قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەم ماددەیە دا باس لە تەبەروعات کراوە کە دەدرێت بە وەزارەتەکان و دەوائیری غەیر مورتەبتە بە وەزارەت، بەڵام وەکو هەندێ جار هەیە ئێمە تەبەروعات و مساعداتی دەولی هەیە ئەدرێت بە حکومەت یان ئەدرێت بەهەرسێ سەرۆکایەتیەکەو پاشان وەزارەتەکان و ئەوانەشی کە، بۆیە من پێشنیار دەکەم بوترێت (تقید المبالغ التبرعات او المساعدات الدولیە والداخلیە للحکومە وللوزارات) بۆیە حکومەتیش هەندێ جار تەبەروعات و موساعەداتی پێ دەدرێت، بۆیە ئەوانەش دەبێت بکرێتە ئیرادات و بێتەوە ناو خەزێنەی دەوڵەت و پاشان وەزارەت تەسەروفی لەسەر بکات.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز جەنابی وەزیر ئەو پرسیارانەی کە کران؟ فەرموو.

**بەڕێز بایز تاڵەبانی (وەزیری دارایی و ئابووری):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە ماددەکە وازحە هەر پارەیەك بە مینحە بێت و تەبەروعات بێ و بێت بۆ وەزارەتی مالیە ئەوە دەبێتە ئیرادێکی نیهائی بۆ خەزێنەی حکومەت، دوای ئەوە بۆچی مەبەستێك پارەکە هاتووە بۆ ئەو مەبەستە تەخسیس دەکرێ و سەرف دەکرێت، کەی و هەر وەختێکیش تەحەقوقی کرد ئەو وەختە لەدوای ئەوە ئینجا ئەوە سەرف دەکرێت، هەرچەندێك انشاللە بێت و دەبێت، بەڵام ئەوە چەند ساڵە من لە وەزارەتی مالیەم بەڕاستی هەتا ئێستا هیچ شتمان لەو بابەتە نەبینیوە، بەخوای 10 ساڵ دەبێت، انشاللە دێت.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر فەرموو.

**بەڕێز د.علی سندی (وەزیری پلاندانان):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

خۆی مینەح و تەبەروعات بۆ هەرێمی کوردستان نیە، ئەو بەرنامجانەی کە هەیە لەلایەن کۆمەڵگای نێودەوڵەتیەوە کۆمەك و هەندێ چالاکی هەیە کە لەگەڵ حکومەتی عیراقی فیدراڵ دەکرێت، کە ئەویش لە زۆربەی هەرە زۆری ئیحتماله بڵێم لەهەر هەمووشی یارمەتیەکان بەشێوازی پرۆژە دێن، یەعنی ئەو جیهەتەی کە دێت پارەی کاش نادات بە حکومەتی عیراقیش، بەڵام هەندێك پرۆژە هەیە کەلەسەر ئەرکی فلان لایەن، بانکی نێودەوڵەتی و یان وڵاتێکی کۆمەك بەخش دێت، بەعزێك جاریش حکومەتی هەرێم تەنانەت لەو پرۆژانە بەشداریش دەکات و پارە ئیزافە دەکات لەسەر ئەوە بۆ ئەوەی کە مەسئولیەتی ئیشراف و موتابەعە و ئەوانە موشتەرەك بێت لەلای هەردوو لاوە، لەبەرئەوە ئەگەر هەندێك جار لە میدیاکانیش دەبیستین کە وڵاتە کۆمەك بەخشەکان پرۆژەیەك بایی ئەوەندە تەنفیز دەکەن لێرە بەڕێگای کاش وسیولەی نەقدی نایەتە وەزارەتی دارایی و بێتن، بەڵکو هەر خودی پرۆژەکە تەنفیزی پرۆژەکە بابڵێین ئەوەیە کە دەبێتە موساعەدە و مینحە بۆ هەرێمی کوردستان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ڕوونكردنەوەيك، ئەو مينەحى كە بۆ عيراق بێت وەكو عيراقى ئيتيحادى 17٪ ى بۆ هەرێم نايە؟ حەقى خۆمان نيە ئەوە وەرگرين؟ جەنابى وەزير؟.

**بەڕێز بايز تاڵەبانى (وەزيرى دارايى و ئابوورى):**

**بەڕێز سەرۆكى پەرلەمان.**

هەتاكو ئێستا ئێمە هيچمان لەو بابەتانە وەرنەگرتووە.

**بەڕێز سەرۆكى پەرلەمان:**

كاك د.على فەرموو.

**بەڕێز د.على سندى (وەزيرى پلاندانان):**

**بەڕێز سەرۆكى پەرلەمان.**

ئەو كارە لەگەڵ وەزارەتى پلاندانان دەكرێت لەبەغداش هەروەها، بۆردێك هەيە لەسەر ئاستى عيراق پێى دەڵێن (Iraqi strategy review board) ئەو مينحانە هەمووى لەڕێگەى ئەو منحانە هەمووى لەڕێگەى ئەوانەوە دێت، بڕيار وابوو كە نزيكەى ئيحتياجاتى عيراق بە 54 مليار دۆلار تەخسيس كرابوو بۆ نۆژەنكردنەوەى بونيەى تەحتى ئيقتسادى عيراقى، بەڵام ئەوەى كە هاتووە لەوە كەمترە نزيكەى 32 مليارە كە لە خيلالى ساڵى 2004 ەوە هەتا ئێستا هاتووە، لەوێشدا 17٪ بەبەرهەرێمى كوردستان نەكەوتووە، ئەويش ئيستنادەن لەسەر پرۆژە بووە، ئيستنادەن لەسەر عەدەدى سوكان نەبووە، موتابەعەى ئەو بەرنامەجەش بە تەفاسيلەكانيەوە ئێمە بە سيستمێك هەيە كە لەگەڵ ڕێكخراوەكانى (UN) دا دەكەين، لە مينەح دا هەتا ئێستا هەرێمى كوردستان 17٪ ى بەبەرنەكەوتووە، بەڵكو كەمترى بەبەركەوتووە، ئێمە بەبەردەوامى ئەو موتاڵەبەيە دەكەين، لە قروز دا كە قروز وەرگيراوە لەلايەن حكومەتى عيراقيەوە هەتا ئێستا نزيكەى 70٪ ى موراعاتى هەرێمى كوردستان كراوە كە چەند پرۆژەيەك لەسەر ئەو قروزانە كە حكومەتى عيراق وەرى گرتووە ئەو بەرپرسە لە دەفع كردنەكەى لەساڵانى ئاييندە.

**بەڕێز سەرۆكى پەرلەمان:**

ليژنەى دارايى ڕەئيتان؟ كاك فەرموو.

**بەڕێز د.ئاراس حسين محمود:**

**بەڕێز سەرۆكى پەرلەمان.**

ئێمە ڕامان ئەوەيە كە دەقى ماددەكە وەكو خۆى بمێنێتەوە.

**بەڕێز سەرۆكى پەرلەمان:**

ليژنەى ياسايى ئاخر سياغەتان بخوێننەوە، د.ڕۆژان فەرموو.

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەيى:**

**بەڕێز سەرۆكى پەرلەمان.**

سەبارەت بەو پێشنیارانەی کە کرا، یەك لەو پێشنیارانە وشەی تەبەروعات بوو، تەبەروعاتەکە تەبەروعاتی ناوخۆ و تەبەروعاتی دەرەوەیە کە لەدەرەوە دێتن، پێویست ناکات لێرە دیاری بکەین، کە وشەی تەبەروعات بەشێوەیەکی ڕەهاو موتڵەق هات، هەموو جۆرە تەبەروعاتەکان دەگرێتەوە پێویست ناکات لێرە تەقیدی بکەین، پێشنیارەك کرا کە وشەی دەستە زیاد بکرێت، ئێمە هیچ لاریمان نیە، هەرچەند لە کۆتایی بڕگەکە (جهات غير المرتبطة بوزارة) بەلاّم ئەوەش وەکو فەرمانگەیەك کە سەر بە وەزارەت نیە وحساب دەکرێت لاریمان نیە لە زیاد کردنی وشەکە، گرنگ ئەوەیە لە ماددەکە ئەو تەبەروعاتە لە بۆ چ مەبەستێك بێت لە بۆ هەمان مەبەست بەکاربێت، لەبۆ چ مەبەستێك تەبەروع دەکرێت، بڕە پارەکە بۆ ئەو مەبەستە ئەگەر پارە بوو ئەوا بەکاربێتن، ئەوەش ئەو ئامانجە لە ماددەکە دیاری کراوە، زۆر بەڕوونی و ئاشکرایی و سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئاخر سیاغەتان بخوێننەوە، بۆ ئەوەی بیدەنە دەنگدان.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادە/ 6

تقيد مبالغ التبرعات التى تمنح للوزارات والجهات غير المرتبطة بوزارة، بعد قبولها من قبل وزير المالية والاقتصاد ايرادا نهائيا للخزينة على ان يقوم الوزير بتخصيصها ضمن اعتمادات الوزارة أو الجهات غير المرتبطة بوزارة لصرفها على الاغراض التى منحت من اجلها.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان کێ لەگەڵە دەست بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵ دانیە؟ بە کۆی دەنگ پەسەند کرا، بۆ ماددەی تر، کاك عونی فەرموو.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی/ 6 ی پرۆژەکە کە ئێستا بووە ماددەی 7 لە فەسڵی سێیەم.

**الفصل الثالث**

**الصلاحيات**

المادة 7:

اولا/ يتم الصرف من اعتمادات الحسابات الرئيسية المنح، الاعانات، ونفقات المشاريع الاستثمارية ضمن موازنة اقليم كوردستان ـ العراق من قبل وزارة المالية والاقتصاد.

ثانيا/ لمجلس وزراء اقليم كوردستان ـ العراق تخويل الوزراء و رؤساء الجهات غير المرتبطة بوزارة و وكلاء الوزارات والمدراء العامون والمدراء ورؤساء الوحدات الادارية صلاحية الصرف مباشرة فى ضوء التخصيصات

المعتمدة من ضمن موازنتهم السنوية، ويتم ذالك وفق قرار مجلس الوزراء الصادر لهذا الغرض ولمجلس الوزراء اعادة النظر للصلاحيات المخولة وفق مقتضيات المصلحة العامة وتطبيق مبدء اللامركزية.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی دارایی ڕەئیتان؟ کاك د.ئاراس فەرموو.

**بەڕێز د.ئاراس حسين محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دەقی ماددەکە پەسەندە لای لیژنەی دارایی وەکو خۆی بمێنێتەوە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

د.ڕۆژان فەرموو.

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمەش پشتگیری لە ماددەکە دەکەین و هیچ تێبینیمان لەسەری نیە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر فەرموو.

**بەڕێز بایز تاڵەبانی (وەزیری دارایی و ئابووری):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمەش پشتگیری لە ماددەکە دەکەین.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان کێ ئەیەوێ لەسەر ئەو ماددەیە قسە بکات؟ ئەو بەڕێزانە دەیانەوێ قسە بکەن، سۆزان، ڕێباز، امینە، د.حسن، عبداللە، سەمیرە، شلێر، شوان، سۆزان خان فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تەبعەن من ئیعتڕازم نیە لەسەر ئەم ماددەیە، تەنها لەسەر ئەم بڕگەیەی نەبێت کە دەڵێ (يتم الصرف من اعتمادات الحسابات الرئيسية المنح، الاعانات) نەفەقاتی مەشاریعی ئیستسماری لێ بێـە دەرەوە، بۆ ئەوەی ئەم سەرفە هەمووی بچێتەوە، لەبەرئەوەی تەئخیر بوونێك هەیە بەڕاستی، تەئخیر بوونێك هەیە و بە تایبەتی ئەو لەمەشاریع دا زۆری کە پرسیارمان کردووە، دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ڕۆتینەی کە هەیە، ئەگەر ئەم نەفەقەیە، نەفەقاتی ئیستسماری هەرهەمووی بخرێتەوە لای وەزارەتی پلاندانان، هەم پێموایە ئیجرائاتی ڕۆتینی کەم تر دەبێتەوە، هەم ئەو حسە پارەیە مەحفوز دەبێ و هینی پرۆژەکان زیاتر بەرەو پێشەوە دەڕواو نسبەتی ئینجازی پرۆژەکان زیاتر بەرەو پێشەوە دەڕوات، لەبەرئەوە ئەگەر ئەو نەفەقاتی مەشاریعی ئیستسماریە لابچێت، ئەگینا باقی ماددەکە وەکو خۆی بێ، ئەوەیە ڕەئیەکەی من و زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك د.ڕێباز فەرموو.

**بەڕێز ڕێباز فتاح محمود:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من پشتیوانی لە ڕایەكەی سۆزان خان دەكەم، بەڵام ئەو تەنها كورتی كردەوە لە بەشی وەبەرهێناندا، من لە قسەیەكی پێشووتریشم تەئكیدم لەوە كردەوە كە وەزارەتەكان تا ئەوەندەی كە دەتوانرێ سەربەخۆیەكی دارایشیان پێ بدرێت، وەك ئەوەی كە لە پەرلەمان بڕیاردراوە ئەم وەزارەتە ڕێژەی 5٪ ە یان 6٪ ەكە بۆی داندراوە وەزارەتەكە بتوانێ سەلاحیەتی سەرف كردنی هەبێ، نەك بۆ هەموو خەرجیەك بگەڕێتەوە بۆ وەزارەتی دارایی و وەزارەتی دارایی ئەو كاتە بە گوێرەی بیر كردنەوەی خۆی قەرار بدات لەسەر ئەوەی كە ئەو پارەیەی بۆ سەرف بكرێت یان نا؟ پێموایە ئەمە تەنها ڕۆتینێكە زیاد كراوە لە ترسی ئەوەی كە ئەگەر وەزارەتەكان پارەیەك بەهەدەر بدەن، بەڵام ئەگەر كەسێك كرابێتە وەزیر پێموایە بایی ئەوەندە بیركردنەوەی هەیە كە تەنها لە مانگێك دا هەموو پارەكەی خۆی سەرف نەكاو بەگوێرەی ئەو بڕەپارەی كە بۆی دانراوە پارەكانی سەرف بكات و بە گوێرەی ئەو پلانەش كە خۆی داینـاوە، وە پشتیوانییەكیشە لە قسەكەی د.حسن پێموایە كە باسی لەوە كرد كە تەعلیماتی وەزارەتی دارایی وای كردووە كە وەزارەتەكان بە گوێرەی ئەو تەعلیماتە لەبڕە پارەیەكی دیاری كراو مانگانە لەوە زیاتر ڕێگەیان پێ نادرێ سەرفی بكەن، بەڵام وەزارەتێك لەوانەیە لە مانگێكی دیاری كراو بڕێك پارەی زۆرتری پێویست بێت لە مانگێكی تر، بەڵام ئەم تەعلیماتە ڕێگە لەوە دەگرێت، لەبەرئەوە ئەگەر سەربەخۆییەكی دارایی زیاتر بەو وەزارەتانە بدرێت یاخود بە وەزیرەكان بدرێت پێموایە باشتر دەبێ و زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

امینە خان فەرموو.

**بەڕێز امینە ذكري سعید یوسف:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئاخافتنێت من هاتنەكرن.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

دەست خۆش، كاك حسن فەرموو.

**بەڕێز حسن محمد سورە:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەگەر خەرجی پرۆژە وەبەرهێنەكان عایدی وەزارەتی دارایی بێت، سەری ساڵ لە 12/31 ئیسقاتی هەموو ئەو پارانە بكرێ و ئەو تەخسیساتانە بكرێ بۆ پرۆژەكان بە تەئكید ئێمە لە ماوەی ئەو شەش مانگەدا فریای جێ بەجێ كردنی هیچ پرۆژەیەك ناكەوین، بۆیە من پێشنیار دەكەم كە لێرە حسابێكی ئەمانات

بكرێتەوە بۆپارەی ئەو پرۆژانە هەر لەژێر دەسەڵاتی وەزیری دارایی و بە ئاگاداری وەزیری تەختیت ئەم پارەیە سەرف بکرێت و دەیمومەی هەبێت بۆ ئەوەی لە ساڵی ئاییندە دا بتوانین ئەم پرۆژانە بەم پارانە جێ بەجێ بکرێ و تەخسیساتەکانیان کۆتایی نەیەت، چونکە ئێمە ئێستا کەڵەکە بووی کە ئێستا بودجەی ئیستیسماری بایی 5 ترلیۆنە، ئەگەر بێتو ئەم ساڵ و ساڵەکانی تریش بەو شێوە پارەکە هەر بەو شێوەیە کەڵەکە بێ، ئەمە تەبعەن گرانیەکی زۆر دەکەوێتە سەر بودجەی ئیستسماری و پێویستە ئێمە هەرلێرەوە عیلاجی بکەین، خاڵی 2 باسی بنەمای لامەرکەزی دەکات، بەڕاستی بنەمای لامەرکەزی ئەوە نیە تۆ دەسەڵاتێك لەسەر ئەوە هەندێك لە دەسەڵاتەکانی خۆی بدات بەخوارێ و لە مەسەلەی دارایی، ئەمە بنەمای لامەرکەزیە ئیعتماد دەکاتە سەر نیزامی موئەسەساتی و لە بودجەی موازەنەی تەعاقودی لەوێ تەبعەن دروست دەبێت، بۆیە بەڕای من ئەم بنەما لامەرکەزیە لێرە ڕەش بکرێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عبدالله فەرموو.

**بەڕێز عبدالله حاجی محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەکو باسکرا ئەگەر وەزارەتەکان زیاتر دەست کراوە بن باشترە، لەبەشی دووەمی بەڕێوبەرانی گشتی دهۆك و سلێمانی سوود لەو دەسەڵاتە وەردەگرن، بەڵام هەندێ لەبەڕێوبەرانی گشتی هەولێر بەو شێوەیە نیە، ئەگەر بەراوردێك لەگەڵ سەرفیات دا بکەین دەردەکەوێت؟ ئەمە پرسیارێکە بۆ جەنابی وەزیر، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سمیرە خان فەرموو.

**بەڕێز سمیرە عبدالله اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

د.حسن قسەکانی منی کرد، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، شلێر خان فەرموو.

**بەڕێز شلێر محمد نجیب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

به نیسبەت ئەم ماددەیەوە کە دەڵێ (یتم الصرف من اعتمادات الحسابات الرئیسیة المنح، الاعانات، ونفقات المشاریع الاستثماریة ضمن موازنة اقلیم کوردستان ـ العراق من قبل وزارة المالیة والاقتصاد) ئینجا دووەم شت ئیزافەیەکی بۆ بکەین کە سەرفەکەی تر کە نەفەقاتی مەشاریعی ئیستسماریە لەوەزارەتی تەختیت بێت بە تەنسیق لەگەڵ وەزارەتی مالیەوئیقتساد، ئەمە شتێکی تیایەکە من حەز دەکەم ڕوونی بکەمەوە، وەزارەتی تەختیت دەبێ بزانێ چەند پارە سەرف کراوە، ئێمە دانیشتنیکمان کرد لەگەڵ بەڕێز وەزیری تەختیت لە نیهایەتی ساڵ لە لیژنەی ئاوەدانکردنەوە، زۆر ئاگادار نەبوو چەنێ پارە خەرج کراوە، لەبەرئەوە ئێمە ئەوەی کە پەیڕەو کراوە هەمووی مەشاریعی ختەی هەیە لەگەڵ ئەوەی کە بودجەی ئیعتیادی، دائیمەن لە دائیرەی محاسەباتی عامە تۆ داوای تەشغیلیەکەیت کردووە، هەموو وەزارەتەکان داوایان کردووە لە وەزارەتی مالیە هەمووومانگێك وتویانە ئەم مانگە ئەوەندەمان دەوێ، ئەویش جوابی داونەتەوە بەو شێوەیە سەرفی کردوون، بەڵام کە هاتووەتە سەر مەشاریعی ختە هەموو وەزارەتەکان بە وەزارەتی تەختیتەوە دەڵێن ئێمە ئەوەنەمان پارە دەوێ بۆ سلع، وەزارەتی تەختیت یەك جار ئەو پارانە کۆدەکاتەوە ئەچێ بۆ وەزارەتی مالیە دەڵێ ئەم حسابی وەزارەتانە ئەمەنەیان ژمارەیان پێویستە لەبەرئەوە بابخرێتە سەری، لێرە هەتا ئێستا ئەمە پەیڕەو نەکراوە، تکاتان لێ ئەکەم ئەبێ ئیتر لەم ساڵەوە وای لێ بکرێت ئەگینا ئەو بودجەیەی کە ئیستسماریە بەو شێوەیە کە من دەیبینم لە وەزارەتی مالیە ڕۆتینێکی زۆرە، وای لێ هاتووە سیقەیان بە ئەندازیارەکان و بەوانەی ڕێکخەری سلفەن لە وەزارەتەکانی تر نیە، وای لێ هاتووە ئەوان دەڵێن کەواتە ئێمە زیادین، چونکە ئەگەر تۆ لە وەزارەتی مالیە مانگێك بە بیست ڕۆژ سلفەیەك تەمشیە بکەی بۆ مقاولێك لەبەرئەوەی موهەندسی خۆت و جێگەیەك بکاتەوە و جێی سیقەیەك هەیە، پێم نالێی شەش سەد و سێ ملیار وەزارەتی کارەبا چۆن خەرج دەکەی؟ کە هەمووی پێویستی و ئەوە وەزیری پلاندانان بەڕێزیان ئاگای لێ یەو وەزیری کارەباش بە ئێمەی وتووە هەمووی پێویستی بە (LC)یە کە حسابات دەکرێتەوە، پێویستی بە (ئەدڤاس پێمێنت)ە کە سلفەی موقەدیمەیە، باشە ئەگەر من شەش مانگ مقاولێك لەبەینی وەزارەتی مالیە و وەزارەتی کارەبا بێت و بچێ لەبەرئەوەی شکم لێیەتی و ناتوانم (LC)ی بۆ بکەمەوە هەر لە ئێستاوە با پێتان بڵێم ئەو پرۆژانە بۆ خۆی نەجاتیان بووەو ناکرێت، لەبەرئەوە تکاتان لێ ئەکەم با ئێمە جارێکی تر بۆ گەشەپێدان بە ئیقلیمی کوردستان کە ئێستا هەموو عیراق سەیری ئێمە دەکات ئەگەر بێتو ئەم ساڵ ئێمە ئەم هەنگاوە بنێین دوای ئەوە کە ئەگاتە مانگی 12 یەك شت هەیە لە حسابی ئەو وەزارەتە مەسەلەن لە مانگی 12 مەشروعێك دەرچوو، ئەگەر ئەو پارەی هەبێ لە ناو حسابات خۆیدا دەتوانێ لە مانگی 1 دا بەبێ ئەوەی ئیعتماد بکاتە سەر ئەوەی 2012 پارە دێت یان نایەت، ئەو پارەیە خۆی هەیە و سولفە ئەدا بە موقاول، یەعنی مقاولەکان ئێستا تووشی ئیحباتێك بوون کە بە هیچ شێوەیەك ئەمەلیان نیە و وایان لێ هاتووە، من بە ئێوە دەڵێم بۆچی پرۆژەی وەبەرهێنان کە قتاعی خاس دەیکات زۆر سەرکەوتووە؟ خۆ ئەگەر حکومەت بێ هوتێلێکی وەکو فاروق بکات وەڵلاهی بە 20 ساڵی تر تەواو نابێ، هەر نەفسی موهەندس نین؟ هەر نەفسی خەڵك

نـین؟ بۆچـی یـەعنی ئـەوە شـتێکە ڕوون بکرێتـەوە، تکاتـان لێ ئەکـەم بـا ئـەم مەوزوعـە لێـرە دوایـی بێـت، ئەمەش کەم کردنەوە نیە لە شانی وەزارەتی مالیە، زۆر ڕێزم هەیە بۆیان، بەڵام وەزارەتی تـەختیت ئەگـەر ئێمە شەئنی نەدەینێ وەکو ئەوە وایە هەمووی ئینسانێکە بێ سەر، لای من وەزارەتی تـەختیت ڕۆڵـی خـۆی نەبینیوە......... .

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

پێشنیارەکەی جەنابت رجائەن بەوازحی بڵێ، شلێر خان فەرموو.

**بەڕێز شلێر محمد نجیب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

نەفەقاتی مەشاریعی ئیستسماریە لێرە دەرکەن و بڕگە 1 یان بیکەن بە 2 یان ئەوەی تر بکەن بە 3، بـەڵێ (نفقات المشاريع الاستثمارية يتم اعتمادات الحسابات الرئيسية لنفقات المشاريع الاستثمارية ضمن موازنـة اقليم كوردستان ـ العراق من قبل الوزارة التخطيط بالتنسيق مع وزارة المالية والاقتصاد).

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك شڤان فەرموو.

**بەڕێز شڤان احمد عبدالقادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من تەئیدی خوشکی بەڕێزم شلێرخان دەکەم، بەڵام بەشێوەیەکی دیکە علاجم کردووە، لە ئـاخر دێـر (مـن قبل مع وزارة المالية والاقتصاد)، ئەمە هەڵگرین (لكل وزارة بحسب موازنتها)، چـونکە موازەنەکـەی دیـارە، ئەوەی کە شلێر خان باسی کرد، هەدەفەکە لێرە تەحقیق دەبێت، بۆکەم کردنی ڕۆتینە وئیتباعی مەبدەئی لامەرکەزیەیە، ئەمە من تەئیدی دەکەم بەو شێوەیە علاجی دەبێت، ئەوە لەبڕگـەی یەکـەم، بڕگـەی دووەم، مەجلسی وزەرا تەخویلی وزەرا و روئەسای جیهاتی غیر مورتەبتە بە وەزارەت دەکات، بـەڵام نـازانم (الـوزير هو الرئيس الاعلى للوزارة)، ئیشی وەزیر چیە؟ پێموایە ئەوەزیادە، (وكلاء الوزارات والمدراء العـامون والمـدراء ورؤساء الوحدات الادارية) ئەمە هەڵگرین، ئەمە ئیشی وەزیـرە بـۆ تـەخویل کردنـی ئـەو جیهەتانـە، (وكـلاء الوزارات والمدراء العامون والمدراء ورؤسـاء الوحـدات الاداريـة)، ئەمانـە هـەڵگرن، ئـەم ئیشـی وەزیـرە و وەزیـر تەخویلی دەکاتن پێویست بە تەخویلی مەجلسی وزەرا ناکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك د.علی سندی فەرموو.

**بەڕێز د.علی سندی (وەزیری پلاندانان):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لەلام مەبەست بوو ئەم تێبنیە بڵێم، چونكە ئیحتماله زۆر بەڕێزی تریشی ئەندام پەرلەمانەكان ئەو بابەتە بۆیان قسە زۆر هەڵبگرێ، بەڕێزان ئەگەر هاتو پێشنیيارەكەی بەڕێز شلێر خان كە باسكرا، پێویستی بە تەوزیحێك هەیە، وەزارەتی پلاندانان لە هەرێمی كوردستان لە ساڵی 2006 ەوە بە یاسای ژمارە 7 دامەزرێنراوە و فەرقی هەیەلەگەڵ وەزارەتی پلاندانان لە عیراق، لە هەرێمی كوردستان بە پێی ئەو یاسایە وەكو پێشووتریش باسم كردووە شەش ئەركی پێ ڕاسپێردراوە كە بودجەی ساڵانەیە، بودجەی پلانی درێژخایەنە لەگەڵ وەزارەتەكانی تر بە تەنسیق، پەرەپێدانی مرۆییە پەیوەندی لەگەڵ ڕێكخراوە بیانیەكانە و سەرپەرشتی داتاو ئاماری كوردستانە لەگەڵ بەشێك لە ئیشەكانی كوالیتی كۆنترۆڵ، بۆ هەریەكێك لەمانەش بە پێی ئەو یاسایە هەیكەلیەتی وەزارەتی پلاندانان بەڕێوبەرایەتیەكی گشتی یان دەستەیەكی هەیە، ئەگەر هاتو ئەركێكی ئاوا بە وەزارەتی پلاندانان ڕابسپێردرێ مەفروزە یەكەم شت یاساكەی هەموار بكرێت، بۆ ئەوەی كە هەم یاسایەكەی هەموار بكرێت و هەم هەیكەلیەتەكەشی بگۆڕێت، (دائرە المشاریع، محاسبە المشاریع) ئەوەی كە شلێر خان ئاماژەی پێی كرد، وجودی نیە لەناو وەزارەتی پلاندانان، لەبەرئەوە ئەگەر ئەو فكرە هەشبێتن بە تەسەوری من لەناو یاسای بودجە ئێستا زۆر جێی نابێتەوە، لە ئاییندە، چونكە ئەوە دەبێتە ئەوەڵەن، هەیكەلیەتەكە دەسكاری بكرێت و موناقەشات بكرێت ئەو دائیرەیە تەئسیس بكرێت، ئێمە ئێستا ئەركەكە لێرە بشهێتن كە بودجە پەسەند كرا ئێمە موهەیەء نین بۆ ئەم كارە، ئەگەر هەدەفەكە من داوای لێ بوردن دەكەم كە موفاتەعەی گفتوگۆكانم كرد، بەس ئەگەر هەدەفەكە ئەوەیە كە وەكو سۆزان خان وتی چۆن زامنی ئیستمراریەتی تەمویلی مەشاریع لە ساڵی ئاییندە بكرێت وازحە، یەعنی ئیحتمالە ئەو ڕەئیەی كە كاك د.حسن كە بەشێوازێك ئەگەر مومكین بێت سەندوقێك یان تەدویرێك یان شتێك هەبێ ئەو كاتە لەناو حكومەت دا چ وەزیری دارایی چ هەر كەسێك كە وەزیری دارایی تەخویلی دەكات، با بڵێین وەزیری ئاوەدانكردنەوە یان وەزیری شارەوانی نابێتەكێشە، خۆی كێشەكە لەوە نیە كە كێ ئیمزای دەكات و دائیرەكە لەكوێیە، كێشەكە لەوەیە ئێمە ئەوە چەند ساڵێكە پێنج، شەش مانگ دەمێنێ بۆ كۆتایی ساڵ، كە ساڵیش تەواو سەنەی مالی تەواو دەبێت، سەنەی فعلی بۆ ئیش كردنیش شەش مانگە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێز جەنابی وەزیر ئێستا جەنابت موداخەلەكانی كە تەوجیە بۆ جەناب بوو وەڵام بدەوە، بەڵام نوقتەیەك زۆر موهیم بوو لەلای ئەندامانی پەرلەمان، بۆ دەبێت وەزارەت نەتوانێ میزانیەكەی خۆی سەرف بكات، ئیللا تەحدید بكرێت 300 ملیۆن، مەسەلەن لە ماددەی 9 هاتووە 350 ملیۆن، وەزیر سەلاحیەتی هەبێ كە میزانیەی خۆی هەیە و میزانیەكەی عایدی وەزارەتە و وەزارەتەكەش ئیشی پێیەتی، ئەمە سەبەبەكەی ئەمانەوێ زۆر وازح بێت بۆ ئەندامان، فەرموو.

**بەڕێز بایز تاڵەبانی (وەزیری دارایی و ئابووری):**

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

من پێشی ئەوە حەزدەکەم دوو شت هەیە بیری بەڕێزتانی بخەمەوە، ئێوە پێشوو تر لەسەر ماددەیەك جەنابتان موسادەقەتان کرد، ئەویش ئەوەیە (تتولى وزارة المالية والاقتصاد لاقليم كوردستان ـ العراق تمويل حسابات الوزارات والادارات وفق الموارد المالية المتاحة)، ئەم تەنزیمە لە ئیشی وەزارەتی مالیەیە بە پێی یاسا، لە عیراقدا بەم شێوەیەیە (المادە 4/ (لەسەر ئەحکامی مالیە و خیتامیە) دەڵێ (يحصر الصرف من اعتمادات الحسابات الرئيسة المنح، الاعانات، المصروفات الاخرى، ونفقات المشاريع الرأسمالية من الموازنة العامة الاتحادية لجمهورية العراق لوزارة المالية الاتحادية ولوزير المالية الاتحادى تخويل الوزراء ورؤساء الجهات غير المرتبطة بوزارة صلاحية الصرف مباشرة على بعض مستويات الحسابات الرئيسة انفة الذكر) من ئەمەم کە خوێندەوە بۆ ئەوەم نیە ئەوە لە وەزارەتی مالیە بسەندرێتەوە و بدرێت بە وەزارەتی تەختیت، من لێرە بەس ئەوەندە دەڵێم، ئێمە پێش ئێستا موناقەشەی ئەوەمان کرد و ئێمە ڕازین و دەڵێین هەموو وەزیرێك خۆی مخەوەلە لە زمنی میزانیەی خۆی سەرف بکات، ئەگەر خۆی تەخسیساتی هەبێ، کە مەشروعێك هەموو شتێکی تەواو بوو لە تەختیت دا لە مالیەیەی دا موسادەقەی لەسەر کرابێ ئەوا وەزیر دەتوانێ خۆی پارەکەی خۆی، لە زمنی پارەکەی خۆی دا، تەخسیسەکەی خۆیدا ئەو مەشروعە جێ بەجێ بکات، لێرە ئەوەی کە دێتە وەزارەتی مالیە تەنها سلفەی نیهائیە، ئێستا لەمەودوا دێتە وەزارەتی مالیە، یەعنی ئەوەشی کە سلفەی نیهائیە، ئەوە ئسوڵە و دەبێ بێتە ئەوێ و دەبێ تەدقیقی حسابی دەکرێت، نەك هەندەسی، تەدقیقی حسابی دەکرێت و دوای ئەوە تۆ دەڵێی وەزارەتی مالیە موعەرقلە، وەزارەتی مالیە نایەڵێ بڕوات، دەیبەیتە وەزارەتی تەختیت، جا ماتوڵ وایە بۆ دەیبەیتە تەختیتیش،با هەر وەزیری موختەس خۆی مخەوەل بێت و بابڕوات، وەزیری تەختیت ئیشی ئەوەیە تەختیت دەکات و پلان دائەنێ و تەوجیهات دەدات، وەزیری مالیە سەندوقێکی داراییە و پارەکە سەرف دەکات، ئەگەر جەنابتان ئەوە بەباش دەزانن من پێموایە پێویست نە بە مالیە دەکات و نە بە تەختیت، با وەزیری موختەس خۆی سەرفی بکات.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

کاکە شێخ مەسەلە، ناڵێین بچێتەوە بۆ وەزیری تەختیت، هەندێ بەڕێز وایان گوت، بەس ئەوە نیە، یەعنی وەزارەتێك هەیە و مەشاریعی هەیە، مەشروعەکەی پێویستە مەسەلەن لە 600 ملیۆن سەرف بکات ناتوانێ، ئەوە دەبێ 350 ببات، یەعنی ویستمان فەلسەفەی ئەمەمان بۆ ڕوون بکەنەوە، بۆ؟ ئەوە یەك، دوو/ سولەفەکان ئێستا ئایا دێتە وەزارەتی مالیە یان نا؟ ئەوە چونکە بۆ ئەو بەڕێزانە زۆر گرنگە بیزانن، جەنابی وەزیر فەرموو.

بەڕێز بایز تاڵەبانی (وەزیری دارایی و ئابووری):

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

هەموو سیلەف ئێستا لە دەسەڵاتی وەزیر خۆیەتی کە سەرفی بکات، هەموو سیلەفێك، بەڵام سیلفەی نیهائی ئەمە لە هەموو شوێنێك دا موتەبەعە، بە زەرعەی نیهائیشەوە دێتە وەزارەتی مالیە و لەوێ تەسفیەی هەموو حساباتی بۆ ئەکرێت، ئەوجا پارەکە ئەدرێت، سوپاس، بەس نیهائیەکە دێتەوە وەزارەتی مالیە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

گرنگی ئەوەی کە وەزیر فەقەت بتوانێ ئەوەندە سەرف بکات، یەعنی نەتوانێ تەسەروف بە میزانیەکەی خۆی بکات، وا ڕوونە بۆ ئەندامانی پەرلەمان، یەعنی جا دوای ئەوە چیە؟ حەزدەکەین بۆمان ڕوون بکەنەوە، مەمنوونم، فەرموو.

**بەڕێز بایز تاڵەبانی (وەزیری دارایی و ئابووری):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

جارێ لەهەر میزانیەیەك کە تەخسیس دەکرێت بۆ هەر وەزارەتێك وەزیر خۆی مخەوەلە سەرفی تیا بکات، بەڵام بەمەرجێك دەرنەچێ لە تەخسیساتەکەی خۆی، وە تەخسیساتی هەبێ، وە سەڵاحیەتەکانیش تەبیعی ئەوە وەزیر سەڵاحیاتەکانی مەعلومە، کە چۆنە، ئەوە یەك، بە نسبەتی مەشاریعەوە کە دەڵێین 250 ملیۆن ئێستا داواکراوە بکرێتە 350 ملیۆن، ئەگەر لەوە زیاتر بێت ئەگەڕایەوە، بەڵام ئێستا ئێمە پێمان باشە ئەگەر وەزیر مەشروعێکی هەبێ و هەر پرۆژەیەکی هەبێ لە پرۆژەکان دا هەتا سلفەی نیهائی چەند سلەفی بۆ دێت هەمووی سەرف بکات، ئەوە ئێمە هیچ موشکیلەیەکمان نیە لەگەڵی کە ڕۆژانە دەیکات.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سیوەیل خان فەرموو.

**بەڕێز سیوەیل عثمان احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

کە وەزیرەکان داوای ئەوە دەکەن، لەبەرئەوەیە تەنها بەس ڕۆتین نەمێنێ، یەعنی ئیشەکە سەریع تربێ و ڕۆتین نەمێنێ، ئەوپارەیە لە سەڵاحیەتی خۆیان بیت و سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عبدالسلام فەرموو.

**بەڕێز عبدالسلام مصطفى صديق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەمەی باسکرا ڕاستە بەڵام بابەتی ئەم ماددەیە نیە، ئەم ماددەیە باسی مەبدەئێك دەکات، ئیلزامی وەزارەتی دارایی دەکات کە ئەو پارانەی تەخسیس کراون لە میزانیە سەرف بکات، چونکە وەزارەتی دارایی قاسەی حکومەتە، (يتم الصرف من الحسابات الرئيسية ضمن موزانة الاقليم من قبل وزارة ... .) ئەمە نە سەڵاحیەتی سەرفە، ئەمە خەرج کردنی پارەیەو دەرکردنی لە قاسەی دەوڵەتە، ئەوەی تر لە جێگایەکی تر

ئەگەر موعالەجە کرابێت ئا، بەڵام هیچ عیلاقەی بەو موناقەشەیە نەبوو، ئەمە نە سەلاحیەتی وەزیری داراییە و بەڵکو ئیلزامی وەزیری داراییە کە ئەم شتانەی موسادەقەکراون لە میزانیە سەرفی بکات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر دروستە قسەکەت، بەڵام بەڕێز ئەم شکاتە هەیە، بۆیە ئەندامەکان چوونەسەر ئەو خاڵە، دەڵێن ئێمە میزانیەمان هەیە، بەڵام ناتوانین میزانیەکەمان سەرف بکەین، یەعنی ئەشکالەکە دەمانەوێ حەلی ئەمە لێرە بکرێت، کاک امیر فەرموو.

**بەڕێز امیر گوگە یوسف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ڤێرێ ڕاستی وەکی جەنابێ تە ئیشارەت پێدای، مە تەوزیحەك بێت مەسەلەن بۆ نموونە مەشروعەکە هەیە وەکو بەحس کری، مەشروعێ ناڤ کەندالا مێرگەسور، ئەڤە دوو ساڵە ئەو گوند بێ ئاڤە، هەتانوکە ژی بەری دوو ڕۆژا ژی پەیوەندی دگەل وەزیرێ بەلەدیات مە کر، وەزیرێ بەلەدیا گوت هەمی تشت حازرە، بەس وەزارەتا دارایی موافەقا سەرفێ نادێت مە، پارەیێ بۆ وی هاتیە تەخسیس کرن، ئەڤە دوو ساڵە ئیتساڵ دگەل وان دکەن بێژت وەزیرێ وەزارەتا دارایی ئەو سەرفەی ناداتە مە، بەس ئەو مەوزوعە ئەم دڤێت ئەم تێ بگەین وەکی جەنابێ تە ئیشارەت پێدای، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك ڕێباز فەرموو.

**بەڕێز ڕێباز فتاح محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەگەر مەوزوعەکە وازح بێ، ئەو نوقتە نیزامیەی کە کاك عبدالسلام گرتی من بەتەئکیدی ئەو بابەتە شوێنەکەی ئێرەیە، چونکە لێرە دەسەڵاتی سەرفەکە دەداتە وەزارەتی مالیە، من یەك نموونە دەهێنمەوە بۆ ئەوەی ڕوون بێت، لە کوردستان ئێستا نەخۆشخانەی شێرپەنجە هەیە، نەخۆشخانەی ئەوانەی سەرەتانیان هەیە، یەکێك لە کێشەکانیان ئەوەیە کە ئەمان بتوانن عەقدێك بکەن لەگەڵ کۆمپانیایەکان، ئەم کۆمپانیایە بتوانێ ڕێژەیەکی زۆر دەرمان بۆ ئەم نەخۆشانە دابین بکات بۆ ئەوەی کە کاتێك کە نەخۆشانە وەختی پێدانی ئەو دەرمانەیان هەیە، چاوەڕێی هاتنی دەرمانی نوێ نەکەن، بەڵام ئەوە وەزارەتی مالیەیە کە ئەوە ناکاو ڕێگر بووە لەوە، ئەگینا وەزیری تەندروستی بۆ خۆشی ڕازیە و قەناعەتی بەوە وەزعەکە هەیە، یەعنی ئەمە یەکێکە لە سکاڵاکان کە یەعنی ئەوەیە کەی دەسەڵاتەکە دراوە بە وەزارەتی مالیە، لەگەڵ ئەوەی وەزارەتی تەندروستی ڕازیە و پێشی وایە کە مەوزوعێکی باشە، بەڵام خۆی ئەو دەسەڵاتەی نیە ئەم پارەیە سەرف بکات.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لەباتی ئەوەی بڵێی (یتم الصرف) بڵێ (علی وزیر المالیة صرف... ) یەعنی ئەوە گۆڕانکاریەکە، د.حسن فەرموو.

**بەڕێز حسن محمد سورە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە پێشنیارەکە بۆ ئەوە نیە کە ئەم سەلاحیەتە لە وەزیری مالیە نەقل بکرێت بۆ هەر وەزیرێکی تر، مەبەستەکە هەر ئەوەیە کە ئەم سەلاحیاتی سەرفە لەلای وەزیری مالیە بمێنێتەوە، بەلام دەیموومەیەك یان ئیستمراریەتێك بە پرۆژە بەردەوامەکان بدەین لەڕێگای کردنەوەی حسابێکی ئەمانات، پارەکە بخرێتە ئەم حسابی ئەمانەتەوە، پارەکە لەوێ سەرف بکرێت تا نیهایەتی ساڵ، ئەگەر سەرف نەبوو لەدوای نیهایەتی ساڵ هەر لەوێ بمێنێتەوە بۆ ئەوەی بۆ ساڵی ئایندە دەیموومەی هەبێ و تەواو.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەوەڵەن بۆ ساڵی ئایندە نامێنێتەوە، هەر بۆ مەعلوماتت ئەگەر ما ڕۆیی، ئەچێتەوە سەر موازەنەی عیراق، کاك عمر فەرموو.

**بەڕێز عمر صدیق هەورامی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

چەند پەرلەمانتارێك داوایان کرد کە خەرجی پرۆژەکانی وەبەرهێنان لە پشتیوانەی حساباتی سەرەکی دەربهێندرێت، من وای تێ گەیشتم لە ڕوونکردنەوەی بەڕێز وەزیری دارایی پێویست ناکات لەوێ بێت، واتە ئەویش ڕەزامەندە، ئەگەر بەڕێزیان جارێکی تر ئەوەمان بۆ دووبارە بکاتەوە کە وەزارەتی دارایی لەسەر ئەو بابەتە ڕازی بوو من داوا دەکەم لە بەڕێزان لە لیژنەی یاسایی و لیژنەی دارایی پێشنیاری بەڕێز ئەندامانی پەرلەمان و ڕای وەزارەتی دارایی بە نەزەری ئیعتبار وەربگرن، ئەگەر خەرجی پرۆژەکانی وەبەرهێنان لێرە لە بڕگەی یەکەم دەرهێندرا ئەو کاتە بڕگەی دووەمی هیچ پێویست ناکات، چونکە بۆ؟ لەبەرئەوەی لەبڕگەی 1 ئێمە خەرج کردن لە پشتیوانی حساباتی سەرەکی ئەبەستینەوە تەنها بە وەزارەتی دارایی، لەبڕگەی 2 ی دەڵێ بۆ سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران هەیە کە ئەم سەلاحیەتە بدات بە هەر وەزیرێك یان هەر فەرمانگەیەك کە نەبەسترابێتەوە بە وەزارەتێکەوە، لەبەرئەوە ئەگەر ڕای بەڕێز وەزارەتی دارایی وایە ئەم حساباتە واتە خەرج کردنی پرۆژەکانی وەبەرهێنان لەسەلاحیەتی حەسری وەزارەتی نەبێ، من پێشنیار دەکەم لە لیژنەی دارایی و لیژنەی یاسایی ئەو بابەتە بە نەزەر ئیعتبار وەربگرن و بخرێتە دەنگدانەوە زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عمر فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لیژنـەی یاسـایی و لیژنـەی دارایـی کـە لێـرە دانیشـتووە بـۆ گـوێ گـرتن لـە هـەموو مولاحـەزاتی سـەرجەم ئەندامانە بەڕێزەکان، هیچ مولاحەزات نیە بەسەرماندا تێ پەڕی بێ، ئاشکراشە وەزیری موختـەس لێرەیـە و لیجانی تایبـەتیش لێرەیـە، ئـەم ئیشـانە زیاترپرسـیار لـە جـەنابی وەزیرەکـان دەکرێـت، مولاحەزاتـەکان وەردەگیرێ و ناشکرێت لێرە هەر ئەندام پەرلەمانێکی بەڕێز خۆ ڕایەکان بەلای ئێمـەوە بـەڕێزە هەمووشـی لـە خزمـەتی یاسایەکەیە بـە تەئکیـدەوە دەیـزانین، بـەڵام ناکرێـت هـەر چ موقتـەرەحێك هـات لـەناو ئـەم یاسـایەدا بـە ئارەزوومەندانـە یـان بـە رەغبـەت جێـی بکرێتـەوە تەسەلسـولی یاسـاکان دەگـۆڕێ و تووشـی تەناقوزاتمان دەکات، بەڵام ئێمە لێـرە گـوێی لێ ئـەگرین هەڵسـەنگاندنی بـۆ دەکـەین لەگـەڵ لیژنـەی دارایـی دیراسەی دەکەین دوایی جەنابی وەزیرەکان کە لێرەن ڕایەکانیان وەردەگرین، بۆ کە ئێمە ترەکیزمان هەیـە و پێشمان خۆش نیـە پێمـان بڵێن بـە بـێ تـەرکیز لـە سـەر مەنەسـەکە ئاگایـان لـە موقتـەرەحاتی ئەندامـە بەڕێزەکان نیە، دواتر دەخرێتە دەنگدانەوە، هەر ماددەیەکی دەنگی هێنا ئەوە لە دەسەڵاتی ئێمە نیە، ئەوە ڕەئی ئەندامە بەڕێزەکانە، بەڵام بە  نیسبەت ئـەم ماددەیـەوە مـن ڕەئیـەکی خـۆمم هەیـە لەسـەری، ڕاسـتە وەکو کاك عمر باسی کرد هەندێ لە ئەندامە بـەڕێزەکان موقتـەرەحیان تەقـدیم کـردووە بـۆ لابردنـی ئـەو فەقەرەیە، بەڵام ئێمە ئەبێ بگەڕێینەوە بۆ ماددەکەی پێش ئەوە، ماددەی 4 دەنگمان لەسـەری دا کـە دەڵـێ (تتـولى وزارة الماليـة والاقتصـاد لاقلـيم كوردسـتان تمويـل حسابات الـوزارة) ئەگـەر ئێمـە بـێین لێـرە ئەمـە دەسکاری بکەین من پێموایە تووشـی تـەناقوزێکی گـەورە ئـەبین بەرامبـەری ئـەو ماددەیـە، ئەمـە لەلایـەك، لەلایەکی تـرەوە وەزیـری تـەختیت ئامـاژەی بـەوە دا کـە ئـەو مەوزوعـە لەسـەلاحیەتی وەزارەتـی تـەختیت دانیە، ئەگەر بچێـتە سەلاحیەتەکانی ئەوەوە، ئەبێ یاسای وەزارەتی تەختیت تەعـدیلی تیـا بکرێـت لـەبابی سـەڵاحیەت و ئیختساسـەکانیان، لەبەرئـەوە ئێمـە وەکو لیژنـەی یاسـایی پێمـان باشـە بڕگەکـە وەکـو خـۆی بمێنێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەو نەفەقاتی مەشاریعی ئیستسماری کە بەڕێزان مەبەستیان ئەوەیە بچێتەوە وەزارەتی موختەس، ئەویش هەر وەزارەی مالی بۆی تەمویل دەکات، بەڵام ئەوە نەبێت و بەربەست نەبێت لەپێشی ئەمە چۆنە کاك شێخ ئەگەر ڕوونی بکەیەوە بۆمان، فەرموو.

**بەڕێز شێخ بایز تاڵەبانی/(وەزیری دارایی و ئابووری):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەڵڵاهی من نـازانم باسـی بەربەسـت دەکـەن، مـن یـەك پرسـیارم هەیـە، لـە هـەموو ئـەو برادەرانـەی کـە چ سلفەیەك ئێستا هەتاکو 12/31 لە وەزارەتەکانـەوە هاتووەتـە وەزارەتـی مالیـە نـەی داوە؟ یـەك سلفەیەك بڵێن؟ فلان سلفە هاتە وەزارەتی دارایی و نەیداوە، بەڵام ئێمە مولزەمین ئەبێ بینێرین بۆ زەریبـە و ئـەبێ ئەو سلفەیە دەبێ تەدقیق بکرێت، ئەمە لەلایەك، دوای ئەوە ئەبێ ئەوەشتان لەبیر نەچێت خوشك وبرایان

هەتاوەكو ئێستا ئێمە تەنها پارەی مەشاریعی موستەمیرە وەردەگرین، یەك دینارمان وەرنەگرتووە پارەی ئەم مەشاریعە تازانە، چونكە دەبێ ئەمانە بچێتە بەغدا و موسادەقە بكرێت، ئەوجا پارەی ئەمانەمان دەدەنێ، دوای ئەوە پارەكە بە ئەقسات دەماندەنێ، لەوانەیە قستی مانگێك كە وەری دەگرین بەشی سلفەیەكی گەورەی موقاولێك نەكات، ئەی بۆچی ئیتر ئەو بڕیارەتان دەركرد مەواردی موتاحەی یەعنی ئێمە بە پێی ئەوە تەسەروف بكەین، بەڵام وەڵڵاهی ئەگەر ئەمە بچێتە وەزارەت ئێمە لاریمان نیە، ئێمە دادەنیشین بە ئیسراحەت وەزارەتی دارایی، با ئیتر هەر وەزارەتێك لەلای خۆیەوە بێ تەخسیس سەرف دەكات، چۆن سەرفی دەكات، سەحب عەلەكشوف سەرفی دەكات، ئێمە ئەو شتانەمان ڕێگرە وەزارەتی مالیە تەنزیمی دەكات، ئەمە لەوەتەی هەیە جەنابی سەرۆكی پەرلەمان هەر بەو شێوەیە بوو، یەعنی من نازانم لە شوێنێكی تریش ئەم شتە وانیە، لێرە دەمێنێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك عونی فەرموو.

**بەڕێز عونی كمال سعيد بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەو پێشنیارانەی كە لەلایەن بەشێك لە ئەندامانی پەرلەمانەوە پێشكەش كرا، سەبارەت بە لابردنی (ونفقات المشاريع الاستثمارية) و سیاغەی فەقەرەی $2$ بەشێوەیەك لە شێوەكان ئێمە داوا لە سەرۆكایەتی پەرلەمان دەكەین كە ئەو پێشنیارە بخاتە دەنگدانەوە ئایا لابردرێ یان لانەبردرێ، بە نیسبەت (ونفقات المشاريع الاستثمارية)، كە لەبڕگەی $1$ ی ماددەی $7$ داهاتووە.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

ئەوە ئێستا دوو بەڕێز ئەوەی دیفاع بكات لەوەی كە لانەچێت و دوو كەسیش لەوەی كە لابچێ، پاشان دەیخەینە دەنگدانەوە، نیزامی سۆزان خان.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لەدوای تەوزیحەكەی وەزیری دارایی ئەگەر من ئەو پێشنیارەم كردبێت من سەحبی دەكەمەوە.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

قەینا كە سەحبت كرد، بەس كەسی تر هەبوو كە دیفاعیان لێی كرد، بۆ ئەوەی جەلسەكە ڕێگای تەبیعی خۆی وەربگرێت، چەند بەڕێزێك پێشنیاریان كرد، سێ كەس هەستێ و دیفاع بكات بڵێ نەخێر با وەكو خۆی بێت، سێ كەسیش دیفاع بكات بڵێ نەخێر با لابچێ ئەوجا دەیخەینە دەنگدانەوە، ئێستا ئەوانەی ئەیانەوێ كە (نفقات المشاريع الاستثمارية) لابچێ، كێ ئەیەوێ لەسەری قسە بكات؟ شلێر خان، د.حسن، د.ڕێباز، ئەم سێ بەڕێزە پێشنیاریان ئەوەیە كە لابچێ، فەرموو.

**بەڕێز شلێر محمد نجيب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دوای تەوزیحەکەی هەردوو وەزیرەکە بەڕاستی من ناتوانم بڵێم ئەبێ وەزارەتی تەختیت ئەو ئیشە بکات، بەڵام من تەوزیحێکم نووسیوە کە ئێمە ماددەیەك زیادبکەین کە نەفەقاتی مەشاریعی ئیستسماری........ .

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

خوشکی من ماددە ئیزافە ناکەین، ئێستا ئەو نەفەقاتی مەشاریعی ئیستسماری بمێنێ یان نەمێنێ؟ ئەوە جەنابت قسەی خۆتت کرد، کاك د.حسن فەرموو.

**بەڕێز حسن محمد سورە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێموایە لابچێت دوایی بە ماددەیەکی تر ئەم نەفەقاتە سەلاحیاتەکەی لەبەینی وەزارەتی..... .

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێستا لابچێت؟ ئەوەی تر بۆ دوایی بهێڵە، کاك د.حسن فەرموو.

**بەڕێز حسن محمد سورە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەروەکو لەسەرەتا باسمان کرد ئێستا نیهایەتی مانگی پێنجە، تاوەکو ئەم مەشاریعانە دەدرێتە تەندەر و جێ بەجێ دەکرێت نزیکەی دەبێتە مانگی 8، لە مانگی 8 بۆ مانگی 12 ماوەکەی چەند دەبێ؟ ماوەکەی زۆر کەمە بۆ جێ بەجێ کردنی هەموو ئەو مەشاریعانەی کەوا ئێستا ئێمە هینی دەکەین، جا لەبەرئەوە ساڵ بە ساڵ ئەم مەشاریعانە کۆدەبێتەوەو دەبێتە تەراکومات، کە بوو بە تەراکومات ئێستا 5 ترلیۆنمان هەیە، چۆن موعالەجەی دەکەی ئەگەر بێتو دەیموومەیەك لەسەرف کردنی ئەمە نەبێت، یان دەبێت میکانیزمێك بدۆزرێتەوە کە لە خیلالی ئەم فەترەیە دا ئەمانە بچنە بواری جێ بەجێ کردنەوە، یانیش دەبێت لەشێوەی سندوقێك یان شتێك بمێنێتەوە کە ئەم پارە ئیسقاتی تەخەسوسات نەکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك ڕێباز فەرموو.

**بەڕێز ڕێباز فتاح محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەرچەندە من قسەکەم لەسەر ئەوە بوو کە نەك تەنها بەشی ئیستسماری، بەڵکو سەربەخۆیەکی دارایی زیاتر بە وەزارەتەکان بدرێت ئەو قسەیەی من تەناقوزی تیا نیە لەگەڵ ماددەکەی پێشوو، چونکە ماددەی پێشوو باسی تەمویل دەکات، ئەم ماددەیە باسی سەرف دەکات، ئێرە سەرفی حەسر کردووە لە دەستی وەزارەتی مالیە و بە تەئکیدی لە هەموو لیژنەکان شایەت حاڵی ئەوەن کە ئەو وەزارەتەی هاتووەتە لایان سکاڵای لەسەر ئەوە بووە کە بۆ هەموو سەرف کردنێك کە سەرفێکی مەبلەغێکی زیاد بێت ئەبێ بچنە

وەزارەتی دارایی نەك داوا لە وەزارەتی دارایی دەكەن، بەڵكو ئەبێ بپارێنەوە لە وەزارەتی دارایی تاوەكو پارەكەیان بۆ سەرف بكات، ئەمە تەنها دروست كردنی ڕۆتینێكی زیادەیە و هیچ پێویست نیە، چونكە وەزارەتی مالیە ئەگەر قسەكە لەسەر ئەوەیە كە پارە بەهەدەر نەدرێت، ئەوا وەزارەتی مالیە دەتوانێ ئیشەكەی رەقابە بێت، بەرەقابەیەكی باش دەتوانێ ڕێگە بگیرێ لە بەهەدەر دانی پارەكە نەك بەزیاد كردنی ڕۆتێنێكی زیاتر.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، ئێستا ئەو بەڕێزانەی كە دەیانەوێ قسە بكەن، عمر عبدالرحمن، دڵشاد شهاب، نیزامی؟ فەرموو.

**بەڕێز دڵشاد شهاب حاجی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من پێموایە لە موناقەشاتی ئەو ماددەیە تێكەڵاویەك دروست بووە، هەندێك لە بەڕێزان داوا دەكەن كە سەلاحیاتەكە یان بۆ وەزارەتەكان بێت یان عەمەلیەی سەرف سەهل بكرێت، وەزارەتی مالیە موعەرقل نەبێت وەكو وەزارەتیش تەوزیحی كرد كە دەڵێن كاكە ئێمە هیچ شتێك موعەرقل نین و سەرفەكە دەكرێت، بابێكی تر باسی ئەوە دەكرێت كە زەمانەتی پاراستنی پارەی مەشاریعەكان ساڵ بۆ ساڵێكی، ئەمە دوو مەوزوعی لێك جودانە، ئەمەیان عیلاقەی بە سەلاحیاتی سەرفەوە نیە، بۆیە بەڕاستی ئەگەر مەوزوعی سەڵاحیاتی سەرف كردن و هەڵگرتنی پارەیە، ئێمە قسەی ترمان هەیە، بەڵام لە ......

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك دڵشاد رجائەن ئەمە ئێستا دەنگدانە لەسەر ئەو مەوزوعە، سێ، چوار ئەندامی بەڕێزی پەرلەمان ئەیانەوێ ئەو نەفەقاتی مەشاریعی ئیستسماری لابچێ، هەندێك دەیانەوێ بمێنێتەوە، پاشان ئەوە لە ماددەی 9 كە سەلاحیەتی سەرف چەند دەبێت ئا لەوێ باسی دەكەین، ئێستا كاك عمر و پاشان كاك جمال طاهر و كاك عبدالسلام، فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئاشكرایە من پێشتر باسم كردو جەنابی وەزیریش باسی لەسەر كردەوە، ئێمە دەنگمان لەسەر ماددەی 3 دا كە بووبە ماددەی 4 بەواتا ئەو ماددەیە لەم یاسایە دا دەنگی لەسەر دراوە و كۆتایی پێ هاتووە كە وەزارەتی مالیە و ئیقتساد لەهەرێمی كوردستان تەمویلی حساباتی هەموو وەزارەتەكان دەكات بە گوێرەی ئەو مەبلەغانەی كەهەیە لەوێ، دێینە سەر مەسەلەی لابردنی نەفەقاتی مەشاریعی ئیستسماری، ئەگەر بێتو ئەم مەوزوعە لێرە لابرێ و بچێتە سەر حسابی وەزارەتی تەختیت كە ئێستا باسی لەسەر كرا، ئەمە ڕێدانێك بە وەزارەتی تەختیت كە تەسەروف كردن بێ ئەوەی كە تەسەروف كردن بە فەقەرەیەك بە حسابێك و بە ئیشێك بە بێ ئەوەی لە ئیختساساتی وەزارەتەكەی خۆیدا هەبێ، بەواتا وەزارەتی تەختیت دەستی واڵا ئەبێ و دەتوانێ بەبێ مەسئولیەت هەموو ئیشەكانی خۆی جێ بەجێ بكات، مەسەلەن ئەگەر

لەسەلاحیەتی سەرفا بێت بۆ وەزیرەکان ئێمە لە ماددەی 9 لەهەمان یاسا باسمان کردو دێین وباسی لەسەر کراوە کە سەلاحیەتی دراوەتە دەست وەزیرەکان 350 ملیار دینار، خۆ ئەمە ئەکرێ لەکاتی خۆیا باسی لەسەر بکرێت ئایا ئەمە بە 350 بمێنێـەوە یـان بـە 500 بمێنێتـەوە، بـەڵام لێـرە ناکرێت ئەمـە بـە هـیچ شێوەیەك دەسکاری لەسەر بکرێت و لە وەزارەتـی مالیـە بگوێزرێتـەوەو بچێتەوە سـەر وەزارەتـی تـەختیت، یاخود هەر وەزارەتێکی دیکە، ئاشکرایە ئەگەر مەسەلە ئەوە بێت کە ڕۆتین زۆرە بۆ سەرف کـردن، بـە تەئکید هیچ سلفەیەك سەرف ناکرێت هەتا زەرعەی نیهائی بۆ نەکرێت هەتا نەچێتە دائیرەی زەریبەی دەخـل، چـونکە ئـەوە موقاویلانـە خـازعی زەریبـەی دەخلـن، جـائیزە پێشـتر قـەرزاربن، ئـەبێ نسـبەتی زەریبـەکانیان لێ دەرکرێـت ئـەنجا سـافییەکەی ئەمێنیتـەوە، ئەمـەش ئیجرائـاتی ئـەوێت عەمەلییـەکی حیسابییە تەدقیقاتی ئەوێ ئەبێ چێکی هەموو حیسابی ئـەو موقاویلـە، ئـەو کۆمپانیاییـە بکرێت لـەکاتی زەریبەی دەخلا ئەنجا سولفەکانیان بۆ سـەرف ئـەکرێت، ئەمـە ئـیتر ئیشێکی ئیدارییـە، ئەمـە ڕەبـتی بـەم ماددەیە نیە لیرەیا و ڕەبتی بە وەزارەتی مالییەوە نیە... زۆر سوپاس..

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

هەر بۆ ڕاست کردنەوە هەڵەیەکی ڕەقەمی سێ سەد و پەنجا ملیۆنـە صـەلاحییات نـەك ملیـار بـۆ ئاگـاداری، کاك جەمال طاهیر فەرموو:

**بەڕێز جمال طاهر ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەگەر بێین و سەیر بکەن یەکێك لە ئیشە هەرە گرینگەکانی وەزارەتی دارایی ئەوەیـە کـە ئیـدارەی مالییـە دەکاتن، یەعنی لە کوێ دێنێت و، چۆن خەرج ئـەکات و، کـەی خـەرج ئـەکات؟ بۆیـە ئێمـە بـێین ئێستا ئـەو صەلاحییەتە لە دەسی وەزارەتی مالییە دەربێـنین بیخەنـە بەردەسـتی وەزیـر لەوانەیـە بـە منحەیـەکی تـر بڕوا، ئێمە هەرێمێکین پار ساڵیش ئەو شتەمان تەئکیـد کـرد کـە وەحدەیـەکی نەقـدی سـەربەخۆمان نییـە، سـولتەیەکی سـەربەخۆی نەقـدی نیمانـە، بتـوانن لـە کـاتی پێویسـت پـارەی پێویسـت تـەرخان بکـەن بـۆ پڕۆژەکان یا بۆ هەر شـوێنێکی تـر بێت، ئێمـە لێـرە ئێسـتا دوو شـت هەیـە، وەزیـر دەڵـێ وەزارەتـی دارایـی موعەرقلـە یـان تـەمویل ناکـاتن، جـەنابی وەزیـریش دەڵـێ ئێمـە هـیچ گلـەیی لـەو شـتەمان نیـە، بۆیـە مـن پێشنیار دەکەم ئەمە وەك خۆ بمینێتن و، خیلالی چـەند مانگێك داوای چـەند وەزیرێـك بکـرێتن دەتـوانن وەك پەرلەمان وەزیر ئیستیدعا بکرێتن بێتە ئەم پەرلەمانـە پێـی بڵـێین بۆچـی ئـەو نیسـبەت جـێ بـەجێ نەکرد؟ ئەگەر ئەو کاتـە وەزیـر مبریڕاتـی هـەبوو، مبریڕاتـی مـەنتقی بـوو و، دەرچـوو ئـەو کاتـە وەزارەتـی دارایی موقەصرە، ئێمە ئەو کاتە دەتوانین ئەو صەڵاحیاتە ئێستا لە دەستییان دەربێنین و بیدەنە وەزیر... زۆر زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، بەڕێز عبدالسلام صدیق.

**بەڕێز عبدالسلام مصطفى صديق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەرەتا من لەگەڵ ئەوەمە چەند صەلاحیات بۆ خوارەوە بچیت و چەند دەستی وەزارەتەکان کراوە بێت چارەیەکی بۆ بدۆزن بە یاسایەکی تر، بە تەعلیماتێکی تر من لەگەڵمە، ئەمە وەکو مەبدەء تاکو تەعەروز نەبیت لەسەر مەوقفی من لەسەر ئەو وشەی مەشاریعی طوارئ بمێنت یەك، دوو: وەکو جارێکی تریش وتم مـن لـەو ماددەیـە تێگەیشـتوومە کـە لـە میزانیـە تـۆ پـارە تـەرخان ئەکـەیت وە ئیعتیمـاد ئەکەیتـە لەسـەر حیساباتی رەئیسی داناوە، واتا کە دەستمان پێکرد پاش ئەو سەرف ئەکرێت، ئەو پارە لە قاصەی حکومەتـە، بۆیە ئەگەر هاتوو، من وا تێگەیشتوومە لەوە صەلاحیات عیلاقەتی پێ نیە، ئەگەر هاتو ئێمـە دەرمـان کـرد لە مەشاریعی ئیستسمار خۆ دەبی ئێمـە بڵێین سـەرفی ئیعتیمـاداتی حیساباتی موعتەمـەد هـی مەشـاریعی ئیستسماری زمنی میزانیـەی ئیقلیم لەلایـەن کێوە صـەرف ئـەکرێت؟ ئەگـەر پێشنیار ئـەوە بیـت لەلایـەن خودی وەزارەت پارە لە وەزارەت نیە پارە لە قاصەی حکومەتە، بۆیە ئەوە رەفز کرا یەکەم ئیعتیماد، دووەم بڵێین لە رێی وەزارەتی تەختیتەوە، وەزارەتی تەختیتی پارەی لا نیە، موازەنـەی دەوڵـەت لـە یـەك جێگایـە، واتـا ئێمـە لـە بـاتی ئاسـان کردنـی صـەرف کـردن و ئیدامـەی صـەرف لـە سـەر مەشـاریعی ئیستسـماری حەلەقەیەکی تازە ئیزافە ئەکەین، وەزارەت ئەنێرین بۆ وەزارەتی تـەختیت، وەزارەتـی تـەختیت ئینجـا داوا ئەکات لە قاصە پارەم بۆ سەرف بکا، بۆیە من ئەڵێم ئـەو موناقەشـەیەی کـرا بـۆ تەسـهیل و بـۆ صـەلاحیات لەگەڵیمە 100٪، هەر پێشنیارەك هەبێت من بە هەردوو دەست تەئیدی ئەکەم، دەربارەی ئـەوەی ئایـا ئـەو وشەی مەشـاریعی ئیستسـماری لێـرە بمێنێـت نـەمێنێت، ئەگـەر نـەما ئـەدی لـە کوێ صـەرف ئـەکرێت، کـێ پارەکەی مەشاریعی ئیستسماری ئەدات؟، پارە لەلای وەزارەتی داراییە لە جێگەی تر نیە، بۆیـە ئـەڵێم مـانی لێرە وەکو تەحصیل حاصڵە.. زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بـەڕێزان، ئیسـتا خـەلاص بـوو، ئیسـتا ئەیدەینـە دەنگـدان، ئـەو بەڕێزانـە رەئـی خۆتـان وت هـەمووتان، موقتەرەحەکە بۆ تەغیری ئەو مـاددە (7/ أولآ) لـە ئەصلی مەشـروعەکە مـاددە شەشـە کـێ لەگـەڵ ئەوەیـە تەغیرەکـە بکرێـت یەکـەم ئـەوە ئەخەینـە دەنگـدان پاشـان بـۆ صیاغەکەی، کـێ لەگـەڵ ئەوەیـە تـەغیر لـەم فەقەرەیە بکرێت؟ وەکو چەند بەڕێزێك دیفاعیان کـرد لـە هـی نەفـەقاتی مەشـاریعی ئیستسـمارییە، تکایـە دەست بەرز کەن، شانزە بەڕێز لەگەڵدایە، کێ لەگەڵدا نیە ئەیەوێت وەکو خۆی بمێنێتەوە؟، زۆر سوپاس بە زۆرینەی دەنگ مایەوە، ئێستا ئاخر صیاغە بخوێننەوە فەرموو: هەردوو فەقەرە چونکە فەقەرەی یـەك کـە دەستکاری نەکرا، فەقەرەی دووش وەکو خۆی ئەمێنێت، هەردووکی بخوێننەوە بۆ ئەوەی بدرێتە دەنگدان:

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**الفصل الثالث**

**الصلاحيات**

**المادة السابعة:**

**اولآ: يتم الصرف من أعتمادات الحسابات الرئيسية المنح، الاعانات ونفقات المشاريع الاستثمارية ضمن موازنة أقليم كوردستان - العراق من قبل وزارة المالية والاقتصاد، ثانياً: لمجلس الوزراء تخويل الوزراء ورؤساء الجهات غير المرتبطة بوزارء، وكلأء الوزارات و المدراء العامون والمدراء ورؤساء الوحدات الادارية صلاحية الصرف مباشرةً في ضوء التخصيصات المعتمدة ضمن الموزانه السنوية ويتم ذلك وفق قرار المجلس الصادر لهذا الغرض وللمجلس أعادة النظر في الصلاحيات المخولة وفق مقتضيات المصلحة العامة وتطبيق مبدأ الامركزية...**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

**بەڕێزان كێ لەگەڵە تكایە دەست بەرز كاتەوە؟، (56)پەنجا و شەش بەڕێز لەگەڵدایە، كێ لەگەڵدانیە، (14) چواردە بەڕێز لەگەڵدا نیە بە زۆرینەی دەنگ ماددەكە پەسەند كرا، بۆ ماددەیەكی تر، بۆ ماددەی حەوت لە ئەصلی پڕۆژەكە كاكە، ماددەی هەشت فەرموون:**

**بەڕێز عونی كمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**المادة السابعة كە ئەبێتە ماددەی هەشت**

**أولاً: الرئيس برلمان كوردستان - العراق اجراء المناقلة ضمن الاعتمادات الخاصة بالبرلمان.**

**ثانياً: لرئيس مجلس القضاء في الأقليم أجراء المناقلة ضمن الاعتمادات الخاصة بمجلس القضاء.**

**ثالثاً: لوزير التخطيط وبناء على طلب من الوزارة المعنية اجراء المناقلات اللازمة للمشاريع الاستثمارية ضمن الموازنة ألاستثمارية المصدقة لنفس الوزارة وفي حدود المحافظة الواحدة وأعلام وزارة المالية والاقتصاد بذلك.**

**رابعاً: لوزير المالية والاقتصاد وبالتنسيق مع وزارة التختيط والوزارات المعنية أجراء المناقلات اللازمة للمشاريع الاستثمارية بين الوزارات وفي حدود المحافظة الواحدة وضمن الموزانة الاستثمارية المصدقة.**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

**لیژنەی دارایی رەئیتان.**

**بەڕێز د. ئاراس حسین محمود:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**رەئی لیژنەی دارایی پەسەندی دەقا و دەقی ئەو ماددەیە ئەكات.**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

**جەنابی وەزیر رەئیتان.**

**بەڕێز شێخ بایز سعید تاڵەبانی/ وەزیری دارایی و ئابووری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**ئێمەش پشتگیری ماددەكە ئەكەین.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان کێ لەسەر ماددەی هەشت ئەیەوێ قسە بکات؟ کاك دکتۆر ئەحمەد نیزامی.

**بەڕێز د.احمد ابراهیم علی(وەرتی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێویست بوو کوردییەکەش بخوێندرێتەوە، ماددەکان ئەگەر عەرەبییەکەی خوێندرایەوە ئەبێت کوردییەکەشی بخوێندرێتەوە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کوردییەکەتان لەبەر دەستە، فەرموو.

**بەڕێز د.رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی حەفتەم کە دەبێتە ماددەی هەشتەم.

یەکەم: سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان عێراق بۆی هەیە لە نێو پشتیوانەی تایبەتی پەرلەماندا گواستنەوە بکات.

دووەم: سەرۆکی ئەنجومەنی دادوەری بۆی هەیە لە نێو پشتیوانەی تایبەتی ئەنجومەنی دادوەری گواستنەوە بکات.

سێیەم: وەزیری پلاندانان بە پشت بەستن بە خواستی وەزارەتی پەیوەندیدار بۆی هەیە گواستنەوەی پێویست بکات بۆ پرۆژەکانی وەبەرهێنان لە نێو بودجەی وەبەرهێنانی پەسندکراو بۆ هەمان وەزارەت و لە سنووری یەك پارێزگادا، لەم بارەیەوەش وەزارەتی دارایی و ئابووری ئاگادار بکاتەوە.

چوارەم: وەزارەتی دارایی و ئابووری بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی پلاندانان و وەزارەتەکانی پەیوەندیدار، بۆی هەیە گواستنەوە بکات بۆ پرۆژەکانی وەبەرهێنان لەنێوان وەزارەتەکاندا و لە سنووری یەك پارێزگادا لە نێو بودجەی پەسندکراوی وەبەرهێناندا.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەو بەڕێزانە ئەیانەوێت قسە بکەن، (عبدالله حاجی مەحمود، ئەحمەد وەرتی، ئەڤین عمر، دڵشاد شەهاب، کاردۆ محمد، تارا ئەسعەدی، زکیە سید صالح، سمیرە عبداللە، شڤان أحمد، سیوەیل عوسمان، عەزیمە نجم الدین، ئاشتی عزیز، گۆران ئازاد، عمر نورالدینی)، کەسی تر ماوە؟ فەرموو کاك عبداللە.

**بەڕێز عبدالله حاجی محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە ماددەی هەشتەم بەشی سێیەم من پێشنیار ئەکەم، وا بەباشتری ئەزانم، پارێزگاکە بگوڕێت بە هەرێم، بەتایبەتی ئەو پرۆژانەی کەگشتین وەزارەتی تایبەتمەند و وەزارەتی پلان دانان بتوانن گواستنەوە بکەن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس؛ بەڕێز دكتۆر ئەحمەد وەرتی.

**بەڕێز د.احمد ابراهيم علی(وەرتی):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سەبارەت بە ماددەی هەشتەم نازانم لە ماددەی یەكەم ئێمە باسمان لە دەسەڵاتی قەزا كرد، ئەنجومەنی دادوەری، كە دەسەڵاتی صەرفی هەبێت، لێرە باس لە موناقەلەیە، یان لە ئەحكامی خیتامییە، لیرە ئەبێت جێگەی بۆ بكەینەوە كە وەعدمان دا لە شوێنێكی تر جێگای بۆ بكەینەوە، چونكە ئەنجومەنی دادوەری دەسەڵاتی صەرفی هەبێت موباشەرەتەن، ئەگەر لێرەیا لە دووەم جێگەی بۆ نەكەینەوە بەراستی ئەبێت لە ئەحكامی خیتامی جێگەی بۆ بكەینەوە، ئەگەر لێرەش گونجاوە بەو شێوەیە بێت لرئيس مجلس القضاء في ألاقليم صلاحية صرف مباشرة ضمن ألاعتمادات المخصصة للمجلس وله أجراء المناقلة ضمن ألاعتمادات الخاصة بالمجلس، ئەوە پێشنیار ئەكەم بەو شێوەیە بێ، سەبارەت بە بڕگەی سێیەم لە كوردییەكەیا، لە عەرەبییەكە ئەڵێت وزارة التخطيط بناءاً على طلب الوزارة المعنية أجراء المناقلات اللازمة في المشاريع الاستثمارية، لەكوردییەكەیا ئەڵێت وەزیری پلاندانان بە پشت بە ستن بە خواستی وەزارەتی پەیوەندیدار پێم وایە بە پشت بەستن لێرەیا دروست نیە لە كوردییەكەی، عەرەبییەكەی ئەبێتە أستناداً الى طلب الوزارة المعنية من پێشنیار ئەكەم كوردییەكەی بەو شێوەیە بێت وەزیری پلاندانان لەسەر داوای وەزارەتی پەیوەندیدار بۆی هەیە گوێزانەی پێویست بكات، تا كۆتایی بڕگەكە و زۆر سوپاس...

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڕێزدار ئەڤین كەرەم بكە.

**بەڕێز ئەڤین عمر احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە لەكاتی گفتوگۆكردندا هەڵبەتە زۆربەی زۆری ئەندامانی پەرلەمان داوای ئەوەمان كرد كەوا هەندێ پڕۆژە هەیە كە زۆر گرنگ نیە بڕێ پارەی بۆ تەخصیص كراوە و هەندێ پڕۆژە هەیە خۆی مەبلەغێكە و دابەش كراوەتە سەر دوو ساڵ و ماوەكەی كەمە، لەم جۆرە كێشانە هەبوو لە ناو پڕۆژەكاندا بۆیە پێشنیاركرا كە موناقەلات بكرێت لە ناو ئەم پڕۆژانەیە، بۆیە من پشتگیری ئەوە ئەكەم كە فعلەن موناقەلە بكرێت لە پڕۆژەكاندا، وەكو خاڵی سێیەم ئەڵێ لە دەستی وەزیری تەختیت بێت كەوا بتوانێ ئەو موناقەلانە لەگەڵ وەزارەتی مەعنیا بكات، هەروەها لە چوارەمیشا كە ئەڵێ لوزير المالية وألاقتصاد بالتنسيق، من لێرەدا تێبینیم هەیە لەسەری ئایا ئێمە لە پێشا لە سێیەما كە صەلاحیەتمان دا بە وەزیری تەختیت، وەزیری پلاندانان كە ئەو گۆڕانكارییەی كرد لە موناقەلات كردنا ئێمە چۆن جارێكی تر دێینەوە ئەوە لە وزارەتێكا، بەڵام چۆن دێینەوە لە چوارەم ئێمە ئەو موناقەلەیە ئەدەینە وەزارەتی مالییە؟ بەڵام بۆ ئەوەیە لە بەینی وەزارەتەكانا بێت، بۆیە من ئەوە ئەبینم و تەناقوز هەیە لەگەڵ یەكا ئەگەر یەكبخرێت و

صەلاحیەتەکە بدرێت بە وەزارەتی پلاندانان کە ئەوان ئەو موناقەلەیە بکەن لە نێوان پڕۆژەکانـدا چونکە ئەوە کاری ئەوانە، ئەوان ئەزانن کـە ئایـا چ پڕۆژەیـەك گرنگـە ئـەنجام بـدرێت، چ پڕۆژەیـەك گرنگـە پـێش بخرێت، ئەو تـەختیت کردنـە، ئـەو پلاندانانـە، ئـەوان بـا بیکـەن، مـن پێشنیارێکیشـم هەیـە ئەگـەر ئیزافـە بکرێت وەکو ببێ بە خامساً أجراء المناقلة من الميزانية الاستثمارية الى الميزانية التشغيلية، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڕێزدار دڵشاد شهاب کەرەم بکە.

**بەڕێز دڵشاد شهاب حاجی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوەی من باس دەکەم لە بابی صەلاحیاتە، جا بزەبت لەو مادده و لەو ماددەی پێشـتر و لـە مـاددەی دواتـر، ناتوانین دەربچین، ڕەنگە متەداخلیش بێت تکا دەکەم دەرفەتێکم پێ بدەن، ئێمە لەسەرموزوعی موناقەلات یاخود لەسەر مەوزوعی ئەو تەخصیصاتەی کەوا لەبۆ بودجەی وەبەرهێنان دەکرێت، هەندێکی لـە مـاددەی پێشووتر بەحس کرا، بەلام ئەوە عیلاقەی بەوەی نیە، پارەکە لـە وەزارەتـی مالییـە صـەرف دەکرێـت، هـیچ ئیعتڕازێك لەسەر وەی نیە، وەزارەتی مالییە ئەگەر هەر هیچ نەبێت، جیهەی مـەعنی ئـی مونەسـقە بـەینی بەغدا و ئێرە، خۆ دوو وەزارەت تەعامول لەگەڵ بەغدا ناکات وە بـە دوو ڕێگا پـارە وەرگیرێـت، هـەر دەبـێ وەزارەتی مالییە وەربگرێت، هەر دەبـێ ئـەویش صـەرفەکە تـەنزیم بکـات، هـەر دەبێـت ئـەویش تەوحیـدی بکاتەوە، هەر دەبێ ئەویش لەگـەڵ بەغـدا تـەعامول بکـات، بابەتەکـەی موحـەددەدە بـە مـەوزوعێك ئـەویش ئەوەیە ئێستا ئێمە ساڵانە وای لێهات، بووە نـەریت تـا موافەقـەتی میزانیـە دەکرێـت مـانگی پێـنج و شـەش تـەواودەبێ، شـەش مـانگ لـە سـاڵدا دەمێنـێ، ئـەو شـەش مانگـەی دەشمینێـت ئەگـەر بـارودۆخی کوردسـتان تەبیعی بێت، مانگی یازدە و دوازدە مـانگی تـەوەقوفی عەمەلـە، لـە ناحیـەی ماشاریعی هەندەسـییەوە، هـیچ هونـەری تێـدا نیـە بودجـەی تەشـغیلی ئەگـەر بـە دوو مـانگیش بمێنـێ، وەزارەتـی مالییـە دەتـوانێ هـەموو بودجەی خۆی صەرف بکات، چونکە قانونەکە کە ئیقرار دەکرێت دەڵێ لە 1/1 سـاڵی ئێسـتا هـەتا 12/31 بەلام وەزارەتی یاخود با بڵێین بودجـەی بەرهـەمهێنان ئەمـە شـتێکی واقیعـەن دەسـت پێنـەکراوە، چونکە پاشی موصادەقەی میزانیە دەست بەکارەکانی دەکرێت، هەتا ئیحالەی پڕۆژەکان دەکرێت، هەتا وەکو تەندەر دەکرێت، ئیحالە دەکرێت ئەو عەمەلییەیە تەواو دەکرێت دوو مانگی فعلی لە سەنەی مالی نامێنێت، یاخود سێ  مانگی فعلی لە سەنەی مالی نامێنێت، تکام وایـە ئـەم گۆتنـەم بـەڕێزتان و وەزارەتـەکان و ئەنـدامانی پەرلەمانیش بە هەندی وەربگرن، سەنەی مالی کە خـەلاص بـوو بـەڕێزان 2011/12/31 حسابات قـەپات دەکرێت، چەند پـارە بـە فعلـی لـە مەشـروعەکان صـەرف کـراوە، ئـەوە صـەرف کـراوە، بـاقی تـر دەچـێتەوە خەزێنەی حکومەت، تەسدیدی عەجز و تەختییەی نەفەقاتی تەشـغیلی پـێ دەکرێـت، چـونکە عەجزەکـەی نەفەقاتی ئیستسماری نیە، مەعلومە ئیستسماری پارەی خۆی صەرف نەکردووە، لـەکوێ تووشـی عـەجزبوو، واتە ئەگەر ئێمە نموونەی پار بهێنینەوە، ساڵی 2010سەیری پێشنیار کراو یـان موصـەدەق بکـەین ئـەوەی

که پەرلەمان تەصدیقی لەسەر کردیە بۆ ئیستسماری، وە سەیری ئەوە بکەین ئەوەی کە بە فەعلی صەرف کرایە، ئێمە ئیعلانمان کردیە میزانیەی ئێمە حەفتا بە سییە، حەفتای وەگەڕخستنە، سی وەبەرهەمهێنانە، کەچی لە واقیعدا کە ساڵ خەڵاص دەبیت واقیعی صەرفی ئیستسماری لەبەر ئەو سەبەبانەی کە باسم کرد، نیوەی مەبلەغی ئی پێشنیارکراوە، بەعزێك جار کەمتریشیە یان تۆزێك زیاترە، واتە لە واقیع دا ئێمە میزانیەی ئیستسماریمان دەبیتە $15$ بە $85$، نابیتە $70$ بە $30$ بەراستی من باش دەزانم، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، پارە ساڵانە بە چەندین دفوعات دێت، دەشزانم مومکین نیە هەر دوفعەیەك کەوا دێت پارەی ئیستسماری و ئی تەشغیلی لێك جیا بکرێتەوە، بەڵام لە نەتیجەی نیهائی لە خیلالی ساڵێکی مالی لە $1/1/$ تا $12/31$ی نیهایەتی ساڵ خۆ پارەی تەرخان کراو لە بەغدا هەمووی دێت، من مەبەستم ئەوە نیە هەموو لە مانگێکدا جودا بکرێتەوە، وە مەعلومیشە هەڵگرتنی پارە ئێنجا من نازانم ناوە علیمییەکەی، ناوە مالییەکەی هەڵگرتنە چی پێ دەگوترێت؟، تەخصیص کردنی پارە بۆ پڕۆژەکان بە مەعنای تەدویر حیساب ناکرێت، صندوقی پڕۆژەکان تەدویر نیە، بەغدا دەزانێ و هەمووشمان دەزانین، ئەو پڕۆژەی مانگی یازدە ئیحالە دەکرێت وە پێنج سەد ملیۆن یاخود بابڵێین بیست ملیاری بۆ دانرایە لەمانگی یازدە بوو، دوازدەبوو، $5\%$یشی صەرف ناکرێت، مەعلومە ئەوە پارەیە لە نەتیجە ئەوەی من دەمەوێت بڵێم، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمان، ئێمە زەمانەتێك وەربگرین ئەو پارەی کەوا ساڵانە بۆ بودجەی وەبەرهەمهێنان دادەنرێت فعلەن بچێتە بودجەی وەبەرهەمهێنانەوە، لە پێنج رۆژ، دە رۆژ، موناقەشە لەسەر ئەوە دەکەین کە نەفەقاتی تەشغیلی کوردستان زۆرە، وە ساڵ بە ساڵ بەرەو هەڵکشانە، هەموو ساڵێکیش لە نیهایەتی ساڵ ماتەبەقای پارەی پڕۆژەکان، پارەی ئیستسماری، دیسانەوە دەچیتەوە بۆ تەشغیلی، تەسدیدی عەجزەکانی پێدەکرێت، ئەو پێشنیارەی من دەکەم دوو شتی پێ تەزمین دەکرێت، یەك: زەمانەتی ئەوە دەکرێت کەوا پارەی بەرهەمهێنان وەکو خۆی بێت بچێتە بواری بەرهەمهێنان، دوو: دەستی حکومەت دەگیرێت لەوەی کەوا تەجاوزات لەسەر نەفەقاتی تەشغیلی نەکرێت، بەڕێزان ئەگەر حکومەت موتمەئین نەبێت لەوەی کە پارەی مەشاریعی بۆ دەمینێتەوە و تەجاوزی لەسەر دەکات، لە نۆ هەزار تەعین ناکاتە بیست و پێنج هەزار تەعین، بە تەمای چیەوە کردوویەتی؟، ساڵی $2010$ بە تەمای ئەوەیە چونکە پارەی بودجەی تەشغیلی دەمێنێتەوە؟ لە نیهایەتی ساڵ پارەکە تەسدیدی عەجزی پێ دەکرێت، وە ئیستاش ئەگەر ئەمە ڕێگا نەگیرێت ئەم پڕۆسەیە بەردەوام دەبیت، ئەگەر ئەمساڵ نیوەی پارەی ئیستسماری بمێنێتەوە، ساڵی رابردوو نیوەی ماوەتەوە ساڵێکی تر نیوەی بمێنێتەوە، خیلالی سێ، چوار ساڵ ئێمە تووشی قوفلێك دەبین، وای لێ دێت یان ناتوانین ئەوەی پڕۆژە بێت بیکەین، یان هەموو میزانییەکەمان بۆ قەرزەکان بچێت، چونکە قەرزدار دەبین، ئەم پڕۆژانە ناونراون تەسمیە کراون خەڵك ئینتیزاری کردیە، ئینجا هەتا لە رووی رەقابیشەوە، باشە ئەگەر جیهەتێکی بێ لایەن مراقەبەی میزانیەی ئێمە بکات، ئێمە ئیعلان دەکەین بۆ خەڵکی دەڵێین کاکە ئێمە $66\%$ی میزانیەی ئێمە ئەمساڵ بە پێی ئەو گۆڕانکارییانەی کەوا بوون، بۆ میزانیەی تەشغیلییە، $34\%$یشی بۆ ئیستسمارییە، کە ساڵی مالیش خەڵاص

دەبێت هەشتا و پێنج بە پازدەیە، ئێ باشە خەڵك چیمان پێ دەڵێت؟، یەعنی کەواتا ئەو ئیعلانەی ئێمە دەیکەین موجەڕەد ئیعلانێکە لە واقیعدا ئەو ئیعلانە تەرجەمەی عەمەلی نابێت، تکام وایە ئەمە تەدویر نیە دیسان، دەڵێمەوە ئەمە وای لێ نایەت بڵێین ئەگەر ئەم پارانە تەرخان کران یاخود چوونە صندوقی پڕۆژەکانەوە بەیانی لە بەغدا لێمان دەبڕدرێت، چونکە دەڵێین ئێوە ئیحتیاتتان هەیە، ئەمە چارەسەرێکی بۆ بدۆزرێتەوە، ئەگینا ئەم مەسەلەیە بەردەوامییەکی دەبێت، نوقتەی دووەمم لە مەوزوعی صەلاحیات یەکێك لە بەڕێزان ئاماژەی پێ کرد لە ماددەکەی رابردوو لەسەر ئەوەی کە، حیساباتی خیتامی بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، شەش مانگ جارێك هی وەزارەتی مالییە دێت، من پێشنیار دەکەم چوار مانگ جارێك جەدوەلی بەرەوپێش چوونی کارەکان لە وەزارەتی تەختیت لەسەر مستەوای هەموو وەزارەتەکانی دیش بێ، بۆ ئەوەی فعلەن پەرلەمان زوو هەست بکات بزانێ چ وەزارەتێك فعلەن لەو مەسئەلەیەدا موتەئەخیرە، بەڵکو چارەسەری بکرێت و وەزارەتەکان زەختێکیان لێ بکرێت، نەکو نیهایەتی ساڵ سەیر بکرێت پارەی ئیستسماری هەمووی مایتەوە و ئەنجا دەچێتەوە سەر تەسدیدی دیونی تەشغیلی.... سوپاس..

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس بۆ ئەو پێشنیار و رەئیەی جەنابت لە شوێنێکی تر، تەنها مەربوتە هەر چوار فەقەرەکەی موناقەلە، صەلاحیاتی موناقەلە لە ناو ماددەکە ئەوانەی جەنابت وتت، ئەتوانین بە ماددەی تر پێشنیار بکەن وە بلفعل شتی بەسوودە، بەڵام ئەم ماددەیەی هەشت کە لە ئەصلی پڕۆژەکە حەوتە تەنها مەربوتە بە دەسەڵاتی موناقەلە، تەواو، کێی تر مابوو، بەڕێز کاردۆ محمد فەرمووە.

**بەڕێز کاردۆ محمد پیرداود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێمە باس ئەو ماددەیە دەکەین کە بەشی دەسەڵاتە، بابەتی گوێزانەوەی هەیە و بواری گەندەڵی و خراپ بە کارهێنانی دەسەڵات لەسەر دەستەبەر دەکات، بە مەبەستی کەم کردنەوەی ئەو کاریگەرانە چەند پێشنیارێکم هەیە: ماددەی حەوتەم کە ئێستا بۆتە هەشتەم بڕگەی یەکەم و دووەم دەکرێت هەر یەك لە سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان و سەرۆکی ئەنجومەنی دادوەری لە نێو پشتیوانەی تایبەت بە خۆیاندا بە مەرجێك گوێزانەوە بۆ دوو پێنج، دوو شەش، دوو حەوت، نەبێت واتە بۆ ئیعانات و مینەح و مەنافیعی ئیجتیماعی نەبێت، یەعنی ئەم دەسەڵاتە بۆ ئەمانە نەبێت، کە گوێزانەوەی تیا بکەن، هەر چەند لە یاسای عێراقی مەنافیعی ئیجتیماعی هی هەر سێ سەرۆکایەتییەکەی ئیلغا کراوەتەوە، رەت کراوەتەوە، من پێم باشە بۆ ئەو پێشنیارانەی برادەران مەجالیان تێدا نەهێشتەوە خەرجی تیا بکرێت، مەنافیعی هەر سێ سەرۆکایەتی رەت بکرێتەوە، بۆ ئەو پێشنیارانەی کە ماون، بەڵکو دەنگ دێنن، ئەمە خاڵێك، خاڵی دوو؛ هەمان ماددەی سەرەوە بڕگەی سێیەم وەزیری پلاندانان بە پشت بەستن بە خواستی وەزارەتی پەیوەندیدار بۆی هەیە گوێزانەوەی پێویست بکات بۆ پڕۆژەکانی وەبەرهێنان لە نێو بودجەی وەبەرهێنانی راستێنراو بۆ هەمان وەزارەت لە سنووری یەك پارێزگادا، لەم بارەیەوە وەزارەتی دارایی ئاگادار دەکاتەوە، خۆی ئاوایە،

هەمان ماددەی سەرەوە برگەی چوارەم تێیدا هاتووە وەزارەتی دارایی و ئابووری بە هەماهەنگی وەزارەتی پلاندانان و وەزارەتەکانی پەیوەندیدار بۆی هەیە گوێزانەوەی پێویست بۆ پڕۆژەکانی وەبەرهێنان لە ناو وەزارەتەکاندا بکات لە سنووری یەك پارێزگا لە ناو بودجەی راستێنراوی وەبەرهێناندا، وەزارەتی دارایی و پلاندانان ئەگەر بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی پەیوەندیداریش بێت گواستنەوە بۆ پڕۆژەکان دەکەن بەچی پڕۆژەیەك دەست بە پڕۆژەکانی دەستەی وەبەرهێنان دەکەن؟، پاش راستاندنی پەرلەمان چ بەهایەکی دەمێنێ گفتوگۆ لەسەر پڕۆژەکانی وەبەرهێنان بکات؟، یەعنی ئەگەر ئەو گواستنەوەیەی بۆ دەکەن ئیتر ئێمە ئەو موناقەشەیەی بۆچی بکەین لەسەر ئەم پڕۆژانە؟، ئەم گواستنەوانە رێگای بۆ میزاجی کەسیی لە نێو دامەزراوە پەیوەندیدارەکان خۆش کردووە، کە دەسەڵاتی تەواویان پێ دراوە، بۆ دەست کاری کردنیان و، بە پراکتیکیش لە ساڵی پار دانراوە، لەم نێوەدا گەڕەك و شار و دەوروبەر و گوندەکانی هەرێمی کوردستان لەوێوە زەرەرمەند دەبێت، چونکە چاوەڕێ کردنی جێبەجێ کردنی پڕۆژەکانیانە بەڵام نازانن رەش کراوەتەوە، پڕۆژەکانیان گواستنەوەی پێ کراوە، بۆیە پێشنیار دەکەین ئەم برگانە لابرێت، چونکە پڕۆژەکانی بودجەی وەبەرهێنان گفتوگۆیەکی زۆر لە هەموو ساڵەکانی تر هەڵدەگرێت پاشان دەبێت بە یاسای بودجە، پێویستە بەئاگاداری لیژنەی پەیوەندیداری پەرلەمانەوە بێت، بە پێی تایبەتمەندی پڕۆژەکە کە لە چ کەرتێك دایە، رێگەش نەدرێت ئەو گواستنەوەیە بکرێت، پێش دانیشتن و رەزامەندی لیژنەی پەرلەمانی پەیوەندیدار، ئەمە پێشنیارەکانم بوو، سەرەڕای ئەوە پشتیوانی و پشتگیری پێشنیارەکەی کاك دڵشاد دەکەم، ئەوجا لە هەر ماددەیەکدا جێی دەکەنەوە... سوپاس..

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێز تارا ئەسعەدی.

**بەڕێز تارا تحسین ئەسعەدی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەراستی من وای ئەبینم ئەو ماددەیە دانراوە چەند صەلاحیاتێکە کە هەر یەکێ لە پەرلەمان و مەجلسی قەزا و لە وەزارەتی تەختیت ماليیە هەر یەکە بۆی هەیە چی بکات، لەبەر ئەوەی من ملاحەزەکەم لەوەیە دەتوانین خاڵی سێیەم و خاڵی چوارەم لەگەڵ یەکتری دەتوانین بڵێین لوزير التخطيط او لوزير المالية و بالتنسيق بينهما بناءاً على طلب الوزارة المعنية أجراء المناقلات اللازمة ضمن المشاريع الاستثمارية بين الوزارات وفي حدود المحافظة الواحدة و ضمن الموازنه الاستثمارية المصدقة، هەمان شت دەڵێتەوە، چونکە تەختیتەکە وەزارەتی پلانە، ئیعلامەکەش هەر بە وەزارەتی مالییە دەکرێ و بە هەر دوو لاش ئەکرێت، لەبەر ئەوە خاڵی سێیەم و چوارەم بەم تەفصیلە هەر پێویست ناکات چونکە ئەتوانین بیکەینە یەك و هەمان مانامان پێ ئەبەخشێت، کە ئیعلام کردن و تەختیت کردن لەگەڵ یەکتری.. سوپاس..

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز زەکیە سید صالح، سوپاس.

**بەڕێز زەکیە سید صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

نیسبەت خالا چارێ ژ مادێ هەشتێ ڤێرێدا دبێژتن هەر سێ وەزارەتا تەنسیق دگەل یەك و دوو صلاحیاتێ مناقلایا پرۆژەکی یا هەی، پسیارەك تێتە پێش؛ ئایا پیڤەرێ یا مناقلای چیە یا ڤێرێ؟ واتە هەر سێ وەزارەت ئیستنادێ دکەنە سەر چ بۆ دێ کو مناقەلایا پرۆژەکێ بکەن؟ چونکو بوچونا من ڤێ دەریدا پێتڤیا ئەم ماوەیەکی دیار کرابا بۆ نموونە بێژین شەش هەیڤا پشتی پەسەند کرنا یا بودجێ وە هەر وەسا ڕێژەیەکیش ژ دیار بکەین ئەگەر هاتو ئەڤ پرۆژە ماوێ شەش هەیڤا ڕێژەیەکا دیار کری ژڤی نەهاتە جێ بەجێ کرن وی وەختی صەلاحیات هەبیتن هەماهەنگی گەل یەك و دوو هەبیتن موناقەلێ ڤی پرۆژی بکەن، تە وێ محافەزەیا دیار کری وە دیسا ژی پەرلەمان ژی بهێتە ئاگادار کرن، وێ مناقەلێدا ئەز پێدڤی بینم کو ڤێ دەرکێدا هەبیتن.. زۆر سوپاس..

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێز سەمیرە عبداللە فەرموو.

**بەڕێز سەمیرە عبداللە اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی حەفتەم کە لێرەدا بوویتە هەشتەم لەسەر صیاغەکە قسەی دەکەم، اولاً لرئیس برلمان کوردستان - العراق، بە ڕەئی من کوردستان العراق زیادە، تەحصیل حاصلە، هەر ببیتە لرئیس البرلمان اجراء المناقلة ضمن ألاعتمادات الخاصة بالبرلمان، ئەوە یەکەم، دووەمیش لرئیس مجلس قضاء في ألاقليم أجراء المناقلة ضمن الميزانية الخاصة بمجلس القضاء، ثالثاً: لوزير التخطيط اجراء المناقلات اللازمة ضمن الموزانة الاستثمارية المصدقة بالتنسيق مع وزارة المالية و الوزارة المختصة، رابعاً: لوزير المالية و الاقتصاد بالتنسيق مع وزارة التخطيط والوزارات المعنية اجراء المناقلات اللازمة للمشاريع الاستثمارية، ئەوە ئەوهای لێ بێت مشاريع الستثمارية بين وزارات و في حدود المحافظة واحدة ئەوانە هەمووی لابچێ للمشاريع الاستثمارية ضمن الموازنة الاستثمارية مصدقة، ئەوە بە نسبەت صیاغەکە، دیسان پشتگیری قسەکانی کاك دڵشاد دەکەم کە لە ماددەیەکی تر لەبۆی جێی بکەنەوە... زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێز شڤان ئەحمەد فەرموو.

**بەڕێز شڤان أحمد عبدالقادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێشەکی تەئیدی برای بەڕێزم کاك دڵشاد دەکەم، بۆ تێبینییـەکانی کـە خسـتیە روو، منـیش لـە بڕگـەی سێ و بڕگەی چوار، یەك هەدەف هەیە، هەردووکیان ئیجرای موناقـەلاتی لازمـەو مەشـاریعی ئیسـتیمارینە، من وا دەبینم پێویست ناکات ئەم دوو بڕگەیە هەبێتن، یەك بڕگە کافیە، کـە تـەحقیقی هەدەفەکـە دەکات، لە بڕگەی سێیەم، کە بڕگەی چوارەم، ئەگـەر حـەزف بکـرێتن، (للـوزیر) ببێتـە (علـی الـوزیر)، لـە جـەوازی ببێتـە بوجـوبی (بالتنسـیق بـین وزارة التخطـیط والـوزارات المعنیـة) (واعـلام) کردنـی وەزارەتـی ئیقتیصـاد کافیە، تەنیا ئیعلام کردن ئاگادار کردنەوەیە لێی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ئەگەر موناقەلە لازم نەبوو، بۆ ئیجبار بێت، ئیلا موناقەلە بێت، نابێت، ڕێزدار سیوەیل کەرەم بکە.

**بەڕێز سیوەیل عثمان احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش بە هەمان شێوە لە ماددەی هەشتەم بڕگەی یـەك و دوو هـەردووك هـەر یـەك مەبەسـتە، بـەڵام ئـەو موناقەلەی دەکات سەرۆکی پەرلەمان لەگەڵ سەرۆکی ئەنجومەنی دادوەری، بەمەرجێك بۆ ئیعانات و منح و مەنافیعی ئیجتیماعی نەبێت بۆ بەرژەوەندی گشتی بێت.

بەنیسبەت سێیەم (ثالثاً: لـوزیر التخطـیط وبنـاءاً علـی طلـب الـوزارة المعنیـة)، منـیش مەبەسـتم ئـەوە بـوو ببێتە (علی وزیر المالیە) یان (علی وزیر التخطیط)، بەس تەعلیقێکت لێدا لە کاك شڤان نازانم تـا چـەندی ئەوە بوو، ئیلزامت نەکرد.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سیوەیل خـان تـەعلیق نـەبوو، راسـت کردنـەوە بـوو، چـونکە موناقەلـە وەختێـك دەکرێـت، کـە زەرور بێـت، پێویست بێت، کە پێویست نەبێت، پێویست ناکات ئیلزامی بکەیت، فەرموو.

**بەڕێز سیوەیل عثمان احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشـتیوانی لـە قسـەکانی هاوکـارم کـاك دڵشـاد دەکـەم، لـە هـەر چ ماددەیـەك بـێتن پشـتیوانی لـێ دەکـەم و دەستخۆشی لێ دەکەم، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڕێزدار ئاشتی عزیز کەرەم بکە.

**بەڕێز ئاشتی عزیز صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتیوانی رەئیەکانی کـاك کـاردۆ دەکـەم، سـەبارەت بـە تەقیـد کردنـی گوێزانـەوە لـەو بابانـە لـە دەسـەڵاتی هەردوو سەرۆکایەتیەکەیە، ئەوەی کە من ئیزافەی دەکەم، ئەوەیە بۆ تەنسیق کردنـی گواسـتنەوە، کـە ئـەو

پرۆژانــه بــه تەنسیق لـەنێوان وەزارەتـی پلانـدانان و وەزارەتـه تایبەتمەندەکانـدا هەیـە، ئەگـەر باشـتر کـار بکرێـت بـه دیراسـەی جـەدوای ئیقتیصـادی بـۆ ئـەو پرۆژانـە، لەوانەیـه بـه ئاسـان گواسـتنەوە کۆمـەك لـە پرۆژەیەك، یان لەوەزارەتێکەوە، لەناو خودی وەزارەتەکە لە پرۆژەیەکەوە بۆ پرۆژەیەکی تر ئاسـان نـەبێت، بۆیە پێویستە بەڕاستی ئیعتیماد بکرێتە سەر دیراسەی جـەدوای ئیقتیصادی پرۆژەکـە، لەبـەر ئـەوە ئەمـە ئەگـەر بـه لێکۆڵینـەوە بێـت ئاسـان لـە پرۆژەیەکـەوە بـۆ پرۆژەیـەکی تـر ناگوێزرێتـەوەو، کێشـەیەکیش بـۆ ئەنـدام پەرلـەمان دروست دەبێـت لـه کـاتی سـەردان کردنـی مـەوقیعی پرۆژەکانـدا، کـه ئەمـە زۆر جـار بـە دیهاتێك، به ناوچەیەك دەڵێین فلان پرۆژەتان بۆ ئیدخال کـراوە، بـەڵام دواتـر دوای چـەند مانگێـك بۆمـان دەردەکەوێت، کە ئـەو پرۆژەیـه وەسـتێندراوە، کـه ئەمـە کێشـەیەك دروسـت دەکـات، چ بـۆ ناوچـەکە، چ بـۆ موتابەعە کردنی ئێمەی ئەندام پەرلەمانیش کە لە ساڵی ئایندەدا نازانین.

خاڵی سێیەمیشم/ پشتیوانی لە قسەکانی کاك دڵشاد دەکەم، ئەمە خەتەرێکە، خوێندنەوەیـەکی روونـی بـۆ کردووە، پێویستە لە بڕگەکانی تردا بیر لە چارەسەر کردنی بکرێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڕێزدار گۆران ئازاد کەرەم بکە.

**بەڕێز گۆران ئازاد محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مـن لـەو ماددەیـەدا لەسـەر بڕگـەی سـێیەم قسـەم هەیـەو، پرسیاریشـم هەیـە لەسـەریدا، ئەگـەر وەزیـری پلانـدانانیش هاوکاریمان بکات، لەماددەکـەدا نووسـراوە کـەوا موناقەلـە کاتێـك لـە پرۆژەکـانی وەبەرهێنانـدا دەکرێت، ئیلا دەبێـت کـه کـرا لـه زیمنـی یـەك موحافـەزەدا بێـت، بـەڵام ئێمـە لـە ئـەنجامی پەسـند کردنـی پرۆژەکانی ساڵی پار لەم پەرلەمانەو بەدواداچوونمان بۆ چۆنیەتی جـێ بـەجێ کردنـی پرۆژەکـه لـە قـەزا هـەبوو، ناحیـه هـەبوو سـێ پـرۆژەی بـۆ موافەقـە کـراوە، بـەڵام هەرسـێکی موناقەلـە پـێ کـرا بـوو، ئـەم موحافەزەیە، یەعنی ئەگەر دەکرێت، پرۆژەیـەك لـە کۆیێ موافەقـەی لەسـەر بکرێـت، بـەڵام لەبـەر ئـەوەی کۆیێ سەر بە هەولێرە، موناقەلـەی پـێ بکرێـت بـە گریمـان بـۆ سـۆران، یـان بـە پێچەوانەوە لـە سـۆران بـۆ کۆییە، لەبەر ئەوە پێم باشە کە دەگوترێت لە حدودەکە، لە حدودی ئـەم شـوێنەی کـە بـۆی کـراوە، یـەعنی ئەگەر پرۆژەیەکی ئاو لە کۆییە بە زەرور نەبێت، بڕی ئاو ڕێگاو بانێـك هـەبێت بگۆڕدرێـت بـۆ هـەر ڕێگـاو بانێك، بەڵام لـە سـنووری ئـەم شـارە، نـەك لـە سـنووری موحافەزەیەکدا، چونکە ئێمـە جـاری وا هەیـە بـۆ قەزایەك لە بودجەدا دوو پرۆژە موافەقە دەکرێت، ئەگەر دوایێ ئەمـە لابـدرێتن، تووشـی گرفـت دەبـین لـە سنووری ئەم قەزاو ناحیەیە.

دوو/ کـە دەگوترێـت لـەم لادانـە وەزارەتـی مالیـەی لـێ ئاگـادار بکرێتـەوە، بەڕاسـتی پـێم باشـە پەرلـەمانی کوردستانیشی بۆ عیلم لێ ئاگادار بکرێتەوە، بۆ ئەوەی لەبەر دەستمان بێت، ئێمە کاتێك دەبینین موناقەلـە

کراوە، هۆکارەکەو سەبەبەکەو بە چش ئاڵوگۆڕ کراوە، بۆ ئەوەی لە بەدواداچووندا تووشی گرفت نەبین و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڕێزدار عەزیمە نجم الدین کەرەم بکە.

**بەڕێز عظیمة نجم الدین حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەنیسبەت ماددەی حەوتەم، خاڵی یەکەم و دووەم هەمان بۆچوونم هەیە، سەرۆکی پەرلەمان و سەرۆکی ئەنجومەنی دادوەری تەنها لە پەرلەماندا گوێزانەوە لە مینەح و ئیعانات و مەنافیعی ئیجتیماعیە، لەوە زیاتر نەکرێت، لەو سێ شوێنەدا نەکرێت.

لەگەڵ خاڵی سێیەم و چوارەم زۆر لێك نزیکن، من لەگەڵ ئەوەدام ئەو پێشنیارەی کاك دڵشاد بکرێت بە خاڵێك بە بڕگەی پێنجەم، واتا بکرێت بە بڕگەیەك، لەبەر ئەوەی با بڵێین گواستنەوە لە بودجەی تەشغیلیەوە بۆ وەبەرهێنان لەم بڕگەیەدا جێی بۆ بکرێتەوە، بۆ ئەوەی کە ئەو گواستنەوەیەی کە کاك دڵشاد بە وردەکاری باسی کرد، من پێموایە خاڵێکی جوان بوو، لێرەدا جێی بۆ بکرێتەوە، بۆ ئەوەی ئەو حاڵەتە ڕوو نەدات و جارێکی تر لە بودجەی وەبەرهێنان بیبەینەوە بۆ تەشغیلی و عەجز دروست ببێت.

خاڵێکی تر، لەخاڵی سێیەم و چوارەمدا، کە دەڵێت لیژنەی پەیوەندیدار گواستنەوە بکرێت بە ڕەزامەندی وەزارەتی دارایی و هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی پلاندانان، یان هەر وەزارەتێکی تایبەتمەند، من پێموایە هەر پرۆژەیەك، هەر گواستنەوەیەك، ئەگەر لەناو هەر وەزارەتێك بوو بۆ وەزارەتێکی تر، بە ئاگاداری وەزارەتی داراییش بێت، وەزارەتی پلاندانیش بێت، من پێموایە باش نییە، لەبەر ئەوەی یەك چاودێری کردنی لیژنەی پەرلەمانی وەکو پێویست نابێت.

خاڵێکی تر، ئەو گواستنەوانە ڕێگە خۆشکەرە، بۆ ئەوەی مومەیەزاتی شەخصی لەناو وەزارەتەکاندا جارێکی تر پرۆژەکان بگوازێتەوە، بۆیە دەڵێم ئەو پرۆژانەی لە بودجەی ساڵی 2011 بە وردەکاری پرۆژەکان دێتە بەردەم ئەندامانی پەرلەمان، لێرە قسەی لەسەر دەکرێت، پرۆژە بە پرۆژە، دەزانین بۆچ ناوچەیەکە، بۆچ شوێنێکە، بڕی پارەکەی چەندە؟ بەڵام کە لێرە پەسند کرا، بە هیچ شێوەیەك جارێکی تر دەستکاری ئەو پرۆژانە نەکرێت، هیچ وەزارەتێك وەکو خۆی بمێنێتەوەو سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڕێزدار عومەر نورەدینی کەرەم بکە.

**بەڕێز عمر حمدامین خدر(نورەدینی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە بڕگەی یەکەم و دووەم، ئەوەی بۆ سەرۆکی پەرلەمان هەیە، یان بۆ سەرۆکی دەسەڵاتی دادوەری، بە ڕەئی من ئەو دوو بڕگەیە زیادن، لەبەر ئەوەی تەحصیل حاصلەو ئەو دەسەڵاتەیان هەیە،

ئەگەر سەیری یاسای بودجەی گستی عێراقی بکەین، هیچ ئەوانەی باس نەکردووە، هەتا لە مەسەلەی دیاری کردنی نەفەقاتدا بەنیسبەت پەرلەمان و دەسەلآتی دادوەری تەحدیدی نەکردووە، تەنها بەوە لێگەڕاوە لە خشتەو لە جەداولدا ئاماژەی پێ بدات و کۆتایی پێ هێناوە.

سەبارەت بەو پرسە گرنگەی برای بەڕێزم کاك دڵشاد درووژاندی، لەڕاستیدا پێویستی لەسەر وەستانە، مەسەلەیەکی گرنگە، دەکرێت لە حوکمە کۆتاییەکاندا چارەسەر بکرێت، ئەویش بە ماددەیەك لە دوو بڕگە پێك بێت:

بڕگەی یەکەم/ ساڵی دارایی پرۆژە پێشنیار کراوەکان لەو رۆژەوە دەست پێ بکات، کە بودجەی تیا پەسند دەکرێت، بۆ ئەوەی لە کۆتایی ساڵدا ئەم مەسەلەیە دانەخرێت.

بڕگەی دووەم/ ئەوە بێت، کە بە هیچ شێوەیەك ئەو گوژمەیەی بۆ پرۆژە پێشنیارکراوەکان لەچوارچێوەی بودجەی وەبەرهێناندا تەرخان دەکرێت، نەگوازرێتەوە بۆ بودجەی تەشغیلی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ئێستا موداخەلەکان تەواو بوو، سوپاس بۆ ئێوەی بەڕێز، داوا دەکەین لە هەردوو بەڕێز، ئەگەر موداخەلەی بۆچوونی ئەو ئەندامانەی پەرلەمان و وەڵامەکانیان بدەنەوە، فەرموو.

**بەڕێز د.علی سندی/ وەزیری پلاندانان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە ئەو بابەتە، خۆی بابەتێکی زۆر وازیحە، وابزانم تێبنی و پرسیارەکان دوو جۆر بوو:

شتێکیان لەسەر مەسەلەی با بڵێین تەمویل کردن، یان تەدویر کردن، بەمەبەستی بەردەوام بوونی پرۆژەکان، شتێکی تەبیعیە، ئەگەر لە ئەسنای تەنفیز لە هەندێك حاڵەتدا تەئخیرێك هەبێتن، بەلآم ئەوەی گرنگە، مەسەلەی تەمویلە.

بابەتی دووەم/ مەسەلەی موناقەلە بەتایبەتی، من لە موناقەلەکانەوە دەست پێ بکەم، ئینجا بچمە سەرەوە، زۆر لەو بەڕێزانە ئاماژەیان بەوەدا، کە مەسەلەی موناقەلە کردنی پرۆژەکان، چ لەناو یەك وەزارەتدا، چ لەناو وەزارەتێکەوە بۆ وەزارەتێکی تر، پێوەرەکانی چیە؟ چۆن پەرلەمانی لێ ئاگادار بکرێتەوە؟

بەڕێزان، خۆی هەروەکو لەسەرەتای قسەکانم پێش چەند رۆژێك ئاماژەم پێدا، موناقەشە کردنی لیستی پرۆژەکان، شتێکی موتەداول نییە نە لە جەلەساتی پەرلەمان، نە لە عێراق، نە لە شوێنەکانی تریش، بە هەر حاڵ لێرە لەبەر هەر سەبەبێك بێت وەکو عورفێك وای لێهاتووە، چونکە موناقەشە کردنی نزیکەی سێ هەزار پرۆژە نە تەواو دەبێتن، نە ئەگەر هەتا دەستخۆشیشی لێ بکەن تەواو نابێت، کە میزانیەی ئیستیسماری موصادەقە کرا جیهەتێکی رەسمی هی با بڵێین سوێند خواردن، کە ئەم پەرلەمانە متمانەی پێی داوە، دەچێت تەنفیزی ئەو ئیشانە دەکات، هەروەها موئەسەساتی تر، کە موئەسەساتی رەسمین و

بەپێی یاساو ئەوانە ڕێکخراون، لەبەر ئەوە کە دێتە سەر بابەتی موناقەلە بەتایبەتی، وەکو جەنابیشتان ئیشارەتتان پێدا، موناقەلە ناکرێت ئیلا لە کاتی زەرورەتدا نەبێت، بۆ نموونە، لیستی موناقەلەکانی پار بێنم، کە لەسەر هەر حاڵەتێك کێسی خۆی هەیە، ئەسبابی خۆی هەیە، کە موناقەلە دەکرێتن، حەتمەن جیهەتی مەعنی داوای دەکات، ئێمە وەکو عەمەلیەکی تەنزیمی عامل موساعیدێکین بۆ ئەوەی ئەو شتە تەحقیق بکرێتن، لەوێدا پێوەر وەکو بەڕێز زەکیە خان پرسیاری کرد، پیوەر چیە؟ پێوەر ئەوەیە کە ئیحتیاجێك، یان زەرورەتێك هەیە، زەرورەتەکە دەکرێت بە شتی موختەلیف بێت، لە شتی فەنیە بگرە، یان لەسەر هەر سەبەبێکی تر بێت.

بابەتی ئەوەی کە لەناو موناقەلەدا، کە موناقەلە دەکرێتن پەرلەمانی لێ ئاگادار بکرێت، بەحەقیقەت من ئەوە بە عەمەلی نابینمەوە، چونکە ئەم پرۆسەیە داینامێکیەتی زۆر تێدایە، هەرچەندە دیسانەوە بڵێم لەوانەیە ئەوانەی کەپار کرا بن لە کۆی گشتی پرۆژەکان، کە نزیکە ($2600$)، ($2700$) پرۆژە بوون، لەوانەیە ببێتە $5$٪ مەسەلەن، کە دەکرێت بەتایبەتی یەعنی قەت وای لێ نەهاتووە بەلای کەمی لە ساڵی $2010$، کە پرۆژەیەکی زۆر گەورە ئیلغا بووە، یان بۆ مەبەستێکی غەیری فەنی با بڵێین موناقەلەی پێ کراوە، داینەمیکیەتی ئەم پرۆسەیە، دەبێت لە هەندێك بواردا بەپێی یاساو، بەپێی تەعلیمات هەندێك مرونەتی تێدا هەبێتن، لەبەر ئەوە شتێکی تەبیعیە، تەنانەت ئەگەر بەڕێزان پێشنیاری ئەوەش دەکەن، کە لە زیمنی قەزایەك، نەك لە زیمنی موحافەزەیەك، لە زیمنی قەزایەکدا ئەوە زیاتر دەستی دەزگا پەیوەندیدارەکان دەبەستێتەوە، یەعنی کە لە بەغداوە بڵێین، لە پەرلەمانی بەغدا کە موناقەشەی هەموو پرۆژەکان ناکرێت، مەبەست ئەوە نییە کە وەزیری پلاندانان بچێت بە کەیفی خۆی و دوای ئەوەی هەرچیەکی ویست ئاڵوگۆڕی پێ بکات و، ئەوە ناشکرێتن، تەبیعی لەسەر موناقەلات ئەگەر مەسەلەن دەکرێت، با بڵێین ئێستا لە پرۆژە پێشنیار کراوەکان کە هەیە، یان هەتا لە پرۆژە بەردەوامەکان، ئەوانەی کە بەڕێزان ڕەخنەیان لێ گرت، بەنیسبەت تەنفیزیان سفرە مەسەلەن، ئەوانە ئێستا هەم لەسەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانیشەوە سەقفێکی بۆ دانراوە سەلاحیەت دراوە بە وەزیری پلاندانان، کە ئەمانە چارەسەر بکاتن بەپێی ئەو تەعلیماتەی کە هەیە، ئەگەر زۆر مەتلەبە، با بڵێین هەرچەندە نازانم کۆمەڵێك یاسای تر لەوانەیە موتەعاریز بێتن، بەلاَم ئەگەر مەتلەبە کە موناقەلات، پەرلەمان لەلای مەتلەبە، بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، مەسەلەن دەکرێت بڵێین لە کۆی گشتی بودجەی ئیستیسمارِی، بودجەی وەبەرهێنان لە پرۆژە پێشنیارکراوەکان، ئەگەر هاتو موناقەلە لە $20$٪ی تەجاوزی کرد، دەبێت پەرلەمانی لێ ئاگادار بکرێتەوە، بەلاَم ئەگەر من هەر پرۆژەیەك کە موناقەلەم کرد لە زیمنی قەزایەك، من بێنمە پەرلەمان و کۆمەڵێك برادەرو کۆمەڵێك ئەندام بەڕێزی پەرلەمان ئەو قەزایە بێننە ئۆفیسەکەی من، بڵێین ئێمە ئەوە قەبول ناکەین، یان ئەوە حەقی ئەوەیە دەدەیت بەوە، ئەوە کاروباری حکومەت ئاستەنگی دەکەوێتە بەردەم.

بابـەتی دووەم/ بابـەتی بـەردەوام بـوون لەسـەر بـابڵێین تـەدویر کردنـی پـارەی پێویسـت بـۆ پرۆژەکـان، بەحەقیقـەت ئـەوە 100٪ شـتێکی راسـتە، شـتێکی دروسـتە، بۆچـوونی بـەڕێز کـاک دڵشـادو هـەموو ئـەو بەڕێزانەی کە دوای ئەویش قسەیان کرد، ئەم بابەتە وەکو زەرورەتێك ئێستا دێتە بەرچاو، لەوانەیە ساڵانی رابردوو بەو شێوەیە نەبووە، چونکە تـەراکوماتی مەشـاریع کـە کۆ دەبێتـەوە، بەتایبـەتیش بـڕی بودجـەی تەرخان کراو زیاد بووە، ساڵ بۆ ساڵیش زیـاد دەبێت، ئیلتیزامـاتی حکومـەت بەنیسـبەتی بـەردەوام بـوونی مەشاریع شتێکی تەبیعیە، یەعنی مومکین نییە ئێستا لەو حاڵەتەدا با بڵێین ساڵێك لە ساڵەکان ئێمە بڵێین هیچ مەشروعێکی پێشنیار نابێت، چونکە هەموو ساڵێکیش زروفی خۆی هەیە و، هەندێك ئیحتیاجاتی دێتە بەرچاو، ئەوەی کە لە خیلالی ئەم چەند مانگەش لەگەڵ بەڕێز وەزیـری دارایـی و بـەڕێز بریکاری وەزیـری دارایی من خۆشم ئـەو داوایـەم کـردووە، ئـەوان وەڵامیـان هەیـە، حەتمـەن بـەڕێزیان ئێسـتا ئیشارەتی پێـی دەدات، بەڵام مـن نـازانم ئـەوەی کـە ئایـا ئەگـەر پارەیـەك مایـەوەو، بـا بڵێین پارەیـەکی تخصـیص کـراو بـۆ مەشاریعە پێشنیار کراوەکان، یان بەردەوامەکان، ساڵ هات و تـەواو نـەبوو، ئەگـەر لـەناو سـندوقی ئیعمـاری کوردسـتان بێـت، سـندوقێکی هەرچـیەك بێـت، نـازانم بـەڕێز د.ڕۆژان دەیگـوت کـە سـندوقیش بـا بڵـێین تەفاسیلی خۆی هەیە، بەڵام ئەگەر ئەمە کێشە نییە بۆ پەیوەندی ئێمە لەگەڵ حکومەتی عێراقـی فیـدراڵ، کە ئەم پارەیە ئەگەر هاتو مایەوە، دەبێ بگەڕێتەوە، ئەگەر شتێکی وا نەبێ، حەتمەن ئـەو فیکرەیـە رۆژێـك لە رۆژان لە هەرێمی کوردستان ئەو بەرنامەیە دەبێ دەست پـێ بکـات، ئـەی چـۆن هەنـدێك لـەو بەڕێزانـە داوای پلانـی پێـنج ساڵە دەکـەن، ئـێ پلانـی پێـنج سـاڵە دەبـێ سـندوقی هـەبێت، بـۆ ئـەوەی تەمویلەکـەی بەردەوام بێ، ئەگینا بە زروفی موتەقەلبی میزانیە هەموو ساڵێك ناکرێـت بـەردەوامی هـەبێت، ئێسـتا ئـەو کێشەیەی کە لە وەزارەتی کشتوکاڵ هەیە، یەکێك لە ئەسبابەکانی ئەوەیـە، کـە تـەمویلی سـاڵانە ئـەوەی کـە ئەوان بە پێویستی دەزانن ناکرێت، لەبەرئـەوە مـن تەئیـدی ئـەو فیکرەیـە دەکـەم و هیـوادارم کـە بـەڕێزان لیژنەی دارایی و لیژنەی یاسایی چارەسەرێکی گونجاوی بـۆ ببیـنن، بـۆ ئـەوەی کـە لەمـەودوا بکەوێتـە سـەر سکەیەکی باشترو، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر کەرەم بکە، کاك شێخ فەرموو.

**بەڕێز شێخ بایز تاڵەبانی/ وەزیری دارایی و ئابووری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە ئێمە لەگەڵ دەقی ماددەکـەین کـە هـاتووە وەکـو خـۆی بمێنێتـەوە، کـە بـاس لـەوە دەکرێـت موناقەلـە دەکرێـت و موناقەلـە پێویسـت ناکـات، مـن پێموایـە موناقەلـە پێویسـت دەکـات ئەگـەر دەچـێتە شـوێنێ مەشروعێك نەکراوە، دەستی پێی نەکردووە، ئـەی باشـە چـی لێ دەکرێـت؟ پارەکەشـی دەمێنێتـەوە، دەبێـت یەکێکی تر لە شوێنی دابنێی و لە هەمان شـوێندا، ئـەو موناقەلاتانـە جائیزەو دەبـێ بکـرێ و لەسـەر داوای وەزیری موختەصیش ئیتر بەس بە دوو فەقەرە هاتووە، کە هـەر دوو جارەکـەی دەڵـێ وەزیـری تـەختیت و

وەزیری مالیە عەكسیانی كردووەتەوە، ئەكرێت ئەو دووانە بكرێن بەیەك، ئەو دوو فەقەرەیە، بەڵام من لێرە هەرچەندە لەم ماددەیە بەڕاستی نازانم باسی ئەو شتە كرا، بەڵام شوێنی نابێتەوە لەم ماددەیە هەرچەندێك نازانم جەنابتان دەزانن، ئەوەی كە دكتۆر دەڵێت ئەوەی كە كاك دڵشاد دەڵێ، كاك دڵشاد دەڵێ ئەو پارەیە بمێنێتەوەو تەدویر ببێ و بەڵێ ئەگەر تۆ پارەت هەبێ، وەڵڵاهی حەقە بمێنێتەوەو تەدویر بێت، بمێنێتەوە بۆ ئیش و كاری ئەو پرۆژانە، بەڵام ئەوە كەی دەبێتەوە، وەختێك ئەبێ كە تۆ عەجزت نەبێ، ئەی باشە ئەگەر عەجزێكت ئێستا ئەمڕۆ عەجزت موسادەقە كرد بۆ ئەم حكومەتەی ئێمە، ئەمڕۆ ئێستا عەجزت موسادەقە كرد، ئەم عەجزە بەچی سەد بكەم؟ بەس ئەوەندە، یەعنی ئێوە موعالەجەی پرۆژەی ئیستسماری دەكەن، ئەی موعالەجەی عەجزەكە؟ ئێ باشە مادام وایە ئەو پارانەی كە هەڵتان گرت لە 10٪ یەكە هەڵتانگرت، ئەو شتانەی ترتان پێی ئیزافە نەكردبایە، بتانوتایە ئەوە عەجزەكەی پێ سەد دەكەین و بابڕواو ئیتر هیچمان نامێنێ، ئەو وەختە منیش هیچ موشكیلەیەكی حسابیم نەدەبوو، بەڵام ئەمە موشكیلەیەكە، رجاتان لێ ئەكەم، من شتی تریش هەیە دەمەوێ لێرە باسی بكەم، پارەیەك هاتە ئێرە پارەی نەوت، مەشاریعی تازەی پێ كراو ڕۆیشت، لە كاتێكدا عەجز هەبوو ئەو ساڵە، خۆ كەس نەیدا عەجزەكەی پێ سەد بكات، میزانیەی تەكمیلیش نەبوو، ئێستاش من تەوەقوع دەكەم ئەمساڵیش میزانیەی تەكمیلی نەبێ و، كە نەبێ عەجزەكە لەكوێ سەد بكەی؟ ئەگەر وەزارەتی پێشمەرگەش پارەی نەدا، وەڵڵاهی وەزارەتی پێشمەرگە ئەم پارانەمان هەمووی بداتەوە، من وەعد دەدەم عەجزەكەی پێ سەد دەكەین و دوو ئەوەندەش دەتوانین بدەین بە لای وەزارەتی تەختیت، بۆ ئەوەی ئیش و كاری زیاتریشی پێ بكات، رجاتان لێ ئەكەم هەر یەك لایەنی مەبینن، یەك لایەنە دیراسەتی مەكەن، بەڵێ ئێستاش عەجزەكەی خۆتان ئیلغا بكەنەوە، ئەو عەجزە چارەسەر بكەن، ئەو وەختە مەشاریعی ئیستسماریش پارەكەی بخەنە سندوقێكەوەو با بمێنێتەوەو، ئێمە علاجیشی دەكەین، ناشهێڵین بگەڕێتەوە بۆ عێراق، ئەنواع و ئەشكال حساباتمان هەیە، دەتوانین بیكەین بە ئەمانەت وەری دەگرم، دوایی سەرفی دەكەمەوە، ئەوە ئەو وەعدەش دەدەم، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

بەس قانونیەن، قانونیەن ناتوانن مخالەفە هەبێت، ئێمەش دەبێ موخالەفەی قانون نەكەین، ئێستا لیژنەی دارایی ئەو پێشنیارانەی هاتن، یەك، یەك ئەوەیان بكەن، بۆ ئەوەی بخرێتە دەنگدانەوە، فەرموو.

**بەڕێز د.ئاراس حسین محمود:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەو پێشنیارانەی كە باسكرا بە حەقیقەت هەردوو وەزیری بەڕێز وەڵامیان دایەوە، ئێمەش دەربارەی ئەو زەمانەی كەوا هەبێ چۆن ئیحتیفاز بەو پارەیەوە بكەین، كە دانراوە بۆ موازەنەی ئیستسماری و ماوەتەوە لەدوای 12/31 ئیحتیفازی پێوە دەكەین، بەڕێز وەزیری دارایی ڕوونی كردەوە، كە ئەی چۆن عجزەكەی پڕبكەینەوە؟ ئێمە دەقاو دەق لەگەڵ ئەو بۆچوونەی بەڕێز وەزیری داراییین، دەربارەی بۆچوونێكی دیكە

هەبوو، کە موناقەلە نەکرێت لە ئیعانات و لە مینەح و لە مەنافعی ئیجتماعی، بە حەقیقەت لەوانەیە کە دەڵێن موناقەلە، یان لە ئەبوابی میزانیە، یان لە مستەواکان دایە، لەبەر ئەوە شتێکی واریدە، کە لەوانەشە بکرێت، ئەی ئەگەر مایەوە چی لێ بکەین؟ هەر ئەبێ موناقەلە بکرێت، کە تۆ موناقەلەت هەبوو، ناتوانین لە بابێك، خۆی موناقەلە چیە؟ لەبەینی فەسڵ و ماددەو نەوع دایە، بە پێی سەلاحیەتی وەزیر بێ، یان سەرۆکی دائیرە بێ، ئەی ئەگەر ئەساسەن موناقەلە هەر لەبەینی ئەوانە دەکرێت، لەبەرئەوە زۆر واریدە هەبێ لەنێوان ئەو حساباتانە کە ئێستا باسکرا، دەربارەی معیاری موناقەلە، بەڕێز وەزیری پلاندانان ڕوونی کردەوە، معیاری موناقەلە لەو کاتە دروست دەبێت، کە کێشەکە ڕووی داوە، مومکینە چەندین معیار دەبێ، معیاری شوێن بێ، معیاری کات بێ، معیاری جێ بەجێ کردنی پلانەکە بێ، بەڕاستی معیارێکی موحەددەدت نییە، معیارەکە خۆی دێتە کایەوەو فەرزی دەکات، کە ئەو موناقەلەیە بکرێت، دەربارەی موشارەکەی لیژنەی پەرلەمانی لە موناقەلە، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، جارێکی تریش من دەیڵێمەوە هەرچەندە جەنابیشت موعتەرەزی لەسەر ئەم بابەتە، موشارەکەی لیژنەی پەرلەمانی لە موناقەلە، بەڕاستی ئەوە تەداخولە لەبینی سوڵتات، نازانم بەڕێزت لەگەڵمانی، یان ئەندام پەرلەمانەکان، جا ئەو کاتە پەرلەمان هەڵسێ بە ئیشەکانی حکومەتیش، بۆچوونێکی تر هەبوو، کە تەنسیق نەبێ لەبەینی وەزارەتەکان بۆ موناقەلە، بەتایبەتی لەبەینی وەزارەتی دارایی و تەختیت و وەزارەتی مەعنی، بەڕاستی ئەو موناقەلەیە کە دەکرێت ئەبێ ئەو سێ لایەنە لێی بزانن، کە ئەبێ هەر سێ لایەن ئاگایان لێی بێت، ئەگەر وانەبێ موناقەلەکە یەعنی هەدەفەکەی خۆی ون دەکات، ئەبێ ئەو سێ لایەنی مەعنین، کە دەبێ ئەو موناقەلەیە بەبێ ئەو سێ لایەنانە ناکرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێزان، هەر موداخەلەیەکی کورت، ئێمە لە لایەك باسی لامەرکەزیەت دەکەین و لایەکی تر دەمانەوێ هەموو حکومەت حەسر بکەین و بێین خۆمان بچینە ناو ئیشەکانەوە، بەڕاستی شتێکی دروست نییە، موناقەلە لەبەینی بابەکاندا، ئەگەر وەکو بەڕێزان باسیان کرد لەهەر سێ سەرۆکایەتیەکە، مەسەلەن سەرۆکایەتی هەرێم، سەرۆکایەتی حکومەت، سەرۆکایەتی پەرلەمان، ئەگەر شتێك زۆر زەرور نەبێ نایکات، بەڵام ئەگەر زەرور بوو زۆر تەبیعیە موناقەلەکان بکرێت، لیژنەی پەرلەمان خەریك ئەو شتانە بێت، جەنابی وەزیر ڕوونی کردەوە، لیژنەی دارایی بە حەقیقەت ئێمە ئیشی تەنفیزی ناکەین، ئیشی ئێمە تەشریعی و رەقابیە، پشتیوانی حکومەتی خۆمانە، بەڵام ئەگەر هەڵەیەکی هەبوو لیژنەکان دەتوانن بەڕێك و پێکی بچن بەدواداچوونی بۆ بکەن، بۆیە ئەو پێشنیارانەی هاتوونە کە ژمارەیەك لە ئەندامانی پەرلەمان یەك، یەك لیژنەی یاسایی دەرجیان بکەن، دوو کەس دیفاعی لێ بکاو، دوو کەس بەشێوەیەکی ترو بخرێتە دەنگدانەوە، نوقتەی نیزامیت هەیە عظیمة خان فەرموو.

**بەڕێز عظیمة نجم الدین حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

له حاڵەتێکدا کە بەڕێزت دەڵێی ئێمە بەشداری دەکەین، یان تەدەخولی دەسەڵاتی تەنفیزی دەکەین، بەڵام ئەی ئیشی پەرلەمان نییە، کە چاودێری پرۆژەکان بکات، موراقەبەی پرۆژەکان بکات، ئەی لەو حاڵەتەدا.......... .

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

تەواو، چاودێری جیایە، کە تۆ لەگەڵی بڕیار بدەی بۆ موناقەلە ئیشی خۆیانەو ئیشی حکومەتە، ئەوانەی کاك دڵشاد باسی کرد، لەم بابە لەم ماددەیە جێی نابێتەوە، دەتوانن لە شوێنی تر موناقەشەی بکەن، تکایە یەك، یەك پێشنیارەکان وەرگرن، د.ڕۆژان فەرموو.

**بەڕێز د.رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بەو پێشنیارانەی کە کران، ئێمەش وەکو لیژنەی یاسایی هەندێك راوبۆچوونمان هەیە، باس لەوە کرا کە ناکرێت گواستنەوە لەنێوان بودجەی وەبەرهێنان بۆ بودجەی تەشغیلی بکرێت، ئێمە پشتگیری لەو پێشنیارە دەکەین، بەڵام بە ماددەیەکی سەربەخۆ بێ پێمان باشترە، یەك لەو پێشنیارانە ئەوە بوو کە نابێت گواستنەوە لەنێوان بودجەی وەبەرهێنان بۆ بودجەی وەگەڕخستن بکرێت، لە بودجەی ئیستسماری بۆ بودجەی تەشغیلی.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

تکایە جوان ڕوونی بکەنەوە، بۆ ئەوەی بیدەینە دەنگدان، فەرموو.

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لایجوز المناقلة من الموازنة الاستثمارية الى الموازنة التشغيلية.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

دکتۆرە رۆژان ئەم ماددەیەی ئێمە ڕەبتی بەمانەوە هەیە یان نییە؟ فەرموو.

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمەش پێمان خۆش بوو وەکو لیژنەی کاروباری یاسایی ڕای خۆمان لەسەر پێشنیارەکان بدەین، ئەوجا پێشنیار، پێشنیار بدرێتە دەنگدان.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو.

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بەو پێشنیارەی کە کرا، پشتگیری لێ دەکەین، بەڵام بە ماددەیەکی سەربەخۆ بێ، نەك لێرە، پێشنیارێکی دیکە کرا بۆ دەسەڵاتی دادوەری کە لە بڕگەی دووەمدا هاتووە، کە دەسەڵاتی سەربەخۆ ڕاستەوخۆی هەبێ بۆ سەرف کردن، بۆ خەرج کردن و نەگەڕێتەوە هیچ لایەنێکی دیکە، ئێمەش پشتگیری لەو پێشنیارە دەکەین لە بڕگەی دووەم دەستەواژەك زیاد بکرێت (كما وله صلاحية الصرف مباشرة)، بۆ کۆتایی بڕگەی دووەم، بۆ ئەوەی ئەم دەسەڵاتەش کە بودجەی سەربەخۆ و تایبەتی خۆی هەیە مافی خەرج کردنی ڕاستەوخۆی هەبێت، بەبێ گەڕانەوە بۆ هیچ لایەنێك، باس لە ئەوە کرا کە پارێزگا بکرێتە هەرێم، نەخێر، ئێمە بە هیچ شێوەیەك لەگەڵ ئەوەدا نین، چونکە لە سنووری یەك پارێزگا پرۆژەکان نابێ بگوازرێتەوە بۆ پارێزگایەکی دیکە، بۆیە پارێزگار نابێ بکرێتە هەرێم، پێشنیارێك کرا بە دەمج کردن و یەکخستنی بڕگەی سێیەم و چوارەم لەگەڵ ئەوەشدا نین، لەبەرئەوەی خاڵی سەرەکی جیاوازی نێوان ئەو دوو بڕگەیە ئەوەیە کە خاڵی سێیەم باس لە گواستنەوەی بودجە دەکات لەنێو پرۆژەکانی یەك وەزارەتدا، بەڵام خاڵی چوارەم باس لە گواستنەوەی بودجەی تەرخان کراو بۆ پرۆژەکان لەنێوان وەزارەتی جیاواز دەکات، لەبەرئەوەی دوو خاڵی جیاوازن نابێ لێك بدرێن، دەقە کوردیەکە دکتۆر ئەحمەد ڕاستی کردەوە، بڕگەی سێیەم دەقی کوردی لەگەڵ عەرەبیەکە موتابق نییە، دەبێ لەسەر داوای وەزارەت بێ، وەزارەتی پەیوەندار، باس لە دیراسەی جەدوا کرا، پشتگیری لەو پێشنیارە دەکەین، بەڵام ئەوە پێویستی بە ماددەی قانونی نییە، لەبەر ئەوەی خۆی لە بنەماکانی پێشکەش کردنی پرۆژە، دەبێ دیراسە جەدوای لەگەڵ بێ و پێشکەش بکرێت، هەر ئەوەندە بوو پێشنیارەکانمان، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عمر فەرمووو.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئیقتراحێکیش کرا بەنیسبەت فەقەرەی یەکەوە، لا بردنی کەلیمەی کوردستان، ڕاستە سەرۆکی پەرلەمان، پێویست بەوە ناکات لێرە کوردستان و عێراقی پێوە بێت، بەنیسبەت ئەو تەوزیحەی کە بەڕێز دکتۆرە ڕۆژان باسی لەسەر کرد، بەنیسبەت تەوحیدی فەقەرە سێ و چوار زیاتر تەوزیحی لەسەر بدەین، فەقەرە سێ خاصە بە نەفسی وەزارەتێك لەیەك موحافەزە، یەعنی جائیزە وەزارەتێك لە پارێزگایەکدا لە چەند پرۆژەیەکی زیاتری هەبێ، بەڵام بەنیسبەت فەقەرەی چوارەوە باسی وەزارەتەکان دەکات، لێرەشدا جائیزە چەند وەزارەتێك، چەند پرۆژەیەکیان لە یەك موحافەزەدا هەبێ، بەڵام موقتەرەحێکی دیکەمان بۆ هات لە سەر فەقەرەی سێ بە ئیعتبار ئەگەر موناقەلە کرا لە قەزایەك، لە ناحیەیەك، لە محافەزەیەکداو چووە قەزایەکی دوورتر، بەڕاستی وەکو بابی حەق و عەداڵەت ئەو پرۆژەیە بۆ ئەو ناوچەیە کراوە، ئەگەر ئەو پرۆژە جێ بەجێ نەکرا، با هەرلە حدودی جوگرافیای ئەو قەزایە، یان ئەو ناحیە پرۆژەیەکی دیکەی لە جیاتی ئەوەی تر ئەوە وەزارەتەکان ئەوە خۆیان دەیزانن جێ بەجێ بکرێت، ئێمە پێمان وایە ئەگەر هاتو

ئـەو موناقەلەیـە کـرا، لەبـەینی پرۆژەکانی وەزارەتێـك لـە یـەك موحافـەزە، کـە ئـەڵێن موحافـەزە، یـەعنی بحـدودها الاداریـە، یـەعنی بـە هـەموو قـەزا و ناحیـە و دێیەکانیـەوە، بـا ئـەو پرۆژەیـە نەگوێزرێتـەوە لـە قەزایەکـەوە بـۆ قەزایـەکی دوورتـر، ئـەو ناوچـەیە مـەحروم نـەبێ لـەو حەقـەی کـە پێـی دراوە، بـا بـە پرۆژەیەکی تر بکرێ لەو حدودەی ئەو قەزایە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

یەکەم پێشنیار ئەوەبوو کەوا بڕگەی سێیەم و چوارەم دەمج بکرێ، ئەگەر ئەمەر بفەرمووی ئـەو پێشـنیارە بدرێتە دەنگدان.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

چۆن؟، سێیەم و چـوارەم بـە چ شـکلێك؟، بـەڕێزان ئێسـتا پێشـنیار هەیـە، بڕگـەی 3 و 4 دەمـج بکـرێ، کـێ تەئیدی دەکات؟، با دوو کەس لەسـەری قسـە بکـات بـۆ دەمـج بکـرێ؟، ئـەو پێشـنیارە لـە لایـەن دوو ئەنـدام پەرلەمانەوە هات، پاشان ڕەئی جەنابی وەزیریش وەردەگرین و لێژنەی داراییش کە بـۆ دەمـج نـەکرێ، کـێ دیفاعی لێ ئەکات کە بڕگەی 3 و 4 دەمج بکرێ؟، کاك شوان فەرموو.

**بەڕێز شڤان احمد عبدالقادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ڕاستە ئەوە لە بەینی موحافەزات، ئەوەی تـر لـە بـەینی هـەموو موحافەزاتـە، بـەڵام هـەدەف یەکـە، یـەعنی مەشروع موناقەلەی مەشاریعی ئیستیسماریە، لێـرەدا ئـیعلان کردنـی وەزارەت کافیـە، وەزارەتـی ئیقتیصـاد، بۆیە هەدەفەکە بە یەك بڕگە تەحقیق دەبیت.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەڤین خان فەرموو.

**بەڕێز ئەڤین عمر احمد فرج:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مەبەست لێرە لە دەمج کردنەکە ئەویە کە صەلاحیاتەکان، بۆ نموونە لە سێیەم صـەلاحیاتی موناقەلەکـەی لە بەینی مەشاریعی یەك وەزارەتدا، بە وەزارەتی تەختیت داوە، بەڵام لە دووەمدا بە وەزارەتی مالیەی داوە، کە لە بەینی دوو وەزارەتە، بەڵام هەردووکیان ئەو موناقەلە کردنە لە مەشاریعی ئیستیسماریدا هـەردووکی ئی وەزارەتی تەختیتە، بۆیە ئەگەر بکرێت و، ئێمە باسی ئەوە دەکەین کە دەمج بکرێ، یەعنی صەلاحیاتی هـەردوو خاڵەکـە لـە دەسـتی وەزارەتـی تـەختیت بـێ، ئایاموناقەلەکـە لـە یـەك وەزارەت بـێ، یـان لـە بـەینی هەرچەند وەزارەتێکی تر بێت موناقەلەکە؟، بەڵام لە زمنی حدودی ئەو موحافەزەیە بێت کـە پارەکـەی بـۆ سەرف کراوە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کێ لەگەڵ ئەوەیە کە دەمج نەکرێ و وەکو خۆی بمێنێ؟، دوو کەس، د.ڕۆژان و سیوەیل خان، فەرموو.

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لەگەڵ ئەوەدا نیم کەوا بڕگەی سێیەم و چوارەم دەمج بکرێ، لەبەر ئەوەی دوو جیاوازی سەرەکی هەیە لە نێوانیان، خاڵی سێیەم کە دەسەڵات درایتە وەزیری پلان، لەبەر ئەوەیە کە لەسەر داوای وەزارەت، خودی وەزارەت خۆی داوای کردووە پێویستی بە گواستنەوە هەیە لە نێوان بودجەی تەرخان کراو بۆ پرۆژەیەك کە لە هەمان وەزارەتە، لە سنووری هەمان پارێزگاش ئاگاداری وەزارەتی دارایی دەکاتەوە، بەڵام خاڵی چوارەم، کە بە هەماهەنگی نێوان وەزارەتی دارایی و وەزارەتی پلانە، لەبەر ئەوەی ئەو بڕە پارەیە تەرخان کراوە بۆ چەند پرۆژەیەکی جیاوازە، کە هەر یەکە و تایبەتە بە چەند وەزارەتێکی جیاواز، بۆیە لێرە پێویست دەکات هەماهەنگی لە نێوان هەردوو وەزارەت هەبێ، بۆیە دەمج نەکرێ باشە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سیوەیل خان فەرموو.

**بەڕێز سێوەیل عثمان احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەمان ڕەئی د.ڕۆژانم هەیە، لەبەر ئەوەی ئەوە دوو بابەتە، لێرە ثالثأ نووسراوە : لوزیر التخطیط بناءأ علی طلب الوزارة المعنیة اجراء المناقلات اللازمة...الخ و اعلام وزارة المالیة و الاقتصاد، لە رابعأ دەڵێ، لوزیر المالیة و الاقتصاد بالتنسیق مع وزارة التخطیط و الوزارات المعنیة، واتا دوو بابەتی جیاوازە، ئەوە ثالثا لە بەینی یەك وەزارەتە، یەك وەزارەت موناقەلە بکرێ، بەس ئەوەی چوارەم لە بەینی وەزارەتەکانی دیکەیە، واتا وەزارەتی پەروەردە و تەندروستی و صیحە و ئاوەدان کردنەوە و شارەوانی، لە بەینی وەزارەتەکان، لەبەر ئەوەی لەگەڵ ئەوەی نیمە دەمج بکرێ و، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئێستا گوێتان لێ بوو، کێ لەگەڵ ئەوەیە دەمج بکرێ؟، فەقەرەی سێ و چوار تکایە دەستی بەرز بکات، دوو کەس، کێ لەگەڵ ئەوە دایە وەکو خۆی بمینێتەوە؟، بە زۆرینەی دەنگ وەکو خۆی مایەوە، زۆر سوپاس، تکایە بۆ پێشنیارەکانی تر فەرموون.

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشنیارێك كرا كەوا لە برگەكە هاتیە لە سنووری یەك پارێزگا و قـەزا وناحیەشـی بـۆ زیـاد بكـرێ، واتـا في حدود المحافظة او القضاء او الناحية، یەعنی گواستنەوە نەكرێ لە سنووری یەك پارێزگا و یەك قەزا و یەك ناحیە.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

خاوەنی ئەم پێشنیارە، موحافەزە وەحدەكی ئیداریە، ئەگەر سەحبی نەكەن ئەیدەینە دەنگدانـەوە، فـەرموو كاك خەلیل.

**بەڕێز خلیل عثمان حمدامین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من ئەمەوێ لەسەر ئەوە تەوزیحێك بدەم.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

تەوزیح نا، كەی هاتی دیفاعی بكەی رێت ئەدەمێ، جارێ دانیشە رێـت ئـەدەمێ، دوو كـەس ئـەوەی دیفـاعی لێ بكات دەستی بەرز بكات، لەو پێشنیارە كـە ئێسـتا جـارێكی تـر ئەخوێندرێتـەوە، بـەڕێزان گـۆران ئـازاد و خەلیل عثمان دیفاعی لێ ئەكەن، دوو كەسیشمان ئەوەیت كە وەكو خۆی بمێنینتەوە، كەس نیە؟، باشە كاك گۆران ئازاد فەرموو.

**بەڕێز گۆران ئازاد محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لە قانونی میزانیەی ساڵی پار، لە مادده 5، لە سێیەم، ئەو حاڵەتە دانـدرابوو و كـە روون نـەكرابووەوە بـەو شێوەیەی كە ئێستا لەناو زەمنی، دیسان مەشـروعی موازەنـەی ئەمسـاڵ هـاتبووە وە بـەم شـێوە هاتووتـەوە، بۆیە ساڵی پار ئێمە لەئەنجامی بەدواداچوونی كۆمەڵێك مەشروع بینیمـان موناقەلـەی پێكـراوە، مـن قسـەم لەسەر ئەوە نیە، موناقەلەكان موبەریراتی خۆی هەبووە و كاتێـك سـەردانی بـەڕێز وەزیـری پـلان دانانمـان كرد، ئەوان موبەریراتیان هەبووە و موبەریراتیشمان تا رادەیەك پێ مـەعقول بـووە، قسـەمان لەسـەر ئـەوە نیە، بەڵام لەگەڵ ئەو موناقەلەیە بۆ سنووری شارێكی تر، بۆمەنتیقەیەكی تر هـەر لـە زمـنی ئـەوە، ئەگـەر ئەم پرۆژەیە زەروور نیە، ئەگـەر ئـەم پرۆژەیـە گونجاو نیـە بـۆ جێبـەجێ كـردن، بـەڵام لـە زمـنی ئـەو بـە تەنسیق مەشروعێكی دیكە كە كۆمەڵێك تەلەبیات پێشووتر تەقدیمی پلان دانان كراوە، مەشروعێكی دیكـە بۆ ئەم ناوچەیە دابنرێ، ئەوە هۆكارەكە بووە، چونكە ساڵی پار ئەم ماددەیە بەم شـێوەیە هاتیـە، بـەڵام بـە شێوەیەكی تر تەعامولی لەگەڵ كرا.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕز كاك خەلیل فەرموو.

**بەڕێز خلیل عثمان حمدامین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

هەر وەكو بەڕێز وەزیری دارایی و وەزیری تەختیت باسیان كرد، من پێم وایە جۆرێك شەرعیەت دان بەو موناقەلەیە، بەو شێوەیە، دژی ئەو مەبدەئەیە كە پرۆژەكانی لەسەر دابەش كراوە، ئەویش من پێم وایە كە بە پێی كەسافەی سوكانی و پێویستی مەنتیقەكە دابەش كراوە، بۆیە لەوێ دانـدراوە، ئەگەر بەراستی لە حاڵەتی زۆر نادر نەبێ، من پێم وایە ئەوە غوبن لە مەنتیقەیەك دەكرێ لەسەر حیسابی مەنتیقەیەكی تر، بۆیە وەكو هاوكارم وتی وەكو پشتگیری لە رای هاوكارم كاك عومەر دەكەم كە، یەعنی پرۆژەیەك كە موناقەلەی پێ دەكرێ، با هەر لە زمنی ئەو قەزایە بێ، با پرۆژەیەكی تری پێ بكرێ، چونكە ئەساسی ئەو پرۆژانە لەسەر ئەساسی كەسافەی سوكانی، لەسەر ئەساسی پێویستی ئەو ناوچەیە بدرێ، داواكارم كە ئەمە بەو شێوەیە بێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێزان كێ دیفاع لە ئەصڵەكە دەكات؟، بەڕێز جەنابی وەزیر فەرموو.

**بەڕێز علی سندی/وەزیری پلان دانان:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

خۆی فیكرەكە، ئێمە ئەوەندە دژی فیكرەكە نین، ئێمە لە هەموو فەقەراتی پێشووتریش، لە تەوصیاتی پرۆژە یاسای بودجەی حكومەتی هەرێم بۆ ساڵی 2010 و لە زۆربەی گفتوگۆكان مەبدەئی ڕەچاوكردنی عەدالەت و موراعاتی كەسافەی سوكانی بە پێی حەددی ئیمكان كراوە، چونكە ئێمە، ناوی موئەسەسەكەی ئێمە حكومەتی هەرێمی كوردستانە، حكومەتی هەرێمی كوردستانیش وەكو چەترێك لەسەر هەندێك مەبادیئ بڕوات، ئەو تەفصیلانە هەتا ئیلتیزاماتەكانی خورد بكەینەوە و بچینەوە خوارەوە زەحمەتتر دەبێت، یەعنی من دژی تەرحەكە نیم بە حەقیقەت، فەقەت مەبدەئی لەباتی ئەوەی كە ئێمە هەر وەكو ئەركێك عەدالەتی تەوزیع بە شێوەیەكی گشتی بە پێی ئەو پێوەرانەی كە هەیە كە معقولترین پێوەر كەسافەی سوكانیە، لەباتی ئەوە ئێمە بچین حكومەت یان وەزارەتەكان ئیلزام بكەین بە هەندێك شت، یەعنی ئەوەیان تۆزێك رەخنەم لەوە هەیە، ئەگەر نا، ئەگەر پێتان باشە ئەو فەقەرەی كە هاتووە بە پێ، چونكە كە لە ئاستی موحافەزە بچینە خوارتر، بچینە قەزا، موتەئەكید بن ساڵی ئایندە دەبێ باسی ناحیەش بكەین، دواتر دەبێ بچینە گوندیش، موشكیلەی ئەم ناحیە لەگەڵ ئەو ناحیە و پرۆژەی ئەم برا بۆ ئەوێ، ئەوە ناحیەی فەلسەفیەكەی، ناحیەی مەنتیقیەكەی تۆزێك ناڕێكە، ئیللا ئەگەر پێتان باشە ئەوە تۆزێك تەعدیل بكرێ، بەشێوازێك كە بڵێین، مەبدەئێكی عام كە حكومەت پێوەی مولزەمە، ئەویش بۆ نموونە بگوترێت موراعاتی عەدالەتی ئیجتیماعی، یان موراعاتی كەسافەی سوكانی بكرێت، بە شێوازێكی ئاوها بگوترێت، ئەگینا ئەگەر هاتو بۆ نموونە دەیڵێم، شەرت نیە وا بێت، چونكە ئەگەر بنكەیەكی تەندروستی وەكو میسال، لە شوێنێك وەزارەتی تەندروستی قەراری دا لەبەر هەر هۆیەك بیباتە شوێنێكی

تر، ئەگەر لەویٚ حەزق کرد، یەعنی لە باتی بنکەی تەندروستی، وەزارەتـی تەندروسـتی چـی دروسـت بکـات لـەویٚ مەسـەلەن، خۆناچـێت قوتابخانـەی پـیٚ دروسـت بکـات، خـۆ ناچـیٚ شـتێکی تـری پـیٚ دروسـت بکـات، ئیحتیماله ئیحتیاجەکە بەو شکلە بێت، ئـەوە وەکـو مەبـدەء، حـەز دەکـەن ئـەو فەقەرەیـە ئیزافەیـەکی بـۆ بکرێت، موراعاتی کەسافەی سوکانی بکرێت بە پێی ئیمکان، دیسان هەر فەقەت بە پێی ئیمکـان بێـت، هـەر بۆ مەعلوماتیش تەبعەن ئەوە لەو حاڵەتە دەکرێت، هەرچـەندە لەوانەیـە تێپـەڕی بێـت، بـەلاّم موناقەلـەی بەینی وەزارەت بۆ وەزارەتێك، ئێمە پار ساڵی (2010) یەك حاڵەتیش نەبووە، زۆر زەحمەتیشە کـە ببێـت، یەعنی ئەوە زۆر موعەقەد نیە ئیشەکە، چونکە کـەس ئیحتیمالـە لـە سـێکتەرەکەی خـۆی داوا بکـات، ئـەوە بۆچوونی منە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، فەرموو خانم.

**بەڕێز عظیمة نجم الدین حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من یەك تەعقیبـم لەسەر قسەکەی بەڕێز وەزیری پلان دانان هەیە کە دەڵـیٚ سـاڵی پـار بـە هـیچ شـێوەیەك حاڵەتی لەو شێوەمان نەبووە، من بە نموونە دەتـدەمیٚ کە لە چەمچەماڵ دا قوتابخانەیـەکی (18) پـۆلی بـۆ لادیٚ یەك بـراوە، بە میزاجی شەخصـی و بـا بڵـێین عیلاقـاتی شەخصـی لەگـەڵ مـودیر عـام بـووبیٚ، لەگـەڵ وەزیر بووبیٚ، لەگەڵ هەر کەسیٚ بووبیٚ بۆ تەنیا دوو ماڵ، یەك ماڵی تیایە، هەژدە پۆلییەك بـراوەتە ئـەویٚ، کە جێی ئەوەیە شەش پولی یان چوار پولی لیٚ بوایە، لە شوێنێکی تر جاددە بـراوە بۆ دیٚ یەك، جادەیەکی (90) کیلۆمەتری یەك ماڵێکی لیٚ یە، ئەوانە میزاجی شەخصی نیە؟

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، جەنابی وەزیر جوابتان بۆ موداخەلەی ئەو خوشکە چیە؟

**بەڕێز شێخ بایز تاڵەبانی/ وەزیری دارایی:**

وەڵلا من تەئیدی هەموو قسـەکانی دکتـۆر دەکـەم، چـونکە ئـەوە زیـاتر عیلاقـەی بەوانیشـەوە هەیـە، وەکـو وەزارەتی تەختیت.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك د.علی، فەرموو.

**بەڕێز د. علی سندی/ وەزیری پلان دانان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من هەر فەقەت بۆ ئەوەی ئەو ئیشارەتەی چونکە پێویستە و لە پرۆتۆکۆل تەسجیل کراوە، ئـەو پرۆژەیـەی کە بەڕێز ئەندام پەرلەمان عەزیمە خان ئیشارەتی پیٚ دا، کە قوتابخانەیـەکی هـەژدە پـۆلی بـۆ گونـدێك کـە دوو ماڵی لیٚ یە تەسبیت بووە، حەز دەکەم ئەوە بەدواداچوونێکی جیددی بـۆ بکرێـت، ئەگـەر وابێـت ئێمـە

ئیستیعدادمان هەیە پرۆژەكە لابدەین، موناقەلەی پێ بكەین، هەرچییەك بكەین، ئەگەر واش نەبێت، وابزانم ئەو شتانە نابێت بە شكلێكی سەتحی ئاوا تەرح بكرێ.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، سۆزان خان فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لەبەر ئەوەی من وەكو لێژنەی پەروەردە تەداخولی ئەو مەوزووعەم كردووە، بۆیە من ئاگادارم ئەوە بەو شێوەیە نەبووە، لەسەر مەشاریعی ئیستیسماری نەبوو، لەسەر پەرەپێدانی پارێزگاكان بووە، فیعلەن یەك ماڵ بووە، نەك دوو ماڵیش، یەك ماڵ بووە، حالەن پاش پەیوەندیمان بە پارێزگای سلێمانی یەوە، مەشرووعەكە ئیلغا كرا بە تەنسیق لەگەڵ بەڕێوەبەری گشتی، بەڕێوەبەری پەروەردەی چەمچەماڵ كە خۆیان شوێنێكی كەیان تەرخان كرد، برایە ئەو شوێنە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ئەوانە حاڵەتی عام نیە، ئەوە موخالەفەیە، بۆ لیجانی پەرلەمانی هەیە بەدواچوونی بكەن، ئیجرائاتیش وەربگیرێ، ئەوە مەوزووعێكی ترە، ئێستا دێینەوە سەر دەنگدانەكە، ئاخیر صیاغە پێشنیارەكە بخوێنەرەوە، بۆ ئەوەی بدەینە دەنگدان.

**بەڕێز عونی كمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ثالثاً/ لوزیر التخطیط و بناءاً علی طلب الوزارة المعنیة إجراء المناقلات اللازمة للمشاریع الإستثماریة ضمن الموازنة الإستثماریة.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك عونی چوارەمە نەك سێیەم، بەڵێ فەرموو.

**بەڕێز عونی كمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەبارەت بە بڕگەی چوارەم، پێشنیارەكە بەو شێوەیە دەخوێنمەوە، كە داوا دەكرێت ئەگەر ئەندامانی پەرلەمان قبوولیان كرد،

(رابعاً/ لوزیر المالیة و الإقتصاد و بالتنسیق مع وزارة التخطیط و الوزارات المعنیة إجراء المناقلات اللازمة للمشاریع الإستثماریة بین الوزارات و في حدود المحافظة الواحدة أو القضاء الواحد و ضمن الموازنة الإستثماریة المصدقة)

داواكارم سەرۆكی پەرلەمان ئەو پێشنیارە بخاتە دەنگدانەوە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئێستا ئەو پێشنیارەی هاتووە، ئەوانەی کە لەگەڵ ئەصلی مەشرووعەکە دبن، لە ماددەکە کە لە پرۆژەکەیە، ئەوە دەنگی بۆ نادەن، ئەوەی لەگەڵ پیشنیارەکەیە، کێ لەگەڵە بەو صیاغەیەی کە کاك عونی خوێندییەوە تکایە دەست بەرز بکات؟ (41) بەڕێز لەگەڵ دایە، کێ لەگەڵە وەك ئەصلی مەشرووعەکە بمێنێت تکایە دەست بەرز بکات؟ (27)، بۆیە ئەو گۆڕانکارییەی بەسەر هات وەکو پێشنیارەکە، فەرموو بۆ پێشنیارێکی تر.

**بەڕێز د. ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشنیارێك کرا سەبارەت بە بڕگەی دووەم، پێشنیاری ئەوە کرا دەسەڵاتی خەرج کردنی ڕاستەوخۆ بدرێتە سەرۆکی ئەنجومەنی دادوەری، لە بڕگەی دووەم زیاد بکرێ، لە کۆتاییەکە بەم شێوەیە (کما و لە صلاحیة الصرف مباشرة).

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئێستا گوێتان لێ بوو، خوێندرایەوە، کێ لەگەڵە بەو شێوەیە تکایە دەست بەرز بکات؟ (49) بەڕیز لەگەڵدایە، کێ لەگەڵ دا نیە؟ (2) کەس لەگەڵ دا نیە، بە زۆرینەی دەنگ پەسند کرا، بەڕێزان کۆتایی بە دانیشتنەکە دەهێنین تا بەیانی سەعات (11:30) خوا لەگەڵتان بێت.

ئەگەر بەشێوەیەکی تر بوو، ئێمە ئەوە مەسائیلێکی قانونی عێراقیە، ناتوانین دەستکاری بکەین، ئەگەر جەنابی وەزیر پێش ئەوەی بچنە دەرەوە رەئیەکی نیهائیمان بداتێ، بۆ ئەوەی بە غەڵەت نەچێتە پرۆتۆکۆلەوە.

**بەڕێز شێخ بایز تاڵەبانی/ وەزیری دارایی و ئابووری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من وام نەگوتووە، من بەم شێوەیە قسەم، ئەمڕۆکە عەجزتان بۆمان دەست نیشان کردووە، ئەم عەجزە بەچی تەسدید دەکرێت؟ ئەگەر پارەی وەبەرهێنان ئێمە ئیستیفادەی لێ نەکەین، گوتم ئەگەر ئێمە عەجزەکە چارەسەر بکەین، ئێمە دەتوانین وا بکەین پارەی وەبەرهێنان نەگەڕێنینەوە، ئەگەر پێویستیش دەکات لای بدەن لە کۆنترۆل.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ، ئەو وتەکەت، چونکە رەنگە جەنابت نیەتت وا بوو بێت، بەلاّم بەشێوەیەکی تر تەرح کرا، بۆیە داوا دەکەین لە پرۆتۆکۆل بسڕێتەوە، زۆر سوپاس، تا بەیانی سەعات (11,30) خوا ئاگادارتان بێت.

شێروان ناصح حیدری
سکرتێری پەرلەمانی
کوردستان – عێراق

محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی)
سەرۆکی پەرلەمانی
کوردستان - عێراق

# پەرلەمانی کوردستان - عێراق

## پرۆتۆكۆڵی دانیشتنی ژمارە (21)

## پێنج شەممە ڕێكەوتی 26\5\2011

## خولی سێیەمی هەڵبژاردن

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (21)

## پێنج شەممە رێكەوتی 2011/5/26

كاتژمێر (11،30)ی پێش نیوەڕۆی رۆژی پێنج شەممە رێكەوتی 2011/5/26 پەرلەمانی كوردستان - عێراق بە سەرۆكایەتی بەڕێز محمد قادر عبداللە(د.كمال كەركووكی) سەرۆكی پەرلەمان و, بە ئامادەبوونی بەڕێز شێروان ناصح حیدری سكرتێری پەرلەمان, دانیشتنی ژمارە (21)ی خولی سێیەم, ساڵی (2011) ی خۆی بەست.

**بەرنامەی كار:**

بەپێی حوكمەكانی بڕگە (1)ی مادده (20) لە پەیڕەوی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەمواركراوی ساڵی 1992ی پەرلەمانی كوردستان - عێراق, دەستەی سەرۆكایەتی پەرلەمان بڕیاری درا دانیشتنی ژمارەی (21)ی خولی سێیەمی هەڵبژاردن لە كات (11،30)ی پێش نیوەڕۆی رۆژی پێنج شەممە رێكەوتی 2011/5/26 دا بەم شێوەیە بێت:

1 -بەردەوام بوون لەسەر گفتوگۆ كردن و بڕیار دان لەسەر پرۆژە بودجەی هەرێمی كوردستان بۆ ساڵی (2011) و یاساكەی.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

**بەناوی گەلی کوردستان، دانیشتنەکەمان دەکەینەوە، خولی سێیەمی هەڵبژاردن، ساڵی دووەم خولی گرێدانی دووەم، ژمارەی دانیشتن (21) ڕۆژی دانیشتن (2011/5/26)، بەرنامەی کار:**

**بە پێی حوکمەکانی برگە (1)ی ماددە (20) لە پەیڕەوی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەموارکراوی ساڵی 1992ی پەرلەمانی کوردستانی عیراق، دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بڕیاری دا بەرنامەی کاری دانیشتنی ژمارە (21)ی ئاسایی خولی سێیەمی هەڵبژاردن لە (11:30)ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی پێنج شەممە ڕێککەوتی (2011/5/26)دا بەم شێوەیەی دەبێت:**

**1-بەردەوام بوون لەسەر گفتوگۆ کردن و بڕیار دان لەسەر پرۆژە بودجەی هەرێمی کوردستان بۆ ساڵی (2011) و یاساکەی.**

**بەخێرهاتنی وەزیرە بەڕێزەکان کاک شێخ بایز و کاک د.علی دەکەین، هەروەها بریکاری وەزارەت کاک رشید تاهیر، زۆر زۆر بە خێربێن، سەرکەوتوو بن، داوا لە لێژنەی یاسایی و لێژنەی دارایی دەکەین بفەرموون بۆ سەر مینەصە، لێژنەی یاسایی بۆ ماددەی (7) لە ئەصڵی پرۆژەکە کە دەکاتە ماددەی (8)، فەرموو بەردەوام بن.**

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**لە کۆبوونەوەی دوێنێ لە ماددە (8)ی پرۆژەکە ڕاوەستاین، ئەو پێشنیارانەی کە سەبارەت بە ماددەکە قسەی لەسەر کرا، ئێمە گفتوگۆمان لەسەر کرد، تەنها دوو پێشنیار ماوە، یەکەمیان/ پێشنیارێك پێشکەش کرا بە لابردنی مەنافعی ئیجتیماعی لە هەر سێ سەرۆکایەتی، دووەمیان/ نەقل کردنی، واتا موناقەلە کردنی مەنافیعی ئیجتیماعی لە ماددەکە، ئێستا لەلایەن لێژنەی دارایی یەوە وەڵامی ئەو پێشنیارانە دەدرێتەوە.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**بەڕێزان ئەوە بۆ دەنگدان بوو، چونکە ئێمە لەسەر مەجموعەیەك پێشنیار دەنگمان دا، ئێستا دوو بەڕێز لەسەر پێشنیارەکە قسە دەکات، کە بۆ ئەو موناقەلەیە ڕابگیرێ؟ دوو بەڕێزیش بۆ ئەوەی کە وەك خۆی بمێنێت، ناوەکانم دەوێت، کاك ئیسماعیل نیزامی؟ فەرموو.**

**بەڕێز ئیسماعیل محمود عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**دیارە لەو ماددانە زۆر موناقەشە دەکرێ، ئەندامانی پەرلەمان ڕای خۆیان وتووە، هەردوولا، ئەوەی کە دژی بووە، ئەوەی لەگەڵی نەبووە، ئێستا پێویست ناکات دووکەسی تر دیفاعی لێ بکات، دوو کەس موناقەشەی بکات، ڕاستەوخۆ هەردوو لێژنەکان وەڵام دەدەنەوە و بخرێتە دەنگ باشە.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**باش بەسەرچاو، ئێستا جەنابی کاك عەونی و لێژنەی دارایی ئاخیر صیاغەی بخوێننەوە بۆ ئەوەی بخەینە دەنگدان، فەرموو کاك ئاراس.**

**بەڕێز د.ئاراس حسين محمود:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەندامانی بەڕێز، دەربارەی ئەوەی كەوا پێشنیارێك هەبوو موناقەلە نەكرێ لە نێوان مینەح و ئیعانات و مەنافعی ئیجتیماعی لە موازەنە، چ لەسەر ئاستی موازەنەی هەرێم، چ لەسەر ئاستی موازەنەی دەزگاكان و وەزارەتەكان، لە ڕاستیدا موناقەلە مەبدەئێكی ئەساسی یە، لە موازەنە هەیە نەك لە میزانیە، ئەگەر موازەنە تەقدیری بێ، واتا موازەنەیەكی تەختیتی بێ، كەواتە ئەو ژمارانەی كە دامان ناوە، ژمارەیەكە پێشبینی دەكەی كە ئەو ژمارەیە لە داهاتوودا بەو شێوەیە بێ، واتا تۆ خوتتەیەكت داناوە لەسەر كاغەز، ئەو خوتتەیە لە كاتی جێبەجێ كردن عادەتەن گۆڕانكاری بەسەر دا دێت، مەسەلەن بۆ نموونە، حیسابێك لە حیسابەكان تەخصیصێكی موعەیەنی هەیە (10) ملیار، حیسابێكی ترمان هەیە پێنج ملیار، وا تەختیت كراوە، وا تەقدیر كراوە، وا پێشبینی كراوە، بەڵام دواتر لە دەرەنجامی تەنفیزی خوتتەكە لە تەنفیزی میزانیەكە، ئەو حیسابەی كە بۆ نموونە (10) ملیاری بۆ تەرخان كراوە، مەجبووری لە دەرەنجامی بەڕێوەبردنی دەوڵەت، لە دەرەنجامی ئەو هۆكارە نوێیانە كە دێتە كایەوە، تەجاوز بكەی لەو (10) ملیارە، بەڵام حیسابەكەی تر كە (5) ملیارە وەكو خۆی ماوەتەوە، یان بووە بە (4) ملیار، یان بووە بە (3) ملیار، دوایی بە پێی ئەزموون و بە پێی بۆچوون، ئەو (3) ملیارە دەمێنێتەوە و ئەو یەكە تەجاوزی كردووە لە (10) ملیار، لەبەر ئەوە تۆ مەبدەئێكی سەرەكی، موناقەلە مەبدەئێكی سەرەكی یە لە موازەنە، بۆ ئەوەی ئەو بالانسە وەرگریتەوە، دەسەڵات دەدرێ، جا ئیتر ئەو دەسەڵاتە لەسەر ئاستی وەزیری دارایی دەبێ، لەسەر ئاستی سەرۆكی ئەنجومەنی وەزیران دەبێ، ئەگەر وردی بكەینەوە لەسەر ئاستی وەزارەتەكان دەبێت، ئەو كاتە ئەو موناقەلەیە دەكرێ بۆ ئەوەی ئەو بالانسە دروست بكرێ، لەبەر ئەوە ڕاوەستانی موناقەلە لە نێوان حیسابات بە تایبەتی حیسابەكانی میزانیەی تەشغیلی كە هەمانە، لە ڕاستی دا ڕاوەستاندنی تەنفیزی موازەنەكەیە، لەبەر ئەوە ئیمكان نیە مەبدەئی موناقەلە نەمێنێ، یاخود لە بەینی ئەو سیانە نەمێنێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر ڕەئیت؟

**بەڕێز شێخ بایز تاڵەبانی/ وەزیری دارایی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من هەر دەمەوێ مەنافیعی ئیجتیماعی باس بكەم، چونكە مەنافیعی ئیجتیماعی تەبەروعات و ئیعانات نییە هەمووی، كە ئێستا لەهەر سێ سەرۆكایەتیەكە لای دەدەن، تەبەروعات و ئیعاناتە، ڕەواتبی تەقاعودیە، زەمانی ئیجتیماعی یە، سندووقی تەعویزاتە، (متضرري الحرب)، (بدلات العسكريين)، (نظام التوزيع العام)، (إغاثة و المعونة الإجتماعية للمهجرين)، ئەوانەی كە نەخۆشن، ئەوانەی كە وەفات دەكەن هی پارە وەردەگرن، هی دایكیان، هی برایان، هی باوكیان، ئەوە نیزامێكی خاصی خۆی هەیە، ئێستا كوڕو كچی شەهید كە ئیعفا دەكرێن لەپارەی ئەو پێنج ملیۆنەكە، ئەوانە هەمووی لە مەنافیعی ئیجتیماعی یە، ئایا

مەبەست لادانی ئەوفەقەرەیە لە هەر سێ سەرۆکایەتی یەکە هەموو ئەوانەیە، یاخود تەنها هەر تەبەروعات و ئیعاناتە؟ تەنها بۆ ئەوە من.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لێژنەی یاسایی ئاخیر صیاغەتان بخوێننەوە، پێشنیارەکە ڕوون بکە، بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگدان.

**بەڕێز عونی کمال بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئایا پێشنیارەکە بە تەعدیل بخوێنمەوە یان ئەصڵی پرۆژەکە کە ئەو پێشنیارەی وەرگرت، ئەصڵی پرۆژەکە،

المادة الثامنة:

أولا/ لرئيس البرلمان.......

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز ئەوەل پێشنیارەکە، ئەصڵی ماددەکە دیارە، پێشنیاری ئەو ئەندامە بەڕێزانە هات، دەیخەینە دەنگدان، ئەگەر دەنگی هێنا، ئەوە دەچێتە شوێن ماددەکە، ئەگەر دەنگی نەهێنا ماددەکە وەك خۆی دەمێنێتەوە، فەرموو.

**بەڕێز عونی کمال بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة الثامنة:

أولاً/ لرئيس البرلمان إجراء المناقلة ضمن الإعتمادات الخاصة بالبرلمان عدا المنح و الإعانات.

ثانياً/ لرئيس مجلس القضاء إجراء المناقلة ضمن الإعتمادات الخاصة بمجلس القضاء عدا المنح و الإعانات.

ثالثاً/ لوزير التخطيط و بناءاً على طلب الوزارة المعنية إجراء المناقلات اللازمة...

جەنابی سەرۆکی پەرلەمان، تەنها بۆ دوو بڕگە ئەوە بەکار دێت، واتا ئەوەی کە خوێندمەوە، داوا لە سەرۆکایەتی پەرلەمان دەکەم بخرێتە دەنگدان.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز ئێمە پێشنیارەکە دەخەینە دەنگدان، من ڕوونی دەکەمەوە، پێشنیارێك هاتووە و موناقەلە نەکرێت، لە مینەح و ئیعانات، کێ لەگەڵ ئەوەیە کە موناقەلە نەکرێت، تکایە دەستی بەرزبکاتەوە؟ دوایی سیاغەکەی ڕێك دەخەین، 21 بەڕێز لەگەڵ ئەوە بوو نەمێنێتەوە، کێ لەگەڵە وەکو خۆی بمێنێتەوە، 68 بەڕێز لەگەڵدایە وەکو خۆی بمێنێتەوە، لەبەرئەوە بەزۆرینەی دەنگ وەکو خۆی مایەوە، ئێستا بۆ پێشنیارەکەی تر، کاك عونی فەرموو.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشنیاری دووەم/ سیاغەکەی بە عەرەبیەکەی (الغاء المنافع الاجتماعية للرئاسات الثلاثة فى الاقليم).

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

پێشنیارێك هەیە، كە ئەو مەنافعی ئیجتماعی لە هەرسێ سەرۆكایەتیەكە بسەندرێتەوە، لەغو بێ، كێ لەگەڵ ئەوەیە كە مەنافعی ئیجتماعی لای سەرۆكایەتیەكان نەمێنێ و ئیلغا بێت، تكایە دەستی بەرز بكاتەوە؟ 24 بەڕێز لەگەڵ دایە كە نەمێنێ، كێ لەگەڵ دایە وەكو خۆی بمێنێتەوە؟ 64 بەڕێز لەگەڵ ئەوەیە كە بمێنێتەوە، بە زۆرینەی دەنگ پەسەند كرا، ئێستا گشت ماددەكە بخوێننەوە بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگدان، كاك عونی فەرموو.

**بەڕێز عونی كمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێستا ماددەكە دەخوێنمەوە پاش وەرگرتنی ئەو پێشنیارانە كە قبوڵ كرا و دەنگی لەسەر درا.

المادة الثامنة:

اولاً: لرئيس برلمان كوردستان اجراء المناقلة ضمن الاعتمادات الخاصة بالبرلمان.

ثانياً: لرئيس مجلس القضاء اجراء المناقلة ضمن الاعتمادات الخاصة بمجلس القضاء، كما وله صلاحية الصرف مباشرة.

ثالثاً: لوزير التخطيط وبناءاً على طلب الوزارة المعنية اجراء المناقلات اللازمة للمشاريع الاستثمارية ضمن الموازنة الاستثمارية المصدقة لنفس الوزارة، وفي حدود المحافظة الواحدة واعلام وزارة المالية والاقتصاد بذلك.

رابعاً: لوزير المالية والاقتصاد وبالتنسيق مع وزارة التخطيط والوزارات المعنية اجراء المناقلات اللازمة للمشاريع الاستثمارية بين الوزارات وفي حدود المحافظة الواحدة أو القضاء وضمن الموازنة الاستثمارية المصدقة.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئێستا گوێتان لێی بوو كێی لەگەڵە؟ نیزامی فەرموو.

**بەڕێز عظیمة نجم الدین حسن:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دوێنێ پێشنیارێك هەبوو كە گواستنەوە لە نێوان تەشغیلی و وەبەرهێنان دا نەكرێت، چەند ئەندامێك لێرە ....... .

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

ئەوە لە ئەحكامی ختامی دێت و حازرمان كردووە، ئەو كاتە بێ بەسەرچاو، بەڕێزان وەكو ئەوەی كاك عونی خوێندیەوە، كێ لەگەڵە تكایە دەست بەرزبكاتەوە؟ 63 بەڕێز لەگەڵە، كێ لەگەڵ دانیە؟ 19 بەڕێز لەگەڵ دانیە، بە زۆرینەی دەنگ پەسەند كرا، ئێستا بۆ ماددەی 8 لە ئەسڵی پرۆژەكە كە دەكاتە ماددەی 9، كاك عونی فەرموو.

**بەڕێز عونی كمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

المادة التاسعة:

اولاً: لوزير المالية والاقتصاد صلاحية اجراء المناقلة بين اعتمادات الباب الواحد باستثناء فصل الرواتب حيث يجوز النقل اليه ولا يجوز النقل منه.

ثانياً: لوزير المالية والاقتصاد اجراء المناقلة بين اعتمادات ابواب الميزانية لاغراض توفير امكانيات الصرف للادارات التي يتقرر فك ارتباطها من وزارة والحاقها بوزارة اخرى، وللوزير المختص اجراء المناقلة ضمن القسم الواحد و وحدة الصرف الواحدة.

ثالثاً: لا يجوز اجراء المناقلة بين المحافظات فيما يتعلق بتخصيصات اعمار وتنمية مشاريع الاقاليم والمحافظات.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ليژنەی دارایی ڕەئیتان؟ کاك د.ئاراس فەرموو.

**بەڕێز د.ئاراس حسين:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ليژنەی دارایی پەسەندی دەقی ئەو ماددەیە دەکات کە وەکو خۆی بمێنێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ليژنەی یاسایی ڕەئیتان؟ د.ڕۆژان فەرموو.

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمەش پشتگیری لە ماددەکە دەکەین و هیچ تێبینیمان لەسەری نیە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر ڕەئیتان؟ کاك شێخ بایز فەرموو.

**بەڕێز دبایز تاڵەبانی (وەزیری دارایی و ئابووری):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمەش پشتگیری لە ماددەکە دەکەین.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان لەسەر ماددەی 9 کە لە ئەسڵی پرۆژەکە ماددەی هەشتە، کێ ئەیەوێ قسە بکات ناوتان دەنووسین؟، ئێستا ئەم بەڕێزانە دەیانەوێ موداخەلە بکەن، بلال سلێمان، هاژە سلێمان، سیوەیل عثمان، کاوە محمدامین، حسن محمد، سەمیرە گۆران، ژیان عمر، عظیمة، عبدالسلام، کاك بلال فەرموو.

**بەڕێز احمد سلێمان (بلال):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بەو ماددەیە، ئێمە پێشتر بڕیارماندا کە ئەم بودجەی پەرەپێدانی پارێزگاکان نەیەتە ناو میزانیە وڕاستەوخۆ بدرێت بەخۆیان، کەواتە ئێمە پێویست ناکات ئێمە لێرە باسی بکەین، لەبەرئەوەی کە ڕاستەوخۆ دەدرێت بەخۆیان پارەکە تەوزیع دەکرێ و خۆیان تەسەروفی لەسەر دەکەن، پارێزگاکان نایەتە ناو بودجە، خاڵی دووەم/ من پێموایە ئەو موناقەلە داراییانەی کە دەکرێت پێویستە لەلایەن وەزارەتی داراییەوە بەزووترین کات، یەعنی لە هەر کاتێك کە موناقەلەکە کرا، بەزووترین کات دا بە کتاب ڕەسمی و لیژنەی دارایی پەرلەمانی لێ ئاگاداربکاتەوە، بۆ ئەوەی پەرلەمان ئاگاداری موناقەلەکان بێت بەوردی بزانێ ئەو موناقەلانە لە کوێ کراوە و چۆن کراوە؟، بۆ ئەوەی لەکاتی بەدواداچوون دا بتوانێ موتابەعەی بکات و لێپرسینەوەی لەگەڵ وەزارەت بکات بە شێوەیەکی ورد تر، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

هاژە خان فەرموو.

**بەڕێز هاژە سلێمان مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دەربارەی بڕگەی 3 لە ماددەی 9 کە دەڵێ نابێ گوێزانەوە لەنێوان پارێزگاکان دا بکرێت لەوەی پەیوەندی بە بڕە پارەی ئاوەدانکردنەوە و پەرەپێدانی پرۆژەکانی هەرێم و پارێزگاکانەوە هەیە، بەڕاستی من پێشنیار دەکەم کە ئەو بڕگەیە لابرێ، چونکە ناکرێت گوێزانەوە لەنێوان پارێزگاکاندا نەکرێت، ئەگەر پارێزگایەك پێویستی زیاتر بێت یاخود حاڵەتێکی زۆر زەرور بێت، بۆ یەعنی ئەو گوێزانەوەیە نەکرێت؟ بۆیە من لەگەڵ ئەو بڕگەیە نیم کە لەماددەکە دا هەبێت، یەعنی ئەو بڕگەیە لابرێت،زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سیوەیل خان فەرموو.

**بەڕێز سیوەیل عثمان احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێشنیار دەکەم لەو ماددەیە شوێنێك بدۆزینەوە لە بۆ ئەوەی کە پێشنیارەکەی دوێنێ کاك دڵشاد کردی کە چەند ئەندام پەرلەمانێك پشتیوانیان لێی کرد، واتە موناقەلە لەبەینی واتە لە ئیستسماری لە بۆ تەشغیلی نەچێت، ئەگەر لێرە جێی بۆ بکەینەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، ئەوە ڕوونمان کردەوە بە ماددەیەکی تایبەت لە ئەحکامی ختامی دای دەنێین بە وازحی ڕوونی دەکەینەوە کە لە ئیستسماری بۆ هیچ لایەنێك نەڕوات، کاك کاوە فەرموو.

**بەڕێز کاوە محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە ماددەی 8 باسی ئەوە کرا کە نابێ و ئەو میزانیەی تەخسیس دەکرێت بۆ مەشاریعی ئیستسماری لە قەزا موناقەلەی پێ بکرێت، برگەی 3 لە ماددەی 9 (لایجوز اجراء المناقلة بین المحافظات والاقضیة)ی بۆ زیاد بکرێت بۆ ئەوەی گونجاو بێت لەگەڵ ماددەی پێشوو، چونکە ئێمە دەنگمان لەسەری دا موحافەزات و ئەقزیە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، پەیوەندی بە پارێزگاکانەوە هەیە، هینی ئەقالیم، سمیرە خان فەرموو.

**بەڕێز سمیرە عبدالله اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە نسبەت ماددەی 8 کە بووە بە ماددەی 9، من پشتگیری ماددەکە دەکەم وەکو خۆی کە بمێنێتەوەو هەروەها وەزیری دارایی چەند ڕۆژە لێرەیە و ئاگادارە لە هەموو شتەکان پێویستە ئاگادار بێت، لە هەموو ئەوانەی کە پەیوەندی بە دارایی هەیە، بەڵام لە برگەی سێیەم من حەز دەکەم صیغەکە، ئەگەر دابرێژینەوە کە لێرە واهاتووە، لا یجوز اجراء المناقلة من المحافظات، فیما یتعلق بالتخصیصات لاعمار و تنمیة مشاریع الاقالیم و المحافظات، ئەگەر صیغەکە وا دابرێژرێتەوە، لا یجوز اجراء المناقلة في تخصیصات و تنمیة المحافظات، بکرێ، و التنمیة بین المحافظات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز محمد فەرموو.

**بەڕێز حسن محمد سورە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە ئەو جەدوەلەی کە لەگەڵ قانونەکە هاتووە، جوزئێکە لە قانونەکە، ئەو جەدوەلە و لەگەڵ ماددەکانی پێشوو کە لە قاوونەکە هاتووە، بریتین لە رووحی ماددەکە، بۆیە لە قانوندا، لە ماددەکەدا، دائیمەن مرونەتێك نیشان دەدات بە هۆی ئەوەی کە موناقەلە حەقە بدرێ بە وەزیری مالیە، بەڵام لێرە پێویستە تەوازونێك رابگیرێ بەینی پاراستنی روحی ماددەکە و لە بەینی ئەو مرونەتە، بۆیە بەرای من دەبێ لێرە بە (لایجوز) دەست پێبکات، کە بگوترێ: لا یجوز اجراء ایة مناقلات مالیة، الا اذا توافرت اسباب جوهریة تبرهن مثل هذه المناقلات، یعني بلایجوز دەست پێبکات، ئینجا رێگا بە حەقی موناقەلە بدات، بە نیسبەت رەقابەی پەرلەمانی، بۆ ئەم مەسەلەیە، ئێمە دەزانین دوو جۆر رەقابە هەیە، رەقابەیەکیان رەقابەی ئەرقامە، تەفاصیلی ئەرقامە، کە هەم لە لایەن تەدقیقی داخیلی و وەزارات و لە لایەن دیوانی رەقابەی مالی دەکرێ، بەڵام رەقابەی پەرلەمانی زیاتر بۆ جێبەجێ کردنی قانونەکەیە، بۆیە وەختێك موناقەلە دەکرێ، زەرووریە وەزیرە بەڕێزەکان ئیعلامی پەرلەمان بکەن، بۆ ئەوەی بتوانرێ، بە تایبەتیش دوێنێ ئەم

پێشنیارە لە لایەن چەند ئەندام پەرلەمانێك كرا، وا تەحلیل كرا كە دەیەوێ موشارەكە بكات، بەراستی مەبەستی مە موشارەكە نەبوو، مەبەستی ئەوە زیاتر ئیعلام بكرێ بۆ پەرلەمان بۆ ئەم مەسەلەیە و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، بەڕێز ژیان عومەر فەرموو.

**بەڕێز ژیان عمر شریف:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من پشتگیری لە ماددەكە دەكەم وەكو خۆی، كە بە تایبەتی ئەگەر بێ صەلاحیەت بدرێ بە جەنابی وەزیری دارایی، بە نیسبەت بڕگەی سێیەم كە نووسراوە: نابێ گوێزراوە لە لایەن پارێزگاكانەوە بكرێ، من پێشنیار دەكەم كە بكرێ بە: نابێ گوێزانەوە لە نێوان پارێزگاكان و ئیدارەكان بكرێ، وەكو ئیدارەی گەرمیان، چونكە ئەوانیش بەڕێوەبەرایەتی گشتیان هەیە و صەلاحیەتیان هەیە وەكو پارێزگاكان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، بەڕێز عظیمة نجم الدین فەرموو.

**بەڕێز عظیمة نجم الدین حسن:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لە ماددەی نۆیەم، بڕگەی یەكەم، وەزیری دارایی و ئابووری، ئەو دەسەڵاتەی هەیە كە گوێزانەوە لە نێوان پشتیوانەكانی یەك دەروازە بكات، من پێم وایە لە دەروازەی وەبەرهێناندا هیچ دەروازەیەك نەكرێ، خاڵی دووەم: وەزیری دارایی و ئابووری بۆی هەیە گوێزانە لە نێوان پشتیوانی دەروازەكانی بودجەدا بكات، بە ئامانجی دابین كردنی و خەرجكردنی ئەو فەرمانانەی كە بڕیار دەدرێ، من پێشنیار دەكەم، لە مینەح و لە ئیعانات و لە مەنافیعی ئیجتیماعی هیچ گواستنەوەیەك نەچێتە سەر ئەو بەشە لە دەسەڵاتی وەزیری داراییش نەبێ كە گواستنەوە لە هیچ بەشێكەوە بۆ ئەو سێ بەشە بكرێت، خاڵی سێیەم: نابێ گوێزانەوە لە نێوان پارێزگاكاندا بكرێ لەوەی كە پەیوەندی بە بڕە پارەی ئاوەدان كردنەوە و پرۆژەكانی پەرەپێدانەوە هەیە، من پێم وایە نەك تەنها لە نێوان پارێزگایەك بۆ پارێزگایەكی تر، لەناو پارێزگایەكیشدا بۆ قەزا و ناحیەكان و لادێیەكانیش، ئەو پرۆژانەی كە پەسەند دەكرێن، گوێزانەوەی تێدا نەكرێ، دوای پەسند كردنی پرۆژەكان و، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، بەس موناقەلە دەنگ درا لەسەری لە ماددەكەی پێشتر، بەڕێز عبدالسلام بەرواری فەرموو.

**بەڕێز عبدالسلام مصطفى صدیق:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من پشتگیری ئەو پێشنیارە دەکەم، ئەوەی داوا ئەکەن کە پەرلەمان ئاگادار بکرێ، پێشنیار دەکەم لە یەکەم و لە دووەم، یان لە جێگایەکی تایبەت، پەرلەمان بەو گۆڕانکاریانە ئاگادار بکرێ، لە کاتی بانگکردنیان یان موتابەعەیان، تاکو بزانین ئەو گۆڕانکاریە کراوە، سێیەم، ئەگەر وەکو خۆی بمینێت، من تەصەور دەکەم تەحصیل حاصلە و لابردرێ، چونکە ئێمە بڕیارمان دا، یەك: بڕیارمان دا ئەو بودجەی ئیعماری موحافەزات جودا بکەین، دوو : خۆی کە پارەکە کە دێت ئەصڵەن لە مەرکەزەوە، بۆ موحافەزەکە تەرخان کراوە و بە ناو، واتا تۆ هیچ دەسەڵاتێکی گۆڕانکاریت نیە، ئەگەر بەو نەصە بیت، ئەو نەصە زیادە، چونکە ئەوە ئەگەڕێتەوە ئەو کاتەی ئێمە، میزانیەکەمان یەك خستبوو، بەڵام لێرە سوئال ئەوەیە، ئایا پێویست هەیە ئێمە لێرە بە جودا باس بکەین، ئەو مەبدەئەی لە خاڵەکانی تر هاتووە، کە پرۆژەکان لە موحافەزە بۆ موحافەزە نەگوازرێ؟، ئەگەر وا بێ، دەبێ صیاغەکە بگۆڕین و بیکەینە گشتی، ئەگینا ئەگەر مەبەست تەنها ئەو میزانیەی بووژاندنەوەی پارێزگاکانە، من تەصوەر دەکەم ئەگەر برادەرانی دارایی هاوکاریم بکەن، خۆی ئەصڵەن نابیت، چونکە خۆی کە دێت، بەناوەوە هەر بۆ موحافەزاتە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابتان، موداخەلەکان تەواو، ئێستا داوا لە جەنابی وەزیری دارایی دەکەین، ئەگەر ئەو وەڵامێکی هەبێ، فەرموون.

**بەڕێز شێخ بایز تاڵەبانی/وەزیری دارایی و ئابووری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە هەموو ساڵێك، جەداویلەکان کە ئەنێرین، دیارە موتەفیق علیە تێدایە، مونەقەحی تێدایە، لەوێدا موناقەلاتەکان دەرئەکەوێ، موناقەلە کە ئەکرێت لە هەموو شوێنێك وا موتەبەعە، تەبیعی موناقەلە بێ سەبەب ناکرێ، ئەسبابی خۆی هەیە کە ئەکرێت، زۆر جار لە سەر داوای وەزیری مەعنی ئەکرێت ئەو موناقەلاتانە، بەڵام ئێمە هەموو موناقەلەیەك، پێش ئەو جەلسەیەش، هەموو موناقەلەیەك ئێمە سورەتی ئەدەین بە دیوانی چاودیری، پێشی ئێستاش دراوە، دیوانی چاودێری دارایی، ئەو دەزگایەیە کە تابیعە بەم پەرلەمانە بەڕێزە، ئەوانن هەڵئەسن بە تەدقیق کردنی ئەو جۆرە شتانە، لە کوێ ببینن کە خەلەلێك هەیە لەو موناقەلەیە، یان سەبەبێکی موعەیەن نیە و موناقەلە کە کراوە، ئەوان ئیعتیرازی خۆیان ئەنووسن و بەرزیشی ئەکەنەوە، من بۆیە کە ئێمە ئەیدەینە ئەوان، یەعنی ئەوان دێن لە تەدقیقدا ئەوان بەشداری ئەکەن، ئەوان ئەزانن موناقەلاتەکان چۆن کراوە و بۆچی کراوە؟، ئەسبابەکانی هەر هەمووی، بەس لەسەر ئەوەشەوە، ئەگەر بەڕێزتان پێتان باشە و گومان لە موناقەلەتەکانیشتان هەیە، ئێمە مانیعمان نیە، خۆ ئێمە چۆن ئێوە بڕیار بدەن وا دەکەین، نوسخەیەکیش لە موناقەلاتەکانتان ئەدەینێ، ئەو وەختە ئێمە ئەیدەینە ئەنجومەنی وەزیران و رەقابەی مالی و بە ئێرەشی ئەدەین، بەڵام نازانم ئەوە خۆتان ئەیزانن.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز لێژنەی دارایی فەرموون.

**بەڕێزد.ئاراس حسین محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە راستیدا لە دەرئەنجامی ئەو موناقەشاتانەی کرا لە نێوان ئەندام پەرلەمانەکان و پێشتریش، پێش ئەم دانیشتنە، ئێمەش هەر پێشنیارێکی ئاوامان خستە روو، کە ئەگەر بکرێ، بۆ ئەوەی ئەو بەرچاو روونیە زیاتر بێت، گومان نەمێنێ وەکو ئەڵێن گومان هەیە، با وێنەیەك لە ئەوامری موناقەلات بێت بۆ پەرلەمان، سەرۆکایەتی پەرلەمانیش دابەشی بکات بەسەر لێژنەکان، بەس ئەوە یەعنی بەوە کۆتایی دێت ئەو مەوزوعە و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز کاك عمر فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەنیسبەتی موناقەلات لە ماددەی پێشوو باسی لەسەر کراو و دەنگی لەسەر هێندرا و کۆتایی پێ هاتووە، ئەمما مەسەلەی ئەوە کەوا هەموو موناقەلەیەك وەزارەتی مالیە راپۆرتێدا بدات بە پەرلەمان، ئێمە لە پەرلەمان بەگوێرەی نیزامی داخیلی ناو پەرلەمان ئیشی خۆمان دەکەین، هیچ بابێك و فەصلێکمان نیە کە ئیلزامی وەزارەت بکات لەو بابی موناقەلانە راپۆرتێکمان بداتێ، ئەگەر بشمان داتێ، ئێمە ناتوانین وەکو لە نیزامی داخیلی تەعامولی لەگەڵدا بکەین، حیکمەتی دانی ئەو نوسخەیە چیە بماندانێ؟، خۆ ئێمە دائیرەیەکمان هەیە پێی ئەوترێ دیوانی رەقابەی مالی، ئێمە نابێ بەو هەموو چاوی گومان و شکەوە سەیری هەموو دام و دەزگاکان و وەزارەتەکانی خۆمان بکەین، ئێمە لێژنەی تایبەتیمان هەیە لەناو پەرلەماندا، لێژنەی مالیە هەیە، لێژنەی یاسایی هەیە، سەرجەم لێژنەکانی دیکە هەیە، خۆ ئەتوانن دوایی ئەو لێژنانە بچن لە دوای وەزارەتەکاندا بما فیە وەزارەتی مالیە، تەعقیبی ئیشەکانیان بکەن، ئەگەر خەلەلێك هەبوو خوا نەخواستە، ئەو کات دەتوانن لەگەڵ رەقابەی مالی، لەگەڵ پەرلەماندا، قسەی خۆیان لەسەری بکەن، لەبەر ئەوە هیچ پێویست ناکات وەزارەتی مالیە، لەسەر ئەو موناقەلاتانەی کە هەیەتی، هیچ راپۆرتێك بدات بە پەرلەمان، چونکە جێی خۆی ناگرێ و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس بۆ جەنابت، بەڕێز د.رۆژان فەرموو.

**بەڕێز د.رۆژان عبد القادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بەو پێشنیارانەی کە خرانە روو، زیاد کردنی قەزا لە دوای وشەی پارێزگا بۆ بڕگەی دووەمی ئەو ماددەیە، ئەوە ئەو بودجەیە تایبەتە بە پارێزگاکان و هەرێمەکان، بۆیە بە هیچ شێوەیەك ناکرێ نە قەزا

زیاد بکرێ، نە یەکە کارگێڕیەکان، کە بودجە تەرخان کرا بە پێی بودجەی ئیتیحادی ساڵی یاسایی 2011، تەنها بۆ موحافەزات و ئەقالیمە، نە دەتوانین قەزا زیاد بکەین، نە دەتوانین یەکەی کارگێری زیاد بکەین، هەر تەنها ئەو تێبینیەم هەبوو، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس بۆ جەنابت، لێژنەی یاسایی، ئەو پێشنیارەی کەکرا و روون کرایەوە، بۆ ئەوەی بیخوێننەوە و بیدەینە دەنگدان، فەرموو.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

صیاغەکە بەو شێوەیە دەبێت:

اجراء المناقلة بين المحافظات، فيما يتعلق بتخصيصات الاعمار و تنمية مشاريع الاقاليم و المحافظات و اعلام البرلمان بذلك.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان، ئێستا پێشنیارێك هەبوو کە ئەو موناقەلەیە، وەزارەتی دارایی و وەزارەتی تەختیت، پەرلەمانی بە نووسراو ئاگاداری بکاتەوە، روونکردنەوەش لای ئەندامانی پەرلەمان هەبوو، کە ئەمە لە لایەنی وەزیریشەوە ئەمە عایدی دیوانی چاودێری داراییە، وەکو باسی کرد، ئەندامێکی بەڕێزیش ئیشارەتی بەوە کرد کە ئەمە کاری ئێمە نیە، ئێمە لەگەڵ رەقابەی دارایی ئەمە ئەکەین، ئێستا کێ لەگەڵ ئەوەیە پێشنیارەکەی کە کرا و کە هەمووتان گوێتان لێ بوو، پەسند بکرێت؟، تکایە دەست بەرز بکات، زۆر سوپاس، 27 بەڕێز لەگەڵدایە کە پەرلەمانی لێ ئاگادار بکرێت، کێ لەگەڵ ئەوەدایە کە پەرلەمانی لێ ئاگادار نەکرێ؟، وەکو خۆی بمینێتەوە؟، 50 بەڕێز لەگەڵ ئەوەدایە کە وەکو خۆی بمینێتەوە، بۆیە بە زۆرینەی دەنگ رەت کرایەوە ئەم پێشنیارە، پێشنیاری دووەم، لێژنەی دارایی، موناقەلە لە بەینی موحافەزات لابردرێ.

**بەڕێز د.ئاراس حسین محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە مادەم باسی موازەنەی ئیقلیم هەمووی دەکەین و، موحافەزەتەکانیش راستە لەوانەیە ئەو موازەنە شێوەیەك لە ئەوەی تایبەتمەندی خۆی هەبێت، بەس بەرای ئێمە باشتر وایە وەکومادەدەیەکی یاسایی لە پرۆژە یاساکە هەبێ، بوونی لە نەبوونی باشترە، ئەو کاتە بەرچاوروونی زیاتر ئەبێ کە ئەو موناقەلەیە ناکرێ و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

وەزیری دارایی رەئیتان لەسەر ئەو بڕگەیە تکایە.

**بەڕێز شێخ بایز تاڵەبانی/ وەزیری دارایی و ئابووری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەگەر هەبێ، باشترە.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڵێ، بەڕێزان، ئێستا لێژنەی دارایی و وەزیری دارایی، پێیان وایە كە ئەو پێشنیارە پەسند بكرێ، تكایە پێشنیارەكە ئاخیر جار بخوێننەوە بۆ ئەوەی بیدەینە دەنگدان.

**بەڕێز عونی كمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پێشنیارەكە، ئیلغا كردنی بڕگەی سێیەمە لەماددەكە.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

موناقەلە، پێشنیارەكە ئەوەیە، لە بەینی موحافەزات لابردرێ، بۆیە ئێستا ئەیخەینە دەنگدانەوە، بەوانەی ئەیانەوێ موناقەلە لابردرێت دەنگی بۆ ئەدەن، یان ئەوەشی بیەوێ وەكو ئەصڵی ماددەكە بمینێتەوە، كێ لەگەڵ ئەوەیە موناقەلە لە بەینی پارێزگاكان لابردرێ تكایە دەستی بەرز بكاتەوە، زۆر سوپاس، بەڕێزان، هەر بۆ روونكردنەوە، كە موناقەلە لابردرێ، ئیلغای فەقەرە سێ لە ماددەكە ئەكات، كێ لەگەڵ ئەوەیە موناقەلە لابردرێ؟، كە بڕگەی سێ لە ماددەی هەشت لە ئەصڵی پرۆژەكە و كە ئێستا ماددەی نۆیە، 6 بەڕێز ئەیەوی بڕگە سێ ئیلغا بكرێت، كێ لەگەڵ ئەوەدایە بمینێتەوە؟، بەزۆرینەی دەنگ پەسند كرا، ئێستا گشت ماددەكە پاش تەعدیلاتەكە جارێكی تر بخوێننەوە بۆ ئەوەی بدرێتە دەنگدان.

**بەڕێز عونی كمال بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

المادة التاسعة:

1-لوزير المالية و الاقتصاد، صلاحية اجراء المناقلة بين اعتمادات الباب الواحد، باستثناء فصل الرواتب، حيث يجوز النقل اليه و لا يجوز النقل منه.

2-لوزير المالية و الاقتصاد، اجراء المناقلة بين اعتمادات ابواب الميزانية لاغراض توفير امكانيات الصرف للادارات التي يتقرر فك ارتباطها بوزارة و الحاقها بوزارة اخرى، و للوزير المختص، اجراء المناقلة ضمن القسم الواحد و وحدة الصرف الواحدة.

3-لا يجوز اجراء المناقلة بين المحافظات فيما يتعلق بتخصيصات اعمار و مشاريع الاقاليم و المحافظات.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

لێژنەی دارایی قسەتان كردووە، ئێستا بۆ دەنگدانە ئەوەی كاك عەونی خوێندیەوە، كێی لەگەڵە تكایە دەستی بەرز بكاتەوە؟، 61 بەڕێز لەگەڵدایە، كێ لەگەڵدا نیە؟، 13 بەڕێز لەگەڵدا نیە، بە زۆرینەی دەنگ پەسند كرا، ئێستا بۆ ماددەی 10 فەرموون.

**بەڕێز عونی كمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**المادة العاشرة:**

**1-للوزير المختص، صلاحية .**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

**نوقتەی نیزامی یەك دەقە، فەرموو.**

**بەڕێز بەفرین حسین خلیفە:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**ئێرە پەرلەمانی كوردستانە و تەمسیلی هەموو گەلی كوردستان دەكات، ئەوەندەی من دیقەتی دەدەم، پرۆژەی یاساكان بە گۆڕانكاری و بە گۆڕانەكاریەكانەوە، هەمووی بە عەرەبی ئەخوێندرێتەوە، ئەندامانی پەرلەمانیش بە شێوەیەكی گشتی ئاگاداری نین، بۆیە من داوا دەكەم لێرە، لەبەر ئەوەی زمانی ئێمە زمانی كوردییە، ئەگەر لێرە بە كوردی نەخوێندرێتەوە، ئەی پەنا بۆ كوێ بەرین بە زمانی كوردی بخوێندرێتەوە؟، بۆیە من داوا دەكەم.**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

**دەست خۆش، سوپاست دەكەم، تكایە بەكوردیش بیخوێننەوە، زۆر راستە و لە جێگای خۆیەتی.**

**بەڕێز عونی كمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**المادة العاشرة:**

**اولآ: للوزير المختص، صلاحية الصرف بما لا يزيد على 350 مليون دينار عن كل حالة، و لە تخويل رؤساء الدوائر التابعة لوزارته بصرف مالا يزيد عن 250 مليون دينار.**

**ثانيا: لرؤساء الهيئات غير المرتبطة بوزارة، صلاحية الصرف بما لا يزيد على 300 مليون دينار لكل حالة.**

**ثالثا: يراعى في اولآ و ثانياً ما يلي:**

**1-ان يتم الصرف وفقاً للاعتمادات المصادق عليها في الموازنة العامة السنوية و للاغراض المحددة لها.**

**2-التقييد بالاعتمادات المخصصة بالموازنة العامة و لا يجوز الدخول في الالتزام بالصرف بما يزيد عن ما هو مخصص في الموازنة.**

**بەڕێز د.رۆژان عبد القادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**ماددەی نۆیەم لە ئەصڵی پرۆژەكە كە دەبێتە ماددەی دەیەم:**

**یەكەم: وەزیری تایبەتمەند، دەسەڵاتی خەرج كردنی هەیە بە بڕی كە لە 350 ملیۆن دینار زیاتر نەبێت بۆ هەر حاڵەتێك، بۆشی هەیە كە دەسەڵات بە سەرۆك فەرمانگەكانی سەر بەوەزارەتەكەی بدات، كە بڕی تا 250 ملیۆن دینار خەرج بكەن.**

دووەم: ئەو سەرۆك دەستانەی کە سەر بەوەزارەت نین، دەسەڵاتی سەرف کردنیان هەیە تا 300 ملیۆن دینار بۆ هەر حاڵەتێك.

سێیەم: لە یەکەم و دووەمدا، ئەمانەی خوارەوە ڕەچاو دەکرێن.

1-خەرجکردن بە گوێرەی پشتیوانی پەسند کراو لە بودجەی گشتی ساڵانە دەبێت و بۆ ئەو مەبەستانەی بۆیان دیاری کراوە.

2-پابەند بوون بەو پشتەوانەی کە لە بودجەی گشتیدا تەرخان کراوە، ناشکرێ خووەبەستە بە خەرجکردن بکرێ بە زیاتر لەوەی کە لە بودجەدا تەرخان کراوە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لێژنەی دارایی رەئیتان؟

**بەڕێز د.ئاراس حسین محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە لەگەڵ ماددەکەداین، تەنها لە لێژنەی دارایی تەسبیتی خاڵێکمان کردووە لە دووەم، کەوا سەرۆك دەستەکان دەسەڵاتی خەرجکردنیان لە 300 ملیۆن دینارەوە بۆ 250 ملیۆن دینار، ئەمە تەنها پێشنیاری لێژنەی داراییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لێژنەی یاسایی رەئیتان؟

**بەڕێز د.رۆژان عبد القادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە تەنها پشتگیری لە ماددەکە دەکەین، بەڵام پێشنیاری زیادکردنی بڕگەك دەکەین، کاتی گفتوگۆکردنی بودجە لەسەر ئەوە پێشنیار هەبوو کەوا وەزیری کشتوکاڵ تۆزێك دەسەڵاتی پێ بدرێ بۆ ئەوەی بڕێك پارە لە کاتی پێویست دەسەڵاتی هەبێ کەوا سەرف بکرێ، بۆیە پێشنیار دەکەین بڕگەی چوارەم لەو ماددەیە زیاد بکرێ، ئەگەر ڕێگە بدەی بڕگەکە بخوێنمەوە:

بڕگەی چوارەم زیاد بکرێ بۆ ئەم ماددەیە، عەرەبیەکەم لەبەردەستدایە:

رابعاً: لوزير الزراعة و الموارد المالية، صلاحية صرف المواد المخصصة للاعانات الزراعية، لتدارك الاحتياجات في وقتها المناسب و بالتنسيق مع وزير المالية و الاقتصاد.

بکرێتە بڕگەی چوارەم بۆ ئەو ماددەیە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز جەنابی وەزیر ڕەئیتان؟

**بەڕێز شیخ باز تاڵەبانی/وەزیری دارایی و ئابووری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە پێمان باشە ماددەكە وەكو خۆی بمینێتەوە، كە باسی وەزیری زیراعە بكرێ، بە تایبەتی ئەبێ ئەوە باسی هەموو وەزیرەكان بكرێ، ئەو دەسەڵاتە بە هەموو وەزیرەكان بدرێ، نابێ ئیستیسنای یەك وەزیر بكەین، هەموو كەسێك لە وەزارەتی تایبەتمەندی خۆیان، ئیش و كاری لەو بابەتانەی هەیە، پێویستی بەوە هەیە ئەو دەسەڵاتەی پێ بدرێ.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێز كاك د.ئاراس فەرموو.

**بەڕێز د.ئاراس حسین محمود:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لەسەر ئەو ڕوونكردنەوەی بەڕێز وەزیری دارایی، لەم بڕگە زیادە بۆ ئەم ماددەیە، تەنها تەئكید خراوەتە سەر بابەتی ئیعانات، وا تێ ئەگەم ئیعانات بە تایبەتی پابەندە بە وەزارەتی زیراعەوە، بۆیە بەو شێوەیە ئیقتیراحەكە كراوە، مەرج نیە هەموو وەزارەتەكان بابەتی ئیعاناتیان هەبێ، تەنها وەزارەتی زیراعەیە، ئەوە وەكو ڕوونكردنەوەیەكە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك خورشید فەرموو.

**بەڕێز خورشید احمد سلیم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

كەرتی زیراعە كەرتێكی زۆر زۆر موهیمە و دەبی هەموومان گرنگی پێ بدەین و هەموومان موتەفیقین لەسەری، وەزارەتی زیراعە گلەیی ئەوەی هەیە دەڵێت، ئێمە لەكاتێ كە پێویستیمان مەسەلەن بە كیمیاوی بوو، جووتیاران، یان كاتی كڕینی تۆ، ئیجرائات تاخیر دەبێ، كە كیمیاوی دێت وەختەكە ڕۆیشتووە، تۆیەكە دێت، مەوسمەكەی ڕۆیشتووە، بۆ ئەوەی ئێمە پشتیوانی كەرتی زیراعی بكەین، ئەم ئیشكالانە حەل بكەین، پێشنیاری ئەم بڕگەمان كردووە و زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز ئەندامانی پەرلەمان، ئەوەی دەیەوێ قسە بكات ناویان ئەنووسین، فەرموون، ئەو بەڕێزانە ئەیانەوێ قسە بكەن، پەریهان قوبلای، بەشیر خلیل، بەفرین خلیفە، جلال، ڤیان، عظیمة،

سیوەیل، سمیرە، ژیان، زکیە، صباح، نەریمان، شیرزاد، عبدالرحمن، عمر هەورامی، شەونم، هەوراز، کەسی تر هەیە؟، پەریهان خان فەرموو.

**بەڕێز د.پریهان قوبلای:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پشتگیری لە رای لێژنەی یاسایی دەکەم، کە بلێین ئەو حەصری صەرفە نەبێتە، با بلێین بڕی پارەکە دیار بێت بۆ وەزارەتی کشتوکاڵ، بەڵام ئەو موشکیلەیە هەموو وەزارەتەکان ئەگرێتەوە، ئەگەر بێن ئێمە ئەو صەلاحیەتەی صەرفە، بڕەکەی دیاری نەکەین، بیدەین بە هەر وەزارەتێك و لە بودجەی خۆی سەرف بکات، وا بزانم ئێمە موتابەعە کردنی پەرلەمانیش بۆ ئەو وەزارەتانە و بۆ پرۆژەکانی کە دیاری کراوە بۆ وەزارەتەکان ئاسانتر دەبێ، ئێمە لە خیلالی بەدواداچوونمان، بۆ نموونە بۆ وەزارەتی پەروەردە، کەدەچی بۆ لایان سەیر دەکەی، داوای سۆپایەکیان کردووە، ئەمە زۆر زۆر بەسیتە، بەڵام لەبەر ئەوەی وەستاوە لەسەر پارەی بۆ تەرخان بکرێ، گەیشتووەتە هاوین، وەزارەتی تەندروستی، بۆ نموونە تا ئێستا دوو ساڵە، صاڵەیەکی نازوور هەیە، لەبەر ئەوەی غازی $co2$ کە بلێن نیە، بە 60 هەزارە و نەیانتوانیوە صەرفی بکەین، ئەمە پاساوی مودەرائی عام و وەزارەتەکان ناهێڵێ، بۆ ئەوەی کە ئەو حەصری صەرفە نەمینێ، من داوا ئەکەم ئەو بڕە لابربدرێ و بتوانن لە بودجەی وەزاەرتەکەی خۆیان بتوانن صەرفی بکەن بۆ پێداویستی خۆیان و پرۆژەکانیان، زۆ سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێز د.بەشیر فەرموو.

**بەڕێز د.بشیر خلیل تۆفیق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەو ماددەیەدا ناروونیەك هەیە، ئەوەی کە مەبلەغی صەرفەکە دیارە کە زیاد کراوە لە 200 ملیۆنەوە، ئەمساڵ بوویتە 350 ملیۆن، بەڵام ئێمە وەکو ئەوەی کە باس کراش دوێنێ، لە زۆربەی یان لە هەموو لێژنەکان، کاتێك کە مودیر عام بانگ دەکرێن، کاتێك کە وەزیر بانگ دەکرێ،یان سەرۆك لێژنەکە، یەکەم گلەییان ئەوەیە کەوا ئەوان دەستیان کراوە نیە لەو مەبلەغەی کە بۆیان تەرخان کراوە، زیاتر لە نیوەی مەبلەغی موخەصەص لە میزانیە، دەگەڕێتەوە بۆ خەزینە و ناتوانن سەرفی بکەن، بۆیە من پێم وایە ئەو 350 ملیۆنەش کەمە، یان ئیتلاقی بکەین یان زیادی بکەین، بەلای کەم بیکەینە 450 ملیۆن دینار، پاشان، لرؤساء الهیئات غیر المرتبطة بوزارة، مادام ئەوە مورتەبت نیە بە وەزیرەوە، بۆ صەلاحیەتی وەزیریشی نەدەینێ، بۆ نەفسی ئەو مەبلغەیش بۆ ئەوی دانەنێن کە وەزیر هەیتی، ئەوان هەر ئەصڵەن مورتەبت نیە بە وەزارەوە، کەواتە مادام ئەویش هەر نەفسی مەبلەغی وەزارەتی هەبێ، لە پاشان حاڵەتێکی دیکە دەڵێ،

للوزير المختص صلاحيه الصرف بما لا يزيد عن ئەوەنـدە لكل حالـه، ئايا ئەوەنـدە صـەرفە مانگانەيـە يـان هـەموو سـاڵى ماليـە؟، لـە خيلالـى سـاڵەكە هـەمووى؟ لـە مانگێكـە؟ مـادام بـا بنووسـرێ شـهريا، بـا تەئكيـد بكرێتەوە، پێشنيارەكەی لێژنەی ياسايی، منيش زۆر پشتيوانی لێ دەكـەم، كـە بەراسـتی وەزارەتـی كشـتوكاڵ پێويستی بەوە هەيە، بەڵام وەزارەتەكانی تريش پێويستيان بەوە هەيە، وەزارەتی صـيحەش پێويسـتی بـەوە هەيە كە جاری وا هەيە دەبينی پێويستی بە هەندێ داو دەرمان هەيە كـە لـە وەختێكـدا لەبـەر بـێ پـارەيی ناتوانێ بيكرێ، ئێستاش زۆربـەی نەخۆشـخانەكانی حكـومی تەماشـای دەكـەين، نـەخۆش دەچـێ لەوێنـدرێ ئيجباری دەكەن كە بچێ دەرمانەكان لە دەرەوە بكرێ، كە لە نەخۆشخانەكاندا نيە، بۆيە ئەمـە پـارە سـەرف بكرێ بۆيان و دابنرێ، كە ئەميش لەكاتی پێويستدا وەكو خۆی بـڕە پـارەی خـۆی سـەرف بكـرێ، وەزارەتـی پەروەردە لـەكاتی ئيمتيحاناتـدا كـە دەبـينی بـڕە پارەيـەكی پێويستە، بـەڵام نـاتوانين سـەرفی بكـەين لەبـەر ئەوەی ميزانيەی موحەددەدە، ناتوانێ سەرف بكات و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس بۆ جەنابت، بەڕێز بەفرين خان فەرموو.

**بەڕێز بەفرين حسين خليفە:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەرەڕای پشتيوانی كردنم لە دەقی ئەو پێشنيارەی لێژنەی ياسايی، بۆ دەست كراوەيـی زيـاتر بـۆ وەزارەتـی كشتوكاڵ، ديارە كشتوكاڵ كەرتێكی گرنگی ئابووری هەرێمی كوردسـتانە، ئەگـەر بێـت و بـە باشـی خزمـەتی ئەو بوارە بكرێ، تەصەور دەكەم ئەتوانێ پێداويستی بازەڕەكانی ناوەخۆ لەبەروبوومی خۆماڵی پڕ بكاتەوە، ديارە تەنها وەزارەتی كشتوكاڵيش نيە كە پێويستی بەو دەست كراوەييە هەيە، لە هەمان كاتيشدا كۆمـەڵێك وەزارەتـی تـر هـەن كـە پێويسـتيان بـەوە هەيـە، وەكـو وەزارەتـی تەندروسـتيە، وەزارەتـی شـارەوانيەكانە، ئەمانەش پێويستيان بە دەستكراوەيی هەيە بـۆ بـەجێ گەيانـدنی ئـيش و كارەكانيـان، ديـارە لـە مـاددەی 9 ئەصڵی پرۆژەكە باس كرا، دەسەڵاتی خەرج كردن ئەدات بە وەزارەتەكان وهەروەها سـەرۆكی فەرمانگـەكان، ئەگەر ئێمە زياتر باس لە دەستكراوەيی وەزارەتەكان، يان مەركەزی ئيداری بكەين، ئەوە ئـەوان پێويسـتيان بە زياتر لەو بـڕە هەيـە بـۆ خـەرج كردنيـان، بـۆ ئـەوەی ئەوەنـدە چـاو لـە دەسـتی وەزارەتـی دارايـی نـەبن، چاوەڕێ بكەن تا ئەمرەكەی دەرئەكەن، پارەكەی بۆ سەرف ئەكەن، بۆيە من تكا ئەكەم كە ئەو ڕێژەيە زيـاد بكرێ بۆ ئەوەی ئەو دەستكراوەييە زياد بكرێ لە وەزارەتەكان و، كارەكان بە باشی جێبـەجێ بكـرێن، ديـارە باسی سەرۆكی فەرمانگەكان كـراوە، مـن پـێم باشـە، جگـە لـە وەزارەتـەكان و سـەرۆكی فەرمانگـەكان، ئێمـە يەكەی ئيداريمان هەيە، ئيدارەی گەرميانمان هەيە، جگە لەوەش، سێ ئيدارەی تر لە بەرنامەمان هەيـە، لـە داهاتووشدا دەست بەكار ئەبن، پێم باشـە بـۆ ئـەوەی باشـتر ئـەوانيش ئـيش و كارەكانيـان جێبـەجێ بكـەن، دەستكراوەيەك، ڕێژەيەك پارە، گوژمەيەك پارە بۆ ئەوان تەرخان بكرێ، تا ئەوانيش بە هەمان شێوە، ئيش و كارەكانی خۆيان جێبەجێ بكەن و ئەوەندە نەگەرێنەوە، هەم بۆ حكومەت و، هەم بۆ وەزارەت، لە بڕگەی

دووەم، باس لە دەستکراوەیی یان دەسەڵاتی خەرج کردنی سەرۆك دەستەکان ئەکات، دیارە ئێمە لە کابینەی شەشەم، کۆمەڵێك وەزارەتی لێك دراوە و کۆمەڵێك وەزارەت هەڵوەشانەوە، بۆیە لە بری ئەوانە دەستە پێك هاتووە و، کۆمەڵێك دەزگای سەربەخۆمان هەیە، ئەمانە گرێدراون بە وەزارەت، ئەگەر ئێمە بێت و بە هەمان شێوەی وەزارەتەکان موعامەلەیان لەگەڵ بکەین، جا ئیتر ئێمە بۆ چی وەزارەتەکانمان هەڵوەشاندنەوە و لە بری ئەوانە دەستەکانمان دانا؟، بۆیە من پێم وایە، دەسەڵاتی خەرج کردن بۆ ئەوان، ئەو برە زۆرە، 300 ملیۆن بۆ هەر حاڵەتێك، لە هەمان کاتدا بۆ هەر وەزارەتێك 350 ملیۆن دیاری کراوە، بۆیە من پێشنیار دەکەم 300 ملیۆنەکە کەم بکرێتەوە بۆ 200 ملیۆن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس بۆ جەنابت، بەڕێز جلال علی فەرموو.

**بەڕێز جلال علی عبدالله عثمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەگەڵ دەستخۆشیم بۆ لێژنەی یاسایی، بۆ ئەو پێشنیارە، حەز دەکەم ئەوە روون بکەمەوە، کە گرنگی کشتوکاڵ، کە بە دڵخۆشییەوە ئەڵێم، کە ئێستا زۆربەی ئەندام پەرلەمان و حکومەتیش گرنگی پێ ئەدا، کە شتێکی ستراتیجیە، لەو خاڵەوە دەست پێ ئەکەم، بۆ داوا کراوە کە دەسەڵات بدرێتە وەزیری کشتوکاڵ، بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزیری دارایی ئەو پارەی سەرف بکات، رێژەی پارەکە هەموو ئیعانات لە 76,47٪ بۆ وەزارەتی کشتوکاڵە، دیارە ئەو پاڵپشتی و هاوکاریە کە ئیعاناتی زیراعیە، بۆ پێداویستی و پشتگیری جوتیارانە، هەر لە پێداویستیەکانی کە بۆ رۆژانە یان بە تەئکیدی بڵێین مەوسمیە، یەعنی ئەگەر لە مەوسیمی خۆیدا پێداویستی بۆ نەگات، مەسەلەن بۆ سەماد کە لە مەوسیمی خۆیدا پێی نەگات، بۆی ناکرێ، لەبەر ئەوە من پشتگیری دەکەم کە دەسەڵات بدرێتە وەزیری کشتوکاڵ بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزیری دارایی، کە ئەو پارەیە سەرف بکات و، وەزیری داراییش هەر بۆ وەبیر هێنانەوە کە من پێشنیارەکەم خوێندەوە و پاڵپشتی کرد، ئەوە زۆر پێویستە و ئێمە لە کۆبوونەوە لە لێژنەی کشتوکاڵ و ئاودێری لەگەڵ وەزیری کشتوکاڵدا، یەکێك لە گرفتەکانی ئەوە بوو، کە ئەمساڵ، بۆ نموونە باسی ئەکەم، کە سەماد ئەبوایە لە کاتی تۆکردندا سەماد هەبێ، لە مانگی دوودا هەبێ، لە مانگی سێ و چواردا سەماد تەوزیع کراوە، کە گلەیی و گازاندەیەکی زۆری جووتیارانی کوردستانی لێ کەتەوە، کە تەقدیر ئەکرێن بە سەرووی 100 هەزار جووتیار، ئەوە داوای زۆربەی خەڵکی کوردستانە، کە جووتیار و خاوەن ئاژەڵ و خاوەن زەوین، بۆیە داواکارم لە هاوکارانم و لە لێژنەی دارایی و ئابووری، کە پشتگیری ئەو پێشنیازە بکەن و، داواش لە بەڕێز وەزیری دارایی ئەکەم، کە موافەقەت بکات و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس بۆ جەنابت، ئێستا لێژنەی دارایی ئەیانەوێ تەوزیحێك بدەن لەسەر ئیعانات، فەرموو.

**بەڕێز د.ئاراس حسین محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوەندەی تێگەیشتم، جارێکی تر هەر ئەمەوێ ئەو خاڵە دووپات بکەمەوە، کە ئیعانات پەیوەندی، ئەگەر هەڵە بووم، بەڕێز وەزیری دارایی راستم بکاتەوە، پەیوەندی بەو هاوکارییە کە دەوڵەت ئەیکات بۆ هەندێ دەزگاکان، بڵێین، پێویستی بە شتێکی موعەیەنە، دەوڵەت بۆی ئەکرێ بە سیعرێکی بەرز و، ئەیداتەوە بە سیعرێکی نزم، ئیتر یەعنی دەوڵەت تەحەمولی زەرەرەکەی ئەکات، ئەگەر هەڵە نەبم کاك بایز، لەبەر ئەوە ئەو ئیعاناتە، پەیوەندی بە ئەساس و کڕینی ئەساس و ئەو بابەتانە نیە، تەنها ئەگەر ئەمساڵ سەیری بکەین، ئەگەر پار پەیوەندییەکی زۆری بە وەزارەتی کارەباوە هەبووبێت، ئەمساڵ تەنها پەیوەندی بە وەزاەرتی زیراعەوە هەیە، لەبەر ئەو موبەریرانەی کە باس کرا، یەك حاڵەتی دیکەش هەیە بە حەقیقەت، صەرف عادەتەن لە سەر تەخصیص ئەکرێت، ئەوە وەکو مەبدەئێك، بەس لێرە یەك موشکیلەش دێتە رێگەمان، یەعنی کە پێویستە روونی بکەینەوە، هەندێ وەزارەت هەیە، نەشاتەکەی لە وەزارەتی تر زیاترە، لەوانەیە وەزیرێك پێویستی بەوە هەبێت کە لە یەك حاڵەتدا، 350 ملیۆن سەرف بکات و تووشی بێت، بەڵام وەزیرێکی دیکە، تووشی ئەو حاڵەتە نەبێت بە حوکمی ئەوەی کە نەشاتی وەزارەتەکەی کەمترە، لەبەر ئەوە، ئەو تەعمیمە کە ئەکرێت، یەعنی بە پێی بۆچوونی من، لەوانەیە لە بەرژەوەندی هەندێ وەزارەت بێ و لە بەرژەوەندی هەندێ وەزارەت نەبێ و ناشتوانین دەسەڵاتی وەزیرێك لەگەڵ وەزیرێکی تر کەم بکەینەوە، وەزیری فلان، یان دەستەی فلان، لەبەر ئەوەی نەشاتەکەی کەمە، چالاکیەکی کەمە، پێویستە صەلاحیەتی صەرفی کەمتر بێت، لەوەی کە نەشاتەکەی زیاترە و صەلاحیەتی صەرفی وەکو ئەوە بێت، یەك حاڵەتی دیکەش هەیە، مومکینە دەزگامان هەبێت، موازەنەکەی کە تەقدیر کراوە بۆ ساڵی 2011، دوو ملیار بێ، ئێستا کە ئێمە 350 صەلاحیەتی صەرفی ئەدەینێ، یەعنی لە ساڵێکدا بە 3، 4 حاڵەت، تەخصیصەکەی نامێنێ، ئەگەر تا رادەیەك ئیشرافێکی وەزارەتی دارایی لەسەر نەبێ و، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس بۆ جەنابت، بەڕێز د.رۆژان فەرموو.

**بەڕێز د.رۆژان عبد القادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو پێشنیارەی کە کرا، ئێمە نابێ بەو شێوەی حیساب بکەین، شتێك بچەسپێنین لەو یاسایە، یان بۆ هەموو وەزارەتەکان یان بۆ هیچ وەزارەتێك نەبێ، دواتر ئێمە چەند رۆژە لەو هۆڵە، باس لە کەم و کورتی هەموو کەرتەکان دەکەین، کەرتی کشتوکاڵ، کەرتی پیشە سازی، هەموویان پێویستیان بە بووژاندنەوەیە، بەڵام هەندێ کار هەیە، مەوسمیە، کات زۆر گرنگە لێرە، ئێمەش لە ماددەی چوارەم برگەی دووەم (أ)، ڕەچاوی کێشەی تەندروستیمان کرد، کە دەسەڵاتمان دا بە وەزارەتی تەندروستی، لە داهاتەکەی خۆی، مافی کڕینی دەرمانی هەبێ، چاکردنەوەی ئامێری پزیشکی خۆی هەبی، لە برگەی (ب) هەمانە، دەسەڵاتمان دا بە وەزارەتی کارەبا، با لەو برگەیەش، لەو ماددەیە، دەسەڵاتی بدەینە وەزارەتی کشتوکاڵ، دەسەڵاتی ڕەهامان

نەدایتێ، تەنها لە بابی ئیعانات، بۆ چیش؟، مەبەستەکانمان دیاری کردووە، واتا ئەوەی کە دەڵێ: دەسەڵاتی ڕەها دەدرێتە وەزارەتی کشتوکاڵ، بەو شێوەیە نیە، دەقەکە ئەگەر بە روونی سەیری بکەین، دیاریمان کردیە، کارەکانی مەوسمی، لەو مەوسیمە کە ئەتو سەمادت بۆ دیاری نەکرد، ئیشەکان رادەوەستێ و ناتوانی وەکو پێویست کارەکانی خۆی بکات، لەبەر ئەوە تایبەتمەندی وەزارەتی کشتوکاڵ، تکاتان لێ دەکەم لەبەر چاوتان بگرن، وەزارتی تەندروستیش لە ماددەی چوارەم دەنگمان بۆ دا، وەزارتی کارەبا دەنگمان بۆ دا، کە لە داهاتی خۆیان بتوانن، بۆ کڕینی دەرمان و چاککردنەوەی ئامێر و تۆڕەکانی کارەبا، ئەوانەش لەبەر چاو گیرایە، دەنگی بۆ دراوە و، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس بۆ جەنابت، بەڕێز ڤیان عبدالرحیم فەرموو.

**بەڕێز ڤیان عبدالرحیم عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە نیسبەت ماددەی دەیەم، کە باس لە وەزیری تایبەتمەند دەکرێت، کە دەسەڵاتی خەرج کردنی هەبێت بە بڕی 350 ملیۆن، لێرەدا ئیشارەت بە یەك شت کراوە، ئەڵێ لە هەر حاڵەتێك، واتا تەنها بۆ حاڵەتێك زیاتر تێپەر نەکات، بەڵام لە 250 ملیۆنەکە، کە دەسەڵاتی داوە بە سەرۆکی فەرمانگەکان، ئەمە دیاری نەکراوە، ئەمەش هەر تەنها بۆ حاڵەتێکە و چەند جارە؟، ئەمە یەکێك لە تێبینیەکان، بە بڕوای من، وەزیری پەیوەندیدار، یان وەزیری هەموو وەزارەتەکان، هەموویان هەر وەزیرن، هیچ جیاوازییەکیان نیە لەگەڵ وەزیری دارایی، یەعنی ئێمە بۆ بێین و، ئەو فەرقە بکەین، بڵێین ئەوە تەنها بۆ چەند وەزارەتێك بێت، خۆ ئەگەر قسەشمان لەسەر بەرەو پێشچوون و بووژاندنەوە و گەشە پێدان بێ، خۆ ئێمە پێویستە لە هەموو بوارەکان هاوتەریب بین لە چۆنیەتی بووژاندنەوە و چۆنیەتی بەرەو پێشچوون، بۆیە بە بڕوای من پێویستە، با وەزیری پەیوەندیداری هەموو وەزارەتەکان، صەلاحیاتی صەرف کردنی ئەو بودجەیان هەبێ کە تایبەتە بە وەزارەتەکەی خۆیان، نەك ئێمە تەنها ئەو مەبلەغەی کە دانراوە، بڵێین نابێ لەوە زیاتر سەرف بکەین، چونکە هەموو ئەوانەی بەو بەڕێزانەی کە پێشووتر باسیان کرد، هەر یەکەو لە بوارەکەی خۆیدا بایی ئەوەندە لە بواری گەشە کردن و بووژاندنەوەدا ئیشی کردووە، یان ئەتوانی ئیش بکات، بەنیسبەت خاڵی دووەم کە باس لەو دەستانە دەکات کە بە وەزارەتەکانەوە گرێ دراو نین، ڕاستە ئێمە هەندێك دەستەمان هەیە، وەکو دەستەی مافی مرۆڤ و ژینگە، کە لە موازەنەدا هاتووە، بەڵام ئێمە لێرە کە (300) ملیۆن دیاری کراوە بۆ هەر یەکێك لەم دەستانە، بەڵام ئێمە یەکێ بۆ نموونە دەستەی مافی مرۆڤ، کە ئەوە نزیکی ساڵێك دەبێت یاساکەی دەرچووە، نە سەرۆکی بۆ دانراوە، نە دەستەکە پێك هاتووە، ئەو (300) ملیۆنەی کە دانراوە ئێستا، ئایا چی لێ دێت بۆ ئەو دەستە؟ بە تایبەتی مافی مرۆڤ تا ئێستا پێك نەهێنراوە، زۆر سوپاس.

**بەڕیز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێز عەزیمە، فەرمووو.

**بەڕێز عظیمة نجم الدین حسن:**

**بەڕیز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە لە ماددەی ($10$)دا وەزیری تایبەتمەند دەسەڵاتی خەرج کردنی ئەو بڕە پارەی بۆ دانراوە لەگەڵ بڕگەی ($2$)دا، من پێشنیار دەکەم وەکو ئەوەی لە ساڵی پاریش و ئەم ساڵیش زۆر پێشنیار کرا کە هەمووومان ئەندام پەرلەمانەکان موعاناتی وەزارەتەکان دەزانین، کە بە دەست کێشەی ئیش و کار و ڕۆتینات لە ناو وەزارەتەکان دا لە کێشەی صەرف دا، من پێشنیار دەکەم کە وەزیرەکان، مودیر عامەکان، ئەوانە دەست والاتر بن، دەسەڵات شۆڕبکرێتەوە، بتوانن ئەو بڕە پارەیەی کە لە میزانیەی خۆیان دا دانراوە بە تەواوی صەرفی بکەن، ئەگەر ئێمە لە کوردستان دا چەندین دەزگای ڕەقابیمان هەیە، ئەوانە بە ئەرکی ڕاستەقینەی خۆیان هەستن، وەکو دیوانی چاودێری دارایی و دەستەی نەزاهە، ڕۆڵی چاودێری دارایی پەرلەمان و بەڕێوەبەرایەتیەکانی چاودێری دارایی ناوخۆ لە ناو دیوانی وەزارەتەکان، ئەگەر ئەوانە بە ئەرکی ڕاستەقینەی خۆیان هەستن، ئەوا ناتوانرێت بە هیچ شێوەیەك بە گومان بین لە صەرف کردنی ئەو پارانەی کە لە ناو وەزارتەکان، یان صەلاحیەتی تەواو بدرێت بە وەزارەتەکان، من ئەو پێشنیارە دەکەم، سوپاس.

**بەڕیز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێز سیوەیل عوسمان، فەرمووو.

**بەڕێز سیوەیل عثمان احمد:**

**بەڕیز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە نیسبەت ئەو ماددەیە هاتووە (أولاً) و (ثانیاً) دەڵێ/ (للوزیر المختص)، (ثانیاً: لرؤساء الغیر مرتبطة)، لە ماددەی (سادساً) هاتووە، ئەوەی پێشتر پەسند کراوە (لمجلس وزراء إقلیم کوردستان-العراق تخویل الوزراء و رؤساء الجهات الغیر المرتبطة بالوزارة و وکلاء الوزارات و المدراء العامون و المدراء و رؤساء الوحدات الإداریة صلاحیة الصرف مباشرةً في ضوء التخصیصات المعتمدة ضمن موازنتهم السنویة)، واتا ئەوە تەعاروز دەکات لەگەڵ ئەو ماددەیە، وەك ڤیان خان باسی کرد، ئەگەر صەلاحیەت صەرف بدرێتە وەزیرەکان بۆ خۆیان، زیمنی ئەو موازەنەی کە بۆیان کراوە باشە، لە (ثالثاً) لەو ماددەیە هاتووە (یراعی في (أولاً) و (ثانیاً) مایلي)، وا تەصەور دەکەم مادام (یراعی في (أولاً) و (ثانیاً) مایلي) دەکاتە تەئکید کردن، واتا ئەوە دەبێ تەعلیمات بێ، ئەگەر بەڕێز وەزیری دارایی وەڵاممان بداتەوە، دەبێ ئەوە وەزارەتی دارایی بەتەعلیمات دەری بکات،

دوای پەسندی بودجە ئەوە بکاتە ڕێنمایی بۆ وەزارەتەکان، بەس پێموایە لێرە لەو ماددەیە ئەو فەقەرە زیادە، چونکە لێرە دەڵێ/ (التقيد بالإعتمادات المخصصة في الموازنة العامة و لايجوز الدخول في الإلتزام بالصرف بما يزيد عما هو مخصص في الميزانية)، پێشتریش هاتووە (صلاحية الصرف بما لايزيد عن..) ئەوەندە، واتا دووبارەی کردۆتەوە، هەر یەکە بە مەعنایەکی تەصەور دەکەم ئەوە تەعلیماتە دەبێ وەزارەتی دارایی دوای پەسندکردنی بودجە تەعلیماتەکەی دەربکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، بەڕێز سمیرە، فەرموو.

**بەڕێز سميرە عبدالله اسماعيل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە ماددەی (10) سەقفی زەمەنی یان سەقفی حالاتی دووبارە بوونەوەی کە زۆرجار دەبێتە هۆی تێپەڕبوونی بودجە، پێویستە تەوزیحێك بدرێت، هەروەها پشتگیری ڕای یاسایی و کاك جەلال دەکەم، وادیارە ئەو ساڵ گرنگی زیاتر بە سێکتەری کشتوکاڵ دراوە، بۆ ئەوەی جووتیارانی کوردستان لە کاتی خۆی دا سوود وەربگرن لە هاوکارییەکانی وەزارەتی کشتوکاڵ، پێویستە وەزیری کشتوکاڵ دەست کراوە بکرێ لە گەیاندنی تۆ و ئامێرەکان، بۆ خزمەتگوزاریی کشتوکاڵییەکان بۆ جووتیاران، تاوەکو لە وەرزی خۆی دا بتوانن پرۆژەکان بگەیەننە بەرهەم، بە چەشنێك ڕەنجیان بە فیڕۆ نەڕوات، بەرهەمی سەوزە و مێوەی کوردستان زیاتر بێت، ئەو ئیجرائاتەش بە هاوکاری وەزیری دارایی بێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێز ژیان عمر، فەرموو.

**بەڕێز ژیان عمر شريف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دەستخۆشی لە لێژنەی یاسایی دەکەم بۆ زیادکردنی ئەو بڕگەیە، پشتگیری لە کاك جەلال دەکەم، لە ستراتیژی حکومەت دا پارساڵ توانرا سوود لەو بایەخە وەربگیرێ کە بە کەرتی کشتوکاڵ درا، بەردەوامی ئەو ستراتیژە پێویستە بایەخێکی زیاتر بدرێ بە کشتوکاڵ، چونکە مەسەلەکە پەیوەندی هەیە بە زیادکردنی بەرهەمی خۆماڵی بە ڕەخساندنی هەلی کار، هەروەها بۆ گەڕانەوەی جووتیاران بۆ خاك و ئاو و زێدی خۆیان، ئەویش پێویستی بە دەست کراوەیی وەزارەتی کشتوکاڵەوە هەیە، بۆیە پشتیوانی لەو بڕگەیە دەکەم کە صەلاحیەت بدرێتە وەزیری کشتوکاڵ، لەبەر ئەو هۆیانەش لە گواستنەوەی (10٪)ی بودجەی تەشغیلی گوژمەیەك بۆ سێکتەری کشتوکاڵ تەرخان کرا، من دووبارە پشتگیری کاك جەلال دەکەم، مەسەلەی کشتوکاڵ وەکو شتێکی تر نیە، مەوسمی یە، لەو مەوسمە تۆ پێویستیت بە سەماد هەیە، لەو مەوسیمە تۆ پێویستیت بە تەلقیحات هەیە، لەبەر ئەوە ناتوانرێت تەئخیر بکرێ، ئەگەر تەئخیر بکرێ

ئەوە زەرەر دەدا لە کشتوکاڵ، وەکو د.ڕۆژانیش وتی/ خەڵکێك کە دەڵێ کشتوکاڵ دواکەوتووە و گرنگی بە کشتوکاڵ نادرێ، بەم بڕگەیە ئێمە دەتوانین خزمەتێکی بواری کشتوکاڵ بکەین، زۆر سوپاس.

**بەڕیز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێز زەکیە سەید صالح، فەرموو.

**بەڕێز زکیە سید صالح:**

**بەڕیز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئاخافتنێ من کاك جەلالێ و لێژنەی یاسایی هاتنە کرن، زۆر سوپاس.

**بەڕیز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێز صباح بیت الله، فەرموو.

**بەڕێز صباح بیت الله شکری:**

**بەڕیز سەرۆکی پەرلەمان.**

دەربارەی مادده (10)، (أولاً/ للوزیر المختص صلاحیة الصرف)، ڕەنگە ناهاوسەنگی یەك تێدا هەبێت، هەندێك وەزارەت پێویستی بە پارەی پتر هەبێت، هەندێك وەزارەت پێویستی بە ئەڤێ مەبلەغە نەبێت، دیسان دەربارەی (رؤساء الدوائر التابعة لوزارتهم)، بە ڕەئیا من (250) ملیۆن ببیتە (200) ملیۆن، فەقەرە (ثانیاً/ لرؤساء الهیئات الغیر المرتبطة بوزارة)، لەوە (300) ملیۆن ببێتە (250) ملیۆن، ئەز پشتەڤانیێ لە ڕەئیا لێژنا یاسایی و لێژنا دارایی دکەم کە بڕگە چوارێ بێتە زێدە کرن، بۆ هاریکاریا باری چاندنێ، دیسان بەڕێز سەرۆکی پەرلەمانی، لە پرۆژە یاسای کوردی (1/3) خەرج کرن بە گوێرەی پشتەوانەی ئەرێ کراو و ڕاستێندراو، ڕەئیا من ئەڤ کەلیمە گەلەکا گرانە، ئیحتیمالە گەلەك کەلیمە بێ ئاخافتنێ تێنەگەین، شینا ڤێ پەیڤی ببیتە پەسندکرنا بن بە ڕەئیا من باشترە، سوپاس.

**بەڕیز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێز نەریمان عبداللە، فەرموو.

**بەڕێز نەریمان عبدالله قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە لە گفتوگۆکانی دوێنێمان دا زۆر باسمان لەوە کرد کە دەسەڵاتی وەزارەتەکان زیاتر کراوە بێ، دەسەڵاتەکان دابەزێ بۆ خوارەوە، بەڕێز جەنابی وەزیری دارایی لەو بوارەدا ئاماژەی دا بەوە کە دەسەڵاتی وەزارەتەکان کراوەیە لە زیمنی موازەنەی تایبەت بە وەزارەتەکەی خۆیان دا، کە چەند صەرف بکەن، بەڵام ئەگەر بێت و ئێمە سەیری ماددەی (9) کە بۆتە (10) (أولاً) بکەین، دەڵێ / (للوزیر المختص صلاحیات الصرف)، کەواتە لێرە تەقەیودێکی بۆ داناوە کە زیاتر (350) ملیۆن دینار بۆ هەر حاڵەتێك کە صەرفی بکات، ئەگەر بێت و لەو مانگە دوو حاڵەت دووبارە ببێتەوە، کەواتە تووشی کێشەیەکی ڕاپەراندن دەبێ بۆ ئەوەی ئیش و کارەکانی و ڕۆتیناتەکانی زیاتر دەبێ، بە پێی ئەو قسانەی کە جەنابی وەزیر وتی/ من

پێموایە ئەم (350) ملیۆنە زیادەیە کە تەحدیدی بکەین، لەبەر ئەوە وەکو فەرمووی وەزیرەکان لە زیمنی موازەنەی تایبەت بە خۆیان کە بۆیان دانراوە، بۆیان هەیە هەچی صەرف بکەن، کەواتە بۆ لێرە دێینەوە جارێکی تر تەحدیدی دەکەین، ئەگەر بێت و ئێمە لێرە تەحدیدی نەکەین، ئێمە دەستیان زیاتر کراوە دەکەین، لە ڕۆتینات و لە دواکەوتنی پرۆژەکانیش، خێراتر کردنی ئەنجامدانی پرۆژەکان، ئێمە قازانجێك دەکەین، بۆیە من پێشنیار دەکەم کە ئەو (350) ملیۆنە نەمێنێ، دەسەڵاتیان لە زیمنی موازەنەی خۆیان دا هەبێ صەرفی بکەن، دێمەوە بەشی خوارەوەی کە دەڵێ/ "وله تخویل رؤساء الدوائر التابعة لوزارته بصرف مالایزید علی (250)"، من پێم باشە ئەوە بکرێتە (200) لەبەر ئەوەی کە وەزیرەکە دەسەڵاتی کوللی پێ درا، زۆر بە ئاسانی ئیشی ڕوئەسای دەوائیرەکانیشی جێبەجێ دەکات، من کەم و کورتییەکی تێدا دەبینم، دەبوایە (مدراء الدوائر التابعة) ئەویش دەسەڵاتێکی بۆ دابنرایە، بەلای کەمەوە کە دەسەڵاتی صەرفی (50) ملیۆن تا (100) ملیۆنی هەبێ، لەبەر ئەوە بتوانین دەسەڵاتەکان زیاتر دابەزێنین، لامەرکەزییەت زیاتر بە قوەت بکەین، پشتگیری لە ڕای بەڕێزان لێژنەی یاسایی و لێژنەی دارایی دەکەم، ئەو ئەندامە بەڕێزانەی کە پشتگیریان کرد، بەڕاستی کەرتی کشتوکاڵ پێویست دەکات بە هەموومان هاوکاری بکەین بۆ ئەوەی بتوانین ئەو کەرتە کەرتێکی داهاتێکی گەورەی دەبێ لە هەرێمی کوردستان، دەبێتە بەدیلێکی ئیقتیصادی، پشتەوانەیەکی گەورە بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان، ئەگەر بکەوێتە سەر سیکەی خۆی و بەرهەمەکانی بە پێی پێویست بتوانین بیهێنینە دەست بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان، بۆیە پشتگیری لەو بەندە دەکەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێز شێرزاد حافظ، فەرموو.

**بەڕێز شێرزاد عبدالحافظ شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

قسەکانی من کرا، بەڵام ئەوەی کە ئەوە بێ، پشتگیری لە لێژنەی یاسایی دەکەم بۆ بڕگەی چواریان، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێز عبدالرحمن، فەرموو.

**بەڕێز عبدالرحمن حسین ابابکر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕاستی من گرنگییەکی تایبەت بەم ماددەیە دەبینم، بەڵام هەرچەندە کە سەیری دەکەم، صەلاحیەتێکی ئەوتۆی نەدایە وەزارەتەکان، ئەگەر بێین سەیری بکەین، ئەوە وەزارەتی جێبەجێ کردنن، هەموویان وەکو یەك دەبێ سەیر بکەین، هەموویان وەکو یەك بن، هەموویانیش ئیشی خۆیان لە ناو وەزارەتەکانی خۆی

هەیە، هەر یەكێك بە پێی میهنەكەی خۆی و ئیشی خۆی و وەزارەتی خۆی، من زۆر ئەوە بە سەیر دەبینم كەوا تەقەیود كردینە ئەو وەزارەتە، ئەو وەزارەتانە كە (350) ملیۆن دینار بۆ دابنێن، لەوە زیاتر نەبێ صەرف بكرێ، ئەوە بەڕای من زۆر زۆر خراپە، ئەوە دەبێتە نەوعە سڕكردنەوەیەكی ئەو وەزارەتانە، دەبیتە قۆرخ كردنەوەی دەسەڵاتی ئەو وەزارەتانە لە جێیەكی تایبەت كە وەزارەتی دارایی یە، ئەوە دەبیتە ئیفلیج كردنی ئیش و كارەكانی وەزارەتەكان كە ناتوانن ڕۆژانە ئیشی خۆیان جێبەجێ بكەن، لەوانەیە ناتوانن تەفكیر بكەن زیاتر لە ئیشی خۆیان، كە ڕۆژێك كۆبوونەوەیەك بكەن لەسەر پرۆژەیەك، لەسەر شتێكی تایبەت، ناتوانن بیری لێ بكەنەوە، ناتوانن تەرحەكانی زیاد بكەنەوە، كە بۆ ئەو ئیشە بكەن بۆ دواڕۆژێك ئەوەندە پارەمان هەیە، بودجەی تایبەتمان هەیە، هی دیاری كراوە لەگەڵ وەزارەتی دارایی، كاتی خۆی دیاری كراوە بوو، لەسەر ناوی ئەوانە لە بانقەكانی كە هەیە دەری بێنن، یان صەرفی بكەن، یان نەیكەن، ئەوە هەمووی دەبێتە ئەسباب كە ئەم خاڵە نەمێنێ، ئەم تەقەیودە نەمێنێ لەسەر ئەو وەزارەتانە، هەموویان وەكو یەك بن، دەسەڵاتیان كراوە بێ لەسەر ئەو بودجەی كە بۆی دیاری كراوە لەگەڵ وەزارەتی دارایی، بە كەیفی خۆیان تەصەروف بكەن، ئەگەر هاتو زیادەڕەوی كرد، ئەگەر هاتو هەڵەیەكی كرد لە ئیش و كارەكانی خۆی، ئێمە وەزارەت هەموومان دەتوانین ئەو كاتە بانگی بكەین و موحاسەبەیان لەگەڵ بكەین، لێكۆڵینەوەیان لەگەڵ بكەین لەسەر ئەو ئیشەی كردوویانە، بەڵام ناكرێ ئێمە تەقەیود بكەین بە ماددەیەك و بە خاڵێكی بچووك كەوا لەوە زیاتر ئیش نەكەی، هەموو وەزارەتەكان ئێستا گلەییان لە ئێمە هەیە، چەندەها وەزیر ئێمە بانگمان كرد، لەگەڵیان دانیشتووینە، گوتیان ئێمە هیچ صەلاحیەتێكمان نیە، هیچ دەسەڵاتێكمان نیە، كەوا ئێمە شكلین لەوێ، وەكو شكلێكی كارتۆنی لەوێ دانیشتووینە هەموو صەلاحیەتەكەی قۆرخ كردیە لە دەسەڵاتی وەزیری دارایی، هەمووان گلەییان لە ئێمە هەبوو، زۆر پێم باشە ئەم خاڵە نەمێنێ، سەربەخۆییەكی تایبەت بدەین بەو وەزیرانە، دوای ئەوە ڕۆتینیاتی زۆری هەیە لە ناو دام و دەزگای كە ئێمەی بۆ ئەو پارە صەرف كردنە، بۆ دام و دەزگای تریشی حكومەت ڕۆتینیاتێكی زۆرە، ئەگەر یەكێك بیەوێت تەعین بكرێ، دەبێ (11)، (12) فەرمانگە بكات هەتا تەعین بكرێ، یەعنی ئەوە هەر پێیان ناكرێ، ئەو ڕۆتینیاتانە بۆ چنە؟ دەبێ ئەوانەش كەم بكرێنەوە بە ڕەئی من، ئیتر من ئەو جیاوازییەی كە ئێستا لێژنەی یاسایی پێشكەشی كرد گوتی/ پێشنیارا لێژنەی یاسایی پێشكەش كرد بۆ وەزارەتی زراعە، من پێموایە هیچ فەرق و جیاوازییەك نەخەینە بەینی ئەو وەزیرانە، هەموویان وەكو یەكن، هەریەكی بە گوێرەی خۆی ئیشی خۆی هەیە، ڕاستە وەزارەتی زراعە زۆر موهیمە، ئێمە پێش بخەین، بەڵام بە زیادەی بودجە نە بۆ زیادەی فەرقێكی بخەینە سەر بەینی ئەو وەزارەتە و ئەو وەزارەتە، ئەوە خراپە، ئەوە باشە، هەموو وەزیرەكان باشن، هەموویان بەڕێزن، هەموویان لێرە ئێمە متمانەمان پێ داون، دەسەڵاتیان هەموو وەكو یەكە، ناكرێ ئێمە فەرق بكەین بەینی ئەو و بەینی ئەوە، ئیتر زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، وەڵلاهی باشە ئیعتیرافت کرد هەموویان باشن، بەڕێز عمر صدیق، فەرموو.

**بەڕێز عمر صدیق هەورامی:**

**بەڕیز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پشتگیری لە ڕاپۆرتەکەی لێژنەی دارایی و کاروباری ئابووری دەکەم، ئەو پێشنیارەی بەڕێزان لە لێژنەی یاسایی خستیانە ڕوو، من بە ناکۆکی دەبینم، پڕاوپڕ لەگەڵ ماددەی شەشەمی ئەصڵی پرۆژەکە بوو بە ماددەی حەوتەم، بۆ؟ با ڕوونکردنەوەیەك بدەم، لە ماددەی حەوتەم دەڵێ/ یەکەم/ خەرجکردن لە پشتیوانەی حیساباتی سەرەکی بەخشین، باربوو، خەرجییەکانی پرۆژەکانی وەبەرهێنان دەبێت، ئەویش لەلایەن وەزارەتی دارایی و ئابوورییەوە دەبێ لە چوارچێوەی بودجەی هەرێمی کوردستان دا، واتا تەنها وەزارەتی دارایی صەلاحیەتی یان دەسەڵاتی خەرجکردنی لەم حیسابە هەیە، ئێمە ئەگەر بمانویستبایە ئەم صەلاحیەتە بە وەزارەت بە یاسا، بەم یاسایە ئەم صەلاحیەتە بە وەزارەتی کشتوکاڵ بدەین، دەبوایە ئەو کاتە ئیعانات، باربوو لەوێ هەڵبگرین، بەڵام ئێمە دەتوانین ئەم بابەتە چارەسەر بکەین، ئەویش بەچی؟ بەوەی کە لەگەڵ تەواوبوونی پرۆژە یاساکە بە پێشنیارێك ئەم بابەتە ڕەوانەی ئەنجومەنی وەزیران بکەین، ئەنجومەنی وەزیران بە بڕگەی دووەم کە هاتووە لە ماددەی حەوتەم دەڵێ/ ئەنجومەنی وەزیران بۆی هەیە صەلاحیەت بدات بە وەزیرێکی تایبەت بۆ ئەو بابەتانەی سەرەوە، لەبەر ئەوە من داوا دەکەم ئەوە بۆ ئەوەی ئێمە نەکەوینە هەڵەی یاساییەوە، ئەو پێشنیارەی کە کرا سەحب بکرێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕیز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێز شەونم محمد، فەرموو.

**بەڕێز شەونم محمد غریب:**

**بەڕیز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە نیسبەت ماددەی (10) کە باس لە صەلاحیەتی وەزیری موختەص دەکات کە دەڵێ لە (350) ملیۆن زیاتر نەبێت، من پێم باشە ئەو بڕگەیە بکرێ بە (500) ملیۆن، لە باتی (350) ملیۆن، چونکە کێشەی سەرەکی دائیرەکان لەوەدایە، لە نێوان مودیریەتی عاممەکان و وەزارەتەکان دا، کاتێ کە پرۆژەکان لە وەزارەتەکان دا جێبەجێ دەکرێن، هەندێ لە پرۆژەکان کە پێویستی بە موافەقاتی ئەنجومەنی وەزیران دەبێ، ئەگەر لە صەلاحیەتی وەزیرەکەیان بێت، لەبەر ئەوە پێویست دەکات جارێکی تر بە هەموو ئەوەلیاتەوە پرۆژەکان بنێرێ بۆ ئەنجومەنی وەزیران، تاکو سەیر دەکرێتەوە، وردبینی دەکرێ و موافەقەتی لەسەر دەکرێ کاتێکی زۆری دەوێ، بەڵام ئەگەر ئەو صەلاحیەتە لە دەسەڵاتی وەزیرەکەی خۆی دا بێ، لە نێوان مودیریەتی عاممەکە و وەزیرەکەدا ئەو کێشانە جێبەجێ دەکرێت، ترسیش لەوە نیە ئەگەر صەلاحیەتی وەزیر هەر چەندێك بێت، چونکە بە چەندین فیلتەری ڕەقابی دا هەموو ئیشەکان دەڕوات،

هەموو پرۆژەکان دەڕوات، لەبەر ئەوە هەموو شتێك دەچێتە جێگای خۆی، ئەو حاڵەتەش کە باس دەکرێ، (لكل حالة) یەعنی بۆ هەر پرۆژەیەك، ئەگەر ئەوە بکرێ بە (500) ملیۆن و دەستی وەزیر کراوە بێت، (500) ملیۆن بۆ هەموو حاڵەتێك، بۆ هەموو پرۆژەیەك، پێموایە ئاسانکارییەکی زۆر باش دەبێ بۆ وەزیرەکان، هەروەها بۆ مودیریەتی عامەکان و دائیرەکانی خوارەوە، بە تەبیعیش وەزیر دەسەڵاتەکانی خۆی دادەبەزێنێتە مودیریەتی عامەکان، لەبەر ئەوە بڕگەکانی خوارەوەش بەرەو زیادبوون دەچن، هەتا دەگاتە دائیرەکانی خوارەوە، ئاسانکارییەکی باش لە ئیشەکان دا دروست دەبێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێز هاوڕاز خۆشناو، فەرموو.

**بەڕێز هاوڕاز شێخ احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من هاوڕام لەگەڵ بەڕێز وەزیری دارایی، بەڕاستی ئەو تایبەتمەندییە بۆ وەزارەتێك پێموایە هەموو وەزارەتەکان، لەوانەیە وەزارەتێك تا وەزارەتێکی تر، من ئەگەر باسی تەندروستی بکەم، وەزارەتی تەندروستی وەزارەتێکی خەدەمی زۆر هەستیارە بەڕاستی، لەوێ ئێمە تا ئێستاش بودجەکەمان بۆ زیاد نەکردووە، مەگەر لە ماددەی (15) کە دەکاتە ماددەی (16) قسەی دی لەسەر دەکەین، من پێم باشە ئەو تایبەتمەندی یە ئەگەر هەبێ، یان بۆ وەزارەتە حەساسەکان بێت، یان بەڕاستی بۆ وەزارەتێك بە تەنیا جیانەکرێتەوە، من لەگەڵ دەست کرانەوەی وەزیرەکانم بەڕاستی، ئەوەی کێشەی زۆریان هەیە، هەم وەزیرەکان و هەم فەرمانگاکانی سەر بە وەزارەتەکان، لەم ماددەیە لە خاڵی (1)دا، لە ڕستەی دووەم کە باس لەوە دەکات، بۆشی هەیە، مەبەست لە وەزیرە، ئەگەر ئەوەکە بخوێنمەوە، دەڵێ/ یەکەم/ وەزیری تایبەت دەسەڵاتی خەرجکردنی هەیە بە بڕێك لە (350) ملیۆن دینار کەمتر نەبێ بۆ هەر حاڵەتێك، بۆ هەر حاڵەتێك تێپەڕ نەکات، بۆشی هەیە کە دەسەڵات بە سەرۆك فەرمانگەکانی سەر بە وەزارەتەکە بدات، من پێمباشە ئەو "بۆشی هەیە" لاببەین، تەنها بڵێین بۆ هەر حاڵەتێك ئەو پارەیە کە تێپەڕ ناکات، دەسەڵاتیش بە سەرۆك فەرمانگەکانی سەر بە وەزارەتەکەی بدات، یەعنی هەر وەزیر ئەم "بۆشی هەیە" نەکەینە قەیدێك لەوێ، "بۆشی هەیە" لاببەین، دەسەڵاتی هەیە کە دەسەڵاتیش بە سەرۆك فەرمانگەکان بدات، سەبارەت بە خاڵی دووەم هەر لەو ماددەیە باس لە سەرۆکی دەستەکان دەکات، من ئەو بڕە پارەیە ئەگەر بە کەم نەزانم، بە زۆر نازانم، چونکە ئەو دەستانە کە بە وەزارەت گرێ نەدراون بەڕاستی، پێشتر وەزارەت بوون، ئێستاکە کە بوونە دەستە، دەسەڵاتەکانیان لە زۆر ڕووەوە کەم بۆتەوە، ئەگەر لەم ڕووەشەوە کەم بۆتەوە کە کۆمەڵێ پێداویستیان هەیە، من پێموایە ئەوە شتێکی باش نابێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ئێستا تەواو بوو موداخەلەکان، لێژنەی دارایی ئاخیر تێبینیتان.

**بەڕێز د. ئاراس حسین محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوەندەی تێبینیمان کرد دوو بۆچوون هەبوو لە ناو هۆڵی پەرلەمان، بۆچوونێکیان کە تەمویل ئازاد بێت، یەعنی صەلاحیەی صەرف ئازاد بێت لەلایەن وەزیرە بەڕێزەکانەوە، بۆچوونێکی تر هەبوو کە بڕی صەلاحیەتی صەرف بۆ کولی حاڵەتێك زیاد بکرێت، لە (350)کەوە بۆ بڕێکی زیاتر، بەتایبەتی بڕی (500) ملیۆن، (450)ش هەبوو، ئێمە وەکو لیژنەی دارایی لەگەڵ ئەوەدانین کە صەلاحیەتی صەرف کراوە بێت، چونکە ئەگەر صەلاحیەتی صەرف کراوە بوو، موحاسیبی حکومەت وەزارەتی دارایی یە، وەزارەتی دارایی، پارەکە لای وەزارەتی دارایی یە، لەوانەیە لە ماوەیەکی زۆر کورت دا هەموو وەزیرە بەڕێزەکان بە شێوەیەك لە شێوەکان تەجاوزی ئەو سیولەیە دەکەن کە لە وەزارەتی مالیەیە، ئەوە کێشەیەکی گەورەیە، کێشەیەکی تر بە حەقەت کە، بڵێین خاڵێکی تر کە پێویستە ڕوونی بکەینەوە، خۆ کە تەحدیدی حاڵەت کراوە لەوە زیاتر نەبێ، مەبەست چیە؟ مەبەست ئەوەیە ئەو تەخصیصەی کە بۆی هەیە، چۆن بتوانێ دابەشی بکات لە نێوان ساڵەکەدا، بەڵام ئەگەر هاتو گرفتێ هاتە پێشەوە، بە پێی ئەو زانیارییەی من هەمە، کە حاڵەتێك هەبێ لە (350) ملیۆن زیاتر پێویست بکات، ئەو وەزارەتە ناتوانێ ئیشەکە بەرێت بەڕێوە تاکو (350)کە زیاد نەکات، وا تێ دەگەم ئەوە ئەگەر وەزیر ڕاستم بکاتەوە، دەتوانێ موافەقاتی ئصولی پێ بۆ وەرگیرێ، بەڵام وەکو لیژنەی دارایی، لەلایەك وەکو ڕەئی خۆشم، ئەگەر لە ڕووی پەیڕەوەوە بتوانم قسە بکەم، لەگەڵ ئەوەدا نیم کە صەلاحیەتی صەرف لەلایەن وەزیرەوە یان وەزیرە بەڕێزەکانەوە ئازاد بێ، وەکو وتم لەبەر ئەوەی لەوانەیە لە مانگی یەکەم و دووەم و سێیەم دا هەموو تەخصیصەکەیان صەرف بکەن، ئەو سیولەیەش لە وەزارەتی مالیەوە، وەزارەتی دارایی هین نەبێت، خاڵێکی تر هەیە ئەگەر بکرێت، نازانم تا چ حەددێك لیژنەی یاسایی بەڕێز لەگەڵمایە، پێشنیار هەیە بۆ زیادکردن، بۆ (450) ملیۆن و بۆ (500)، دەتوانرێ ئەوە بخرێتە دەنگدانەوە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز جەنابی وەزیر، ڕەئیتان؟

**بەڕێز شێخ بایز تاڵەبانی/ وەزیری دارایی:**

**بەڕیز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوەش کە تەئکید دەکرێ هەموو جارێ لەسەری، ئێمە کە دەڵێین (350) ملیۆن، ئەوە بۆ هەر حاڵەتێکە، یەعنی ئەگەر لە ڕۆژێك دا سێ حاڵەتیش هەبێ، چوار حاڵەتیش هەبێ، ئەوە یەعنی بەو شێوەیە دەتوانرێن لە هەموو حاڵەتێك دا ئەوەندە صەرف بکرێت، من تەئیدی ئەو قسانەی جەنابی کاك ئاراس دەکەم، یەعنی د. ئاراس ڕاست دەڵێ، خۆ وەزارەتی دارایی تەنزیمی صەرف دەکات، تەنزیمی سیولەش دەکات، من سیولە مانگ بە مانگ بۆمان دێت لە بەغداوە، ئەگەر ئاوها بێت، ئەو وەختە ئێمە هەموو حیساباتمان بە تەجاوز، بە سوور دەردەچێت لە بانق دا، حیسابێك هەیە حیسابی سوور، هەمووی تەجاوز دەکات، دەبێتە (سحب عالمکشوف) ئەوە نابێت یەعنی ئێمە کە ئەو ئیقتیراحاتانە کە دەکرێت، حەقە ئەو حیساباتانە هەمووی بۆ

ئێمـه بکرێـت، دوای ئـەوە کـە دەڵـێن (350) ملیـۆن کـە صـەرف دەکرێـت، ئـەو (350) ملیۆنــە دەبــێ تەخصیصی هـەبێ، ئەگـەر تەخصیصی نـەبێ بۆیـە نیـە صـەرفی بکـات، لـە زیمـنی تەخصیصـەکەی خـۆی دەرنەچێ، بە نیسبەتی ئەوانی ترەوە، کە ئێمە پێشتر وتوومانە، لە زیمـنی موازەنەکـەی خـۆی، بۆیـە هەیـە صەرف بکات، ئەو موازەنەی کە بۆی موصادەقە کراوە، ئێمە وتوومانە و دەیڵێیم وەزیـر بـۆی هەیـە صـەرفی تیا بکات، بـە بـێ ئـەوەی بگەڕێتـەوە بـۆ وەزارەتـی دارایـی، ئـەوە لـە مەجلیسـی وزەرا تەئکیـدمان لەسـەری کردووە، ئێستا دکتۆر لێرە نیە، د.علی ئاگای لێیەتی، ئەو مەوزووعە بۆ ئـەوەی کـەوا ڕۆتـین کـەم ببێتـەوە، هەتاکو دوێنێ کە باسی سلەفیش کرا، ئێمە هەتا سلەفی مقاولین، تـەنها سلفەی نیهائی دێتـە لای ئێمـە بـۆ وەزارەتی دارایی، ئەویش بە مەرجێك لە (500) ملیۆن دینار زیاتر بێ، ئەگەر (500) ملیۆن دینار کـەمتر بێ، ئەویش نایەتە لای ئێمە، هەر لە وەزارەتی موختەص صەرف دەکرێ، سوپاستان دەکەم.

**بەڕیز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، نیزامی یە؟ فەرموو سیوەیل خان.

**بەڕێز سیوەیل عثمان احمد:**

**بەڕیز سەرۆکی پەرلەمان.**

پرسیارێکم کـرد لـە بـەڕێز وەزیـری دارایـی، ئایـا ئـەوەی (ثالثـاً) تەعلیماتـە یـان دەبـێ لـە یاسـاکەدا هـەبێ، سوپاس.

**بەڕیز سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو، جەنابی وەزیر.

**بەڕێز شێخ بایز تاڵەبانی/ وەزیری دارایی:**

**بەڕیز سەرۆکی پەرلەمان.**

(أن يتم الصرف وفقاً لإعتمادات المصادق عليها في الموازنة العامة السنوية لأغـراض.....)، وابـزانم ئـەوەم هـەر پێشـتر جـەواب داوەتـەوە، ئەوانـە شـەرتن و دەبـێ مـەفرووزە ئـەو شـرووتانە هـەبێ، (التقيـد بالإعتمـادات المخصصـة للموازنـة العامـة و لايجـوز الـدخول في الإلتـزام بالصـرف بمـا يزيـد عمـا هـو مخصـص في الموازنـة)، ئێستاش قسەم کرد لەسەری، تەبیعی ئەگەر تەخصیص نـەبێ نـاتوانێ، پێشـتر قسـەم کـرد لەسـەری، ئەگـەر تەخصیص نەبێ ناتوانێ صەرف بکات.

**بەڕیز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، لێژنەی یاسایی ئـەو پێشـنیارانەی ئەندامـە بـەڕێزەکانی پەرلـەمان کردیـان، ئێسـتا یـەك یـەك بچنە سەری بۆ ئەوەی بیاندەینە دەنگدان، فەقەرە، فەقەرە.

**بەڕێز عونی کمال بەزاز:**

**بەڕیز سەرۆكی پەرلەمان.**

پێشنیارێك دەڵێ صەلاحیەتی صەرف موتلەق بێ، ئەوە با بخرێتە دەنگدانەوە، صەلاحیەتی صەرف موتلەق بێ.

**بەڕیز سەرۆكی پەرلەمان:**

پێشنیارێك هەیە بەڕێزان صەلاحیەتی صەرفی گشت وەزیرەكان ئازاد بێ، ئەوە چەند بەڕێزێك لە لیژنەی دارایی ڕوونیان كردەوە، جەنابی وەزیریش ڕەئی لەسەر دا، ئێستا كێ لەگەڵە بەو شێوەیە بێ دەست بەرز بكات تكایە؟ (14) بەڕێز لەگەڵە، كێ لەگەڵ ئەوەیە وەك خۆی بمێنێت؟ (60) بەڕێز لەگەڵ ئەوەیە وەك خۆی بمێنێت، بۆیەوەك خۆی مایەوە، فەرموو بۆ فەقەرەی تر.

**بەڕێز عونی كمال سعید بەزاز:**

**بەڕیز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئایا پێویست دەكات دووبارە ماددەكە بخوێنمەوە هەتا بخرێتە دەنگدان.

**بەڕیز سەرۆكی پەرلەمان:**

تكایە فەقەرەی یەك، تەغیر ئەوە، پێشنیارێكی تر هەبوو، تەمویل زیاد بكرێت، بۆیە بچۆ سەر فەقەرە یەك و باسی بكە، فەرموو.

**بەڕێز عونی كمال سعید بەزاز:**

**بەڕیز سەرۆكی پەرلەمان.**

دەرفەتم بدێ، ئێستا دەنگمان دا، (62) دەنگ بەوەی دا كە ماددەكە وەك خۆی بمێنێت، واتا ئیلزام ناكات.

**بەڕیز سەرۆكی پەرلەمان:**

نا بەڕێز ئەو دەنگدانە تەنها لەسەر ئەوە بوو كە دەسەڵات بدرێتە گشت وەزارەتەكان كە تەمویل ئازاد بێ، ئەوە ڕەفز كرا، بۆیە وەكو خۆی، وەكو پێش ئێستا مەبەستمانە، دەسەڵاتەكانیان چۆن بووە وەكو پێش ئێستا مایەوە، ئێستا دێین، پێشنیارێكی تر هەبوو، تەمویلەكە زیاد بكرێت، یەعنی نیسبەكە لە (350) زیاتر بكرێ، ئەگەر ئەوەش بخوێنن بیخەینە دەنگدانەوە، فەرموو.

**بەڕێز عونی كمال سعید بەزاز:**

**بەڕیز سەرۆكی پەرلەمان.**

پێشنیاری دووەم مادام جەنابتان وا دەڵێن، پێشنیاری دوەم ئەوەی كە پارەكە صەلاحیەتی صەرفەكە بكرێت بە (450) ملیۆن دینار بۆ هەر حاڵەتێك.

**بەڕیز سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێزان كێ لەگەڵ ئەوەیە صەلاحیەتی صەرفی وەزیر لە هەر حاڵەتێك ببێتە (450) ملیۆن؟ تەواو، وەختی دەنگدانە، دەستمان پێ كرد، (22) بەڕێز لەگەڵ دایە، كێ لەگەڵە هەروەك خۆی لە فەقەرە یەك لە مادده (9)ی ئەصلی پرۆژەكە كە مادده (10)یە بمێنێتەوە؟ (49) بەڕێز لەگەڵە وەك خۆی بمێنێ، بۆیە وەك خۆی مایەوە، ئێستا بچنە (ثانیاً) فەرموو.

**بەڕێز عونی كمال سعید بەزاز:**

**بەڕیز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشنیاری سێیەم ئەوەیە کە لە (300)وە ببێت بە (250).

**بەڕیز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان لە بڕگەی (2) ماددەی (10) (ثانیاً) کە (300) ملیۆن دینار دەستنیشان کراوە بۆ صەلاحیەتی سەرۆکی هەیئەتەکان، لیژنەکە داوای کردووە کەم بکرێتەوە، بۆ (250) ملیۆن، کێ لەگەڵ ئەوەیە کەم بکرێتەوە بۆ (250) ملیۆن، تکایە دەستی بەرز بکات؟ تەنها دوو کەس، کێ لەگەڵ ئەوەیە وەکو خۆی بمێنێتەوە (300) ملیۆن؟ بە زۆرینەی دەنگ وەك خۆی مایەوە، بڕۆ فەقەرەی ئیزافی کە پێشنیارێك هەبوو (رابعاً) ئەوەی بۆ وەزیری زراعە، نەصی پێشنیارەکە بخوێننەوە بۆ ئەوەی بدرێتە دەنگدان، فەرموو.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕیز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشنیاری چوارەم سەبارەت بەو ماددەیە زیاد کردنی بڕگەیەك بەو شێوەی خوارەوە، (لوزير الزراعة والموارد المائية صلاحية صرف المبالغ المخصصة لاعانات الزراعية لتدارك الاحتياجات فى وقتها المناسب بالتنسيق مع وزير المالية والاقتصاد.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێزان وەکو بیستتان کەخوێندرایەوە، بەو شێوەیەی کێ لەگەڵە تکایە دەست بەزربکاتەوە؟ 61 بەڕێز لەگەڵدایە، کێ لەگەڵ دانیە؟ 9 بەڕێز لەگەڵ دانیە، بە زۆرینەی دەنگ زیاد کرا، تکایە ئێستا گشت ماددەکە بخوێننەوە لەگەڵ ئەو تەعدیلاتانەی کەکرا لەسەری، کاك عونی فەرمووو.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة /10

1- للوزير المختص صلاحية الصرف بما لايزيد على ثلاثمائة......... .

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بێریڤان سەرهەنگ تکایە بێ دەنگ، کاك عونی فەرمووو.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة 10

1- للوزير المختص صلاحية الصرف بما لايزيد على(350) ثلاثمائة وخمسون مليون دينار عن كل حالة، وله تخويل رؤساء الدوائر التابعة لوزارته بصرف مالا يزيد على (250)مائتان و خمسون مليون دينار.

2- لرؤساء الهيئات غير المرتبطة بوزارة صلاحية الصرف بما لايزيد على (300) ثلاثمائة مليون دينار.

3. يراعى فى اولا و ثانيا ما يلى:

1. ان يتم الصرف وفقا للاعتمادات المصادق عليها فى الموزانة العامة السنوية وللاغراض المحددة لها.

2. التقيد بالاعتمادات المخصصة فى الموازنة العامة ولايجوز الدخول فى الالتزام بالصرف بما يزيد عن ما هو مخصص فى الموزانة.

4. لوزير الزراعة و الموارد المائية صلاحية صرف المبالغ المخصصة للاعانات الزراعية لتدارك الاحتياجات فى وقتها المناسب وبالتنسيق مع وزير المالية والاقتصاد.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە کوردی بیخوێننەوە، تکایە جارێکی تر کوردیەکە لە پێشدا بخوێننەوە رجائەن، د.ڕۆژان فەرمووو.

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

1. وەزیری تایبەتمەند دەسەڵاتی خەرج کردنی هەیە بەبڕی کە لە (350)سێ سەد وپەنجا ملیۆن دینار زیاتر نەبێت بۆ هەر حاڵەتێك، بۆشی هەیە کە دەسەڵات بە سەرۆکی فەرمانگەکانی سەر بە وەزارەتەکی بدات کە بڕی تا(250 ) دوو سەد و پەنجا ملیۆن دینار خەرج بکەن.

2. ئەو سەرۆك دەستانەی سەر بە وەزارەتێك نین دەسەڵاتی خەرج کردنیان تا (300) سێ سەد ملیۆن دینار هەیە بۆ هەرحاڵەتێك.

3. لەیەکەم و دووەم دا ئەمانەی خوارەوە ڕەچاو دەکرێت:

1ـ خەرج کردن بە گوێرەی پشتەوانەی پەسەند کراو لە بودجەی گشتی ساڵانە دەبێت و بۆ ئەو مەبەستانەی بۆیان دیاری کراوە.

2. پابەند بوون بەو پشتەوانەی لە بودجەی گشتی دا تەرخان کراوە ناشکرێت خۆوابەستە بە خەرج کردن بکرێت بە زیاتر لەوەی لە بودجەدا تەرخان کراوە.

بڕگەی 4 دەقە عەرەبیەکەم لەبەردەستە کە:

4. وەزیری دارایی و کشتوکاڵ و ئاودێری دەسەڵاتی خەرج کردنی بڕە پارەی تەرخان کراو بۆ ئیعاناتی کشتوکاڵ بۆ مەبەستی خەرج کردن لە کاتی پێویست و بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی دارایی و ئابووری.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی دارایی ڕەئیتان لەسەری؟ کاك د.ئاراس فەرمووو.

**بەڕێز د.ئاراس حسین محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوە هەمووو ماددەکان و ........... .

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ داوای لێ بوردن دەکەم ئێستا گشت ماددەکە وەکو ئەوەی خوێندرایەوە، کێ لەگەڵە تکایە دەست بەرز بکاتەوە؟، زۆر سوپاس، 57 بەڕێز لەگەڵ دایە، کێ لەگەڵ دانیە؟ 5 بەڕێز لەگەڵ دانیە، بە زۆرینەی دەنگ پەسەندکرا بۆ ماددەی 10 لە ئەسڵی پرۆژەکە کە دەکاتە ماددەی 11 د.ڕۆژان فەرموو.

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی 10 لە ئەسڵی پرۆژەکە کە دەکاتە ماددەی 11:

ماددەی 11

پاداشتی فەرمانبەران ساڵانە بۆ یەك کەس یەك ملیۆن دینار زیاتر نابێت لە نێو برە پارەی تەرخان کراو لە بودجەدا و بە گوێرەی ڕێنمایی کە وەزارەتی دارایی و ئابووری دەری دەکات.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بە عەرەبیەکەی؟ کاك عونی فەرموو.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة 11

لاتزيد المكافأة للموظفين على مليون دينار سنويا للشخص الواحد وضمن التخصيصات المقررة بالموازنة و بموجب تعليمات تصدرها وزارة المالية والاقتصاد.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی دارایی ڕەئیتان لەسەری؟ کاك د.ئاراس فەرموو.

**بەڕێز د.ئاراس حسين محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەلایەن لیژنەی داراییەوە ئەو ماددەیە پەسەندە و وەکو خۆی بمێنێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی؟ کاك عونی فەرموو.

**بەڕێز عونی کمال سعیدبەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لیژنەی یاسایی پێشنیار دەکات پارەکە ببێتە 2 ملیۆن دینار لە جیاتی یەك ملیۆن دینار.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمان کێ دەیەوێ لەسەر ئەو بابەتە قسە بکات؟ ئەو بەڕێزانە دەیانەوێ قسە بکەن، نیشتمان مرشد، محمد شارەزووری، قادر حسن، صباح بیت الله، سیوەیل عثمان، سمیرە عبدالله، حسن محمد، تارا ئەسعەدی، یشار نجم الدین، عبدلله حاجی محمود، هاژە سلێمان، د.بشیر، نیشتمان خان فەرموو.

**بەڕێز نیشتمان مرشد صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێم باشە ئەو بڕە پارەیە بەلای منەوە کەمە لە هەندێك جار کە زیاتر هەیە فەرمانبەر تووشی نەکسەیەکی یان تووشی نەخۆشیەك دەبێت، پێم باشە بە گوێرەی ڕاپۆرتی پزیشکی بتوانرێ کە ئەو کەسە کە زیاتر پێویستی بەوەیە کە بسەلمێنێ کە ئەو پارەیەی پێویستە پێم باشە زیاتر لەو بڕە پارەیەی بۆ سەرف بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز ئەوە موکافەئەیە، بۆعلاج نیە، بابی علاج جیایە، بەس موکافەئەیە، یەکێك زیرەکە ئیشی باش دەکات و کە زۆر هیلاك دەبێ، زیاد دەمێنێ، دەسەڵات هەیە لە دائیرەکەت ئەوەی بۆ بکەی، کاك محمد فەرموو.

**بەڕێز محمد شارەزووری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من قسەکەم لەسەر ئەوەیە پاداشتی فەرمانبەران ساڵانە بۆ یەك کەس لە یەك ملیۆن زیاتر دینار زیاتر نەبێت، ئەگەر ئەو فەرمانبەرە لە حاڵەتێك دا تووشی نەخۆشیەك بوو یان ئەو دائیرە یان وەزارەتەکەی ویستی هاوکاری بکات ئەو ملیۆن دینارەی لەسەر حساب نەکرێت.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز ڕوونمان کردەوە بۆ ئەوەی وازح بێت ئەوە بۆ بابەتی نەخۆشی نیە، فەقەت بۆ هاوکاریە، ئەگەر لیژنەی دارایی کە مێك زیاتر ڕوونی بکەنەوە، کاك د.ئاراس فەرموو.

**بەڕێز د.ئاراس حسین محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەڵبەتە ئەو دوو بەڕێزە کە ڕوونیان کردەوە، موعالەجە کراوە، ئەگەر بە هەڵە نەچوو بم لە مەنافعی ئیجتماعی و سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك قادر فەرموو.

**بەڕێز قادر حسن قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منيش هاوڕام لەگەڵ پێشنیاری لیژنـەی یاسایی کـە پێشـنیاریان کـردووە ئـەو بـڕە پارەیـە لـە ملیۆنێکـەوە بکرێتە 2 ملیۆن، لەهەمان کاتیشدا پێم باشە ئەمە لەسەر ئەساسێك بێت ئومێدەوارم ئەو ڕێنماییانـەی کـە لێرەدا هاتووە ئەوەبێ لەسەرئەو ئەساسە بێ کـە فەرمانبـەرێکی نموونـەیی بێـت، یـان ڕێـك وپێـك بێـت لـە ڕاپەڕاندنی ئیش و کارەکانی و لەسەر ئەو ئەساسە بدرێت، نەك بە ڕەغبەتی شەخسی و وەزیر یان یەکێکی تر و زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەی برا دەبێ رەغەبتی کێ بێت؟ یـەعنی ئـەو لەوێیـە ئـەو تـەقیمی دائیرەکـەی دەکات، خـۆ ئێمـە ناچـین لەپەرلەمان دا ئەو پاداشتە بدەین بە مـوزەفێ کـە کارمەنـدێك لـە کـەلار یـان لـە سـنجار، خـوا سـەلامەتتان بکات، ئەوە ئیشی وەزیرە، خۆی لە شوێنەکەی خۆی دەزانێ، کاك صباح فەرموو.

**بەڕێز صباح بیت الله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەز پشتەڤانیا لە لیژنا یاسایی دکەم کو ئەڤ پارە لەم ملیۆنێکێ ببێتە 2 ملیۆن و سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سیوەیل خان فەرموو.

**بەڕێز سیوەیل عثمان احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە نسبەت ئەو ماددەیەوە، ئەو موکافەئاتە ئێمە دەزانین زۆر زۆر کەم فەرمانبەر سوودی لێ وەرگرتـووە کـە موکافەئەی وەرگرتووە، لەوانەیە باشترین موەزەفیش بێت دەوەستێتە سەر بابڵێین مەزاجی بەڕێوبەرەکەی، بەڵام ئەگەر مەعیارێك وەرگرین، دانێین نموونە ئەگەر فەرمانبەر مـانگێ لـە سـەد هـەزار زیـاتر موکافەئـە نادرێت، ئەگەر حسابی ساڵەکەی بکـەین، دەکاتـە ملیۆنێـك و دوو سـەد هـەزار، لـە هـیچ دائیرەیـەك لـە 50 هەزار و سەد هەزاریش تەوەقوع ناکرێت زیاتر بێت، ئەگەر لە پەرلەمان دیتوومە، موەزەفی باشمان هەبووە تەکریم کراوە، موکافەئەی دراوەتێ، بەڵام لەوانی تـر نـەم دیتـووە، پـێم باشـە ئەگـەر ملیۆنێـك و دوو سـەد هەزار بێت، واتە مانگێ سەد هەزاری بێت، جاری وایە هیچیش وەرناگری ملیۆنێك و دوو سەد هـەزار بیـت، دەکاتە ساڵەکە و زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز مودیری دائیرەکە خۆی تەحدیـد دەکـات، جارێـك دەیـداتێ و بـە دووجـار دەیـداتێ نایـداتێ، موهیمـە وایە، سمیرە خان فەرموو.

**بەڕێز سمیرە عبدالله اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش هاوڕام لەگەڵ لیژنەی یاسایی کە ئەو ملیۆنە ببێتە دوو ملیۆن، بەڵام وەکو سیوەیل خان گوتی بە سەدەقە نەبێ، ئالیەتی هەبێ یان معیار تۆزێك تەوزیحی زیاتر هەبێت یان بە قانونێك ڕێك بخرێت، بەڕێنمایی وەزارەتی دارایی نەبێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك حسن فەرموو.

**بەڕێز حسن محمد سورە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕەئی من ئەم ماددەیە هەر ئیلغا بکرێت ئەوە بە ماددەیەکی قانونی نەیەتە خوار، تەنها بە ڕێنمایی بێت لەلای وەزارەتی داراییەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

تارا خان فەرموو.

**بەڕێز تارا ئەسعەدی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕاستی یەکێ لە ماددەکانی کە دڵخۆشکەرە بۆ ئەو کەسانەی کە کارێکی باش دەکەن لە شوێنەکەی خۆیان داو پێزانینێك بۆی هەبێ، نەك هەر لە تەربیە کە مەبدەئی سزاو پاداشت یەکێکە لەو مەبدەئانەی کە ئینسان بۆ پێش ئەبات، لەبەرئەوە من زۆر دەستخۆشی لە لیژنە دەکەم کە ملیۆنەکەی کردووە بە دوو ملیۆن، من ئەگەر بێتو دوو ملیۆن بێت یان دوو ونیو بێت بە تەسەوری خۆم دانانی پاداشتی ئەو کەسانەی کە کارێکی مومەیەز دەکەن، هیچ کاتێك لەسەر ئەساسی مەبدەئی شك کردن کە مودیرێك بێت پاداشتی موەزەفێکی خۆی بکات ئەوە ئەساسی شك نیە، بەپێچەوانەوە مومکینە ئەگەر شتێکی خراپ بکات ئەساسی شکە، بەڵام هیچ کاتێك پاداشتکردن ئەساسی شك نیە و دەست خۆشی دەکرێت لەو کەسانەی کە دەست خۆشی لە کارە مومەیزەکان دەکەن لەهەر شوێنێکی ئەو وەزارەتانە یان ئەو شوێنانەی کە ئیشی لێ دەکەن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك یشار فەرموو.

**بەڕێز یشار نجم الدین نورالدین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە دەقە عەرەبیەکەیدا هاتووە (لشخص واحد) لە کوردیەکەی هاتووە بۆ هەر فەرمانبەرێك شەخس لەوانەیە هەر کەسێك بگرێتەوە، فەرمانبەر ئەو کەسەیە کە لەناو دائیرەکەی دا فەرمانبەرەو سیفەت فەمانبەری هەیە، بەڵام شەخس واحد لەوانەیە فەمانبەریش نەبێ، ئەو جیاوازیە هەیە لە کوردی و

عەرەبیەکـە، خـاڵێکی تـر ئـەو پاداشـتە بـۆ فەمانبـەر هـاتووە لـە کوردیەکـە، بەڕێوبـەرەکانیش هـەر بـە فەرمانبەر ئەگەر حساب کرابن ئەوانیش دەگرێتەوە، ئەگەر بەڕێوبـەرەکان بـە فەرمانبـەر حساب نـەکرابن ناویـان فەرمانبـەر نـەبێ و بەڕێوبـەر شـتێکی جیـاوازە، ئـەو کاتـە دەبـێ شـتێکیش بـۆ بەڕێوبـەرەکانیش پاداشتێك جیابکرێتەوە، چونکە جاری واهەیە بەڕێوبەریش ئیشی باش دەکات و پێویستی بە پاداشت کردن هەیە، خاڵی سێیەم پشتیوانی لە لیژنە دەکەم کە بڕەکە لە ملیۆنێك ببێتە دوومليۆن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عبداللە فەرموو.

**بەڕێز عبداللە حاجی محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەمە پاداشتی ساڵانەیە بۆ فەرمانبـەر تەحدیـدیش کـراوە، یـەك ملیـۆن لـە سـاڵێك، بـە بۆچـوونی مـن ئـەم پارەیە زۆر کەمـە ڕێنماییـەکانی وەزارەتـی دارایـیش ڕوونـە کـە لـە دوو مـانگ یـەك جـار بـۆ فەرمانبـەرێك سەرف دەکرێت، یەکجارەکەش بە تەحدید دەکاتە 167 هەزار دینارکەمتر، ئەمە بۆ تەشجیعە بـۆ ئەوانەیـە کە ئیشی باش دەکەن، من لەگەڵ ڕەئی لیژنەی یاساییم، ئەگەر زیاد بکرێت باشـترە بـۆ ئەوانـەی کـە ئیشـی باش دەکەن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

هاژە خان فەرموو.

**بەڕێز هاژە سلیمان مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دەربـارەی مـاددەی 11 پاداشـتی فەرمانبـەران سـاڵانە بـۆ یـەك کـەس لـە یـەك ملیـۆن دینـار زیـاتر نـەبێت، بەڕاستی ئەمە پار لە بودجەی 2010 دا ئەو مەبلەغەمان بە 2 ملیۆن دینار دانا، بەڵام من ئێستا پێشنیار دەکەم کە مەبەلەغەکە بکرێتە ملیۆنێك ونیو، چونکە فەرمانبەری کەفوء هەیە وپێویست بـەوە دەکـات کـە یەعنی پاداشت بکرێت، ملیۆنێك و نیو پێموایە باشترە، نە دوو ملیۆنەکەی پار بێت و نە ئەو ملیۆنـەی کـە ئەمساڵ داندراوە، شتێکی تر هەیە دەمەوێ لێرە ئاماژەی پێ بکەم وەکو بڕگەیەك پێشنیاری دەکەم ئەوەیـە زۆر جار لە فەرمانگەکان بەناوی هاوکاری و یارمەتی بۆ فەمانبەر بێت یان کەسێکی تر بێت، ئەو دەسەڵاتە تەحدید بکرێت بە سەرۆکی فەرمانگەکە، یەعنی بـە کـەیفی خـۆی تەسـەروف بـەوە نـەکات کـە هاوکـاری و یارمەتیەکان دابەش بکات، بۆیە پێویست دەکات کە لێـرە وەکـو بڕگەیـەك یـاخود ماددەیـەك دابنـدرێت کـە ڕێنمایی پێ دەربچێت بۆ ئەوەی ئەو سەرۆکی فەرمانگەیە بە کەیفی خۆی تەسەروف نەکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك د.بشیر فەرموو.

**بەڕێز د.بشیر خلیل تۆفیق:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

به نسبەت ئەو ماددەیە مەبدەئی ثواب وعقاب لەكاركردندا مەبدەئێكی واقعی و مەنتقیە، زۆریش پێویستە بۆ ئەوەی كەوا كارەكان بەرەو پێش بڕوات، دیارە كە پار ساڵ لە بودجەی پار ساڵ دوومليۆن دينار بوو، ئەم ساڵ حكومەت كردوویەتی بە یەك مليۆن، دیارە ئەوان موبەرراتی خۆیان هەیە و ئەوان بە تەجروبە بۆیان دەركەوتووە كە ئەو دوو مليۆنە زۆرە، منیش ڕامواية كەوا پشتيگيری لە ڕایەكەی لیژنـەی دارایـی بكـەم كـە ئەو ماددەیە وەكو خۆی بمێنێتەوە، بەیەك مليۆن لەبەر دوو هۆ، یەك/ لەبەرئەوەیە كەوا دەسـبلاویەك بـۆ سەرۆك فەرمانگەكان نەبێت كەوا بتوانن بۆ ئەو كەسانەی كەوا نزیكی خۆیانن یان بـە هـەوەس و نـەفس و ئەوەی خۆیان ئەم بڕە پارەیە دابەش بكەن، ئـەوە یـەك، دوو/ لەبەرئـەوەی ئێمـە بـا فەرمانبـەرانی خۆمـان فێرنەكەین تەنها چاویان لە موكافەئات بێت، یـەعنی كـاركردن ئـيللا بـە موكافەئـە بێـت، كـاركردن واجبـی خۆیەتی و مەعاش و مووچەی خۆی وەردەگرێ، بەڵام لەكاتی پێویست و لەكاتی تایبەت دا مـانع نیـە وەكـو موكافەئەیەك بدرێت، بەڵام بۆیە من ڕام وایە هەر یەك مليۆن دينار بمێنێتەوە و زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

لیژنەی دارایی ڕەئیتان لەسەری؟ كاك د.ئاراس فەرموو.

**بەڕێز د.ئاراس حسين محمود:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

به حەقیقـەت حاڵـەتێك بـوو ویستمان ڕوونـی بكەینـەوە، خـۆی كـە ئـەو موافەئاتانـە دەدرێـت لەڕاسـتی دا ڕێنمایی پێ دەرچووە، ئـەو سـەڵاحیەتی ئـەوە بەڕێزانەیـە كـە سـەرۆكی فەرمانگـەكانن، بـۆ نموونـە وەزیـر سەڵاحیەتی خۆی هەیە چ بڕێك خەرج بكات، مودیری عام چ بڕێك خەرج بكات، وانیە هەموو مـانگێ، ئـەم مانگـە ئەوەنـدە و ئـەو مانگـە ئەوەنـدە، یـەعنی هـاتووە بـە ڕێنمـایی لەڕاسـتی دا دیـاری كـراوە سـەڵاحیەی مەنحی موكافەئە لەلایەن بەرپرسەوە، جا ئەو بەرپرسە لە چ ئاستێك دابێت، خاڵی دووەم/ بەڕێز سـەرۆكی پەرلەمان دوو بۆچوون هاتە كایەوە، دوو پێشنیارهاتە كایەوە، دوو پێشنیار هەیە كەوەكو خۆی بمێنێتەوە، زیاتر لە چەند پێشنیارێك هەیە كە بەرزبكرێتەوە بۆ دوو مليۆن، لەبەرئەوە لیژنەی دارایی پێـی باشـە كـە ئەو دوو پێشنیارە بخرێتە دەنگدانەوە لەسەر ماددەكەو، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی؟ كاك عونی فەرموو.

**بەڕێز عونی كمال سعيد بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

هەندێك لە ئەندامە بەڕێزەكان پرسیاری ئەوەیان كرد كە موكافەئە چیە؟ مـوزەف چیە؟ مـوزەف تەبعـەن بـە پێـی قـەوانینی بـەركار لـە هـەرێمی كوردسـتان تـەعریف كـراوە مـوزەف كێیـە؟، ئەنـدام پەرلـەمانێك ئیشارەتی بەوەدا كە ئەنەما دەتوانرێ بۆ كەسانی دەرەوەی دائیرە ئەو پارەیە سەرف بكرێت، نـەخێر وانیـە،

تەنها ئەو موکافەئەیە بۆ موزەفەکانە، مودیریش دەگرێتەوەو سەرۆکی دائیرە ئەو مافەی هەیە بە پێی تەعلیماتەك كە وەزارەتی دارایی و ئابووری دەری دەكات، چۆن تەسەروف دەكات بەو پارەیە، ئێمە كە پێشنیارمان كرد پارەكە لە ملیۆنێك ببێتە دوو ملیۆن مەبەستمان ئەوەیە ئەو موەزەفانەی كە خزمەتی باش دەكەن و ماندووترن لە كەسانی تر تەشجیع بكرێن و پاداشت بكرێن بۆ ئەوەی بەردەوام بن لە كارەكانیان، مەبەستەكەشمان ئەوەیە زیاد كردنەكە بۆ ئەو هەدەفەیە و زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئێستا لە ئەسڵی ماددەكە هاتووە یەك ملیۆن، لەیاسای بودجەی ساڵی ڕابردوو دوو ملیۆن بوو، ئەگەر لەبیرتان بێت، وەك هاژە خان ئیشارەی پێی كرد، زۆر دروستە دوو ملیۆن بوو، ئێستا پێشنیارێك هەیە لەلایەن چەند ئەندامی بەڕێزی پەرلەمان كە بكرێتە دوو ملیۆن، ئێستا ئەوەیان دەخەینە دەنگدان، كێ لەگەڵ ئەوەیە بكرێتە دوو ملیۆن تكایە دەستی بەرز بكاتەوە؟ 43 بەڕێز لەگەڵ ئەوەیە بكرێتە دوو ملیۆن، كێ لەگەڵە وەكو خۆی بمێنێتەوە و یەك ملیۆن بێت؟ تكایە دەست بەرز بكاتەوە 14 بەڕێز لەگەڵ ئەوەیە كە یەك ملیۆن بێت، بە زۆرینەی دەنگ كرایە دوو ملیۆن، ماددەكە بخوێننەوە بۆ ئەوەی بیدەینە دەنگدانەوە. د.ڕۆژان فەرموو.

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی 11

پاداشتی فەرمانبەران ساڵانە بۆ یەك كەس لە دوو ملیۆن دینار زیاتر نابێت و لە نێو بڕە پارەی تەرخان كراو لە بودجەدا و بە گوێرەی ڕێنمایی كە وەزارەتی دارایی و ئابووری دەری دەكات.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

بە عەرەبیەكەی؟ كاك عونی فەرموو.

**بەڕێز عونی كمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

المادة 11

لاتزيد المكافأة للموظفين على مليونى دينار سنويا للشخص الواحد و ضمن التخصيصات المقررة بالموازنة و بموجب تعليمات تصدرها وزارة المالية والاقتصاد.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس ئێستا كێ لەگەڵە تكایە دەست بەرزبكاتەوە؟ 47 بەڕێز لەگەڵدایە، كێ لەگەڵ دانیە؟ 3 كەس لەگەڵدانیە، بەزۆرینەی دەنگ پەسەند كرا، ئێستا بۆ فەسڵی چوار میلاكات، لە ئەسڵی پرۆژەكە ماددەی 11 یە، كە دەبێتە ماددەی12 ، د.ڕۆژان فەرموو.

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**بەشی چوارەم**

**میلاكات**

**ماددەی 11 لە ئەسڵی پرۆژەكە دەبێتە ماددەی 12:**

**ماددەی 12**

**1ـ وەزارەتی دارایی و ئابووری بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتەكانی دی وردەكاری میلاكی هەرێم بۆ ساڵی 2011 ی دارایی ڕێك دەخات و پەسەندی دەكات، لەبەر ڕۆشنایی تێچووی مووچەی پەسەند كراو بۆ هەرێم لە یاسای بودجەدا خشتەی (ج) ژمارەی هێزی كاری ئەو وەزارەت و فەرمانگانەی بۆ ساڵی 2011 لەناوەندەوە پارەیان دەدرێتێ كە بەشی هەرێم 25 هەزار پلەی وەزیفی لە نوێ دامەزراو بۆ ساڵی 2011 دیاری كردووە.**

**2ـ دەبێت وەزارەتەكان و ئەو لایەنانەی سەر بە وەزارەت نین پلەكانی نوێی وەزیفی لەنێو میلاكی هەرێم بۆ ساڵی 2011 دابەشی سەر پارێزگا و یەكەكانی كارگێڕی بكەن بە پێی ژمارەی دانیشتووان و بە پێی ئەو بنەما و مەرج و ڕێكارانەی لە پرۆژە یاسای ئەنجومەنی گشتی ڕاژەی هەرێمی كوردستان داهاتووە، لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە پەسەند كراوە، تا ئەو كاتەی یاسای ئەنجومەنی گشتی ڕاژەی هەرێم دەردەچێت و كاری پێ دەكرێت.**

**3ـ وەزارەتەكان و ئەو لایەنانەی پەیوەست نین بە وەزارەت پابەند دەبن بەوەی خشتە بدەنە وەزارەتی دارایی و ئابووری كە بریتی بێت لە ژمارەی فەرمانبەران و ناو و ناونیشان و پلەی وەزیفیان، ئەوانەی كە لە ساڵی 2011 دا بە گوێرەی ئەو ڕێژانەی پێشتر ئاماژەیان پێ كرا دادەمەزرێن، لەگەڵ فەرمانەكانی تایبەت بە دامەزراندن، ئەگەر زێدەڕۆیی لەو ڕێژانە دا بینرا ئەوا فەرمانی دامەزراندنیان هەڵدەوەشێندرێتەوە كە پێچەوانەی ئەوەن.**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

**كاك عمر فەرموو.**

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**الفصل الرابع**

**(الملاكات)**

**المادة الثانية عشرة:**

اولاً: تتولى وزارة المالية والاقتصاد بالتنسيق مع الوزارات الاخرى اعداد مفردات ملاكات الاقليم للسنة المالية 2011 والمصادقة عليها في ضوء كلف الرواتب المصدقة للاقليم في قانون الموازنة العامة الاتحادي (الجدول/ج عدد القوى العاملة للوزارات والدوائر الممولة مركزياً لسنة 2011) والذي حدد حصة الاقليم بـ(25000 خمسة وعشرون الف درجة وظيفية) مستحدثة لسنة 2011.

ثانياً: على الوزارات والجهات غير المرتبطة بالوزارة توزيع عدد الدرجات الوظيفية المستحدثة ضمن ملاك الاقليم سنة 2011 على المحافظات والوحدات الادارية وفق عدد سكانها، وحسب الضوابط والشروط والاجراءات الواردة في مشروع قانون مجلس الخدمة العامة لاقليم كوردستان المصادق عليه من قبل مجلس الوزراء، لحين صدور قانون مجلس الخدمة العامة للاقليم ونفاذه.

ثالثاً: تلتزم الوزارات والجهات غير المرتبطة بوزارة بتزويد وزارة المالية والاقتصاد بجداول تتضمن عدد الموظفين واسمائهم وعناوينهم ودرجاتهم الوظيفية للذين يتم تعيينهم في سنة 2011 وفق النسب المشار اليها اعلاه مع الاوامر الخاصة بالتعيين، واذا وجدت تجاوزاً في تلك النسب يتم الغاء الاوامر الصادرة بالتعيين خلافاً لذلك.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

لیژنەی دارایی ڕەئیتان؟ كاك د.ئاراس فەرموو.

**بەڕێز د.ئاراس حسین محمود:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ڕای لیژنەی دارایی دەربارەی ئەم ماددەیە و بڕگەكانی دەربارەی ئەوەڵەن، لە ئەسڵی ماددەكە ماددەی 11 كەدواتر بووە بە ماددەی 12 لای لیژنەی دارایی پەسەندە و وەكو خۆی ئەمێنێتەوە، دەربارەی دووەم/ واتە (ثانیا) پێشنیار دەكرێت بەلابردنی دەستەواژەی (الشروط والاجراءات) بە هۆی ئەوەی وشەی (الضوابط) ئەم بابەتە دەگرێتەوە، لەبەر دەرچوونی بڕیارێك لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە بە ژمارە 3136 لە 2011/3/17 بۆیە سەرلەنوێ داڕشتنەوەی بەم شێوەیەی خوارەوە بێت، (على الوزارات والجهات غير المرتبطة بوزارة توزيع عدد الدرجات الوظيفية المستحدثة ضمن ملاك الاقليم سنة 2011 على المحافظات والوحدات الادارية وفق عدد سكانها، وحسب الضوابط والتعليمات الصادرة من مجلس الوزراء لحين صدور قانون مجلس الخدمة العامة للاقليم ونفاذه)، هەروەها دەربارەی بڕگەی 3 پەسەندە و وەكو خۆی دەمێنێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

لیژنەی دارایی (ضمن ملاك) ئەوەی (ثانیا) بخوێنیتەوە؟ كاك د.ئاراس فەرموو.

**بەڕێز د.ئاراس حسین محمود:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

على الوزارات والجهات غير المرتبطة بالوزارة توزيع عدد الدرجات الوظيفية المستحدثة ضمن ملاك ......... .

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لێرە (ضمن ملاك مؤسسات الاقليم).

لیژنەی دارایی ڕەئیتان ؟ کاك د.ئاراس فەرموو.

**بەڕێز د.ئاراس حسين محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوە تەنها لێرە لای ئێمەیەو دواتر دەخرێتە دەنگدانەوە، یان لیژنەی یاسایی دەتوانێ داڕشتنەوەی بۆ بکات، (لحين صدور قانون مجلس الخدمة العامة للاقليم ونفاذه).

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لیژنەی یاسایی ڕەئیتان؟ کاك عونی فەرموو.

**بەڕێز عونی کمال سعيد بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوەی کە سەرۆکی لیژنەی دارایی خوێندیەوە ڕای لیژنەی یاسایی بوو، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر ڕئیتان؟ فەرموو.

**بەڕێز بایز تاڵەبانی (وەزیری دارایی و ئابووری):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمەش لەگەڵ ئەو دەقەین کە سەرۆکی لیژنەی داریی خوێندیەوە، لەگەڵ ئەو تەعدیلەی کە لە دووەمدا هاتووە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان کێ ئەیەوێ موداخەلە بکات؟ ئەو بەڕێزانەی کە دەیانەوێ قسە بکەن، ناسك تۆفیق، شەونم محمد، عماد محمد، عمر نورەدینی، عمر هەورامی، گەشە دارا، گۆران ئازاد، نیشتمان مرشید، شێرزاد، صباح بیت الله، صبیحە احمد، یاوز ارسلان، صباح بەرزنجی، سمیرە گۆران، ئەم بەڕێزانە دەیانەوێت قسە بکەن: (ناسك تۆفیق، شەونم محمد، عماد محمد، عمر نورەدین، عمر هەورامی، گەشە دارا، گۆران ئازاد، نیشتمان مرشد، شێرزاد حافز، شیلان عبدالجبار، صباح بیت الله، صبیحە احمد، یاووز خورشید، دکتۆر صباح، سمیرە گۆران، سەروەر عبدالرحمن، شلێر محمد نجیب، شڤان احمد، شلێر محی الدین، سیوەیل عوسمان، سەرهەنگ فرج، ئامینە زکری، حسن محمد، جیهان اسماعیل، عبدالقادر اکرام، بیلال سلیمان، بەفرین حسین، عبدالله حاجی محمود، ئارام قادر، هاژە سلێمان، ئەڤین عمر) کەسی تر ماوە ناویم لەبیر کردبێت، ناسك خان، فەرموو.

**بەڕێز ناسك تۆفیق عبدالکریم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە مەسەلەی دامەزراندن یەکێکە لەو مەسەلانەی کە ساڵانە خەڵك وهاووڵاتیان چاوەڕوانی دەکەن، یەکێکە لەو شتانەی کە دڵخۆشی دەخاتە ناو دڵی دەرچووانی کۆلێژ وپەیمانگاکان، بەڵام بەڕاستی دیارە عەدالەت و دادپەروەری لەکاتی دامەزراندندا یەکێکە لە پێوەرە هەرە سەرەکیەکان، کەپێویستە ڕەچاو بکرێت لەکاتی دامەزراندندا، چونکە ئەگەر بێت و ئێمە یەکێ لە گرفتە هەرە سەرەکیەکانمان وەکو هەرێمی کوردستان، زۆری ڕێژەی مووچەخۆر و فەرمانبەر بێت، ئەکرێت پلانێکی بۆ دابڕێژرێت، چونکە ئەگەر بێت و حکومەتی هەرێم قەرارێك دەربکات بڵێت دوو ساڵ هیچ دامەزراندنێکم نیە، پێم وایە خەڵك ئەتوانێ تەحەمول بکات بەمەرجێك دامەزراندنی ئەملاو ئەولا نەکرێت، یەعنی لەوکاتەی کە بڕیار دەدات، دامەزراندن دادەخات، لەملاو لەولاوە خەڵك تەعین نەکات بەواسیتە، بۆچی؟، چونکە کاتێ ئەمە دەبیستڕێتەوە تۆ لەناو زانکۆیەکدا خەڵکێك هەیە خەڵکی هەڵەبجەیە، هەیە سلێمانیە، هەیە دهۆکە، کە دەوترێت تەعینات نیە لە قسمی فلان، بەڵام سەیر دەکات کەسێکی تر لەگەڵ ئەودایە، بەڵام تەعین دەکرێت، ئەمەش وا لەو بکات کە هەست بە ستەم بکات و قبوڵی ناکات، بۆیە پێم وایە پلان دارشتن بۆ ئەوەی چ کۆلیژێك ئەمساڵ پێویستیمان پێی نیە، مەسەلەن لە تەعیناتەکاندا کێشەیەك دروست دەبێت، ئەڵێن کوردی و مێژوو بۆ نموونە زۆر زۆرمان هەیە، پێویستیمان پێیان نیە، کەواتە دەبێ خوێندنی باڵا پلانێك دابڕێژێت، مەسەلەن بۆ نموونە ئەوسا وابوو، دوو ساڵ، تا سێ ساڵ کۆلێژێك دادەخات، لەبەر ئەوەی خەریجی ئەم قسمەی پێویست پێ نیە، مادام پێویستی نیە، پێویست ناکات زانکۆکان پڕ بکات ودوایی خەریجێکی زۆرت لەم قسمە هەبێت و پێویستیشت پێی نەبێت، بۆیە من پێم وایە ئەم دوو پێوەرە دەکرێت حکومەتی هەرێم و وەزارەتی پلاندانان بەجدی ئیشی لەسەر بکەن، کە تەبیعیە کە کۆلێژێك دوو ساڵ تا سێ ساڵ دابخرێت، مادام دەرچووی ئەم بەشەی پێویست نیە، بۆ ئەوەی دواتر تەخەروج نەکات و هەروا بمێنێتەوە، ئێستا دێمە سەر عەدەدەکە، ئەو ژمارەی کە هەیە، بەڕاستی ئێمە پار لە سەرەتاشدا وتم، ئیقراری( 625849 )مان کرد، بەڵام دواتر لە کەناڵەکانی ڕاگەیاندن و دواتریش سەرۆکی حکومەت ئیقراری کرد، کە لەسەرووی ئەو ژمارەیەوە 25 هەزاری تریش تەعین کراوە، لەسەرووی یاساوە، بەس ئێستا هەر حسابی ئەم 25 هەزارەی ئێستا کراوە، یەعنی ڕەقەمەکە بووە بە (650849) من پرسیارەکەم ئەوەیە لە بەڕێز وەزیری دارایی، ئەو 25 هەزارەی کە لەسەرووی یاساوە تەعین کراوە چووەتە کوێوە؟، چونکە ئەگەر وابێت، لەوە ئەچێت ئەم (650) هەزارە تەنها بەشی ئەو 25 هەزارە بکات کە پار تەعین کراوە لەسەرووی ئەو ڕەقەمەی ئێمەوە، لەسەرووی یاساوە، ئەوکاتە تەعینات و دامەزراندن، بەهاووڵاتیانەوە وەکو خۆی دیاری ناکرێت، ئەوە خاڵێك حەز دەکەم دواتر وەڵامەکەی وەربگرم بزانم ئەو 25 هەزارەی کە پار لەسەرووی یاساوە تەعین کرا، ڕەقەمەکەی بوو بەم ڕەقەمەو دیارنیە، خاڵی دووەم: شتێك کە جێگای سەرنج بوو، کاك دڵشادیش یەکەم ڕۆژ ئیشارەتی پێدا، مەسەلەی موقتەرەحاتی وەزارەتەکانە، ئەوەی جێگای سەرنجی من بوو، موقتەرەحاتی وەزارەتەکان بۆ مەسەلەی تەعویزاتی

فەرمانبەران، (8) تریلیۆن و(386) ملیار و(635) ملیۆنە، لەکاتێکدا ساڵی ڕابردووی 2010، تەعویزاتی فەرمانبەران (4) تریلیۆن و(646) ملیۆن بووە، باشە چۆن وەزارەتەکان موفتەرەح ئەکات بە دوو ئەوەندەی ئەوە، حەق وایە ئەمە....

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ناسك خان، ئەمە میلاکاتە، فەقەت میلاکاتە پەیوەندی بە تەعویزاتەوە نیە، فەرموو.

**بەڕێز ناسك تۆفیق عبدالکریم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەگەر عەدەدەکە زۆرتر نەبێت لەوە، وابزانم ئەوە کیفایەتی ئەکات، من گومانم لەسەر ڕەقەمەکە هەیە، بۆیە باس لە تەعویزاتەکەشی دەکەم، ئاخر خاڵ کە حەز دەکەم پشتگیری لە ڕاپۆرتەکەی خۆمان بکەم، وەکو لیژنەی ژنان، بەڕاستی من پار لێرە ئیشارەتم بەشتێك دا، کە ئەویش لەو ڕێژەی نێوان نێر ومێ، لە 23٪ بوو بە 77٪، بەڵام ئەمساڵ بەرز بووەتەوە بۆ 30٪ و لە 70٪ ، بۆیە هیوادارم هەوڵ بدرێت لەکاتی ڕەچاو کردنی تەعیناتدا، لەکاتی حازر بوونی دوو کەفائەتی وەکو یەك، فرسەتی زیاتر بدرێت بە کچان و سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێز سیوەیل خان، نوقتەی نیزامی هەیە، فەرموو.

**بەڕێز سیوەیل عثمان احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەڵڵا پێویستە سەرۆکی پەرلەمان حەدێك بۆ ئەندامانی پەرلەمان دابنێت، ئەوە بودجەیە موناقەشەی بودجە دەکرێت، تەماشای قاعە دەکەین کە چۆڵە، حەق وایە، حەقی خۆیەتی کە 5 دەقە بچێتە دەرەوە، بەس وەڵڵا حەق نیە بەسەعات بچنە دەرەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەپێی نیزام سیوەیل خان، حەقمان نیە، بڵێین مەچۆرە دەرەوە، بەس لەکاتی دەنگدان، ئەگەر لە 56 ئەندام کەمتر بوو، ئێمە ناتوانین بیخەینە دەنگدانەوە، ئەگینا وەکو تر حەقی خۆیانە، زۆر تەبیعیە، هەر بۆ مەعلوماتت، لەهەندێ وڵات(40) ئەندامیش لەناو قاعە بێت لە( 600) ئەندام زۆر زۆر ئاساییە، ئەچنە لیژنەکان یان ئەچنە شوێنی تر، ئەوە ئاساییە، بەڵام باشە من لەگەڵ جەنابتم لەسەر بودجەیە با هەمووومان لێرە بین، تەرکیز بکەینە سەری شتەکان بەڕێك وپێکی پێکەشی بکەین و شتێکی باش بۆ خەڵکی کوردستان دەربچێت، وا خۆشمان بۆ ئەوە هیلاك دەکەین، هەمووشتان دەچنە دەرەوە بەس من لێرە ناچمە دەرەوە، ئەوەش بۆ مەعلوماتتان، کاك عیماد فەرموو.

**بەڕێز عماد محمد حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بەم ماددەیە، بەڕاستی پشتگیری پێشنیاری لیژنەی دارایی و ئابووری دەکەم، بە کەمکردنەوەی ڕێژەی میلاکی پێشنیار کراو بۆ وەزارەتی دارایی و ئابووری، چونکە لە ڕاستیدا ئەم ژمارەیە زۆرە، (5332)میلاك بۆ وەزارەتی ناوبراو دانراوە، بۆ ئەم مەبەستەش پێشنیار دەکەم، بڕگەیەك زیاد بکرێت لەم ماددەیەدا، بەم شێوە صیاغە بکرێت، ( تستقطع ما مجموعه 2 الف من الملاكات المقترحة للتعيين لوزارة المالية والاقتصاد، لسنة 2011 واضافتها على ملاكات وزارتي التربية والصحة و بنسبة 1500 لوزارة التربية و500 لوزارة الصحة) سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، بەڕێز عمر نورەدینی، فەرموو.

**بەڕێز عمر حمه امین خدر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ژمارە پلەی وەزیفی کە ئەمساڵ لەلایەن حکومەتەوە هەلیان بۆ دەڕەخسێنێت تا دایانبمەزرێنێت، کە 25 هەزارە، ژمارەیەکی باشە، بەڵام سەبارەت بە چۆنیەتی دابەشکردنی یان هەوڵ بدەین، کە ئەم ژمارەیە لە 25 هەزارەوە بکرێت بە 27 هەزار، بۆچی؟، بەتایبەتی بۆ ئەوەی کە هەوڵ بدەین ئەو ژمارەی کە دانراوە بۆ وەزارەتی پەروەردە کە 6 هەزارە، زیادی بکەین بۆ 7 هەزار یان 7500، چونکە لەوێ توێژێکی زۆر گرنگ هەم لە سیستمی نوێی پەروەردەدا هەم لەلایەن وەزارەتی پەروەردەوە، بایەخیان پێ دراوەو دەیانەوێت دابمەزرێن، ئەویش توێژەرانی کۆمەڵایەتین، دەبێ لەناوەندەکانی خوێندن وقوتابخانەکاندا توێژەری کۆمەڵایەتی هەبێت، ئەمە نەقسێکی گەورەیە، هەروەها بۆ بابەتی فەلسەفەو هەروەها تایبەت بە ماددەی دیموکراسی ومافەکانی مرۆڤیش پێویستە دەرچووانی بەشی زانستە ڕامیارییەکان، هەروەها دەرچووانی بەشی فەلسەفە بکرێن بە مودەڕیس، بەڵام بەپێی ئەو ڕێنماییەی کە ئێستا هەیە، ئەوانە بێ بەش کراون، بۆیە ئێمە پێشنیار دەکەین هەروەها وەکو چۆن لە ڕاپۆرتی لیژنەی پەروەردە داومان کردووە، بەشی وەزارەتی پەروەردە زیاد بکرێت، ئەم زیاد کردنە یان ئەوەیە لەکۆی 25 هەزارەکە زیاد بکرێت، ببێت بە 27 هەزار یان ئەوەیە ئەو بڕەی کە بۆ وەزارەتی دارایی دانراوە (5332)لەوێ ببڕدرێت وبخرێتە سەر وەزارەتی پەروەردە، سەبارەت بە چۆنیەتی ئەوەی کە ئاماژەی پێدراوە، بەپێی ژمارەی دانیشتوان، گرنگە ڕەچاوی ژمارەی دانیشتوان بکرێت، بەس ئێمە پێمان وایە جگە لە ڕەچاوکردنی ژمارەی دانیشتوان و کردنی بە بنەما بۆ دابەشکردنی ڕەچاوی هاوسەنگی جۆری کۆمەڵایەتیش بکرێت، بەو مانایەی کە دەرفەتی یەکسان بڕەخسێندرێت بۆ ئافرەتان و بۆ پیاوان بۆ ئەوەی لەو 25 هەزارەدا عەدەدی زۆری مەسەلەن بۆ ڕەگەزی نێر نەچێت ولەبەرامبەرەکەیدا ئافرەتان وژنان یان کچان بێ ماف بکرێن، واتە جۆرێك لە هاوسەنگی لەجۆری کۆمەڵایەتیدا ڕەچاو بکرێت، هەروەها ڕەچاوکردنی ئەوەی کە پێکهاتەکانی کۆمەڵگای کوردەواری لەڕووی نەتەوایەتیەوە، لە ڕووی ئاینیەوە، لەڕووی مەزهەبیەوە، دیسان ڕەچاوی ئەوەش بکرێت، کە جۆرێك لە هاوسەنگی هەبێت، چونکە هەندێ

زانیاری هەیە کە پێکهاتەکانی تر کەهەست جۆرێك دەکەن لە مەسەلەی دامەزراندندا، لەوانەیە فەرقی خراپیان پێکرابێت، هەروەها پسپۆڕێتیش زۆر زۆر گرنگە، ڕاستە مەلەسەن تۆ سەیری ئەو ژمارەیە بکە کە بۆ سامانە سروشتیەکان دانراوە، (180) کەسە، لەوانەیە ئەوەی لەم وەزارەتەدا دادەمەزرێت زۆربەیان پێویستی بەوە هەبێت کە دەرچووی بواری نەوت بن، واتە لەبواری نەوتدا ئیختصاصیان هەبێت، ڕەنگە بەشێکی بدرێت بە پارێزگایەك، ژمارەی پێویستی ئەوەی بۆی دادەندرێت دەرچووانی بواری نەوت یان پسپۆڕی بواری نەوت لەو شوێنە نەبێت، بۆیە لەپاڵ مەسەلەی دانیشتواندا بەهەمان شت بۆ وەزارەتی خوێندنی باڵاش دروستە، واتە پسپۆڕێتی بۆ هەندێ وەزارەت ڕەچاو بکرێت گرنگە، هەروەها باسی مەسەلەی مەجلسی خدمە کراوە، لەڕاستیدا وەکو لەڕاپۆرتی لیژنەی یاسایشدا ئاماژەی پێکراوە، پێویست ناکات ئاماژە بەوە بدرێت تا یاسای ئەنجومەنی ڕاژە دەردەچێت، حکومەت بۆ خۆی ڕێنمایی دەربکات، دوای ئەوەی کە یاساکە دەردەچێت، ئیلتزامی پێوە بکرێت، سەبارەت بە بڕگەی سێ ئێمە پێمان وایە کە پێویست نیە، چونکە حکومەت دەتوانێ ڕێنمایی پێویست دەربکات، وەزارەتە پەیوەندیدارەکان ئیلتزامی پێوە بکەن، ئەگەر لێرەدا دەقیشی پێ نەیەت دەتوانێ لەڕێگای ڕێنماییەوە مەسەلەکە چارەسەر بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، بەڕێز عمر هەورامی، فەرموو.

**بەڕێز عمر صدیق هەورامی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتگیری لەڕای هەردوو لیژنەی دارایی وکاروباری ئابووری، لەگەڵ لیژنەی یاسایی دەکەم، بۆ ئەو داڕشتنەوەی کە کردوویانە، قسەی من تەنها لەسەر ئەو بڕگەیەیە کەدەڵێت وەزارەتەکان ولایەنی ناگرێدراو بەوەزارەت، پەیوەست دەبن بەو خشتە کە بیدەن بەوەزارەتی دارایی و ئابووری کە بریتی بێت، لەژمارەی فەرمانبەران، ناوو ناونیشان و پلەی وەزیفییان، هی ئەوانەی لەساڵی 2011، بەگوێرەی ئەو ڕێژانەی پێشتر ئاماژەیان پێکرا دادەمەزرێن، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، ئێمە وەکو لیژنەی دارایی وکاروباری ئابووی، پاش بەدواداچوونمان، لەگەڵ بەڕێزان لەوەزارەتی دارایی قسەمان کرد، ئەو ژمارەی کەدانراوە بۆ وەزارەتی دارایی، لە پێویستی خۆیان زیاترە، کە ژمارەکەی هاتووە بە(5332)کەس، ئێمە پێشتر ئەو ژمارەیەمان دەستنیشان نەکرد، کە چەند لەم ژمارەیە ببڕدرێت، بۆیە من ئێستا داوا دەکەم لە بەڕێزان لەوەزارەتی دارایی کە پێویستی خۆیان چەندە؟، هەزار کەسە، هەزارو ئەوەندە کەسە؟، دەستنیشانی بکەن، ئەوەی تری کە دەمێنێتەوە، دابەشبکرێت بەسەر ئەو وەزارەتانەی تر کە داوایان کردووە، بەتایبەت لەلیژنەی پەروەردە، کە داوای هەزار کەسیان کردووە، ئەویش بەمەبەستی فەراهەمکردنی هەل بۆ دامەزراندنی توێژەرانی کۆمەڵایەتی، دەرچووانی دەروونناسی، بەشی فەلسەفە، ئەوانەی کە کاك عومەر نورەدینی سەرۆکی لیژنەی پەروەردە ئاماژەی پێکرد، بەهەمان شێوە لیژنەی تەندروستی داوای ئەوەیان کردووە، کە بڕێك بۆ ئەوانیش زیاد بکرێت، هەروەها لیژنەی ئاسایش و ناوخۆ ئەوانیش داوایان کردووە، بۆیە من داوا

دەکەم لە بەڕێزان لەوەزارەتی دارایی، ئێمە ئەو خشتەیە و ئەو بڕیارە لێرە یەکلایی بکەینەوە، ئەگینا ئەگەر بەوەی کە پێشوو هەیە بڕیاری لەسەر بدەین، ژمارەیەکی زۆر کەمیلاکە (5332) دەڕواتە سەر وەزارەتی دارایی، واتە ئێمە لەسەر خشتەیەك دەنگ دەدەین سەلاحیەتێکی زۆر دەدەین بەوەزارەتی دارایی دواتر ئەوان خۆیان دابەشی دەکەنەوە بەسەر وەزارەتەکاندا، من پێم باشە لەناو پەرلەماندا ئەو ژمارانە دیاری بکرێن، پاش ئەوەی کە وەزیری دارایی خۆیان خۆشبەختانە لێرە ئامادەیە، حاجەی پێویستی خۆیان، ئەو وەزارەتانەشی کە دەستنیشان کراون لەناو ڕاپۆرتی لیژنەی دارایی و کاروباری ئابووری ناویان هاتبوون ئەوانە لەپێش چاو بگرن و بڕیاری خۆیان لەم بارەیەوە بخەنە ڕوو بۆ ئەوەی پەرلەمانی بەڕێز بڕیاری لەسەر بدات و بەبڕگەیەك لێرە ئیزافە بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێز گەشە دارا، فەرموو.

**بەڕێز گەشە دارا جلال:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە ئەم خاڵە دامەزراندنی 25 هەزار میلاك بۆ گەنجان، یەکێکە لەخاڵە گەشەکانی بودجەکە، بەڵام کە پێویستە ئێمە جەخت لەسەر ئەوە بکەینەوە، ئەو بڕگەی کە تایبەتە بەوەی بەپێی ئەو بنەماو مەرج و ڕێکارانە بێت، کە لە پرۆژە یاسای ئەنجومەنی گشتی ڕاژەی هەرێمی کوردستاندا هاتووە، ئەوە لەبەرچاو بگیرێت، ئێمە ساڵانی تر خەڵکێکی زۆر دامەزراوە، ئەوە دەبینین کە لەبودجەی تەشغیلی بەشێکی زۆری بودجەکە بۆ تەعویزاتی فەرمانبەرانە، کەچی سەیر دەکەین وەکو پێویست گەنجان لە سیاسەتی حکومەت ڕازی نەبوون، لەبەر ئەوەی عەدالەتی ئیجتماعی نەبووە لەدامەزراندندا، کە پێویستە ئەمە ڕەچاو بکرێت، هەرکاتێك هەر شتێك بە سیستم بێت، خەڵك گلەیی لێ ناکات، ئێمە دەبێ زۆر جەخت لەوە بکەین کە مەحسوبیەت و مەنسوبیەت نەمێنێت لە دامەزراندنەکاندا، سەبارەت بەڕاپۆرتی لیژنەکەمان کە بەڕێز ناسك خانیش ئاماژەی پێکرد، وە کاك عومەریش ئاماژەی پێکرد، ئێمە داوای ئەوەمان کردووە کە یەکسانی جێندەری بپارێزرێت لە دامەزراندنەکاندا وەکو ناسك خان وتی، لەکاتێکدا کە کەفائەت هەبێت لەنێوان دوو کەسدا لەنێوان کوڕ و کچێك بێت، چونکە کۆمەڵگەکەی ئێمە بەپێی ئەو داب و نەریتەی کە هەیەتی، ڕەنگە ژن ئەوەندە فورصەی نەبێت، کە پیاو هەیەتی، بەڵام سەیر دەکەین لە بواری حکومیدا زۆر ئاسانترە تا کار بکات، لەبەر ئەوە ئەگەر حکومەت دەیەوێت سیاسەتێکی هەبێت بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی ژنان ئەبێت زۆر گرنگی بدات بە بواری کە سیاسەتێکی ئیقتصادی وای هەبێت پێگەی ئابووری ژن بەهێز بکات، تا بتوانێ کێشەکانی بەرەو چارەسەر بەرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، شەونم محمد، فەرموو.

**بەڕێز شەونم محمد غریب:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەنیسبەت ئەم بڕگەیەوە، بێگومان دەستخۆشی لەحكومەتی كوردستان دەكەم، كە ئـەو ژمـارەی دەستنیشـان كردووە، بۆ دامەزراندنی گەنجەكان و كەمكردنەوەی بواری بێكاری، بەڵام هیوادارم ئەو دامەزراندنە بـەپێی ئەو ڕێنماییانە بێت كە لە ئەنجومەنی ڕاژەدا دیاركراوە، هەرچەند ئێستا مەرحەلـەی یەكـەم دەسـتپێكراوە، فۆڕم دابەشكراوە، هیـوادارین ئـەو فۆڕمانـە بـەپێی ئـەو مەبەسـتەی بـۆی دابـین كـراوە، جێبـەجێ بكرێـت، لەگەڵ ئەوەشدا حكومەت هاوكاری كەرتی تایبەت بكات، بۆ ئەوەی مەسەلەی بێكاری كـەم بكاتـەوە، چـونكە بەتەنها بەم $25$ هەزار تەعینە چارەسەر نابێت، خۆمان دەزانین مەسەلەی بێكاری كەم نابێتـەوە، لەهـەمان كاتدا هیـوادارم لـەم دامەزراندنـەدا ڕەچـاوی چـەند خاڵێك بكرێـت، یـەكێ لـەو خاڵانـەی ئـەوەی هاوڕێكـانم باسیان كـرد، یەكسـانی جێنـدەری ڕەچـاو بكرێـت، واتـە دامەزرانـدنی ژنـان بەڕێژەیـەكی بـاش لـەم خاڵـەدا، چونكە ئـەوەی دەیبـنین زۆربـەی زۆری كچـە گەنجـەكان كـە تەخـەروجیان كـردووە، دەرچـوون لـەزانكۆكان، زۆربەی زۆریان هەروەكو كوڕەكان لەماڵەوەن بوارێكی كار كردنی تریشیان نیە، لە كەرتی تایبەتـدا كچـەكان و ژنان، كار بكەن، لەبەر ئەوە با ئەو مەوزوعە بەهەند وەربگیرێت، پێم باشـە ژمارەیـەك لـەو دامەزراندنـە بـۆ منـداڵانی شـەهید و ئـەنفال دیـاری بكرێـت، بـۆ ئـەوەی ببێـت بـە موناڧەسـەیەك بـەپێی فۆڕمـەكانی ئەنجومـەنی ڕاژە، ببێـت بـە موناڧەسـەیەك لەبـەینی خێزانـی شـەهیدەكاندا، تایبەتمەندییـەكی تایبـەتیان بدرێتێ، هەروەها ئەوەی كە تێبینی دەكرێت بەڕێز كاك عومەریش قسەی لەسەر كرد، وەزارەتـی پـەروەردە كێشەیەكی زۆر گەورەیان هەیە، تا ئێستا توێژەری كۆمەڵایەتیان نیە، ئەو كەسانەی كە تـا ئێسـتا دەرچـوون لەبوارەكانی فەلسەفەو كۆمەڵناسیدا، تا ئێستا ژمارەیەكی زۆر زۆر كـەمیان لـێ دامـەزراون، هیـوادارم ئەگـەر بكرێت بەزیاد كردن لەداهاتووشدا، ئەگەر بڕیار بدرێت ڕێژەی دامەزراندن بۆ ئەو گروپە زیاد بكرێت، یـان لەم دامەزراندنەی ئێستادا جێگای ئەو كەسانە بكرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێز گۆران ئازاد، فەرموو.

**بەڕێز گۆران ئازاد محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە بەگەڕانەوە بۆ وەڵامـەكانی بـەڕێز وەزیـری دارایـی، و قسـەكانی ئەنـدامانی پەرلـەمان كـە ئێسـتا كـرا، وەزیری دارایی لەدانیشتنەكانی پێشوو قسەی لەسـەر ئـەوە كـرد، كـە ئـەو میلاكاتـەی بـۆ وەزارەتـی دارایـی دانراوە، دەكرێ چاوپێداخشاندنەوەی پێدا بكرێت، ئێسـتا هـەموومان تەقریبـەن لەسـەر ئـەوە كۆكین كـە چـاوی پێداخشـێندرێتەوە، بـەڵام لـەو سـەروبەندەدا ئێمـە وا دەبیـنین دەسـت بەدابەشـكردنی فـۆڕمی دامەزراندن كراوە، من پرسیارەكەم ئەوەیە، ئێمە بەڕاستی ئەو میلاكاتەی كە دەست بەدابەشكردنی كـراوە، هەندێ وەزارەت تێیدا زەرەرمەندە یاخود بێبەش كراوە، بۆ نموونە من پشتیوانی لە قسەكانی هاوڕێم كاك عومەر نورەدینی دەكەم، بەتایبەتی وەزارەتی پەروەردە، جگە لەوە وەزارەتی كارەبا، وەزیـری دارایـش خـۆی

قسەی لەسەر ئەوە کرد، کە ڕێژەی وەزارەتی مالیە زیادە، دەکرێت موراجەعە بکرێتەوە، بەڵام پرسیارەکە ئەوەیە، ئێمە لەم ماددەیەدا میلاکاتەکان لەبەردەستی ئێمەدایە، لەناو یاساکەدا نەهاتووە کەوەزارەت بە وەزارەت تەوزیع بکرێت؟، ئایا لێرەدا ئێمە بڕیار لەسەر ئەوە دەدەین کە هەزار یاخود دوو هەزار میلاك لە فلان وەزارەت هەڵبگیرێت، ئێمە دابەشی دەکەینەوە لێرەدا، یاخود ماددەیەکی یاسایی دادەنێین حکومەت جارێکی تر ئیلزام دەکەین کە موراجەعات لە تەوزیعاتی عەددەدی میلاکاتی وەزارەتەکان بکاتەوە، بەلەبەرچاو گرتنی کەمکردنەوەی میلاکاتی وەزارەتی دارایی و دابەشکردنەوەی بەیەکسانی بەسەر وەزارەتەکاندا، یاخود ئێمە تەوزیعاتەکە دەکەین؟، هیوادارم ئەوەمان بۆ ڕوون بکەنەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو نیشتمان خان.

**بەڕێز نیشتمان مرشد صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش پشتیوانی لە قسەی هاوڕێکانم دەکەم، پشتیوانی لە قسەکانی کاك گۆران دەکەم بۆ ئەو قسانەی کە کردی، نامەوێ هەموویان دووبارە بکەمەوە، تەنها ئەوە دەڵێم منیش پێم باشە ئەو میلاکاتەی وەزارەتی دارایی بەپێی پێویستی خۆیان بێت، ئەوەشی کەزیاد بێت، پێم باشە بخرێتە سەر وەزارەتی پەروەردەو شارەوانی وگەشتوگوزار، کەئەمەش وەزارەتێکی زیندووە، کە ئەمیش پێویستی پێیەتی، لەو بڕەی کەبۆی دانراوە هێشتا زیاتر بکرێت میلاکاتەکەی، وەزارەتی کارەباش کە 150 کەسی بۆ دانراوە، پێم باشە بڕێکی بخرێتە سەر ئەو وەزارەتەش، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێز شێرزاد حافظ، فەرموو.

**بەڕێز شێرزاد عبدالحافظ شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە من لەخاڵی دووەمەوە دەست پێدەکەم، کە ئەو میلاکاتانەی کە دادەمەزرێن، دیارە نووسراوە بەگوێرەی ژمارەی دانیشتوان، ئێمە ئەو قەزایانەی کە لەسەر سنوورین، لەگەڵ ناوچە دابڕاوەکان، لە بابەت (چەمچەماڵ، کەلار، کفری)ئەمانە لەهەموو ئەو پرۆژە وئەو شتانەی کە حکومەت بەگوێرەی ژمارەی دانیشتوان دابەشی دەکات، هەموو زەرەریان تێدا کردووە، باشترین نموونەمان پرۆژەکانی ئەنجومەنی پارێزگاکانە، لەبەر ئەو وەزعە سیاسیەی کە لەکوردستاندا هەیە، ئەو سێ قەزایە، بەزۆری فۆڕمی بائیعیان لەسەر کەرکووکە، بەڵام خۆیان لە چەمچەماڵ یان کەلار یان کفری دادەنیشن، لەو حاڵەتەدا دیارە ژمارەی دانیشتوان بەگوێرەی فۆڕمی بائیعی دەبێت، جاری وا هەیە ئێمە ئەو قەزایانە نیوەی ئەو عەددەدە ڕاستەمان دەست کەوتووە کە هەیە، لەبەر ئەوە حەقی وایە، یان داوای ئەوە دەکەم، کە ئەو سێ قەزایە یان ئەگەر شوێنی تریش هەیە لەسەر سنوورە، لەگەڵ ناوچە دابڕاوەکان حسابی تریان بۆ بکەن، ژمارەی دانیشتوانی

تێدا ڕەچاو نەکرێت، ئەوی تریان دامەزراندنی ئەو 25 هەزار میلاکەی کە لە هەر سێ پارێزگاکەی کوردستانە، دیارە لە دوو ، سێ شوێنی تریش باسمکرد، کە کەمئەندامان لە 10٪ هەمووی عێراقە، لە 10٪ هەموو عێراقە، ئەوان فرسەتی کارکردنیان زۆر کەمە، بۆیە من داوای ئەوە دەکەم نسبەیەك لەوە دابندرێت بۆ کەم ئەندامان لە 5٪ تا 10٪ی ئەو ژمارەیە کە 25 هەزار کەسە، لەبەر ئەوەی کەم ئەندامان، هەیانە خاوەنی شەهادەی بەرزن، هەیانە بڕوانامەی زۆر باشیان هەیە و ئەتوانن ئیش بکەن، قەزانجێکی تریش لەوەدا دەکەینەوە ئەو کەم ئەدامانە کە تۆ خستنە ناو ئیشەکەوە، ئەو مووچەی کە ئێستا دەیاندەیتێ دەگەڕێتەوە بۆ حکومەت، قازانجێکی تر ئەوەیە کە تۆ لە پرسگەیەکدا کەم ئەندامێکت دانا، یان کەم ئەندامێك بەڕێوەبەر بوو، کە یەکێك ئەچێت بۆ ئەو دائیرەیە دەبینێت کەم ئەندامێکەو لە سەر عەرەبانەیە ئەوەتا کار دەکات، ئەوەش خەڵك هاندەدات کە ئەوانیش کار بکەن، کە خەڵکیش کاری کرد تۆ کۆمەڵێك دەوائیر هەیە، یان کۆمەڵێك شوێن هەیە، کە مووچە بەخەڵك دەدات، ئەوەش هەم دیسان دەگەڕێتەوە بۆ حکومەت، لەبەر ئەوە من داوا دەکەم لە 5٪ بۆ 10٪ بۆ کەم ئەندامان بێت، دیارە من پشتگیری لە قسەکانی شەونم خان دەکەم، بۆ ئەوەی کەسوکاری شەهیدان، منداڵەکانیان لەم دامەزراندنەدا حسابێکیان بۆ بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێز شیلان عبدالجبار، فەرموو.

**بەڕێز شیلان عبدالجبار عبدالغنی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە دابەشکردنی پلەی وەزیفی، منیش وەك هاوڕێکانم کە پێش من قسەیان کرد، پشتیوانی ئەو ڕایە دەکەم کە ڕەگەزی مێ، لەبەرچاو بگیرێت، وە دابەشکردنەکە یەکسانی بێت، لەنێوان ڕەگەزەکاندا، من پێم باشە کە ئەولەویەت بدەن بە ساڵانی دەرچوون، بۆ نموونە، ئەوانەی کە لە 2010 دەرچوون، ئەولەویەت زیاتر بدەن بەوانە، نەك ئەوانەی کە 2011 دەرچوونە، هەروەها ئەولەویات بدەن بە تەعین کردنی کەم ئەندامان، وە پشتگیری کاك شێرزاد دەکەم لەو خاڵەدا، تا ئەوانیش پشتگیری بکرێن و بێنە ناو کارەوە، نەك تەنها مووچەخۆر بن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، ڕێزدار صباح بیت الله، فەرموو.

**بەڕێز صباح بیت الله شکری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دەربارەی ئەم ماددەیە، من ئەم پێشنیارە ئاراستەی هەموو وەزارەتەکانی هەرێم دەکەم، کە نیسبەیەکی دیاریکراو، بۆ کەسوکاری شەهیدان وئەنفالکراوەکان دابندرێت وڕەچاو بکرێت بۆ دامەزراندن، پشتیوانی لە ڕەئیەکەی برام کاك عیماد دەکەم، من نامەوێ دووبارەی بکەمەوە، پێشنیارەکەی کاك شێرزادیش پشتیوانی

لێدەکەم، دیسان چەند خوشکێك ئەو داخوازییەکان پێشکەش کرد، کە نیسبەتێك بۆ ئافرەتان دەستنیشان بکرێت، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، لە پانیاً: کە دەڵێت(الوظیفیة مستحقة حسب ملاکات مؤسسات الاقلیم،) ڕەئی جەنابیشت ئەوە بوو کە وشەی مؤسسات ئیزافە بکرێت، منیش پێم باشە، دیسان هەر لە ڕیزی سێیەم دەڵێت( الضوابط والشروط والاجراءات) لیژنەی داراییش (تعلیمات)ی زیاد کردووە، بەڕەئی من کەلیمەی (الضوابط)کیفایەتە ئەوانی تر پێویست ناکات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێز صبیحە احمد، فەرموو.

**بەڕێز صبیحە احمد مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتگیری لەڕەئی لیژنەی دارایی و یاسایی دەکەم، بەس پێشنیار دەکەم، کە یەکسانی دامەزراندن ڕەچاو بکرێت لەدامەزراندندا، لەو 25 هەزار میلاکەی کە دانراوە بۆ دامەزراندن، کە بۆ هەر وەزارەتێك ڕێژەی ئافرەت لە 50٪ کەمتر نەبێت، بەپێی ئەو میلاکەی کە دانراوە، چونکە وەکو هەمووومان بەچاوی خۆمان دەیبینین، کە لە ساڵانی ڕابردوو وەکو پێویست حساب بۆ دامەزراندنی ئافرەت لەوەزارەتەکاندا نەکراوە، بۆیە زۆر بەجدی پاڵپشتی لەم خاڵە دەکەم، داوا لەوەزارەتی دارایی حکومەتی هەرێمیش دەکەم، کە لەو خاڵەدا پشتگیریمان بکەن، چونکە هەموومان دەزانین کە ئافرەت زیاتر لەشوێنی کاردا هەست بە بەرپرسیارێتی دەکات، وردبین ترە لە ئیشوکارەکانی خۆیدا، لەکۆمەڵگەی ئێمە تاکو ئێستا وەکو پێویست بواری کار بۆ ئافرەت نەڕەخساوە، بەتایبەتی کە لەکەرتی تایبەتدا کار بکات، بۆیە لێرەدا داوا دەکەم، کەوەزارەتی دارایی ئەم پێشنیارەی ئێمە بەجدی وەربگرێت، چونکە لە هەموو دەوڵەتانی پێشکەوتوو ئەو کۆمەڵگەیە سەرکەوتووترە کە بەسەراحەت ئافرەت ڕۆڵی خۆی زیاتر دەبینێت، لێرەدا بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، داوا دەکەم کە فەقەرەیەك ئیزافە بکرێت لەماددەی 12، وە ڕەچاوی دامەزراندن بەنیسبەت ئافرەت بەشێوەیەکی یەکسان بێت، هەروەها پێشنیار دەکەم لە تەعیناتی تازەدا ڕێژەی 20٪ تا لە 25٪ بەتەحدید دەستنیشان بکرێت بۆ کوڕ و کچی شەهیدە سەربەرزەکانمان لەگشت بوارە جۆراو جۆرەکاندا، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز یاووز خورشید، فەرموو.

**بەڕێز یاووز خورشید ئەرسەلان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لێرەدا حەز دەکەم وەك پەرلەمانتارێکی تورکمان قسە بکەم، لەم ماددەی 12یەدا، بەتایبەتی لە برگەی دووەم، لێرەدا دیارە باس لە تەوزیعی دەرەجاتی وەزیفی دەکات، بەگوێرەی ژمارەی دانیشتوان، وەك ئاشکرایە تورکمان دووەم نەتەوەیە لەکوردستان، بەڵام قەدەر وای کردووە، زۆربەی دانیشتوانی ئێمە لە

هەولێر کۆببینەوە، بۆیە بەڕاستی بەڕای من لەو جۆرە دابەشکردنەدا، تورکمان زەرەرمەند دەبن، بۆیە من پێشنیار دەکەم، لەو جۆرە بابەتانەدا کە حەقە ئێمە دووەمین نەتەوەین، ئەوە لەبەرچاو بگیرێت وڕێژەیەکی تایبەتی بۆ دابندرێت، من لێرەدا داوا دەکەم، بەلانی کەمەوە لە ڕێژەی ئەو دەرەجاتە وەزیفیانە کە بۆ هەولێر دانراوە، بەلانی کەمەوە لە 10٪ بۆ تورکمان بێت، چونکە ئەوانە وەك وتم دووەم نەتەوەن لە کوردستاندا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێز دکتۆر صباح بەرزنجی، فەرموو.

**بەڕێز د. صباح محمد نجیب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە میلاکات پێم خۆشە قسەکانم بەم گوزارەیە دەست پێ بکەم، کە هەموو بیرمەندان و کەسانی شارەزاو پسپۆر لەهەموو بیر و فەلسەفە جیاوازەکان لەسەری کۆکن، کە دەستەکان چوارن، دەستی کرێکار، کەخزمەتمان دەکات، دەبێ ئێمەش خزمەتی بکەین، دەستی بێکار، کە دەبێت بیخەینە کارو هەلی کاری بۆ بدۆزینەوە، دەستێك کەناتوانێ کاربکات، دەبێ خزمەتگوزاری پێشکەش بکەین ولەژێر چاودێریماندا بێت، دەستێك کە یاری دەکات و گزی دەکات وفێڵمان لێدەکات، ئەبێ ڕێگای لێبگرین، فەصڵی چوارەمی پرۆژە یاسای بودجە بەڕاستی دەرگایەکی باشە بۆ ئەوەی ئێمە هەلی کار بدۆزینەوە، بۆ زۆرترین ژمارە لە دەرچووان ولەو کەسانەی کە لە کوردستاندا چاوەڕێی حکومەتی خۆماڵی خۆمانن، لەم قۆناغە هەستیارەدا، بۆیە من چەند پێشنیارێك دەخەمە بەردەم بەڕێزتان، بەو هیوایەی جێگای ڕەزامەندی بێت وجێگای خۆی بکاتەوە لە بڕیار و فەرمانەکانتان، یەکەم: ئەولەویەت بدرێت بەدامەزراندنی دەرچووانی ساڵانی پێشوو، ژمارەکی زۆر لەلاوانی کوردستان لەهەموو چین وتوێژە جیاوازەکان، لە قەومیاتی جیاواز، چەند ساڵێکە خوێندنیان تەواو کردووە، خۆیان تەرخانکردووە بۆ ئەوەی لەبوارێك لەبوارە زیندووەکانی کۆمەڵگای گەشەسەندووی کوردستاندا خزمەت بکەن، بەتایبەتی کەسانێکی زۆر هەن کە ڕەنگە تاکو ئێستاش بەگرێبەست، کاریان کردبێ، داواکارم ئەولەویەت بدرێت بەوان وبەدەرچوانی ساڵانی پێشوو لەو 25 هەزار پلە وەزیفییە، کە تەعین دەکرێن، بەڵام بەپێی خشتەیەکی زەمەنی دیاریکراوی ڕۆشن، وەبەدەر لەتەعقیداتی ڕۆتینکاری وتەزکیەی حزبی وبەپێی دابەشکردنی جوگرافیایی دادوەرانەو بەپێی پسپۆڕییە جیاوازەکان، چونکە ئێمە لەکوردستاندا پێویستیمان بەهەموو پسپۆڕییەك هەیە، ڕەنگە زۆر پسپۆڕی تریشمان پێویست بێت کە دەبێت لەزانکۆکان و پەیمانگاکاندا بواربکرێتەوە بۆ دروست کردنیان، بۆ ئەوەی کۆمەڵگاکەمان لەکۆمەڵگایەکی تەقلیدییەوە بەرەو کۆمەڵگایەکی گەشەسەندووی پیشەسازی بچێت، دووەم: گرنگە ئەو میلاکاتانەی کە ئێمە پڕیان دەکەینەوە یاخود ئەوکەسانەی کە ئێستا فەرمانبەرن ڕەنگە بەو ئەندازە مووچەی کە ئێستا هەیانە، نەتوانن باری قورسی ژیانیان سووك بکەن، بۆیە پێشنیازی ئەوەش دەکەم، کە دەرماڵەی پیشەیی بۆ دەرچووانی زانکۆو پەیمانگاکان بەبێ جیاوازی دابندرێت، بەتایبەتی

پشتگیری لەپێدانی دەرماڵەی پیشەیی دەکەم بۆ توێژەرانی کۆمەڵایەتی، دەروونی، ژمێریارییەکان، ئەوانەی کەلەبواری پسپۆڕی و ئیدارەو ئابووری و کۆمپیوتەرو یاساو فەرمانبەرانی دادی، کەوا بەڕاستی داواکارییەکی زۆریان هەیە، هەروەها فەرمانبەرانی تەندروستی، مامۆستایانی ئایینی، مامۆستایانی قوتابخانەکان، هی پەروەردە، هەرکەسێك بەشێوەیەك لەشێوەکان بەڕاستی لەژێر باری قورسی ژیانی ئەمڕۆ وگەشەسەندن و تەزەخومی بازاڕدا، بەڕاستی دەناڵێنن، سێیەم: دەبێ ئێمە حسابێك بۆ خانەنشینان بکەین، بەزیاد کردنی مووچەکانیان، حساب بۆ خاوەن پێداویستیەکان بکەین...

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەمە نە موخەصەصاتە، نەزیاد کردنی مووچەیە، ئەمە میلاکە چاوەکەم، باسی میلاکات دەکەین، ئەو میلاکە کافیە یان نا؟، ئەمە لە شوێنێکی تر ئەتوانن باسی موخەصەصات بکەن، زیاد کردنی مووچە لەشوێنێکی تر، فەرموو.

**بەڕێز د. صباح محمد نجیب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو میلاکاتەی کەدانراوە، داواکارم کە پشکێکی زیاتری بدرێت بەوەزارەتی پەروەردەو خوێندنی باڵاو تەندروستی وئەوقاف، مەوزوعێکی تر لە میلاکات کە زۆر قابیلی سەرنج و تێڕامانە ئەوەیە، ئێمە ژمارەیەکی زۆر میلاکاتمان هەیە کە فیعلەن مووچە لە حکومەتی هەرێم وەردەگرن، بەڵام کارێکی ئەوتۆیان پێ ناسپێردرێت، بۆیە داوا دەکەم کە ئەو میلاکاتانە بخرێنە بواری خزمەتگوزاری وبخرێنە بواری بەرهەمهێنانەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێز سمیرە عبدالله، فەرموو.

**بەڕێز سمیرە عبدالله اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بەو ماددەیە دامەزراندنی فەرمانبەران و میلاك، باشتر وایە لیژنەیەك لەلایەن وەزارەتە پەیوەندیدارەکان بەو کارە هەڵبستێت، بەبێ گەڕانەوەی بۆ ئەنجومەنی وەزیران، بەپێی ئەو بنەماو پێوەرانەی کە دانراون، ئەو دەسەڵاتەش نەدرێت بەپارێزگاکان، هەروەها پێم باشە ئەو حسەی کەبۆ وەزارەتی دارایی دانراوە، من ئەو نسبەیەم پێ زۆرە، بۆیە با نسبەیەك دابندرێت بۆ ناوچە دابڕاوەکان، بۆ نموونە من سەردانی کۆمەڵگای چڕەم کرد کە سەر بەشێخانە، مەکتەب هەیە دوو مودیری هەیە، یەکێکیان لە پارێزگای نەینەوا هاتووە، ئەوی تریان لەهەرێمی کوردستان کە بۆ زانیاری مامۆستایان نیە دەرس بڵێتەوە، چون قوتابی دار موعەلیماتیان هێناوە، دەوامێك دەوامی خۆی دەکات و دەوامێکیش دەرس دەڵێتەوە بە قوتابیانی ئەو قوتابخانەیە، کە 3 هەزار نەفەریشی لێیە ئەو کۆمەڵگایە، ئەگەر نسبەتێك بۆ ئەوان دابندرێت ئەوە زۆر باشە، هەروەها سەنەواتی سابیقە ڕەچاو بکرێت، لەگەڵ پسپۆڕی، لەگەڵ

گرێبەستەکان، وە ئافرەتیش ڕەچاو بکرێت، کـە لـەکاتی دامەزراندنـدا ڕەچاوی یەکسانی نێـوان نێـرو مـێ بکرێت، لەزۆربەی وڵاتان کە ئیش دەکەن ئافرەتان لە دەوائیرەکان ئیش دەکەن وە زیاتر پیاوەکان لـە کارگـە قورسەکان ئیش دەکەن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، سەروەر عبدالرحمن، فەرموو.

**بەڕێز د. سەروەر عبدالرحمن عمر:**

**بەڕێزسەرۆکی پەرلەمان.**

دیـارە ئەمـە یـەکێك لـە خاڵـە باشـەکانی بودجەکەیـە، وەکـو باسـی لێـوە کـرا، بـەڵام چـۆن دەکرێـت لێـرەدا عەدالەتێکی کۆمەڵایەتی تێدا بێت، من سەرەتا بەوە دەست پێدەکەم، کە دەستخۆشی لە حکومەتی هـەرێمی کوردستان دەکەم بەتایبەتی لەماوەی ئەو چەند ڕۆژەی ڕابردوو کەبینیومانە، کۆمەڵێك بنکە کراوەتەوە کە بەیەکسـانی فـۆڕمی دامەزرانـدنی تێـدا دابـەش دەکرێـت، ئـەوەی مـن بـزانم لـە سـلێمانی کـراوە، هیـوادارم لەپارێزگاکانی تریش ئاگادار نیم کە کراوە یـان نـا، بـەس هیـوادارم لـەو شـوێنانەش ئـەنجام درابـێ، چـونکە گەنجان دڵیان خۆشە کەبـەم شـێوەیە زۆر بەشـەفافانە دامەزراندنـەکان دەخرێتـە ڕوو، بەیەکسـانی دەتـوانن فۆڕمـەکانیان وەربگـرن، ململانـێ لەسـەر خاڵـەکان بکـەن، سـەبارەت بـە مەسـەلەی پلانـدانان مـن پشـتگیری لەڕاکـەی هاوکـارم ناسـك خـان دەکـەم، بەڕاسـتی ئێمـە یـەکێك لەکێشـەکانمان ئەوەیـە کـە پلانمـان نیـە لـەو بـوارەدا، زانکـۆ و کۆلێـژی زیـاتر دەکەینــەوە، بـەڵام نـازانین بۆچـی دەیکەینــەوە، ئایـا تــەنها مەبەسـت لەکردنەوەی ئەوەیە کە خوێندکارانی قۆنـاغی شەشـەمی ئامـادەیی وەربگرێـت؟، تـەنها ئەمـە هـەزم بکـات؟، لەبەر ئەوە ئێمە ئەگەر بێت و سەیری بکـەین ئێسـتا لەکوردسـتاندا زیـاتر لـە 15 کۆلێـژی یاسـامان هەیـە، ساڵانە زۆرترین خوێندکاری بەشی یاسا تەخـەروج دەکـات، بـەڵام کـەمترین بەداخـەوە هۆشـیاری یاسـاییمان هەیە، ئێمە نزیکەی 15 تا 20 بەشـی مێـژوومان هەیـە، بەشـی کوردیمـان هەیـە، عـەرەبیمان هەیـە، بـەڵام کاتێ خوێندن تەواو دەکەن دانامەزرێن، ئێستا یەکێك لە کێشە گەورەکانمان ئەوەیە لـە پـەروەردەکان، کـاتێ کە دەچن داوا دەکەن ئەڵێن ئێمە میلاکی مێژوومان نیـە، کوردیمـان نیـە، عـەرەبیمان نیـە، کۆمەڵایـەتیمان نیە، ئەو بابەتانە، چۆن دەکرێت؟ ئێمـە دەبـێ لێـرەدا پلانێکمـان هـەبێت، ئەمـە خـەم و ئـەرکی وەزارەتـی پلاندانانە، بەهاوکاری لەگەڵ وەزارەتی خوێندنی بـاڵادا، ئەگـەر بێـت و ئەمـە نـەکرێت پـێم وایـە قـەیرانی زیاترمان ڕووبەڕوو دەبێتەوە، من یەك نموونە دەهێنمەوە، ئێمە وەکـو لیژنـەی خوێنـدنی بـاڵاو پـەروەردە، لەجەولەماندا بۆ زانکۆو پەیمانگاکانی کوردستان، یەك لەو شوێنانەی کە بینیمان و ئیعجابمان بـۆی هـەبوو، کۆلێژێك بوو بەناوی کۆلیژی تـەکنیکی لـە سـلێمانی، ئـەم کۆلیـژە بـەحوکمی ئـەوەی کەموقەیـەد نیـە بـەو بەشەی کە هەیەتی وبەردەوام هەبێت، بەڵکو بەردەوام لەگۆڕاندایە، بەش هەیە تـەنها بـۆ 2 وەجبـە یـان 3 وەجبە دەیکاتەوە، بۆ 4 ساڵ دەیکاتەوە، مەبەستم ئەوەیە، خوێندکارەکان پێش ئەوەی تەواو بـن بـە عەقـد دامەزراون لـە کـەرتی تایبـەت، واتـە پسپۆڕیەکەیان گرنگـە، نـادیرە، بـەپێی پێداویسـتی بـازاڕ هەڵسوکەوت

دەكەن و دەیكەنەوەو دایدەخەن، بۆیە هیوادارم كەوا وەزارەتی پلاندانان لەگەڵ خوێندنی باڵا، بیرێك لەو مەسەلەیە بكەنەوە، یەكێكی تر لەخاڵەكان بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان، ئێمە لەدامودەزگاكانی حكومیدا ژمارەیەكی زۆر گرێبەستمان هەیە، ئەو گرێبەستانە كەدامەزراون، دیارە حكومەت پێویستی بەوە هەبوو كە دابمەزرێن، پێویستی بەپسپۆڕییەكەیان هەبووە، بەڵام لەگەڵێ شوێندا دەبینین، ساڵانە فەرمانبەری نوێ دادەمەزرێت، بەڵام ئەوان دانامەزرێن و هەر بەگرێبەست دەمێننەوە، بۆ ئەوەی ئەوانە هەست بە غوبن نەكەن، بەتایبەت ئەوانەی كەخاوەن بڕوانامەن، پێویستە ئەولەویەت زیاتر بەوانە بدرێت، سەبارەت بەخاڵێكی تر كە سەرۆكی لیژنەی داكۆكی كردن لەمافی ئافرەت تەرحی كرد وەكو لێژنەكەیان وسەرجەم ئەندامەكانیشیان باسیانكرد، مەسەلەی لەبەرچاو گرتنی یەكسانی جێندەری ژن و پیاوە، منیش پشتگیری ئەو ڕایە دەكەم، كە زیاتر ئەولەویات بدرێت بە ژنان، لەبەر ئەوەی دەرفەتی كار بۆ ئەوان كەمتر ڕەخساوە، لەشوێنێكدا ئەگەر ژنێك وپیاوێك بێت، خاڵەكانیان یەكسان بن، پێویستە ژنەكە لەبەرچاو بگیرێت، دواخاڵم ئەوەیە، ئێمە وەكو لیژنەی پەروەردە ڕایەكی ترمان هەبوو، لەڕاپۆرتەكەی خۆمان نووسیومانە وسەرۆكی لیژنەش كاك عومەر ئەمەی تەرح كرد، ئێمە باس لەوە دەكەین كە سیستمی نوێی خوێندن لەكوردستان پەیڕەو بكرێت، سیستمێك بڕیاری لێدراوە لەم پەرلەمانەدا، كەوا پێویستی بەكۆمەڵێك پێداویستی نوێ هەیە، یەكێك لەوانە مەسەلەی توێژەری كۆمەڵایەتیە، توێژەرە كۆمەڵایەتیەكان ڕۆژانە پەیوەندیمان پێوە دەكەن، تاكو ئێستاشی لەگەڵدا بێت، ئەو پلە وەزیفیانەی كەلەلایەن وەزارەتەوە دەستنیشانكراوە، دابەشكراوە بەسەر پەروەردەكاندا، بەڵام مەسەلەی توێژەری كۆمەڵایەتی تێدا نیە، فۆڕمیشیان پێنادەن، لێناگەڕێن ئەوانە داواكاری پێشكەش بكەن، بۆیە ئێمە پشتگیری لەو ڕایە دەكەین و داواكارین كەڕێژەی 1000 كەس زیاد بكرێت بۆ وەزارەتی پەروەردە، ئاخۆ لەسەر ئەوانەی وەزارەتی دارایی دێتە سەری، یاخود ئەو 25 هەزارە بكرێت بە 26 بۆ ئەوەی توێژەرانی كۆمەڵایەتیش لەهەر قوتابخانەیەك بەلانی كەمی توێژەرێكی كۆمەڵایەتی تێدا بێت، لەكاتێكدا كە پێویستی بەزیاتریشە، ئەم هەلەیان بۆ بڕەخسێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێز شلێر محمد، فەرموو.

**بەڕێز شلێر محمد نجیب:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەڕاستی دەستخۆشی لەو كەسانە دەكەم كە بیرۆكەی دابەشكردنی ئەو فۆڕمەیان كرد، بەتایبەتی لە سلێمانی لە دوێنێوە دەستی پێكردووە، با هەندێك لەو متمانەی ئەو گەنجانە بەحكومەتیان هەبوو بگەڕێتەوە بۆیان، تا بزانن عەدالەت لەوكارانەدا پەیڕەو دەكرێت، ئێمە ئەگەر بێت وباسی ئەوە بكەین كە

چـيمان پێويسـتە، وابـزانم يـەكێك لەمەهامـەكانى وەزارەتـى پلانـدانان ئەوەيـە، وەكـو باسـيان كـرد ئـەو كۆليژانەى كـە بەڕاسـتى پێويسـتيان پێيـان نيـە لەدامودەزگاكانـدا ئـيتر سالأنە بتـوانن نەيكەنـەوە، چـونكە دەرچـووەكانيان نـاتوانن دابمـەزرێن، بەنيسـبەت عەقـدەكان كـە $25$ هـەزارن، زۆر لەسـەرى ناچـم، بـەس بەچـاوى خـۆم بينيومـە ئەنـدازيارى كشـتوكاڵ لـە سـلێمانى لـە باخچـەيەكدا ئـەوە $3$ سـاڵە عەقـدە، لـە تەنيشتيەوە كچێك دانيشتبوو خەرجى $2$ ناوەندى بوو، كە ئەو دائيمى بـوو، كـە ئەمـەش بەڕاسـتى تووشـى ناڕەحـەتيت دەكـات كـە ئـەو دياردەيـە دەبينيـت، دواى ئـەوەى خـەريجى( فيزيـا، بيركـارى، كيميـا، بايـەلۆجى)بەڕاسـتى لـە شارۆچـكەكاندا، زۆر بەدەگمـەن دەسـت دەكـەوێت، كـە ئەچـيتە ئـەو شارۆچـكانە بەتايبەتى ناوچەى هەورامان و پێنجوێن و ئەو شوێنانە، كە ئەو خەريجانە نين، زۆر تەئسيرى كردۆتە سەر ئاسـتى خوێنـدن، كـە بەمـەرجێك ناوچـەى هـەورامان مەشـهور بـوو لەعێراقـدا، لـە سـالأنى $60$ و $70$ يەكەمەكانى عێراق لەوان بوون، ئەبێت ئێمە بپرسين ئێستا بۆ وايان لێهاتووە، چونكە ئێستا مامۆستاى ئەو دەرسـە سـەرەكيانەيان نيـە، لـە تەندروسـتى كارمەنـدى كۆمپيوتـەر بـۆ ئامێرەكـانى سيتيسكان و ئيمـەراى، كامـان نەچووينەتە خەستەخانەيەك و ئەو دوو جيهازە خەڵكى موختەصى لەسەر نەبێت، زۆرجـار ئـەڵێن شـكاوە، لەبـەر ئـەوەى تـەركيز بكرێتـە سـەر ئەوانـە، بەنيسـبەت ئـەو خێزانانـەى كـە تـۆڕى كۆمەلأيـەتى ئەيانگرێتەوە، ئەبێت ئێمە بە ئيحصائيەك ئەو ناوانە، ئەگەر منداڵى خەريجيان هەيە، زۆرجار داواى ئـەوە دەكەن، ئەگەر ئەوانە تەعين بكرێن ئەو تۆڕەى كۆمەلأيەتى ناوێت، منـداڵى شـەهيد وئـەنفال وكەمئەنـدام، بەڕاستى ئەوانەش ئـەبێت لەپێشـەوە دابنـدرێن، بـرا مەسـيحيەكان و توركمانـەكان، بەڕاسـتى مەسـيحيەكان حەتا كە لە بەغدا هاتنە دەرەوە، خەڵك هەبوو لەبەغدا دەيوت، ئێمە تەقنۆكراتەكانمان لەدەست دەرچووە، لەبەر ئەوەى خەڵكێكن زۆر بەتوانان و ئەتوانن لەبوارى زانستيدا بەباشى كار بكەن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكى پەرلەمان:**

بـەڕێزان ئەمـە ميلاكـە، مـيلاك كـە دەيدەيتـە حكومـەت، موافەقـەت دەكـەيت ئـەو خـۆى تـەعينى دەكـات، پێويستى بەچەند هەيە، پێويستى بەچى هەيە؟ ئەو بـەچ دەرەجەيـەك پێويسـتى پێيـەتى، ئێمـە لێـرە ئـەو تەفصيلاتە وابزانم نەختێك جێگاى ئێرە نيە، بەڕێز شڤان احمد، فەرموو.

**بەڕێز شڤان احمد عبدالقادر:**

**بەڕێز سەرۆكى پەرلەمان.**

تێبينى يەكەمم بۆ خوشك وبرايان لە ليژنەى ياساييە، بڕگەى يەكـەم، (تتـولى وزارة الماليـة والاقتصـاد) مـن پـێم ڕاسـترە، بڵـێين (تتـولى الـوزارات وبالتنسـيق مـع وزارة الماليـة)بـەحوكمى ئـەوەى كـە وەزارەتـى ماليـە، موحاسبى حكومەتە، تەبيعى وەزارەتەكانى تر بۆ تەنزيمى ميلاك و ڕەواتب، تەنسيق لەگەڵ وەزارەتى ماليە دەكەن، نەك وەزارەتى ماليە تەنسيق لەگەڵ ئەوان دەكات، ئەوەم پێ ڕاسترە، منيش هـاوڕام لەگـەڵ زۆربـەى خوشك وبرايانى بەڕێز كە ئيشارەتيان كرد بەو ميلاكەى كە بۆ وەزارەتى ماليە هـاتووە، ميلاكێكـى يـەكجار زۆرە با تەوزيع بكرێت، بەپێى ئيحتياجاتى وەزارەتەكانى تر، منيش ديسان هاوڕامە كە سەرۆكى پەرلـەمان

ئاماژەی بەوە کرد، میلاکە نابێ باسی ئەم شتانە بکرێت، بەڵام دەبێت موراعاتی ئەو حاڵەتانە هەمووی بکرێت کە خوشك وبرایان باسیان کرد، بەتایبەتی ئەو خەڵکەی کە مەعدومە، ئەوانەی کە لەتۆڕی کۆمەڵایەتی مووچە وەردەگرن، ئەوانە دەبێ لەبەرچاو بگیرێت، کە سێك کە خەریج بێت تەعین بکرێت بۆ ئەوەی لەو تۆڕە کۆمەڵایەتیە موشکیلەی نەمێنێت، ئەوانەی کە کەمئەندامن، ئەوانەی کەئافرەتن پێویستە لێرەدا موراعات بکرێن، بەڵام بەتەحدید من دووبارەی دەکەمەوە، ئێمە مولزەمین وەکو حکومەت بەرامبەر بە کەسوکاری شەهیدان، زیاتر لەوەی کە بەرامبەر بە خەڵکی تر دەکرێت، هەموویان هاووڵاتی ئەم وڵاتەن، بەڵام ئێمە مولزەم ترین، بەرامبەر ئەوان کەموراعاتیان بکەین و ژیانیان تەئمین بکەین، بۆیە بەتەحدید موراعاتی ئەوانە بکرێت، کە لە 20٪ تا 25٪ کچ و کوڕی شەهید لەو میلاکە لەهەموو بوارەکانی دابمەزرێت، ئەوان موونافەسەی بەینی خۆیان بکەن، نەك موونافەسەی عامەکە بکەن، لیژنەی قانونی کە پێویست بە (ثانیا) (ضمن ملاك الاقليم لسنة) لەسەنەی فلانی 2011 (على المحافظات والوحدات الادارية وفق عدد سكانها) ئەوە نا، (حسب حاجاتها) ئەوە ئەگەر بە پێی ئەوە بێت، ئەو دائیرەیە کە بە پێی عەدەد سوکان بێت، ئیحتماڵە زیادیش بێت، ئەو حەقەی هەبێت نەفەر تەعین بکات، بەڵام حەسەب (حاجاتها) بێت، کە پێویست بە ئەو حاجەیە کو پڕبووەو تەواو دەبێت، لە پاش ئەوە (وحسب الضوابط والاجراءات الواردة) ئەمە من بەشتێکی ڕاستی نابینم لە قانون، ئێمە مەشروعێك کە هێشتا موناقەشەمان نەکردووە ئیستنادی لەسەر بکەین، هیچ پێویست ناکات و (وعدد وفق حاجاتها) کافیە ئەوەی دیکە لێرە پێویست ناکات ئیشارەت بەو مەشروعە بدرێت کە هێشتا موناقەشەمان لەسەری نەکردووە، بڕگەی 3 وەکو خۆی من لەگەڵی دامە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز لە ماددەکان پاشتر ئیشارە بەوە دەکات کە ئەو میلاکە تەوزیع دەکرێتە سەر هەرێمی کوردستان بە پێی کەسافەی سوکانی و بە پێی ئیختساس واهاتووە و جەدوەلەکانیش بەو شکلە تەوزیع کراوە، شلێر خان فەرموو.

**بەڕێز شلێر محی الدین صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش هەروەك هەڤاڵانم پشتگیری لەوڕایانە دەکەم کە لەلایەن لیژنەی پەروەردەوە و ئەندامانی لیژنەی پەروەردە پێشنیار کراوە، بەڕاستی وەزارەتی پەروەردە پێویستی بە بودجەیەکی زۆر زۆر باش هەیە، بە تایبەتی لەڕووی دامەزراندن، لەبەرئەوە ئێمە زۆر جار لە کۆبوونەوەکانی وەزارەتی پەروەردە، بەتایبەتی لەو کۆبوونەوە فراوانەی کە لە ئەنجومەنی وەزیران کرا، دەربارەی سیستەمی پەروەردە، پسپۆڕانی پەروەردە هەمووی ئامادەبوون بە بەڕێوبەرە گشتیەکانەوە، هەمووی گلەییان لەسەر ئەوە بوو کەوا پسپۆڕی هەندێك مادده لە هەموو ناوچەکانی کوردستان زۆر زۆر کەمە، لەلایەکی ترەوە دەبینین لەو پسپۆڕیانە زۆریان لە دەرەوەی دامەزراندن، هەتا زۆریان کە ڕوودەکەنە پەرلەمان لە دەرچووانی کیمیا و ئینگلیزی و

بیركاری و نازانم زۆر لەو پسپۆریانە دانەمەزراون، وەزارەتی پەروەدە زۆر پێویستی پێیان هەیە، خەڵكانێك دامەزراون كەوا ئەو پسپۆریە زۆر زۆر پێویست نیە لە وەزارەتی پەروەردە، بۆیە پێشنیار دەكەم كەوا وەزارەتی پەروەردە بە پێی پێویستی و بە پێی ناوچەكان و بە پێی پسپۆری پێویستی بە پسپۆرەكانە ودامەزراندنی لەسەر داوای خۆی بۆی دابین بكرێت ئەو پلانە، ڕێنماییەك هەبوو كەزۆر زۆر باش بوو ئەو ڕێنماییە كە نابێ دەرچووانی بواری پەروەردە لەهیچ وەزارەتێك دابمەزرێن بەبێ ڕەزامەندی وەزارەتی پەروەردە، هەروەها بواری تەندروستیش نابێ لە جێی دی دابمەزرێن، بەڵام بەداخەوە پار ڕەچاوی ئەوە نەكرا و زۆر لە دەرچووانی بواری تەندروستی لە خەریجی تەمریز و ئەوانە لە شوێنی وەها دامەزران كە بە كاتیبەیەك دادەندرێن هیچ سوودیان لێ وەرناگیرێ و بەینەما ئەو زانیاریانەی كە پێیانە، ئەو پسپۆریەی كە هەیانە لە وەزارەتی تەندروستی زۆر زۆر پێویستە، بۆیە لێرە ئەو ڕێنماییە بگەڕێتەوەو پابەندبن پێی كەوا ئەو پسپۆریانە ئیللا دەبێ لە شوێنی خۆیان دابمەزرێن، ئەو ڕێژە زۆرەی كە بۆ وەزارەتی دارایی و وەلەو  زۆریش گوترا بۆ دامەزراندن داندراوە منیش هەر پێشنیاری ئەوە دەكەم كە دابەش بكرێت ئەو ڕێژە زیادە كە لەسەر وەزارەتی تەندروستی و پەروەردەیە، باسی ئەوە كرا كەوا كەم ئەندام لەوە حسەیەكی پێ بدرێت بۆ دامەزراندن، من دەڵێم نابێ ئێمە بەچاوی جیاكاری و جیاوازی تەماشای كەم ئەندام بكەین، ئەگەر بگەڕێینەوە سەر معەوقین لە قانونەكە دا دەڵێ (مافی دامەزراندنیان هەیە) هەموو مافێكیان هەیە لە خوێندن و یەك لە مافەكانیان مافی دامەزراندنە، هەر كەم ئەندامێك یان خاوەن پێداویستی تایبەت كە ڕووله وەزارەتێك دەكات بۆ دامەزراندن تەماشای پسپۆریەكەی بكرێ و تەماشای شەهادەكەی و بە پێی شەهادە و بڕوانامەكەی و بە پێی پێویستی ئەو وەزارەتە دەبێ تەعین بكرێت و نابێت بەو چاوە جیاكاریە تەماشای بكرێت، خاڵەكانی ترم هەمووی دووبارە دەبێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سیوەیەل خان فەرموو.

**بەڕێز سیوەیل عثمان احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بە نسبەت ئەو ماددەیە ئەوە دیارە وەزارەتەكان لەگەڵ وەزارەتی دارایی و ئەنجومەنی وەزیران دیارە تاوتوێیان كردووە، بەڵام ئەگەر بكرێت پێداچوونەوە بكرێت لە ژمارەكان، چونكە وەزارەت هەیە زۆری داندراوە بۆی، وەزارەتیش هەیە كەمترە، وەزارەت هەیە بۆ نموونە شارەوانی و كار و تەندروستی و پەروەردە ئەوانە زیاتر پێویستیان بە دامەزراندن هەیە، ئەگەر بكرێت چاوێكی پێدا بخشێندرێتەوە، باشە.

بەنیسبەت ئەوانەی دەرچووی رۆژی یەکەمیش باسم کرد، سەنەوات سابیقە، ئەوانە حەقە رەچاو بکرێت، چونکە ئەگەر ئەوساڵ دانەمەزرێن، ساڵانی دواتر دانامەزرێن، چونکە ئەوساڵ فورصەتێکە بۆیان هاتیتە پێش، ئەگەر دابمەزرێن زۆر باشە، چونکە ماوەی هیچ کامیان لە پازدە ساڵ کەمتر نەخوێندووە، پازدە، شازدە ساڵ خوێندوویانە موستەقبەلەکەیان لەکوێیە، ئەگەر دانەمەزرێن، ئەگەر کەرتی تایبەتیش هەبێت، شەریکاتیش هەبێت، هەر باشە، بەس ئەوان داوای دەمەزرانـدن دەکەن، بەشی زۆری لەبواری پەروەردە، چونکە گوندەکانمان زۆر زۆر پێویستیان بە مامۆستا هەیە، بەتایبەت دۆڵەکانی مەلەکان، بالیسان، ئەو دۆڵانە با بڵێین ئەو ناوچانەی کە دوورن لەشار. بەنیسبەت گرێبەستەکانیش، گرێبەست وەك هاوکارانم باسیان کرد، بۆیە گرێبەستە، لەبەر ئەوە دائیرەکان و وەزارەتەکان پێویستیان پێ هەبووە، مادام پێویستیان پێ هەبووە، ئێستا پسپۆڕیان پەیدا کردووە، ئەگەر ئەوانە ببنە دائیمی و دابمەزرێن، زۆر باشترە. ئەوە رەچاوی پسپۆڕی بۆ خۆی لە رێنماییەکانـدا هاتووە، پێویست ناکات باسی بکەین، بەنیسبەت کەم ئەندامیش، شلێر خان باسی کرد، تەبیعییە، نابێت فەرقی هەبێت لەگەڵ ئاسایی، بەپێی دەرەجەیەتی، پسپۆڕیەتی، نمرەکەیەتی، دادەمەزرێت، ئەگەر تەقدیم بکات، تەنها وابزانم کەم ئەندام، لەبەر هیچ شتێکم نییە، بەس لە وەزارەتی پەروەردە بە کاتب و شتی وا، بەس بە مامۆستا وابزانم دانامەزرێت، لەبەر ئەوەی دەرس بە قوتابیان دەڵێتەوە، لەوانەیە هەندێك تەئسیر لە نەفسیەتی ئەو مامۆستایە بکرێت. بەنیسبەت تۆڕی کۆمەڵایەتی، هاوکارانم باس دەکەن دەڵێن ئەوانەی تۆڕی کۆمەڵایەتی، ئەگەر دابمەزرێن باشە، بەڵکو ئەو مووچەی وەریدەرگرن کەم دەبێتەوە. بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، ئەوانەی مووچەی تۆڕی کۆمەڵایەتی وەردەگرن، هیچیان دەرچووی سەرەتاییش نین، نەك ناوەندی، بڕیاریش ئەوەیە، ئەگەر هەبێت دابمەزرێن، زۆر باشە، ئەگەر شەهادەکەیان هەبێت، بەس ئێستا تەعلیمات هاتووە لە پارەوە دەڵێت ئەوەی دەرچووی ناوەندیی نەبێت، هەتا بە سائیق و بە پاسەوانیش داینامەزرێنن، وابزانم هەتا بە پۆلیسیش دانامەزرێن، ئەگەر دەرچووی ناوەندی نەبێت. بەنیسبەت توێژەری کۆمەڵایەتی، ئەگەر لەبواری وەزارەتی پەروەردەو کار زۆر پێویستیان پێیەتی، ئەگەر بکرێت دابمەزرێن باشە، پار لە ناحیەی بالیسان لە ئامادەیی بالیسان دوو مانگ مامۆستای بیرکارییان نەبوو، لەبەر ئەوەی مامۆستای تر تەعین کرا، کوردی بوو، مێژوو بوو، بەس خوێندگایەکە پێویستی پێ نەبوو، جا ئەو تەڵەبەی ئەوساڵ تەخەروج دەکات، دەبێت چ مستەوایەکی هەبێت، نازانم؟. بەنیسبەت دامەزراندنی ژنان، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، لە زۆربەی دائیرەکان و وەزارەتەکان، ئەگەر بچین تەماشا دەکەین لە 70٪ی لەوانەیە ژن بێتن، فەرمانبەری ژن دامەزراوە، بەڵام پۆستە گەورەکان و باڵا دەستەکان پیاون، ئەوانی تر هەمووی ژنن، لەوەی غەدریان لە ژنان کردووە، تەبعەن لەوەش ناکرێت ئێستا بڵێین دەبێت ژن بێت، چونکە ئەو پۆستانەیان نادرێتێ، تازە تەعینن، تازە دادەمەزرێن، ئەگەر لە موستەقبەل ئەو فەرمانبەرانە پلەیان بەرز بێتەوە، ژنەکان پلەکانیان بەرز بێتەوە باشترە، نەك پیاوەکان و زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڕێزدار سەرهەنگ فەرەج کەرەم بکە.

**بەڕێز سەرهەنگ فرج محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە وەکو مەبدەئ من پشتیوانی لە ڕەخساندنی هەلی کار دەکەم، ئەوە شتێکی زۆر زۆر باشە. خاڵێکی تر، کە دەمەوێت باسی بکەم، بەڕاستی مەسەلەی میلاکاتە، بە بڕوای من دەبێت لە ئێستا بەدواوە کارێك بکەین، کە میلاکات ڕێك بخرێتەوەو بە بڕوای من میلاکات یەکێکە لە ئیشکالیەتە گەورەکانی ئێستای سیستەمی بەڕێوەبردن لە هەرێمی کوردستان، بەجۆرێك کە ئێمە لە هەندێك دائیرە میلاکاتێکی زۆر زۆرمان هەیە، کە ئیختیصاصاتێکی زۆری تیایە، لە هەندێك دائیرەش ئێمە نەقصی ئەو ئیختصاصاتانەمان هەبێت، کە دەکرێت نەقل کردن هەبێت بۆ پڕ کردنەوەی ئەم حاڵەتە، بە کورتی دەمەوێت بڵێم کە پێویستە مەسەلەی میلاکات لێرە بەدواوە کاری بۆ بکرێت بۆ تەرشیق کردنەوەی، بەڕاستی بۆ ڕێکخستنەوەی، بە پێویستی دەزانم کە لێرە ئیشارەتێك بەوە بدەم، کە زەرورە هەر فەرمانبەرێك لە هەرێمی کوردستان کە دەگاتە سنی تەقاعود، تەقاعود بکرێت بە مووچەیەکی شایستە، لە هەموو دنیا کار دەکرێت، بۆ ئەوەی ئینسان کە گەیشتە سنی تەقاعود، تەقاعود دەکرێت و ئیسراحەت دەکات لە تەنیشتی ئەو ماندوو بوونەی چەند ساڵی ڕابردووی لە خانەنشینەکەی لێی دەحەستێتەوە لە هەرێمی کوردستان، ئەوەندەی من تێبینیم کرد بێت بە پێچەوانەوەیە، ماندوو بوونەکان، یان ئیشکالیەتەکان، سەر ئێشەکان بۆ هاووڵاتیان لە دوای خانەنشینی دەست پێ دەکات، کە خانەنشین بوو، دەبێت بە دوای ئیشێك بگەڕێت، بۆ ئەوەی بژیت، کە ئەمە ئیشکالیەتێکی گەورەیە، بە بڕوای من دەبێت چارەسەر بکرێت، ئەوەی کە دەلیلە بۆ ئەم قسانەی من، لە ماددەی دوای ئەم ماددەیە کە ئێمە موناقەشەی دەکەین، دیارە پشتیوانی هەیە، یان هاوکاری حکومەت هەیە بۆ دەستگیرۆیی کردنی ئەو کەسانەی کە دەیانەوێت نەقل بن، ئەمە ئەگەر دیوێکی پشتیوانی کەرتی تایبەت و هەوڵدان بێت بۆ بووژاندنەوەی کەرتی تایبەت، دیوەکەی تری پیشانی ئێمە دەدات، کە حکومەت چەندێك لە هەلاوسانی میلاکاتدا دەژی. خاڵێکی تر، کە دەمەوێت باسی بکەم، مەسەلەی دابەش کردنی فۆرمەکانە، دابەش کردنی فۆرمەکان، دیارە بە بڕوای من حکومەت پەلەی کرد لە دابەش کردنی فۆرمەکان، ئێمە ماوەیەك لەمەوپێش بڕیارێکی ئەنجومەنی وەزیرانمان بینی بە هەڵوەشاندنەوەی ئەودامەزراندنانەی کە لە ساڵی 2011 کراوە، دیارە ئەوە کارێکی نایاسایی بووەو هەڵوەشاندنەوەکەشی لە شوێنی خۆیدا بووە، بەڵام دەبوو حکومەت چەند ڕۆژی تریش چاوەڕێی کرد بوایە، بۆ ئەوەی ئەم بودجەیە لە پەرلەمان تەسدیق بکرێت، ئینجا دەستی بە دابەش کردنی فۆرمەکان کرد بوایە، ئەگەر دابەش کردنی فۆرمەکان حکومەت کردوویەتی، بۆ لە سلێمانی فۆرم دابەش دەکرێت، لە هەولێر فۆرم دابەش ناکرێت؟، ئەمە ئیشکالیەتی تیایە. خاڵێکی تر، بە بڕوای من وەکو جەماعەت باسیان کرد، پشتیوانی ئەوە دەکەم، کە ئەولەویەتی تەعینات بۆ ساڵانی ڕابردوو بێت، یەعنی هەرچەندە ساڵی ڕابردوو، مەسەلەن دەرچووی زانکۆیەکان، یان پەیمانگاکان لە ساڵانی ڕابردوو، ئەوە خاڵێکی پشتیوانی کردنیان بێت

بۆ مەسەلەی تەعینات، ژمارەیەکی زۆر عەقدیش هەیە، ئەو عەقدانەش لە مەسەلەی تەعیناتدا لەبەرچاو بگیرێت، پێوەرەکەش پێوەری بەپێی ژمارەی دانیشتوان بێت، ئەوە زۆر زۆر گرنگە، سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، رێزدار عظیمة نجم الدین کەرەم بکە.

**بەڕێز عظیمة نجم الدین حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە ئەوەی کە مایەی سەرنج و گفتوگۆو قسە لەسەر کردنە لەم ماددە یاساییەکە لە بودجەی ساڵی 2011دا هاتۆتە پەرلەمان، باس لە میلاك و دامەزراندن دەکات، بۆ خۆی ئێستا پێش ئەوەی کە ئێمە گفتوگۆو موناقەشەو پەسند کردنی ئەم ماددە یاساییە لە بودجە بکەین، دابەش کردنی ئەو فۆرمانەی کە دابەش دەکرێت، بۆ خۆی بەشێوەیەکی نایاساییە ئەو دابەش کردنە، کە هێشتا ئەمە لە پەرلەماندا یەکلایی نەکراوەتەوە. خاڵێکی تر، ئەوەی کە من قسەی لەسەر بکەم لە مەسەلەی میلاك و دامەزراندن، ئەوەی کە جێی گرنگی بێت، ئێمە لەناو پەرلەماندا قسەی لەسەر بکەین، ئێمە لەبەر ئەوەی کە تا ئێستا لەناو وەزارتەکاندا، لەناو دامودەزگاکاندا، سەرجەم وەزارەتەکاندا ئامارێکی راست و دروستمان نییە لەکوێ پێویستمان پێ هەیە، لە کوێ نەقسمان هەیە، لەبەر ئەوەی ئێستا داوا لە هەموو وەزارەتەکان بکرێت، ژمارەی دامەزراندن، پێویستیان بنێرن، من پێموایە جگە لەوەی کە فائیزیشیان هەیە، ژمارەی دامەزراندن بەرز دەکەنەوە، بۆ ئەوەی بۆیان دامەزرێنن، لەبەر ئەوەی کە نەتوانراوە بە هەماهەنگی لەگەڵ هەموو وەزارەتەکاندا تەنسیقێك هەبێت، بزانرێت لەکوێ پێویستی هەیە لەو وەزارەتدا زیاتر دامەزراندن بێت، ئەوەی کە جێی پرسیارە، یان ئەوەی کە جێی تێبینیە، من بە پێویستی دەزانم کە لێرەدا باسی بکەم بۆ مەسەلەی دامەزراندن، ئەو وەزارەتانەی کە زۆر گرنگن، ئەوانەی کە حەقە ئەولەویاتیان پێ بدرێت، من پێموایە بۆ هەموو ساڵەکان، ئەوانەی کە ساڵانە پێویستیەکانیان زیاتر دەکات وەزارەتی پەروەردەو تەندروستی و شارەوانی و کارەبا، من پێموایە ئەو چوار وەزارەتە بۆ دامەزراندن پێویستە ئەولەویەتیان پێ بدرێت، هەرچەندە لەناو ئەم وەزارەتانەشدا کەموکوڕی و کەمتەرخەمی هەیە لە دابەش کردن و رێکخستنی میلاکاتدا، من بۆ خۆم بەش بە حاڵی خۆم، ئەوەی کە لە وەزارەتی پەروەردەدا دەبینین، دەیان شوێن هەیە کە بە چڕی مامۆستاو فەرمانبەرو کارگوزارو پاسەوانی تیایە، لەجێگای واش هەیە هیچ نییە، یەعنی ئەمە بۆخۆی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە نەتوانراوە وەکو پێویست لەناو وەزارەتەکان، لەناو دامودەزگاکاندا بەشێوەیەکی رێك و پێك ئەو رێکخستنانە هەبێت، من بۆیە ئەو چوار وەزارەتەم دیاری کردووە، لەبەر ئەوەی ئەو وەزارەتانەی کە فائیزی هەیە، کە زیادی هەیە بگوازرێنەوە بۆ ئەو وەزارەتانەی کە پێویستیان هەیە، بۆیە گرنگی دەدەم بەم چوار وەزارەتە. سەبارەت بە خاڵی دابەش کردن بەسەر پارێزگاو یەکە کارگێڕییەکان بەپێی ژمارەی دانیشتوان، من 100٪ پشتگیری قسەکەی کاك شێرزاد دەکەم، لەبەر ئەوەی گەرمیان، چەمچەماڵ و کەلارو کفری و ئەو شوێنانەی کە فۆرمی خۆراکیان نەقل کراوە بۆ

کەرکووك، ژمارەی راستەقینەی ئەو شوێنانە نییە، کە ژمارەی راستەقینەیان وەربگیرێت، نەك ئەو ژمارانەی کە بەپێی فۆرمی خۆراك بێت، لەبەر ئەوە ژمارەیەکی زۆر خەڵك، یان نا عەداڵەتیەك دروست دەبێت لەبەینی گەرمیان و پارێزگاکانی تردا، لەبەر ئەوەی فۆرمێکی زۆری خۆراك لە کەرکووکەو ژمارەی دانیشتوانیش لەو جێگایانەی خۆیانن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، رێزدار ئامینە زکری کەرەم بکە.

**بەڕێز ئامینە ذکری سعید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی یازدە، خالە دویێ پشتگیریا رەئیا لیژنا دارایی و یاسایی دکەم، چونکە یاسا ئەنجومەنی گشتیا رێژا هەرێما کوردستانێ، هێشتا نافیز نینە، ئەم نەشێین ئیعتیمادێت قانونەك دەربکەین، پرۆژەکێ کو هێشتا لە پەرلەمانێ موناقەشە نەهاتیە کرن، یا نافیز نینە، ژی بەر هەندێ ژی پشتگیریا وان دکەم.

سەبارەت بە ماددەی سێی، ئەگەر دیماهی کەم ئەم سەح کەینێ بەحسێ هەندێ دکە، کە ئەگەر زێدەڕۆیی سەر رێژانە بینرا، ئەو فەرمانانەی دامەزراندن هەڵدەوەشێندرێتەوە، کە پێچەوانەی ئەوە، ئەز دێ پرسیارێك دکەم، تەعینات ئەمزانی دەستێ وەزارەت داراییدا، ئەو رێژێت کو ئەو دەست نیشانە، ئە ڤە نیشانە هەندێ ختوت قانون دە وەختێ ئیعتیراڤێ پێ دکەی، یەعنی پێش وەخت ئەم ئاماژە بدەینە هەندێك و هەندەك دامەزراندن هەبن سەر رێژا وێ دەچێتن، ئەڤە حەقێ موکتەسەبەی هاووڵاتیە، هاووڵاتی ناچێ بێتن باجا خەلەتیا وەزارەتەك بداتن، ژی بەر هەندێ ئەز نە دگەل هەندێمە کو ئەڤ پەرەگرافا من خانەی تێدا بێت و ژی بێتە دەرێ، وەزارەتا دارایی دزانیت، هەر وەزارەتەك ئەگەر دیڤ پلانا خو رێژێت کو بۆ دەست نیشان دکاتن و فری دکاتن بۆ وەزارەتێ گو ل وێ رێژێ دێتە دامەزراندن، یەعنی نابێتن هاووڵاتی باجی خەلەتی وەزارەتی دارایی بداتن، ئەنجومەنێ بداتن. سەرەڕایێ کو من باوەریەکا بە زێدە سیاسەتا حەکیمانە حکومەتا هەرێما کوردستانێ هەی سەبارەت پاراستنا مافێن ئایین و نەتەوەیێ دی تری کوردستانێ، لێ دیسا ژی جەختێ لسەر دکەم کو دامەزراندنێدا ماڤێ نەتەوەو ئاینا گور حەجمێ وان بێتە پاراستن. هەروەسا پشتیڤانیا بۆچوونا کاك عمر نورەدینی و کاك عومەر هەورامی دکەم، هەم سەبارەت ئەو خالە کو گرێیدای وەزارەتا پەروەردە ڤە، سەبارەت بە وەزارەتا دارایی ئەم حەس دکەین بۆمە دیار بکات وەزیرێ دارایی کو سەرجەم ئەڤ پێنج هەزار میلاکێ بۆ وەزارەتا دارایی دانێ وان پێ تی ڤیستیا چەند میلاکێ هەی دا ئەم بزانین وان برپارو تەوصیاتێت کو بێ پەرلەمانێ دادەنێتن دابەشی وەزارەتا بکەین، ئی ل گور پێ تی ڤیاتا وان، بۆچی ئەگەر ئەم سەح کەینێ پەرلەمانتارێ هەمی بەحسی هەندێت کەن کو ئی ل گور مەحافەزاتاو ئی ل گور داخوازیێت خشتە پێ تی ڤی هەر مەحافەزاتێ دامەزراندن بێتە کرن، گەل وەزارەتا بۆ هەندێکی بەر هەنوکە گەلەك ئەو دامەزراندنا هاتینە کرن بەشێوەیەکی دی داخوازییا مەحافەزاتێ و داخوازیا وەزارەتا نەبووینە گور ئیختصیصاتا نەبووینە، ئەگەر نموونەکی بینم بەس

پەروەردا دهوکێ سەرجەمێ 1460 تەعیناتا پتر ل 500 کەسا ئەمر خاص یێ تەعین بووی، وەختێ ئەمر خاص هەبن ئەڤ تو نەشێ گور پێ تی ڤیا وێ رێڤە بەریا نوێ ئەو داخوازیا وان پێشکەش کرن تەعینات هەبن، ژی بەر هەندێ ئەز داخواز دکەم کو ئەڤە بێتە بەرچاڤ وەرگرتن. پشتیڤانیە هەڤالێ خو دکەم کو ئەولەویەت بۆ دەرچووێ سالێ پێشوو بێتن، هەروەسا ئەوێت هەتانوکە بە عەقد گەل حکومەتێ ئەو ژیش ڤێ حقوقێ وان پاراستی بن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڕێزدار سالار محمود کەرەم بکە.

**بەڕێز سالار محمود مراد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەڕاستیدا ئەم ماددەیە جگە لەوەی کە وەکو بیرۆکە هەنگاوێکی گرنگە، کە پشت دەبەستێت بە پرۆژە یاسای ئەنجومەنی راژە، ئەمەش هەنگاوێکی ترە بۆ تێ پەڕاندنی پشت بەستن بە تەزکیەی حزبی و هەندێك ڕێو شوێنی تر، کە تیایدا نا عەدالەتی دێتە کایەوە، بەلام لێرەدا کە قسە لەسەر ژمارەی دانیشتوان و هەرسێ پارێزگاکەی هەرێمی کوردستان دەکرێت، من تەسەورم وایە دوو شوێن، یان دوو توێژیش دەکرێت ئاوڕییان لێ بدرێتەوە، یەکێك لەوانە ناوچەکانی کێشە لەسەرە، ئێمە لەبواری پرۆژە خزمەتگوزارییەکاندا ئیلزامەمان بۆیان هەبوو لە پرۆژە یاسای بودجەدا، دەبێت لە مەسەلەی میلاکاتیشدا ئاوەڕدانەوەمان بۆیان هەبێت و، بەنیسبەتێکی تایبەت جێ بکرێنەوە، وەکو بیرۆکەکەش دەرکەوت دەست پێشخەرییەکی ئیجابییە، کە دەست کراوە بە دابەش کردنی فۆرمەکان، چونکە ئەو ماوە کەمەی لەبەردەم سالی مالیەدا هەیە، تەسەورم وایە ئەگەر پەلەی تێدا نەکرێت ناتوانرێت هەر (25) هەزار میلاکەت تێپەڕێنرێت، بۆیە ئەم دابەش کردنی فۆرمە حەقیقەتێکی دەرخست، ئێستاکە خەلکی ناوچەکانی کێشە لەسەر، بەتایبەتی ئەوەی من ئاگادار بم لە دوزخورماتوو، لەخانەقین نارەزاییەکی زۆر پەیدا بووە، کە دێنە گەرمیان و ئیدارەی گەرمیان فۆرمی دابەش کردنی تەعیناتیان نادرێتێ لەو بارەوەی کە ئەوان لەناوچەکانی ترن، لە کاتێکدا ئێمە کۆلیژو پەیمانگامان هەیە سەر بە زانکۆیەکانی کوردستان لەوێ دەرچوو هەیە، بەتایبەتیش ئەگەر دامەزراندن هەبێت لە پارێزگای سەلاحەددین، لە پارێزگای دیالە بۆ خەلکی ئەو مەنتیقەیە، عەرەبەکان نوکتەیەکیان هەیە، دەڵێت ئەگەر بتەوێ هەر رۆڵەیەکی عەرەب دانەمەزرێ با لە قائیمەکەماندا دوو منداڵی کورد هەبێت، بۆ ئەوەی ئەو قائیمەیە جێ بەجێ نەبێت، بۆیە من تەسەورم وایە عەدالەت ئەوەیە ئێمە ئیلزامێکمان بەرامبەر ئەو مەنتیقەیە هەبێت بە رێژەیەکی جیاو تایبەت ئاوڕییان لێ بدرێتەوە. خالی دووەم/ کوردستانیانی دەرەوە، ئەوانەی پێیان دەگوترێت رەوەندی کوردی لە ئەوروپاو لە ئەمریکاو کەنداو شوێنەکانی تر، بەپێی ئیختیصاصاتیش بێت، بەشێك لەمانە کە سالانێکی زۆرە لەو ولاتانە دەژین، لە زانکۆیە گەورەکانی دنیاو لە ئیختیصاصاتی نادر خوێندنیان تەواو کردووە، ئێمە بۆ پێچەوانە کردنەوەی مەسەلەی کۆچ و بووژاندنەوەی ژێرخانی ئابووری و بواری سێکتەرە جیاجیاکانی ئەم هەرێمەی ئێمە، پێویستمان بەو ئیختیصاصاتانە هەیە، ئەگەر لەم بارەشدا، ئەگەر بەشێوەی خالێ نەکرێتە بریار لەچوارچێوەی پێشنیارو تەوصیاتەکاندا بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان، ئەم مەسەلەیە لەبەرچاو بگیرێت،

بەتايبەتی بەشێك لەو ڕەوەندانەی کە لە ساڵانی زوو لێرە ڕۆیشتوون، خۆیان دەرچووی زانکۆ و پەیمانگاکانی کوردستان بوون، ئێستا پێویستیان بە گەڕاندنەوەو دامەزراندن هەیە، سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڕێزدارحازم تحسین کەرەم بکە.

**بەڕێز حازم تحسین سعید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشەکی ئەز دەستخۆشی لە حکومەتا هەرێمێ دکەم بۆ تەحدید کرنا (25) هەزار دەرەجەی وەزیفی و تەوزیع کرنا وێ لسەر محافەزات و وەحداتی ئیداری لسەر نیسبەی عەدەدی سوکانی، ئەرێ ئەو تەوزیعە شمولی مەناتیقێ موتەنازیع دەکات، ئان نا؟

ئەگەر ناکات، زۆر غەدر لەوان دەکرێت، چونکە لە 90٪ ئێزیدیا هەموو مەناتیقێت موتەنازیعن، وەکو شێخان و شەنگاڵ و تلکێفێ، وەکی دی سیاسەتا حکومەت لە کوردستانێ هیچ فەرقێ لە بەینا قەومیات و ئەدیان ناکات، زۆر مەمنون.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڕێزدارحسن محمد کەرەم بکە.

**بەڕێز حسن محمد سورە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە ئەم ماددەیە قسە لە دوو شت دەکات، یەکێکیان/ قسە لەسەر ئەو ژمارەیە دەکات، کە ڕێگا دراوە بە بودجەی ئەمساڵ دابمەزرێت. باس لەوە دەکات کە چۆن ئەم خەڵکانە دابمەزرێن، بەنیسبەت ژمارەکان، هەروەکو ناسکە خان ئیشارەتی پێدا، پارساڵ تەجاوز کرا سەر ئەم یاسایە، بڕیار بوو (9) هەزار کەس تەعین بێت، زیاتر لەو ژمارەیە تەعین کرا، بۆیە بە ڕەئی من پێویستە فەقەرەیەك زیاد بکرێت، بەوەی کە (لایجوز تعیین موظفین الا علی فقرة (أ))، واتا ئەگەر فەقەرەی (أ) نەیگرێتەوە، تەجاوزێك لەسەر ئەمە نەکرێت. من لەگەڵ ئەوەم ئەگەر مەجال هەبێت لەو ژمارەیە زیاتر تەعین بکرێت، بەڵام لە حاڵەتی وادا، پێویستە حکومەت پرۆژە یاساییەکی مولحەق بنێرێت بۆ پەرلەمان، کە ژمارەکە بەو شێوەیە زۆر بوو، داوا لە پەرلەمان بکات کە ئەم فەقەرەیە تەعدیل بکرێت. بەنیسبەت ژمارەیەکی تر، کە لە وەزارەتی دارایی هاتووە (5300) کەس، لیژنەی دارایی پێشنیارییان کرد، کە ئەم ژمارەیە زۆرە، وەزیری دارایی بەڕێز گوتی من قەبولم نییە، ئەو ژمارە زۆرە لەسەر وەزارەتی دارایی بێت، موافەقەتی کرد (4000) کەس لەم ژمارەیە دابەزێت، ئەم ژمارەیە لە جەدوەلەکاندا هاتووە، جەدوەلەکانیش بەشێکن لە قانونەکە، بۆیە ئەگەر لێرە چاکی نەکەین، ئەوە قانونەکە وەکو خۆی دەڕوات، بە ڕەئی من ئەمەش فەقەرەیەك هەبێت، کە (4000) کەس بخرێتە سەر ئەم وەزارەتانەی کە هاوکارانم پێشنیاریان کرد، بەتایبەتی بەنیسبەتی صحەو تەربیە.

لەسەر چۆنیەتی دامەزراندن، قسە زۆر کرا، من تەئیدی هەموو ڕەئیەکان دەکەم، کە هەندێك جیاوازی و تەمییز لەو شتانەدا نەبێت، بەڵام دوو خاڵ هەیە، یەکێکیان/ مەسەلەی تەعین کردن بۆ ئەو پرۆژانەی کە

ئەمساڵ تەواو دەبن، پرۆژەی ئیستیسماری کە ئەمساڵ تەواو دەبێت، پێویستە لەم (25) هەزار کەسە حیسابی پڕ کردنەوەی ئەو پرۆژانە بکرێت، تەئیدی هاوکارانم دەکەم بەوەی کە ئەمساڵ، ئێستا (17) هەزار کەس هەیە بە عەقد دامەزراوە لە حکومەتی هەرێم، ئەم دامەزراندنە بەشێکیان میلاکاتی وەزارەتەکانن و دەرچووی ساڵانی پێشوون، بۆیە ئەولەویەت بدرێت بەوانەو، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، رێزدار جیهان اسماعیل کەرەم بکە.

**بەڕێز د.جیهان اسماعیل بنیامین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەم هەمی گەل وێ نوقتەینە، کە دامەزراندن پێ تڤیا حەسب کەفائات و ئیختیصاصات بێ، ژی بەری ئەو کو حەسب نیسبەی سوکان بێت، بەس هەر گەل رای هەمی هەڤالانم، ئەژی لەگەل وانم کو عەدالەت، پێ تڤی عەدالەت هەبیتن وەختێ دامەزراندن، چونکە هەرێما کوردستانێ ئەم دەزانین کە گەلەك نەتەوە تێدا هەینەو، گەلەك ئاینێ موختەلەف تێدا هەینە، ئەو تشتە ئەز دبینم کو لازمە بەرچاو بیتن وەختێ دامەزراندنێ، ئەز ڤێرێ د تەئکید دکەم سەر دەرەجەی وەزیفی کو هاتینە تەرخان کرن بۆ وەزارەتا ئەوقاف و کاروبارێ ئاینێ. دوو/ رێڤە بەری گشتی ئیت ڤێ وەزارەتێت هەین، کە رێڤە بەریا گشتی بۆ کاروبارێ مەسیحی و ئیدیش کو کاروبارێ ئێزیدی، پار سەر میلاکا وەزارەتا ئەوقاف و کاروبارێ ئاینێ سێ دەرەجە وەزیفیدا کاروبارێ مەسیحی، سێ بۆ کاروبارێ ئێزیدی، ژی مەجموع سەدو حەفتێ، ئەڤ هەردوو رێڤە بەریا بینن کو ئەوان مەغدورن، یەعنی وەختێ دامەزراندندا، چونکە بەو نیسبەیەی کە ئەو موحتاجن نادەنێ، ژی بەر هەندێ ئەز پێشنیار دەکەم کو ئەڤ ساڵە ڤان هەردوو رێڤە بەریا بە نەزەری ئیعتیبار وەربگرن، کو ئەو حصەتەو وان داخوازی کری لە خوتەدا بۆ وان بێتە تەرخان کرن، چونکە ئەو بخۆ راستی نە موحتاجی بەس کادیرەك سەر ڤان هەردوو رێڤە بەریا بن، بەلکی وەك هەر بەشکلێکی گشتی ئەگەر ئەم سەح کەینێ، کو ئەوان ژی مەسەلەن مە کەنیسەیەت هەین، مە مەعابدو وەزارەتێت هەین بەنیسبەت خوشك و برای ئێزیدی، ئەڤە محتاجی خادم مەسەلەن حەرەسە، حەدیقەچیە، یان چی بێت، رێڤە بەریا ئەو دێنە تەعین کرن. نوقتەکا دی سەر وەك ئەندامێکی لیژنا کاروبارێ تەندروستی و ژینگە، ئەژی تەئیدا ئەو پێشنیارە دکەم کو پێ تڤیا ئەو دەرەجە وەزیفی سەر وەزارەتا تەندروستی هاتینە تەرخان کرن بێنە زیاد کرن، چونکە فیعلەن ئەوان محتاجی کارمەندێ تەندروستی هەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، رێزدار بلال سلێمان کەرەم بکە.

**بەڕێز احمد سلیمان عبدالله(بلال):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

خۆشبەختانە ئەوەی کە من دەمویست بیلێم هەمووی گوترا، بەس پشتیوانی لە قسەی بەڕێزان دەکەم، جگە لەوە من تەنها پرسیارێکم هەیە لە جەنابی وەزیری دارایی و ئابووری، ئەویش ئەوەیە ئێمە لە ساڵی رابردوو لەپرۆژە یاسای بودجە لەساڵی رابردوو، دوای ئەوەی کە پەسندیش کرا، پێشتر بۆمان هاتبوو کە (616) هەزارو قصور پلەی وەزیفمان هەیە، نۆ هەزارو قصوریش لە پەرلەمان موافەقەی لەسەر کرا، دەبێتە (625,849) کەس، بەلأم دواتر جەنابی سەرۆکی حکومەت لەم پەرلەمانە، گوتی ئێمە (35) هەزار پلەی وەزیفیمان جێ بەجێ کردووە لە ساڵی 2010، کەواتە بەو حیسابە بێت (25) هەزار پلەی وەزیفی لەو بەینە ون بووە، کە پێشتر باسی نەکراوەو تەعین کراوە، ئێستا پلە وەزیفیەکان گەیشتۆتە (625,849)، کە دەبوایە ئێستا ئەم پلە وەزیفیە زیادی کرد بایە، بەلأم ئێستا گەیشتۆتە ئەوە، ئایا ئەو (25) هەزارە چی لێهات؟ ئێستا دوای ئەم (25) هەزارەش دەبێتە (650849). سەبارەت بە ئەم (25) هەزار پلەی وەزیفی، پێشنیاری بەندەش ئەوەیە، وەکو هاوکارانیشم زۆر باسیان کرد، کە ئەولەویەت بدرێت، یەکەم/ بە دەرچووانی ساڵانی پێشووتر، چونکە ئەوانە ساڵانێکە چاوەڕێی دامەزراندن دەکەن و ئەولەویەتیان پێ بدرێت. دووەم/ ئەوانەی کە گرێبەستیان هەیە پێشتر لەگەڵ حکومەت، هەیانە پێنج ساڵە، شەش ساڵە، چوار ساڵە، گرێبەستیان هەیە لەگەڵ حکومەتدا، حکومەت بە رەسمی داینەمەزراندوون، وەکو چەند بەڕێزێکیش پێشتر باسی کرد، خانمان و رەگەزی ئافرەتان، من پێم باشە بە حەقیقەت ئەوەش تەئید دەکەم، کە ئەگەر دوو کەس وەکو یەك بوون، پیاوێك و ئافرەتێك، دەرەجەکانیان وەکو یەك بوو ئەولەویەت بدرێت بە ئافرەتەکە، لەبەر ئەوەی رێژەی ئافرەتانمان زۆر کەمترە لە پیاوان لە پلە وەزیفیەکانی حکومی و، توێژەرانی کۆمەلأیەتی وەکو مامۆستا عومەرو چەند بەڕێزێکیش باسیان کرد، ئەوانیش بەڕاستی حەقە ئەولەویەتیان پێ بدرێت، لەبەر ئەوەی زەروورن، ئەم (4000) پلە وەزیفیەش، کەمن پێموایە (4000)ی دیکەش زیاتر بکرێت باشترە لەوەی کە لە وەزارەتی دارایی کەم بکرێتەوە، جەنابی وەزیری دارایی پێمان بڵێت دەقیق چەند کەسی پێویستە بۆ وەزارەتەکەی؟ هەموو ئەوانەی کە پێویست نین، لێرە وەکو برای بەڕێزم کاك دکتۆر حەسەن باسی کرد، لێرە بڕیار بدەین تەوزیع بکرێت، ئەگەر بەو شێوەیە بڕوات، ئەو کاتە ئێمە ناتوانین هیچ رەقابەیەکی بخەینە سەر، پێم باشە بدرێت بە ئەم سێ وەزارەتە تەربیەو صحەو شارەوانی، چونکە هەرسێکیان پێویست و زەرورن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، رێزدار بەفرین حسین کەرەم بکە.

**بەڕێز بەفرین حسین خەلیفە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە بوونی ئەو (25) هەزار پلەی وەزیفی یە کە لە بودجەی ساڵی 2011 دیاری کراوە، یەکێکە لە خاڵە گرنگ و جەوهەریەکانی بودجەی ئەمساڵ و مایەی خۆشحاڵی و گرنگیدانی گەنجان و لاوانی کوردستانە،

پێویستە ئەم ڕێژەیەی کەوا دیاری کراوە هەل و دەرفەتی یەکسانی نێوان ڕەگەزەکان ڕەچاو بکرێت بەشێوەیەکی دادپەروەرانە، چونکە بەپێی ئەو ڕێژانەی کەوا هەن ڕێژەی پیاوان لەدامودەزگاو دائیرەکانی حکومی (466070) کەسە، بەڵام بۆ ژنان (142932) کەسە، ئەگەر بە ڕێژەش بێت دەگاتە نزیکەی (77٪) بەرامبەر بە (23٪)، ئەگەر بەپێی ئەم ڕێژانە بێت، کەوا بێت بۆ دەرمانی برینیش بێت ژنانمان زۆر بەکەمی لەناو دامودەزگاو دائیرەکان دەست دەکەوێت. بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان. دەمەوێت هەر لێرەوە ئاماژە بە خاڵێکی تر بکەم، دیارە جیهانی ڕاگەیاندن بەشێکی گرنگی ژیانی مرۆڤایەتی پێك دەهێنێت و بە دەسەڵاتی چوارەمیش ناو دەبرێت، وا خەریکیشن وردە وردە شوێنەکەی، دەسەڵاتەکەی لەق دەکات، ئەمەش پێویستی بە کادیرانی ئیعلامی و پەروەردەیەکی ئیعلامی هەیە، بەتایبەتی لەنێو کۆمەڵگای ئێمەدا، خۆشبەختانە ئێمە لەنێو زانکۆو بەش و کۆلیژەکانی کوردستاندا بەشی ڕاگەیاندنمان هەیە، بەڵام هەرچەندە تا ئێستا وەکو پرۆگرامی خوێندن لەنێو قوتابخانەکاندا وجودی نییە، هەرچەند ئەمە پەیوەندی بە وەزارەتی پەروەردە هەیە، ئایا لە بەشی پلان و خوێندنی خۆیان ئەمە تا چەندێك لەنێو پرۆگرامی خۆیان دادەنێن؟ بەڵام ئێمە پێویستمان بەوە هەیە، ئەمە وەکو وانەیەك لەنێو قوتابخانەکان بخوێندرێت، لەبەر ئەوەی پێویستمان بە کادیرانی زۆر شارەزاو لێهاتوویی و دروست کردنی کۆمەڵگایەکی شارەزا هەیە لەبواری ڕاگەیاندندا، بۆیە من هەر لێرەوە پێشنیار دەکەم دەرچووانی ئەم بەشانە، کە دەرچووی بەشی ڕاگەیاندنمان ساڵانێك پێشووتر هەیەو داشنامەزرێنن لەنێو قوتابخانەکاندا، ئەوە بکرێت بە پرۆگرامی خوێندن، دەرچووانی ئەم بەشەش ڕەچاو بکرێت لەم ڕێژەیەی کەوا هەیە، هەروەکو گوتم لەوانەیە وانەکە نەبێت وەکو خوێندن، بەڵام وەکو شتێکی تەمهیدی دەکرێت ئەوانیش تەعین بکرێن.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان. خاڵێکی تر، وابزانم زۆر ئاماژەی پێ کرا دەرچووانی بەشی کۆمەڵناسی و علم نەفسە، ئێستا من وەکو قوتابخانەکان باسی ناکەم، چونکە زۆری لەسەر باس کرا، ئەوە پێداویستیەو هەموو قوتابخانەکان پێویستیان پێ هەیە، بەڵام ئێمە وەکو لیژنەی مافی مرۆڤ لە زۆربەی سەردانەکانمان بۆ بەڕێوەبەرایەتیەکانی چاکسازی لە هەرسێ پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان، دەبینین کە ژمارەیەکی زۆر کەم لەم دەرچووانە، یان بڵێین توێژەرانی کۆمەڵایەتی و دەروونی لەنێو ئەم چاکسازییانە بوونی هەبوو، لەهەمان کاتیشدا ئەمانە بەشێکن لە پرۆسەی چاکسازی، بەشێکن لە دووبارە بنیاتنانەوەی کەسایەتی سزا دراوە، بۆ ئەوەی جارێکی دیکە بتوانێت بێتەوە ناو کۆمەڵگا بە کەسایەتیەکی نوێوە، بۆیە من تکا دەکەم لەو ڕێژەیەی کە دادەنرێت، ڕێژەی کۆمەڵناسان و دەروونناسان لەم ڕێژەیە ڕەچاوی ئەوە بکرێت، کە ئێمە پێویستیەکی زۆرمان لەنێو گرتووخانەو بەڕێوەبەرایەتیەکانی چاکسازی دەبێت، هەروەکو بەڕێز وەزیری دارایش لە دانیشتنەکانی رابردوو ئاماژەی بەوە کرد، کەوا ئەو بەشە میلاکیە، یان ئەو پلە وەزیفیەی بۆ وەزارەتی ئەوان دانراوە، دیارە (5322) پلەیە، ئەوان ڕەزامەندییان پیشاندا، کە ئەو ڕێژەیە کەم بکرێتەوە بۆ نزیکەی (1000) کەس، ئەوەی کە دەمێنێتەوە، با ئەم ڕێژانەی کە من ئاماژەم پێ کرد، وەکو بەشی

راگەیانـدن و كۆمەڵناسـی و دەروونناسـی ئیسـتیفادەی لـێ بكرێـت بـۆ ئـەم پلەیـە، ئـەوانی تـریش هـەمووی دووبارەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڕێزدار عبدالله حاجی محمود كەرەم بكە.

**بەڕێز عبدالله حاجی محمود:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەبارەت بـە دامەزرانـدن، دیـارە هـەمووومان پشـتگیری لـە دامەزرانـدن دەكـەین و شـتێكی زۆر باشـە، بـەڵام پێویسته پلان هەبێت، چـونكە ڕێژەیـەكی زۆر فەرمانبـەر هەیـە، جـەنابی وەزیـریش لای روونـە، پێویسـتە ڕێژەی دانیشتوانی هەر پارێزگایەك لەبەرچاو بگیرێت، لایـەنی پەیوەندیـدار كـە وەزارەتەكانـە بـە تەنسـیق لەگەڵ پارێزگاكـان ئەمـە باشـە، بـەڵام بـۆ ئـەوەی سـوودیان لـێ وەربگیرێـت، وەزارەتـەكان وا باشـترە ئاگایـان لەدامەزراندن هەبێت، خەڵكانێكی تایبەتمەند بۆ وەزارەتەكان بنێردرێن، بـۆ ئـەوەی وەزارەتـەكان سـوودیان لێ وەربگیرێت، بەپێی ئیختیصاص، چونكە روونەو نموونەش هەیە لەسەر وەزارەتەكان لە ساڵانی رابـردوو، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڕێزدار عبدالقادر بازرگان كەرام بكە.

**بەڕێز عبدالقادر اكرام جمیل:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەبارەت بە دامەزراندنی (25) هـەزار پلـەی وەزیفـی، یـەعنی بەسـەر دامودەزگاكـانی هـەرێمی كوردسـتان، یەعنی هەرسێ شارەكەی هەرێمی كوردستان، بە سەراحەت سەرۆكی پەرلەمان، من پێشنیار دەكەم قەزیـەی دامەزرانــدن بــە تــەختیتێكی مەركــەزی بێــت، تەختیتــە مەركەزیەكــەش دەبێــت وەزارەتــی تــەختیت + ئەنجومەنی راژە، یـەعنی پێكـەوە بـن لـەم كـارەدا، ئـەوە یـەك. دووەمـیش/ دەبێـت هـەموو نوێنـەرەكان، لـە سەرۆكایەتی زانكۆیەكان و، لە سەرۆكایەتی پەیمانگاكان و، لە ئامادەییە پیشەییەكان، ئەوانە هەمووی فـەرز بكرێتەوە بۆ وەزارەتی تەختیت، ئەو كاتی ئەویش دابنیشێت لەگەڵ ئەنجومەنی راژەدا، بەگوێرەی پێویستی وەزارەتـەكان، بـەگوێرەی ئیختیصاصـات، بـەگوێرەی چـڕی دانیشـتوانی هەرسـێ شـارەكە، یـەعنی هـەروەكو ئێستاكە من ئاگـام لێیـە لەشـاری سلێمانی، یـەعنی دەسـت كـراوە بـە تـەوزیع كردنـی فـۆرم، لەوانەیـە ئـەوە شتێكی چاك بێت، یەعنی وابزانم تەختیتێكی مەركەزی نییە، لەوانەیـە ببێتـە فەوزایـەك بـۆ دامەزرانـدن، یەعنی ئەوەی رەئی من وایە بە تەختیتێكی مەركەزی بێت، بەبێ ئەوەی ببێتـە فـەوزا، دوایـی لـە قەزیـەی دامەزراندندا مەحسوبیەت و حزبیـەت و ئـافرەت و ژن و پیـاو هـیچ فـەرقیان نییـە، چـونكە ئـەوە حقـوقی خەڵكە، چونكە شەخصێك كە هەژدە ساڵ دەخوێنێت لەدوایی تەخەروج دەكات لە زانكۆ بە هیچ شـێوەیەك

و هيچ كەسێك حەقی نييە، مەسەلەن حزبيەت و يان ئەمە ژنە، يان ئەمە پياوە، يان ئەمەيە، هيچ شتێك شموليان ناكات، ئيلا پێويستی حكومەت و بەگوێرەی چڕی دانيشتوان دەبێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڕێزدار ئارام قادر كەرەم بكە.

**بەڕێز ايوب نعمت قادر(ئارام):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەرەتا چەند پرسيارێكم هەيە بۆ بەڕێز وەزيری دارايی، هيوادارم وەڵامەكانم دەست بكەوێت، يەكێك لەوانە كۆمەڵێك ميلاكاتی زۆر هەيە، كە مووچە خۆرن بەناوی كاديری حزبيەوە، كە ئەمەش لەگەڵ ياسادا يەك ناگرێتەوە، لەكاتێكدا كە مووچە خۆر بێت، بەڵام كاديری حزبی بێت، هەروەها جۆرێك لە نادادگەری دروست دەكات لەناو هاووڵاتيانی كوردستاندا، ئايا چ چارەسەرێكی بۆ ئەمە داناوە؟ هيوادارم وەڵامێك وەربگرم. پرسياری دووەم/ ئەوەيە كە لە كابينەی شەشەم كۆمەڵێك وەزارەت يەكخران، كۆمەڵێك وەزارەتيش بوو بە دەستە، زۆرێك لە موستەشارو موديری عام و هەروەها فەرمانبەری خوارەوەش تا ئێستا ئەو ميلاكاتانە لە مانگی يەك ڕۆژ، دوو ڕۆژ دەوام دەكەن، بەڵام مووچە خۆريشن، ئايا بۆ تا ئێستا چارەسەر نەكراوە؟ لە كاتێكدا ئەو وەزارەتانە يەكخرا، يەكێك لە بڕگەكان ئەوە بوو، كە پێويستە چارەسەری.................

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك ئارام باسی ميلاك دەكەين، چاوەكەم، باشە، فەرموو.

**بەڕێز ايوب نعمت قادر(ئارام):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ميلاكە، ئايا ئەو فەرمانبەرانە چارەنووسيان چيە؟ تەقاعود دەكرێن، ياخود نەقل دەكرێن بۆ شوێنێكی تر؟، وەزارەتەكان، دەستەی ژينگە، دەستەی مافی مرۆڤ، هەروەها وەزارەتی وەرزش و لاوان.

پرسيارێكی تريشم ئەوەيە، ئەو فۆرمەی هەندێك لە پەرلەمانتاران باسيان كرد، كە ئێستا لە سلێمانی دابەش كراوە، بەڵام خەڵكی هەولێر داوای كردووە، ئەوانيش فۆرم وەربگرن، بەڵام پارێزگای سلێمانی داوای كردووە تا بودجە پەسند نەكرێت، ئێمە ئەو فۆرمە تەوزيع ناكەين................

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

پارێزگای سلێمانی؟ فەرموو.

**بەڕێز ايوب نعمت قادر(ئارام):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ببوورە، هەولێر، ياساييە، ئەمەی كە فۆرمەكە تەوزيع كراوە، يان ئەوەی بەڕێز پارێزگاری هەولێر، يەعنی بۆچی لەوێ تەوزيع دەكرێت؟ بۆچی لێرە تەوزيع ناكرێت؟ پرسياری چوارەمم/ ئايا مەسيری ئەوانەی كە

بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی تەعینەکەیان دراوە لە رووی یاساییەوە، هەروەها لە رووی ئیدارییەوە چییە؟ چەند پێشنیارێکیشم هەیە، یەکێك لەوانەی مەسەلەی ئەولەویەتدان بەوانەی کە بە عقود دامەزراون، داواکارم لەلیژنەی یاسایی، کە لە ماددەی (5/19) لە قانونی موازەنەی عێراقی هەمان شت هاتووە، یەعنی ئەو فەقەرەیە تەسبیت بکرێت لە یاسای ئێمەدا، کە ئەویش دەڵێت ئەولەویەت بۆ ئەوانە بێت کە بە عەقود دامەزراون، حیساب کردنی ئەو ساڵانەش کە بە خدمە، ئەو ساڵانەی کە دەوامیان کردووە بکرێت بە خدمە بۆیان. هەروەها بە هەمان شێوە لە قانونی موازەنەی عێراقیشدا هاتووە، ئەو زەوابت و شروتانەی کە میلاکاتی بەسەردا تەعین دەکرێت، ئیعلان بکرێت لە دەزگاکانی راگەیاندندا، بۆ ئەوەی هاووڵاتیان بزانن لەسەر چ ئەساسێك تەعین دەکرێن؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، رێزدار هاژە سلیمان کەرەم بکە.

**بەڕێز هاژە سلیمان مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دەربارەی راگەیاندنی حکومەت بۆ ئەو (25) هەزار پلە وەزیفیە، هەرچەندە من پێموا نییە کێشەی بێ کاری بەو شێوەیە چارەسەر بکرێت، ئەگەر ئێمە بمانەوێت بە ریشەیی چارەسەری بکەین، بەو شێوەیە چارەسەر ناکرێت، بەڵام دەکرێت ئێمە چەند کەلێنێك بەوە پڕ بکەینەوەو بەشێوەیەك ئەگەر هاتو ئەم خاڵانەی خوارەوەمان رەچاو کرد: یەکەم/ دەربارەی چۆنیەتی دابەش کردنی پلە وەزیفیەکان، بەڕاستی دەبێت لەنێوان وەزارەتەکان، یەعنی ئەو وەزارەتەی زیاتر پێویستی بە پلەی وەزیفی هەیە بۆی دابمەزرێت، بەتایبەتیش ئەو فەرمانگانەی لەناو وەزارەتەکان کە پێویستیان پێی هەیە بۆی دابمەزرێت. دەربارەی ئەوەی رەچاو کردنی یەکسانی جەندەری، زۆربەی هاوکارانم باسیان لێوە کرد، منیش داوا دەکەم رەچاوی یەکسانی جەندەری بکرێت، چونکە بەڕاستی بەپێی ئەو جەدوەلەی هاتووە، جەدوەلی ئیجمالی (بعدم القوة العاملة) لە رێژەی پیاوان (ذکور 466,70) یە، (اناث 142,1932)، واتا جیاوازییەکەی (323,198)، بۆیە بۆ ئەوەی ئێمە بتوانین کە زیاتر ئافرەتان رێگایان پێ بدەین دابمەزرێن، چونکە ناتوانن لە مەجالی تر کار بکەن و، زیاتر بۆ ئەوەی مافەکانیان پارێزراو بێت، زیاتر خزمەت بە کۆمەڵگا بکات. هەروەها پێشنیار دەکەم وەکو ئەوەی زۆربەی هاوکارانیشم تەئکیدیان لێ کردەوە، کە ئەو فەرمانبەرانەی بە عەقد دامەزراون ئێستا بکرێن بە رەسمی، بەتایبەتی ئەوانەی کە خاوەن بڕوانامەن و خیبرەیان لە ئیشەکە پەیدا کردووە. هەروەها ئەولەویەت بدرێت، بەڕاستی ئەوەش خاڵێکی گرنگە، بۆ نموونە، دەبینین لەنێو هەندێك خێزاندا چوار کەسی تەخەروج کردووە، بەڵام کەسی دانەمەزراوە، بەڵام لە خێزانێکی تر چوار کەسی تەخەروجی کردووە سێی دامەزراوە، بۆیە دەبێت رەچاوی ئەوە بکەین، چونکە ئەگەر ئێمە یەك، دوو کەس لەو خێزانەی کە کەسیان دانەمەزراوە دایانمەزرێنین، کاریگەری هەیە لەسەر بژێوی ژیانی ئەو خێزانە.هەروەها پشتگیری لە رەئی هاوکارم کاك سالار دەکەم بە دامەزراندنی ئەو کەسانەی کە چەند ساڵە

لە دەرەوەی وڵات بوون و ئێستا گەڕاونەتەوە کوردستان، بەتایبەتی ئەوانەی کە ئیختیصاصی نادریان هەیە، کوردستان پێویستی بە دامەزراندنیان هەیە. دەربارەی دامەزراندن، بەڕاستی هەندێك مەجال هەیە، بەتایبەتی مەجالی ژینگە زۆر پێویستی بەوە هەیە، بەتایبەتی ئەو کەسانەی کە ئیختیصاصیان لەو مەجالەدا هەیە، ئەگەر لە میلاکاتی وەزارەتەکانی تر، بۆ نموونە زۆر لە هاوکارانم ئیشارەتیان پێدا، ئەوەی کە لە میلاکی وەزارەتی مالیە زۆرە، ئەگەر بتوانرێت لەو مەجالە دابمەزرێن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، رێزدار ئەڤین عمر کەرەم بکە.

**بەڕێز ئەڤین عمر احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەرەتا من پشتگیری لە رەئی لیژنەی یاسایی و لیژنەی دارایی دەکەم، سەبارەت بە خاڵی دووەم، کە دەڵێت دەبێت تەعینات لەسەر زەوابت و تەعلیماتی کارپێکراوی ئێستای ئەنجومەنی وەزیران بێت، نەك لەسەر ئەساسی ئەو پرۆژە یاسایەی کە جارێ تا ئێستا لە پەرلەمانی کوردستاندا دەنگدانی بۆ نەکراوەو نەکەوتۆتە بواری جێ بەجێ کردنەوە. پاشان من لێرەدا پرسیارێکم هەیە تەوجیهی بەڕێز وەزیری دارایی دەکەم، ئایا ئەم رێژەی ئێمەی ئێستا بۆمان هاتووە، بەو قائیمانەی کە هەر وەزارەتێك و ژمارەیەك فەرمانبەری بۆ دیاری کراوە، بۆ ئەوەی بۆ ساڵی 2011 دابمەزرێت، ئەگەر ئێمە هاتو ئەو پرۆژەیەمان لێرە تەسدیق کرد، بزەبت ئەو ژمارەیە کە ئێستا لە پرۆژەکەدا بۆمان هاتووەو دیاری کرا، ئەو رێژەیە بزەبت تەسبیت دەکرێت، چونکە وەکو ئێمە بۆمان دەرکەوتووە چەند رۆژێکە گفتوگۆ دەکرێت و لە لیژنەکاندا پێشنیار کراوە، کە دەبینین وەزارەت هەیە پێویستی بە زیاتر هەیە، پێویستی بە خەڵکێکی زیاتر هەیە دابمەزرێت لەسەر میلاکی، چونکە فیعلەن پێویستی بە خەڵکێکی زیاتر هەیە لەو رێژەیە، لە بودجەی ساڵی 2011 بۆی دیاری کراوە، بەڵام وەزارەت هەیە پێویستی بەو رێژەیە نییە، کە بۆی دیاری کراوە، بۆ نموونە، من وەزارەتی پیشەسازی و بازرگانی باس دەکەم، کە رێژەی (320) کەسیان بۆ میلاکی ساڵی 2011 دیاری کراوە، بەڵام فیعلیەن خۆیان پێویستیان بەو رێژەیە نییە، کە خۆیان فیعلی ئێستا (6325) فەرمانبەریان هەیە، بەڵام ئەو رێژەی کە بۆیان دیاری کراوە، ئەوان کە قسەمان لەگەڵ کردووە، دەڵێت ئێمە پێویستیمان بەم ژمارەیە نییە، کە بۆمان دیاری کراوە، بەڵام وەزارەتی تر هەیە پێویستی پێ هەیە، ئینجا ئەگەر بکرێت گۆڕانکاری بکرێت لە ژمارەکاندا، وابزانم کارێکی باش دەبێت.سەبارەت بە گەرمیان، من پشتگیری لە رەئیەکەی کاك شێرزاد حافز و عەزیمە خان دەکەم، تەعامول کردن لەگەڵ ئیدارەی گەرمیان، بەڕاستی دەبێت تەعامولێکی تایبەتی بێت، چونکە دانیشتوانی فیعلی ئەو ناوچەیە (450) هەزار کەسە، بەڵام (90 تا 100) هەزار کەس، یان زیاتر فۆرمی خۆراکیان لە دەرەوەی ناوچەی گەرمیانە، بۆیە ئەگەر بێتو تەعامول کردن لەگەڵ ناوچەی گەرمیان بەپێی دانیشتوان بێت، نەك بەپێی فۆرمی خۆراك بێت، چونکە وەکو گوتمان دانیشتوان زیاترە لەوەی کەوا بەپێی فۆرمی خۆراك بۆیان دیاری کراوە.هەروەها پشتگیری لەو

ڕەئیە دەکەم، کەوا ناوچە دابڕاوەکان هەرچەندە تەعامولیان لەگەڵ کراوە وەکو ئەوەی بۆ تەعینات، ئەگەر بێتو لەبەرچاو بگیرێت و لە میلاکاتی ئەمساڵیشدا ڕێژەیەك بۆ ناوچە دابڕاوەکان دیاری بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، دوو بەڕێز کە درەنگ هاتنە ژوورەوە، یەکیان/ کاك عبدالرحمن حسین، ئەویتریان سۆزان خان، کە وەختی ناونووسین لێرە نەبوون، مەجالیان پێ دەدەین، کاك عبدالرحمن فەرموو، پاشان سۆزان خان.

**بەڕێز عبدالرحمن حسین ابابکر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

زۆر سوپاس، ئەوە باسی میلاك دەکرێت، بەلای منەوە میلاکات زۆر هەڵەی تیایە، دەمانەوێت ڕێك بخرێت، یەعنی زیاتر ڕێکخستنی پێویستە، لەوانەیە مەسەلەن دەتوانین بڵێین ئەم میلاکاتانەی کە ئێستا هەنە، دەتوانین بڵێین لەلای میلاکاتەوە خۆیان ئیشکالیان هەیە، یان لە دەسەڵات، یان بە وەزیر بڵێین دەسەڵاتی ئەم میلاکە ڕێك بخەین و تەنزیم بکرێت و دەسەڵاتی بۆ ناچێت، من نموونە دەهێنم وەزارەتی ئەوقاف (1750) مزگەوتمان هەیە لە هەرێمی کوردستان، ئەم (1750)یە (750) مزگەوت، کارمەندو ئیمام و خەتیبی تیایە، (1000)یش بێ ئیمام و بێ خەتیبە، هیچ کەسێکی تیا نییە، هەروا دەرگای گرتیەو هەزار مزگەوتمان هەیە کەسێکی تیا نییە، من پرسیم لە وەزیرێك، گوتم بۆ خەڵك لەوێ نەقل ناکەی بچنە ئەوێ، ئەم هەموو تەزەخومەی لەو مزگەوتە هەیە، گوتی من دەسەڵاتم نییە، من ناتوانم نەقلیان بکەم، ڕێگە بەمن نادەن نەقلیان بکەم، کەواتە لێرە میلاك ئیشکالی هەیە، ئەمە بۆ دەسەڵاتی وەزیر ئەم میلاکە ڕێك بخات، ئەم مزگەوتە تا مزگەوتی تر، تا ڕێکی بخات و ڕێك بخرێت، من پێموایە ئەمە زۆر ئیشکالی هەیەو دەبوایە ئەمە چاوخشانێکی لێ بکات وەزیری بەڕێز. بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.دوای ئەوەی من دەمەوێت ئەولەویەت بە دامەزراندن ئەولەویەتەکە بۆ ئەو کەسانە بێت، کە لە دامودەزگای حکومەت و لە وەزارەتەکان و لە یەکەی کارگێڕییەکان گرێبەست هەنە، لەوانەیە چوار ساڵە، پێنج ساڵ هەیە گرێبەستیان لەگەڵ دائیرەیەك هەیە، عومری گەورە بووە، ئەگەر ئەوە پێویستە بچین کەسێکی تر بێنین، ئەوە لەکوێ تەعین دەبێت؟ ئەوە گوناحێکی گەورە بەسەری ئەوە دەبێت و چ گوناحێکی نییەو خزمەتی کردووە بۆ ئەو دائیرەیە بە (250) هەزار دینار، یان بە (300) هەزار دینار، هیچ زیاتری پێ نەدراوە، بەڵام فەراغێکی هەبووە، ئەو کاتە کەس نەبوو تەعین ببێت بەو پارە خۆی هات چووە ئەوێ و وەکو خزمەتی کردووە بۆ ئەو دائیرەیە، ئیستیفادەی لێ کردووە، یەعنی دەمەوێت پێشنیارەکەم بەرچاو وەربگیرێت، کە ئەولەویەت بۆ ئەو کەسانە بێت کە لەوێ گرێبەست بوونە. مەسەلەن ئەو مەنتیقەی دابڕاوەکانیش بەرچاو بگرن، ئەوەش شتێکی زۆر باشە، ئیدارەی گەرمیانیش ئەوە حیسابێکی تایبەت بکەن، خوشکێك لێرە باسی وەزارەتی صناعەی کرد، گوتی ئەوە (350)، (400) هەزاری بۆ داناوە، (450) هەزاری داناوە بۆ دامەزراندن، کە ئەوان خۆیان پێویستیان پێ نییە، ئەمە چ تەختیتێکە؟ چ بیر کردنەوەیەکە؟ چۆن دامەزراوە؟ بۆ وا دابنێن هەر لە خۆیانەوە، کە پێویستیان پێ نەبێت، کەچی لە مەجالێکی تر بە هەزارەها کەسی پێویستە، بۆ لەوێ

هەرێمی کوردستان - عێراق
پەرلەمانی
کوردستان - عێراق

# پرۆتۆکۆلەکان

# 69

سالّی/ 2011 – بەرگی شەست و نۆ

---

چاپی یەکەم/ سالّی 2011

# پێرِست

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (22) خولی سێیەمی هەڵبژاردن – یەك شەممە 2011/5/29 ل 5

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (23) خولی سێیەمی هەڵبژاردن – دوو شەممە 2011/5/23 ل 109

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (24) خولی سێیەمی هەڵبژاردن – سێ شەممە 2011/5/31 ل 257

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (25) خولی سێیەمی هەڵبژاردن – سێ شەممە 2011/6/14 ل 291

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (26) خولی سێیەمی هەڵبژاردن – چوار شەممە 2011/6/15 ل 325

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (22)

## یەك شەممە رێکەوتی 2011/5/29

کاتژمێر (10،30)ی پێش نیوەڕۆی رۆژی یەك شەممە رێکەوتی 2011/5/29 پەرلەمانی کوردستان - عێراق بە سەرۆکایەتی بەڕێز محمد قادر عبداللە(د.کمال کەرکووکی) سەرۆکی پەرلەمان و, بە ئامادەبوونی بەڕێز فرست أحمد عبداللە سکرتێری پەرلەمان, دانیشتنی ژمارە (22)ی خولی سێیەم, ساڵی (2011) ی خۆی بەست.

**بەرنامەی کار:**

**بەپێی حوکمەکانی بڕگە (1)ی مادده (20) لە پەیڕەوی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەموارکراوی ساڵی 1992ی پەرلەمانی کوردستان - عێراق, دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بڕیاری درا دانیشتنی ژمارەی (22)ی خولی سێیەمی هەڵبژاردن لە کات (10،30)ی پێش نیوەڕۆی رۆژی یەك شەممە رێکەوتی 2011/5/29 دا بەم شێوەیە بێت:**

1- بەردەوام بوون لەسەر گفتوگۆکردن و بڕیاردان لەسەر پرۆژە بودجەی هەرێمی کوردستان بۆ ساڵی 2011و یاساکەی.

2- وتاری رێزدار سێرجۆن مێجەر سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی بەریتانی پێشترو دۆستی دێرینی گەلی کوردستان.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

بەناوی گەلی کوردستان، دانیشتنەکەمان دەکەینەوە، بەرنامەی کار، خولی سێیەمی هەڵبژاردن، ساڵی دووەم، خولی گرێدانی دووەم، ژمارەی دانیشتن (22)، رۆژی دانیشتن 2011/5/29، بەرنامەی کار:

بەپێی حوکمەکانی بڕگەی (1)ی مادده بیست لە پەیڕەوی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەموار کراوی ساڵی 1992ی پەرلەمانی کوردستان - عێراق، دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بڕیاریدا کە بەرنامەی کاری دانیشتنی ژمارە (22)ی ئاسایی خولی سێیەمی هەڵبژاردن لە کاتژمێر (10,30)ی پێش نیوەرۆی رۆژی یەك شەممە رێکەوتی 2011/5/29 دا بەم شێوەیە بێت:

1- بەردەوام بوون لەسەر گفتوگۆکردن و بڕیاردان لەسەر پرۆژە بودجەی هەرێمی کوردستان بۆ ساڵی 2011و یاساکەی.

2- وتاری رێزدار سێرجۆن مێجەر سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی بەریتانی پێشترو دۆستی دێرینی گەلی کوردستان.

بەڕێزان، ئێستا لەبەر ئەوەی بەڕێزیان ماوەکەیان مەحدودەو، ئێمە پێشتر بەرنامەی بودجەمان هەبوو، بۆیە ئێستا بەڕێزیان دەخەینە پێشەوەو، ئەوەش پێویستی بە دەنگدانی ئێوەی بەڕێز هەیە، کە فەقەرەی دوو دەهێنینە یەك، کە کارەکانی بە خۆشی تەواو بوو، پاشان ئێمە لەسەر کارەکانمان بەردەوام دەبین.

بەڕێزان، ئێستا کێ لەگەڵ ئەوەیە وتاری ڕێزدار سێرجۆن مێجەر سەرۆکی ئەنجومەنی بەریتانیای پێشوو بێتە خاڵی یەکەم، دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەکۆی دەنگ پەسند کرا، ئێستا دەچینە سەر بڕگەی یەکەم وتاری ڕێزدار سێرجۆن مێجەر سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی بەریتانی پێشتر دۆستی دێرینی گەلە کەمان، کە لە ڕۆژانی تەنگ و دژواردا ئەم بەڕێزە لە گەڵمان بووە، بۆیە بەخێرهاتنێکی گەرمی دەکەین، ئەمڕۆ لە ماڵی گەلی کوردستان، لە پەرلەمانی کوردستان.

ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمانی کوردستان، ئەمڕۆ لە پەرلەمانی کوردستاندا میوانێکی ڕێزدارمان هەیە، میوانێکی مرۆڤ دۆست و دیموکراتخواز، دۆستی پڕ شانازی گەلی کوردستانە، ڕێزدار جۆن مێجەر سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی پێشتری بەریتانیا.

ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان، ئەم بەڕێزە لە ژیانی ئاسایی و سیاسی خۆیدا زۆر کاری گرنگی کردووە، کاری گرنگ و بەرزو پیرۆزی ئەنجامداوە، بۆیە زۆر ئازیزو خۆشەویستە لە دڵمان، بەڕێزەوە سەیری دەکەین، خەڵکی گشت کوردستان وەفاو دڵسۆزی و هەوڵدانی ئەم بەڕێزەی لە بیر ناچێت، لە ژیانی کەسایەتی خۆیدا کارێك لە کارە گرنگەکانی یاسای میساقی نیشتمانی بەریتانی بوو، (سزجن چارتەر) کە هەوڵیدا بۆ ئەوەی نەزاهە لە کاروباری حکومەتی بەریتانیا بەردەوام بێت و موحافەزە بکرێت و کارەکان بە ڕێك و پێکی بەڕێوە بچێت، کە ئەمە یەکێکە لە شاکارەکانی ئەم بەڕێزەو لە وەختی خۆی ئەنجامی داوە، هەر ئەم بەڕێزە بوو بەردی بناغەی پرۆسەی ئاشتی دانا لەگەڵ باکووری ئیرلەندا کە تێیدا گەیشتنە ڕێککەوتنی (داونینگ دیکلارەیشن)و پاشان گەیشتنە ڕێککەوتنی (گود فرایدەی)، کە ئەمە لە ساڵی 1998 بوو، بەڵام بەردی بناغە لەلایەن ئەم بەڕێزە دانرا بوو، کە لەسەری ڕۆیشتن و گەیشتنە ئەو ئاشتییە.

بەڕێز سێرجۆن مێجەر ناسراوە بەکەسێکی دۆست و پاڵپشتی گەورەی نەتەوەی کورد، بەتایبەتی لە دوای جەنگی کەنداوی یەکەم، ئەویش بەکارە بێ وچانەکان و هەوڵدانی بۆ رازی کردنی نەتەوە یەکگرتووەکان، کە ناوچەیەکی ئامین بۆ گەلی کوردستان دابمەزرێت، کە بەو کارە رژێمە دکتاتۆرەکان نەتوانن بە فڕۆکەکانیان هێرش بێننە سەر گەلی کوردستان، هەر ئەو سەبەبە بوو ناوچەیەکی ئامن بۆ کوردستان دانرا، مەترسی تراژیدیایەك و مەئاساتی تروجینۆساید دژ بە گەلەکەمان راوەستا، بۆیە زۆر گرنگە، زۆر پێویستە هەموو وەختێك بەخۆشی یادی بکەینەوە، هەموو دەزانن کە پێشتر هەر ئەو رژێمە بوو (4500) گوندی کوردستانی لەگەڵ خاك یەکسان کرد، هەر ئەو رژێمە دکتاتۆرە بوو (182) هەزار ئینسانی نێرو مێ و پیرو گەنجی زیندە بەچاڵ کرد، شوێنەکانی زۆربەی هەرە زۆریشیان تا ئێستا لە بیابانەکانی باشوورو

شوێنەكانی تری عێراق شاردراوەتەوەو ون بوون، هەر ئەو ڕژێمە بوو چەكی كیمیایی لە كوردستانی عێراق بەكار هێنا لە هەڵەبجەو گشت شوێنەكانی تری كوردستان، كە هەموو ئاگادارن و لەبیرمانە.

بۆیە بەڕێزان، ئێمە سوپاسی ئەم میوانە قەدر گرانە دەكەین، كە ئەمڕۆ لێرە لەلامانە، بەڕێز جۆن مێجەر زۆر بەسەربەرزانەوە، بە جەدارەتەوە، زۆر بە شەجاعەتەوە جێگای خۆی لە مێژووی نەتەوەیی كوردو كورستاندا كردەوە، ئەوەش شایانی تەقدیرو ڕێزلێنانی بێ پایانی نەتەوەی ئێمەیە، ئەمەش وای كرد كە میللەتی كورد جارێكی تر بڵێت نەك تەنها چیاكان دۆستی ئێمەن، بەڵكو كەسانی دیموكراتی خوازو مرۆڤ دۆست و دڵسۆزی وەكو ڕێزدار جۆن مێجەریش، دۆستمان هەیە لە هەموو شوێنەكانی تری دنیا، لەگەڵ ئەوەی ئێستا گەلەكەمان بە ئازادی لە كەش و هەوایەكی دیموكراسی دەژێیت و دەوری هەیە لەبەرەو پێش بردنی پرۆسەی دیموكراتی، بەلاّم هێشتا پێویستی زۆرمان هەیە بە هەوڵی دۆستان، بەتایبەت ڕێزدار سێرجۆن مێجەرو دۆستەكانی و خەڵكی وڵاتەكەی و وڵاتانی دیموكراتخواز، بۆ بەهێز كردنی پرۆسەی دیموكراسی لە هەرێمی كوردستان و بە جینۆساید ناساندنی تاوانەكانی دژ بە نەتەوەكەمان، كە لە دادگای عێراق، لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق و لە پەرلەمانی كوردستان بە جینۆساید ناسێندرا، بەلاّم پێویستمانە لە كۆڕی نێودەوڵەتی بە ڕەسمی بناسرێت، بۆیە پێویستمان بە هەوڵی ئەو دۆستە بەڕێزو بەرزانەشە، كە بەردەوام بن لە پاڵپشتی میللەتەكەمان بۆ ئەو كارە پیرۆزانە، ئەم بەڕێزە وەكو لە پێشەوە ئاماژەمان پێ كرد لە وڵاتەكەی خۆشی جێگەی پەنجەكانی دیارە، لەبەرەو پێش بردنی ئابووری بەریتانیا، كاتێك كە بووە سەرۆكی ئەنجومەنی وەزیران ئابوورییەكی ناخۆشیان هەبوو، بەلاّم بەڕێزیان ئابوورییەكی تەندروستی تەسلیمی گەلی بەریتانیا كرد، بە هەوڵ و بەردەوامی لەسەر كارەكانی، ئەم بەڕێزە زۆر بە چاكی ناسراوە دەستی بە پرۆسەی چاكساری لە وڵاتەكەی خۆی كرد، بەتایبەتی لە بواری پەروەردەو لە زەمانی ئیجتیماعی، كە ئەو كاتە وەكو بەڕێزیان، وەكو زۆر لە نووسینەكانی ئیشارەتی پێ دەكات، لەبەر كەمی دارایی نەیتوانی هەمووی تەواو بكات، بەلاّم دەستی پێ كرد ئەوانەی دوای بەڕێزیشیان بەردەوامن لەسەری، ئەم بەڕێزە دۆستی وەرزش كارانە، زۆر كەیفی بە فوتبۆڵ دێت، گوێ لە مۆسیقا دەگرێت، خوێندنەوەی زۆر دەكات، موتاڵەعاتی خۆی هەیە، حەز لە ئۆپێرا دەكات و دۆستی ئینسانە، دژی توندوتیژیە، بۆیە پێویستمان بە ئینسانی وەكو بەڕێزیان و ئەمسالی هەیە، كە پرۆسەی دیموكراسی لە كوردستان دەستی پێ كردووەو باش جێگەی خۆی بگرێت و پەرە بسەنێت و هەڵەكانی لێ لابچێت و ئەو تەجروبە پڕ لە قیمەتەی كە لە وڵاتێكی وەكو ئەمڕۆی بەریتانیا هەیە ئیستیفادەی لێ بكەین، وەكو بەڕێزیان دەڵێت (700)ساڵ تەجروبەی دیموكراتی ئێمە، ئینجا وای لێهاتووە، بەلاّم پێویستە ئێمە سوود لە تاقیكردنەوەكانیان لە بەرهەمەكەی وەربگرین و سەبرمان هەبێت، ئەم بەڕێزە یەكێك لە كارەكانی كە پێی سەركەوتووە سەبرە، خۆی دەڵێت سەبرو، هەوڵدان و، تەسلیم نەبوون بە شكست، جارێك شكستت هێنا،جارێكی تر سەر دەكەویت، دوو جار شكستت هێنا، جارێكی تر سەر دەكەویت، تەسلیم نەبوون بە شكست سەركەوتنی لەپێشە، من زۆر زۆر خۆشحاڵم ئەمڕۆ ئەم میوانە قەدر گرانە لێرە دەبینم، هەروەها

پڕ بەدڵ بەخێرهاتنی جەنابی سەفیری بەریتانیاو کونسوڵ و بەرپرسی عەسکەری و خانمی بەڕێز بەیان خانیش دەکەین، کە هاوڕێیانە، هەموو بەخێر هاتن بۆ پەرلەمانی کوردستان.

ئێستا داوا لە بەڕێزیان دەکەین کەرەم بکات بۆ پێشکەش کردنی وتارێکی بەنرخ لە پێش پەرلەمانی کوردستان، بۆ خەڵکی کوردستان، فەرموو.

**بەڕێز سێرجۆن مێجەر/ سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی بەریتانیای پێشتر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو پەڕی سوپاسگوزاری خۆم ئاراستەی جەنابی سەرۆك بارزانی دەکەم بۆ داوەتکردنی مـن تاکو سەردانی کوردستان بکەم، دەمێکە داوەتنامەی بەڕێزیانم پێگەیشتووە، بەڵام بەداخەوە لەبەر چەند هۆکارێکی جیا نەمتوانی وەڵامی ئەو داوەتنامەیە بدەمەوە تا ئەمڕۆ.

جەنابی سەرۆکی پەرلەمان، دەمەوێ سوپاسی بەڕێزیشتان بکەم، کە ئەم دەرفەتەیان پێ بەخشیم، تا وتەیەك پێشکەشی ئەم پەرلەمانە بکەم، شەرەفێکی گەورەیە بۆ من کە لێرەم، هەم جێگەی شانازی و هەم جێگەی خۆشحاڵیمە کە من ئەمڕۆ لێرەم، شانازی بەوە دەکەم کە بەریتانیا رۆڵێکی بەرچاوی بینیوە لە پاڵپشتی کردنی کوردستانی عێراق، هەروەها خۆشحاڵیشم بەو پێشکەوتنەی ئێوە بەدەستتان هێناوە لە پەرەپێدانی دیموکراسی و بنیاتنانی ئابووری و کارکردن بۆ سەقامگیری عێراق بەگشتی. ئەم سەردانە یادگاری گەورەم بیر دەهێنێتەوە، هەروەك بەڕێزیشتان ئاماژەتان پێدا.

جەنابی سەرۆکی پەرلەمان، لە کۆتایی جەنگی یەکەمی کەنداو، لەو کاتەی سەددام حوسێن تاوانی جینۆسایدی لە دژی گەلی کورد ئەنجام دەدا، ئێمە لە بەریتانیا ئەو بارودۆخەمان بەشتێکی ترسناك و قێزەوەن سەیر دەکرد، فشارەکانی خۆمان بەکارهێنا بۆ دامەزراندنی "ناوچە ئارامەکان" بۆ ئەو کوردە ئازایانەی کە هێرشیان دەکرایە سەر، یەکێتی ئەوروپاو کۆمەڵگای نێودەوڵەتی بەگشتی ئەو بیرۆکەی ئێمەیان پەسند کرد، "ناوچە ئارامەکان" دامەزرێندران و رێگە لە تراژیدیایەکی گەورە لە دژی مرۆڤ گیرا، ئەو خۆپیشاندانانەی سەر شەقام بەم دواییە لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باکووری ئەفریقیا بە جیهانی پیشاندا، کە ملیۆنەها خەڵك لەو ناوچانە دیموکراسیان دەوێت، ئەوانەی داوای ئازادی و حکومەتی بەرپرس دەکەن، دەیانەوێ کاریگەریان هەبێت لە شێوازی حوکمڕانی کردنیان لە لایەن دەسەڵاتەوە، لە دوای رووخانی سەددام، کوردستانی عێراق و عێراق بەگشتی رێچکەی هەنگاونان بەرەو دیموکراسیان گرتووە، ئێوە لە زووەوە رووبەڕووی زۆرێك لەو ئاستەنگانە بوونەتەوە، کە خەڵکی تر ئێستا لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست وا خەریکن رووبەڕوویان دەبنەوە، هەر وڵاتێك تایبەتمەندی خۆی هەیەو مافی ئەوەی هەیە کە بەو شێوەی دەیەوێ پێش بکەوێت بە کەلتوورو دابونەریتی خۆیەوە، ناکرێ رۆژئاوا شێوازەکانی گۆڕانکاری دیار بکات لە ناوچەکە، ئەمە شۆڕشی رۆژئاوا نییە، ئەمە شۆڕشێکی عەرەبییە، مامەڵە کردنی شانشینی یەکگرتوو (بەریتانیا) بەندە لەسەر رێزگرتنی هەمیشەییمان لە شکۆمەندی و خواستەکانی گەلانی عەرەب، ئەزموونی عێراق دەتوانێ رێبەری وڵات بکات، ئەوەش پیشان دەدات کە چاکسازی مەترسی نییە لەسەر

سەقامگیری، بەڵکو دەستەبەرو زامنی سەقامگیریە، کاردانەوەی زۆردارانە لەلایەن هەر حکومەتێك تەنها دەبێتە هۆی زیاد بوونی داواکاری بەرەو گۆڕانکاری وئاستی پێویستی ئەو گۆڕانکاریانەش بەرزتر دەکاتەوە، لیبیاو سوریا هێشتا فێری ئەم وانەیە نەبوون، بۆیە بەشێوازێکی درندانە رووبەڕووی ناڕەزایەتیەکان بوونەتەوە، دەبێ ئەوە بزانن کە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی لەو خراپ بەکارهێنانەی دەسەلأتیان چیتر رازی نابێ، ئەو خۆپیشاندان و راپەڕین و داواکاریانەی چاکسازی کە بالێ بەسەر رۆژهەلأتی ناوەڕاستدا کێشاوە حاڵەتی تراژیدی و مردنیشی لێ کەوتۆتەوە، بەداخەوە ئەم حاڵەتانە لە کوردستانی عێراقیش روویاندا، بەلأم لێرە ئەو حاڵەتانەی بوونەتە هۆی مردن جیاوازن لە شوێنەکانی تر، چونکە:

یەکەم: لێکۆڵینەوە لەم رووداوانە دەکرێ.

دووەم: کوردستان خەریکی گفتوگۆیەکی گەرم و گوڕی سیاسیە دەربارەی ئەوەی کە ئاخۆ چۆن چاکسازی بکرێت.

شانشینی یەکگرتوو بە تەواوی پشتگیری لەو مشتومڕە سیاسیە دەکات و پێشوازیشی لێ دەکات، هەروەها پیرۆزبایی لە جەنابی سەرۆك بارزانی و رێزدار سەرۆکی حکومەت دەکەین بەبۆنەی کارکردنیان بۆ دانانی ئەجیندای چاکسازی سەرهەڵدان و راپەڕینی سیاسی لە میسرو تونس پێشەکیەکە بۆ ئەرکێکی قورسی ئابووری، ئەمەش ئاسان نابێ، چونکە ململأنێ هەیە لەنێوان ئاواتەکانی خەڵك و چاوەڕوانی سوودمەندبوونیان بە زووترین کات و، هەروەها پێویستی گرتنەبەری چەند رێوشوێنێکی قورس و بارگاوی بە مەبەستی کردنەوەی ئەو دەرگا ئابووریە داخراوانە بەرەو دەرفەتی باشتر، ناکرێ رۆژئاوا دەستەوەستان بمێنێتەوە، بەڵکو هەموو تواناکانی دەخاتە گەڕ بۆ فەراهەم کردنی داهاتوویەکی باشتر لە سەرتاپای رۆژهەلأتی ناوەڕاست و باکووری ئەفریقیا.

شانشینی یەکگرتوو دەتوانێ هاوکار بێت بەم شێوازانەی خوارەوە:

بۆ نموونە:

- لەرێگای رێکخراوە نێودەوڵەتیەکان، بەتایبەتیش گروپی (G8).

- لەرێگای یەکێتی ئەوروپا.

- هەروەها بەشێوازی دوولایەنە لەگەڵ ئەو (19) ولأتەی ناوچەکە لە رێگای شەراکەتی ئێمەو عەرەب.

گرنگ نییە ئێمە بە چ شێوازێك یارمەتیەکانمان پێشکەش دەکەین، ئەوەی زۆر لەوە گرنگترە ئەوەیە کە ئێمە یارمەتیدەرین، هەرچەندە تەحەداو ئاستەنگی زۆرمان لە پێشە، بەلأم سوودەکانی زاڵبوون بەسەر ئەم ئاستەنگانە یەکجار زۆرن، سەرۆك وەزیرانی بەریتانیا بەڕێز (کامیرۆن) بەهاری عەرەبی بە رووخانی یەکێتی سۆڤیەتی (1991) چوواند، منیش هاوڕام لەگەڵ بەڕێزیان، هەروەك جەنابی کامیرۆن، منیش دەزانم ئەو شۆڕشە لە کۆتاییەکەی نزیك بۆتەوە، یەکێك لە کاریگەرترین رووداوەکانی سەدەی رابردوو بریتی بوو لە رزگار بوونی یەکێتی سۆڤیەت لە (70) ساڵ لە جەوروستەم، ئەو کاتەی سەردانی (مۆسکۆ)م کرد کەمێك دوای رووداوەکە، دوای شۆڕشەکە، خەڵك ئەو پەڕی خۆشحاڵ بوون، چونکە ئەو هەستەیان لا

دروست ببوو، كه دواجار ستەمكاری و چەوساندنەوە كۆتایی هات، بڕوای تەواو هەبوو كە دیموكراسی ڕەگی داكوتا بوو، هەروەك ئێستا دەكرێ هەمان دیاردە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باكووری ئەفریقیاش ببینین، بەهاری عەرەبی كاریگەری كردۆتە سەر هەندێ وڵات، كە سیستەمی كۆمەڵایەتی و سیاسیان زۆر جیاوازە لە هی ئەوان، هیچ وەڵامێكی گونجاو نییە، كە بۆ هەموویان بشێ، گواستنەوە لە ستەمكاری بەرەو ئازادی پرۆسەیەكی زەحمەتە بە هەمان شێوە گواستنەوە لە ئابووریەكی داتەپێوو و زاڵ بەرەو بازاڕی ئازاد پرۆسەیەكی قورسە، بەڵام حكومەتی هەرێمی كوردستان و حكومەتی عێراق دەتوانن ڕۆڵی سەرەكی لەم شۆڕشە بەردەوامەدا بگێڕن، تەنانەت ئەو ڕاستیەش كە ئێوە شەرەفی ئەوەتان پێ بەخشراوە بوونەتە نموونەیەك و توانیوتانە ئەم دەستكەوتانە بە دەست بهێنن لەم ساڵانەی دواییدا، ئەمە خۆی لە خۆیدا جێگای ڕێزو ستایشە، بێگومان هێشتا زۆر شت ماوە بكرێ، سەركەوتن یان سەرنەكەوتنی گفتوگۆی نیشتمانی دەربارەی چاكسازی بەندە لەسەر ئەو یاسایانەی كە لێرەوە دادەڕێژرێن لە ئەنجومەنی نیشتمانی، یاخود لە پەرلەمان، ئێوە زامنی ئیرادەی گشتین، بێگومان ئەمە ئەو پەڕی بەرپرسیاریەتیە، بە حوكمی ئەوەی كە وەك ئەندامێك لە پەرلەمانی بەریتانیا خزمەتم كردووە، چاك دەزانم كە ئەرك و بەرپرسیاریەتیەكی قورستان لەسەر شانە، لە گشت سیستەمێكی سیاسی دیموكراسی، زۆرینە بڕیار لەسەر سیاسەتەكان دەدات، پێویستە هەر واش بێت، بەڵام دەبێ كەمینەش قسەی خۆی هەبێت، ئۆپۆزسیۆنی دیموكراتی ڕۆڵێكی یەكجار گرنگی هەیە، حكومەت لەبەردەم بەرپرسیاریەتی دادەنێت، باشترین یاسا ئەو یاسایەیە كە لە دەرەئەنجامی بیروڕای جیاواز دروست دەبێ، كەس ناتوانێ ژیری و حیكمەت بۆ خۆی قۆرخ بكات، پێویستە زۆر چاك بیر بكەنەوە پێش ئەوەی بڕیار بدەین، چەمكی ئۆپۆزسیۆنی دڵسۆز (ئەمەكدار) زۆر گرنگە لە پرۆسەی دیموكراسی، ئەنجومەنی نوێنەرانی بەریتانیا زۆر بەهێزە لەو كاتەی كە یەك دەنگی هەیە، بەڵام چالاكترین و دەوڵەمەندترین ساتە وەختی ئەو ئەنجومەنە ئەو كاتەیە كە ئەندامانی گفتوگۆ و مشتومڕ لەسەر دیدو ڕا جیاوازەكانیان دەكەن، بۆ بەرژەوەندی داهاتووی نەتەوەكەیان، لە كاتێكدا كە كوردستانی عێراق خەریكە سیستەمی دیموكراسی تایبەتی خۆی دادەڕێژێ، زۆر خۆشحاڵم كە دەبینم هەماهەنگی لەگەڵ دەزگای ویستمینستەر بۆ دیموكراسی (WFD) دەكات.

یەكەم تەوەری هاوبەشیان بریتی بوو لە ڕۆڵی ئۆپۆزسیۆن، چۆن ئەم ڕۆڵە پێناسە بكرێت؟ لایەنەكان چۆن بتوانن هاوكاری یەكتر بكەن لە بەرژەوەندی نیشتمان؟ ئەم پرسیارانە هەوێنی ڕاستەقینەن بۆ بوونی سیستەمێكی پەرلەمانی نوێنەرایەتی چالاك، هەروەها ئاگاداری ئەوەشم كە لە ساڵی داهاتوودا، پرۆگرامی دەزگای ویستمینستەر بۆ دیموكراسی (WFD) بریتی دەبێت لە بەهێز كردنی پردی پەیوەندی نێوان دەنگدەران و هەڵبژێردراوان (دەنگ پێدراوان)، بە جۆرێك كە چۆن بتوانرێ پەیامی پەرلەمانی بگەیەندرێتە زۆرترین هاوولاتیان و خەڵك، هەروەها چۆن بتوانرێ توانای پەرلەمان بەهێز بكرێ بۆ لێپرسینەوە لە دەسەڵاتی جێ بەجێكاری، واتە حكومەت، بەڕاستی ئەمانە ئەركی گرنگن و لە هەمان كاتیشدا ئەو ڕاستیە پیشان دەدەن كە كوردستانی عێراق لە ماوەیەكی كورتدا ڕێگایەكی زۆری بڕیوە،

هەروەها لە ڕێگای گفتوگۆكانم لەگەڵ كۆنسوڵی گشتی بەریتانیا ئەوەم بۆ دەركەوت كە تەنانەت پێش بەهاری عەرەب مشتومڕی بەردەوام و چڕوپڕ كراوە لە كوردستانی عێراق بە مەبەستی پەرەپێدانی دیموكراسی بە باشترین شێوە، شانشینی یەكگرتوو بەردەوام دەبێت لە پاڵپشتی كردنی ئەم هەوڵانەی ئێوە، دەتوانم دڵنیاتان بكەمەوە كە لەگەڵ كشانەوەی هێزەكانمان لە عێراق پشتگیری ئێمە بەكۆتا نەهاتووە، بەڵكو پشتگیریەكە لێرە دەبێت و درێژخایەن دەبێت، ئەمەش دوێنێ لەو ڕووداوە بەرجەستە بوو كاتێك من بە فەرمی كونسوڵخانەی بەریتانیام بە یاوەری بەڕێز جەنابی سەرۆك بارزانی  لە هەولێر كردەوە، ئەم كونسوڵخانەیە ئاماژەیەكە بۆ پەیوەندی جێگیر، پەیوەندییەك كە بەندە لەسەر بەشداری سیاسی و ئاڵوگۆڕی كەلتووری و پردی پەروەردەیی و بازرگانی دوولایەنە، ئێوە ئەمە دەبینن لە بوونی زانكۆ بەریتانیەكان، پارساڵ بینیتان (سێر ئەندروكان) بە سەرۆكایەتی شاندێكی باڵای كۆمپانیا بەریتانیەكان بەشداریان لە پێشانگای بازرگانی هەولێری نێودەوڵەتی كرد، كە سەركەوتنێكی گەورە بوو، ئەمساڵ چاوەڕوان دەكەم كە شاندێكی گەورەتر بەشدار بێت.

ئەم بەشداریە بەرچاوی چالاكی بازرگانی و بزنسی شانشینی یەكگرتوو لە هەولێر بە ئاسانی هەستی پێ دەكرێت، ئەمەش تەنها لە كەرتی نەوتدا نییە، بەڵكو لە گشت سێكتەرەكاندا ڕەنگی داوەتەوە، دیزاینی فڕۆكەخانەی ئەربیلی نێودەوڵەتی لەلایەن تەلارسازانی بەریتانی سەر بە (سكۆتس  ویلسن) دانراوە، هەمان كۆمپانیا ئێستا خەریكی ماستەر پلانێكن بۆ فڕۆكەخانەی سلێمانی، سەرنج ڕاكێشترین پێشانگای ئۆتۆمبیل لە هەولێر ماركەی لاند رۆڤەرو رێنج رۆڤەرو ئاخر مۆدێل ماركەی جاگوار دەفرۆشێت، ئەمانە بە دیزاینی كلاسیكی بەریتانی دادەنرێت كە باشترین نەریت و داهێنان و ئەندازەی بەریتانی تیایاندا ڕەنگی داوەتەوە، كۆمپانیا بەریتانیەكانی وەكو (Jones Lang LaSalle) و (BTW Shilells) لەبورای راوێژكاری بەڕێوە بردنی مومتەلەكات كار دەكەن و شێوەیەكی دەگمەنی ئەوتۆیان بە بازاڕە هاوچەرخەكانی هەولێر بەخشیوە، كە وای كردووە تەواوی ناوچەكانی تری عێراق ئیرەیی بە هەولێر ببەن، كۆمپانیای ( Parsons Brinkerhoff) خەریكی داڕشتنی ماستەر پلانێكە بۆ بەرهەمهێنان و دابین كردنی كارەبا، كۆمپانیاكانی (Heritage) و (Gulf keystone) و (Sterling) هەموویان وەبەرهێنانی گەورەیان كردووە لە بواری هایدرۆكاربۆن، تەنها دوو بانكی بەناوبانگی جیهانی لە كوردستانی عێراق هەن كە ئەوانیش (HSBC) و (Standard Chartered) بێگومان بانكی تریش دێن ئەم بانكە هەردووكیان بەریتانین و كارەكانیان لە فراوان بووندایە.

هەموو ئەم وەبەرهێنانە گرنگی ستراتیژی هەیە بۆ كوردستانی عێراق و سەرتاپای عێراق، بەڵام هێشتا زۆر شت ماوە بكرێ بۆ پەرەپێدانی بواری بازرگانی دوولایەنەمان، چی پێویستە بكرێ، ئێمە لەلایەن خۆمانەوە هەوڵی زیاتر دەدەین بۆ هاندانی كۆمپانیا بەریتانیەكان تاكو وەبەرهێنان بكەن لە كوردستانی عێراق، ئێوەش بەڕێزان، جەنابی سەرۆكی پەرلەمان، لەلایەن خۆتانەوە پێویستە بەردەوامبن لە باشتر كردنی بواری وەبەرهێنان، جەنابی سەرۆك بارزانی باسی لە پێویستی ڕووبەڕوو بوونەوەی گەندەڵی كرد، ئەمە

خاڵێکی زۆر بەهێزە بۆ راکێشانی چەند کۆمپانیای بتانەوێ لەم بوارە، ئێوە پێویستیتان بە چوارچێوەیەکی یاسایی بەهێزتر هەیە بۆ پاراستنی کارو بازرگانی و کرداری شەفافیەت، بۆ ئەوەی ناکۆکییەکانی گرێبەستەکان لە دادگا چارەسەر بکرێن، هەروەها رێککەوتنە یەکگرتووەکان پێشکەش دەکرێن و ئەوەش گرنگە کە ئێوە فشار بخەنە سەر حکومەتی عێراقی بۆ رواندنی (یاساکانی داهاتی هاوبەش و هایدرۆکاربۆن)، ئەم چاك کردنانە بوار بۆ کۆمپانیا بەریتانییەکان دەرەخسێنێت، بۆ ئەوەی دڵنیایی و دەستەبەرییان هەبێت و دارایی خۆیان بخەنە گەرو پابەند بوونە یاساییەکان بەپێی یاسای میرنشینی یەکگرتوو، یاخود شانشینی یەکگرتوو بەدی بێنن و رێگەیان پێ دەدرێت لە هەنارده کردنی کەرتی هایدرۆکاربۆن دەست پێ بکەن، بەگشتی رێگە خۆش دەکات بۆ کۆمپانیا نەوتییە جیهانییەکان تا کاری وەبەرهێنان لەسەرانسەری عێراقدا بکەن، شتێکی بەڵگە نەویستە پەیوەندییەکان لەنێوان بەغداو هەرێمی کوردستان گرنگ و یەکلاکەرەوەن، ئەگەر بتانەوێت هەموو ئەم ئامانجانە بەدەست بێنن، باوەڕم وایە کە ئێوە دەبێت زیاتر لەگەڵ حکومەتی ناوەندی خەریك بن و لە ئەنجامیشدا دەستکەوتی زیاتر لەم پەیوەندییانە بەدەست دێنن، بەرەو پێش چوونی دیموکراسی لە بەغدا بۆ ئێوە گرنگە شان بە شانی دروست بوونی دامەزراوەکان و دەستکردن بە دانوستان لەسەر کێشە بەرچاوەکان، هیوادارم لێرەوە جەنابی سەرۆکی پەرلەمان لەم پەرلەمانە هیوادارم بەردەوام وەك هاوپەیمانی خۆتان سەیری بەریتانیا بکەن، ئێمە ئامادەین یارمەتی و هاوکاریتان بکەین لە پرۆسەی گەشەپێدانی دیموکراسی و ئابووریدا، لە کات و سەردەمە ناخۆشەکاندا، ئێمە دۆستی کوردستان بووین، هەروەها لەکات و سەردەمی ئاشتیدا، کە ئێوە زیاتر بەرەو ئایندەیەکی گەشەدار هەنگاوتان ناوە، ئێمە هەر دۆستی ئێوەین و پشتمان تێ نەکردوون و پشتیشتان تێ ناکەین، دەتوانین بەشێوازە کردارییەکانیش یارمەتیتان بدەین، بۆ نموونە دەتوانین بە چەند شێوازێك هاوکاریتان بکەین، دوای سووتانی میوانخانەی سۆما لە شاری سلێمانی کە 33 کەسی تێدا مرد، حکومەتی هەرێمی کوردستان داوای هاوکاریی جیهانی کرد، (بەرپرسی ئاگر کوژێنەوەو راوێژکاری رزگار کردن)ی ئێمە توانیان یارمەتی پێشکەش بکەن، بۆ ئەمەش گەڕانێکیان لە هەرێم کردو راپۆرتێکی تێرو تەسەلیان نووسی و تێیدا چەندان راسپاردەیان خستەڕوو بۆ باشتر کردنی رەوشەکە، لە ئەنجامدا بەرپرسە باڵاکانی ئاگرکوژێنەوەو بەرگری شارستانیی هەرێمی کوردستان تازە لە بەریتانیا گەڕوانەتەوە، کە بەشدارییان کردووە لە خولێکی راهێنان و ئێمەش ئامادەیی خۆمان پیشاندا بۆ رێکخستن و پێشکەش کردنی ئامێرو کەل و پەلی پێویست، ئەمە تەنها نموونەیەکە بەڕاستی زۆر بواری هاوشێوەی تر هەن کە دەتوانین هاوکاری یەکتر بکەین، وڵاتی منیش بە خۆشحاڵییەوە هاوکارتان دەبێت، با بگەڕێمەوە بۆ سیاسەت، جەنابی سەرۆکی پەرلەمان، من زۆر بەوە سەرسامم کە گەشەیەکی بوێرانەو بەرچاو لە کوردستان بەدی هاتووە لە بواری مافەکانی ژنان و ئافرەتان، کوردستان یەکێکە لەو شوێنانەی کە پیاوان ناتوانن بە بیانووی ئەوەی پێی دەڵێن "شەرەف" یان تاوانی بەناو شەرەف، ژن و ئافرەتان و کیژانی خۆیان بکوژن، بەڕاستی من دەستخۆشی

لەم ئەنجومەنە دەكەم، لەم پەرلەمانە دەكەم ئەم یاسایەی دەركردووە، كە رێگە خۆش دەكات بۆ بەشەكانی دیكەی ناوچەكە.

من خۆشحاڵیش بووم كە ئەو راپۆرتەی لە بارەی باشتر كردنی جێ بەجێ كردن ئامارە كراوە، بە هاوبەشی لەنێوان شارەزایانی كوردو زانكۆی بریسل ئامادە كراوەو حكومەتی بەریتانیاش شارەزایەكی (خەبیرێكی) بەناوبانگی لەبواری مافەكانی مرۆڤ و پرسەكانی ژنان ناردووە، بۆ ئەوەی كار بكات لەگەڵ وەزارەتە سەرەكییەكان دەربارەی كەم كردنەوەی توندوتیژی دژ بە ژنان، من دەزانم كە ئەم پەرلەمانە پێشتر یاسای تری دەركردووە بە مەبەستی سزادانی گونجاو بەرامبەر بە توندوتیژی خێزانی، من هیوادارم ئەم یاسا نوێیەش پەسند بكەن، كە دەرفەتێكی ترە بۆ ئەم پەرلەمانە، بۆ ئەوەی ببێتە پێشەنگ لە بیركردنەوەی بەرەو پێش چوون لەناوچەكەدا.

من باسی زانكۆی (بریسل)م كرد، تەنیا وەك یەكێك لەو هەموو زانكۆیانەی بەریتانیا كە گەیشتوونەتە كوردستان، من سەرسام بووم كە بینیم كوردستان ئەو حەزو ئارەزووە زۆرەی هەیە بۆ بەستنی پەیوەندی لەگەڵ جیهانی دەرەوەدا، بەڕاستی تووشی سەرسامی بووم كە كوردستان زۆر حەز دەكەن لەگەڵ دەرەوە پەیوەندیان هەبێت، ئەمەش جێگای تێڕامان و سەرسامیە، بەڕاستی دیارترین ئەو پیشاندانەش لەبواری پەروەردەیە، بەرنامەی تواناسازییە، یان پرۆگرامی گەشەپێدانی تواناكانی مرۆڤ، كە لەلایەن سەرۆك وەزیرانەوە ئەنجام دەدرێت و پشتیوانی دارایی دابین دەكات بۆ خوێندنی بڕوانامەی ماستەرو دكتۆرا لە دەرەوە، ئەمە دووربینی بەرێزیانە جێگەی هیواو دووربینی بەرێزیشیانە، بۆیە پلانەكانی سەربەخۆ كردنی زانكۆكانتان و بۆ پرۆگرامەكانی خوێندنی دكتۆرا كە دەبێت لە دەرەوە تەواوی بكەن، من زۆر خۆشحاڵم بەوەی زۆرێك لە قوتابیەكانتان شانشینی یەكگرتوویان هەڵبژاردووە، بۆ ئەوەی لەوێ بخوێنن و شانازیش بەوە دەكەم كە شانشینی یەكگرتوو یارمەتی پەروەردە كردنی نەوەی داهاتووی سەركردەكانی كورد بدات، من هیوادارم و واش چاوەڕوان دەكەم كە ئەم قوتابییانە بە مێشكی پڕ لە بیرۆكەی نوێ بگەڕێنەوە بۆ وڵاتانی خۆیان داهێنان بكەن.

لەكۆتاییدا هەموو ئەوەی بە دەست هاتووە لەلایەن خەڵكی كوردستانی عێراق لەم دواییە، سەرەڕای كە ئەو هەموو قوربانیەیان داوە، بەڕاستی تەنها ئەوەم بۆ دەمێنێتەوە كە سەرەڕای ئەوەی لە رابردوو روویداوە، پێویستە ئێوە شانازی بەوە بكەن، بەوەی بەدەستتان هێناوە زۆر زۆر دڵگەش و گەشبین بن و چاوەڕوانی زۆرتان هەبێت و پێشبینی زۆرتان هەبێت لەوەی كە لە پێشتانە لە داهاتوو، بەڕاستی كە سەیری كوردستان دەكەی زۆر جیاوازە لە كوردستانی بیست ساڵ پێش ئێستا، بیست ساڵ پێش ئێستا زۆربەتان گومانتان لەوە هەبوو كە ببن بە ئەندام پەرلەمان، ئێستا ئەمڕۆ سەیر دەكەین، ئەگەر ئاورێك لە دواوە بدەینەوە زۆر زۆر كوردستانێكی دەوڵەمەندترو خۆشترو ئازادترو دیموكراسی ترو باشتر هەیە، ئەمە لەسەرووی هەموویەوە، بەڕێز جەنابی سەرۆكی پەرلەمان، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ كاركردنی گرنگی ئێوە، زۆر سوپاس بۆ میوانداریتان.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر زۆر سوپاس بۆ دۆستی عەزیزمان ڕێزدار جۆن مێجەر، کە جارێکی تر دەڵێین ئەمڕۆ خەڵکی کوردستان، پەرلەمانی کوردستان، حکومەتی هەرێمی کوردستان هەموو شادن بە وجودی لەناومان، چونکە دەورێکی هەبووە لەوەی کە کوردستان لە مەئاسات دوور بکاتەوەو هەوڵیش دەدا بۆ بەردەوام بوون و بەهێز کردنی پرۆسەی دیموکراسی لە کوردستان، بۆیە ئێمە بە بەرزەوە سەیری دەکەین و سوپاسیشی دەکەین، کە ئەو دۆستەمان بوو کونسولگەری بەریتانیا بە فەرمی لە هەرێمی کوردستان کردەوە، دووبارە بەخێرهاتنی دەکەین.

بەڕێزان، خوشکان، برایان، ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان، دانیشتنەکەمان بۆ سەعات (3,30) دوادەخەین، پاشان بەردەوام دەبینەوە لەسەر کاری خۆمان بۆ گفتوگۆ کردن لەسەر بودجەی هەرێمی کوردستان، خوا ئاگادارتان بێت.

**دانیشتنی دووەم**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**بەناوی خوای گەورەو میرەبان**

بەناوی گەلی کوردستان، بەردەوام دەبین لەسەر دانیشتنەکەمان، خاڵی یەکەم: بەردەوام بوون لەسەر خستنەڕوو وگفتوگۆکردن وبڕیاردان لەسەر پرۆژەی بودجەی هەرێمی کوردستان بۆ ساڵی 2011 و یاساکەی، داوا لە لیژنەی یاسایی و دارایی دەکەین فەرموون بۆ سەر مەنەصە، کەرەم بکەن، لە ماددەی 11 لەئەصڵی پڕۆژەکە کە دەکاتە ماددەی 12 پێش ئەوەی بچینە سەر ماددەکە، بەخێرهاتنی وەزیری دارایی و پلاندانان و بریکاری وەزارەتی دارایی دەکەین، زۆر زۆر بەخێربێن، ئێستا جەنابی وەزیر ئەو موداخەلانەی کە ئەندامەکان کردیان و قسەیان تەواو بوو، ئەگەر وەڵامدانەوەتان بۆیان هەبێت سوپاستان دەکەین، فەرموون.

**بەڕێز شێخ بایز تاڵەبانی (وەزیری دارایی و ئابووری):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە هەندێ پرسیار هەبوون و هەندێکیش شت هەبوو تەوزیحی ئەویست، یەکەم: بەنیسبەت ئەو میلاکەی کە دانراوە بۆ وەزارەتی دارایی، من پێشووتریش باسم کرد، (5332)وە وابزانم میلاکەکە، ئەوە ئەتواندرێت تەوزیع بکرێت، (1332)وەکەی بۆ وەزارەتی دارایی دابندرێت، بۆ ئەوەی ئیحتیاتی ئەو دەوائیرانەی کە ئیستحداس ئەکرێن لە داهاتوودا، یان لە نەتیجەی حەزف وئیستحداس کە یەکێکە لە ئیشە گرنگەکانی وەزارەتی دارایی، مەسەلەی حەزف و ئیستحداسی وەزائیفە، بۆ ئەوانە بەکار بێت، ئەوانەش ڕەئی ئێمە شەرت نیە، بەڕێزتان چۆن بڕیاری لەسەر دەدەن، کە بدرێت بە پەروەردەو ئاسایش و تەندروستی و ئەوقاف و شارەوانی وکارەبا، ئیتر جەنابتان چۆنتان پێ باشە دابەش بکرێت، دیارە باس لەوە ئەکرا، کەگوایە فەرق هەیە، ئەم میلاکە کە ئێستا ئەوەندە تەجاوزاتە لەکوێدا جێگای کراوەتەوە، ئەمە لە دوو، سێ ئەندامی بەڕێزی پەرلەمان بیستراو ئیسارە کرا، حەز دەکەم بەڕێزتان بزانن میلاکی وەزارەتی دارایی، یان حکومەتی هەرێم تەنها ئەو میلاکە نیە کە لێرەوە بۆی دەستنیشان دەکرێت، 20 هەزار میلاك یان 25 هەزار میلاك، یان 10 هەزار میلاك، هەرچەند تەقاعود ببێت، ئەو تەقاعودانە میلاکەکەی دەگەڕێتەوە بۆ وەزارەتی دارایی ومیلاکەکانیان شاغر ئەبێت، وە چەند نقڵ هەبێت بۆ دەرەوەی هەرێم، چەند فەصڵ و ئیستقالە هەبێت، ئەوانە هەمووی ئیزافە دەبێتەوە سەر میلاکات، ئەوە یەکێکە لەوانەی کە

تۆ دەڵێی، میلاکات ئەوەندەی بۆ زیاد دەکەی ئەبێت وابێت، ئەو حسابانە هەیە بۆیە وای لێدێت ملاکەکان، دیارە یەکێك لەخوشکان زۆر تەئکیدی ئەکردەوە، کە ئەیوت ئەبێ وەزارەتی دارایی لەسەر ئەمە حسابی لەگەڵدا بکرێت، ئەم هەموو تەعیناتەی بۆ جێبەجێ کردووە، من حەز دەکەم بەرێزان هەمووتان بزانن، هیچ وەزارەتێك لەگەڵیشیاندا وەزارەتی دارایی، وەزیری دارایی، دەسەڵاتی تەعین کردنی نیە، تەعین کردن لە ئەنجومەنی وەزیرانەوەیەو ئەو موخەوەلە کە تەعین بکرێت، دیارە زۆر باسی تەعینات ئەکرا، هەرچەندە ئێمە باسی میلاکمان کرد، چونکە ماددەکە لەسەر میلاك بوو، نەك ماددەی تەعینات، بەڵام بەهەرحاڵ، ئەوانەی کەباس دەکرا ناوچەی دابڕاوەکان، ئەوانەش حسابیان بۆ بکرێت، من پێم وایە کە مەفروزە حسابیان بۆ بکرێت، چونکە ئەوانە جگە لەوەی کە هی خۆمانن، بێجگە لەوەش ئێمە چەندەها دەوائیرمان هەیە لەوێ، ئێستا حالیەن ئیش ئەکەن ئەو دەوائیرەی خۆشمان لەوێن، وە چەندەها مامۆستامان هەیە لەوێ، چەندەها فەرمانبەرمان هەیە لەوێ، تەعیناتیش تەبیعی ئەبێ هەموولایەك ئەوە بزانن، تەعینات یاسای خۆی هەیە، تەعین چۆن ئەکرێت، بەعزێك جار مەجلس خدمە ئەگەر هەبێت، ئەوە لەڕێگای مەجلسی خدمەوە دەبێت، ئەگەر مەجلسی خدمە نەبێت بەقانونی خدمەی مەدەنی دەبێت، ئەگەر یاسای خدمەی مەدەنیش ئیشی پێنەکرێت، بەو شێوازە دەبێت کەوا ئەنجومەنی وەزیران، وەکو دائیرەیەکی تەنفیزی ئیختیاری ئەکات، بۆ ئەوەی بەو شێوەیە تەعین بێت، کەئێستاکە ئیختیار کراوە، بەو شێوەیە تەعینات بکرێت، کە ئەبینن و لەتەلەفزیۆنیش گوێتان لێبووە، ئەویش ئەوەیە ئیعلان دەکرێت، فۆرم پڕدەکرێتەوە، حەتاکو مەجلسی خدمە دائەنیشێت، کە مەجلسی خدمە لەلای بەرێزتان یاساکەیان تەصدیق کرا، مەجلسی خدمە هاتە گۆڕێ ئیتر پێم وایە ئەو مەشاکیلانەش ئێستا کە باس دەکرێت نامێنێت، ئومێدەوارم ئەم دەرەجانەی کەدراوە، خەڵکی ئیستیفادەی لێ بکات بەحەق، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز کاك دکتۆر علی سندی، جەنابت موداخەلەت نیە، باشە سوپاس، لیژنەی دارایی ئەی جەنابتان، فەرموو دکتۆر ئاراس.

**بەڕێز د. ئاراس حسين محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەدەرئەنجامی ئەو گفتوگۆیەی کە کرا لەسەر ئەو ماددەیە، چەند خاڵێك لێرەدا وەکو لیژنەی دارایی تۆمارمان کردووە، ئەگەر بەڕێزتان ڕێگامان پێ بدەن بیخەینە ڕوو، ئەگەر ڕەدێکیش هەبێت، ئێمە ڕەدی بدەینەوە، لەو بابەتانەی کەخرایە ڕوو لەلایەن ئەندامە بەڕێزەکانەوە، یەکێك لەوانە جێبەجێکردنی عەدالەت لە تەعیندا، هەروەها خاڵێکی گرنگی تریان هێنایە کایەوە، سەر لەنوێ دابەشکردنەوەی پلە وەزیفیەکان، ئیعادەی تەوزیعی میلاکات لەنێوان وەزارەتەکاندا، هەروەها پێشنیارێك هەبوو، زیاتر لە یەك پێشنیار، کە ژمارەی پلە وەزیفیەکان، ژمارەی میلاك بۆ وەزارەتی دارایی کە زیاتر لە 5 هەزار میلاکە، ئەوە زۆرە، ئەگەر بکرێت (2)هەزار یان (3) هەزاری لاببرێت، ئەوە بۆچوونێکی تر بوو، پێنشیارێکی تر هەبوو

که 25 هەزار پلەکە بکرێت بە 27 هەزار پلە، هەروەها بابەتێکی ترهاتە کایەوە، ڕێژەیەك دابندرێت بۆ دامەزراندنی ژنان، شان بەشانی پیاوان، بۆچوونێکی تریش هەبوو، کە لە 25٪ی ئەو پلانە بدرێت بە کەسوکاری شەهیدان بۆ تەعین بوون، پێشنیارێکی تر هاتە کایەوە وەکو بۆچوونێك کە لە 10٪ی کۆی ئەو پلانە، ئەگەر بەهەڵە نەچووبم لەلایەن کاك یاوزو کاك یەشار بوو کە بدرێت بە قەومیەتی تورکمان، هەروەها بۆچوونێکی تر هەبوو کەزیاتر تەرکیز بکرێت لەسەر دامەزراندنی ئەو کەسانەی کە لەساڵانی پێشوو، یان چەند ساڵێك لەمەوپێش دەرچوون، هەروەها بۆچوونێکی تریش هەبوو، کە لیژنەیەك دروست بێت بۆ چۆنیەتی جێبەجێ کردنی دامەزراندنی ئەو 25 هەزار پلەیە، هەروەها بۆچوونێکی تر هەبوو کە ئەو کەسانەی بە عەقد دامەزراون، چەند ساڵێکە دانەمەزراون بە عەقد نەمێننەوە، ئەگەر بکرێت ئەو پلانەش بدرێت بەوان، لەڕاستیدا ئەوەی کەلەلای لیژنەی دارایی گرنگە، ئەو دوو پێشنیارەیە کە ئایا ئێمە ئەتوانین لە 25 هەزارەوە بیکەین بە 27 هەزار، لەڕێگەی جەنابتەوە ئەم پرسیارە لە بەڕێز وەزیری دارایی دەکەین؟، وە ئایا تا چەند ئەو 5 هەزارەی کە هەیە لەلایە وەزارەتی دارایی، سەر لەنوێ ئیعادەی تەوزیعی بکەینەوە بەسەر وەزارەتەکاندا؟، لەڕاستیدا بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، ئەو بۆچوونانەی کە خراونەتەڕوو، زیاتر ئەو بابەتانە ئەوەندەی وەکو بۆچوونی لیژنەی دارایی باوەڕناکەم لە پڕۆژە یاسای بودجە جێگای ببێتەوە، زیاتر ئەوە پەیوەندی بەو ڕێنماییانەوە هەیە کە لەلایەن دەوڵەتەوە دەردەچێت، جا ئیتر دواتریش بڕیار بۆ بەڕێزتانە، چۆن مامەڵە لەگەڵ ئەو خاڵانەدا بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز کاك فرست موداخەلەیەکی هەیە، فەرموو.

**بەڕێز فرست احمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەڵڵا من حەز دەکەم جەنابی وەزیری دارایی وەڵامم بداتەوە، ئەوی من دەزانم بە موجبی دەستووری عێراقی، پەیوەندی حکومەتی ئیتحادی، لەگەڵ دەوائیری هەرێم نیە، تەحدیدی عەدەدی میلاکاتی بۆ بکات، عەدەدی دەرەجاتی وەزیفی، لێرە باسی وەزارات و دەوائیری مومەوەلە مەرکەزیەن، ڕاستە حکومەتی ئیتحادی مەجموعەی دەوائیری ئیتحادیان هەیە، لەناو هەرێم مەسەلەن جنسیەیە، ئیقامەیە، گومرگە، ئەوە ڕاستە، تەمویل دەکرێن مەرکەزییەن، بەس پەیوەندیان نیە لەسەر ئەوەی کە من چەند دەرەجەی وەزیفیم هەبێت لەوەزارەتی مالیەی هەرێم، یان لە ناوخۆ، یان لەپەروەردە، چونکە سەڵاحیاتی حکومەتی مەرکەزی، مەحسورە بە ماددەی 110ی دەستووری عێراقی، خارجی ماددەی 110ی دەستووری عێراقی هیچ پەیوەندیەك وهیچ سەڵاحیەتێك و هیچ ئیختصاصێکیان نیە، کە بێت دەرەجاتی میلاك بۆ هەرێمی کوردستان تەحدید بکات، سەڵاحیاتیان ئەوەیە وەزاراتی ئیتحادیان هەیە، دەوائیری کە پێی دەوترێت (المحافظات غیر منتظمة في الاقلیم) حەقیان هەیە تەحدیدی میلاکاتی ئەوانە بکەن، بەنیسبەت هەرێم بەرەئی من ئەوە موصادەرەی سەڵاحیاتی هەرێمە، تەجاوزە لەسەر دەسەڵاتی حکومەتی هەرێم، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر ئەگەر ڕوونکردنەوەت هەبێت لەو بارەیەوە بۆمان، فەرموو.

**بەڕێز شێخ بایز تاڵەبانی (وەزیری دارایی و ئابووری):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تەبیعی ئەو قسانەی جەنابی کاك فرسەت، سەبەب بووە کە ئێستا لە میلاکاتەکەدا فەرق هەیە، ئێمە کە جنسیەو سەفەر، جیا بووەتەوە لەناو میلاکی ئێمەدا نەماوە، کەمی کردۆتەوە، قسەکەی ڕاستە، بەڵام ئێمە خۆمان داوامانکردبوو لە عێراق کە موصادەقەی ئەو 25 هەزارەمان بۆ بکات، ئینجا ئەوانەی کە تەمویلی مەرکەزین لەناو میلاکی ئێمە خۆماندا دامان نەناوە، بەڵام خۆمان داوای 25 هەزارەکەمان کردووە، ئەوە حەقیقەتە، ئەو دەوائیرانەی کە دەڵێت تەمویلیان مەرکەزییە، ئەوە شارەوانی وفڕۆکەخانەو ئەو شوێنانە کەلەناو هەرێمدا هەیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕەسمی ئەوە ناکرێت، کاکە ئەوە تەنازولە لەحەقی خۆمان، کاك فرسەت، فەرموو.

**بەڕێز فرست احمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

شارەوانی یەکەیەکی لامەرکەزی نیمچە سەربەخۆیە لەناو هەرێم، بەخۆی واریداتی زاتی خۆی هەیە، حکومەتی هەرێم تەمویلی ئەکات لە میزانیەی خۆی، حکومەتی بەغدا ئەگەر مینحەیەکی پێ بدات ئەوە باسێکی ترە، بەس موعتەبەر نیە لەدەوائیری مومەوەل، مەرکەزییەن، ئەگەر حسابیش بکرێت شارەوانی، ئەوە قەصدیان شارەوانیەکانی (المحافظات غير منتظمة في الاقليم) نەك شارەوانیەکانی ناو هەرێمی کوردستان، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان، چونکە ئەمە ماددەیەکە خەلەلێکی یاسایی تێدایە، وەك کاك فرست ڕوونی کردەوە، تاکو ئەوە چاك بکەینەوە، ئێمە بەدەستی خۆمان تەنازول لەمافی خۆمان نەکەین بۆ شوێنێکی تر، بۆیە ئەم ماددەیە دەنگی لەسەر نادەین، ئەیهێڵینەوە بۆ ئەوەی چاکی بکەینەوە، لەگەڵ دەستوورو مافی ئێمە بگونجێت، ئێستا دەچینە سەر ماددەی 12 لە ئەصڵی پرۆژەکە، کە دەکاتە ماددەی 13، فەرموو لیژنەی یاسایی بیخوێننەوە.

**بەڕێز د. ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی 12 لە ئەصڵی پرۆژەکە کە دەکاتە ماددەی 13

یەكـەم: لـەكاتی گواسـتنەوەی فەرمانبـەر لـە فەرمانگەیـەك لـە فەرمانگـەكانی هـەرێم، كـە بودجەكـەی لەناوەندەوەیە یان لەناوخۆیە بۆ كەرتی تایبەت دابین دەكرێت.

أ - وەزارەتی دارایی وئابووری لەرۆژی گواسـتنەوەكەیەوە، بـۆ مـاوەی سـێ سـاڵ نیـوەی ئـەو مووچـەیە دەگرێتە ئەسـتۆ، كـە لـەو فەمانگەیـەی لێـی گواسـتراوەتەوە وەریـدەگرێت، بەمـەرجێگ پەیوەنـدی لەگەڵ فەرمانگەكەیدا بپچڕێت.

ب - ئەو فەرمانگەیەی كە فەرمانبەری لێگواستراوەتەوە، نیوەی ئەو مووچەیەی كە لە بڕگەی (أ)ی ئەو ماددەیەدا هاتووە، دەدات بەلایەنی كەرتی تایبەت كە بۆی گواستراوەتەوە.

ج- دەبێ وەزارەتی دارایی و ئابووری ڕێنمایی پێویست دەربكات بۆ ئاسانی جێبەجێ كردنی حوكمەكانی ئەم بڕگەیەو پرەنسیپ ومەرجەكانی دیاریبكرێن.

دووەم: ئـەبێت وەزارەتـی دارایـی وئـابووری، پشـتیوانی لـەداهاتی سـندوقی دەزگـای خانەنشـین وبیمـەی كۆمەڵایەتی بكات، بەتەرخانكردنی بڕێك كە لە 30٪ زیاتر نەبێت، لەو ئابوونانەی كە دراونەتە دەزگاكـە، لەماوەی ساڵی پێشووی دارایی لەنێو پارەی تەرخانكراوی وەزارەتی كاروكاروباری كۆمەڵایەتی.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك شێرزاد نوقتەی نیزامی هەبوو، فەرموو.

**بەڕێز شێرزاد عبدالحافظ شریف:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لەوەی كە كاك ئاراس خوێندیەوە لە پێشنیارەكاندا، ئێمە سێ كەس پێشنیارێكمان هەبوو...

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

ببورە كاكە، ئەوەمان دواخست و ڕامانگرت، چونكە هەڵەی یاسایی تێدا هـەبوو، پێشـنیارەكان لای منـە، وەكو ڕۆژی پێنج شەمە ناهێڵین بەكەیفی خۆیان بڕۆن، ئەگەر شتێك نەبوو من ئیزافەی دەكەم، هـەمووی لای منە، ئێستا كاك عونی بەردەوام بن.

**بەڕێز خورشید احمد سلیم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

اولاً: عند نقل الموظف من دائرة من دوائر الاقليم الممولة مركزياً او ذاتياً الى القطاع الخاص:

أ- تتحمل وزارة المالية والاقتصاد نصف راتبـه الـذي يتقاضاه مـن الـدائرة المنقـول منهـا لمـدة ثـلاث سـنوات اعتباراً من تاريخ نقله، على ان تقطع علاقته مع دائرته نهائياً.

ب- تقوم الدائرة المنقول منها الموظف بصرف نصف الراتب المنصوص عليه في (اولاً)( أ )اعلاه مـن هـذه المـادة، الى جهة القطاع الخاص المنقول اليها.

ج- علـى وزارة الماليـة والاقتصـاد اصـدار التعليمـات اللازمـة لتسـهيل تنفيـذ احكـام هـذه الفقـرة وتحديـد ضوابطها وشورطها.

ثانياً: على وزارة المالية والاقتصاد دعم موارد صندوق مؤسسة التقاعد والضمان الاجتماعي بتخصيص مبلغ لايزيد على 30٪ من الاشتراكات المدفوعة للمؤسسة خلال السنة المالية السابقة ضمن تخصيصات وزارة العمل والشؤون الاجتماعية.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

تكایە لیژنەی دارایی ڕەئیتان.

**بەڕێز د. ئاراس حسین محمود:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لیژینەی دارایی ڕەزامەندە لەسەر ئەو ماددەیەو بڕگەكانی، لەو مونەتەڵەقەوەی كەوا پێشبینی دەكرێت، كە یاسای خانەنشینی و دەستەبەری كۆمەڵایەتی لەلایەن پەرلەمانەوە موناقەشە بكرێت، بەمەستی پەسەند كردنی ئەو ماددەیەش تاڕادەیەك گونجاوە، لەگەڵ ئەو پڕۆژە یاسایەدا، بۆیە ئێمە وەكو لەماددەكەدا هاتووە، خاڵەكان وبڕگەكانی پێمانە پەسەندە وەكو خۆی بمێنێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، كاك عونی فەرموو.

**بەڕێز عونی كمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمەش پشتگیری لەماددەكە دەكەین وەكو خۆی كە هاتووە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر تكایە ڕەئیتان.

**بەڕێز شێخ بایز تاڵەبانی (وەزیری دارایی و ئابووری):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە بەهەمان شێوە پشتگیری لەماددەكە دەكەین، كە وەك خۆی بمێنێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، ئەوەی دەیەوێت لەسەر ماددەی 12 لە ئەصڵی پڕۆژەكە كەدەكاتە ماددەی 13 قسە بكات تكایە بادەستی بڵند بكات؟ تا ناوتان بنووسم، ئەم بەڕێزانە دەیانەوێت قسە بكەن( بیلال سلیمان، گوڵیزار قادر، دانا سعید سۆفی، ئارام قادر، حسن محمد، بێریڤان سەرهەنگ، تارا ئەسعەدی، سیوەیل عوسمان، شوان كریم، شڤان احمد، سەردار ڕەشید، عبدالسلام بەرواری، شێروان حەیدەری، عەدنان عوسمان، عومەر نورەدینی، شەونم محمد، هاوڕاز خۆشناو، حمدیە معروف، احمد وەرتی) كاك بیلال، فەرموو.

**بەڕێز احمد سلیمان عبدالله(بیلال):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من پێم وایە ئەم ماددەیە ئەصڵەن زیادە، پێویست نیە، من ئەو ماددەیە بەزیاد دەزانم، چونکە ئێمە وەختێ کە فەرمانبەرمان پێویستە بۆ حکومەت، داوا دەکەین کە فەرمانبەری تازە دابمەزرێنین، بۆ ئەم فەرمانبەرانەی کە پێشتر خاوەنی تەجروبەن ئێمە دەستبەرداریان بین، چونکە بەتەئکید ئەم فەرمانبەرانەی کە ئێستا لەحکومەتن، ماوەیەك ئیشیان کردووە، ئەوانە داوای گواستنەوە دەکەن لە کەرتی گشتیەوە بۆ کەرتی تایبەت، چونکە خاوەنی تەجروبەو فکرەی باشن، ئەوانەش قابیلی ئەوەنە کە فەرمانگەکان تەماحیان تێ بکەن، کە فیکرەی باشیان پێیە، لەوانەیە بۆ ئەوان موناسب بێت کە کەرتی گشتی بەجێ بهێڵن، من بەپێچەوانەوە دەڵێم ئەوانەی کە خاوەنی فکرەن، ئێمە دەبێ دەستیان پێوە بگرین و هانیان بدەین کە لەکەرتی گشتی بمێننەوەو نەڕۆن، چونکە ئێمە پێویستیمان بەوانە زیاترە، خۆ ئەگەر وانیە، بۆچی ئێمە $25$ هەزار فەرمانبەر دادەمەزرێنین، ئەگەر پێویستیمان پێیان نیە، لەبەر ئەوە من پێشنیار دەکەم، کە ئەم ماددەیە لابرێت، وە هیچ کەس ڕێگا نەدرێت بەو شێوەیە بگوازرێتەوە لەکەرتی گشتیەوە بۆ کەرتی تایبەتی، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، بەڕێز گوڵیزار قادر، فەرموو.

**بەڕێز گوڵیزار قادر اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی $12$ لەبڕگەی یەکەم، لەخاڵی ( أ )دا من لەگەڵیدام، بەڵام پێشنیار دەکەم، ئەوەی بۆ زیاد بکرێت، ( ئەگەر هەرکەسێك لەهەر فەرمانگەیەك بگوازرێتەوە بۆ هەر کۆمپانیایەك، لەکۆمپانیاکەش پارەکانی وخزمەتەکەشی بەخزمەت بۆ حساب بێت، هەر وەك چۆن لە فەرمانگەکە بۆی حسابە) وە لەبڕگەی دووەمدا کەهاتووە، : ئەبێت وەزارەتی دارایی وئابووری، پشتیوانی لەداهاتی سندوقی دەزگای خانەنشین وبیمەی کۆمەڵایەتی بکات) کەئەویش ڕێژەکەی لە $30$٪ە من پێم باشە کە ڕێژەی مووچەی خانەنشینی وبیمەی کۆمەڵایەتی زیاد بکرێت، ئەوە لەبەرچاو بگیرێت، فەرمانبەرەکان کاتێ کە پیر دەبن، زیاتر پێویستیان بە مووچەو پارەیە، هەر لەبەر ئەوەشە کاتێ کە فەرمانبەری ئێمە دەگەنە وادەی خانەنشینی، خۆیان خانەنشین ناکەن، چونکە مووچەکەیان زۆر کەمە، ئەوەش دەبێتە کۆسپ لەڕێگای دامەزراندنی گەنجان و کەسانی شارەزا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێز دانا سعید صۆفی، فەرموو.

**بەڕێز د. دانا سعید صۆفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێم وایە ئەوە یەکێکە لەو ماددە باشانەی کەلەم پرۆژەیەدا هاتووە، ئەویش لەبەر ئەو هۆیەی کە پێم وایە هەوڵێك هەیە، بۆ ئەوەی کە دووسەرە گرفتێك هەیە لێرەدا، ئەویش گرفتی هەڵاوسانی میلاکاتە

لەدەوائیرەکان، هەروەها گەشەنەکردنی کەرتی تایبەتە، پێم وایە ئەم ماددەیە هەوڵدەدات ئەو گرفتە چارەسەر بکات، لەڕێگای ئەوەی کە کۆمەڵێك فەرمانبەرت هەیە، کەزۆر زیادەن و بێ ئیشن لەدەوائیرەکاندا، بەڵام لەوانەیە ئەوانە لەکەرتی تایبەت پێویست بن، چۆن وادەکەی کە ئەوانە بگوازیتەوە بۆ کەرتی تایبەت، بێگومان لەڕێگای ئەو دەعمەی کەحکومەت لەڕێگای ئەو بودجەیەوە بۆیان تەرخان دەکات، نیوەی مووچەکەیان دەداتێ، هەروەها ئەوە پشتیوانی کردنی کەرتی تایبەتیشە، پێم وایە تەنها ئەو خاڵەی تێدایە کە دەتوانین بڵێین پشتیوانی کەرتی تایبەت دەکات و دەیبووژێنێتەوە، بەڵام لێرەدا ئێمە تووشی ئیشکالیاتێکی تر دەبین، ئەویش ئەوەیە بەرنامەی حکومەت ئەوەیە لێرەدا هەندێ لەو فەرمانبەرانەی کەزیاد لەدامودەزگاکان بگوازرێنەوە بۆ کەرتی تایبەت، بەڵام لەهەمان کاتدا ئێمە 25 هەزار میلاکی تازە ئیستحداس دەکەین، دەمانەوێت خەڵك دابمەزرێنین، ئایا وا باشتر نیە لەو 25 هەزارە بەشێك لەوانەیە بتوانن خۆیان کار بدۆزنەوە لەکەرتی تایبەیت، ناکرێت ئەو 25 هەزارەش لەزمنی ئەوەدا جێگایان بکرێتەوە، بابڵێین ئەو دەعمە بیانگرێتەوە، بەبێ ئەوەی کە فەرمانبەر بووبێتن لەدامودەزگاکانی حکومەت، ئەگەر ئێستا بتوانن کار بۆ خۆیان بدۆزنەوە، بابڵێین ئەو دەعمەی حکومەتیان بۆ بکرێت، یەعنی مەبەستم ئەوەیە، جۆرێك ئەو تەناقوزە ناهێڵین تاکو 25 هەزار کەس تەعین دەکەین، لەلایەکی تریشەوە هەوڵدەدەین بابڵێین ئەوانەی کە زیادەن لەدامودەزگاکانمان بیانگوازینەوە بۆ کەرتی تایبەت، شتێکی تریش هەیە، بۆ ئەوەی ئەو ماددەیە بەخراپی ئیستیفادەی لێ نەکرێت، پێم وایە دەکرێت هەندێ ڕێکاری یاسایی بگرینە بەر، بۆ ئەوەی کەرتی تایبەت نەتوانێت تەنها هەندێ خەڵك بۆ خۆی بگوازێتەوە، وە سوودمەند بێت لەو دەعمەی حکومەت، بەبێ ئەوەی هیچ کارێکیش پێشکەش بکەن، بۆیە پێم وایە دەبێت هەندێك ڕێکاری یاسایی بۆ ئەو ماددەیە دابندرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، بەڕێز ئارام قادر، فەرموو.

**بەڕێز ایوب نعمت قادر(ئارام):**

**بەڕێز سەرۆك پەرلەمان.**

من پرسیارێکم هەیە لە هەردوو وەزیری بەڕێز سەربارەت بەم ماددەیە، کە ئەم ماددەیە ڕێکارێکە بۆ چارەسەرکردنی کێشەی میلاکات، ئەو هاووڵاتیانەی کەڕوو دەکەنە حکومەت بۆ مەسەلەی تەعین بوون، پرسیارەکەم ئەوەیە، ئایا لەبڕی فەقەرەی یەکەم، کە 3 ساڵ نیوەی ڕاتب بدات بەو کۆمپانیانەی کەفەرمانبەرێك بۆی نەقڵ دەبێت، باشتر وانیە، ئەو هاووڵاتیانەی کە لەکەرتی تایبەت دادەمەزرێت بەخزمەت بۆی حساب بکرێت؟، کەئەمەش وادەکات لەوەی کە هاووڵاتیان بەو شێوەیە ڕوو لەحکومەت نەکەن، بۆ مەسەلەی دامەزراندن، ئەوەش خزمەتێکی زۆر زۆر گەورەشە، بۆ هاووڵاتیان و بەهێز کردنی کەرتی تایبەتیشە، ئەمەش یەکەم پێشینە نیە، بەڵکو لەپاش ساڵی 1992 کەڕێکخراوە نێودەوڵەتیەکان هاتنە ناو هەرێمی کوردستان، زۆرێك لەهاووڵاتیان لەوێ ئیشیان دەکرد بەعەقد، بەڵام دوایی حکومەت بەڕێکارێکی یاسایی ئەو ماوەی بەخزمەت بۆ حساب کردن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێز حسن محمد، فەرموو.

**بەڕێز د. حسن محمد سورە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە منیش پێم وایە ئەم خاڵە خاڵێکی زۆر گرنگە، گرنگیەکەی لەلایەکەوە کاردەکاتە سەر گەشەکردن وپەرەپێدانی کەرتی تایبەت، لایەنەکەی تریش ئەوەیە کەگرنگە بۆ مەسەلەی ئیسلاحی ئیداری، بەتایبەتی تەعینات ونەهێشتنی ئەو بەتاڵە موقەنەعەی کەئێستا لەدەوائیرو دەزگاکانی هەرێمدا هەیە، دەبینین کە زۆربەی ئەوانەی کە ئێستا فۆرم پڕدەکەنەوە لەوانەن کە ئێستا لەکەرتی تایبەت کار دەکەن، لەبەر ئەوە تەئسیر دەکات لەسەر ئەوەی کە ئەوان تەڕاجوع بکەن و لەکەرتی تایبەت بمێننەوە، بەڵام من پێم وایە ئەو خاڵە زۆر گرنگترە لەوەی کە بەماددەیەك لێرە بێت، چونکە بابەتێکی گرنگە، گرنگیەکەشی هەر وەکو باسمان کرد، دوو بەشە، بەشێکیان: مەسەلەی ڕاتبە، بەشەکەی تریش: مەسەلەی تەقاعودە، کە بەڕای من ئەمە پێویستی بەوە هەیە کە هەردووکیان جێگایان بکرێتەوە لەدوو یاسای زۆر گرنگ، یەکێکیان یاسای خزمەتی مەدەنیە، یاخود یاسای مەجلسی خدمە، ئەوی تریشیان لەیاسای زەمانی ئیجتماعی، نەك لێرە بەماددەیەك بێت، چونکە یاسای بودجە، یاسایەکی کاتیە، بەڵام ئەوەی کە دەکرێت بۆ مەسەلەی ئەو کارە شتێکی دائیمیە، پێویستە لەیاسایەکی تایبەتدا جێگای بکرێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، بەڕێز بێریڤان سەرهەنگ، فەرموو.

**بەڕێز بێریڤان اسماعیل سەرهەنگ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو ماددەیە بەباشترین ماددە دادەنێم، بۆیە بەتەواوەتی پشتگیری لێدەکەم، بەباشترین ماددە لە پرۆژە بودجەی ساڵی 2011، لەبەر چەند هۆیەك بەباشی دەزانم، ئەو شێوە ماددەیە لەوڵاتە پێشکەوتووەکاندا دەکرێت، چونکە یارمەتیدانە بۆ هەلی کار بۆ هاووڵاتیان، ڕێکخستنی کەرتی تایبەتەو بەستنەوەی بەکەرتی حکومەت، هەروەها دابین کردنی خانەنشینی بۆ ئەو فەرمانبەرانەیە کەلەکەرتی تایبەت ئیش دەکەن، هەروەها برەوا پێکردنی هاووڵاتیانە بەکەرتی تایبەت، گەشەکردنی کەرتی تایبەتە، بەڵام یەك پێشنیار دەکەم ئەو کەسانەی کەدەگوازرێنەوە لەکەرتی تایبەت ئیش بکەن، ئەو کەسانە بن کە شارەزاییان هەیە، خبرەیان هەیە، چونکە ئەوانە کەرتی تایبەت لەلای ئێمە تازەیە لەهەرێمی کوردستان،کەرتی گشتیمان زیاتر موسەیتەرە، بۆیە ئەگەر لەو بیست و پێنج هەزار کەسە ئەوانە نەبن، ئەوانەی کۆن بن لە کەرتی گشتی بگوازرێنەوە، دەست خۆشی لەو کەسە دەکەم ئەوەی ئەو مادەی دانایە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێز تارا ئەسعەدی، فەرموو.

**بەڕێز تارا تحسین یاسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشگیری تەواوی خۆم لەو ماددەیە دەردەبڕم بەراستی یەك دوو مەسج دەدا بە هاووڵاتیانی کەلە کوردستان دەژین، یەکەم ئەوەی گوێچکەمان لەسەری ڕاهاتووە کە هەموو گەنجێك کە تەخەروج دەکا هەردەم چاوی لە حکومەت دەبێت تەعینی بکات، ئەوەش ڕاستە مافێکی خۆیەتی وەکو گەنجێك لە ناو هەرێمەکە، بەڵام لەگەڵ پێشکەوتنی دنیاو وڵات ئێستا پێویستمان پێیە کە زیاتر بووژانەوەیەك بکەین بۆ لایەنی کەرتی تایبەت کە بە هۆی کەرتی تایبەتەوە هەر خۆمان وامان لێدێت زۆر جار لەگەڵ وولآتانی دەرەوە دێنین وە ئیستیفادە لەو کەرتی تایبەت ئەکەین بۆ بوژانەوەی لایەنی ئیعمارو، لایەنی پێشکەوتن، لایەنی دەروونی و مێشکی هەرکەسێك کە کارمەندە. لەبەر ئەوە تشجیع کردنمان بۆ ئەم بوارە یەکێکە لە کارەکانی بەراستی لە سیاسەتی ئێستای هەرێمی کوردستان و حکومەتەکەی و ئەو کەسانەی کە خۆیان بە دڵسۆزی ئەوە دادەنێن کە بەتاڵەی موقەنەعە بە شێوەیەکی زۆر نەمێنێت، لە هەمان کاتدا وا بکەن کە کەرتی تایبەت شان بە شانی حکومەت ببێتە هاریکار بۆی تاکو بتوانین جوانترین پێشکەوتن بۆ هەرێمەکەمان دروست بکەین. بەڵام ئەوەی کە خەڵك لێی دەترسێت هەردەم بۆچی چاوی لێیە حکومەت تعینی بکات لەبەر تەقاعودیەکەیەتی، بوونی ئەوەی کە قانون لە ناو وڵاتەکەدا هەیە کە قانونی (39)ی (71) کە بەراستی تەفعیل کردنی ئەو قانونە وە لە هەمان کاتدا دەرهێنانی ڕێنمایی تایبەت لە لایەن وەزارەتی داراییەوە بە زووترین کات ئەو شتەی کە لە ناو مێشك و هزری ئەو کەسانەن ئایا چۆن لە ڤیگاعی عامەوە چۆن لە حکومەتەوە بچنە تایبەت؟، ئایا حقوقیان دەمێنێ یان نا؟ بەڵێ هەموو حقوقێکیان دەمێنێت، وە ئەو ساڵانەی کە خزمەتیششان کردووە بە شێوەیەکی تر لە کەرتی تایبەت دێن خزمەت دەکەن، وە لایەنی تەقاعودی وا لە خەڵکی بکەین چۆن زەمان بکا وا لە خەلکەکان بکەین تاکو بتوانن چۆن بیمەی کۆمەڵایەتی خۆیان کە ئیشتراك دەکەن لێی بۆ خزمەتی خۆیانە، بۆ صالحی خۆیانە، بۆ تەقاعدی خۆیانە لە کەرتی تایبەت. لەبەر ئەوە ئەو مادەیە مادەیەکی باشە ئەگەر بێتو بە ڕێك و پێکی لەسەر ئەو دوو بوارەی کە هاوکاریشم لێرە (د. حسن ) هەر باسی کرد لایەنی راتبەکەی بڵێین مووچەکەی و، لایەنی تەقاعدیەکەی کە لە لایەن وەزارەتەوە بە زووترین کات تەحدیدی زەوابت و شەرتەکانی بکات تاکو کاری خۆی بە جوانی پیشان بدات لە هەرێمەکەدا سوپاس.

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەرێز سیوەیل عثمان ، فەرموو.

**بەرێز سیوەیل عثمان احمد :**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە نیسبەت ئەو مادەیە وا تەسەور دەکەم، (أ و ب) پەیوەندیان بە یەکەوەیە، ئەگەر دەمج بکرێ باشە، لەبەر ئەوەی یەکەم دەڵێ: (تتحمل وزارة المالية والاقتصاد نصف راتبه الذى يتقاضاه من الدوائر المنقول من ) دوایی لە (ب) یش دەڵێ: (تقوم الدائرة المنقول منها الموظف بصرف نصف الراتب) واتە ئەگەر ئەو (أ) تەواوی بکەین و لە جیاتی (ب) بکرێتە (يصرف لە نصف الراتب) وابزانم کیفایەتە، هەردوك تەقریبەن

یەك بابەتە، بە نسبەت فەقەرە (ج) یش ئەو کاتی دەبێتە (ب)، بە نسبەت (ثانیا: علی وزارة المالیة و الاقتصاد ) ئەوە تەواوە، بەڵام لێرەدا وابزانم ئەو موئەسەسەیە لەوانەیە ئەمە وەکو لیژنەی کاروباری کۆمەڵایەتی لێرە هەندەك کەم تەرخەم بین لەو بابەتەی لەبەر ئەوەی زۆر تەئکیدمان نەکردیتەوە ئەو موئەسەسەیەی کە 3٪ ی حکومەت دەیداتێ وا تەسەوردەکەم، مووچەی فەرمانبەران لەوێ لەو موئەسەسەیە وەردەگرن، پێویستە مووچەی فەرمانبەران لەوەی وەرنەگیرێت، لەبەر ئەوەی حکومەت 30٪ ی سندوقی زەمانە دەیداتە ئەو سندوقە، ئەو پارەی دەداتێ 30٪ لە بۆ ئەوەی دەیدا، کە ئەگەر کرێکار خانەنشین بکرێت سوودی بۆ وەرگرێ، بۆ ئەوەی نایدات، ئەو فەرمانبەرانە لەوێ کار دەکات موچەکەی لەسەر ئەوێ بێ، ئەگەر کاك عبدالسلامیش نازانم چونکە لە یەك لیژنەینە ئەویش ئەگەر پشتیوانی بکا یان رەئیەکەی من غەڵەت بێ نازانم، ئەمن و تەسەور دەکەم، بەڵام ئەو فەرمانبەرانەی لەو موئەسەسەی کار دەکەن لەو پارەی دەرنەکەن ببتە لە بۆ خانەنشینی. پێشنیارێکیشم هەیە بەرێز یەك پێشنیاریشم هەیە، ئەگەر ئەو کەسانەی کەبێ کارن، بێ کارن کە کاریان دەست ناکەوێ، ئەگەر حکومەت وا بکات مانگانە 150 هەزار دینار بداتە خاوەن کار یان کۆمپانیا، یان خاوەن کارە، واتە ئەو کەسەی کە بێکارە هاوکاری بکات، تا ماوەیەك ئەو 150 هەزار دینارەی بۆ سەرف بکات، هەتاکو ئیشی دەداتێ ئەو کۆمپانیایە، یان ئەو خاوەن کارە، دەکەوتە سەر پێو ئەو کاتە دەتوانی بشیبڕی. زۆر سوپاس.

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان:**

تکا لە بەرێزان ئەکەین موناقەشە لە دەرەوە بکەن، (جەنابی وەزیرو بریکاری وەزارەت) تکایە، لە ناو جەلسە رجائەن بێدەنگی موراعات بکرێت، بۆ ئەوەی گوێمان لە یەکتر بێت رجاتان لێئەکەین، بەرێز شوان کریم فەرموو.

**بەرێز شوان عبدالکریم جلال:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش هاوڕام لەگەڵ ئەو هاوکارانەم، کە پشتگیری ئەو مادەیە ئەکەم، وە بە مادەیەکی گرنگی ئەزانم، پێموایە ئەمە بیر کردنەوەیەکی سەلیم، هەنگاوێکی سەلیمی حکومەتی هەرێمی کوردستانە، بۆ برەودان بە کەرتی تایبەت، کە تا ئێستا لە هەرێمی کوردستان وەکو پێویست کارکردن لە کەرتی تایبەت نەچۆتە سەر سکەی خۆی. دیارە ئەو فەرمانبەرانەی کە دەگوێزرێنەوە یان بۆخۆیان دەچنە کەرتی تایبەتەوە، حکومەت بەشێك لە پارەکانیان بۆ 3 ساڵ دەدات، ئەوانە وەکو لە تەعدیلی یاسای خانەنشیندا هاتووە، خانەنشینی کرێکار وە کەرتی تایبەت، ئەوە بۆ خۆی ئەوەش مسۆگەر دەکات، ئەو دافیعەش لە لای ئەوانە دروست دەکات، کە لە کەرتی حکومیەوە بچن بۆ کەرتی تایبەت، چونکە ئەوەی کە تا ئێستا مەترسی بوو ئەوە بوو، کە کارکردن لە کەرتی تایبەت زەمانێکی نیە، تەقاعدی نیە، بۆیە خەڵك بە زۆری رووی ئەکردە دام و دەزگاکانی حکومەت، ئەترسا لەوەی لە کەرتی تایبەتدا ئیش بکات، ئەمە یەکێکە لەو هەنگاوانە بەرەو ئەو ئاراستەیەوە، ئەمە لەوانەیە ئێمە پێمان وابێ کە لەم دوو ساڵەدا لە سێ ساڵەدا بەرهەمی دەردەکەوێت،

بەلاّم بەرهەمی ئەم هەنگاوەی حکومەت بە ڕای من لە دە ساڵی ئایندەدا ئنجا بە تەواوەتی روون ئەبێتەوە، وە قازانجەکەی هەمووومان دەیبینن کە چەندە، وە چەند گرنگە، وەکو وتیشم ئەو تەعدیلەی کە دەکرێت، لە مەسەلەی خانەنشینی بۆ کەرتی تایبەت، پاڵنەرێکی باش دەبێت، بۆ ئەوەی هانی ئەو فەرمانبەرانە بدات کە دەیانەوێت بچنە کەرتی تایبەت. من یەك پرسیاریشم هەیە لە بەڕێزان وەزیری دارایی وە لیژنەی داراییش؟ لە مادەی دوانزە (أولا) کە ئەڵێ (عند نقل الموظف من دائرة من دوائر الاقليم ) پرسیارەکەی من ئەوەیە کێ ئەوە نەقل ئەکات؟، ئایا ئەو فەرمانبەرە بە ویستی خۆیەتی یا حکومەت خۆی نەقلی ئەکات؟، چونکە بەراستی خۆی دەبێ ویستی خۆی بێت، بە پلەی سەرەکی، لەبەر ئەوە من پێموایە ئەو صیغەیە، صیغەیەکی تۆزێ ناشیاوە لە رووی قانونیەوە، وا باشترە وای لێبکرێت کە ئەو فەرمانبەرە بە ویستی خۆی، ئەگەر نەقل بوو چووە کەرتی تایبەت وە هەتا دوایی.... ئەوە وەکو ملاحەزە وتم، ئەگەر جوابم بدەنەوە، زۆر زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، بەڕێز شڤان أحمد فەرموو.

**بەڕێزشڤان أحمد عبدالقادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

حقیقەتەن ئەو مادەیە مەوزوعێکی زۆر گرنگ باس دەکات، منیش هاوڕامە، لەگەڵ ئەوە کە ئەم مادەیە هەدەفەکە ناپێکێ، ئەوەی کە بۆی هاتووە، بۆیە ئەم موزوعە من بە باشتر دەبینم بە یاسایەك تەنزیم بکرێتن بۆ ئەوەی وزوحێکی زیاتری تێدا بێت و خیاراتی زیاتری ئیحتماله تێدا هەبێتن، چونکە بەو مادە من دەبینم هەدەفەکە تەحقیق ناکات، وە لە قانونی موازەنە کە تەشریعێکی موەقەتە من دەبینم جێیەکەی ئێرە نیە دەبێ بە یاسایەك تەنزیم بکرێت وا باشترە. ئەگەر هاتو ئەم مادە من تێبینیم هەیە لەسەر بڕگەی (أ) (تتحمل وزارة المالية والاقتصاد نصف راتبه الذي) راتبی چ؟ کامە راتب؟، راتبی ئیسمیە؟، یان لەگەل موخەصەصاتە؟. دەبێ قانون بە وازحی ئاماژە پێبکات، بۆ ئەوەی دیار بێت، وە منیش هاوڕامە لەگەڵ ئەوە کە ئەم دوو مادەیە دەکرێ هەردووك جەمع بکرێت، بەیەك فەقەرە ببێتە فەقەرەی (أ) زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس ، بەڕێز سەردار رشید فەرموو.

**بەڕێز سەردار رشید محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مادەی سیانزە دیارە پەیڕەو کردنی سیاسەتی گرنگی دان بە کەرتی تایبەت، لە لایەن وەزارەتی دارایی و ئابووریەوە جێگای دەسخۆشیە حقیقەتەن، بە دابین کردنی نیوە مووچەی هەر فەرمانبەرێك، یاخود هەر کرێکارێك کە پێشتر کرێکار بوون، بۆ ماوەی سێ ساڵ، ئەگەر لە فەرمانگەکانی حکومەتەوە ڕاژەکەیان

بگوازنەوە بۆ کەرتی تایبەت، دیارە ئیهتیمام دانە بە کەرتی تایبەت بۆ یەکەم جار لەم ولأتەی خۆماندا، کە وەکو وتم دیارە ئەوەش جێگای شانازیە، خۆ ئەگەر بکرێ چوار ساڵیش بێت هەر بۆ ئیهتیمام دانی زیاتر من پێموایە کارێکی باشترە، هەروەك دەزانین پاش گواستنەوەی کرێکار یان فەرمانبەر بە پێی یاسا دیارە ئەو یاسای ژمارە (39)ی ساڵی (1971) کە من پێموایە کە ئێستا لە پەرلەمانە لە لیژنەکەی ئێمە لیژنەی کۆمەڵأیەتیە لە حاڵەتی هەموار کردن و گفتوگۆو موناقەشەدایە لە سەری بۆ ئەوەی زیاتر لەگەڵ ئەم سەردەمەدا بگونجێت و بتوانین بە پێی یاسا بەراستی مافی ئەوانە دەسەبەر بکەین کە ئەچنە کەرتی تایبەت، دیارە  یاسای ژمارە (39)ی (1971) کە ئەو کەسەی کە لەوێ بۆ خۆی 5٪ی مووچەکەی ئەدا وە خاوەن کارەکە 12٪ کە هەموو دەکاتە 17٪، پاشان ئەو دەعمەشی کە دیسانەوە 30٪ یە، کە حکومەت بۆ سندوقی زەمانەی دەدا، دیسان ئەمەش پالپشتێکی گەورەیە بۆ جێبەجێ بوونی ئەو کارەی کە لە ئەو بەندەی کە لە یاساکەدا هاتووە. دیارە هەر بۆ وەکو خۆمان، دەزانین ئێستا لۆدێکی گەورە یاخود قورساییەکی زۆر گەورە لەسەر کەرتی گشتی هەیە کە ئەو هەموو فەرمانبەرو ئەوانەی لێیە کە من پێموایە بەم هەنگاوە ئەتوانین کەمێك لە بارو شانی دام و دەزگاکانی خۆمان حکومەتی خۆمان کەمتر بکەینەوە، بەلأم لە راستیدا من پرسیارێکم هەیە پاش ئەو هەموو ئیهتیمامەی کە لە لایەن حکومەت و، وەزارەتی دارایی و ئابووری و، وەزارەتی کارو، دابین کردنی کۆمەڵأیەتیەوە، پرسیارەکە ئەوەیە ئەو سندوقی زەمانەی کە لە ئەساسەوە 5٪ و 12٪  لە خاوەن کارەکە ئەچێتە سەر بەڕێوەبەرایەتیەکانی دابین کردنی کارو دەسەبەری کۆمەڵأیەتی، هەندێ لەو پارەی سندوقە بە راستی ئەکەن بە مکافەئە بۆ فەرمانبەرەکانی خۆیان، من پێموایە ئەمە پێچەوانەی یاسایە کە ئێمە لە زیارەتە مەیدانیەکانماندا بۆ سەرجەم ئەو بەڕێوەبەرایەتیانە، بەراستی ئەو حاڵەتەمان دیوە من تەمەنا ئەکەم حکومەت ڕێنمایی تایبەت بۆ ئەو مەبەستە دەرکا بۆ ئەوەی موعالەجەیەکی نیهائی لەو ڕووەوە بکرێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بەڕێز عبدالسلام بەرواری فەرموو.

**بەڕێز عبدالسلام مصطفى صديق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من وەکو بە ناوی خۆم وەکو ئەندامی پەرلەمان و وەکو سەرۆکی لیژنەی کاروباری کۆمەڵأیەتی قسە دەکەم: ئەمەوێ لە سەرەتاوە بڵێم بە راستی من هەڵوێستم لە بەرامبەر ئەم مادەیە دابەش کراوە لە بەینی دوو هەڵوێست. لە لایەکەوە برگە یەکەم یەعنی (أ و ب و ج) یەکێکە لە داخوازیەکان و لە پرۆگرامی لیستی کوردستانی بووە لە سەرەتاوە، وە لە هەمان کاتدا داخوازی هەموومانە ئەو بار گرانیەی لەسەر حکومەت هەیە بە ئەو ژمارە زۆرەی فەرمانبەران کەم کەن لە لایەکی ترەوەش من ئەبینم ئەگەر یاسا ئارەزوو بیت پاشان دەق بیت پاشان جێبەجێ کردن بێت، بە تێگەیشتنی منی بەسیتی نا پسپۆرانە دەبی ئیرادەیەکت هەبێت بۆ تەنفیزی فکرەیەك، دەبێ نەسێکت هەبێت تەعبیر لەو ئیرادە بکات، وە دەبیت میکانزمی

جێبـەجێ کردنـت هـەبێت، ئەگـەر وا تەماشـای ئـەو هەرسێ (أ و ب و ج) بکـەم ئـەبینم جێبـەجێ نـاکرێ، چـونکە کـەرتی تایبـەتی ئێمـە رێـك نـەخراوە نـا هۆشـیاریەك هەیـە دەربـارەی خانەنشـینی و خزمـەت و گواستنەوەی خزمەت و دەست نیشان کردنی پلەو مووچە، ئەمە هەمووی تەسەور ئەکەم لای فەرمانبـەرێك کە شارەزایی پەیدا کردووە لە بواری کارکردن لە فەرمانگەیەك وای لیئەکات ئـەو هـەنگاوە نـەنوێنێت واتـە ئەگەر ئەمە بیکەینە بڕیاریش، بیکەینە یاساش، من زۆر بێ ئومێدم لەوەی بکرێ. ئەوە لە لایـەك واتـە لـە هەڵ و مەرجیکدا کە کەرتی تایبەت رێکخراوە کە بیمەی کۆمەڵایەتی فعلەن ئیلزامیە لەسەر هـەموو کـەس وەکو یاسای (39) ئەڵێ: لە کاتێکدا کە سەندیکاکانی ئێمەو راگەیاندنی ئێمە ئەو هۆشیاریەی بـڵاو کـردووە لە کاتێکدا کە یاسای کارمان هەبیت، کە یاسای کار لە عیراق تەقریبەن راوەستاوە، یاسای (39) ی کـە باسـی بە بەژن و باڵای قسە ئەڵێن، ئەویش تەقریبەن نیمچە یان سێ چارەکی جێبـەجێ نـەکراوە، مـن سـەرەڕای وتم لەگەڵ ئەوەی کە زۆر پشتگیری ئەوە ئەکەم ئێمە هانی خەڵك بدەین وە ئالیات بدۆزینەوە بۆ ئەوەی لە کەرتی گشتی بچنە کەرتی تایبەت لە هەمان کاتدا من تەسەور ئەکـەم ئەگـەر هـەمووومانیش دەنگـی لەسـەر بدەین وە حکومەت هەموو هەوڵیش بدات من زۆر بێ ئومێـدم کـە خـەڵك ئـەو هـەنگاوە بنوێنێـت، چـونکە وەکو وتم ژێرخانەکە و هەل و مەرجەکە قەت ناگونجێت لەگـەڵ ئـەو ئـارەزووەی کـە هەیـە، مـن بـەدڵێکی ناڕازییەوە دەڵێم تەصەور دەکەم، من ناتوانم پشتگیری ئەو بڕگەیە بکەم، نەك لەبـەر ئـەوەی پرەنسـیپەکە ڕەفزە، بەڵکو کەم مەجالی جێبەجێکردنی هەیە، ئەمە یەکەم: دووەمیان: ئەم پێشـنیارەی لـە 30٪، ئەگـەر هـاتوو پەسـەند کـرا، تکایـە لیژنـەی یاسـایی چـەند هەڵـەی یاسـایی تێدایـە، ئەمـە نووسـراوە بەشـێوەیەکی ناپسپۆڕانە، ڕێزم بۆ ئەوانەی کە نووسیویانە، لە 30٪ی ئەو ئابوونانـەی دراونەتـە دەزگاکـە، نـەخێر ئەمـە گەڕاندنەوەی بڕگەی (ز) لە ماددەی 20 یاسای ژمـارە(39) سـاڵی 1971 کەلـەکاتی عێـراق لادرابـوو، یـەك پڕۆژە یاسای هەموارکردنی ئەم یاسایە هاتووەتە پەرلەمان و ئێمە لـە لیژنـە ڕاپـۆرتی کۆتایشـمان نـاردووە، لەوێ داوامان کردووە کە بێت، بەڵام خۆی دەقە ئەصڵیەکە ئەوەیە، 30٪ لەداهاتی سندوق، زۆر جیاوازە تۆ بڵێیت لە 30٪ لەداهاتی سندوق یـان لـە 30٪ لـەو ئابوونانـە، جارێ وشـەی ئابوونـە نیـە لـەوێ، بۆیـە تکا دەکەم، ئەگەر هاتوو پەسەند کرا، ئەمـە چـاك بکـەن، 30٪ لـە داهـاتی سـندوق، لـەباتی ئابوونـەی کـەدراوە بەدەزگا، لەماوەی ساڵی پێشووی دارایی، ئەو دەقە یاساییە ئەڵێت لەگەنجینـەی گشـتیەوە، لـە30٪ی داهـاتی ساڵی پێشوو دەدرێت، نەك وەکو ئەوەی لێرەدا هاتووە، لەنێو پـارەی تـەرخانکراوی وەزارەتـی کاروکاروبـاری کۆمەڵایەتی، تێنەگەشتم، خۆی سندوقەکە ئەصـڵەن لەوەزارەتـە، پـاش قـەراری 150ی صـەدام، سـندوقەکە ئەوەندە بچووك کرایەوە لەباتی موئەسەسەیەکی نیشتمانی کراوە بە بەشـێك لـە بەڕێوەبەرایەتیـەك، بۆیـە ئەوەی ئەخێر نووسراوە ( تێچووی دارایی لەنیوە پارەی تەرخانکراوی وەزارەتـی کاروکاروبـاری کۆمەڵایـەتی لەگەنجینەی گشتی) بەڕێزان من تەصەور دەکـەم ئێمـە ڕووبـەڕووی موهیمەیـەکی گـەورەتر دەبـین، ئەگـەر ئەمــە بــڕوات ئــەبینم هانــدەرێك بێــت بــۆ ئێمــە، چــونکە ڕووبــەڕووی چــەند کێشــەیەك دەبــین لــە جێبەجێکردنی، ئەوەش باشە تا ناچار بین ئێمە، یاسای کار بەزووترین کات دەربکـەین، یـان هـەموارکردنی

ئەو یاسایە لە عێراق هەیە، بۆ مەسەلەی بیمەکان، یاسای (39)لەماددەی دووەمی باسی هەر چوار جۆرە بیمەکە ئەکات، ئەوانەی کەزامن دەکرێن بۆ کرێکارانی کەرتی تایبەت، بیمەی خانەنشینیە، واتە کرێکار ئیش بکات و خۆی زامن بکات، بیمەی هەیە، خانەنشینی هەیە، بیمەی تەندروستیش هەیە، بیمەی ڕووداوەکانی کاری هەیە، بیمەی خزمەتگوزاری هەیە، ئێمە لەوهەموارکردنەی کە لە پرۆژەکەی حکومەت کردوومانە، داوامانکردووە بیمەی بێکاریش بێتە ناوی، ئەمەی کە هەندێ خوشك وبرا باسیان کرد، ئەوانەی کە بێکارن، ئالیەتێك هەیە، بێکاری ئەدرێت بەوانەی کە ساڵێك نەبێت ئیشی کردبێت، کە مەزموون بوو لە فەترەی ئیشکردنی نادرێت بەیەکێك کە تازە تەخەروجی کردبێت، بەڵام ئەتوانین ئەگەر باسی بودجەش نەبێت لێرەدا، ئەوانەی کە دەیانەوێت ئیش بکەن و شارەزایی نیە، یان ئەو شارەزاییەی نیە، لەبازاڕی کار جێگای بۆ نیە، بچێتە دائیرەکانی تەئهیلی میهەنی....

**بەڕێز سەرۆکی پەرەلەمان:**

زۆر سوپاس، کاتت تەواو، بەڕێز شێروان حەیدەری، فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەحەقیقەت من دوو مولاحەزەم هەیە، یەکەمیان: لە اولاً دەڵێت (عند نقل الموظف من دائرة من دوائر الاقلیم الممولة مرکزیاً او ذاتیاً) خۆی بەقەناعەتی من (الممولة مرکزیاً او ذاتیاً) خۆی عەمەلیەیەکی حسابیە، پێویست ناکات لە پێشەکی ماددەکە بێت، چونکە هەموو فەرمانبەرێك دەگرێتەوە، لەدەوائیری دەوڵەت چ تەمویلی زاتی هەبێت یان نەیبێت، دووەمیان: هەروەکو هەندێ لەبەڕێزان ئیشارەتیان پێدا، ئەگەر فەرمانبەر بێت یاسای خدمەو تەقاعودی فەرمانبەران لەسەری جێبەجێ دەبێت، ئەگەر کرێکاریش بێت، یاسای تەقاعودی و زەمانی ئیجتماعی لەسەری جێبەجێ دەبێت، واتە نەقڵی خەدەمات لێرەدا بە قەناعەتی من جێگای ئێرە نیە، جێگای یاسای تەقاعد و خدمەی مەدەنیە، تەقاعد و زەمانی ئیجتماعیە، ئەگەر جەنابی وەزیر تەوزیحێکمان بداتێ لەو بارەیەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێز عدنان عوسمان، فەرموو.

**بەڕێز عدنان عثمان محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەڕاستیدا وەکو برادەران باسیان کرد، ماددەیەکە ئەهەمیەتی خۆی هەیە ئەم ماددەیە، پار ساڵ لەناو بودجەی عێراقیدا دانرابوو، ئەگەر بیرم بێت 2 ساڵ دانرابوو، نەك 3 ساڵ، من دەمەوێت پرسیار لەجەنابی وەزیر بکەم، کە ئێمە پارساڵ لەناو بودجەدا دامان نەنا، بەڵام لەبودجەی عێراقی ساڵی 2010 دانرابوو، بابڵێین هۆکارەکەی چیە؟، ئایا دیراسەیەك کراوە؟، یان بڵێین ئەو تەجروبەیە لەعێراقدا ناجح بوو؟، کەئێستا ئێمە خستوومانەتە ناو بودجەی ئەمساڵەوە؟، ئەمە پرسیارێکی سەرەتایی بوو، مەسەلەیەکی تر

هەر لەسەرەتاوە باسی نەقڵ ئەکات، نەقڵی گواستنەوەی فەرمانبەر لە کەرتی گشتیەوە بۆ کەرتی تایبەتی، ئەم نەقڵە جۆرێکە لە فەرمان، یەعنی ئەمر، ئیجرائێکی وەزیفیە، چۆن نەقڵ ئەکرێت؟، ئالیەتی نەقڵەکان چۆنە؟، بەخوایشتە یان حکومەت خۆی لەگەڵ کەرتی تایبەت ئیتیفاق ئەکات؟، کەرتی تایبەت مەرجەکانی چیە؟، چ فەرمانبەرێك وەردەگرێت؟، بۆیە لەڕاستیدا کێشەی نەقڵ ئیشکالیە، جۆرێك لەئیرادەو ئیختیاری تێدا نیە؟، مەوزوعی نیوەی مووچەکەی، نیوەی مووچەکەی لەدائیرەکەی خۆیدا، بابڵێین مەبلەغێکەو لە کەرتی تایبەتیش مەبلەغێکی ترە، ئەو ئیغرائە مالیە چیە؟، کە فەرمانبەرێك، ئەگەر بەخوایشتی خۆی بێت، و فەرز نەکرابێت بەسەریدا لەلایەن حکومەتەوە، ئەو ئیغرائە داراییە چیە؟ کە کەسێك دەچێتە کەرتی تایبەت و لەوێ ئیش ئەکات، ئێمە دەزانین خەڵکێکی زۆر کەدەیانەوێت تەعین بن لەحکومەت، بەشێکی ئەساسی پەیوەستە بە داهاتووەوە، زەمانی داهاتووی خۆی و ماڵ و منداڵی، مەوزوعی خانەنشینیە، ئایا تۆ $3$ ساڵ کەسێك ئەنێری بۆ کەرتی تایبەت، ئەم کەسە دای ئەبڕیت لەهەموو ئیمتیازە حکومیەکانی، لەهەموو مافەکانی، دوای $3$ ساڵ ئەو کەرتە، ئەو شەریکەیە، ئەو دەزگایە، ئەو کەسە دەربکات، بەهەر هۆیەك لەهۆکارەکان، زەمانەتەکانی ژیانی ئەم کەسە چیە؟، تۆ وای لێدەکەی لە حکومەت دەستی دەبێتەوە، لەکەرتی تایبەتیش دەستی دەبێتەوە، ئەمە زەمانەتەکانی چیە؟، لێرەدا هیچ باس نەکراوە، لەوانەیە خاڵی (ج) وەزارەتی مالیە تەعلیمات دەردەکات، ئەو تەعلیماتانە چیە؟، ئایا فەرزی دەکات لەسەر کەرتی تایبەت، کە ئەم کەسە لەدوای $3$ ساڵ لە ئیش کردن، کەمن پێم وایە $2$ ساڵ تێستێکی گرنگە، دوای $3$ساڵەکە کە فەرەزەن لێرە وابێت، دوای ئەو ماوەیە، زەمانەتی مانەوەی چیە؟، لەڕاستیدا ئیمە چۆن، ئەو شتە فەرز دەکەین بەسەر کەرتی تایبەتدا، کە ئەو کەسە لەلای خۆی قبوڵ بکات، یەعنی کەسێك ئەوە $10$ ساڵە لە وەزیفەیەکی عامدایە، تۆ کە نەقڵی دەکەی بۆ کەرتی تایبەت دوای $3$ ساڵ، لەوانەیە دەربکرێت، ئەمەش بەقازانجی کەرتی تایبەتە، یەعنی هەست دەکەیت ئەم ماددەیە زۆرتر موراعاتی کەرتی تایبەتی کردووە، نەك موراعاتی فەرمانبەرەکە، من پێم وایە کەرتی تایبەت و کەرتی عام جیاوازییەکەیان لەوەدایە، کە ئەم گرنگی بە بەرژەوەندی گشتی دەدات، ئەویش بەرژەوەندی تایبەتی خۆیەتی، بۆیە دەوڵەت لێرەدا بەرژەوەندی ئەو فەرمانبەرە ڕەچاو بکات، بۆیە کە دەچێتە کەرتی تایبەتیش، هەمان خەمی هەبێت، ئەمە چی بەسەر دێت، چارەنووسەکەی چی دەبێت، بەچ ئالیەتێك ومیکانیزمێك ئەم مەسەلەی چارەسەر دەکرێت؟، من هیوادارم کەجەنابی وەزیر باسی ئەوە بکات، کە تەعلیماتەکان چیە؟، وە چۆن فەرز دەکرێت؟، کە فەرمانبەر لەدوای $10$ ساڵ ئیشکردنی لە دائیرەیەکی عامەوە کە نەقڵی دائیرەیەکی خاص دەبێت، زەمانەتی ژیان و حەیاتی چۆن ئەبێت، چۆن بەردەوام دەبێت لەکەرتی تایبەت، ئەو شەریکەی کە ئەو ئیشی تێدا دەکات، ئەگەر ئیفلاسی کرد یان فەشەلی هێنا، جارێکی تر بۆ نەتوانێت بگەڕێتەوە بۆ دائیرەکەی خۆی، دائرە عامەکە کەلەوانەیە ئیشی پێ بێت، یەعنی مەسەلەکە لێرەدا ئەوەیە نابێت ئێمە ماددەیەك دابنێین، کە حکومەت بۆ خۆ ڕزگارکردن لەئەو ڕێژە زۆرەی وەزیفە کەخۆی تووش کردووە، ئێمە بەشێوەیەك چارەسەری بکەین کە لەسەر حسابی فەرمانبەر بێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، بەڕێز عومەر نورەدینی، فەرموو.

**بەڕێز عمر حمە امین خدر:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لەڕاستیدا ئەو فكرەیەی كە ئەم ماددەی بۆداڕێژراوە، فكرەیەكی باش و چاكە، بەڵام شێوازی داڕشتنی جۆرێك لە تەم و مژی و ئاڵۆزی پێوە دیارە، كەئاوا بمێنێتەوە ڕەنگە نەتوانێ باش ئەو مەبەستە بپێكێت كە بۆی دانراوە، بۆ نموونە باسی نەقڵ و گواستنەوە دەكات، بەڕێزان كە كارمەندی حكومەت دەگوازرێتەوە هەم ناونیشانی وەزیفی دەمێنێت، هەم حقوق و ئیمتیازاتی دەمێنێتەوە، بەڵام كە دەچێتە كەرتی تایبەت هەم عینوانەكەی لەدەست دەدات، هەم ئەو حقوق وئیمتیازاتانەی نامێنێ كەلەناو حكومەتدا هەیبووە، بۆیە لەجیاتی گواستنەوە، بەڕاستی لەباتی گواستنەوە وشەیەكی تر بێت، وەك دەستبەردار بوون، یان ڕۆیشتنی یەكجارەكی لەحكومەت بۆ بەكار بێت، چونكە بەڕاستی ئەوە نەقڵ بوون نیە، بەڕەئی من ناچێتە چوارچێوەی نەقڵ بوونەوە، هەروەها كێن ئەوانەی كە نەقڵ دەبن، من كەرتی تایبەت بم، بەئەزموون ترین و باشترین كارمەند لەناو حكومەت دەبەم بۆ كەرتی تایبەت، كە ئەوەش دیسان بۆ خۆی شایەنی لەسەر وەستانە، هەر دیارە یەكێك لەو ئامانجەی كە بۆی دانراوە، مەسەلەی مامەڵەكردنە لەسەر دیاردەی هەڵاوسان و بێكاری، بەڵام ئەو جۆرە بێكارییە كە لێرەدا ئەم ماددەیە عیلاجی دەكات، بێكاری داپۆشراوە لەناو حكومەتدا، هەڵاوسانی ناو حكومەتە، نەك تەعامولكردن لەگەڵ بێكاری ناو كۆمەڵگا، بۆیە ڕەنگە ئێستا ئێمە هەوڵ بدەین، ئەم ماددەیە بگۆڕین بڵێین كەرتی تایبەت، لەدەرچووانی زانكۆو پەیمانگاكان كەلەلای خۆی ئیشیان بۆ دەدۆزێتەوە، ئێمە بۆ ماوەی $3$ ساڵ، بڕێك هاوكاری دەكەین، باشتر و دەقیق تر بێت لەوەی كە ئێمە خەڵك بكەین بە فەرمانبەر، پاشان هەوڵ بدەین بینێرینە ناو كەرتی تایبەت، لەوێ بەم شێوەیە ڕاستەوخۆ دیاردەی بێكاری لەناو كۆمەڵگادا هەیە، لە ڕێگەی كەرتی تایبەتەوە تۆ چارەسەری دەكەیت، هەروەها پشتیوانی و هاندانیش بۆ كەرتی تایبەت دەكەیت، سەبارەت بەمەسەلەی هاوكاری و هاندانەكە لێرەدا، زیاتر بۆ دامودەزگاكانی كەرتی تایبەتە، بەڵام دەبێت جۆرێك لەهاندانیشی بۆ كارمەندەكە تێدا بێت بەڕاستی، بۆ ئەوەی تەشجیع بێت، هەوڵ بدات كاری خۆی، كارمەندی خۆی، عینوانی خۆی، شوێنی كاركردنی خۆی لەناو حكومەتدا بگوازێتەوە بۆ كەرتی تایبەت، وەكو بەڕێزان باسیان كرد، كارمەندێتی و پیشە لەناو حكومەتدا جۆرێك لە ترس ودڵەڕاوكێ لەلایەن فەرمانبەر بهێنێتە ئاراوە، ئەگەر زەمانەتی بەردەوامی ئەم حقوق و ئیمتیازاتە لەلایەن كەرتی تایبەتەوە نەبێت، بۆیە بەڕەئی من لەجیاتی ئەوەی بڵێین نیوەی مووچەكەی، ڕاستەوخۆ بۆ كەرتی تایبەت دەچێت و ئەو هاندەدەین، دەبێت هەوڵ

بـدەین بەشـێك لـە مووچـەكەی بـدرێت بـەو كارمەنـدەی كـە لـەناو حكومەتـەوە خـۆی دەگوازێتـەوە یـان بەتەعبیرێكی تر حكومەت بەجێ دەهێڵێت، دەچێت بۆ كەرتی تایبەت، واتـە پێویسـتە تەشجیع و هانـدانی كارمەندەكەشی تێدا بێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، بەڕێز شەونم محمد، فەرموو.

**بەڕێز شونم محمد غریب:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

قسەكانی من لەلایەن هاوڕێكانمەوە كران، بۆیە پێویست ناكات دووبارەی بكەمەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

دەستخۆش، سوپاس، هاوڕاز خۆشناو، فەرموو.

**بەڕێز هاوڕاز شیخ احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەبارەت بەو ماددەیە، دیارە دەقی ئەو ماددەیە لە یاسای بودجەی ئەنجومـەنی نوێنـەرانی عێـراق ئەمساڵ پەسەند كراوە، هەروەكو بە دوو بڕگەش هاتووە لـەوێ، ئـەوە بـۆ زانیـاری، نـازانم مـن لەسـەر ئـەم ماددەیـە پرسیاری ئەوەم هەیە، ئایا لەكوردستان ئەم ماددەیـە بـە دیراسـە كـراوە؟، چونكە بەڕاسـتی ئێمـە هەمیشـە لەگەڵ ئەوەداین، كە هـەلی كـار زۆرتـر فـراوان بێـت، زۆرتـر خـەڵكی دابمـەزرێت، بەتایبـەتی بـواری كـەرتی تایبـەت كـە بـوارێكی گرنگـە، بـۆ ئـەوەی ئـەم قورساییە كـە هەیـە، ئـەم هـەموو فەرمانبـەرە، ئەگـەر ڕووە ڕاستەقینەكەشـی نـەبێت كـە لەسیاسـەتی بودجـەدا هـاتووە، دیـاری بكرێـت، مـن نـازانم كـە ئایـا حكومـەت لەخزمەتی فەرمانبەرانی خۆی هێندە بێ نیازە؟، ئایا ئەوانە لە چ پلەیەكن كە لە كەرتی حكومەتـەوە، یـان كەرتی گشتیەوە نقڵ دەبن بۆ كەرتی تایبەت، ئەمانە لێرە وازح نیـە بەڕاسـتی، مـن پـێم وایـە ئەگـەر ئێمـە زیاتر بـواری كـاركردنیش بڕەخسێنین، هـانی تـازە دامـەزراوان بـدەین، وە ئیمتیـاز بـۆ ئـەوان زیـاد بكـەین، لەجیاتی ئەوەی ئەم كارە بكەین، ئیمتیازات بۆ ئەوان زیاد بكەین، بـۆ ئـەوەی لـەبوارەكانی كـەرتی تایبەتـدا كار بكەن، من بەڕاستی هێندەی ئەو ماددەیە تەماشا دەكـەم، وەكو كـاك عـەدنان وتـی، موراعـاتی زۆری بـۆ كەرتی تایبەت تێدایە، من پێم وایە نازانم كەرتی تایبەت لـەلای ئێمـە كـە هەیـە، هاوكـاری زۆری دەكرێـت، ئاسـانكاری زۆری بـۆ دەكرێـت، بۆچـی نابێـت كاتێـك كـە گـەنجێكی ئێمـە لـە كۆلیـژێك دەردەچـێت، لـە پەیمانگایەك دەردەچێت، پێم وایە توانایەكی باشی پێیـە بـۆ كـاركردن، ئایـا ئێمـە هێنـدە ناپێویسـتین بـەو فەرمانبەرانەی كە هەمانە؟، بەو شێوەیە بیانگوازینەوە بۆ كەرتی تایبەت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، بەڕێز حمدیە معروف، فەرموو.

**بەڕێز حمدیە معروف احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

زۆربەی قسەکانی منیش کران، بەڵام ئەوە پێشنیار دەکەم لەخاڵی (ج)، پێشنیار دەکەم ئەوەشی بۆ زیاد بکرێت، ئەگەر وەزارەتی دارایی وئابووری ڕێنمایی دەرکرد ومەرجی دانا، ئەوە با بەسەلاحیەتی هەردوولا بێت، بەووردی و بەلەبەرچاو گرتنی مافەکانی هەردوولا، بەتایبەت فەرمانبەری گواستراو، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، بەڕێز احمد وەرتی، فەرموو.

**بەڕێز د. احمد ابراهیم علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بەماددەی 12 کە دەبێت بە ماددەی 13، لە پرۆژە یاسای بودجە، لەڕاستیدا هاندانی هاووڵاتیان بۆ کارکردن لە کەرتی تایبەت و گواستنەوەی ئیختیاری کارێکی باشە ئەم هاندانە بۆ ئەوەی کە کەرتی تایبەت گرنگی پێ بدرێت، بەڕای من ئەم گواستنەوەیە گواستنەوەیەکی ئارەزومەندانە بێت باشە، سەرەتای ماددەکە لەگەڵ گواستنەوەکەدا بنووسرێت لەکاتی گواستنەوەی فەرمانبەر بەشێوەی ئارەزومەندانە لە فەرمانگەیەك لە فەرمانگەکانی هەرێم، کە بودجەکەی لە ناوەندەوە یان خۆبەخۆ دیارە لە کوردیەکەدا شتێکی پەڕاوە کە بودجەکەی لە ناوەندەوە یان خۆبەخۆ دەدرێت یان تەمویل دەکرێت، ئەوە نەنووسراوە، ئایا ئەمە گواستنەوەیە گواستنەوەیەکی ئارەزوومەندانەیە یان بە ئیجباری حکومەتی هەرێم کێی بوێ ئەیگوازێتەوە؟ بەڕاستی لەبەرئەوە من باشە ئەم وشەیە لەسەرەتای ماددەکەوە زیاد بکرێت، ئەمە یەکەم، پاشان هەردوو خاڵی أ و ب وەکو لە پێشنیارەکەی ڕاپۆرتی لیژنەی یاسایی هاتبوو کە بەڕێز لیژنەی دارایی نەیخوێندەوە، پێموایە هەردووکیان یەکن ئەو دوو خاڵە دەکرێت بکرێن بە یەك، هەردووکیان لەیەك بدرێن، بەڵام سەبارەت بە نیوەی ئەو ڕاتبەی کە ئەو دائیرەیە فەرمانبەری بۆ نەقل دەکرێت، ئایا بەڕاستی بۆچی ئەم نیوە راتبە دەدرێت بەم دائیرەیە، بۆچی تەسلیم بەو فەرمانگەیە دەکرێت؟ بۆچی لەڕێگایەکی ترەوە حکومەت نایدات بەکارمەندانی خۆی؟ ئەگەر ئەو پارەیە بدرێت دائیرەکە خۆی ڕەنگە منەتێك لەسەر ئەو فەرمانبەرە دروست بکات کە پارەکەی پێ دەدات، بەڕاستی ئایا نیوەی ئەو ڕاتبە لەگەڵ ئەو نیوەیە پێکەوە دەبێت بەڕاتبێکی تەواوی ئەو کارمەندە کە  بۆ ئەو فەرمانگەیە یان بۆ ئەو کەرتی تایبەتە نەقل کراوە، یان نا؟ لەبەرئەوە من پێم باشە بە ڕێگایەکی دیکە و بە ئالیەتێکی دیکە ئەم مووچەیە بدرێت بە کارمەندەکان لەڕێگەی بانکەوە تا سێ ساڵ نیوە پارەکە بە خۆی بدرێت و ئەوەی تری لەو شوێنەی کەبۆی نەقل دەکرێت لەکەرتی تایبەتەوە پێی بدرێت، دیارە سەبارەت بە تەقاعودی ئەمە بۆ خۆی زۆر گرنگە کە هاوکارانم باسیان کرد، گرنگ لێرەدا ئەوەیە کە ئەوکارمەندەی کە دەگوازرێتەوە بۆ کەرتی تایبەت ئایا زەمانی ئەوە هەیە کە خانەنیشین بکرێت و ساڵانی خزمەتی بۆ حساب بکرێت یان نا؟ لێرەدا ئاماژەی پێ نەکراوە، ڕەنگە باس کردن لەمەسەلەی خانەنیشینی پەیوەندی بە یاسای خانەنیشینی و یاسای

زەمانەوە هەبێ، بەڵام پێموایە لێرەش گرنگ بوو، چونکە لێرە دواتر لە برِگەی ج دا ئاماژە بەوە دەکات کە دەبێ وەزارەتی دارایی وئابووری تەعلیمات دەردەکات بۆ جێ بەجێ کردنی ئەم فەقەرەیە، واتە ئەو کاتە زەوابتەکان لەوێدا دەردەکەوێ کە مەرجەکانی چیە، لەبەرئەوە ئەگەر ئاماژەیەك لێرە بدرابا بۆ ئەوەی کەمافی ئەو کارمەندە پارێزراو بێت لەکاتی نەقل کردنەکەدا، گرنگیشە لەوەدا کە باس لە تەقاعودی دەکرێت تەمەنی تەقاعودی تەمەنی ساڵانی خانەنیشینی کەم بکرێتەوە، بەڵام ڕەنگە زۆر پەیوەندی بە ماددەکەی ئێرەوە نەبێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر لە موداخەلەی بەڕێزان ئەوە بوو کە شەرحیان کرد، یەعنی بەدیلێك نەبوو کە ماوەیەکی زۆرە ئەم ماددەیە لە لیژنەکانە و لەبەردەستە موناقەشە کراوە، بەڵام بەدیل نەبوو، هەندێ تەرح هەبوو کە ئیلغا بکرێت، نیزامی کاك برهان فەرموو.

**بەڕێز برهان رشید حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تەبیعی ئەم ماددەیە لە ماددەی12 ی بودجەی عیراقی وەرگیراوە، بەڵام ئەوەی نەزەری منی وەرگرت کە جێی سەرنج بوو لەلای من لەکوردستاندا لە وەزارەتی دارایی بەڕێوبەرایەتی گشتی خانەنیشینمان هەیە، ڕاستە دەزگای پێشمەرگە دێرینەکانیشمان هەیە، خانەنیشینی، بەڵام ئێمە شتێکمان نیە ناوی موئەسەسەی تەقاعود و زەمانی ئیجتماعی بێت، نەمزانیوە شتی وامان هەبێ، نەم بیستووە، بەڕاستی ئەمە بۆ مەوزوعێکی تر ڕامان دەکێشێ، کە لە تەخسیساتی 2011 باس لەوە دەکات کە لە 2009 دا(648) (شەش سەد و چل و هەشت ملیۆن ) و تا 6/30 (حەوت سەد و هەشتا ملیۆن) ئەم ساڵ (ملیارێك و حەوت سەد و دوو ملیۆن)، ئەمە شتێکی تریش ڕا ئەکێشێ بەخۆیەوە، ئەو پارانەی کە وەرگیراوە ساڵانی پێشوو کە بە پێی تەعلیماتی 25 ی ساڵی 1960 راتب دەدرێ.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك برهان بەسە تێ گەیشتین، نیزامیەکەت گەیشت دەست خۆش، کاك د.ئاراس فەرموو.

**بەڕێز د.ئاراس حسين محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەروەکو بەڕێزت فەرمووت دەربارەی بۆچوونی ئەندامە بەڕێزەکان ئێمەش هەمان بۆچوونمان لا دروست بووە، بە پێی بۆچوونی سەرۆکایەتی لیجنە، ئەو ماددەیە کە هاتووەتە پرۆژە یاسایەکەوە لەو مونتەڵەقەوە هاتووە کە حکومەتی هەرێم بەتەمایە پرۆژە یاسای خانەنشین و دەستەبەری کۆمەڵایەتی دەربکات، بە پێی بۆچوونی ئێمە و بە پێی بۆچوونی سەرۆکایەتی لیجنە، ئەو بۆچوونانەی کە ئێستا ئیسارە کرا لەلایەن ئەندامە بەڕێزەکانەوە، وەڵامی ئەتوانین لەو پرۆژەیە یاسایە ببینینەوە ئەگەر هاتو پەسەند کرا،

لەبەرئـەوە ئـەو بۆچـوونانە هـەروا دەمێنێتـەوە بـە كراوەیـی ئەوەنـدەی سـەرۆكایەتی لیژنـە تێبینـی كـرد، ئەوەی تریش بەجێ ئەهێلێم لەڕێگەی جەنابتەوە بۆ بەڕێز نوێنەری حكومەت لێرە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك خورشید فەرموو.

**بەڕێز خورشید احمد سلیم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەڕاستی ئەو ماددەیە وەكو بلێی دوو سەرەیە، یەك/ ئەگەر بێتو ئێمە دەرگا بكەینەوە خەڵك لـە دەوائـیری حكومەت بچێتە قتاعی خاس، ئەوا هەرچی فەرمانبەری زیرەك و مەحاسبی زیرەك و ئەوانـەی بـە توانـا و شیان لە كـەرتی حكومی دەچـنە كـەرتی تایبـەت، تەجروبـەش كـە ڕێكخـراوە بیانیـەكان هاتنـە كوردسـتان، هەرچی موهەندس و فەرمانبەری زیرەك هەبوو لە كەرتی عام چوونە كەرتی تایبەت، ئەمە لێرە حكومەت زەرەرێكی زۆر دەكات، ئەگەر بلێین دەرەجاتی شاغر، دەرەجـاتی شـاغر ڕاسـتە ئیحتمالـە هەنـدێك دەرەجـە دروست بێ، بـەڵام لەسـەر حسابی ئـەدای حكومـەت ئـەو شـتە ئـەنجام دەدرێـت، دوو/ ئەسـڵی ئـەو ماددەیـە شوێنی لێرە نیە، چونكە زۆر تەسائولاتی بەدواوەیە، مەسەلەن من لەكەرتی عام بچمە كـەرتی تایبـەت، دوو ساڵ لە كۆمپانیایەك پاشی خیلاف بوو لە مابەینی من و كۆمپانیاكە، دەركرام یان ئیسقالەم دا، مەسیرم چی دەبێت، زۆر شت بە دوای ئەوەدایە، لەبەرئەوە بەڕاستی ئـەم خاڵە جێگـا و كـاتی ئـەوە نیـە ئێمـە پێشـنیار دەكەین ئەوە هەڵبگرێت بۆ كاتێكی تر هەتا ئەو یاسایەی ئێمە باسی لێوە دەكـەین پەسـەند دەكرێـت و زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێزان نوقتەیەك هەیە كە باسی بكەین، كە عامل یان موزەف ئیجبارەن دەبێ هەتا مردن لـە جێـی خـۆی بێت ئەمە گوناحە و دژی مافی مرۆڤە، ئینسان ئازادە، مـەجالێكی تـر هـەبێت و پێـی خـۆش بێـت دەچـێت، زۆر زۆر تەبیعیە، یەعنی ئێمە نابێ خەڵكی خۆمان پابەنـد بكـەین، تـەوق بكەینـە بـان تـۆ ئـیللا بتـەوێ و نەتـەوێ ئـەبێ لێـرە بیـت، بـەس كـە ماددەكـە جێـی لێـرە نیـە، ئـەوە مەسـەلەیەكی تـرە، جـەنابی وەزیـر ڕوونكردنەوەتان لەسەری؟

**بەڕێز شێخ بایز تاڵەبانی/(وەزیری دارایی و ئابووری):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دیارە ئـەم ماددەیـە زیـاتر بـۆ ئەوەیـە كـە هەنـدێ زەخـت لەسـەر حكومـەت لابچـێ و لـە عـەینی وەختـیش تەشجیعی كەرتی تایبەت، ئەم مەوزوعە زۆر دیراسەت كراوە، دیارە لە پێشەوە كە ئەم ماددەیە بەو شێوەیە هاتووەبە (أ و ب) دیارە مەوزوعی أ كە لە (أولا) هاتووە ئەمە عیلاقەی بەو دائیرانەوە هەیـە كـەوا تـەمویلی زاتی دەكرێن، بۆ نموونـە دائـیرەی كارەبـا، كـە ئـەو دائیرانـەی كـە ربـح و خەسـارەیان هەیـە، ئـەوەی تـر كـە

هاتووە لە (ب) دا جارێکی تر باسی کردووەتەوە ئەوە بۆ ئەو دەوائیرانەیە کە رەبتیان بە خەزینەی مەرکەزیەوە هەیە، بە خەزینەوە هەیە، مەوزوعی ئەم نەقڵە ئەمە شتێکی ئیختیاریە، هەرکەسێ کە بیەوێ لە کەرتی تایبەت تەعین بێت و موەزەف بێ و بیەوێ لەوێ بێ و مەعاشەکەی لەوێ زیاترە و پێویستی بەوەیە لەوێ بژیت، داوا پێشکەش دەکات بۆ حکومەت، ئەو وەختەحکومەتیش دیراسەتی دەکات، ئایا ئەو وەزیفەیە تەئسیر ناکاتە سەر وەزعی حکومەت، ئەگەر بزانێ ئەو وەزیفەیە پێویستی پێ نیە، ئەو عنوانەی پێویست نیە موافەقەت دەکات و دەروات، مەوزوعەکە لێرە ئەم گواستنەوەیە بەو شێوەیە نیە بەو شێوەی ئەو خۆی موەزەف بووە لە حکومەت داو خزمەتی خۆی هەبووە، ئێستا دەچێتە کەرتی تایبەت لەوێش عەینی خزمەتی خۆی هەیە، چونکە لەوێش هەر مەشمولە بە قانونی تەقاعود و زەمان و قانونی تەقاعود و زەمان کە لەوێ وەری دەگرێت، لەگەڵ ئەو خزمەتەی ئێستای یەك ئیزافەی سەرئەوی تر دەکرێت، بە پێی قانون، باس لەوە دەکرێت کەوا دائیرەی تەقاعود و زەمان نیە، بەڵێ دائیرەی تەقاعود و زەمان هەیە و مدیریەتی تەقاعودی عام و تەقاعود و زەمانی ئیجتماعی و زەمانی عامیش هەیە، وە مدیر عامەکەشی ناوی (حاجی رسول)ەو پارەشیان زۆرە و پارەکەشیان ئێستا دەیانەوێ ئیستیسماری پێ بکەن، ئەم مەوزوعە کە ئێستا بەو شێوەیە هاتووە، بە نیسبەتی حکومەتیش کە بڕیاری داوە کەوا دەعمیان بکات و بتوانێ ئەو خەڵکەی کەوا ڕۆیشتووە بۆ ئەوەی لەوێ ئەوانیش...... ، یەعنی بۆ ئەوەی کە هەموو کەسێك مەشمول بێت بە قانونی تەقاعود و زەمان، خزمەتکردن، بە نیسبەتی خزمەتی تەقاعودیەوە چ قانونی تەقاعود و زەمان بێت چ قانونی تەقاعودی خدمەی مەدەنی بێت، بە هەمان شێوەیە، ڕەنگە هەیە هەندێ تەغیراتی تیا هەبێ لە ئیشەکاندا، ئێستا حکومەت دیراسەتی ئەوە دەکات کەوا ئیشەکانیان تەقاروب پێ بکات و بینێرێ بۆ پەرلەمانی بەڕێز بۆ ئەوەی موسادەقی لەسەر بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عبدالسلام نوقتەی نیزامیت هەیە، فەرموو.

**بەڕێز عبدالسلام مصطفى صديق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من نیزامیەکەم وەکو سەرۆکی لیژنەی کاروباری کۆمەڵایەتیە کە چەند چەمك و داتا باس کران، دەترسم بمێنن لەناو ئەو یاسایە، ئەگەر ڕێگام بدەی جەنابت؟ یەك/ وشەی نەقل توخوا من لەگەڵ کاك عمریش باسم کرد، نەقڵ لەناو فەرمانگەکانی حکومەت هەبێ، ئەمە نەقل نیە، ئەوە کۆتایی هێنانە بە ئیش کردن لە فەرمانگەی ڕەسمی و چوونە ناو کەرتی تایبەت، هیوادارم سیغەیەکی بۆ بدۆزنەوە، تەعین کردن و خزمەت و پلە و مووچە و خانەنیشین لە تایبەت زۆر زۆر جیاوازە، هیچ عیلاقەی بە حکومەتەوە نیە لە یاسایەکە وازحە، ئەو یاسایە باسی ئەو حاڵەتە ناکات، باسی عەکسەکەی دەکات، ئەگەر یەکێك چەند ساڵ لە کەرتی تایبەت ئیشی کردو بڕیاری دا بچێتە کەرتی حکومەت، بۆیە ئەمەش وازح نیە، سێیەم/ لە أ و ب تێ گەیشتنێکی سەیر هەیە ئەگەر باش بیخوێنن دەتوانرێ وا تەفسیر بکرێت کە 50٪ وەزارەتی دارایی

دەیدات، ئـەو فەرمانبـەرە و فەرمانگەکـەی خۆشـی 50٪ دەداتـە ئـەو کۆمپانیایـە، ئەگـەر بیخوێننـەوە ئـەو مەعنایەش دەدات، چیمان کرد هەمان پارەمان دا کەچی من دەزانم مەبەست ئـەوە نیـە، تـەنها 50٪یەکـەی دووەمەکەیە وەکو ئیشارەم پێی دا لە پرۆژەی هەموارکردنی یاسای 39 وەکو دەقێك دێت، ڕەنگە ئێمـە دوو هەفتەی تر موناقەشەی بکەین، بۆیە تەسەور ناکەم لێرە سوودی هەبێ، چونکە ئـەوە بـۆ پـرۆژەی یاسـایە، بۆیە من داوا دەکەم بیری لێ بکەین، ئایا پێویستە ئەمە؟.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

گەیشت زۆر سوپاس، کاك د.علی فەرموو.

**بەڕێز د.علی سندی/(وەزیری پلاندانان):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تەبیعی ئەو پێشنیارەی کە لـە رێگای بـەڕێزان وەزارەتـی دارایـی و ئابووریـەوە تـەرح کـرا، هەرچـەندە لـە عیراقیش فکرەکە هەیە، بەڵام خۆی هەر فکرەکە لە وڵاتانی جیهان، هەموو حکومـات تـەعامول لەگـەڵ ئـەو مەوزوعە دەکەن، عادەتەن هەر بە سێ شێوازیشـە، یـان ئـەما تەشـجیعەکەی یـانیش تشـجیع لەگـەڵ حەوافزە، لەگەڵ هەندێ (ئینس سەنتیڤ) وەکو ئـەو حاڵەتـە، یـانیش کـە بارەکـە، یـانیش کـە ئیشـەکە، کـە بارەکە زۆر قورس بوو ئەبێ بە ئیجباریش، خۆ ئەوەش هەیە، یـەعنی خـۆ ئـەو زاهیرەیـەش هەیـە، یـەعنی ئێمە با بە وشکلە تەماشای بکـەین، لەبەرئـەوە بـە حەقیقـەت ئـەوەی کـە لەتەرحـەکان باسـکرا خـۆی ئەمـە بەشکلێکی عام حەتمەن ئەمە دواتر بە تەعلیمات کە تەنزیم دەکرێت، تەعلیماتەکان دەبێ زۆر دەقیق بێت، بـەس ئێسـتا وەکـو مەبـدەئێك لێـرە تـەرح کـراوە، ئێمـە لـەناو حکومـەت ئـەم تەرحـەمان پـێ بـاش بـووە، هەرچەندە ئەگەر وەکو موعادەلاتی کیمیاوی ئەگەر ئەم موعادەلە قانونیە ئیستنادی لەسەر موعادەلاتی تر بە رێکوپێکی نەبێت خەلەلی تێدا دەبێت حەتمەن، من نازانم لیژنـەی یاسـایی ئیحتمالـە مەسـەلەن تـەقیمی ئەوە بکەن کە ئایا ئەمە لەگەڵ یاسای قـانونی (الخدمـە المدنیـە) لەگـەڵ یاسـای کـارو ئـەوەی کـە بڕیـارە لـە خیلالی ئەم ماوەیە ئەوەی کە بـەڕێز کـاك عبدالسلام ئامـاژەی پێـدا، کـە بێتـە تـەرح کـردن، ئەگـەر لەگـەڵ ئەوانـە تـەعاروزی نـەبێتن حەتمـەن لـە تەفاسـیلی تەعلیماتـەکانی دەکرێـت، تەعلیماتـەکانیش پێشـی ئـەوە مەسەلەن ئیستشارە بە لیژنەی یاسایی بکەن، بەمەبەستی تەتبیق کردنی، بەڕێز کاك د.دانا تەرحی ئـەوەی هەبوو مەسەلەن ئەوە فەقەت بۆ ئیزافە کردن لەسـەری، بـەڕەئی مـن ئـەوە شـتێکی خـراپ نیـە، مەسـەلەی ئەوەش ئەگەر هاتو هەرکەسێك ئەگەر ویستی لە قتاعی تایبەت ئیش بکات هەتا ئەگەر بە نیسبەتێکی کەم تر بێت، ئەوە لەلای ئێمە تەرح نەکرا، ئەگینا لای خۆمان گفتوگۆی دەکـرا، وە بـۆ ئەوانـەی کـە بـەڕێز کـاك خورشـید کـە ئامـاژەی پێیـدا، حەتمـەن ئەگـەر حـدودێك لـەناو تەعلیماتەکـەش نـەبێت، ئەگـەر لێـرەش دابندرێت دەکرێت بۆ ئەوەی کە ئیشەکە مادام تەجروبەیەکی نوێیە، حەتمەن خـۆی موافەقـەتی بەرپرسـی دائیرەکە یان بەڕێوبەرە گشتیەکە مەتلوبە بۆ ئەوەی ئەو شەخسە ئیجازەی پێ بدرێت کـە بـڕوات، دەکرێـت هەر بۆ ئەوەی کە ئەوان بۆ لابردنی هەنـدێ مەترسـی تـر سـەقفێکی چۆن بـۆ تـەعینات 25 هـەزار کـەس

داندرا، لێرەش مەسەلەن سەقفێك دابندرێت بۆ ئەمساڵ، مەسەلەن بڵێت حكومەتی هەرێم دەتوانێ هەتا 5 هەزار كەس یان هەتا 10 هەزار كەس بەو شكلە تەمویل بكات یـان ئیجازەیـان بـداتێ، حەتمـەن لـە خـیلالی ساڵێك نەتائیجـەكانی مـەعلوم دەبێت ئەگـەر موفیـد بـوو هـەم لـە هینـەكان ئیسـتفادەی لێ دەكرێـت و بـە عەكسیشەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی ئاخر ڕەئیتان؟ كاك عونی فەرموو.

**بەڕێز عونی كمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمـە لـە سـەرۆكایەتی لیژنـەی یاسـایی دوای گـوێ بیسـت بـوونی ڕاوبۆچـوونی ئەنـدامانی بـەڕێز لەسـەر ماددەكە، ئێمەش لەگەڵ ئەوەداین كەوا كەرتی تایبەت گرنگی پێ بدرێت، پشتگیری لەهەر بابەتێك دەكەین بەو شێوەیە كە باسی لێ دەكرێت، بەڵام لێرەدا ئێمە باسی یاسـای بودجـەی هـەرێمی كوردسـتان دەكـەین بـۆ ساڵی 2011 واتە هەر چ ئالیەتێك هەبێ تەنها بۆ ساڵێك دەبێت، ئێمە لێرە لەگـەڵ ئـەوەین كـەوا پـرۆژەك لەبەردەم پەرلەمان دایە بە هەموار كردنی یاسای ژمارە 39 ی ساڵی 1971 كـە خوێندنـەوەی یەكـەمی بـۆ كراوە و ئاراستەی لیژنەكان كراوە و ئێستا لەبـەردەم لیژنەكانـە بـۆ گفتوگۆ كـردن، دەتـوانین ئـەو ماددەیـە لەوێ چارەسەری بۆ بكەین، واتە لێرە ئێمە دوای وتووێژ كردن لەگەڵ سەرۆكایەتی لیژنـەی یاسـایی بەباشـی دەزانین ئەو ماددەیـە ئیلغـا بكرێتـەوە و نـەمێنێ تـا ئەنجامـدانی پرۆژەكـەو گفتوگـۆ لەسـەر كردنـی و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

بـــەڕێزان ئەنـــدامانی پەرلـــەمان، دوای گفتوگـــۆ و موداخەلـــەی ئەنـــدامانی پەرلـــەمان بۆچـــوونی چـــەند پەرلەمانتارێكی بەڕێز هەیە كە ئیلغـا بكرێـت ئـەم ماددەیـە، دوو نوقتـەی نیزانـی هەیـە، كـاك حمـە سـعید وسۆزان خان، سۆزان خان فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پاش تەوزیح كردنی بەڕێز وەزیری پلاندانان و وەزیری دارایی دەركەوت كە ئەمـە قەسـدەكەی خێـرە، خـۆ قەسدەكەی شەڕ نیە ئـەم ماددەیـە لێـرە دانـراوە، قەسـدەكەی ئـەوە نیـە كـە خـەڵك بـە زۆر نـەقل بكرێـت، قەسدەكەشی ئەوە نیە حكومـەت زەرەر بـدات لـە هاووڵاتیـانی خـۆی، بـەڵكو بگـرە ئێسـتا فەرمانبـەر هەیـە لەهەردوو كەرتەكە ئیش دەكات، كەرتی حكومیش و كەرتی تایبەتیش، ئێستا ئەو بڕیارەی بەڕێزی لیژنەی دارایی تەواو پێچەوانەی پشـتگیریەكەی خۆیانـە لـەناو ڕاپۆرتەكـەی خۆیانـدا بڵاویـان كردووەتـەوە، بـەڕێز

سەرۆكی پەرلەمان ئەگەر ئاگادار بێت، تەواو پێچەوانەی بیروڕاكەی خۆیانە كە لەناو ڕاپۆرتەكەی خۆیان وتوویانە.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك حمە سعید فەرموو.

**بەڕێز حمە سعید حمە علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

جەنابی وەزیری دارایی وەڵامی چەند پرسیارێكی پەرلەمانتارانی نەدایەوە كە پێموایە گرنگ بوو، یەكەم/ ئایا ئەم ماددەیە بۆ ساڵێكە ئەی ئەگەر پرۆژە یاسایەك كە بۆ دائیم بێت؟، دووەم/ خەڵكی دامەزراو یەعنی ئەو خەڵكانەی كە ئێستا تەخەروجیان كردووە و دانەمەزراون چۆن ئەوانە؟ سێیەم/ ئایا ئەمە نەقلە یان كۆتایی هێنانە بەڕاژەی ئەو موەزەفە؟ چوارەم/ ئایا ئەو كەوادیرە نەوعیانە كە شوێنەكانیان شاغر دەبێت چۆن موعالەجە دەكرێت؟ پێنجەم/ تەقاعودی و خانەنیشینی بۆ ئەو خەڵكە عامەی كە لە كەرتی تایبەت دا ئیش دەكەن وەكو پیشەوەران، مەسەلەی كەرتی تایبەت پێموایە لە پرۆژە یاسایەكی خۆی دەوێ و ڕاستە دەبێ حكومەت، خاڵێكی تر كە جوابی نەدایەوەو زۆر گرنگ بوو بەلای منەوە ئەو مووچە و ساڵانەی خزمەتە كە كاك عدنان و دوو، سێ كەسی تریش پێشنیاریان كرد، پێموایە پارەیەكی زۆری حكومەت دەڕوا و نیوەی مووچە دەدەی بە ماوەی سێ ساڵ، ئایا چۆن موعالەجەی دەكرێت؟، ڕاستە كەرتی تایبەت و دەعمی كەرتی تایبەت و هەلی كار........... .

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

لە نیزامی رەتت كرد، بە نیسبەت ئێمە پرۆژە یاسا موناقەشە دەكەین بە تەئكید بۆ ساڵێك، یەعنی ئەوە دیارە، بە نیسبەت ئەوەی جەنابت باست كرد كاك عبالسلام زۆر بە وازحی ڕوونی كردەوە نەقڵ لەناو ئەو موزەفانە دەبێت، ئەمە حاڵەتێكی خاسە، لەسەر ئەو زروفەی كە هەیە و كە تەشغیلی زیاد بووە ئیحتمالە هەوڵێك بدەن بۆ ئەوەی موزەف بچێتە شوێنێكی تر، كاك د.ئاراس فەرموو.

**بەڕێز د.ئاراس حسین محمود:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لەڕاستی دا سۆزان خان ئاماژەی بە نوقتەیەك دا كە لیژنەی دارایی پەشیمان بووەتەوە لە ڕاوبۆچوونەكەی، لەڕاستی دا ئەوە لیژنەی دارایی نەبوو، لیژنەی یاسایی بوو، پاش ئەو گفتوگۆیەی كە كرا سەرۆكایەتی لیژنەی یاسایی ئەو ڕایەی لادروست بوو، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك عونی فەرموو.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ڕاستە، لە ڕاپۆرتی ئێمە پێشنیار کرابوو کە ماددەکە هەموار بکرێت بەو شێوەیەی کە لە ڕاپۆرتەکەماندا هاتووە، بەڵام من کە قسەکانم کرد بەناوی سەرۆکایەتی لیژنەی یاسایی تەوزیحم کرد کە ئێمە پاش گوێ بیست بوونی ڕاوبۆچوونی ئەندامانی پەرلەمانی بەڕێز لەسەر ماددەکە وامان بەباش زانی ئەو ماددەیە ئیلغا بکرێت، مەبەستمان لە ئیلغا کردنی ئەوە نیە کە ئیهتمام نەدانە بە کەرتی تایبەت، نەخێر ئێمە لەگەڵ ئەوەینە کە کەرتی تایبەت ئیهتمامێکی باشی پێ بدرێت، بەڵام لێرە لەو ماددەیە جێگیر ناکرێت ئەو تروحاتانە و ئەو ئەفکارانەی کە قسەی لەسەر کرا، چونکە ماددەکە پەیوەستە بە دوو بابەت، یەك/ خدمە، دوو/ تەقاعود، واتە عیلاقەی بە قانونی خدمەی مەدەنی عیراقی هەیە ژمارە 24 ساڵی 1960ی هەموار کراو کە لە کوردستان ئیشی پێ دەکرێت، دوو/ پرۆژە بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران کە پێشکەش کراوە، سێ/ قانونی ڕاژەی مەجلس خدمە کە پێشکەش کراوە، خوێندنەوی یەکەمی بۆ کراوە، ئەمانەمان لەبەردەمە، ئێمە لەگەڵ ئەوەین کەرتی تایبەت ئیهتمام و گرنگی پێ بدرێت، بەڵام نەك بەماددەیەك، واتە بە کەموکورتیەکی زۆر دەردێت ئەگەر پەسەندیشی بکەین.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئێستا وازح بوو، ئێستا دوو کەس دیفاعی لێ بکات کە بمێنێ و دوو کەس دیفاعی لێ بکات کە لابچێت، چونکە چەند بەڕێزێك داوای ئیلغایان کردووە، کاك ڕێباز نیزامیت هەبوو؟ فەرموو.

**بەڕێز ڕێباز فتاح محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوەندەی من ئاگاداری پێشنیارەکان بووم داواکرا خاڵی 2 لابرێت نەك خاڵی 1، یەعنی کەس داوای نەکرد کە خاڵی یەکەم لابرێت، ئەوەی کە داوا دەکرێ ئەوەی کە نیوەی پارەکە سەرف دەکرێت بۆ ئەوەی کە بچێتە کەرتی تا......... .

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

نا، ئەسڵەن بۆ ئاگاداریت بە نووسین لەبەردەستی ئێمەیە، لەبەردەستی ئێمەیە و بەڕەسمی بۆمان هاتووە کە چەند کەسێك داوا دەکەن ئەسڵەن ئەو ماددەیە لابچێت، لەوێ جێگای نیە، ئێستا ئەوەی کە دەیەوێ دیفاعی لێ بکات کە بمێنێ، سۆزان شهاب و کاك دلێر، فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بێ گومان کاتێك کە حکومەت لەناو ئەم یاسایە ئەم بڕگەیەی داناوە، مەبەستی لەوە بووە هەم ئامادەکاری و هەم تەرخانکردنی ئەو بڕە پارەیە یاخود جیاکردنەوەی ئەو بڕە پارەیە بۆ تەمویل کردنی سندوقی زەمان، مەبەست لێرەدا چیە؟ ئێمە ئەمڕۆ ئەم بەیانیە لێرە کەسایەتیەکی وەکو (جۆن مێجەر) لێرە دەڵێ

پشتگیری کەرتی تایبەت بکەن بۆ ئەوەی وڵاتەکەتان زیاتر پێش بکەوێ، کەواتە کلیلی سەرکەوتنی هەرێمی کوردستان لەو ئاراستەیە بووە کە هەتا ئێستا گرتوویەتە بەر بۆ پێشخستنی کەرتی تایبەت، نە حەرامە و نە گوناحە، تۆ ئەگەر پشتگیری کەرتی تایبەت بکەی، لێرە حاڵەتێکت دەداتێ بەرامبەر بە موەزەف، موزەفێك لەناو دائیرەکەی خۆی دا لەوانەیە 20 دانە ساڵ بێ هەتاوەکو پلەکەی بەرز دەبێتەو و دەبێتە بەڕێوبەرێك یان بە یاریدەدەری بەڕێوبەرێك، بەڵام لە کەرتی تایبەتدا گەشە ونما و بەرزبوونەوەی هاووڵاتیان زۆر زۆر بە ئاسانیە، چونکە ئەو ڕۆتینەی کە هەیە لەناو دەوائیری دەوڵەت (کتابنا وکتابکم) تەرشیحی فلان کەس دەکرێت، لەناو کەرتی تایبەت دا نیە، یەك/لەڕووی پلەو پایەوە، دوو/ لەڕووی زیاد کردنی مووچەو دەخلی ئەو هاووڵاتیانە، ئەو کەسە کاتێك کە دەچێتە کەرتی تایبەت حکومەت 50٪ ی مەعاشەکەی کە خۆی لەلای حکومەت وەری دەگرێت دەیهێنێ و دەینێرێتە کەرتی تایبەتەوە بۆی، ئەو کەرتی تایبەتە خۆناچێ نیوەکەی تری بۆ پڕبکاتەوە، بەڵکو بە پێی ئەوەی کە خۆی لەناو ئەوکەرتی تایبەتەیە، لەوانەیە دوو ئەوەندەو سێ ئەوەندەی مەعاشەکەی خۆی پارە پەیدا دەکات، لەبەرئەوە ئەمە بەڕاستی بۆ قازانجی هاووڵاتیانە، چەندەها کەس هەیە موزەفی دەوڵەتە، بەڵێ موحاسبە لە دوو شوێن کار دەکات، بەیانیان لە دەوائیری دەوڵەتە و دوای نیوەڕۆیان لە کەرتی تایبەتە، ناتوانێ دەسبەرداری وەزیفەی حکومەت ببێتەوە لەبەر زەمانی ئەو تەقاعودیەی کە لەو سەرەوە هەیەتی، کە ژیانی دەپارێزێ، بۆیە ئەگەر ئەمە هەنگاوی یەکەم بێت، هەنگاوی دووەم وامان لێ دەکات دووبارەی قسەکانی کاك عبدالسلام دەکەمەوە وامان لێ دەکات کە ئێمە لە چەند هەفتەی ئایندەدا هەوڵ بدەین یاسایەکە بخەینە گفتوگۆوە لە پەرلەمانی کوردستان و باشترین یاسای کارودەستەبەری کۆمەڵایەتی، ئەوەی دەمێنێتەوە مولاحەزاتی هەندێ لە ئەندامانی پەرلەمان کە نەقڵەکە سیغەتی ئیجباری پێوە نەبێ، بەڵکو سیغەیەکی ئیختیاری پێوە بێ، من گەرەنتی ئەوەتان دەدەمێ باشترین خەڵکی ئێمە ناچێتە قتاعی خاسەوە، بەڵکو ئەوسا ئەوە دەمێنێتەوە بۆ بەڕێوبەرەکان و بەڕێوبەرە گشتیەکان بۆ موافەقەت کردن، ئەمە لە قازانجی هەرێمی کوردستانە کە واتێ نەگا زەرەریەتی و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك دلێر فەرموو.

**بەڕێز محمد دلێر محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من دیفاع لەوە دەکەم کە ئەم ماددەیە بمێنێیتەوە لەناو پرۆژە یاساکە، لەبەرئەوەی خۆی ئەمە سێ مەوزوع دەگرێتەوە، یەکەم/ پاڵپشتی کەرتی تایبەتە، کە پاڵپشتی کەرتی تایبەتیش کرا، هەڵبەتە هەلی کاریش زیاد دەبێت، خاڵی 3 هەڵاوسانی فەرمانبەران و نازانم خۆمان زۆر باسی دەکەین لە دامودەزگاکانی حکومەت دا کە دەڵێین زۆر و بەو شێوەیە و گلەیی دەکەین، ئەم هەڵئاوسانەش نامێنێ، لەوکاتەشدا چوون لەکەرتی گشتیەوە بۆ کەرتی تایبەتی زیاد بکات، خاڵێکی تر من نامەوێ بچمەوە سەر ئەوانەی کە سۆزان

خان باسی کرد، ئەوە من ئەوەی بەزۆر زۆر دەزانم لەزۆربەی وڵاتانی ئەورووپیش دا ئەمە بۆ یەك ساڵ جاری وایە بۆ دوو ساڵ، ئێمە کە ماددەکە هەبوو دوایی یاسایەکانی کار ، قانونی عەمەل گۆڕانکاری بەسەردا هات و قانونی زەمانی ئیجتماعی داندرا بۆ کەرتی تایبەت، ئایا لە شوێنێکی کاردا یەك کرێکار بێ و دوو کرێکار بێت شمولی تەقاعودی و زەمان بکات بە پێی ئەو ئیشتراکاتەی کە خۆی کە ئەیدات پێی کە پێی دەڵێن تەوقیفات، بە پێی ئەوەی کە خۆی دەیدات، لەو کاتە کە ئەوەش هەبوو و لەناو ماددەکەش هەبوو و بودجەشی بۆ تەرخان کراوە، لە دوای ماددەکەی تر موشکیەلەیەکت نابێ، ئەگەر ئەمە ناجیح بوو و سەرکەوتنی بەدەست هێنا، بووە هۆی بەهێز بوونی کەرتی تایبەت و ئیقتسادی وڵات ئەتوانرێ بۆ ساڵێکی تر لەوانەیە ببێ بە چوار ساڵ هەر لە ماددەکە لەوانەیە ببێ بە دوو ساڵ و لەوانەیە ببێ بە یەك ساڵ، لەبەرئەوە هیچ موشکیلەیەك نیە، شتێکی تر کە باس ئەکرا ئایا لە کەرتی تایبەت دا ئەم نیوەی مووچەیە ئەدرێ بە کەرتی تایبەت بە خۆی؟ لەکەرتی تایبەت دا سیستمێك نیە بڵێ ئەمە موحاسبە مەعاشەکەی ئەوەندەیە و ئەمە بێ شەهادەیە و مەعاشەکەی ئەوەندەیە، ئەمە بە ئیتیفاقە تۆ دەچیتە کەرتی تایبەتەوە و ئیش دەکەی بە ئارەزووی خۆت، لەوێ ئیتیفاق دەکەی، من ئەوەندە ئیش دەکەم، ئەو نیوەیە هەر دەگەڕێتەوە بۆ ئەو کارمەندانەی کە دەچێ بۆ ئەوێ، لێرە خۆی لەخۆیدا خاڵێکی تر ڕوودەدات، خەڵك ئازاد دەبێ، یەعنی ئەوە نابێ تاوەکو مردن هەر ئەبێ لەو دائیرەیە بێت و لەو شوێنە بێ و لە کەرتی گشتی دا بێت، ئازادیش ئەوەیە بچێ کاری تر بکات، بچێ شتی تر بدۆزێتەوە، بە تایبەتی ئێمە وابزانم زۆربەی وڵاتانی دونیا وزۆربەی پسپۆرە ئیقتسادیەکان ئیشارەت بەوە دەدەن کە بەهێز بوونی کەرتی تایبەت نیشانەی بەهێز بوونی ئیقتسادە لە هەموو وڵاتێك، بۆ هەرێمی کوردستانی ئێمەش کە بۆ ئەوەی هەلی کار زیاتر بێت و بۆ ئەوەی لەسەر ئیقتسادی خۆمان بژین و بڕوامان بە خۆمان هەبێت تەنها لەسەر سامانی سروشتی نەژین کە نەوتە، شتێکی زۆر زۆر چاکە کە ئەم ماددەیە بمێنیتەوە لەناو پرۆژە یاساکە، لەدوای ئەوەی کە دەمێنێتەوە لەناو پرۆژە یاسای بودجەدا با یاسای بۆ دەربکرێت وبۆ ساڵێکی تر بە شێوەی تر دەتوانرێ چاك بکرێتەوەو، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابتان، ئێستا دوو بەڕێز کە بیانەوێ ئیلغا بێت، ئەم ماددەیە لێرە جێگەی نیە، کاك اسماعیل و کاك خورشید، کاك اسماعیل فەرموو.

**بەڕێز اسماعیل سعید محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەبێ بپرسین هەدەف لە وجودی ئەم ماددەیە چیە؟ هەست دەکەم ناڕۆشنیەك هەیە، هەندێ لە خوشك و برایان پێیانوایە ئەمە بۆ پشتیوانی کەرتی تایبەتە، هەندێك لە خوشك وبرایان پێیان وایە ئەمە بۆ چارەسەر کردنی هەڵاوسانی ئیداریە، من پێموایە ئەم ماددەیە هیچ کام لەو ئەهدافانە ناپێکێ، نازانم چەند جارێك باسی ئەوە کرا ئەم تەجروبەیە کراوە، من بۆ خۆم نەمبیستووە و ئەو خوشك وبرایانەش کە ئەم

ماددەیان بۆ پشتیوانی کردنی کەرتی تایبەت بە نموونە هێنایەوە لە هیچ شوێنێکی دنیا باوەڕناکەم ڕووی دابێت جگە لە عیراق کە پێمان وایە من بە خۆم بە تەجروبەیەکی سەرکەوتووی نازانم و، پێموایە ئەمە هیچ هاوکاریەکی کەرتی تایبەت ناکات، هاوکاری کردنی کەرتی تایبەت شێوازی خۆی هەیە، شێوازی خۆی هەیە کە ئیعفا کردنە لە زەریبە و تەسهیلاتی بانکیە و پێدانی زەویەو زۆر شتی تر هەیە، یەعنی ئەمە ڕێگایەك نیە بۆ کەرتی تایبەت بە قەناعەتی من با بچینە بەشەکەی دووەم ئەگەر پێمان وابێ ئەمە کەم کردنەوەی هەڵاوسانی ئیداریە، خوشك و برایانی بەڕێز هەتا یاسای بیمە و زەمانی ئیجتماعی دەرنەچێت ئەمە خەیاڵە و خەڵك لە کەرتی حکومیەوە بچێتە کەرتی تایبەت تەنها کێ دەچێتە کەرتی تایبەت؟ ئەوانەی کە ساڵانێك تەجروبەیان هەیە و وەکو موهەندسەکان و وەکو موحاسبەکان و کە ئەمەش بەڕاستی ئەمە هەڵەیەکی کوشندەیە، ئێمە بێنین بۆ پێگەیاندنی کادیری باش دواجار ڕێگای بۆ خۆش بکەین و بڕواتە کەرتی تایبەت، ئەمە لەڕاستی دا یەعنی سوء ئیستفادەیە، یەعنی هاوکاریەکی (ببورن ئەگەر بڵێم) ناشەرعیە و نا مەشروعە بۆ ئەوەی بۆ هاندانی کەرتی تایبەت، یەعنی پشتیوانیەکی نامەنتقیە، بۆیە بە قەناعەتی من بۆ هەردوو چارەسەری هەم پشتیوانی کەرتی تایبەت و هەم کەمکردنەوەی هەڵاوسان ئەم ماددەیە هەدەف ناپێکێ، پێویست دەکات بۆ ئەوەی ئێمە کەمکردنەوەی هەڵئاوسانی ئیداری لەناو دەوائیری حکومی دا بە ئامانج بگات، پێویست دەکات لەزووترین کاتدا قانونی زەمانی ئیجتماعی تێ پەڕێنین، بۆیە منیش لەگەڵ ئەوەدام ئەم ماددەیە لابچێت و هیچ ئامانجێکی نیە، جگە لەوەی ئەبێتە سەرچاوەیەکی تر بۆ گەندەڵی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سۆزان خان نیزامی فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەماندا تەعلیقدان لەسەر قسەی ئەندامی تر ڕێگەی پێ نادرێت، ئەوە تەعلیق بوو، جەنابی کاك اسماعیل تەعلیقی دا لە قسەی من و بەڕێز وەزیری پلاندانان،کە دەڵێ ئەو تەجروبەیە لەوڵاتانی تریش تاقی کراوەتەوە، جەنابی بە تەعلیقەوە دەڵێ لە هیچ کوێی دنیادا نەکراوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

نا، نا ئەوە تەعلیق نەبوو، ئەوە ڕەئی خۆی بوو، زۆر تەبیعیە، کاك اسماعیل فەرموو.

**بەڕێز اسماعیل سعید محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەگەر تەعلیق بێت داوای لێ بوردن دەکەم، بەس بەڕاستی مەبەستم تەعلیق نەبوو، من لەژیانی خۆشمدا ئیمانم بە ئیشی تەعلیق و تەعلیقکاری نیە، ببورە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

من دڵنیا بووم بەس بە پێی مەعلوماتی خۆی قسەی کرد، کاک خورشید فەرموو.

**بەڕێز خورشید احمد سلیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە دانوستاندن یان موناقەشات، بەشێوەیەك دەکرێت کە دوو بابەتی جیایە، پشتەوانی کردن لە کەرتی تایبەت و باسی ئەم خاڵە، پشتیوانی کردن لە کەرتی تایبەت هەدەفەکە و ئارمانجەکە هەمووممان کاری بۆ دەکەین وهەمووممان سوورین لەسەر ئەوەی دەبێ کاراکردنی کەرتی تایبەت بکەین، بۆ ئەوەی ببێتە مایەی گەشەپێدان و پێشکەوتنی ئەو وڵاتە، ئەمە قەناعەتی هەمووممانە و قەناعەتەکی موتڵەقە و هیچ گومان لەسەری نیە، باسی ئێمە لەوەیە کە ئایا ئەم خاڵە جێگای ئێرەیە یان نا؟ ئەم خاڵە بەو شکلە و بەو تەرتیبە کە لێرە هاتووە دروستە یان نا؟ بەڕەئی من وەکو باسیشم کرد کەرتی تایبەت پێویستی بە قروزە، کە قروزی مەسرەفیە و ئیعفائاتی گومرگیە و خەدەماتی ئاو و کارەبایە و حیمایەی گومرگیە، ئەمە دەعمە بۆکەرتی تایبەت، ئەمما فەرمانبەرێك بە ئارەزووی خۆی لە کەرتی گشتی بچێتە کەرتی تایبەت ئەمە شتێکی ئیختیاریە و بە ئارەزووی خۆیەتی و وەك کەرتی تایبەت بەو نەوعە دەعمە بڕوا ناکەم پێش بکەوێت، پاشان ئەم خاڵانە زۆر تەسائولاتی لەسەرە، ئەو تەسائولاتانە هەمووی ئەم دێرە جەوابی ئەو تەسائولاتە هەمووی نیە، خۆ ئێمە لەگەڵ ئەوەینە ئەم نەقلە بکرێت، ئێمە لەگەڵ ئەوەینە ئەم ئیجرائە بکرێت، تەسهیلات هەبێ، خەڵك مەجبور نەبێ ژیانی خۆی هەمووی لە کەرتی گشتی بێت، بەڵام دەبێت بەشێوەیەکی وا بێت کە حکومەت بتوانێ تەعامولی لەگەڵ بکات و هەم خەڵکیش ئیستفادەی لێ بکات و هەم حکومەتیش وەکو بڵێین سەری پێوە نەیەشێت بەو ئیجرائاتانە و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئێستا وازح بوو، دەیخەینە دەنگدانەوە، دوو بەڕێز ڕەئیان لەگەڵ ئەوە بوو کە گرنگە و بەسوودە بمێنێ و خزمەتی وەزعی ئێستای کوردستان دەکات، دوو بەڕێزیش پێیان وابوو لێرە جێگەی نابێتەوە لە شوێنێکی تر بێت، ئێستا کێ لەگەڵ ئەوەیە ماددەی 12 کە لە ئەسڵی پرۆژەکە ماددەی 13یە، کێ لەگەڵ ئەوەیە ئیلغا بێت، تکایە دەستی بەرزبکاتەوە؟ 37 بەڕێز لەگەڵ ئەوەیە، کێ لەگەڵ ئەوەیە ئیلغا نەبێت و وەکو خۆی بمێنێتەوە؟ 48 کەس لەگەڵە بمێنێتەوە، بۆیە وەك خۆی مایەوە، زۆر سوپاس، ئێستا لیژنەی یاسایی ماددەکە بخوێننەوە بۆ ئەوەی بیدەینە دەنگدان، کاک عونی فەرموو.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشنیار کرابوو بە ئیعادە کردنی سیاغەی بەشێك لە ماددەکان، ..... .

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

تکایە دەنگدانە یەك دەقیقەی تر بەس سیاغەکە دەخوێنێتەوە و دەنگ دەدەین، کاک عونی فەرموو.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**المادة الثالثة عشرة:**

**اولاً: عند نقل الموظف من دائرة من دوائر الاقليم الممولة مركزياً او ذاتياً الى القطاع الخاص:**

**أ- تتحمل وزارة المالية والاقتصاد نصف راتبه الذي يتقاضاه من الدوائر المنقول منها لمدة ثلاث سنوات اعتباراً من تاريخ نقله، على ان تقطع علاقته مع دائرته نهائياً.**

**ب- تقوم الدائرة المنقول منها الموظف بصرف نصف الراتب المنصوص عليه فى (اولاً/أ) اعلاه من هذه المادة الى جهة القطاع الخاص المنقول اليها.**

**ج- على وزارة المالية والاقتصاد اصدار التعليمات اللازمة لتسهيل تنفيذ احكام هذه الفقرة وتحديد ضوابطها وشروطها.**

**ثانياً: على وزارة المالية والاقتصاد دعم موارد صندوق مؤسسة التقاعد والضمان الاجتماعي بتخصيص مبلغ لايزيد على 30٪ من ايرادات الصندوق المدفوعة للمؤسسة خلال السنة المالية السابقة ضمن تخصيصات وزارة العمل والشؤون الاجتماعية.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**نیزامی کاك احمد؟ فەرموو.**

**بەڕێز د.احمد ابراهیم علی(وەرتی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**مادام دەنگ درا لەسەر ئەوەی کە ماددەکە بمێنێتەوە پێویستە ئەو ڕەئیانەش بخرێنە دەنگدانەوە، کە هەندێك ڕەئی هەبوو لەسەر ماددەکە وگۆڕانکاری لەسەر بڕگەی ماددەکە.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**کاك عونی ئەو مولاحەزاتانەتان وەرنەگرت؟ فەرموو.**

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**پێم باشە فەقەرەی (ثانیا) ڕەئی حکومەت وەربگیرێ هەتا سیاغەکەی تەسبیت بکەین، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**جەنابی وەزیر ڕەیتان لەسەر (ثانیا) ؟ فەرموو.**

**بەڕێز شێخ بایز تاڵەبانی/(وەزیری دارایی و ئابووری):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**بە نیسبەت (ثانیا) هاتبوو 30٪ (من الایرادات) خۆی من (الاشتراکات)ە، بەڵێ وەکو خۆی بمێنێتەوە.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**لیژنەی یاسایی ئاخر سیاغەتان؟ فەرموو.**

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێستا سیاغەکەی کە بەو شێوەی ئیتیفاقی لەسەر کرا دەیخوێنمەوە:

المادة الثالثة عشرة:

اولاً: عند الموافقة على نقل الموظف لخدماته من دائرة من دوائر الاقليم الى القطاع الخاص:

أ- تتحمل وزارة المالية والاقتصاد نصف راتبه الذي يتقاضاه من الدوائر المنقول منها لمدة ثلاث سنوات اعتباراً من تاريخ نقله، على ان تقطع علاقته مع دائرته نهائياً.

ب- تقوم الدائرة المنقول منها الموظف بصرف الراتب المنصوص عليه في (اولاً/أ) اعلاه من هذه المادة الى جهة القطاع الخاص المنقول اليها الموظف.

ج- على وزارة المالية والاقتصاد اصدار التعليمات اللازمة لتسهيل تنفيذ احكام هذه الفقرة وتحديد ضوابطها وشروطها.

ثانياً: على وزارة المالية والاقتصاد دعم موارد صندوق مؤسسة التقاعد والضمان الاجتماعي بتخصيص مبلغ لايزيد على 30٪ من الاشتراكات المدفوعة للمؤسسة خلال السنة المالية السابقة ضمن تخصيصات وزارة العمل والشؤون الاجتماعية.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان کێ لەگەڵە تکایە دەست بەرزبکاتەوە؟ 53 بەڕێز لەگەڵ دایە، کێ لەگەڵ دانیە؟ 29 کەس لەگەڵ دانیە، بەزۆرینەی دەنگ پەسەند کرا، زۆر سوپاس، ئێستا بۆ بابی پێنجەم ئەحکامی خیتامی، فەرموون بۆ ماددەی 13 لە ئەسڵی پرۆژەکە کە دەکاتە ماددەی 14، د.ڕۆژان فەرموو.

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تەنها هەڵەیەکی چاپ لە ڕیزبەندی ماددەکە هەیە کە لە ئەسڵی پرۆژەکە ماددەی 12 نووسراوە خۆی 13 یە و دەبێتە 14:

**بەشی پێنجەم**

**(چەند حوکمێکی کۆتایی)**

ماددەی چواردەم:

یەکەم: بەردەوام بوون لە جێ بەجێ کردنی پرۆژەی پەرەپێدان و پیشخشتنی توانا مرۆییەکان لە کوردستان، لەپێناو پێگەیاندنی کادیرانی پسپۆر لە بواری جیاجیادا، کە هەرێم پێویستی پێیەتی، لە ڕێی زەمالەو نێردەو توێژینەوەو خولی ڕاهێنان بە سەرپەرشتی دەستەی باڵا، کە بە سەرۆکایەتی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران و جێگرەکەی و وەزیرانی (پەروەردە، خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی و پلان) پێکهاتووە، بە پێی پەیڕەوی پەسەند کراو لەلایەن ئەنجومەنی وەزیران.

دووەم: خەرج کردنی ئەو بڕە پارەیەی بۆ سندوقی پرۆژەکە تەرخان کراوە، بەردەوام دەبێت و وەزارەتی دارایی و ئابووری بۆ پشتیوانی کردن لە سندوقەکە لە کاتی پێویستدا، زێدە بڕە پارەی پێویست دابین دەکات.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك بە عەرەبیەکەی؟ فەرموو.

**بەڕێز خورشید احمد سلیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**الفصل الخامس**

**(احكام ختامية)**

المادة الرابعة عشرة:

اولاً: الاستمرار في تنفيذ مشروع تنمية وتطوير قدرات كوردستان البشرية لاجل اعداد الكوادر المتخصصة في المجالات المختلفة التي يحتاجها الاقليم عن طريق الزمالات والبعثات والابحاث والدورات التدريبية تحت اشراف الهيئة العليا المشكلة برئاسة رئيس مجلس الوزراء ونائبه و وزراء (التربية، التعليم العالي والبحث العليم والتخطيط) وفق النظام المصادق عليه من قبل مجلس الوزراء.

ثانياً: يستمر الصرف على المبالغ المخصصة لصندوق المشروع وتقوم وزارة المالية والاقتصاد بتأمين مبالغ لازمة اضافية لدعم الصندوق عند الحاجة.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێستا لیژنەی دارایی ڕەئیتان؟ فەرموو.

**بەڕێز د.ئاراس حسين محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەم پابەندە بەبەردەوام بوونی حکومەت، لەگەڵ ماددەیەکی یاسایی کە لە بودجەی ساڵی 2010 هاتووە، ئێمە دەقاودەق لەگەڵ ماددەکەین و پەسەندە لای ئێمە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی ڕەئیتان؟ کاك عونی فەرموو.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە پشتگیری ماددەکە دەکەین، بەڵام پرسیارێك ئاراستەی جەنابی وەزیری دارایی دەکەین، ئایا بۆچی پارەکە تەحدید نەکراوە وەکو ئەوەی کە لە ڕاپۆرتەکەمان ئیشارەتمان پێی داوە؟

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر ڕەئیتان لەسەر ئەو ماددەیە؟ فەرموو.

**بەڕێز د.علی سندی/(وەزیری پلاندانان):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەبەرئەوەی کە ئەو پارەیەی کەبۆی تەرخان کرابوو لە پرۆسەی قبولْ وئەوانە، هەندێکی ماوە، یەعنی ئەو بڕە پارەی کە تەخسیس کرابوو هەمووی سەرف نەکراوە، لەبەرئەوە ئەو مرونەتەی تێدا بەجێ ما، هەر بە دەرفەتی دەزانم داوا دەکەم دەقی ماددەکە هەر وەکو خۆی بمێنێتەوە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، کێ دەیەوێ قسە بکات؟ ئێستا ئەم بەڕێزانە دەیانەوێ قسە بکەن،کاردۆ، د.بشیر، هاژە، د.احمد، حمە سعید، عمرعبدالعزیز، بەفرین، گولیزار، جمال، تارا، پەروین، پەیمان، سیوەیل، عظیمة، شلێر، سەوەر، سمیرە، صباح، عمر نورەدینی، شەونم محمد، کاك کاردۆ فەرموو.

**بەڕێز کاردۆ محمد پیرداود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەماددەی 13 لە یەکەم، پێویستە ئەو بڕە پارەیەی کە ماوەتەوە دیار بکرێت، لەبەرئەوەی کاتێ دێینە خاڵی 2 دەڵێ لەکاتی پێویست دا زێدە بڕەپارەی پێویست دابین دەکات، لەکوێ و سەرچاوەکەی کوێیە ئەم پارەیەی بۆ دابین دەکات کە ئێستا دیاری کراونیە؟ سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

د.بشیر فەرموو.

**بەڕێز د.بشیر خلیل حداد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕاستی ئەمە پرۆژەیەکی گرنگ و پێویستە، بەتایبەتی بۆ واقعی ئەمڕۆی کوردستان کە زیاتر پێویستیمان بە گەشەکردن هەیە لە هەموو بوارەکانەوە، بۆ ئەوەی ئەم پرۆژەیە بەردەوام بێ و هەروەها خەڵکێکی زیاتر سوودی لێ وەربگرێ، من چەند پێشنیارێکم هەیە، یەکەم/ ئەوەیە کە ئەم بڕە پارەیە بدرێت بە قوتابی بۆ ئەوەی بچێ خوێندنەکەی تەواو بکات و بێتەوە، لە پاشان وەکو قەرز لەسەری حساب بێت و بۆ ئەوەی کە دێتەوە و تەواوی دەکات بڕوانامەکە دێنیتەوە دادەمەزرێ و بە گوێرەی هەندێ ڕێنمایی کەوا دەربچێ و بیگەڕێنێتەوە پارەکەی، بۆ ئەوەی سندوقەکەی بەردەوام پارەی تێ دابێ و لەساڵانی داهاتووش دا حکومەت ئیجبار نەکەین بۆ ئەوەی کەهەموو ساڵێك ئەم بڕە پارەیە دابنێت و هەر خۆی لەخۆیدا بتوانێ تەبدیل بکاتەوە، دووەم/ لەڕێنماییەکانی وەزارەتی خوێندنی باڵا و لیژنەکە باش

وایە کە ڕەچاوی سەقفێك بکرێت، یەعنی ئەوەی کە لەپارە دانەکە هەموویان وەکو یەك نەبن، بەعزێك وڵات هەیە کەوا پێویستی بە زیاتر پارە هەیە وبەعزێك وڵات هەیە پێویستی بە پارەی کەمتر دەکات، بۆ نموونە وڵاتی روسیا لەگەڵ وڵاتێکی وەکو بەریتانیا بەیەك چاو تەماشا نەکرێت لە بواری سەرفی دا، هەروەها لە بواری پسپۆری دا بەعزێك هەیە لەبواری پسپۆری وەکو مەسەلەن پزیشکی یان ئەندازیاری لەوانەیە ئەمانە بەعزێك ئیختباراتی عەمەلیشیان هەبێ، بەعزێك ئیشی عەمەلیان هەبێ، بۆیە ئەمانە زیاتر پارەیان بۆ تەخسیس بکرێت و لەوانەی ئینسانی هەندێك کەمتریان بۆ تەخسیس بکرێ، دەکرێ ئەگەر پارەکە بووە قەرز، دەکرێت بەعزێك حەوافز بدرێت بە قوتابی، مەسەلەن ئەوەی کەوا لە پاشان بڕوانامەکەی بە پلەی نایاب دێنێتەوە دەکرێ لە نیوەی پارەکە خۆش بێ و نیوەکەی بگەڕێنێتەوە، ئەوەی کە لەماوەی دیاری کراوی خۆیدا خوێدنەکەی تەواو بکات و زیاتری پێ نەوێ، دەکا دیسان لە بەشێك لە پارەکە خۆش ببێ، بەهەرحاڵ من لەگەڵ ئەوەدام کە ئەو بڕە پارەیە لەپاشان بەقەرز حساب بکرێ و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

هاژە خان فەرموو.

**بەڕێز هاژە سلێمان مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بێ گومان یەکێك لە خاڵە ئیجابیەکانی بودجەی ئەمساڵ ئەوەیە کەبەردەوام بوونە لە جێ بەجێ کردنی پرۆژەی بووژانەوەو پەرەپێدانی توانا مرۆییەکانی کوردستان، لەڕێی ناردنی قوتابیان بۆ زەمالە و بۆ توێژینەوە و خولی مەشقەوە، بەڵام لێرە شتێك هەیە دەمەوێ ئاماژەی پێ بکەم، ئەویش ئەوەیە کە من زۆر لەو قوتابیانەم بینیوە، ئەبێ حکومەتی هەرێم هەماهەنگیەك لەنێوان ئەو زانکۆیانەی کە ئەو قوتابیانە دەچن، چونکە زۆربەیان لەو قوتابیانە دەبێ بەخۆیان موافەقەت وەربگرن لەو زانکۆیانە، زۆر جار کێشەیان بۆ دروست بووە، بۆیە دەبێ، حکومەتی هەرێم ئەگەر ئەوە بکات بۆ قوتابیان یەعنی ئەوە تەبیعی باشتر دەبێ ئەگەر ئەو هەماهەنگیە هەبێ لە نێوان حکومەتی هەرێم و ئەو زانکۆیانەی کە ئەو قوتابیانە دەتوانن لەوێ خوێندن تەواو بکەن، خاڵێکی تر کە پێشنیار دەکەم کە لێرە ڕەچاوی جەندەری بکرێت، واتە بۆ کچ و کوڕان وەکو یەك بێت، هەروەها ڕێژەیەك دیاری بکرێت بۆ وارسی شەهیدان لەو پرۆژەیەدا، هەروەها دەربارەی خاڵی 2 برگەی 2 خەرجکردنی ئەو بڕە پارەیە بەڕاستی هەرچەندە لەگەڵ ڕوونکردنەوەکەی بەڕێز وەزیری پلاندانانم، بەڵام ئەگەر پار 120 ملیار سەرف نەکرابێ، پێویست دەکات ئەو پارەیە تەدویر بکرێت بۆ ئەمساڵ و بڕێکی تر تەرخان بکرێت بۆ ئەوەی کە ئەو بڕە پارەیە دیار بێ لەناو بودجەکەدا و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

د.احمد فەرموو.

**بەڕێز د.احمد ابراهیم علی(وەرتی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە ئەوەی کە لەو ماددەیەدا هاتووە، بەردەوام بوونە لەسەر جێ بەجێ کردنی پرۆژەی توناسازی مرۆیی کە لە قانونی موازەنەی پار ساڵدا هاتبوو، لەبەرئەوە مادام ئیستمرارە بۆ ئەو مەشروعە، پێویست بوو ئەو بڕە دیاری بکرێ و من پرسیارەکەم لێرەدا ئەوەیە لە بەڕێزان وەزیران ئایا چەند لەو بڕە لەساڵی پار دیاری کرابوو چەند سەرف کراوە و چەندی ماوەتەوە بۆ ئەوەی کە بزانین چەندی کە لەم ساڵەدا پێویستی پێیەتی؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاک عمر فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالعزیز بهاءالدین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش پێموایە ئەم ماددەیە یەکێکە لەو ماددانەی کە بایەخی خۆیان هەیە، بە تایبەتی کە باسی بووژانەوەی توانا مرۆییەکانە، بەڵام من تێبینیم ئەوەیە کە، یەکەم/ بڕگەی 1 زۆر درێژە بەڕاستی، مادام ئێمە پەیڕەوێکمان هەیەو لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە هاتووە، ئەم پێنج، شەش دێرەی پێ ناوێ، من پێم باشە ئاماژە بە کادیرانی پشپۆڕ و زەماڵە و نێردە و توێژینەوە و خولی مەشق و تەنانەت باسی دەستەی باڵا و سەرپەرشتی دەکا و ئەوانە هیچی پێویست ناکات، یەعنی بە نیسبەت کوردیەکەوە ئەوەندە بەسە بڵێین (بەردەوام بوون لە جێ بەجێ کردنی پرۆژەی بووژانەوەو پەرەپێدانی توانا مرۆییەکانی کوردستان، بە گوێرەی پێڕەوی ئەرێ کراو لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە)، ئەوەندە کافیە، چونکە ئێمە پێرەوێکمان هەیە لەزۆر شتی تریش دا ئاماژەمان نەکردووە بە میکانیزمەکان، تێبینیەکی ترم ئەوەیە من پرسیارم هەیە لەبەڕێز جەنابی وەزیری پلاندانان لەسەر هۆی مانەوەی ئەو پارەیە، ئایا ناهاوسنگیەکە لەبڕی پارەکە و جێ بەجێ کردنی پرۆژەکانە یان خەملاندن بۆ پارەکە؟ یەعنی ڕوونکردنەوەیەك بدات لەسەر ئەوە، دووەم/ پرسیارێك بۆ بەڕێز وەزیری دارایی کە ئەو بڕەی بۆ کورتهێنان دابینی دەکەن لەسەر چ ئەساسێك یەعنی ئایا زەوابتێکمان هەیە لەسەر تەڵەبی لایەنی پەیوەندیدارە یان چۆنە؟، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاک حمە سعید فەرموو.

**بەڕێز حمە سعید حمە علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەم ماددەیە تەبعەن گرنگی خۆی هەیە و جێگەی دەست خۆشیە بۆ مەسەلەی تواناسازی و گەشەدان بە توانای مرۆیی، بەڵام ئەوەی کە جێگەی پرسیارە ئەو بڕە پارەیەی کە ماوەتەوە و بەردەوام بین لەسەری چەندە؟ بۆ ماوەتەوە؟ ئایا تەڵەب کەم بووە؟ خەڵکی قوتابی و کەوادیرمان نەبووە؟ یا بۆچی سەرف

نەكراوە؟ ، خاڵێكی تر، بەڕاستی ئەو (لەكاتی پێویستە) چۆنە و زێدە بڕە پارە پێویست دابین دەكرێت، من پێموایــە مەفتوحــە، ئــەوەش ئــەركێكی زۆر دروســت دەكاتــە ســەر حكومــەت و وەزارەتــی دارایــی كــە بــەو مەفتوحیە بێهێڵێتەوە، ئەبێ سەقفێك بۆ بڕەكە دانێ، سەقفی بڕەكە، خاڵێكی تـریش فەنیـە، ئـەویش ئـەو دەستەباڵایەی كە باسـی دەكـات كـە بـەڕێز سـەرۆكی حكومـەت وجێگرەكـەی و پـەروەدە و خوێنـدنی بـاڵا و پلاندانان پێموایە وەزیری داراییش پێویستە لەو دەستە باڵایە هەبێ بۆ مەسەلەی فەنی و ئاگادار بـوون لـە چۆنیەتی سەرفكان وبڕەكان و، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

بەفرین خان فەرموو.

**بەڕێز بەفرین حسین خەلیفە:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دیـارە ئـەم ماددەیـەش یەكێكـە لـە مـاددە گرنگـەكانی بودجـەی ئەمسـاڵ، ڕیـژەی گرنگـی دان بـە گـەنجان و خوێندكارانی هـەرێمی كوردسـتان پیشـان دەدات لـە ئامـادەكردنی كـادیران وپسـپۆڕە جیاجیاكـان تـا بتـوانن خزمەت بە هەرێمی كوردستان بكەن، دیارە لە پڕۆژە یاسای بودجەی پار ساڵدا بـڕی 120 ملیـار دینـار بـۆ ئەم پرۆژەیە كە بۆ پرۆژەی تواناسازی لاوان تـەرخان كـراوە وڕێـژەی سـوودمەندانی بەهرەمەنـدانیش لـەم سندوقە دیارە ڕێژەیەكی باش بوو، بەڵام هەروەك ڕاپۆرتی لیژنەیەكی تایبەت باسی دەكات كـە نیـوەی ئـەم گوژمەیە ماوەتەوە، ئایائەم ڕێژەیەی كـە ماوەتـەوە، چـی لێ بەسـەرهاتووەو چـی لێ دەكرێت؟ جگـە لـەوەش لەبڕگەی 2 ی ماددەكە دەڵێ خەرجكردنی ئەو بڕە پارەیەی بۆ سندوقی پرۆژەكە تەرخان كـراوە بـەردەوام دەبێت، كام بڕە پارەیە؟ یەعنی دەست نیشـان نـەكراوە، ئایـا هـەمان ڕێـژەی پـارە كـە 120 ملیـار بـوو، یـان ئەوەی كە ماوەتەوە لێی تەواو دەكرێت؟، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

گوڵێزار خان فەرموو.

**بەڕێز گوڵێزار قادر اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

جێی دەست خۆشیە بەڕاستی كە حكومەتی هەرێمی كوردستان بەردەوام دەبێ لەسەر پـرۆژەی پەرەپێـدانی تواناســازی مرۆیــی، بــەڵام گرفتێــك هەیــە لــە ناردنــە دەرەوەی قوتابیــان بــۆ دەرەوە، ئــەویش ئەوەیــە، كەمەسـرەفی تـەواوی ئەوانەیـە كـە دەچـنە دەرەوە، چونكە تـەنها ناردنـە دەرەوەیـان بـەس نیـە، بـەڵكو لـە هــەمان كاتــدا چــاودێری كردنیــەتی و هەوڵدانــە بــۆ ئــەوەی كــە ئــەو قوتابیانــە موحتــاج نــەبن تــاوەكو بەشێوەیەكی باش ئەركی سەرشانی خۆیان جێ بەجێ بكەن و بۆ ئەوەی بە شـارەزایی و پسـپۆڕی تـەواوەوە بگەڕێنەوە بۆ وڵات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

کاك جمال فەرموو.

**بەڕێز جمال طاهر ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش هەمان بۆچوونی کاك عمرم هەیە کە لێرە نەسەکە زۆر درێژە و ئەم مەشروعە مەشروعێکە کە سابیقەی هەیە، داعی نیە دووبارە تەعریف بکرێت، بۆیە من پێشنیار دەکەم نەسە عەرەبیەکە (أولا/ الاستمرار فی تنفیذ مشروع تنمیة وتطویر قدرات کوردستان البشریة وفق النظام المصادق علیه من قبل مجلس الوزراء) ئەوەی تر پێویست ناکات، خاڵی دووەم/ باسی سەرف دەکات، چونکە ئەم پارەیە لەلای پەرلەمان پار تەرخان کراوە، هەر تەخسیسێکی نوێ بێتن ودووبارە ئیزافە بێت، پێویستە (استحصال موافقة البرلمان) دەبێت، بۆیە من پێشنیار دەکەم ئاخری جوملە (عند الحاجة بعد استحصال موافقة البرلمان) یانیش دەتوانن (وعلی إعلام البرلمان بذلك)، یەك لەو ڕستانە ئیزافە بکرێت، وابزانم یاسایی تر دەبێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێز تارا ئەسعەدی.

**بەڕێز تارا تحسین ئەسعەدی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕاستی یەکێك لە خاڵە هەرە گرنگەکانی بەرنامەی لیستی کوردستانی کە بە کار و بە کردار پێشانی داو و نیشانی دا بۆ هەموو ئەو کەسانەی کە ئیهتیمامێکی زۆر بە تواناکانی مرۆیی دەدەن، چونکە ئێمە چی لە ئاوەدانکردنەوەی جاددە و بانەکانمان بکەین؟ چی لە بینایەی بەرز بکەن؟ چی لە کۆلێژ و زانکۆکانمان بکەین؟ ئەگەر مێشکێك و توانایەکی وا نەبێ کە ڕۆژانە و ساڵانە بەرەو پێشچوونێکی وا بڕوات کە لەگەڵ ئەمرۆ بگونجێ، ئەوە بەڕاستی لە ناو ئەو بەرنامە و مەشرووعەدا بەدی دەکرێ، کە ساڵانە چەند قوتابییەك و فێرخوازێك دەنێردرێ بۆ دەرەوە، بۆ ئەوەی سوود وەربگرن لەو خاڵە پۆزەتیڤانەی کە لە دەرەوەی وڵات هەیە، بۆ ئەوەی بێن لێرەدا ئاوەدانکردنەوەی مێشك و هزری ئەو کەسانە بکرێ کە لێرەدا دەژین، بەڵام ئەوەی دەیبینم بەڕاستی جێگای دڵخۆشی یە، خۆزگە هەموو پارەیەك کە دادەنرێ بۆ زانست بێ، خۆزگە هەموو پارەیەك کە دادەنرێ بۆ بودجە بۆ ئەو جۆرە کارانە بێ کە خزمەتی مێشکی مرۆیی بکات، کە بەڕاستی ئەخیر شتە زۆر بایەخی پێ دەدرێ، بەڵکو بایەخ بە زۆر شتی دی دراوە، بەڵام بە خۆشحاڵییەوە ئێستا دەبینرێ ئەوە، بە شەفافی وەزیری پلاندانان لێرەدا بەڕاستی پێشانی دا کە پارە

ماوەتەوە، واتا یان ئەوەتە ئەوەی کە ناردراوە مومکینە پێویست بێ هێشتا زیاتر ئیعلام دەور ببینێ، ئەو کەسانە کێن کە دەنێردرێنە دەرێ؟ هەر یەکەمەکانی ئەو کۆلێژەن؟ ئایا ئەو کەسانەن ساڵانی پێشتر ویستوویانە بڕۆن و حەز و ویستی خۆیان، زیرەکی خۆیان ماوە لە ڕێگا تا بنێردرێن، ئەگەر بێت و وەزارەتی تەعلیم عالی زیاتر ئەو شتانە ڕوون بکاتەوە لەسەر کەناڵەکان بەڕاستی، وا لە فێرخوازەکانمان دەکەن زیاتر ئەو ڕێگا گرنگەی کە حکومەتی خۆمان دەستی پێ کردووە، کە بە بێ جیاوازی لە نێوان هەمووان کە ساڵانە ئەو ژمارە بکرێ، بەڵام ئەگەر بێت و دەوراتی تر بکرێتەوە، هێشتا وەکو چۆن ئەو زانکۆیە تایبەتیانەی لێرە هەیە، وەکو فەرەنسی-لوبنانی و ئەوانە، کە ئیهتیمامێکی زۆر بە بیزنس بدرێ بەڕاستی، کە ئەوڕۆ ئیدارەی ئەعمال یەکێکە لە کارە گرنگەکانی کە لە ناو هەرێمی کوردستان بایەخی پێ بدرێت، شەرت نیە بچنە دەرەوە، بەڵکو لێرە زیاتریش لەگەڵ ئەو خاڵە گرنگەی کە بنێردرێتە دەرێ، لێرەش زیاتر هەوڵ بدرێ کردنەوەی ئەو جۆرە دەورات و خولانە، هەوڵ دان بۆ خوێندنی زیاتر بۆ باڵاکردنی ئەو بەکالۆریۆسەی کە هەیانە، بۆ زیاتر بایەخدان بەو لایەنە، دەبێتە کارێکی گرنگتر، ئیزافە دەکرێ لەسەر لیستی کوردستانی بۆ خزمەتکردنی هاووڵاتیانی خۆی لە ناو هەرێمەکەدا، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێز پەروین عبدالرحمن.

**بەڕێز پەروین عبدالرحمن عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕاستی جێگای دەستخۆشی یە لە حکومەت کە زیاتر گرنگی بە گەنجان و فێرخوازانی خۆمان دەدات بۆ زیاتر شارەزا و پسپۆری لە هەموو بوارەکانی ژیان دا، بەڵام ئەوەی من پێم باشە لێرە ئەو خولی مەشقەیە کە دیاری نەکراوە، ئایا لە دەرەوەری هەرێمە یاخود لە ناوەوەی هەرێمە؟ بەڵام کاتی سەردانمان بۆ مەرزەکان بە تایبەتی ئیبراهیم خەلیل، دیار بوو کۆرییەکان هاتبوون موختەبەرێکی زۆر زۆر گرنگ و پێشکەوتوویان بۆ دروست کردبوون، ئامێری زۆر پێشکەوتووی تێدا بوو، بەڵام تەنها فەرمانبەرێك نەبوو بتوانێ ئەو ئامێرانە بە کار بهێنێ، بۆیە داوایان کرد ئەو خولانە بکرێتەوە بۆ ڕاهێنانی خەڵکانی خۆمان، داوایان کرد شارەزا و پسپۆران لە دەرەوەی هەرێم بێن، بۆ ئەوەی ڕاهێنانی پێ بکەن، چونکە کاتی وا هەیە کە فێرخوازانی خۆمان ڕەوانەی دەرەوە دەکەن، بەخت یاوەری هەندێکیان دەبێ، هەندێکیشیان بەخت یاوەریان نابێ، بۆیە ئەگەر هاتو ئێمە پسپۆر و شارەزا لە دەرەوەی هەرێممان هێنا، کۆمەڵێکی زیاتر و باشتر لەو ناحیەوە سوودمەند دەبن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێز پەیمان عبدالکریم.

**بەڕێز پەیمان عبدالکریم عبدالقادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بێگومان پشتگیری لە بەردەوامبوونی ئەو پرۆژەیە دەکەم لە تەرخان کردنی ئەو بڕە پارەیە، بەڵام چەند تێبینی یەکم هەیە ئەویش ئەوانە:

یەکەمیان/ لە کاتێکدا چەند کەسانێك دەچنە وڵاتانی دەرەوە بۆ ئەم زەمالاتە و بیعسانە، جۆرێك لە تێبینی لەسەرە لەلایەن خەڵکی تر، چونکە ئەوە وا دەکات کە مولکی گشتی تەنها حەصر بکرێت بۆ کۆمەڵێك شەخص، کەچی خوازیارانی تر کە لەبەر چەند هۆیەك ناتوانن بگەنە ئەو ئاواتەی خۆیان، ئەوانیش بە هەمان شێوە پسپۆڕیان هەیە لە زانست و تەکنەلۆژیای نوێ بێ بەش دەبن لەو بیعسانە.

دووەمیان/ توێژینەوەی زانستی و خولی ڕاهێنان لەو تەخصیصاتە دەوری زۆر زۆر کەمە بەڕاستی، ئەوەش وا دەکات کە با بڵێین ئەوانی کە ناتوانن بچن بەشدار بن لەو پرۆسەیە، لێرە ئاستە زانستی یەکەیان لە حەددێك ڕادەوەستێ یانیش وردە وردە بەرەو خوار دێت، چونکە ناتوانێ ئیتیصال بکات بە تەکنەلۆژیای نوێوە.

سێەمیان/ دیاری کردنی تەمەن غەدرێکی زۆر گەورەیە دەرهەق بەو کەسانەی کە خوازیاری بڕوانامەی بەرزن، چ بۆ خوێندنی ماستەر، چ بۆ خوێندنی دکتۆرا، چونکە بەڕاستی هەروەك هەمووما‌ن دەزانین زانست شتێکە کە فێربوون تێیدا سنووردار ناکرێ، بۆیە پێشنیار دەکەم کە کورسی تەرخان کراو بۆ وەزارەتی خوێندنی باڵا و وەزارەتی پەروەردە گەورەترین پشك بێ، چونکە ئەو گۆڕانکارییەی لە وەزارەتی پەروەردە هەیە، لە سیستەمی نوێی خوێندن هەیە، پێویست بە چی دەکات؟ پێویست بە گۆڕانکاری بنەڕەتی دەکات، یەکێك لەو گۆڕانکاریانەش بەرزکردنەوەی ئاستی زانستی مامۆستایانە، ئەوەش بۆیە پێویست دەکات کە بەشدار بن لەو پرۆسەیە، ژمارەیەکی زیاتر بەشدار بن لەو پرۆسەیە، دووەمینیان/ پێشنیار دەکەم کە بڕێکی ئەو پارەیە تەرخان بکرێت بۆ هەندێك پسپۆڕی کە بە مەرج لە ناوەوەی هەرێمی کوردستان بخوێنن، بەڵام مامۆستایانی پسپۆڕ بە گرێبەست بهێننە ناو هەرێمی کوردستان، تاوەکو لە خوێندنی زانکۆیی بنەڕەتی، هەروەها لە خوێندنی باڵاش سوودیان لێ وەربگیرێ، بە تایبەتی ئەو پسپۆڕە زانستیانەی کە لێرە بڕوانامەی دکتۆرای تێدا نیە، لەگەڵ ڕێزم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

دەست خۆش سوپاس، بەڕێز عەزیمە نجم الدین.

**بەڕێز عظیمة نجم الدین حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە ماددەی (13) کە لە ئەصڵی پرۆژەکە ماددەی (12)یە، یەکێکە لە ماددە هەرە باشەکان کە لە ناو پرۆژە یاسای بودجەی 2011دا هاتووە، من پێموایە ئەو ماددەیە لەگەڵ ئەو زیادکردنەی کە بڕی تەرخان کراوە بۆ دروست کردنی قوتابخانە هاوشانن لەگەڵ یەکتر کە گرنگی بەلایەنی مرۆیی دراوە لە ناو بودجەدا، من پێموایە ئەو خاڵە لە خاڵی یەکەم دا وەکو خاڵێك باس کراوە لە بابەتێك وەکو وەسفێك، یان پێناسەیەك بۆ پەرەپێدانی توانا مرۆییەکان، بەڵام ئەوەی کە مایەی قسەکردنە لەسەر خاڵی دووەمە،

خـەرجکردنی ئـەو پارەیـە کـە دیـاری نـەکراوە لـەناو بودجـەی ئـەو سـاڵ دا، لـە خـاڵی دووەم دا دەڵـێ/ خەرجکردنی ئەو بڕە پارەی بۆ سندووقی پرۆژە تەرخان کراوە، بەردەوام دەبێت بە بڕی چەندێك؟ دەبـێ دیاری بکرێ لە ناو ماددەکەدا بۆ ئەوەی کە دڵنیابین بڕی پارەی تەرخان کـراو (120) ملیـار دینـار لـە نـاو سندووقی تواناسازی دا، بـۆ ئـەوەی کـە زەمانـەتێك هـەبێت، بـۆ پشـتیوانی کـردن لـە سـندووقەکە لـە کـاتی پێویست دا زیادە بڕی پارەی پێویست دابین بکرێ، بەڵام ئەوە حاڵەتێکە ئەو پارەی کـە مـاوە لەگـەڵ پـارەی ئەم ساڵیش لە 2011، من پێموایە هەردوو پارەکە زۆر پێویستن بـۆ ئـەوەی کـە توانـا و گەشـەکردنی توانـا مرۆییەکان، بۆ ئەوەی کە تواناسازی زیاتر گرنگی پێ بدرێت، هەوڵ بدرێت لە هـەموو بـوارە جیاجیاکـان دا سوود لەو پرۆژانە وەربگیرێ، هیوادارم بڕگەیەك لەماددەیەك دا شوێنی بۆ بکرێتەوە، بڕی پارەی تیا دیاری بکرێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، بەڕێز شلێر محي الدین، دەرچووە؟ سوپاس، بەڕێز سەروەر عبدالرحمن.

**بەڕێز د. سەروەر عبدالرحمن عمر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە مەسەلەی گرنگی دان بە توانا مرۆییەکان یەکێك لەخاڵە ڕووناك و ڕۆشـنەکانی ئـەو بودجەیـە بـووە، هەم لە ساڵی پار و هەم لە ساڵی ئەمساڵیش دا، بۆیە مایەی ئەوەیە کە لێرەش دا گرنگی زیاتری پـێ بـدرێ، زیاتر و باشتریش ڕێك بخرێ، ئەم خاڵە، ئەو بوارە کە بووە مایەی ئەوەی بوار بڕەخسێنێ لەبەردەم گەنجان دا بەرەو دەرەوە بڕۆن، بە ئاواتەکانی خۆیان بگەن، خوێندن درێژە پێ بدەن، یەکسانیەکی تا حەددێکی زۆر زۆر باشی تیادا بووە، کە هیچ جیاوازییەك نەکراوە لە نێوان کەسێك لەگەڵ کەسێکی تردا، ڕەگەزێك لەگەڵ ڕەگەزێکی تردا، بەڵام دەتوانم بڵێم ئێمە بە پێی یاساکە کە تیایدا هـاتووە، گرفتێکمـان هەیـە، یـاخود بڵـێم جۆرێك لەوە هەیە کە ئـەو پلانـەی بـۆی دانـراوە لـە شـێوازی جێبـەجێ کردنـی دا وەکـو پێویسـت نـەبووە، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، وەکو ئەوەی هاتووە لە یاساکە، بۆ سێ بوارە، هەروەکو هاوکارم پەیمان خان باسی کـرد، کـە پشـتگیری تـەواو لـە ڕەئیـەکانی دەکـەم، زەمالەیـە، توێژینەوەیـە، خـولی مەشـقە، ئـەوەی ئێمـە بینیومانـە لـە سـاڵی ئەمسـاڵ دا جێبـەجێ کـراوە، تـەنها زەمالـە جێبـەجێ کـراوە، نـە خـولی مەشـق و نـە توێژینەوە جێبەجێ نەکراوە، کە ئەم دوو بوارە زۆر گرنگە و ئەهمیەتیان زۆر زیاترە، گرنگیـان زیـاترە لـە خاڵی یەکەم، لەبەر ئـەوە سـەبارەت بـە مەسـەلەی خـولی مەشق، ئێمـە سـاڵی پـاریش داوامـان کـردووە لـەم هۆڵەوە کەوا یەکسانیەك هەبێ، پلانێك هەبێ بۆ دابەش کردنی، بەڕێز سـەرۆکی پەرلـەمان، ئێمـە بـاس لـە سیسەتەمی تازەی خوێندن دەکەین، ئێمە باس لەوە دەکەین کەوا فشار لـە زانکۆکـان کـەم بکەینـەوە، ئێمـە باس لەوە دەکەین کەوا لە ساڵی ئەمسـاڵ دا نزیکـەی (99) هـەزار خوێنـدکار لـە پـۆلی شـەش تاقیکردنـەوە ئەنجام دەدات، (99) هەزار خوێندکار ئەگەر هەمووشی دەرنەچێت، بەڵام ژمارەیەکی زۆر زۆری دەردەچـێ، چـۆن زانکۆکانمـان، پـەیمانگاکانمان دەتـوانن هـەزمی بکـەن؟ تاکـە ڕێگـەمان ئـەوە بـووە کـە بتـوانین ئێمـە

پیشەییەكان گرنگی پێ بدەین، لەبەر ئەوە پێویستمان بەوەیە بەشی تازە بهێنینە كایەوە، ئەو بەشانەی كە تازە داهێندراون، ئەوەش پێویستی بەوەیە كەوا خولی مەشق پێ كردن بۆ ئەو مامۆستایانە كە ئەو زانستە تازانەیان پێ نیە، لە دەرەوە ببیندرێ، ئەوە وەكو مەرجێك دابندرێ، نازانم لە یاساكە جێی دەكرێتەوە، یاخود بە پێی ڕاسپاردە، خاڵێكی تر بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان، یەكێك لە كێشەكانی ئێمە ئەوەیە كە لەم بودجەیەدا دەبینین پارەیەكی ئەوتۆ بۆ توێژینەوە دەستنیشان نەكراوە، ئەوە بۆ ئێرە دەگەڕێتەوە، لێرە بۆی دابندرێت، ناكرێ توێژینەوە لەم وڵاتەدا پارەی بۆ دەستنیشان نەكرێ، ئێمە چەند دەزگایەكی زۆر گرنگمان هەیە، دەزگایەكمان هەیە سەنتەری توێژینەوەی زانستی یە سەر بە وەزارەتی خوێندنی باڵایە، ئێمە لەگەڵ هاوكارانمان سۆزان خان ئاگادارە چووینەتە سەردانیان، بەڕاستی توێژینەوەی گرنگیان كردووە، ئیختیراعاتی گرنگیان كردووە، لەسەر ئاستی دنیادا ئیختیراعاتەكانیان ناسراوە، توێژینەوەكانیان جیهانین، نەك هەر گرنگی پێ نادرێ، ئێمە لێرەدا دەبینین، بەڵكو هەولی ئەوە هەیە كە ئەو سەنتەرە داشبخرێ، لێرەوە من ئەوە دووپات دەكەمەوە، پێویستە بڕێكی بودجە بۆ ئەوانە دەستنیشان بكرێ، بەتایبەتی ئەو سەنتەرانەی كەوا تایبەتمەند بن پێوە، سەبارەت بەوەی كەوا كێن ئەوانەی دەچنە دەرەوە؟ بێگومان بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان، ئەوە وەكو ڕێنماییەك ڕێنمایی خۆیان دەریان كردووە، پێم باش نیە لێرەدا تەداخولات بكەین، دەكرێت لە ڕێی لیژنەكانەوە چاودێریان بكەین، چونكە هەموو ئەو بابەتانەی كەوا هەشن لەسەر ماڵپەڕەكەی خۆیان بڵاو كراونەتەوە، سوپاستان دەكەم.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێز سمیرە عبدالله.

**بەڕێز سمیرە عبدالله اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لەو ماددەیە كە پرۆژەی تەنمیەی (تطویر القدرات البشریة) ماددەیەكی زۆر گرنگە و جێی دڵخۆشی هەموو لایەكمانە، چوار بوار دەگرێتەوە خۆی، (زمالات، بعثات، أبحاث، دورات تدریبیة)، بەڵام بە داخەوە كەوا دیار بوو یەعنی پارساڵ زیاتر گرنگی بە زەمالات و بیعسات دراوە، ئەبحاس و دەوراتی تەدریبی ئیهمال كرایە، خاصەتەن خولی مەشق و ڕاهێنان زۆر گرنگە، بۆ نموونە من لە كۆمەڵگەی فاخیر مێرگەسۆری بووم، كۆمەڵگەیەك بوو كۆری دروستیان كردبوو، چەندەها ئەجهیزەی موتەتەویریان هێنابوو، مەوادی كیمیاوی و فیزیاویان هێنابوو، مامۆستاكان سەریان لێ دەرنەدەچوو، بەڵام ئەگەر ئەو دەورانە هەبێ بە بەردەوامی، زیاتر ئیستیفادەی لێ دەكرێ، هەم قوتابی و هەم مامۆستا، بە خۆشمان دەزانین سیستەمی پەروەردە لە جیهان دا، هەم لە كوردستانیش دا بەبەردەوام لە گۆڕانكاری دایە، پێویستمان بەو دەوراتانە هەیە، پێویستە لێرە تەحدیدی پارە بكرێ بۆ دەورات، كە دیار بكرێت، ئەوانی تریش نیسبەكانیان دیار بێ، پشكی وەزارەتی پەروەردە دیار بێ، پێشتر دیارە زیاتر گرنگی بە وەزارەتی خوێندنی باڵا دراوە، بەڵام بە پەروەردە نەدراوە، پێویست دەكات لێرە حیصەی وەزارەتی پەروەردەش دیاری بكرێ، هەروەها تەحدیدی عومر نەكرێت،

یەعنی ئەگەر من حەزم لە خوێندن بێ، بۆ عومرەکەم دیاری بکرێ؟ توانام هەبێ و ئەوەم هەبێ چەندەها مامۆستا هەیە بۆ نموونە تەقاعود بووینە ئەوجا چووینە وڵاتان دکتۆرایان هێناوە، (مع العلم) تەقاعودیش بووینە، حەزیان لە شەهادەی بەرز بووە، لە هەمان کات دا ئەگەر بکرێت بەشی نیسبەی ئافرەت هەر نەك یەکەمەکان بێ کە بنێردرێنە دەرەوە، تۆزێك ڕەچاوی نیسبەی ئافرەتیش بکرێ بۆ هەناردنە دەرەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەگەر دەرەجەشی نەبێ هەر بینێرن؟ بەڕێز صباح بیت الله.

**بەڕێز صباح بیت الله شکری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دەبارەی ڤی ماددەی ئەز بێژن تەحدید کرنا مەبلەغی گەلەکا لێرە بێتە تەحدید کرن، چونکە ئەگەر مەبلەغ نەیێتە تەحدید کرن، لە (ثانیاً) دبێژیتن: (یستمر الصرف على المبلغ المخصص لصندوق المشروع و تقوم وزارة المالية و الإقتصاد بتأمين مبالغ لازمة إضافية)، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، ئەگەر مەبلەغ نەیێتە دەستنیشان کرن، چەوا مەبالغیت ئیزاڤ دهێنە دەستنیشان کرن، خاڵە دی کا من دڤێتن ئەز بەحس بکەم، ئایا ئەو بڕە پارەیە یا مایە ئایا سەبەب قوتابی نەبووینە بڕەکینە دەرڤە؟ ئەگەر قوتابی نەبووینە بۆچی ئەو دەورات و ئەڤی دیکەی تەدریبی لە کوردستانی نەهاتینە ئەنجام دان؟ ب ڕەئیا من گرنگیەکا باش پێ نەهاتیە دان،حەتا کێماتیش ڕەنگە پێڤە دیار بیتن، چونکە ل کەناڵێت ڕاگەیاندنێ ئەڤ بابەتە ئەصڵەن وەکو پێویست نەهاتیە بەحس کرن، ئەگەر بێتە بەحس کرن، زۆربەی قوتابیێت کوردستانی پەرۆشن کە بچنە دەرڤە بۆ خوێندنێ، لەبەر هەندێ ئەز داخوازێ وەزارەتی مەعنی دکەم، پەیوەندیدار، پتر گرنگی ئەڤی بارێ بدەن، چونکی ئێکە ل ئەوان خاڵا کو جێی شانازی یە، قوتابیێت مە، خەڵکی مە بچنە دەرڤە و فێری زانست بن و شەهادێت مەزن بینن بۆ وەڵاتێ خۆ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، بەڕێز عمر نورەدینی، فەرموو.

**بەڕێز د. عمر حمدامین خدر(نورەدینی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە هەر وەکو لە ڕاپۆرتی لیژنەی پەروەردە و خوێندنی باڵادا ئاماژەمان بە چەند خاڵێك دابوو، یەکێك لەوانە هەروەکو لە خاڵی یەکەم دا هاتووە، هی ئەم ماددەیە، ئەم بڕە پارەیە بۆ چوار بوار تەرخان کراوە، بەڵام لە ڕاستی دا لە ساڵی ڕابردوودا بواری توێژینەوە و بواری خولی ڕاهێنان پارەی بۆ صەرف نەکراوە، ڕێنمایی بۆ دەرنەکراوە، کاری لەسەر نەکراوە بە شێوەیەکی عام، هەروەها وەکو لە ڕاپۆرتیش دا ئاماژەمان پێداوە، زۆر گرنگە پارە بۆ ئەم بوارانە تەرخان بکرێ، هەروەها بەشی وەزارەتی پەروەردە هەم لە ناردنە دەرەوە لە بەعسات دا زیاد بکرێ، هەمیش لە مەسەلەی خولی ڕاهێنان دا، بۆ ئەوە پێشنیار دەکەین کە

بڕگەیەك زیاد بکرێ بەم شێوەیە، چونکە بەڕێز جەنابی سەرۆکی پەرلەمان، هەتا لە سیستەمەکەش دا کە لەلایەن سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانەوە موصادەقە کراوە، ڕێنمایی ورد و تایبەتی سەبارەت بە چۆنیەتی صەرف کردنی پارە بۆ بواری توێژینەوە، بۆ بواری خولی ڕاهێنان تێدا نیە لە سیستەمەکەدا، ئێمە پێشنیار دەکەین کە بەم شێوەیە بڕگە (1) زیاد بکرێ، لە (10٪) بڕی تەرخان کراو بۆ بەرنامەی تواناسازی، تەرخان بکرێ بۆ پشتیوانی کردن لە توێژینەوەی زانستی، هەروەها لە (15٪)ی تەرخان بکرێ بۆ خولی ڕاهێنانی مامۆستایان لە وەزارەتی خوێندنی بالاّ و لە وەزارەتی پەروەردە، هەروەها لە بەشی ناردن و زەمالەدا لە (15٪)ی کورسییەکان بۆ وەزارەتی پەروەردە تەرخان بکرێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، لێژنەی پەروەردە و خوێندنی بالاّ ئەگەر ئیشیان باش نەکرد دەبێ ڕاپۆرت هەبێ، بەدواچوون هەبێ، بانگی وەزیر بکرێت و بۆ ئێرە بیهێنن، موناقەشەی لەگەلّ بکەن، پارەکە بۆ کوێ ڕۆیشتووە؟ کەرەمکە، فەرموو.

**بەڕێز عمر نورەدینی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەندامانی لێژنە دەزانن ئێمە چەندین جار وەزیری خوێندنی بالاّمان بانگ کردووە، هەروەها ستافی سەرپەرشتی کەری جێبەجێ کردنی ئەم بەرنامەیەمان لە وەزارەت بانگ کردووە، من تەصەور دەکەم حکومەت جواب بداتەوە، دەنا ئێستا ئێمە دەزانین بڕی پارەکە چەند صەرف کراوە، چەند ماوە، چەند کەس نێردراوەتە دەرەوە؟ چەندی وەکو بەڕێزێك وابزانم کاك د. بشیر باسی کرد، لەوێ دەرەجاتیش هەیە، (A) هەیە، (B) هەیە، هەروەها بۆ بەرزکردنەوەی دەرمالّە بۆ ئەوانەی کە لە بواری زەمالەیەدا بوو، لە ماستەردا چەندی بەرز کراوەتەوە موخەصەصاتیان پێ دراوە؟ هەروەها لە بواری دکتۆرا چەند بەرز کراوەتەوە، لە ڕاستی دا ئەو تەفاصیلە لای ئێمە هەیە، بەلاّم پێویست بەوە هەیە لە ماددەکە دا جێی بکەینەوە باشترە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز شەونم محمد، فەرموو.

**بەڕێز شەونم محمد غریب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بێگومان ئەو بڕگەیەی ئێستا باسی دەکەین، یەکێکە لە بڕگە هەرە جوانەکانی کە لەم پرۆژەیە هاتووە، کە لە پار سالّدا حکومەتی هەرێمی کوردستان کارێکی باشی کردووە، بەوەی کە ژمارەیەکی زۆر باش لە قوتابیانی پسپۆری ناردۆتە دەرەوە، لە ماوەیەکی نزیك و داهاتوودا ژمارەیەکی زۆر باش لەو کادیرانە دێنەوە ئەو ولاّتە و خزمەتی ئەم ولاّتە دەکەن، وێڕای دەستخۆشیمان بۆ ئەو بابەتە، بەلاّم ئەوەی تێبینی دەکەین ئەم بابەتە وەك برادەرەکانم باسیان کرد، لە سێ بابەت پێك هاتووە، بە تایبەتی ئەبحاس و

دەوراتی تەدریبی کە هیچی کاری لەسەر نەکراوە، منیش هەمان ڕام هەیە لەگەڵ هاوڕێکانم بە تایبەتی دەوراتی تەدریبی، لەبەر ئەوە داواکارم هەوڵ بدرێ کەوادیری وەسەتی کە بڕبڕەی پشتی دائیرەکانن بخرێنە ناو ئەم دەوراتە تەدریبیانەوە، تەدریبیان پێ بکرێ، چونکە هەر کات، هەرچەند تۆ لەسەرەوە بتوانی کادیرەکانی سەرەوە تەدریب پێ بکەیت و پێی بگەیەنی، بەڵام ئەگەر کەوادیرە وەسەتیەکان پێ نەگەیەنی ئیشەکان ناڕوات بەڕێوە، بەشێوەیەکی زانستی و سەردەمیانە، ئەوەش کێشەمان لە داهاتوودا بۆ دروست دەکات، لەبەر ئەوە پێویستە شان بە شانی ئەوەی کە کەوادیرەکان دەنێرین بۆ زەماله، دکتۆرا و ماجستێر، کەوادیرە وەسەتیەکانیش دەوراتی تەدریبیان پێ بکرێت بۆ دەوڵەمەند کردنی زانیارییەکانیان لەسەر بابەتەکان، هەروەها پشتگیری هاوڕێیانم کاك عمر و برادەرەکانی تریش دەکەم کە لە سێکتەری تەربیەدا زۆر گرنگە بە بڕگەیەك داخیلی ئەو بابەتە بکرێ، چونکە مامۆستایان بڕبڕەی پشتی ئەو کۆمەڵگایەن، مامۆستایانن کە جیلەکە پێ دەگەیەنن، ئەگەر هاتو مامۆستایان مەعلوماتی تەواویان نەبێ لەسەر تەربیەی تازە و جۆرەکانی سیستەمی تازە لە دونیادا چۆن بەڕێوە دەڕوات؟ لە هەموو ناحیەکانەوە، بێگومان ناتوانن جیلێکی باش پێك بێنن، لەبەر ئەوە هیوادارم بڕگەیەك زیاد بکرێت لێرەدا، بە تایبەتی بۆ سێکتەری تەربیە، هەموو مامۆستایان بگرێتەوە نەك هەر ئەوانەی کە کەفائەتیان هەیە لە دەوراتە تەدریبیەکان دا، بە گشتی مامۆستایان بگرێتەوە، جگە لەوە لە بڕگەی دووەم دا بێگومان لە ماددەی (13) لە پرۆژە ئەصڵییەکە دەڵێ: (یستمر الصرف..) داواکارم بەم شێوەی لێ بکرێ، (یستمر الصرف علی المبلغ الباقي المخصص لصندوق المشروع للسنة السابقة)، چونکە ئەوەی دەزانین لە ساڵی پاردا بڕێك پارە تەخصیص کراوە بۆ ئەو سندووقە، ئەوەی ئاگادارین نزیکەی لە (30٪) لەو پارەیە صەرف کراوە، باقییەکەی ماوەتەوە، ئێستا لە سندووقەکەوە پێمان باشە ئەگەر لای بەڕێزان وەزیری دارایی و وەزیری پلان دانان ڕوونکردنەوەیەکمان لەسەر ئەوە بدەنێ، ئەو بڕە پارەیە تەحدید بکرێ، چونکە ئەو پارەیەی ئێستا ماوەتەوە تەصەور دەکەم بەشی هەموو ئەو ساڵ بکات بۆ ناردنە دەرەوەی کادیرەکان، هەروەها لەو ساڵ دا تەصەور دەکەم حکومەت دەستی کراوە تر بێ، بتوانێ زیاتر خەڵك بنێرێتە دەرەوە، چونکە ئەو کێشانەی کە یەکەم جاری تەجروبەکە ساڵی پێشوو بوو، ساڵی ڕابردوو بوو، کرا، ڕەنگە هەندێ کێشە دروست بووبێ لە دەرەوەدا بە جێبەجێ کردنی ئیش و کارەکان دا، بەڵام ئێستا پرۆسەکان ساغ بۆتەوە و تەصەور دەکەم لەم ساڵە ژمارەیەکی باشتر بتوانرێ بنێردرێتە دەرەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، ئێستا ئەو بەڕێزانەی کە ویستیان موداخەلە بکەن تەواو هەموو قسەی خۆیان کرد، داوا لە جەنابی وەزیر دەکەین کە ڕوونکردنەوە بدات لەسەر بۆچوونەکانی ئەو بەڕێزانە، نوقتەیەك هەیە زۆر گرنگە، مەسەلەن لە (ثانیاً) دەڵێ: (تقوم وزارة المالیة و الإقتصاد بتأمین مبالغ لازمة إضافیة لدعم الصندوق عند الحاجة)، ئەو مەبالغە لە کوێ دەهێنرێ؟ بۆیە دیار بێ باشە، یەعنی عەدەدەکە دیار بێ، کە بزانین.

**بەڕێز د. علی سندی/ وەزیری پلان دانان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

خۆی چەند تەوزیحێك گرنگە وابزانم باس بکرێت، یەکەم شت ئەوەیە کە ڕاستە ئەم پرۆژەیە، پرۆژەی تواناسازی با بلێین بەو شکلە وەکو ماددەیەکی جودا لە قانونی موازەنەی ساڵی (2010)دا داخیل بوو، بەڵام ساڵانی پێشتر هەمان چالاکی هەبووە، ئەگەر ئێوە سەیری ئیستیمارەی (إعداد الموازنة الجارية المطابقة مع..) سیستەمی (GFS) ئەوەی وەزارەتی دارایی بکەن، لە فەصلەکانی لە قسمی (2) فەصلی (3) ماددەی (7) نەوعی (1) تەفاصیلی نەوعی (1)، لە بابەتی (بعثات الطلاب)، هەموو ساڵێك هەبووە، تەنانەت لە بابلێین لە سەرەتای ساڵی (2010) یەعنی پار، کە هی ساڵانی پێشتر بوو، نزیکەی (1760) قوتابی بۆ بیعسات نێردرابوونە دەرەوە، بەڵام لە ناو قانونی موازەنەدا لەسەر ئەو فەصلە، لەسەر ئەو قسمە لەوێ تەوزیح کرابوون، ئەو (1760) قوتابی یە بۆ ماجستێر و دکتۆرا، زیاتریشیان، زۆربەی هەرەزۆریان لە هیند و فەرەنسا و روسیا بوون، ئەوە کە حیساباتەکانی ئێستا لە ساڵی پارەوە وای لێ هات کە بەو شکلە بێت، کە (120) ملیاری بۆ تەخصیص بکرێت، لەبەر ئەوەی کە حیسابێکی تەقدیری کرا، ئیشەکانیش دوای پەسندکردنی قانونی موازەنە بە شێوەیەك تەنزیم بوو کە وەکو لە قانونی موازەنەی پار هاتووە، لێژنەی باڵا دانرا لەو پێنج کەسە، دوای ئەوە ئەرکەکان بە دوو وەزارەت ڕاسپێردران، بە وەزارەتی خوێندنی باڵا بۆ مونتەسیبینی وەزارەتی خوێندنی باڵا، وەزارەتی پلان دانانیش بۆ مونەتەسیبینی هەموو وەزارەتەکانی تر، پارەکەش کە تەخمین کرابوو، ئەصڵەن خۆی هەر بۆ مەعلوماتی بەڕێزتان، ئەو (120) ملیارە بۆ مەجموعەیەك مەصاریف هەیە کە دیسانەوە لە ئیستیمارەی ئیعدادی موازەنە وازحین، ئەگەر نا کۆمەڵێك ئیلتیزاماتی تریش دەکەوێتە سەر حکومەت، کە لە ناو ئەو ماددەیە ئیزهار نابن، ئەویش مەسەلەی مەعاشە، مەسەلەی ئیجازەی دیراسی یە کە وەردەگیرێت، کە لێرە ئیزهار نابێت، تەنانەت هەتا حاڵاتی ئیلتیحاقی (زوج) یان (زوجة)، ئەوانە هەمووی لە ناو خودی ماددەکە ئیزهار نابن ئەوانە، کە تەقدیرەکە کرابوو، زۆر لەو بەڕێزانە پرسیاری ئەوەیان کرد کە ئەو تەقدیرە بۆچی کرا؟ بۆچی صەرف نەکرا؟ (إلخ)، تەقدیرەکە (120) ملیار بوو کە بە تەقدیرێك دەکرێت بلێین نزیکی (100) ملیۆن دۆلار، (100) ملیۆن دۆلار حیسابی ئەوە کرابوو کە ئەگەر هەر قوتابیەك، ئێمە گرانترین شوێن حیساب بکەین، لە وڵاتێکی وەکو ئەمریکا، هەرچەندە هەمووشیان ناچن بۆ ئەوێ، بەڵام بۆ ئیحتیمالێکی لەو شێوە، لەو بابەتە، چونکە ئەگەر کەمتر بوو ئەوە صەرفیاتەکە کەمتر دەبێت، حیسابی (50) هەزار دۆلار بۆ ساڵێك کرابوو، کە (100) ملیۆن تەقسیمی (50) هەزار دەکاتە (2000) کەس، ئە و(2000) کەسە بە حیساب لە دوو وەجبەدا دەست بە کارەکانیان بکەن، وەزارەتی خوێندنی باڵا پێشی ئێمە دەست بەکار بوون لە تەنفیز کردنی بەرنامەجەکە، ئێمە تۆزێك دواکەوتین لەبەر ئەوەی ئێمە مەسحێکمان کرد لە هەموو وەزارەتەکان، هەم ئیحتیاجاتمان وەرگرت، هەم تەدقیقی ئیحتیاجاتمان کرد لە پسپۆرییەکان دا مەخصەدم، نەك لە عەدەدی مەقاعد و ئەوانە، هەم بۆ ئەوەی کە دابەش بوونەوەکە پێشی ئیعلانیش کە ئیعلانمان کرد لەسەر

ئنتەرنێت، خەڵك تەقدیمی كرد، دەرگای تەعنمان كردەوە، تووشی گرفت نەبین، سوپاس بۆ خواش هیچ كێشەیەكمان نەبوو، وەزارەتی خوێندنی باڵا ژمارەیان زۆرتر بوو، زووتریش ئیعلانیان كرد، ئەوان حصەیێكی زیاتریان ئیعلان كرد، ئێمە هەتا ئەورۆ نزیكەی (400) كەی فیلتەر بووە، لە مەرحەلەی كۆتاییش هەر دیسان بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی بیعسات لە وەزارەتی خوێندنی باڵا، ئەوانمان تەكلیف كردووە، لە مەسائیلی ئاسانكاری، هەروەها چونكە نیهایەتی بیعسەش كە لە ناو حكومەتەوە مونتەسیبێك دەردەچێت، هەر بەو دائیرەیەدا دەڕوات، ئەگەر ماددەكە لە موازەنە لە هەر شوێنێك بێت، ئەگەر ئەركەكەش تەنانەت بە ئێمە ڕاسپێردرابێت، ئێمە لێژنەی باڵا كە دانیشتین، تەعلیماتێكمان دەركرد، پرۆسەیەك كە دێمە سەر هەندێك لە خاڵەكانی كە بەڕێزان تێبینیشیان لەسەری هەبوو، وابزانم هەندێك لە تێبینیەكانیش لە جێی خۆیەتی، ئێمە بەو شكلە بۆچوونێكی وا هەبوو، لەبەر ئەوەی كە بەعزێ كەس مومكینە موئەسەسەكەی خۆی یارمەتی بدات لە پەیداكردنی قبوڵ، بەعزێ كەسی تریش خۆی هەوڵ بدات، بەهەر ڕێگایەكی ترەوە بێت، سەرۆكایەتی ئەنجومەنی وەزیران بڕیاری دا كە ئەو بڕە پارەیە هەمووی سەحب بكات، لە حیسابێكی تایبەت لە سەرۆكایەتی ئەنجومەنی وەزیران دابنرێت، نەك لە وەزارەتی دارایی، بە پێی مەعلوماتی من با بڵێین هی ئەو مەبلەغەی كە صەرف بووە، نزیكەی (60) ملیار دینار یان ئیحتیماله تۆزێك زیاتر بێ، دەقیق نیم ئێستا لەو لەحزەیە، بەڵام مەعلومات هەیە هەر وەختێك بێ دەتوانن بەدواداچوونی بۆ بكەن، لەوێ ماوەتەوە كە صەرف نەبووە، ئەگەرەكانی صەرف نەبوونیش، تەبعەن یەكێك لە ئەگەرەكان ئەوەبوو كە بابڵێین پار تۆزێك درەنگ دەست بە ئیشەكە كرا، ئەوانەی كە دەستیشیان بە ئیشەكە كردووە، یان یەكێك لە ئەسبابی سەحبی پارەكە ئەوەیە كە نەدەكرا مەسەلەن ئەگەر ئەو قوتابیانە، ئەو بەڕێزانە لە مەرحەلەیەكی موعەیەن دابن، پێیان بڵێن جارێ تەمویل نابێت هەتا قانونی موازەنە یان ئەوانە موصادەقەی لەسەر دەكرێت، چونكە ئەوان ئیحتیماله لە ناوەڕاستی پرۆسەكە بن، ئیحتیماله لە مەرحەلەی زمان دابن، یان لە هەر مەرحەلەیەكی تردا، بەڕێز كاك كاردۆ پرسیاری پارەكەی كرد كە پارەكە چەندە ئەوەی كە ماوە. ئاماژەم پێی دا، ئەوەی تر چەندی تر بابڵێین ئەوەی كە بەڕێزیشتان ئاماژەتان پێدا كە ئەگەر هاتو پارەی زیادە پێویست بوو لەكوێوە دێت؟ خۆی تەبیعی كە ئەم شتە دەگوترێت بە عام لە هەر ماددەیەك، مەبەست لەوێ ئیحتیاتە، ئەگەر ئیحتیاتیش بچێتە سەر بابەتی عەجز، لەو حاڵەتەدا ئەوە مەوزووعێكی ترە، بەڵام ئێمە پرۆسەكە ئێستا حاڵی حازر پرۆسەكە بەدەستی خۆمانە، یەعنی ئێمە ئێستا لە ئەسنای تەنفیز، ئێمە لە هەر مەرحەلەیەك كە بمانەوێت بە وەجبات ئیعلانی دەكەین، مەخصەدم موختەصەرەكەی ئەوەیە كە مومكین نیە كە وای لێ بێت، كە لەبەر دەستی لێژنەی باڵا، لە باتی (120) ملیار، ئێمە لێرە ئەمساڵ كە دیسانەوە ئەوە مانگی شەشە، تەوەقوعی ئەوە بكەین كە ئێمە (500) ملیار صەرف بكەین، تەوەقوعاتی ئێمە لەبەرئەوەش بڕی پارەی نوێمان تەخصیص نەكرد، تەوەقوعاتی ئێمە (على الأكثر) بەو شكلەیە كە ئێمە ئیحتیماله لەو پارەی كە هەیە تەغتیەی مەشروعی ئەمساڵەمان پێ بكرێ، بەڵام وتمان لە ئیحتیات، لەبەر ئیحتیات عیبارەتێك

لێرە هەبێت، ئەگەر کورت بوونەوەیەك هەبێت، شتێك هەبێت بۆ ئەوەی چارەسەرەکەی قانونی بێت، لە ئیتارێکی قانونی دا بێت، بەڕێز کاك د.ملا بشیر پرسیاری وڵاتەکانی کرد، ئێمە وڵاتەکان بە مەجامیع تەصنیف کراون، ئیستینادەن لەسەر تەجروبەی عیراق و لەسەر تەجروبەی وڵاتانی تریش، چونکە ئێستا چەند پرۆگرامێك هەیە بۆ مەنتیقەکە هەمووی کە ڕێکخراوی یونیسێف ئیشرافی لەسەر دەکات، لەلای ئێمەشەوە بەڕێز د.جمال هەر دائیمەن بەشداری دەکات، تەصنیفی وڵاتەکان و مەصاریفی وڵاتەکان بەو شکلە کراون، بابەتی تر مەسەلەی قەرز بوو کە بەڕێزیان ئیشارەتیان پێ دا، خۆی ئەوە قەرز نیە، ئەوە وەکو بیعسەیە، وەکو قەرز نیە بەهەر حاڵ، مینحەیە، بەڕێز هاژە خان ئاماژەی بەوە دا کە پێویست دەکات کە حکومەت یارمەتی بدات لە پەیداکردنی قبوڵ، حەتمەن هەروایە هەتا حەددێك، دەرگای ئەوەش کراوەتەوە ئەگەر خەڵك بۆخۆی بیهێنێت، قبوڵ تەحصیل بکات، لە لیستێکی دوور و درێژی زانکۆکان کە لەسەر وێب سایتەکانی ئێمە و خوێندنی باڵا هەیە، ئەو لیستەش، ئەو زانکۆیانەن کە لە دەلیلی یونیسێف بە جامیعاتی موعتەرەف دادەنێن، هەروەها لە وەزارەتی خوێندنی باڵای عیراق موعتەرەف بن، لە هەردووکیان، یونیسێف یان یونسکۆ؟ وابزانم یونسکۆیە، موهیم ئەو دەلیلە کە هەیە، ئەو تەحدیدی ئەو جامیعانە دەکات، ئێمە تۆزێك زیاتر چووین، بەعزێك وڵات مەسەلەن تەوصیەی ناکەن، یان با بڵێین (recommend)ی ناکەین کە قوتابیەکان بچن بۆ ئەوێ، بە تەئیدی بەڕێز، من هەرچەندە لەسەرەتای خوێندنی دەقی ماددەکە کە قسەم کرد وتم، تەئیدی ماددەکە دەکەم وەکو خۆی، بەڵام هەڵبەتە دوای ئەو ئیغناء کردنی ماددەکە بە موناقەشات، من تەئیدی هاژە خان دەکەم، کە ڕێژەیەك بۆ واریسی شەهیدان، شەهید و ئەنفال بە هەر شێوازێك کە ئەگەر ئەوە بێت دابنرێت، مەسەلەی جەندەر، نازانم مەسەلەی جەندەر لەوێ لە ناو خودی بەرنامەکە، چونکە ئێمە مەسەلەن ئەگەر حیصەیەك دابنرێت، مونافەسە لەسەر ئەساسی جەندەر ناکرێت، یەعنی ئێمە کۆمەڵێك نوقاتمان داناوە بۆ بەعزێك شت، بەڵام لەوێ، بۆ مەسەلەی نێر و مێ هیچ ئەوەیەکی تەفزیلی نیە، لەبەر ئەوە وەکو یەکن لە شرووتەکان، کە (بالنتیجة) دەکاتە یەك شت، بەڕێز کاك د.أحمد وەرتی هەر دیسان دەڵێ چەند پارە ماوە کە ئیزافە بکرێت، ئەوە وابزانم وەڵام درایەوە، هۆی مانەوەی پارەکەش تەوزیحم دا، زۆریش لەو بەڕێزانە چەند جارێك تیکرار بووەوە، پرسیاری ئەوەیان کرد کە خولی مەشقی تێدا نیە، من بەڕاشکاوانە بیڵێم، لەوانەی کە ئێمە هەم لە وەزارەتی خوێندنی باڵا، هەم لەلای ئێمە لە وەزارەتی پلان دانان کە چوون هەر هەموویان بۆ ماجستێر و دکتۆرا بوون، هیچ کەسێکیش بۆ توێژینەوە نەچووە، هەرچەندە لە ماددەکەی پاریش دا هەبوو، بەڵام ئێمە نەگەیشتینە ئەو ئاستەی کە لە سەرەتاوە لەگەڵ ماستەر و دکتۆراکە ئەوە بکەین، هەر بۆیە ئێمە داوامان لە سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران کرد، ئێمە وەکو وەزارەتی پلان دانان، بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەرەپێدانی مرۆیی، کە (package)کمان تەقدیم کردووە بۆ وەزارەتەکان بۆ خولی یەك مانگی و سێ مانگی و شەش مانگی، کە ئەوانە بە بەردەوامی ساڵانە بە شێوازی موختەلیف هەبوونە کە تەنزیم بکرێ لە زیمنی ئەوە، بەڵام سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران پێیان باش بوو، تەوصیەی ئەوەیان کرد کە ئێمە

وەکو پرۆژەیەکی جودا تەقدیم بکەین، حەفتـەی ڕابـردوو ئێمـە پرۆژەکـەمان نـاردووە، دەشـکرێت بـە پێـی حاڵەتی قانونی ئەو ماددەیە کە لە ناو پـرۆژە یاسـاوە هـاتووە، ئیسـتیفادەی لـێ بکـەین، حەتمـەن ئـەم سـاڵە شتێکی لەم بابەتە با بڵێین مەشق و خولی مەشق و ڕاهێنان داخیل دەبێت، بەڕێز سەمیرە خان ئاماژەی بـە (تحدیـد العمـر) و نیسـبەتی ئـافرەت دا، خـۆی بـەڕێزان (تحدیـد العمـر) ئێسـتا لـە هـەموو وڵاتـانی جیهـان دەچێتە ژێر بابەتی (discrimination)ەوە وەکو مەسەلەی دەرەجە نیە، یـەعنی عـومر ناپرسـرێت لـەو بوارانەدا، لە زۆر وڵاتیش هەر قەدەغەیە، من نازانم ئەوە ئیحتیماله دیسان قەوانینی تر هەبێت، یان یاسای تر هەبێت کە لەم پەرلەمانە ئەوە چارەسەر بکات، ئەگـەر نـا منـیش تەئیـدی پێشـنیاری بـەڕێزیان دەکـەم، بەڵام بە پێی یاسا زۆر لە کارەکان ئەوەی کە عیلاقەی بە قابلیەتی جسمی نەبێت، ڕێگەی پـێ دراوە لـە نـاو هـەرێمی کوردسـتان، بـەڕێز کـاك صـباح بیـت الله، هـەروەها بـەڕێز شـەونم خـانیش ئیشـارەتیان بـەوەدا کـە نەواقصی تێدایە، من هەر لە کۆتایی قسەکەم دا ئەوە بڵێم کە بۆ زیاتر تەفصیلی ئەم چالاکی یـە، لێژنـەی موختەصی پەرلەمان ئەگەر بەڕێزیان من دەعـوەت بکـەن و وەزیـری خوێنـدنی بـاڵا، ئیحتیمالـە تەفاصـیلی زیاتر هەبێت، ئیحتیماله ئیجاباتی زیاتریش هـەبێت، ئیحتیمالـە بـەعزێك نەواقصـی زیـاتریش هـەبێت کـە لێرە نەکرێت باس بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

دەست خۆش، لێژنەی دارایی.

**بەڕێز د.ئاراس حسین محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە ڕاستی دا بەڕێز وەزیری پلان دانان وەڵامی هەموو پرسیارەکانی دایەوە، وەڵامی بۆچوونەکان، دەربـارەی ئەوەی پێشنیارێك هەبوو لەلایەن دوو بەڕێزەوە کە ماددەکـە (أولاً) تەفاصـیلی زۆرە، ئـەو تەفاصـیلەی کـەم بکەینەوە، بەڕاستی ئێمە وەکو سەرۆکایەتی لێژنەی دارایی پێمان باشە وەکو خۆی بمێنێتەوە تەفاصیلەکە، چـونکە بەرچـاو ڕوونـی زیـاتر دەبێـت لـە بودجەکـە، بۆیـە ئێمـە پێشـنیار دەکـەین، یـەعنی لەگـەڵ دەقـی ماددەکەین، دوای ئەوەی کە بەڕێز وەزیـری پـلان دانـان وەڵامـەکانی دایـەوە، لەبـەر ئـەوە قسـەی کۆتاییمـان ئەوەی کە بەڕێزتان بە پێی ڕێنماییەکان بخرێتە دەنگدانەوە لەسەر ئەو ماددەیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئێستا ئاخیر صیاغە، فەرموو.

**بەڕێز د.ئاراس حسین محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

داوای لێبـووردن دەکـەم، خاڵێـك مـابوو بەڕاسـتی چـەند بۆچـوونی ئەنـدامان هـەبوو، لـە ڕاسـتی دا ئـەو بۆچوونانە وەکو ڕێنمایی وایە، ئەو ڕێنماییانـە لـە نـاو پـرۆژە یاسـاکە جێگـای نابێتـەوە، بـەڵام یـەك خـاڵی گرنگ هەیە لەو پرۆژەیە، ئەوەیە ئەو لێژنەیە کە دروست بووە لە بەڕێز وەزیری خوێندنی باڵا و وەزیـری

پلان دانان و وەزیری پەروەردە، وەزیری پلان دانان نوێنەری وەزارەتەکانی کەیە، کەواتە دەتوانین بڵێین نوێنەری هەموو وەزارەتەکان لە ناو ئەو لیژنەدان، دەتوانرێ ئەو ڕێنماییانە وەرگیرێ بە نەزەری ئیعتیبار، ئەوان زیاتر دەتوانن پەیڕەوی ئەو ڕێنماییانە بکەن کە ئێستا لێرە ئیسارە کرا لەلایەن ئەندام پەرلەمانەکانەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

تکایە بەردەوام بن بۆ خوێندنەوەی ماددەکە بۆ ئەوەی بیدەینە دەنگدان.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (13) کە دەبێتە ماددەی (14)

أحكام ختامية:

أولاً: الإستمرار في تنفيذ مشروع تنمية و تطوير قدرات كوردستان البشرية لأجل إعداد كودار متخصصة في المجالات المختلفة التي يحتاجها الإقليم عن طريق الزمالات و البعثات و الأبحاث و الدورات التدريبية تحت إشراف الهيئة العليا المشكلة برئاسة رئيس مجلس الوزراء و نائبه و وزراء (التربية، التعليم العالي و البحث العلمي و التخطيط) وفق النظام المصادق عليه من قبل مجلس الوزراء.

ثانياً: يستمر الصرف على المبلغ المخصص لصندوق المشروع و تقوم وزارة المالية و الإقتصاد بتأمين مبالغ لازمة إضافية لدعم الصندوق عند الحاجة.

سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

تەواوبوون؟ بەڕێزان ئێستا گوێتان لێ بوو، بەو شێوەیەی کە خوێندرایەوە، کێ لەگەڵە تکایە دەستی بەرز بکات؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵ دا نیە؟ بەکۆی دەنگ پەسند کرا، بۆ ماددەی (14) لە ئەصڵی پڕۆژەکە دەکاتە ماددەی (15)، خەلاص بوو، تەواو.

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (15)

بڕی (200) ملیار دینار تەرخان دەکرێت بۆ پشتیوانی کردنی حیزبەکان و پڕۆژەی ڕێکخراوەکانی ناحکومی، خەرجکردنی ئەو بڕە تەرخان کراوەش بەڕێکاری کاتی لەلایەن وەزارەتی دارایی و ئابوورییەوە دەبێت بە مەجێك ئەو بڕە پارانەی لەلایەن حیزب و ڕێکخراوەکانی ناحکومییەوە لە ساڵی 2010 وەرگیراون، پاکتاو واتا تەسویە بکرێن، ئەوەی لە ساڵی 2011 دا وەردەگیرێت پاکتاو کردنەکەی بە گوێرەی یاسای پشتیوانی کردنی حیزبەکان و یاسای ڕێکخرواەکانی ناحکومی دەبێت لە حاڵەتی پەسند کردنیان لەلایەن پەرلەمانی کوردستانەوە.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**المادة الخامسة عشر:**

**تخصص مبلغ (200) مليار دينار لدعم الأحزاب و مشاريع المنظمات غير الحكومية و يتم الصرف من هذا التخصيص بإجراءات مؤقتة من قبل وزارة المالية و الإقتصاد على أن يتم تسوية المبالغ المستلمة من قبل الأحزاب و المنظمات الغير الحكومية في سنة 2010 و التي تستلم في سنة 2011 وفق قانون دعم الأحزاب و قانون المنظمات غير الحكومية حال إقرارهما من قبل برلمان إقليم كوردستان.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**لێژنەی دارایی ڕەئیتان؟**

**بەڕێز د. ئاراس حسین محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**دەربارەی دەقی ئەم ماددەیە، لە ڕاستی دا ئێمە پشتگیری دەکەین بەس تەنها خاڵێك هەیە دەستەواژەی ئەخیر، لە دێری ئەخیر کە دەووترێ (وفق قانون دعم الأحزاب حال إقراره و قانون المنظمات غير الحكومية)، ئەوەش لەو مونتەڵەقەوە کە هێشتا قانونی ئەحزاب ئیقرار نەکراوە، بەڵام قانونی مونەزەماتی غێر حکومی ئیقرار کراوە، بۆیە بەو شێوەیە دەستەواژەکە بگۆڕدرێت، یەعنی بە کوردی واتا بە پێی یاسای پاڵپشتی پارتەکان کاتێ بڕیاری لەسەر دەردەچێ، یاسای ڕێکخرواە ناحکومییەکان، بۆچوونێکی تریش هەیە کەوا بەم شێوەیەی خوارەوە بێت، تەنها ئەوە بۆچوونی لێژنەی دارایی یە، یەعنی ئەو بڕە پارەیە دابەش بکرێ،**

**(أ)-يخصص مبلغ قدره (ــــــ) للأحزاب.**

**(ب)-يخصص مبلغ قدره (ــــــ) للمنظمات غير الحكومية.**

**سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**لێژنەی یاسایی.**

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**ئێمە پشتگیری لە ئەصڵی ماددەکە دەکەین وەکو ئەوەی لە حکومەتەوە هاتووە، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**جەنابی وەزیر.**

**بەڕێز شێخ بایز تاڵەبانی/ وەزیری دارایی و ئابووری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمەش پشتگیری لە ئەصڵی ماددەکە دەکەین.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، ئەوانەی دەیانەوێ قسە بکەن، لێرەوە دەست پێ دەکەین، فەرموو، ئەو بەڕێزانەی ناویان نووسراوە و دەیانەوێ موداخەلە بکەن لەسەر ئەو ماددەیە: عبدالله حاجی محمود، أحمد وەرتی، یشار نجم الدین، هاژە سلیمان، بشیر خلیل، إسماعیل گەلاڵی، برهان رشید، کاردۆ محمد، کوێستان محمد، حمە سعید، بەفرین حسین، دانا سعید صوفی، بیلال سلیمان، خلیل عوسمان، تارا ئەسعەدی، ئاسۆ کریم، سەرهەنگ، سیوەیل، سمیرە گۆران، سەرگوڵ، سمیر سلیم، نەسرین جمال، عدنان عوسمان، شێرزاد، عبدالرحمن حسین، ئاشتی عزیز، گۆران، عمر هەورامی، سەروەر، عمر عبدالعزیز، کاك عبدالله، فەرموو.

**بەڕێز عبدالله حاجی محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پشتیوانی لە ئەصڵی ماددەکە دەکەم، بۆ پشتیوانی لە حیزبەکان و پرۆژە ناحکومییەکان، بە لەبەرچاو گرتنی ئەو تێبینی یەی لێژنەی دارایی، بەڵام ئەگەر گونجاو بێ بۆ وەزارەت کە جەنابیان لێرەن جەنابی وەزیر، ئەو بڕە پارەیە زیاد بکرێ بە (250) ملیار، چونکە ئێمە چەند جارێك لەگەڵ حکومەت کۆبوونەوەمان کرد، بۆ ئەوەشی لایەنی پەیوەندیدار کە حکومەت و وەزارەتە، بۆ ئەوەی بە ئاسانی بتوانن بەو کارە هەستن بۆ پاڵپشتی کردنی حیزبەکان و پرۆژەی ڕێکخراوە ناحکومییەکان، دوو/ جیاش نەکرێتەوە، وەکو خۆی بێت کە لە ئەصڵی ماددەکە هاتووە، بۆ ئەوەی حکومەت دەست کراوە بێ، چونکە پرۆژە یاساکە دەرنەچووە، بە تایبەت بۆ ئەحزابە سیاسییەکان، حکومەت خۆی دەستکراوە بێ، ئەوە وەکو خۆی کە لە ئەصڵی ماددەکە هاتووە، وەك خۆی بمێنێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

دەستخۆش، بەڕێز أحمد وەرتی.

**بەڕێز د. أحمد وەرتی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە ئەو بڕە پارەیەی کە ساڵی پار کە (90) ملیار دینار بوو بۆ دەعمی ئەحزاب و مونەزەماتی غەیری حکومی دانرابوو، دیارە حکومەت لەو بڕە زیاتری صەرف کردووە، بۆیە ئەمساڵ بڕەکە لە (90) ملیارەوە بۆ (200) ملیار بەرز بۆتەوە، داوامان لە نوێنەری حکومەت ئەوەیە، پرسیارەکە ئەوەیە کە......

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

برهان تکایە بێ دەنگ ڕجائەن.

**بەڕێز د. أحمد وەرتی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

داوام ئەوەیە بەڕێز وەزیری دارایی ڕوونکردنەوەمان بداتێ کە ئەو بڕە پارەیەی کە ساڵی پار دیاری کرابوو، چەندی بۆ مونەزەمات خەرج کراوە؟ چەندیشی بۆ ئەحزاب بووە؟ چونکە ئەحزاب و مونەزەمات بەیەکەوە هاتووە هەردووکی، منیش پشتیوانی لەوە دەکەم کە بڕەکان جیابکرێنەوە بەڕاستی، چونکە بە تێکەڵی دانراوە، بڕی ئەحزاب بە جیابێت، بڕی مونەزەماتیش بە جیا بێت، مونەزەماتی غەیری حکومی، دیارە یاسای ڕێکخراوە ناحکومییەکان لە پەرلەمان دەرچووە، بۆیە منیش لێرە پشتیوانی لەوە دەکەم کە پێویست ناکات لە کۆتایی ماددەکە کە باس لەوە کراوە کە قانونی ئەحزاب و قانونی مونەزەماتی غەیری حکومی دەردەچێ، قانونی ئەحزاب ماوە، قانونی مونەزەماتی غەیری حکومی دەرچووە، ئەم پاکتاوە، ئەو تەسویەی کە بۆ بودجەی حیزبەکان دەکرێ لە ساڵی ڕابردوو کە بە شێوەی سولفە پێیان دراوە، ئایا حکومەت چۆن مامەڵە لەگەڵ ئەم تەسویەیە دەکات؟ تەسوییەکە چۆن دەبێت؟ یەعنی ئایا هیچ ڕێکارێك دانـراوە لەلایەن حکومەتەوە بۆ تەسویەی ساڵی رابردوو؟ کە پارە بە سولفە دراوە بە حیزبەکان، من لێرەدا بەڕاستی داوام ئەوەیە کە یاسای بودجەی حیزبەکان پەلەی لێ بکرێ، دەربکرێ، لەبەر ئەوەی لە پێدانی بودجە بە حیزبەکان شێوازێك ناعەدالەتی هەیە بەڕاستی، جیاوازییەکی زۆر لە نێوانی لایەنێك بۆ لایەنێکی دیکە لە پێدانی ئەو بودجەیەدا هەیە، لەبەر ئەوە تا ئێستا هیچ پێوەرێك دیاری نەکراوە بۆ پێدانی بودجە بە حیزبەکان، ئەو بڕە تا ئێستا ئیتیفاقی لەسەر نەکراوە، لەبەر ئەوە حکومەت بە تەقدیری خۆی ئەو بودجەیە بە حیزبەکان دەدا، لەبەر ئەوە من پێم باشە کە پەرلەمانی بەڕێزیش پەلە بکات لە دەرکردنی ئەو یاسایە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەس لێرە بۆ خۆتان ناردتانەوە، یەعنی خۆتان بە دەنگدان، بە موناقەشە نەك سەرۆکایەتی، ئێوە لێرە نەبوون، ئەوە هیچ، بەسەرچاو، یشار نجم الدین.

**بەڕێز یشار نجم الدین نورالدین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە ئەو (200) ملیارە کە بۆ حیزبەکانە و بۆ مونەزەمات غەیری حکومی دانراوە، پێم باشە جیا بکرێتەوە، چونکە مونەزەماتەکان قانونی تایبەت بە خۆیان دەرچووە، بە پێی قانونەکەی خۆیان پارەی وەردەگرن، بەڵام هەرچی پارتە سیاسییەکانە هێشتا هیچ یاسایەك لە پەرلەمان بۆیان دەرنەچووە، ئەوەش بە کەم وکورتی دەزانم کە هەتا ئێستا لە تەمەنی پەرلەمان لە (92)ەوە تا ئەمڕۆ نزیکەی بیست ساڵە بە بێ یاسا ئەو پارەیە بە حیزبەکان دەدرێ، لێرەش دا هاتووە بە ئیجرائات موەقەتە، لە عەرەبییەکە، بە ئیجرائات موەقەتە ئەو پارەیە بدرێتە حیزبەکان، ئەو ئیجرائات موەقەتەیە سەقفێکی زەمەنی هەبێ، هەتا کەی ئیجرائات موەقەتە بێ؟ چونکە ئەگەر پێوەرێکیش بۆ حیزبەکان دابندرێ لەلایەن حکومەتەوە، ڕاستە یاسایەکە لە پەرلەمان دەرنەچووە، خۆ هەر یاسایەك نەبێ دەکرێ حکومەت و زەروریش دەبێ ئەو کات حکومەت پێوەرێکی هەبێ، پرسیار لێرەدا ئەوەیە بە چ پێوەرێك حیزبەکان پارە وەردەگرن؟ ئایا ساڵانی

خەبات ڕەچاو دەكرێ؟ یان بەشداری هەڵبژاردنەكان؟ ئیستیحقاقی ئینتیخابی؟ یان ڕێژەی دەنگەكانی ئینتیخابی؟ چۆن ئەو پارەیە دەدرێتە ئەو حیزبانە؟ بەڕاستی منیش هاوڕام لەگەڵ كاك أحمد وەرتی، هەست بە مەغدووریەت دەكەین، كە هەندێك حیزب هەیە لە حەقی خۆی كەمتر وەردەگرێ، لەوانەشە حیزبی وا هەبێ لە حەقی خۆی زیاتر وەربگرێ، ئەویش دیسان دەكەوێتە بەرپرسیارێك، پێوەر چیە تا بزانین حەقی خۆمان ئەوەندەیە؟ یان لەوە زیاترە؟ یان لەوە كەمتر وەردەگرین؟ سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، بەڕێز هاژە سلیمان.

**بەڕێز هاژە سلیمان مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دەربارەی ماددەی (15) كە ئەو بڕە حكومەت تەرخانی كردووە، كە بڕی (200) ملیار دینارە بۆ پشتیوانی كردنی حیزبەكان و پڕۆژەكانی ڕێكخراوەكانی ناحكومی، تەبیعی ئەوە مەسەلەی حیزبەكان، یان پڕۆژەكانی ڕێكخراوی ناحكومی، ئەوە دوو مەوزووعە، ئەوەی ڕێكخراوە ناحكومییەكان ئەوە یاسای پێ دەرچووە لە پەرلەمان، لەوێ تەحدید كراوە كە چۆن حكومەت پشتیوانی لە پڕۆژەكان بكات، پڕۆژەی ڕێكخراوە ناحكومییەكان، بەوەی كە چەند پڕۆژەكانیان، چەند چالاكی یان هەبێ، ئەو كاتە حكومەت مەبلەغ تەحدید دەكات بۆیان كە پێیان بدرێت ئەو پشتیوانی یە، ئەوەی حیزبەكان بەڕاستی ئێمە ئەو پڕۆژەی دەعمی حیزبەكان لە پەرلەمان قسە و گفتوگۆی زۆری لەسەر كراوە، ئێمە پێشتر سەرۆكی فراكسیۆنەكان چەند جار كۆبوونەوەمان كردووە، كۆبوونەوەمان لەگەڵ بەڕێز سەرۆكی حكومەت كردووە، بۆ ئەوەی كە ڕێك بكەوین لەسەری، ئەو پێوەرانە دابندرێت كە لە ناو پڕۆژەكەدا و بەڕێككەوتن بێ، هەرچەندە ئێستا ئەو پڕۆژەیە دواخرا، بەڵام هیوادارم كە بتوانین ڕێككەوتنێك لەسەر پڕۆژەكە بكەین، بەزووترین كات ئەو یاسایە پەسند بكرێت لە پەرلەمان دا، بۆیە بەڕاستی من پشتگیری لە بڕی تەرخان كردنی ئەو (200) ملیار دینارە دەكەم كە لە ماددەكەدا هاتووە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، بەڕێز بشیر خلیل.

**بەڕێز د.بشیر خلیل تۆفیق:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لەسەرەتا دا من پشتیوانی لەڕای لێژنەی دارایی دەكەم بۆ ئەو گۆڕانكارییەی كە پێشنیاریان كردبوو لە ماددەكەدا بكرێ، وەكو دەقاو دەقی پێشنیارەكە من لەگەڵی دام، خاڵێكی تر ئێمە تەماشا دەكەین لە بودجەی پارساڵ بۆ حیزبەكان (90) ملیار دینار دانرا، بەڵام حكومەت مولتەزیم نەبوو بەو (90) ملیار دینارە، بەڵكو زیاتریشی صەرف كرد، من لێرە پرسیار دەكەم بۆ زیاتری صەرف كرد؟ بۆ ئیلتیزامی نەكرد

به (90) مليارەكەی خۆی؟ هەروەها زەمانەت چی یە كە ئەمساڵیش ئیلتیـزام دەكات بـەو (200) مليـارەی كە داینـاوە و زیاتر صەرف ناكات؟ بەڕاستی ئێمە لە ئەدای حكومەت شتێك دەبیـنین كـە ئیلتیـزام نەكردنـە بە هەندێك لەو یاسایانەی كە لەو پەرلەمانە دەردەچێ، بۆ نموونـە لـە مەسـەلەی تـەعیناتیش پارسـاڵ (9) هەزاريان.....

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

تكایە میزانیەیە، باسی میزانیەیە، باسی تەعینات نیە، وەرەوە سەر بودجەكە چاوەكەم، فەرموو.

**بەڕێز د.بشير خليل تۆفيق:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئیلتیزامی نەكرد بە (90) مليارەكە و ئیلتیزامی نەكرد بە ژمارەكانی تریشەوە، چ زەمانەتێك هەیە؟ بۆیـە من لێرە پێشنیار دەكەم كەوا بە فەقەرەیەك یان بە ماددەیەك ئیلزامی حكومەت بكەین بەو شتانەی كە لە یاساكان دا هاتووە، بۆ ئەوەی زیاتر لەسەری مەصروفاتەكە نەڕوا، تەجاوزی نەكات، لە خاڵێكی تریش دا من پێم باشە ئەو (200) مليارە كەم بكرێتەوە بۆ (150) مليار دينار، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سـوپاس بـۆ جـەنابت، هـەر بـۆ ئاگـاداری ئێـوەی بـەڕێز هـەموو یاسـایەكی حكومـەت، هـەمووومان مـولزەمین جێبـەجێ ی بكـەین، ئەگـەر نەقصـێك هـەبوو، نـا ئیلتیزامییـەك هـەبوو، لێپرسـینەوەمان نـەكرد، خـەتای ئێوەیە، خەتای ئەندامانی پەرلەمانە، یەعنی بۆیە لیجانەكان دەبێ ئەو مەوزووعانە بە وردی دەرس بكات، بچێت تـەرەفی پەیوەندیـدار بیهێنێـت، لێـی بپرسـێتەوە، ڕاپۆرتەكـەی پـێ تەقـدیم بكەنـە ئـەم پەرلەمانـە، موناقەشەی لەسەر بكەین، زۆر سوپاس، بەڕێز ئیسماعیل گەڵاڵەیی.

**بەڕێز إسماعيل سعيد گەڵاڵەیی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

خوشك و برایانی بەڕێز، پێموایە ئێمە ئێستا لەبـەردەم ئـەو لـەحزە تـاریخی یـە داین كـە پێویست دەكات نوێنەرانی خەڵك بیسەلمێنن چەند موتەمەسیكین بە پرۆسەی دیموكراسی یـەوە، چـەند موتەمەسـیكین بـە دیموكراتیزەكردنی فەرمان ڕەوایی لە هـەرێمی كوردسـتان دا، بۆیـە پێویسـت دەكـات ئێسـتا بڕیـاری خۆمـان بدەین، بڕیاری یەكلایی كردنەوەی خۆمان بدەین، من بۆ خۆم بەڕاستی وەكو ئەندامی پەرلەمان، هەست بە كەمی دەكەم، ئەوەش وەكو جارەكەی تر نەبێتە تەعلیق، من بۆخۆم دەڵێم، وەختێك یاسایەك دەردەچێ لـە پەرلەمان، بڕیارێك دەردەچێ، حكومەت پێشێلی بكات یان ڕایگـرێ لـە شـوێنێك دا، لەوانەیـە لـە زرووفێكـی تایبەتی دا پەنا بۆ هەندێ ئەسالیبی نا مەنتیقی ببرێت، بەڵام ئەوە ئەو كاتە زۆر خەتەرناكە، زۆر ترسناكە كـە بكـرێ بـە كلتـوور، چـۆنیش دەكـرێ بـە كلتـوور كـە ئیدامـەی هـەبوو بەڕاسـتی، بۆیـە پێویسـت دەكـات نوێنەرانی گەل لێرەدا ئیتر هەڵوێستەیەك بگرن لەبـەردەم ئـەو پێشـێلكارییەی حكومـەت لـە چـەند مـانگی ڕابردوودا كردی بەرامبەر یارمەتی دارایی حیزبەكان، خوشك و برایانی بەڕێز وەختـێ ئینسـان وەكو فـەرد

کێشەی ماددی دەبێ، کێشەی خێزان تێك دەچێ، وەختێ خێزان کێشەی ماددی دەبێ، ئاسایشی کۆمەڵگا تێك دەچێ، وەختێك کێشەی ماددی بۆ حیزبەکان دروست دەکرێ بەڕاستی پرۆسەی سیاسی پەکی دەکەوێت، ژیانی دیموکراتیزەکردنی فەرمان ڕەوایی دەوەستێ و پەکی دەکەوێ، بۆیە بەڕەئی من، بە قەناعەتی من ناشیرین ترین خاڵ لە سیستەمی ئێمەدا لە چەند ساڵی ڕابردوودا، ئەو پەنابردنە بوو بۆ سزای سیاسی، هەروەها بۆ بڕینی یارمەتی دارایی حیزبەکان، کە وەکو جارێکی تر تەئکید دەکەمەوە، پێویست دەکات ئێستا بڕیاری خۆمان بدەین، ئایا دەمانەوێ کوردستان بەڕاستی بەرەو دیموکراسی بەرین؟ ئەوە زۆر گرنگە، چونکە ئیستیقلالی ماددی بۆ فەرد، بۆ خێزان، بۆ حیزب زۆر گرنگە، بۆیە من بە پێویستی دەزانم، داوا لە حکومەت بکرێ هەر لەم یاسایەدا بە خاڵێك یارمەتی دارایی حیزبەکان سەریع، هەر دوای ئەوە بگەڕێتەوە بۆیان، ئەو چەند مانگەی ڕابردوو کە وەریشیان نەگرتووە پێیان بدرێتەوە، دوو/ حکومەت بەردەوام بێت لە یارەمەتی دارایی حیزبەکان بۆ ماوەی (4) مانگ، بۆ ماوەی چوار مانگ بە پێی تەعلیماتەکەی کە هەیەتی، بەڵام دوای چوار مانگ ئەگەر ئەو یاسایە لە پەرلەمانی کوردستان بە هەر هۆیەك تێنەپەڕی، ئیتر یارمەتی دارایی حیزبەکان تەجمید بکرێ، بۆ هیچ لایەك نەبێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، بەڕێز برهان رشید.

**بەڕێز بورهان رشید حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە ساڵی پار (90) ملیار دینارمان دانا بۆ دەعمی ئەحزاب و مونەزەماتی موجتەمەعی مەدەنی، بەڵام وەزارەتی دارایی بە بێ هیچ قانونێك کارێکی ناقانونی کە کرا ئەوەبوو (124) ملیار دینار صەرف کرا، بە بێ ئەوەی هیچ ڕێ و شوێنێك بگیرێتە بەر ئەو مەصروفە زیادەیان لەسەر چی کردووە؟ ئەوەی من لە نەصی ماددەی (14)دا دەبینم، کە باس لە ئیجرائاتی موەقەت دەکات، لەگەڵ حورمەتێکی زۆرم، نازانم من ئەوە ناوبنێم مەئسات، تراژیدیا، مەهزەلە، یەعنی بۆ (200) ملیار دینار بە ئیجرائاتی موەقەت صەرف بکرێ؟ شتی وا ئەگەر لە دونیادا هەیە، ئەگەر لە یاسای وڵاتێکی ئەفریقیش دا هەیە، لە ڕووەندا هەیە کە هۆتۆ تووتسی یەك دەکوژێ، من مەمنوون دەبم ئەو وڵاتەم پێ نیشان بدەن کە شتی ئاوا هەبێ تیایدا، بەڕاستی لەگەڵ حورمەتێکی زۆرم بە بێ هیچ تەعلیقێك، ئەوە عەیبەیەکی زۆرە بۆ شان و شەوکەتی پەرلەمانیش و حکومەتیش،.......

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك بورهان وەرە سەر مەوزووعەکە، موحازەرە مەدە، ئەوەڵەن/ ئیجرائی موەقەت زۆر زۆر تەبیعی یە، ئێستا رەفیقەکەی خۆت داوای کرد بۆ چوار مانگ بێت، ئەویش ئیجرائێکی موەقەتە کە بیبەستی، تکایە وەرە سەر ماددەکە، باشە، خراپە، کەمی بکەی، بیدەی، نەیدەی، بۆ نەیداوە؟ ئەوانە مەسەلەیەکی ترە، کە نەیانداوە، پارەیان بڕیوە، زیادیان داوە، ئەوە دەتوانن لە لێژنەی ناوخۆ ڕاپۆرتی خۆتان حازر بکەن، داوا

بکەن، ئەو وەزیرەی کە لێرە دانیشتووە بانگی بکەن، ئەگەر ئەو موسەبیبە لێپێچینەوە بکەن، ئەگەر یەکی ترە بیکەن، بەڵام ئێستا تکایە وەرە سەر ماددەکە، با بە هێمنی دەرباز بین، فەرمووو.

**بەڕێز بورهان رشید حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من موحازەرە نادەم، بەس ئەمە نموونەی نیە لە دونیا، شتی وانیە دوو سەد ملیار دینار، بە ئیجرائاتی موەقەت سەرف بکرێت، من داواکارم......

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لە قانون ئەتوانی هەموو شت بکەی، بە یاسا، ئێوە خۆتان لەم پەرلەمانە دەستتان هەڵبڕی هەمووتان کە نەوەت ملیار بۆ ماوەی ساڵێك بدرێت، ئێستا زیاد کراوە، ڕاستە، بەس کەس لێپێچینەوەی نەکردووە، کەس ڕاپۆرتێکی نەهێناوە بۆ زیاد بووە و بۆ زیاد نەبووە؟، تکایە بۆ ئەوەی ماددەکان وەکو خۆی موناقەشە بکەین، کەرەمکە.

**بەڕێز بورهان رشید حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێشنیار دەکەم ئەو ئیجرائاتی موەقەتە لابرێت، دابندرێت کە ئەو پارەیە سەرف ناکرێت، تاوەکو یاسایەکی پێ دادەندرێت، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، مەعقول نیە سێ جار ئەو یاسایە بگەڕێتەوە بۆ حکومەت، ئەمە کوشتنی کاتە، بۆ عقوبەی سیاسی لایەنێکی سیاسیە، پاریش لە موراجەعە کردنی فراکسیۆنەکەی ئێمە من شەخسی خۆم هاتمە لای بەڕێزت، وتت لەگەڵ ئیقراری قانونی بودجەی ساڵی 2011، قانونی دەعمی ئەحزابیش ئیقرار دەکەین، وابزانم جەنابیشت لە بیرتە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەس بەڕێز هاتە ناو ئەو پەرلەمانە، جەنابت مەقاتەعەت کرد بوو، غایب بووی، لێرە موناقەشە کرا، بە کۆی دەنگ بەڕێزان ئەو بۆچوونەیان پێ باش بوو، کە بدرێتە حکومەت لەگەڵ سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران، لەگەڵ سەرۆکی لایەنە سیاسیەکان، ڕێك بکەون، بیدەن هەتاوەکو لە کاتێکی موناسیب یاسایەکە دەردەچێت، هەر بۆ مەعلوماتت، لێرە تۆش کەمێك موقەسری، بەڕێز کاك کاردۆ فەرمووو.

**بەڕێز کاردۆ محمد پیرداود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە باس لە ماددەیەك دەکەین کە پەیوەندی بە پرۆسەی سیاسی و پەرەپێدانی سیاسیە، خۆمان پار بڕیارمان لێی داوە، بە یاسا، بڕیارەکەش ئەوەیە کە کۆتایی ساڵ ئەوە ئێستا دەبوایە، تەسفیەی هەموو حیساباتەکان کرابوایە، پێوەرێکیش دابندرابوایە، ئەم سەقفە زەمەنیە ئێمە دیاریمان کرد، بۆ ئەمساڵ، جارێکی تر بە هەمان شێوە هاتۆتەوە ئەمیش دەخاتە ساڵێکی تر، کە ئەمە خۆمان هەموومان دەزانین، حکومەت دەبوایە پابەند بێت بە بڕی دیاریکراوی پارە، کە فەرقی کردووە، زیادی سەرف کردووە، ئەمە

زۆر دیاره کە پێشێلکاری کردووە، ئەمە لە لایەکیان، هاتووە لەسەر ئەساسی هەڵوێستی سیاسی، لەسەر ئەساسی بڕیارێك کە پەیوەندی بە حیزبی سیاسیەوە هەیە، چەندین ئەحزابی تری سزا داوە، لە چ دۆخێکدا، لە دۆخێکیدا وا کە لە کوردستان قەیران هەیەو کێشە هەیە، حکومەت چۆن دەبێت ببێتە عاملی کێشە دروست کردن؟، ئێمە لە کاتێکدا ئومێدمان وابوو کە لەمساڵدا، بەتایبەتی لە بودجە، ئەمە ببێتە خاڵێکی سەرەتا بۆ چاکسازیەکی گشتی، ئەمەش تەنها بە شەفافیەت دەکرێت، بە پابەند بوونی حکومەت دەکرێت، بە یاسای بودجە، لە کاتێکدا حکومەت بەم شێوەیە هەڵسوکەوت دەکات، ئێمە دەبێت لێرە عیلاجی بکەین، عیلاجەکەش لێرە بەو دەکرێت، کە دەبێت میکانیزمێك دابنێین، ئەم میکانیزمە چیە لێرە کە ئێستا حکومەت پێشێلکاری لە یاسای پار کردووە، پار خۆمان دەرمان کردووە یاسایەکە، ئێستا ئەمساڵ هاتووە بە هەمان دەق دیسان درێژەی پێ دەدات، هەقە بانگی سەرۆکی حکومەت بکەین، چونکە ئێستا حەتمەن وەزیری دارایی لێرەیە، جوابی هەیە، بەڵام بانگی سەرۆکی حکومەت بکرێت بۆ پەرلەمان، بە چ مافێك هەم کوردستان دەخەیتە دۆخێکی مەترسیدار، هەم پابەندی یاساکان نابی، هەم پەرلەمانیش میکانیزمێك دانەنێت کە سەقفێکی زەمەنی بێت یاساکە دەرناکات، ئەمە جارێك بیانوویان دۆزیەوە وتیان بابچێتەوە حکومەت، بۆ ئەوەی حکومەت رەئی خۆی بدات، ئێمە چووین لەگەڵ حکومەت دانیشتین، رەئی ئەویشمان زانی، موافقیش بوو، ئینجا جارێکی تر هاتەوە بە تایبەتی لە کاتێك یاسایەکە هاتەوە، کە ئۆپۆزسیۆن بایکۆتی کردبوو، ئەمە پەیوەندی بە گشتیەوە هەیە، یەعنی پەرلەمان دەبێت لێرە ئەمڕۆ، ئەمە مەبەستم لێرە ئەوەنیە، با هەموومان موتەفق بین، پارە بۆ هیچ حیزبێك سەرف نەکرێت، بەس کاتێك قەرار دەدەی، دەبێ هەم عەدالەت، هەم پابەند بوونی یاسا جێبەجێ بکەی، ئەگەرنا میکانیزمێك دادەنێی، بە خوا موناقەشەکانمان ئاسنی سارد کوتانە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بایکۆت، پەرلەمان، هەربۆ مەعلوماتی ئێوەی بەڕێز و گشت ئەو بەڕێزانەی کە بەو مەوزوعە پەیوەندیدارن، هەروەختێك پەنجا زائیدەن یەك، ئەندامی پەرلەمان حازر بوو، ئێمە جەلسەی خۆمان دەکەین، جا بۆیە ئەندامی پەرلەمانیش، ئەرکیەتی، واجبیەتی ڕەئی خۆی بدات، هەوڵ بدات، بەڵام نەوەك بایکۆت بکات و بڵێت ئەوی تریش نابێت ئیش بکات، ئەوە جێگەی خۆی ناگرێت، کوێستان خان فەرموو.

**بەڕێز کوێستان محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە یاسای بودجەی ساڵی 2010 لە ماددەی 19، بڕی نەوەت ملیار دینار دانرا بۆ یارمەتی حیزب و ڕێکخراوەکان، بەڵام بە پێی زانیاری زۆر دروستی ئێمە، زۆر زیاتر لەم پارەیە سەرف کراوە، ئێمە بە نووسراو و بە نامە داوامان لە بەڕێز وەزیری دارایی کرد، کە بە خشتەیەك بۆمان ڕوون بکاتەوە، کە ئەم پارەیە چۆن سەرف کراوە، بە داخەوە وەڵام نەبوو، دواجار لە سەردانێکی من و کاك اسماعیل و کاك شێرزاد، هەمان پرسیارمان لێی کرد، ناچمە تەفاسیلەوە، چونکە دیارە ئەوە قسەیەکی هینە، بەڵام

وەڵامێکی نەداینەوە کە بۆچی ئەمە کراوە، بۆیە من پێموایە پێویستە ئەمڕۆ وەزیری دارایی ئەو خشتەیە ڕوون بکاتەوە، ئەو پارەیەی چۆن سەرف کردووە، ئەو زیادەیەی چۆن داوە، لەکوێ ئەو زیادەیەی سەرف کردووە، چونکە ئەوە پێشێلکاریە وەکو برادەرەکانم باسیان کرد، وە بەدواداچونیشمان بۆی کردووە، تا بە سەردانمان بۆ لای بەڕێزیان، خاڵێکی تری گرنگ ئەوەیە، من ئەمەوێت لە بەڕێز وەزیری دارایی بپرسم، بەڵام تکام وایە وەڵامман بداتەوە، بە پشت بەستن بە چ یاسایەك، بە چ بڕیارێك بودجەی حیزبی سیاسی ئەبڕدرێت، لە کاتێك ئەم پەرلەمانە ساڵی 1993 یاسایەکی دەرکردووە، کەهەموو حیزبێکی سیاسی کە مۆڵەتی فەرمی هەبوو، ئەبێ پارەی تەرخانکراوی بۆ دابندرێت، بەڕێزیان پشتیان بە چ یاسایەك بەست کە ئەم پارەیان بڕی، ئەبێ بۆمان ڕوون بکاتەوە، چونکە هەروەکو هاوکارانم باسیان کرد، کاك اسماعیل و کاك کاردۆ، ئەمە زیان گەیاندنە بە پرۆسەی سیاسی، ئەمە پێ شێل کردنی یاساو ئەو مەسەلانەیە کە بانگەشەی بۆ دەکەین، من لێرە دوو پێشنیار دەکەم، دوو بڕگە زیاد بکرێت، یەکێکیان ئەوەیە کە بە بڕگەیەك ئیزافە بکرێت، کە شی بکرێتەوە، کە حکومەت لەسەر هیچ هەڵوێستێکی سیاسی بودجەی حیزبی سیاسی ببڕێت، مەفروزە پەرلەمان، ئەمە بکات بۆ ئەوەی هیچ کاتێك حکومەت بودجە وەك کارتێکی سیاسی، بۆ یەکلایی کردنەوەی هەڵوێستی سیاسی حیزبە سیاسیەکان بەکارنەهێنێت، بڕگەیەکی تر ئیزافە بکرێت، حکومەت ئیلزام بکات، پارەی بڕدراوی سێ حیزبی ئۆپۆزسیۆن گۆڕان، یەکگرتوو، کۆمەڵ بگێڕێتەوە بەوانەشەوە کە ڕۆیشتووە، هەمووی بگێڕێتەوە، مافێکی یاسایی و شەرعی خۆیانە، هەروەها ئەو پێشنیارە دووبارە دەکەمەوە، وەك کاك اسماعیل و کاك بورهان باسیان کرد، کە ئەم ماددەیە هەموو موناقەشەکانی تەواو بکرێت، دەنگدان لەسەری تەئجیل بکرێت، هەتاوەکو یاسایەکە پەسەند دەکرێت، پشت بە سێ مەسەلە ئەبەستم، یەکەم لە ساڵی 2010 ئەڵێت ئەمە بە سولفە ئەیاندرێتێ، هەتاوەکو یاسایەکە دەردەچێت، لە ساڵی 2010 یاسایەکە دەرنەچوو، جارێکی تر لە هەمان ماددە، ئەڵێ ئەمە ئەیاندرێتێ، بۆ ئەوەی یاسایەکە دەربچێت و تەسویە بکرێت، بەڕێزیشتان لەناو ئەم پەرلەمانە، سەرۆکایەتی بەڵێنتان دا بە پەرلەمان، کە پێش پەسەند کردنی بودجەی گشتی، ئەم یاسایە دەربکات، ڕاستە ئێمە بایکۆتمان کردووە، لێرە نەبووین، بەڵام من گومانم نیە، با تەواوی بکەم جەنابی سەرۆك، ئەگەر ئەتوانی وەڵامم بدەیتەوە دوایی، گومانم نیە لێرەش بووینایە، بایکۆتیشمان نەکردایە، ڕەت دەکرایەوە، چونکە مەبەستی سیاسی لە پشتی ئەمەیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

یەکەم خوشکی بەڕێز، من لێرە لە پێش ئەو پەرلەمانە، وەعدم بە جەنابت نەداوە پێش بودجە دەردەچێت، ئەوە پۆرۆتۆکۆل هەیە، بە دەنگ و بە ڕەنگ هەیە، ئەتۆ گوێ بگرە، لە جێگەی خۆت قسەت کرد، منیش با قسەی خۆم بکەم، پرۆتۆکۆڵ هەیە، موناقەشە کراوە، چەند کەسێك دیفاعی لێی کرد، چەند کەسێك دژی بوو، بۆچوونێك هەبوو، وابزانم بۆچوونەکەش ئەو خانمە بوو، بەفرین خان بوو، کە بەو شکلە تەرحی کرد، کە پێش میزانیە بکرێت، پێش میزانیە یاسایەکە دەربچێت، ئەندامانی تری پەرلەمان،

ڕەئیان بەو شکلە بوو، بۆ کاتێکی موناسیب، ئەوە پرۆتۆکۆڵەکە وەکو خۆی بە دەنگ و بە ڕەنگ ماوە، لای منە، چەند جاریش موراجەعەم کردووە، بۆ ئەوەی تووشی هەڵە نەبم، بۆ مەعلوماتی جەنابت، ئەڵێیت ئەم یاسایە دەردەچێت لە کاتێکی موناسیب، بە تەئکید جەنابیشت لێرەش بوویتایە یان نا، ڕەئی شەخسێك نیە، ڕەئی ئەو ئەندامانەی ئێرەی پەرلەمانە، کە خوشك و برای یەکن، پێکەوە بۆخۆتان گفتوگۆی خۆتان بکەن، بۆ ئەوەی بتوانن بڕیار بدەن، فەرموو.

**بەڕێز کوێستان محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو بەڵێنەی کە سەرۆکایەتی داویەتی، من نازانم جەنابت لێرە بووی یان نا، ئەو بەڵێنە ئەزانی کەی دراوە، جاری یەکەم کە ڕەت کرایەوە، جاری دووەم کە ئێمە بایکۆتمان کردبوو، ئەوکاتە بەڵێن درا کە بودجە پەسەند ناکرێت، هەتاوەکو یاسایەکە دەرنەچێت، ئەگەر ئەو پرۆتۆکۆلانە موراجەعە بکەن، من زۆر دڵنیام کە ئەو مەسەلەیە باس کراوەو لێرە بەڵێن دراوە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لە هی خۆم موتمەئنم، زۆر بە وردیش دیراسەم کرد، تەواو نیزامی ڕۆیشت، جەنابتیش تەواو بوویت، ئێستا کاك حەمە سەعید فەرموو.

**بەڕێز حەمە سەعید حەمە علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من مەبدەئیەن لەگەڵ ماددەکەم، پشتگیری ڕای هاوەڵەکانم دەکەم، بەتایبەتی کاك عبدالله و کاك د.احمد وەرتی و کاك اسماعیل و کاك کاردۆ و کوێستان خان، بەڕاستی باسی بودجەی 2010 تەسویەکەی، ئەمە گرنگە، حکومەت من پێموایە کەمتەرخەمی هەیە، چونکە ئێمە پار ساڵ بە پێی ماددەی 18 ی بودجەی 2010، خۆی دەڵێت ئەبێ تەسویەی بکات، ئێستا ئەبوایە تەسویەکەی بناردایە بۆ ئەوەی لەبەرچاوی ئێمە ڕوون بوایە، وەزارەتی دارایی ئەو تەسویەی بناردایە، ئەو پارەیەی چۆن سەرف کردووە؟، بۆچی زیادەی سەرف کردووە؟، بەکام حیزب چەندی داوە؟، هی حیزبی تر چەندە؟، بە پارتی و یەکیەتی و حیزبەکانی تر هەریەکە چەندیان وەرگرتووە؟، ئەوە ئەبوایە بە ئاشکراو بەڕوونی، ئێمە وەکو لیژنەی نەزاهەش داوا دەکەین لە سەرۆکایەتی پەرلەمان، ناردوویەتیشی بۆ سەرۆکایەتی حکومەت، کە ئەم نەوەت ملیارەی ئەحزاب چۆن سەرف بووە؟، بۆ ئەوەی بزانی هەر حیزبەی چەندی وەرگرتووە؟، ئەوە خاڵێك، خاڵێکی تر، تەبعەن یاسای دەعمی مونەزەمات دەرچووە کە مونەزەماتێکی زۆر هەیە، لەوێ دیارە حسەی مونەزەمات چەندە؟، حسەی ئەحزاب چەندە؟، من پێموایە ئەو حیسابە خیتامیە ئەو جەدوەل و ڕێکارەی سەرف کردنە ببوایە، ئێستا ئێمە بەرچاومان ڕوون دەبوو، چۆن زیادی بکەین، چی لێ بکەین؟، خاڵێکی تر، من پێموایە وەکو وتم لە ماددەی 18، ئەمە قانونە بۆ ساڵی 2010 لە ماددەی 18 دەڵێت، دەبێت سەرفی

ئەحزاب بکرێت، ئێستا حکومەت پارەی ئەحزابی ڕاگرتووە، من ئەڵێم مەسئولیەتی پەرلەمانە، بە تایبەتی سەرۆکایەتی پەرلەمان و، بەتایبەتی جەنابت بەدواداچوون بکەی بۆ یاساکانی پەرلەمان، بە تایبەتی یاسایەك ڕەبتی بە پرۆسەی دیموکراسیەتەوە هەبێت، ڕەبتی بە پرۆسەی سیاسیەوە هەبێت، بە سیتەمی سیاسی هەرێمی کوردستانەوە هەبێت، پێشێلکردنی یاسایە، پێچەوانەی دیموکراسیەتە، پەرلەمان و سەرۆکایەتی پەرلەمان، مەسئوولیەتی یاسایی و مەسئوولیەتی خۆیانە، کە بەدواداچوون بۆ یاساکانی خۆیان بکەن، خاڵێکی تر، من پێموایە پێویستە یاسای دەعمی ئەحزاب لە زووترین کات دەربچووایە، تەبعەن لەسەر ئەساسێکی ئەکادیمی و علمی، بە پێی زەوابتێك کە ئێمە بەرچاومان ڕوون بوایە، ئەویش ئیستینادمان کردایە سەر حیساباتی خیتامی و، سەر سەرف کردنی ئەوە بڕە پارەیە، ئێستا تاکاتی ئەو یاسایە، یاسایەکە دەربچێت دەعمی ئەحزاب، یان زەوابتێکی موەقەت دابندرێت لەم پەرلەمانە، بۆ ئەوەی بەرچاو ڕوون بێت کام حیزب چەند وەردەگرێت، کام حیزبی تر چەند وەردەگرێ، ئەو ئەحزابانەی کە هەست بەوە دەکەن، کەم ئەدرێت و فەرق و فروقیەك هەیە، ئەگەر لێرە زەوابتێکی موەقەت دەربچێت، بەڕاستی ئەوە من پێشنیار دەکەم تا یاسای دەعمی ئەحزاب، خاڵێکی تر من لەگەڵ ئەوەدام تەحریمی ڕاگرتنی بودجەی ئەحزاب، خۆی هەر تەحریمیشە یەعنی، خۆی بە یاسا ئەبێ بدرێت، یەعنی ئەمە پێچەوانەی یاسایە، شتێك پێچەوانەی یاسا بوو، مانای تەحریمە، کەواتە من داوا دەکەم لە سەرۆکایەتی پەرلەمان، ئەو پێشنیارانەی ئێمە، ئەو ڕێکارە یاساییانە، لەسەر حکومەت مولزەمە بەدواداچوونی بۆ بکات، لێپرسینەوەی لەسەر بکات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

برایانی بەڕێز ئێوە دیارە کاکە حەمە سەعید، تۆ لە پەرلەمان هەڵە تێگەیشتووی، پەرلەمان لیژنەکانیەتی، ئەندامەکانی پەرلەمانە، سەرۆکایەتی پەرلەمان ئیشی خۆی هەیە بە پێی قانون، ئێوە ئەو مەوزوعانەی هەتانە، لەناو لیژنەکانەکانتان موناقەشەی بکەن، بە ڕەسمی بیهێنن و بیدەن، ئەڵێن بڕاوە، باسی ئەکەن زۆر تەبیعیە، قانونت هەیە، لەگەڵتم بڕۆ لە مەحکەمە شکایەتی خۆت بکە، ناکرێت، بێتەوە ناو پەرلەمانیش هەر لایەنێکی سیاسی پشتیوانی خۆی ئەبێت، ئەبێتە گفتوگۆ، ئەو ئەندام پەرلەمانە زۆرینەی چەند دەنگی داوە، وا دەردەچێت، تۆ ناکرێت، سەرۆکایەتی پەرلەمان بە کەیفی خۆی نیە، هەر کەسێك بگرێت و عیقابی بکات، ئەوە لە هیچ پەرلەمانێکی دونیا نیە، فەرموو.

**بەڕێز حەمە سەعید حەمە علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

قسەکانی جەنابت ڕاستە، بەلاّم بەدواداچوونی کاری لیژنەکان سەرۆکایەتی پەرلەمان ئەبێت بیکات، ئەمە ماددەیەکی پەیڕەو و پرۆگرامە، دەبێ عەفووم بکەی، کە ئەبێت سەرۆکایەتی پەرلەمان لە لیژنەکان بپرسێت، بۆ هەڵناستن بە ئیشی خۆیان، ئەگەر نەیان کردووە، ئەمە خاڵێك، خاڵێکی تر، ئەگەر ئیجازەم بدەی، خاڵێکی تر، ئێمە داوامان لە حکومەت کردووە، حکومەت چ لە ڕێگەی ئیعلامەوە، چ لە ڕێگەی ئسولی

خۆیەوە، داوا لە حکومەت کراوە ئەم پارەیە بۆ بڕاوە؟، ئەڵێت من نەمبڕیوە پارتی و یەکیەتی بڕیویانە، بەڕێز سەرۆکی حکومەت وا دەڵێت.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سەرۆکی حکومەت لای من ئەڵێت لە ئەنجومەنی وەزیران، ئیجتماع کراوە، کتلەی وزاری ئەو بڕیارەی داوە، ئەوە بۆ مەعلوماتت، ئەگەر لای جەنابت شتێکی ترت وترابێت، من خۆم تەئکیدم لێی کردۆتەوە، ئەو پرسیارە ئەکات، جارێکی تر ئەگەڕێمەوە، بەدواداچوونی ئیش، ئیشی ئەندامانی پەرلەمان و لیژنەکانە، ئێمە تەنزیمی تەنسیقەکە دەکەین، کاك عبدالسلام نیزامیە، کەرەمکە.

**بەڕێز عبدالسلام مصطفى صديق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەڵلاهی وابزانم ئەگەر نیزامی نەبێت، ئەوە نیزامی نیە، ئێمە موناقەشەی ماددەی چواردە دەکەین لە یاسای بودجە، کەچی زۆر مەوزوع موناقەشاتی جانبی ئەکرێت، ڕەجاتان لێ دەکەم بگەڕێینەوە سەر مەوزوعی خۆمان.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

قەیناکە، زۆر تەئسیری کردبوو، بۆیە ئەو مەجالەمان دا، من لەگەڵتم، بەفرین حسین خەلیفە کەرەمکە.

**بەڕێز بەفرین حسين خەليفە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە حیزب و ڕێکخراوەکان دووبەشی گرنگ و بزوێنەری سەرەکی ئەم کۆمەڵگایەن، ژیانی کۆمەڵایەتی پێك دەهێنن، جا بۆ زیاتر گرنگیدان بە کاری ڕێکخراوەیی بۆ دروست کردنی کۆمەڵگایەکی مەدەنی، بۆ ئەوەی حیزب و لایەنە سیاسیەکان، بتوانن ئەو بەرنامەو کارو پەیڕەوەی کە هەیانە، بەشداریەکی بەرچاویان هەبێت لە ژیانی سیاسیدا، بەشداریەکی بەرچاویان هەبێت لەو فەزا سیاسیەی کە لە هەرێمی کوردستان هەیە، بێگومان پێویستیان بە پاڵپشتی دارایی ئەبێت بۆ ئەوەی بتوانن باشتر کارەکانیان بەڕێ بکەن، قورسایی خۆیان لە نێو جێگەو پێگەی هەرێمدا هەبێت، جا بەڕێزان ئێمە پێویستمان بەوە هەیە کە بڕی ئەوە گوژمەیەی کەوا دیاری کراوە، لەنێو ماددەی چواردە، ئەسلی پرۆژەکە، دوو سەد ملیار دابین کراوە، لە بودجەی پار ساڵیش بڕی نەوەت ملیار دابین کراوە، دیارە ئەوەی کەپار دابین کراوە، بەشی نەکردووە و ناچار بوون کە ڕێژەی زیادە بکەنە سەری، بۆیە من پێموایە ئەو ڕێژەی کە ئێستا دیاری کراوە، زیاد بکرێت بۆ بڕی دوو سەدو پەنجا ملیار دینار، بەڕێزان ئێمە لەیادمان نەچێت ژمارەیەکی زۆر لە ڕێکخراوە نا حکومیەکان لە هەرێمی کوردستان کار دەکەن، زیاتر لە 1200 ڕێکخراوی نا حکومیمان هەیە، زیاد لە 30، 40 ئەحزابی سیاسیمان هەیە، ئەمانەش پێویستیان بە پاڵپشتی دارایی هەیە، تاوەکو بتوانن کارەکانیان لەو کۆمەڵگایە جێبەجێ بکەن، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، دیارە ئێمە یاسای ڕێکخراوە نا حکومیەکان لە دانیشتنەکانی ڕابردوو پەسەندمان کرد، بە خۆشحاڵیەوە، بەلام ماوەتەوە یاسای پاڵپشتی

کردنـی حیـزب و لایەنـە سیاسـیەکان، بـەڵام ئێمـە هـەر خـودی خۆمـان، خـودی ئەنـدامانی پەرلـەمان، لـەم پەرلەمانـەوە بـە کـۆی دەنـگ داوامـان کـرد وەکـو پـرۆژەی یاسـاکە، تـەئجیل بکرێـت بـۆ ئـەوەی بتـوانین میکانیزمێکی گونجاو، یان ئەو پێوەرانەی کەوا دیاری نەکراون تا ئێستا، دیاری بکرێن، بۆ ئەوەی بتواندرێت باشتر رێژەی بڕی پارەکە بۆ هەموو حیزبەکان دیاری بکرێت، دیارە لە غیـابی یاسـایەکەدا لەوانەیـە لایـەنی سوودمەند و لایەنی زەرەرمەند هەبووبێت، بەڵام ئومێد دەکەم پەلە بکەین لـە پەسـەند کردنـی یاسـایەکە، ئێمـەی پەرلـەمانتاران بـووین کـە دەنگمـان دا کـە پـرۆژەی یاسـایەکە تـەئجیل بکرێـت، لێرەشـەوە پێشـنیار دەکەم، بڕی ئەوپارەییەی کە دابین کراوە، ئێستا لە پرۆژەی یاسایەکە دوو سەد ملیـار دینـارە، زیـاد بکرێـت بۆ دوو سەدو پەنجا ملیار دینار، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، بەڕێز دانا سعید سۆفی کەرەمکە.

**بەڕێز د.دانا سعید سۆفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێموایە ئەو ماددەیە دوو بابەتی لە خۆ گرتووە، یەکێکیان ئەوەیە کە پەیوەندی بە بودجەی حیزبەکانەوە هەیـە، ئـەویتریش پەیوەنـدە بـە تـەمویل کردنـی پـرۆژەی رێکخـراوە نـا حکومیەکانـەوە ، ئـەوەی کـە بـە حیزبەکان دەدرێت مینحەیە، ئەوەی کە بە رێکخـراوە نـا حکومیـەکان دەدرێت پێشـتر مینحـە بـووە، بـەڵام بەپێی یاسای ژمارە (1) ساڵی 2011ی رێکخراوە ناحکومیەکان، دەبێت تەمویلی پرۆژەی رێکخراوەکان بـێ، بەڵام سەبارەت بەوەی کە حیزبەکان، من پێموایە کە ئالیەتەکە دەبێت بەو شێوەیە بێت، لەبەر ئەوەی کەتا ئێسـتا یاسـایەکەیان، پەسـەند نـەکراوە، پێموایـە هـەر دەبێـت بـە شـێوەی سـولفە پێیـان بـدرێت، بـەڵام مەبلەغەکەی کەمە یان زۆرە، ئەوە مەسەلەیەکی تـرە، پێموایـە بۆخۆیـان لـە وەزارەتـی دارایـی و حکومـەت دیراسەی ئەوەیان کردووە، بەڵام مەسەلەیەك هەیە ئـەویش ئەوەیـە کـە ئێمـە، دەنگمـان لەسـەر ئـەوە داوە، ئەو بودجەیە بدرێت بە حیزبەکان، مانگانە بە پێی ئیستیحقاقی خۆیان، جا بۆیـە مـن پێموایـە مەسـەلەی وەستاندنی بودجەی حیزبەکان، پێویستە ئەوە لە دادگاوە یەکلا بکرێتەوە، حکومـەت بۆخـۆی دەوری دادگـا نـەبینێت، بۆیـە مـن پـێم باشـە یـەعنی بودجەکـە ئـەوەی کەوەسـتێندراوە، بـەردەوامی پـێ بـدرێت و بیـان درێتەوە، سەبارەت بە مەسەلەی رێکخراوە نـا حکومیـەکان، پرسـیارێکم هەیـە لـە جـەنابی وەزیـری دارایـی، لەبەر ئەوەی ئێمە لە یاسای رێکخراوە ناحکومیەکان، حکومەتمان مـولزەم کـردووە بـەوەی کـە بودجەیـەکی تایبەت بۆ تـەمویلی پـرۆژەی رێکخراوەکـان ساڵانە دیـاری بکـات، ئایـا زەروری نیـە کـە بودجـەی رێکخـراوە ناحکومیەکان بە پێی ئەو یاسایە جیا بکرێتەوە، لە مینحـەی حیزبـە سیاسـیەکان، ئەگـەر جیـا دەکرێتـەوە، بەپێی ساڵانی پێشـوو، لـە وەزارەتـی دارایـی چـەندی مینحـە داوە بـە رێکخـراوە نـا حکومیـەکان، یـاخود بـە شـێوەیەکی گشـتی چـەندی سـەرف کـردووە لێیـان، نـازانم ئێمـە لـە لیژنـەی کاروبـاری کۆمـەڵی مـەدەنی تەخمینێکمان هەبوو، کە بیست ملیارمان دانابوو بۆ ئەمساڵ، لیژنەی داراییش مەسـەلەی جیـا کردنەوەکـەی

بە پەسەند زانی، بودجەی ڕێکخراوەکان لە حیزبەکان جیا بکرێتەوە، پیم باشە بەڕێز جەنابی وەزیری دارایی مەعلوماتی زیاترمان بداتێ لەسەر ئەو مەسەلەیە، مەسەلەیەکی تریش هەیە لە ئاخیری کە باس لەوە دەکات، حیزبەکان و ڕێکخراوە نا حکومیەکان ئەو سولفەیەی کە پێیان دەدرێت، تاکو یاساکەیان پەسەند دەکرێت، ئەوکاتە تەسویەی سولفەکە بکەن، بەلاّم ئەوەی ئێمە بزانین، ئەوەی ئێمە ئاگاداربین، ڕێکخراوە ناحکومیەکان مینحەیان وەرگرتووە، سولفەیان وەرنەگرتووە، لەبەر ئەوە پێموایە تێکەڵیەك هەیە لێرەدا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز بیلال سلێمان کەرەمکە.

**بەڕێز احمد سلێمان عبدالله(بیلال):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە ئەم ماددەیە باسە لەبەرەو پێش چوونی مونافەسەی سیاسی و ئاڵوگۆڕی دەسەلاّت بەشێوەیەکی ئاشتی خوازانە، کە ئەویش هاوکاری کردنی ئەحزاب و ڕێکخراوە نا حکومیەکانە......

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

نوقتەی نیزامی کاك کاردۆ فەرموو.

**بەڕێز کاردۆ محمد پیرداود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

جەنابت باسی ئەوەت کرد وتت حکومەت لە کابینەی وزاری بڕیاری داوە، جەنابت چۆن قبوڵ دەکەی یاسایەك دانراوە، کابینە بڵێی ئەو یاسایە جێبەجێ ناکەین......

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

نە، مەسەلەی ئەوان لە خۆیان کە ئیعلانیان کردووە، ئەڵێت ئێمەلە ئەنجومەنی وەزیران کە سەلاحیات بە ئێمە دراوە، میزانیەکەمان نەماوە، لە نەوەتەکە تێپەڕی کردووە، مەشاکلی سیاسی ڕوویداوە، غەیری سیاسی چۆتە توندو تیژی، لەبەر ئەوە بە مەسلەحەتمان زانیوە لەم مەرحەلەیە بیبڕین، بۆ لایەنی پەیوەندیدار هەیە، خاوەنی قەزیە بچێت شکایەتی خۆی بکات، زۆر تەبیعیە، ئەو ئەڵێت ئەو سەقفەی بۆ من دیاری کراوە تەواو بووە، لەوە زیاتر نایدەم هەتاکو لە دادگا یەکلا نەبێتەوە، ئەتوانی بچیتە دادگا، کاك بورهان فەرموو.

**بەڕێز بورهان رشید حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەگەڵ حورمەتێکی زۆرم، گوێم لە هەندێ قسە بوو کە پێشتر کرا، موخالفی قانون بوو، ئێستا باسی ئەوە کرا کە ئەو شتە لە دەنگدان لە حکومەت یەکلایی بۆتەوە، لەکاتێك لە ماددەی (56) لە قانونی رەقەم(1)

ساڵی 1992 ئیشی چاودێری کردنی حکومەت، گەورەترین موئەسەسەیەك، کەچاودێری حکومەت دەکات پەرلەمانە، یەکێك لەموهیمەکانی پەرلەمان، کاری پەرلەمان لە ماددەی (56) ئەگەر ورد بنەوە لێی......

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك بورهان دانیشە، ڕەجائەن دانیشە، پەرلەمان کێیە؟، ئێوەن، ئەندامی پەرلەمانن لیژنەکانە، نەوەك تەنها سەرۆکایەتی پەرلەمان، ئێوە بەدوای قەزیەکان ئەڕۆن مەوزوعەکان وەربگرن، بیکەنە مەوزوعێك، موناقەشەی لەسەر بکەن، ئەگەر ئەتانەوێ لێرە حەسم بێت، لەناو ئەم پەرلەمانە، بە زۆرینەو کەمینەی دەنگ حەسم ئەبێت، ئەگەر قەناعەتت ئەوەیە لایەنی جەنابت موخالفی، زۆرینەی دەنگ دێنێت، چونکە زۆرینەی ئەندامان لەگەڵێن، ئەچیتە دادگا، دادگا حەسمی ئەکات، یەکێك لەو دوو ڕێگایە، خۆ سەرۆکی پەرلەمان چی لێ ئەکات، برای ئەزیز، فەرموو کاك بیلال بەردەوامبە.

**بەڕێز احمد سلێمان عبدالله(بیلال):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە هەدەف لە دانانی ئەو ماددەیە، دەرج کردنی ئەو ماددیە لە پرۆژە یاسایەکە، دەعم کردنی لایەنە سیاسیەکانە ئەحزاب، ڕێکخراوە نا حکومیەکانە ئەوەش هۆکارێکی باشە بۆ ئەوەی کە ئاڵو گۆڕی سیاسی، موناقەسەی سیاسی لە هەرێمی کوردستان، ئاڵو گۆڕی دەسەلآت بە شێوەیەکی ئاشتیانە بێتە پێشەوە، بەوەش کە موناقەسەیەکی سیاسیانە لەبەینی لایەنە سیاسیەکان دروست دەبێت، دیارە ئەوەش بەوە دروست دەبێت کە عەدالەت لە بەینی لایەنەکان یان ئەو ڕێکخراوانەی کە ئەو مینحەیە دەیانگرێتەوە پێیان بدرێت، ئەوەش پێویستی حەتمەن بە یاسا یا بە چەند پێوەرێك هەیە کە داندرێت، بەلاّم بەداخەوە خۆم کۆمەڵێك پرسیارم بۆ دروست بووە، بە تایبەتی هەندێك ئیجرائاتی سیاسی کراوە، بەتایبەتی دژی ئۆپۆزسیۆن، لەبەرامبەر ئەم مینحەیەی کەدەدرێت، بەتایبەت هەرسێ لایەنی ئۆپۆزسیۆن، یەکگرتوو و گۆڕان و کۆمەڵ، من پێموایە ئەم بڕە پارەیەی کە دیاری کراوە، پێویستە عەدالەتی تێدا جێبەجێ بکرێت، یەکەمجار پێشنیاری ئەوە دەکەم بەڕاستی ئەسلەن ئەم ماددەیە تەجمید بکرێت، بوەستێندرێت تا پێوەرەکان دیاری دەکرێن، بۆ دابەش کردنی ئەم بڕە پارەیە، بۆ ئەحزاب بە تایبەتی، یاخود یاسای یارمەتیدانی ئەحزاب دەردەچوێندرێت، وەکو خوشکی بەڕێزم کوێستان خان و چەند بەڕێزێکی تریش باسیان کرد، دوایی من یەك، دوو پرسیارم بۆ دروست بووە، داوا لە جەنابی وەزیر دەکەم ئەگەر لوتف بکات دوایی جوابمان بداتەوە، یەکەم، ئەم بڕە پارەیەی کە ساڵی ڕابردوو نەوەت ملیار بوو، چۆن سەرف کراوە؟، ڕوونکردنەوەمان بداتێ دراوە بەو لایەنانەی کە ئیستیفادەیان لێی کردووە، کێ بوون؟، چۆن تەوزیعی کردووە بەسەریاندا؟، پێوەر چی بووە؟.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك بیلال، بەڕێز، تۆ وەزیرت ئیستیجواب نەکردووە، لەسەر ماددەیەکە موناقەشەی میزانیە دەکەی، برای ئەزیز، ئەگەر ئەتەوێت ئیستیجوابی وەزیر بکەی، ڕێگەیەکی ئسولی یاسایی خۆی هەیە، ئەوجا بانگی، بکە

ئەو پرسیارە کە ئێستا جەنابت و هەندێ لەو بەڕێزانە ئەیکەن، ئەو کات ئاراستەی جەنابی وەزیری بکەن، ئەویش جواب ئەداتەوە، ئێستا ئێمە میزانیەك پێشکەش کراوە، لەسەر ئەوە دەیکەین، ئیستیجوابی وەزیرمان نەکردووە، لەبەر ئەوە ڕێگە نادەم زیاتر بچنە سەر ئەو بابەتە، وەرنە سەر میزانیەکە، باشە، باشە، خراپە، خراپە، پێشنیارەکانی جەنابت و هی چەند بەڕێزێکی تر، کە ئەڵێن ڕایبوەستێنە، کاتی هات دەیخەینە دەنگدانەوە، بەڵام ئێمە لەسەرۆکایەتی ناتوانین کەسێك موحاسەبە بکەین، ئێوە خەڵك موحاسەبە دەکەن، ئێوەنە خەڵك موحاسەبە دەکەن، ئێوە ئەوانەی دانیشتوون، ئێمە یەك دەنگێکمان هەیە، 111 دەنگ لەناو ئەم قاعەیە، برای بەڕێز، مەحکەمەشمان هەیە، من خۆم سیقەم بە دادگای خۆمان هەیە، یان ئەم ڕێگەیە دەگری، یان ئەو ڕێگەیە دەگری، بەڵام ئێستا تکام لە ئێوەی بەڕێز هەیە، وەرنە سەر ماددەکان، فەرموو.

**بەڕێز احمد سلێمان عبدالله(بیلال):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەس خۆزیا هەمووجار لەنۆرەی من ئەوە دروست نەبووایە، بەهەرحاڵ، پێشتریش ئێمە لە جەنابی وەزیر پرسیارمان کردووە، ئەویش چۆنی پێ خۆش بێ جواب بداتەوە، ، پێشی خۆش نەبێ جواب نەداتەوە، ئێمە زۆرمان لێی نەکردووە، ناتوانین زۆری لێ بکەین، بەتایبەتی من وەکو خۆم ڕێزی زۆرم بۆ جەنابی وەزیر هەیە، بەس خۆزیە ئەگەر بتواندرێت ئەو مەعلوماتانەمان بداتێ، بۆ ئەوەی ئێمەش زیاتر بەرچاومان ڕوون بێت، بزانین چۆن ئەم پارەیە سەرف کراوە، ئێ خۆ ئێمەش هەقی خۆمانە، یەعنی چی تیایە ئەگەر بیزانین، باشە هەندێك لە پرسیارەکانم ناچارم وازیان لێ دێنم، لەسەر پێشنیاری جەنابت هەڵبەتە، بەس پرسیاری ئەوەم هەیە، بۆ ئەو پارەیەی ئێستا، پێوەری بەڕێزیان چیە بۆ ئەو پارەیە؟، چۆن تەوزیعی دەکەن، لەمەودوا؟، ئایا وەکو ساڵی ڕابردوو تەوزیعی دەکەن؟، یا پێوەری تریان هەیە؟، چونکە بەڕاستی ئەو بودجەی ئەحزاب کە وەستێندراوە، پێموایە من لێرە کەوتوومە گومان، ئایا زەمان چ دەبێت بۆ ڕێکخراوە نا حکومیەکانیش دیسان لە ساڵی ئاینده، لە ساڵی 2011 ئەم فشارە سیاسیە بە هۆی فشاری سیاسیەوە، ئەم بودجەی ڕێکخراوانەش دیسان بەکار ناهێندرێت بۆ فشاری سیاسی، چونکە ئەوەش دیسان جێگەی ئەحزاب بەکاربهێنێ، حەتمەن بۆ ئەو ڕێکخراوە ناحکومیانەش ئیحتیمالە بەکاربهێندرێت، بۆیە پێویستە کارێك بکرێت، بۆ ئەوەی ئەمە بەکارنەهێندرێت، چونکە بەڕاستی ئەو هاوولاّتیانەی کە ئیستیفادە لەم بودجەیە دەکەن، بودجەی ئەحزاب، ئەویش هاوولاّتی ئەم ولاّتەن، نان بڕێنی ئەم خەڵکەش بەڕاستی......

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك بیلال، ئێمە ئێستا وتمان، بچۆ دوو ڕێگەمان هەیە، هەمووومان بەیانی زوڵم لە منیش بکرێت، هەر دوو ڕێگە هەیە، دادگا هەیە و لە ناو پەرلەمان، لەوە زیاتر نیە، ئەگەر دێیتە ناو پەرلەمان، وەزعەکە ئەزانی، ئێستا واز لەوە بێنە وەرە سەر ماددەکە.

**بەڕێز احمد سلێمان عبدالله(بیلال):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من ئەندامی پەرلەمانم، ئەگەر لە پەرلەمان نەیلێم نازانم لەکوێ بیلێم ئاخر، یەعنی نابێت نەفەسێك هەبێت ئەوەی من پێمە بیلێم، یەعنی نەفەسێك، تۆ ڕێگا بدەی من ئەگەر گلەییەکم هەیە، موشکیلەیەکم هەیە، لێرە نەیلێم، لەکوێ، نازانم لەکوێ بیلێم؟.....

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

من لەگەڵتم، زۆر ئازادی بیلێی، بەڵام لە شوێنی خۆی، ئەگەر ئەو ماددەیەمان دانا بۆ ئەوەی لێرە موناقەشەیەك بکرێت، ئەوجا ئازادی، بەڵام لێرە ئەم هینەمان لەبەر دەستە برای بەڕێز.

**بەڕێز احمد سلێمان عبدالله( بیلال):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من بە هەقیقەت هەشت، حەوت پرسیارم نووسیوە، بەس هیچیان ناکەم، لەسەر بڕیاری جەنابت بەسەرچاو، بەس ئەوە دەڵێم بەڕاستی، ئەوە کاك حەمە سەعیدیش وتی، هەق وایە ئەم پەرلەمانە تەحریمی ئەم نا عەدلیانە بکات کە دەکرێت، بەتایبەت بەرامبەر بە بودجەی ئەحزاب کە دەبڕدرێت، کۆمەڵێك خەڵك لێی مەحروم دەبێت، کۆمەڵێك هاووڵاتی نان بڕاو دەبێت، بەڕاستی شتێکی خراپە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، بەڕێز خلیل عثمان کەرەمکە.

**بەڕێز خلیل عثمان حمدامین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەرەتا من پشتگیری لە بۆچوونی لیژنەی دارایی دەکەم، سەبارەت بەوەی کە ئەو بودجەیان کە هی حیزب و ڕێکخراوەکانیان کردۆتە دوو بەشەوە، داواکارم بەشی ڕێکخراوەکانی نا حکومی جیابکرێتەوە، ئەگەر بکرێت بڕی (30) سی ملیاریان بۆ دابندرێت، چونکە ئێمە هەروەکو لە پڕۆژە یاسایەکە پەسەندمان کرد، ئەوە لە سندوقێکی تایبەت دابندرێت، لەوەزارەتی دارایی، تاوەکو فەرمانگەی سەرپەرشتیکاری ڕێکخراوەکان پێك دەهێندرێت، خاڵێکی تر من پرسیارێك دەکەم کە هیوادارم ئەمە بەڕاستی ئەگەر بکرێت ئیزافە بکرێت، ئایا ئێمە بەپێی یاسای ژمارە 18 کۆمەڵێك کۆمەڵە و سەندیکاو یەکێتیمان هەیە، ڕاستە بەشێك لەوانە ڕێکخراوی حیزبی بوون، بەڵام بەشێك لەوانە لە چەند پرۆسەیەکی دیموکراسیا هەڵبژاردنیان کردووە، یەکیان گرتۆتەوە، کۆنگرەیان کردووە، وەکو یەکیەتی مامۆستایان، سەندیکای پارێزەران، کۆمەڵێك ڕێکخراوی تریش لەوانەیە ئەمساڵ لە زەمینەیەکی باش، لە کەش و هەوایەکی گونجاو کۆنگرەی خۆیان بکەن و یەك بگرنەوە، بە مانایەکی تر دەتوانم بڵێم ئەو سەندیکاو کۆمەڵانە، ئەو یەکیەتیانە نوێنەری سەرجەم بیرو بۆچوونەکانی تیایە، بۆیە دەکرێت ئێمەش لێرە بەڕاستی هەقلێکیش

بۆ ئەوان دیاری بکەین، چونکە ئەوانیش بەشێکن لە موجتەمەعی مەدەنی ئێمە، کە هیوادارم مولاحەزەی ئەوە بکرێت، خاڵێکی تر سەبارەت بە پەسەند کردنی یاسای بودجە، یەعنی قسەی زۆری لەسەر کرا، لە بودجەی ئەحزاب قسەی زۆری لەسەر کرا، ئێمە لێرە جارێك بەهینی ئەوەی کە ئەمە یاسایەکی نیشتیمانیەو، دەکرێت لە دەرەوەی پەرلەمان تەوافوقێکی گشتی لەسەر بکرێت، بەڕاستی ئەمە بە بیرو ڕای زۆرینەی ئەندامانی پەرلەمان ئەمە گفتوگۆ کردن لەسەری دواخرا، جاری دووەم دووبارە هاتەوە پەرلەمان، ئێمە بەش بەحاڵی خۆمان، بەشێك لەو برادەرانە هەر بە هەمان پاساو، لەبەر ئەوەی ئەم یاسایە بوعدێکی نیشتیمانی هەیە، لەبەر ئەوەی هەندێ لە برادەرانی ئۆپۆزسیۆن، حزوریان نەبوو، بۆ موراعات کردنی ئەوان هەڵساین یاساکەمان دواخست، یەعنی ئەمە ناکرێت دووبارە هینەکە بخرێتە سەر حکومەتەوە، خاڵێکی تر، سەبارەت بە بڕینی بودجەی ئەحزاب، من هیوادارم بە پێی ئەو یاسایەی کە هەیە، تاوەکو ئێستا کاری پێ دەکرێت، مامەڵە لەگەڵ حیزبە سیاسیەکان بکرێت، لە تەمویل کردنیان لەتەسەروفاتیان، لە هەڵسوکەوتیان، لە هەرێمی کوردستان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، بەڕێز تارا ئەسعەدی کەرەمکە.

**بەڕێز تارا تحسين ئەسعەدی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕاستی من لەو ماددەیەدا گەشبینی خۆم دادەنێم بەرامبەر بەوەی کە ئەم پەرلەمانەی کە ئێستا منی تیام، بەرهەمی ئەو حیزبانەو نیزاڵی ئەوانە، کە ئەمڕۆ ئێمەی دروست کردووە لێرەدا، تاوەکو بتوانین بە ڕاشکاوانە هەریەکێك لەو حیزبانەی ئێستا، بەو پەڕی دیموکراسیەتەوە، بەو پەڕی ئازادی لە ڕاوە، بە هەموو جۆرێك هەریەکە ڕاو بۆچوونی خۆی لێرەدا دەست نیشان بکات، من هەردەم تەماشاکردنم بە پۆزەتیڤانەیە، بۆ ئەو شتانەی کە خزمەتی حیزب دەکات، هەر حیزبە شەڕی کردووە، هەر حیزبە گەیاندوونیەتیە.....

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

تکایە، ڕەجائەن، مەحازەرەمان بۆ مەدەن تاراخان، وەرە سەر ماددەکە خوشکی من، بڕۆ لە تەلەفزیۆن لە ڕۆژنامە چی ئەڵێی بڵێ، بەس وەرە سەر ماددەکە، فەرموو.

**بەڕێز تارا تحسين ئەسعەدی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من ئەمەوێ ئەوە پیشان بدەم کە ئەو پارەیەی دانراوە بەڕاستی بۆ دوو شتە، یەکێکیان مونەزەماتی غەیری حکومیە کە قانونمان پێ دەرهێناوە، جێگای دەست خۆشیە لەم خولەی خۆماندا بەڕاستی، ئێستا لە ولآتانی تریش دیراسەتی ئەم قانونە دەکرێت کە دەرچووە، وابزانم هەر هەمان پەرلەمان قانونی دەعمی ئەحزاب، دیسانەوە دەبێتە هۆی ئەوەی کە دەری بهێنێت، لەدوای ئەوەی کە ئەو قانونە دەرچوو، هەڵبەتە ئەو شتانە

دەكرێت، ئەو پارەیەی كە هەیە و دانراوە، من وای دەبینم بۆ خەرجی حیزبەكان و، ڕێكخراوەكان پارەكە جێگای خۆیەتی، تاوەكو وای لێ دێت حیزب خۆی تەمویلی خۆی دەكات، لە هەمو ولاتی دونیا حیزبەكان ئەبێت خۆیان تەمویلی خۆیان بكەن، تا ئەو كاتەی دەگەینە ئەو لایەنەی كە خۆمان تەمویل بكەین، وجودی ئەم پارانە زۆر گرنگە، لە هەمان كاتدا تاوەكو دەعمی ئەحزاب دەردەچێت قانونەكە، ئێمە لەگەڵین كە ئەو بڕە پارەیە بۆ خزمەتكردنی، بمانەوێت و نەمانەوێت هەر بۆ خۆمانە، بۆ ئەم ولاتەیە، بۆ خزمەتكردنی پرۆسەكەمانە....

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

یەعنی جەنابت لەگەڵ ئەوەی بە حیزب هیچ نەدرێت.

**بەڕێز تارا تحسین ئەسعەدی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

عەفوەن، تاوەكو قانونی دەعمی ئەحزاب دەردەچێت، ئەو كاتە بیرو ڕاكان گەشە ئەكات زیاتر و دادەنـدرێت، بەس من لەگەڵ بیرۆكەی ئەوەم ئەگەر حیزب هەبێ هەڵبەتە دەبێت تەمویلی خۆشی هەبێت، بەڵام ئەمڕۆ لە ولاتی ئێمە وا ڕۆیشتووە كە ئەبێت بڕە پارەیەك هەبێت، بۆ ئەوەی كارەكانی پێ ببات بەڕێوە بۆ خزمەتكردن، لەبەر ئەوە من لەگەڵیم كە ئەو پارەیە باشە بۆ خزمەتكردنەكە بۆ ئەمڕۆ.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێز ئاسۆ كەریم، بەس تكایە لەسەر بابەتەكە، فەرموو.

**بەڕێز بكر كریم محمد(ئاسۆ):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دیارە تەرخانكردنی دوو سەد ملیار دینار، بەلای منەوە بڕێكی گونجاوە، لەبەر هۆیەك كە بڕی تەرخانكراوی ساڵی ڕابردوو، بەشی نەكردووە، هەربۆخۆی پێموایە بەڵێ بڕێكی گونجاوە، ئەگەر ڕێژەكەشی بۆ بودجەی گشتی، بە گشتی وەری بگرین، یەك پۆینت چل و سێیە، پێموایە مامۆستا عمر نورەدینی، كەمامۆستای علومی سیاسیە، ئەو ڕێژیە بە ڕێژیەكی مەعقول دادەندرێت لەو ولاتە، بە پێویستیشی دەزانم تەرخانكردنی ئەحزاب، یەعنی ئەحزاب دەعمی مالی بكرێن، لەبەر دوو سەبەب، سەبەبی یەكەمیان ئێمە لە قۆناغێكی ئینتیقالیدایین، بەرەو دیموكراسی، یەكێك لە پایەكانی دیموكراسی، بوونی تەعەددودیەتی حیزبیە، بەڕاستی بۆیە تەرخانكردنی ئەو بڕە پارەیە بۆ دەعمی ئەو تەوەجوهەیە، بۆ قوڵ كردنەوەی دیموكراسیە، ئەمە لە چەندین ولاتی تری دونیادا پەیڕەوی لێ دەكرێت، دووەمین شت بەڕاستی بۆ ئەوەی ئەحزابی سیاسی بە شێوەیەكی ئازادانە هەڵبسوورێن، چونكە ئەگەر هاتو ئیستیقلالی مالیان هەبوو، ئازاد دەبن، تەئسیراتی سیاسی نفوزی ئەملاو ئەو لا، بە تایبەتی ولاتان، جیهەتی بیانیان لەسەر نابێت، چونكە لە قانونی دەعمی ئەحزابیش یەكێك لەو شتانەی كە ئاماژەی پێ دەكرێت ئەو لایەنەیە، بۆیە لەگەڵ ئەو تەخسیسەدام، سێیەمین شت بەڕاستی من لەگەڵ ئەوەم ئەو بڕە پارەیە وەكو یەك بێت، لێك نەكرێتەوە

ئەوەندەی بۆ ئەحزاب و ئەوەندەی بۆ مونەزەمات یەعنی، هەروها ئاخیر خاڵیش بەڕاستی پێموایە ئەمە ئەو بڕە پارەیە بە تەواوی بە ئەحزابی سیاسی موجاز بدرێت، چ ئەحزابی پەرلەمانی بن، چ غەیرە پەرلەمانی، جۆرێك لە عەدالەتیشی تێدا ڕەچاو بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، بەڕێز سەرهەنگ فەرموو.

**بەڕێز سەرهەنگ فرج محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەندمانی بەڕێز، لەو مونتەڵەقەوە یەکێك لە ئەرکە گرنگەکانی پەرلەمان ڕەقابەیە، پێموایە ئاساییە لە چۆنیەتی سەرف کردنی ئەو نەوەت ملیار دۆلارەی پار ئێمە بپرسین بەڕاستی لێرە چۆن سەرف کراوە؟، ئەوەش یەکێکە لە پرسیارەکانم، خاڵی دووەم، باسی ئەوە کرا کە چۆن پارەی حیزبەکان بڕاوەو ئەوانە، ئەوەندەی من تێبینیم کردبێت و بزانم جگە لە لایەنەکانی ئۆپۆزسیۆن، هیچ پارتێکی سیاسی تر سکاڵای نەکردووە لە دەست بڕینی بودجەکەی، واتە ئەو پاساوەی حکومەت کە ئەڵێت نەوەت ملیارەکەم تەواو بووە، ئەبوو بودجەی هەموو حیزبەکانی ببڕیبا، بەس هی لایەنەکانی ئۆپۆزسیۆن بڕاوە، ئەمە لە لایەك، لەلایەکی تر، بەڕاستی ئەمە حاڵەتێکی ترسناکە، من بە زەروری دەزانم، هەڵوەستەی لەسەر بکەم، ئەویش ئەوەیە کە حکومەت بە پارەو سامانی گشتی حەسمی خیلافاتە سیاسیەکانی خۆی هەڵێنایە، کە ئەم حاڵەتە ئەبێ ڕێگری لێ بکەین بەڕاستی، چونکە ئەمە پارەو سامانی گشتیە، لایەنێك لە حەسمی خیلافاتی سیاسی خۆی لەگەڵ لایەنەکانی تر، بەکاری بهێنێت وەکو کارتێکی گوشار، ئێمە ئەبێت تەجاوزی ئەو حاڵەتە بکەین، ئەچمەوە سەر ماددەکە، خاڵی کۆتایم من پشتیوانی ئەو ڕایە دەکەم، کە تەرخانکردنی ئەوە پارەیە ڕابگیرێت، هەتا میکانیزمێك دەست نیشان دەکرێت، بۆ دابەش کردنی، کە بە قەناعەتی من، ئەو میکانیزمە گونجاوەی کە حەلی ئەو مەوزوعە دەکات، ئەو یاسایە کەپێویستە ئێمەبیهێنینەوە پەرلەمان، بە زووترین کات پەسەند بکرێت و سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، بەڕێز سیوەیل عثمان فەرموو، یەك دەقیقە نیزامیە فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەسلەن قسەکانی ئەو بەڕێزە دەرچوونە لە نیزامی داخلی، دووەم، هیچ بڕیارێك لە حکومەت تا ئەم دەقەیە دەرنەچووە، هەر کەسێك لەناو پەرلەمان قسە بکات عقوبە دەدرێت، چونکە ئەندام پەرلەمان ئازادە لەسەر وتەکانی، هیچ عقوبە نادرێت، لەبەر ئەوە داوا دەکەم ئەم وتەیەی بسڕێتەوە لە پرۆتۆکۆڵ، سوپاس.

**بەڕێز سیوەیل عثمان احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەمن لۆخۆم لە تەلەفزیۆنیش گوێم لێی بووە، بەلاَم ئەگەر موزایەدەی سیاسی بێت، وەكی دیكە ئەندام پەرلەمان ئازادە لەهەر قسەیەكی كە دەیكات، ئەگەر بۆ موزایەدەی سیاسی بێت.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

ئەندامی پەرلەمان، سیوەیل خان ئازادە، لە هەموو كاتێك بیرو ڕای خۆی لەناو پەرلەمان بڵێت، بەلاَم لەسەر ئەو بابەتە، لە بابەتەكە دەرچوو، موخالەفەی نیزامی كردووە، ئەبێ ڕابگیرێ، بێتەوە سەر نیزامەكە، ئێستا جەنابت موناقەشە دەكەی، لەسەر ماددەی چواردە لە ئەسڵی پڕۆژەكە، كە دەكات ماددەی $15$، لەسەر تەخسیسی مەبلەغی $200$ملیۆن، لەسەر ئەوە قسە دەكەی، تكایە لەوە دەرمەچن، فەرموو.

**بەڕێز سیوەیل عثمان احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەنیسبەت ئەو ماددەیە تەخسیسەكە باشە، با بە خاڵ دەست پێ بكەین، ئەوە یەك، پێم باشە ئەحزاب و ڕێكخراوەكان جیا بكرێتەوە نەسریەكانیان یان مینحەكانیان جیا بكرێتەوە، پێم باشە، هەموو حیزبێكیش بە یاسا ئەگەر مۆڵەتی یاسای هەبوو، كەدەرچوو لە وەزارەتی ناخۆ، هەقی خۆیەتی مینحەی بدرێتێ، كەچی لێرەدا حكومەت پێشێلی ئەو یاسایەی كردووە، بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان، ئەو قسیەش كوێستان خان كردی، كە بڕیار بوو تۆ بەڵێنت دا، پێشی موناقەشەی بودجە بڕیار بوو دەعمی ئەحزاب تەواو بێت، ئەمنیش تەئیدی دەكەم، لەبەر ئەوەی زۆر باش لۆخۆمان لێرە گوێمان لێی بوو.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

خانم، هەر نوقتەیەكی نیزامی لەسەر قسەكەت، چونكە موخالفی پرۆتۆكۆڵە، لەناو پڕۆتۆكۆڵ تەسبیت بووە، بەیانی دێیتە لای برات، من بە ڕەسمی بۆتی دەردەكەم، نیشانتی دەدەم، بیخوێنەرەوە، بزانە بە چ شكلێك بووە، بە زمانی منەوە قسە مەكە، من خۆم لێرەم ئەوە پرۆتۆكۆل حازرە، ڕەنگ و دەنگیش هەیە، هەر بۆ مەعلوماتی جەنابت، زۆر واسقم، چونكە هەر بۆ مەعلوماتی جەنابت، ئەم قسەیەم بیستبوو، بە دەنگ و پرۆتۆكۆڵەكانم هێناوە، چەند جار خوێندوومەتەوە، بۆ ئەوەی دڵنیا بم ئەو قسەیەم كردووە یان نا؟، دڵنیابە بەو شێوەیەی كە من بۆتۆم باس كرد، فەرموو.

**بەڕێز سیوەیل عثمان احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

شەرت نیە ئەتوو بی، بەس من لێرە بیستم، جا یان ئەتووی یان كێ لە جێگەی تۆ بووە، ئەمە ئەو قسەمان بیستووە، تەواو، یەعنی ئەو وەعدەمان وەرگرتووە، بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان، من كۆتایی بە قسەكانم دەهێنم، عەفوو، یەك قسەم مایە، ئەگەر هەر موناقەشەیەكی بكەین و بڵێین، نان بڕاو كراو، وای لێ هاتووە،

حیزبەکان و لایەنە سیاسیەکان لە مادده دەردەچێت، بەڵام مەسەلەیەك هەیە دەڵێت، (قتل الاعناق ولیس قطع الارزاق)، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، بەڕێز سمیرە گۆران کەرەمکە.

**بەڕێز سەمیرە عبدالله اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

برای بەڕێزم کاك ئاسۆ قسەکانی منی کرد، نامەوێ دووبارەی بکەمەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، بەڕێز سەرگوڵ خان کەرەمکە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

مەمنون، زۆر سوپاس بۆ جەنابت، ئەو قسەیەی سیوەیل خان لەسەر داخوازی خۆی لە پرۆتۆکۆل ڕەشی بکەنەوە، فەرموو سەگوڵ خان.

**بەڕێز سەرگوڵ رضا حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی چواردە لە ئەسڵی پرۆژەکە، من پێم باشە ئەو مەبلەغەی کە دانراوە، بکرێت بە دوو فەقەرە، وەکو ئەوەی لیژنەی دارایی پێشنیاریان کردووە، ئێمەش لە لیژنەی کۆمەڵی مەدەنی ئەو پێشنیارەمان کردبوو، لەبەر ئەوەی پرۆژەی ڕێکخراوەکان، ئەو مەبلەغەی جیا بکرێتەوە لەوەی حیزبەکان، سەبارەت بەوەی کە ئێمە پار ساڵیش لە بودجەی 2010 باسی ئەوەمان کرد کە بە ڕێکارێکی کاتی بێت، من پێم باشە ئەمساڵ لە ماددەکە، ئێمە پێوەرێك دابنێین بۆ ئەوەی ئەو بودجەیە بدرێت، تا قانونی ئەحزاب دەردەچێت، مودەیەکیش دابنێین بۆ ئەوەی قانونەکە لە چوار مانگ کەمتر نەبێت دەربچێت، پێوەرێکیش دابنێین، بۆ ئەوەی کە حیزبەکان بە عەدالەت و بە یەکسانی ئەو بودجەیەیان بەسەردا دابەش بکرێت، ئەو پێوەرەی کە موتەبەعە زۆربەشمان موتەفیق بین لەسەری، بە پێی قانونی ئەحزاب کەلە 1992 دەرچووە، ئەو حیزبانەی کە ئیجازەیان هەیە بکرێت بە پێوەر، ئەو حیزبانەی کە کورسیان هەیە لە پەرلەمان، ئێمە بتوانین ئەو پێوەرە لەو ماددەیە جێگەی بۆ بکەینەوە، بۆ ئەوەی ئەو تەخسیسەی کە دادەندرێت، وەکو پاری لێ نەیەت زیادەی لەسەر سەرف نەکرێت، لەوانەیە وەزیری دارایی جوابەکەی ئەوە بێت، بڵێت ئێمە ئەتوانین موناقەلە بکەین، ڕاستە ئەوان سەلاحیەتی موناقەلەیان هەیە، بەڵام ئەو تەخسیسەی کە پار دانرا بوو، دیارە بە پێوەر نەبوو، زۆر زیاد لە حەدی دیاری کراوی خۆی سەرف کراوە، من پێم باشە فەقەرەیەك زیاد بکرێت بۆ ئەم ماددەیە، ئەو حیزبانەی کە ئێستا بودجەیان ڕاگیراوە، ئەو بودجە ڕاگیراوانەیان بۆ بگەڕێتەوە، ئێمە مولزەمین وەکو پەرلەمان، کە ئەو پێشێلکاریەی کراوە لە سەر

یاساکەی پار، چاکی بکەینەوە بۆ ئەوەی فەقەرەیەك زیاد بکەین، ئەو تەبریرەی کە باس دەکرێت، بۆ ڕاگرتنی بودجەی ئەو حیزبانە، تا ئێستا سەرۆکی پەرلەمان، ئیعلان نەکراوە هۆکارەکەی چیە؟، تا لە دادگا سکالآ بکرێت، من پێم باشە وەزیری دارایی وەکو کەسێکی موختەس و، کە ئاگاداری ئەوەیە، سەبەبی ئەوەمان بۆ ڕوون بکاتەوە، ئایا ئەو حیزبانە پێشێلکاری یاسای ئەحزابیان کردووە، یاخود پێشێلکاری چ برگەو ماددەیەکیان کردووە، هەتاوەکو بەو شێوەیە عقوبە بدرێن، بودجەکەیان ڕابگیرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، بەڕێز سەمیر سەلیم کەرەمکە، سوپاس، بەڕێز نەسرین جمال.

**بەڕێز نەسرین جمال مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە لە ساڵی 2010دا، ئەم ماددەیە لە پرۆژە یاسایەکەدا بە هەمان شێوە داڕێژراوەتەوە، بەلآم حکومەت جێبەجێی نەکردووە، تەنها فەرقی ئەم ماددەیە لەگەڵ ساڵی 2010، لە ساڵی 2010 بڕی تەخانکراوەکە نەوەت ملیار بووە، ئێستا 200 ملیار دینارە، لێرە ئێمە باسی ئەو بودجەیە دەکەین، ئەمەی کە باسی دەکەین و ئەو ماددەیە کەباس دەکرێت، باسی بودجەی ئەمساڵە هی 2011، نەوەت ملیارەکە هی 2010یە، بودجەی ئۆپۆزسیۆن لە ساڵی 2011دا بڕاوە، هی هەرسێ ئۆپۆزسیۆنەکەی لە ساڵی 2011دا بڕاوە، بەلآم کە ئێمە باسی نەوەت ملیارەکە دەکەین، چۆن چۆنی سەرف کراوە، ئەمە هی ساڵی 2010یە، کەواتە ئەو پاساوەی کە حکومەت باسی دەکات، ئەو سەرف کردنەی پاساوەکە، ببورە لە جێگەی خۆیدا نیە، ئەمە یەك، دووەم، ئێمە هەر لە هۆڵی پەرلەمانیش و لە زۆر شوێنیش زۆر باسی شەفافیەت و عەدالەت ئەکەین، بەڕاستی ئەمە بۆچوونی منە ئەگەر ئەو بوجەیەی ساڵی 2010، کە بڕی نەوەت ملیار دینار بووە، ئەگەر بە شەفافانە، ئەگەر بە عەدالەت دابەش کرابوایە، ئێستا ئەو تەزەخمە دروست نەئەبوو، ئەو بڕە پارەیە وا بەو جۆرە زیادی نەئەکرد، کە هین بێت، من نازانم ئەو نەوەت ملیار دینارە کە سەرف کراوە، لەکوێ پارەی تریان هێنا تەرخانیان کرد بۆ ئەوەی ئیزافەی پێ بکەن، کارەکانیان پێ تەواو بکەن؟، ئەوەی کە من دەمەوێ لێرە باسی بکەم، یەکەم، پشتیوانی ئەو ڕەئیەی کوێستان خان دەکەم کە دەبێت تەحریمی ئەوە بکرێت، کە سزای سیاسی بدرێت و لەسەر قەزیەی سیاسی، بودجەی ئەحزابەکان ببڕدرێت، دووەم، پێویست بەوە دەکات لەم پەرلەمانەوە ئەو بڕیارە دەربچێت کە ئەو بڕە پارەیەی بڕاوە لە ئۆپۆزسیۆن، بەڕاستی ئەبێ بۆیان بگێڕێتەوە، یا ئەوەتە ئەبێ بۆیان بگەڕێتەوە، یا ئەوەتا ئەم بودجەیە تەسفیە نەکراوە، پێویست بەوە ئەکات بە زووترین کات تەسفیە بکرێت، بزانین ئەو بڕە پارەیەی کە سەرف کراوەو قەرزیشی بۆ کراوەو خراوەتە سەری، بزانین چۆن سەرف کراوە، دابەش کراوە بەسەر کێ؟، ئەو حیزبانەی کە بەرکەوتەیان بەرکەوتووە لەم بودجەیە، یەکی چەندیان بەرکەوتووە؟، بۆیە پێویست بەوە دەکات، ئەو پارەیەی کە بڕاوە، ماوەی مانگی سێیە، چوارە، پێنجە، هی ئۆپۆزسیۆن بەڕاستی ئەبێ بۆیان بگەڕێتەوە، ئەگەر بتانەوێت ئەمن و ئاسایش بەرقەرار بێت، ئەگەر بتانەوێ ئەمە مەسەلەیەکی نیشتیمانیە، ئەمە

مەسەلەیەکە کە ئێستا دانوستان هەیە لە بەینیان، یەعنی ئەگەر ئەوەش نەبێ، ئەگەر دانوستانیش نەبێ، ئەم حیزبانە، حیزبی ئیجازە پێ دراون، کە ئیجازەی پێ درابێت، هەقی خۆیەتی وەکو هەموو حیزبەکانی تر، پێویست بەوە دەکات کە ئەو بودجەیان بۆ تەرخان بکرێت، بودجەشیان بۆ بگەڕێندرێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، بەڕێز عدنان عثمان کەرەمکە.

**بەڕێز عدنان عثمان محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من دیارە زۆر کورتی دەکەمەوە، من هاوڕای لیژنەی دارایم، کە بابڵێین ئەو دوو شتە جیا بکرێتەوە، دعمی حیزبەکان و مەشارعی ڕێکخراوەکان لەیەك جیابکرێتەوە، یەعنی دوو فەقەرە بێت، بەڵام لە هەمان کاتدا پێشنیاری ئەوە دەکەم، کە سێ بڕگە ئەکرێت، یان دوو بڕگە ئیزافە بکەین بۆ ئەو ماددەیە، بڕگەکان یەکەم: ئەوە بێت، کە ئێمە تا دەرچوونی یاسای پاڵپشتی حیزبەکان ودەعمی حیزبەکان، حکومەت ئیلزام بکرێت بە پێدانی هەموو ئەو بڕە پارەیەی کە لەو ماوەیە پێیان دراوە، قەرەبوو کردنەوەی ئەو ماوەیەی کە لێیان بڕاوە، بەهەر هۆکارێکەوە بێت، پەرلەمان دەبێت حکومەت ئیلزام بکات، تاوەکو یاسایەکە دەردەچێت، تاوەکو معیارێك دادەنێت لە پەرلەمان، حکومەت مولزەم بێت بە پێدانی پارە بە حیزبەکان، ئەوانەی کە تا ئێستا پێیان دراوە، دووەمیش: من بە گرنگی دەزانم، ئەوەش ئیزافە بکەین کە لەماوەی دوو مانگدا، یان با بڵێین تا دوو مانگی تر، پەرلەمانی کوردستان یاسای پاڵپشتی حیزبەکان دەربکات، بۆ ئەوەی مەسەلەی دەعمی حیزبەکان و ڕێکخراوەکان ناکرێت لە ماوەی دووساڵدا بەدەربێت لە یاسایەك، یاسایەکە ئامادەیەو ڕاپۆرتەکان حازرەو، لەوانیە هەندێ شتی لاوەکی یان فەنی مابێت، پێموایە لە ماوەیەکی کەمدا ئەتوانین ئەوەش دەربکەین و بیکەین بە خاڵێکی ئیلزامی خۆمان وەکو پەرلەمان، هەوڵ بدەین لەم ماوەیە دەری بکەین، ئەوە بەگرنگ دەزانم، سێیەم خاڵش: بۆ ئەوەی هەر هیچ ئیلتیباسێك نەمێنێت لە مەوزوعەکە، پێم باشە وەزارەتی دارایی ڕاپۆرتێك بداتە پەرلەمان، لەسەر شێوازی سەرف کردنی ئەو مینحەیەی پار، لەبەر ئەوەی یاساکە نەبووە، معیارەکە دانەنراوە، وەزارەتی دارایی بە چ معیارێك ئەو پارەیەی دابەش کردووە ساڵی پار ساڵی 2010، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز شێرزاد حافظ کەرەمکە.

**بەڕێز شێرزاد عبدالحافظ شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من بەڕاستی تەئکید لەوە دەکەمەوە، حەز دەکەم بەیانی ئەگەر بکرێت ئەو هینە بێنی، ئەو پڕۆتۆکۆلەی کە باسی دەکەی، کە جەنابت وات نەوتووە، چونکە من تەئکیدم لەوەی کە ئەوە لە پرسیارێکدا هەبوو، پرسیارێك کرا، وتت بەڵێ، پێش بودجە من ئەیهێنمەوە، ئەوە یەك.....

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

هەر نیزامیە، چونکە ئەمە شتێکی دوور لە هەقیقەتە، برای بەڕێز من وا لە پێش پەرلەمان، لەپێش خەڵکی کوردستان، پێت دەڵێم پڕۆتۆکۆل لەبەر دەستی منە، بە دەنگیش و بە ڕەنگیش، چەندجار پێداچوونەوەم بۆی کردووە، زۆر زۆر وازحە، زۆر ڕوونە، زۆر ئاشکرایە کە دەڵێت لە کاتێکی موناسب، ئەوکاتە موناسبە، نەیوتووە پێش بودجە، نەشی وتووە چ وەختێك، کاتێکی موناسب، بۆ مەعلوماتی جەنابت، سبەی ئەتوانی تەشریفت بێتە لای برات، من نوسخەیەکیش لە پڕۆتۆکۆلەکەت بۆ کۆپی دەکەم، ئەیدەمە دەستت، فەرموو.

**بەڕێز شێرزاد عبدالحافظ شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

زۆر باشە، تەبعەن پێموایە ئەو بودجەی پار کە دانرابوو نەوەت ملیارەکە، نا عەدالەتی لە دابەشکردنەکەدا زۆر هەبووە، ئیتر بە گوێرەی هیچ شتێك نەبووە، پێوەرێك نەبووە کە پێی تەوزیع بکرێت، دیارە ئەمساڵیش ئەگەر ئەوە دووبارە ببێتەوە ئەوە شتێکی زۆر خراپە، ئەگەر ئەو نان بڕینەی ئێستاکە کردوویانە و کراوە بۆ حزبەکان، بەڕاستی ئەمە هەروەکو دوو، سێ برادەری ترم باسی کرد، ئەمە دژی دیموکراسیەتە، ئەمە دیموکراسیەت دەخاتە ژێر.......

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك شێرزاد ماددەکە هیچ باسی نان بڕینی تیا نیە، باسی دوو سەد ملیار دەکات، زۆرە یان نا؟، تکایە وەرە سەر ئێرە، قسە لەسەر ماددەکە بکە، ئەو مەوزوعەی جەنابت لە جێگایەکی تر حەل دەبێت، دڵنیات دەکەم لێرە حەل نابێت، یەعنی ئیمڕۆ لە میزانیەی بودجە حەل نابێت، لە جێی تر ئەگەر چارەیەکی بۆ بدۆزرێتەوە، وەرەوە سەر ماددەکە، جەماعەتیش هیلاکن بەشکەم.

**بەڕێز شێرزاد عبدالحافظ شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

جەنابت ڕاست دەکەی، ئەوە لەناو لیژنەکان حەل دەکرێت و کۆتایی پێ دێت، بەڵام ئەمە مەسەلەیەکی ئەوەندە گرنگە، کە سەرۆکی پەرلەمان ڕاستەخۆ ئاگای لەو مەسەلەیە، ڕاستەوخۆ گوێ بیستی بووە، لەبەر ئەوە ئەبوایە سەرۆکی پەرلەمان ڕاستەخۆ، چۆتە ناو ئەو مەوزوعەوە، بەڵام ئەوە شتێکی زۆر گەورەیە، کێشەیەکی بچووك نیە، مەبەستم ئەوەیە ئەو بودجەی ئەحزاب بڕینە کارێکی ئەوەندە گەورەیە، بچووك نیە، لەبەر ئەوە سەرۆکی پەرلەمان ئەبێ ئاگای لەو بێت، کە ئاگاشی لێی بێت، ئەبێ چارەسەرێکی بکات، بەدواداچوونێکی بۆ بکردایە پێشتر، جەنابت ئەڵێی لە کاك بەرهەمم پرسیوە وای گوتووە، بەڵام نازانم وا

حەلە، تەبعەن سەرۆکی حکومەت باسی ئەوەی کرد وتی، ئەمە بەڕێزان جەنابی مام جەلال و جەنابی سەرۆکی هەرێم، هەردوکیان بە ئەمری ئەوان ئەمە بڕاوە، بەلاَم دوای ئەوە کاك ئاری هەرسین لە لقی 21 ی پارتی دیموکراتی کوردستان لە سلێمانی، وتی جەنابی سەرۆکی هەرێم ئەئاگای لێیە، نە بیستوویەتی، زۆریشی پێ ناخۆشە، دوای ئەوە کەسی تر پێی نەوتین، ئەی باشە ئەوە خەتای کێیە؟، یەکێکی تریش با بێت دیفاع بکات بڵێت من ئاگام لەوە نیە، بەڕاستی ئەوانە شتی خراپن، من لەگەڵ ڕاگرتنی ئەو بودجەدام، هەتا ئالیەتێك ئەدۆزرێتەوە بۆ دابەش کردنی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

برای بەڕێز هەر بۆ مەعلوماتت، بۆ مەعلوماتی ئێوەی بەڕێزیش، بۆ ئەوەی ئینسان تەفسیری غەڵەت نەکات، چونکە پەیمان خان ئیشارەتێکیدا، یەعنی لەناو پڕۆژە یاسای بودجە، یەعنی لەناو بودجە نیە، شوێنی تری هەیە، مەجالی تر هەیە، دانیشتنی تر ئەبێت، پڕۆژەی یاسای تر حازر دەکرێت، دیالۆگی تر ئەبێتن، مەبەستم لەوانەیە بۆ ئاگاداری جەنابتان، بە نیسبەت ئەو میزانیەی جەنابت باست کرد بڕاوە، خۆشتان هەموو ئیعلام و هەموو دونیاش باسی کرد، هەریەکی بە شکلێك ئەوەیە، بەلاَم چارەسەرەکەی لەناو یاسای بودجە نیە، لێرە ناکرێت، شوێنی تر هەیە، ئەخیریش ئەگەڕێتەوە بۆ پەرلەمان، دڵنیا بن مەرجەعی ئەساسی هەموو یاسایەکان ئێرەیە، جا لەگەڵ یەکیش بۆخۆتان دابنیشن، قسە بکەن، ڕوونکردنەوەی زیاتر بدەن، تەواو، ئێستا بابچینە لای بەڕێز عبدالرحمن، فەرموو.

**بەڕێز عبدالرحمن حسین ابابکر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕاستی ئەم ماددەیە پەیوەندیەکی زۆری هەیە لەگەڵ پرۆسەی دیموکراتی لە هەرێمی کوردستان، کە ئەم ماددەیەش دارشتنی لەناو پڕۆژە یاسای بودجەی هەرێم، بۆ ئەوەیە کە دەعمی ئەحزاب بکرێت، بۆ گەشە کردن و زیاد بوون و خۆ ڕاگرتن لەسەر پێی خۆ، بۆ ئەوەیە کە دیموکراتیەت گەشە بکات لە هەرێمی کوردستان، کە دیموکراتیەت پێش بکەوێت، دوانەکەوێت، ئێمە لەساڵی پار لێرانە نەوەت ملیار دینار هەبوو، ئەمساڵ کردیانە 200ملیار، خۆی ئەوە ئیشی حکومەتە لەوانەیە بزانێت کە کەمی کردووەو بەشی نەکردووە، لەبەر ئەوە زیادی کردووە، بەلاَم ئێمە پرسیار لە وەزیری بەڕێز دەکەین کە ئەو پارەیەی داوە بە چ حیزبێك؟، چەندی دایە؟، چۆن چۆنی دایە؟، بۆ ڕێکخراوەکانیش هەروا بزانین چۆن چۆنی بووە؟، ئێمە روون کردنەوەیەکمان دەوێت وەکو ئەندام پەرلەمان، ئەوەش نەوەك هەر مەهانە بێ، وەکو ئەندام پەرلەمان پێمان باشە،بزانین بەچ پێوەرێك مەسەلەن داویەتی؟، ئەو سولفانەش بۆ تەسویەی نەکردووە؟، بۆچی هەتاوەکو ئێستا نەهاتوونەتەوە دووبارە بداتەوە؟، هەر ئەو سولفانە لە جێگای خۆی بمێنێت، ئەوەش دەبێتە نەوعە گەندەڵیەك، یەعنی لەسەر یەك تەرەکوم ببێت، پێم خۆشە ئەوە تەئکید بکات، تەسویە بکرێت، بۆ بودجەی سێ حیزبەکانیش بەڕاستی یەعنی ئەوە پێشێل کردنی مافی دیموکراتیەتە لە هەرێمی کوردستان، پێمان باش نیە بەڕاستی، بە چ پێوەرێك دەبڕن، بۆ مەرجەعیەتێك وەکو ئێستا

جەنابت باست کرد، هەر پەرلەمانـە ئەبوایـە، ئـەو یاسایە لێـرە دەرچووە، دەبوایـە لێـرەش مەرجەعەکـەی لێرە بوایە، دەبوایە ئێمە لێرە قەرارێکمان بدابا، یانیش دادگا، دەبوایە بەدادگای بکردبایە نەوەك هەرکەس لە جێگای خۆی، یەعنی شتێك بکات، یان ئاریشەیەك لە بەینی دوو حیزب دروست بـبن، یەکسـەر بودجـەی ببڕن، ئەوە یاسای هەیە، ئێمە هەموو دەبێت بە پێی یاسا ئیش بکەین، لـە هـەرێم زۆر باشـە، منـیش ئێسـتا پێشـنیار دەکـەم بـۆ جـەنابی سـەرۆکی پەرلـەمان و ئەنـدام پەرلەمانـە بـەڕێزەکان، ئێمـە لێـرە نووسـراوێك بکەین بۆ حکومەت، کە ئەو بودجەی بڕیوە هی ئەو سێ حیزبانە، بگەڕێننەوەو پێیان بدەنەوە، بگەڕێنەوە سەر سیستەمی دیموکراتی و زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز ئاشتی عزیز کەرەمکە.

**بەڕێز ئاشتی عزیز صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بەم ماددەیە من پشتگیری لێ دەکەم، چونکە دڵنیاین هەموومان، بەدەر لەم ماددەیەش ئەم پارەیـە هەر سەرف دەکرێت، بۆیە ئەگەر چوارچێوەیەکی یاسایی هەبێت، لەوانەیە بڕێك لـەو پارەیـە بگەڕێتـەوە و هەنگاوێکی باش بێت، بەڵام ئـەوەی کـە ئێسـتا جێگای پرسـیارە، ئەوەیـە کـە مـافی خۆمانـە، بـۆ ئـەوەی لـە چوارچێوەی ئەو ماددەیە دەرنەچین، وەکو جەنابت ئەڵێیت، مەحکومین بەو بڕیارە، پرسیار لەسەر ئەوەیە کە ئایا خەملاندن بۆ زیاد کردنی ئەو پارەیە لەسەر بنەمای چیە؟، لە کاتێك کەئێمە تەسـویەی حیساباتی سـاڵی پارمـان نـەبینیوە، ئەمـە خاڵێـك، دوو، یـەعنی ئـەوەی کـە پەیوەنـدی بـەم ماددەیـەوە هەیـە، ئایـا ئیجرائاتێکی موسەدەق کراو، لە لایەن پەرلەمانەوە کە ماددەیەکی ئەرێ کراو بووە، ساڵی پار شـکاندنی تیـا بووە، خەرقی تیان کراوە، قوەتی ئەو ئیجرائاتـە موەقەتـە کـەمتر نیـە لـە ماددەیـەکی یاسایی، کەواتـە ئـەو ئیجرائاتە موەقەتەی ئەمساڵیش، ئەگەری تێك شکاندنی هەیە، کەواتە ئێمە چۆن بتوانین بەرگە بگرین بـۆ ئەوەی کـە جارێکی تـر ئەمـە ڕوو نەداتـەوە، بۆیـە مـن پێشـنیازی ئـەوە دەکـەم کـە ئـەم بڕگەیـە پێویسـتە ئیزافەیەکی بۆ بکرێت، ئـەوە بێـت کەهـەر گۆڕانکاریـەك لـە ئیجرائاتـدا بکرێـت، دەبێـت بخرێتـەوە بـەردەم ئەنجامـدانی پەرلـەمانی لێ ئاگـادار بکرێتـەوە، یـا جـارێکی تـر لێـرەوە تەسـدیق بکرێتـەوە، چـونکە ناکرێـت پارەیەکی تەخسیس کراو بـۆ نموونـە، بـۆ وەزارەتێکـی کاروبـاری کۆمەڵایـەتی، دوو پـڕۆژەی وەزارەتـی کـارو باری کۆمەڵایەتی بەردەوام پارەی بۆ سەرف بکرێت بەرامبەر، دوو پـڕۆژەی وەسـتاندرابێ، ئەگـەر کاروبـاری کۆمەڵایەتی وەزارەتێك پارەکـەی چۆتە قۆنـاغی حیجـزەوە، پێویسـتە هـەموو پـڕۆژەکانی بەوەسـتێندرێت، بەڵام ئێمە ئەبینین ئەگـەر پارەکە کەمـە، ئەمـە وەڵامـان ئەوەیـە کـە بـۆ ئـەوەی کـە خەملاندنەکـەی پـار خەملاندنێکی تەواو نەبووە، ئەمسـاڵ بـەو پێیـە داوای زیـاتر دەکـەن، بەشـی نـەکردووە، کەواتـە بـۆ هەنـدێك لایەن پارەکەی نەوەستێندراوە، هەندێکی تر وەستێندراوە. بای یەك خەملاندنەکە، نا حەقیقیە و دروست کراوە، دوو، ئەو ئەجرائاتانەی کە ئێمە پار تەصدیقمان لەسەر کردووە، پێشێڵ کراوە، بۆیـە مـن داوادەکـەم

وەكو ئەندام پەرلەمان، هەر ئیجرائاتێك، هەر گۆڕانكارییەك لە هەر ماددەیەكی ئەم بودجەیە بكرێ، پێویستە ئێمەی لێ ئاگادار بكرێتەوە، بە دەنگی ئەندامانی پەرلەمانەوە بێت، نەك بە دەنگی ئەنجومەنی وەزیران، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، بەڕێز گۆران ئازاد فەرموو.

**بەڕێز گۆران ئازاد محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لەبەر ئەوەی رووحی ئەم ماددەیە لە رووی یاسایی، دوو خاڵی ئەساسی تێدایە ئەگەر بمانەوێ ئێمە قسەی لەسەر بكەین، یەكەمینیان، تەخصیصە، ئەو مەبلەغەی كە حكومەت دیاری كردووە بە 200 ملیار، كە ئایا ئەوە كەمە یان زۆرە؟، دووەمینیان، سەرفی ئەو پارەیە كە بە گوێرەی ئیجرائاتێكی موئەقەتە لە لایەن حكومەتەوە سەرف ئەكرێ، من لەبەر ئەو دوو خاڵەی كەوا لەو ماددەیەدا هەیە، پشتیوانی ئەكەم، لەبەر چی؟، خاڵی یەكەم، من پێم وایە دەعم كردنی ئەحزاب دەبێتە هۆی گەشە و ئیستیقراری سیاسی، كە ئەمەش بە دوای خۆیدا، گەشەی سیاسی و ئابووری و رۆشنبیری دێنیتە كایەوە، لەو پێناوەدا و، لەبەر ئەوەی ساڵی پار، ئەو 90 ملیارەی دامانناوە كەم بووە و، ئێستا گلەیی ئەوە دەكەین كە حكومەت تەجاوزی كردیە لەسەری، بۆ ئەوەی ئەو حاڵەتە دووبارە نەبێتەوە، ئێمە لەسەر ئەو بڕەی رێك بكەوین، لێرەدا كە ئەمساڵ حكومەت بۆ دەعمی ئەو ئەحزابە، بەشی گرفتی تەجاوزات نەبێ، بۆیە، ئەگەر 200 ملیار بە گونجاو داندراوە، كە تەجاوزی ناكرێتە سەر، لەو پێناوەدا من پشتیوانی لێ دەكەم، دووەم خاڵ كە لەو ماددەیەدا رەنگی داوەتەوە، سەرف كردنی ئەو پارەیە بە ئیجرائاتێكی موئەقەت لە لایەن حكومەتەوە، ئێمە ئەگەر گلەییمان لەسەر نا عەدالەتی هەیە، ئێمە ئەگەر گلەییمان لەسەر تەجاوز هەیە، ئێمە ئەگەر گلەییمان لەسەرف هەیە، پێم وایە لەو ماددەیەدا جێگای نابێتەوە، هەر هەمووی پێم وایە قسە كردنە لەسەر قانونی دەعمی ئەحزاب، كە مەسئولیەتەكە بە بۆچوونی من بە پلەی یەكەم لەسەر ئێمەیە وەكو ئەندامانی پەرلەمانی كوردستان كە لە رووی یاسایی، ئێمە پابەندین بە دەركردنی ئەو قانونە، دووەمیان، مەسئولیەتەكە لە مل سەرجەم رێكخراو و فراكسیۆنەكانی هەرێمی كوردستانە، چونكە پێم وایە ئەگەر یاسایەك پێویستی بە تەوافوقی سیاسی هەبێ لە هەرێمی كوردستان دەربچێت، پێش هەموو شتێك، بریتیە لە قانونی دەعمی ئەحزاب، یەعنی ناكرێ قانونی دەعمی ئەحزاب، تەوافوقی سیاسی لەسەر بكرێ، ئێمە بیهێنینە پەرلەمانی كوردستان و دەنگی لەسەر بدەین، ئەو كاتە هەر ئێمە قسەی دەكەین و دەڵێین ئەمە بریتیە بۆ پەراوێزكردنی كۆمەڵێك ئەحزاب و بێبەش كردنی كۆمەڵێك ئەحزاب، بۆیە مەسئولیەتەكە چەندە، لە مل پەرلەمانی كوردستانە، بە هەمان شێوە لە ئەستۆی پارت و رێكخراوەكانە.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

کاك گۆران ئازاد، ئێستا قانون دەعمی ئەحزاب موناقەشە دەکەین، یان میزانیەیەك و ئەو 200 ملیۆنەی کە داندراوە بۆ حیزبەکە، کاکە وەرەوە سەر سیکە چاوەکەم، دەرمەچوو.

**بەڕێز گۆران ئازاد محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من دەرنەچووم، لەو پێناوەدا ئەوە دەڵێم، کە لە کۆتاییدا.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

رەجائەن لە دریێ پێیان بڵێ، لە دەرەوە بۆیان باس بکە، ئێستا وەرەوە سەر ماددەکە رەجائەن.

**بەڕێز گۆران ئازاد محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دەڵێم لە کۆتایی ماددەکە ئەوە پێشنیار بکرێ، کە پێدانی ئەو پارەیە، لەبەر ئەوەی ئێمە دەکەوینە ناو پشووی هاوینە، پێم وایە یەك دوو مانگ، ئەو ئەرکەمان قورس دەکات، تا کۆتایی ئەمساڵ، قانونی دەعمی ئەحزاب لە هەرێمی کوردستان دەربچێت، ئەگەر دەرنەچوو، بە پێچەوانەوە ساڵی ئاینده ئەم پارەیە رابگیرێت.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، بەڕێز عمر صدیق فەرموو.

**بەڕێز عمر صدیق هەورامی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پشتیوانی لە مانەوە و تەرخانکردنی ئەو برە پارەیە دەکەم بۆ بەردەوام بوون لە دەعم کردنی ژیانی سیاسی و دیموکراتی لە هەرێمی کوردستان، ئەمە یەکێکە لەو ئامانجانەی کە لە کۆی ئامانجی بودجەی ئەمساڵی هەرێمی کوردستان هەیە، لە پاڵ ئەوەی کە بڕی تەرخان کراو، بۆ وەزارەتەکان و، بۆ دەعم کردنی ئەو پرۆژە جیا جیانەی کە لە هەرێمی کوردستانە، لە لایەن موئەسەسەکانەوە، لە لایەن هاووڵاتیانەوە جێبە جێ دەکرێ، بیر لەوە کراوەتەوە کە بڕێك پارە تەرخان بکرێ بۆ حیزبە سیاسیەکان و بۆ رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی، هەر وەکو بەڕێز کاك ئاسۆش ئاماژەی پێدا، لە پاش ئەو لێکدانەوەی کە کردوومانە، بڕی تەرخان کراو تەنها ئەکاتە نزیکەی لە 1,40٪ کۆی بودجەی هەرێمی کوردستان، کە بۆ ئەم مەبەستە داندراوە، بە بەراورد لەگەڵ ئەو وڵاتانەی کە ساڵانە لە کۆی بودجەی وڵاتەکەی خۆیاندا، پارەیەك تەرخان ئەکەن بۆ دەعمی ئەحزابی سیاسی، ئەم برە پارەی کە تەرخان کراوە بۆ ئەمساڵ، زۆر نیە، ئەتوانین بڵێین لەو چوارچێوەیە کە مامەڵەی لەگەڵ ئەکرێ، لەگەڵ زۆرێك لەو وڵاتانە، یەك، دوو پرسیارم هەیە لە بەڕێز وەزیری دارایی، من پاش ئەوەی کە تەماشای جەداویلەکانم کرد، من ئەو برە پارەی کە هێندراوەو لەناو یاسایەکە داندراوە، کۆی ئەو پارانەیە کە لەناو جەداویلەکان هەیە، لەناو

جەدوەلی موازەنەی جاری، بەڵام لێرە هێندراوەو کراوە بە یەکێك لە ماددەکان، بە باوەڕی من، حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەیتوانی دەعمی ئەحزابی سیاسی بکات، چونکە ئەوە لە کۆی بودجەکە هەیە، لە چوارچێوەی ئەو یاساو ئەو تەعلیماتەی کە هەن، بەڵام لێرە بە ماددەیەك حکومەت و لایەنەکانی تریش پێکەوە گرێ ئەدا، من پرسیارم لە بەڕێز وەزیری دارایی ئەوەیە، کۆی ئەو پارەی کە داندراوە بۆ رێکخراوەکان و حزبەکان دەکاتە 200 ملیار یان زیاتر؟، ئەگەر تەنها 200 ملیار بۆ حیزبەکانە، با ئێمە رێکخراوەکانی لێ بەدەر بخەین، چونکە من ئەوەندەی کە بە دوایدا چووبم، لە حیسابی مینەح، لە حیسابی (دوو شەش – سفر نۆ سێ سفر یەك)، مونەزەماتی عیلمیمان هەیە، سەقافیمان هەیە، ئوخرامان هەیە، لێرە ئەو برە پارانە هەن، تەرخان کراون بۆ ئەو مونەزەمانە، ئەگەر ئەو برە پارانەی کە بۆ مونەزەمات تەرخان کراوە، لە کۆی ئەو برە پارەی کە 200 ملیارە، ئاساییە ئێمە ناوی مونەزەمات بهێنین.، ئەگەر لە کۆی ئەو 200 ملیارە نیە، من پێشنیار دەکەم ناوی مونەزەمات هەلگیرێ لێرە، ئەگەر نا، ئەگەر لە کۆی 200 ملیارەکە بوو، من پێشنیار دەکەم ماددەکە بەو شێوەیە دابڕژرێتەوە، لەبەر چی، لەبەر ئەوەی ئێمە یاسای رێکخراوە ناحکومیەکان ژمارە 1 ی ساڵی 2011، چەند مانگێك پێش ئێستا دەرمان کرد، لەوێ رێکاری یاسایی دانراوە بۆ پاڵپشتی کردنی رێکخراوە ناحکومیەکان، بەو شێوەیە بێت، یەکەم، ماددەی پازدەهەم: برِی 200 ملیار تەرخان دەکرێ بۆ:

یەکەم: پشتیوان کردنی حیزبەکان، خەرجکردنی ئەو برە تەرخانکراوەش بە پێی رێکاری کاتی لە لایەن وزارەتی دارایی و ئابووریەوە دەبێت.

دوووەم:پاڵپشتی کردنی پرۆژە و چالاکی رێکخراوە ناحکومیەکان بە پێی یاسا.

زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، بەڕێز سەروەر عبدالرحمن فەرموو.

**بەڕێز د.سەروەر عبدالرحمن عمر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من سەرەتا بەوە دەست پێدەکەم کە خاڵی یەکەم، پشتگیری لە راپۆرتەکەی لێژنەی یاسایی دەکەم، سەبارەت بە جیاکردنەوەی، خاڵی دووەم، بەڕێز لێژنەی یاسایی لە راپۆرتەکەیدا بیر و رایەکیان دەربڕیبوو، بەڵام سەیرە هەست دەکەم لێرە پاشگەز بووینەوە، من لەگەڵ ئەو ڕایەم کەوا لێژنەی یاسایی دەربڕیبوە، لێژنەی یاسایی لە راپۆرتەکەی خۆیدا دەستنیشانی ئەوەی کردووە کە پێویستە برِی ئەو پارەیە کەم بکرێتەوە بۆ 90 ملیار دینار، پاساوی ئەوەشی هێناوتەوە کە بۆ چی کەم بکرێتەوە، ئێمە ماوەیەکی زۆرە گفتوگۆ لەسەر بودجە دەکەین، باس لەوە دەکەین کە چۆن دەکرێت ئێمە بارودۆخی ژیانی گەنجان چاك بکەین؟ هەوڵی کەم کردنەوەی بێکاری بدەین، لەمەودا کەوا دەستنیشان کراوە، ئەگەر بێت و ئەو 110 ملیار دینارە ببڕدرێت، ئەوە دەکرێ پێشینەی هاوسەرگیری زیاد بکرێ، دەکرێ پێشینەی خانووبەرە، قەرزی لاوان، ئێمە

یاسایەکمان دەرکردووە لەم پەرلەمانە کاتی خۆی کە گفتوگۆمـان لەسـەری کـرد، بـڕی 15 ملیـۆن دینـار بـۆ ئەو گەنجانەی کەوا پرۆژەیان هەیە، بـۆ پاڵپشـتی کردنیـان، بـەپێی ئـەو 25 ملیـارەی لێـرە، کـە لـە مـاددەی دواتریان گفتوگۆی لەسـەر دەکـەین، هـاتووە، ئەگـەر بێـت و لێکـی بدەینـەوە، تـەنها 1600 لاو سـوودی لـێ وەردەگرێت، لە ماوەی ساڵێکدا، بەڵام ئەگەر بێت و بڕی ئەو پارەیە بخرێتە سەر ئەوێ، ئەوە دەتوانم بڵێم، بە پێی ئـەو حیسابەی مـن کردوومـە، نزیکـەی 9 هـەزار لاو سـوود لەمـە وەردەگرێـت، ئەگـەر بێـت و ئـەم پارەیە بخرێتە سەر تـۆڕی کۆمەڵایـەتی، لـەماوەی سـاڵێکدا، 12 مـانگ، ئەگـەر مووچـەی پـێ وەربگـرن، 75 هەزار کەس سوودی لێ وەردەگرێت، هەر بۆیە ناکرێت ئێمە لێرەدا، لـەو ماوەیـەدا کـەوا گفتوگۆمـان کردیـە لەسەر پـرۆژە یاساکە، لەسـەر کۆمـەڵێك بابـەت نـاکۆك بـین، بـەڵام لێـرەدا دەبینـم، لەگـەڵ ڕێـزی زۆرم بـۆ ئۆپۆزیسیۆن و لیسـتەکانی تـریش، کـەوا کـۆکین لەسـەر ئـەوەی ئـەم پارەیـە کـەم نەکرێتـەوە، بۆیـە مـن پێشنیاری ئەوە دەکەم، ئەگەر دەڵێن بودجە موڵکی گشتیە، موڵکی خەڵکە و پێویستە بۆ بەرژەوندی خـەڵك سەرف بکرێ، لێرە لەخۆبردووانە تر بین نە وەکو حیزبەکان و، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، بەڕێز عمر عبدالعزیز فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالعزیز بهاءالدین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە نیسبەت ماددەی 13ی بودجەی ئەمساڵ، من دوو، سێ تێبینیم هەیە، یەکەم، من پێم وایە کە ڕێکخستن و دیاری کردنی بودجە، بە تایبـەتی کـە ئێسـتا ڕێکخراوەکـانیش یاسـایەکی تایبـەتیان بـۆ دەرچـووە، ڕەنگـە کەسمان نکولیمان نەبێ، کە کـارێکی گـرنـگ و ئەساسـی و زۆرتـریش بکرابایـە، چـونکە بەراسـتی لـە دەعمـی گەشەی مەدەنی و دیموکراسی و ڕۆشنبیری وەکو لایەنی تریش باسیان کرد، کە کاریگەری باشی هـەبێ، مـن پێم سەیرە ئەو قسەیە کە خەڵك و حیزبەکان جیا بکەینەوە لـە یـەك، حیزبـەکان بەشـێکن لـە کۆمەڵگـەی ئێمە و پشتیوانیان فاکتەرێکی سەرەکیە بۆ گەشەی سیاسی، بۆ پێشکەوتنی پرۆسەی دیموکراسی لە هـەرێم، بوونی بودجە بۆ حیزبەکان ئەبێ بە شێوەیەك بێت کـە ڕێگـری بکـات لـە دووبـارە بوونـەوەی گەنـدەڵی و هەموو دیاردەیەکی نا یاسایی و، بەکارهێنانی سـامانی گشـتی کـە، لەبـەر ئـەوەی دەعمـی ئـەحزاب خـۆی بـۆ خۆی، بۆیە حکومەتیش لە بودجە دایناوە، ڕێگرێکە لەوەی کە ڕێگەیەکی تر بگرێتـە بـەر، کـە لـە دەرەوەی یاسا بێت، مـن وا ئـەزانم سیسـتەمی بودجـە لـە بـۆ حیزبـەکان لـە زۆربـەی وڵاتـان هەیـە، بـا نەچـینە سـەر ئەوانە، با نەوترێ موحازەرە ئەدەین، بەڵام لێرە ئەبێ موتەفیق بین لەسەر مەبـدەئێك، دوای ئـەوە لەسـەر زەوابیتیش قسە بکەین، ئەبێ ئێمە دڵنیا بین لـەوەی کـە بـوونی بودجـە بـۆ ئـەحزاب، پشـتگیری دەکـات لـە پرۆسەی سیاسی لە هەموو ڕوویەکەوە، دەعمـی ڕێکخراوەکـانیش پشـتگیریە بـۆ گەشـە دان، بـە تایبـەتی کـە ئێستا یاسـامان دانـاوە لەسـەر ئەساسـی پـرۆژە پێشـکەش کـردن و قـەرارە دەعمیـان بکـرێ، موونافەسـەیەکی جییدی باش دروست ئەبێ، لە لایـەنی ڕۆشـنبیری، لـە لایـەنی هـەموو چالاکیە مەدەنیـەکان بـە شـێوەیەکی

گشتی، من وا ئەزانم، پێموایە بڕینی بودجەی حیزبەکان، بۆیە ئەمەوێ منیش ئەوە تۆمار بکەم بۆ تەئریخ کەوا پێشیلکاری یاسای بودجەی پارساڵەو یاسای 1992ی ئەم پەرلەمانەشە، بۆیە لە دەرەوەی باس نیە، ئەگەر ئێمە لێرە ئاماژە بەوە بکەین، ئێمە لێرەش ئەیڵێن، وا بزانم دەستپێکێکە بۆ لێپرسینەوەی یاسایی جیددی تر بۆ ئەو مەوزوعە، وا ئەزانم نەبوونی زەوابیت و پێوەر وای کردووە کە دوو جار حکومەت تووشی تەجاوزی یاسا ببێت، هەم بە بڕینی بودجەی سێ لایەنە ئۆپۆزیسیۆنەکە لە کوردستان، هەم بە زیادکردنی بڕێك، چونکە بەشی نەکردووە، ئەوە مەعنای وایە تا ئێستا ئێمە سەرکەوتوو نەبووین و حکومەتی ئێمە و پەرلەمانیش بەرپرسە لەوە، کە زەوابیتێکی ڕێك و پێك دابنێین، بۆ ئەوەی کە بودجە بۆ حیزبەکان و ڕێکخراوەکان چۆن دابەش بکرێت، ئەبێ لێرە ئەمە تۆمار بکرێ، خەلەلێك هەیە، ناتەواویەك هەیە، ئەمە دەستپێکێکە بۆ لێپرسینەوەی جیددی، بۆ ئەوەی ڕای گشتی بزانێ کە پەرلەمان بەرپرسە، چاودێرە لە حکومەت، ئەبێ ئەم باسە بکرێ، لەبەر ئەوە، من ئاخیر خاڵم ئەوەیە، بەو پێیەی کە قەناعەتی شەخصیم وایە، بوونی بودجە بۆ حیزبەکان و ڕێکخراوەکان، دەعمێکی جیددی ئەکات لە گەشەی سیاسی و موناف‌سەیەکی جیددی دروست ئەکات، بە تایبەتی کە ڕێکخراوەکان یەك ڕێکخراوە، ئەگەر ڕێکخراوەکان جیا بکرابانەوە، ڕەنگە قسەیەکی ترم هەبوایە، لەبەر ئەوە من ئەو مەبلەغەم پێ کەمە و منیش پشتگیری ئەو ڕایە دەکەم کە لە 200 بکرێ بە 250 و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس بۆ گشت ئێوەی بەڕێز، هەموو ئەو بەڕێزانە کەناویان نووسیبوو، موداخەلەیان کرد، ئێستا جەنابی وەزیر و لێژنەی دارایی و یاسایی، ئەویش ئەهێلینەوە، ئێستا جەنابی وەزیر؟

**بەڕێز شێخ بایز تاڵەبانی/ وەزیری دارایی و ئابووری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە نیسبەتی پارەکەوە کە 90 ملیار دانرا، ئەو 90 ملیارە دیارە موناقەشاتی زۆری لەسەر کرا، بە تەحدید باسیش کرا کە ئەوانە بە سولفە ئەدرێ بە حیزبەکان، ئەو سولفانە تەسویە ئەکرێ، بە دەرچوونی قانونی ئەحزاب، ئەو حیزبە زۆری وەرگرتبێت، لێی ئەبڕینەوە لە تەمویلی داهاتوودا، ئەگەر کەمی وەرگرتبێت، بۆی ئیزافە ئەکرێت، پارەکە بەو شێوەیە و تەفسیرەکەشی کراو وباسیشمان کرد، بە سولفە، ئەو 90 ملیار دینارە کە سەرف تێدا دەکرا، بەشی نەکرد، کە بەشی نەکرد، وەزارەتی دارایی هەر ئەبێ ئەوە جەنابتان بزانن، وەزارەتی دارایی ئەو جیهەتە نیە کە بودجە دابنێ، کە زیادی بکات، کە بیبڕێت، کە نەیدات، کە گۆڕانکاری تێدا بکات، ئێمە گەڕاینەوە سەر حکومەت و، ئاگاداری حکومەتمان کرد بە نووسراوی رەسمی، کە ئەو پارەیە بەش ناکات و یەکسەر حکومەت کۆبوونەوەی ئەنجومەنی وەزیرانی کرد، لە کۆبوونەوەی ئەنجومەنی وەزیراندا بڕیار درا کەوا بەردەوام بین لە تەمویلی ئەحزاب و بە کیتابی ڕەسمیش چاپ بووە بۆ ئەنجومەنی وەزیران، ئەوە دەلالەت لەوە ئەکات، کە وەزارەتی مالیە وەکو خۆی ئیشەکانی کردووە، هیچ معیارێك و پێوەرێك لە لایەن وەزارەتی داراییەوە دانەندراوە، هەموو ئەو بەڕێزانەی کە ئێستا مونتەمی

ئەو حیزبانەن، ئەزانن ئایا چ وەختێك وەزارەتی دارایی بڕیاری داوە تەمویلی فلان حیزب ئەوەندە بێت؟، ئێمە قائم بالصرفین، ئێمە امر بالصرف نینە، لە هیچ وەختێکدا وەکو باسم کرد، تەخصیص و بڕین و ئەوانە لە لای ئێمەوە نەبووە، ئەوەی کە ئێستاکە لێرە باسی ئەو 200 ملیار دینارە ئەکرێت، جاریٚ پێش ئەوە، تەسویەی ئەم سولفانە ناکرێت ئێستاکە، ئەمانە سولفەیە ئی پارەکە، چۆن تەسویە ئەکرێت، ئەگەر بێت و قانونی ئەحزاب دەرنەچووبێت و دەستنیشان نەکرابێت ئەو حیزبە چەندێك موستەحەقە؟، ئەو وەختە بە پێی قانونەکە دەرئەکەوێتن ئەو حیزبە ئەوەندە موستەحەقە، تا ئێمەش وەکو وەزارەتی دارایی پێی بڵێین تۆ ئەوەندە موستەحەقی، ئەوەندەت وەرگرتووە، ئەوەندەت زیادەیە، ئەوەندەت کەمە و ئیجرائاتەکە بکەین، بە نیسبەتی ئەو 200 دیارە لە نەتیجەی ئەوەوە هاتووە، ئەو پارەی کە پارەکە ئێمە سەرفمان کرد، پارەکە کەم بوو و بەشی نەدەکرد، بۆیە ئەمساڵ ئیقتیراحی حکومەت ئەوەبوو کە ئەمساڵ پارەکە زیاد بکات، وا بزانم من ئەوەی کە عیلاقەی بە حکومەت و بە وەزارەتی داراییشەوە هەیە، ئەوەیە، ئێمە پێمان باشە ئەوە وەکو خۆی بمینێتەوە و ئەو پارەیە موصادەقەی لەسەر بکات، ئەو پارەیە دانراوەش لە شوێنی خۆیدا، لەناو موازەنەکەدا مەوجودە، هەر وەختێکیش ئەم ئیجرائاتە موئەقەتە جارێکی تریش ئەیڵێین، کە هەر وەختێك، جارێکی تر بۆ 2011ش، قانونی ئەحزاب موصادەقە کرا، ئەو وەختانە ئەتوانین ئەو سولفانە هەمووی تەسویە بکەین و، ئیلا هەر بە سولفە ئەڕوات، ئێمە ناتوانین ئەمرێك دەربخەین و بیکەین بە مینحە، لە ئەصڵەوە خۆی بە سولفە موافەقەتی لەسەر هاتووە، کە نەشتوانین هەر بە سولفە ئەمینێتەوە، ئینجا تەسویە ئەکرێ، وە ئیلا ئەگەر بەو حاڵەتە نەبێت، تەسویە کردن ئەبێت بەوە، سەنەداتی قەیدی پێ ئەکرێ و ئەبێ وصولاتی هەبێ و موستەنەداتی صەرفی هەبێ، ئەوە فەقەرە بە فەقەرە ئەبێ، ئەوە سەنەدی ئیستیلامی هەبێ، ئەوانەش تەبیعی ئێمە وەختی خۆی لە قانونەکەدا هات کە بەو شێوە موعالەجە بکرێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، بەڕێز د.علی شتێکت هەیە؟ لێژنەی دارایی؟.

**بەڕێز د.ئاراس حسین محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوە ماددەیەکی یاساییە هاتووە و موناقەشەیەکی زۆری لەسەر کرا، بە حەقیقەت ڕەئی سەرۆکایەتی لێژنەی دارایی ئەوەیە کە بخرێتە دەنگدانەوە، دەنگ دەهێنێ یان دەنگ ناهێنێ، هیچی ترمان نیە لەوە زیاتر، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، بەڕێز عمر فەرمو.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە لە لێژنەی یاسایی کاتی خۆی، راپۆرتی خۆمـان پێشـکەش کـردووە، وەکـو بـرادەران لێـرە باسـیان کـرد لەسەر ئەوەی کە راپۆرتەکەمان هەندی شتی تێدا بوو کە باسمان لەسەر نەکردووە، بەلآم ئێمە بـە نیسـبەت لێژنەی یاساییەوە، ئامادەین سەحبی راپۆرتەکـەی خۆمـان دەکەینـەوە بـەوەی کـە تایبەتـە بـەم ماددەیـەوە، بۆچی؟، لەبەر ئەوەی ئێمە لە راپۆرتەکە کاتی خۆی باسمان لەوە کردبوو کە 90 ملیار دینار بۆ حیزبـەکان و مونەزەماتی غەیری حکومی دابنرێ، ئـەو بـاقی ئـەو پارانـە تـەوزیع بکرێتـەوە بەسـەر سولفەی زەواج و عەقار و ئەوانەی کە لە ماددەی سێ باسی لەسەر کرا، بەلآم پێش چەند رۆژێ هەر لەم پەرلەمانـە بـەرێزە، ئەندامە بەرێزەکان، ماددەی سێ هەر لە هەمان یاسا، بڕیـاری لەسـەر درا، ئـەوەی کـە ئێمـە ویسـتوومانە لـە راپۆرتەکە باسی لەسەر بکەین، ئەو بڕە پارەی کە بە نیسـبەتی 10٪ لـە بودجـەی وەگەڕخسـتن دابڕێنـرا و تەوزیع کرا بە سەر سولفەی زەواج و سولفەی عەقار و بانکی زیراعی و بانکی عەقاری و، ئەو فەقەراتانـەی تر کە لەماددەی سێ هەبوو، لەبەر ئەوە راپۆرتەکەمان بە نیسبەتی ئەم ماددەیەوە، هیچ مەرجێکی یاسـایی تێدا نەما، لەبەر ئەوەی ئێمە ئـەو بەشـە داوا دەکـەین سـەحبی بکەنـەوە و دواتـر بـۆ ئەنـدامانی بـەرێز بـە نیسبەت ماددە ئەصڵیەکەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان، مەجموعەیەك پێشنیار هات، پێشنیار هات میزانیەکە زیاد بکرێ بۆ 250 ملیار، پێشنیاری تر بە موئەقەت رابگیرێ تـا یاسـاکە، یاسـای ئـەحزاب دەرئـەچـێ و پارەکـان تـەرخان ئـەکرێ، پێشـنیاری تـر هـات، رێکخراوەکان لە حیزبەکان جیا بێتەوە، پێشنیاری تر هات، کە پێکـەوە بـن، رێکخـراو و حیزبـەکان پێکـەوە بن، پێشنیارێکی تر هات، پێوەر دابنرێ و بە پێی پێوەرەکە ئەم پارەیە سەرف بکرێ، پێشنیاری تر هات کە حکومەت ئیلزام بکرێ بـە هـیچ شـکلێك نـەتوانرێ رای بگرێـت، ئەگـەر لـە هـەر حاڵـەتێك بێـت، پێشـنیاری تریش هات کە بەردەوام بێت و وەکو پرۆژەکە لەسەری دەنگ بدرێت جا پێویستە ئەمانە، فەرمووو خانم.

**بەڕێز کوێستان محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشنیارێك هات، بەرێزێك کردی کە ئەو بڕە پارەی کە بردراوە لە ئۆپۆزیسیۆن، بیاندرێتەوە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەویش وایە، فەرموو کاکە.

**بەڕێز کاردۆ محمد پیرداود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە لەو پرسـیارانەی کـە ئاراسـتەی وەزیـری داراییمـان کـرد، بـەرێزی وەڵامـی نەدایـنـەوە، بـۆ نموونـە، تـۆ چەندین رێکخراوی تر کە ملیارات پارەی بۆ تەرخان کراوە، ئەمە یەکیان، دوو: چەند ملیار سەرف کـراوە؟، ئێمـە 90 مـان دانـاوە، دەمانـەوێ ئـەوە روون بکرێتـەوە، چۆن دابـەش کـراوە؟ نـابێ خشـتەیەکی ئـەوەمان

بداتێ؟، دوایی سولفەش تەسویە دەکرێ لەسەری ساڵدا، بۆ کەی دەهێڵێتەوە؟، ئەوە 200 ملیاری دیکەی داناوە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، بەڕێز جەنابی وەزیر فەرموو.

**بەڕێز شێخ بایز تاڵەبانی/ وەزیری دارایی و ئابووری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سولفە کە تەسویە ئەکرێت، سولفە لەسەر ئەساس تەسویە دەکرێ، ئەو سولفانەی کە دانراوە، تەبیعەتی ئەو سولفانەی کە دانراوە، خۆی وا دانراوە، کە بەو شێوەیە بێت، زیادیان وەرگرت، وەرئەگیرێتەوە، کەمیان وەرگرت، وەرئەگیرێتەوە، بەس لە تەصفیە کردنی ئەبێ بە پێی وصولات بێ و صەرفی فیعلی بێت و سەنەداتی قەیدو صەرف و ئەوانە بێت، بە نیسبەتی ئەوەی کە تەجاوزات چەندە، ئەوە لە حیساباتی خیتامیدا دەرئەکەوێ، ئینشاالله حیساباتی خیتامی دێتە بەردەستتان.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لێژنەی یاسایی، ئەو پێشنیارەی ئەندامەکانی پەرلەمان رەدیف بکەن، بۆ ئەوەی یەك یەك بیدەینە دەنگدانەوە.

**بەڕێز د.رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشنیاری یەکەم ئەوەبوو: دواخستنی دەنگدان لەسەر ئەو ماددەیە، تا پەسند کردنی یاسای پاڵپشتی حیزبەکان لە پەرلەمان.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەو پێشنیارەتان گوێ لێ بوو، کە ئێستا ئەو ماددەیە دەنگی لەسەر نەدەین، هەتاکو یاساکە دەردەچێت، کێ لەگەڵ ئەوەیە کە ئێستا دەنگی بۆ نەدەین، ئەم ماددەیە رابگیرێت؟، تکایە دەستی بەرز بکاتەوە، 20 بەڕێز لەگەڵدایە، کێ لەگەڵدا نیە و ئەیەوێ بەردەوام بین؟، 65 بەڕێز لەگەڵدایە، بۆیە ئەوە ئیلغا کرایەوە و راناگیرێت، بەردەوام دەبین، تکایە با تەواو بین ئێستا سرەی دەنگدانەکان دێت، فەرموو.

**بەڕێز برهان رشید حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دەنگدان لەسەر ئەو ماددەیە، موخالیفی بڕیاری ژمارە دووی 3/17ی ئەمساڵە، کە بڕیاری دا، کە کاك ئازادی ئەندام پەرلەمانیش تەئیدی ئەو قسەی کرد، ئەو شتانەی کە ڕەهەندی یاسایی هەیە، پێویستی بە تەوافوق.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەوە ئەمینێت بۆ لێژنەکانی دیالۆگ کە چۆن رێك ئەکەون، پەرلەمان ئیشی خۆی راناگرێ، بەردەوام ئەبێ، دانیشە، پەرلەمان لەسەر ئیشی خۆی بەردەوام دەبێت، ئیشی خۆی تەبیعی ئەکات و ئەم بەڕێزانە قەرار ئەدەن، تکایە دانیشە، پێشنیاری دووەم، فەرموو.

**بەڕێز د.رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشنیاری دووەم، جوداکردنەوەی ئەو بڕە پارەی کە تەرخان کراوە بۆ رێکخراوە ناحکومیەکان، لەگەڵ ئەو بڕە پارەی کە تەرخان کراوە بۆ حیزبەکان، واتا ببێتە دوو بڕگەی سەربەخۆ و دابەش بکرێ.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان، کێ لەگەڵ ئەوەیە کە پارەی حیزبەکان لەگەڵ پارەی رێکخراوە ناحکومیەکان جودا بکرێتەوە، تکایە دەستی بەرز بکاتەوە؟، 25 بەڕێز لەگەڵی دایە، کێ لەگەڵدا نیە؟، ئەویش بە زۆرینەی دەنگ ڕەفز کرا، بۆیە جیا ناکرێتەوە و پێکەوە ئەمینێ، تکایە لەکاتی دەنگدان بێ دەنگ بن بۆ ئەوەی لێمان تێك نەچێ، فەرموو.

**بەڕێز رێباز فتاح محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەر وەك کاك عومەریش باسی کرد، لەناو مینەحی وەزارەتی دارایی، باسی مینحەی رێکخراوە ناحکومیەکان کراوە، ئایا ئەو 200 ملیارە ئەو پرسیارە وەڵامی نەدراوە، ئایا ئەوە بەس ئی حیزبەکانە یان هی رێکخراوەکانیشە؟، چونکە دوو جۆرە رێکخراویش هەیە، سەندیکا.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر جوابی ئەو پرسیارە؟

**بەڕێز شێخ بایز تاڵەبانی/ وەزیری دارایی و ئابووری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوە بۆ حیزبەکان و رێکخراوە ناحکومیەکانە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

د.رۆژان فەرموو.

**بەڕێز د.رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشنیاری سێیەم، زیادکردنی بڕە پارەی تەرخان کراو بۆ حیزب و رێکخراوە ناحکومیەکان بۆ 250 ملیار دینار.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێزان، چەند ئەندامێكی بەڕێزی پەرلەمان ویستیان لە 200 ملیار، ئەوەی لێرە دەستنیشان كراوە، بكرێتە 250 ملیار، نیزامیە كاك عمر؟، فەرموو.

**بەڕێز عمر صدیق هەورامی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە لە ماددەی یەكەم و دووەم و سێیەم، دەنگمان داوە لەسەر كۆی خەرجی و كۆی داهات، لەبەر ئەوە ئەگەر ئێستا ئێمە بڕیار بدەین، 50 ملیار زیاد بكەین لەم تەخصیصاتە، كاریگەری ئەبێ لەسەر كۆی خەرجیەكانمان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

یەكێكی تریش دیفاع بكات، فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

هەموو ئیقتیراحی زیادەیەك، دەبێ سەرچاوەكەی دیاری بكرێ، بۆ ئەوەی بخرێتە بڕی ئەو زیادەیە، ئەو كەسەی ئەو ئیقتیراحەی كردووە، دەبێ سەرچاوەكەی دیاری بكات، ئینجا دەتوانین بیخەینە ناو دەنگدانەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

ئەصڵەن لە ماددەی پێشتر لە دووەم، دیاریش نەبوو و كردمان، بەڕێز كاك عومەر عبدالعزیز و كاك سمیر سلیم فەرموون.

**بەڕێز عمر عبدالعزیز بهاءالدین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من وا ئەزانم هەم لە ئیحتیاتی و هەم لە تەكمیلی بۆیان هەیە كە ئەو موناقەلە بكرێ، زۆر ئاساییە.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك سمیر سلیم فەرموو.

**بەڕێز سمیر سلیم امین بەگ:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

عەینی قسەم هەبوو.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

باشە، بەڕێزان، ئێستا کێ لەگەڵ ئەوەیە بۆ 250 ملیار دینـار زیـاد بکـرێ، لەگـەڵ ڕوونکردنـەوەی ئـەو دوو بەڕێزە، کێ لەگەڵ ئەوەیە دەستی بەرز بکاتەوە تکایـە؟ 13 بـەڕێز لەگـەڵی دایـە، کـێ لەگـەڵی دا نیـە؟، بـە زۆرینەی دەنگ ئەویش ڕەفز کرا، بۆ پێشنیارێکی تر فەرموو کەرەم بکە.

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشنیارێك کرا بۆ دانانی پێوەرێك بۆ پێدانی ئەو پارەیەیە بۆ حیزبەکان و ڕێکخراوە ناحکومیەکان.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ کاکە فەرموو.

**بەڕێز دڵشاد شهاب حاجی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێم وایە خستنە دەنگی ئەوەی کەوا سەرفی پارە بە پێوەر بێت و بە پێوەر نەبێت، جێگای نیە، چونکە ئەمە بەڕێز وەزیری دارایی ڕوونی کردەوە، کە ئەوە لە شێوەی سولەف دەدرێ، یەعنی باوەڕ ناکـەم کەسـێك زدی ئەوە بێت کە بە پێوەر بدرێ پارەکە، بەڵام لێرەدا پێوەرەکان جێگا ناکرێتەوە، بۆیـە داوا دەکـەم ئەمـە نەخرێتە دەنگدانەوە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان، زۆر مەعقولە، کە سولفە بێت، پێوەری چی بۆ دابنێ؟، هەتا یاساکە دەربچێ، لـەناو یاسـاکە ئەگـەر پێوەر دابنێین، کاك شێرزاد فەرموو..

**بەڕێز شێرزاد عبد الحافظ شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە ئەو سـولفەیەی کـە باسـی ئـەکات، مەعقولـە، بـەڵام ئـەو سـولفەیە، نـا عەدالـەتی تێدایـە، ئـەبێ ئێمـە ئالیەتێك بدۆزینەوە بۆ نەهێشتنی ئەو ناعەدالەتیە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك اسماعیل فەرموو.

**بەڕێز اسماعیل سعید محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش تەئکید دەکەمەوە، بەڕاستی ئەگەر وەکو کـاك دڵشـاد فـەرمووی، لەوانەیـە جێگـای ئـەوە نەبێتـەوە، نەتوانین، بەڵام خۆ ئـەبێ عەدالـەتی تێـدا بـێ، مـن بـۆ خـۆم پـار لەگـەڵ کوێسـتان خانـدا، سـەردانی بـەڕێز

وەزیری داراییمان کرد، لەسەر چۆنیەتی سەرفکردنی، ئەگەر تەماشا بکەین، ئەگەر تەماشای چۆنیەتی سەرف کردن بکەین، گۆڕان پاریش ئەگەر حیساب بکەی، 550 ملیار، یەعنی 6 ملیۆن دۆلاری وەرگرتووە، ئەیکەین بە دۆلار، شەش ملیۆن دۆلاری وەرگرتووە، ئەگەر ئەمە بکەین بە مقیاس کە یەکێتی نیشتیمانی چوار مەقعەدی زیاترە و پارتی دیموکراتی کوردستان پێنج مەقعەدی زیاترە، کۆی ئەو پارانە بۆ ئەو سێ هێزە ئەساسیەی ناو پەرلەمانی کوردستان، ناچێتە 30 ملیار، یەعنی ئەگەر کۆی کەیتەوە، هەموو ئەو پارانە کە پێویست بوو پار بە شێوەیەکی عادیلانە سەرف بکرێ، نەئەگەیشتە 50 ملیار، بەلام تەماشا ئەکەین، تەنها دووهێز 130 ملیاریان وەرگرتووە، بۆیە تەئکید دەکەمەوە، لایەنی کەم ئەگەر نەتوانین پێوەر دانێین، ئەبێ بلێین، ئەبێ عەدالەتی هەبێ بۆ جێبەجێ کردنی ئەم ماددەیە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان، ئێستا ئەم فەقەرەیە ئەخەینە دەنگدان، دوو کەس دیفاعی لێ بکات، دوو کەس دژی بێت، 29 بەڕێز لەگەڵ ئەوەیە کە بۆ ئەو سولفەیەی کە ئەدرێتە حیزبەکان پێوەر بێت، کێ لەگەڵدایە وەکو خۆی بمینێت؟، رەجائەن کاك حەمە سعید لە جێگای خۆت موداخەلە مەکە و، بە بێ ئیجازەش قسە مەکە، تەواو، کێ لەگەڵ ئەوەیە وەکو خۆی بمینێت؟، 50 بەڕێز لەگەڵیدایە، بۆیە وەکو خۆی مایەوە، بۆ پێشنیارێکی تر فەرموون.

**بەڕێز کوێستان محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دوو پێشنیاری تر مابوو، پێشنیار دەکەم ئیزافەی برگەی یەك بکرێ کە حکومەت بە هیچ شێوەیەك بودجەی، ئەوەی تریش، تەعویز کردنی ئۆپۆزیسیۆن کە براوە، ئەوە چەند برگە بوو کە چەند ئەندامێك باسیان کرد.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

نیزامیە؟، فەرموو.

**بەڕێز ئازاد گۆران محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشنیارێکی تر هەبوو کە تا کۆتایی ئەمساڵ، ئەگەر قانونی دەعمی ئەحزاب دانەندرێ، ئەوە هیچی تر بودجەی ئەحزاب سەرف نەکرێ، چەندین ئەندامیش پێشنیاریان کرد.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

یەك کەس بوو و جەنابت بووی، یەك پێشنیاری تریش هەبوو کە حکومەت ئیلزام بکات، ئەو پارەی کە داینا نەبڕدرێ بە هیچ شێوەیەك، بەردەوام بێت لەدانان هەتا دێتەوە پەرلەمان، کێ لەگەڵ ئەوەیە کە حکومەت ئیجبار بکرێ لەبەر هەر سەبەبێك نەتوانێ ئەو پارەیە ببڕێ، تکایە دەست بەرز بکاتەوە؟، 37

بەڕێز لەگەڵدایە، كێ لەگەڵ ئەوەیە كە وەكو خۆی بمێنێ وەكو ماددەكە؟، 43 بەڕێزی لەگەڵە، وەكو خۆی مایەوە، یەك پێشنیاری تر مابوو، ئێستا ، كاك عومەر نیزامیە؟ فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالعزیز بهاءالدین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من پێم وایە ئەم داوای دەنگدانە نا یاساییە، چونكە باسی دوو صیغەی جیاواز ناكەین لە یەكتر، تۆ جەنابت باسی ماددەیەك ئەكەی، باسی پێشنیاریك ئەكەین، مەفرۆزە رەئی دووەم باسی ئەوپێشنیارە نیە.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

ئەكێد وایە كە لەگەڵدا نییە، كاكە فەرموو.

**بەڕێز كاردۆ محمد پیرداود:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەكە وەكو خۆی بمێنێتەوە، جیاوازە لەوەی كە پێشنیارێك هەیە، هەیە لەگەڵی نیە و هەیە لەگەڵێتی.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

باشە، دروستە، جەماعەت ئەو ماددەی ئەخیر، كێ لەگەڵ پێشنیارەكە نیە؟، ئەوەی ئەخیر، ئیعادەی دەكەینەوە، نا ماوە، ماددەیەك مابوو رەجائەن، ئەویش ئەوەبوو كە پارەی ئەو سێ لایەنە بڕدراوە، بدرێتەوە لەو جێیە، كێ لەگەڵە؟ فەرموو كاكە.

**بەڕێز دڵشاد شهاب حاجی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من پێم وایە تا ئێستا، هۆكاری بڕین و نە بڕین و بە چ پێوەرێك بڕاوە، كێ یەكلای دەكاتەوەو بۆ بڕایە؟ برادەرانیش پرسیاریان هەیە، پەرلەمانیش پرسیاری هەیە، ئەم مەسەلەیە یەكلایی نەبوویتەوە، قەراردان لەسەر ئەم مەسەلەیە كەوا بۆچی بڕاوە، ئینجا جێگا كردنەوەی لە بودجەدا، جێگای قەرەبوو لە تەخصیصی 200 ملیاری ساڵی ئایندە ئی ئەو ساڵەی كە تێیداین، لە گەڕانەوە بۆ تەعویزات بەرای من جێگای ئەو ماددەیە نیە، هەتا وەكو یەكلایی نەكرێتەوە، هۆكاری ئەم بڕینە چین و كەی پەرلەمان قەناعەتی بەو هۆكارانە كرد، ئەو كات دەكرێ ئەو مەسەلەیە.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، گەشە خان فەرموو.

**بەڕێز گەشە دارا جلال:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەم ماددەیە بە موتڵەقی هاتووە، لە قانونیشدا مەبدەئیك هەیە، المطلق یجري علی اطلاقه، ئەمە باسی هەموو حیزبەكان ئەكات، یەعنی ئیتر تەحصیل حاصلە، كە ئێمە بڕیارمان لەسەر ئەوە داوە پێچەوانەی

ئەوە نیە کە ئێمە دژی ئەوە بین کە هەر حیزبێك ئەو مینحەی لێ ببڕێت، بە هەموو حیزبەکان، بە موتڵەقی هاتووە.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك ئیسماعیل فەرموو.

**بەڕێز اسماعیل سعید محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەم ماددەیە هاوشێوەیە لەگەڵ هەمان ماددە کە پار ساڵ دەنگمان لەسەر دا،لەسەر گەڕانەوەی نان بڕاوەکان، یەعنی هەمان هاوشێوەیە، لەبەر ئەوە ئەکرێت دەنگی لەسەر بدەین.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

دەنگ ئەدەین لەسەری، كاك دڵشاد شەرحی کرد، ئێستاش جەنابتان ڕەئیتان لەسەر دا، ئێستا كێ لەگەڵ ئەو پێشنیارەیە تکایە دەستی بەرز بکاتەوە، ئەیخەینە دەنگدانەوە، تەواو، لەگەڵ ئەوەی کە ئەڵێ پارەمان بڕاوە و وەرمان نەگرتووە، كێ لەگەڵە؟، ئەیخەمە دەنگدانەوە، سێ ئەندام پەرلەمان، 20 ئەندام پەرلەمان تەلەبیان کردووە، لەبەر چی براوە و لەبەر چی نەبراوە؟، كاك دڵشاد روونی کردەوە، فەرموو.

**بەڕێز دڵشاد شهاب حاجی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من پێم وایە، ئێمە پێش ئەوەی ئەو مەسەلەیە بێ، غەدرێك لە ئۆپۆزیسیۆن دەکەین، بەراستی، ئێستا ئەگەر دەنگدان کرا و پەرلەمان دەنگی بۆ نەدا کەوا تەعویز بکرێن، یەعنی ئەم حەقە فەوتا، موسبەقەن ئێمە قەرارمان پێدا کە ئەو حەقە فەوتا، کە گەیشتە ئەسبابی یەکلا نەبووینەوە، بەڵکو ئەسبابەکان لێکۆڵینەوەی لێ دەکرێ و تەعویزەکەش دەکرێ بە پێی ئەو سەبەبانەی کەوا بڕاون.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

خۆیان ئەیانەوێت، ئەوە هەموو ئۆپۆزیسۆنە و دانیشتوونە و ئەڵێن بیخەنە دەنگدانەوە، فەرموو خانم.

**بەڕێز پەیمان عزالدین عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من پشتیوانی كاك دڵشاد ئەکەم، چونکە ئێمە ئەبێ لەسەر مەعلوماتەوە بزانین بۆ بڕاوە؟، ئەمڕۆش باشترین کاتە کە بەڕێز وەزیری دارایی لێرەیە، بۆمان روون بکاتەوە، چونکە ئەو بەرپرسە لە بڕینی بودجە، بۆ بڕیوەیەتی، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

ئەگەر ئەو بەڕێزانە پێشنیارەکەیان سەحب نەکەن، من ئەیخەمە دەنگدان، ڕەجائەن لە جێی خۆتان قسە مەکەن.

**بەڕێز بورهان رشید حسن:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من لەگەڵ حورمەتێکی زۆر بۆ جەنابت، یەك رەئیم هەیە، کە ئەو پێشنیارانە دەنگی حەقی 35 ئەندام پەرلەمان کە تەمسیلی سێ حیزب دەکەن، بەو شێوەیە بخرێتە دەنگدانەوە و رەفز بکرێ، لەبەر ئەوەی عەدالەت، ویژدان، حەقی شەرعی بەرامبەرەکەت ناخرێتە دەنگدانەوە، من رەئیم وایە وەکو شەخصی خۆم بکرێتە دەنگدانەوە و حەقی یەکێتی و پارتی بێ.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئی خۆت تۆ داوات کرد کاك بورهان، باشە تۆ سەحبت کرد، باشە سەحبیان کرد و نایخەنە دەنگدانەوە، تەواو، ئێستا گشت ماددەکە بخوێننەوە.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة الخامسة عشرة:

يخصص مبلغ قدره 200 مليار دينار، لدعم الاحزاب و مشاريع المنظمات غير الحكومية، و يتم الصرف من هذا التخصيص باجراءات مؤقتة من قبل وزارة المالية و الاقتصاد، على ان يتم تسوية المبالغ المستلمة من قبل الاحزاب و المنظمات غير الحكومية في سنة 2010 و التي تستلم في سنة 2011 وفق قانون المنظمات غير الحكومية رقم(1) لسنة 2011 و قانون دعم الاحزاب حال اقراره في البرلمان.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان، کێ لەگەڵدایە تکایە دەستی بەرز بکاتەوە، 61 بەڕێز لەگەڵدایە، سوپاس، کێ لەگەڵدا نیە؟، 17 بەڕێز لەگەڵدا نیە، بە زۆرینەی دەنگ پەسند کرا، ئێستا دانیشتنەکەمان کۆتایی پێ دێنین تا سبەی سەعات 11 خواتان لەگەڵ.

فرست احمد عبدالله
سکرتێری پەرلەمانی
کوردستان – عێراق

محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی)
سەرۆکی پەرلەمانی
کوردستان - عێراق

# پەرلەمانی کوردستان - عێراق

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (23)

## دووشەممە ڕێکەوتی 23\5\2011

## خولی سێیەمی هەڵبژاردن

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (23)

## دووشەممە ڕێکەوتی 2011/5/23

کاتژمێر (11)ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی دووشەممە ڕێکەوتی 2011/5/23 پەرلەمانی کوردستان - عێراق بە سەرۆکایەتی بەڕێز محمد قادر عبداللە(د.کمال کەرکووکی) سەرۆکی پەرلەمان و، بە ئامادەبوونی بەڕێز فرست أحمد عبداللە سکرتێری پەرلەمان، دانیشتنی ژمارە (23)ی خولی سێیەم، ساڵی (2011) ی خۆی بەست.

**بەرنامەی کار:**

بەپێی حوکمەکانی بڕگە (1)ی مادده (20) لە پەیڕەوی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەموارکراوی ساڵی 1992ی پەرلەمانی کوردستان - عێراق، دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بڕیاری درا دانیشتنی ژمارەی (23)ی خولی سێیەمی هەڵبژاردن لە کات (11)ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی دووشەممە ڕێکەوتی 2011/5/23 دا بەم شێوەیە بێت:

1- بەردەوام بوون لەسەر گفتوگۆ کردن و بڕیاردان لەسەر پرۆژە بودجەی هەرێمی کوردستان، بۆ ساڵی 2011 و یاساکەی.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

بەناوی گەلی کوردستان، دانیشتنەکەمان ئەکەینەوە خولی سێیەمی هەڵبژاردن ساڵی دووەم، خولی گرێدانی دووەم، ژمارەی دانیشتن (23). ڕۆژی دانیشتن (2011/5/30)، بەرنامەی کار:

بەپێی حوکمەکانی بڕگە (1)ی مادە (20) لە پەیڕەوی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەموار کراوی ساڵی (1992)ی پەرلەمانی کوردستانی عیراق، دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بڕیاریدا بەرنامەی کاری

دانیشتنی ژماره (23)ی ئاسایی خولی سێیەمی هەڵبژاردن لە کات (11)ی پێش نیوەڕۆ، ڕۆژی دووشەممە ڕێکەوتی (2011/5/23) بەم شێوەیە بێت:

1- بەردەوام بوون لەسەر گفتوگۆ کردن و بڕیاردان لەسەر پرۆژە بودجەی هەرێمی کوردستان، بۆ ساڵی 2011 و یاساکەی.

داوا لە لیژنەی یاسایی، لیژنەی دارایی دەکەین بۆ سەر مەنەسە فەرموون، بەخێرهاتنی بەڕێز کاك (شێخ بایز) وەزیری دارایی ئەکەین، هەروەها بەڕێز بریکاری وەزارەت کاك (رشید تاهیر) زۆر زۆر بە خێر بێن. لیژنەی یاسایی، لیژنەی داراییش، مادەی (11) کە لە ئەسڵی پرۆژەکە، بوو بە ماددەی (12) دەنگمان لەسەری نەدا، تکایە بگەڕێنەوە سەری بۆ ئەوەی کۆتایی پێبینین، پاشان بچنە سەر ماددەکانی تر، لیژنەی یاسایی فەرموو.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دوای ڕەچاو کردنی ئەو پێشنیارو ڕاوو بۆچوونەی ئەندامانی پەرلەمان کە پێشکەشیان کرد سەبارەت بە مادەی (11)، دارشتنەوەی مادەکە بەم شێوەیەیە:

**بەشی چوارەم**

**(میلاك)**

مادەی (12):

یەکەم: وەزارەتی دارایی و ئابووری بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتەکانی تر وردەکاری میلاکی هەرێم بۆ ساڵی (2011) ی دارایی ڕێکدەخات، پەسەندی دەکات لەبەر ڕۆشنایی تێچووی مووچەی پەسەند کراو بۆ هەرێم، کە بەشی هەرێم بە (25) هەزار پلەی وەزیفی لە نوێ دامەزراو بۆ ساڵی 2011 دیاری کردووە.

دووەم: دەبێ وەزارەتەکان وە لایەنانی گرێنەدراو بە وەزارەت ژمارەی پلە وەزیفیەکانی لە نوێ لە میلاکی دەزگاکانی هەرێم بۆ ساڵی 2011 کراونەتەوە، دادپەروەرانە بە گوێرەی ژمارەی دانیشتوان، وە بە پێی یاساو ڕێنمایی ئەنجومەنی وەزیران بەسەر پارێزگاو یەکەکانی ئیداریدا دابەش بکەن، تا ئەو کاتەی یاسای ئەنجومەنی گشتی ڕاژە لە هەرێم دەردەچێت، وە کاری پێدەکرێت لەگەڵ پێدانی تایبەتمەندی بۆ منداڵی شەهیدان ، وە شەهیدی ئەنفالکراو.

سێیەم: وەزارەتەکان وە لایەنانی پەیوەست نین بە وەزارەت پابەند دەبن بەوەی خشتە بدەنە وەزارەتی دارایی و ئابوری کە بریتی بێت لە ژمارەی فەرمانبەران و، ناونیشان و، پلەی وەزیفیان، ئەوانەی کە لە ساڵی

2011دا، بە گوێرەی ئەو ڕێژانەی پێشتر ئاماژەیان پێكرا دادەمەزرێن لەگەڵ فەرمانەكانی تایبەت بە دامەزراندن.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو بە عەرەبیش بخوێنەوە.

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**الفصل الرابع**

**الملاكات**

المادة الثانية عشرة:

أولا: تتولى وزارة المالية والاقتصاد بالتنسيق مع الوزارات الآخرى إعداد مفردات ملاكات الاقليم للسنة المالية 2011 والمصادق عليها في ضوء كلف الرواتب المصدقة للإقليم والذي حدد حصته البالغ 25 ألف درجة وظيفية مستحدثة لسنة 2011.

ثانيا: على الوزارات والجهات غير المرتبطة بوزارة توزيع عدد الدرجات الوظيفية المستحدثة ضمن ملاك مؤسسات الاقليم لسنة 2011 بالعدالة على المحافظات و الوحدات الادارية وفق عدد سكانها، وحسب الضوابط والتعليمات الصادرة من قِبل مجلس الوزراء لحين صدور قانون مجلس الخدمة العامة للإقليم ونفاذه، مع اعطاء الاولوية لأولاد الشهداء و المؤنفلين.

ثالثا: تلتزم الوزارات والجهات غير المرتبطة بوزارة بتزويد وزارة المالية والاقتصاد بالجداول التي تتضمن عدد الموظفين وأسمائهم وعناوينهم ودرجاتهم الوظيفية للذين يتم تعيينهم في سنة 2011 وفق النسب المشار إليها اعلاه مع الأوامر الخاصة باالتعيين.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

لیژنەی دارایی ڕاتان فەرموو.

**بەڕێز د. ئاراس حسین محمود:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لە دەرەنجامی گفتوگۆی ئەندامە بەڕێزەكان لیژنەی یاسایی گەیشتە ئەو سیغەیە ئێمە دەقاو دەق لەگەڵیانداین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی لیژنەی دارایی هەندێك موداخەلەی ئەندامە بەڕێزەكان هەبوو، ئنجا ڕاتان بۆ ڕوون كردنەوەیان تكایە، فەرموو.

**بەڕێز عونی كمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە ئەو موداخەلانە، ئەو پێشنیارانە كە ئێستا لە دانیشتنەكانی پێشوو لە لایەن ئەندامانی پەرلەمان پێشكەش كرا بە نەزەر ئیعتیبارمان وەرگرت وە داخلی ئەو مادەمان كرد كە تازە خوێندمانەوە، بەڵام هەندێك پێشنیار هەیە ماوە لە مادەكانی كۆتاییدا ئیزافەمان كردووە وە مادەكانیش ئامادە كرایە، بەڵام دوایی دەتوانین قسەی لەسەر بكەین، ئێستا ئەگەر جەنابتان ئەمر بفەرمون ئەوانە یان بیخوێنمەوە ، یان ئەو مادەیە بدرێتە دەنگدان هەتا پەسەندی بكەین، یانیش ئەو پێشنیارە كە تقدیم كرایە، كە كردوومانە مادەی تایبەت ئەوە نووسیتمان بیخوێنمەوەو، ئەمری جەنابتانە.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

پێشنیارەكان ، موداخەلەكانی ئەندامان، هەندێك ئەوە بوو كە گرنگی بە ناوچەی گەرمیان بدرێت، هەندێك ئەوە بوو كە لە میلاكی وەزارەتی دارایی كەم بكرێتەوەو بخرێتە سەر میلاكی پەروەردە، تەندروستی، ناوخۆ، لە جەدوەلی ملحق، هەندێك موداخەلە ئەوە بوون كە برادەرانی مەسیحی، ئێزیدی، توركمان ڕەچاو بكرێن، هەندێك مداخەلە ئەوەبوو كە ڕێژەی ئافرەت ڕەچاو بكرێت، موداخەلە حیساب بۆ ڕاگەیاندن، كۆمەڵناسی، دەروناسی بكرێت، موداخەلەی تر هەبوو چەند بەڕێزێك كە بە پێی ئیختیساس بێت و ڕەچاو بكرێت، موداخەلە هەبوو كە ڕێژەی سوكانی لە ناوچەكان و عەدالە ڕەچاو بكرێت، هەروەها موداخەلە هەبوو كە ڕێژەی1000كەس بۆ توێژەری كۆمەڵایەتی زیاد بكرێت، عەدالەت لە دامەزراندن هەبێت بۆ پێكهاتەكان، كەس و كاری شەهیدان حیسابی بۆ بكرێت، دەرچوانی پەروەردە لە بواری پەروەردە دابمەزرێن، ئیعادەی نەزەر(چاو پێخشاندنەوە) بەو بكرێت، حیساب بۆ ئەوانەی كە بە گرێبەست دامەزراون بە نەزەر ئیعتیبار وەربگیرێت، حكومەت ئەو دامەزراوانەی كە دایانیمەزراندووە كە پێش ئەو 25هەزار میلاكە جەنابی وەزیریش ئەو ڕوون كردنەوەیە بدات ئەوە چیان بەسەر دێت. ئەم بۆچونانە كە تقریبەن هی ئەو بەڕێزانە بوو ئەمەوێت ڕوونكردنەوەیەكی ئێوەی یاسایی كە ئەمانە بە چ شێوەیەك تەعامولی لەگەڵ بكرێت، فەرموو ناسك خان.

**بەڕێز ناسك تۆفیق عبدالكریم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەدەر لە پێشنیارەكانی كە بەرێزت ریزت كرد ئێمە ئەسڵەن تەئجیل كردنی ئەم مادەیە بۆ تێكەڵ بوونی ئەو سەڵاحیەتە بوو، كە وتمان باسی لە 25 هەزارەكە دەكرێت كە لەوێوە فەرز دەكرێت بەسەرماندا ئێستا كە دەڵێی بەشی هەرێم 25هەزارە، هەر هەمان ئەوەی پێشوو دەردەكەوێتەوە كە ئەسڵەن تەئجیل كردنەكە بۆ ئەوە بوو بۆ ڕێكخستنی ئەو تێكەڵ بوونی سەلاحیەتە بوو، ئێستا ئەیخوێنیتەوە ئەلێی بەشی هەرێم 25هەزار، هەر دەردەكەوێت كە لە وێوە فەرز كراوە بەسەرماندا سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، كاك شێروان فەرموو.

**بەرێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**منیش هەمان تێبینیم هەیە کە دەڵێ (حدد حصه إقليم) دەبێ ئەوە لابچێ بەراستی هەم لە کوردیەکە هەم لە عەرەبیەکە، لەبەر ئەوەی دیسان دەگەڕێینەوە (حدد) لە لایەن کێ بەراستی دیسان تەفسیری ئەوە دەکرێ لە لایەن حکومەتی ئیتیحادیەوە، بۆیە بە قەناعەتی من (حدد) ەکە، ئەوە بەس تەنها (حدد) بنووسرێ نەوەك بڵێ (حصة الإقليم) لە (25)ەکە، بە گوێرەی فلاَن شت تحديد کراوە زۆر سوپاس.**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**پێشنیارێکم لە بیر چووە ئەویش بۆ پێشنیارێك هات چەند بەرێزێك قسەیان لەسەر کرد، ئەو ئاوارانەی کە لە ئێران و تورکیا گەڕاونەتەوە حیساب بۆ ئەوانیش بکرێت، ئەمە کۆی پێشنیارەکانە ئێستا لیژنەی یاسایی، لیژنەی دارایی بە چ شێوازێك تەعامول لەگەڵ ئەو بابەتانە دەکەن، ئەگەر وەڵاممان بدەنەوە، فەرموو.**

**بەرێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**بەشێکی ئەو پێشنیارانە لە مادەی یەکەم ئەوەی کاك شێروان باسی کرد، ئەمە چاکمان کردیتەوە کە سیاغەکەمان کردەوە تەحدیدەکە نەمایە، واتە دووبارە سیاغەکەی دەخوێنمەوە (تتولى وزارة المالية والاقتصاد بالتنسيق مع الوزارات الآخرى إعداد مفردات ملاكات مؤسسات الإقليم للسنة المالية 2011 المصادق عليها في ضوء كلف الرواتب المصدقة للإقليم البالغ 25 ألف درجة وظيفية لسنة 2011 )، واتە تەحدیەکە نەمایە. دوو بە نیسبەت عەدالەت لە فەقەرەی دووەم عەدالەتمان ئیزافە کردیە، واتە دابەش کردن، دامەزراندن بە عەدالەت و دادپەروەرانە دابەش دەکەین لەسەر هەموو پارێزگاکان، لەسەر هەموو چین و توێژەکان، لەسەر هەموو نەتەوەکان، وە هەر یەکە ئیداریەکانیش، بە گوێرەی ژمارەی دانیشتوان، واتە بۆ نموونە با نموونەیەك بێنین ناحیەی عینکاوە، ناحیەی عینکاوە: زۆربەی زۆریان مەسیحینە واتە دامەزراندن ئەگەر لەوێ پێشکەش کرا ئەو فۆرمانە تەوزیع کرا یان قەرار دەرچوو بە دامەزراندنی خەڵك لە ناحیەی عەنکاوە، رێژەیان 80٪ خەڵکی عەنکاوە مەسیحینە واتە ئەو نسبەیە لەوێ بەو نسبەیە بە گوێرەی کە دەڵێن عدد سکانها لەوێ دامەزراندن بەو شێوەیە دەبێت، واتە عەدالەتەکە تەحقیق دەبی لە هەموو لایەنێك، بە نسبەت مندالآنی شەهیدو ئەنفالکراوەکان ئەویش ئیزافەمان کردووە لە ئەخیری جوملەی فەقەرەی دووەم (مع إعطاء الاولوية لأولاد الشهداء والمأنفلين)، زەوابتی تەعلیماتیش کە دەردەچێ لە ئەنجومەنی وەزیران ، کە دەرچووە ئیشارەتی بۆ ئەوانە دایە مەنتیقەی گەرمیان تەحدیدەن تەحدید**

كرايه، دوايى مادەكى ئيزافيمان هەيە كە بەو شێوەيەيە(ينقل الملاكات الفائضة في وزارة المالية والاقتصاد البالغة أربعة آلاف درجة وظيفية ويخصص لملاكات وزارات التربية والصحة والداخلية والمناطق المتنازعة).

**بەڕێز سەرۆكى پەرلەمان:**

راتان بە نيسبەى كە ئەو خوشك و برايانە داوايان كرد بۆ ڕێژەى ئافرەت بۆ مەسيحيەكان، بۆ توركمانەكان، بۆ برا ئێزيديەكان.

**بەڕێز عونى كمال سعيد بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆكى پەرلەمان.**

كە گوتمان دادپەروانە، عەدالەت واتە هەمووى دەگرێتەوە، بێ جياوازى لە ڕەگەزو چين و توێژو ديانەت و تەوائيف.

**بەڕێز سەرۆكى پەرلەمان:**

سوپاس، پەيام خان، فەرموو.

**بەڕێز پەيام أحمد محمد:**

**بەڕێز سەرۆكى پەرلەمان.**

ديارە ئێمە باسى گەرميانمان كرد ئەوە نيە يەكێك لە شروتەكانى تەعين بوون ئەبێ فۆرمى خۆراكت تۆ سلێمانى، يان هەولێر، يان دهۆك بێت، بەلاَم ناوچەى گەرميان زۆربەى زۆريان فۆرمى بايەعيان نەقل كردۆتەوە بۆ خانەقين، كەواتە لەسەر ديالەيە، لێرەدا ناوچەى گەرميان 70%ى فۆرمى بايەعيەكەيان لەسەر ديالەيە، لێرەدا ئێمە وتمان حەلێكيان بۆ دانێن.

**بەڕێز سەرۆكى پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، كاك عەونى وەلاَمت بۆ ئەمە.

**بەڕێز عونى كمال سعيد بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆكى پەرلەمان.**

كە گوتمان مادەكى ترمان داناوە مادەكى سەربەخۆيە بە وازحى ئيشارەتمان پێدايە (المناطق المتنازع عليها) دووبارە دەيخوێنمەوە (ينقل الملاكات الفائضة في وزارة المالية والاقتصاد البالغة أربعة آلاف درجة وظيفية ويخصص لملاكات وزارات التربية والصحة والداخلية والمناطق المتنازع عليها)و، هەروەها لە بڕيارى ئەنجومەنى وەزيرانى ژمارە 3136 كە لە 2011/3/17 دەرچوە، بە وازحى لە برگەى يەكەم ئيشارەت دەدا بە ئيدارەى گەرميان، واتە ئەو پێشنيارانە هەموو چارەسەر كرايە، چ لە ياساى بودجە چ لە بڕيارى ئەنجومەنى وەزيراندا.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

گەشە خان فەرموو.

**بەڕێز گەشە دارا جلال:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە باسمان لە عەدالەت كرد كاك عەونی، بەڕێزیت ئەفەرموێت، كە لە نێوان پێكهاتەكان یاخود بە پێی ڕێژەی دانیشتوان، بەلاّم باس لەوە ناكات كە لە نێوان هەردوو ڕەگەزی نێرو مێ، ئەو عەدالەتیە پەیرەو بكرێت واتە یەكسانی جێندەری.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك عەونی فەرموو.

**بەڕێز عونی كمال بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

كەلیمەی عەدالەت كە لە قانونەكە هات بە موتلەقی دێت (المطلق یجري علی إطلاقها ) دوێنێ گەشە خانیش خۆی ئیشارەتی بەوەی دا واتە هەمووی دەگرێتەوە، رەگەز هیچ فەرق و جیاوازی نیە، چ بەینی مێینەو، چ نێرینە.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك شێرزاد عبدالحافف شریف فەرموو.

**بەڕێز شێرزاد عبدالحافظ شریف:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

كاك عەونی باسی ئەو بڕیارەی ئەنجومەنی وەزیرانی كرد، ئەكرێت تكایە بەس ئەوەمان پێبلێ كە لەسەر گەرمیان چی ئەڵێت، تۆ وتت باسی گەرمیان ئەكات، باسی گەرمیان چی ئەكات؟

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كوێستان خان، فەرموو.

**بەڕێز كوێستان محمد عبداللە:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من پێموایە ئەو پێشنیارانەی ئەندامانی پەرلەمان زۆری لە ناو ئەو سیاغەدا جێی نەبۆتەوە، بۆ نموونە ئەوەی كە 5000 هكەی وەزارەتی دارایی زۆرەو بەش كرێتەوە بۆ نموونە توێژەری كۆمەلاّیەتی 2000 دەرچوویان هەیەو تەنها یەكێكیان لە حسەكە بۆ دانەندراوە، ئەمانە ئەگەر جێش نابێتەوە ئێمە بە تەوسیە بیدەین بە حكومەت بۆ ئەوەی دواتر لە تەوزیع كردنەكەدا وەك تەعلیمات جێبەجێی بكات، چونكە ئەوانە پێشنیاری گرنگن سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

دەست خۆش بلفعل دەبێ بگاتە حکومەت بە رێگایەکی تر، چونکە هەموو شتێك لە ناو یاساکە جێی نابێتەوە، عزیمە خان فەرمووو.

**بەرێز عظیمة نجم الدین حسن:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەرێز ئەو گەنجانەی کە لە ناوچە دابڕاوەکانن لە کەرکووك و دوبزو ئەو شوێنانە، با بڵێین سلفەی زەواج و دامەزراندن، ئایا شمولی ئەوانە دەکات؟ زۆر پرسیاری ئەوە دەکرێت، چونکە بە پێی ئەوەی گەرمیان بێت، ئیدارەی گەرمیان بێت شمولی ئەوێ ناکات، بەڵام ئەوان پرسیار دەکەن دەڵێن ئێمە دامەزراندنمان لە کوردستان بووە، سەر بە هەرێمین، بەلام ئایا ئەو جوابە، زۆر سوپاس.

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئامینە زکری فەرموو.

**بەرێز ئامینە زکری سعید:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەختێ بەندەکێ یێ یاسایدا بەحسێ هەندێ دکەت کو تەوزیعا ڤان میلاکاتا لسەر ئاکنجیا بیت بشێوەکێ عەدالەت و دادپەروەرانە بوچی ناڤێ وێ مەنتەقەکی خاس ئینی، وەختێ بەحسێ گەرمیان تو بینی بەحسی شێخانژی دڤێت بینی چونکی ئەوژی هەر سەر ب ناوچێ دابڕانە، مەسەلەن ئوسا دێ ئێزیدی یێ سەر مەنتەڤا وان ڤەیە، یەعنی دوێ حالەتیدا وهە نابی، ب دیتنا من نا چێبیتن ئەم دەسنیشانا مەنتیقەکێ بکەن، چونکی یا وازحە یا ڤێتە کو ل رێژا ئاکنجییێت هەر مەنتیقەکێ دهێتە دابەش کرن، ئەڤە یەعنی یا پێدڤی دگەهینیتن ئەگەرنا هەر مەنتەقەك ئەم خۆ زیاد بکەین وێ گاڤێ شێخان دێتە وێگاڤێ دێ گەلەك مەنتیقە ژی دێنە تێدا کو بەراستی ئەز نە دگەل هەندێمە.

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، بەس شوێنەکەی کێشەدارەکان زەرورە، چونکە دەرەوەی ئیقلیمە بە پێی قانون کە ئیزافە کرا، کاك عمر صدیق هەورامی فەرموو.

**بەرێز عمر صدیق محمد:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەرێزان لە لیژنەی یاسایی و دارایی، دیارە کۆمەڵێك پێشنیاریان وەرگرتووە، باسیان لەوە کرد چەند مادەیەك دواتر ئیزافە دەکەین، من پێشنیار دەکەم هەر لێرەوە وەربگیرێ بۆ؟ لەبەر ئەوەی لێرە باسی میلاك دەکات، وە ئەو مادانەی کە ئێوە ئیزافەشی دەکەن هەر بۆ میلاکاتە لەبەر ئەوە پێویست ناکات بڕواتە حوکمە کۆتاییەکان، لێرە ئەتوانن هەر وەك چۆن لە مادەکە هاتووە، مادەی (12) نووسراوە بڕگەی (یەکەم، دووەم، سێیەم) ئەو مادانەی کە ئێوە پێشنیاری دەکەن بۆ زیاد بوون، لەوێ بە بڕگە زیادی بکەن

نەك لە حوكمە كۆتاييەكان زيادى بكەن، بۆ مەبەستى چى بەمەبەستى ئەوەى هەم لە ڕووى زنجيرە، هەم لەرووى ناوەڕۆكيشەوە ئەم مادەو بڕگانە پێكەوە وابەستەن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكى پەرلەمان:**

عبدالسلام مصطفى صديق فەرمووو.

**بەڕێز عبدالسلام مصطفى صديق:**

**بەڕێز سەرۆكى پەرلەمان.**

ئەگەر ئێمە ئەو مەزوعەى عەدالەت زۆربەى زۆرى ئەو پێشنيارو باسانە كە كرا، من لاى خۆم بە يەك پێشنيار وابزانم حەلم كرديە، بە تەسەورى خۆم كە ئەڵێت (بالعدالة) ئيزافە بكەم (من حيث الجنس، والإنتماء القومي أو الديني، و سكان المنطقة، أو إحتياجاتها) واتە بە دادپەروەرى لە رووى رەگەزو نەتەوەو ئايين و دانيشتوانى ناوچەو پێويستيەكانى، تەسەور دەكەم هەموو ئەو تەفاسيلانە بەم نەسە.

**بەڕێز سەرۆكى پەرلەمان:**

ئەتوانى بە تەوصيەوە وەك كوێستان خان فەرمووى بنێرى بۆ حكومەت، چونكە ناكرێ لە ناو قانون تۆ شتێكى وا دابنێى ئيحساى دەقيقت لەبەر دەست نيە، نازانيت چەند نێرت هەيە؟ چەند، ئافرەتت هەيە؟ مشكيلەيە، كاك إسماعيل فەرمووو.

**بەڕێز اسماعيل سعيد گەلالى:**

**بەڕێز سەرۆكى پەرلەمان.**

ئەهداف لە تەوزيف كردندا يەكەم جار ئيعتيماد دەكرێتە سەر پێداويستى وەزارەتەكان، دوايى ئيعتيماد دەكرێتە سەر چارەسەر كردنى بەتاڵە، ئێمە ئەوەندە شەرت و شروت بۆ حكومەت دانێين يەعنى مەحكومى دەكەين بە كۆمەڵە شت كە بەراستى دواجار ئەهدافى خۆى ناپێكێ تەوزيفەكە.

**بەڕێز سەرۆكى پەرلەمان:**

كاك دڵشاد شهاب فەرمووو.

**بەڕێز دڵشاد شهاب حاجى:**

**بەڕێز سەرۆكى پەرلەمان.**

نيوەى قسەكانى من براى بەڕێزم كاك اسماعيل كردى كە من دەسخۆشى لێدەكەم، تەكميلەكەشى بەڕێز سەرۆكى پەرلەمان تا ئێستا لە كوردستان كەس نە لەسەر جنس، نە لەسەر قەوميەت، نە لەسەر دين، مەحروم نەكرايە لە تەعين يەعنى يەكێك نەچووە فۆرمى تەعين بباو بڵێ كاكە لەبەر ئەوەى ئەتۆ موسڵمانى نابێ تەعين ببى، يان تۆ قەومێكى ترى نابێ تەعين ببى، يان تۆ ئافرەتى، يان تۆ پياوى، بۆيە ئەمانە هەتا لە فۆرمەكەش، ئەو فۆرمەى كە دابەش دەكرێت نە قەوميەتى تێدايە، نە ئاينى تێدايە، نە هيچێك لەم مەسەلانەى تێدايە ئيختيساسى تێدايە، لەگەل زەرورەتى ئەم ئيحتياجە هەر ئەوەيە سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس شەونم خان، فەرموو.

**بەڕێز شەونم محمد غریب:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سوپاس سەرۆكی پەرلەمان قسەكانی من كرا، نامەوێ دووبارەی كەمەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

عبدالرحمن حسین ابابكر فەرموو.

**بەڕێز عبدالرحمن حسین ابابكر:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئیشارەتی بەوە نەدا كە ئەو عەقدانەی لە لای حكومەتن، ئەو عەقدانەش ئەگەر جێگایەكیان بۆ بكرێتەوە یەعنی ئەوەش زۆر مهیمە كە ئەو عەقدانە لە بیر نەكرێن ئەوەی لەلای حكومەت دامەزراون، وە ئەوانەی لەسەر وەزارەتی سناعەش 320 دابوونێ كە ئەوانیش زیاد بوون پێویستی پێیان نەبوو، ئەوانیش برگەیەكی جێیەكی بۆ ببیننەوە، دوای ئەوەش منیش هەروەها تەئكید دەكەم ئێمە ئەو هەموو شروتانە لەسەر وەزارەتەكان، یەعنی تەركیز بكەین لەسەریان كە ئەوە لەوانەیە بۆ خۆیان نەتوانن ئیشێكی ئاوا بكەن، رێك و پێك خۆیان بۆ خۆیان ئیش رێك بخەن و دوایی كە ئێمە سەیر بكەین بە عەدالەت بێت زۆر باشە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس كاك كاردۆ فەرموو.

**بەڕێز كاردۆ محمد پیرداود:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بە نسبەت هەموو هاوولاَتیەك دەرفەتی یەكسانی بۆ برِەخسێ بە پێی ئەو پێوەرانەی كە دادەنرێ ئەمە یەكیان، پشتیوانی بۆچوونەكەی كاك دلَشاد دەكەم لەسەر ئەوەی لە كوردستان ئەم رەچاو كردنە نیە كە پەیوەندبێ، بەس تەنها رەچاو كردنی سیاسی هەیە، حەقە ئەمە لە تەوسیاتەكان بنووسرێ.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو بورهان.

**بەڕێز برهان رشید حسن:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەوەی هەیە ئێمە دیقەتمان داوە ئەو میلاكانەی بۆ وەزارەتەكان دیاری كراوە كە چەند كەس میلاك تەعینیان كەن، هەندێ وەزارەت هەندێ كەسی بۆ دانراوە ئەو عەدەدەی پێویست نیە، هەندێ وەزارەتیش پێویستیەتی زۆر كەمی بۆ داندراوە، ئەوە پێویستی بە چاو پیاخشاندنەوە هەیە یەكەم. دووەم لەگەل

ئەوەدا نیم بە تەوسیە دابنرێ لەبەر ئەوەی ئەگەر هەر شتێ بخرێتە بابی تەوسیەوە لە رووی قانونیەوە تەوسیە مولزەم نیە بۆ هیچ تەرەفێك كە بەسەریا قەرارەكە دەردەكەی. سێیەمیش من بە هەمان شێوەی ئەو دوو بەرێزە تەئیدی قسەكانی كاك دڵشاد دەكەم، بەڵام لە كوردستاندا نە جیاكاری مەزهەبی، نە جنس، نە قەومی هەیە بۆ تەعینات، جیاكاری سیاسی هەیە.

**بەرێز سەرۆكی پەرلەمان:**

نا نا شتی وا نیە، دانیشە، سۆزان خان فەرموو.

**بەرێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەرێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بە داوای لێبوردنەوە هیچی ئەو خاڵانە خاڵی نیزامی نەبوون، چونكە هەمووی پێشكەش كردنی پێشنیار بوو، ئیزافە كردنی قسەكردن بوو، تەعلیق بوو، لەبەر ئەوە من داوا لە جەنابت دەكەم پەیرەوی پەیرەوی ناوخۆ بكەیت و زۆر، سوپاس.

**بەرێز سەرۆكی پەرلەمان:**

بەرێزان ئەزانم چۆن بوو بەس ویستم بۆ بەرێزان روون بێتەوە كە چۆن ئەو بۆچوونانەی كە هاتوونە ئێرە كە چەند بەرێزێك زۆر بە زانا بوونەوە ئیشارەتیان پێدا كە ئەوە بابی تەوسیاتە نەك لە ناو قانون جێی دەبێتەوە، بۆ دڵنیایی ئێوەی بەرێز من ئەو مەجالەم، ئەو دەرفەتەم پێتاندا، پێشنیارێكیش هاتووە ئەڵێ ئەو شوێنە كێشەدارەكان میزانیەیان لەسەر ئێرە نیە، چۆن تەعین بن؟، پێشتریش كردوومانە لێرە تەعین بوونە، تەنسیب كراونەتەوە شوێنی خۆیان، نابێت لەوەی لەوێیە بێت، لێرە تەعین بێت، لە شوێنەكەی خۆی لە دووز، لە خانەقین، لە سنجار، لە مەندەلی، لە كەركوك، لە دوبز، لەو ناوە تەعین دەبێت، لێرە تەنسیبی دەكەین ئەچێ لەوێ ئیشەكەی خۆی دەكا، زۆر تەبیعیشە، مەجموعەیەك زۆرمان هەیە، ئێستا ئاخیر سیاغەتان لیژنەی یاسایی بخوێنن ئەیدەینە دەنگدان، زۆر سوپاس، فەرموو.

**بەرێز عونی كمال بەزاز:**

**بەرێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێستا پاش ئەوەی كە ئەو پێشنیارە.

**الفصل الرابع**

**(الملاكات)**

**المادة الثانية عشرة:**

أولا: تتولى وزارة المالية والاقتصاد بالتنسيق مع وزارة أخرى إعداد مفردات ملاكات مؤسسات الإقليم للسنة المالية 2011 والمصادق عليها في ضوء كلف الرواتب المصدقة للإقليم والبالغ 25000 درجة وظيفية لسنة 2011.

ثانيا: على الوزارات و الجهات غير مرتبطة بوزارة، توزيع عدد الدرجات الوظيفية المستحدثة ضمن مؤسسات ملاك الاقليم لسنة 2011 بالعدالة، على المحافظات والوحدات الادارية وفقا لعدد سكانها وحسب الضوابط والتعليمات الصادرة من مجلس الوزراء لحين صدور قانون مجلس الخدمة العامة للاقليم و نفاذه مع إعطاء الأولوية لأولاد الشهداء و المؤنفلين.

ثالثا: تلتزم الوزارات والجهات غير مرتبطة بوزارة، تزويد وزارة المالية والاقتصاد بالجدوال التي تتضمن عدد الموظفين وأسمائهم وعناوينهم ودرجاتهم الوظيفية الذين يتم تعيينهم في سنة 2011 وفق النسب المشار اليها اعلاه مع الاوامر الخاصة بالتعيين.

رابعا:

ينقل الملاكات الفائضة الى وزارة المالية والاقتصاد والبالغة أربعة آلاف درجة وظيفية ويخصص لملاكات وزارات التربية والصحة والداخلية والمناطق المتنازع عليها.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان کێ لەگەڵە تکایە دەست بەرزو بکاتەوە؟، زۆر سوپاس، کێ لەگەڵ دانیە؟، بە کۆی دەنگ پەسەند کرا. زۆر سوپاس بۆ هەمووتان، ئێستا بچۆ سەر مادەی (15) لە ئەسلی پرۆژەکە کە دەکاتە مادەی (16) فەرموو. فەرموو کوێستان خان.

**بەڕێز کوێستان محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو پێشنیارانە بە تەوسیات دەنێردرێت؟

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەوانە هەمووی لامانە کە هاتینە سەر پێشنیارەکان هەمووی دەرج دەکرێ یەك یەك دەیانخوێنینەوە ئەوجا ئیحالەی حکومەت دەکرێ.

**بەڕێزد. ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مادەی پازدەم لە ئەسلی پرۆژەکە کە دەکاتە مادەی شازدەم:

یەکەم: وەزارەتی دارایی و ئابووری پابەند دەبێت بە دابین کردنی بڕە پارە بۆ بەردەوام بوون لە:

1_ دابین کردنی قەرزی خانووبەرە بۆ هاووڵاتیان لە پارێزگاکان و قەزاو ناحیە و گوندەکاندا ، بە پێی ڕێنمایی و ڕێسای ڕەچاو کراوو پاڵپشتی کردنی حیسابەکەی لە کاتی پێویستدا.

2_ پشتیوانی کردن لە پرۆژەکانی کەرتی کشتوکاڵ لە ڕێی بانکی کشتوکاڵەوە.

3_ پشتیوانی کردن لە پرۆژەکانی بانکی پیشەسازی.

دووەم: وەزارەتی دارایی و ئابووری پابەند دەبێت بە پارەدان بە سندوقی نیشتەجێ بە بڕی (150) ملیار دینار لە پاڵ ئەوەی پێشینە بۆ ئەو پرۆژانەی نیشتەجێ بوون بدرێت کە لە ناحیەو گوندەکاندا دەیانگرێتەوە.

سێیەم: تەرخان کردنی بڕی (25) ملیار دینار بۆ پشتیوانی کردن لە سندوقی قەرزی بچووك و پرۆژەی دۆزینەوەی هەلی کار بۆ لاوان کە لە ساڵی (2010)دا لە لایەن ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان پەسند کرا.

چوارەم: قەرزی هاوسەرگیری کە لە یاسای پێشینەی هاوسەرگیری هەرێمی کوردستان ژمارە (17)ی ساڵی (2010) هاتووە بە بڕی (2,500000) دینار دیاری دەکرێت.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو بە عەرەبیش ، کاك خورشید لەسەرەوە بیخوێنەوە، مایکەکە پێبکە، فەرموو.

**بەڕێز خورشید احمد سلیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة السادسة عشرة:

أولا : تلتزم وزارة المالية والاقتصاد بتأمين المبالغ للاستمرار في:

1_ تأمين القرض العقاري للمواطنين في المحافظات و الاقضية و النواحي والقرى وحسب التعليمات و الضوابط المرعية و تعزيز حسابه عند الحاجة.

2_ دعم مشاريع القطاع الزراعي عن طريق المصرف الزراعي.

3_ دعم مشاريع المصرف الصناعي.

ثانيا: تلتزم وزارة المالية والاقتصاد بتمويل صندوق الاسكان بمبلغ (150) مليار دينار، مع إعطاء الاولوية للمشاريع السكنية المشمولة في النواحي والقرى.

ثالثا: تخصيص مبلغ قدره(25000) مليار دينار لدعم صندوق القروض الصغيرة، ومشروع ايجاد فرص العمل للشباب المصادق عليه من قبل مجلس وزراء اقليم كوردستان في سنة(2010).

رابعا: يحدد سلفة الزواج الواردة في قانون سلفة الزواج لاقليم كوردستان ـ العراق رقم (17) لسنة (2010) بمبلغ (2,500000) دينار.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی راتان لەسەر، فەرموو.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە سەبارەت بە مادەی (15) ی ئەسلی پرۆژەکە کە ژمارەکەی بوو بە مادە (16) تەنها لە بڕگەی (أولا) لە یەکەم ئیزافەکمان هەیە لە ئەخیری جوملەکە بەو شێوەیە (مع إعفاء المقترض من شرط التأمين على

الحياة ) هۆیەکەشی ئەوەیە ئەمە لە مادەی (3)، تێبینیمان لەسەر مادەی (15) لە ئەسلی پرۆژەکە کە ژمارەکەی بووە بە (16) لە برگەی (أولا) یەکەم (یەك) لە ئەخیری جوملەکە برگەکە ئەوەمان ئیزافە کردیە (مع إعفاء المقترض بشرط التأمين على الحياة) چونکە لە مادە (3) لە قانونی بودجە دەنگ لەسەر ئەوە درا کەوا (التأمين على الحياة ) نەمینێ بۆ ئەو کەسانەی قەرزی عەقاری وەردەگرن، سەبارەت بە برگەی سێیەم، صیاغەکەیمان بەو شێوەی دارشتۆتەوە، (تخصيص مبلغ قدره 25 مليارديناز لدعم صندوق القروض الصغيرة ومشروع ايجاد فرص العمل للشباب المصادق عليه من قبل مجلس وزراء اقليم كوردستان في سنة 2010، وفقاً لقانون دعم المشاريع الصغيرة للشاباب في أقليم كوردستان – العراق، رقم (2) لسنة 2011) واتە ئەو دێڕەی ئەخیر ئیزافە کرا، لەسەر فەقەرەکە، وە سەبارەت بە فەقەرەی چوارەم، پێشنیار دەکەین ئەو فەقەرەیە نەمێنێتەوە، ئیلغا بکرێت، چونکە بڕی سولفەکە لە ماددەی سێیەم تەحدید کراوە، بە (5) ملیۆن دینار، بۆیە پێویست ناکات بمێنێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز جەنابی وەزیر تکایە ڕەئیتان، فەرموو.

**بەڕێز شێخ بایز تاڵەبانی( وەزیری دارایی و ئابووری):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە پشتگیری ماددەکە دەکەین، وەکو ئەوەی کە جەنابی کاك عونی خوێندیەوە، ئەو (150) یە لە ئەصڵدا ئێمە 149مان داناوە، ئەوە تەعدیل بکرێت بە 149، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەوەی کە دەیەوێت موداخەلە بکات، دەست بەرز بکاتەوە، تا ناوتان بنووسم، ئەم بەڕێزانە دەیانەوێت قسە بکەن لەسەر ئەم ماددەیە(نیشتمان مرشد، دلێر محمود، محمد شارەزووری، لانە چەلەبی، گۆران ئازاد، قادر حسن، فازڵ بەشارەتی، ناسك تۆفیق، کوێستان محمد، کاردۆ محمد، برهان رشید، اسماعیل گەلاڵی، بەشیر خەلیل، دڵشاد شهاب، سالم تۆما، ئارام قادر، شێردڵ تەحسین، احمد وەرتی، حمە سەعید حمە علی، بەفرین حسین، بیلال سلیمان، گوڵیزار قادر، خلیل عوسمان، ئاسۆ کریم، پەروین عبدالرحمن، ڤیان عبدالرحیم، صباح بەرزنجی، صباح بیت الله، پەیام احمد، اسماعیل محمود، بەیان احمد، ژیان عمر، سمیرە عبدالله، شلێر محمد نجیب، شڤان احمد، سیوەیل عوسمان، سەرهەنگ فەرەج، عبدالله مەلا نوری، عزیمە نجم الدین)پێش ئەوەی بچینە سەر ناوەکان، لیژنەی یاسایی ڕوونکردنەوەیان هەیە، فەرموو.

**بەڕێز د. ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی 15 لە ئەصڵی پرۆژەکە کە دەبێتە ماددەی 16، برگەکانی هەمووی پێشتر دەنگمان بۆی داوە، بڕە پارەمان بۆ تەرخانکردووە، قەرزی عەقاریمان زیاد کرد، پرۆژەکانی کشتوکاڵ وپیشەسازیی هەمووی دەەنگمان بۆ داوە لەماددەی سێیەم، تەنها برگەی یەکەم، تایبەتە بە پابەند بوونی وەزیری دارایی، ئیلزامی

وەزارەتی دارایی دەکەین، کە پارەکەیان بۆ تەرخان بکات، ئەوە سەبارەت بە بڕگەی یەکەم، بڕگەی چوارەمیش کە ئیشارەتمان پێدا ئیلغا بکرێت، لەبەر ئەوەی ئێمە سولفەی زەواجمان زیاد کردو دەنگیشمان بۆ داوە، لە ماددەی سێیەم پەسەند کرا، تەنها ئەو ڕوونکردنەوەیەمان هەبوو لە لیژنەی یاسایی، واتە ماددەکە تایبەتە بە ئیلزامی وەزارەتی دارایی، بۆ تەرخانکردنی بڕە پارە بۆ جێبەجێکردنی ئەو بڕگانەی کە لە ماددەی سێیەم پەسەندمان کردووە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز نیشتمان مرشد، فەرموو

**بەڕێز نیشتمان مرشد صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پشتیوانی لە ڕاپۆرتی لیژنەی یاسایی دەکەم، پشتیوانیش لە پرۆژەکانی کەرتی صناعەو کشتوکاڵ دەکەم، کەرتی سیاحەش کەرتێکە زۆر گرنگە، پێویستە گرنگی زۆری پێبدرێت، هەموومان دەزانین وڵاتەکەی ئێمە، وڵاتێکی سیاحیە، زۆر لەخەڵکانی دەوروبەریش ڕووی تێدەکەن، بۆیە من داواکارم هەرچەندە گرنگی پێبدرێت، ئەوە وڵاتەکەمان لەڕووی ئابووریەوە بەرەو پێش دەچێت، یەك لەوانەی کە من پێشنیاری دەکەم، پشتیوانی لە پرۆژەکانی گەشتوگوزار دەکەم، لەڕووی دامەزراندنی بانقێکی سیاحیەوە کە بتوانێ قەرز بدات بە هاووڵاتیان بۆ ئەوەی بتوانن پرۆژەی سیاحی لەسەر دروست بکەن، لەسەر ئەو زەویانەی کە هەیانە، زۆر کەس هەیە زەوی هەیە، گەر بتوانێت قەزر وەربگرێت دەتوانێ پرۆژەکان زیاد بکات، لەهەمان کاتدا فرسەتی کاریش بۆ بێکاران و گەنجان دەڕەخسێت، بۆیە داواکارم ئەم پێشنیارەم پشتگوێ نەخرێت، چونکە من زۆر بەگرنگی دەزانم بۆ وڵاتەکەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێز دلێر محمود، فەرموو.

**بەڕێز محمد دلێر محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەماددەی 16 بڕگەی یەکەم، خاڵی یەکەم، کەباسی دابین کردنی پێشینەی خانووبەرە دەکات، بۆشارو قەزاو ناحیەکان وگوندەکان، بەڕاستی ئێمە ئەگەر باسی گوندەکان بکەین، دەبینین گوندەکان لەسەردەمێکی زوودا شوێنی حەوانەوەی هێزی پێشمەرگەی کوردستان بووە، هاوکاریان بوون، چاوساغیان بوون، شوێنی نانخواردنیان بوون، ئێمە لە ساڵی پاردا بڕیاری ئەوەماندا، کە هەریەکێك لەدێهاتەکان 7500 دۆلاری بدرێتێ، وەکو مینحە لە پێشەوە، بۆ نموونە سندوقی نیشتەجێبوون لەشارەکاندا ئەو زەوییەی کە دەیدات بە وەبەرهێنێك شوقەی لەسەر دروست بکات، هەر پارەی ئەو زەوییە ناکات، روبعێکی ئەو زەویە دەکات، کە بەلادێکانیشی بدات، هیوادارم ئەوەش جێبەجێ بکرێت، بەگوێرەی بڕگەی دووەم بۆ سندوقی نیشتەجێبوون، ئەو 150 ملیار دینارە کەدانراوە من پێم باشە کە ئەوە کراوە بێت، نەك 150 ملیار دینار

بێت، لەهەمان کاتیشدا بڕێکی لێ دیاریبکرێت بۆ ئەوەی شوقەو خانووی بچووك لە قەزاو ناحیەکان و شارەکان دروست بکرێت بۆ خێزانی کەم دەرامەت، ئەوانەی کەتوانای پێشەکیان نیە، بەقیستی مانگانە پارەکەیان لێ بسەندرێتەوە، کەبەڕاستی ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی کە ئەزمەی نیشتەجێبوون تا رادەیەك چارەسەر بکرێت، لەبەر ئەوەی سندوقی نیشتەجێبوون، هەتاکو ئێستا خەڵکە کەم دەرامەتەکانی خوارەوە نەیانتوانیوە سوودی لێ ببینن، لەبڕگەی سێیەم، ئەو 25 ملیار دینارەی کە تەرخانکراوە بۆ لاوان بۆ قەرزی بچووك، ئێمە ئێستا یاسایەکمان لەناو پەرلەماندا پەسەند کرد کە بریتی بوو، لە سندوقی پشتیوانی بۆ گەنجان و لاوان بۆ قەرزی بچووك، بەراستی ئەمە یەکەمجارە ئەم نموونەیە دەکرێت لەهەرێمی کوردستاندا، کارێکی چاکیشە بۆ ئەوەی هەلی کار بدۆزرێتەوە، لەهەمان کاتیشدا ئابووری وڵات بەرەو پێش بچێت، لەخزمەتی گەنجانیشدایە، من پێم باشە لێرەدا ئەگەر بتواندرێت، ئەم بڕی پارەیە هەر ئەمساڵ زیاد بکرێت، لەچیشەوە بۆی بهێندرێت ئەو زیاد کردنە، هەندێ پرۆژەی وەبەرهێنان ئەگەر نەتواندرا لەساڵی 2011 جێبەجێ بکرێت، لەوەشەوە بێت پارەی بۆ بهێندرێت، ئەمەش هەر دەوری هەیە وەك وەبەرهێنان، خۆی لەخۆیدا ئەمەش وەبەرهێنانە، لەوێوە ئەتواندرێت نقلّ بکرێت، ئەگەر بڵێین لەکوێوە ئەو پارەی بۆ بهێندرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، بەڕێز محمد شارەزووری، فەرموو.

**بەڕێز محمد احمد علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

یەکەم: سەبارەت بەماددەی 15 کە ئێستا لە ئەصڵی پرۆژەکەدا ماددەی 16یە، منیش بەهەمان شێوە داوای جێبەجێکردنی ئەو بڕیارەی حکومەت دەکەم، کە بۆ لادێکانی داوە، لە ساڵی پار، بۆ ئەوەی کە لەپاڵ قەرزی عەقاریدا یەکی 7500 دۆلار بدات بەو کەسانەی کە لە لادێکان خانوو دروست دەکەن، بەڵام تا ئێستا جێبەجێ نەکراوە، ئومێد دەکەم کە بەڕێز جەنابی وەزیر ئەوە ڕوونبکاتەوە کە بۆچی جێبەجێ نەکراوە؟، چونکە ئەوە بەڕاستی هاندانێکی حکومەتە بۆ ئەوەی خەڵك بگەڕێتەوە بۆ لادێکان، دووەم: پێشنیارێکم هەیە بۆ بەڕێز وەزیری دارایی ئەوانەی کە ئێستا لە لادێکانن و تا ئێستا موعامەلەی سولفەی عەقاریان کردووە، بەس وەریان نەگرتووە، من پێشنیاری ئەوە دەکەم کە لەسەر کۆنەکە نەبێت، بەڵکو ئەم 20 ملیۆنە بیانگرێتەوە، ئەگەر بکرێت ئەوانەی کە وەریان نەگرتووە، سێیەم: من لەوە دەچێ ئەوەیان لەسەر ڕوونکردنەوەکەی بەڕێزان لەلیژنەی یاسایی ئەچمە خاریجی ئەو مەوزوعە، بەس پێشنیاری ئەوە دەکەم، لەبەر ئەوەی کە لیژنەی پێشمەرگەیەو ئێمە لەسەرەتای ماددەی یەکەم کۆمەڵێك پێشنیارمان کرد بۆ پێشمەرگە، جێگایان نەکردەوەو وەعدیان پێداین کەلەم ماددەیەدا جێبەجێ بکرێت، نازانم جەنابت ڕێگامان دەدەیت ئەو پێشنیارانەی لیژنەی پێشمەرگە جارێکی تر دووبارە بکەینەوە، یان نا؟، دیارە

مەسەلەی پێشمەرگە، ئەوە هەمووومان لەم هۆڵی پەرلەمانە کە هەمووومان باسی ئەوە دەکەین، کە هەمووی هیلاکە وماندووبوونە، ئەم ئەزموونە، پاراستنی، دەستکەوتەکان هەمووی هی هێزی پێشمەرگەیە، بەڵام من بەداخەوە دەڵێم، جگە لەلیواکان ئەوانەی کە ئێستا دانراون، ئەوانەی کە ئیستیفادەی لەم ئەزموونە وەرنەگرتبێت هێزی پێشمەرگەی کوردستانە، نموونەشم بۆی ئەوەیە تائێستا مووچەیان 300 هەزار دینارە، 285 هەزارەو، نازانم چەندی ترە، ئەوەش ڕاست نیە، نازانم کێ لە ئێمە بە 300 هەزار ئیدارە دەکات؟، بەڵام پێشمەرگە ئیدارە دەکات، بۆیە ئێمە پێشنیارێکمان هەیە بۆ حکومەت، ئێستا ئەو لیوایانە کە بەسوپاسەوە حکومەت دابینی خەرجیەکانی هێزی پێشمەرگەی کردووە، کە لەساڵی 2005 بەدواوە، تا ئێستاش حکومەتی مەرکەزی ئەو پارەی نەداوە، داوا دەکەین ئەو لیوایانە تەشکیل ئەکرێت، کۆمەڵێك پێشمەرگە لە خاریجی ئەم لیوایانەدا دەمێنێتەوە، لە بودجەی تەکمیلی کە دێت شتێکی ڕەمزی بۆ هێزی پێشمەرگە دابین بکرێت، ئەمە یەك: دوو: پێشنیارێکی ترمان هەبوو بۆ مەسەلەی بەرکەوتووانی چەکی کیمیاوی، کە کۆمەڵێك خەڵکی زۆر لە هەڵەبجە لە قەرەداغ، لە بالیسان، لە هەموو شوێنەکانی کوردستان لە بادینان، کۆمەڵێك خەڵك بەرچەکی کیمیاوی کەوتوون، ئەمانە تا ئێستا پارەیەکیان بۆ دابین نەکراوە لەلایەن حکومەتەوە، بۆیە داوا دەکەین وەك ئەو سندوقانەی کەدانراون، حکومەت پشتیوانیەکی ئەوانەش بکات، بیاننێرێتە دەرەوە، چونکە چەند ساڵێکە زۆریان بەهۆی نەخۆشیەوە دەناڵێنن، سێ: زەوجییە بوو، منالێ وژن بۆ شەهید کە حکومەت پێشتر سەرفی دەکرد، بەڵام بە بڕیارێك ساڵی پار بڕاوە ئەو زەوجیە، پێشنیار دەکەین، کە حکومەت جارێکی تر بەو بڕیارەی خۆیدا بچێتەوە بۆ گەڕاندنەوەی دەرماڵەی زەوجیە بۆ منداڵی شەهید، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێز لانە چەلەبی، فەرموو.

**بەڕێز لانە احمد چەلەبی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتگیری لە ڕاپۆرتی لیژنەی دارایی و ئابووری دەکەم، بەڵام خاڵێکی گرنگتر هەیە بەلای منەوە، ئەویش کەرتی گەشتوگوزارە، حەزدەکەم ئەو کەرتە ئیهتیمامێکی زۆری پێ بدرێت، چونکە بەخۆتان دەزانن، وڵاتی ئێمە هەرێمی کوردستان دەوڵەمەندە بە تەبیعەو بە ئەو گەشتوگوزارەی کەهەیەتی، دەبینین کە دەوڵەتانی دەرەوە ئەو گەشتوگوزارەشیان نیە، ئەو تەبیعەشیان نیە، دەبینین کە سوودیان لێ وەرگرتووە، بەڵام لە هەرێمی کوردستان سوود لەو مەجالە وەرنەگیراوە، بۆیە داوا دەکەم لەحکومەت، گرنگی بەو کەرتە بدرێت لەڕێگای ئەوەی کەبڕێك پارەی بۆ تەرخان بکرێت، یان لەڕێگەی بانقێك کە تایبەت بێت بە گەشتوگوزار، وابێت کەسوودی لێ وەربگرین، وە لەهەمان کاتیش هەلی کار دابین دەکرێت بۆهاووڵاتیان کە دەتوانن لەو مەجالەدا کار بکەن، ئێمە چەند پەیمانگامان هەیە، لەمەجالی سیاحەدا، دەبینن خەریجمان هەیە، دەتوانن سوود وەربگرن و لەوکەرتە کار بکەن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێز گۆران ئازاد، فەرموو.

**بەڕێز گۆران ئازاد محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

هەرچەندە قسەكانی من كران، بەس ئیزافەیەك دەخەمە سەر قسەكان، لەبڕگەی دووەم كە باسی ئەو 150 ملیار دینارە دەكات، كە وەك پێشینە بۆ پرۆژەی نیشتەجێبوون، كە بدرێت بەناحیەو گوندەكان، ئێمە لەبودجەی ساڵی پار 200ملیارمان دانا بۆ یارمەتی سندوقی ئیسكان، دواتریش حكومەت بڕیارێكی دەركرد بۆ پێدانی ئەو 7500 دۆلارە بەلادێكان، گرفتەكە ئەوەیە تا ئێستا خەڵكی لادێكان چاوەڕوانی ئەم پارەیەن، من پێم خۆشە لەو ماددەیەدا ڕەئی سەراحەتی وەزارەتی دارایی وەربگرین و ئەمە یەكلا بكەینەوە، ئەگەر ئەم پارەیە سەرف دەكرێت، ئەوە دەكرێت لەم بڕگەیەدا جێگای بكەینەوە بۆ ئەمساڵ، وە ئەگەر ناكرێت، هۆكارەكان بۆ خەڵك ڕوونبكرێتەوە لەوە زیاتر خەڵك چاوەڕوانی ئەمە نەكات، جگە لەوە من پشتیوانی ئەوە دەكەم، كەلەو پارەیەدا یاسای ژمارە(7)ی ساڵی 2008 ی پێ جێبەجێ بكرێت، ئەگەر ئەو یاسایە گرفتی هەیە سەبارەت بە حكومەت، سەغراتی تێدایە دەكرێت، بۆ كارئاسانی حكومەت تەعدیلەكە بكات، جگە لەوەش پێشنیاری ئەوە دەكەم، هەر لەم پابەند بوونانە، حكومەت پابەندبوونی خۆی بەهەردوو یاسای ژمارە(38) و(34)ی پێشمەرگەو كەم ئەندامی پێشمەرگە بكات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێز قادر حسن، فەرموو.

**بەڕێز قادر حسن قادر:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

هەروەكو لە كەمكردنەوەی لە 10٪ی بودجەی وەگەڕخستن، چەند پەرلەمانتارێك پێشنیارمان كرد، كە قەرەبووی ئەو ئاوارانە بكرێت كە لە 1991 تا 1998، لە ئێران گەڕاونەتەوە، هەروەها ئەوانەی توركیاش، من پێشنیار دەكەم لێرە بەبڕگەیەك ئاماژە بەو قەرەبوو كردنەوە بدرێت، هەروەها پشتگیری لە ڕای بەڕێز كاك محمد شارەزووی دەكەم، بۆ هاوكاری كردن و خۆشگوزەرانی وەزعی پێشمەرگە، هەروەها پشتگیری لە ڕای نیشتمان خانیش دەكەم، لەوەی كە زیاتر گرنگی بەكەرتی گەشتوگوزار بدرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز فازڵ بەشارەتی، فەرموو.

**بەڕێز فاضل محمد قادر:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەڕاستی هەر دەبێت پێداچوونەوە بكرێت بۆ قسەكان، كە ئەو برایانەی بەڕێزم ئیشارەتیان پێدا، بەحەقیقەت منیش یەكێك لە پێشنیارەكانم ئەوەیە، لەو بڕی 150 ملیار دینارەی كەبۆ پرۆژەی

نیشتەجێبوون دانرا، ئەمە بەڕاستی شتێکی زۆر زۆرباشە، بۆیە پێم باش بوو کە قسەی لەسەر بکەم، ئەمە بووە بە گرفتێك لەلای گوندەکان بەتایبەتی، چونکە ساڵی ڕابردوو قەرار درا 7500 دۆلار، بە گوندەکان بدرێت وەکو مینحە، دیاری حکومەت بێت، ئەوە جێبەجێ نەکرا، من پێشنیار دەکەم، ئەگەر جێبەجێ کرا، ساڵی ڕابردوو بگرێتەوە، ساڵی 2010 ئەمە وەعدە بەخەڵکی درا، بەس جێبەجێ نەکرا، هەر لەهەمان ماددەدا، لە برگەی سێیەم، لەگەڵ دەستخۆشیم بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان کە بڕی 25 ملیار دیناری بۆ پشتیوانی کردن لە سندوقی قەرز بۆ پرۆژە بچووکەکان تەرخان کردووە، من لێرەدا یەك پێشنیارم هەیە، بەحەقیقەت لەدانیشتنەکانی پێشوودا، کۆمەڵێك بڕیاری زۆر دڵخۆشکەر دەرچوو، من دەڵێم بەسوپاسەوە لە زۆربەی مینبەری مزگەوتەکانیش زۆر ستایشی پەرلەمانی کوردستان کرا، کە هەموومانی دڵخۆش کرد، من لێرەدا یەك پێشنیاری تر دەکەم، کە لێرەدا ئەڵێت(پرۆژە بچووکەکان) من پێشنیار دەکەم ئەو بڕە پارەی کە وەك قەزر دەدرێت ببێت بە مینحە، چونکە بەڕاستی ئەمە دوو لایەنی زۆر ئیجابی تێدایە، یەکەمیان: زیاتر هەلی کار بۆ گەنجان دەڕەخسێنێت، دووەمیان: ئەو پرۆژە بچووکانە دەبنە پرۆژەی گەورە، لەهەرێمی کوردستاندا، چونکە تموح لەلای خەڵك دروست دەکات، کەوا زیاتر کاری وەبەرهێنان بکات لەهەرێمی کوردستاندا، ئەمە کارێکی زۆر ئیجابیە ئەگەر ببێت بە مینحە بۆ گەنجان، خاڵێکی تر هەر بۆ پشتیوانی لەبرایانم کاك محمد شارەزووری و کاك قادر حسن، ئەو بەڕێزانەی کە پێشتریش مۆڵەتت پێدا، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، باس لەوەزعی پێشمەرگە بکرێت، بەڕاستی پێشتریش زۆر باسی لێوە کرا، بە بڕوای من لەمە بەدوا ئێمە دەتوانم بڵێم خۆشبەختانە کێشەمان لە ژیان و مووچەی ئەو پێشمەرگانە نابێت کە دەچنە ناو لیواکان، یان لە لیواکاندا تەشکیل دەبن، کێشەی ئێمە ئەو پێشمەرگانە دەبن کە لەدەرەوەی لیواکانن، بەتایبەتی پێشمەرگەی بارەگاکان، زێرەڤانیش، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، هەتا ئێستا دەتوانم بڵێم هیزێکی زۆر تۆکمەی هەرێمی کورستانە، هەتا ئێستا لەناو هیچ کام لە باسەکاندا نین، بۆیە پێشنیار دەکەم لەچارەسەرکردنی کێشەی پێشمەرگە، بەعام کێشەکە هی پێشمەرگە بێت، کە هەشت لیواکەش چارەسەر دەبێت، با دوای ئەوە باس لە کێشەو گرفت و ژیانی پێشمەرگە نەکەین بەیەکجاری، بۆیە با هی ئەوانی تریش چارەسەر بکرێت بەیەکجاری، ئاخر خاڵم، کە پێشتر لەو بەڕێزانە باسیان لە گەڕاوەکانی ئیران کرد، کە ئەوانە بەڕاستی کێشەیەکی زۆر گەورەیە، لەناحیەیەکی بچووکی وەك گەرمك، 250 کێشەی خێزانی هەیە، لەو بەڕێزانەی کە لە ئاوارەیی ئێران گەڕاونەتەوە، هاوسەرەکانیان ئیرانیە، بەڕاستی زۆر شت شمولیان ناکات، ئەمە بووە بە کێشەیەك، هەتا یەکێك لەو گرفتانەی کە هەیانە، دەڵێن، ئەو هاوسەرەی کە مووچە خۆرەو هاوسەرەکەی ئیرانیە، پاشان مووچەکە نادرێت بەم هاوسەرە، کە منداڵی هەیە لەم پیاوە، ئەمە بەڕاستی کۆمەڵێك گرفتە، لەنفوس گرفتی هەیە، جەوازی پێنادرێت، هیوادارم ئەم گرفتەش هی گەڕاوەکانی ئێران، کە فەزڵیان بەڕاستی لەسەر ئەم ئەزموونە هەیە، چارەسەر بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز ناسك تۆفیق، فەرموو.

**بەڕێز ناسك تۆفیق عبدالكریم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دیارە من سەرەتا ئەو خاڵەی كە بەڕێزانی پێش من ئیشارەتیان پێكرد، مەوزوعی 7500 دۆلارەكە، كەوەك مینحە ئەدرا بە لادێكان، بەڕاستی ئەوە خاڵی یەكەمە كەنووسیومە، بەڕاستی منیش پشتگیری لێدەكەم، بۆیە نایلێمەوە جارێكی تر، چونكە ئەوە گوندەكان زۆر دەڵێن ئەوە ساڵێك دراوە، دواتر وەستێندراوە، خاڵێكی تر وەزیری دارایی ئیشارەتی دا بەوەی كە هەر 100 مەتریەك ئیجازەی خانووی هەبێت، ئۆتۆماتیكی سولفەكەشی دەدرێتێ، ئومێدەوارم لەم ماددەیەدا لەبڕگەی یەكەمدا، ئەوە زیاد بكرێت، مادام بەپێی ئیجازەیە، بوترێت شمولی 100 مەتریش دەكات كە ئیجازەی خانووی هەبوو، خاڵێكی تر ئەوانەی ڕەقەمی شارەوانیان هەیە، بەس تاپۆ نیە، لەو شوێنانە، كە بەڕاستی حكومەت بەرپرسیارە تائێستا تاپۆی نەكردووە، ئەمە وای كردووە لەزۆربەی خەڵكی ئەو شوێنانەی كەتاپۆیان نیە، تەنانەت خانووەكانیشیان تاپۆیان نیە، زەوییەكانیان ڕەقەمی شارەوانی هەیە، بەس تاپۆیان نیە، لەشوێنێكی وەكو هەڵەبجە، لەبەر ئەوە كەمترین كەس ئیستیفادە دەكات لەو سولفەیە، بۆیە ئەكرێت مادام بەرپرسیارێتیەكە لەئەستۆی حكومەتە، چونكە تا ئێستا تاپۆ نەكراون، ئەكرێت ئەوانەشی كە ڕەقەمی شارەوانیان هەیە، بتوانن سوودمەند بن لەو عەقارە، چونكە بەڕاستی كێشە ئەخاتە ئەو شوێنانەی كە تا ئێستا كێشەی تاپۆیان هەیە، لەزمنیان شوێنێكی وەكو هەڵەبجەو سەید صادق، ئێمە لەم ماددەیەدا پێش ئەوەی لە ماددەی سێیەم، ئەو ڕێژەیە كەم بكەینەوە، ئەم ماددەیە خۆی لە حكومەتەوە بۆمان هاتووە، تەسبیت كراوە، كەواتە ئێمە دەتوانین ئێستاكە بەكەمكردنەوەكە برێك لەم مادانەمان چارەسەركردووە، ئەكرێت ئێمە بەعزێك ماددەی تری زیادە بهێنینە ئێرە، كە دواتر وەزارەت خۆی دابینی بڕەكەی بكات، لەوانە كەزۆر باسكرا، دەرماڵەی پیشەیی بۆ توێژەرە كۆمەڵایەتیەكان، كە بەڕاستی ئێمە زۆر پێویستیمان بە توێژەری كۆمەڵایەتی هەیە، چونكە ئێمە لەسەردەمەكانی تردا نەمانپەرژاوەتە سەر ئەم بوارە، بەڵام ئێستا زۆر پێویستیمان بە توێژەری كۆمەڵایەتی هەیە، ئەو مووچەی كەپێی تەعین دەبن زۆر زۆر كەمە، ئەكرێت بەخاڵێك بڵێین، (دابین كردنی دەرماڵەی پیشەیی بۆ توێژەرە كۆمەڵایەتیەكان كەلە 75٪ی مووچە ئیسمیەكەیان كەمتر نەبێت)، خاڵێكی تر دەرماڵەی ترسناكی بۆ مافپەروەران و یاسا ناسان، كەبەڕاستی ئەمە كێشەیەكی لەناو وەزارەتی دادا دروست كردووە، ئەڵێن ئەو بەڕێوەبەرایەتیانەی كە سەر بە ئەنجومەنی دادوەرین، ئەمانە لە 50٪یان بۆ سەرف دەكرێت، بەڵام ئەوانەی تر كەسەر بەوەزارەتی دادن، هەر لەناو یەك دائیرەدان، بەڵام ختورەیان بۆ دابین ناكرێت، ئەمەش ناعەدالەتیەك دەخاتە نێوان هەمان شەهادە، عادەتەن ئینسان من هەمووجار ئەم قسەیەش دەكەم، تەحەمولی نەبوونی دەكات، ئەگەر عەدالەت بەرپا بێت، قورسە تۆ لەیەك دائیرەدا بیت، بەیەك شەهادە، بەڵام یەكێكیان سەر بە ئەنجومەنی داوەرییە، لە 50٪ی بۆ سەرف دەكرێت،

ئەمەی تر کەسەر بەئەوان نیە، بۆی سەرف ناکرێت، بۆیە ئەمە حەقە بەماددەیەك دیاری بکەین، کە ختورەیان بۆ دابین بکرێت، بۆ هەموو ئەوانەی کە سەر بەمافپەروەران و یاسا ناسانن، ...

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

تکایە لە بابەتەکان دەرمەچن، وەرنەوە سەر بابەتەکە، ئەوەی کە نەفەقات پێشکەش ئەکات ئەبێت واریدەکەش دیار بێت، یەعنی واریدەکەی لەکوێوە دەهێنین، چونکە نەفەقات بڕیارمان لێداوە دیاریکراوە، ئەگەر نەفەقاتی تر هەبێت، ئەبێ بزانین واریداتەکەی لەکوێوە دێت؟، بەس تکایە وەرنەوە سەر بابەتەکەی خۆمان، فەرموو.

**بەڕێز ناسك تۆفیق عبدالکریم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێشت کەوتم وتم، لەبەر ئەوەی ئەم ماددەیە خۆی پێشتر لەحکومەتەوە واهاتووە، یەعنی ئۆتۆماتیکی خۆی دابینی ئەمانەی کردووە، بەڵام ئێمە هاتین لەو چاکسازییەی کە پەرلەمان کردی، کە بڕێکمان داشکاند لە نەفەقاتەکان، هاتین چارەسەری هەندێ شتمان کرد، کەواتە ئێمە دەتوانین ئێستا لەجێگای ئەوە بەعزێك شتی تر دابنێین، کەوەزارەت دواتر خۆی تەرتیباتی بۆ بکات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، بەڕێز کوێستان محمد، فەرموو.

**بەڕێز کوێستان محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لەسەر بڕگەی یەکەم، خاڵی یەکەمی، ئەم پێشنیارانەم هەیە، یەکەم: دابین کردنی پێشینەی خانووبەرە، وەکو لەسەرەتادا بڕەکەی هەیە، پێویستە لێرە بڕەکەی بنووسرێت، کە 20 ملیۆن دینارە، ساڵی پار ئەوەمان تەسبیت کرد کە یەکسانی هەبێت لەنێوان پارێزگا، قەزا، ناحیە، گوندەکان، بەهەمان شێوە ئەمە لێرەدا بنووسرێتەوە، بۆ تەئکید ئەو 20 ملیۆنە بۆ هەموویان بێت، (پارێزگا، قەزا، ناحیە، گوندەکان) یەکسان بێت، هەروەها کێشەیەك هەیە، کە پێشتر زۆر لەئەندامان باسیان کرد، مەسەلەی 100 مەتریە، ئەوانە ئەو خەڵکە هەژارەن کە ناتوانن زەوی 200 مەتری بکڕن، پێویستە لێرەدا جێگای بکرێتەوە، بۆ ئەوەی ئەمانیش سوودمەند بن لێی، پشتگیری ئەو ڕەئیەی ناسك خانیش دەکەم، مەسەلەی زەوی بێتاپۆ کە ئێمە نەمانتوانی لێرەدا، ئەو یاسایە دەربکەین، کە ئەو کێشەیە یەکلایی بکەینەوە، بۆ ئەوەی ئەوانیش سوودمەند بن، چونکە کۆمەڵێك (قەزا، ناحیە، گوند) هەیە و هەندێ گەڕەکیش هەیە تاپۆی نیە، هەروەها من لە دانیشتنی یەکەم، لەپێشنیارەکانی فراکسیۆنی گۆڕان ئەوەم باسکرد، کە ئەو 75 وەرەقەیەی گوندەکان، کە بە بڕیارێکی وەزارەتی دارایی لەساڵی پێشوو ئەدرا، ئێستاش هەر بەردەوام بێت و بدرێت، بۆیە ئەو پێشنیارەی فراکسیۆنی گۆڕان دووبارە دەکەمەوە، کە ئەو 75 وەرەقەیە بدرێت بە

گوندەکان، لەسەر خاڵی دووەم و سێیەم پێویستە ئەو برانە دیاری بکرێت، چونکە پێشتر دەستنیشانمان کردووە، بڕگەی دووەم: ئەو 150 ملیار دینارەی کە دانراوە بۆ سندوقی نیشتەجێبوون، من پێشنیار دەکەم کەوەك لە دانیشتنەکانی پێشوو، زۆر لەئەندامانیش باسیان کرد، ئێمەش وەك فراکسیۆنی گۆڕان یەکێك لە پێشنیارەکانمان بوو، کە 49 ملیاری دابندرێت بۆ دروستکردنی یەکەی نیشتەجێبوون، بەپێی یاسای ژمارە(7)ی ساڵی 2008 کە بەڕاستی یاسایەکی زۆر باش بوو، زۆر خەڵکی هەژار ئیستیفادەی لێدەکەن، چونکە بە تەجروبە تێگەیشتین ئەم یەکەی نیشتەجێبوونانە کە دروست دەکرێت، خەڵکی هەژار و ئەو خێزانە تازانەی کەدروست دەبن، ئیستیفادەی لێناکەن، بۆیە بەپێی ئەم یاسایە 49 ملیاری بۆ ئەوە دابندرێت، لەسەر بڕگەی چوارەم، کە ئەگەر مایەوە، وەك ئەو پێشنیارەی لیژنەی یاسایی لانەبرا، پێویستە ئەو 2ملیۆن و نیوە بکرێت بە 5 ملیۆن، ئەو پێشنیارانەش کەمابوون پێویستە لێرەدا جێگای بکرێتەوە، وە پێشتر لە دانیشتنەکانی تر هەندێ لە ئەندامانی پەرلەمانیش باسیان کرد، ئێمەش لە ڕاپۆرتی فراکسیۆن و لێرەش باسمان کردبوو، ئاراستەی جەنابیشتمان کرد، بڕێك دابندرێت بۆ بەرکەوتووانی چەکی کیمیاوی، هەروەها گەڕانەوەی دەرماڵەی منداڵانی شەهید، کە پێشتر هەبوو، بەڵام دوای دەرچوونی یاساکەیان بەداخەوە، ئەم دەرماڵەیە بڕا، کە پێویستە منداڵی شەهید دەرماڵەی هەبێت، هەروەها ئەو پێشنیارە دووبار دەکەمەوە، کە مووچەی هێزەکانی ناوخۆ ڕاستە پێشتر زیادمان کرد، بەس بەڕاستی پێشمەرگە، زۆر مەغدورن کە 340 هەزاری هەیە، جیاوازی هەیە لەبەینی ئەوەی سلێمانی و هەولێردا، بۆیە پێویستە ئەمەش چاك بکرێت، هەروەها پشتیوانی ئەو ڕەئیەی ناسك خان دەکەم، کە پێشتر باس کرابوو لەلایەن ئەندامانی تریشەوە، توێژەری کۆمەڵایەتی لێرە جێگای بکرێتەوە کە لێرە دەرماڵەیەکیان بۆ دەستنیشان بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، بەڕێز کاردۆ محمد، فەرموو.

**بەڕێز کاردۆ محمد پیرداود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من تەئکید لەسەر پێشنیارەکانی کوێستان خان دەکەمەوە، سەبارەت بە خاڵی یەکەم، هەم بۆ یەکسانیەکە، هەم ئەوەی کە ئێمە زۆر بەڵێن بەو خەڵکانە دەدەین کە ڕوومان تێدەکەن، بۆ 100 مەتری دەڵێین، باشە ئەمجارە چارەسەری دەکەین، لەکاتێکدا کە دێتە سەر کاری ڕەسمی یەکسەر نابێ، حەتمەن ئەمە ئیجازەی دەوێت، کێشەیەکە وەکو ئەوە وایە کە بۆیان نەکرێت، لەبەر ئەوە حەقە لێرەدا چ بە بڕیاردان، چ بەنەبوون، یان نەکرد، خەڵك ئاگادار بکەینەوە کە دەکرێت یان ناکرێت، عیلاج کردنی ئەم کێشەیە یان چارەسەرکردنی کێشەی سەد مەتری دەتوانێ ئەم ڕووبەرەی کە هەیە بڕێکی دیاری کراوی بۆ دانراوە دابەش بکرێت لەسەر هەردووکیان، ئەمە جۆرێك لە چارەسەرکردن بێت، بۆ دیاری کردنی خاڵی 2 و 3 ئەمانە حەقە بڕەکە دیاری کراو بێ، چونکە ئەگەر بڕەکە دیاری نەکرابێ لە کوێ سەرچاوەکەی دابین

دەكات؟ لە پێشنیارەكەی 10٪ كە بڕاوە هەر دیاریمان كرد كە حەقە پشتیوانی كەرتی كشتوكاڵی بكرێت، بۆ سندوقی دووەم یان پارەدان بە سندوقی نیشتەجێ بوون لە مینەح دیاری كراوە بە 149 ملیار هەروەكو بەڕێز وەزیری دارایی گوتی بەس پار دوو سەد ملیاری بۆ دیاری كراوە، دەمەوێ بەڕێز وەزیر پێم بڵێ لەسەر چ ئەساسێك ئەم 150یە دانراوە، دوو سەدەكە چی لێ هات؟ ئەمە خاڵێكیان، خاڵی تر، ئێمە یاسایەك هەیە لە 2008 ەوە یاسای ژمارە 7 پاریش تەئكیدمان لێی كردەوە كە خەڵكی كەم دەرامەت یەعنی حكومەت مولزەمە نەك بە ئارەزووی خۆی، حكومەت قانونە و مولزەمە كە بڕێكی دیاری كراوی بودجە تەرخان بكات بۆ یاسای ژمارە 7، لەم ڕۆژانەی ئێمە پرۆژە یاسایەك هات بۆ یارمەتی دانی فەرمانبەرانی كەم دەرامەت، لیژنەی یاسایی ئەم یاسایەی ڕەت كردەوە، گوایە چونكە یاسایەك هەیە یاسای ژمارە 7 ی 2008 ، ئەم كێشەیەی چارەسەر كردووە، لە كوێی چارەسەركردووە كە پارەی بۆ دانانرێ، كە بودجەی بۆ دیاری ناكرێت؟ لەبەرئەوە حەقە ئێستا ئێمە لێرە عیلاجی ئەم یاسایە بكەین، چونكە ئەم سندوقی نیشتەجێ بوونە سەرەڕای پێشكەوتنێكی گەورە و چارەسەری كێشەی نیشتەجێ بوون بەشێكی دەكات، بەڵام بەڕاستی بۆ خەڵكی كەم دەرامەت نیە، یەعنی ئەم یاسایە بۆچی دانراوە؟ بۆ چارەسەركردنی كێشەی خەڵكێك دانراوە كە داهاتی كەمە و كەم دەرامەتە، حكومەت خۆی جێ بەجێ ی دەكات، وەزارەتی ئاوەدانكردنەوە، لەبەرئەوە ئەمە دەبێ یەكلابكرێتەوە، خاڵی 3 ئەوەی كە پەیوەندی بە بڕی 25 ملیارە بۆ پرۆژەی سندوقی قەرزی بچووك، من لە وەزارەتی كاروباری كۆمەڵایەتیم پرسیار كرد، وتی من 10 ملیۆن دۆلارم لە وەزارەتی سامانە سروشتیەكان وەرگرتووە بۆ ئەمە، ئەمە یەك، دوو/ ئەمە كە دڵنیام نرخی نەوت بەرز بۆتەوەو ئێستا بە 76 و نیو شتێكی وا، ئەم 20٪ ی كە لە قانونی بودجەی عیراقی دانراوە، بەهای نرخی نەوت كە بەشێكی بۆ كوردستانە ئەم پشتیوانیەی قەرزی بچووك لەوێ دابین كراوە، كە ئەمسالٌ هەیە، كەواتە دەتوانین ئەم 25 ملیارە بۆ یاسای ژمارە 7 دابنێین، بە نموونە وەكو سەرچاوەیەكی دارایی، چونكە لێرە هیچ زەرورەتێك نیە، خۆی پارەكە لە بەغدا هەیە و دانراوە بۆی، بەڕەسمی و بە قانون، بۆ حكومەت لێرە 25 ملیاری تریشی بۆ تەرخان دەكات؟ سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك برهان فەرموو.

**بەڕێز برهان رشید حسن:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

وەڵلا پێش هەموو شتێك من لەڕووی قانونیەوە دەزانم بە پێی ماددەی 83 لە بودجە دەبێت، سەرچاوەی بدۆزێتەوە ئینجا خەرجی زیاد بكەی یان خەرجی تر بكەی یان ئەم خەرجیانە نیسبەتەكەی زیاد بكەی، بەڵام ئێمە لە 10٪ی میزانیەی تەشغیلیمان بڕی، هەروا بێت بەڕێز من ئەپرسم لە جەنابی وەزیر ساڵی پار لە ماددەی 19 لەقانونی ژمارە 1ی ساڵی 2010ی بودجە بڕی 200 ملیارمان دانا بۆ سندوقی ئیسكان، 90 ملیارمان دانا بۆ سلفەی عەقاری، 50 ملیارمان دانا بۆ زراعەت، 50 ملیاریمان دانا بۆ ئیستسماری

زراعی، 10 ملیارمان دانا بۆ تەنمیەی ریازە، ئەگەر دیناریکی سەرف نەکرا، زۆر لەم پارانە سەرف نـەکراوە، ئەگەر ئەڵێ ئـەبێ بـە پێـی مـاددەی 83 ی بودجـە پـارەی بـۆ بدۆزیتـەوە، ئەمـە بەڕاسـتی پارەیـەکی زۆری هەرماوە لەو بابانە کە تەخسیس کراوە، زائیدەن بەڕێز بۆ دۆزینەوەی داهات زۆر بەسـیتە، بەدەیـەها بـابی بەهەدەردانی ئەوەی پێی دەوتـرێ ئیهداری مـالی عـام، بەهـەدەردانی مـاڵی گشـتی تیایـە لـەم بودجەیـە، بـۆ نموونـە مینـەحی مونـەزەماتی علمـی و سـەقافی 115 ملیـاری بـۆ تەخسـیس کـراوە، مـن نـازانم ئـەو مونەزەماتانـە کێن؟ کـە حەقـە بەڕاسـتی یـا هـەر دوومليـار بـۆی کیفایەتـە یـان هـەر هـەمووی بـە کـاملی بسرێتەوە، من نازانم چۆن 25 ملیار دینار دادەندرێت بۆ سندوقی قروزی سـەغیرە لـەکاتێك دا دەوڵـەتێکی وەك ڕوسیا بەس بۆ دەعمی سناعاتی خەفیفە ساڵانە چوار ملیار دۆلار تەخسیس دەکات، تۆ دێی بۆ کێشەی گەنج 25ملیار تەخسیس دەکەی، بەڵام دێیت 115 ملیار دەدەی بە مینەحی مونەزەماتی علمی و سـەقافی کـە مـن نـازانم ئـەم مونەزەماتانـە کێن و لـەکوێن؟ خـۆ ئێمـە دەزگـای ناسـاو ئەمانـەمان نیـە تـا پـارەی بـۆ تەخسیس بکەین، بۆ دۆزینەوەی داهـات سیانەی مەحـەتاتی تەلـەفزیۆن ئـەم حکومەتـە یـەك تەلـەفزیۆنی هەیە، ئەمە هی پەرلەمانە 262 ملیۆن، سیانەی سەیاراتی ساڵۆن 10 ملیار، دیعایە، نازانم دیعایـە بـۆ کـێ؟ 278 ملیۆن، ئیحتفالات 4 ملیار، ............. .

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

تکایە کاك برهان وەرەوە سەر ماددەکە، هەر بـۆ ئاگاداریشـت مەسـرەفی تەلـەفزیۆنی پەرلـەمانی کوردسـتان مانگانە 13 ملیۆن دینارە، هەربۆ ئاگاداریتان زیـاتر نیـە، نـە ملیـاردە و نـە مەلایینـە، فەقـەت، ئـەویش بـۆ موخەسەسـاتی موزەفەکانـە، ئـەوە حسـابات بـڕۆن سـەیری بکـەن، تکایـە وەرەوە سـەر بابەتەکـەی خـۆت، فەرمووو.

**بەڕێز برهان رشید حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێز لە بابەتەکە لام نەداوە، دەبێ سەرچـاوەی داهـات بدۆزیتـەوە، مـن ببـورە بـەڕێز سـەرۆکی پەرلـەمان، ئەبێ سەرچاوەی داهات بدۆزیتەوە من سەرچاوەی داهاتەکە بۆ ئەو زیـاد کردنـە دەدۆزمـەوە، ئیحتفـالات 4 ملیار، نەقلی موباشـر عـبر قەمـەر سـناعی دوو ملیـار و نـۆ سـەد و بیسـت و حـەوت، ئـەجهیزەی تەسـویری مایکرۆفیلم ملیارێك و چوار سەد و سی و حـەوت ملیـۆن، لـە شـوێنێکی تـریش بـەڕێز سـەرۆکی پەرلـەمان ئەجهیزەی تەسویری مایکرۆفیلم ملیارێك و چوار سەد و سی و حەوت ملیۆن، لەشوێنێکی تریش نووسراوە ئەفلامی مایکرۆ فیلم چوار سەد و سی و نۆ ملیۆن دینار، بەڕاستی مایکرۆ فیلم لـە دنیـا ئەسـڵەن نـە بـاوی مـاوە، ئـەمرۆ هـەموو جیهـازی هاردەکەیـە کـە خـەزن دەبـێ، مـن نـازانم حکومـەتی هـەرێم شـتێ لـە دنیـا باوی........... .

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك برهان وەرەوە سەر ماددەکەی خۆت، دەبیخوێنەرەوە بزانە باسی مایکرۆ و ئەوانە دەکات؟ فەرمووو.

**بەڕێز برهان رشيد حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەمە سەرچاوەی داهاتە دەیدۆزمەوە، ئجوری مەجاری ملیارێك و سەدو پەنجا و چوار ملیۆن تا ئێرە 280 دەربارەی ماددەکە باسی تەئمینی قەرز دەکرێت بۆ محافەزات و سەنتەری شارەکان و قەزا و ناحیەکان و دێهاتەکان، بەڕێز لە بەغدا 30 ملیۆن دینارە، لەکاتێك دا مەوادی ئینشائی لەوێ هەرزانترە، من داوا دەکەم لێرەش بکرێت بە 30 ملیۆن دینار، دە تۆ تەماشا بکە 75 وەرەقە حکومەتی هەرێم پار، بڕیاری داوە کە بە هەدیە بیدات بەخەڵکی گوندنیشینەکان بۆ ئەوەی خەڵك بچێتەوە دێ و ئەو ئەزمەیە لەناو شاردا نەمێنێ و هەم خەریکی زراعەت بێ، ئەوەش تەسبیت بکرێت، هەروەها 30 ملیۆن بێت، نەك 20 ملیۆن، لەبەرئەوەی لە بەغداش وایە و مەوادی ئینشائی لەوێ هەرزانترە، دەربارەی مەشاریعی قتاعی زراعی من عەرزی جەنابتم کرد پار 50 ملیار بۆ زراعەت و 50 یش بۆ ئیستسماری زراعی کە سەرف نەکراوە، بەڕاستی ئەمە وڵاتێك بیەوێ زراعەت و سناعەتی ببوژێنێتەوەو ببێت بەوڵاتێکی مونتج، ناکرێت یەعنی ئەمە پارەکەی بۆ دیاری نەکرێت، دەعمی مەشاریعی مەسرەفی سناعی پار بەهەمان شێوە پارەی بۆ تەخسیس کراوە، کەچی ئەمساڵ دیاری نەکراوە، حەقە دیاری بکرێ و بۆی زیاد بکرێت، دەربارەی سندوقی ئیسکان، بەڕێز ئەمە چەند پرسیارێك دەجوڵێنێ ئەو (ثانیا) سندوقی ئیسکان کە 150 ملیاری بۆ تەخسیس کراوە، لە مینەح دا 149 ملیاری تری بۆ تەخسیس کراوە، یەعنی ئەمە دووجار پارە، ئەو پارەیە دەچێ بۆکوێ؟ ئەمە یەکەم، دووەم/ ئێمە پار موناقەشەیەکی توند لێرە دروست بوو، ئەگەر بیرمان بێت لە لیژنەکان و لەناو پەرلەمانىدا کە ئەو پارەیە بەسوو بە سعری فائیدە نەدرێت بە بانکەکان، لەبەرئەوەی بانکەکان خانوو بە قەرز بۆ هاووڵاتیان دەکەن، ئەوە موناقەشەیەکی توندی دروست کرد، من وەکو ڕەئی خۆم پێم باشە ئەو پارەیە ئەگەر نەك بەقەرز بە هەدیە دراوەتە هاووڵاتی لەوە باشترە ئەوپارەیە بدرێت سووی بانکەکانی پێ بدرێت، حەقە بۆمان ڕوون بکەنەوە، ئەمە سووی بانکی تیایە ئەم پارەیە یان تیای نیە؟ خاڵێکی ترم لە سلێمانی بڕیاردراوە هەیئەی ئیستسماری سلێمانی چیتر ئیجازەی دروست کردنی ئەم گوند و شارە هاوچەرخانە نادرێت، لەبەرئەوەی ئیجازەیەکی زۆر دراوە و لە ئیش کردندان، من نازانم کە ئیجازە لە محافەزەیەکی گەورەی وەکو سلێمانی ئەگەر 46٪ ی هەرێمی کوردستانە وەستێنرا بێت، ئەم پارە زۆرە بۆ تەخسیس دەکرێت، ئەمە حەقە بگوێزرێتەوە بۆ بابی تر، من ڕامواییە دەربارەی 2,5 ملیۆن و نیو دانراوە بۆ سلفەی زەواج، کە بڕیاری دا بکرێتە 5 ملیۆن،..... .

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

تکایە ماددەی 56 فەقەرە 2 مەگەڕێرەوە سەر ئەوانەی کە بڕیاری لێ دراوە، لە نیزام دەرمەچوو، رجائەن ئەوانی تر لە جێگای خۆتان قسە مەکەن، تۆش بگەڕێوە سەر ئەوانەی کە دەنگی بۆ نەدراوە، تکایە، کاك برهان فەرموو.

**بەڕێز برهان رشيد حسين:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من ڕەئیم وایە یاسای ڕاژەی پێشمەرگە ماددەکانی 46 و 47 با کەس نە موزایەدە بکەین بەسەر پێشمەرگە و نە خێری پێ دەکەین، بڕیاردراوە لە ساڵی 2008 ەوە مەعاشی وەك بەغدای لێ بکرێت، ئەگەر یاسایەکە وەکو خۆی حکومەت جێ بەجێ بکات، هیچ پێویست بەوە ناکات، ئێمە پار شەش ڕۆژ باسی مەعاشی پۆلیس و پێشمەرگە و ئاسایشمان کرد، بۆ پۆلیسیش حەقی خۆیانە هاوتای بەغدا بکرێن، دەربارەی ئەوەی زەوی 100 مەتری شمولی سلفەی عەقار دەکات، من ئەوەش هەر یەکێکی ترە لە موقتەرەحەکانم، دەربارەی موخەسەساتی خەڵکی حقوقی لە دەوائیر و لە وەزارەتی عەدل و مەجلسی قەزا سێ نەوع موخەسەساتی جیاوازە، ئەوەش چاك بکرێت، دەربارەی کارمەندانی ئیداری تەندورستی ئەوەش چاك بکرێت و جێی بکرێتەوە، هەروەها یاسای خانووی نیشتەجێی ژمارە 7 ی 2008 تەفعیل بکرێت، لەبەرئەوەی ناکرێت یاسایەك لە 2008 ەوە دەرچووبێ و یاسایەکە ماددەیەکی یان بڕگەیەکی حەرفێکی لێ جێ بەجێ نەکرابێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك اسماعیل فەرموو.

**بەڕێز اسماعیل سعید محمد علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

خوشك و برایانی بەڕێز، دیارە بۆ هەمووشمان مەعلومە کە ستراکچەری ئابووری لە کۆمەڵێك سێکتەری ئابووری پێك دێت، هاوسەنگی لەنێوان ئەم سێکتەرانەدا زۆر گرنگە، ڕاستە ئەهەم و زەروریەی ئیحتیاجات زۆرجار سێکتەرێك زیاتر فەرز دەکات لە دانانی بودجەدا، بەڵام ئەوە بەو مەعنایە نیە کە هیچ لەو سێکتەرانە فەرامۆش بکرێت، چونکە ئەمانە بەڕاستی کۆی ئەم سێکتەرانە ئابووری وڵات دروست دەکەن، من بۆ خۆم یان بودجەکەم خراپ خوێندووەتەوە یان لێرە گوێم لێ نەبووە جگە لەوەی ئێستا وابزانم نیشتمان خان بوو باسی سێکتەری گەشتیاری کرد، کە پێموایە لەم بودجەیە لەوانەیە گرنگی خۆی وەرنەگرتبێت، بۆیە من پێشنیار دەکەم کە لەو 149 ملیارەی سندوقی ئیسکان 49 ملیاری تەخسیس بکەین بۆ سێکتەری گەشتیاری، دیارە گەشتیاری لە وڵاتی ئێمەدا لەسەر ئاستی دەولی ڕەقەمێکی گەورە نیە، یان هەر ڕەقەم نیە، یان ئەو ئەهمیەتەی نیە، بەڵام خۆشبەختانە لەسەر جەوی عیراق و لەناو عیراقیش دا کوردستان ئەو جەوەی هەیەتی بەڕاستی جێگای سەرنجە، لەبەرئەوەی ئەم سێکتەرە بە قەناعەتی من حەقە گرنگی پێ بدەین و ئەو 49 ملیارە بگێڕینەوە بۆ سێکتەری گەشتیاری، قسەیەکی تر من دەمەوێ لەسەر ئەو بڕە پارەی دادەندرێت بۆ بانکی سناعی، من دیارە بە حوکمی ئەوەی ئەندامی لیژنەی

پیشەسازی و  وزەم، وەزارەتی پیشەسازی و وزە کە هاتنـە لای ئێمـە باسـی ئـەو تەخسیسـەی پارمـان لەگـەڵ داکردن، بەڕاستی هەتا گفتوگۆی بودجەی ئەمساڵیش  ئەو پارەیە ئیتلاقەن نەکرابوو، یـەعنی نەچـوو بـوو بۆ بـابی جێ بـەجێ کردنـەوە، ئەمـەش بەشـێکی گرنگـە و عیلاقـەی بـەو ڕۆتینیـاتی ئیداریـەوە هەیـە کـە لەوڵاتی ئێمە داهەیە دیارە کۆی وەزارەتەکانی دیکەش ئەوەندەی من ئاگادارم هەمووی ئەو کێشەیان هەبوو کە لەگەڵ وەزارەتی مالیە ئەو کێشەیان هەیە و ئەو پارەیان بۆ ئیـتلاق ناکرێـت، کێشـەی سـندوقی ئیسکان کێشـەیەکی تـریش هـەبوو کـە ڕاسـتەوخۆ پەیوەنـدی بـە وەزارەتـی سـناعەوە هەیـە، بـەڵام ئەمـە لەبـەینی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران و وەزارەتی پیشەسازی و وزە، لەبەینی ئەو ڕۆتینیاتە زۆر زۆر تاخیر بـوو بـوو، دواجـار ئەنجومـەنی وەزیـران بڕیـاری دابـوو لەسـەر ئـەوەی ئـەو پارەیـە چۆن تەخسیس بکرێـت بـۆ پرۆژەکانی وەزارەتی سناعە، بۆیە من پێشنیار دەکەم، ئـەو بـڕە پارەیـەی کـە دانـراوە بـۆ سـندوقی ئیسکان ڕاستەوخۆ بخرێتە ژێر تەسەروفی وەزارەتی سناعە و پیشەسازیەوە و،  زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاک د.بشیر فەرموو.

**بەڕێز د.بشیر خلیل تۆفیق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دەست خۆشی لە لیژنەی دارایـی و لیژنـەی یاسـایی دەکـەم و پشـتگیری لـە ڕاپۆرتەکـەیان دەکـەم، بەنسـبەت اولا/لە خاڵی 1 / تامین قرض العقاری للمواطنین، ئەم پێشینەی عەقاریە شتێکی باشە بەڕاستی گرنگیشـە، بەڵام ئەو کێشەیەی کەوا تا ئێسـتا مـاوە مەسـەلەی سـەد مەتریەکەیـە، منـیش پشـتگیری لـە ڕای هاوکـارانم دەکەم کەوا ئەو مەسەلەیە حەل بکەین، ڕاستە وەزارەتی دارایی عیلاقەی بـەوە نیـە کـەوا سـەد مـەتر بێـت یان دوو سەد مەتر بێت، ئەو پارەکەی داناوە دەیدات بـە پێـی زەوابتەکـە، بـەڵام وەزارەتـی شـارەوانی ئەمـە کێشەکە لەوێیە، من پێم باشـە ئیلزامـی وەزارەتـی شـارەوانی بکـەین کـە ئـەم موشـکیلەیە حـەل بکـات، یـان ئەوەیە کەوا سەدمەتریش بەهەمان شێوە ئیجازەی پێ بدرێت و بۆ ئەوەی سوودمەند بێ لەمە، یـان جـاری وایە دەبینین ئەم زەویە بە نـاوی دوو کەسـەوەیە، نیـوە بـەناوی ئـەوە و نیـوە بـەناوی ئەوەیـە، ئەگـەربێتو هەردووکیان نەچـن و ڕازی نـەبن، ئیمـزا نەکـەن، ئـەم بـڕە پـارەی پێشـینە وەرنـاگرن، جـاری واهەیـە یـەك دەیەوێ و ئەوەی دیکە نایەوێ، ئەوەی کە دەیەوێ ئەویش بێ بەش دەبێت، بۆیە ئەوەیـە یـان هـەردووکیان پێیان بدرێت، یانیش ئەوەیە بە مناسەفەتەن ئەگەر یەك ویستی ئەوەی دیکە نەیویست نیوەکە بدرێت بەو و نیوەکی تریش با بۆخۆی بمێنێ، لە خاڵی (ثانیا) لە مەسەلەی سەندوقی ئیسکان بەڕاسـتی ئـەم سـندوقی ئیسکانە کە داندرا پارەکە دوو سەد ملیاری بۆ دانرا، ئەمە بۆ ئەوە بوو کەوا کێشەی نیشتەجێ بـوون حـەل بکات بە تایبەتی بۆ ئەوانەی کەوا کەم دەرامەتن، ئەوانەی کـەوا کرێچـین و نـاتوانن خـانوو دروسـت بکـەن، بەڵام کە تەماشا کرا لەسەر ئەرزی واقع دا ئەوەی کەوا سوودی لێ وەردەگری کـەم دەرامەتـەکان نـەبوون بـە زۆری ئەوانـەی کـەوا خـانووی گـەورەیان هەیـە و بـە پـارەی زۆر سـوودی لێ وەرگیـراوە، ئەوانـەی کـەوا کـەم

دەرامەتن زۆر بە کەمی سوودی لیّ وەردەگیرا، ئەو خانووانـەش کـە بـۆ ئـەوان دروسـت کـرا زۆر بـە کـوالیتی خراپ دروست کرا، کە بەداخەوە گلەیی لیّ دەکەن، بۆیە من لێرە پشتگیری ئەوە دەکەم کەوا ئەم بڕە پارەیە کەم بکرێتەوە، ئەم 149 ملیار دینارەی کە دانراوە ئەمساڵ بۆ دەعمی سندوقی ئیسکان نیوەی بۆ تـەفعیلی قانونی ژمارە 7 ی ساڵی 2008 کەوا حکومـەت بـۆ خـۆی خانووەکـان دروسـت بکـات، چـونکە لـەم دواییـەدا تەماشا دەکەین مەجموعە شوقەیەك هەیە کەوا حکومەت بۆ خۆی دروستی کردووە، بەڕاسـتی سـوودی زۆر زیاتر بووە لە مەسەلەی وەبەرهێنانەکە، خـاڵی دووەم/ ئـەوەی کـە ئێمـە تەماشـا دەکـەین وەبـەرهێنان یـان ئەوەی کەوا ئەم مەجموعە خانووانە وەبەردەهێنیّ و خانووەکان دروست دەکات، پارەی زەویەکە لەهاووڵاتی وەردەگرێتـەوە، لـەکاتێك دا کـەوا زەویەکـەی بـەخۆڕایی لـە حکومـەت وەرگرتـووە، بۆیـە مـن دەڵـێم مـادام پارەکان وەردەگریّ با حکومەت زەویـەکان بـە پـارە بداتـە وەبەرهێنـەر بـۆ ئـەوەی کـە ئـەویش بتـوانیّ ئـەو قازانجە زۆرەی نەکات بڕێکی بۆ حکومەت بگەڕێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك دڵشاد فەرموو.

**بەڕێز دڵشاد شهاب حاجی محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی 15 لە ئەسڵی پرۆژەکە، یەکەمم من پشتگیری ئەو ڕوونکردنەوەیە یاخود ڕاپۆرتی لیژنـەی یاسـایی دەکەم لەسەر ئەوەی کە یەکەم، پێویست ناکات منیش دووبارە پێی دابێمەوە، لە چوارەمیش هەروا، چونکە هەردووکی چارەسەر کراون پێشتر و دەنگیشی لەسـەر دراوە، ئەسڵەن دەبووایـە مـەجالی موناقەشـە بـەڕەئی من زۆر لەسەری نەبێت، چونکە تەسویتی لەسەر کرا، هەرچیەکی بگوترێت خۆ عەکسی ناکەینـەوە، خـاڵی 3 هەر ئەوەنـدە ئیزافەیـە بکرێـت زکـری ئـەو قـانونی دەعمـی قـەرزە بچووکەکان کـە لـە پەرلـەمان پێشـی ماوەیەکی کەم ئیقرار کرا، ئـەو یاسـایە ئامـاژەی پـیّ بکرێـت، نـازانم ئەگـەر کرابێـت مـن ئاگـام لێـی نـەبوو، ئەگەر نەکرابیت ئاماژەی پیّ بکرێت بە پێی ئەو قانونە، ئەوەی کە پرسیارم لەسەری هەیە یاخود دەمـەویّ قسەی لەسەر بکەم خاڵی 2 ئەویش تەمویلی سەندوقی ئیسکانە بـە مەبلـەغی 149 مليـار بـەڕێز وەزیـری دارایی ئیشێکی باشی کرد ئەم 149 یە 150 یەی ڕوونکردەوە، چونکە بەڕاستی وەکو دوو مەبلـەغ، وا تـیّ گەیشت بووین کـەوا لـە شـوێنێك 150 و لـە شـوێنێك وەکو ئـەوەی کـە دووجـار تـەرخان کرابـیّ، سوپاسـی دەکەین، ئێستا وازح بوو 149 یە و ئەمەی ئێرە و ئەوەی ئەویّ هەر دووکی هـەر یەکـە، ئەمـە تـەبیعی لـە زمنی تەخسیساتی وەزارەتی مالیەیە، ئەگینا خۆی ئەمە لە بابی نەفەقات خلّاس بووینـە، یـەعنی دێینـەوە دیسانەوە تەخسیسی مـەبالغ بـاس دەکەینـەوە، بـەلّام دیـارە لـە زمنـی ئـەو بـڕە پارانـەیان کـە لەبەردەسـتی وەزارەتی مالیەیە، پار 200 ملیار دینار بۆ ئەم بوارە تەرخان کرا، بەڕاستی سندوقی ئیسکان هـیچ شـتێکی نەدایە ئێمە کە ئەوە پلانی و چارەسەر کردنی کێشەی نیشتەجیّ بوون چیە؟ 200 ملیـار تـەرخان کرابـوو بۆ چارەسەرکردنی کێشەی نیشتەجیّ بوون، ئێستا بـاس لـەوە دەکرێـت کـە حکومـەت قـەراری داوە 7500

دۆلار وەکو مینحە بداتە ئەوانەی کەوا گوندنیشینن، جگە لە قەرزی عەقاری، واتە 200 ملیارەکەی پار بۆ ئەم بوارە تەرخان کرابوو، پرسیاری من لێرە دوو، سێ یەکە، یەك/ ئایا حکومەت بۆی هەیە بڕیار بدات 200 ملیار بەقەرارێکی ئەنجومەنی وەزیران (کە نازانم قەرارەکە قەراری ئەنجومەنە) بەهەرحاڵ حکومەت دەتوانێت ئەم بڕیارە بدات بەبێ ئەوەی کەوا علمی پەرلەمانی پێ بکات و بەبێ ئەوەی لە قانونەکە زکر کرابێ کەوا ئەم 200 ملیارە چۆن دابەش دەکرێت؟ یاخود بۆ چ بوارێك؟ چۆن کێشەی نیشتەجێ بوونی پێ چارەسەر دەکرێت؟ ئەگەر ئەمە لەڕووی دەسەڵاتەوە جائیزە پەرلەمان پێی پەسەندە، ئینجا دێمە سەر ئەوەی کە چەندی جێ بەجێ کراوە لەم 200 ملیارە؟ بۆیە دەپرسم ئەگینا من دەزانم پرسیاری شێوازی سەرف لە موناقەشەی موازەنەدا نیە، بەڵام چونکو شێوازی سەرفەکە ئەسڵەن لە قانونی پاردا دیاری نەکرابوو و حکومەتیش هیچی نەنارد کەوا بڵێت موافەقەتی پەرلەمانی پێ وەرگرێ وبڵێ بەم شێوەیە سەرفی دەکەین، بۆیە جێگای خۆیەتی کە ئێستا بپرسم، ئەگینا من دەزانم شێوازی سەرف کردن لە حساباتی ختامیە نەوەکو لە موازەنەیە، ئەگەر ئەمە تەحقیق بوو یاخود ئەوەی کەوا چەند پارەی لێ ماوەتەوە یاخود چەندی لێ ڕۆیشتووە، یەعنی چەندی سەرف کرا یان چەندی ماوە لەوەی کە بۆ 7500 دۆلارەکە کەوا دابەش بکرێت، ئەوەی تر پرسیاری ئەخیرم کە پێویستە یەعنی بۆ ئەوەی بەرچاومان ڕوون بێت پێش ئەوەی کەوا دەنگ لەسەر ئەم مەبلەغە بدەین ئایا حکومەت تەقدیرێکی لەلا هەیە لەسەر ئەوەی کەوا ئەم 150 ملیار دینارە ئەگەر هەمووی تەرخان بکرێت، بەڕوونی ئیشارەتی پێ بدرێت بوترێت ئەمە تەنها بۆ ئەو پاڵپشتیەیە کە بە خەڵکی گوندنیشینەکان دەدرێت کەبۆ 7500 دۆلارەکەیە، ئینجا حسابی ئەوە کرابێ کەوا پار تەختیەی چەندی کراوە و ئەمساڵ تەختیەی چەندی دەکات؟ ئایا دەتوانن بەردەوامی هەبێ؟، چونکە بە دیتنی من ئەگەر قەرار درا و حکومەت ئیقراری کرد کەوا پەرلەمانیش موسادەقەی کرد 7500 دۆلار کە من مەبدەئیەن لەگەڵیم، وەکو هاوکاریەك بۆ خەڵکی گوندەکان و بۆ ئەوەی ببێتە تەشجیع و ئەم هەموو شتانەی کەوا هاوکارانیشم پێشتر باسیان کرد کە ئەزمەی ناوشار کەم ببێتەوە و هانی خەڵك بدرێت بچێتەوە ئەوێ، بەڵام دەبێ زەمانەتی بەردەوامی ئەم پرۆسەیەش هەبێ، چونکە ناکرێت ئەمە عیلاقەی بە ساڵێك و دوو ساڵەوە نیە، ئەوە عیلاقەی بە دەرچوون و دەرنەچوونی بڕیارەوە نیە، ناکرێت ئێمە ئەمساڵ پارە بدەین بە خەڵکی، ساڵێکی تر بەیەکێك بڵێین ئەمساڵ کۆتایی پێ هات، دەبێ زەمانەتی ئەوەش وەربگرین، پێم خۆشە ئەوەش لە حساب دابندرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك سالم فەرموو.

**بەڕێز سالم تۆما کاکۆ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هاوکارانم لە گفتوگۆ کردن لەسەر بڕگەی 1 لە ماددەی 15 ئەسڵی پرۆژەکە کە دەکاتە 16، ئاماژەیان دا بەکەرتی گەشتوگوزار، وڵاتەکەمان وڵاتێکی گەشتیاریە و پێشان حکومەت خۆی ئەو پرۆژانەی دروست

دەكـرد، بـەڵام ئێسـتا كەوتووەتـە ئەسـتۆی دەسـتەی وەبـەرهێنان و بەرهەمهێنـەرەكان، بـەڵام تـەنها ئەوانـە پرۆژەی گەورە دەكەن، لـە بەشـی زۆری ناوچـەكان یـان هاوینەهـەوارەكان یـاخود ناوچـەكانی گەشـتیاری لـە وڵاتەكـەمان خـەڵكێكی زۆر هەیـە، یەكـەم/ مومكینـە خیـبرەی هەیـە، دوو/ زەوی خـۆی هەیـە، بـەڵام لەبەرنەبوونی بانكێكی موختەس وەكو پێشەسازی وكشتوكاڵ كە بتوانێ قەرزی گەشتیاری و گەشـتوگوزاری بـداتێ بـۆ دروسـت كردنـی پـرۆژەی مامناوەنـدی، مـن پێشـنیار دەكـەم كـە وەزارەتـی دارایـی ڕێگایـەكی بـۆ ببینێتەوە، لەڕێگای بانكی تیجاری رەشید و رافیدەین، بە مەبەستی دانی قەرزێك بە پێی مـەرجی خۆیـان، هاوشێوەی بانكی كشتوكاڵی و بانكی پیشەسازی بۆ دروست كردنی پرۆژەی مامناوەنـدی كـە نـە لـە پـرۆژەی بچووكەكانە و نە لە پشـتگیری پـرۆژە بچووكەكان سـوودی لێ وەربگـیردرێ، نـە ئیمكانیـەتی هەیـە لـەپرۆژە گەورەكان وەكو وەبەرهێنەر ئیشی لێوە بكات، یەك/ بەشداری دەكات لە وەپێشخستن و گەشەپێدانی كـەرتی گەشـتوگوزار، دوو/بەشـداری دەكـات لـە چارەسـەركردنی بەشـێك لـە كێشـەی بـێ كـاری، خـاڵی دووەم/ بـە نیسبەت بانكی پیشەسازی پـاریش پارەمـان بـۆ تـەرخان كـرد، بـەڵام بەداخـەوە پـێش دەسـبەكاربوونمان بـە موناقەشە كردنی پرۆژەی بودجە، بانكی پیشەسازی دەسبەكار نەبووە، ئەوەی تریش دیسان هەروەكو خـاڵی پێشوو ئیشارەتی پـێ دەكـەم، ئێمـە مەبەسـتمان لـە تـەفعیل كردنـی بـانكی پیشەسـازی ئەوەیـە كـە پـرۆژە مامناوەندیـە كانی لەكاركـەوتوو بـە تایبـەتی ئەوانـەی كـە ئێسـتا دەیانـەوێ دامـەزرێن سـوودی لێ وەربگـرن، چـونكە ئـەوەی پـرۆژەی زۆر بچـووك بكـات لـە پـرۆژەی پشـتگیری قـەرزی پـرۆژە بچـووكەكان دەتـوانێ سـوودوەربگرێت، یـاخود وەبەرهێنانـە و پارەیـەكی زۆری هەیـە سـوودی لێ وەرنـاگرێ ئەسـڵەن، چـونكە پێویستی پێی نیە، مەبەستمان لەوە بوو كەپرۆژە بچووكەكان سوودی لێ وەربگرن بە مەبەستی پێشخستنی كەرتی پیشەسازی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك ئارام فەرموو.

**بەڕێز ئەیوب نیعمت (ئارام):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەبارەت بە فەقەرەی 1 تەئمینی قەرزی عەقاری پێشنیارێكم هەیە، لە لیژنەی یاسایی ئەوەی كە ئامـاژەی پێ كراوە سەبارەت بەوەی كە ئـەم قـەرزە بـدرێت بـە پێـی ڕێنمـایی و بنـەما كارپێكراوەكـان، پێشـنیارەكەم ئەوەیە كە بگۆڕێ بە پێـی ڕێنمـایی و بنەمایـەك كـە ئامانجـەكان بێنێتـە دی، ئـەویش لەبەرئـەوەی كـە بـێ گومان دانی قەرزی عەقاری بۆ جێ بـەجێ كردنـی ئامانجێكـە، بـە تایبـەتی لەشـارەكان بـۆ چارەسـەركردنی كێشەی نیشتەجێ بوونە، بەڵام ئەگەر بێتو سەیری ڕێنماییەكان بكـەین، ئـەو هەدەفـە تـەحقیق ناكـات، بـە تایبەتی مەسەلەی نەبوونی تاپۆ كە وەكو زۆرێك لە ئەندام پەرلەمانە بەڕێزەكان باسیان كرد، زۆرێ لەشـار و شارۆچكەكان تاپۆیان نیە و زۆرێك لە هاووڵاتیان مەحروم دەبن لەو قەرزەو هەروەها كێشـەی نیشـتەجێ بوونیش چارەسـەر ناكرێـت، سـەبارەت بـە گونـدەكان، ئێمـە لـە لیژنـەی یاسـایی تەعلیماتـەكانمان بینـی كـە

ئامانج له قەرزی عەقاری بۆ گوندەکان، بریتیه له گەڕانەوەی هاووڵاتیان بۆ گوندەکان، بۆ ئاوەدانکردنەوەی گوندەکانه، بەڵام ئەگەر سەیری تەعلیماتەکان دەکەین بەڕاستی ئەو ئامانجه ناهێنێتـه دی، لەبەرئـەوه پـێم باشه ئەو فەقەرەیه بگۆڕیٚ به شێوازێك که تەعلیماتەکان بگۆڕیٚ بۆ جیٚ بەجیٚ کردنی ئـەو ئامانجانـەی کـه قەرزی عەقاری پیٚ دەدریٚ، سەبارەت به فەقەره 2 هەمان پێشنیارم هەیه بۆ قتاعی زراعی، ئەگـەر سـەیری تەعلیماتەکان بکەین ئەویش بەهەمان شێوه، یەعنی زۆرێك لەو قەرزه به خاوەن زەوی پێـنج دۆنم یـان ده دۆنم دەدریٚت، ئەوەش زۆرێك له جوتیـاران بـه تایبـەتی لـه گونـدەکان ئـەو ڕێـژه زەویـەیان نیـه، ئـەوانیش مەحروم دەبن لەو قەرزه، ئەوەش دەبێته هۆی ئەوەی که نەتوانریٚ جوتیاران به تایبەتی سوود لەو قـەرزه وەربگرن، سیٚ/ پرسیارێکم هەیه لەبەڕێز وەزیری پلانـدانان سەبارەت به سندوقی ئیسکان، پرسیارەکەشـم ئەوەیه ئایا ئەو بڕه پارەی دانراوه بۆ سندوقی ئیسکان، باشتر نیه بدریٚت به قەرزی عەقاری یاخود بدرێته وەزارەتی ئاوەدانکردنەوه که به پێی یاسای ژماره 7 سەرفی بکات، چونکه ئەو سندوقی ئیسکانه که یـەکێك له ئامانجەکانی بۆ چارەسەرکردنی کێشەی نیشتەجیٚ بوونه، بەڵام ئەو سندوقه زۆربەی زۆری ئەوانـەی کـه کەم دەرامـەتن، هـەژار نـاتوانن سـوود لـەو خانووانـه وەرگـرن، بۆچـی؟ چونکه وەکـو دەسـتەی وەبـەرهێنان خۆشی ئاماژەی کردووه که ئەو خانووانه 15٪ ی قازانج دەخرێته سـەری بـۆ خـاوەن کۆمپانیاکـان، کەواتـه لێـره کۆمپانیاکـان زیـاتر سـوودمەند دەبـن، هـەروەها ئـەو کۆمپانیایانـه ڕێـژەی خانووەکـەیان واتـه سـعری خانووەکـەیان زۆر زۆر بـەرزه کـه هاووڵاتیـان بـه تایبـەتی شـارو شارۆچـکەکان و گونـدەکانیش نـاتوانن ئەوخانووانه بکڕنەوه، بەڵام ئەگەر بێتو به پێـی یاسـای ژمـاره 7 بێـت، زۆر زۆر ئاسـانتره بـۆ هاووڵاتیـان و یاخود به پێی بدرێته سندوقی قەرزی عەقاری باشتره، هیوادارم وەڵامەکه وەرگرمەوه، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك شێردڵ فەرموو.

**بەڕێز شێردڵ تحسین محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لـه خـاڵی یەکـەم/ پشـتگیری لـه نیشـتمان خـان و کـاك سـالم دەکـەم بـۆ دانـانی بانکێـك یـان بەشـێك لـه بانکەکان بۆ پشتگیری کردن لـه کـەرتی گەشـتوگوزار، دووەم/ پێشـنیارم هەیـه لـه پشـتیوانی کردنـی پـرۆژه وەرزشیەکان خاڵێك بێت له خاڵەکانی که فەقەرەی یەکەم به پشتیوانی کردنی پرۆژه وەرزشیەکان، چـونکه ئێمه ئێستا له کوردستان زۆر پـرۆژەی وەرزشـی هەیـه یـان وەرزشـی دەکرێـت، هەنـدێك کـەرت دەیکـات کـه بەنیوەچڵی بەجیٚ دێڵی یان نەقسێك دەبێت پێویستی به پشـتیوانیه و بـۆ ئـەوه پشـتیوانی بکـریٚ بـەپارەی حکومەت، یەك لەو پرۆژانەی که ئێسـتا لـه کوردسـتان دەکرێـت پـرۆژەی هەدەفـه کـه ڤیفـا دەیکـات لەسـەر حسابی خۆی و ئێمه عەردمان داوەتیٚ و ئیستسماره بۆ خۆی دەیکات و ئیستفادەی گەنجانی کوردستان هەیه له هەولێر ئەوه یەك، دووەم شت ئەو پشتیوانیەی ئێمه له بۆ پرۆژەکان زۆر له وەرزشوانان دڵخۆش دەکات، هەندیٚ جێگایان بەجیٚ هێشتووه و ڕۆیشتوونه سۆران و لەو جێگایانه، بۆیه من داوا لـه وەزارەتـی دارایـی و

پلاندانان دەكەم كە ئەو جێگایانە بەجێ هێشتراوە، یاریگا دروست كراوە هەندێ پارەی بۆ تەرخان بكرێت لە سۆران و لە سلێمانی و بە جێیان هێشتووە و ڕۆیشتوونە، سێیەم/ كە دەستەی وەبەرهێنان كە عەرد وەردەگرێت و خانوو دەكات........... .

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك شێردڵ ئەمە باسی تەخسیسی پارەیە بۆ ئیش، بۆ مەشروع، ئەوە مەوزوعێكە رجائەن، ئەو پارانەی كە داندراوە لێرە بۆ دەعمی مەشاریعی سناعیەو زراعیە وسیاحی دێتە سەری، چونكە زۆر موهیمە، زۆر لە بەڕێزان ئیشارەتیان پێی كردووە، زۆر لەبەڕێزان برووسكەی قائیمقامی شەقڵاوەش هاتووە، هەر بۆ ئاگاداریتان كە گرنگی پێ بدەن، پارەی تەخسیس بۆ ئەكەین، ئێستا نەك بچین ئەو چی بكات و ئەوەی تر چی بكات؟، تكایە وەرەوە سەر بابەتەكە، فەرموو.

**بەڕێز شێردڵ تحسین محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

خاڵی یەكەم/ پشتگیری لە گەشتوگوزار دەكەم كە بانكێك دابندرێت بۆ پشتگیری كردن لە كشتوكاڵ، خاڵی دووەم/ پشتیوانی كردن لەوەرزش و ئەو جێگایانەی كە ماون تەعمیر بكرێتەوەو نۆژەنبكرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك احمد فەرموو.

**بەڕێز د.احمد ابراهیم علی(وەرتی):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەبارەت بە بڕگەكانی ئەو ماددەیە دیارە زۆربەی ئەو بڕگانە لە ماددەكانی پێشوو تر قسەمان لەسەری كردووە، بەڵام سەبارەت بە سولفەی عەقار ئەوەی كە بەڕێز دبشیر ئاماژەی پێیدا بۆ زەوی سەد مەتری، بۆ چارەسەركردنی ئەوە من پێشنیار دەكەم كە لە شوێنێك دا ئاماژەی پێ بكرێت، ئەو زەوی سەد مەتریانە كە دابەشی دوو كەس دەكرێن، دوو ماڵ دەكرێت، بۆ ئەوەی كە هەردوو لا بتوانن لەو سولفەیە سوودمەند بن بە جیا بتوانن ئەو سولفەیە وەربگرن، ئەوە كێشەیەكە بەڕاستی هاووڵاتیەكی زۆر داوای چارەسەركردنی ئەو مەسەلەیە دەكات، هەروەها سەبارەت بە پێدانی سولفەی عەقار، ئەوزەویانەی دەرەوەی شار كە ئەوان تا ئێستا نایانگرێتەوە، ئەوانیش بگرێتەوە، ئەو زەویانەی كە كەوتوونەتە سنووری ماستەرپلانی تا ئێستا تاپۆیان نیە، ئەوانیش بتوانن سوودمەند بن لەو سلفەیە، تا ئێستا بەو شێوەیە سولفەی عەقار دەدرێت كە شارەكان دەبێ تاپۆیان هەبێ، گوندەكانیش بە بێ تاپۆ پێیان دەدرێت، بەڵام هیچ بڕیارێك دەرنەچووە بۆ ئەو خانووە، یان ئەو زەوی یانەی كە تاپۆیان نیە، لە سنووری ماستەر پلانی شارەكان دان و تاپۆ نەكراون، لەسەر گوندیش حیساب نین، یەعنی نە لەسەر شار حیسابن، نە لەسەر گوندیش حیسابن، بۆیە ناتوانن سوودمەند بن لەو سولفەی عەقارە، بۆیە پێویستە ئەوانەش سولفە بیانگرێتەوە، بە پێی زەوابتێك كە دابنرێت، سەبارەت بە سندووقی نیشتەجێ كردن، بەڕاستی منیش لەگەڵ ئەوەدام كە تا ئێستا ناحیە و

گوند و لادێ کان کەمتر سوودمەند بوونە لە سندووقی نیشتەجێ کردن، بۆیە پێویستە زیاتر گرنگی بە لادێکان بدرێت، بۆ ئەوەی کە پرۆسەی ئاوەدان کردنەوە بەردەوام بێت، من پێموایە سولفەی عەقار کە دەدرێت بە هاولاتیان، زیاتر عەمەلی ترە لەوەی کە ئەو سندووقی نیشتەجێ کردنە کە هاولاتی زیاتر دەتوانێ خۆی خانوو بۆ خۆی دابین بکات، وەختێ کە ئەو سولفەی عەقارە وەردەگرێ، بۆیە من پێشنیار دەکەم لەو (150) ملیارەی کە لێرە دیاری کراوە بۆ سندووقی ئیسکان (50) ملیاری کەم بکرێتەوە، بخرێتە سەر سولفەی عەقار کە بە هاوولاتیان دەدرێ، بۆ ئەوەی هاولاتیان سوودمەند بن زیاتر، لەبەر ئەوە ئەمە عەمەلی ترە، سەبارەت بە ئاوارە گەڕاوەکانی ئێران کە هەندێك لە هاوکارانم ئاماژەیان پێدا، زۆربەیان کە هاتوونەتەوە ناونووس کراون لە کاتی خۆی دا وەعدیان پێدراوە زەویان پێ بدرێ، یان کۆمەکی ماددی بکرێن، بەلام تا ئێستا نەکراون، تا ئێستا بە سەدان خێزان چاوەڕوانی ئەوەن کە حکومەت لایان لێ بکاتەوە، ئەگەر لێرەش نەبێ پێم باشە، پێشنیار دەکەم بە ماددەیەکی ئیزافی ئاماژە بکرێت یان لە تەوصیات حکومەت مولزەم بکرێت بە چارەسەر کردنی مەسەلەی ئاوارە گەڕاوەکانی ئێران، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێز حمە سعید حمە علی، فەرموو.

**بەڕێز حمە سعید حمە علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە ئەو ماددەیە ئێمە وەك لێژنەی ئاوەدانکردنەوە پەیوەندی زۆری بە ئێمەوە هەیە، بۆیە پێم خۆشە جەنابی وەزیر لەبەر ئەوەی خەڵکی پەیوەندیمان پێوە دەکەن، هەندێ جاریش سەردانمان دەکەن، دابین کردنی پێشینەی خانووبەرە پێموایە بڕەکە دیاری بکرێ، چونکە پار لە ماددەی (19)دا دیاری کردووە بە (90) ملیار، ئەمساڵ بڕەکە دیاری نەکراوە، ئایا بڕەکە چەند دەبێت؟ پێم باشە بڕەکە زیاد بێت، خاڵێکی تر، پار سوودەکەمان لابرد، ئەمساڵ تەئمینی حەیاتمان لابرد، لەبەر ئەوە پشتگیری ئەو پێشنیارەی لێژنەی یاسایی دەکەم بە ئیزافە کردنی (مع إعفاء تأمين الحياة و الفائدة)، بۆ ئەوەی چونکە فائیدەکە بەس بۆ پار بوو، خاڵێکی تر بەڕاستی پشتگیری ئەو پێشنیارەی ناسکە خان دەکەم، گرفتێکی زۆری دروست کردووە بۆ هاوولاتیان، کە بەداخەوە لە مەسەلەی نەبوونی تاپۆ، ئیفرازی زەوی لە مەسەلەی (100) مەتری، لە مەسەلەی سەهم، هەندێ کەس سەهمیان هەیە شموولیان ناکات، بۆیە ئێمە تەعلیماتەکان قورسن، شموولی گوندەکانیش ناکات، داواکارم جەنابی وەزیری دارایی بە تەعلیماتێك مەسەلەی 100 مەتری و مەسەلەی سەهم کە (250) مەتر دوو سەهمە، شموولیان بکات، مەسەلەی کاتێ کە ئیجازەی بینای ببێت، پێموایە کە زەوی ئیفراز بوو، بەلەدیە ئیجازەی بینای پێ دا، ئایا چارەسەر دەبێ بە بێ تاپۆ ئەو عەقارەی بدرێتێ؟ یان مەسەلەی تاپۆ، خاڵێکی تر هەر لەم بابە (75) وەرەقەی لادێکان، گوندەکان، کە ئەوە کار ئاسانییەکە

پارەکە ئەمساڵیش بەردەوام دەبین لەسەری، پار پێموایە جێبەجێ نەکراوە، یان زۆر کەمی جێبەجێ کراوە، کە ئەوە پێویست بەوە دەکات، تەعلیماتەکان زۆر قورس بووە بۆ گوند نشینەکان، گوند نشینەکان کەم سوودمەند بوون لێی، دیسان ئەو مەسەلەی ئاوارەی ئێرانیش لێرە بۆ ئەوەی سوودمەند بن لەو مەسەلەیە، بە نیسبەت بڕی پشتیوانی کردن لە کەرتی کشتوکاڵ، بانکی پیشەسازی بڕەکان دیاری نەکراوە، بانکی پیشەسازی پار (30) ملیار بوو، هیچی لێ صەرف نەکراوە، ئایا ئەوە دەبێ بە مودەوەر؟ چەندی دەمێنێتەوە؟ چۆن تەصفیەی حیسابەکە دەکرێ؟ دیاری کردنی بڕی کەرتی کشتوکاڵ بڕە گشتی یەکەی، بڕی گشتیش بە بێ تەعینی مەبلەغ ماوەتەوە، مەسەلەی سندووقی نیشتەجێ بوون بەڕێزان بەڕاستی ئێمە لە لێژنەی ئاوەدانی هەموو برادەران ئەندامانی لێژنە دەزانن، جارێ سەرەتا ئەو (150) ملیارە ئێمە لەگەڵ دەستەی وەبەرهێنان حەز دەکەم ئەوە بزانن دانیشتین وەکو لێژنەی ئاوەدانکردنەوە چوار جار، باسی صەرفی (200) ملیارەکەی پارمان لەگەڵ دا کردن، بە شێوەیەکی باش خشتەکەیان پێشکەش کردین، کە چۆن صەرفیان کردووە، چەند بۆ محافەزەی دهۆك، چەندی بۆ سلێمانی، بۆ گەرمیان، بۆ هەولێر چۆن صەرف کراوە، ئەوە ئێمە ڕاپۆرتیشمان بەرز کردۆتەوە، ئەم (150) ملیارە، ئەوان بە حیسابات ئیلتیزاماتیان هەیە، یەعنی ئیجازەی هەندێ وەحداتی سەکەنییان داوە، بە ئیجازەکە دەبێ ئەو (150) ملیارەیان بۆ صەرف بکرێ، بەڵام لێرە ئیشکالەکە لە چەند ڕوویەکە، ڕووی یەکەم/ ئێمە پێمان وایە ئەو میکانیزمی کۆمپانیایانە بەڕاستی سوودی بۆ هاووڵاتیان نیە، ئەگەر سەیر بکەی خانوویەك (5) دەفتەر، (50) هەزار دۆلار دەسێنن، پێموایە ئێمە وەکو لێژنەی ئاوەدانکردنەوە، ئەو کۆبوونەوانەی لەگەڵ دەستەی وەبەرهێنان و فەرعەکانی دانیشین لەگەڵ پارێزگاکانیش دانیشین، ئەو خانووانە نزیکەی (3) دەفتەر تا (3) دەفتەر و نیوی تێ دەچێت، دەفتەر و نیوێ تا (2) دەفتەری ریبحە، ئەو فیکرەیە، ئەو مەسەلەی کۆمپانیای وەبەرهێنان و یەکەی نیشتەجێ، ئەوە شتێکی تیجاری یە، کێشەی نیشتەجێ بوون و کێشەی هاووڵاتیان چارەسەر ناکات، بۆیە ئێمە داواکارین یەکەم/ میکانیزمەکە بگۆڕدرێ، قسەشمان لەگەڵ ئەوان کردووە کە بە حسێبی خشتە بێ، کەمیات بێ، جەداول و سعرەکان دابین بکرێ، یان بەڕاستی من پشتگیری لەوە دەکەم، پرۆژە بڕیارێکیشمان لەلایە لێژنەی ئاودانکردنەوە بەرزی کردۆتەوە کە وەحدەی سەکەنی بۆ فەرمانبەر و خەڵکی کەم دەرامەت و خەڵکی هەژار، کە ئەگەر ئەوە بەدیلی یان یاسای ژمارە (7)ی ساڵی (2008) جێبەجێ بکرێ، یان ئەو پرۆژە بڕیارەی ئێمە ببێ بە بڕیار و ببێتە بەدیلی ئەوە جێبەجێ بکرێ، پێموایە ئەو مەسەلەی سندووقی نیشتەجێ بوونە ئەگەر چارەسەرێك نەکرێ بە تەعدیلی یاسای وەبەرهێنان، بە تەعدیلی تەعلیماتەکەی و جێبەجێ کردن و کارا کردنی یاسای ژمارە (7)ی ساڵی 2008، یان ئەو پرۆژە بڕیارەی ئێمە، ئەگینا چارەسەری ناکات، بە نیسبەت بڕی (25) ملیار منیش پێموایە (25) ملیار بۆ سندووقی نیشتەجێ بوون کەمە، باسی بواری سیاحی دەکرێ گەشت و گوزار، منیش تەسنیەی دەکەم، پشتگیری ئەو ڕایە دەکەم، ئەو پێشنیارە دەکەم، ئێمە لە مەصاریفی ئوخرا (69) ملیار دانراوە بە ئیحتیات، ئەگەر بێت و چارەسەری ئەو سیاحی یە و لەگەڵ ئەوپرۆژەی گەنجان بچووکە، بەو (69) ملیارە

بكرێ، كەوا ئەوە ئیحتیاتە و هەیە، ئەوە شتێكی باشە، بە نیسبەت سولفەی زەواجیشەوە، ئەوە بڕیارمان دا ببێ بە پێنج ملیۆن، بەڵام بڕە گشتی یەكەی دیاری نەكرا، ئایا مەفتوحە؟ حكومەت چەندێك صەرف دەكات؟ یان بڕێكی بۆ دیاری بكرێ، سوپاستان دەكەم.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، بەڕێز بەفرین حسین خەلیفە.

**بەڕێز بەفرین حسین خلیفە:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دیارە بەشێك لە قسەكانم لەلایەن بەڕێزان و بە تایبەت كاك دلێر و محمد شارەزووریەوە كرا، سەبارەت بەو بڕە پارەیەی بەو (7500) دۆلارەی كە قەرار بوو بە گوندەكان بدرێ، مینحە، هەروەها سەبارەت بە پێشمەرگەش، من دووبارەیان ناكەمەوە، بەڵام خاڵێكی تر بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان، ئەو بڕە پارەی كە بۆ سندووقی ئیسكان دابین كراوە، كە (149) ملیارە، من پێموایە ئەوانە لە توانای كەسانی داهات نزم و سنووردار دا نیە، كە بتوانێ ئیستیفادە لەو سندووقە بكات، بەڵكە بۆ كەسانی خاوەن داهات بەرزە، لە توانای دا هەبێ ئیستیفادە و بەهرەمەند بێ لەم سندووقە، بۆیە من پێم باشە ئەو بەڕێزانەی كە پێشتریش باسیان كرد، پشتگیریان دەكەم، كە بەشێكی دیاری كراوە لەم ڕێژەیەی كە دابین كراوە بۆ سندووقی نیشتەجێ بوون كە (149) ملیار دینارە بتوانرێ ئیستیفادەی لێ بكرێ بۆ جێ كردنەوەی یاسای ژمارە (7)ی ساڵی 2008، بۆ دابین كردنی خانووی نیشتەجێ بوون بۆ ئەو كەسانەی كە خاوەن داهاتێكی سنووردارن، خاوەن داهاتێكی نزمن، لە توانایان دا نیە كەوا بەشداری بكەن لە سندووقی نیشتەجێ بوون، بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان ئەخیر قسەم، پرسیارێكە بۆ بەڕێز وەزیری دارایی، دیارە ئێمە لە بودجەی پارساڵ گوژمەی (90) ملیارمان دابین كرد بۆ سولفەی عەقار، بەڕێزیشیان لە دارشتنەكانی ڕابردوو ئاماژەی بەوە كرد كە (10) ئەوەندەیان صەرف كردووە لەوە، ئایا ئەم ساڵیش هەمان بڕ و ڕێژەیە؟ یان ڕێژەیەكی ترە؟ چ بۆ سولفەی عەقار، چ بۆ سولفەی زەواج، مەبلەغەكە دیاری دەكرێت لە ناو یاساكە؟ یان ئەوە گوژمەیەكی ترە ئەوەی كۆی گشتی یەكەی؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، بەڕێز بیلال سلیمان.

**بەڕێز أحمد سلیمان (بلال):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

خۆشبەختانە زۆربەی قسەكانی من كرا، ئەگەر منیش تەئكید لەسەریان بكەمەوە جارێكی تر، سەبارەت بە پێشینەی خانوو و بەرە، سولفەی عەقار بە تایبەت بۆ لادێكان، ئەوەی كە گرفتێكی زۆر گەورەی بۆ لادێكان دروست كردووە، ئەویش ئەوەیە ئەو شەرت و مەرجانەی كە بۆی دیاری كراوە، هاووڵاتیانی لادێكان زۆر كەم دەتوانن سوودمەند بن، بە تایبەتیش ئەو كەفیلەی كە دیاری كراوە، لە لادێكان عادەت وایە كەمتر

خەڵك موەزەفی حکومەتە، ئەوە وای کردووە کە خەڵکی لادێکان نەتوانن کەفیل پەیدا بکەن، یان ئەو کەفیلەی کە داوای لێ کراوە بڕە پارەی مووچە ئیسمیەکەی زۆرە، ئەگەر بکرێ کارئاسانی بکرێ لە ڕێنماییەکان، بەتایبەت لە کەفیل دان بۆ لادێکان، بڕی (7500) دۆلارەکەش، بەڕاستی ئەوە چەند بەڕێزێکیش باسی کرد، داوا لە جەنابی وەزیر دەکەین کە ڕوونکردنەوەمان بداتێ، بزانین ئایا ئەو (7500)ە صەرف دەکرێ لەمەودوا؟ یان ئەگەر صەرف ناکرێ، بۆ؟ سەبارەت هەر دیسان بە سولفەی عەقار بە تایبەت ئەو ناوچانەی کە کەوتوونەتە چوارچێوەی ماستەر پلانەوە، ئەگەر بە نموونە بێنین وەکو گوندی حەسارۆك لە هەولێر، سێ بەردان، قەلات، چەند شوێنێکی تریش، بەڕەسمی لەلایەن وەزارەتی شارەوانی یەوە زەویان بۆ دیاری کراوە، بەلام تا ئێستا تاپۆ نەکراون ئەو شوێنانە، گرفتەکە لەوەیە کە وەزارەتی شارەوانی ناتوانێ بە ئاسانی هەموو ئەو شار و شارۆچکانەی کە تاپۆ نین، تاپۆ بکات، لەبەر ئەوە ئەو شوێنانەش کە خەڵکی زۆر فەقیر نشینی تێدایە، بۆیە داوا دەکەم کە ئەو شوێنانە ئیستیسنا بکرێن لەوەی کە تا ئێستا نە گوندن، نە شارن، حیسابیان بۆ بکرێ وەکو گوند، یان وەکو ئەوەی وەزارەتی شارەوانی بڕیاری داوە کە زەوی یەکانی بۆ دیاری کراوە سولفەی عەقار بیانگرێتەوە، بتوانن سوودمەند بن لە سولفەی عەقار، دیارە موڵکی سەد مەتریش کە باس کرا، ئەوەش دیسان گرفتێکە، بەڕاستی ئەوە ئەگەرچی ئیشکالی هەیە، بۆ نموونە ئەگەر لە شارەکان باس لە مولکی سەد مەتری بکرێت سولفەیان پێ بدرێت، دیارە وەزارەتی شارەوانی کە ئێمە قسەمان لەگەڵ کردوون، دەڵێ/ ئێمە موشکیلەیەکمان هەیە، ئێمە کە گەڕەکێك دیاری دەکەین، بۆ نموونە (300) ماڵە، ئێمە بە قەدەر ئەو (300) ماڵە حیسابی خەستەخانە و مەدرەسە و هەموو شتەکانی خزمەتگوزارییەکان دەکەین، بەس ئەوە ببێتە (600)، بۆ ئێمەش گرفتە، بۆ هاووڵاتیانیش دەبێـە گرفت، لەبەر ئەوە من پێم باشە، هەر شوێنێك کە وەزارەتی شارەوانی ئیجازەی بینای دا، جا سەد مەترە یان زیاترە یان کەمترە، ئەوە سولفەی عەقار بیگرێتەوە، بەس ئەگەر وەزارەتی شاەوارنی ڕێگای پێ نەدا، ئەوە دیسان ئەو کاتە گرفت بۆ هاووڵاتیانیش دروست دەبێت، بۆیە باشتر وایە کە هە رکەسێك توانی لەلایەن وەزارەتی شارەوانی یەوە ئیجازەی بینای وەرگرت، سولفەی عەقار بیگرێتەوە، دیسان کۆمەڵێك ئۆردوگای زۆرە ملێ هەیە، کە پێشتر لەلایەن ڕژێمی تاغووتیەوە خەڵکێکی بۆ براوە، دواتر ئەو شوێنانە یان تێکدراوە، یان گرفتیان بۆ دروست بووە، بە تایبەت بۆ نموونە لە سنووری پشدەر چەند ئۆردوگایەکی زۆرە ملێ هەیە، ئەو ئۆردوگانە ئێستا خەڵکەکە چوون لە شوێنەکەی خۆیان دووبارە ئاوەدانیان کردۆتەوە، بەلام سولفەی عەقار نایانگرێتەوە، چونکە نە لەسەر حیسابی گوند حیسابن، نە لە شار حیسابن، تاپۆشیان نیە، داوا دەکەم ئەو شوێنانەش، چونکە بەڕاستی خەڵکی زۆر فەقیر و هەژارن، ئەو سولفە عەقارە بیانگرێتەوە، لەسەر سولفەی زەواجیش کە خۆشبەختانە بوو بە پێنج ملیۆن، بەس یەك گرفتێکمان هەیە نە لە یاساکەدا جێی کراوەتەوە، نە لە ئەو ڕێنماییانەی کە لە وەزارەت دیاری کردووە، نایانگرێتەوە، ئەو پیاوانەی کە ژنیان تەلاق داوە، پێشتریش سوودمەند نەببوون، ئێستا ژنی تازەیان هێناوە، یەعنی هاوسەری تازەیان هێناوە، ئەوانە ناتوانن ئیستیفادە لەو سولفەیە بکەن، داوا دەکەم ئەو سولفەیە

ئەوانیش بگرێتەوە، وەکو پێشنیارێك، سەبارەت بە سندووقی ئیسکان، بەڕاستی پێمباشە سندووقی ئیسکان بڕی (49) ملیاری لێ کەم بکرێتەوە، چونکە بەڕاستی کەمتر خەڵك توانیویەتی ئیستیفادەی لێ بکات، وەکو تەجروبە ئێمە بینیومانە، بۆ چەند شوێنێکی تر سەرف بکرێ کە زیاتر شوێنەکانیان بۆ دیاری دەکەن، سەبارەت بە سندووقی ئیسکانیش، دیسان داوا دەکەم فیعلەن ئەوە سندووق بێ، نەك پارەکە بە دوو جۆر بڕوا، ئێستاکە ئەوەی لە بەشی سلێمانی پارەکە دێتەوە بۆ سندووقەکە، ئەو پارەی کە وەردەگیرێتەوە لە هاووڵاتیان دێتەوە سندووقەکە، بەس لە سنووری هەولێر و دهۆك پارەکە نایێتەوە سندووق، بەڵکو دەچێت بۆ بابڵێین وەزارەتی دارایی، با هەردووکیان بێتەوە یەك شوێن کە ئەویش سندووقەکەیە، چونکە دەبێ ئێمە حیساب لەسەر ئەوە بکەین، وەکو ئەوەی کە خۆم لەگەڵ بەڕێز کاك هێرش موحەرەم قسەم کردووە، ئەویش ئەو گرفتەی هەیە، باس لەوە دەکات کە دیوانی چاودێری داراییش نەیتوانی وەکو پێویست چاودێریان بکات، ئەو خۆی داوا دەکات کە دیوانی چاودێری دارایی جیددی تر بێت و چاودێری چاتریان بکات، چونکە دیارە ئەو پارەی کە لە سندووق هەیانە، لەگەڵ ئەو پارەی کە صەرفیان کردووە، بکاتە کۆی ئەو پارەی کە بۆیان دیاری کراوە، بەس ئێستا ئەو پارەیە وا ناکات، ئەوە سەبارەت بەو پارەی بۆ پاڵپشتی سندووقی زراعی و سندووقی سناعی کە دیاری کراوە، هاووڵاتیان کە پەیوەندیان بە ئێمەوە کردووە، داوا دەکەن کە ئەم گەڕانەوەی بڕە پارەیە لە چوار ساڵەوە بۆیان بکرێ بە شەش ساڵ، لەبەر ئەوە پێیان وایە بە چوار ساڵ ناتوانن ئەو پارەیە وەکو پێویست بگەڕێننەوە، بۆیان سەختە جگە لەوە دیارە لە ساڵی یەکەم کە حیسابیان بۆ نەکرێ، من پێشنیار دەکەم کە هەموو زیادەیەك، یان هەموو سوودێك، یان ریبایەك، چی پێ دەوترێ؟ ڕیبایەك کە هەموو ئەو هاوکارییانە هەیە لابچێ، چونکە ئێمە کە دەمانەوێ هاوکاری ئەو کەرتانە بکەین، خەڵکێك هەیە ناتوانێ ئیستیفادەی لێ بکات، لەبەر ئەوەی سوودی دێتە سەر، هەم نابێتە پشتیوانی ئەو کاتە، لەلایەکی ترەوە گرفتێکی شەرعی بۆ دروست دەبێت، چونکە جائیز نیە وەرگرتنی ئەو پارەیە لەو کاتەدا، من پشتیوانی لەو ڕایە دەکەم کە چەند بەڕێزێك باسی کرد لە مەسەلەی پاڵپشتی کردن لە کەرتی گەشت و گوزار، من پێمباشە کەرتی شوێنەواریشی بێتە سەر، چونکە ئێمە هاندانی کەرتی شوێنەوار بۆ ئێمە شتێکی گرنگە، چونکە هاووڵاتیانی خۆمان هان بدەین کە لە شوێنەواریش کار بکەن، بۆ ئەوەی شوێنەواریش سەروەت و سامانێکی گەورەیە بۆ ئێمە، سەبارەت بە قەرەبوو کردنەوەی ئاوارەکانیش، دیارە من پشتیوانی لەو ڕایەش دەکەم، کە بەڕاستی مەبلەغێك دیاری بکرێ بۆ قەربوو کردنەوەی ئاوارەکان بە شێوەیەکی گشتی، هەموو ئاوارەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستان، دەرەوەی عیراق بە گشتی نەك هەر هەرێم، پێشنیار دەکەم کە هاوکاری بۆ چاودێری منداڵانی نەخۆش و ئیفلیج بەتایبەتی، بڕێك هاوکاری بکرێ بۆ هەموو ئەو منداڵانەی کە ئیفلیجن، یان منداڵی چاودێرین، منداڵان بە شێوەیەکی گشتیش دیسان، دیاری کردنی بڕیك پارە بۆ پاڵپشتی نەخۆش و کەم دەرامەتەکان بە گشتی، چونکە کۆمەڵێ خەڵکی نەخۆشمان هەیە کە دەرامەتیان نیە، ناتوانن چارەسەری خۆیان بکەن، بۆیە داوا دەکەم کە بڕێك پارە لەم (49) ملیارە دیاری بکرێ بۆ ئەم کەرتە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێز گوڵێزار قادر فەرمووو.

**بەڕێز گوڵێزار قادر اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی (15) لە بڕگەی (1) پشتگیری دەكەم لە خاڵی (1) و (2) و (3)، بڕگەی چوار پشتگیری لەو ڕایە دەكەم كە لابچێ، چونكە لە شوێنێكی تر سابت بووە، لە بڕگەی (3) پشتگیری دەكەم لە قەرزی بچووك و دەرفەتی كار بۆ گەنجان، بەڵام من داوا دەكەم ئەم قەرزە وەكو بەخشین پێیان بدرێ، بۆ گەنجانی خۆمان، پێشنیار دەكەم كە ئەوانەی موڵكە تا ئێستا موعامەلاتی سولفەی عەقاریان كردووە، بەڵام ئیشەكەیان ڕاوەستاوە، ئەوانیش بیست ملیۆنەكە وەربگرن و ئەو بڕیارە بیانگرێتەوە و سوودمەند ببن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، بەڕێز خلیل عوسمان.

**بەڕێز خلیل عثمان حمد امین رسول:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

وەڵڵا لەبەر ئەوەی ئەو ماددەیە پەیوەندی زۆری بە لێژنەكەی ئێمەوە هەیە، تكا دەكەم كاتی زیاترمان بدرێتێ، تا ڕاددەیەكیش بۆچوونەكانمان بە نەزەری ئیعتیبار وەربگیرێ، سەبارەت بە بڕگەی یەكەم لەسەر پێشینەی خانوو و بەرە، من دووبارەی دەكەمەوە، ئەوەی كە ناكرێ ئێمە كێشەی نیشتەجێ بوونمان هەبێت و ڕێگری بكەین لەوەی كە خانووی سەد مەتری دروست نەكرێ، كە ئەوە كێشەیەكی گەورەی هاووڵاتیانە، ئێمە دانیشتووین لەو پەرلەمانە بۆ گەیاندنی كێشەی هاووڵاتیان، بۆیە من داواكارم لە وەزارەتی شارەوانی و گەشت و گوزار چاوێك بەو ڕێنماییانەدا بخشێنێتەوە، بۆ ئەوەی زۆرترین هاووڵاتیانی كەم دەرامەت سوودمەند بن لەو پێشینەی خانوو و بەرە، سەبارەت بە بڕگەی دووەم، قەرزی كشتوكاڵ، دیارە من دەستخۆشی دەكەم كە هەم بڕەكەی زیاد كرا، هەم قەرزێك بووە بۆ بووژانەوەی كشتوكاڵ، كە ژێرخانی ئابووری گرنگە لە هەرێمی كوردستان دابندرێ، بەڵام ئەوەی كە پێشبینی دەكرێ دووبارە كێشەكە لە ڕێنماییەكانە كە من پێموایە بە گوێرەی ئەو ڕێنماییانەی كە قەرزەكەی پێ دەدرێ، ئەوەی دەبێ جووتیارەكان دوای ساڵێك دەست بە دانەوەی قەرزەكە بكەن، كە من پێموایە ئەوەش تا ڕاددەیەك ئەگەر بۆ جوتیارێك بیەوێ كاری ئاژەڵداری یاخود باغداری بەم قەرزە بكات، پێموانیە دوای ساڵێك لە بەرهەمەكەی بخوات، بۆیە داوا دەكەم كە تەمەنی وەرگرتنەوەی قەرزەكە درێژ بكرێتەوە، بكرێتە دوای دوو ساڵ لە قەرزەكە وەربگیرێتەوە، بۆ ئەوەی هاووڵاتی بتوانێ كە لە بەرهەمەكەی سوودمەند بوو ئینجا قەرزەكە بگێڕێتەوە، سەبارەت بە بڕگەی چوار كە (150) ملیار دینار دانراوە بۆ سندووقی نیشتەجێ بوون، بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان، دیارە وەكو برای بەڕێزم كاك حەمە سعید ئاماژەی پێ كرد، ئێمە وەكو لێژنەی ئاوەدانكردنەوە چەند جارێك لەگەڵ دەستەی وەبەرهێنان دانیشتووین كە ئەوانیش بەڕاستی كێشەی

خۆیان هەیە، قسەی خۆیان هەیە، پێویستە لێرە باسی بکەین، باس لە کەم کردنەوەی کرا، یەکەم شت ئەم (150) ملیارە کە ئەو (149) ملیارە کە لێرە دیاری کراوە، بەڕاستی دەستەی وەبەرهێنان ئیلتیزامی پێشوو تری هەیە، لە گرێبەستەکانی کە پێشووتر ئەنجام دراون، بۆ ئەوەی ئەو ئیلتیزاماتە جێبەجێ بکات، پێویستە ئەو پارەیە وەکو خۆی بمێنێتەوە، هەروەکو خۆیان دەڵێن،ساڵی پارەکە (70) ملیاری بۆ سولفەی گوندەکان چووە، (140) ملیاری هەر دراوەتەوە بە پێشینەی خانوو و بەرە، کە ئەوە دووبارە کێشەی بۆ دروست کردن، کێشەیەکی تریشیان هەیە کە ئەو دووبارە ئەو پارەیە تەدویر نابێتەوە بەڕاستی، کە من هیوادارم ئەو پارەیە دووبارە تەدویر بکرێتەوە، نەچێتەوە سەر حیسابی وەزارەتی دارایی، بەڵکو بچێتەوە سەر سندووقەکە، بۆ ئەوەی دووبارە بدرێتەوە بە سولفە، بۆ ئەوەی هاووڵاتیان لێی سوودمەند بن، خاڵێکی تر کە هەر سەبارەت بەوەیە، ئەویش ئەو (7500) دۆلارەی کە دەدرا بە گوندەکان، من پێموایە ئەوە بەشدارییەکی باشی لە ئاوەدانکردنەوەی گوندەکان کرد، بە تایبەتی بۆ خەڵکی هەژار و کەم دەرامەت، کە توانای دروست کردنی خانوویان نیە، کە من هیوادارم ئەو بڕیارە وەکو خۆی بمێنێتەوە، بە بڕگەیەکی یاسایی صەریح لێرەدا دیاری بکرێ کە ئەم بڕە پارەیە بەڕاستی دەبێ پێدانی بەردەوام بێ، هەموو لایەکیش مولەتەزیم بن پێوەی، خالێکی تر هەر سەبارەت بە سندووقی نیشتەجێ بوون، دیارە ئێمە هەموومان کۆکین، هەم ئێمە و هەم دەستەی وەبەرهێنان، ئەو یەکە نیشتەجێ بوونانە کە دەکرێ، ئەو گرێبەستانەی کە دەکرێ لە ڕابردوودا کراون، بەڕاستی لە خزمەتی خەڵکی هەژار و کەم دەرامەت نیە، بۆیە ئێستا لە بەرنامەدایە، هەم ئێمە و هەم دەستەی وەبەرهێنان کە زنجیرەیەك کۆبوونەوە بکەین، هەم بۆ هەموارکردنی یاسای وەبەرهێنان، هەم بۆ دابەزاندنی نرخی یەکەی نیشتەجێ بوون بە شێوەیەك بێت کە هەم (quality)یەکەی باش بێت، هەم زۆرترین خەڵکی هەژار و کەم دەرامەت بتوانێ لەو یەکانە سوودمەند بن، چونکە ئێمە هەموو دەزانین ئەو یەکانەی کە ئێستاکە دەکرێن بەڕاستی خەڵك لێی سوودمەند نیە، بۆیە هەوڵێکی لەو جۆرە هەیە کە تکا دەکەم ڕێگری لێ نەکرێ، تەشجیعی ئەوەی بکەین کە ئێمە لە ڕێگەی سندووقی نیشتەجێ بوونەوە بتوانین نرخی یەکەی نیشتەجێ بوون دابگرین، بەهاوکاری لەگەڵ دەستەی وەبەرهێنان، بۆیە هیوادارم کە ئەو بڕە پارەیە کەم نەکرێتەوە، بەڵکو تەشجیعی ئەو بوارە بکرێ، بۆ ئەوەی زیاتر هاووڵاتیانی کەم دەرامەت لێی سوودمەند ببن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

دەستخۆش، بەڕێز ئاسۆ کریم.

**بەڕێز بکر کریم (ئاسۆ):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە نیسبەت ئەو ماددەیە دیارە وەکو لەو ماددەیەدا دیارە، دوو ڕێگەمان هەیە بۆ کەم کردنەوەی قەیرانی نیشتەجێ بوون، یەکەمیان ئەوەیە کە لە بەڕگەی یەکەمی (1)دا هاتووە ئەوەیە کە حکومەت بەردەوام بێ، سولفەی خانوو و بەرە پێشکەش بکات، جێگەی دڵخۆشی یە کە بڕەکەی کە کراوەتە (20) ملیۆن دینار،

بەڕاستی ئەوە شتێکی زۆر زۆر باشە، ڕێگەیەکی زۆر زۆر پەسندە، ڕێگەی دووەم بەڕاستی لە دووەم دا هاتووە، کە باس لەو (149) ملیار دینارە دەکرێ، من پێم باشە بەڕاستی ئەوە بە پێی قانونی ژمارە (7)ی ساڵی 2008 کە تا ئێستا کاری پێ نەکراوە، خانوو و شوققەی پێ دروست بکرێ، ئەوەش بەڕاستی هەروەکو لە قانونەکەدا هاتووە، وەزارەتی ئاوەدان کردنەوە و نیشتەجێ بوون ئەو ئەرکە بگرێتە ئەستۆی خۆی، کە بەڕاستی من ئەوە بە کارێکی باش دەزانم، نەوەك بخرێتە بەردەست ناو سندووقی نیشتەجێ بوون، ئیتر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

دەستخۆش، بەڕێز پەروین.

**بەڕێز پەروین عبدالرحمن عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەرەتا من پشتگیری لە لیژنەی یاسایی دەکەم بە لابردنی بڕگەی چوارەم لەو ماددەیە، چونکە وا دیارە ئەو ماددەیە لە ماددەی سێیەم چارەسەر کراوە، هەروەها پشتگیری هاوەڵانم دەکەم بە دانانی بانقێکی تایبەت بە گەشت و گوزار، ئەوەش بۆ بووژاندنەوەی ئەو کەرتە، لەبەر ئەو شتە زۆر گرنگە لە هەرێمی کوردستانی ئێمەدا، هەروەها پشتگیری کاك محمد دەکەم بە زیاد کردنی ئەو پێشمەرگانەی کە ناکەونە ئەو لیوایانەی کە دروست دەکرێ، ئەوانیش چینێکی مەزلوومن لە کۆمەڵگەی ئێمەدا، کەچی ئەرکێکی گرنگیشیان پێ سپێردراوە، کەچی راتبێکی زۆر کەمیشیان هەیە کە ناتوانن ژیانیان پێ تەرتیب بکەن، هەروەها صەرف کردنی دەرماڵەی خێزان و منداڵی شەهید، صەرف کردنی تێچووی تەواوی قۆناغەکانی خوێندنی منداڵانی شەهید، سەبارەت بە کێشەی نیشتەجێ بوون، دیارە ئەو پارەی کە بۆ سندووقی نیشتەجێ بوون داندراوە، زیاتر ئەو کەسانە سوودمەند دەبن کە بڕە پارەیەکی باشیان هەیە، دەتوانن بەشدار بن لەو شتە، بەڵام ئەوانەی کە کەم دەرامەتن ناتوانن سوود لەم شتە ببینن، بۆیە من داواکارم کە کار بە یاسای ژمارە (7)ی (2008) بکرێ بۆ زیاتر خزمەتکردنی ئەو خەڵکانەی کە کەم دەرامەتن و ناتوانن ببنە خاوەن یەکەیەکی نیشتەجێ بوون، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

دەستخۆش، بەڕێز ڤیان عبدالرحیم.

**بەڕێز ڤیان عبدالرحیم عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بێگومان ئەو ماددەیە ئەهمیەت و گرنگیەکی تایبەتی خۆی هەیە، چونکە لەو ماددەیەدا کۆمەڵێك قەیرانی گرنگ باس کراوە لە هەرێمی کوردستان دا، ئەگەر بە هەر جۆرێ بێ بە ڕێکخستنی یاسا بێت، یاخود بە دابینکردنی پارە بێت، بتوانرێ تا ڕادەیەك ئەو قەیرانانەی کە هەیە لە بوارەکانی نیشتەجێ بوون و کشتوکاڵ و پیشەسازی و دابین کردنی سندووقی قەرزی بچووك بۆ گەنجان، بۆیە بە بڕوای من ئەگەر بێمە

سەر خاڵی یەکەم، کە ئەوە جگە لەوەی باس لە کەرتی کشتوکاڵی و پیشەسازی کراوە، جگە لەوەی کە ئەوە پارەکان دیاری نەکراون، واتا ئەو مەبلەغانە دیاری نەکراون تا بزانین ئێمە چەند دەتوانین بەو مەبلەغە پارە، ئەو دوو کەرتە بتوانین ببووژێنینەوە کە پار کەرتی کشتوکاڵی (50) ملیار و پیشەسازیش (30) ملیاری بۆ دابین کراوە، کەواتە ئێمە پێش ئەوەی هەر مەبلەغێك دیاری بکەین، گرنگە بەڕاستی بەرچاوڕوونیمان هەبێ لەسەر ئەوەی کە ئەوکەرتە، گرنگە بزانین جەدوا ئابوورییەکەی چەندە لە داهاتوودا، بەڵام ئەوە خۆی لە خۆیدا دەمانخاتە ژێر ئەو پرسیارەی کە دیاری نەکردنی ئەو مەبەلغانە، کەواتە ئەوە بۆ بووژاندنەوەی کەرتی کشتوکاڵ و پیشەسازی نیە، بەڵکو تەنها بۆ دەعمێکی پیشەسازی سادەیە، واتا چەند ئیشێکی پیشەسازی سادەی پێ دەکرێ، ناتوانرێ ژێرخانی ئابووری کە بەڕاستی کەرتی کشتوکاڵ و ئابووری کە ئەوە بنچینەیەکن لە هەر وڵاتێك دا ئەگەر بتەوێ ژێرخانی ئابووری پێ ببووژێنیتەوە، کەواتە لێرەدا بە بڕوای من ئەوە نابێتە هۆی بووژاندنەوەی ئەو ژێرخانەی کە ئێمە چاوەڕوانمان دەکرد، پاشان یەکێك لە تێبینیەکانی ترم، کە گرنگە ئێمە گرنگی پێ بدەین ئەوەیە، لە هەرێمی کوردستان دا، کە نزیکەی (200) کارگە هەیە لە هەرێمی کوردستان دا، کە ئەوانە داخراون، کە ئەگەر بێت و ئێمە بتوانین ئەو کارگانە بخەینەوە گەڕ، چەندین کێشە لە هەرێمی کوردستان دا ڕووبەرووی چارەسەر کردن دەبێت، کە لەوانەیە بێکاری چارەسەر بێت، هەم بەرووبوومی خۆماڵی زۆر دەبێت، هەم داهاتێکیش دەبێت بۆ هەرێمی کوردستان، بە نیسبەت ماددەی دووەم کە باس لە سندووقی نیشتەجێ بوون دەکات، بێگومان سندووقی نیشتەجێ بوون ئەهمیەت یان گرنگی لە دانانی پارە بۆ دابین کردنی خانووە بۆ هاووڵاتیان، بەڵام ئەوەی ئێمە دەیبینین ئەو پارەی کە لە سندووقی نیشتەجێ بوون کابین دەکرێت، ئەو پارەیە ژمارەیەکی زۆری خەڵك لە هەرێمی کوردستان دا ناتوانێ لێی سوودمەند بێ، چونکە ئێمە هاووڵاتیان چینێکی فەقیرمان هەیە لە هەرێمی کوردستان دا، کە ئەو پارەیە ئەگەر سندووقی نیشتەجێ بوون وەربگرێ زەرەرمەند دەبێت، ئەگەر وەریشی نەگرێ بە ڕوویەك لە ڕووەکانی تردا زەرەرمەند دەبێت، چونگە خەڵکانێکی زۆر هەیە لە هەرێمی کوردستان مووچە خۆر نین، خەڵکی سادەیە، بۆیە بە بڕوای من پێویستە ئەو یاسایە بتوانین تەفعیل بکرێ کە یاسای ژمارە (7)ی ساڵی (2008)ە کە حکومەت خۆی خانوو دروست بکات و لەسەر هاووڵاتیان دا بتوانێ دابەشی بکات، هەر لەسەر ئەو ماددەیە، ئەو (150) ملیارەی کە دانراوە بۆ سندووقی نیشتەجێ بوون، ئەگەر ئێمە سەیر بکەین بۆ ئەو ساڵ دانراوە ئەو (150) ملیارە، بەڵام ئێمە ئەوە (5) مانگ لە ساڵەکە ڕۆیی، ماوەیەکی کەم ماوەتەوە، کەواتە ئەوە دەبێتە هۆی دروست بوونی وەفر، بۆیە وەفریش ئەگەر تێبینی بکەین، وەفریش بریتی دەبێ لە (1٪) لە کورتهێنان لە میزانیە، بۆیە بە بڕوای من ئەو (150) ملیارە کە بۆ ئو سندووقە دابین کراوە، بتوانین بە جۆرێك لە جۆرەکان بخرێتە سەر سندووقی قەرزی بچووك بۆ پاڵپشتی کردنی گەنجان، یەکێك لە تێبینیەکانی ترم، بەڕاستی کە من چەندین جاری تر پرسیارم کردووە سەبارەت بە سندووقی، سندووقێك هەیە لە وەزارەتی شەهیدان کە ئەو سندووقە دادەمەزرێ بە ناوی یارمەتیدانی کەس و کاری شەهیدان و

قوربانیانی جینۆساید، كە ئامانجەكەشی ئەوەیە پشتگیری كەس و كاری شەهیدان بكات، پاشان یارمەتیان بدات بۆ بنیاتنانی پرۆژەكان، تا ئێستا نەزانراوە ئەو سندووقە دیار نیە، نە حیسابی خیتامی لە بودجەدا، لە هیچ شوێنێك نەزانراوە ئەو سندووقە چەند پارەی تیایە، ئەو پرۆژانەش چین كە بۆ كەس و كاری شەهیدان دەتوانن سوودمەند بن و پشتگیریان لێ بكرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، بەڕێز د.صباح.

**بەڕێز د.صباح محمد نجیب:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دەمەوێ باس لەوە بكەم كە بودجەی ساڵانەی هەرێمی كوردستان لە بەردیدی هاووڵاتیانە، حوكمی ئاوێنەیەك، یان بڵێین تابلۆیەكی هەیە كە هەموو كەس دەیەوێ خۆی تیا ببینێ، هەر هاووڵاتیەك لەهەر چین و توێژێكی كوردستان، چاوەڕوان دەكات كە لە بودجەی هەرێمی كوردستان، پێداویستی و نیازەكانی ئەویش ڕەچاو كرابێ، بۆیە من لەم دەرفەتەدا، سەبارەت بە ماددەی 16، ئەمەوێ تەئكید لەسەر ئەم خاڵانە بكەم، یەكەم، وەكو ژمارەیەك لە هاوكارانم تەئكیدیان لەسەر گرنگیدان بە كەرتی گەشت و گوزار و شوێنەوار بدەم، بەحوكمی ئەوەی ئێستا لە وڵاتان ئەمە بوارێكی زۆر گرنگە، بووە بە سنعەتێك كە ئەتوانێت دەرامەتێكی باش و گرنگیەكی باش بۆ پێگەی كوردستان دروست بكات، خاڵێكی تر كە تەئكیدی لەسەر دەكەم سەبارەت بە سولفەی خانوو بەرە، قەرزی خانووبەرە، ئەوەی جێگەی دەست خۆشیە بەڕاستی، داوا دەكەم وەزارەتی دارایی لەكاتی سەرف كردنیدا لەكاتی دانانی تەعلیمات بۆ ئەو سولفەیە، مرونەتێكی زیاتر ڕەچاو بكات، بۆ ئەوەی زۆرترین كەس لە دانیشتوانی هەرێمی كوردستان، لەوانەی كە كرێچین و كێشەی نیشتەجێبوونیان هەیە بگرێتەوە، بۆ هەموو گوندو دێهات و ئاوایییەكانیش بێت، هەموو كەسێك كە بەشێوەیەك لەشێوەكان پێویستی پێیەتی، سەبارەت بە تەحدید كردنی ئەو مەبلەغەی كەتەرخان دەكرێت بۆ كەرتی كشتوكاڵی یان بۆ كەرتی پیشەسازی، منیش لەگەڵ ئەوەدام كە تەحدید بكرێت، كاتێك كە پێشنیاری زیادەیەك دەكەی لە نەفەقات ئەبێ شوێنەكەی بۆ دیاری بكەی، من پێموایە وەزارەتی دارایی بۆخۆی ئەوەندە ئیختیساسی هەیە، وەكو عەرەب ئەڵێت (دع القوس لراميها)، یەعنی خۆیان باش ئەزانن ئەو مەوزوعە چۆن چارەسەر بكەن، برادەرانیش بەشێكیان باسی ئەوەیان كرد، كە چۆن ئەو تەخسیسات و ئیعتیماداتە بەڕاستی جێگەی بكرێتەوە، لەهەمان كاتدا تەئكید ئەكەمەوە لەسەر ئەوەی كە پشتیوانیەكی تەواو بكرێت لە ئاوارەكان، ئەوانەی كە لە ئێرانەوە دێنەوە، ماوەیەكی زۆر لە تەمەنیان لە ئاوارەیدا بەسەر بردووە، ئەوكەسانەی كە غەریبایەتیان چەشتبێ باشتر ئەزانن كە دەردی ئاوارەیی چۆنە، ئێستا كە دێنەوە بۆ ئامێزی نیشتیمان، بە چ چاوەڕوانیەكەوە دێنەوە؟، حكومەتی هەرێمی كوردستان جێگەی ئاواتی ئەوانە، هیوادارم تەخسیسی مەبلەغێكیان بۆ بكرێت لەم ماددەیەدا، لە هەمان كاتدا چین و توێژێكی تر هەیە كە ئەوانیش بە پەیوەندی كردن بە ئێمەوە، وەكو پەرلەمانتار، داواكارن

تەخسیسی مەبلەغیان بۆ بکرێت لەم ماددەیەدا، کە ڕەنگە هەندێجار لەبیرکرابێ، ڕەنگە لەناو عینوانە گشتیەکانیشا ناویان هەبێ، جێگەیان ببێتەوە، ئەوانە کە قوربانیانی شەڕی هەشت ساڵەی ئێران و عیراق بوون لەناوچە سنووریەکان، کەسیان لێ شەهید بووە، یا ئەو کەسانەی کە لە کۆڕەو شەهید بوون، یان لە ژێر سەرمای زستان ڕەق بوونەتەوە، تەخسیسی مەبلەغێکیان بۆ بکرێت، کە زۆر مایەی دڵخۆشی ودەست خۆشیە، هیوادارم هەموو لایەك سەرکەوتوو بن، خواتان لەگەڵ.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز صباح بیت الله کەرەمکە.

**بەڕێز صباح بیت الله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دەبارەی ماددەی 16، ئەوەلەن بە ڕەئیا من فەقەرە یەك، فەقەرە دوو، فەقەرە سێ، تڤیا مەبلەغ بهاتبا تەحدید کرن، چەندەو چەوا دێتە سەرف کرن؟، دەربارەی یەکەی نیشتەجێ بوونێ، ئەز پێشنیار دکەم کو وێ جارێ گرنگی پتر ڤەزاو ناحیا بێتەدان، بۆ هندێ پتر خەڵکەکێ فەقیرو هەژار تێدا سوودمەند بن، خاڵەکا دیکە من دڤێت باس بکەم، پشتەڤانیا ل پێشنیارا بەڕێزان محمد شارەزووری، فاضل بەشارەتی دکەم دەربارەی یارمەتییێ پێشمەرگەی، هێڤیدارم چارەسەریا دیماهییێ بۆ یارمەتییێ پێشمەرگەی بێتە دیتن، بەڕێز سەرۆکێ پەرلەمانی، دەربارەی ئاوارە، برای بەڕێز کاك قادر حەسەنی بەحسیا ئاوارەی کرد، ب ڕەئیا من ئاوارە دبنە سێ بەش، ئێك ئەو ئاوارێت کو چوینە ئیرانێ پشتی سالا 1975 ێ، ئەو ئاوارەی سالا 1988ێ پشتی ئەنفالا چوینە تورکیا، دیسا ل پشت دیماهیا سالا 1978 ێ ڕژێما فاشیا گۆڕ بەگۆڕ، نزیکەی 1400 گوندی وێران کرن، خەلکێ وان هاتە ڤە گواستن بۆ ناوەڕاستێ و ژێریا عیراقێ، تووشی کارەساتاو مەئساتا بوون، من پێباشە پشتی هنگێ هاتنە ئۆردوگایی و ئۆردوگایێ چێ کری، حیسابەك بۆ وان ئاوارە بێتە کرن، دەربارەی ئەوێ حەفت هەزارو پێنج سەد دۆلارەی کەهاتیە تەرخانکرن بۆ گوندیا، بەڕێز سەرۆکێ پەرلەمانی، ب ڕەئیا من گەلەك ئیجابی دناڤدا، ئێك هیجرەکا مەعاکس دێ ل باژێڕێ چێ بیت بۆ گوندا، دوو، گرنگی پتر دێتەدان ب کەرتێ کشتوکاڵی کەرتێ مەڕو ماڵاتی، بۆ نموونە ل سنورا مەنتەڤا ئاکرێ بەردەڕەش، نزیکەی 30، 40 سەدێ، مەڕو ماڵاتێت کوردستانی دوێرێ دایە، ڕۆژەکێ برادەرەکێ گۆت، گۆتی وەختێ خۆ ماست و ژاژی و پەنیرێ وێ مەنتیقێ هاتە تەسدیر کرن، بۆ هەمی عیراقێ، ڤێ گاڤێ مەئسات ئەوە خەڵکێ مەنتەقێ، ماست و ژاژی و پەنیرێ دکڕن، دیسان پشتەڤانی ل پێشنیارا نیشتیمان خانێ دکەم بۆ هندێ، ل ئەڤێ مادەی فەقەرەك بێتە دەست نیشان کرن، بۆ پشتەڤانییێ ل گەشت و گوزاری، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس بۆ جەنابت، بەڕێز پەیام احمد کەرەمکە.

**بەڕێز پەیام احمد محمدامین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە لە لایەن هاوکارانم زۆربەی قسەکانم کرا، دایمەن ئێمە شانسمان وایە ئەو ناوەڕاستە ئەبێ لە ئاخیرەوە بین، بۆ یەکەم مادده پێشینەی خانووبەرە، دیارە هاوکارانم زۆر باسیان کرد، کێشەی لادێکانمان هەیە، دانانی ئەو پێشینەیە بۆ گوندەکان، ئەگەر بەهەمان ڕێنمایی 2010 بێت، ئەوە هیچ کەسێك لە گوند نشینەکان سوودمەند نابن لەم بڕیارە، لەبەر ئەوەی داوای تاپۆ دەکرێت، کە تۆ داوای تاپۆت کرد، دیارە ئێمە شارمان هەیە تاپۆی نیە، هێشتا تاپۆکان تەواو نەبووە لە شارەکان، چ کات ئێمە دێینە باسی لادێکان دیارە ئەمە کێشەیەك دروست دەکات، کە ئەو قەرزەی کە باس دەکرێت لە عەقار، ئەوان هیچ سوودمەند نەبن لەوە، هەرچەندە باسی ئەو 75 وەرەقەیەش کراوە، کە وەکو مینحەیەك بدرێتە خەڵکی لادێکان، بەڵام تا ئێستا ئەوە نەدراوە، من نازانم هۆکەی چیە، چونکە ئێمە لێرە کە قەرارێك دەدرێت، یان کە وەعدێك دەدرێت بە هاووڵاتیان و بڵاو دەکرێتەوە، ئێمە ئیشێکی وا دەکەین بۆ ئەو خەڵکە، بەڵام دواتریش پاشگەز ئەبینەوە لەو قسانە، ئەوە بۆخۆی وابزانم شتێکی سلبیەو زۆر زۆر خراپە بۆ هەموان، هەر لەسەر هەمان خاڵ، ئەو لادێ نشینانە وەکو کاك بیلال باسی کرد داوای کەفیل دەکەن، چونکە زۆر کەسمان هەیە ئێمە، موەزەف نین داوای کەفالەت دەکەن، ئەو کەفیلانەش ئەبێ مەعاشەکە یان ئەو مووچەیە یان ڕاتبی ئیسمیان لە ئاستێکدا بێت کە بتوانن کەفالەتی ئەو شەخسە بکەن، بۆیە زۆر کەس هەیە، ڕاتبە ئیسمیەکەیان نەگەیشتۆتە ئەمە، بۆیە کەم کەس لێرە بەو کەفالەتە سوودمەند ئەبێ، ئەویش کێشەیەکە تکامان وایە کە وزارەتی دارایی ڕێنماییەك دەربکات بۆ ئەو مەبەستەش، دواتر خاڵی دوو، سێ دیارە وەکو هاوکارانم باسیان کرد، ئەو پارەیە دیاری نەکراوە، سێ ئەڵێ (دعم مشاريع المصرف الصناعى)، دیارە خەڵك زۆر پرسیار لەو دەکات، ئەو هاوکاریە چۆن چۆنیە، شمولی چ مەشاریعێکی صناعی دەکات؟، تکام وایە ئەوە ڕوون بکرێتەوە، چونکە زۆر کەس ڕۆیشتووە، کە باسی ئەوەی کردووە پێداویستی هەبووە، بۆ ئەو مینحەیەکی کە بدرێتێ، بۆ ئەو ئیش کردنەی مەشروعە سناعیە، وتویانە شمولی ئێوە ناکات، تکایە ئەویش ڕوون بکرێتەوە، بۆ ئەوەی بزانین شمولی کێ دەکات، سێهەم، دەربارەی سندوقی نیشتەجێ بوون، دیارە ئێمە پشتگیری لەوە دەکەین، کە وەکو یاسای ژمارە 7 ساڵی 2008 جێبەجێ بکرێت، چونکە لەم پەرلەمانە ئەو یاسایە دەرچووە، لە 2008 وە تاوەکو ئێستا ئیشی پێ ناکرێت، هۆی ئیش نەکردن بەو یاسایانە کە لە پەرلەمان دەردەچێت، ئەویش بۆخۆی هەر خەلەلێکە کە هەر بۆ یاسا دەرکردنە، یان بۆ جێبەجێ کردنە، دیارە ئەوە پێویستە جێبەجێ بکرێت، بۆ ئەوەی خەڵکێکی زۆر سوودمەند بێت لەوە، من پێشنیاری ئەوە دەکەم، کە بۆ هەندێ وەزارەت یان هەندێ دەستە، پێشنیاری ئەوە دەکەم لەمەولا ئەگەر موناقەشەکان بکرێت، ئەو وەزیرە بەڕێزە یان ئەو سەرۆك دەستەیە خۆی لێرە ئامادە ببێت، بۆمان ڕوون بکاتەوە، مەسەلەن ئێستا کاك هێرش لێرە بوایە، زیاتر بەرچاو ڕوونیەکی ئەدایِنێ، بۆ ئەو مەسەلەی سندوقی نیشتەجێ بوون، ئەو دوو سەدی پار چۆن سەرف کراوە؟، چی کراوە؟، هەروەها ئەو پارەیەی کە پێشتریش من لە دانیشتنەکانی تریش باسم کرد، ئەو پارەیەی سندوقی نیشتەجێ بوون ئەیدات بەهاووڵاتیان، دیارە

هاووڵاتیان بە سلفەیەك تەسلیمی دەكەنەوە، ئەدرێتەوە ئەو پارەیە ئەڕواتەوە بۆ وەزارەتی دارایی، ئەبێ خۆی مدەوەر بێت لەو سندوقە، بۆئەوەی خەڵكێكی زیاتر سوودمەند بێت لەو پارەیە، بەڵام بەداخەوە ئەگەڕێتەوە بۆ وەزارەتی دارایی، كە پێشتریش كاك هێرش لە لیژنەی ئاوەدانكردنەوە باسی ئەوەی كردووە كە ئەبێ ئەوەی پارەیە بگەڕێتەوە بۆ سندوقەكە، ئەوەی چوارەمیش باس كراوە، دیارە قەراری لەسەر دراوە كە ببێتە پێنج ملیۆن دینار، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێز بە نیسبەت كاك هێرش هەقمان نیە، بەپێی قانون بیهێنینە ناو پەرلەمان و قسەی پێ بكەین، ئەبو ئەمە لیژنەكان پێش ئەوەی بێینە سەر بابەتی میزانیە، لەناو لیژنەكان بانگتان بكردبانە، بتان گوتبا ئەو پارانە چۆن سەرف كراوە؟، زۆر سوپاس بۆ جەنابت، بەڕێز بەیان ئەحمد كەرەمكە.

**بەڕێز بەیان احمد حسن كۆچەری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ب ڕاستی گوتنێت من هەمی هاتنە كرنێ، ب تنێ من دڤێت ئەز پشتەڤانییێ ل وان پێشنیارێت بەڕێز حەمە سەعیدێ بكەم، كو بۆ تەحدید كرنا برێ پارەی بۆ ڤان كو دیار كری، دڤێ مادەیدا، هەروەسا پشتەڤانییێ ل پێشنیارا گرنگیدانێ ب كەرتێ گەشتیاری، كو ب ڕاستی ئەڤ ساڵ ببیتە پێنگاڤ، ئەم گرنگیەكی پێ بدەین، هەروەسا ئەو بڕیارێ ئەنجومەنێ وەزیران، كو 7500 دۆلار بۆ خەلكێ گوندا، خەلك ب ڕاستی چاڤەڕێی ڤێ پێنگاڤێنە، حكومەتا مە خزمەتا وان بكەتن، تشتێ دی ئەز دگەل ئەوێ پێشنیارێدامە و پشتەڤانیا لێ دكەم، بۆ كارا كرنا یاسای ژمارە 7 ساڵا 2008 بۆ ئیسكانێ، هەروەسا پشتەڤانیا ل وێ پێشنیارێ دكەم هاریكاری كرنا ئاوارەیان، ب ڕاستی كو خەلكەكن گەلەك نەخۆشیێ دیتینە، دڤێتن ئەم هاریكاریەكی بەرچاڤ بۆ وانە بكەین، تشتێ دی ب ڕاستی ل وێرێ جهێ وەیە ئەم بێژین كێشەیا تاپۆیێ، حكومەتا مە خەلكەكی گەلەك مەزن چاڤەڕێیە كو پەرلەمانێ كوردستانێ، ئەڤرۆكە بڕیارەكێ دەركەت و كێشەیا تاپۆیێ چارەسەر بكەت، ئەز حەز دكەم ئەڤا هەنێ تشتەك بۆ وانە هەبیتن، ئەم بڕیار دەركەڤین ئەڤرۆكە، هەروەسا ئەز دگەل پێشنیارێمە، كە تەعلیماتێت وازح و یێ بەرچاڤ، ئو مرونەت تێدا هەبیت ژ لایێ وەزارەتا دارایی ڤە، بۆ بابەتێ قەرزێ بۆ خانییێت 100م، بۆ ئەڤێ دوو ڤاتا مەسەلەن ئاڤا دكەن، هاریكاریەكان باش بۆ خەلكێ گونداو، ناحیەو قەزا بێتە كرنێ زێدەتر، گەلەك كێشەیەكا كو خەلكێ مە پەیوندیێت ب مە دكەتن، ئو چاڤەڕێنە ب ڕاستی كو تشتێت جان دڤێ بودجەدا بێنە بەچاڤ وەرگرتن، بڕیار ل سەر بێتە دانان، كو گەلەك خەلكەكی هەژار و كێم دەرامەت، یێت خانیێ حكومەتێ ڤە دژیتن، ئاڤاهییێت حكومەتیداو، ژیانەكا سەخت ودژواردا دژین، چاڤەڕێنە ب ڕاستی ئەڤرۆكە دڤێ بوجەیێدا ئەم چارەسەریەكێ بۆ ببینین، چ د سندوقا ئیسكانی دابیتن، تەبعەن ئەڤێت هەنێ تەرحیل كرینە، ژ لایێ رژێمێ هاتینە تەرحیل كرن، ئو جارەكا دی دێزڤرنە جهێت خۆ دناڤ بینایێت حكومیدانە، ئەز ئەڤرۆكە داخازێ دكەم، كو جهەك بۆ ڤان ژی هەنێ بێتە چارەسەر كرن، گەلەك سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز ژیان عمر کەرەمکە.

**بەڕێز ژیان عمر شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش پشتگیری هاوڕێکانم دەکەم، بۆ ئەو پارەیەی کە دانراوە بۆ سندوقی نیشتەجێ بوون کە بکرێت بە دوو بەشەوە، نیوەی دابندرێت بۆ جێبەجێ کردنی یاسای ژمارە (7) و لەساڵی 2008 بۆ خەڵکی کەم دەرامەت، هەروەها پشتگیریان دەکەم کە هاوکاری ئاوارەکانی ئێران و تورکیا بکرێت، هەروەها ئەو 7500 دۆلارە بدرێت بە گوند نشینەکان، پشتگیری کاك صباح بیت الله و کاك حەمە شارەزووری و کاك فاضل بەشارەتی دەکەم، بۆ هاوکاری کردنی پێشمەرگە، بە تایبەتی ئەوانەی پاسەوانی بارەگاکانن، کە مووچەکەیان کەمە، 300 هەزارە، کە ڕۆژانە گلەیی لە ئێمە دەکەن، ماڵ و منداڵیان هەیە کرێچین، کە هیچیان بۆ ناکرێت، هیچ نەبێ دەرماڵەیەکیان بۆ دابین بکرێت، تا چارەسەرێك دەکرێ، داخلی لیواکان دەکرێن، بە چ شێوەیەك چارەسەر بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز سەمیرە عبدالله کەرەمکە.

**بەڕێز سەمیرە عبدالله اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

قسەکانمان تەقریبەن هەمووی کرایە، هەر پشتگیری برادەران دەکەم و دەستخۆشیان لێ دەکەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز شلێر محمد کەرەمکە.

**بەڕێز شلێر محمد نجیب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕاستی من پشتگیری ئەوانە دەکەم کە لە بانگی گەشت و گوزار، ئیتر وەختی ئەوە هاتووە کە ئێمە سناعەی سیاحە دەست پێ بکەین، کە پیشەسازیە، ناردوومە بۆ لیژنەی یاسایی، حەز دەکەم ئەوەی کەمن ناردوومە بۆ لیژنەی یاسایی بە هەند وەربگیرێ، ئەگەر پارەشی بۆ دانەنرا ئەمساڵ، دوایی لە موقتەرەحات بێت بۆ حکومەت، بە نیسبەتی ماددەی دووەم، لە عەرەبیەکەی ئەڵێت (مائة وخمسين مليار دينار مع إعطاء الأولوية للمشاريع السكنية المشمولة به في النواحي والقرى)، ئەگەر تێبینی بکەن، بە نیسبەت کوردیەکەی ئەڵێت (سندوقی نیشتەجێ بوون بە بڕی 150ملیار دینار لە پاڵ ئەوەی پێشینە بەو پرۆژانەی نیشتەجێ بوون) ئەو تەرجومەیە غەڵەتە، چونکە پێشینە لێرە باس نەکراوە، ئیعتا ئەولەویە،

یەعنی ئەولەویەت بدەی بە مەشاریعی سەکەنی، من لێرە پرسیارێك لە بەڕێز وەزیری دارایی دەکەم، ئەگەر باسی مەشاریعی سەکەنی دەکەین، کەواتە ئەوە 149 ملیارەکەی مینەح نیە، ئەگەر 7500 دۆلارەکەی کەدانراوە بۆ دێهاتەکان، ئەوە ئیشێکی ترە، لەبەر ئەوە هەر نەسی ماددەکە، ئەبێ لە نووسینا بگۆڕدرێت، بەنیسبەتی ئەو حەوت هەزار و پێنج سەدە، ئەگەر بێتو ئەمساڵ ئەو 149 ملیارە بەو شێوەیە بیدەین، هەر بە ئیحسایەکی بەسیت، سەیرەکەین 18 هەزار عائیلە ئیستیفادەی لێ دەکات، ئەم 18 هەزارە دوایی پێویستیان بە 360 ملیار ئەبێت بۆ سولفەی 20 ملیۆنەکەی کە باسمان کردووە، یەعنی ئەبێ ئاگامان لەم خاڵە بێ، ئەوەی کە 7500 دۆلاری ئەدەیتێ، ئەبێ دوای ئەوە دەبێت 20 ملیۆنەکەشی بدەیتێ وەکو سولفەی نیشتەجێ بوون، کەواتە تۆ لێرە هەموو پارەکەت خەرج کردووە، لەگوندەکانیش ئەگەر ئەو 18 هەزارە، تەقسیمی 50 ماڵ بکەی سەیرەکەی 360 گوند، لە پێنج هەزار گوند ئیستیفادەی لێ دەکات، کەواتە ئێمە هەڵمەتێکمان ئەوێت بۆ ئیعماری گوندەکان، تکاتان لێ دەکەم ئەم مەسەلەیە، زۆر لەوە زیاتری پێویستە کەبە هەڵمەتێکی نیشتیمانی ئێمە ئیعادەی تەعمیری گوندەکان بکەین، چونکە ڕەبتیشی هەیە بە زراعەتەوە، هەردووکی یەك شتن، یەکێ تەکمیلەی ئەویتر دەکات، چونکە یەکێك ناچێتە گوند ئەگەر زراعەت نەکات، کەسیش ناگەڕێتەوە ئەگەر ماڵ و منالی لێرە موستەقر بێت و، لە جامیعە بێت، بەنیسبەت ئەو سندوقە ئیسکانەی لەگەڵ سەرۆکی دەستەی وەبەرهێنان کە باسمان کرد، ئەو ئەمەلی ئەوەیە کە ئێمە ئەو 150 ملیارە بۆ تەکیملەی ئەو یەکە نیشتەجێ بوونانەی کە عەقدی کردووە، لە هەولێر لە نۆبل سیتی، ئاشتی، زێڕین، ئۆزال، ئێمە هاتووین بۆ لیژنەی ئاوەدانکردنەوە، پێمان ئەڵێن کوا ئەو نیوەیەی کە حکومەت وەعدی داوە؟، ئێستا وەبەرهێنەکە ئەڵێت مادەم حکومەت نەیداوە، هەموو پارەکە ئێوە نیوەی هاوولاتی بیدات کە نیەتی، ئەوانە خەڵکێکن کە مەحدودی دەخلن، تکایە ئەو 150 ملیارە هەر بۆ سندوقی نیشتەجێ بوون، کەتا ئێستا تەعریفی ئەو سندوقە نیە، لە عیراق ئێستا بە تەمان قانونێك دەربکەن، لای ئێمە تەعریفی نیە، ئەبێ پارەکەی هەمووی تەدویر بێتەوە، چونکە ئێمە ئەگەر ئەمساڵ بۆی دابنێین، ساڵێکی تریش کە تەدویر بوویەوە، باوەڕبکەن خزمەتی خەڵکێکی زۆر دەکرێت، دوایی پارەی ناوێت ئیتر، هەر تەدویر دەبێتەوە، لەبەر ئەوە تکاتان لێ دەکەم، بەنیسبەت یاسایەکەی کە ئەڵێت حکومەت یەکەی نیشتەجێ بوون بۆناکات؟، حکومەت ناتوانێت بەو یاسایە زۆر بیکات، چونکە ئەو یەکە نیشتەجێ بوونانە، ئەو خزمەتگوزاری و شتەی هەمووی لەگەڵدانیە، ئەگەر بکرێت بە پرۆژەی وەبەرهێنان، وەکو پرۆژەی وەبەرهێنانەکانی تر ئەبێت، ئێمە موقاولەکانمان لەو ئاستەدانین، بەڕاستی بتوانن لە ماوەی دووساڵ و سێ ساڵ، ئەو هەموو یەکەی نیشتەجێ بوونە دروست بکەن، ئێوە ڕەقەمەکان وەربگرن، بیست هەزارو چوار سەدو نەوەت و پێنج یەکەی نیشتەجێ بوون بۆ خەڵکی کەم دەرامەت دروست کراوە، ئایا ئەمە بە چ مقاولێك ئەکرێت؟، من هەر ئەو پرسیارە بۆ بەڕێزتن دەکەم.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

تكایە وەرە سەر بابەتەکە، تەخسیساتە، دوایش خوشکی من، خەڵکی دێش موسەقەفە، تەنها موسەقەف لە شارەکان نیە، لە هەموو شوێنێك ئینسانی ڕێك و پێك هەیە، موسەقەف هەیە، لە هەموو شوێنێك هەندێ ئینسان هەیە بە شێوازێکی ترە، مانای ئەوە نیە ئەوەی لە دێ بێت موسەقەف نیە.

**بەڕێز شلێر محمد نجیب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

یەعنی ئەوە با توخوا بە غەڵەت نەگەیەندرێت، چونکە بە عەکسەوە، من لە نیشتەجێی گوندەکان ئیش دەکەم، زیاتر ئیتیسالم پێیانەوە هەیە، حەز دەکەم شتی باشیان بۆ بکرێت.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە، سوپاس بۆ جەنابت، کاك اسماعیل، کەرەمکە.

**بەڕێز اسماعیل سعید محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەگەر تەماشای ئەو مەبلەغە پارەیە بکەین 149 ملیار، پێموایە.....

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

تۆ قسە ئەکەی یان نوقتەی نیزامیت هەیە؟.

**بەڕێز اسماعیل سعید محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەسڵی دانانەکە کە دانراوە بەهەڵە دانراوە، ئەمە بەناوی مینەحەوە هاتووە، مینەح ناگەڕێتەوە، سندوقی ئیسکان، قەرزە ئەگەڕێتەوە، یەعنی هەر دانانی لە بابی مینەح هەر خۆی غەڵەتە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ تێبینیەکەت، بەڕێز شڤان احمد.

**بەڕێز شڤان احمد عبدالقادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پشتیگری لە قسەکانی برای بەڕێزم کاك محمد شارەزووری و کاك فاضل و کاك صباح و کاك قادر دەکەم، لەبارەی کێشەی پێشمەرگە، ماددەی 16 لە هەرسێ بڕگەی ئەوەلەن کەهاتووە، من ئەم سێ بڕگانە بە غامز دەبینم هەقیقەتەن، زۆر غامزن، نە تەحدیدی کولفەکە کراوە، نە تەحدیدی سولفەکە یان قەرزەکە کراوە، پێویستە لێرە هەم تەحدیدی کولفەکە بکرێت، هەم تەحدیدی قەرز و سولفەکەش بکرێت، بۆ ئەوەی وازح بێت، ئەو حەوت هەزار و پێنج سەد دۆلارەی مینحە، هەقیقەتەن تەشجیعی ئەوەیە کە

خەڵك بچێتەوە بۆ گوندەکان، من هەرچەندە وەکو شلێرخان تەئید دەکەم، ئەمە نابێتە چارەسەرکردنی ئاوەدانکردنەوەی گوندەکان، کە کێشەی زراعە و کێشەی سەکەن و، کێشەی ئەزمەی سەکەن و چۆن حەل دەکات، ئەگەر بێتو حەملەیەکی وەتەنی ڕێك و پێك هەبێت بۆ ئاوەدانکردنەوەی گوندەکان، یەعنی بەحەملەی وەتەنی دەکرێت، نەوەك بە مینحەیەك، یان قەرزی عەقاری، من پێشنیار دەکەم بڕگەیەك ئیزافە بکرێت، لە جیاتی چوارەم کە حەزفمان کرد ڕابعەن، ئەو ئاوارانەی لە ساڵی 1991 و هەتاوەکو 98، کەلە تورکیا گەڕانەوە، تەقسیم بەندی بکرێن لە بەینی ساڵەکان، بۆ ئەوەی ئەگەر ئەمساڵ شتێکی جوزئی بکرێت، ساڵەکانی تر مولزەم بکرێن، بۆ ئەوەی ئەو زەرەرەیان پێ کەوتووە، چونکە ئەوان خەڵکی موستەهەقن، 95٪ یان پێشمەرگە، یان کەس و کاری شەهیدن، من دووبارە دەست خۆشی لەو پێشنیارەی برادەرانی خۆم دەکەم کە پێشتر باسیان کرد، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ڕێزدار سیوەیل خان کەرەمکە.

**بەڕێز سیوەیل عثمان احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەنیسبەت حکومەت ئەگەر هەر بریارێك دەردەکات، هەق وایە جێبەجێی بکات، لەبەر ئەوەی زۆر لە خەڵکی گوندەکان داوا دەکەن، ئەو حەوت هەزارو پێنج سەد دۆلارەیان بۆ سەرف بکرێت، تەفاسیلیشی نادەینێ، چونکە برادەران زۆر تەفاسیلیان داوە، دوو، بەنیسبەت زەوی 100م، ئەوە پەیوەندی بە وەزارەتی دارایی و پلان دانەوە نیە، پەیوەندی بە وەزارەتی شارەوانی هەیە، بەلأم ئەگەر بکرێت، ئەگەر بۆ ئەوساڵیش بێت، بۆیان سەرف بکرێت، سولفەی عەقارەکە باشە، پێم باشە تەئکیدی لێ بکەینەوە، خاڵێکی ترمان هەیە بەنیسبەتی سندوقی ئیسکان، سندوقی ئیسکان ڕۆژی یەکەمی بودجەش باسم کرد، ئەگەر ئەو سندوقی ئیسکان نەدرێتە کۆمپانیا، ئەگەر بدرێتە کۆمپانیاش، ئەو کۆمپانیایانە هەق وایە خانووی بچووك ئەگەر لە 150م زیاتر نەبێت، یان شوقەی دروست بکات بۆ ئەو کەسانەی کە کەم دەرامەتن، تەبعەن ئەو شارانەی کەدروست بووە بۆ خەڵکی دەوڵەمەندە، موستەفید بووینە لێی، خەڵکی دەوڵەمەند موستەفید دەبێ لێی، بەلأم خەڵکی هەژار لێی موستەفید نابێ، ئەگەر بکرێت، بکرێتە خانوو یان شوقە، باشە، بەنیسبەت گەشت وگوزار، نازانم لێرە جێگەی دەبێتەوە یان نا، خاڵێکە باسی دەکەم، بەنیسبەت گەشت و گوزار، ئەوە نیشتیمان خان و هاوکارانم باسیان کرد، بەلأم لێرەدا لە یاسای گەشت و گوزار هەیە، دەبێت ئەو زەویانەی کە گەشت و گوزارە هاوینەهەوارە، 50م دووربی لەجادە ئەوکاتە تێل بەند بکرێت، کەچی زۆربەی جێگە دەبینین زۆر نزیکە لەجادە خەلکەکان تێل بەندیان کردووە، نموونەشمان زۆر هەیە، بەتایبەت چنارۆك، بۆخۆی هاوینە هەواربوو، کەچی خەڵك هەموویان تەخشان و پەخشان کرد، بۆ بەرپرسەکان وتاپۆشیان کردووە، کەچی موڵکی گشتی بوو، زۆر نایاسایی بوو، بەنیسبەت ئاوارەکانی ئێران و تورکیا و ئەوانە لەشێلازێ و بەحرکەو لەو جێگایانە هەنە، بایەخیان پێ بدرێت باشە، بەنیسبەت کەرتی

پیشەسازی هەمانە، چەند مەعمەلێکمان هەیە، هەق وایە مەعمەلەکان نۆژەن بکرێنەوە، ئیشی تێدا بکرێت، فەرمانبەری زۆری هەیە، لەوانەیە ڕۆژانە ئەگەر دەوام بکەن جێگە نیە لێی دابنیشن، لەبەر بێ جێگەیی، نموونەمان هەیە، مەعمەل نەسیجمان هەیە، مەعمەل مافورمان هەیە، مەعمەل ئاوەتەماتەمان هەیە....

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سیوەیل خان باسی تەخسیساتە، تەخسیسات بۆ کوێ بکرێت، فەیناکە، کەی ویستت کەتوانیت بڕۆی وەزارەتی سناعە بانگ بکەن، پێی بڵێن ئاوهاو ئەوها بکە، لەگەڵی موناقەشە بکەن، بەڵام لێرە ئەو پارەیەی کە باس کراوە، چۆن تەخسیس دەکرێت، چۆن تەقسیم دەکرێت؟.

**بەڕێز سیوەیل عثمان احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بابڵێین مەسرەفی سناعی ئەگەر پارەکەشی دیاری بکرێت، زۆر باشە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، بەڕێز سەرهەنگ کەرەمکە.

**بەڕێز سەرهەنگ فرج محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە زۆر بە کورتی، دیارە برادەرانیش باسیان کردووە، بەس بۆ تەئکید کردنەوەیەك، هاتووە ئەڵێت دابین کردنی پێشینەی خانووبەرە بۆ هاووڵاتیان لە پارێزگاو قەزاو ناحیەکان و گوندەکان بە پێی ڕێنمایی، ئەوەی ڕاستی بێ ئەوەندەی ئێمە بەدواداچوونمان بۆی کردبێت، لەگەڵ خەڵك قسەمان کردبێت، ئەو ڕێنماییانەی کە دانراوە بۆ پێدانی پێشینەی خانووبەرە، ڕێنماییەکە کە قورسایی دروست کردووە لەسەر هاووڵاتیان، بۆ ئاسان کردنی پێدانی سولفە، هەقە ئەو ڕێنماییانە کەمێك سووك بکرێت، یەعنی بۆ ئەبێ کەسێك کەفالەت بکات، کە مووچە ئیسمیەکەی لە 300 هەزار زیاتر بێت، من پێم خۆشە بەڕێز وەزیری دارایی لێرە بە فرسەتی ئەزانم ئەو پرسیارەی ئاراستە بکەم، دوایی وەڵامێکمان لەسەر ئەو حاڵەتە بداتەوە، مەسەلەن دانانی ئەو پێوەرە بۆ؟، ئەکرێ مەسەلەن لە ساڵی ڕابردوو، ئەوە یەکێك بووە لە کێشەکانی پێدانی پێشینەی خانووبەرە بۆ زۆر کەس دروست بووە، ئەکرێ ڕێنماییەکان دەستکاری بکرێت، نموونەی تر وەربگیرێ، ئەکرێ لە داهاتوو مەسەلەی کەفالەت هەر نەمێنێت، خانووەکە ببێتە زامنی وەرگرتنەوەی پارەکە، دووەم، مەسەلەی پشتیوانی کردن لە پرۆژەکانی کەرتی کشتوکاڵ و بانکی پیشەسازی، ئەوەی کە هاتووە لە برگەی یەکەم، کە لە بەشی دووەم و سێیەم، بە بڕوای من ئەمە زیادە، چونکە پارەکە ئەوەی ساڵی پار دانراوە، ناو هێنانی لێرە شتێکی زیادەیە، یان دەبوو پارەکە تەحدید بکرایە، برگەی سێهەم لە هەمان مادده، باسی پێدانی قەرز دەکات، قەرزی پچووك و، پرۆژەی دۆزینەوەی دەرفەتی کار بۆگەنجان، یەك خاڵ هەیە دەمەوێ داواکاریەك تەئکیدی لێ بکەمەوە، کە ئەمەش بۆخۆی ڕێنماییەکی گونجاوی بۆ دەربکرێت کە موساعد بێت، لە هاوکاری کردنی ئەو کەسانەی کە قەرزەکە وەردەگرنەوە، نەوەك

بەنیسـبەتێکی زۆر، مانگانـە ئـەو قـەرزەیان لێ وەربگیرێتـەوە، چـونکە ئـەوە دواجـار بەرنامەکـە فەشـەل ئەهێنێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، بەڕێز عبدالله مەلا نوری کەرەمکە.

**بەڕێز عبدالله محمد نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

قسەکانم کرا، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، بەڕێز عظیمە نجم الدین کەرەمکە.

**بەڕێز عظیمە نجم الدین حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە لەم ماددە یاساییەی کەهاتۆتـە بەردەسـتی ئێمـە، لـە مـاددەی 11، حکومـەت هـەوڵی داوە کـە کێشـەی نیشتەجێ بوو و کێشەی بێ کاری چارەسەر بکات، بەڵام بەپێی ئەو وردەکاری و ڕێنماییانەی کە دانراوە بـۆ ئەو پێشینەی خانووبەرە، بۆ سندوقی نیشتەجێ بوون، من پێموایە نـەیتوانیوە وەکـو پێویسـت چارەسـەری ئەو کێشانە بکات، ئەو وردەکاریانەی کە کاك سـەرهەنگ باسـی کـرد ڕێنماییەکانـە، کێشـەو گرفتـی دروسـت کـردووە بـۆ ئـەوەی کـە هـەموو کەسـێك، بەتایبـەتی خـەڵکی هـەژار و کـەم دەرامـەت سـوود لـەو پێشـینەیە وەرنەگرن، من پێموایە کە ئەو پێشینەیە کە پێشینەی خانووبەرەیە، کە ئەو ووردەکاریانە بەتایبـەتی ئـەو ئۆردوگا زۆرەملێیانەی کە کاتی خۆی ڕژێمی بەعس خەڵکی تیا نیشتەجێ کـردووە، زەویـەکانیان بـە 400م ئیفراز کراوە، تاپۆشیان نیە، ئەوانە بۆخۆی خەڵکی کەم دەرامـەتن لـەو ئۆردوگایانـە، لێـرە لـەو ڕێنماییانـە بۆخـۆی هـیچ چارەسـەرێکی تیانیـە، بـۆ ئـەو ئۆردوگایانـەی کـە لەناوچـەی پشـدەرو، لەناوچـەی شـۆڕش لـە چەمچەماڵ، ئەمـە پێویسـتی بـە پێداچـوونەوە هەیـە، خـاڵێکی تـر ئەوەیـە کـە گرنگـی تـەواو بـدرێت بـە ئاوارەکان کە گەڕاونەتەوە کوردستان، بە تایبەتی ئاوار کانی گەرمك و شیلادزێ، کە لـە ژیـان و گـوزەرانێکی زۆر خراپ دان، حکومەت ئەتوانێت لە ڕووی ئەم سندوقی نیشتەجێ بوونەوە هاوکاریان بکات، خانوویان بۆ دروست بکات، بە قیستێکی زۆر کەم و درێـژ خایـەن، خـاڵێکی تـر کـە پێویسـتە قسـەی لەسـەر بکرێـت، مـن پێموایە دروسـت کردنـی خـانوو لـە ڕێگـەی سـندوقی نیشـتەجێ بوونـەوە بـۆ گونـدەکانی کوردسـتان، دیـارە ئەگەر بمانەوێت لادێکانی کوردستان بە شێوەیەکی هاوچەرخ دروست بکرێتەوە، پێوسیتمان بەوەیـە کـە لـە ڕێگـەی ئـەم کۆمپانیایانـەوە، لـەلادێکان بـە شـێوەیەکی مـۆدێرن، بەشـێوەیەکی هاوچـەرخانە، لـە گونـدەکان خانوو دروست بکرێتەوە، هەروەها هەموو بنکەی تەندروسـتی و قوتابخانـەو ڕێگـاو بانـەکان دابـین بکرێـت، من لەو بڕوایەم ئەگەر بەو شێوەیە دروست بکرێت، زۆربەی خەڵکی لادێکان زیاتر ئەگەڕێنەوە بۆ لادێکـان، ئاوەدان ئەبنەوە، نەوەك ئەوەی کە ئێستا بڕە پارەیەکیان ئەدرێتێ بەشی دروست کردنی خانوو ناکات، ئـەو

پێویستیانەی کە لە لادێکان هەیە، نەبوونی ئاو و بنکەی تەندروستی و نەبوونی قوتابخانە ئەمانـە بۆخـۆی کێشەن، تەنها ئەوەنیە تۆ بڕە پارەیەکیان بـدەیتێ، مـن پێموایـە بـەم شـێوازە ئەتوانـدرێت چارەسـەری ئـەو کێشانە بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێز اسماعیل محمود کەرەمکە.

**بەڕێز اسماعیل محمود عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من سەرەتا پشتیوانی لە ڕایەکەی لیژنـەی یاسـایی دەکـەم، مـن پێموایـە هـەموو ئـەو قسانەی کـە کـران، لـە ماددەکانی پێشتر هەموو قسەمان لەسەریان کردبوون، هەر هەمووی یـەك بـە یەکـە دێیـە خـوارێ هـەمووی قسەی لەسەر کراوە، تەنها لە چوارەم نەبێ، ئەوەشیان کە پێش ئێستا یاسایەکمان دەرکرد، یاسـای وەزارەتـی کار، $25$ ملیۆنەکـە بـۆ گـەنجان، ئـەوە نـەبێ، ئەوەشـیان لیژنـەی یاسایی ئیشارەتی پێیـدا، بۆیـە مـن تـەنها قسەیەك کرا لەسەر $7500$دۆلای گوندەکان، پشتیوانی لەو ڕایـە دەکـەم، یـەك لـە پەرلـەمانتارە بـەڕێزەکان باسیان لەوە کرد کە لە گوندەکان ناتوانن سوود لەم پارەیە وەربگرن؟ نەخێر سـوود لـەو پارەیـە وەردەگـرن، لەبەر ئەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستان، پار بڕیاری دەرکرد و گوتی هەموو ئەو گوندانەی، هـەموو ئـەو شوێنانەی کە تاپۆشیان نیە، مـەشمولن بـەوە و دەتـوانن، ئەگـەر دوو شاهێدیشـیان هـەبێت، دەتـوانن بـێن و تەقدیمی بکەن و پارەکەشی پێ وەربگرن و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، بەڕێز عمر عبدالرحمن فەرموو.

**بەڕێز عمر عبد الرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە نیسبەت ئەم ماددەیەوە، من وای ئەبینم لە ئەساسدا، ئەم ماددەیە ئیلـزام کردنـی وەزارەتـی مالیەیـە بـۆ تەئمین کردنی کۆی ئەو بڕە پارەی کە ئـەدرێ بـەو قەرزانـە، سـولفەی زەواج، عـەقاری، زیراعـی، صـیناعی، صندوقی ئیسکان، لەبەر ئەوە، ئەو وردە کارییە کە بڕەکە چەند بێ و چەند نەبێ، لێرە بڕاوەتەوە، چونکە لە ماددەی $3$ باس لەسەر بڕەکانی ئەو جۆرە سولفە وقـەرز و مینحـە و هاوکاریانـە کـرا، لەبـەر ئـەوەی مـن پێم وایە بڕگەی یەك زۆر ئاشکرایە کە وەزارەتی مالیە، تەنها تەئمین کردنی ئەو بڕە پارانەیان لەسەرە، بە نیسبەت بڕگە یەکی فەقەرە یەکەوە، کە باس لە تەمین کردنی قـەرزی عـەقاری بـووە، هـەموو هاووڵاتیـانی کوردستان دەکات، لەوانـە دێیـەکان و قـەزا و ناحیـەکان، زۆر شـتێکی ئاشـکرایە و زۆر شـتێکی باشـە، ئەگـەر ئێمە دێیەکانمان ئاوەدان بکرێتەوە، بـە ئاوەدانکردنـەوەی دێیـەکان، ئێمـە سـێ محـوەری ئەساسـیمان دەسـت دەکەوێت، یەکەم: ژێرخانی ئابووری بەراستی بە ئـاوەدان کردنـەوە، هـەم لەگەڵیـدا ئەبووژێتـەوە و دەبێتـە

هۆی ئەوەی کەخەڵك ئەتوانێ لە دێیەکاندا شوێنی مولائیمی سەکەنی هەبێ، بە تەئکید بە دیار شوێنەکەی دائەنیشێ  و بەربوومی زیراعیشی هەبێ، زیراعی و حەیوانی، ئەو بەربوومە کشتوکاڵییەی کە باسی لەسەر ئەکرێ، ئاوەدان کردنەوەی دێیەکانمان زیاتر بەردەوام ئەبێ و ئاوەدانتر ئەبێ، حەزاری تر ئەبێ، سێیەم، ئەو بڕە پارەیەی کە ئەدرێ بە دێیەکان، کە پار ساڵ باسمان لەسەر کرد، بڕی 7500 دۆلارە، من پێم وایە هاوکارییەکی قەرزە عەقاریەکە ئەکات بۆ دێیەکان، چونکە چاکییەکی باشی هەیە، ئەوەیە کە ئەو بڕە پارەیە، بە بڕە پارەی مینحە باسی لەسەر کراوە، کە ناگەڕێتەوە و هاوکاری فەلاحەکان ئەکات، هاوکاری برا جووتیارەکان ئەکات، کە بتوانن سوود زیاتر لە قەرزە عەقاریەکە وەربگرن، لە لایەکی دیکەشەوە بەراستی وەکو موکافەئەیەك وایە بۆ ئەو برا جووتیارانە وبۆ برا جووتیارەکانن کە سەرتاسەر دێیەکانمان، حەشارگە و مەڵبەندی هەموو پێشمەرگە بەڕێزەکانی بزووتنەوەی شۆڕشی رزگاریخوازی کوردستان بووە، ئەوە، ئەو 7500 دۆلارە بەردەوامی هەبێ، من پێم وایە هاوکارییەکی باشە و، ئاوەدانکردنەوەکی باشی بەدوادا دێت، بە نیسبەت بڕگەی دووەمیان کە باس لە سندوقی ئیسکان دەکات، ئەو بڕە پارەیەی کە وەزارەتی مالیە تەخصیصی ئەکات، بریتیە لە تەمویل کردن، ئەو بڕە پارەیە باس لەوە دەکات کە ئەو بڕانە ئەگەڕێنەوە بۆ وەزارەتی مالیە، کەواتە ئەو سندوقی ئیسکانە ئەبێ هەموو ساڵێك، وەزارەتی مالیە بڕە پارەی بۆ تەئمین بکات، ئەگەر ئەمە وەکو قەرز ئەدرێت ئەو بڕە پارەیە بۆ سندوقی ئیسکان و، سندوقی ئیسکان ئەیدات بەو کەسانە، بە واتا ئەبێ حاڵی حاڵی سولفەی عەقاری و سولفەی زەواج و سولفە زراعیەکان بێت و بگەڕێتەوە بۆ، وەکو مدەوەر بگەڕێتەوە بۆ ئەوشوێنە وەکو خۆی، بە نیسبەت فەقەرە چوارەوە، ئێمە فەقەرەکەمان بە ئیلغا کردن هێنا، لەبەر ئەوەی لە ماددەی سێ بڕیار درا دوو ملیۆن و نیوەکە بکرێتە پێنج ملیۆن، ئەمە بە نیسبەت شتێکی دیکە هەیە لێرە، من پێم وایە، لەم یاسایە پێویستە هەموو چین و توێژەکانی گەلی کوردستان سوودمەند بن، بما فیە ئەو کەسانەی کە ئەو ڕۆژەیان دروست کردووە، ئەوانە ئەو پێشمەرگە ئازا و نەمردانەن کە پێویستە موکافەئە بکرێن، پێویستە بەرچاوی ئەو دەورانەیان بکرێ، پێویستە بەنەزەری ئیعتیبار سەیر بکرێن، ئەویش لێرە من پێموایە پێویستە لەو میزانیە تەکمیلیە کە کاتی خۆی دێتە کوردستان، ئەگەر ئێستاش لەم ماددەیەدا باسی لەسەر نەکرێ، بەڵام لێرە بناغەیەکی بۆ دابنرێ لێرە لە تەوصیاتەکان، باس لەسەر ئەوە بکرێ کە باروذۆخی ژیانی ئەوپێشمەرگە بەڕێزانە بتوانین حاڵێکی باشتریان پێ بدەین و، وەکو موکافەئەیەك بۆ ئەوانەی کە توانیویانە ئەم رۆژە بێننە دی، هەروەها تەئیدی موقتەرەحەکەی لێژنەی یاسایی دەکەم، کە پێشتریش باسمان لەسەری کرد، بە ئیزافە کردنی ئەوبڕگەیە بۆ فەقەرە (1)ی مادده یەك، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان، سوپاس بۆ گشتتان، تکایە ئیتر لەو ماددانەی تر، یەك تیکرارتان لێ قبول ناکەم، بە حەقیقەت بۆتان مەجالم دا و هەمووتان بینیتان و لەسەر مەوزوعێك 10 جار، 20 جار تیکرار ئەبێ، تکایە تیکرار نەبێ، برایەك، خوشکێك شتێکی وت، ئەو بەڕێزەی کە هەڵئەستێ قسە ئەکات، بڵێ تەئیدی دەکەم، پێویست

ناکات ئەویش بیلێتەوە، ئەو ئەیلێتەوە، ئەوەکەی تریش ئەیلێتەوە و ئەوەکەی تریش ئەیلێتەوە، وەختێکی بلاش ئەڕوات و خۆشتان هیلاك ئەبن و مەوزوعەکەش درێژ ئەبێتەوە، بۆیە ئەمرۆ ئێمە تا درەنگ ئەمێنێن، هەر بۆ ئاگاداریتان، بەردەوام ئەبین، ئێستاش داوا لە لێژنەی یاسایی، لە جەنابی وەزیر دەکەم، کە ئەو موداخەلانە وەڵام بداتەوە، فەرموو.

**بەڕێز شێخ بایز تاڵەبانی/ وەزیری دارایی و ئابووری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە نیسبەتی سندوقی نیشتەجێوە، دیارە 200 ملیار پارەکە تەخصیص کراوە، ئەمساڵیش 149 ملیاری بۆ دانراوە و باس لەوە ئەکرێ کە ئەو پارەیە چۆن سەرف کراوە، چیان لێ کردووە، دیارە مەوجودە سەرفیاتەکەی، هەر چەندێ لە حیساباتی خیتامیات دەرئەکەوێ، بەڵام ئەوە رەقابەی مالی هەیە، مەربووتە بە بەڕێزتانەوە، ئەتوانن بەڕێزتان ئەمر بکەن، تەوجیە بکەن، با بزانن چییان لەو پارەیە کردووە؟، ئەو 149 ملیارەش کە ئێستاکە هاتووە، ئەوە وەکو دەعمێك وایە بۆ هەمان صندوق، بۆیەش لە مینحە دانراوە، ئەمە خۆی لە ئەصڵدا ئەوەیان زیاتر بۆ ئەمە دانراوە کەوا هەندێك لەو ئیستیسماراتانەی بە نیسبەت سەکەنەوە کراوە، خەدەماتیان نیە و ئەو خەدەماتانە وەختی خۆی لە عەقدەکانەوە نەهاتووە و ئەو خەدەماتانە مەفروزە حکومەت بیکات ئێستاکە، بۆیە ئەو پارانە ئەڕوا و ناگەڕێتەوە، باس لەوە ئەکرێ کە ئەو پارانەی کە ئەگەڕێتەوە و ناگەڕێتەوە بۆ سندوقەکە، ئەگەڕێتەوە بۆ وەزارەتی دارایی، نەخێر ئێستا هەمووی ئەگەڕێتەوە بۆ سندوقەکە و لەناو خۆیدا هەموو تەدویر ئەبێتەوە، بە نیسبەتی مینحەی ئەو 75 وەرقەیە، ئەمە لەکاتی خۆیدا، لێژنەی باڵای وەبەرهێنان، کە پێك هاتووە لە سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران، سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران، وەزیرانی تەختیت و شارەوانی و هەروەها وەزیری تیجارە و وەزیری دارایی و چەند پسپۆرێکی تر، ئەلەوێ بڕیار درا کەوا ئەو مینحەیە بدرێت بەو خەڵکەی کە لە گوندەکان خانووەکانیان تەواو ئەکەن، ئەوەشیان پێ بدرێ وەکو مینحەیەك، دیارە ئەمە و بڕیارێکی رەسمیش هاتووە بۆ وەزارەت و بۆ ئەوەی جێبەجێ بکرێ، تا ئێستاکە دەستەی وەبەرهێنان ئەو شتانەی جێبەجێ نەکردووە لەهەندێ شوێن، لەبەر ئەوەی ئەو خانووانەی زۆریان نەهاتووەتە ئەو فەترەیەی کە شروتەکە بەسەری تەتبیق ببێ و ئەو پارەی بدەینێ و دیارە مولاحەزاتیش هەبووە، لەسەر ئەوەی کەوا ئەو پارەیە تەکلیف زۆر ئەکات و ئەوانەش بە تایبەتی لە مالیەی ئێرە، دارایی هەولێرەوە، ئەوەش بەرز کراوەتەوە بۆ ئەنجومەنی وەزیران، من ئەبێت هەمووی وەکو خۆی بڵێم، بەڵام لە هەمان کاتدا لە سلێمانیدا ئیستیجابەیان هەبووە، لە دارایی سلێمانی بۆ ئەوەی بتوانن جێبەجێی بکەن، بەو شێوەیە، تەبیعی هەولێر تەفاصیلەکانی نووسیوە بۆ حکومەت، بە نیسبەتی ئەوەی کە 100 مەتری، ئێستاکە من جارێکی تر تەئکید لەسەر ئەوە دەکەمەوە، ئەو مەوزوعە لە لای ئێمە نیە، ئەو مەوزوعە لە وەزارەتی شارەوانیە، لە تاپۆیە، ئێستاش ئەڵێین و تیکراری ئەکەمەوە بۆ بەڕێزتان، هەر پارچە ئەرزێك، ئیفراز کرابێت و، تاپۆی هەبێت و، ئیجازەی بینای پێ درا بێت، وەزارەتی دارایی، مەسرەفی عەقاری پارەی پێ دەدات، ئەوانەی

گوندەکانیش کە بە تاپۆ مەشمول نین، بە پێی ئەو زەوابیتانەی کە هەیە بۆیان دەکرێ، باس لە 400 مەتری لە هەندێك شوێن ئەکرێ و ئەکرێ بکرێت بە دوو قیتعەوە، ئەویش ئەگەڕێتەوە بۆ بەلەدیە، بەلەدیە ئیفرازی بکات، دوو تاپۆی سەربەخۆی بداتێ، دوو ئیجازەی بینای بداتێ، بە تەئکید هەردوو لا وەریدەگرن، باس لەوە کرا 10 ملیار دینار پارەکە لە وەزارەتی نەوت درا سامانە سروشتیەکان و دراوە بە وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتی و ئەو 25 ملیارەی ئێستا داندراوە، ئەمە لە بەغداوە وەرگیراوە و لەو پارەیە، من جارێکی تریش ئەمەوێ ئەمە باس بکەم، چونکە جارێکی تر باسم کردیە، ئەو 10 ملیارە وایە، فیعلەن ئەوە ڕۆیشتووە بۆ ئەوێ، ئەم 25 ئیزافیە و داندراوە لەسەر داوای وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی، ئەمە داندراوە و ئەوەی کە ئەوترێ لەوەی بەغدا کە وەرئەگیرێ، ئێمە هەتاکو ئێستا لە بەغدا هیچ شتێکمان وەرنەگرتووە، لە ئەصڵی ماددەکەیدا هاتووە و ئەڵێ: عند تحقق الایرادات، کەی تەحەقوقی کرد لە بەغدا، حیصەی کوردستان جیا ئەکرێتەوەو، ئەو وەختە ئەدرێتە ئێمە و ئەو وەختە بەرێزتانیشی لێ ئاگادار دەکەینەوە کە چۆن ئەوە سەرف کراوە، 10 ملیار گوایە بە نیسبەتی ریازیەکان ئەبوایە، هیچی لێ سەرف نەکراوە، جارێکی تریش باسم کرد، دەست بە سەرف کراوە و گوایە تا ئێستا ئێمە هیچ پارەیەکمان سەرف نەکردووە، نە ئەوەو نە بۆ هیچ شتێکی تر سەرف نەکراوە، ئەمانە وجودی نیە، وەڵاهی بفەرموون ئەبینن بۆ عەقاری چ سەرف کراوە، بۆ سولفەی زەواج چی سەرف کراوە، بۆ ئەوەی، من نازانم بەراستی بڵێم چی، مەوجودە حیساباتی خیتامی دێتە بەردەستتان، دەبینن کە چی سەرف کراوە و چۆن سەرف کراوە و ئەو فەقەراتانەی کە هەندێك بەرێز ئەڵێن: قەتعەن هیچی لێ سەرف نەکراوە، ئەو وەختە سەرفیاتەکان ئەبینن و ئەبینن چۆنە و، ئەو وەختە جوابەکەیان وەرئەگرنەوە، بە نیسبەتی پارەی سیناعی، بەراستی ئێمە لە وەزارەتی دارایی کە ئەو تەعلیماتەنەمان دەرکردووە، تەعلیماتەکان بە لێژنەیەکی موشتەرەك دامانناوە، ئەوە نەبێ ئەو لێژنە موشتەرەکە کە داینـاوە، لە خۆیەوە داینابێت، مومەسیلی وەزارەتی سیناعە بووە، مومەسیلی وەزارەتی مالیە بووە، ئەو تەعلیماتانەیان دەرکردووە، ئێمە کە تەعلیماتەکان دەر ئەکەین، تەعلیمات و بانقەکانی ئێمە جێبەجێی دەکات، بەڵام کەی پرۆژەکە خۆی ئەبێ لە کوێ بێت، ئەبێ لە وەزارەتی سیناعە و تیجارەوە بێت، ئەو پرۆژەیە کە هاتە لای ئێمە و ئێمە نەمانکردووە، لە وەزارەتی دارایی عەرقەلەمان تێکردووە و یاخود ڕەتمان کردووتەوە، ئەگەر شتێکی وا هەیە پرۆژەیەکمان ڕەت کردووتەوە و هاتووە، حەز دەکەم بەیان بکرێ، باسی کەفیل ئەکرێ بۆ ئەوانەی کە پارەی عەقاری وەردەگرن و پێش ئەوە ئەمەوێت باسی ئەوە بکەم، عەقاری کە، ئێمە بۆیە وتوومانە تەحدید نەکرێ پارەکەی، چونکە پارەکە تووشی ئەو ئیشکالاتە و فەوزا بووین لە پارەی عەقاری و هەندێك لەو بابەتانە تەجاوزمان تێدا کرد و گەڕاینەوە سەر ئەنجومەنی وەزیران، بۆ ئەوەی نەوەستین و خەڵکەکەش لێمان نیگەران نەبێ، ئەنجومەنی وەزیران بڕیارێکی دەرکردو و ئێستاش دەڵێم، 10 بە قەدەری ئەوەی کە تەخصیصمان کردووە ئێمە سەرفمان کرد بۆ عەقاری، بە کیتابی ڕەسمی ئەنجومەنی وەزیران و بە قەراری مەجلیسی وزرا، لە ئەنجومەنی وەزیراندا بڕیاری لەسەر دراوە کە سەرفمان کردووە،

بۆیە ناتوانین، پێمان باش بوو کە ئەمسالێش تەحدید نەکرێت، بەڵام ئێمە ئیلتیزامی خۆمان جێبەجێ ئەکەین، موستەعەدین ئەوانە هەمووی جێبەجێ بکەین کە عەقاری، هەر سولفەیەك کە بێتە لای ئێمە لەو بابەتانە، ئێمە ڕای ناگرین، ئەوجا دێمە سەر مەسەلەی کەفیل، بەراستی مەسەلەی ئەو زەوابتەی کە هاتووە، ئەڵێن کەفیل مەعاشی لە 300 و ئەوەندە کەمتر نەبێ، هەر کەفیلێك ئەگەر مەعاشی کەمتر بێت، پارەی ئیستیقتاعی عەقاریەکە خومسی ئەبات، رەنگە پارەیەکی ئەوتۆی نەمینێتەوە، ئەوە خۆی ئوصوڵیە یەعنی، بۆیە ئێمە ئەوەمان تەحدید کرد بە 300 کەمتر نەبێ ، لەگەڵ قەرزەکەیدا بێت و ئەوەش بگونجێت، مەسەلەی وەرگرتنی پارەی عەقاری کە ئەوترێت لە گوندەکان نەڕۆیشتووە و کەم ئەڕوات، من پێم وایە زۆر باش بەرەو پێشەوە رۆیشتووە، ئێستاکە پارەیەکی زۆر باش وەرگیراوە لە گوندەکان و هەتاکو ئێستاکە هیچ موعامەلەیەکی گوندەکان نەوەستاوە، ئەوەی هاتووە مەگەر لەسەر هەندەك موافەقاتی یان رۆتینیات یان زەوابیتەکان وەستابێ و، ئیلا هیچ شتێك لەو بابەتانە نەوەستاوە، بە نیسبەتی ئاوارەکانی ئێران و تورکیا ئەوەی باس کراوە، دیارە پرسیار کرا، ئێمە وتمان وەکو وەزارەتی دارایی، ئێمە لاریمان نیە ئەوانە لە بودجەدا شوێنێکیان بۆ بکرێتەوە، مەبلەغێکیان بۆ دابنرێ و، سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، بەڕێز لێژنەی دارایی فەرموون.

**بەڕێز د.ئاراس حسین محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دەربارەی ئەو پێشنیارانەی کە کرا لە لایەن بەڕێز ئەندامانی پەرلەمانەوە، هەروەها ئەو سوئالانەی کە کرا، جەنابی وەزیر وەڵامی زۆری دایەوە، بەڵام دەربارەی پێشنیارەکان، من لێژنەی یاسایی لەگەڵ لێژنەی دارایی بە هەماهەنگی لەگەڵ گۆڕینەوەی بیر و ڕا لەگەڵ نوێنەرانی حکومەت، پێشنیارەکان چەند ماددەیەکی یاسای بۆ دانراوە، من پێشنیار دەکەم، ئەگەر پێشنیارەکەم قبول بێ لە بەڕێزت، ئەگەر ڕێ بدەی بە لێژنەی یاسایی، ئەو پێشنیارانەی بە ماددە یاساییەکان چارەسەر کردووە و، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لێژنەی یاسایی فەرموون.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە دوای ڕەچاو کردنی ئەو پێشنیارانەی کە لە لایەن ئەندامە بەڕێزەکان پێشکەش کرا، صیاغەیەکمان ئامادە کردووە، بۆ داڕشتنەوەی ماددەی 16، بەڵام پێش ئەوەی ئەو صیاغەی بخوێنمەوە، بە باشی ئەزانم هەندەك باس کرا دەربارەی مووچەی پێشمەرگە و یەکسانی کردنی لەگەڵ مووچەی قواتی عیراقی، وەکو دەرماڵە و موخەصەصات و مووچەی خەڵکی کوردستان یەکسانی بکرێت لەگەڵ عیراقی، ئێمە ماددەکی سەربەخۆمان ئامادە کردووە، پێم باشە صیاغەی ماددەکە بخوێنمەوە، پێش ئەوەی ماددەی 16 بخوێنمەوە.

ماددەی سەربەخۆ کە ئامادەمان کردووە، پێشنیارە، کە ماددەکی سەربەخۆ:

على وزارة المالية و الاقتصاد في الاقليم، تحقيق المساواة:

1-بين رواتب و مخصصات العاملين في الاقليم، مع رواتب و مخصصات اقرانهم من العاملين في الحكومة الاتحادية، باستثناء المدرسين و المعلمين و الطلبة.

2-بين رواتب المتقاعدين في الاقليم، مع رواتب متقاعدي الحكومة الاتحادية.

3-بين رواتب قوات البيشمركة و الاسايش و الشرطة في الاقليم، مع رواتب اقارنهم افراد القوات المسلحة و قوى الامن الداخلي في الحكومة الاتحادية.

سەبارەت بە ماددەی 16 بەو شێوەیە داڕشتراوەتەوە،

المادة السادسة عشرة:

اولاً: تلتزم وزارة المالية و الاقتصاد، بتأمين مبالغ للاستمرار في:

1-تأمين مبلغ القرض العقاري للمواطنين في المحافظات و الاقضية و النواحي و القرى، حسب التعليمات و الضوابط المرعية و تعزيز حسابه عند الحاجة، مع اعفاء المقترض من شرط التأمين على الحياة.

2-دعم مشاريع القطاع الزراعي عن طريق المصرف الزراعي.

3-دعم مشاريع المصرف الصناعي.

4-دعم المشاريع السياحية.

ثانياً:تلتزم وزارة المالية و الاقتصاد، بتمويل صندوق الاسكان بمبلغ 149 مليار دينار، مع اعطاء الاولوية للمشاريع السكنية المشمولة به في النواحي و القرى.

ثالثاً: تخصيص مبلغ قدره 25 مليار دينار، لدعم صندوق القروض الصغيرة و مشروع ايجاد فرص العمل للشباب المصادق عليه من قبل مجلس الوزراء-اقليم كوردستان في سنة 2010، وفقاً لقانون دعم المشاريع الصغيرة للشباب في اقليم كوردستان العراق، رقم (2) لسنة 2011.

رابعاً:تخصيص مبلغ قدره 10 مليار دينار لتعويض المرحلين من ابناء شعبنا في ايران و تركيا و سوريا، و يتم تأمين هذا المبلغ من احتياطي وزارة المالية و الاقتصاد.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز، نا (في توركيا)، ئەوانەی لەوێ گەڕانەتەوە، ئەوە یەك، بەس پێش ئەوە، فەقەرە یەك بخوێننەوە، وازیح نەبوو، هەندێك مولاحەزات هەبوو.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**فەقەرەی یەکەم، واتا بڕگەی یەکەم لە ماددەی 16:**

**اولآ: تلتزم وزارة المالية والاقتصاد، بتأمين مبالغ للاستمرار في:**

**1- تأمين مبلغ القرض العقاري للمواطنين في المحافظات والاقضية والنواحي و القرى، حسب التعليمات والضوابط المرعية وتعزيز حسابه عند الحاجة، مع اعفاء المقترض من شرط التأمين على الحياة.**

**2- دعم مشاريع القطاع الزراعي عن طريق المصرف الزراعي.**

**3- دعم مشاريع المصرف الصناعي.**

**4- دعم المشاريع السياحية.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**بەڕێزان، لە ئەسنای موداخەلەکان، زۆر پێشنیاری ئەندامانی بەڕێز هاتن، هەندێك لەوانە کە ڕەبتی بە ماددەکەوە نییە، بەڵام من هەمووی ئەخەمە پێش چاوتانەوە، ئەوەی مولاحەزاتم نووسیوەو هەندێکی پێویست بە دەنگدان ئەکات، پێش ئەوەی بچینە سەر ئەصڵی ماددەکەو بیخەینە دەنگدان، چەند پێشنیار هەبوو بۆ ئەوەی گوندەکان تاپۆ بکرێ، ئەوە لەناو ئەم پرۆژەیە تاپۆ ناکرێ، ڕێگای تر هەیە، یاسای 2007 پێشنیار زۆر هەبوو کە جێبەجێ بکرێت، هاوکاری پێشمەرگە بکرێت، گەشت و گوزار، ئەوە وەرتان گرتووە، 7500 ملیۆنەکە، ئەوە بەردەوام بوو بدرێ، پێشنیار بوو، تەعدودی زەوجاتیش شمول بکرێت، ئەوە کاك بیلال ئەو پێشنیارەی کرد، ئەوانەی کە، دەقیقەیەك، دەست بەرز کردنەوە نیە ڕەجائەن، ئەو مولاحەزاتانەیە ئەیخەمە پێش چاوتان ڕەجائەن ئەندامەکان وتویانە، ئەوەی کە ژنێکی هەیە، ژنەکەی ئەمری خوای کردووە، ژنێکی تر دێنێت، ئەکاتە تەعەددودی زەوجات، مەعنای ئەوە نیە هەردوو پێکەوە بێت، ژنێکی ئەمری خوای کردووە و ژنێکی تر دێنێ، لە سلێمانی پارەکە ئەچێتە سندوقی ئیسکانەوە، لە هەولێر ئەچێتەوە وەزارەتی دارایی، داوا ئەکەن ئەمەش بچێتەوە سندوقی ئیسکانەوە، ئەوەی ئەیگەڕێننەوە قەرزەکان، پارەکان دیار بێ، ئەوەی لێرە ئەڵێ پارە بکرێ و مەفتوح نەبێ، حەجمێك هەبێ دیار بێ، بڵێ لەوەندە پارەیە، ئەوەندە پارەیە سەرف دەکەین، سولفەکە دیار بێ و زیادیش بکرێ، ئەو پێشنیارانە هەیە، هەندێك بەڕێز پێی وایە شمولی گوندەکان ناکرێت، تکایە وا بکرێت کە شمولی گوندەکانیش بکرێ، ئاسانکاریان بۆ بکرێ، چونکە پێشنیارێك هەبوو کە ئەوەی کە موختار ئەبێتە کەفیل، بەڵام موشکیلەی بۆ دروست دەبێ، کەسێك نابنە موختاری، بۆ ئەمە، پارەی کشتوکاڵ دیار نەکراوە، وەحدەی سەکەنی بۆ فەرمانبەران، ئەم پێشنیارانە هاتووە، ئەوانەی لەناو ماستەر پلانن، نە لە گوندن و نە لە شارن، شمولیان ناکرێ، ڕێگایەك بۆ ئەوە هەبێت، صندوقی ئیسکان پشتیوانی بکرێ و زیاد بکرێ، 100 مەترییەکان شمول بکات، سولفەی عەقار باشتر بکرێ، زیاتر بکرێ، 50 ملیار کەم بکرێتەوە لەو پارەیە بخرێتە سەر سولفەی عەقار، ئەم پێشنیارانە هەبوو، حکومەت شوقە دروست بکات، نەك بدرێتە ئەو**

پرۆژانە وەكو پێش ئێستا، دعمی قەرز بچووكەكان بكرێ، سندوقی ئیسكان جارێكی تر تیكرار بووە، ئایا حكومەت بۆی هەیە ئەو بڕیارە بدات، وا بزانم كاك دڵشاد بوو ئەو مولاحەزەی نیشان دا، چەند لەو پارەیە جێبەجێ كراوە، چەندی ماوە، لە سندوقەكە ئەمینێتن؟، ئایا مدەوەر چۆنە؟ ئەوە روون نیە، ئەو پارەیە لە چ شوێنێك دێت؟، یەعنی لەو بابانە لە كوێ بۆ كوێ دێتن؟ مەعاشی پێشمەرگە وەك بەغدای لێ بكرێت، كە ئەمە زۆر جار باس كرا لەناو ئەم قانونە ناكرێ، ئێمە هەموومان لەگەڵ ئەوەین، هەموو پێشمەرگەكان بە زێڕەڤانیشەوە، كە وەزعیان زۆر باش و دروست بكرێ، بەڵام پێویستە بە یاسا هەموومان ئەو شتانە رێك بخرێت، پێشنیارێك هەبوو 150 ملیارەكە بكرێتە مینحە، یەعنی بدرێ و وەرنەگیرێتەوە، بڕواتن، كارمەندی تەندروستیش زیاتر پشتیوانی بكرێ، 149 ملیار دەكات، قسمێكی بۆ گەشتیاری تەرخان بكرێ و تەنها قسمێك لێ جیا بكرێتەوە، قسمێك لەو پارەیە بۆ ئەوانەی بەر چەكی كیمیاوی كەوتوون، برینداربووینە لە هەڵەبجە، بالیسان، شوێنەكانی تری ناو كوردستان، بۆ عیلاجیان، منالی شەهید و پێشمەرگە بە نەزەری ئیعتیبار وەربگیرێ و هاوكاری بكرێن، حكومەت پێویستە یاساكان جێبەجێ بكات، سولفەی عەقار تەئكیدی لێ بكرێتەوە، دانانی پێوەر، هەندێك پێی وابوو چۆن بێ؟، بەڕێزان، زۆربەی لەو پێشنیارانە، فەرموو خانم.

**بەڕێز كوێستان محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

یەك پێشنیارمان كرد، من و كاك كاردۆ و كاك برهان، كە سولفە عەقاری گوند و شار و قەزا و ناحیەكان وەك یەك بێ.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر دروستە، پێیان وابوو كە هەموو بە یەكسانی، ئی گوندەكان و قەزا و ناحیەكان، سولفەی عەقار تەئكیدی لێ بكرێتەوە، وەكو یەك بێت، زۆر سوپاس، كاك شێرزاد فەرموو.

**بەڕێز شێرزاد عبد الحافظ شریف:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

جەنابی وەزیر باسی ئەو 7500ی كرد، ئی دۆلارەكە، كە سلێمانی وەری ئەگرێ، بەڵام بۆ هەولێر نازانێ، جەنابی جێگری وەزیریش ناتوانی قسە بكات، ئێمە چۆن بزانین هەولێر ئەیدرێتێ یان نا؟ ئەگەر نایدرێتێ، بۆ نایدرێتی؟، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئێستا ئەو پێشنیارانە هەمووی هەیە، موداخەلەتان هەیە؟، فەرموون لێژنەی یاسایی.

**بەڕێز عونی كمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پێشنیارێكی زۆر كرا، بەڵام ئیمكان نیە هەموو ئەو پێشنیارانە بخرێتە دەنگدانەوە، بڵێین دەنگی لەسەر بدرێ، چونكە هەندێك پێشنیار موخالیفی قانونە.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێز، نەمانوتووە هەمووی ئەخەینە دەنگدانەوە، وتمان ئەم پێشنیارانە هەیە تەبویبی دەكەین، ئێستا دانیشتنەكە هەڵئەگرین بۆ سەعات 5، چاكی ئەكەین، ئەوەی هی بڕیاردان بێت، دێین لێرە دەنگی لەسەر ئەدەین، ئەوەكانی تری هی تەوصیە بێت، ئەیكەینە تەوصیە، بە پێی یاسا و نیزام، تا سەعات پێنج خوا ئاگادارتان بێت.

## دانیشتنی دووەم

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

بەناوی گەلی كوردستان، لەسەر دانیشتنەكەمان بەردەوام دەبین، داوا لە لیژنەی یاسایی و دارایی دەكەین بێنە سەر مەنەصە، لیژنەی یاسایی فەرموون بەردەوام بن.

**بەڕێز عونی كمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دوای ئەوەی ئەو پێشنیارانەی كە دووبارە لەلایەن ئەندامانی پەرلەمانەوە پێشكەش كرابوو، ئێمە دیراسەمان كردو، تێبینیمان كرد كە بەشێك لە پێشنیارەكان ئیمكانە جێگیر بكرێت لەم ماددەیە، كە

**ماددەی بودجەیە بۆ ساڵی 2011، بەشێکیشیان بە ماددەی سەربەخۆ جێبەجێ دەکرێت، پێشنیار کراوە کە بەماددەی سەربەخۆ پێشکەش بکرێت، بەڵام هەندێك پێشنیار ئیمکان نیە، بە ماددەی یاسایی جێبەجێ بکرێت، واتە بەتەوصیات پێشکەشی حکومەت دەکرێت، دوایی دێینە سەری، ئێستا ماددەکە دەخوێنمەوە، ئەگەر ڕەزامەندیتان لەسەر بوو، بخرێتە دەنگدانەوە بۆ ئەوەی دەنگی لەسەر بدرێت...**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**تکایە ئەوانەی بۆ بابی تەوصیات دەچێت لە پێشنیارەکان، ئەوانەشی کە بەیاسا دەچێت، باڕوون بێت و صیاغەکەشی دیار بێت، بۆ ئەوەی بەرچاوی ئەندامان ڕوون بێت، لەو کارەی کە دەکرێت پێش دەنگدانەکە، فەرموو.**

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**جەنابی سەرۆك قسەکەت زۆر ڕاستە، بەڵام با بێینە سەر ماددەکە، دەیخوێنمەوە، بۆ ئەو پێشنیارانەی کە ئیزافە کراوە لەسەری، ئەگەر ئەندامان ڕازی نەبوون لەسەری دووبارە دەتوانین صیاغەی بکەینەوە، سەبارەت بەو پێشنیارانەشی کە بە ماددەی سەربەخۆ ئامادەمان کردووە، لە کۆبوونەوەی بەیانیدا من خوێندمەوە، ئێستاش دەیخوێنمەوە هیچ مانعم نیە، تەوصیاتەکانیش نووسیومانە، دەتوانێت دکتۆرە ڕۆژان بیخوێنێتەوە.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**دکتۆرە فەرموو بیانخوێنەوە بەس هەموویان نا، ئەوەی کە ڕەبتی بەم ماددەیەوە هەیە، فەرموو.**

**بەڕێز د. ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**سەبارەت بەو پێشنیارانەی کەکران دەتوانین لەناو ئەم ماددەیە جێگای بۆ بکەینەوە، یەکێك لەوانە پاڵپشتی کردنی پرۆژەی گەشتیاری بوو، کەزۆر لەئەندامان پشتگیرییان لێکرد، ئێمە دەتوانین لە بڕگەی یەکەم، کە لە سێ خاڵ پێکهاتووە خاڵێك زیاد بکەین، پشتیوانی لە پرۆژەکانی گەشتیاری بکەین، پابەند دەبێت وەزارەتی دارایی بۆ ئەوەی بڕە پارەی پێویستی بۆ تەرخان بکات، هەروەها سەبارەت بە خاڵی دووەم، کە ئەو بڕە پارەی بۆ سندوقی ئیسکان دانراوە، تەمویلی سندوقی ئیسکان، پێشنیارێك هەیە بۆ ئەوەی ئەو بڕە کەم بکرێتەوە، 149 ملیار دینارە 100 مالیار بۆ سندوقی ئیسکان بمێنێتەوە، 49 ملیار بچێتە سەر ئەوەی جێبەجێکردنی یاسای دابین کردنی یەکەی نیشتەجێبوون، ژمارە(7)ی ساڵی 2008، 49 ملیار بچێتە ئەوێ، بەپێی ئەو مەرجانەی کە لە یاساکەدا دیاریکراوە، ئەو کەسانەی کە کەمدەرامەتن، پێویستە حکومەت یەکەی نیشتەجێبوونیان بۆ دابین بکات، 49 ملیار لەو بڕە بچێتە سەر جێبەجێ کردنی یاساکە، بەو مەرجانەی کەلە یاساکەدا هەیە، سەبارەت بە قەرەبووکردنەوەی ئاوارەکان، ئێمە دوای گفتوگۆکردن لەگەڵ حکومەت، 10 ملیار دینار لە یەدەگی وەزارەتی دارایی و ئابووری تەرخان بکرێت بۆ قەرەبووکردنەوەی ئاوارەکانی تورکیاو ئێران وسوریا کە دەگەڕێنەوە کوردستان بۆ قەرەبووکردنەوەیان، ئەوانەی کە خەڵکی کوردستانن و لە ئێران و تورکیاو سوریا، گەڕاونەتەوە پێویستە قەرەبوو**

بكرێنەوە، پارەکەشمان لە ئیحتیاتی وەزارەتی دارایی و ئابووری بۆ دابین کـردوون، کـە بڕەکـەی 10 مليـار دينـارە، لـە بڕگـەی سێیەم، سەبارەت بـە پـرۆژەکـان ئاماژەیـە یاسـای سـندوقی پاڵپشـتی پـرۆژە بچـووکەکانی لاوان بکرێـت لـە هـەرێمی کوردسـتان ژمارە(2) لەساڵی 2011 ، کەئێستا بـەپێی ئـەو یاسایە ئـەو پرۆژانـە دەعـم دەکـرێن، قەرزەکـەیان پێـدەدەرێت، ئـەوەش زیـاد بکرێـت لـە بڕگـەی سـێیەم، ئـەو پێشـنیارانە لـەناو ماددەکـەدا جێگـای کرایـەوە، ئەگـەر ئـەمر بفـەرموون صـیاغەی کۆتـایی بخوێنینەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك عومەر فەرمووو.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەندێ پێشنیاریش کرا بە تەحدید کردنـی بـڕە پـارەی دانـراو بـۆ هـەردوو بەشـی زراعـی و صـناعی، واتـە مەسرەفی زراعی و صناعی، ئەوە هێڵرایەوە بۆ ئەو تەعلیماتانـەی کـە حکومـەت و لایەنـە پەیوەندیـدارەکان خۆیان پێی دەردەکەن، کە بڕەکە چەندە؟، چۆنیشی پێدەردەکەن؟، هەروەها پێشـنیارێك لەسـەر باشـکردنی بـارودۆخی پێشـمەرگە و موخەصەصـاتی زەوجـی منـداڵ و ژنـی پێشـمەرگە هـات، ئـەوەشمان هێشـتەوە بـۆ ئەوەی بچێتە بابی ئەو تەوصیاتانەی کە لەم یاسایەدا تەوصیەی پێدەکرێت بۆ حکومەت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەوەی قەزاو ناحیەو گوندەکان کەوەك هی پارێزگای لێکبرێت، ئەوەتان چی لێکرد؟، فەرموو.

**بەڕێز د. ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە بڕە پارەکەمان تەرخانکرد، قەرزەکە دەنگمان بۆداوە، ئەوی تر وردەکارییەکان لـەڕێگای ڕێنماییـەکانی وەزارەتی داراییەوە لەوێ باس دەکرێت، لێرە تەنها دابین کردنی بڕە پارەکەیـە، کـە دەنگـی بـۆ بـدرێت لـەم ماددەیەدا، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەی ئەوەی منداڵ و ژنی شەهیدان باسکرا، فەرموون.

**بەڕێز د. ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوە دەتوانین ئاراستەی حکومەتی بکەین، ئەو چارەسەری بکات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەوەی لەسلێمانی ئەوترا پارەکە دەگەڕێتەوە بۆ سندوقەکە، لەهەولێر دەچێتە سەر وەزارەتی دارایی، ئـەوە ڕەئیتان لەسەری چیە؟، لیژنەی یاسایی، فەرموو.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

جەنابی وەزیری دارایی بەیانی تەوزیحێکی لەسەردا، دەڵێت ئەو پارە هەمووی دەچێتەوە ناو سندوقەکە، لە هەولێریش وەکو سلێمانی، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

تکایە، جەنابی وەزیر جارێکی تر ئەوەمان بۆ ڕوون بکەرەوە، فەرموو.

**بەڕێز شێخ بایز تاڵەبانی(وەزیری دارایی و ئابووری):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو پارەی کە دەگەڕێتەوە، لە هەولێر و لە سلێمانیش دەچێتەوە ناو سندوقەکە خۆی، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك عومەر.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

موقتەرەحێکی تر هەبوو، داوا کرا بەنیسبەت سولفەی عەقاری، شارو قەزاو ناحیەکان، کە ئایا بەیەکسانیە یان جیاوازە؟، ئەوە داوا کرا کە جەنابی وەزیر وەڵام بداتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر، فەرموو.

**بەڕێز شێخ بایز تاڵەبانی(وەزیری دارایی و ئابووری):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو سولفەیە لە گوند، قەزا، ناحیە، شار هەمووی وەك یەك وایە، واتە یەکسانە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کارمەندی تەندروستی کەباسکرا، ئەو شەریحەیە ڕەئیتان بەرامبەر بە زیاد کردنیان چۆنە؟، فەرموون.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو ماددەیەی کە سەربەخۆ ئامادەمان کردووە، لەوێ چارەسەری بۆ کراوە، دوایی عەرزی ئەندامانی پەرلەمانی دەکەین، تا موناقەشەی لەسەر بکەن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەی بۆ یەکەی نیشتەجێبوون بۆ فەرمانبەران ڕەئیتان لەسەر ئەوە چیە؟، فەرموون.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

کـە ئاماژەمـان پێـدا، بەجێبـەجێکردنی یاسـای ژمـارە(7)ی سـاڵی 2008، ئـەم یاسـایە، یاسـایەکی زۆر پێشکەوتووە، یاسـایەکی باشـە، چارەسـەری کێشـەی نیشـتەجێبوون دەکـات، بـۆ هاووڵاتیـانی کوردسـتان چ فەرمانبەر بێت، یان هاووڵاتی بێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کێشەی تاپۆ کەباسکرا، ئێوە چی دەڵێن بە ئەندامانی پەرلەمان؟، جەنابی وەزیر ئەگەر تۆ ئەووەمان وەڵام بدەیتەوە، فەرموو.

**بەڕێز شێخ بایز تاڵەبانی(وەزیری دارایی و ئابووری):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هـەروەکو بـەیانیش باسـم کـرد، بەنیسـبەت ئێمـەوە وەکـو وەزارەتـی دارایـی ئامـادەین، سـولفەی عـەقاری بەهەموو هاووڵاتیەك بدەین، ئەگەر بێت و تاپۆی هەبێت، لەهەمان کاتیشـدا ئیجازەی بینـای هـەبێت، ئـەو مەرجەی هەبێت، ئێمە سولفەکەی دەدەینێ، 100 مەتر بێت یان 150 بێت یان 200 مەتر بێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەی ئەوانەی گوندەکان کە تاپۆیان نیە، ئەوە چۆن دەبێت؟، کەفیلیشیان زەحمەتە، فەرموو.

**بەڕێز شێخ بایز تاڵەبانی(وەزیری دارایی و ئابووری):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوەی گوندەکان هەرخۆی هاتووە، باس لە تاپۆ ناکات، ئەوەش زەوابتی خاصی خۆی هەیە، تەسهیلاتی تێدا کراوە، کەفیلی فەرمانبەری دەوێت و بۆی سەرف دەکرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

یەعنی 100 مەتری چۆنە؟، ئەگەر ئەمەش تەوزیحێکی باشی پێ بدەیت، فەرموو.

**بەڕێز شێخ بایز تاڵەبانی(وەزیری دارایی و ئابووری):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تۆ هی ناو گوند دەڵێی یان ناو شار؟، لەگوند ئێستا 100 مەتری جائیزە، بینایە دەکرێت، بەس لـەناو شـار، ئەبێت تاپۆی هەبێت و ئیجازەی بیناشی هەبێت، چونکە لە سنووری شارەوانیدایە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەگەر شـوێنێك 200 مـەتر بێـت و بیکـەن بـە دوو پارچـەی 100 مـەتری، ئـەوە چۆن تـەعامولی لەگـەڵ دەکەن؟، فەرموو.

**بەڕێز شێخ بایز تاڵەبانی(وەزیری دارایی و ئابووری):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەگەر شارەوانی ئیفرازی بکات، دوو تاپۆی سەربەخۆی بداتێ، ئەوە هەردووکیان مەشمول دەبن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەوانەی کە نوقتەی نیزامیان هەبوو ناوتان دەنووسم، تەنها نیزامی، ئەگەر شەرح بێت ڕاتان دەگرم، تکایە بەس نیزامی، کاك دڵشاد، فەرموو.

**بەڕێز دڵشاد شهاب حاجی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من چەند نوقتەیەکی نیزامیم هەیە، یەکەم، ئاوارەکان تەنها هی ئێران و تورکیان، نیمانە لە سوریا لەخوا بەزیاد بێت، ئەوەی تر موعامەلەی ئۆردوگاکان، ئەوانە نەموعامەلەی گوندە نە هی شارە، تکا دەکەم ئەوەمان بۆ ڕوون بکاتەوە، دووەم: کەئەویش نیزامیە، وەختی تەخصیصات تەواو بووە، بەڕێز جەنابی سەرۆکی پەرلەمان، ئێمە لە بابی نەفەقات و ئیرادات تەواو بووین، دەنگمان لەسەری داوە لە تەخصیصات لە فصول لە ئەبواب، ئێستا وەختی دیاریکردنی دەرماڵە وئەو شتانە نیە، بۆیە هەندێ لە پرسیارەکان لەوە دەکرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، عەزیمە خان، فەرموو.

**بەڕێز عظیمة نجم الدین حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە ئەو بڕە پارەیە 10 ملیار دینارە بۆ قەرەبووی ئاوارەکان دانراوە، ئەو ئاوارانەی کە لە ژێر خێمەکانن، ئاوارەی گەڕاوەی ئێرانن، ئەوانەی کە ئێمە بینیوومانن، لە بەحرکە، لە گەرمك، لەهەندێ جێی تر، ئەو ئاوارانەی کە لەژێر خێمەکانن ژیانیان زۆر خراپە، ئەو چەند ئەندام پەرلەمانەی کەداوامان کرد، بۆ ئەوانە بێت، خاڵێکی تر لە پێشنیارەکاندا، چەند ئەندام پەرلەمانێك پێشنیاری ئەوەی کرد، کە بۆ شوێنەوار بڕێك دابندرێت، کەچی لە پێشنیارەکاندا بەهیچ شێوەیەك لە پێشنیارەکان و لە بودجەی ساڵی 2011 جێگای بۆ نەکراوەتەوە، هیچ بڕە پارەیەك دانەنراوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز عماد محمد، فەرموو.

**بەڕێز عماد محمد حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بەئاوارەکانی ئێستا کە لەژێر خێمەدان، لە شیلادزێ، ئەوان کێشەکەیان چارەسەر بووە، ئێمە قسە لەسەر ئەوانە دەکەین، کە لە 1991 تا 1998 هاتوونەتەوە بۆ کوردستان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

مەعلومە، بەڕێز کاروان صالح، فەرموو.

**بەڕێز کاروان صالح احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مەسەلەی 100 مەتری ئەوەی کە جەنابی وەزیر باسی دەکات، بەڕاستی من حەزدەکەم، ئێمە لە پەرلەمان یەکلایی بکەینەوە، لەبەر ئەوەی حکومەت خۆی موافەقەی کردووە، شارەوانی بۆ تاپۆ و ئیجازەی بینا موافەقەی کردووە، ئەگەر بکرێت بە دوو بەش، لەکاتێکدا حکومەت خۆی بۆی دەکات بەدوو بەش، ئەی چۆن مەحرومی دەکات لەو سولفەیە؟، بۆیە بەڕاستی حەق وایە شارەوانی ئیلزام بکەین بەوە، کە ئەو مەسەلەیە یەکلایی بکرێتەوە لەنێوان دارایی وشارەوانی، خاڵی دووەم: لەسەر مەسەلەی ئاوارەکان، بەڕاستی من حەز دەکەم چاوێك بەمەسەلەی ئاوارە بەجدی بخشێندرێت، یەکێك لەوانەی کە ئاوارەی شۆڕشن حسابیان بۆ بکرێت، ئەوانە قوربانیان داوە تا ئەمرۆیان دروست کرد، دووەمیان: ئەوانەی کە بە زروفی شەڕی ناوخۆ، زروفی ئینسانی، بەزروفی جیا جیا، حەتا بە زروفی شەخصیش چوونەتە دەرەوە، ئەمڕۆ دەگەڕێنەوە حەق وایە ئەوانیش حسابێکیان بۆ بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێز جەنابی وەزیر، ئەو 100 مەتریە بۆ منیش زۆر وازح نیە، تکایە زۆر بەوازحی شەرحی بکە، بۆ ئەوەی خەڵکی کوردستان، ئەوانەی چاوەڕوانی ئەوەن تێبگەن، ئەو 100مەتریە شمولیان دەکات، بەڵام چۆن؟، فەرموو.

**بەڕێز شێخ بایز تاڵەبانی(وەزیری دارایی و ئابووری):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕاستی ئەوەی کەمن ئاگام لێیەتی، لەحکومەت موناقەشە کراوە، ئەو کیتابەی کەتەوجیە کراوە بۆ وەزارەتی دارایی، لەوێ ئەم مەسەلەیە باسکراوە، ئێمە ئەنجومەنی وەزیران پێمانی وتووە، بەنیسبەت 100 مەتری ئیفراز، ئەوانە چۆن ئەو ئیشە بکەین؟، ئەوەش لەسەر داوای وەزارەتی شارەوانی بوو، وەزیری شارەوانی لە کۆبوونەوەی ئەنجومەنی وەزیراندا بەشداری ئەو کۆبوونەوەی کردووە، باسی ئەوەی کردووە، جارێ لەناو شاری هەولێردا ئیفراز چۆنە، لە چەند مەتر کەمتر نیە، دوای ئەوە ئیقراری ئەوە کرا، ئەگەر بێت و پارچەیەك خۆی ئەوەندە ئیفراز کرابێت، تاپۆکەی ئەوەندە بێت، ئەتواندرێت ئەوە سولفە وەربگرێت، من جارێکی تریش هەر وەکو وەزارەتی دارایی کەبۆمان هاتووە، لە تەعلیماتەکاندا باسمان کردووە، دەڵێین هەر پارچەیەك 100مەتر بێت یان 150 بێت، یان 200 بێت یان سەرتر، ئەگەر تاپۆی هەبێت، ئیفراز کرابێ، تاپۆی سەربەخۆی خۆی هەبێت، لەهەمان کاتدا شارەوانی ئیجازەی بینای پێدابێت، ئەوە مەشمولە بە سولفەی عەقاری، ئەگەر لە غەیری ئەوە جەنابتان لە پەرلەمان ئیلزامی حکومەت بکەن، کەوا مەسرەفی عەقاری تەسلیفی ئەوانە بکات کە لە زمنی ئەو تەعلیماتە دەردەچێت، ئەوە جەنابتان دەتوانن لێرە بڕیارێکی بۆ دەربکەن بە 75 مەتری دەدەن، یان ئەگەرتاپۆشی نەبێت هەر پێی دەدەن، ئەوە ئارەزووی خۆتانە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

نابێت، ئێمە لە میزانیەدا قەرار دەرناکەین، ئەوە بە یاسا دەبێت، بەڵام ئێمە دەمانەوێت ئەوە بزانین، من پێم وتن وتتان 100مەتری شمولی دەکات، ئەدرێت، دەمەوێ بزانم ئەو پێدانە چۆن دەبێت؟، سوزان شهاب، فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لەبەر ئەوەی دەرکەوت ئەم بابەتە عیلاقەی هەیە، بە وەزارەتی شارەوانیەوە، ئێمە دەتوانین بەماددەیەك تەوصیەی حکومەت بکەین، من باسی شار ناکەم، لەبەر ئەوەی شار ماستەر پلانەکەی تێك دەچێت، بەڵام لە قەزاو ناحیەکاندا، یەعنی بۆ ئیلا دەبێت ئیلزام بکرێت بۆ 300 مەتر، ئەگەر دوو کەس 300 مەترەکە دەکەن بە دوو کەرتەوە، یەکی 150 مەتر، کێشەکە لێرەدا ئەوەیە، ئەمە بەیەك تاپۆیە، یەکێکیان کردوویەتی بەخانوو، ئەوی تریان بەزەوی ماوەتەوە، کاتێ کە دەچێت موعامەلە ئەکات، ئەوەی خانووەکە دەڵێت من وەرم نەگرتووە، وەری ناگرم، نایدەی بەوەی کە خاوەنی زەوییەکەشە، لەبەر ئەوە من داوا لەجەنابت دەکەم، لەبەر ئەوەی عیلاقەی نیە، بەسەر وەزارەتی داراییەوەو ڕێنماییەکانی وەزارەتی دارایش 100، 150، تەنانەت 75یش دەگرێتەوە، بەشەرتێك تاپۆی خۆی هەبێت، من داوا دەکەم، لە تەوصیاتەکاندا داوا لەوەزارەتی شارەوانی بکەین، من بۆ شار داوا ناکەم، لەبەر ئەوەی ماستەر پلانی شار تێك دەچێت، باسی قەزاو ناحیەکان دەکەم، لەشوێنێکی وەك هەورامانندا، هەمووی شاخە، پێیان وتوون ئەبێت 200 مەتر بێت، هەتاکو بڕیارەکەی حکومەتیش دەرچوو، کە بە 100 مەتریش لە گوندەکان دەکرێت، لەشوێنێکی وەکو هەورامانندا وابوو، ئاخر خۆی کێشەکە لەوەدایە، تەعلیماتەکە دادەبەزرێت، جێبەجێکردنەکەی هەرکەسەو بەئارەزووی خۆی تەفسیری بۆ ئەکات، بۆیە ئێمە بەتەوصیە داوادەکەین ئەو بابەتە دابندرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، سیوەیل خان، فەرموو.

**بەڕێز سیوەیل عثمان احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

منیش هاوڕام لەگەڵ قسەکانی سۆزان خان، لەبەر ئەوەی بەڕێز وەزیری شارەوانی ئەمرێکی دەرکردووە، ئەگەر 600 مەتریش بێت نابێ دابەشی دوو بکرێت، من لێم پرسی نەصی ئەو قسەیەم لێپرسی، وتی ئەگەر 600 مەتریش بێت قبوڵمان نیە، بەتایبەت لەناو شارەکان کە بکرێت بەدوو خانوو، دوو تاپۆ، جا ئەوە گەلێك زۆرە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

نەسرین خان، فەرموو.

**بەڕێز نەسرین جمال مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دیارە قسەکەی منیش هەر لەسەر 100 مەتریەکەیە، ئەو 100 مەتریە لەناو شاردا، زۆرە بەتایبەتی لەناو شاری سلێمانی، کە ئەم 200 مەترە، کراوە بە دوو بەشەوە، 100 بە 100، ئەمەی کەکراوە، دیارە ئەو بڕیاری ژمارە(2738)لە 2011/3/8 دەرچووە، ئەڵێت پێشینەیان بدەنێ، بەڵام مەرجەکە قورسە، مەرجەکە دەڵێت ئیفراز کرابێت، وەکو بەڕێز وەزیری مالیەش باسی کرد، ئیفراز کرابێت وتاپۆی تایبەتی خۆشی هەبێت، بەڵام ئەمانە ئیفراز نەکراون، بەهەردووکیشیان یەك تاپۆیان هەیە، بەس بە سەهم، چۆن بڵێین 100مەتری بەناوی جەنابتەوەیە، 100 مەترەکەی تری بەناوی یەکێکی ترەوەیە، بەسەهم هەیە، لەبەر ئەوە یەکێکیان شمولی ئەکات، ئەوی تریان نایکات، بۆیە داوا دەکەین ئەمە یەکلایی بکرێتەوە لێرەدا، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز بیلال سلیمان، فەرموو.

**بەڕێز احمد سلیمان (بیلال):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەڵڵا پێشنیاری من پێشتریش ئەوە بوو، ئەوەی کە دەکەوێتە چوارچێوەی شارەکانەوە، چوارچێوەی ماستەرپلانەوە، بەس تاپۆی نیە، وەکو دەوروبەری هەولێر بەتایبەتی، چەند شوێنێکی تریش هەیە، ئەوانەش تاپۆ بیانگرێتەوە، نە لەسەر لادێ حسابن نە لەسەر ناو شاریش حسابن، لەبەر ئەوەی تا ئێستا تاپۆیان بۆ نەکراوە، ئەوانەش مەحروم نەبن، چونکە ئەوانەی ئەو شوێنانە هەموو خەڵکی فەقیر و هەژارە، ئەوی تریش لەسەر مەسەلەی زەواجە، ئەوەی کە ئافرەتێك یەکەمجار کە مێردی کردبێ، دوایی شوو بکاتەوە، یان بەپێچەوانەوە، پیاوێك ژنی هێنابێ، ئەو ژنەی تەڵاقدابێ، یان ژنەکەی مردبێ و ژنی تر بهێنێتەوە، ئەوە سولفەی پێ نادرێت، ئەوەش ڕاست بکرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێز دکتۆر احمد، فەرموو.

**بەڕێز د. احمد ابراهیم علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەندێ لە تێبینیەکانم هاوکارانم باسیان کرد، بەنیسبەت ئاوارەکانەوە، ئەوانەی مەبەستە کە لەدوای 1991 هاتوونەتەوە بۆ کوردستان و هەندێکیان زەوییان پێدراوە، هەندێکیشیان پێیان نەدراوە، ئەوانی تریش زۆریان ناونووسکرابوون، کەقەرەبوو بکرێنەوە، بەس هیچ قەرەبوو نەکراونەتەوە، ئەوانەش قەرەبوو بکرێنەوە، بەنیسبەت ئەو پارەیە کە کەم بکرێتەوە 49 ملیار دینارە، بۆ سندوقی نیشتەجێکردن، ئەوە داوای ئێمە ئەوە بوو کە بخرێتە سەر سولفەی عەقار، چونکە بەڕێز وەزیری دارایی پار ئاماژەی بەوەدا، کە لەبەر ئەوەی کە خەڵکێکی زۆر داوای سولفەی عەقار دەکات، ئێمە توانای ئەوەمان نیە، کە بتوانین پارە بەو هەموو خەڵکە بدەین، لەبەر ئەوە بخرێتە سەر سولفەی عەقارەوە، بەنیسبەت 100

مەتری و ئەوانەی کە تاپۆیان نیە، ئەو زەوی و خانووانەی کە تاپۆیان نیـە، کەوتوونەتـە دەرەوەی شـار، لـە ماستەر پلان، کێشەکە لێرەدا ئەوەیـە کـە بـەڕێز وەزیـری دارایـی، ڕاسـتە کێشـەکە لـەوەزارەتی دارایـی نیـە، بـەڵام خـۆ ئێمـە پرسـیارەکەمان ڕووەو وەزارەتـی دارایـی نیـە، ڕووەو حکومەتـە، حکومـەت ئـەو کێشـەیە چارەسەر بکات، کێشەیەکە قائیمە، کە 100 مەتری کە بەسەهەم هەیانـە، دوو کەسـە نـاتوانێ ئەگـەر ئـەوی تر ڕەزامەندی نەدات لەسەری وەری نەگرێت، ئەمە یەك: مادام حکومـەت بڕیاریـداوە، کـە ئـەو خانووانـەی یـان ئـەو زەوییانــەی کــە بێتاپۆشــن لــە گونــدەکان و قــەزاو ناحیــەکان ئــەتوانن وەری بگــرن، ئــەی بــۆ لەدەوروبەری شارەکان کە دەکەونە سنووری ماستەرپلانەوە، ڕاستە کە هێشتا تاپۆی وەرنەگرتووە، ئەی ئەو بـۆ نــەتوانێ ئــەو ســولفەیە وەربگرێــت، یــەعنی کێشــەیەکە قائیمــە، ئەگــەر بتوانــدرێت لێــرە پەرلــەمان بەشێوەیەك لە شێوەکان تەوصیات بدات بە حکومەت کە چارەسەری بکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێز عبدالله مەلا نوری، فەرمووو.

**بەڕێز عبدالله محمد نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بــەپێی تــازەترین لێــدوان کــە ئێســتا بــۆ جــەنابتم نــارد، کــە بــەڕێز وەزیــری شــارەوانی داویــەتی، کــە لــە لێدوانەکەیدا ڕوونە، دەڵێت هەر پارچە زەوییەکی 100 مەتری کە ئیفراز کرابێت یان تاپۆی هەبێت، ئێمە سـولفەی عــەقاری پێــدەدەین، بــەس گرفتەکــە لەوەدایــە، ئەوەنــدەی کــەمن ئاگــادار بم، لــە گــەرمیان و لــە سلێمانی، لە ئەساسدا زەوی 100 مەتری دابەشـنەکراوە، واتـە ناڕاسـتەوخۆ دەڵـێن نایـدەین پێتـان، یـەعنی بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ ئەڵێن پێتان نادەین، ئینجا حیکمەت لەمەدا ئەوەیە، ئێمە دەزانین ئەو کەسانەی کـە 100 مـەتری دەکـەن، خـەڵکی هـەژارن زیـاتر، یـەعنی نـاتوانێ 200 مـەتری بکـات، لەبەرامبەریشـدا وەزارەتی شارەوانی ئامادە نیە، قەرارەکەی خۆی بگۆڕێت، بۆیە ئەرکی ئێمە لە پەرلەماندا ئەوەیە بەدەقێك وابکەین کە دەقێکی ئیلزامی بێت وەزارەت ناچار بکەین، کە بیدات بە 100 مەتریش، 100 مەتریەکان کە دابەشدەکرێن، تاپۆیان پێ بدرێت، ئەو حەقەیان پێ بدرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێز شڤان احمد، فەرموو.

**بەڕێز شڤان احمد عبدالقادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

نوقتــەی نیزامــی مــن لەســەر دوو خاڵــە، یەکــەم: ئــەوەی گــوێم لێبــوو، لــە لیژنــەی یاســایی کەخوێندیانــەوە بەشێوەی تەوصیات ئاراستەی حکومەت بکرێت، دەربارەی دەرماڵەی زەوجیـەی شـەهید بـوو، مـن دەپرسـم شەهیدێك ئەگەر 4 منداڵی هەبێت، شەهیدێکیش هیچ منداڵی نەبێت، ئایا مووچـەیان وەکـو یەکـە؟، ئەمـە

عەدالەتە؟، ئەمە ناعەدالەتی تێدا دەبێت لەڕووی مووچەوە، بەتەئکید ئەمە پێویست بە چارەسەر دەکات، بۆیە بە شێوەی تەوصیە من نابینم ئەمە چارەسەر بکرێت، حەقی خۆیانە ئێمە لێرەدا قەرارێکی نیهائیان بۆ بدەین، دووەم: مەسەلەی پێشمەرگە، دەرماڵەی پێشمەرگە، وتم یارمەتی پێشمەرگە، چونکە دەزانین مووچەی پێشمەرگە مەسەلەیەکی گەورەیە، گرێدراوە بە حکومەتی ئیتحادییەوە، لەگەڵ ئەو چارەسەر دەکرێت، بەس داوامان کرد وتمان ئەو پێشمەرگانەی کە دەمێننەوە لەدەرەوەی لیواکان، ئەوانە هاوکارییان بکرێت، چونکە لەوانەیە پاش چوار ساڵی تریش ئەمانە تەواو نەبن، من پێشمەرگە دەناسم، 40 ساڵ خزمەتی هەیە، کوڕی خۆی لە شەشی ئامادەیی دەرهێناوە لە قوتابخانە، بۆ ئەوەی بتوانن بژین لەماڵەوە، بە 280 تا 300 هەزار دینار ناژێت، بەشێوەی تەوصیە ئەمە هیچ عیلاج ناکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێز حمە سەعید حمە علی، فەرموو.

**بەڕێز حمە سعید حمە علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە بەڕاستی وەکو لیژنەی ئاوەدانکردنەوە، ئەم گرفتە زۆر ڕوومان تێدەکات، بۆیە من داوا لە جەنابی وەزیر دەکەم، بەنیسبەت ئەم خاڵانەوە، یەکەم: گوندەکان، بەڕاستی داوای موستەمسەکاتی زۆریان لێدەکەن، وای لێهاتووە،دەتوانم بڵێم لە زیاتر لە 1000 هاووڵاتی مەشمول نیە، لەبەر ئەو موستەمسەکاتە زۆرە کەداوایان لێدەکەن، بۆیە با تەعلیماتەکە بۆ گوند ئاسان بکرێت، خاڵێکی تر بەنیسبەت ئۆردوگاوە، دوو کێشەیان هەیە، یەکەم: تاپۆیان نیە، دووەم: هەندێکیان لەسەردەمی ڕژێمدا کە بەزۆرەملێ گواستراونەتەوە، خانوویەکی هاکەزاییان بۆ کردوون، وەختی خۆی 4500 دیناری سویسریان وەرگرتووە، ئێستا بە موستەفید حسابن کە خانووەکەیان تێك دەدەنەوەو سەرلەنوێ بینای دەکەنەوە، ئەڵێن ئێوە موستەفیدن، بۆیان ناکەن، کە ئەوەش خاڵێکە گرفتی زۆربەی زۆری ئۆردوگاکانە، خاڵێکی تر، ئیشکال لە 100 مەتریەکە، ئەوە جەنابی وەزیر حەلی کرد، بەڵام ئیشکال لە سەهمەکەیە، ئەگەر دوو کەسی فەقیر 250 مەتر یان 220مەتریان کڕی بە سەهم دابەشی دەکەن، ئەوە پێم وایە هەردووکیان با مەشمول بن، خاڵێکی تر مەسەلەی تاپۆ و ئیجازەیە، جەنابی وەزیر دەڵێت ئەگەر تاپۆ و ئیجازەی هەبێت، ئەمڕۆ زۆربەی زۆری قەزاو ناحیەکان بێ تاپۆن، یەعنی زەوییەکی زۆریان هەیە کە ئیفراز کراوە لەقۆناغی تاپۆکردندایە، ئەو مەرحەلەیە 3 تا 4 ساڵی تری دەوێت، بەڵام ئیجازەی بینای هەیە، من پێم وایە، ئەگەر ئیجازەی بینای هەبوو، لە زمنی ماستەرپلان و تەجاوزدا نەبوو، شارەوانی ئیجازەی پێدا، ئەوەحەقە سولفەی پێ بدرێت، چونکە موعامەلەی تاپۆ هەیە 5 تا 6 ساڵ یان زیاتری دەوێت، بۆیە ئیکتیفا بکەن بۆ قەزاو ناحیەکان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، گۆران ئازاد، فەرموو.

**بەڕێز گۆران ئازاد محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە بابەتی زەوی 100 مەتری ئەوانەی کە لە ئۆردوگاکانن، هەموو ئەو بابەتانەی کەباسکران، جێگای ئیهتمامی هەم سەرۆکایەتیە، هەم سەرجەم ئەندامانی پەرلەمانە، تا ئێستاش وەڵامێکی ڕوونمان دەست نەکەوتووە، لەبەر ئەوەی وترا پەیوەستە بەوەزارەتی شارەوانیەوە، ئێمە لەم ماددەیەدا ئێستا باس لەوە دەکەین، کە حکومەت تەنها بەردەوام دەبێت لەپێدانی سولفەی عەقاری، لەسەر ئەوە نین کە دەیدات بەکێ ونایدات بەکێ، بۆیە من پێشنیار دەکەم، بۆ بەیانی وەزیری شارەوانی لێرە ئامادە بێت، بۆ وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارانە، ئەگەر پێویست بوو بەماددەیەکی ئیزافی ئیزافەی بکرێت، چونکە شەرت نیە لەناو ئەو ماددەیەدا بێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز ئێمە باسی میزانیە دەکەین، بۆ ئەوەش وەزیری دارایی بەرپرسە، لەگەڵ پلاندانان، پلاندانانیش لە ئێستاوە کاری تەواو بوو لێرە، ئەوی تر ئەتوانن لە لیژنەکە بانگی وەزیری شارەوانی بکەن، ڕێ و شوێنی بۆ دابنێن، بەڕێز اسماعیل گەلاڵی، فەرموو.

**بەڕێز اسماعیل سعید گەلاڵی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سوپاس، کاک دڵشاد قسەکانی منی کرد، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس کاک عومەر فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەنیسبەت سولفەی عەقار و دانی بە 100 مەتری، من پێم وایە جەنابی وەزیری مالیە زۆر بەوازحی، بەڕوونی باسی لەسەر کرد، کە سولفە دەدرێت بەو موستەمسەکاتانەی کە پێی بێت، بۆ هەموو کەسێك کەداوای سولفە بکات، واتە تاپۆ، ئیجازە، خەریتەی موصەدەقی شارەوانی پێ بێت، وەزارەتی مالیە نکولی لێ نیە، ئەگەر 10مەتری مورەبەعیش بێت، ئەمە بۆ نموونە، سولفەکە دەدات ئەم، بەڵام لێرەدا شتێك هەیە، ئێمە لەم یاسایەدا باسمان لەسەر لادێکان کردووە، لادێ ئەصڵەن ئەو شوێنەی کەخانووی لەسەر دەکرێت تاپۆی نیە، پێم وایە ئەوە بەخشراوە لە مەسەلەی تاپۆ سولفەکەی خۆی وەردەگرێت، بینای خۆی دەکات، ئەمێنێتەوە مەسەلەی شارەکان، شارەکان مەحکومن بە تەسمیمی ئەساسی، بەماستەر پلان، شارەکان مەحکومن بە یاسایەك، کەپێی دەوتریت یاسای تەسجیلی عەقاری، لەم یاسای تەسجیلی عەقارییەدا، مەسئەلەی ئیفرازو قیسمەی تێدایە، شارەکان دابەشکراون بە ناوچەی تیجاری، سەکەنی، بە ناوچەی دەرەجە نایاب ودەرەجە یەك و دەرەجە دوو، مەساحاتی جیاوازیان هەیە، بەواتا مەسەلەی ئەم

مەساحاتانە، كارێكی ئاڵۆزو موعەقەدە لێرەدا، بەبڕگەیەك ئێمە ناتوانین قەتعەن 100 مەتریەك جیا بكەینەوە بڵێین ها ئەوە سولفەی عەقارییە، لەكاتێكدا ئەم یاسایەو سەرجەم ئەندام پەرلەمانەكان و بەوەزیری داراییشەوە، بەسەرۆكایەتی پەرلەمانیشەوە، بەهەموومانەوە نكوڵیمان لەدانی سولفەی عەقاری نیە، بۆ هەموو كەسێك، ئێمە ئەم یاسایە بۆ تەصدیق دەكەین؟، بۆ ئەوەی سەرتاسەر كۆمەلانی خەڵك سوودمەند بێت لەو واریداتەی كەلە ولاتەكەی خۆیدا بەدی هاتووەو بەدی دێت، وەدەستی دەكەوێت، بۆیە هەموو كەسێك دەبێتە خاوەنی یەكەیەكی نیشتەجێبوون، كە دابنیشێت لەخانووەكەی خۆیدا، سوود لەو سولفە عەقارییە وەربگرێت، بەلام چۆن دەبێت سوود وەربگرێت، ئەبێت بەپێی یاسا، ڕێسا، ڕێنماییەكان بێت، ئەم مەسەلەی 100 مەتریە جەنابی سەرۆك مورتەبتە بە دوو قانونی سەرەكیەوە، یەكێكیان/ قانونی وەزارەتی بەلەدیەیە، دووەم/ قانونی تەسجیلی عەقاریە كە وەزارەتی عەدل موختەسە پێی، ئەمە لە بابی ئیفراز قیسمدایە، ئایا ئەم دوو سەد مەترە قابیلە قسم بكرێت، یان قسمە ناكرێت؟ (قد یجوز) هەندێ جارجائیزە ببێ بە تاپۆوە، عیبرەت لێرە بەدانی سلفەی عەقارێكە بە نیسبەت وەزیری مالیە باسی كرد سورەت قەیدێكی موستەقل بە دەست هەركەسێكەوە بێت سلفەی عەقاری خۆی وەردەگرێ لە گەڵ ئیجازە و خەریتەی موسەدەقە، ئەمە ڕووبەڕووی وەزارەتی مالیە نابێتەوە، ئەمە ئیجرائێكە ڕووبەڕووی وەزارەتی عەدل و وەزارەتی شارەوانی دەكرێتەوە، ئەوان دەتوانن ئەم كێشەیە بەو شێوەیە حەل بكەن كە ئایا ئیفراز دەكرێت یان نا؟ بەلام مەسەلەی ئەوەی كە 200م هەندێ برادەر لەلای وایە كە وترا 200م هی دوو كەس بوو یەكی 100م ە، نەخێر هەموو ئەو موڵكانەی كە دوو كەس و سێ كەس بەشدار دەبن تیایدا پێی دەوترێ (علی وجە الشیوع) شەرت نیە بەمەساحە تەقسیم كرابێ، بە ئەسهوم تەقسیم دەكرێ، لە دنیا 300م بێت و 120م ی هی یەكێكیان بێ و 180م ی هی یەكێكی دیكە بێت، لەوانەیە 200م بێت، 120م ی یەكێكیان بێ و 80م ی هی یەكێكی دیكە بێت، حەلی ئەم كێشەی 100م یە ئایا لێرە ئێستا بۆ ئێمە جێ بەجێ ناكرێت، ئەمە یاسای میزانیەیە خاسە بە بودجە، بەلام ئەكرێت ئێمە تەوسیەیەك بكەین لە موستەقبەل بۆ حەلی ئەو كێشەیە بۆ ئەوەی سەرتاسەر كۆمەلانی خەڵكی كوردستان بە 100م ی و بە 500م ی موستەفید بن لە سلفەی عەقاری و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر تكایە پرسیارەكان لات وازحن، ئەگەر نەختێك ڕوونكردنەوە لەبەردەستی ئەندامانی پەرلەمان هەبێت، فەرموو.

**بەڕێز بایز تاڵەبانی (وەزیری دارایی و ئابووری):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دیارە مەسرەفی عەقاری ئێمە هەموو ئەو ڕێنماییانەی كە دەری دەكەین ئیستناد دەكەینە سەر ئەو زەوابت و نووسراوانەی كە لە ئەنجومەنی وەزیرانەوە بۆ ئێمە دێ و بە پێی بڕیارەكانی ئەنجومەنی وەزیران،

مەسرەفی عەقاری ئێمە بە جیهەتی تەمویلی ئینتها دەدات بە پێی ئەو زەوابتانەی کە دانراوە، ئەو زەوابتانەش من باسم کرد، هەندێکی ئێمە ساحبی ئەو زەوابتانە نین، بەلأم وایان لیّ کردووین ئێمە داخلمان کردووە و بە نووسراوی وەزارەتی دارایی دەرچووە، لەبەرئەوە هەر گۆڕانکاریەك هەبیّ لەو مەوازعانە ئەبیّ وەزارەتی شارەوانی و وەزارەتی عەدل و ئەنجومەنی وەزیران ئەو بڕیارەی لەسەر بدەن، ئێمە وەکو وەزارەتی دارایی جارێکی تریش دەیڵێین لە خزمەتی هاووڵاتیانداین، ئێمە هاووڵاتی حەزدەکەین ئێستا ئەمڕۆ بێت و سلفەکەش مەشمول بیّ پێی و بۆشی سەرف بکەین و بڕوا، بەلأم چی بکەین ئیتر ئێمە بەو شێوەیە بۆمان هاتووە و زەوابتەکانیشمان بەو شێوەیە داڕشتووە، لەبەرئەوە هەر گۆڕانکاریەك هەبیّ لەو زەوابتانە کە پێمان بکرێت ئێمە ئامادەین و جیّ بەجیّ ی دەکەین، بەلأم عیلاقەی بەو شوێنانەوە هەیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر ئەی ئۆردوگاکان باسکرا، فەرمووو.

**بەڕێز بایز تاڵەبانی (وەزیری دارایی و ئابووری):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە نیسبەتی ئۆردوگاکانەوە لە کاتی خۆی دا ئەمانە ئەوانەی کە پارەی مەسرەفی عەقاریان وەرگرتبوو، ئەوانەی کە گەڕانەوە بۆ گوندەکانی خۆیان ئیعفا کران لەو پارەیەی کە وەریان گرتووە، ئەوە ئێستا هەیە لایەزال لەو ئۆردوگایانە ماونەتەوە، ئەوانە لە وەختی حکومەتی عیراقی دا موستەفید بوونە، هەتاوەکو ئێستا ئێمە ئەمرێکمان بۆ نەهاتووە بڵێ ئەوانە کە موستەفید بوونە ئەوا ئیعفایان بکەن لەوەی لەو موستەفیدیە و سلفەی عەقاری با شمولیان بکات، چونکە بە نسبەت ئێمەوە ئەوە سلفەی عەقاری بووە و شمولی کردووە، ئێمە وەکو وەزارەتی مالیە پێمان باشە و پێمان خۆشە، ئەو ئیعفایەش بۆ ئەوانیش دەربچێ و مەشمولیش بن بەو شێوەیە کە بتوانن ماتوڵ لە شوێنەکانی خۆیاندا ماونەتەوە، یەعنی ماونەتەوە بۆ ئەوەی بتوانن ئەوانیش بینایەکی تازە بە وەزعێکی تازەوە بۆ خۆیان بکەن، ئێستا زۆربەی زۆری ئەو خەڵکە لەوێش نەماون، ڕەنگە خەڵکی تر هاتبێتە ئەو شوێنانە، لەبەرئەوە بە نیسبەتی ئێمەوە ئەگەر جیهاتی مەعنی وەکو باسم کرد ئەوانە موسادەقە بکەن و موافەقە بکەن ئێمە هیچ مانعێکمان نیە وەکو وەزارەتی دارایی.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر ئەی ئەوانەی بۆ جاری دووەم شوو دەکەن یان ژن دێنن، ئەوە چەند جار تەئکیدی لەسەر کرایەوە و باس نەکرا لای جەنابت؟ فەرمووو.

**بەڕێز بایز تاڵەبانی (وەزیری دارایی و ئابووری):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سلفەی زەواج یەك کەڕەت وەردەگیریّ و یەك جاریش دەبیّ موستەفید بێت.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر پرسیاری چەند ئەندامێکی پەرلەمان  بە نووسراو بۆمان هاتووە کە دەڵێن چۆن حکومەت ئیلزام دەکەی بە دەعمی کەرتەکانی زراعە و سناعە و گەشتیاری لە کاتێك دا سیولەی نەقدی نەماوە؟ یەعنی ئەگەر ئەمە ڕوونکردنەوەیەك بدەی کە لێرە نووساندوومانە ئەو سیولەیە لە کوێ دێت؟ فەرموو.

**بەڕێز بایز تاڵەبانی (وەزیری دارایی و ئابووری):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە ئیلزام بووینە کەوا پارە بۆ مەسرەفی سناعی و  زراعی و عەقاری بۆ هەمووی سەرف بکەین، دیارە ئەوەی کە جەنابت باسی دەکەی ئێمە بە نسبەتی مەسرەفی عەقاریەوە پارەی خۆشیان تەداول دەکات و هاتووەتەوە و ئێمە حسابی ئەوەمان کردووە کە موازەنەکە لە ئیحتیاتات دەدەین و لە وفورات دەیدەین و لە وفوراتی ئەو ماددەیە دەیدەین کە گەڕاوەتەوە، هەروەها ئەوەی زراعی و سناعیش، ئێمە بە نیسبەتی ئەوانەوە هەر پەرلەمان کە ئەمرێکمان بۆ دەربکات یاخود بڕیارێك بدات کە بڵێ لەکوێ دەیهێنن؟، ئەگەر پارەکە موناسب بێ، ئێمە پارەیەکی موناسبمان هەیە لە ئیحتیاتدا، ئەو ئیحتیاتە زۆر زەرورە، ئەو ئیحتیاتەش بۆ ئەوە نیە کە ئێستا ئێمە لێرە بڕیاری لێ بدەین و  بۆ فلان شت سەرفی بکەین، خۆی ئەو ئیحتیاتە بۆ تەواریە، بۆ فەیەزاناتە، بۆ وشکەساڵیە، بۆ تەڕەساڵیە کە زۆرجار بە عەکسەوە، ئەوەتا دەڵێ پارەی فەیەزانم سەرف کردووە، یاخود بۆ ئەو مەوازیعانەیە، بەڵام ئەگەر لە حاڵەتێك دا سلفەیەکی مەوزوعێکی سناعی یان زراعی کە زۆر زۆر زەرور بێت و پێویست بکات و پارەکەی بگونجێ ئەوا ئێمە لە ئیحتیاتات وەری دەگرین، لە ئیحتیاتی وەزارەتی دارایی وەری دەگرێت.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی ئێستا ئاخر سیاغەتان بخوێننەوە، بەڕێزان خەلاس بوو ئەوەی ویستتان گەیشت، سورەتەکە لای هەمووتان وازح بوو و وەڵامەکانتان وەرگرتەوە، خەڵکی کوردستانیش گوێی لە دەنگتان دەبێ، ئێستاش دەمێنێت لیژنەی یاسایی سیاغەی ماددەکە بکات کە نەختێ زیادیش لەسەر ئەوەی ماددەکە زۆر شت کرا، فەرموو.

**بەڕێز عونی کمال بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادە السادسة عشرة:

اولاً: تلتزم وزارة المالية والاقتصاد بتأمين مبالغ للاستمرار في:

1- تأمين مبلغ القرض العقاري للمواطنين في المحافظات والاقضية والنواحي والقرى حسب التعليمات والضوابط المرعية وتعزيز حسابه عند الحاجة، مع اعفاء المقترض من شرط التأمين على الحياة.

2- دعم مشاريع القطاع الزراعي عن طريق المصرف الزراعي.

3- دعم مشاريع المصرف الصناعي.

4- دعم المشاريع السياحية.

ثانياً: تلتزم وزارة المالية والاقتصاد بتمويل صندوق الاسكان بمبلغ (100 مليار) مئة مليار دينار مع اعطاء الاولوية للمشاريع السكنية المشمولة به في النواحي والقرى.

ثانيا: تخصيص مبلغ قدره (49) تسعة واربعون مليار دينار لتأمين السكن للمواطنين من ذوى الدخل المحدود وفقا لقانون تأمين السكن فى اقليم كوردستان رقم 7 لسنة 2008.

ثالثا: تخصيص مبلغ قدره (25) خمسة وعشرون مليار دينار لدعم صندوق القروض الصغيرة ومشروع ايجاد فرص العمل للشباب المصادق عليه من قبل مجلس وزراء اقليم كوردستان في سنة 2010 وفقا لقانون دعم المشاريع الصغيرة للشباب فى اقليم كوردستان - العراق رقم 2 لسنة 2011.

رابعاً: تخصيص مبلغ قدره (10) عشرة مليار دينار لمساعدة من التجأ فى حينه الى ايران و تركيا و عاد أو يروم العودة الى اقليم كوردستان ولم يتم تعويضهم سابقا، ويتم تأمين هذا المبلغ من احتياطى وزارة المالية والاقتصاد.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە، بەڕێزان کێ لەگەڵە تکایە دەست بەرزبکات؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵ دانیە؟ بەکۆی دەنگ پەسەند کرا، زۆر سوپاس، ئێستا بۆ ماددەی 16 لە ئەسڵی پرۆژەکە کە دەکاتە ماددەی 17 فەرموو.

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی 16 کە دەبێتە ماددەی 17

(سندوقی کوردستان بۆ داهاتی نەوت)، کە بەپێی ماددەی پازدەم لە یاسای نەوت و غازی هەرێمی کوردستانی عێراق.......... .

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەردەوام دەبین تا هەمووی ئینشائەڵڵا تەواو دەکەین، بە پشتیوانی خوا، تەوسیاتەکان دەمێنێتەوە، چونکە زۆرن، بەیانی تەوسیاتەکان و ئاخر دەنگدانمان دەبێ ئینشائەڵڵا، جا بۆیە خۆتان حازر بکەن بۆ هیلاکی، فەرموو.

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی 16 لە ئەسڵی پرۆژەکە کە دەبێتە ماددەی 17

(سندوقی کوردستان بۆ داهاتی نەوت)، کە بەپێی ماددەی پازدەم لە یاسای نەوت و غازی هەرێمی کوردستان - عێراق ژمارە (22)ی ساڵی 2007دا دامەزراوە، ئەو داهاتانە وەردەگرێت، کە لە پرۆسەکانی نەوتی تایبەت بە کێلگەکانی نەوت بەدەست دێن و بەپێی حوکمەکانی دەستووری عێراق و یاسای نەوت و غازی هەرێم.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەعەرەبیەکەی کاك خورشید فەرموو.

**بەڕێز خورشید احمد سلیم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**المادة السابعة عشرة:**

**يستلم (صندوق كوردستان للعائدات النفطية) المؤسس وفق المادة الخامسة عشرة من قانون النفط والغاز لاقليم كوردستان – العراق رقم (22) لسنة 2007 العائدات المستحصلة من العمليات النفطية الخاصة بالحقول النفطية وفق احكام الدستور العراقي وقانون النفط والغاز للاقليم.**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

**لیژنەی یاسایی ڕەئیتان لەسەری؟ فەرموو.**

**بەڕێز عونی كمال بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**ئێمە سیاغەی ماددەكەمان گۆڕیوە بەوشێوەیەی كە ئێستا دەیخوێنمەوە:**

**اولاً/تقوم وزارة المالية والاقتصاد وبالتنسيق مع وزارة الثروات الطبيعية باستلام العائدات التى تتحقق مباشرة من مبيعات النفط الخام فى الاقليم، ومبيعات مشتقات النفط وفق الدستور العراقى وقانون النفط والغاز لاقليم كوردستان رقم 22 لسنة 2007 وتضاف الى الواردات المتحققة واعلام البرلمان للمصادقة عليها قبل التصرف بها.**

**ثانيا: تودع جميع مبالغ المنح المستحصلة من العقود النفطية والغازية فى الاقليم فى حساب خاص لدى وزارة المالية والاقتصاد وتخصص هذه المبالغ من قبل مجلس الوزراء للمشاريع المخصص لها حسب العقود النفطية والغازية بالنسبة لعقود النفط والغاز وكذلك مشاريع البنية التحتية فى الاقليم على ان تقترن بمصادقة برلمان كوردستان قبل التصرف بها.**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

**لیژنەی دارایی ڕەئیتان؟ فەرموو.**

**بەڕێز د.ئاراس حسین محمود كریم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**لیژنەی داراییش لەگەڵ دەقی ئەو گۆڕانكاریەیە كە لیژنەی یاسایی پێی هەستاوە، سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

**جەنابی وەزیر ڕەئیتان؟ فەرموو.**

**بەڕێز بایز تاڵەبانی (وەزیری دارایی و ئابووری):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**ئێمەش تەئیدی ماددەكە دەكەین دوای گۆڕانكاریەكە.**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێزان كێ دەیەوێ قسە بكات؟ ئەو بەڕێزانە دەیانەوێ قسە بكەن، سمیرە گۆران، عبداللە مەلا نوری، خلیل عثمان، امیر گوگە، ئەڤین عمر، گۆران ئازاد، ناسك تۆفیق، سمیرە خان فەرموو.

**بەڕێز سمیرە عبداللە اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لەبەرئەوەی پترۆ دۆلار خراوەتە سەر بودجەی گشتی كە دەبووایە ئەو بڕە پارەیە بە جیا بۆ پرۆژەی خزمەتگوزاری ئەو ناوچانە تەرخان كرابا كەنەوتیان لێ بەرهەم دەهێندرا، بەڵام ئەمە نەكرا، بۆیە پێشنیار دەكەم بڕگەیەك لەو ماددەیە كە ماددەی 17یە ئێستا زیاد بكرێت، بۆ ئەوەی كە هەر بڕە پارەیەك لە پارەی موشتەقاتی نەوت یان بۆ بودجەی تەكمیلی كە بڕیارە بێتە پەرلەمان، بۆ پرۆژەی خزمەتگوزاری ئەو ناوچانە تەرخان بكرێت كە نەوتیان لێ بەرهەم دەهێندرێت و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك عبداللە فەرموو.

**بەڕێز عبداللە مەلا نوری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دیارە من لەگەڵ ئەسڵی ئەو دەقەم كە لە پرۆژە یاسای بودجە هاتووە لەلایەن حكومەتی هەرێمی كوردستانەوە، بەڵام لەگەڵ كۆمەڵێك گۆڕانكاری دا كە دەشێ لێرە پێشنیاری بكەین، هیوادارم دواتر پشتیوانی بكرێین، دیارە ئەو سندوقە كە لە ماددەی 15 ی یاسای نەوت و گازی هەرێمی كوردستان دا ئاماژەی پێدراوە و لە پرۆژە یاسای بودجەی ئەمساڵدا هاتووە تا ئێستا دروست نەكراوە، بە پێی ئەو ڕێكاریانەی كە لە یاسای نەوت و گازدا هاتووە پێویست دەكات لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە ستافەكەی دەست نیشان بكرێت و دواتر وەكو هەر دەستەیەكی تر، دەستەی ژینگە و دەستەی مافی مرۆڤ و وەزارەتەكان ئەم دەستەیە بێتە پەرلەمان و متمانەی پێ بدرێت، لەڕاستی دا من بۆیە پشتیوانی ئەوە دەكەم كە وەكو لە دەقی پرۆژەكە هاتووە، پێموایە ئەگەر بەم شێوەیەی كە هاتووە تێ پەڕێ، گرنگی ئەم سندوقە لەوەدایە، بابڵێین ڕاستەوخۆ هەموو ئەو داهاتانەی كە لە بڕگەی 30 لە ماددەی 1 ی یاسای نەوت و گازی هەرێمی كوردستاندا هاتووە هەموو ئەو داهاتانە دەرواتە ناو ئەم سندوقەوە، ئەهمیەتێكی تری ئەم سندوقە لەوە دایە كە كارەكانی ڕاستەوخۆ لەژێر چاودێری پەرلەمانی كوردستاندایە، واتە دروست كردنی ئەم سندوقە جۆرێك لە دڵنیایی دروست دەكات لەبەینی پەرلەمان و حكومەتدا، جۆرێك لە متمانە بەهێز دەكات لەبەینی پەرلەمان و حكومەت بە پێی ڕێكارە یاساییەكان، ئەم سندوقە ڕاستەوخۆ دەكەوێتە ژێر چاودێری پەرلەمانی كوردستان، بۆیە من پێموایە لە بەرپرسیایەتی ئێمە لەئاست ئەم ماددەیە دەكرێت دابەشی بكەین بۆ دوو بەرپرسیاریەتی، بەرپرسیاریەتی یەكەم/ ئەوەیە كە ئێمە لەڕێگەی یاسای بودجەوە هانی حكومەت بدەین لەڕێگەی تەسبیت كردنی ئەو دەقەوە، هانی حكومەت بدەین و هاوكاری بین كە

هەرچی زووە ئەم سندوقە دروست بکات، بەو شێوەیەی کە ڕێکاریەکانی لە یاسای نەوت و گازی هەرێمی کوردستاندا هاتووە، پێشموایە بە پێی ئەو زانیاریانەی کە ئێمە هەمانە ئەنجومەنی وەزیران و ئەنجومەنی هەرێمی حەزیان لێیە ئەو سندوقە دروست بکەن، واتە دەرفەتێکی باشە بۆ ئێمە لە پەرلەمانی کوردستاندا هاوکاریان بین کە هەرچی زووە ئەم سندوقە دروست بکرێت بۆ ئەوەی بابڵێین لە دوای تەئریخی دروست کردنی سندوقەکەوە کۆی داهاتی نەوت بەو شێوەیەی کە لە یاسای نەوت و گازی هەرێمی کوردستان هاتووە بچێتە ناو ئەم سندوقەوە و نەجاتمان بێت لە کردنەوەی حساب و ئەو شتانەی کە لەڕابردوودا کاری لەسەر کراوە، ئەمە بەرپرسیاریەتیەکیان، بەرپرسیاریەتی دووەم/ بەڕەئی من بەرپرسیاریەتی پێش دروست کردنی ئەو سندوقەیە کە لەڕابردوودا و تاوەکو ئێستا کۆمەڵێك پرسی جیا جیا هەیە لە هەرێمی کوردستاندا کە بە تایبەتی کە ئێمە دەزانین ساڵی پار لە یاسای بودجە دا دوو ماددەمان تەسبیت کرد کە ماددەی 21 و ماددەی 22 ئەگەر چی بەڕێز وەزیری دارایی لە قسەکانی هەفتەی ڕابردوو دا پێی وابوو کە ئێمە ئەو ماددانەمان جێ بەجێ کردووە، با بڵێین حکومەت ئەو ماددانەی جێ بەجێ کردووە بەو پێیەی ئەو ئاماژەی بەوە دەکرد کە 250 ملیۆن دۆلار هاتووەتە پەرلەمانی کوردستان و پەرلەمان پەسەندی کردووە، ئەو پێی وابوو ئەم مەبلەغە جێ بەجێ کردنی ئەو ماددانەیە لەکاتێك دا کاتێك کە ئەو دوو ماددەیەی ساڵی پار دەخوێنیتەوە دوور و نزیك پەیوەندی بە 250 ملیۆن دۆلارەوە نیە، چونکە ئەو 250 ملیۆن دۆلارە داهاتی نەوتی ڕەش بوو، لەکاتێك دا دیارە سەرۆکی حکومەتیش کە ئێمە بینیمان خۆی باسی کردو وتی ئەمە داهاتی نەوتی ڕەشە، لەکاتێك دا ماددەی 21 و 22 ی ساڵی پار بۆ ئەوەیە کە بابڵێین شیرینیەکان ئەو بەخشینانەی کە لە کۆمپانیاکان دراوە و بێت و بابڵێین لەو ماددە و دوو ماددەیە ڕێك بخرێتەوە، واتە ئەو دوو ماددەیەی کە ساڵی پار ئێمە تەسبیتمان کرد تا ئێستا جێ بەجێ نەبووە، بۆیە من پێموایە بەرپرسیاریەتی ئێستای ئێمە کۆتایی هێنانە بە ئەو ئەشکالیاتانەی کە لەڕابردوو دا هەبووە، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، تکایە من دەق دەڵێمەوە ئەگەر دەرفەتم بدەی، دیارە جەنابتان ئاگادارن ئێمە لە مانگی 2ی ساڵی 2010 دا ئێمە وەکو لیژنەی پیشەسازی و وزە خۆشبەختانە بە کۆی دەنگ کتابێکمان ئاڕاستەی ئەنجومەنی وەزیران کرد لە مانگی 12 ی ساڵی 2010 لەلایەن بەڕێزتانەوە ئاراستەی ئەنجومەنی وەزیران کرابوو بۆ هەمان ئەو بابەتەی کە ساڵی پار لە پرۆژەی بودجە یاسامان بۆ دەرکرد، بەلام تا ئێستاش ئێمە ئەم وەڵامەمان وەرنەگرتووەتەوە،... .

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عبداللە تۆ باسی ئەم سندوقە بکە، ئەو وەڵامە لەشوێنێکی تر، فەرموو.

**بەڕێز عبداللە مەلا نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بۆچی پێویستە ئەم سندوقە؟ مەبەستم ئەوەیە، کاتێك کە ئەو کتابەی ئێمە ڕۆیشتووەتە بەردەمی بەڕێز ئەنجومەنی وەزیران کتابێکیان کردووە بۆ وەزارەتی سامانە سروشتیەکان و خۆشیان داوایان لە وەزارەتی سامانە سروشتیەکان کردووە بۆ ئەوەی زانیاریان لەبارەی ئەو داهاتانەوە پێ بدرێت، عەفوم بکەی، کۆی ئەم بابەتانە پێمان دەڵێ دروست کردنی ئەم سندوقە گرنگە، بۆیە من لە کۆتایی قسەکانما دەمەوێ پێشنیارەکە بەم شێوەیە بخەمە ڕوو، هیوادارم بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان پشتیوانیمان بکەن بۆ کۆتایی هێنان بە حیکایەتی نەوت، لەڕاستی دا وەکو حیکایەتێکی لێ هاتووە و کۆتایی پێ نایە، پێموایە......... .

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس تەواو، کاك خلیل فەرموو.

**بەڕێز خلیل عثمان حمدامین رسول:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پشتگیری لە پێشنیارەکەی سەمیرە خان دەکەم، هەروەکو ئێمە لەم پەرلەمانە بڕیارماندا کە پارەی پەترۆ دۆلار خراوەتە سەر بودجەی گشتی لەکاتێك کە ئەو پارەیە بە پێی یاسا و دەستوور مافی ئەو ناوچانەیە کە نەوت و گازی لێ بەرهەم دەهێندرێ و لێی دەپاڵێورێ، لەکاتێك دا کە نەوتی ئەو ناوچانە کە ئێمە ئابلۆقەی ئابووری وسیاسیمان لەسەربووە، بەڕاستی دەعمێکی زۆری ئیقتسادی هەرێمی کوردستانیان کردووە، کە ئەوانیش زیاتر ناوچەکانی زاخۆ و بەردەڕەش و مەخمور و تەق تەق و کۆیە و چەمچەماڵ و ئۆردوگای شۆڕش و قادر کەرەم و بازیان و کفری و ئۆردوگای رزگاری، ئەگەر دیقەت بدەین زۆربەی زۆری ڕێژەی دانیشتووان لەو ناوچانەیە و بەشێکی گەورەی پێکهاتەی دانیشتوانی هەرێم پێك دەهێنن، خەڵکی ئەو ناوچانە خەڵکی هەژار و کەم دەرامەتن و زۆربەی زۆریان بەڕاستی پاشماوەی قوربانیان و وارسی کەسوکاری ئەنفال کراوەکانن، ئەو ناوچانە بەدرێژایی 13 ساڵ لەدوای ڕاپەڕینەوە بەشێکیان لەژێر دەسەڵاتی ڕژێم دابوون و بەشێکیشیان لەو خاڵە سنووریانە بوون کەلەگەڵ ڕژێمدا تەماس بووە و دەتوانم بڵێم وەکو پێویست خزمەت نەکراون و خزمەتگوزاری باشی بۆ نەچووە، بۆیە من بەڕاستی پێشنیاری ئەوە دەکەم وەکو سمیرە خان یەعنی بڕگەیەکی یاسایی زیاد بکرێت لەم ماددەیە، بەڕاستی تەعویزی ئەو پارەی پترۆ دۆلارەیان بۆ بکرێتەوە کە لە بودجەی تەکمیلی بێ یان هەر پارەی موشتەقاتێکی نەوت کە دێتە ئەم پەرلەمانە، بەڕاستی با پرۆژە خزمەتگوزاریەکانی ئەو ناوچانەی تیابێ و خزمەتی ئەو ناوچانە بکرێت، چونکە وەکو پێشتریش ئاماژەمان پێی کرد لەڕووی ڕێگاوبانەوە، لەڕووی بیئەوە، لەڕووی خەڵکەکەوە کە پێویستی بە خزمەتگوزاریە، پێموایە زۆر ئاساییە، چۆن ئێمە بڕیاریمان دابوو بۆ ناوچە سنووریەکان لەم بودجەیە بڕێك پارە تەرخان بکرێت و پێموایە ئەمانیش بەهەمان شێوە مافێکی یاسایی و دەستووری خۆیانە........... .

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

تارا ئەسعەدی تکایە بێ دەنگ بن، فەرموو.

**بەڕێز خليل عثمان حمدامين رسول:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەو پارەیە شوێنەکانی خۆیانی پێ ئاوەدان بکرێتەوە کە ئەو پارەیە بۆ ئەو ناوچانە تەرخان بکرێت و وەکو وتم ئەو ناوچانەی کە نەوتیان لێ بەرهەم دەهێندرێ یاخود نەوتیان لێ دەپاڵێورێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك امیر فەرمووو.

**بەڕێز امير گوگه يوسف عوديش:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشەکی پشتەڤانیا لیژنا دارایی و لیژنا یاسایی دکەم بۆ وان پێشنیارێت وان، هەروەسا پشتەڤانیا ل سمیرە خان و کاك خلیل دکەم، بڕاستی ئەڤە بابەتەکە،چونکە وەکو ئەز دزانم ل مەنتیقا زاخۆ هەتا نوکە ئەو جێگا یەی کو گاز لێ دێتن، هەتا نوکە بۆ ماوەی سێ سالێ و چوار سالێ هەتا نوکە خەڵکێ وێندرا هیچ تەعویزەك بۆوان نەهاتیە کرن، هیچ هاریکاریەك بۆوی خەڵکێ ئەوێ کو نەفتیش ژ عەردێ وێ تێنە دەرێ هەتانوکە هیچ تەعویز بۆی نەهاتیە کرن، ئەڤە نزیکی سێ سالە و چوار سالە هەندەك ژ وانە زەویەکا بتنێ هەیە، ئەڤ زەویە بیرێ نەفتێ وی تێدا کولای، بەس هەتا نوکە خۆدانێ وێ عەردێ هیچ هاریکاری بۆی نەهاتیە کرن، هیچ تشتەك بۆی نەهاتیە کرن، هیڤی دارم کو خاڵەك تێدا بێت دیار کرن و ئەڤ خاڵە کو ئیلزاما وەزارەتێ بکەت، ئیلزاما وەزارەتا جهێت پەیوەندار بکات کو ئەڤ خەڵکە بێنە، تەعویز کرن، چونکە گەلەك ژ وان خەڵکا زەرەمەندن، ئەڤە سێ، چار سالە هیچ تشتەك نیە زێدەتر زەرەرمەند، هەروەسا ئەو جهێت ئەڤ نەفتا لێ دێتە دەرئێخن ئەو جهێ ژی زەرەرمەند بین، نەرێك وان خەڵکێ وان توشی نەساغی بن، هێڤی دارن ئەڤ بابەتە درست کرنا وان هەردوو خاڵێت پێشنیار دگەل وێ خاڵێ سمیرە خان و کاك خلیلی بێت ئیزافە کرن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەڤین خان فەرمووو.

**بەڕێز ئەڤین عمر احمد فرج:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوەی من تێی گەیشتم لەم ماددەیە بەڕێزم ئەم تەنها و تەنها باسی ئەوە دەکات کە سەندوقێك دروست بکرێت، کە بە چ شێوەیەك ئەم سندوقە دائەنرێ ئەویش کە بە پێی ماددەی 22ی ساڵی 2007ـە، ئەم سەندوقە بۆ ئەوەیە ئەو عائیداتە نەوتیەی کە دەستمان دەکەوێ لە موشتەقاتی نەوتدا لەم سەندوقەدا هەڵدەگیرێ و سەری ساڵ دێ لەم پەرلەمانەی ئێمە کە پارەکە کۆبووەوە لێرە موناقەشەی دەکرێ کە بە چ شێوەیەك سەرف بکرێت و بە چ شێوەیەك دابەشی سەر پرۆژەکان بکرێت، بۆیە بە ڕاستی من ڕێزم هەیە بۆ برادەرانم، بەڵام ئەگەر بێتو ئێمە باسی ئەوە بکەین ئەمە تەعویزاتی تیا بێ یاخود هەرچی شتێك لێرە

بكرێت وابزانم لەم سندوقە دا ئێستا باسی ئەوە ناكات، باسی ئەوە دەكات كە چۆنیەتی دامەزراندنی سندوقەكە، بۆیە من هاوڕام لەگەڵ بەڕێز كاك عبداللە مەلا نوری كە سەد لەسەد ئەم ماددەیە بە چ شێوەیەك خۆی لە پرۆژەكە هاتووە بەو شێوەیە دانرێ، بەڵكو ئەو ڕەئیەی بەڕێزانی لیژنەی یاسایی بەڕاستی من پێم پەسەند نیە، داوای لێ بوردن دەكەم، بەڵام ئەوەی كە خۆی چۆن هاتووە لە دەقەكە، خۆی ئەو دەقە لە هەموو شێوازێك باشترە، چونكە كێشەیەك چارەسەر دەكات كە دەڵێین و ئەوەیە ئێمە ناڕوونیەك هەیە لەلامان یاخود ناوازحیەك هەیە لەلای ئەندامان كە چۆن ئەو سندوقە حسابی بۆ كراوە، یان بە چ شێوەیەك حسابەكە كراوەتەوە یان نەكراوەتەوە، بەڵام ئەم سەندوقەی ئێستا لێرە هاتووە بەم شێوەیە لەناو یاسای بودجە ئەو كێشەیەمان بۆ یەكلادەكاتەوە و ڕوونكردنەوەیەك دروست دەكات لەلایەن هەموو لایەك، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك گۆران فەرموو.

**بەڕێز گۆران ئازاد محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

منیش سەرەتا پشتیوانی ڕەئیەكەی كاك عبداللە و ئەڤین خان دەكەم، دیارە ئێمە ساڵی پاریش كە قسەمان لەسەر ئەوە كردو موناقەشەیەكی زۆرمان كرد، هەستمان بە بوونی بۆشاییەك كرد لەڕووی یاساییەوە لەبواری تەتبیقدا كەوا هەیە مەسەلەی ئەو داهاتی نەوتانە چۆن مامەڵەی لەگەڵ بكرێت؟، ئەوە بوو پێشنیاری ئەم دوو ماددە ئیزافیە كرا لە بودجەی ساڵی پاردا كە هەم فرۆشتنی موشتەقاتی نەوت بچێتە ناو ئەم سندوقەوە، هەم پارەی ئەو گرێبەستانە بخرێتە ناو ئەم سەندوقە، دیارە ئێمە تا ئێستا مامەڵەمان تەنها لەگەڵ ئەو پارەی موشتەقاتە كردووە كە جارێك هاتووەتە پەرلەمانی كوردستان قسەمان لەسەری كردووە، دیارە ماددەی 16 كە حكومەت پێشنیاری كردووە پێموایە هەنگاوێكی گرنگ چووەتە پێشەوە، چونكە پەرلەمانی كوردستان یاسایەكەی دەركرد، یاساكەی ئیقرار كراوە، لە پەرلەمانی كوردستان دەرچووە، ئێستا حكومەت ئامادەیی خۆی پیشانداوە بە گوێرەی ئەو ماددەیە بۆ ئەوەی مامەڵە كردن لەگەڵ مەسەلەی نەوت بە گوێرەی ئەم سندوقە بێت، كە دەڵێ بە گوێرەی ئەم سندوقە من داهاتەكان وەردەگرم، بەڵام ئێمە دەزانین دامەزراندنی ئەم سندوقە ئیجرائات و ڕێوشوێنی خۆی هەیە، ئەوەیە دەستە و سەرۆكەكەی بەدەنگی ئەندامانی پەرلەمانی كوردستان متمانەی پێ دەدرێ و دادەندرێت، دەكرێ لێرە سەقفێكی زەمەنی دانێین بۆ ئەوەی كەوا ئەو پاڵێوراوە، ئەو كەسە بنێردرێت بۆ پەرلەمان بۆ ئەوەی سندوقەكە دابمەزرێ و مەسەلەی شەفافیەت و تەنانەت بە گوێرەی سندوقەكە هەموو خەڵكیش دەتوانێ وردبینی مەسەلەی داهاتی نەوت بكات، بۆیە من پشتیوانی لە مانەوەی ئەسڵی ماددەكە دەكەم لەگەڵ ئیزافە كردنی ئەوەی كەوا كاتێك دابندرێت بۆ ئەوەی ئەم سندوقە دروست بێت، دوو/ ئەگەر ئەو ڕەئیەی یەكەم نەماوەو ڕەئیەكەی لیژنەی قانونی جێگیر بوو كە پێشنیاری دوو برگە دەكەن كەلە بودجەی ساڵی

پاردا هاتووه، وەك گوتم بە تەواویش جێ بەجێ نەکراوە، ئەوە لەوێ دا ئیمکانی ئەوە هەیە کە من پشتیوانی ڕەئیەکەی کاك خلیل و سمیرە خان دەکەم کە گرنگی بدرێت بەو ناوچانەی کە نەوتیان تێدا بەرهەم دەهێندرێ و نەوتیان تێدا دەفرۆشرێ، چونکە لە مەسەلەی پترۆ دۆلاریش باسمان کرد کە ئەوانە لەڕووی ژینگەو لەڕووی ڕێگاوبان و لەڕووی خزمەتگوزاری زۆر زەرەرمەند بوونە، ئێمە لە مەسەلەی پترۆ دۆلار ئەو ناوچانە ئەو ساڵ چاوەڕێی ئەو داهاتەن، بەڵام ئەوە بوو خرایەوە ناو بودجەی عام، بۆیە ئەگەر سندوقەکە نەماوە من پێشنیار دەکەم ئەو ناوچانە لەبەرچاو بگیرێ و سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ناسك خان فەرموو.

**بەڕێز ناسك تۆفیق عبدالکریم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە منیش بە هەمان شێوەی هەردوو ئەندامە بەڕێزەکەی لیژنەکەمان، ئەڤین خان و کاك عبداللە، تەواو لەگەڵ ئەم ماددەم بەڵام لەو ڕووەوە لەگەڵی دانیم کە ئەم ئەڵێ بە پێی ئەو سندوقەی کە بە پێی ئەو یاسایە دامەزراوە، بەڕاستی ئەم سندوقە دانەمەزراوە، چونکە ئەگەر داشمەزرا بێ یاسایی نیە، وەکو کاك گۆران ئیشارەتی پێیدا بە پێی ماددەی 15 بڕگەی 2 ی دەڵێ (یتم تعین رئیس واعضاء مجلس الادارة من قبل مجلس الوزراء بعد مصادقة الاغلبیة المطلقة لاعضاء البرلمان) کەواتە ئەم سندوقە دانەمەزراوە تا بڵێین با داهاتەکە بچێتە ئەو سندووقەوە کە دامەزراوە، من پێموایە ئەوە هەنگاوێکە لەو هەنگاوانەی کە ئەنجومەنە هەرێمیەکە دوو کۆبوونەوەی کردووە لە مانگی (7) و (9)ی (2010)، یەکێکە لەو هەنگاوانەی کە دەیەوێ داهاتەکان کۆ بکاتەوە، ئێمە دەکرێ ئەو ماددەیە وەکو خۆی بهێڵینەوە، بەڵام بڵێین دوای دامەزراندنی لە نزیکترین کات دا، چونکە بەڕاستی لەگەڵ ڕێزی زۆرم بۆ لێژنەی یاسایی و دارایی، ئەوەی کە ئەوان دەیڵێین هەر هەمان ئەو دوو ماددەیەی پارە کە بە دوو بڕگە لە ماددەی (21)دا تەرحمان کرد، دەکرێ ئەو ساڵ هەنگاوێکی جوانتر بنێین، باشتر بنێین، ئەویش دروست کردنی ئەو سندووقەیە، دواتر ڕۆیشتنی ئەو حیساباتانەیە بۆ ئەو سندووقە، بەڕاستی من تەواو لەگەڵ ڕەئی کاك خەلیل و سەمیرە خانم، بەڵام ئەوە لێرە جێگەی نەبوو، ئێمە تازە تێپەڕی ئەو مەوزووعە، چونکە من لە ئەوەڵیش دا وتم، مەوزووعی پیترۆدۆلار بە فیعلی ساڵێکی تر بە هیچ جۆرێ تێکەڵ بە بودجە نەکرێ، چونکە ئەوە غەدرێکی گەورەیە لەو ناوچانە دەکرێ، ئەو پیترۆدۆلارە خاص بۆ ئەو شوێنانە دێ، ئەوەی داهاتی عاممە و ئەوەی کە دەڵێین ئەوە نەوتە و هی هەموومانە، ئەوە (17٪)کەیە کە بۆمان دێ، ئەوەی پیترۆدۆلارەکە خاص بۆ ئەو شوێنانەیە بەڕاستی دەبێ ساڵێکی تر بە هیچ جۆرێ ئەو مەوزووعە تێکەڵ بە داهاتی گشتی نەکرێ، بە موستەقیلی دانرێ بۆ ئەو شوێنانەی کە یان نەوتی لێ دەردێ، یان مەصفای تیایە، سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ ئێوەی بەڕێز، جەنابی وەزیر ئەوە موداخەلەکان خەڵاص بوو، ئینجا پێش ئەوەی بچینە موداخەلەکان، بەڕێزێك پێشنیاری هەبوو، کاتەکەی خۆی شەش دەقە زیاتریش قسەی کرد بەشی نەکرد، پێشنیارەکانی ناردووە، دەیخوێنمەوە، جەنابی وەزیریش گوێ بگرێ، ئەندامانی بەڕێزیش، دەڵێ / مادەی (17) یەکەم لە ماوەی چوار مانگ دا سندووقی کوردستان بۆ داهاتە نەوتیەکان دادەمەزرێت بە پێی ماددەی (15) لە یاسای نەوت و غازی هەرێمی کوردستان-عیراق ژمارە (22)ی ساڵی (2007) ئەو داهاتانە وەردەگرێ کە لە پرۆسەکانی نەوت و غاز بەدەست دێن و بە گوێرەی حوکمەکانی دەستووری عیراق و یاسای نەوت و غازی هەرێم.

دووەم/ لەسەر ئەنجومەنی وەزیرانە لە ماوەی چوار مانگ دا دەرخستەیەك پێشکەش بە پەرلەمان بکات لەسەر: یەك/ کۆی ئەو بڕە پارانەی کە بە حکومەتی هەرێمی کوردستان دراون، یاخود دەدرێن لە چوارچێوەی پرۆسەی نەوت دا، دوو/ کۆی ئەو پرۆژانەی ئەنجام دراون، یاخود بڕیارە ئەنجام بدرێن، لە چوارچێوەی پرۆسەی نەوت دا، ئێستا جەنابی وەزیر وەڵامی بەڕێزتان بۆ موداخەلەکان.

**بەڕێز شێخ بایز تاڵەبانی/ وەزیری دارایی و ئابووری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو ماددەیە کە هاتووە دیارە ئێمە لە حکومەتیش دا قەصد ئەوەیە کەوا لەو سندووقە ئەو داهاتانە کۆبکرێتەوە، زۆر بە وازیحیش هاتووە مەسەلەی ئەو سندووقە، ئێمە پێمان باشە ماددەکە بەو شێوەیەی هاتووە و بڕوا، ئەوەی کە ئێستا جەنابت خوێندتەوە، ئیلزامی حکومەت بکرێ بۆ ماوەی چوار مانگ، ئەوە من پێموایە موشکیلە نابێت، چونکە بەڕاستی کە نەوایەی خراپ نیە لەسەر مەسەلەکە، ئەوەیە کەوا ئێمە ئامادەین وەکو حکومەت ئەوەی کە هاتبێت لەو سندووقەدا دابنرێت، ئەوەی کە دێتیش، هاتبێت یا دێت، بەڕاستی ئەوە مەعلومە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

پرسیارێك هەبوو، ئەو سندووقە شیرینیەکانیش دەچێتە ناوی؟ ئەوەی هەیە.

**بەڕێز شێخ بایز تاڵەبانی/ وەزیری دارایی و ئابووری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوەی من مەعلوماتم هەبێ جەنابی سەرۆکی پەرلەمان، لە موازەنەی پار دا داوا کرا دوو رەقەم حیساب بکرێتەوە، ئێمە هەردوو رەقەم حیسابەکەمان کردەوە، رەقەم حیسابێکیان ئەوەبوو کەوا ئەو پارەیەی هاتە ناوی جارێکی تریش باسی دەکەمەوە، ئەوە بوو (250) ملیۆن دۆلارەکە بوو هاتە ئێرە و لێرە لەسەر پرۆژەکانی موصادەقە کراو و ڕۆیشت، ئێستا ئەوەی کە من مەعلوماتم هەیە جارێکی تر پارە دێتە ناو ئەو سندووقە، وەلەو ئەو مەوزووعە ڕاستە حیسابەکە لە بانقێکی وەزارتی دارایی دایە، بەڵام لەلای وەزارەتی سامانە سروشتی یەکانە، دەبێ بۆ ئەوەی جارێکی تریش ئەو پارەیە کە کۆ دبێتەوە بێتە پەرلەمان بۆ ئەوەی ئیقراری پرۆژەکانی بکرێت، بەڵام ئەوە ئەو سندووقە دیارە، ئەوە جیاوازە لەگەڵ ئەو حیسابەدا.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

ئەوەی پار هات موشتەقاتی نەوت بوو، وا نیە؟

**بەڕێز شێخ بایز تاڵەبانی/ وەزیری دارایی و ئابووری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەڵێ، ئەوەیان هی موشتەقاتی نەوت بوو.

**بەڕێز ڕێباز فتاح محمود:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

مەبەستی كاك عبداللە لە شیرینیەكان ئەوەیە كە هەندێ لەو شیرینیانە بە شێوەی پارە نیە، بەڵكو كۆمپانیاكە بە شێوەی پرۆژە جێبەجێی دەكات، بەڵام تا ئێستا پەرلەمانی كوردستان و هیچ لایەنێكی تریش لەوە دڵنیا نیە كە ئایا ئەو پرۆژانە چەندی جێبەجێ كراوە؟ چەندی جێبەجێ نەكراوە؟ لەوانەیە.....

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێز كاك ڕێباز نوقتەی نیزامی بۆ لە باتی كاك عبداللە دەگری؟ خۆت هەستە نوقتەی نیزامی بگرە.

**بەڕێز عبداللە محمد نوری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من ئەو پێشنیارەم ناردووە پێموایە وازحە، چونكە بەشێك لەو پارانە بە شێوەی پرۆژەیە، بەس لەوەی نوقتە نیزامیەكەی من لەسەر پرسیارێكی جەنابت دا كە لە بەڕێز وەزیری داراییت كرد، لە ڕاستی دا وەڵامی پرسیارەكە لەسەر ئەساسی ئەوە نیە بەڕێزیان چەند زانیاریان هەیە، بەڵكو لەسەر ئەساسی ئەوەیە بە پێی یاسا چ جۆرە داهاتێك دەچێتە ناو ئەو سندووقەوە، لە یاسای نەوت و گازی هەرێمی كوردستان دەستنیشان كراوە، پارەی فرۆشتنی نەوت و غاز و بەخشین و شیرینیەكان و هەمووی دەچێتە ئەو سندووقەوە، واتا ئەوە وەڵامەكانی بەڕێزیان دەستنیشانی ناكات، بەڵكو یاسا دەستنیشانی كردووە كە لە بڕگەی (30) ماددەی (1)دا هاتووە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڵێ، زۆر سوپاس، جەنابی وەزیر، فەرموو.

**بەڕێز شێخ بایز تاڵەبانی/ وەزیری دارایی و ئابووری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

وابزانم خۆی هەر شەرحی کردووە، دەڵێ/ (العائدات المستحصلة من العمليات النفطية الخاصة بالحقول النفطية وفق أحكام الدستور).

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو.

**بەڕێز ناسك توفيق عبدالكريم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە کێشەمان لە دامەزراندن و دانەمەزراندنی سندووقەکەیە، یەعنی ئێستا ئەو سندووقە دانەمەزراوە، ئەگینا خۆی زۆر زۆر باشە، ئەصڵەن ئەوە هەنگاوێکە بۆ بە یاسایی کردن و شەفافیەت ڕوو لە نەوت و غازی ئەوهەرێمە دەکات، یەکێ لەو کێشانەی کە هەیە لە نەوت دا تا ئێستا ئەوەیە چوار شەریکەکە دانەمەزراوە، ئەو سندووقە دانەمەزراوە، بە یاسایی نەکراوە، ئەوە هەنگاوێکە، بەڵام کە دەڵێ/ دامەزراوە، لە کوێ دامەزراوە؟ خۆ ئەو پەرلەمانەی ئێمە تیاین کەی دامەزراوە؟ ئێمە کێشەکان لەو وشەیە، ئەگینا سندووقەکە کە هەموو داهاتەکەی تێدا زۆر باشە، عەیبی نیە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر وازیح بوو پرسیارەکە؟ پرسیارەکە دەڵێ/ جەنابت دەڵێی سندووقەکە دامەزراوە، دەڵێ بە قانون وتوومانە دابمەزرێ، بەڵام تا ئێستا دانەمەزراوە و لێرەش دەوترێ دامەزراوە، یەعنی ئەو حەقیقەتە.

**بەڕێز شێخ بایز تاڵەبانی/ وەزیری دارایی و ئابووری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەکە وازیحە جەنابی سەرۆکی پەرلەمان، دەڵێ/ (يستلم صندوق كوردستان للعائدات النفطية)، تێ دەگەی؟ (المؤسس وفق المادة الخامسة عشر من قانون النفط و الغاز)، تێگەیشتی؟ یەعنی ئەوە لێرە بەو شێوەیە هاتووە ماددەکە، وا نووسراوە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

هەیە؟ ئێمە هەمانە ئەو سندووقە؟ حەز دەکەم لێژنەی دارایی تەوزیحتان لەسەر ئەو سوئالە.

**بەڕێز د. ئاراس حسين محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوە دەبێ وەزیری دارایی وەڵام بداتەوە، ئەو سندووقە هەیە یان نا؟ بەڵام ئەوە دەچێتە سەر حیسابێك لە وەزارەت بە تەئکید.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك گۆران ئازاد، فەرموو.

**بەڕێز گۆران ئازاد محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوەی پەیوەستە بە مەسەلەی سندووقەکە یاسای هەیە، یاسایەکی تایبەتی هەیە لە پەرلەمانی کوردستان دەرچووە، تەنها ماوەتەوە و دەسەلاتیشی هەیە، هەموو ئەو شتانەش دیاری کراوە کە دەچێتە ئەو سندووقە، حکومەتیش پێی خۆشە سندووقەکە دابمەزرێ و پابەندی خۆی هەیە کە هەموو واریدات بخاتە ناو سندووقەکە، ئەو ئیجرائاتەی دەمێنێ دامەزراندنی سندووقەکە بەریتی یە لە دەستنیشان کردنی کەسێك کە پەرلەمانی کوردستان متمانەی پێ داوە، واتا دەکرێ لێرە بلێین دادەمەزرێ، ئەوجا ئەگەر ئالیەتەکە موددەی بۆ تەحدید دەکەین، یان دەنووسین لە نزیکترین کات، یان مانگ دەستنیشان دەکەین، ئەوە ڕەئی بەڕێزتانە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز دەزانین لە (2007)وە یاساکە دەرچووە دابمەزرێ، فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو ماددەیە هەر ڕێك وەکو هاوکارم کاك عبداللە ملا نوری باسی کرد، یەعنی نیەتی حکومەت لەوەدا، ڕاستە لە (2007) یاسای نەوت و غازمان هەبووە، سندووقەکە دروست نەکراوە، لە هیچ بەندێکی بودجەی لە ساڵی (2007)وە هەتاکو ئەو ساڵ باسی لێوە نەکراوە، کەواتە لە باس کردنی لە بودجەی ئەو ساڵدا واتای ئەوەیە حکومەت خۆی بە پێی ئەو ماددە قانونی یە پابەند دەکات بە دروستکردنی سندووقەکە ئەوەی دەمێنێتەوە تەنها ئیجرائاتە یاساییەکەیە کە کەسێك دەستنیشان دەکات بۆ ریئاسەی سندووقەکە، دێت لە پەرلەمانی کوردستان سوێند دەخوات، گرنگ ئەوەیە ئێستا پابەندبوونی حکومەت بە یاسای (2007)ەوە لەم ماددەیەدایە، پابەندبوونی بە دانانی هەموو داهاتی نەوت لە ناو ئەو سندووقەدا بە پێی ئەو ماددەیەیە، لەبەر ئەوە هیچ ئیشکالیەتێکی تێدا نیە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز بۆ جێبەجێ کردنی یاسا، یاسا دەرناچێت بەلام ئێوە پەرلەمانن، لیجانەکانی پەرلەمانی موختەص داوا بکەن لە سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران، لە وەزیری موختەص، دەبێ بەو کارە هەڵبستێت لە فەترەیەکی قیاسی، ئەگەر نەکرا دەیهێنینە ناو پەرلەمان موناقەشەی لەگەڵ دەکەین، فەرموو.

**بەڕێز پەیام أحمد محمدامین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە لە قسەکان دا دەرکەوت کە هێشتا دانەمەزراوە، ئەو صیاغەیە دەبێ بگۆردرێ، دوو/ کاك عبداللە پێشنیاری ئەوەی کردووە کە ماوەی چوار مانگ دابمەزرێ، حەقە ئەو صیاغە بگۆردرێ نەك (المؤسس)، چونکە (المؤسس) یەعنی تەئسیس بووە و تەواو ئیشی تیا دەکرێ، بەلام تۆ دەبێ بلێی لێرەدا ماوەیەکی بۆ دابندرێ، لەو ماوەیە دەبێ تەئسیس بکرێ، ئەو پارەی نەوتە بچێتە ناو ئەو سندووقە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك ئیسماعیل، فەرموو.

**بەڕێز إسماعيل محمود عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوەی کە هاتووە یەعنی هیچ کێشەی تێدا نیە تەنها دەڵی سندووقەکە سندووقی کوردستان بۆ داهاتی نەوت کە بە پێی ماددەی (15)م لە یاسای نەوت و غازی هەرێمی کوردستانی عیراق ژمارە (22)ی ساڵی (2007)دا دامەزراوە، بەڵام دانەمەزراوە دەبێ دابمەزرێ، فەقەت نوقتەکەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عمر عبدالعزیز، فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالعزيز بهاء الدين:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە تەعدیلێکی زۆر بەسیت ئەگەر ڕووخسەت بێ ئەو موشکیلەیە حەل دەبێت، عیبارەتەکە وا لێ بکەین/ "يستلم صندوق كوردستان للعائدات النفطية المقرر تأسيسه خلال (ئەوەندە) من إقرار هذا القانون وفق المادة (ئەوەندە)"، موشکیلەمان حەل دەبێت، بەس ئیتیفاق بکەین لەسەر "المقرر تأسيسه في مدة لايتجاوز (ئەوەندە)"، یان "خلال (ئەوەندە)"، حەل دەبێت، چ موشکیلەیەکە؟

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك فرست موداخەلەیەکی هەیە، ئاخر وتی چۆن دەبێ؟ بۆیە، کاك عبدالسلام، فەرموو.

**بەڕێز عبدالسلام مصطفى صديق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

کاك فرست منی ترساند، من ئیقتیراحێکی شەبیهم هەبوو کە ئەم نیقاشە هەمووی تەواو ببێت، نەصە کوردییەکە تا دەگەیتە سندووقی کوردستان بۆ داهاتی نەوت، کە بە پێی ماددەی (15)م لە یاسای نەوت و غازی هەرێمی کوردستانی عیراق ژمارە (22)ی ساڵی (2007)دا، کە پێویستە لە ماوەی چوار مانگ دا دابمەزرێت، ئەو داهاتە وەردەگریت تا ئەخیر، کە دەڵێ/ ئەو داهاتەی کە لە پرۆسەکانی نەوتی تایبەت بە کێلەگەکانی نەوت وەرگرت، بە تەصەوری من داهاتی عەینی و نەقدی و شیرینیی تێدایە، تەنها وەکو ناسك خانیش باسی کرد، ئێمە زامنیشمان ئێستا ئەو ماددەیەی هەیە لە یاسای (22) جاریێ تەتبیق نەبووە، بۆیە پێویستە لە ماوەی چوار مانگ دا دابمەزرێت، ئەوە بە ڕەئی من حەلی مەوزووعەکە دەکات.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز کاك شۆڕش، فەرموو.

**بەڕێز شۆڕش مجيد حسين:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

قسه لەسەر ئەوەیە ئەو داهاتەی کە لە پرۆسەی دەرهێنانی نەوت دێتە دەست، لە کوێ دابندرێ؟ باس لە سندووقێك دەکرێ، هەروەك برادەران باسیان کرد، ئەو سندووقە هێشتا دانەمەزراوە، بۆیە ئێمە قسەمان لەسەر ئەوە کرد کە ژمارە حیسابێکی تایبەت بە داهاتەکانی نەوت بۆ وەزارەتی دارایی کراوە، هەرچەندە ئێستا جەنابی وەزیر دەڵێ بۆ لەسەر ئێمە کراوە، بەڵام ئێمە کردوومانەتەوە، بەڵام تا ئێستا لەلای وەزارەتی سامانە سروشتی یەکانە، من پێشنیازی ئەوە دەکەم تا ئەو سندووقە دادەمەزرێ هەموو ئەو داهاتانەی لە پرۆسەی دەرهێنانی نەوت بچێتە ئەو سندووقەوە بە شیرینیەکانیشەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز د.صباح، فەرموو.

**بەڕێز د. صباح محمد نجیب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو ماددەیەی کە ئێمە باسی دەکەین، بەڕاستی بۆخۆی ئیشارەیەکی تیایە کە حکومەتی هەرێمی کوردستان دەیەوێ سندووقێك بە ناوی سندووقی کوردستان بۆ عائیداتی نەفتی دابمەزرێنێ، بەڵام کێشەکە لەوەدایە کاتێ کە دەڵێ دامەزراوە ئەوە دەبێ بە خیلاف واقیع، بۆیە من ئیقتیراحی ئەو نەصە دەکەم، ئیقتیراحی نەصێ دەکەم ڕەنگە لەو ئیشکالاتانە نەجاتمان بدات،

المادة السابعة عشر:

"یؤسس صندوق کوردستان للعائدات النفطیة وفق المادة الخامسة عشرة من قانون النفط و الغاز لإقلیم کوردستان العراق رقم (22) لسنة (2007) لإستلام العائدات المستحصلة من العملیات النفطیة الخاصة بالحقول النفطیة وفق أحکام الدستور العراقي و قانون النفط و الغاز للإقلیم".

ئەوە لە ئیشکالەکە نەجاتمان دەدات، تەحدیدی وەقتی زەمەنیش ڕەنگە ئەگەر جێبەجێ نەکرێ لەو کاتەدا کێشەمان بۆ دروست ببێ، بۆیە ئەگەر ئەو (یستلم)ە بکرێ بە (یؤسس) ئینجا لە خوارەوە بوترێ (لإستلام)، ڕەنگە چارەسەری صیاغەکە بکات.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز عدنان عوسمان، فەرموو.

**بەڕێز عدنان عثمان احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە ڕاستی دا مەوزووعی سندووقەکە، یەعنی وەرگرتنی داهاتەکە لەلایەن سندووقەوە، ئەوە تەحصیل حاصلە، ئەوە نەصێکی قانونی یە، پێشتر یاسای هەیە، یاسای نەوت و غازە، بۆیە لەڕاستی دا بە هیچ شێوەیەك نابێ بخرێتە ناو وەزارەتی دارایی یەوە، یەعنی حیسابی ئەوەوە، یان وەزارەتی دارایی وەری بگرێت، بە تایبەتیش ئەوەی کە ئیقتیراح کراوە لەلایەن لێژنەی یاساییەوە "تضاف إلى الواردات المتحققة"، ئەوە ئیشکالیەتێکی گەورەیە لەبەر ئەوەی دەخرێتە ناو بودجەی با بڵێین میزانیەی عامی هەرێمەوە،

چونكه ئێمه ئیتیفاقێكی مەبدەئی هەیه لەوەی كه عائیداتی نەوت و شیرینی یەكانی بۆ هەندێ پرۆژەی ستراتیژی بێت، بۆیه بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان، من پێشنیار دەكەم ئەو صیغەیه پێشنیار دەكەم، تەقریبەن تەوفیقێكیش لەبەینی هەردوو صیغەكەیە، ئەوەی لێرەدا هاتووە، یەعنی هاوڕام لەگەڵ ئەوەی كاك عبدالله، چ ئەوەی هەندێ فەقەرەی لێژنەی یاسایی، من دەڵێم/ "یستلم صندوق كوردستان للعائدات النفطیة التي یجب تأسیسه وفق المادة الخامسة عشرة من قانون النفط و الغاز لإقلیم كوردستان رقم (22) لسنة (2007)"، یەعنی بۆ چوار مانگەكەی كاك عبدالله دەیڵێ، یان (قبل نهایة السنة المالیة)، (العائدات المستحصلة) ئەگەر جەنابت مونتەبیه بیت، ئەوەی بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان، كۆتایی ئەو جوملەیه (العائدات المستحصلة) وەكو خۆی بمێنێت، بەڵام ئەوەی بۆ ئیزافه بكەین ئەو ماددەیه، "و تخصص هذه المبالغ من قبل مجلس الوزراء للمشاریع المخصص لها حسب العقود النفطیة و الغازیة بالنسبة لعقود النفط و الغاز و كذلك مشاریع البنیة التحتیة في الإقلیم على أن تقترن بمصادقة برلمان كوردستان"، واتا ئەو بڕگەیه له ئیقتیراحی لێژنەی یاسایی ئیزافه بكەین بۆ ئەو یاسایه، پێموابێ ئیشكالەكه حەل دەبێت.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێز كاك فرست موداخەلەیەكی هەیه، فەرموو.

**بەڕێز فرست أحمد عبدالله/سكرتێری پەرلەمان كوردستان:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

مولاحەزەی من لەسەر ماددەكه ئەوەیه (یستلم الصندوق) ببێته (یودع في الصندوق) نه (یستلم الصندوق)، ناحیەی لوغەوی، دوو/ به ڕەئی من مادام قانونەكمان هەیه پێش چوار ساڵ، ئەرزییەی قانونی بۆ ئەو سندووقه دروستی كردی یه كه تەئسیس بكرێت، بەس وا دیاره تاكو ئێستا تەئسیس نەكراوە، نه دەتوانین بڵێین (یؤسس)، چونكه نەصەكه به نەفسی مەفهوم پێش چوار ساڵ تەشریع كرایه، نه دەتوانین بڵێین (یقرر خلال أربعة أشهر)، (یقرر) چونكه قەرار هی ئێمه نیه، قەراری تەئسیسمان داوە، بەس عەمەلیەن بۆ تەنفیز كردنەكه قەراری حكومەته، به ڕەئی من نەصەكه وەك خۆی بمێنێت، پاش گۆڕینی كەلیمەی (یستلم)، كیتابێك سەرۆكایەتی پەرلەمان بۆ حكومەت بنووسێت پەلەی له تەئسیسەكه بكات، چونكه نابێت نەصێكی قانونی دابنێی بۆ تەنفیز كردنی نەصێكی تر، تەعلیمات دەردەچن بۆ تەنفیز كردنی نەصێكی قانونی، نابێت ئێمه دووجار دوو نەصی قانونی یەك تەئكیدی یەكی تر بكات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێز د.ئاراس، فەرموو.

**بەڕێز د. ئاراس حسین محمود:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بە پێی ڕای سەرۆکایەتی لیژنەی دارایی، لە ڕاستی دا ئەو ماددەیەی کە هاتووە ماددەیەکی قانونی یە لەلایەن مەجلیس وزەراوە هاتووە، لەلایەن چەند کەسێکی یاسایی یەوە داڕێژراوە، لەبەر ئەوە ئەو سندووقە تەئسیس کراوە، چونکە وشەی (مؤسس) هاتووە، بەڵام چ شتێك هەیە ئیسپاتی ئەوە بکات کە تەئسیس نەکراوە؟ سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز هەر شتێك لە ئەنجومەنی وەزیران بێت لێرەیە ڕەئی ئەندامانی پەرلەمان ئاڵوگۆڕ بەسەری دێت، شەرت نیە وەك خۆی مابێت، ئێمە ئەگەر مەعلوماتی کافی نیە تەئسیس کراوە، ئەگەر جەنابی وەزیر ئەوە دەبێت بزانێ، ئێستا چەند موداخەلەی تر هەیە ڕێتان پێ دەدەم، چونکە مەوزووعێکی حەساسە، هاژە خان، فەرموو.

**بەڕێز هاژە سلیمان مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە ڕاستی دا سندووقی کوردستان بۆ داهاتی نەوت بە پێی ماددەی (15) لە یاسای نەوت و غازی هەرێمی کوردستانی عیراق ژمارە (22)ی ساڵی (2007) هاتووە، خۆی هاتووە بەس سندووقەکە دانەمەزراوە، دەتوانین بەو نەصی دایبڕێژینەوە کە لە یاساکەدا هاتووە "پێویستە لە ماوەی سێ مانگ دا دابمەزرێ، بۆ دانانی ئەو داهاتانەی کە لە پرۆسەکانی نەوتی تایبەت بە کێلەگەکانی نەوت بە دەست دێن بە گوێرەی حوکمەکانی دەستووری عیراق و یاسای نەوت و غازی هەرێم"، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

عبداللە ملا نوری خاوەنی موقتەرەحەکەیە، فەرموو.

**بەڕێز عبدالله محمد نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دوو نوقتەی نیزامیم لەسەر قسەیەکی بەڕێز کاك فرست و هەروەها کاك د. ئاراس هەیە، کاك فرست ئاماژەی بەوە دا کە جەنابتان کتابێك بکەن بۆ ئەوەی حکومەت تۆزێ پەلەی تیا بکات، لە ڕاستی دا ئێمە لەو ڕۆژەوە کە بووم بە پەرلەمانتار بڕوا بکە لە ڕێی جەنابتانەوە چەندین کتابمان ئاراستەی کردووە، بۆیە ئەوەی وا دەکات بابڵێین وەکو لیژنە نەك هەر من بە تەنها، ئەوەی وا دەکات هانی حکومەت بدەین و هاوکاریان بین ئەوەیە لێرەدا بیکەین بە دەقێکی یاسایی، یەعنی ئەوەی کاك فرست ئاماژەی پێدا، وتی با بڵێین یاسایەك دەرکەین بۆ ئەوەی بڵێین پەلە بکە، یاسا هەیە، یەعنی جیاوازی بەینی ئەو یاسا و ئەو یاسایەی کە دەری دەکەین ئەوەیە ئێمە بڵێین لە ماوەی چوار مانگە، ئەوە یەك، ئەوەی کاك د. ئاراس ئاماژەی پێ دا وتی سندووقەکە هەیە، ئێستا من دێنم بۆ کاك د.ئاراس، ئەوە وەڵامی پرسیارێکە کە من ناردوومە بۆ ئەنجومەنی وەزیران و جەنابی وەزیری سامانە سروشتیەکان، دەڵێ/ دروست نەکراوە، ئەوە وێڕای ئەوەی کە خۆمان دەزانین دروست نەکراوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز کاك خورشید، فەرموو.

**بەڕێز خورشید أحمد سلیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەگەر ئەو نەصە بخوێنین وەکو خۆی (یستلم صندوق کوردستان للعائدات النفطیة المؤسس)، یەعنی شتەکە (المؤسس) یەعنی تەواو بووە، ئیتر بۆ ئەوەنە ئیفتیرازی ئەوە دەکەین تەئسیس نەکرا، یان دەبێ ئیسبات بکەین تەئسیس نەکرایە، یان وەکو هاتووە دەڵێ (مؤسس) یەعنی شتەکە هەیە، (مؤسس) یەعنی شتەکە تەواو بووە، ئێمە ئیفتیراز دەکەین نیە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز عمر عبدالعزیز، فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالعزیز بهاء الدین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مادام ئێمە باسی تەئسیس دەکەین، باسی فەتح، ئێمە عیبارەتێکی تر ئەگەر جەنابی کاك فرست دڵ بدات بە جوملەکە، بەو عیبارەتە بینووسین/ "یودع في صندوق کوردستان للعائدات النفطیة المقرر فتحه وفق المادة (ئەوەندە)"، شتێکی حەلە لەو میعزەلەیە نەجاتمان دەدات، (المقرر فتحه) یەعنی قەرارە بکرێتەوە، نەشکراوەتەوە، موئەسەسیش نیە، قەراریش دراوە بکرێتەوە، یەعنی هەردووکی دەکرێتەوە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عونی، فەرموو.

**بەڕێز عونی کمال بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێم باشە ماددەی (15)ی لە قانونی نەفت و غاز بیخوێنینەوە تا ئەندامانی پەرلەمان بە وازحی ئاگایان لێ بی ماددەکە چ ئەحکامی تێدایە،

المادة الخامسة عشرة:

أولاً: یؤسس صندوق کوردستان للعائدات النفطیة و له شخصیة معنویة و إستقلال مالي و إداري.

ثانیاً: یعین رئیس و أعضاء مجلس الإدارة من قبل مجلس الوزراء بعد مصادقة الأغلبیة المطلقة لأعضاء البرلمان على أن تحدد صلاحیاتهم و مسؤولیاتهم بقانون.

ثالثاً: على الوزارة تزوید صندوق کوردستان للعائدات النفطیة (KOTO) بکافة المعلومات المالیة الضروریة المتعلقة بالإجازات و العقود.

رابعاً: يستلم الصندوق العائدات المستحصلة من العمليات النفطية الخاصة بالحقول الحالية و المستقبلية نيابةً عن شعب الإقليم بموجب أحكام المادتين (112) و (115) من الدستور الإتحادي حسب الأحكام الواردة في هذا القانون.

خامساً: لحين تنفيذ الشروط المذكورة في المادة التاسعة عشر من هذا القانون يحتفظ الصندوق بحسابين، أحدهما للعائدات المستحصلة من العمليات النفطية الخاصة بالحقول الحالية حسب الحقول الحالية و الآخر للعائدات المستحصلة من العمليات النفطية الخاصة بالحقول المستقبلية حسابات الحقول المستقبلية، الحسابان سيشكلان جزءاً من العائدات العامة للإقليم و خاضعان للرقابة البرلمانية.

سادساً: يكون حساب الحقول الحالية و حساب الحقول المستقبلية خاضعاً للتدقيق المستقل و يكون الإطلاع متاحاً للمواطنين و يمارس الصندوق مسؤليته وفق المبادىء و المعايير الخاصة بالمبادرة الشفافية في الصناعات الإستخراجية التي وردت في المصدر و أن يكون معقولاً و مواكباً للأساليب المثلى في الصناعة النفطية.

ماددەی نۆزدەم:

"تكون أسس التعاون و الإتفاق المذكور في المادة الثامنة عشرة من القانون وفق الشروط الآتية"، واتا كۆمەڵێك شرووت و ئیجرائاتی تێدایە باسی لێ دەكات، ئێمە مەعلومە لامان كە بەپێی ماددەی (111) لە دەستووری عیراقی نەفت و غاز مولكی هەموو شەعبی عیراقە، ئێمە ناتوانین بڵێین ئەوە بەشێكە بۆ كوردستان، یان بەو شێوەیە تەصەروفی پێ بكەن، ئێمە لە لێژنەی یاسایی سەرەتا ئەو پێشنیارەكان پێشكەش كرد كە صیاغەكە بگۆڕین وەكو ئەوەی كە لە یاسای بودجەی ساڵی (2010) هات، وامان لێ كرد، بەڵام ئێستا پاش ئەو قسەی ئەندامانی پەرلەمانی بەڕێز كە قسە كرا، ئێمە پێشنیارەكەی خۆمان سەحب دەكەینەوە، پشتگیری لە ماددەكە دەكەین بەو شێوەیەی كە (یودع في صندوق كوردستان للعائدات النفطية المؤسس)، كە دەڵێین (المؤسس) فیعلەن بە پێی قانون تەئسیس كرایە، بەڵام ئالیەتەكە ماوە بۆ جێبەجێ كردنی دامەزراندنی، هەتا دوایی ماددەكە بەو شێوەیە پشتگیری لێ دەكەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك سالم، فەرموو.

**بەڕێز سالم توما كاكۆ:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەگەر ئێمە فێڵ لە خۆمان نەكەین بە یاسا سندووقەكە موئەسەسە، لە یاسای بودجە موئەسەسە، بەڵام تەفعیل نەكراوە، با ئێمە شێوەیەكی وای بۆ دەربكەین كە تەفعیل بكرێت، هەر بەو شێوەیە بێت (تلزم الحكومة بتفعيل صندوق كوردستان للعائدات النفطية المقرر وفق المادة الخامسة عشرة من قانون النفط و الغاز لإقليم كوردستان العراق رقم (22) لسنة (2007) و تودع فيه العائدات المستحصلة من العمليات النفطية الخاصة بالحقول النفطية وفق أحكام الدستور العراقي و قانون النفط و الغاز للإقليم).

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عمر، فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علي:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەم نەصە، نەصی ئەم ماددەیە کە لە حکومەت دا هاتووە بۆ ئێرە، بەوەی کەوا سندووقی عائیداتی نەوتی موئەسیسە، ئەگەر تەفسیری قانونیەکەی بکەین یەعنی سندووقێك هەیە، بەڵام ئەو سندووقە بە گوێرەی قانونی نەوت و غاز کە لە ماددەی (15) بڕیاری لەسەر دراوە، ئالیەتێکی تەشکیلی هەیە، تەشکیل نەبووە، چاکتر وایە ئێمە لەبەر ئەوەی ئەو یاسایە لە (2007)ەوە دەرچووە، باس لە تەشکیلی، لە دروستبوونی ئەو سندووقە دەکات، ئالیەتی تایبەتی خۆی بۆ دانراوە، ئێمە ناکرێ لێرە هیچ تەوصیەیەك بدەین، هیچ ئیلزامێ بکەین بڵێین وای لێ بکە، بیگۆڕە، دروستی بکە، کەی دروست دەبێ؟ کەی دروست نابێ؟ ئەو ماددەیە بە چۆنیەتیەکەی خۆی کە هاتووە لە حکومەتەوە من پێموایە گۆڕانکاری تیا نەکرێ، بەڵام دوایی دەکرێ لێژنە تایبەتمەندەکان موتابەعەی جێبەجێ کردن و تەنفیز کردنەکەی بکەن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەو ماددەیە بۆ دەنگدان دوا دەخەین، موناقەشە کراوە، ڕەئیتان دراوە، زیاتر ئەوڕۆ تا بەیانی ئیستیشارە دەکەین لەگەڵ حکومەت، بزانین چیان کردووە، با جەنابی وەزیریش تەفصیلاتێکی زیاترمان بۆبهێنێ، سبەی یەکەم ئیشمان دەگەڕێینەوە سەر ئەوە، ئێستا لێژنەی یاسایی بۆ سەر ماددەی (17) لە ئەصڵی پرۆژەکە، فەرموو کەرەمکەن.

**بەڕێز کاردۆ محمد پیرداود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

کاتێ ڕاپۆرت دەنووسرێ لە لێژنەی یاسایی یان دارایی بەڕاستی نە فەردێك لێرە نە سەرۆکایەتیەکە ناتوانێ بڵێ ئەوەمان سەحب کردەوە، ئەوە بە ئارەزووی خۆیان پێشنیار سەحب دەکەنەوە، دەیدەن، ئەوە کاك ئاراس هەروا، کاك عەونی، لەبەر ئەوە بەڕاستی کاتێ ڕاپۆرت دەنووسرێ ئەوە پێشنیاری منە، ئەگەر دەنگدان یان پێشنیاری تر هات دەخرێتە دەنگدانەوە و قبوڵ دەکرێ.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عەونی، فەرموو.

**بەڕێز عونی کمال بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە لێرە سەرۆکایەتی لێژنە نوێنەری لێژنەین، من پێش ئەوەی کە پیشنیاری خۆمان سەحب بکەینەوە نووسراوم ئاراستەی سەرۆکی لێژنە کرد، ئەندامانی لێژنە کە ئامادەنە زۆربەی زۆریان ڕازی بوون کاك

گۆران و کاك عمر و د.ڕۆژان، من خۆم، مەجالمان پێ بدەن قسە بکەین، ئێمە کە لێرە دەڵێین نوێنەری لێژنەین، سەرۆکایەتی لێژنە، یەعنی دەتوانین ئەو حەقەمان هەیە بە پێی قانون قسە بکەین.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سۆزان خان، فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من نازانم هیچ داعیەك نابینم بۆ تەئجیل کردنەکەی تەنها دوو چاککردن هەیە تیایدا، یەکەم/.........

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

تەئجیل بوو، خەلاص، بچنە سەر ماددەکەی تر، ناڕوونیەك هەیە، وەزیریش هەر عایدی بەڕێزیان نییە، مەعلوماتی تەواوی نیە، نە، ئەبێت هەتا بەیانی مەعلوماتی تەواوی هەبێت، ئەوجا قەراری لێ دەدەین، ئەوە تەواو کاك عبدالله، بە نیسبەت ئەوە خەلاس، فەرموو بەردەوام بن لەسەر مادده تازەکە.

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی 17 لە ئەسڵی پرۆژەکە، کە دەکاتە ماددەی 18.

لە حاڵەتێکدا گۆڕانکاری بەسەر بەشە بودجە هەرێمی کوردستاندا هات وەزیری دارایی و ئابووری دەسەڵاتی پێ دەدرێت:

یەکەم: کەم کردنەوەی تێکڕای بڕی بودجەی بەهەمان ڕێژە بۆ پڕکردنەوەی کورتهێنان.

دووەم: لەحاڵەتی بوونی زێدە لە بودجەدا ڕەزامەندی پەرلەمان وەردەگیرێت سەبارەت بە چۆنیەتی خەرج کردن لەسەر پێشنیاری ئەنجومەنی وەزیران.

**بەڕێز خورشید احمد سلیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة الثامنة عشرة:

في حالة حصول تغير في حصة موازنة اقليم كوردستان يخول وزير المالية والاقتصاد بـ:

اولاً: تخفيض المبلغ الاجمالي للموازنة بنفس النسبة لتغطية العجز.

ثانياً: في حالة حصول الوفر في الموازنة تستحصل موافقة البرلمان على كيفية الصرف بناءاً على اقتراح مجلس الوزراء.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی ڕەئیتان لەسەر.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە لەگەڵ دەقی ماددەکەین، کە وەك ئەوەی لەحکومەت هاتووە، هیچ تێبینیمان لەسەری نییە.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

لیژنەی دارایی.

**بەڕێز د.ئاراس حسین محمود:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

هەروەها ئێمەش لەگەڵ دەقی ماددەكەین، وەكو خۆی بمێنێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێز وەزیری دارایی.

**بەڕێز شێخ بایز تاڵەبانی/ وەزیری دارایی و ئابووری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمەش لەگەڵ دەقی ماددەكەین كە وەكو خۆی بمێنێتەوە.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێزان لەسەر ئەم ماددەیە، كێ ئەیەوێت قسە بكات، دوو كەس، فەرموو، هاژە سلێمان، پەیمان عزالدین، عدنان عثمان، سێ بەڕێز ناویان تۆمار كردووە، كەسی تر هەیە، فەرموو هاژە خان.

**بەڕێز هاژە سلیمان مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من تەنها پرسیارێكم هەیە لە بەڕێز وەزیری دارایی، لەسەر بڕگەی یەكەم لە ماددەی 17 لە ئەسڵی پڕۆژە كە، ئەویش ئەوەیە كەمكردنەوەی تێكڕای بڕی بودجە بە هەمان ڕێژە بۆ پڕكردنەوەی كورت هێنان، من مەبەستم ئەوەیە، ئایا مەبەستیان لێرە ئەوەیە لە هەموو وەزارەتەكان بە یەك بڕ بودجەكە كەم دەكرێتەوە؟، ئەگەر وابێت، بەڕاستی دەبێت هەندێك وەزارەت هەیە ئیستیسنای تێدا بكرێت، ئەو وەزارەتە خەدەمیانە، بەتایبەتی وەزارەتی تەندروستی و پەروەردە و كارەبا و ئەوانە پێویست ناكات لێی كەم بكرێتەوە، لە حاڵەتێكدا ئەگەر گۆڕان لە بودجە ڕوویدا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێز پەیمان عزالدین، فەرموو.

**بەڕێز پەیمان عزالدین عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لەم ماددەیە، من دەمەوێت لە دوو ڕووەوە قسەی لەسەر بكەم، یەكێكیان/ لە رووی یاساییەوە، لە سەرەتای ماددەكە هاتووە، كە دەڵێت تەخویلی وەزارەتی مالیە دەكرێت لە دوو حاڵەتەدا، حاڵەتی یەكەمیان/ لە حاڵەتی عەجز دایە، وەزیر مخەوەل كراوە، بۆ ئەوەی عەجزەكە چاك بكات، بەڵام لە حاڵەتی دووەمدا، هیچ تەخویلێكی وەزیری تیا نییە، دەگەڕێتەوە بۆ موافەقەتی پەرلەمان، یەعنی كە ئەمە لەو ڕووەوە ئیشكالێكی هەیە، كە دەبێت یان ئەوەی خوارەوە، خاڵی دووەمیش نەگەڕێتەوە بۆ پەرلەمان، هەر وەزیر، چونكە

**تەخویل کراوە، یان دەبێت لە ئەساسدا تـەخویلی وەزیـر لـە ئەوەڵەوە لابـدرێت بـۆ هـەردوو حاڵەتەکـە، بـۆ عەجزیش کە بگوترێت لە کاتی روودانی هەر گۆڕانکارییەکدا لە موازەنـەی هـەرێمی کوردسـتاندا، پێویسـتە موافەقەتی پەرلەمان وەبگیرێت، بۆ؟**

**یەکەم/ لە کاتی عەجزدا تەخفیزی موازەنە بکرێت.**

**دووەم/ لەکاتی وەفردا موافەقەتی پەرلەمان وەربگیرێت بە سەرف کردنی.**

**خاڵێکی تری کە لێرە هاتووە، باسی عەجز دەکات، ئەمە وەکو حاڵەتێك دانـراوە، کـە ئەگـەر گۆڕانکارییـەك روویـداو بـووە هـۆی عـەجز، یـەعنی عـەجزیش یەکێکـە وەکولـە بیدایەتیشـەوە باسـتان کـرد، لـە کێشـە گەورەکانی موازەنە، ئێستا بە فیعلی عەجز هەیە، یەکێك لە حاڵەتە فیعلیەکان ئەوەیە، کە پەرلەمان خـۆی دە ملیاری عـەجز بـۆ موازەنەکـە زیـاد کـردووە، لەبـەر ئـەوە مـەفروزە لـە بیدایەتـەوە کـە تـۆ موناقەشـەی دەکەیت و عەجزت دروست کردووە، دواتر تەخویلی وەزیر نەکەیت بـە ئـەوەی کـە تـۆ لـە کوێـوە پەسـندت کردووە، لەوێ هەڵیبگرێت، بۆ ئەو عەجزەی کە تۆ موسەبەب بووی تیایە، سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**زۆر سوپاس، رێزدار عدنان کەرەم بکە.**

**بەڕێز عدنان عثمان محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**لەڕاستیدا من لەسەر دووەمدا (ثانیاً)، یەعنی پێمـوا نییـە لـە میزانیـەی کوردسـتان بـا بڵێین وەفرێکـی تیـا بێـت، چـونکە ئەگـەر داهاتـە نەوتیـەکان بێـت، ئـەوە بـە بودجەیـەکی تایبـەت ناچـێتەوە ئـەو بودجەیـەوە، شتێکی تری وامان نییە، بۆیە هەر مەسەلەکە هەر لـە 10٪کـەی عێراقـە، یـەعنی ئەوەیـە، بۆیـە مـن تـەنها سەرنجی جەنابتان و جەنابی وەزیر رادەکێشم، کە ماددەیەك هەیە لە یاسای بودجەی عێراقیدا، کە ماددەی (26)ـە، هەموو ئەو وەفرەی دابەش کردووە، یەعنی هیچی وای نەهێشتۆتەوە بـۆ کوردسـتان، مەرکەزیـەن هەموو ئەو وەفرە، بەبێ ئەوەی 17٪و ئەوانە هەمووی دابەش کردووە، بۆیە من پێمـوا نییـە ئەمـە دەقیـق بێت، یەعنی لێرە خاڵێکی عەمەلی بێت، بە چەند خاڵێك وابزانم جەنابی وەزیریش ئاگادارە هـەمووی ئـەو وەفرەی لە فرۆشتنی نەوتدا بەتایبەتی لە شەش مانگی یەکەمدا هەمووی دابەش کردووە.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**زۆر سوپاس، رێزدار جەنابی وەزیر رەئیتان، کەرەم بکە.**

**بەڕێز شێخ بایز تاڵەبانی/ وەزیری دارایی و ئابووری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**دیارە لە ماددەکەدا کە دەڵێت (في حالة حصول تغير في حصة موازنة اقليم كوردستان)، یەعنی لـەو پارەیـەی کە لە عێـراق دێـت، قەصـدی ئـەو زیـادو کەمەیـە، یـەعنی لێـرەدا باسـی عـەجزی نـەکردووە، باسـی ئـەوەی کردووە کـە لـە عێراقـەوە دێـت، ئەگـەر مەبلەغەکـە زیـادی کـرد، کـە مەبلەغەکـە کـەمی کـرد، ئـەو پارەیـە**

دادەگیرێت بەنیسبەت، ئەگەر مەبلەغەکە زیادی کرد دەسەڵاتەکە لەلای وەزیری دارایی نییە، دێتە پەرلەمان، بۆ ئەوەی ئەو زیادەیە تەوزیع بکات بە ئیقتیراحی وەزارەتی مالیە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی دارایی.

**بەڕێز د.ئاراس حسین محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمەش لەگەڵ ئەو بۆچوونەی بەڕێز وەزیری داراییین، چونکە داهاتی عێراق ئیعتیمادی لەسەر نەوتە، ئەگەری دابەزینی نرخی نەوت هەیە، لەو مونتەلەقەیەوە ئەو ماددەیە هاتووە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، لیژنەی یاسایی ئاخیر صیاغە بخوێننەوە، بۆ ئەوەی بیدەینە دەنگدانەوە.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة الثامنة عشرة:

في حالة حصول تغير في حصة موازنة اقليم كوردستان يخول وزير المالية والاقتصاد بـ:

اولاً: تخفيض المبلغ الاجمالي للموازنة بنفس النسبة لتغطية العجز.

ثانياً: في حالة حصول الوفر في الموازنة تستحصل موافقة البرلمان على كيفية الصرف بناءاً على اقتراح مجلس الوزراء.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێستا دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ (64) ئەندامی بەڕێز لەگەڵدایە، زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەکۆی دەنگ پەسند کرا، تکایە ماددەکەی تر، کەرەم بکەن، فەرموو.

**بەڕێز د.رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی هەژدەم لە ئەسڵی پرۆژەکە، کە دەبێتە ماددەی نۆزدەم:

ناکرێت گرێبەست بۆ کارکردن لە فەرمانگەکانی هەرێمدا بکرێت، بە تەنیا بە ڕەزامەندی وەزارەتی دارایی و ئابووری.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بە عەرەبیش کەرەم بکەن.

**بەڕێز خورشید احمد سلیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**المادة التاسعة عشرة:**

**لايجوز التعاقد للعمل في دوائر الاقليم الا بموافقة وزارة المالية والاقتصاد.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**لیژنەی دارایی رەئیتان.**

**بەڕێز د.ئاراس حسین محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**لەڕاستیدا راو بۆچوونی لیژنەی دارایی دەربارەی ئەو ماددەیە ئاساییە، کە بەم شێوەیە دابڕێرێتەوە (لايجوز التعاقد للعمل في دوائر الاقليم الا في الاختصاصات النادرة وبموافقة رئاسة مجلس الوزراء)، واتا تەنها لە پسپۆریە دەگمەنەکان و بە رەزامەندی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران بێت، سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**لیژنەی یاسایی.**

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**ئێمە لەگەڵ دەقی ماددەکەینەوە، کە وەکو خۆی هاتووە.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**بەڕێز جەنابی وەزیر.**

**بەڕێز شێخ بایز تاڵەبانی/ وەزیری دارایی و ئابووری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**بەڕاستی ئەم ماددەیە، ئێمە لەگەڵ ئەوەداین کە وەکو دەقی خۆی بمێنێتەوە، بەو دەقەی کە هاتووە، جارێ ئەگەر مەسەلە پسپۆڕی بێ، راستە پسپۆڕی پێویست بەوە ناکات، چونکە ئەوانە خۆیان تەعین دەبن، ئەوەی کە پسپۆڕ بێت و شەهادەی بەرزی هەبێت، تەعین دەبێت و ئەو مووچەو دەرماڵانەی وەریدەگرن، ئەوان خۆیان پارەیەکی باش وەردەگرن، ئێمە تووشی هەندێك ئیشکال دەبین ئێستاکە لەناو حکومەتدا، بۆ نموونە من دەیهێنم ئێمە ئێستا کە زۆر پێویستمان بێت، هەندێك جار دەکەوینە ئەوەی رجاش بکەین، سائیق نییە، سائیقمان دەست ناکەوێت، کە سائیقێك تەعین دەکەین، ئەم سائیقە وەزارەتێك دەنووسێت، دەبێت بچێتە مەجلیسی وزەرا بۆ سائیقێك بۆ شەش مانگ، یان بۆ سێ مانگ، یان بۆ ساڵێك بە عەقد، دەبێت بچێتە مەجلیسی وزەراو دوای ئەوە بگەڕێتەوە، ئێستا ئەو ئیشانە لەگەڵ وەزارەتی مالیە پێکهاتووە، وەزارەتی مالیەش توانیەتی لەلای خۆیەوە یەکسەر میلاکەکانی تەنزیم کردووە، چونکە ئەزانێت ئەو وەزارەتە چەند سائیقی هەیە، بۆ میسال سائیق ئەهێنمەوە، چەند سائیقی هەیە؟، چەندی موەزەف هەیە**

لەمیلاکەکەیان؟، ئێستا پێویستی بە چەند هەیە؟، هەروەها بەنیسبەتی میلاکاتی تریشەوە، ئێمە ئەم مەوزوعەمان لە ئەنجومەنی وەزیران موناقەشە کرد زۆر، ئەنجومەنی وەزیرانیش پێی باش بوو کە دەقی ماددەکە بەو شێوەیە بێت، لە وەزارەتی دارایی بێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان کێ ئەیەوێت لەسەر ئەم ماددەیە موداخەلە بکات، ناویان بنووسین، نیشتیمان مرشید، دلێر محمود، لانە چەلەبی، عمر نورەدینی، سەردار رشید، سەمیرە عبداللە، صباح بیت اللە، سیوەیل عثمان، ڕێباز فەتاح، یشار نجم الدین، احمد وەرتی، ئەم بەڕێزانە ئەیانەوێت قسە بکەن، فەرموو نیشتیمان خان.

**بەڕێز نیشتیمان مرشد صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێم باشە ئەوانەی کە بەعەقد دامەزراون، یان کە بوون بە دائیمی، داواکارین ماوەی خزمەتکردنی عەقدەکەیان بخرێتە سەر خزمەتی دائیمیەکەیان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز دلێر محمود کەرەمکە.

**بەڕێز محمد دلێر محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە نیسبەت ماددەی 18 کە بووە بە ماددەی 19، پێمان چاکە ئەو عەقدانە تەنها لە پسپۆڕیا، یاخود لەو پیشانە کە مووچەیان کەمە بە پێی سیستەمی مووچە لە لایەن حکومەت ئەگەر تەعین بوون، لەوکاتە وەکو شوفێر یان جۆرە شتێکی تر، ئەوانەی کە فەنین بۆ ئەوانە بێت، یاخود بە پێی پێویستی فیعلی فەرمانگەکەی خۆیان بێت کە داوای دەکەن و چیان نەقسە، لە هەمان کاتدا ڕەزامەندیشی لە دەسەڵاتی وەزارەتی دارایی و ئابووریدا بێت خۆی، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز لانە خان فەرموو.

**بەڕێز لانە احمد محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتگیری لە ڕەئی لیژنەی دارایی و ئابووری دەکەم، لێرە خاڵێکی گرنگ هەیە دەمەوێ ئیشارەتی پێ بدەم، ئەویش هەندەك لە فەرمانبەران هەیە، کە وەختی خۆی دامەزراون، بە عینوانی تەعینی کاتی، هەندەکیش بە عینوانی تەعینی گرێبەستی، دوایی بووینە تەعینی دائیمی، پاش ماوەیەك، هەیە پاش دوو ساڵ، هەیە پاش سێ ساڵ، ئەوانەی بە عینوانی تەعینی کاتی کراون، ئەو سێ ساڵەو ئەو دوو ساڵە، بۆ نموونە، ئیزافەی سەر خزمەتیان کراوە، بەس ئەوانەی کە لە نەفسی جێگای خۆیان، لە نەفسی شوێنی خۆیان کاریان کردووە، بە ناونیشانی تەعینی گرێبەست بووینە، دوایی بوینە تەعینی دائیمی، ئەوی هەیە دوو ساڵە،

ئەوەی هەیە سێ ساڵە، ئەوەی هەیە چوار ساڵە، ئیزافەی خزمەتیان نەکردووە بۆیان، داوا دەکەم لە حکومەت، یەعنی ئەو دووسێ ساڵەی بۆیان ئیزافەی سەر خزمەتەکەی بکات، بەڕاستی ئەو ناعەدالەتە بەرامبەر ئەو مەجموعەی کە بەو نانیشانەی تەعین کراون، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز عمر نورەدینی کەرەمکە.

**بەڕێز عمر حمدامین خدر نورەدینی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

قسەکانی من کرا، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێز سەمیرە عبداللە کەرەمکە.

**بەڕێز سمیرە عبداللە اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دەستخۆشی لە هەردوو لیژنەی دارایی و یاسایی دەکەم، پشتیگریانیش لێ دەکەم، لە هەمان کاتدا پشتیگری ڕەئی لانە خان و نیشتیمان خان دەکەم، بەلاَم مولاحەزەیەکی ترم هەیە کە ئیزافەی بکەمە سەری، ئەویش تەحدیدی عمرە، بۆ نموونە، زۆریان عمریان لە هەورازی 65 ساڵە، کە تەقاعد دەبن، بەلاَم بەعەقد دەیان هێننەوە، قەینا ئەگەر ئیختیساساتی نادر بێت و زۆر پێویست بێت ئیعتیادیە، بەلاَم زۆربەی زۆری ئەوانە ئەگەر بە عەقد دەیانگەڕێننەوە، ئەدی ئەو هەموو گەنجەمان هەیە بۆ تەعین ناکرێت؟، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ڕەنگە شتی وا نەبێت، ئەگەر موستەمسەکت هەیە، یەکێك ناوێك بڵێی، من باوەڕناکەم، نازانم ئەگەر هەبێ پێمان بڵێ.

**بەڕێز سمیرە عبداللە اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڵێ، من کە سەردەمێك بەڕێوەبەری مەعهەد مەرکەزی بووم، زۆربەی مامۆستایەکان کە دەکەتنە حاڵەتی تەعاقد، یەك ساڵ یان دووساڵ ئیعادەیان دەکردنەوە بە موافەقەی هەموو وەزارەتەکە و وەزارەتی دارایی، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەوە فەرقە لەگەڵ ئەوەی کە عەقدی لەگەڵ بکەی، کە خۆی بەردەوامە، ئیش دەکاتن، تەمدیدی دەکەی بۆی لەبەر ئەوەی ئیحتیاجت بە ئیختیساسەکە هەیە، فەرقە لەگەڵ ئەوەی بڕۆی یەکێك دەرچووبێت، دانیشتیبێت تەعینی بکەی، زۆر سوپاس، بەڕێز سەردار کەرەمکە.

**بەڕێز سەردار رشید محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە من پشتگیری ئەو بۆچوونەی سەمیرە خان دەکەم، سەبارەت بە تەمەن، چونکە لە هەندێ شوێن کە دائیرەی ئینتاجیە، پێویستیان بە خیبرەی ئەو کەسە هەیە، بۆ نموونە، لە کارگەی فەرشی سلێمانی، خەڵك هەیە تەمەنی لە سەرووی 65 ساڵەشە هێندراوەتەوە، لەبەر ئەوەی خیبرەیەکی زۆری لەو بوارە هەیە، ناچارن بەڕاستی وەری بگرن، دیارە گرێبەستێکی زۆرمان هەیە لە کوردستان، من پێموایە 25 هەزار گرێبەستمان هەیە هەتاوەکو ئێستا، هەقە بەڕاستی ئەولەویەتیان پێ بدرێت، لەمەسەلەی ئەو تەعین بوونە، لەبەر ئەوەی ئەزموونێکی باشیان کەڵەکە کردووە، لەو شوێنانەی کەتیایدا کاردەکەن، هەقە بەڕاستی ئەو بەڕێوەبەرایەتیانەش کە بۆخۆیان، بابڵێین ئینتاجیان هەیە، لەپارەی ئەو ئینتاجە لەوانەیە ئەو گرێبەستانە بکەن، سەلاحیەتەکە نەگەڕێتەوە بۆ وەزارەتی دارایی، ئەو بەڕێوەبەرایەتیانە، یاخود ئەو بەڕێوەبەرانە، بۆیان هەبێت بەپێی خیبرەو موئەهەلات گرێبەست بۆ ئەو نەوعە خەڵکانە بکەن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز صباح بیت الله کەرەمکە.

**بەڕێز صباح بیت الله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دەربارەی ماددەی 19، ئەز پێشنیار دکەم لا مەرکەزیەکێ، یان هندەك سەلاحیەتا دی بدەنە وەزارەتێ دی بۆ دامەزراندنێ، نەك هەمی دامەزراندن ل وەزارەتا دارایی بێتە حەصر کرن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز سیوەیل خان فەرموو.

**بەڕێز سیوەیل عثمان احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوەلەن بەنیسبەتی ئەو ماددەیە زۆر دیار نیە، لایجوز التعاقد للعمل في دوائر الاقليم الا بموافقة وزارة المالية والاقتصاد، ئایا لێرە ڕاستە بەڕێز وەزیری دارایی ڕوونی کردەوە، بەڵام لە ماددەکە نەهاتووە، بۆ وەزیفەیە یا بۆ ئیستیسمارە، ئەوە یەك، دوو، وەکو کاك صباح گوتی، یەعنی ئەگەر وەزیر دەسەڵاتی ئەوەی نەبێت دوو نەفەر بە عەقد یان سێ کەسی بەعەقد، کەشوفێرە یان فەرمانبەرە یان ئەندازیارە، کا ئەگەر دەسەڵاتی نەبێت دایبمەزرێنێت بە عەقد، ئەدی بە چ وەزیرە، باواز بێنێت باشترە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك ڕێباز فتاح فەرموو.

**بەڕێز ڕێباز فتاح محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە ڕاستیدا پێموایە دانانی ئەو ماددەیە، سەبارەت بە عەقد، لە ئەساسەوە قسە کردنە لەسەر ئەو کەسانەی کە پسپۆڕی دەگمەنن، یەعنی ئەم ماددەیە بۆ ئەوە کەسانەیە، نەوەك ئەوەی کە بەڕێز وەزیری دارایی باسی کرد، کە شوفێرێکە، بەلآم ئێستا ئەو ئیستیفادەی لێ کراوە، ئەوەی کە ئێستاکە خەریکە بەسەر خۆمان تێدەپەڕێت، کە لە ساڵی پار وا بڕیار بوو کە عەقد نەمێنێت، ئەمساڵ هەندێ لە ئەندام پەرلەمانەکان داوای ئەوە دەکەن، هەندێك لەوانەی کە عەقدن دابمەزرێن، یەعنی وەکو ئەوەیە کە فێڵ لە یاسا بکرێت، لە کاتێك وا بڕیار بوو کە عەقد نەبێت، بەلآم هەندێ کەس کە بەعەقد کراوە، داوا دەکرێت کە بە ئەفزەڵیەت و ئەوانە، یەعنی ئەگەر بڕیار وایە، ئەگەر دام و دەزگاکان پێویستیان بە خەڵکێکی لەو بوارەیە، ئەبێ بەدامەزراندن چاك بکرێت، نەوەك ئەوەی کەوا بەعەقد چارەسەر بکرێت، ئەو عەقدانە تەنها بۆ ئەو کەسانەیە کە پسپۆڕن، من لەگەڵ ئەو پێشنیارەم کە تەحدید بکرێت، بۆ ئەو پسپۆڕیانەی کە دەگمەنن و زەرورن، یەعنی ئەوە تەنها مەجالێکی زۆر کەم دەگرێتەوە، پێشنیارێکی تریش ئەوەیەکە کەئەو سەلاحیاتە تەنها نەدرێتە وەزارەتی دارایی، وەکو لە وەزارەتەکان بمێنێتەوە، بۆ ئەوەی کە وەزارەتەکان بۆخۆیان دەزانن کە ئەوان کێیان پێویستە، کێ ئەتوانن بە عەقد دابمەزرێنن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، شوفێریش ئیختیساسە، یەعنی بەجدی، بەڕێز د.احمد کەرەمکە.

**بەڕێز د.احمد ابراهیم علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پشتگیری لە پێشنیارەکەی لیژنەی دارایی دەکەم، کە تەنها لە ئیختیساساتی نادرە بێت، بەلآم لێرە پرسیارێك هەیە بەڕاستی، ناکرێت گرێبەست بۆ کارکردن لە فەرمانگەکانی هەرێمدا بکرێت، ئایا لێرەدا تەنها فەرمانگەکانی دەسەلآتی تەنفیزی مەبەستە، یان دەسەلآتی پەرلەمان و سوڵتەی قەزائیش مەبەستە لێرە؟، یەعنی ئایا ئەوانیش ناتوانن ئەو گرێبەستە بکەن؟، چونکە دەوائیری ئیقلیم هەموویان دەگرێتەوە، پێموایە لێرە جیاکردنەوەیەك هەبێت، دەسەلآتی دادوەری ئەو دەسەلآتەی نیە خەڵك بە عەقد دابمەزرێنێت، ئەمە یەك، دووەم،منیش پشتگیری لەو پێشنیارە دەکەم، ئەوانەی کە ئێستا بە فیعلی بەعەقد دامەزراون بە گرێبەست، ئەولەویەت بۆ دامەزراندن بۆ ئەوان بێت، چونکە ئەوان لەساڵانی ڕابردوودا دامەزراون، بەفیعلی کاردەکەن لەدەوائیرەکان هەن، بۆیە لە دامەزراندن هەقی خۆیەتی مافی ئەوەیان هەبێ کە بۆ دامەزراندن ئەولەویەتیان پێ بدرێ، سەبارەت بە تەمەنیش.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز د.احمد، ئێمە باسی عەقدەکە دەکەین، عەقدەکە ئایا ئیختیساس بێت، یان وەزیر وەکو هەندێ بەڕێز ئیشارەتیان پێی کرد، سەلاحیەتی هەبێت، ئینجا چۆنە؟، کێیە؟، ئەوە ئێمە لێرە باسی ئەوە ناکەین، یەعنی

ماددەیەکە(لایجوز التعاقد للعمل في دوائر الاقلیم الا بموافقة وزارة المالیة والاقتصاد)، ئێمە ئێستا لەسەر ئەو مەوزوعە قسە دەکەین، فەرموو بەردەوامبە.

**بەڕێز د.احمد ابراهیم علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

قسەکەی منیش هەر لەسەر ئەوەیە، باسم لە مەسەلەی عەقد و گرێبەستە، بە گرێبەست کار کردن لە فەرمانگەکانی هەرێمدا، ئەڵێ ناکرێ، ئیلا بە موافەقەی وەزارەتی دارایی و ئابووری نەبێت لە نەسی ماددەکە، لە پێشنیاری لیژنەی دارایی ئەڵێت بە موافەقەی مەجلسی وزەرا، ئایا ئەگەر پەرلەمان بیکات، ئەنجومەنی دادوەری بیکات، ئەو کاتە بە ڕەزامەندی وەزارەتی دارایی ئەبێت بە پێی ماددەکە، یان ئەویش بە ڕازامەندی ئەنجومەنی وەزیران دەبێت، سەبارەت بەتەمەن، تەمەن گرنگە لە مەسەلەی گرێبەست، چونکە زۆر لە فەرمانبەران وەختێك کە ماوەی فەرمانبەرێتی تەواو دەکەن، یەعنی مافی خانەنشینیان بێت بەپێی تەمەن، جارێکی تر لە فەرمانگەکان بە عەقد دادەمەزرێنەوە، لەبەر ئەوە ڕەنگە ئەمە لە هەندێك حاڵەت ڕێگر بێت لەوەی کە خەڵکی تازە بتوانێت دابمەزرێت، هەمان فەرمانبەر لە شوێنی خۆی بە گرێبەست دائەمەزرێتەوە، بۆیە تەحدید کردنی تەمەن بە ڕەئی من لێرە زۆر گرنگە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێز یشار نجم الدین کەرەمکە.

**بەڕێز یشار نجم الدین نورالدین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێشنیار دەکەم ئەو عەقدانەی کە لە کەمترین مووچەش کەمترن، ئەوە لە سەلاحیەتی وەزیر بێت، 200 هەزارە، 250 هەزارە پێویست بە موافەقەتی دارایی نەکات، بەڵام ئەو عەقدانەی کە لە مووچە زیاترن، ئەوان پێویست بە موافەقەتی وەزارەتی دارایی و یان ئەنجومەنی وەزیران بکات، هیوادارم ئەو پێشنیارە بخرێتە دەنگدانەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر ڕەئیت.

**بەڕێز شێخ بایز تاڵەبانی/ وەزیری دارایی و ئابووری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ڕەنگ هەیە ئەگەر بڵێین، بچێتە ئەنجومەنی وەزیران، ئەوە ئەرکێك لەسەر وەزارەتی مالیە کەم ئەبێتەوە، بەڵام ئەوە عەمەلی نیە، ئێمە ئەم مەوزوعەمان لە ئەنجومەنی وەزیرانیش تاوتوێ کرد، ئێمە میلاك لە وەزارەتی داراییە، ئێمە ئەزانین چەند کەس لەوێ هەیە، چەند کەس ئیشی کردووە، دوایی ئەوە باسەکەی هاتووە ئەو وەزیفە دەگمەنانە کە پێویست دەکات دابمەزرێن، ئەوانە کە پێویستە زۆر، خۆی ئەوانە لە وەزارەتی خوێندنی باڵا، وەزیری خوێندنی باڵا خۆی دەسەڵاتی وەرگرتووە، بەبێ ئەوەی بگەڕێتەوە

وەزارەتـی دارایـی ئەوانـە تـەعین دەكـات، مەسـەلەن وەزارەتـی شـارەوانی خـۆی دەسـەڵاتی وەرگرتـووە، بـۆ پاككەرەوەو ئەمانە، بەڵام ئێمە لێرە تەنها مەسەلەكە تەخسیسە، مەسـەلە میلاكـە، وتوومانـە بـۆ وەزارەتـی دارایـی، ئـەو هەنـدێك میلاكـات هەیـە دەگمـەنن دەسـت ناكـەون، ئـەوە شـەرت نیـە شـەهاداتی عولیـا بێـت، هەروەكو باسم كرد، ئێستا حالیەن ئێمە سەیارەمان هەیە، لەیەكێك لە دائیرەكانی سلێمانی وەستاوە سائیقی نیە، چونكە بەو شێویە ئیش ناكەن ئەوانە، دێت فەترەیەك ئیش دەكات، دوای ئەوە، ئـەوە بـەپێی عەقـدە، عەقـدی لەگەڵـدا دەكرێـت كـە تـەعین دەبێـت، مـەشمول نیـە بـەوەی كەتەقاعـد و زەمـانی لێ دەبڕێـت، ئیلتیزاماتی لەسەر حكومەت كەمە، عەقدەكەی ئیمزا كردووە كە چۆن ئیش دەكـات، وە بـۆ مـاوەی چـەنێك ئیش دەكات؟، یەعنی ئەوانە هەر هەمووی موسەبەتن لەو عەقدەیە، دوای ئەوە كەباسی ئەوە دەكرێـت، كـە ئەم مەوزوعە حەسر كردنی لەوەزارەتی دارایی، بەڕاستی حەسر كردنی ئەم مەوزوعە لە وەزارەتی دارایـی، تەنها ئەوەیە جارێكی تر ئەگەڕێمەوە سەری، مەسەلەی میلاك و تەخسیس و پێویسـتی، ئـەو وەزارەتانەیـە كە لە لای ئێمە مەعلومە.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، لیژنەی دارایی ڕەئیتان.

**بەڕێز خورشید احمد سلیم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە لەگەڵ ڕەئی جەنابی وەزیرین ڕاستە پێویستیان بەو تەعیناتـە هەیـە، بـەڵام تـەنها ئێمـە مولاحـەزەی ئەوە بكەین، ئەوانەی بەتەمەنن، یان موتەقاعدن، ئەو دەرفەتە لە گەنجان نەستێنن، بۆ ئەوەی هەلی كار بۆ هەندێك كەس بدۆزینەوە، هەندیك بە دامەزراندن هەندێك بە عەقد، تەنها مەبەسـت لـەو تەرحـەی ئێمـە ئەوەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو.

**بەڕێز شێخ بایز تاڵەبانی/ وەزیری دارایی و ئابووری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەڕاستی باس لەوە دەكرێت كە ئەوانەی تەقاعود دەبن جارێكی تر تەعنینیان دەكەینەوە، بـە پێـی قـانونی تەقاعدی 27 وەزیری موختەس بۆی هەیە، بۆ هەر موەزەفێك كە پێویستی پێی بێت، داوا دەكات دوو سـاڵ تەمدیدی بۆ دەكرێت، بە موافەقەتی ئەنجومەنی وەزیران، مەگەر ئەوانە بێت، ئێمە بەنیسبەتی خۆمانەوە، بە پێی تەدقیقی وەزارەتی داراییەوە، زۆر تەدقیقمان تیا كردووە، لە هـەر كوێیـەكیش ببیـنین یـەكێك دوو مووچە وەردەگرێت لە حكومەت، یەكسەر ئیجرائات دەكەین.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسای ڕەئیتان.

**بەڕێز عونی كمال سعيد بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە ڕەئی خۆمان دا، پشتگیری لە ماددەكە دەكەین، وەكو خۆی بمێنێتەوە.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئێستا دوو ڕەئی هەیە، ڕەئی لیژنەی دارایی هەیە، كە ئێستا ئەیخوێننەوە، تەعدیلێكە لەسەر ماددەكە، ڕەئی لیژنەی یاسایش ئەوەیە وەكوخۆی بمێنێتەوە، ئەم دوو ڕەئیە ئەدەینە دەنگدانەوە، یەكەم، لیژنەی دارایی ئاخیر سیاغەتان بخوێننەوە، بۆ ئەوەی بیدەینە دەنگدانەوە.

**بەڕێز خورشيد احمد سليم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ڕەئی لیژنەی دارایی بگۆڕێت بەم شێوەیەی خوارەوە:

لايجوز التعاقد للعمل في دوائر الاقليم الا في الاختصاصات النادرة بموافقة رئاسة مجلس الوزراء.

تەنها لە پسپۆریە دەگمەنەكان وەبە ڕەزامەندی سەرۆكایەتی ئەنجومەنی وەزیران.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

ئەگەر سەحبی بكەن، ئەبێ ئەكسەرەیەتی لیژنەكە ئەوە بكات، ئەیخەینە دەنگدانەوە، ڕەئی لیژنەی دارایی كە بەو شكلە هاتووە، ئەیخەینە دەنگدانەوە، كە خوێندیانەوە گوێتان لێی بوو، كێ لەگەڵدایە تكایە دەستی بەرز بكاتەوە؟، 11كەس لەگەڵدایە، كێ لەگەڵدانیە تكایە دەستی بەزر بكاتەوە؟، بە زۆرینەی دەنگ ڕەفز كرایەوە، ئێستا نەسەكە بخوێننەوە، لیژنەی یاسایی بیدەینە دەنگدانەوە.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

الماده التاسعه عشره:

لايجوز التعاقد للعمل في دوائر الاقليم الا بموافقة وزير المالية والاقتصاد.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كێ لەگەڵدایە تكایە دەستی بەرز بكاتەوە؟، 44 بەڕێز لەگەڵدایە، كێ لەگەڵدانیە تكایە دەستی بەرز بكاتەوە؟، 4 كەس لەگەڵدانیە، بە زۆرینەی دەنگ پەسەند كرا، بۆ ماددەی 19 لە ئەسڵی پڕۆژەكە، فەرموو.

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی 19 لە ئەسلی پڕۆژەكە كە دەبێتە ماددەی 20.

ماددەی 20:

وەزارەت و فەرمانگەکانی هەرێم تێکڕای حیسابی مانگانەیان بودجەکانی پێداچوونەوە لە وادەیەك کە ماوەکەی لە دە ڕۆژ لە دوایی کۆتایی هاتنی هەر مانگێك تێپەڕ نەکات پێشکەش بە وەزارەتی دارایی و ئابووری بەڕێوەبەرایەتی ژمێریاری بکەن.

**بەڕێز خورشید احمد سلیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**المادة العشرون:**

**تقدم الوزارات ودوائر الاقليم كافة حساباتها الشهرية (موازين المراجعة) في موعد لا تتجاوز مدته (10) ايام من نهاية كل شهر الى وزارة المالية والاقتصاد/ مديرية المحاسبة.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی دارایی ڕەئیتان.

**بەڕێز د.ئاراس حسين محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لیژنەی دارایی لەگەڵ دەقی ماددەکەیە وەکو خۆی بمێنێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی ڕەئیتان.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لیژنەی یاسای لەگەڵ دەقی ماددەکەیە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر ڕەئیت.

**بەڕێز شێخ بایز تاڵەبانی/ وەزیری دارایی و ئابووری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئیمەش لەگەڵ دەقی ماددەکەین، وەکو خۆی بمێنێتەوە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، کێ ئەیەوێت لەسەر ئەو ماددەیە قسە بکات، کەس نییە، باشە، یەك کەسێك هەیە، کاك نەریمان فەرموو.

**بەڕێز نەریمان عبدالله قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە ماددەکمان داناوەو ئیلزامیشمان کردووە، کە مودەیەکی تێدایە و مودەکەی تەجاوز نەکات، ئەگەر تەجاوزی کرد پێویستە سزایەکی بۆ دابنێن بەڕاستی، بۆیە من پێشنیار دەکەم بە برگەیەك سزایەکی بۆ دابنێن، ئەگەر جێبەجێی نەکرد، لەبەر ئەوەی ئێمە کێشەی جێبەجێی نەکردنی یاسامان هەیە لەم وڵاتە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، جەنابی وەزیر؟

**بەڕێز شێخ بایز تاڵەبانی / وەزیری دارایی و ئابووری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە لە ماددەی 20 ئەوەیە: يحال رئيس الدائرة لوحدة الانفاق الذي يتخلف عن تقديم الحسابات الختامية لسنة 2010 لدائرته، بعد نفاذ هذا القانون، الى التحقيق وفق الاجراءات القانونية و التعليمات النافذة، کە ئەمەش ئەوەش ئەگرێتەوە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئاخیر صیاغە بخوێننەوە تا بدرێتە دەنگدان.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة العشرون: تقدم الوزارات و دوائر الاقليم كافة حساباتها الشهرية، موزاين المراجعة في موعد لا يتجاوز مدته عشرة ايام، من نهاية كل شهر، الى وزارة المالية و الاقتصاد/ مديرية المحاسبة.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ لەگەڵدایە تکایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ 58 بەڕێز لەگەڵدایە، کێ لەگەڵدا نیە؟، بە کۆی دەنگ پەسند کرا، ئێستا بۆ ماددەی 20 لە ئەصڵی پرۆژەکە کەدەبێتە ماددەی 21.

**بەڕێز د.رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی 20 لە ئەصڵی پرۆژەکە کە دەبێتە ماددەی 21.

سەرۆکی فەرمانگەی یەکەی خەرجکردن کە لە پێشکەش کردنی حیسابی کۆتایی ساڵی 2010ی فەرمانگەکەی دوا دەکەوێت، لەگەڵ کار پێکردنی ئەم یاسایەدا، بە پێی رێکاری یاسایی و رێنمایی کارپێکراوەکان، لێکۆڵینەوەی لەگەڵ دەکرێت.

**بەڕێز خورشید احمد سلیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة الحادية و العشرون:

يحال رئيس الدائرة لوحدة الانفاق الذي يتخلف عن تقديم الحسابات الختامية لسنة 2010 لدائرته، بعد نفاذ هذا القانون، الى التحقيق وفق الاجراءات القانونية و التعليمات النافذة.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لێژنەی دارایی؟

**بەڕێز د.ئاراس حسين محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لێژنەی دارایی وەکو دەقی ماددەکەیە وەکو خۆی هاتووە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لێژنەی یاسایی.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمەش تەئیدی دەقی ماددەکە دەکەین وەکو خۆی هاتووە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر.

**بەڕێز شێخ بایز تاڵەبانی/وەزیری دارایی و ئابووری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمەش لەگەڵ دەقی ماددەکەین کە وەکو خۆی بمینێتەوە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ دەیەوێ لەسەر ئەو ماددەیە قسە بکات؟، کەس نیە؟ نەصی ماددەکە بخوێننەوە لێژنەی یاسایی با بیدەینە دەنگدان.

**بەڕێز عمر عبد الرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة الحادية و العشرون:

يحال رئيس الدائرة لوحدة الانفاق الذي يتخلف عن تقديم الحسابات الختامية لسنة 2010 لدائرته، بعد نفاذ هذا القانون، الى التحقيق وفق الاجراءات القانونية و التعليمات النافذة.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ لەگەڵدایە تکایە دەستی بەرز بکاتەوە؟، سوپاس، کێ لەگەڵدا نیە؟، بە کۆی دەنگ پەسند کرا، بۆ ماددەی 21 کە لە ئەصڵی پرۆژەکە دەبیتە 22.

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی 22:

دەبێ ئەنجومەنی وەزیران، دەرخستەی حیسابی ئەو قەرزانەی کە پێشکەش بە حکومەتی هەرێم کراون، لەگەڵ ڕوونکردنەوەی شێوەی خەرجکردنیان بۆ ئەو پرۆژانەی بۆیان تەرخان کراوە، پێشکەش بە پەرلەمان بکات، بۆ پەسند کردنی.

**بەڕێز خورشید احمد سلیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة 22:

على مجلس الوزراء، تقديم كشف بحسابات القروض المقدمة لحكومة الاقليم، مع بيان اوجه صرفها للمشاريع المخصصة لها للبرلمان، للمصادقة عليها.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی دارایی ڕەئیتان؟

**بەڕێز د.ئاراس حسین محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لیژنەی دارایی لەگەڵ دەقی ماددەکەیە وەکو خۆی هاتووە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی؟

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لیژنەی یاسایی لەگەڵ دەقی ماددەکەیە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر؟

**بەڕێز شێخ بایز تاڵەبانی/وەزیری دارایی و ئابووری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمەش لەگەڵ دەقی ماددەکەینە وەکو خۆی بمێنێتەوە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، کێ مولاحەزەی هەیە و ئەیەوێ قسە بکات؟، نەریمان، شوان کەریم، ڕێباز،جمال تاهیر، یەشار، د.احمد وەرتێ، کەسی تر هەیە؟، نیە، فەرموون.

**بەڕێز نەریمان عبدالله قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لەگەڵ نەصی ماددەکەم، بەڵام چەند ئیزافەیەکم هەیە، دەڵێ: على مجلس الوزراء تقديم كشف بحسابات القروض، ئێمە بەس قەرزمان نیە، کە ئەدرێ بە حکومەتی هەرێم، مینەحەشمان هەیە و موساعەداتیشمان هەیە، بۆیە من پێشنیار دەکەم، بوترێ: على مجلس الوزراء تقديم كشف بحسابات القروض و المنح و المساعدات المقدمة لحكومة الاقليم، مع بيان اوجه صرفها للبرلمان للمصادقة عليها، بۆیە من داوا دەکەم، مینەح و موساعەداتیش ئیزافە بکرێ، لەبەر ئەوەی ئەوانەش ئەدرێ بە حکومەتی هەرێمی کوردستان، بۆ ئەوەی ئەو پەرلەمانە بزانێ چۆن سەرف دەکرێ و چۆنیش بەکار دێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێز کاك شوان فەرموو.

**بەڕێز شوان کریم کابان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من یەك پرسیارم هەیە، بەراستی هەم لە لێژنەی دارایی و یاسایی و هەم لە بەڕێز وەزیر، ئەو کەشفەی کە تەقدیم دەکرێ بۆ پەرلەمان، مع بيان اوجه صرفها، دوای سەرف، ئەگەر سەرف کرابێ ئەو قەرزە، چی ئیستیفادەیەکی هەیە بێتە ناو پەرلەمان، للمصادقه علیها؟، یەعنی کە تۆ پارەکە سەرف کرابێ، ئێمە موسادەقە لەسەر چی بکەین، یەعنی من ئەوەم بۆ تەوزیح بکەن، ئەگەر سەرف نەکرابێ و بێتە پەرلەمان، ئەوە واریدە و من لەگەڵ دەقی ماددەکەم، بەس بەڕاستی ئەگەر ئەو قەرزە سەرفیش کرابێ بۆ ئەو ئیشەی بۆی وەرگیراوە قەرزەکە بێتە پەرلەمان، لەسەر چی ئێمە موصادەقەی لەسەر بکەین؟، لەسەر شتێك کە سەرف کراوە وتەواو بووە؟، من پرسیارەکەم ئەوەیە و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز ڕێباز فەرموو.

**بەڕێز ڕێباز فتاح محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پشتگیری قسەکەی کاك نەریمان دەکەم، لەوەی کە مینەح و موساعەداتیش ئیزافە بکرێ، بەڵام لەگەڵ ئەوەش، ئەگەر ئەم قروزەی کە ئەدرێت، ئەگەر پێشتر بڕیار درابێ لێرە وەکو کاك شوان باسی کرد، ئەگەر پێشتر بڕیاردرابێ لە مەشاریعەکە، پێم وا بێ هیچ، تەنها وەکو ئاگادار کردنەوە، ئەگەر نا پەرلەمان تەئسیرێکی نابێ، بەڵام باشتر وایە پێش ئەوەی کە مەشاریعەکە بڕیاری لێ بدرێ و بێتە پەرلەمان، وەکو مەشروعەکانی تریش پەرلەمان قەراری لێ بدات، قسەیەکی تریش کە ئەوەیە، ساڵی پاریش ئەو ماددەیە هەر نووسرابوو لەناو بودجەدا، ئێمە هیچ شتێکمان نەبینی بێتە پەرلەمان، ئایا تا ئێستا هیچ وەرگیراوە یان وەرنەگیراوە، ئەبوایە جوابی ئەو پرسیارە بدراباوە و، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێز كاك جمال فەرمووو.

**بەڕێز جمال طاهر ابراهیم محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

قسەكانم كران، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێز كاك یشار فەرمووو.

**بەڕێز یشار نجم الدین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەرلەوەی حكومەت هەر قەرزێك وەربگریّ، دەبیّ ئاگاداری پەرلەمان بكاتەوە، ئەو قەرزە لە كویّ وەردەگریّ و بۆ كویّ وەردەگرێت و چەند وەردەگرێت، فائیزی ئەو قەرزە چەندە و چۆن دەیداتەوە؟ بەر لەوەی قەرزەكە وەربگریّ، رەزامەندی پەرلەمان لەسەر ئەو مەسەلانە وەربگریّ، ئینجا دواتر كشوفات و حیساباتەكەی بداتە پەرلەمان، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێز د.احمد فەرمووو.

**بەڕێز د.احمد ابرهیم وەرتیّ:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

منیش لەگەڵ ئەو ئیقتیراحە دام كە كاك نەریمان كردی، كە مینەح و موساعەداتیش لەگەڵ قەرزەكە زیاد بكریّ بۆ ماددەكە، خاڵێكی دیكە لێرە، كات دیاری نەكراوە بۆ ئەوەی كە ئەنجومەنی وەزیران، لە چ وەختێكدا تەقدیمی كەشفی حیساباتی خۆی دەكات بۆ پەرلەمان؟، ئایا لە كۆتایی سەنەی مالیە؟ یان با كات دیاری بكریّ، چونكە بەبیّ دیاریكردنی كات، رەنگە لێرە نەقسێك لە ماددەكە هەبێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، تەواو بوو موداخەلەكان، جەنابی وەزیر فەرمووو.

**بەڕێز شێخ بایز تاڵەبانی/وەزیری دارایی و ئابووری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لە پێشەوە ئەمەویّ ئەوە باس بكەم، ئێمە هیچ قەرزێكمان وەرنەگرتووە نە ساڵی پارو نە ئەمساڵیش، دووەم، باس لە مینەح و تەبەروعات كرا، ئەویش داخل بكرێت، لە ماددەی پێنجدا، مینەح و تەبەروعات لە ئیرادات باس كراوە و وەزیری دارایی تەخویل كراوە كەوا بۆ ئەم مەبەستەی كە وەرئەگیرێت بۆ ئەم مەبەستە سەرفی بكات و موصادەقەی لەسەر بكات، لەویّ مەسەلەی مینەح و تەبروعات ئیتر هاتووە، لێرەشدا ئەوە مەجلیسی وزرا بەو شێوەیە، قەرزەكان ئەگەر بێت، ئەوە بە لیستێك تەقدیمی ئەكات و

وەجهی سەرفەکەشی تەقدیم ئەکات، بۆ ئەوەی موصادەقەی لەسەر بکات، بۆیە نەصی ماددەکە بەو شێوەیە هاتووە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەس قەرز پێش ئەوەی وەربگیردرێ، لە ناو قانون شتێکی وا هەبێ، پێش وەریبگرێت، پەرلەمان بیزانێت، چونکە ئەوە مەسەلەیەکی زۆر حەساسە، پەرلەمان بیزانێت، پاشان، من ئەزانم ناتانەدەنێ، ئینجا صیاغەیەکی وا حازر بکرێت ئەگەر حکومەت ویستی قەرز وەربگرێ، ئەو مەجالەی هەبوو، با پەرلەمانی کوردستان ئاگادار بێ.

**بەڕێز شێخ بایز تاڵەبانی/وەزیری دارایی و ئابووری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

قەرز وەرگرتن، ئێمە وەکو حکومەتی هەرێم، بۆمان نیە قەرز وەربگرین، ئیلا لە ڕێگای حکومەتی عیراقی فدراڵەوە نەبێت، هەر وەختێکیش وەربگیرێت، ئەوە بۆ ماددەکەی تیدا ئەکرێ.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر تەبیعیە، قەینا من لەگەڵ جەنابتم، بەلام پەرلەمان بزانێ، حکومەتی هەرێم ئەوەندە قەرز وەرئەگرێ، بۆ ئەوەی تووشی ئیشکالیات نەبێ چاکە، زۆر تەبیعیە، کاك نەریمان فەرموو.

**بەڕێز نەریمان عبدالله قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێز جەنابی وەزیری دارایی ئاماژەی بەوەی کرد، کە لە ماددەی 5 دا چارەسەری ئەوە کراوە، بەلام لە ماددەی 5 دا چارەسەر نەکراوە، بۆ؟، ئەڵێ: تقید مبالغ التبرعات، بەس تبروعاتە و ئەوە، تمنح للوزارات و الدوائر غير المرتبطة، بۆیە ئێمە قسەمان لەسەر حکومەتە، ئەوانەی کە پێشکەش ئەکرێ بەحکومەت، قەرز و مینەح و موساعەداتە، بۆیە ئەمە جیاوازە لەوەی کە بەڕێز جەنابی وەزیر باسی کرد، بۆیە من پێشنیار دەکەم ئەوە بخرێتە دەنگدانەوە.

**بەڕێز د.ئاراس حسین محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دەربارەی وەرگرتنی قەرز، لە حەقیقەتدا، ئەگەر هات و بابەتێکی ستراتیجی بێ، حکومەت داوای ئەو قەرزە بکات و، عیبئێکی ستراتیجی بخاتە سەر دەوڵەت، ئەو کاتە ئەتوانێت پێشتر داوای ڕەزامەندی لە پەرلەمان بکات، بەلام ئەگەر لە قەرزی خۆی، کە ناشیەت، لە حکومەتی ئیتیحادیەوە، بەراستی ئەوە چۆن ئاگادارمان بکاتەوە؟ ئەو ئاگادار کردنەوە و موصادەقەی ئێمە، ئەبێتە هۆی تەئخیر بوونی ئیجرائاتی وەرگرتن و جێبەجێکردنی قەرزەکە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

**والله بە عەكسەوە، من ئەبینم، قەرز، قەرزە، زەرائیبی لەسەرە، رسوم دێتە سەری، بۆ ئەوەی خۆت نەبەستیتەوە، پەرلەمان مەسئولیەتی لەسەرە، قەرار بداتن، یان وەریبگرێ، یان وەرینەگرێ، بۆیە زۆر تەبیعیە كە صیاغەیەكی وا بكرێت، ئەوە رەئی منە وەكو یەك لە ئەندام پەرلەمان، بەڵام ئەمینیتەوە پەرلەمان قەراری لەسەر بدات، نیزامیە؟، فەرموو.**

**بەڕێز رێباز فتاح محمود:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**لەسەر ئەوەی كە قەرز وەرگیراوە، یان وەرنەگیراوە، قسەكە لەسەر ئەوەنا كە حكومەتی ئیتیحادیە یان نا؟ بەڵام من ئاگادارم لەسەر ئەوەی كە ئێستا تەواریەكان، تەواری، موستەشفا كە ئیشی لەسەر دەكرێ، ئەوەی من زانیبێتم، لەسەر قەرزی بانكی نێودەوڵەتیە، ئەوە نموونەیەك كە من ئاگادارم كە وەرگیراوە.**

**بەڕێز شێخ بایز تاڵەبانی/وەزیری دارایی و ئابووری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**ئێمە هیچ قەرزێكمان وەرنەگرتووە و، تەئكید دەكەمەوە و، مەوزوعێكی ئەوەی كە كاك نەریمان باسی كرد، ئەڵێ: ئەمە باسی وەزارات و دەوائیر دەكات، وەزارات یەعنی حكومەت بەقوربان، ئەوەئەڵێ لە حكومەتدا جیایە، وەزارات یەعنی حكومەت، سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

**ئەوە ئەڵێ، قەرزمان وەرنەگرتووە، و نیشە و، ئینجا ئەگەر موستەمسەكت هەیە، بێنە، پێمان خۆشە.**

**بەڕێز شێخ بایز تاڵەبانی/وەزیری دارایی و ئابووری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**ئەگەر هاتوون و بە قەرز خەستەخانەیەك ئەكرێ، ئێمە لێرە قەسدمان مەبالیغی نەقدیە كە بۆ حكومەت بێ، ئێمە هیچ مەبلەغێكی نەقدیمان وەرنەگرتووە، كە بێت بۆ حكومەت و رەئیسی وزرا لیستی پێ بكات، ئەوە بۆ مەشاریعە، مەشاریعی پێ ئەكەن.**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

**دەست خۆش، لێژنەی یاسایی، ئاخیر صیاغەتان.**

**بەڕێز عونی كمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**صیاغەی ماددەكە بەم شێوەیە بوو:**

**على مجلس الوزراء استحصال موافقة البرلمان، قبل اقتراض اية مبالغ، مع بيان المشاريع التي تخصص لها.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان، ئەو پێشنیارە ئەدەینە دەنگدان، کێ لەگەڵدایە تکایە دەستی بەرز بکاتەوە؟، زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نیە؟، یەك کەس لەگەڵدا نیە، بە زۆرینەی دەنگ پەسند کرا، ئێستا بۆ ماددەی دواتر تکایە.

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی 22 کە دەبێتە ماددەی 23:

هەموو وەزارەتەکان و ئەو فەرمانگانەی کە بە وەزارەتەوە نەلکاون، پابەند دەبن بە دابەش کردنی خەرجی وەگەڕخستن و وەبەرهێنان، بەسەر پارێزگاکانی هەرێم، بە ڕچاو کردنی ڕێژەی دانیشتوانی هەر پارێزگایەك و ئەو ناوچانەی زیانی زیاتریان بەرکەوتووە، دوای دەرکردنی خەرجی ناو وەزارەت.

**بەڕێز خورشید احمد سلیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادە 23 :

تتولى جميع الوزارات و الدوائر غير المرتبطة بوزارة، بتوزيع النفقات التشغيلية و الاستثمارية، على محافظات الاقليم، بمراعاة الكثافة السكانية لكل محافظة و المناطق الاكثر تضررا، بعد استبعاد مصاريف مركز الوزارة.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لێژنەی دارایی ڕەئیتان؟

**بەڕێز د.ئاراس حسین محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لێژنەی دارایی پەسندی ماددەکە ئەکات وەکو خۆی کە هاتووە وبمینێتەوە و، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لێژنەی یاسایی ڕەئیتان.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمەش لەگەڵ دەقی ماددەکەین کە وەکو خۆی بمینێتەوە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر؟

**بەڕێز شێخ بایز تاڵەبانی/وەزیری دارایی و ئابووری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمەش لەگەڵ دەقی ماددەکەین کە وەکو خۆی بمینێتەوە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان، ئەندامانی پەرلەمان، لەسەر ماددەی 23 کە لە ئەصڵی پرۆژەکە ماددەی 22، دوو کەس قسەی هەیە، کاک شێرزاد و کاک فازڵ، فەرموون.

**بەڕێز شێرزاد عبد الحافظ شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من ئەوە دووبارە دەکەمەوە کە هین، ئەوە دانیشتووان، بۆ چڕی دانیشتووان تەوزیع دەکرێ ئەو مەبلەغە، زۆر زەرووریە کە باسی ئەوە بکرێتەوە، گەرمیان و چەمچەماڵ و کەلار و کفری، ئەو وەزعە سیاسیەیە کە پێشتریش باسم کرد، ئەوە بخرێتە ناوەوە، چونکە ئەوە مەسەلەی زەرەر بوون نیە، هەندێکیان زەرەمەندن و هەندێکیان ڕەنگە زەرەرمەند نەبن، بەڵام لەو بەینە زەرەمەند دەبن، لەو دانیشتوانەی کە کۆپی خۆراکەکانیان هەموو لە کەرکووکە و، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، بەڕێز کاک فازل فەرموو.

**بەڕێز فاضل محمد قادر(بەشارەتی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەم ماددەیە هەر چەند بە یەك دێر هاتووە، باسی یەکخستنی تێکڕای ئەو هینە ئەکاتن بودجەی دامەزراوەی یەك نەخراوەی لە ماوەیەکدا،

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بازتدا، بڕۆوە سەر ماددەی 22، زۆر سوپاس، قسەی نیە، بەڕێز لێژنەی دارایی ڕەئیتان.

**بەڕێز د.ئاراس حسین محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە تێبینی خۆمان دا، ماددەکە وەکو خۆی پەسندە بمینێتەوە.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە ڕەئی خۆمان دا لەسەر ماددەکە، ئێستا داوا دەکەین بخرێتە دەنگدانەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر؟

**بەڕێز شێخ بایز تاڵەبانی/وەزیری دارایی و ئابووری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمەش لەگەڵ ماددەکەین وەکو خۆی بمینێتەوە.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

یـەك موداخەلـە هـەبوو، موداخەلەكەشـیان وەرنـەگرت، خـەلاص، ئێسـتا ئەصـڵی ماددەكـە بخوێننـەوە و ئەیخەینە دەنگدان.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

المادە 23 : تتولى جميع الوزارات و الدوائر غير المرتبطة بـوزارة، بتوزيـع النفقـات التشـغيلية و الاسـتثمارية، على محافظات الاقليم، بمراعاة الكثافة السكانية لكل محافظة و المناطق الاكثر تضررا، بعد استبعاد مصاريف مركز الوزارة.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كێ لەگەڵە تكایە دەسـتی بـەرز بكاتـەوە؟ زۆر سـوپاس، كـێ لەگەڵدا نیـە؟، بـە كـۆی دەنـگ پەسـند كـرا، بـۆ ماددەی 23 لە ئەصڵی پرۆژەكە كە دەبێتە ماددەی 24.

**بەڕێز د.رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی 24: یەكخستنی بودجەی هەموو ئـەو دامەزراوانـەی یـەكیان نەگرتووتـەوە، لـە ماوەیەكدا كـە لـە 6 مـانگ تێپەر نەكات.

**بەڕێز عمر عبد الرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

المادة 24: توحيد موازنة جميع المؤسسات التي لم تتوحد، خلال مدة لا تتجاوز 6 اشهر.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر؟

**بەڕێز شێخ بایز تاڵەبانی/وەزیری دارایی و ئابووری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە لەگەڵ ئەوەداین كە ماددەكە وەكوخۆی بمینێتەوە.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێزان كـێ ئەیـەوێ لەسـەر ئـەم ماددەیـە قسـە بكـات؟، بـەڵێ، ئـەم بەڕێزانـە ئەیانـەوێ موداخەلـە بكـەن، كاروان، سیوەیل، بەیان، د.احمد، بیلال، كاردۆ، بیریڤان، شێرزاد، فازڵ، عظیمـة، نـەریمان، تـەواو، كەسـی تـر هەیە؟، نیە، فەرموو كاك كاروان.

**بەڕێز كاروان صالح احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پێم باشە ئەوەی بە بیری بەڕێزتان بێنمەوە، ئەوە لە خولی دووی پەرلەمانیش ئەو خاڵە تەئكیدی لەسەر كراوە، هەروەها ئیلتیزاماتی بۆ حكومەت دروست كردووە، حكومەت جێبەجێی نەكردووە، هەروەها لە ساڵی پار لە بودجەی 2010، حەز دەكەم جەنابی وەزیری دارایی كە نوێنەری حكومەتە لێرە، كۆمەڵێك لەو بڕگە یاسایانەی كە لە بودجەی 2010دا حكومەت ئیلتیزاماتی خۆی بەرامبەر بە بڕیارەكانی پەرلەمان جێبەجێ نەكردووە، بە تایبەتی ئەو خاڵە، من پێم وایە ئەو خاڵە پێویست بەوە دەكات، من بەش بە حاڵی خۆم داوا لە حكومەت بكەم دەست لە كار بكێشێتەوە.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

تۆ موازەنە ئەكەیت، ئەگەر ئەتەوێ حكومەت دەست لە كار بكێشێتەوە، ئەو وەزیرە ئیتیجواب بكرێ و پاشان دەنگ ناهێنیت و ئەچێتەوە و تەجدیدی سیقەی پێ ئەكرێتەوە و قبولە لەسەری، تكایە تەواو، بەڕێز سیوەیل خان فەرموو.

**بەڕێز سیوەیل عثمان احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بە نیسبەت ئەو ماددەیە، تەبعەن پاریش باسمان كرد، دوو ئاسایشەكە تەوحید نەكرایە، ئەو ساڵیش ئەگەر هەر یاسیەكە دەری بكەین، ئیستیفادەی نیە، دەڵێ: توحيد موازنة جميع المؤسسات التي لم تتوحد، خلال مدة لا تتجاوز 6 اشهر، ئەمنیش دەڵێم، و اذا تجاوزت المدة اعلاه؟، فما هي الاجراءات؟ سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێزان، ئەمە بۆ تەوحیدە، ئەوەی نەكراوە، پێشتر قانون هەبووە، ئەگەر جیهەتی پەیوەندیدارتان لە لێژنەكان داواتان نەكردووە، خەتای ئێوەیە، خەتای ئێمە نیە، ڕێزدار بەیان احمد فەرموو.

**بەڕێز بەیان احمد حسن كۆچەری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لە راستی ئەڤ بابەتێ هەنێ لە پرۆژا یاسایی 2009 دا هاتیە بۆ ئیكگرتنێ هەمی دام و دەزگا، كو حەتا هەنوكە نەهاتینە یەكگرتن، ئەز پرسیاری لە پەرلەمانێ بەڕێز دەكەم، ئایا بۆ چی هەتا هەنوكە بڕیارا پەرلەمانێ.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

تكایە بەرنامە، ئایا بۆ، ئەوە مەجالێكی ترە، تكاتان لێ دەكەم وەرنەوە سەر ماددەكە تا زوو.

**بەڕێز بەیان احمد كۆچەری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

هەر ئەڤەیە، ئەز دەبێژم زەمان چیە ئەڤ ساڵەش داوای یەكگرتن بكەین، كو یەكگرتن مەتڵەبێكی جەماوەریە، ئەز بنوسین لەڤێرێ.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

خوشکم، قانونێك هاتووە لێرە، رەئیت لەگەڵە یان لەگەڵ نیە، باشە یان خەراپە؟، ئەگەر خەراپە لای ئەدەین، ئەگەر باشە حەولی بۆ ئەدەین، بەڕێز د.احمد وەرتێ.

**بەڕێز د.احمد ابراهیم وەرتێ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پرسیارەکەی من ئەوەیە، ئەگەر لە ماوەی 6 مانگ بودجەی ئەو دامەزراوانەی یەك نەخران، ئیجرائات چیە؟

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەوجا ئەتوانی لە لێژنەکەی خۆت بە دواداچوونی بۆ بکەی بە رێگای ئوصوڵی لە پەرلەمان ئیشی لەسەر بکەن، بەڕێز بیلال سلێمان فەرموو.

**بەڕێز احمد سلێمان عبدالله(بلال):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێشنیار دەکەم، تەنها کەلیمەی بودجەی لێ لاببردرێ، یەعنی وای لێ بکرێ: یەکخستنی تێکرای ئەو دامەزراوانەی رێك نەخراون، لە ماوەیکدا کە لە 6 مانگ تێپەر نەکات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێمە باسی بودجە ئەکەین.

**بەڕێز کاردۆ محمد پیرداود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێم وایە هەموومان لەگەڵ ئەو دەقەین، بە ئامانجی یەکخستنی بودجەکە بۆ ئەوەی دامەزراوەکان یەك بخرێن، تەبعەن ئەمە کار ئاسانی دەکات بۆ دمەزراوبوون بۆ کاری رەقابی، جگە لەوەش، بەلای منەوە گرنگە ئێمە لە پەرلەمان، بۆ هێزی پەرلەمان، یان با بڵێین بۆ بەهای یاساکان و بریارەکانمان، یاسایەك و برِیارێك دەرنەکەین کە دەزانین جێبەجێ ناکرێ، یەعنی چەندین ساڵ ئێمە تەئکید دەکەینەوە، جێبەجێ ناکرێ، میکانیزمێك دانێین، ئەگەر جێبەجێ نەکرا، ئەمە ئەرکی پەرلەمانە، ئێمە پێمان وایە دەکرێت، دەکرێ بودجە یەکبخرێ، قانون هەیە بۆ ئەوە، ئەگەر نەکرا میکانیزمی ئەوە دانێین، لەشەش مانگا نەکرا، ئێمە تەجمیدی بودجەکەیان ئەکەین، پێم وایە ئەمە هاندانێکە، بۆ ئەوەی بکرێ،

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:-**

تفاءلوا بالخیر تجدوە، بەرێز بیریڤان.

**بەڕێز بێریڤان اسماعیل سەرهەنگ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەرێز سەرۆکی پەرلەمان، زۆر سوپاس  قسەکانم کرا.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس بەڕێز شێرزاد حافز.

**بەڕێز شێرزاد عبدالحافظ شریف:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من پێم باشە ئاوهای لێبكەین، یەكخستنی بودجەی تێكڕای ئەو دامەزراوانەی یەك نەخراون لە ماوەیەك دا كە لە شەش مانگ تەئخیر نەكات، بە غەیری مووچە بودجەیان لێ ببڕێت، بەڵام با ئەوەش وەكو ئەوەی پار نەبێ، پەرلەمان با خۆمان ئەوە بكەین، نەهێڵین ئەوشتە بكەن، دووەمیان، بەراستی لیژنەی مالیەو لیژنەی یاسایی غەدریان لە چەمچەماڵ و كەلارو كفری كرد، زۆر سوپاس

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس بەڕێز فازڵ بەشارەتی.

**بەڕێز فاضل محمد قادر (بەشارەتی):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

داوای لێبوردن لەهەڵەی پێشووم ئەكەم، لەم ماددەیە یەكخستنی بودجەی تێكڕای ئەو دامەزراوانەی كە یەك نەخراون كە ئەڵێ لە شەش مانگ تێپەڕ نەكات، بەڵام لە كام (6) مانگەوە دەست پێئەكات؟، من پێشنیار ئەكەم لە كۆتایی ساڵ تێپەر نەكات، (6) مانگەكەی دووەم، هەر لەو ماددەیەدا باس لەیەكخستنی بودجەیان دەكات من ئومێدەوارم دامەزراوەكانیش یەكبخرێن لەگەڵ بودجەكەیانا، چونكە بەراستی ئەمە گرفتێكی گەورەی دروست كردووە، هەتا بۆ هاووڵاتیانیش هەم یەكخستنی بودجەكە هەم یەكخستنی دامەزراوەكان، چونكە ئەمە گرفتێكە و چارەسەری ئەم گرفتە بكرێ، وە پێشنیارەكەم دووبارە دەكەمەوە، لە كۆتایی ساڵ تێپەڕ نەكات ئەم شەش مانگە، چونكە دیاری نەكراوە كام شەش مانگ؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

خۆی ئێستا شەش مانگمان بە جێهێشتووە، شەش مانگ ماوە لەگەڵ شەش مانگیش میزانییەكە تەواو ئەبێ، ئەگەر ڕادعێ دابنرێ، ئەگەر عومریش باقی بێ، ئەم بەڕێزانە بمێنن لە ساڵی داهاتوو ئەگەر ئەوە نەبوو، ئەوجا حیسابێكی تریان لەگەڵ بكرێ، یەعنی ڕادعێ هەبێ، دروستە، عقیمە خان فەرموو.

**بەڕێز عظیمة نجم الدین حسن:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دیارە بۆخۆی ئەم ماددەیە ئەمە دەرئەخات كە یەك نەگرتنەوەی دامەزراوەكان لە هەرێمی كوردستاندا هەیە، بۆ خۆی ئەمە مایەی نیگەرانییە لە راستیدا كە ماوەكەشی دیاری كراوە، لەماوەیەكدا كە لەشەش مانگ تێپەڕ نەكات، ئەمە ساڵی پاریش ماوەی بۆ دانراو لە ساڵێش تێپەری كرد، ئێستا شەش مانگ دابنرێتەوە، بەراستی ئەم یەكخنەستنەوەیە هیچ ئیجرائاتێك نەبێت هەر وەكو خۆی ئەمێنێتەوەو، سوودی نییەو، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس كاك نەریمان فەرموو.

**بەڕێز نەریمان عبدالله قادر:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە پارساڵ هەمان بەندمان هەبوو لە پڕۆژەی بودجەو، جێبەجێ نەكراو، ئێمە لە كاتی دانیشتنمان لەگەڵ ئەولایەنانەی كە یەكیان نەگرتۆتەوە بەتایبەتی ئاسایش، لەسەر داوای خۆیان، پارساڵ داوای سێ مانگیان لە ئێمە كرد، وتیان ئەوە كافییە هیچمان پێویست نییە لەوە زیاتر، ئێمە پارساڵ ئەم سێ مانگەماندا پێیان و، ئێستا ساڵێك بەسەر ئەم سێ مانگە تێدەپەڕێ و یەكیان نەگرتۆتەوە، بۆیە ئەمساڵیش بەهەمان شێوە نەك سێ مانگمان دانـاوە، بەڵكو كردوومانە بە شەش مانگیش، بە سێ مانگ یەكیان نەگرتەوە، بۆ ساڵێك، بە شەش مانگەكە، بۆ كەی یەكتر دەگرنەوە؟ بۆیە ئەمە پێویست ئەكات بەراستی ڕادعێك دابنرێ، بۆیە پێویست دەكات سزایەك دابنرێ، بۆیە من لەگەڵ ئەو بۆچوونەی بەڕێز كاك كاردۆ و كاك شێرزادام، بەڵام بودجەكەیان لێ ببڕێ، تەنها مووچە نەبێت، بۆ ئەوەی (3) مانگیش دابنرێ، نەك شەش مانگ، ئێمە پارساڵ ئەوان خۆیان داوای سێ مانگییان كرد، ئێستا ئێمە خێرە هەم دوای 6 مانگ، ساڵێكی تریشیان بۆ دادانێینەوە؟، وە ئەو بودجەیە، من پێشنیار دەكەم كە بكرێتە ڕادعێك بۆ ئەوەی ببڕێ، تەنها مووچە نەبێ، پاشان ئەمە یەكنەگرتنەوەكەیان كاریگەریەكی زۆری كردۆتە سەر بودجە، بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان، بۆ نموونە دەزگای مین لە هەرێمی كوردستاندا كۆمەڵێك پرۆژەیان ناردۆتە ئەم پەرلەمانە كە لە سێكتەرەكاندا هاتووە، بەڕاستی زۆر نامەتیقیەو، هیچ روونییەكی پێوە دیار نییە، بۆ نموونە لە بڕگەی یەك تا بڕگەی نۆزدە كە (16) پڕۆژەیە، 16ملیارو 378 ملیۆنی بۆ دانراوە، بەبێ هیچ روونییەك من چەند نموونەیەك باس ئەكەم كە دەزگای مین لەبەرئەوەی كە یەكیان نەگرتۆتەوە، نووسراوە بڕگەی 11 گەرمیان/ سلێمانی 62 كە كۆمپانیای (بێستون نێت)، جێبەجێ ی ئەكات، ئەمە چی یە ؟ یەعنی گەرمیان، سلێمانی چی یە؟ پاشان بڕگەی 12 نووسراوە پێنجوین 63 ، 13 نووسراوە شارباژێر قورەتوو 64 ، 14 نووسراوە، گەرمیان پێنجوین 65، یەعنی ئەمە نزیكەی 20 پڕۆژیە بە بێ ئەوەی كە دیار بێت بكەوێتە ژێر چاودێری پەرلەمانەوەو، روونیشی بكەنەوە بۆمان، بۆیە زۆر زەرورە، ئێمە زۆرترین زەخت بكەین بۆ یەكگرتنەوەی ئەو دەزگایانە كە یەكیان نەگرتۆتەوە وە لە سێ مانگ تێنەپەڕێ.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس ئێستا موداخەلەكان تەواو بوو، جەنابی وەزیر هیچ لەوبارەیەوە.

**بەڕێز شێخ بایز تاڵەبانی/وەزیری دارایی و ئابووری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

وەڵاهی ئێمەش وەکو حکومەت لەگەڵ ئەوەداین کە ئاوا ئەو دەزگاو بەڕێوەبەرایەتی و وەزارەت و مدیریاتی عامانە یەکبگرنەوە، وە فعلەن ئەمانە هەندێکیان تێدا هەیە ئێستا یەکی نەگرتۆتەوە، وە ئەوەشییان کە بەفعلی یەکیان نەگرتۆتەوە، با بەفعلی یەك بگرنەوە، ئەو وەزارەتانەی کە بە فعلی یەکیان نەگرتۆتەوە پێمان باشە، جەنابتان تەئکید لەسەر ئەوە بکرێ، من خۆم هەروەکو شخصیش هەر ئەو تکایەم هەیە، ئەو رجایەشم هەیە، کە ئەوە هەقە هەوڵ بدرێ کەوا یەکبگرنەوە بەراستی سوپاستان دەکەم، وە من تەئکیدیش دەکەم پارەکە لە موازەنەیا (6) مانگیان پێدراو، پێرارەکەش لە موازەنەیا (6) مانگیان پێدرا، وە ئەمساڵیش ئێستا شەش مانگی تری هاتۆتە پێش

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ئێستا لیژنەی یاسایی ئاخر سیاغەتان بخوێنەوە.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سیاغەی ماددەی 24 بەم شێوەیە دەبێ.

توحد موازنة جميع المؤسسات التي لم تتوحد خلال مدة اقصاها 2011/12/31.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس فەرمو کاك رەفیق.

**بەڕێز د.رەفیق صابر قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

چەند برادەرێك پێشنیاری ئەوەی کرد کە ڕادعێك دابنرێ پەرلەمان، ئەگەر یەکیان نەگرتەوە بخرێتە دەنگ دانەوە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس کاك کاروان نوقتەت هەبوو، فەرموو کاك نەریمان.

**بەڕێز نەریمان عبدالله قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەر راست کردنەوەیەك بوو، بۆ بەڕێز جەنابی وەزیری دارایی کە وتی پار شەش مانگمان دانا، نەخێر ئێمە لە مانگی سێ دەرمانچوواندا لە 6/1 کۆتایی هات، سێ مانگمان دانا، بۆیە لە مانگی سێ دەرچوو، بەڵام تا 6/1 بوو، لەبەر ئەوە ئێمە لیژنەکە تایبەتدمەند بووین، زۆر داکۆکیمان لەسەر ئەو(3) مانگە بوو،

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێستا دوو بەڕێز ئەمانەوێ قسە بکات لەگەڵ ئەوەی ڕێگایەك دابنرێ ئەگەر نەکرا چی؟ دووکەسیش ئەوەی کە ئەیەوێتن وەکو ئەو پێشنیارەی بەڕێز لیژنەی دارایی کردیان، کێ لەگەڵ ئەوەیە ڕادع

هەبێت؟.... زۆر سوپاس. كێ لەگەڵدا نییە؟ ...... زۆر سوپاس بەكۆی دەنگ ئەبێ ڕادع هەبێت. لیژنەی یاسایی سیاغەیەكی بكەن بۆ ئەوەی ڕادع هەبێت،

**بەڕێز عونی كمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سیاغەی ماددەی(24) پاش ئەوەی كە بڕیار درا ڕادع دابنرێ بەوشێوەیە دەبی،

المادة الرابعة والعشرون:-

توحيد موازنة جميع المؤسسات التي لم تتوحد خلال مدة اقصاها 2011/12/31 ، و في حالة عدم الالتزام بالموعد المحدد توقف صرف موازنة تلك المؤسسات بأستثناء الرواتب.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

توحد نا توحد ئەگەر ئەوە بكرێ؟

**بەڕێز عەونی كمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

توحيد موازنة جميع المؤسسات التي لم تتوحد خلال مدة اقصاها 2011/12/31 ، و في حالة عدم الالتزام بالموعد المحدد توقف صرف موازنة تلك المؤسسات بأستثناء الرواتب.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

لە 12/31 میزانییەكە خەلاس دەبێت.

**بەڕێز عونی كمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

المادة الرابعة والعشرون:

توحد موازنة جميع المؤسسات التي لم تتوحد خلال مدة خمسة اشهر وفي حالة عدم الالتزام بالموعد المحدد توقف صرف موازنة تلك المؤسسات باستثناء الرواتب.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

ئێستا شەش مانگە سەلامەت بی، خمسە اشهر بخە سەر ئەم شەش مانگە با یانزە مانگ بێت، ئەقەلەن مانگێك ڕاتبەكەیان تووشی ئەوە ببێ هەتاكو بۆ میزانییەی ساڵی داهاتوو بتوانین حیسابێكیان بۆ بكەین، یەعنی ئەقەلەن بیكە مانگی یانزە،

**بەڕێز عونی كمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەم سیاغە نوێیە دەیخوێنمەوە.

المادة الرابعة والعشرون:

توحد موازنة جميع المؤسسات التي لم تتوحد لغاية شهر تشرين الثاني للسنة المالية 2011، و في حالة عدم الالتزام بالموعد المحدد توقف صرف موازنة تلك المؤسسات باستثناء الرواتب.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان کێ لەگەڵە تکایە دەست بەرز بکاتەوە؟. زۆر سوپاس کێ لەگەڵدا نییە؟ ..... بەزۆرینەی دەنگ پەسند کرا تەنها پێنج کەس لەگەڵ نییە. بۆ ماددەیەکی تر فەرموو.

**بەڕێز رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی بیست و چوارەم کە لە ئەسڵی پڕۆژەکە کە دەبێتە ماددەی بیست وپێنجەم.

1 - هەموو ئەو کەل پەل وکاڵایانەی لەلایەن فەرمانگەکانی هەرێم و کەرتی تایبەتەوە بە ناوی خۆیان و بۆ بەکارهێنانی خۆیان هاوردە دەکرێن رەسمیان لێ وەرناگیرێت.

2 - ئەو رەسم وەرنەگرتنەی سەرەوە ئەو کەل پەل وکاڵایانەش دەگرێتەوە کە بۆ فەرمانگەکانی هەرێم و کەرتی تایبەت لە حکومەت یان دامەزراوەی بەخشەرەوە هاوردە کراون.

**بەڕێز خورشید احمد سلیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادە الخامسە والعشرون:

1ـ تعفي من الرسوم كافة البضائع و السلع المستوردة من قبل دوائر الاقليم و القطاع العام باسمها و استخدامها.

2ـ يشمل الاعفاء اعلاه البضائع و السلع المستوردة لدوائر الاقليم و القطاع العام من الحكومات أو المؤسسات المانحه

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی دارایی فەرموون.

**بەڕێز د.ئاراس حسين محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لیژنەی دارایی دەقاوق دەق لەگەڵ ماددە یاسایەکەیە وەکو خۆی بمێنێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی فەرموون.

**بەڕێز عەونی کمال بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لیژنەی یاسایش بە هەمان شێوە لەگەڵ ماددەکەیە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

جەنای وەزیر فەرموو .

**بەڕێز شێخ بایز تاڵەبانی/ وەزیری دارایی:-**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمەش لەگەڵ دەقی ماددەکەین وەکو خۆی بمێنێتەوە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان کێ ئەیەوێ لەسەر ئەم ماددەیە قسە بکات؟، بفەرموون.

ئەم بەڕێزانە ئەیانەوێ موداخلە بکەن، د صباح بەرزنجی، سمیر سەلیم، عبدالسلام بەرواری، شلێر محمد، ناسك توفیق، بەیان ئەحمەد.

**بەڕێز صباح بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بۆ ئەم ماددەیە لە هەردوو بڕگەکەیا من پێشنیازی ئەوە ئەکەم کە وێڕای فەرمانگەکانی هەرێم و، کەرتی گشتی ئەو زانکۆ ئەهلیانەی کە غەیرە ربحین ئەوانیش ئیعفا بکرێن لەرسووم لەبەر پەرەپێدانی زانست و خوێندنی باڵا لە هەرێمی کوردستاندا، یەعنی وای لێبێت ئەو زانکۆ ئەهلییانەی کە غەیرە ربحین کە دیارە دوایی دەردەکەوێ و مەعایر دادەنرێ بۆ زانکۆی ئەهلی غەیرە ربحی بە پێی تەنانەت ئەو پرۆژەیەش کە لە پڕۆژە یاسای خوێندنی باڵا بەدەستەوەیە، کە انشاالله بێتە پەرلەمان. زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو، کاك سەمیر سەلیم

**بەڕێز سەمیر سەلیم امین بەگ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پشتگیری رەئیەکەی کاك د. صباح ئەکەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زانکۆی ئەهلیش کەرتی تایبەتە، کاك عبدالسلام فەرموو.

**بەڕێز عبدالسلام مصطفى صدیق:**

**بەڕێزسەرۆکی پەرلەمان.**

تەصور ئەکەم لە یەکەم هەموو ئاماژەکانی ئەو ماددەی تێدایە، یەك کە ئەڵێ هەموو ئەو کەل و پەلی هاوورده دەکرێن، هەمووی دەگرێتەوە، ئەوانەی هاوردە دەکرێن، دوو: گشتگیرە، چونکە باسی فەرمانگەو کەرتی تایبەت دەکات، کەواتە داعی نییە هیچ تەفصیلێك بدەین، جامعە بێت یان هەر شتێك بێت یان کەرتی تایبەتە یان فەرمانگایە، سێیەم: ئەگەر بەوردی دووەمەکە بخوێنین، من تەصور ئەکەم دووەمەکە،

لەیەکەم هاتووە، چونکە مادام ئەڵێت هەموو ئەو کەل و پەل و کاڵایانەی فەرمانگەکانی لە ئاخیر هاوردە دەکرێن، داعی نییە تۆ بێی شتێك تەخصیص بکەی، کە ئەوانەی لە حکومەتەوە یان لە جێگەی بەخشینەوە هاتوون، لەویٚ ئەیلێی هەمووی، بۆیە من تەصوردەکەم دووەمەکە زیادە، چونکە موتەزەمنە لە یەکەم. سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، فەرموو شلێر خان.

**بەڕێز شلێر محمد نجیب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەراستی خۆی ئەم بڕگانە هەردووکی لە موازنەی ئیتحادی دا هاتووە، بەس هەر داوای روونکردنەوەیەك بکرێت ئەمە چونکە زۆر ماددەکی حەساسە بۆئەوەی بەراستی خەڵکێك هەیە موتەنەفزن لە کەرتی تایبەت نەتوانن ئیستفادەی لێبکەن، ڕێنماییەکان زۆر دەقیق بێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، فەرموو ناسك خان.

**بەڕێز ناسك توفیق عبدالکریم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش هەر پشتگیری قسەکانی کاك د. صباح دەکەم، کە ئەڵێین کەرتی تایبەت شمول ئەکات، ئاخر ئێمە وا هەست دەکەین لە هەندێ شوێنا وانییە، بۆیە ئەڵێین با تەخفیز بکرێ، ئەو زانکۆ ئەهلیانەی کە غەیر، ربحین، چونکە زانکۆی ئەهلی هەیە ربحی یە، ئەوانەی کە غەیرە ربحین با مەشمول بن بەم ماددەیەو، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت فەرموو بەیان خان.

**بەڕێز بەیان احمد حسن کۆچەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەزیش پیشگیری بۆچوونی کاك د. صباح دەکەم لە دوویێ ئیزافەیەکی یەعنی لە ئاخیرەکەی ئەز بێژم بعد اخضاعها لمراقبة دائرة السیطرة النوعیة و التأکد من توفر الشروط الصحیة، یەعنی ئەوەشی تێدا بێ شتێکی باشە،

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، فەرموو سۆزان خان.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەڵبەتە لە خوێندوەکەشا، بەدەق کوردییەکە هاتووە، کەرتی تایبەت، بەڵام لەدەقە عەرەبیەکەیا (القطاع العام) یەعنی کەرتی گشتی، بۆیە زۆر لەبرادەرانیش باسیان لەوە کرد، کە بۆ کەرتی تایبەتە، نەخێر بۆ کەرتی گشتی یە، تەنها ئەو کاڵایەنەش دەگرێتەوە، کە حکومەت بۆ فەرمانگەکانی خۆی دەهێنێ، مەعقول نییە حکومەت بۆ فەرمانگەکەی خۆی موادێکی بۆ نموونە موختەبەری بێنێ، گومرگ لە خۆی، بستێنێ و، بیشیهێنێتەوە ناو خەزێنەی خۆی لەبەرئەوە ئەم ماددەیە دانراوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، فەرموو کاك عومەر هەورامی.

**بەڕێز عومەر صدیق محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش هەمان تێبینم هەبوو، چونکە جیاوازی هەیە لە نێوان دەقە کوردیەکەو دەقە عەرەبیەکەیا، ئەگەر بەڕێزان لە لیژنەی یاسایی تێبینی ئەوەیان کردبێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، فەرموو کاك ئاسۆ

**بەڕێز بکر کەریم(ئاسۆ):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەمان پێشنیارم هەبوو، زۆر سوپاس .

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سێ نیزامی هەبوو، یەك شت بوو، دەستان خۆش، فەرموو جەنابی وەزیر.

**بەڕێز شێخ بایز تاڵەبانی/ وەزیری دارایی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە

1ـ تعفي من الرسوم كافة البضائع و السلع المستوردة من قبل دوائر الاقليم والقطاع العام بأسمها و لأستخدامها. ئەمە بۆ دەوائری دەوڵەتە کە بۆخۆیان ئەیان هێنن وە بەناوی خۆشییانە دائرەکە.

2ـ يشمل الاعفاء اعلاه البضائع والسلع المستوردة بالدوائر الاقليم و القطاع العام من الحكومات أو المؤسسات المانحه، زۆر جار حکومات و موئەسەساتی مانحە شتمان ئەدەنێ و وەداخلی ئەکەن لە مەنفەزەکانی ئێمەوە، ئەبێ ئەوانەش ئیعفا بکەین. سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی فەرموون.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەنسبەت ئەو مناقەشانەی کەجەنابی کاك د صباح و دوو سێ برادەری کە تەئیدیان کرد تایبەت بە جامعە ئەهلییەکان کەئەوانیش مەشمول بن بە ئیعفا کردن لەو رسوومانە، ئەصلەن ئەو جامیعە ئەهلیانە لە قانوونی ئیستسمارا کاتی خۆی باسی لەسەر کراوە، نەك لەرسووم لە گومرگیش ئیعفا کراوون، لەو شتانەی کەئەیهێنن مودەشیان بۆ دیاری کراوە، هەتا بۆ تازەکردنەوەی جارێکی تر، شتەکانیشیان پاش چەند ساڵێك هەم جارێکی تریش ئیعفا کراوون، لە رسوم و گومرگ، ئەمە لەلایەك لەلایەکی تر، ئەو جامیعانە زیاتر قصدی ربحیشی تێدایە، ئەگەر بێتە سەر ئەو حسابە بەنسبەت ئەو برگەی دووەمە کە زیادە، کاك عبدالسلام باسی کرد، جەنابی وەزیر تەئکیدی لەسەر کردەوە ئەو فەرقە هەیە، ئەوە دەوائری دەوڵەی خۆمانە، هی ئەو حکومەت و موئەسەسانەیە کە پێمان ئەبەخشن، بۆیە ئیعفا کراون، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، لیژنەی دارایی فەرموون.

**بەڕێز د.ئاراس حسین محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە پێشنیار دەکەین، ماددەکە دوای ئەو گفتوگۆیە، بخرێتە دەنگ دانەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئاخر سیاغە لیژنەی یاسایی بیخوێنەوە.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

المادة الخامسة والعشرون:-

1ـ تعفى من الرسوم كافة البضائع و السلع المستوردة من قبل دوائر الاقليم و القطاع العام بأسمها و لأستخدامها.

2ـ يشمل الاعفاء اعلاه البضائع والسلع المستوردة لدوائر الاقليم و القطاع العام و الحكومات أو المؤسسات المانحه.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان کێ لەگەڵە تکایە دەست بەرز کاتەوە؟، ... کێ لەگەڵدا نییە؟، .... زۆر سوپاس، بە کۆی دەنگ پەسند کرا، بۆ ماددەی 25، لە ئەسڵی پڕۆژەکەدا. فەرموون بەردەوام بن، لەسەر ئەو ماددەیە.

**بەڕێز د. رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی 25، لە ئەسڵی پرۆژەکە، کە دەبێتە ماددەی بیست و شەشەم،

1ـ دیاریکردنی مووچەو دەرماڵەو مووچەی خانەنشینی لە هەرێم دا بۆ ئەو پۆستانەی لێرە بەدواوە خراونەتە روو بەپێی پرۆژە یاسای مووچەی گەورە بە پرسانی دەوڵەت کە لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانی فیدراڵەوە پەسند کراوە، دانەیەکیشی هاوپێچ کراوە، سەرۆکی هەرێم و جێگرەکەی، سەرۆکی پەرلەمان و

جێگرەکـەی، سـەرۆکی ئەنجومـەنی وەزیـران و جێگرەکـەی، سـەرۆکی ئەنجومـەنی دادوەری و جێگرانـی، ئەندامانی پەرلەمان، وەزیران و ئەوانەی لە پلەی ئەواندان و، ئەوانەی مووچەی وەزیر وەردەگرن، بریکاری وەزارەتەکان و ئەوانەی لە پلەی ئەوادان، ئەوانەی مووچەی بریکاری وەزارەت وەردەگرن، راوێژکاران خاوەن پلەی تایبەت، دادوەران و ئەندامانی داواکاری گشتی، بەڕێوبەرانی گشتی و، ئەوانەی لە پلەی ئەوان دان،

2. دەرماڵەی نائاسایی تایبەت و هەر دەرماڵەیەکی دی، کە بە دەق لە پرۆژە یاسای ئاماژە پێکراو لەیەکەمدا باسی نەکراوە، لەپاش کار پێکردنی یاساکە ئیلغا دەکرێن.

3. ڕێژەی 10٪ لە مووچەی پلەی وەزیفی دەبڕدرێت، بە پێی ئەوەی لەیەکەمی لەسەرەوە داهاتووە، بێ لـە بەڕێوەبەری گشتی و ئەوەی لە پلەی ئەو دایەو، ئەوەی مووچە و دەرماڵەی ئەو وەردەگرێت،

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس لیژنەی دارایی فەرموون.

**بەڕێز خورشید احمد سلیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة السادسة و العشرون:-

1. تحديد الرواتب والمخصصات و الرواتب التقاعدية في الاقليم للوظائف المبينة أدنـاه يبقـى مشـروع قـانون رواتب كبار المسئووليين في الدولة المصادق عليـه مـن قبـل مجلس الـوزراء الاتحـادي والمرفـق نسـخة منـه طيـاً رئيس الاقليم ونائبه، رئيس البرلمان ونائبه، رئيس مجلس الوزراء و نائبه، رئـيس مجلـس القضـاء و نوابـه، و اعضاء البرلمان، و الوزراء ومـن بـدرجتهم ومـن يتقاضـا راتـب الـوزير ووكـلاء الـوزارات ومـن بـدرجتهم، ومـن يتقاضا راتب وكيل الوزارة، والمستشـارين وأصـحاب الـدرجات الخاصـة والقضـاة واعضـاء الادعـاء العـام والمـدراء العامين ومن بدرجتهم

2. تلغى المخصصات الاستثنائية والخاصة واية مخصصات أخرى مالم يرد بها نص في مشروع القـانون المشـارة اليه في اولاً اعلاه بعد نفاذه.

3. تستقطع نسبة 10٪ من الرواتب الدرجات الوظيفية وفق ماجاء في اولاً اعلاه ماعدا المدير العام ومن بدرجتهم ومن يتقاضى راتبه.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

تکایە، لیژنەی دارایی ڕەئیتان.

**بەڕێز د. ئاراس حسین محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دەربارەی دەقی ئەم مادده یاساییەو بڕگەکانی، پشت دەبەستێت بە پرۆژە یاسایەك کـە پێـی دەڵێـت (قـانون رواتب كبار المسؤولين في الدولة) لەلایەن حکومەتی ئیتحادییەوە پێشکەش دەکرێـت، کـە لەبەغـداد پەسـەند بکرێـت، ڕای لیژنەی دارایی کە کار بەم مادده یاساییە نەکرێت، تـا ئـەو کاتـەی ئـەم پـرۆژە یاسـایە لەلایـەن

پەرلەمانی بەغداداوە پەسەند دەکرێت، ئەویش بەمەبەستی تەوحید کردنی، لەگەڵ بەغداد، تا ئەوکاتەی پەسەند دەکرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، لیژنەی یاسایی تکایە، ڕەئیتان لەسەر ئەو ماددەیە.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە پشتگیری لەڕاو بۆچوونی لیژنەی دارایی دەکەین، لەهەمان کاتدا صیاغەیەکمان ئامادەکردووە، کە بەدیلی ئەو ماددەیەیە، بەم شێوەیە کە دەیخوێنمەوە، (توحید جميع رواتب ومخصصات اعضاء والموظفي والعاملين في مؤسسات سلطات الاقليم مع رواتب ومخصصات اقرانهم من اعضاء والموظفين والعاملين في مؤسسات سلطات الحكومة الاتحادية) سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر تکایە، ڕەئیت لەسەر ئەو ماددەیە، فەرموو.

**بەڕێز شێخ بایز تاڵەبانی (وەزیری دارایی و ئابووری):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە ئەوەی کە لەپێشدا خوێندرایەوە، کە لەدەقی ماددەکەدا هاتووە، تا ئێستا مەشروعەو لە پەرلەمانی عێراقی موصادەقەی لەسەر نەکراوە، ئەمەی کە ئێستا دەخوێندرێتەوە، ئەمە من بۆ پەرلەمانی بەجێ دەهێڵم، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، کێ دەیەوێت لەسەر ئەم ماددەیە قسە بکات، ناوتان دەنووسم، جەنابی کاك فرسەت، موداخەلەی هەیە، فەرموو.

**بەڕێز فرست احمد عبدالله/سکرتێری پەرلەمانی کوردستان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو ماددەیە خۆی دەبەستێتەوە، لەگەڵ پڕۆژە یاسایەك کە هێشتا ئیقرار نەبووە لە پەرلەمانی عێراقی، وابزانم لە مەسڵەحەتی ئێمەدا نیە، لە مەسڵەحەتی گشتیدا نیە، ئێمە کار بەنەسێك بکەین، ئیستیناد بکەین لەسەر پرۆژە یاسایەکی عێراقی کە هێشتا پەسەند نەکراوە، بەڕەئی من ئەو ماددەیە ئیلغا بکرێت، هەتا کاتێکی تری موناسب، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەوانەی تر کە دەیانەوێت قسە بکەن، ناوتان دەنووسم، ئەم بەڕێزانە دەیانەوێت موداخەلە بکەن، (عومەر هەورامی، فازڵ بەشارەتی، قادر حسن، گۆران ئازاد، عزیمە نجم الدین، عبدالرحمن حسین، ، سیوەیل عوسمان، شوان کریم، سەروەر عبدالرحمن، ، سمیرە عبدالله، کوێستان محمد، هاژە سلێمان، ئارام قادر، احمد

وەرتی، عمر عبدالعزیز، عبدالسلام بەرواری، نەریمان عبداللە، شڤان احمد، خلیل عوسمان، اسماعیل محمود)
کاك عومەر فەرموو.

**بەڕێز عمر صدیق محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تەبعەن بەداخەوە بەڕێزان لە حکومەت، ئەم پرۆژەیان ناردووە، بەبێ ئەوەی ئیقرار بکرێت لەلایەن پەرلەمانی عێراقەوە، بەپێی دەستوور هەرقانونێك لەعێراق کە ئیقرار کرا، ئەگەر حکومەتی هەرێم بیەوێت لەکوردستان تەنفیز بکرێت، دەینێرێتە پەرلەمانی کوردستان لە پەرلەمان ئیقرار دەکرێت، بەم شێوەیە دەبێت، ئەمە پرۆژەیە هێشتان لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانی حکومەتی فیدراڵ ڕەوانەی پەرلەمان نەکراوە، لەپەرلەمانی عێراقی بڕیاری لەسەر نەدراوە، بۆیە من لەگەڵ ئەوەدا نیم کە بڕگەی یەکەم و دووەم لە ماددەکە بمێنێت، بەهەمان شێوە لەگەڵ ئەو پێشنیارەی بەڕێزان لە لیژنەی یاسایی نیم، بۆ؟، لەبەر ئەوەی ئێمە لەپێش ئەوەی بزانین دەر ئەنجامی ئەو پرۆژە یاسایەی کە ڕەوانەی پەرلەمانی عێراقی کراوە، چۆن بڕیاری لێ دەدرێت، مووچەو دەرماڵەی ئەو کەسانەی کە بەرپرسن، لەسەرۆکی کۆمارەوە تا دەگاتە وەزیر و بەرپرسە باڵاکانی تر چەندە؟، چۆن دەبێت پەرلەمانی کوردستان بڕیار لەوە بدات کە ئێمە پابەندی ئەو بڕیارە دەبین، یان ئەو یاسایە دەبین، ئێمە دەبێت خصوصیەتی قانونی ئیداری و سیادەی هەرێمی کوردستان لەبەرچاو بگرین، ئێمە یاسایەکمان دەرکرد، ساڵێك لەمەو بەر بوو، بۆ مووچەو دەرماڵەی سەرۆکی هەرێمی کوردستان، هەر ئەم پەرلەمانەش دەتوانێت، یاسایەك دەربکات، بۆ مووچەو دەرماڵەی پەرلەمانتاران، وەزیرەکان، ئەوانەش کە لە پلەی تایبەتدان، ئەمە لەلایەك، لەلایەکی تریشەوە، لەڕووی ئابوورییەوە، ئایا ئەو وەزعە ئابوورییەی، یان ئەو ڕاتب ودەرماڵەیەی کە وەزیرێك یان پەرلەمانتارێك لە حکومەتی فیدراڵی وەری دەگرێت هەمان ئەو مووچەو دەرماڵەیەیە کە لێرە وەردەگیرێت، وە دەکرێت ئێمە یەکی بخەین، بێگومان نەخێر، لەبەر ئەوە من لەگەڵ بڕگەی یەکەم و دووەمی نیم، تەنها پشتگیری لە بڕگەی سێیەمی دەکەم، کە هاتووە، ڕێژەی لە 10٪ لە مووچەی پلەی وەزیفی ببڕدرێت، ئەمەش بەمەبەستی چی؟، تا ئەو کاتەی ئەنجامی ئەو پرۆژە یاسایەی کە ڕەوانەی پەرلەمانی عێراقی کراوە، حەتمەن تا کۆتایی ساڵ ئێمە دەزانین کە دەرئەنجامی ئەو پرۆژە یاسایە چی لێدێت، ئەو ئیختیارەمان لەبەردەستدایە، یان ئیختیارێکی تر پەرلەمانی کوردستان خۆی پرۆژەیەك ئامادە بکات، تایبەت بە مووچەو دەرماڵەی پلە باڵاکان، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێز فازڵ بەشارەتی، فەرموو.

**بەڕێز فاضل محمد قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من سەد دەر سەد تەئیدی پێشنیارو ڕاو بۆچوونی هەردوو لیژنەی یاسایی و دارایی دەکەم، لەسەر ئەو ماددەیە، چونکە تائێستا لەپەرلەمانی بەغداد تەصدیق نەکراوە، ئێمە لێرەدا بێین بیخەینە بواری جێبەجێکردنەوە، پێشتریش زۆر باسمان لەسەر ئەم باسە کرد، لێرەدا پێم وایە مەبەستەکە ئەوە نیە، مووچەی هەر یەك لەو پلە تایبەتانە کەم بکرێتەوە یان نا، پێم وایە، بەتێکڕای ئەندامانی پەرلەمان و هەموو پلە تایبەتەکانیش زۆر موتەفقین لەسەر ئەوەی، ئەگەر لەهەر کون و قوژبنێکی هەرێمی کوردستان زەرووریەتێك هەبێت، بۆ کەمئەندامان بۆ پێشمەرگەی کوردستان بۆ خانەوادەی شەهیدان، نەك لە $10$٪ لە $60$٪ی مووچەکانی ئێمە ببڕدرێت، زۆر بەفەخرەوە شانازی پێوە دەکەین کە ببڕدرێت، بەس منیش لەگەڵ ئەو ڕەئیەدام کە ئەو دوو بڕگەیە ڕابگیرێت، هەر لەهەمان ماددەدا بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان پێشنیار دەکەم، تەمەنی خانەنشین کردن، دیاری بکرێت، لەهەرێمی کوردستان، لەبەر ئەوەی ڕێژەیەکی زۆر بێکاری لەناو لاوان و گەنجاندا هەیە لەم هەرێمەدا، بۆیە پێویستە ئەو ڕێژەیەی لە $10$٪ بەرز بکرێتەوە بۆ لە $20$٪، چونکە ئەو کەسانەی کە خانەنشین دەکرێن، لەمووچە وەرگرتن سوودمەند نەبوون لەحکومەت، بەڵکو هەلی وەرگرتنی زەوی، هەلی وەرگرتنی سولفەی عەقار هەیە، هەلی وەرگرتنی سولفەی زەواجیش هەیە، بۆیە پێشنیار دەکەم تەمەنی خانەنشینی دیاری بکرێت، پێم وایە ئەمەش دەبێتە چارەسەرێکی زۆر باش بۆ کەمکردنەوەی ڕێژەی بێکاری لەهەرێمی کوردستاندا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز قادر حسن، فەرموو.

**بەڕێز قادر حسن قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من دەقاودەق پشتگیری لە پێشنیاری بەڕێز سکرتێری پەرلەمان دەکەم، تائەو کاتەی لەپەرلەمانی عێراق یەکلایی دەکرێتەوە، ئەم ماددەیە دوا بخرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێز گۆران ئازاد، فەرموو.

**بەڕێز گۆران ئازاد محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش پشتگیری ئەو ڕەئیە دەکەم، کە ئەو ماددەیە ئیلغا بکرێتەوە، بەس لەبەر چی؟، یەکەم: لەو ماددەیەدا پێشێلێکی وازحی فەصڵی سوڵتات هەیە، کەوا حکومەت هاتووە قسەی لەسەر مووچەی هەموو دەسەڵاتەکان کردووە، بەدادوەری، بەتەشریعی، بە تەنفیزی، دووەم: کاتێ قسە لەسەر مووچەی ئەندامی پەرلەمان دەکرێت، ئەندامی پەرلەمان بەراورد دەکرێت بە دوو فیئەی بەخۆی، یەکێکیان دادوەرەکانە، ئەوی تریان وەزیرەکانە، لە $3/28$ حکومەت هێشتا لە $10$٪ مان لێ نەبڕیوە کە چی لە $50$٪ی بۆ دادوەرو داواکاری گشتی لەهەرێم زیاد کرد، دووەم: مودیر عامەکان هەر لێرەدا لە پرۆژەکەدا هاتووە، کە لەناو

بڕینەکە دەرهێنراوە، لەبەر ئەوە من لەگەڵ ئەوەدا نیم، تا ئەو کاتەی کە یاساکە لە عێراق دەردەچێت، ئەمە ڕابگیرێت، ئیزافە کردنی ئەو ماددەیەی کە ئێمە خۆمان ببەستینەوە بەم یاسایەوە، ئەگەر زیاتر کرا، من لەگەڵ ئەو بۆچوونەشدا نیم، چونکە ئەوەی کە ئێستا ئێمە لەپەرلەمانی عێراقیدا دەیبنین و ئەم بڕینەش کە لەم ماددەیەدا لەیاسای بودجەی پەرلەمانی عێراقیدا وەرگیراوە، لێرە داخڵ کراوە، ئەم مەعلوماتەی کە هەمانە جا نازانم تا چەند دەقیقە، مووچەی پەرلەمانتاری هەرێمی کوردستان ناگاتە $4/1$ ی مووچەی پەرلەمانتاری بەغداد، بۆیە ئەم حاڵەتە لەویَ پێشنیار کراوە، ئەگەر ئەم یاسایەش تەعدیل بکرێت لەعێراق، ئێمە خۆمانی پێوە پابەند بکەین، کیَ دەڵێت مووچەی پەرلەمانتار زۆر لەوە زیاتر نابێت کە ئێمە ئێستا لەهەرێمی کوردستان وەریدەگرین، بۆیە ئەم خصوصیەتە بۆ هەرێمی کوردستان بێت، یەعنی ئیحتیفاز بەوەوە نەکەین کە پارەکە زیاتر بێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێز عزیمە نجم الدین، فەرموو.

**بەڕێز عظیمة نجم الدین حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لەگەڵ ئەوەدام کە ئەم ماددەیە ئیلغا نەکرێتەوەو وەکو خۆی بمێنێتەوە، تا جێبەجێ کردنی ئەو یاسایە لە بەغداد، من پێم وایە بڕینی ئەم لە 10٪ یە لەم مووچانە لەجێگای خۆیدایە، ئەو لە 10٪یەش لە کۆتاییدا، دوای بڕیاردان لەسەری کە لە بەغداد جێبەجێ بوو، لەپەرلەمانی کوردستانیشدا جارێکی تر ئەو لە 10٪ یە بچێتەوە بۆ تۆڕی چاودێری کۆمەڵایەتی، پرۆژەی قەرزی بچووکی گەنجان، ئەمە یارمەتی دەرێکی باشە بۆ ئەو دوو کەرتە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز سیوەیل خان، فەرموو.

**بەڕێز سیوەیل عثمان احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتگیری لە پێشنیارەکەی کاك فرسەت دەکەم، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێز شوان کریم، فەرموو.

**بەڕێز شوان عبدالکریم جلال:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پشتگیری لە ئەصڵی ئیقراحەکەی لیژنەی یاسایی دەکەم، کە لە ڕاپۆرتەکەی خۆیاندا هاتووە، یەکەم و دووەمی ئیلغا کردووە، سێیەمیشی کە دەڵێت لە 10٪ لە مووچەی ئەوانە ببڕدرێت من باسی پەرلەمان دەکەم باسی ئەوانی تر ناکەم، دووەم: لەگەڵ ئەو موقتەرەحەدا نیم کە لیژنەی یاسایی پێشنیاری کردووە،

که مووچەی ئێرەو بەغداد بکرێت بە یەك، خۆی ئێستا واهی نیە، ئەو هەموو گلەیی و گازندەیە هەیە کە ئیتر حەقە یان نا، من باسی ئەوە ناکەم، بەڵام بەڕاستی تەوحید کردنی لەگەڵ بەغداد کۆمەڵێك کێشەی تر لەگەڵ خۆیدا دەهێنێت، لەبەر ئەوە من لەگەڵ ئەصڵی پێشنیارەکەی لیژنەی یاسایم کە لەناو ڕاپۆرتەکەدا هاتووە، یەکەم و دووەم لابرێت، سێیەمیش لە 10٪ی مووچەی پەرلەمانتاران کەم بکرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێز دکتۆر سەروەر، فەرموو.

**بەڕێز د. سەروەر عبدالرحمن عمر.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەوانەیە لەڕووی یاساییەوە، ئیشکالێك هەبێت، لەبەر ئەوەی تا ئێستا پرۆژەیەو لە بەغداد جێبەجێ نەکراوە، بەڵام دەکرێت ئێمە شێوازێکی تری بۆ دابڕێژینەوە، ئێمە خۆمان پرۆژەیەکمان هەبێت بۆ ئەو بابەتە، لەپێناو ئەوەی کەوا عەدالەتێکی کۆمەڵایەتی هەبێت ئەو جیاوازییەی کەوا گلەیی هەیە، لەنێوان پلە بەرزەکان و نزمەکاندا جۆرێك لێك نزیك بوونەوە هەبێت، لەگەڵ ئەوەدام کەوا ئەو ماددەیە ڕەت نەکرێتەوە، بەڵکو داڕشتنەوەیەکی باشتری بۆ بکرێت، چونکە گلەییەکی زۆر هەیە لەسەر ئەوە، ئێمە هەم ئەندامانی پەرلەمان، هەم وەزیرەکان، هەم ئەوانەی بەو پلانە خانەنشین کراون، زۆرن، ئەگەر بێت و لێکدانەوەیەکی کورتی بۆ بکەین لەڕووی ڕەقەمەوە، ئێمە تاکو ئێستا نزیکەی، ئەگەر ئەم خولەشی بێتەسەر دەچێتە نیزیکەی 400 ئەندامی پەرلەمان، ئەگەر ئەمە لێك بدەینەوە ساڵانە ئەکاتە نزیکەی 28 ملیار دینار، ئەگەر بێت وئێمە وەزیرەکان و ئەوانەی کە بەپلەی وەزیر خانەنشینن، کەوا خەڵکێکی زۆر زۆر هەیە بەناحەق ئەو پلەیان پێدراوە، کە خانەنشین کراون، بیهێنینە سەری بەڕاستی ساڵانە ئەگەر چەند ساڵێکی تری تێپەڕێت بودجەی ئەم وڵاتە تەنها بۆ ئەوانە دەبێت، هەر بۆیە لێرەدا من پێم وایە، دەکرێت ئەمەی بەغداد جێبەجێ نەکەین، بەڵام لێرە لەپەرلەمانی کوردستاندا بۆ خۆمان پرۆژەیەکمان هەبێت، هیچ نا کارێك بکەین کەوا لە 10٪ی ئەو مووچەیە کەم بکەینەوە، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، من لێرەدا دەتوانم بڵێم ڕەخنەیەکیش ئاراستەی خۆمان بکەین، چ وەکو سەرۆکایەتی پەرلەمان، چ وەکو پەرلەمان، ئێمە لە ساڵی پاریشدا، ئەو بابەتەش کەهاتبوو تێیدا لە پرۆژە بودجەکە وتمان حکومەت ناتوانێ، بەڵێ حکومەت ناتوانێ ئەم زۆر هەڵەیە کە لە پرۆژە یاساکەدا هاتووە، کە ناتوانێت بێت مووچەی ئەندامانی پەرلەمان دەستنیشان بکات، بەڵام ئێمە لێرەدا پرۆژە بڕیارێك خوێندنەوەمان بۆ کرد، بەڵام تاکو ئێستاشی لەگەڵدا بێت ئەو پرۆژە بڕیارە، ئەو پرۆژە یاسایانە نازانم بابەتێکی لەو جۆرە بوو، نەهاتە بواری جێبەجێ کردن، قسەی لەسەر نەکرا، هەر بۆیە من پشتگیری ئەو ڕایە دەکەم، کەوا مووچەکە دەستکاری بکرێت، کە لە 10٪ی لێ کەم بکرێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز، سەرۆکایەتی پەیوەندی پێوە نیە، ئێوە ئەندامی پەرلەمانن لە لیژنەکانن، موتابەعەتان بکردایە، پرۆژەیەکتان بناردایە، ئێمە دەمانخستە بەرنامەی کارو موناقەشەمان لەسەر دەکرد، بەڕێز سمیرە خان، فەرموو.

**بەڕێز سمیرە عبدالله گۆران:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پشتگیری ڕای کاك فرسەت دەکەم، سەبارەت بەماددەی 25 ی پرۆژە یاسای بودجەی گەورە بەرپرسانی دەوڵەت، لەکاتی دەرچوونی لە ئەنجومەنی نوێنەران، پێویستە پەرلەمانی کوردستان ڕازی بێت لەسەر جێبەجێکردنی، ئەوسا حکومەت دەتوانێت پیادەی بکات، ئەمە لەلایەك، لەلایەکی تریش کەمکردنەوەی مووچە کاتێك پەنای دەبرێتە بەر، کە بودجە کورتی هێنا، داهات کەم ببێتەوە، بەڵام لەهەرێمی کوردستان بەپێچەوانەوەیە، داهاتەکان و بودجە لە زیاد بووندایە، بۆیە پێویستە مووچەی پلە نزمەکان بەرز بکرێتەوە، بەهاوسەنگی نەك مووچەی پلە بەرزەکان نزم بکرێتەوە، بەپێچەوانە، ئەگەر بودجە کورتی هێنا، ئەوە دەکرێت لەهەموو خەرجیەکان دەستکاری بکرێت، ئەگەر هاتو یەکسان بوو مووچەی هەموو فەرمانبەرانی کوردستان، لەگەڵ عێراق، ئەو کاتە دەتوانین ئەمە جێبەجێ بکەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێز کوێستان محمد، فەرموو.

**بەڕێز کوێستان محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پشتگیری ئەو ڕایە دەکەم، کە لە 10٪ی پلە باڵاکان، سەرۆکی هەرێم وجێگرەکەی، سەرۆکی حکومەت و وەزیرەکان، سەرۆکی پەرلەمان و پەرلەمانتاران، ببڕدرێت، پێشنیاریش دەکەم، ئەو پارەیە ئەو عجزەی پێ پڕبکرێتەوە، کە ئەو 10 ملیارەی لەزیاد کردنی پەرلەمان خستمانە سەر بودجەی هەرێم، ئەگەر پار مەجبور نەبووین لە 10٪ کە ببڕین ئەمساڵ عجزمان دروست کردووە خۆمان، بۆیە پێشنیار دەکەم بەو پارەیە ئەو عجزەی پێ پڕ بکرێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

قسە کردن لەسەر ڕابردوو دروست نیە، تۆ ئەندام پەرلەمانی ئەوە تێپەڕی و لە یاسا و قانون دەزانی، بۆیە ئەتوانی پێشنیار بکەیت بۆ داهاتوو، بەس ناتوانی لەسەر ڕابردوو قسە بکەیت، بەڕێز هاژە سلیمان، فەرموو.

**بەڕێز هاژە سلیمان مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بەماددەی 25 برگەی یەکەم و دووەم، پشتگیری لەڕای بەڕێز کاك فرسەت دەکەم، چونکە بەڕاستی ئەوە هێشتا لەپەرلەمانی عێراق دەرنەچووە، ناکرێت ئێمە ئیستیناد لەسەر یاسایەك بکەین کە لەوێ

دەرنەچووبێت، بەڵام دەکرێت ئێمە وەکو هەندێ لە هاوکارانیشم ئیشارەتیان پێدا، ئەو نا هاوسەنگیەی کەهەیە لەنێوان مووچەی پلە بەرز ونزمەکاندا، ئێمە بە پرۆژە یاسا لە پەرلەمان پێشکەشی بکەین، بتوانین ئەو ناهاوسەنگیە ڕابگرین، دەربارەی برگەی سێیەم، ڕێژەی لە 10٪ی پلەی وەزیفی بڕدرێت، منیش لەگەڵ ئەوەدام کە بڕدرێت، هەروەکو پار کە پێشنیار کرابوو ببێت بەداهات، یان بخرێتە سندوقێك کە سوودی لێ وەربگیرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز ئارام قادر، فەرموو.

**بەڕێز ایوب نعمت قادر( ئارام):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش لەگەڵ ئەوەدام کەدەقی یاساکە تەنها فەقەرەی سێیەمی بمێنێتەوە، کە ئەویش باس لە بڕینی لە10٪ی مووچەی پلە تایبەتەکان دەکات، بەڵام ڕێژەکە پێشنیار دەکەم کە لە 20٪ بێت، بە بۆنەی ئەو جیاوازییە زۆرەی کە لەنێوان مووچەی پلە تایبەتەکان و هاووڵاتیاندا هەیە، بەڕاستی ئەوەش بووە بەگلەییەکی زۆر زۆر لەکوردستاندا، بۆ کەمکردنەوەی ئەو گلەییە، چونکە ئێستا ئێمە لە بڕیارەکانماندا، لەناو پەرلەمان نەمانتوانی مووچەی هاووڵاتیان بەشێوەیەکی وا بەرز بکەینەوە کە دادگەرییەك دروست بکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێز دکتۆر احمد، فەرموو.

**بەڕێز د. احمد ابراهیم علی(وەرتی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە باسکردن لە بڕینی مووچە، ئەو ڕێژەی کە لەعێراق و لێرەش باسی لەسەر دەکرێت، لەئەنجامی ئەوەدایە کەناهاوسەنگی هەیە، یان جیاوازییەك هەیە، لەنێوان مووچە نزمەکان و مووچە بەرزەکان، بۆیە بەڕاستی منیش لەگەڵ ئەوەدام کە پێویست بەوە دەکات ئەوانەی کەمووچە نزمن، بەیاسا مووچەکانیان بەرز بکرێتەوە، ئەو جیاوازییە زۆرە نەهێڵدرێت، ئەوانەی کەمووچە بەرزن کەم بکرێنەوە، دەربارەی برگەی یەکەم ودووەم منیش پشتگیری لەڕای لیژنەی یاسایی دەکەم، کە ئەو دوو برگەیە لابرێت، چونکە یاساکە هێشتا لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق موصادەقەی لەسەر نەکراوە، تەنها لە ئەنجومەنی وەزیرانە، ئەویش لەوێ کەموصادەقەی لەسەر کراوە، نابێت بەیاساو ناکرێت جێبەجێ بکرێت، سەبارەت بە برگەی سێیەم، منیش لەگەڵ ئەوەدام کە ئەو لە 10٪ یە بڕدرێت، بەڵام پێم باشە مودیر عام نەگرێتەوە، ئەوانەشی کە مووچەی وەکو مودیر عام وەردەگرن، لەبەر ئەوەی مووچەکانیان کەمە بەڕاستی، ئەگەر ئیستیقتاع لە مووچەی مودیر عام بکرێت، پێم وایە زوڵمان لێکردبێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێز عمر عبدالعزیز، فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالعزیز بهاء الدین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەنیسبەت ماددەی 25 کە ئێستا ژمارەکەی گۆڕاوە بۆ ماددەی 26، مەعلومە کە 3 بڕگەیە، بەنیسبەت بڕگەی یەك ودوو، ئەو قسەیە مەنتقی وعیلمی و واقعی و یاساییە، کە ئەصڵەن نەدەبوو حکومەت لە پرۆژەی یاساکە باسی لێوە بکات، مادام لەوێ حەسم نەبووە، بۆیە من لەگەڵ لابردنی بڕگەی یەك ودووم، بەنیسبەت بڕگەی 3 خۆی کێشەی ئەساسی لەکوردستان بەنیسبەت مووچەوە نەبوونی سیاسەتێکی هاوسەنگە لە سیستمی مووچەدا، بۆیە ئەو گلەیی و گازندەیەی کە لەخوارەوە دروست بووە، لە توێژە جیاجیاکان، مووچەخۆران بەتایبەتی، ئێمە تا یاسایەك دەردەچێت ئەو هاوسەنگیە دروست ئەکات، کە لە ئەساسەوە دەبێت نزیکترین حاڵەت بێت بۆ عەدالەت، ئێمە ناتوانین عەدالەتی ڕەها تەحقیق بکەین، بەڵام ئەوەش واقیعە کەغوبنێك هەیە لە کوردستاندا، مووچەی پلە باڵاکان موقارەنە ناکرێت لەگەڵ پلەکانی تردا، لەبەر ئەوە من پشتگیری خاڵی سێیەم دەکەم، کە بمێنێتەوە، یەك ودووش لابرێن، بەس تەعدیلی پێویستە، ئەو کەمکردنەوەیە وەکو هەنگاوێکی سەرەتایی بۆ بەرەو ئەوە بچین کە موراجەعەیەکی جدی و ئەساسی لە بودجەدا بکرێت بۆ سیاسەتێکی هاوسەنگ کە پەیڕەو بکرێت، بەڵام ئیقراحی ئەوە دەکەم کە ئەو بڕە کە دەبڕدرێت هەموو ئاستەکان بگرێتەوە، لە پەرلەمانتاران، وەزیران، تا پلە باڵاکان، لەسەر ئەو ئەساسە جەنابت پێشنیارت کرد کە باسی ڕابردوو نەکەین، من ئیقتراح دەکەم ئەو لە 10٪یە تەرخان بکەین بۆ زیاد کردنی دەرماڵەی قوتابیان، بکرێت بە 150 هەزار، کە گرفتێکی گەورەیەو داواکارییەکی زۆریشی لەسەر هەیە، وەکو هەنگاوێکی سەرەتایی ئەکرێت دوایی کە ئەو یاسایەی عێراق دەرچوو ئێمە قسە لەسەر ئەو حاڵەتە بکەین، کە لێرەدا نووسراوە موعالەجە بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز عبدالسلام بەرواری، فەرموو.

**بەڕێز عبدالسلام مصطفى صديق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەرچەندە من بەنووسراو شتێکم نارد، بەڵام پاش تەوزیحاتی کاك فرست و ئەندامان، منیش هاتمە ئەو قەناعەتەو لێی پەشیمان بوومەوە، لێرەدا دەمەوێت جەخت بکەم لەسەر دوو پرەنسیپ، یەکێکیان: ئێمە ڕاستە پێویستە شەو ورۆژ جەخت لەسەر سەربەخۆیی یاسایی ودارایی خۆمان وەکو هەرێم بکەینەوە، ئەوە مەوزوعێکە هەندێجار لەبیرمان دەچێتەوە، قەت نابێت ئێمە پابەندی بەغداد بین لەهەموو شتێك، بەپێی دەستوور ئەو یاسایانەیە، وەکو کاك عومەر شەرحی کرد، زۆر لەسەری ناچم، پەسەندیان دەکەین، یان گۆڕانکارییان لەسەر دەکەین، ئەوە مافێکی دەستووری ئێمەیە، جەخت کردنی دووەمم: لەسەر ئەوەیە هەستێك پەیدا بووە، کەجیاوازییەکی زۆر و ناعەدالەتی هەیە لە مەسەلەی مووچەدا، من پێم وایە سیستمی مووچە، بەچەند بنەمایەك دادەندرێت، عەدالەت لەوەدا نیە، یەکێك تازە تەعین کرابێت و مودیر عامێکی 15 ساڵی وەکو یەك یان نزیك یەك وەربگرن، ئەو هەستە لە دەرماڵەدا دیار بووە، بۆیە کورتی دەکەمەوە، من لەگەڵ ئەوەدام خاڵی یەکەم و دووەم، لابرێن، سێیەم، ئێمە پار بڕیارێکمان دابوو

بەقەناعەتەوە کە ئێمە لە 10٪ی مووچە بەرزەکان کەم بکەینەوە، من پێشنیاری دوو شت دەکەم، یەکەم: ئێمەی ئەندام پەرلەمان، هەر لە پاش تەواو بوونی گفتوگۆکردنی بودجە، بیرێکی جدی بکەینەوە لەوەی کەخۆمان بەخۆمان یاسایەکی تایبەت دەربکەین لەسەر دووبارە ڕێکخستنی مووچەکان، لەوێ مەجالمان هەیە باسی هەموو ئەوانە بکەین و ئەو بنەمایانە تەتبیق بکەین، دووەم: بەنیسبەت خاڵی دووەم کەمن لەگەڵ ئەوەدام کە بمێنێت، بەڵام من پێشنیارێکم هەیە، مووچەکان بەسیستم دانراون، وەکو وتم ئەو هەستەی ناعەدالەتی و ئەو فەرقە گەورەیە، لەدەرماڵەو موخصصات دەردەکەوێت، پێشنیار دەکەم ئەو لە 10٪ بکرێت بە لە 20٪ لەدەرماڵە، تاکو ئەو کاتەی کە ئێمە بەدواداچوون وچاوپێداخشانێك لەهەموو سیستمی مووچەدا دەکەین، بەڕەئی من با مووچەکان وەکو خۆی بمێنێتەوە، چونکە سەرگێژییەکی گەورە دەکەین بۆ چەند دەزگایەك، ئەو لە 10٪ ئەگەر بەرزی بکەینەوە، ئەوە با لەدەرماڵەکان بێت، هەروەها کاتیشە بۆ ئەوەی هەموومان بیر بکەینەوە لە یاسایەکی تایبەت بەخۆمان بۆ دووبارە ڕێکخستن یان کەمکردنەوەی مووچەکان، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێز نەریمان عبداللە، فەرموو.

**بەڕێز نەریمان عبدالله قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

باس لەوە کرا، کە ئێمە ئەو ماددەیە پشتی بەستووە بە پرۆژە یاسایەك کە هێشتا ئیقرار نەکراوە، لەهەرێمی کوردستان زۆرجار باس لەوە دەکەین، کەناعەدالەتی هەیە، یەکسانی نیە لەنێوان مووچە ودەرماڵە و مەنسەب لەهەرێمی کوردستان، لەبەغداش، زۆرجاریش داکۆکی دەکەین لەسەر ئەوەی کە وەکو یەکی لێ بێت، لەکارمەندان وفەرمانبەران ودەوڵەتیشەوە زۆرجار زەختمان لێ دەکرێت، کە ئەو مووچەی لەحکومەتی عێراقی هەیە، باشترە لەوەی کە لەهەرێمی کوردستان هەیە، لەهەندێ ڕووەوە، بۆ ئەوەی ئێمە زیاتر پشت ببەستین بە عەدالەتێك، ئێمە پێویست دەکات بەڕاستی نەصێك لێرەدا دابنێین، کە یەکسانی و نەبوونی جیاوازی لەنێوان ئەو یاساو نیزامانەی تایبەت بە مووچەو دەرماڵە و دەرماڵەو مەنسەبیش دەردەچێت لە حکومەتی عێراقی لێرە نافز بێت، ئێمە لەهەندێك لەیاساکان هەیە لەحکومەتی عێراقی دەردەچێت دەتوانین لێرە نافزی بکەین، بۆیە ئەمە ئەو عەدالەت وئەو دەنگە دەنگە زۆرەش کە هەیە نایهێڵێت، بۆیە با یەکسانی بکەینەوە، بۆیە من پێشنیار دەکەم ئەمە بەدوو فەقەرە جێگای بکەینەوە، بەفەقەرەیەك هەموو ئەو یاسایانەی کە لە حکومەتی عێراقی دەردەچێت، بۆ نموونە بڵێین ( في اقليم كوردستان يتم تنفيذ قانون ونظام الرواتب والمخصصات بما فيها المنصب وفي جميع النواحي التي تصدر فيه الحكومة الفدرالية)بەڵام بێینەوە لە بڕگەی دووەمدا ئێمە کۆمەڵێك دەرماڵەمان هەیە، بەتایبەتی لەمامۆستایان و هەندێك لەشەریحەکانی تر، دەرماڵەیان زیاترە، بۆ ئەوەی ئەو دەرماڵەیە ئێمە لەناکاو نەیبڕین، بنووسین بەفەقەرەیەکی تر( لايشمل الفقرە (1) المخصصات الزائده حالياً في الاقليم الى ان يتم

مساواتها مع الحكومه الفدراليه عند زياده المخصصات في الحكومـه الفدراليـه لاحقـاً) بـۆ ئـەوەی وەکـو خـۆی بمێنێتەوە، ئەو کاتەی ئەو دەرماڵانە لەحکومەتی عێراقی زیادی کرد، لێـرە یەکسانی بکەینـەوە، پـێم وایـە لەهەموو ڕوویەکەوە، ئێمە مووچەمان لێرەدا لە حکومـەتی عێراقـی بـەزیاد کـردن وبەکەمکردنیشـەوە، کـە یاسایەك دەردەچێت تەنفیزی بکەین، ئیتر ئەوەندە باس لە مووچە نەکـەین، کـە لێـرە زیـادە ولـەویّ کەمـە یان بە پێچەوانەوە، بۆیە ئێمە لە حکومەتێکداین کە فیدرالیەو سەرچاوەی دارایـی و بودجـەشمان یەکێکـە، بەپێی ژمارەی دانیشتوانیش دابەشدەکرێت، بۆیە جێگای خۆیەتی لەهەموو ڕوویەکەوە یەکسان بکرێتـەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز شڤان احمد، فەرموو.

**بەڕێز شڤان احمد عبدالقادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لەگەڵ ماددەی بەدیلم ئەوەی کە بەڕێز کاك فرست خوێندیەوە، هـەتا ئـەو دەمـەی کـە سـورەتەکە وازح دەردەچێت لەبەغـداد، چـونکە ئێمـە یـەك وەحـدەی نەقـدیمان هەیـە لـە وڵاتێکـدا کەعێراقـە، ئەگـەر چـی هەرێمێکین لە عێراقدا، وەکو بەڕێز کاك عبدالسلام وتی، دانانی ڕەواتب لەسەر ئەساسە، تەبیعی بەپێی ئەو زروفە، بەپێی ئەو شتانەی کە ئەو وڵاتە تێیدا دەژی، بۆیە من بەباشی دەزانم کـە ئێستا ئـەو ماددەیـە لـەم کاتەدا تەئجیل بکرێت، بەهەموو بڕگەکانیەوە، بۆ ئەوەی عەدالەتەکە لـەوەدا بێـت، چـونکە لەوانەیـە ئێمـە ئەگەر ئەوە بکەین، غەدر لە هەندێك حاڵەت دەکەین، ئێمە لەکاتێکدا کە داوای دەرماڵەو مووچەی یەکسـان دەکەین لەگەڵ حکومەتی ئیتیحادی، ئێستا دێین ئێمە عەکسی ئەمـە جێبـەجێ دەکـەین، بۆیـە مـن لەگـەڵ ماددەی بەدیلدام، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێز خلیل عوسمان، فەرموو.

**بەڕێز خلیل عثمان حمە امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پشتگیری لە قسەکانی کاك فرست دەکەم کە تاوەکو ئێستا ئەو یاسایە لەبەغدا جێ بەجێ نەکراوە، بۆیە لە فەقەرەی یەکەم و دووەم، بەڵام ئەوەش مانای ئەوە نیە، یەعنی ئێمە بـۆ پشـت بـە بەغـدا ببەسـتین، بـۆ یاسایەکی خۆماڵی ئێمە بۆ بەدیهێنانی عەدالەتێکی کۆمەڵایەتی و بۆ نەمانی ئەو ناهاوسەنگیەی کـە هەیـە، ئێمە یاسایەکی خۆماڵی وەکو پەرلەمانی کوردستان ئێمە گەڵاڵەی بکـەین، هیـوادارم بتـوانین کـار بـۆ ئەمـە بکەین، بۆ ئەوەی کە ئەو جیاوازیەی کە هەستی پێ دەکرێ وەکو برای بەڕێزم کاك عبدالسلام وتـی لەسـەر ئەساسێك ئەمە تاڕادەیەکی زۆر کەم بکرێتـەوە، سـەبارەت بـە خـاڵی 3 مـن پشـتگیری لـە خـاڵی 3 دەکـەم و هیوادارم کە ئەو نسبەتەی کە دەبڕدرێت مـن پێموانیـە ئـەوە نسـبەتێکی ئەوەنـدە زۆر بێتــ، بۆیـە بخرێتـە

سەندوقێکەوە بۆ هەندێك چین و توێژەکان یان بۆ جۆرێك لەو نەخۆشیە درێژخایەنانە سەرف بکرێت کە ئەمڕۆ لە کوردستان دا هەن، یاخود ئەوانەی کە تووشی تالاسیما یاخود نەخۆشی هیمۆفیلیا و هەروەها کۆمەڵێك کێشەی لەو بابەتە بوون لە سندوقێك دابندرێن لەو بابەتە سەرف بکرێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك اسماعیل فەرموو.

**بەڕێز اسماعیل محمود عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پشتیوانی لەبەڕێز سکرتێری پەرلەمان دەکەم، دەڤاودەق ئەوە وەکو خۆی دوابخرێت تا ئەو کاتەی لە عیراق ئەو پڕۆژەیە پەسەند دەکرێ و ئەو کات ئێمە دەتوانین لێرە لەسەر هەموو پلە بەرزەکان قسە بکەین، لەبەرئەوەی ئێمە لە کوردستاندا دەرەجە دوو نین، ئێمە خەڵکی عیراقین و هەمووومان لە کوردستان دەژین و هەمووومان عیراقین و بەیەکەوە حساب دەکرێین، ناکرێت ئێمە هیچی تر خۆمان بە دەرەجە دوو حساب بکەین لە کوردستان، با مووچەکانمان یەکسان بێت، مادام ئێمە داوای یەکسانی مووچە دەکەین، یەکسانی رەواتب دەکەین، موخەسەسات دەکەین لە هەموو عیراق، با هەموو کوردستان وەکو عیراقی لێ بێت، لەدوایی دا کە دوای ئەوەی ئەو مەشروعە لە عیراق پەسەند کرا ئەو کات ئێمە دەتوانین لێرە لەجیاتی ئەوەی بڵێین 10٪ دەتوانین بڵێین 30٪ لە هەموو پلە بەرزەکانی کوردستان دابەزێنین و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس بۆ گشت ئێوەی بەڕێز، بەڕێزان بە حەقیقەت ڕاستە عیراقین، بەڵام دەستووری عیراقی سەڵاحیەتی داوەتە ئێمە، ئێمە پەرلەمانمان هەیە و حکومەتمان هەیە و سەرۆکی هەرێممان هەیە، دەستوورمان دەبێ و قانونی خۆمان دەردەکەین، بۆ ئەو پڕۆژەیەی کە لەسەری ڕێك ناکەون ئێمە بێین لەناو قانونەکە داینێین، من خۆم شەرم لە خۆم دەکەم ئەوە لەوێ بێ، ئەگەر بێتو راتبی ئەندامێکی ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراق بە هی ئێوەی بەڕێز موقارەنە بکەیت 5 جار ئەوەندەی ئێوەیە، ئەگەر هی سەرۆکی پەرلەمان بە هی ئێمە موقارەنە بکەی 23 جار ئەوەندەی هی سەرۆکی پەرلەمانی کوردستانە، هەر بۆ مەعلومات، هی سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراق 115 ملیۆن دینار راتب وەردەگرێ، ئەمە بۆ مەعلوماتتان، ئێمە وەك ئێوە وەردەگرین، یەعنی ئەوە ئێوەن وای لێ بکەن نە چاوەڕێی پڕۆژەکەشی بکەن، بۆیە بۆخۆتان شتێك ئیقتراح بکەن ئەسڵەن ئەوەهەر فڕێ بدەنە دەرەوە، ئیقتراحێکی جوانی مەعقول بکرێت و چیتان پێ باشە ئەوە بکەن، 50٪ ی دەڵێن، 40٪ ی دەڵێن، 10٪ی دەڵێن، 20٪ ی دەڵێن، پێشنیاری خۆتان بکەن، پڕۆژەیەك کە لەوێ نەبۆتە قانون خۆیان موتەفق نین لەسەری، ئەکرێ یان ناکرێ، ئێمە بێین داینێین و بڵێین ئێمەش دەبێ وا بکەین، یان ڕاوەستین هەتاوەکو بزانین ئەوان چی دەکەن، دوایی ئێمە ئەوە دەکەین، ئەوە هەڵەیە، ئیحترامم بۆ ڕەئی هەموو ئێوەی بەڕێز هەیە، ڕەئی منیش لەگەڵ

ئەوەیـە ئـەوە لایبـدەین، خۆمـان شـتێك دابنـێین، پرۆژەیـەك دانـێین و ئـەوە بـۆ ئێـوەی بـەڕێز ماوەتـەوە، جەنابی وەزیر تۆ چی دەڵێی؟ فەرموو.

**بەڕێز شێخ بایز تاڵەبانی (وەزیری دارایی و ئابووری):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لە ئەوەڵەوە باسی ئەوەم کرد کە ئەوەی کە هاتووە کە هێشتا لە پەرلەمانی عیراق موسادەقەی لەسـەر نـەکراوە، بەڵام ئەوەی مەوزوعی ئیستقتاعەکەش ئەوە ئیقتراحی ئەنجومەنی وەزیرانە کە هاتووە 10٪ ببڕدرێت، منیش هـەر لەگەڵ ئەو ئیقتراحەم کە 10٪ کە هـاتووە، بـەڵام ئـەوانی تـر کـە ئێسـتا جـەنابتان باسـی لێـوە دەکـەن و مـەوزوعی یەکسانی ڕەواتبی ئێرە لەگەڵ هی عیراقدا بۆ پەرلەمانی بەجێ دەهێڵم.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەو بۆ چوونە لەو مونتەڵەقەوەیە ئێمە مواتنی دەرەجە دوو نین، دەرەجە یەکن، بەڵام نـازانم ئەمـە چـەند جـێگیر دەکات؟، ئەو میزانیە 17٪ ی دەدرێتە کوردستان بەش ناکات، لە حەقیقەتدا کافی نیە، بۆ ئەو وەزعـەی کـە ئـەمڕۆ لە کوردستانە و ئیشی پێ دەکات، حەقی نوێنەرەکانی ئێمە و جەنابتانە لە ئەنجومـەنی وەزیـران لەگـەڵ حکومـەتی ئیتیحادی دابنیشن و قسە بکەن بڵێن ئێمە بەو وەزعەی هەمانە ئـەوە کـافی نیـە، محاوەلـە بکـەن ئـەوە زیـاد بکـەن، میزانیەکە بۆ خەڵکی کوردستان زیاد بکەن، 17٪ ـەکەش نادەن، 12٪ دەدەن، کاك کاردۆ فەرموو.

**بەڕێز کاردۆ محمد پیرداود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە بۆ چاککردنی سیستەمی مووچە لە کوردسـتان هەموولایـەك پێمـان وابـوو یـەعنی بۆشـاییەکی گـەورە لەگەڵ پەلە نزمـەکان و بـەرزەکان هەیـە، مـن پشـتوانی ئـەوە دەکـەم کـە ئـەم ڕێکخسـتنە بەگشـتی بکرێـت، ئەوەی ئێستاش دەیکـەین هـەر پشـتیوانی دەکـەم، بـەڵام ئەمـە خوێندنـەوەی یەکـەممان بـۆ کـرد، بەڕاسـتی دوامان خست ئەو پرۆژە یاسایەی کە پەیوەندی بە چاککردنی سیستەمی مووچەوە هـەبوو لـە کوردسـتان و خوێندنەوەی یەکەمیشی بۆ کراو پاریش لە هەمان کاتیشدا باسمان کردەوەو ئیتر نەمان خستە عەمەلەوە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئاخر با قسە نەکەم، لێی گەڕێ، لیژنەی یاسایی؟ کاك عونی فەرموو.

**بەڕێز عونی کمال بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

چەند پێشنیارێك پێشکەش کرا، ئێستا لە لای کاك عمرەوە تەوزیح دەکرێت پێشنیارەکان.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عمر فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو پێشنیارەی کە ئەندامانی بەڕێز پێشکەشیان کرد، ئەوەشی کە جەنابی کاك فرست باسی لەسەر کرد، ئێمەش هەمان ڕامان هەیە، پرۆژە یاسایەك هێشتا نەبووەتە یاسا هیچ پێویست ناکات ئێمە لەسەر زەوئی ئەو یاسایە بڕۆین، ئەمە زۆر باسمان لەسەری کرد، وەکو کاك عمر هەورامیش باسی لەسەر کرد، ڕاستە زۆر تەواوە ئێمە ئێستا پێویست ناکات ئەگەر ئەم ماددەیە ئیلغا بکەین، هیچ سیاغەیەکی دیکە دابەزێنین، چونکە نازانین ئەو یاسایە مەسیری بە چی دەگات، کەم دەبێ، زیاد دەبێ، نسەبت بڕینەکە زیاد دەبێت، کەمتر دەبێت، لەبەرئەوە ئێمەش هاوڕاین لەگەڵ ئەوەی کە ئەو ماددەیە لە ئەساسەوە ئیلغا بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی کەرەمکەن، کاك عونی فەرموو.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشنیاری ئیلغا کردنی فەقەرەی یەکەم و دووەم لە ماددەکە، داوا دەکەم بخرێتە دەنگدانەوە، هەتا بتوانین دوایی کار لەسەر فەقەرەی 3 بکەین.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان کێ لەگەڵە فەقەرەی 1 و 2 ئیلغا بکرێت لەو پرۆژەیەی کە داندراوە؟، بەڕێزان هەموو ماددەکە ئیلغای هەیە دوایی شتێکی تر دادەنێین، هەر لەم پرۆژەیە، کێ لەگەڵ ئەوەیە هەموو ماددەکە ئیلغا بکرێت و لە پرۆژەکە نەمێنێ؟ 49 بەڕێز لەگەڵ دایە، کێ لەگەڵ دانیە؟ 22 بەڕێز لەگەڵ دانیە، بۆیە بەزۆرینەی دەنگ ئەو ماددەی نەما، جا ئێستا بەدیل چیە؟ کاك عونی فەرموو.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشنیار کرا کەوا 10٪ ببردرێت بەو شێوەیەی کە ئێستا دەیخوێنمەوە، واتا ماددەی 26 ........ .

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەو ماددەیە لادرا، ماددەیەکی بەدیل حازر بکەن، لیژنەی دارایی ڕەئیتان چیە؟ کاك عمر نیزامیت هەیە؟ فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی 3 ئەگەر ئێمە بە وردی بیخوێنینەوە ئیستقتاعی ئەو نسبەتە دەکرێت دەڵێ (وفق ماجری فی اولا ماعدا مدیر عام) یەعنی کە ئێمە ئێستا هەموو ماددەکەمان خستە دەنگدانەوە بۆ ئیلغا، (أولا)یشی لەگەڵ ئیلغا بووە، ئیتر بەدیلی نابێت ئەوە، چۆن بەدیلی بۆ دانێین؟.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عمر بەدیل دائەنێین، ئەگەر ماددەیەکی بەدیل ئێستا حازرتان هەیە، دایدەنێین، فەرموو.

**بەڕێز شڤان احمد عبدالقادر:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە دەتوانم بڵێم 10 ئەندام زیاتر تەئیدی ئەو مادده بەدیلەمان كرد كە بەڕێز كاك فرست خوێندیەوە، هەر ئەوە بخرێتە تەسویت باشە.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

ماددەكەی بەدیلی جەنابت چیە؟.

**بەڕێز عونی كمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

وابزانم سیاغەی ئەو ماددەیە كە پێشنیار كراوە، وەقتێكی دەوێ، بۆیە پێشنیار دەكەم كە سەرۆكایەتی پەرلەمان، ئەو ماددەیە سیاغەكەی بە شێوەیەكی تر بەدیلی بۆ دابنێین، بخرێتەوە بەیانی لەگەڵ ماددەی ماوە سبەی كە دەنگمان لەسەری نەداوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

بڕۆ ماددەكەی تر، ئەوە باشتر دیراسەی بكەن، بۆ ئەوەی خۆتان حازر بكەن، بەیانی لەگەڵ ئێوە بكرێ، بچۆ سەر ماددەی 26 لە ئەسڵی پڕۆژەكە.

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی 26 لەئەسڵی پڕۆژەكە، كە دەبێتە ماددەی 27.

دامەزراندن لەهیچ پۆستێكی سەركردە لەبەڕێوەبەری گشتی بەرەو ژووردا ناكرێت، ئەگەر لە یاسای وەزارەتدا یان پەیكەری ڕێكخستنیدا نەبێت پاڵپشت بە یاسای وەزارەت یان ئەو لایەنەی بە وەزارەتەوە نەلكاون.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

بەعەربیش بیخوێننەوە.

**بەڕێز خورشید احمد سلیم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

المادة السابعة والعشرون:

عدم التعيين في اية وظائف قيادية من (مدير عام وما فوق) مالم يوجد لها درجة في قانون الوزارة والهيكل التنظيمي الصادر استناداً الى قانون الوزارة او الجهة غير المرتبطة بوزارة.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

لیژنەی دارایی ڕەئیتان.

**بەڕێز د.ئاراس حسین محمود:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەو ماددەیە بوونی پەسەندە لە لامان، چونكە شێوەیەكە لەتەنزیمی میلاك، لەناو هەیكەلی تەنزیمی وەزارەت، پێمان باشە، ئەبێ وەكو خۆی بمێنێتەوە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی ڕەئیتان.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە لەگەڵ ئەوە داین، پێشنیار دەکەین ئەو ماددەیە ئیلغا بکرێت، زەروری نیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر.

**بەڕێز شێخ بایز تاڵەبانی/ وەزیری دارایی و ئابووری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە پێمان باشە ماددەکە وەکو خۆی بمێنێتەوە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، نوقتەی نیزامیت هەیە فەرموو.

**بەڕێز خورشید احمد سلیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دوو پێشنیار هەبوو، دەبێ بیخەینە دەنگدان ئەو پێشنیارانە.....

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو، سیوەیل عثمان، شۆرش مجید، شڤان احمد، شلێر محمد نجیب، عمر هەورامی، قادر حسن، صباح بیت الله، دلێر محمود، ئەم بەڕێزانە ئەیانەوێت موداخەلە بکەن، فەرموو.

**بەڕێز سیوەیل عثمان احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تەنها یەك تێبینی زۆر گچکەم هەیە، لە عەرەبیەکەی نووسراوە، عدم التعيين في اية وظائف قيادية من (مدير عام وما فوق)، ئەگەر بکرێتە(فما فوق) باشترە، لەبەر ئەوەی لە وەقایعی کوردستان دەردەچێت، لە پەرلەمان دەردەچێت، وابزانم ڕێك ترە، (فما فوق) سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕیز کاك شۆرش.

**بەڕێز شۆرش مجید حسین:**

**بەڕێزسەرۆکی پەرلەمان.**

له یاسای هەموو وەزارەتەکان و هەموو ئەو دەستانەی کە لەو پەرلەمانە دەرچووە، ژمارەی بەڕێوەبەری گشتی بە پێی میلاکات بۆی تەحدید کراوە، دیارە ئەگەر گومان هەبێ لە لایەکی تر دابمەزرێت، ئەوە شتێکی ترە، بەڵام من پشتیوانی لە پێشنیارەکەی لیژنەی یاسایی دەکەم، کە ئەو ماددەیە ئیلغا بکرێتەوە.

**بەڕێز سەرۆکی پەلەمان:**

بەڕێز شڤان احمد کەرەمکە.

**بەڕێز شڤان احمد عبدالقادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

فعلەن ماددیەکی تحصیل حاصلە، ئەو دەقەی کەهاتووە، دەقێکی موفتەرەزە، مەفروزە وابێت، یەعنی هیچ پێویست بەو ئەوە ناکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز شلێر خان کەرەمکە.

**بەڕێز شلێر محمد نجیب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕەئی من کە ئەڵێت (عدم التعيين في اية وظائف من الدرجات الخاصة) ئەوەی بۆ ئیزافە بکرێت، لەجیاتی (قيادية)، (من (مدير عام وما فوق) مالم يوجد لها درجة في قانون الوزارة والهيكل التنظيمي الصادر استناداً الى قانون الوزارة او الجهة غير المرتبطة بوزارة عن طريق احدى وسائل الاعلام يعين فيها) یەعنی ئەوەی ئێستا حکومەتی هەرێم پەیڕەوی دەکات، جێگەی دەست خۆش کەریە، کە ئەو دەرەجە تایبەتانە هەمووی لە ڕێگەی ئیعلانەوە بۆی دەکەن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز عمر صدیق هەورامی کەرەمکە.

**بەڕێز عمر صدیق هەورامی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لەگەڵ مانەوەی ماددەکەم، بەس تەنها (دامەزراندن) ئەو وشەیە لابدرێت، (دامەزراندن لە هیچ پۆستێکی سەرکردانە) ئەو (هیچ پۆستێکی سەرکردانە) لابدرێت، تەنها بنووسرێت ( دامەزراندن لە بەڕێوەبەری گشتی بەرەو ژوور ناکرێت ئەگەر لەیاسای وەزارەت یان پەیکەری ڕێکخستن نەهاتبێت) تەنها ئەوەندە، ئەگەر بکرێت لێپێچینەوە شتێك ئیزافە بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز قادر حسن کەرەمکە.

**بەڕێز قادر حسن قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من هەست دەکەم ئەو ماددەیە زیاد بێت، چونکە لەیاسای وەزارەتەکان دەسەڵاتی وەزیرە بەڕێزەکان دەست نیشان کراوە، بۆیە تەئیدی ڕەئی لیژنەی یاسایی دەکەم، بۆ ئیلغا کردنی ماددەکە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێز صباح بیت الله کەرەمکە.

**بەڕێز صباح بیت الله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەز بێژم ئەڤ ماددەیە تەحصیل حاصلە، پێویستە نەمێنێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز دلێر محمود کەرەمکە.

**بەڕێز محمد دلێر محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پشتگیری ماددەکە دەکەم، ئەویتریشیان باسمان کردووە، کە داوای دابەزینی پۆستە قیادیەکانمان دەکرد، ئەمان وت بەڕێوەبەری گشتی لەبەر ئەوەی بەپێی ساڵانی خزمەتی خۆی، بە پێی شەهادەی خۆی و، بە پێی ئەو ڕێنماییانەی کە هەیە بەرز دەبێتەوە، چەند ساڵێك خزمەتی هەیە، ئەمە پێویستە بە پێی پێداویستی ئەو وەزارەت، ئەو شوێنە خۆی بێت، بەڕاستی لەم ئەخیرە کە بۆ ئەو پۆستانەی وەکو مدیر عام و بەرەو ژوور، لە کاتێکدا کە داوای ئەوە دەکرێت سی، ڤی خۆیان پێشکەش بکەن، ئەمەش خۆی لە خۆیدا هەنگاوێکی باشە، بۆ ئەوەی ئەو خەڵکانەی کە شیاون بچنە شوێنی خۆیان، بە شێوەیەك دانەندرێن کە فەرز بکرێن بەسەر وەزارەتەکە، ئەو سیفەتانەیان تیا نەبێت کە بۆ مدیر عام و بەرەو ژوور ئەگونجێن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێز جەنابی وەزیر.

**بەڕێز شێخ بایز تاڵەبانی/ وەزیری دارایی و ئابووری:**

**بەڕێزسەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو ماددەیە دیارە پێویستی ئەکرد، بۆیە لە حکومەتەوە هاتووە، ئێستا چەندەها مدیر عام و قایمقام هەیە موعەوەمن، وەهەندێك وەزائیف هەیە، لە بەعزێك شوێن هەیە لایەزال تا ئێستاش دوو مدیر عامی دیوان هەیە، چونکە کە وەزارەتەکان دەمج بوونە، ئەو مدیر عامانەو ئەو موستەشارانە تا ئێستا موعالەجە نەکراون، مەوجودن، بۆیە پێویستی کرد، ئەبێ میلاکیان هەبێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز لیژنەی دارایی ڕەئیتان.

**بەڕێز د.ئاراس حسین محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەروەكو پێشتریش ڕای خۆمان ڕوون كردەوە، ئێمە وەكو لیژنەی دارایی بە باشی دەزانین دەقی ئەو ماددەیە وەكو خۆی بمێنێتەوە، شێوەیەكە لە تەنزیمی میلاك لەناو وەزارەتەكان، لە ناو حكومەتدا، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێزان لیژنەی یاسایی داوای كردووە ئیلغا بێت، ئێستاش ئیلغا دوور تره لەهەموو بۆچوونەكانی ئێوەی بەڕێز، بۆیە ئەو ئیلغایە دەدەینە دەنگدانەوە، كێ لەگەڵدایە ئەو ماددەیە، ماددەی 26 لە ئەسڵی پڕۆژەكە كە دەكاتە ماددەی 27، ئیلغا بكرێت؟، تكایە دەستی بەرز بكاتەوە؟، 20 بەڕێز لەگەڵدایە كە ئیلغا بێت، كێ لەگەڵدانیە؟ تكایە دەستی بەرز بكاتەوە، مایەوە وەكو خۆی، بە كۆی دەنگ، زۆر سوپاس، ئێستا ئاخیر موداخەلەی لیژنەی دارایی و یاسایی، لەسەر ئاخیر سیاغەی ئەو ماددەیە.

**بەڕێز عونی كمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سیاغەی ماددەكە بەو شێوەیە دەبێت.

المادة السابعة والعشرون:

عدم التعيين في اية وظائف قيادية من (مدير عام فما فوق) مالم يوجد لها درجة في قانون الوزارة اوالجهة غير المرتبطة بوزارة او في هيكليها التنظيمي.

**بەڕێزسەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێزان كێ لەگەڵدایە تكایە دەستی بەرز بكاتەوە؟، زۆر سوپاس، كێ لەگەڵدانیە تكایە دەستی بەرز بكاتەوە؟، سوپاس، بە كۆی دەنگ پەسەند كرا، ئەوەی خوێندرایەوە.

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی بیست و هەشتەم:

دەبێ وەزیری دارایی و ئابووری ڕێنمایی پێویست بۆ ئاسان جێبەجێ كردنی ئەم یاسایە و دیاریكردنی دەسەڵاتی خەرج كردن بۆ فەرمانگەكانی حكومەت دەربكات لەماوەیەكدا.......

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

تكایە ئەوانەی، چونكە هێشتا ماددەمان ماوە، پێش ئەوەی ماددەكان دەنگی لەسەر بدرێت، پەسەند بكرێت، ئەوە ئەمر دەربكەین بۆ جێبەجێ كردنیان، نەختێك جوان نیە، لەبەر ئەوە ئێستا ئەو ماددەیەی پێشنیار لای كاك عونیە، فەرموو بیخوێنەوە.

**بەڕێز عونی كمال سعید بەزاز:**

**بەڕێزسەرۆكی پەرلەمان.**

مادة مضافة: تلتزم حكومة اقليم كوردستان بعدم اجراء المناقلة من الموازنة الاستثمارية الى الموازنة التشغيلية.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی دارایی ڕەئیتان لەسەر ئەوە.

**بەڕێز د.ئاراس حسین محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە لاریمان نیە لەگەڵ ئیزافە کردنی دەقی ئەو ماددەین.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر.

**بەڕێز شێخ بایز تاڵەبانی/ وەزیری دارایی و ئابووری:**

**بەڕێزسەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمەش تەئیدی ماددەکە دەکەین، ئەوە ناکرێت، ئەوەش هەر نەکراوە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە، زۆر سوپاس، بەڕێزان کێ ئەیەوێت قسە لەسەر ئەو ماددەیە بکات، بەڕێزان کێ لەگەڵ ئەو ماددەیە؟، زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدانیە؟ تکایە دەستی بەرز بکاتەوە، سوپاس، بە کۆی دەنگ پەسەند کرا، زۆر سوپاس بۆ گشت ئێوەی بەڕێز، ئەوەکانی تر ماون، زۆر ماددەی زۆر تەبیعیە، لەگەڵ ئەوەی ڕاتبەکان و لەگەڵ ئەوە ماددانەی ماوە، لەگەڵ پێشنیارەکان، سبەی سەعات (10) ئەلێرە ئامادە بن، ئینشائەڵلا بە سەعاتێك، دوو سەعات تەواوی دەکەین، خواتان لەگەڵ.

**فرست احمد عبدالله**
**سکرتێری پەرلەمانی**
**کوردستان – عێراق**

**محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی)**
**سەرۆکی پەرلەمانی**
**کوردستان - عێراق**

# پەرلەمانی کوردستان - عێراق

**پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (24)**

**سێ شەممە ڕێکەوتی 31\5\2011**

**خولی سێیەمی هەڵبژاردن**

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (24)

## سێ شەممە ڕێکەوتی 2011/5/31

کاتژمێر (11)ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی سێ شەممە ڕێکەوتی 2011/5/31 پەرلەمانی کوردستان - عێراق بە سەرۆکایەتی بەڕێز محمد قادر عبداللە(د.کمال کەرکووکی) سەرۆکی پەرلەمان و, بە ئامادەبوونی بەڕێز فرست أحمد عبداللە سکرتێری پەرلەمان, دانیشتنی ژمارە (24)ی خولی سێیەم, سالّی (2011) ی خۆی بەست.

**بەرنامەی کار:**

بەپێی حوکمەکانی بڕگە (1)ی مادده (20) لە پەیڕەوی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەموارکراوی سالّی 1992ی پەرلەمانی کوردستان - عێراق, دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بڕیاری درا دانیشتنی ژمارەی (24)ی خولی سێیەمی هەڵبژاردن لە کات (11)ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی سێ شەممە ڕێکەوتی 2011/5/31 دا بەم شێوەیە بێت:

1 -بەردەوام بوون لەسەر گفتوگۆکردن و بڕیاردان لەسەر پرۆژە بودجەی هەرێمی کوردستان بۆ سالّی 2011 و یاساکەی.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

بەناوی گەلی کوردستان، دانیشتنەکەمان ئەکەینەوە، خولی سێیەمی هەڵبژاردن، سالّی دووەم، خولی گرێدانی دووەم، ژمارەی دانیشتن 24 ، ڕۆژی دانیشتن 2011/5/31، بەرنامەی کار:

بە پێی حوکمەکانی بڕگەی (1)ی مادده بیست لە پەیڕەوی ناوەخۆی ژمارە (1)ی هەموار کراوی سالّی 1992ی پەرلەمانی کوردستانی عیراق، دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بڕیاری دا کە بەرنامەی کاری دانیشتنی ژمارە 24ی ئاسایی خولی سێیەمی هەڵبژاردن لە کات 10ی پێش نێوەڕۆ، بەلاّم دواخرا بۆ 11,15 ڕۆژی سێشەممە ڕێکەوتی 2011/5/31 دا بەم شێوەیە بێت:

1-بەردەوام بوون لەسەر گفتوگۆکردن و بڕیاردان لەسەر پرۆژە بودجەی هەرێمی کوردستان بۆ سالّی 2011 و یاساکەی.

بەخێر هاتنی بەڕێز وەزیری دارایی و ئابووری کاک شێخ بایز و، بریکاری وەزارەت کاک رەشید تاهیر دەکەین، زۆر بەخێر بێن.

داوا لە لیژنەی یاسایی و لیژنەی دارایی دەکەین بۆ سەر مینەصە بفەرموون.

لیژنەی یاسایی بۆ ماددەی 16 لە ئەصڵی پرۆژەکە کە دوێنێ دوامان خست، کە دەکاتە ماددەی 17 فەرموون بەردەوام بن.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

صیاغەی ماددەی 16 لە ئەصڵی پرۆژەکە کە ژمارەکەی بووە ماددەی 17، بەم شێوەیە بوو:

يودع في صندوق كوردستان للعائدات النفطية، المنصوص عليه في المادة الخامسة عشرة من قانون النفط و الغاز لاقليم كوردستان-العراق، رقم 22 لسنة 2007، العائدات المستحصلة من العمليات النفطية الخاصة بالحقول النفطية وفق احكام الدستور العراقي و قانون النفط و الغاز للاقليم.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان، دوێنێ زۆر موناقەشە کرا، ئێستا بەو شێکلە داڕێژرایەوە، من خۆشم شەخصی لەگەڵ وەزیر و لەگەڵ حکومەت قسەم کرد، بڕیارە کە بە زووترین وەخت، تەشکیلەکە بنێرن بۆمان بۆ ئەوەی لێرە موصادەقەی لەسەر بکەین، ئەمە بەو شێوەیە خوێندرایەوە، دوو نیزامی هەیە، عبداللە مەلا نوری و خەلیل عثمان، فەرموون.

**بەڕێز عبداللە محمد نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دوێنێ ئەو پێشنیارەی کە کردمان، لە دوو بڕگە پێك هاتبوو و، چەندین پەرلەمانتاری بەڕێزیش پشتیوانیان کرد، ئەمەی کە کاک عەونی خوێندیەوە، یەك بڕگەیانە، ئەمە جگە لەوەی کە ئێمە داوامان کرد کە پرۆسەی نەوتو وغاز، تەنها نەوت هاتووە، چونکە غاز بۆ خۆی شتێکی ترە، هیوادارم غازەکەشی بۆ ئیزافە بکرێ، بڕگەی دووەمی پێشنیارەکەش، یاخود موناقەشە بکرێ، یاخود بخوێندرێتەوە و بخرێتە دەنگدانەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ، کاک خەلیل فەرموو.

**بەڕێز خلیل عثمان حمدامین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە دوێنی هەردوولا، گفتوگۆکانی سەر ئەم ماددەیە، ژمارەیەك لە ئەندامانی پەرلەمان، داوامان کرد کە بڕگەیەکی تری بۆ زیاد بکرێ، بۆ ئەوەی کە ئێمە پارەی پترۆدۆلارمان خستووتەوە سەر بودجەی گشتی و داوامان کرد کە فەقەرەیەك زیاد بکرێ و، حکومەت ئیلزام بکرێ کە هەر پارەیەکی تر ئەگەر بودجەی تەکمیلی بێ یان موشتەقاتی نەوت بێ، لەبەر ئەوەی حەقی ئەو ناوچانە خوراوە کە نەوتیان لێ دەردێ و

به پاكيجێكی جيا بخرێتەوە، ئەو پارەيە بەشێكی بۆ ئەو ناوچانە، چونكە ئێمە پارەی پترودۆلارەكە كە مافێكی ياسايی و دەستوورية كە هيناومانەو خستوومانە سەر بودجە، بۆيە داواكارم ئەمە زياد بكرێ.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

ناسك خان فەرموو.

**بەڕێز ناسك توفيق عبدالكريم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێستا نەصەكە لە رووی ياساييەوە، باش داڕێژراوە، تەواوە و موشكيلەی نيە، بەڵام ئەم نەصە لە 2007 دا لە ياسای غاز و نەوت هەيە، يەعنی ئێمە ئەبێ يەك فەقەرە زياد بكەين بۆ ئەوەی ئيلزامی حكومەت بكەين لەكاتێكی دياريكراودا، بۆ ئەوەی سەريع ئەم صندوقە تەشكيل بكرێ، ئێستا نەصەكە لە رووی داڕشتنەوە تەواوە، چونكە رزگارمان بوو لەوەی كە ئەڵێ دامەزراوە، بەڵام ئەبێ فەقەرەيەكی تر زياد بكەين بۆ ئەوەی ئيلزامی حكومەت بكەين بۆ ئەوەی سەريع ئەم صندوقە دروست بكرێ، چونكە ئەم نەصە لە 2007ەوە هەيە و جێبەجێ نەكراوە لەناو ياساكە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك ئارام فەرموو.

**بەڕێز ايوب نعمت قادر(ئارام):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من پرسيارێكم ئاراستەی بەڕێز وەزيری سامانە سروشتيەكان كردووە، ئەو صندوقە، جوابەكەی هاتووتەوە و بە ئيمزای بەڕێز كاك د.بەرهەمە و بەم شێوەيە هاتووە، دەڵێت: صندوقی كوردستان بۆ داهاتە نەوتيەكان، ئەڵێ: ئەو كات پێويستە دابمەزرێ، يەعنی دانەمەزراوە، كە ياسای دابەشكردنی داهاتی نەوتەكان لە عيراقدا دەربچێت و، بەشی كوردستانيش بێتە ناو ئەو صندوقە، نەبوونی ئەو ياسايە يەكێكە لە كێشە گەورەكانی هەرێم و حكومەتی فيدراڵ.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

من ئەمرۆ روونم كردەوە و لەگەڵيان قسەم كردووە، لە خيلالی نزيكترين فورسەتتدا ئەبێ دابمەزرێ، ئێمە عيلاقەمان نيە، بەغدا قانون دەرئەكات، دەر ناكات، ئەمە قانونێكی هەرێمی كوردستانە، هەموو لايەكمان موقەسرين، ئێمە وەك پەرلەمان، باش بەدواداچوونمان بۆ نەكردووە و حكومەتيش موقەصيرە، دەبوو بەكارەكانيان هەڵبستێت، كاك حەمە سەعيد فەرموو.

**بەڕێز حمە سعيد حمە علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەم ماددەیە لە بودجەی پاردا، پرۆژە یاسای بودجەی پاردا کە بوو بە یاسا لە ماددەی 21 ، ئەم ماددەیە و چەند ماددەیەکی تر کە دەبوایە 9،8 ماددەیە، جێبەجێ نەکراون، حکومەت جێبەجێی نەکردووە، ئایا ئیجرائاتی پەرلەمان.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، دانیشە، من روونم کردەوە بۆت، خۆ ئێستا بەشەرە لێرە قسە ئەکات، وەعدمان لێ وەرگرتوونە کە بە زووترین کات، ئەگەر نا، ئێوەی پەرلەمان ئەبێ بەدواداچوونی بۆ بکەن، کاك عمر فەرمووو.

**بەڕێز عمر حمدامین خدر(نورەدینی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە راستیدا بەو شێوەی کە کاك عەونی خوێندییەوە، زۆر دروستە، چونکە بەڕێزان، ئەگەر صندوق دانەمەزری، تۆ چۆن داهاتی دەخەیە ناوی؟، واتا دامەزراندنەکە و خستنە ناو داهاتەکەی بەیەکەوە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز نالێت دامەزرا، ئەڵێ: المنصوص في القانون، باسی ئەکات ئەڵێ لە قانونەکە هەیە، لە حکومەت وەعدمان وەرگرتووە کە بە زووترین کات، ئەبێ دایبمەزرێنێ، لەم فەترە نزیکە، پێش ئەوەی بچینە ناو پشووە وە، ناکرێ تۆ لەناو قانون دابنێی و بڵێی قانونێکی تر جێبەجێ بکەن، کاك گۆران فەرموو.

**بەڕێز گۆران ئازاد محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لەگەڵ نەصەکە ئیشکالم نیە، بە فیعلی نەصەکە دروستە و مادام حکومەتیش خۆی ناردووە و خۆیشی پابەندە بەوەی کە کەسێك دەستنیشان بکات، بۆ ئەوەی ئێمە متمانەی پێ بدەین، بەڵام پرسیارەکەی من ئەوەیە، ئێمە لە قانونی میزانیەی ساڵی پار، قسەمان لەسەر ئەوە کردووە، کە حیسابێکی خاص دەکرێتەوە و داهاتەکانی تێ دەکرێ، ئێمە ئێستا ئەو نەصە لا ئەدەین، و اتا ئەو حیسابە چی لێ دێ؟، یەعنی لەمەولا چۆن مامەڵە لەگەڵە نەوت دەکرێ؟، یەعنی ئەو صندوقە تەئخیر بوو و دروست نەکرا؟، ئایا هەر ئەو حیسابە بەردەوام دەبێ؟.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەوجا ئێوە پەرلەمانن و بەدواداچوونی بۆ بکەن، بانگی وەزیری موختەص و سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران بکەن و بێنە ئێرە و قسەی لەسەر بکەن، لێژنەی یاسایی ئاخیر صیاغە و ئەیدەینە دەنگدانەوە، فەرموو، بە کوردی و بە عەرەبی، بەڵام غازەکەی بۆ ئیزافە بکەن.

**بەڕێز د.رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

له صندوقی کوردستان بۆ داهاتی نەوت کە لە ماددەی 15 لە یاسای نەوت و غازی هەرێمی کوردستان-عیراق، ژمارە 22ی ساڵی 2007دا هاتووە، ئەو داهاتانە دادەندرێت کە لە پرۆسەکانی نەوت و غازی تایبەت بە کێڵگەکانی نەوت بە دەست دێن و بە پێی حوکمەکانی دەستووری عیراق و یاسای نەوت و غازی هەرێم.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة السابعة عشرة:

يودع في صندوق كوردستان للعائدات النفطية، المنصوص عليه في المادة الخامسة عشرة من قانون النفط و الغاز لاقليم كوردستان-العراق، رقم 22 لسنة 2007، العائدات المستحصلة من العمليات النفطية و الغاز الخاصة بالحقول النفطية وفق احكام الدستور العراقي و قانون النفط و الغاز للاقليم.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان کێ لەگەڵدایە تکایە دەستی بەرز بکاتەوە؟، زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نیە؟، 7 کەس لەگەڵدا نیە، بە زۆرینەی دەنگ پەسند کرا، فەرموون بەردەوام بن بۆ ماددەکانی تر.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی 25 پرۆژەکە، کە ژمارەکەی بووە 26، ئەم صیاغەیەمان داڕشتووە،

المادة السادسة و العشرون:

تستقطع نسبة 10٪ من رواتب كل من رئيس الاقليم و نائبه ورئيس البرلمان و نائبه و السكرتير و اعضاء البرلمان و الوزراء و من هم بدرجتهم و من يتقاضى راتب وزير و وكلاء الوزارات و من بدرجتهم و من يتقاضى راتب وكيل وزارة و مستشارين و اصحاب الدرجات الخاصة و القضاة و اعضاء الادعاء العام.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان، دوێنێ هەمووتان ئەو ماددەیە لە پرۆژە بوو و لە پرۆژەیەکی عیراقی بوو و لە قانونی موازەنەیان، ئێمە لامان دا ، لێرە روونمان کردەوە، لێرە باسمان کرد، وتمان لەبەر ئەوەی ئێمە خۆمان پەرلەمانین، کەوادری بەهێزمان هەیە، ئەتوانن شتێکی باش دابنێن، خۆ بەدەستی نا پرۆژە یاسایەکی ئەوان، کە نەبوویتە یاسا، بەداخەوە زۆر لە هەندێك بەڕێز و لە هەندێك ئیعلام کەئەنەما پەرلەمان حازر نیە لە راتبەکانی خۆیان ببڕن، بە عەکسەوە وا نیە، وەکو دوێنێ وەعدمان دا و ئێستاش بەو شێوەیەی کە بەڕێز کاك عەونی خوێندیەوە، کێ لەگەڵدایە تکایە دەست بەرز بکات؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵ دا نیە؟ یەك کەس لەگەڵ دا نیە، بە زۆرینەی دەنگ پەسند کرا، بۆ ماددەیەکی تر بەردەوام بن، پاشان هۆی ئەو ماددە، بە کوردیش بێخوێننەوە، فەرموو.

**بەڕێز د. ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی بیست و شەشەم:

ڕێژەی (10٪) لە مووچەی هەر یەك لە سەرۆكی هەرێم و جێگرەكەی، سەرۆكی پەرلەمان و جێگرەكەی و سكرتێری و ئەندامانی پەرلەمان، وەزیران و ئەوانەی لە پلەی ئەواندان، هەر كەسێك كە مووچەی وەزیر وەردەگرێت، بریكاری وەزارەتەكان و ئەوەی مووچەی بریكاری وەزارەت وەردەگرێت، ڕاوێژكاران، خاوەن پلەكانی تایبەت و دادوەران و ئەندامانی داواكاری گشتی دەبڕدرێت.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك ئاسۆ، فەرموو.

**بەڕێز بكر كريم محمد(ئاسۆ):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەڕاستی شتێكی بە جێ یە (10٪) دەبڕێ، بەڵام ئەو (10٪)یە كە دەبردرێ لەو مووچانە بۆ چ مەجالێك صەرف دەكرێ؟ حەقە ئەو مەجالەش بەڕاستی تەحدید بكرێ بۆكێ یە؟

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك شوان، فەرموو.

**بەڕێز شڤان أحمد عبدالقادر:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لەو دەقەددا باسی سەرۆك وەزیران و جێگرەكەی نەكردووە، كە پێشتر لە پرۆژەكەدا هەبووە، باسی رەئیس وزەرا و جێگرەكەی نەكرا كە پێشتر تێیا هەبووە.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كاملی بكەن تكایە، ڕەئیس وزەرای لەگەڵە، جێگرەكەی لەگەڵە، وەزیرەكانی لەگەڵە، لە مودیر عام بەسەرەوە هەموو پلەدارێكی لەگەڵە، ئەوە وا دەیڵێن تەواو، هەر بۆ مەعلوماتیشتان ڕەئیس وزەرا یەعنی وەزیر، وەزیری ئەوەلە، فەرموو بیخوێنەوە، فەرموو گوێ بگرن كوردییەكە دەبێتە ئەصڵ.

**بەڕێز د. ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی بیست و شەشەم:

ڕێژەی (10٪) لە مووچەی هەر یەك لە سەرۆكی هەرێم و جێگرەكەی، سەرۆكی پەرلەمان و جێگرەكەی و سكرتێر و ئەندامانی پەرلەمان، سەرۆكی ئەنجومەنی وەزیران و جێگرەكەی و وەزیران و ئەوانەی لە پلەی ئەواندان، هەر كەسێك كە مووچەی وەزیر وەردەگرێت، بریكاری وەزارەتەكان و ئەوەی مووچەی بریكاری وەزارەت وەردەگرێت، ڕاوێژكاران، خاوەن پلەكانی تایبەت و دادوەران و ئەندامانی داواكاری گشتی ئەو ڕێژەیە (10٪) دەبڕدرێت.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سۆزان فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

جارێكی تریش من هەمان قسە ئەكەمەوە، ئەم بڕە پارانەی كە دەبڕدرێت، مەغزایەكی هەیە، پاش ئەوەی كە دەبڕدرێت، من پێم باشە لەم ماددەیەدا بخرێتە سندوقێكەوە، یەعنی لە سندوقی شەهیدان، لە وەزارەتی شەهیدان، ئەگەر بخرێتە سندوقی هاوكاری شەهیدانەوە، هەم سندوقەكەش دەبووژێتەوە، هەم كەس وكاری شەهیدان سوودی لێ وەردەگرن، لەبەر ئەوە داواكارم، ناردنی ئەو بڕە پارەیە بۆ شوێنێكی دیاریكراو، دەبێت لەناو ئەم ماددەیەدا هەبێت.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

ئەوە هەر خۆی بۆ ئەوێ ئەڕوات، بەلاّم ماددەكە تەسویتی لەسەر كرا، ئیعادە ناكەینەوە، دەتوانین فەقەرەیەك ئیزافە بكرێت، ئەو پارەیەی كە دەبڕدرێت لەو شوێنە، ئەچێتە سندوقی شەهیدانەوە، كاك اسماعیل فەرموو.

**بەڕێز اسماعیل محمود عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من تەنها لەسەر وەختەكەی، ئایا لە $1/1$كەوە دەبڕێت، كاتی تەنفیز كردنەكەیەوە، ئەوە دەبێت ئیقرار بكرێت، لە $1/1$ كەوەیە یان لە تەنفیزەوە.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك عونی كەرەم بكە.

**بەڕێز عونی كمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

یاسای بودجە لە $2011/1/1$ جێبەجێ دەكرێت، واتە لەو كاتەوە جێبەجێ دەكرێت.

**بەڕێز سەرۆكی پەلەمان:**

كاك شوان كەرەمكە.

**بەڕێز شڤان احمد عبدالقادر:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەبوا لە دەقەكە ئیشارەت كرابوایە، ئەو ئیستیقتاعە لە خودی مووچەی ئیسمیە، یان لەموخەسەسات و مووچە پێكەوەیە.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

ئێ ئێوە گوێ ناگرن، قسە دەكەن، وا ئەیخوێنێتەوە وازحە، تەواو، كاك جمال فەرموو.

**بەڕێز جمال طاهر ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لە قانونی عیراقی ئیعتبارەن من واحد اربعە جێبەجێ دەكرێت، قانونی عیراقی ئەگەر بخوێنینەوە، لە 4/1 وە جێبەجێ دەكرێت، ئەو ئیستیقتاعانە.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێزان بە دەستی ئێوەیە، حەز دەكەن لە پار ساڵەو جێبەجێی بكەن، فەرموو سیوەیل خان.

**بەڕێز سیوەیل عثمان احمد:**

**بەڕێز سەرۆی پەرلەمان.**

ئێمە مانعمان نیە ئەگەر لە 20٪ بگێڕنەوە، بەس ئێمە پێنج مانگە مووچەمان وەرگرتووە، ئایا دوای بەسولفە دەیگێڕنەوە لە مووچەكە، پارەكە ڕۆیشتیە، ئەگەر لە 6/1 و حیسابی بكەین هەر باشە، دەنا مانعمان نیە، حەز دەكەی لە 30٪ و، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك عمر صدیق كەرەمكە:

**بەڕێز عمر صدیق محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

هەروەكو بەڕێزان ئاماژەیان پێی كرد، ئەم یاسایە بۆ یەك ساڵ دیاریكراوە، بەڵام چۆنیەتی بڕین و ئەوانەی بە تەعلیمات چارەسەر دەكرێت، بۆ هەر یەك لەو دەسەڵاتانە، لەبەر ئەوە ئێمە بانەچینە ناو ئەو وردەكاریانە، ئەم یاسایە لە 1/1 تا 12/31 جێبەجێ دەكرێت، وردەكاریەكەی ئیش و كاری ژمێریاریە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

نیزامیە فەرموو.

**بەڕێز اسماعیل محمود عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لێرە ئەگەر مەعاش زیادە ببیتن، تەقاعدەكانیش زیاد دەبێت، ئەگەر كەم بێت، دەبێت تەقاعدەكانیش كەم بێت، هەمووی وەكو یەك بگرێتەوە هی پەرلەمان، چونكە لە عیراقیش وایە.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كاكە ئێمە عیلاقەمان بە عیراقەوە نیە، بەم شكلە نەسەكە هاتووە، ئێمە ئەوە جێبەجێ دەكەین، ئینشائەڵلا دوایی پڕۆژەیەكی كامل و موكەمەل حازر بكەن، ئەمە بۆ یەك ساڵە، پڕۆژەیەك حازر بكەن، لە بانی دیراسە بكەن، لە لیژنەكان، خوبەرا بێنن، بیكەنە شتێكی دائیمی، كاكە عیراق خۆی باوەڕی بە خۆی نیە، موزایەدە دەكەن لەسەری، هەر بۆ مەعلوماتت، ئەوان موزایەدە دەكەن، ڕاتبەكەیان چوار ئەوەندەو نیوی ئێوەیە، هەر بۆ مەعلوماتتان، ڕاتبی پەرلەمانی عیراق، چوار ئەوەندەو نیوە، هی سەرۆكی پەرلەمان،

بیست و سێ جار ئەوەندەی سەرۆکی پەرلەمانی ئێرەیە، موزایەدە دەکەن شت دەنووسن ئینجاش نایکەن، تکایە نیزامی نەما، بیخوێنەوە ئەوە دەدەینە دەنگدانەوە، ئەوەی ڕازی نیە با دەنگ نەدات، فەرموو.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة مستقلة:

تخصص المبالغ المستقطعة بموجب المادة السادسة والعشرون لمنفعة صندوق الشهداء و،يكون الاستقطاع اعتباراً من 2011/7/1

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ لەگەڵدایە تکایە دەستی بەرز بکاتەوە؟، سوپاس، کێ لەگەڵدانیە تکایە دەستی بەرز بکاتەوە؟، 3 کەس لەگەڵدانیە، سوپاس، بە زۆرینەی دەنگ پەسەند کرا، بڕۆ بۆ ماددەیەکی تر.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێش ئەوەی بچینە سەرماددەی 28 ی یاساکە، پێمان باشە چەند ماددەیەك هەیە، پێش ئەوەی دەنگ بدەین بۆ سەر ماددەی 28، ئیشارەتی پێ بدەم بخرێتە دەنگدان، ئەگەر ئەندامانی پەرلەمان قبوڵیان کرد.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو بەردەوام بن.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێزسەرۆکی پەرلەمان.**

مادة مضافة:

على حكومة اقليم كوردستان تحقيق المساوات بين رواتب ومخصصات قوات البيشمركة والاسايش والشرطة والزيرفانى والبرگرى والفرياكەوتن في الاقليم مع رواتب ومخصصات اقرانهم من افراد القوات المسلحة وقوى الامن الداخلى في الحكومة الاتحادية.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان کێ لەگەڵدایە تکایە دەستی بەرز بکاتەوە؟، زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدانیە تکایە دەستی بەرز بکاتەوە؟، بە کۆی دەنگ پەسەند کرا بۆماددەیەکی تر، فەرموو.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی زیاد کراوی تر:

على حكومة اقليم كوردستان تحقيق المساوات بين رواتب المتقاعدين في الاقليم، مع رواتب المتقاعدين في الحكومة الاتحادية، على ان لايؤدي ذلك الى انقاص رواتبهم.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێزان كێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بكاتەوە؟، سوپاس، كێ لەگەڵدانیە تكایە دەستی بەرز بكاتەوە؟، بەكۆی دەنگ پەسەند كرا، كوردیەكەیان حازر نەكردووە، چونكە ئەم بەیانیە حازریان كرد، ئەمانە موناقەشە كرا، ڕەئی ئێوەی بەڕێز بوو، لەناو تەوسیەكانتان، لەناو ماددەكان موناقەشە كرا، هەموومان دەركرد ئەم بەیانیە، ڕێكخراوە، بۆیە هەر بەو زمانە دانراوە، فەرموو بەردەوام بن.

**بەڕێز عونی كمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی زیاد كراوی تر.

على حكومة اقليم كوردستان تحقيق المساوات بين رواتب ومخصصات العاملين في الاقليم مع رواتب ومخصصات اقرانهم من العاملين في الحكومة الاتحادية، على ان لا يؤدي ذلك الى انقاص رواتب ومخصصات اي منهم.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

ئەمە مەبەستی مامۆستاكانە، مامۆستا لای ئێمە زیاتر وەردەگرن، تەلەبە شتێكی هەیە كە ئەوە كەم نەكات، نیزامیە فەرموو.

**بەڕێز كوێستان محمد عبداللە:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەو ماددەیە زۆر باشە ئەگەر دەرەجە خاصەكان نەگرێتەوە، چونكە ئەگەر ئەوە دەرەجە خاصەكان بگرێتەوە، ئەندامی پەرلەمان لە هەرێمی كوردستان یان وەزیر وەك عیراقی لێ بێ، بەڕاستی ئەوە كارەساتە، تۆ لێرە لە (10٪) لە ئێمە دەبڕیت، بڵێن پەرلەمان لەوێ زیادی بكاتەوە، ئەوە بەو دەست دەیبڕیت و بەو دەست دیدەیتەوە، من پێموایە ئەوەی بەغدا........

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

بە تەئكید پەرلەمان ناگرێتەوە، ئەوە دڵنیات دەكەین، وەزیریش ناگرێتەوە، ئەوە موەزەفەكانە، ئەوانی ترە، ئەوە ناگرێتەوە، تەواو، كاك عمر صدیق، فەرموو.

**بەڕێز عمر صدیق هەورامی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لەبەر ئەوەی بە ماددەیەكی خاص بۆ پلە تایبەتەكان هات، ئەوە ئەوان ناگرێتەوە، پلە تایبەتەكان ناگرێتەوە، بەس تەنها ئەوانەی كە فەرمانبەر و ئیش دەكەن لە دەوائیری حكومەت، ئەوان دەگرێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو بە كوردی بیخوێننەوە با وازیح بێ.

**بەڕێز د.ڕۆژان عبالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەڕێزان دەقە عەرەبیەكەم لەبەر دەستە، هەوڵ دەدەم بیكەم بە كوردی تاكو زیاتر ڕوون و ئاشكرا بێ،

ماددەیەكی سەربەخۆ:

پێویستە لەسەر هەرێمی كوردستان یەكسانی بەدی بهێنێ لە نێوان مووچە و دەرماڵەی كارمەنـدانی هـەرێم لەگەڵ مووچە و دەرماڵەی هاوتاكانیان لە حكومـەتی ئیتیحـادی بـە مـەرجێك نەبێتـە هـۆی كەمكردنـەوەی مووچە و دەرماڵەی هیچ كامیان.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

ئەوە موەزەفەكانە، پەرلەمان ناگرێتەوە، سەرۆكایەتیەكان ناگرێتەوە، وەزیریش ناگرێتەوە، موەزەفەكانە بۆ ئاگاداری، ئاشتی خان، فەرموو.

**بەڕێز ئاشتی عزیز صالح:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من تێبینی یەكم هەیە ئەگەر لە نێوانی ئەو فەرمانبەرانـەدا توێـژەری كۆمەڵایـەتی حاڵـەتێكی تایبەتـە لـە بەغدا هیچ دەرماڵەیەكیان نیە، بۆیە ئەو مولاحەزەیە، توێژەری كۆمەڵایەتی ناگرێتەوە.......

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

ئاشتی خان ڕوونمان كردەوە، لە ناو قانونەكەش دا هەیە، دەڵێ/ بەشەرتێك كـە لـە راتـبی هـیچ مـوەزەفێكی هەرێم كەم نەبێ، مەسەلەن مامۆستا لێرە دەرماڵەی هەیە، لەوێ نیانـە، ئـەو دەرماڵەیـەی خـۆی دەمێنێـت، كەم ناكرێتەوە، كاك رفیق صابر، فەرموو.

**بەڕێز ئاشتی عزیز صالح:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ببـوورە جـەنابی سـەرۆك، ئەگـەر ڕێگـام پـێ بـدەی، مەبەسـتم لەوەیـە توێـژەری كۆمەڵایـەتی لێـرە داوامـان كردووە كە دەرماڵەی هەبێ، بەڵام لە ئەساس دا لە بەغدا ئەوان دەرماڵەیان هەر نی یە، كەواتـە دەبـێ لێـرە بۆیان زیاد بێ.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك رفیق صابر، فەرموو.

**بەڕێز د.رفیق صابر قادر:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئـەو دەقـە یاسـایی یـە بـە شـێوەیەكی موتلـەق هـاتووە، فەرمانبـەر بـە پێـی قـانونی خزمـەتی عیراقـی پلـە خاصصەكانیش فەرمانبەرن، بەو شێوەیە دەرفەتی ئەوە دەهێڵرێتەوە بە جۆرێكی تر تەفسیر بكرێت و پلـە

تایبەتـەکانیش بگرێتـەوە، بـۆ ئـەوەی بـەو موتلەقییـەوە نەمێنێتـەوە تێکستـەکە، مـەجالی تەفسـیر کردنـی موتلەقانە نەدات، من پێشنیار دەکەم، ئیشارەت بەو ڕستەیە......

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سـوپاس، بـەس ڕوونمـان کـردەوە، نایگرێتـەوە، لـە مـودیر عـام بەسـەرەوە ناگرێتـەوە، جـەنابی وەزیـر، فەرموو.

**بەڕێز شێخ بایز تاڵەبانی/ وەزیری دارایی و ئابووری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە پێی قانونی خدمەی مەدەنی نە وەزیر و نە ئەندامی پەرلەمان موەزەف نین.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاک برهان فەرموو.

**بەڕێز برهان رشید حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە بەغدا کارمەندانی ئیداری تەندروستی موخەصەصاتیان نیە، لێرەش نیانـە، بـەڵام مەعاشـەکەیان ئێسـتا من خەڵك دەناسم (11) ساڵە موەزەفـە (470) هـەزار وەردەگـرێ، بەڕاسـتی موخەصەصـاتی (خطـورة) لـە (50٪) هەیە بۆ کارمەندانی تەندروستی، بۆ کارمەندە ئیدارییەکان نیە لێـرە، لـە کاتێـك دا یـەکێك ئەگـەر (خطورة)یەکی هەبێ نەخۆشێ، پێش ئەوەی بچێتە لای کارمەندە تەندروستی یەکە دەچێتە لای کارمەنـدە ئیدارییەکـە، بۆیـە حەقـە ئـەو ماددەیـە ئیستیسـنایەکی تیـابێ، جێـی بکرێتـەوە بـۆ کارمەنـدانی ئیـداری تەندروستیش، سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سۆزان خان، فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە زۆر لـە داواکارییـەکانمان و زۆر لـە چـین وتوێـژەکان پێیـان وایـە لـە عـیراق باشـترە، هەرچـەندە ئێمـە دەزانین لە ناو هەرێمی کوردستان مووچە و موخەصەصاتی هاووڵاتیان و موەزەف، یـەعنی بڵـێین مـوەزەف، زۆر زۆر زیاترە لەوەی عیراق، بۆیە لەبەر ئەوەی ئەو گومانە نەمێنێ، لە دڵی موەزەفینی دەوڵـەتی هـەرێمی کوردسـتان، کـەوا فـەرقیان هەیـە لـە مووچـەدا ئـەو نەصـە زۆر باشـە، (مـع إضـافة) ئیزافـەی ئـەوە بکـرێ، (یستثنى من ذلك المدراء العامون)، یەعنی نە مودیر عامەکان بگرێتـەوە، نـە موستەشـارەکان بگرێتـەوە، نـە وەزیر، نە ئەندام پەرلەمان جارێکی تریش دەیڵێمەوە، بۆ ئەوەی گومان نەکرێت، یـەعنی هـەموو گومانێـك بسڕێتەوە، چونکە ئێمە ئێستا لە (10٪)مان کەم کردەوە، لێرەوە ئەم نەسـەمان دانـاوە، گومـان بـا نـەمێنێ،

مەسـەلەی موخەصەصـاتیش ئەگـەر هـاتو حکومـەتی هـەرێمی کوردسـتان لێـرەوە داوایـان لـێ دەکـەین، لـە وەزیری بەڕێز ئەو چین و توێژانەی کە بەڕاستی موخەصەصاتیان نییە، ئێمە دەمانـەوێ وەزعـی مەعیشـی باش بێت، بەڵکو هەوڵمان بۆ بدەن لەوانە توێژەری کۆمەڵایەتی، کارمەندانی ئیداری، تەندروستی و ئـەوانی تریش.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر قسەت هەبوو؟ بەڕێز د.سەروەر، فەرموو.

**بەڕێز د.سەروەر عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە ئەوە ماددەیەکی زۆر باشە، بەڵام ئەوە یاسایە بۆیە نـاکرێ بـە مـەتاتی بمێنێتـەوە، بـە پێـی ئـەوە کـە دەڵێ/ (جمیع العاملین)، ئێمە هەمووومان دەگرێتەوە، بۆ ئەوەی بەدحاڵی بوونێك نەبێ، من پێشنیاری ئەوە دەکەم، پشتگیری لە ڕاکەی د.رەفیق سابیریش دەکەم، کەوا یەك بڕگەی بۆ زیاد بکرێ، بەوەی کەوا ئەوانـەی لـە مـاددەی (26)دا هـاتوون، ئەوانـە نەگرێتـەوە، لـە مـاددەی (26) ئەوانـەی کـە لێمـان بڕیـون، سوپاسـتان دەکەم.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ناسك توفیق، فەرموو.

**بەڕێز ناسك توفیق عبدالکریم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لەگەڵ ئەو خاڵەدام کە سۆزان خان باسی کرد، بۆ ئەوەی ئەو ناهاوسەنگی یە دروست نەبێ، ئەگەر بێـت و مودیر عاممەکان وەکو بەغـدای لـێ بکـرێ، بـەرزتر بـێ، ئـەو کاتـە بـەرزتر دەبـن لـە وەزیرەکـان، لـەوەدا ناهاوسەنگی دروست دەبێ، ئەوە خاڵێك، لەبـەر ئـەوە پشـتگیری ڕاکـەی کـاك دکتـۆر دەکـەم، بـەڵام بەڕاسـتی توێژەرە کۆمەڵایەتی یەکان لە بەغدا وەکو مامۆستا وان، ئەوان لەوێ موخەصەصـاتیان نیـە، لێـرەش نیانـە، ئـەوانیش و مـەوزووعی یاساناسـان، ئەگـەر ئـەوە بـووە ماددەیـەکی موسـتەقیل، بۆیـان بکـەین، کارمەنـدی تەندروستی لەگەڵ توێژەرەکان، لەگەڵ فەرمانبەرە دادییەکان،.....

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ژیان عمر، فەرموو.

**بەڕێز ژیان عمر شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

کە جەنابی وەزیر یان جەنابتان دەڵێن دەرماڵە یەکسان بکرێ، بە نیسبەت سەندیکای ژمێریاران و ئابووری ناسان کە لە بەغدا دەرماڵەیان نیە ژمێریاران، لێرە ئەگەر ئێمە یەکسانیان بکەین، ئەوە شەش هەزار کەسە

ژمارەیان، دوو مانگە مانیان گرتووە ژمێریاران، چەندین کۆمپانیا ئیشی ڕاوەستاوە، لەبەر ئەوە من داوا دەکەم ئەگەر بە شێوەیەکی جیا شتێکیان بۆ بکرێ، زۆر سوپاست دەکەم.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەداخەوە دیارە حازریەکی باشتان نیە وەکو ئەندامانی پەرلەمان لە لیجانەکان، ئەو مەوزووعەتان باش دیراسە نەکردووە، بەسەر پێ پیش ئەم شەریحە و ئەو شەریحە ئیزافە ناکرێ، هەر کەسێ شەریحەیەك بێنێ، هیچ حیساباتت نەکردووە، نازانی چەند تەکلیف دەکات، چی دەوێ، نابێ. کاك ڕێباز، فەرموو، پاشان کاك دڵشاد.

**بەڕێز ڕێباز فتاح محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لێژنەی پەروەردە، لێژنەی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی، لێژنەی یاسا پشتیوانی داواکارییەکانی توێژەرانی کۆمەڵایەتی کردووە، هەر بۆ مەعلومات.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەوە حیساباتە، نەفەقاتە، تۆ میزانیەت هەیە، ناتوانی نەفەقات لە خۆتەوە ئیزافە بکەیت بە خاریج تاقەتی خۆت، بۆیە من تکام لە ئێوەی بەڕێز هەیە، دیراسەتێکی باش بۆ ئەو بابەتانەی کە فکر دەکەن پێویستە شتێکی حازر هەبێ کە بە شێوەیەکی ڕێك و پێك بێ، کاك دڵشاد، فەرموو.

**بەڕێز دڵشاد شهاب حاجی محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێموایە زیادکردنی ئەو ماددانە لە نەتیجەی موناقەشەیەکی دوور و درێژی نزیکەی بیست ڕۆژی ئەو هەموو دانیشتنانەیە، لێژنەی قانونی تەکلیف کرایە هەر ڕۆژێ بێجگە لە مەوعیدەکەی دوو سەعاتی تریش تەئخیری دەکەین بۆ ئەوەی صیاغەیەکی بۆ بدۆزنەوە، بە دیتنی من ئێستا کاتی باسکردنی، دابەشکردنی موخەصەصات نیە، ئەوەلەن موخەصەصات لە یاسادا پەرلەمان تەشریع بوو، دانانی موخەصەصاتی فیئە، فیئە، شەریحە دەرناکات، ئەوە مەسئەلەیەکە بە موتلەقی هاتووە کەوا موخەصەصات و ئەوەکان هاوتا بکرێن، بۆیە دەکرێت ئەگەر هەندێك حالاتی وا هەن، لە تەوصیات دا جێگایەکی بۆ بکرێتەوە، تەوصیەی حکومەت بکرێت کەوا لە ئایندە دیراسەیەکی ئەو حالەتانەی کە پەرلەمان پێی وایە مەغدوورن، دیراسەی حالەتەکەیان بکرێت، هەر ئەوەندە دەکرێت.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، لێژنەی یاسایی ئاخیر صیاغە بخوێننەوە، لێی دەرباز دەبین، فەرموون.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة الحادية و الثلاثون:

على حكومة إقليم كوردستان تحقيق المساواة بين رواتب و مخصصات العاملين في الإقليم مع رواتب و مخصصات أقرانهم من العاملين في الحكومة الإتحادية على أن لايؤدي ذلك إلى إنقاص رواتب و مخصصات أي منهم و يستثنى من ذلك المدراء العامون و المشمولين بأحكام المادة السادسة و العشرين من هذا القانون.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە کێ لەگەڵە دەستی بەرز بکات؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵ دا نیە؟ یەك کەس لەگەڵ دا نیە، بە زۆرینەی دەنگ پەسند کرا، زۆر سوپاس، بۆ ماددەیەکی تر.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی زیاد کراوی تر بەو شێوەیەیە،

(على وزارة التخطيط تقديم تقرير كل أربعة أشهر إلى البرلمان حول نسب تنفيذ المشاريع)

**بەڕێز د.رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێویستە لەسەر وەزارەتی پلان هەر چوار مانگ جارێك ڕاپۆرت پێشکەش بە پەرلەمان بکات سەبارەت بە ڕێژەی جێبەجێ کردنی پرۆژەکان.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان کێ لەگەڵ دایە تکایە دەست بەرز بکات؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵ دا نیە؟ بەکۆی دەنگ پەسند کرا، فەرموو بۆ ماددەیەکی تر.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی زیادکراوی تر:

(في حالة عدم صرف الإعتمادات المخصصة للمشاريع الإستثمارية في نهاية السنة المالية يودع المتبقى منها في صندوق خاص بإسم صندوق تنفيذ المشاريع المستمرة)

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر قسەی هەیە، فەرموو.

**بەڕێز شێخ بایز تاڵەبانی/ وەزیری دارایی و ئابووری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەم ماددەیە من پێموایە زیکر نەکرێ باشە، چونکە ئەو سندووقە ئەسڵەن لە هیچ شوێنێ ئەو سندووقە نیە، ئەگەر بێت و پارەکە لە سندووقێك ئیداع بکرێت یەعنی پارەکە بگەڕێنینەوە بۆ بەغدا، لە پارەکە،

دەمێنێتەوە ئەوەی کەوا لێرە جارێکی تریش من بەیانی ئەوە دەکەم، تۆ لەسەری ساڵ دا ئەگەر تووشی عەجز بوویت، ئەو پارەیەی کە ئەو عەجزەی پێ دادەپۆشی، خۆ تۆ دوای سەری ساڵ ناتوانی ئەو پارەیە نەدەیتەوە، جارێکی تر پارەکەت دادەنێیتەوە، بەڵام عەجزەکە بۆ ئەو چەند ڕۆژە، تۆ عەجزەکەی بۆ (12/31) پێ قەپات دەکەی یەعنی.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

وەڵلا پارەت هەبێ دەبێ دیار بێ لە کوێ یە؟ ئەوە چەندە؟ ئیتر ناکرێ پارە هەبێ و باسی نەکەی، کاك دڵشاد، فەرموو.

**بەڕێز دڵشاد شهاب حاجی محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو ماددەیە تەبیعی موناقەشەیەکی زۆری لەسەر کرا، هەڵگیرا، تەئیدێکی زۆریشی من باوەڕ دەکەم ڕەنگە بە عەرزەکە و بە تەئیدەکەوە هەتا (15) زیاتر (20) ئەندامی پەرلەمان تەئکید و تەئیداتی لەسەر کرابێ، مەبەست ئەوە نیە، یەك: ئەو پارە تەدویر نیە، مەبەستم مودەوەر نیە، تەخصیصە، بۆ مەشاریعە، حیفازە لەسەری، بۆ ئەوەی کەوا زەمانەتی بەردەوام بوونی پرۆژە بەردەوامەکان هەبێت، بۆ ئەوەی کەوا پارەی ئیستیسماری نەچێتە سەر نەفەقاتی تەشغیلی، مەعلومە هەموو تەجاوزەکان، یاخود هەموو ئەو عیجزەی کە دروست دەبێ، لە نەفەقاتی تەشغیلی دروست دەبێ، نەك لە نەفەقاتی ئیستیسماری، چونکە نەفەقاتی ئیستیسماری پارەی خۆی ماوە صەرف نەکردووە، واتا لە نیهایەتی ساڵ تیکراری دەکەمەوە ، ئێمە نامانەوێ بە خەڵکی بڵێین ڕێژەی ئێمە (65) بە (35)ە هی ئیستیسماری بۆ تەشغیلی، یان تەشغیلی بۆ ئیستیسماری، لە واقعیش دا (85) بە (15) بێ، ئەوەش بەوە تەحقیق دەبێ کەوا ئەو پارەیە، ئینجا ئەوەی کەوا مەوزووعی سیوولە، ئێمە نەمانوتووە ئەو پارەیە لە ناو سندووقێك دابندرێت و قوفل بکرێت و کەس بۆی نەبێ دەستکاری بکات، یاخود با بڵێین وەکو نەقد، وەکو وەرەقەی نەقدی بەکاری بێنین، مەوزووع ئەوەیە لە نیهایەتی ساڵ بزاندرێت لە نەفەقاتی ئیستیسماری چەندی خەرج بووە، چەندیشی ماوەتەوە، بۆ ئەوەی زەمانەتی بەردەوامی پرۆژەکان هەبێ لە ساڵی ئاییندە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەس سندووق هەبێ بە قانون دایبنێین، نەك ئەگەر بڵێی حیسابێکی خاص، بەڵێ.

**بەڕێز دڵشاد شهاب حاجی محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بۆ تەئکیدیش بوو ئەوە، کە ئەم مەسئەلەیە ئیشکال دروست ناکات، ئێمە نموونەی تواناسازیمان لە پێشە، پارساڵ پارەی تواناسازی نزیکەی سەد ملیۆن دۆلار بوو، (35) ملیۆنی صەرف بوو، (65)یشی هەڵگیرا بۆ ئەمساڵە، نەچووە بۆ بەغدا و نە کەمیش کرایەوە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز عمر صدیق، فەرموو.

**بەڕێز عمر صدیق محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئاشکرایە لای هەمووان کە بەشی هەرێمی کوردستان مانگانە لە بەغداوە دێت، لە بەنکی مەرکەزییەوە، بە چەند دەفعەیەك بۆ هەر مانگێك دێت، واتا ئەو پارەیە ڕاستەوخۆ لێرە نیە، بۆیە من پێشنیار دەکەم لە بری ئەوەی کە صیغەکە ئەوها بێت بەو شێوەی لێ بێت، ئەویش بۆ؟ لەبەر ئەوەی وەکو بەڕێز وەزیری دارایی وتی، ئێمە تووشی ئەو ئیشکالە نەبین، کە تەدویر دێتەوە بۆ بەغدا، بەم شێوەی لێ بێت "یودع جميع المبالغ للمشاريع الإستثمارية في حساب خاص" نەك (في صندوق)، "و يتم الصرف منه لغاية (2012/6/30)"، ئەوەش بە مەبەستی چی؟ بە مەبەستی ئەوەی یەك ساڵ فەراهەم بکەین بۆ ئەو پرۆژە ئیستیسمارییانەی کە لە کوردستان دا هەیە، مەبەستمان لەوە چی یە؟ ئێمە ئەو قانونە ڕاستە بۆ ساڵێکە، بۆ ساڵی (2011)یە، بەڵام ئەگەر ئەو مادده لێرە جێگیر بکەین بەم شێوەیە، ئێمە لە بری شەش مانگ ساڵێك بۆ مەشاریعە ئیستیسمارییەکان دەستەبەر دەکەین، ئەو پارەی کە مانگانە دەچێتە سەر ئەو حیسابە صەرف نابێت ئیللا بۆ مەشاریعی ئیستیسماری، بەم شێوەیە نە پارەکە دەڕواتە ناو صندووق، نە باسی تەدویریش دەکەین، ئێمە مەبەستمانە ئەو پارەیەی کە دێت ئیداع دەکرێ لە کوردستان بۆ مەشاریعی ئیستیسماری، کورتهێنانی پێ پڕ نەکرێتەوە، کاتێکی زیاتر کە یەك ساڵە فەراهەمی بکەین بۆ ئەوەی حکومەتی کوردستان بتوانێ یەك ساڵی لەبەر دەست بێ بۆ تەتبیق کردنی مەشاریعەکانی خۆی، بەو شێوەیە تەصەور دەکەم ئێمە لەو کێشە مالیە نەجاتمان بێت لە مابەینی ئیقلیمی کوردستان و حکومەتی فیدراڵی، نموونەشمان هەیە، پارساڵ ئێمە حیسابێکی خاصمان دانا بۆ ئەو داهاتانەی کە حکومەتی کوردستان دەیبێت لە نەتیجەی فرۆشتنی نەوتی ڕەش، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز سەرهەنگ، فەرموو.

**بەڕێز سەرهەنگ فرج محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە لە ماددەی پێشووتر قەرارمان لەوە دا کە بە هیچ شێوەیەك لە میزانیەی تەشغیلی، لە میزانیەی ئیستیسماری نەبڕێ بۆ میزانیەی تەشغیلی، ئەوە قەرارمان دا، ئینجا مەوزووعێکی تر هەیە بەڕاستی، نابێ عیجزی پێ پڕبکرێتەوە، لە میزانیەی ئیستیسماری نابێ عیجز پڕکرێتەوە، ئەوە لەلایەك، لەلایەکی تریش لەم ڕۆژانەی پێشوو بەڕێز وەزیری دارایی لە ناو ئەم پەرلەمانە باسی ئەوەی کرد، موناقەشە کرا لەسەر مەسەلەی پارە، وتی ئێوە قەراری لێ بدەن، ئێمە ئەنواع و ئەشکال حیساباتمان هەیە، با ئەوەش بچێتە ناو یەکێ لەو ئەنواع و ئەشکال حیساباتانەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر، فەرموو.

**بەڕێز شێخ بایز تاڵەبانی/ وەزیری دارایی و ئابووری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**دیارە ئەو قسەی منە زۆر بە نەوعێك تەئویل دەکرێت، باس دەکرێت، مـن دەمـەوێ باسـی ئـەو مەوزووعـە بکەم، بەڵێ کە من دەڵێمەوە حیسابات، من وتوومە بـۆ ئـەوەی کـەوا ئـەو پارەیـە نەگەڕێتـەوە، بـە ئـەمانات وەربگیرێت، ئێستا ئێمە مەوزووعەکەمان ئـەوە نـی یـە کـەوا دێـین ئـەو پارەیـە بخەینـە سـەر تەشـغیلی لـە ئیستیسمارییەوە، ئەوە ناکرێ، ئێمە ئیلزام کراین، بەڵام لە نیهایەتی سەری ساڵ دا، ئێمـە کـە تووشـی ئـەوە دەبێن، بەو عەمەلییەتە نەقدییەی ئێمە تەنها دەتوانین ئەو عیجزە بپۆشـین، ئـەوە مـەعنای ئـەوە نیـە لـە (1/1) ساڵی داهاتوودا ئێمە پارەی ئیستیسماریمان خـواردووە، بـەڵکو خـۆی (تسقط بإنتهاء السنة المالية و تخصص ببدء السنة المالية).**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز کوێستان محمد، فەرموو.

**بەڕێز کوێستان محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**من لەگەڵ دەقی ئەو ماددەیەم کە لیژنەی یاسایی نووسـیویەتی، دەستخۆشـییان لـێ دەکـەم، چـونکە یـەکێك لەو کێشانەی کە لەم پەرلەمانەدا زۆربەی ئەندامانی پەرلـەمان قسـەیان لەسـەر کـرد، پـارەی ئـەو (1275) پرۆژەیە بوو کە پار ساڵ نەچـووەتە بـواری جێبـەجێ کردنـەوە، بەداخـەوە لای زۆرێکمـان گومـانی دروسـت کردبوو، ئێستاش من تەئیدی هەموو قسەکانی کاك دڵشاد دەکەم، ئێمە سندووقی نیشتەجێ بوونمان هەیـە، پارەی گەڕاوەی پەرەپێدانی مرۆییمان هەیە، بۆ ئەوانە ناگەڕێتەوە؟ بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە؟ بۆ ئـەوەی ئێمـە ساڵی پـار بـە پێـی ڕاپـۆرتی لیژنـەی دارایـی و لیژنـەی یاسـایی لـە (35٪)ی وەبـەرهێنان چـووەتە بـواری جێبەجێ کردنەوە، بۆیە من پشتگیری ئەوە دەکەم، ئەوە حاڵەتێکی زۆر باشە بۆ ئەوەی ئەو پارەیە تـەنها و تەنها بۆ ئیستیسمار بێ، بۆ ئەو پرۆژانە بێ کە لە سـاڵی 2011 وەکو ئەوانـەی 2010 نەچوونەتە بـواری جێبەجێ کردنەوە، ئەوانەی کە ناچێتە بواری جێبەجێ کردنەوە پارەکەیان بۆ هەمان پرۆژە بێ، سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز د.ئاراس، فەرموو.

**بەڕێز د. ئاراس حسین محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**ئـەوە ڕای شەخسـی خۆمـە، لـە پـاریش کـە میزانیـەمان پەسـند کـرد و بـۆ ئەمسـاڵیش، لەگـەڵ ئەندامـە بەڕێزەکان چەندین موناقەشەمان کردووە، ئەگەر ماددەیەکی وا، بە پێی بۆچوونی مـن لەوانەیـە هەڵـە بم، ئەگەر ماددەیەکی وا بێنین، دەرجی بکەین لە یاسای موازەنە، هەڵەیەکی گەورە بەرامبـەر خۆمـان دەکـەین،**

چونكە پارەى ئێمە لەسەر صەرفى فيعلى دێت، لە ڕێگاى ئەو موازەنە شەهرييەى كە تەصفياتى شەهرى تيايە و دەڕوات بۆ بەغدا، لە ($12/31$) كە پارەيەك مايەوە، دەبىَ ئێمە ئيخبارى بەغدا بكەين كە ئەو پارەيە ماوەتەوە و بە قەدەر ئەو پارەيە لە داهاتوودا لێت دەشكێنىَ، لەبەر ئەوە هەموو بەڕێزان ڕەزامەند بن لەسەر ئەوە، من وەكو خۆم وەزيريش ڕازى بىَ، دەنگ نادەم بۆ ئەو ماددەيە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكى پەرلەمان:**

بەڕێز سالم تۆما، فەرموو.

**بەڕێز سالم تۆما كاكۆ:**

**بەڕێز سەرۆكى پەرلەمان.**

جەنابى وەزيرى دارايى ئيشارەتى پێيدا كە بە كۆتايى ساڵ هەموو ئيعتماداتى ميزانيە تەواو دەبێت و سقوت دەكات، ڕاست دەكات، ئەوە قانونى محاسەبەيەو قانونى موازەنەيە، ئێمە كێشەيەكمان هاتە پێش لەبەرئەوەى موازەنە هەموو ساڵێك لەمانگى 5 و 6و 7 دا دەكەوێتە تەنفيزەوە، كێشەى جىَ بەجىَ كردنى پرۆژەكانمان هەيە ولەبەر كورتى ماوە، لێرە دوو شتمان هەيە، يەكەم/ ئێمە باوەڕمان بە وەزارەتەكانە ودەبىَ دەسەڵاتدار بن و پرۆژەكانيان جىَ بەجىَ بكەن وەكو تەخەسوسى خۆيان ياخود وەزارەتى دارايى بەشێكە لە جىَ بەجىَ كەرى ئەو پرۆژانە، بە قەناعەتى من ئەگەر هەر وەزارەتێك پرۆژەكانى خۆى جىَ بەجىَ بكا و بە پێى ياساى خۆى و بە پێى نيزامى داخلى خۆى كە بەشێكە لە تەقيمى، ئەو وەختە دەتوانين تەقيمى تەواوى وەزارەتەكە بكەين، كە بەشێكمان بەستووەتەوە بە وەزارەتى دارايى لەسەرف كردنى حسابى نهائى و تەسوياتى پرۆژەكە، وەزارەتيش لێى بەرپرسيار نابىَ بۆ تەقيم، دواكەوتنيش لە جىَ بەجىَ كردنى پرۆژەكانمان دەبىَ، ئەگەر خۆى ميزانيە لە مانگى 7 ەوە بچێتە حەيزى تەنفيزە، لە مانگى 11 ەوە تەقريبەن دەبىَ بوەستىَ و حساباتى خۆى دابخات، كەواتە وەزارەت هيچى لەپێش نيە، بۆيە لە ماددەى 6 كە موناقەشەمان كرد (صرف اعتمادات الحسابات الرئيسية بضمنها نفقات المشاريع) بە قەناعەتى من دەبىَ بدرێتە وەزارەتەكان، وەزارەت دوو شتى هەيە جىَ بەجىَ ى بكات لەسەر ئەو بنەمايە، يەكێكيان/ (شروط عمل المقاولات الهندسية بأسمها الاول والثانى) ئەوە وەزارەتى تەختيتى بەغدا، دووەم/ ڕێنماييەكانى جىَ بەجىَ كردنى گرێبەستە حكوميەكان كە لە وەزارەتى پلاندانانى خۆمان مانگى 1 دەرچووە، خيلالى 90 ڕۆژ دەبىَ كارى پىَ بكەن، ئەگەر بەو دوو ياسايە كاربكەين بە قەناعەتى من ئێمە كێشەمان نابێت، چونكە دەتوانين هەر پرۆژەيەك كە ڕەزامەنديمان لەسەرى دا و وەزارەتى دارايى پارەكەى بۆ تەرخان كرد حسابێكى خاسى بۆ بكاتەوە، ئەو وەختە تا $12/31$ دەستى وەزارەتەكە كراوە دەبىَ و ئەتوانىَ ئيستفادە لە فەترەى تەسوياتى ختاميش وەربگرىَ تا $3/31$ بۆ تەسويەى سلفەكانى و زياتر ماوەى دەبێت بۆ جىَ بەجىَ كردنى پرۆژەكان، زياتر دەسەڵاتى وەزيريش ديار دەبىَ و زياتر دەتوانىَ تەقيمى وەزارەتەكانيش بكات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكى پەرلەمان:**

کاك اسماعیل فەرمووو.

**بەڕێز اسماعیل گەلالی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە حەقیقەت دا ئێمە هەڵەیەك هەیەو وا تێی گەیشتوون، ئێمە عێراق 17٪ مان دەداتێ و ئیتر کەیفی خۆمانە چۆن سەرفی دەکەین، وانیە، د.ئاراس ئیشارەتی پێدا و جەنابی وەزیریش باسی مەوزوعێکی کرد لە حەقیقەت دا پێموایە پەیامەکە نەگەیشت، ئێمە هەر ئەوەنیە کە ئەو تەخسیسە بۆ ئێمە دەکرێ و ئیتر ئێمە چۆنی سەرف دەکەین، وانیە، ئێمە ساڵی 2007 و 2008 لە عیراقدا کە کێشەی ئەمنی هەبوو لە تەنمیەی ئەقالیم و محافەزات، ئەو محافەزاتانەی کێشەی ئەمنیان هەبوو نەیانتوانی ئەوتەخسیساتە سەرف بکەن، دواجار گەڕایەوە بۆ مەرکەز، یەعنی هەتا بە نیسبە و تەناسوب وەریانگری کە کوردستان وەزعی ئەمنی باش بوو و سەرفی کرد، دوایی بە مەقەسە ئەوەشیان لە ئێمە بڕی، یەعنی هەتا کێشەشیان بۆ دروست کردین، لەبەرئەوە ئەوەی جەنابی وەزیر باسی دەکات زۆر ڕاستە، بەڵام ئێمە بۆ ئەوەی خۆمان رزگار بکەین، لەو کێشەیە، من پێشنیار دەکەم کە ئەو تەخسیساتەی کە ئەدرێ بۆ هەر وەزارەتێك، هەر وەزارەتێك خۆی دەتوانێ رەقەم حسابێ بکاتەوە لە بانکێك، یەعنی ئەگەر تۆ تەماشا بکەی لە نیهایەتی ساڵدا ترلیۆنێك دینار ماوەتەوەو دەگاتە مەبلەغێکی زۆر زۆر، بەڵام کە تەوزیعی دەکەی بەسەر بیست وەزارەت دا هەریەکەی نسبەتێکی کەمی بەردەکەوێ، لەبەرئەوە بۆ ئەوەی وەزارەتەکانیش دەستیان بکرێتەوە لەو گرێ ئیداریەش رزگارمان بێت، من پێشنیار دەکەم کاك سالمیش ئیشارەتی بەوە دا، هەر وەزارەتێك ڕاستەوخۆ حسابێکی بانکی خۆی هەبێ دواجار ئەو پارەیە بچێتە ژێر تەسەروفی ئەو وەزارەتەوە خۆی تەسەروفی پێ بکاو زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك کاردۆ فەرمووو.

**بەڕێز کاردۆ محمد پیرداود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە کاتێ ئەو پارەیە تەخسیس دەکەین بۆ بواری وەبەرهێنان، ئەگەر وەکو بەڕێز وەزیری دارایی دەڵێ ئەگەر عجزی پێ پڕبکەینەوە کەواتە ئەو بۆچوونەی کاك دڵشاد زۆر زۆر ڕاستە، ئێمە نسبەتی تەشغیلی سەر دەخەین، یەعنی هەڵکشانەکە زۆر زۆر زیاتر دەبێت کەواتە ئیستسمارەکە ئەو 30٪ یە نابێ، بەڵکو 15٪ دەبێ، ئەمە خاڵێك، باشە ئەگەر ئەم تەنفیزە 100٪ بێت، ئەم پارە خەرج دەکرێت، تۆ چۆن ئیعتمادی عجز لەسەر ئەوە دادەنێی، ئەگەر 100٪، من پرسیارێکم لەبەڕێز وەزیری دارایی کرد، سەبارەت بەوەی کە پار لەو پرۆژانەی کە تەخسیسی بۆ کراوە و جێ بەجێ نەکراوە پرۆژەیەکی زۆر بوو ، (شەش سەد و شەست ملیار) بوو، باشە ئەم پارەیە ئێستا لە کوێیە؟ ئەمە پرسیارە، لەبەرئەوە ئەم دەقە زۆر

دەقێکی پێویستە و دیاری کردنە و ئەمە لە یەکێك لە کێشەکانی ئیستسمار رزگارمان دەکات و ئەو نسبەتە کەمەشە کە هاوسەنگ نیە لەگەڵ تەشغیلیەکە ڕادەگرێ و سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك د.ئاراس فەرموو.

**بەڕێز د.ئاراس حسین محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەگەر هەڵەم بەڕێز وەزیری دارایی ڕاستم بکاتەوە، ئەو پارەیەی کە بۆمان یەت، بەیەکجار بۆمان نایەت، تا بڵێین ئەمە هەموو پارەکەیە و ئەو ساڵە بۆ وەزارەتی فلانە، ئەو پارەیە ئەوەندی من زانیاریم هەبێ لەدەرئەنجامی ئەو ڕاپۆرتانەی لە وەزارەتی داراییەوە بۆمان دێت، بە 30 جار بۆ 40 جار بۆمان دێت، واتە تۆ پارەیەکت موسەبەقەن لەبەردەست دانیە تاکو داینێی و لەماوەی ساڵێك دا وەزارەتێك لەو وەزارەتانە سەرفی لەسەر بکەن، لەبەرئەوەجارێکی دیکە تیکراری دەکەمەوە، ماددەیەکی ئاوا ڕێگر دەبێ لەبەرامبەر تەنفیزی بەرامجی حکومەت و هەڵەیەکی گەورەیە بەرامبەر خۆمان و حکومەت و خەڵکی دەیکەین و سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك د.حسن فەرموو.

**بەڕێز حسن محمد سورە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە هەروەکو پێشتریش باسمان کرد، مەبەست لە تەدویری ئەم پارەیە بۆ ساڵی ئاییندە بۆ ئەوەیە کە چیتر تەراکوماتی مەشاریعی ئیسستماری لەسەر حکومەتی هەرێم نەمێنێ، چونکە ئەو جەداولانەی کە ئێستا لەگەڵ ئەم قانونانە دەڕوا هەمووی جوزئێکن لە قانونەکە، واتە ئێستا 5 ترلیۆن ئێمە پارەی ئیستسماری قەردارین یەعنی عجزمان هەیە، ئێستاش ئەگەر ساڵانە بەردەوام بین لەسەر ئەو شێوە بەڕێ کردنە عجزەکە دەبێتە دوو قات و سێ قاتی ئەوەش، بۆیە بۆ مەبەستی کەم کردنەوەی ئەم تەراکوماتانە بۆ ئەوەی زیاد نەکات، ئێمە ڕەئیمان وایە کە ئەم پارە ئیداع بکرێت لە حسابێکی ئەمانات بۆ ئەوەی تەدویری هەبێ بۆ ساڵی ئاییندە، نسبەت بەوەی من جۆرێك لە تەناقوزات لە قسەکاندا دەبینم، یەکێك لەوانە هەندێ جار بەغدا بۆ خۆی ئەشکالی هەیە لەناردنی ئەم پارانەی کە دەینێرێ بۆ هەرێم، یەعنی موازەنەی هەرێم کە دەنێرێ، ساڵی واهەیە تەئخیردەبێ بۆ ساڵی ئاییندە، باشە کە خۆی موازەنەی نەناردووە چۆن ئیستقتاعاتی تەبعەن موازەنەی کوردستان دەکات؟ من تەسەور دەکەم 17٪ بۆتە قانون و ئەگەر حسابی تایبەتی هەبێ بەغدا هیچ پەیوەندی نیە بەوەی، چونکە 17٪ بۆتە قانون، حاڵەتێکی تریش و تەناقوزاتێکی تریش ئەوەیە کە وەزارەتی دارایی بۆ دەتوانێ لە موازەنەی تەشغیلی تەدویر بکات و بۆ

ناتوانێ لەموازەنەی ئیستسماری تەدویر بکات؟ حاڵەتی سێیەمیش ئەوەیە، وەزارەتی دارایی بۆ خۆی داوای عجزی پێشمەرگە دەکات لەسەر حکومەتی ئیتیحادی، ئەگەر عجزەکەی لێرە پڕبکاتەوە، چۆن بەردەوام دەتوانێ داوای ئەو عجزە بکات لە حکومەتی ئیتیحادی؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاک شوان فەرموو.

**بەڕێز شوان کریم کابان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە پێ دەچێ هەمووومان مەبدەئیەن موتەفق بین لەسەر ڕۆحی ئەو ماددەیەی کە برادەران لە لیژنەی یاسایی دایانڕشتووە، بەڵام ئەو تەوزیحەی بەڕێز وەزیری دارایی و هەروەها سەرۆکی لیژنەی دارایی تووشی دڵەڕاوکێیەکی کردووین بەڕاستی کە ئێستا من پێموایە دەبێ تەوزیحێکی وردتر لەلایەن وەزیرەوە بۆ ماددەکە بکرێتەوە، بۆ ئەوەی ئێمە بەڕاستی دڵنیا بین لەوەی کە لەسەر چی دەنگ دەدەین، دەنا من نەتیجە لەگەڵ ڕەئیەکەی کاک د.ئاراسم و زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاک د.ئاراس فەرموو.

**بەڕێز د.ئاراس حسین محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەڕاستی دا حکومەتی عیراقیش چۆن ئێمە بە دەفعات وەری دەگرین ئەویش بە دەفعات پارە وەردەگرێ، هەر عەینەن ئێمە فەرقمان نیە، فەرقەکە ئەوەیە ئێمە لە بەغداوە بۆمان دێت ئەو لە بانکی مەرکەزی داوا دەکات، بۆ مەعلوماتی بەڕێزتان تا ئێستا ڕەئیسی وزەرای عیراقی سەڵاحیەتی نیە بەسەر بانکی مەرکەزی عیراقی دا بۆ تەمویل.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

نیزامی نەما بۆ ئەوەی لەم ماددەیە تەواو بین، جەنابی وەزیر فەرموو.

**بەڕێز بایز تاڵەبانی (وەزیری دارایی وئابووری):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە ئەوە دووپات دەکەینەوە هەتاکو ئێستا هیچ سلفەیەك هی هیچ شەریکەیەك و هیچ مقاولێك كە هاتووەتە وەزارەتی دارایی ئێمە نەمان وەستاندووە و حەقی خۆیان وەرگرتووە، هەرکەسێکیش هەبێ کە لە وەزارەتی دارایی ڕاگیرابێ حەز دەکەم بەیان بکرێت، ئەوە سەبەب ئەوەیە کە ئێمە سەبەب نیمان بۆ ئەوەی کەوا پارەی شەریکات و موقاولی سەرف نەکەین، ئەوە لەلایەك، لەلایەکی تر کە دێتە سەر مەشاریعی موستەمرە لە ساڵی ئاییندە دا ئێمە پارەی مەشاریعی موستەمرە دابین دەکەین هەموو ساڵێك، ئەو مەشاریعە موستەمرانە، قەد ناڵێین ئەو مەشروعەی ئیسقات پێ بکەن، بەڵام ئەمە کە نیسبەت ئینجاز کەم

بێت دیارە ئەو پارانە دەمێنیتەوە، کە عـەجزیش هـەبێ کـە تەسـدیق کرابـێ لـە پەرلەمانـەوە کـە عـەجزت هـەبێ تـۆ ئیختیارەکـەی ئێمـە ئەوەیـە دەڵـێین ئـەم عـەجزە بـەو پارەیـە پڕدەکەینـەوە کـە لـە وەزارەتـی پێشمەرگە وەری دەگرێـت، ئـەی باشـە ئەگـەر ئـەوە نـەبێ، حکومـەت عجزەکـە بەچی پـڕ دەکاتـەوە؟ خـۆ پەرلـەمانی بـەڕێز وەکـو ئـەو عجـزە کـە ئیقـرار دەکـات ئـەبێ بـەدیلیش هـەبێ بـۆ ئـەوەی خوانەخواسـتە حکومەت ئەو پارەیەی حکومەتی عیراقی ئـەو پارەیـەی نەدایـەوە، ئـەو وەختـە حکومـەتی کوردسـتان پـەنا بباتە بەرچی بۆ ئەوەی عەجزەکە پڕبکاتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە ئەم حساب خاسە و ئەو پارەیە دیاربێ ئەوەندەی بۆ عجزەکە دەڕوات، یەعنی ئەشکالەکەی چیـە؟ مـن دەمەوێ لەوە تێ بگەم، ئەگەر ئەشکالێك هەیـە لـە لای بـەڕێزتان، مەسـەلەن مەشـروعێك بـۆ میسال 100 ملیاری بۆ دابنێـی، بـەڵام پـەنجات سـەرف کـردووە، پەنجاکـە تـۆ بـۆت هـاتووە کـەبۆ عجـز دای ئـەنێی پـڕی بکەیتەوە، ئەگەر دیار بێت لە حسابێکی خاس، دیار بێت لامان چ زەرەرێکی هەیە بەنیسبەت لەگەڵ بەغدا، چونکە قەواعیدی حسابیە وئەو لەمن باشتر دەیزانێ، مـن نـایزانم، رجائـەن هـیچ نیزامـی نـەمان، جـەنابی وەزیر فەرمووو.

**بەڕێز بایز تاڵەبانی (وەزیری دارایی و ئابووری):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە کە ئەو عجزە کە ئێستاکە خۆ میزانیە ئیرادومەسروف وەکو یەك نیە، بۆتـە سـەبەب بـۆ ئـەوەی کـەوا ئەو عەجزە دەرچووە، لـەو حاڵەتـەدا ئێمـە تەئکیـد دەکەینـەوە لەسـەر ئـەوەی کـە قـەد پرۆژەیـەك پـەنجا ملیاری بۆ دانرابێ و 25 ی سەرف کرابێ، ئێمـەی 25 ەکـەی تـریش لەسـاڵی ئاینـدە دا دابینـی دەکەینـەوە، بەڵام کە دابینی نەکەین، ئەو وەختە حەقە ئەو حسابە بکرێت، ئەم مەوزوعە بە نیسبەتی تەسـدیدی ئـەو عەجزەوە عەمەلیاتی حسابیە، ئەوانە عمەلیاتی حسابیە کە ئێمە پێی هەڵدەستین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر ئەوە وەکو لە ڕاپۆرتی لیژنەی دارایی هاتبوو پێشتر هەر ڕەبتـی بـەم مەوزوعەیـە کـە ئێسـتا ئێمە باسی دەکەین، لـە کـۆی 2395 پـرۆژەی بـەردەوام کـۆی 1320 پـرۆژە لـە سـاڵی 2010 دا حکومـەت پارەی بۆ خەرج نەکردووە، بەڕێژەی 55٪ داوای ڕوونکردنەوە، یەعنی ئەم پارەیە کە بۆی سـەرف نـەکراوە لەوێ نەهاتووە یان عەجزمان هەبووە؟ ئەگەر بۆمان وازح بکەی سوپاست دەکەین، جەنابی وەزیر فەرموو.

**بەڕێز بایز تاڵەبانی (وەزیری دارایی و ئابووری):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

جەنابی سەرۆکی پەرلەمان، ئێستاکە جەنابت یەکێك تەوسیە بکە ئیتساڵ بە وەزارەتەکانـەوە بکات لەیـەك وەزارەت یەك سلفەیەکیان وەستا بێ، پارەی یەك موقاولاتمان وەستاندبێ، لە 12/31 دا هی ساڵی 2010 و

ئێستاكەش كە پارە نەهاتووە، تەبیعی هیچ مەشروعێكی تازە پارەكەی نایێت هەتاوەكو لەبەغدا موسادەقە نەكرێت، بەڵام مەشاریعی كۆن هەتاوەكو ئێستاش كە بەردەوامە هی ئەمساڵیش ئەگەر یەك پرۆژە وەستا بێ ئێمە ئەو مەوزوعەی كە چۆن ئیقراری دەكەم خۆتان ئیقراری بكەن.

**بەڕێز عونی كمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی پێشنیار كراوی زیاد، بەم شێوەیەیە( تصرف رواتب جمیع الموظفین المعاقبین بالعقوبات السیاسیة، بعد ثبوت صحة ادعاءاتهم) سوپاس.

**بەڕێز د. ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

مووچەی هەموو ئەو فەرمانبەرانە خەرج دەكرێت، كە بەسزای سیاسی سزا دراون، ئەمەش دوای سەلماندنی ڕاستی داواكانیان، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

نوقتەی نیزامی سێ كەس هەیەتی، كوێستان خان، فەرموو.

**بەڕێز كوێستان محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

یەكەم: ئەوانەی كە سزای سیاسی دراون، ئێمە نووسیوومانە سزای سیاسی دوای ئەوەی كە سەلمێندرا ڕاستی ئیدیعاكەیان، من ئەوەم پێ زیادە بەڕاستی، ئەوانەی كە گەڕاونەتەوە ئێستا یەكی 14 مووچەیان لەلای حكومەتە، بەڕێز وەزیری دارایی دەڵێت، یەك كیتابم بۆ بێنن من پارەكەیان بدەمەوە، چونكە پارەكەیان هەیە، ئەوەی گرنگە كە پەرلەمان بیكات ئەو تەعویزەیان بدرێتەوە، پارەكەشیان لە وەزارەتی داراییە، پێویستیان بە كیتابێكی ئەنجومەنی وەزیرانە، پێویستە پەرلەمان ئەمە بكات بۆ ئەوەی ئەو تەعویزەیان بدرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك بورهان، فەرموو.

**بەڕێز برهان رشید حسن:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

وەڵڵا من دەمەوێت دەربارەی ئەو ماددەیە دوو خاڵ ڕوون بكەمەوە، یەكەمیان: ئێمە داوای 14 مانگ تەعویزمان بۆ كردوون، نەك گێڕانەوەی مووچە، دووەمیان: عیبارەتی (بعد ثبوت صحة ادعاءاتهم) من حەز دەكەم شتێك بۆ ئەندامان ڕوون بكەمەوە، من ماوەی 4 مانگ نوێنەری بزووتنەوەی گۆڕان بووم لە سەرۆكایەتی هەرێم، لای مودیری عیلاقاتی سەرۆكایەتی هەرێم، چوارمانگ تەحقیقی تێدا كرا، موقابەلەی

خەڵك كرا، ژمارەی مۆبایلیان وەرگیرا، 3 جار پاك نووس كرا، ئەو شتە ئیسپات بوو، كە ئیسپاتیش بوو ئیتر تەواو...

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

ئێ باشە، باشە، مادام ئیسپات بووە، بۆچی لێی دەترسی، زۆر تەبیعیە، فەرموو دانیشە، تەواو، بەزۆر نیە، سیوەیل خان، فەرموو.

**بەڕێز سیوەیل عثمان احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

قسەكانی من كوێستان خان، و كاك برهان كردیان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

باشە، پەیام خان، فەرموو.

**بەڕێز پەیام احمد محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەوەی سزای سیاسی هەیە، ئێمە پاریش لە هۆڵی پەرلەماندا، لەیاسای بودجەی پار لەماددەی 30دا، تەسبیتمان كردووە، كە ئەبوایە ئەو مووچە فەوتاوانەی ئەوانەی كە سزای سیاسی دراون، قەرەبوو بكرێنەوە، بەڕێز وەزیری دارایی تەئكیدی لێكردەوە، بەڕێز وەزیری ناوخۆ یەكەم نووسراوی بۆ گەڕاندنەوە، نووسیویەتی بۆ قەرەبووكردنەوەیان، بەڵام تا ئێستا قەرەبوو نەكراونەتەوە، ئەو كەسەی كە دەگەڕێتەوە بۆدەوام، ئەوە ئیسپاتی حەقیقەتەكەیە، یەعنی ئەوە بەهۆی سزای سیاسی دەركراوە، گەڕاوەتەوەش، كەواتە دەبێ قەرەبوو بكرێنەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

ئەزانی چۆنە، مادام ئیسپات بووە، ئیتر تەواو، كاك كاردۆ، فەرموو.

**بەڕێز كاردۆ محمد پیرداود:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سیفەتەكە لە فەرمانبەر بگۆڕن، شەرت نیە هەر فەرمانبەر بێت، پۆلیس هەیە، ئاسایش هەیە، یەعنی تێكەڵە، بۆیە سیفەتەكە بگۆڕن، لەبەر ئەوە فەرمانبەرەكە لاببرێت، پێم باشە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، كاك عومەر، فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەم ماددە ئیزافیەی كە دەڵێت(تصرف رواتب جمیع الموظفین)) لەلایەك ڕەنگبێت، تەنها فەرمانبەر نەبێت، كرێكاریش هەبێت، ئەمە واریدە ئەگەر بكرێت بە (جمیع المعاقبین)، بەڵام كەدەڵێت(تصرف رواتب ) ئەوە

حەقێکی موکتەسەبە بۆ ئەو فەرمانبەرە، یان ئەو کرێکارە، حەقی خۆیەتی، کە دەڵێت (تصرف رواتب )بەواتا ئەو مووچانەی کە لێی مەحروم بووە، هەمووی دەبێ بۆی قەرەبوو بکرێتەوەو سەرفیش بکرێت، لەبەر ئەوە ئەو نەصە، بە (تصرف رواتب) هاتووە ناکرێت بکرێت بە (تعویض) چونکە ڕاتبەکانی ئەگەر نەدرابێتێ، ئەم ماددەیە حەقی دەداتێ کە( تصرف رواتب )هەموو مووچەکەی بۆ سەرف بکرێت، ئەمە ئەوەی کە بکرێت بە فەرمانبەر یان کرێکار منیش پێم وایە بکرێت بە (جمیع المعاقبین بعقوبە سیاسیە)ئەوە باشترە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، پەیام خان، فەرموو.

**بەڕێز پەیام احمد محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەگەر ئەم ماددەیەش تەسبیت بوو، ئایا دووبارە ئێمە دەبێت، نووسراوی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران بەرین بۆ وەزیرەکان تا جێبەجێی بکەن، یان ئەبێ جێبەجێ بکرێت، چونکە ئەوە بڕیارێکەو لەپەرلەمانەوە دەرچووە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

وەزیر وەکو جەنابتان دەزانن، چەندجار لێرە گوێمان لێی بوو، وەزیر حەقی سەرفی نیە، یەعنی یەکێك ئەمری پێدەکات، ئەبێت بیکات، بەڵام کەبوو بەیاسا، بەدواداچوونی کارەکان بکەن، کاك شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەتەسەوری من یەك کەلیمە ئیزافە بکرێت حەلی هەمووی دەکرێت، ئەویش ( تصرف جمیع رواتب) چونکە ئەوانەی کەمەحروم بوون، ئەوانەی پاشی ئەویش، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك بیلال فەرموو.

**بەڕێز احمد سلیمان (بیلال):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەڵڵا من هەر پرسیارێکم هەیە لە لیژنەی یاسایی، ئێستا لە خانەنشینانی پێشمەرگەی دێرینی کۆمەڵی ئیسلامی، ڕاتبەکانیان ڕاگیراوە، ئایا ئەوانەش دەگرێتەوە یان نا؟، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك نەریمان، فەرموو.

**بەڕێز نەریمان عبدالله قادر:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من پشتگیری لە تەرحەكەی كاك شێروان دەكەم، (تصرف جیمع رواتب) ئەوە ئەشكالێكمان بۆ دروست ناكات و چارەسەر دەبێت، بەڵام لەكۆتاییدا ئەڵێت (بعد ثبوت صحة ادعاءاتهم والذین تم استرجاعهم) لەبەر ئەوەی هەندێك هەیە تازە صحە و شتی ناوێت گەڕاوەتەوە، (الذین تم استرجاعهم) ئەوەی بۆ زیاد بكرێت لەگەڵ ئەوەی كاك شێروان وتی، بەمەش كۆتایی بە مەوزوعەكە دێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

تكایە، با ئێستا ئاخر صیاغە بخوێنێتەوە، دوایش دەیخەینە دەنگەوە، فەرموو.

**بەڕێز عونی كمال بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

صیاغەكە بەم شێوەیە دەبێت(تصرف جمیع الرواتب الموقوفة، لاغراض سیاسیة للذین تم اعادتهم الى وظائفهم، بعد ثبوت صحة ادعاءاتهم) سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

ئێستا كێی لەگەڵدایە تكایە بادەستی بڵند بكات؟، فەرموون كێی لەگەڵدا نیە؟، 3 كەسی لەگەڵدا نیە؟، بەزۆرینەی دەنگ وەرگیرا، بۆ خاڵێكی تر.

**بەڕێز عونی كمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی تر كەزیاد دەكرێت بەم شێوەیە، (تلتزم حكومة الاقلیم بتنفیذ المشاریع وفق الخطة المعلنة في الموازنة الاستثماریة من قبل الوزارات وحسب اختصاصها ولا یجوز لأي وزارة تنفیذ مشاریع خارج اختصاصها)سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

ئێستا كێی لەگەڵدایە تكایە بادەستی بڵند بكات؟، فەرموون كێی لەگەڵدا نیە؟، بەكۆی دەنگ پەسەند كرا؟، گوێ ناگرن، قسە دەكەن، دوایش دەڵێن تێناگەین، خۆ ئێرە قوتابخانە نیە، بەردەوام بن، كاك دكتۆر احمد نوقتەی نیزامی هەیە، فەرموو.

**بەڕێز د. احمد ابراهیم علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

كەماددەكان دەخوێندرێتەوە ڕێگا بدرێت بە موناقەشە كردنی، دوایی بخرێتە دەنگدانەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

ئەوە ساڵێكە موناقەشە دەكەن، لەیەكەم ڕۆژەوە چەند سەعات موناقەشەی دەكەن، ئەوەندە موناقەشەتان كردووە، نەبێتەوە، فەرموون.

**بەڕێز عونی كمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێستا دێینە سەر ماددەی 27 ی پرۆژەکە، داوا لەسەرۆکایەتی پەرلەمان دەکەم، کەرێگام بدات لەگەڵ سکرتاریەتی پەرلەمان ڕیز بەندی ماددەکان بکەین، چونکە هەندێ ماددە ڕەقەممان بۆ دانەناوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەتەئکید باشە، زۆر باشە، پاشان ڕەقەمەکان ڕێك بخەن، فەرموو.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێستا ڕەقەمەکەی ناخوێنینەوە دوایی چاکی دەکەین، (على وزارة المالية والاقتصاد اصدار التعليمات اللازمة لتسهيل تنفذ احكام هذا القانون ولتحديد صلاحيات الصرف للادارات الحكومية، خلال فترة لاتتجاوز 25 يوماً من تأريخ نشر هذا القانون في الجريدة الرسمية)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك کاردۆ نوقتەی نیزامی هەیە، فەرموو.

**بەڕێز کاردۆ محمد پیرداود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە ئێستا ماددەیەکمان زیاد کرد، ئەو چی لێهات؟، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ڕاستەکات کاك عونی ئەو ماددەیەی کە دوامانخست با یەکلایی بکرێتەوە، پاشان دێینەوە سەر ئەمانەی تر، کاك بیلال فەرموو.

**بەڕێز احمد سلیمان (بیلال):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە چەند پێشنیارێکی تریش کرابوو، لەلایەن ئەندامانەوە، بڕیاربوو دوایی دەنگی لەسەر بدرێت، یان ئەوەتا بەسەریدا تێدەپەڕن، یان بەتەوصیات دەبێت؟، ئەو کاتە خۆت داوات لە فراکسیۆنەکان کرد، کە حازری بکەن، ئێستاش لەبەردەممان هەیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز ئەوە بۆ پێشنیار بوو کەداوامانکرد، نەك بۆ ماددەیە، پێشنیار هێشتا نەهاتووینەتە سەریان، دوایی دەیخوێنینەوە کۆمەڵێکە، پاشان تەحویلی حکومەتی دەکەین، مەرج نیە، هەمووی ڕەدیف دەکرێت، ئەوەی کێشەی لەسەرهەبوو دەخرێتە دەنگدانەوە، کاك عونی فەرموو.

**بەڕێز عونی کمال بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئـەو مـاددەی کـە مایـەوە، وتمـان دوایـی قسـەی لەسـەر دەکـەین، بـەڕەئی مـن بخرێتـە دەنگدانـەوە، ئەگـەر ئەندامان قبوڵیان کرد دەبێت بەمادده، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو بیخوێنەوە، ئاخر صیاغەی.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

(في حالة عدم صرف الاعتمادات المخصصة للمشاريع الاستثمارية في نهاية السنة المالية، يـودع المتبقـى منهـا في حساب خاص بأسم حساب تنفيذ المشاريع المستمرة) سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێستا کێی لەگەڵدایە تکایە بادەستی بڵند بکات؟، فەرموون. کێی لەگەڵدا نیـە؟، 14 کەسـی لەگەڵدا نیـە؟، بەزۆرینەی دەنگ پەسەند کرا، مەوقیفی وەزیری دارایی و ئابووری تەسجیل دەکەین، فەرموو.

**بەڕێز شێخ بایز تاڵەبانی(وەزیری دارایی و ئابووری):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەری ساڵ هەر مەوزوعێك ڕووبدات، دەربارەی عەجزو تەسدید نەکرێت، ئەو عـەجزە ئـەبێت حسابی بـۆ بکرێت، تەراکومەکە لەکوێوە دێت، تەراکومی ئەو عەجزانە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەگەر سەری ساڵ حسابەکەت بەتاڵ بوو، ئەوە خۆ لەتۆی نابڕن، سـوپاس، ئەمـە پەرلەمانـە، زۆرینـە دەنـگ دەدات، کە تەواو دەنگی هێنا ئەوە تەواو، فەرموو.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

على وزارة المالية والاقتصاد اصدار التعليمات اللازمة لتسهيل تنفـذ احكـام هـذا القـانون ولتحديـد صـلاحيات الصرف للادارات الحكومية، خلال فترة لاتتجاوز 25 يوماً من تأريخ نشـر هـذا القـانون في الجريـدة الرسميـة، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێستا کێی لەگەڵدایە تکایە بادەستی بڵند بکات؟، فەرموون کێی لەگەڵدا نیە؟، بەکۆی دەنگ پەسـەند کـرا، فـەرموو بـەردەوام بن.

**بەڕێز عونی کمال بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**لايعمل بأي نص يتعارض مع احكام هذا القانون.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**ئێستا کێی لەگەڵدایە تکایە بادەستی بڵند بکات؟، فەرموون کێی لەگەڵدا نیە؟، بەکۆی دەنگ پەسەندکرا، بۆ خاڵی دواتر.**

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**على مجلس الوزراء والجهات ذات العلاقة تنفيذ احكام هذا القانون.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**ئێستا کێی لەگەڵدایە تکایە بادەستی بڵند بکات؟، فەرموون کێی لەگەڵدا نیە؟ کاک شێرزاد نوقتەی نیزامی هەیە، فەرموو.**

**بەڕێز شێرزاد عبدالحافظ شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**دوێنێ ئێمە 52 ئەندام پەرلەمان ئیمزامان لەسەر ئەوە کرد، ....**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**باشە کاکە ڕاوەستەجارێ، سەلامەت بی دانیشە، ئەوە ناکرێت ئەوەی لای ئێمەیە بەماددە ناکرێت، بەڕێگایەکی تر ئەیکەین بە تەوصیە، کاک عونی لەبەردەم بەڕێزتانە بۆیان بخوێننەوە، فەرموو.**

**بەڕێز عونی کمال بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**با ئاخر ماددە لەیاساکە تەواو بکەین، ئینجا ئەوی تر.**

**ينشر هذا القانون في الجريدة الرسمية(وقائع كوردستان) ويعتبر نافذاً من 2011/1/1.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**ئێستا کێی لەگەڵدایە تکایە بادەستی بڵند بکات؟، فەرموون، کێی لەگەڵدا نیە؟، بەکۆی دەنگ پەسەند کرا، نیزامیت هەیە فەرموو کاک برهان.**

**بەڕێز برهان رشید حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**هەموو ئەندامانی پەرلەمان و فراکسیۆنەکان، کە پێشنیارمان ناردووە، بۆ ئەوەمان ناردووە، کە قوەی یاسایی هەبێت، ئەگەر بیکەن بەتەوصیە بەڕێزتان ئەوە تەوصیە قوەتی مولزەمی نیە لەسەر حکومەت، ئەتوانێ جێبەجێی نەکات، بۆیە داواکارین ببێت بەبەشێك لەیاساکە نەك تەوصیە، تەوصیە مولزەم نیە حەز دەکەم بەرچاوتان ڕوون بێت، سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز كاك فرسەت موداخەلەیەكی هەیە، فەرموو.

**بەڕێز فرست احمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ڕاستە تەوصیە مولزەم نیە، بەس خۆ شەرت نیە، هەموو پێشنیارێك بچێتە ناو یاسا، پێشنیارم دیوە پەیوەندی لەگەڵ یاسای میزانیە نیە، پێشنیارم بینی دەبێ پرۆژەی بۆ هەبێت، نابێت بەسەرپێی بكرێت، ئەو موناقەشاتانەی كەلەم دواییەدا كرا، قەزایەیە حسابی سەرف بوون، قەزایەی فەنی بوون، لەگەڵ ڕێزم بۆ هەموو ئەندامان، زۆر شت بەسەرپێی ئیسارە كران، ئیحتیمال هەیە، ببێتە سەبەبی ئەوەش كە كێشەیەك لەناو بەینی پەرلەمان وحكومەت دروست بكات، لەمەجالی تەنفیز كردنی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی فەرموون.

**بەڕێز عونی كمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

داوا دەكەم لە بەڕێزتان كەوا كۆی یاسای بودجە بخرێتە دەنگدانەوە، ئینجا دوایی دێینە سەر تەوصیاتەكان، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك كاردۆ نوقتەی نیزامیت هەیە، فەرموو.

**بەڕێز كاردۆ محمد پیرداود:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە لەموناقەشەكردنی سەرجەم ماددەكانی بودجەكەدا، بە جیاوازی پەرلەمانتاران و بۆچوونەكانیان، هەندێ ماددەمان پەسەند كردووە، هەندێكیشمان ڕەت كردۆتەوە، هەندێك كە پەیوەندی بەمووچەی هەموو كارمەندانەوە هەبووە، هەندێ پەیوەندی بە دەرماڵەوە هەبووە، هەندێ بە ئاسایش و پێشمەرگە پەیوەندی هەبووە، یان پەیوەندی بە تۆڕی پاراستنی كۆمەڵایەتیەوە هەبووە، بە پێشینەو سولفەوە هەبووە، ئەوانە هەموویمان قبوڵ كردووە، هەندێكیشی ڕەت كراوەتەوە، ئەمە حەقی هەموو ئەندامانە، ئەمە لەپەیڕەویشدا نیە، كەتۆ كۆی پرۆژەكە جارێكی تر بخەیتە دەنگدانەوە، من ناتوانم دەنگی بۆ بدەم، چونكە هەندێ ماددە، كە پەیوەندی بەداهاتەوە هەیە، بە خەرجكردنەوە هەیە، لەگەڵی نەبووم، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**